ڕۆژنامەی

# کوردستان - تاران

بەرگی دووەم (ژمارە ٥٢-١٠٣)

(١٣٣٩/٢/١٤-١٣٤٠/٢/١٣ی هەتاوی=
١٩٦٠/٥/٤-١٩٦١/٥/٣)

ئامادەکردنی

**بنکەی ژین**

پڕۆژەی هاوبەش

هەولێر ٢٠١٢

٠٧٠,٩١٥٩٧ بنکەی ژین
ب ٨٦٤ ڕۆژنامەی "کوردستان"– تاران/ ئامادەکردنی بنکەی ژین. پڕۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و ئەکادیمیای کوردی.
هەولێر: بنکەی ژین– ئەکادیمیای کوردی، ٢٠١١.
(٤ بەرگ): ٧٠٦ل: ٢٩,٧×٤٢ سم. زنجیرە؛ ١٣٦.
١– ڕۆژنامە– کورد. ٢– ناونیشان.

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح**

زنجیرە: ١٣٦
کتێب: ڕۆژنامەی کوردستان– تاران
بەرگ: دووەم (ژمارە ٥٢–١٠٤)
ئامادەکردن: بنکەی ژین
سکانکردن و پاککردنەوەی کۆمپیووتەری: دێرین، شەیدا، سۆزان، سەرخێڵ، مێژوەرد
مۆنتاج: شەیدا کەریم
خەت و رووبەرگ: ئەحمەد سەعید
تیراژ: ٥٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن: ٩٣١ی ساڵی ٢٠١٢ی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
شوێنی چاپ: هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم

**بنکەی ژین**

**بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی**

عیراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی" شەقامی پیرەمەگروون، گەڕەکی ١٠٧ بەرانان، تەلاری ژین تەنیشتی (مزگەوتی شێخ فەرید) تەلەفۆن:
٢–٣١٩٤٧٣١ ئاسیا: ٤٨٤٦٣٣٥٧٧٥ یا ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ کۆڕەك: ٠٧٥٠١١٢٨٣٠٩ س. پۆست: ١٤
ناونیشانی ئەلکترۆنی: info@binkeyjin.com ماڵپەڕ: www.binkeyjin.com

**لەسەر ئەرکی ئەکادیمیای کوردی لەچاپ دراوە**

# نوینەرانی خولی بیستەم دەستەجەمی ئیستعفایان دا


ژمارەی ـ ۱۹ ـ سالی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ۷۰

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردی یە، حەوتەی جارێ چاپێکی دەرئەچێ

بایی
بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ۱۲ | تمەن |
| شەش مانگە | ۷ | » |
| چڵ | ۳ | قەران |

بۆدەرەوە:

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ۳۰ | تمەن |
| شەشمانگە: | ۱۵ | » |

کوردستان

عەزیزم شاسوارێکە، گوزەرگا، گەر، بەئەلبورزا
دەکا، نووکی سمی ئەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا

سیاسی ـ زانیاری ـ وێژەیی ـ کۆمەلایەتی

خاوەنی امتیاز و مدیری لی پرسراو
عبدالحمید • بدیع الزمانی
بەچاودێری دەستەی نووسەر:
محمد صدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر
دوکتور عبدالرحمن و احمد مفتی زادە
عابد سراج الدینی ـ شکر الله بابان
خسرو شیخکانلو وکیلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ۲۱۸
تلیفوون ۳۲۰۰۳

چوارشەمە ۱٦ گەلاوێژ ۲۵۷۲ ك ـ ۱٦ شەهریوەر ۱۳۳۹ ش ـ ۱۵ ڕەبیعولئەووەل ۱۳۸۰ ق ـ ۷ سپتامبر ۱۹٦۰ م


## دیسان هەڵبژاردنی خولی بیستەم بەم زوانە دەس پێ ئەکری

## دەولەت لایەن گیریی هیچ کام لە کۆمەڵەکان و تەکەکان ناکا، وە هەر کام بە ئەندازەی خۆشەویستی یان لەلای گەلەوە، نوینەر بۆ پارلەمان ئەنیرن

## نیوان بۆ چاك بونەوەی پەیوەندیی ئیران وروس ئامادە بوە؛

## وەوتوویژ لە بەینی دوو دەولەتا سبەینی دەس پێ ئەکری

### وەزیری تازەی کاروباری دەرەوە خەریکی خوێندنەوەی پیشینەی پەیوەندیی دوو دەولەتە

رادیۆ مسکۆ لە بەرنامەی فارسیی خۆیا ڕای گەیاند کە:
خروشحوف حەز ئەکا کە چاکترین پەیوەندیی، لە گەڵ ئیراندا بیی. ئەم پەیوەندی یە نیشانەی هاوکاریی لە گەڵ ئاشتیی وەلاتی گەورەی ڕوس و وەلاتی پادشاهیی ئیرانە.

## پەیوەندی شاو گەل

ڕوژی پینج شەنبەی مانگی شەهریوەر دیسانەوە شاهەنشا پەیوەندی خۆیی لە گەڵ گەل دا قایم تروپێ بەجێ‌تر کردەوە، هەستی خۆشەویستی خۆیی لە دڵی گەل دا قایم تروفێ بەجێ‌تر کردەوە.

شاهەنشا لە برافی ڕۆژنامەبی یافەرمویان: من لە کارەساتی هەڵ بژاردن ڕازی نیم، وە ئەگەر بزانم لە ناوکەدا گەلی ئیران کزیاری بەتاڵ کردنەوەی هەڵ بژاردنن؛ ئەگەرچی بەپێی یاسایێ کە لەو بارە وە هەیە کۆسپەی زۆرێکی لەڕێ دایە؛ بەڵام لە بەرزەزای گەل من لە دیواری قانونیش پێ ئەنێمە دەرەوە، وە بەپێی وپستی گەل ئەکەم.

وەدەرخستنی پێ خۆش بونی خاوەن ڕوژنامەکان کە لە وبەرافی‌یەدا ڕۆی دابێ وینەبوَ؛ وە نوینەری ڕۆژنامەکان بۆ چەندەمین کەرەت تێ گەیشتن کە: شەهریاری گەورەی گەورەی ئیران باوەکوزوورپەی بەندی یاساکانن، بەڵام پێ‌وپستی، وەوپستەی گەڵ لە هەموشتێ لەپێش تر ئەزانن، وەدوبارە بەاثبات گەیشت کەبچوکترین ماوەودوری وجییایی یێ لە نیوانی شاو گەل دانی یە. ئەوی کە گەل ئەیەوێ شاهەنشاش هەر ئەوەی ئەوێ، وە ئەوی کە شاهەنشا بی یەوێ ویستەی گەلە.

دوابەدوای فەرمایشەکانی شاهەنشا حکومەتی آغای اقبال کشانەوەی

ماوە ل ۱۲

## لە کۆمەلا چون ڕژین؟

### ژیکلە ای خوداناسیی یان طەریقەی عرفان

-۴-

پاش ئەوە کە بۆمان دەرکەوت هێزی بەرەی مرۆڤ لە هێزی شتانی تر بەتینترە، دێینە سەر ئەوە کە هێز لە سەرەتاوە چون دۆزرا وەتەوە، وە چ ئالو گوڕێکی بەسەرداهاتووە.
مەبەستی ئیمە لە دۆزینەوەی

ماوە ل ۵

## ناڵەباری یەکانی کۆمەڵ

### ((بووك و خەسوو))

-۳-

لەچلی پێشوَدا کارەساتمان گەیاندە شوێنێ کە: دایك بەهەرچەشنێ ئەبوَ کوڕی ناچار بەژن هێنان کرد، وەبڕیاری لە کوڕەوەر گرت کە پەیجوّر بێ تادەزگیرانێکی بەدلی خۆی ئەنێتەوە، هێشتا کوڕ بیروڕای دەرنەبڕ یوەوشتێکی نەوتووە' دایك کەوتووەتە گەردان' وەکە وتووە تەخۆی؛ خەریکەشت وەك وێ

ماوە ل ۷

## چون بنووسین و بخوێنینەوە

### کردەوەی سادە، کردەوەی تێکەڵاو

پیتی سەرەتایی سێ جۆرە: ۱ـ ئەوپیتانەی کە جگە لەوە مانای کردەوەی سادە ئەگوَرن، مانایێکی تریان نییە؛ ئەوانیش بریتین لە: هەڵ، دا، ڕۆ. ئەم پیتانە ئەتوانیامانای پیتی (حرفی) یان هەیە، وە لە هیچ شوێنێکی ترا، بەکارنابرێن، وەمانای ناوی (اسمی) یان' نییە. ۲ـ ئەوپیتانەی کە بەمانای پیتی سەرەتایی، وە بەمانای

ماوە ل ۷

بە پێنووسی: ئاغای «محمد تقی مصطفوی» وەرگێڕاوی: د. ع.

## باسیکی زانیایی

-۸-

### کاسەزێڕی سێ هەزار ساڵەی «حسنلو» کە چەند نەقشی برجەستەی وێنەی هەیە

گۆڤاری «لایف» ئەنووسێ:]

لە گۆڤاری لایف ژمارەی ۱۲ ژانویەی ۱۹۵۹ دا، چەند وێنەی ڕەنگین و ڕوناك و گەورە لە کاسەی زێڕینی «حسنلو» لە گەڵ لە یەك دانەوەی یەکەیەکەی نەقشەکان بەووردی، وەڕوشن کردنەوەی مەبەست لەوانە، لە چاپ دراوە. لە بەشە

ماوە ل ۲

نەتەوەی کورد و نەتەرایەتیی ئیران

سەلام لەسەر خاکی پاکی کوردستان لانکی پاڵەوانەکان.

لەچەن ژمارەی لەمەوپێش باسم لە دەولەتەکانی «ئەورارتو» و

ماوە ل ٤

## سوپاس

گەلێ سوپاسی حکوومەتی ئیران لە ژێر زیاسەتی گەورەی شای ئیران ئەکەین کە: یارمەتی دەرهاتنی احسان نوری پاشای دا، بۆ بەشدار بوون لە کونگرەی پێنجەمی خوێندکارانی کورد کە لە بەرلین دا پێك هات.

فیینن . رشید عارف



بنکەی ژین
www.zheen.org

بەپێنوسی:
سیدمحمد سعیدغیرت

وەرگێزاوی:
د . ع . م

# نمایشنامەی

زماوەنی«سید یعقوب»

## فیروزەوفەرهاد

ئەمەچیرۆك نی یە ، داستانێکی واقیعی یە کەلە کرماشاندا ڕوی داوە؛ وەپاڵەوانی ئەمداستانە خوداڵی خۆشبو «سیدیعقوب» هۆنەری مایدەشتیی کرماشانی یە کەلەهۆنراوەکانیابە«سید» ناسراوە. ئەمداستانە پەنجاسالی پێش ڕوی داوە؛ ڕەگەلێ لەوانە کەبۆخۆیان لەوزەماوەنا بەشدار بوون،هێشتان زیندون.

دەورگێڕان:

۱ـ « سیدیعقوب » هۆنەری کوردی مایدەشتیی پیاوێکی سیی ساڵەی بالابەرز؛خۆش هەیکەلێ؛ جلی: کەوای کورت تا سەرئەژنۆ؛ کلاوی نمەدێ کەبەدەوریا مێزەری صەوزبەسراوە؛ عەباڵەشان وتەسبێحی نەرجیلی وورد بەدەستیەوە؛ سەعاتی قاپداری بەزەنجیرەوە بەسراولە باخەلی؛ شۆخ وقسەخۆش ، خەلکی مایدەشت ومالی لەکرماشاندایە؛ وەلەمایدەشتا موڵك ومالێ وپەزوڕۆڵەی هەیە.

۲ـ حاجی مراذ باوکی فیروزە پیاوێکی پەنجاساڵـە ؛ کاری کاروانسەراداری وزۆردەس مایەدار؛ نیشتەجێی کرماشان گەڕەکی «چەنانی» تاقەمنداڵی ئەوفیروزە خانم کچێکی ۱۷ساڵەیە کە دایکی نەماوە. ڕیشی ماش وبرنجەو کلاوو دەسماڵی کوردي والەسەریەوە.

۳ـ فیروزە کچی حاجی مراذ دایکی بەناوی زەیحانەرخانمی کرماج بوە، مردووە. ئیستا باوەژنی هەیە، عاشق ودڵسوتاوی فـەرهاد کوڕی پوری خویەتی. جلی: هەوری بەستووە بەسەریەوە ، کولنجەی مەخمەلی لەسەر کرواس لەبەر کردووە .

۴ـ فەرهاد، عاشق کوڕی پوری فیروزەی کچی حاجی مراذ ، کەنجیکی ۲۲ساڵە،خۆش ئەندام وجوان چاك وپیەوەبو. باوکی کوێخادێ ودەولەمەنذ بووە. لەپاش مردنی باوکی تالانیان کردوون. ئێستاهیچی نیە،عاشقی ئارام لێبڕاوی فیروزەیە. جلی کوردی

۵ـ کەلانتەر ڕەفیقی حاجی مراذ؛ پیاوێکی ۶۰ساڵـە ، کاری گیجارەکردنی موڵك وسەرپەرەستیی جوتیارەکانە. پیاوێکی دڵزیندووقسە خۆش؛ لەدۆستییدا یەك ڕوویابەرجا ڕیشێکی درێژ و کلاوێکی پوستینی درێژوعەباوتەسبێحی هەیە .

۶ـ «نجف» نۆکەری «سیدیعقوب» کەمـەرچینی کوردی و کلاوودەسمانی کوردی؛ سمێلی قایم وڕیشی تاشراو.

۷ـ کلاوزەڕ کارەکەری فیروزە ژنێکی چل ساڵەیە بەجل و سەروێنی کوردی؛ خەلکی کولیایی یە کە چەنذ ساڵە لەماڵی حاجی مرادایە؛ وەفیروزەی گەورەوبەخێو کردووە .

۷ـ خاڵۆحەمەمراذی کەمانچەلێ دەرلەگەڵیەکێکی تراکە ئەویش دایرە لێبذا؛ هەردوکیان جلی کوردی،حەمەمراذ ڕیشی ـ ور و کلاوپوستینی کۆنەوسەرداری هەیە . (سەرداري جبەیێکی کورتەکە لەدوواوە تانپوەقەذی هەڵتاپشاوە)

۹ـ شێخ جەمال مەلای مارەبڕ. کەلەپەردەی دووایپدا،لەماڵی حاجی مراذا بۆمارەبڕینی فیروزەی دەنگ ئەکەن

۱۰ـ چەند نەفەری ژن و پیاوومنداڵ لەپەردەی ئاخر داکـە مەجلیسی مارەبڕین وزەماوەنە، بەجلی ڕەنگاورەنگ وجۆربەجـۆری شاری ودێیی یەوە؛ وەبڕێکیان عەبابەسەریانەوە ؛ برێکیان شەلیتەلەبێ یانابێ. (شەلیتە جۆرەدەرپێیێکە لەپارچەی ڕەش وەلای خـواروی زۆر تەنگە وڕەنگیانەدۆزە)

## پەردەی یەکەم ـ ماڵی حاجی مراد

هۆدەبەیاسای قەذیم فەرش کراوە. طاقچەوڕەفە پڕلەکاسەی چینی قەذیم وقلیان وسەماوەروشتانی ترە. چەندجێوان جاجم ومەوج پاڵدراوە بەدیوارەوە.

فیروزە کچی حاجی مراذ لەهودەکەذا ، دانیشتووە گـۆرەوێ ئەچنێ . کلاوزەڕی کارەکەری لەلای دەستیەوە دانیشتووە ، پێکەوە قسەئەکەن فیروزە ڕۆلە کلاوزەڕئەکاوئەڵێ: کلاوزەڕ!

دیت چۆن کۆسم کەفت؟ چۆن زەنگم زڕیـا

دەسم لـە دامان دۆسەکـەم بڕیـا

کلاوەزڕ: خاتون ! ناهمێذمەبە؛ خوذا گەورەیە؛ کارنی بـەخوذا چاکی نەکا؛ تۆهێند،بەشووبە ڕۆژهەناسەت هەڵ کێشا و گریای،خۆت تاوانەوە ئیتربەسە بەس ! ڕەحمێ بەجوانیي خۆت بکە !

فیرووزە : تۆئاگات لەچی یە کە لـەم دڵی ویرانـەی منا چۆن ئـاگـرێ هـەڵ گـرساوە ؟ مـن چیم لـێ ئەبورێ وچ حـاڵێکم هەیە ؟!

هەیداذاهەی بێداذ! کەس دیبار نی یە

کەس لە دەردمن ، خەوەردارنی یە

کلاوزەڕ: نەوانی یە ئەزقەزامن لە دەردی دڵی تۆئـا گادارم؛ وە زۆرچاکیش ئەزانم کە چیت لێ قەوماوە؛ بەم بۆنەوە،شەووڕۆژێ نی یە کە دەست بۆدەرگای خـوذای گەورەبەرزنەکەمەوە ، وەداوای لێ نەکەم کە بەگەورەیی خۆی چارەوزاویژی کاری تۆبکا. بەڕاستی فیروزەخاتون بەوئیمامزاذەدي کولیایی یە وبەوئیمامزاذەی سونگورە قەسەم، من هیچ ناهمێذنیم . عاقیبەت خوذای میهرەبان تۆوفەرهاذ بەوەصڵی یەکتر شادئەکا ئەگەرهەزار کۆسپ بەبەرزي کێوی پـەڕاوو بێستون ودالاخانـي لـە بەینابێ .

فیرووزە : دیسان قسەی بێ مانات کرد کـە دڵم خۆش بکەی . هەموومان ئەزانین کە فەرهاذ هیچی نیە؛ وباوکم من بەئەونادا . منیش لە بەرانبەری باوکمەوە ناوێرم هەناسە بکێشم ودەنگ بەرزبکەمەوە. بەڵام خوذا ئەی زانی کە پێم خۆشەبمرم ومێرد بە کەسێکی ترنەکەم. بەخودا تاگیانم دەرئەچێ هەرئەڵێم :

ئەگەرعیشقەکـەت فـەرامـۆشم بۆ

سفیدي کەفـەن باڵاپـــــــۆشم بۆ

بەخوذا ئاوات ئەخوازم کە بمرم، تا هەموبزانن کە لـە عیشقی فەرهاذا مردم .

کلاوزەڕ: خاتون ! من کارەکەری تۆم وئیختیاری گیانی منت هەیە وهەرچي بفەرموی، قبوڵمە . بەڵام بۆخۆم قەت ئەم گریان وشیوەن وخەفەت خواردن ودەست بەئەژنۆدانیشتنی تۆیە بەچاك نازانم . بەخوذا هەزارلەم قسانە بکەی نازانم چی یە وچۆنەکەمن دڵـم ڕۆشنە؛ وئیمانم هەیە کە بەم دوچاوی خۆمەزەماوەنی تۆوفـەرهاذ ئەبینم،وەلەزەماوەنتانا خزمەت ئەکەم .

فیرووزە :

قەضای ئەولەمن ڕۆژێ چوارجارە

صوبح ونیمە ڕۆ، ع ـصـرو ئێوارە

ماوەی ل۱۱

باسیکی...

ماوەی ل۱

جۆربەجۆرەکانی ئەو ووتارەذا باس کراوە لەوەی کە: چۆن ئەوکاسە بەدەست هاتووە : تەپـی «حسنلو» چۆنەولەکوێیـە؛ پیروبـاوەڕی هۆزی «مان» چی بووە؟وەسەبارەت بەنەقشەکانیش بەوردی لێ کولیوە. تەوە؛ کەئێمەهەرچیکمان بەچاك زانیی بەم جۆرەبۆتانی وەرئەگێڕینە. وە :

لە بەشی یەکەمی وتاری ناو براوا، لە ژێری سەردێڕی ڕازی نهێنیی کاسەکەزێڕین. زانیارێکی نەزانـراو، دەرکـەوت وەهائەنوسی :

«چەنذقەزن بەشوێنی یـە کتراتێ پەڕیان کرد . وەلـەماوەی ۲۸۰۰ ساڵا، ئەوباوبۆرانە کە بەسەرچەمو دۆڵی ووشکی شماڵـی ڕۆژئاوایی ئێراندا تێ پەری ئەکرد،ئەندازەی ئەوخاکەی کە کاسەی زێڕینی دە- کۆگیانی شیرین لە دڵـی خۆیدا شاردبووەوە،زۆرترئەکرد؛وەنەقش و نگاری جوانی زۆی ئـەوکاسـەیە چاکتر ڕائەگرت ؛ وە لەگەڵ ئەوا، ڕازی نهێنی شارسانیەتێ زۆر پایە بەرزێکی هەڵئەگرت؛ تا وە- کـوچەنـذ مانگ پێش دەستەی زانایانی ئێراني وئەمریکایی کە ئەوتەپەیان ئەبشکنی، تۆشیان لەو کاسەبۆ ؛ وەئەوەیان بە گرنگترین شتێ کەلەم جۆرەکاووشانا بەدەس هاتووە،زانی؛وەلەڕزی گەورەترین کەشفیاتی عاڵەمی ئەنتیکەناسی یان ناسی . گرنگی کاسەی ناوبراوبە بۆنەی نەقشی خـودایان، وەئالهە- کانی سواری عەزابـە، وەئەوشێر سوارەیە، کەیەکێ لە هۆزەکۆنەکان ئەیان پەرەستی؛وە،پیرۆزای ئەوهۆزە تائیستابەتەواوي کەس نەی زانیوە.

لەصەذیەنـۆهەمی پێش لـە میلادذا، ناوچەی ژێـرفەرمانـی هۆزی ناوبراوهێرشی لەسەر کرا؛ وەئەوان لەنێوچۆن؛وە هیچ کەس بەچاکیی نەی ئەتوانی کەشەبارەت بەشارسانیەتێ ئەم هۆزە لـە ڕۆی

ماوەی ل ٦

www.zheen.org

# هەراڵە وزەمزەمە

ماوەلەچلی پێشوو

لەچلی پێشودا رازم گەیاندەکاتێ کە : هاوەڵەکانی سەنگەری شاپەسەندو دوژمنەکان دەستەوخەنجەرڕژانەناویەکتری، ئێستالە سەرئەوبەسەرهاتەئەڕۆم. کاتێ کەبۆبەشەڕ، خەنجەرناچارمنیش دەستم دایە خەنجەر،وە کەوتمە ناویان، گرۆیێکی زۆرلەو گورزوقاوەدازامدار بۆکاتێ کەمن گەیشتمێ بەسەختی شاپەسەندلەگەڵ نامەدرێکی دەستەی دوژمن دا بەسەختی بەربەرەکانێی ئەکرد، پەڕیمە کۆڵی ئەونامەردە وەزلیلم کرد، دیم کە: «شاپەسەندیش خەڵتانی خووێن بۆوە، لەیەك دۆلاوە نۆکەخەنجەری لێ کەوتۆوە، کەمن ئەوناژەنینەم بەوحاڵەوەدی وشك بۆم نەمێ زمانم کاری ئـە کرد شتێ بەوبلێم نەئەوئەی تووانی لەگەڵ من داقسە بکات،پێی بەحەرکی خۆیانا کوتی تۆ کییانی من بابم زیندووە کوتم بەڵێ شو کورسەلامەتە، لەکاتێکـا ئێمە سەرگەرمی وتووێژبووین لە دوواوە پیاوێ پەڕیە کۆڵم خنجۆکـی لەژێرملم توند کـردشتێکی نەمابوسەرم ببڕێ «شاپەسەند» پڕی دایە سەری وە خەنجەرێکی لەتەوقی سەری ئەوژە لامەداو کەوت بەپشتا،ئەنجادووایی گورزوقاوی ئەوسەنگەرەهات، وەدوژمنەکان یا۔ کوژران یاهەڵاتن، ئەوکاتەباقی تفەنگەچی یەکانمان لەوی دامەزرانـد خۆمو«شاپە۔ سەند»ئەم بەردۆئەوبەرد بۆسەنگەری «خاڵەمەحموۆد» بەڕێ بۆینە وەحاڵی ئەوکاتە کە شاپەسەندمەدی! نانۆسرێ! بەڵام لازمە ئەوەش بلێم پاش چاوپێ کەوتنی شاپەندژەنگم ڕۆناك بووەوە، ماندویی ئەو ماوەیەم لەبیرچووەوەشتێکی پێ نەچۆخۆمانمان گەیاندە وەسەنگەرەکەی «خاڵە مەحموۆد» ئەوکاتە بۆسۆم بۆزامەکانی شاپەسەند دروس کرد،

ماوە ل١٠

بەزاروبەك شەو ٢٦٧

بابی من خەڵکی شاری بەصـرە بـوو
بەبێ من دونیای لەلاهیچ نەبـــــوو
بۆیە ئەوڕۆحی خۆیی خۆش ئەویست
منی تیدا بووم ئـەرنانــەی دەویست
ڕۆناکیی چاوی بۆیە ڕۆناك بـــــوو
دەروازەی دیدی بەرە ومن تاك بـــــوو
ڕۆژێ لە بازار کەنیزێکـــــی شۆخ
کو ڵم وەك پەڕەی گوڵ ئاوداروێنەی قۆخ
دەبینێ ودەردەم ئەی کڕێ بـــــۆمن
بۆسازی کەیفم ئەی هێنێ بـــــۆمن
چ کەنیزا ڕۆمەت وێنەی پەڕەی گــوڵ
قامەت وێنەی نەی زلفـەعەینی سونبوڵ
ئاوودەم شیرین دەنگ خۆش ومطرب
بێ وێنە لەشام لەبەصرە ویەثـــــرب
ماڵم بووله بۆی زوڵفی مـــــوعەطەر
دەتـووت ڕۆژە کـــــەم پڕیەلەعەنبەر
کەیف وشادی وذەوق هیچ نەمانەم بێ
هەرچیم کە دەویست قەت نەمدی کەم بێ
بای ئەجەڵ هاتـمودای لــــــەپساتم
گوڕای بەجیارێ گشت کـارەساتم

وەرگێڕاوی هۆنراوە بەنرخەکانی زاناکەمەزن جەنابی

«قیس نعمی»

## لەلایەن هونەری بەناوبانگەکورد

## ((ماموستاشیخ سلام))ەوە

-٦٢-

عومرێ وەك هەوا وەهـا هاتبـۆ
نەمزانی چی بۆ؟ کەی هات؟ بۆ کوێ چۆ؟
بەدەردو ڕەنج وباری تـەفرەی دام
بەبێ دەنگوسەنگ دەرچۆدزی بۆ؟

-٦٣-

لەوخاك بۆئەم خاك پـەیامم هێنـا
لەئاور لەگـل سەلامـم هێنــــــــا
بەموعجزەی من کێ باوەڕ ناکا؟
چۆن لەگـل واتەوکەلامم هێنـا

-٦٤-

هێنرای پێچراوەی قۆناغەو خەوی
خرایتە چاڵی تاریکـــــــی زەوی
کبرو غرۆری تۆ ئەبێ چـی بێ؟!
لاشەیێك هێنرا ، لاشەیێك ڕۆیی!

-٦٥-

لـەدونیـا دای پێت ڕۆ ناوونیشان
وەهم و خـەیاڵ وغاییلەو گـومان
ئۆمانگ خوێنت خواردلەتۆی ڕەحمەدا
مەغروری ئیستا کە ئەتدانێ نان

-٦٦-

لەدەشتی فـەضا ئەستێرە دیسارن
لەداوی زەمان هەمۆ یێـــــــزارن
سەرزەوی فەڵەك ، هەرچی تیاهەیە
زەممی تەلیسمی دنیسای غەددارن

٦٧

کاتی بۆکێنیت هـاتووە ئەی دڵ!
بەفرمێسکی چاو بیشۆ ڕۆخشڵ!
وابانگ وناقوس ئەڵێن فزەی دە!
زەنجیری ئاڵتون،کووارەی وە کۆ گوڵ

٦٨

ئەڵبەت کە ڕۆژێ گیانت دەرئەچێ
لەبیهولەتـرس ڕزگـاریت ئەبـێ
لەناوگەلێ شەڕ سەرئەفراز ئەبـي
ڕزگـار لەبەشەر هەتـا حەشرێ

ماوەل١٠

بنکەی ژین www.zheen.org

م.ص.م.

# لەهەرگولزاری

## گولی

## (بی‌خود)

هۆنەری بەرێزمـاموستای‌زانای‌خووالیٚ خۆش‌بوٚمەلامەحموّدی «بیٚ‌خود» کوڕی‌مەرحومی‌مفتی‌چو ماری‌مفتی‌سولەیمانی بۆوەناساندن‌و مێژوّی ژیانیان بەدرێژە لە کاتی خوّیاپێش کەش ئەکەین. ئەوزاتـە زانایێکی‌یەکجاربەڕێزلەزێن‌وەکاری‌وێژەیی کوردی‌وفارسی‌وعەرەبی، وەدانانی‌مادەتاریخ‌وبەرزبەروازی‌ئەروای‌هۆنەری‌یا بۆپشتی‌پەردەی‌سەرۆشت بی‌وێنەبووە، ئێستائەم هەڵبەستەی‌تان پێشکەش‌ئەکەین کەلەژێـرسەر دێری «ئەگری»دا فەرمۆیانە.

### ئەگری

دڵم بۆزولف وزۆی جانـانـە ئەگري
منالـەبـۆ گـولْ وزنجانـە ئەگري؟
چرا ئەمشەو کەوافرمێسك ئـەڕێژێ
ئـەڵێن هـەربۆمني‌پـەروانەئەگري
ئـەکاشا باشی کیٚ دەریـایی دیـدەم
کەچەشتی گەوهەری‌یەك دانەئەگری
شەویٚ بۆزولفی ئـەومـەپارە تـازۆژ
دڵـم بـۆسینە چاکـي شانە ئەگري
غەزالْی من ئەگـەرساتـــیٚ نەبینیٚ
بیابـــان قوژئەبێویٚ لانەئەگري
کەوان ئەبرۆیەتیری غەمزە تاکـەی
لە جەرگي بیٚ گوناە نیشانە ئەگري؟
لـە بەزمێکاکـە سافـي چاوی تۆبیٚ
مەی ئەڕژیٚ، دڵْ ئەچي،پەیمانەئەگري
بەیسادێ نە وبـەهـاری زۆیی تۆیـە
کەچاوم هـەوري زەمانـانە ئەگـري
براتـانـەبیە تۆز وخاکـی بـەرپیٚی
بەزەحمەت چاکی ئەودامانـەئەگري
لە دڵتا یادی گەنجی کیٚیە «بی‌خود»؟
کـەئەمشەونـە وبەتیٚ ویٚرانە ئەگري

## (مصباح‌الدیوان)

ئەمەش گولێکی‌دیکەلەوچەپکە گوڵانەی کەئەروای‌وێژەویشتی هەرئەندامی‌بەبۆنی‌لەدونیای‌سرۆشتەوەدێنیٚ‌تەبالْ‌وەبۆجیهانێکی‌دیکەی ئەفرێني وسەرمەست وسەرخۆش ومەدهۆشی‌ئەکا . لەزانای‌بەناوبانگی وێژەیی کـوردەوە «مصباح الدیوان»ی سقزی ئێراني بـەخوێنەراني پێشکەش‌ئەکەین بیٚ گومان‌لەموباله غەوێژی‌دا کەوتۆوەتەلای‌زۆرۆی هەرموباله غەیێکی هونراوە وە .

مەمکی واتورتەوە کۆجۆتە هەناری نەوزەس
ئەپەڕن گـەرلە پڕا دەستي بەقایـم بەدەنیٚ

ماوەلی٩

نەتەوایەتی...

ماوەی‌ل ١

«مان» کرد کەلەکاتی کەێشتن‌وە دامەزرانـی، دۆزە گـەزی«ماد»و «پارس» لەزۆژئاوای ئێراناەوان لەنیٚوانی زۆژ ئاوای دەریـاچەی ئورۆمییە، وەلاخوارۆی زۆژئاوایی ئەەدەریاچەدا پێك کەوتبوون.

ئێستازۆر بەتێکرا باەس‌تەکەم لە زۆژ کاری بـەر لـەپێك هاتنی شاهەنشایی «ماد» وەیە کیەتی‌ئاریا بیەوە، باوە کو لەژمارەی پێشوودا باسی لیٚوە کرا: چونکوو اولالەم زۆژ گارمدایە کەبناغەی‌شاهەنشایی ئێران ویە کیەتی هۆزانی‌ئاریایی ئێراني لەدەشتی بەربەلاوی‌ئێرانا دائەنرێت ونەخشەی‌ئەکێشرێت.

دوەم؛ لەبەرئەمەی، پیٚ کەوتەکانی‌ئەم زۆژ گارە دیرئـەخەن کە کوردستان وەبەشی کورد نشینی ئاذربـایجان لانکی نەتەوایەتی ئێرانی

وە سەرچـاوەی شاهەنشایـی ئێرانە؛ لەبەرئـەمـە کوردستان بەلای هەموو هۆزێکی ئێرانیەوە

ماوەل٩

## مێژوی‌ریشەی‌رەگەزی‌کورد

نووسراوی‌زاناکەسەزنی کورد،احسان‌نوری
وەرگێزاوی:مـع‌ـمفتی‌زادە

### ٦٩

دەستەیێ ئێددعا ئەکەن کەزەردەشت خەڵکی زۆژهەلاتی ئێران بووە ؛ لەکاتێکدا لە «یسنای ٤٦» بەندی یە کەم ودووەمدا ئەڵیٚ : «بۆ کام وەلات هەڵیم ؟ بۆ کویٚ بڕۆم؟ پەنابۆ کوٚیٚ بەرم ؟ پێشەوا و گەورەکان خۆیان لەمن‌لائەدەن . وەلەفەلاوجوتیارە کانیش دڵ‌خۆش‌نیم ! وە هەروەها دڵ خۆشیم لەفەرمان زەوا کانی شاریش‌نیە؛ چونکـو لایەن گیري درۆن . چۆن ئەتوانم دڵ‌خوشیی تۆبەدەست بێنم ئەی زدا» !؟ من‌ئەزانم کە بۆچیی ناتوانم‌کاریٚ لەپێش بەرم ؟ بۆئەوە کەزاز و پەزو پۆلەم کەمە ؛ وەنۆ کەرو کریٚ کاریشم زۆرنیین»

زەردەشت بەهۆی پێش نەچۆنی‌کاری پەیغەمبەري ئەولەنیشتمانی خۆیدا ، وەگاهەس بەبۆنەی تارنانی دوژمنەکانی‌یەوە ، لەگەلْ چەنْد کەس لەیارانی‌خۆیاـ بەقسەی «بارتلومە»ـ لەزێگای شەقام وئاوەدان چاوي پۆشیوە ؛ وەلە کوێرە زێگاوە خۆی گەیاندوەتە دەرباری پادشای زۆژهەلانی‌ئێران کەناوی«گشتاسب»بۆ. ئەم‌ناوەلە«گاتها»دا«ویشتاسب» نۆسراوە .

«گات» لە کوردي کرمانجیی‌دا بووەتە «گاس، گاز» کە بەمانای دەنگ کردن وبانگ کردنە . لە «سانسکریت»دا «گاتا»یە . ئەمزۆلە کوردي سۆرانیی‌دا «کات» بەمانای زەمان، وەخت، ئەئنا، بەکارئەبریٚ.

ماوە ل ٩

هەزارویەك‌شەو ٢٦٨

بابی لیٚ سەندم‌پارەم کـــــرد تەواو
خۆمۆ کەنیزەك ماین بیٚ، نان و ئـاو
کەنیزەك زۆژی دی کـــــەیٚ پارەم
هات زاویژی کردزانی بـیٚ چـارەم
ووتی‌من ببەو زۆبـــــم فـــــرۆشە
زکی خۆت تێر کە بەوچـەنْد قـرۆشە
هەستام و دەستی نازەنینم گـــــرت
بردم بۆبازار هەرچەنـدە زام گـرت
کەسیٚ وانەبۆ لێمیی بستێنـــــیٚ
کەس دلْیی نەهات گیانم دەربێنـیٚ
ئێستا وەستاوم گیانـم بفرۆشم
لەکاسەی حـەسرەت زەهـراوئەنـۆشم
بۆگیانی شیرین هێند پەرێشانـم
ها ، واخەریکەدەردەچیٚ گیانـــــم
بیٚ‌حالْ و زەلیل مـات‌وپـەرێشان
شەهیقم مەرگە زەفیر گییـان کیٚشان
دلْ وەك پەروانەی پەزوبال سوٚتاو
جەرگ‌لەت‌لەت‌قیمەی‌سەر کۆتەی‌قەساو
چنگالیٚ پەنجەی غەم گەلۆگرتـۆ
مقردە ئارەقیش لەزۆمـەت نیشترو

بنکەی ژین
www.zheen.org

م:ص:م

# بەشی مەولەیی

## پارچەی

## ٣١

خوداڵی خۆشبۆلەمپارچەدا، لەپیاڵە گێڕی مەیخانەی خوداناسی ئەپارێتەوە ، کەلەومەیە خۆشمەزە ، مەزرای ژەوانی سێراوکا، تابەشۆرو مەستیەوە ، ڕێگای دووا هەوارگەی یاران بگـرێتە پیش ، وبەسەر خۆشیەوە ، خۆی پێیان بگەیەنێ ؛ هەروەها کەئەڵێ :

گەزانی گەردوون هەر ئەو گەزانەیە کە لەخولی خۆیدا ، دەس بەدەس نگینی ئەنگوسە وپلەی مردنی هێنا ، تا کردیەدەستی خـاتەم «حضرتی محمد»یچ ، هەروەهاش گەردوون وازی نەهێنا تابەزمی «شیرین» و«خسرو»ی تێکدا؛ جامی کوتا بەسەری «جەمشید» وجەمشێدی کوتا بەملی جامدا ؛ تۆماری بەناوبانگی «حاتەم»ی پێچایـەوە ، وەکاسێڵەی سەری «کەیخسرەو»ی کرد بەکاسە کەڵە ؛ کەوابوو، پیاڵە گێڕا! ئاشی گەردوونی چەپگەرد، تۆزی ئاردی پەیکەری یارانی هاممەرد، ئەڕابەلوتما، وەزۆ زوودەنگی [ ئاش بەتاڵ]ی ئاشەوان دیتە گوێم کە ئەڵێ: ئاش خاڵیە ، نۆرەت گەیشتووەو، وەرەپێشەوە لە، ئەنجا هەرئەوەندەمت زانی کەئاش‌سوو ڕێکی خواردەوەو ، باراشی کەلاکی ئێمەشی‌وەکو هـی یارانی‌تر، هاڕی وکردی بەئارد؛ کەوابوو ، هەرباراشی‌بوونی‌شایستەیی ئەوەی نییە کە بەوئاشەبکرێ بەئاردتا دانەی‌پەیکەری لەمەزرای‌ژیاندا بەجۆی مەیی خۆداناسی ، ئاونەدرابێ ، وەلـەوئاوە تێراونەبـووبێ و نەگەیشتبێ ، بۆئـەوەناشێ کـــــــــــــە ببرێ بۆئەوئاشە ؛ کەوابوو حەیفە کە تـۆ[ زەنگە مەبەستی حـــــــــــــەزرەتی شیخ عثمان بێ] میراوی جۆی مەیی خۆداناسیی بیی، وەبەشی هەر کەسێکت بەقەدخۆی دابێ، بەڵام من کشتم زۆزەردی هاومالان بێ، وەدانەی کردەبەم زۆزەشی هاوەردەانی خۆی بێ، دەك بەقوربانت بم ئازیزا زوو تر ئەو جۆ گەم بـۆ هەڵکە با کشتم بەوئاوە تێرا وبێ؛ باوەکوو کشتی من کاری گـەیشتوەـ تەدووایی وەلەهەفتەت ئاخری بەهاردایە ، بەڵام، چەنێ تەڵیکی لەوانەیە کەبەوئاوە گەشەیێ بکا ، وەلەدووا زۆڕدا داناری بخواتەوە :

هەرئەودەورەن چەرخ‌تائاومردو بەرد

دەس‌وەدەس‌نگین تاەخاتم»(ص)ئاومرد

تاپەزم «شیرین‌خەسرەو» ، وەهەمدا

«جەم»ەداوسەرجام‌جام‌وسەر«جەم»دا

شۆرەتنامەی‌نام«خاتەم»ش گەردتەی

گەردەوە کاسە کەڵ کاسەی کەللەی» کەی»

ساقی ! گەرد ئارد یاران هـاەمەرد

مەڕۆم نەمەماخ ئاسیای چـەپگەرد

صەدای ئاسیاوچی مـەیۆپەیـایەی

ئاسیا وخاڵیەن نۆرەتەن سادەی !

هـەرکاتێت زاناچەرخـێ وەردەوە

چون‌یاران‌دانەی ئێمەیچ هەڕدەوە،

نەهەرسەردەشتـێ کشتێ کریابـۆ

وەجۆی چەمەی‌مەی‌ئاو نەدریابۆ،

## باوەرنامەی

# خودایارت بو

### دانراوی زانای گەورەی کوردخوداڵی خۆش بوومەلا«عبدالله»ی دشەیی «مفتی»کوردستان

### باوەڕ بەفریشتەکان

مەخصوص‌مورسەلین‌صاحیب ئەحکامن

هادی‌وڕەهنمای کافەی ئەنامن

اواولعەزمشان‌نۆحەن و خەلیـل

کەلیمـو مەسیح خاتەم جـەلیل

عەدەدشان‌جەلەفظ«محمد»پەیدان(١)

یانێ فەضل گشت بەئەو هووەیدان

ئەووەڵین ئەوەن ، ئاخـرین ئادەن

بنای کاینات بـەئەو ئـــــاباذەن

ئاخر پەیغەمبەر ئـاخرزەمانـەن

دەریای ڕەحمەتەن کەهف ئەمانەن

گشت‌دینێ‌بەدین‌ئەوبەطاڵ کریان

تاڕۆی قییامەت دین بـەئەودریـان

پەرێ ئینس وجن عامەن بعشـەتش

باقیی مەخلۆقات پەرێ خـزمەتش

ئیسم ونەسەبش مەبۆ بزانـــــــی

پەی‌تـەمـام‌بیەو وئەصڵ وئیمانی

ئیسمش«محمد»«محمود»و«احمد»

بابـەش «عبدالله» نازار ئـەمجەد

ماوە ل٨

نەیاوابۆ خاس دانـەش بـەونـاوە

لایەق نین بەردەیش وەوئـاسیـاوە

حەیفەن تۆسێراو سەرجۆی‌بادەبی

وەهەرکەس وەقەد کەفاف دادەبـي

من کشتم زۆزەرد هامفەر دانش‌بـۆ

دانەم ڕۆسیـای‌هـامدەردانش بـۆ

فذات بام ئازیز ، شۆهەز کەربایەی

وەسەر کشتم‌دا،پەی‌پەی‌جۆجۆی‌مەی

ئەرصەد کشتە کەم ئاخـــر کارشەن

هەفتەکەی ئاخــر نەووەهارشەن

بەڵام ، بەڵ تەڵ تەڵ گەشێوە کەرۆ

جەی ئاخــرەوە دانـاوێ وەرۆ

بەڕاستیی زمانی هەرزانایێ کی ووردو ، پێنوسی هەرنوسەرێکی بەهێز لەهەڵدان‌وپیاچوونی نێرۆی‌نهێنی ئەوداتە، ناتەوان وبێ‌دەسەڵاتە؛ ئەگەر زۆرباش ووردبیینەوە'بۆمان دەرئەکەوێ کە خوداڵێ خۆشبوو «مەولەوی» لەپیشان‌دانی مەبەست ونواندنی‌دا ، ڕێگـا وڕەوشتێکـی تایبەتیی بووە کە کەمترهۆنەری‌لەجیهاندا توانیویە ئەوڕێگاوڕووشتە بگرێتەپێش ' هەروەها کە لەم پارچەدا، گەزانی جیهان بە گەزانی‌ئاش ئـەتوێنێ وەئـەوبەدی هاتووانە کەلـە سەرەتاوەدێن ولەدووایی یـەوە ئەڕۆن، بەدەخڵ‌دان‌وباراش وئەیانخاتەپێش‌چاو،وەووردبوون‌وتیاچونیان، وەکوئارد نیشان ئەدا ، بۆئەوە، ئەمەوبەستی خۆیەزۆرترو سادەتر لەدڵی خوێنەرا جێ‌بکاتەوە،وەباشتر لێی تێ‌بگا . ئەمەش بۆخۆی‌یەکێکەلە ڕێگاهونەرنواندنەکانی‌هۆنەری کەهەر کەس‌ناتوانێ‌بۆخۆی بیی- گرێتە پێش، مەگەر مەولەوی‌نەمر .

## لەکۆمەلا

ماوەی ل ١

هێز ، ئەوەیە کە بەرەی مرۆڤـلە سەرەتای‌ژیانەوە، چۆن‌زانیویە کە هێزهەیە،وەبەچیی‌لێی‌تێ گەیشتوە؛

بەرەی‌مرۆڤ‌لەسەرەتای‌ژیانە. وەلەناوی دارسان وجەنگەڵەکانی کەناری دەریاکانـداژیـاوە، بـە گوێـرەی ڕۆژوجێگاژیسانێکی ئاژاڵي بووە، وەلـێ کـۆڵینەوەو ووردبوونەوەی نەگەیشتووەتەڕادە یێ کە خۆی لەئاژاڵەکانی ترجیا بزانێ، پاش‌ماوەیێ بەپێی‌ئەوشتو مەك‌و پڕوپێتانە کە لـەسازمانـی پەیکەری ئەودابووە،وەئاژاڵەکانی ترلەوانە بێ‌بەش بـووون، ووردە ووردە، خۆی‌لە ئاژاڵەکانی‌تر جیا کردووەتەوە،وەزانیویەتی کەهێز ئەتوانێ‌هەرشتی‌لەناوی‌ببا‌‌بۆوێنە: فەرتەنەی‌دەریای چاوپێ کەوتووە، کەزۆرشتی لەنـاوبردووە؛ بەبرو پڵنگ‌وشێری دیوە کە ئاژاڵەکانی تری‌خواردووە؛ هـەورەتریشقەی چاوپێ کەوتووە کە کێوی ڕوخاندو وەو، دارسانی سوتاندوو... .

ئەنجا، لەچاوپێ کەوتنی ئەو کارەساتانە ئەوەی دۆزیوەتەو کە هەرشتێ هێزی‌ببێ پێویستەمرۆڤ لێی بترلێ وبیی‌پرسێ؛جا، هەلە بەر ئەو ترسەیە کەبەرەی مرۆڤ لەسەرەتای ژیانەوە هەرشتێ کەبە زۆردارتـری زانیبێ، پـەرستشی کردووە، وەبەبەدی‌هێنەری‌خۆی زانیوە، چونکە، هەروەها کەبۆی دەرکەوتووە کە ئەوخاوەن هێزە ئەتوانێ‌لەناوی‌ببا،هەربەوچەشنەش باوەڕی بووە کـە ، مان‌وژیانـی بەدەستی ئەوهێزەیە، تـائـەوبیرو باوەڕە گەیشتە ئەڕادەیێ کەهەر خاوەن هێزێکی بەتین کەلەناوی هۆزەکانی مرۆڤداخۆی‌نواندبێ، بەیەزدانی خۆیانیان زانیوە، وەبە زمانی خۆیان‌ناوێکیان‌بۆدۆزیوە- تەوە، کەبەزمانی ئێمەپێی‌ئەڵێین: «خودا» یەزدان، ئاهورامەزدا»

بەوچەشنە کە هەڵماندا،بەرەی مرۆڤ لەسەرەتای ژیانیەوە، هەمو هێزەکانی تری ژێردەسەی هێزی «خودا» زانیوە ، وەهـەرهـۆزو نەتەوەیێ بە گوێرەی نیشتگەی بۆخۆی «خودا» یی کی‌بووە، وە ژیان‌ومردنی خۆی‌لەلایەنی‌هێزی ئەو«خودا»یەوەزانیوە.

بنکەی ژین www.zheen.org

باسیکی ...

ماوەی٢

شوێنی هونەری‌یەوە که لـەوان بەجێ‌مابێ، بیروڕای دروستی‌دەر بڕێ . بەڵام ئەوا ئێستالـە ڕوی ئەونەقشەوە که لەڕوی کاسەی‌زێرین هەڵ کنراوون، ئەتوانین‌سەبارەت بەوهۆزە کەئەوەیان‌دروس کردووە؛ وەبەموبارە کیان‌زانیوە،چەنڎ بەڵگە بەدەست‌بێنین‌ٰ وەلەژیان‌وبیروڕای ئەوان‌لەچەنڎە بەست تێ‌بگەیین؛

لەپاش‌ئەم«مقدمه»بیروڕای‌خۆی سەبارەت بەنەقشەکانی‌کاسەهەرکام لـە ڕێروێنەی خۆیانـا ڕونـاك ئەکاتەوە . سەبارەت‌بەنەقشی‌شێرو شێرسوانه کە، لە ژێری سەردێڕی «سواري‌شێری‌مایە»وەهانوسراوە: «ئەوئالهەسواری‌شێری مایەبووە؛ وەئاوێنەی‌پێوا، بە دەستیەوە ،کـە ڕەنگە نیشانە ئینعکاسی ڕوح‌لـە عالەمي ئاخرەتدابێ» بەڵام‌ئەگەر کەمي چاودێري نەقشي ناوبراو بکەین‌ٰ ئەبینین کەئەوکەسەسواری شێرنیە،بەڵکوبەجۆرێ کەلەپێشان ووتمان : هەوساری شێرودەستەی دەفێکی بچوکی گـرتووە؛ وەبە دەستی ڕاستی‌خـۆی کەفچەی‌دەم- فەکەی ڕاگرتووە؛ وەمـەبەستی ئاوێنەوسواربونی‌شێرلـەبناڕاست نیە .

لەژێری وێنەی‌تەواوي‌کاسەڎا، سەبارەت‌بەنەقشی‌لای‌ڕۆرڕوی‌کاسەو وبەشێ‌لە نەقشەکانی‌لای‌خـوارڕوی ئەوە، وەها وێژراوه کە : «لەلای ڕۆرڕوی‌کاسەرە، نەقشی‌خوڎای‌زەوین کەشاخی هەیە؛ وە نەقشی‌خوڎای هەتاو کەتاجی‌باڵداری لەسەرناوە، ئەبینرێ . هـەردوخوڎا هـەرکام سواری‌عەزابەیێکن کەبەهێسرەوە، بەسراوون . لەبەرانبەری‌ئەوانەوە نەقشی چەنڎبەرانێکه کەبەخوداىان پێشکەش‌ئەکرێن.لەلای‌خوارڕوی کاسەوە پیاوێکی کەوان بـەدەست ئەبینرێ‌ٰ کەتەواری‌دەوری‌پەلکە وغولامانەی‌ئەومارێکە کـەڕوبە ڕوی‌هەڵوێی‌ڕاوەستاوە، کەڕەنگە وابگەیێنێ ئـالهەی سواری پشتی کردوە، وە بۆئاسمانی‌ئەبا» .

لەژێری نەقشیڕنە ڕوتەکەڎا کە لە پێشان بەدرێژا باسمان لێ‌یەوه کرد، وەهـانۆسراوه، کـە : «ئەبێ نەقشی نـاوبراونوێنگـەی خوڎای خەیروبـەرەکـەت بـێ کە لە سەرپشتی‌بەرانـەکانـەوە ڕاوەستاوە؛وەچارشێو(عەبا) کەی ڕۆبەهەردولابەڵاوکردوە وەمەمکەو وناوك‌وئیسقانی‌قوزەکی‌ڕێی‌ئەو، بەشکڵی دایرەی‌بچوك‌دەرخراوە؛ وەنەقشی‌ڕوی‌پارچە کەخەت‌خەتە نوختەچین کراوە» .

سەبارەت بەنەقشی‌یـەکەمین گەردونە (عەزابە) کە لە گا بـەسراوە،وەبەناوی «گەشتی‌خوڎای ئاووهەوا» ناسراوە، وەها ئەڵێن، کە : «تیشکی ڕوناك لەسەرشانی ئەوەوە‌پرشنگ ئەوەشێنی،وەشەلا- خەکەی‌دێنێتەدەنگ؛وە گەردونە دوچەرخە کە ئەباتە پێشەوە . وە جۆگەئاوی لـە دەمی گاکـەوە ئەڕژێتە ملی ئەژدەهایێکدا» .

سەبارەت‌بەونەقشە کـەیـەك کەس لە سەر کەتێ‌دانیشتووە؛ وە کەسێکی‌ترمنداڵێکی‌لەبەرانبەر- یەوە گرتووە، وەهسابیروڕای دەر بڕیوە، کە: «دایکی‌سەروهەردوپێ منداڵی خۆی گرتووە؛ وەبەناوی پێشکـەش بـەرەوڕوی ئـەو خوڎایەئەبا کەبەڕۆتی لەسەر کە- تەوه دانشتووە . بەهۆی قوربانی کاسەوه بەشی‌لەبەدەنی منداڵـە-

ماوه ل١١

وەرگێڕی پێشەك وڕاستکەرەوەکەهۆنراوەکان:م.س.م

# کنز العرفان

# دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین‌ووتار ((میر محمدصالح حسنی نعمت‌اللهی))

**ملقب‌بە«حیرانعلی‌شاە»ی کرماشانیی**

لەساڵی١٣٢٤ش،لەلایەنی زانای‌بەڕێز « محمدحسن‌حیرانی » (صارم‌السلطنه) لەچاپخانەی‌کاوە لە کرماشان ٰ بۆدووەم جار لەچاپ دراوە.

پیشەکی چاپی یەکەم

بەسەردەستی ئەوڕابەری تەریقەدا تۆبەی کرد و خۆیان بـەوان سپارد ، وەڕێگای خوڎا ناسي گرتەپێش ؛ لەبەرە کـەت وتەصەرروفی مەعنوي ئەوان وشایستەیی خۆیانەوە، لەماوەیێ کی‌زۆر کەما گەیشتنە پلەیێ فرە بەرزو جێگایێکی گەورە ؛ پاش ماوەیێ‌مانەوە لە خزمەتي‌ ئەوپیرەدا ، کەڵکەڵەی‌نیشتگە (وطن)ی خۆشەویستی‌خۆی« کرماشان» کەوتەسەری ٰ وە گەڕایەوە بۆئەوێ . دووای ماوەیێ کی‌ترئـارە ڕوی خزمەتی پیری کـرياوە ، وەدۆبارە ڕۆیشتەوە بۆخزمەتی ؛ چەنڎێکی‌تر لە«کاشان» لەخزمەتی پیری طەریقەی خۆیدا مایەوە ، پاش‌وەرگرتنی فەیض وبەرەکەت. کەوتەڕێ بۆئاسانەی حەزرەتی سوڵطانول ئەولیا ، «علی بن موسی الرضا»(ع)لەئاسانەی‌ئەوحەزرەتەدا ، هۆدەیێکی‌بۆخۆی گرت ، وەخەریکی‌ڕیاضەت کێشان‌بۆ، تاگەیشتەڕادەیێ لەوڕێگایەدا، بەتەواوي چاوی نهێنی ڕۆشن‌بووەوە ٰ وەهێزی زەوانيخۆی نواند ، وە لەڕۆژگاری خۆیدا بێ‌وێنەبۆ؛ دووای یەك‌دوساڵێ، دۆبارە گەڕایەوەبۆ «کاشان» بۆخزمەتی پیری‌خۆی بەئیزنی ئەوان، دۆبـارە هـاتەوە بۆ «کرماشان» چاوی هاو وولاتی یەکانی خۆی ڕۆشن کردەوە ، وەبـە دەسمایەی نهێنێ بەنرخی خۆی ئەوانی بارە مەنڎ کرد ؛ ماوەیێ کـسی پێ‌چو، بەفەرمانێکی نهێنی ئەسپەردە کردنی تەرمی قـوطبی‌زەمـان ٰ حەزرەتی «حاجی ئاغا محمدی‌شیرازی» ملقب‌بە «منورعلیشا» ، بـەوان ئەسپێررێ ٰ ولەسەرقەبری حەزرەتی «مظفرعلیشا»قوطبی‌طەریقەی‌شێخ نعمت‌اللهی، پارەی مخارجی کفن ودەفنیان ئەدرێتێ ، وەئە کەونـەڕێ بۆعەتەباتی عالیات ، لەناوی ڕێگادا خەوارق و کەراماتێ کی زۆرلـەو ذاتەوە دەرئەکەوێ .

ناتەواو

# ئامۆژگاریی

دۆری‌بکەن‌لەوەی کەئاثاری پیاوچاکان لەئێوەوەببینرێ کەچی لەواقیعدا پیاوچاك نەبن ؛ چونکو لەوحاڵا لە گەڵ دوڕو وەڕیابازانـا حەشرتان ئەکرێ .

(حضرتی محمدص)

ڕازی نهێنی کەسێ ئاشکرا مەکە ! وەلەپشتی سەرەوە خراپـی هیچ کەس مەڵێ ! وەدرۆزن لەسەردرۆکردن هەڵمەنێ !

(عباس بن‌عبدالمطلب‌رض)

مونافق ودو ڕۆ بەزمان لەگەڵ تۆیە، بەڵامبەدڵ نایێتەماوڕێت .

(حضرتی‌حسن‌رض)

پرس‌وڕاوێژ ونیبازمەنڎي خۆتان لەگەڵ درۆزنا مەخەنەیێـو ؛ درۆزن‌ئەوەتان‌بۆنێزیك‌ئەکاتەوە،هەرچەنڎ کە دۆرێ ؛ ودۆری‌ئەخاتەوە‌ٰ هەرچەنڎ کە نێزیك‌بێ. وەلەگەڵ کەسێکیشا کەوەڵام دانەوەی‌خەڵکیی کـردووەتە دەس‌مایەی نان خواردنی خۆی ٰ باسی‌لێ‌یەوە مەکـەن ؛ چونکو ئەوکەسە قازانجی خۆی ئەخاتە پێشەوە ؛ وەبەگوێرەی ئەوە ڕێگاتان بۆدائەنێ . وەبەنادانیشی مەڵێن ؛ چونکوهەرشتێ کەئەو بە چاکی بزانێ ، زیبانی بۆتان هەیە .

(قتيبة بن‌مسلم رض)

دۆري بکەن لەڕەفێقیی کەسێ کەدڵی ئێوە لەخۆیـەوە خـۆشی لەئەو نایێ .

(سقراط)

لەڕەفێقیی وهاو دەمیی دۆستان‌ڕەنج ئەبەم؛ چونکوئەوان‌هەمو کاروخوەکانی من‌بەچاك ئەزانن . لەکوێ‌یە ئەودوژمنی بێ‌حەیا وڕۆ پامانەتیی‌نەکەرە ، تاهەمو عەیبەکانی من‌هەڵ‌بڵا ؟

(سعدی رح)

بیروڕای خاوێن‌وپاك‌لەڕۆحی‌پاکی کەسێکەوە سەرچاوەئەگرێ کەخەیرخوا بێ؛ هەروەها کە بێنی خۆش ، لەگوڵی جوان و خۆشبۆ هەڵ ئەسێ .

(اناتولفرانس)

کەسێ کەبێ تێ‌فکرین قسەبەرئەدا ، وەکو ئەوڕاوچی‌یە وایـە کەبێ نیشانەگرتن تیربهاوێژێ .

(منتسکیو)

تەنیا هێزی بیروڕاوخەیاڵە کە بەسەردونیاداحوکم ئەکا .

(ناپلیون)

کار سەخڵەتە، وەتێ‌فکرین سەخڵەتی‌زۆرترە ؛ بەڵام ڕێك‌خستنی کاروفیکر لەهەر دوکیان سەخڵەتی زۆرترە .

(گوتە)

## نەتەوایەتی...

ماوەی ل٤

سەرزەمینێ کی بەرزی ـ لایقی احترام وپاکە؛

سێیەم لەبەرئـەوەی، کەلەم رۆژگارا زیمان ئەکەوی لەناوی ئەوگەورەوپادشاوئەمیرە ئیرانیو ومادیانە کەرۆژگارێ کی سەخلەت وپڕلەبشێوەدا، لەبـەرامبەریدنیا ییکی پڕ لەدژمنەوەبۆدرۆس کردن ودامەزرانی بناغەی شاهـەنشایی ئیران خەبات وگیان بازی یـان کردووە، داخەکەم ، کەجگەلە نووسراویدژمنانی ئیراناناوێکیان لێ بەجێ نـەماوە، کەچی گەلی ئیرانتا دوورازۆرگار، منەتباری ئەمپیاوە بەغیرەتانوخەباتەکانیانە، چونکوبێ گیان بازی ئەمقارەمانانە کەلەبیرچوونەتەوە گەلی ئیرانو هۆزی کورد ئەمڕۆ لەبەینانەبوو، ولەسەرهەموگەلی ئیرانبەتایبەتی گەلی نەبەزو ئازادەی کوردستانە کەناوی، نەبەزە لەبیربـراوانەی گەلیی ئیران وهۆزی کـوردە، جارێکیتر زیندو بکەنەوە .

## میژوی ...

ماوەی ل ٩

مامۆستا «پورداود» لەکتیبی «ادبیاتمزدیسناپشتها»دا ، ئەنوسێ: «ئەمڕۆ هیچدودلیی نەماوە لەوەدا' کەزمانی ئەوستاهیی رۆژئاوای ئیرانە' نەهیی رۆژهەلات ، وەجەنوبی رۆژئاوایی ئیران» .

حەضرەتی زەردەشت ، پەیغەمبەری ئاریانە کەلە نێوی زۆلەکانی کوردا ، هەلساوە ، لەرۆژی هێرشی تورانی یەکاندا ــ کـە ئەوانیش ئاریایی بوون ــ لەئاتەشکەدەی شاری «بەلخ»دا ، شەهید کرا .

«مها» لە «سانسکریت»دا ، بەمانای گەورەیە ؛ ولەئەوستادا «مازا» هاتووە ؛ ووشەی سەرەتای «مزدا» لە «مازا» گیراوە ؛ ئەمڕۆ کـوردەکان ئەلێن : «مەزن» و «گەورە»ش ئەلێن کەهاوشێوەی ووشەی ئاریاکانی ئورۆپائی «گروس' گراند» .

«گری» لەئەوستادا بەمانای کێوە ؛ لەپەهلەویدا بووەتە «گیر» ولەکوردي کرمانجي ئەمڕۆدا «گر» ؛ وەئەفغانی یەکان ئەلێن : «غیر» .

بەکوێستانیان ئەووت: «ازان» وبەشێوەی کوردي کرمانجی بەکوێستانی بەرزوهەوارگە ئەلێن «زوزان» . لەزمانی «میتانی»دا ، بە پیاوی شەڕانی یان ئەووت «ماریا» ؛ وەبەشێوە کوردي کرمانجیی ئەلێن «مێر» ؛ وەبەسەرانی قۆشەنیان ئەووت «ماریانو» وە کوردکان ئـەلێن : «میر» . ئەم ووشەی «میر» ە، لەگەڵ ووشەی «امیر» ی عەرەبیدا تێکلاو بوون ؛ لەحاڵێکدا کە ووشەیێکی کۆنی ئاریایی یە.ڕەنگە عەرەبەکانیش لەئاریایی یەکانەوە ، وەریان گرتبێ ؛ وەبەشکلـی «امیـر» دەریـان هێنابێ .

## ئەهەر گولزاری گولی

مارەی ل٤

## (مامۆستائەخول)

لەم هۆنەرە بەرێزەش پارچەهەڵبەستی خووارەوە بەخوێنەرانی خۆشەویست نوێستمان پێشکەش ئەکەین کەرواهەر گولێ بۆخۆی بۆیێکی تایبەتی ئەبەخشێ وەچەشنە تا مومەزیێکی لێ ئەبرێ وەبڕێ جاریش هەریە کـەبۆ خۆی لە تامی هەرشتێکاجۆرەلەذەتێکی تایبەتی وەرئەگری، من بۆخۆم وام لەم هونراوە فامێوەتەوە کە : مامۆستای هۆنەری بەڕێز لەبەرانبەی خۆشە ویشتێکی سەرکێشە وەقەراری گرتووە، وەوپستویەتی بەسحری زمان وزوری ئەفسونی ویژری کاربکاتەسەرئە وخۆشە وپستەی،وەزامی بکات . بەرهۆوەوە بەم چەشنە هاتووە تەزمان

## (دل)

دڵم هەرئەودڵەی جارانە، ئێستاکەش ئەناڵێنێ

هەناسەی ساردی ناکامیی، لە سینەم دائەتاسێنێ

ئەگەرجووانیت سەرنجم ڕائەکێشی،مەگرەلیم چونکە

جەمالت پەیکەری ڤینوسی خووای جوانیش ئەجوڵێنێ

پەچەت لادە ببینم ڕوت؛ ئەمن خۆسەیری تۆنا کەم

لە ڕوی تۆتێ ئەگەم یەزدان چلون نەخشی ئەنەخشێنێ

کەتیشکی ڕۆژ ئەدازاخاوی پرچی زەردی زێرنیت

لەلام قەوسوقـەزەح هیچ ڕەونەق وشەوقێکی نامێنێ

بەوەش دڵ شادوخۆش حاڵم کەیادی نائومێدی خۆم

بخورئەشکی لـە چاوانافسەتپس ماوم ' ئەبزوێنێ

ئەمن ڕۆبۆخەزان ئەڕوا کەچي گـەردون ئەواتازە

لـەمونـرانەی دڵم داتوی گـولي دلداری ئەڕوێنێ

بەچەشنێ خۆشەویستی تۆلە سینگ وکەلە ماچسیە

مەگەرجامیی ئەجەل ئەوتینوئاوەی لـــــێ حەڵێنجێنێ

ئەمەش پارچەیێکیی وێژەیی ودیکە کەلـەهەڵ بەستی(ع.س) {ن}

کـاتێ کە لە سالی سێ هەمی قوتابجانەی ناوەندی داله شاری کەرکوك خوێندویەتی شۆخە کچێکی قوتابی کە گەلاوێژی ناوبووە،ولەتەمەنیش داله وگەورەتر بووە وەناوبراویش هێشتاله تەمەنێکانـە بووە بڕوابە خۆی بکات کە: ئەگونجێ ئاسکـێ کیوەحشی لایێکی لێ بکانەوە، گۆیـا ئەوپەري پەیکەرەچەند جاری بەزەمزي تیرو کەواتێ ئەبرۆ اظهاری لطفی لەگەڵدەکا،ڕۆژێ ناوبراویش ئیشارەیێ لـەو کچە ئەکات ئەویش دەست بە سەرچاوی وەك گەلاوێژیەوە ئەنێ ، ناوبرایش هێمان بەدڵە باوەڕەوە کەرەوە دێتە ماڵەوە بۆیە کەمێ جارهەستی هۆنەری ئەجووڵێ وەئەوسێ شعرەی بۆئەنوسێ دەبۆی ئەنێرێ

ئەگەرچي دەستە کەت ناسەر گەلاوێژ

بەغەمزەی چاودڵت کردوم خەدەنگ ڕێژ

دوقەوسی ئەبرووانت لـوطفی فەرموو

کەوانی خستەدڵی برد چەشنی خوێن ڕێژ

لەگەڵ من ڕاستە ئەڵێی یاداوئەنێی تۆ

بەجووانیت سوێندت ئەدەم بیلی گەلاوێژ؟

هەزاویەك شێو ٢٦٩

خووایەائەم بوتەم لێ بکرن بیی بەن ؟

ئەرگییانی شیرین دەرچێ لەناوتەن ؟

کوواژین کوواحەیات ؟ کووا کامەرانی؟

نازیم بێ گومان شەوتابەیـانـــــی

سالەو کاتەدا بەرچـاووەزەش بــــو

هیوام لەهیوای ژیـ ان بێ بەش بـوو

قۆخێکی بێ فەرپیرێکی بەدبەخـت

بەدفەسالێ وپیس چڵکنودڵ سەخت

هــــــاتەپێشەوە بابی لێ پرسـیـــــم

پێم‌وت دەردەم دای قیمەتی لەسیم

لەدەستی سەندم پەری پەیکـــــــەرم

ئارامی گییانم کەللەی شەکـکەرم

دایە بەر بردی ڕۆحــی ڕەوانـــــــم

منیش وازل زل بۆ خۆم ئەڕوانم

کەیاری خۆمم دی لەدەس غەیـــــرا

گورج پڕم دایێ وەك بەبری خەیـرا

چنگم هەڵ پێکا دەستەویەخەی بـوم

نام بەسەرسەرمۆ پیـرە مێـردي شووم

زلقەی سگی هات وادام بەعەرزدا

جمگە و پەراسوم گشت لەیـەك بەردا

بنکەی ژین www.zheen.org

نافع - مظهر

## تو چاك بە! باخەلك خراب بن

ووتیان بەیەکێ لەمەبعوثەکان
تۆیش بەپەیڕەوی شاهەنشای ئێران
قوتابخانەیێ لێرە، بنا، کە
ناووشۆرەتێ بۆخۆت پەیدا، کە
ووتی: جا، بۆ کێ!؟ بۆئەم میللەتە؟!
قەحبەبابانەی توودەیی وجەتە ؟!
ئەگەرهەرڕۆژێ دوونیا وەرگەرێ
هەریەکێ بۆخۆی ئەزفێنێ مەزێ
ئەمن وەکیلی ئەم میللەتەنیم
لە سایەی لوطفی شاهەنشا ئەژیم
لەوێ حاضربوو پیاوێ ڕۆحانیی
بەگوێ یا، سرتان چرپە ویەنهانی
گەورە لازمە وەکوو، شا، وابێ
فیکری زۆربەرزودڵێ ئاوابێ
ڕاهنمای گەلی سەرلێ شێواوبێ
بیری لای قەومی کزوداما وبێ
وەك داری بەرێ گەربەردی لێدەن
میوە ببەخشێ بەکیلووبەمەن
لەمێشکی کۆنا بیری کۆن دەر، کا
خەلکی مشغوولی عیلم وهونەر،کا
خوشەویستی گەل لە دەس دەرنەکا
خۆی لە ئیجتماع بێخەبەرنەکا
ئەووەختە ئەویش وەکوو پیاوان
سەربەرزە وناوی دێتە ناونـاوان

---

### قلس نخعی

ماوەی ل ٤

**-٦٩-**

فردەوس گەرجێگەی پەرێشان نی یە
جێگەی دەروێشی بێ سامان نی یە
دەروێش ئەچێتە ناو کورەی ئاگر
سۆتاو ، سۆتاندنوا ئاسان نی یە

**-٧٠-**

مانگی نوێم بینی من لە ئاسمان
پێ کەنی ئەیگوت: تۆپیرومن جووان
پێم ووت خەیرا کەمورت تەواو کە!
چونکە دەوری تۆزۆ دێتە پایـان

**-٧١-**

یاران ڕۆیشتن بەبێ ڕاز ووتن
نازانین بۆکوێ بۆچی ڕۆیشتن ؟
سەد کومپیالەی وەرگرت بۆ گۆڕی
وەکۆ چلکی دەس چۆبەدەس شتن

---

### هەراله

ماوەی ل ۱۰

ئەویش ڕۆی کردەمن کوتی خۆشت لەچەندلاوە کەلۆوەلای ئەی ڕامەکانی خۆت بۆچی نابڕژێنی تەوە؟ ئەوکاتەلە سەرفەرمانی گییانی شیرین بۆسۆم بۆڕامەکانی خۆشم کرد بەستنم، هەرچەندقرچەی تفەنگەو گپڕەی گولەتائە کاتەبەچەشنێ بوهیچ کەس بەتەمای خۆی نەیوبەڵام :قردە وردەتەقەی دوژمن کەم بووەدەستەی یارمەتی دەری سوپای سان نزیك کەوتنەوەبەچەشنی کە دەنگ نەئەبیسراودەمەوبەیان لەشکری دوژمن بەتەواوی تاروومار کران،بەڵام «شاپەسند» تاباییشی چاوێ کەوت بزی خەمگین بوتەنیالەلایەن منەوە دڵی ئارامی گرتبو، بۆباوکی پەشێو بۆکاتێ کە باوکیی بەسەلامەت دێ ، لە خۆشیدا ئیترنەی دەزانی چی بکات ئەوکاتەباوکی وتی ڕۆڵەم بۆهاتی کوتی: بابە! ڕاستی ئەوەیەهەوالی خراپی هەردوتانیان هێنامنیش ئیترخۆمێ نەگیرا بەچەك بۆم وهاتم کوتم گییانی من لەوان زیاترنی یە، ئەواهاتم وە سوپاسی یەزدان ئەکەم کە چاوم بەدیداری ئێوە کەوت ئیترهەرچی ئەبێ بێ،ئەگەرنە هاتابێم لەخەفاتائەمردم. سوپای سان وسوپای ئێمەتێکەڵاوبوبەری ئاسمان ڕۆن بوومەوە ڕوناکی کرد لەیەك ئاشکرابوین، زامارو کوژراوناسران ،

ماوەی هەیە

---

## مەتەڵە:

۱-کە وئەوەیە لەبەرانبەری کەوەوە بخوێنێ.

هەرکاتێ کەسێ ناحەزی بە زووە وەنەبێ، قسەی گەورە بکاو خۆی هەڵ کێشێ، ئەم مەتەڵـەیە بۆدێننەوە . وەلەم بارەوە مەتەڵە یێکی تریش هەیە کە ئەڵێن :

۲-کەر لەوەیەلە کاروان سەراڕا بحەڕێنێ .

۳-نانی نیە ترپ لەسێنێ

ئەلبەت ئەمە ئەزانین کە ترپ (تۆر) بوهەضم کردنی خوراك چاکە.مانای مەتەڵە کەئەوەیە کە کەسێ نانی نەبێ بخوائیتر تۆر خواردن مانایێکی نیە. ئەمەمەتەڵە سەبارەت بەکەسێ ئەوترێ، کە کاری ئەوەیچی بەسەرهیچەوە نەبێ.

---

هەزارویەك شەو — ۲۷۰

هێندەم تێ هەڵدا بەشەق و بەمشت
چی داخی دڵـم بۆ گشتم پێ ڕشت
کوتەی گییانیم کرد چاك کردم بەپەنڎ
گییانی شیرینی خۆمم لەدەس سەنڎ
دامە پێش خێرابردمە وەبۆمـال
هاتمە وەمەنزڵ سابە هەرئەحوال
ئارەقی خەفەت لـە ڕۆمەت نیشتوو
مات ودڵ بەقین لێوبە بارتینـوو
غولامێکی بۆ بـابم لەوەپێش
پیاوچاكوهۆشیار ژیرۆدور ئەندێش
ناوی «سەنجەر» بۆهاتەوە بـۆماڵ
عاجـز وماتەم پەشێو بێ حاڵ
وتی ئاغای من ئەو پیسرە پیسە
ئەوێ حەیایە ئەو تـازەکیسە
ئەونانەجیبە ئەو عەنتەر تەبەه
کەرکـەسی بێ فەڕفاسقی سەبەه
هاتەلای ئەمیر شکاتی لێت کـرد
وتی کوشتومی ولاشەی کردۆم وورد
ئەمیری شاریش فەرمانی فەرموو
[illegible]

بنکەی ژین www.zheen.org

# شاهەنشا ٢٤دی تری لە ئەملاکی خوی لە بەینی جوتیارەکاندا بەش کردەوە


زمارەی-٢٠-سالی دووەم
زمارەی شوێن یەك ٧١

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردی یە، حەوتەی
جارێ چاپێکی دەرئەچێ

بایی
بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| سالآنە: | ١٢ | تمەن |
| شەش مانگە | ٧ | « |
| چلێ | ٣ | قەران |

بۆدەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| سالآنە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | « |

کوردستان

عەزیزم شا-وارێکە، گورزەر گا، گەر، بەئەلبورزا
دەکا ، نووکی سمی ئەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا

سیاسی- زانیاری- وێژەیی- کۆمەلایەتی

خاوەنی امتیازو مدیری لی پرسراو
عبدالحمید• بدیع الزمانی
بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
محمدصدیق مفتی زادە-سەرنووسەر
دوکتورعبدالرحمن واحمدمفتی زادە
عابدسراج الدینی-شکراللە بابان
خسرو شیخکا نلووی میلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ٢١٨
تلێفوون ٣٢٠٠٣

چووارشەممە ٢٣ گەلاوێژ ٢٥٧٢ك-٢٣ شەهرپوەر ١٣٣٩ش-٢٢ زەبیعولئەووەل ١٣٨٠ق -٢١ سپتامبر ١٩٦٠م


## تا ئیستا ١٠٠ هەزار هکتار لە ئەملاکی شاهەنشا لە بەینی ٢٨ هەزار جوتیاردا، بەش کراوەتەوە.

## لەکوبونەوەی وەلاتانی خاوەن نەوت لە بغدادا نوینەرانی هەموو وەلاتەکان بەتوندیی ڕخنەیان لە بریاری کومپانی یەکانی نەوت گرت

## گەلی لە سەرانی دەولەتان بو بەشدار بوون لە بەرافیی کومای گشتیی کومەلی نەتەوەیەك گرتووەکانا، کەوتونەری بو ئەمریکا.

## بشیوەی کونگورۆ بورۆژمەترسی دارتر ئەبی. وەسەرانی ئەووەلاتە، وەشیاونەتەگیانی یەکتر؛ وەکەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە.

### سەرەتای بیستەمین سالی سەلطەنەت

دوسبەی یانی ڕۆژی بیست و پێنجەمی شەهرپوەر سالی، بیستەمی سەلطەنەتی اعلیحضرت محمدرضا شای پەهلەوی شاهەنشای ئێران دەس پێ ئەکات. دووای ڕوودانی هێرشی نامەردانەی سێ یەمی شەهرپوەری هەزار و سێصەدو بیست، لەلاڕۆرۆ ولاخوواروە بۆسەرخاکی ئێران، وپێش هاتنی ئەوهەموکارەساتە چاوەڕووان نەکراوە؛ ئەروای گەورەی بناغە دانەری ئێرانی تازەی وازیزو پەرێشان کرد، وەوە هاشکاندنی یاساکانی نێوانی گەلان ودەس درێژی بۆسەروەلاتێ کە: بێجگە لە پێش کەوت وسەر کەوتی ئاوەدانی خۆی لایەن گیری هیچ کەس وهیچی تر نەبو، خاطری ئەو شەهریارەبولندپایەیەی زەنجاندو عاجز کرد. کە: لە تاج وتەخت دلهەلکەندەبو، لەوکاتەزۆر گرنگە داکاروباری وەلاتی بەدەستی کوڕی هەلکەوتووی خۆیەوە محمدرضا شای پەهلەوی دا، وەخۆی دەستی لەکار کێشاوە بۆدەرەوەی ئێران چوو ئەوکاتەکاتێکی زۆرباریك و بو، هێزی بێگانەکان سەرانسەری خاکی وەلاتیان داگیر کردبو؛ دەستیان دابووە کردەوەی زیان بەخشی زۆرەوە، گەلی کەبیست سال لە بەرزترین پلەی هێمنی وئارامی یا بەسەریان بردبو، وەزۆر بەوردی

ماوە ل ١٢

کتێبی شاهەنشا بەناوی :

### مەئموریەت بو نیشتمانم

**لەیەك ئانا ، لە١٠ وەلاتا و بە٩ زبان لەدونیادا بەلاو ئەبێتەوە**

دەرئامەدی ئەم کتێبە کە چەندین میلیۆن تمەنە، تەنیا بۆکاری زانیاری و کتێب بەلاو کردنە وە خەرج ئەکرێ.

هەموو ڕۆژنامە گەورەکانی دونیا، کتێبی شاهەنشا بەصوورتی پاوەرەقیی لە چاپ ئەدەن.

ڕۆژنامەی کوردستانیش زورشانازیی ئەکا بەوەی کە بۆوەرگێران ولەچاپدانی کتێبی شاهەنشا هەنگاو هەلئەگرێ.

بە پینوسی: ئاغای «محمد نقی مصطفوی» وەرگێراوی: د.ع.

### باسیکی زانیایی

-٨-

**کاسەزێڕی سێ هەزار سالەی «حسنلو»**

**کەچەند نەقشی بەرجەستەی پێوێنەی هەیە**

**گۆڤاری «لایف» ئەنووسێ :**

سەردێری بەشی دووەمی ووتاری ناوبراویەم جۆرەیە : «چۆن میراتی حسنلوزز کار کرا» وەلەژێری ئەمسەردێراوەها نوسراوە : «گرنگترین هۆی تێگەییشتن لەم مەبەستەنهێنی یە کە چ کەسانێ کاسەی زێڕینیان دروس

ماوەل ٥

**نەتەوەی کوردونەتەوایەتیی ئێران**

سەلام لەسەر خاکی پاکی کوردستان لانکی پالەوانەکان. لە سالەکانی بەینی هەزارەی سیەم ودوەمی پێش لەمیلاد «هند»

ماوەل ٣

**چون بنووسین و بخوینینەوە کردەوەی سادە، کردەوەی تیکەلاو**

پیتی سارەتایی، یان یەکێکە، یان دووانە، وینەی ئەوە کەیەکێ بێ وەکو: هەلگرتن، داگرتن، زۆکردن، لابردن، تێ شکان، پێ چۆن، ڕاگەیاندن

وێنەی ئەوە کەپیتی سەرەتاییی

ماوەل ١١

## نالەباری یەکانی کومەل

### ((بووك وخەسوو))

-٤-

لەچلی پێشوودا گەیشتینەئەو جێگایە کە: بەهەرچەشنێ نەبو زەماوەن کرا، وەنەرگس خانم گوویزرایەوە، هێشتابوك دانەبە زیوە، وەنەگەیشتووە تەپێشەوە خەسوولەخۆیەوەدێت وئەچێ و ئەبۆلێنێ وئەلی: ئامانچۆن مال وێران بوین، چۆن هیچ بەدەسمانەوەنەما؟ هەموومان کردەسەروکاری باجیی

ماوە ل ٢

### لەکومەلا چون بژین؟

**ڕێگەای خوداناسیی**
**یان**
**طەریقەی عرفان**

-٥-

پاش ئەوە کە زانیمان بەرەی مرۆڤ، لەسەرەتای ژیانەوە هێزی چۆن دۆزیوەتەوە، وەلەترسائەو خاوەن هێزە بەتینانەی بەیەزدانی خۆی، یانێ بەدی هێنەری خۆی

ماوەل ١١

بنکەی ژین
www.zheen.org

## باوەرنامەی

# خودایارت بو

**دانراوی زانای گەورەی کورد خوداڵی خۆش بوو مەلا «عبداللە»ی دشەیی «مفتی» کوردستان**
**بیر و باوەڕ بەڕۆژی قیامەت**

بازهەم باوەڕن ، وەڕۆی قیامەت
ڕۆی زەلزەلەی سەختزاري ونەدامەت
خوداي وادەش داش بەپەیغەمبەران
گادەم تاخاتەم یەك سەر ڕەهبەران
وەختێ عەلامات گشت مەبۆظاهیر
مودەتو دونیای میاوو ئاخیر
حەق بە ئیسرافیل مەدەرۆ دەستور
بەهەیبەت فوێێ مەدەمنۆ نەصور
هەرچێ گیاندارەن نەڕۆی بەحر وبەڕ
زالەش مەتۆنۆ ، مەمرانێ یەكسەر
هەم مەفەرماوۆ ، بەباد صەرصەر
شیێ کەڕۆ کۆان تەپان سەراسەر
ڕۆی دونیا مەبۆ دەشتوصارایی
ئیمجایەی وادەی مەحشەر ئارایی
بازمەبۆ صادر ئەمر ڕەبیانی
پەری ئیسرافیل پەی نەفخەی ثانیی
وەختێ نالەی صوڕ صەدا مەدۆوە
هەرچی گیاندارەن بەرپا مەبۆوە
ئینسان وحەیوان ئەوەڵ تائاخر
یەكسەر مەمدران بەئەمر قادر
سەرسام وحەیران، مەدهۆش وماتەم
مەیان وەحەمدا خەلایق جەمجەم
مەناڵان وەسۆز ، کوفار وعوصات
ئینە ئاژۆنە پەیغەمبەران وات
مەکێشان بەزۆر، کوفار بەدبەخت
پەرێ جەهەننەم پەی عەذاب سەخت
جەگرد ئوممەتێ ئەهل و ئیمانی
نگامەداران پەی ئیمتحانی
پەی مەعلوم کەردەی خاس چەنی خراپ
ئامادە کریان میزان و حیساب
سیاهەی ئەعماڵ هەر کەسێ پەی وێش
بێ زیادو کەم نیشان مەدان پێش
خاسان بەڕەحمەت حەق مەبان دڵشاد
مەلان پەی بەهەشت سەروەش و ئازاد
زومرەی عاصیان شەرمەندە وخەجڵ
بەزاري وشیوەن مەمانان ماطڵ
باقیی هەر کەمێ بەقەد گوناي وێش
عەذاب دۆزەخ مەیاوناں پێش

## خوینەرە بەڕیزەکان!

**لەپاش سەلامێکی گەرم وخاوێن ، ڕۆژنامەی کوردستان ئەمامێکی جووان وتازە زواوی باخچەی وێژە و ڕەگەزی کوردە ، نیازی بە چاودێری و یارمەتی دانی براکوردەکانە ، تکامان وایە بۆپەرەپێدان و بەلاوەی ئەم ڕۆژنامەیە، هەوڵ بدەن کەخوێنەری ئەم نامە جووانە کوردیە کە ئایەنەی بیر و باوەڕی نەتەوایەتی ووێژەیی کوردەکانەزۆرتر بێ تاوەکوو' بەم بۆنەوە ئێمەش بەدڵێکی گەرم و بەتینەوە بتوانین بەخزمەتی خۆمان درێژە بدەین. لەدووایی دا تکایە' هەموو جۆرە مەبەس ووتار وهۆنراوێکمان بۆبنێرن و بیر و باوەڕی خۆشتان لەبارەی نووسین وڕێك وپێك کردنی ڕۆژنامە کەمانەوەدەربخەن، زۆرسوپاس تان ئەکەین ئیترهەربژین .**

## ئامۆژگاریی

بەدبەخت ترین کەس، ئەوەیە کەلەم دونیادا هەژارو گەداو نەدار بێ؛ وەبەکردەوی خراپ زەجردوەی قیامەتیش بۆخۆی سازبکا .

(حضرتی محمدص)

بەچاوی سوکی یەوە، بەبرای موسولمانی نەدار و کەم دەسی خۆتانا مەنواڕن ؛ چونکۆ شەرەف و گەورەیی بەماڵی دونیانیە ، وەموسولمان هەرچەندهەژار و گەداش بێ . بەلای خوداوە زۆر پایەی بەرزە .

(حضرتی ابوبکررض)

لەتەنگ دەستي ونەداري بترسن ؛ وەلەخودا بپاڕێنەوە ، کە لەو بەڵایە لاتان بدا ! چونکۆ گەدایی دین کەم ئەکاتەوە ، عەقڵ لەبەین ئەبا، وەناهەمێدی بانگ ئەکا . کەسێ لەڕێگای کەسب وبەدەست هێنانی ماڵی حەڵاڵا هێندە زەنج بکێشێ کە بمرێ ، خودای لێ خۆش ئەبێ .

(حضرتی علی رض)

موسولمان ئەبێ بەقەد دەرئامەدی خۆی خەرج بکا . هەر کاتێ دەرئامەدی زۆرە ، لەماڵ ومناڵی نەگرێتەوە ؛ وەهەر کاتێ کەمە، پیەوە بساچێنێ ودەستی خەڵکي نەبڕێ .

(حضرتی حسن رض)

کەسێ عزەتی نەفسی هەیە کە گەدایی وتەنگ دەستی ئەونەشکێنێ

(افلاطون)

تەنیا گەورەیی ڕۆح وخوی پاك ، بەڵگەی گەورەیی ئادەمیزادە ؛ چونکۆ مەرگ کەهەموشتێ نابود ئەکا، بەحورمەتەوە ئەوانە ئەپارێزێ

(بیزمارك)

هەرچەندزۆرترلەبەرانبەری هەژاري وتەنگ دەستي بەوەڕاوەستین بەربەرەکانێ بکەین ' زۆرترسەر کەوتمان ئەبێ کەعزەتی نەفسی ئینسانی خۆمان ڕزگاربکەین .

(اسکاروایلد)

چاپ اختر شمال تلفن ٢٥٥٠١

تا بەشەفاعەت سەییەد سەروەر
هەر کەس کەلیمەی تەوحید کەردەن وەر
نەجاتش مەبۆ جەسارای جەحیم
شاد مەبۆ وەعەفو ڕەحمان ڕەحیم

### ناڵەبارییەکان ...

ماوەی ل١

نەرگس، نەرگس خانم ' بزانین چۆن جەزاییکمان پێ ئەداتەوە ؟ لەم کاتەدا یەکێ ئەڵێ ئابلێین بەداکي زاوامێوانەکان چاییان ئەسوێ چاییش نەماوە، بێت بڕێ چایی بە ئاودارە کە بدات داکی زاوا: ئەرێ ئەوهەموچاچي لێ ئەکەن بەڕیادی خێرم نەکردکایە، کاڵالە کووێ بێنم. بەم چەشنە ئەوان کاڵ ئەکاتەوە لەو کاتەدا یەکێ لەمنداڵەکانی ئەڵێ دایە برسیمە؛ چەپۆکێ بەسەر ئەو. یشائەمدا ئەڵێ قوزلقۆرتت، خووارد ئەبووە ژەقنەت، جاشتێ مارە تەوە ئێوەیی خۆن؟ باجی نەرگس تیرتان ئەکا: منداڵی بەستەزمان هەواری بەرزئەبێتەوە، لەلایێکەوە بۆ ئێشی سەری بەهۆی چەپۆ کەوە ئەزیزێنێ لەلایێکەوە لەقینی ئەوەئەگری کە: بەشەخۆرەی بۆ گەیشتووە ، بڕێکی دیش لەڕتی ئەو کردەوەلە ناوزماوەند ئەچنەدەرەوە، شووە کەی پێی ئەڵێ ئاف ڕدت مەگەر ئێستا کەکاتی ئەوقسانەیە؟ لای لێ ئەکاتەوە ولێی ئەشاتێنێ ئەڵێ تۆچیت لەمن داوە من هیلاکم تۆ ئەزانی ئەمە حەوتەییکە من ئارامم نییەبەخوواله گییانی خۆم قرەس بووم بڕۆبەلای بەدبەختێتەوە هەناسەسارد! ئەنجادەست بەنکەنك ئەکاتەوە ئەچێتەماڵەوە لێی ئەکەوێ و کلپلی ماڵ وشتومەك بۆمێردە کەی فڕێ ئەدا، ئەنجا ژنەهاوسێ لێی کۆئەبنەوە پێی ئەڵێن ئێستا بوك دێ و پێویستە تۆ بەدەم پێ خەسو ومیوان و زەماوەندی یەوە بی هەستە رەوە عەیبت ئەکەن، لەژێر لیچەوە ئەبۆ لێنی و ئەڵی: ئەکەوتەمیرانیان زەماوەنی ناخێریان، وەبەنکەو ناوچاوتاڵییەوە هەڵ ئەسێتەوەسەر خۆی .

کاتێ کەدێن ئەڵێن وابوك نزیك کەوتۆوە تەوە خۆی ئەکا بەمردو وەلەناودەست وپێی خەڵکالێی ئەکەوێ و ئەناڵێنێ ئەنجابوك ئەگاتە بەردەرگا، ژنانی قەوموقبلەپێی ئەڵێن وابوك گەیشتە بەردەرگا لەوێ ڕایان وەستاندووە ، ماتلن

ماوە ل ١١

بنکەی ژین www.zheen.org

# هەراڵە و زەمزەمە

ماوەلەچلی پێشوو

لەچلی ڕابووردوودا ، رازمان گەیاندەئەو کاتە کە سوپای دوژمن شکان وبەری بەیان ڕۆناك بۆوەوە ، ئەنجا کوژراو وبریندارلەیەك جووێ کرانەوە وناسران، ئێستا لەسەرپاش ماوەی کارەسات ئەڕۆین .

قەومەوقیلە وناسراو وبیگانە دەوریان لەدەوری ئێمەدا ، چۆن کەئێمەهەموو کەڵ-وەلای خووێن بۆبۆین ، تەنیا کەسێ لەناومانازەخمی زۆرکاری نەبۆ، شاپەسەند بـوو هەرخەریك بۆبەدەوروپشتی ئێمەدائەهات ، بەڵام من کە : زامم لەهەمووپان کاری تربوو، کەتەماشای شێوەی شیبرینیی شاپەسەندم ئەکرد ، دەردی زامازی هیچ لەمنا کاری نەئەکرد وەبەخۆمم نەئەزانی . درێژەی نەدەیێ هاتن وەدارەتەرمیان لەئێمەبەست وە بۆهەوار خستینیانەوە ڕێگا ، شتێ کە لەکاتی چونەوەمانا بۆهەوار ئازاری ئەدام ئەوەبوو کە «شاپەسەند» وەدوای تەرمی ئێمە کەوتبوو ، زلفانی پەریشانی بەردابوۆوەوە؛ بەدەم بای شەماڵە وەوە کو کۆلکە زەرینە تیشکی هەتاوی تێدائەبروسکایەوە، کاتێ کەئەگریجە وزولف وپەلکە بابەدەوری ڕومەتیاتێکی هەڵ ئەشێواند ، دیمەنی تانەی لەدیمەنی خەرمانی مانگی چوواردە ئەدا.منیش لەناوتەرمائێشی زام هەوای«شاپەسەند» هیوای پاشە ڕۆژ چاوەڕووانی سەرئەنجامی شیرینیی بەیار گەیشتن تێکەڵاو ئازاریان ئەدام ؛ کاتێ کەلەناوجیهانی خەیالی ئالای یاری نازەنین دا شادبۆم ، ناکا خەیاڵیی شومی بیمی بێ سەرئەنجامی هیواشاخێکی لێ ئەدام وەئەیخستمە جیهانێکی دیکـە ، کاتێ کە پێم ئەنایە بازاڕی نائومێدی جائەنجائێشی زامانی تریشم هەست کرد،قرچ وبرێژی شوێنی گولەی بن دەس وژان وماندوویی ئەوماوەیەلەتەن دا ئەبوژایەوەوخۆی.

ماوە ل١٠

---

هەزاو یەك شەو ٢٧١

منیش نوویژی شێولە بەصرە دەرچووم

بەپاسی حـورمەت نـاموس وئاوڕوم

خومو کەنیزم دەشتمان گــــــرتەبەر

بەهەزاران بیم تــرسان وخـــــەتەر

ئەم کەنیزە کەی ئێستائەدی بینــــــی

ئەدرەوشێ وێنەی مانگـی دوهەینـی

وەك گیبانی شیرین لەگــەل مندایــە

ڕوحــم پــەروانەی دەوری بــالاَن

ئەوادام پــەتۆبەدیاري ڕاوچــــــي

لەکیبانی شیرین چاتر دیباری چی ؟

کاتێ کەشعرەکانی دوایی هێنا ، خەلیفەوتی : ئێستـا ئەتاوێ بۆ کام شار بڕۆی ؟ علی بن خاقان ووتی : شاری خوڎا زۆرە. خەلیفەووتی : من نامەیێ بۆسلطان محمد بن سلیمان زینیی ئەنووسم؛ کە ئەونامەی دەسگیر بێ وبیخـوێنێتەوە ، زۆر حورمەتت ئەگرێ وخزمەتت ئەکا .

( کەچیرۆك گەییشتە ئەم جێگا شەفەق ظاهیــربوو ' وەشەهرزاد قــەکــەی پچڕی )

## کەشەوی سی و شەشەم هات

شەهرزاد ووتی : ئەی پادشای بەختیار ! کاتێ خەلیفەووتیی : من نامەیێ بـۆ سلطان محمد بن سلیمان زینیی ئەنوسم علی نورالدین ووتی: چۆن ئەبێ کابرایێکی

م:س:م

# بەشی مەولەیی

## پارچەی

٣٢

بەوچەشنە کەلەم پارچەدا، دەرئەکەوێ خوڎالێ خوشبوو «مەعدوم» لەلایەن کەسێکەوە نامەیێ کی بۆهاتووە، لەونامەدا نوسراوە کەئازیزی مەولەوي ، مەیلی بەکەسێکی ترداوە ، وەئەوی لەبیر بردوە تەوە ! هەر لەوکاتەشدا، «خالۆ» ئەحمەدبـەگی کـۆماسی نامـەیێ بـۆمەولـەوي ئەنوسێ؛ مەولەویش دەردی دڵی خۆی بۆی ئەنوسێ.پاش ئاەوناڵەیێ کی زۆر ئەڵێ: ئێژن ، ئازیزم کە چاوی منە ، بێ وەفایی کردووە ،وەشەرت-وپەیمانی دۆستي پێشوی، هەموشکاندووە؛ خۆشەویستي نەماوە، گەرمي کوڕەی میلی سارد بووەتەوە ؛ چونکە هەوای دوستێکی تازەی تری کەو-تووەتەسەر ، وەسوتاوی خۆی یەکجار لەبیر بردووەتەوە ؛ ماوەیێ بوو کە دلم دامر کابوو ، وەئەموت : «ئۆخەی» کەئێشی زامی بێ مەیلی ئازیزم نەماوە ' بەلام داخی گرانم ، ئەوزامەت دوبارە کولاندەوە ، ئەمەچ کارێ بوتۆ کردت .

پاش هەڵدانی زەحمەت وڕەنجی خۆی لەڕێگای عیشقی ئازیزدا، ڕۆئەکاتە «خالۆ» وئەڵێ : وامەزانە ئەم قسانە سکالان' بەڵکو چیرۆکی دەردی دڵداري وەفاداري خۆمە، بێ پەروایی وبێ مەیلي ئازیزت بۆئەگێڕ-مەوە ، دەردی دلی من زۆرە ، قەت دوایی نایــێ : ماڵی شادي بێگـانە ئاوا بووەتەوەو ، خانوێ ئومێدو کامەراني من وێران بوو ؛ خەڵك بەئار-ڕۆی شیرینی خۆی گەیشت ومن لەتاڵەی بێ بەشی ودڵ تۆراویێیا ، ماوە-مەتەوە ، ناخۆشي بۆمن حەلاڵ بووەو ، خۆشیم لێ حەرام کراوە؛ شادیم ناتەواوخەم وپەژارەم تەواوبووە .

لەدوواییدا ، خوالێ خۆشبوو، بە «خالۆ» ئەڵێ : من لەعاسی بــێ مەیلی وبێ نیازي ئازیزەوە، هەموودەمێ، وە کومەلێکم کە «هەلۆ» هەلمەتی لێ دابێ وترسیی چوبێتە دڵیەوە یاوەکو ئەم هەواڵەش درۆبێ ، من هەر ئەترسم کە ئازیز ، هەرڕۆژێکی دابێ ' مەیلی خۆی لەمن بگۆڕێ ؛ وە هەموودەمێ ئەم چاوەڕوانیمە کردووە ، کەوابوو ، ئیتر، نیازی ئەوەی نەبوو کەئەم هەواڵەم پێ بدرێ جگە لەوەش ، ئەم کاتە کاتی ئەوەنەبوو کەتونامەم بۆبنووسیی ، وەداوای دەوای دەردی خۆت بکەی ، وەلــە کاتێکدا هەواڵەناخۆشەم پێ گەیشتبێ ، من جارێ خەریکی گــلاراوي دەردی ئەم لاوئەولای خۆمم ، وەتۆزەی منە کەدەردم دەرمان بکرێ ، بیرم بەلای کەسەوەنییە .

نامە کەت پەی چێش؟ پەرێ دەوای دەرد

یاواوخاس وانام موطالەعەم کەرد

ئاخ داخان نیشاط جەبێخ کەنڎەی وێم

ڕای تەدبیر کەس پەی نەمەنڎەی وێم

سەرەتای زوخاوهیجرە کەم سەردان

بەیدێ پێمەوەیاران هــامفەردان !

هاواریانسێ های خالۆم تەشنەفتەن

جەتۆ کۆسێوتەرخاس تەرم کەفتەن

ماوەل١٠

بنکەی ژین www.zheen.org

وەرگێڕاوی ھۆنراوە بەنرخەکانی زانا مەزنەکانی

«قدس نخعی»

## لەلایەن ھونەری بەناوبانگی کورد

## ((ماموستاشیخ سلام))ەوە

=٧٢=

بەنازەزای دڵ لەزنجیر بەربووم

لەزیندانێکو بۆزیندانی چووم

کاتێ کە مەڕۆشم ھاتەوە گیانم

زێ کەوتم پلەی سەختەھات بەرەوبووم

=٧٣=

ئەوموەمەی شاروماڵ ژۆناك ئەکا

ئاخری ھەرخۆی سوتا ودامرکا

ئەوانەی پایەو پارە ویۆلیان بـۆ

بێ‌قازانج بێ‌سوود ھەموویان دانا

=٧٤=

کاتێ‌پەیماناك وتاڵی وسەختی ژین

دەس بدە پیالە وشەرابی ڕەنگین

ھێشتۆچنی ڕەز، ماچی لبۆی یار

فەرەح ئەفزایە بۆدڵی غەمگین

=٧٥=

لەدەریای‌قوڵی‌خەرافات‌خنکاین

بەگرێی‌گوڵلەی‌ئەسرار‌باش‌داماین

کەشتی بیروھۆش نوقم‌بۆ‌تەواو

ھەموڵ‌وئاخیر لەقوڕدا چەقاین

=٧٦=

ئەوانەی‌خەوتن‌خەبەردار نەبوون

لەمەدنیا پیسە بەپاکێ دەرچوون

ئەم‌چەرخەژۆژێ‌سەدژەنگ‌پێچ‌ئەخوا

داوە، تەلیسمە، زەحمەتەبەربوون

٧٧

وەکو‌گوڵ‌پشکوت‌غونچەی‌ھیوای‌دڵ

قەترەی‌فرمیسکەلەسەرپەڕەی‌گوڵ

لەو‌گوڵە‌تادێ‌بەحەرەمی‌ڕازبێ

تێکەڵ‌بەخاکە‌سەبەی‌بۆم‌بەگڵ

٧٨

ھەتاو‌کردیەوە‌گرێی‌قورسی‌دڵ

تارای‌زەوینی پۆشی باغچەو گوڵ

غەمی‌بێ‌سوودی بیری‌و مەرگەمخە

بێنە شەرابو شیشە و گوڵ ومول

ماوەڵ ٨

نەتەوایەتی...

ماوەی‌ل ١

وەزرمەنـە» ڕۆژھەڵاتیەکان، کـە خۆیان بەئاریایی نـاوئەبرد، لـە دەشتەکانی لاژۆرۆی دەریای‌ڕەش‌و دەریای خزرە وئاسیای‌مەر کەزیەوە گەیشتنە‌خاکی‌ڕۆژھەڵات‌دەستە‌یێك لە تورکستانی ڕۆژئـاوایی ئەمزۆھاتنەدەشتی‌ئێران‌وەئێرانی ڕۆژئاوایی‌یـان پڕ کـردەوە، وە دەستەیێکی‌تر کێیوەکانی‌«قەفقازیان» بەجێ ھێشت وگەیشتنە ئێرانی ڕۆژئاوایی ودەشتی ئەنانولی.

لەمەوە، دەوڵەتی، «میتانی» و «ھوری»وە‌کاسی»لەڕۆژئاوایی‌ئێران وە دەوڵەتی «کەیانی» لەڕۆژھەڵاتی ئێراناپێك ھات.

لە سەرەتای ھەزارەی‌یەکەمی پێش لـە میلاد کـە حکومەتانـی «ئورارتو» و«مـان» پێك ھـات، گەورەکانی ئاریایـی ھێزیـان، بەدەس ئەھێنا، کەلەووتارەپێشوە کانا‌باسمان لێوە کردن.

لە ڕۆژھەڵاتی ئاذربایجان‌لـە زاگروس، لەناوچەی ھەمەدانەوە

ماوەڵ ٩

## مێژووی‌ڕیشەی‌ڕەگەزی‌کورد

نووسراوی‌زانای‌مەزنی کورد،احسان نوری

وەرگێڕاوی:د-ع-مفتی‌زادە

٧٠

«ئاریا»کان لەخوری مەزشتێکیان وەکوساقی گۆرەوێ ئەچنی وەلەیاسای دینیی خۆیانا شیرەی گیای «ھوما»یان پیاکە کرد، وەپیـان ئەووت: «ھەری»؛ کوردەکانی شمال ئێستاش بەخـوری مەزئەڵێـن: «ھەری».

خوداڵێ خۆش‌بۆ «عبدالمجیدخان ملك‌الکلام کرمانشاھی» لای وابۆ کە: «ھوما» گیانەبووە؛ بەڵکۆ«ھوما»یە، یانێ‌داری مێـو، کەلـە شیرەی ترێ‌شەرابیان خۆش کردووە، وەخواردوێیانەتەوە مەست بوون. کەوابۆ بێ‌خود بەشوێنی پەیداکردنی گیای «ھوما»دا ئەگەڕێن؛ گیایێ بەم‌ناوە نەبووە، وەنی‌یە !؟..

«آندرا»کەناوی یەکێ لەخودایانی ئاریایی ھنـد-ئێران بـۆ، بەپێی نویشتەکانی ئەوستادا دەرئەکەوێ کەلە پاشان لەئێوی‌ئێرانی‌یە‌کانا بەئەھوژشت»زانراوە؛ لەکوردستانی شمالیی‌دابەتایبەتیی‌خەڵکی «ارض‌روم» وان، بتلیس» بەخراپ وناشیرین ویەدئەڵێن: «آندر».

«ھیکمتان» لەبەردەنوسراوەکانی‌داریوشا ناوی‌پایتەختی‌«ماد»ە. کوردەکانی‌شمال‌بەھێلکەی‌مریشك ئەڵێن: «ھێك»؛ژەنگەلەبەرجوانیی

ماوەڵ ٩

ھەزارویەك‌شەو ٢٧٢

ژاوچیی نامە بۆسەرپادشایێ بنووسێ؟ ئەمەقەت نابێ. خەلیفەووتی: ڕاست‌ئەڵێیت؛ بەڵام‌ئەڵبەت ئەمەھۆیێکی ھەیە کە بۆتی ئەڵێم، مـن‌وئەوڵە قوتابخانەیێکدا لـە خزمەتی ماموستاییێکدا دەرس‌مان خوێندووە. ئەوڕۆژێ یاربوو، سەری‌لەپادشایی بەسرەوە دەرچوو؛ وەخوا سەرئەنجامێ کردە ژاوچیی؛ بەڵام ئەولـەخـۆی دەر نەچووە؛ وەپیاوێکی باوەفاوحەق ناسە. من‌ھیچ ڕۆژێکم تائێستا لێ نەخستووە کە جێ‌بەجێ نەکا وئاواتم بەدی نەھێنێ. علی‌بن‌خاقان کە ئـەم قسەی‌بیست ووتـی: فەرموو بنوسە! خەلیفەپێنووسی گرت‌بەدەستەوە؛ لەپاش «بسم‌الله والحمدلله‌وصلوات وسلام» نووسی: ئەم‌نامەیە لەھارون‌الرشیدی کوڕی مەھدی‌یەوە بۆلای سلطان‌محمد بن‌سلیمان زینیی کە پەروەردەی نیعمەتی منە، وەئەوم کردووەتە حاکمی بەشی لە وەڵاتی ژێردەستی خۆم. ئەبێ ئەو کاتە ئەم‌نامەت‌بەدەست ئەگات، دەس‌بەجێ‌ماچی بکەی، وەبیبنێتە سەرچاوت؛ وەخۆت لەحاکمیی دانراوبزانی؛ وەعلی بن‌خاقان لەسەرجێگای خۆت‌دانێ؛ وەلەفەرمانی ئەودەرنەچی، والسلام. علی‌بن‌خاقان‌نامەی ھەڵگرت وخوداحافظیی کرد؛ وەلە کۆشك‌ھاتە دەر؛ وەڕێ بەسرە گرتەبەر. ئەو جاشێخ‌ابراھیم بەخەلیفەی‌ووت:

کابرای ژاوچیی خوێڕێ! دۆدانەماسیت بۆھێنایین کە دوقەدران نەئەھێزیان، سێ دینارپارەت وەرگرت، ئێستا ئەتەوێ ئەم کەنیزەش لەچنگی ئێمەدەربێنێ؟ خەلیفە کەقسەی باغەوانی بیست،خۆی‌بەملیاوبەمەسرۆری جەلاوی ووت؛ خۆی‌پێ‌ئاشکرا بکا. مەسرۆر خۆی پێ‌ئاشکرا کرد وھەڵمەتی لێ‌دا. ئەوقەمزا جەعفەری‌وەزیر‌یش‌ھەر لەوسەعاتا کەخەلیفە سیپاڵەکانی خۆی‌بەکەریم ژاوچیی دابۆ، کەسێکی ناردبۆ بـۆ کۆشکی خەلیفە کەسیپاڵ بۆخەلیفەبێنێ. لەپێ‌لەم‌کاتا کابراھاتەوە،سیپاڵی خەلیفەی ھێنا. دەس بەجێ خەلیفە جبەومێزەرەی‌کەریم ژاوچیی لەبەری دەرھێنا وفڕەی‌دان؛

وەرگێڕی پێشەك وڕاستکەرەوەی هۆنراوەکان:م.ص.م

# کنز العرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین ووتار ((میر محمدصالح حسنی نعمت اللهی))

### ملقب بە«حیرانعلی شاه»ی کرماشانیی

لەساڵي١٣٢٤ش،لەلایەنی زانای بەڕێز « محمدحسن حیرانی » (صارم السلطنە) لەچاپخانەی کاوە لە کرماشان ، بۆدووەم جار لەچاپ دراوە.

پێشەکی چاپی یەکەم

لەکاتێ کا ئەو ذاتە لەعەتەباتا ئەیەوێ لاشەی ئەوشێخە لەصندوق، دەربێنێ، پیاوێکی نەناسراو گازوچەکوشێکی پێ ئەدا؛ پاشی ئەسپەردە کردنی لاشە، لە«پل سفید»ی «کەربەلا» دا، تۆشی پیاوێ ئەبێ بەناوی «مەشهەدی حەسەن»ی خوراسانی؛ وەچون لەدڵەوەپێکە نزیك بۆوون ، لەڕووالەتیشدا، زۆئەبنەئاشنا، چونکەدیارە دۆشتوەختێ پێکەوەپەیوەندی یان بۆ، وەکو،کاوکارەبایەکتر ئەکێشن؛هەرچي لە کردەووەووتەی ئەوپیاوە ووردئەبێتەوە، ئەبینێ هیچی لەهی خەڵکی تر ناچێ، لەدوایی دائووردە، ووردەتێ ئەگا کە «مەشهەدی حەسەن» بۆلای ئەوهاتووە؛ ناو براوێی ئەڵێ: لەبەرئەوە، ئێوەلەجیهانی نهێنی یەوە پێ تان سپێرراوە کەخەڵکي بۆڕێگای خوداناسي، ڕانمایی بکەن، کاری من لەم گەشتەدا، تەنیابۆئەوەیە کەخۆوخدەی ئێوە بگۆڕم، وەئەگەر ناتەواوی یێکتان بێ تەواوی بکەم تابۆ وەرگرتنی پرشنگی ڕۆژی ڕۆناکی بەختیاري ئامادەبي وەنهێنی یەکانی کاروباری جێگاوڕێگای خوداناسي،ڕاگري؛ ئەوذاتەماوەیێ لەگەڵ مەشهەدی حەسەن دا ڕائەبوێرێ تابۆوەرگرتنی کاری ڕابەري تەیارئەبێ .

شەوێ لەبارەگای یەکێ لەئیمامانداڵەڕێگای نهێنی یەوە،دەستوری ئەدرێتێ کە دەس بکابە ڕانمایی خەڵکي، وەتینووانی بیاوانی خوداناسي بەئاوی ڕانمایی وارشاد تێراوکا؛ وەگوم بووانی دەشتی هەوەسبازي دەسگیري بکا، وەبیانخانە سەرڕێگا جیهانی مەلەکوتي ؛ بەبارەیێ کەی بێوێنەو دڵێکی پڕ لەخۆشي وشادی یەوە، لەبارەگای ئەئیممەی ئەطهار الأوایی ئەکا، وەلەڕەوانی پاکیان تۆشەی ڕێگا، وەرئەگرێ و دێتەوە بۆنیشتگەی خۆشەویستی خۆی : شاری «کرماشان» ؛ ماوەیێ کەی پێ نەچۆ،خەڵکیی لەگردەیەڕی کۆبونەوە ؛ وەدەسە دە.ە لەهەر شوێن و جێگایێ کەوە، بۆزیارەت و وەرگرتنی بەرەکەت، لەخانەقای ئەوذاتەدا کۆئەبونەوە؛ ئەوذاتەلەقنیات (قناعت) وبێ نیازیدا، وێنەی نەبۆ. وەلە دەس ودڵبازیدا «حاتەم» بەتۆزی پێی ئەوانە ئەگەیشت، بەڕوویێکی خۆش ولێویکی پرلەمیهرەوە، لەگەڵ مێوانان ومریداندا، ڕۆبەڕۆئەبۆ؛ وەساتێ لەڕانمایی خەڵکي ودەسگیری صۆفي ودەرویشەکانی پشۆی نەئەدا؛ سی ساڵی تەواو، خەریکی خزمەت کردن بەخەڵکي ونیشاندانی ڕێگای خوداناسی بۆ ؛ خانەقای کابەی موریدان و زیارەتگای خوداناسان بۆ؛ چەندصەدکەسی بەڕێگای خوداناسیی ڕانمایی کرد؛ وەیاسای طەریقەی «رضویە»ی پێ ناساندن؛ لەوڕێگایەدا ژیانی خۆی بەسەردا ، تالەبەڕواری هەزارو سێ صەدوبیست وسێ دا،مەلی ڕەوانی پاکی لەهێلانەی خاوێنی لاشەی باڵی گرتەوە؛ وەبەسەرچلی داری بەختیاري هەمیشەیی یەوە، نیشتەوە.

**باسیکی...**

ماوەی ل١

کراوە؟ چاودێري جێگای پەیدابونی ئەوەیە . جێگای دۆزرانەوەی کاسەی ناوبراو، تەپێکە کە٧٠پێ بەرزە (زۆرتر لە٢٤متر) لە نێوزەوینی مولکی سەرعێلوزیکی دی «حسنلو»یە. ئەم جێگارۆساڵی پێش لەلایەن ئاغای م.مصطفوی لەئەنتیکە خانەی ئەنتیکە ناسیی ئێرانەوە، دیباري کرابۆ. وەلەسەر پێشنیباری ئەوان زاناکانی ئەنتیکە خانەی زانستگەی «پنسیلوانی» کە لەئێرانداخەریکی کاووشی زانیاري بۆن لەگەڵ زاناکانی ئێراندا، دەستەیێکی زانیاري تێکڕایی یان پیك هێنا ؛ وەلەتەپی ناوبراوا، دەیان کرد کاووش و گەڕان .

لەم کاووشادەروازەی ئەصڵیی قەڵایێکی قایم وچواربورجی بەرگري گەورە وپایەکانی یان و قایمی دیواری بەردین وئاجۆرێن کەبەرزي ئەوەیان نزیکەی بیست پێ (کەمێ کەمترلە شەش متر) زانیوە دۆزراوە . لەپشتی ئەمقەڵاو ئەم بورج ودیوارە وە ، کەلاوەی کوشکێکی دونوهومیی بۆ. ئەو کۆشکە دەورادەوری، هێوانی کۆڵەکەداربووە.لەنێو ئەو کۆشکا بڕێ شتی جۆربەجۆروە کۆ، شت و مەکی مەفرەقی بۆهەڵگرتنی ئاوی باران ؛ وەکاسەی گڵین و چەکی ئاسنین ومەفرەفین ، وە تەنانەت قولابی گڵینی دیواري بۆ. چلۆنیەتیی ئەوبەسەرهاتی ئەفسانە مانەندە کە کێشایەلای مانەوەی کاسەی زێڕین، هەرلەم جێگادا، دەر کەوت .

«لەنزیکەی ٨٠٠ ساڵی پێش لەمیلادا، گەمارەی قەڵاکەیان دا، ئاگریان تێ بەردا . سێ کەس لە پاسەوانەکانی قەڵاکە، بەشمشێری ڕۆت و گورزەوە، لەنوهومی سەرە. وەبەحاڵی نائومێدی تێ ئەکۆشان وپەلەقاژێ یان ئەکرد، کەئەو کاسە زێڕینە- کەوادیبارە میراتیی مێژۆیی نیشتمانیان بووە- لەدەستی دوژمن دەربکەن . لەم وەختائەو کۆشکە ئەڕۆخێ، وەئەوسێ سەربازەپاسەوانە لەژێری کەلاوەی سۆتاوی ئەو کۆشکا دەفن ئەبن؛ وەبەمەرگی خۆیان ئەو مەئمۆریەتی خۆیانە زۆرچاك جێ بەجێ ئەکەن ، چونکو هەم خۆیان وهەم ئەوکاسە زێڕینە لە دەس درێژي دوژمن پارێزران ، کەم کەم ئەوقەڵاڕوخاووسوتاوەلە ژێری خاك ولمانابۆدئەبێ؛ وەکاتێ هاوینی ڕابۆدۆ ئەم صەحنەلەژێری خاك دەرکەوت ، ئەوسەربازە شەڕانی یانە کە بۆبۆنە اسکلت بەو

ماوەل٧

## ریزەکاریی

**هەڵماڵیان :** ڕیشەیێ کی تێپەڕنەکەروتێکەڵەلەپیتی سەرەتایي «هەڵ»،وەڕیشەی سادەی تێپەرنەکەری«ماڵیان» .

ئەم ڕیشەتێکەڵاوە، ئەگەرپیتی گەیاندن(اضافە)ی«ل»لەسەرەتایە وە بهێنرێ لە زمان (اصلاح) دا، بەمانا پڕڕۆیی کردن وقسەووتن بە- کەسێکە، وەکوئەوە کە ئەڵێین : شێرۆلەشێر کۆهەڵماڵیا؛ یان بە چەشنێکی تر ئێژین : شێرۆفەرمانی دابەشێر کۆ بڕوا بۆقوتابخانە بە گوێی نەکرد، ئەویش لێی هەڵماڵیا . یانێ: قسەی پێووت وەلێی تۆڕەوئاڵۆزبۆ .

ئەم زمانە،سەبارەت بەو کەسە کەبەکاری ئەبادۆمانای هەیە: یەکەم، ئەگەرئەندامی وێژەرلە جێگا وپلەوتەمەندا، لەپێ وێژراو، بچۆك تربێ؛ مانای بێ شەرمیی وپڕڕۆیی ئەگەیێنێ؛ وێنە : قوتابی یەکەلەمامۆستاکەی هەڵماڵیا؛ یانێ: لەڕۆیا بێ شەرمی کرد . دووەم، ئەگەرکارەسات پێچەوانەبێ، بەمانا تۆڕەیی کردن وتەمێ کردن وئاڵوزبۆنە، وەکوئەوە کە ئێژین :

مامۆستا کە لەسەرهاري وهاجیی لە قوتابیەکەی هەڵمالیا؛ یانێ: لێی ئاڵۆزبۆ. وە قسەی پێووت وتەمێی کردئەوەش ئەبێ بزانین کە لە سەرەتای ئەم باسەوە ، بۆیێ دۆوێنەمان هێنایەوە، تابزانین هاهەروا- دەستوورەی زمانی کوردي لە باسی کردەوەی تێکەڵاولەگەڵ پیتی سەرەتایی دا، لەم ڕۆژنامە دانۆسیومانە ، پیتی گەیاندن (اضافە)،هەربەوچەشنە کەدوروستە پیتی سەرەتایی بێ،دوروستە بەدووای کردەوەشدا بهێنرێ؛ بەڵام ئەگەرپیتی سەرەتایی بێ، یان بەسەر زەمیری نۆسراوەوەبێ بەپیتی جۆڵەی ژێری چەرت«ێ»دەرئەخرێ،وەکو: لێ هەڵماڵیان؛ وەلێی هەڵمالیا.

وە ئەگەربەسورزەمیری جیا، یان بەسەرناوە وە بێ، بەپیتی جۆڵەی سەردەرئەخرێ، وەکو: شێرۆهەلمالیا لە شێرکو، وە هەڵمالیا لە من . بۆئەوە زۆرچاك ئەم مەبەستەتان بۆدەرکەوێ دستوری زمانی ئەم باسە بخوێننە وە .

ئەم ڕیشەیە،هەمۆدارژاوانی کردە وەکانی بەم زمانە، بەکارئەبرێ. ڕیشەی تێپەڕکەری ئەمڕیشەیە، مانای زمانیی (اصطلاحی) نییە، بەڵکوتەنیامانای دانراوي (وضعی،لغوی)هەیە .



بنکەی ژین www.zheen.org

بەپێنووسی:
سیدمحمد سعیدغیرت

وەرگێڕاوی:
د.ع.م

# نمایشنامەی
## زماوەنی«سید یعقوب»
# فیروزەوفەرهاد
## پەردەی‌دووەم-مالی حاجی‌مراد

**کەلانتەر لەحاجی‌مراد خوازبێنیی فیرووزەبۆ «سیدیعقوب» هۆنەری مایدەشتیی ئەکا**

حاجی‌مراد لەمالا دانیشتووە قلیان‌ئەکێشێ؛ وەچورتکەوەدەفتەرێکی‌لەبەردەسیا داناوە، خەریکی حەسێب کردنە. لەم‌کاتاتەقەی دەرگا دێ. کەلانتەر،بۆدیدەنی حاجی‌مرادهاتووە.

**حاجی‌مراد**: بەبە «سلام‌علیکم»فەرمۆ! ڕەفێقی قەدیمی‌ودۆستی گیانی!

**کەلانتەر**: «سلام‌علیکم» حاجی! وادیارە ناوەخت کـردم‌بـە دەرکا، ها...

**حاجی‌مراد**: کەلانتەر ئەمەچ فەرماییشێکە؟ فەرمۆ!

مهمان خۆش هاتی ! نوروە پاتەوە
دەرمانـی دەردم هـــــاوە لاتەوە

ئافەرین کەلانتەر، ڕەفێقی چل‌سالە؛ ئەمەهەرتۆی کە لەم‌ئاخری عومرا، لەمنەوە یادێ‌ئەکەی؛ بەڕاستیی‌بژی کەلانتەر!

مندوسی تـوام تـاسەردۆسم بـۆت
من‌بۆمە دەرویش ئەو کەلپۆسم‌بۆت

بەڕاستی وەهادۆستی کەلانتەرە.

**کەلانتەر**، حاجی! بەخودا ئەگەرحالی هاتوچۆم ببوایێ،هەر ڕۆژوهەرشەوێ حەزم‌ئەکرد لەخزمەتتابم، بـەلام: ڕەنکم ببینەوحالـم بپرسە، پیری‌یەو هەزار عەیب.

ئەڕا نەنـــوازی وەی زارپمە وە
وەی کۆس کەفتەی دیاریمەوە

واللە حاجی!

توهەم باوکمی هەمیش برامی
هەم‌کاروانسەرای‌شەومەنزلگامی

حاجی! من‌سالەهای‌سالەلەگەل توذا یاری غارو ڕەفێقی مال‌لەیەکین، مەگەر برایەتی ئێمەتازەیی‌یە؟ حاجی‌مـراد دەستوری چای‌و قلیان‌ئەذا دەس‌بەجێ نێرگەلەدێنن؛ لەبەردەمی کەلانتەرا دای‌ئەنێن؛ قوڕەی نێرگەلە بەرز ئەبێتەوە.

**حاجی‌مراد**: کەلانتەر! بەڕاستیی چاکت کردهاتی بودێدەنم؛ یاخودا بەخەیربێیت دەنگ‌وباس‌چی ئەزانی، بۆم‌بلێ!

**کەلانتەر**: حاجی!واللەهەوالێکی خۆشم‌پێیە.

**حاجی‌مراد**: ئینشاءاللە خەیرە.

**کەلانتەر**: خەیرببینی، هەوی خەیرە، وەخـەیرە کەشی‌بـۆ تۆیە.

**حاجی‌مراد**: زوبلێ بزانم‌چی‌یە؟ کەلانتەر!

**کەلانتەر**: لەپاش ماطلی و کۆکین. تـۆئـا «سیدیعقوب»ی مایدەشتی هۆنەری شیرین ووتاری کورد ئەناسی؟

**حاجی‌مراد**: بەلێ ئەی‌ناسم. جاکەسێ هەیە کەئەونەناسێ؟!

**کەلانتەر**: ئاگات لێ‌بە کەئەم سەییدە بەشعری دلگری‌خۆی چۆن‌دلی زاناو نادان وخوێنەوارونەخوێنەواری ڕفاندوە؛ وەلەدلی‌پیاوە گەورەکانا جێ گیربووە؟ تەنانەت شازادەی حاکمیش زۆر لەگەل ئەوا مەحەبەتی هەیە.

**جاجی‌مراد**: زۆرچاکە من کەشاعرنییم ولەگەل شعرا کەینو بەینێکم‌نیە. بەلام‌وابە تۆبەتازەیی بۆیتەسەشاعر.

**کەلانتەر**: حاجی! گوێڕاگرە بۆت‌بلێم: ئەم‌سەییدەئەوەلەن جوانە؛ وەبەئەندازەی‌خۆی‌مال ودارایی‌هەیە؛ لەمایدەشتا خاوەنی‌هەمۆ شتێکە؛ ڕان‌وپەزوپۆلەی ئەوهەمۆ سالی‌بۆ گەرمەسێر ئەڕوا. خانوێکی جوانیشی لەگەرەکی«چەنانی»داهەیە؛ پارەی‌نەختیشی زۆرە سەییدیش هەیەوئابڕۆ دارپشە.

**حاجی‌مراد**: زۆرچاك کەلانتەر، مەبەستت لەناسدنی‌ئەوچی‌یە؟

**کەلانتەر**: مەبەستم ئەمەیە کە بێ‌ماطلی ودرێژەپێدان‌ئەمەوێ کەبرازای خوشەویستی خۆم یانێ فیرۆزە خاتون کچی نازەنینی ئێوە بەئەوبدەم؛ هەروەها کەدایکی جوانەمەرگی‌ئەو، خۆم‌بـۆتـۆم هێنا. بەلکو ئەم کچە بێ‌دایکە لەمالی«سیدیعقوب» داژیانێکی ئابڕۆمەندی ببێ‌وبەخۆش بەختیی بژیت.

**حاجی‌مراد**: کەلانتەر گیان! چ‌قسانێ ئەکەی؟ بەڕاستی‌چۆن بووە کەوها فکرێکت کردووە؟ کێ‌لەتـۆوەها تکایێکی کـردووە؟ مەگەر نازانیی کە ئەو کوڕە گەنجەیانێ‌فەرهادپورزای‌فیرۆزە،لەزەمانی دایکی فیروزەوە، دەسگیرانی ئەم کچەبووە؛ وەدایکی فیرۆزەووەصیەتی کردووە کە ئەم کچە بەئەوبدەم.

**کەلانتەر**: حاجی! ئەوەلەن بۆم دەر کەوت کەتۆمن بەخاوەن ئیختیاری کچی خۆت نازانی! بێجگەلەوەش خەیال ئەکەی کەبێجگە لەخۆش‌بەختیی وبەختیاری بۆ کچی‌تۆ، شتێکی‌تر منی‌لەسەرئـەم‌کارە هەلناوە؛ وەیامن هێندەی‌تۆعەلاقەم بەخۆش بەختیی کچی‌تۆ نیە.وانیە؟ من‌زۆرچاك فەرهادئەناسم، باوکی‌ئەوشم‌چاك‌ئەناسی؛ پیاوێکی‌چاك‌بو؛ وە«ماشاءاللە» فەرهادیش شایستەوپێ کەوتووە، بەلام...

بەلام‌ئاخرنەت ووت: چی‌هەیە؟ چۆن‌ئەیەوێ لەگەل کچی‌توذا پێکەوەبژین. فەرهاد ئەمڕۆ ژێرەخەری زەوینە وسەرەخەری ئاسمان. هەڕارە کراس‌نیە لەبەریاوقۆنەرەنیە لەپێیا. چ‌طاقەتێکت‌هەیە؟ بێجگە لەمانەئەگەرتۆ بەوەصیەتی‌دایکی‌فیرۆزەڕەفتارت بکردبایێ؛وەخاطری ئەوت گەرەك ببوایێ، لەپاش ئەوسێ‌ژنت‌نەئەهێنا.(قا قا قا پێ کـەنین‌بە دەنگی بەرز)

**حاجی‌مراد**: ئاخیر کەلانتەر! ئەمەشتێکە کەئەبێ کچە کـە بۆخۆی راضیی‌بێ؟ بەلکو فیرۆزە بێجگەلە فەرهاد مێردبە کەسێکی‌تر نەکا!چیی‌ئەکرێ؟مەگەر ئەم‌کارەبەزۆریش‌ئەبێ؟

**کەلانتەر**: حاجیی! مەگەر کچ بەدلی خۆی ئەبـی مێردبکا؟ ئیختیاری کچ بەدەستی تۆیە، هەرچیی تۆبلێیت وهەرچیی تۆمەیلت‌لە سەری‌بێ، ئەوناتوانێ بێ‌دلی تۆبکاو هەناسەبکێشێ.

**حاجی‌مراد**: ئاخیر کەلانتەر! ڕاستیی‌بلێ، بزانم: چۆن بووە، تۆلەم‌بارەوە قسەئەکەی؟ کێ‌بەتۆی ووتووە؟ کێ‌تۆی بۆخـوازبێنیی ناردووە؟

**کەلانتەر**: حاجی! بەنان ونمەکی چل‌سالەت قەسەم! هەوەل چاکەوخۆش بەختیی کچی تۆم‌ئەوێ کەوەکوو ڕۆلەونـووری چاوی خۆم‌وایە بێجگە لەوەش ڕاستیی ئەمەیە کەئاغاسەیید تاریفی‌فیرۆزەی بیستووە؛ یاگاهەس لەکۆلان وڕێ گوزەرا چاوی پێ کەوتووە؛ عاشقی بووە؛ بەلام‌نەعیشقی سەرسەري وبازاري؛ بەلکووعیشقێکی‌شاعرانەودل وجگەر سووتین. خولاصە سیدیعقوبی شاعربەسۆز عاشق‌وداواکـەری

ماوەی ٧

## باسیکی ...

ماوەی٥

چەکی خۆیانەوە نووستبوون؛ وە یەکێ لەوانە ئەوکاسە ئەنتیکـە خوشەویستەی خۆیە بەباسکـی ئیسقانی خۆی گرتبـوو»

لەبەشی سیەمی ووتارەکەذا، لەژێری سەردێڕی «خاوەنەکانی کاسەوبیرو باوەڕیان»وەهانووسراوە: «جارێ دەریان خست کەجێگای دۆزرانەوەی کاسەی‌زێڕین قەلایێکی گەورەوقاییم‌لە٩٠٠سال پێش‌مپلاد بووە. زاناکان دەسیان کردەلـێ کۆلینەوەی بەلگەکانی ئەوڕۆژ-گارە، تالەوەهاقەلایێ، هەوالێ‌بە دەست بێنن. لەپاشان موقایەسەی ئەوکاسەیانە لەگەل‌صەنعەتەکانی تری گەلانی کـۆنی. ڕۆژهەلاتـی نێوەڕاستا کـرد، تاچەنذنیشانە-یێکی‌ترلەزانیاری‌وهونەری گەلی ئەوناوچەبەدەست‌بێنن سەرئەنجام بۆیان‌دەر کەوت، کە: ئەوقەلادوا نوختەی ڕۆژئاوای خاکی گەلی «مان» بووە. لە«انجیل»دا، ناوی ئەم گەلەبە«مینی» براوە.دەولەتی «مان» دەولەتێکی پڕگ و بەلاو بوکەوەکوو قەلخانێ لە بەینـی «اورارتو» و«آشورا»دا، قدراری گرتبوو.

گەلی «اوراتو» مەردومێکـی سەرسەخت‌وکوێستانیی بوون کە لەجێگابەرزەسەردەکانی‌لای‌ژوروی کێوەکانی «زاگروس»دا،ئەژیان. «ئاشور»ی یـەکان بەپێچەوانـەی ئەوان‌شارنشین بوون، وەلەناوچە دەولەمەنذەکانی‌خوارۆی«زاگروس» یانێ لێواری‌چۆمی دەجلەوفوراتا بوون. ئەم‌ڕوهارمالەبەتینەهەمیشە بۆدەسەلات‌پەیذاکردن‌بەسەرخاکی «مان»دا، پێکەوە هاوچاوی‌یـان ئەکرد؛چونکوجێگای‌ئەوخاکە بۆلەشکر کێشیی، بەهۆی بۆنی دەریاچەی ڕەضائییە (ارومیە) وە دەسڕەسی بە کوێستانەکان، زۆر گرنگ‌بوو. لەدەورەی«مان»ەکانا. حکـومەتی «اورارتو» لـەگەل

ماوەل ٧

**نمایشنامە ..**

**ماوەی ل ٦**

فیرۆزەیە. ڕۆژێ نیە کەیەعیشقی ئەوغەزەلی نەڵێت؛ وە پارچەشعرێ نەهۆنێتەوە وەئەگەر ئەم کچەی نەدیتێ ئەوەڵەن دڵی سەییدو ئەولادی پەیغەمبەرت ڕەنجاندووە؛ بیجگەلەوەش بەهۆی ئەوخۆشەویستی یە کە سەییدبەلای پیاوە گەورەکانی شارەوە هەیەتی، ڕەنگەبۆتۆچاك نەبێ کە ئەوبیێتە ناحەزت. ئەمانەهەمووبەجێی خۆی، لەبنا ئەم کارەلەعەقڵی تۆ دورە، کەئەم دەس مایە، ئەم پایەبەرزە، ئەم خۆش بەختی یە لەدەس بەردەی؛ وەبکەوێتە شوێنی فەرهاڎی لاتی بی سەروپێ کەخۆیەوهەدو گوێـی؛ وە ئەو کچە هەژارەت بخەیتە نێوداوی گەدایی وبەڎبەختی یەوە. تەماشای ئەم خۆش بەختی یە، ئەمژیانی چاکە؛ ئەمعیشقەپاکە؛ عیشقی شاعـر. بەخوڎائەم سەبیدە ماقوولەلەعیشقی وە کووماری پێکراو پێچ ئەڎا لە خۆی، وەخۆی ئەخواتەوە؛ وەلەبەر ئابڕۆی خۆی ئەودەردی بێدەرمانەی لەلای کەسەوە دەرناخا؛ ئیتر تۆخۆت چاك ئەزانی کە ئەبێ حاڵی چیی بێ. تەنیاهمێڎی من بووم، کەدەست بەداوێنم بـووە. ڕاستیی منیش قـەولی شەرەفم پێداوە. بەڵێ قەولم پێداوە؛ وەئەوپش ئەزانێ کەمن وتۆچەنـڎ برایەتیمان خۆشە؟ وەئەم کچەش وەکوو کچی خۆمـوایە.

**حاجی مراڎ** : (بەحاڵی تعجبەوە) ڕاستیی کەڵانتەر ! قەولیشیت داوە؟

**کەڵانتەر** ئەرێ واللە! بۆقەولێ نادەم ؟! مەگەر من داخـوازی خۆش بەختیی فیرۆزەنیم ؟

**حاجی مراڎ** : کەوابوو کارتێ پەڕی کردووە ؛ وەکوو ئەوەیە کە من بۆخۆم قەولمدابێ. زۆرچاکە ؛ گاهەس مەیلی خوڎا وقسمەت وەها بووە، باشە، ئیختیاربەخۆتە؛ هەرکارێکت کردووە ، زۆر موبارە کـە. بەلام ڕاضیی کردنی فیرۆزەش لەسەرخۆت. یەقین ئەزانم ئەتوانی ئەویش ڕاضیی بکەی .

**کەڵانتەر** : حاجی! من هەموو کارێکم بڕیوە تەوە، تەنـانـەت تەرتیبی مەجلیسی مارەبڕینیشم داوە پاش نیوە ڕۆی پێنج شەمە(دوسبەی) وەختو سەعاتی زۆرپیرۆزو چاکە ئاشێخ جەمال ئەنێرم. بێتەماڵەوە ؛ وەمەجلیسێکی ئابڕۆمەنڎیش پێك ئەهێنین؛ وەهەر ئەوشەوی هەینی یەش زەماوەن ئەکەین. چونکوو ئاغا ـەیید ئەیەوێ زەماوەن بکاو بڕوا،بـۆ مایڎەشت. ئەمەش دوصەڎ ئەشرەفي، بۆئامادە کردنی سەرەتای کار،پاش ماوە کەشی ڕۆژی مارەبڕین پێشکەش ئەکەین. وەئێستالەلایـەن ئاغا سەییدەوە، دەستی تۆ ماچ ئەکەم وبەخوڎات ئەسپێرم.

**حاجی مراڎ** : ئاخیر بەم جۆرەنابێ؛ بۆنانی شێو تەشریفتان بێ. چاك نیە ئالەموەختی شەوا. لەماڵی کەسی بڕوێتە دەرەوە، ئەویش بەسکی برسی یەوە.

**کەڵانتەر** : نە! خوڎا تۆلەئێمەنەسینێ؛ ئێرەماڵی خۆمە. ڕاستیی وەختم کەمە وکارمزۆرە؛ وەئەبێ بڕۆمەشوێنی کارەکانما. بێجگە لەوەش ئاسەیید یعقوب چاوەڕێ هەواڵێکی خۆشە کەزوبۆی بەرمەوە؛وەبڕیارمان داوە بۆنانی شێولەخزمەتی ئەوابم. بەم بۆنەوە ئەبێ لێم ببووری و ئیزن بفەرمووی کەبڕۆم (ئەمەئەڵێ وخوڎاحافظیی ئەکاوئەڕوا)

**حاجی مراڎ** :(لەبەرخویە ولەژێری لێوەوە) زۆرچاك؛ئەم کچەش چارەنووسی وەهابوو. خوڎابکاخەیری لەمابێ. کێ ئەزانێ کەفیرۆزەش چاوی بەسیدیعقوب نەکەوتبێ وناوو شۆرەتی ئەوی نەبیستبێ وەلە کوێ مەعلوومە کەوەختێ مارەی بڕا وزەماوەنی کرا ، ئیتر شوێنی لەعیشق و عەلاقەی فەرهاڎ لەدڵیا ئەمێنێ؟ ئەڵبەت کە ڕۆییشتە مایڎەشت،لـەوێوە ئەڕوابۆ گەرمەسێر وژیانی لادێ بەتەواوي ئەولەم خەیاڵـە پـوچ وبێ کەڵکانە ڕەحەت ئەکا.

بەهەرحاڵ پەنا بەخوڎای چارەساز

# دیاریی خوێنەران

**پارچە هۆنراوێ لە «میرزا شەفیع»ی ڕەزڵەیی هۆنەری بەناوبانگی کورد**

خوڎالێ خۆشبێ،دانیشتوی گوندی«ڕزڵە»ی کولیایی لەناوچەکانی کرماشان بووە. ناوبراو دیوان و کتێبی کـوردي زۆری نـوسیوە ؛ لە ڕۆژگاری ژیانـــــــــــــــی سەرهـەنگ «ئەڵماس خان»ی کەنوڵەي ، ئالاداری سوپای «نادرشا» داژیاوە؛ وەپێکە وەدۆست بووون چونکەسەرهەنگ ئەڵماس خانیش مرۆڤێکی زاناوێژەوان وهۆنەرێکی زەبەردەست بووە؛ سەرهەنگ ئەڵماس خان کەخۆی لە هەمۆشەڕەکانی نادرشادا،بەشداربووە، کتێبێکی هۆنراوی بەناوی«نادرنامە» بەکوردی نوسیو، وە لەچەشنی خۆی دابێوێنەیە؛ بەیارمەتی خوڎا،ئەمانە وێ بێ هێنینە دەس، وەچاپی کەین .

«میرزا شەفیع ئەچێ بۆ«کەنوڵە»، بوسەر کێشی لەدۆستی خۆی : سەرهەنگ ئەڵماس خان؛کاتێ ئەگاتە نزیکی ئاوابی، لەکابرایێ هەواڵی ئەڵماس خان ئەپرسێ؛ئەویش ئەڵێ: چەنڎ ڕۆژێکەئەڵماس خان مردووە، وەئەوەش گل کۆلەیە :

میرزا شەفیع ئەرواتەسەر گل کۆ کەی ئەمهۆنراوانەی خوارەوە ئەنوسێ، ولەسەرقەبرە کەیە وە دای ئەنێ ، وە هەرلەوێوە ئەگەڕێتەوە بۆماڵی خۆیان؛ کابرا ئەوهۆنراوانەهەڵ ئەگرێ،وەئەی باتە وەبوخزم و کاری سەرهەنگ ئەڵماس خان؛ ئەمەیەئەوهۆنراوانە :

میرزام خـامـــــــۆشان . . .

موبارەکت بـۆمـەئوای خامۆشان

نۆشت بۆبـاڎەی بێمۆشي نـۆشان

ڕەفێق مەجلیس جەرگەی مەی نۆشان

ئومێڎوە ئیعجازدوعای خاسان بـۆ

سزای گۆڕئەفشار، وەلێت ئاسان بۆ

دمای «ئەڵماس خان» خان لالٚ شێوە

کزەی تـەمورە کـەس نـەیۆپێوە

میرزام ! یەك دەردی من کەردەن کاري

تۆڵـێ دەس نیشان ژوێت نـەڎاري

فرزەنڎهەرخاسەن میوەی بـاغتەن

هەمشادیوهەم ذەوق،هەم چراغتەن

هـەروەخت بمیري ئـەوجاڎارتەن

کـۆريدژمنان، شاڎي یـارتـەن

وەشاد مـە کـە ڕۆسەیـر بـاخانت

وەنـازمە گێلۆنەدیـــــــواخـانت

وەختێ کە پیري مـە کەرۆقەصدت

فـرزنـدعـەزیـزمـە گێرۆدەستت

ئەرئیمسالٚ تەڵـێ گوڵم کەنـڎە بۆ

ڕۆحم شەرمنڎەی خوڎا وبەنڎە بۆ

پێی چێش گولٚ، میرزام هانەسەرای گلٚ.

گلٚ وەدیڎەم بۆپەی چێشمەن گولٚ

باوەردێ یاران بەر گـێ جەپەلاس

تاپۆشۆ «شەفێع» جەدمای «ئەڵماس»

**باسیکی ...**

ماوەی ل٦

حکومەتی جێنشینی «هیت»ەکانا، ــ کەلە شمالی ڕۆژئاوای ئەوابوــ شەڕیان کرد. وەهەرلەووەختا لەشکرەکانی دەوڵەتی ئاشوریش بەسەر بابلی بەدەوڵەمەنڎەکان لەناوچەی جەنوبا پیرۆزبون؛وەبۆدەسەلاتێکی زۆرتربەسەر دەوڵـەتەکانی ڕۆژهەلاتی نزیکا ، ڕوبەڕۆژئاواپێش ڕۆین . لەنویشتەکانی ئاشوریدا باس لەیاخیبوتی «مان»لەحاکمەکانی ئاشوری کراوە . لەصەڎەی نوهەمی پێش لەمیلادا ، گـاهێ ئاشوری یەکان وتاوێ دەوڵەتـی «اورارتو» قەلای «حسنلـو»یـان گەمارەداوە ، وسوتاندویانە .

**ماوەی هەیە**

## بویی کەنین

**دوکتورومنداڵ**

منداڵێ نەخۆش بولەسەرقەرەوێڵە کە وتبو.دوکتۆرهات وپێی گوت:زمانت دەربێنە کوڕم؟ کوڕە کەڕوی لێ هەڵ چەرخاندو گوتي قەت کاری وانا کـەم؛ بابـم پێی گوتوم ئەگەرجارێکی کە زمانت دەربێنی دەی بڕم .

**سەری خاڵی:**

گـەلاوێژی بچکۆلـە زکـی دەیشادایکی پێی گوت،ڕۆڵە گیان هۆی زکێشەت ئەوەیە کەمەعیدەت خاڵیە.ئەمەڕا بووردوڕۆژی دووایی میوانیان هات یەکی لە میوانەکان گوتی: ئـای... زکـم دەیشی... گەلاوێژ کەئەمەی بیست بێ پەلە ڕاپەڕی و گوتی... ئای خانم ئـەوە سەرت خاڵیـە هیچی تێدانیە ئەگەرشتێکی تێدا ببوایەنەدەیشا.

**میکرۆبی مەترسی دار :**

چەن کەسێ دانشتبون وپێکەوە قسەیان دە کرد،باسیان کێشایەلای لیباسی ژنەوە ، یەکێکیان کەزۆر بە ئاواتی دیتنی ئەندامی ڕوتی ژن بوبەوانی گوت : بەڕاستی دەزانن کراسی ژن کە چوارقامك لەژور ئەژنۆیە دەبێت بۆپاراستنی ساغیەتیش باشەچونکو کراسی درێژمیکروبی سەرعەرزبەخۆیەوەهەڵ دە گرێـ پیرێکی تەڕلیان تێدابو کردیە جوابو گوتی :

ماوەل١١

# کوردستان

بەشی کوردیی شمال

لاپەرەیی ، بو هەمی وجار

## دەست پی بو ناسالا بیستییە سلطنتی

دووصبەبانی ژۆژا ٢٥ شەهر-یوەرێ سالا بیستێ یەسلطەنەتا ئـەعلیحضرت محمدڕضاشاهێ پەهلەوی شاهەنشاهێ ئیرانێ دی دەست پێ بیت پاشێ ئیریشانەجامیرییە صباسێ شەهریوەرا هزارسیصدو بیستێ ژلایێ شەمالی وەجەنوبێ هاتی ئیرانێ

ئەوتەومینا نشکێدا کۆچەێ هندێ نەبۆروحامەزنەبنیشەدانائی ی ئیراناتازە وەتتوئازوردەوەنەرحەت گر، وە وەتتونقصان گرنا قانونا میللەتان وە دەست درێژی بوسەر دولەتەك بێ طەرەف کۆبلی پێشدا چێنوە ئاوادانی یاخوچفکرێ دی چنەبو، دلی ڤێ شەهریاری بلندقەدر نەرحەت و نەخوش گر کێدەست لەتاج و تەختان هەلگرت وەوێ گاوا گەلەك مۆهوم

مەملەکەت دادەستێ کـۆرێ خۆیی کێ هاتی ئەعلیحضرت محمد رضاشاه وەبخۆژئەدارا شولان دەست هەلگرت وەچوّدەرەوەیی ژئیرانێ

وەخت گەلەك طەنگاووەحساس بۆلەشکەرێ بیهانییان سەران سەرێ عەردێ ئیرانێ گرتبوودەستەها-وێ تبونە خەباتێت خۆدان زەرەر، ئەومیللەتێ کۆبیست سالان رحەتی دەرباس گرێ وەزورمـورەتـەب مشغولی شولێت ئازادانـی یـیوە مەعارفی یێ بو وەدونیایێدا ڤیمەت وەئەحتی بار دەست خۆوەهینابۆسەر بخۆیی طام کربو وەنەزم تەرتیب بخو کربۆ سەرمەشق

بەردەست درێـژیـیا بیهانییان کنیم مابۆ روحییا خۆژدەست بدەت روحاعصیانێ وە گوەنەدانێ هەمۆ جییاندا پەیدابیۆ

وێ وەضعـی وەوی حـالیدا شاهەنشاهێ جاحیل بەختەمەسئوو لییامەزنەرێوەبـەریی قەبـول کرنوە بزانایی وەشارەزایی دەست هاوێتە شولێ

ئەلبەتە چەند سالێت ئـەول راستی گەلەك گرییان وەئیشکلان هاتوە ئەمبخۆ شاهدوە چاودێرێ بەرخۆدانا بێ هـەوالـە شەخسێ شاهەنشا بەران بەری عەمەل کەرێت بیهانییان بوون وەهەمەن ئەو بەر خۆدان وەراوەستان گەهشتەوێدە رێ کۆ هێدی هێدی هەمو ئیشکل وەمانعێت ناوخـۆ وەدەرەوە یێك پاشی یادیتر لەمابەینێ ژابۆن وە ژۆژازۆناهییەوجوّداشاهەنشا ژپشت عەورێ طاری کوهنداوی ئیرانێ گرتبوّخۆدان رەونەق تر وەپێ قاوە تەك زیدتر دیهار کر

وە بۆپێشدا چـوونا ئیرانێ گەلەك خەبات هاتنە کرن وەنیە ئێت شاهانەژوز بۆژوژێ زیدەترو باش تر پێك تێین

سەلطەنەتا شاهەنشاهی ئیرانێ بێ بێ هیچ ئاخەو تەنێ سەرئستونا قەلبێ مرووێت ئیرانێ راوەستایە وەراستیژی زێدەژسەلطەنەتادیهار سەرجان ووەدلێ میللەتێ حەق ناسە ئیرانێ سەرا کی هەیە

هەموو مرووێت میللەتێ باش تێ گەهشتی نەکۆدلێ عالییەشاهانە دابلی ئەوێنی وەحەزێ کرنا زور زور بۆ ئیرانێ وەپێشدا چـوونـا ئیرانێ تشتەك دیترچ نینە

وەچونکی مـرووەك زورتـێ گـەهشتی وەئـاگادارژبـهورینا دونیایی وەسەراستی پینەبەرنامێت پێشداچوونا میللەتێ یێ دیتنە کی تەواو تەنظیم دگەت

وەباوڕییا بخودێ وەهەبوونا ژحادێمۆ دراسی ئەووەتتونێزیکێ کەتکەتێ مروو وەخەلقێ ئیرانێ کرییە

کۆسستیێا بنیشەوەعەقیدەوە باوڕیاخەلقێ چجاران ناهیتەخیالا مرووێ

ئەم دلوجان هاتناسالا بیستێ یە سەلطەنەتا شاهەنشا مووبارە کی یێ عەرض دکەن وەمەژخودێ هیوی

**قدس نخعی**

ماوەیل ٤

=٧٩=

ئەوچینەخشتە بۆت بوّن بەخانـۆ
هەرمشتی خاکی لەکارگـەیێ بۆ
گەردی دامێنت بێ تـەقیە تـەکان
حاکمی کۆنی مەحکەمـە بـۆزۆ

=٨٠=

«فرعون» ئەهرام وئەبولهەولی کرد
یەك پەنجەی ئەجەلێ ژێوشوێنی لابرد
بەمفت وەهەرزان لـەدەستی دەرچۆ
ئەوناوچەیانە بـەزۆرداگیر کرد

=٨١=

خاکی مرەووان تێك هەلێ ئەشێلرێ
نیوەی گلی کالێ، نیوەی فرێ ئەدرێ
جێی گومان نیە کە گلی ئیمەش
هەم کوپەوخشتی لێ دروست ئەکرێ

هەیەئیرانێ بن‌سیبەرا مەرحەمەتا شاهەنشادابگەهی نیتەدەرەجاتەواوە
بێش کەتێ
هەرهەبیت ئیران هەر ساخ بیت شاه

## وەضعا گەنگو

ئالۆزییا کەنگۆوێ گاوێ گەهشتی یە دەرەجەیەك زورشەدید کـۆ داك هامرشولدێ کاتبی کۆمامیللەتان وەضعا کەنگۆ خودان خەطەردا نابەحسابێ وەبەلاو کرییە کۆئە گەرئەووەضعەدەوامی بکەت دێ خەتەرێ بۆصولحا دونیایێ چیکەت .

وێ گاوێ هەموطەیارەخانەوە بنە گێت مۆهیمە کەنگو دەستـێ مرووێت قاوەتایێکا تییامیللەتان، ایەئەمالومومبا رەئیس وزەرائ کەنگو جەهدێ دکەت کو هندێ چێ بیت ژقاوە تامیللەتان کێم کەت وەجلەوا شۆلێت کەنگو بخۆبکرێتە دەستێ خۆ ڤێ کاغەزا کۆبۆ کۆما هێمنی‌یێ نویسییی‌دا گۆتییە دبیت قاوەتێت میللەتان خۆتێکەلی شۆلێت ناوخویە کەنگو نەکەن لومومبا هنەك نیزامی بیت کەنگو کاربار کرینە کـۆ ئیریشن ببەنە ویلایەتا کاتانگایێ کۆدەستێ مرووێت بیلژیکی دایە

هامرشولدێ کاتبێ کۆما میللەتان پێ ئاگادارییەك مۆهەم کۆوێ حەوتییێدا نەشربۆبەلاو کر کۆهەم بیلژیکی قاوەتێت نیزامی نەریکەنە ویلایە تاکاتانکایێ وەهەم ژێ قاوە تێت نیـزامییە کەنگو خـۆژئیریشا کاتانگایێ وە کوشتنا گەلەك مرووێت بێگونەح پاشدا بدەن تێتە گوتن کۆبەرئیریشاقاوەتێت لاگیرێ (لومومبا) گەلەك مرووێت عادەتی هاتینە کوشتن وەهنەك ژشول ناسێت سیاسی یە کۆما میللەتان .

ئەوعەمەلە بەژنوسید یانی کوشتنا تێکراوی حساب کرلومومبا دبێژت گـەرەك نیزامـی یێت قاوەتا کۆما میللەتان کۆتەبعێ دەولەتێت ئـەندامێ یێکـاتییا بـەرخۆدا نییە ئەتلان تیکا شەمالی ژکەنگودەر کـەوێن وەنیزامـی یێت ئەفر بقایێ بورا گـرتنا ئاسودەتی یێ ڤێ مەملە-کەتیدا بینەجییاوان جهێت کۆمامیللەتان بەران بەری وێ گۆتنا لۆمومبادا بەلاو کرینە .

کۆژدەولەتێت ئەندامێ یێکاتییا ئەتلان تیکاشەمالـی تەنـێ دەولەتەکی یانی کانادایێ نیزامی رێکرینە کەنگو وەنیزامی یێت قاوەتا کۆمامیللەتان یێت دیتر تەبعێ دەولەتێت غەیرێ ئەندامـێ یێکاتییـا ئەتلان ایکاشە مالینە سەبەبێ رێکرنا نیزامی یێت کانادایێ بۆ کەنگو-ژی ئەوە کۆئەونیزامی هەردوو ئەزمانێ ئیگلیسی وەفرەنگی دزانن وە چونکی مرووێت کەنگو پشکا زوروان هەردوو ئەزمانانە دزانن .

پێگلوێت نیزامی یێ کانادایێ کەنگوێ‌دا راستی ئیشکلان نایێت وەدێ قاوە تاکۆمامیللەتان چێتر بشێت بۆرحەتییا وێ ناحی یێ پێگاوان ژاکەت ،

هەرچ هەیێ وەضعا وێ گاوێ‌دا بەرکێشە کێشاناوخویە کـۆما بەیناسییا سییان وەدەستێت جۆرەجۆرەیە مرووێت کەنگوێ‌دا هەیێ یا دوویێ بەرئیختلافا کۆمابەینا ژیوەبەرێت کەنگووە کۆما میللەتان داسەر مەسئلارا گرتنا رحەتی یێ وێ ناحی یێ‌دا پەیدابوێ وەضعا گەنگو زور خەتەر بۆیەوێ گاوێ بەرا گەلەك سیاسی یێتادونیایێ لەکەنگـویە وە حەتمی یێك ژمەسئەلێت موهوم کۆدێ ناودستۆرا جۆاتـا تێکـراوییە کۆما میللەتان‌دا هەمەن ئەومەسئەلا کەنگویە کۆ بـۆحەل کـرناوێ کەرەك پێگاوەکی خودان ئەثەر بێتەهاوێتن .

www.zheen.org

**نەتەوایەتی...**

ماوەی ل٤

ناوچەکانی زەی‌وئاالشا،ورەەوردە، چەن پادشایی‌وئەمیرنشینی گەورە وبچوك لە ئارییابیەکان پێك‌هاتبو. ئەزانین کەلەدوایی‌هەزارەی‌دوەمی پێش‌لەمیلادحکومەتەکانی(ئاسیای صغیر) و(بین‌النهرین) تێدا چـۆ بۆن؛ لەم‌کاتە دا لەسەر کلاّوەکانی حکومەتەکانی‌زۆرئاوادادەولەتێکی تازە بەناوی ئاشۆردانرا .

لەم‌حکومەتەدامپراتی‌زەگەزی «ئەکەد»وەئەوهۆزەکانی‌تری‌سامی پێکەوەتێکلاّوبۆ،وەدەم‌ودەزگایێ- کی سەختگیر وخوین‌مژلەگەلّ هەستی‌زۆرگرتنێکی تەواونەبۆ، وەمەیل بەتالان لەگەلّ دلّرەقیی زۆرا،وەکۆدژنلە وزۆروتونلێکی بەبارهێنابۆ.

وەها حکومەتی‌لە سەرەتـای هەزارەی یەکەمی پێش لە میلاد لەکاتی بەربەلاّوی هێزی خۆیا ، دۆحکومەتی بەهێزی «ئۆرارتـو» و«مان»ی لە بەرامبەری خۆیە وە دی، وبۆبەرامبەري لەگەلّ ئەم‌دۆ حکومەتە دس بەکاربـور.

**مێژوی ...**

ماوەی ل ۹

ئەم شارەیان بە«هیکمتان» ناونابۆ .

قەصری شیرین کە ناوی پیشۆی ئەو«دستجرد ، دستکرد» بووە، یۆنانی یەکان بە«آرت‌میتا» ناویان بردووە . «آرت» لەزمانی‌لاتینی‌دا ، بەمانای‌صەنعەتی‌معماری‌یە ؛لەم‌هەردۆناوەدایە کەتیبی‌ووشەکانی«میتان»و «ماد» ئەبینرێ. «دستکرد»ناوێ‌یەکێ لە کۆشکەکانی پادشایی«خسرو پرویز» بۆ. «آرت»لەئەوستادا بەمانای بەخشایش، بەرەکەت،نیعمەت، حەقدەس، پاداش وقازانج هاتووە ؛ وەبزێ‌جارناوی تایبەتیی‌خوداییکە کەنگابانیی مالّ ودارایی بەئەستۆی ئەوە .

«آرت» ناوێ‌یەکێ‌لەخودایانی‌دینی زەردەشتی‌یە کەلە«گاتها»دا، ناوی براوە. «دامس‌تتر»لەوەرگێڕاوی‌ئەوستای خۆیدا، لە«بندەش»ی، گەورەوە ئەگێرێتەوە ، ئەلّێ کە : «آرت مالّی خوداّی بەهەشتی‌یە»

کەوابۆ «آرت میتا» بەمانای لاتینیی «صەنعەتی معماري‌میتا»یە؛ وەبەمانای ئەوستایی «مالّی خوداّی بەهەشتیی یاخوداّی‌پارێزەری مـالّ ودارایی میتایە . بەلاّم لێرەدا چونکویۆنانی یەکان ئەم‌ناوەیان‌هێناوە ، هەربەمانای صەنعەتی معماري‌دێ .

**مانای ووشەکان**

| | |
|---|---|
| لای‌وابۆ ـ معتقدبود | کۆشك ـ کاخ‌قصر |
| ترێ ـ انگور | تایبەتیی ـ خاص، مخصوص |
| بەردی نۆسراو ـ کتیبە | ئەستۆ ـ گردن ، عهده |
| یەکیەتیی ـ اتحاد، اتفاق | وەرگێڕاو ـ ترجمە |
| ووشە ـ لغت، لفظ | |

بەزاروبەك‌شەو ۲۷۳

وەسپیاڵەکەی خۆی کردەبەری. شێخ ابراهیم کەچاوی بەخەلیفە کەوت وناسی ، سەرسام‌ما؛وەلەترس وخەجاڵەتیدائەنگۆسی خۆی‌ئەژاوی؛ وەلەبەرخۆیەوەئەی‌ووت: خوداّیا! من‌ۆستووم یابێدارم؟خەلیفەلّی‌خوڕی: یاشێخ! ئەمەچ‌حالێکە؟ شێخ‌مەستي لەسەری دەرچۆ؛ وەهاتە سەرخۆی، سەری‌لەخەلیفە خەواندوخۆی خستەمل کەوشە کانیا، ماچی کردن وئەم‌دۆشعرەی خوێندەوە:

دۆشت‌هەڵیان نام لەم‌سەرئەکارە عەقلّی نـاتەواو بەختی دێوانە

تۆگەورەی بەڕەحم لەمن‌ببۆرە ئەرلێم نەبووري مالّم وێـرانە

خەلیفە لەگوناى ئەوخۆش‌بۆ.وەکەسێکی لەگەلّ نیس‌الجلیسا نارد کەببیا بۆکۆشك. خەلیفەش بۆخۆی گەڕاوە؛ دەستۆری داخانـوێکیان بۆئـەوتـایبەت ڕازاندەوە؛ چەندنۆکەرو کارەکەری بۆئەو دانا؛ وەبەوی ووت: بزانە کەمن عەلـی نورالدینی ئاغاتم کردەحاکمی بەصرەوناردم بۆئەوێ؛ وەلەم ڕۆژانا خەلاّتیشی بـۆ ئەنێرم؛ وەتۆیش بەخەلاّتەوە ڕەوانەی لای‌ئەو ئەکەم. کەنیزلەمالّی‌خۆیا ڕەحـەت دانیشت، لەولاوە علي‌نورالدین ڕۆیشت تاگەیشتە بـەصرە؛ یەکـڕاس ڕۆیشتە کۆشکی سلطان محمدبن سلیمان وەلەنیوحەصاری کۆشکا داخوڕی. سلطان لەنیۆ کۆشکەوە دەنگی ئەوی‌بیست ودەستۆری دایبەنە ژورەوە بۆلای. کە علی‌نورالدین ڕۆیشتە ژۆرەوە، نامەی خەلیفەی لەباخەڵی دەرهێنا ودای‌بەدەستی سلطانەوە.سلطان کەچاوی‌بەمۆرودەس‌خەتی‌خەلیفە کەوت سێ‌جار ماچی کردوە؛ وەنایەسەرچاوی . ئەوجاووتی: من‌بەگیان ودلّ‌فەرمانی خەلیفە بەڕێوە ئەبەم ئەوجا قاضیی ووەزیرو سەرانی‌قۆشەنی‌بانگ کرد؛ وەپێ‌ووتن کە:من‌بەفەرمانی خەلیفەلەحاکمیی‌دانراووم؛ وەئەبێ کاروباری شاربەعلی نورالدین بسپێرم، لەم‌وەختا ابن‌ساوی وەزیرپش هات.

م.ص.م.

## لەهەرگولزاری

## گولی

## سیدصالحی کرمانشانی

هـــــەم بەزم یـــــارم . . .

ئیمشە ولـە قـەضاهەمبەزم یـارم

سەرتا پا لـەجام وەحدەت سەرشام

لە عیشق دلّبەرمـەست وخومارم

وە دلّ چـراغم، وەتـەن قـانۆسم

خالّي لـە خودّي مەملۆ لـە دۆسم

هام لە کۆی‌وصالّ،چون«قەیس»لەکۆی«نەجد»

گۆش‌پڕ لەسماع‌دلّ مەملۆلەوەجد

بێ‌بـادە سەرخـۆش ژعیشق یـارم

مات ومەدهـۆشم، مەستوهۆشیارم

«من‌وما» خەطاس لە هەرجایـارەن

عیارەت تـەنگ وچارم.نـاچارەن

«سەی‌صالح» خامۆش! فاش‌مەکەرئەسرار

زو،رەی«مەنصور» کوش،مەدّەنت‌وەدار

## مەلاحامدی‌ئالیجانیی

نـــــەشێوێ نـــــاري . . .

یـاشا ! تا ئـەبەدّ نـەشێوێ نازي

زەوابێ‌حوکمی‌قـەندێ ئەلفازي

عـاشق مـەجرۆع بێ‌بەتێغی نازي

شۆخ ودلّبەربـێ‌دیـدەی شابـازێ

مردگ زینگ بێ بەڕێزەی ڕازي

سەوزەی‌نەوخەتت‌زەزم ئارای غازي

تـاـوزي سەبـەب کـامەر بسازي

ناتەواو

## احمدبەگی کوماسیی

ماوەلەژمارەی ٨٦

ئەی‌شەووەسەرگەردجوانمەردیت‌بام

یـازۆم‌تـەمام کـەر،یازۆبـەرتەمام

ئیمشەو ئـەصلاّوپڕ بـەیانت نیین

وێنەی هیجـرمن پـایـانت نـە...

مەشنەفتم کە شەوفیراق طۆل دارۆ

یەکجارنەك وەی ڕەنگ‌غەضەب لێتوارۆ

یاڤەلـەك چـارەم سیاپـەروەردەن

یاخەیرتۆکلید صوبحت گم کەردەن

زبەرۆماچـــــۆن‌وەزۆرزووزاري

مـەرزۆی ئاخری ئـاخرنەداري؟!

ناتەواو

ماوەل۱۰

بنکەی ژین www.zheen.org

**بەشی ...**

ماوەی ل ٣

دبذە کەم، ماچلن بێوەفایش کەرد
شەرطوعەهدوبەینوەرین گردش مەڎد
زیاڎبیی سەردیش پەی خەم کەیلە کەش
کەمبیی گەرمیی تاو کورەی مەیلە کەش
هەوای دۆس نۆش وەدەرۆن ئاوەرد
سفتە کەی کۆنەش یەك جارجەیاڎبەرد
دوڵە کەم! تۆمەیل خەستەت ضەرۆربێ،
ئەی بێشەرطی یەخەیلێ جێت دۆربێ
خەیلێ واتم: «خەییچ» ئێش زامم مەڎد
ئای کولناتەوە ئێنەچێشت کەرد
بەزەییت نـاما وەزاري مـــەڎا
وەناڵەی شەوان بێـڎاري مـەڎا
وەی دڵەی پڕهوون پڕزۆخاومەڎا
وەی هەناسەی سەردتەومن تاومەڎا
جەبەڎبەختیی من وەنەت وارۆسەنگ
زانام بێ مەیلیی ئەما، نەك وەژەنگ
من هیچ، بەر کەنار ئەحوالم مەپەرس
قیامەتیچ هەن جەخوڎای بتەرس
من دڵم وەتپـسرتـۆ ئێشا، یائـەو ؟!
من جەفاومەینەت تۆم کێشایائەو !؟
من وێوەسەر گەردبالات کەردیائەو؟!
من وێم فیڎای خاك پالات کەردیائەو؟!
خاڵو ! دەرد دڵ بێ نیهـــــــایەتەن
شکایەت نییـــەن ، یـــەمە کایەتەن
ئاوایی پەی غەیر، وێران ماڵەوێم
شیرین کام خەڵك، مەداق تاڵەوڵم
ناوەش بیی حەراڵ وەش هەرامەوێم
شادێ بیی نوقصان ، خەم تەمامەوێم
«مەلۆ» زڎەکەی تەرسیاکەی وێم
درۆبۆ، یالاس هەوەسیاکەی وێـم
چوەختی ئامای ئێنشای فەرەت بێ؟
چواڎەی داوای دەوای دەردت بێ ؟
گالاراودەرد چێنگە و چۆگـــەمەن
دەخیل تەڎبیرێ جارێو نۆگەمەن

**لەهەرگوڵزارێ گوڵێ**

ماوەی ل ٩

# وەلیی دیوانە

ماوە لەژمارەی ٦٨

نەك چون «شەم» بێخەوف بێخوڎاوێ پێر
ئەرهاجەلەیلاخ، ئەر جە گەرمەسێر
هیچ نییەن وەقەید جەفاوجەورتۆ...
جەفایەردەی سەخت سزای دەورتۆ
دڵە ! ئـــەمانـــەت دەسم وەدامـــان
بێ سۆد مەکێشە جەفای بێ سامان

**هەراڵە**

ماوەی ل ٣

ئەتوانی، بەڵام شتێ کە ئەگەیشتە فرمام وەهەموی لەبیری ئەبردەوە تەنیا «شاپەسەند» بووبەس .

بەوچەشنە ئێمەیان گەیاندەوە سەرهەواری پیرۆستەم وەمن و «خاڵەمەحمود» وشاپەسەندیان بردەناو کەپرێکی تایبەتی سان‌هاتەسەرسەرمان وەهەواڵ پرسیی لــێ کردین ، ئێمەش سوپاسمان کرد ماوەیێ لەوێ تیماریان کردین ئەوکاتەزامەکانمان کەمێ یەکێ گرتەوە وەچاك بووەوە ، خاڵەمەحمود سبەینێکی زۆلەخەوهەستاوە بە «شاپەسەند»ی فەرمان‌دا کە : لەگەڵ‌دایکیا کەبۆهەواڵ پرسیی ئێمە هاتبو بگەرێتەوە ؛ ئەوان کەوتنەڕێ وەچۆنەوە ، ئەوڕۆژەتا ئێوارەمن وەکۆماران گاستۆپێچم لەخۆمدا ، بەڵام «خاڵەمەحمود» هەرچەکێ پاك وتاقی ئەکردەوە، ئاخری پرسیم کوتم: خاڵە ئەتەوێ چیی بکەی؟ کوتی: کوڕم ئەمەوێ خۆم ئامادەی شەڕبکەمەوە ، دوژمنەکانمان هەلیان بەدەس هێناوە کوڕێکیی سانیان گەمارۆداوەو گرتۆیانەو ئێستا لەبەندیانداییە؛وە لەهیچ کووێیش خویانیان پێ نەگیراوەتەوە جگەلەوقەڵایەدانەبێ کە ئەوشەوە هاتنەسەر ئێمەمن ئەمەوێ ، دەستەیێ کوڕی یەکییەکی هەڵبژێرموەبچمە سەرئەو قەڵایە ! جانازانم تۆش لەگەڵ منادێ یانە؟ ، کوتم تۆبۆ هەر کووێ بڕۆی گیانم لەڕێ تایە ! ناوچاوي ماچ کردمەوە؛ ئەنجا هەڵسا وەبۆدیواخان کەوتەڕێ، کاتێ کە چوینە دیواخان دیمان گەلێ کوڕی یەکی‌یەکی لەوێن ! «خاڵەمەحمود» پێش نیارەکەی بەسان‌ووت ئەویش کوتی تۆخۆت هەرچیی بەش ئەزانی بیکە،ئەویش هەستایە سەرخۆبڕی کوڕی یەکی‌یەکی تەڵ کرد ، وەهەموی تێ گـەیانـدن ، وە فەرمانی‌دا کە خۆیان تەیار کەن ، هەموو خۆیانیان ئامادەوتەیار کرد ، شەولەنوێژی خەوتنا خوواحافیزی کراو کەوتینەڕێ؛مەیدانێکمان بڕی تاتفەنگ ئاوێژی نزیکی قەڵای دوژمنەکان کەوتینەوە .

ماوەی هەیە

**هەزارویەکشەو** ٢٧٤

سلطان‌نامەکەی خەلیفەی‌دا، بەدەستیەوە. کەئەونامەی خەلیفەی خوێندەوە، نامەکەی دزی ونایەدەمی ژاوي وتوڕی‌دا. سلطان‌محمد لەم‌کارەزۆر ئاڵـۆزبوو، ووتـی: ئەمەچ کارێ بوو کە کردت؟ معین بن‌ساوی‌ووتی: علی‌بن‌خاقان‌چاوی بەخەلیفەنەکەوتووە؛وەتەنانەت وەزیری‌خەلیفەشی نەدیوە؛ بەڵکوئەم کۆتە کاغەزەی دەست کەوتووە کەمۆری خەلیفەی بەقەڎەوە، بووە! ئەوجاخۆی لەڕۆی فڕوفێڵ وحیلەوە، بەمەیلی خۆی‌ئەم فەرمانەی تێدانوسیوە.تۆبۆچي بەحیلە ومەکری ئەوئەخلەتێیت،وەمەقامی خۆت‌لەدەس‌بەرئەڎەی؛ وەخۆت لەکاردائەنێیت ؟

نەلەلایەن‌خەلیفەوە فەرمانێ گەیشتووە؛ وەنە خەلیفە کەسێکی ناردووە ئەگــەرئەمە ڕاست ببوایێ؛ نۆکەرێکی خەلیفەی لەگەڵ خۆیــا ئەهێنا؛ یا خەلیفە کــەسێکی ئەکردە هاوڕێ ئەو. ئێستا تۆئەوبسپێرە بەمن کە بیخەمە بەندي خانەوە ، ئەوجــا پیاوێ ئەنێرین بوبەغداد تــاکاردسات ڕۆشن ببێتە وە . سلطان محمد ئەم ڕاوێــژی ئەوەی بەدڵ بوو. وەفەرمانی بەنۆکەران دا کەعلی‌بن‌خاقانیان‌درێژ کێشا؛ وەهێندەیان لێ‌دا کە لە سەرخۆی چوو. ئەوجا بەفەرمانـی سلطان دەس بەنڎیان کــردە دەستی و پابەنڎیان کردەپێی؛ وەخستیانەبەندي‌خانەوە. کابرایێکی جەلاویان کردەمەئموری زەجروداخی‌ئەو کەناوی «قطیط» بوو. قطیط علی نورالدینی برد بۆبەندي‌خانە دەس بەجێ‌جێگاکەی ئەوی‌لەبەندي خانەدا ئاوپڕێن کردو گزکی‌داوفەرشی‌تێداخست، وە پاڵشتی بۆی دانا؛ وە علی‌بن خاقانی‌بردلەوێ‌دای‌نا، وەدەس بەنڎوپــابەنڎەکەی کردە وە؛ وەزۆرحورمەتی‌لێ‌بەوە گرت . بەڵام‌سلطان‌هەمۆڕۆژی‌ئەوی بانگ‌ئەکرد وپێ‌ئەسپارد کە زۆرزەجروداخی نورالدین بکات . قطیط لەوەلامائەی ووت : بەسەرچاوقوربان؛ نیازێکی بەڕاسپاردن نیە.من بۆخۆم ئەزانم چی‌لەگەڵ ئەکــەم. چلْ ڕۆژبەم جۆرەتێ‌پەڕی کرد، سلطان لای وابوو کە «قطیط» هەمۆڕۆژی زەجروداخــی

بنکەی ژین
www.zheen.org

# کوردستان

**لێکۆڵینەوەی سیاسیی**

## کاروباری کونگو

گێژاوی کونگۆ گەییشتوەتە ڕادەیێکی زۆرتوندوتیژ؛ کەداگ هامرشۆلد سەرنوسەری کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووەکان، کاروباری ئەوی بەخەطەرناك زانیوە؛ وەڕای گەیاندووە، کە : ئەگەرئەم کارەساتەدرێژەی بێ، ئاشتيدونیائەکەوێتەمەترسيیەوە .

ئێستا هەموڕۆژ کە خانەکان وجێگا گرنگەکانێ کونگۆوا لــە دەستيسەربازانی کۆمەلی نەتەوەیەك گرتووەکاندا، کەهاتۆنەئەموەلاتەوە؛ بەڵام لومومبا سەرەك وەزیری کونگۆتێئەکۆشی کەلەدەسەلاتی نێروی کۆمەڵی نەتەوە یەك گــرتــووەکان کەم بکاتەوە، وەکاروبــاری وەلات بەتەواوي بگرێتە دەستی خۆی؛ ئەولەنامەیێکدا کـە بۆڕاوێژي هێمني ناردووە، ووتویە کە: ئەبێ نێرۆی کۆمەلــی نەتەوە یەك لــەکاروبــاری ناوخۆیی کونگودا خۆیان تێنەگەیێنن .

لومومبــا دەستەیێ لەسەربازانی کونگوی تەیاروئامادە کردووە؛ کەهێرش ببەنەسەرناوچەی کاتانگا کەوالە دەستی بلژیکی یەکانا.

هامرشۆلد لەبەیانییەیێکدا کەلەم حەوتەدا بەلاوی کردەوە ڕای گەیاندکە : هەم بلژیکی یەکان لەناردنی نێروی عەسکەري بۆناوچەی کاتانگا دەس بکێشن؛ وەهەم نێروی عەسکەري کونگۆ لەهێرش بۆسەر کاتانگا و کوشتنی گەلێ کەسانی بێ گونا دەس ڕاگرن . وێژراوە کە بەهۆی هــەڵمەتــی نێرۆی لایەن گیری لومومباوە، گەلێ کــەسانی بێ گونا کوژراوون . وەبڕێ لەکارناسانی سیاسيلە کۆمەڵی نەتــەوەیەك گرتووەکاندا، ئەمکارەیان بە کوشتاری دەسەجەمي ناوبردووە.

لومومبا ئەڵێ کە : ئەبێ هەموسەربازانــی کۆمەڵــی نەتەوە یەك گرتووەکان کەخەڵکی وەلاتانی ئەندامی پەیمانی ئەتلانتیکی شمالین؛ لە کونگو بڕۆنە دەرەوە ؛ وەلــە جێگای ئەوان سەربازانی ئــەفریقایی بۆپاراستنی هێمني وئارامي ئەم وەلاتە بنێررێن .

کاربەدەستانی کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووەکان لە بەرانبەری ئــەم دەرخوازی لومومباوە ڕایان گەیاندووە کە: لەوەلاتانی ئەندامی پەیمانی ئەتلانتیکی شمالي تەنیاکانادا سەربازی بۆ کونگۆناردووە؛ وە ئــەوسەر-بازەکانی تر کە کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووەکان ناردوێنی خەڵکــی وەلا-تانێــکن، کەئەندامی پەیمانی ناوبراو نیین؛ هۆی ناردنــی سەربازانــی کانا-دائیش بۆ کونگۆئەمەیە کە : سەربازانی ناوبراو بەدوزمانی ئینگلیزی و فەرانسە، قسەئەکەن، وەچونکۆزۆرتری گەلی کونگۆ ئەمدوزمانە ئەزانن، سەربازانی کانادائی لەکاری خۆیانا تۆشی سەخڵەت نا ن ونێرۆی کۆمەڵی نەتەوە یەك گرتووەکان چاکتر ئەتوانێ بۆپاراستنی هێمنیی وئارامیی لەم وەلاتا هەنگاوهەڵ گرێ .

بەهەرحاڵ ئێستایەکێ بەبۆنەی ناحەزي و کێشمان کێشی سیاسەت گێرەکان ودەستە سیاسيیەکانی کونگۆ لە نێوی خۆیانا؛ وەئیتر بەهۆی ناحەزي وناجۆری بیروڕای ڕابەرانی کونگۆ لە گەڵ کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووەکاندا، لەسەرپاراستنی ئارامیی وئاشتیی ئەم ناوچە، کــاروباری کونگۆ گەیشتووەتە پلەیێکی زۆر مەترسيی داروناڕەحات .

زۆرتری سیاسەت گێرەکانی دونیا چاویان بڕیوەتــە کارەساتــی کونگۆ، وەبەیەقین یەکێ لە گرنگترین مەسائلی کە لەڕزی کارەکانی کۆمای گشتیی ئایەندەی کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووەکاندا، قەرارئەگرێ، هەرئەم مەبەستی کونگویە کە بۆبڕینەوەی ئەبێ بەتوندي وپەلا هەنگاو هەڵ گرن .

گێژاو ــ بحران
ڕادە ــ مرحله
سەرنوسەر ــ دبیر کل
کۆمەڵ ــ سازمان، جامعە
نەتەوە یەك گــرتــوو ــ ملل متحد
ڕاگەیاندن ــ اعلام، اعلامیه
کارەسات ــ حادثه
درێژە ــ ادامه
مەترسیی ــ خطر
فڕۆکە ــ طیاره هواپیما
گرنگ ــ مهم
تێ کۆشین ــ مجاهدت ، گوشش
ڕاوێژي هێمنیی ــ شورای امنیت
ناوخۆیی ــ داخلی
خۆتێ گەیاندن ــ مداخله

تەیار ــ مجهز
هێرش ــ هجوم، حمله
ناوچە ــ منطقه
بەلاو کردنەوە ــ انتشار
گەلێ ــ عده زیادی
لایەن گیر ــ طرفدار
ئەندام ــ عضو
ناوبراو ــ نامبرده
سەخڵەت ــ مشقت، رنج
هەنگاوهەڵ گرتن ــ اقدام
ناحەزي ــ مخالفت، دشمنی
بیروڕا ــ عقیده، نظریه
ڕز ــ ردیف، صورت
کۆما ــ مجمع
گشتیی ــ عمومی. همگانی
مەبەست ــ موضوع . منظور

**ماوەی سەروونار**

ماوەی ل١

سەرگەرمی کاروباری ئاوەدانــی و ڕانیاري بۆبۆ، وە لــەمــەجامعی بین‌المللی‌دا ئەرزش واعتبارێکی هێنابووەدەست ! لــەذەتی سەربە خــۆیــی چەشتبوڕێك و پێکی و ئارامی کردبوە درۆشمی خــۆی. بەبۆنەی دەس درێژی بێگانەکانە وە نزیك بۆ، بەتــەواوی ڕۆحیەی خۆی لە دەست بدات .

ئەروای سەر کێشی ولەژێر باردەر چۆن لەهەمۆلایێکــە وەحو کم فەرمابۆبوو . ئالەوکات وحالەدا ، شاهەنشای جووان بەخت مەسئولییەتی گرانی زەمام داری یان گرتەئەستۆ، وە بەڕاوێژوتە گبیرە وەودەستي بەکار کرد .

ئەڵبەت لەچەندسالي سەرەتاوە لە گەڵ کۆسپەیێکی زۆرازۆ بەرۆ-بۆن، وە ئێمە بەچاوي خۆمــان خۆ گــرتنی بــێ وێنەی شەخصی شاهەنشامان لەبەرانبەری بێگانانە وەي، وسەرئــەنجامـی ئەم خــۆ گرتنانە لەبەرانبەري کۆسپەکان و دوژمنانەوە، سەرئــەنجامی بــەوێ گەیشت کەوردەوردەهەمو کۆسپە ونالەباری یەکانی نــاوخۆودەرەوە، یەك لە دووای یەك تیباچۆن، وە هەتاوی ڕۆناکي وجوودی شاهەنشا لەپشتی ئەوهەورە تاریکانە وە کە ئاسمانی ئێرانیان داپۆشابۆ برپسکە دارتر و بەهێزێکی بەتینتــرە وە دەر کــەوت، وە بۆپێش کــەوتنی ئێران تێ کوشیني زۆریان خستەکار وەهەستی خاوێنی شاهانە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر سپپالــی کــردەوەي پۆشاوە ئــەپۆشێ، سەلطەنــەتی شاهەنشای ئێران بەبێ هیچ قسەوباسێ بەسەر بناعەی مەحکەمی دڵی ئەندامانی ئێرانە وە دامەرزاوە، وە لەناو کە داجگەلە سەلطەنەتی ظاهــری بە سەر گییان ودڵی گەلی حەق ناسی ئێران دا، فەرمان ڕەوایی یان هەیە ئەندامانی گــەل بەچاکــی تێ گەیشتوون کە لــەدڵی ڕۆناکی شاهانەداجگەلەعەشق وخۆشەویستی بــێ وێنەی ئێران وەسەر کەوت و پێش کەوتی؛ شتێکی دیکەنــییە وچونکە مرۆڤێکی زورشارەزاو ئاگادارلەکارەساتەکانی جیهانە وە لە ناوکــەی کارچاك تــێ ئەگات؛ پروگرامی پێش کەوتی گەلیان، لەڕۆی ووردەبینی وشارەزایی یەوە ڕێك وپێك ئەفەرمۆن، وە باوەڕ بەخووا، وە بەبۆنەی بۆنی ڕۆحی دیمۆکراسی یەوەوالە گەڵ ئەندامانی گەلانزیك بۆوەتەوە، کەسستي باوەڕو بیروڕای خەڵکی بەهیچ چەشنێ بەخەیالا نایێ.

ئێمە سەرەتای بیستەمین ساڵی سەلطەنەتی شاهەنشالەکانی دڵە وە پیرۆزبایی عەرض، وەلە خووا داوا ئەکەین کە ئێران لەژێر سیبەری **شاهەنشا دا** بەئاخرین پلەی سەر کەوتوپێش کەوت بگەیێنێ، بەر قەرابێ **ئێران بژی شاهەنشای** خوشا ویست .

سەرەتا : آغاز
هێرش : هجوم
کارەسات : واقعات
چاوەڕووان نەکراو: غیرەمنتظره
زیز: عاجز: پژمرده
دڵهەڵ کەندە : دل بر کنده
هەڵ کەوتو: برومند
سەربەخۆیی: استقلال
درۆشم : شعار
کۆسپە : مشکل
بێ وێنە : بی مانند
شارەزا : مطلع
ناو کــەی کار: حقیقت موضوع
لەکانی دڵەوە: ازصمیم قلب

## مەتەل:

**١-خەلەسێن هەرهەوانێ کاسەمەن ئەپرسێ**

مەبەست ئەوەیە کەسێ حەزلە هەرشتێ بکاوداخوازی ئــەوە بێ، هەرلە دەوروبەری ئەواقسەئەکا .

**٢-کاسەی پڕ، ئاشتیی مانە**

یانێ هەرچی شەڕوشۆڕوبرا-کوشتن وئــاژاوەیــە، بەبۆنــەی برسیەتیی وهەژاري وکەمدەسی یەوە، پێش دێ . کەسێ کە تێروتەسەل بێ، قەت خۆی لە شەڕو ئاژاوەنادا.

**٣-ئاشێ لەهێستن بێ هەرئەمیسێ.**

یانێ کاتێ کارێ تــە ولەق بۆ، پینە وپەڕۆوبەر گري تاماوەیێکی کورت ئەتوانێ لــەتێك چۆن و نابۆدي ئەوکارە پێش گیري بکا ؛ وەلە ئەنجاماتەقەی هەڵ ئەسێ و بەجۆرێکی وەهاتێك ئەچێ وئەشێوێ، کەقەت نە کرێتە وەجێ .

# شاهەنشا کارخانەی کارەباری ڕێگا ئاسنیان خستە کار


زمارەی_٢١_سالی دووەم
زمارەی شوێن یەك ٧٢

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کو مەوتەی جارێ چلێکی دەرئەچێ

بایی
بۆناوخۆ:

| | | |
| --- | --- | --- |
| سالانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش مانگە | ٧ | » |
| چلێ | ٣ | قەران |

بۆدەرەوە :

| | | |
| --- | --- | --- |
| سالانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | » |

عەزیزم شاـ وارێکە، گوزەرگا، گەر، بەئەلبورزا
دەگا ، نووکی سمی ئەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا

سیاسی- زانیاری- وێژەیی- کۆمەلایەتیی

خاوەنی امتیاز ومدیری لی پرسراو
عبدالحمید «بدیع الزمانی»
بەچاودێری دەستەی نووسەر:
محمد صدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر
دوکتور عبدالرحمن و احمد مفتی زادە
عابد سراج الدینی ـ شکراله بابان
خسرو شیخکانلووی میلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ٢١٨
تلیفوون ٣٢٠٠٣

چووارشەمە ٣٠ گەلاوێژ ٢٥٧٢ك ـ ٣٠ شەهریوەر ١٣٣٩ش ـ ٢٩ زەبیعولئەووەل ١٣٨٠ق ـ ٢٨ سپتامبر ١٩٦٠م


شاهەنشا لەکاتی تەماشای دەسگاکانی ڕێگا ئاسندا ، فەرموویان :

## بەندەر عەبباس ئەبیتە گەورەترین بەندەری بازەرگانیی

### وە بەهەموو جورەوەسایلی ، پەیوەندیی لەگەل جیگاگرنگە بازەرگانییەکانی دونیادا پەیدا ئەکا .

### کوبرنەوەی نەوتیی بەغداد، هەمودەولەتە خاوەن نەوتەکانی لەبەرانبەری کومپانی- یەکانەوە ،کردە هاودەس وهاودەنگ، پیش لەوەی باسی لەبریارەکانی

ئەم کۆبونەوە ، بکرێ، چەند کومپانیی گەورە بایی نەوتیان بردەژوورەوە .

## ئاشتی سەرکوماری کونگو لەگەل لومومبا هیوای کومەلی

### نەتەوەیەك گرتوەکانی ، بەبرینەوەی گیژاوی کونگو بەتین کردوە .

### بریارەوایەکە لومومبا بەناوی سەرەك وەزیر و سەردەستەی نوینەرانی کونگو لەکومەلی نەتەوەیەك گرتوەکاندا بەشدار ببی

---

## پەیوەندی ئیران و رووسییە

ئەم چەند ڕۆژی دوایی یە ، بیروڕای گەلی ئیران سەرگەرمیی بیرکردنەوە لەداهاتووی پەیوەندی ئیران و حکومەتی ڕوسیەن ئەوکارە ساتەوە کووکارەساتی ڕۆژی لێ هاتووە .

نزیکەی سال و نیوێ پەیوەندی یەکانی نێوانی دووەلات زۆر خراپ و تاریك بوو بوو وەولاتی هاوسێی ئیمە هێرشی زۆری دعایەیی تندوتیژی بەپێچەوانەی ئیرانەوە، بۆسەر ئیران دەست پێ کردبوو، ئەو کردەوەیە دەماری خەلکی ئیرانی کرژ کردبووەوە، هەستی گەلی ئیرانی بۆبەربەرەکانێ هەل خزاندبو .

گەلی ئیران جگەلەوە کە پاسیی خۆی بکا و دەست بداتە وەلامدانەوە هیچ چاری نەبوو ؛ بەلام ڕاگرتنی ئەدەب ولەنەزاکەی دەرنەچوونێ کە گەلی ئیران لەوەلامەکانیا هۆشیاری ئەکرد، بەلای جیهانەوە ئاشکرایە،وەوە کووپایەداری یەکەی جێگای ئافەرین بووە .

ئیمە ئیستا بۆ هۆ و بایسی ئەم تاریکی و پەیوەندی نێوان وشەڕی ساردی دعایەیی بەجاری ناگەڕێین، وەکارێکمان پێوی نی یە، بەلام ئەوەندە ئەلێین کە هەموو گەلی ئیران لەم کارەساتە نالەبارە زیرو پەشێو بوون .

لەبنەمەدا ئەبێ بۆ لەنێوانی دوهاوسێ دا کە دو هەزار کیلۆمتر سنوری

ماوەل ١٢

---

## لەکومەلا چون بژین؟

### ڕێگ ای خوداناسیی یان طەریقەی عرفان

-٦-

ئەگەر ئیمە لەخۆمان وورد بینەوە، وەتۆزێ ل بەماف (حق) بدەین، زۆر چاك باوەڕمان بەوهێزە بەتینە، یانی: گیانی ئەم جیهانە کە یەزدانی پێ ئەلێین، دائەمەزرێ،وە هیچ ،وەدلی پێکمان نامێنی !چونکە مرۆڤ ئەگەر پەیکەری خۆی بگرێتە پێش چاو ئەزانی بەچەشنێکی سەرسڕهێنەر دوروست کراوە، وە ئەوهێزە کەئەوی ڕاگرتووە شتێکی بەلاجەوی یە؛ وەهەرچەند

ماوە ل ٥

---

بەپێنوسی: ئاغای «محمد نقی مصطفوی»   وەرگێڕاوی: د. ع.

## باسیکی زانیایی

-١٠-

### کاسەزێڕی سێ هەزارسالەی «حسنلو» کەچەند نەقشی بەرجەستەی بێوێنەی هەیە

گۆڤاری «لایف» ئەنووسێ :

«لەقەلاکانی هۆزی «مان»دا، بەلگەیێکی نووسراو بەدەست نەهاتووە؛ کەوا بۆتەنیا کاسەی «حسنلو»یە، کە شوێنی بیروڕاکانسی ئەوان ڕۆشن

ماوەل ٧

---

## نالەباری یەکانی کومەل

### ((بووك و خەسوو))

-٥-

لەچلی پێشوودا ، ئەوکارەساتە- مان گەیاندە کاتێ کە: بوك گەیشتە پێشەوە ، وەخەسو بەڕوی گرژەوە بەخێرهاتنی کرد ، وەخزایەبسن دەستی خەسوێیکی دیکەوە ، وە دەستی بەچفەچف کرد . ئێستالە سەربەسەرهاتیان ئەدوێین .

ئەنجاوورد ەوردەمیوانوزەماوە- ندی لەگەل ئەوەدا کە: زورتریان

ماوەل ٤

---

### چون بنووسین و بخوو بنینەوە کردەوەی سادە، کردەوەی تێکەلاو

پاش ئەوە کەزانیمان پیتی سەرەتایی ، یان یەکێکە ، وەیان دووانە ، وەئەوەشمان زانیی کە هەر کاتێ دووان بێ ، یەکێکیان ئەبێ پیتی گەیاندن بێ، وەهەروە-

ماوەل ٦

---

### نەتەوەی کورد و نەتەوایەتیی ئیران

سەلام لەسەر خاکی پاکی کوردستان لانکی پالەوانەکان . هۆزەکانی ئارییایی کەلەرەشتە- کانی لاژوورووەوە هاتبوون بوئیران، وردە وردە لەڕۆژئاوای ئیرانا

ماوەل ٥

---

خواهران و برادران فارس کە علاقمند بفراگرفتن رسم الخط کردی باشند، صفحە ٥ را مطالعە فرمایند

وەرگێڕی پێشەك وڕاستکەرەوەی‌هۆنراوەکان:م.ص.م

# کنز العرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین‌ووتار ((میر محمد صالح حسنی نعمت اللهی))

**ملقب بە«حیرانعلی‌شاە»ی کرماشانیی**

لەساڵی١٣٢٤ش.لەلایەنی زانای‌بەڕێز **« محمدحسن‌حیرانی »** (صارم‌السلطنه) لەچاپخانەی **کاوه** لەکرماشان ، بۆدووەم جار لەچاپ دراوە.

پێشەکی چاپی یەکەم

---

**بە گوێرەی** فەرمایش‌و،وەصی‌یەتی‌خۆی‌لەپاڵی‌مەرقەدی‌حەزرەتی «مظفرعلیشای کرمانی»: میرزامحمدتقی کە لەپێشاناوێکمان لەوانە برد،ئەسپەردە کرا. مەرقەدی ئەوذاتە، لەکرماشان لەگورستانی گشتي دەرەوەی دەروازەی «فیض‌آباد» ناسراو بەدەروازە«اصفهان» دایە،

لەساڵی هەزارو دوصەدۆپانزەدا کوچی‌دووایی کردووە؛ لەبەر ئەوە، گرد،پەڕی مەرقەدی‌ئەودوبوزور گوارە، بیاوان، وەدیوارێکی‌بۆ نەکێشرابۆ، کۆمەڵی لەموریدەکانی ئەوذاتە؛ لێ‌بڕان کەبارەگایێ‌کی بۆدوروست بکەن؛ بەڵام‌ئەوکارە خێرەبەناوی (بەرزی حەزرەتی‌رفیع مەنزلت، امیرالامراءالعظام، واجل‌الکبراء الکرام، جنابی‌جلالتمآب اجل‌امجدعالی؛ محمدحسن‌خان، صارم‌السلطنه: امیرتۆمان کەیەکێ لەموریدانی‌تایبەتي‌وجێگای‌نەظەری کیمیائەثەری‌ئەوذاتەبون،تەواوبۆ، وەئەوخزمەتەی‌بەکەسیکی‌ترنەدا، تالەبەڕواری هەزاروسێصەدوبیستو پێنج ئەوبارەگایەتەواو کرد،

ئەوبارەگایە بەچەشنێکی وەهاکراوەتەوە؛ کەنیازی‌زیارەت کەران ومریدان جێ‌بەجێ ئەکا وەئەتوانن لەوبارەگایەدا خەریکی سەیروسلوك‌بن؛ هیوامان وایە کەیەزدانی گەورە، دوروست کەری ئەو بارەگایە لەسێبەری لوطفی ئەولیادا بپارێزێ؛ وەهەموودەمێ بۆپێك هێنانی کاری‌خێر، لەئامانجەگرنگەکانی ئەوانە پیرۆزیان کا.

ئەوەئەبێ بزانین کەمەبەستی ئیمەلەم باسە ناتەواوە، پێك‌هێنانی پێشەکێ کەبۆ دیوانی هۆنراوەکانی حەزرەتی «میرمحمدصالح» قدس سرە کەهەندێکیش لەڕابوردوی ئەوذاتەی تیدابێ؛ ئەگینا، هەڵدانی پلەی‌بەرز وخۆی‌چاکەی لەوانەنییە کە ئیمەبتوانین، بەزمان‌وپێ‌نوسی خۆمان‌بی‌نوسین :

ئەرئاوی دەریا لەنێو گۆزە کەی
لەبەشی ڕۆژی زۆرترجێ‌نەبەی

بەڵام‌بەگوێرەی «مالایدرك کلە؛ لایترك جلە» جگەلەکەراماتی ظاهري ومقاماتی باطني وصفاتی‌حسنە، حاڵێکی زاروگریاني لەوانا ئەبینرا، کەتەنیا تایبەتی خۆیان‌بۆ . دیارە،سەرچاوەی فیضی یەزداني

**ماوەی‌ه**

## بوبی کەنین

**بۆطەوێڵە ئەڕۆم !**

ڕۆژێ حاکمی شعرێکی‌بێ مانای‌ووت؛ وەبۆیەکێ‌لەشاعرانی بەناوبانگی خوێندەوە، کەبزانێ چۆنه شاعروتی : زۆربێ‌ماناوبی تامه . حاکم تۆڕەبۆ ، فەرمانی‌دا شاعریان بردبۆطەوێڵە ، لەوێ زیندانی‌یان کرد ؛ لەپاش تکایان بۆ کرد وحاکم بەری‌دا

دیسان لەپاش‌ماوەیێکی‌ترحاکم شعرێکی بۆشاعرخوێندەوە ، کە بزانێ‌چۆنه ئەمجاشاعرهیچ‌دەنگی نەکرد وهەستاوە سەرخۆی ؛ وە سەری داخست و کەوتەڕێ، کەلە دەرك بڕواتەدەر.حاکم‌لەم‌هەستانەوە ناوەختەسەری‌سڕما ،پرسی:ئەرێ کابرا! وەڵامی‌من‌بدەرەوە!بۆ کوێ ئەڕۆی ؟ شاعرووتی : قوربان! بە حەیای خۆمەوە بۆطەوێڵە ئەڕۆم .

**دەلیلی پیرەژن**

لەپیرە ژنیکیان پرسی : حەز لەدێ‌بێکی شەش‌دانگیی ئەکەی یامێردێ ؟

ووتی: بەخوداْمن‌طاقەتی‌چەقە چەق ودەم نانەدەمی ڕایەتم‌نی‌یە .

**دەوای دەرد**

کابرایێ لە پزیشکی پرسی : من‌ناتوانم خوراك هەضم بکەم. ڕاوێژم چی‌یە ؟ پزیشك ووتی : کارێکی‌نی‌یە ، خوراکی هضم کراو بکەنۆشی گیانت .

**زیارەت !**

کابرایێکیی‌نەفام لەکەعبە هاتەوە ، ووتیان : لەکوێ‌بۆی ؟ ووتی : ڕۆیێشتم ، قەبری خوداْم زیارەت کرد . ووتیان : بی‌دینی کافر!ئەم‌قسەچی‌یە ؟ مەگەرخودا قەبری‌هەیە ؟ ووتی: کەوابێ،منی هەژار وبەدبەخت ئەم هەموپارەم خەرج کرد وئەم هەموڕەنجەم کێشاوقەبری کەسێکیشم زیارەت نەکردووە ؟!

**مەلای‌گەدا**

مەلایێ‌لەماڵەوەهات‌بۆمز گەوت؛ وەلەبەر خۆیەوە پێ‌ئەکەنی . یەکێ‌لەفەقێ‌یەکانی‌پرسی: مامۆستا! بەچی پێ‌ئەکەنیی ؟ مەلاووتی : بەوەپێ ئەکەنیم کە گەدایی منداڵیش‌ئەکاتەدوژمنی پیاو.ئیستا ئەمەویست بێمە دەرەوە ؛ کچە بچکۆلە کەم‌داوای‌پارەی‌لێ کردم، ووتم : پارەم‌نی‌یە. کچەڕۆی کرد ، لەدایکی وپێی‌ووت : دایکە!ئەوە تۆی‌پیاولەدنیادابڕابوو، کەمێردت بەم کابراگەداولاتە کرد .

## ئامۆژگاریی

بۆپێشڕەوتی کار ، لەڕازپۆشیی کەڵك وەرگرن ، چونکوهەر کەس نیعمەتێکی ببێ ، ناچار خەڵکیی بەخێلیی پێ‌ئەبەن .

(حضرتی محمدص)

هەر قسەیێ لەدوڵێوت هاتەدەر ، ئیتربێ خۆبەفیکری پوشینی ئەومەبە !

(حضرتی‌علی‌رض)

دۆست هەرچەنڎ لەلات خوشەویست‌بێ ، ڕازی نهێنیی خۆت بەلایەوە مەڵێ، چونکوئەویش دۆستانێکی هەیە ، کەئەوڕازی نهێنیی تۆیە بەلایانەوە ئەڵێ .

(سعدي‌رح)

لەگەڵ کەسێکا کەناتوانێ ڕازی‌نهێنیی خۆی بپارێزێ،دوستیی ونزیکیی مەکە !

(افلاطون)

بەتین‌ترین بناغەی دۆستیی ، پۆشینی ڕازی نهێنیی دۆستانە .

(بزرگمهر)

ئەگەر بێجگە لەخۆت کەسێکی‌تر بەبێ ڕوڕاوڕازی نهێنیت بزانێ ، ئەبێ‌بۆنام وشعوری تۆبگریێن .

(فردوسی‌رح)

چۆن ئەبێ باوەڕ بکەین کە خەڵکیی ڕازی ئێمە بپۆشێ ؛ لە کاتێکدا خۆمان نەمان توانی بیپۆشین .

(لاروشفوکولد)

کاتێ ئێوە بەئاسانیی ئەخلەتێن وگوڵ ئەخۆن ، کەلاتان‌وابێ خەڵکیتان گۆڵ‌داوە .

(ژول‌کامبول)

بنکەی ژین www.zheen.org

## خودایارت بو

**دانراوی زانای‌گەورەی کوردخوداْلێ‌خۆش بوومەلا«عبدالله»ی دشەیی«مفتی»کوردستان**

**قەضا وقەدەر**

جەودما بـــاوەڕ بەقەضا وقەدەر
یانێ جەعەرصەی ئیمکان سەراسەر
هەرچیی مەوجود بۆئەزەڵ تائەبەد
جەخەیر وجەشەڕ جەنیك وجەبەد
خواه، جەکردەوەی ئیختیاری بۆ
جواه، هەربەقودرەت ذات باري بۆ

ماوە ل ه

# هەراله وزەمزەمە

ماوەلەچلی پێشوو

لەچلیڕابووردوودا ! کارەساتم گەیاندە کاتێ کە : «خالەمەحمود» گرۆیێکی هەڵ بژارد ، وەبەشەوچوینە سەرقەڵای دوژمن ؛ بۆنەجاتدانی کوڕی سانوکەندنی کەلەکی دوژمن لەوقەلایەدا ، وەگەیشتینە نزیکی قەڵای دوژمنەکان . ئێستالەسەر پاشماوەی ئەوڕازە ئەچین .

کاتێ کەگەیشتینە تفەنگ ئاوێژی نزیکی قەڵادیمان کە لەچوارلایەوە ترۆسکەی ئاوری دێ ، وە کێشکچی لەدەوریا کێشک ئەکێشن . ئەنجا کۆبوینەوە کە: ڕاوێژبکەین وەنەخشەی ئەوەبکێشین کە چۆن بچینە سەرئەوقەلایە!؟ هەر کەسێ بۆ خوێ بیروڕای خۆیی دەربڕی ؛ پاش هەموویان منیش کوتم : برلینە!من لام وایە ئێمە ئەگەر ڕاستە وڕێ بچینە پێشەوە ، چونکە ئەوان ئەمێردێدان وە ئێمە هێرش ئەکەین؛ ئەوان لەسەنگەروقەڵادان ئێمە ڕاستە وڕێ وپان بەپان ئەچینە پێشەوەهەموومان ئەبین بەگوللەوە وکارێکیش پێش نابەین ! بەلام: تەکبیر ئەوەیەتابۆتان ئەکرێ ئێوە نزیك بکەونەوە ! من خۆم بەتەنیایی وبێ تفەنگ ئەچمەپێشەوە تەنیا دەمانچە لەگەڵ خۆم ئەبەم ئەویش لەژێرسیپالەوە قایمی ئەکەم تائەگەمەلای کێشکچی بەردەرکەکە ! بێ گومان تێم ئەخوڕێ منیش ئەڵێم ئاشنام یەکێ بێتە پێشەوە ، من سفارشم هێناوە پێی بڵێم یەکێکیان دێ، منیش خۆم ئەشپرزێنم ئەڵێم بەسەرکەردەتان بڵێن سبەی شەودێنە سەرتان ، کە ئەمەم ووت لەمن ئەمین ئەبنەوە ؛ ئەڵێن بێتە پێشەوە بزانین حاڵ وهەواڵ چی یە؟ کاتێ کەمن یان بردە بەردەرکی قەلاکە ڕلەیان تێ ئەکەوێ لەدەوری دەرگاکۆ ئەبنەوە لەدوایی یادەرك لەمن ئەکەنەوەوە ئەمبەنە ژوورەوە

ماوەی ل٩



نورالدین ئەکات، بەلام قطیط ڕۆژ بۆ ڕۆژ حورمەتی زۆرتری لە نورالدینە وەئەگرت. ڕۆژی چل ویەکەم خەلاتی خەلیفە بۆعلی نورالدین گەیشت . سلطان محمد سەری سوڕما؛ وەلەگەڵ وەزیرونزیکانیا پرس وڕاوێژی کرد کە ئەم خەلاتە چی یە؟ وە بۆ کێ نارراوە؟ هەموو وتیان : ئەم خەلاتە بۆسوڵطانی تازە هاتووە، ئەبوا هەرڕۆژی هەوەڵ بەگوێ معین بن ساویت بکردبایێ؛ وەئەوت بکوشتبایێ . سلطان ووتی : چاك بوو، کوشتنی ئەونان خستەوە بیرم . ئێستا بنێرن ، لەزیندانە وەبینێنی تابیکوژم . معین بن ساوی ووتی: ئەمەوێ کەجاڕچی لە نێوشارا جاربدا کە : هەر کەس ئەیەوێ تەماشای کوژرانی علی بن خاقان بکا بێتە بەردەمی کۆشکی سوڵطان؛ تاوەکو هەموو خەلکی شار کۆبێتەوە؛ وە دوژمنی من لەم حالا ببینن . سلطان ووتی: هەرچی مەیلی خۆتەوابکە .

لە پاشان وەزیر هەستاوە، لە خزمەتی پادشاهاتە دەرەوە. بەداڵغەی شاری ووت: کەجاڕچی بخاتەنێوشار: وەبەوجۆرەجاڕبدا. کاتێ جاڕچی جاڕی کێشا، خەلکی ئەوشاوە هەموخەفەت ربابوون ودەسیان کردە گریان؛ تەنانەت مندالانی قوتابخانەش لەبیستنی ئەم هەواڵە گریان: دەستەیێ لە خەلکی بەڕا کسردن چوون بۆ بەردەمی کۆشك ؛ وە دەستەیێ لە گەڵ وەزیرا کەوتنەڕێ بۆ بەندی خانە کە نورالدین بێنن بۆمەیدانی بەردەمی کۆشك . کاتێ وەزیرونۆکەرانی گەیشتنە بەندێ خانە وەزیر خوڕی بەمل قطیطی زیندان وانا کە : ئەوناپاکە خەرام زادە بێنە دەرەوە! قطیط ووتی: جەنابی وەزیر! هێندە زەجروداخم کردووە، گیانی تێدانی یە ، ناتوانێ لەجێی خۆی تەکان بخوا . ئەوجا قطیط خۆی ڕۆیشتە بیوزیندانەوە، بەپەلەجلەتازەکانی لەباری نورالدین دەرهێنا؛ وەجلی کۆنەی زیندانی کردە بەری؛ وهێنای بۆلای وەزیر. نورالدین چاوی کەوتە دوژمنی خۆی کە چاوەڕێ ئەوێ وەستاوە، وبۆ کوشتنی ئەوئامادەبووە؛ دەستی

وەرگێڕاوی هۆنراوە بەنرخەکانی زانای مەزن جەنابی

«قدس نخعی»

# لەلایەن هونەری بەناوبانگی کورد

## ((ماموستاشیخ سلام))ەوە

=٨٢=

لای یار وباغ وگولزاری ڕەنگین

بەنەغمەولەرەی موطریب بێ، شیرین

شەراب بنۆشەدایم سەروەن

بەهار وپاییز ، زستانوهاوین

٨٣

عومرێکی شیرین ڕۆیێ بەتالی

بەبەدخواهیی وسەدڕەنگ بەدحالی

تۆی کردەوە لە خاك سەوزئەبێ

دەرئەخا بەری تەنگی وبەتالی

٨٤

کردە وەی ئێمە سرنجەدرا

تەنوری دۆزەخ گەرم داخرا

زاهد سوپاسی ئێمە زۆربکا

بەهەشتوحۆری چۆن بۆدائەنرا !؟

=٨٥=

گول وبەهاری تێ پەڕین هەردوو

زستان وسەرمای هاتن دوودبەدوو

عومری تۆ دەوری کۆنەی تێ پەڕیوو

کەتازە دەرکەوت کۆنەئەروا زوو

=٨٦=

مەهتاب وشەوی گولزاری بەهار

لەدەستی نەدەی، زینهار صەدزینهار!

لەبەهەشت مانگ ومانگە شەونی یە

هەریەك دەرگایە بۆپیرونازار

=٨٧=

ئەوقەصرە ئەوسا نوسرا لە دەفتەر

ئیمرۆ کەلاوەی کاوولە وبێ فەڕ !

گەڕاین بۆئێمە جییا نەکراوە

بەردی بنچینە وکاکیلەی قەیصەر

=٨٨=

ئەوگلە بۆخشت ئەبەن بۆ کوورە

فەوجێ لەپیادە وسوارەی عەسکەرە

خشتی سەر سەری کوپەی مەیخانە

سەرو تاجێکی پادشایێ گەورە



بنکەی ژین www.zheen.org

م.ص.م.

## لەهەرگولزاری گولی

### سیدصالحی کرمانشانی

هەر سەرە و خــووارم ...

چیرێ بە مەجنۆن هەرسەرەوخووارم

گرفتار دەم لــەقای دڵـــــــدارم

مەحوو سەرگەردان جەماڵ یــارم

ساغەرم ، مینام ، ساقی‌یم ، مولــم

شەمعم ، پەروانەم ، بولبولم، گوڵم

هەم، فەقیروژارپای دیوارانــــــم

هەم، وێڵ ووەیلان کــونج شارانم

نەڕجا، وەجا ، نەخۆف‌داییــــــم

نەکوفر ثابت ، نەدین قـــــاییم

تائـەحمد «زدنـی تحیـرا» وات

کریا قـەبایێ وە ئەنداٰزەم هــات

هەرچی دۆس‌دادەن عەین سەلامەن

ئەصلاً، مەطلەب ومەغز کــەلامەن

ئەسرار وەحدەت دێوانەم کــەردەن

شەمع بیم‌وەی‌تەورەپەروانەم کەردەن

غەیر لە«سەی‌صالح» گۆیانییەن کەس

هەرویش وەی‌تەورە بییەن‌وەقەفەس

### مەلاحامدی‌ئالیجانیی

ماوەلەچلی‌پێشوو

«حامد» لە داخت مـرد وەنازازیی

بێ‌وە سەرینــی پەری نمـــــــازي

لـەداخ هیجـران دۆس دڵـوازي

مەیاوو وەعــەرش دۆرلەجیهــازي

### م ص مفتی زادە

ماوە لەژمارەی١٧

نگات ڕیشەی دڵ جەبێـخ کێشاوە

دڵ وەنێش تیرمــــــــژەت ئێشاوە

لارە ولەنجــە کەت دەردم دێــونا

استغنات یانەی تـــــــامڵ شێــونا

ئەوشێوەی‌شیرین ئەوبالای‌بێ گەرد

ئەو زڵف پرچین چون‌چنورهــەرد

ئەوینەی خۆمار ، پێشانی جامت

ئەومینای گەردەن، یانوقرەی‌خامت

دیاربێ جەدۆرچەنیی‌نمـــــسازاران

مەدرەوشاچون‌مانگ جەناوهەساران

ماوەل١٠

## هەوالیکی تازە سەبارەت بە((حسنلو))

بەجۆرێ کە هەوالمان زانیوە،لەمڕۆژانا، دەستەزانایانی ئێرانیو ئەمریکایی کەلەتەپی «حسنلو»دا ، خەریکی کاووشی‌زانیارین،دانەیێ سینی‌یان لەگەڵ قەدەحێکی زۆرجوان کە بەئالتون ڕۆکەش کراوە، وەپێنج‌تاس کلاو، پێکەوە ، بەدەست هێناوە. سینی‌یــەکــە ، نــەقشی گیاندارانی باڵداری لەسەرهـەڵ کنراوە. زاناکان ئـەڵێن :لە تەماشای شوێنەکە، بۆمان دەرکەوتووە، کەئەم‌پێنج تاس کلاوەهی‌پێنج‌پاڵەوان بوون، کەبەدەوری‌یەکادانیشتوون، خەریکی شەراب خواردنەوە،بوون؛ لەوەوەختاقەلاوشارەکەیان لەگەمارەی دوژمندا، بــووە؛ لەپڕ ئەوهــۆدە ئەتەپێ بەسەریانا؛ وەئەبن‌بەژێرەوە. وەئێستادوای سێ‌هەزارساڵ‌ئیستانە پوتورکاوەکانیان ئەکەوێتە دەرەوە. ئەڵبەت لەپاشان وێنەی‌سینی‌ولپوان وتاس کلاوە کەتان لەگەڵ باسی‌زاناکان لەبارەی ئـەوانا بـەدرێژابــۆ ئەنوسین.

| | |
|---|---|
| سەبارەت‌بە...: نسبت‌بە... | لەپڕ : ناگهان |
| زانا : عالم | هۆدە : اطاق |
| گەمارە : محاصرە | |

## دیاریی خوینەران

ئەم‌قەصیدە شیوایە، شاعری بەناوبانگ‌وفیلسوفی کورد«سەنائی» ناسراوبە «شەهرئاشوب» لە«مرثیە»ی، زانای گەورەی کــورد، خوداٰلیێ خوشبێ «ملامحمودمفتی» کوردستاندا ووتویە؛ وەبەناوی‌دیاریی بــۆی ناردوین :

شیوامالێك؛ چمالێك؛ مالی فەضڵ وعصمت وتەقوا

شکاپشتێك؛چ‌پشتێك؛ پشتی‌چەرخی‌حیلم وئیستغنا

ماوەل ٩

**نالەباریەکان ...**

ماوەی‌ل١

لەداکی‌زاوادڵ گیربون ؛ خــووا حافیزی‌یان کرد ، وەهــەر کەس بۆمالی خۆی گەڕایەوە . خەوو مەیدانیی بۆچۆڵ‌بو لە خــۆیەوە ئەهات‌وئەچو؛وەئەی‌بۆلاندوناشو-کری‌ئەکرد، کوڕی‌بەستەزمانیش لەوکاتەدا کەئەبێ‌خۆش‌ترین‌پلەی ژیبان بەسەرببا ، وەلەهەموکاتــێ سەرخۆش‌ودڵ‌خۆش‌تربێ؛هێندەی نەمابولەڕقاگیانی دەرچێ، بەلام لەوکاتەدانەئەکراشتێ بڵێ‌ناچار هەرئەی پەرچاندەدڵ لــەولاشەوە بوك کەپڕي ناودلیەتي لــەهیواو ئارەزو دڵی‌پڕئەبێ لەبیم وهەراس خەسوش‌خۆ بەمانەئاوری‌ڕق‌وقینی ناکوژێتەوە ؛کاسەبەمل کــوزەدا ئەکوتێ، تەشەرلەشووەکەی‌ئەدا. جارو بارێ‌قسەی چزداریش ئەکا، کە: گۆشەی‌بە«نەرگس»وکوزە-کەی‌ئەگات ، چەپۆ کـەسەرێ‌ی مندالەکانی‌تری ئەدات وئەلێ :

ماوەل٩

مەزارویەلەشـ ٢٧٩

کردە گریان وبەوەزیری ووت لە کەیفەري ڕۆژگاریاکت نی‌یە؟ ابن ساوي‌ووتـی: کوڕی «فضل» ! بەم قسەئەم ترسێنێ؟ ئەمڕۆمن تۆئەکوژم؛ وەقەپۆزی گەلی بەصرە بەسەرخاکا ئەماڵم؛ وەگوێ بۆئەم قسەی‌تۆیە ڕانا گرم ! بەڵکو گوێ‌بۆقسەی‌شاعر ڕائەگرم کە ووتویە :

ساتێ ژیبانــی پــاش دژمن بێ خەم

ڕابوواردن بێ‌ئەو بــەخۆشي‌یەك دەم

چاکترە لەژین حـەفتا ساڵ تــەواو

عەیش ونۆش هەمــولەلات ببێ‌جەم

لە پاشان ابن ساوی دەستوری داکە علی‌نورالدین‌یان سواری‌قاترێ کرد؛وە لەشەقام و کۆلانی شارا ئەیان گەڕاندوئەیان ووت : ئەمەیە پاداشی کەسێ کــەدرۆلە زمانی خەلیفەوەهەڵ بەسێ؛ وە فەرمانی دەس هەڵ بەس دروس بکا . لە پاش ئەوەی کە بەتەواوی شارا گەڕاندیان، هێنایانە وە بۆبەردەمی کۆشك ؛ وەسپاردیانەدەستی جەلاو. جەلاوبەنورالدینی ووت : مەئمورهیچی‌لە سەرنی‌یە؛ ئەگەرنییازێکت‌هەیە ، بەمن بڵێ! چونکوسەعاتی زیادترت بەدونیاوە نەماوە . کــاتێ‌پادشابێتە بــەرهێوان دانیشێ،تۆئەبێ‌بکوژرێت. علی‌نورالدین تەماشای‌ئەم لاووئەولای خۆی کردودەستی کردە گریان . خەڵکیش بۆئەودەسیان کردە گریان . جەلاوکاسەیێ‌ئاوی‌هێنا، دای بەدەمیەوە. ابن ساوی کەچاوی بەمە کەوت، لەجێی خۆی هەڵ پەڕی؛وەهەڵمەتی دا؛کاسە ئاوەکەی لە دەمی سەندەوەکوتایە زەویدا، شکاندی وئاوەکـەی ڕژاند، وە لە جەلاوتوڕە بو، وەفەرمانی کوشتنی‌نورالدینی‌دا.خەڵکی بەصرە ئیترئەم‌ڕەفتارەی وەزیریان پێ‌هەموارنەکرا،دەسیان کردەجنێودان وقسەپی‌ووتنی، لەپڕ گەردوتۆزێ لە دورەوە، دیباري دا. سوڵطان ئەو گەردوغوبارەی کردە چاو. فەرمانسی‌داکەدەس

بنکەی ژین www.zheen.org

بەپێنووسی:
سیدمحمد سعیدغیرت

وەرگێڕاوی :
د . ع . م

# نمایشنامەی

### زماوەنی «سید یعقوب»

## فیروزە و فەرهاد

## پەردەی سیەم: مالی ((سیدیعقوب))

هۆدەی پێنجدەری ، فەرش کراو بەجۆتی کە نارەومیانفەرش . لەتاقچەییکابڕێ کتێب؛ لەسەرمێزێکی بچوکەوەلە گۆشەی هۆدە کەدا،چەنێ جەلد کتێب وقەڵەمدانێ؛ سیدیعقوب لـەپشتی ئـەممێزەدا، دانیشتووە،سەری لەنێوی کتێب ودەفتەرەکانەوە،هەڵ بڕی،وەبەدەنگێکی سۆزئەم شعرانەی لە بەرخۆیەوە ، خوێندەوە.

دڵم پـاوەس زڵف یـارەن ئیمشەو
لەبەخت من درێژ وتارەن ئیمشەو
ئەوەنێ دەردم گرانن ، قابضڕۆح
لەقەبض ڕۆح من بێزارەن ئیمشەو
نەیار هـەمنشین ، نـەدۆس گیاني
نەغەمخواری غەمم غەمخوارەن ئیمشەو
صەبا ! لەم حاڵە دڵبەر ئاگەهی دەر
ئەگەر دڵـدارمن بێدارەن ئیمشەو
بواچە مـەرهـەم زامـان « سید »
ژبۆی نافـــەی تاتارەن ئیمشەو
ئەگەرماچان کەزەخم ومشك ناویت
پەرەێ دەردم دوصەدێ ئازارەن ئیمشەو
بواچە: ئەوکە لەوەصڵی تودوٚرەن
بیلاهیجرش وەگڵ بسپارەن ئیمشەو

تەقەی دەرکی خانو، ئاغا،ئاغا تەشریفیانهەیە؟

« سلام‌علیکـــــم » بـەه! بـەه! کەڵانتەرە ، فەرمو ! فەرمـو !
ئەی سۆزەی‌فێنك بەری بەیـــــاني
هەواڵ قبلـەم تـۆچێش مەزانی ؟

زۆرچاك ؛ بەخەیربێ ! کەڵانتەر اڤابڵێ: بزانم شێری یاڕوی؟

**کەڵانتەر** : ئاغا! لەدەوڵەتی جەدت کە شێری‌خوڎایە ، شێرمو کارتەواوە.

**سیدیعقوب** : بەڕاستیی کەڵانتەر! زمانی گەرم ونەرم وشیرینی تۆمارلەکون ئەکێشێنەدەرەوە .

**کەڵانتەر** : ئاغاسیدا منعەرضم کردی کە حاجی‌مراڎ ڕەفیقی چل‌ساڵەی‌منە؛ دایکی ئەم کچەش ڕەیحانەخانم کچی‌جەمشید بەگی کرماج بووە، خۆم‌ئەوم بۆحاجی‌مراڎخواست. نازانی‌ئەو ژنەچ ژنێکی نازەنین بۆ؟ لەمالی حاجی‌مراڎا، جوانەمەرگ‌بۆ لەئەوتەنیا ئەم‌فیرۆزە خاتونە بەجێ‌ماوە .

**سیدیعقوب** : کەڵانتەر! من‌ئەمزانی کەئەم‌خـانمە لەدایکەوە کرماجە؛ بەم‌بۆنەوە ئەمڕۆپارچەشعرێکی وەسەعلحاڵم بەزمانی کرماج ووتوە، بۆتی‌ئەخوێنمەوە .

**کەڵانتەر** : تائەوپارچەم شعرەم بۆنەخوێنیتەوە، کارەساتە کەت بۆناگێڕمەوە! چونکۆمنیش بەعەرزەتی شعرەئاوڎارەکانی تۆم.

**سیدیعقوب** : کەوابۆ گوێ ڕاگرە!

لەم‌وەختا «نجف» نۆکەری سێد ئەکانە ژورا ، نێرگەلە، دێنێ بۆ کەڵانتەر .

**سیدیعقوب** :

«دوش با کرما جاك‌شکرلب ومشکینەمو»
«درمیان‌بگذشت‌یك‌چندین‌مراتب گفتگو»
« گفتمش:تاکی‌بسوزم زآرزویت‌دلـربا»
ووت فرەعەیبی‌نیەن‌بـۆنەوجوانان ئارەزو
« گفتمش:سوگندخوردی روزحشرونشرهست»
ووت: کورەعەیبت‌ئەکەن‌حەشری‌لەکوێ؟نەشرهالەکوێ؟
« گفتمش: ازهجرمردم ای‌صنم رحمی‌بکن»
ووت:قوڕت‌بەسەر،حەدیدنابۆبەخوردیەڕەبۆ
« گفتمش: بامردمان‌رامی‌وبامن‌سرکشی»
ووت:بمرلەم‌غوصە؛دق کە،ئەوخەفەت‌هەربیخوەتو
« گفمش: عاری‌نداری توزطعن‌مردمان»
ووت«سید»تۆ کوشتنیش کارێکە کەس‌عاری‌بیو؟

**کەلانتەر** بەڕاستي زۆرچاکت ووتوە؛وەئەم‌شعرانە زمانی‌حالی هەموعاشقانە؛ئەی‌دەمت‌خۆش!ئینشاءالله‌شەوی‌هەینی‌ئەم‌شعرانەبۆ کرماجەکەی خۆت بخوێنەرەوە .

**سیدیعقوب** : چۆن‌هەربەم زوانە؟ (بەشاڎي وپێ کـەنینەوە)زۆر چاك، بزانم کچەکەشت چاوپێ کەوت؟ ئاخر ڕەضامـەنڎي ئـەویش شەرطە .

**کەلانتەر**: من‌ئیختیاری تەواوم بۆ، وەهەمە. ئەویش ئەڵبەت‌بـە ڕەضایەتی من‌وباوکی‌ڕاضی‌یە؛ وەلەقسەی ئێمەدەرناچێ. بێجگەلەمانە ئاووهەوای وەکو بەهەشتی مایدەشت. وەدەشتەصەوز وخـوڕەمەکان‌و جەنگەڵەکانی‌قەلاقاضي‌و لەعلەوان‌وسیاچاڎر وگەردشگای گەرمەسێرو ئیلاخ ، وەدەم ودەسگای عەشایري وسواری‌وڕاو، کچی‌پادشاش‌ئەخاتە هەوەسی ئەوە کەببێتەژنی تۆ. بەکورتي بۆت‌بڵێم: پاش نیوەڕۆی‌پێنج شەمەوەخت‌وسەعاتی بۆمارەبڕین‌چاکە؛وەمەجلیس‌لەماڵی حاجی‌مراڎا، گەرمە. کەوابۆ ئێوەش‌خەریکی ڕێك‌خستنی کارەپێویستەکانی‌خۆتان‌بن من‌دوصەڎ ئەشرەفیم داوە؛ سبەینێش ئێوەسێ‌صەڎ ئەشرەفي‌تـربنێرن . ئێوەش بۆخۆتان ئەبێ‌لەمەجلیسی مارەبرینا تەشریفتان‌ببێ.

**سیدیعقوب** : زۆرچاکــە، کەڵانتەر ! ئەمڕۆ زەحمەتـی زۆرت کێشاوە. هەرئێستا بۆئەوەی شەکەتیت دەرچێ ئەڵێم: خاڵۆحەمەمراڎ بێت، کەوانچەت‌بۆلێ‌بڎا، وەیەکێ لەپارچەشعرەکانی‌خوم‌بۆت‌بخوێنێتەوە. ئاهای!نجف! نجف! زوبڵێ: خاڵۆحەمەمراڎبێت .

خاڵۆحەمەمراڎ لەگەڵ دایرە ژەنێکا دێنەژورەوە، دائەنیشن‌ودەس پێ‌ئەکەن. بەئاهەنگی ضەربي:

شۆری بەسەرم کەوتیە لەم مەستیی چاوە
لەم‌جێگەنەنیشمە گەر ئەوجێ کەشەراوە
زاهید!بەخودا غەیر خەم ئەبرۆی دلدار
مەیلم‌نەوە مزگەوت ونەمحرابـود وعاوە
ماچان کە غەزالان چـرنە شۆرەزەمینە
بەس‌ئاهوی من‌بین کەلەئەم دیدەڕەماوە
گۆناتەوە کۆمانگەودوزڵفت وەکوعەقرە
هەرچەنێ کەقەمەرعەقرەوە ڕاضیم‌بەقەضاوە

ماوەل ٧

## چون‌بنوسین

ماوەی‌ل ١

هاش پێ‌ویستە لەوکاتەدا ، پیتـی گەیاندن‌پێش لەپیتی‌سەرەتایـی‌یەوە بێ‘ ئیتر لەبارەی کردە وەی تێکەڵاولەگەل ناو(اسم)ی تەنیا ، یان ناووپیت‌دا باس‌ئەکەین؛لەبەر ئەوە کـەدەوە سادە کـان وتێکەڵاوەکان،لە کرڕیشەی‌سادەوتێکەڵ دوروست ئەکرێن ، لە سەرەتـای ئەم‌باسەوە، دەس‌ئەکەین‌بەدابەش کردنی‌ڕیشەتێکەڵاوەکان لەگەڵ ناودا :

ڕیشە،یان‌لەگەڵ‌ناوێکی‌تەنیا‘ یان لەگەڵ ناوێك‌وپیتێك، وەیان لەگەل ناوێك‌ودوپیت داتێکـەڵ ئەکرێ : بەشی یەکەم وەکـو : دەرس خوێندن، کتێب خوێندن، دار شکاندن ، شوشەشکاندن، ئاو خواردنەوە ، دۆخواردنـەوە، نان خواردن ، چێشت خواردن دەس بڕین، داربڕین ، ئـاوڕژیان ‘ دۆ ڕژیان‘ گەڵاوەرین، گوڵوەرین . لەووێنانەدا چەنێ شتمـان بۆدەر ئەکەوێ :

١ـ ئەوڕیشەیە کەلەگەڵ‌ناوەدا تێکەڵ ئەکرێ ئەگونجێ‌تێ‌پەڕکەربێ، وەکوخواردن . کە ئەڵێن : نان خواردن ، وەیان تێ پەڕنەکەربێ وەکوڕژیـان ، یان ڕژان کەئەڵێن: ئاوڕژان، یان‌ئاوڕژیان .

٢ـ ئـەوناوانـە لە سەرەتای ئەوڕیشائەنەوە‌ئەنرێن،ئەگەرڕیشەکان تێ‌پەڕکەربن ،لەکردەوەکانیانا ئەبن‌بەکراوی‌بێ‌بۆنە(مفعول بی‌واسطە)، وەئەگەڕیشەکان تێ پەڕنەکەربن لەکردەوەکانیانـدا ئەبن بەبکەر (فاعل) ، وەئەگـەر ڕیشەکان‌لەڕیشەنەزانراوەکان‌بن لەکردەوەنەزانراوەکانیاندا،ئەبن بەجێ نشینی کراو(نائب فاعل) ‘ وێنە: نان‌خواردن ، ئەبێ‌بە:شێرۆ نانی خوارد . لەم وێنەدا «شێرو» بکەرە، «نان» کراوە،«ی»ضمیری بکەرە،بۆئەوە پەیوەندی کردەوەکەبدابەبکەرەکەوە ؛ چونکـە

ماوەل ٧

نمایشنامه ..

ماوەی ل ٦

کەلانتەر : ئاغاسەیدا عەجەب قەمەر لەعەقـرەبێکت ژێـك خستووە؛ بەلام‌دڵ‌نیابە، قەمەر لەعەقرەب نی‌یە؛ پاش‌نەم زۆی‌پێنج‌شەمە وەختو سەعاتی موبارەك وپیرۆزە :

گورانی وێژەکان دەس پێ‌ئە کەنەوە:

هەرچەندە کە زۆتم بەخوڎا مایلی زۆتم
بێ‌بەر گی‌یە باعیث کەهەیو مەیلی‌هەتاوە
ئەی‌دڵ! گوزەری کەوەقولنگ‌تاشیی‌فەرهاد
بوین نالەی کێ ئەژنەوی تۆلەم دڵی‌کاوە
دڵبەر! لـەغـەمت «سید» بیچارە سەرشەو
خوێن ژێژێ لەئەم دیدەعەتا صوبح‌دماوە

گورانی‌وێژەکان‌دەس‌ئەکێشن.«نجف» ئافتاوەولەگان‌بەدەستەوە ئەکابەژۆرا ئەڵێ: ئاغاسفرە ژاخراوە فەرموون بۆسەری‌سفرە. هەموهەڵ ئەسن دەس‌ئەشۆرن ولەوهۆدەئەژونەدەرەوە.

(پەردە ئەکەوێ)

---

باسیکی ...

ماوەی ل٦

ئەکانەوە. کاسەی ناوبراودەرئەخا کە : هۆزی«مان» لـەباری بیروڕای دینی‌بەوە، بەخوڎایان وداستانەکانی پێشینیانی‌خۆیان ودراوسێ یەکانی خۆیان باوەڕیان بووە.

بۆنموونەئەڵێین کە : ئەوصەفحە باڵدارە کـەوا لـەسەرخـوڎای هەتاوەڎا، لەگەڵ نوێنگەی خودایانی مصري وئاشوريدا، هاوشێوەیە؛ هەروەها نواندنی‌خوڎایان‌بەتەشکی گیانداران لەمەعابدی«بابل»دا،باو بووە . وێنەی شیر کە لەژۆی کاسەوە،دوجارهەڵکنراوە،هەرئەونوێنگەی خوڎای گەلی«هور»وجێ‌نشینی«هیت»ەکانە،صەحنەی‌پێشکەش کردنی منداڵ بەنوێنگەی خوڎا، ئیشارە بەیەکێ‌لە داستانەکانی گەلی «هور»ە (١) کە لایان وابۆ: منداڵ بـەتەشکی گیانـدارێکی سەرسام هاوەرەی کوێستانی‌دەردێ.

داستانی‌هەڵ چوونی‌دوکەس لەگەڵ شەیطاندا، یەکێ‌لـە کۆن ترین داستانە قارەمانی بەکانی بەشەر، وەبیرئەخاتەوە، کەبەپێ‌ژوایەتی «سومەر»ی‌یەکان لەدوهەزارسالی‌پێش لەمیلادا «گیلگامش»یانێ پیاوی پاڵەوانی‌شەڕانیی‌وزۆردار،لەگەڵ دێوی جەنگەڵیی دا شەڕی کردووە»

بەرانبەر کردنی‌نەقشی ئەودوکەسە کەپیاوێکی‌تریان داوەتەنێو، وەئەی کێشن، لەگەڵ داستانی«گیلگامش»دا، جۆرەدرنابێ؛ چـونکو «گیلگامش» هەمیشە واپیشان دراوە کە لەگەڵ شێر،یا بزنە کێوي دا شەڕئەکا.

ئەم قسە کەهۆزی«مان» کـە وتیبێتمە شوێنی بیروڕای گەلـەجۆر بەجۆرە کان‌ومەهر بەشێ‌لەنەقشی کاسەزێڕینە کە،لەگەڵ‌داستانی‌یە کێ لەگەلەکاندا، بەرانبەربکەین، داوەرییێکی قوڵ‌ودروست‌نی‌یە؛ بەڵکو داوەري‌بەڕاست‌ترومەنطقیی‌تر ئەمەیە، کە بیروڕابەبەهەشت ودۆزەخ و صەحنەکانی‌پاداشی نیکوکاران و کەیفەری بەڎکاران، لە دونیایێکی تراکە بیروڕای کۆنی گەلە جۆربەجۆرە کان وەکوئاشوری یەکانەلە ژۆی ئەم کاسەوە پیشان دراوە. وەئاغای «حاکمیی»(٢) ئەنتیکـە داری ئەنتیکە خانەی ئیران بادتانیش لایان وایە کە نەقشەکانی کاسەی‌بێ هاومالی «حسنلو»صەحنەکانی بەهەشت ودۆزەخ بـەپێ‌بیروبـاوەڕی سەرەتایی بەشەرپیشان ئەدا .

---

(١) «هور»ناوی وەلاتیکی‌تربۆلەڕۆژئاوای وەلاتی«مان» دا، کـە وەکو(اورارتو) دراوسێ‌یەکتر بوون؛ وچەندجارلەلایەن ئاشوري‌یەکانەوە، هەڵمەتی‌لەسەردرابۆ.

(٢) بەجۆرێ کەلەسەرەتای‌ئەم ژزە ووتارەوە باسمان کرد،ئاغای حاکمی گەلێ‌سەبارەت بەشوێنە دۆزراوەکانی «حسنلو» وەپەیوەنـدي «مان» لەگەڵ هۆزەکانی‌ترا، لێ کۆڵیوەتەوە؛ کە لەجەڵدی‌یـە کـەمی گوزارشتەکانی‌ئەنتیکە ناسیی‌دا، لەچاپ دراوە (چاپی‌تاران١٣٢٩)

---

سقز- نافع - مظهر

## دیسان جەژنەوقورپیوان

ئەی‌خوڎا! هاوار، وا،جەژنی‌تر،هات
جا بادانیشم دەس بـەئەژنـۆومات
وا، دیسان جەژنەوقوڕپێوانە وشین
جەژنێش مەینەتە بـۆپیاوی‌بێ‌تین
ژن و کـوڕو کـچ دەوریـان داوم
وا، لـەم نـاوەڎا، منیش دامـاوم
داوای لباسی‌زەردوسوورئـەکـەن
ئارەزۆی درێژ، بڕی دۆرئـەکەن
ئەڵێم : ڕۆڵـەگیان ! ئـەلەوزگارم
حقۆقم کـەمە وزۆریش قـەرضارم
حقوق هەرتەنیا بەشی نـان ئەکا
کەی بەشی کەیف وپێ‌ژیان ئەکا ؟
جارێ وام لـە پیربـرنج وژۆنـا
وام لـە خەیاڵـێ‌قەرضەر کەی کۆنا
جەژنانەی ئێوە وخـزمان ویـاران
بارێکی‌تری نایـە سەربـــاران
دزیش ناتوانم بـێ‌دەس وبـێ‌پێم
زیندان جێگەمە ، گەربـزانن پێم
ئەڵێن: بەمادەوتـەبصرەی قـانون
ئەگـەرمناڵت ئـــەتۆپێ‌بەتۆن
ئێوەش قانع بن گەربەشتان کەم‌بێ
دوعا کەن خەڵکي عەقڵیان جەم‌بێ

---

## تکا

**لەخوێنەرە بەڕێزەکان‌تکائەکەین: لەناردنی‌پارەی‌ئابوونمانی‌ڕۆژنامە خۆیان نەگرن؛ ئەلبەت‌ئێمەکاتـێ ئەتوانین بـەم خزمەتی خۆمانە درێژە بڎەین کە خوێنەرە بەڕێزەکانمان دەس گرۆیی‌مان بکەن .**

---

## خوینەرەبەڕیزەکان!

**لەپاش سەلامێکی گەرم وخاوێن ، ڕۆژنامەی کوردستان نەمامێکی جووان وتازە ژواوی بـاخچەی وێـژە و ژەگەزی کوردە ، نیازی بە چاودێری و یارمەتی دانی براکوردەکانە ، تکامان وایە بۆپەرەلێ‌دان و بەلاوەی ئەم‌ڕۆژنامەیە،هەوڵ بڎەن کەخوێنەری‌ئەم‌نامە جووانەکوردی‌یە کە ئایەنەی بیروباوەڕی نەتەوایەتی‌ووێژەیی کوردەکانەزۆرتربێ‌تاوەکوو، بەم‌بۆنەوە ئێمەش بەدڵێکی‌گەرم وبەتینە وە بتوانین بەخزمەتی خـۆمان درێژە بڎەین. لەدووایی‌داتکایە، هەموجۆرەبەیە ت ووتارو هۆنراوێکمان بۆبنێرن وبیروباوەڕی خۆشتان لەبارەی‌نووسین وڕێك‌وپێك کردنی ڕۆژنامە کەمانەوەدەربخەن، زۆرسوپاس‌تان ئەکەین ئیترهەربژین .**

---

چۆن بنوسین

ماوەی٦

بکەر کەوتووەتەپێش کردەوە کەوە؛ لەعەرەبی‌دالەم‌کاتەدازەمیری‌بکەر لەکردەوە کەپەنهان‌ئەکرێ،بەلام لەکوردی‌دازەمیری‌بکەرئاشکرایە، وەلەپاتي کردەوە ، بەکـراوە وە ئەنوسێ . ئەم‌ڕێگایەمان لە شێوە هەورامیی‌دا کە بنەڕەتی کوردي‌و فارسیی‌یە باشتربۆدەرئەکەوێ ، وێنە :شێرۆ نانش‌وارد (شێرۆنانی خوارد)، لەشێوەی هەورامیـی دا «ش»زەمیری‌سێ‌یەم‌ئەنڎامی‌تەکە، بەلام‌لەشێوەی‌سۆرانی‌دا «ی»بەکار ئەبرێ.

ناتەواو

---

**ماناکووشەکانی باسێکی‌زانیاریی**

زانیاري ـ علمی
هۆز- قبیله، قوم
بەڵگە ـ سند
شوێن ـ اثر
بیروڕا، عقیده ، نظریه
دەرخستن ـ اثبات،تلفظ
لەبـاری... ـ ازلحاظ ...
هەتاو- آفتاب
نوێنگە - مظهر
هاوشێوە - شبیه
نواندن - نشان دادن
تەشك ـ صورت، شکل
باو- رایج
وێنەـ عکس، نظر
گەل ـ ملت
سەرسام هاوەر- شگفت انگیز
هەڵ چوون- گلاویزشدن، وررفتن
بەرانبەر کردن ـ مقایسه ، تطبیق
داوەري - قضاوت
قوڵ ـ عمیق
لایان وایە - معتقدند
سەرەتایی ـ ابتدائی، اولی
دراوسێ ـ همسایه
ژز- ردیف، سلسله، صف
ووتار- گفتار
دۆزراو- مکشوف
پەیوەند ـ ارتباط
لێ کۆڵینەوە : تحقیق، تفصیر

بنکەی ژین www.zheen.org

بەشی کوردیی شمال

# کوردستان

لاپەرەیی ، بوهەمەروجار

## دان ئیستاندنا ئیرانی وەشورەوی

وانژوژانە فکرا تێکراوبیە میللەتێ ئیرانێ لایێدان ئیستاندنا ئیرانێ وەدەولەتا یێکاتییاجەماهیر-شورەوێ یادێ یێتدایە؛

وە ئەو وضعەوە کێ مەسئەلا ژوژێ لێهاتییە.

قەدەرێ سالونیو کێ بوَ دان ئیستاندنا مابەینا هەردوودەولەتان زورطارێبیو ،

وەدەولەتاجیناریمە، ئیریشێت تەبلیغاتییە زورشەدیـد لـەضدێ ئیرانی دەستپێ کربوو وبیوباعثێ هایێدان وەتەحریك بونا-ئیحاساتا میللەتێ ئیرانێ.

میللەتێ ئیرانی بلیوێ هندێ کۆ بەرخو بدەت وەدەستپـاوێتە جەوابـدانێ چچارا دیترچـنـەبوَ، ئەمائەدەب وەنیزا کەتا میللەتێ لە جواب گۆتنا خۆدا دایێشولێ بۆ دونیایێ حساس وەبیناراوەستاناوان مەتحلێ دهاتە کـرن، وێ گاوێ مەچشول بەباعثیت وێطاری بونا دان ئیستاندنێ وەتەبلیغاتا شەرێ دەوکی نینەئەماهندە قـەدەرئـەم دشێنبێژن کۆ هەمـوَ میللەتـێ ئیرانێ ژوێوەضعا نەباشمخابنی دخاستن ؛

ئەصلابوچێ گەرەك مـابەینا دووجیناراندا کۆدووهەزار کیلو مێترسینورێشریکاتی هەنەنەحەزي وژکۆبەرانییەك هوتووەپەیدابیت، وەدێچ دەلیلەك قانع کەر بووێ هندێبێتەگوتن، دەولەتاییکاتییا جەماهیرێشورەوي ژبووێ هوتو- دبێژیت کۆ صولحێ وەرحەتییێ وەیکوە ژینابسەلامـەت دخازیت بەسچ دایکدەستدانینن کۆلایێ میللەتەکی قەدیموە کەوندا، کۆ خێنجی سەربخویی وە هەییاخو ئامانجەك دیترچنینە ، وەخێنجی پیگاوێت بەرخودانێچشولێت دیتر نەکرینەوەناکەت، وەچەندجاران بلاوکرییە کۆ ئیجازێ نـادەتەچ دەولەتەك خارجی

کۆعەردێ ئیرانێ بکەتەجهێ ئیریشاخولەضدێچ یێك ژجیناریت ئیرانێ خاسەایێکاتییا جەماهیرا شورەوی، کۆرێوەچونانەحەزی بدە تەبەرخو وەدەست پاوێتە گەفان و ترساندنێ،

یائەل ژلحاظا جەماهی یـێ وە پاناهییێ وەئەسبابێت شەرێ دونیایا ئیروداکێم دەولەت هەنەکۆ گەل یێکاتییا شورەوی بەران بەرییی بکەن، بەس دەولەتا ئیرانـێ یێچ عاقلەکێ دوێت گەلدەولەتەکی هوتوخودان قاوەت، خولێکدەت یانژی ڤـێبترسی نیت وەسەروێ هندێرا ئیجازێ بدەتەهنەك دەو- لەتێت دیتر کۆ ئیحتماله گەل دەولەتا شورەوی نەحەزی وەبەران بـەری هەبن کۆ عەردێ ئیرانێ بکەنـە جهێ نەحەزییاخو،

بەس ترسا ئیحتمالییە شورەوی ژلایێ ئیرانیوە بێجییە وەچ جار ئەوهندعەمەل ناهێت؛ یـادوویـێ ئیرانژدوستی وەهەیبیادان وئیستا- ندناباش گەل یێکاتییا جەماهیرا شورەوی گەلەك قازانجێدکەت هەروەکی کۆ دەولتا شورەوی ژی لەدان ئیستاندنا توجارەتی گـەل ئیرانی قازانج دکەت، ئەونکتەژی یافکرتێداکرنییە وە گەلەك بەحث ژێتیتە کرن کۆمیللەتێ ئیرانێ هەروەکی کۆگاوا طاری بـونـا مابەینا هەردوو دەلـەتاندا مجت دراوەستا وە بەرخوددا وتەبلیغاتا دەولەتاجینار زورتردبۆباعثی کۆم بونوەیێکاتییێ، پاشێ بەلاوبۆنا خەبەرێ کۆرەئیس وزەرایێ یێکا تییا جەماهیر شورەوی پەیامـەك باراتازە کرنادان ئیستاندنا باش رێکری یەحضوراشاهەنشاوە کێمە- کێپاش هنگی ئیریشێت تەبلیغاتی لەضدێ ئیرانـێ راوەستان خاسما باشیوەرگەریـانا بـالیوزێ وێ دەولەتێ بو دەربارا شاهەنشاهـی پیلەکی ئیحساساتـا راضی بـونا میللەتی ئیرانێ دابەرخـووئـەو خەبەرور کەیف خوش حساب کرن چونکی فکراکەتکەتێ میللەتێ ئیرانێ ئەوە کۆ گەل ڤێجینارێ مەزن وە خودان قاوەت چیترین دان ئیستاندن وەرابطە کەدلوجان بێتەدانان،

ئەمهیوی دارن کۆتازەبونادان ئیستاندنا دووستایەتی وەچێبونـا رابطاباش مابەینا هەردوودەولتان بوهەردوومیللەتانهەلاتناسەعادەت وەبەختەوەرییێ بیت؛ وەبن سیبەرا رحەتییێدامروویت هەردوومیللەتان بشینهاریکاریەك خودان قیمەك ژبورحەتییا یێك ودۆوە کومەکی بوراگرتنا صولضادۆنیایێ بکەن شاعرێ مەیێ مـەزن حافظ ئەمـر دکەت:

بیاکەنوبتصلحاستوآشتیوعنایت
بشرطآنکەنگوئیمازآنچەرفت
حکایت

---

**مەتەلە**

ماوە ل١٠

**٣- برای خاسم هالـەلای گوێرەگەلەوە**

هەرکاتێ لەخێزانێکدا کەسێکی ژوروێ هاتۆنەبێ ، وەئەوەیان کە بەچاکتریەنی هەمـوَیان ئەزانـن سەبارەت بەکەسانی ترهیچ نەفامێ ئەممەتەلەی لەبارەوە دێیننەوە .

**٤- دەلاك بێکاربێ، سەر خۆی ئەتاشێ .**

یانێ پیاوئەبێ لەوەختوپەردەژ کەڵکوەرگرێ ، وەنرخیوەخت بزانێ ، کاتێ کەکاری گرنگی نییە خەریکی کاریبچوَك بێت .

---

## دونیا نیزیکی گوهورینی نا

جواتا تێکراوێیە، کۆما میللەتان، کۆدێبەوزیێ لەجهێ کوما میللەتان، یانیشەهرێ مەزنە نیویوژکیدا پێك یێت ،

دێ دونیایێ نیزیکی گۆهورینەکی مەزنبکەتئەگەروەژبیربیت گاوا کۆ جواتا سەراکێت دەولەتێت مەزنیانی ئینگلستانێ، ئەمریکا، شورەوی وەفرانسە پاریسیدا تێكچو فکرا هەمویان کەتەلایـێ کـۆ میللەتان وەڤێ زەمانێبانی وێ گاوێ حەیف ومخابن شكوظەناخراب سەردان ئیستاندنادەولەتێت مەزنبچوك کەنییە تەنێ کۆمەك کۆبشێت پێشاییکا شەرێ بگریت وەصولحوو رحەتییا میللەتان جیبەجیکەت کۆمیللەتانە، هەرچەندژی ئاشکەراوێ کومێ وەکی چاونهێریدهاتا گرنحەتانەبە نەشێیایە، نەحەزییامابەینا دەولەتادا حەل کەت

ئەما گەرەك بێتەگوتن کۆکۆما میللەتان خاسماژسال١٩٥٠وە کۆشەرێ کوژێ شەمالیوە کوژێجەنوبی رودایێ نەقشەیەکـە زور خودان ئەثەربۆپێش گرتنا ئالوزییان وەنەحەزییان داشوَلـێ، وەبێشك مرووەشێت بێژیت کۆئەگەر کۆمەك هەوتودونیایێداچنەباحەتەماحەتا نهەدێ شەرەك لەشەرێ دوویییە دونیایێ خرابتر دونیایێدا چێبا وە دێبەنی ئادەم کێشابا لایێ تێكچونو وەنەمانێ، بەروێ هندێ گـەل هەمییەتدانا خذمەتا مەزنەوێ کۆمی بوراگرتنا صولحێجیهینایـی دوێتئەم هیویدارین کۆدوواهییێ ژیئەو کـۆمـە بشێت ئیستوَنێت قاحیمتر بوصولحێ وەسەلامەتییێ دونیایێدادانێت، گەلەك ژسەراکێت دەولەتان دل هەنە جواتێت تێکراوییە کۆمیللەتاندا شریکاتـییێ - بکەن ؛

ئەماهنەك ژسەراکێت دەولەتان گەلەك جەهدێدکەن کۆپـێ شریکاتییاخۆ جواتاتێکراویدا تەبلیغاتێ بکەن ئەلبەتـەبـەوی هندێ وەضعەکی باش ژبۆ حەل گرنا مەسئەلێت ئالوز، چێنابیت.

تریبونا کۆماتێکراوی وەهەنبەکێتموکۆما میللەتان تەنێبو بەحثەکی صادق وەبێهەکەمەکە باراشولێت میللەتانە ،

وەئەگەر قەراربیت کۆبەلێ نەمابەندەیان ژیوەبەرێدەولەتەکی، ژوێتر ببونێ بومەتحابێك لایەسییاسەتوەریوەچونادەولەبا.حۆ، ئاخەویت وەحەقێ هنەك دیتر نەناسیت ئەوهند ، چهاریکاریا راگـرتناصولحێ ناکەت؛ گەلوان هەمو حالوئەحوالانە زورئیحتماله کۆجواتێت وێ گاوێیە کۆما میللەتانداربکەکی حەل گرنا خودانئەثر،بومەسئەلێت وەکیچەك دانانێ وەچاو دێرییا قاوەتا ئوتەمی بێتەدەست،

یانژیهەنەبیتریکەك بێتەدانان، کۆ کومێت جواتامیللەتان، وە یانژی نەمایەندێتدەولەتێت ئەندامیجواتێ بشێن گۆرەکیدەستوریت جواتامیللەتان ژبوحەل گرنانەحەزییێت باراوان مەسئەلانەداپیگاوان راکەن !

جواتا تێکراوییە کۆمیللەتان مەزنترین دەزگاهێوێ کۆمێیە گۆنەمایەندێت هەمودەولەتێ ئەندام کۆ هەژماراوانژحەشتێیانزێدەیە وێدا ئەندامی هەنە، رەئیا وانژی بلیهندێ نەمایەندێ دەولەتا بچوَك یانمەزنبیت وەکی یێکە. بەروێ هندێیە کۆنەمایەندێت بچوك خاسما نەمایەندێت دەستوداری ئاسیایی وەئەفریقایی دانا ا قەرارێتوێجواتی دا دشێن نەقشەیەکی موَهوَم وەخودان ئەثربدەنەشولێ

### دیـاریی ٠٠٠ ٠

ماوەی ل٤

چ ڕەختێك هاتبوو، ئەومانگی تابانە لەنێو کوردان ؟
وەیائەم تاوەکەی تاوی لـەپشتی ئـادەم وحەووا ؟
چ بوویاڕەب ! کەبەرپابولەشاران ئـەم هەمو شیوەن ؟
کەچاوان پڕ لە فرمێسکە ، زمانـان پڕ لـەواوەیلا
لەمەحشەر کەس نەبینێ ئەم هەموفرمێسکی چاوانە
مەگەرئەم مەحشەری کوبرایە' یائەوەمەحشەری صوغرا!؟
لەتەمثیلی بەلاێیك وا، زمان هـەروا، موعـەططەڵ،ما
قیاسی عەقڵ، کورتـە بۆبەیانـی بـەحثی ئیستقرا
غوباری ژێری کەوشی ئەم فەلاطوونەم نـی یەباوەڕ ـ
کەسورمەی چاوی خوی نایکا، بەڕەغبەت «بوعەلی سینا»
نەتەنیا ڕحلەتی «مفتی» بـەلاێیك بولەبۆ کـوردان
ئیترقەصری شەرەف خاپوربـووە، مالـی صەفا ڕوخا
دەڵێن . «مفتی» لەپشتی ئـادەمـی زاوە ؛ «معاذالله»
لەپشتی «ئادەم وحەووا» فریشتە چۆن ئـەبێ پەیـدا
دەڵێن جەمعێك: علی ذاتی ڕەسوڵە؛ من لە«مفتی»ڕاـ
دەڵێم باوەڕ بکـەم «مـن کنت مـولاه هـوالمولی»
ئیترهیوام هەیـە داییم لەبۆ ئـەخلافـی صدقی وی
کەئەولادێ خەلەف بن « واجد الـدنیاو والعقبی»
مەحاڵە نەسلی ئەو مەرحوومە وەك من بێ سەروپێ بن
کەهەر لەهێلکەیی سیمەرغەوە پەیـدا ئەبێ عەنقا
ئەگەرهەوری ڕەش ئەمشەوئاسمانی سەربەسەرپوشی
تووریابە ، هەتـا ئەستێرەیـی ئیقباڵ سەوهـەڵـدا
نەمێنی دەوری غەم توش طاقەتێ بێنە کەمێ شاعر !
کەلەدەورانی ئەولادی ئیتر جەژنێ بکـەین بەرپا

### نالەبارییەکانی...

ماوەل ٤

پێ نەگەیێن ! بزانین ئێوە کەی بو ئازارمان پێ ئەگەن؟ ئەوکاتە ئەچێتە بن دەستی شووە کـەی لـەخۆیەوە هەزاران ڕەخنەی بـێ بناغەهەڵ ئەبەستێ ، وەلەخێلی خەزورانـی کوڕەکەیی ئەگرێ . دریـژەی نەدەنیێ هەرلەیەك دوڕۆژسەرەتاوە لەوماڵەدا کەسێ ناهێڵێ تەوە کە : چاوی بەبوك وزاوادا هەڵبێ . هەمو ڕۆژێ پتوپیرەژنی هاوسێ وبەراوسێ گردئەکاتەوە. وچەفەوسر کەیان لە گەڵ ئەکا، وەخراپ بەبوك ومالی بابیی ئەڵێ. دوسێ ڕۆژی پێ ئەچێ ڕۆژێ بە کوڕەکەی ئەڵێ ئـەرێ ڕۆڵە ئەوە بووات لێ هاتووە ؟ بـو هێندە بێ تین بووی ؟ توجـاران هەمیشەدەمت بەپێ کەنین بوئیستا بوگـسرژوپەس بـووی !؟ کوڕیش سەردائەخائەڵێ:دایە گیبان نا،وانی یە شو کورشادم ! . پاش یەك دوڕۆژی

ماوەل١١

## مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی کورد

نووسراوی زانای مەزنی کورد، احسان نوری

وەرگێڕاوی: د ـ ع ـ مفتی زادە

**٧١**

سەرەڕای ئەمانە ، جەدوەلێکیش کەلەکتێبی «مێژوی کورد و کوردستان» بەپێنوسی «امین زکی بەگ» نوسراوە ' عەینەن دەرجـی ئەکەین :

| کوردی «سلیمانیی» (وێژەیی) | کوردی کرمانجیی (شمال) | ئەوستائی | فارسیی ئەمرۆژە |
|---|---|---|---|
| گەورە | مەزن | مازا | بزرگ |
| بەرز | بەرز | بەرزا | بلند |
| ماسیی | ماسیی | ماسیا | ماهی |
| حوشتر | ئوشترا | ئوشترا | شتر |
| پرد | پرت | پرەتا | پل |
| ڕۆژ | ڕۆ، خور | هور | آفتاب،خورشید |
| بەراز | وراز | ورازا | گراز |
| مێش | مژ | مەخشی | مگس |
| بەرخ | بەرخ | وراخا | برە |
| قسة | کسە | خسا | حرف، سخن |
| ویستن | ویسو | واس | خواستن |
| زانین | زانین | زانین | دانستن |
| من | ئەز | ئەزم | من |
| من (مضاف الیە) | منا | مینا | من، مرا |

لەم مثالانی ژورەوە ، دەرئەکەوێ ، کە کوردە کـان هەروەها کـە بونەتەوارثی خاکی «ماد»ەکان ، وارثی زمانی ئەوانیشن.

لەناوچەیێکدا کەئەمڕۆ کوردەکان نیشتەجێ بوون، لەڕۆژ گارانی قەدیمدا ، هوزی « گوتی ، کوتی»دا ئەنیشتن وحکومەتیان پێك هێنابو، کەئاثوری یەکان لەیەکێ لەبەردەنوسراوەکانی خویاندا ، ئەوانیان بـە « کورتی» ناوبردووە .

لەپاشان « کوسی» یەکان لەوجێگادا پەیدابـوون . لەکتێبـی «مقدس» و«ودا»دا ، ووشەی « گوتـی ، گـوتمە» وەلە «ئەوستـا»شدا « گئوتم»ە .

ووشەی « کوسی» کە بە« کوش»یان ئەخوێندەوە ، لـە ئەوستادا « گئوشە» وەکو « گئوتە» وەبەمانای « گا»بووە ؛ کەوابو « گئـوشە» و « گئوتە»یانێ« کوسی» و« گوتی» یەك مانا ئەدەن؛ وەلەدەرخستن(تلفظ) دا ، هاوشێوەی یەکتربوون ؛ وەچونکو لەشوێنە کونەکانیشدا « گوتە»ـ یان بە« گوشە» خوێندوەتەوە ، ئەبێ « کوتة ، کوثە ، گوشە» بەنـاوی یەك هوزبزانین .

### کنز العرفان

ماوەی ل ٢

لەوجورە ذاتانەدا، هەموو دەمێ هەڵ ئەقولێ کەبەپـێی «عیناً یشرب بها عبادالله» دورونێك تورك وتاجیك ئەبێ لەوئاوەبخونەوە: وەهەرکاتێ ئەو ذاتە، لەعالەمی خوشحالی دا بووایێن، وسروروشادی یێکی باطنی یان بو دەس بدایێ، بەمرخی (طبعی) جوانی خـوی چەن پارچە یێکیان، بە شێوەی کوردی ئەهونایەوە.

### هزارویەك شەو ٢٧٧

ڕاگرن، تابزانین ئەوتوزو گەردەچی یە؟ وەزیرووتی: قوربان! لەپیشان ئیزن بفەرمو، نورالدین بکوژین، جاسواری ئەنێرین هەواڵ بزانێ. سوڵطان ووتـی: تانەزانم ئـەو گەردوغوبارەچی یە، نورالدین ناکوژم. ئەزقەزا ئەو گەردوغوبارەهی جعفری وەزیر وسوارەهاوڕێ یەکانی بو. وەبوئەوەهاتبو کەخەلیفەسی ڕوژلە پاش ناردنی علی بن خاقان شەوێ چوبو کوشکی انیس الجلیس؛ دەنگی ئەوی بێست کەبەزاری وغەمەوەئەگریێ . خەلیفە دەرکی کردەوە. انیس الجلیس کە چاوی بەخەلیفە کەوت لەجێی خوی هەڵ پەڕی' سەری خەواندوسێ کەڕەت بەرپێی خەلیفەی مـاچ کرد . خەلیفەووتـی : تو کێیت؟ وەبوچی ئەگریێت؟ ووتی:من پێشکەشیی علی بن خاقانم؛ وە چاوەڕێم کە خەلیفە وادە کەی خوی جێ بەجێ بکا؛ وەمن لە گەڵ خەلاتابوئەوبنێرێ. خەلیفەزور بەزەیی پێداهاتەوە ودڵـی بووە کـەباب بوی، دەس بـەجێ جعفری وەزیـری بانگ کردوپێی ووت : بەڕاستی من لە بیرم چوبو، ئەمەسیی ڕوژە کە علی بن خاقانم ناردووە بوبەصرە؛ وەتائێستا هەواڵێکی نەهاتووە دوواوە . لام وایە کە سولطانی بەصرە ئەوی کوشتبێ. بەڵام ئەی جعفر! بەڕوحی باوکم، ئەگەرموێیێکی لێ کەم بوبێتەوە، یاتەنانەت بەبێ حورمەتیی لەگەڵ ئەوا هەڵسابێتن، لەکەیفەرا هەمویان ئەکوژم؛ وە بەم جورە تولەیان لێ ئەکەمەوە . هەرئێستا ئەبێ تو بکەوێتەڕێ بوبەصرە؛ وەلەکارەساتی بەینی سلطان محمد بن سلیمان وعلی بن خاقان ئاگاداربیی؛ وە دەس بەجێ هەواڵیش بومن بنێریتەوە . جعفردەس بەجێ بەفەرمانی خەلیفە سواربو؛ وە لەگەڵ چەن کەسێکدا کەوتەڕێ بوبەصرە؛ وەکاتێ گەییشتن کـەووتمان : خەریك بون، علـی نورالدین بکوژن؛ بەڵام سوڵطان ووتی: تاهەواڵی ئەو گەردوغوبارە نەزانم، نایکوژم . کەجعفر هێرشی خەڵکەکەی چاوپێ کەوت ، سەری سڕماوپرسیی: دەنگ وباس چی یە؟ ئـەم خەڵکە بوکوبونەتەوە؟ خەڵکیی کارەساتەکەیان بوووت، کە:ئەیانەوێ علی نورالدین



بنکەی ژین www.zheen.org

م:ص:م

# بەشی مەولەیی

## پارچەی

## ٣٣

خوداوەندی خۆشبو لەم پارچەدا ، لەدەس بێمەیلی و بێ مەحەبەتی ئازیزەوە سکاڵا ئەکا ، وەلەدوایی‌دا ئەڵێ : ئازیزتۆوا مەزانە کەئەگەر بێمەیلی وبی‌میهری بکەی ئیتر من تۆم لەبیر ئەچێتەوە ، وەدەس لە داوێنی عیشقت بەرئەدەم ؛ بەڵکو ، تاتۆ زۆرتر بێمەیلی نیشان بدەی ، ئاگری عیشقی من تیژتر ئەبێ ، وەچاکتر ئەم سوتێنێ ، وەتەنانەت لە پاش مردنیش ڕێزە وپێزەی پەیکەرم بەیادی تۆوە گوڵ وسەرووصەوزەشین ئەکا ، هەروەها کە ئەڵێ :

ئازیز! بێشەرتی وشۆنی تۆلە ئەندازە ، دەرچووە ؛ ڕەحمەت لە یادت بێ کەلە خۆت وەفادارترە ؛ چونکەیادت هەمیشە بەلامەوەیەساتێ لێم دورنا‌کەوێتەوە ، بەڵام تۆخۆت، جارێ‌هەواڵێکم ناپرسی وڕەحمێ بەدڵی سوتاوم ناکەی ، ئازیز! تۆقەیچی (میقراز)ی بێشەرطیت تیژ کرد وەتانی کاڵای‌وەصڵت هەڵ هێنا وبڕیت ؛ بەڵام ، لەداخی بێمەیلیی وبێ وەفایێ تۆوە ، تاوەختێ کە مردن وە کۆدەردی دوڕێت ، لاشەم‌بتوێنێ‌تەوە ، وەلەمەزرای ئەڵحەدٚ سەرای خەمدا ، شەوانی بەدبەختیی‌وشوميی تاڵم ، بەسەراتێ پەڕ کەن، وەبەئاوی ڕۆخاوی دەردی عیشق‌وخوێناوی جۆگەی سەرچاوەی فرمیسکی چاوانم کە لەداخی بێ‌وەفایی تـۆوە ، قەڵبەزەی بەستووە گەندی لاشەم ئاوبدرێ ، وبەیادی بەرزی باڵا و گوڵزاری ڕومەت‌وجوانیی دەم‌ولێوی‌تۆوە ، سەروو صەوزەوخونچەشین بکا شەرتبێ دڵی مەینەتباری سوتاوی وەکوقەقنەسم ئیترخۆی نەکا بەنیشانەی تیری ڕۆوی‌نازارێکی‌تر .

بێشەرتیی وشۆنیە جەحەدئەودەرەن

ڕەحمەت ئەویادت وەفادار تەرەن

دەدەم اچون‌میقراز بێشەرتیت تیژ کەرد

دانە تانتەی‌وەصڵ جەوپەڕش وبیەرد

شەرت بۆتاجەستەی خەستەی مەهجوریت

پەکناوش کەرۆن‌مەردەن‌چون‌دوریت

جەشام پڕشوم ئەلحەدٚ سەرای‌خەم

جەقەڵوازەی‌هون‌جۆی‌سەرچەمەی‌چەم

وەبۆن ئەوباڵا و خەت‌و کوڵم وفەم

سەرووصەوزەو گوڵ‌خونچەبدان‌دەم(١)

دڵەی‌مەینەت گازسفتە کەی‌قەقنەس

نەوو وەنیشان تیرمژەی کەس ،

(١) دەم گرتن ، پێ گەیشتن ، لێرەدا خوالێ خۆشبو ، لەفف و نەشری موڕەتتەبی کردووە : سەرو‌ـ باڵا، صەوزەـ خەت وخاڵ ، گـوڵ خونچەـ دەم‌ولێو .

---

# مەتەڵ:

١ـ دارپیرئەبێ ، جارێك بازی بەسەرەوە ، ئەنیشێ .

مەبەست ئەوەیە کە هەر کەس لەژیانایەك‌دوجارهەلی بۆئەکەوێ کەبەختیاري وئایەندەی ڕۆناك بۆخۆی‌پێك‌بێنێ. وەئەبێ‌ئەوهەلە بەخۆڕایی ، لەدەست بەرنەدەی ، ئەگەرنەپەشیمانیی وهەناسەهەڵکێشان لەدوواییدا . سودێکی‌نی‌یە .

ماوەل١١

---

### هەراڵە

مادەی ل ٤

قۆزەلـەخۆم دێنم ، ئێوە کە قۆزەی‌من‌تان‌بیست بەجارێ بی کەن‌بەتەقەمن لە گەڵ‌ـ یاندا خۆم ئەخەمەژورەوە ، ئەوان دەرك‌دائەخەن وەئەچنەسەر بورجي‌قەڵا کەمنیش لەوشڵەژانەدا کە : ئەوان سەر گەرمی بەربەرە کانێن دەرکە کە ئە کەمەوە ؛ ئەگەر کەسێ دەستی بەرگریم لێ‌بکا بەدەست‌وبرد لەناوی‌ئەبەم. ئێوەش بێ‌ماتڵی‌هێـرش بکەنە بەردەرگاکە ، وەهەرتەبپێکنە ژورەوە . کەمن ئەم پێش نیارەم کرد «خـاڵـه مەحمود» کوتي ئەترسم نەتوواني‌ئەم‌نەخشەیە بەڕێ بکەی‌وەخۆشت دوچاربکەی؟ ووتم‌ئیترمن‌ئەڕۆم بزانم چۆن ئەبێ ؟ ووتی کوڕم خووات لە گەڵ بەڵام زۆرووریای خۆت‌بە! ئەجاڕوە وقەڵابەڕێ بۆم‌نەخشە کەمم‌ئەنجامدا کاتێ کەدەر گیان‌لێم کردەوە هەناسەبڕکێم بەخۆم خست وتاتووانیم قوزیم هەنگاوم نایە ئەودیودەرکی‌قەڵا.قەڵا درایەبەرقرچە . هەویە کەڕای کردەپشتی سەنگەرێ‌منیش‌خۆم دالەترسانەوە کەوتمە دوواوە ، هێندە پەشۆکان دەر گاکەیان قایم نەکرد تفەنگ چـی‌یەکانی خۆمـان خۆیان‌خستە ناوقەڵا،لەناوقەڵادا مشتەوخنجەروشەڕێ تەن‌بەتەن دەستي‌پێ کرد بڕێ گوژران وبڕێ گیران‌وبڕێ‌زاماربون بڕێ هەڵهاتن . پاش ئەوەی کەقەڵامان گرت هەواڵی کوڕی سانمان پرسی ! پی‌یان پیشان‌داین، کاتێ کەچوین دیمان‌لەژورێکی تارێکا دوساخیان کردوە ، دەست وپێی مان کردەوە ومەرەخەسمان کرد .

ماوەی هەیە

---

### هەزارویەك‌شەو ٢٧٨

بکوژن؛ وەخەڵکیی بۆتەماشای کوژرانی ئەو کۆبونەتەوە کە جعفرئەم هەواڵـەی بیست، پێ‌داڵەئورەنگیی‌وبەتاوڕۆبە کۆشك هەڵی گرت؛وەخۆی‌ڕۆ گەیاندەسوڵطان؛ وە پێکەوە سلاموعەلەیکیان کرد؛لەپاش‌سلاموهەواڵ‌پرسیی؛ جعفر فەرمانی‌خەلیفەی بەسوڵطان ڕاگەیاند . دەس بەجێ‌سوڵطانی‌لە گەڵ معین‌بن‌ساوی وەزیر بیادەسگیر کرد، وە کەلەبچەی نایەدەسیان . وەعلی‌نورالدینی لەجێگای ئەوا کردسوڵطانـی بەصرە. وەسێ‌ڕۆژلەبەصرە دا مانەوە . بەیانیی ڕۆژی‌چوارەم علی‌بن خاقان‌بەجعفری بەرمە کیی‌ووت کە : زۆرئارەزوی بەخزمەت گەییشتنی خەلیفەم هەیە، ئەوجاجعفر وسوڵطان محمدومعین‌ابن‌ساوی‌وعلی‌بن‌خاقان‌هەموپێکەوە کەوتنەڕێ بۆبغداد . کە گەیشتنەبغداد؛ لەبارەگای خەلیفەداحاضربون؛ وەخەلیفەیان لەکارەساتی نورالدین ئاگادار کرد . خەلیفەتوڕەبو، بەنورالدینی‌فەرمو: شەمشیر بگرەوابن‌ساوی بکوژە! علی‌بن خاقان شەمشیری هەڵ کێشاوڕۆیشتە پێشەوە . ابن‌ساوی‌بە کري وهەژاري وملاری‌یەوە تاماشای ناوچاوی علی‌نورالدینی کرد پێی‌ووت : من‌ئەگـەرلە ڕوی بەدجنسی‌خۆمەوە لە گەڵ تۆدا خراپم کرد، تۆڕوی نەجیبیی و گەورەیی خۆتەوە، پاداشی خرایم مەدەرەوە ! علی‌بن‌خاقان شەمشیری کردەوە کێلاناو گەڕاوە . خەلیفە فەرموی : نورالدین! ئەوتۆ گوڵ‌ئەدا . لە پاشان خەلیفە بەمەسرۆری جەلاوی‌ووت: ئەوناپاکە بکوژە! مەسرۆردەس بەجێ‌سەری‌لەتەنی جیبیا کـردەوە. خەلیفە بـەعلی نورالدینی ووت :ئەرزوی هەرچیی‌ئە کەی،داوام لێ‌بکە! علی‌بن‌خاقان وەڵامی‌داوە: خودا سایەی‌خەلیفە لەسەرئێمە کەم نەکا .من نیازێکم بەحاکمیی بەصرەنی‌یە .تەنیا ئارەزوم ئەوەیە لەخزمەتی‌خەلیفەدا بمێنمەوەچەندڕۆژێ کە لەتەمەنم ماوە، لەژێری سیبەری خەلیفەدا ڕای بوێرم . خەلیفە فەرموی: زۆرچاکە . ئەوجادەستوری‌داکە انیس‌الجلیسیان بانگ کرد؛ وەئەوی بەخشیی‌یـەوە بەنورالدین؛ و کـۆشکێکـی

بنکەی ژین www.zheen.org

# کۆنگەرەی بێ جێگە

کاروبارێ کەلەبەڕی شوێنی گیتیدا ڕۆئەدا؛ بەئەندازەیێ لە بناغەی ئاوەزوتێ گەیشتن دوور، وە لەڕێوازی دروستیی هۆشیی پێ بەجێ وئـارەزوی ڕاستەوڕێ لای داوە؛ کەئەندام، خۆی لـەیـەك جیهانی سەرسامهاوەر، وەڕۆژگار یێکی عەجایبا ئەزانێ.

وێنەیێکی سادەڵەو کاروبارەلە ئاوەزدوورانە، کەلەبناغەی خـۆی دوورە، ئەمەیە: مثلابیگرنەپێش چاو کەڵەشاری پاریس دا، حکومەتی فەرانسە بیەوێ، لەبارەی بڕێ لە کارەساتە کانی گێڕانی کاروباری ناوخۆیی، بڕێ فەرمان بەکاربـە دەستانی خۆی بدات، وەبۆڕاویژ. وەووتو وێژلەم بارەوە دەعوتـێ بکەن، لەکاتێکا کە کـۆئەبنەوە لەسالۆنی کۆنفرانس دا، یەکـێ هەستێتەوە سەرپێ؛ وە بەزمالـی چینی، یازاپۆنی دەست بەقسە کردن بکات!

سەرسوڕمان وعەجایبـمانی ئەو فەرەنساویانەی کە: لـەوبـرافی یەدان بگرنەپێش چارا، وانەچۆن بیر ئەکـەنەوە؛ وەعکس العملی ڕۆحی ئەوانە، لەبەرانبەری کارە- ساتێکەوە کە: قـەت چاوەڕووان یان نەئەکرد، وەهیچ بەبیریان دانە ئەهات ئەبێ چیبێ؟!

گرۆێێ لـەخـوێندکارانـی کوردي دانیشتوی ئاورۆپا؛ بۆ باس لەدەوروبەرێ ئەو کارەساتانەوە کە پەیوەندییان بەزمان وئـاثـاری کوردی یەوە هەیـە، سێ چـووار جارێ کۆبوونەتەوە؛ وەئەوشتانەی کەلەو کۆبوونەوە، یا کۆنگەرانەدا بـاسیان لێئەکـراو ئەخرانـە مەیدان، بەزمانی کوردی بوو.

لەم کۆنگەرەدا کە: پێنجەمین کۆنگەرەیان بوو، وەلەم دووایی یانەدا لە بەرلینی ڕۆژئاوا پێك هاتووە؛ هەمچشنێ کـە: هەواڵ نـوسەکان ڕاپۆرتیان داوە، لەو کۆنگەرەیە داهەموو ئەوشتانەی کـە: جێگای باس بووە بەزمانی عەرەبـی لێی دوویون.

ئەم کردەوەیە لەناوتـەوای گرۆ کورد زمانەکان، تـازادەیێ لەناو ئەو خوێند کارانی کوردي ئەورۆپایەدا، :وەبەتایبەتـــــی ئەو گرۆیە کە لە کۆنگەرە کەدا بەشدار بوون؛ هۆی سەرسوڕمـان و مایەی خەفەت وزیر بونیان بوو، وە زۆرکاریتێ کردوون وڕەنجیاون.

مەعلوم نی یە، لەڕۆی چ بناغەو بەپێی چ ئاوەزێ بۆ گرۆیی خوێند کاری کورد، وەئەندامانێکی سەواد داروخوێندەوار، وەزانایانێ کـە پەیوەندییان بەو کارەساتەوەهەیە؛ وەلەهەموو گۆشە وکەنارێکەوە، بەناوی نوێنەری یەوە، لە کۆنگەرە یێکا کە بۆ باس لەبارەی کوردو زمانی کوردی یەوە کۆبونەتەوە، زمانی عەرەبی بەکار ببرێت؟!

ئەگونجێ وا لەبیرو ڕادا لێی بفامرێتەوە، ئەوی کە، بووەتـە هۆی هەڵ خراندن وبـایسی پێك هاتنی وا کونگـەرەیێ، لـەڕوی کورد ویستیی یەوە، وە بۆدڵسۆزی بۆ کورد نەبووە، بەڵکـو نیبازی خراپی بڕێ لەو وەڵاتانـی عەرەبی، کەداوای ڕێ بەری یان هەیە؛ وەسییا سەتێکی وێران کەری تایبەتـی یان هەیە، وەبۆبەڕێوە بردنی ئەو سییاسەتە خراپەی خۆیان، وەهێنا نەدی خەیاڵی خاوی بەلاوەویستی خۆیان؛ دەستیـان داێتە وەهـا کردەوەیێکە لەئاوەزدوری چاوە ڕوان نەکراوەوە، وە کونگەرەی خوێندکارانی کوردیان، کردیێتە شەشیرو پێپلیکانەی گەیشتن بـە خەیاڵە پەلیدەشوومەکانی خۆیان.

ئەم کارەساتەبەچاکیی وائەگەیێنێ کە کۆنگەرە ئەوی کەهیچ نـەی گرتووە تەپێش چاو، هەستانەوەی کوردە، بەڵکو یەك هۆیێکی دعایەیی- یەلەدەستیی وەڵاتانی بەرزپەڕدا، وە بۆچاو بەس ناوی کوردیان پێوە ناوە، وەراست وڕۆت شەشیری وەڵاتا نێکە، کەخەیاڵی داگیر کەری یان هەیە، وە گرۆیێکی خاوێنیی خاوێن بڕوڕای باوەڕدارو پاكیان، کردووە تەهۆی، بەڕێ کردنی سییاسەتی خراپی وێران کـەری خۆیان. ئێمە بەئاشکرار قـوقینی خۆمان، لەبارەی بگێڕانی کـۆ- نگەرەی پێنجەمەوە کـەهەدەفـی بناغەیی کۆنگەرەیان، چاولێ بۆ شاوە، وەلەڕێی خۆی لایـان داوە دەرئەبڕین، وە لـەلایەن تەواوی ئەندامانی ئێرانی یەوە، کە: بە- زمان کوردی دڵ بەستەگی یان هەیە پێ ناخۆش بونی خۆمان دور ئەبڕین وەهیوامان وایەوەها کارەساتێ ئیتر نەبینرێ، وە دوبارە نەکرێتەوە.

### ماناى ووشەکان

بناغە : پایە، اساس

ئاوەز : عقل

تێ گەییشتن : فهم

ڕێواز : مجری، رهگذر

پێ بەجێ: صحیح، بجای خود

ڕاستەوڕێ : مستقیم

سەرسامهاوەر - شگفت انگیز

قەت - هرگز

کارەسات - حوادث، پیش آمد

چاوەڕوان - انتظار

پەیوەندي - ارتباط ، مناسبت

هەواڵ نوس - خبرنگار

دووین - صحبت کردن

بەشدار - شریك

زیز بوون - عضبانی شدن

خوێندکار - دانشجو

زانا - عالم

نوێنەر - نماینده

داگیر کەري - استعماری

بەرزپەڕ - جاەطلب، بلندپرواز

بەلاوەویستي - توسعەطلبی

هەستانەوە - نهضت

هۆ - سبب

دعایە - تبلیغات

بگێڕ- گرداننده

دەربڕین - اظهار، ابراز

## ناله باریه کانی..

ماوەی ل۹

دیکەدایك سبەینێ زو بەردەرك بەکوڕ ئەگرێ بانگ ئەکا ئەرێ ڕۆڵە ئیتر

تا کەی لەماڵ نـایێ یتەدەرەوە ؟ ئەمەنیوە ڕۆیە بۆهێنده ئەخزێتـە ماڵەوە ؟ کوڕیش بـڕێ تەرێـق ئەبێتەوە ، وەلەماڵ دێتـەدەرەوە . درێژەی نەدەنییێ هەرڕۆژێ بەوینەیێ بەزم بە کوڕە کەی ئەگرێ ، تالە دووایی یا کوڕیش ناچاروورد مووردە لێی دێتە زمان ، وەچەندیەچەنەی ئەوەستێ . خەسوو ئەیەوێ پیلانێ بگێڕێ کەبڕی داخیی دڵ بەبووك بڕێژێ .

سبەینێ پێ زو خۆی ئەکا بەنەخۆش، بەنکەو ناڵەوە بەکچە کەی ئـەڵێ ڕۆڵە گییان! ئاکاکتم بۆ بانگ کە. ئەویش ئەچێ بەزمانی منداڵانە کاکی بانگ ئەکا. کوڕ دێتە ژووری داکی، وەئەبینێ داکی کەوتووە بەنکەو ناڵەی بڕوائەکا وهەوڵ ئەبێ وپڕئە داتە سەرسەری داکی وئەڵێ: ئەرێ دایە گییان ئەوەچییتە ؟ بەنکەوە ڕۆڵە گییان دەردم کاری یەهێلاکم! ئیتر ئێوە چاوەڕووانی مەن مەبن ؟ بێنەسەروەختیی کارتانەوە، کوڕیش دەس بەجێ «نەرگس» بانگ ئەکا ئەڵێ داکم نەخۆشە ئەویش دێتـە ژووری داکی زاوا، وە بە گەرمەوە خۆشیی وچۆنی لەگەڵ ئەکا .

ماوەیهەیە

### لەهەر گولزارێ گولێ

ماوەی ل۹

## احمد بەگی کوماسیی

ماوە لەژمارەی پێشوو

سادەی ئـــــاخر بەریا ئاخر باوەر

ئاخر، گیان جەدس دوري خەلاس کەر!

شەوڕۆ جـەداخ زڵف وکـوڵم تۆ

داواو بـاسمـەن چەنـی شەوو ڕۆ

چون شەو، شێوەی زڵف مشکینت دارۆ

ڕۆ، کەمێ شعـاع جـەمینت دارۆ

وەسەر گەردت بام ئاوات واستەی وێم

دەوای ئێش تەسکین نمەیاونی پێم

ماجەرای ئاخر یەمـول مـەماتەن

ئومێد بڕیایـی قەطع حـەیاتـەن

«احمد»سەرتاپاش ئالوودەی دەردەن

یە، ئاخر ووشکاو سەرچەشمەی فەردەن

## وەلیی دیوانه

چراخـــــ م بێـــــڕام...(۱)

فەلەك بێمەیلـەن بـاوانت بـێڕام

تۆ«لەیل» قەدیم من«قەیس» ئەیـام

چون مەبۆحاصڵ عومر وایەکام؟ (۲)

ئەروە سەر ڕازپـن ، سەر نـەڕاشانم

گیان وسەر طوفەیل خـاك ڕاشانم

ئەرماڵ مەوازان من بـێ ماڵەنان

«مەجنوون» موفلیس خەم خەیاڵەنان

غەیر جەسەوداى عیشق دوین تۆ،دیدەم!

ڕابەرنیم وەهیچ،هەی بدر گوزیدەم!

ئەر وەلای حاکم داد وێم بەروون-

دادبێداد جەدەس باوانت کەروون-

تەرسوون حیکایەت«نەوفەڵ»بدۆسەر

تۆشاد-وەباوەان من هـەم دەربەدەر

ئەر ناگا ، ڕڕێێ جەکۆچ خێڵدا

وێڵبای وەماوای «مەجنوون»وێڵدا

(۱) سەرکێش، یاخي . (۲)

چاپ اختر شمال تلفن ۲۵۵۰۱

بنکەی ژین www.zheen.org

# شاهەنشا فەرمویان: سیاسەتی ئیمە دوستیی لەگەڵ هەموو وەڵاتان، بەتایبەتیی روسە


زمارەی ـ ٢٢ ـ ساڵی دووەم
زمارەی شوێن یەك ٧٣

## کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردی‌یە، حەوتەی جارێ چاپێکی دەرئەچێ

بایی

بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش‌مانگە | ٧ | » |
| چڵ | ٣ | قەران |

بۆدەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | » |

عەزیزم شاسـواریکە، گوزەرگا، گەر، بەئەلبورزا
دەکا ، نووکی‌سمی لەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا

سیاسی ـ زانیاریی ـ وێژەیی ـ کۆمەڵایەتیی

خاوەنی امتیازومدیری لی پرسراو
عبدالحمید، بدیع الزمانی
بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
محمدصدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر
دوکتورعبدالرحمن واحمدمفتی‌زادە
عابدسراج الدینی ـ شکراللە بابان
خسروشیخکا نلووی‌میلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ٢١٨
تلیفوون ٣٢٠٠٣

چووارشەمە ٦ ی‌ڕەزبەر ٢٥٧٢ ك ـ ٦ مهر ١٣٣٩ ش ـ ٦ ڕەبیعولئاخر ١٣٨٠ ق ـ ٢٨ سپتامبر ١٩٦٠ م


شاهەنشا لەکۆبوونەوەی ڕۆژنامەییدا فەرموویان:

## ئیمە لە سیاسەتی دەرەوەی خومانا، هەنگاوی بەپیچەوانەی

مافی سەربەخویی خومان هەڵ ناگرین، وەدوستیی هیچ کەسی بەم قیمەتە ناگرین .

## کومەلەکان یائەبی چاودیری خەلکیی بوخویان بەدەست بینن؛ وەیا بە

هوی لی نەهاتویی وسستی یەوە. لەبەین برون وکەسانی تر بینە جیگایان .

## ئیمە ئەبی دوکومەلەمان ببی؛ بەلام ئەمە دەلیل نی یە

## کەلەهەل بژاردنی ئایەندەدا، تەنیالەئەندامانی کومەلەهەل بژیررین

## ئیمە نامانەوی، خەلکی لەم نیعبەتی نەوتی خومانە بی بەش

بکەین، بەلام ناتوانین نەوتی خومان بەخورایی بدەینە خەلکی .

## دامەزراندنی کارخانەی ئاسن تاواندنەوە لەسیاسەتی نەتەوایەتیی ئیمەیە

## نکاتی لە فەرمایشەکانی شاهەنشا

کۆبونەوەی ڕۆژنامەیی‌یێ کە : لەحضوری شاهەنشادا پێك دێ، هەرکەڕەتێ زیاترلەکەڕەتی پێشوئەم ناوکەیەمان چاکتر بۆڕۆناك ئەکاتەوە، کە : شاهەنشا بەتەواوی مانا ، نموونەی ئەـروای نەتەوایەتی، وەپارێزەری شەرەف و ئاوڕۆی گەل لەناوخۆ و دەرەوەی وەڵاتدا بوون، وەهەمیشە سەربەخۆیی وگرنگی نەتەوایەتی‌یان لە پێش چاوبووە، وەلەهیچ بارەیێکەوە لەم کارەساتە گرنگـە کە : ئیـران وەڵاتێکی سەربەخۆیەوە لەتصمیم گرتن بۆپاراستنی سەربەخۆیی، وەبەڕێ کردنی مافی دەسەڵاتـی خۆی‌دا ، ئەبی بەتەواوی ئازادابێ، بچوکترین کاتێ چاوپـۆشی‌یان نەکردووە .

شاهەنشا لەبارەی پەیوەندی‌یەکانی ئێران وروسیەوە فەرمویان.

«کارەسات ئەوەیە کە : وەکو زۆرجاروتۆمەبوێمەدۆستی لەگەڵ هەموو وەڵاتان، وەبەتایبەتی لەگەڵ هاوسێ‌کاندا ، ئەوپش هاوسێـێ کە سنورێکی دوورودرێژمان لـە گەڵ یاندا هەیـە ، بەشێکەلـە سیاسەتی گشتی وەبناغەی معملەکەتداری. ئەگەرلەلایەن هاوسێی

ماوەل ١١

## نالەباری‌یەکانی کومەل

### ((بووك وخەسوو))

-٦-

لەژومارەی ڕابوردوودا، کارەساتمان گەیاندە کاتێ کـە : خەسوخـۆی کردەنەخۆش، کوز بزوای پێ کرد، بۆ کی بانگ کرد کـەبێستەلای کاروباری ماڵـەوە ئێستا درێـژە بەکارەسات ئەدەین . بوك ! داگیپان چی دەفەرموێ؟

ماوە ل ٢

بەپێنوسی: ئاغای «محمدنقی مصطفوی» وەرگێڕاوی: د.ع.

## بلسیکی زانیایی

-١١-

کاسەرێزی سێ‌هەزارساڵەی «حسنلو»
کەچەندنەقشی بەرجەستەی پێوێنەی هەیە

پیروزای زانایێکی زەردەشتیی

لەگوڤاری «هوخت» (ووتاری چـاك) کە نەشریەی زەڕدەشتی یەکانی ئێرانە؛ لەژمارەی مانگی ئەبانی ١٣٣٧ دا ، ووتارێکی زۆر

ماوەل ٦

## چۆن بنووسین وبخوێنینەوە
### کردمومکسادە، کرد، ومی تێکەڵاو

لەسەرباسی‌ژمارەی‌پێشوئەڕۆین:

٣ـ لەزمانی کوردی‌دا ، ڕێگا وایە کەلەووتە (کلام، جملە) ێکدا، کردەوەبێ، وەئەووتە، لە کراوی

## تکا

لەخوێنەرە بەڕێزەکان تکائەکەین: لە ناردنی پارەی ئابوونمانی‌ڕۆژنامە خۆیان نەگرن؛ ئەلبەت‌ئێمە کاتێ ئەتوانین بـەم خزمەتی خۆمانە درێژە بدەین کە خوێنەرە بەڕێزەکانمان دەس گرۆیی‌مان بکەن .

بێ‌بۆنەو بەبۆنەدوروست کرابێ ، بکەرلەسەرەتای ووتە کەوەدائەنرێ،

ماوەل ٢

## لەکومەلا چون بژین؟

### ڕێگـای خوداناسیی
### یان
### طەریقەی عرفان

-٧-

لەدوای هەڵدانی ئەم پێشە کە

ماوەل ١١

**خواهران وبرادران فارس کەعلاقمند بفراگرفتن رسم الخط کردی باشند، صفحە ٧ را مطالعە فرمایند**

## مەتەڵ:

**١ـ سەگ لەگوێرە ڕاناکا.**

مەبەست ئەوەیە ئەگەر کەسێ دەس لەشتێکی باش هەڵ گرێ، ئەڵبەت بێ دەلیل نییە؛ وەبۆخۆی چاکتر ئەزانێ کەئەوشتەبەمەینەت ودەردی سەرە کەی ناژێ.

**٢ـ کەری برسی کەلارە ئەکروژێ.**

کەلارە، دەفرێکە لە سەتیری گاومانگادروسی ئەکەن بۆجێگای ئالفی حەیوان، مەبەست لەم مەتەڵە ئەوەیە کە برسییەتیی وناچاریی هەموجۆرە کارێکی ناشایستەدێنێ بەسەری ئینسانا ؛ وە کەسێ تابرسی نەبێ دەس بەبڕێ کارەوە نادا .

**٣ـ دایە بوینەودوێتە بخوازێتا تۆ نەوی ووڵنگەواز.**

مەتەڵێکی کرماشانییە. دایە: دایك؛ دوێت: کچ؛ ووڵنگەواز: پەشیمانێ کەنەتوانێ لێ بیزێ.

مەبەست ئەوەیە کە کچ هەمیشە وەدوی ڕەفتاروخوخدێ دایکیدا، ئەڕوا؛ وە دایك بۆخۆی هەرجۆر بێ کچیشی وا ئەبێ. وە کەس نابێ چاوە ڕوان بێ کە لەژێر دەستی دایکێکی نەفام وبێ تەربییەت، کچێکی ژیروفامیدە بێتەدەر.

## ئاموژگاریی

گەورەیی وتەوانایی پیاو، لەڕۆژی سەختەڵەتوتەنگانەدا، دەرئەکەوێ.

(حضرتی محمدص)

ڕوی خۆش وناوچاوی ڕۆشن لەوەختی تووش بوونی موصیبەتدا، نیشانەی نەبەزیو گەورەیی ڕۆحە. موصیبەتومەینەت بیروڕا بەتین ئەکا، وەدۆست ودوژمنی پیاودەرئەخا .

(حضرتی علی رض)

لێرە وپاش هەرچاکە وخراپەیێکت دیتەڕێ ئەی «حافظ» خەفەت مەخۆ، وە شاد مەبە؛ چونکوودونیا هەرجۆرێ تێپەڕئەکا:

(حافظ رح)

بەڕۆستیی دونیا هیچ وەخت دڵ ئیامەبە؛ چونکووئەم بێ حەیایە، هەرچەنێ ڕۆژی لەگەڵ کەسێکا کەین وبەینی هەیە .

(سعدی رح)

هەروەها کە بەڕێن لەوەختی لەدایك بوونا بچووك وناتەواوە؛ وەلە پاشان بەخواردەمەنیی وبەخێو کردن گەورەئەبێ، ڕۆحی ئینسانیش ناتەواوئافەریدە بووە، وەبە تەعلیم وپەروردە کردن بەپلەی تەواوی و کەماڵ ئەگات .

(امام محمد غزالی)

ژیانی کەبەڕەنج ومەینەتەوە، دەس پێ بکرێ بە کامیابیی وسەرکەوت دووایی دێ .

(بالزاك)

ژیان ئەگەر بە کاروتێکوشین وتەقالاوە، ڕای بوێرێ؛ سەربەرزو ناوداڕئەبێ. بەڵام لە گۆشەگیریی وژیانی تەکیی، شتێکت دەسگیرنابێ.

(اسویدنبورك)

بەزار و یەك شەو ٢٧٩

زۆرجوانی پێ یاندا؛ وموڵك وباغ وزەوین وکارەکەرو نۆکەری زۆری پێ بەخشین ' وەمەعاشی بۆبڕییەوە؛ وەئەوی کردوبە کێ لەعاودەمانی خۆی. نورالدین بەخۆشی وشاڈیو ئابڕومەندێ ڕای ئەبوارد، تائەجەل بەرماڵی پێ گرت وەمەلی ڕۆحی لەهێلانەی تەنی بۆبەهەشتی بەرین باڵی گرتەوە.

شەهرزاد بەم جۆرە بەسەرهاتی علی نورالدینی دووایی هێنا؛ لەپاشان ووتی : ئەی پادشا! لەم داستانە خۆشتر بەسەرهاتی کوڕانی ئەیوبی بازەرگانە پادشا ووتی؛ ئەوەچۆن بووە؟ شەهرزاد ووتی :

## داستانی ئەیوب وکورەکانی

لەڕۆژگاری ڕابوردوا، بازەرگانێکی دەوڵەمەنێ کوڕێکی بۆ کەڕۆمەتی ئەو وەکو مانگی شەوی چواردە ئەدرەوشاوە، کەناوی «غانم» بۆ؛ وەئەم کوڕەخوشکێکی بۆ کەهێندە جوان ودڵبەربۆ، پێ یان ئەووت «فتنە» کاتێ باوکی ئەوان مرد، ماڵێکی زۆری بەمیرات بۆیان بەجێ هێشت.

(کەچیرۆك گەیشتە ئەم جێگا هەوا ڕۆناك بۆەوە؛ وەشەهرزاد قسەکەی پچری)

## کەشەوی سێ وحەوتەم هات

شەهرزاد ووتی: ئەی پادشای بەختیار! کاتێ بازەرگان لەدونیادەرچوو، ماڵو

م.ص.م.

## لەهەرکولزاری

## کولی

### مەولەویی تاوگوزیی

ماموسای شیرین شۆخ دیدەمەست
نەمەکتەبخانەی مەدرەسەی ئەلەست
دیدەش مەکتەبێ قەدەر سزادا
نیمنگاش تعلیم طفل قەزادا
سەرنوك مژەش مەکردش تەقریر
ڕاستێ پەرێ تیر تەدبیر تەقدیر
تۆیەی تەعلیمش نەواجەتەنێ
ئەڵبەت یاسەرسەخت یابەدبەختەنی

### سیدصالحی کرمانشانی

من له عیشق یار ...

مەست ومەخمورم من اەعیشق یسار
وەختەهەڵ گرم پەردە لەڕوی کار
بێ حیجاب وەخەڵك فاش بکەم ئەسرار
بنمانەوەم پێشان ڕازنیهانی
هەرچی هەس لەپشت پەردەی پەنهایی
پەردەوپەردەدار هەڵ گرم یەك جا
فاش بکەم ئەسرار وە خەلق خودا.
مەعلوم بۆت پێشان نوکتەی حەقیقەت
کەس نەکەی ئینکار ئەهل تەریقەت
تاکەفارغ بۆن لەکێچ گەردوێن
تەکیەدەن وەلوطف ;هەنێەی بێ چوێن
جای نەیڕەنگ نییەن کارخانەی باری
هەروە لوطف ونش بکەرۆکاری
«سەی صالح» ڕسز وەحدەت ئاگاهەن
گوفتەی ئەو کەلام «عبدعلی شاهەن

### مەلا حامدی ئالیجانیی

سەوزە وەشانە ...

ئازیز زلفەکەت پکەروەشانە
باکە بەوێنێ گشت دانە دانە
بەردا دەر ساعەت دوو لەمەیوانە
بکەرۆ وەفەیس هەرکە حەیرانە
ئەوچەم وئەبرۆی وێنەی جەیرانە
مژانت خەدەنگە ئەبرۆت کەوانە
شەست خەدەنگ زەن دیدەی ئەوانە.

ماوەڵ ١٠

بنکەی ژین www.zheen.org

م:ص:م

# بەشی مەولەیی

## پارچەی

### ٣٤

خوداڵی خۆشبۆ لەمپارچەدا ویستویە کەلە ئازیزی ماڵئاوایی بکا، وەبچێ بۆشاری «بانە» ئەنجا، بەدڵیا دێ کەلەئازیزی نامەیێ بنوسێ وە گەردەن ئازادی لێ بخوازێ :

ئەڵێ ئازیزا کاتێ ڕۆیشتنم هاتووەوماڵ ئاوایی دووایمە؛ بەختیاری کۆبونەوەم لەبڕانە وەدایە؛ ڕەنگە جارێکی تر چاوم بەباڵات نەکەوێتەوە؛ کەوابێ، ئیتر دڵت بۆم بسوتێ وەلاییکم بۆ بکەوە، تاساتێ ت بینم و دڵ خۆش بم؛ دەنگی شیرینت بابێتە گوێم، چونکە ئەمە گەشتی دووایمە وڕێگام زۆردورە؛ وەبۆئەو گەشتە تۆشەم پێویستە؛ وەهەرئەنـدامێکم ، تۆشەیێکی پێ ئـەوێ: چاوپێ کەوتنت، بۆتۆشەی چاوان؛ ڕازی شیرینت بۆتۆشەی گوێ و مەیل و میهرێشت بۆتۆشەی دڵم.

ئازیز! دنیای بێ بنیاد، هەروەها نامێنێتەوە، وە کەسێ نازانێ کە سبەینێ چۆن ئەبێ، کەوابێ پێویستە گەردەن ئازادیت لێ بخوازم، چونکو بڕێ جار من تۆم ئازارداوە: ڕەنگە ناڵەی پڕسۆزی دەرونم لەنیوەشەواندا، سەگی ئاسانەتی بێدار کردبێتەوە؛ یـان، لافاوی فرمێسکی چاوانم ، خاکی ڕێگاتۆی کردبێ بەقوڕ، وەبای شەماڵـەی توانیبی ، بی بابۆ مەڵهەمی زامی دڵی دڵبراوانت؛ یاوەکو، دیمەنی جوانی وەك گوڵت، بەڕوانینی من ڕەنجێکی بردبێ؛ وەیان ژێری پێی ناسکی تۆ، لەکاتێکدا پێت نابێ بەسەرچاوما، دڕکـی برژانگمی تێچــە قیبێ، وەئێشی پـێ گەیشتبێ! یاخەیر، تۆبەدڵی من مەزەی مەرگت چەشاندبێ، وەتیرێکت لەجەرگم دابێ؛ یان لەکاتێکداویستبێتت دڵی دڵبراوان کەبەداوی زلفی تۆبەسراونەتەوە، بیانکەیتەنیشانەی تیری ڕوانینی چاوی مەستت، دڵی من لەخۆشی ئەوەدا کە بەتیری تۆزامدار ئەبێ پەلەپەلی کردبێ وەئازاری بەزلفت دابێ؛ وەیان، دڵی منت شکـاندبێ وەتیرت بۆی نەخستبێ؛ وە یان تۆزی کەوشی خۆت بو سورمەی چاوم نەدوابێ؛ کەوابۆ تۆلە من ببورە، وە گەردنم ئازاد کە! وەمن هەرلەزووەوە لەتۆ بوردووم، وە گەردنم ئازاد کردووی؛ ئەوا، ئیتر ماڵئاوایی ئەکەم ولێت دوور ئەکـەومەوە؛ ئازیز! گەڕانی گەردونی چەپگەرد مۆرەی نەردی تاڵـەی منی دا وەشاندووە، وەئەیەوێ بەهەرچەشنێ بووە، من لەتۆ دوور بخاتەوە، بەڵام لەڕوواڵەتدا، شاری «بانە»ی کردووەتە بەهانە؛ وەتاکاتێ کە گەردون بەهانەمـان پێ بگرێ، ئەگەرهەربۆ «بانە»ش دورم بخاتەوە، هەرباشە، وەشوکری پێ ئەوێ! وەئەگەر گەردون هەلی ئەوەی پێم دا کەئەمدڵ خەمینی خۆتە، جارێکی تر بت بینێتەوە، بەڕاستی ئەبێ بڵێم تەمەنێکی دووبارەیە بۆمن؛ وە ئەگەرهەلیشی پێم نەدا، ئیتر یاخودا تۆ خۆشبی؛ وەدیداری ئێمەش ئەبـێ بکەوێتە ڕۆژی هەستانەوە:

ئازیز ! دیارەن واڎەی لـوامـەن

ئەلویدای ئاخر ئـامـا و نامەمەن

دەوڵەتە کەی وەصڵ پانەزەواڵـەن

جارێوتەر دیدەن بـالات مەحاڵەن

ماوەل ٩

## هەراڵەوزەمزەمە

ماوەلەچلێ پێشوو

لە ژومارەی ڕابووردوودا ئەزمان گەیاندە کاتێ کە کوڕی سامان لەقەڵاکـە دا بەرەڵا کرد. ئێستالە سەرپاش ماوەکەی ئەڕوین.

کاتێ کە دەستەی دوژمن بەتەواوی تێ شکان، وەقەڵامان داگیر کرد، ئەوکاتە پێکە وەبەشادی و خۆشیی تاڕوناکی بەری بەیان دەمی ماینەوە، سبەینێ ڕۆزامارو برین دارمان بەڕێ کردە وە، خۆشمان کارقایمی دەورو بەری قەڵاکەمان کرد، گرۆیێکمان لـەوی دامەزراند، وەلەگەڵ کوڕی ساندا بۆهەواری پیرڕۆسەم بەڕێ بوینەوە، وەلەڕێکادا «خالەمەحمود» بەڕوی خۆشەوەقسەی لەگەڵ من دەکـرد. کوڕی سانیش پـرسیی «خالەمەحمود» ئەمە کێ یە وناوی چیی بەو کوێندەری یە؟ کوتیی ئەمە کـوڕی خۆمە؛ کوتی ئەی من بۆنایناسم کوتی ئاخر بەلای خۆمەوەنەبووە لە منداڵی بەوە دەرکەوتە بووەو بۆخوێندن چووە، منیش نەمزاینوە لەکووێ یە تالەم چەندڕۆژانەداهاتووەتەوە، بۆئەم شەڕەلەگەڵ خۆم هانیم؛ هەرچەند پێی دانەئەپەرمیم بەڵام دوبەشی سەر کەوتنمان بەهۆی زیرەکی وخەباتی ئەوەوەبو.

وە ئەوهەنگاوانەی کە لەوشەڕەدا هەڵم گرتبو بۆی گێڕایەوە ، زۆری سوپـاس لەتێ کۆشینەکانی من کرد، منیش کوتم :ئەوی کەمن کردومەشتێك بووە کەئەبووایم کردایێ، کارێکی گرنگ وهەنگاوێکی زیادە لە خۆمم نەگرتووە! ئەنجابـەقسە کردن وجەنگ نامەگێڕانەوە ڕێمان بڕی تاخۆمان گەیاندە وە قەڵای پیرڕۆسەم،

ماوە ل ٩

هەزارویەك شەو ٢٨٠

دارایی زۆرێکی بەمیرات بو کوڕ و کچەکەی بەجێ هێشت؛ کەبەشێ لەوەصەڎبار کاڵای بازرگانیی گرانبایی وەکو خەزو کوتاڵی هەورێشمی وموشك بو، کەئـەو بارانەی بۆئەوەبەستبو بۆبەغدادیان بنێرێ. وەناوی شاری بەغـدادی لەسەریانـەوە نوسیبو. لەپاش ماوەیێ کوڕەکەی ئەوبارانەی بار کرد و کەوتەڕێ بو بەغداد؛ وەبێ بەلاوئافەت گەییشتە بەغداد . ئەوکاتە دەورانی خەلافەتی «هرون الرشید» بو . کە گەییشتە بەغداد، خانوێکی زۆر گەورە وچاکی بەکرێ گرت؛ وەبەفەرشی ڕەنگاو ڕەنگ هەموهۆدەکانی فەرش کرد؛ پاڵشتی حەریرودیبای پاڵدابەدیوارەوە؛ وەپەردەی ئەطڵەس وزەڕی بەدەرك وپەنجەرەدا ئاویزان کـرد. لەپاشان بارەکانی کردەوە ، جنسەکانی هەڵچنی. چەند ڕۆژی پشوی دا وحەساوە. پیاوە گـەورەکانـی بەغـدادو بازرگانەکان ئەهاتن بۆدیدەنی. ڕۆژێ بوخچەیی کاڵای دابە نۆکەرەکەی، بردی بۆبازار؛ وەخۆیشی بەشوێنیدا ڕۆیشت کەبیفرۆشێ. بازرگانان کۆبونەوەلەدەوری، سەلامیان کردوزۆر حورمەتیان گرت؛ وەئەوجا دەلاڵباشی بانگ کـرد، کاڵاکـەی فرۆت ویەك بەدوقازانجی کرد؛ وەلەقازانجە زۆر کەیف خۆش بو، وەهـەربەوجۆرەتا ساڵی کاڵای ئەفرۆت. ڕۆژێ کە سەرەتای ساڵی تازەبو، هاتەبازار ئەنـوازێ دەرکی قەیصەریەیان بەستووە؛ پرسی کەدەنگ وباس چی یە؟ ووتیان: یەکێ لەبازرگانەکان لەدونیادەرچووە؛ وەهەموبازرەگانان دەرکی حوجرەیان بەستووە؛ وەڕۆیشتوون بۆسەرخاکی ئەو؛ ئەگەرتۆیش ئەتەوێ لەم ئەوابەبێ بەش نەبێ، بڕۆ بـۆسەرخاك . غانم پرسی: ئەوەردووە ناوی چی یە ومالی لەکوێ یە؟ پیاوێ ماڵی بازرگانی لـەدنیا دەرچوی پێ نیشاندا. غانم ڕۆییشتەماڵەوە سەرجەنازە، وەلەوێوە لەگەڵ خەڵکەکەدا ڕۆییشتن بۆ مزگەوت، نوێژی مردوبان خوێند؛ ئەوجا جەنازەیان هەڵگـرت و

بنکەی ژین www.zheen.org

# کوردستان

## بەشی کرماشانیی

بەپێنووسی:
سیدمحمد سعیدغیرت

وەرگێڕاوی :
د . ع . م

# نمایشنامەی

### زماوەنی «سید یعقوب»

## فیروزەوفەرهاد

## پەردەی چوارەم

### «سید یعقوب» بۆحەمام ئەڕوا

بەیانی پێنجشەمەیە ؛ «سیدیعقوب» چاوەڕێی کەلانتەرە ؛ لەپڕ کەلانتەر ئەکا بەدەرگاڎا ، لەپاش سلام وچۆن‌وچاکی، سیدیعقوب‌ئەڵێ: کەلانتەر ! بلێ‌بزانم دەنگ وباس‌چی‌یە ؟

**کەلانتەر** : ئاغا! خوانچەی‌سپیاڵ‌وهەمووشت ومەکی‌پێویستمان بۆماڵی حاجی‌مراڎ ناردووە ' هەرئێستامنیش بۆخۆم ئەڕۆم بۆئەوێ ؛ ئەلبەت ئێوەش ئێستا تەشریف ئەبەن بۆحەمام ؛ پاش‌ئێوەڕۆ تەشریف دێنن بوماڵی حاجی‌مراڎ . (لەپاشان کەلانتەر خودا حافظی‌ئەکا و ئەڕوا )

**سیدیعقوب** : ئاهای نجف ... نجف !

**نجف** : بەڵێ ... بەڵێ... ئاغا !

**سیدیعقوب** : زوبوخچەی‌حەمام‌وسپیاڵەتازەکان‌ئەبەیتەحەمامی تیمچە ؛ شارەزای ؟ وەهەرلەوێ‌بە ، تامن‌بێم .

(نجف ئەڕوا وسیدیعقوبیش بەشوێنی‌ئەوا ئەڕوا)

**پەردەئەکەوێ ودەس بەجێ ئەدرێتەلاوەنێوکوڵان پیشان ئەدرێ ،**

لەکوڵانا دەنگی ناڵەوگریان ئەبیسرێ . سیدیعقوب‌ڕائەوەستێ کەبزانێ ئەوناڵە لەکوێوە ، دێ ، وەلەبەرخۆیەوە ئەڵێ : ئاخ! ئەمە ناڵەی کێ‌یە ؟ ئەم‌ناڵە کەدڵی پیاو ئەکاتە کەباب ، ناڵەی‌عیشقە ؟ ناڵەی هەژاری ودامااوی وبێ‌خان ولانی‌یە ؟ ئایا ناڵەی باوك وبرامردوو ودڵ سوتاوە ؟

لەپڕ ئەنواڕێ ، جەوانێکە سەری ناوەتە قەڎی دیوارەوە، زار زار ئەگرێ ، وەبەسۆزەوە بەبەزمی هەی‌لاوەلاوە ئەم شعرانەئەخوێنێتەوە.

کز کسزدانیشم لەپای دیواران
زەنجیروە گەردن چون گوناکاران
دیت‌چۆن کۆسم کفت‌چۆن‌زەنگم‌زڕیا
دەسم لەدامان دۆسەکەم بڕیا
خوڎای‌بان سەر زۆرداربکەیت کوڕ
دۆسی باشم بێ ، بەردنی وەزۆر
ئاخ ... ئاخ ... جەرگەکەم ! عەزیزەکەم !
هەی‌داڎ! هەی‌بێداڎ! کەس‌دیارنی‌یە
کەس لەدەرد کەس، خەوەردارنی‌یە
یەشەرط ویەبەین ' یەئیقرارت بی
لەڕوژ هەوەڵ ، کسی زۆردارت بی

هەر کەس من‌وتۆ، لە یەك کردەوە
ناڵەی بات لە بان گران دەردەوە
هی‌لاوە لاوە بەرخە کەم لاوە
ئەڕای دۆسە کەم جەرگم کەواوە
ئەوەنڎ صەور کردم،صەور لەلێم‌بڕیا
ماڵ صەور بڕەێ ، پەردەی دڵ‌دڕیا

**سیدیعقوب** :ئاخ!ئاخ!چ‌ناڵەی‌سۆزانێ؟چەفرمیسك‌عیشقێ؟چ‌دەنگێکی جەرگ‌بڕ؟ بەڕاستی هەر کەس عاشق ومەعشوق لەیەکتر ببڕێ ، خوڎا بەدەردی گران' ئەوگاری‌بکا !

جوانەکە هەربەودەنگە وبەم‌بەزمەئەڵێ :

تف وەشەرت ژن ! تف‌وەوەفای‌ژن !
خوەت‌قەسەم‌خواردی،شۆبکەیتەمن
خوڎا بسێنێ حەقم لەباوەت
خوەم‌جەورت کیشام کی‌نیشتسایەت؟

**سیدیعقوب** :ئەڕواتە پێشەوە ، نزیك ئەبێتەوە،دائەنەوێ، دەستێ ئەنێتە سەرشانی کوڕە جوانە ، نەناسراوەکە، ئەڵێ: جەوان ! جەوان ! براخوشەویستەکەم ! چی‌یە ؟ چیت‌لێ‌قەوماوە ؟ بلێ‌بزانم‌دەردت‌چی‌یە؟ براکەم بەخوڎا تۆجەرگت کرد مەخوێن ، ئاگرت تێ‌بەردام .

**جەوان (فەرهاڎ)** سەربەرزئەکاتەوە، بەحاڵێکی پەشێووئاڵۆزی‌یەوە ، ئەڵێ: سەیید ! تۆدەردت چی‌یە ، کەدەس لەمن‌هەڵ ناگرێ ؟ لێم گەڕێ ،کارت چی‌یە بەسەری‌منەوە . ماڵی‌تۆم خواردووە ؛ ماڵی تۆم بردووە ؛ بۆبەڕۆ لێم بەرناڎەی ؟ وەدیسان بەدەمی گریانەوە بەبەزمی (هەی‌نار) دەس پێ‌ئەکا وئەڵێ :

شەلم ، شکستەم، لەڕێ هاتمە
لە سای ماڵەی کەرچ هەڵاتمە

**سیدیعقوب** : بەمیهرەبانی‌یەوە ، دێتە پێشەوە، دەستی‌جەوان ئەگرێت ؛ وەهەڵی ئەسێنێ وپێی‌ئەڵێ : ئاخربەسە، بەسە ! ئیرە سەرە ڕێ‌یە ، هەستە سەرخۆت ! بزانم تۆ کێیت ؟ دەردت چی‌یە ؟

**جەوان** : (بەگریانە توخوڎا‌لێم گەڕێ ، دەستم لێ‌هەڵگرە !
بیلابابمرم هەروەی زەردەوە
سەربنیم وەبان سەنگی سەردەوە

**سیدیعقوب**: ئەی جەوان ! برای خوشەویستم ، هەستەسەرپێ ؛ دەردی‌دڵی خۆتم بۆبڵێ. لەم‌نێو کوڵان‌وسەرەڕێگاوە‌لەمەزیاتر گریان‌و شیوەن مەکە! هەدردێکت هەیەبۆمی بڵێ ؛ دەردنی‌یە، دەرمانی‌نەبێ .

**فەرهاڎ** :

خوڎا ! داڎ لە دەس زبان بەڎگۆ
تۆ کەفتی لەکۆ، من کەفتم لەکۆ؟

**سیدیعقوب** : (بەگریانەوە) ئەی‌جەوان شێت‌ودێوانەت کردم، ئاخرمن شاعرم، بوخۆم منیش‌عاشق بێشەم. ئەم ناڵەی تۆیەلەدڵی‌منا لەخەنجەر وشمشێر کاری‌ترە، ئیتر بەسەابۆخاتری خوڎا، هەستەلەگەڵ من‌وەرە !

**فەرهاڎ** : (هەربەودەنگی تێکەڵ لەگەڵ ناڵەڎا)

دایك خەو نەیرم بکەرۆ شینم
لەباوك ظاڵمت بسێنۆ خوینم

ماوەی ١١

## بوپی کەنین

### ئیشتباله‌کوپەڎایە

دوو کەس پێکەوە لەسەرشتێ شەڕیان‌بوو' سکالایان بردبۆلای حاکم.یەکێکیان شەو کوپەییەکی پڕ کرد لەبەردە ووردەوهێندەی دوقامکی‌لەسەرەوەخاڵی بوشانێ هەنگوینی‌تێ‌ناو بردی‌بۆماڵی‌حاکم؛ حاکم کەچاوی‌بەکوپەهەنگوین کەوت'دەس‌بەجێ حوکمی‌نووسی بۆی‌ودای بەدەستیەوە. لەپاشان کە کوپەیان‌بردە ژوورەوەخاڵی بکەن، وەحاکم تەماشای کرد کە تەنیا شانێ هەنگوین‌وا، لەسەرەوە ، وە ئیترهەربەردە،زۆرئاڵۆزبوو؛بۆسبەینێ ناردی‌کابرایان هێناوپێی‌ووت: حوکمە کەم بڎەرێ ئیشتباێکی تێدایە، دروسی بکەم! کابراووتی : جەنابی حاکم ! لەحوکمەڎا، ئیشتبانی‌یە،ئیشتباله‌کوپەڎابوو.

### چاکیی گوێز

ژنی‌ژیرلە پێ گیرابوو؛ مامان‌و ژنانی دراوسێ‌لەدەوری کۆبوبوونە. وە؛هەرکام دەستوورێکیان‌ئەڎا، کە ژنەزوو بزێ ونەجاتی ببێ. بەڵام‌ژن هەرئەی ناڵان وهاواری ئەکردو منڎاڵەکەی لێ‌ی نەئەبووەوە.

لەم‌کاتا ژیرلەهەستا، سێ‌چوار دانەگوێزی هێناونایەژێری‌داوێنی ژن‌ووتیان:کابرائەوەچی‌یە؟ووتی: مردووتان‌مرێ، ئێوەهیچ کام‌نافامن. ئێستامنڎاڵەکەچاوی‌بەوگوێزانە ئەکەوێ وبەپەلەلەسکی دایکی دێتەدەروە بۆگوێزان کردن.

---

## تلفن ٢٥٥٠١

## چاپ اختر شمال

بنکەی ژین
www.zheen.org

وەرگێڕاوی هۆنراوە بەنرخەکانی زانای مەزن جەنابی

«قدس نخعی»

## لەلایەن هونەری بەناوبانگی کورد

## ((ماموستاشیخ سلام))ەوە

=٨٩=

بێیادی ئێمەتێ پەڕیزەمـــــان
پڕدەرد وئەفسوس ، بــێناوونشان
دەفتەری‌ئێمە (با) پەڕیوتی کـــرد
هەمو هەرئاهەو فەریادە و فوغــان

=٩٠=

لەقەبرا لەنوێ جوان ئەکە مۆدڵ
زیندوی‌ئەکەمۆ بەوەصلی‌یەك گوڵ
بەڕۆژ گوڵ دینم بەشەو ئەی کوژم
خەندەم بەدڵ‌وچیمــەنو بولبــوڵ

=٩١=

ساقی یادمان قەت بەدڵ نــــــاکا
موترب بۆئێمە دەفی دەنگ نــادا
ئەم چەرخە کەوا مەرگی بنیاد نــا
بۆچێ بنچینەی تێك نادا خودا ؟

=٩٢=

بۆج ناهمیێدی لەڕەنــج ولەغــەم؟
تۆخۆت ڕەنج بەری لەزیاد و کەم!
هەرچەنێ لەچەرخی چەرخەنانی‌تو
بەڵام لە خاکی لاشەی کەی وجەم

=٩٣=

ساقــی ! شەرابـێ دەخیلــە شەوە
بێهۆش بم چونکە هۆشیاری‌ئەوە
کەی بەبێ‌شەراب، خەوتن‌خەوتنە؟
لای‌من هەرخەوی‌سەرخۆشی خەوە

٩٤

تۆلە فــڕوفێڵ سوێی ناچێــژی
بوبنای‌حرست، قەت‌ڕەنگ‌نەڕێژی
بادنیا بەزۆر هەمو هی تـــــۆبێ
چەنێچڵ گیالە سەر قەبرت‌ئەنێژی

٩٥

ساقی! فدات‌بم دەی‌ماچ ومەی‌بێ!
ئارەزوی دڵــی ڕەنــدان بینەجــێ
دینا چەنێ تاجی شاهــانی فــڕان
ئاشبڕەمەو ، یەکدان ویــەکێ‌پــێ

---

وەرگێڕی پێشەك وڕاستکەرەوەی‌هۆنراوەکان:م.ص.م

# کنزالعرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین‌ووتار ((میرمحمدصالح‌حسنی نعمت‌اللهی))

**ملقب‌بە«حیرانعلی‌شاه»ی کرماشانیی**

لەساڵی ١٣٢٤ش، لەلایەنی زانای‌بەڕێز « محمدحسن‌حیرانی » (صارم‌السلطنه) لەچاپخانەی **کاوە** لە کرماشان ، بۆدووەم جار لەچاپ دراوە.

پێشەکی چاپی یەکەم

............................................

ئەوذاتە ئەگەرچی بەزمانی فارسیش هۆنراوی هۆناوەتەوە، بەڵام زۆرتری هۆنراوەکانی بەزمانی کۆردی‌یە کە کۆ کراوەکەی بەناوی‌ئەم دیوانە ئەخرێتەپێش‌چاوی‌خوێنەرە بەڕێزەکان. لەم کاتەدا کەبەزواری کۆچی حەزرەتی ڕەسوڵی ئەکرەم (ص) گەیشتووە تەهەزاروسێ‌صەد و سی‌وشەش ، وە(سەرکاری‌عەظەمەت وجەلالەت مەدار' ئەمجەدی،ئەفخەم، ئەرفەعی عالی : «محمدحسن خانی صارم‌السلطنه، ئەمیر تومــان» دام اجلاله‌العالی)دوروست کەری‌بارەگای‌حەزرەتی«مظفرعیلشا»ی کرمانی وەحەزرەتی «حەیران‌علیشا»ی کرماشانی، قدس سرهما، کەلەدڵگەرمی وخۆشەویستی ئەوذاتەدا ، بەشێکی زۆری‌هەیە ، وەئەیانــەوێ بەهــەر ڕێگایێ کەبۆیان ڕێك کەوێ، بۆمانەوەی ناوی گەورە وشوێنەبەنرخەکانی ئەوجەنابە، خزمەتێ لەخۆیانەوە ، نیشان‌بدەن بەدڵێکی‌پــاك و باوەڕێکی بەتینەوە بۆچاپ کردنی دیوانی هۆنراوانی ئەوان ، خۆیان ئامادە کردەووە(١)، وەئێمەش لامان‌وایە ، بەگوێرەی ویستی بەهێزی خۆیان‌لەوخزمەتەداپیرۆزئەبن‌هەروەهاش‌لەدووایی دیوانەکەوە، بڕێ‌لە پارچەهۆنراوەکانی‌موریدانی‌ئەوذاتەش کەلەبارەی‌جێگاوڕێگای بەرزی خوڎا ناسی و ذۆوخذەی یەزدان پەسەنێی ئەوانەوە ، ووتویانە ، چاپ کراوە .

لەیەزدانی گەورە پیرۆزی وسەرکەتنی هەمو برایانی دینی لــە ڕێگای‌خوڎا ناسی‌دا، داوائەکەین، وەهیوامان وایەهەمۆمان‌لەگێڕاوی وەیشومەی‌ئارەزوی ئەهریمەمەنی بپارێزێ .

---

(١) بەوچەشنەکە لەم پێشەکەدا ، بۆمان دەرئەکەوێ ، لەچاپ دەری جاری‌یەکەم‌ودووەم هەرجەنابی «صارم‌السلطنه»ی کرماشانی‌بووە، بەڵام پێشەکی چاپی‌یەکەم خۆیان نەیان نوسیوە .

هەروەها کە ئەوجەنابە لەپێشەکی چاپی‌دووەم دا گەیاندویانە ، پێشەکی چاپی یەکەم لەلایەن‌جەنابی «علینقی‌میرزا»وە، نوسراوە ، وە کۆ کردنەوە ولەچاپ‌دانی لەلایەن خۆیەوە بووە .

خوێنەری بەڕێز ! ئەگەر بەووردی ئەوپێشەکانەت خۆێندبێتەوە، بۆت دەرئەکەوێ کە خاکی پاکی کوردستان ، چ پیاوانێکی‌تێداشارا. وەتەوە ، وەئەوشوێنەبەنرخانەیان، چۆن وەکوڕۆژی ڕوناك لەئاسمانی وێژەیی جیهاندا ئەدرەوشێنەوە .

ماوە ل ٥

---

**باسیکی...**

ماوەی ل١

وورد بەپێنوسی ئــاغــای «اردشیر جانیان» زانای‌زەردەشتیی‌لەژێری سەردێری «کاسەی‌زیرینی‌حسنلو» دا نوسراوە، نەقشەکانی‌زوی کاسەی ناوبراوبەرانبەرلەگەڵ‌ئەومەبەستانا ئەزانێ کە لەئەوستادا سەبــارەت بەئایینی«مهرپەرەستیی»نوسراوە. لێرەدا بەجێ‌ئەزانین کەبەشێ لە نوسراوەکەی ئەوان بــەم جۆرە بۆئێوە بگێڕینە وە:

« کاتێ کــە ئێمە تــەماشای «مهریشت» ئەکەین کەیەکێ لە تێکە زۆر کۆنەکانی ئەوستایە،وە لەنــەقشی زوی کــاسەی«حسنلو»-دا، بەووردی لێ‌ئەکۆڵینە وە، بەم ئەنجامە ئەگەیین کە ئەوەی لە «یشت»ی' ناوبراوا سەبارەت بــە «مهر» ویارانی مهروشەڕی‌ئەوان لەگەڵ پەیمان شکێنەکــان‌ودرۆ زنەکاندا هاتووە' لەگەڵ نەقشەکانی‌ئەم کاسەدابەرانبەری‌ئەکات:

بەم جۆرە کەعەڕابەسوارەکان بریتین‌لە :

١- عەڕابەی‌یەکەم کەسوارەکەی هاشێوەی‌فریشتەی‌باڵدارە، وەشەلاخێ بەدەستەوەیە، فریشتەی «مهر»ە؛ وەدوعەرابەسوارەکانی‌تر یارانی‌مهرن، یانێ‌فریشتەی«سروش» وفریشتەی«رشن» کەبەپێی‌نوسراوەکانی ئەوستا هەمیشە لەگــەڵ فریشتەی «مهر» دا، ئەگەڕن .

٢ - ئەو کچە کــە هاتوەتــە پێشوازی‌ئەوان فریشتەی «چیستا» (ئایین وزانیاوی)یە، کــە ئــاوی بەڕێزیانێ‌ئاوی «هوم»بەفریشتەی «مهر» پێشکەش ئەکا؛ وەلەبەرابەریەوە، جۆگەئاوێ لــە دەمی گاکەوە دا ئەپەڕێ.

وە ئەمەش بۆخۆی‌نیشانــەی کاری «مهر»ە؛ چونکوبــەوجۆرە کەلە ئــەوستادا نوسراوە، یەکێ لە شوێنەکانی خەیروبەرەکەتــی فریشتەی «مهر» ڕاپەڕین بەپێچەوانەی‌ووشکی‌یە؛ وەئاوەڕۆی‌زۆری نیعمەتە .

٣- ئەودوکەسە کە بەرانەکان لێ ئــەخوڕن، وەوان لــەشوێنی فــریشتەی چیستا (کچــە) وە،

www.zheen.org

# خودایارت بو

**دانراوی زانای گەورەی کوردخوذالێخۆش بوومەلا«عبدالله»ی دشەیی«مفتی»کوردستان**

لەژمارەی «١٨» لەباسی چوارمەلائکەی گەورەذا ، شعرێ بەهەڵە لەچاپ دراوە، وەشعرێکیش کەوتووە ؛ ئەمەدروستەکەیە :

جبرەئیل ئوستـاد پەیغەمبەرانــەن
عزرائیل قابض گشت گیاندارانەن
میکائیل مەئموورزۆزي ئوممەتەن
ئیسرافیل مەئمور ڕۆی قییامەتەن

## بەشی دووەم فروعی دین

فەرعودینیمان عـەمەڵ کەردەیــەن
تەکلیفوخـوذای کار ئاوەردەیــەن
ئەحکـام وخوذای زانەیـی مننەت
واجب وحەرام، مەکرۆە وسوننەت
پەنجەمین دوباح تەکلیف تەمامەن
قەبوڵ تەکلیف دین ئیسلامەن(١)
جەواجبی مان ڕوکن وئیسلامــی
موطلەق وواجب پەی خاص وعامي
ئیجراوکـەلیمـەی شەهاذەتیــەن
بنچینە وبنـای سەعـادەتیـــــەن
نمانە وڕۆچێ پەی خـوذاوەنـذی
زەکات وحەججەن پەی دەولەمەنذی
تەرك وحەرامی ، واجیبەن داییـم
جەودما تـەوبەی دوروست وقـاییم
« دایم الاوقات » پەی موسولمانـي
واجیبەن تەوبە هەم پەشیمانـــــي

(١) یانێ دینی ئیسلام بریتی لەوەیە کەمرۆئەم تەکلیفانەقبوڵ بکا ؛ وەبەگوێرەی ئەوانە ڕەفتاربکا ؛ حەرام بەحەلاڵ نەزانێ ؛ وەئەگـەر کارێکی حەرامی کرد ، بزانێ کەگوناى کـردووە ، ئـەوکاتەئەبێتـە موسولمانێکی گوناکار ؛ ئەگەرنەکەسێ کارێکی حەرام بەموباح بزانێ؛ پێی ناوێژرێ موسولمان .

### کنزالعرفان

ماوەی ل ٦

خوذالێخۆشبوو«حیرانعلیشاه»ی کرماشانیی، کەیێچووەشێرێکەلەشێرکۆڵەکانی کوردجگەلەپایەی بەرزی خوذاناسی یان یەکێکەلەوزۆڵەکوردە نەتەوەپەستانەکەلەمەڵبەندی کرماشانداچرای ڕوناکی وێژەی کوردی یان هەڵ کردووە ، وەهەزاران دڵی تاریکی بێ هەستی نەتەوایەتي ونیشتمان وپەستی یان بەپرشەی ئەوهۆنراوە جوان ودڵرفێنانەی خـۆیانە، ڕۆشن کردووەتەوە، وەهەتاهەتایە، ئەوچرا پڕشۆڵەی ئـــــەوانەلەدڵاندا ئەبـرۆسکێتـەوەوەهەستی نەتەوایەتیی ئـەوذاتە پایەبەرزە ، بۆهـەر کوردێکی نەتەوپەست وخوێن خاوێن ، ڕابەروڕانمایێکی بێ وێنـە و نەبڕاوەیە .

م.ص.م

# دستور خواندن و نوشتن کردی

**عده‌ای ازخواهران برادران فارس زبان که مایلند برسم الخط کردی آشناشوند باین مطلب توجه فرمایند:**

**میدانیم که کلمات فارسی بوسیله سه حرکت زبر وزیر وپیش وسه حرف «الف» و«واو» و«یاء» تلفظ میشود. وچون حرکت در نوشتن نماید تلفظ صحیح کلمات بستگی باشنائی قبلی دارد، و این نقیصه موجب اشکال بزرگی درزبان فارسی شده . ولی رسم الخط کردی این اشکال رامرتفع ساخته، وکلمات تنها بوسیله حروف تلفظ میشوند. حروف صدای کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .**

**١- (ە) که بجای زبر میآید. مانند: «سەر» (سر) «سەروەر» (سرور)**

**٢-(ی) که بجای زیر میآیدمانند: «جیهاز»(جهاز)«کیتاب» (کتاب)**

**٣-(و) که بجای پیش میآیدمانند:«گول»(گل)«بولبول»(بلبل)**

**٤- (الف) که بجای الف میآیدمانند: «باغ» (باغ)**

٥- (ۆ) که بجای «واو» میآیدمانند: «بۆد»(بود)«زۆد»(زود)

٦- (ێ ي) که بجای «یاء» میآیدمانند: «بید»(بید)«دەوید»(دوید) «مەردي»(مردی)

**٧- (ۆ) که صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»**

**٨- (ێ) که صدای یاء مجهول میدهد : مانند «کێ» (که) «چێ»(چه)**

٩- (ۊ) که مخصوص لهجه کرمانشاهی است وصدای (U) میدهد. مثال آن درلهجه کرمانشاهی «ئۊشم»(میگویم) «داشتۊت» (داشته‌باشد)

**(١) حروف «ها» و«واو» و«یاء» بی علامت ممکن است اصلی باشند.مانند:«هەمسایە»(همسایه)«وورود»(ورود)«یەك»(یك). برای فرق میان هاء اصلی واعراب، هاء اصلی را دوچشم واعراب رایك چشم می نویسند .**

**(٢) همزه را همیشه باینصورت ( ئ ) می نویسند . مانند : «ئەحمەد»(احمد)«ئوطاق»(اطاق)**

**(٣)درکردی گاهی روی حرف دال ولام وراء علامتی میگذارند وباین شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) که در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام وراء مفخم میگردند.مثال آن درکردی:«فەرهاڎ،دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کر یعنی پسر)**

**(٤) الفبای کردی یك حرف بیشتر ازفارسی وعربی دارد که عبارت از«ڤ» میباشد . البته تلفظ این حرف درفارسی زیادست، ولی با«واو» عربی مینویسند. مانند «ڤەلی» (ولی) «ئـەڤـاییل» (اوایل) .**

**(٥)دررسم الخط کردی حروف مشددرا دوتا مینویسند.مانند «ئەڕڕە» (اره) «بەڕڕە» (بره)**

**(٦) درکردی کلمات راهرطور تلفظ میکنند مینویسند، البته کلمات بیگانه را مشمول این قاعده میسازند ؛ ودیگر اشتباهی بین حروفیکه مخرجشان نزدیك است واقع نمیشود ؛ مثلا صفحه را اینطور مینویسند : «سەفهە»**

# خوێنەرە بەڕیزەکان!

**لەپاش سەلامێکی گەرم وخاوێن ، ڕۆژنامەی کوردستان نەمامێکی جووان وتازە ڕواوی باخچەی وێـژە و ڕەگەزی کوردە ، نیازی بە چاودێری و یارمەتی دانی براکوردەکانە ، تکامان وایە بۆپەرەپێدان وبەڵاوەی ئەم ڕۆژنامەیە،هەوڵ بدەن کەخوێنەری ئەم نامە جووانە کوردی یە کە ئایەنەی بیروباوەڕی نەتەوایەتی ووێژەیی کوردەکانە زۆرتر بێ تاوەکوو، بەم بۆنەوە ئێمەش بەدڵێکی گەرم وبەتینەوە بتوانین بەخزمەتی خـۆمان درێژە بدەین. لەدووایی داتکایە، هەموو جۆرەیەبە تـوووتاروهۆنراوێکمان بۆبنێرن وبیروباوەڕی خۆشتان لەبارەی نووسین وڕێك وپێك کردنی ڕۆژنامە کەمانەوەدەربخەن، زۆرسوپاس تان لەکەین لێترهەربژین .**

## باسێکی ...

ماوەی ل٦

ئەوانیش لایەنێك گیرانی مهر ، یانێ «داموئیش اویمن» و«هاونان»ن ، کە بەرانەکانیان بۆپێشکـەش و قوربانی، هێناوەتە پێشواز.

(لەمەوەدەرئەکەوێ کە قوربانی لەبەرپێ موسافیردا، لەمێژەوە بـە میراتی بە ئێمە گەیشتووە)

٤- ئەوکەتەکـەلـە ژێـری عەرابەی یەکەمیندا هەیـە، بـۆ دانیشتنی فـریشتەی مهرئامـادە کراوە .

٥- نـەقشی شاهین (هەڵـۆ) درۆشمی ڕەسمي ئاریاکان بـووە، کەلکانی کچێ بەوەوە، ئەم مەبەستە ئەگەیێنێ کە درۆشمی شاهین لەو ڕۆژکاری سەرەتایی خـۆیـەوە ، گوڕاوە؛ وەئەوەهی دەورانی دوایی تر، یاهی ئەودەستەلەئاریاکان بووە کە بۆجیاوازیی خۆیان شاهین و ئینسانیان پێکەوەلکانـدووە. وە کێشك کێشانی سەربازلەلای چەپەوە گرنگی پایەی ئەوئەگەیێنێ. صەحنەکانی ترڕاپەڕینی لایـەن گیرانی «مهر» لەبەرانبەری پەیمان شکێنەکـان ودرۆوێژەکانـەوە ، ئەگەیێنێ کەبۆدڵ خۆش کردنی «مهر»، وەبۆئەوەبەرەکەت وخۆش بەختی یان بۆبێ، بۆبەربەرەکانێ ڕاپەڕیوون - بـەم بۆنەوەیە کـە فریشتەی مهرودۆهاوڕێ یەکـەی هەمیشەلەجێگای بەرزەوە ئەڕۆن؛ وەتەماشای کردەوەوڕەفتاری خەڵکي ئەکـەن . ئەوانە کـەدرۆوێـژ و پەیمان شکێنن، تۆشی خـەشم و غەضەبی فریشتەی مهرئەبن و بـە کەیفەری سەخت ئەگەیێن.خەنجەرو و کەوان وباقیی چەکـەکان ، وە شێروشێروان وئەوژنە کەلـە سەر کەتەوە دانیشتووە ، ومنداڵێکی لە بەخەڵدایە، ئەوەئەگەیێنن کە لەڕاگرتنی پەیمان وشەڕلەگەل دوژمنتن وپەیمان شکێنەکاندا ، هەموپێکەوە تێکۆشیوون .

ئەمەبۆئەوەمە بەستانەی کە لە نەقشەکان ئەزانرێ، وەلە«یشت»ی، زۆر کۆنی «مهر» پشانۆسراوون،

بەشی کوردیی شمال

# کوردستان

لاپەرەیی ، بوهەمووجار

## هنەك نوکتیت فەرمایشا شاهەنشا

جواتێك جەریدەئی کۆحضورا شاهەنشادا پێك تینن هەموجارێ ژجارا دیترچێتر حەقیقەتێ ثابت وەئاشکەرا دکەت، کۆشاهەنشاه بەمەعنایەك تەواو مـەظهەرا روحا میللەتی یێ وە نوبەدارێ ئاورۆ و حەێ سییەتا دەرەوە وەناوخویـە مەملەکەتێ بۆیەوەهەمێشەچـاو دێرێ سەربخویێ یا تەواو ئیرانێ وە غرورییا میللیێ بـویە وەچ جار وێمـەسئ لا خـودان هەمییەتدا کۆئیران دەولەتەك سەربخویەوە قرار گرتن دابوژا گرتناسەربخویی وەعەمەل هینانا حەقـێ حاکمیێ یا خوداتەواو ئازادبیت ، چجاریێرا خونابەت، شاهەنشا بارادان ئیستا ندنائیرانێ وەشورەوی دائەمر گرن، مەسئەلە ئەوە کۆ مە چەند جاران گۆتییە،

ژبومە دوستییا هەمۆمیللەتان خاسما جیناریت مـەوە ئـەوژی جیناریێ کـۆسینورەك زور درێژ گەل مەهەیی ناوسیاسەتا تەواوە بنەکانا مەملەکەتێ مەدایە

ئەگەر ژلای جنیارێ خودان قاوەت وشەمالیەمە مەیلادوستی یێ گەل مەهەبیت .

دێلایی مەوەژی مقابلدا ئەو مەیل هەیە وەئـەمـی وی بارێدا هەجەهدان بکەن .

ئنتاسی تشتەك دوێت بێتەفکر گرن ئەوژی ئەوەیە کۆئەم چجار سیاسەتا خـویا دەرەوەدا پێگاوا ضدێ حەقـێ حاکمییا خودانارا کەن وچ جارژێ مەئـەو پیگاوە نەراکرینە

وەئەم نەشین چ دوستایـەتی یێ پێوێ قیمەتێ بکرن وەئەم حاضری داناوێ قیمەتێ نینن

وێ گاوێ نێزیکـە کۆمەمۆ

## کونگو وەکوما ییکاتییا میللەتان

داناسەربخویی یێ بۆدەولەتەکی بچوکە ئەفریقایی وەئالوزیەوە ئنقلاب، ڤێمەملە کەتێ دا، نەدویابیتەمەسئەلینەکی مابەینا میللەتادا، مخابن بەرئالوزییا کۆ دونیایێ دا هەیی،وەژ کۆبەرانا، کۆلەهەمو کونج قەراخیت دونیایێ دا دەست پێ بۆیی، مەسئەلە کە بچوکەوەکی مەسئەلا کونگو، ژبوعەمەل هاتنا سیاسەتا زوربێژیێ بویـەبهانـە، وەضعەك هینابینە وجودێ کۆبوصولحا ئەفریقایێ وەدونیایێ باش نینە .

دەولەتیت بن دەست هێدی هێدی ئازاددبن وەچ دەولەتەك سەربخو دونیایێ داپەیدانابیت کـۆبشێت ژحەقێ حاکمییاخو دەرباس بێت

من ئمێد هەیە گەل هـەخاطر جەمی یێت مەدایـێ وە گـەلوێ هندێ کۆ ئصولا ماقول نینە کـە سەك فکـر کـەت کۆ مـومکینە ژلایێ ئیرانێ خەطەرەك بوچ یێك ژمەملەکەتان خاسما دەولـەتەك بینابێکاتییا جەمـاهیر شورەوی بەبیت.

بنێشادان ئیستا ندنامە گەل ڤێ جیناریێ مەزن سەرئیستونادوستایەتی وەصەفا وەدلوجان راوەستیت :

پێ وان فەرمـایشانە شاهەنشا مەیلادلێ خوبو چیبۆنادان ئیستا ندناباش مابەینائیرانێ وەشورەوێ دائاشکەرا گرن وەمەسئەلا سەر بخویێ وە عەمـەل هینانا حەقێ حاکمییا میللی جارەك دیتر ئەمر گرن وە گوتن کۆئیران چجارژ سیاسەتاسەراستەخو کۆبەرخاترا مەصلیحەت وەدوواهییاخوو گەل فکر کرنا قەرەیێت رابهوری یێ هاتێ دانان دەرباس نابیت وەدەست لێ ناهێلیت،

شاهـەنشا وەکـی سیاسییەك زاناوە دوربین مەیلاخو ژبوچەك دانانا سەراست پێ چاودێـری وە ضامنی یەك لازم وەتەواو ئاشکەرا کرن

وەگوت ئەگەر مەسئەلاچەك

دانانا دونیایێ نەبیتەچـەکاخوش کرنا ئاگرێ شەرێ دەوکـی وە ئیر یشێیت تەبلیغاتی تەنێ ئامانجا مـرووەوە میللەتێت صولـح خازە دونیایی یە

لێ بەلێ پێ ئاخەوتنێ وەبی یی نیەتاباش وەفدیهما سەراستیوە گەل وێ هندێ چاودێـری یاتەواو وە دەقیقەوەبی یی ضامنییا تەواوحەل بوناوێ مومکیـن نینەوە ئارەزویا میللەتێت دونیـایێ مخصـوصاً میللەتێت وەکی ئیرانێ گەل بێ طەرفی یێ چەند جاران صەدەما شەرێ طام کرییە وەبـو گەهشتنا ئامابخێت خومیحتاجی ژحەتییەك تەواولەقـەراخێت خـووەمـەمـو دونیایێ دایە بەروێ هندێ یە کۆئەو مەسئەلا موهیمە ساخییادونیایـێ زوژە کـێ بگەهیتە حەقیقەتێ وە دەولەتێت خودان قاوەت بەرخاترا ژاگرتنا تەمەدونێ وەبەلکەهەبییا بەنی ئادەمان وێ بارێ دا گەل یێك تەواوپێك بێن ،

وەهەموژوژێ ئاستەنگێت تازە وێ رێکێ دا نەچێکەن، وەئەگەر ژاستی ژی عەقیداوان باراهەیی یا بەنی ئـادەمان داهـیە، وەژشەرێ تێت دترسن

دوێت زوتر بوحـەل کـرنـا مەسئەلا چەكدانانێ ریکە کی عاقیل مەندی پەیدا کـەن وەدونیایـی ژترسێ وەوەهەمێ خیلاص گـەن بەهیویاوێ روژێ

ڕێوەبەرێت مەغرۆژ هەمو دەمان، وەخاسما پاشێ تێك چوناجواتا سەراکان پاریسێ دا، جەهد گرینە کۆ هەمییەتا خۆناۆ دەولەتێت بچوك دازیدە کەن .

چاکترین ڕێکاجی هاتناوێ مەقصەدێ ژی هاریکاری یا ئاشکەرایە ئقتصادي بۆیە.

وەضعا کۆ کۆبایی دا هاتی پێش، وەئالوزییا کـۆ وێ دۆواهـی یێ کونگودا ژحەتییا خەلقێ ڤێ مەملەکەتێ تازەهاتی دانان نەهێلایی ژی، نەتیجاراستەراستە، سیاسەتا عەمەل گرنا مەغرۆ ژی یێ یە.

پاشێ کۆ سەربخویی یا کونگویێ هاتەدان . هنەك نیزامی یێت بیلژیکی وێلایەتا کاتانگایێ دا مانەوە ، وەمابـەینا دەولەتـا کونگوو دەولەتا بیلژیکێ بەرخاترا وێ هندێ کۆ نیزامی یێت بیلژیکـی دوێت کاتانگایێ دەر کەۆن یان بمی نن، ژ کوبەرانێ پەیدابو، وەحەل گرناوێ ژکوبەرانێ زور زەحمەت ژی نەبو دەولەتا بیلژیکی کۆپێ سەربخویی یا کونگو ژاضی ببۆ، چجار حاضر نەدبو کۆپێ راگرتنا نیزامی یێت خو عەردێ کونگودا ئیشکلان چێ کەت، وەکی گوتەنی باشی بلاوبونا سەربخویی یا کونگو هنەك مرووێت وێدەرێ، ئیریشەك تیژ ـــر نەسەر ئاوروپایی یان ، وەهند قەدەر کولان لـەوان طاری گرن ، کۆ گەلەك ژبیلژیکی وەئاوروپایی یێت کونگوەانییەت گرن کۆوێ دەرێ دەر کەون وەبچنەدیەرەوە، وەهنەك ژی لەوان لێکدانێت ئەوێـل دا هـاتنە کـوشتن، بەرخاترا وان پێش هاتییانە، دەولەتا بیلژی کێ ژبومیحافیظا حـەقێ تابعێت خونییەت کربۆ قاوەتێت خویێت نیزامی، بوەعدەکاتانگایێ دا بهێلیت، وپاش کۆشول کەتەشورا هیمنی یێ، کۆمامیللەتـان ژی بـو- میحافظە کرنا هیمنی یا کونگو قاوەتێت نیزامی ڕێکرنەوێ مەحالێ، وێ گاوێ دەولەتا شورەوی دەست هاوێتە نەرەفتاری یێ ، وبەلاو کرکۆ نابێت کانادا قاوەتێت نیزامی بن فەرمانا کۆمامیللەتان دا ژێکەتە کونگو، چونکی یێکاتییا دفاعییە ئەتلانتیکا شەمالی دا ئەندامی هەیە، گەلوێ هندێ گوت کۆدەولەتا شورەوی حاضرە نیزامی یان ژێکەتە کونگـو لەحالەکێ داکۆ دەولەتا شورەوی بخوژی ئەندامێ یێکاتییا نیزامییە وەرشوییە، وەئەگەر ئەندامی یا یێکاتی یێت نیزامی، مانعـی ژێکرنـا قاوەتییە، بو کونگو، نەدبودەولەتا شورەوی پێش نییارەك هوتو کربا .

پێ وەعدێت ڕیوەبەرێت شورەوی سەراکێت تازەشولـە کونگوبـۆ نەدۆ دەستە وە کێشە کەتەمابەیناوان دا، وێ گاوێ بەرخاتراوێ بێ تفاقی یێ وەدۆدەستە بۆنێ یە، کوهەر حەوتی یی ، دەستەیەك ڤێ مەملەکەتێ دا تێتەسەرشولێ، وەوەضعەکی تیکەل هاتییە پێش کۆ مەعلوم نینەدوواهی دێ چ لێ بێت .

یێك ژمەسئەلێت خودان هەمییەت کۆدێ جواتێت تێکـراوییە کومامیللەتاندا سەربێتە ئاخاوتن ئەومەسئەلا کونگـویە، وەکۆمـا میللەتان گەرەك بەرعەکسی خەباتێت هنەك دەولەتان کـۆجیهـدێ دکەن لەکونج قەراخێت دونیایێ دا ئالـوزی یێ پێت بینن، دوێت هنەك قەراران دەرێخیت کۆبێشاییکا وان جورە ئالوزی دەتێکەلیانەبگریت، وەنیشابدەت کۆ کۆما یێکاتییا میللەتان کۆمەك ژاستی یە، بوهێمنی وە ژاگرتنا صولحا دونیایی، وەوەختی خودا دشێت پێ هاریکاریادەولەتێت ئەندامێ خو، وەسیلێت ژاگرتنا صولحێ پێك بی نین ،



بنکەی ژین
www.zheen.org

## همراله

ما دی ل ٤

کاتێ که گه‌یشتینه پێشه‌وه، دیمان که‌هه‌مۆ گــه‌وره‌وبچۆ کی به‌رماڵــه ویشت ماڵــه به‌پێشوازمانه وه هاتون، ئه‌وشه‌وه‌شمان له‌وێ ڕۆژ کردمه‌وه،سبه‌ینێ‌شادیانه‌ی ئه‌م سه‌ر که‌وتنه‌یان دانا ژن وپیاوي هۆزخۆیان ڕازانده وه؛ڕه‌ش به‌ڵه‌ك گیراتهقه‌ی‌سڕناوده هۆڵ وده‌نگی گۆرانیوچه‌پله‌ورزی‌ده‌مانچه‌وفیژه‌یٚ گۆله ونر که‌ی ده‌نگ دانه‌وه‌ی که‌مه‌ره‌وخرنگه‌ی‌لۆله‌وزه‌نجیرو که‌مه‌ره‌ده‌نگی دابووه‌یه‌ك بۆ نی‌دوزڵه‌ائی‌ء‌نبه‌رفامی نازك نه‌وهالان ومیخه‌ك به‌ندوسملۆ کیسلّه پیاوي خه‌وش ئه کرد، هــه‌رجووانێکی ده‌نگ‌خۆش به گۆرانی‌وئاوازی‌داۆدی خۆیه‌وه که‌یف وشادی ده‌رئه‌بڕي،هه‌زاران‌دڵ ودۆس وعاشق وماشق‌کامی‌دڵیان له‌یه کتری وه‌رئه‌ گرت، له‌کاتێکا چه‌نــدین‌تیري دڵ‌دۆزی ماشق له‌ که‌وان ده‌رئه‌چۆ، وه‌له کورۆ کي‌دڵي‌دڵداری‌ئه‌دا، منیش‌له‌لایێکه وه‌شادبۆم، له‌لایێکی دیکه‌وه تاسه‌ی «شاپه‌سه‌نده» تاساندبۆمی، له‌لایێکی‌دیکه شه‌وه سوسه‌ی هیوای نزیك بۆنه‌وه‌ی دیداری یاری نازارلـه دڵي‌پڕله‌ کوڵي ئــه‌داوفێنکی ئه‌ کرده‌وه، به‌ڵام هیچ‌له‌وشادی‌یه‌دابه‌ش دارنه‌بۆم چونکــه دڵي دێوانــه‌ی منیش‌هه‌ر که‌ڵکه‌ڵه‌ی ئه‌وه‌ی بۆ که شاپه‌سه‌ندیش«بۆواێ‌له‌وشادی‌یه دا،وه‌منیش شادی فه‌تحم به‌شه‌رابي پیاڵه‌ی چاوانی ئه‌وه‌وه گوڵی بکردایێ، به‌ڵام داخه کم ئه‌مه‌م نه‌بۆ، لــه کزی‌دا وه کوهه‌مه‌تیبولەلایێکه‌وه کزم کردبۆچونکه له‌پیاڵه‌ی مه‌یی‌خۆم‌دۆربۆم، وه‌هه‌رله‌وخه‌یاڵه دا به‌سه‌رم ئه‌برد که : که‌ی بیوبتوانم به‌خزمــه‌تی بگه‌م، وه‌دیــده به‌دیداري ڕۆن که‌مه‌وه .

ماوه‌ی هه‌یه

بنکه‌ی ژین
www.zheen.org

همزاو یه‌ك شه‌و ۲۸۱

بردیان بۆسه‌ر قه‌برستان گه‌ئه‌سپه‌رده‌ی بکه‌ن، ئه‌نواژن له‌سه‌رخاکه‌و، که‌س‌وکاری مردۆ، چادریان لێ‌داوه، وه‌شه‌مع وچل‌چرایان ڕۆشن کردووه؛ وه‌عودیان‌خستووه‌ته، نیوی‌ئاگردان. کاتێ که‌مه‌ردۆیان به‌خاك ئه‌سپه‌رده کرد؛ قاري‌یه‌کان ده‌سیان کرده قورئان خوێندن، وه‌بازه‌ر گانه‌کان هه‌مۆ له‌نێوچادرا .دانیشتبۆن غانم‌له‌ڕۆی‌هه‌ڵ نه‌ئه‌هات که‌ته‌نیا خۆی‌له‌نێوی ئه‌وانا هه‌ڵسێ بگه‌ڕێته‌وه ، نــاچار لــه گه‌ڵ‌ئه‌وانا، تاشه‌و دانیشت. ئه‌وجانانــــــی شێویان هێنا ، خــواردیــــــان و ده‌سیان شۆرن؛ به‌ڵام غانم‌بن ئه‌ییۆب ، بیری هه‌ربه‌لای ماڵه‌وه‌بۆ؛ چونکۆ ماڵه که‌ی چــــــۆڵ‌بۆ؛ وه‌ئه‌ترسادزبڕۆن ماڵه که‌ی ببڕن وکاڵاکان ببه‌ن . به‌م بۆنه‌وه خۆی پێ‌نه گیــرا دانیشێ ، له‌خه‌ڵکه که ئیزنی وه‌رگرت وهه‌ڵسا هاته‌ده‌ره‌وه، که‌وته‌ڕێ تا گه‌ییشتــه به‌ر ده‌روازه‌ی شار، ئه‌نوازێ‌ده‌روازه‌شارداخراوه؛ وه‌هیچ که‌س به‌وده‌ورا نی‌یه؛ بێجگه له‌قوزه‌ی صه‌ك‌وزوزه‌ی چه‌قه‌ڵ ده‌نگێکی به گوێ نه‌ گه‌ییشت؛ ووتی: ته‌ماشای ئه‌م به‌ ته‌ته ! من‌ئه‌ترسام که ماڵم بڕوا، له‌وێ هه‌ڵسام ، ئێستا گیانیشم که‌وته، مه‌ترسی‌یه‌وه . وه‌چاوه‌چاوی کرد که‌جێگایێکي‌په‌نا گاه ، وه گیربێنێ،شه‌وی‌تێدازۆژ بکاته‌وه چاوی که‌وته قه‌برستانی که چوارده‌وری دیواری به‌رزبۆ؛ وه‌دارێکی گه‌وره و پــه‌ل وبۆدار و کۆن له‌سه‌رقه‌بره‌کانه‌بۆ؛ ته‌ماشای کرد، ده‌رکی قه‌برستانه‌که، نه‌به‌سراوه وه‌تاکه ،ڕۆییشته ژۆره‌وه ، ویستی بنوێ ، له‌ترساخه‌وی لێ‌نه که‌وت ؛ وه‌سام‌نیشته دڵی ، هه‌ستاوه هه‌رخۆی ، ڕاوه‌ستاوچاوی بڕی‌یه ده‌ره‌وه‌ی قه‌برستانه که ئه‌نوازێ له‌دۆره‌وه ، ڕۆشنایی‌یێ دیاره ، له‌قه‌برستان هاته‌ده‌ره‌وه ، ڕۆ به‌ڕۆشنایی که‌وته‌ڕێ، ئه‌نوازێ ئه‌وڕۆشنایی‌یه ، وا له‌سه‌رڕێگای قه‌برستانه که‌وه ؛ وه‌بۆسه‌رقه‌بره کان‌دێ؛ ترساو گه‌ڕاوه بۆنێوقه‌برستان وده‌ر کی قه‌برستانی ژه‌ندوشه‌وژه‌نی‌داخست؛ وه‌خۆی

به‌شی ...

ماوه‌ی‌ل٤

سا، دڵــم وه‌ش کــه‌روه ئیلّتیفاتێ
بڎیه وه‌لاوه بــــــوینۆت ساتــێ؛
بابه‌یۆ شنۆی شیریــن ڕازه کــه‌ت
گۆش ده‌رۆلاڎی‌مه‌ینه‌ت گازه که‌ت
ئاخر سه‌فه‌ره‌ن ڕاخه‌یلــێ دۆره‌ن
مه‌نزڵ بــێ‌پایان تــۆشه زه‌روره‌ن
دیێت تۆشه‌ی‌چه‌م،مه‌یلت‌تۆشه‌ی‌دڵ
ڕازت‌تۆشه‌ی گۆش‌مه‌نزڵ‌ئه‌مه‌نزڵ
کێ‌زانۆ چۆن‌بۆئه‌ی دنیای باڎي؟
بابه‌یۆ نه‌به‌ین گــه‌رده‌ن ئــازادي:
من‌شه‌وێ ناڵه‌م جۆش ئــاوه‌رده بۆ
سه‌ کی ئاسانــه‌ت بێڎار کــه‌رده‌بۆ
یاناسته‌بۆ سه‌یـل دیــڎه‌م نه‌فــه‌سێ
نه‌سیم گه‌رد ڕات به‌رۆپه‌ی که‌سێ
جه‌مینت زه‌حمه‌ت نگام کێشابــۆ
که‌ف‌پات وه‌خارمــــــــڕه‌م‌ئێشابۆ
یاخه‌یر تۆدابۆت‌وه‌دڵ‌مه‌زه‌ی‌مه‌رگه
بشه(۱) خه‌ڎه‌نگت‌دابۆنه‌تۆی‌جه‌رگه
یا که‌رده‌بۆ دڵ‌دێوانــه‌ی دڵته‌نگ
وه‌خت‌نیشانه‌ی دڵان‌په‌ی خه‌ده‌نگ
په‌لــه‌ل‌پــه‌ی ذه‌وق ڕامــێ وه‌تیرت
ئازاردا بــۆتـای زڵــف زه‌نجیرت
یامه‌ڕده‌بۆت دڵ‌دێــوانه‌ی دڵگیر
جه‌تیر ئه‌نڎازي که‌رده‌بۆت‌ته‌قسیر(۲)
یانه‌ڎابۆت تــۆز گه‌رد پاڵا کــه‌ت
په‌رێ‌سورمه‌ی‌چه‌م گه‌ردباڵا که‌ت(۳)
تۆ، بویــه‌رجه‌من ، مــن زۆویه‌ردم
هیممه‌ت بۆ،(٤)هاژارمه‌حرومیت‌وه‌ردم
چه‌پگه‌ردپه‌ی‌دۆري‌شانامۆره‌ی«نه‌رد»
وه‌ظاهر «بانه»ش وه به‌هانه که‌رد
تافه‌ڵــه‌ك لێمان نــــــه‌به‌هانه بۆ
ئه‌رهه‌ر «بانه» بۆبــاز شوکرانه بۆ
ئه‌رفرصه‌تش‌دا پــه‌ی‌دڵ خــه‌مینت
عومرێو دۆباره‌ن جاریو تــه‌ردێنت
وه‌رناستش ئازیز ! تۆوه سلاّمــه‌ت
که‌وته‌ن ئه‌ودیوان‌سارای قییامه‌ت

(۱) ڕه‌نگه ؛ له‌ڕیشه‌ی «شیای» کردمه‌ی‌ناته‌واوی التزامی‌یه؛ له‌شێوه سۆراني‌دا به‌مانا ووته‌ی «بگه‌ره» یه که بریتی‌یه‌لــه «ڕه‌نگه» : مومکینه. (۲)ئه‌م هۆنراوه‌له‌ڕووالّه‌تدائه‌وه‌نا گه یێنێ که‌ببێته‌مــۆی‌دڵ ئازاری ئازیز، مه گه‌رمانا که‌ی‌والێ بکه‌ین که دڵی مه‌وله‌وی داوای‌له ئازیز کردبێ که‌تیرێکی بۆبخا، وه‌ئازیر له‌وداوا کــردنــه. نازه‌حه‌ت بۆبێ، وه‌ئازاری پێ گه‌یشتبێ(۳) ئه‌م‌هۆنراوه‌ش وه کۆ هۆنراوی پیشۆ ئه‌بێ‌مانابکرێ‌ئه‌ گینا، دڵ‌ئازاري ئازیری‌تێداده‌رنا که‌وێ، هه‌روه‌هاش «گه‌ردباڵا که‌ت» جێگای‌لێ کۆڵینه‌وه‌یه؛لام‌وایه،ئه‌م‌نیوه‌هۆنراوه‌ده‌ستی خواردبێ، وه‌ڕاسته که‌ی گوم‌بۆبێ(٤) ئه‌مواته له‌باتي «خوڎاحافیظ‌بێ، ده‌وڵه‌ت به‌زیاڎ مالّ‌ئاوا» به‌خوڎات ئــه‌سپێرم ، لاوشه‌وه‌ش ، بنیشدێ بخه‌یر» به‌کاربراوه .

### لەهەرگولزاری گوڵێ

ماوەی ل٣

فیرقەی عاشقان مـەست ودێوانـە
مەماڵن وە چـەم خـاك ئەوئاسانە
تەشریف وە باڵای دیـدەم بێرانـە
وەرنەتەن خـەستە ومالـم وێرانە
(حامد) نەدارۆ تـــــمواناى تانە
لـەدەورت گێڵۆ وێنەی پەروانـە

## وەلیی دیوانە

ماوە لەژمارەی ٢١

هۆرداروت بـەزۆت بـەوجامازەوە
بەو جامـازەی خاس پـڕجیازەوە
مەتەرسوون کە نامێکت نەنگ بیۆ
جەوبابەت زوان بابۆت لەنگ بیۆ
ئەرصەد بێمالم بـێپارە وبێ پـوڵ
من ویـانـەی هیچ کام نـەدارۆ قەبوڵ
هەرتا زیندەنان نـەزۆی سەربسات
داییم وەمەیلت مـــــە کەروقنیات

ناتەواو

## هونەرێکی نەناسراو

باڵچەم هۆردا نەرگس نەی دەمدا
چ خەیربـێ تۆ چـەم نیای وەهەمدا
خەمان پەژاران مەینەتـان ئیشان
هەریۆ پەی وێشان یەخەم مە کێشان
من وەئارەزۆی بـــــالای تۆشادم
ئاخر نائـومێد هـەرژەنج وەبـادم

## احمد بەگی کوماسی لەمەولەوی نووسیوە

ئەربۆ پـڕۆرێ وە مـــــەلاڵەوە
یاواوەلای تـــــۆوە شەمـالـەوە
ئانەبۆ پـڕۆز سۆتەی جـەرگەن
مەعلوم بۆ «مەعدوم»! واذەی مەرگەن
جەنامای جـــــواو جەبێ وەفاییم
هەرچێت فەرماوان، ڕاستەن بێنایم!

**خوداڵی خۆشبوو «مەولەوی»ش لەوەڵامیا ئەمدوو هۆنراوەی خوارەوەی نووسیوەتەوە**

گۆیا خـەلاصیت نەدڵ ئـاوەردەن
اظهارئامای مـەرگ وێت کەردەن
ئەی پەی وێت نەبۆدۆسە کەی گیانی!
صەدپـڕۆز بەیـــــۆ تۆهەربمانی

# چووارقوژبن

**لابەلا :**



١ـ ئازایی وکرژ وکۆڵی لە کردنی کاردا ٢ـ «صیغەی امر»ی بێڕێگا (مخالفی قیاس)، لەمەصدەری «هاتن» ٣ـ لەمەتەڵەدا ئـەڵێن : کەولەوشوێنەدائەگیرێـ بەفارسی، «سی»، یابرا گەورەی «پێنج» ٤ـ شاری «لار»بۆ، بەڵام بۆمـەلەرزە دای لێ وکاولێ کردـ «امر»، لە ڕیشەی «کردن» ٥ـ شمشالی فارسیـ بۆڕ کردن لەسەرڕاسی یادرۆبی قسەیێ ٦ـ ئەی خەنەسەرملی گا وجوتی، پێ ئەکەن ٧ـ چێشتێکی کوردی لەژستاندا.

**سەربەرەوخوار:**

١ـ خەنجەری، مەشهوررـ٢ـ خوارـــنی پێگی گا یا ڕەشی چاو ٣ـ لەمەتەڵـ دا ئەڵێن: پیاوتانە گڵێ نابێتەئەرـ «بێل»ی سەرشکاو ٤ـ لەهەورامیدا، بەمەعنای «بەر» ـ دۆستێ، کەلەدۆستی بزەنجێ، ئەوەی لێ ئەکا ٥ـ ئەگەرسوارێ، لەسەری مەیداندا زۆتر گەڕایەوە، وەڕەفیقەکەی تێشکا، ئەڵێن ئەوەیدا ـ ئەگەرهەراڵە بێ، گوڵاڵە سۆرەیە ٦ـ دەفرێ کەکای تێ ئەکەن بۆبار کردن ٧ـ چەنێشەو.

### کراوەی چووارقوژبنی ژمارەی ٦٧

**لابەلا** : ١ـ دیااکو ٢ـ هەیە ٣ـ پك ـ شەغر ٤ـ کلاێ ـ شڕە ٥ـ نالی بن ٦ـ یارا ٧ـ کەڵکەڵە .

**سەربەرەوخوار** : ١ـ پکنیك ٢ـ یەکلا ٣ـ امـ کلیل ٤ـ ایشـ یاك ٥ـ وەهشـ زە ٦ـ غربال ٧ـ وەڕەز.

هەزارویەك شەو ٢٨٢

ڕۆیشتەسەردرەختەکە؛ وەبەترس ولـەرزەوە چاوی بڕی بۆە ڕوشنایی یەکە، ئەنواڕێ هەرنزیکی قەبرستان ئەبێتەوە؛ لەپاش سەعاتێ گەییشتە پشتی دەرکی قەبرستانەکە. غانم تەماشای کرد کەسێ کەس قوڵەڕەشن ؛ دوانیان پێکەوە صنۆقێکیان هەڵ گرتووە ؛ وەئەوی تریان پاچ وتریشتەو فانۆسەکەی وابەدەستەوە . لەپشتی دەرکی قەبرستانەکەڕاوەستان وتەماشایان کرد دەروازەداخراوە. یەکێ لەوانە کەسەرێکی صنۆقەکەبەسەری شانیەوەبۆ، وەکەوتبوە ، دواوە ، بەوی‌تر کە لەبەرەوەبۆ ووتی : صەواب ! بۆچی دەستێ نانی بەدەرکەوە بکرێتەوە بڕۆینەژۆرەوە ؟ ئەو، وەڵامی‌داوە: کافۆر ! ئێمە ئێوارە لێرە بۆین ، دەرکی قەبرستانەکەمان بەتاك هێشتبوڕۆییشتن؛ ئێستاکە بەسراوە ئەلبەت کەسێ بەشوێنی ئێمەدا هاتووە؛ ڕۆییشتووەتە ژۆرەوە ؛ وە دەرکی لەڕۆی خۆی بەستووە . ئەوی‌تریان کە فانۆسەکەی هەڵ گرتبۆ ؛ وەناوێ ئەڵماس بۆ، ووتی: ئێوەنازانن کەبڕێ کەس لەخەڵکی بەغدا کەبۆ گەشت وسەیران لەشاردێنە دەرەوە ، وەشەوئەکەونە دێروەخت ودەروازەی شار دائەخرێ، ناچار پەنا دێننەئەم جۆرە جێگایانە ؛ وەدەرك لەڕۆی خۆیان ئەژەنن ؛ وەلەئێمە ( قوڵەڕەش ) ئەترسن ، کە نەوەکو ئەوان بگرین وبیان کەینە کەباب وبیان خۆین . صەواب و کافۆر ووتیان : ئەڵماس ! تۆڕاست ئەڵێیت ، وەلەئێمەژیرتری . ئەڵماس ووتی : زەنگە ئێوە بەتەواوی باوەڕبەم قسەی مەنەکەن ، تادەرکی قەبرستان بشکێنین وبڕۆینە ژۆرەوە ، وەتۆشمان لەکەسێ ببێ . بەڵام لامۆایەئەوکەسە کەلێرەبووە، کاتێ ترۆسکەی چرای لەدۆرەوە کردوەتەچاو ، ترساوە وچووە بەقەدی ئەمدارەدا . غانم کەلە سەردارەکەوە، ووتوویژی ئەم قوڵەڕەشانەی بیست ، لەدڵی خۆیاووتـــــی :

**لە کۆمەڵا**

وەیل ۱

ئەبێ بزانین کە لەبەرچی یە، گیانی ئەندامی تازبزەوپێزەی لاشەی ئەندامە، نە کەونەکار، ئاگای ـەهیچ نییە، وەهیچ شتێ نـازانی ؟ بۆوێنە، تاناوی فیسار کەست نـە بیستبێ ناوی نازانی، وەیان چاوت پێ نە کەوتبێ نای ناسی؛ وەیان تا ئەلف وبێی زمانێ نـەخـوێنی ، ووشەو ووتەی ئەوزمانە فێر نابی.

بۆڕۆناك کردنـەوەی ئەم باسە گرنگە، تائەوجێگا کەئـاوەزی ئێمەی پێ گەیشتووە ئەڵێن: ئەو هێزە کەپێی ئەڵێین گیان، هەرکاتێ بەگوێرەی یاسای سرشت ، لـە پەیکەری مروڤادامـرکا؛ وەلـە چوارلای لاشەدا زیندانی کراە، وە کۆهێزێکی کارەبای لێ دێ کەلە دەزگای مەکینەی کارەبادا بەسرابێتەوە جیهانە بگرینە پێش چاووتۆزێ لێیان بۆڕۆشن کردنەوەی ئەوەش ئەڵێین:

پاش ئەوە کە زانیمابەهەر کارێ کە مرۆڤ بیکا گیانی ئەی کا ، وە گیانیش هێزێکە تائێستا بۆهیچ کەس نەناسراو، دێینەوە سەرئەوە کە بۆچی هەمۆ کەسێ بـاوەڕی بەبوونی گیانی خۆی هەیە؛ وەئەگەر پێی بڵێی تـۆ گیانت نییە زۆر سەری سڕ ئەمێنێ، وەئەگـەرپیاو بەشێت نەزانێ، لای وایـە دژوێنی پێ ئەدەی؛ بەڵام هەمۆ کەسێ باوەڕی بە گیانی ئەم جیهانـە بەڵاجەوێ و بێ سەروبنەنییە؛ وە ئەگەربـەلای کەسێکەوە، بڵێی ئەم جیهانە گیانی هەیە، یانێ خۆدای هەیە، پیاوئەکا بە کێوا، وەپێی ئە کەنێ، وەلـە دڵێ خۆیدا گاڵتەی پێ ئە کا ؟!

ئێمەئەگەر کوتـەکانی ئـەم ووردبـبینەوە، بۆمان دەرئـەکەوێ کە هەریەکێکیان صەدقات لـە پەیکەرولاشەی ئەوکەسە کـەئەدا بەزێری گیای ئەم جیهانەدا گرنگ ترو گەورەترە! بۆوێنە ، پەیکەرو تەنەی بنجە گیایێ لەناوی باغێکدا تەماشائە کەین وە لە کاتیکەوەئەو بنجە گیایە کـە تۆبووە ، وە تـا گەیشتووەتەئەم ڕادەیە کە گوڵی ڕەنگاورەنگ و گەڵای جوانـی دەرهێناوە، ئەی گرینە پێش چاو، ئەووەختـە بۆمان ڕۆناك ئەبێتەوە، کەئەوبنجە گیایە بەچ سەختی یێ گەیشتووە تەئەم پلەیە، وەچەنـد ڕێگای سەخت وتاریکـی بڕیوە، لەژێری خاکدا، چۆن ژیاوە، لە دەستی گیان لەبەرانی ژێرخاکی یەوە، چۆن دەرچووە تابارانی بـە سەر' باریـوە وخـوساوەتەوەوچە کەرەی کرد ووە؟ چۆن لە ژێری قوڕەوەسەری دەرهێناوە وچاوی کەوتوە بەجیهانی ڕۆشن؟ لەسەرما وگەرما چون خۆی پاراستووە ؟! لەژێری پێی گیان لـبەران ولە دەمی ئاژەڵان چون خۆی ڕزگار کردووە؟!چەندتێنوێەتیی وبرسی یە تیی کێشاوە، لە بەرسەرما گژهەڵ هاتووە ولەگەرما داسیساوە؟!، تا گەیشتووەتەئەوڕادەیـە کە ئێمە بەتەماشا کردنی دڵشاد ئەبین وبە بۆن کردنی گوڵە کانی دڵمان دائەمرکێ و بەچاوپێ کەوتنی چاومان ڕۆشن ئەبێتەوە .

ئەوبنجە گیایە کە ئەوهەمووە ڕێزە کاریەی تێدا کراوە، یە کێکەلە ئەندامەبێ نرخەکان وبێ قابلەکانی پەیکەری ئەم جیهانەمەزنە کەبڕێ کەس ئەمـەنـدەبێ بیروتـێ نـە گەیشتوون باوەڕیان بەبوونی گیانی پەیکەرێکی ناتەواییوە کوخۆیان هەیە، بەڵام، ئەدەن بەژێری بوونی گیانی پەیکەرێکی وەها گـەورە و سەرسڕ کەری ئەم جیهانە بێ سەرو بنەدا !

---

# دیاریی خوێنەران

زانای میژووزانی بەناوبانگی کورد، «شیخ محمد مردوخ» ناسراوبە (آیةالله) لەماوەی ئەمساڵا بەسەرهاتی خۆی لەپارچەشعرێکی فارسیدا؛ بۆدۆستێکی ئەنووسێ ؛ لەپاشان ، هۆنەری گەنج و خۆش وێژی کـورد «نافع مظهر» بەم جۆرە وەری ئەگێڕێتەوە ؛ وەبەناوی دیاریی بۆئێمەی

**ئەی پیریی ! پیرت ـتێ**

من کە مەشهوورم لەئێرانا ، بەزانین وحکەم
ئێستەخەستەوزارو داماووم، لەژێر باری سقەم
سوستو بێ هێزەبەدەن، نەی ماوەدەم نوطق وبەیان
ئاولەچاوم جاری یەوقەد، وەك کەوان نوشتاووخەم
ڕۆمەتم چرچ وعەبوسە' معدەموحتاجی فلوس
کۆ کە وەك دەنگی خورۆسە. گامزیرو گاەبەم
تامی هەنگوینم لەزارا تاڵەوەك ژارو کنین
حورعینم لا' ڕزا تاڵە وەکـوودێـوی ستەم
سامعەم قورس و گرانە، باصرەیشم ناتەوان
بۆ لچی گۆڕم ئەیا، پەنجەی زەمانەش دەم بەدەم
محت وپابێ هێزوتینەوقەلص وبێزارم لەژین
چاوبەڕێم، چۆن لێ ئەدا، دەستی قەزابۆمن ڕەقەم
ئەم وجودەم بۆ کەسێ نەی بۆ ئیفادەونەفع وسوود
جائیتر سوودی چ بۆ کۆشیین؟نەبم، یاهەر کەهەم
ڕۆیشنم زۆرچاکترە بۆبارەگای ئەودلبەرە
پاك لەهەرشۆڕوشەڕە' جەولانگەی لەوح وقەڵەم
تازەی دایکی نیشتمان ڕۆڵەی وە کۆمن کەی ئەزێێ؟!
پیاووژن بۆمەرگی من بێشك ئەڕێژن ئەشکی غـەم

۳۹/۶/۲۱ سقز نافع مظهر

---

**ماوەی سەروو نار**

ماوەی ل ۱

بەدەستەڵاتی لاڕۆرۆمانەوە، بۆدۆستي لە گەڵ ئێمەدەستدرێژ بکرێتەوە ، بێ گومان لەلایەن ئێمــە شەوەبە دەستی دۆستي وەڵامي ئەدرێتەوە، وەئێمەلەوبارەوەهیچ لەتی کوشین بۆدۆستي، خۆمان نا گرین.

بەڵام ئەوەندە هەیە ، ئەمەش ئەبێ بڵێین ، کە : ئێمەهیچ کاتێ لەسیاسەتی دەردەوەی خۆمانا ، هەنگاوێ کە پێچەوانەبێ لە گەل دەستەڵاتی گەلی خۆماندا هـەڵ ناگرین ، وەهیچ دۆستی یێ بەوەها قیمەتێ ناکڕین؛ چونکەهەر گیز حاضر بەدانی واقیمەتێ نەبوین و نین ..

ئەمڕۆ تەواوي گـەلانی داگیر کراوخەریکن سەربەخۆئەبن، وە هیچ وەڵاتێکی سەربەخۆ لەجیهان دا نی یە' کەبتوانێ لەمافی ئاغایی خۆی چاوبپۆشێ ... ماوەل ۱۲

---

**نمایشنامە ..**

**ماوەی ل ٥**

**سیدیعقوب** : تۆخوڈا گیانە کەم! زیادتر لەمە ئاگر لەدڵم بەرمەدە! دەردەدارەدەردی دڵی دەردەدار ئەزانێ: (ئەوجاژێری باڵی ئە گرێ، بەهەرجور بێ بەرزی ئەکاتەوە، وەلە گەڵ خۆیا ئەی باتە سوێنێکی خەڵـوەت) وەپێی ئەڵێ: جوان! بەخوداو پەیغەمبەر وئیمام سوێنت ئەدەم، بێ پەردەدەردی خۆتم بۆبڵێ !

**فەرهاد** : ئاخرئاغاسەییدا تۆ کێیت؛ چیت لە گیانی من ئەوێ .

**سیدیعقوب** : براگیان!ئیتر هێندە خۆت کزودا ماووهەژارپیشان مەدە. توجەوانی، گەنجی' بۆتۆئەم حاڵەنەگە . دەردی خۆتم بۆبڵێ، بەخودای گەورە' بۆدەوای دەردی تۆهەرچی ببێ، وەلەهەر کوێ ببێ ، تاپای گیان ومالم ئامادەم لەڕێگایا دای نێم . ئیتر بێ پەردە دەردی خۆت دەربخەوبڵێ بزانم ناوت چی یە؟

**فەرهاد** : ناوم؟ ناوی من بۆئەپرسی ؟

فەرهاد، هەژارەکەی شازادەی چینم
قسمەت هاوردیـە پای بیستۆنـم
هـەر کـەس بپرسێ نـاوونیشانم
من بەد بەختەکەی نـاو کرماشانم

**سیدیعقوب** : چ ناوێکی خوش!فەرهاد، چ ناوێکی عشق ئەنگێز؟ لەم ناوەبۆی عیشق دێ ئایا عاشقی ؟

**فەرهاد** : ڕەنگە، بەڵام...

**سیدیعقوب** : بەڵام چي؟ منیش وە کوتـۆ سوتاوی عیشقم' عاشقی پیشەی ڕەندانی بەڵاکێشە. عاشقی عەیب وعارنی یە .

**فەرهاد** : ئەڵبەت بۆمن عەیبە.

قامەتم لەژێر بارغـەم چـەمي
مردن بەترە لەهاومـاڵ کەمي

**سیدیعقوب** : دەردی خۆت بە ڕۆناکتر بڵێ' بەلکودەرمانی ببێ.

**فەرهاد** : نە، ئیتر من ناهمیدم، هیوایێکم نەماوە. تۆچ کارێکت لە دەس دێ؟ مە گەرتۆ پەیغەمبەری یاییمامی ؟

**سیدیعقوب** : ناهمیدمەبە! من کوڕی پەیغەمبەر وئیمامانم.

**فەرهاد** : چۆن ناهمیدنەبم. کاری من لـەچارە ودەرمـان تێپەڕی کردووە ؛

**سیدیعقوب** : ئاخر تۆناوی بوم بڵێ چ کارەیە؟ کوێندەری یە؟ کچی کێ یە؟

پاش ماوەی پەردەی چوارەم بۆژمارەی داهاتو

# کوردستان

لێ کۆڵینەوەی سیاسیی

## کونگو، وەکومەلی نەتەوە یەك گرتووەکان

سەربەخۆیی‌دان بەوەلاتێکی بچوکی ئەفریقایی، وەبەدیهێنانی بشێوەوشۆڕش لەو وەلاتا لەبنانەئەبوا کەببێتە مەسئەلەیێکی جیهانیی؛ بەلام داخە کەم بەهۆی گێژاوێکەوە کەلە دونیا داهەیـە؛ وەهـاوچاوی سەختێ کەلەبەینی دۆدەستەی ڕۆژهەلات وڕۆژئاوادا، لە هەموو گووشەو وکەناری‌ودونیادا، پێك هاتووە،مەسئەلەیێکی بچووك وەکوومەسئەلەی کونگۆ، بووەتەبیانووبۆ بەکاربردنی سیاسەتی‌مل‌هوڕی؛ وەکارە ساتێکی پێش هێناوە کە بۆئاشتیی ئەفریقا ودونیا ناجۆرە .کاربـەدەستانـی ڕۆس هەمیشە وەبەتایبەت‌لە پاش تێ‌شکانی کۆبوونەوەی سەرانی کۆشپوون کە دەسەلاتی‌خۆیان لەوەلاتە بچووکەکاندا، پەرەپێ‌بدەن . چاکترین ڕێگابۆجێ‌بەجێ کردنی ئەم‌ئامانجەش دەس گرۆیی‌ڕوالەتیی‌ئابوری‌بووە. کارەساتێ کەلەکووبادا پێش هات؛ وەهەروەهاش‌ئەو گێژاوە کەئێستا لە کونگودا ڕەحەت وئاسایشی لەگەلی‌ئەم‌وەلاتە تازە پێك‌هاتووە، بڕیوە، هەموی لەئەنجامی سەرڕاستیی سیاسەتی‌ڕۆسە؛ کەبۆپەرەدان‌بەدەسەلاتی خۆی بەکاری‌ئەبا .

لەپاش سەربەخۆیی‌دران بەکونگودەستەیێ‌لە سەبازانی‌بلژیکی لەناوچەی «کاتانگا» دا: مانەوە . وەلەبەینی حکوومەتی کـونگووەکار بەدەستانی بلژیکدا ناحەزی پەیدابوولـە سەرئەوەی کـە : سەربازانی بلژیکی‌ئەبێ‌لە «کاتانگا» بمێنن، یالەوێ بڕۆن.لاچوونی‌ئەم‌ناحەزی‌یە زۆر گران‌نەبوو،وەدەولەتی‌بلژیك کەلەگەل‌سەربەخۆیی‌دان‌بەسەرزەوینی کونگووەڕۆی‌پیشان‌دابو،هیچ‌وەخت کارێکی‌نەئەکرد کەبەهۆیەوە گرتنی سەربازانی خۆی لەکونگۆدا گیروگـرفتیی بەدیبێنێ. بەلام لەپـاش ڕاگەیاندنی‌سەربەخۆیی کونگۆدەستەیێ‌لەگەلی‌ئەم وەلاتە ئوروپـایی‌یەکانیان دا بەرپەلاماروهەلمەتی‌توندا؛ وەبەجۆرێ مەیدانیان لێ‌تەنگ کردن کەگەلێ لەبلژیکی‌یەکان وئوروپایی‌یەکانی‌نیشتەجێ کونگۆ لێ‌بڕان کەلەوێ کۆچ بگەن؛وەدەستەیێ‌لەوانیش‌لەومشتومڕانا کوژران. بەهۆی ئەم پێشاتەوە دەولەتی‌بلژیك بۆپاراستانی‌مافی‌تەبەعەکانی‌خۆی لێ‌بڕاکە : نێروی عەسکەري خۆی بەئێرەتیی لە«کاتانگا» ڕاگرێ ؛ وەلەپاش‌ئەوەئەم کارەساتە کەوتەڕاوێژي‌هێمنی‌یەوە، کۆمەلی‌نەتەوەیەك گرتووەکانیش‌بۆپاراستنی‌هێمنیی کونگۆ،نێروی‌عەسکەري‌بۆئەم‌وەلاتە نارد . لەم کاتا دەولەتی‌ڕۆس دەستی کرد ناسازگاري، وەڕاگەیاند کە؛ نابێ‌«کانادا» نێروی‌عەسکەری‌لەژێر دەستیی‌فەرماندەری کۆمەلی‌نەتەوە یەك گرتووەکاندا،بۆکونگۆبنێرێ؛چونکوئەندامی‌پەیمانی‌ئەتلانتیکی شمالی‌یە . هەروەهاڕای گەیاند کە:ڕۆس ئامادەیە کەسەربازبۆ«کونگو» بنێرێ،لەکاتێکدا ڕووس‌بۆخۆی ئەندامی‌پەیمانی‌«ورشەوە». وەئەگەر ئەندام بوون لەپەیمانی‌عەسکەري کۆسپی‌ناردنـی‌نێروبۆکـونگۆبوو، دەولەتی ڕوسیش بۆخۆی ئەبواوەهاپیشنیارێکی نەکردبایێ. واتەکانێ سەرانی‌ڕۆس بۆبەهۆی‌بەدیهاتنی‌دۆدەستەیی‌وناحەزي‌لەنێوانی‌ڕابەرانی تازەکاری کونگوداء وەئێستا بەهۆی‌ئەم ناحەزي دۆدەستەیی‌وشلۆقی‌یەوە، هەرحەفتەیێ دەستەیێ لەم وەلاتا دێنە ڕۆی کمار؛ وەکارەساتێکی نادیاري‌پێش هاتووە کە کەس نارانێ‌سەرئەنجامی بەچي‌ئەبێت .

یەکێ‌لەومەسئەلانە کەلەخولەبەرافی‌یەکانی‌ئێستای کۆمای گشتي کۆمەلی‌نەتەوەیەك گرتووەکانا،ئەخریەمەیدان، مەسئەلەی کونگۆیە . وەکۆمەلی‌نەتەوە یەك گرتووەکان ئەبێ‌بۆجلەوگیري‌لەتێکۆشینی‌بڕێ لەو دەولەتانە کەئەیانەوێ‌لە گۆشەوکەناری دونیادا بشێوە بەرپابکەن ، لێ‌بڕێ کە ئەم گێژاوە دووایی پێ‌بێنێ؛ وەپیشان بدا کە کۆمەلی‌نەتەوە یەك گرتووەکان، بەڕاستي کۆمەلێکە بۆپاراستنی‌ئاشتي‌جیهاني؛ وەلـە وەختی خۆیدا ئەتوانێ‌بەهۆی‌یارمەتي‌دەولەتانی ئەندامی خۆیەوە،هۆی پاراستنی‌ئاشتي‌پێك بێنێ.

کۆمەل: سازمان،جامعه‌اجتماع
نەتەوە : ملت
یەك گرتو: متحد
سەربەخۆیی: استقلال
بەدي هێنان : ایجاد
لەبنا : دراصل، اصلا
جیهانیی : بین‌المللی
داخە کەم : متاسفانه
هۆ: سبب؛ علت
گێژاو: بحران
هاوچاوي: رقابت
مل هوڕي: زور گوئی، استبداد
کارەسات : حادثه، واقعه
تایبەت : مخصوص
کۆبونەوە : کنفرانس
پەرەپێدان : توسعه‌دادن
ئامانج : هدف
دەس گرۆیی: مساعدت
ڕوالەتي: ظاهری

ئابوري: اقتصادی
گەل : ملت، مردم
تازەپیك هاتو: جدیدالتاسیس
ئەنجام : نتیجه
سەرڕاست : مستقیم
ناحەزي ، اختلاف، دشمنی
ڕۆپیشان دان : موافقت
ڕاگەیاندن : اعلام، إعلامیه
نیشتەجێ: متوطن، مقیم
لێ‌بڕان :تصمیم گرفتن
مشتومڕ: زدوخورد
ماف : حق
ئێرەتیی : موقتی، امانتی
ڕاوێژي‌هێمنیی : شورای‌امنیت
کۆسپ : مانع
نادیاري : نامعلوم، مبهم
خول : دوره
بەرافی : جلسه
کۆمای گشتیی : مجمع عمومی

ماوەی‌سەرووتار

ماوەی ۱۱

هیواداریێ کەلەگەل‌ئەواطمینا- نانەدا کەداومانە ، وەلەگەل ئەوە شا کەلەبناغەدا هیچ‌ئاوەزێکی‌پێ- بەجێ‌وەری‌ناگرێ، کە: بگونجێ لەلایەن‌ئێرانەوەبیمێ‌ڕۆبکاتەهیچ هاوسێ‌یێکی بەتایبەتی وەلاتـی هاوسێ‌یێکی گەورەی بەهێزی وە کوڕۆسیە ، بناغەی پەیوەندی‌یە کانی ئێمە وهاوسێ‌ی‌بەهێزمـان ، لەسەرپایەی دۆستـي ودلسۆزی بمێنێ تەوە وپایەداربێ»

بەم چەشنەلە فەرمایشەکـانی شاهەنشاداحەزپێ کردنی‌پایەداری پەیوەندی‌دۆستانە،لەنێوانی‌ئێران وڕۆسیەدا ، دەربڕرا، وەکارەساتي سەربەخۆیی ومافی ئاغابی‌وەلاتی ئێرانیان‌دۆبارە کردەوە، وەئەوە- شیان دەربڕی کە : لەسیاسەتـی ڕاستەوڕێ وئاشکرای دەرەوەی خۆی‌داکەلەبەرخیروصەلاحی دا- هاتوی خۆی، وەلەپێش چاوبۆني کارەساتەڕابوردووەکان‌پێشی گرتو- وە، هیچ کاتێ لانادات ، وەچاو لـە سیاسەتي خۆی ناپۆشێ .

شاهەنشای‌ئێمە،وەکوسیاسەت مەدارێکی ڕوناك بین‌ولەناوکەی کارئاگادار، حەزپێ کردنی‌خۆیی لەبارەی چەك‌داڕنینی گشتی یەوە لەگەل کۆنترۆلوتەضمینێکی‌چاك دا ، پێ‌وپست ولازم زانێوە، وەبەم چەشنەلەوبارەوەبیروڕایان دەربڕیوە ئاشکرایەکارەساتی چەك داڕنینی جیهانی،لەکاتێکا کەنەبێتەچەکێکی، شەڕهەل خراندن‌وداوێنە گرێ‌ی شەڕي ساردوهێـرشی‌دعـایـەیی، یەکەمین هەدەفی مرۆڤان ، وە گەلانی‌ئاشتی‌دۆستي جیهانە،بەلام بەقسەی تەنیا ، وەبەبێ دلسۆزي وەلەیەك‌تێ گەیشتنێکی‌ڕاستەقینە، وەلەعەینی‌کاتا کۆنترۆلـی وردوە بەبێ تعهد وتەضمینی پێ‌وەست‌بۆ ڕێك‌دانەوەی‌ئەوکارەساتە، ناگونجێ! وەئارەزۆی گەلانی‌جیهان،بەتایبەتیی گەلانێکـی وەکوئێران ، کە : ئێران دەردی شەڕی یەك‌لەدۆوای یەکی ، باوەکوبێ‌لایەنیش‌بۆبێ، دیوە ، وەبەسەر کەوتن و هێمنـی وەلات‌وئاوەدانی‌وئارامی‌لەتەواوی گیتیی،وە ەوروپشتی‌خویا،بەتایبەتی نیازمەند بۆوە وئەبێ ،ئەمە[redacted] ئەم کارەساتە گرنگە ڕیواز جیهانی‌یە ئەگـەرڕۆژێ لە نـاو کەدابێتەدی ، وەگەلانیی بەهێز لەبەرمانەوەی شارسانیەتی، بەلکو مانەوەی ژیبانی بەشەر ، بکـرێ بیروڕایان یەك‌بگرێ ،

ڕۆژێ کوسپە وبەرهەل[redacted] نەهێنە ڕێگای ، وەئەگەر لەناو کەدا بەمـانەوەی نەوعی ئینسان بیروڕایان‌ببێ، وەبیمیان لە پێش- هاتیی شەڕی‌داهاتوبێ ، وەلێ‌ی بترسن، زورتربۆلێك کردنەوەی کارەساتیی چەك‌داڕنین،ئەبێ‌بەئاوە زەوە،ڕێگایێك‌بدۆزنەوە،وەجیهان لەترس‌وبیم‌ڕزگار کەن. بەهیوای ئەوڕۆژەوە .

ئەروا– روح
پارێزەر– مستحفظ
نەتەوایەتی– ملی
ماف– حق
ئاغابی– سیادت: حاکمیت
داگیر کەری: استعمار
داگیر کراو– مستعمره
ئاوەز– عقل
رزگار– نجات
چەك– سلاح
داڕنین– خلع– سلب

بنکەی ژین
www.zheen.org

# دوینێ شاهەنشا نمایشگەی صەنعەتی ئەلمانیان لە تاران کردەوە


ژمارەی ـ ٢٣ ـ ساڵی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ٧٤

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حاوتەیی کوردییە، حەوتەی جارێ چاپێکی دەرئەچێ

بایی
بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش مانگە | ٧ | » |
| چاێ | ٣ | قەران |

بۆ دەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | » |

کوردستان
عەزیزم شا ـ وارێکە، گوزەرگا، گەر، بەلەلبورزا
دەگا ، نووکی ـ سمی ئەسپی، لەخاراء تووتیا پەیدا
سیاسی ـ زانیاری ـ وێژەیی ـ کۆمەلایەتی

خاوەنی امتیاز و مدیری لی پرسراو
عبدالحمید • بدیع الزمانی
بەچاودێری دەستەی نووسەر:
محمدصدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر
دوکتور عبدالرحمن واحمد مفتی زادە
عابد سراج الدینی ـ شکرالە بابان
خسرو شیخکانلو وکمیلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ٢١٨
تلێفوون ٣٢٠٠٣

چووارشەممە ١٣ ڕەزبەر ٢٥٧٢ ك ـ ١٣ مهر ١٣٣٩ ش ـ ١٣ رەبیع الثانی ١٣٨٠ ق ـ ٥ ئوکتوبر ١٩٦٠ م


## ئەم حەفتە بەڕاڤی کۆمای گشتی کۆمەلی نەتەوەیەك گرتووەکان درێژەی بو، وەسەرانی دەولەتان ووتەیان کرد. وەسیاسەتی وەلاتی خویان سەبارەت بەکاروباری دونیادەربری

## سەرانی پینج دەولەتی لایەن نەگیر پێشنیاریان بوکوبونەوەی ئایزنهاور و خروشچوف بەکومای گشتیدا وەئەرو

## لەبارەی ئەم مەبەستەوە لی ئەکولنەوە

# ملك حسین یاسای ژنرال قاسمی بەرەسمیی ناسی

## کومەلەکان

• شاهەنشا لە کـۆبونەوەی ڕۆژ- نامەییدا، لە لەوەلامی یەکێ لـە هەلّ سوڕێنەری ڕۆژنامـەکان دا، سەبارەت بەپێ وەستی کۆمەلـە لە حکومەتی مەشروطەی خاوەن پارلە- ماندا بیروڕای خۆیانیان ڕاگەیاند.

ناوکەی مەتلەب ئەوەیـە کە: ووشەی دیموکراسی یانێ حکومەتی خەلکی بەسەر خەلکیدا، کاتێ مانا، وەناوکەیێکی بەجێگەی هەیە کە: دانیشتووانی وەلات لـە ژێر ئالای کۆمەلە دا، خڕ ببنەوە، پاش تـێ گەیشتنی هەرئەندامێ لەمەرامنامە، وە بـڕوا پەیدا کردن بـەچاکی ڕەوشتی کۆمەلە، لـەپێش کەوتی کاروباری نەتەوایەتی، وە کۆمەلا- یەتیی، وەبەڕێ کردنی ئەو ئامانجا نە • لە گەلّ ئەندامانی هاوبیروڕا وهاومەرا میانداتێ بکوشن.

ئاشکرایەلەوەلاتانی دیموکر- اتیك داکە : ڕژیمی پارلەمانی یان هەیە، جۆراجـۆری ئـاوە زوتێ- گەیشتن لەوەبەرگرێ ئەکات کە: تەنیایەك کۆمەلە، کاروباری وەلات بگرێتە دەست؛ وەباقی ئەو گە لـە بخەنە شوێن خۆیان، بەلکوڕێگای چاك وڕاست ئەوەیە، کە بیروڕای هەموئەندامانی گەلّ، وەجۆراجوری ئاوەزوتێ گەیشتنیان ، بـەسوڕەتی کۆمەلەدەربڕێ ' وەئەم کارەساتە بێ گومان ئەبێتەهۆی پێك هاتنی

ماوەل ١١

### چۆن بنووسین و بخووێنینەوە
### کردەوەی سادە، کردەوەی تێکەلاو

لەسەرباسی ژمارەی پێشوو ئەڕۆین لەسەرەتای ئەم باسەوە بۆهەرکام لە ڕیشەتێکەلاوەکان لەگەلّ ناوێکی تەنیادا ، دوونیمەی هێنایـەوە ، ئەوەش لەبەرئەوە بوکەچەن ڕێگا مان بۆدەر کەوێ:

ماوەل ٢

نهرو ووتی :

### ئەبی ئالوگوری لەقانونی کومەلی نەتەوەیەك گرتووەکانا پیك بێ.

دەسگای ئیستای کۆمەلّ جۆرێکەکە بەزیانی دەولەتانی ئاسیایی وئەفریقاییە.

خروشچوف هەڕەشەی کردکە :

### ئەگەر هامرشولد لەکاردانەنری ، دونیا ئەکیشریتەلای شەرەوە

هامرشۆلد وەلامی داوە :

من دەس لەکار ناکێشم، تاکۆمەلی نەتەوەیەك گرتووەکان نابودنەبێ

### لەکومەلا چون بژین؟
زێگـای خوێناسی
یان
طەریقەی عرفان
-٧-

لەژمارە پێشووەکاندا، ووتمان ئەم جیهانە بەهەمو کوتەکانیەوە ، پەیکەرێکە، وەئەپەیکەرەش بەبێ هێزێ کەهەلی سوڕێنێ، نای کرێ،

ماوەل ٢

بەپێنوسی: ئاغای «محمد نقی مصطفوی» وەرگێڕاوی: د.ع.

## باسێکی زانیایی
-١٢-

### کاسەزێڕی سێ هەزار ساڵەی «حسنلو»
### کەچەند نەقشی بەرجەستەی بێ وێنەی هەیە
### چەند بیروڕایێکی تر وئەنجام (نەتیجە)

«مامۆستادوکتۆر «گیرشمن» زانای ئەنتیکەناسی فەرانسەیی، لەپاش تەماشا کردنی کاسەی زێڕینی «حسنلو» ووتارێکـی لەبارەی وەلاتـی «مانا»وە' نۆسیوە : وە گەلی هەوالی بە کەلکی لەواهێناوە؛ وەناویەتە ژێردەستی ئێمە کەئەوا' لە گەلّ سوپاس لەزانای ناوبراو بڕێ لەوهەوالانە کەلە گەلّ ئەم باسی ئێمەدا جۆربێ' بۆتانی ئە گێڕینەوە:

(لەبەرنەبوونی جێگا پاشی ماوەکەی بۆژمارەی داهاتو)

## نالەباری یەکانی کومەل
## ((بووك وخەسوو))
-٧-

لەچلی ڕابووردودا، ئەم بـاسە- مان کەیاندەکاتێ کە : خەسوبـە بوکی فەرمان دا چێشتی قوبلی بۆ خێزان لی نسێ؛ ئێستا لەسەرپاش ماوەی کارەساتە کەیان ئەڕۆین. بوك زوبەزو کەوتەهاتوچۆ؛وە پەسای چێشتی ئامادە کـرد ، وە چێشتی نایە سەر کووانو، کاتێ کە

ماوەل ٥

**نەتەوەی کوردو نەتەوایەتیی ئێران**

سەلام لەسەر خاکی پاکی کوردستان لانکی پالەوانەکان . ووشەی ئێرانـی دەرەوە، مەبە- ستێکە کەلەچەن ساڵی دوواییدا

ماوەل ٥

خواهران و برادران فارس کە علاقمند بفراگرفتن رسم الخط کردی باشند، صفحە ١٠ را مطالعە فرمایند

بنکەی ژین
www.zheen.org

# خودایارت بو

**پاڕینەوە لەبارەگای یەزدانی مەزن**

یاصاحیب ڕەحمەت! بێئەمرێم کەردەن
حەقق بەندەگیم وە جـــــا ناوەردەن
شەرمەندە وخەجڵ شەرمە سارەنان
ذەلیل وئـەو گار ، گـوناکارەنان
ئەجەڵ نزیکەن، یاوانـــــم تۆبە
تۆبە قبوڵ کـەر دەخیلەن تۆبـە
تەمام بیی کیتاب عـەقیدەی ئیسلام
بەئـەندازەی فام ئـەطفاڵ وعەوام
تەمام بیی کیتاب عەقیدەی ئیسلام
ئەرجوم قبوڵـەن باقـی «والسلام»

**دووایی**

بەجۆرێ کەماموستای بەڕێز دوکتور «محەمەدمکری» لەسەرەتایئەم کتێبەوە نوسیویانە ، پێش لەخوداِ لێخۆش بو «ملاعبداللەمفتی کردستان»زانای خوداناسی بەناو بانگ «ملاخضر» ڕواري، لەباسی عقاییدی دینی‌یەوە کتێبێکیان هەربەم چەشنە بۆمندالان نوسیوە کە بەناوی «ڕۆڵەبزانی»ئەناسرێ؛ ئەڵبەت ئەوەلەم کتێبی «خوداِیارت بۆ»ە زۆرسادەترە؛ وەچونکو بەیارمەتیی خوداِ ئێمە ئەمانەوێ هەموو شوێنەکانیزانایانی کورد کە دەستمان کەوێ لەچاپی بدەیـن، لە ئایەندەدا کتێبی «ڕۆڵەبزانی»ش، لەچاپ ئەدەین .

**د.ع.مفتیزادە**

**نەتەوایەتی...**

ماوەیل ١

لەنێوانی زاناکانی مێژوو وزانستی‌دا، بووەتەباو، ئامانجی ئەوان لـەم مەبەستەئەوناوچانەیە، کەدانیشتوانی ڕەگەزوزمان وزانستی وخوویاسای ئیرانی‌یان تێدایە، بەڵام کەوتونەتەدەرەوەی قەڵـەمـرەوی سیاسی ئیرانـەوە. لـەم‌وتـارەدا چاوێ ئەخەینە سەرئێرانی دەرەوەلەڕۆژگارەزۆر کۆنەکانا.

شارسانیەتی ئێرانی کەیەکێ کە لەڕوناکترین شارسانیەتەکانی دنیا،دەس کەم سێ‌هەزارساڵ ڕابورودوی ڕێکوپێك ونەپچڕاوی هەیە. بەڵام لەحەقیقەتدا ئـەم شارسانیەتـە زۆر کۆن‌ترە وەبۆچاوخستن بـۆ دەورەی داستانی ئاریایی‌وەشارسانیەتی‌پێش لەئاریاییەکانی‌دەشتی بەرزوبەربەڵاوی‌ئێران، کەئاریاییەکان‌بەمیرات‌بردویە، دەس کەم دوهەزار ساڵی‌تر بخرێتە سەرئەم ماوەیە.

**ماوەل١١**

هەزارویەک‌شەو ٢٨٣

ئەی لەعنەت لەناوچاوت ئەڵماس ! کەهێندە حەرامزادە وزۆڵی. وەکەوتە وتووێرە کە چۆن لەم قۆرتەزز گارئەبێ‌و گیان دەرئەکا؟! ئەوجائەودوانە کە صندوقەکەیان بەسەرشانەوەبو،بەوی‌تر کە چراکەی‌هەڵگرتبو‌ووتیان :شانمان‌لەژێری‌ئەم‌صندوقەدا شکا، تۆلـە دیوارە کەوە سەرکەوە، وەداپەڕەئەودیو، دەرکەکەمان لەڕو، بکەرەوە! جائێمەش لە جەزای ئەم چاکەی تۆدا، یەکێ‌لەوکەسانەکەوان لەم‌قەبرستانەدا، ئەکەینە کەباب بۆتۆ؛ وەنایێڵین تکی ڕۆنی بتکێتەسەرزەوین. ووتی:من‌ئەترسم کە دزوجەردە لە دزی هابێتنەوە، کە شەولێرە بـاربخەن وبحەسێنەوە، ئێستامن‌بە تەنیا لە دیوارەکەداپەڕم، دەورم بدەن وبمکوژن . ئەوان ووتیان : نە، دزناوێرێ شەولێرەڕاوەستێ. ئەوجاهەرسێکیان‌لەدیوارەکەهەڵبەزین‌وداپەڕینەنێوی‌قەبرستانەکە، وە دەرکیان کردەوە، صندوقەکەیان هێنایەژوورەوە . تەماشای دەوری‌خۆیان کرد کەس نەبو، یەکێکیان ووتی: بەڕاستیی‌ئەمشەوئێمەلەبار کێشان وڕێگاڕۆین وهەڵ بەزین‌ودابەزین‌زۆرماندوبوین؛ وەئێستانیوەشەوە؛ وەهێزی ئەوەمانەتێدانی‌یە کە قەبرهەڵدڕین وصندوقەکە بکەینەژێری‌خاکەوە . چاکوایە سەعاتێ‌دانیشین، ووچانێ‌بدەین‌وبحەسینەوە، ئەوکاتەهەڵ ئەسین،کاری خۆمان جێ‌بەجێ‌ئەکەین . لە پاش ئەوە یەکێکیان هەستاوە، دەرکی‌داخستوپێکەوە دانیشتن .یەکێکیان‌ووتی: ئەبێ‌هەموومان یەکەیەکە بەسەر هاتی‌خۆمان بگێڕینەوە،وەڕاست بڵێین کە: بۆچی ئێمەیان لە پیاوەتیی‌خست ؛

(کەچیرۆك گەیشتەئەم جێگا هەوا ڕوناك بوەوە؛ وەشەهرزاد قسەکەی‌بچڕی)

# لەهەرگولزاری

## گولی

لەژمارەی پێشولەم بەشەدا هۆنراوی چووارە می‌مەولەوی‌بەهەڵە لەچاپ دراوە، ڕاستەکەی ئەمەیە :

«تۆپەی تەعلیمش نەڕاجەختەنی»

## مەلاحامدی‌ئالیجانیی

صاوزە سەیـــــوانت. . .

صەوزەی دیدە مەس بام‌بە سەیوانت
یـا خاك بوایام لـەبـەرهەیوانت
یـاهەدەف بوایام پـەرێ پەیکانت
یاسورمە بوایـام پەرێ چـەمانت
یاخەدەنگ بوایام لە ڕوی کمانت
خوداِیا ! بم کەی‌بەخاکی کەوشی
یاخۆبەخەنـەی زڵفی بـێ‌خەوشی
یابمکە بەڕەنگ ڕوی‌دەسماڵەکەی
یـا بەتۆزوگـەردبـان خاڵەکەی
یابەدەستەی گوڵ لەبەرشاڵـەکەی
یا بەجاڕوکەش لـە بەرماڵەکەی

ناتەواو

## وەلیی‌دیوانە

ماوەلەژمارەی ٢٢

خۆفم‌هەن جەجەورچەرخ پەژامێ
پـەیـدا بۆپەرێت «ابن‌السلام»ێ
ئەوسەدوبـــــارە زامم خەتەربـۆ
ئەی داخیچ وەبـان داخان تـەربۆ

## فخرالعلمای سنەیی

واذەی سفیدی شکـۆفـەی پیرین
شکۆفەی باغچەی پیري دلگیرەن
شکۆفەی باغچەم سکـەی سفیدەن
مابەی میوەی‌عومرفانیی‌هەرئێدەن
نەباغچەی سونبوڵ تـارەمووی‌تاردا
سپی شکۆفـەی عومـرم دیـاردا
ماتیی وزوپـري وزاري ودلگیرێم
بەی‌پەی زیاد کەرد پەژارەی پیرێم
هەناسەم چون وای خەزان مەخیزو
پەی‌پەی بەرگ‌شاخ شادیم مەڕیزۆ

ماوەی‌هەیە

## سراج الدینیی

سەری تاتسای مـــــووي زوڵفی
لـــە دەوری دڵ کـەئـــــالاوە

ماوەل ١١

بنکەی ژین
www.zheen.org

## مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی کورد

نووسراوی زانای مەزنی کورد، احسان نوری
وەرگێڕاوی: د-ع-مفتی زادە

### ٧٢

پێش لەئیسلام حکومەت وپادشایی ئێران لەدەستی ساسانی یـە کوردەکاندا بۆ. کوردەکان بەهۆی نەبەزي وجەنگەرانیی بۆنـەوەلـە ڕێگای گەورەیی دەوڵەتي خۆیاندا، خەبات وخزمەتی بەنرخیان ئەکرد. ئەواز حورمەت وئابڕۆیان بۆ؛ وەئەمەش لەبەڵاوەپێدانی ناوی کوردا، زۆر شوێنی بووە.

شانامە، کوردەکان لەگەڵ جەمشید وەلەو کەسانە ئەزانێ کە بەدەستێ وەزیرانی «ضحاك» ـ کەناویان «ارمایيل»و«کرمایيل»بۆ ـ لەستەمی «ضحاك» ڕزگاربۆن؛ وەدابۆیانە کێوەکان ولەوێ پڕ گ و بەڵاو بۆبۆنەوە. وەسەبارەت بەپاڵەوانیی وپیاوەتیی ئەوان ئەنوسێ:

«خانۆیـان همـۆ لـەپڵاسە
ترسی یەزدانیش لەدڵیانانییە»(١)

فردەوسیی لەپاش ئەوەی کە کوردەکان بۆبۆنە کوێستانیی، یانێ لەکەژو کێودا، ئەژیان ـ وەهۆی ئەم کارەش لـەدووایيدا ئـەنوسین ـ شانامەی نوسیوە؛ وە کاروباری ژیانی ئەم گەلەی هەروەها کـە دیوە، نوسیویە؛ بەوجۆرە کە لەنیوەشەریەدووایيدەرئەکەوێ، ووشەی «کورد» لەواقیعدا بەخاتری کرژي وئازایێ ونەبەزي وشەڕانیی بۆنەوە، بۆئەوان بەکاربراوە ؛ وەووشەی «کورتی» لەبیربردوەتەوە، بەمجۆرە کە : کەم کەم ئەم ووشە بەشکڵی ووشەی «گورد، کورد» دەرهاتووە .

«استرابون» لەکتێبی «١٥» بەندی(١٧)دا، ئەنوسێ: «لاوەکانی پارس وەها باردێنن کە: لەسەرماو گەرمادا دەربیەن ‹وەهەڵ کراو وطاقەت دار بن. شەولە کەژو کێودا، ئاژەڵ بلەوەڕێنن؛ وەبەری داری جەنگـەڵ لەقوماشی بەڕۆ بخۆن. ئەمانە پێیان ئەوێژرێ: «کوردەك» . کوردەك بەتالان کردن ئەژین؛ وە«کوردا» بەمانای پیاوی شەڕانیی ونەبەزە»

باوەکۆ بڕێ لەمێژوو نوسەکان لایان وایە کە «کوردو»ەکان لـە بەرەی «کاردا»کان نیین؛ وەهۆزێکی ترن لەڕەگەزی ئاریا، کە لەپاشان کۆچیان کردوە، بۆسەرزەوینی«کاردو» وەناوی جێگاکەیان بەملابڕاوە، بەڵام «استرابون» ئەڵێ: لەبەشی قەراخی دەجلەدا هۆزی «کوردین» کەلەبەرەی هۆزی «کاردو»ن، نیشتەجێن.

چونکۆ لەپاش ڕوخانی دەوڵەتی ئاثوري کەلەساڵی ٦١٢پ.م بە دەستی «هوخشترە» پاڎشای زۆرداری «مـاد» پێکهـات ـ **ڕەبەم بۆنەوەیە گەگەلی کورد (ماد) ئەمزۆرەیان بەسەرەتا ومەبدەئی مێژوو وبەڕواری نەتەوایەتیی خۆیان وەرگرتووە (٢) ـ مێـژو** نوسەکان باسیان لەکوردەکانەوە ، کردووە: ڕەنگە کوردەکان لەساڵی ٦٥٠پ.مدا؛ هاتبێتنە کوردستان؛ لەکاتێکدا کـە«آدادنیراری» سیەم پاڎشای ئاسوري (٨١٢پ . م) ئەنوسێ : کوردەکانی لاژوروو (شمالی)م ژێر کرد . «مستر هول»یش لایوایە کە کوردەکان زۆرزۆتر لەبەڕواری ٦٥٠پ.م لەکوردستاندا بوون؛ لەڕۆژگارێکدا کەئاسوری یەکان هەواڵ ئەدەن کە: «کاردا» و«کورتی» دراوسێ ئەوان بۆن.

(١) سەبارەت بەسەبەستی فردەوسی لەم نیوەشعرەلەپێشان بەدرێژا باسمان کردووە.

**(٢) ئێستالەوکاتە ٢٥٧٢ ساڵ ئەبـوری؛ وەهێشتائـەم بسەڕوارە، بەڕواری ڕەسمیی کوردانە.**

## هەراڵە وزەمزەمە

ماوەلەچلی پێشوو

لەچلی ڕابووردودا ، کارە ساتم گەیاندە کاتێ کە: لە«پیرڕۆسەم»دا شاڎیانەی فەتح ئرابۆ، بەڵام من کزو ماتم لەگۆشەیێکەوە بۆخۆم دانیشتبوم. ئێستا لەسەرپاش ماوەی کەرەسات ئەڕۆین .

لەپاش ئەوەی کە : حەوت شەوو حەوت ڕۆژ ، شاڎیانە گیرا ، وە وردۆدشتی هەورامانی ئێڕرژا، ئەو کاتەسان لەڕۆژی حەوتەما پیاوانی سەرناس وکویخا و ڕیش سپي کۆکردەوە : کوتي خەڵکینە! ئێستا جانۆبەی ئەوە گەیشتووە کە سوپـاسی یەزدان بکەین کە ئێمەی بەسەردوژمنانی وەڵاتی **شاهەنشاهی** ئێراندا زاڵ کرد وە تووانیمان تەخت وبەختی دوژمنانمان لەیەكدا. ئەم سەرکەوتنە لەسایەی یەکیەتی یەوە هاتە دەست ، بێ گومان لەهەر کارە ساتێکا کە ئێمە بەفەرمانی شاهەنشایانی خاوەن جوقەی خۆمان ، پەیمان دابێتمەیڎانی نەبەرد سەرکەوتووین وەقەت نێ نەشکاوین ، ئێستا کە پێ بستە لەپێش هەموشتێکا نامەی ئەم سەرکەوتنە بەنـاوی شاهەنشاوە ، بۆشاهەنشای جوقەداری خۆمان بنێرینەوە . سوپاس لەتێ کۆشینی هەموتان ئەکەم. ئەنجا کوڕە گوڕەی ئێل بەسەرسوپاسیان لێ کردو وەڵامیان دایەوە وخواحافیزی یان کرد دەستەدەستە بەنرکەی سڕناودە مۆڵەوە کەوتنەڕێ .

منیش هەرچاوەڕوانی «خاڵەمحمود» بۆم کەخوا حـافیـزی بکـات ، وە بگـەڕێنەوەشیچ قسەی نـەکرد ؛ پاشان لەژێرلچەوە بەدخاڵەمحمودم کوت: ئەی

ماوە ل٩

## هەزاو یەك شەو

### ٢٨٤

## کەشەوی سو وهەشتەمهات

### بەسەرهاتی «صەواب» یەکەم قولەژەش

شەهرزاد ووتی: ئەی پادشای بەختیار! کاتێ کە قولەژەشەکان پێکەوە بڕیاریان دا کەئەبێ هەرکام بەسەرهاتی خۆیان بگێڕنەوە، هەوەڵ جارئەوەیان کە فانۆسەکەی هەڵگرتبۆ، هینەی هەڵ بڕي ودەستی کردە قسەکردن وبەم جۆرە سەرەتای داستانەکەی دامەزراند : من پێنج ساڵە بۆم، کە لەوەڵاتی خۆم تەفروتۆنایان کـردم؛ وە بە چاوشێکیان فرۆتم . ئەوچاوشە کچێکی سێ ساڵەی بۆ؛ من وئەو کچەبۆینەهاودەم و هاوگەمە؛ وە بۆئەو گۆرانیم ئەووت وهەڵ ئەپەڕیم وقسەی خوشم ئەکرد . بەمجۆرە زامان بوارد، تامن گەیيشتمەدوازدە ساڵەیی، وەکچە بووە دەساڵان؛ هێشتان لـە و وەختیشا کچەیان لێم دۆرنەئەخستەوە؛ وەهەرپێکەوە یاري مان ئەکردو گۆرانیمان ئەووت وهەڵ ئەپەڕین .

ڕۆژێ ڕۆیيشتم بۆلای کچەکە، ئەنوارم لەجێگایێکدا تاك وتەنیادانیشتووە؛ وەگۆیا تازە لە حەمام هاتبوە دەرەوە، ڕۆمەتیدا گـرسابۆ، وەسەر گـوڵنای وەکۆ گوڵاڵە سۆرە ئەدەروشاوە؛ وە بۆی عەتروعەبیری پیاوی خەوش ئـەکرد . لەپاشان پێکەوە دەسمان کردە گاڵتە ودەس بازي تائارەزۆم کرا. وەلەوکاتـا شەیطان سەری لێم شێواند، وکارلەکارترازا. کەزانیم کارێکی خراپم لەدەستەوە دا کەوتەهەڵاتم ودەرچۆم، دایکی کچ کە لەم کارەساتە ئاگادارئەبێ، سەرسام ئەمێنێ وئەڕواتە بەحری خەیاڵاتا،

بنکەی ژین www.zheen.org

بەشی کرماشانیی | کوردستان | لاپەڕەیی ، بوهەموو جار

بەپێنوسی:سید
محمد سعیدغیرت

وەرگێڕاوی :
د ٠ ع ٠ م

# نمایشنامەی

### زماوەنی «سید یعقوب»

## فیروزەوفەرهاد

## پەردەی چوارەم

**پاش ماوەی پەردەی چوارەم**

فەرهاد تەماشایێکی سیدیعقوب ئەکا وبەدۆ دڵی‌یەوە ئەڵێ : ئەو کچێکە چەنێ ساڵە حەزلەیەکتر ئەکەین ؛ وەیەکتر ئەپەرەستین . وەبێجگەلەگەیشتن بەیەکتر ئاواتێکمان نی‌یە . کچی پۆری خۆمە .

**سیدیعقوب** : باشە!جابۆبەیەك گەیشتنی ئێوەچ کۆسپێ لەڕێگادایە ؟

**فەرهاد** : کۆسپ ئەوەیە کە ئەمڕۆ بۆ کەسێکی تر مارەی ئەبڕن وبەمێردی ئەدەن ؛ وەهەر ئەمشەوێش زماوەنی ئەکەن .

**سیدیعقوب**: ئاخر ناوی چی‌یە؟ کچی کێ‌یە ؟

**فەرهاد** : (بەگریانەوە) ئاخر کەڵکی چی‌یە بڵێم ؟ لەپاشان بە دۆدڵی‌یەوە ، ...ڕئەخاتەبەرا ولەژێری لێوەوە،ئەڵێ: ناوی فیرۆزە، کچی حاجی‌مراد ، کاروانسەرداری گەرەکی «چەنانی» .

**سیدیعقوب** : (بەحاڵی سەرسڕمانەوە)کێ؟ چی؟ فیرۆزە؟کچی حاجی‌مراد؟ عەجەب! لاالەالاالله، سبحان‌الله، سبحان‌الله،شتێکی‌عەجیبە! چی‌ئەبیسم؟ لەپاشان ئەڵێ : زۆرچاکە جەوان ! بڵێ بزانم‌زووت خۆش ئەوێ ؛ وەلەبەر خۆشەویستي وعشقەکە وەهابێ‌تابي ئەکەی ؟

**فەرهاد** : بەڵێ ، ئەویش هەربۆمن وایە ؛ بەڵام باوکی بەتەمای پارەودارایی وماڵ ، داویەتەکابرایێکی ملهوڕی ماڵدار ، کە کچەکە قەت چاوی پێی نەکەوتووە ، وحەزی لێ‌ناکا .

**سیدیعقوب** : زۆرچاکە ، جەوان ! ئەم‌کارە بەدەستی‌من‌ئاسانەو گیروگرفتێکی تێدانی‌یە .

**فەرهاد** : ئەی باوکە ! دەسم لێ‌هەڵگرە ! گاڵتەم پێ مەکــە ! ئەم‌قسەچی‌یەئەی کەی ؟

**سیدیعقوب** : نە ، بەسەری‌جەددم ! ئەم‌کارەهیچ گیروگرفتێکی تێدانی‌یە . من‌چاك‌بۆتی‌دروس‌ئەکەم ؛ هیچ خەفەت مەخۆ؛ خەمت نەبێ؛ بەڵام بەوشەرتە ، کە ئێستا بکەویتە تەك‌من، بڕۆین بۆحەمام . خــۆت پاك وتەمیس بشۆرە ؛ زۆرخۆت پیس کردووە ؛ وەلەنێوی خاك وخوڵا خۆت تلاندوەتەوە. ئەوجا کەشە کەتیت‌دەرچۆ؛ وەئەم چڵك وکەثافەتەت لەمل‌بۆەوە؛ من‌زاویژێکت بۆئەکەم کە بەمرادی خۆت‌بگەیێت. وەرە! بڕۆینە حەمام ، غوسڵێ‌بکە ، غوسڵی پەشیمانی لەناهەمیدی‌وناشوکری وەبزانە‌کە : خودا سەبەب سازە . (لەپاش ئەم قسانەکوڕلەگەڵ خۆیا ئەبا بۆحەمام) پەردەدائەدرێ .

لەحەماما سیپاڵی تازەی زاوایی خۆی ئەکاتە بەری، وە لەگەڵ خۆیا ئەی‌باتەوە بۆماڵ ؛ پێکەوەنانی نیوەڕۆ ئەخۆن . پاش نیوڕۆ لــە سەرسەعات فەرهاد لەگەڵ خۆیا ئەبا بۆماڵی حاجی مراد ، کــەلەوێ مەجلسیی مارەبڕین گەرموتەماداری هاتنی‌زاوان .

## پەردەی پینجەم

### مەجلیسی مارەبڕین

حۆدەی حوض‌خانەی ماڵی حاجی مراد ڕازراوەتەوە ؛ لــەلای ژوری هۆدەکەوە ئاوێنە وسفرەی مارەبڕین ونوقڵ وقانگ‌داچنراوە ؛ چەنژنێ دەوری فیرۆزەیان داوە؛ وەفیرۆزە سەری‌داخستووە،ئەگرێ. لەخواری هۆدەکەوە گرمەی‌دایرەودمەك ودەوڵ وسوڕنا وکــەمانچە بەرزە ، وچەنێ گۆرانی‌وێژ بەبەزمی (سەوزەئــای سەوزە ) گــەرمیان کردووە .

صەوزە براکەم ! سەوزەکەی ماڵم
نەخوش نەکەفیی سەوزە!نەشکێنی باڵم
پەڕاووبێستۆن‌سەوزە!هەردك‌برابین‌هەردك‌شەیدابین
فەلەك‌کاری‌ کردسەوز،!الەیەك‌جودابین
شەم‌بیم‌شوڵەبیم‌سەوزە!پەروانەم کردی
خەیلی‌عاقڵ‌بیم‌سەوزە!دیوانەم کردی

**کەلانتەر** : زاوەمات ؛ ئاسیدیعقوبی زاوابەکە خەریکەدێ ؛ وە نزیك‌بوەتەوە. ئەوجا کەلانتەر زۆلە گورانیی وێژوسوڕنا ژەنەکان‌ئەکا وئەڵێ : خاڵۆحەمەمراد! هەستن تادەمی دەرك بڕۆینە پێشوازی‌زاواوە. ئەمان هەل ئەسن ئەڕۆن‌وزاواش نزیك‌ئەبێتیەوە . گورانی‌وێژ بەیەزمی (لەیل‌باو) دەس پێ‌ئەکەن :

لەیل‌باو، لەیل باو ، لــەیل باوانم
لەیل خــەیرهاتــی ، سەرچاوانــم
زاوا خوەش هاتی ، نــۆروەپاتەوە
دەواکەی دەردم، هاوەلاتــــــەوە
هەر کەس‌مزگانیی دۆس‌ئەڕام‌بارێ
ئیختیار دبرێ چــاووم دەربــارێ
کەفتمە شوینت وە مەچۆ!مەچــۆ!
تاری لــەزوڵفت بیلەجیــی بچــۆ
گیان‌لەیلی ...          اللهم‌صل‌علی محمدوآل‌محمد

سید یعقوب زۆلەخەڵکەکە ئەکا وبەدەنگی بەرزئەڵێ : ئــەی جەماعەت ! «سلام‌علیکم» ئەوەل سەلامم بەخزمەتی جەنابی حاجیــی مراد باوکی‌هەمۆمان ؛ وەلەپاشان‌سەلام بەخزمەتی فیرۆزەخانم وئەوجا بەخزمەتی هەمۆمیوانان ودەنك‌کراوان کە بەتەشریف هێنان‌وبەشدار بۆنیان لەم زەماوەنا ئێمەیان سەربەرز وگەورە کردووە . لەپاش ئەوە ، قسە ومەبەستی من‌سیدیعقوب شاعری مایەشتی ئەمەیە کە خودا ئــەم بۆك‌وزەوماوەن وجێژنە بۆئەم‌جەواندفەرهادخان‌پورزاو کۆنەدەسگیرانی فیروزە خاتۆنە پیرۆز وموبارەك‌بکا (لەم‌کاتادەستی، فەرهاد والەنێــوی دەسیا) ئەبێ‌فیرۆزەخانم‌بۆئەومارەببڕن : وەبێجگە لەوپارەوئەشرەفیی‌یە کە بە نەختیی بۆخەرجی زەماوەن وماریی دراوە ، شەش‌دانگی ئــەو

ماوەی ل١١

**ناڵەبارییەکان ...**

ماوەی ل١

خەسۆدي واچێشت نراوەتەسەر ، بەدەست‌وبردد لەکاتێکا کــە : بوك چۆبۆوە دەرەوە، پڕمشتێکی‌دیکە خووێی کردەنا و چێشتە کە، وە دەستي بەنك‌و ناڵ کردەوە . بوك لەدەرە وەهاتە ماڵەوە دي‌خــەسۆ نکەی‌دێ بەڵام‌چونکەلەکارەساتي چاپی‌یە کە کەوتبوە شك‌نەزۆردڵي بەحاڵی خەسۆئەسۆتا؛ وەنەزۆریش ئەی‌ویرا‌چێشتەکەی لاشەخەرکا، بەدەم فرمانەکانی دیکەیەوە زۆرۆ بەبیانوی‌هەواڵ‌پرسی خەسۆیەوە؛ سەری لەچێشتەکەی‌ئــەدا! ئیتر بێ‌خەبەر بۆلەوەی کەخەسۆکاری خۆیی کردۆوە. کاتێ‌هاتەمــاڵەوە دی‌خەسۆ ئەنکێنی ، کوتی‌دایــە گیان‌چۆنی ؟ ئەگەرئەتەوێ‌بابە تایبەتی شۆربایا فرۆجــاونکیش بۆتۆلێ‌بنێم!خەسۆنادایکم‌نامەوی! لێم گەڕێ بەدەردي خۆمــەوەدا کەوم، تۆهۆشت لەکاروباری ماڵە کەبێ! هەیتاهەیتا بۆدێی تەسەر سەری‌من!؟ من‌ئەگەرشتێکم‌بووێ خۆم‌ئەڵێم فلان‌شتم ئــەوێ، ئیتر نایەوێ تۆهێندە بیلێ‌یتەوە!بوك ئەوقسە ڕەقانەی‌بەلاوە،وە کۆمرد نیش‌نەبۆکە: ئەوهەرئەیەوێ‌خۆی نزیك‌کاتەوە، وەخذمــەت بنوێنێ خەسۆش هەربە کاڵي یــەوەلامي ئەداتەوە .

ئەنجابــوك بــەدەم پــەژارەی ناپاکي خەسۆیە وەلەماڵ ئەچێتە دەرەوە ، کاتێ کەبوك‌ئەچێتەدەرەوە، خەسۆ ئەڵێ: أم‌هێشتانە گەیشتووە تــەپێشەوە ئەیــەوێ‌پتۆپیاسکەی پەنجاساڵەی من‌بیشکێنی!ئەیەوێ هێشتاپێی گەرم نەبۆوەتەوە،ببێتە خاوەن ماڵ‌وزەنجیی چەندساڵەی من‌بگرێتەژێرچنگ، ئەی‌نــەی خۆی!شەرت‌بێ‌نەردەگس‌خانم؛والە

ماوەی ل١١

www.zheen.org

وەرگێڕی پێشەك وڕاستكەرەوەی‌هۆنراوەكان:م.ص.م

# كنز العرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین‌ووتار ((میر محمدصالح حسنی نعمت‌اللهی))

ملقب بە«حیرانعلی‌شاه»ی كرماشانیی

لەسالی١٣٢٤ش،لەلایەنی زانای‌بەڕێز « محمدحسن‌حیرانی » (صارم‌السلطنه) لەچاپخانەی كاوه لەكرماشان ، بۆدووەم جار لەچاپ دراوە.

پێشەكی چاپی یەكەم

خوێنەرە بەڕێزەكان! پاش‌ئەوە كە پێشەكەكانی دیوانی‌خوداڵێ خۆشبوو«سیدصالحی كرماشانیی»مان‌لەفارسی یەوەبە كوردیی‌وەرگێڕاوە ئەواهەڵ بژێرراوی‌پار چەهۆنراوە جوانەكانی دیوانەكەی لەم گۆشەدا بەڵاوئەكەینەوەتاكاتێ یەزدانی مەزن‌یارمەتیی‌مان‌بدا كەچاپی‌ئەودیوانە بەچەشنێكی جوان‌وڕێك وپێك‌دووبارەبكەینەوە.

ئەوەش ئەبێ‌بزانین كە تائێستا لەبەشی «لەهەر كولـزارێ» دا ، چەندپارچەییێكمان لەودیوانە بەڵاو كردووەتەوە، وەلەمەولا ئیترهەرلەم بەشەدا بەڵاوی ئەكەینەوە.

بۆئاگاداریی خوێنەرە بەڕێزەكان ئەوەش ئەبێ‌بڵێین: لەبەرئەوە كۆكەرەوەكانی ئەودیوانە، بەشێوەی «هەورامی» ئاشنا نەبـووون، وە لەلایێ تریشەوە، هۆنراوەكان بەشێوە خەتی‌فارسیی لـەچاپ دراوون ، ڕەنجێكی‌زۆری‌ئەوێ‌تاهەڵەوچەوتەكانی‌ئەوهۆنراوانەڕاست‌بكرێنەوە؛ نۆسەر تائەوجێگا بتوانم‌ئەكۆشم كە ئەوهەڵەوچەوتانە ڕاست‌بكەمەوە، تاوەكوولەم ڕێگایە شەوە، خزمەتێكمان بە گەل و نەتەوە كەی خۆمان كردبێ .

بەوچەشنە كە لەهۆنراوەكانی ئەوزاتەدا بۆمان‌دەر ئەكـەوێ ، خوداڵێ خوشبوو،ئەندامێكی زاناو تێ گەیشتوو، وەلەڕێگای خوداناسی- دا،زۆرشارەزابووە؛وەبولبولی ڕەوانی پاكی لە گولزاری‌جیهانی‌نهێنی- دا،هێلانەی بەستووە؛ بۆنی خۆشی ئەوگولزارە، هێناویەتە ئاوازونەوا، هەرساتێ بەچەشنێك وهەرتاوێ بەجۆرێك شادی‌وخۆشی خۆی بەنەواو ناڵەی‌دڵرفێنی لەووشە جوانەكانی كوردی‌دا دەرب‌ڕیوە، وەئەوووشانەی وە كوو گەوهەری بەنرخ بەرشتەی هەستی نەتەوایەتی هۆناوە تەوە ، وە بەنوێنگەی شوێنە جوانەكانـی وێژەیی نەتەوە كەی خۆی پێشكەش كردووە .

خوداڵێ خۆشبوولەبەرئەوە، لەوڕێگایەدا ڕەنجێكی‌زۆری كێشاوە، وەبەگوێرەی ئامادەیی وشایستەیی خودا پێ‌داوی خۆی‌پێ گەیشتووە وڕەوانی پاكی‌لە سەرچاوگەی ئاوی ژیانی خوداناسی‌دا تێراوبووە ، وەپەیكەری پاكی لەتاوی پرشەی تاو(نور)ی یەزدانی‌دا، تـوواوەتەوە، لەزۆراری هۆتراوە جوانەكانیا، نەی‌تووانیوە خۆی‌بگرێ، وەبڕێ‌جار پەردەی لەڕۆی جیهانی نهێنی هەڵ گرتووە، هەروەهاكەئەڵێ:

دەسەی‌صالح مەحكەم نیشت نەڕاگەی صدق

تاحەق وەزبان ئــــەو ئامــــاوە نطق

نمایشنامە،..

ماوەی ل ٥

خانووە كەلەپشتی عەلافخانەوە هەمە، لەگەڵ هەموجۆرە كەل و پەل و فەرشێكدا كە تێدایە، بەفەرهادم بەخشیوە ، كەمارەی فیروزە خاتوونی لەسەر ببڕن . وەلەخودا تكا ئەكەم كەپێكە وەبەخوشیی ڕابویـرن‌وپیر خەزەبن ؛ وەئاغای حاجی‌مراد ومام كەلانتەر وهەموبزانن كـە هەرلە پێشان مەبەستی من‌لەداوا كردنی‌فیروزەخانم‌بۆخۆم نەبو،بۆفەرهادخان بو؛ بەڵام ترسام كە ئەگەر ناوی ئەولەپێشابێنم ، ئەم كارەڕێك نەكەوێ. (بەجارێكا هەموبەدەنگی بەرز ئەڵێن :) ئـافەرین هــەزار ئەفەریـن لەم پیاوەتی‌یە ، لەم‌جەوان‌مەردی‌یە ، بەڕاستی ئوجاخی پەیغەمبەرت‌ڕۆشن كردووە . بەڕاستی ئاغا و گەورەی . ئەی‌بژی !

**فەرهاد :** (لەكاتێكدا لەم‌قسەو باسەسەری سڕماوە، وە لەپێشان باوەڕی بەم‌قسەنەبو، بەخۆشی وپێ كەنینەوەهاوار ئـەكا.) ئاغاسەییـد! بەقوربانی جەددت‌بم ! دەستت بێینە ماچی‌بكەم. بەڕاستیی تو كوڕی پـەیغەمبەر و كـوری‌عەلیت ؛ تۆمەلائیـكەیت . لەم‌كاتـا فیروزەش بە دیواخی بۆ كی یەوە لەجێ‌خۆی هەڵ ئەپەڕێ وڎێ دەستی سیدیعقوب ماچ ئەكا وخۆی ئەخاتەمل كەوشەكـانیا . كـلاوزەرێش‌دێتەپێشەوە ڕوئەكاله فیروزە وئەڵێ: خاتون! پێم‌نەووتی : ناهەمێدمەبە!دیت خودا چارەسازە؛ من‌بێ‌خۆدەڵم ڕۆشن‌نەبو ؟

**حاجی‌مراد :** منیش هەرچیكم هەیە، هی‌فیروزەی كچمە،هیوام وایە پێكەوە بەخۆشی وشادی بژین . ئێستا ئیترئێزن بفەرمون كـە : گوڕانی وێژەس پێ‌بكا و كوڕو كچ هەستن دەس‌بگرن‌وهەڵپەڕن و زەماوەن گەرم‌بكەن .

**سیدیعقوب :** حاجی‌مراد ! بەگیانی‌تۆ، كوڕو كچ و جـوان و پیری‌نی‌یە ، هەمو ئەبێ هەستن‌وچۆپی بگرن ، تەنانەت جەنابت ومام كەلانتەریش . یاالله! هەستن. سیدیعقوب‌دەستماڵی هەورێشم‌لەگیرفانی دەردێنی ، هەموپێكەوەدەس‌ئەگرن وبەبەزمی (لەیل باو، لەیل‌باو)دەس ئەكەنە هەڵپەڕین وئەڵێن :

لەیل باو لەیل‌باو لـەیل بـاوانم
فیروزە وفەرهاد هەردك چـاوانـم
شەوەكـەی سوورت هەرلـەبیـرمە
جفتە چاوەگەت ، دامـەن گیرمـە

چەپلەڕێزان وڕەتێ بەلەك درێژەی هەیە وپەردەئەكەوێ .

دوواییی

لەجێگاییێكی‌تردا، سكاڵای خۆی دەرئەبڕێ وەلەوەی كە بۆی ناكرێ ئەونهێنی‌یانە بۆهەمو كەسێ دەربخا، وەپەردە لەڕۆی جیهانی خوداناسی بەوە هەڵ گرێ، ئەڵێ:

چی‌واچم وەتو، كەی‌جای گوفتارەن؟
مەطلەب‌نازك وچـارم نـاچـارەن

ئەنجا سەخلەتی ڕێگای خوداناسی هەڵ‌ئەدا.وەبەدڵێكی‌پڕسۆزەوە ئەفەرموێ:

كەس‌مايیل نییەن‌وەڕاگەی ڕاسان
خودا داد لەدەس خـودا نـەشناسان

ئەمە بو، وێنەبێ لەڕەووش ویاسای ئەوزاتە لـە ڕێگای خـودا ناسی‌دا؛ بەیارمەتیی خودا، لەمەولاش، لەهەرپارچەییێكدا بەگـوێرەی پێ‌وێست لەبارەی جێگای‌بەرزی‌زانیاری‌وپایەی‌بلندی ڕەوانی، ئەوزانە- وەئەدوێین.

# بوپی كەنین

### موعجیزەی‌عەجیب

كابرایێ كەناوی «نصرالله»بو، ئیدعای پەیغەمبەری كرد.حاكم لێ‌پرسیی: دلیل وبـەلگەت بـۆ پەیغەمبەربوون چی‌یە؟ووتی:خودا لە قورئـانا فەرموێ : «اذاجاء نصرالله» وەناوی من «نصرالله»یە. ووتی:ڕنی موعجیزەت‌چی‌یە؟كابرا ووتی: نەڕۆك ئاووس ئەكـەم . ئەڕقـەزا حاكـم ووەزیرەكـەی هەردوكیان‌ژنیان‌نەڕۆك بو.حاكم دەستی خـۆی خستەبارەوە، بـە وەزیری ووت : ژنەكەت بدە بەم كابرا،تاموعجیزەی‌ببینین‌وئیمانی پێ‌بێنین. وەزیرووتی : قوربان ! من‌هەوەڵ‌ئوممەتی ئەم پەیغەمبەرەم، وەهــەرڕۆژی‌هە وەڵ ئیدانم پێ ی هێناوە . ئەبێ كەسێ ژنی‌بداتـێ كەئیمانی بەپەیغەمبەریی‌ئەو نی‌یە.

### تصرفی‌ئولاغ

كابرایێ ئولاغێكی كـڕی ، خەڵكیی ووتیان : خلە تـاوی و گرانت كڕیوە. كابرائولاغی‌بردە- وە، بۆخاوەنە كـەی،بەڵام خاوە- نەكەی وەری نـەگرتەوە. ناچار ڕۆیشتن بۆمەحكەمە . قاضیی‌لە كڕیاری پرسیی : تۆئولاغەكەت «تصرف» كـردووە؟ كـریار كـە نەخوێنەواربو، بەجورێكی‌تـرتێ- گەییشت وسەری داخست ووەلامی نەداوە. فرۆشەرووتی: بەڵێ‌قوربان تصرفی كردووە: وەدوسێ‌ڕۆژیش لـەلای بووە، باری پێ كێشاوە . ئەمجا كڕیارهاتەقسەوسەری بەرز كردەوە ، ڕۆی كرد لەقاضیی و، ووتی : قوربان ئـولاغە كـەنێرە ، ماچ كی‌نی‌یـە؛ من‌چۆن تصرفـم كردووە؟!!!

### كەڕت كردم

ڕۆژی شاعباس بەوەزیرخۆی ووت . ڕاستە كەئەڵێن :دەنگـی گەورە ونێروقۆز، نیشانـەی‌لێ- هاتوی‌ونەبەزیی‌یە؟

وەزیردەنگی خۆی قۆزكرد ونەڕاندی : بەڵێ قوربان، وایە ، ڕاست ئەڵێن .شاووتی:مەنەڕێنە! كەڕت كردم من تۆچاك ئەناسم؛ تۆئەوەنیت .

ژین www.zheen.org

# ئامۆژگاریی

مافی برای گەورەبەسەربرای بچوکەوە،وەکوّمافی باوکەبەسەر سەرکوڕەوە .

(حضرتی محمدص)

ڕۆژی یەکێ لەپیاوە گەورەکان کە حاکمی وەلاتێ بوَ،ڕۆییشتە مالێ حەضرەتی (عمررض) ئەنوازێ حەضرەت بەپشتا کەوتــووە ؛ وە منداڵەکانی بەسەرسکیەوەداناوە، گەمەیان لەگەلّ ئەکا. زۆری پێ ناخۆش بوَ؛ حەضرەت تێ گەییشت ، فەرموَی: توَ لەمالاّلەگەلّ منداڵەکانتا چۆن ڕەفتار ئەکەی ؟ ئەوپیاوە ووتی: من کاتێ ئەڕۆمە مالەوە ، هەموَ منداڵەکانم بێدەنگ دائەنیشن و کزئەکەن ولەجێ خۆیان نابزون حەضرەت فەرموَی: بڕۆ! لەمالّی خۆتا دانیشە ! توَبەدەردی حاکمی ناخــۆی ؛ چونکو کەسێ بەژن ومنداڵی خۆی ڕەحم نەکا ولەگەلّیانامیهرەبان نەبێ، چۆن لەگەلّ ئوممەتی محمدا بەمیهرەبانیی ڕەفتار ئەکا .

(حضرتی عەمررض)

بترسن لەوەی کەدلّی باوك ودایکتان لێ بێشێ؛ چونکوو کەسێ کەباوك ودایك خۆشیان نەوێ ، وە کەسێ کەهەوالّ لەخزم وڕەحمــی خۆی نەپرسێ وەپیرێ کەدزنا، بکا ، وە کەسێ ئازاری بەدراوسێ بگات، ئەمانە قەت خوداَیان لێ خۆش نابێ . وەپێیان لەهەشت ناکەوی .

(حضرتی علی رض)

ڕۆژێ حەضرەتی حسن وحەضرەتی حسین قسەیان گیرایەك ؛ وە چەنڕۆژێ ئامشۆی یەکتریان نەئەکرد. کەسێ بەحەضرەتی حسینی ووت : هەستە بڕۆبۆمالی کاکت، دەستی ماچ بکــەوئاشتی بکــەرەوە ! ئەولەتۆ گەورەترە . حەضرەت فەرمووی : من لەباپیرم بیستووە ، کاتێ کەدوبرا ناحەزی کەوتــەربەینیان ، هەرکامیان دەستی خستەپێشەوە بۆئاشتی ، پێش لەوی تر ئەڕواتە بەهەشت؛ وەمن لەبەرئەوە کە نەکەومە پێشی کاکم لەبەهەشتا ، ناڕۆم . حەضرەتی حسن کەئــەم قسەی بیست ، دەس بەجێ هات بۆمالّی حەضرەتی حسین ودەستی کردە ملــی وئــاشتی کرووەوە .

(حضرتی حسین رض)

«زمخشری»زانای بەناوبانگی اسلام ، پێیێکــی بــڕابوەوە ، ڕۆژێ لێ یان پرسي، کە:هۆی بڕانەوەی پێت چي بوو؟ووتی: کاتێ کەمنداڵ بووم، ڕۆژێ چۆلەکەیێکم گرت وەپەتێکم خستەلاقێکی؛لەپڕچۆلەکە باڵی گــرتــەوە ، ڕۆییشتە نێو کونای دیواری خانوو ؛ سەری پەت کە بەدەستمەوە بوو، کێشام وزۆرم کرد کە لەکون بێکێشمە دەرەوە، چۆلــە کەی بەستەزمان لەحەیبەتی گیانا، دەرنەهات، ئالاقی پچڕا و بەپەتە کەوە هات بەدەستمەوە . دایکم کەئەم کارەساتەی دي ، زۆر قەلّس بوو، دوعای شەڕی کردمو، ووتی : ڕۆڵە ! یاخوداَ هەروەها توَلاقی ئەوبەستەزمانەت پچڕي، لاقت بپچڕێ . ئەمەڕابووردو، من گەورە بووم ، ڕۆییشتم بــۆ «بخارا» بۆدەرس خوێندن ،لەڕێگادابەفروبۆران سەری لێم شێواند ولاقم سەرمابردي ، ناچار لاقیان بڕیمەوە . دەس بەجێ دوعاکەی دایکــم وە بیر کەوتەوە ، وەتێ گەییشتم کەسێ بەدڵی دایکی نەکا ، هەروابەسەریا ناچـــێ .

(زمخشری رح)

چاکترین دیاري بۆخزم وکەس وکاروبرای دینی، ئامۆژگاریێکە کە خەیری بۆدینی ببێ، یا کاروباری ژیانی پێ چاك ببێ .

کەسێ کە ئامۆژگاري برای دیني خۆی لەکاتێکدا بکا، کەهەر دۆکیان بن ؛ وە کەسێکی تر گوێ لێ نەبێ، ئەوەچاکەومەبەستەدۆستی یە بەلاّم ئامۆژگاري لەنێوخەلّکيدا، لەڕۆی دۆستی یەوە ، نی یە؛ بەڵکوو مەبەست لەوەئابڕۆبردنە .

(سلیمان بن الخواص رح)

ئامۆژگاري خەلّکیی بەکردەوە بکە ، نەبەقسە( یانێ کاری چاك بکە، کەخەلّکیی چاوت لێ ببڕن) وەشەرم لەخوداَ بکە، هێندە کە ئەو بەتۆەوە ، نزیکە . وەلەخوداَ بترسە ، هێندە کە زۆری پێت ئەشکێ .

(محمد بن تمام)

م:ص:م

# بەشی مەولەیی

## پارچەی

## ٣٤

خالّۆ!چون تەڎبیر دەردزانــات نەوێ
هانام کــەرد ئەوتۆتەوانــات تەوێ
نەتاوای وێتەی وەمەوداَی وەی دا
گنیج بڎەی نەگنیج دەریای بێ پـەی دا
ها، خۆڎام وەحەق شاڎەتم ئــاوەرد
خالّۆم!مەوج گنیج دەریاهۆرش کەرد
جە کە نارە وە سەعی کــەردەت بۆ
هەولّ پلوپۆش ئاوئــاوەردەت. بۆــ
پەی چێش؟ خالّۆ کەی دەرۆن جەهۆن کەیل!
خەیلێن ئەجزای تەن لەیلەکەی پڕمەیل
ئامێتەن وەجوزوڕێزەی مەجنوَن دا
حەیفەن ئاوبەرۆش وەتوَنای توَن دا

لە بەرئەوە خــوداَلێ خــۆشبوَلــەم پارچەدا کەوتووەتەئەوپەڕی سەرسنوَری بیرووادَي (خیال) وووردەبینی هۆنــەری یــەوە، وەدەرهێنانی گەوهەری مانای ئەم پارچەیەلە دەریای بیرتیژي و، ووریایی دابۆهەموَ کەسێ ــوَك وئاسان نییە، بەپێویستم زانی کە بەگوێرەی ئــاوەزی خۆم مانای ئەوپارچەیە، دەربخەم تائەوخوێنەرە بەڕێزانە کەبەشێوەی شیرینی هەورامی ئاشنانین، لێ ی تێ بگەن وەپایەی بەرزی وێژەیی ئەوتەنیا ڕۆ ژەپرشنگ وەشێنەی ئاسمانی وێژەی کوردیانە بۆدەرکەوێ:

خۆدالێ خۆشبوَلە خالّۆ:(احمدبەگی کوّمالّی) گلەئەکاوئەلّێ : خالّۆ! توَوادیارە ئەمەنڎە دلّسوَزی من نیت کە بەدەردم بزانی؛ وەچەنڎ جارایێت پاڕاومەتەوە کە لەڕەنجی دەردی دلّداري ڕزگارم بکەی، وە لەودەریابێ پەیە، دەرم بێنی! بەلاّم توَنەت وپست یانەت توانیی کەخۆت بخەیتەناوی ئەودەریاوەوخۆت توَشی دەردوسەخلەتیی بکەی بۆئەوە کەمن لەگێژاوی دەریای دلّــداری ڕزگارکەی، کەوابووئەوامن ئیترهیوای ڕزگاریم بڕا، وەئیمان وشاڎەتم هێنا.

خالّۆ! توَکە خۆت نەخستەناوی ئەودەریاوە بۆئەوەمن دەربێنی، خۆئەتوانی لەکەناری دەریاکەوە ڕاوەستی، لەکاتێکدا، پلوپوَش وڕێزەو پێزەی پەیکەرم ئاوئەیهێنێ، وەشەپۆلی دەریائەی خاتەلاوە، بی گرێتە وە لێ نەگەڕێی کە ئاوبی با، چونکــەڕێزەوپێزەی پەیکــەری «لەیل» لەگەلّ ڕێزە وپێزەی لاشەی «مەجنوون» داتێکەلّە، توَبی خــوداَ، زوَر جێگای داخە کەڕێزەی لاشەی جوانی لەیل لەگەلّ ڕێــزەی کەلاکی من دا ئاوهەلّی گرێ وتوَنا وتوونی بخا!

### ئاڵەبارییەکانی...

ماوەل ٥

«ئەحە»ی کوڕم بکەم تەلاقەقنگت کات، وژنێکی دیکەی بــۆ بێنم ! کاتێ لەبەر خۆیەوە ئەم قسانەئەکات، کچەبچووکەمنداڵەکەی ئەڵێ : دایە گییان ئەوەچیی یە !؟ دایکیی وەلاّمیی ئەداتەوە ڕوڵەگییان ئەوە براژنت ئەیەوێ من دەرکاوپاشان ئێوەش بکاتەژێرچەپۆکە! منداڵی بەستەزمان خێرا بڕوائەکات وەئەڵێ بەخووائەی خنکێنم ، وەدەست بە جوێن دان ئەکا، دایکی ئەڵێ ڕۆڵە وسکت بە! کاکت ئەت کوڕێ قسەی پێ نەڵێ ی بگاتەوە بەکاکت لەسەر «نەرگس» .

ئەت خنکێنێ! منداڵیی بەستە زمان کە: لەوەوپێش هەر بەباوەشیی کاکیەوە بوَومونەوازشیی لەکاکیی دەبوە، بەم قسانە «نەرگسیی»لەپێش چاوئەبێتە دڕندە وگاکیشیی لــە پێش چاو ئەکەوێ .

خەسوَپاش ئەوەی ئەمدەرسەی بەکچیی چکۆلەی وت ئەڵێ :ڕۆڵە! کاکت و «نەرگس»هەرچیی ئەڵێن زوَبــۆدا کتیی بگێڕەرەوە، ئێستا بڕۆبزانە «نەرگس» چیی ئەکا! بەو بۆنەوە کچ لەماڵ ئەنێرێتەدەرەوە وەئەیکاتە جاسوَسی « نەرگس » خۆشێ تەکێ بەلای تییانەوەئەدا، پڕقاپێکیی دیکەئاوبەرئەداتــەوە ناوتیانە، چلۆسکیی ژێرقازان هەلّ ئەخرێنێ. ئاوری چێشت تیژئەکات، لەسەرئەنجامیی، ئــەم کردەوەیەدا چێشت نیوەی بەبنیی قازانائەسوتێ ، نیوەی تریشی هێندەئاوي تێ کراوە ئەبێتەتۆیەڵ، بوَکیی بەستەزمانیش هیچ ئاگای لەم کارەساتانە نی یــە، ئەوەندەی لێ حاڵی یەکە : خەسوَ چاوی بەواهەلّ نایێ لە خــەیاڵی خۆیالەفکری ئەوەدایەکە: چۆن کارێ بکات لەپێش چاوی خەسوَو خەزوَر خۆی خۆشەویست بکات.

ماوەی هەیە

تلفن ۲۵۵۰۱

چاپ اختر شمال

بەشی کوردیی شمال

# کوردستان

لاپەرەیی ، بوهەمروجار

## کومەلان

شاهەنشا جواتا جەریدەیێدا جوابا سەرا کەکی جەریدادابارا کومەلان‌دا جارەك‌دیتـر هەبـێ ناکومان‌لازمزانی‌وەهەبونا کومان حکومەتا مەشرط وپارلەمانـی‌دا ئەمر گرن ،

سەڕاستیبیا مەطلەبێ ئەوە کۆ کەلمادێموکراسی‌یانی‌حکومەتا مڕووان بۆمـڕووان هنگـی‌دێ مەعناوە رەنگەکی‌دورستی‌هەبیت کۆمروویت مەملەکەتێ‌بن‌بایدا خاکوماندا جـمابـن وەپـاشێ تیکهەشتینا مرام نامی و بـاوری سەراستیبیارێوەچۆناکۆمێ‌لەپیشدا چۆنا شولێت میللی وەجواتی‌دا، وەبوعەمەل هینانا وان ئامانجـان گەل مرووانێك عەقیدەوەیێك داخازی خەباتێ بکەت ،

مەملەکەتێت‌دێموکراتیك‌دا کۆحکومەتا پارلەمانی هەنەلێك نەگرتنا عەقیدان وسەلیقێ دێ بیتە مانعێ وێ هندی کۆ تەنێ کۆمەك‌جلەواشولێت مەملەکەتێ بگریتە دەستێ‌خـو وهەك‌دیتـر بکەتەتابعێ‌خۆ بەلکەرێکاسەراست ئەوە عەقیدا هەمۆمرووێت‌مەملە‌کەتێ‌وەاێك نەگرتناسەلیقاوانـ بشکلێ کۆمان پەیدابیت وەئـەو مەسئەلەدێ بیتە باعثێ‌پێك‌هاتنـا چەند کۆمان وەچ جار کـۆمەك نەشێت غەیرێ‌جەبرێ‌وەزور پیژی یێ رێوەچوناخو لە جیباعـەقیدا تیکراوی‌دانیتەسو کرا میللەتێ،

حکومەتامەشروطەوپارلەمانی‌دا چمانعێ ئازادیبیا فکرێ‌وگوتنێ وەقەلەمێ چ‌نینەکۆ چەند کـۆم پیك‌بێن‌ئەمابویت‌نەویەبەرخاترا راکرنا ئیختلافـان وەئالوزییـا فکران کوم دوویان سێ‌دێبن وە ئەومەسئەلەیانێ سینوردانان ژبو دوویان‌سی کۆمان‌وەمەملەکەتێت مەزن وەدیموکراتیکە دونیایێدا دانیتەعەمەل گرن، وەدوواهییاوێ یاباش ژی‌روناهی‌وەدیهارەوەنایتیە حاشاکرن. ئەمامەملەکەتێ‌ئیرانێ‌دا بەرخاترانوعێ تەربییەتا مرووان وەمەیلا تەنێ تەنی رێـداچون‌وە راگرتنا سەربەستییا شەخصی‌هەر وەکێ کۆهاتی دیتن وەتەجروبە کرن ئەوعیلاقا هاریکارێ یی وە بهورین‌وەسەراچونێ‌ژئازادییاتەنێ وەنەمانا شەخصی‌یەتا مرووێ‌تەنێ مەصلیحەتاجواتی‌داکێم‌دیهارد کەت مومکینەداووطەلەبیترەئی‌سییـا کۆمێ وەفکرا مرووان ئەوبیت کۆفکرکەن‌وبیژن‌دەئی‌سی کۆمێ گەلەك فکراخودایە وەبەراخونە دەتەقازانج وەمەصلیحەتا مرووێت کومی ژبـوچێیونا وان‌جـورە فکرانە بێ‌ئەسەر نەبیت وەهەروە تتودبیت کۆقودەتێ وەحەسودییا هنەك مرووان ژی‌بگوتن‌وە کرنا بێت دیترهەرچەندژی نییەتاوان پاك‌بیت‌وەخذمەتەك‌باش بوجواتی بکەن خرابی‌وەنەباشی‌بیتەحسابێ وەدوواهی‌یێدا ڤێ‌ژهاریکارییـا پاشدا بدەن .

ئەما سەرکەتنا فکری گەرەك وان‌مەسئەلانەهێدی‌هێدی‌نەهێلیت وەمرووبکەنەعادەت کۆمەغـروری یێ وەقودەتی‌یێ دانین‌وەدەستـێ خوبدەنە دەستێ‌یێك‌بوخاتراخێر وە مەصلیحەتاجواتی‌هاری‌کاری‌یێ بکەن‌پێشداعا وتامەریاتێکراوی وەیێ حەسیانا فایدێ هاریکاری‌یـێ‌وە وێکرا بونی‌وە کۆم بونێ‌وەپێشدا چونا لەزە دونیایێ مخصـوصادێ بیتە باعیث کۆمرووێت ئیـرانێ سێ کۆمان مەملەکەتێ‌داچێکەن وەپێگاوێت‌لەزترلەرێکاهاری کاری‌یێ وەمعاونە تاتێکراوی راکـەن وەبوێ‌وەسیلێ حکۆمەتاپارلەمانی قاحیم کەن‌وەحەقیقەتادێموکراسی‌یێ بدەنە دیهار کرن وەبەلکەبن بن‌سێبەراعینایەت ودرێوە بەرێیـا شاهەنشاوەچێکرناروحاهاریکاری‌یێ دا وەلاتێ‌مـەیێ‌عەزیـز بتێە رێزا مەملەکەتێت مەزن ، وەمرووێت میللەتێ‌زورترژبەرێ‌مەشروطییەتێ خودان پشك‌بن .

## پیش‌نیارابی‌جی

خروشچف رەئیس وزەرایێ شورەوی، وێ‌دوواهی‌یێ بەرخاتـرا نەحمزییا کۆگەل «داگ‌هامرشولد» کاتبێ کۆمیللەتان‌دا پەیدا کری پێش‌نییار کرییە کۆئەوژشولێ لابچیت، وەوەظیفا کاتبێ کۆمامیللەتان بکەویتە دەستێ هەیئەتەك سێ‌مرووی؛ عەقیدا ڤی‌ئەوە کۆ(هامرشولد) لاگیرییا روژئاوا دکەت، وەمەصلیحەتا دونیایا کمونیست بەران‌بەری قازانجا روژئاوادا پێ‌پەس دکەت، ئەلبەتە خروشچف ژبـوئابت کرنا گوتناخو چ‌دەلیلێت بەرعاقل نەهینانە وەتشتەك وەتتو نگوتییە کـۆ راستی‌ژی هامرشولدێ‌بێ‌لاگیری رەفتارنەکربیت

سەرەکانییا ئەصلێ مەسئەلی ژقەومینا کونگو وەریگرناقاوەتێت میللەتان بوڤێ مەملەکەتێ بەرخاترا پێش گرتنا ئالـوزی‌یێ بوّیـە : دەولەتا ئورسێ شوروی وەریوە بەرێت وێ دخاستن کۆ وەضعا کونگو بکەنەوەسیلە بوفرە کرنا حکمی کمونێستان ئەفریقایـی‌دا، وەبێشك پیگاوا رێکرنا قاوەتێت کۆمامیللەتان بوکونگو پێشاییکاڤێ‌نەقشێ کمونێستان گرتییە: گەل پەیدا بونا ئالوزی وەلیکدانێ کونگودا وەهەروەتتو پەیدابونا ئیختلافامابەینا ریوەبەرێتوێ‌دەولەتاتازەچیبویی وەگوتەگوتێت بلراوەر گرتناهاریکاری‌یێ‌ژئورسێ شورەوی‌خروشچف وەوان بهیوی‌بوکۆ دێ‌کونگودا بنەگان بوسەربازێت ئورس دانێت تیکەلییاییکاتییا میللەتان، سەردەستۆرا شوراهیمنی‌یێ ئەونەقشە کرە نەقشێ سەرئاڤی، ئەوە کۆ خروشچف هەمو تەقصیر هاوێتنە سوکـرا هامرشولدێ وەپێ‌هەمو قاوەتاخۆجەەدێ‌د کەت کۆ ڤی‌ژشول بێخیت.

گورەکی قانونا یێکاتییا میللەتان کاتبێ‌تەواوهندئیختیارەکی فرەچ‌نینە کۆبشێت قەرارێت یێکجاری بارا شولێت کۆما میللەتان‌دا دەربێخیت! قەرارێت موهوم کۆژلایێ‌جواتا تێکراوی وە کۆماهێمنی‌یێ وەکۆما جواتی‌وەئیقتصادی وە کۆماقەیومی‌یێ رەهەمو بنەگێت کۆما میللەتان‌وەتینەکرن وەکاتبێ کۆمامیللەتان ژی‌دبیتە مەئموری‌عەمەل هیناناوان قەراران، بەروێ هندێ‌کاتبێ تەواو نەقشەکێ خودان‌ئەسەر نادەتەشولێ وە گوهورین وەئەسەرەك تەواودسیاسەت وەرێوەچونا کوما میللەتان نەشێت هەبیت

کۆکۆمەك جەهانییە راگرتنا صولحێیە بلی‌وێ هندێ چجار رەسم‌نەبویە کۆوەظیفا کاتبەکی تەواو هەیئەتەك جی‌بی‌نیت ، سەروێ هندێ‌را کۆئەو عەمەلە میخالفێ قانونا کۆما میللـەتـانە، وەبوعەمەل کرناوی دوێت پێشدا قانونا کومامیللەتان بێتەتازە کرن ئیجائەگەر پشکازورە ئەندامێت جواتا تێکراوی قەرارێ سەروێ فکرێ بدەن‌ژی دانانا هەیئەتەك سێ‌مرووی‌لەجیا کاتبێ‌تەواو چ‌قازانجێ‌عەقلی‌تێدانینە وەمەعلوم‌ژی نینە کۆمەسئەلەسەدادا عەمەل بێت

کاتبێ کۆما میلەتان وێ گاوێ معاوینەك ژی‌هەیە ، وەشولێ دستورا کاتبێ تەوان‌وەنەظەرا معاونێ تێنەکرن

وەتێك‌داناوێ وەضعی هەروەکی هاتی گوتن بەتێك‌دانـا قانونا یێکاتییا میللەتێن وەدانانا قانونەك تازەوە گریداییە

هنەك چاودێرێت‌سیاسی دبێژن کۆپێش نیارا خروخوفێ‌نیشانا وێ‌هندییە کۆ هەمییەتێ نادەتە کۆما میللەتان رەنگێ وێ‌هندێ‌ددەت کۆدەولەتا شورەوی ئیدێ‌حاضرنینەمەسئەلێت راگرتنا صولحادونیایێ وێ کۆما مەزن‌دا کۆنێزیکە هەمو دەولەتێت دونیایێ وێ‌دا ئەندامی هەبن‌حەل بینەکرن

هارولد مەك‌میلان رەئیس وزەرایێ ئینگلستانێ وەپرزیـدەنت ئەیزن‌هاوێر رەئیس‌جمهوری ئەمریکا کۆبوشریکاتی جواتێت‌تێکرا وییەکۆما میللەتان‌دا چوینە نییویورکێ وێ‌پشتدا جەهدێ دکەن کۆژتێك چونا بنەکانا کۆما میللەتان پێش گرتنێ بکـەن گەلـەك ژرێوە بەرێت سیاسییە دونیایێ وەنـاووان‌دا پانـدیت نیهـرو رەئیس وزەرایێ هندوستانێ رەسمی بەلاو کرییە کۆ پێش‌نیارا خروشوفێ‌پێش نییارەك عەمەل بویی‌نینە، وەنهەگەرەك ئەم‌چاودێرێ‌قەومی‌نێت‌دوواهی دێ‌بن وەئەم بەبینن کۆ مرووێت دونیایێ دێ باراوێ پێش نییارێدا چ قەرارەکێ دانێن



بنکەی ژین www.zheen.org

**همراله**

ماوەی ل ٤

تۆ بۆخوداحافیزي ناكەی ؟ كوڕم من ئەمشەویش ئەمێنمەوە ، وەلەگەڵ ساندا لە بارەی كاروباری تووە لەگەڵی ئەدوێم .

ئەم موژدەیە بەلای منەوە ، وەكو موژدەی ژیانی هەمیشەیی وە بەبایی‌ترلە موژدەی‌بەهەشت‌بوو ، لەخوشیداهێندە نەمابوو لە پێستی خۆم دچمە دەرەوە ؛ ئەو ڕۆژە تائێوارەبەدارو بەردەوە نەدەوەستام.كاتێ بیرملەوەئەكردەوە كە : سان‌فەرەانی‌موبارەك بادئەدات ، ساتێ لەوە بیمناك بوم كە : بڕیارلەسەرئەو كارە نەداتوژنجي مـن‌بێوەبیـێ . بەهەرچەشنێ نەبوئەوڕۆژە تائێوارە ماینەوە ، «خالەمەحمود» ئاردیەلای سان كە : شەوپاش شێو كردنەوە دیواخان خەلوەت ئەكات .

ئەنجاشەو «خالەمەحمود» منی لەگەڵ خۆی‌بردەدیواخان ؛ قسەوباسی شەڕ دەستی پێ كرا ، هەربەشێ لەشەڕ ئەگێڕرایەوە ، بەشێكیش تاریف‌یان لەخەباتی من وەلەگییان‌بووردنم‌ئەكرد. سانیش كوتی:ڕاستی«مەحمود»من‌ئەوەندەی كوڕەكانی خۆم خۆشەویستي ئەم كوڕی تۆیەلەدلما جێ گیربووە ، بەتایبەتي ئەونامانەی كـە نوسیویەتی؛وە هەوالي كارەساتی‌جەنگی‌بەمن گەیاندووە ' زۆرسەری‌هێناومەتەسوڕ؛ یەكجار خەتێكی خۆشی هەیە ، هۆنەریكي چاكیشە' من‌ئەبێ خەلاتێكی تایبەتی بدەمی ، ئەنجا من‌هەستامەوە وسەرم‌بەنیشانە سوپاس ایدانەواند . ئەنجاسوفرەیان هێنا وشیومان كردەوە پاش.ئەوەی كەشێو كرایەوە ، دیواخـان‌نشین هــــەمو هەلسان، وادیاربولەپێشاتێ گەیێنرابون،ئەوی كەلەدیواخان‌دا مایەوە،«خالەمحمود» ومن و(سان و كوڕانی)بوین .

ماوەی هەیە

---

.بزاروینكشەو ٢٨٥

لەپڕزاویژێ‌بەدلیادێ بەم‌جۆرە كە ئەم كارەلەباوكی كچ بشاریتەوە؛ولامنیشی‌بانگ كردەوە، زۆرمیهرەبانی لەگەڵ كردم، تادوومانگ بەسەرئەم كاراتـێ پەڕی كرد، ئەوجا دایكی كچ،ئەوی بۆنەلاكێ كە ئەمات‌سەروزیشی باوكی كچەكەی‌ئەتاشی، مارەكرد؛ وەمارەیی كچی لەماڵی‌خۆی دا؛ وەپێتەكي‌بۆنیا یەكەوە؛ لـەگەڵ هەمو ئەمانەشاهێشتاباوكی كچ‌فەرقی‌بەم‌كارە نەخستبوو؛وەلەو كاتاكەبەپەلەخەریكی‌ژێك خستنی پێتەكي‌وئامادەكردنی‌سەرەتای كاری زەماوەن بوون، ڕۆژێ گرتمیان والەپیاوەتی‌یان خستم . كاتێ كە زەماونی كچیان كرد، منیان بەناوی غوڵام خستەتەكی. هەركاتێ كچەكە بهاتبایێ‌بۆماڵی‌باوكی' یابڕۆیشتبایێ‌بۆحەمام، منیش‌لەگەڵیا ئەچوم ؛ وە ئەم‌كارەیان شاردەوە، وەشەوی زەماوەن كۆترێكیان‌سەربڕي وخوێنی‌ئەوەیان‌لەباتیی خوێنی كچیەتیی بەژنان پیشان دا . كچ ماوەیێكی‌زۆربەلای دەلاكەوە دانیشت، وە منیش لەگاڵتە وماچ ومۆچ كردن لەگەڵ‌ئەوا كەیفی خۆم ئەكرد وژامان‌ئەبوارد. لەپاش ماوەیێكی‌زۆر كچ ودایك وباوكی‌مردن، وەمنیش‌بێ‌خاوەن كەوتم؛ وەهاتووم بۆئێرە' بوومەتە ڕەفێقی ئێوە . ئەمەبوهۆی‌لە پیاوەتیی كەوتنی من .

## داستانی كافور غولامی دووەم

لە پاشان غولامی دووەم ووتی: من هەشت ساڵەم بوم كە لەشارەكـەی خۆما بەبازرگانێكیان فرۆتم . ساڵی‌جارێ درۆیێكم لەگەڵ ئەوبازرگانائە كرد كە بەو بۆنەوە لەگەڵ شەریك وهاوكارەكانیا ئەمدانە شەڕ. بازرگان ناچار كـەوت كـە بەدە لاڵ بسپێرێ، كڕیارپەیدابكا كەمن‌بەوبفرۆشێ. دەلاڵەستی گرتمو‌بردمی بۆبازار'

---

ومرگیڕاوی هۆنراوە بەنرخەكانی زانای‌مەزن‌جەنابی

«قدس نخعی»

## لەلایەن هونەری بەناوبانگی كورد

## ((ماموستاشیخ سلام))ەوە

=٩٦=

غەم مەخۆ! عومری ناساز تـەواوە
زۆردەورەی تـاڵت هێشتا بـۆماوە
گیـروگـرفتیی دنیا بـەشەراب
لەگەڵ لانەی‌غەم وەك پوش‌سوتاوە

٩٧

پیاڵەی مەی وەك جامی جەم وایە
دنیاو سورشتی‌سەراسەر تیایـــــە
شاخ‌ودەشت وكێـو، چیمەن وچیا
پڕلەئەگریجە وخاڵ وگـۆنایـە

٩٨

لەولای ئاسمان یـەك دنیا دیـارە
ئەلبەت بەهـەشتی خـۆش ونازارە
كەووردووردینیم‌دانیشتوی‌ئەوێش
بـەداوی زولفی‌یـــــار گرفتارە

=٩٩=

ئەوكەسەی‌موهرەی نایاب‌ئەنوێنێ
یاخۆ گوهەری پڕتاب ئـەشكێنێ
كاتێ كەڕۆچون بۆكەروی مردن
دوهەناسەی سارد بۆخەو هەڵدێنێ

=١٠٠=

دەرمانی غەمت شەرابـی جـوانـە
لـەبنچینەوە مـاڵت ویـــــرانە
ئەم‌چەرخـەشێتەقـەت عاقل‌نـابێ
زەنجیرە مـاڵـی شێت ودێـوانـە

=١٠١=

خاكی من‌وتۆ تێك‌هەڵ ئـەشێلن
لەنـــــاوو شۆرەت نیشان نابێلن
خشت لـــــەقاڵبی خشتا ئەبینی
خوڵی صەد پیر ودوصەد جاهێڵن!

**(تەواو بوو) لە١٤ حەزیران ١٩٥٧. سلیمانیی - سلام‌احمد**

---

خوێنەرە بەڕێزەكان! چونكو ئەم‌هۆنراوانەمان‌لەڕوی‌نـوسخەیێك‌نوسیوە، كەپیتەكانی بی‌نیشانە (علامت) بون،وژێك خوێندنەوەی‌ووشەی كوردی كەبەپیتی بێ‌نیشانە نوسرابێ، زۆر گرانە، ئەگەرهەلەیێكتان چاوپێ كەوتێ، لێمان ببورن :

**د.ع.مفتی‌زادە**

بنكەی ژین www.zheen.org

# دستور خواندن و نوشتن کردی

**عده‌ای از خواهران برادران فارس‌زبان که‌مایلند برسم‌الخط کردی آشناشوند باین‌مطلب توجه‌فرمایند:**

**میدانیم که کلمات‌فارسی بوسیله‌سه‌حرکت زبروزیروپیش وسه‌حرف «الف»و«واو»و«یاء» تلفظ میشود. وچون‌حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح‌کلمات بستگی باشنائی قبلی‌دارد،و این‌نتیجه موجب‌اشکال بزرگی درزبان فارسی شده . ولی‌رسم الخط‌کردی این‌اشکال رامرتفع ساخته، وکلمات تنها بوسیله حروف تلفظ میشوند. حروف‌صدای‌کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .**

**١- (ە) که‌بجای زبرمیاید. مانند: «سەر» (سر)«سەروەر» (سرور)**

**٢-(ی) که‌بجای‌زیرمیایدمانند: «جیهاز»(جهاز)«کیتاب» (کتاب)**

**٣-(وِ) که‌بجای‌پیش‌میایدمانند:«گوڵ»(گل)«بولبول»(بلبل)**

**٤- (الف) که‌بجای‌الف میایدمانند: «باغ» (باغ)**

٥- (ۆ) که بجای«واو» میآیدمانند: «بۆد»(بود)«زۆد»(زود)

٦- (ێ ی) که‌بجای«یاء»میآیدمانند:«بید»(بید)«دەوید»(دوید) «مەردی»(مردی)

**٧- (ۆ)که صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»**

**٨- (ێ)که‌صدای یاء مجهول میدهد : مانند «کێ» (که) «چێ»(چه)**

٩- (ۊ) که‌مخصوص‌لهجه کرمانشاهی است‌وصدای (U)میدهد. مثال آن درلهجه کرمانشاهی«ئۊشم»(میگویم) «داشتۊت» (داشته‌باشد)

**(١) حروف«ها»و«واو»و«یاء» بی‌علامت ممکن‌است‌اصلی باشند.مانند:«هەمسایە»(همسایه)«وورود»(ورود)«یەك»(یك). برای‌فرق‌میان هاءاصلی‌واعراب، هاءاصلی را دوچشم‌واعراب رایك‌چشم‌می نویسند .**

**(٢) همزه را همیشه باینصورت ( ئ ) می‌نویسند . مانند : «ئەحمەد»(احمد)«ئوطاق»(اطاق)**

**(٣)درکردی‌گاهی‌روی‌حرف‌دال‌ولام‌وراءعلامتی‌میگذرانند وباین‌شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) که در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام‌وراءمفخم میگردند.مثال آن‌درکردی:«فەرهاڎ،دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کریعنی‌پسر)**

**(٤) الف‌بای‌کردی یك‌حرف بیشترازفارسی‌وعربی داردکه عبارت از«ڤ»میباشد . البته‌تلفظ‌این‌حرف‌درفارسی زیادست،ولی با«واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئەڤایل» (اوایل) .**

**(٥)دررسم‌الخط‌کردی‌حروف مشددرا دوتامینویسند.مانند «ئەڕڕە» (اره) «بەڕڕە» (بره)**

**(٦) درکردی‌کلمات‌راهرطورتلفظ میکنند مینویسند؛ البته کلمات بیگانه‌را مشمول این‌قاعده‌میسازند ؛ ودیگراشتباهی‌بین حروفیکه مخرجشان نزدیك‌است واقع‌نمیشود ؛ مثلا صفحه را اینطور مینویسند : «سەفهە»**

# خوێنەرە بەڕێزەکان!

لەپاش سەلامێکی گەرم وخاوێن ، ڕۆژنامەی کوردستان ئەمامێکی جووان وتازە ڕواوی باخچەی وێـژە و ڕەگەزی کوردە ، نیازی بە چاودێری و یارمەتی دانی براکوردەکانە ، تکامان وایە بۆ بەردێی ژیان و بەڵاوەکە ئەبێ ڕۆژنامەیەك هەوڵ بدەن کەخوێنەری‌ئەم‌نامە جووانەکوردی‌یە کە ئایەنەی بیروباوەڕی نەتەوایەتی‌وویژەیی کوردەکانەزۆرتر بێ‌تاوەکوو؛ بەم‌بۆنەوە ئێمەش بەدڵێکی گەرم و بەتینەوە بتوانین بەخزمەتی خـۆمان درێژە بدەین. لەدووایی‌داتکایە؛ هەمووجۆرەبەبە ت وووتارو هۆنراوێکمان بۆبنێرن وبیروباوەڕی خۆشتان لەبارەی‌نووسین وڕێك‌وپێك کردنی ڕۆژنامە کەمانەوەدەربخەن، زۆرسوپاس‌تان ئەکەین لێترهەربژین .

# چوار قوژبن

**لابەلا :**

| ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ■ | | | | ١ |
| | ■ | | | | | | ٢ |
| ■ | | | | | ■ | | ٣ |
| | | ■ | | ■ | | | ٤ |
| | ■ | | | | | ■ | ٥ |
| | | | | | ■ | | ٦ |
| | | | ■ | | | | ٧ |

١- ئەی دمن لـە دیواروشتی پیائەکەن - ئـەوپەڕی چاڵـی ٢- دەنگی توندوبازڕکی وەکو قیڕەی منداڵ٣- مەعنای،لەگەڵ لاوازي یەکێکە ٤- ئێستا،باری کارە، بەڵام لـەوسەرەوە باری‌سەر ئەکێشێ- گۆدلەی خۆمان، یـا کوانگی‌فەرەنگی‌یان ٥- ئەوبۆ، کە گۆشەگیری وبێکارەیـی (رهبانیت)ی،داهێنا ٦- «مشەمش»بۆ، نوختەکانی‌دا کەوت ٧- گەورەترین‌قۆتی ژیان-ئەمـلەی‌فارسیی

**سەربەرەوخوار:**

١- لە وسەرەوە، فیعلی‌بەرامبەری«متعدی»ە- بەمەعنای مالی دووەمی‌ستونی یەکەمی لابەلایە٢- لەوسەرەوە، باوەکۆنبوەبێکە، لەمەعنادا تەواوڕێگایە-ئەمیش بەڕووالەت نیوەی «مریشك»ێ نابێ، کەچی‌هەربەئەندازەی ئـەوە٣- عێل وهۆز- هێمنی‌بەعەرەبی ٤- ئەگەربدرێتە کەسێ کە دۆپشك پێیەوەدابێ، لەوانەیەبی کوژێ ٥- کەسێ‌خۆی نەناسێ؛ ئەڵێن لەوەی خۆی زۆرترپێ‌دائەکێشێ- ئەندازەیێ، کەلە تەقسیم وشتی‌وەهادا، لەکەسێ‌ئەکەوێ ٦ - لەوسەرەوە، ناخۆشیی «صرع»ە -نەتۆ، نەئەو٧- جێگای ئێڕی زیخەڵان - ناوی شارێکی شێواو.

## گراوەی چوارقوژبنی ژمارەی ٩٧

**لابەلا :** ١-شیس - ترس٢- مشك ٣- قت - زق ٤- هاوین٥- چز-جێ ٦- امت ٧ - پلە - هەل

**سەربەرەخوار:** ١- شەق-چەپ٢-تەز٣-سم-لە٤- شەونم ٥-تك -تە٦ زنج ٧-سلق -یاڵ



لەوێ جاڕی داکە : کێ‌ئەم غوڵامە بەشەرطی عەیب ڎاري‌ئەکرێ؟ بازەرگانێ هاتە پێشەوە، پرسی: عەیبی‌چی‌یە؟ دەڵاڵ ووتی، ساڵی‌جارێ درۆیێ‌ئەکا بازەرگان‌ووتی: بەم عەیبەوە بەچەندی ئەڎەی؟ دەڵاڵ ووتی: بەشەش صەڎقـەران . ئەوجا فـرۆشەرو کڕیارپێکەوەڕێك کەوتن ومامەڵە سەری گرت . بازەرگان پارەی بۆدەڵاڵ ژمـارد و لەپاشان دەستی گرتم وبردمی بوحوجرە خۆی؛ وەجلی‌تازە وچاکی‌لە بـەر کردم . ماوەیێ لەلای بوم تاسەری ساڵی‌تازە . ئەوساڵە زۆرتەڕەساڵ‌وخۆش بو، وەبەهارێکی خوڕەم وخۆشی‌بو بازەرگانان کەوتنە دەورە ضیافەت ومیوانیی تانۆرەی گەیشتە ئاغاکەی من . ئەوڕۆژە ئاغام لە نێوباغێکدامیوانی داکە دۆفرسەخێ لەشاردور بو. میوانەکان هەموهاتن ونان وچای میوەیان خوارد؛ وە دەسیان کردە قسەی خۆش کردن وگاڵتەوشۆخیی‌تانیوەڕۆ لە ووەختا ئاغام شتێکی پێ گـەرەك بو؛ بـانگی کردم وپێی‌ووتم:سواری ئەوقاترەببە؛ وەبڕۆبۆماڵەوە،وەفلانەشت لەخێزانم‌وەرگرە، وەبەپەلە بگەڕەوە . منێش دەس بەجێ‌ئامادە بوم‌وپەڕیمەسەرقاتروڕۆ بەشارای‌خوڕیم. کەگەیشتمە نێوشارونزیکی ماڵ بومەوە؛ دەستم کردە هاواروباوکە ڕۆوگریان و خۆکوشتن . خەڵکي گەرەکم لە دەور کۆبونەوە . کە خاتون وکچەکانـی‌دەنگم ئەبیسن، لە ماڵ دەردەرین وهاتنە دەورم ولێیان‌پرسیم: چی‌بووە؟چیی‌قەوماوە؟ووتم: قوڕبەسەرمانا کراوە؛ ئاغاوڕەفێقەکانی‌لەنێوباغا لەپاڵی دیوارێکی کۆنا،دانیشتبون، لە پڕدیوارڕوخابەسەریانا هەموبون بەژێرەوە، ملیان شکـا؛ من لـە دورەخەرێکی چێشت کردن بوم، کەهاڕەی ڕوخانی کەلەکم بیست، ڕام کـرد؛ ئەنوا‌ڕم، هیچ‌کام دەرنەچوون؛ دەس بەجێ‌بەریمە کۆڵـی‌ئـەم هێسرە، کـە هەواڵتان بۆبێنم بڕۆین لاشەکانیان لەژێری دیواردەربێنین . ژن ومنداڵی‌ئاغا کـەئەم هەواڵەیـان بیست ، دەسیان کردە باوکە ڕۆوگریـان وشیوەن وخۆکوشتن وخۆبـرین وڕومەت ڕنین

## حوقەی ئەسرار

سەبرو حوزوور، لە، ڕوکنی ئیمانە
کەسێ ڕازا بێ هەر سەرگەردانە
پیاوێ هاتەلای شێخێکی بەڕێـز
«قدس اللّه سره العـزیـز»
ووتی: ئەی شێخی پاکی پاک دامان!
دەستمە داوێنت، ئامان صەد ئامان
سڕی طەریقەو نموونەی ئەخلاق
نەختێ حالی کە، بەمنی موشتاق
فەرموی: زۆر باشە، صوبحا سەعات حەوت
بێ بۆ دێەنیم لە حوجرەی مزگەوت
پاش ڕۆیینی ئەو شێخ ئەمری فەرموو:
مشکێکی ساغیان خستە ناو قوتوو
سبەینێ وەختێ، کابرا هاتە ژوور
پیرشرۆعی کرد، بەپەند ودەستوور
فەرموی کەمەر گێز، دەم هەراش نە کەی!
ئەسراری برای دینی فاش نە کەی!
ئەمانەتت بێ، سڕی خـوداییـ
ئاشکرا نە کەی بۆ خۆت نمایی!
ووتی: قوربان! قەت، وا، مەڵێ بەمن
ڕازم پەنهانە لای دۆس ودوژمن
شێخ فەرموی: بڕۆن یەك «حەقەی ئەسرار»
بێرن بۆ برای دینی تازە کار
قوتویان هێنا، بۆمامە دەروێش
بەشەوق و ئیخلاص دەستی هێنا پێش
پیرفەرموی: ئێترمەبێرە حوضوور
تایەك مانگ بڵێ: ذکری «یاصبور»
نەختێلەتی دەس بەی لە (حوقەی ئەسرار)
لەئەسراری ئەو، ببی خەبەردار
ووتی: جا، قوربان! ئەمانەتی تۆ
چۆن ئەبێ کەسێ بکا جستوجۆ
صۆفی دی قوتو خرتەخرتی دێ
لەهیچ جێگایێك ئارام ناگرێ
سەری سڕمابو، لەئەسراری شێخ
دەری نەهێنا سەر لەکاری شێخ
«خودایا! ڕۆحی پەیغەمبەرانە!!!؟
یاخۆ جنۆکە وپەری وشەیطانە!!!؟»
خولاصەی کەلام، طاقەتی طاق بۆ
صەبرو خودداری پاك لەدەس دەرچۆ
ئوستادی ئەعظەم شەیطانی لەعین
تەشویقی ئەکرد بۆ کەشفی یەقین
ئاخری، ووتی: «هەرچە بادا باد»
خودا دەوامی با، شێخ، لوطفی زیاد
ئەبێ بزانم کە «حوقەی ئەسرار»
لەخەوی غەفلەت چۆنم ئەکا بێدار
بەترس ولەرز و وەهم و ئیضطـرار
کونێکی کردە ناوحوقەی ئەسرار
دی بەچکە مشکێ، چاوزیت و وریا
بازرەقەی بەست ودەرچۆ لەدەرگا
ئەوشەوە نەخەوت، هەتا بەیانی
لەداخی حوقەی پیری ڕەببانی
صوبحا بەشۆخی ڕای گەیاند بەپیر
ئەسراری حەق بۆ، یاحوقەی تەزویر؟!!!
منت فریـبدا، بەگوفتاری ووشك
منداڵ ئەخلەتێ بەچۆلەکەومشك
سەری تەکاندا پیـری نورانـی
ووتی: من لەتۆم باشتـر ئەزانـی
پیاوی بێ صەبر وحەوصەلە وتەدبیر
کاری ئەساسی چۆن ئەبێ دەس گیر!!!
تۆ کە بۆمشکێ، وا، بـێ قـەراری
چۆن ڕا گیر ئەکەی ئەسراری باری؟!

سقز- نافع مظهر    ٣٩/٦/٢٥

---

### نەتەوایەتی...

ماوەل ٣

لەم جێگادا ئەبێ ئەم مەبەستە وەبیر بخەینەوە کەووشەی ئاریایی کە ئوروپاییەکان بەتایبەتی ئاڵمانیەکان بڕێ جار ووشانێ بومانای یاسای ئەو گەلانە کە بزمانەکانی هندوئوروپایی قسەئەکەن بکاریان بردووە، لەحەقیقەتدا لەقی زۆر هەڵاتی ئەم گەلە بەتایبەتی گەلەکانی ئێرانی دائەگرێ. کەوابو ئەبێ ئەم حەقیقەتەلە بەرچاومانا بێ کەووشەی ئاریایی هاومانـای ووشەی ئێرانیە، بەڵام ئوروپاییەکان، چونکوشارسانیەت ومێژووی ڕوناکی ئێمەیان لەبەرچاو بووە، ووشەی ئاریایان بەربڵاوتر کردووە کە گەلەکانی هندوئوروپایی، کە لەگەڵ ئێمەدا ڕەگەزوزمانیـان نێزیکەدا ئەگرێ ئێمە ئەزانین کە ئاریاییەکان لەپێشان لەناوچەیـێ لەدەشتەپانەکانی ئوراسیا دانیشتون، کەناویان نابو «ئێرانویچ». وەلەویەوە لەڕێگای خوارزم وماوراءوقەفقازەوەهاتنەسەرزەمینی ئێران، وەلەمسەرزەمینەپاکەدا، کەئەمڕۆ نیشتمانی گەورەی ئاریاییەکانە دانیشتن؛ بەڵام بەشێ لەم گەلە ئێرانیە، لەدەشتەکانی ئاسیای ناوەندی ووڵاتی ڕووی دەریای خەزرا، مانەوە وەئێرانیەکانـی دانیشتوی فـەلاتی ئێران لە پاشان ئەوناوچەیانە ناونابەتوران، کەبەپێ ووتنی زانیاری ئەمڕۆ ئەبێ پێ بڵێین ئێرانی دەرەوە.

ماوەی هەیە

---

### لەهەر ...

ماوەی ل ٣

وەها پـەخسیرە بـۆی ئێستا
ئەڵـێی بـەسراوی نیوداوە
کەکاتێ شێی دە بێتۆمـوی
بـەدەم سروەی سحـر گـاوە
پـەریشان وادەبێ وەك كـەژ
کلووی ئـەوعەنبەری خـاوە
لەگەڵ لەرزەی هەموتـاڵـێ
دەلـەرزێ دڵ بـەسەوداوە
عەزیـزم من تکـام وایە
نەدەی جەرگـم بـەمەوداوە

---

### ماوەی سەروو تار

ماوەل ١

چەنڎ کۆمەڵە، وەهیچ کاتێ تەنیا کۆمەڵـەیێ ناتوانێ، جگەلـە ڕێگەی زۆروناچار کردنی خەڵکیەوە، ڕەوشتی خۆی بەناوی بیروڕای گشتیەوە بەگەل بار کات، لەڕوی ئازادی بیروڕا، ڕاگەیاندن وپێ نوس وبڕواوە، لـەحکومەتی مەشروطە، وەڕژێمی پاڕلەمانی داهیچ بەرگری لەوەنا کرێ کە: کۆمەڵەی جۆراجور بێ، بـەڵام بەچاری ناچار بۆلە ناوبردنی ناکۆکی، وەپڕ-گوبەڵاوبونەوەی بیروڕای کۆمەڵەکان بەدۆ، وەبڕی جاربەسێ کۆمەڵە مەیدان ئەدرێ، وەئەم کارەساتەیانێ بەرگری لەوەی کە: کۆمەڵەکان لەدویاسێ کۆمەڵەزیاتر نەبن، ڕە-وشتێکە کە: لە وەڵاتانی گەورەی دیموکراتی جیهاندا پەسەنڎ کراوە؛ وەئەوڕەوشتەیان پێش گرتووە، وە بەکەڵکیی ئـەورەوشتە ڕۆناك و ئاشکرایە کەسێ پێچەوانەی نییە.

بەڵام لەوەڵاتی ئێراندا داخەکەم بەهۆی چەشنی هاتنەباری خەڵکی وەحەزلەتەنیایی کـردن وخڎێی هەرکە بۆخۆی وپاراستنی سەربەخۆیی مرۆڤییەوە، وەها کـەتاقی کردنەوە پیشانی داوە، ئەوخۆش ویستنی هاوکاری وچاوپۆشی وواز هێنان لەئازادی تەنیایـی یەویستنی قەزاوەگێڕی مرۆڤایەتی تاك لـە بەرسوودی کۆمەڵایەتی کەمتر ئـە-بینرێ.

ماوە ل ١٢



بنکەی ژین www.zheen.org

# کوردستان

لێ کۆلینەوەی سیاسیی

## پێشنیاری نەکراو

خرۆشچۆف سەرەك وەزیری یەکیەتیی سوڤیەت لەم دووایییەدا، بەهۆی ناحەزی یێکە وە کەلەگەڵ داگ هامرشۆڵدسەرنوسەری گشتی کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووەکاندا، پەیدای کردووە، پێشنیاری داوە، کە: ئەولە کاربخرێ؛ وە کارەکانی سەرنووسەری گشتیی لەلایەن دەستەیێکی سێ کەسی بەوەجێ بەجێ بێ. ئەوئەڵێ کە : هامرشوڵد لایەن گیري زۆر ئاوا ئەکا؛ وە چاکە وقازانجی کوموونیست لەبەرانبەری زۆرئاواوە،ژێر پێ ئەکا . ئەڵبەت خرۆشچوف بۆسوار کردنی ئەم قسەی خۆیە،بەڵگە یێکی دامر کێنەری نەهێناوەتـەوە؛ وەشوێنێکی پیشان نەداوە، کەلەوا هامرشوڵد بەڕاستیی لایەن نەگیرانە ڕەفتاری نەکردبێ. بناغەی ئەمقسە لە پێشاتەکانی کونگۆوناردنی نێروی کۆمەڵی نەتەوە یەك گرتووەکان بۆئەوناوچە سەرچاوەی گرتووە .

دەوڵەتی ڕۆس وکاربەدەستانی ئەوێ وپستوویانە کـە :کارە ساتی کۆنگۆبکەنە وەسیلەی پەرەپێدانی دەسەلآتی کومۆنیسم لەئەفریقادا؛ وەبێ شك ناردنی نێروی کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووەکان بۆ کونگۆ لەسەر کەوتی ئەم نەخشەیە پێش گیري کردووە .کاتێ کە گێژاوی کـونگۆ بەدیهات؛ وەمشتومڕلەوێ قەوما؛ وەهەروەها کاتێ کە ناحەزي لەنێوانی ڕابەرانی ئەودەوڵەتەتازەپێك هاتووە دا، پەیدابوو؛ وەمقۆمقۆی وەر گرتنی یارمەتي لە یەکیەتیی سوڤیەت دا کەوت، خروشچۆف بەتەواوي هیوادار بوو، کە: لە کونگودا، پایەگایێ بۆسەربازانی ڕۆسیی دائەمەزرێ خۆتێ گەیاندنی نێروی کۆمەڵی نەتەوە یەك گرتووەکان،بەدەستووری ڕاوێژي هێمنیی، ئـەم نەخشەیەتێکدا؛ وەخروشچۆف هەموو گوناکانـی خستە ئەستۆی هامرشوڵد؛وەبەهەمووهێزێکەوە تێ ئەکۆشێ کە:ئەولەکاربخات. بەپێی قانوونی کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووەکان، نووسەری گشتیی، وەها دەسەلآتیکی زۆری نی یە کە بتوانێ بۆخۆی لەبارەی کارەکانـی کۆمەڵەوە بڕیاربدا . بڕیاری پێویست لەلایەن کۆمای گشتیی وڕاوێژي هێمنیی و ڕاوێژي کۆمەلآیەتیی وئابـووري وسەرپەرەستي وئـەودەسگاکانی تری کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووە کـانەوە، ئەدرێ؛ وەسەرنـووسەری گشتیی دەورێکی گرنگ ناگێڕێ؛ وە گۆڕانی ئەوشوێنێکی زۆری لەسیاسەت وڕەووشتی کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووەکاندا_ کە کۆمـەڵێکی جیهانیی بۆپاراستنی ئاشتیی یە_ نابێت . بێجگە لە وە هیچ وەخت باونەبووە کـە کاری سەرنووسەر لەلایەن دەستەیێکەوە جێ بەجێ بێ. ئەگەرچاو پۆشیی لەوەش بکەین کە : ئەم کارە لەگەڵ قانوونی کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووەکاندا، جۆردەرنایێ،وەبۆجێ بەجێ کردنی ئەوە ئەبێ لەپێشان دەس لـە و قانوونە بدرێ، تازەئەگەرزۆرتری ئەندامانی کۆمای گشتیی بڕیار لەسەر ئەم مەبەستە بدەن، جێ نشین کردنی سێ کەس لەجێگای یەك کـەس سوودێکی نی یە؛ وە کارێ نیە کە بکـرێ . ئێستاسەرنووسەری گشتیی، یارمەتیی دەرێکیشی هەیە؛ وەکارەکان بەدەستووری سەرنووسەر ولە ژێر چاوی یارمەتیی دەرا، جێ بەجێ ئەبن، وتێك دانی ئەم کـاروبارە هەروەها کە ووتمان: ئەبێتە هۆی تێك دانی قانوونی کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووەکان؛ وە پێك هێنانی قانوونێکی تازە . بڕێ لە سیاسەت زانەکان ئەڵێن: پێشنیاری خروشچۆف نیشانەی گوێ نەدانی ئەوبە کۆمەڵی نەتووە یەك گرتووەکانە؛ وە وا دیارە کە ئیتر ڕۆس مل نادا بەوەی کە : ئەومەسئەلانە کە پەیوەندیان بەپاراستنی ئاشتیی دیناوەهەیە، لەم دەسگادا_ کەتەقریبەن هەموودەوڵەتانی دنیا لەوا، ئەندامن _ ببڕێتەوە . هارولـد مەك میلەن سەرەك وەزیری ئینگلیزوپرزیدنت ئایزنهاورسەر کۆماری ئەمریکا کە بۆبەشداربوون لە بەرافی یەکانی کۆمای گشتیی کۆمەڵی نـەتەوەیەك گرتووەکاندا ڕۆیشتوون بۆنیۆیۆرك، ئێستا لەم مەیدانا تێ ئەکۆشن، کە : لەتەق ولەق بوونی بناغەی کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووەکان پێش گیري بکەن . گەلێ لەڕابەرانی گەورەی دنیا وە کووپاندیت نەرۆسەرەك وەزیری هندوستان ڕایان گەیاندووە کـە : پێشنیاری خرۆشچۆف شتێ نیە کە بکرێ؛ وەئێستا ئەبێ چاوەڕوانیی کارەساتەکانی دووایی بین؛ وە بزانین کە : گەلانی دنیا لە بارەی ئەم پێشنیارەوە، چۆن لێ ئەبڕێن؛ وەچ بڕیاری ئەدەن ؟!

### ماناي ووشەکان

| | |
|---|---|
| نەکراو: غیرعملی | کۆمای گشتیی : مجمع عمومی |
| یەکیەتي: اتحاد | کۆمەلآیەتي: اجتماعی |
| سۆڤیەت : شوروی | ئابوري : اقتصادی |
| هۆ : سبب | سەرپەرەستي: قیمومت |
| ناحەزي: مخالفت،دشمنی | بەڕێوە بردن : اجرا |
| سەرنوسەری گشتي: دبیر کل | لەبنا : دراصل |
| لەلایەن : ازطرف | دەور گێڕان : نقش‌بازی کردن |
| لایەن گیري: جانبداری | گرنگ :مهم |
| سوار کردن : پیش‌بردن،اثبات | گۆڕان : تعویض |
| بەڵگە : دلیل، مدرك | باو: معمول، مرسوم |
| دامرکێنەر: قانـع کننده | مەبەست : موضوع، مقصد |
| شوێن : اثر، مورد | یارمەتي‌دەر: معاون |
| لایەن نەگیرانە : بیطرفانه | پێك هێنان: فراهم کردن،تدوین |
| بناغە : ریشه، پایه، اساس | گوێ‌نەدان : بی‌اعتنائی |
| ناوچە : منطقه | مل‌نەدان : اطاعت نکردن،حاضر نشدن |
| پەرە پێدان: توسعەدان | |
| دەسەلآت : قدرت،نفوذ | پەیوەند : ارتباط |
| سەر کەوت : توفیق، عملی‌شدن | پاراستن : حفظ |
| گێژاو: بحران | ئەندام : عضو |
| مشتومڕ: زدوخورد | سەرکۆمار: رئیس جمهور |
| تازەپێك هاتو: جدیدالتاسیس | سەرەك وزیر، رئیس‌الوزراء |
| مقۆمقۆ: زمزمه | بەشداربون : شرکت |
| هیوادار: امیدوار | بەرافیی: جلسه |
| خۆتێ گەیاندن : مداخله | تەق ولەق : متزلزل |
| ڕاوێژی‌هێمني: شوارای امنیت | گەلێ : بسیاری |
| ئەستۆ: گردن، عهده | ڕاگەیاندن : اعلام ، اعلامیه |
| بڕیار: قرار | چاوەڕواني : انتظار |
| پێویست : لازم | لێ‌بڕان : تصمیم |

### ماوەی سەرووتار

ماوەی ن١١

ئەگەنجێ داوخـووازەکانـی سەرۆکی کۆمەڵە، وەبیروڕاچوونی خەڵکي بۆئەوەی کە : سەرۆکـی کۆمەڵەمثلازیاتر لەبیری خۆیدایە، وەسوودو کارزاستی ئەندامانی کۆمەڵە کە ژێر پێ ئەکات، لەبارهێنانی ئەو چەشنەهەستوبیروڕایەدادەسێکی زۆری ببێ، وەهەروەهاش ئەگەنجێ هەستي خۆویستي وقینەبەرێی بڕێ لەئەندامان بۆ ببێتەهۆی ئەوەی، کە: ووتاروکرداری خەڵکـی دیکە بالـە کۆڵە سەرچاوەیێکی خاوێن و هەستیکي پاکی خزمەت بەنەتەوە، وەهەڵ کوڵیبێ، لەگەڵ ئەوەشاهەر ببەنەوەسەرشوێن ویستی وخۆویستي وەلە سەرئەنجاما ئەوبێ بڕوایی یە، ئەوانی لەقۆنی ئـەروای هـاوکاري کومەلایەتي، بێبارە کردێ ، بەلآم پێ گەیشتن وقاڵ بۆنی ڕۆژبەڕۆژی بیروڕاوئاوەز، ئەبێ بـەوکارەساتـە بچووکانەدووایی بێنێ وەگەڵ خۆبەوەوە بگرن کـە : خۆبەزل زانین وکەللە بادێ بنێنەلاوە، وەدەست بەدەستيیـەکتروە بدەن ، وە بۆ سوودوکارچاکی کۆمەلآیـەتیی تێ کۆشن .

پێش کـەوتی زانیاري گشتیی وە ئاگاداري لەسوودوسەرئەنجامی هاوکاري دەس گەاي و کۆمەلآیەتي وە سەرکەوتی بەپەلـەی جیهان، بێ گومان ئەبێتەهۆی ئـەوەی، کە: خەڵکی ئێران دۆیاسێ کۆمەڵە،لە وەلآت دا دێننە مەیدان، وەبەپەلە لە ڕێگای هاوکاري، وەیـارمەتي گشتیی بەوەهەنگاوی بەکەڵك هەڵ ئەگرن، وەڕژیمی پاڕلـەمانی لـەم ڕێگایەوە بەهێزتر ئەبێ وەمانای دیموکراسی ڕاستە قینە دێننەدي؛ ئەوکاتە لە سێبەری دڵسۆزي وڕێ نموونی شاهەنشا،وەهاتنەدي ئەروای یارمەتي دا، وەلآتیی خـۆشەویستی ئێمە ئێران ئەچێتەڕیزی وەلآتانی گەورەوە،وەئەندامانی گەل زیاتر لەبارەی مەشروطییەت بەرخوردار ئەبن .

بنکەی ژین
www.zheen.org

«مسالیش چینی شیوعی بەئەندامی کومەلی نەتەوەیەك گرتوەکان قبول نەکرا


خاوەنی امتیازومەدیری لی پرسراو
عبدالحمید• بدیع الزمانی
بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
محمدصدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر
دوکتورعبدالرحمن واحمدمفتی زادە
عابدسراج الدینی ـ شکرالەبابان
خسروشیخکانلووی میلانی

یانەی رۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاە» ژمارەی پلاك ٢١٨
تلیفوون ٣٢٠٠٣

# کوردستان

عەزیزم شاسوارێکە، گوزەرگا، گەر، بەلەنبورزا
دەکا، نووکی سمی ئەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا
سیاسی ـ زانیاری ـ وێژەیی ـ کۆمەلایەتیی

ژمارەی ـ ٣٤ ـ سالی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ٧٥

کوردستان
رۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردی یە، حەوتەی
جاری چلێکی دەرئەچێ

بایی
بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| سالانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش مانگە | ٧ | » |
| چڵ | ٣ | قەران |

بۆدەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| سالانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | » |

چووارشەمە. ٢ رەزبەر ٢٥٧٢ ك ـ ٢٠ مهر ١٣٣٩ ش ـ ٢٠ رەبیعولئاخر ١٣٨٠ ق ـ ١٢ ئوکتۆبر ١٩٦٠ م


## چاك بوونەوەی پەیوەندی هاوسێ کـــــان

حەوتەی پێشوو هەوالێکی خۆش بەلاو کرایەوە، کەبەلای بزیکەوە زۆرهۆی گەشانەوە بو.

ملك حسین پـادشای ئەردەن بەکتوپڕی ، وەبەبێ ئەوەی لـە پێشا باسێکی لێوەبکرێ، وەیاهەوالنوسێ بیزانێ تەصمیمی گرت کە : حکومەتی عراق رۆناکتر بپلێین رژیمی ژنـرال عبدالکریم قـاسم بەرەسمی بناسێ، وەلەگەلیا پەیوەندی دیپلماسی یان بێ.

ملك حسین پـادشای ئەردەن لەگەل هاشم جوادنوێنەری عراق لەکۆمەلی نەتەوەیەك گرتووەکاندا کۆبوو بووەوە، وادە رئە کەوێ لەم بارەوەهەنگاوی یەکەم ملك حسین هەلی گرتبوو وەدەری بڕیبوو کە: ئەیەوێ لەگەل هاشم جواددا کۆ ببێتەوە .

هاشم جوادوادەرئە کەوێ کە : بۆخۆی پیاوێکی لە سەرخۆیە، وە لە زیادە رۆي وهەلاوداوان خۆی لائەدات، جگـە لـەوەش ژنرال عبدالکریم قاسم سەرەك وەزیری عراقیش کەمترئە کەوێتە شووێنی خۆپیشان دان ، وەرەوشتی لـەسەر خۆی ئەوکاری کردووەتە سەرکار

ماوەی ل ٣

شاهەنشالە یاسای کردنەوەی یازدەهەمین خولی مەجلیسی سەرنادا، فەرمووتان

## ئیمەسەبارەت بەوشتانەکەلە پەیمانی ((سنتو)) گرتومانەتەئەستو، وەفاداریین

## سیاسەتی دامەزراوودیاریی ئیمە، هوییکی شوین دارە بودامەزرانی

### کاروباری سیاسیی رۆژهەلاتی نیوەراس ، وەپاریزەری ئابروو جیگای بەرزی جیهانی ئیمەیە

## ووتوویژەکانی کوبوونەوەی بەغداد، لەچاوی پیك هینانی

### چاکەوقازانج بودەولەتە خاوەن نەوتەکان ، بەکەلك بو .

## لەچەند مانگی دوواییدا ، لەولیعەهدی ژاپون ، پادشای

### مەراکش ،وە((ملکە))ی ئینگلیس میواندار یی ئەکەین

گرنگترین دەنگ وباسەکانی دونیا :

## بوجلال بایار وعدنان مندرس داوای دەرچونی حوکمی کوژران کرا.

## روسیە، دەولەتی ئیرەتیی ئەلجەزایری، دان پیانیا؛ وەرای گەیاندکە :

### فەرانسەش بەووتوویژ لەگەل سەرانی ئەلجەزایردا دانی بەو دەولەتا ناوە

## نالەباری یەکانی کومەل

### ((بووك وخەسوو))

-٨-

لەچلی زابۆردودا ، تاکاتێ لە بارەوە دووین کە : ووتمان خەسۆ چێشتە کەی سۆل کرد وسوتاندی وئاوی تێ بەردایەوە ، بۆ کیش لەو کارەساتە ئـاگای نی یەوهەرئەیەوێ کارێ بکا کە : لەپێش چاوی خەسۆ وخەزوورخۆی شیرین بکات: ئێستا لەسەرپاش ماوە کەی ئەدوین .

ماوەل ٦

## لەکومەلا چون بژین؟

### رێگـای خوداناسیی
### یان
### طەریقەی عرفان

-٨-

لەژمارەی پێشوودا گەیشتینە ئەوجێگایە کەهێزی گەورەوبێ وێنەی ئەم جیهانە ، بەگوێـرەی ئامادەیي وشایستەیي ولێهاتن بە

ماوە ل ٢

بەپێنوسی: ئاغای «محمدنقی مصطفوی»   وەرگێزاوی: ن.ع.

## باسیکی زانیایی

-١٣-

### کاسەزێرێ سێ هەزارسالەی «حسنلو»
### کەچەند نەقشی بەرجەستەی بێ وێنەی هەیە
### چەند بیروڕاێکی تر وئەنجام (نەتیجە)

«جێگای حوکم کردنی «مانا» لای خواروی دەریـاچـەی «ارومیە» (رضائیە) بو، کە لەسەرەتای صەدەی هەشتەمـی پێش لـە میلادەوە ، زۆرتر لەگەل دەولەتانی «ئاشور» و «اورارتو» دا، خەریکی شەڕوشۆڕ بۆن. لەڕۆی مێژوی دووەلانی ناوبراو، ئەتوانین لـەمێژوی سەرزەوینی

ماوەل ٦

### نەتەوەی کوردو نەتەوایەتیی ئێران

سەلام لەسەر خاکی پاکی کوردستان لانکی پالەوانەکان . ئێرانیەکانی کۆن، دانیشتوەکانی ئێرانی دەرەوەیان ناو نابوە «سکا» کەبەفارسی ئەمڕۆ ئەلێن «سکزی» وەیۆنانی یە کۆنـەکان

ماوەل ٣

خواهران وبرادران فارس کەعلاقمندبفراگرفتن رسم الخط کردی باشند،صفحه ١٠ را مطالعه فرمایند

www.zheen.org

م:ص:م

# بەشی مەولەیی

## پارچەی

## ۳۵

بەوچەشنە کەلەم پارچەدا دەرئەکەوێ،خوداڵی‌خۆشبێ،مەولەوي لە ئازیزیەوە، نامەیێ کی‌وەر گرتووە، لەونامەدا، لەمەولەوي گلـەی کردووە، گووایا، مەولەوي‌کاتێ ئازیزی بەجێ‌هێشتووە، ماڵئاوایی‌لێ نەکردووە،وەنامەیێکیشی‌بۆنەنوسیوە! خوداڵی‌خۆشبێ، لەخۆشی‌ئەوەدا کەئازیزی‌نامەی‌لێ‌نووسیوە،هۆکی‌ئەبزوێ‌وەدەس‌ئەداتەڵەغاوی‌پێنووس لە دەشتی‌بەربڵاوی دڵداري‌دائەی خاتە دۆی مانا جوانەکان، وەبەهەر شوێنێکدا ، بۆڕاوکردنیان‌پەلامارئەداو ئەڵێ :

من چون زینڎۆ نەبمەوەونەمرم ، نامەی‌ئازیزها تووە و ، گلەی لێم کردووە ؟ ! ئەی پەیك !وەڵامی نامەی ئازیز لـە منەوە بۆلای‌ئازیز، بەرە وپێی بڵێ: نامەی‌تێکەڵ لەخۆشیی‌وناخۆشیی‌تۆدڵی‌پڕ لەژاری‌دەردی دووریت وە کووەسکەنجەبین» تۆشیی ، وەژاراوی پـەژارەی دڵـداري دامالّي.

ئازیز! تولەنامەکەتا فەرمووبووت: لەکاتێکدا لێم‌دوور کەوتی‌یە‌وە، نەماڵ ئاواییت کرد، وەنەبەشەماڵدا پەیامێکت بۆناردم! کەوابوو ، ئەی دڵبڕاوی خەمباری خۆم! ئێستا هەستە وەرە، بەدیدارم شاڎببەوە،تا پەژارەی دووري منت لەدڵ دەرچێ، وە ئاگری‌ئارەزوی‌چاوپێ کـەوتنی منت بکوژێتەوە .

ئێرەدا مەولەوي‌لەوەڵامدا لە خوی‌ئەبێتەوە، وەئازیزی سوێنڎئەدا کە مل‌بەماف بدا،وەلە و کۆتایی‌یە کە کردویەتی‌چاوپۆشی بکا،ئیمـجا ئەڵێ: ئازیز! تۆبەتیری‌جەرگ بڕی جوانیی خۆت وبەبرینداري بـێ دەرمانی‌خۆم ، تۆبەپێ‌باکیی‌خۆت وبەبوردباري خۆم سوێنڎ ئـەدەم، گوێم بۆڕا گرە ولێ‌بوونەوەم وەرگرە، وەلە کۆتاییم ببوورە ؛ چونکە ئەو وەختە کەمن لەتۆجیائەبوومەوە، داوێنی کاوی دڵم‌تەم ومژی‌داخی دووری تۆی گرتبۆ؛شتومەکوپڕوپیتاکی دوور کەوتنەوەم ئامادە کرابوو؛ یانێ هەستی‌ئەوەم‌تێدانەمابوو کەبتوانم،ماڵ ئاواییت‌لێ بکەم؛ئیتر چۆن، ڕشتەی تامڵ وصەبووریم نەپچڕێ کە خۆم لە سەرڕێگای دوور کەوتنە‌وەدا ببینم؛ وە گوێم چۆن‌ئەتوانێ ڕازی‌دووري لە دەمی‌تۆ‌ببیسێ‌وەزمان چۆن توانایی ووتنی ماڵ ئاوایی‌هەیە، وەچاوچۆن یارای ئەوەی‌هەیە کە بڕوانێتە دووا، تۆلەدووای خۆیەوەببینێ؟!

هەروەهاش لەم‌ماوەدا کە لەتۆبڕاوم،وەلێت‌جیابۆمەتەوە، ئەوەنڎە پەیام وسکاڵای دووریت لە دەرۆنما کۆبووەتەوە، وە کـوڎەریاواڵە کێج خواردنا، ئیتر چۆن ئەتوانم هەناسە بڎەم؛ وەهێنە هەڵ بێنم کە سۆزی داخی‌دڵی‌پڕدەردم بەسروەی بای شەماڵ، بۆلات‌بنێرم ؟!

لەلایێ تریشەوەترسی‌ئەوەم هەیەئەگەرڕازی‌دەردی دووریم بۆشە‌ماڵ هەڵدەم کە بیی‌هێنێ‌بۆلات، هەماری خەیاڵی‌شەماڵ‌لەتـاوی‌ئەودەردا بسوتێ، وە یارای‌وەرگرتنی‌نەبێ!

ماوەل ۳

# لەهەرگولزاری

## گولی

## فخر العلماى سنەیی

ماوە لەژمارەی‌پێشوو

ئاخر ڕۆی وەهار نەو جواني‌مەن
سەرەتای پاییز زینڎەگـاني‌مـەن
خەڎەنگ‌بالام‌چون کەمان‌خەم‌وەرد
ڕاست وەنیشانـەی فەنـازو ئاوەرد
کەم کەم پیري‌خەم‌وەقامەت مەڎۆ
دەمدەم واڎەی ڕۆی‌قییامـەت مەڎۆ
پیري یەکسەرزۆرجەقامەت‌سەنڎەن
سەر ، وەلاشەوە هەروەزۆر مەنڎەن

ناتەواو

## وەلیی‌دیوانە

کەلب کۆی یارم . . .

کە لب پاسەبـان ئـاستانەی یارم
ڕەفێق هامــــڕاز دۆس دڵدارم
خـاکپات‌وەبـان‌دۆدیڎەی تـارم
تۆ، خۆ، نەزوەرەی وەفا کێشانی
غەمخوار دڵسۆز گشت دڵڕیشانی
کەلب خانـەزای بـاوان دۆستی
دڵ‌گوشای یاران مەجنۆني‌پۆستی
مەزانۆ ، قیبلەم‌هـەروەدەست وێش
پەروەردەت کەردەن تانەبی‌دڵڕیش
ئەگەرنـەیشەڵلا، قـەصدسەرت‌بۆ
ڕۆجەڕۆ سزای بـەڎ بـەتەرب‌بۆ
خەیاڵت نەبـــێ جـەوەفاداري
تۆجە ئاسانەی دۆس‌دەس هۆرداري
سەبەب‌چێش‌بەی‌تەور، هامدەرد دەردم
جیۆتي یاران گشت‌قـەوم وفەردم
تۆجەئاسانەی دۆس دوور کـەوتەنی
چۆنەن قەرارت،چۆن سرەوتەنی؟!
چون من‌ئاراگێڵ ویـڵ شارانـی
هـەرشەو، مـوسافیـرسەردیارانی

ماوەی‌هەیە

## شیخ حسن مەولانائاوایی

دڵە هۆشت بۆ . . .

دنیاها ، ویەرد بەڵام ، هۆشت بـۆ

ماوەل۱۱

## لەکومەلا

ماوەی‌ل۱

کوتەکانی جیهان هێزئەبەخشێ! بۆوێنە ئـەڵێین: شۆشەی ڕەنگاو ڕەنگی‌پەنجەرە، تەنیائەوەی‌لێ دێ کەتاتوبهێنێتەناوی هۆڎەوە، وەبە ڕەنگێ بی‌نوێنێ، بەڵام‌ئـەگـەر یەکێ لەوشۆشەڕەنگامانە، لەچەشنی ڕێزەبین بێ،هەروەها کەتاووڕەنگ ئەهێنێتەناوی هۆدە کەوە ، شتیش ئەسوتێنێ. لەم‌وێنەدا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کەکوتەکانی ئـەم جیهانە سەبـارەت بەئامـادەیي و شایستەیي خۆیان لـەدەرخستنی هێزدا لەیەك جیان، وەلـەچاوی یەکتر تەواو وناتەواویان‌هەیـە، بۆوێنە:

لەبەرەی گیان لەبەروئاژاڵدا ئەبینین هەرکام لەچەشنەکانی‌ئاژاڵ وان‌لەپلەیێکی تایبەتي‌دا؛بۆوێنە: بەرەی وورچ و مەیمۆن و مرۆڤ ئەگرینە پێش‌چاو، وەبۆمـان‌دەر ئەکەوێ کەئەوسێ چەشنەئاژاڵە، لەشوێن‌یەك؛ لەچەشنەکانی‌تر تەواو‌ترن، وەتێ گەیشتنیان زۆرترە : بەم‌ڕەنگەکە وورچ لەچەشنەکانی‌تری.ئاژاڵ‌ئامادەیی‌وشایستەیي‌بۆ دەرکەوتنی ئەوهێزە کەتێدایەتی؛ زۆرترە ؛ وەلەبەرەی مەیمۆن‌دا ، لەوورچ ئامـادەیی ولـێ‌هاتنیی فرەترهەست ئەکرێ؛ وەبەرەی مرۆڤ لەمەیمون کامڵ‌تر وتەواو ترە؛ تاڕادەیێ ئـەتـوانین بڵێین ئەگەر بەرەی مەیمۆن ئامادەیی دوێنی‌ببوایا، لەگەڵ‌بەرەی‌مرۆدا هیچ‌جیاوازی‌یێکی نەئەبۆ،چونکە خۆمان چاومان پێ کەوتووە کە هەرکارێ بەرەی مـرۆڤ بتوانێ بیکا، مەیمونیش ئەی‌کا،بەڵام‌لەبەر ئەوە کەمەیمۆن شایستەیـی‌ولێ هاتنی ئەوەی‌نییە کە بدوێ، وەلە ڕێگای دوێنەوە، شت‌فێر ببێ،تەنیا بەڕێگای پیشان دان ئەتوانێ‌کار بکا،وەکاری پێ‌فیر بکرێ.لەڕاستە قینەدا،پیاوێکی‌لاڵ‌وبێ‌زمان‌شتێکی

ماوەل ۱۱

بنکەی ژین www.zheen.org

## نەتەوایەتی...

ماوەی‌ل ١

ناویان‌نابۆن‌داسکوپ»و«سرمست»
ئەمانە هەمویان لەڕە گـەزی
ئێرانی‌بۆن، وە بەشێوەی ئێرانی
قسەیان ئەکرد، وەهـەروەکـو
ئارىاییە کۆنەکان، بەشوانی‌ودەوار
نشینی ئەژیان، لەحالێکدا بـراـ
کانی‌ئەوان لەدەشتی بـەرزو بەرـ
بڵاوی ئێرانا جگەلەژیانی‌شوانی،
ووردە ووردە ، ڕێگای ژیانی دێ
نشینی وشارنشینی‌یان گرتبۆ.

چەن‌زەمانێ،بەنادروس‌وەهاپان
ئەزانی کە «تۆران»، یـانـێ سەر
زەمینی اسکوثەکان وەسکاکان ،
لەروسیەی لاخوارو وەتر کستانی
ایستادا، جێگای‌ڕەگەزەکانی‌ترك
ومغول بووە؛ بەڵام ئەمـڕۆ ، دەر
کەوتووە کەئەم ناوچە لەزەمانـە
کۆنەکانا، لەحەقیقەتداهەرئێرانی
دەزەوە بووە، یانی‌سەرزەمینێ‌بووە
کەدانیشتوە ئێرانیەکانی ئـەوێ
خۆەتایبەتیە ڕەگەزیەکانی خویان
پاراستبو .

لەمێژۆی ڕابۆردوی ئەم گەلە
ئێرانیە، لەمچەن سالـی دواییەدا
زۆرشت دەر کەوتووە ، گەلەکانی
اسـکوث لەسەدەی هەشتی‌پێش‌لـە
میلادا، پێیان لەمێژوا داناوە،وە
ئەمانە هەرئەو ڕەگەزانەن کەلەـ
لایەن‌مادەکان‌وپارسەکانەوەبە«سکا»
ناوبراون؛وەدەستەی لەوانەلەدەرەـ
وەی شاهەنشایی مادا هاتـونـەتە
ئاذربایجان و کوردستان، وبۆنەتە
تابعی‌دەولەتی ماد،وەبەشێ‌لە گەلی
ئێران .

ووشەی‌شکاك کە ئێوی‌بەکێ
لەهۆزە بەناو بانگەکانی کوردە،
وەهەروەها ناوی« سەقـز » شاری
کوردستان ڕەنگە لەیاذگاری‌ئەم
گەلەبێ .

دەستەیێ‌تر لەمڕە گەزەئێرانیەـ
لەدەورەی شاهەنشایـی ئەشکانیە
کانا، لەلاژوروەوە هاتنەئێران‌وەتا
سیستان ڕۆیشتنە پێشەوە، وەهەر
لەو کاتەوە ناوی ئەم‌ناوچە کەلەوە
پێش«زرنگ» بو کرا بەسیستان

ماوەی‌هەیە

## ماوەی‌سەرووتار

ماوەل ١

بەدەستان‌ونوێنەرانی‌ئەووەلاتە،چونکە
ئەندامانی‌توندڕەوی ووردە ووردە
لە دەسگای دەولەتی‌دالە کاردانا،
وەتێ گەیاندن کە: لەهەدەفی‌توندو
تیژی خۆیان کەتەنیابۆماوەیێکی
کورت‌ئەگونجێ‌سوودی‌لێ‌ببرێ
دەست هەڵ گرن ، لەباتی کەوتنە
دوی‌نەخشەکانی‌وەر گێڕان‌وخۆدەر
خستن وبڕی کاتێش خرابکاری
خۆیان،بۆئارامی کارەساتی وەلات،
وەئاوەدان کردنەوەی‌خرابی‌یەکان
لە گەڵ‌دەواەت‌داهاوکاری بکەن ،
چونکە عراق پـاش ئەوپێش‌هاتە
خـوێنینانە نیازمەنـدی ، وەپێ
وپستێ‌یێکی ناچاری‌زۆری‌بەئارامی
کارەسات‌هەیە،تاهەر کەس‌لەشوێنی‌ـ
خۆیا بەکاروژییانی‌خۆیابگەیێ و
سەر گەرم بێ، وە نەخشە ئابوری
یەکانی‌وەڵات بەڕێ‌بکرێ .

هاشم جوادلە کۆبونەوەیالە گەڵ
ملك حسین دا دوبارەی کردووە

ماوەل١٢

## بەشی ...

ماوەی‌ل٢

ئازیز! ئەوەش‌ئەبێ‌بزانی کە من‌شەووڕۆژبەئارەزوی تۆوە،ئەناڵم،
وەبۆچاوپێ کەوتنت نەزروقوربانیی‌ئەکەم وەبەیاذی‌باڵای تۆوە،بەدەشت
وکێوو گوڵزاروچەمەن دا ئەسوڕێمەوە؛ بۆنی‌خۆشی‌بـ الای تۆلەهەمو
شوێنێکە وە، ئەبیسم، کە وابۆنازانم بەچ جێگایێکدا ڕێگای تۆهەڵ
کەم، وەبێم بۆلات !

ئازیز! ئەوە گلەی تۆ کەوە هائەم سوتێنێ، وەئەمەش حالی‌زاری
خۆم کە هەڵم دابۆت . وە ئیترخوذا ئەزانێ کـەڕەنجی دوریشت چیم
لێ‌ئەکا :

ئەحیانەوون، سانەشۆن وەمەردەن؟!
نامە کەش ئامان گلـەییش کەردەن
قاصدا دەی وەلای ئـەوتەونەمـامە
چون یاوای پێشدەرئەی جوانەمە
جەو«سکەنجەبین»دەس‌سرشتە کەتـ
یانێ: نامە کـەی زێبا وزشتە کەت
بیمارە کەی دڵ جام جـام وەردەوە
تاڵیی«صفرا»ی دەرددوری بەردەوە
فەرمایێت وەولەفظشە کـەرژازەوە
گا جەڕۆی عیتاو،گـاوەنازە وە :
«نـەوەخت هیجرت وەداعێت فاما
نـــــەوشەماڵدا پەیامێت ئاما»
«ئیسەهۆرێزە، خەمبارە کەی وێم!
بۆشاذبەروەدێن دیدارە کەی وێم»
تۆوتیرە کەی‌وەێت، وەزامداری‌وێم
تۆوبێ‌باکیی‌وێت، وەبوردباری‌وێم
ئەووەختە پـای‌کاوهەرد دڵ تەم بێ
ئەساسەی دوري ئـازیزان جەم بێ
چۆن نەبڕیـۆتای رشتەی صەبوري
گۆش‌چۆن‌بذوویش‌ئەوقصەی‌دوري؟!
زوان‌چۆن تاقەت‌هیمەت‌خوابیشەن
دیذە چۆن تـامڵ شۆن‌دبابیشەن؟!
گێج مەذۆدەرۆن چـەنیی‌پەیامان
بەڵام، هەی‌سەرخێڵ‌نەوتۆڵ‌نەمامان!
چون بارای نەفەس هۆئاوەردەمەن
سۆزش‌وەشەماڵ ڕەوان کەردەمەن؟!
مەتەرسۆجە حیفظ‌تەقرپر ئـەحواڵ
سۆچـۆخەزانـەی خەیـاڵ شەماڵ
من خۆ ، شەوتاڕۆئارە زوی تۆمەن
پەرێ دیذەنیت نـــــەزروفتۆمەن
بەڵام، یەنذ وەیـاذ باڵا کـەی تۆوە
دەورم‌داوە هـەردساراوسەر کۆوە ـ
بۆی باڵات هەرزان وەدەشت ودەردا
نمەزڕای لای تـۆموەکام گوزەردا؟!
گلەی تۆوەی تەور، حاڵەت وەی‌نەسەق
دوربچت‌وەی‌ڕەنگ،خوذا!تۆوەحەق

هەزارویەك‌شەو ٢٨٧

وزولفـڕنینەوە ویەخەدڕین وقوڕپێوان. هەمۆ دراوسێ وخەڵکی گەرەکیان‌لەدەور
کۆبۆەوە؛ ئەوجاخاتۆن ڕۆیشتە ماڵەوە، هەرچی لەنێو تاقابۆ شکاندنی؛ وەکاسەی
چینی‌یان هەرچی‌بۆ، ووردی کردن؛ نەقش‌ونگاری دیوار وهۆدەکانی قوڕپێ‌یەوەدا؛
وەپاچێکی بەدەستمەوەدا، وەپێ‌ووتم: زۆئەم دەرك وپەنجەرە ومەعجەروفوارەوشتانی
ترەبشکێنە وهەڵیان بکەنە. منیش پاچم هەڵگرت وهەمۆ ماڵەکەم ڕماندو کاوولم
کرد، وە کەل وپەلی نێو ماڵمان هەمۆ لەنێوبرد. وەمن هەرئاغا زۆم‌ئەکرد. ئەوجا
خاتۆن و کچانی ئاغابێ‌بەچە لەماڵ‌هاتنەدەرەوە، ووتیان: کافور! بکەوەپێش؛بڕۆین
بۆنێوباغ، ئەودپوارەمان پیشان بدە کە ئاغات وڕەفیقەکانی بۆنەتە ژێریـەوە؛ تالە
ژێری‌خاك وبەردیان دەربێنین ولەنێو تابۆتیان بنێن ؛ من‌بە«ئاغاڕۆ» ووتن وقـوڕ
پێوان کەوتمەپێش؛ وەئەوانیش سەروپێ‌پەتێ،بە گریان‌وشیوەن‌وزلفـڕنین وڕۆمەت
ڕنینەوە؛ کەوتنە شوێنم؛ وەبەم‌جۆرە کەوتینە ڕێ‌بونێوباغ؛ هەمۆخەڵکی‌شارلەژن‌و
پیاوو کوڕوکچ و گەورە وبچۆك کەوتنە شوێنمان ؛ وە کۆڵان بە کۆڵان ژمارەی
خەڵکی زۆرئەبۆ؛ وەئەم‌هەواڵە بەحاکمی شار گەیشت.
(کاتێ‌چیرۆك گەیشتە ئەم‌جێگا، ڕۆژبووەوە: وەشەهرزادلەقسە کردن‌وەستاوە)

## گەشەوی سێ و نۆ هەم هات

شەهرزاد ووتی: ئەی‌پادشای بەختیار! کاتێ کەئەم هەواڵە بەحاکـمی شار
گەیشت،سوار بۆ؛ وچەند کەس پاچ‌وڕەنگن‌بەدەستی خستەشوێنی خۆی‌و کەوتنە
شوێنی ئێمەوهاتن. منیش‌هەر خاکم‌بەسەرما ئەکرد وئاغ ڕۆم ئەووت تانزیکی باغ

بنكەی ژین
www.zheen.org

وەرگێڕی پێشەك وڕاستکەرەوەی هۆنراوەکان:م.ص.م

# کنز العرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین ووتار ((میر محمد صالح حسنی نعمت اللهی))

**ملقب بە«حیرانعلی شاە»ی کرماشانیی**

تۆ خۆت بارێکی . . .

کێ وات یارێکی؟! تۆ خۆت بارێکی
دۆس نیت دژمنی یار نیت خوارێکی
تۆهیندۆی بێ پەرجگەر خوارێکی
سۆهـان ڕۆحـی ، دژمنـی گیانی
تۆنەویت مۆنس هیچ مـوسڵمانی
موزي موزەووير ، ڕاهـزەن دینی
ئـاشۆب وفیتنەی ڕۆی سەرزەمینی
گۆش وەمن بدەر، وەسواس نەسناس!
تۆلەدەست من کەی مەوی خەلاس
وەهەر کەس ڕەسیی واتی پیرمـی
عەجـۆزەی بـێ پیر تۆئـەسیرمی
ئەی دنیای دەنی، ئەی نـەسناس شۆم
وەگشت لباسێ من تۆمـە شناسۆم
کەی چۆ دەسەی صالح، نەفس مەکەی ئەسیر
ماوەرۆش وەدام مەکەرۆش زەنجیر
دۆعاتان یـەبـۆ ، وەڕۆژو وەشەو
هیچ مـوسوڵمانـێ مونسی بدێنەو

## تکا

**لەخوێنەرە بەڕێزەکان تکائەکەین: لەناردنی پارەی ئابوونمانی ڕۆژنامە خۆیان نەگرن؛ ئەلبەت ئێمە کاتێ ئەتوانین بەم خزمەتی خۆمانە درێژە بدەین کە خوێنەرە بەڕێزەکانمان دەس گرۆیی مان بکەن .**

## مەتەل:

**١ـ من فیکەی خۆم ئەناسم .**

ئەم مەتەڵە داستانێکی هەیە . ئەڵێن :کابرایێ شێت ئەبێ، زۆر ئاڵۆزئەبێ لەوەی کەسێ فیکە بکا. جاهێل ومنداڵان هەمیشە ئەکەونە شوێنی وفیکە ئەکەن؛ئەویش تووڕە ئەبێ وبەردیان لێ ئەداوجنێوسان ئەداتێ . بڕێ کەسیش بەبیانووی شتێکەوە فیکە ئەکەن وەمەبەستیان تووڕە کردنی ئەو ئەبێ؛ کـابرای شێت ئەوجۆر کەسانە ئەناسێ ولە فیکەیان تێ ئەگا؛ڕۆژێ یە کێ لەو کەسانە گوێ درێژێ دێنێ بۆسەر ئاووبەڕوالەت فیکەی بۆئەکا کە ئاوبخواتەوە . لەپڕ کابرای شێت

ماوەل٩

# هەراڵە وزەمزەمە

**ماوەلەچلی پێشوو**

لەچلی پێشوّدا ڕازمان گەیاندە کاتێ ، کەپاش ئەوەی شێو کرایەوەدیواخانی سان خەڵوەت بۆ، وەمایەنەوە سەرمن و«خاڵەمەحمود» وساز و کوڕانی ؛ ئێستالەسەر پاش ماوەی کارەسات ئەڕۆین .

پاش چۆڵ بۆنی دیواخان ، سان ڕوی کردە خاڵە «مەحمود» کوتی : ئەرێ «مەحمود»! ئیشت چی بوا؟ «خاڵە مەحمود»:میرم! ناو کەی کار ئەوەیە کە: من ئەبێ بەسەرهاتي ئەم کوڕە بۆتۆ بگێڕمەوە، ئەوکاتە کارەساتی ئەسپێرمەدەس مەردانەگي ئێوە ! ، ئەنجا «خاڵەمەحمود» بەسەرهاتي مني لەسەرەتاوە ، وەلەکاتێکەوە، کە : لە ناوباغچەی هەراڵان داچاوم بە«شاپەسەند» کەوتبۆدەس پێ کرد ، ئەوي ئاوارەیی و عەوداڵی وەدەربەدەرم دي بۆهەمۆی بۆگێڕایەوە، وەکوتی: لەوکاتـەدا چونکـە «شاپەسەند» ناوبراوی کوڕی ئێوەبۆ نەخۆی ڕوییێکی بەم جووانەپیشاندا، وەنەمنیش لەوبارەوە هەواڵێکم لێ پرسي ، تا کاتێ کە «شاپەسەند» نەخۆش کەوت ، وەبەودەردە کاری دۆچاربۆ ؛ ئەوەبۆ کە کوڕی ئێوە بەناچاري وازی لێ هێنا ، وەهەواڵي بۆمن نارد کە ئیتر ناوبراو ئەوکچەی ناوێ، منیش ئیترووتم زۆرباشە . لەوکاتەدا ڕۆژێ ئەم جووانەبێ ئەوەی بزانێ بۆ کووێ ئەچێ لەڕۆژ گارێکا کە : لەقینـی جەوری زەمان ومأیوسی داپەنای بردبوە کێوی «کۆسالان»وبۆبۆبەهاوڕازی تاق تاق کەرەی شەووگەشتي ئەکرد ، ڕێی کەوتەباغی خوێسملێ زامی کونەونووێ یەکي گرت وپێی بەستەوە .

کاتێ کەمن ئەم جووانم دي وەسەرم نایەسەری وەتێی گەیشتم کە: چلاوێکی پاك وخاوێنە ، وەلەولاشەوە چونکەمن جگە «لەشاپەسەند» منداڵێکی دیکەم نەبۆ، وەئەش ترسام دیسانەوە «شاپەسەند» بەبیماری پێشۆی دۆچاربێ تەوە ؛ وام بەبـاش

ماوە ل٩

**هەزارویەك شەو** ٢٨٨

بۆینەوە لەوێ ڕام کرد و کەوتمە پێش وچۆمەنێو باغەوە. کەپێم نائەودیوی دیواری باغەوە، دەستم کردە «خاتون ڕۆەووتن. ئاغام کەدەنگی بیستم وسەری بەرز کردەوەو' چاوی پێم کەوت کەقوڕم پێواوەو ، ئەدەم بەتەپڵە کی سەرماوخاتون ڕۆ ئەکەم ، ڕەنگی پەڕي وهاتە بەرەوپیرم وپرسی: کافوڕ! بۆوات لەخۆت کردووە ؟ چي قەوماوە؟ ووتم: کەچۆمەماڵەوە' ئەنوارم، خانۆ ڕوخاوە، وەخاتون ومنداڵەکان بۆنەتە ژێرەوە ئاغاووتی: خاتون دەرنەچۆ؟ ووتم: ئەولەپێش هەمۆیان مرد. دیسان پرسی: کچەبچۆ کە کەش، بووە ژێرەوە؟ ووتم: نەبەخوڕا. ئاغاووتی: هێسرە کەی من کە سواری بۆبۆی، چي لێهات؟ ووتم: دیواری هەمۆ هۆدەکان وتەویلە هەمۆ ڕوخان؛وە هەرچي لەنێومال وتەویلەدا، بۆ هەمۆبۆنە ژێرەوە. لەژن ومنداڵ وکارە کەرونۆ کەرو ئەسپ وهێسرو مەڕوبزن ومریشك ، یەکێکیان دەرنەچۆن؛ وەهەمۆ بۆنەتە گۆشتی کوترا. ئاغا کەئەم هەواڵەی بیست، دونیالەپێش چاوی تاریك بۆ، نەی توانی خۆی بگرێ، دەستی کردە گریان ویەخەی خۆی دادڕي وڕیشی خۆی ڕنی یەوە؛ مێزەرەی فڕەدا، ودای بەتەوقی سەری خۆیا، سەری شکا وخوێن لەسەروچاوی هەڵ نیشت،وە ڕۆڵەڕۆ، خاتوون ڕۆی ئەکرد. ڕەفیقەکانیشی زۆر ناڕەحەت بوون وخەفەتیان خوارد، وەهەموو دەسیان کردە گریان. ئەوجا هەموو هەستانەوە، لەباغ هاتنەدەرەوە؟ بەڵام ئاغام هێندەخۆی کوشتبوو، نەی ئەتوانی کە خۆی بەسەرپێوەبگرێ وبڕوابەڕێوە؛ دۆ کەس لەڕەفێقەکانی ژێری باڵیان گرت. دەنگی هەراو گریان وشیوەن بەگوێیان گەییشت؛ سەریان هەڵبڕی. ئەنوارن، تەواوی شار خرۆشاوە، وەنزیکی باغ بووەتەوە؛ کەچاك وورد بوونەوە، ئەنوارن حاکمێ شارسواربووە، کەوتوەپێش وهەمۆ خەڵکی شار کەوتوونە دۆی. وەژن ومنداڵ وخزم وکەس وکاری بازەرگان ـەروپێ

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەشی کوردیی شمال

# کوردستان

لاپەڕەیی ، بوهەموو جار

## پاش بوناما بەینا جینارِان

حەوتییا چوییی خـەبەر کـی کەیفخوشی پێ سەرپێلارادیوپێت دونیایێ وەبەلاوبو، کۆ بـوهنەك مرووان جهێ تەعەجبەكزوربو ، ملكحسین پادشاهـێ ئوردونـێ نشکێدا وەبێوە کـۆ پێشداوێ بارێدا خەبەرنویس پێ حـسیابن نیەت کر کۆ دەولەتاعراقـێ وە بعبارەتێ روناهیتـرحکـومەتـا ژەنەرال عبدالکریم قاسمیرەسمی بناسیت وە گەلوێ دەولـەتێدان ئیستاندناسییاسیراگریت ، ملك حسێن کۆمابێکا میللەتاندا هاشم جوادنەمایەندێ عراقیدیتوە گەل وێ ئاخەوتبو سەروە وێ بـارێدا تەکبیرا شولی یاملكحسێن بویە کۆبودیتناهاشمجوادمەیلاخودیهار کرییە وەکێ دیهار هاشمجـواد ذاتێ خودا مرووەك سەرحەمـدا خویە وەژدانەریز کرنێ دحەلێت زیدەژوێ هندێ ژەنەرال عبدالکریم قاسم رەئیـسی دەولەتا عراقێ ژێ قەوی نابیتە تابعێ ئیحساساتـێ وەزیود چزناقێ پانەرم وبەحـەمد مەئمورانێوە وەنەمایەندان دا زور ئەسەرێدکەت .

چونکی کومێت . سەرکێش هێدیهێدی لادایینەوەهینا نەسەر وێهندێ کۆژئامانجێت خـوێت تند کۆفەقەت هەیامە کی کیـمدا مومکینەکێردانەشولێ بێن دەست هەلگرن، وەلەجییاتابعییائیحسا- ساتێوەنەقشێت ئنقلابی وەخرابە خوبوئـارامییا وەضعا نـاوخـو وەخرابییان ، هاریکاریپادەولەتێ بکەن چونکیعراقێ پاشفەومینا خونینمیحتاجی بئارامییاوەضعێ هەیە ، کۆهەرکەسەك بشێتبکە- هیتەشول ژیناخووەنەقشێت ئـاوا دانیپا دولەتێ بینەعەمەل کرن ،

هاشمجوادا ناوئاخەوتنا خودا گەلملكحسێن گوتییە کۆژەنەرال عبدالکریم قاسم بخوژکـۆشتنا فەیصەلێ دۆیییە رەحمەتی راضی نەبووە زورنەرحەت ژیبو ، هەئەو ئاخەوتنـە دشێت بینامەلحەمـێ برینێت دلێ ملكحسێن وەنەرحە- تیاڤێ یاروحی چێکەت ، چونکی ملكحسین ژکوشتنا نەباشەکور- مامێخوفەیصەلێدۆیێزورنەرحەت وەخودان غەم بو .

هەرحالەکێدا عالە ماواقـع بینیپێدائیحساساتێدەوامووەدوواهی چ نینە ومابەینا دۆدەولەتێت جینار وەهەودین قەتاندنا دانئیستاندنێ بوهەمیشەمومکن نابێتوێ بارێدا ملكحسێن پێچاوی واقع بینیپێ وەضعا دونیایێ وەلازمبونا راکرنا کودورەتێچاوراکرییە وەدەستێ دوستایەتییێ درێژ کـرییەلایـێ دەلەتا عراقێوە، وەحکومەتاقاسم رەسمی نا-ییە وەپێ وێ هنـدێ فکرا خوژلایێ جینارەکی قاوەتە خووەرحەت کرد،وەدونیاباسییاسەتێ داژی بێشك لاگرییا ڤێ جینـار مقابلێجیناریت خودان طەمەعدا

دەست خووە هینایـە ، میللەتـێ ئیرانێ ژتازەبونا دان ئیستاندنـا دوستایەتیمابەیناوانِ دۆدەولەتێت دۆستدا زور کـەیفخـوشە ، چ بویوەسیلێ ئارامی وێ مەنطەقـا ژوژهەلاتا ناوێندا پێكدیێتوەدێ ماریکارییەكزوربوصولحادونیایێ ژیبکەت وەهیوی دارە کۆهەمو مەملەکەتێت دونیایێ مخصوصـاً ژوژهەلاتا ناوێندا ئالوزیلا هەیـی رابیت وەئەصلێبراتییێ وەبەران بەرییێ وتێکەل نەبونـاشولودا بێتە چاوراکرنوە ئەوفەرصـەت دەستوەبێت کۆهەموبوپێشداچونا ئاوادانییا مەملەکەتێخوجەهدێ بکەن .

## بوپی کەنین

### مالیات

مەئمورینی مالیات بۆ بازەرگانێ مەبلەغی مالیاتیان دانابوو ،وەبۆ ئەوە ڕەحمیان پێ کردبێ ووتیان: ئەتوانی لەسێ بەشابیدەی .

بازەرگان ووتی : نە، ئەمەوێ هەربەجارێ هەمووی بدەم .

مەئموورەکان لەوەی کـەئەم بازەرگانـە هێندە وەزیفە نـاسە، ماوەل٧

## ئارامبیاد یهار

پاش ئیریشێت شەدید کۆریۆە بەرێت دەولـەتێت ژوژئـاوا وە خوژوشوف رەئیس وزەرایی ئورسی شورەوی جواتێت وێدوواهییێیە کۆما تێکراوییە میللەتاندا کرنی سەرییێك ، نهەجارەك دیترئارامییا دیهار شولیت ناومیللەتادا پەیدابویە ،

ئەوئیریشە بەردۆتشتان چێدبون ، یێكبەرخاترا ئیختلافا کـۆ بەرپیگاوا کۆما میللەتانلە کونگومابەینا ژوژهەلات ژوژئاوادا پـەدا بویی وەخورۆشوف مجت دخاست کۆهامرشولدێ سوئدی ژکابتـی یا کۆمابێکاتییا میللەتان بدەتەپاش ، یادیتر ئەوبو کۆپاش تێكچۆنـا جواتا سەراکێت چاردەولەتێتمەزن پاریسێدا هومێدا هەرجورەحەل کرنەکی بومەسئەلێت مابەینامیللەتاندا جهێخـودابو بـێهیـوی بونێ ،

بارا یاژ ئەولدا بەرپێشداندنا دەولەتێت مەزنە ژوژئاوا مقابلـی گوتنێت شورەویدا وەلاگیرییاوان ژ(هامرشولدی) رەئیس وزەرایـێ شورەوی مەجبۆربو کۆدەستژگوتناخوبکێشیت وەخوژمخالفییا گەل کاتبێ تەواویانیهامرشولد پاشدابدەت، بارایادوییداژلایێ هامرشولد مەكمیلان رەئیسوزەرایی ئنگلستانێ وەهەمورێوە بەریـت ژوژئـاوا گەلەك جەهد هاتەکرن کۆجارەك دیتروەسیلێت پێكهـاتنا جوانـا سەراکان بوئاخە وتناسەرراگرتنا صولحێچێبن ،

ئەوجەهدەنە پێشدا روبەرویی ئشکەستێ بون ئەماچونکیئصولا ژین وەمرنا بەنیئادمانبشەر ودصولحاتێت وەگرێداییە چچارەخێنجی وێهندێ نەبون کۆ جەهد بوپێكهاتنا جواتا سەراکان دەوامێ یکەت کوم بونێت کۆمابەنیا مەكمیلان وەخورۆشوفدا چێبویێئەوپێكهاتن کۆپاش تەواوبونا بژارتنا ئەمریکایاتێت ، جـارەك دیتر ربوەبەریـت دەولەتێ مەزن جواتەکێدا جەمابن وەگەل یـەك ودۆدەست پـاوێنە ئاخەوتنێ ، مەسئەلێت موهوم کۆدێ سەربێتە ئاخەوتن عیبارەتنژچەك دانانێ وەچاودێرییا قاوەتا ئوتەمییە ،

شورەوی پێشنیپار کرییە کۆ بەرناما چەكدانانێ تەواو عـەمەل بێت ، ئەوپێش نییارە هەرچەند دیهارە گەلەك لێب کەرە ئەمانیوەکاوێ خالییە ، عەمەلهینا ناچاودێرییاچە کێتئوتەمی بوێهندیوە گرێداییە کۆهەمو دەولەتێت دونیایێ پێكبێن کۆ چاودێرێت میللەتـان هەمو دەمان بشێنعەردێ وان دەولەتاندا سەربخوچاودێرییێ بکەن ئـەما دەولەتا شورەوی حەتانهێچ جوران بووێ شولێ حاضرنەبویە ،

بەروێ هندێ ئەگەر ئارامییەك ژیوەضعا دونیاییدا پەیدابەبێت سەرووەیە ، وەبووێ هندێ کۆراستیژی دونیا ژکابوساشەرێخەلاصبیت دەولەتێتمەزن کۆقاوەتائوتەمی هەنەدوێت گەلنییەتـەك باشذخیـرا چەکێت خوێت ئوتمی لمابەینێ ژاکەن وەئەوێ قاوە تافرەبوبلند کرنا ژینا مردووان بدەنەشولێ ،

هنەك سییاسییان جواتا تێکراوییە کـۆما میللەتاندا پێش نییار کرنە کۆئەوخەرجا گران کۆدەولەتێت‌مەزن بوچێکرناچە کێتئوتەمی دکەن وێ هندێ بوهاریکارییا دەولەتێت پاشدا مایێ دانێن .

ئەوپێش نییارا خیرخازانە عەمەلناهێت وەشلناچیت کۆئەگەر دەولەتێت مەزنبارا روکوبەرانییاچە کێت ئوتەمیدا پێكبێنژی،یێك- جاری وێهند بودجا مەزنەئوتەمییا خوبەهەر دۆدەستـان پێس کێشی دەولەتێت پاشدا مایێبکەن ئەوە گەل عاقلێ لێكناگریت ،

دەولەتێت پاشدا مایێ بخوبۆپێشداچوناخویاصنعەتیوتوجارەتی جەهدێ بـکەن ، وەچ جار بەرنامێت خوسەربنێشا وەرگرتنا کومەکا دەولەتێت دەرەوە نەدانێن ، ئەلبەتە سەرمایەدانانا خارجییان وەقازانج کرن ژعلمێ فەنییە شولناسێت خارجی بوعەمەل هێنانا بەرنـامێـت صنعەتی وەئـاوادانییا ناوخویە دەولەتێتپاشدامایی گەلەكباشە،ئەگەر وەکو دەولەتێت پاشدامایی وانبەرنامان عەمەل بینن ژلیحاظا سییاسی ژیدێپێش کەتنێت مەزن دەست خووەبینن ، وەئەوشولە بوراگـرتنا صولحا دونیایێ دێعەمەلەك موهوم بێتەحسابێ پێوی هندێ ئارامییا سەروە کۆپێداخازییا یەكیانچەند دەولەتێت مەزن دێلەمابەینێبچیت ودێ ئارامییەكدایمی جهێوێبگریت

بنکەی ژین www.zheen.org

**باسیکی...**

ماوەی‌ل ١

«مانا» ئاگادارببون. وەلاتی «مانا»سەرزەوینی بۆجێگای کشت‌وکاڵ و حەیوان داري.بەلام صەنعەتکار وئاسنگەری‌ئەوی زۆرتر ناووشۆرەتیان داخستبۆ. پادشایانی «آشور» کاتێ بەسەروەلاتی «مانا»دا، پیرۆز ئەبۆن، صەنعەتکارانی‌ئەوێ‌یان بەدیل‌ئەگرت،وەئەیان‌بردن کەلەوەلاتی‌خۆیانا کاریان بۆبکەن.

وەلاتی«مانا» لەباری کۆمەلایەتی‌یەوە، کۆچەروڕەش‌ماڵ‌نشین‌بۆ بەلام‌خەلکی ئەم‌سەرزەوینە لەچاوی خەلکی جێگاکانی تری‌ئێرانەوە، زۆرتر لەکاروباروچارەنۆسی‌خۆیانا دەسیان‌بۆ،چونکوو هەمیشەدەستەیێ لەڕیش‌سپیی‌وڕیرەکانی‌ئەوان لەدەوری‌پادشادا، بوون' وەپادشابەڕاویژی ئەوان کاری‌ئەکرد.

خاکی‌ئەم‌وەلاتەناوچەی«سقز»وبەشی لاڕوژوی چۆمی«جاگاتو» وەتەواوی لێواری ڕۆژهەلاتی دەریاچەی «ارومیە»بوو. لەبەشی دووایی صەدەی هەشتەمدا لەشەڕوناحەزي نێوانی «آشوور»و«اورارتو» کەلکی وەرگرت، وەناوچەی حوکمڕانیی خۆی‌پەرەپێ‌دا. لەدەوری سالی٦٧٥ پ مهۆزی «سکا» لەوەلاتی «مانا» کەوتنەڕێ، وەلەگەل خەلکی‌ئەوێدا بوونە هاودەس، وەلەشوڕشی گەلی«مـاد» لەبـەرانبەری «آشوور»ەوە، بەشداربوون. لەپاشان هۆزی «سکا» خەیانەتیان کرد،وەلایەنی«آشوور» یان‌گرت، بەلام لەگەل‌ئەوەشا وەلاتی «مانا» پیرۆزبوو، وەدیسان‌بەشێ لەسەرزەوینی«آشوور» و«اورارتو» کەوتە سەرخاکی، وەئەگونجێ کە تالێواری خەتی سنووری ئیستای ئێران وتورك وئێران وعراق پەرەی سەندبێ»

چونکە لەنووسراوی ناوبراوا ناوی وەلاتـەکانـی « آشوور » و «اورارتو» وەهۆزەکانی «سکا» براوە،بەجێ‌یە کەبڕێ لەبارەی‌ئەوانیشە وەبدوێن.

وەلاتی «آشوور» زۆر بەناوبانگتر وگرنگتر لەوەیە کە نیازی بەناساندن لەم‌ووتارا ببێ.بەکورتیی‌بلێین کە.بەشی‌شمالی«بین‌النهرین» کەدراوسێ وهاوخاکی شمالی ڕۆژئاوایی وڕۆژئاوای ئیستای ئێرانە، سەرزەوینی تایبەتیی ئاشوور بووە، کەلەوێوە دەس‌درێژی‌یان کردووە، وەشەڕومشتومڕیان کێشاوەتەنێو ناوچە ناوبراوەکان.

وەلاتی «اورارتو» بریتی بووە لەخاکی کۆنی «ئەرمەنیستان» یانێ‌ناوچەکانی شمال‌وشمالی ڕۆژئاوای ئازەربایجانی ئیستا، وەچـەن بەشێ لەخاکی«گورجستان»و«ئەرمەنیستانی ڕۆس»وەبڕێ‌لەناوچەکانی تورکییە کەدراوسێ‌وهاوخاکی ئەوبەشەناوبراوانە‌بووە. ناوی«ئارارات» و«ئێرەوان» وادیبیارە لەگەل ناوی‌ئەو وەلاتە کۆنەدا، پەیوەندیان‌بێ. چەنێ بەلگەیێ کەبەخەتی مێخیی نووسراوون، وەهاو شێوەی‌نوێشتە. کانی هەخامەنشین،لەسەرزەوینی«اورارتو» بەدەست هاتوون'وەبۆنموونە ئەوبەردەنووسراوەبەخەتی‌مێخیی‌ناوئەبەین کەلەنزیکی دێ«صقین‌دل»ی ئەرەسباراقا، بەدەست هاتووە،وەلەلایەن‌زانای بەڕێزئاغای «محمدجواد مشکور»ەوە،لەژمارەی ٥و٦سالی دووەمی گوڤاری «دانش»داناسراوە. لەووتارا کەئاغای «مشکور» سەبارەت بەوبەردەنووسراوە نووسیونانە چەنێ مەبستێکی تازەی زۆربەکەلك وگرنگیان لەبـارەی وەلاتـی «اورارتو» وەمێژوی ئەوێ هێناوە.

**لەهۆنەری گەورەی کورد:**
**ئەحمەدبەگی جاف**

## هەرچاوە چاو ئەکەم

گریەوگڕەی تەنورە، بلێسەی هەناوە کەم
«سیروان»و«تانجەرۆ»یە، خوڕەی‌ئاوی‌چاوە کەم
شێواوی مـۆی خاوی کـەسێکـم منی هـەژار
بۆیێ پەشێوە ئیستە ، کـەبیری ب‌ەلاوە کـەم
ڕۆژێ بەپێ کەنینەوە یارێ ووتم : وەرە !
بۆپاسی‌نیوەشەو، سەگی‌قول هەل کراوە کەم
ئەم کۆمەلی گولالە کەسۆرن لەدەشت‌وکێو
ئاویان دراوە گشتی بە خوێنی ڕژاوە کـەم
تۆبێ‌وخوڈا!دەسا، وەرە،ئەی‌نوری‌چاوە کەم!
سازێش کەزامی‌لەت‌لەتی جەرگی‌بڕاوە کەم
ئەی‌چاوە کەم! بەچاوی‌ڕەشت سوێندئەخۆم کەمن-
بۆدینی چاوی تۆیـە کـە هـەرچاوە چاو ئـە کـەم

---

## مەشکێنە !

بەبەردی فرقەتت شیشەی دلی‌ئاوارە مەشکێنە!
لەناو زومرەی‌ڕەقیبان‌عاشقی‌بێچارە مـەشکێنە !
ئەگەرڕۆح‌ودل وئیمار‌طەلەب‌کا، بیدەرێ‌عاشق
کەطفلی خوردسالە،قەت دلی‌ئەوبارە مشکینە
دەخیلم‌ئەی‌نەسیمی‌صوبحگاهي مەسکەنی‌دلمە
پەرێشانی‌مـەکـەتۆزولفی‌ئەونازارە مەشکێنە!
بەقەتل‌و کوشتنت، موختارەعاشق شۆخی‌شیرینت
لەسەر ڕۆح‌ودلت‌فـەرمانی‌ئەوسالارە مەشکێنە!
کەمن‌پەروانەیی شەمعی سەری کولمی‌تۆوم،جانا!
دلی(ئەحمەد)بەفیتنەی ئەوسەگی‌پەتیارەمەشکێنە!

---

بەپێی ئەوە کەلەم دووایيا ڕۆژنامەکان نووسیویانە ( ڕۆژنامەی «اطلاعات» ڕۆژی ٢٨ آبان٣٧) بەمزوانە لەوکاووشە زانیاری‌یەدا کەلە دەوروبەری شاری «ایروان»دا، لەلایەن دەستەی زانا ئەنتیکەناسەکانی ڕۆسەوە پێك‌هاتووە، تەختە بەردێکی گەورە بەخەتی مێخیی وزمـانی «ئوراتوس»- کەیەکێ‌لەکۆنترین گەلانی ڕۆژهەلاتە- بەدەست‌هاتووە
هەروەها لەوکاووشە زانیای‌یەدا کەلەوەلاتـی دەراوسێ ئێران ، تورکییەدا پێك هـاتووە وەپێك‌دێ ، وەئـەنتیکە خانـەی زانستگەی «پنسیلوانی»ش لەوابەشدارە، چەنێ شوێنێکی دلڕفێنی‌تر لـە گەلـی «ئورارتو» دەر کەوتووە.بەم‌جۆرە دۆزرانەوەی کاسەی زێڕینی«حسنلو» وەشتەکانی تری‌ئەوشوێنە مێژویی ئێرانە' وەبەردەنـووسراو بەخـەتی مێخیی یەکەی «صقین‌دل»ی، ئەرەسباران، وەشوێنە دەرکەوتووەکانی «ئێرەوان» وەشوێنە دۆزراوەکانی تورکییە' بۆڕۆشن کردنەوەی‌مێژوی زۆر گرنگی بەشێ‌لەڕۆژهەلات گەلێ بەکەلك بوون. وەپیویست نی‌یە وەبیربخەینەوە کەکاووشی تەپی مێژویی «حسنلو» بەدەستی ئیدارەی ئەنتیکە ناسی‌ئێران وهاوکاري ئەنتیکەخانەی زانستگەی«پنسیلوانی» چەنێ گرنگ وبەکەلکە .

**نالەبارییەکان ...**

ماوەی‌ل١

کاتێ نیوەڕۆ گەیشت، خـەسۆ خۆی کردووەتە ڕێوی ژان کراو هەرواقەی دێ، خەزوور مانـدو و مردۆلەسەرکاردێتەوە، مندال‌هەمۆ یەك لەشووێن یەك لەقوتابخانـە ئەگەڕێنەوە،زاوا بەتاسەی«نەرگسە» وەپەلەپەل دێتەوەمالەوە ، هەرکام کەلەڕێگاوەدێنەوەسەرێ‌لەخەسۆ ئەدەن ، وەهەوال پرسی‌یێکی‌لێ ئەکەن ' ئەویش‌ئەنکێنێ ووەلام-یان ئەداتەوە ، وەوا خـۆی‌پیشان ئەدا ، کەئیزرائیل سۆوارسەلکی بووەباهەرکام‌لەوانەچاوەڕووانـن زۆبەزۆتیکەیێ نانیان بـدرێتی و کەمێ بحەوێنەوە وبـۆسەرئیشي خۆیان‌بگەڕێنەوە، هەمۆیان‌پەلە-پەل‌لە«نەرگس»دائەنین،پڕئەداتە سوفرەی نان‌بۆیان‌دا ئەخا ، گیزە لەسەماوەرهەل‌ئەسێنێ باتیانەلەسەر سێ کوچکەدائەگرێ ، کاتێ کە سەري تیيانەهەل ئەبڕی تـەسێ ئەخرواتەوە، چونکە ئەبینی‌برنج لەنێوتیانەکەدا بووەتەتۆپەل. بـە هەلمەوە بۆی‌بۆ کزی‌چێشت دێتە اوتی ، زۆر پێ‌ئەچێ، ڕەنگی لـە دۆسێ ڕەنگ ئەگۆڕێ،ئەوکاتە لابێك‌ئەکاتەوەتەماشایێکی«ئەحە» ئەکات ' دلي پڕئەبێ، لەدلي‌خۆیا ئەلێ‌خووایەئەم!چێشتەبۆوای لێ هاتووە !؟ خۆمن نودەسیم‌نی‌یە ، لەکاتێکا کە نەرگس‌وەهاپەرێشانە و کەوتووە تەناودالغە' هەمـۆیان ئەلێن‌دێرە ماتلي‌چیت'بۆچێشتە-کەمان بۆناهێنی !؟ ئەویش‌هەنا-سەیێ‌هەل‌ئەکیشی وناچارچێشت تۆپەل تۆپەل ئەنێتە ناودەوري -
خەزوور- ئەرێ‌ڕۆلە نەرگس! ئەوە ئەوچێشتەبۆبۆوە بەتۆپەل ! نەرگس بەخووا،امەگیان بلێم چي!«ئەحە»بلێم چی‌چی‌یە! بوچي تۆهیچ تائێستالەمالی وێرانی با-بتاچێشتت نەکردووە !؟ خەسۆ : أم «ئەحە» وسکت بەبەس بلـێ !

ماوەل ٧

بنکەی ژین www.zheen.org

هۆنەری بەناوبانگ و سیاسەت گێڕی هۆشیار و زانای کورد:

## طاهر بەگ جاف

طاهر بەگ کوڕی «عثمان پاشا» کوڕی «محمد» پاشای جاف لە ساڵی ١٢٩٥ی، کۆچی لە شاری هەڵەبجە دا لە دایك بووە. هەر لە منداڵی یەوە کە دەستی بە خوێندن کردووە، هۆش و زیرەکی و وریایی ئەو مەشهوور بووە؛ وە بەهۆی مرخێکی جوانە وە کە بۆیە، دەستی کردوەتە شعر ووتن و شاعری. طاهر بەگ لەپاش ئەوەی لە دەرس خوێندن بووەتەوە، لەلایەن حکومەتەوە کراوە بە قائم مەقامی هەڵەبجە؛ وە هەر لەو کاتا وەختی بێکاری خۆی بە تەماشای کتێبی ویژەیی ڕابواردوە؛ وە زۆرتری دیوانی ئەشعاری ئوستادانی زمانی فارسی و کوردی و عەرەبی خوێندوەتەوە، تا بۆ خۆی لە زمانی کوردی دا بووەتە ئوستادێکی زەبەدەست؛ وە شعری بە زمانی کوردی ووتووە. طاهر بەك لە زمانی عەرەبی و فارسیی و تورکی دا دەستی بووە، وە بە وسێ زمانەش شعری ووتووە. وە کتێبێکی لە ڕێزی کتێبی «احمدیە»ی، شیخ مەعرۆفی نودهی بە چوار ووشەی (فارسیی، عەرەبی، کوردی، تورکی) بە شعر داناوە، کە داخە کەم نوسخەی لە دەستا نەماوە.

شعرەکانی طاهر بەگ زۆر ڕەوان و سادە و فەصیح و بەلیغە. دیوانی شعرەکانی لە ساڵی ١٣٥٥ دا، لە سلێمانی لە چاپ دراوە.

طاهر بەگ زمانی ئینگلیسی شی زۆر چاك زانیوە؛ وە بە پاراوی بەم زمانە قسەی کردووە.

«مێجەرسۆن» گەڕاڵی بەناوبانگی ئینگلیسی لە کتێبی گەشتنامەی خۆیا زۆر ستاییشی هۆش و نەبەزی و زانایی و دەس و دڵ بازی طاهر بەك ئەکا. طاهر بەك لە ساڵی ١٣٣٧ی، کۆچی دا لە شاری سلێمانی لە دونیا دەرچووە؛ وە مەلی بەرز پەڕی ڕۆحی بۆ هێلانەی جاودانی خۆی باڵی گرتوەتەوە. مەزاری ئەو ئێستا والەدێی عەبابەیلی لە نێو فرسەخیی هەڵەبجەدا.

طاهر بەگ بێجگە لە ئەشعاری فارسی و عەرەبی و تورکیی، شعرە کوردی یەکانیشی هەم بە شیوەی ویژەیی (سۆرانی) وە هەم بە شێوەی هەورامی هۆنیوەتەوە. وە ئەوا بۆ نموونە دوو پارچەتان لە هەردو شێوە بۆ لە چاپ ئەدەین.

### فەرهاد ((ثانی))

یــــاران ! فەرهــــادم . . .

جانشین خــاس قــەومی فــەرهادم

ئەوڕۆ کە فــەرهاد پۆشا نۆ کــەفەن

ئەرواش کەرد فدای شیرین ئەرمەنـ

پەرسا یەك یەك نام دروون پڕ دەردان

بە ذحاڵ و ئەحواڵ هەناسە سەردان

«قیس» و «ویس» و «من» وەتاقیق غەمبار

یەك سەر تەعداد کەرد، ئاوەردوە ژمار

وات: کێ بۆ لایق پەی مەقامی من ؟

گوم نەبۆ تا حەشر سەوداى نامی من

کەرد گوزیدە پــەی وارثی وێش

سپەردش وەمن کــاڵای ئێش و نیش

تیی وە مەذهۆشی، ویلیی سەر کێوان

عەزابــی دووری، دەردی بــێ دەرمان

بێ خورد و خاوی، سەوداى ئیشتیاق

ئاگری هیجران ، زوخاوی فیراق

نویسانــە دەفتەر، وەهــۆن زامــان

یەك یەك پەرێ من، هەرچی پێش ئامان

وات : یەسەر مەشقەن پەی تۆ بزانی

ئیسمت مــەشهۆر بۆ، **فەرهاد ثانیی**

یاران فــەرهاد مــرد، وەنا کــامەوە

پەرێ ئاخ واخ من هەرمامە وە

شەرط بۆ، چون فەرهاد چینی دەر بەدەر

ویم کەم وە سەر گەرد خاڵان دڵبەر

بەڵ وێنەی فەرهاد، دێوانەی خود سەر

ڕۆ گــاربۆن جەدەس چەرخی بەد ئەختەر

یە «طاهر» واتــەن دەروون پڕ جەغــەم

زامش جەزامی فەرهاد نــی یەن کــەم.

### داغی هیجران

موقەددەر گەر نەبێ ئاخیر لە میهری گوڵرخانم چی؟

لە ناڵە ناڵی نیوەی شەو، لە ئاهی بەربەیانم چی؟

نیشانەی ئیفتخاری من لە سینگم داغی هیجرانە

بڕۆ ئەی ناصحی موشفیق ! لە ڕوتبە یا نیشانم چی ؟

لە بازاری مەحەببەت، موشتەری هەر نەوعە جنسێکم

بــەسە بۆ من خەریداری، لە سوود و لــەزییانم چی؟

غەرەض وابۆ، موقابیل کەم لە گەڵ گوڵ، ڕەنگی ڕوخسارت

وە گەر نەبێ قەدی سەروت لە سەیری گوڵستانم چی؟

کە من میحرابی ئەبرۆی تۆ هەمیشە سوجدە گاهم بێ

ئیتر وەك زاهدی خودبین لە مەوعوودی جنانم چی؟

شەوم وەك ڕۆژی ڕۆنا کە، لە شوعلەی ڕوومەتی ئاڵت

لە سەیری شەوقی سەییارە و لە ماهی ئاسمانم چی؟

بە نەیڕەنگی فەلەك حانا لە دڵما دەرنەچوو میهرت

کە من یەك ڕەنگ و یەك نەوعم، لە تەبدیلی زەمانم چی؟

ووتم : بێ ئاڵەتی کوشتن مە کە تۆ قەصدی گیانی من !

ووتی : من خاوەنی غەمزەم، لە شمشێر و کەمانم چی؟

بە من قەت نادری تەفسیری ئایاتی سەری کوڵمت

مەحاڵە «طاهر»! شەرحی، لە تەفسیر و بەیانم چی؟

**ناڵە بارییەکانی..**

ماوەی ل٦

ئەو بەستە زمانە پیێیکی ل، ماڵەوە بۆ وە پێیێکی لە دەرەوە بووەو، کاتێ خەریکی گسك دان و کــاروباری دیکەی ناوماڵ بووەو، تاوێ خەریکی نکوناڵی من بووە ، ئیتــر چشت چۆن وای لێ نەبێ؟! هەمۆبێ دەنگ بوون ئیتر کەس شتێکی نەوت، بەڵام نەرگس ئەوەندەی تر لە ناپاکــی خەسوتێ گەیشت، وە لە دڵیا بە تەواوی دامەرزا کە ئەوە کاری خۆیەتی . بە هەرحاڵ نەرگس زور بەدڵێکی پڕ وە چێشتی نــایە سەرسوفــرە ، (ئەحە) ئەڕێ ئەوە چێشتە کەلکاوە بە جەهەنەم، بەڵام ئەی بۆ واهەموی سوتاوە !؟ خەسوئەها ام «ئەحــە» تۆ بۆ هێندە زۆر ئەڵێی ، نــەموت وسکت بە لە سەری مەڕۆ، لەو کاتەدا برای ئەحە حەمە دێتە زمان ئەڵێ: های های بەخوا براژنم هێندەی خوێ تێ کردوە هەر کەس بــێ خوواو لکی ئەبڕێ، ئەم جارە خەسو بەنکەوە ئەڵێ ئەرێ ڕۆڵە! وا بزانن من مردوم ، ئەوەی پێ ناوێ، ئەبێ هەرچی نازانێ فێری بکەن! خۆژ- نەکەتان شێت کردئەوە بۆ وائەکەن ؟! ئەگەر واتان ئەزانی ئەبوایێ ژنێکی کارامەتان بۆ «ئەحە» بخوا- ستایێ، نەرگسە بەستی زمان منداڵە نەی کردوە کەم سەر بکەنە جەرگی نەرگس ئیتر ئەوەندەی پرچاندە دڵ خۆی پێ نەگیرا ، هەستــاوە بۆ ژورەکەی خۆی چو؛ وە لــەوێ دەستی کردە گریان ، لــەولاشەوە خەسو دەستی کــردە سەرزەنشت کردنی خێزان ووردە وورد، زیندو بوەوە ، هەستاوە خێزانی خستە ژێ، وە شتێکی دیکەی دانەدەر- خووارد .

ماوەهەیە

**بوپی...**

ماوەی ل٥

سەریان سووڕما و ئافرینیــان کرد و پرسیان :

زۆر چاکە، بلێ بزانین بۆچیی ئەتەوێ بەجارێکا هەموو ماڵیاتە- کەبدەی ؟ بازرگان وەڵامی داوە: بۆ ئەوە هەرجارێ خەفــەت بخوم نەسێ جار.

**کاری خەیر**

کابرایــێ کــەرێکی بــردە مزگەوت و لە نێو میحرابا خەریکی بوو؛ لەم وەختا خاذمی مزگەوت هاتە ملیاو تفێکی کردە نێو چاوی کابراو، ووتی: مزگەوت جێگای ئەم کارەیە ؟ کابرا لای کــردەوە ، ووتی: هەی بێ دین! ئەگــەر لەم کارە خەیرە بوومەوە، جا باتۆ تفت لە ماڵی خودا کرد بێ!

**زیرەکی**

کابرایێکی پزیشك هەرکاتێ

بنکەی ژین www.zheen.org

## هەراڵە

ماوەی ل ٤

زانیی کە لەیەکەم جارادڵی ئەم جووانە عەوداڵەم هێنا بیتەدی . وەدیسانەوەشاپەسەندیشم لەخۆم دوورنەخستبێتەوە ، وەئەم کوڕەشم دەست کەوتبێ و کردبێتمە کوڕی خۆم . ئەنجالە گەڵ ئەم کوڕەقسەم کردلەیەکتري رازي بوین، وەئەوەش تێ گەیشتم کە «شاپەسەندیش» لەم کارەساتە حەزئەکات ، منیش وام بەباش زانی وەئەم کوڕەم کردە کوڕی خۆم .

بەڵام پاش ئەوەی من ئەوزمانەمدا. ڕۆژێ لەناکاداێم دیسانەوە گرویێ تفەنگچی وبڕێ پیاومناسبی خێل ، لەلایەن «قارەمان» خانی حازري کوڕی شێرەمێردی نەبەردی نەبەزتانەوە ، کە لەناو کەدا چاوی سوری هەورامان و پشتی کوڕانی هۆز و هێزی ئەژنۆی سانی گەورەی بەڕێزمانە،هاتنە باغی «خوێسملی» وەبەڕەسمیی خووازبێنی، دەستیان بەقسە وباس کرد . منیش چۆنکە زمانم بەم کوڕەدابوّ ، بێ گومان ئەگەر سەریان لەلاشەبکردمایێتەوە ، نەم دەتوانیی لەواتەی خۆم پەشیمان ببمەوە، ناچار بەوانم وەڵامدایەوە کە: هەموّکارەساتی هۆزئەبێ بەفەرمانی سانی مەزن بەڕێ بکرێ چونکە ناوبراولەلایەن شاهەنشای ئێرانەوەتایین کراوە هیچ کەس لە فەرمانی نابێ سەربپێچێتەوە ، وەمنیش بێ گومان لەیاسای چەندین ساڵەی هۆزی خۆم ونیشتمانی خوشەویستم دەرناچم ؛ وەئەم کارەساتە ڕازێکی تیدایە ! ئەبێ خۆم بێمە خذمەتی سان وبۆی بگێڕمەوە ؛ ئەوکاتە هەرجورێ بڕیاڕي لەسەردرا وائەکەین.

ئەنجا ئێستاکە فەرمان ، فەرمانی خوتانە بەهەر چەشنێ ئێوە ئەفەرموّن وابکەین ! لەوکاتەدا کە «خاڵەمەحمود» ئەم کارەی بەسان سپارد ، دڵ بەچەشنێ لەقەفەزی سێنگی ئەدا، نرکەی بە گووێی هەموّرازی دڵ زانێ ئەگەیشت بەرچاوم تەمی ئەکرد هەر لەحزەیێکی ئەوبێ دەنگی یەکە پاش قسەکانی «خاڵە مەحمود» لەمەجلس دا حوکم فەرمابوّبەلای منەوە بەهەزارساڵ ئەبورد ، مەردن وژیانی هەمیشەیی لەپێش چاوم بوّ، وەدووادەقیقەی ئەدایەسەر هەوڵ بوّم کە کامیانم بەر کەوێ دەریای ترس وجیهانی شادمانیی پێکەوە چاوەڕوانیی یان ئەکردم .

ماوەی هەیە

هەزارویەك شەو ٢٨٩

پەتي خۆیان ناوەتەقوڕ، وەباو کە ڕۆئەکەن وخۆیان ئەکوژن، کەهاتنە پێشەوە، یەکەم کەسێ کە ئاغام چاوی پێ کەوت ژنەکەی لەگەڵ منداڵەکانیابوو. لەچاوپێ کەوتنی ئەوان سەری سڕماو، دەستی کردە پێ کەنین وهەواڵی ئەوانی پرسی. ئەوانیش کە چاویان بەئاغا کەوت، دەمیان تاقما ولەجێ خۆیاناووشك بوون وباوەڕیان نەئەکرد، ئەوجاووتیان :

هەزار شوکر بۆخوذا کە تۆمان بەزیندوي چاوپێ کەوت وەدەسیان کردەمل ئاغا یەکتریان ماچ کردەوە ؛ لەپاشان پرسیاریان کرد : کەچۆن خۆت وڕەفێقەکانت لەژێری دیواری باغ بەساغ وسلامەت دەرهاتن ؟ ئاغام لەوانی پرسی : ئەی ئێوەچۆن لەژێری کەلاوەی ماڵەکەدا چۆن دەرچوّن ؟ ئەوان ووتیان : شوکر بۆ خوذا ، ئێمە هەموّساغ وسلامەتین ماڵڕوخانی چی و کەلاوەی چی؟ ئێمەهیچمان لێ نەقەوماوە ؛ بەڵام کافوّری غولامت سەروپێ پەتي بەقوڕپێوان و ئاغاڕۆووتن کردی بەماڵا . ئێمە ڕۆرترساین وپرسیمان : چي قەوماوە ؟ ووتی : ئاغاموڕەفێقانی لەنێو باغا لەبەر کەڵەکێکا دانیشتبوّن ؛ لەپڕ کەڵەك ڕوخا وهەموبوّنە ژێرەوەملیان شکاو مردن . ئاغاووتی : زۆرعەجیبە؛ هەرئێستاکافوّر بە گریان وشیوەن وخاتوّن ڕۆووتن کردی بەنێوی باغا . ئێمەش ڕۆرترساین وپرسیمان : چی یە؟ چي قەوماوە ؟ ووتی : ماڵەکە ڕوخاوە ؛ وەخاتوّن ومنداڵەکان وهەموّ حەیوان وپەزوپۆڵە بوّنەتەژێری کەلاوەوە ، وەگیاندارێکیان بەزیندوّ دەرنەچووە . ئەوجا هەردوّلاتێ گەیشتن کە درۆم کردووە . لەپاشان ئاغاتەماشای کردم ، ئەنوازێ سەروپێم پەتی یە وخەریکی گریان وشیوەن وقوڕپێوان وئاغا ڕۆ کردنم ، خوڕی بەسەرما ،کە : ئەی حەرام زادەی ناپاك ! ئەی قولەڕەشی پیسی نەفام ! ئەمەچ کارەساتێ بوّبەرپات کرد؟ بەخوذا پۆستي سەرت دیمنە سەرچاوتا؛ وەپل پل گۆشتي بەدەنت ئەبڕم وئەی دەمەدەرخواردت

## ئاموژگاریی

خوذا لەیارمەتیی دوکەس قەت خۆی ناگرێ . کەسێ کەبۆ ڕەضامەندي ئەو لەنیشتمانی خۆی بەرگري بکا ؛ وەکەسێ کەبۆ پاکداوێني ژن بخوازێ.

(حضرتی محمدص)

زۆرجار وائەبێ کە چاو ساغ ڕێ گوم ئەکا و کوێرڕێ دەرئەکا .

(حضرتی علی رض)

دۆستیی ناذان ئەبێتە هۆی ئەوە کە پیاولەخۆی دەرچێ وخۆی نەناسێ . ناذان دوژمنی خۆیە؛ چۆن ئەبێتە دۆستی کەسێکی تر.

(ارسطو)

هەرکاتێ کەسێ چاکە وخراپە وقازانج وزیانی خۆی نەناسێ ، مردنی چاکە.

(جالینوس)

ئەگەر ناذانێ مەبەستێکی هەڵەی ووت ، پێ مەڵێ ؛ چوّنکەو ئیستفادەی زانستێکت لێ ئەکاو ئەبێ بەدوژمنیشت.

(سقراط)

زانا لەگەڵ زانادا ڕێك ئەکەون ؛ بەڵام ناذان نەلەگەڵ زاناذا ڕێك ئەکەون، وەنەلەگەڵ ناذانا؛ هەروەها کە چێوێکي ڕاست لەگەڵ هەموّ چێوێکی ڕاستا جۆرئەبن ، بەڵام چێوێکی لاروکەج و کوڕ ، نەلەگەڵ چێوی ڕاستاجۆرئەبێ ونە لەگەڵ هیچ چێوێکی لاری ترا.

(ارسطاطالیس)

مەیخانە جێگایێکە کەشێتیی لەوێدا قاپ قاپ ئەفرۆشن.

(سویفت)

فێرمیسکی ژن، بەهێزترین شتی تەڕی ڕۆی زەوینە.

(ورنر)

نیشتمان پەرودر کەسێکە کەلای وایەنیشتمانی ئەوچاکترین جێگای دونیایە، هەربەو بۆنەوە کەلەوێ پەدونیا هاتووە.

(برناردشاو)

هەموّ ئەیانەوێ کەکاروباری کۆمەڵ ووەڵات بگۆڕن وچاکی بکەن، بەڵام کەس مل ناذا بەوەی کە خۆی چاك بکا .

(تولستوی)

سەربەرزي وشانازي لەوایە کەفێرمیسکی چاوێ ووشك بکەیتەوە، نەلافاوی خوێن بخەیتەڕێ .

(بایرون)

ئاوتاوەختێ ئەڕوا ولەجوّلان نەوەستاوە ، پاك وتەمیس ئەمێنێ ، بەڵام کەلە شوێنێکا ماومو جوّڵەی نەکرد ، کەم کەم ئەگەنێ وخراپ ئەبێ. ژیانی مرۆف وگەلانیش وەهابە.

(نەهرۆ)

### مەتەڵە

ماوەی ل ٤

تووڕەئەبێ ووبەردەبارانی ئەکا. خەڵکیی پێیی ئەڵێن : کاکە ! ئەوفیکە بۆ گوێ دژێژەکەی ئەکا ئاوبخواتەوە: تۆبۆپێت ناخۆشە و تووڕە ئەبی؟ کابرای شێت ئەڵێ: کورە ! من فیکەی خۆم ئەناسم: دربژو باربکە. ئێستاقسەی ئەوشێتە بووەتە مەتەڵ . هەر کاتێ کەسێ لەقسەیێکی گۆشەذاریا کارێ یا ئیشارەیێ تووڕەبێ، وەخەڵکیی لەهۆێ تووڕە بوونی ئەوتێ نەگەن وسەربکەنە کاولی ولۆمەی بکەن، ئەم مەتەڵەیان بۆدێنێتەوە .



بنکەی ژین www.zheen.org

## دستور خواندن و نوشتن كردی

عده‌ای از خواهران برادران فارس زبان كه‌مایلند برسم الخط كردی آشناشوند باین مطلب توجه‌فرمایند:

میدانیم كه كلمات فارسی بوسیله‌سه‌حركت زبروزیرو پیش وسه‌حرف «الف»و«واو»و«یاء» تلفظ میشود. وچون حركت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح كلمات بستگی باشنائی قبلی دارد،و این نقیصه موجب اشكال بزرگی درزبان فارسی شده . ولی رسم الخط كردی این اشكال رامرتفع ساخته، وكلمات تنها بوسیله حروف تلفظ میشوند. حروف صدای كردی عبارت ازحروف زیر میباشد .

١ـ (ە) كه‌بجای زبرمیآید. مانند: «سەر» (سر)«سەروەر» (سرور)

٢ـ(ی) كه‌بجای زیرمیآیدمانند: «جیهاز»(جهاز)«كیتاب» (كتاب)

٣ـ(و) كه‌بجای پیش میآیدمانند:«گول»(گل)«بولبول»(بلبل)

٤ـ (الف) كه‌بجای الف میآیدمانند: «باغ» (باغ)

٥ـ (ۊ) كه بجای«واو» میآیدمانند: «بۊد»(بود)«زۊد»(زود)

٦ـ (ێ ێ ي) كه‌بجای«یاء»میآیدمانند:«بید»(بید)«دەوید»(دوید) «مەردي»(مردی)

٧ـ (ۆ)كه صدای واومجهول میدهد: مثال آن در كردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»

٨ـ (ێ)كه‌صدای یاء مجهول میدهد : مانند «كێ» (كه) «چێ»(چه)

٩ـ (ۊ) كه‌مخصوص لهجه كرمانشاهی استوصدای (U)میدهد. مثال آن درلهجه كرمانشاهی«ئۊشم»(میگویم) «داشتۊت» (داشته‌باشد)

(١) حروف«ها»و«واو»و«یاء» بی‌علامت ممكن‌است‌اصلی باشند.مانند:«هەمسایە»(همسایه)«وورود»(ورود)«یەك»(یك). برای‌فرق‌میان هاءاصلی واعراب، هاءاصلی را دوچشم‌واعراب رایك‌چشم‌می نویسند .

(٢) همزه را همیشه باینصورت ( ئ ) می‌نویسند . مانند : «ئەحمەد»(احمد)«ئوطاق»(اطاق)

(٣)دركردی گاهی روی‌حرف‌دال‌ولام‌وراءعلامتی‌میگذراند وباین‌شكل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) كه در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام‌وراءمفخم میگردند.مثال آن‌دركردی:«فەرهاڎ،دڵ، كوڕ» (فرهاد، دل، كریعنی‌پسر)

(٤) الف‌بای‌كردی یك‌حرف بیشتر ازفارسی‌وعربی داردكه عبارت از«ڤ»میباشد . البته‌تلفظ‌این‌حرف‌درفارسی زیادست،ولی با«واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئـەڤـایل» (اوایل) .

(٥)دررسم‌الخط‌كردی‌حروف مشددرا دوتامینویسند.مانند «ئەڕڕە» (اره) «بەڕڕە» (بره)

(٦) دركردی‌كلمات‌راهرطورتلفظ میكنند مینویسند، البته كلمات بیگانه‌را مشمول این‌قاعده‌میسازند ؛ ودیگر اشتباهی بین حروفیكه مخرجشان نزدیك‌است واقع‌نمیشود ؛ مثلا صفحه را اینطور مینویسند : «سەفهە»

## خوێنەرە بەڕێزەكان!

لەپاش سەلامێكی گەرم وخاوێن ، ڕۆژنامەی كوردستان نەمامێكی جووان وتازە ڕواوی باخچەی وێژە و ڕەگەزی كوردە ، نیازی بە چاودێری و یارمەتی دانی براكوردەكانە ، تكامان وایە بۆپەرەپێ دان و بەڵاوەی ئەم‌ڕۆژنامەیە،هەوڵ بدەن كەخوێنەری‌ئەم‌نامە جووانەكوردی‌یە كە ئاینەی بیرو باوەڕی نەتەوایەتی‌ووێژەیی كوردەكانەزۆرتربێ‌تاوەكوو، بەم‌بۆنەوە ئێمەش بەدڵێكی‌گەرم وبەتینەوە بتوانین بەخزمەتی خـۆمان درێژە بدەین. لەدووایی‌داتكایە، هەموجۆرەبە تـووتارو هۆنراوێكمان بۆبنێرن وبیروباوەڕی خۆشتان لەبارەی‌نووسین وڕێك‌وپێك كردنی ڕۆژنامە كەمانەوەدەربخەن، زۆرسوپاس‌تان ئەكەین ئیترهەربژین .

## چووارقوژبن

**لابەلا :**



١ـ ناوی هۆزێكەلەهۆزەكانی مادـ ناوی شارێكە ل. شارەكانـی كوردستان. ٢ـڕوخی‌بەهەورامی‌و ناوی گوندێكیشە لەهەوراماندا ٣ ـ ناوی مانگێكـە لەدووانزە مانگەی سالی‌عەربي. ٤ـئوستایە، بەشێوەی‌سنەیی‌ـ ووتە( كلمە)یێ كەلەكاتێ سەرسڕمان لەواتەی ئەندامی ڕۆبەڕۆدا ئەوێژرێ، لەباتی«بەڵێ»ش‌ئەوو- ترێ ٥فەتاریشی پێ‌ئەڵێن‌ـ ناوبەشێوەی مەهابادي. ٦ـ دەستم ، بەعەرەبیـــــی ٧ـ پێش، بەر، بەشێوەی كرماشاني‌ـ پیتی‌وەڕگێڕ (عطف) ۆدۆدڵي

**سەربەرەوخوار:**

١ـ ناوچەیێكە لەناوچەكانی ڕەگەزی ماد ٢ـ شتی‌تێ‌ئەكەن وئەیێنێن لەبار كێش ٣ـ وەڵاتێكی ئوروپایـی‌یە . ٤ـ ڕەشی كلك‌بـڕاو ٥ـ اسەــــــــــی مەنسوبی گوندێكە لەبنارەی شارە زۆر لەگوێی سیرواندا ٦ـ لەكاتی ئێشدا ئەو- یژرێ ٧ـ وانێك ، هەرامە ، بەشێوەی سنەو سلێمانـي ـ نـادیباري ، گمیشي پێ ئەڵێن .

---

### گراوەی چووارقوژبنی ژمارەی ٦٩

**لابەلا** : ١ـ گاز ـ پشت ٢ـ هـۆك ـ لەی ٣ـ ری ـ باقر ٤ پرس ٥ـ ئەوك ـ كش ٦ـ ژەك ـ چرا ٧ـ ووڕ ـ مژن

**سەربەرەوخوار:** ١ـ گەرماژۆ ٢ـ ئۆی ـ هەو ٣ـ زك ـ پۆكر ٤ـ برك ٥ـ پلاس ـ چم ٦ـ شەق ـ كرژ ٨ـ تپرەشان

---

هەزارو یەك‌شەو ٢٩٠

ووتم : بەخوڎا ناتوانی هیچ‌كارێكم لەگەڵ بكەی ؛ چونكـوتۆبەم عەیبە وەمنت كڕیوە ؛ وەچەنڎ كەس شایەتي منن كە پێم‌ووتوی : من‌ساڵی‌جارێ درۆیی ئەكەم . وەتۆقبوڵت كردووە . وەئەمە كەووتم ، نیوە درۆبۆ، كەساڵ تەواوبێ ، ئەونیوە كەی تریشی ئەڵێم . ئاغا بەدەنگی بەرزخوڕی بەسەرما كە : ئەی بەدجنسی‌زۆڵ ! ئەم هەمۆ بشێوە وفیتنە كە بەرپات كرد،نیـوە درۆیی بۆ؟! ئەڵبەت ئەتەوێ بەونیوە كەی تری تەواوی ئەم شارەوێران‌بكەی بڕۆلەبەرچاوم دۆربە، ئەوا ئازادم كردی. ووتم: بائازادیشم بكەی ، من‌هەرناڕۆم ، تاساڵ دەوایی بێت وئەونیوە درۆە كەم بكـەم . ئەوجا لەپاش‌ئەوە ، كە درۆیێكی‌تەواوم كرد، ئەیێ بەبەیتەبازاروبەوبایی‌و بەوعەیبەوە كە كڕیومت ، بمفرۆشێ، وەمن نامەوێ كە ئازادم بكەی؛ چونكوكاروكـاسبي و صەنعەتێ نازانم كەخۆم‌بژینم . وەئەمە مەسئەلەیێكی‌شەرعی‌یە كە پێم‌ووتی : وەمەلاـ كانیش لەباسی ئازاد كردنی غوڵاما ئەم مەسئەلەیان نوسیوە. ئێمە لەم‌قسەوباسابۆین كە حاكم ونۆكەرانی‌وخەڵكی شاردەستە دەستە گەییشتنەبەرەوە. ئاغاچووەپێشەوە بۆلای حاكم وكارەساتەكەی‌بۆ گێڕاوە ، وەووتی: ئەمە قوڵەڕەشەپیسەئەڵێت : ئەمە كەووتوومە ، هێشتان نیوەدرۆیێكە . كە خەڵكی‌شارئەم قسەیان‌بیست، زۆرسەریان سڕما ، هەمۆدەسیان كردە جنێودان وخراپ پێ‌ووتنم . وەئەهاتنە پێشەوە ، تفیـان ئەكردە نێوچاوم . منیش‌ڕاوەستا بووم وپێ‌ئەكەنیم ، وەئەم‌ووت: ئاغاچۆن‌ئەتوانی بمكوژێ وئەزیەتم‌بكا ؛ چونكوو بەم‌عەیبەوە كڕیومی. كە ئاغاهاتە ماڵەوەئەنوارێ كەل وپەلی ماڵ هەمۆ شكاوە وسووتاوە ولەنێوچووە ؛ وەدار ودیوارو پەنجەرە و تاقچەی ماڵ هەموو وێران كراوە . زۆرتری ئەو كارانەش‌من كردبووم . ئاغالەژنەـ كەی‌پرسی : ئەم‌ماڵەبۆ وەهای بەسەراهاتووە ؛ ژن‌وەڵامی‌داوە : هەموو كافوور وای

بنكەی ژین www.zheen.org

# مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی کورد

نووسراوی زانای مەزنی کورد، احسان نوری — وەرگێڕاوی: د. ع. مفتی‌زادە

## ٧٢

ڕۆژهەڵات ناسەکان لایان وایە کە: عێلی گەورەی «کورتی» لە ڕۆژهەڵاتی ئێراندا بوون.

لەوان تەنیا «زاکروتی»یەکان دراوسێ ئاسوری‌یەکان و نیشتەجێی ناوچەی «کەرکوك» بوون.

«ئارامی»یەکان ناوچەی «کاردو»یان بە «کازارتا ـ کاردو» ناوئەبرد، کە «کازارتا» هەرئەو ووشەی «زاکارتا ـ ساکارتا»یە کە دیقەتی جێ بــەجێ کراوە. وە ئاشوری‌یەکان بە «زاکروتی»یان ناوبردووە. مێژوونوس و زۆرهەڵات ناسەکان ئەوانیان بەهۆزێ لە «کورتی»یەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران زانیوە؛ بەڵام ئەگەر «زاکارتا» و «کازارتا» بەیەکێ بزانین، ئەتوانین بڵێین. جێگای کۆنی ئەوان دەوروبەری «دەجلە» بووە؛ وە ئەڵبەت لــەگــەڵ «کورتی»یەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێرانایەك گەل بوون؛ وەدوورنی‌یە، کە بەشێ لە «زاکارتی»یەکانیش، لەنێوی «کورتی»یەکانی ڕۆژهەڵاتــی ئێرانــدا بۆبێتن. هۆزێ لە «کوسی» یەکان کە لە لێواری دەریای «خەزەر»دا، نیشتەجێ بوون، دووهەزار ساڵ پێش لەمیلاد هاتونە لــوڕستان و لەپاشان «بابل»یان گرتووە؛ وە دەوڵەتێ «کاردونیاش»یــان پێك‌هێناوە، نــاوی ئەوان «کاسیت» بۆ کەهاوشێوەی «کازارت ـ کازارتا»یە. لەپاشان پێکەوە تێکەڵاو بوون، وە تازە هاتووەکانیش نــاوی «کاردو»یــان بەخۆیــانەوە گرتووە.

٢ـ لەڕۆژگاری کۆندا فارسەکان گەل وقۆشەنیان بە «کارد» ناو ئەبرد، وە گەل وقۆشەنی «ماد»یان بە «کاراماد» ناوبردووە. کەم کــەم ووشەی «کارا» لە گەڵ ووشەی «کوڕ» تێکەڵاو بووە، وە ووشەی «کوڕماد» پێك‌هاتووە، ئەوجا ئەم ووشە لە گەڵ ووشەکانی «کورتــی، کــوردو، زاکارتی» کەهاوڕەگەزوهاو نەتەوەیان بــوون، هــەموپێکەوە تێکەڵاو بوون، وە ووشەی «کورد»یان لێ بەدەست هاتووە؛ وە بەهەموو گەلی «ماد» وێژراوە.

٣ـ ئەوەی کەلەهەردوو ئەم بیروڕایە ڕاس‌تر ئەنوێنێ، ئەمەیە:

«استرابون» لە کتێبی ١١ بەشی ١٣ی، خۆیدا ناوی ئەوهۆزانەی نوسیوە کە دەوڵەتی «ماد»یان پێك‌هێنابۆ، وە گرنگترینی ئــەوانی بە «کورتی و مرد» داناوە. کەوابێ بەپێی قسەکانی «پولیپ» لەپاش دوایی هــاتنی دەورانی حوکم کردنی «ماد» هۆزی «کورتی» کە لە مادستاندا زۆرایەتی‌یان پێك‌ئەهێنا، ناوی هۆزەکانی تریان شاردەوە، وە هەموو هۆزەکان بەتێکڕایی بە «کورتی، کوردو» ناوئەبرنا، وە لەپاشان لەلایەن عەرەبەکانەوە بە «ئەکراد» ناسران.

ئێمەکارێکمان بەمەوەنی‌یە کە، چۆن ووشەی «ماد» بووەتە «کورد»، وە یاناوی «ماد» لەدووایی‌یدا چۆن گۆڕزاوە بە «مای وماە» وە لەپاشان هەموو خەڵکی ئەوەیان بە «کورتی، کورد» ناوبردووە؟ شتێ کە مەبەستی ئێمەیە وەلەڕاست وڕێکیی، ئەواهیچ دوودڵیی نی‌یە، ئەوەیە کە: گەلی ماد لەپاش دەورانی حکومەتی خۆی بەناوی «کورد» ناسراوە.

زۆرهەڵات‌ناس ـ مستشرق
دراوسێ ـ همسایە
نیشتەجێ ـ مقیم، متوطن
تێکەڵاو ـ ممزوج
قۆشەن ـ لشکر
ووشە ـ کلمە
پیت ـ حرف
مێژوونوس ـ تاریخ‌نویس
لێوار ـ کنار، ساحل
هاوشێوە ـ شبیه
بیروڕا ـ نظریە، عقیدە
زۆرایەتیی ـ اکثریت
تێکڕایی ـ مشترك
مەبەست ـ منظور، موضوع
دوودڵیی ـ شك و تردید

### لەکۆمەڵا

ماوەی ل٢

لەمەیموون زیاتــرنی‌یە، چونکــە هەروەها بەنیشان دان مــەیمۆن فیری‌شت ئەکەین. ئەوئــەنداەمە لاڵ و بۆ زمانەش ئەبێ بەنیشان دان شتی‌فێربکرێ؛ کەوابۆ تەنیاشتێ کەبەرەی مرۆڤ هــەیەتــی ' وە مەیمۆن نییەتی، ئامادەیی دوین وقسەکردنە؛ چونکە لەم ڕۆژگارەدا کەتێی دائەژین، بۆمادەی کەوتووە کە لەوەڵاتە گەورەکانــدا. مەیمۆنیان فێری زۆرتری ئــەو کارانە کردووە کەلەمەوپێش' تەنیا بەرەی مرۆڤ ئەی کرد، ئەوەش وەکوو: لێخوڕینی ئوتومبیل ' سیرك بازي ، هونــەرپیشەیــی ، نۆکەري، پاسەوانی، نەخشیاري، منداڵ بەخێو کردن، نوسین، وە شتانی تر .

ئەوەش ئەبێ بزانین ئەوئامادەیی‌یە کەلەچەشنی مەیمۆن داهەیە، وە ئەولێ چوونە کەلەگەڵ بەرەی مرۆڤ داهەیەتی' نابێتەهۆی ئــەوە کــە بڵێین: لەبناغەدا مەیمۆن و مرۆڤ یەکێکن، چونکە لەپێشاووتمان. بوونی ئامادەیی و نەبوونی لەکوتەکانی ئەم جیهانەدا، تەنیادەسەکێکە کە کوتەکان لەیەك جیائەکاتەوە، وە جیاوازي ئەخاتەنێوانیانەوە.

**ناتەواو**

### ماناي ووشەکان

هێز ـ نیرو ، قوە
بەگوێرە ـ باقتضا
ئامادەیی ـ استعداد
کوت ـ جزء
هۆدە ـ اتاق
شوشە ـ شیشە
ڕێزەبین ـ ذرەبین
سەبارەت‌بە ـ نسبت‌بە
بەرە ـ نسل، نژاد
کیان‌لەبەر ـ جانور، جاندار
ئاژال ـ حیوان
چەشن ـ نوع
تایبەتی ـ مخصوص
مرۆڤ ـ انسان، بشر
لێهاتنیی ـ لیاقت' شایستگی
هەست ـ حس
ڕادە ـ حد، اندازە
دوین ـ تکلم، حرف‌زدن
جیاوازي ـ فرق ، امتیاز
ڕاستەقینە ـ واقع، حقیقت
نەخشیاري ـ نقاشی‌طراحی
دەسەك ـ عامل، سبب

### لەهەر ...

ماوەی ل٢

غافڵ مەنیشە، هــۆش گۆشت‌بــۆ
بەڵکەخــوداوەنــد خەتا پۆشت‌بۆ
هەرتا مەتــاوی بلاڵــە پــەی‌وێت
بەڵکەخوداوەند ڕەحمێ کەرۆپێت
سەرتەڕ، کەفەن‌تەڕ، جای‌تارپك‌و تەنگ
بێ‌یار، بێ‌یــاوەر، زبان‌لاڵ ولەنگ
ئیمجار' چێش کەری‌نەوجاگەی تەنگدا
ناچار سەرمــەدەی وەبان سەنگدا
نەماڵ نەفەرزنــد هیچ‌سوود نــەدارۆ
فەریادڕەس‌ویشەن، عەمەڵ مەشمارۆ
هەرکەسێ عەمــەڵ خاسێ نەدارۆ
ئاهیرچون سەیلاب وەنەش مەوارۆ
چوارتەرەف‌سەنگەن‌نییەن‌جای‌هانا
ئومێد جەلای تــۆن پادشای دانــا
هانام هەربەتۆن شای بوراق سەوار
ئومێدم بەتۆن بەرێم کەی جەنار

ناتەواو

### مەلاحامدی ئالیجانیی

ماوەلەژمارەی‌پێشوو

یاخۆ بەقەڵخان تیر دژمەنــــــی
یام‌خۆم بەقوربــان بــەدربەدەنی
یاخودا! یادەر کەی لەبــەدە گیانم
یا بەزیندە گــــــي بیدەی نیشانم
یاتارێك کەدەین ڕاگــەی ڕونیم
یاڕاخاڵی کــــــە، تۆزێ بی‌ونیم
«حامد»، وەوێنەی صەوزەمەلوڵــە
مەلوول فراق بــــــالأی نەوتوڵە

### مەولەویی تاوگوزیی

نەتەن، یادە کەی ئەوشیرێن بەدەن
خەیلێوەن‌هەرگیان ڕەفێقش کەردەن
بەڵام، نەی حەسرەت دووی‌جیایی‌دا
گومانم، کــەفتەن وەتــەنیاییی‌دا



بنکەی ژین www.zheen.org

لەجەژنی ئێروی هەوایی
لەخزمەتی شاهەنشاهدا

## فروکەوانەکانی قوشەنی شاهەنشاهیی، گەلی هونەرنمایی‌یان کرد

ژمارەی ـ٣٥ـ ساڵی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ٧٦




عەزیزم شاـ واریکە، گوزەرگا، گەر، بەئەلبورزا
دەکا ، نووکی سمی کسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا

سیاسی ـ زانیاری ـ وێژەیی ـ کۆمەلایەتیی

**کوردستان**

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردی‌یە، حەوتەی جاری چاپ‌ێکی دەرئەچێ

بایی

بۆناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش‌مانگە | ٧ | » |
| چاێ | ٣ | قەران |

بۆدەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | » |

خاوەنی امتیازومدیری لی پرسراو
عبدالحمید • بدیع الزمانی
بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
محمدصدیق‌مفتی‌زادە ـ سەرنووسەر
دوکتورعبدالرحمن واحمدمفتی‌زادە
عابدسراج‌الدینی ـ شکر الله بابان
خسروشیخکا نلووی‌میلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ٢١٨
تلێفوون ٣٢٠٠٣

چووارشەمە ٢٧ ڕەزبەر ٢٥٧٢ك ـ ٢٧ مهر ١٣٣٩ش ـ ٢٧ ڕەبیعولئاخر ١٢٨٠ق ـ ١٩ ئوکتۆبر ١٩٦٠م

# دووەمین کوبونەوەی نەوتیی ئەعراب لە بیروتا پیك هات.

نوینەری ئیران بەهوی بەشدار بونی نوینەرانی مصر و بحرین، لە کوبونەوەی نەوتیی بیروتدا بەشدار نابی.

# لە یاریی توپ قاری دەستیی (والیبال)، لە بەینی دەستەکانی

نیروی هەوائی وەلاتانی ئەندامی ((سنتو)) دا، ئیران مەقامی قارەمانی بە دەست هینا.

# موحاکەمەی سەرانی پیشوی تورکیە دەس پی کرا

جلال بایار و مندرس تومەتی دزی و بەرتیل خواردن وهەموجورە کاری ناشایستیان لی دراوە.

# لەسەر کوژرانی رابەری کومەلەی سوسیالیستی ژاپون، دیسان

گەلی ئەو وەلاتە دەسیان کردەوە بەخودەرخستن لە بەرانبەری دەولەتەوە:

## چاك کردنی زانیاری

لەوەی کەووشەی چاك کردنی زانیاری بەکارئەبەین ، نـامانەوێ کە : وەکوئەندامانی بەردژێس، یاقین لەدڵ، تێ کۆشینەدامەنداره‌. کان وئەوسەر کەو تنانەی کە : تا ئێستاهاتووە تەدەستی‌وەلاتی ئێمە، بەهیچ دابنیین .

وەهەروەهاش نامەنەوێ کـە دەسگای‌وەزارەتی‌زانیاری، بەتەنیا تاوان باری ناتەواوبێ کە : ئێستا کەهەیەبزانین ، بەلکوئێمەلامان وایەزانیاری هەر گەلێ ئەبێ‌بەتێ کۆشین ودڵ سۆزی‌ئەندامانی‌ئەو گەلەپێش بچێت، وەدەسگای‌هەڵ سوڕێنەرێ کە : وەکووەزارەتی زانیاری بێ ئەبێ تەنیاباری ڕێ پیشاندانی بەئەستۆوەبێ .

لەلایێکی‌ترەشەوە ، چونکـە هەڵ سوڕێنەرانی‌زانیاری، بریتین لەبەڕێ کەرانی پرۆگرامی‌مامۆ. ستـایی ، یانـێ مامۆستاکانـی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی کە : لەئەندامانی گەلن ئەگەر ناومان بردن بۆئەوەنی‌یە کـە : لەناوی ئەواندا جییایی‌بێ‌لە گەڵ باقی ئەندامانی گەلادابنیین .

لەم پێشەکانە بەچاکی‌ڕۆناك

ماوە ل ٣

## ناڵەبارییەکانی کومەل

### ((بووك و خەسوو))

-٩-

لەچلێ‌ڕابووردودا ، کارەساتمان گـەیاندەکانـێ کـە ئووتمان : خەسوپاش‌ئەوەی‌دی کەئەر گس، لە قسەی خێزان‌وتانەوتاوانجیان زیز بۆزیندۆبۆیەوە، وەدەستی کردە خێزان‌ڕیك خستن‌ئێستالەسەرپاش ماوەی‌کارەسات ئەڕۆین‌پاش‌ئەوەی

ماوەل ٧

## نەتەوەی کوردو نەتەوایەتی ئیران

ماوەلەچلێ‌پێشوو
سەلام لەسەر خاکی پاکی کوردستان لانکی پالەوانەکان .
لەدەورەی داریوشی گـەورەدا

ماوەل ٣

بەپێنوسی: ئاغای «محمد نقی مصطفوی» وەرگێراوی: د. ع.

## باسێکی زانیایی

-١٤-

**کاسەزێڕی سێ هەزارساڵەی «خسنلو» کە چەندنەقشی بەرجەستەی‌بێ‌وێنەی‌هەیە چەندبیروڕایێکی‌ترو ئەنجام (نەتیجە)**

هۆزەکانی «سکا» هەرئەوگەلی شەڕانی وخاوەنی شارسانیەتـی‌. یەبۆن کە لەسەرتاسەری ناوچەکانی لاڕۆژی وەڵاتی شاهەنشاهی هەخا. مەنیشی‌دا ، نیشتەجێ بۆن ؛ وەشوێنەکانی شارسانیەتیی ئەوان‌لەئاسیای

ماوەل ١١

ئێستا لەبـارەی ڕیشەی تێکـەڵ لە گەڵ ناوێك‌وپتێیکدا ئەدوێن ، وەکو: بەردهەڵ‌خستن، بەرداخستن ئاوپێ‌دان، ئاوتێ کردن، باڵ‌هەڵ

ماوەی ل ٦

## چون بنووسین و بخووینینەوە

**کردەوەی‌سادە، کردەوەی تێکەلاو**

پاش‌ئەوە ڕیشەی تێکەڵ مان لە گەڵ ناوێکی تەنیادا، هەڵـدا،

## لەکومەلا چوبژین؟

**ڕێگای‌خوداناسی
یان
طەریقەی عرفان**

- ٩ -

لەم ژمارەدا لەبارەی ئەوەوە ئەدوێن کەهێزیان ، گیان چـۆن ئەکەوێتەناوی شتەوە ، وەهێزچون لەشتدا شوێن ئەکا .

ماوەل ٢

**خواهران وبرادران فارس کەعلاقمند بفراگرفتن رسم الخط کردی باشند، صفحە ١٠ را مطالعە فرمایند**

## مێژوی ریشەی رەگەزی کورد

نووسراوی‌ئاناکەمەزنی وەرگێراوی:د.ع.مفتی‌زادە
کورد، احسان نوری

### ٧٥

لەمێژوی ئەرمەنی‌دا ، ناوچەی سلماس ـ شاپوری ئێستا ـ وە خوی وزەضائییە بە«کورچیخ» ناوبراوە کە بەمانای کوردە : ئەمرۆ «کورمانج» نیشتەجێی ئەوناوچەن . شارێکی کۆن لەو ناوچەدا بوکەتا ئەمدوایی‌یە ناوی «دیلمان» بو، وەبە«دیلمانج» و «دیلمقان»یش ناویان ئەبرد . لەپاش ئەوەی کە بومەلەرزە ئەو شارەی کاوول کرد . شارێکی تازەیان کردەوە ، ناویان‌نا : شاپور . وادیارە کە ووشەی دیلمانج لـە ناوی هۆزی«مان، مانج، موغ» گیرابێ ، کەبەزمانی کوردیەووتیێتیان: دیلمان ، دیلمانج، دیلمقان. «دیل» لەزمانی کوردیدا بەمانای«اسیر»ی عەرەبی‌یە ، وەئەمەش بەلگەیێکی‌ترە لەسەرئەوەی کەووشەکانی«مان، مانج ، موغ» هەرسێکیان ناوی هۆزێ بوون ؛ وەئەوهۆزە ئێستابەناوی «کورمانج» ئەناسرێن ...

ئەگەر لەرزی بەرانبەر کردنی‌زمانەکانی کوردی، ئەوستایی،وە فارسی‌دا،ووردبیینەوە، ئەزانین کەشێوەی کرمانجی کوردی‌لەشێوەکانی‌تر بەزمانی‌ئەوستایی‌یەوەـ یانێ‌شێوەی‌هۆزی زەردەشت کەهۆزی«موغ»ن‌ـ نزیکترە . لەمەوە ئەتوانین تێ‌بگەیین کە هۆزی کرمانجی ئێستا لـە هۆزی پەیامبەری ئاریان «ماژ، موغ»ە .

ئەم‌هۆزی«ماژ»ە، زەنگەمەرهۆزی«مانئائی» بوێ کەنیشتەجێ‌ی لاخوارۆی زۆژئاوایی «رەضائییە» بۆن ؛ وەبەردەنوسراوەکانی ئـاسوور ئەوان بەخزمی «ماد»ەکان ئەناسێنن .

زەردەشت ، ئەوهەڵکەوتوی گەورە ومایەی سەربەرزی وشانازی رەگەزی ئاریانە ، لەدانیشتوانی ناوچەی‌چیچستـ رەضائییەی‌ئیستاـ بووە ، ئەمرۆ لەلای‌خوارۆی‌رەضائییەیانی‌لەنیشتمانێ هۆزی«مانئائی»دا جێگایێ هەیە کەناوی سەردەشتە ،کەزەنگە لەبنازەردەشت بوبێ.ناوی هۆزی زەردەشت «ماژ، موک»بووە . ناوی‌مەلاکانی زەردەشتی کە«موغ وماجوس»ە ، لەناوی‌هۆزی زەردەشتەوە گیراوە .

رەگەزی زەردەشت ، ئەبەنەوەسەر مەنوچهر کوڕەزای فریدونی کورد . لەلێ کۆلینەوە سەبارەت بەناوی پادشاکانی شانامە بەوئەنجامـە گەیشتین کە : مەنوچهرـ منواش ـ پادشای ئارارات بوبۆ؛ وەبەسەر خاکی «مانئائی» شدا ، دەسەڵاتی پەیدا کردبو . وەدیائوکو» پادشای ماد لەهۆزی «مانئائی» بووە ؛ وەلەلایەن بـابیەوە بەپادشایی ئـارارات دانرابۆ .

مێژوەکانی کۆن رەگەزی ئەم‌پادشائەبەنەوە سەر مەنوچهر، کە لەپاشان بەهاودەنگی‌تەواوی گەل، بوبوبەپادشای ماد. کەوایێ‌دەرکەوت کە «مانئائی» هۆزی لە«ماد» بووە .

#### ماناى ووشەكان

مێژو : تاریخ — بەردی نوسراو: کتیبەسنگی
ووشە: لفظ ، کلمە — ناساندن: معرفی
بەلگە: دلیل، مدرك، سند — هەڵکەوتو: نابغە
زز : ردیف، جدول، صورت — رەگەز: نژاد، نسب
بەرانبەر کردن: مقایسە — لێ کۆلینەوە: تحقیق، تفسیر
ووردبونەوە: دقت کردن — ئەنجام: نتیجە
شێوە: لهجە — لەلایەن : ازطرف
لاخوارۆ: جنوب — دانران: تعیین
لاژۆرۆ: شمال — هاودەنگی‌تەواو: اتفاق‌آراء

## لەهەرگولزاری

### گولی

### فخرالعلمای سنەیی

ماوە لەژمارەی‌پێشوو

ساقی ! پام بەستەی زەنجیرپیرین
دەستم دامـانت واڵەی دەسگیرین
تووێت مەزانی‌وەختم بـێ‌وەختەن
پلەی زای‌سارای‌قیامەت سەختەن
ئوفتادەوخستەم چارەی‌پیرم کەرا
وەجامێ جەمەی بۆدەسگیرم کـەر

ماوەی‌هەیە

### وەلیی‌دێوانە

ماوەلەژمارەی‌پێشو

سەگەوات،ستەم کێش‌زەمانەی‌ناهاڵ!
پەروانەی جەمین‌شۆخ «شەم» جەماڵ
مـەرلێلاوێتەن بێنایێت کـورەن
مەرزەزای من بێ‌یادەس زۆرەن ؟!
بابۆی«شەم»هەوای«بەغدا»شارش بێ
یەی پاس گەللەش من دەرکارش بێ
وەزۆرئـاوەرداش، هـەروەبێ رەزا
تاگورگان گەللەش نەکران غەزا
یـەگۆسفەنـدان بـابۆی دۆستەن
زەفێق هـامـرازعـەساوپـۆستەن
وەرنە من جـەگۆوە بێ بەهانـە
مەکێشۆن جەوری ئەی بیابانە ؟!
ئاهێز! فیدای کەلب وەفادارت‌بـام
فرستادەی زای «بەغدا» شارت‌بام .

### شێخ‌حسن،مەولانائاوایی

ماوەلەژمارەی‌پێشو

کەس بێ کەسان‌هەرتۆمەنی کەس!
نەوجای تەنگەدا هەرتۆفەریادرەس
مەربەلوتف وێت بیەخشی «حسن»
وەرنەغەیرجەتۆئیتر کێش کەسەن

ماوەل ٩

بنکەی ژین
www.zheen.org

### لەکومەلا

ماوەی‌ل ١

وێنە:ئەگەرئێمەبمانەوێ‌بنچی گوڵ لە حەوشەکەی خـۆماندا شین بکەین ، تۆی ئەوگولەکـە ئامادەیی ئەوەی هەیە گیانی تـێ کەوێ لە ناوی گولدانێك‌داکە خاکمان تێ کردبێ ، ئەوە شین وەئاوی ئەدیرین، وەئەیخەینەبەر خۆرەوە، پاش ماوە یێ گـەوتۆیە وورده وورده،ئەبوژێتەوە،ئەماسێ، ئەترەکێ، چەکەرە ئەکا، لەژێر خاکەوە بەرزئەبێتەوە ، کەم کەم گەشە ئەکاو گەڵاوخـونچە دەر ئێنێ ، دوای‌چەند رۆژێ ئەبـێ بەبنچەگولێکی‌جوان‌وشیرین کە هەموکەسی حەزئەکا چاوی‌پـێ بکەوێ .

ئەگەر لەسەرەتاوە تۆی ئـەو گوڵمان والێ نەکردبایێ ، وە شتومەکی ژیانەوەی بـۆئامادە نەکرایێ ، هەرتۆمێکی ووشك و زەق بوکە لەناوی کوتێ کاغەزا، داکەوتبو،بەلام ئێستا بەهۆی ئەـ وەوە ، کەشتومەك و کەل وپەلی ژیانەوەی بۆئامادە بووە،گیانـی تێکەوتووەوژیاوەتەوە ، وەبـووە بەوبنچەگولە جوانە کە چاومان پێ‌ئەکەوێ .

وێنەیێ کی‌تر : ئەگەر گەرمـ کمان بێ‌هێـزی کـارەبا بەدەس بینین ، ئاسن ومیقناتیس وەس و شتانی‌تر کۆئەکەینەوە ، وەئەیـا نخەینەیەك وەبەهێزێکی‌تروکـۆ هێزی‌ئاگر،ئاوە دەس،وەشتانی‌تر ئەودەزگاژێك‌خراوەئەسوڕێنینەـ وە، لەوسوڕانەوە، هێزی کارەبـا دیتەدەس ، وەئەو دەزگایـەئەبێتە جێگای‌هێزێکی گرنگ، کەهەمو کارێکی نەکراوی‌پێ‌ئەکرێ؛ وە ئەگەر ئەوکوتانەرێك‌نەخرابێن هیچکاتێ ئەوهێزەمان بـۆدەرنە ئەکەوت .

لەمەلـدانی ئـەودووێنەیە ، ئەوەمان بۆدەرئەکەوێ کە هەمو دەمێ هێز، والەخۆنوواندنا ، وە ئامادەیەبۆئەوە کە خۆی دەرخا ، کە واوابوهەرشتێ کە ئامادەیـی ئەوەی‌بوو کەهێزی‌لێوەدەر کەوێ،

ماوەل١١

## ئەتەوایەتی...

ماوەیل ١

قەڵەمڕەوی سکاکانی خۆرهەڵات کەبریتی بۆ ئەلەتین شان، وەفەرغانە، تاسئۆرەکانی کاشغەر کەوتە ژێر دەستی دەوڵەتی هەخامەنشی، لە ئێرانی شارنشین وەفەلا، و ئێرانی شووان و دەرارنشین، یان بەجۆرێکی تر ئێرانی شاهەنشایی و ئێرانی دەرەوە، بەوجورەی کە وێژراوەدژمنایەتی وە بەربەرەکانێ کسی وانەبووە، بەرانبەر کردنی شوێنەهونەریە کونەکان کەلەئێرانی شاهەنشایی، بەتایبەتی لە کوردستان و لورستان وفارسابەدەس هاتووە لەگەڵ شوێنە هونەریەکانی ئوسکوتەکان وسکاکان کەلەدەشتەکانی لاخواروی ڕۆسدا دوزراوە، وەلەیەکچوونی ئەم شوێن وبەڵگانەوا پیشان ئەدا کەلەنێوانی ئێرانی شاهەنشایی و ئێرانی دەرەوەدا، پەیوەندی زانستی و بازرگانی بێ کی زۆرقایم بووە هەروەهاش، کۆنترین قاڵی ئێرانی یان کە هەسی دەورەی هەخامەنشی یانی دوهەزار و پێنسەد سال لێرەوپێشە لەئێرانی دەرەوەدا، بەدەس هێناوە.

ماوەی هەیە

## ماوەی سەر و وتار

ماوەیل ١

کرایەوە کە: ڕەخنەوعەیبی بێ جێگە وەقین لەدڵی و بەردرێسی بەهیچ چەشنێ لەکاری ئێمەدا ڕێگای نی یە، بەڵکو بەبۆنەی ئەوە. وە کە وەزیری زانیاری گۆزڕاوە ئەمانەوێ بزێشت بەگسووڕێی دەسگای زانیاری ئێستاکێ دا بەهین.

جەنابی ئاغای دوکتور صدیق جاری یەکەمیان نی یە کە بۆبن بەوەزیر، ناوبراو چەند کەڕەت تا ئێستاوەزیری زانیاری بۆوە، وەبەو بۆنەوە کە: پێشینەیێکی زۆریان لەبارەی زانیاری و زانستی یەوە هەیە، باوکی زانیاری پێ ئەڵێن، ئەوانەش کەئێمە ئەمانەوێ بێ ڵێن ئەزووە وە ئەوان پێ ی شارەزان، وەچاک لە پێش چاویان زۆتا کەولێی ئاگادارن بەڵام ئەوەندەی هەیە ئەوجۆرە کەپێویستە لەمەوپێش چاک گوێی نەدراوەتێ.

زانیاری هەر کەلێ کاتێ بەمانای ناوکەداری خۆی ئەگات کە: خوێندەواری پێویستە تائەو جێگایە کە شوێنی نیارە، چەلە باری زانیاری وێژەیی و نظری وە چەلەباری پیشەیی و کردارەوە بێ، جگەلەمەش لە بناغەدا خوێندەواری بۆئەوەیە، کە: بەدووا پلەی تێ گەیشتنی ناوکەی شت بەی ببرێ وەبەچەشنێکی تر بۆ ئەوەیە زانیاری لەبەرزانین بۆی تێ بکوشرێ، ئەڵبەت مەقصوود ئەوە نی یە کە خەڵکی بزێ اسطلاح و بزێشت لەبەربکەن، وەئیتر سەرئەنجامێکی لێ بەدەست نەهێنن، بەڵکولەبێ کاتێ کە اصول و زێزەکاری زانستی بێ کیان، یافەنیکیان چاک زانی؛ خۆی بوخۆی ئەوسەرئەنجامەی هەیە، کەمالێ پێ بەدەست بێ،

ماوەیل ١٢

## هەزار و یەک شەو



لێ کردن ئاغام زۆرتر تۆزەبۆ، ووتی: تائێستا خودا وەهازۆلوناپاکێکی خەلق نە کردووە. ئەمەهێشتان نیوەدرۆیێکە؛ ئەگەر ئەونیوە کەشی بڵێت، بەڕاستی ئەبێ چی بقەومێ؟! یەقین بەونیوە کەی تری شەڕلەبەینێ خەڵکی ئەمشارا هەڵ ئەخرێنێ، وەئەیان خەیتەگیانی یەکتر؛ یاشەڕلەبەینی دوشارا هەڵ ئەگرسێنێ. لەپاشان ئاغام هێندەزق چۆبوە دڵیەوە، سکاڵای بردبۆلای حاکمی شار. حاکم فەرمانی دا کە: بمگرن وزەنجیر بخەنەملم و کۆت بێنەپێم ودەس بەنذ بخەنەدەسم ویم خەنەبەندی خانەوە. لەبەندیخانەذا هێندەیان زەجروداخ کردم کەلەسەر خۆم چوم. ئەوجا دەلاکەیێنن، لەوحالی لەسەرخۆ چونەذا لەپیاوەتیم ئەخەن. ئەوجادیسان بەزەجرو داخ هێنامیانە وەسەرخۆ، ئەنوازم ئاغام لەسەری سەرمەوە ڕاوەستاوە، وەپێم ئەڵێ: ئەوا دەردت بێ؛ هەروەها کەتۆ هەمۆکەل ویەلی جوان وبایی داری مالی منت لەنێوبرد، منیش چاکترین شتی تۆم بەخەیاڵی خۆت لەنێو بردو ولەپیاوەتیم خستی. ئەوجا بەرەڵایان کردم، وەئاغام بەدەلالی سپاردم، وەچونکە خەسیابۆم بەبایی زۆر گرانیان کڕیم. لەلای ئاغای تازەشەوە ڕەحەت دانەنیشتم، وەبشێوەیێکم بەرپاکرد؛ تائەویش فرۆتمێ؛ بەکورتی بڵێم: هەرکەس ئەی کڕیم، ئەتیایەکدوڕۆژێ ڕای ئەگرتم؛ هێندەبشێوە وفیتنەم بەرپائەکرد کەئەی فرۆتم؛ هەربەم جۆرەدەست بەدەست کرام، تاخەلیفە کڕیمی. بەڵام لەووەختەوە خەلیفە کڕیومی. ئیتر دەستم لەدرۆهەڵبەستن وبشێوەوئاشۆ بەرپاکردن کێشاوە، وەڕەبر بووم؛ وەخەلیفەم زۆر لێ خۆشە.

ئەودۆقولەڕەشەکە بەقسەکانی «کافوری» زۆر پێ کەنین و ووتیان: کەوایێ بۆ زۆڵی کوڕی زوڵی. ئەوجا بەقولەڕەشی سێهەمیان ووت: تۆیش کارەساتی خۆتمان بۆ بگێرەوە! ووتی: براینە! ئەم کارەساتە کەئێوە گێڕاتانەوە زۆر کورت بۆ: هۆی لەسە

وەرگێڕی پێشەک وڕاستکەرەوەی هۆنراوەکان: م.ص.م

# کنز العرفان

# دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین وو تار «میر محمد صالح حسنی نعمت اللهی»

ملقب بەوحیرانعلی شاه ی کرماشانی

هەمسەران نامەم...

مەکەرم بەیان پەریشان نامەم
ساطەنێ بۆی مشك لە نوك خامەم
تەڕکەردەن دەماخ، پڕ کەردەن شامەم
عەقڵ مات لە ذات صفات یا حق
«کل شی هالك الا وجهه»
هەرکەس کە ئامالە ڕەتل گران
نۆش کەردلە بادەی «من علیها فان»
ساقی! یاوەرە مینای پڕلە مەی
«ومن الماء کل شی حی»
حەقیقەت حەققەن عالمان ماتەن
یەزێی پڕخەطەرهات ونەهاتەن
کێ وانا دنیا مایەی نەجاتەن؟!
لەکێ شنەفتی، یاچۆیە جاتەن؟!
گامەسجید، گادەیر، گاخەراباتەن
لە ڕۆی حەقیقەت کۆنەڕباطەن
تەوڵ حەق پەی تۆعەین عەتاوەن
ئەمن وئاسایش لەی ڕێ خەتاوەن
کەلامم چون دوڕ بکێشن وە گۆش
ئەمانەت فەرزەن نکەین فەرامۆش!
گۆش وەمن بەدەر، وەمن بەسەرهۆش
دێ نەمەنەن جای پەیغام وسرۆش
کێ ئاماوەلام، نەذام پێش نەویذ؟!
فقالم بەڕزەن «هل من مزید»؟!
کەم داڏ کە لە دەس جەبرجابرێن
صەور کە «ان الله مع الصابرین»
پەی چێ وێت مەخەی نەوسرو حەرەج
بخوان «ان الصبر مفتاح الفرج»
لەبەس مولهمات غەیبی مەذەی مەدەد
عاجزەن لەلام خەیاڵ وخرەد
ئسم کەس نەوەی غەیرلە ئام مەی
گوش وە کەس نەذەی جوزوەنالەی نەی
باوەروە گەردش لە نۆجام مەی
دەوربەسەروەدەور، بەسەرپەیاپەی
ساقی! وە فیذای مەستیی چاوتم
جای درەنگە نییەن فیذای ناوتم
لەقنجان فەم یاقوت لەوان
پڕکەرجام مەی وە یاڏ شەوان
بەرەودەستم تۆوە یاڏ حەق
تاپەردەی حیجاب لە تۆ بکەم شەق
صەی صالح لەدەس دنیای بێ بنیاڏ
ناد... کەسێ بنیشۆ وەشاڏ

بنکەی ژین
www.zheen.org

# دستور خواندن و نوشتن کردی

**عده‌ای ازخواهران برادران فارس زبان که‌مایلند برسم‌الخط کردی‌آشناشوند باین‌مطلب توجه‌فرمایند:**

**میدانیم‌که کلمات‌فارسی بوسیله‌سه‌حرکت زبروزیروپیش وسه‌حرف «الف»و«واو»و«یاء» تلفظ میشود. وچون‌حرکت در نوشتن نمیاید تنفظ صحیح‌کلمات بستگی باشنائی قبلی‌دارد،و این‌نقیصه موجب‌اشکال بزرگی درزبان فارسی شده . ولی‌رسم الخط‌کردی این‌اشکال رامرتفع ساخته، وکلمات تنها بوسیله حروف تلفظ میشوند. حروف‌صدای‌کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .**

**۱ـ (ه) که‌بجای زبرمیاید. مانند: «سەر» (سر)«سەروەر» (سرور)**

**۲ـ(ی) که‌بجای‌زیرمیایدمانند: «جیهاز»(جهاز)«کیتاب» (کتاب)**

**۳ـ(و)که‌بجای‌پیش‌میایدمانند:«گول»(گل)«بولبول»(بلبل)**

**۴ـ (الف) که‌بجای‌الف میایدمانند: «باغ» (باغ)**

۵ـ (ۆ) که بجای«واو» میآیدمانند: «بوّد»(بود)«زوّد»(زوّد)

٦ـ (ێ ـ ی) که‌بجای«یاء»میآیدمانند:«بید»(بید)«دەوید»(دوید) «مەردي»(مردی)

**۷ـ (ۆ)که صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»**

**۸ـ (ێ)که‌صدای یاء مجهول میدهد : مانند «کێ» (که) «چێ»(چه)**

۹ـ (ۊ) که‌مخصوص‌لهجه کرمانشاهی است‌وصدای (U)میدهد. مثال‌آن درلهجه کرمانشاهی«ئۊشم»(میگویم) «داشتۊت» (داشته‌باشد)

**(۱) حروف«ها»و«واو»و«یاء» بی‌علامت ممکن‌است‌اصلی باشند.مانند:«هەمسایە»(همسایه)«وورود»(ورود)«یەك»(یك). برای‌فرق‌میان هاءاصلی واعراب، هاءاصلی را دوچشم‌واعراب رایك‌چشم‌می نویسند .**

**(۲) همزه را همیشه باینصورت ( ئ ) می‌نویسند . مانند : «ئەحمەد»(احمد)«ئوطاق»(اطاق)**

**(۳)درکردی‌گاهی‌روی‌حرف‌دال‌و لام‌وراءعلامتی‌میگذرانند وباین‌شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) که در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام‌وراءمفخم میگردند.مثال آن‌درکردی:«فەرهاڎ،دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کریعنی‌پسر)**

**(۴) الف‌بای‌کردی یك‌حرف بیشترازفارسی‌وعربی داردکه عبارت از«ڤ»میباشد . البته‌تلفظ‌این‌حرف‌درفارسی‌زیادست،ولی با«واو» عربی مینویسند. مانند «ڤەلی» (ولی) «ئـەڤـایل» (اوایل) .**

**(۵)دررسم‌الخط‌کردی‌حروف مشددرا دوتامینویسند.مانند «ئەڕڕە» (اره) «بەڕڕە» (بره)**

**(٦) درکردی‌کلمات‌راهرطورتلفظ‌میکنند مینویسند‘البته کلمات بیگانه‌را مشمول این‌قاعده‌میسازند ؛ ودیگر اشتباهی بین حروفیکه مخرجشان نزدیك‌است واقع‌نمیشود ؛ مثلا صفحه را اینطور مینویسند : «سەفهە»**

# هەرالە و زەمزەمە

ماوەلەچلی‌پێشوو

له چلی ڕابوردودا، ڕازمان گەیاندە کاتێ که : خاڵە «مەحموّد» کـارە ساتی بۆسان و کوڕانی گێڕایەوە، منیش‌لەژیبانێکابەسەرئەبرد، هیوای ژیانی‌هەمیشەیی ومردنی بێ کامەرانیی ، هەردو کیانم له لەپێش چاوبۆ؛ چاوم بڕ یبوە دەمی‌سان که بزانم : چۆن وەڵامێ‌ئەداتەوە؟ ئێستاله سەرپاش ماوەی بەسەرهات‌ئەڕۆم .

لەو کاتەڎا کەمن‌بەوچەشنەلە گێژاوەی‌ژیانداهەرئانیەیێکم بەساڵێ‌لێ‌ئەبورد، لەناکادا، بێ‌دەنگیی‌بەرافیی، بەدەنگی مەردانەی«قارەمان» خـان، تێ‌شکـاوسەری بەنیشانەی ئەدەب بۆسانی مەزن دانە واند، ووتی: سەروەرم ! لام وایەتۆلەبیرئەوەی کەئەو گوڵی گوڵزاری شاخی هەوارمانە ناوی منی لێ‌براوە؛ لەوەڵام دانـەوە،سەر ئه کەیتەوە، هەرچەنڎبەهیچ بایێ‌من ناتووانم دەس لەونەونەمامە هەڵ گرم بەڵام : لە بەرئەوەی که «خاڵە مەحمود» چاوی سوّری ئەم ئێلەیەنابێ دڵی بشکێنی، وەتکای نەبیسی، وەئەم برایەشم که : تائێستانەمان دەزانی چۆن کەنجێکە، ولـەم شەڕەڎا دەرکەوت که له خەبات دا وێنەی نی‌یە، وە گەنجێکی‌تێ‌گەیشتوی‌خوێندەواری نەبەزە‘ وە بەتایبەتیی‌لەم شەڕ ـشە گییان‌بازی‌یێکی‌مەردانەی لـەخۆیەوەپیشان داوە، زۆربەخەساري ئەزانم دڵی بشکێنەوە، وەچۆنکە مەصلەحەتی ئێلی تێدایە وامن لە «شاپەسەند» چاوم پۆشیی! سان کاتێ کەئەوقسانەی لە «قارەمان» خانی کوڕي‌بیست کوتیی: سوپاسی‌یەزدان ئەکەم کە : کوڕی گەورەی من لەمەموّشتێ بۆمەصلەحەتی هۆزچاوئەپۆشێ، وەهەستی نهێنی ناتووانێ‌سەري‌لێ‌تێك بڎات، مادام کەوایەخووامو بارە کی بکات، لەو کاتەدا«خاڵە مەحموّد» سەری بۆسان، وە منین بۆسان وقارەمان

ماوە ل٩

هەزاویەك‌شەو

٢٩٢

پیاوەتي کەوتنی‌من‌زۆر داستانێکی‌درێژوخۆشە، کەبەم‌پەلەپەلە ناکرێ‌بیگێڕمەوە؛ وەئێستا وەختی ئەوەنی‌یە، چونکۆ ئەوا خەریکە هـەوا ڕۆناك ئـەبێتەوە؛ وەئێمە صنڎوقێکی وەهامان دزیوە. ئەگەر ڕۆژمان‌لێ‌ببێتەوە؛ وەخەلکي پێماز بزانن‌ڕسوا ئەبین‌و گیانیشمان ئەکەوێتە مەترسی‌یەوە، وەئەمان کوژن. ئێستائێوە هەستن‌ئەم کارەتەواو بکەین ودڵ‌نیاببین؛ جالەپاشان بەڕەحەت دانیشین‘تامن‌داستانی‌خەسیان‌و لەپیاوەتي کەوتنی خۆمتان بۆبگێڕمەوە. ئەوان فانۆسەکەیان هەڵ گرت ودەسیان کردەچاڵ کەنڎن؛ لەبەینی چوارقەبرا چاڵێکی قوڵیان کەند وەصنڎۆقەکەیان تێ‌نا، وەخاکیان‌دا بەسەریاودایان پۆشی ، وەخۆیان لەقەبرسانە کە چۆنەدەرەوە، تا لەچاوی غانم کوڕی ئەییوب وون‌بۆن. کەقەبرستانە کە چۆڵ‌بۆ، وەغانم‌تەنیاخۆی لەوێ‌ماوە، کەوتەفیکری‌ئەوە کە بزانێ ئەم‌صنڎۆقەچي بۆ؟ وەچي‌تێدایە؟ بەڵام‌نەی‌وێرا لەدارە کە دابەزی تاتەواو ڕۆژ بۆەوە، وەهەتاو هەڵات . ئەوجائیتر ترسی‌لەدڵا نەما،لەدارە کە دابەزي، ڕۆییشتە سەرچاڵە کە، وەدەستی کـردەخاك لادان لـەسەر صنڎۆقە کە، تاصنڎوق کەوتەدەر. ئەوجا بەهەر تەقەلێ بۆ صنڎۆقی‌لە چاڵ دەرهێنا. ئەنوازێ قوڵفی گەورەیان‌لێ‌داوە. بەردێکی هەڵ گرت وقوڵفی‌شکاند، وەدەرکی صنڎۆقی بەرز کردەو، لەبڕ چاوی هەڵ‌تەقی بە کچێکی مانگ ڕوخسار، کەلەنێو صنڎۆقە کەدا بێ‌هۆش کەوتبۆ، وەلەسەر خۆی‌چۆبۆ. ئەو کچەجلی زۆر گران‌بایی وجوانی لەبەرابۆ، وەهەمۆ جۆرە خشڵێکی جوان‌لە گوێوارە ودەس‌بەندو ملوێنك وکەمەرەو قەیاسەو حەلقە ولاچەناخ و کلاوزەڕو خرخاڵی بە قەڎەوەبۆ ، کەهـەمۆ ئاڵتۆن وجەواهرات‌بۆن. چەنڎ دانەیێ گەوهەر بەقەڎی ملوێنکیەوەبۆ، کەبایـی هەرکام لەوانە بەرانبەری گەنجی‌پاڎشایێ‌بۆ. ئەوجاغانم بارشی‌بەو کچەجوانا کرد ولەنێوصنڎۆقە کەی دەرهێنا، وەپاڵی‌خست.کاتێ هەوای ئازاڎلێ‌دا، وەمێشکی‌فێنك

**ماوەی‌سەروو داری‌شمال**

ماوەی‌لە

ئەگەرمروو بخووان عەیبـوە
کیماسییانەتێ‌ناگەهن ، بووزارتا
خاندنێ واجبەژبوریوەری،رووان
گەل‌حەقیقەتێ ناسیار کەت
ئەگەرنەخودێ نەکری‌ڕوژەك
دێ‌بێت کـۆ هەژمـارا دیپلومەوە
لیسان‌سی‌بێت نەخاندی‌وەچ‌نەزان
بکەهیتەوێدە دەرێ کۆنەبینە هەژ
مارتن‌وە تەنێ‌جهێ کۆصەلاحاپێش
گرتناوێ شولێ‌هەیی وزارتاخانە
نیەوەبەس،
ئەوەئەم هیوبیاروژە کێ‌نە کۆ
تەجروبا ئاغایێ دوکتور صدیق
بکەوییەشولی وەبینادیوارەکـی
قاحیم‌بەرا لێمشتا نەزانـی‌بـێوە
وەئیریشانەخاندەواری‌بێ‌راوستیت
سەرکەوتاوێ بو باش‌تـر کرنـیا
خاندنێ‌بن چاودیر نیاشاهانەدائەم
ژخودێ دخازن

بنکەی ژین www.zheen.org

بەشی کوردیی شمال

# کوردستان

لاپەرەیی ، بوهەموو جار

## باش تر کرنا خاندنێ

ژوێ‌هندێ کوئەم گەلـەت باسی باشتر کرنا خاندنێ دکەن، مەدل نینە کوّوە کی مرووێت خودان غەرەزومدرەوین پێگاوێت فرەپەیان وەپیش‌دا چوێت کو حەتانەبوێی نەصیبێ مەملەکەتێ مە ئەم بێ چونە بدەنەقەلەمێ وەوی بێ قیمەك حساب کەن

هەروەتەوژی مەدل نینە کـو دەزگاهێ وزارەتاخاندنێ یێکجاری مەسئولێ کیماسی بێت‌هەیی بزانن پێ عەقیدامە دوێت خاندنا هـەر میللەتەکێ پێ جەهـد وعیلاقە و سەعی‌یاڤێ میللەتێ پێش‌دابچیت وەدەزگاهێ وزارەتاخاندنێ دوێت تەنێ ریوەبەر بیت . وەژلایێ دیتروە چونکـی سەرگێرێت خانـدنێ مێ‌ارەتن ژعەمەل کەرێت بەرنامێ هورە کرنێ یانێ دەرس بێژ کاتب ژی کوژمیللەتینە، بەس گاوا کوئەم ناوێ دەرس بێژان وەشول کەرێت خاندنێ تینن مەدل نینە کوئەم فەرق وجوداهی بێ بیخنە مابەیناوان‌دا.

ژوێ‌دست پێ کرنێ باش هاتە زانین کو ئەعتیرازا بـێ جـێ‌وە عەمەل هینانا غەرەزێ ودەرەوتێك ئێخستن شولامەداچ نینە بە لکەمە دوێت بەرخاترا گوهورنیاوەزیرێ خاندنێ ئەم هنەك تشتان راگەهینن. ئاغایی دوکتور صدیق ئەول جار نینە کو گەهشتییە وزارتێ ئـەو چەندجاران بوبەوەزیرێ خاندنێ وەبەرخاترا سابقەوەشارەزاتییا کو خاندنێ‌دا بوهورە کرنێ هەیـی ناوێ‌ڤێ دانابینەبابی خاندنێ ئەو تشتێت کومەدوێت ئـەم بێژن . ژمێژوەبەرچاوێ‌ڤێ نەوەبـاش وێ هندێ دزانیت ئەماوە کی کولازم بوێ باش بەرا خونەدایی نێ کو بگەهیتەدوواهی یەك حسابی خاندنا میللەتەکێ هنگی دگەهیتەمەعنایا خویا دوروستی کـوحاصلەکـی لازم وەتەواو چ عیلمێ ئەدەبی وە فکری وەچ شولاصینعەتی وەعیلمی داهەبن ، زیدەژوی هندێ غەرەزا ئەصلی ژدەست وەهینانا کەمالـێ وەپەیداکرنا حەقیقەتا تشتـان

وە کی گوتەنی عیلم بوخاترا عیلمێ بیت ئەلبەتە مەقصەرئەونینە کومروو هنەك ئیصطلاحان بـەر کەن وەبێژن بـەسەوە چ نەتیجێ ژێ نەوەرگرن، بەلکە گاوا کـو ئصولا عیلمەکی وەکی لازم هورە بون هەر جودانە شولاوێ‌دێ بیتە باعیثی دەست وەهاتنا مالی وەژینا باش‌تر نەوە کو ژئەوا‌ێ خاندنێ نییەت ئەوبیت کو ئدارێت دەولەتی داشول کەن وەپشت مێزی رونین وەئامانجا ئەصلی ئەوبیت کوتەنی لیسان سیاخووەرگرن وەئدارێت دەولەتی دا بکەونەشوا‌ێ کودێ وێ مابەینێ‌دا ئەوانەبیتەفکر کرن نەبونا خاندن وەهورەبونەك تەواو دێ‌بیت، وەزیرێ تازەیـەخاندنێ یەقین ئەوعەبیا مەزنە جواتی زانییە وەئەگەر وەسیلێت تەواودەستەدا هەبن دێ وێ باری‌دا هنەك پێگاوان راکـــەت ، چە ندسالـەکو مرووژفلان دیپلومێیـان لیسان سییەیان شکایەتێ دکەن وەدبێژن ئەوەنە نەخاندینەوەنەشێن قبضەك سادەبنوێسن بەلێ پێ عـەقیدامـە مروو بخونە کو مەقامێت دەولەتی مخصوصاوزارتاخاندنێ ئێخستینەبن فشارێ وەشدینن ، مەسەلا پاش‌وە کـوبچـو کێت‌وان دەوراشەشێیە دەست‌پێ کرنا خاندنێ تەواو کرن دوێت بوان کاتب خانان پێك بینن وەهند قـەدەروێ شولێ‌دا لـەزێ دکەن کـو دەزگاهێت‌وێ هندێ مەجبوردبن بێوە کو جی وئەحتبارو دەرس بێژ دەست‌داهەـبن دەست‌پا وێنەدانانا کاتب خانان‌وە مرووێت ژێ نەهاتی بوهورە کرنێ پێ حقوقێ شول کەرێت لایێ ژیرێ بوشولێ بگرن وەبودلخوشیاوان کاتب خانا جهێ دەرس خاندنـێ تێك بیخن ، ئەماوە کی دیهار ئەوە فکرەك زور خەلەتە

وزارەتا خاندنـی حەتـاجهێ میناسب گەل چاورا کرنا تشتێت ساخلەمی‌پێ وەدرافێ کافی بومێزوە تـەختێت سەررونشتنی وە تشتێ صوتنێ وەروناهی کرنێ وەژهەمو- یان موهوم‌تر حەتا کودەرس بێژێت دانش سەرا دیتی وە تەربییەت بویی چنەبن ژدانـانا کاتب خانان نەتەنێ دوواهی‌یەك باش ژێ چێنابیت بەلکە دێ نەخاندەواری وەبـەدبینی یـا مرووان بودەزگاهیت دەولەتـی مخصوصاً وزارتاخاندنێ زیدەتربیت، ئەوعەیبێت بچوك نینن کومروو وان سەرسەرێ حساب کەت وەدەر باس بیت.

ماوەل٤

## میخالفی گەل کوما ییکاتیبیا میللەتان

قەومینا گوتنا بهوریبە جواتا تێکراوییە کومیللەتـان وەتێك چوناجواتاتێکراوی بەرئەسەراخو دیهار کرنا نێکیتا خروشوف رەئیس وزەرایێ شورەوی، جهێ مخابنێ یە وە کێری بەحث لێکرنێ نیت؛

ئاخەوتنا جواتا تێکراوی باراسیاسەتـا زورداری بێ دابـو ، و خروشوف دەولەتێت روژئاوا بزورداری یێ متهمد کـرن ، کونشکێ‌دا پێك ژنەماندیدان گوتەڤێ مەگەر ئاوروپایاروژهەلاتێ‌دا زورداری چ نینە، مەگەر لەعەردێ‌پانە دەولەتێت ئاوروپایا روژهەلاتێ‌دا، دەولەتاشورەوی دەولەت‌وەمیلەت نەکرینە ئەسیرێت خو، ئەگەر رەئیس وزەرایێ شورەوی راست دبێژیت وەدوێت میللەت ژزورداری‌یێ خلاص بن دوێت ئەول بخومیللەتێت ئەسیرە ئاوروپایاژوژهەلاتێ ئازاد کەت.

ئەو گوتنە زور لەخروشوف گران‌هات وەنەتەنی کوپێ‌میستان لەسەرمیزێ‌ددا وەژوێ نەمایەندەیی ئەعتیراز دکر بەلکە بەرعەکسی قانون وەرێز طەرزێت کوما میللەتان ژرەئیسی جواتا تێکراوی خاست کوڤێ نەمایەندێ دەست‌درێژ کەرژجواتێ دەرێخیت ئەلبەتە رەئیسێ جواتێ نەدشێیا گەل وێ پێش نیبارێ وێ شولێ بکەت بەروێ هندێ ژی خوژقەبول کرناوێ پاشدادا . رەفتارا رەئیس وزەرایێ شوروی جواتا تێکراوی‌دا لەسەرای سەرێ دونیایێ کەتییەناو بەحث وتەفسیران‌دا موهوم‌تریـن نەظەرا کو ژلایێ تەفسیر بژیت مەزنە دونیایا غەیـرێ کمونیست وێ بارێ‌دا بەلاوبوێ دونەوە ئەوژێ بوێ درێژیێ نە.

١ـ خروشوف کودونیایە کێ زوردار بخوطەبیعەت گرتییەئیدی لەدەروەیێ شورەوی ژی وەحەتامەزن‌ترین ئیستونا کومامیللەتان‌دا یانی جواتاتێکراوی‌دا ژی نەشێت دەست لەعادتێ خوێ مێژ بکیشیت

ئەوفکرە کەت کوجواتا کومامیللەتان ژی جواتـا مـەجلیسا شورەوییە کو دەستوراوێ پێش داتێتەدان وەهەمو ئەندامێت وێ مەجبورن کو ئطاعەتێ لێ بکەن وپاشێ جواتەك وە بەحثەکدەـت چیکری تێتە کرن وەهەیتەیەك قەدیم شول پێش نیبارا زورداری وە کێ طەرحەکـی بەلاو دکەت وەپاشێ هەمو نەمایەندە گەل یێك رەئییێ سەردەن، ئەو تە فسیر بێژەنە دبێژن خروشوف چاونهێرە کومەئەلا رەئیسێ جواتاتێکراوییە کومامیللەتان ژی‌بینا ئەندامەك مەجلیسا یێکاتییا شورەوی گوتناڤێ هەرچەند ژی کو گەل عەقل‌وقانونێ لێك نەگریت وەکـی وەحیامالـێ قەبول کەت، ئەلبەتە ئەوەسەهوە کەکو مومکینە دواهییەکەپیس ژێ چێ بێت .

٢ـ نەظەرا دیتر کوژلایێ چاودیرێت سیاسیوە بەلاوبویی ئەوە کورەئیس وزەرایێ شورەوی ئصولا دوێت گەل بنیشا کوما میللەتان میخالفیێ دست پێ بکەت

وەوێ کومی کوهاریکارەك مەزنە صولحا دونیایێیە ژمابـەینێ راکەت ویان ژی قانونا یێکاتییا میللەتان وەتتو بگوهوریت کوچێتر بشێت فکرا خوبدەتە عەمەل کرن. وەدبێژن ژی خروشوف دل هەیە کو جواتا تێکراوییە کوما میللەتان داژی وە کی شوارا هێمنیێـی حەقێ ویتوبدەنە شورەوی وێ گاوێ ئەگەر هنەك مەسئەلێت مـوهـوم داژی نەمایەندێ شورەوێ پێ حەقێ ویتوشورا هێمنی‌یێ‌دا بەرا پێگاوێت هنەك دەولەتێت دیتر دگریت جواتا تێکراوی دشێت وێ بـاری‌دا قراریت یێکجاری دەرێخیت بێوە کو ویتویا شورەوی بیتەمانعێ عەمەل هاتنا وان قراران، ئەگەر شورەوی جواتاتێکراوی‌دا ژی حەقێ ویتوودر گریت هنگی ئیدی کوما میللەتان نەشێت چ قراران دانێت وەپێ عەمەل کەت، مەگەر کونەمایەندێ شورەوی کومامیللەتان‌دا گەل وێ هندێ موافق بیت

حەچی‌وە کوهەیی وەضعا کو خروشوف کومایێکاتییا میللەتان داچێکری ژهەمولایان وەجهێ نیگەرانی‌یێ بە وەئەگەر ئەف رێوەچونا خوباراوێ کوما مەزنەصولحی‌دا تازەنەکەت بێ شك ئەوشولـەدێ سەر زەرەرا صولحا دونیایێ تەواوبیت

## نالەبارییەکان ...

ماوەی ل١

خەزۆرلە ماڵ دەرچۆ؛ خەسوڕۆ. ئەکاتە ئەحەئەڵێ: ام ڕۆڵەعەمرم نەمێنێ بۆژنێ کە بۆم هێنایت، بەخوواڕۆڵە «نەرگس» زۆرنە کەردەیەوادیبیارە لە ماڵیی باوکیا هیچیان پێ نەکردووە، هەرخەریك بووە خۆی لەدارۆ گوڵداوەوقیتە قیتی کردۆوە.

«ئەحەدا یە کیبیان! ئەم قسانەچی یە؟! «نەرگس» لەماڵی بابیائەوی کاروباری ئەوماڵە بۆهەمۆی ڕێك ئەخست، وئەوی میوان وئاوەن و ڕەوەن بان بووایێت بێجگەلەئەو کەسێ ئاگای لێ نەبوچۆن ڕێ ئەکەوێ! ئیستانازانم،ۆوانە گبەت سۆوارسەلکیی بووە! خەسوڕۆڵە بڵێم چیی ئەلبەت بەڤاقباڵی هاتووە، ئەوەیە کە ئەی بینی، خۆمن لەخۆمەوە نالێم، ئەوەچایی و ئەوەچێشت کردن و ئەوەش تۆر کردنی ، ئیتر نازانم بڵێم چیی، وەچۆن تەوجیی بکەم.

«ئەحە» زۆرمەلول وعاجزو پەرێشان لە ماڵ دێتە دەرەوە، کە : ئەگاتە ناوحەوشە کە «نەرگس» بەچاوی فرمێسکینە وە بۆی ئەڕوانێ، وەئیشا ڕەی لێ ئەکات؛ «ئەحە»ش بەناوچاوی دژاووتار یکەوە بە نەبەدڵ ئەچێتە ژوورە وە؛ کاتێ ئەگاتە پێشەوە «نەرگس» بەدەم هەنسکەوە بەرە وپیری دێت ئەڵێ «ئەحە! »نازانم من تاوانم چیی یە! وەئەبێ چیی بکەم کەدایکت بیرو ڕەوشتیی لە بارەی منەوە بگۆڕێ، من نازانم خراپیم چیی یە واهەرئەیەوێ ئابڕوی من ببات؟ «ئەحە»: نەرگس! چیی ئەڵێی بۆ چیی بووە، دایکم چیی کردووە ؟ خۆئەوهەرلەسەرتۆ ئەکاتەوە بەگژی ئێمە دائەچێ! نایەوێ هیچ کاتێ تۆ بزەنجێنێ ، تۆ بۆوا ئەڵێی؟ «نەرگس»: ئەحە! ڕاستە دایکت وائەڵێ وەوا پیشان ئەدا بەڵام وانی یە من خۆم ئاڵەتە کەم لەناوچاییە کە دادەرهێنا، من ئەزانم ئەوچێشەش هەردایکت ئەو بەڵایەی بەسەرهێنا بۆئەگینا خۆمن نۆدەستیم نی یە؛ وەنەبێ تائیستا چێشتم نەکردبێ.

«ئەحە»: نەرگس! ئەم قسانەمە کە بڕوامە کە دایکم وای کرد بێ ئەگونجێ تۆ بەسەرچۆبیی وەلەبیرت نەبۆبێ ،

«نەرگس»: ئەحە! من هیوایێکی گەورەم بەتۆیە! من چاوەڕووانی ژیانێکی خۆشم لە گەڵ تۆدا! من نیازی داهاتویێکی پیروخەرەیی و پێك هاتنی خیزانێکی جوان و شیرینم لە گەڵ تۆداهەیە! من ئەمەوێ لەپاشدرۆژدا لە گەڵ تۆ و ئەوەمنداڵانە دا کە لەنێوانمان دادێنە سەر بیسات بەکامەرانی بژیم؟ من بەئەمانەت نەهاتومەتە لای تۆ! من ئەمەوێ لە سەرەتای ژیان وڕۆژگاری سەرەتاییی خێزانی یادووایلەی سۆدلە خۆشیی وشادی ببم وە تامنداڵ و کۆسوکولاراوی خێزان ومنداڵ دەوری لێ نەداوین جوانی خۆمان پێکەوە بزانین! من ئەمەوێ پاش ئەوەی تۆلە دەرەوەبەماندویی دێیتە ماڵەوە، من لەماڵەوە تائێواری ڕەنجەی دەستی کاروباری ناوماڵ ئەبم، تۆ بێیتەوە ناچووار دیواری خۆت، چاوت بەمن بکەوی وەکو غونچەی بەربەیانی تینو بپشکێیتەوە، وەمنیش بەپشکانەوە ولەبخەندی تۆ سێراوبم وەباغیی هیوام بنێشێتە خەڵفەڕام، وەهەردوکمان ماندویی مان بحەسێتەوە، هێزی لە دەس داومان بکەینەوە جێگا ، تابە هێزێکی تازەتر وە بچینە وەمەیدانی نەبەردوبەربەرە کانی ی لابردنی کۆسپەی سەرڕیگای سەربەرزی وسەرکەوتنمان لە ژیان دا، من ئەمەوێ من وتۆ پێکەوە بەکامەرانی بەسەربەرین ، من ئەمەوێ نەمامی هیوامان بەشادمانیی بێتەبەروە میوەیێکی شیرینی لێ بێتەبار، من ئەمەوێ نەڕۆی تاڵ لە تۆ ببینم وە نە گرژی ناوچاوانی منت بێتە پێش چاو.

ماوەی هەیە

## چون بنوسین

ماوەی ل١

مالین، بەردبۆخستن، چاولێ دان دەس لێ دان. لە کردەوە کانیاندا ئەڵێین:

بەردم هەڵخست، بەردت هەڵ خست، بەردی هەڵخست، بەردمان هەڵخست ، بەردتان هەڵخست ، بەردیان هەڵخست:

ئەم بەشە، زۆرتر لەڕیشەی تێپەڕ کەردوروست ئەکرێ، وەئەوناوە کەلەپێش پیتی سەرەتایی، وەیان پیتی گەیاندنەوە، دائەمرکێ، وە کەوتۆ بەشی یەکەم؛ ئەگە ڕیشە کەتێ پەڕ کەری زانراوبێ لەواتەدا ئەبێتە، کراوی بێ بۆنە؛ وەئەگەر ڕیشە کە، تێپەڕ کەری نەزانراو بێ، ئەبێ بەجێ نشینی بکەر؛ وەئەگەر ڕیشە کە، تێ پەڕ نەکەربێ، ئەبێ بەبکەر، وێنە: شێرۆ بەردی هەڵ خست، بەرد هەڵخرا بەرد دا کەوت.

بەشی سێیەم لەوسێ بەشە ، ڕیشەی تێکەڵاو لە گەڵ ناوێك و دوپیتە؛ وێنە: دەس لێ هەڵگرتن، بەردبۆهەڵخستن، بەردبۆداخستن. لە کردەوە کانیاندا ئەڵێین: دەسم لێ هەڵ گرت، دەستت لێ هەڵ گرت، دەسی لێ هەڵ گرت،

دەسمان لێ هەڵ گرت، دەستتان لێ هەڵ گرت، دەستیان لێ هەڵ گرت .

دەستوری ئەم بەشەش لەبۆنی ناوبەبکەر، وە، کراوی بێ بۆنەو جێ نشینی بکەر ، وەهەروەهاش بەرودوا کەوتنی ووتەکان ونوسانی زەمیری ئەنڈامەکان، وەکو بەشە کانی ترە، بەڵام لەم بەشەدا ڕیشە تێپەڕنەکەرەکان زۆر کەم بەکار ئەبرێن، بەڵکو تەنیا تایبەتە بە ڕیشەتێپەڕ کەرە کانەوە .

پیتی گەیاندن- حرف‌اضافه

دامرکان - قرار گرفتن

پیتی سەرەتایی- حرف‌پیشوند

ناو - اسم

تێپەڕ کەر - متعدی

ماوەی ل٧

## هەواڵەگرنگەکانی دەرەوە

✡ لە کۆبوونەوەی نەوتیی بیروتدا مەترسي بە کومپانی یەکانی نەوت ڕاگەییشت .

✡ ئامانجی کۆبوونەوی بیروت ، ڕێك‌خستنی چاکە وقازانجی وەڵاتەخاوەن نەوتەکان و کومپانی‌یەبێگانەکانە .

✡ لەم کۆبوونەوەدا ٥٠٠ نوێنەرلە کۆماري عراق، کۆماري یەك گرتوی عەرەب ، لبنان ، لیبی، اردن ، یمن ، کویت، وەبحرین بەشدار بوون ؛ سەرۆکی کۆبوونەوەڕای گەیاند کە: مەرا کشیش بەشدارئەبێ؛ بەلام‌تونس‌وقطر لەبەشداربون‌خۆیان گرت.وەهەروەهانوێنەرانی تورکییە، ونزوئلا ، مکزیك ، اندونزی ، یەکیەتي سوفیەت ، رومانی وەیو گو- سلاوی بەناوی تەماشا کەر بەشداربوون .

✡ کومپانی یەکانی گەورەی نەوت بۆڕێك کەوتن لە گەل ڕۆ-ا ، نەخشەیێ گرنگیان ئامادە کرد .

✡ نوێنەری‌شەریکەی نەتەوایەتي نەوتی‌ئێران لەم کۆبوونەوەدا بەشدارە؛بەڵام دەوڵەتی ئێران لەبەشداري‌تەواووسەرڕاس‌لە کۆبوونەوەی بیروتا خۆی گرت .

✡ ناحەزي ئێران و ئەعراب سەبارەت بەبحرین ، وەپچرانی پەیوەندي سیاسي لەگەڵ کۆماري یەك گرتووی عەرەبا هۆی بەشدار نەبوونی ئێران لەم کۆبونەوەدایە .

✡ بەشدار نەبوونی ئێران لەم کۆبونەوەدا ، زیانێکی بۆچاکە و قازانجی ئێران نی‌یە .

✡ لە سەرتاسەری ژاپونا گەڵ لەبەرانبەری‌دەوڵەتەوەڕاپەڕیون وە ٤ میلیون کەس دەسیان داوە بە خۆ دەرخستن لەشەقامەکاندا.

✡ لەمشتۆمڕی پولیس وخۆدەرخەرە کاندا گەلی کوژراون و برینداربوون .

✡ ژاپون لەپڕ گێژاوترین‌دەورانی سیاسی مێژوی‌خۆیابەسەرئەبا

✡ سوسیالیستەکانی ژاپون سەرەك وەزیری تازە بەهەڵخڕێنەری کوژرانی «آزانوما» ئەزانن.

✡ سوسیالیستە کان لەهەڵبژاردنی ئایەندەدا کومەڵەی «کیشی» ئەشکێنن.

✡ تاپیش لە کوژرانی ڕابەری سوسیالیستەکان «ایکداه چاك توانی کە هێمنی لە ژاپونا دامەزرێنێ ، وە ئەوبشێوە وگێژاوی ژاپونە دامرکێنێ .

✡ «ایکداه بۆپیشان دانی نەترسان ونەبەزي خۆی‌ڕای گەیاند؛ کە : لە گەڵ هەربشێوە وشۆڕشێکدا بەتوندي بەربەرە کانێ ئەکا . وە تکای وەزیری دەسگای هێمني ژاپونی‌بۆدەس لە کار کێشانەوە گرت.

## تکا

**لەخوێنەرە بەڕێزەکان‌تکائەکەین: لەناردنی‌پارەی‌ئابوونمانی‌ڕۆژنامە خۆیان نەگرن؛ ئەلبەت‌ئێمە کاتێ ئەتوانین بەم خزمەتی خۆمانە درێژە بدەین کە خوێنەرە بەڕێزەکانمان دەس گرۆییمان بکەن .**

**چاپ‌اخترشمال تلفن٢٥٥٠١**

بنکەی ژین www.zheen.org

**گیراوە لە گۆڤاری «اطلاعات جوانان»** **وەرگێڕ: د.ع.م**

# دەجلە یاخی بو!!!

**... ئەم شارە ناگیرێ مەگەر وەختێ کە دەجلە لە ئەو یاخیی ببی.» بەڵام دەجلە یاخیی نەبوو بوو؛ وە شاری «نینوا» بەخۆشیی وشادیی درێژەی بە ژیانی خۆی ئەدا. وە بەدیلەکان کۆشکی بەرزیان ئەکردەوە، وەژنان و کچانی گەلانی بەدیل گیراو، لە ئاگری شەهوەت و هەوەسی فەتح کـەرە سەر مەستەکانـا ئەسووتان ... تاوەکوو...**

فەرماندەرێ کەلەنێو مڕاسی قۆشەنا بوَ لەپڕ ئوزەنگیدا لەئەسپ وبەتاو ڕۆ بەسپای دوژمن هەڵی گرت وسەربازەکانیشی بەتـاو کەوتنە شوێنی. دوسپا گەیشتنە دەهەنگاوی نزیکی بەکتر. فەرمانداری نیزەی درێژی خۆی بەدەوری سەریاهەڵسوڕاندوهاوێشتی بۆدوژمن،وەبەشوێنی نێزەکەی ئەوا سەربازەکانیش نێزەکانی خۆیان ڕۆ بەدوژمن هاوێشت، ئەوجا نەعرەیان پێکاو هێرشیان بردبۆ نێوقۆشەنی دوژمن وشەڕی دەس بەیەخەبوتەن بەتەنی خوێنین دەستپێ کرا. ئاسوری یەکان بەعەڕابەی جەنگییەوە نیشتەنمل، بەڵام سەربازانی ماد( کورد) بەرهەڵستیان وەستان وەکاتێ هەمو عەڕابەکان گەیشتنە نێوڕزی سپا، سەربازانی ماد گەمارەیان دان، عەڕابەسوارەکانیان کوشت وعەرابەکانیان گرت.

گەلی مادلەهەردو لاوە بەسوارەچالاکەکانی خۆیانەوە، هێرشیان بردە سەرسوارەکانی دوژمن، وەپاڵشای ماد کە ئەمکارەساتەی دی، فەرمانی بەئالاداری خۆی دا، کە: «ئالاهەڵ کەوێتەشوێنی مناوەرە»...

ئەوجا پاڵشا ئوزەنگیدا لەئەسپ ولافاوی قۆشەن بەشوێنی ئەوا، هەڵیان گرت، پادشا دەورێکی لایڕاستی سپای خۆی داوە، وەلەپشتەوە هەڵمەتی لەسپای دوژمندا ئاسوری یەکان لەهەرچوارلاوە کەوتنە گەمارەی سەربازانی ئاریان. نەعرەی پاڵەوانان وحیلەی ئەسپان، دەشتەکەی هێنا بووە لەرزین.

پادشای ماد کە ڕق وقین بەرچاوی تارپاک کردبو، وەکوشێری دەڕندە بەهەردو دەست شەمشیری ئەوەشاندو سەری دوژمنی وەکو گەڵا خەزان ئەڕزاند. ئامانجی ئەوپەلامارلـە خـەیوەتی سەرداری ئـاسوور بـوو. سەرداری کـــەچەنـد ساڵ لەوەوپێش عەڕابەی بەسەرلاشی باوکی ئەوا بردبو، وەلاشی باوکـی لەژێری چەرخی عەرابەدا لەت لەت بوبو.

پاڵشای مادوسەردارانی، ڕزی سپای دوژمنیان دڕی؛ وەخۆیـان گەیاندە خەیوەتی سەرداری ئاسور. ئاسوری یـەکان دەوری سەرداری پیری خۆیان گرتبو، بەڵام پەلاماری ناگەهانی پاڵشای ماد ئەوانی پژگ وبەڵاو کرد.

پاڵشای ماد نێزەی درێژی خۆی بەدەوری سەریاسوڕاندوە، بەتاو هەڵمەتی لەسەرداری ئاسوردا، نێزەسینگی سەرداری ئاسوری کـردە سفرە، وەلەسەر ئەسپەوە داکەوت.

ئالادارانی قۆشەن هەڵاتن... ڕزی قۆشەن نیشتەیەك وتێك چو... ئاسوری یەکان کەخۆگرتن وڕاوەستانیان بێ کەڵك زانی، هەمو هەڵاتن، بەڵام ڕۆڵە نەبەزەکانی ئاریان ڕێگای هەڵاتنیان لێیان بەست، ڕۆڵەکانی ئەو گەلە کەسێ صەدساڵ لەژێری باری ستەم وزۆری ئاسوری یە وەحشی یەکانا چەوسابوَن؛ ڕۆڵەکانی ئەو کەسانە کەبۆ کردنـەوەی کۆشکـە بەرزەکانی «نینوا» تاسەرەمەرگ کاریان کردبو، باوك وبراکانی ئەوژنان وکچانە کە وەسیلەی شەهوەت ڕانی سەرداران وسەربازانی ئاسوری بون، ئێستاهەلیان بۆ کەوتبو کە: ئاگری ڕق وقینی خۆیان بەخوێنی سەردارە ستەمکارەکانی ئاسوری خامۆش کەن...

ئاسوری یەکان، ئەوجنایەت کارانە کە کوشتن وکوێر کردنی خەڵکی یان بۆ بەدەستهێنانی دڵی «ئاسور» خودای خوێنڕێژوستەمکاری خۆیان، پیویست ئەزانی، ئێستاخۆیان تامی کوشتاری بێ ڕەحمانەیان ئەچەشت وتۆڵەیان لێ ئەکراوە.

ئاسوری یەکان وەکو شێت وسەرسام، لەژێری پێی ئەسپەکانی سەربازانی مادا، هەڵ ئەهاتن؛ ئەوانەیان کە گوڕێکیان تێدا ما بوَ، لەدەشتەکانا پژگ وبەڵاو بوبونەوە.

چەند کـەسێ نیوە گیانێکیان دەرکرد، وەڕوبـەشاری «نینوا» هەڵاتن، ناهەواڵ بۆ پاڵشای ئاسور بەرن، کـە: دەوری «نینوا» وئـاسور دووایی هات...

**ماوەی هەیە**

---

### بوبی...

ماوەی ل٩

چونکو گمێزە کە ئەگەڕێتە وە بۆسەرتان وپیستان ئەکا!!!

لەسەربانی خانو بەچاوی بەسراو بەڕێوە مەڕۆن! چونکو لەپاساری بان ئـەکەونە خـوارەوە، ملتان ئەشکێ!!!

شایەتی کوێر بۆ چاوپێ کەوتنی مانگ قبوڵ نی یە، باوە کوڵەسەر لوتی کێوی بەرزیشەوەبێ!!!

### گری!!!

کـابرایێکی هەژاردو-ێ مەن گەنمیان لە زەکاتا پێدابو؛ کرد بویەنێو هەمانێکی بچوك و بەشاڵەکەی بەستبویە کۆڵیەوە. چۆمی لە ڕێگایا بو، کاتێ دای لەئاو، لەدڵی خۆیا ووتی: خودایا؟ گـرێ هەمو موسوڵمانان بکەرەوە؛ بەتایبەتیی گرێ ئەمهەژاری نەداری بەندەی ڕۆژەشی خۆتە.

لە پڕ گرێ شاڵە کە کـراوە، هەمانە گەنم کەوتە ئاو، وە ئاو بردی. کابراسەری بەرز کردەوە، ووتـی: خودایا! چەند هەزارساڵە خودایی ئەکەی؛ هێشتان گرێ دڵ و گرێ شاڵ و پشتوێن لەیەك جییانا کەیتەوە!!!

### تاهەینیی بێ‌کارم

کەرێ گیان کەنیشتی ئەکرد. ڕێوی یێ هاتە بان سەری بەجنچکە. وەدانیشت. کەرێی ووت: ئەزێ مام رێوی! بـوچیی وە کوَ قەبض لەبان سەرەوە دانیشتوی؟ ووتی: چاوە ڕێم کە تۆبتۆ بتۆپی! وە من بوەشێمە گیانت، بڕێ گوشت بخۆم.

کەرووتی؛ مـام ڕێوی! ئـەمڕۆ شەمەیە؛ وە من تاڕۆژی چوارشەمە نامرم. مام ڕێوي وەڵامـی داوە: بەخودامنیش تاڕۆژی هەینی بێ کارم.

### گونـای بـێ قابل

شێتێ پیاوێکی کوشت؛ بردیـان بۆلای حاکم. هەرلەدورەوەهاواری کرد: حاکم! بـەقوربانت بم! پێش لەهەموشتێ پرسیارێکم هەیە، وەڵامم بدەرەوە؛ جالە پاشان ئەمە سەری من وئەوەش شمشێری تۆ.

حاکم ووتی: بڵێ!

شێت ووتی: قوربان! ئەمەڕاستە کە ئەڵێن: ڕۆژێ هـەزار کەس ئەمرێ وهەزار کـەس لـە دایك ئەبێ؟

حاکم ووتی: بەڵێ

شێت ووتی: قوربان ئەو هەزار کەسە خودا ئەیان کوژێ و کەس نێ ناکاوهەراو بەزمێ بەرپانابێ. من لەپاش پەنجاساڵ یەك کـەسم کوشتووە، بۆچی ئەمهەراو بازمەیان بەرپا کردووە؟

### بۆخەو بینین

کابرایێ لە کـاتی نوستناچاو پلکەی ئەنا سەرچـاوی. ووتیان: بۆوائەکەی؟ ووتی: چاوم کـەم حو کمە؛ بێ چاویلکە ناتوانم خەو چاك ببینم.

---

## مەتەڵ:

**١ـ قەیدێ لەقوو نێ ڕەق ترە!**

هەرکاتێ کەسێ قسەیێ بکا کە لەماناى تێ نەگەن، وەداوای لێ بکەن کەبەزمانێکی سادەترمەبەستی خۆی ڕوناك بکاتەوە؛ دیسان لەجاری هەوەڵ قسەکەی نەزانراوتر بێ، ئەمەتەڵەی بۆدێننەوە.

**٢ـ گوێزی نەماوە وگەڕ ئەکا**

ئەمەقسەی منداڵانە لـەکاتـی گوێزان کردنا، کە هەرکامیان گوێزی نەمێنێ، یاری بکـا، وە ڕاوەستێ گەڕو گێچەڵ بەهاویاری یەکانی بفرۆشێ، ئـەمقسەیە پێ ئەڵێن

جا ئێستا بوەتەمەتەڵ، وەسەبارەت بەهەر کەسێ کە لەدەس تەنگیدا گەڕو گێچەڵ بدۆزێتەوە. ئەوێژرێ

**٣ـ بەئاسمان ئەڵێ: تۆکڵ هێلکە.**

ئەم مەتەڵە سەبارەت بە کەسێ ئەوێژرێ کەزۆرلەخۆی دەرچوبێ وهیچ کەس لەجێگای خۆیانەناسێ وەهەموشتێ لەبەرچاوی بچوك و بێ نرخ بنوێنی.

---

### چۆن بنوسین

ماوەل ٦

کردەوەی زانراو ـ فعل معلوم، بناعل

واتە ـ کلام، جملە

کراوی بێ بۆنە ـ مفعول صریح، بیواسطە

جێ نشینی بکەر ـ نائب فاعل

ڕیشە ـ مصدر

پیت ـ حرف

ڕیشەی تێکەڵ ـ مصدر مرکب

تێپەڕنەکەر ـ لازم

www.zheen.org

# کوردستان

## بەشی کرماشانیی

## لاپەڕەی ، بوهەمی وجار

## دروس بوون فەرهەنگ

لەیە کە ئیمە کەلیمەی دروس بۆن ئەڕای فەرهەنگ وۊایمن، مەقصوۊدمان ئەوەنەوۊ کە ئەوە کە لەئی ڕۆیەلەئی چەن ساڵ ڕێکە ئەڕای دروس بوۆن فەرهەنگ کشوەر کریاس چەو بپۆشیم . وە ئەوەیشەقەصدمان نی یە کەوەزارەت فەرهەنگ گوناکارتەمامخراوییەیل بزانیم . ئیمەش عەقیدەمان یەسە کە : فەرهەنگیش بایەس جۆر باقیی ئیصلاحات و کۆشیش مەردەمو بچێتەوەر؛ وە دەسگای وەزارەت فەرهەنگ فەقەت کاری وەڕێ‌بردن ئی کۆشیشەیلەسە.لەیەی لای ترێش مەگەر کاروە دەسەیل فەرهەنگ کێ‌ین؟ ئەوانەیشە دەبیرن، ئاموزگارن، کامەندن، گشتیان لەئی میلەتنە . پەس ئیمە قەصدمان جیایی خستن لەناومەردم نی‌یە. وەلی قەصدمان ئەوەسە : وەموناسەبەت تەغییر وەزیر فەرهەنگ بەعضی مەطالب وە گۆش باریمن.ئاغای دوکتورصدیق ئەوەل جارنی‌یە کە بۆسەوەزیر. تائیسەچەن جاربۆەسە وەزیرفەرهەنگ؛ وەلە ئەمرتەعلیم و تەربیەت سابیقەی فرەس حەتتی‌وەپێ باوك فەرهەنگ ووتنە . یەکی لە دەردەیل کاری ئیمە یەسەکە : لە مەملەکەت ئیمەهەدەف ئاخرین تەحصیل عیلم ئیستخدام لەئیدارات دەولەتیی ونیشتن پشت مێزە . وە یەسە کە جوانەیل ئیمە بیشتر ئارەزۆیان وەدەس هاوردن دو کولیمە کاغەزوەئیسم دیپلوم ولیسانس و دانیشنامەس وە کەمتر مەقصوۊدیان وە دەس‌هاوردن عیلم و دانیشە هەر وەئی جهەتیشە تەحصیل عیلم فرە سەطحیی و بی ئەرزشە. هەرئەقوەرە کە ئەو کاغەزە وەدەس هاوردن تەمام ئەوانە کەوە طەورسەطحي وەهەلە پەلە خوەندنە لە ویریان چێت . وەلي وەمەوجب وەرەقەی دەولەتی ڕەسمي لەئیدارات دەولەتي ئەڕای خوەیان مەقامیك ئیشغال کەن چۆن فەرهەنگ ئیمەچنەوەسە، یوا یوا ش مەردوم دی وەشۆن حەقیقەت عیلم نیەچن وە ئەو مەردومیشە کەکاغەزهادەسیان، ڕێ مەردومان سەطحیی وبی سەوادن' کەئومۆرمەردوم‌هالەدەسیان!!!

وەزیرفەرهەنگ جەدید بایەس ئی عەیب گەورا کەئەڕفرەیك لە ئیجتماع ئیمە هیشتیە، وەهەر تەدریك هەس، ڕەفعی بکەت . تائی ئیمتیاز کاغەزییە فکریك ئەڕای نەکەن ، مەردم وەشۆن عایم وصەنعەت حەقیقي نیەچن . مەردومیش بایەس ووت . بی‌تاوان نین . تامنالیان لە کلاس شەش دەرتی‌یەت، فشارتیرنە وەزارەت فەرهەنگ ئەڕای دەبیرستان؛ وەبدون «توجە» وە بوودجەونەیاشتن دەبیر ناچاردەبیرستانەیل کەم ئەرزش دروس کەن.لەصوۊرەتی کەوەزارەت فەرهەنگ حەقیە: تامحەدالمو ناسب، وەپۆل کافیی، وە ئەسپاو کامل‌وە لە گشتیان موهیمتر دەبیر دانشمەرا دي نەیاشتۆت دەبیرستان دایر نەکەت . ئی جۆرە دەبیرستانەیلە کارخانەی بی‌سەواد سازي و بی کار سازي یەوبەس . یانە مەطالب بۆچکیك نین؛ مەربوطن وەبنەڕەت وشالوۊدەی فەرهەنگ ئیمە .ئەگەر هەرچی زۆترو‌ەزیرفەرهەنگ تەوەجوهی وەئی مەطالبەنە کەیت ، فرەنیە چۆت کە پڕ مەملەکەت بۆنە دیپلومەیەیل بی سەواد و لیسانسیەی بی‌مەعلوۊمات .

یەسە ئیمەهایمنە دیارئەوڕۆژە کە وەزیرفەرهەنگ داوان هیممەت بیائە کەمەر وەئی دەردە دەرمان بکەیت .

## ناجوری گەردسازمان میلەل

لەهەفتەی گوزەشتي قەپ قاڵ نیکیتا خرۆشچۆف جەلەسەی مەجمەع عومومی وەیەکدا.دەنگ و بەحث لەئەوڕۆژە مەسئەلەی سیاسەت ئیستعماري بۆکە : خروشچۆف دەولەتەیل غەربي موتتەهەم کردە ئیستعمار گەري. لەوبەینە یەکی لەنمایندەیەیل ڕۆی کردەخرۆشچۆف، ووت : مەگەر لەئوروۊپای شەرقي ئیستعمار وجوۊد نەیرت ؟ مەگەر کشودەیل ئوروۊپای شەرقي ئەسیر کەردەی شەورەوي نین؟ ئەگەر ئاغای خرۆشچۆف ڕاس دەت ، حەقیە ئەوەڵ ئەسیرەیل خۆی ئازادبکەت . ئی قسە وەخرۆشچۆف فرە گرانهات . مشت خۆی قاییم کوتابان‌مێز ؛ وەلەڕەئیس جەلەسە تواست کە ئەوشەخصەلەجەلەسە بکەیتە دەشت؛ وەلی ڕەئیس قەبوۊل نەکرد . ڕەفتارنەخوست‌وەزیرشەورەوي لەتەمام‌دونیادەم وەدەم کەفت ؛ وەفرە چشتەیل لەبارەی ووتن. لە گشتیان موهیمترئی مەطالبەسە :

١-خروشچۆف لەماڵ خوەی وەملهوڕي وزۆرووتن عادت کردیە لەسازمان میلەلیش دەس‌لەملهوڕي وزۆرووتن نیەلگرت . وەخەیاڵ خوەیە سازمسان میلەلیش پارلەمانەکەی خۆەیەکە : فەرمایشەیل ئەوە وەئازایی ئیجراوە بکەن ؛ وەمەردمیش ئیطاعەت‌بکەن، وەبۆشن: بانچاو. ئەلبەتە تی‌تەوەقوعە خوەی ئیشتباینکە .

٢- قسەی تریەسە کەنەخوست وەزیر شەورەوي ئەصلەن مەقصوۊدی موخالەفەت کردن گەرد سازمان میلەلەسە ؛ کەئی‌سەنگەر صولح‌دونیالە ناوبچێت . تائەوە بتۆنیت مەقاصد خوەی‌بنێتەمل مەردوم دونیا.

ئۆشنیش کە : خرۆشچوف موقصوودی ئەوەسە کە شەورەوي لە مەجمەع عوموومي سازمان جۆرشەورای ئەمنییەت حەق «وتو»داشتۆت؛ ئابتۆنێت لەئیقدامات دیگەران وەر گیري‌بکەت. ئەلبەت ئەگەر چێەو بۆت ، سازمان‌میلەل موتتەحیدیش قادروەهیچ کاریکەونی‌یە. دەرهەرحاڵ ڕەفتار خروشچۆف لەسازمان میلەل ئەسپا و نگەرانيو ناڕاحەتی‌یە . وەئەگەر نەخوست وەزیر شەورەوي نیسبەت وڕەفتار خوەی تەجدید نەظەرنەکەت ئەڕای صولح‌دونیا بی‌خەطەر نی‌یە .

م:ص:م

## بەشی مەولەیی
## پارچەی
## ٣٥

لەم پارچەدا وادەرئەکەوێ کەخوداڵی خۆشبوۊ مەولەوي ڕۆیشتووە بۆلای ئازیزی‌وەلەو کاتەداخێڵی ئازیز لەدەوارابوون، وەختێ کەمەولەوي ئەگاتەبەرە وە،لەڕێگاوە ناگا ئازیزی‌لە پاڵی‌دەواریکاچاوپێ ئەکەوێ کەئە چێتە ژێوە،ئەنجا لەپاشا ئەم پارچەی‌خوارەوەبەو بۆنەوەئەهۆنێتەوە ئەڵێ :

ئازیزی سۆسەن خاڵ دیمەنی‌جوان وڕۆناکی‌خۆی لە گۆشەی دەوارانداوە کوۊخەیاڵی ڕوخساری مانگی‌لەدڵی ڕەش وتاریکی من دا دەرخست؛ زەوی‌شانازی ئەکرد کەپێی‌نازك وشیرینی‌ودك بلوۊری بەسەرا، دائەناوتێ پەڕی ئەکرد . گۆشەی دەسماڵی ڕەشی کە دابۆی بەسەردا، بەشنەی شەماڵ ئەلەرایەوە، وەجەمینی سپی و بێ‌خەوشی‌وە کوۊئاوی ژیان لە تارێکیدا، ئەدرەوشایەوە؛ لەوکاتەدا بۆدڵ نەوایی کردنی‌من کەدۆر کەوتوۊتازەها توبوۊم، بەدیاري‌تیری ڕوانینی چاوی‌مەستی بۆخستم ؛ باوە کوۊ منیش وە کوۊدڵبراوانی ترهەربەچاوپێ کەوتنی بالآی ئازیز گیانی خۆم لە دەس داوخستمەبەرپێ یەوەوومردم بەڵام زۆرچاك‌بوۊ کەبەمردنیش تیرێکم لە دەستی ئازیزەوە خواردولەگەڵ خۆما بۆیادگاربردم .

چون چێرەی خەیاڵ ڕوخسارەکەی ویش
نەتۆی پەردەی دڵ «مەعدوۊمی» داڕێش
نمانا جەمین شای سۆسەن خاڵان
کەم‌کەم نە گۆشەی لای سیامالآن
زەمین مینەت بارپامەنیاو مەوبەرد
جارجاروەڕۆی نازباوشێن مەکەرد
نەتۆی تاریکي‌تای‌شەدەی بێگەرد
لەتافەت چون ئاوحەیات مەوج مەوەرد
غەریو بیم چەنیم کارەم نمانا
وە سەوقات پەرێم خەدەنگێ شانا
ئەرصەد چون یاران گیان تەسلیم کەردم
خاس بی بەی یادگارخەدەنگێ وەردم.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**هەراله**

ماوەی ل ٤

خان دانەواند، بەڵام هیچ هێزی نوسینێ ناتوانێ حاڵی ئەوکاتەی من، وەوەیلەی دڵ خۆشیی من بخاتە سەر کاغەز؛ جیهان لە پێش چاوم بۆبەبەهەشتی بەرین، لەخوشیی و شاڈی دا لەپێسی خۆم دا جێم تەئەبۆیەوە، نەم دەزانی چی بکەم؛ خۆم پێ نــەئەگیرا دەمویست پەڕدەربێنم، وەلە شەقەی باڵ بدەم، وەبەونیوەشەوە خــۆم بگــەیێنمە وە خوێسملێ، موژدەی کارەسات بەشاپەسەند بدەم؛ ئەویش لەبەندی غەم ئازاد کەم . بەڵام خۆنە ئەکرا بەهیچ چەشنێ لە وبەرافی یەدا دەس لە خۆم بەردەم، بەهەرچەشنێ نەبۆ خۆم گرت بەڵام هەمۆدانیشتووانی بەرافیی بەحاڵی منیان زانی.

سان:ـ مەحمۆد! من ئەم کوڕەم زۆرخۆش ئەوێ وەئەبێ خەڵاتێکی چاکی بکەم، وەلەکاتی زەماوەندیشا ئاگادارمان کــە ئێمەش ئەبێ لەوشاڈی یــەدا بەش داربین .

مالەمەحمۆد:ـ گەورەم! سایە داربی بەڵی ئەمرئەکەی منیش وائەکەم ! لــەوکاتە دا منیش بەنیشانەی سوپاس سەرم دانەواند وەکوتم :میرم ! تەنیا سایــەی ئێوەبۆمن بەسە؛ جگەلەوەی کەمن زۆڵەی ئەم هۆزەم، وەئەبێ هەمۆ کاتــێ فداکاری ئــەڕێی فەرمانتا بکەم، بەڵام گەورەیی؛ وەگوزەشت ومەردانەگی جەنابت وقارەمان‌خان، تا دنیا دنیایەمنی کردە غولامێکی لەگییان بوردوی ئێوە بەهیچ زمانێ ناتوانم سوپاسی کرۆکی دڵ بۆئێوە دەربڕم چونکە نایێتە گفتارەوە .

ماوەی هەیە

---

## بوپی کەنین

**بێ بیروباوەڕیی**

پیاوێ ژۆبیشتەلای پزیشکی وپێی ووت: باوەکومن بیروباوەم ژێکم بەپزیشك نی‌یــە ، هاتومە خزمەتت.

پزیشك ووتی: قەیدی‌نــی‌یە؛ کەروگا ومەڕوبزنیش باوەڕیان بەبەیطارنی بەکەچی‌دەردیان‌دەرمان ئەکرێ ،

**ئاموژگاریی ژیرلە** سەر بەرەوژور گمێزمە کەن !

ماوەل٧

---

هەزارویەك شەو ٢٩٣

بۆەوە، پژمەیێکی لێداوکوتێ بەنگ لە گەرۆی دەرپەڕی، بەڵام وەهابــەنگێ بۆ کە ئەگەر فیل بیخواردبایێ، دۆشەوورۆژ لەسەرخۆی ئەچۆ. وەختێ ئەو گوڵ ڕۆمەتــە چاو کەژەنە چاوی کردەوە ووتی: ئەی ڕۆ! کێ منی لەنێو کۆشك وباخی جوانی خۆمەوە هێناوەبۆ نیۆ ئەم قەبرسانە، وەلەنیۆ ئەم چوار قەبرەدا، دای ناوم؟ وەئەبێ بۆچی هێنا بێتمی؟ غانم ووتی، گیانی شیرینم! من نە کۆشکم دیوە ونەباغ ونەتۆم هێناوە، بەڵام خوڈای گەورە هێنامیە ئەم جێگا، تابەداڈی تو ڈا بگەیێم. گیانە کەم ! من شەولیرە بۆم ئەنوازم سێ قولەڕەش صنڈۆقێ وا بە کۆڵیانەوە دێن بۆ نیۆ ئەم قەبرسانە. کە گەییشتنە پێشەوە ، چاڵێکیان کەندو صنڈۆقەکەیان تێ نا، وەلەپاشان گەرانەوە. کەڕۆژ بۆەوە، من سەری چاڵم هەڵدڕی وصنڈوقم دەرهێنا کەبزانم چی تیدایــە. کاتێ دەرکــی صنڈۆقم بەرز کردەوە ، چاوم بەچاوێ کەوتنی ڕۆمەتێ وەکۆ مانگی چواردەی تۆ ڕۆشن بۆەوە، بەڵام لەوەی کە لەسەرخۆت چۆبۆی زۆر ناڕەحەت بوم. لەصنڈۆقم دەرهێنای ولە هەوای ئازاڈا پاڵم خستی ، تاپژمەیێکت لێداو کوتی بەنگ لە گەرۆت دەرپەڕی وچاوت کردەوە. جائێستا تۆش خۆت بەمن بناسێنە وبزانــم تــۆ کێیت ؟ کیچە کە ووتی: ئەی جەوان! شوکر بۆخوڈا کەمنی بە گەنجێکی خۆش خۆودڵپاکی وەکۆتۆ گەیاند. ئێستاپێش لەهەمۆشتێ هەستە لەنیۆی صنڈۆقەکەم نێ ولــەسەری ڕێگاوە ڕاوەستە، تاکاروانێ لێرەوەتێ پەڕئەکا، ئولاغێکیان لێ بە کرێ بگــرە ، وە صنڈۆقەکەی لێ نێ وبیبەبۆمالی خۆت، کەئەم کارەبۆتۆ قازانج و کەڵکی زۆری ئەبێ وسەرئەنجامی چاکی هەیە. کاتێ گەییشتینە ماڵەوە، بەسەرهاتی خۆمت بۆ ئەگێڕمەوە. غانم زۆر کەیف خۆش بۆ، بەپەلە، لەقەبرسان هاتەدەرەوە بۆسەرجادە ، قاترێکی لەپیرە مێردێ بە کرێ گرت وهێنایە نیۆ قەبرستانە کە صندوقەکەی باری کردو کەوتنەڕێ بۆ نیۆ شاربۆماڵی غانم. لەڕێگادا غانم لەخۆشیی دا پێ نەئەکەوتەزەوێ

---

## ئاموژگاریی

کەسێ چاکەت لەگەڵ ئەکا، زۆرجورمەتی بگرە، وەسپاسی بکە، باوەکو کەسێکی زۆربێ قابل بێ . وەکەسێ خراپــەت لەگەڵ ئەکا ، تۆڵەی لێ بکەرەوە؛ باوەکو زۆرپایەبەرزو گەورەبێ .

(حضرتی محمدص)

هەر کەس ئەیەوێ کە دەوڵەمەنڈ وبێ نیازبێ ، بێ ئەمەی ماڵــی دونیای بێ، وەخۆشەویست وبەڕێزبێ، بێ ئەمەی دەستە وبەستەوخزم و کەس وکارێکی لەدەورابێ، وەخەڵکی لەقسەی ئەودەرنەچن وهەرچی بڵێت، گوێ بۆڕا گرن، بێ ئەمەی زۆرداربێ، لەژێری باری پیسی گوناهـ دەرچێ وخۆی بخاتە مەیڈانی خوڈاناسی وپارێزکاری یەوە، هەمۆ ئەوانەی . دەسگیر ئەبێ.

(حضرتی علی رض)

ئاوەز وژیری، مرۆڤ بەدواپلەی گەورەبی وشەرەف ئەگەیێنێ . کەسێ ئاوەزی بێ، هەمۆ عەیب وناتەواوی ئەوئەپۆشرێ؛ وەهەرخراپە یێکی بێ، ئەی گەڕێنێ بەچاکە؛ وەهەمۆ کەسی لێ ی ڕاضیی ودڵخۆش ئەبن ،

(لقمان)

ئەگەرئاوەز لەهەمۆ خوێی زیاتر زۆرنەگرێ بەسەرمرۆڤا، مرۆڤ لەزۆرتری کاری خۆیا تۆشی هەڵە وناڕێکی ئەبێ.

(سقراط)

هەرکارێ گەئاوەزی ژیك بەچاکی بزانێ ئەوەچاکە.

(بطلمیوس)

ئاوەز لەموڵکی بەڈەنا، وەکۆ پاڈشایە؛ وەئەوخوووخدەکانی تروەکۆ ڕایەتن . ئەگەر ئاوەزچاك نەتوانێ سەرپەرەستی یان بکا ،هەمــۆ بەڕێی هەڵەوچەوتا ئەڕۆن .

(علی بن عبیده)

شەرەفی پیاوبە بەخشش ودەس بەڵاوی ، وەگەورەیی بەپارێــز کاری وخوڈاناسی یە،

هەر کەس ئەم دۆخوێەنی یە، نەبۆنی لەبۆنی چاکترە

(سعدی رح)

لەمامۆستام پرسی:داوای چی لەخوڈای خۆم بکەم کە هەمۆشتێکم داوا کردبێ ؟

ووتی: تەندروستیی وبیروباوەڕی بەتین .

(بزرگمهر)

چوارشت بۆپادشا پیویستە، تاپادشایی ئەوڕا گرێ وسەرئەنجامی چاك بێ :

چاوەێري وپاراستنی دین؛ وەزیری دروستکارو بــەدەسەڵات ؛ ڕاگرتنی ویست ولێ بڕان؛ وەلەدەس بەرنەڈانی دوڕئەندێشی وئیحتیاط

(لە کتێبی «نصایح الحکما)

پاداش هەرخزمەتێ پارەوزێروزیونی یە .

(پوشە)

پارەوە کۆ کلیدێ وایە کەدەرکی هەموشتێکی پێ ئەکرێتەوە؛ وەهەمۆشتێکی پێ بەدەستدێ، بێجگە لەخۆش بەختي وشەرەف.

(شکسپیر)

یەکەم دەرسی ژیان ئەوەیە کە: ئازارت بە کەس نەگات.

(روسو)

ماوەل١٠

بنکەی ژین www.zheen.org

**لەهەر ...**

ماوەی ل٢

## مەولەویی تاوگوزیی

بڕێزنەتۆی جام بادەی پەروەردە—
هەزارێ چون من وەڕەقص ئاوەردە
تاڕێزۆن نەتۆی مــەوج دەرۆن دا
تەومن دەووەتــاڵ سۆز «مجنون» دا
«مەعدوّمی» جەداخ دیدە خوماران
داخلّ بیوەبەزم جــەر گەی مەی خواران

## مەلاحامدی ئالیجانیی

ه.ام دەردێ نــــــەبــێ . . .

هەرچەنڎ کیلّیام هامدەردێ نــەبێ
وەك «حامد» هامڕازهامفەردێ نەبێ
لە هیجران یاررەنگ زەردێ نەبێ
جام وپیاڵـــــە فرۆشێ نــەبــێ
زاهد دنیا نــەکــــــۆشێ نــەبێ
یەك ڕەنگ ودوروس پەیمانێ نەبێ
صادق وصەحێح ئیمانــێ نــەبــێ
وادە دوروس وسەرڕاسێ نــەبــێ
حەکیمدانەی دوژ ناسێ نـــــەبێ
لەهیچ مەکانــی مەی خوواریٚ نەبێ
قائـل صاحب ئیتواریٚ نـــــەبێ
واعظ صاحب ڕەفتاریٚ نـــــەبێ
یەکێ جە دلێ‌ه ـــــەزاریٚ نەبێ
«حامد»! ئەی زەمان تۆپێش یاوانی
نادرالـوقـــــــوع بــەین یــارانی
پەنابەربـــەذات حــەی سوبحانــي
تــائـــــــەوڕۆمەبۆڕۆحت‌جنانــی

---

**ئاموژگاریی**

ماوەی ل٩

شەیتان لەدڵــی خومانایە؛ وەخۆمــان لــەبەهەشت‌ڕائەکەین.

(گوتە)

کەسێ کەبیروڕای بەتینە، زۆربەهێزو زۆرداره؛ وەمرۆی‌دوّدڵو بیروڕاتەق ولەق، ناتەوانە .

(جیمزفریمن کلارك)

گەورەترین خوّی‌مرۆڤ ئەوەیە کە لەکاتــی‌تووڕەبوونــا ، بێ - دەنگ‌بێ .

(ویژەری نەناسراوە)

سەگێ کە ئیسقانی وابەدەمیەوە ، هەمیشە والەمەترسي ئــەوەڎا کەسەگێکی زۆردارتر هەلّمەتی ای‌بدا؛ وەئیسقانەکەی لەدەم دەربێنێ وبڕفێنێ.

(هەتەلّی ئەفەیقائی)

---

**لابەلا :**

| ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ■ | | | | ١ |
| | | | | | ■ | ■ | ٢ |
| | ■ | | | | | | ٣ |
| | | ■ | | ■ | | | ٤ |
| | | | | | ■ | | ٥ |
| ■ | ■ | | | | | | ٦ |
| | | | ■ | | | | ٧ |

بەنی‌زۆر بادراو، یامرۆی ئازا— ئەگەردوّ کەسی ڕەقیب‌هەردوّ کیان وەهابوّن، کاریان ئەکێشێتە لای مشتومڕەوە ٢— گۆشتی کــولاّ و بۆژێرپلاو ٣— جۆرێ لە بزن کە کەموێێکی زۆرنەرمی وای هەیە کەچۆخەوزانکی لێ‌دروّس‌ئەکرێ ٤— ئەگەر ڕاستی بگریٚ ئەگەیتە مەنزڵ— ئەوەندەی‌تری ببێ‌بارێکە ٥— کەسێ کەتازەلەناخۆشي‌هەلّسابێتەوە ، بەبیانوّی‌بوواردنی ئەوەوە زۆرئەخوا ٦—ئەندازەی زەمینی کێلّران بەزمانی جوّتیاران ٧— ناوی‌مەیدان ومزگەوتێکە لە تاراندا— «بوعلی‌سینا»، بۆدەوای دەردی پشیلەیێ کەژنیکی ناخۆش ، «سماعە»ی لەباتي‌خۆی لەسەردلّی ئەودانابوّ؛ چەنّدانە لەوەی نواند .

**سەربەرەوخوار:**

١— شیرینی‌یێکی تەڕی‌مالّي بۆسەرسفرە ٢— ووشەیێکە کە لەباتي«مملوك» ئیزافە ئەکرێ بۆلای «مالك»—نێری‌فارسي ٣— عەقلّ‌وئاوەزی هەیە—هێشتانەبووتە شێر ٤ —کەسێ کە لەباتي مالّي یەکەمی ستوّنی چووارەمی لابەلا ، خوّی‌لەوەبدا؛ لەباتي گەییشتنە مەنزلّ توّشی بەلاّئەبێ ٥— توّزێکی ماوەبێتە «مخــزن» — سلّپی هەنگوین ٦— «نە»ی سەربەرەوخوار— لەدووایی «ماضی‌نقلی»وە ، جێ‌نشینی «بوّ»و «بە»یێکە ، کە لەمەصدەرائەبێ‌بە «ە» ٧—لەدووای‌ناوەوە نەتاوشەخسي‌بەن؛ یا «مشخصات وآدرس»، یابەلّگەڕاس ووتنی پەیغامبەرە .

### گراوەی چووارقوژینی ژمارەی ٧٣

**لابەلا :** ١—دەسوبرد ٢— وەرە ٣— بگار— شش ٤— الر— بکە ٥— نی— گرەو ٦— نێلە ٧— شەلەمین

**سەربەرە وخوار :** ١— دەبان ٢—گلینە ٣— سوار— یل ٤— وەر— گلە ٥—بێ—برەم ٦— ڕەشکە ٧— شەوان

---

هەزارویەك‌شەو ٢٩٤

کەتوّشی وەها خەیرێ بووە، کچێکی بەم‌جوانی‌یەی لەگەلّ ئەوهەموّ جەواهراتو خشلّ وزێڕوزیوەدا ، بەگیر کەوتووە. کەگەییشتنە مالّەوە، صنڎوّقی داگرتو بەپەلەسەری صندوقی هەلّبڕی .

(کەچیرۆك گەییشتە ئەم‌جێگا ڕۆژبوّەوە، وەشەهرزادقسەکەی بچری)

## گەشەوی چل‌هەمهات

شەهرزاد ووتی: ئەی‌پاڎشای بەختیار! کاتێ‌غانم صنڎوّقی هێنامالّەوە ، سەری هەلّبڕی، وەئەو کچە گولّ ئەنڎامەی دەرهێناوەئەو کچەتەماشای مالی‌غانمی کرد کەزۆر خۆش‌و گەورەیە، هەموّ هوّدەکانی بەحەریر فەرش کراوە، وەبوخچە بوخچە کوّتالّی هەورێشم وئەتلەس دانراوە، زانی کە غانم‌بازەرگانە. وەچونکەغانم‌بۆخۆی گەنجێکی زۆرجوان چاك وخۆش هەیکەلّ‌بوّ، کچە کە دلّێ‌صەڎدلّ عاشقی‌بــوّ . ئەوجا بەغانمی ووت: بڕۆنان وپێخۆربێنە! برسیمانە. غانم‌ووتی: ئەی بەسەرهەردوّ چاوم. وەبەپەلە ڕۆییشت بۆبازار. کەبابێ گۆشتی‌بەرخ وهەلّــواو شەراب ونوقلّو شەمی کڕی وهێنایەوە. کچە کە ڕۆییشتە پێشوازی وبەپێ کەنینەوە دەستی کــردە ملی وماچ کـــــــردەوە،وەزۆرڕۆی خـــــــۆشی پــێ‌پیشاندا. ئــەوجادانیشتنە سەرنان‌خواردن وقسە کردن،تائێوارە. کاتێ‌ئێوارە هەوا تارپك‌ولێلّ‌بوّ غانم‌هەستاوە، شەمەکانی داگیرساند. وچل چراکانی‌هەموّ ڕۆشن کرد. ناوی‌هوّدەکان ڕۆناك‌بوّەوە، بەجۆرێ کە کەیفی پیاوی ئەبزوان. ئەوجا شەوژەنی دەرکی حەصاریان داخست، وەشەرابیان هێنا. غانم پەکێکی‌بۆ خۆی‌تێ‌ئەکردوپەیێکێ بۆ کچە کە؛ کچە کەش

# جەژنی چوارەمی ئەبان رۆژی بەدنیا هاتنی شاهەنشا لەهەموگەلی ئیران پیرۆزبی


زمارەی ـ ٣٦ ـ سالی دووەم
زمارەی شوێن یەك ٧٧

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردییە، حەوتەی جارێ چاپێکی دەرئەچێ

بایی

بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| سالأنە: | ١٢ | تمەن |
| شەش مانگە | ٧ | « |
| چلێ | ٣ | قەران |

بۆ دەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| سالأنە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | « |





عەزیزم شاســوارێکە، گوزەرگا، گلر، بەئەلبورزا
دەکا ، نووکی سمی ئەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا

سیاسی ـ زانیاری ـ ویژەیی ـ کۆمەلایەتی



خاوەنی امتیاز و مدیری لی پرسراو
عبدالحمید « بدیع الزمانی
بەچاودێری دەستەی نووسەر :
محمدصدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر
دوکتور عبدالرحمن و احمد مفتی زادە
عابد سراج الدینی ـ شکر الە بابان
خسرو شیخکا نلووی میلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ٢١٨
تلیفوون ٣٢٠٠٣



چووارشەممە ٤ گەلاریزان ٢٥٧٢ ك ـ ٤ ئەبان ١٣٣٩ ش ـ ٥ جمادی الاول ١٣٨٠ ق ـ ٢٦ ئوکتوبر ١٩٦٠ م


## چوارومی ئەبان



## ئەمرو سەرتاسەری وەلات جەژن و چراغانی بو

## هەموگەلی ئیران چاوەریی هاتنە دونیای کورپەی

شاهەنشان، وە بەدل لەخودا ئەپارینەوە کەئەم کورپە وەلی عەهدی ئایەندەی وەلات بی .

لەجەژنی ڕۆژی کومەلی نەتەوە یەك گرتووەکاندا ؛

## ئاغای «حسین علا» وەزیری دەرباری شاهەنشاهی

پەیامی شاهەنشایان خویندەوە .

سەرەك وەزیریش ووتەی کردو، ووتی :

## لەبەینی وەلاتە دەولەمەند و هەژارەکانا ، درنالیکی قوول

وترسناك هەیە. دەس گرویی وەلاتەدەولەمەندەکان ئەبی لەلایەن کومەلی نەتەوە یەك گرتووەکانەوە بدری

مانگی ئەبان لەپێش چاوی گەلی ئیران مانگێکی فەڕداروپیرۆزە چونکە : لەم مانگەدا زۆرتری والاحضرەتەکانی زەنجیرەی پایەبولندی پەهلەوی ، چاویان لەجیهانی ڕوناکدا کردووەتەوە، وەلەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە: هاتنە دونیای بەنرخی **اعلیحضرت محمد رضاشای** پەهلەوی لە چووارەمی ئەم مانگەدا، ڕوی داوە .

لەپێش چاوی گەلی ئیران ئەم مانگە پیرۆزە لەئەمسالدا زۆرتر لەسالانی پێشوو هۆی شادومانی و کەیف خۆشییە، چونکەیە کێکی دیکە لەوهۆزە مەزنە کەبریتییە لەکورپەی ساوای شاهەنشای خۆشەویست لەمەلەکەفەرەحی پەهلەوی بەزێوەیە، وەلەم مانگەدا دێتە جیهانەوە، وە گەلی ئیران کە: لەچەندێ لەمەوپێشەوە هەوالی لە دایك بوونێکی واپیروزیان بیستووە، خۆیانیان بو بەرێ کردنی یاسای جەژنی بەم هۆوە ئامادە کردووە وەئەم گەلە لەکانی دلەوەدەستی دۆعایان بۆبارگای یەزدانی بولند کردووەتەوە کە: ئەوساوا پڕفەڕە کوڕبێ وەوەلی عەهدی وەلاتی ئیران بێ

ماوەل ١٢

وەزیری دارائی ڕای گەیاند:

## دەرئامەدی ئیران لەنەوت زور بوو

## کومپانی یەکانی نەوت گرتیانە ئەستو کەئەندازەی دەرهینانی نەوت زور بکەنەوە، وە لەصەدا ٧ بایی

نەوتی پالفتەکراو لەئیرانا چووەسەر .

## نەتەوەی کوردو نەتەوایەتی ئیران

ماوەلەچلی پێشوو

سەلام لەسەر خاکی پاکی کوردستان لانکی پالەوانەکان . ئەسکوثەکان تـا ٢٠٠ سالی

ماوە ل ٣

## نالەباری یەکانی کومەل

((بووك و خەسوو))

ـ١٠ـ

پاش ئەوەی کە « نەرگس » دەردی دلی خۆیی بۆ ئەحەی مێردی کرد؛ وەپیاسکەی نهێنی حەسرەتی بـۆ هەلپچڕی، ئەحە کوتی: نەرگس! گووێ بەم قسانەمەدە! لەڕۆژێکە وە کە خوواجیهانی هێناوەتەدی، خەسوٚ هەروا بۆوە، چاری نایێ چارەی

ماوەل ٧

## لەکومەلا چون بژین؟

**زێگای خودناسی**
**یان**
**طەریقەی عرفان**

ـ١٠ـ

پاش ئەوەبۆمان دەرکەوت کە هێزەهەموودەمێ واله خۆنواندنا وە بەگوێرەی ئامادەیی هەرشتێ لەو

ماوەل ٦

هران و برادران فارس کە علاقمند بفراگرفتن رسم الخط کردی باشند، صفحه ٨ را مطالعه فرمایند،


بنکەی ژین
www.zheen.org

**نەتەوایەتی...**

ماوەی ل ١

پێش لـە میلاد ، دەس ڕۆیشتنی خۆیان بەسەرناوچەکانی لاخواروی ڕۆسدا پارا ستووە؛ لەنێزیکی ئەوتاریخە. وە هۆزێکی هاوڕەگەزی تـریش بەناوی «سەرمەت» کـە ئەوانیش ئێرانی بوون، جێگـای ئەوانیان گرتەوە؛ دەشتەجنوبیەکانی ڕوسیە، هەروەها جێگای ئێرانیەکان بو، لەئەنجاما، لە سەدەی چوارەمـی میلادیدا سەرمەتـەکان بـەدستی هۆزەکانی موغول تێشکان، وەلەو ناوانا دەرکران، بەڵام لەئاسیادا، ئەم ئێرانی دەرەوە زور ترمایە وە، لە ساڵە دووایییەکانەوە ، لەسنوری خوتەن و کاشەردا، هەندی نوسراوی کۆنیان دۆزیوەتەوە کەزۆرجێگای چاودێریە. ئەم نوسراوانە، بەشێوە زمانێ کە، کەئەمرۆپێ ئەڵێن ئێرانی ڕۆژهەلا، یان ئاریایی ڕۆژهەڵات، وە ئـەوەشێوەیێکـی پاك وخاوێـنی ئێرانیە.

دەهەرئەم بەڵگـە مێژوویانـە

ماوەل ١١

# ئامۆژگاریی

ڕۆژێ چەنڎ کەس بازەرگان هاتنەخزمەتی حەزرەتی پەیغەمبەر (ص). حەزرەت بەوانی فەرمۆ:

ئەی دەستەی بازەرگانان! کاتێ ئێوە بەڕۆی سپیی وسەربەرزییەوە ئەڕۆنە بارەگای خوڎا، کە لەماڵەلەدا ڕاستبڵێن؛ وەخزم و کەس وکارتان لەبیر نەچێتەوە، وەئەوان بکەنەسەر؛ وەئەمانەتی خەڵکي بڎەنە وەدەستی خاوەنی.

(حضرتی محمدص)

شەراب خواردنەوە ، کلیدی دەرکی هەموشەڕو شۆڕێکە ؛ وە سەرەتای هەمو گوناییکە.

(حضرتی عمررض)

کەسێ ئەمانەت بەسوك بگرێ، ئەکەوێتەنێوی خەیانەتەوە.

(حضرتی علی رض)

کەسێ لەژێری باری ستەمدا مل دا کیشێ وتوڕەنەبێ، لەبەرانبەری چاکەونیعمەتیشەوە، سپاس ناکاوپێی نازانێ.

(حضرتی امام جعفررض)

خەڵکي لەوەختی توڕەیی وئالۆزی‌دا تاقي بکەنەوە ، نەلەکاتی کەیف‌خوشیی وشاڎی‌دا؛ وەدۆستانی خۆتان لەکانی دەسەڵاتوزۆرداری‌دا، تاقي بکەنەوە، نەلەکاتی هەژاري و کەم‌دەسی وناتەواني‌دا.

(ارسطو)

چوارشت بۆخۆیان پیس وناشیرینن، بەلام لەچوار کەسەوەزۆرتر ناشیرینن ئەنوێنن: بوخڵ ومشت قوچیان لەپادشاهانەوە؛ درۆلەقاضی یانەوە؛ تونڎوتیژي لەمەلاوزانایانەوە؛ بێ حەیایی وڕوڎاري لەژنانەوە.

(انوشیروان)

بوزور گمیهر ئەڵێ: لەمامۆستام پرسی: لە کێ ئەمین ودڵنیابم؟ ووتی: لەدۆستێ کەحەسوڎو بەخیل وبەرچاو تەنگ نەبێ.

پرسیم: لەهەروەختێکا چ کارێ چاکە؟ ووتی: لەجەوانیدادەرس خوێندن وزانست فێربوون. لەپیریدا چاکە کردن وخەلکیی بەدڵخۆش ڕاگرتن.

پرسیم: چ قسەیێ بەلای هەمو کەسێکەوە ناشیرینە؟ ووتی: ستاییش لەخۆوە کردن.

پرسیم: چ خوێی بۆجەوانان چاکەوکام ڕەفتار لەپیرانەوەشایانە؟ ووتی: بۆجەوانان حەیا ونەبەزي؛ بۆپیران زانست ونەرم ونیانی.

(بوذرجمهر)

چوارکارجێ بەجێ نابێ ، مەگەر بەچوارشت نەبێ . پـادشاهي ناکرێ، مەگەر بەداد گەري؛ دوژمن لە بەین ناچي مەگەر بـەدۆستي ؛ مەحەبیەتو دۆستیی خەڵکي بەدەس نایێ مەگەر بەخۆبچوك گرتن. وەکەس بەمراڎ ناگەیێ مەگەر بصەبر وبوردباري .

(نصایح الحکماء)

خۆش بەخت کەسێکە، کە: لەهەرهەڵەو خەتایێ کە لەدەستیەوە دائەکەوێ، تەجربەیێکی تازەبەدەست بێنێ وپەنڎێ بگرێ.

(سقراط)

خۆش بەختیی گەورەتر لەڕەحەتي فیکر نی یە.

(بودا)

خۆش بەختیی دەرکی هەمو کەس ئەتەقێنێ ؛ بەڵام بڕێ کەس ووریانین.

(لوکرس)

دۆري لەڕەفێقی شەڕلاتان، پلەی ڕۆرۆی خوش بەختي یە.

(شکسپیر)

طاهر بەگ

## شەهیدی تیری موژگان

فڎای ڕوخساری ئاڵت بم ئەڵێی خورشیدی تابانە
بەلاگەرادنی بالات بم ئەڵێی شەمشادی بوستانە
لە سایەی تیغی ئەبرۆێ تۆ لەڕۆژی حەشرەڎا، جانا!
بحمدالله حیسابی من لە گەڵ جەمعی شەهیدانە
دەزانی بۆچی مەسرورم ؟ ئیشارەی کردمی دلبەر
ووتی: حاضیر بەبۆ کوشتن! سبەینێ جەژنی قوربانە
لە ئاهم گەربسوتێ ئاسمان باوەڕبکەن ئەمشەو
ئیتر یاران چ باکم من لە سەردی فەصڵی زستانە!
کەزوڵفێ عارضی پۆشی، ووتم : یارەب ! چ سحرێکە؟
لەلایـێ ظوڵمەتـی کوفرە ، لەلایـێ نوری ئیمانە
دەبێ کاول بێ موڵکی دڵ، بەتاراجی سپاهی غەم
هەتاشاهەنشەهی عیشقت لە وێدا مثلی سوڵطانە
بەدەس بادی صەبا چونکە پەشێوا، نەظمی زوڵفانت
منی چارە سیابـۆیـێ هەمۆنـەظمم پەرێشانـە
مەکەن تیماری زەخمی جەرگی «طاهر» ئەی طەبیب! ئاخیر
بزانن تا لە حەشرا ئەوطەبیبی تیری موژگانە

هەزارویەك‌شەو ٢٩٥

هەربەوجۆرە شەرابێ ئەڕژاند . هێندە شەرابیان خواردەوە ، تاتەواو مەستو سەرخۆش بوون؛ وەدەسیان کردە گەمەودەس بازي وپێ ئەکەنین و گۆرانییان ئەووت؛ وەتانزیکی بەیاني بەعەیش ونۆش ڕایان بوارد ؛ ئەوجاخەو زۆری بۆیان هێنا وهەر کام لەسەر جێگای خۆیانەوە ، خەویان لێ کەوت ، تاهەتاوهەڵات . غانم هەستاو لە پاش بەرقلیان خواردن ڕۆییشت بۆبازار ، تانیوەڕۆ بەکارەکانیا گەییشت وپاش نیوەڕۆ گۆشت وشەراب ونوقڵ وشەمی کڕی و گەڕاوە بۆماڵ ، پێکەوە دانیشتن و نـان و پێخۆریان خوارد ؛ لەپاشان دەسیان کردە شەراب خواردنەوە و دەس باري و گاڵتە و ماچ ومۆچ ، تاسەر گوڵمیان وەکوگوڵاڵە سوڕە، سوڕ هەڵ گەڕا؛ وەپەردەی حەیا و شەرمیان دڕیا . غانم کوڕی ئەییوب کەوتە تەمای نوستن لە گەڵیا وپێی ووت: نوری چاوانم ! ئیزن بفەرمو ، کە دەم بنێمە نێودەمت وهەڵی مژم ، بەڵکو ئاگری دڵـم بنیشێتەوە . ئەوکچە پەري ڕوخسارە ووتی ؛ ڕاوەستە تامن تەواو مەست ئەبم وبێ هۆش ئەکەوم ؛ ئەوجا ماچم بکەولەباوشم بگرە، کە خۆم نەزانم. لەپاشان ئەومانگ ڕوخسارە بالانەمامە هەستاوە وەتیکەتیکەجلەکانی بەری دەرهێنا ، تالۆیی ژێر کراسي لەبەریاماوە ، بەوژێر کراسی یەوە دانیشت ؛ غانم ئیتر ئاگری تێ چو، ئارام وطاقەتی لێ بڕا ، ووتی : خاتون بەقوربانت !

شەوی تاریك ودڵ پـڕعیشق وسەرخۆش
وەهـــــا سازە بیساتـــــی ئاشنایی
وەرە، سا ، با ، بەئاواتـــــی دل و گییان
لەبـەینا هەڵگرین پـەردەی جییایی

ئەومانگ ڕوخسارە وەلامی داوە : ئەم کارەقەت نابێ ؛ چونکو واتەیێکـی گران لەسەر گرێی بەندۆخێنی منەوە نوسراوە . غانم ئەوشەوە دڵی شکاوناهمێڎ بو

بنکەی ژین www.zheen.org

وەرگێڕی پێشەك وڕاستکەرەوەی‌هۆنراوەکان:م.ص.م

# کنزالعرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین‌وو تار ((میر محمدصالح حسنی نعمت‌اللهی))

### ملقب‌به‌«حیرانعلی‌شاه»ی کرماشانی

هــــەمسەران ژارم ...

غەني موتلەقم فــەقیـــــر وژارم

باغ وبوستانم ، گوڵ وگــوڵزارم

پەروانەی شەمعم لەگیــان بێزارم

عاشق ومەعشوق ، مەحوومەفتونم

مەجنون لەیلا ، لەیلاو مەجنــونم

نوروزولمەتم . یارو ئەغیـــــــارم

سەنــــــــەم‌پەرەستم، ژشتەوزیننارم

موغ و موغبەچـە و بادەفرۆشم

پیرپڕئیدراك باعەقڵ وهــــــۆشم

عابـدشەوخێـز ، شەوزینـدەدارم

ڕەند قەدەح‌نۆش ، مەست‌وهۆشیارم

ڕشتەی مەحەببەت‌خەرقەی‌صەدیارم

تەختەپۆست‌تەخت‌مەست‌ومەی‌خوارم

سەنگ قەناعەت کەشکۆڵ وتاجم

بت وبتخانە سەلیب وخـاجـــــم

حەیات و مەمات نوتق و بەیانــم

صامت و صەمتم ، عەین وعـەیانم

«حسین» طینەتم ، «حسن» نەژادم

پاك وپاكیزەن ئـەصڵ و ئیجـادم

نور ونور جثم ئـەرصەد لە خاکم

سەیید بی‌جورم ، مەعصوم وپاکــم

«حەیران»جەڵدخێز، ئاهوی‌تەتارم

مەنظور نەظەرشای هەشت وچــارم

خانەقاو مەسجید ، دەیروکەنیشتم

تەسنیم وکەوثەر ، طوباو بەهیشتم

واڕەستە ژمەکردنیایی دونـــــــم

سەر حەڵقەی تفلان ئەهل جنوونم

نەشا ، نەسوڵطان فــەقیروگەدام

دێوانەی حەقم، مەجنون‌خوداْم(١)

ماوەی هەیە

(١) خوداْیێ خۆشبو «سەی صالح» لە کاتێکدا ئەم پـارچەیەی وتووە ، کەلەدەریای بێ‌بنی خوداْناسی‌دا دەس وپێی وەشاندووە ، وە لەوحاڵەتدا پەیکەری خۆی لەبەرانبەری تیژ گی ڕوژی بەدی‌هێنەری جیهانی بونەوە گوم کردووە، وەجگەلەوتیژ گەشتێکی‌تری‌نەکەوتووەتەپێش چاو ؛ وەلەبەئەوە، هەموشتێ لەتاریکەشەوی نەبونەوە،بەپرشەی

ماوەل ٩

# هەراڵەوزەمزەمە

ماوەلەچلی‌پێشوو

لە ژومارەی پێشودا، زازمان گەیاندەکاتێ کە : سان و کوژانی‌لـە بارەی کار چاکی منەوە بڕیاریان دا، وەمنیش سوپاسم لێ کردن ئێستالـە سەرکارەت ئەرۆم . ئەنجا «خاڵە مەحموود» خوواخافیزی لێ کردن وەهەستایەوە منیش هەروەهـا؛ پاش ئەوەی دەست ومۆچێکی گەرم و گوڕمان پێکەوە کرد، وە دەر کەوتین وچوینە وە ژوری خۆمان؛ «خاڵەمەحموود» خۆی لی‌پەتي کرد ونوست؛ بەلام من‌ئـاوری دوری شاپەسەندوموژدەی نزیکیم تێ‌بەربوتاسبەینێی ئەم دیوئەدیوم کرد؛کاتێ‌لەبەربەیانا جریکەی مەلانی سەحەرخێزم هاتەگووێ‌بەلامەوە لەموژدەی‌بەهەشت‌خۆش تربو؛ دەنگی ئەومەلانە بەلای منەوەهەریەکـە بۆخۆی جورێ‌موژدەی نزیکی‌یان‌تیدابو. کەڵەبابی‌بەربەیان کە: ئەی‌خوێند،ڕەمزی‌هەڵ هاتنی‌ڕوناکی‌روومەتی«شاپەسەند»ی ڕائەگەیاند نەسیمی بەربەیانی باردارلەبۆنی گوراڵانی کـویستان، بەوێنەی بۆنـی دوزلفانی گلێ‌باغی دڵ ئەیداله دەماخ وەقرەم لێ‌بڕا، ئارامم لی‌هەڵ کیرا، ناچاربۆ ئەوەی «خاڵە مەحمود» لە خەوڕاپەڕێنم دەستم بەقۆزین کرد ئەنجالـە پڕ،ناوبراو ڕاچەنی؛ وەهەستایە وەسەرخۆی کوتی: کوڕم مەگەرچ کاتەواهەستاویتە وە ؟ باوەڕ ئەکەی‌ئەمشەوخەوت‌لێ‌نەکەوت؟!کوتم بەڵێ‌ئەمشەوخەوم‌لێ‌شێوابوە،نەورم‌نەدا‌وە، بەری بەیانە شەفەق دەماندویەتیی! کاتی‌نوویژە.

ئەنجا «خاڵە مەحموود» هەستایەوە خۆی گورج کردە وە، پێکەوە چوینەسەر حەوزسەروڕومان شوري، هاتینەماڵە وە ، بەرقلیانمان خست وڕێگای‌خوێسلەی‌مان گرتە پێش؛ لە ڕێگا دا بە سەرهەردوبەردا، وەك مەل ئەبوردم؛ بەلام«خاڵەمەحموود» چونکە ئختیاربو،نەی‌دەتوانی‌پێ‌بەپێم‌بێت، ئەنجا کوتی:ڕۆڵە!تۆئەمڕۆهێندەبەپەلە

ماوەل٩



وەچووەسەرجێگای‌خۆی‌نوست تاسبەینێ شەوغانم هەستاوە ، هەموشەموچلچراکانی ڕوشن کرد ؛ هۆدە کە زۆر کەیف بزوێن‌بو ! غانم خۆی خستە مل‌دەست و پـێ‌ئەو بوتە مانگ ڕوخسارا وماچی کردەوەو ، دەستی کردە پاڕانەوەو، ووتی : ئەی بوتی زیوئەندام ! ڕەحمێ بە گێرۆدەی عیشقی خۆت بکەو بەزییت بەدیلی دەست و پێ بەسراو بەتاڵی زوڵفتا بێتەوە ! ئەوکچە جوانەووتی : ئاغا! بەخودا من لەتۆزیاتر گیرۆدەی عیشقی تۆم ؛ بەلام ئەزانم کەتۆدەستت بەمن ناگات . غانم ووتی‌بۆچی ؟ کچە کەووتی: بەمزوانە هۆی‌ئەم کارەت بۆئەڵیم ؛ کەعوزری من‌قبوڵ بکەی. ئەو جائەو لوعبەتی‌چینەخۆی‌خستە باوەشی غانمەوە ، وەهەردودەستی خستەدەوری‌ملی؛ وەئەم‌لاوئەولای ماچ‌ئە کردەوە ؛ وەقسەی خۆشی لە گەڵ ئە کردو، واڎەی بـەیەك گەیێشتەی پێ‌ئەدا ، تاوەختی‌نوستن گەییشت هەردوکیان‌لەنێوجێگاییکدانوستن. وەهەرکاتێ غانم ئەیەویست دەستی بۆببا ، خۆی‌ئەگرت ونەی ئەهێشت ؛ تامانگێ بەم‌جۆرە تێ‌پەڕی کرد ، وەهەردوکیان ئاگری عیشقیان زۆرتر بڵیسەی ئەسەند؛ وە ئارامیان‌لێ‌بڕا ، تاوە کوشەوێ هەردوکیان سەرمەست‌لەنێوی جێگاییکدانوستن. نوستن . غانم دەستی بردبۆنێوسینە ومەمکی ئەوزیوین ئەندامە ، وەدەستی گەڕاند، تادەستی کەوت لەسەرسکی ؛ وەدەستی داڵەناوکی . دەس بەجێ گوڵ ڕوخسارالـە خەوڕاچڵەکاودانیشت ؛ وەدەستی بردبۆ بەندوخێنەکەی ئەنوازێ گرێ یـەکەی نەکراوەتەوە . دیسان نوست ؛ بەلام غانم خەوی‌لێ‌نەئەکەوت ، وەهەردەستی‌ئەساوی بەبەڎەنیا وئەی گەڕاند ، تادەستی کەوت لەبەندوخێنەکەی وەوویستی بیکاتەوە . کچە کە دیسان بێڎاربووەوە دانیشت وغانمیش لەلای دەستیەوە ، دانیشت . کچـە ڕومەت جوانە کەپرسی : مەبەستت چی‌یە ؟ غانم ووتی مەبەستم ئەوەیەلە گەڵت‌بنوم وبەمراڎی خۆم بگەم . کچە کەووتی : ئێستا ڕازی نهێنی خۆم ئاشکرا ئەکەم، تا

بنکەی ژین www.zheen.org

بەشی کوردیی شمال | کوردستان | لاپەڕە

# چاری ئابانی

مەهائابانێ پێش‌چاوێ‌میللەتێ ئیرانێ مەهەك موبارەك ومەزنە چونکی‌وێ‌مەهێ‌دایە کۆ‌پشکازور والاحضرەتێت‌مەزنەبنیاناپەهلەوی هاتینەدونیایێ وەژهەمییان‌خودان ئەهمیەت‌تر ئــەوە کــۆ مەواودا موبارە کە ئەعلیحضرت محمدرضا شاهی‌پەهلەوی ژی‌چارێ‌وێ‌مەهێ دابویە،

پێش‌چاوێ‌ئەهلێ ئیرانێ کەیف شاهیا چارێ‌ئابانا ئیسال‌ژسالێت پێشدازیدەترە چونکی ئــەولادێ خودان‌قەدرەشاهەنشاوعلیاحضرت مەلە کەفەرەحاپەهلەوی ژی‌دێ‌بوێ مەهێ‌دابیت‌ومیللەتێ کۆچەندە کی پێش‌نهە خەبەرێ خوشە قەدەمــا موبارە کەوێ‌مەولودا مەزن‌بەیستنە وەخوبوپێك هینانا جەشنێ‌حاضر کربنەوەبێ‌رومەتێ هەمومیللەتێ ئیرانی‌دلوجان چاونهیرن‌وەدستێ دوعایێ بولایێ دەرگاهێ خودێ بلند کرینە کۆ مەولودا موبارەك کوڕ ومەولیعەهدێ مەملە کــەتێ ئیرانێ بیت.

عیلاقا بێحەدوە بێ‌هەوال کۆ لەتێ ئیرانێ ناودلێ‌خــودابو نشاهێ ئاگادار وەخــودان حەوەخێرخارئیحساس‌دکەن کەتکەتەمرووێت میللەتێ‌ئیرانێ تینەسەروێ هندێ کــۆ رحەتێ‌وە پێك‌هاتنا مرازێت دلــێ‌شاهەنشا کۆ‌ئەوژێ بەرئــاسودە تییاوەضعا ئیرانێ ورحەتییا ئەهالیە هەمــو گاوان ژخودێ بخازن‌زیدەژوێ هندێ چەندساله کــۆمیللەتــێ ئارەزویەك‌هوتو هەبویە کۆچاوێت شاه ومیللەتێ پێ‌دیتنا وەلیعەهد ڕوناهی‌بن وەمــرازا ئیرانی‌بێت خودێ‌ناس شاهدوستو وەطن‌خاز ژی‌پێك‌بێت، زیدەژوێ هندی کۆ حوباشاهەنشادلێ‌هەرمرووەك‌پاکە ئیرانێ‌دا ریشەهەیە وە کی‌خونێ ڕەهان‌داد گەریێت میللەتێ‌ئیرانێ بولایێ علیاحضرت‌مەلە کەفەرەحا پەهلەوی ژی گەل وێ هند کــۆ سالەك‌ژ زەوجینا شاهەنشا گەلوێ خودان‌قەدرێ ئەبهورییەحوبە کی زورخۆدا حسن‌د کەن وەقــەدرێ مەلە کێ پێش چاوی‌وان زورزور، چونکی‌ڤێ‌مەهەما کێم‌داعلیاحضرتێ ثابت کرییە کۆ گــەل مرووێت میللەتێ مخصوصاً دەستازەحمەت کێش‌وەژارەجواتی گەلەك‌حب‌وە مەرحەمەت هەیە وە هەمو گاوان مەلحەم دانایەسەر برینێت وان‌وە بخورەئی‌سییاعالیە گەلەك بنە گیت خیرخانێ کێشایینە سوکراخو وەچاودێرییەك تەواوشولێت وان دادکەت وەحوبا میللەتێ ئیرانێ بولایێ مەلە کێ هندێ‌وەختێ کۆ خەبەرێ نێزیك بونــا مەولــودا بچو کێ وێ‌بێ‌ی خوشتەوی کۆ ئینشاءالله کورەوەدێ وەلیعەهدێ ئیرانێ بیت گــەهشتی کــوهیت خەلقێ‌صەدجارهندی خولیهاتییە.

ئەمبەرخاتــرا جەشنا مەزنــە چارێ مەهائابانێ کۆ گەل‌جەشنا وەلیعەهــدێ دبنەیێك چیتریــن دوعایێت دل‌وجان‌وە موبــارە کی پێش کێش حضورا ئەعلیحضرت شاهەنشا وە علیاحضرت مەلە کێ د کەن‌وە مەژخودایێ مەزن‌دوێت کۆچاوێ هــەردوویان پــێ‌دیتنا بچو کێ‌خودان قەدرومەولیعەهدێ ئیرانێ روناهی کەت وەمیللەتێ ئیرانێ‌ژی‌بن‌سیبەراوان‌دابگەهیتە پێلەکانێت لایێ ژوریە پێشداچونێ وەژینەك زورزور خوش وەفرەه

# هەل بژارتنا ئەمریکا

بژارتنا زەئی‌سییاجمهورییەتێ وە کۆنگەرا ئەمریکادێ‌مەهاتێت بیتە کرن وەرێوەبەرێت دۆ کۆمێت مەزنەجمهۆری خازوە دیمو کراتە ڤێ‌مەملە کەتێ نهەخەباتا خویا بژارتنێ دەست‌پێکرینە.

ریچاردنیکسون‌معاونێ‌رەئیس‌جمهورئەیزەنهاوێردەوەز گرتی‌یێ کۆماجمهوری‌خازوە هەروەتتوژی سناتور «کوندی»دەز گرتی‌یێ کۆما دیمو کرات بودەست خووە هینانا رەئیس جمهوری‌یێ‌ئەوخەباتامەزن گەل‌بەرنامێت تلویزیونی دەست‌پێ کرینە.

گەلەك چاودیرێت سیاسی گوتینە کۆدێ کۆماجمهوری‌خاز- وێ بژارتنێ‌دا بشکێت وەدێ جارەك‌دیتر دیمــو کرات جلەواشولێت ئەمریکا بگرنە دەستێ‌خو، ئەلبەتەهیشتا مروونەشێت یەقین‌بارانەتیجا بژارتنا تێت‌یائەمریکادا عەقیدا خوبێژیت ، ئەلبەتە نابیتە حاشا کرن کۆهەیامێ‌دوواهییا رێوە بەرییا رەئیس‌جمهورئەیزەنهاوێردائالوزییێت سییاسییە مەزن‌دونیایێ‌دا پەیدابون.

جمهوری خازان ژساله کێ پێش‌نهە کۆدان ئیستاندنــانێزیك مابەینا ئەمریکا وەشورەوی‌دا چێبویێ جەهەد کرن کــۆخوبــوسەر کەتنە کێ تازەبژارتنێ‌دا خوحاضر کەن‌وێ‌رێکێ‌دا گەلەك‌ژێ پێشدا چوون، هەروە کێ کۆئەیزەنهاوێر وەخوروشوف رەئیس‌وزەرایێ ئورسێ شورەوی پێك‌دۆ گازی کرن کۆ سەفەر کەنە مەملە کەتێت پێك‌دۆ، وە خوروشوف پاشی ژسەفەرا خویا ئەمریکا د ئەیزەنهاوێر مرووێ صولحی‌داناحسابێ، ئەماقە تێك‌چونا جواتارێوەبەرێت چاردەولەتێ مەزن‌پاریسێ رتاشکەرا بونافرینا طیارێت کەشفییە ئەمریکا هنداوی عەردێ شورەوی وەضع جورەك دیترلێ‌هات‌وەهەمو نەقشێت جمهوری خازان کوبوسەر کەتنا خوبژارتنا ئەمریکادا کێشابون بێ‌ئەسەرمان،

زیدەژوێ هندێ ئشکەستینادەولەتا جمهوری‌خازشولێت‌سییاسەتا دەرەوەدا هەجەتەك ئیخستە دەستێ‌دیمو کراتان کــۆوێ‌هندێ‌بکەنــە مەسئەلا خویابژارتنێ وەسەرقازانجێ‌خوژوێ هندێ‌منفعەتێ‌بکەن.

سەناتور «کوندی» ئاخەوتنا خویا تلــویزیونی دا راستەراست بەحثێ‌وێ هندێ کر وە گوت

جمهوری خازان نەشییا مەقامێ کۆئەمــریکا لەسیاسەتــا ناو- میللەتان‌دا دەست خووەهینایێ‌ژا گرن وە گەل پێ‌عەمەل کرناسیاسەتا تینە گەهشتنێ وەضعەك هینانە پێش کۆسەرصلاحا مرووێت ئەمریکا نینە .

جمهوری خازژی مەقابلێ‌وێ گوتناشەدیدە دیمو کراتان‌بێ‌شول نەژونیشتینە وەخدمەتا کۆهەیامێ رێوە بەریاوان بــورا گرتنا صولحا دونیایێ وەقاحیم کرنا ئقتصادی وەنیزامییە ئەمــریکا وەدونیایــا ئازاد هاتی کرن بوئەوانێت کۆدێ رەئییان بدەن تیتە گونن

بژارتنا ئەمریکــادێ مەها نەوامبرێ‌دا بیتە کرن وەهەرچەژێ هنەك‌ژتەفسیر بێژان پێکجاری گوتنە کۆئەگەر دیمو کرات بینەسەر شولێ‌دێ گوهورینەك فرە ئەمریکادا پەیدابیت ئەمــاهنەك ژی‌دبێژن چونکی وەضعا دەولەتێت ئازادە دونیایێ وەضعا ئالوزەوێ گاوێ‌دا کۆ ئورسێ شورەوی‌دەست‌هاویتیە گەفان‌تەواو پێکوە گرێداییینە گوهورینا دەولەتا ئەمریکا وەهاتنا دیمو کراتان بوسەرشولــێ بەقین سییاسەتــا دەرەوەیە ئەمریکادا ئەسەرێ ناکەت بەروێ‌هندێ چ‌جمهوری‌خازوەچ دیمو کرات سەرشولێ‌بن‌ئەودولەت هەروەتودێ لەرێزا دەولەتێت‌ئازادە دونیایێ‌دا بوراگرتنا صەلحی‌بمنینیت

# تکا

**لەخوێنەرە بەڕێزەکان تکائەکەین: لەناردنی‌پارەی‌ئابوو- نمانی‌ڕۆژنامە خۆیان ئەگرن؛ ئەلبەت‌ئێمەکاتێ ئەتوانین‌بەم خزمەتی خۆمانە درێژە بدەین کە خوێنەرە بەڕێزەکانمان دەس گرۆیی‌مان بکەن .**

چاپ‌اخترشمال تلفن ۲۵۵۰۱

بنکەی ژین www.zheen.org

گیراوتەوە لە گۆڤاری «اطلاعات جوانان» وەرگێڕ: د.ع.م

# دەجلە یاخی بوو!!!

... ئەم شارە ناگیرێ مەگەر وەختێ کە دەجلە لەئەو یاخیی بێ.» بەڵام دەجلە یاخیی نەبوو بوو؛ وە شاری «نینوا» بەخۆشیی وشاذیی درێژەی بە ژیانی خۆی ئەدا. وە بەدیلەکان کۆشکی بەرزیان ئەکردەوە، وەژنان و کچانی گەلانی بەدیل گیراو، لەئاگری شەهوەت و هەوەسی فەتح کـەرە سەر مەستەکانـا ئەسووتان ... تاوەکوو...

دەنگی ئەم فەتحەوە کۆ گرمەی هەورە ترێشقەی بەهار، لەهەمۆ جێگایێکا دەنگی داوە... دڵەلەرزانەکانی گەلانی بەدیل گیراو، پڕلە شادي وخۆشیی بۆ.

مصریەکان لە ماڵی خۆیانا شاذیانە وهەڵ پەڕکێیان دانا. «ئورشلیم»جەژن وشاذي گرت. «صور» و«صیدا» لەبەرانبەری خودایانی خۆیانەوە قوربانیي زۆریان کرد. «لیدی»کە لەتـرسی دەس درێژي ئاسورەوەشەوخەو نەئەچوە چاوی، ڕەحەت نوست. شادي وخۆشيدوایی نەئەهات. شارەکانی یۆنانی لیواری ئاسیای بچوك کە کزەی شەمشێری تیژوبڕای ئاسوریان هەمیشە لەپشتی ملیانەوە هەست ئەکـرد، هاتنە هەڵپەڕکێ وچەپڵە ڕێزان وپلەزیقان.. لەمەیدانەکانی شاری «ئاتن»و «اسپارت»دا،ژنان وپیاوان کەوتنە هەڵپەڕکێ... **ئاسووری خوێن ڕێژ شکابوو** ... ئەمەهەواڵێ بۆ کەپاش ماوەکانی عێلامی لەخۆشي وشاذي داغەرق کردبۆ. چونکو دروس ٣٩ ساڵ پێش شای ئاسور وەڵاتی عێلامی کێشابوە خاك وخوێن دا؛ وەهەمۆ جێگایێکی کاوول کردبۆ، وەخاکی بەتورە کە کێشابۆن؛ وەشانازي کرد کە: «من هەمۆ شاروذێی عێلامم کردە تەپۆڵکە خاك؛ وە کێشامنە خوێن دا؛ هەمۆ پیاوەکانم کوشت؛ ژنانی ئەوانم بەسەربازەکانی خۆم بەخشي؛ پەیکەری خودایانی ئەوانم بەدیل بردوهەزارچاوم دەرهێنا، تالەبەرانبەری پەیکەری ئاسور،خوذای گەورەی خۆمەوە،ئەوانە بخەمە نێوئاگر... هەمۆ گیاو دەرخت وبێشەو مەزراکانم سوتاند. نەتەنیا شارێ، بەڵکو کوێرەدێیێکم بە ئـاوەذان نەهێشتەوە؛وەسەرزەوینی عێلامم بە گیانداران وجرو جانەوەر بەخشی...»

وەئێستاهێشتان پەنجاساڵ تێ پەڕی نەکردبۆ، کەنێزەوشەمشیری شای ماد، شای گەلی نەبەزی ئاریایی ڕەگەز، سینگی شای ئاسوری هەڵ دڕی بۆ... «نینوا» لەوەحشەتادائەچوو،چونکوو بێجگەلەوێرانی چاوەڕێی شتێکي تر نەبوو...

بەفەرمانی شای «ماد» سەربازەکان بەچوار دەستە بەش کران. سێ دەستەیان کران بمەئموور کە:دێهات وشارەکانی ئاسوور تالان بکەن ولەپاشان بگەڕێنەوە بۆ«نینوا». دەستەی چوارەم لە گەڵ پاذشادا بکەونە ڕێ بۆ «نینوا».

هێشتان هەواڵێ لەشای «بابل» نەبوو. شارەکانی ئاسووریەك لە شوێنیەك ئەڕوخان وئەگیران. وەختێ سپای ماد گەیشتنە بەردەمی دیوارەکانی «نینوا» سەرتاسەری خاکی ئاسوور وێران کرابوو...

لەوێ هەواڵ گەییشت کەسپای بابل، کـەدوردەس ترین شاری ئاسووری گەمارەدابوو، لە گـرتنی ئەوشار ناهمێدبـووە؛ وەڕۆبـەـ «نینوا»تێ.

گرتنی «نینوا» کارێکی زۆر سەخڵەتبوو. چونکـوو دیواری دەوری شار زۆر بەرزوئەستووربوو، ولەپشتی دیوارە کـەوە ڕێزوبەردە ووردەیان هەڵدابوو، کەئەگەر کەسێ بیەوێ بێتە پێشەوە، ڕێزە کـەی ژێری پێي بخزێ وبەرەدووا بیباتەوە، بەم بۆنەوە گەیشتن بەپێی دیوارو، وێران کردنی ئەوە؛ وە گرتنی شاربەمێشکی کەسا تێ پەڕی نەئەکرد. سەربازەکانی ئاریان کەتائەو وەختە شارێکی گەورەی وەکوو «نینوا». یان گەمارە نەذابوو، وەنەیان گرتبوو، لەکاری خۆیاناسەرشامدامان ..

**ماوەی هەیە**

لەهەر ...

ماوە ل ٣

پەی چێ، جەدوری شای «شەم» جەمینم

هـاوە ختەن بـەرشۆ گیان شیرینم

یاران هامسەران! یەچۆن مەبۆ جۆن؟

من «طەبەس» جامەن، «شەم» کەوتەن ئەولاتۆن»

## سید محمد صادق پارسانیان

جەفـــــای بـــــێ سوذم . . .

ئاخ پەی ڕەنج پۆچ جەفای بێ‌سوذم

داذپەرێ مـایەی بەخت نـابوذم

فەریاذ پەی دڵــەی وەعۆن ئـالوذم

پەی ڕەنج بەردەی کەس پێ نەزانام

پەی نامەی هیجران هیچ کەس نەوانام

پەی جەفای عەبەس نەڕای دۆس بەردەم

پەی عومر شەباب وەتاڵ ویـەردەم

پەی پێنـــــەزانای سۆزشەو ناڵەم

پەی لافاوبەردەی ڕەنج صەذ ساڵەم

پەی ئەراگێلي کەس جێ نەپەرسام

پەی کەس جەدۆعای وە سۆز نەترسام

پەی تخم وەفای سارای دڵ شەنذەم

جەلای بـێ وەفای یار بـەجامەنذەم

هەرئاخ بکێشۆن پەی ڕەنج وەباذیم

پـەی جوانەذای «دەولەت زیاذە»یم

پەی عومر عەبەس وە تاڵ ویـارام

پـەی سەنگ سیای وەتاڵــەوارام

ئاخ! پەی حەسرەتان گشت جەدڵ مەنذەم

پەی ڕیشەی شاذي سەیل خەم کەنذەم

پەی بـاغ دەمـاخ زوخەزان کەردەم

سۆزەی خەم وەتۆن پەی هەردان بەردەم

پەی خێلخانەی خەم سارای دڵ وستەم

ڕاگـەی خەیاڵ ئـامۆشۆ بـەستەم

«صادق»! بناڵە پەی ڕەنج بەردەت

پەی بێوەفایي «لەیل»چەني کەردەت

لەکۆمەڵا

ماوەی ل٢

شتەدا خۆی دەرئەخا، ئەنجا لەوە. وە باس ئەکەین کـە هێز، یان گیان چۆن لە خاوەنی خویدا شوێن ئەکا.

بۆهەڵدانی ئەم باسە چەنذ وێنە نیشان ئەدەین:

١ـ ئەگەر لە چەمێکی قوڵدا بمانەوێ باغێ دابنێین وە لە گردو پەڕی ئەوزەوی یەدا کە ئەمانەوێ نەمامی تێدابچەقێنین، دارودرەختێکی گەورە ببێ، ئەونەمامانە لە چەنذ ساڵێکی کەم دا، گەشە ئەکەن وە بەرزئەبنەوە، تالــە سێبەری دارو درختەکانی تردەرچن،وەخۆیان بگەـ یێنن بەتیژ گـی ڕۆژ، وەبـان بەهەوای ئازاد؛وە ئەگەرلفانی ئەو نەمامانە کەلەو باغەدا، دامان ناون، بیانبەین لە جێگایێکی دەشت و ڕاستيدا بیان چەقێنین، باوەکو لە گردو پەڕی ئەجێگایەشدا دارو درختێکی زۆر ببێ،وەزەوی یەکەیش لەتین دا، لە زەوي ئەوچەمـە کە ووتمان کە متر نە بێ، ئەونەمامانە لەبەرزبۆنەوەو گەشە کردنیا، هێزی خۆیان بۆ بەرزبۆنەوە، زۆر بە کار نابەن،ولەئەنذازەیێکی ناوەڕاست دائەمێننەوە؛وەئەگەر ئەودرەختانە کە لەودوشوێنە دا، وەلەیەکـــ نێژراوون،پاش چەن ساڵێ. یان‌بگرین،وە بەراوەردیان ٧. باوە کوزەوی یە کـەیشیان یەك تێنی بووە،وەلەیەك مەڵبەند شێن بوون، ئەوداروودرەختانە کـە لە دەشت وڕاستي دانێژراون، لەو دارودرختانە کـە لە چۆم وشیوە کەدا، سەوزبوون، کورت‌ترونەوي ترونزم‌ترن.

٢ـ ئەگەر لە مەڵبەنـدێکا ڕۆتایي ودەشتایي یێ ببێ وەلەنزیکی ـ دا دارسان وجەنگەلێکیش هاتبێتە دي؛ چەنذ ماڵێ لە دەشتاییەکە دا، وەچەنذماڵێ تریش لەجەنگەلە کەدابژین، کاتێ کەوورد ببینەوە، بۆمان دەرئەکەوێ گا گەلی ئەوماڵانە

ماوەی ل٧

م:ص:م

# بەشی مەولەیی
## پارچەی
٣٧

لەم پارچەدا وا دەرئەکەوێ کە ئازیزی لە مەولەوی دوور کەوتووەتە؛ وەماوەییێ کی پێ چووە، نامەی بۆ ئازیز نەنووسیوە، ئەنجا، بەدڵێکی پڕ سۆزەوە، ئەم پارچەیە بۆ ئەهۆنێتەوە، وەبۆی ئەنێرێ، هەروەهاش بۆمان دەرئەکەوێ کە لە کاتی بەهاردا ئەم نامەیە نووسیوە، وەڕەنگە ئازیزی لەو بەری «دەجلە»وە بوبێ، بۆیێ ناوی دەجلە ئەبا، وەهەڵسانی ئەکاتە کۆسپی ئەوە کە پەیك نەیتوانیوە نامەی مەلەوی بە ئازیزی بگەیێنێ؛ هەروەها کە ئەڵێ:

خۆشی وسەیرانی چاوپێ کەوتنی یاران تێپەڕی کرد، وەچاوەڕوانی کۆبوونەوەو، ترسان دووریش دووایی هات! ئەم دووری یە ئیتر ئەو دووری یە نییە کە ڕۆژ ڕۆژ ئەهات و ئەچوو، چونکە گەڕانی گەردوونی چەپگەرد، بەڕاستی وبەدڵ مۆرەی نەردی بەدبەختی بۆ وەشاندووم.

ئێستا کە کاتی بەهارە و، وەختی تەماشا کردنی بەزمی کۆمەڵی گوڵان و پۆلی شکۆفانی کاوو کوێستانە، نابێ لەو بەزمەدا چاوەڕوانی، چاوپێ کەوتنی شکۆفەی کۆبوونەوەی یارانت بێ؛ چونکە شەپۆلی شۆڕاوەی فرمێسکی «دەجلە»ی چاوم، هەستاوە، وە گێژی گێژاوەی خوێنی دڵم جۆشاوە، ئەوشاری «بەغدا»ی خستووە تەمەترسی یەوە، وەئەم دەشت وسارای «کەربەلا»ی ڕەنگ ڕەنگ کردووە. ئەولە ئەنداز ەی کەشتی دەرچووە، ئەمیش بۆنی خوێنی لێ دێ، ڕێگای تێپەڕ کردنی نییە.

ئازیزم! ئەگەر نامەی من بۆلای تو نەهاتووە، وە پەیکێکیشم نەناردووە، تاوانم لێ مەگرە؛ چونکە ڕێگای ئاوی وخاکیم لێ چووەتە باس، وەنەمتوانیوە، هاواری دەردی دەروونی تەنگی خۆم پێت بگەیێنم:

شی ئەوصەفاو سەیردیدەنیی یاران
لوا ئەو دووری وئەو وەصڵ جاران
ئێد نەئەودوورێن هەرماما ومەویەرد
ئیمجار وەڕاسی چەپگەردشانانەرد
وەخت تەماشای صەوزەی شەتاوان
سەیرشکۆفەی ڕۆی لارە کـاوان
مەزارە نەوبەزم شکۆفان جەم جەم
هەنی شکۆفەی دیدەنیی، وەچەم
مەوج «دەجلە»ی چەم توغیان کەردەوە
گێج هوون دڵ جـۆش ئاوەردەوە
ئەوسارای «بەغدا»ش ئاوەردەن وەتەنگ
ئێد کەردەن ڕۆی دەشت «کەربەلا» ڕەنگ ڕەنگ
ئەوجە ئەندازەی کەشتی بەرشی یەن
ئێد بۆی هوون مەدۆزای گوزەرنیی یەن
ئەرنامـە نامان، قـاصد نەیاوان ـ
بینایی دیـدەم! مـە گیرەم تاوان
ڕای گوزەرمابیل، دەروونم تەنگەن
قافڵەم تـاقـام قییامەت لەنگـەن

## لە کۆمەڵا

ماوەل ٦

کە لە جەنگە لە کـەدان، لاشەیان گەورەتر وزۆرداتـر، وەشاخیان تیژتر ودرێژترە لە گا گەلی ماڵەکانی تر کە لە دەشتی ڕاستی یە کە دائەژین، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە هەمۆ کاتی ئاژاڵی دڕندە لە جەنگەڵا زۆرترە، وەبۆ بەرگری لەوانەوە شاخی تیژ ترولاشەی بەتین ترپێویستە.

٣ـ ئەگەر منداڵێ لە سەرەتای ژیانیەوە بەڕۆتی بژیێت وەسپاڵ و پۆشاك نەکاتە بەری، ووردە ووردە پێستی لاشەی ئەستور ئەبێ، وەکو ئاژاڵ مودەرئەکا تاله گەرما وسەرما بپارێزری؛ هەروەها کە لەچەند ساڵێ لەمەوپێش لە گەرمیانی عێراق دا، لەگەڵ چەند ئاسکێك داپیاوێکیان دۆزیبووەوە کەوەك ئاسك وەمامزڕای ئەکرد، وەپێستی لاشەیشی تۆ کی دەرهێنابۆ.

٤ـ ئەگەرباش ووردبینەوە، ئەزانین کە دەستی پیاوی کرێکاو کارکەر لە دەستی پیاوی نوسەرو خوێندەوار ئەستورترو کولفت ترە

٥ـ ئـەگـەر لە شارێك دا، تەماشا بکەیـن ئەنـدامـــــی ئافرەتانی بێ چارشێو ڕێك وپێك ترە لە ئەندامی ئافرەتانێ کە خـۆیان ئەشارنەوە، وەبە چارشێوەوە ئەگەڕێن ئەوەش لە بەر ئەوەیە کە ئافرەتانی بێ چارشێو هەر لە منداڵی یەوە، ویستو یانە ئەندامیان ڕێك وپێك تربێ تا خەڵکی قیزوبیزیان لێ نە کەن، وەلە کاتێکدا چاویان پێ ئەکەون حەزیان پێ بکەن، وەئاواتیان لێ بخوازن.

ئەگەر لەم باسە دامل بەماف بدەین، وەددان بەڕاستابنێین بۆمان دەرئەکەوێ کە هەروەها هێز، یان گیان بە گوێرەی ئامادەیـی شت خۆی لە وشتەدا، دەرئەخا، هەر بەوچەشنەش هێز، یان گیان لە شتاشوێنێکی گرنگ وسەرسوڕهێنەر ئەکا.

**ماناکی وشەکان**

خۆنواندن: ظهور، خودنمائی
شت: مادە، شیء، چیز

ماوەل ١٢

## ناڵەبارییەکان ...

ماوەی ل١

هەر ئەوەیە کە تاقەت بگری!

نەرگس:ـ باشە من ئەبێ هەردان بەخۆمابگرم بەڵام خەسوئەیەوێ من بکا بە پەنە، لە پێش چاو تۆو باوك و وبراوخوشکت ترۆم بکات، خۆ. منیش دەرەقەتی ئەم هەمۆ خەڵکە نایەم! بەراستی ئەحەجگە لەوەی کە من بچمەوە ماڵی بابم چارەیێکی دیکەم نی یە.

ئەحە:ـ کچێ! لەم قسانە بکەوە تۆژنی منی خۆژنی هەمۆ ئەو عالەمە نیت! بەڵام بەبۆنـەی منەو ەتـۆ لە گەڵ ئەواندا پەیوەندیت هەیە! گوێ گرە تاتە کبیرێکی چاکت بۆ بکەم. هەر ئەم نەزانینە بکـەرە بیانو ئیتر خۆلەچێشت کردن وکارو باری ماڵ مەدە، باقسەوباس سەردەر نەهێنێ.

نەرگس:ـ ئەحە! خۆقسەوباس هەر ئەوە نی بە! ئەگەر ئەورەووشتەش بگرم کە تۆ ئەی لێی سبەینێ تەمەڵ تەمەڵ ئەکەوێتە شوێنم، بەڕناوم ئەکائەم کاتەتانەی دۆست وبێگانە!

ئەحە: ـ گووێی مەدەرێ دایکم پیرەژنەنا کرێ دڵی عاجز بکەین؛ ئەبێ بەهەرچەشنێ بووە لە گەڵیا بسازێن، ئاخر دایکم لە گەڵ من دا کوێرە وەری کێشاوە، بـەخوێنی جەرگ پەروەردەی کردووم، چون ئەکرێ چاوی لێ بپۆشم، یاچۆن ئەکرێ دڵی ڕێش بکەم! ئێستا تۆ جارێ دان بەخۆتابگرە تابزانین خووا چی ئەکات؟

ئەحە:ـ نەرگس خوواحافیز من ئیتر ئەبێ بچم بـۆسەر کار نەرگس ـ خووات لە گەڵ بەهیوای دیدار، بەهیوای کامەرانی، بەهیوای ژیانێکـی جووان وشیرین. ئەحە بەودڵە پڕ لە دەردەوە بۆسەرئیشی خۆی ئەڕوات بەڵام هێندە پەرێشانە نازانـێ چی بکات، هیچ بیری بە لای کارەوە نی یە، خەیاڵ بردۆیەتەوە لەلایێکەوە ویجدانی هەڵنا گرێ داك وبابی پیری بەجێ بهێڵێ، لـە.

لایێکی دیکەوە ناتووانێ دەس لەو ژنە کە بەدڵ ودایەن دەستی کەوتووە هەڵ گرێ بەچەشنێ گیری خووار. دووە، ڕێ نایاتە سەربەختی خۆی لە دووا پلەی پەرێشانی یا بەسەر ئەبات.

لەولاشەوە «نەرگس» بەدڵێکی پڕ لە کولەوە زیزو پەرێشان لە ژوورە کەی خۆی دانیشتووە؛ مـاتـەم و غەمگین ئەبێ ڕۆژ گاری سەرەتای ژیانی خێزانی کە ئەبێ چاکترین کاتی زندگانی بێ بەسەر ئەبات و، بەو چەشنە ئەودوولاوە خۆش ترین کاتی ژیانیان لێ ئەبێتە ژاری مار.

ماوەی هەیە

## بوپێ کەنین

**نەبەسەرچەددم! گوێرە کەم**

«سیدعطا»ی چەتـە، ڕۆژی لـە کابرایێکـی سەیید ئـەبێ؛ شەو ئەڕژاتە سەر ماڵی کابرادا، کە تاڵانی بکا. کابرای سەیید لە خەوڕائە. چڵە کـێ ودەسەپاچە ئەبێ ڕێگای هەڵاتنی نابێ، چاوە چاو ئەکا، جلە مانگایێ ئەبینێ، لە حەیبەتی گیانا، خۆی لـە ژێـرێدا ئەشارێتە وە.

«سیدعطا» دێتە سەری ولەقەیێ لە جلە مانگا کە ئەڕژا وئەڵێت: بڕوا ئەکەن ئەمە لە پیاو ئەچێ لە ژێری ئەم جلەڕا. کابرای سەیید لە ژێری جلە کەوە ئەڵێت: نە، بەسەرچەددم! گوێرە کەم.

**ماڵەکەت ڕەنگینە**

دزێ ڕۆییشتە ماڵی کابرایێکی هەژار؛ هەرچەند گـەڕا، شتێکی نەکەوتە گیر کە بیبا، ناچاردەس لە پێ شۆڕتر لە دەرك ئەڕواتە دەر. کابرای خاوەن ماڵ بانگ ئـەکا بەشوێنیدا: هـەڵـی سەنگینە! کۆ لە کەت سەنگینە. دزە کەوەڵام ئەداتەوە: خوداپتکوژێ! ماڵەکەت ڕەنگینە.

**نێرە گێدەرسەن**

عەسکەرێکی عوثمانی ئەگاتە پیاوێکی شارە زوری کە نـاوی «مام حسن» ئەبێ، پێی ئەڵێت: نێرە گێدەرسەن؟ (بۆ کوێ ئەڕۆی؟) مام حسن لەولامـا ئـەڵێت: ئـەری بەقوربان! بەڕێشما زانیت کـە نێرم، چۆنت زانی مام حسنم ناوا؟!

بەشی کرماشانیی

# کوردستان

لاپەرەیی ، بوهەمو جار

## چوارومئەبان خوشە لەبان خوشی

مانگ ئەبان هەر لەلای میللەت ئیران مووارەکە ؛ ئەزای یەکە : لەئی مانگە بیشتر **والاحەزرەتەیل سلسلەی پەهلەوی** هاتنەسەدونیا. وەلە کشت موهیمتر میلاد مەسعوْد **اعلیحضرت رضاشاه** چوارومئی مانگەسە .

ئیمسال لەلای مەردم ئیران خوەشیی وشادماني چوارومئەبان لەساڵەیل پیش فرەترە؛ ئەزای یەکە: وە دونیاهاتن نورچەرئەوجومەند شاهەنشا لە **علیاحضرت ملکە فرح پهلوی** خودا تواستیە لەئی مانگە بۆت . وە یەسەتەمام مەردوم ئیران چەنذیکە خوەیان ئەزای ئی خەوەرخوەشە حاضر کردنە و شەووژۆژدەس وە دوعان کەئی مەو.لۆدە کوژیك بۆ،وە بۆت وەلیعەهد کشوەرئیران .

عیشق وعەلاقەی پاك وبێ‌ژەنگی کە مەردوم ئیران نیسبەت وە شاهەنشای عەزیزخوەیان دێرن ، باعثە کەهەرچی دڵخوای شەخص شاهەنشا بۆت، ئیاروەزوی میللەت ئیرانیش بۆت . میللەت ئیران وەبۆنەی دامەزریان کاروبارخوەیە کە فرەساڵە لەخودا تواستیە کە : شاهەنشا وەدیداروەلی عەهدیك چاوژوشن بۆت ، هەریەحەسرەت و ئاوات گشت میللەت ئیرانە. بیچگە عەلاقەیك کە میللەت ئیران وە شەخص شاهەنشا دێرن ، نیسبەت وەعلیاحضرت ملکە فرح پەهلەویش هەرچەنذ بیشتر لەساڵی لەئیزدواجی گەرد شاهەنشای گەورا نەچی‌یە، عەلاقەی فرەدێرن؛ ئەزای یە کە لەئی موددەت کەمەوەمەردوم ثابت بیە کە نیسبەت وەمەردم خوەصوصەن مەردم هەژاروبەدبەخت مەحەبەت وعاطفەی فرە دێرن .

بیشتر کارەیل خەیرییە هاوە عوهدەیان، یەسە کە عەلاقەی میللەت ئیران، مەخصوصەن لە زۆژی کەخەومرحاملەبۆن‌شنەفتنە، عەلاقەیان صەد بەرابەرییە .

ئیمەلەئی‌زۆژچواروم‌ئەبانە کە ئینشاءالله‌وەدونیاهاتن وەلیعهدیش کەفتیەسەتی، دوعای خالصانەی خومان وە پیشگای اعلیحضرت شاهەنشاوعلیاحضرت‌ملکە تەقدیم کەیمن . خوداوەنذقەدەم وەلی عەهدیش‌ئەزای میللەت ئیران و خانەدان سەلطەنەت موبارەك بکەیت .

## هەرچنین لە ئیمریکا

هەڵ چنین (انتخابات)ژەئیس جومهوری، وە کونگرەی ئیمریکا لەئی نزیکی‌یە سەر گرێت . ژەهبەرەیل دوحزب گەورەی ئیمریکا (جومهوری خواوەمو کرات) هەرلەئیسەوە دەس نیانەسە زوران(مبارزه). ژیچاردنیکسون دیاری کریا (کاندید)ی، حزب جومهوري خواس، وە هەرچنەوسەناتۆرە کندی‌ەش لەناوحزب دمو کراتسا ئەزای ژیاسەت جومهوري دياري كرياس . ئی‌زۆژەیلەئی زوران سیاسی‌یە، وە وەسیلەی تلەڤیزیۆن دەس نیانەسەلی. فرەلە ناظرەیل سیاسی‌چنووەتنە کەلەئی زۆروە زۆرە حیزب جومهوري خواه شكس خوەيت . وەیەی‌جارتر دمو کراتەیل‌تینەوەروحکوومەت‌ئیمریکا گرنەدس . هەرچەنذلەئیسەوە نیەوۆت . ووت : كاميان‌پێش بەن . وەلی‌یەیشە بایەد ووت کە: دەوران ئایزنهاورلەئی‌دۆایی‌یەدوچار گیژاوسیاسیی‌دونیا بۆ لەئی‌یەی‌ساڵە کە بەین ئیمریکاوشەورەوی کەمی کۆڵ بۆ، جومهوري خواهەیل تواستن ئەزای پیشژەفت‌خوەیان‌تەقالا وپێش دەستی‌بکەن؛ پیشرەفتیش کردن، چنەوکێ ئایزنهاوروخرۆشچۆف یەکتری وە کشوەرخوەیان وەعدە خوایی کردن . لەئی‌یەغفرە بی کە خرۆشچۆف‌وەئایزنهاورلەقەب‌پیای صولحە دا. وەلی لەشۆنی وەیەك خواردن وەیەك نیشتن (کنفرانس) چواردەولەت گەورا لە پاریس وە خاطربەرمەلا بۆن پەروازهەواپەیمای ئیمریکا لەبان‌خاك‌شەورەوی،وەضعە کەداوەیەك؛ وەنەخشەی‌جومهوری خواهەیل لە دەس چی‌وبەتاڵ بۆ

لەیە گوزەشتی‌دەولەت جومهوري‌خواه لەکارسیاسەت خارجي بۆنەی تریش دادەس دمو کراتەکان، کەئەوانە لەومەوضوعە ئیستفادەی فرەیك کردن سەناتۆرە کندی‌ە لە نوطق تلەڤیزیۆني‌خوەی چنەو ووت کە : ئەمریکا نەتۆنست لەمەیدان سیاسەت بەینولملەلي مەقام‌خوەی حیفظ بکەیت؛ وە وەسیلەی کارەیل‌ناشیانە وەضع‌خوەی‌داوەیەك.

لەلای‌ترجومهوري خواهەکانیش لەبەرانبەرئی ئیرادەیلەدەس‌وەدەم نەوەستنە؛ وەخزمەتەیلی کە لادەورەی‌حکوومەت خوەیان ئەزای‌صولح دونیاوپشتیگیری وەضع ئیقتصادي‌ونیظامي‌ئەمریکا ودونیای‌ئازادئەنجام دانە، گۆشزەد کەن .

هەڵ چنین‌لە ئیمریکا کەفتیەسەمانگ‌نوامبر. بژێ لەمفسرین» ووتنە کە : لەئی ئینتخاباتە وەضعییەت ئیمریکا فرە ئاڵشت بۆت؛ وەلی فرەتریان‌عەقیدەیان یەسە، کە : ئەگەرهات ودمو کراتەیلیش لە پێش بردن، بازوەبۆنەی ئەوە کەدونیای‌ئازادهانە بەرانبەرهەژەشەی‌شەورەوي، وە وەضع گشتیان بەستە وەیەکتری‌یە' پێش بردن دمو کراتەیلیش لە سیاسەت خارجي ئیمریکا بی‌ئەثەرە، وە وەضع دونیا جۆریکە کە هەرکامیان وەسەرکاربۆن، شان وەشان میلەتەیل ئازاد دونیا ووسن.

## دستور خواندن ونوشتن کردی

**عدە‌ای‌ازخواهران برادران‌فارس‌زبان کەمایلند برسم‌الخط کردی‌آشناشوند باین‌مطلب توجه‌فرمایند:**

**میدانیم کە کلمات‌فارسی بوسیلەسەحرکت زبروزیروپیش وسەحرف «الف»و«واو»و«یاء» تلفظ میشود. وچون‌حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح کلمات بستگی باشنائی قبلی‌دارد،و این‌نقیصە موجب‌اشکال بزرگی درزبان فارسی شدە . ولی‌رسم الخط کردی این‌اشکال رامرتفع ساختە، وکلمات تنها بوسیلە حروف تلفظ میشوند. حروف‌صدای کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .**

**١ـ (ە) کەبجای زبرمیاید. مانند: «سەر» (سر)«سەروەر» (سرور)**

**٢ـ(ی) کە بجای‌زیرمیایدمانند: «جیهاز»(جهاز)«کیتاب» (کتاب)**

**٣ـ(و) کەبجای‌پیش‌میایدمانند:«گول»(گل)«بولبول»(بلبل)**

**٤ـ (الف) کەبجای‌الف میایدمانند: «باغ» (باغ)**

٥ـ (ۆ) کە بجای«واو» میآیدمانند: «بۆد»(بود)«زۆد»(زود)

٦ـ (ێ ي) کەبجای«یاء»میآیدمانند:«بید»(بید)«دەوید»(دوید) «مەردي»(مردی)

**٧ـ (ۆ)کە صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»**

**٨ـ (ێ)کەصدای یاء مجهول میدهد : مانند «کێ» (کە) «چێ»(چە)**

٩ـ (ۆ) کەمخصوص‌لهجە کرمانشاهی است‌وصدای (U)میدهد. مثال‌آن درلهجە کرمانشاهی«ئۆشم»(میگویم) «داشتۆت» (داشتەباشد)

**(١) حروف«ها»و«واو»و«یاء» بی‌علامت ممکن‌است‌اصلی باشند.مانند:«هەمسایە»(همسایە)«وورود»(ورود)«یەك»(یك). برای‌فرق‌میان هاءاصلی واعراب، هاءاصلی را دوچشم‌واعراب رایك‌چشم‌می نویسند .**

**(٢) همزە را همیشە باینصورت ( ئ ) می‌نویسند . مانند : «ئەحمەد»(احمد)«ئوطاق»(اطاق)**

**(٣)درکردی‌گاهی‌روی‌حرف‌دال‌ولام‌وراءعلامتی‌میگذارند وباین‌شکل مینویسند (ذ،ڵ،ڕ) کە در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام‌وراءمفخم میگردند.مثال آن‌درکردی:«فەرهاذ‌دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کریعنی‌پسر)**

**(٤) الف‌بای‌کردی یك‌حرف بیشترازفارسی‌وعربی داردکە عبارت از«ڤ»میباشد . البتەتلفظ‌این‌حرف‌درفارسی زیادست،ولی با«واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئەڤایل» (اوایل) .**

**(٥)دررسم‌الخط کردی‌حروف مشددرا دوتامینویسند.مانند «ئەڕڕە» (ارە) «بەڕڕە» (برە)**

**(٦) درکردی‌کلمات‌راهرطورتلفظ میکنند مینویسند؛البتە کلمات بیگانەرا مشمول این‌قاعدەمیسازند ؛ ودیگراشتباهی‌بین حروفیکە مخرجشان نزدیك‌است واقع‌نمیشود ؛ مثلا صفحە را اینطور مینویسند : «سەفهە»**

## هەراڵە

ماوەی ل ٤

ئەڕۆی من نات گەمێ! کەمێکیش هۆشت لــە من بـــــێ، نەختێ سوك بڕۆ! لەحاڵی خۆم تەریق بۆمەوە؛ ئەنجاوە دوای «خاڵە مەحموود» کــەوتم، ئەویش لەڕێدا هــەر بەسەرهاتی کۆن وپێشینەی خۆبوئەو کوێستانەی بۆمن ئەگێڕایە وە؛ بەڵام من لە شوێنێکی دیکەبوم وەهیچ لەوقسانەتێ نەئەگەیشتم .

ئێوە ڕۆەووایێکی دێر بوکە لارەسێبەری شاخ، باغی خوێسلمێی داگـرتبو، گەیشتینە کەلی بەرابەری باغ، بەپاسای هەمیشەیی «خاڵە مەحموود» دەستی کردە سیاوچەمانەووتن؛ ئەوەنگە کەوە کوزەنگو لەئەزرایە وە لە ناوبەر کــاوو کــەمەری شاخادەنگی ئەدایەوە، لەگەڵ قاسپەی کەوی بەر کەمەرداتێکەڵ ئەبو، سروەی نەسیمی سەرشاخ و کشەی کش وماتی ڕوخانەی ناوشیوپێکەوە دەستەیێکی موسیقی و کۆڕێکی بەزمیان پێك هێنابو؛ ئەنجا پاش ئەوەی سیاوچەمانەدووایی هات پێکەوە بەرەوناوباغ، کەوتینە وەڕێگا .

کاتێ کە گەیشتینەنزیکی باغەکە؛ دیم کــە «شاپە سەند» وخانمێ، دەنگــی «خاڵەمەحموود» یان بیستوە، ئەنجابەپێ ماتلێ بــەرەوپیری مان هاتــوون، لە پێشا «شاپەسەند» گەییشتەلامان دەستی باوکی ماچ کرد ؛ بەنەزاکەتێکی تێکەڵ لــە گەڵ ئەدەبا، بەخێرهاتنێکیشی لەمن کرد؛ ئەنجا خانمێ گەیشتە پێشەوە کە: چاوی بەمن کەوت بەخێرهاتنی لێ کردم ؛ لەپاشان بەبێ ئەوەی گووێ بداتە ئەوەی کە : من لە وێم زۆبەڕوی «خاڵەمەحموود» چو، وەدەستی کردە ملی؛ بەچەشنێ بەخۆشەویستی یەوە یەکتری یان ماچ ئەکرد ئەتووت دۆستۆدلێکن پاش هەزاران دوری وچە کەمەسەرێ بەیەك گەیشتونەتەوە، لەناو کە دالەو کارەساتە مانــای خۆشەویستی، وە ناو کەی دلداری تێ گەیشتم .

ماوەی هەیە

---

هەزاو یەك شەو ٢٩٧

منبناسی ولەپایەی بەرزی من تێ بگەیێت وئەوجا عوزری من قبول بکەی. دەس بەجێ داوێنی کراسە کەی هەڵماڵی وبەندوخێنە کەی پیشاندا وبەغانمی ووت : ئەوخەتە کەلەسەر ئەم بەندوخێنەوە نوسراوە ' بیخوێنەرەوە . غانم دی کە بائاوی زێڕ نوسراوە: ئەی کوڕی مامی پەیغەمبەر! تۆبۆمنی ومن بۆتۆ . غانم کە ئەوەی خوێندەوە،دەستی لەرزی وپێی ووت : بەسەرهاتی خۆت بگێڕەوە ! کچە کەووتی : من کەنیزی تایبەتی خەلیفەم وناوم «قوەالقلوب»ە. لە کۆشکی خەلیفەدا گەورەبووم؛ وەخەلیفە زۆرحەزی لەجەوانی من کردووە ، وەبە کەنیزی تایبەتی خۆی قبولی کردووم . وە بۆخــۆی مارەی کردووم ؛ وە کۆشکێکی گەورەی پێی داوم؛ وەدە کەس کارە کەرونۆ کەری بۆ خزمەت کردنی من تایبەت کردبو؛ وەئەم هەمووخشڵ وجەواهراتە کە ئەیان بینی ، هەمووی پێ داوم لەم بەیناخەلیفە گەشتێ کەوتەبەری، لەبغداوەچو بۆشارێکی دوردەست. «زبیدە» خاتوون بەهەلی زانی، بەو کار کەرانە کەخزمتیان ئە کردم سپاردبووی کە: کاتێ من ئەنوم، کوتێ بەنگ بنێنە لووتم ، یا بیکەنەنێوشەراب ، بیدەنەدەرخواردم . کارە کەرە کان بەدەستووری «سیدەزبیدە» بەنگیاندا دەرخواردم . من لە سەر خۆم چووم. لەووختا هەواڵ ئەبەن بۆ «زبیدە» ؛ ئەویش دەستوور ئەدا، ئەم ئێنە نێوصندۆقێك؛ لەپاشان بەچەند کەس غولامە خواجەکان دەستوور ئەدا، کەلەجێگا بێکدا زینــدە چاڵم بکەن . ئەوانیش هەرئەوشەوە کەتۆ لەنێوقەبرستانە کەدا ئەبی ' وەلەسەرلقی دارە کەوە خۆت ئەشاریتەوە' صندۆقە کەدێنینەئەوێ؛ وەئەو کارەساتەم بەسەرادێنن کەخۆت چاوت لێ بوو ؛ وە خوداتۆی کردە هۆی ڕزگار بونی من کە لەمردن نەجاتت دام؛ وەهێنامتە ماڵی خۆت؛ وەلەگەڵ منا ئەم ئەم هەموچا کەت کــرد . بەسەرهاتــی من ئەمەبو. غانم کەئەم قسانەی بلستوتێ گەییشت کە «قوةالقلوب»ەی خەلیفەیەلەترسی

---

## کنز العرفان

ماوەی ل ٤

ناوی ئەوڕۆژە ڕوناکە ' یانێ یەزدانی مەزن ، دێتە ڕۆژی ڕۆشنی بون ، وەلەبیسات (عالەم)ی بون داخۆی ئەنوێنێ هەموشتێکی لەخۆی داپوە، وەبەخۆی زانیوە، هەروەها کە ئەڵێ :

خانە قاومەسجید ، دەیرو کەنیشتم
تەسنیم و کەوثەر ، طوباو بــەهەشتم

---

# مێژووی ڕیشەی رەگەزی کورد

نووسراوی زانای مەزنی کورد، احسان نوری — وەرگێڕاوی: د ـ ع ـ مفتی زادە

## ٧٦

باوەکو لە نێوی ناوی هۆزە کانی مادا کە لە پاشان «هرودوت» ئەیان ژمێرێ ، ووشەی «ماننائی» نییە ؛ وادیبارە کە : ئاسووری یەکان ناوی «مانی ، مانژ»یان بە«ماننائی» خوێندوەتەوە ! وەئەم ناوە لەپاشان بووەتە«ماژ، ماگ، موغ»؛ وەیاهەر بنالەوەر گێڕانی بەردەنوسراوەکاندا لێیان گۆڕاوە ؛ وە«مانژ، مانی» بە«ماننائی» خوێنراوەتەوە .

هەروەها کەلەنیشتمانی «ماننائی»یە کاندا«موغ»وەیا«ماژ»ئەبینین لەنیشتمانی ئاراراتی یەکانیشدا ـ کە «مایەر» لــە«ئــاراس»ی نیوەڕاسا دۆزیویەتەوە ـ توشی هوزێکی مادبەناوی«ئارزانت» ئەبین. لەسەرزەوینی «پارتا کن» کەلێواری لاخوارووی دەریای«خەزەر»بو، لەپاشان هۆزی«پارت» کەوتنەڕێ، کەفەرانسەوی یە کان بە«پارتیك»یان، ناوئەبەن .

باوەکو هۆزی«پارت» لەمادنازانن ، کەچێ «ئاسارهادون»پادشای ماد ئەڵێ، کە: سێ کەس لەپادشاهانی ماد: «ئوپیس» خەڵکی «پارتکە»، «رنەسانە»خەڵکی«پارتوکا»«رماتیا»خەڵکی «ئورا گازابرنە»ـ کەبەپێی بیروڕای«هرتسفلد» ئەم ناوچانە لەبەشی «پارتیا»(خراسان)وە«هرکانیا» بون ـ بەدڵخوازی خۆیان پێشکەشیان هێناوەبۆ «نینوا» وەدەرخوازیان کردوە کە : بەحوکم ڕانی وەڵاتانی خۆیان دابنرێن . ئێمە کــارمان بەدرۆ یاڕاستی ئەم قسەوەنی یە، بەڵام بەچاودێری ئەم بەڵگەی ئاسوری یانە پێویستە کە «پارت» لە«ماد» بزانین . داریوشی مەزنیش لەبەردەنوسراــ وە کەی بێستوندا ئەنوسێ :

داریوش شاە ئەڵێ: «پارتو»و«وور کان»هەمن یاخی بون؛ وەخۆیان بەژێردەستەی «فرائورتیش»زانی. گەلی ئەوێ لەباوکم «ویشتاسب» کە لە«پارت»دا ، بو، سەرپێچی یان کرد .

ئەو کەسە کە بەناوی «فرائورتیش» لەبەرانبەری داریۆشەوە ئاڵای سەربەخۆیی هەڵ کردووە ، ویستویە کەپادشایی «ماد» بەدەست بێنێ . وەخەڵکی «پارتو» و«وور کان» ئەبێ لەڕنگەزونەتەوەی «ماد»بوبێن کە وەدوای «فرائورتیش» کەوتوون ولەباوکی داریوش یاخی بوون .

### ماناکی ووشەکان

| | |
|---|---|
| ووشە : کلمە | چاودێری: توجە' عنایت |
| لەبنا: دراصل | پێویست : لازم |
| وەر گێڕان: ترجمە | بەردی نوسراو: کتیبەسنگی |
| لێ گۆڕان : اشتباە | مەزن : بزرك |
| نیشتمان: وطن | گەل: ملت ، مردم |
| نێوەڕاس : وسط، مرکز | ئاڵا: پرچم ' علم |
| لێوار : کنار ، ساحل | سەربەخۆیی: استقلال |
| لاخوارو: جنوب | وەدو کەوتن: تابع وپیروشدن |
| بیروڕا : نظریە،عقیدە | |

بنکەی ژین www.zheen.org

# لەهەرگولزاری

## گولی

### مەولەویی تاوگوزیی

العجب، دیدم ! عجب یەچێشە ؟!
چەنێسالەن وە تیرمژەت دلریشەن
چرقەی قرچەی جەرگ سەنگ نەبەرتاوان
هێمای بزپسکەش وەلات نەیاوان

### فخر العلمای سنەیی

ماوە لەژمارەی پێشوو

چـا بـوك وەزەفتاری درەنگـەوە
خەرامان وە نـازبالای شەنگـەوە
جام جەمت ئارالەبۆێز کەرجەمەی
پێم نۆش کەروەیاذ بەزم ئارای کەی
مەستی وە پیران جـوانیی مـەدۆ
هێزدوبـــــارەی زرانیی مـەدۆ
پێم دەرتاپەی پەی وەپاهەی کەرۆ
زای سەخت سارای مەحشەرتەی کەرۆ

ماوەی هەیە

### وەلیی دیوانە

یـاران نـەووەهـــــار. . . !

ئیمسالْ وە بەختم بیفەرنەووەهـار
ئامان وە دامان کۆچ تلْمیت بار
هەچەنێنگـام کەردنەدیم کۆچ یار
خێلان گشت ئامان وەزێـردامان
پەخش بین وەدامان بارگەی ئیمامان
نەکۆچ یـاربێ، نەدەنگ یـاران
وە هاروەنـەم بیی وەژارەــــــان
هەر گولْ جەرەنگی بەرئاماجەخاك
ئەوان گولْخەنذان، من دیدە نمناك
هەرغونچیوە نەم بیی وە پەیکانـێ
هەر گولـێ وەنێش خارهیجرانـێ
هەرلالێ داخین وە صەذەـزارداخ
داخ نیا وە دلْ حەسرەت کێشم ئاخ
سونبولْ چون نێشتەر نیش مەذۆم نەدلْ
تێژتەرەن جەخار نەپام بەرگ گولْ
نەرگس مەوینۆ ئەنذوم بـەرزمەبۆ
ئاهیروە جەستەم قەقنەس تەرزمەبۆ
سۆسەنان زوان تـانـە کێشان لێم
جـەداخ دوری بـالای لـەیل وێم
سەیرچەمەن لێم چون زارمـارەن
هەرئێذ مەژنەوون ماچان وەهارەن

ماوەی ل ٢

**لابەلا :**



١ـ کالْ و تەرچك ـ گالْتەو مەسخەرە ٢ـ لەنێوانی حەوت و نۆدا ـ پیتی وەرگێرانی جیاواز (عطف منفصل) ٣ـ کاری فڕۆکەو بالْندەیە ٤ ـ ئەکەوێتە سەرەتای دۆشتەوە، وەدۆبارە ئەکـرێتەوە، کاتێ کەهەردۆشتە کەمەبەستبن ـ لەزاێوزەبەر لاحیبا مەشهورە ٥ـ بەختوناوچاوی فەرەنگی ٦ـ کـەسێ کەزۆر هیچ نەزان وعەوام بێ، ئەوە لەبرجیبا ناکاتەوە ـ لای هەتاونە گیر ٧ـ ئەمیان بەئەویان ئەلێ رۆژەش ـ کرێکار بۆ وەرگرتنی ئەوە کارئەکا.

**سەربەرەوخوار:**

١ـ زۆربێ وازەو گوێ بۆبیروڕای کەس ڕانا گرێ ٢ـ لەتەبەرەبێکەـ ئاشی دەستی ٣ ـ کاتێ دەربەندی شتێ نەبن وەها ئەلێن ـ هەر کەسێ وەهابلێ مەبەستی خۆیە ٤ـ کەسێ کە بەەزرێت وقسەی بێ نەمێنێ ئەوەلەدەمیدا ووشك ئەبێ ـ سەکۆی سینەماوتەماشاخانەی فەرەنگی، وەتە مەنی عەرەبی ٥ـ «قرعە»ی بێ سەرو بن ـ هەماری لاشە ٦ـ بەهەورامی یەکەیەکە ، وەبەفارسی سەرگەرمی یێکی مندالانەیە ـ ئەوەند هاربۆ بۆبەباییسی سەری خۆی ٧ـ زرەی ... غەمباری لـەملما ✿ لەباتی چەچەەی خرخالەیێتۆ.

---

**کراوەی بەوەرازوێنی ژمارەی ٧٤**

**لابەلا :** ١ـ میخ ـ بیخ ٢ـ زریکە ٣ـ لەری ٤ـ لم ـ فر ٥ـ راهب ٦ـ مسەمس ٧ـ نان ـ شنا

**سەربەرەوخوار :** ١ـ مزال ـ بن ٢ـ یر ـ مر ٣ـ خیل امن ٤ ـ کەرەس وە ـ بەر ـ بەش ٦ـ یف ـ من ٧ـ خر ـ ریس ا .

---

هەزارویەك شەو — ٢٩٨

خەلیفەذاتەکیدا دوواوە،وەلەگۆشەیێکدادانیشت ؛ وەلـەبەرخۆیەدەستی کردەلۆمە کردنی خـــــــۆی وسەری کـردە کـا ولـی خۆی کەئەمەچ کـارێ بۆمن کردم ؛ وەلەسەرئەنجامی کاری خۆیافیکری ئەکردەوە . وەلەسەرێکیشەوە لەعیشقی ئەومانگ رۆخسارا ئەگریا . ئەوجا «قوەالقلوب» هەستاوە ، دەستی کردەملی غانم و ماچی کردەوە ، بەلام غانم لەترسا هەردۆری ئەگرت ؛ وەئەوی لەخۆی دورئەخستەوە؛ وەهەر دۆکیان لەدەریای خوش گەرەك بوونی یەکترا غەرق بووبوون . کـە رۆژ بووەوە ، غانم هەستاوە، سیپالی کردە بەری؛ وەهەروە کوو رۆژان رۆییشتە بازار، وە هەموو جۆرە خواردەمەنی کڕی وهێنایەوەبۆمالْ . وەختێ گەییشتە بەرەوەئەنوازێ کە «قوةالقوب» دەست بەئەژنۆ دانیشتووە ئەگرێ ، کە چاوی بەغانم کـەوت لە گریان وەستاوە ، چاوەکانی سڕی وبەلێوخەنذەوە ، ڕۆی کرد لەغانم وپیی ووت: ئەم یەك سەعاتی جیبایی لەتۆبەلای منەوە هێندەی سالێکی نواند. کەوابێ من چـۆن ئەتوانم لە تۆدۆر بکەومەوە ؛ وەبێ تۆبژیم . ئەوقسانە کەبۆم ووتی ، لەبیری خوتی بەرەوە ، وەهەستە پێکەوە بنوین .غانم ووتی : پەنابەخوذا لەو ڕۆژە کەمن کارێکی وەهام لەدەستەوە داکەوێ . ئەم کارەت قەت نابێ ونا کرێ . چۆن صەگ ئەتوانێ لە جێگای شێرا دانیشێ؟ شتێ کە تایبەتی خەلیفەبێ،لەمن حەرامە . ئەوجاغانم هەرخۆی لەئەو دورئەخستەوە ، وەلەگوشەی هۆدەکەدا تەنیا دائەنیشت . «قوةالقلوب» لـەم خۆگرتنی غانمە عیشقی زۆرتربۆ ، هەستاوە ، خۆی خستەباوەشی غانم،وەدەستی کردە گالْتە کردن ودەس بازی لە گەلیا، وەپەیکی شەرابی بۆ ئەرژاند وئەیدا دەرخواردی تاشەوکاتی نووستن گەییشت، غانم هەستاوەدۆ جێگای ڕاخست «قوةالقلوب» ووتی ئەو جێگایە بۆ کێ ڕائەخەی ؟ غانم ووتی : یەکێکیان بـۆتۆ ، وەئەویشیـان بۆخـۆم .

بنکەی ژین www.zheen.org

## کوردو کوردستان

ماوەی ل۲

کارێکی زۆرسەخت ونالەبارەقەومـا

لەووەختاوەلاتەهەموا لەگەڵ کوردابون بەیار

☆☆☆

ئەو کوردانە کـە هەرئیستاش لەناوچەی کوردستان وبەشەکانی تری ئیراندانیشتە جێن، زۆڵـەکانی نەبەزو نیشتمان پـەروەری هەرئەو کوردانی رۆژگاری هەخامەنیشی ودەورانی ساسانی ودەورانەکانی پاش لە. وەن، کەهێشتان هەموخوو خدەویاساوزووشتی نەتەوایەتی وهۆزی خۆیان پاراستووە وبەڕێزیان گرتووە وەباوەکو ئیستا زۆرتری کوردەبەشەرەف و ئەصیلەکان شارنشین بوون؛ وە گەلێ لەوان لەبەشەکانی زانیاری وویژەیی و سیاسیدا ناووشۆرەتیکی زۆریان بەدەست هێناوە، بەلام هێشتان گـەلێ لەوان هەربەباسای کۆنی خۆیان خەریکی حەیوان داری و گـەرمیان و کوێستان کرددن. بەناوبانگترینی ئەوعێلانە کە لەجوغرافیای تەبیعی «کیهان» دا، ناویان براوەئەمانەن :

«ئەردەلان، کەلهور، گۆران، جوانرۆیی، کرند، زەنگنە، سنجاوی، کولیایی، پایروند، مـەنمی، عوثمان وەند، کـەندولەیـی، زەردۆیی، باباجانی، وە گەلێ عیل وهۆزی تر کەناویان نەبراوە.

هەرکام لەوعێلانە لەنێوی خۆیاندا بەچەندتیرەوخێزان دابەش ئەبن کوردەکانی ئیران هەمویان موسولمان وپـەیڕەوی دینی موبینی ئیسلامن. بڕێکیان چوارامامی (اهل سنت وجماعت) وەبڕێ شیعە و دەستەیێکیان «یزیـدی»ن.

زمانی کوردان شێوەیێ لەزمانی فارسی یە. کـەلە پاش ئـاشنایی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا بڕێ لە ووشەکانی عەرەبیش تێکەڵی بووە.

جێگای جوغرافیـی کوردستان ووەضعی طەبیعی رۆژئـاواو لاخواروی رۆژئاوایی ئیران کەجێگای قەدیمی کوردکانی ئیران بووە، کوردەکانی بەزحمەت کێش وطاقەت داروسەختەوان ولەعەینی حالاساغ زۆردارو کرژو کۆل بارهێناوە. هێشتان کـوردەکانی ئیران وەکـو قەدیم مەردومێکی نەبەزوپالەوان وەهەڵ کراووتەندوروست وبزێووئازاو کرژن؛ وەزۆرتری ئەوخۆەپیسانە کە لە جێگاکانی تری ئیرانداجاران باوبووە، وەساغ وتەندوروستی خەلکی خستبوەمەترسی یەوە، لە کوردستان ولە نێو کوردانا حەرام ویاساخ بووە؛ وەقەت ڕێگای لەوێ نە کەوتووە.

لباس وقسە کردن ویاساوڕەووشت وجەژن وهەڵپەرکیی کورد، چاکترین نوێنگەویـادگاری گەورەیی ئیرانـی کۆنە. وەبەختیارانـە کوردەکان کەلە نیشتمان پەروەری ونـەتەوە دۆستییدا زۆربە غیرەت بوون، وەقسەی بێگانە لەوانا شوێنێکی نەبووە، هێشتان یادگارەکانی ڕابوردوی خۆیان هەموڕا گرتووە؛ وەلەم بارەوەسەرزەوینی کوردنشینی ئیران بۆباس ولێکولینەوەو کاووشی ئیران ناسیی گەنجینەیێکی زۆر بەنرخ و گران بایی ئەژمێردرێ

### مانای وشە

| | |
|---|---|
| چێشت کەر ـ آشپز | بناغەدار ـ اصیل |
| مێژو ـ تاریخ | بەتین ـ قوی |
| پێشینە ـ سابقە | قین لەدڵ ـ مغرض |
| بەکورتی ـ مختصر، خلاصە | هەڵە ـ غلط |
| ناوکە ـ حقیقت،مغز | بەڵگە ـ سند،دلیل |

## نەتەوایەتی...

ماوەل۳

پیشان ئەدا کەلە نێزیکی هەزارەی میلادی یانی تا۹۵۸سال لێرەوپێش لەم ناوچانا بەم زمانەقسەیان ئەکرد، وە لـە حەقیقەتـدا دووای ئـەم بەروارە ئیرانیی دەرەوە گورراوە، وەبوەتەتورکستان؛ ئەمڕۆ ئەم ناوچە بەربەلاوە کە رۆژگارێ نێشتمانی گەلە ئیرانیەکان بووەوناوچەیێکی زانستی وشارسانیەتی ئیرانیی پێك ئەهێنا؛ خوە تایبەتیە ئارییایەکانی خوی لە دەس بەرداوە، وە گەلـی زەگەزئارییاییەکەی ئەوجێگایە لە نێوی تورك وموغولەکانا شاراونەتەوە؛ ئەمەبەوبونەوەیە کەلەودەورە لەمێژوادا، ئەم گەلەبەپاراستنی یەکیەتی وبرایەتی خۆیان لەگـەڵ ئەوبرا ئیرانیەکانی تریانا گوێیان نەداوە، وەژیانی خویان لەگەڵ بیکانەکانا بەڕێك زانیوە.

## مەتەل:

**۱ـچوارپاکورسیی وزەشەئولاخ دێزە.**

ئەم مەتەڵە سەبارەت بە کەسێ ئەوێژرێ کەهەژارو گەدابێ ولەماڵی دونیاهیچی نەبێ.

**۲ـ کتك رەش لەمالیا بەدووربین پێشەنادۆزێتەوە.**

ئەم مەتەڵە سەبارەت بەکەسێ کەمشت قوجا ووپیسکەوبەرچاو تەنگ بێ، ئەوێژرێ. وە لەم بارەوە ئەم مەتەڵەش هەیە.

**۳ـ مشك لەمالیا، صەفرائەکا**

یانێ هێندەهیچی دەس ناکەوێ بخوا کەدڵی دێ بەلادا، وصەفرای ئەجۆشێ.

لاخوارو ـ جنوب
لاژورو ـ شمال
مێژونوس ـ مورخ
دیل ـ اسیر
دیاری ـ نامزد
نیشتەجێ ـ متوطن،مقیم
نوسەر ـ نویسندە
بیروڕا ـ نظریە،عقیدە
بەناوبانگ ـ معروف
سنور ـ حدود،مرز
تەیار ـ مجهز، آمادە
خدە ـ عادت
بەڕێز ـ مقدس، محترم

## ڕیزەکاریی

=۱۷=

**بەقوڕگرتن** : کینایەیەلەکاول کردن. کاتێ لەکەسێ ئالۆزئەبن ئەڵێن : «ماڵت لەقوڕ گیرێ»؛ وەهۆنەر، زۆبە سەیرانگای چۆڵی دلدار ئەڵێ :

«وەرە باپێکەوە، دنیا بەقوڕبگرین وتێ هەڵدەین
لەتۆخاك ولەمن جۆگەی سرشکی چاوی خوێن بارم»

لەقوڕ، بەمەعنای «گل ـ طین»، وە«گرتن»ی بە«بە»تەعەددی کردو، بەمەعنای «هەڵناوین» گیراوە. ڕەنگە بناغەکەی ئەوەبـێ، کەلەناوکوردانـدا، قوڕنیشانەی شین ونەڕا مەتە؛ وەکوئەوە، کـە ئازیەتی بارقوڕئەپێوێ، وەمەسەلەن سەری، ئەگرێتەقوڕ.

**لاپلەرسەنگ** : ڕەنگە بەمەعنای پارسەنك بێ، یانێ بەردێ یـا ووردەپیتاکێ، کەکاتێ سەنگی کێشانە ناتەواوبێ ئەیخەنە پاڵی؛ یـا بەشتێ بڵێن کە ئەی بەسنەلای شایەن پاتای تراز ووەوە بۆئەوەسەرنەکا. کینایە لەکەسێکە کە لەکارێکدا هیچ جێگای نیباز نەبێ، وە بەزۆر، خۆی ببڕێتە مل کەسانێکدا کەجێگای نیبازبن (طفیلی).

**قول لەکەسێ بەفل کردن** : پەشۆکاندن وسەرلـێ شێوانـدن. ڕەنگە بناغەکەی، ئەوەبوبێ، کە کابرایێ. خەریکی خوێندنـەوەی شتێ بوبێ، وە کەسێکی تر، هەرقسەی هێنابێتەناو، ئەنجـا کـابـرا گەییشتبێتە عیبارەتێ کەتێدا ووشەی «قل» (امری مفردی مذکـری مخاطب، لەتقول) بوو بێ، وەسەری لێ شێوابێت ووتبێتی «قل» (بەپیتی ف). ئەنجا، بۆپەڕۆ کردنی غەڵەتەکەی، بەو کەسەی ووتبێ: ئەوەند قسەت کرد کە قولت لێ کردم بەفل! وەپاش ئەوە تەعمیم درابێ بۆهەر چەشنە پەشۆکاندنێ.

سەرەخەر : کینایەیە لەکەسێ کە خۆی لەکارێ بدا، کەبەتەنیا خۆێ، لێهاتن یالییاقەتی ئەوکارەی نەبێ، وەتاپێی نەسپێررێ، مافـی ئەوەی نەبێ کەیبکا. لە«سەر» (سر ـ رأس) وە«خر» کەفارسی یە گیراوە.

موناسەبەت ئەوەیە، کە لە ناوباغچە وبێساندا، سەری کەرێ، بۆچاوەزارو گەزاندنەوەی چاوەچلەئە کەنەسەردارێکەوە، وەلەحەقیقەتدا ئەو سەرە کەرە، ئەصل یالاییقی ئەوەنییە، کە چاوەنوازیێکی وەهای لێ ببرێ. بەوبۆنەوە، سەرەخەر لەپێشدا کراوەتـە کینایەلەمـرۆی نالاییق بۆکارێ کەدەسی پێ یەوە ئەدا، وەلەپاشان، تۆزێ لەومەعنایەدا تەعمیم دراوە؛ وەئێستا بۆکەسێکیش ئەووترێ، کـــە سەربارو زیادیبێ.

**لووت لەکەسێ لاربوون** : بێوازبون وئیعتیناپێ نەمان. «لوت» یانێ «بینی ـ انف» وە«لار» یانێ «کیج ـ معوج». بۆیێ کراوەتە کینایە لەو مەعنایەدا، کــــەکاتێ کەسێ، بێوازی لـــــــەکەسێ، بنوێنێ، بەرئەکاتە ئەولاوەوەدەموچاوی خۆی وەهالێ ئەکا، کەلەوەبکا لوتی لاربکاتەوە. لەکاتی گلە لەدۆستێ، ئەڵێن: توخوداچیم کردووە کەلوتت لێم لاربووە؟

**کردنەسەر** : لێپرسینەوە وهۆش بەلاوەبون. لە بناغەدابۆئەوە کەبزانێ هەمویان هەرکەسێ، سەرئەدا لەماڵات وپەزوپۆلەی خۆی با حەیوانەکان بکەمەسەر. ئەنجا لەمەعنای دووەمدا، کاتی گلە لەکەسێ ئەڵێن : بۆمانامان کەینەسەر»، یانێ هەواڵێکمان لێ ناپرسێ.

ناتەواو

www.zheen.org

# کوردستان

لێکۆڵینەوەی سیاسیی

## هەڵبژاردنی ئەمریکا

یاسای هەڵبژێررانی سەر کۆمارو نوێنەرانی کونگرەی ئەمریکا لەمانگی ئایەندەدا پێکدێ. وەزابەرانی دو کۆمەڵەی گەورەی «کۆماري خواز» و «دمو کرات»ی، ئەم وەڵانە ئێستا بەربەرەکانێیان بۆ هەڵبژێررانێ خۆیان دەست پێ کردووە.

«ڕیچارد نیکسۆن» یارمەتیدەری پرزیدنت ئایزنهاورو ناوبراوی کۆمەڵەی «کۆماري خواز» وەهەروەها سەناتۆر «کندی» ناوبرای کۆمەڵەی دمو کرات بۆ بەدەست هێنانی مەقامی سەر کۆماري، ئەم بەربەرەکانێیە گەورەیانە بەبەرنامەی تلەڤیزیۆني دەست پێ کرد.

گەلێ لەچاو دێرە سیاسیەکان بیروڕای خۆیان وەهادەربڕیوە کەلەم هەڵبژاردنا کۆمەڵەی «کۆماري خواز» تێ ئەشکێ؛ وەدمو کراتەکان جارێکیتر کاروباری ئەمریکا ئەگرنە دەستی خۆیـان. ئـەڵبەت هێشتان ناتوانین بەووردي سەبارەت بەسەر ئەنجامـی هەڵ بژاردنـی، ئایدەنەدەی ئەمریکا بیروڕا دەربڕین؛ بەڵام ئەڵبەت ناش توانین لەژێری ئەم مەبەستە دەرچین کە: بەشی دووایی، دەورەی حو کم بەدەستي پرزیدنت ئایزنهاور، لەگەڵ پێکهاتنی گێژاوە گەورەکانی جیهانـی سیاسەتدا هاوڕێ بووە

کۆماري خوازەکان لەپارەکەوە کەپەیوەندي نزیکتری لەبەینی ئەمریکا وڕۆسادا مەزراوە، ئەیانویست، سەرەتای بیروزي تازەی خۆیان لەهەڵ بژاردنا پێك بێنن؛ وەلەم ڕێگادا زۆریش سەر کەوتن؛ بەجۆرێ کە ئایزنهاور وخرۆشچۆف سەرەك وەزیری یەکیەتي سوڤیەتیە کتریان بۆ گەشت لەوەڵاتانی خۆیانا دەنگ کرد؛ وەخرۆشچۆف لەپاش گەڕانەوە لەگەشتی ئەمریکا، پرزیدنت ئایزنهاوری بەناوی «پیاوی ئاشتي» ناوبرد؛ بەڵام پێشاتەکانی دووایی وەکوتێك چۆنی کۆبۆنەوەی سەرانی چوار دەوڵەتی گەورە لەپاریسدا، بەهۆی ئاشکرابۆنی فڕینی فڕۆکـەکانـی بشکینەری ئەمریکایی بەسەرخاکی ڕۆسا، کاروباری بەجـارێ هـەڵ گەڕاندەوە؛ وەهەمۆ نەقشەکانی کۆماري خوازانی ـ کەبـۆ بـەدەست هێنانی پیرۆزي لەهەڵ بژاردنی ئەمـریکادا ڕژاندبۆیان ـ بێ کەڵك و شوێن کرد.

بێجگەلەمە، تێشکانی دەوڵەتی کۆماري خوازان لەکاروباری سیاسەتی دەرەوەدا، بەڵگەیێکی بەدەستی دمو کراتەکانەوەدا، کەئەوە بکەنە دەمسۆري بۆخۆیان، وەکەڵکی لێوەر گرن. سەناتـۆر «کندی» لەووتەی تلەڤیزیۆني خۆیدا بەئاشکرا باسی لەم مەبەستەوە کردو ووتی: کۆماري خوازان نەیان توانیوە ئەوجێگا وپلە کە ئەمریکالەمەیدانی سیاسەتی جیهانیدا بەدەستی هێنابۆ، ڕای گرن؛ وەبەهۆی بەکار بردنی سیاسەتی هەڵەوپەلە کارەساتێکیان پێش هێناوە کە بەقازانجی گەلـی ئەمریکانی یە. کۆماري خوازەکانیش لەبـەرانبەری ڕخنەتونـدەکانی دمو کراتەکانەوە بێدەنگدانە نیشتوون؛ وەئەوخزمەتانە کەلەدەورەی حو کم بەدەستي خۆیانا بۆپاراستنی ئاشتي جیهان وبەتین کردنی دەسگای ئابوري وعەسکەري ئەمریکا ودونیای ئازادیان کـردووە، بۆدەنگ

### ماوەی سەرووتار

ماوەی ل ١

خۆشەویستی بـێ دەغێلەی بێ وینەیێ کە: گەلی ئێراں لەکانێ دڵیاندا لەبەرانبەری شاهەنشای دڵ بێدارو دڵسۆزە وەهەستی پـێ ئەکەن یەکەیەکەی ئەم گەلەهەڵ ئەنێ، کەئاسایشی خاطروەئاوات وئارەزووەکانی شاهەنشاکـە: ئەویش هەربۆ ژێك وپێنکی وەدامەزراني کارەساتي وەڵاتوخـۆشیی گەلە، هەمیشە لەخوداى تەوانا، داوابکەن؛ جگەلەوەش ساڵەهایە کە: گەلی ئێران چاوەڕێیی وەها ڕۆژێ ئەکەن کە: چاوي **شاهەنشا** وگەلی ئێران بەدیداری وەلیعهد ڕۆناك، وەئاوات وئارەزووەکانی ئێرانیانی خووا پەرست وشادۆست ونیشتمان پەروەر بێتەدي.

جگەلە خۆشەویستی شاهەنشا کە: لەدڵی هەرئەندامێکی ئێرانی پاك وخاوێن داڕیشەی دا کوتـاوەو جێ گیرەو، وەکووخوێن لەناو تەواوی دەماریا خول ئەخـووا، گەلي ئێران لەبەرانبەری علیاحضرت مەلەکە «فەرەح»ی پەهلەویشەوە، باوەکووبوونی بەمەلەکەی ئێران لەساڵێ تێ نەپەڕیوە، خۆشەویستێکي پڕلەبەڕێز گـرتنو ئیحترامـلـە خۆیاندا هەست ئەکەن؛ چونکە علیاحضرت لەمـاوە کورتـەدا ئیسباتیان کردووە، کە: لەبەرانبەری ئەندامانی گەلەوە بەتایبەتیی هەژاروانی قەوماوەکانەوە، دڵێکی پڕلەمیهرەبانیی ودڵسۆزيیان هەیە؛ وەهەموو کاتێ بریتی ئـەوانیان مەڵهەم کردووە، وەخۆی سەرۆکیی زیباتری بونگاخەیری یەکانـی گرتووەتە ئـەستۆ، وەلـە کاری ئەواندا چاودیری ێێکی وورد بە خەرج ئەدەن وەخۆشەویستی گەل لەبارەی ئەوانەوەلەکاتێکەوە کە: هەواڵی نزیك بوونەوەی پەیدابوونی کۆرپەی **شاهەنشا** کە: لەخوداًمان ئەوێ کوڕوە وەلی عەهدی ئێران بن گەیتشووەتە گووێی خەڵکي صەدبەرانبەر بووەتەوە.

ئێمەبەبۆنەی جێژنیی گەورەی چووارەمی ئەبانەوە کە: لەگەڵ جێژنی لەدایك بوونی وەلی عەهدا یەك گیر بوون، چاکترین دوعای خالصانە و شادباشی خۆمـان بە حضوری **اعلیحضرت شاهەنشا** **وعلیاحضرت مەلەکە** پێشکەش ئەکەین؛ وەلەخودای گەورەداوا کارین چاوی هەردۆکیان بەدیداری کوڕێ خـوشەویست، وەدەوا ـی عەهـ ـدی ئێران ڕۆشن، وەگـ ـ ـ ـهای ئێران لـە سایەی ئەوان دا بەگـرنگترین پلەی سەر کەوت وپێش کـەوت، وەژیبیانی ئاسودە وفەرەح بـەخش بگەیێنێ

### دەرەکان لەیەك ئەدەنەوە

هەڵ بژاردنی ئەمریکا لەمانگی «نوامبر» داجێ بـەجێ ئەبێ؛ وەبارە کۆبڕێ لەلێ کۆڵەرەکان بەبێ دۆدڵي، وتۆیانە کە: ئەگەردمو کراتەکان سەر کەون، ئاڵوگۆرێکی زۆر لەئەمریکادا بەدي تێ؛ بەڵام دەستەیێکی ترلایان وایە کە: چونکو کاروباری وەڵانە ئازادەکانی دونیا لەکارەساتی پڕلە گێژاوی ئێستادا ـ کەڕۆسیە ڕەووشتی هەڕەشە کردنی گرتوە تەپێش ـ پێکەوە پەیوەندي هەیە، گۆڕانی حکۆمەتی ئەمریکا وسەرکەوتي دەو کراتەکان هیچ شوێنێکی لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا نابێ وەخوا هەر کۆماري خوازەکان سەر کەوون یادمو کراتەکان بێنەڕۆ، دەوڵەتی ئەمریکا هەروەها لەڕزی وەڵاتە ئازادەکانی دونیادا بۆپاراستنی ئاشتي ئەمێنێتەوە.

### مانای ووشەکان

| | |
|---|---|
| هەڵبژاردن ـ انتخابات | بشکینەر ـ اکتشافی |
| یاسا ـ مراسم | بێ کەڵك ـ بی‌فایده |
| سەر کۆمار ـ رئیس جمهور | شوێن ـ اثر |
| نوێنەر ـ نماینده | بەڵگە ـ مستمسك، دلیل |
| کۆمەڵە ـ حزب | دەمسۆري ـ زبان‌دلیری |
| کۆماري خواز ـ جمهوریخواه | ووتە ـ نطق |
| بەربەرەکانێ ـ مبارزه | هەڵەوپەلە ـ عجله‌وشتاب |
| یارمەتیدەر ـ معاون | ڕخنە ـ اعتراض، ایراد |
| ناوبراو ـ نامزد، کاندید | بەتین ـ قوی |
| چاودێر ـ ناظر | ئابوري ـ اقتصادی |
| گەلێ ـ عده‌زیادی | دەنگدەر ـ رأی‌هنده |
| بیروڕا ـ عقیده، نظریه | لەیەکدانەوە ـ تشریح |
| دەربڕین ـ اظهار کردن | لێ کۆڵەر ـ مفسر، محقق |
| گێژاو ـ بحران | دۆدڵي ـ شك‌وتردید |
| گەشت ـ سفر | ئاڵوگۆر ـ تغییروتحول |
| دەنگ کردن ـ دعوت | بەديهاتن ـ تحقق |
| فڕۆکە ـ هواپیما | ڕز ـ صف، ردیف |

### لەکۆمەڵا..

ماوەی ٧

شوێن: اثر

وێنە: نمونە، مثال

گردوپەز: دوروبر

لف: جفت، نظیر، شبیه

تین: قوت، نیرو

بەراوەرد: مقایسه، مقابله، سنجیدن

مەڵبەند: منطقه، بلوك

ئەستور: کلفت

سپیاڵ: لباس

مامز: آهو، غزال

ماف: حق

ئەندام: عضو، شخص

ئاشك: آهو، غزال

www.zheen.org

# پی وقدومی وەلی عەهدی ئیران لەشاهەنشا، ملکەوگەل پیروزبی


زمارەی-۲۷-سالی دووەم
زمارەی شوێن یەك ۷۸

**کوردستان**

ڕۆژنامەیێکی حەوتەبی کوردی یە، حەوتەی جاری چلیکی دەرئەچێ

بایی
بۆناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| سالانە: | ۱۲ | تمەن |
| شەش مانگە | ۷ | « |
| چلێ | ۳ | قەران |

بۆدەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| سالانە: | ۳۰ | تمەن |
| شەشمانگە: | ۱۵ | « |






عەزیزم شا-وارێکە، گوزەرگا،گەر، بەئەلبورزا
دەگا ، نووکی سەی لەسپی، لەخارا،تووتیا پەیدا

سیاسی- زانیاری- وێژەیی- کۆمەلایەتیی

خاوەنی امتیازومدیری لی پرسراو
**عبدالحميد• بديع الزمانی**
بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
**محمدصدیق مفتی زادە-سەرنووسەر**
**دوکتورعبدالرحمن واحمدمفتی زادە**
**عابدسراج الدینی-شکراله بابان**
**خسروشیخکا نلووی میلانی**

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه»ژمارەی پلاك ۲۱۸
تلیفون ۳۲۰۰۳

چووارشەمە ۱۱ گەلاڕێزان ۲۵۷۲ك-۱۱ ئەبان ۱۳۳۹ش-۱۲ جمادی الاول ۱۳۸۰ق-۲ نوامبر ۱۹۶۰م


شاهەنشاه لەوەلامی پیروزبایی سەرەك وەزیردافەرموویان :

# ئەم هەستی خاوێنە کەلەم وەختا گەلی ئیران

## پیشانیان دا،هوی مانەوەی ئیرانە

## زورتر پادشایانی ئیران مەبەستیان تەنیا پاراستنی تاج وتەختی خویان نەبووە، بەلکو بوئەم وەلاتەرەنجیان کیشاوەو،خەباتیان کردووە

## گەلی کە لەپیتاوی مناگیانی خوی دائەنی، ئەبی بوچی منیش ئەو کارە بوئەو نەکەم ؟ ئەمەیەکەیەکیەتیی نیوانی شاوگەلی بەدیی هیناوە، وەبەیوەندیی ئەوانی هەمیشە بەتین کردووە .

## بەیەقین کوری منیش وەکو خوم وباوکم لەریگای وەلاتالەهیچ جورە خەباتی خوی ناگری

### هەستی نەوایەتی

لە چەندڕۆژپێش لەچووارەمی ئەبانەوەهەموو ئەندامانی گەل، یەکێ بەهۆی جێژنی لەدایك بوونی بەرێزی شاهەنشا، وەیەکێ بەهۆی نزیك بوونەوەی هاتنە دونیای کۆرپـەی پێ بەفەڕي شاهەنشاه ومەلەکەوە، بۆ خـۆوە دەرخستن ودەربـڕینی هەستی خاوێن،سەبارەت بەوەدوو هۆوە کە لـە پێشاووتمان خۆیـانیان ئامادە کردووە.

بەشێ لەوهەستە لەڕۆژی چوو-رەمی ئـەبـان دا ؛ لە مەیدانـێ «ئەمجەدیە»ی تاران؛ و«لەهەمو نا وەندی ئاستانەکان وشارستانەکانی ئێران دا؛ بـەچاکترین چەشنی بێ وێنە وپرشکۆچەنـدین پلەاـە سالان سازوپڕشۆروشادی تـردەر- بڕراوبەڕێ کرا.

بەشی دوهەمیش بەبەستنی تاقی سرەت وڕازاندنـە وەی کۆگـا مغازە) وچراغانی ئـەوشوێنانەی کەپێشاندەری دڵ لەلا بوونی گەلی ئێران؛لەناو کرۆکی دڵەوسەبارەت بەخانەدانی بولندپایەی سەلطەنەت'وە **شخصی اعلیحضرتی همایونی** وەئاوات وئارەزوو بریای ناو کەیی بەکۆرپەی برومەندی شاهەنشایە دەربڕرا،وپیشاندرا کە بەدی هاتنی ئەوئاواتە بەڕێزەهـۆی خۆشی و

ماوە ل ۷



### ڕاگەیاندنی دەولەت

یەزدانی مەزن وتەوانا کەهەمیشە گەلی بەشەرەف وڕەگەزخاوێنی ئێرانی لەبەزەکەت وچاودێري خۆی بەرخوردارفەرمووە،وەلەهەرکاتێ وەختێکانیعمەتی بی ژماروئەندازەی بەگەلی ایران بەخشیوە، ئەمجارەش ویستی کەدیسان یەکێ تر لەئاواتەکانی گەلی نەجیب وشادۆستی ئێران، کەهەموبەدڵ وبەگیـان چـاوەڕێي بەدیهاتنی بوّن' بەجێ بێنێ ؛ وە هەموّبەکەرەم وڕەحمی خـۆی شاڎبکاتەوە.مزگانی خـۆشي هاتنەدونیای کورپەی پێ وقدومبەخەیری

ماوەل ۱۲

## لافاوی بروسکەی پیروزبایی لە پادشاوسەرکومارەکانی دونیاوە بوتاران هەل نیشتووە؛وەهەوالی بەدنیاهاتنی وەلی عەهدی ئیران هەموهەوالەکانی دونیای لەژیر تیشکی خویا شاردوەتەوە.



### ڕاگەیاندنی دەرباری شاهەنشاهی

وەزیری دەرباری شاهەنشاهیی زۆر بەخۆش حالی یەوە بەهەموو هەوال ئەدا کە: یەزدانی مەزن لەڕۆژی دوشەمەی نوهەمی مانگی ئەبانی ۱۳۳۹ سەعاتی یازدە وپەنجا وپێنج دەقیقە بەاعلیحضرت همایون شاهەنشاه وعلیاحضرت ملکە کوڕێکی عطا فەرمووە .

### پیروزبایی

ڕۆژنامەی کوردستان کە نوێنەری بیروڕای هەمو کوردە ڕەگەزپاك وخوین خاوێنەکانی ناوخۆ ودەرەوەی وەلاتە،بەم جۆرە کەیف خۆشیی وشاڎیی هەموکوردان لەمەی کە : یەزدانی مەزن ئوجاخی شاهەنشاهیی دوهەزاروپێنج صەڎ سالەی ڕەگەزی ئاریای بەهاتنە دونیای وەلیی عەهدی ئێـــــران ڕۆشن کردەوە ، ڕائەگەیێنێ ؛وەزۆر سپاسی یەزدان ئەکا کەهەمیشە ئاواتەکانی ئێمەی بەدیی هێناوە . وەپیروزبایی ئەم بەخششەگەورەی یەزدانی یە بەپێشگای ئالاهەلگیری سەربەرزیی نەتەوەی ئاریا اعلیحضرت همایون محمدرضاشاه پهلوی شاهەنشای ئێران وعلیاحضرت ملکە فرح پهلوی پێشکەش ئەکا .وەلەیەزدانی مەزن ئەپاڕێتەوە کەئەم کورپەشیرینەی خێزانی سەلطەنەتە لەهەموودەردو بەلایێ بپارێزێ .

**خواهران وبرادران فارس کەعلاقمند بفراگرفتن رسم الخط کردی باشند،صفحە ۹۶ را مطالعەفرمایند**

## لەهەر گولزاری م.ص.م

## گولی

### مەولەویی تاوگوزیی

ئاخ چراخ اجەئاخ، ئاخ پەی ئاخ داریٚ!

چون من خاتر خار، خەم بار داخداریٚ

بشیایمی وەسەیر سەرسەراوچەمەن

چون من وچراخ نەوچەمەن جەمەن

نالّەمان كـەردا جـەنی بلّبـلاّن

چەنی نالەیٚ؟ چون سفتەی دلاّن

تاجەقەفەسدا مەنــــدەن نەفەسیٚ

ئەوان پەی گولاّن، ئێمە یچ پەی كەسیٚ

### احمد بەگی كوماسیی ناسراو بە«خالو»

چراخم شەو ــــــ ۆ . . .

شەویٚ ندشەوان شێم پەریٚ شەوبـۆ

هەراس بیم جەداخ شەوبۆی زلّف تۆ

ناعەلاج چنیم دەستەی شەبۆی كـۆ

چەنّ وەدلّ نیام بۆوەبۆی شەوبـۆ

بۆش مەدا، ئەممانەك جون زلّف تۆ

شایەد بۆی زلّفت كەمیٚ بەیۆلێش

بەلّكەم زامانم كەمتەر كە رۆێش

ئەرشەوبۆی زلّفت بـدەم وەشەوبۆ

دەیری بام نەجەم دەیرییان كۆ!

فیدای ئەوشابام تۆش ئیجاد كەردەن

زلّفانت گـرە وجـەشە وبـۆ بەردەن

«احمد» تازیندەن هەرسەر گەردانەن

پەی شەوبۆی زلّفت ویٚل هەردانە

### فخر العلمای سنەییی

ماوە لەژمارەی پێشوو

زرینگەی گۆشم پێم ماچـۆوەتاو

گاهیٚ خەوەردار، گاهیٚ سەرحەساو

من بەمەی غەفلەت كەر كەردەن گـۆشم

نییەن هیچ وە كەس نە گۆش هۆشم

نەی گوزەرگای تەنگ بازار چەپ گەرد

هەركاتیٚ زانای ئەجەل سمكۆم كەرد

ماوەی هەیە

### وەلیی دیوانە

تەیـران تیـژبـالّ . . .!

قازان، قولنگان، تەیران تیژبالّ!

م:ص:م

## بەشی مەولەیی

## پارچەی

## ٣٨

خوداّلی خۆشبۆ «مەولەوی» لەم پارچەدا، ناتەوانی خۆی دەربڕیوە، وەئەوەندە بیروخەیالّ زۆری بۆهێناوە توانایی هۆنینی نەماوە، وەوپستوّیە بۆخۆی بڕوابۆلای ئازیز، وەئیتر ئەم جارەنامەی بۆنەنوسیٚ. هەروەها كە ئەلّیٚ:

ئیتر توانایی ئەوەم نەماوە كەبیربكەمەوە بۆ بۆفەرد هۆنینەوە؛ هۆنراوەكانم بوون بەتەوك و كەوتۆنەتە گەردنم؛ ئـەگەر گـەردوون بەپێچەوانەی بەختم نوسوریتەوە، وەنەی خستمەناوی گێژەلۆكەی سەختی مەینەتانەوە، ئارەزوی چاوپیٚ كەوتنی یاران كەوتووەتە سەرم، وەدلّم ئاهەنگی سەیرانی كردووە كەلەگەلّ یاران ودۆستاندا بەسەربەرزان و كوێستاناندا بگەڕێم، وەخەم وپەژارەی دەروونم بدەمەباد؛ بەلاّم ئەگەر گەردشی گەردوون لەداخی دوری وچاوپیٚ نەكەوتنی یاران منی كوشت، ئەم كارەش وەكو كارەكانی تری كە چەنّجار ئەوكارەی كردووە!

نەمەندەن خەیالّ فەردان كەردەنم

فەرد بییەن وەتەوق شیوە گەردەنم

ئەرفەلەك گەردش نەدۆنەزوی بەخت

نەوستاش ئەوكێج گەردەلوّل سەخت

ئارەزوی دیدار یارانـم كـەردەن

هەوای سەیرانم وە دلّ ئـاوەردەن

بگیلّون چەنی هام دەمـان وەشاد

وەسەربەرزاندا خەم بـدەون وەباد

وەر كوشتاش جەداخ نەدیەنی یاران

چەنّجار كەردەنش ئیدیچ چون جاران

چاپ اختر شمال تلفن ٢٥٥٠١

خۆزگە پێیتان بۆجەی ماواومەحالّ

مەشدیٚ وەلەیلاخ بـەنّ سەرسارالّ

مەگێلان كاوكاوبەنـدّ لەیلاخـان

یۆرد چەراگای بلّنـد دەماخـان

تەمام نازاران ماشتەو كیش وە دۆش

دیدە جەیرانان بـەرگ ئـالاپۆش

یەكیەك خالّ خاسان خێلّ «مرادی»

جەلەیلاخ چەنی قیبلـەم وەشادی

مەگێـلان وە فەرق سیـامالاّنـدا

مەدیان وەسەرئیل سۆسەن خالاّندا

ماوەی هەیە

### نالە بارییەكانی..

ماوەی ل١

خەسوّی نابارمان ڕا گەیاند، هەموّ ڕۆژیٚ بیانویٚ سازئەكات وتەونێكیان بۆئـەگریتەدار، ئەوما لەئەكاتـە مەیدانی گورزوقاوی ئاژاوە، ووردو بچوكی ئەوماڵە ئەكاتـە دوژمنی «ئەحەونەرگس» ژیانیش لەخۆی و مێردەكەی تالّ ئەكات، لـە سەر ئەنجامائە كێشێتەلای شەڕوداوای خێزانی یەوەوئیتر لەفسەو باسانامێنیٚ هەموّڕۆژیٚ خەلّكی گەڕەك ئەڕژیٚ بۆتەماشا وهەندیٚ بۆناوجی گەری بەملیانداڕژێن.

ئەبیٚ ئەمـەش بلّێین بوّكیش پاش ئەوەی خەسوّلە ماوەشی ئەدا وە هێندەی ئازارئەكایاس ئەبیٚ، ئەویش ئەوبارەكەیٚ ئەگریٚ چاو لەحەیاوشەرم ئەپوشیٚ؛ لـەوەلاّمی قسەیێكی خراپا چووارئەلێتەوە، وەتا خەسوّپیلانیٚ ئەگێڕیٚ ئەویش پێنچ ئاشوب ئەنێتەوە؛ كارەسات ئەنجا ئەكەوێتەمەیدانـی گورزوقاوی نێوانی هـۆزی بوّك وهـۆزی زاوا، شەڕەجووین ومەتەلّكوتن لەنێوانی ئەودوّهوزەدا پەیدا ئەبیٚ؛ لەسەر ئەنجامائە كێشتەلای چنگەپڕچیٚ و شەڕەداروبەردەفڕكیٚ وبڕیٚ جاریش لای كوشتوكوشتارەوە، بەچەشنیٚ ئەبێتە هەراكلكی كـەری تێدا ئەپچڕیٚ؛ لـە سەرئەنجاما هـەردوّ هۆزئابڕویان ئەچیٚ وئەبنە تـانەی دۆست وبێگانەسەرئەنجامی ئەوكارەساتە ئەبێتە ئەوەی كە لـەسایەی سەری خەسوّوەئەودوّ گـەنجەلە پێش چاوی خزمانی نزیكیشیان بەهۆی ئاشوّب ئەنـاسرێن وئەبن بەپەند. جائەنجاناچارپاش ئەوەی دوژمنایەتـی قوّلّ بـوّ، وەمینای ئەوەوگەنجە بەستەزمانە شكا، یا بەیەكجاری «ئەحە» ناچارئـەبی دەس لە «نەرگس» هەلّ گریٚ باوە-كوّ ئەوكردەوەیە لە پێش چاویٚ وەگومردنیش نییە، كوڕی بەئەدەب لەپێش چاویٚ بابی كەوتوّوە، داكیشی باوەكوّ خۆی خەتابارە، ڕقی لە «ئەحە» هەلّ گرتووە، باقـی مندالاّنی ئەو

ماوەل ٨

### چۆن بنووسین و بخووینینەوە
### کردەوەی بناغەیی و کردەوەی کۆمەك

لەووێنانەدا کەلەژمارەی پێشوودا هەڵماندان، چەنذشتمان بـۆدەر. ئەکەوێ :

١- کردەوەی کۆمەك بـڕێ جارئەبێتە کردەوەی بناغەیی؛ ئەوەش کاتێکە کە بمانەوێ تەنیامانـای کردن، یان مانای بوون کە بـە ماناجێ بەجێ کردنی کار، ومیان، بەدي هانن بێ. بگەیێنین، وێنە: شێرۆ لەدایك بو. یانێ: شێرۆ هاتەدي. شێرۆ کاری کرد، یان کارئەکا. لێرەدا ئەوەش ئەبێ بزانین کە کردەوەی کۆمەکی «کردن» لەکاتێکدا، ئەبێتە کردەوەی بناغەیي کە «کار» بێتە کراوێ.

٢- کردەوەی کۆمەکی «کردن» بڕێ جار تێپەڕ کەرئەبی، وێنە : شێرۆ تەماشای ڕۆژنامەکەی کرد. وەبڕێ جاری تریش تێپەڕنەکەر ئەبێ، وەکوئەوەئەڵین : شێرۆ تەماشائەکا، ئەوەش لەوەختێکدا ئەبێ کە تەنیامەبەستانمان کردنی ئەوناوەبێ کە لە پێش کـردەوەی کۆمەکەوە، دامرکاوە، یـانێ ئەوناوە کە کردەوەی کۆمەکـی بۆهێنراوە، وەلەگەڵیاتێکـەڵ کراوە، لەم کاتەدا کردەوەی کۆمەکی «کردن» تێپەڕنەکەرئەبێ، بۆوێنە ئەگەرمەبەستمان ئەوەبێ کەشێرۆ، تەنیاکاری «تەماشا» لەخۆیەدەرئەخا، وەئەوکارە ناخاتە ملی شتێ تـرا؛ ئەڵێین : شێرۆتەماشائەکا، یانێ: تەنیاتەماشای ڕۆت لەخۆیەوەنیشان ئەدابەبێ ئەوەبێ خاتەسەری شتێ تر تائەوشتە ببێ بە کراو.

بەڵام ئەگەر مەبەستمان ئەوە بێ کەئەوناوەبەکۆمەکی کردەوەی کۆمەك بخرێتەسەرشتێکی تر، ئەوکاتە کردەوەی کۆمەك لەگەڵ ناوی تێکەڵ کراودا، تێپەڕکەر ئەبێ وێنە : شێرۆ کـۆشکی ستەمـی وێرانِ کرد. شێر کـۆ، چـرای زانیاریڕۆشن کرد. شێرۆتۆری کرد، شێر کۆ قینی کرد.

٣- کردەوەی کۆمەکی «بوون» لەباسی کردەوەی تەواوو ناتەواودا، ناساندمان، کەوابوئەو کردەوە، هەم کردەوەی کۆمەکی پێ ئەوێژرێ وەهەم کردەوەی. ناتەواو

ناتەواو

### ماناي ووشەکان

بناغەیی: اصلی
کۆمەك: معین
بەدی هاتن: بوجود آمدن
کراو: مفعول
تێپەڕکەر متعدی
تێپەڕنەکەر: لازمەبەست: مقصود
ناو: اسم
دامرکان: قرار گرفتن
ڕۆ: مطلق، مجرد
ناو: اسم
تێکەڵ کراو: مرکب، مؤلف
کردەوەی تەواو: فعل تام
ناتەواو : ناقص

هەزار و یەك شەو ٢٩٩

لەئەمشەو بەملاوە، ئەبێ پێکەوەلەنێوجێگاییکدانەنوون. چونکوشتێ کە تایبەتی ئاغابێ، لەغولامحەرامە، «قوة القلوب» ووتی: وازلەم قسانە بێنە، چارەنوس هەرچی بێ، دێتەڕێ وجێگای دەرچوون نی یە. غانم بەتکای ئەو گوێ نەدا؛ وەبەتـەنیانـوست. «قوةالقلوب» ڕۆژبۆڕۆژ ئاگری عیشقی تێژترئەبو؛ تاسێ مانگ بەمجۆرەتێ پەڕی کرد لەم ماوەدا هەرچەنذ «قوة القلوب» ئەهـاتە نزیکـەوە، غانـم خۆی ئەکێشا دوواوە؛ وەدوری لێ ئەکرد؛ وەئەی ووت، کە شتی تایبەتی ئاغالەبـۆنۆ کەرحەرامە. کچە کەلەم وەڵامی غانەمزۆر خەفەتی ئەخوارد وڕۆژ بۆڕۆژ ڕەنگی زەردئەگەڕا، لەڕۆلاوازئەبو؛ وەلەبەرخۆیەوە هەمیشەئەم شعرانەی ئەخوێندەوە :

نەپێی هەڵهاتن ونەدەستەڵاتی دەس لەمل کردن
نەهیوای وەصلی تۆم لایەو نەهێزی باری هەجرانت
مەگەر کەم ئاگرێ بۆعیشقی تۆ بۆجەرگی خوێنینم،
کە کوڕەیکی ترت تاودا: شکاندت جامی پەیمانت!؟
لەدیلی داوی عیشقت بۆدە کەی دوری کە بەسراوە
ڕەگ و ڕیشەی دڵ وجەرگی، بەتاتای داوی زولفانت؟

کارەساتی «قوةالقلوب» و «غانم بن ئەییوب» بەمجۆرەبو. لەولایشەوە سەییدە زوبەیدەش کاتێ کەئەم بەلایەبەسەر «قوةالقلوب» دا، هێنا، لەپاش ماوەیێ لە کردەوەی خۆی پەشیمان بۆوە؛ وەسەرسام مابو کە ئەگەخـەلیفە بگـەڕێتەوە، وەهەواڵـی «قوةالقلوب» بپرسێ، وەڵامی ئەوچي بذەمەوە؟! بۆڕاوێژی ئەم کارە پیرەژنێکی بانك کرد؛ وەئەم ڕازی نهێنییە لەگەڵ ئەواووت؛ وەچارەوڕاوێژی ئەم کارەی لەئەو داوا کرد. پیرەژن ووتی: خاتون! بنێرەدارتاشی بانك بکەن؛ وەدەستوری پێی بذە کە لەچێو پەیکەری مردوێی بتاشێ؛ وەلەنێو کۆشکدا قەبرێ بکەنن وبـی نێژن. وە

وەرگێڕی پێشەك وڕاستکەرەوەی هۆنراوەکان: م.ص.م

# کنز العرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین و وتار ((میر محمد صالح حسنی نعمت اللهی))

### ملقب بە «حیرانعلی شاه» ی کرماشانیی

ماوەلەپارچەی ژمارەی ٧٧

بانگ موئەذذین ناڵـەی ناقـوسم
صەوت مۆسیقار کەبر کە و کوسم
زیڕەی سازو سەنج ناڵەی نـەفیرم
پـڕز ــــ او پڵنگ چنگاڵ شیرم
مەی ومەیخانـە ، ئەنگوروتـاکم
موبـەررا لەنەقص لـەعیوب پاکم
من مەسنەدنشین عەرش بەرینم(١)
پیرو ئـــــوستادی «روح الامینم»
«ئادەم» و «خاتەم»، «موسا» وو «عیسا» م
«ڕوهبان» و «کەشیش»، «دەیرو کلیسام»
«تەرسا» صفەتم، «صەنەمان» دەستورم
شکلِ چەلیپا، ئایـــــات نـورم
شیرسورخ، ئەفعی سیای قەتـرانیم
سەرمەست نەشئەی باذەی ڕۆحانیم
ساقي سەرمەستان بـاذەی طەهورم
صوراحی پڕمــــەی جام بلورم
عیشق شۆر ئـەنگێزجام سەرشارم
لەدوردي کەشان مـەیخانەی یارم
«صەمصام» و «قەمقام» تیغ بڕنذەم
جەلاد خونڕێـــــز شێردڕنذەم
ئایین ومەذهـــــەب ئیمان ودینم
کەلام ناطـق ئایـــــەی موبینم
هەمشیرەی عیشقم، هەم مەعنی خەصمم
بێ نـام و نیشان بـێ ئیسم وڕەسمم
من ئـەصڵ ئەصڵی ئـوصول دینم
مەعنی «فورقان» م مەغـز «یاسین» م
تەجدید کونەنـذەی ئایین ودینم
خورشیذ سەمـای ڕوی سەرزەمینم
من عەبد عەلیم خــــوڕەم وشاذم
غولامم، بەنـذەم، عەبـدم، ئـازاذم

(١) خوێنەری بەڕێز! لەژمارەی پێشودا، تۆزێ لەبارەی پلەکانی خواذاناسی یەوە، دووین، وەچلۆنی کوزگەکانی ئەو ڕێگایەمان هەڵدا.
ماوەل١٠

بنکەی ژین www.zheen.org

## مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی کورد

نووسراوی زانای مەزنی کورد، احسان نوری — وەرگێڕاوی: د.ع.مفتی زادە

### ٧٧

«گزینفون» لە کتێبی ٤ فەصلی ٢دا، ئەڵێ: «گەرکانی»یەکان لە سنووری «ئاثور»دا نیشتەجێن. ئاثورییەکان کاری سەخت و پڕزەحمەتیان پەوان ئەکرد. لەشەڕا نوێنەرانێ لەوان هاتن بۆلای کوروش، وە لەگەڵ ئەوا بۆنەهاودەس، وە لە ئاثوریەکان هەڵگەڕانەوە. چونکوئاسووری یەکان ئەوانیان بەزایەتی خۆیان ئەزانی، وە لەوان دڵنیا بوون، بە ئاسانی غافڵ گیر کران.

سوارانی مادیو گەرکانی کەوتنە شوێنی دوژمنی شکاو و تالانیان لێیان گرت.

لە ڕۆژگاری گزینفونیشا گەرکانی یەکان وەکوو پارسەکان و مادەکان لە کارەکانی دەوڵەتیدا بەشدار ئەبوون.

گەرکانی یەکان لە لاخوارووی ڕۆژهەڵاتی دەریای «خەزەر»دا، ناسراون، کە لە سنووری ئاسوور زۆر دوور بوون. «گزینفون» لە هۆزێکی گەورە بەناوی «گەرکانی» لە سنووری ئاسوورا هەواڵ ئەدا؛ کەوا بێ ئەبێ بڵێین: «گەرکانی» یەکان هۆزێ لە «کوسی» یەکان بوون؛ بەشێ لەوان لەگەڵ «کاسیت»ەکاندا هاتوونەتە سنووری ئاسوور، لەوێ ماونەتەوە؛ بەم بۆنەوە بووە کە لەگەڵ «فرورتیش»دا، لە بەرانبەری داریوشەوە ڕاپەڕیوون.

دیسان «گزینفون» ئەڵێ: «بابلی یەکان لە پاڵی «کادوسی» و «سکا»کاندا، قەڵایێکیان کردبووەوە» وە جێگای «کادوسی»یەکانی «استرابون» لە لاخوارووی دەریای «خەزەر»دا، پیشان داوە. وە بەشێ لەوانی لە کوێستانەکانی «ئازەربایجان» و «زاگروس» و «نیفاتس» — کە لاژوورووی «جەزیرە»بە — لەگەڵ هۆزەکانی «امرد» وە «کورتی»دا، پێکەوە ناوبردووە. لەمەوە دەرئەکەوێ کە لەگەڵ «کورتی»یەکاندا، هۆزێك بوون لە یەك گەل؛ وە بڕێکیان لە سنووری «بابل»دا، بوون.

دایرەی باڵدار کە لە نێوی ئەوا، پیاوێ بە سپاڵی شاهییەوە بە شێوەی «مادی»یا بە سپاڵی موبدییەوە ڕاوەستاوە، زینەتی ڕووی کۆشکە بەرزەکان و گۆڕستانی پادشاکان بووە، وە بە ناوی «فروهر»ناسراوە. لە وەڵاتی ئاسووردا تەنیا دایرە باڵدارەکەی خودای گەورەی ئاسوور، بە ناوی «ئاسوور» بووە، کە لە زەمانی داریوشا ئەوەیان هێناوە پیاوێکیان بە سپاڵی پادشامانی مادەوە، ناوەتەنێوە ڕاستی؛ وە بووەتە «فروهر»ی ئێران.

#### ماناى ووشەکان

| | |
|---|---|
| سنوور : مرز، حدود | هۆز : طائفە، عشیرە |
| نیشتەجێ : متوطن، مقیم | ڕاپەڕین : قیام، نهضت، شورش |
| نوێنەر : نمایندە، فرستادە | گەل : ملت، مردم |
| بەشدار : شریك | سپاڵ : لباس |
| لاخوارو : جنوب | کۆشك : کاخ، قصر |

## هەراڵە و زەمزەمە

ماوە لەچڵی پێشوو

لەچڵی ڕابووردودا، ڕازمان گەیاندە کاتێ کە گەیشتینە وەپشتی باغی «خوێسملێ» بەوچەشنەی کە تاریفم کرد لەلایەن «شاپەسەند» و «خانمێ» وەپێش ئـەوەی بگەینە وە ناوباغەکە، پێش وازو بەخێرهاتنمان لێ کرا ئێستالـە سەرپاش ماوەی بەسەرهـات ئەڕۆم.

ئەنجا پاش ئەوەی یاسای بەخێرهاتن دووایی هات، پێکەوە بەرەو کـەوێل و ناوباغ کەوتینە ڕێگا، لە ڕێگادا «خاڵەمەحموود و خانمێ» بێ پەردە پیاسکەی دەردی دوری دڵیان بۆیەکتری ئەکردە وە، لام وایەهەر کـەس وتووێژی نێوانی ئەوانی ببیستایێ لە ناوکەی دەردی دووری تێ ئەگەیشت؛ بەڵام من و «شاپەسەند» کە نەئەکرا بە ئاشکراشتێ بڵێین بەزمانی دڵ پێکەوە ئەدووین، وە دەردی نهێنی خۆمانمان بە مەقناتیسی خۆشەویستی کرۆکی دڵ لەیەك ڕائەگەیاند؛ بەوچەشنەئەوڕێگەیەمان بڕی؛ لام وایە لەو ماوە کەمەدا دەردی نهێنی هەزارساڵ دووریمان لەیەك ڕاگەیاند، ئەگەر نووسەری ڕازی دڵ دەستی بدایێ، کتێبێکی مەثنەوی ئەنووسی.

درێژەی نەدەینێ پێکەوە هاتینەوە ناو کەوێل «خانمێ و شاپەسەند» بەدەست وبرد کەوتنە هات وچوو، چایی وعەصرانەیێکیان بۆ ساز کردین و بۆیان هێناین پشوو پێکمان دا؛ ئەوانیش دەستیان لە کاروبار خاڵی بـوو، وە هاتنە دەورمان، پێکـەوە دانیشتین وە هەندێ لەبارەی سەفەرەکەمانەوە دوواین و قسە و باسمان بۆ گێڕانەوە، لەوکاتەدا کە «خاڵە مەحموود» خەبات و گییان بازی منی ئەگێڕایەوە «شاپەسەند» وداکی لە خۆشی یا ئەگەشانەوە؛ تاقسە وباس گەیشتە کاتێ کە «خاڵەمەحموود» موژدەی بـەزباری سان و

ماوە ل٩

### هەزارو یەك شەو — ٣٠٠

لەسەر ئەو گۆڕەوە شەموچڵ چرا داگرسێنن، وە هەموکارەکەرو نۆکەران ڕەش پۆش بن؛ وە فەرمان بە کەنیزان بدە کە خۆیان خەفەت بارو پەشێو پێشان بدەن. کاتێ خەلیفە دێتە نێو کۆشکەوە، وە لەوکاتەساتە پرسیار ئەکا، لە وەڵاما بڵێین: کە «قوةالقلوب» عومری بە خەلیفە داوە؛ وە سەبیدە زوبەیدە ئەوی لە نێو کۆشکا ئەسپەردە کرد. کاتێ خەلیفە ئەمقسانە ئەبیسێ، دەست ئەکاتە گریان وئازیەت بارئەبێ؛ وە فەرمان ئـەدا مامۆستای قورئان خوێن لەسەر گۆڕەکەیەوە قورئان بخوێنن؛ وە فاتحە خوانی بۆ ئەگرێت وقسەوباس ئەبڕێتەوە. وە ئەگەر وادانێن کە دڵ پیس بکاو، وابزانێ کە تۆ بەخێڵیت پێی بردووە؛ وە کوشتوتە و فەرمان بدا کە گۆڕهەڵ تەکێنن، مەتـرسە. چونکوو کاتێ گۆڕهەڵ تەکێنن وئەوپەیکەری ئادەمیزادە لـە نێوی کفنا ببینن، دڵیان ئارام ئـەگـرێ. وە ئەگەر ویستی کە کفنەکە لادا، تۆ بـۆخۆت و کەسانی تریش دەستی بگرن و بڵێین کە: عەورەتی مردوو تەماشا کردن حەرامە. کاتێ کە ئەمقسانە ببیسێ بڕوائەکا کە ئەو مردووە. لە پاشان خاك ئەڕژێننەوە سەری پەیکەرە کەدا، وەدای ئەپۆشن. وە گەلێ ماڵ ئاوایی تۆیش ئەکا؛ وە بەم ڕاوێژە تۆ ڕزگار ئەبێ.

زوبەیدە ئەمڕاوێژی پیرەژنەی بەدڵ بوو؛ وە خەڵات و ماڵێکی زۆری بەو، دا؛ وە پێی ووت: تۆ بۆخۆت مەئمووربە، ئەم کارەجێ بەجێ بکـە. پیرەژن ڕۆییشت، دارتـاشی هێنا، پەیکەری ئادەمیزادی پێ تاشی وهێنای بۆلای زوبەیدە کە چاوی پێ بکەوێ. لە پاشان کفنی پێیەوە پێچا، وە لە نێوی گۆڕەکەدا، کە لە پێشان کەندبوویان، نێشتیان؛ وە شەموچڵ چرای زۆریان لەسەریەوە هەڵ کرد؛ وە فەرشی هەورێشمیان لە چواردەوری گۆڕا، ڕاخست؛ وە زوبەیدە بۆخۆی ڕەشی پۆشی؛ وە فەرمانی دا کە هەموو کەنیزان ڕەش پۆش بن. وە لە کۆشکا چاوڕاو داکەوت کە «قوةالقلوب» مردووە ماوەیـێ

بنکەی ژین www.zheen.org

بەشی کوردیی شمال

# کوردستان

لاپەڕەیی ، بوهەموو جار

## حەژی کرناملەتی یی

ژچەند ڕۆژاپێش ژچوارێ ئابانێ یەك بەرخاترێ جێشنا بمبارە کە.ڕۆژابدونیاهاتناشاهەنشا، وەیەکە دي بەرخاترێ نێزیك بۆنا، بدونیاهاتنا زاروێا شاە و مەلکێ، ملەتێ ئیرانێ خوبۆ، ڕاکرنا خودەرخستنێ ، وەنیشان دایناحەژێکرنێ حازروپەرگارکرنە.

پارەك ژڤێ خودەرخستنێ ڕۆژا چوارێ ئابانێ لەمەیدانا (امجدیه) لەتهرانێ، وە لە گشتێ استان و شەهرستانا ، بجورە کێ زاف باش هاتە خۆیان ، وگەلە کي ژسالێد دەرباس بوویی دەزگاترو ڕشکوتر قام بوو.

پارەك دي بگرێدانا تاخێد بدەو، وە خەملاندنا دوکانا، وە چراخانی کرنا دەرا، حەژێکرنا خوبخانەدانا مەزنەشاهتی نی وە اعلیحضرت همایونی بخو، وەهم ژی نێت وئارزوێادلێ خو بدونیاهاتنا زارو پاشا دانە خۆیان وملەتێ شاهدوست ونیشتمان خوازیدئیرانێ گەلەکی بۆڤێ کێف خۆش و دلشادن .

دەرامیی نارا ئەڤ مەسەلە، گەلە کی بەربچاڤە،وە بۆسەڕاست کرنا روپۆرتاژو گرتنا ڕاپۆرت و خەبەرا گەلەك خەبەرگروەکس گروفیم هلگر، ژمەملەکەتێداروپا وئامریکا هاتنە ئیرانێ ، وەژ چەندە کێ پێش سەرە کارێ خونن، کوجریاندنا ڤی رسمێ بتەوسیل کولەبەرچاڤێ ملەتێ ئیرانێ زۆر خودان هەمیی یەتە، وپێش هاتەك کێش ومەزنە تاریخێ یە خەبەرێ بدنەدەولەتێد خۆ، وەرادیویان و تلویزیونادا بخەلکێ وان دەرانیشان بدن .

ئیران ئیرۆلەسایا عەدلایا سیاسیی،وەژبەراپێش کەتنێك لەبن ژێبەریاشاهەنشا کری یە، وەدکە؛ لەربەچاڤێ خەلکێ دونیابێ مقامە کي زاف‌قولۆزدانە، وەملەتێد دونیایێ کوژبەرێ ژی،هاژی، تاریخ‌زانەتیا. کوملەتێ ئیرانێ حەتاچەئندازە کێ ژۆنایا ئیرانێ نن ، بخەبات وشەر کاريێ ملەتیامە،وەمێرخاسیی یێ، ملەتێ مە کەون، بچاڤی ئەفەریمێ وحەیراندێ مێزە دکن، دزانن کوبرێبەریاباقلایا شاهەنشا،ئیران چوقاسیی پێشتا چۆیە، وەڕێکا بەرکەتن وکامل بۆنێداچە، گاڤێد فرەهاتی یەهلدان .

نهۆوەختێدهاکینەدا،بۆملەتێ ئیرانێ، فەسالە، کوبڤی یە کێ حەژێ کرن وحەقق ناسیناخوبدلە کی شاهیی نیشان ددە، وەبجورە کی ئەشکەرەوزمانە کیی بێژاهەوگرتنا بێ قەتاندنا شاە وملەت بچاڤ و گوی خو دبینەن ودبێژەن وە خەلکێ دونیایێ دیساژی بزانبە حەژی رسم ونیشانێد ملەتیا خود کە، وەهەژی بزانیبەن، کوسوز امایناشاهتی یێ لەڤیی مەملەکەتێ کەون وقەدیم چی یە،وەخۆخیسەتێ شاهدۆستی یێ کوسەبەبێ ملەتیا قەومێ ئیرانی یە، چوقاسیی کوڕو بکۆکە .

ئەم ژخودایێ مەزن داخوازیێ دکن، کوحەتتانیی دەرکەتنا ڕۆژنامێ وەلیعهدێ ئیرانێ چاڤ بدونیایێ ڤەکە، وەچرایێ شاه‌ومەلکێ وە گشتی ملەتێ ئیرانێ بدیتناوان ژۆناهیی بە .

## ئامۆژگاریی

سالێ ژیان بەشوێنی فێربوونی زانستەوە،چاکترە لەصەدسال‌ژیان بەتەمەلي ڕابواردن‌ونادانی یەوە .

لەهەرجۆرە فیتنەو فەسادێکا کە هە، وکەسی پێ گیرۆدە ئەبێ، دەستەی‌زانایان ڕزگارن .

(حضرتی محمدص)

پیاوی زانابێ دەنگ بێ‌وخەلکی لەزانستی خۆی بەهرەمەند نەکا، چاك نی یە. هەروەها کەپیاوی ناذان چاك نی یە دەم بکاتەوە ، قسەی بێ‌مانا لەدەمی دەرپەڕی وخۆی بەخەلکي بناسێنێ .

(حضرتی علی‌رض)

بوزور گمیهر ئەلێ:لەماموستام پرسی: گەورەیی بۆچۆن کەسێ شایانە؟ ووتی : بۆ کەسێ کەچاکەو خرایە لەیەك جیابکاتەوە؛ وە کار بە کارزان بسپێرێ. پرسیم: لەچ کەسێ ئەبێ دوری بکریت ؟ ووتی : لە کەسێ کەخولتەکەرە؛ وەلەدەولەمەندێ کەمشت قوجاوو پیسکەیە. پرسیم: دەست بەڵاو (سخی) کێ‌یە؟ ووتی: ئەو کەسە کەبەشت‌بەخشین گەشەئەکاو بەدڵ پێی‌خۆشە .

(بزرگمهر)

سەرئەنجامی چوارشت‌چوارشتە:سەرئەنجامی لەنج کردن‌ڕسوابی‌وئابڕۆ چۆنە؛ سەرئەنجامی تۆڕەیی، پەشیمانی یە؛ سەرئەنجامی خراپەووتن دوژمنی یە؛ وە سەرئەنجامی تەمەڵێ سۆکی یە

(لەکتێبی نصایح‌الحکماء)

کارێ مەکە کەئاەونالەی هەژارێکت لێ‌بکەوێتە کار، چونکۆ ئەگەرهەزارلۆزرێ پۆلا بکەیتەبەرت، لەئاەونالەی هەژارێ وە کوەوم ئەتوێتەوە، جەرگت ئەبڕێ .

(خواجەعبدالله‌انصاری)

## نیکسون و کندی

لەهەفتا چۆیی‌مە، لە بارا خەباتێد هلبژارتنا ئامریکا، تشتەك نڤیسیی، وە ژبەرڤێ‌هندێ، کوئەوەلەن ئەڤ خەبات ڤێ هەفتێدا گەوڕ بۆیە، وەیادي لە باراسیاسە تاجیانیی‌ زۆرخودان‌هەمیی‌یەتە بەرڤێ‌هندێ ئەم‌لەڤێ، هەفتێ‌ژی‌باسا خوڤێ‌یە کێ‌ڕا کێش‌دکن .

ڤێ کاڤێك ئەم‌ڕۆلیی‌نڤیساندنا ڤی باسێ‌ن هەکوڤێد هلبژارتنا ئامریکا یانێ‌نیکسون و کندی ناڤ‌لەسەرێد،دوپارتیی‌یێ جمهوریخواز ودەموکرات، خەباتێد خونەژیانێ شدیابیی درێژدکن، وەچاواك مەیێ ئیشارە کربۆ لەبەرچاڤا هێرشێد سناتۆر کندی ژهێرشێد نیکسون بڕیاپیی‌ترە. ڕۆژنامێد ئامریکاژي لەبەرچاڤا ژنیکسون زێدەتر پشتا کندی‌دگرن. ڕۆژنامەك زاف‌مەزنەئامریکا ڤێ‌هەفتێ نڤیسیی‌بۆ، کو- پشتگري یاخەلکێ ژنیکسون ، هەرتەنێ بەرخاترێ هەژێر کرناوان ژبرزیدنت‌ئایزنهاورسەرە کێ‌جمهوري‌یەتائامریکایە.وەهە گەرنیکسون بن دەستێ‌ئایزنهاورنەبا، کو کێ‌وا بەراپارتیا جمهوري‌خواز، ئەوان‌ناڤ لەسەرێ‌ڕا بۆپارتیا خوکێش نەدکر. بەهەرحالە کیی ، کونیسکون‌ڤێ خەباتێدا حەتتا چەئندازە کێ‌ژمەزنایا ئایزنهاورقازانجێ‌دکە، ئەوا هەکوڤەکي زاف‌سەررەق راهمبەرە.

برایێ کندی کوبەرنامێد خەباتاوي ڕێ دبە ، پێ‌دەرژڕۆژناماو رادیویان‌وتلویزیونێد ئامریکا بسیاسەتاناوخوودەروایا ئەمریکاڕ کێف دکە، وەدا ڤێژەڕەشێ‌وان . ئەوي قسە کرنەك تلویزنێدا لەڤان ڕۆژا، گوژبقسە کرنێد نیکسون لەمسکوێ هێرش کرنێکسون چاخێ سفرا خوبمسکوێ،وەختاقسە کرنێ گەل‌خروشچف‌سەرە کێ‌وەزیرێدشورەوێ، گۆتبۆ، هە گەرژی ئامریکا بارا مۆشە کادا، ژشورەوی پاشداتربە،لێ بەلێ خەلکێ ئامریکا ژخەلکێ شوورەوی گەلەتر، ژژیییانەك باشتر بەرخوردارن .

براێ‌سناتۆر کندی گۆژبڤان پرسێد نیکسون هێرش کر، وەدا حەسساندن، کوبۆخلاس کرنا ملەتێدسەربەستێ‌دونیایێ، گەرەك‌ئامریکا دیساژی مقامێ‌خونیی‌بلندبینە دەست،نە کوتەنێ ژشوورەوی‌پاشدانەمینە بەلکووئیسسابە، کوئوورسان نوکاربەن لافێد هەکووڤی‌یێ ئامریکا رالێدەن .

ئەوی کرە دەنگی کودەولەتاجمهوري‌خوازئەواك لازمەبمەسەلێد بەرگریا ئامریکا مێزە نە کری‌یە. وە گۆت هە گەرپارتیادموکران‌هل بژارتنێدا پێروزبە، رێبەرێد ڤێ‌پارتێ‌یێ کارە کێ‌بکەن کو جارەك‌دي ئامریکا تێکەوەشکلێ دەولەتەك دەرەجە ئەوەلا دونیایێ. نیکسون‌ژی وەعدا، ددە خەلکێ ئامریکا، وەسەراتربوونا پارتیا جمهووري خواز بوان سەروەخت دکە. لێ‌چاوك هەتە گۆتن نهۆپرێ‌خەلکێ‌ئامریکا پشتا کندی دگرن، وەهاتێ‌خویان کوسەرکەتناپارتیا دموکرات هل بژارتنا ئامریکا دا عسسەیە .

www.zheen.org

# ناڵەباری یەکانی کومەڵ

## ((بووك و خەسوو))

-١١-

لە ژومارەی پێشودا،ئەوباسەمان    ئێستالەسەرباش ماوە کەی ئەژۆن.
گەیاندەکاتێ کە :ووتمان چاکترن    ئەنجابەچەشنێ کە:لەمەوپێش
زۆڕ گاری ژیانی ئەودوڵاوە، بەهۆی    وێنەیێ لە بزوبەهانە ساز کـــردنی
خەسوی ناله بارەوە ئەبێتەژاری مار

ماوەل٢

# دستور خواندن و نوشتن کردی

**عده‌ای‌ازخواهران‌برادران‌فارس‌زبان‌که‌مایلند‌برسم‌الخط کردی‌آشناشوند باین‌مطلب توجه‌فرمایند:**

**میدانیم‌که کلمات‌فارسی بوسیله‌سه‌حرکت زبروزیروپیش وسه‌حرف «الف»و«واو»و«یاء» تلفظ میشود. وچون‌حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح کلمات بستگی باشنائی قبلی‌دارد،و این‌نقیصه موجب‌اشکال بزرگی درزبان فارسی شده . ولی‌رسم الخط‌کردی این‌اشکال رامرتفع ساخته، وکلمات تنها بوسیله حروف تلفظ میشوند. حروف‌صدای‌کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .**

**١ـ (ە) که‌بجای زبرمیآید. مانند: «سەر» (سر)«سەروەر» (سرور)**

**٢ـ(ی) که‌بجای‌زیرمیآیدمانند: «جیهاز»(جهاز)«کیتاب» (کتاب)**

**٣ـ(و)که‌بجای‌پیش‌میآیدمانند:«گول»(گل)«بولبول»(بلبل)**

**٤ـ (الف) که‌بجای‌الف میآیدمانند: «باغ» (باغ)**

٥ـ (ۆ) که بجای«واو» میآیدمانند: «بوِد»(بود)«زوِد»(زود)

٦ـ (ێ ێ ي) که‌بجای«یاء»میآیدمانند:«بید»(بید)«دەوید»(دوید) «مەردي»(مردی)

**٧ـ (ۆ)که صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»**

**٨ـ (ێ)که‌صدای یاء مجهول میدهد : مانند «کێ» (که) «چێ»(چه)**

٩ـ (ۊ) که‌مخصوص‌لهجه‌کرمانشاهی است‌و صدای (U)میدهد. مثال‌آن درلهجه کرمانشاهی«ئۊشم»(میگویم) «داشتۊت» (داشته‌باشد)

**(١) حروف«ها»و«واو»و«یاء» بی‌علامت ممکن‌است‌اصلی باشند.مانند:«هەمـایە»(همسایه)«وورود»(ورود)«یەك»(یك). برای‌فرق‌میان هاءاصلی‌واعراب، هاءاصلی را دوچشم‌واعراب رایك‌چشم‌می نویسند .**

**(٢) همزه را همیشه باینصورت ( ئ ) می‌نویسند . مانند : «ئەحمەد»(احمد)«ئوطاق»(اطاق)**

**(٣)درکردی‌گاهی‌روی‌حرف‌دال‌ولام‌وراءعلامتی‌میگذرانند وباین‌شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) که در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام‌وراءمفخم میگردند.مثال آن‌درکردی:«فەرهاڎدڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کریعنی‌پسر)**

**(٤) الف‌بای‌کردی یك‌حرف بیشترازفارسی‌وعربی داردکه عبارت از«ڤ»میباشد . البته‌تلفظ‌این‌حرف‌درفارسی زیادست،ولی با«واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئـەڤـایل» (اوایل) .**

**(٥)دررسم‌الخط‌کردی‌حروف مشددرا دوتامینویسند.مانند «ئەڕڕە» (اره) «بەڕڕە» (بره)**

**(٦) درکردی‌کلمات‌راهرطورتلفظ میکنند مینویسند، البته کلمات بیگانه‌را مشمول این‌قاعده‌میسازند ؛ ودیگراشتباهی‌بین حروفیکه مخرجشان نزدیك‌است واقع نمیشود ؛ مثلا صفحه را اینطور مینویسند : «سەفهە»**

**نافع ـ مظهر**

# دیاریی خوینەران

**پێشکەش بەقوتابی‌یە خوشەویستەکانی هاوشاریم لەدەبستان و دەبیرستانەکانی «سقز»دا**

## تێ کوشه

هاوشاري دڵسۆز! ڕۆڵەی نیشتمان!
تەنبەڵي نەکەی! ئەمان صەدئەمان
لەبۆفێربوونــی صەنعەت و دانیش ـ
هەتائەتوانی، کوشیش کە! کوشیش
بەچاوی خۆت دیت کەوا، ترا کتۆر
هێزی زۆرترە لەهێــزی گـــابۆر
تەواوحاڵي بۆی کەهێزی گـــاشین
چەنێ کەمترە لەزۆری ماشین !
ماەۆسای زاناوصەنعەت گەری چاك ـ
شارو وەڵاتی ، خۆی ، ئەکا زۆناك
میللەتی ئێمە ئەونـــدە لەدوایــەـ
لای وایە دەورەی ، دابە حـــەوایە
پەیغەمبەرفەرمۆی : بۆعیلم و صەنعەت ـ
زەحمەت بکێشە ورەنج و مەشەققەت ـ
پێشینان ڕەبنیی اخوڎایان لێ خۆش بێ !
حەیفە قسانیان ، لات فەرامۆش بێ
ووتەی شیرینیان خۆشترە لەقەنـــڎ
یەکێ لەوانە بۆئەمثال ویەنـــــــڎ
«مەلا وحەکیمی، کوڵکە وناتەواو
ئەمیان شەیطانە وئەوی تـــر قەساو»
یامەلای چاك بە، یادو کتوری باش ـ
لەڕۆی عیلمـــەوە ، ببــە بەدارتاش
ئەگەرنە، دین و گیان ومالی خەڵك
لەبەینا ئەچێ، بە ، فێڕۆوبێ کەڵك

**لەهۆنەری خۆش مرخ «فیض‌اللە‌شافعی» ناسراو : بە«مخلص»**

## تێ کوشه

تێ کۆشە! وەتەن داییمەهەرچاوی لەتۆیە
باوەڕ بەقسەی غەیرە مەکە! پاکی درۆیە
هەر تەنبەڵی‌یە، باعثی پەستي وەتەنت بـوو
بەندی جگەرم بۆیێ وەهـازام و بەسۆیـــە
تاڵي لەنەظەرتا، وە کوشە ککەر بنوێنێ ـ
گەر زەهری وەتەن خۆی بەمەنەل دائەگەزۆیە
بۆمورغی وەتەن ناخەیە ژێربالی هومانۆ؟
دوژمن لە هەموو لاوە ئەڵێی نێرە هەڵۆیە
سا، بەسیەئیتر، وەصفی خەط و خالی کیج وژن
ئەم ئیشە نەبۆچاوە ، نەبۆقەوسی بـــرۆیە
زانینە، کە، وا، خستیە سەرئەهلی ئوروپا
قازانجی هەموو ڕاجعی نێو میللەتی خۆیە
«مخلص» هەوەسی جەهلی لەسەر، تازەبەدەر کرد
بۆ کەسبی هونەر ، مونتەظری کـۆشیشی تــۆیە

# نه تەوەی کوردو نەتەوایەتی ئیران

سەلام لەسەر خاکی پاکی کوردستان لانکی پاڵەوانەکان .

خوینڎەرە بەڕێزەکان لەباسە ڕابوردووەکانا ، باسم لەدەوڵەتی مادو پێش‌هاتە گرنگەکانیە وەکرد ، ئێستا قسەیێکی گزنفون مێژونوسی بەناوی یونانی ئەگرینمەوە کەخۆی ولەشکری لەگەڵ ئەم هۆزەداتووشیان لەیەك‌هاتووە، وە لەدەسیان شکسی خواردووە ، وە گەراوەتەوەبۆ یونان ، وەلەگەڵ نوسینی چەن کتێبالەبارەی ئێرانە وە، کتێبێکي بەناوی(ئاناباز) یان گەرانەوەی‌دەهەزار کەسی لەبارەی ئەم‌شەرونوشکسەوەنوسیوە .

(گزنفون) مێژونوس وسەرداری یونانی‌وشاگردی‌سقراطی‌حەکیم کەلە ٣٥٢وە تا٤٣٠ی پێش لە میلاد ژیاوە، لە گەرانەوەی‌دەهەزار کەسی یائەنوسی :

لەشکر کێشی کـــــوروسی بچووك و هەڵمەتی بوئەردەشێری دووەمی هەخامەنشی برای ٤٠١ـ ٤٠٠هاوڕێ ئەوبوون، وە کورس کەلەناوچەی (کوناك)داتێ‌شکاو کوژرا، ئەردەشێر فەرمانی داکە بکەونەشوێنی‌یونانیەکان، گزنفون توانی کەئەم لەشکرەلە ڕێگای شمالی بین‌النهرینە وەبکێشیتــە دوواوە ،

وەبەسلامەت بی‌یان گەیێنێتەوە وەڵات .

لەم گەرانەوەدا ، یـــونانیەکان ڕێیان کەوتە ناوچەی کوێستانی کوردستان، وەتووشیان‌هات لــە هۆزی کردوك، یانێ کوردان لــە تێکرایی قسەکانی گـزنفونـــەوە دەرئەکەوێ کە کوردان زۆرتێ کۆشیون وبەرگری لەدژمنە وە سەددێکی گەورەوقایم‌وەبەر گرتی. کی گیان بازبوون .

ماوەی‌هەیە

بنکەی ژین www.zheen.org

کوردستان

بەشی کرماشانیی

لاپەڕەیی ، بوهەموجار

## قسەی رۆژ

**وەبونەی وەفات خانم خانمیل عالم، حضرت فاطمەی زهرا سلام الله علیها**

# پەروەرش ژن لە مەذهەب ئیسلام

حەق یەسە، وەرلەهەرقسەیك نیسبەت وەئەوە کە دین موقەددەس ئیسلام لەباوەت زینده گی ژنەیل ووتی یە وەباعیس نیهزەت گەورایك لە حیفزحقوق وشئوّن ئەوانە هاوردییە، عەرزبکەیمن ، وەلەدویای ئەو مەطلەبە ، وەتەورنموّنە ناو گەورای لەچەنڎ ژن لە خانمەیل پەروەردەی ئیسلام کە لەناوڕاس ئی تەعلیماتە گەوراوەبینە، عەرزبوّت ؛ لەئی صوّرەتە بایەت بوّشیم کەسەردەفتەر گەوراکانیان حەزرەت «خدیجە»ی کوبراژن باوەفای حەزرەت پەیغەمبەر، وە«فاطمەی زهرا» ئەویە کەلە دوت عەزیز کردیی سەروەرعالەم (ص)، وەحەزرەت «زینب»(ع)ئەوشیرەژنە، وەهەر چنەوحەزرەت «سکینە» (ع)دوت حەزرەت «حسین» (ع) کەئەدیبە و شاعرەی دەوران خوّی بی، ذکربکەیم .

وەرجەدەرهاتن خورشید ئەحمەدي،مەقامژن چ لەناوباقی میللەتەیل وەچ لەناوقەوم عەرەب ، جیی فرەنازل و پەستیك داشت ؛ عەرەبەیل وەزینڎي چالّ کردی یان، وەژنەیل جوّر زێەن بردی یان ؛ خورشید درخشان ئیسلام وەئی تیەریکەشەوە ، خاتمەدا ، وەژنەیل وەحقوق و مەنزلەت خوەیان سەرفرازەوبوّین ، وەلەگشت مەقامیك بەرانبەرپیاکان بوّنەوە .

وینەی کامل ئی تەعلیمات وتەربییەتە ژنەیل خانەوادە و خیزان ڕسالەتن کە هەرکامیان هەلّ کەفتی دونیان ، وەیەسەهەزار وسیصڎ سالّ گوزەشتیە هیمان دەرجەی تەقواوزانین ودلیري هەرکامیان سەرمەشق تەربییەت ژنەیل دونیاس .

حەزرەت «خدیجە» (ع) ئەڕای پیش چوّن ئەمر ئیلاهي دەولەت بێ حەساوخوّی ڕشانڎە قەدەمگای پەیغەمبەر، وەدوّسي ووەفاداري گەرد شوّی خوّی وەدین ئیسلام وەهەرچشتی خاستر گرت .

لەذکر ئی خانمە لەڕوّژجمعەی بیست جمادی الثانی ، هەشت سالّ وەرجەهیجرەت ، بەربەیانیك خورشید«فاطمەی زهرا» طلوع کرد ؛ ئی دوتە دوییین ئەولاد دالّکی بوّ؛ لەسالّی پەنجومی دالّکی لەدەس دا ، وەلەسن نوّسالّەبی شوّکردە مەموّزای باوکی : شای مەردان ، حەزرەت امیرالمؤمنین، علی(ع) .

یەسە دونیا داران وەئەوان کە غەرق زەڕو زیوەروعەیش وشادین، وەتەقواو فضیلەت وکەمالات خستنەسەدویای سەر، وەدونیا ووەوسیلەی حیرس وشەهوەت ڕاني خوّیان کردنەسە جەهەنەم ، ئەوانە گوّش بتەکنن .

جییاز ئی تەنیا دوت فرەعەزیز ئەوکەسە کە بنەڕەت ئی دین و حکومەتەنییاس ، یەبوّ :

تەنیا کراس جاوي- یەك دانەبان سەري یەك دانە چارشو- یەك تەخت چوّیین کەوەتوّك دارە خورما بەستوّنەوەی- یەك دوشەك کەتان و پوّش خورما- یەك تیکە حەسیر- یەك دەس دەس هاڕ- یەدانە کونەی ئاو یەك کاسەی چوّیین-جوفتێ بازوبەنڎ نوقرە وەتەنیا کراس جاوی بێ چەر مگە ئارایشی بوّ.

یەیشە بزانن کەلە ئەوزەمانە پارچەی دیبا وئەوریشم ، شالّ کشمیري وزەڕي فرەنی، وەدەربارسەلاتین ڕوّم وئیران پڕی بی لەزینەت وەلەبازاڕ«مکە»و «مدینە»یش ئی چشتەیلە فرەبوّین، وەلی پەیغەمبەر (ص) هیچکامی اختیار نەکرد ، وەدوت خوّی وەجییای ئەوهەمگەمالّ دونیا، وەزڕوزیوەر انسانیت وئیمان واخلاق حەسەنە ئارایش کرد .

ئی خانمە هەروەی جوّرەلەمالّ شوّ زینڎەگی کرد ، ئەفوەرەلەشوّ- کونەی ئاووەمل کیشا کە بەنڎکونە لەناوسینەی خدت خوّنینی خستوّ، وەئەفوەرە دەسهاڕ کردوّ کەبیشتر دەسپەلی غەرق خوّن بییات؛ بائی حالّە خانم خانمەیل دونیا لەقەبی بوّ .

تەمام عولەمای ئیسلام نەقلّ کردنە کەڕوّژیك لەمالّ «ام سلمە» حەزرەت ڕەسوول (ص)، وەحەسەنەین وەحەزرەت فاطمە وە حەزرەت امیرالمؤمنین لەژێر عابایك جەم بین ، هەرئەوساعەتەتی ئایە نازل بوّ «انما یرید الله لیذهب عنکم الرجس اهل البیت ویطهرکم تطهیرا»

لە«عایشە» دایك موسەلمانەیل (ض) روایت کریاس کەهەروەخت پەیغەمبەر وەختی لەسەفەر ئییات ، چییاتەدیدەن «زهرا» (ع)

هەرچنەو لە کتابەیل عولەمای سنی وشیعەروایت کریاس کە هەلبژاردي تەمام ژنەیل دنیا : «آسیە، مریم ، فاطمە وخدیجە»س ؛ ئی حدیثە لەام المؤمنینیش نەقلّ کریاس؛ ئی خانم خانمەیل دونیاباڵی هەمگە مەقام وافتخارە ، وەئی سادە گی یە ، زینڎە گی کرد ، وەلەڕوّژ سیزدەهوم جمادی الاول چەنڎمانگ لەشوون پەیغەمبەر چاولەدونیا پوشانڎ ، ئیسە ئیمەمونا جاتەیل ئەوحەزرەتە کەبیشتر وەسوزوگوداز ووتیا ، دووارە کەیەن :

«ئیلاهی! یەتوبوّت کەمن کیشانیتە وەڕییەحەق، وەدلّم لەهەرکەس وهەرچی غەیرە زخوّت ئاسوودە کردی، وەچ زواني شوکرت بکەم کە من جووربت پەرستەکان لەنیعمەت تەوحید مەحروم و سەرگەردان نەکردی »

یەسە ئیمەیشە ئوشیمن بارئیلاها!چ جوورشوکر نیعمەتت بوّشیمن کەئیمە لەپەرتەو دین حەنیف ئیسلام ڕانمایي کردی ؛ ئیلاهی ! ئیمە نیسبەت وەخزمەت وتاعەت ووەفاداري لەوەکاربەستن کتاب خوذا ، وە مەحەبیەت عیترەت ڕەسوول (ص)تەوفیق عەتابکە، وەدەسمان لەدامانیان کولّەومەکە .

دەسگیریم بکە «فاطمە»ی بەتوول
فەریاد ڕەسم بەدوتەکەي ڕەسوول!
غەیرلە دەرگای تۆ پەناگام نییە
لە دونیا وعوقبا مەیلمە مەلوول

**ناڵەبارییەکان ...**

ماوە ل ٢

خێزانەش، چونکە داکیان بەری بۆبەرەڵا کردوون، بۆئەوەی بەریان داتەگییانی «ئەحەونەرگس»دەقیان بەبێ حەیایی یەوە گرتووە، بێ گومان خنڎێ پێ گرتنی ئەومندالّانەلە ژییانی خوّیان وبەلکوڕەگ زیاندا تا ئەڕوات کارئەکا کوڕیش اچار ئەو ئەدەب وهێمنی ولە سەرخوّبی یەی لەوەپێشی لەدەس داوە،وەلە خوّیە وەلە هەموّشتێ زیزە؛ چون ئەوکارە ساتەکاری کردووەتەسەرئەرواي ، وەهەستيِ زیزی وبەدبینی لەئەرواي دا جێی کردوّوەتەوە. تازەناگە ڕێتە وەسەرئەوخوّوڕەوشتێ پیشوّی خوّیە،ئەوکاتەخەسوّئەیەوێ توّڵەلە بوّکی پیشوّی بسێنێ تەوە ؛ وە ژنێکی دیکەبوّ «ئەحە» بێنێ بەلاّم ؛ ئەحەئاگای لێ یە کە چووارلای مالّێ بابی بەکەڵکی ئەوەنابێ کە یەکێکي دیکەی تێداسەرگەردان بکات ، وەلەولاشەوە شەووڕوّژ لە بیری نەرگس دایە، وە نایەوێ ئیتر خوی بخاتە سەرئیشانێکي دیکە، ناچارئەبێ بوّئەوە ئاوبەمل ئاوری هەستيِ جنسی خوّی دابکا بکەوێتەبازاڕی بێ تەتي ، وەبوّئەوەی کە دەردی دلّی خوّی بەفەرامۆشی بسپێری ئەکەوێتەخەیالی گەڕان و ئەم لاوئەولاچوّن، تالەمولەوئەبیسێ کە چاکترین دەرمانی لابردنی هەم وتەمي دەروّن خوواردنەوە و مەستیی یە؛ ئەوکاتەئەویش ئەبێتە موّنسی پیالّەی مەی وەمەی فروّش؛ وەپاش ماوەیێ حوقەوبافورێکیش هەلّ ئەگرێ، وە بەوچەشنەئەو ئەندامەچاك.وەئەوگەنجەئاراستە، بەزوّر کوتەکی داکی خوّی ئەبێتە باری سەرباری گەل وجانەوری موزی نەتەوایەتیی خوّی .

ماوەی هەیە

بنکەی ژین
www.zheen.org

## هەراڵە

ماوەی ل ٤

کوژانی‌سانی لە بارەی کارچاکی من وەشاپەسەندەوە بۆخانمی کێڕایەوە ، بـەم موژدەیە «خانمی» بەچەشنێ خۆش حاڵ بوو کە لە پێسی خۆی داجێی نەئەبووە وە شاپەسەندەیش لەبیستنی ئەوقسانە باوە کوزۆری پێ خۆش بۆ، وە لە خوشی دا گوڵی گۆنای وەك پـەڕەی گوڵی گوڵ باخیی سووربووەوە ، بەڵام شەرم گرتی؛ وە سەری داخست .

پاش ماوەیێ من بەبۆنەی سەروچاوشۆرینەوە کە : لەناوکـە دا وەخت بوبۆ قوشبنێکی چۆڵ کە: لەگەڵ شاپەسەندا کۆببمەوە، وە خۆم بۆخۆی ڕازي نهێنیم دەربڕم، وە وەڵامی لێ‌ببیسمەوە' وەخت‌بۆپەڕ،دەر کەم؛ هەستامەوە سەروخۆ،وەبەرەو کانییناوباغ چوم؛ پاش ئەوەی سەروچاوێکم شۆری دیم لە دوورەوە سەرەی ڕەوانی باغی‌دڵ کە بەنەسیمی هەوای هەناسەی عاشق‌ئەلەرایەوە، بەنازە وەبۆسەر کانی‌هات' وە گەیشتە پێشەوە؛ منیش هەستامەوە سەرخۆم سەلامم لێ کرد، بەیەك دونیانازونەزا کەتەوە وەڵامی دامەوە .

ئەنجا ڕوم تێ کرد کوتم : ـ ئەی دڵ ! ئەی گوڵ! ئـەی هۆی ژییان ! ئـەی ئارامی گییان !ئەی باغی‌هیواوکامەرانیم!ڕازی‌دەردی‌دوریت‌مەگەرئاپێ‌نەی‌دڵی‌خۆت بی‌زانی‌زمان یارای ئەوەی‌نی‌یە کەڕای گـەیێنێ! هێندە ئەڵێم کـە : باغی‌بـەهەشتی ژییان بەبێ گوڵی‌ڕوومەتت بێ‌ڕەونەقە؛باغی‌کامەرانیم‌بێ‌تۆلەخەزانداپە ! گوڵی‌هیوام بێ‌تۆوە کوژوخساری خۆم وڕۆژگاری دوریت زەردە ! غونچەی ئەمەلم بێ‌نەسیمی موژدەی وصالت ناپشکوێتەوە ! شاپەسەند : ـ سوپاست ئەکەم لە منیش زۆناکە کە :لەبازاڕي‌خۆشەویستی‌دا کڕیارێکی چاکی ! منیش هەروە هاتۆم لە بیرە، وە پێش چاوموون نابێ

ماوەی هەیە

---

هەزاویەك‌شەو ٣٠١

لەم کارەساتە تێ‌بەڕی کرد؟ وەخەلیفە لە گەشتی خۆی گەڕاوە؛ وەدڵی‌هـەربـەلای «قوةالقلوب»ەوە، وەبەعیشقی‌ئەو شەووڕۆژ خۆش‌بۆ. بەخۆشیی خـۆشیی کردی بەنێو کۆشکا، لەپڕ ئەنوازێ هەموغولامان‌و کەنیزان ڕەش‌پۆشن. ئەم کارەساتەدڵی خورپەی کرد وپرسی: ئەمەچی‌یە؟ چی‌قەوماوە؟ کارەساتـە کەیـان بـۆ گێڕاوە ، خەلیفەلەبیستنی ئەوهەواڵە ناخۆشە هاوارێکی کرد وکەوت ولـەسەر خۆی‌چو . لەپاش ماوەیێ کە هاتەوە سەرخۆی، هەواڵی گوڕی قوةالقلوبـی پـرسی. «زبیدە» ووتی: چونکۆ زۆرم خوش ئەویست، لەنێوی کۆشکا ئەسپەردەم بـەخاك کـرد . خەلیفە هەربەوسیپاڵی ڕێگاوە ڕوییشت بۆسەر گۆری، تەماشای کرد فەرشی‌جـوان ڕاخراوە، وەشەم وچل‌چراهەڵ ئاوسراوە. کەئەم شتانەی‌دی، زۆر لە«زبیدە»سپاسی کرد. بەڵام لەم کارا سەرسام مابۆ، تاوێ بەڕاستی ئەزانی وتـاوێ بـەدرۆ. هێندە عیشق‌زۆری بۆهێنا کە فەرمانی‌دا قەبرە کەهەڵ دڕن. کە گۆڕە کەیان هەڵدڕی‌و وپەیکەری ئادەمیزادیان دەرهێنا، ویستی کە کفنە کەی لادا، بەڵام‌لەم کاتـا ترسی خوڕا نیشتەدڵی ودەستی گێڕاوە، وەفەرمانی‌دا دیسان لەگوڕە کەدابی‌نێژن‌وخاك بدەنەوە بەسەریا ، وە گۆرە کە وە کو ئەوەڵ‌جارهەڵ بەسنەوە . لەپاشان فەرمانی‌دا ، کە:قورئان خوێن قورئان بخوێنن. بۆخۆیشی لەگۆشەیێکدا کزی کردودەستی کردە گریان' هێندە گریا، تالەسەر خۆی‌چو ! وەتایەك مانگ‌لەسەر گۆرە کەهەڵ نەئەسا' وەشەوو ڕۆژحورد وخەوی هەر گریان وشیوەن‌بۆ.

(کە چیرۆك گەییشتە ئەم‌جێگا، ڕۆژبۆوە، وەشەهرزاد قسە کەی‌پچڕی)

---

## هەڵبەست

ش.ب

دوێنێ حەمەم دی زۆر پەشێوومات
لاوازوبێ‌تین بـێ‌سیپاڵ ولات
پیم‌ووت کاك‌حەمە بۆوات‌بەسەرهات
ووتی: گوێ ڕاگرە لەدەردی‌برات
ئەمە بـەینێ کـە سەرم جەنجاڵـە
فکرم‌تەواوي لـەلای ئاژاڵە
ئەسپە کدم بـێ‌جـۆ، گابـێ ولێرە
ئاردی نـاو کەنـۆ کرا کـولێرە
ژنێکم هەیە یـەك جار زیباڵە
دژمنی کـەوش و کـەواو سیپاڵـە
هەرچێ بۆی‌ئەکڕم کراس‌وشەواڵ
لەپاش دوحەفتەلێی مەگرە‌هەواڵ
منداڵ‌ڕوت‌و قوت خانوڕەش وپیس
دارە کەی‌ناوەموش کـزولاروسیس
گەوڕێ گەڕمە، لاسکەوان‌خـالي
تەپ وتۆزپـڕە لـەنێوی قالی
کورسي بێ‌جاجم‌خوري‌نـەشۆراو
گلێم‌مان نیەو بـەڕ هەموی دڕاو
نازانم چی‌بکەم ڕۆلە کوێنە کـەم
کام قوڕبنیشم لـە ناوی کام‌چـەم
ئەمەدەردەدڵ حەمەی کـوێخایـە
نەك تەنیاهی ئەو هـەزارێ وایە
ژنی واخوڕا ! تۆبە کەس نـەدەی
لەناو هاو ماڵا تـو کسزی نە کەی
پێویستە بۆژن ماڵداری کـەربێ
هۆشی لای ماڵ ولای بزن ومەڕبێ
خانوی ئـاژفتە هێلـە ساویدا
هەمۆ ڕۆژ بۆنـان تەنور تـاویدا
مانگا بـدۆشێ مەشکە بژەنێ
لەناو هـاو سەران‌سەربـەرزبکەنێ
کەرەماس ودۆی داییم‌خـاوێن‌بێ
نەك‌مێوانی‌بێ ـ دەس‌بـەداوێن‌بێ
ئازوخەی زستان پـاییز دروس کا
شەلەم ودۆینە وبرویش بودوخـوا
گەوزو گەلەخان گشتی داماڵـێ
نەیخاتە یە کا بـۆ کاری ساڵێ
جاجمێ، بەڕێ ، هۆڕێ ، سیپاڵێ
دروس کا بوخـۆی نەك هەر‌ناڵێ
نەك‌هەرحەیچەی بێ‌لە گەورەوبچوك
تەپلی‌بەدنـاوی بکوتـرێ بەسوك
(شێواو)بابـەس بێ‌لۆمـەی‌ژن حەمە
باوە کۆ هـەزار تانـەی وا کەمە



بنکەی ژین www.zheen.org

## کنز العرفان

ماوەی ل ٣

لەم ژمارەشدا، هەر لەسەر ئەو باسە ئەڕۆین :

لەڕۆژ کارە پێشووە کاندا ، کە بیروڕای کۆمەڵی ئیسلامی تەنیا بەماناڕووالەتی یەکانی دەستوری ئایینی ئیسلامدا ڕوانیبون، هەر کەسێ کەلەوڕێگا ڕواڵەتی یە کەمێ لای دابێ ، وەبەچەشنێکی تر سەبارەت بە خوداناسی خۆی دەربخستبێ، بەکافریان زانیوە، وەدەسبەجێ کوشتویانە؛ بەڵام ئەگەر باش ووردببینەوە، ئەولادانە، دوجۆرە. یەکەم ئـەوەیە کـە ئەندامێ لەبناباوەڕی بەبناغەوڕیشەی ئایینی ئیسلام نەبێ، وەبەباوەڕێ کراوەکانی کالتەو شۆخی بکا وەلەووتارو کردارو هۆنراوی خۆیدا ئەو بیروڕای خۆیە دەربخا ؛ دیارەبەم چەشنە ئەندامانە ئەبـێ بڵێین کافرو خودانەناس .

دووەم ئەوەیە بڕێ لەئەندامانی کۆمـەڵی ئیسلامـی بەڕێگای خوێندەواری وکار کردن لەڕێوازی خوداناسی دا ، ئەوبیروباوەڕە کەلە ڕووالەت دا بەئایینی ئیسلام بۆیانە ، وەلەوەر گر تنیا کەو تـۆنەتەدۆی خەڵکی، لەبیساتی نهێنی دا بۆخۆیان ڕۆناك ئەبێتەوە، وەبەچاوی نهێنی خۆیان ئەی بینن، وەئیتر لەوحەڵ داخۆیان بەدوا کەوتوی کەس نازانن؛ وەلەوجیهانەدا دەس ئەکەن بەسەیرو تەماشا؛ ووردە ، ووردەپـەڕنـدەی گیانیان پەیوەندی خۆی لەبیساتی چتانی ئەپچرێ! وەدەس ئـەکا بەباڵ گرتنەوە تابگاتە سەرچڵی داری مانەوە ، تالەهێلانەی دوا پلەی بیساتی بۆندا، بنیشێتەوە؛ ئەنجا کە هەر کەسێ بتوانێ ئەو هـەموە کوز گە خوداناسی یانە. ببڕێ، وەئەو گشتەهەوارانە بخاتەدوای خۆیەوە، وەهیچ کۆسپێکی بیساتی چتانی نەتوانێ بەر گری لێوەبکا، لەدەریای بێ بنی یەکیەتی دا دێتەوەمەلە، ڕەوانی پاکی وەکو ئاوێنەی بێ خوشی لێ دێ، هەموو شتێ لەخۆیدا ئەبینێ، ئەنجالەو حەلەدا وەکو خودالێ خۆشبو: «سیدصالح» ی لێ دێ وەئەوەی کەخۆی بەچاوی نهێنی ئەی بینی لەوو تارو کردەوە وهۆنراوەکانیا دەری ئەخا ، وەئێمە کە نە گەیشتوینە تەئەو پلە، وەئەو بیساتەمان چاوپێ نە کەوتووە، ووتەکانی ئەوبەپەرت وپەڵاو کەف چەرانی و کوفرو ناسزا ئەزانین، بەڵام لەڕاستەقینەدا، ئەبێ تەنیا بەوجۆرە ئەندامانە بڵێین پیاو، وەئەوانەن کەبەتیشکی ئەستێرەی ڕەوانی پاکیان، جیهانی تاریکی بۆن ڕۆناك ئەکەنەوە، وەلەژیانی خۆیاندا بارەیان لەبیساتی بۆن وەر گرتووە ، وەلەهەواریگەی مانەوەی هەمیشەیی دا ، بەدڵێکی بێ خەم وسەرخۆش، پشۆیان داوە.

### مانای وشە

پلە: مرحلە
دووین : بحث کردن
حلۆنی : کیفیت
کۆزگە : منزل گاه
ڕوواڵەتیی : ظاهری
ئەندام : عضو، شخص
ڕێواز : طریقە، راەباریك
بیسات : عالم، جهان
نهێنی : معنوی
چاوی نهێنیی : چشم باطنی
حەل: موقعیت، حالت
چت: مادە
چتانیی : مادي
مانەوە : بقاء
بۆن: وجود
هەوار: منزل، مصیف
کوسپە : مانع
یەکیەتیی : وحدت
خەوش : لکە، گرد

---

## چوارقوژبین

**لاپەلا :**

| ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ١ |
| | ■ | | | | ■ | | ٢ |
| | | ■ | | ■ | | | ٣ |
| | | | ■ | | | | ٤ |
| | | ■ | | ■ | | | ٥ |
| | ■ | | | | ■ | | ٦ |
| | | | | | | | ٧ |

١- دۆري... کارێ پێم کەردەن☆ بێزارم لە گییان ڕازیم بەمەردەن ٢- کڵاوی خوشکی هەورامي کە کەبـەڕێزوزیوئـەی ڕازێنتە وە ٣- لـە سەرەتای جوملەی دۆعای شەڕ، یاسەرسۆمانی تێکەڵ بە گاڵتە (تعجب تمسخـر آمیز) وەدێ - بەئەندازەی گرەیێ(چووارقامك)، لە زمانی منداڵاندا، کاتێ ئەندازەی دارێ ئەگرن کەبزانن : «خاوەن کۆ»، یانە ٤- بەبار کردنی گەرمي ، گەرمي بازاری، بڕایەوە- هي هیچ کەسێ، لە ناپیاونە کەوێ ٥-جێ نشینی «مضاف» ێ، کە مەملوك یامەخصوصی «مضاف الیە» بێ -لەسەرەتای جوملـەیێکە وەدێ کـەصلەی مـەوصوڵ یاسفەتی مەوصوف بێ ٦-دەم، کاتی گاز گرتن ٧-«خلع سلاح» لە کرماشاندا .

**سەرەوەوخوار:**

١- هەروە کوبرایي ، نێوانی دوبرایە ٢- ... کە ڕۆژەردی مەدینەوڕۆسیپاهی مە ککە خۆم ٣- هاوتایا هاوڕەفیق- پیس، بەزمانی منداڵ ٤- ئیشارە بۆشتی نزیك بەهەورامیی- کەسێ کەچو کڵەختێ ئەکات وئا گری فیتنەهەڵ ئە گرسێنێ ٥-ووشەی هان دانی سە گ - ئیترهیچی تر نادێرێ ٦- شەپەزلە، یائەسڵەحە ٧- خەڵووسی، تێ ئەخەن وسووڕی ئەدەن تابیێتە ئا گر.

### کراوەی چووارقوژبنی ژمارەی٧٥

**لابەلا :** ١- لوڕـسنە ٢- وڕا ٣- ڕەمـەزان ٤- سوا - ئا ٥- ترن - نێو (داخە کەم لەکاتی چاپامالێ دێ» ڕەش کرابوو) ٦- یدی ٧- نوا - یان .

**سەربەرەوخوار :** ١- لـوڕستان ٢- هوڕ ٣- ڕۆمانیا ٤ - ڕە ٥-سازانـیی ٦-ئا ٧-حین - وون.

---

١٠٢ هەزارویەك شەو

## کاتێ شەوی چل ویەکەم هات

شەهرزاد ووتی: ئەی پادشای بەختیار! خەلیفەتایەك مانگ لەسەر گۆرە کەوە ئە گریا. لەپاشان لەدیواخانا دانیشت وهەمو ئەمیران و وەزیران هاتنە خزمەتی لەپاش سەعاتێ فەرمانی دا کە بڕۆن، وە خۆي گەڕاوە بۆحەرەم سەرا. کـەنیزێکی لەژوری سەریەوە، دانا، وە کەنیزێکیشی لەخواری پێ یەوە، وەنوست. لەپاش ماوەیێ بێداربوەوە، گوێ ڕا گرت کەنیزە کان قسە ئە کەن، هەڵ نەساوەو، چاوی نە کردەوە بزانێ چي ئەڵێن . بیستی کە ئەوەیان لەژوری سەریەوە دانیشتوەوە بەوی تر ئەڵێت: (خەیزەران!) قوڕ بەسەرت. وەڵامی داوە: (قەزیب!) بۆئەوا ئەڵێیت؟ خەیزەران ووتی؛ خەلیفە لە کارەسات ئا گای نی یە . ئە گەرنە بۆچی هەربەسەر ئەو گۆرەوە دائەنیشێ وئە گریێ؟ لەکاتێکدا لەنێو ئەو گۆرەدا جگە لەپەیکەرێکی دارینی ووشك وڕەق کە دارتاش تاشیویەتی ، شتێکی تر نی یە . قەزیب ووتی: بەڕاستیی خێزەران بڵێ کە قوة القلوب یان بۆ کوێ نارد، وەچ بەڵایێکیان بەسەراهێنا. خێزەران ووتی: بەفەرمانی «سیدەزبیدە» کەنیزە کێ بڕێ بەنگی دا دەرخواردی، کە لەسەرخۆی چو ، خستیانە نێوی صندوقێکەوە، وەفەرمانی بە«صەواب» و «کافور»دا ، کەبیبەنە نێوقەبرستان و زیندەچاڵی بکەن. «قەزیب» ووتی : داخۆم هەروا زیندە چاڵیان کردووە ؛ وەئێستا مردووە؟ «خێزەران» ووتی: خودانەکا مردبێ. من لە «سەییدەزوبەیدە»م بیستووە، کە «قـوة القلوب» زینـدووە؛ وەئێستا والـەماڵی بـــــازەرگـانیـکی دمشقیی دا

**گیراوە لە گۆڤاری «اطلاعات جوانان» وەرگێڕ: د.ع.م**

# دەجلە یاخی بوو!!!

**... ئەم شارە ناگیرێ مەگەر وەختێ کە دەجلە لە ئەو یاخیی ببێ » بەڵام دەجلە یاخیی نەبوو بوو؛ وە شاری «نینوا» بەخۆشیی وشادیی درێژەی بە ژیانی خۆی ئەدا. وە بەدیلەکان کۆشکی بەرزیان ئەکردەوە، وەژنان و کچانی گەلانی بەدیل گیراو، لە ئاگری شەهوەت و هەوەسی فەتح کـەرە سەر مەستەکانـا ئەسووتان ... تاوەکوو...**

کاتێ فەرماندەری قۆشەنی «بابل» گەیشت، ئەویش لـە گـەڵ سەردارەکانی «ماد»، بۆ بەهاودەنگێ لەسەر ئەمە کە: جگە لە گەمـارە (محاصرە) بۆماوەیێکی زۆر هیچ چارەیێکی تر نی‌یە؛ وە ئەبێ هێندە شار لە گەمارەدا بێ، تا کەم بۆنەوەی تفاق خەڵکی شار بخاتە سەخڵەت و تەنگی‌یەوە، وە لە حەیبەتی برسی‌یەتیدا خۆیان بدەنە دەستەوە؛ **بەڵام «فرزاک» کوڕی سەرۆکی عێلی «کەردوخ» کە لەگەڵ شاهدوخت «میناتو» برازای پادشای ئاسوور ـ کە لە «نینوا» هەڵاتبوون ـ هەوانی بەوان دا کە:** خەڵکی شاری «نینوا» تفاقی دوو ساڵیان خستووەتە ماڵەوە؛ وە هەموو هەمارەکانی دەوڵەتی پڕە لە گەنم، وە لە گەمارە ناترسن شای «ماد» کە ئەم هەواڵەی بیست، تاوێ سەری داخست و بیری لەم کـارە ساتە ئەکردەوە. حاکمی بابل کە دی، شا خەریکی بیر کـردنەوەیە، ووتی «من لام وایە کە ئەوە چاک بێ، دەست لە گەمارەی شار هەڵگرین؛ کە ئەو جگە لە شارودەورو بەری هەموو خاکی وەڵاتی خۆی بە ئێمە بدا... ئەو کاتە ئاسوور لە خۆیەوە لە نێو ئەچێ» پادشای ماد واق بۆ پێدا وپێی ووت: بەلای تۆوە، بەڵێ ... بەڵام من لام وایە کە ئەبێ تەنیا خشتێ لە «نینوا» نەمێنێ. لەپاشان ڕوی لە سەرۆکی عێلی «کەردوخ» کرد وپێی ووت: من بیستۆمە غەیب وێژی ووتویە کە **«نینوا» ناگیرێ مەگەر وەختێ نەبێ کە دەجلە لە ئەو یاخیی ببێ ..** تۆ ئەمەت بیستووە؟

ـ بەڵێ! شاها! من بیستۆمە؟

ـ زۆر چاکە؛ من بە ووردی لە دەوروبەری شارا گەڕاوم و تەماشام کردووە. ئێمە بە بەستنی بەندێ ئەتوانین ئاوی دەجلە هەڵ گەڕێنینەوە، وە بیبەسینە دیواری لای ڕۆژهەڵاتی شار؛ وە کاتێ ئاو هاتە سەر دیوارە کە ئەڕوخێ ...

حاکمی «بابل» تەماشای ناوچاوی پادشا و کوڕە کەی کردو، ووتی: ئەم کارە چەند ساڵ وەختی پێ ئەوێ.

شای «ماد» دەستی کردە پێ کەنین و، ووتی: «دیسان ئەبێ بڵێم، بۆ ئێوە بەڵێ. بەڵام بۆ ئێمە کە خۆمان بە سەخڵەت گرتووە، زۆر گرنگ نی‌یە ... هەر لە سبەینێوە ئەم کارە دەست پێ ئەکەین ...»

بۆ سبەینێ ئەو کارە گەورە و گرنگ وسەرسام هاوەرە کە تەنیا لە وەستی بەتین و کردەوەی بەنرخی ئەو چەشنە پیاوانی گەورە و ئەوجۆرە گەلانی خەبات کەر وتیکۆشەرە ئەخێزێ، دەست پێ کرا ... ئاسووری‌یەکان لە جموجۆشی سپای دوژمن هیچ تێ نەئەگەیشتن؛ بەڵام وەختێ بەند بەسرا وئاویان هەڵ گەڕاندەوە، تێ گەیشتن کە: دوژمن چۆن نەخشەیێکی ڕژاندووە! ئاو کەم کەم ئەهاتە سەر و شەپۆلی پڕ خرۆشی دەجلە ئەی‌دا بە ملیەکا، وە هێرشیان بۆ دیواری شار ئەهێنا. ئـاسووری‌یەکان دڵەخورپێیان پێ کەوت؛ مەرگ و نابوودی ڕۆمەتی ترسناکی خۆی بەوان پیشان ئەدا.

چەند ڕۆژێ بەم جۆرە تێ پەڕی کرد؛ دەجلە زۆری بۆ دیواری شار ئەهێنا ... هەردوو لا چاوەڕێ بوون. ئاسووری‌یەکان چاوەڕێی نابوودی و مردن وخنکان و کوژران ... ئاریەنەکان چاوەڕێی پیرۆزی و تۆڵە کردنە وشار گرتن ودوژمن نابود کردن ... لە پڕ نیوە شەوێ گرمەیێ دونیای لەخەو هەڵ پەڕان؛ ئەم گرمە هێندە قاییم بوو کە ئەت ووت، دونیا ژێر وژوور بوو. دیواری شار ڕوخا ودەجلە بەربوە نێو شار.

دەنگی شەیپووری شەڕ بەرز بووەوە؛ وە قۆشەنی «ماد» لە نێوی تۆزو غوبارێکی پیاوخنکێنا ـ کە لە ڕوخانی دیوار وهێرشی دەجلە هەڵسابوو ـ ئامادەی شەڕ بوون. دەنگی گریان وشیوەن وزیرەی ژن ومنداڵ لە شار هەڵسا. ئاسووری‌یەکان ئەم جارە دەنگیان لە دەمی ژن ومنداڵی خۆیانەوە ئەبیست، کە خۆیان چەند جار لە دەمی ژن ومنداڵی گەلانەوە بیستبوویان. سەربازانی ئاسوور بۆ پێش گیری لە هێرشی لافاو بەستنی بەند بەرەودیواری شار ڕایان ئەکرد، بەڵام کارێکیان لە دەست نەئەهات، وە لافاوی دەجلە بە ناڵە و گرمە ئەهاتە پێشەوە، وە کۆڵان وشەقام وخانووەکانی دائەگرت وهەرچی ئەکەوتە بەری، دای ئەماڵی و، وە کوو پووش هەڵی ئەگرت و ئەی برد.

ژن وپیاوو گەورە وبچووک لە ترسا وە کووشێت بەم لاو بەولا ڕایان ئەکرد، وە ئاو هەر ئەچوە پێشەوە، تا گەیشتە پشتی هەموو دەروازەکانی شار. سەربازانی کێشکی دەروازەکان بە هۆی هێرشی خەڵـکی شارەوە، بو دەرچوون، دەروازەکانی شاریان کردەوە، وە خـەڵـکی شار سەروپێ پەتی وە کووشێت کەوتنە دەشت وبیابان وڕژ ک و بەڵاو بوونەوە.

بە فەرمانی پادشای «ماد» کەسێ کاری بەوانەوە، نەبوو. وە سەربازانی ماد هەموو ئامادەی هەڵمەت بۆ نێوەڕاستی شار و بۆ سەر کۆشکی پادشای ئاسوور بوون، وە لە کاتێکدا وە کوو هەوری بەهار ئەیان گرمان وڕوو بە کۆشکی شای ئاسوور ئەڕۆیشتن، ئەیان زانی کە ئیتر کارێکی گەورەیان لە پێشدا نی‌یە.

سەربازانی ئاسوور هەموو لە دەوری کۆشکی شاهیدا ـ کە بۆ خۆی شارێ بوو، وە لە سەر تەپێکی بەرزەوە بوو کە ئاوی پێ نەئەگەیشت ـ کۆ بوو بوونەوە.

## تکا

**لە خوێنەرە بەڕێزەکان تکا ئەکەین: لە ناردنی پارەی ئابوونمانی ڕۆژنامە خۆیان نەگرن؛ ئەلبەت ئێمە کاتێ ئەتوانین بـەم خزمەتی خۆمانە درێژە بدەین کە خوێنەرە بەڕێزەکانمان دەس گرۆیی‌مان بکەن.**

# مەتەل:

**١ـ ئانەجیب وەختێ سوار ئەوێ، سێوە ‌رسەری دیار ئەوێ، نەدەی لە کاپۆنی، زوو هـار ئەوێ.**

مەتەڵێکی سنەیی‌یە. هەر کاتێ پیاوی تازە پیا کەوتووو بەدڕەسەن لە خۆی دەرچێ و، بستێ ئاسمان لە بانی سەری خۆیەوە نەبینێ و، گوێ بە هیچ باساوڕەووشتێکی کۆمەڵایەتی نـــەدا؛ وە کـــەس نەدا بە قەپۆزیاو، لووتی ڕق نەکا، وە ئەویش هەروەهاتێ بگا کە دونیا سەری بە پووش گیراوە، وە بەوجۆرە بۆی ئەڕواتە سەر، ئەم مەتەڵەی لە بارەوە ئەوێژرێ،

**٢ـ میری یان دا بە «ووزباشی» لە بەراسەر دایکی تاشی.**

ئەم مەتەڵەش هەر سنەیی‌یە بە میری یانێ کوێخایی وحوکم کردن لە دیهاتا، وە «ووزباشی» لەقەبێکی تورکی‌یە و، وادیارە کرابێ بە ناوی تایبەتی کابرایێ کە زۆر نەفام وبێ شعوور بووبێ.

مەبەست لەو مەتەڵە ئەوەیە کە پیاوی نەفام و یاسانەزان ئـەگەر سەری گورێسێ بـدەنە دەسیەوە، ئیتر لە خزم و کەس و کارو دۆست وبرا ناپرسێتەوە، وە بەڵکوو زۆری خۆی بەوان ئەنوێنێ، وە ئەگەر دەستی بە سەری بێگانەدا نەڕوا، ئەوەشێتە گیانی ئەوان.

**٣ـ نانی نەگەیی بە ناوکی، قلیان داری گرت بۆ باوکی.**

ئەم مەتەڵەش سنەیی‌یە. هەر کاتێ کەسێکی تازە بە نان گەیشتوو، دەس بداتە بڕی کارەوە کە بۆ ئەو نەشێ، وە دەس بکاتە پێک هێنانی دەم و دەسگایێکی گەورە و بەربەڵاو، کە نەتوانێ بەڕێوەی ببا، وە لە کاری خۆیا دامێنێ وتـێ بشکێ، ئـەم مەتەڵەی لە بارەوە ئەڵێن. جاران لە سنەدا وەها باو بووە کـە پیاوە گەورەکان نۆکەرێکیان بە ناوی «قلیان دار» یانێ نێرگەلە ئامادە کەر گرتووە، وە بۆ هەر کوێ ڕۆیشتوون ئەو نۆکەرەیان لە گەڵ بووە، کە نێرگەلەیان بۆ ئامادە بکاو بە زمانی سنە قلیانە کەیان بۆ چاخ بکا.



بنکەی ژین www.zheen.org

# كوردستان

لێکۆلینەوەی سیاسیی

## نیکسون و کندی

لەحەفتەی ڕابوردوا سەبارەت بە بەربەرەکانێی هەڵ بژاردنی ئەمریکا باسێکمان نوسی. وەئێستاش بەم بۆنەوە کە ئەم بەربەرەکانێ یە لەمحەفتەدا گەیشتوەتە دوایلەی توندوتیژی خۆی؛ وەلەباری سیاسەتی جیهانیشه وەزۆر گرنگ وجێگای چاودێری یە، ئەمحەفتەش لێ کۆلینەوەی خۆمان تایبەت بەو کارەساتەوە ئەکەین. هەرلەم کاتا کەئێمەخەریکی نوسینی ئەملێ کۆلینەوەین، هاوچاوەکانی ئەمریکایی بۆهەڵبژێرران یانێ «نیکسون و کندی» دیاری یەکانی دوو کۆمەڵەی «کۆماری خوازو دموکرات»ی، ئەمریکا بەربەرەکانێی ژیواری خۆیان بەتوندیوتیژی درێژە پێ ئەدەن؛ وە هەروەها کەووتبوومان، لەڕواڵەتا هەڵمەتەکانی سەناتور «کندی» بڕاتر لەهەڵمەتەکانی «نیکسون»ە. ڕۆژنامەکانی ئەمریکاش لەڕواڵەتالە «کندی»ڕۆر ترلایەن گیری ئەکەن تا «نیکسون». یەکێ لەڕۆژنامە زۆر گرنگەکانی ئەمریکا لەم حەفتەدا نوسیبوی کە: پشتیوانی گەورەی «نیکسون» لەمبەبەرەکانێی هەڵبژاردنا تەنیامروڤایەتی و خوشەویستی «پرزیدنت ئایزنهاور» سەر کۆماری ئەمریکایە. وەئەگەر «نیکسون» یارمەتی دەری «ئایزنهاور» نەبوایێ، لەبنا کۆمەڵەی «کۆماری خواز»ئەویان بەناوی دیاری کۆمەڵە بۆسەر کۆماری، نەئەناساند. بەهەرجۆربێ، جگەلەوە کە«نیکسون» لەم بەربەرەکانێدا تاجڕادەیی لەمروڤایەتی ئایزنهاور کەڵك وەرئەگرێ، ئەولە گەڵ هاوچاوێکی زۆر کەللەڕەقا ڕوبەڕو بووە. برای «کندی» کە بەرنامەی بەربەرەکانێی ئەوبەڕێوەئەبا، پشت سەریەك لەڕۆژنامەوڕادیۆوتلەڤیزیونی ئەمریکادا، هەڵمەت لەسیاسەتی ناوخۆیی ودەرەوەی کۆمەڵەی «کۆماری خواز» ئەدا؛ وەڕخنەیان لێ ئەگرێ. ئەولەووتەیێکی تلەڤیزیونی خۆی لەم دواییەدا، بەتوندی هەڵمەتی بردەسەر قسەکانی «نیکسون» لە مسکودا. «نیکسون» لەکاتی گەشت بۆ مسکو لەووتو ویژی خۆی لەگەڵ خرۆشچۆف سەرەك وەزیری ڕوساووتبوی، کە: «ئەگەرئەمریکا لەباری نیرۆی موشەکی یەوە، لەڕوس دوا کەوتبێ، بەلام گەلی ئەمریکا لەپیویستی ژیانی چاکتر لەگەلی ڕوس بەرخوەدارن»

برای سەناتور «کندی» بەتوندی هەڵمەتی لەمقسەی «نیکسون»ە، دا، وەڕای گەیاند کە: بۆرزگار کردنی گەلانی ئازادی جیهان ئەمریکا ئەبێ پایەی بەرزی خۆیەیسان بەدەست بهێنێتەوە؛ وەنەتەنیالەڕوس دوا نەکەوێ بەڵکوئەبێ ڕوسەکان نەتوانن لافی بەرانبەری لەگەڵ ئەمریکا، دا، لێ بدەن. ئەولەپاشان ئەمەشی ڕاگەیاند کە: دەوڵەتی «کۆماری خواز» بەوجۆرە کەبشێ وپیویست بێ چاودێری بەمەبەستەکانی بەرگری نەکردووە؛ وەئەگەر کۆمەڵەی «دموکرات» سەرکەون وپیرۆزبن کارێ ئەکەن کەدوو بارە ئەمریکا ببێتەیەکەم دەوڵەتی دونیا. نیکسونیش گەلێ واژە بەگەلی ئەمریکا ئەدات؛ وەچاکەی بەرنامەکانی کۆمەڵەی «کۆماری خواز» بۆئەوان ڕوناك ئەکاتەوە؛ بەلام هەر بەوجۆرە کە ووتمان: ئێستا زۆرایەتیی دەنگ دەرەکانی ئەمریکا چاودێری بە کۆمەڵەی «دموکرات» وسەناتۆر «کندی» ئەکەن؛ وەلەڕواڵەتا پیرۆزیی کۆمەڵەی «دموکرات» لەهەڵ بژاردنی ئەمریکادا، قسەی تێدانی یە.

### مانای ووشەکان

ڕابوردو : گذشته
سەبارەت بە... : نسبت بە...
بەربەرەکانێ ـ مبارزە
هەڵبژاردن : انتخابات.
دوایلە : آخرین مرحله
جیهانی : بین‌المللی
گرنگ : مهم
چاودێری : توجه، عنایت
تایبەت : مخصوص
کارەسات : حادثه
لێ کۆلینەوە : تفسیر
هاوچاو : رقیب
هەڵبژێرران : انتخاب شدن
دیاری : نامزد، کاندید
کۆمەڵە : حزب
ژیواری : حیاتی
ڕواڵەت : ظاهر
بڕا : قاطع
لایەن گیری : طرفداری
مروڤایەتیی : شخصیت
یارمەتیی دەر : معاون
لەبنا : اصولاً
سەر کۆماری : ریاست جمهور
ناساندن : معرفی کردن
ڕادە : اندازه، مرحله
کەڵك : فایده
ڕخنە : اعتراض، ایراد
ووتە : نطق
گەشت : سفر
بەرگری : دفاعی
گەلێ : خیلی
گەل : ملت، مردم
زۆرایەتیی : اکثریت
دەنگ دەر : رأی دهنده

### ماوەی سەرووتار

ماوەی ل ۸

یاسانە، کە لە پێش چاوی گەلی ئێران زۆر گرنگ ویەکێکە لە پێش هاتەبایی دارەدیباری یەبەنرخە مێژوویی یەکان، بەوەلاتانی خۆیان هەوال بدەن بۆئەوەی لە وەلاتە. کانیانا، لەڕۆژنامەوڕادیووتلەویزیون دابیخەنەپێش چاو. ئێرانی ئەمڕۆ بەبۆنەی پێ بەجێ بونی کارەساتی سیاسی یەوە، وەبەبۆنەی پێشکەوتە دیباری یەکانیەوە؛ کە لەژێر سێبەری ڕێبەری شاهەنشاپێ ی گەیشتووە؛ وەڕۆژ بەڕۆژیش بۆ پێش تر ئەڕوات؛ لەپێش چاوی گەلانی جیهان، شوێنێ کی دیباری وبولندی هەیە؛ وەئەو گەلانی جیهانەی کەبڕێ لەزانیاری ڕوناکی پێشینەی مێژوویی ئێران شارەزایی یێکیان هەیە؛ وبەربەرەکانێ ی نەتەوایەتی، وەقارەمانی یەکانی گەلی کۆنی ئێمەبەچاوی سەرسوڕمان وئافەرینەوە تەماشائەکەن؛ ئەزانن کەئێرای بەڕێ نمونیی خرەدمەندانەی شاهەنشا چەندپێش کەوتوون وە لەڕێگای پێش کەوت وسەر کەوت. داچەهەنگاوێکی بولندهەڵ گیراوە؛ ئێستا کە : گەلی ئێران بۆپشاندانی ماف ناسی هەلـی هێناوەتەدەست، ئەیەوێ شادی وهەستەخاوێنەکانی بەچەشنێکی دیباری وبێ پەردەوڕوناك وئاشکرا، وە زمانێکی تەڕوپارا. ووپاك؛ پەیوەندی نەپچڕاوی شاو گەل بەگووێ وچاوی جیهانیان بگەیەنێ، وە دووبارە جیهانیانیش تێ ئەگەن وئەزانن کە گەلی ئێران تاج شوێنێ بەوێنەی پەشانـەزی تەنەوایەتی خۆیان دڵ بەستەگیی یان هەیە؛ وسڕی مانەوەی سەلطەنەت لەم وەلاتەباستانی یەداچی بەوەغەریزەی شادۆستیی کە هوێنێکی بناغەیـی نەتەوایەتی گەلی ئێران وئێرانی یە؛ تاج شوونێ مایەداروڕپشەدارە. لە خودای بێ نیازداواکارین تا کاتی چاپی ڕۆژ نامەکەمان وەلی عەهدی ئێران بێتەدونیا، وەچاوی شاومەلـەکەو هەمـوو ئێرانیان بەدیداری ڕوناك ببێ تەوە.

هەست ـ حس
هاتنە دونیا ـ تولد
کورپە ـ نووزاد
فەڕ ـ برکت
ناوەند : مرکز
کۆگا ـ مغازه
دڵ لەلا ـ علاقه‌مند، دل بسته
لەناو کرۆك ـ ازاعماق
بریا ـ کاسکی
وێنەگر ـ عکاس
دیباری ـ برجسته
سەرسوڕمان ـ تعجب
ڕوناك : روشن
زمانی پاك وتەڕوپاراو ـ زبان فصیح وبلیغ
چەشن : نوع، نحو
پێشینە : سابقه
پاراو : فصیح
پەیوەندی : رابطه

### راگەیاندنی دەولەت

ماوەی ل ۱

**اعلیحضرت همایـون محمدرضا شاه پهلوی وعلیاحضرت ملکه فرح**

لەسەعاتی یازدە وپـەنجا دەقەی بەیانی ڕۆژی نوهەمی مانگی ئەبانی ۱۳۳۹ کەبەپێی بناغەی سی وحەوتەمی بەشی تەواو کەری قانوونی بناغەیی ئێران **وەلیی عەهدی بێ بۆنەو بەجێ** پادشایە، بۆهەموو گەل لە گەورەوبچووك زۆرشادی هاومرو کەیف خۆش کەرە. لەشو کرانەی ئەم بەخششە گـەورەو، ئەمە کـە یەزدانی مەزن لـەهەموکـات و دەورانێکدا، ئێرانی کۆنی بەچاو دێرێی خۆی بەرخوردارفەرموەو، وەبەچرای شاهەنشایی کۆنی ئێمە هەمیشە نوورێکی زۆرتری بەخشیوە و، ڕوناکتری کردووە:

دەولەت بەپێی ئەم ڕاگەیاندنە، سێ ڕۆژ جەژن وشادی ڕائەگەیێنێ. وەبەدنیاهاتنی پیرۆزی ئەم کورپە بەخێزانی بەڕێزی سەلطەنەت و هەموو گەلی شادۆست ونیشتمان پەروەری ئێران بەدڵ وگیان پیرۆز بایی ئەلێ

**سەرەك وەزیر ـ مهندس شریف امامی**

www.zheen.org

# شاهەنشائیسکلەو گەورەترین بەندەری نەوتی ئیرانیان کردەوە


ژمارەی ـ ٢٨ ـ سالی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ٧٩

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردی یە، حەوتەی جارێ چاپێکی دەرئەچێ

بایی
بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش مانگە | ٧ | « |
| چڵ | ٣ | قەران |

بۆ دەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | « |

عەزیزم شاسوارێکە، گوزەرگا، گەر، بەئەلبورزا
دەکا ، نووکی سمی ئەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا

سیاسی ـ زانیاری ـ ویژەیی ـ کۆمەلایەتی

خاوەنی امتیاز و مدیری لی پرسراو
عبدالحمید • بدیع الزمانی
بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
محمدصدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر
دوکتور عبدالرحمن و احمد مفتی زادە
عابد سراج الدینی ـ شکرالە بابان
خسرو شیخکانلووی میلانی

یانەی ڕۆژنامە:
میدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ٢١٨
تلیفوون ٣٢٠٠٣

چووارشەمە ١٨ گەلاڕێزان ٢٥٧٢ ك ـ ١٨ ئەبان ١٣٣٩ ش ـ ١٩ جمادی الاول ١٣٨٠ ق ـ ٩ نوامبر ١٩٦٠ م


# دورگەی خارك بوبە گەورەترین بەندەری

## بارگرتنی نەوتی خام، وەگەورەترین کەشتی نەوت کیشی دونیالەوی لەنگەر ئەخاو بارئەگری

## نەوتی «گەچساران» بەلولەیی کە ١٦٠ کیلومتر دریژە، بی تلمبە ئەگاتە خارك. کیشرانی ئەم لولەو دەسگاکانی خارك ٣ سالی خایاند؛ وە ٦٤٠٠ میلیون

قەرانی بۆخەرج کراوە .

## ١١ دی لەئەملاکی خالصەی نزیکی سابلاغی کوردستان لەنیوانی جوتیارەکانا

بەش کرایەوە .

## بەفەرمانی شاهەنشا بەم زوانە ئەملاکی سەلطەنەتی شاهئابادی کوردستان

بەش ئەکرێتەوە.

## ژماردنی دەنگ لەئەمریکادا، دریژەی هەیە. وەتائیستا «کندی» لە «نیکسون» پیش کەوتووە؛

بەلام چونکو بەینیان کەمە، سەرئەنجام دیار نی یە کەکامیان پیروزئەبن.

## قودومی پیروزی ولیعهدی ئیران

دووای ساڵها چاوەنواڕی، خودا ڕۆی مەرحەمەت و چاودێری خۆی کردەلای گەلی گەورەی ئیرانەوە، وەنیعمەتێکی زۆر گەورەوبەنرخی، بەاعلیحضرتین شاومەلەکەخەلات فەرمو، کە بەڕاستی چاووچرای ئەفرادی شادۆست ونیشتمانویستە.

ڕۆژی دوشەمەی نۆوەمی ئەبانی سەعاتی یازدەو ٥٥ دەقە ، ولیعهدی ناوداری ئیران والاحضرتی همایون رضای پهلوی لەعلیاحضرت مەلەکەفرحی پهلوی ، لەزاییشگەی بونگای پاراستنی دایکاندا، چاوی خۆشەویستی خۆی' لەڕۆی دنیا دا، کردەوە، وەبەلەدایك بوونی پیرۆزی خۆی، دلّ وڕۆح وچاوی گەلی نەجیبو کۆنی ئیرانی ڕۆناك کردەوە .

ئەوهەستەخاوێن وبێگەردانە، کە گەل دووای بیستنی ڕاگەیاندنی دەرباری شاهەنشایی، نیشانیان دا، بەڕاستی لەبەڕواری ئیراندایی وێنەبو؛ گەل لەخۆشی یا باوشیان ئەکردەیەکاو یەکتریان ماچ ئەکردو پیرۆزبایی ـ یان بەیەکتر ئەووت؛ چەندفرمیسکی خۆشی و کەیف لەچاوانی خەلکە وەهاتە خوار؛ سەرانسەری ئیران بەبیستنی هەوالی لەدایك بوونی پیرۆزی

ماوەی ل ١٦

## فەرمانی شاهانە

بەیارمەتیی یەزدانی مەزن

ئیمە

«محمدرضاشاه پهلوی» شاهەنشای ئیران

چونکو هەمیشە لەسیبەری چاودێري یەزدانی مەزندا، بیروڕاو کردەوەی ئیمە لەسەرەتای پادشایی یەوە بۆبەتین کردنەوەی سەربەخۆیی وپاراستنی درۆشمەکانی ئایینی ونەتەوایەتیی وسنوورەکانی وەلاتی

ماوەی ل ٢

## ئابووریی لەدینی «اسلام» دا

=٨=

مرۆ، لەڕێگای سەرکەوتنی شارسانەتیی دا

سەرکەوتنی ژیانی مرۆ، لەپلەی سەرەتایی یەوە، بۆپلەتەشریفاتی یەکان ـ وەهاکەئاشکرایە ـ تەنیالە سەرپایەی « هاوکاریمانەوە »وە بەدیهات ؛ بەلام کام هاوکاري ؟ مەبەست لەم هاوکاری یە، هاوکاری یە لەتەنیا باری ڕووالەتی شارسانەتی

ماوەی ل ٧

## چون بنووسین وبخووێنینەوە

کردەوەی تێپەڕ کەروتێپەڕنەکەر

باو کۆلە شوێنەکانی ترا بەپێویستی جێگاوڕێگالە بارەی کردەوەی تێپەڕ کەروتێپەڕنە ـ کەرەوە باسمان کردووە، بەلام ئەوباسەمان بەتەواوي هەل نەداوە ،

ماوەل ٢

## لەکومەلا چون بژین؟

ڕێگای خوداناسیی
یان
طەریقەی عرفان
ـ١١ـ

لەژمارەی پێشوودا ئەوەمان دەرخست کەهێزلەشتا شوێن ئەکا لەم ژمارەشدا هەرلەسەر ئەوباسە ئەڕۆین .

ماوەل ١٠

## نەتەوەی کوردو نەتەوایەتی ئیران

ماوەلەچلی پیشوو

سەلام لەسەر خاکی پاکی کوردستان لانکی پالەوانەکان .

ماوەل ٤

**خواهران و برادران فارس کە علاقمند بفراگرفتن رسم الخط کردی باشند، صفحە ٩ را مطالعە فرمایند**

## چوارقوژبین

**لابەلا :**

| ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ■ | | | | | | ١ |
| | ■ | | | ■ | | | ٢ |
| | | | ■ | | | | ٣ |
| ■ | | | | | | ■ | ٤ |
| | | | ■ | | | | ٥ |
| | | ■ | | | ■ | | ٦ |
| | | | | | ■ | | ٧ |

١ـ قییافە ناس ٢ـ .. داخی هیجری ڕۆی‌تۆ ئارەزۆی سەیری گولاڵ‌نا کەم☆..ناڵەی‌قەلابی‌زارم مەیلی‌نەغمەی‌بولبولان ناکەم ـ کەری هەورامی‌یەو کلکی بڕاوە ٣ـ ئەوەنڎ سەری‌خەڵکی خوارد، تابۆبەبابیسی‌سەری‌خۆشی‌ـ گییا‌ـ یێکی کێوي بەهاران کەخوێی ئەکەن وبەکاڵي ئەی‌خۆن ٤ـماستوئاو، لەناوی‌دا یەکئـەگرن وەکەرەودۆ دوورۆس ئەکەن ٥ـ«جهت»یادۆتا ـ شەکلێکی هیندسي کەگەورەترین وێنەی، والەگۆڕستانی «فراعنە» دا٦ـ «بابەطاهر» لای وایە: چاو ئەبینێت وئەویش گیرۆدەی عیشق ئەبێ ـ تاش، یابەرامبەری‌نێر ٧ـ کولۆلي‌وزۆژ ڕەشیی .

**سەربەرەوخوار:**

١ـ پەینجەی هەمیشەیی ولەجێ خۆدا وەستاو ـ کەشکی‌و بەگۆتەرە ٢ـ ووردەووردە خەریکەبنە ئەخات ولەشکری گەرما وەدەرئەنێ ٣ـ « مل » بەزمانی شاعیران ٤ـ ئەنوسێتەدووای مازي موتلەقەوە، وەئەی‌کاتەمازي‌نەقلیی ـپاڵوتەرەف ٥ـدەفری‌بار کردنی‌کا ٦ـ گۆشتی‌بێ‌سقان ٧ـجۆ گەلەچکۆلەوبچوک‌ەکانی‌خوێن لەلاشەدا ـ هێشتانەبووەتە مادە.

### گراوەی چوارقوژبنی ژمارەی٧٦

**لابەلا :** کرژـ مەن٢ـ یەخنی ٣ـ مەرەز ٤ـ ری‌ـتا ٥ـ ژەمەن ٦ـبنەتو ٧ـ ارکـ مشك .

**سەربەرەوخوار :** ١ ـ مرەبا٢ـ هی‌ـ نر ٣ـ ژیرـژەك ٤ـ هەلەت٥ـمخزـ موم ٦ـ ەن ـ تە ٧ـ نیشان .



کەناوی «غانم‌بن ئەییوب» خەلیفەچاك گوێ بـۆقسەکـانـی ئـەوان‌ڕا گـرت ، تــــــــاتەواوبـۆ. وەخەلیفەتێ گـەییشت کەئەو گۆڕەیان بەدرۆهـەڵبەستووە؛ وەزۆرلەم کارەساتە قەڵس وئاڵۆزوتوڕەبۆ. دەس‌بەجێ هەڵسا ، ڕوییشتە دیواخان دانیشت؛ وەهەمۆپیاوەگەورە کانی‌بانگ کردە خزمەتی‌خۆی. ئەوجاڕۆی‌لە(جعفر)ی بەرمەکي، وەزیری خۆی کردو، پێی‌ووت: چەنڎ کەسێ لەگەڵ خۆتابەو ، بـڕۆ بۆماڵی «غانم» بازەرگانی دمشقیی، وەدەستی کەنیزی من « قوةالقلوب » بگرەو ، بی‌هێنەرەوە، بۆم ، جعفرسەرێکی‌خەواندو ، دەس‌بەجێ چەنڎکەس لەنۆکەرەئازاو لـــــێ هاتووەکانی لەگەڵ خۆیابرد ؛ وەهەواڵی بەداروغـەی شارپش‌دا، کـە ئەویش لەگەڵ داروەستەی خۆیاهات‌و، گەییشتنە یەکو،پێکەوە کەوتنەڕێ‌بۆماڵی غانم . لەوکانا کەئەوان گەییشتنە بەرەوە، غانم‌تازە لـەبازار هاتبووەماڵەوە،وەکەبابی بەرخی کزی‌بوو ؛ وەلەگەڵ قوةالقلوبا پێکەوە نانی‌نپوە ژۆیان ئەخوارد .

قوةالقلوب پارۆێکی گرتبوو ، ئەی‌نا دەمی غانم ، کەلە پڕووەزێرودا ڕۆغە و نۆکەرانیان چوار دەوری ماڵی غانمیان گرت . قوةالقلوب زانی کەخەلیفە لەکارەساتی ئەو خەبەردار بووە ، ڕەنگی زەردبوو، دڵەخورپێ پێ کەوت ، وەمەرگی خۆی هاتە پێش چاوی، وەبەغانمی‌ووت : تۆخۆت دەربکە . غانم‌ووتی: بەم‌جۆرە کەدەوری ماڵیان‌داوە، چۆن‌ئەتوانم ڕابکەم‌وهەڵێم؛ وەبۆ کوێ ئەتوانم بڕۆم، کەمن‌هەمۆماڵ‌و ودارایپم لەنێوی ئەم‌خانووەدایە . قوةالتلوب ووتی: ئەگەردەرچی، تەنیاماڵت‌ئەڕوا بەلام ئەگەر ڕاوەستی ، گیانیش وماڵیشت ئەڕوا. کەوابوو ، هەستە ، جلی کۆنەو شڕلەبەر کە ، وەدێزەی چێشتەکە بگرەسەری سەرتەوە ، وەنانەڕەقەی ناوی سفرەکە،بکەرە داوێنت، وەبەم حیلەلەدەروازەبڕۆدەرەوە، کەوابزانن ، کەڎایتودەنگت

## مێژوی ڕیشەی‌ڕەگەزی‌کورد

نووسراوی‌زانای‌مەزنی کورد،احسان‌نوری وەرگێڕاوی:د.ع.مفتی‌زادە

### ٠٧٨

بەشێ لەهۆزی «کرمانج» لەلەشکر کێشانە دووایی‌یەکانـدا ، چۆنەتەپێش‌ترەوە ، لەگەڵ عێلی «کاردویاەی» کۆن و«ئاراراتی»یەکانا تێکەڵ بۆن ، وەچونکۆ لەڕەگەزێ بوون جگەلەوەی نـاوی هـۆزي خۆیان بڕی بەسەریانا ، لەژێری ناوی نەتەوایەتیی تێکڕایی خۆیانابە «کاردوـ کورد»ناوبران . مێژۆ نۆسە ئەرمەنی‌یەکانیش ئەم مەبەستەدان پێڎائەنێن‌وئەنۆسن :

«داگیر کەرانی کوردو بەزۆیی خەڵکی کرچیخ‌یان لە نێـوی خۆیاناگوم کرد» .

«سلف‌ریچ»زانای‌ڕەگەزناس‌لەچاوی‌چلۆنیەتی‌ژیانەوە، کوردەکانی بەدوهۆزژماردووە : یەکێ دەوارنشین‌وشوان کەحەیوان داروشەڕانین؛ وەئەوانی بە «ئاسیرتا» ناوبردووە . وەئەوهـۆزە کــەی‌تر دێ‌نشینان و جۆتیاران کە ئەوانی بەناوی«گۆران»ناساندووە .

لەبەشی کوردستانی ڕەضائیيەوشاپۆریشدائەوانە کەژیانی عێلي‌و عەشایری‌یان هەیە بە«کورد» ناوئەبرێن ؛ وەبەشی‌تر کە خـەریکـی کشتۆکاڵن‌بەناوی«کرمانج»ئەناسرێن.وەکرمانجیش‌خۆیان‌بە«کورد» ئەزانن . لەکاتێکدا کەئەم عەشایرەش خۆیان لەهۆزی کرمانج ، وەلـە گەلی کورد ئەزانن ، وەنەلەزمان ونەلەیاسا وڕەووشتـدا ، فەرقێکیان لەگەڵ یەکترانی‌یە . (١)

«سلف‌ریچ» چونکومەبەستی«سیرتی، کورتی»بووە ، بە«ئاسیرتا» تێ گەییشتووە ، لەگەڵ ئەمەشا لەواقیعدا ئەگونجێ عەشایر«کورتی» یەکان‌بن کە بەسەرهەمۆ ناوچە کورد نشینەکانا دەسەڵاتیان پەیڎا کرد‌بێ، وەلەگەڵ هۆزەکانی‌تری‌مادا (گوتی) تێکەڵ بۆبێتن ، وەبـەناوی هۆزي ئەوان یانێ «کرمانج، گوران» ناسرابێتن .

لەکوردستانی تورکییەشدا ئەوانە کەدەم ودەسگای‌عەشایری‌یان نی‌یە ، شارودێ نشین‌بوون ، وەتادوصەڎ ودوصەڎوپەنجا ساڵی‌پێش لـە ناوچەکانی خۆیانا بەتەشکی نیوەسەربەخۆحکومەتیان کردووە،وەکۆ: حاکمەکانی «حکاری» حاکمەکانی «عمـادیە» حاکمەکانی «جـزیرە» ئەمیرەکانی «فینك» حاکمەکانی «حضکیف» حاکمەکانی «چمشکزك» ئەمیرەکانی «مجتکرد» حاکمەکانی «پرتك» حاکمەکانی «سقمـان» حاکمەکانی «مرداسی» حاکمەکانی «اکیل» حاکمەکانی «پالو»ئەمیرەکانی «چرموك»حاکمەکانی «خیزان»ئەمیرەکانی «شیروان»ئەمیرەکانی «ترگور» ئەمیرەکانی «محمودی» ئەمیرەکانی «دنبلی» حاکمەکانـی «تبلیس» ئەمیرەکانی«موش، ملازگرد، وان،...» وەئەوانی‌تر... لەپاشان عەشایرزۆریان گرتووە،وەحاکمەکانیان‌لەبڕی‌جێگادا، کردووەبەڕایەتی خۆیان !!! بەڵام‌هەر خێزانی‌حاکمەکان‌لەقەبی «بەگ»یان بۆخۆیان‌ڕاگرتووە، وەگەورەیی خۆیان‌پاراستووە .

(١) لەبەشی کوردستان‌سنەو کرماشانیشدا بەدەوارنشین‌وکۆچەرەکان ئەڵێن «کورد» وبەدێ‌نشینەکان ئەڵێن«گۆران» .

ووشەی «کورد»مانای عام‌وخاصی هەیە، کورد بەمانای عام یانێ نەتەوەی کورد، چ‌دەوارنشین‌وچ‌شارودێ نشین ، وەمانای خاصی کورد، دەوارنشینە .

بنکەی ژین www.zheen.org

## لەهەرگولزاری م.ص.م

### گولی

### ((بولبول)) لەمەولەوی‌نووسیوە

نیشانــەی نــاوك نگای نــازاران
یــانێ سەردەفتەرسپای خــەمباران
وە غەلەت مەشهوورحاڵ زان دەردان
پەی وەی وە پا کەرهەناسە سەردان
نەتیجەی قییاس قەزیەی قەزای تۆ
تە ذبیرچەن دڵ پێ نــازەزای تۆ
بزیسکەی ناسۆردەردخەستەی من
کزەی کولیای زام تۆژان‌بەستەی‌من
گەردە لوول گێج هەنـاسان سەرد
کەم‌نییەن بوزۆت‌نەصەذ گێج‌ودەرد
یەنذ وەتای‌ڕیشەی گیان‌وەدڵ‌بەستە
خەیلێ ئازێ‌تەرجــێ ئاوات پەستە
فەلەك وەمۆرەی ساختەی کۆرەی‌دەرد
پەی تەفرەقەی وەصڵ‌بشانۆیەك‌نەرد
وزۆت نــە گێجا وەــەینەتـان خەم
ڕۆی وەصڵ شاذي نــەوینی‌وەچەم
تادوخانەی دڵ نە کــەللەی سەربۆ
ئانە شیرینی ئــەوەڵ چــەمەربــۆ
پەی گەرمي کۆرەی مەیل دەروونت
هەنــاسەی سەردم ئــانــائــەوشۆنت
حەیفەن پەرێ تۆویت کەس‌نەناس کەرد
پەی‌تەنیا گولێ«بلبل»هەراس کەرد

## مەلاحامدی‌ئالیجانیی

دڵــوازم لــــــوان . . .

دۆس دەــذمەس دڵــوازم لــوان
سەروەری گــەردەن فــرازم لوان
هامسە روهـامفەرد هــامڕازم لوان
شۆخان دڵبەران، مەهوەشان‌لــوان
وەسەقف هەفتەم‌کەشکەشان لوان
واذي بــەواذي بــەمەنزڵ یــاوان
وە ماواومەنزڵ باغچەی گوڵ‌یاوان
ئەوان وەشادي چەنی هــەم لــوان
«حامد» ! نەوبەتەن بۆت چاوەدمان

## وەلیی‌دیوانە

ماوە لەچلی‌پێشوو

خاوێران جەدەنگ صەذاتان‌نەخاو
مەخێزان‌هەرصوب‌وەرجەخۆرئافتاو
ئافتاوجەمینان جەمین شۆلەی شەم
چەنی قیبلەی من مەوینان وەچەم
دریغ ! منیچ تــەیرەهەوایسي بیام
چەنیشان بە وزیــذ تــا ڕاهي بیام
چێگە تــا ئەوزیــذ بنیشتام وە باڵ
شاذ بیام بەوزێذ بەومــاواومەحاڵ
تــاقیبلەم چەنی پــۆل ڕە ویلان
بذیــام وە سەرڕەم تــەتــارخیلان
ماوەل ١٠

## ئاموژگاریی

ئەی‌پەیغەمبەرانی خوذا! لەهەموو نیعمەتەکانی دونیابخۆن، وەلە بەرانبەرەوە چاکەبکەن.

(قورئانی پیرۆز)

بەجۆرێ‌کە چەنذجار لەم‌بەشی ئامۆژگاریدا نوسیومانە ئایینی بەنرخ وبەڕێزی ئیسلام بەتونذي لەگەڵ تەمەڵي ودوری لەکۆمەڵ و کارنەکردن و گۆشە گیري بەناوی عیبادەت و کەڵك وەرنەگرتــن لە نیعمەتی دونیا بەناوی‌ڕیاضەت‌وزك‌لەوەڕاندن بەسەرخەلکي‌دا، بەربەرە-کانێ‌کردووە، وەبەرهەڵستی ئەوانەوەستاوە. ئــەلبەت ئیمەنازانین کە ئایینەکانی‌تر لەبناغەذا چۆن‌بوون؛ وەچۆن‌وەهایان لێ‌هاتــووە؛ بــەڵام دیارە کەئایینی‌ئاسماني‌لەئاذەمەوەتاخاتەم هەموویە کێکن‌؛وەبە گوێرەی زۆرکارئاڵوگوڕیان‌تێذادراوە؛ تاگەییشتوەتەزەمانی‌حەزرەتی«محمد» (ص) کەئیتربەبۆنەی پەرەسەندنی ڕێگای دەنگ بەیەك گەییشتنی گەلانەوە، ئایین گەیشتووەتەتەدواپلەی سەرکەوت ، وەپێویست نەبووە کەسێکی‌تربەناوی‌پەیغەمبەربنێررێ.داخە کەم‌ئێستاهەموئاایینەکان‌جگە لەئیسلام لەسەربناغەی‌خۆیانەوەنەماوون،وە گەورەترین‌ئایینی‌ئاسمانی کە ئایینی‌مەسیحەئێستابناغەی‌وا،لەسەرڕوهبانییەتەوە،وەتەنیائایینێ‌ئیسلامە کەلەئاڵوگۆرودەس خواردن‌پارێزراوە.

لەم‌ئایینەدا بەجۆرێ کەلەم‌ئایە شەریفەوە دەرئەکەوێ، خوذای گەورە بەپەیغەمبەران ئەفەرموێ: شت‌نەخواردن وخۆلەنیمەتی دونیا بێ‌بەش کردن کارێکی چاك‌نی‌یە. ئیوەلەهەموو نیعمەتانی دونیا بخۆن ولەبەرانبەرەوە چاکەبکەن.ئەم‌ئایەئەمری‌صەریح وڕۆنا کەلەسەرئەوەی کەئەبێ بەشەرلەهەموو نیعمەتی‌دونیا کە بۆی‌دەس ئەذا، بخوا؛وەبەناوی ڕیاضەت لەخواردنی ئەوانە خۆی نە گرێ.

### نەتەوایەتی...

ماوەی‌ل‌١

«گزنفون» ئەڵێ کەلەشکری‌یونان گــەیشتە جێگایــێ کەلایێکــی کوێستانی گەورە،وەلایێکی‌دەجلە بوو؛ بەڕێ‌مات‌بوون، پاشان‌زانیان کەلە باخوارووەوە، ڕێگایێ‌هەیە، ئەچێ‌بووەلاتی مادوبابل ؛ وەهــەر ئەوڕێگایە، کە یونانیان لەوێوە سەرکەوتون ، وە لەڕۆژ هەڵاتــا ڕێگایێ هەیە کەئەگاتە شوش و اکباتان،یانێ‌شارێ کەپادشالەهاوین‌و بەهارلەوێ‌دائەنیشێ ؛

وەپاش ڕابووردن لەم چــۆمە پڕئاووەشەقامێ هەیە کەئەڕوابۆ وەلاتی لیدی وایونی ؛

وەڕێگای‌چوارەم ئەوەیە کــە لەلاڕۆژ‌رووەوە ، دیتە کوێستانـانی کردوك .

ئەم‌ەۆزەلەخاکێکی کوێستانیا ئەژین ، وەزۆرنەبەزوبەغیرەتن وە جگەلەپاراستنی‌خاکی‌شاهەنشایی ئێرانەمەبەستێکیان‌نی‌یە وەئەگەر کەسێ دڵ‌لەم خاکەبگۆڕێ، زۆر

ماوە ل ٩

بنکەی ژین www.zheen.org



لەگەڵ نەکەن ، ئیترکارت بەسەری منەوە نەبێ . ئەوجا غانم بەقسەی قوەالقلوبی کرد، وەدێزەی چیشتی نایەبانی سەریەوە ، لەماڵ دەرچوو، وەخوذا چاوی ئەوانی لەحەنای ئەوا بەست‌و، هیچ‌دەنگیان نەکرد . وەختێ هەموو نۆکەران‌لەدەوری‌ماڵی غانم خۆیان داگرت، جعفر لەئەسپ دابەزی وڕۆیشتە ژوورەوە ، قوەالقلوب پارەی نەخت و گەردەن‌بەنذی جەواهرو ئاڵتون وهەموخشل‌ەزیوەرەکانی‌لەنێوصنذوقێکدا هەڵگرتبوو، کە چاوی‌بەجعفر کەوت، هەستاوەسەرخۆی ، بەرپێی ئەوی ماچ کردو، ووتی : ئەی‌وەزیری زاناو بێ‌هاومال ! ئەوە کە خوذا بەچارەنووسی منی دانابوو ، پێش‌هات . جعفرپێی‌ووت : خاتوون ! خەلیفەمنی کردوەتەمەئەمووری گرتنی‌غانم. قوەالقلوب ووتی : ئەوچەنذ ڕۆژێکە باروبنەی بەستووە وڕۆییشتووە بۆدمشق ، وە تۆئێستا ئەم‌صنذۆقە بۆمن هەڵگرەو، بی گەیەنە کۆشکی‌خەلیفە، جعفر صنذۆقی‌دا بەدەستی یەکێ‌لەنۆکەرەکان ،ئەوجا فەرمانی‌دا ، ماڵی غانمیان تاڵان کرد؛وەدەستی قوەالقلوبی گرت‌و ، لەگەڵ خۆیابردی بۆکۆشکی خەلیفە. جعفرکارەساتە کــەی بۆخەلیفە گەڕاندەوە . خەلیفە فەرمانی‌دا کە : قوەالقلوب لەماڵێکی تاریکادابنێن؛ وەپیرەژنێکی کردە خزمەت‌کاری.خەلیفەلای وابوو کە : غانم دەستی بەقوەالقلوب گەییشتووە، لەپاشان نامەیێکی‌بو«سلطان‌محمدبن‌سلیمان زینی» کەحاکمی‌دمشق‌بوو، نوسی کە : ئەوسەعاتە ئەم نامەئەخوێنیتەوە ، ئەنێرێ غانم‌بن ئەییوب ئەگرن؛ وە بەدەستی بەسراوئەی‌نێری‌بۆمن. کاتێ نامەی خەلیفەبەدەستی سلطان محمد گەییشت ماچی‌کرد وخوێندیەوە؛ ئەوجاوفەرمانی‌دا ، کە : جاڕچي بەبازار و کۆڵان وشەقاما جاڕبکێشن کە : هەرکەس تاڵانی ئەوێ ، بڕوا بۆماڵی غانم‌بن‌ئەییوب. خــەلکیی دەستە دەستە ڕۆیان نابۆماڵی غانم ، ئەنوازن‌دایك وخوشکی‌ئەو ، گۆڕێکیان‌درووس کردوە ؛ وەلە سەریەوە دانیشتوون، ئەگرییێن . ئەوانیان گرت‌و، ماڵیان‌تاڵان کرد؛

بەشی کوردیی شمال

# کوردستان

لاپەڕەیی بوهەمووجار

## قودومی مبارەکە وەلیعهدی ئیرانیی

پاشیی سالان چەڤنهێریێ خودێ کەرەم وبەخششا خوسەر ئیرانێدا کر، وەنەعمەتکێ زاف مەزن وعەزیز باعلیحضرتان شاە و مەلکێ باخشاندن، کوڕاستیی چەڤ وچرا مرۆڤێدشاهدۆست و نیشتمان‌خوازە ژۆژادوشەمێ نەهێ مەهائەبانێ سەعەت٥٥ر١١دەقیقادا وەلیعهدێ ناڤدارێ ئیرانێ والاحضرت همایون رضا پهلوی ژعلیاحضرت مەلکە فرح پهلوی، زایشگاه بنگا کۆمەکا دایکادا چەڤێ خونی نازەنین بدونیایێ ڤەکر، وەبدونیا هاتنا خونەمبارك دڵ وجان وچەڤێ مللەتێ نەجیب و بەرین ئیرانێ ڕۆناهیی کر. حەژێ کرن وشایا، پاك ذاڵسافیاملەت پاشیی دەر کەتنا بەیانی با، دەرباراشاهەنشاهیی، ڕاستیی تاریخێدا بێ هەڤال بۆ.

خەلکێ ژکێف خوشییێ، هەودي همێزد کرن پاچدکرن، بهەودي مبارەکیی دگۆتن، چ هێسرێ شەوق وشایێ کوژچەڤێ خەلکێ ڕێژیا، سەرتان سەرێ ئیرانێ ژخەبەرا بدونیا هاتنا مبارەکە وەلیعهد بەرچەك شورشایێ هاتە گوهراندن، وەقورین وقیرینا شایێ گوێ‌فەلەکێ ککەر کربۆ.

بجورئەت ئەم دوکارنە بێژن کو پێش‌هاتەك هندەمەزن ناریخا کەون ئیرانێدا، حەتتانها، نەهاتییە خۆیان.

ژپێش هات وقەوومانێ عەجێبە ڕۆژگارێ، ئەوبۆ، کووەلیعهدێ ئیرانێ ڕۆژانەهێ ئەبانێ هاتەدونیایێ کوژۆژەك‌ها کینە داژێ پاشیی ژناو چۆیینا سلسلەتاقاجارشاهیتی کە تەدەست اعلیضرتێ ڕەحمەلێ بۆیی ڕضاشاهێ کەبیر، وەئەڤ ڕۆژا مبارەك تاریخاسەریادەستبێ بۆنا، شاهتیی یاخانەدانا مەزنەپهلوییە، وەلەڤێ دەرێ ئەڤ قەوومیناباش، فالەك زاف قەنجە، کوژهەرتشتەکیی دي سەراتر بۆیە، وەمز گینییا، بەختو واري وەدورو گۆتنێ دەربارو مللەتێ ئیرانێ ڕاهانییە.

حەژێ کرنادلێ خەلکێ ڤیی عەردي وەخوییێ نیشتمان‌خوازییێ، کودلێ تەك بتەکێ مرۆڤێد ئیرانێدا کوروبرەح و کۆکەبۆ. بەسەباب کو بۆ وەلیعهدێ ئیرانێ، وەویرثێ بحەققێ تاج وتەختێ کیان دەفیقا هێژمێرن، وەدەستێ دوعایێ بدەرگایێ ڕەبێ ژۆرین ڕاکن، وە پاشییەڕگی نبییا قودومێ مبارەکە وەلیعهدێ ئیرانێ، دەستێدشوکر وسپاسیی‌بۆ، کوبعەسمین بلندبۆ، وەبەرخاترێ شوکراڤێ بەخشش و کەرەما مەزن هێسرێ شەوق و شایێ دڕێژاندن.

پەسنێ ڤێ کێف خوشیی و شایێ بقەلەم و گۆتنێ ممکوون نابە، وەخودەرخستن وحەژی کرنا مللەت گشتی خەبەر گروفیلم هەلگرێد دەرامیی حەیراند، چونکوبچەڤێ خودیتن کوچ حەژێکرنەك وهەو گرتنەك محکەم ناوبێیناشاە و مللەتدا بەرقرارە، وەکاری ئەون تەنێ هندکێ، ژڤان حەژێکرنا بدونیایێ بحەسینن.

شول کژێدڕۆژناما کوردستان بدلەکی پڕشاییی، شوکروسپاسێ خونە بێحەساب بەپێشگاخودایێ مەزن، کوهەمێشە مللەتێ ئیرانێ‌را کۆمەكوبەخشش کرنە، بەرخاترێ قدومێ مبارەکەوەلیعهدێ ڕەح پاك **والاحضرت رضا پهلوی** عەرز، وەمبارکیییێ خونیی دڵ و جان بەپێشگا شاهەنشا و مەلکێ پێشکش دکن، وەبەر کتنەك ڕۆژ، ژ ڕۆژی زیدەتر بۆمللەتێ ئیرانێ لەسایا واندا ژخودێ داخوازییێ دکن.

خودێ پەژلەسەراعلیحضرتان ووەلیعدبە. ئامین.

## حال وکارباری دوگول

ژنرال دوگۆڵ، سەرەکێ جمهۆرەیە تافرەنگە، کوبنرۆراخو هاتەسەرشول وەحکومەتا ڤێ‌مەملەکەتێ کرە دەستخەو، نهۆبهنەك تەنگاڤیارا هەمبەربۆیە کوکار باروعاقۆیەتاوي کرییەحالەکێ نەکێش دوگۆڵ، وەختەکێدا حکومەتا فرەنگسە دەستداگرت، وە جمهۆري یەتا، تازەبنگە داني، کوژشتێدڤي مەملەکەتي کوبەري شێرژدەولەتێد دەرەجە ئەوەلە دونیایێ دهاتە حەسێب، ژهەڤ پەرزي بوو.

ئەوي کاري‌بۆ، پارلامانەك هنەکي جورلەفرەنگسە سەڕاست کە وەپێشیا هەژازێدە کوپارلامانێدا هەبۆ، وەگشتي بەدبەختییێ فرەنگسەدا ببۆسەبەب، بگرە لێ‌حەیف، عەدلاسیاسەتا فرەنگسە، ئەوالكلازم‌بۆ نەدوماند، وەتەوري بژەك دڵخوازێد دوگۆڵ، نەیاریاوێرا ڕابوون، وەجارەك دي پێگاو هەرج مەرجا سیاسیێدا ادڤێ دەولەتێ سەڕاست کرنە،

سەبابێ دەرکەتنا بەرەکییێ، ناوبێهنا دڵخوازێد دوگۆڵدا، یەك، ئەوبۆ، کودوگۆڵ کر مەسەلا ئەلجەزایرێ، کونسۆ بەتەك زاف مەزن فرەنگسەدرا، لەڤێن چەند سالێ‌دەرباس‌بۆیي چێکری، وەسیاسەتا وي مەملەکەتي دەروادا، دوچارێ ئالۆزیێ کری، حەلل‌بکە.

ئەوي (دوگۆڵ)ڕا حەسساندن کوحازرە فرحات عباس سەرەك وەزیرانێ دەولەتاموەققەتیائەلجەزایرێرا گوفتگۆیي بکە، وەبئەلجەزایرێ سەربخوییێ بباخشینە.

ئەڤ یەك، بژەك سیاسەتمەدارێد فرەنگسەرا، کوژێکە باشڤەدا دچن، وەچوجارا حازرنینن دەوروزەمەین بەرچەڤا بگرن، یا، قەبۆل کرنێ‌نبۆ.

ئەڤ بژاسیاسەتمەدارێد خودان تاسۆب، تەمام دەعی دکن کو ئەلجەزایر پرچەکي بێ‌قەتتاندن ژفرەنگسەیە، وەهەرکەسێك ببەسە بابێ قەتتاندناوێ ژفرەنگسە، ڕاستێ بنەیاریا قانونائەساسي‌یافرەنگسە ڕەفتارکری وەجنایەتکارە.

ئەڤ دەعیا، لەبەرچەڤاڕاست تێ‌خۆیان، لێ بەلێ وەختاکەرۆڤ کوربفکرە، بێ‌مەنطقي‌یاوێ ئەشکەرە دبە.

دەولەتا فرەنگسە چەندسالێ چوییدا چەندین ملیارد فرانك شەڕێ ئەلجەزایرێدا خەرج کري، وەگەلەك خۆرتێد فرەنگسەژي شەڕێ ئەلجەزایرێدا هاتنە کوشتن.

سیاسەتا دەولەتێد مەزنە ارۆپایێ، نۆتلی انگلیس، بباخشاندناسەر بخوییێ بدەولەتێدبن‌دەست، ئانە گوڕێ سیاسەتا، سیاسەتمەدارێد فرەنگسە لەبارا ئەلجەزایرێ، باقلانەتر تێ‌حەسێب.

چونکوڤي حالێدا، دەستایا ناوبێینا دەولەتێد مەزن وبن‌دەستێ پێشین، دیساژی درێژدبە. حال ئەڤەك، هەگەرها کینەنبە، ئەوجییێ بن‌دەست کوهەمێشە دوچاري هەرج مەرجێیە، خێخجي گرفتاریاچو سەمەرەکێ تونەبە.

ژئالییێدي، سافي‌نەکرنا مەسەلا ئەلجەزایرێ هەمژێ نیشانەك زاف مەزن‌ژ، ژاریا دەولەتا دوگۆلێ یارەحەسێب، وەنەوانێ حالەکي نەرەحەتدانە، بەرویێك هەگەر بکەسەر بخوییێ بدەئەلجەزایرێ، بژەك خەلکێ فرەنگسەیێ وێرا ڕابنە نەیاریێ، وەهەگەر مەسەلائەلجەزایرێ دیساژي حەلل نەکري بهێلە، سخلەتەك زێدەیێ لەبەربە.

هەمژي لازمە وارە زانین، کوسەبەبێ هەژا کارباری دوگۆڵ‌تەنێ مەسەلێد هوندرنینە، بەلکي سیاسەتاوي دەروادا ژی، هنەك تەنگاڤیی دەرکەتییەپێش، وەبێشك ئالۆزیا فرەنگسەدا بێ‌ئەسەر نبۆیە.

ئەڤ تەنگاڤیی، ژوێ چێ‌بۆیە کودوگۆڵ حەزنەکرییە، هەرە بنبارێ ڕەخنا دەرامینا وتەشکیلاتێد مەزن فەنا یەکتییا بەرگریا ئاتلانتیکا شمالیی، وەبعیبارەتەکدي ژئالی کاریا تەواپیی ڤێیەکتییێ ڕاخوهێڤشاندي، وەفرەنگسە یەربەسیاسەتەك باشقە، کوناوبێیناسیاسەتا بێ‌تەرەفیی وسیاسەتەك ئالی کاریێ بەرگرییێدانە کێشاندییە، وەبێشك ڤێیەکێ دەولەتێد هەڤالێ فرەنگسە نەرازی کرییە. دوگۆڵ نهۆسەر دوژییانەك مەزن‌دافرارگرتیی، کویەکێدا، ترساکەتناوي هەیە، وەیا دي لێ‌حوکم دکە، کوژسیاسەتایەك تەرەفیی کارباری دەروادا، دەست بکێشنیە.

وپاش‌هاتێ نیشان بدە، کودوگۆلێ چاوا، ژڤێ ئالۆزیێ خلاص بە.

## تکا

**لەخوێنەرە بەڕێزەکان تکائەکەین: لەناردنی پارەی ئابوونمانی ڕۆژنامە خۆیان نەگرن؛ ئەلبەتئێمە کاتێ ئەتوانین بەم خزمەتی خۆمانە درێژە بدەین کە خوێنەرە بەڕێزەکانمان دەس گرۆیی‌مان بکەن.**

بنکەی ژین www.zheen.org

**پارکرنا ملکێدخالصەلەمیاندو ئاواکوردستانێ**

بفەرمانا شاهـەنشا لەهـەفتا دەرباس بۆیی، وەزیرێ، کشتو کال، قەبالێ یانزدە گوندێ خالصە لەشەهەرێ میاندوئاوێ، نێزیکیا سـﻪبلاخێ ناوبێینا ٦٣١ کەس جۆ- تیاریدوان گوندا، پاروە کروەزیرێ کشتوکال گوزارشاخودا گۆتن زۆرسەبەبا دلخۆشییە ، کوپار کرنا قەبالێد خودان ملکییێ، ناوبێینازایەتێدٚ دوهینێ، وەمالکێد ئێرۆدا، کەتییە زۆژامبارە کە، بدونیاهاتنا ولیعهدێ عـەزیـزێ ئیرانێ .

وەهەلبەت ئـەڤ کارێ، هـەر هاژێ بدۆمینە. پارکـرناملکێد خالصەیەكژ بەرنامێدئیصلاحاتیی- یاعەرد دارییێیە ، کوبژێوە بەریا شاهەنشا،ملێ بملێ، پارکرناملکێد شاهتییێ دەست پێ بۆیە، وەهـەل گوهراندنەك مەزن چاوابـوتـا حالێ جۆتیارادا، سەڕاستدکە .

حەتتانهۆ، لەمحالێد تهران، خوزستان، وەفـارسێدا ژێ، ٣٦ گونـدێ خالصە ، بەفرەیا ٧١٤ هکتارێ، ناوبێینا ٢٤٨٥ مالێ جۆ تیاردا، پاروەبۆیە.

فرەیاعەردێ ڤان یانزدە گوندا، ٢٦٩٢ هکتارێ بەرئاو، وە ١٠٠٩٨ هکتار عەردێ دێمە .

بۆهەر جۆتیارە کیی، ژعەردێ بەرئاو پێنج حـەتتا ١٠ هکتار، و ژعەردێ دێم یانزدە حەتێا سێزدە هکتارا کەتییە.

سێ گوندێ دیژێ، لەوێمایە، کوبێ بەوجورێ پاروەبە.

**پارکرنا ملکێد شاهتییێ لە شاەئابادا کوردستانێ**

بفەرماناشاهەنشا دەستانەخشە هەل گر، هاتنە شاندن ، کودەست بەخشەهەل گرتنێ ژملکێدشاهتیی یاکوردستانێ بکەن کوبۆپاروە کرنێ ناوبێیناجۆتیاردا، حازربە. بڤێ زوترێ کارێ نەخشەهەل گرتنێ کوتتادبە، وەدەست بەپارکرنـێ دبە .

وەرگێڕی پێشەك وڕاستکەرەوەی هۆنراوەکان:م.ص.م

# کنزالعرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین ووتار ((میر محمدصالح حسنی نعمت اللهی))

**ملقب بە«حیرانعلی شاه»ی کرماشانیی**

---

گەنج مەکەم پەیدا ...

منلە وێرانە گـەنج مەکەم پەیدا

منملـە عالـەم سڕهــــــووەیدا

عیلم لەدونینی من مـەکەم پەیدا

ئیمڕۆژ دەست نییەن لەبـاندەستم

منم یەدولــــــلا دەست بێدەستم

منشەست«عیفریت»، وەئیعجازبەستم

منقاپیقـەلعەی«خەیبەر»شکەستم

ئیعجاز تەمـــــام پەیغەمبەرانـم

والـي ویلایـەت ، سڕسوبحانـم

منبیم کەئەو شەولـوام ومیعراج

مندینوئـایین«احمـد»دامڕەواج

منفـەرق مابـەین حەق وبـاطلم

من ئـــ هەمیر نەفس زشت قاتلم

منم کە میفتاح فـــــەتح ئەبوابم

منـمبینداری مـن عەیـن خوابم

ئەسرار مـــــــەخفی لیسان غەیبم

ذات مـوقـەددەس پاك بـێعەیبم

منم کە ئـەحکام دیـن مـوبینم

قەتتال موشریك زۆی سەرزەمینم

لە وەصف منوات فەردتەنیای تاك

« لولاك لما خلقت الافلاك » (١)

«محمد» خاتـــــم پەیغەمبەرانم

وەلییبی بەرحـەق «علی» عمرانم

منم کە عالەم لەکوفر مەکەم پاك

وەئەمر فـەرمان فەرد تەنیای تاك

منحەق هەردیدەی قەلبم کەردەن باز

لەسەرتاوە پام کـەردەن وەئیعجاز

کەس خەوەرنەیسرێ لەڕێی تۆوەتۆ

منموعجیزات کوهنە مـەکەمنۆ

ئیرث ئەجدادی وەمن داس داوەر

یەهـود ئـوممەت نمەکەن باوەر

نماچۆن وەکـەس ئەسرار مەستی

باتابەرن گشت لەخـود پەرەستی

منکە پەنهانم نەڕۆی کوهنە دەلق

وەخودای واجید،حوجەتم وەخەلق

«سەیصالح»! منم ئـەسرار مەگۆ

نەجای دەمدانەونەڕای گوفتوگۆ

(١) لەژمارەی پێشوّدا بڕێ لەوحالەتانەمان کە بەسەر ئەوئەنذامە خـوڈا ناسانەدا دێ ، هەڵدائەوا ئیستاش هەر لەسەر. ئەوباسە ئەڕۆین.

ئەگەر لەڕوالەتدا تەماشای ئەم هۆنراوانە بکەیـن، وەچلۆنی ڕێگای خوڈاناسی نەگرینە پێش چاو، دیارە زۆرتری ئەوهۆنراوانـە کوفریات، وەبەپێچەوانەی ئایینی ئیسلامن؛ بەلام ئەگەر ڕێوارەکان و هەوارگەکانی ڕێگای خوڈاناسی تەماشابکەین بۆمان دەرئەکەوێ کە هیچکام لەوهۆنراوانە بێجێ نین، وەلەچاوی ڕێگای خوڈاناسی یەوە، دوروست بەجێن، چونکەپیاوی خوڈاناس چەنڈ حالەتێکی بەسەردادێ، یەکێ لەوحالەتانە ئەوەبوَ کەلەژماری پێشوّدا هەلمان دا، ئەوەش بریتی بۆلەوە کە لەکاتێکدا ئەنذامی خوڈاناس خۆی لەبیساتی یـەکیەتیدا ئەبینێ، وەجگەلە تاوی بەدی هێنەری جیهان، شتێکی تر ، وەتەنانەت پەیکەری خۆیشی نابێتەپێش چاوی، هەموشتێ لەخواری خۆیەوە ئە- دۆزێتەوە؛ بەکورتیی خۆی لەجێگاوڕێگای یەزدانیدا چاوپێئەکەوێ، وەتەنانەت جێگای پەیغەمبەریش لەخواری خۆیەوە ئەزانێ ، هەروەها کەخوڈالێ خوشبۆ : «سەیصالح» ئەلێ:

منم لە عالـەم سڕزهـــــــووەیدا

عیلم لە دونینی منمـە کـەم پەیدا

وەبڕێ جارێتریش لەوجێگاوە کەمێ دێتەخوارتـر، وەخۆی بەسەرچاوەی نهێنییەکانی یەزدانی وەپەیكوفەرمانبەری نێوانی بەدی- هێنەرو بەدیهاتو ئەزانێ، وەلەڕزی پەیغەمبەرانا خۆی ئەناسێنێ وخۆی ئەنوێنێ، وەئەلێ:

لەوەصف منوات فەرد تەنیای تاك

«لـولاك لماخلقت الافــــــلاك »

ئەنجا پاش ئەوە لەبیساتی خوڈاناسی داکەوتەناوی ئەودەریابێ بنەوە، وەئەوهەمووەنهێنییانەی چاوپێ کەوت، وەئەوهەوارگانەی بڕی. لەخۆشییا، ناتوانی لەهەڵدانیان خۆبگرێ، لەوکاتەدا خەلکی زمانی تانەولۆمەی لێدەرئەکێشن،لەوەلامیاندا، ئەلێ :

نماچۆن وە کەس ئەسرار مـەستی

باتابەرن گشت لـەخـود پـەرستی

هەندێ جارێتریش لەحالەتی سرشتی وخذەیی خۆیائەمێنێتە. وە،وەخۆی لەعاسیتیشکی هەتاوی هەستیبەخشی جیهانەوەبەتۆزێکی بێبایی وبێنرخ ئەزانێ،ئەلێ.

یاڕەب اوە حورمـەت ذات بێعەیبت

وەسڕ مەخفی ئـــــــەسرار غەیبت

لەغوصصە ومیحنەت بکـەردلشادم

من عەبد عاصیم بکــــــەر ئازادم

| | |
|---|---|
| بیسات ـ عالم | یەکیەتي ـ وەحدت |
| تۆز ـ ذرە،ئەتوم | تەنانەت ـ حتی |
| نهێني ـ معنوی، باطن | تیشك ـ پرتو ، شعلە |
| دیهێنەر ـ خالق،صانع | دیهاتو ـ مخلوق،خلق |

**میژوی ...**

ماوەی ل٤

**ماناکوشەکان**

| | |
|---|---|
| ناوی هۆزي : نام طایفەگی | داگیرکەر : اشغال کنندە |
| ناوی خێزانی: نام خانوادگی | ڕەگەزناس : نژادشناس |
| نەتەوایەتی : ملی | مەبەست: منظور، موضوع |
| تیکڕایي : مشترك | سەربەخۆ: مستقل |

بنکەی ژین www.zheen.org

گیراوله‌گۆڤاری «اطلاعات جوانان» وەرگێڕ: د.ع.م

# دەجلە یاخي بۆ!!!

... ئەمشارەناگیرێ مەگەر وەختێ کە دەجلە لەئەویاخیی بیی.» بەلام دەجلەیاخیی نەبووبوو؛ وە شاری «نینوا» بەخۆشیی وشاڎیی‌درێژەی بە ژیانی خۆی‌ئەڎا. وەبەدیلەکان کۆشکی بەرزیان‌ئەکردەوە، وەژنان و کچانی گەلانی بەدیل‌گیراو ، لەئاگری شەهوەت و هەوەسی فەتح کـەرە سەر مەستەکانـا ئەسووتان ... تاوەکوو...

سەبازاني«ماد» لە کۆلانە پڕلە ئاوکانەوە تێ‌پەڕیان‌ئەکـرد؛ وە نزیکی کۆشکی پادشایی‌ئەبۆنەوە؛ ئەو کۆشکە کە چەنڎ ساڵ پێش‌شای خوێن‌خوری‌ئاسوٚر کردبۆیەوە؛وەلەپاشان‌هەرکام لەپاڎشاخوێن‌خورەکانی ئاسوربەڵەستی دیلە ڕۆژڕەشەکان شتێکیان پێ‌زیاڎ کردبۆ.

سەربازانی «ماد» نزیك ئـەبۆنـەوە . «سین‌شاور کین» پاڎشای ئاسور ـ کەسێ کە چارە نۆ‌یی ئەوەبۆ،لەدەورانی‌ئەوا ئـــاسوٚری ستەم کارتێ‌بشکێ ـ بەچاوی پڕلە فرمیسکەوە تەماشای کۆشکە گەورەکان و دارایی بێ‌ژماری‌خۆی‌ئەکرد؛ وە کووئەوە کەئەیەویست لەوانـە خوڎا حافیزیي‌بکا کەباوك وباپیران ئەولەماوەی‌چەنڎ صەڎ ساڵابەبایی‌ڕەنج‌و بەڎبەختي گەلی ئاسیای ڕۆژئاوا کۆیان کردبوەوە... هەردەنگی شاڎي فاتحین بوو کە بەگوێ ئەگەییشت .

لە کۆشکی شای ئاسووردا جگەلە دەنگ دانەوەی گرمەونالەی سەربازانی‌ئاریەن، دەنگێکی‌ترنەئەبیسرا.

مەشعەلەکان ئەسووتان، وە دوواشەوی کۆشکی‌شاهانی‌ئاسووریان ڕوشن ئەکرد .

ژن‌و کوڕو کچ ومامۆزاوبرازاکانی شای ئاسوور، لەڎازەوەکان‌و هۆڎەکانی کۆشکا کـۆبووبوونەوە، وەبەچـاوی فێرمیسکینەوە تەماشای ڕوخانی کۆشکی ئومپوراتووري خۆیان ئەکرد لەلای ڕۆرۆی‌تەلاری گەررەی کۆشکەوە پەیکەری «ئاسوٚر» خوڎای‌ئەوان‌ئەبینرا.

شای‌ئاسوور نەرمەرنەرم‌نزیکی‌پەیکەری‌خوڎای«ئاسوور»بۆەوە؛وە دەس بەسینەلە بەرانبەری ئەوخوڎا بەردینەوە ڕاوەستا ؛ وەبـەحاڵێکی کزوزارەوە تەماشای ئەوی کردو، ووتی:

«ـ ئەی خوڎای من ! ئەی ئاسورر کە دڵ خۆشي وڕەزامەنڎي تۆهەموولە کوشتن وخوێن خواردنا بوو، ئێستا شاڎبە! کە دوژمنانی‌تۆ هاتوون شاری تۆ، وەلاتی‌تۆویران و کاوول ئەکەن، وەناوی تۆلەڕۆی دونیا ڎا نابوودئەکەن ....»

ئەوکاتەوە کووهاروشێت هەڵمەتی‌لەپەیکـەرە کـە دا، وەئەوی‌لە سەرپایەی چێوینی خۆیەوە داخست . ئەوپەیکەرە داریاوە ، گرمەیێکی گەورەی کردوشکا .

لەپاشان لەکاتێکدا وەکووشێت هاواری ئەکرد ' هەڵمەتی لە مەشعەلی گەورەی تەلار، دا، وەهەڵی گرت وهاواری، کرد: «بسووتێ... بسووتێ‌ئەی کۆشکی مەنا خریب ... ئەی کۆشکی ئاسووربانی‌پال ... ئەی کۆشکی شاهانی گەورە، بسووتێ...»

ئەوجابەومەشعەلە ئاگری‌بەردا پەردەکانی‌تەلاروئەی‌نەڕاندوئەی گرماند . سەربازێکی نگابان ڕای کـردە پێشەوە، تادەستی‌بگرێ؛شا بەمەشعەلکە دای بەتەپڵەکـی سەریا؛ ڕۆنی گـڕ گرتـووی مەشعەڵ ڕژابەسەری نگابانا؛ وەئەوبەڎبەختە لەکاتێکدا شۆلەی ئاگـر سەرتاپای ئەوی داگرتبوو، ڕای کردە دەرەوە .

شا هاواری‌ئەکرد : «بسووتێنن! تاخۆیشتان‌لەئاگرا بسووتێن. مردن لە نێوئاگرا چاکترلە دیلی‌یە . بسووتێنن ....»

کوڕانی‌شاوسەردارانی‌هەرکام مەشعەلێکیان گرتە دەستە وە؛ وە سەرتاسەری کۆشکیان ئاگرتێ‌بەردا .

کاتێ سەربازانی«ماد» نزیکی دیوارەکانی کۆشك بوونەوە جگە لە شۆلەو گرە وبڵێسەی ئاگرـ کە لە کۆشکەوە ڕۆ بەئاسمان ڕاوانەی ئەکێشاـ شتێیکیان چاوپێ‌نەکەوت .

«نینوا» لەناوی ئاووئاگرا خاپووربوو... وەها نابوودبوو کەئیتر ناوێ لەئەولەدونیاڎا نەماوە.... تاچەنڎصەڎساڵ‌دووای ئەوە، وێرانەکانی لەژێری خاك بهێنرێتە دەرەوە ، وە هەواڵی‌ڕابووردۆی خـوێناوینی‌ئەو بەدونیا ڕاگەیێنێ. هەرێمی ئاسوورلەبەینی«ماد» و«بابل» دا، بەش‌بەش کراوە . «هۆخشترە» شای ماد وشەرانیي‌نەبەز کەلەواقیعدابناغەدانەری شاهەنشاهي‌ئاریایی‌یە، هەموولاڕۆرۆی‌هەرێمی ئاسووری گرتەژێردەستی خۆی، وەلە گەڵ وەلاتی«لیدی» دا، بووبەدراوسێ. ماوەیێکی نەخایاند، کەلەبەینی «ماد» و«لیدی»دا، ناحەزي هەڵساو، شەڕێکی سەختقەوما.

پشتگەرمیی«ئالیات» پاڎشای«لیدی» بەیارمەتیی‌ی یۆنانی‌یەکانی نیشتەجێ‌ئاسیابوو. وە«هۆخشترە» بەنێرۆی سەربازانی شەڕاني ونەبەزی «ماد»و«پارس» وە«کەردوخ»دا، ئەپەرماوە؛ وەدڵنیابوو. لیدی‌یەکان‌لەپاش پێنج ساڵ خۆ گرتن نێرۆی خۆیان لە دەس ئەڎا ، وەشای بابل ومصر کەلە گەورەبوون وزۆر گرتنی‌ماد ئەترسان کەوتنە بەین ، وەشەڕبووبە ئاشتي؛ وە«هوخشترە» کچی «ئالیات»ی بۆ کوڕيخۆی «ئـاژی‌دەهاك» هێنا؛ وەلەسالی ٥٨٤ پێش لەبەدنیاهاتنی مسیح لـەدووایلەی تەوابایی‌و گەورەیی ودەسەلاتدا، لەکاتێکدا ناوێکی بەرزو گەورە وچاکـی لە خۆیەوە بەجێ مێشت، لەکاتێکداهەموئەوگەلانەکە لەستەمی‌ئاسوور ئازاد بوون؛ ئەویان‌بەڕزگارکەری خۆیان ناوئەبرد، لە کۆشکی‌حەوت ڕەنگی هەمەڎانا کۆچي‌دووایي کرد ' وە«ئاژی دەهاك»ی کوڕی بوویە جێگاڎاری .

دوایی

ووتاری دینیی

ماوەل١

(ظاهر تمدن) وەباشتربۆنی ژیانی کۆمەلایەتي وەزۆرتربۆنـەوەی جوانيوتەشریفاتدا، نەك هاوکاري لەشارسانەتیی مەعنەوي وئەخلاقیی دا، کەئەوەیەسەرمایەی بەختیاريو سەعادەت وئاسایشی کۆمـەڵ بەهەمۆی یەکەیەکەکار(افراد) یەوە . ئەوهاوکاری‌یە بەوجۆرەبۆ، کە ئەفرادی کۆمەڵ بۆئامـادە کردنی هەرچـەشنەپێویستیی و تەشریفاتێ کەلەهەرپلەیێکدا باوبۆ، بۆنەچەنڎدەستەوە؛وەهەردەستەیێ، بەشێ‌لەوپێویستیی وتەشریفاتەی، کردەکاری خۆی و گرتیە ئەستۆ (ع.ب.ه)؛ وەبەو چەشنە، هەمخۆی ئەژییاند؛ وەهەم دەستی ئەدایەژێر باری‌ژییانی دیگـەراندا؛ یەکێ دارتاشیي‌ئەکرد، کەدەر گاوکاسەو کەوچکی دارینی ئەتاشیی بۆ ـ خەڵك، وەحەقەدەسی وەرئەگرت وخۆیی‌پێی ئەژییاند؛ یەکێکی‌تر سیپاڵ‌دۆريو،یەکێکی‌ترنانەوابي وە...

تەشریفاتی ژییان،هەرلەبەرەوە زۆرترئەبۆ،وە گەلێ تەقەلاوتەلاش پێویستبۆ ، تـاکەسێ بتوانێ ' لەوانەبەشداربێ، وەئاواتێ،لەدڵی خۆی‌دا نەیێڵێ؛ لەبەرئەوەبۆ، کە هەستی مشتومڕی مانەوە (یـا : مشتومڕی باشترژییان) ، لەپەسا زۆری‌ئەسەندو باشترخۆیی‌ئەنواند وەهاوچاوي، ڕۆبەدووایلەی‌خۆی، کەوتەڕێ.

هەرفەردێ، بیروفکری‌خۆیێ خستەکار، تاڕێگایێ پەیدابکا کە لەوڕێگاوەبتوانێ، بەشێکی‌زۆرتر بێنێتەدەس وبەچەشنێکی باشترو خۆشتربژیێ؛ یەکێ، بەتەڵەکەو درۆ، کەمی بەنرخی زۆر،یاخرابی بەنرخی‌باش،ئەبڕي‌بەسەرخەڵکدا؛ یەکێ لەش‌ولاری‌کارکردنی نەبۆ، وەدەستی‌دا ئەکێشا، کەخەڵـك کۆمەکی پێ‌بکەن وبەخۆڕاییی شتی‌پێ‌بدەن؛ یەکێ‌بەپەنامەکیی ئەڕۆیشت وشتی لەخەڵك ئەدزي؛ یەکێ کە بـەزۆری شان‌وباهۆی خۆی‌دا ئەپەرمیی، سەرەڕێگای‌لە خەڵك‌ئەگرت‌وڕۆتی‌ئەکردنەوە؛ لەهەمۆی ئەوڕێگایانە گرنگترو بەکەڵکترو بی‌دەردیسەرتر ئەوە بۆ، کە کەسانێ،یاهەربەزۆری‌شان‌و باهۆ ، یابەهێزی کـەسوکارێکـی زۆروناو نیشاندار، یابەگۆڵدان‌و بەزمانگرتن بەبۆنەی ووریاییی‌و ژیرییێکی زۆرترلەدیگەرانەوە، خۆیان ئەکردەئاغا ، یاڕابەر، وە

ماوە ل١١

بەشی کرماشانیی

# کوردستان

لاپەڕەیی ، بوهەمروچار

# تاق وەسان

## لازمەلەئاثار سەنگتراشی یەیل ئیرانقەییم مواظبت بکەن

پارە کە لەمەرمانگ ئاغای نەخوستوەزیر وەخت بەخشنامەیك کردە ئوستاندارەیل وفەرماندارەیل؛ لازم بۆن حیفظ ومواظبت لەتەمام ئاثارو بەنایەیل قەییمیی کەیادگار ئیفتخارەیل میللي ئیمەسە،وەلەلای تریش شاهکار هونەروئوسایی ونیشانەی«تمدن» میللەت ئیرانە، گۆشزەد کرد؛ وەلەئەو بەخشنامە وەگشتیان نۆسریاوۆ، کە: «چون بیشتر ئی ئاثارە وەعیللەت پیشامەدەیل تەبیعیی جۆر بەفروباران و لافاووزەمین لەرزە یاپاپەی نەوۆن وەڕۆژبەدی کەفتنە؛ یەسە وەمەوجب ئەمرشاهانە کەفرەعەلاقە وەحیفظ ئی ئاثار گوزەشتی یە دیرن لازمە هەرچـی زۆتر فیکریك ئەڕای مواظبت ئی ئاثارە بکەن »

ئەوانە کە ئاثار تاریخي ئیران ناسن، گشتیان ئیقرار کردنە کەیەکی لەئاثار گەورا وەفرەمومتاز ئیرانقەییم کـوچك تاشیایەیل تاقوەسان نزیکیی کرماشانە،

ئی ئاثارە یەی تاق بۆچك فرەقیمەتی دەورەی شاپور ئەوەل ساسانی یە. وەلەیەی جی‌تر کوچك تاشیای لەدامانەی کۆ عەکس دوپادشاوزەڕدوشت پەیغەمبەرە وەتاق گەورای ترلەدەورەی دۆواین سلسلەی ساسانی(دەورەی خسروپروین) کەلە سیان کوچك تاشیایەیل عالي وفرەقەشەنگ کریاس یەسەلەئیرە بەعزی نمونەی ئەوحەججاری بەیلە لەعکس دیارە.



**مەنظەرەی دەس جەمیی لەگشت ئاثار کوچك تاشیای تاق وەسان. طەرەف دەس ڕاس شاپوور ئەوەل وزەڕدوشت پەیغەمبە- ریشە. ئەوە کەخستنە سەرژیرپای خوەیان«والزیەن» ئومپراتوور ڕوومە .**

وەلەهیچ کورە شیرین کاري وڕیزەکاري جۆرتـاق وەسان نیە . گشتی بۆسە ئەسواو تەماشاوڤاەرین گشت سەیاحەیل دونیا،

لەبەدبەختیی تاقە گەورا کەی یالەئەثەر حادثـەی تاریخیی یاوە عیللەت پیشهاتیی تەبیعیی شەقام هەڵ گردیە . وەلـەدۆوای ڕۆژگار فرەیك بەفراو ، وەهاراو ناوزك کۆ بۆسەباعث شەقام، وەلەیەك بـۆن و ڕشیاین بەش فرەیك لەتاقەکە . کەم کەم ئاوڕیژ وەهاران نەقشەیـل تاشیایش لەحالەت سافیی وقەشەنگیی ڕۆژئەزەل دەراووردیەو ، خـراو کردیە، وەبۆسە باعث خراوي فرەیك. کەسیکیش لەتەمام ئی موددەتە وەفیکری نەهاتیە کە نوای ئی خراوی یە بگریت؛ تادەورەی شاهەنشای خوابیاموزر ڕەضاشای کەبیر ئیدارەی فەرهەنگ وەبۆنەی حیفظ ئاثار باستانی دەوری دیوار وەمەنجەر کیشا؛ وەعمارەت ئاجوریش کـەبەنـای زەمان عمادالدولە کوڕدەولەتشابۆ، تصرف وەدەوراندەوری گول کاري کردن . بەعدیش کەفتنە ئی فیکرە ، کە شەقامەکان تاقـە گەوراکە دروس بکەن، یەبۆوە کە وەوەسیلەی بەنایەیل ناشیی وەکوچك و ئاجور وخەزگ ئەوشەقامەیلە پڕ کردن، وەبانیشی وەسیمان هەناو کردن.



**تاقە گەوراکە؛ تیماری کەلەشەقامەکەی کریاوە وەسیلەی کوچك وئاجور کردنە لەعەکس دیاری کریاس.**

ئەلبەتەئی کارە کەوە قەول کرماشانی یەیل ماس مالیی بۆ، ظاهر ئەوترەك وشەقام وخراوی یە لەناوبردو، عەیبی شارد؛ وەلی ڕەفع عیللەت خراوي نەکرد؛ وەلەناوزك کۆ هەمیش بەفراو وەهاران کارخوەی کرد، وەیەسەلەشۆن چەنڵسال لەپەسا سیمان ڕۆ کیشی گشتی ڕشیا،وئاجورە- کان و کوچکەکان کەفتنە دەشت وەئی تەعمیرکاری یە کەناشیانە کریاوۆ ئیسەوەجۆرفرەزشت و گەنیك دیاریەوبۆ.

وەهەرکەس نەزانت لەلای خوەی خیاڵ کەت، کە: بەنای ئی تاقە لەئەصلی لەکوچك وئاجور ریاس؛ مەخصوصەن لەعەکس هەڵ گرتن. هەرکەس بۆوینت هەریەئۆشیت.وەمەردم نابەلەد مومکنە بۆشن: ئی تاقە کوچك تاشیی نیە .

یەبۆە وەضعییەت ئیمروژیەکی لەئاثار گەورای ئیران قـەییم . ئیمروخوەش وەختیم کەئیدارەی باستان شناسیی دیرین ؛ وە گشت هانە سەرئی خیالە کەنەیلن ئی جۆرچشتەیلیك لەناوبچن؛ مەخصوصەن ئیمرو کەجەشن دو هزارو پانصەد سالەی شاهەنشاهیی لەئیران دامەرزیت وە شەکی نیە کە مەردم فرەیك لە«مستشرقین» ومیوانەیل خارجـی تیەنە ئیران؛ هەرچی زۆتر بایەس دەس وەکار بۆمن کەئی صورەت زشتەلەناو بچیت، وەدروس وحساوي تیماری بکەیمن .

ماوەل ١١

## ((رضاپهلوی))

### وەلی عەهد ئیرانقەیەمی خەیر بوت

لە دۆوای فـرەساڵ چاوەڕي بۆن مەردم ئیران خوداوەنڵ کەرەم کـرد : کـوڕی وە اعلیحضرت شاهەنشای ئیران دا ؛ کـە چـاو میللـەت ئیران ڕۆشنەو بـۆ، ڕۆژ دوشممەی نوهوم ئەبان ساعات نیمە ڕۆئي نورچەوخـوەش قەیمە لـە «زایشگای حمایت مادران» هاتە دونیا ؛ چـاوی وە دونیای ڕۆشن وازبی؛وەچاومیلەتیکیش وەخوەی ڕۆشن کرد .

« حظ» وشادي میللەت ئیران لە شنەفتن ئی خەوەرخوەشەچشتی کەلە تاریخ ئیران کەسی لەوپری ناتیە. گشت مەردم وەخەنین وشادي و وچەپ کوتاین وەیەك تری مووارە کي ووتیان . لەعەجایب یـەسە، ڕۆژ موارەك نوهوم ئەبان، هەرئەوڕۆژە- سە کە ئەمانەت سەلطەنەت ئیران لە دۆوای ئینقراض ولـەناوچۆن قاجاریە سئەردەی دەس **اعلیحضرت خوابیاموزرضاشای کبیر بی ؛** وەئی ڕۆژە بیەئەوەل ئیبتدای تاریخ سەلطەنەت گەورای پەهلەوي. وە هەریە خوەی فال فـرە ڕۆشنیکە کەقەیـەم وەلیی عەهد خـەیلی مووارەکە، وەمزگانیی دەت کە: خوەش بـەختیی ئـەڕای میللەت ئیران هاوردیـە. ئـەڕای ئی ڕۆژ موارە کـە میللەت ئیران دەقیقە ژوماري کردیات ، چونکـە وارث تەخت وتاج کـەیان هاتە دونیا ، گشت لەنگەرانیی دەر کرد. وەیە خوەی دەلیلە کـەمیللەت ئیران ئارەزومەندیابەجا بۆن سەلطەنەت خومیە .

ئی شادماني وسۆروسرۆرەخەوەر نویسەیل وفیلم هەڵ گرەیل دونیا خستە حیرەت . گشتیان وەچـەو خوەیان دین کەچ پەیوەنڵ موحکەمیك لەبەین شاومیللەت هەس .

ماوەل ٢

**نەتەوایەتی...**

ماوەل ٤

خراپ تالیمی ئەدەن وەئەمەش مەترسێیکی گەورەیەبوسپای یونان بەڵام چارەنی یە چونکـولەم بەشەدا چۆم ئەوەند تەنە کە کەسێ ناتوانێ پێدا ڕابورێ وەلێ بدا لەو لاشەوە گەلی ئەوەن نەترس و نەبەزن، کەبەرامبەری یان لەوئاوە تەنەخراپتر وبێ أمانترە .

پاش چەن ڕاوێژێ سەردارەکان هاتنەسەرئەوە کەلەڕێ کوێستانەوە خۆیان بدەن لەمەترسی دووەم، چونکو بیستبویان کەپاش وەڵاتی کردوك ئەگەنە خاکی ئەرمەنستان کــە وەڵاتێکی بەربەڵاووپڕدەغل ودان وەلەژێر فەرمانی ئورونتاسایە. وە لەئەرمەنستانەوە بوهەرجێگایـێ بێیانەوێ، ئەتوانن بچن،هەربەم ڕاوێژەلـــــەکوێستانەوەڕۆیشتن وەپاش قەومانی شەڕێکی قورس شکسێکی زۆرسەختیان خوارد،وە نیوەی لەشکرەکەیان بەنیوە گیان دەرچو، وەئێستاش چەن چیرۆکێ لەمەوە ماوەتەوە .

## ریزەکاریی

**هارەکڕ بۆکەسێ کردن** : لەسەرچۆن ودرێژەدان بەباسێ، کە بەلای ئەو کەسەوەئەهمی یەتێکی نەبێ، وەئامادەنەبێ کە گوێی لێ بدا. «هارەکڕ کردن» لەلوغەتیدا ئەوەیە، کە سەرهار سۆڕبدەن ؛ بێ ئەوەی شتێکی، پێدابکەن کەبێ هاڕێ؛ کەوابۆ، باسی دۆرودرێژی کابرا، کە لەدڵی ئەو کەسەدا کەلکێکی نییەو هیچ ئەهمی یەتی پێ نادا، بەدەنگی ئەوهارەیە شوبهێنراوە، کەجگە سەرهێنا نەئێش ئەنجامێکی نابێ.

**دەمهێنانەکەلەوەر:** بێ شەئن ولیاقەت خۆ کێشانەناوی باسێ، کەلەبەینی چەنێ کەسی گەورەدابێ. لە«دەم (زار ـ دهان ـ فم)وە«هێنان» (هاوردن ـ آوردن ـ المجیئی بالشیئی) وە« کەلەوەر »( بەمـەعنای مەنفەزێکی چکۆلە، کەهەردولای گیرابێ؛ وەکوئەوە، گۆشەیێ لەپەرژینی باغ ، یادیواری دەوری باغچە لاچوبێ) ڕێك خـراوە . تەشبیهی فاصلەیێ، کەبکەوێتە نێوانی باسی چەن کەسی گەورە ؛ بە کەلـەوەر کراوە، وەکابرای بچوك، کەئەیەوێ ئەوفاصلە؛ بەقسەی خۆی بگرێ، بەتەشەرەوەپێی ئەڵێن: «دەممەیێنە کەلەوەر» .

**خستنەپشت گوێ:** لەبیری خۆبردنەوە. بناغەی ئەوەیە، کەبیستن بەبینینەوەشوبهێنراوە، کەچۆن ئەگەرشتێکی دیدەنێ ،بەلای کەسێکەوە گرنگ وخۆشەویست بۆ ، لەبەری چاوی دا دای ئەنێ، تاهەمیشەبی بینێ؛ ئەگەرنە ، ئەکەوێتە جێگایێ ، کە ئەگونجێ هەرنەی بینێ ، هەروەهاشتی شەنیدەنیش،ئەگەر بەلای کابراوە گرنگ بۆ، ئەبێ بەلایەوە وەهابێ، کەگوایە هەمیشەوالەبەر گوێی دا، وەهەر ئەی بیسێ،وەئەگەر لەبیری خۆیی بردەوە، وەکوئەوەیە کەخستبێتیە جێگایێ، کـەئیتر نەی بیسێ.

**مەلاوقەمە !** کینایەیە لەکەسێ، کەدەس بدا... ڕێکەوت کـە لەگەڵ نەتا(حیثیت) ومەقامی خۆی دا جۆرنەبێ. بناغەی ئەم کینایە ، لەسەرئەو بیروڕا خورافی یەیە، کەگوایە زانای دینی، ئەبێ تەنیاهۆشی بەلای کاروباری دینی یەوەبێ، وەئیترمافی ئەوەی نییە کەلەکارانی دنیایی و کۆمەڵایەتیدا، وەکو قەمەهەڵگرتن وڕۆیشتنەمەیدانی شەڕ دەخاڵەت بکا. بەڵام حەقیقەت غەیری ئەمەیە، ودینی ئیسلام شتێکی ترئەفەرموێ؛ وەچەندین «آیت وحدیث» هەن، کەئەڵێن: موسوڵمان ئەبێ دین ودنیا وەك یەك بگرێت وبچێتەژێریان.

ناتەواو

## دستور خواندن و نوشتن کردی

**عدەای ازخواهران برادران فارس زبان کەمایلند برسم الخط کردی آشناشوند باین مطلب توجەفرمایند:**

**میدانیم کە کلمات فارسی بوسیلەسەحرکت زبروزیرو پیش وسەحرف «الف» و«واو» و«یاء» تلفظ میشود. وچون حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح کلمات بستگی بآشنائی قبلی دارد،و این نقیصە موجب اشکال بزرگی درزبان فارسی شدە . ولی رسم الخط کردی این اشکال رامرتفع ساختە، وکلمات تنها بوسیلە حروف تلفظ میشوند. حروف صدای کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .**

**١ـ (ە) کەبجای زبرمیاید. مانند: «سەر» (سر)«سەروەر» (سرور)**

**٢ـ(ی) کەبجای زیرمیایدمانند: «جیهاز»(جهاز)«کیتاب» (کتاب)**

**٣ـ(و) کەبجای پیش میایدمانند: «گول»(گل)«بولبول» (بلبل)**

**٤ـ (الف) کەبجای الف میایدمانند: «باغ» (باغ)**

٥ـ (ۆ) کە بجای«واو» میآیدمانند: «بۆد»(بود)«زۆد»(زود)

٦ـ (ێ ی ي) کەبجای«یاء»میآیدمانند: «بید»(بید)«دەوید»(دوید) «مەردي»(مردی)

**٧ـ (ۆ)کە صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»**

**٨ـ (ێ)کەصدای یاء مجهول میدهد : مانند «کێ» (کە) «چێ»(چە)**

٩ـ (ۊ) کەمخصوص لهجە کرمانشاهی استوصدای (U)میدهد. مثال آن درلهجە کرمانشاهی«ئۊشم»(میگویم) «داشتۊت» (داشتەباشد)

**(١) حروف«ها»و«واو»و«یاء» بی علامت ممکن است اصلی باشند.مانند: «هەمسایە»(همسایە)«وورود»(ورود)«یەك»(یك). برای فرق میان هاءاصلی واعراب، هاءاصلی را دوچشم واعراب رایك چشم می نویسند .**

**(٢) همزە را همیشە باینصورت ( ئ ) می نویسند . مانند : «ئەحمەد»(احمد)«ئوطاق»(اطاق)**

**(٣)درکردی گاهی روی حرف دال ولام وراءعلامتی میگذراند وباین شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) کە در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام وراءمفخم میگردند.مثال آن درکردی:«فەرهاڎ،دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کریعنی پسر)**

**(٤) الفبای کردی یك حرف بیشترازفارسی وعربی داردکە عبارت از«ڤ»میباشد . البتەتلفظ این حرف درفارسی زیادست،ولی با«واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئـەڤـاییل» (اوایل) .**

**(٥)دررسم الخط کردی حروف مشددرا دوتامینویسند.مانند «ئەڕڕە» (ارە) «بەڕڕە» (برە)**

**(٦) درکردی کلمات راهرطورتلفظ میکنند مینویسند؛ البتە کلمات بیگانەرا مشمول این قاعدەمیسازند ؛ ودیگراشتباهی بین حروفیکە مخرجشان نزدیك است واقع نمیشود ؛ مثلا صفحە را اینطور مینویسند : «سەفهە»**

هەزارویەك شەو ١٠٣

وەکەس تێ نەئەگەییشت کە ئەم کارەساتە لەسەری چی یە . کاتێ دایك و خوشکـی غانمیان برد بۆلای سلطان، هەواڵی غانمی لەوان پرسی . ووتیان : ئەمەساڵێکە بێ سەروشوێن ڕۆییشتووە ، وەهیچ ئاگـامان لێ نی یە . ئەوجا ئەوانیان ڕەوانەی ماڵی خۆیان کردەوە، وەکاری ئەوان بەمجۆرە تێ پەڕی کرد . ئێستا بڕۆینە سەرکاری غانم ، وەختێ بەوجۆرە کەووتمان ، غانم بەتەشکی گەڎا لەماڵ دەرچو؛وەماڵیان تالان کرد ، سەرگەردان وپەرێشان کەوت ؛ وەبەگریان وشیوەن لەشاردەرچو. ئەوڕۆژە تائێوارەڕێگای بڕی ، وەماندو وبرسي گەییشتەشارێ ، ڕۆییشت لەمزگەوتێکدا لەسەر حەسیرەوە بۆی کەوت ، وەپشتی کرد لەدیواری مزگەوت ، بەسکی بـرسي و ئەنڎامي ماندوەوە ، نوست . ئەوشەوەبەهەرجۆرەبۆ، ڕۆژی کردەوە ، بەڵام نزیك بولە برسی یەتیدا بمرێ، بەیاني زۆخەڵکی شارکەهاتن بۆنوێژخوێندن ، چاویان کەوتە غانم کە لەپاڵی دیواری مزگەوتا کەوتووە ، وەلەبرسی یەتیدا دەمی گۆناکاقسەبکا، بەڵام لەدیمەنی ئەونیشانەی گەورەیی ونەجیبی دیارە . چونە پێشەوە ووتیان: ئەی جەوان!خەڵکی کۆییت؟ وەبۆچي وەهاپەشێووهەژارکەوتوی؟ غانم چاوی کردەوە، سەری هەڵبڕی وتەماشای خەڵکەکەی کرد ودەستی کردە گریان و ، وەڵامێکـی نەڎاوە . یەکێ لەوان تێ گەییشت کە غانم لەبرسي یەتیدا ، کەوتووە . دەس بەجـێ ڕۆییشتە ماڵەوە ، دۆنان وبڕێ هەنگوێنی بۆی هێنا . غانم نان وهەنگوێنـەکـەی خوارد ؛ وەخەڵکي لەدەوریا دانیشتن تاهەتاوهەڵات . ئەوجا هەرکام ڕۆییشتنەشوێنی کاری خۆیانەوە؛وەغانم تایەك مانگ بەوجۆرەلەمزگەوتی ئەوشارامایەوە.وەڕۆژ بـەڕۆژ لەڕ ولاواز وهەژارتر ئەبۆ. خەڵکی ئەوشارە زۆریان خۆش ئەویست ، وەلەگـەڵ ئەوا میهرەباني زۆریان ئەکرد؛ وەختێ تەماشایان ئەکرد کەغانم ڕۆژ بۆڕۆژبەولاوە ئەچێ ، ئەوەیان بەچاکزانی کەبیبەن بۆخەستەخانەی بەغداد . ڕۆژێ بۆپرس وڕاوێژ



بنکەی ژین www.zheen.org

م:ص:م

# بەشی مەولەیی

## پارچەی

٣٩

خوداڵی خۆشبوو لەشەوی جەژنی «ڕەمەزان»دا ئەم پارچەیەهۆناوەتەوە؛ ئەوەش لەکاتێکدا بوو کە ئازیزی مەولەوی دلی بە کەسێ تر داوە؛

وەگووایا، مەولەوی لە بیر بردووەتە؛ هەروەها کە ئەڵێ:من وەمانگی شەوال» هەردوو هاودەردین،چونکە ڕۆژی جەژنی «ڕەمەزان»ڕۆژی سەرەتای شەواله،وەبەناوڕەمەزانەوە تەواوئەبێ، وە خۆشی یە کەی بۆ ئەوە،هەروەها کە ئازیز ئازیزی منە بەڵام وەفاومەیلی بو کەسێکی ترە؛ کە وابوو «شەوال» زام سەخت ومن دەردەدارم، وەئەوبەدبەخت ومن برینداریم:

«ڕەمـــەزان» تلۆع سوبح شادیشەن
«شەوال» شام شۆم نـامـرادیشەن
دەردینەشەوال،ئای!! زام سەختەوێم
تاڵە شۆم شەوال،ئای! بەدبەختەوێم
غوزڕە، غوزڕەی ئەوصەفاش پەی غەیرێ
ئازیز، قیبلەی منوەفاش پەی غەیرێ
ئاخ! من وشەوال هەردوو هام فەردین
هـەردو گـــــرفتارئێش یـەك دەردین
وەسەرپەنجەی سۆزبـاوەرە ئەولەرز
های موغنی ! تار،خـەنجەرەی وەش تەرز
من،ئاسا ، یاد کەرجەر گەی ویەردە
یـاران مـەحـرەم دەرددڵ وەردە
وە ولـەرەی دڵوسۆزجگـەرە وە
مـەزموون ئەوان تـە کرار کەرەوە
غوزڕەی ئەوقیبلەی من وەیە کبارەن
وە نـام ئێمە وکام ئـــــەغیارەن

لەهەر ...

ماوە ل ٤

# فخر العلمای سنەیی

ماوە لەژمارەی پێشوو

موتریب ! بەونەغمەی شانازیتە وە
یام بەوپەردەی پاك «حجازی» تەوە
بلند کەروە سۆزصەدای وەش ڕەنگی
بەڵکەم بێداربوون نەی خاوسەنگی
بـاشۆرنەوات نـەزۆی پـەردە بۆ
تەنزیلەت مەزموون ئەی یەك فەردە بۆ
های غەفلەت! تا کەی هامفەردان ویەرد
بێداربەر ، بێدار! کـاروان کۆچش کەرد

# ((داخیی)) لەمەلەوی نووسیوە

دڵـــــە ! باوەس بـۆ ...
وەشیاربەرواذەی مەستیت بـاوەس بۆ
زەمامت باوەس وەدەس هەوەس بۆ
وەس فامت نەفیکر کەردەی عەبەس بۆ
باوەس خەیاڵت خەیاڵی خاڵ بـۆ
وەس حاڵت پەی زلف وخاڵ بەدحاڵ بۆ
وەس وەتەمای وەصل نازك نەوهالآن
سەرمایـەی عومرت بـدەی وەتالآن
بدیە! هام دەردان، هامفەردان هام مەشق
نازك خەیالآن دەروون دەریای عەشق
گردین وە خەیال نازك کـەردە وە
وەبارفیراق ئەنـــــدۆە وەردەوە
هەریەك وەتەمـای نەوهاڵێکـە وە
وە پـەژارەی خاڵ بۆم لاڵێکـەوە
مەزەی بادەی ناب حەقیقی چەشتن
نەی وارگەی پڕشۆم وەناکام وەشتن
خاڵی بیی یاگەی نـازك خەیالآن
بێ مەدداح مەندەن ئەونوختە خاڵآن

ماوەی هەیە

لەکومەلا

ماوەی ل ١

تەنیا وێنەیی بۆدەرخستنی ئەم باسە کەهیچ کەسێ نەتوانێ بدابە ژێریا ، هێزی چاوێ دانە کە لە بـــــــــــــزێ کـەس دا ئەوهێزە بەتین ترە؛ئەگەر ئەو کەسە بەووردی تەماشای شتێ بکا ، وەڕوانینی بۆ خۆی بکێشی ، یانێ بەلای ئـەو خاوەن هێزەوەشتێکی بەلآجەوی بێ ، دەسبەجێ ، هێزی چاوی ئەوکەسەلەوشتەدا کارئەکا، وەئالوگۆڕێکی تێدا ئەهێنێتەدی؛ لەو کاتەدا ئەڵێن : «ئەوشتە چاوی لێ دراوە» ؛ ویارە ئەممەسە لەبۆهەموو کەسێ جێگای باوەڕە، وەنیازێکی بەهەڵدانی زۆرتر نییە؛ ئێمەلەباسی «ویست»لەژمارەپێشووەکاندا، زۆر چاك چلۆنایەتی شوێن کـردنی هێز لەچتدا هەڵمان داوە ، ئێتـر دووبارە کردنی لێرەدا جوان نییە . خوێنەری بەڕێز!لێرەدا ئەوپێشەکانە کەبۆ هەڵدان وڕۆشن کردنی ئەم باسەپێویست بوون دوایی یان هات،ئێتر دەس ئەکەین بەهەڵدانی بناغەی مەبەست .

لەپێشە کەکانی ئەم باسەداووتمان لەجیهانداشتێ نییە کەهێزی تێدا نەبێ؛ وە هەروەهاش ووتمان ڕێشە

ماوەی ل ١١

هەزاویەك شەو

٣٠٤

لەم بارەوە، لەدەوری غانم کۆبووبوونەوە ،ئەنوازن دووژن بۆ گەدایی هاتن بۆلایان؛تۆنە گۆ ئەودووژنەدایك وخوشکی غانمن. کەغانم چاوی بەوان کەوت،نانی کەلەنێوی تۆشەبەرەکەیا بوو ، پێ دان؛وەئەوانیش ئەوشەوە لەلای غانم مانەوە ، بەڵام هیچ کام یە کتریـان نەناسی. بۆسبەینێ خەڵکی ئوشتروانێکیان بە کرێ گرت ، وەغانم یان سواری ئوشتر کرد ، وەبەئوشتروانیان ووت : کەئەم نەخۆشە بگەیێنە خەستەخانەی بەغدا بەڵکوو چاك بێتەوە. دایك وخوشکی غانم لەموەختا لەنێوی خەڵکە کەدا ڕاوەستـا بوون ، وەبەیە کتریان ئەووت : ئەم جەوانە زۆر لەغانم ئەچێ . وەغانم لەبان ئوشتـرە کەوە ئەگریا ، وەدایك وخوشکی غانم بۆحاڵی ئەووجیبیائی لەئەوئەگریان . لـەپاشان ئوشتروان کەوتە ڕێ بۆ بەغداد، وەدایك وخوشکی غانمیش چوون بۆ بەغداد، ئوشتروانەکە غانمی گەیاندە دەرکی خەستە خانە ، وەلەوێ دای نا ، وەخۆی گەیاندەدەر کسی خەستەخانە، وەلەوێ دای نا ، وەخۆی گەرایەوە . غانم ئەوشەوەلەبەردەرکی خەستـەخانەدا بۆی کەوت. کەڕۆژی لێ بووەوە ، خەڵکی لەدەور کۆ بوونەوە ، وەبۆ نەخۆشی و لەڕولاوازی ئەوخەفەتیان ئەخوارد ودڵسۆزی یان بۆی ئە کرد. لەموەختا دارۆغـەی بازارهات، وەخەڵکە کەی دا لاوە، ووتی:من ئەبێ بەخزمەت کردن بەمهەژارەبەهەشت بۆخۆم بکڕم . ئەگەر ئەوبیبەنە خەستەخانەوە، لەڕۆژێکدا ئەی کـوژن . لـەپاشان بەنۆ کەرانی ووت کە : غانم بگرنە کۆڵەوە. وەبیبەن بۆماڵی خۆی. دارۆغەهۆدەیێکی بۆئەوفەرش کرد ، وەتەختی تێدا هەڵدا . وەبەژنی خۆی سپارد کەبۆخۆی پەرەستای لەئەووە ، بکا . ژنی داروغەدەس بەجێ ئاوی گەرم کرد ، وەلەپێشان ئەندام ودەست و پێ غانمی شۆرد ، وەسیپاڵی تازەوجوانی لەبەری کرد . وەجامی شەرابی لە گـەڵ گوڵاواتێکەڵ کرد وپێی دا، خواردی، غانم کەمێ هاتەوەسەرخۆی. لەپاشان کەوتەوە فیکری قوەالقلوب ودەستی کرەدگریان ؛ جائێستا ـ بڕۆینە سەرباسی قـوەالقلوب وەختێ کە خەلیفە ڕقی لەقوەالقلوب هەستا .

بنکەی ژین www.zheen.org

# تاق وەسان

ماوەی ل٢

من لەئی باوەتە چەنێ مەتڵەب وەخاترم ڕەسیە کەحەقیە ئیدارەی •باستان‌شناسیی هەرچیی زۆتروە پی‌توجەبکەن .

١ـ وەوەسیلەی ئوساکار (متخصص) هەرچی کونـای وەهاراووبە فراوە لەپشت لەبیخوبن کپ بکەن، وە لەجیای ئەڕ کوچك‌و ئـاجورە کە،نیانەوە سیمان وکانکریت قالبڕێژی وپڕی‌بکەن، وەاەئی صوڕەت خراوو کەئیەدەری‌بارن وەئی کاریشەکاربەناکان خوەمانیی کەوەئوصوڵ فەننیی وعیلمیی ئاشنانین ، نیە ؛ وەمضایقەیش لەخەرجی نەکەن؛ وە ئیدارەی‌باستان شناسیش خوەی«مستقیماً» ئی‌کارەبکەت، نەوەوەسیلەی فەرهەنگ کرماشان .

٢ ـ لەدەورەی شاهەنشای فەقید وە بۆنەی ئاثـارقیمەتیی وەتاق وەسان ئەهەمیەت‌فرەیك‌دریا. چونکەمەخصوصەن‌ڕێ‌تهران‌و کوردستان خصتنەبان تاق‌وەسان، کەهەر کەس لەخارج تیەتە کرماشان ، چاوی بکەفیتەئی‌ئاثارە،وەئەورە خوەی‌بۆتە محەڵیك‌ئەڕای، سیاحەت خارجی یەیل. خەرج فرەیکیش ئەڕای ئەوڕێ‌یەیلە کردن؛ وەلی‌ئیسەوەزارەت ڕاەڕێ لەهەر دولانزیکی سێ‌چوار کیلومتر لەتـاق وەسان خستیەسە کەنار، وەیەسە تاق‌وەسان لەڕێ‌دۆر کەفتیە، وە کەسیکیش حالیی‌نەوۆە کەعبۆر جادە لەکەنار ئاثار باستانی تاق‌وەسان ئەڕای زینڎیەو کردن غرۆرمیللیی‌وڕۆح‌ناسیونانیزمیی کەئیمروئیحتیاج فرەیك‌وەلی‌دیرەمن لازمە .

٣ـ عەمارەتی کەلەکەنار ئی‌ئاثارە هەس، بەنای‌زەمان‌قاجاریەس، کەئماداالدولە کوڕ دەولەتشاە مەخصوصەن ئەڕای تفرج مەردم‌نیاس. وەلی‌ئیسەئیدارەی فەرهەنگ دەری بەستیەو هیچ کەس ڕێ‌نیەتە ناوی؛ وەئەوعمارەتەبی‌مەصرەف کەفتیە؛ یانەتواستنەیانەتۆنستەلەوەئیستفادەی حساوی بوەن، لەصوڕەتی کەحەقی‌بی، ئەورە بکەنەی مەدرەسەیادەر مانگایامێوانخانە کە مەردم‌حەزلەلی‌بوەن؛وەئەگەریش‌بتوان‌لەدەورا ـ ندەور دەریاچەکەی کەلەفەصل‌بەهاروتاوسان‌جی‌تەماشایی‌ی‌نەظیریکە میوان‌خانە وڕستوران وئیسە؟خرشنا، بازارونیشتمانەیل تاوسانی‌دروس بکەن؛ وەئیلاحیفظ ئاثار قەدیم وەئی بی‌علاقەیی وەئاجـور و کوچك ماس‌مالی کردن ودەوری دیوار کیشاین وکەس‌ڕێ نەڎاین‌نیە.



**عەکس دەریاچەی پڕلەئاوفرە خوەش مەنظەر تاق‌وەسان کەلە ئاثارباستانی‌یە.**

**ئومیدواریم ئی‌مەقالە هەرچی زۆتر بڕەسیتە دەس‌ئـەوانـە کـە مەسئۆل وعەلاقەمەند وەئی کارەیلنە؛ وەئیدارەی باستان‌شناسیس‌فیکریك بکەن کەئی‌ئاثارقیمەتی‌یەلەیەبیشتر لەناونەچێت وخراوەنەوۆت .**

لەکۆمەڵا..

ماوەی ل ٣

وچاوگەی ئەوهـەمووهێـزانە

یەکێکە وەبەگوێرەی‌ئامادەیی و شایستەیی هەرشتێ‌ئەوهێزەخۆی دەرئەخا ؛ وەئەوەشمان ووت کـە مروڤ‌لەهەموچەشنەکانی‌ئەم‌بیساتە ئامادەیی بۆوەر گرتنی‌هێز ، زۆر. ترە؛ کەوابۆبەرەی‌مرۆڤ لەهەمو چەسنەبەدیهاتووەکانی جیهان‌هێزی بەتین‌تروزاڵ‌ترە؛ئەگەرئەوهێزەلە ڕێگای‌خۆیە وەبکەوێتەکار،هەمو هێزەکانی‌تردا گیرئەکاوەلەعاسیەوە خۆیان ناگرن، بۆوێنە ئەگەرلە خانوێکدا گڵۆپێکی‌پێنصەدشەمی بێ‌چرای نەوتێ‌ڕۆشنی‌نادا...

دە کەوتنی‌ئەوهێزە، وەشوێن کردنی لەشتدا، دوجۆرە،جۆری یەکەم نیازی بەتێ‌کۆشان‌و کـار کردن‌نییە، ئـــــەمەش ئەبێتە دۆبەشەوە، بەشی‌یەکەم‌لەئەندامی نەزان ونەخوێنڎەواردا لەچەنـد کارێکی کەم‌دادەرئەکەوێ؛ئەوەش وەکوبەردوئاگرخواردنی‌دەروێش کەلای‌وایە هەرئەو کارانەئەتوانێ بکا چونکەلە ڕابەرەکەی تەنیا ئیزنی کردنی ئەوچەنـڎ کـارەی وەر گرتووە ؛ هەروەها کەلەباسی هێزی‌ویست‌دابەدرێژەهەڵمان‌داوە؛ یان‌وەکوچاولێ‌دان کەبڕی کەس ئەگەر بەووردی چاوبخاتە سەری شتێ کەبەڵاجەوی‌بێ، شوێنێ‌تێدا ئەکا ، وئاڵوگۆڕی تێـــــدا بەدی ئەهێنێ ، هەروەهاش‌هەندێ بەڕێگای‌سرشتـي، ئەوهێزە لـە دەنگ‌ووتەیانداز‌ۆرچاك‌دەرئەکەوی وەخەڵکیی،بۆوێنەئەڵێن : «کابرا چاوێکی پیس‌وزوانێکی داێـری هەیە .

جـوری‌دووەم ئەوەیـە کەلـە ڕێگای‌تێ کۆشان وخوێندەواری‌. یەوەبێ‌ئەمــــــەش دۆبارەئەبێتە دوچەشنەوە: ١ــچاوبەس(ساحری) ٢ـ خوڎا ناسی؛ لەژمارەدوایی‌یە. کاندا ، بەیارمەتی‌یەزدان بەدرێژە باسیان لێ‌وەئە کەین .

خوێنـڎەری خـۆشەویست !

**هەروەها کە لەسەرەتای ئەم‌باسەوە ووتۆمانە،نۆسەر ئەوەی کـەبۆخۆم دەر کەوتووە، ئەی‌نۆسم؛وەبیروڕای کەس ناهێنم ، خواڵە گەڵ‌ووتەی خەلکی‌ترا ڕێك کەوێ، یان زۆر لەیەك‌دۆربن ؟**

# مەولودنامەی پەیغەمبەری مەزنی ئیسلام حەزرەتی محمد(ص) دانراوی زانیاری بەناوبانگ

**حەسەنی هەرتووشیی**

«عبداله» دەرحفظ سولطانێ وەدۆد
نـۆرا «احمد» دافعێ شەڕایەمـۆد
«عبدالله» مازن‌بۆ ، باناز ودەلال(١)
جانێ «عبدالمطلب» ئەڤـمـاەوسال
خۆش‌دڤێ بابێ عـەزیـزومادەرێ
ڕوهنیا(٢) مالـێ‌وزیبا ئـەسمەرێ
شکل‌وسیما مثل‌بـــــەدرائاسمان
نازل‌ورەعنا ونـــــۆرا خانـەدان
دڵبەرو مەحبۆب وشیرین وشە کەر
هەر کەسێ ئەودیت‌ودل، لێ‌بۆدو کەر(٣)
دوهتێ(٤)چاکان‌وقورەیشیی‌وعەرەب
منتظربۆن پێکڤە بۆوی ڕوژوشەب
هەریەکی‌هیڤیی‌د کر ئەوبێت‌قەبۆل
با(٥)یەکی‌وی‌قەت‌نەدامەیلاووصول

(١)ئاراستە، بەرجەستە، بەرازەنـدە، پێ کەوتـۆ (٢)ڕۆهنیی : ڕۆشنیی،ڕۆناکی(٣)دۆپارچە؛ «کەر» لەشێوەی کوودی‌شمال‌دابە«بەش، پارچە، کوت» کوتیش‌ئەڵێن؛ هەروەها لەشێوەی کـوردی سۆرانی‌دا ، «کەرت»ی پێ‌ئێژن (٤)دوخت، دوت، کچ، کناچێ، کەنیشك، کەنی، کۆڕ،دوێت. (٥) لەگەڵ، لەتەك، چەن ، وەگەرد؛ لە:پیتی گەیاندن ؛ «گەڵ،تەك، چەن، گەرد»: دەفری‌جێگا (ظرف‌مکان)ن ،

وتاری‌دینیی

ماوەل ٧

بڕێ‌جار بانترلەوانە : ئیددیعای خودایی‌یان ئەکرد؛ بەتایبەتیی، لەوکاتەوە کەدراو(پـول) باوبۆ، وەکرایە وەسیلەی ئاڵـو گۆڕو موعامەلات، مشتومڕوبەربەرەکانێ (مبارزە)، بەهەمۆ وێنەیێکیەوە ، کەوتەپێش کەوتنێکی توندترو بەپەلەتروەئەنجام‌ونەتیجەی‌ئەوەبۆ کە ئەفرادی کۆمەڵ ، عەینەوە کـۆ حەیواناتی دوڕنڎە بکەونە گیانی یەکتر،وەهەر کەسێ، زۆری‌بەهەر شتێ‌بشکێ، کۆی‌لێ نەکاتەوە . بۆیێ،لەدۆووتاری‌پێشۆتر داووتمان کەئەوبەشە لەهاوکاری‌مانەوە، وا ئەبێتەهۆی‌پێشکەوتنی‌شارسانەتی بەڕوواڵەت،غەیری‌ئەوەیە کەهۆی سەعادەتی کۆمەڵە ، وەهەرچەنڎ شارسانەتیی مـادي زۆر تـرپێش بکەوێ، ڕەقابەت ونەمانی بەزەیی، کەئـەسەری مـوسبەت ومـەنفیی مشتومڕی مانەوەن ، زۆردارتـر ئەبن، تاهەستی تەبیعیی هاوکاری مانەوە (یانێ ئەوبەشە کە ڕێگای ڕزگاری‌یە)، بەباری‌مـەنفیی و موسبەتیەوە لەبەین‌ئەچێ.

**ناتەواو**

بنکەی ژین www.zheen.org

# کوردستان

لێکۆڵینەوەی سیاسیی

## کاروباری دوگول

ژەنراڵ دوگوڵ سەر کۆماری فەرانسە کەبەزۆری، خۆی‌هاتەزۆی کار، وەکاروباروی ئەم وەڵاتەی گرتە دەست ، ئەوائیستا لەگەڵ وەها گیروگرفتی‌یێکدا زۆبەزۆبووە کە کاروبای ئەوی تاریك ونادیاري کردووە .

دوگوڵ لەکاتێکدا کاروباری فەرانسەی گرتەدەست، وەبناغەی کۆماري‌تازەی فەرانسەی دازژاند کە شێرازەی ئەو وەڵاتە ـ کەپێش لە شەڕلەدەوڵەتە دەرەجەیە کەم‌وزۆرداروودەسەڵات دارەکانی دونیائەژمێر- راـ لەیەك‌پچڕابو.

ئەوتوانی کە پارلە مانێکی‌ژێك‌وپێك لەفەرانسەدا پێك‌بێنێ؛ وە لەوچەنددەستەیی‌یە کە لە پارلەمانی‌فەرانسە دابۆ، وەبــۆبوە سەرچاوەی هەموبەدبەختی‌یەکانی‌فەرانسە. جلەوگیري‌بکا. داخە کەم دامەزرانی سیاسەتی فەرانسە بەوجۆرە کەبشێ‌وپەویست بێ، نەی خایاند؛ وتەنانەت دەستەیێ‌لەلایەن گیرانی‌دوگوڵ‌دەسیان کردەناحەزي کردن‌لەگەڵ‌ئەوا؛ وە دیسان نێوانیان بۆبشێوە وئاشۆی سیاسي لەم وەڵاتا ئامادە کردووە..

هۆی بناغەیی هەڵ گیرسانی ئاگری ناحەزي لــە نێوی لایەن گیرانی دوگوڵ دا، یەکێ ئەوەبۆ.کــە: دوگوڵ وەیستی، مــەسئەلەی ئەلجزایرـ کەیەکێ‌لە گەورەترین‌بەڵاسیاسیەکانی‌چەندساڵی‌رابوردوی فەرانسەئەژمێرێ؛وسیاسەتی‌دەرەوەی‌ئەووەڵاتەی‌توشی گێژاو کردووەـ ببڕێتەوە . ئەوڕای گەیاند کە ؛ ئامادەیە لەگەڵ «فرحات‌عباس» سەرەك وەزیری‌دەوڵەتی ئێرەتي ئەلجەزایرا بکەوێتە ووتوویژ؛ وەسەربەخۆیی بەئەلجەزایربدا .

ئەم‌کارەبەلای‌دەستەیێ‌لەسیاسەت گێژانی فەرانسەوەـ کەهەروە کۆ صەدساڵی پێش بیرئەکەنەوە ، وەچاوناکەنەوە دونیای ئەمڕۆببینن‌ـ زۆر گران‌وناباری ئەنواند . ئەم دەستەسیاسەت گێژانەهەروە کۆباپیرە- کانیان ئەڵێن کە : ئەلجەزایربەشی نەپچڕاوێ قەڵەمڕەوی فەرانسیەیە ؛ وەهەر کەس بیێتە هۆی پچڕانی ئەوێ لە فەرانسە ، وە کۆئەوەیە کە بە پێچەوانەی قانۆنی بناغەیی فــەرانسە ڕەفتاری کردبێ، وەتاوان بــارو گوناکارە .

ئەم قسەئەگەرلە زواڵەتا بەلای بڕێ کەسەوە بــەڕاست بنوێنێ؛ بەڵام‌کاتێ‌وورد ببینە وە بێ‌مانــایی‌ونارێکــي ئەوقسەمــان بۆڕۆنــاك ئەبێتە وە .

دەوڵەتی فەرانسە لەماوەی چەند ساڵی‌رابوردوا چەندێن میلیارد فەرانگی کردوەتەمەصرەفی‌شەڕلەگەڵ نەتەوایەتی‌یەکانی‌ئەلجەزایرا؛وە گەلێ لە گەنجەکانی‌فەرانسەش لەئەلجەزایر کوژراون .

سیاسەتی‌دەوڵەتە گەورەکانی‌ئورۆپایی وە کۆئینگلیزسەبارەت‌بەوەی کە بێ‌شەڕوشۆرلەگەڵ سەربەخۆیی‌موستەعمەرەکانی‌خۆیانازویان‌پیشان دا،زۆرژیرا‌نەترلەسیاسەتی‌ئەم‌سیاسەت گێژانی‌فەرانسەسەبارەت‌بەئەلجەزایر ئەژمێرری.چونکولەوحاڵاپەیوەندي دۆستانەلەبەینی دەوڵەتەاستعمارچی- یەکان‌وموستەعمەرکانی پیشۆیانا ئەمێنێ. لەکاتێکدائەگەروانەبێ،بۆنی موستەعمەرەیێ کە هەمیشەکاری بشێوە وئاشۆبێ، جگەلە دەردی سەر کەڵك‌وسوودێکی نابێ،لەلایی‌تریشەوە نەبزانە وەی مەسئەلەی‌ئەلجەزایر بۆخۆی گەورەترین نیشانەی ناتەوانی دەوڵەتی‌دوگوڵ ئەژمێررێ؛ وە ئەوئێستالەکاروبارێکی نارەحەتا گیری کردووە ؛ چونکوئەگەربیەوێ، سەربەخۆیی بەلجەزایربدا،دەستەیی‌زۆرلەفەرانسەوی‌یەکان‌ئەبنەناحەزی. وەئەگەرهەروەهائەم‌مەسئەلەبەنەبڕاوبهێڵێتەوە، گیروگرفتی‌زۆرترێکی لە پێشائەبێ.

ئەڵبەت ئەبێ بزانین کە : هۆی تەق ولەق بۆنی کاری دوگوڵ تەنیا ئەم گیروگرفتي‌ناوخۆیی‌یەنیە؛ بەڵکۆلەسیاسەتی دەرەوەی‌ئەویشا گیروگرفتي‌زۆرێ‌پێش‌هاتووە؛ وەبێ‌شك‌لەپێك‌هێنانی گێژاوی‌فەرانسە- دا بێ‌شوێن نەبوون .

ئەم گیروگرفتی‌یە لەوێوە یەدي هاتووە، کە‌:لەبنا دوگوڵ‌نەی- ویستووە کە بڕواتەژێری باری دەسەڵاتی بێگانە، وەتەنانەت نایەوێ کە کۆمەڵێکی گەورەوەکوپەیمانێ‌بەکیەتي‌ئەتلانتیکی‌شیمالیی.دەستی‌لە لەفەرانسە دابێ.یانێ‌لەسیاسەتی هاوکاري دەسەجەمیی‌لەگەڵ‌ئەو کۆمەڵا لای داوە؛ وەفەرانسەی کێشاوەتەلای‌سیاسەتی تایبەتەوە،لەبەینێ‌سیاسەتی لایەن نەگیري وسیاسەتی‌هاوکاري بەرگري‌دا . وەئەڵبەت ئەم‌کارە دڵ ناخوشیی‌هاوپەیمانەکانی فەرانسەی پێك‌هێناوە.

دوگوڵ‌ئیستالەسەردۆڕیانێکی گرنگەوەوستاوە، کەیەکێکیان ئەوبۆڕوخان ولەکار کەوتن ئەکێشێ؛ وەئەوی تریان ئــەوەهەڵ ئــەنێ کە : سیاسەتێکی‌یەك لایی بگرێتە پیش . وە ئایەندە پیشان ئەدا کە : دوگوڵ چۆن‌لەم گێژاوە زز کارئەبێ.

### مانای ووشەکان

| | |
|---|---|
| سەرکۆمار: رئیس جمهور | پێك هێنان : فراهم ساختن |
| بناغە : اساس، پایە | گێژاوە: بحران |
| کۆماري : جمهوری | شوێن : اثر |
| داخە کەم : متاسفانە | بەدي هاتن : بوجودآمدن |
| لایەن گیر: طرفدار | لەبنا : اصولا |
| ناحەزي: مخالفت | کۆمەڵ: سازمان، دستگاە |
| هۆ: علت، سبب | یەکیەتي: اتحاد، اتحادیە |
| ئێرەتیی: موقتی | دەستی‌ببێ:نفوذ داشتەباشد |
| سەربەخۆیی: استقلال | تایبەت: مخصوص |
| نەپچڕاو:لاینفك | لایەن نەگیري ، بیطرفی |
| زواڵەت : ظاهر | بەرگري : دفاعی |
| نەتەوایەتیی: ملی | ڕوخان : سقوط |
| گەلێ: بسیاری | یەك‌لایی: یك طرفی |
| گەنج : جوان | |

### ماوەی‌سەرووتار

ماوەی‌ل ۱

ولیعهد،بۆبە پارچەیێکی‌ئیحساسات وەدەنگ وبانگی دڵخۆشی گوێی ئاسمانی کە ڕ کردبۆ.

بێ‌دۆدڵي ئەتوانین‌بڵێین کــە ئەم جەژنەپڕهەست وبەزمە ، لــە بەڕواری کۆنی‌ئێراندا وێنە وهاو ڕەنگی‌نەبووە .لەپێکەوتانی‌عەجیب وپێش‌هاتانی‌زۆرشیاوی‌بیرپێدانی ڕۆژ گارئەوەبۆ کە لــەدایك بۆنی ولیعهدی بەڕێزی‌ئێران، لەڕۆژی نوهەمی ئەباندا پێی کەوت، کەلە ڕۆژێکي وەها دا، پادشایي،دووای بڕانەوەی ڕەگــەزی «قاجاریە»، گەییشتە اعلیحضرتــی فقید رضا شای کبیر؛ وەئــەوڕۆژە پیرۆزە، سەرەتای بەڕواری‌پادشاییی‌بنەماڵەی گــەورەی «پهلوی»ە ؛ وەلێرەدا باشیی‌پێکەوت‌فاڵێکی زۆرچاکە، کە لەهەموو شتێ زۆرتر گرنگە،وە مزگانیی‌بەختیاريێ‌ گەورەییی‌بۆ دەربارو گەلی‌ئێران هێناوە.

عەلاقەی بەدڵی گەلی‌ئەم‌خاکە بەشاهەنشا، وەغەریزەی نیشتمانیـ ویستیی، کە لەدڵێ‌یەکەیەکــەی گەلدا ڕیشەی داکوتاوە ، بــۆ- بووە هۆی ئەوە، کــەبۆلــەدایك بۆنی گەلــی‌ئێران، وەبــەشبەری بەئیستیحقاقی‌تاج‌وتەختی« کیان» دەقەژمێري بکەن، وەدەستی‌دۆعا بۆدرگای خودا بەرزبکەنەوە؛ وە دووای مزگانیی‌قودوومی‌موبارەکی ولیعهدی‌ئێران،دەستانی‌شوکرانەو سپاس بۆن ، کەبەرزئەبۆنە وەبۆ ئاسمان، وەلە شوکرانــە بژێري ئەم خەڵاتە گــەورەدا فــرمێسکی کەیف وخۆشی یان ئەڕشت .

باسی‌ئــەم خۆشیی وشادی‌یــە بەزمان وپێنوس ناکرێ ، بــەڵام دەرکەوتن وهەستەکانــی گەل ، هــەواڵنوس وفیلم گــرە خارجی یەکانی، غەرقــی سەرسامیی‌وسەر- سوڕمان کرد ؛ چونکوبــەچاوی خۆیان دیبان کەچ عەلاقەونێوانانێکی قاییم‌ومەحکەم،لەبەینی شاو گەلدا دامەزراوە، وەتوانی‌یان، توزێ لە زۆری ئــەوئیحساساتــە بگــەیێننە خەڵکی‌دنیا .

کاربەدەستانی ڕۆژنامەی کوردستان بەدڵێکی لێوان لەشادي ، سپاسی بێ‌حەدوئەندازەی خــــۆیان ، سەبارەت‌بەقودوومی پیرۆزی‌ولیعهدی پایەبەرزی‌ئێران‌والاحضرت‌رضای پهلوی، پێشکەشی‌ئاستانەی خودا ئەکەن، کە کۆمەك‌وچاودێري‌ئەو، هەمیشە ئێرانی‌پۆشیوە ، وەپیرۆز بایی بەدڵی‌خۆیان ، بەئاستانەی شاهەنشاومەلەکەپێشکەش‌ئەکەن؛ وەسەرکەوتنی‌هەرچەنــدزۆرتری گەلی ئێران، لەسێبەری ئەواندا داوائەکەن . خودا ئاگــاداری اعلیحضرتین وەولیعهدی‌ناوداری ئێران بێ.آمین.

چاپ اختر شمال

تلفن ۲۵۵۰۱

www.zheen.org

# هەڵبژاردنی نوینەرانی ئەنجومەنی شارلەسەرتاسەری وەلاتادەس پی کرا


خاوەنی امتیازومدیری لی پرسراو

**عبدالحمید• بدیع الزمانی**

**بەچاودێریی دەستەی نووسەر:**

**محمدصدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر**

**دوکتورعبدالرحمن واحمدمفتی زادە**

**عابدسراج الدینی ـ شکراللە بابان**

**خسروشیخکانلووی میلانی**

یانەی ڕۆژنامە:

مەیدانی «بهارستان» شەقامی

«صفیعلیشاه» ژمارەی پلاک ٢١٨

تلێفوون ٣٢٠٠٣

# کوردستان

**عەزیزم شاسوارێکە، گوزەرگا، گەر، بەکەلبوورزا**

**دەکا ، نووکی سمی ئەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا**

**سیاسی ـ زانیاری ـ وێژەیی ـ کۆمەلایەتی**

**ژمارەی ـ ٢٩ ـ سالی دووەم**

**ژمارەی شوێن یەك ٨٠**

## کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردی یە، حەوتەی

جارێ چلێکی دەرئەچێ

**بایی**

بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش مانگە | ٧ | « |
| چلێ | ٣ | قەران |

بۆدەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | « |

چووارشەمە ٢٥ گەلاڕێزان ٢٥٧٢ ك ـ ٢٥ ئەبان ١٣٣٩ ش ـ ٢٦ جمادی الاول ١٣٨٠ ق ـ ١٦ نوامبر ١٩٦٠ م


# تاران پیشوازیکی گەرمی لەوەلیعەهدی ژاپونەوەکرد

**ژەنرال قاسم ڕای گەیاندکە:**

## عراق دەستی کومپانی یە بیگانەکان لەسەرچاوەکانی نەوتی خوی کوتائەکا

## ژەنرال گورسل رابەری تورکیبەلەپر کومیتەی یەکیەتیی تیکدا ، وەهاوکارەکانی خوی هەمولەکارخست، وە١٤ کەس لەوانی خستەبەندی خانەوە.وەکومیتەییکی تازەی لە٢٣کەس ئەندام پیک هینا

# گورسل هاوکارانی مندرسی ئازادکرد

کاروباری تورکیبەگێڕاوی یە ؛ وەخانووی عصمت اینونو ؛ والەگەمارەی قوشەنا

## تی هەلچوون لەگەل گرانفروتن دا

یەکێ لەتەلاشە زۆر گرنگ و بایی دارەکانی ئەم دەولەتە، بەربەرەکانی یێکە کە لەگەل گرانفرۆتن‌دا دەسی پێ کردووە، چەنێمانگی پێش ، ئێمە باسێکمان کردلەبارەی سەرکەوتنی خەرجی ژیانەوە، بەئەم کارەساتە گرنگەحەیاتی‌یەمان، خستەوە بیری دەولەتی وەخت، وەسکالای خەلکمان هەلدا، وەبۆبەتین کردنی بیری خۆمان ئاماری ڕەسمی بانگی نەتەوایەتیمان نیشان دا. ئەلبەت ناتوانین تاوان بخەینە ئەستۆی تەنیادەولەتی پیشو؛ بەلام ئەتوانین بلێین کەلە ودەولەتەدا، پرۆگرامێکی تایبەتیی، بۆتی هەلچوون لەگەل گرانفرۆتن‌دا نەبوو؛ کەچی ئەم دەولەتە، ئەو مەسەلەیە خستووەتە پێشی هەموو کارەکانیەوە ، وەهەرلەسەرەتای کارەوە بیری داوە پێ، وەئائێستاش چەن ئەنجامێکی بەدلی هێناوە تەدەس .

ئەم مەبەستە ڕۆناك بووەتەوە، کە گرانی کۆتالی پێویستی خەلك بەتایبەتیی مەحصولاتی خودی وەلات، نابێ بەپێی «اساسی «عرضەوتقاضا» بپێوری ؛ یانێ بلێین : لەبەرئەوە، مەسەلەن خەلك نیازیان بەهێلکە،

ماوەل ١١

## لەکومەلاچون بژین؟

**ڕێگای خوداناسی**

**یان**

**طەریقەی عرفان**

**ـ١١ـ**

لەژمارەی پێشوداووتمان دەرکەوتنی هێزدوجۆرە: جۆری یەکەمیشمان کردە دوبەشەوە : بەشی یەکەم ئەوەیە کەلەئەندامی نەخوێندەوار ونەزاناخۆی بنوێنێ.

ماوەل ٦٠

د.ع.م

## باسیکی زانیایی

**چەندوێنەیێ لەشتە ئەنتیکە ئالتونی یەکانی**

## گەنجینەی زیویەی کوردستان

لە ژمارەپێشوەکانداز ەوتارێکمان سەبارەت بە گەنجینەی زێڕی زیویەی کوردستان نوسی. بەلام داخەکەم لەوکاتا وینەی شتە ئەنتیکەکان لە دەسترەسمانا نەبوو کە لەچاپیان بدەین؛ وە واندەمان بەخوێندەرە بەڕێزەکان‌دا، کە: لە ئایەندەدا، ئەم کارەبکەین؛ ئەوائێستا لەم ژمارە ولەژمارەی داهاتواچەند

ماوەل ٢

**چۆن بنووسین وبخووێنینەوە**

**کردەوەی زانراوونەزانراو**

کردەوەی زانراوئەوەیەبکەری دیاربێ؛ هەروەها کەلەپێشاووتومانە کردەوەی زانراولەڕیشەی زانراو، وە کردەوەی نەزانراولەڕیشەی نەزانراو دوروست ئەکرێ، وێنە: کردن ؛ ڕیشەی زانراوی تێپەڕ کەرە، کردە

ماوەل٣

# ئابووریی لەدینی «اسلام» دا

**=٩=**

**مرۆ، لەڕێگای سەرکەوتنی شارسانەتیی‌دا**

کاری پێشکەوتنی ئازادانە وبە تەبیعەتی خۆی کۆمەلەکان ، لە هەرخولێ لەخولەکانی ژیانی کۆمەلایەتی مرۆدا، بەوچەشنەبوو کەباسمان کرد؛ یانی، لەودوو هەستە تەبیعی یەی مرۆ،هەستی مشتومڕ ـ کەلەگەل هەواوهەوەسی نەفس‌دا

ماوەل١١

## نەتەوەی کوردو نەتەوایەتی ئیران

ماوەلەچلی پێشوو

سەلام لەسەر خاکی پاکی کوردستان لانکی پالەوانەکان .

ئێمە هەرچی لاپەرەی مێژوو ئەدەینەلاوە، وەبەرەودوواڕۆین، وەهەرچەندەزۆرتر لێ ئەکۆلینەوە ئەبینین ، کە هەرلەمێژەوە کە مێژولەبیری نی یە کوردلەئێران بووە وئێرانی بۆنی کوردمان بو ڕۆناك ئەبێتەوە وەها کەتێ فکراین لەووتارە پێشوەکانا قسەی ئێمە لەبارەی ئەم پەیوەندیە نەبچڕاوە،

ماوەل١١

## باسیکی ...

ماوەی ل ٢

وینەیێ کەدەسگیرمـان بووە، لە چاپی ئەدەین .

بەجۆرێ کەلەپێشان ووتومانە، داخە کەمزۆرتری ئەوشتەئەنتیکانە لەبەین چوَن . وە کەمێ لەوانە لە بەرپەلاماری تالاَنچی یەکان دەرچوَ، یا بەبایی زۆر کەزاف لـەچنگیان دەرهات، وە گـەییشتە ئـەنتیکە خانەی ئێران باستان؛ بۆنموَنـە یەکێ لەوشتانە پەیکەری شێرێکی نێر بووە کەتەنیاسەرەکەی بەدەست هاتووە وەئەندامەکەیان تاوانەوە. تەوە ؛ وەبەجۆرێ کەزانای بەڕێز ئاغای «سیدمحمد تقی مصطفوی» سەرۆکی ئـەووەختەی ئیدارەی باستان شناسی ئەیانووت: ئەوسەرە شێرەیان لەکابرایێکی جوَلـەکە بەبایی مثقالی هەزارتمەن کڕیوە، لەکاتێکدا ئـاڵتونی پاك مثقالـی پەنجاتمەنە، یانێ بیست بەرابـەری بایێ ئاڵتون پارەیان داوە.

ئەلبەت زۆرجێگای ئاخوداخە کەنەتەنیا گەنجینەی زیویە، بەلکو زۆرتری شوێنە مێژوویی یـەکان و شتەئەنتیکەکانی کوردستان، کـە بەلگەی شارسانیەتـی وزانیاري و هونەری باپیرەکانی ئێمە بوَن ،لە نێوچوون.هۆی لەنێوچوَنی ئەوانە ئەمەبوَ کە خەڵکی نـاوچە کورد نشینەکان نەخوێنەوابوَن، وەمانای ئەنتیکە ومێژوَیان نەئەزانی ؛ وە لایان وابوَ کەنرخی ئەنتیکـەهەر بایی فلزەکەیە، وەهـەرچیکیان دەست ئەکەوت، ئەیان تاوانەوە. ئەبێ بڵێین : کە پێش لە ڕۆژگاری **شاهەنشای خوداڵیخۆش بوو ڕەضاشای کەبیر**، لەئێراندا هیچ کەس نرخی ئەنتیکەی نەئەزانی؛ تاوە کوَ ئەوشاهەنشا بیرۆنا کە ئەنتیکەخانەی ئێران بـاستانی دامەزراند؛ وە کـەم کەم خەڵکي لە مانای ئەنتیکەتێ گەییشتن.

جگە لە وەش جوَلەکە کانی ئێران کە بڕێکیان ئەنتیکەناس بوَن،وەلە گەڵ ئەنتیکەخانە کانی دونیادائاشنابی یان بوو، بەهەموو هێزێکەوە کە وتنەتەلاش، بۆئەوە کە ئەنتیکەکان بکڕن وبەبێگانە کانی بفرۆشن؛وەچونکوخۆیان لە ڕەگـەزی سامین، وەهیچ دڵیان بۆپـاراستنی شوێن وبـەلگـەی شارسانیەتی ڕەگەزی ئاریاناسووتێ،بە- ڵکوولەنێوبردنی ئەوانە بەخزمەتێکی گەورە بەڕەگەزونەتەوەی خۆیان ئەزانن، وەجگەلە وەش جوولـە کە لەماڵ خۆشەویستیدا بێ هاو- ماڵن،لە دەرکردنی ئەم ئەنتێکانە لەخاکی وەلاَت زۆرتێکۆشاوون، وەداخە کەم بڕێ لە بازەرگانەکانی خۆمانیش لە گەڵ ئەواناهاوکاری- یان کردووەو، ئەی کـەن ، کـە بەڕاستی ئەوجورە کەسانەزۆرئەبێ لۆمەبکرێن .

ئێمە لەهەمووبراکوردەکانمان تکائەکـەین، لـە هـەرکـوێ شوێنێکـی مێژوویـیـان تووش ئەبـێ، دەس بەجێ بـەئیدارەی گشتي ئەنتیکە ناسي هەواڵ بدەن، کە لـەڕوَی زانیاریەوە،دەری بێنن؛وەخاترجەم بن کەئەوئیدارە بایی ئەوشتە ئەنتیکانەبەو کەسانە کەئەی دۆزنەوە، یاوالەخاکیانا، سەربەزیاد ئـەدات؛ وەبـەم جۆرە خرمەتێکی گەورە بەمێژوونەتەوەی خۆیان بکەن . وەئەوئەنتیکانـە بۆشانازي وسەربەرزي ئەون وهۆزو ڕەگەزیان، هەتاهەتایە لەئەنتیکە خانەی نیشتماندا ئەمینێتە وە.

## ئاموژگاری

ماوەی ل١٢

پرسیم: چیبکەم کەنیازم بەپزیشك ودەرمان نەکەوێ ؟ ووتی: کەمبخۆ! کەمبڵێ! کەمنبوە!. پرسیم: ژیر کێیە؟ ووتی: ئەو کەسە کە زۆرئەزانێت و کەمئەڵێت.

(بوزور گمیهر)

ئەگەر ئەتەوێ لەدونیادا بیی بـەپیاو، وەنـەڕێگای دنیاشتێکت دەسگیرببێ ' هەمیشە هاودەم وهاونشینی پیاوبـە ! چونکو هەر کەس لەگەڵ هەر کەسێکدا هەستاودانیشت، وەکوئەوەی لێ تێ .

(خواجەعبداللە انصاری رح)

ئێوە ئەگەر بەرز قسەبکـەن وبقێژێنن ، خەڵکي تەنیادەنگـەکەتان ئەبیسن . بەڵام ئەگەر لەسەرخۆو ئارام قسەبکەن ، گوێتان بۆ ڕائەگرن . وەئەلبەت گوێ ڕاگرتن چاکەتاتەنیا بیستن .

(بول رینو)

لەسەرەتای بەدیهاتنی دونیاوە گەورەترین شەرطی درێژەی ژیان ئامادگي بۆبەرگري بووە. هەربەدیهاتوێ کە چەکی بەرگري نەبێ، ئەبێ لەنێوبچێ .

(گوستاولوبون)

## ئەم وینانە شوینە شارساز یەکانی نەتەوەی کورد بەدونیائەناسینی



سینەبەند وگۆشوارەی ژنا نەئاڵتونی پانی پاك



کەمەربەندودەس بەندی ئاڵتونیی



کیلانی خەنجەر کەنەقشی سەری بەرانی لەڕۆهەڵ کنراوە، وە ئاڵتوونی پاکە



زەنجیری ئاڵتونیی

بنکەی ژین www.zheen.org

# مەولودنامەی پەیغەمبەری مەزنی ئیسلام حەزرەتی محمد(ص) دانراوی زانیاری بەناوبانك

**حەسەنی هەرتووشیی**

بوو دوئازا (١) ئەوژفکرا اینوئان
یومن نوورا ‹احمد›ەی بووپـاسبان
ڕۆژە کێوي گۆتەبابێ یـائەمیر !
ساعەتا ئەزبچمە بطحـائێ بەشیـر
منژپشتێ تێتە دەرنوورەك مەزن
ڕادبیتە سەر سەرێ منئەوژمـــــن
ئەزدبینم مونقەسم بوویە دوکـەر
یەك دشەرقێ یەك دغەربێچوییەدەر
تینەڤەچەسیان(٢)وچاپك بێدەرەنگ
تینەسەر یەك مثل عەورێ(٣)تازەرەنگ
ئەزدبینـم ئاسمان بوویـە دوشەق
ڕادبت(٤)ئەونوورتاهەفتم طـەبەق

---

(١)ئازاد، سەربەست (٢) سەرپێ، کرژ، گورج، چالاك، ئازا، قشت، چەلەنگ، زرنگ، کرژو کۆڵ(٤) بەرزئەبێتەوە، قلۆز ئەبێت، هـەڵ ئەسێتەوە.

قلۆز : لەشێوەی کوردي شیمالدا بەمانا بەرزوبلندە .

## چۆن بنووسین

ماوەل ١

وەیزانراوی ڕابوردوی سادەی ئەبێ بە: کردم، کردت کردی. کردمان، کرتان، کردیان.

کردەوەی داهاتـوی سادەی ئەبێ بە: ئـەکەم، ئەکـەی ئەکا (ئەکات) . ئەکەین، ئـەکـەن، ئەکەن .

کردەوەی التزامـیی داهاتـوی ئەبێ بە: بکەم، بکەی، بکا(بکات). بکەین، بکەن، بکەن.

کـران (کـریان)، ڕیشەی نەزانراوە ، کردەوەی ڕابوردوی نەزانراوی سادەی ئەبێ بە : کرام (کریام)، کرایت(کریایت)، کرا (کریا)، کراین(کریاین)، کران (کریان) کران(کریان).

کردەوەیداهاتویسادەیئەبێبە: ئەکرێم (ئەکرێیم) ، ئەکرێیت (ئەکرێی ، ئەکرێیت،ئەکرێیت) (ئەکرێییت ) ئـەکرێ ئەکرێ (ئەکرێت)ئەکرێن(ئەکرێیین).

ماوەل٤

وەرگێڕي پێشەك وڕاستکەرەوەیهۆنراوەکان:م.ص.م

# کنز العرفان

# دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرینووتار ((میر محمد صالح حسنی نعمت اللهی))

**ملقب بە«حیرانعلی‌شاه»ی کرماشانیی**

---

عیصیان بــــــــــارمن . . .
عەبدعاـــــــصي وعیصیان بارمن
دەمەی عاشوراس «حسین» یارمەن
لـوتف حـوداوەنـدنیگە دارمەن
ڕووەکـێ بـارم پەرێ مونـاجات
غەیرئەوکییەن «قـاضی الحاجات»
یاڕەب ! وەحورمەت ذات بێعەیبت
وەسڕ زمەخفي ئـ ـەسرارغەیبت
وەسولطان عیشقشای بەدەن چاکان
وەئـەولییای حـەق وەنـوورپاکان
وە عیشق لەیلاومەجنون ئـەکبەر
ببەخشە عیصیان عاصیان یەکسەر
لەجـام وەحدیەت بکەرسەرمـەستم
لە پـــــائـوفتادەم بگیرە دەستم
وەکارخانەیکار کەسپەینەوەردەت
وەشۆرعوشاق جام مەی وەردەت
لەغوصصە ومیحنەت بکـەردلشادم
من عـەبدعــــــاصیم بکەرئازادم
تاکە فارغ بولـە گنج گـەردون
تەکیەدەم وەلوتفـدەهەندەیبێچون
دژمنان خـوارو ، دوست ببۆدلشاد
خەبـەردەن وەهەم ئـازادان ئازاد
یـاڕەب ! وە «حسین» شای بەدەنچاکە
ئەبـواب عیلمت لە قەلبم واکـە
چونای تەنگمەن وەخت یاریەن
بیلاشەك قەبول دەرگای باریەن
دوعای «سەی صالح»وە شورمناجات
مەقبولەن لەلای «قاضی الحاجات»(١)

---

(١) خوێنەرە بەڕێزەکان ! بەوچەشنەکـە لـە پێشاهەڵمان دا ، خوداڵێ خۆشبو«سەی صالح» لەم پارچە دا لەپلەی سێیەمی خوداناسي دایە، وە خۆی بەئەندامێکی ناتـەوان و گوناباروتاوانکارناساندووە، وە لەقاپی یەزدانی مەزن ئەپارێتەوە کەلەسوچ وتاوانی ببورێ،وەبی بەخشێ.

لە خوێنەرە بەڕێزەکان تکائەکەین لە بارەی ڕێگای خوداناسی یەوەهەرجۆرە بیروڕاییێکیان هەیە بۆمانی بنێرن تابەناوی خۆیـانە وە لەم ڕۆژنامەدا، بەڵاوی بکەینەوە .

---

هەزارویەكشەو ٣٠٥

(کاتێ چیرۆك گەییشتەئەم جێگا؛ ڕۆژ بۆەوە؛وەشەهرزادقسە کەیپچڕی)

## گەشەوی چلودووەم هات

شەهرزاد ووتی: ئەیپادشای بەختیار! کاتێ خلیفە ڕقی لە قوةالقلوب جووی ، وەخستیەهۆدەیێکي تارێکەوە، تاهەشتاڕۆژهەواڵی لێنەپرسی. ئەزقەزا ڕۆژێ خەلیفە لەبەرهۆدە کەوە تێپەڕی ئەکرد، دەنگی شعرخوێندنەوەی قوةالقلوبی بیست؛ ڕاوەستا کەبزانێ چی ئەڵێت؛ کەچی مانای شعرەکان ئەمەیە کەئەڵێت : ئەی خوشەویستی من! ئەی یاری باوەفای من! تۆچەندخۆش خووپاك داوێن بویت؟! چاکەت کردلەگەڵ ئەو کەسا، کە: خراپي زۆری لەگەڵتا کرد . وەناموسی کـەسێکیت پاراست، کە ئەو ئابڕوی تۆی بردو، شاربەدەروسەرگەردان و بێخان ولانی کردی . وەنگاداریی نزیکی کەسێکت کرد، کە ئەوهەموو نزیکان وخزم و کەسوکاری تۆی بەدیل گرت . ڕۆژێ کەپاداش دەر ، خودایە؛ وشاهدە مەلائکەن، خوداحوکمی تۆلەگەڵ خەلیفەدائەکا وەتۆڵەیتۆیلێ ئەکاتەوە . کاتێ خەلیفەقسەکانی قوةالقلوبی بیست، گەڕاوەبۆ کۆشکی خۆی؛ وەقوةالقلوبی بانگ کردو، پێیووت : قوةالقلوب ! وادیبارە ، بەدەستیمنەوە هەیە؛ وەمن بەستەمکارئەژمێرێ؛ وەلات وایە کە : من خراپیم کـردووە لـەگەڵ کەسێکدا، کە ئەوچاکەی لەگەڵ من کردووە . کێیە ئەو کەوسە کە ناموسی منی پاراستووە؛ وەمن ئەوم بێئابڕو کردووە؟ وە کێیە ئەو کەسە کەنگاداري لە نزیکی منەوە کردووە، وەمن نزیکانی ئەوم بەدیل گرتووە؟ قوةالقلوب ووتی: ئەو کـەسەغانم

بنکەی ژین
www.zheen.org

م.ص.م

## لەهەرگولزاری گولی

## داخیی لەمەولەوی نووسیوە

ماوەلەپارچەی ژمارەی پێشوو

مەیخانەخالی مەیخواران بیٚ شەوق
بادە کەش ماتەم ، بادەنۆش بیٚ زەوق
زیاد جە گردی ، شای سینە سافان !
مەخدومی «معدوم»! مەلەوی جافان
جادار ژەویەی «بیسارانـی» بـیٚ
صاحیو تەریکەی «هادیو ثانی» بـیٚ
ئەشعار «یوسف» ئـەبیات «خـانا»
جەخەیال خاسیش وەهیچ مەنمانا
فەردوەش مەزموون «مەلا» کەی «گوران»
ئەبیات «تـور کە» مەدداح دەوران
واتەی «داشی وەند» «خانا»ی دڵ خەمین
فەرموودەی «شەفیع» دەروون ماتەمین .
ئەفکار ئەبکار «صالح»ی کوردە
ئەبیات نەبات «نەجـەف» پەروەردە
بیٚ نمود جە فیکر خەیاڵ خاسیش بین
بیٚ ووجود نەزای خاسان ناسیش بین

**ماوەی هەیە**

## ص مفتی زادە

تەم و گەردە لوول ملەو سەربەرزان
زەردی ڕوخساری گەڵای سەرتەرزان
چۆڵی و بیٚ دەنگی هەردان، ئێلاخان
ووشکاوی چـەمەو شەتـاوزاخان
پەشێوی گـوڵزار ، ماتی هەواران
کزەی وەرکاوان سـەردی کۆساران
یە گـرد نیشانەی ئامای پـاییزەن
یاخۆجە تەئثیر دووری ئازیزەن ؟!
پاییز یـانێهای فـەصڵ غـەمباران
یاوادەی سەردی مەیـــــل نازان
هەورنەو یـاییز چـون دەردەداران
مەوارنۆ ئەسرین نەزۆی کۆساران
چون من دیوانەو شەیداو سەرگەردان
مەگێلۆوەنەرم نەزۆی سەرهەردان
دیدەپڕ جە هەرس ، جگەرپڕ جەخار
پەریشان خاتـر ، دەروون تیرەو تـار
گا گا جە حەسرەت مەناڵـۆوەزار
وێڵ وسەرگـەردان نەکاوو کۆسار

مەگرەوو وە سۆزوینەی زامداران
مەڕیزنۆ ئەسرین وەتاوچون وارن

ماوەی هەیە

## وەلیی دیوانە

داخ وەبان داخ. . .
دەرد وەبان دەرد ، داخ وەبان داخ
جەداخ دووری شای بڵندەمـــــاخ
من جە گەرمەسێر ئەوشی وەلەیلاخ
جەوبۆنە داخـم نییەنش سامـان
یانەی باوانش نامـــــان وەدامان
ئیمساڵ نەو وەهاروەنەم دەیجووربیٚ
پەیچیٚ کە دیدەم جەدیدەش دووربیٚ
ئەوشی وەلەیلاح چون بیٚ بەینەتان
من مەنداں پەی دەردسزای مەینەتان
تەرسوون جەبازی بازار گـەردوون
جە کەچ ڕەوی چەرخ دەور دنیای دوون
«مەجنون» هاشت وەداخ سزای دەردەوە
قاپی خەم نەبەخت «فەرهاد» کەردەوە
یە کسەرهامسەران جە گیان بێزار کەرد
ڕۆی ڕۆشن جە عەین دەردینان تار کەرد
ئەونەردەوەبەخت «قەیس» مەجنون شەند
بەرد بنچینەش جە بنیاد هـۆر کەند

ماوە ل ٩

## مەتەڵ:

**١- بزن هەمیشە پاشی دیارە، کەس بۆی نانوازیٚ و هەرای لیٚ ناکا؛ بەڵام مەڕ ئەگەر جاریٚ بازبیا و پاشیٚ دەرکەویٚ، هەموو چەپڵەی لیٚ ئەکوتن وزەنگی ئەزرێنن.**

ئەڵبەت بڕی کار لەبڕی کەسەوە چاوەڕوان ناکریٚ ؛ وەئەگـەر لە دەسیەوە داکەویٚ، خەڵکی هەرای لیٚ ئەکەن؛ لەکاتێکدا بڕیٚ کەسی تر هەمیشە ئەو کارە ئەکـەن ، وە کەس دەنگ ناکا.

جا، لەو وەختا کە خەڵکی لە چاوپیٚ کەوتنی ئەو کارە لەو کەسانەوە دەنگیان دەردیٚ، ئەوان ئەم مەتەڵەیان بۆ دێننەوە.

وەئەڵبەت ئەمەمە تەڵەتاوانی ئەو کەسانە پەڕۆ ناکا؛ بەڵکو لەواقیعدا فەلسەفەی ئەو کارساتەڕۆناک ئەکاتەوە. چونکو بزن واخولقاوە کـە هەمیشە پاشی بەدەرەوە بیٚ ؛ وە ئەو عەیبەی بۆ ناشاردرێتەوە ؛ بەڵام مەڕ

ماوە ل ٩

هەزارویەکشەو ٣٠٦

کوڕی ئەبیو بە کە بەسەرخەلیفە سوێند ئەخۆم، ئەوبە چاوی خەیانەتـەوە تەماشای نەکردووم . خەلیفە ووتی: قوةالقلوب ! هەرئاواتێکت هەیە، بڵیٚ جیٚ بەجیٚ بکەمو بەدی بێنم . قوةالقلوب ووتی: جگەلە چاوپیٚ کەوتنی غانم ئاواتێکم لـە دڵانی یە . خەلیفە ووتی : بانگی ئەکەم وزۆرحورمەتی لیٚ یەوە ئـە گرم . قوةالقلوب ووتـی: خەلیفە! کاتیٚ بانگت کردە خزمەتی خۆت، منی پیٚ ببەخشە! خەلیفە ووتی بەسەرچاو، تۆی پیٚ ئەبەخشم . قوةالقلوب ووتی: کەوایە، ئیزن بفەرموو کەمن بڕۆم بەشوێنی ئەوا بگەڕێم؛ بەڵکو خوا بکا شوێنی هەڵ کەم وبانگی بکەمە خزمـەتت . خەلیفە ووتی: بڕۆ! قوةالقلوب زۆر گەش بۆوە، وەلە خۆشی داپێی سەعەرزنە ئەکەوت. دەس بەجیٚ لە خزمەتی خەلیفە هەستاوە، هەزاردینارپارەی لەگەڵ خۆی هەڵگـرت، وە ڕۆیشتە لای هەموو شێخەکانی شار ، وەپارە کەی لە نێوهەژارودا ماوا بەش کـردەوە . سبەینیٚ بڕیٚ تر شتی نارد کەلەبەینی غەریبەکانی شاربەشی بکـەنەوە . بۆئەم حەفتەوە دیسان هەزاردیناری تری هەڵگرت؛ وەڕۆییشت بۆ نێوی بازاری جەواهیرفرۆشان. لەویٚ دارۆغەی بانگ کردو، پارە کەی پیٚ داو،پێی ووت : ئەم پارە لە نێوی غەریبانی شارا بەش بکەرەوە ! دارۆغەووتی: ئەگەر ئەتەویٚ، تەشریف بێنە بۆمالی ئێمە،وەسەر لەغەریبێکی مانگ ڕوخساربدە کە نەخۆش کەوتووە، وەماوەیێکە ئێمە پەرەستاری لیٚ یەوە ئەکەین . من لام وایە کەئەوزۆرجەوانێکی ماڵدارو ناودار بیٚ، بەڵام یامالیان بەتالان بردووە ، یالە خۆشەویستی خۆی دووریان خستووەتەوە کـە قوةالقلوب ئەم قسەی بیست، دلە خورپێ پیٚ کەوت و،ڕەنگی پەڕیٚ و، بەدارۆغەی ووت: ئەری بەخودا زۆرحەزئەکەم، کەسیٚ لە گەڵما بنێرە،ماڵە کەم پیشان بدات.دارۆغە مندالێکی لە گەڵی نارد، کەی ماڵە کەپیشان بدا. کەقوةالقلوب گەییشتە ماڵی دارۆغە، دەرکی تەقاند ، دەرکیان لە ڕۆ کردەوە، ڕۆییشتەژوورەوە،سەلامی ژنی دارۆغەی کردوسفارشی دارۆغەی

بنکەی ژین www.zheen.org

کوردستان

بەشی کوردیی شمال

لاپەرەیی ، بوهەموجار

## شەرکاری لە هەمبەری بهافروتنی

عەمەلەکي زاف مەزن وهێژا، کودەولەتا نهۆدەست پێ کرییە، شەرکاریک گوژە لە هەمبەري بهـا فرۆتنێ .

مەچەند مەهابەرێ،لەبارازێدە بوَنا خەرجێ ژیانێ تشتەك نڤیسي ودەولەتاوي چاخێ ، بڤێ مەسەلا ژیانێ و گازندێد خـەلکیدا ، حەسساندن ، وەمەبۆ ئیثبات کرنا ڤێیەکێ ژئامارا بانگاملی کارکر هەلبەت ئەمنو کارن ، هەموسوچا باڤێن گەردەنا دەولەتا یەرین، لێ هەما ئەمدوکارن بێژن ، کـووێ دەولەتێدا، بەرنامەك کڤش پێشی گرتنابها فرۆتنێرا تونەبو ، لـە حالێك دەولەتانهۆ، ئەڤ مەسەلە، سەر گشتێ کارێ خودا، دانییە ، وەژسەرێ سەر، چەڤ ژاکري،وە حەتتا نهـۆنەتیجێد باشهانییە دەست .

ئەڤ مەسەلە ئیثبات بـوَیە ، کوبهایا تشتێد لازمەژیاخەلکێ، مەخسوسەن حاسلێدمەملەکـەت نابەکو، تەڤي قانونا کزینفرۆتنێ بە، یانێ ئەم بێژن چونکومەسەلەن (هێك) ، ژبەرێ گەلەتر بخەلکێ لازمە ، وەنهۆژبەرێ کێمترە، فیە. تاوێ ژدە شەیابەرێ وا ، قولۆزبە ، ببەسێ قران دەشەپي وەبەلکي ژي زیدەتر ،

بەلکي بهابونا گشتێ تشتا،دەست دەرکەتێ بوَیە،وەژبەرتماتیافرۆشنا سەراستبوَیە،مەخسوسەن چونکو هنەك مرۆڤ بناڤێ دەلالان،بۆ کو قازانجەك زیدەتر بکن، سەبابـێ ڤێ بهاتێ بێ نن .

عەمەلێد دەولەت وشەهرداریێ بێ ، دەوساخودا ، باش وبقازانجە، لێ هەما ، لەبەر چەڤێ مەبەس نینە،

مەسەلەن زولقاندنا نقیساریێ نرخا سەرتشتا ، ئەونێك دفرۆشە دو کارە بدلێ خوبگوهێرە،وەیاکو،تشتێ، نەژنێ وژێراتر، شوَناتشتێ بـاش بفرۆشە،وەڤي حالیدا، ئەواك لازمە سەمەرنایێ دەست .

بڤي جوري باش دبەك،نقیسارێد نرخا تشتا چاپي ومومرائیـدارا رەسمی لەسەروتاریخاۆیێ هەبە،وە مەئمورێد دەولەتێ ژی بگەرەن و سەرکێشیێ بکەن، کنجێ خوبگو- هێرن ، هەرنەدو کاناومغازا چەڤ ژاکەن ، وەهەگەربڤي جوري نەبە فرۆشکارێ، پاشي داپیناجرمـێ ، بخیالارەحەتێ پسازي بەبهافرۆتنێ بکن ، وەداپینا جـرمـێ، پێش دکێشینن دلێ خەلکێ تێمنەرەحمێ هەم ژي بیرباواریامەئەڤە، گـەرەك بدوکانێد تشتێ لازمەتیاخەلکـی ، نۆتلی نان پێتژاو گۆشت فـرۆشا وەخوارنێ ژشپرگرتی وئێمیش ، پێ دەرسەرکێشي وارە کرن، وەپاشیا ڤان سەر کێشیاژهەودي نەنێ نەبێ قەتاندن ، مەسەلەن نـان پێژێك

بئاردێ گێنم هنەك تشتاتێکەل دکە، وەنانێ هەڤیریان سۆتي ددەخەلکێ، گەرەك زێدەتر جرم وزۆرێ ببینە، وەئەڤان سەر کێشیا مەهەکێدا ، جارەك دودي یابەس نینە . بهـەر حالەکي ، یـەقین مقامێد رەسمی بخو،هاژێ کارێ خوهەنن،وەدبینن کوعەمەلێد وان کارەك کـریێـە یان نا .

وەلازمە خەلك ژي دەولەتـێرا ، ئالي کارێ بکە ، وەمرۆڤێد بهـا فرۆش بمەعەوَرا بدنەناس کرن ، لێ هەما دەولەتژي نابەکوتەنێ ، بچەڤ نهێریاگازندێدخەلکێ بمینە، چونکوپرێ ئەوان کەسێك دکەڤنە گێرابهافرۆشا ، ژبەرا ژێرین بوَنە، وەنزانن ، بکوشکایەت بکن ، وە چاوا و کێرابێژن .

شەرکاري یادەولەتێ، گەرەك کێم داپین وزێدە حەساب کرنێداژي ببە، وەڤەولیی سعدیوا، ژێ بژینا رۆژێ وسەرێ گێدو کاکولە ناڤ شەهەرەبە،ژکێم داپین وزێدە حەساب

کرنێ نامینه .

ئەم بشەرکاریادەولەتێ بچەڤێ

ئەفرمیێ مێزەدکن،وەپێرۆزیاوێ

بنالیی کاریامللەتداخوازیێ دکن.

## گوهراندناسیاسەتا ئامریکا

بهانناپارتیا دموکرات ، سەرکار ، بێشك گوهراندنەك مازنێ سیاسەتا ئامریکا دەروادایێ چێبە . چاواك گەلەك چەڤ دێرێدسیاسیی پێشتا دێبتن ، (نیکسون) ناولەسەرێ پارتیا جمهوَریخواز ، هلبژارتنا ئامریکادا پێرۆزنەبو،وەژسناتۆر(جان کندن)ناولەسەرێ پارتیادموکرات شکەست خوار. وەژمەهاژانویاتێ حەتتاچوارسالیدي پارتیادموکراتێ حکومەتا ئامریکا دەست خودابگرە .

لەچەند رۆژێ دەرباس بوَییی ، گەلەك تەوسیرلەجییێ سیاسیی یێدونیایێ لەباراهلبژارتناامریکاهاتێیە گۆتن . چەڤ دێرێدسیاسیی کوکارباری دونیایێدا سەرژشتاوان هەیە، ژپێرۆزییا پارتیادموکرات کێیف خۆشیا خونیشان دانە. بیرباواریا، وان ئەڤە، کوخەلکێ ئامریکا ڤێ هلبژارتنێدا نیشان دان ، کوژکارێ دەولەتا جمهوَریخواز و ئـەواك ژێبەرێدوێ دەولەتێ دگۆتن راضی نبوَن .

نیکسون ، قسەکرنێ هلبژارتنێدا ، بۆبرنا دەرەجەومقامـێ ئامریکابژۆرێ سیاسەتادونیاییدا، گەلەك تەلاش کرن ، وەژڤێ خەباتێ کارەك باش هاتێیەدەست. ئەوي گۆتێ، کوڤان چەندسالێ پاشیندا چو-

لەتمەك بەئیتبارا ئامریکا نەکەتێ خەلکێ ئامریکا بهراێبێك دان، دانە حەسساندن، کوداها بپرسێ ژێبەرێد جمهوَریخواز باواریاوان تونەیە ، وەحەز دکن کودەستەك خەباتکروار نەسەرکار .

نەراضیتی یا خەلکێ ئەمریکا، ژجمهووریخوازا ، ژهەشت سالا پێش کوئەوان هاتیە سەرکارئەشکەرەبو .

پرزیدنت ئایزنهاور ، کومرۆڤەکیی کالوژیبوو ، مەژبوَریبوَ گەلەك وەختا بۆ؛ رەحەتییێ، ژواشنگتنێ دەروا ، لەویستکا گۆلف بلـە یبزە .

وەتازەچوشك ایێ کرن،ئەو،لەحالێك مێرخاصکیشێروسەربازەکیی ناودار هاتە حەسێب ژسیاسەتا دونیایێ . ئەواك لازمە، ئـەوژي رەئیس جمهوَرییەتییا امریکا ، بزانبە هاژێ هەیی وبەرخوردارنبو.

پرێ رۆژناما دنڤیسن، کوچما، گەرەك رەئیسێ جمهوَرییەتەکێ ، گەلەك وەختێ خو، لەشەهەرێ (اگوستا) بلاڤردي یادەرباس کە .

لێ هەما، ڤان نڤسیراچو کارەك نەکر، وەختەکیی ژێ ئەوادوچاري سەکتەیێ بو .

لەوي هەیامیی ، حەتتانیی عندازەکێ کارباری مەملەکەت ، لە ئوستیێ نیکسون بو لێ هەما، گەلەك مرۆڤێد سیاسییێ ئامریکا ئەوا مرۆڤەکیی پڕیاییی نەدزانین .

بەرێڤا؛ کارباری دونیایێ وال گوهەری،وەبژەك ژخەلکێ ئامریکا، بئەڤاك ئامریکایێ بو کاربەژێنەریا دونیاییی بکـــە ، شکـــێ دابوَن .

ئشکەستنا جڤاتا سەرەکێ دەولەتێد مازن لەپاریسێ ، ژبەر رەخنا شوَرەوی، بفرینا فرندێد کەوش کرنێ ئامریکا ، لەسەرعەردێ ئوَرسیتێ دەربەك مازن ، بئابوَرائامریکا وجمهوَریخوازاخست .

ژوي چاخیی کڤش بو، کوپارتیا جمهووریخوازێ لە هلبژارتنا ئامریکا ، گەلەك سخلە تاوازوَ بزوَبە ،

وەلازمە زەحمەتەکیی زۆربکێشینن ، کوجەم خەلکێ ئامریکا، خوبێ سوَج و گونەدەرخن ئەڤ زەحمەت هاتە کێشاندن ، وەلەرۆژێـد پاشینە هلبژارتنێ پرزیدنت ئایزنهاور کوهێ ژي ناڤ مللەتێ ئامریکادا، ژێ حەزدکن خوهەوارانیکسونرا گیاند ، وەپێلێ بەخت و پشتیبانیـا خەلکێ ئامریکا، کوبەربئالییێ کندیدژێریاهنەکی بەر، بەنیکسون وەگەراند ، لێ بەلێ ئەڤ کارادیسازیێ بێ سەمەربو،وەنو کاري بو، پارتیـا جمهوَریخواز ، ژئشکەستنا یەڤین خلاس بکە .

نهۆلازمەچەڤ نهێر بوودیت. کوپارتیا دموکراتێ،چاوابو کاربە، ئافاتا بجبرینە .

چاپ اختر شمال تلفن ٢٥٥٠١

بنکەی ژین www.zheen.org

## مێژوی ڕیشەی ڕەگەزی کورد

نووسراوی:زاناى مەزنی کورد،احسان نوری
وەرگێڕاوی:د-ع-مفتی زادە

٧٩

ناوی ناوچەی «ماد» لەڕۆژگاری «ساسانی»یەکاندا ، بۆبە«مای» وەلەدەورانی عەرەبەکانا گەڕا بە«ماه». لەپاش ماوەیێکی درێژ کەدانیشتوانی ئەوناوچەبە« کورد»ناوئەبران، لەڕۆژگاری«سەلجوقی»یەکانائەوناوچەش بە«کوردستان» ناونرا . کرماشان وهەمەذان والوڕستانیش ناوخۆی سنوری کوردستان بوون حاکم نشینی کوردستان شاری«بەهار»لەنزیکی هەمەذانابو، کە ئەمڕۆ وێرانەکانی ماوە . لەڕۆژگاری «صفویە»دا ، بۆئاسان بەڕێوەچونی کاروباری کوردستان، هەمەذان ولوڕستانیان لێ پچڕی وجییا کردەوە .

مێژوەکان لەبارەی «کوسی» و«ماد»ەکانەوە ئەنوسن کە : مەڕو ماڵانی زۆریان بووە ؛ وەئەوان بەشووان ئەناسێنن . «ئەوستاش»ش «جەمشید» و«فرەیدون» بەخاوەنی ڕان وڕووگ و گاگەل ئەناسێنێ .

مێژوەکان ئەنوسن : لەنێوی«ماد»ەکانا خێزان لەژوێ حوکمی بێچەندوچونی باوکەوە ، پێك ئەهات . ژنی زۆریان ئەهێنا . لەیەکتر دوروسەربەخۆ ئەژیان ؛ بەڵام لەوەختی مەترسیدا یەکیان ئەگرت . سەبارەت بە« کوسی» یەکانی «ئەنزانە»یش ئەڵێن: گەلێکی سەربەخۆیی خوازبون کەڕام کردنیان زۆر گران . بۆشارەکانی دوژمنیان تالان ئەکردو، لەپاشان ئەگەڕانەوە سەرجێگای خۆیانو ، وەڵاتی دوژمنیان بەجێ ئەهێشت ؛ بەم بۆنەوەلەشەڕوپیرۆزیخۆیان سودێکیان دەسگیرنەئەبو . لەواقیعدا ڕۆڵەکانی ئەوانیش- کوردەکانی ئەمڕۆ- لەپاش چەندهەزار ساڵ ، هەر ئەوخوخدەی باپیرانی خۆیانە پاراستووە .

هەمو کوردەکان بەچوارهۆزی گەورەبەش بونەتەوە :

١- لوڕوبەختیاری ٢- کەلهوڕ ٣- گوران ٤- کرمانج

بەختیاری‌یەکان لەپیشان بەشێ لە «لوڕی گەورە» بون؛ لەپاشان بەناوی«بەختیاری»ناسران. لەمێژوی بەختیاریدا کە بەپێنوسی«سردار اسعدبختیاری» نوسراوە ، ئەڵێت: «ئەوهۆزانە کە لەڕۆژگارانی کۆنا لە «جبل السماق»ی ، شامەوە هاتونەتە ئێران ، بڕێکیان لەبەختیاریدا، وە دەستەیێکیان لە«کووە کیلویە»دا، نیشتەجی بوون، وەگەلێ لەوانیش لەدرێژای ڕۆژگارا نابوودبوون .

هۆزی لەوان ناویان «بەختیاری» بووە؛ وەها کەئەمڕۆیش تیرەیێ لەوان بەناوی «بەختیاروەند» ئەناسرێن .

«لورد گورزون» لەگەشت نامەی خۆیائەنووسێ : ئایا«لوڕ»ەکان تورکن یائێرانی ، وەیا«اسمیت»ن؟ هەموومێژو نووسەکانی ئەمسێ ڕەگەزە قسەیان لەوانەوە کردووە . وادەرئەکەوێ کە ئەوان لەوهۆزە کوردانەن کەلەلای ژورو(شمال)دا ، نیشتەجێ بوون ، بەڵام زمانی ئەوان لەزمانی فارسی ئەچێ، لەگەڵ ئەوەشاهێندە فەرقی لەگەڵ زمانی کوردانا نی یە .

جیهانگەردێ بەناوی «ریچ» کە لەکوردستاندا گەشتی کردووە ، بەختیاری بەکورد داناوە . کوردەکان خۆیان بەختیاری‌یەکان بە«لەك» ناو ئەبەن کە هوزێکەلە«لوڕ» !...

| | |
|---|---|
| ناوچە : منطقە | یەك گرتن: اتحاد |
| ماوە : مدت | خدە : عادت |
| ناوخۆ: داخل | پێنووس : قلم |
| سنوور : حدود | نیشتەجێ: متوطن |
| سەربەخۆ :مستقل | گەلێ : بسیاری |
| مەترسیی : خطر | گەشت نامە: سفرنامە |
| هێندە : چندان | |

م:ص:م

## بەشی مەولەویی
## پارچەی

٤٠

خوداڵی خۆشبو مەولەوی لەوەڵامی نامەی ئازیزدا ئەم پارچەیەهۆناوەتەوە، ئەڵێ: ئارامی دڵی پڕلە دڕکی دەردی دوری من! دە رمانی برینی بێ ئارامیم ! نامەت کە ناردبو بۆم پێم گەیشت، لە پەسائەمنا یەسەری چاوانمەوە .

ئازیز! لەنامەکە تادەروونت هاتبووە جۆش، وە کزەی دوری خۆت دەرخستبو، بەڕاستیی دۆ کەڵی کورەی دەروونی منت دیوانـد، وە برینی دڵی پڕخوێنی منت کولاندەوە .

ئازیز! یاخودا بێ بەڵابی، بۆچی نا یێڵی ساتێ بۆخۆم پشوبدەم وە لەدەس دەردوئێشی عیشقی تۆوە، بحسێمەوە ؟! مەگەر دن کەم ژوخاوی دوری تۆم خواردووە؟! ئەوادەربڕینی سکاڵای تۆش لەدەستی دوری، بۆمن بەجارێ توانالێی سەندم ولە ناوی بردم.

تەسکین دڵەی پرجەخارە کەم !
دەرمان زامان بێ قەرارە کەم !
نامەکەت کیپاست وەلای من یاوا
پەیا پەی نەڕوی دۆدیدەم ساوا
دەروونت وە کوڵ جۆش ئاوەردەبێ
کزەی دوری وێت اظهار کەردەبێ
دێونای دۆدی کۆرەی دەرونم
کولنانە وە زام دڵەی پڕهونم
نمازی ساتێ ڕاحەت بون پەی وێم
دەك بێ بەڵابی جێش مەکەری پێم!
من خو کەمزوخاوهیجرانم وەردەن
یەکجاردوری تۆتەمامم کەردەن.

### گوشەی لەمێژوویی...:

ماوەی ل ٦

ئاریاکانی ئێرانی توانییان بەئاسانی وبەسەنێروی شارستانیەتیی خۆیان بەسەریانا زاڵ ببن؛ وەئەوان بکەنە ژێردەسەی خۆیان ، یالەنێوی خۆیانا گومیان بکەن. لەڕۆژئاوادا لەگەڵ هۆزەجۆربەجۆرەکانی ڕەگەزی «سامی»دا بونەدراوسێ . لەلاخوارو ، وەلەلێوارەکانی خەلیجی فارسا زەنگی‌یە پۆستڕەشەکان بوون.

لەلێواری لاخواروی دەریای «خەزەر»دا ، چەندهۆزێ بون کەبەناوبانگترینی ئەوان هۆزەکانی «تپور» بون؛وەئەوناوچە بەبۆنەی ناوی ئەوانەوە بە«تپورستان» ناسرا؛ وەلەدووایدا ئەم ووشەی گۆڕرابە «طبرستان». ئێرانی‌یەکان لەچیرۆکە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆیانابەم بۆنەوە کەهاودەسانی ئەهریمەنیان بە«دێوە» ناوئەبرد، بەوانیان ووتوە: «دێوە»؛وە چیرۆکە نەتەوایەتی‌یەکانی ئێمەبەڵگەن لەسەرئەوە کە : پارتەکان وخێزانی ڕوستەمی زابلی لەگەڵ ئەم دێوە سپیدانا هەڵچوون؛ وەئەوانیان کردووەتە ژێردەستو فەرمان بەری خۆیان.

دووایی

| | |
|---|---|
| پایەی- جویا، خواستار | بەرین-فرودآمدن |
| زاڵ بون - پیروزشدن،استیلاء | کۆچەر - مهاجر |
| چیرۆك - داستان،افسانە | هەڵچون - مبارزە |

### چون بنوسین

ماوەی ل٣

ئەکرێت).ئەکرێین(ئەکرێێین). ئەکرێن (ئەکرێێن) . ئەکرێن (ئەکرێێن).

لەووێنانە داچەند شتمان بۆ دەرئەکەوێ :

١- ڕیشەی نەزانراودوجۆرە: یەکەم ئەوەیە لەڕیشەی زانراوی تێ پەڕ کەردوروست بکرێ، وەکو: کردن ئەبێ بە کران . خواردن ئەبێ بە: خوران ؛ بردن ئەبێ بە : بران ؛

جۆری دووەم ئەوەیە لەڕیشەی تێ پەڕ نەکەری گەڕاو بەتێپەڕ کەردوروست بکرێ، ئەوەش بەگوڕاندنی نیشانەی ڕیشەی تێپەڕنەکەر بە نیشانەی ڕیشەی تێ پەڕ کەرئەبێ، هەروەها کەلە باسی ڕیشەدا، هەڵمان دا؛ وێنەی جۆری یەکەم وەکو ڕژان (ڕژیان) کە لە ڕیشەی زانراوی تێپەڕنەکەری گەڕاو بەتێپەڕ کەری «ڕژاندن» دوروست کراوە،چونکە «ڕژاندن» لە ڕیشەی تێپەڕ نەکەری زانراوی «ڕژان» کە لە ڕواڵەتالە ڕیشەی نەزانراوئەچێ؛ وەنیشانەشیان وەکو یەکە دورست کراوە ؛

ڕێگای دوروست کردنیشی ئەوەیە کەنیشانەی ڕیشەی تێ پەڕنەکەر«ان» گۆڕراوەتەوە بەنیشانەی ڕیشەی تێپەڕ کەر کە «اندن»ە؛ هەروەهاش لەڕیشەی تێپەڕنەکەری «خەوتن» نیشانەی «تن»ئەگوڕێتەوە بە«اندن»ئەبێ بە: خەواندن . دانیشتن ، ئەبێ بە : دانیشاندن ..

لەژمارەی دواییش داهەر لەسەرئەم باسەم ئەڕۆین.

### لەکومەلا..

ماوەی ل٦

بیسات - عالم،دنیا
سرشت - طبیعت
نوسان - وصول، اتصال،وصل
گشت- عموم
گشتیی - عمومی
بەدی هاتو - موجود، مخلوق
داگیر کردن : تسخیر
پێنج هەست-پنج حواس

بنکەی ژین www.zheen.org

**مەتەڵە**

ماوەی ٤

ئەوعەیبەی شارراوەتەوە ؛ وەئەبێ ووریای خۆی بێ، کەدەرنە کەوێ. هەروەها ئەو کەسانە کە خەڵکي لەچاوێ کەوتنی بڕێ کردەوەی ناجۆرلەوانەوە دەنگ ناکـەن ، کاروباریان وەهایە کەئەبێ ئەو کارەیان لێ بەوە سەربڎا؛ بەڵام کەسانی تر کەکاروباریان لەگەڵ ئەوجۆرە کردەوەڎا ڕێك نـاکەوێ ئـەبێ ووریای خۆیان بن کە ئابڕۆیان نەچێ.

**٢ـ ئارد بتەقێنە و قنگ مەلەقێنە؟**

هەرکاتێ کەسێ بیانوێکـی نەکراوبگرێ؛ ئەمەتەڵەی لەبارەوە دێننەوە . چونکـو لەکاتـی ئارد تەقاندنا، قەت ناکرێ کەلاخوارۆی ئەندام تەکان نەخوا.

**٣ـ توڵ بێ و، کوڵ بێ و، ڕووشەی ناوبێ .**

هەرکاتێ کەسێ زۆرئازاری بەخەڵکي بگات؛ وەچەنـڎوەصفی وەهای تێدابێ کەهەمو، بەڵگەلە سەربەڎجنسي وناپاکي ئەوبێ؛ وە خەڵکي سکاڵابەدەسیەوەبکەن ، ئەمەتەڵەدێننەوە. یانێ کەسێ ئەو وەصفانەی بێ ، ئەبێ هەروابێ . هەروەها کەسەکێ کەتوڵ بـێ و کوڵ بێ و،ڕۆشەی ناوبێ، ناڕەحەتە.

**لەمەڕ ...**

ماوەی ٤

مەتەرسۆن جەبـەخت منیچ بشانـۆ
سزای ئەویاران پەرێـــم بمانۆ
ئێڎیچ وە قیسمەت «ابن السلام» بۆ
من وەی دەردەوە دەوردنیام بـــۆ
یاشا! ئەی نەردە نـەشانیم وەبـەخت
ئەربۆ، مەرگم بۆوەرجەواڎەووەخت
مەرگـم خاستەرەن من جـەوژیانە
جەی زینڎەگی پۆچ شاڎ پەشیمانە

## مەولەوی تاوگوزیی

خۆلاسەی کـەلام نوردیـڎەودڵ !
شفای ئێش نێش دەردان بی حاصڵ
سەوزەی حەیاتم ژەشتەی وەفای تۆن
ئەروەفات نەبۆ، زینڎەگیم جەکۆن

## مەلارەسول

دەستەی ئاهرین وەردای نـەگیانم
قیبلەم ئامانەن سەبەب نـەچێشەن
دڵ هابی وەگەرد شەماڵ بەردیەی هەرد
ڕێزەی مەیل تۆهێمای هەر پێشەن

## مەلاحامدی ئالیجانیی

صەوزە وەهەردا . . .

صەوزە هـەروەختێ ڕۆکا وەهەردا
ئاوێزان بکاز لفگـــــەل لەسەردا
گوڵ بێ بۆنـاوێ لەپای کـەمەردا
بەبۆ، بەڕەزا لەپـــــای کەمەردا
بەلۆل، وەك هالـەی دەورقەمـەردا
وەنەوشە لەپای وەفـــــراوسەردا
بەتەرتـرسەری ئـــــەخاوەبەردا
دۆدیڎەی مەستی لـەیەك نـەزەردا
لەجەستەی «حامد» صەڎئاهیر وەردا

**ئاموژگاریی**

## فخر العلمای سنەییی

دنیافانی یەن لازمـەن مـەردەی
مەبۆکارسازپو قییـامەت کـەردەی
ئەمما بەتاعەت کەس دڵ وەش نەبۆ
یابەمەعصییەت دڵ پـڕغەش نەبـۆ
هەرکەسێ خالق خاسش سرشتەن
باگوناکاربۆ، یاگەش بـەهەشتەن
عابڎێ بە بەڎخیلقەتش کـریان
نامش نەجومڵەی دۆزەخـی بریان
نەئەو بەعیصیان ، نەئێد بەتـاعەت
خارج وداخـڵ بین جەشەفـاعەت
«بەلعەم باعوز»،«بەرسیسا»ی عابەد
چون بەڎسرشت بین جەئاخر بین ڕەد
«نوصوح» سرستش بەخـاسي بییەن
بەوگشت گوناوە دۆزەخی نییـەن
تۆبێ ئەمري شەرع مەگێرە وەدەس
بەقەڎ تـەوانات تائـاخرنـەفەس
گـونای قەڎیمت بـاوەر وەنەزەر
ئێستیغفار کەرە بێ خـۆف وخەتەر
کەتۆتۆبەت کەردجە کەردەی وەڕپن
مەحوش مەکـەرۆ «رب العالمین»
نامەی سیاهت سفیڎ مەمانـــــۆ
هام ڕەفیق ڕێت پێت نمەزانـــــۆ
ئێمجار بەسەربەرزەشي وەمەحشەر
دڵبەرشاڎ وەتو، تۆشاڎوەدڵبــــەر

ماوەی هەیە

## تکا

**لەخوێنەرە بەڕێزەکان تکائەکەین: لەناردنی پارەی ئابوونمانی ڕۆژنامە خۆیان نەگرن؛ ئەڵبەت ئێمەکاتـێ ئەتوانین بـەم خزمەتی خۆمانە درێژە بڎەین کە خوێنەرە بەڕێزەکانمان دەس گرۆیـمان نکەن .**

**هەزاو یەك شەو** ٣٠٧

بەوڕاگەیاند . ژنی دارۆغە لە بەرپێی هەستاوە، زۆرحورمەتی لـێ یەوە گرت. ئەوجا قوةالقلوب بەژنی دارۆغەی ووت : تکائە کەم زۆتر، ببمە بـۆلای ئەونەخۆشە کـە سەری لێ بڎەم وهەواڵ پرسیی لێ بەوە بکەم . ژنی داروغە ڕانمایی قوةالقلوبی کرد بۆ هۆڎە کەی غانم . قوةالقلوب ڕۆیشتە سەرسەری و، تەماشای کردئەنوازێ لەغانم ئەچێ، بەڵام ڕەنگی زۆرزەردە، وەزۆر لەڕولاوازیش بووە، زۆرسەری سڕما، وەبەتەواوي دڵ نیانەبۆ کەئەوغانم بێ. لەپڕەلی هاتەسەرو، پرمەی گریان گرتی، وەدەستي کردە گریان بەسەرـ یەوە؛ وەئەی ووت: غەریب ئەگەر لەشاری خۆیاشازادەبۆبی، لەغەرپبیڎاهەرهەژارو کزە؛ وەخەڵکي بەچاوی سوۆك تەماشای ئەکەن. ئەوجادەواودەرمان وشەرابی بۆهێنا پێشەوە، پێیدا خواردي؛ وەسەعاتێ لەسەرسەریەوە دانیشت .لەپاشان هەستاوەسواربۆ، گەڕاوە بۆکۆشکی خۆی هەموڕۆژێ بەم جۆرە لەکۆشك ئەهاتە دەرەوە، پرسیاری لە غانم ئەکرد کەبەڵکو پەیدۆ ڕێتەوە. ئەڕقەزاهەرلەوڕۆژانادایك وخوشکی غانمیش گەیشتبوونە بەغداد؛ وە ڕۆییشتبوون بۆلای دارۆغەی بازار. دارۆغەش ئەوانی هێنابۆلای قوةالقلوب، وەپێی ووت : ئەی خاتون ! ئەمڕۆ ژنێك و کچێکی غەریب ولـێ قەوماو؛ هاتوون، کە بەسیمایانا، دیارە گەورەوئوجاخ زادە ودەولەمەنڎ بوون؛ وەلێ یان قەوماوە؛ بەڵام ئێستا سیپاڵی شڕیان لەبەرایە؛ وەهەمانەی گەڎاییش والە ملیانا، وەهەرئـەگریێن . من ئەوانم هێناوە بۆخزمەتت کە لەگەڎایی کردن ڕزگاریان بکەی . هیوام هەیەبەم کارەبەهەشت بۆخۆت بکڕی . قوةالقلوب ووتی : زۆبڕۆ، بیان هێنە بۆلام؛ بەڕاستي بەم تارێفی تۆیەمنیش زۆرئارەزوی چاوپێ کەوتنی ئەوانم بۆپەیڎابۆ. دارۆغـە دەس بەجێ ئەوژن و کچەی هێنا بۆلای قوةالقلوب کاتێ کەقوةالقلوب چاوی بەوان کەوت کە زۆرشیرین وجوانن و بـــــــــەم جۆرە گەڎا کەوتوون، دەستی کردە گریان بۆیان . ئەوجا ووتی: دیارە ئەمانە بەنازونیعمەت گـەورەبوون، وەشوێنی نەجیبي و

بنکەی ژین www.zheen.org

# ریزەکاریی

**دەنگ نەدانی تەپڵ** : نەمانیسام یانەتاو ئیعتیبار . بناغە کەی ئەوەیە، کەجاران،هەردەستەسوارەیێ، کەلەشوێنێکەوە بۆشوێنێکیتر ڕۆیشتبێ، لەبەریانەوە، بەهەواییکی تایبەتی کەپێی ئەڵێن : «هەوای سوارە» دوتەپڵە لێدراوە؛ وەبەدەنگی تەپڵدا، زۆري و کەمیی سواران دەر کەوتووە؛ چونکو ئەگەر هەرچەن زۆرتر بوبێتن، بەشبەش بوون بۆچەن دەستە، وەهەردەستەیێ، بەجییا تەپڵێی دەرییبووە ! زیبادلەوە ، هەردەستەسوارەیێ، ڕێکوپێکتربوبێ،تەپڵیشی باشتروەدەنگدارتربووە. کەوابۆ ' دەنگی تەپڵ ، شتێکە کەسام وترس ئەخاتەدڵی نەیاران (مخالفین)ی خاوەن تەپڵەوە، یانەتاو ئیعتیباریەخاوەن تەپڵئەدا!وەبەو بۆنەوە، زۆرجوان وبەجێگایە، بۆ کەسێ کەسام وهەیبەت یانەتاوناو بانگە کەی جارانی نەمابێ بڵێن: «تازەئیترتەپڵی دەنگنادا» .

**لەکڕچونەوە**: نەمانی گوڕ وعەلاقەی گەرم بۆبەدي هێنانی مەبەستێ. کاتێمرپشك والە کڕدا (یانێ: کاتی ئەوەیەتی کەهێلکەبنێنە ژێری‌وهەڵی بێنێ)، هەمیشەخەرکی‌هاتوچۆ و گاڵە گاڵوهەراوبەزمە؛ بەڵامکاتێ لەکڕئەچێتەوە، بێدەنگ وئەهوەن ئەبێتەوە . بەوبۆنەوە ، کەسێ کە بەینێ تێکوشانێکی گەرمی، بۆبەدي هاتنیمەبەستێ بووە، وەپاشان دڵیساردبووەتەوە وئەوتێکۆشانەی نەماوە ، لەومرپشکەئەکا کەدووای بەینێ گاڵە گاڵ لە کڕچووەتەوە .

**ڕیش لەبەرهەتاوەوە سپیی بوون (یا: کردن)** : کینایەیە لە نەفامیی وبێعەقڵیی. ئەڵێن: «ڕیشی، لەبەرهەتاوەوەسپیی کردووە»یانێ: نەفام ولەهەموشت ناشارەزایە؛ یا کاتێ، کەسێ‌شتێ بە کەسێکی‌تربڵێ کەمەعنای بێ‌سەلیقەیی ئەو کەسەبگەیێنێ، لەوەڵامدا ئەڵێ: «مەگەر لەبەرهەتاوەوە ڕیشم سپیی‌بووە!؟» . بناغە کەی ئەوەیە، کەفام وسەلیقەی مرۆ، بەبۆنەی‌ژیانی کۆمەڵایەتیی،وەچاوبڕینلەکردەوە و واتە(قسە)ی خەلکەوە دائەمەزرێ؛ وە کەسانێ، کەدایم وانبەکەژو کێوەوە، وە کە متر تێکەڵی‌خەڵك و کۆمەڵئەبن،لەفام وشوعوری دیگەران کەڵکنابەن، وەلەوبەشە گەورەیە بێ‌بەش ئەبن.

**کەپرصەوز**: کەسێ کە لەسەرحاڵێکەوە ڕانەوەستێ ، وەزۆرزۆ ویستوئیرادەی بگوڕێ. لەوەوە گیراوە، کەعێلی گەرمییان کەر، بە هاویندا کە پردروس‌ئەکا ؛ وەئەگەر لەوێدا بمێنێتەوە کەپرە کەی ووشك ئەبێتو ڕەنگی ئەڕوات وزەردئەبێ ؛ بەڵامئەگەر ئەوشوێنەی پێ‌باش‌نەبێ، هێشتا ئەو کەپرە صەوز(شین)ە ، ئەچێ‌بۆشوێنێکیترو ، کەپرێکی تازە ئەبەسێ ؛ وەئەگەر دیسان ئەوێشی بەدڵ‌نەبێ ، هەم ئەگوێزێتەوەبۆجێگایێکی‌تر،وەهەر بەوچەشنە... تائەبینی کەهاوین دووایی‌دێ‌وە کەپری‌ئەوعێلەهەرصەوزە. کەوابۆ کابرای‌بی‌ئیستیقامەت بەوعێلە شوبهێنراوە' چونکو ئازاوویستی‌خۆی لەسەرشتێ ، ویلئەکا ، وەئەکەوێتە شوێنی شتێکی‌تر .

**گوێ‌لەقسەیێ پڕبون** : ئامادە نەبوون بۆبیستنی ئەوقسە، بەو بۆنەوە کەزۆربیسترابێت و کۆن‌بوبێ،وەتاقیی کرابێتەوە کە کەڵکێکی تێدانییە. گوێ، شوبهێنراوە بەدەفر(ظرف)ەوە، کەدێران(ظرفیت)ی، مەحدودەولەئەندازەدایە؛ وەهاتوئەوئەندازەیەتێ کرا،ئیترهیچنادێرێ؛ وە کابرا کەئەڵێ: «من گوێم لەمقسەپڕە» ، مەبەستی‌ئەوەیە کەئەوەندەئەم قسەیەم بیستووە کە، دێرانی گوێم نەماوە ' وەئیتر جێگایێ لە گوێمدا خاڵیی‌نییە، کەجارێکی‌تر ئەوقسەیەتێ بکەم .

**لابەلا :**



١ـ ئازادە ودەستەڵاتدار بەرسەرخۆدا ٢ـ مەکانە، شەوقیبەئەحبابە ، ... کۆنەدەوار☆ زەمانە، عەیشی بەئەحبابە، بایەئاووهەوا ـ لەو سەرەوە، ئەکەوێتەنێوانی « موصولوصلە »ی کوردي ٣ـ ئەنوسێتە دووای ئیسمەوە ، وە ئەگەیێنێ کەئەوە غەیری یە کێکی دیکەی لەبیچموتیپی خۆیەتی ـ کورتە (محفف)ی «وەها»، یادبا» بەهەورامي ٤ـ لەسەرەتای ئەمری فەوری‌یەوەدێ ـ لێوی بەرەودووای فارسیی ٥ـ بۆبزێ گییاندار، هەمیئنۆ کە هەمپێلا (کەوش) ـ بەرامبەری ئەرێوبەڵێ ٦ـ ئەوەندەی نەماوە ببێتەڕەگ ـ بێفرۆتن' بەدێنایێ ٧ـ خێزانی خاناحمدخانی بەناوبانگ کەخوشکی

**بەرەوخوار:**

١ـ یەکێ لەئەندامەکانی ناوسك ـ زۆروریا، کەئازارئەپەڕێت وهەرشتێ بقەومێ زرپێی ئەزانێ ٢ـ کەری کلك بڕاوی هەورامان ـ ئەڵێن . کەسێ دراوی زۆری‌ببێ ئەوەدەردێنێ ٣ـ لەگەڵ برنج تێکەڵی ئەکەن ، وەچەشنە پلاوێکی لێدوروس ئەکەن، کە حەتمەن کشمیش (مێوژی وورد)ی تێدایە ٤ـ برای کرماشاني، ئاڵۆزبووە وفەرمانی مردن ئەدا ـ وادییارە ، هەر لەبەر کۆني، شڕبووە وشێواوەتەملبەکدا ٥ ـ درێژی ڕاوەستاو، یاشتێ، کەنێوانی لەگەڵ عەرز زۆربێ ٦ـ گییایێ ، کەزۆر بەرزئەبێتەوە ، وەئەپێچێتەقەد چناروشتی وەهادا ـ العجب ، دیدەم ! عجب،..چێشەن☆؟!چەندساڵەنوەتیرمژەتدڵژێشەن چرقەی‌قرچەی‌جەرگسەنگنەبەژتاوان☆ هێمای‌پڕپسکەش وەلات‌نەیاوان ؟!٧ـ خواهش‌والتماس ـ شتی‌وە کوماڕق،ناودەم ، وەمالێ‌ئەکا .

## کراوەی چوارقوژبنی ژمارەی ٧٧

**لابەلا** : ١ـ کرچ ـ تیز ٢ـ هەشت ـ وە٣ـ فرین ٤ـ هەم ـ عوج ٥ـ شانس ٦ـ هر نسار٧ـ قەل ـ کری .

**بەرەوخوار** : ١ـ کەلەشەق ٢ ـ رە ـ هارە ٣ـ چش ـ من ٤ـ تفـسن ٥ـ رع ـ سك ٦ـ یویوـار ٧ـ زەنجیر.



گەورەیی‌لە سیمایانەوە ئەدرەوشێ. دارۆغە ووتی: خاتون ! دڵ نەوایی‌هەژاروفەقیر زۆر کارێکی گەورەیە؛ وەبەلای خوداوە گوم نابی ؛ وەخودا پاداشی گەورەی‌لە سەرئەدا. بەتایبەتیی‌ئەم ژنو کچە غەریبە، کەماڵیان تالان کراوە'وە خۆیان دەربەدەربوون. دایك وخوشکی غانم کە قسەی دارۆغەیان‌بیست دەسیان کردە گریان ؛ وەغانمیان وەبیر کەوتەوە ؛ زۆر براژۆ، وەشیوەنیان کرد قوةالقلوبیش لەگریانی‌ئەودەستی کردە گریان. لەپاشان دایکیغانم دەستی بەرز کردەوە ،ڕوی لە ئاسمان کردو، ووتی:لە خودام ئەوێ کە بەدیداری کوڕی خۆشەویستم غانم بن ئەییوب شادم بکاتەوە . قوةالقلوب کە ئەم قسەی بیست، زانی کە ئەوژنە دایکی‌غانمە و کچەکەش خوشکیەتی. ئەوجائەوپش هێندە گریا، کە لەسەرخۆی چۆ. وەختێ‌هاتەوە سەرخۆی، ڕۆی لە دایك وخوشکی غانم کرد، وەبەوانی ووت : هیچ خەفەت‌مەخۆن ! بەیارمەتی خودا ئەمڕۆسەرەتای خۆش بەختیی‌وکامرانیی‌ودووایی‌خەفەت وپەژارەوبەد بەختیی ئێوەیە.

(کەچیرۆك گەییشتەئەمجێگا،ڕۆژبۆوەوە، وەشەهرزادقسە کەی‌بڕی)

## گەشەوی چل‌وسیەم هات

شەهرزاد ووتی: ئەی پادشای بەختیار! قوةالقلوب بەدایك وخوشکی غانمی ووت : خەفەت مەخۆن ! ئەمڕۆسەرەتای خوش بەختی تانە . ئەوجا بەدارۆغەی‌ووت ئەمانە ببەرە ماڵی‌خۆت، هۆدەیێکیان بدەرێ وەبەژنەکەت‌بڵێ کە بیان باتەحەمام؛ وەسپاڵی تازە وجوانیان لەبەرکات . وەمشتێ‌لیرەی بەداورۆغە دا، کەلە باتیی بایی سیپاڵە کە حەسێبی بکات . بۆ سبەینێ‌قوةالقلوب سواربۆ، ڕۆییشت بۆماڵی‌دارۆغە.

وتاری‌دینیی

**ماوەی ل ١**

باشترێك ئــە کــەوێ ـ زۆری
ەسەند، وەبەجارێ هەستی‌هاوکاریی
لەناوئەبرد؛ یا(بەزمانی‌دین)باری
انی‌یەت زاڵ‌ئەبوو بەسەرباری
ڕۆحانیی‌بەتدا، وەخواق وخوی
باش‌وپەسەند، بەجارێ‌لەئەفرادی
ئەو کۆمەڵانەدا ئەمــرد، وەخدەو
کردەوی پیس وناپەسەنــد، جێی
خۆیی‌ئەکردەوە، بــەوچەشنە کە
مێژوی‌دنیاباسی ئەکا،وەلەخوێند-
نەوەی بەسەرهاتی چینەکانی‌مروە-
وەدەرئەکەوێ، وەئەم‌ڕزەووتارە ،
جێگای‌باسی هەزاریەکێکی نییە.
لەهەرکام‌لەوخولانەدا، کەسانێ
هەڵ‌ئەکەوتن، کەبەرهەڵستی‌ئەو
کولۆلیی‌وڕۆژڕەشی‌یەی کۆمەڵە-
کەی‌خۆیان‌ئەوەستان،وەبەخەڵکیان
ڕائەگەیاند، کەیاسای‌هەرکەس
بۆی‌بچەلێ ، بەهەرڕێگایێ کە
بووە،ماڵ‌وماف(حق)ی خەڵك‌دا-
بگرێ،وەنەبێلێ کەس،لەوەی کە
هێناویە تەدەس کەڵکێ ببا ، وە
وەکو هێسرێکی تۆڕونارەسەن ،
بەلەقەوجوتە، بــەربێتە گیانی
هەرهاونەوعێکی ، کەبەئاخوڕە-
کەی،نزیك‌ببێتەوە»، یاسای‌ژیانی
مروایەتیی‌نییە. ئەوهەڵکەوتووان
(نوابغ)، بۆڕزگارکردنی کۆمە-
ڵەکانی خۆیان ، لەگیان وماڵ‌و
ژیانی خۆیان‌ئەبووردن؛ وەلەگەڵ
هەرشتێکدا کە بوبــو بەدەسەك
(عامل)ی لەئەندازە لادانی‌هەستی
هشتومڕ؛ وەمردنی‌هەستی‌هاوکاری
تێ‌هەڵ ئەچوون! ڕایان ئەگەیاند
کەهەرکەسێ،خاوەنی‌ماڵ و گیان‌و
کاروتەلاشی خــۆیە،وەهیچکەسێ
مافی‌ئەوەی‌نییە کەبێ‌ڕێگا ، وەبە
زۆریابەتەڵەکە، دەسدرێــژیی‌بکا
بۆماڵ یا گیان‌یاهەرمافێکی کە-
سی‌تر. ئەوانە پەیغەمبەرانی‌خودا
بوون‌صەڵوات و سەلامی خودایان
لێ‌بێ کەلەهیچ هەڕەشەیێ کۆیان
نەدەکردەوە، وەبەهێزی خوداو
حەقق‌وحەقیقەتێ کەبەدەسیانەوە
بوو، بەسەرهەموو کۆسپەیێکدا تێ
ئەپەڕین؛ وەهەرکام بە گــوێرەی
نیبازی‌ڕۆژگاری‌خۆ، وەبەفەرمانی
خودای‌خۆیان، دەستوراتێکیان ،
بۆیاسای‌ژیانی کۆمەڵی‌خۆیان‌دا-
ئەنا، کەئەودەستوراتە‌تەنیاڕێگای
ڕزگاری‌وبەختیاری‌ئەو کۆمەڵانە،
وە هۆی تێ‌شکانی یــاسای زۆرو
تەڵەکە ، و سەرکــەوتنی یاسای
عەداڵەت وڕاستیی‌ودۆستیی‌بوو.

ناتەواو

**ماوەی‌سەرووتار**

ماوەی‌ل١

زۆرتر‌ەلەجاران، وئەوەش‌لەجاران
کەمتردەس ئەکەوێ، بایی‌ئەوە،
لەنیوقــەرانەوە، ووردە ووردەسەر
کەوتووە تاسێ‌قەران‌ونیو،وەبڕێ
کات‌بەزۆرتریش‌ئەفرۆشرێ؛ بەڵکو
سەرکەوتنی بایی هەموو کوتاڵێ،
دەسد ورۆس‌وغەیرە تەبیعی‌یە، وە
لە بەرتەما کاری فرۆشیاران پێش
هاتووە،بەتایبەتی بونی‌بڕێ‌واسطەی
وەکودەلاڵ ـ کە هەرچەند گرانتر
بفرۆشن‌سودی‌زۆرتر ئەبەن ـ بووە.
بەهۆی بناغەیی گرانیی.
تەلاشەکانی‌دەوڵەت‌وشارداری،
بەجێی خۆی باش وبــە کەڵکە ؛
بەڵام بــەبیری ئێمە، بــوتاوبەس
نییە! مەسەلەن: فرۆشیاربەئارەزوی
خۆی ئەتوانێ، ئەوەی‌بــابی‌بڕێ»انە
کەئەنرێنەسەر کوتاڵەکان‌بگۆڕێ،
یا کوتاڵی‌ناوە ڕاست وسوك،بنێتە

سقز: نافع- مظهر

# دیاریی خوینەران

## پاسەوان‌ومەست

پاسەوانێ ڕێی‌بەمەستێ گرت وڕای کێشایەپێش
مەس‌ووتی: کابرابەرۆکم بەردە!خۆهەوسارنی‌یە!!!
پاسەوان پێ‌ووت : دیارەمەستی ! پێ‌لار دائەنێیت !
جوابی داوە : ڕێگە لارولوێرە ، ڕەوتسم لارنی‌یە
پاسەوان پێ‌ووت: هەتاکو ماڵی قاضیی بێ‌ڕۆین !
مەس وەڵامی داوە : قاضیی نیوەشەو بێدارنــی‌یە !
پاسەوان پێ‌ووت: نزیکەماڵی فەرماندار ، بچین!
جوابــی داوە : ئێستەبــۆمەڵی مێوتــۆ ، بارنی‌یە
پاسەوان پێ‌ووت: لەمزگەوتــا . بە! تادارۆغەدێت
مەس ووتی : ماڵی خودا جێی‌فاسق وبەدکارنی‌یە
پاسەوان پێ ڕاگەیاند : پولێ بدە ودەرچۆ لەدەس
مەس‌ووتی: دیوانی حەق جێگای زەڕودینارنــی‌یە
پاسەوان تونەبــو، ووتی : زۆئەکــەوانە داکەنە!
مەس‌ووتی: زۆرکۆنــە، شپتاڵی لەچڵکا دیارنی‌یە
پاسەوان‌پێ‌ووت: بەهۆشی؟! کووا کڵاوو مێزەردت؟
مەس‌ووتی: سەرعقلی بێ، بێ‌مێزەری هیچ عارنی‌یە
پاسەوان پێ‌ووت: زوانت لاڵەهێندەت خواردووە !
مەس‌ووتی: کەم‌بێژە! کەم‌یازۆر، بەتۆم هیچ کارنی‌یە
پاسەوان پێ‌ووت: گەئاگادار، ئەکاتەنیبهی‌مەست!
مەس‌ووتی: ئاگات‌لەکوێ‌یە؟! پیاوی ئاگادارنی‌یە

زۆرسپاسی هۆنەری خۆش‌مرخی کورد کاك«نافع‌مظهر»ئەکەین.
کەلەسەرتکای ئێمە ئەم‌پارچە هۆنراوە جوانەی لەدیوانی شاعرەی بە
ناوبانگ خوداڵێ خۆش‌بو « پروین‌اعتصامی » وەرگێڕاوەتەوە ، وەبە
ناوی دیاری بۆئێمەی ناردووە، هیوامان‌وایەهەمیشە ئەوان وبراکوردە
کانی‌ترمان لەهاوکاری لەگەڵ ئێمەدا، خۆیان نەگرن؛ وەبەنــاردنی
پارچە هەڵبەست وبەڵاوی خۆیان سەبەرزمان‌بکەن. سەرکەوتی هــەمو
براکوردەکان لەخودا ئەخوازین.

# ئامۆژگاریی

هەروەختی ئەڕۆن بۆسەردان لەنەخۆش ، یابۆسەر سلامەتیی‌لای کەسێ،ووریابن کە لەباری ئەونەخۆشەوە،یائەومردووەوە، قسەی‌خراپ نەکەن؛ وەهەرچاکەیان بڵێن.

(حضرتی‌محمدص)

هەرکەس لەوەختی مردنی خوشەویستیا گریان وشیوەن بکا، وەبەدەس‌بماڵێتە سەررانی‌خۆیا،یابداڵە سەروچاوی خۆی،هیچ‌پاداشێکی چاکی بەلای خوداوە بۆنامێنێ.

(حضرتی‌علی‌رض)

ئازیەت باری لەپاش‌سێ‌ڕۆژ، تازە کردنەوەی موصیبەتە،وەپیروز بایی‌ووتن لەپاش‌سێ‌ڕۆژ، بەڵگەی کەم‌بونەوەی دۆستی‌یە.

(یحیی‌بن‌خالدرح)

بوزورگمیهر ئەڵێ: لەمامۆستام پرسی : چی‌یە کــە گەورەیــی لەبەین ئەبا؟ ووتی: لەدەوڵەمەند، مشت قوجاوی؛ لەزانایــان خۆبەزل زانین؛ لەژنان بێ‌حەیایی، وەلەپیاوان درۆووتن.

پرسیم: لەدونیادا بەدبەخت کێ‌یە؟ ووتی: گەدا. پرسیم: نیعمەتی هەدوو دونیا بەچی بەدەس‌دێ: ووتی: بەشوکرانە بژێری.

**نەتەوایەتی...**

ماوەی ل٧

لەدەورەی هەزارەی پێش لەمیلادو کەمێ زۆرتر بــووە ، ئێستابیرو باوەڕی چەن کەسێ لەمێژو نوسە وەکۆنەکان، کەماوەی‌ئەم‌پەیوەند- یانەلەزۆژگاری‌زور کۆن‌تروەزانیوە، کۆنیی‌ئەوە لەکاتێکدائێرانــی بون‌وئاریایی بونی‌ئەوان‌دەرئەخا، پێشان‌ئەدەم .

بەجۆرێ کە « قزاڵلا کاشە ئادادە»لە٠٠ ٢٤سالی پێش لەمیلادا لەعەشیرەی « کاردا» باس ئەکا ، وەبەردەنوسراوەبەدەس‌هاتووەکان لەتێکوشینی « گوتیە» کان لەناو- چەی«مادای» هی٠٠ ٣١سال‌پێش لەمیلاد ئەزانێ، ناوی‌سەرزەمینی «لولوبیوم» « گوتیوم»لەنوسراوە- کانی‌ڕۆژگاری «سارگن»پادشای «ئاشور»ا بینراوە کەلە٠٠ ٢٧ساڵی پێش لەمیلادا بووە.

ئەڵبەت‌یەکی لەمێژونامەکان ئەنوسێ لەهەزارەی‌چوارەمی‌پێش لەمپلادا گەلێ لەدەشتەکانی‌دورە- وەهاتونەتەکێوەکانی زاگروس، وەلەوێ جێگایان گرتووە، وە لێ کولینەوە زانیاریەکان‌وزەمین دڕێنەکان لەوناچەنــاوبراوەدا ، گەلێکی کۆن‌ترلەمانەی پیشان نەداوە؛ باوەکو دوکتور «سپایزر» مادەکان‌لە٠٠ ٦‌ساڵ‌پێش لەمیلادە- وەدانیشتوی کێوەکانی‌زاگروس ئەزانێ‌وەئەمەهێز ئەداتەنوسراوە- کانی مێژونوس وپێشەوای بەناو بانگی «کەلدانی»«بروس» کەلە سەدەی سێیەمــی پێش لــەمیلادا ژیاوە، وەلەباسی نەتەوەڕەگەزا «مزرتشرا»ئەم‌پەیغەمبەری‌ئاریاییە بەسەرزەگەزی مادەکان‌ئەزانێ کەلەنێوانی‌ساڵەکانی٠٠ ٣٠تا٠٠ ٢٣ ساڵ‌پێش لەمیلاد لەکەلدەداپادشا- یيان کردووە. کەلەحەقیقەتداهەر ئەو گوتیانەبوون کەلەوڕۆژگارانا دەوروبەری کەلدەیان کــردبوە جێگادەس دریژی وهەڵمەتدانی خویان،وەجاربەجارێکیش‌لەوناوانا پادشاییان کردووە.

**ماوەی‌هەیە**

www.zheen.org

# کوردستان

### لێ کۆڵینەوەی سیاسیی

## گورانی سیاسەتی ئەمریکا

هاتنە سەرکاری کۆمەڵەی «دموکرات» لە ئەمریکا دا، بێشك ئاڵوگۆرێکی گەورە لە سیاسەتی ئەمدەوڵەتە، لەگەڵ خۆیا دینێ. هەروەها کە گەلێ لەسیاسەت زانەکان پێش بینی یان ئەکرد «نیکسون» دیاري کراوی کۆمەڵەی «کۆماري خواز» بۆ سەر کۆماري ئەمریکا نەی توانی لە هەڵ بژاردنی ئەم وەلاتا پیرۆزي بەدەست بێنێ؛ وەلە «سەناتۆرجان کینیدي» دیاري کراوی کۆمەڵەی «دموکرات» شکستی خوارد؛ وەلە مانگی «ژانویە»ی ئایەندەوە تاچوار ساڵی تر کۆمەڵەی دموکرات کاروباری ئەمریکا ئەگریتە دەست. لەچەنڎ ڕۆژی ڕابوردوا سیاسەت زانەکانی دونیا سەبارەت بەئەنجامەکانی هەڵ بژاردنــی ئەمریکا زۆر لێ کۆڵیونەتەوە.

ئەوسیاسەت زانانە کە لەکاروباری جیهانی دا سەریان دەرئەچێ، سەبارەت بەپیرۆزي کۆمەڵەی دموکرات خۆش حاڵي خۆیان دەرئەبڕی؛ ئەوانە لایان وایە کە: گەلی ئەمریکا لەم هەڵ بژاردنا پیشانیان دا کەلە چلۆنەتیی کاری دەوڵەتی کۆماري خوازو خۆهەڵ کێشانی ڕابەرانی ئەم دەوڵەتە دڵ خۆش نەبۆن، نیکسون لەووتەکانی هەڵ بژاردنیی خۆیدا ئەی ووت کە: دەوڵەتی کۆماري خوازبۆ سەرخستنی پلەوپایەی ئەمریکا لەمەیدانی جیهانیدا زۆر تێکۆشیوون، وەلەم تێکۆشینی ئەوانە سودی زۆر بەدەست هاتووە. ئەوئەی ووت کە: لەم چەنڎ ساڵی دووایدا سیاسەتی ئەمریکا تەق و لەق نەبووە؛ وە ئابڕووئەتای ئەم دەوڵەتە کەم نەبۆتەوە. گەلی ئەمریکا بەوەدەنگە کەدەریان بڕی ڕایان گەیاند، کە: ئیتر باوەڕ بەقسەکانی ڕابەرانی «کۆماري خواز» ناکەن؛ وەئەیانەوێ دەستەیێکی تێکۆشەرتر لەوان بێنە ڕۆی کار.

دڵ ناخۆشي گەلی ئەمریکا لە کۆماري خوازەکان هەر لەهەشت ساڵی پێشەوە کەئەوان هاتنە ڕۆی کار، دیاربۆ. پرزیدنت ئایزنهاور کە پیرێکی لەکار کەوتوە، بۆحەسانەوە ناچاربۆ کەبەشێ لەوەختی خۆی لە دەرەوەی «واشەنگتون» دا، خەریکی یاري «گلف» بێ؛ وە جگەلەمەش ئەبێ بڵێین: کەئەوباوە کۆقاردمانی شەڕوسەربازێکی ناوداڕ ئەژمێررا، لە سیاسەتی جیهانی دا بەوجۆرە کەیەك سەر کۆمار، ئەویش سەر کۆماری ئەمریکائەبێ ئاگای بێ ئاگادار نەبۆ. ڕۆژنامەکان زۆرتر ئەیان نوسی کە: بۆچي سەر کۆمار ئەبێ بەشی زۆری وەختی خۆی لە شاری «ئاگوستا» خەریکی ڕابواردن بێ؟ بەڵام ئەم نوسینانە شوێنێکیان نەبۆ. ماوەیێکیش تۆشی نەخۆشیی سەکتەبۆ! لەووەختانیکسون تائەندازەیێ ڕێنەوەی کاروباری گرتەئەستۆی خۆی؛ بەڵام گەلێ لەسیاسەت زانەکانی ئەمریکا ئەویان بەپیاوێکی سەردەرچو نەئەزانی. کەم کەم کارەساتی دونیا هەڵ گەڕاوە، وەدەستەیێ لەگەلی ئەمریکا کەوتنە دوودڵی لەوا کە: ئەمریکا بتوانێ ڕابەریی دونیای ئازاد بپاتەڕێوە!

تێشکانی کۆبونەوەی سەرانی دەوڵەتە گەورەکان لە پاریسدا بەهۆی ڕخنەگرتنی سۆڤیەت بەفڕینی فڕۆکە بشکێنەرەکانی ئەمریکا بەسەرخاکی ڕوسیا، زیانێکی گەورەی لەنەتاوئابڕوی ئەمریکاو کۆماري خوازان، دا. لەوکاتەوە دەرکەوت کە کۆماري خوازان لە هەڵ بژاردنا لەگەڵ کۆسپێکی گەورەدا ڕۆبەڕو ئەبن. وەئەبێ زۆر تێکۆشن تاوەکو گەلی ئەمریکا بەبێ تاوانی و بێ گونایی خۆیان دامرکێنن. ئەم تێکۆشینە کرا؛ وەلە ڕۆژەکانی دووایی بەربەرەکانێ هەڵ بژاردنا «پرزیدنت ئایزنهاور» کەهێشتان گەلی ئەمریکا ئەویان زۆر خۆش ئەوێ کەیشتە هاواری نیکسونەوە، وەشەپۆلی پشتیوانیی وڕۆ کردنی گەلی ئەمریکای لە «کینیدی»ڕۆ بەنیکسون هەڵ گەڕاندەوە؛ بەڵام ئەم کارەش بێ کەڵك بوو، وەنەی توانی کۆمەڵەی کۆماري خوازلەتێ شکان ڕزگاربکا.

ئێستا ئەبێ چاوەڕێ بین وتەماشا بکەین کە کۆمەڵەی دموکرات چۆن ئەیەوێ وئەتوانێ لەدەس دەرچووەکان بکاتەوەجێ

| | |
|---|---|
| گۆڕان : تغییر | کۆمەڵە : حزب |
| ئاڵوگۆر: تغییروتحول | گەلێ : بسیاری |
| دیاري کراو: کاندیدا، نامزد | کۆماري خواز: جمهوریخواه |
| سەر کۆماري: ریاست جمهور | هەڵ بژاردن : انتخابات |
| ئەنجام: نتیجە | لێ کۆڵینەوە: تفسیر، تحقیق |
| جیهانیی : بین‌المللی | لایان وایە : معتقدند |
| گەل : ملت، مردم | چلۆنەتیی: کیفیت، چگونگی |
| خۆهەڵ کێشان : ادعا | ووتە : نطق |
| تێ کۆشین : فعالیت | تەق ولەق : متزلزل |
| نەتا : حیثیت،اعتبار | دەنگ : رأی |
| حەسانەوە : استراحت | یاري : بازی |
| ڕابواردن : تفریح | شوێن : اثر |
| ماوە : مدت | بڕینەوە : حل‌وفصل |
| ئەستۆ: عهدە، گردن | کارەسات : حادثە |
| کۆبونەوە : کنفرانس | ڕخنە : ایراد ، اعتراض |
| سۆڤیەت : شوروی | فڕین : پرواز |
| فڕۆکە : هواپیما | بشکێنەر: اکتشافی |
| کۆسپ : مانع، مشکل | دامرکاندن: قانع‌ساختن،ئارام کردن قرار دادن |
| بێ کەڵك: بیفایدە | |
| بەربەرەکانێ: مبارزە | شەپۆل : موج |
| ڕزگار: رستگار | چاوەڕێ : منتظر |

### ئاموژگاریی

**ماوەل١١**

من بەمەبەسته بیروڕام بەتینە کە: بۆخۆش بەختیی بەشەابەدي هاتووە؛ وەخۆش بەختي جگەلە لەڕێگای تێکۆشینی بەکەڵکەوە پێك نایێ.

(البرت هوبارد)

خۆش بەختي خەڵکي بەشێ لەخۆش بەختیی ئێمەیە.

(کلبر)

خۆش بەخت کەسێکە کە لەکاتی هێرشی قۆرت ونەگبەتا، خۆی دانەنێ.

(پاسکال)

بەڕاستیی مانای ژیان لەوایە کە نەوعی بەشەرمان خۆش بۆی؛ وەمانای ژیان خۆش ویستنە.

(سنا نتونی)

چاکترین وەسیلە بۆشکاندنی دوژمنان، زۆر کردنی دۆستانە.

(بیزمارك)

قەت ناکرێ لەگەڵ کەسێکدا کەبەتەواوي پەیوەندي دۆستیت پچڕیوە، دیسان دۆستیی دامەزرێنیتەوە.

(لارشفوکو)

### ماوەی سەرووتار

**ماوەی ل ١١**

جێی کۆتاڵی باش و گران؛ وەلەو کاتەدا ئەنجامی بەدڵ نایێتەدەس. کەوابۆ باشتر ئەوەیە، کە بایی بڕەکان چاپیی و بەڕواردارو بەمۆری جێگا ڕەسمی یەکانەوە بن، وەمەئمورانی دەوڵەتیش هەمیشە، سەر کێشیی کۆتاڵەکان بکەن؛ وەبازڕەسانی دەوڵەت وشاردارپش، هەرچەنڎ ڕۆژجارێ. بەسپپاڵی بێ نیشانەوە، سەربدەنە وەلەدۆکان و مەغازەکان؛ ئەگەرنەپاش دانی جدریمە، بەخەیاڵی، ئاسودە، لەسەر گرونفرۆتنی خۆی ئەچێ؛ وەئەوجەریمەدانەئە کێشێتە ڕۆی خەڵك دا، وەهەستی بەڕەیی یان هەڵ ئەزرنگێنێ. ئەوەش بڵێین کەلامان وایە سەردان لەفرۆشیارانی پێوپستە ڕۆژانەکانی خەڵك، وە کۆدۆکانی نان و گۆشت و لەبەنی یات و مپوەوسەبزي، ئەبێ لەسەریەك وبێ مەوڵەت بێ؛ مەسەلەن: نانەوایێ کەشتانی تر ئەکاتەناوی ئاردی گەنم، وەنانی هەویر یاسۆتاوئەدا ئەبێ زۆرتر چاودێری بکرێ؛ وەئەوبازڕەسی یە، یەك دۆجار بەس نییە.

بەهەرحاڵ، جێگایانی ڕ حەتمەن خۆیان لەدەروناوی ئەم کارانە شارەزان، وەباوە کۆبڕێ تەلاش کاربکایانە کا، لەسەر کاری خۆیان ئەچن، وەئەبێ خەڵکیش، هاوکاري لەگەڵ دەوڵەت بکەن وگرانفرۆشان بناسێنن؛ بەڵام دەوڵەت نابێ تەنیا چاوەڕوازی سکاڵای خەڵك بێ؛ چونکو زۆرتری ئەوانە کەستەمی گرانفرۆتن و کەمفرۆتنیان لێ ئەچێ، لەتاقمە خواروەکانن، کەهەرنازانن سکاڵا بۆچ شوێنێ ببەن، وەچۆن سکاڵا بکەن.

بەربەرەکانیی دەوڵەت، ئەبێ حەتمەن لەکەڵ کەمفرۆشیش، وە بەواتەی «سعدی»، ڕێ گرتنی ڕۆژانەو سەرملە گرتنی ناوشاریش دابێ، چونکو زیانی کەمفرۆشي، لەگرانفرۆشیی کەمتر نییە.

ئێمە بەچاوی ئافەرینەوە تەماشای بەربەرەکانیی دەوڵەت ئەکەین، وە هیوادارێ پیرۆزي ئەووهاوکاري هەمۆی گەلین.

www.zheen.org

# بەفەرمانی شاهەنشا ۲۰۰ کەسی ترلەگوناکاران بەخشران

زمارەی ـ۳۰ـ سالی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ۸۱

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردی یە، حەوتەی جارێ چلیکی دەر ئەچێ

بایی
بۆ ناوعۆ:
سالانە: ۱۲ تمەن
شەش مانگە ۷ «
چڵ ۳ قەران
بۆ دەرەوە :
سالانە: ۳۰ تمەن
شەشمانگە: ۱۵ «

عەزیزم شاسـوارێکە، گوزەرگا، گەر، بەکەلبورزا
دەکا ، نووکی ـمی ئەسپی، لەعارا، تووتیا پەیدا

سیاسی ـ زانیاری ـ وێژەیی ـ کۆمەلایەتی

خاوەنی امتیاز و مدیری لی پرسراو
عبدالحمید • بدیع الزمانی
بەچاودێری دەستەی نووسەر:
محمد صدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر
دوکتور عبدالرحمن و احمد مفتی زادە
عابەسراج الدینی ـ شکرالە بابان
خسرو شیخکانلووی میلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ۲۱۸
تلیفوون ۳۲۰۰۳

چووارشەمە ۲ سەرماوەز ۲۵۷۲ ك ـ ۲ ئاز ەر ۱۳۳۹ ش ـ ۳ جومادیلئاخیرە ۱۳۸۰ ق ـ ۲۳ نوامبر ۱۹۶۰ م

## ئەمرو جەژنی نامام دانان لەسەرتاسەری وەلاتائەگیرری

## تیمسار سەرلەشکەر نصیری بەناوی سەروکی شارەوانی گشتیی وەلات بەخزمەتی شاهەنشا ناسرا. ئەوان فەرماندەری گاردی سەلطەنەتی بوون

لایەن گیرانی روژئاوا لەژاپوندا پیروزبوون، پیروزی کومەلەی لیبرال دموکرات لەهەل بژاردنی ژاپونداجیگای ایکدای قایمتر کردەوە. کومەلەی سوسیالیستیش چەندکورسی تازەی بەدەستهینا

کارەساتی کونگو نالەبارتربووە. ((موبوتو)) بالویزخانەی ((کانا))ی، دابەردەمی ریز، وەلەگەل نیروی کومەلی نەتەوەیەك گرتوەکانا دەستی کردەشەر، وەچەندسەرباز کورژان

## جەژنی نەمام دانان

ڕۆژی دووەمی ئـازەر کـە لەگەل دەرچوونی ئەم ڕۆژنـامەدا ڕێك ئەکەوێ ـ لەتاراندایاسایێ ئەگیرێ، وەبەدانانی نەمامێ بەدەسی شاهەنشا، جەژنی نەمام دانان دەس ـ پێ ئە کرێ وەهەر بـەو بۆنەوە لە شارسانەکانی ئێرانیش دایـاسایێ ئەگیرێ

... نی مرۆدا کەلکیکی ...ی زۆری هەیە؛ مرۆ لەهەموو بەشە جۆرجۆرەکانی دار، یانێ: ڕیشە و ساقەتەو گەلاوسێبەری، کەلك ئەبا. بۆنی دار لەهەوای هەرناوچەیێکیش ـ داکەلکی باشی هەیە، وەئەبێتەهۆی زۆربوونەوەی ڕوتوبەتی هـەوا، وە کۆمەك ئـەکا. بەدووروس بۆنـی هووروهاتنی بـاران وزۆربونەوەی ئاوی کاریزوسەرچاوەکان .

جگەئەوەکە مـرۆ، بەشێکی زۆری ویتامینەپێویستەکانی لاشەی خۆی لەمیوەی داران ئەگرێ ، بەشێکی گرنگی سەنعاتەکانیشی لەمادەکانی دارئـامادە ئەکا؛ لـە ساقەتەی داران، دەرك وپەنجەرەو قەنەفەومێزوصەندەلی وقەدەحو کەمیو هەزاران شتی تردوروس ئەکرێ، کەلەهەزاران سالی پێشەوە، مرۆ لەبزێکیان شارەزابووە، وەبۆدوروس کردیان، لەمادەکانی دار کەلکی بردوو

ماوە ل ۱۲

سەناتۆر جانسون یارمەتی دەری سەرکۆماری تازەی ئەمریکا ڕای گەیاند :

## کندی سیاسەتی ئایزنهاور سەبارەت بەپشتیوانیی لەناتو دریژەپی ئەدا

م.ص.م

### لەکومەلاچون بژین؟

زێگای عوزانـاسی
یان
طەریقەی عرفان
ـ۱۲ـ

دەرکەوتنی هێزلەمرۆڤ دا ،
وتمان دوجۆرە :
جۆری یەکەم ئـەوەیە بۆەدر ـ خستنی نیازی بەتێ کۆشان و کار کردن وزەنج بردن نەبێ، ئەوەش ئەبێتەدو بەشەوە :

ماوە ل ۸

م.ص.م

### چون بنووسین وبخووێنینەوە کردەوەی زانراوونەزانراو

لەسەرباسی ژمارەپێشوئەڵێین:
۲ـ لە ژمارەکانی ترا، ووتمان دان، نیشانەی ڕیشەی نەزانراو، وە ڕیشەی زانراوی تێ پەڕنە کەرە ! وێنەی یەکەم وەکـو: گۆزران، کوژران، وێنەی دووەم وەکـو: گریان، کولیان .

ماوە ل ۳

د.ع.م

بەپێنووسی : زانای بەرێز «علی حاکمی»
سەرۆکی لەتیکەخانەی «ئێران باستان»

## باسیکی زانیایی پەیکەری ((هرکول)) لەبیستوندا

لەمانگی بەهمەنی سالی ۱۳۲۷دا کاتێ کەکرێ کارانی شرکەتی «شوسە» بۆدروس کردنی ڕێگای تازەی هەمەدان بەکرماشان لـە لەداوێنی کێوی بێستوونداخەریکی بەرد تەقاندن وخاك لابردن وصاف کردنی جادەبوون، لەپڕتوشیان لە پەیکەرێکی گەورەبوو کەلەپێشان بەشێ لەشانی لەژێری خاکەدەرکەوت.

ماوە ل ۲

## پروگرامی نمایشی هونەریی کوردی لەئیستگەی تەلەویزیونی ئیران لەشاری ئابادان دا

چەندڕۆژێ لەمەوپێش لەسەردەنگ کردنی تەلەفیزیونی شاری ئابادان، هونەرمەندە کوردەکانی تەلەفیزیونی تاران چوون بۆ ئەوشارە، وەسێ پروگرامیان لەئیستگەی تەلەفیزیون، وەپرۆگرامێکیان لەباشگای شرکەتی نەوتانمایش دا، کەگەلێ تەماشایی بوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

# ریزەکاریی

**ئاو وەبێڵەوەبون :** دەس ڕۆیشتن بەبۆنەی پایەومەقامێکەوە یاخۆشەوپستیی وبوڕایی قسەبەلای کەسێکەوە. کابرایێ کەناحەزی یەکێکی خاوەن مەقام‌بێ؛ وەبی‌یەوێ، وەهابگەیێنێ کەتائەومەقامەی بێ، بەوبۆنەوە دەستی بەسەریدا ناچێ، ئەڵێ : «خۆئێستائەو، ئاوی‌وا بەبێڵەوە!...»؛ یاکابرایێ کەنییازی بەکەسێ بێ، وەئەو کەسە گوێ‌لە قسەی ڕانەگرێ،بەڵام یەکێکی‌تر ببێ کەقسەی لەئەوداکاربکا،وەکابرا بی‌یەوێ کەئەم بنێرێتە لای‌ئەو کەسە کەکارێکی بۆبکا، پێی‌ئەڵێ : «تۆئاوت وابەبێڵەوە...». بناغەکەی‌ئەوەیە، کەجۆتیاریاتەڕەکاڵ،تاکاتێ کاری‌والەپێشەوە، کەئاری بەبێڵەوەبێ ، یانێ: ئاوبێ کەبی‌خاتە سەر زەمین، وەبەبێڵ، دابەشی بکاتە سەرئەم لاوئەولادا .

**بەتان وپۆی کەسێ ( یا: مەبەستێ )دا داچون :** هەڵدانێ یەکەیەکەی پشت«أفرادی أصول»ی ئەو کەسە؛ وەکوئەوەبڵێی:ووریا، کوڕی‌ئەبەز و ڕۆناك؛ وەئەبەز، کوڕی بلیمەت وپرشنگ، وەڕۆناك ، کچی‌بەختیارو کەژاڵ‌بووە،وەهەربەوچەشنە بەرەوژور. تان‌وپۆ،دوتالی بەرەوژورو لابەلای شتانی وەکو پارچە وبەڕەیە، کەچەنێ لەوانە ئەکەویتەیەك تامەسەلەن،دەبەسێ، یابەڕەیێ دوروس‌ئەبێ؛ وەلەبەرئەوە، بەدی‌هاتنێ هەر کەس، نەتیجەی وەیەك کەوتنی ئەفرادی ئوصوڵیەتی، ئەم‌بەستێ تەنراو، وەئەوان بەتان‌وپووەوە شوبهێنراون. وەلەبارەی‌مەبەستێکەوە، یانێ: باسی‌وورد کردن لەدەوروبەری تەواوی‌عیل‌لەت‌ومانع؛ وەهەرچەشنە کەڵك وزیبانێکی ئەومەبەستەوە. وەجێی‌شەبەم لەنێوانی عیل‌لەتان وەتان ونۆدا بەبۆنەی باسی ڕابۆردووەوەئاشکرایە؛ وەبە ڕێگای چاوپۆشیی (مسامحە)، مانع وکەڵك وزیبانەکانیش ، بەتان‌وپۆ تەشبیهـ کراون، داچون‌یش لەلوغەتدا بە بەرەوخوار چونی شتێ‌لە شتێکی‌ترەوە ئەڵێن، وەکو: داچونی‌ئاو بەعەرزدا؛ وەلەعورفی عامدا،بە نوقم‌بونی فیکروباس وەتەعەمموق ئەڵێن. بڕی‌جاریش، ئەوعیبارەتە بۆئەوە ئەڵێن، کەکەسێ جنێو،بەباوباپیرو هەموکەسی یەکێکی‌تربدا. عیل‌لەت لێرەشدا ئاشکرایە.

**بەڕیشەدا داچون :** جنێودان وخراب ووتن‌بە باوباوباپیرو ئوصوڵ. لێرەدا ئوصوڵ، بەڕیشەی‌داروگییا، کەداروگییا، لەسەرئەوە- وەشین‌ئەبێ شوبهێنراوە .

**کلکەلەقێ :** خولتەیێ کەبەخۆ بچوك کردنەوەیێکی زۆرەوە بێ. مەصدەرێکی موره‌ککەبی جەعلی‌یە، بەمەعنای لەقاندنی کلك. یاسای دوروس کردنی ئەوەیە کەنیشانەی‌مەصدەر (وەکو:اندن) لێرە- دا)توڕبدرێ، وەلەباتی‌ئەوە، پیتی«ێ»بنوسێتەدووایەوە، وەمەفعولەکەی (وەکو: کلك، لێرەدا) بکەوێتە پێشیەوە، بەزیاد بونی هێی‌جێ‌نشینی سەر(فتح) ــ کەزۆرجار، وەسیلەی تەرکیبە ــ لەدووایەوە . وەکو : سکەدڕێ (لە: دڕینی‌سك)، چۆکڵەختێ (لە: ختاندنی چۆکڵە) ، وە ناخونەکڕێ(لە: کڕاندنی ناخون). لەبناغەدا،ئەو ووشە، بۆصەگ‌بەکار ئەبرێ، کەیاسای وەهایە، کەبۆهەر خواردەمەنیێکی زۆریا کەم ، بەنیشانەی‌خولتە، کلك‌ئەلەقێنێ؛ ئەنجاکاتێ سوك کردن وتەوهینی خولتەی کەسێ، تەشبیهی ئەکەن ، بەخولتەی سەك، وەپێی‌ئەڵێن : کلکەلەقێ .

**ئاولەدەنگ داکوتانن :** تەلاشی بێ‌نەتیجە کردن. دەنگ‌بە شتێکی وەکو ئاوان (هاون) ئەلێن، کەلەدار یابەرد دوروس ئەکرێ، وەشتی‌تێدا ئەکوترێ؛ خۆدییارە، کوتاندن بۆئەوەئەبێ، کەشتێ وورد بکرێ، وەئاو ئەگەر هەزار ساڵیش بکوترێ، هەروەکو خۆیەتی،وە هیچ کەڵکێ، لەکاری وەهانابرێ.



سینە بەندی‌ئەسپلە ئالتونی پاك یەکێ‌تر لەئەنتیکەکانی گەنجینەڕێزی زیویەی کوردستان

### باسیکی ...

ماوەی ل۱

سەرکرێ کاری ئەوبەشە بەپەلە هەواڵی‌بەسەرۆکی خۆی(مهندس پطروس)دا؛ ئەویش دەس بەجێ کارێ ڕێگادروس کردنی لەوجێگا- دا،خەواند؛ وەمەبەستی‌دەرکەوتنی پەیکەری‌لەلایەن‌شرکەتی«کامپسا- کس»لقی کرماشانەوە، بەوەزارتی زانیاری‌وئیدارەی گشتیی‌ئەنتیکە ناسی‌هەواڵدا.بەگەییشتنی‌بروسکە من کرام‌بەمەئمور کە بۆدەرخستن وخاك‌لادان لەدەوری ئەوپەیکەرە بڕۆم بوبێستون ، منیش لەڕۆژی ٥ر١١ر٣٧ دا، کەوتمەڕێ ، ئەو ڕۆژە گەییشتمە کرماشان‌وبۆسبەینێ ڕۆییشتم بۆبێستون. وەلەپاش تەماشا ولێ‌کۆڵینەوەی ووردلە جێگای پەیکەرو ئامادە کردنی شت‌وەکی‌پێویست‌دەس‌بەکاربوم؛وەلە ماوەی ۱۲ ڕۆژدا، بەیارمەتی کرێ کارەکان هەموئەوخاکانەمان کە لە ڕۆژگارانی کۆنەوە لەسەرئەم شوێنە مێژوییەوە تەپی بەستبو، لابرد؛ وەبەم‌جۆرەئەوپەیکەرە گەورە لەپای ئەوکێوەبەردینە کەئەنواریتەمل‌جادەی کۆن‌وتازەدا بەتەواوی دەرکەوت. لەئەنجاما لەپاش خاك هەڵگرتن نێوانێ‌بە درێژی ۷مترو‌پانی ٤متروقوڵی۲ متر لە بەرانبەری پەیکەرەوە،بەدی هات. وەدیوارێکی‌بەردین(ووشکە کەڵەك)بەبەرزی، ۱ر۳متر‌ودرێژی ۷متربۆجلەوگیری لەنزیك‌بونە-

وەو، دەست‌کاری تەماشا کەران‌لە بەردەمی‌پەیکەرا کێشرا؛وڕەیگای ئەم‌لاو ئەولاش بەبەردوچیمەنتۆ بەسرا.بەم‌جۆرەخوێنەرەبەڕێزەکان بەکورتی لەچلۆنیەتی‌پەیدا بونی پەیکەری‌ناوبراوئاگاداربون؛ئەوا بۆڕۆشن‌بونەوەی‌بیروڕای‌ئەو کەسانە کەحەزلە شوێنە کۆنەکانی ئێران ئەکەن، بڕێ‌مەبەستی ووردلە چلۆنیەتی پەیکەری ناوبراو ئەنوسین؛ لەپاشان چەنێ‌مەبەستێ کەلەوەر کێڕانی بەردەنوسراو- کەی ئەوێ زانراوە، بەخوێنەرە بەڕێزەکان هەواڵ ئەدەین:

بێستون ، وا، لەداوێنی کێو- یکدا بەناوی «پەڕاو» کە ٤٠٠٠ پێ‌بەرزە. چونکو ئەم جێگاوا.لە سەرشاڕای ڕۆژهەڵات وڕۆژئاواوە، وەئاووهەوای خۆشێکی هەیە ، هەرلە ڕۆژگارانی زۆر کۆنەوە ئاوەدان وجێگای‌خستن‌وحەسانە- وەی کارەوان بووە؛ وەبەم بۆنەوە کەبێستون هەرلەوکاتەوە جێگا- یێکی موناسبی بووە ، بڕێ لە شاهەنشاهانی هەخامەنیشیی و ئەشکانی ، چەنێ شوێنێکیان‌لە خۆیان لەڕوی بەردەکانی‌ئەم کێوە گەورەوە، بەیادگار هێشتووەوە ئەم پەیکەرە کە لەداوێنی تساشی بیستوندا تاشراوە ، یەکێ لە شوێنە بێ‌وێنەکانی ئەوڕۆژگارەیە.

تەشکی ئەوپەیکەرە،پیاوێکی قاییم‌وەمل‌ئەستور وتەواوڕوت‌وقوت

کەموی سەروڕیشی‌لولە، لەحاڵی پشودان بەسەرپوستی شێرێکەوە، پیشان‌ئەدا؛ کەلەسەر سەکوێ‌بە درێژای ۲۰ر۲متر، بەشانی چەپا لەسەرئانیشکی پاڵی‌داوەتەوە.وە بەدەستی چەپی کاسەیێکی هەڵ گرتووە، وە لەنزیکی دەمیەوە گرتویە؛ وەپێی چەپی کردووەتە تەکەگای پێی‌ڕاستی . سەری پەیکەر کەهەرلەڕۆژگاری کۆنە- وە،لەئەندامی‌جییا بۆبوەوە، پێش لەخاك لادان لەلایەن‌سەرپەرەستی ڕێگای شوسەوە،دۆزراوە.درێژای پەیکەر ٤٧ر۱ مترە، کەبەجۆری بەرجەستەلەبەردی کێوە کەتاشیویانە، وەپشتی‌لکاوە بە کێوەکەوە .

لەپشتی پەیکەرەکەوە،چەند نەقش ونویشتەیێ بەزمانی کۆنی یۆنان‌لەڕوی‌بەردەوە،هەڵ کنراوە. نەقشەکان بریتین لەدار زەیتونێ کە کەواندان ونیردانێ بەچڵە- کانیا هەڵ ئاووسراوە. لەپاڵی‌ئەم دارا، کوتەکێکی سەرخڕی لك لك‌لەبەردە کە هەڵ کنراوە، کە قوتی‌ئەوە سەبارەت بەنەقشەکانی ترزۆرترە . نویشتەکە ، بەخەتی یۆنانی کۆن لەحەوت‌دێڕالەڕوی لەوحەیێکەوە بەدرێژای ٤٣سانتی وپانی ۳۳سانتی‌متر، کە نوێنگەی ئەوە بەتەشکی عیبادەت‌خانەی یۆنانی دروس کراوە، نوسراوە.

ماوەی ۷

www.zheen.org

## چۆن بنووسین

ماوەل ١

٣– نیشانەی «ان» لە ڕیشە زانراوەتێپەڕنەکەرەکان وڕیشە نەزانراوەکاندا بەچەنذ جۆرلەشێوەی سۆرانیدا دەرئەخرێ :

الف– لەبڕێ شێوەدا «ان» چ نیشانەی ڕیشەی تێپەڕنەکەری زانراوبێ، وەچ نیشانەی ڕیشەی نەزانراوبێ، پیتی «ی» پێش لەونیشانەوە ئەهێنرێ، وەکو: ژیان، کوژیان، بڕیان، کولیان، گڕیان، گریان، دزیان، دڕیان، بریان، کریان، خوریان، سوتیان .

ب – لەبڕێ شێوەی تر ئەگەر ئەوڕیشەیە ڕیشەی لەزانراوبێ چ لەپێش نیشانەکەوە، پیتی «ر» بێ یانەبێ، پیتی «ر» ئەهێنرێ، وێنە : کوژران، دزران، کرران کەلەڕیشەی تێپەڕکەری زانراوی : کوشتن، دزاندن، کردن، دوروست کران؛ ئەوەش ئەبێ بزانین ئەگەر پێش لە نیشانەی «ان» ەوە، پیتی «ر» ەی بچوك بۆ، تێپەڕنەکەربێ پیتی «ر» پێش لە ئیتر ئەو «ر» ەی تر دەرناخری، وە تەنانەت نایش نوسرێ، وەکو: کرران کە ئەبێ بە کران. وە ئەگەر ڕیشەی نیشانەوە ناهێرێ، وێنە: کولان، ڕژان، دڕان، سوتان، کۆشان

٤– ڕیشەی نەزانراوهەمۆدەمێ

ماوەل ٦

## هەلبەست

ش-بابان

وادەی مەی نۆشی بادە نۆشانە
زستانە وفەصلی خەلاتپۆشانە

بەفرخەلاتی کیوانی بەررە
سەرما لەدەشتا بایسی لورزە

بەهێزی بادە ئەو سەرمالادە
غەمی بەفرەکان لەکێو بەبادە

لەناو باخی مێولاپا ولالیژێ
بەوشەرط بەرامبەرهەتاوی تیژێ

توقێ دارسماق زەشتەی سوەیل بێ
زردوسوروشین، وەك مەستی کەیل بێ

شانێدا بێ لێ جامێ نبۆشی
هەرچی غەمت بێ هەمۆی داپوشی

چەن خۆشە خاطر بەم چەشنە جەم بێ
جامی مەی لەلات وەك جامی جەم بێ

پەشێوی (شێواو) لاچێ بەجارێ
ئەنجادەس کەوی بوس و کەنارێ

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەزارویەك شەو ٣٠٩

کەدەرکیان بۆی کردەوە، ژنی داروغە هاتە پیشوازو، سەلام وهەوال پرسی یان لەیەك کرد . قوة القلوب دی کە : ژنی داروغە دایك وخوشکی غانمی بردووە بۆحەمام وسپیالیی تازەی لە بەر کردوون . سەعاتێ پێکەوە دانیشتن . لە پاشان هەوالی نەخۆشەکەی پرسی . ژنی داروغە ووتی: هەروە کوخۆی وایە . وەهیچ زۆیەچاکە نازوا . قوة القلوب ووتی: هەستن هەمۆمان بڕۆین سەری لێ بدەین وهەوال پرسیی بکەین . دایك وخوشکی غانم وقوة القلوب، ژنی داروغە هەرچوارهەستان، ڕۆیشتن بۆلای غانم، وەلەژۆری سەریەوە دانیشتن و، هەوال پرسی یان لێ یەوە کرد. غانم لەوانی بیست کەناوی قوة القلوب ئەبەن، بەئەنذامی ئەو گاروڕۆحی پەشێوەوە سەری لەسەر سەرین هەل بڕیو، ووتی: ئاخ قوة القلوب ! لەموەختا قوة القلوب چاك سرنجەی داو، ناسیو، بەدەنگی بەرزو وەلامی داوە : ڕۆحم بەقوربانت، گیانی شیرینم ! غانم ووتی : تۆخوذا وەرەنزیکمەوە! قوة القلوب ووتی: بەڕاستی تۆغانم بن ئەیوبیت؟ غانم ووتی: بەلێ. قوة القلوب لەبیستنی ئەم وەلامە لەسەرخۆی چۆ. وە دایك وخوشکی غانمیش لەبیستنی ئەم قسانە لەخۆشی یاهاوارێکیان کرد و، لەسەرخۆیان چون . کەهاتنەوە سەرخۆیان ، قوة القلوب ووتی: شوکر بۆ ئەوخوذا کەئیمەی لەپاش ئەو بەلاویەو تەفروتونایی، لە دەوری یەکتر کۆ کردەوە؛ وەبەدیداری یەکتر شاذی کردینەوە . لەپاشان لەلای سەری غانمەوە دانیشت و، کارەساتی خۆی وخەلیفەی بۆ ئەو گیڕاوە، وەپێی ووت: من پیاوەتی یەکانی تۆم بۆ خەلیفە ووت، وەئەویش بەقسەکانی من باوەڕی کردو، لە تۆخۆش بۆ؛ وەئیستا زۆرئارەزوی چاوپێ کەوتنی تۆی هەیە؛ وەمنیشی بەتۆ بەخشیوە. غانم لەم مزگانی یەخۆشە گەش بۆوە، گوڕی تێ کەوت وهەستاوە سەرخۆی دانیشت قوة القلوب ووتی: هیچ کام لەجێگای خۆتان جو لەمە کەن، تائەگەڕێمەوە. دەس بەجێ هەستاوە، ڕۆیشت بۆ کۆشکی خۆی، وەلەو صنذوقەکەلەمالی غانم دا، بەدجەفرەی

م.س.م

## لەهەرگولزاری گولی

## داخیی لەمەولەوی نووسیوە

ماوە لەچلی پێشو

واذەی مناجات « قاضی الحاجات »

وەکزە دەروون صدق دلّ هەرسات
ئەی دانەی نەفیس شەفافتەر جەلال

مەسفت وەقەلەم سەرنوك خەیال
مەوست ئەوصەحرا پەرێ حەکاکان

تابوومەزێنەت جەرگەی دلپاکان
بالا خانەی چەم دیوانەکەی تۆن

بانە ناووەگل ئاسانەکەی تۆن
تکەش عاجز کەرد خەیالت تێشدا

ئازیز ! بۆجارێ پابنیە پێشدا
تارپف تقەنگ «خالۆ» ی هیجران بار

وەی فەردە مەکەرەنەعالەم ئیظهار:
«خاراوخانان تاق، قول ولول وەردە

چونگای دلبەر هەزارە کەردە»
«دوروستیی وهەلەمەت: قەزاوخەیال تەور

نارونالەودۆذ، ڕەعد وبەرق وهەور»
بذیە «مەولەوی» ، وەی خەیالەوە

وەی گشت جەواهر دانەی لالەوە.
غەیوری مەعشوق حەقیقی حاضر

وەنیم تەجەللا نەصورەی ظاهر -
دیت چەنی کۆرەی دەروونش سەرد کەرد.

چۆن بای خەیالان نازك گردش مەرد؟!

ماوەی هەیە

## مەولەویی تاوگوزیی

نەوای نالەدلّ وێنەی صەذای نەی
پیالەی زوخاو مەنۆشۆن چون مەی

کەواوپارەی جەرگ سپنەی پڕنەتاو
ڕەحمەت بۆ یەنەی ، یمەی یە کەواو

هەرئەساسێ هەن جەلام جەم بییەن
گەرمی کزەی بەزمەیچش کەم نییەن

تەصدیعەت کیشان، صاحب شەرت وشۆن
چ ئیحتیاجێ وەی کەواوتۆن

## شیخ حەسن مەولاناوابی

قیبلەم مەستەنان ...

بێ مەی جەبادەی عیشقەت مەستەنان
نەك مەست مەخمور، دەست بەدەستەتان

سەرشارسەرمەست ڕۆی ئەلەستەنان

ماوە ل ٤

### لەهەرگونزار

ماوەی ل٣

هەردەم مەگێلۆ چـون لائوبالي
خاتـر جـەژەخنەی ژقیبان‌خالي
شۆر شەیدایيم یـــــاوان وەجایێ
جەلام فەرق نییەن شاجـە گەدایێ
ئەرشێخان عـەصر نۆبـە بەنۆبـە
بدەران تۆبـەی «حسن» جەوتۆبە
ساتێ جەو سەودا دڵ سەرد نەبۆ
دەمێ جـەعیشقت بێدەرد نەبـۆ
سەوداتْ سەرمایەی زیندەگاني مەن
نوسخەی ئـازادي بەنـدەكاني مەن

## احمدبەگی کوماسیی

خالۆ ویەردەن ...

هیجرانت یەك‌جارجەحەدْ ویەردەن
وەسواسەت شادیم جەبێخ ئاوەردەن
دوریت‌خەیمەی‌دڵ‌ژیشە کەن کەردەن
فیراقت فەرقـــــم وەتۆتیيا کەرد
جیبایيت ئەعزام جەهەم جیيا کەرد
پەژارەت بەوتەورنێش‌دانەجـەرگم
وەمەرگت قەسەم ژازیم وەمـەرگم
وێت‌بڵەرئینساف‌خالۆ کەی‌خۆشخۆ!
مەردەن خاستەرەن، یاخۆدوري‌تۆ؟!
مەردەن‌یەکساتەن‌ئەرواحە کەی‌وێم
دوریت هەرساتێ‌صەدْمەرگەن‌پەریم
مەرجەستەی خەستەی من‌جەفولاذبۆ
یەندْ دوریت‌وینۆ،هێمای هەرشاذبۆ
دەك‌ژەحمەت‌ئەوقەبر گشت‌سپنەسافان
خصوصەن«یعقوب»میرزا کەی‌جافان:
«چەرخ‌چەپ‌چەنیم‌ژاس بەستەن کەڵەك
چمان سەنگم‌دان وەمینای فەڵەك»
«دايیم پەرێو‌ــــــن‌هاجە بەهانە
گاهێ‌«اصفهان» گاهێوە «بـانـە»
«نمەذۆم فرصەت ساتـێ وەبێ‌خەم
گەردپالاکـــــەت بمالۆوەچەم»
« یاشەوێ شەو کەمەوە شەو نالێنت
یاژۆیێ ژۆکـەم وەزاري وشنت»
«یانالم چەنـــــی نالەت بخێزۆ
یادیدەم پەرێت ئـەسرین بڕێزۆ »
« یاشەمێ جەشەرح دوري دوبـارە
داخ هیجر وەصل دڵەی صەذ پارە»

ماوەل ٩

## ئاموژگاریی

لە ئەنذامی ئادەمیزادا ، کوتە گۆشتێ هەیە کە ئەگەر ئەوچاك بۆ، هەموئەنذام چاکە ؛ وەئەگەر ئەوخراپ‌بۆ ، هەموئەنذام خراپە . وەئەوە دڵە .

(حضرتی‌محمدص)

ژازی‌نهێني‌تۆ، گیرۆذەوەپلی‌دەستی تۆیە؛ بەلام ئەگەرئاشکرات کرد، تۆئەبیتە گیرۆذە ودیلی‌دەستی ئەوە .

(حضرتی‌علی‌رض)

بەخێلی بردن بەخەڵکي ، هەموچاکەیێ ئەسوتێنێ ، هەروەها کەئاگربەربذەیتەدار ، ئەی‌سوتێنێ .

(حضرتی‌انس‌رض)

شاذکامي بەنازەحەتي‌وەموصیبەتی برای موسوڵمانی خۆت‌مەکە چونکو ئەگونجێ کە ئەوژزگاربێ. وە تۆشی ئەوموصیبە تەبی .

(وائلەبن الاسقع رض)

بوزور گمیهر ئەڵێ : لەمامۆستام پرسی‌پیاو بەچی‌سوك وبێ‌قابیل ئەبێ ؟ ووتی : بەتەنبەڵي وکارنەکردن. پرسیم : ژەحەتیی لەچی‌دایە؟ ووتی : لەتەنیایيی‌وتێکەڵ نەبون‌لەگەڵ ناکەساندا . پرسیم: پەشیمانیی لەچیی ئەخێزێ؟ ووتی : لەهەڵە وپەلە کردن پرسیم : بەچیی ئابڕوی پیاوئەچێ ؟ ووتی : بەتەماکاري .

(بوزور گمیهر)

سەرئەنجامی چوارکار ، چوارشتە : سەرئەنجامی گـەذایـی و سواڵ کردن ، سوکیی‌یە ، سەرئەنجامی تێ‌ئەفکرین ، پەشیمانی‌یە؛سەر ئەنجامی گاڵتە وشۆخیی کردنی زۆر، بێ‌قەذرىونە ؛ وەسەرئەنجامی تێ

ماوەل ٩

## بوپێ کەنین

### جگەلەخۆتان

کابرایێکی دیهاتي هاتەشارو ژۆییشتە بەردوکانـی صەژافـێ هەرچی تەماشای کـرد ئەنوازێ جگەلەپارەشتێکی‌ترلەدوکانانی‌ێ سەری‌سڕما ، وەلەصەرافی پرسی: لەم دوکاناچی ئەفروشن؟ صەراف ووتی: کەوئەکرێن‌وئەفرۆشین !
دێهاتي ووتی : جگەلەخۆت کەرێکی‌تر نی‌یەبفرۆشی؟

### دەلیلی بەجێ

کابرایێ ژنێکی‌بـو ، بەناوی «فاطمە» وسەییدیش‌بۆ . کەوتـە خەیاڵی ژن‌هێنان بەسەریـا . ژن زانی‌وبەمێردەکەی‌ووت: تۆبوچی چاولەحەزرەتی علی(رض) نابڕی کەلەپاش‌ئەوە حەزرەتی«فاطمە»ی خواست، ژنی بـەسەریا نـەهێنا . مەگەر من‌لەئـەولاذی « فاطمە » (رض)نیم؟
کابراووتی: خاتون!حەزرەتی «فاطمە»(رض) نۆساڵەبۆ،هاتەماڵی حەزرەتی علی‌ولەهەژدە ساڵەییدا

ماوەل ٩

### هەزارویەك‌شەو ٣١٠

بەرمەکـي سپاردبۆ،مشتێ لیرەی دەرهێنا، وەلەگەڵ خۆیاهێنای وهاتەوە،لیرەکانی بەدارۆغەی بازاردا ، ووتی: بەم‌پارە بۆهەرکام‌لەمانەدەستێ‌سپاڵی‌هەوریشم‌وئەطڵەس بکڕە.ئەوجابۆخۆی‌دایك‌وخوشکی‌غانمی‌ناردبۆجەمام‌وەنان‌وشەربەرت‌وشەرابێ‌ئامادە کرد، تالەحەمام هاتنە دەرەوە، دارۆغە سپاڵی‌هێنا.لەبەریان کرد، نان وشتانی‌تریان خوارد . سێ‌ژۆژقوةالقلوب لەماڵی دارۆغەدا، دانیشت؛ وەهێندەی خوراکی‌چاك و نوقل وئاجیل‌پیان‌دا،وەشەرابی‌دا، دەرخواریان‌تاهاتنەوە سەرخۆیان،وەرەنگ‌وژویان گەش‌وژۆشن بوەوە؛ وەهیچ دەردوئێشێ لەئەنذامیانانەما لەپاش سێ‌ژۆژدیسان‌ناردنی بۆحەمام، کە هاتنەدەرەوە، سپاڵی‌زۆرجوانتر لەوجاری بۆبردن ولەبەری کردن . وە قوةالقلوب خۆی ژۆییشت بۆخزمەتی‌خەلیفە، سەری خەواند وبەرپێي خەلیفەی‌ماچ کرد؛ وەهەواڵی‌پەیذا کردنی‌غانم ودایك وخوشکی،بەخلیفە عەرض کرد . خەلیفە فەرمانی‌دا کە جعفروچەنذنۆکەرێ بڕۆنە شوێنی‌غانم وبانگـی بکەن بۆخزمەتی خەلیفە . قوةالقلوب هەستاوە، پێش لەوەی کەجعفربگاتە ماڵی‌دارۆغە، خۆی‌بەغانم گەیاندو، پێی‌ووت : خەلیفە تۆی بانگ کردووە، وەئێستا جعفردێتە شوێنت، کە ژۆییشتی‌ئەبێ‌بەزمانی‌پاراوقسە بکەی؛ وەهیچ نەترسی ودڵت‌قاییم‌بێ. ئەوکاتەدەستێ سپاڵی‌زۆر گران‌بایی‌وجوانی کردە،بەری؛وەپارەییێکی‌زۆری‌پێی‌داووتی: کەلەژێگاوە ئەژۆی، پارە بەهەموقـاپی‌وان ونۆکەران وخـزمەتکارانی خەلیفە بذە. لەم‌قسەذا بون کە جعفری بەرمەکی‌هات . غانم هەستاوسەلامی کردو، دەستی‌جعفرماچ کرد. جعفرلەگەڵ خۆیا بردی تا گەییشتنە بارەگای خەلیفە. کە چونەژورە وە، خەلیفە ئەوی بانگ کردە خزمەتی خۆی. غانم لە خزمەتی‌خەلیفە ذا سێ‌جار کەوتەخاك؛ وە بەزمانی‌پاراوشیرین وژەوان نیبازمەندي ومەبەستی خۆی‌دەس‌پێ کـرد، وە زۆر ستایشی‌خەلیفەی کردو، ئەم شعرانەی‌خوێندە وە :

بنکەی ژین www.zheen.org

کوردستان

بەشی کوردیی شمال

لاپەڕەیی ، بوهەموجار

## جیشنادارچاندنی

ڕۆژا دوديىٚ، ئادرێ ، كو دكەڤە دەر كەتناڤێ ڕۆژنامێ، لە تارانێ‌هنەك ڕسمتێ گرتن‌وجیٚشنا ڎارچاندنێ بڎاچكلاندناتنگە كي بدەستێ شاهەنشا دەست پێ‌دبە ؛ وەلەماژي، لەشەهرستانا هنەك‌ڕسم دەرباس‌دبە .

دارژپیانامرۆڤ‌دا كارە زۆر هەیە ، بشەرژ گشتیی‌قسمەتێ‌ڎارێ‌یانێ ، كۆك‌وچقل‌وبەلگ‌وسیی‌یاوێ كارێ دكە .

دارهـەوا هەرجیكیسی داژي گەلەك ئەسەر هەیە ، وەدبەسەبەب كونەماهەوێ زیٚدەبە ، بچیٚكرنا عەوراو بارینا بارشێ و پڕیائاوێ كارێزاوكانیێ‌یارا كۆمەكێ‌بكە

خێنجی ویٚك،بەشەر قەدەرەك زیٚدە ڤویتامینێ لازم بدەناخورا، ژئێمیٚش وسەمەراڎاران ڎگـرە ، گەلەك صەنعەتاژي ژتشتێ ڎارێ تیٚنەدەست .

ڎوێ‌دەري و پەنجەرە وتەختێ زازانی‌ومێزوسەندەلا‌و كە لەكانو گەمیی‌یان و هەزارجورتشتێ دي چیٚكرن كوژچەندین هـەزارسالا بەشەربهنەك ڎوان ناس‌بوێ وە بۆ چیٚكرناوان‌ڎڎارا كارڎكر.چیٚكرنا كاغەزا، كو لەدونیائەمەدونائیرۆدا، سەرهەرتشتەكیی‌رانە، وەۆ كتیٚب وڕۆژناماهەرلازمە ، خیٚنجی دارا ممكوێن نـــــابەوەئەومەملە كەتیٚك دارلـــێ‌زاف بـــن خیٚنجی لازمەتیاخو. چەندین‌ملیون‌دولار، بفرۆتناكاغەزو كتیٚب و ڕۆژناما و تشتیٚد باشقە ، بدەرئامەداخوزیٚدە دكن .

ئەوهنگاواك ژچەندسالاپیٚشدا مەملەكەتێ ئیرانیٚدا بڕیٚوە بەریا شاهەنشا ، بۆخودان كرزوزیٚدەیا ڤێ‌هەیا مللی ، دەست‌پێ‌بوّیە.زاف هیٚژاییی ئەفەرێم گــۆتن وسپاسێ

چاندنا دارا ، فەنازندي كرنا مرۆڤكیی‌یە، وەژناوبرن وهیٚشك كرناڎارەكێ،لەدەورێ مەبەرین‌دا فەنا قەتل‌وگونەكیی زاف مەزن ڎهاتەحەسیٚب ، وژەبەرقەدروقیمەتا دارا ، ژپیانا خەلكیٚدا ، ئەوا پاك دزانین وەهەر كەسیٚك‌دبۆ سەبەبێ ژناوبرناڎارێ،نەڕلێ‌دكرن‌وەئەوا ژعەمر كورتایێ دترساندن چاواك حكیم نظامی فەرمایەش كریی بـــە (داربڕعەمر، لێ كورتە) لە محالا كوردستانێ ، ژبەرڕێ‌وڕسماقەدیم هەمیٚشە ڎارا عەزیٚزدگرتن ، وە مقاتیاوێ‌را ، زاف تەلاش‌دكرن ، وەژهۆشەوێ خودێ‌داپیی‌هەمەتیی دكرن،لێ‌حەیف‌پاشی‌شەرێ‌دونیائیی یابەرین ، ئەواك لازم‌بوو ، ئـەڤ هەیـا خـودێ‌داپــــــیی‌چـەڤ ڎانە كرن، وەمرڤێدنەزان، گەلەك ڎاریٚد خودان سەمەروسیی ئـاڤیٚژ بڕین وەیان ژبەر گونەداپیی تــێ بۆنەسەبەبێ‌هشك‌بۆنا وان ، مەسەلەن‌شەهەرێ‌سنندج‌جیٚكی پڕڎاربۆیە ، كوژبەرمقات نەبۆنێ، بدەشتیٚدبێ‌حاسل‌هاتی‌یە گوهراندن بیرباواریا مەئەڤە، چاواك‌سەر كاریٚد كارباریٚ‌مەملەكەت‌چاندنا داراپیٚشتا دبن،لەبارائەو كەسانیٚك دبنە سەبەبێ بڕین وهشك‌بۆنادارا وەختیٚدا واناڤاف‌نادن ، وەبدەویا شەهەر ، ژناودبن،هنەك‌جەزا كڤش كن .

مەخسوسەن شەهرداري یـانێ كوڤێ‌یەكیٚدا ، وەزیەك گران‌لە گەردەناوانە،لازمەسەروەخت كرنا گشتیی خەلكیٚدا ، هنەك بەرناماو كتیٚبیٚدمەخسوس‌دەرخن ، كوبەلكي ژبەرچەڤ‌لەسەربۆنا مەزناشاهەنشا مەملەكەتێ‌مەپیی‌عەزیز‌فەنادەورێ، پڕسەرفەرازێ‌پێ‌بەرین ، شین‌وئاوا وترێ‌ڎاربە، وەخەلك‌بقەدروقیمەتا ڎارچاندنێ پێ‌بهەرن .

## روفراندوما دوگول

ژنرالێ شارلێ دوگۆلێ سەرەك‌جمهوری‌یەتێ فرەنگسە، لـەنـاڤ سیاسەتمەداریٚد دونیایێ مرۆڤەكیی عەجیٚب تێ‌حەسیٚب .

ئەوي بشۆرشەك‌سپی‌بكاربارێ مەخشۆش‌و ، دەرهەم بەرهەمـــا ، فرەنگسە كوتتاپیٚڎا ، وەخیال‌دكر، كوئەوێ هیٚساپیی‌بو كاربە، تەنگاڤیامەزترە سیاسیی یافرەنگسەیانێ مەسەلا الجزایرێ‌حلل‌بكە،وەبڕۆرا وي كوپارلمانیٚدا هەیەپیٚشیاعەمەلێ‌نەیاریٚد خوبگرە .

لێ، عەمەل‌دا ، مەعلۆم بۆ، مەسەلا الجزایرێ ، كوچەندین سالە سیاسەتمەداریٚد فرەنگسە مژۆلیی خو كري، بڤان‌هیٚساپیی یانایێ تـە حللاكرن.

خرابیا شول ئیٚرەدانە، كودودەستیٚد توندڕۆو ، لەفرەنگسە‌بارا ئەلجەزایریٚداندەرا وان،یەكجارەبەر ئنكسێ‌هەودي‌یە .دەستەك‌ژوان، كوتوند ڕۆوێ دەست ڕاستن، كۆكێ‌وا ، حەزنا كەن ، كوسەربخوپیێ بدنەئەلجەزایرێ وەڤێ محالێ‌ژعەردێ فرەنگسە دزانن، وەدەستـــادي ، كوئەهلێ‌ئەلجەزایرێ‌بخونن، بەرعەكساوان‌دبیٚن، گەرەك سەربخوییێ بدنەوان ، وەدوگۆلێ بخو،ناوبیٚناڤان دوبەراشێ ئاشادا، كەتی‌یە گرێ لێ‌بەلێ ، قەولیی چەڤ ڎیٚرەكیی سیاسیی دوگول ئیثبات كری‌یە كو وەختێ ئالوزیٚدا، بەبیرباواري وزۆراخو، تەنگاڤیی یاڤناڤ ڕاد كە، سەرەكێ جمهوری‌یەتا فرەنگسە، بۆكەڕكرنا نەیاریٚدخودەست ئاڤیی‌تیی‌یە روفراندۆمێ ، وەدایە حەساندن ، كوبۆسەربخویا ئەلجەزایرێ، ژگشتی خەلكێ فرەنگسەرایێ‌بستینە .

نەقشێ دوگۆلێ لەبارا روفراندۆمێ‌هەرچەند، مەسەلیٚدنەكڤش تیٚداهەیە ، لێ‌هەما لڤان چەنڎڕۆژان ژهەرمەسەلەك سیاسیی‌دي‌تر. بەر بچەڤێ جی‌بێ‌سیاسیی‌یە .

ئەوكاریٚك‌لازمە دوگۆلێ حلل‌كرنا مەسەلاالجزایرێ‌را بكە ، لە بەرچەڤێ گەلەك مرۆڤیٚدزانە ، ئەوە كو، الجزایرێ‌نە، ڤێ حالێ كو ژدەولەتەك بن‌دەست زیٚدەتر تشتەكي باشقەنینەخاپیی نەكە ، وەڤـێ دەوروعەسریٚدا، كەپڕێ دەولەتیٚد ئافریقیا ، كوتەوری ژالجزایرێ ژێ پاشداترن، گیٚشتنەسەربخوییێ، نابە كوسەربخوییێ نەدەالجزایرێ ، وە نەكو، شوالەكێ‌ئسسا بكە، كودەولەتەك نەیارفرەنگسەرالەالجزایرێ وارەسەر كار، وەبەرامبەري سەربخوییٚدا ، كوفرەنگسە ددەوێ ، كین و دوژمنایێ فرنگسەراباژۆ .

بجی‌هانیناڤیی شولی،خیٚنجی‌دەست‌ئاڤیتنێ،بڕای گرتنا گشتیی مللەتێ‌فرەنگسە ممكوێن‌نینە،وەلەماژي، لەهەردەرەك‌سیاسیی یادونیایێ، سەرڤێ تەگبیرا ئەوەل مرۆڤێ‌فرەنگسە باسێ‌دكن .

بیرباواریاچەڤ ڎیٚریٚدسیاسیی‌ئەڤە، كوحلل‌نەبۆنامەسەلاالجزایرێ نەكوتەنێ بۆفرەنگسە بەلكیی ، بۆدەولەتیٚد ئازایێ‌باشقەژێ‌زرارە .

یەك‌ژڤان ئەڤە ، هەمن ئەڤ مەسەلە بۆیە سەبەب ، كو ڕابتیٚـد خۆشیێ لەناوبیٚنا (تونس‌ومراكش) كوجیٚناریٚد الجزایرێ‌نە، گـەلێ دەولەتیٚد ڕۆژئاوا ڕابە .

بەرڤێ‌هندێ، زاف‌ممكوێنە، كوبەحلل بـوێنا مەسەلا الجزایـرێ ناوبیٚنا دەولەتیٚد ئافریقتا شمالي وڕۆژئاوادا، چاكي وباشیی‌چێ‌بە .

چاواك هاتە گۆتن، بیٚشیادا روفراندۆما دوگۆلێ،ئسسائەشكەرە نینە ، ڤەهێ‌ژي چو كەس‌نزانە ، كوسەرەكێ جمهوری‌یەتا فرەنگسەیێ چاوا بوكاربە ، ڤێ‌روفراندۆمێ دەرباس بكە .

ژپیٚش تێ‌دیتن، كو گەلەك خەلكێ فرەنگسە، كوحەژێ‌دوگۆل ڎكن ممكوێنە ، نەقشێ ویٚرا بۆحلل كرنامە سەلاالجزایرێ ڕایا حەز كرنێ‌بدەن .

ڤي‌حالیداهەلبەت خۆگرتنانەیاریٚد دوگۆلێ ، مەخسوسەن‌دەست ڕاستیٚد توندرووێ هەودا بشكێ

دوگۆلێ بحلل كرنا مەسەلاالجزایرێ‌تەنگاڤیی یەك‌مەزنە پاشیی شیٚرلە فرەنگسەڕادكە ، وەئەوێ بخیالەك رەحەت زیٚدەتر دەست‌بحللێ كرنا مەسەلیٚد دي‌تربكە .

بێ‌شك رایێ ئەهلێ‌فرەنگسە كوالجزایرێ ڎمینن وەخـەلكـێ فرەنگسە بخوژي ڕۆناهي كرنا كارباریٚ‌ڤێ‌مەسەلا الجزایریٚدائەسەرەك زۆرێ‌هەبە .

## تكا

**لەخوێنەرە بەڕێزەكان‌تكاڵەكەین: لەناردنی‌پارەی‌ئابوونمانی‌ڕۆژنامە خۆیان نەگرن؛ ئەڵبەت‌ئیمەكاتـێ ئەتوانین‌بـەم خزمەتی خۆمانە دریٚژە بڎەین‌كە خوێنەرە بەڕێزەكانمان دەس گرۆیی‌مان بكەن .**

## مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی کورد

نووسراوی زانای مەزنی کورد، احسان نوری
وەرگێڕاوی: د.ع.مفتی زادە

### ٨٠

ئیختلافی ڕواڵەتیِ شێوە کوردی یەکان ئەمڕۆ لەبەر ئەوە ، بەدی هاتووە، کە لەپاشِ ئیسلام جگەلەوە کە کوردەکان زۆرتریان خوێندەوار نەبوون، وەخوێندەوارەکانیش بەزمانی کوردی نەیان نوسیوە کە یەکیەتیِ شێوەکان بپارێزرێ ، ووشەی داگیرکەرەکانیش لەنێوی کوردستانــی بەربەڵاوا ڕیشەی داکوتاوە ؛ وە گەلی کورد بەهۆی نەبوونی یەکیەتیِ و هاوەنگی یەوە لەدەستی هۆزو گەلانی جۆربەجۆرا لەتلەت وبەشبەش کراو ، ماوەتەوە .

لەڕۆژگاری «ساسانی»یەکانا ، زمانی دەوڵەتیی ، «پەهلەوی»بۆ، کەزۆربە کوردی یەوە نزیکە، بەجۆرێ کە ئەتوانین بڵێین:زمانی کوردی ئەو ڕۆژگارە بووە لــەپاش ئیسلام «صــلاح الدین ئەییوبیی» پاڵشای گەورەی « کورد»ــ کەجێگای سەربەرزی وشانازی دونیای ئیسلامە،وە ناوی بەناوبانگیە وجیهانگیر بووەــ سوڵطانی مصر ، وەڕزندەی یەکان شاهەنشای ئێران بوون ، بەڵام ئەوان بەناوی عەرەب وفارس پادشایی یان کردووە . وەبە گوێرەی کارەساتیِ ڕۆژگاری خۆیان کە بیروبــاوەڕی ئایینیِ هەستیِ نەتەوایەتیی داپۆشابوو، ئەییوبی یەکان بۆچاك کردن وبە کاربردنی زمانی نەتەوایەتیِ خۆیانــ یانیِ زمانی کۆنی ئێرانــ تێنەکۆشیوون،و، بەگرنگیان نەزانیوە .

حکومەتە بچوکەکانی تری« کورد»یش لەزمانی نەتەوایەتیی خۆیانا کەمتەرخەم بوون؛ هۆنەران ونوسەرانی کوردیش بەزمانی عەرەبی وتورکیی شعریان هۆنیوەتەوە ، وە کتێبیان نوسیوە .

باوەکو«ئازەربایجان»یش سەرزەوینی «ماد»ودانیشتوانی لەگەلی «ماد»بوون، چونکوو ناوچەی ناوبراو ناوی «ئاتورپایکان»ی ، بەخۆیەوە گرتووە ، ئیتر بە کوردستان ناونەبراوە . ئەگەرنەدانیشتوانی ئەوێ لە مێژەوە کوردبون، وەبەدەستی پادشایانی کورد (ڕەوادی، شەددادی، وە ڕەگەزەکانی تر) بەڕێوە چووە ، ئێستاش لەڕەگی ئەوانا خوێنی «مادی» ئەگەڕێ ، وەلەگەڵ کوردانا هاوڕەگەزن ؛ بەڵام چونکوو ساڵهای ساڵ لەژێر دەسەڵاتیِ تورکەکانا ماوون، زمانی نەتەوەی خۆیان لەبیرچووەتەوە ، وەفێری زمانی تورکیی بوون ؛ وەبەم بۆنەوە بەشی زۆرتــری ئەوان خۆیان لەڕەگەزی تورك ئەزانــن ؛ تەنـــــــانەت ئــەوانەش کە تائەمڕۆ ناوی هۆزی (کورد)ی خۆیان پاراستووە ، وەکوو هۆزی «دونبەلی» خۆی . هۆزی« گوران»ی ، «ڕەضائییە، هۆزی «قەرەچۆڵیی» ئەرەسباران ، هەرخۆیان بەتورك ئەزانن . تەنیا «قەرەچۆڵیی»یەکان پێی تێن کەباپیرانی ئەوان کوردبوون. « کوردبەچە» کانی «ڕۆدهە»یش وەکوو«قەرەچۆڵی» یەکان بەتورکیی قسەئەکەن ، بەڵام ئەڵێن، کە: باپیرانی ئێمە کورد بوون،وەبە کوردی قسەیان کردووە .

یەکەم هۆزی تورك کە هاتوونەئازەربایجان، پێش لەساڵی ٤١٠ی کۆچیی بوو کەپادشای ئازەربایجان و«وهسودان»بوئەوە لەشەڕا لەوان کەڵك وەر گرێ ، ئەوانی هێنا ئازەربایجان .

مێژوو نوسەکان لەژمارەی ئەواناقسەیان یەك ناگرێ برێکیان دو هەزار پیاو ، وەبڕێ تردوهەزارڕەشماڵیان نوسیوە. چونکوئەم تورکانەلە پاشان ئازاریان ئەگەیاندە دوروبەری خۆیان ، ئەمیری «وهسودان»لە گەڵ پێشەوای کوردەکانی «هذبانیی»داــ«ابوالهیجاء» کوڕی«ربیب الدولە کەخوشکەزای ئەمیری«وهسودان» بوــ دەسیان کردبەیەکا، وەئەوانیان لە ئازەربایجان وەدەرنا . بەشێکیان کەلە ڕەضائییەدا بوون، ڕۆیشتن بۆناوچەی «حکاری» . کوردەکان بەرهەڵستیِ ئەوان وەستان،وەڕێگایان لێ گرتن . لەشەڕێ یەکەمدا ، کوردەکان شکان ، وەهەڵاتن ولەنێــو کێوەکانا پرژ وبەڵاوبوونەوە ؛ لەپاشان هەڵ گەڕانەوە ، هێرشیان هێنا بۆسەرتورکەکان، وەئەوانیان شکان؛وەدەستەیێکیان لەوان دەس گیر کرد کەحەوت کەسیان ئەمیروسەدکەسیان لەپیاوە گەورەکان بوون .

| | |
|---|---|
| ڕواڵەتیی : ظاهری سطحی | بیروباوەڕ: عقیدە،نظریە |
| شێوە: لهجە | ئایینی: دینی، مذهبی |
| بەدیهاتن: بوجودآمدن | هەست: احساس |
| یەکیەتیی : وحدت، اتحاد | نەتەوایەتیی: ملی |
| داگیرکەران: استیلاگران | گرنگ: مهم |
| بەربەڵاو: وسیع | کەمتەرخەم: بی‌مبالات |
| گەل: مردم، ملت | هۆنەر: شاعر |
| هاوەنگیی: اتفاق | هۆنینەوە : نظم |
| بەناوبانگ: معروف | لەمێژەوە: ازمدتهاپیش |
| بەگوێرە: باقتضا | کەڵكوەرگرتن: استفادە |
| کارەسات: حادثە،واقعە | وەدەرنان: اخراج |

## مەولودنامەی پەیغەمبەری مەزنی ئیسلام حەزرەتی محمد(ص) دانراوی زانیاری بەناوبانك

حەسەنی هەرتووشیی

تێتەڤە فی‌الحال، زان عالیی مەقام
ئەزدبینم تێتە پشتا من تــــــەمام
ساعەتاڕۆنیم(١)،لەسەرمەهدازەمین
منعەجــایب تێنە پێشم ئافەریــن
هەم ژارضیِ. تێتەسەمعم ئەڤ کەلام
وی دە گەڵتە ، «احمــد» والسلام
هەرچیی داریِ هشلثوە ئەزبچمەبنیی
بوهێشین(٢)و کەسك(٣)ژبەلگار(٤)ڕژغەنیی
بوسەوسێوان ، لەسەرمن ناگهان
ئەزکوچوم،بوهشك.بیِبەلگ وغصان
ئەوچ ڕەمزوحالە ؟ بابیِ ! بێژەمن
گوت بابیِ ژوهنیا چــاڤیدمــن
شابە(٦)،من‌مزگین‌لتە، ئەیِ‌نازەنین
ویِ‌ژتەظاهر بتن ، شاهیِ ئــەمین
هیڤیــا من‌وائقە، دیِ ژابتــــــن
«احمد »یِ دورسەل ژتەپەیدابتــن
ئەشرەفیِ مەخلوق سولطانیِ جهان
دیِ‌ژتە ، پەیدابتن بیِ‌شك ئزان

(١) دانیشم، کردەوەی داهاتوی التزامی بۆ یەکەم ئەندامی تاك لەڕیشەی «ڕۆنیشتن» (٢) شین، صەوز (٣) صەوز، شین (٤) گەڵا (٥) ئەغصان . لق ، چڵ ، پەلوپۆ ، شاخە (٦) شادبە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

## چون بنوسین

ماوەی ل٣

لە ڕیشەی تیِ پــەر کەری زانــراو دوروست ئە کرێ،وە کوو: کوژران کەلەڕیشەی تێپەڕنەکەری زانراوی « کوشتن» دوروست کراوە .

٥ـ ڕیشەی تیِ‌پەڕنەکەری زانراو لەهیچ ڕیشەیێکی تردوروست ناکرێ وە ڕیشەیێکی سەربەخۆیە،وەکو: گریان، گرین، دانیشتن، هەستان (هەڵسان)،خەوتن، نوستن، ڕژان،

٦ـ لەبڕێ لەشێوەکان لەکردەوە نەزانروەکانیشیاندا، پێش لەبریتی (ضەمیر)ە وە، ئەو پیتی «ی»یە کـە لەڕیشەکانیاندا زیاد کراو،ەئەمێنێتەوە، وێنە: کریان، کریا، ئەکرییِ، بکرییِ. گوڕیان، گوڕیا، ئەگوڕییِ بگوڕییِ دڕیان، دڕیا، ئەدڕییِ ، بدڕییِ.

هـەروەهاش لەشێوەکانی ترا پیتی «ر» لەکردەوەکانــدا فرەنادرێ، وێنە: گوڕران گوڕرا، ئەگوڕرێ، بگوڕرێ. کوژران: کوژرا، ئەکوژرێ، بکوژرێ. کنران، کنرا، ئەکنرێ، بکنرێ. بڕران. بڕرا، ئــەبڕرێ، ببڕرێ .

٧ـ بڕێ جارلە کردەوەی زانراو ونەزانراوی داهاتوودا، پیتی «ت» لە گەڵ پیتی بریتی لە دووەم ئەندامی تەکدا ئەهێنرێ،وێنە: ئەکرێیت، ئەخۆیت، ئەکەیت؟ ئەخورێیت .

هەروەهاش لەسێیەم ئەندامــی تەکی زانراوونەزانراودا، وێنە:ئەکرێت، ئەگرێیت، ئەکرێت؛ ئــەزوات ، ئەکوژرێت، ئەچێت، ئــەخوات، ئەخورێت.

ڕیشە: مصدر
تیِ‌پەڕ کەر: متعدی
بریتی: ضمیر، کنایە، عبارت
زانراو. معلوم، بناءفاعل
نەزانراو: مجهول ، بناءمفعول
فرەدان ، حذف کردن
سەربەخۆ: مستقل

چاپ اختر شمال
تلفن ٢٥٥٠١

وەرگێراو لەگۆڤاری «ئێران ئاباد» وەرگێڕ : د.ع.م

# لورستان

## سەرزەوینی پڕ لەدار

لوڕستان یانێ سەرزەوینی لوڕنشین؛ وەئەوە ناوچەیێکەبەربڵاو لەڕۆژئاوای ئێراندا کە لاژوروی کرماشانە ، وەڕوژهەڵاتی کێوەکانی «بروجرد» و«ملایر»ە ؛ وەڕۆژئاوای عراقە ، وەلا خواروی خوزستانە. «معجم البلدان» ئەنوسی : لوڕستان دوبەشە : پێشکو، پشتکو ، وەخەتی سنوری ئەم دوبەشە چۆمی «سمێرە»یە. لەچاوی جوغرافیایی یەوە ئەم دوبەشەزۆرهاوشێوەن ؛ بەڵام لەچاوی دانیشتوانی یەوە بڕێ فەرقیان هەیە .

لوڕستان چەنێ ڕزە کێوی بەرزی هەیە کە بەتەواوي لەشانی یەکا قەراریان گرتووە؛ وەچەنێ چەم ودۆڵێکی قوڵ لەیەکیان جیبا ئەکاتەوە؛ وەهەرچی ڕوبەلاخواروی ڕۆژئاوایی (جنوب غربی) پێش بڕۆین، بەرزي ئەم چەم ودۆڵە کەمتر ئەبێتەوە .

لەهەمو کێوە کانی لوڕستاندا کانی قیرهەیە کەئەگەر دەس بکەنە دەرهێنانی ، جگەلەوە کەبەشی نیازمەندي ناوخۆی وەڵات بۆقیرتاوی شەقامەکان وڕێگا کان وکارە کانی تر ئەکات ، بەشێکی زۆری ئەمێنێتەوە کەبەوەڵاتانی دەرەوەی بفرۆشین .

ئاووهەوای لوڕستان وەکو ناوچە کوێستانی یە کان جۆربەجۆرە وەئەگۆڕێ. وە کێوە کانی کە ڕوبەدەشتە کان دەهەزار گەزبەرزن، لەحاڵێکا کەچەم ودۆلی «سمیرە» حەوت صەد گەز بەرزە .

لەچاوی ئاووهەواوە ئەتوانین ئەم ناوچە بکەینە سێ بەشەوە :

١ـ لوتە بەرزەکان کەلەدوهەزارتاهەزار گەز بەرزن؛ وەلەزستانا بەفر پۆشپونی وهاوین ئاوی زۆریان هەیە .

٢ـ چەم ودۆڵ، کان کە لەهاوینا زۆر گەرمن ؛ وە لەزستانا زۆر سەردن ، وەبەهار وپاییز بەرشی زۆریان ئەبێ . بەرزي ئەمچەم ودۆڵانە لە هەزار ودوصەد تادوهەزار گەزە ؛ وە«اشترانکوە» ئەوانە لەبای لاژوروی ئەپارێزێ ؛ وەبەوە کوبەفری زۆریان تێدا ئەباری ، بای سەردیان نی یەوە لەبێ فەصڵ لەوێ ئەگوزرێ .

٣ـ ناوچەی جەنگەڵ کەلە نێوانی چۆمی «سمێرە» و کێوەکانی خورڕەم ئابادایە؛ وەبەبۆنەی درەختی زۆرەوە ، هەواێکی خۆش ودڵ پەسەنێی هەیە . لەم ناوچەدا هیچ وەخت سەرچاوکەکان ووشك ناکەن .

لەناوچەی گەرمیاندا بەهاوین هەوا تەواو ، ووشك وگەرمو ئاگرینە بەجۆرێ کە کەس خۆی بۆ ناگیرێ وتێدا ناژیێت ؛ بەڵام لە زستانا زەوین لەئالفی سەوز پۆشراوە ؛ هەموهۆزوعێڵە کان لە کوێستانەوە بۆئەوێ کۆچ ئەکەن، وەلەو دەشتانە بەزن، وەڕان و گا گەل وڕەووگی خۆیان لەوێ ئەلەوەڕێنن؛ وەهێندە کە هەوا گەرمی کردەوە ، ئەوعێلانە دیسان لە گەرمیانەوە کۆچ ئەکەنەوە ، بۆ کوێستان و ئەوێ چۆڵ ئەبێ .

گەرمای هاوینی ئەمچەم ودۆڵەهێندە زۆرە، کە کاروان بەشەو ئەڕۆن ؛ وەئەگەر بەڕۆژا بڕۆن ئولاغەکانیان لە گەرماڵ ئەتۆپن .

پێویستە کە بڵێین : دانیشتوانی لوڕستان لەوناوچانەدا کەنزیکی هۆزە کانی تربوون، تائەندازەیێ لە گەڵیانا تێکەڵ بوون ؛ وەشوێن و نیشانی ڕەگەزی ئەوان گۆڕاوە. بۆوێنەلەلای ژورەوە لە گەڵ کوردە کانا، **وەلەلاخواروی ڕۆژ هەڵاتیی (جنوب شرقی)یەوە ، لە گەڵ بەختیاری یە کانا ، وەلەڕۆژئاواوە لە گەڵ دانیشتوانی عراقا ، وەلەلای خوارەوە لە گەڵ خەڵکی خوزستانا تێکەڵ بوون .**

لوڕە کانی ئێستا دانیشتوانی ناوچەیێکن کەوا ، لە بەینی کێوی «چهل نابالغان» وچەم ودۆڵی «گاماست» وچۆمی «سمیرە» و«ئابدیز»دا. وەهۆزە ناوداره کانیان بریتین لە: کاکاوەنێ و کۆلیوەنێ، وەلەدەشتی «خاوە»دا هۆزی «حسن وەنێ، بەیرانوەنێ، ئالوەند، سەگوەنێ»وەلەدەشتی «اشتروار» ڕوبەخورڕەم ئاباد ولەبەشی لاخواروا ، «پاپی ، چگمینی ، جواکی ، میر کوەوندە»ن، کەلەبەینی «یافتە کوە» وچۆمی «سمیرە»دا، نیشتن جێە .

تەنیاشاری لوڕستان خورڕەم ئابادە کە حەوت هەزار کەس نفوسی هەیە ؛ وەلەدۆڵێکی تەنگ وقوڵایە کە «کشکان رود» لەوێوەتێ پەڕئە کا .

ماوەل ١١

ماوە لەژمارەی پێشو

## ئەمەش چەندوینەیی لەگەنجینەی زیویەی کوردستان



سەری شێری گەورەی «ماد» کەئەندامەکەیان تاواندوەتەوە .
وەئەوە درۆشمی پاڎشایی «ماد» بوو



سەری هەنۆلەئالتونی پاك



دوسەری دەس بەندی ژنانە کەوێنەی سەری شێرە

### باسیکی ...

ماوەی ل ٢

ئەوسە کۆیە کە پەیکەرە کە، وا لەسەریەوە، ٥ر١متر لەتەختی هۆدە کە بەرزترە . لەبەردەمی سە کۆە کەدا ، پلەیی بە تەشکی «مکعب مستطیل» ئەبینرێ کە درێژی وپانی ئەوە ٦٩سانتی مترە، وە٤٦سانتی مترپش بەرزە لەهەر دوشانی سە کۆە کەوە، دیوارێکی بەردین هەیە؛ کەنازێك بەردە کانی نراوە، وەڕوی دیوارە کەیان بە گەچ هەناو داوە.

بە کورتي بڵێین لەچلۆنیەتي ڕواڵەتی پەیکەر ونەقشە کانی دەوری،وا، دەرئە کەوێ کە: دروس کەری ئەم پەیکەرە وپستویە ئەو کەسە کە گرتویە پێش چاو ، لە ژێری دارێکا لەوەختی پشودانا پیشانی بێ وەهەروەهالەدیوارە کان دەرئە کەوێ کە پەیکەری ناوبراو لەنێوەهۆدەیێکا بووە؛ ئەگەرنە پەیکەری ڕوت وقوتی کەسێ کە نیوەخودایێ بووە ، وەهەمو بەڕێزیان گرتووە، چۆن خستویانە بەرچاوی هەمو کەسێ؟

سەبك وطەرحی ئەم پەیکەرەلە چاوی هونەرەوە، زۆرجێگای چاو دێری یە. بەڵام لەباري وجۆربونی ئەنڎامە کانی لە گەڵ پەیکەری پەیکەر تاشانی کۆنا بەرانبەری ناکا شتێ هەیە کەئەم پەیکەرە لەدوباری مێژوییی یەوە ، زۆر گرنگە، یەکێ ئەمە کە لەخاکی ئێراندا تا ئێستا پەیکەرێکی تەواو، وێنەی ئەم پەیکەرە بەدەست نەهاتبو ؛ئەوی تر ئەمەیە کەلە گەڵ ئەوهەمو دەسەڵات وزۆرەدا کە **دەوڵەتی «پارت» لەنێوە ڕاستی صەدەی دووەمی میلادیدا بەدەستی هێنا،هێشتان شوێنی هونەری** یۆنان تائەمدەورە بەڕونا کي ئە بینرێ. باوە کو ئەبێ ئەمدەورەبە بەرزەخێ لەبەینی شوێنی یۆنان وڕۆما بزانین، بەڵام لە گەڵ ئەمەشا، هونەری یۆنان لەئێراندا جێگاو پلەی خۆی لەسەرەتای پادشایی ڕە گەزی پارتا پاراستبو؛ وەپادشا کانی سەرەتایی ئەم ڕە گەزە بۆئەوە کە خەڵکی شارە کانی یۆنانی

ماوەل ١٢

کوردستان

بەشی کرماشانیی

لاپەرەیی ، بوهەمووجار

**لەکومەلا**

ماوەی ل١

بەشی‌یەکەم بژێ جارتەنیالە ئەنڈامی‌نەزان‌ونەخوێندەوارەوەر ئەکەوێ، ئەوەش‌وەکو داروبەردو ئاگر خواردن، تێغ‌وەشاندن، باز بردن، وەبژێ‌شتانی‌تر کەدەروێشەکانی‌شوێنەکورد نشینەکان. وە بژێ‌لەئەنڈامانی‌وەلاتانی‌ترئەی کەین؛ باوەکوڵەباسی‌«دوپست»داتازادەیێ ئەم‌باسەمان ڕۆشن کردووەتەوە ، بەلام لەبەرئەوە، مەسەلەی‌دەروێش لەهەمۆ شوێنەکانی کوردستاندا باسی‌لێ‌وەئەکرێ، وەهەر کەسێ بەجۆرێ‌لێ‌ی‌ئەکۆڵێتەوە؛ یەکێ ئەڵێ ئەو کارەنەکراوانەکەدەروێشەکان ئەیکەن، کەراماتی‌ئەو لیایە، کەسێ‌تر ئێژێ، یارمەتیی شەیاتینە، وەهەنڈێ‌ترلایان وایە ، ساحري وشوعبەدەبازی‌یە، وەبژێ تربەچاوبەس وتەژدەسی ئەزانن ، وەبەکورتی ئەومەسەلەیەتائێستا بۆکەسێ ڕۆشن‌نەبووەتەوە کەئەو کارەنەکراوانەچۆن لەودەروێشانەوە، دەرئەکەوێ، وەلەچ‌ڕێگایێ کەوە، ئەیان کەن؛ بەپێویستم زانی‌بەگوێرەی بیروزای‌خۆم‌لەو مەسەلەوە ، بدوم؛ وەمنیش وەکو خەلکی‌ترلەوبارەوەشێ‌بڵێم.

لەخوێنەرە بەڕێزەکان‌تکا ئەکەم هەستی‌خۆبەزل زانین کە لەهەمۆ گیان لەبەرێکدا هەیە، بنێنەلاوە،وەبەووردی‌ئەم‌باسەبخوێننەوە، وەملی‌بەماف (حەق)بدەن، تاڕاستیی‌وناڕاستیی بیروزای‌ئێمەشیان‌بۆدەرکەوێ، چونکە هەر سەرێ‌مێشکێ کی‌هەیەوهەرمێشکێ ئاوەزی(عەقلێ).

بۆڕوشن کردنەوەی ئەم باسە چەنڈشت‌ئەبێ‌هەڵدەین‌تازرۆباش‌ئەو مەسەلەیاز،بۆدەرکەوێ،وەدودڵێ سەرلێ‌سڕمانمان نەمێنێ،

١- لەپێشەکەکانی ئەم‌باسەدا؛ دەرمان‌خست کەلەم‌بیسانەدا هێز- یکی گرنگ وبێ‌سەروبن‌هەیە کە هەمۆ کوتەکانی‌ئەم‌جیهانەڕائەگرێ وەئەوەشمان بەناوی یەزدان نـا- ساندووە.

٢- ئەوەێزە گرنگەبە گوێرە ئامادەیێ هەرشتێ بەوشتە،هێز ئـە ماوەڵ٤

بەپێنوسی«سیدمحمدسعید غیرت»

# ئەهەمیەتری‌یەیل‌کوردستان

گشتمان زانیمن کە : پیشترلەمەنطەقەی خوربنیش کـەسنەو کرماشان ولوڕستانـە، گشتی کوێساروسەختەڕێ‌یە. هـەروەی جیهەتە هاتوچین وبارکیشی‌لە ئەوڕێ یەیل کوچکراولاوەلاوسەختە هـەروە وەسیلەی‌چاروا لەقەبیل قاطروخەر کریەت. یەسە کەهاتوچین‌و کێشاین بارلەورە خەیلی‌سەخت و کونڈە.

لەئی‌باوەتـە مەنطەقەی کوێسارخـوەرنشین ئیران گشت جاری گرفتارئێ کیچەلە بۆە . وەتەنیا ڕێی‌شوسەی ئی‌وەلاتە هەرئـەوڕێ‌یەی قەیمیِ‌بەرزي(فلات)ئیران بۆ، کەسەرزەمین‌ئیران(لەطەرەف خورەهەلات وەرەوخوەرنشین) لەشۆن گوزەشتن لەهەمەدان‌و کرماشان،وەخاك‌عراق وەیەك ڕەسانیات . ئی‌ڕێ‌یە تاوەرژە جەنگ بەینولمیلەلی‌ئەوەل‌ئەصلەن قابیل هاتوچۆن ماشین و گاري نەوۆ. ئـەوەل جارخارجـی‌یەیل‌ئەڕای مەقاصد جەنگي‌خوەیان کەمی‌دروسی کـردن؛ وەتوپخانـەوەوهیمات خوەیان لەلی گوزەرانن . تازەمان اعلیحضرت‌فقیدرضاشاه‌کبیر ئـی ڕێ‌یە حیساوي‌تریەو کردن . وەیەکی‌لە ڕێ‌یەیل شوسەی خەیلی‌خاس بی ؛ وەتاوەرلە ڕێ کەفتن ڕێ ئاسن سەرتاسەری تەنیا ڕێی‌هاتوچۆن‌و هاووردن‌کالای‌بازەرگانی‌بی. خوەش بەختانەئی‌شاهراەموهیمەهیمانیش ئەهەمیەت خوەی لە دەس نەیاس؛ وە فرەترپش بییە. مەخصوصەن لـە تاریخی کە پاڵشگای نەفت کرماشان کـەفتەکار،ئەهـەمیەت ئی‌ڕێ‌یـە قەیمی‌بەدیاري‌تریەوبی.

ئی‌ڕێ‌یەلەملەی‌ئەسەدئاواوبیدسورخ‌وچوارزوەروپاتاق گوزەریت. لەبەعزی ساڵەیل ئی‌ملەیلەبەفر گردیا؛ وەهاتوچۆن بڕییان لەشۆن‌ساڵە شارپوەرخراوی‌یەیل ئی‌ڕێ‌یە دروس کریا؛ وەتازەیی‌پیچ وخەمەکـان تونڈی لەناوبـردن؛ وەئیسە سەرانسەرئی‌ڕێ‌یـەهەرلەمەرزخـوسروي تاهەمەدان‌وتهران کوچك‌ڕێژي‌وبنەژەت‌سازي‌وقیر تاوفرەخاس کریاس، وە وەسیلەی دروس کردن پیلەیل فرە بۆسەیەکی لەڕێ‌یـەیل مودڕن دونیا پەسەنڈ.

ڕێ‌یەی تری کە لەجنۆب (کـرماشاه) وەرەوشیمال (سنندج‌و سقزوآذربایجان) چیت ، هەرئەوڕێ‌یەسە کە لەزەمان مەرحوم ڕەضاشاه طەڕاحي‌بی، وە صوڕەت جادەی شوسەدەرهات . ئی‌ڕێ‌یەلەدەشت ناوەەر- وەنڈو بیلەوار گوزەریت . لەکامیاران داخیل خـاك کـوردستان بۆت ؛ وەلەورەیشە، لە دامەنەیل کوێساري کوردسان وەلەملە مەرواري وەملەی دڕ کەڕەسیتە دەشت سنە؛ وەلەورە چێت وەرەوئازەربایجان.هەرچەنڈئی ڕێ‌یە ئەهەمیەتی‌چەنڕی ئەوەلی‌نیە، وەلی‌لە چاوئاوا کردن کـوردسان ئی‌ڕێ‌یە فرە حەیات بەخشە؛ ئەڕای یەکێ‌تاوەرژە دروس بۆن‌ئی‌ڕێ‌یە وە کوللیی‌هاتوچۆن کوردسان‌و کرماشان‌وەهەرچنەو کیشاین کالاوباروە وەسیلەی قاطروچاروا بۆ، جنس فروشي(صادرات) کـوردسان کەبیەمیوەجات بی، ناعەلاج خوشك کریا، وەوەجۆرناپەسەنڈیك چیاتە بە کرماشان ، وە لەورەیش چیاتەجی‌یەیل‌تر، وەهەرچنەو جنس بسینە (واردات) وەسەختیی‌چیاتە کوردسان .

لەی گشتە موهیمترهاتوچۆن مەردوم کە خوەی ڕیشەی ئالە بۆن فیکروپەیوەنڈي مەعنەوي وە گەرد خوەیان وباقي هەم وەتەنە خوەیان بڕیابۆ؛ وەلي‌لەدەوران شاهەنشای فەقید ئی‌ڕێ‌یە ئەوەل جا صوڕەت جادەی نیظامي (عەڕابەڕەو) کریا ؛ وەیەواش یەواش وەصوڕ ڕێی حیساوپك‌دەرهات . ساڵەیل بـەعدئ‌زساڵ‌شارپوەرتاچەنـڈ ساڵ عیللەت پایەی نەوۆن پانیا وەخراوي؛ وەلي‌یەسەخوەش بەختانەدیوا، وە ئەهەمیەت حەیاتي‌ئی‌ڕێ‌یە پەی برد؛ وەیە چەنیکەوە کوشیش‌فرە ئی‌ڕێ‌یە مەشغولن، وەطەورئەساسي،بەرانبەردەرخواست ڕۆژ، ها،لەدە ساختمان .ئی‌ڕێ‌یە لەدەشت‌ناودەروەنڈ وبیلەوار_ کە فرە باتلاقي‌وچ وچەمزارن، وەضمەن لە کشتکاڵ خەلەفرە مەتـرۆفن _ وەوەسیلە پیلەیل فرەو گەورا دەس نریاسە ساختمانی. جادە فرەپان ، وەبنەڕە سازي وە کوچك دروس کریاس؛وە چنەودیارە کەبۆتەیەك شاڕای‌ئەصا کە کرماشان لەڕێی کوردستان وە مەنطەقەی ئازەربایجان ڕەسێتەیەك وە وەسیلەی ئی‌ڕێ‌یەمەنطەقەی سنە لەی حالەت‌بن وەسیی‌دەرتیەت؛ لە حەیات ئی‌مەنطەقەموئەثیرە؛ وەشەکی‌نی‌یە کەسرویسەیل‌بار کێشای وەموسافرەت مورەتتەب‌لەئی‌ڕێ‌یە کەفنەکار. ئەلبەتە وەوەسیلەی‌ئی‌هاتە چۆنە زەنجیر برایی‌میللي‌لەناوئەومەردومە موحکەمتربۆت؛ هـەرچنە کە ئەومەناطقە ئیستعداد خوەیان لەئی‌زەمینە نیشان دانە . چنەو کە لەئی‌چەنڈ ساڵە فرەیك لە مەردوم ئی‌دوشەهرەهاتوچۆن‌فرە کردنە.

ئی‌شاهراە گەورا لەگشت لایك، طەرەف‌خوەرهەلاتی‌وەبەخشەیل کولیایی(لەحاصل خیزوخەلەدارترین مەناطق غەرب) وەبیجار، وەلـ طەرەف خوەرنیشین وە کوێسارەیل گاوە ڕۆ،ڕاوەڕۆ، وەئەورامان(جی یەیل فرەخاس‌ئەڕای باخداري وحەیوان داري)دەس وەدەسە .وەشەکی نییە ئی‌ڕێ‌یەئەثرفرەیك لەوەضع ئیتقصادي‌ئـی‌وولاتەیلـە دیرت .و یەقین مالکەیل ئەودەهاتیش کوشیش کەن، وە وەسیلەی‌ڕێ‌یەیل‌فەرعی دەس خوەیان‌بڕەسننەئی‌ڕێ‌یە، کەوە ڕاسي وەمەنزلەی‌شاهڕەگ‌حەیاتي غەربە

ئیمەئومیدواریم،تەوەجوهی کەسەرچشمەی‌نییات‌پاك‌وبەرزشەخص شاهەنشاهە بیشترلەیـە، وەصەفەحات غـەرب بۆت، کـەڕۆڕی مەناطق کوردستان، وەڕێ‌یەئاسن سەرانسەري کشوەردەس وەس وەدەس‌بۆت.



**بوبی...**

ماوەی ل٤

لەدونیا دەرچوو . توچڵ ساڵەبوی هاتیتەماڵی من؛ وەئەمەش سی ساڵە کەوای لەماڵما: وەهێشتان خەیاڵی مردنت نی یە .

**تەرزە**

جوتیاری تێکەزەوینێکی بو؛ هەموساڵی تەرزەئەهات،وەحاصڵەکەی لەبەین ئەبرد؛ تالەپاش چەنڎ ساڵ کابرا لەزەوینە کەڎا چۆنەری کێڵا، دیسان تەرزەباری. کابرای جوتیار ڕوی کرد لەئاسمان،و، ووتی: خوڎا! جائیتر هەرتەرزە ببارێنەرە! ئەوخەیاڵە کەتۆهەتە، خەیاڵێکی خاوە، مەگەرمەلائکە بنێری بەدڎان دانەدانەچۆنەرە کان لەزەوین هەڵ کێشن.

**خۆتی گەیاندن**

مەلایێ لەمزگەوتا بەسەر تەرمێکەوەقورئانی ئەخوێندە، نیوە شەوخەو زۆری بۆهێنا، چرا کەی کوژاندەوە،لەپاڵی تەرمە کەڎا، ژاکشا. ئەژقەزامردوە کە گیانی تێ کەوت وهەستاوە،مەلای لەخەوزا چڵەکاندو، پێیووت : بژیاروانەبو کەتۆنیوەشەوقوتبکەی لەچرا کە وقورئانە کەدابنێ! مەلادەس بەجێ وەڵامی داوە: بژیار وانەبو کە مردو لە کاری زیندوا خۆیان تێ بگەیێنن .

**ئامۆژگاری**

ماوەی ل٤

هەڵ چون لە گەڵ زۆردارتر لەخۆ، نابودي ولەنێوچونە .

(لە کتێبی نصایح الحکماء)

زۆرعەیبە کە خۆت بە گەورە بناسێنی ، وەلەنێوی خەڵکی دا ، خۆت بەهەڵ بژێرراوویێ هاوماڵ بزانی. لە گلێنەی چاوئەبێ پەنڎبگری، کە : هەموکەس ئەبینێ وخۆی نابینێ .

(خواجەعبداللە، انصاری رح)

هەوسار پچران ویاخي گەري ، لە گەڵ مانای ئازادی دا ، زەوین تائاسمان بەینی هەیە .

(ویلیام دوگلاس)

هەمیشە ئەو کەسانە کە بەبیروڕایێ پابەنڎن ؛ وەبەشتێ بیروڕایێ بەتینیان هەیە، بەسەر ئەو کەسانا کە بیروڕایێ تەق ولەقیان هەیە ، حوکم ئەکەن .

(کلارك)

وەختێ کەسێ دەس ئەکاتە ستاییش وخوڵتە کردن بەئێوە ، لێ مەگەڕێن قسە کەی دووایی بێنێ؛ بەڵام کاتێ کەسێ لەئێوە ڕەخنەئەگرێ، گوێ بگرن تاقسە کەی دووایی دێنێ .

(بیردانیو)

هەزارویەك شەو — ٣١١

شەها! دەورانی حوکم وپادشاییت تابەمەحشەربێ  
هەتاوی ڕەژن وئیقباڵت هەتامەحشەرمونەووەربێ  
بەهاری عەیش ونۆشی دۆستانت پڕ بەروخوڕڕەم  
خەزانی دەردوڕەنجی دوژمنانت تۆش وتاسەربێ  
خەیانەتکاری مولکت تەفروتونای چۆڵی بەدبەختي  
نمەکناسی دەرت ئیقباڵی یاروبەختی هەمسەربی  
دوصەڎدوژمن لەپێی گییانی غولامی ئاستانت بێ  
چ باکێکی هەیە تادادی تۆبۆدادی داوەربێ

خەلیفە لە پاراوي زمان ونێروی ووتە کردنی ئاوزۆرسەری سڕەسا' وەزۆری پێ خۆش بو.

(کاتێ قسە گەییشە ئەم جێگا؟ هەوا ڕوناك بوومەوە ، وشەهرزاد لە قسە کردن وەستاوە)

## کەشەوی چل وچوارەم هات

شەهرزاد ووتی: ئەی پاڎشای بەختیار ! خەلیفە لەپاراوي زمان ونێروی ووتە کردنی غانم سەری سڕما؛ بەغانمی ووت : وەرە پێشەوە! کە چووە پێشەوە، خەلیفە پێی ووت: کارە ساتم بۆبگێڕەوە، وەلەبەسەرهاتی خۆت ئاگادارم بکە! غانم کارەساتەکەی لە سەرەتاوە تادووایی بێ زیاڎو کەم بۆخەلیفە گێڕاوە خەلیفەتێ گەییشت کە ڕاست ئەڵێت . ئەوجاخەلاتی کردو پێی ووت : گەردەنم ئازادبکە ! غانم ووتی:

**لەهەر گولزار**

ماوەی ل٤

عیشوەی کریشمەی حۆرجەمین گوڵ  
عەرز کەم وەپابۆس پەی تەسکین دڵ  
چەپگەرد نمازۆم دەمێ فەراقەت  
سا خوڎا! یاوەصڵ' یامەرگ یاتاقەت

## وەلیی دێوانە

شەو بێڎارانم ...

ڕفێق ناڵەی شەو بێڎارانم  
«جوغد» جانەسەنك سەر مەخارانم  
«یاهو» کێش جەور ڕۆزگارانم  
پەروانەی پەشێو سفتەی نارانم  
چون «قەقنەس»ڕوخاڵ کۆتەی دارانم  
صەیاڎ بی سوّد سەردیارانم  
سمکۆی لەنج عیشق ناز تەتارانم  
گیرۆڎەی سەرچنك جەفای خارانم  
خارخەم نەرجەرگ خاڵ خومارانم  
پاڎشای گشت پۆل هیجرانبارانم  
ویڵ واڎي گەرد هەردەی هارانم  
هەراسان نەدین دیڎەی یارانم  
مەجنون پڕ گێڵ پای کۆسارانم  
هیچ کەس نمەنڎەن جەخەم خوارانم  
بپەرسۆ هەواڵ وێنەی جارانم  
دەیبار دیارێن ، مەینەت بارانم  
بزانۆ وەشێن ئاهیر وارانم  
دەردێ من گرتەن خەم گوسارانم  
مەرهەم جەی وەر «قەیس»ڕۆز گارانم  
جەی دەردە ساکن سەردیارانم  
مونتە زیر وەلوتف بەننای کارانم

## مەلاحامدی ئالیجانیی

فەلەك کار نییە ...

ئەمەتۆ ئەی کەی کردەی کار نییە  
گشت تاجێ لایەق شەهریار نییە  
نازك غونچەی گوڵ کوفوی خار نییە  
ئەوە گشت لەداخ بەڎي ئەوجارە  
بێ واڎە جقستەی خۆی ئەکاپارە  
هیچ کەس لەدەستت بێ ئازار نییە  
لەئازارت کەس ڕەستگار نییە  
پەی هیچ عاشقێ وەصڵ یار نییە  
ڕەستگار نەبی! ڕەستگار نییە  
«حامد» یە کردار ئەی دەووار نییە  
لەئەزەڵ تەقدیر ئەوقەرار بییە

ماوەل١٠

بنکەی ژین www.zheen.org

# ئاموژگاریی
## خودالی خوشبوو فخر العلمای سنەییی

ماوەی لەچلی پێشوو

دڵوەش مەگێلی نەزۆی عەرەصات
مەحسوب نمەبۆ نەزەرەی عوصات
هەرتا زیندەبي تـاعەت خذێت بـۆ
قییامە سەختەن فکـرت بەوێت بۆ
جەدمـاو مەردەی هێچ سوذ نەدارۆ
ئەرحەیاتت هـەن، فرصەتـەن ئارۆ.
گونای کەس نییەن بەختم بەرگەشتەن
بەی کشف گوناوە تەمام بەهەشتەن
من جەڕۆی ئەزەڵ خـوذیـم نمانا
ویم جە مـەقبولان دەرگای تۆزانا
وەصف جـەلالیت پەنـــەم نمانا
«شەیتان» ئیختیا رجـەدەستم سانا
هەرتا جوان بیم مـەغـرور بەدنیا
تەپڵ بەدنـامیم نەعالــــەم ژنیا
جەزای ئاخرەت نامانـە گۆشم
ئایەی مەغفیرەت نـمەمەنذ نەهۆشم
کەردەی جەی وەرتەر بەرشین جەدەستم
خەجاڵەت قەول زوکەی «ئەلەست» م
ئیستە کـەپیر بیم، نەمەنذ تـەوانا
واذەی تۆبەمـەن ئەوتـۆمەن هانا
وەصف جەمـالیت بنمانیی پەنـەم
تۆبەو ئیستیغفار قەبوڵ کەی چەنەم
ویت فەرماوانت: تائیب مەغفورەن
تۆبەی گوناهان جـەلام زەروورەن

ماوەی هەیە

---

لەهەر ...

ماوەی ل ۹

## ص مفتی زادە

ماوە لەژمارەی پێشوو

جەوساوە ئازیز من جەیاذ بەردەن
وەهار شاذیم خەزانش کـەردەن
گرد وەختی پەی من واذەی خەزانەن
کاڵای نەوپاییز جـەلام هەرزانەن
تەم و گەردە لـوول دەروون پڕ دەرد
شۆڕاوەی ئەسرین، هـەناسان سەرد
زەردي زوخـاروماتیی و بێ دەنگیی
پەشێوی جەستە و کزي و بێ ڕەنگیی
ماتەمیی دەروون خەمگینیی بێ شۆ
هەرسات پاییزێن پەرێ من بێ تۆ.

---

# چووار قوژبن

**لابەلا :**

| ۷ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ١ |
| | | | | ■ | ■ | | ٢ |
| | | | ■ | | | | ٣ |
| ■ | | | | | | ■ | ٤ |
| | | | ■ | | | | ٥ |
| | ■ | ■ | | | | | ٦ |
| | | | | | | | ٧ |

١-لەدنیاتێ دەوروبەری سنەدا، بەکەسێ ئەڵێن: کە لەبەرعارەاتن لەشتێ، ئاڵۆزێ ٢- کەمەویاري ٣- ئەگەر نوختەی نەبێ، زۆرتر لەخاکی نمنـاك یالەبنی گەنکاودا ئەژێ - ئەڵێن : گەورەیي ، بەئیشە، نەك بەئەوە ٤- بە ناوبردن ودۆبارە کردنەوەی ، دەم شیرین نابێ ٥- چەوري ناوسکی گیپاندار - بـەرامبەری بەرزە ٦- زاوای شێواو ٧- ... زوخت بم کەشکەستی بەقەمەردا ✿ حەیرانی لەبت بم کەژەواجی بەشەکەردا .

**بەرەوخوار:**

١- قورمیشی سەعات، یامرۆی لەسەر کەیف و دڵخۆش- لەجێگای تەڕو گەرمدا پەیدا ئەبێ ٢- دزە کەی... زاوزێش کەردەن ✿ هەردزێ لوان صەذ دزئاوەردەن ٣- بنوسن لەسەر کێلی ...م ✿ شەهیدی عیشقم مەدەن ئازارم ٤- لەعورفدا ، کـەمترین ئەندازەیە لەتەڕي «مایع» - «بزن»ی کلك بڕاوی سەربەرەوخوار هەڵئاووسراوە- خەلیفەیێکی بەناوبانگی عەبباسیی ٦- ئەکەوێتە شوێنی ژاز، وەپێـکەوە ئەبنەدەردە دڵێ، کە بەلای دڵسۆزێکەوە دەرئەبڕێ ٧- بۆسۆرێ ئەڵێن، کەژەنگێکی زەلاڵ و زۆربێگەردی بێ وەکۆئاگر یاخوێن- جام جەمت ئار، لەبێز کەرجە ... ✿ پێم نۆش کەر وەیاد بەزم ئاراکەی کەی .

**گراوەی چووارقوژبنی ژمارەی ۷۸**

**لابەلا :** ١- بالاکەت ٢-فیس ٣- ئو-چونم ٤-یەخ- کەل ٥-هی- کـە ٦- قەپ ٧- یەخدرمە .

**بەرەوخوار :** ١- برایەتي ٢- وەی ٣-لف-قخ ٤-اید- بەد ٥- کس-پـر ٦- چەك ٧- ئاولەمە .

---



قوربان !«گیان ومالی غولامەی ئاغایە» خەلیفەزۆر ئەم قسەیە پێی خۆش بۆ؛ وەغانمی بەیەکێ لەنزیکانی خۆی هەڵبژارد؛ وە کۆشکێکی زۆرجوانی پێی دا؛ وە موڵك و باغ و زەوین وزاری زۆری پێ بەخشی. غانم دایك وخوشکی خـۆی هێنا نێوی کۆشکەوە . خەلیفە بیستی کە «فیتنە» خوشکی غانم بەڕاستیی فیتنەی ڕۆژگارە، دڵی لێ چۆ، وە داوای کرد بۆخۆی. غانم ووتـی؛ خوشکی من کـەنیزي خەلیفە ومنیش بۆخـۆم غولامم. ئەوجا خەلیفە صەذ هەزاردینارپارەی پێدا، وەناردی قاضیی وشایەتیان هێنا ومارەیان بڕی. لەڕۆژێکا خەلیفە فیتنەوغانم قوةالقلوبی گوێستەوە، وزەماوەنیان کرد . ئەوجاخەلیفە فەرمانی دا، کە: ئەم کارە ساتە بنۆسن، تابەرەکانی ئایەندە ئاگادار بن کە لـە دەستی چارە نۆس هەڵ نەیێن؛ وەکاری خۆیان بـەخوذای زەوین و ئاسمان بسپێرن .

کاتێ کە شەهرزاد ئەم بەسەرهاتەی دووایی هێنا؛ ووتی: ئەی پادشای بەختیار! ئەم بەسەرهاتە سەرسام هاوەرتـر لـە بەسەرهاتی «ملك نعمان» و کـوڕەکانی «شرکان» و «ضوءالمكان» نییە؛ پادشا ووتی: ئەوەچۆن بووە؟ شەهرزاد ووتی:

## بەسەرهاتی «ملك نعمان» و کوڕەکانی «شرکان» و «ضوءالمكان»

لەشاری دمشقا پێش لەخەلافەتی « عبدالملك بن مروان » پادشایێ بۆ کەناوی «ملك نعمان» وە زۆرئازا ونەبەز و دەسەڵات داربۆ ؛ بەجۆرێ کەبەسەر پادشاکانی

بنکەی ژین www.zheen.org

وەرگێری پێشەك وڕاستکەرەوەی هۆنراوەکان: م.ص.م

# کنز العرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین وو تار ((میر محمد صالح حسنی نعمت اللهی))

ملقب بە «حیرانعلی شا»ی کرماشانیی

## خاك کەربەلا

هەمسەران شۆرەن

کەالمەمهات وەجۆش، هەم یەچ شۆرەن؟
لە «سپنا»ی سینەم تەجەاللای «تور»ەن
باب قەلب مەفتۆح پر لــەسرورەن
دەستار تەقوا هـــــەوادەم لەسەر
«تەیلەسان» ب.... ـدەم وەبادئەحمەر
خەرقەبکــەنم، بــوەسم «زونار»
دیــن عیسەوي بکـ... ـەم ئیختیار
چو «صەنعان» بــارمژوەوە «کلیسا»
ئاگردەم لەبت، بتخانــەوە «تەرسا»
هـــــەم بنیاذ بنــەم بنیادێ لەنــۆ
نەفی ئەشیا کەم غ..... ـەیر لەذات هو
وەصییەت مەکــەم ژسۆز جــەرگم
بایەد عەمەڵ کــەن ژبەعـد مەرگم
نائیی وەموتریب، موغەنني ویاران
بچن پەی تــەشییع، جەنازەم باران
تاڵە عەزای من شۆرێ وە پاکەن
ژۆی شێخ وزاهید لەنۆسیبا کەن
چلتەن بادە کەش بێ ژەنك وفەنێ
شەهــاذەت بــذەن پەیمانە زەن بێ
نەرۆەن کارێ لەئــەو بـەڎێ سەر
جوز ساغەر کەشیی شەراب ئەحمەر
هەمیشە خومار، مەست ومەدهۆش بي
لە کوهنە زێندان بادە فرۆش بي
ئەجەل کە بەهار عومرم کردخەزان
کفنم کەن ژبەرك خولاصەی ژەزان
تەختەی تابوتم لەچوب تاك کەن
«سیدرە» و«کافور»ەم لەدوردپاك کەن

ماوەی هەیە

## لورستان

ماوەی ل ٧

خوڕزەم ئاباد لەدەوروبەری تەپێکا کراوەتەوە، کەوادیارە لــە ڕۆزگاری قەذیما جێگای بەزینی قۆشەن بۆ پاریز گاری ئەوناوچەبووە. خوڕزەم ئابادبەبۆنەی جێگا کەیەوەجێگای مامەڵەو کڕین وفرۆتنی لوڕەکانە. لەسەری ڕیگای خوڕزەم ئابادەوە بۆ سمێرە، قەڵایێ هەیەبەناوی «ناصر ئاباد» کەجێگای سەرانی عێلەکانی لوڕستانە.

### ماناێ ووشەکان

ناوچە ـ منطقە؛ ناحیە
بەربەڵاو ـ وسیع
ڕۆژئاوا ـ مغرب
لاژورو ـ شمال
ڕۆژهەڵات ـ مشرق
لاخوارو: جنوب
سنور ـ مرز، حدود
لەچاوی... ـ ازنظر...
هاوشێوە ـ شبیە
دانیشتووان ـ ساکنین
ڕز ـ ردیف، صف، رشتە
شەقام ـ خیابان، جادە
لووتە ـ قلە، نقاط مرتفع
هاوین ـ تابستان
هێندە ـ آنقدر
پێویست ـ لازم، ضروری
شوێن ـ اثر
ڕەگەز ـ نژاد
بریتی لە ... ـ عبارت از...
نیشتەجێ ـ متوطن، مقیم
بەزین ـ فرودآمدن
قۆشەن ـ لشکر، سپاه
پاریز گاري ـ محافظت
کڕین وفرۆتن ـ خریدوفروش

## دستور خواندن ونوشتن کردی

عده‌ای ازخواهران برادران فارس زبان که‌مایلند برسم الخط کردی آشناشوند باین مطلب توجه فرمایند:

میدانیم که کلمات فارسی بوسیله سه حرکت زبروزیروپیش وسه حرف «الف» و«واو» و«یاء» تلفظ میشود. وچون حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح کلمات بستگی باشنائی قبلی دارد، و این نقیصه موجب اشکال بزرگی درزبان فارسی شده . ولی رسم الخط کردی این اشکال رامرتفع ساخته، وکلمات تنها بوسیله حروف تلفظ میشوند. حروف صدای کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .

١ـ (ە) که‌بجای زبرمیآید. مانند: «سەر» (سر) «سەروەر» (سرور)

٢ـ (ی) که‌بجای زیرمیآیدمانند: «جیهاز» (جهاز) «کیتاب» (کتاب)

٣ـ (و) که‌بجای پیش میآیدمانند: «گول» (گل) «بولبول» (بلبل)

٤ـ (الف) که‌بجای الف میآیدمانند: «باغ» (باغ)

٥ـ (ۊ) که بجای «واو» میآیدمانند: «بۊد» (بود) «زۊد» (زود)

٦ـ (ێ ي) که‌بجای «یاء» میآیدمانند: «بید» (بید) «دەوید» (دوید) «مەردي» (مردی)

٧ـ (ۆ) که صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»

٨ـ (ێ) که‌صدای یاء مجهول میدهد: مانند «کێ» (که) «چێ» (چه)

٩ـ (ۊ) که‌مخصوص لهجه کرمانشاهی است وصدای (U) میدهد. مثال آن درلهجه کرمانشاهی «ئۊشم» (میگویم) «داشتۊت» (داشته‌باشد)

(١) حروف «ها» و«واو» و«یاء» بی‌علامت ممکن است اصلی باشند. مانند: «هەمسایە» (همسایه) «وورود» (ورود) «یەك» (یك). برای فرق میان هاءاصلی واعراب، هاءاصلی را دوچشم واعراب رایك چشم می‌نویسند .

(٢) همزه را همیشه باینصورت ( ئ ) می‌نویسند . مانند: «ئەحمەد» (احمد) «ئوطاق» (اطاق)

(٣) درکردی گاهی روی حرف دال ولام وراءعلامتی میگذرانند وباین شکل مینویسند (ذ،ڵ،ڕ) که در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام وراءمفخم میگردند. مثال آن درکردی: «فەرهاذ، دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کریعنی پسر)

(٤) الفبای کردی یك حرف بیشتر ازفارسی وعربی دارد که عبارت از «ڤ» میباشد . البته تلفظ این حرف درفارسی زیادست، ولی با «واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئــەڤــایل» (اوایل) .

(٥) دررسم الخط کردی حروف مشددرا دوتامینویسند. مانند «ئەڕڕە» (اره) «بەڕڕە» (بره)

(٦) درکردی کلمات راهرطور تلفظ میکنند مینویسند، البته کلمات بیگانه‌را مشمول این قاعده میسازند؛ ودیگر اشتباهی بین حروفیکه مخرجشان نزدیك است واقع نمیشود؛ مثلا صفحه را اینطور مینویسند: «سەفهە»

## لەکومەلا..

ماوەی ل ٨

بەخشێ، وەئەوهێزەشمان بەگیان ناوبردووە.

٤ـ بەرەی مرۆڤ لەهەموچەشنەکانی تری ئەم جیهانە، بــۆبارەوەرگرتن لەوهێزە ئامادەیی زۆرترە.

٤ـ بەرەی مرۆڤیش لەنێوانی خوێاندا لەبارەی ئامــادەیی یــەوە سۆن وجیاوازی یان هەیە.

٥ـ هەرشتێ کە تۆ بزانی پالێیت بێت، پێویست نییە کێ تر بی زانێ یالێ ی بێت.

٦ـ ئەگەر بەرەی مرۆڤ بتوانێ یان بزانێ ئەو هێزەی خۆی بەبخاتە کار، بەسەرهەموشتەکانی تری ئەم جیهانەدا زاڵ ئەبێ .

٧ـ ئامادەیی ولێهاتنی بەرەی مرۆڤ سەرەتای هەیەبــەڵام ئەو پەڕی نییە، چونکەناتوانین بڵێین: پیاوتەنیا دوزمان ئەتوانێ فیربێ، یان تەنیا ناوی هەزار کەس ئەتوانێ بزانێ، یان تــەنیا صەد کاری پــێ ئەکرێ، وەیان تەنیا، چوارزانیاری ئەتوانێ بخوێنێ وە...

ماوەی هەیە

### ماناێ ووشەکان

ئاوەز ـ عقل
سۆن ـ فرق، امتیاز
ویست ـ ارادە
بەرە ـ نسل
مرۆڤ ـ بشر، شخص
چەشن ـ نوع
بیروڕا ـ عقیدە؛ نظریە
ئاوەز ـ عقل

# مەبەست لەگەشتی سەرەك وەزیر بۆ ئەفغانیستان بەتین کردنەوەی پەیوەندی دوو وڵاتە.

ژمارەی ـ ٣١ ـ ساڵی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ٨٣

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردییە، حەوتەی جارێ چاپ ئەکرێ دەرئەچێ

بایی
بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش مانگە | ٧ | |
| چڵ | ٣ | قەران |

بۆ دەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | |

کوردستان

عەزیزم شاسوارێکە، گوزەرگا، گەر، بەئەلبورزا
دەکا، نووکی سمی ئەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا

سیاسیی ـ زانیاریی ـ وێژەیی ـ کۆمەڵایەتیی

خاوەنی امتیاز و مدیری لێپرساو
عبدالحمید• بدیع الزمانی

بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
دوکتۆر محمد صدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر
دوکتۆر عبدالرحمن واحمد مفتی زادە
عابد سراج الدینی ـ شکرالە بابان
خسرو شیخکا ئلووی میلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ٢١٨
تلیفوون ٣٢٠٠٣

چوارشەمە ٩ ـ سەرماوەز ٢٥٧٢ ك ـ ٩ ئازەر ١٣٣٩ ش ـ ١٠ جومادیلئاخیرە ١٣٨٠ ق ـ ٣٠ نوامبر ١٩٦٠ م

شاهەنشا لەکۆبوونەوەی ڕۆژنامەیێدا فەرموویان :

## ئەمەوێ کەتاگیرانی جەژنی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشاهی ئیران، بۆ تاجسەرنان بخاینین سەبارەت بەبەشداربونی ژنان لەهەڵبژاردنائەبێ لەئایەندەدا، قانونێکدانێ هەڵبژاردنی نوینەرانی نیشتگەی ڕاوێژی نەتەوایەتی بەم زوانە پیك دێ

## ئیمە ئامادەین کە هەموو ڕابووردووەکان لەبیری خومان ببەینەوە، وەلەگەڵ یەکیەتیی سوفیەتا پەیوەندیی دوستانە لەسەر ـ بناغەی بەریز گرتنی دولایی ودڵ پاکی یەوەدامەزرینین

بووەرگرتنی یارمەتیی لەبیگانە، ئەبێ ئالمان، کەلەصەنعەتا زور سەرکەوتووە، بگرینە پیش چاو.

## ئەگەر ئەمریکالەیارمەتیی عەرسکەری کەم بکاتەوە ئەبێ لەپارەی خومان پارەییکی زورتر بو کاروباری عەسکەری خەرج بکەین، وەلەباتیی ئەوەدەس گرویی ئابووریی زوورتری وەرگرین . وەئیستا وەلاتانی

گەورەی بێ لایەن وەکووهندوستان ئەم کارە ئەکەن:

## ساغیەتیی گەل

لەوەکاتەو کە موهەندیس «شریف امامی» ، بووەتە سەرەك وەزیرو کابینەی خۆیی پێك هێناوە، لەبەرنامەی دەوڵەتدا ساغیەتیی گەلی زۆرتر خستووەتە بەرچاودێری یەکێ لەوشتانە، کەبۆساغیەتیی خەڵك بەزییاندار زانرا، دوکەڵ ومسایلی هاتوچۆ وەگازی ماشێن بۆ ' کە بەواتەی پزیشکانی موتەخەصیص، ئەبێتە هۆی پیس بونی خوێن وە شێوانی، دەزگاکانی هازیمە، وەزییان گەییشتن بەجێگای هاتوچۆی هەناسە ، وەبڕێ جاریش ، ئەبێتە هۆی سەرەتان ونەخۆشییانی تر .

دەوڵەت بۆ لەناوبردنی ئەوپایەی ناخۆشی یە ، فەرمانی دا ، کەبەری هاتوچۆی ئەوماشێنانە، وادو کەلیان هەیەبگیرێ ، وەئەوماشێنانە ڕاگیرێن، وەخاوەنەکانیان ناچار بکرێن بەلابردنی عەیبی فەنیی یان. چەندڕۆژێ ئەوکارەیان کرد، بەڵام وادییارە ، دەزگادەوڵەتی یەکان ، کەمتر عادەتیان هەیە کەفەرمانەکانی خۆیان، بۆهەمیشەبەڕێوەببەن وەبەڵکو زۆرتر ئەبینرێ ، کە فەرمانەکانی دەوڵەت تەنیا بۆچەند ڕۆژێکە، وەخەڵکیش لەوکارەساتە باش تێ گەییشتون، وەدوسێ ڕۆژێ خۆیان جەمو جۆرئەکەن پاش ئەوە، بە

ماوە ل ١٢

م.ص.م

### چون بنووسین وبخووینینەوە

گەڕندنی کردەوەی تێپەڕ نەکەر بەکردەوەی تێپەرکە

بەجۆرێکە لە پێشاهەڵمان دا، کردەوە دوچەشنە : تێ پەڕ کەرو تێ پەڕنە کەر. هەروەهاش کردەوەی تێپەڕکەرمان بەگوێرەی ـ ڕیشەکانیان بەدوبەش دابەش کرد: بەشی یەکەم کردەوەی تێپەڕکەری

ماوە ل ٢

## نەتەوەی کوردو نەتەوایەتی ئیران

ماوە لەچلی پێشوو

سەلام لەسەر خاپاکی کوردستان لانکی پاڵەوانەکان .

لەبارەی ڕەگەز، کوتیەکانەوە،

ماوە ل ٨

د.ع.م

بەپێنووسی : زانای بەڕێز «علی حاکمی»
سەرۆکی ئەنتیکەخانەی «ئیران باستان»

## باسیکی زانیاریی پەیکەری ((هرکول)) لەبیستوندا

بەجۆرێ کەلەپێشا ووتمان : ئەوبەردە نوسراوە بەخەتی یۆنانیی کە لەبێستوندا بەدەست هاتووە، حەوت دێڕە، کە بەزمانی کۆنی یۆنانە وبڕێ لەپیتەکانی شکاوە و ناخوێنرێتەوە، بەم بۆنەوە لەکاتی وێنەلێ هەڵ گرتن و وەرگێڕانیا' بۆتەواوکردن وڕێك وڕاست کردنەوەی پیتە شکاوەکان ، زۆرتر کۆشیوون، جگەلەوەش نزیکیی پیتەکان بەیەکتر، وەنەبوونی فاصلە لەبەینی ووشەکانا یەکێ تر لەو کێرو گرفتی یانە بوکە کاری

ماوە ل ٦

م.ص.م

## لەکومەلا چون بژین؟

زێگای خوداناسی
یان
طەریقەی عرفان
ـ ١٣ ـ

لەسەرباسی ژمارەی پێشوئەڕۆین.

٨ـ هێزتەنیا بریتیی نییە لەوە کەپیاو ، شتی قورس هەڵ گرێ' یان ڕای کێشیٚ یان فڕەی بدا ، بەڵکو هێزیانێ زاڵ بوون بەسەر هەرشتێکا.

ماوە ل ٣

www.zheen.org

## مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی کورد

نووسراوی‌زاناای‌مەزنی کورد،احسان‌نوری وەرگێڕاوی:د-ع-مفتی‌زادە

### ٨١

لەصەدەی شە شەمی میلادی‌دا، ئازەربایجان بەشێ‌لەسەرزەوینی حکومەتی سەربەخۆی کورد «کوئاتانز»ی گۆران بووە ، کە پاتەختی ئەم‌حکومەتە کرماشان بو . گۆرانەکانی «ڕەضائیە» کە خۆیان‌بەتورك ئە زانن ، پـاش ماەی ئەوهۆزی گورانەن . لـە سالّی ٣٠٩ کۆچی‌دا «صدقه بن علی» کە خەلّکی موصلّ ولە کوردە کانی ئەوێ بووە ، لە ڕەضائییەدا حوکمی ئەکرد ؛ لە لایەن «مأمون»خەلیفەی «عباسی»یەوە کرابو بە والي ئەرمەنیستان و ئازەربایجان ، وە گرتبویە ئەستۆ کە لە گەلّ «بابك خرمی»دا ، شەڕبکا .

«مر بن علی» موصلي طائی کوردیش هاتە دێی «نزبر» وەلەوێ نیشتەجێ‌بـو ؛ وە ئەوێ کردە شاروخۆی بوبە حاکمی ئـەوناوچە . کوڕەزای «مر» کە ناوی «عمر» بو، لە سالّی ٢٦٠ کۆچی‌دا ، لەلایەن خەلیفەوە کرا ، بە والي ئازەربایجان ... بە قسەی «سیاح اصطخری» لەصەدەی سیەمی کۆچی‌دا ،ئازەربایجان لەدەستی‌عەشایری «ردینی»دا، بووە ؛ پاتەختی حکومەتی ئەوان لە پێشان مەراغە بووە ؛ ولە پاشان گوێزراوە بۆئە ردە پل...

بـاوە کو ئەمڕۆ ناوی کورد و کوردستان لە نێوتەواوی‌خەلّك‌و ناوچەکانی «ماد» نشینانابینین ، بەلّام ئەگەر بە ووردي چاوبخەینە سەرمێژوی ڕۆژگاری‌ساسانی‌یەکان‌وسەرەتای ئیسلامدا ، ناوی گەلّی کورد لەهەمو ناوچەکانی «ماد»نشینا تەنانەت لە مازندران، خوراسان، کرمان ، افغان ، بخارا ، بلوچستان ، خوزستان ، آران ، ارمنستان ، کارداکیە ، تاسواس ، وە اسکندروندا ئەبینین !؟..

لەم بارەوە کتیبی «کرد وپیوستگی نژادی و تاریخی او» بە درێژا باسی کردووە . وە «تاریخ کورد و کوردستان»چەند مەبەستێکی ڕووناك وبەکە لّکی نووسیوە ؛ ئەوانە بخوێننەوە .

«موری‌یر» سەبارەت بەجەژنی‌خەلّکی‌دەماوندلە ژێری‌سەردێری «جەشن کوردي»دا ، چەند قسەیێکی کردووە . ئەم ناوە دەرئەخا کە خەلّکی دەور وبەری دەماوەند ــ کە بە قسەی ئاسوری یەکان «ماد»ە دوور دەستەکان‌ئەژمێـران‌ــ کورد بوون .

بۆوێنە ووشەی «مازندران» بۆخۆی کوردی‌یە «مازن‌تر، مازن‌تران» لە«مـازن» گیراوە کە بە مانای گەورەیە ، وە «تەران»ی ، پێ‌یەوە لکاوە .

لەڕۆژگاری خەلافەتی«معتصم»دا، کەئەم ناوچە هەموی‌بەدەستی عەرەبەکان گیرا ، ناوی پادشای‌ئە وجێگا«مازیار» بوو. ئەم‌ناوە ووشەیێکی کوردی‌یە،یانێ : «دۆستی گەورە» عەرەبەکان «مازیار»یان‌بەدیل گرت ، وە لە «سامرە»دا ، کە پاتەختی «معتصم» بوو ، کێشایانەدار؛ وە مازندراندران کەوتە دەستی «عبدالله بن‌طاهر» .

#### مانای ووشەکان

صەدە : قرن — سەربەخۆ: مستقل

کۆچی: هجری — ئەستۆ: عهد

نیشتەجێ : متوطن ، مقیم — دیل : اسیر

## چۆن بنووسین

ماوەل ١

بێ‌ڕێگا؛ وەووتمان زۆرتر لەڕیشەکانیاندا، نیشانەیان«دن» و«تن»ە، وەکو: کردن، بردن، خـواردن، گرتن، کوشتن، خستنی، بەستن، چەشتن .

بـەشی دووەم، کـردەوەی تێ‌پەڕکەری بـەڕێگا؛ وەنیشانـەی ناسینی‌ئەو کـردە وەش ئەوەیـە، نیشانەی ڕیشەکەی«ان»ە. وەڕێگای دوروست کردنیشی بەم‌چەشنەیە کە نیشانەی هەرڕیشەیێکی تێ‌پەڕنـە کەرفڕەئەدەین‌وەلەجێگایا،نیشانەی ڕیشەی ناوبراودائەنێین ، وێنە : دانیشتن، خەوتن، کەوتن، هاتن مردن، گریان، بڕیـان، گڕیـان خوریان، چوون، بوون کەئەبن‌بە: دانیشاندن، گریاندن،چوواندن .

لەهەلّدانی ئـەم باسەدا چەند شتمان بۆدەرئەکەوێ :

١ـ نیشانەی کردە وەی تـێ پەڕکەرەبێ‌ڕێگاکان،زۆرتر«دن» و«تن»ە، وەنیشانەی کردە وەی‌تێ پەڕنەکەر، زۆرتر«ان»یا«یـان»ە، ئەوەش ئـەبێ بزانین کـە «یان» ئەگونجێ‌نیشانە کردەوەی زانراوی تێ‌پەڕنەکەربێ، وەکو: گریان ، کریان،ڕژیان، وەنیشانەی‌ڕیشەی نەزانراویش بێ، وەکو: کوژیان، لە بڕێ لە شێوەکانی‌سۆرانی‌دا.

٢ـ ڕێگای گەراندنی ڕیشەی تێ‌پەرنەکەربەریشەی‌تێ پەڕکەر گشتي نییە؛چونکەبڕێ‌لەڕیشەتێ پەڕنەکەرەکان بەنیشانەی «اندن» ناگەڕێن بەتێ پەڕکەر بـەلّکو، ئەگەربمانەوێ‌ئەوڕیشەتێ‌پەڕنەکەر بکەین بەتێ‌پـەڕکـەرپێویستە ڕیشەیێکی‌تری‌تێ‌پەکـەری‌بـێ ڕێگاکە ئەومانایە بگەیێنێ، لە جێگایا دابنێین، وێنە : هـاتن ئەبە: هاوردن . بوون، ئـەبێ‌بـە: کردن، کەوتن، ئەبێ‌بە: خستن:

٣ـ ئەوڕیشەتێ‌تێ‌پەڕنەکەرانە کەنیشانـەیـان «ان»ە، لـەکاتی گەڕاندنیان بـەتێ پەڕکە، تـەنیا «دن»لەنشانەی‌ڕیشەی‌تێ‌پەڕکەر داندن»بەدوایانەوە ئەنوسێ، وێنە: گـەڕان : گـەڕانـدن . گـریـان: گریاندن، ڕژان: ڕژاندن سوتان: سوتاندن .

#### مانای‌ووشەکان

کردەوە : فصل

تێ‌پەڕکە: متعدی

تێ‌پەرنەکەر: لازم

نەزانراو: مجهولّ

زانرو: معلوم

نیشانە:علامت

## گوزارشی کارەکانی ئاوەدانیی کوردستان بەخزمەتی شاهەنشا

بەپێی‌ئەو گوزارشە کەلەلایەن‌سـارەك‌وزیرەوە،بەپێشگای‌شاهەنشا پێشکەش کراوە، لە «اسفند»ی سالّـی١٣٣٧ وە، تـاشارپوەری ١٣٣٩ بەتێکڕایی١٧٢کاربۆئاوەدانی کوردستان لەلایەن دەسگاکانی‌دەولّەتەوە بەم جۆرە جێ‌بەجێ کراوە:

١ـ وەزارتی‌ڕێگا، ٤ کار: بناغەدانانی پردەکانی ڕێگـای سنە و «همدان» دروس کردنی پردی گاڕان وشێخ عطارلەڕێی سنەومەریوان. کردنەوەی بناغەی پردی شاپوری ڕەضائیە؛ وە دەکاری تـری ڕێگـا دروست کردن .

٢ـ وەزارتی داد گوستەري : کردنەوەی خانوی داد گوستەري و تاپۆی سنە؛ وە خانوی دادگای «سقز» .

٣ـ وەزارتی‌تەندوروستي،١٧ کار: کردنەوەی دەرمانگای حسێن ئاوا، خسرو‌ئاوای گەڕوس، فەقێ‌سلێمان، قروە، دیواندەرە؛ وە نەخۆش خانەی ٢٥ تەختی بانە، سقز، مەریوان، بیجار، وەسەردەشت.

٤ـ وەزارتی کشتو کالّ،٤ کار:دامەزراندنی‌ئیسکـەی‌مەکینەیی کردنی کشتو کالّ لە«سقز»دا؛بە کارخستنی بەرنامەی ئاودێري‌قەصری شیرین وسومار.

٥ـ وەزارتی گومرکات٩کار: کردنەوەی کۆشك بۆ گومرك لە شاری سنە . کردنە وەی چواربەر کە هەمار، بەپێوانـەی ٣٢٠٠ متری چوار گۆشە لەمەریوان وبانە، وەحەوت کاری‌تریش

٦ـ وەزارتی‌دارایی،١٠کار: کردنەوەی کۆشك بۆدارایی لە«سقز» ضەحنە، کەنگاوەر.

٧ـ وەزارتی‌ناوخو،٨کار: کردنەوەی کۆشکی ئوستانداري‌سنەو فەرمانداري پاوە . تەواو کردنی خانوی فەرمانداري‌شاری‌بانە .

٨ـ وەزارتی چەپەروبرۆسکە،٧ کار: کردنەوەی کۆشکی‌چەپەرو برۆسکەی سقز، مەریوان، پاوە، نەوسود، جوانڕۆ.

٩ـ شاداری‌یەکانی ناوچە کوردنشینەکان ، ١٨کار: دامەزراندنی کارەبای بیجار.کارەباولوله کێشي ئاوی«سقز»، بـانە، قـروە، سنە،سەردەشت، ڕوانسەر، پاوە .

١٠ یانەي گشتي بـەلّاو کردنەوە وڕادیو، ٥ کـار: کـردنەوەی کۆشکی بەلّاو کردنەوە وڕادیوی سنە. دامەزراندنی‌ئوستۆدیۆ،وەئامادە کردنی‌شت ومەکی‌پێوپستی‌سنە و کرماشان .

١١ـ بونگای ئاودێري،٢٥کار: بناغەدانانی بەندی گەنجان‌چەم؛ وەبەندی چۆمی‌قەصرشیرین نەخشەی‌هەلّ گەڕاندنەوەی‌چۆمی‌ئەلّوەند. کردنەوەی بەندی سدراوی‌ڕوانسەر؛ وەدامەزراندنی‌شەبەکەی‌ئاودێري ڕوانسەر، ئەندازە گیري ڕۆخانەکانی ناوچەخورنشینەکان .

١٢ـ یانەی گشتیی سجلّ ئەحوالّ: کردنەوەی کـۆشکـی‌سجلّ ئەحوالّی‌ئیلام وقەصرشیرین .

www.zheen.org

**لەکۆمەڵا..**

ماوەی ل ١

٩ـ هێز وویست لدیەك جییان؛ هێرتووا نائی یێکی ژۆتە کە لە مرۆڤابەژانمایی پێنج هەست ئەکە. وێتەکار ، ئەوەش بەم چەشنەیە : بۆوێنە ئەڵێین: ئەگەر پیاوچاوی ڤوجاند ژێگای سەختوژاست لە یەك جییا ناکاتەوە، ژەنگە لەکاتی ژۆیشتنا پێی هەڵ کەوێ، وەملی بشکێ؛ هەروەهاش پیاوی کەژو کوێر نەژۆخانە ئەبینێ وە نە هاژەی ئەبیسێ' دوژنییە لەکاتی ژێگاژۆیشتن‌دا ، بکەوێتە ناوی ژۆخانە کەوە وئاوبیبا ؛ وەیانِ ئەگەر پێستی لاشەی هەستی گەرمی وساردی و نەرمی وژەقی نەکا، بێ گومان ئەکەوێتەناوی ئاگرەوە' وە ئەسوتێ ؛ وەهەر بەو جۆرەش ئەگەرهەستی چەشتنی نەمابێ شتی تاڵوشیرین ناناسێ؛ کەوابوهێز، یان گییان لەمرۆڤدا وە کوفیلمی وێنە گرییە لە ناوی مجري (صنذوق)ی دەزگای وێنەگري دا کە لەژێزە بینەکانیەوە سێبەرو تاپۆووێنەی شتانی دەرەوە، ئەگرێتە خۆی؛ وە ژێزەبینە کانیشی بە جێگان پێنج هەستە کانی پیاون؛ وەهەروەها کەئەگەرژێزە بینە کان تاپۆو سێبەری شت بەفیلمە کە نەگەیێنن ، فیلمە کە هیچی تێدانییە هەروەهاش ئەگەرپێنج هەست مەزەوتاپۆو ژنگ‌ودەنگ‌و چلۆنیی چت بەهێز نەگەیێنن هێز هیچێ نازانێ ، وە ئاگای لەشتێ نییە، وەچاك‌و خراپ‌وتاڵ‌وشیرین وخۆش و ناخۆش وسارد و گەرم‌و ژەق‌نەرم سۆن‌ناخا، وەلەیەك جییا یان‌ناکاتەوە، کەوابو زانینی ئێمە بریتی‌یە لەوە کە هەستە کانمانِ بەهێز، یان گییانی ئێمەنی‌واندووە، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە هێز،یان گییان‌شتێکی نهێنی‌یە،وەتەنیاپەیوەندي بەچتەوە هەیە ، وەلە چت‌دا شوێنی دەرئەکەوێ.

١٠ـ لەبەرئەوە کەهێز بۆخۆی شتێکی نهێنی‌یە ، لەگەڵ شتی نهێنیی‌دا باشتر ژێك ئەکەوێ،یانێ ئەگەر مرۆڤ لەشتانی‌نهێنیی‌دا بێ‌خاتەکار' چاکتر بارەی لێ‌وەر ئەگرێ.

١١ـ هێز بۆخۆی‌هەموکارێکی پێ‌ئەکرێ،وەهیچ کارێکی بەلاوە نەکراونییە، بەڵام هێزلەمرۆڤابە گوێرەی ویست ئەکەوێتە کار، وەلەشتا شوێن‌ئەکا .

لەژمارەی دووایی دا لەبارەی ویستەوە باس ئەکەین کە جیاوازي لەگەڵ‌هێزدا چۆنە.

هێز ـ قوە، نیرو
زاڵ‌بون. چیرەشدن،تسلط‌یافتن
وپست:ارادە‌قصد
ژۆت ـ مطلق،مجرد
مرۆڤ ـ بشر،انسان
وێنە ـ عکس
مجري ـ صندوق ، جعبە
ژێزەبین ـ ذرەبین
تاپۆ ـ شبح
چلۆني ـ کیفیت
سۆن ـ فرق، امتیاز
نهێني ـ معنوی، پوشیدە
نەکراو : ممتنع،محال
گوێرە ـ اقتضا
چت ـ مادە
شت ـ شئي،چیز

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەزاویەك‌شەو ٣١٣

ژۆم‌و«عجم»دا، زاڵ‌بۆبو؛ وەدونیایێکی داگیر کردبو؛ وەوەڵاتانی ژۆژهەلات وژۆژئاوالە «هندوسند وچینەوە تایمن وحجاز وحبشەو جزایروبحار» لەژێری دەسەڵاتیا بو، وەهەموگەل وقۆشەن لەدادگەري ودەس‌بەڵاوي ئەودل خۆش وشادبون. ئەم پاذشا کوژێکی‌بو بەناوی «شرکان» کەزۆرنەبەزولێ هاتوبو، وەهەمو پیاوەناو ذارەکانی چاوترسا دبو،وەلەهەمو هاومالەکانی خۆی سەر کەوتبو. پاذشائەوی کردە وەلي‌عەهدی خۆی. کاتێ‌شرکان تەمەنی گەییشتە بیست‌ساڵ سەرتاسەری قۆشەن‌و گەل‌فەرمانی ئەویان گرتە ئەستۆ' وەملیان بۆدا کێشا ، پادشا سێ‌صەذوشەصت ژنی بون؛وەجگەلە دایکی شرکان هیچ‌کام لەوان‌منذاڵی نەهێنابو؛ وەهەرکام‌لە کەنیزان‌و ژنانی پاذشا کۆشکێکی تایبەت بەخۆیان‌بو . وەپاذشا هەرشەوێ لەکۆشکێکدا ئەنوست. ئەزقەزا کەنیزێ لەهاوسەرانی پادشا ئاووس‌بو؛ وەهەواڵی ئاووس بونی ئەو گەییشتە گوێ‌' پاذشا، پاذشازۆرپێی خۆش‌بو، وەبەرواری ئاووس بونی کەنیزەکەی نوسی؛ وە هەموژۆژێ سەری‌لی ئەدا، وەچاکە ومیهرەباني زۆری لەگەڵ ئەوئەکرد. وەختێ کە«شرکان»لەم‌کارەساتەئاگای پەیذا کرد ، زۆرپەشێوبو، وەپەژارە دای گرت؛وەزۆرئەم‌کارەی پێ گران‌هات.

(کاتێ‌چیرۆك گەییشتەئەم‌جێگا' ژۆژبۆوە ؛ وەشەهرزاد قسەکەی پچری)

## کەشەوی‌چل‌وپینجەم‌هات

شەهرزاد ووتی:ئەی‌پاذشای‌بەختیار! کاتێ کەشرکان‌زانی: یەکێ‌لە کەنیزانی باوکی ئاووس‌بووە زۆرخەفەتی خواردوو، ووتی، ئەواشەرێکی پاذشاییم بۆپەیذابو؛

وەرگێزی پێشەك وژاستکەرەوەی‌هۆنراوەکان:م.ص.م

# کنزالعرفان

## دیوانی ژانای خوداناس هونەری شیرین‌ووتار ((میرمحمدصالح حسنی نعمت‌اللهی))

ملقب‌بە«حیرانعلی‌شاە»ی کرماشانیی

بایەد وەخصوص بۆشن و غەسساڵ
غوسڵ دەی وەشەراوبێ‌دورە زەلاڵ
ژئەسب چوبي وەختای پیام‌کەن
دور ژزاهدان ئەهل ژیام کەن
موغەنني بارن بکەی نمازم
تارزەن تاربڏەی لەجێی‌نیازم
دەفنم‌کەن لەپای‌خوم‌خانەی شەراو
تاله مەحشەرمەست بێذاربۆم‌لەخاو
عیشق موحەببەت «حسن وحسین»
تەلقین‌کەن تابۆوه جەریدەتەین
بنویسن لەبان لەوح مەزارم
شەهیدعیشقم نەذەن ئازارم
شەهیدئەرصەذئەصلْ ئیجادی‌خاکەن
سرشتەی نورەن مەعصوم پاکەن
بگێرن بەزمێ پەی «ئال یاسین»
ژەوزەم کەن وەخولدبەهەشت‌بەرین
لەسێ ژۆژەی مەن‌بنیش وەشاذ
وەعەیش و عیشرەخەمان‌دەن وەباذ
صەفا وموحەببەت مایەی نەجاتەن
مەعنای باطني صەوم و صەلاتەن
یاژەب ! وەزیندان کۆی خەراباتت
وەذات‌بێ‌عەیب پڕلەصفاتت
یارەب ! وەپەیغام پەیغەمبەرانت
وەدونوقطەی قاف قەلەندەرانت
یارەب! وەعیزرەت سڕژ سوبحانیت
وەمەعنی «الحمد : سبع‌المثانیت»
ودپەدار دۆس دیذەم‌ژۆشن‌کەر
لەظولمات تەن نەجاتم بدەر
یارەب وەعوششاق مەست دێوانەت
وەمەی پەرەستان ساقي مەیخانەت
کەشتیم نەجات دەرلەگرداب هەم
باوەر وەساحل فارغ‌کەر ژغەم
«سەی‌صالح» بنیش وەبێ دەردسەر
لەکەنجینەی دڵ‌ئاگاهەن‌دڵبەر(١)

(١)خوذالێ‌خۆشبێ‌و«سەی‌صالح»ی کرماشانیی: دێوانەی‌مەیخانەی خوذاناسي وسەرخۆشی‌باذەی یەکیەتێ ودەیری هەردوکێوی مانەوەی

ماوەل ١٠

# ریزەکاریی

**دەستە برا :** دۆستی زۆرصەمیمی ، کە بەدەردیهاوڕازی بخوا. صفەتێکی تێکلاو(مر کب)ە، لە «دەست» (دست ـ ید)، وە«برا» (برادر ـ اخ)، وە«ە» (جێ نشینی جۆلەیسەر) ، کە ە زۆرکات ئەنوسێتەدووای جوزئییەکەمی صفەتەمورەککەبەکانەوە . مەعنای ئەومیە، کەئەو دۆستە ، بەبۆنەی دەس لە ناودەستی یەکترنانەوە ، بووەتەبرا ؛ ئەڵێن؛ «وەرە بادەستی برایەتی، بدەینە دەستییەکترەوە» ؛ ولەمەتەڵدا، وەکۆ:« گولدەستە برایپیسە»؛ گول،یانێ، کەسێ، کەدەردی«جذام»ی ببێ ، وەپێس ' لێرەدا ؛ یانێ گەڕۆڵ ،

**ئوجاخ کوێر:** کەسی کە دووای مردن، جێنشینێکی شیاوو بەدەرد خواردوی نەبێ . ئوجاخ ، بەمەعنای کوانگە ، یانێجێگایێ کەئاگری تێدا ئەکەنەوە ؛ وە چێشتی لە سەرەوە لێئەنێن ؛کۆێر، بە بناغەدا بە مەعنای گییانداریکە لە چاودارادن کە چاوی نەبێ ؛ وە بڕێجار، ئەبێتە کینایە ؛ بوهەرشتێ کە شوێنی جارانی نە مێنێ ؛ وە کۆئەڵێن: «کوانگەکە کوێربووەتەوە»، یا «کونی گوێی فلانەکەس کوێربووەتەوە» . بۆیێ ، ئوجاخ کوێر' لە ومەعنایەدا براوەتەکار، کە پییاوی گەورە وناودار ؛ هەمیشە مێوان لە ماڵی دابووە ، وە بەو بۆنەوە ، کوانگی گڕاوە' کەچێشت وخواردەمەنی ، بۆمیوان بخاتەڕێ؛ وە ئەگەر کەسێ، دووای مردن ' جێ نشینێکی شیاوی نە بوبێ ، یاسای مێوانداری ئەو کەسە تێك چووە ، وە ئوجاخی ماڵی کوێر- بووەتەوە هەربەوبۆنەوە ، بەجـــــــــی نشینێ کەنەتوانێ یاسای جێنشینی بەڕێوەبیا ئەڵێن : «ئوجاخ کوێرە و کەر» کە« کەر».صفەتی کاتیلەتەر کیبەڕیشەی« کردن». جائێستا ئەولە فزە ؛ تەعمیم دراوە بۆ هەرچەشنە بەدینەهاتنێکی شەراییتی جێنشینی ؛ وە مەسەلەن : حاکمێ ، کە کوڕێکیوای نەبێ، کە لەدووای ئەو حوکم بکا، ئوجاخ کوێرە ، یاکوڕەمەلایێ ؛کە عیلموسەوادی بابی خۆیی نەبێ ئوجاخ کوێرە وکەرە ، باوەکۆ لەوشوێنانەدا ، بۆن یا نە بۆنی کوانك و مێواندري ، مەبەستنییە .

**زەنگ زڕاو:** کەسێ کەتاوانی ، بەلایەهەموەوە دەرکەوتبێ، وە باسی ، بسە هەمۆلایێکدا گەییشتبێ . وەها دەرئەکەوێ ' کە زۆرکارێکیبەرلە ئیسلام، دینی مەسیحي ' لە ناوکوردان‌دا بۆبێ ؛ چونکۆ ، دییارە کە دانانی ووشە بۆمەعنا ، فەرعی نییازە ، یانێ مەعنا کە ، لە ناوەڕێکدا ببێ ، وە ئەوهۆزە بۆگە یاندنی ئەو مەعنایە' ناچاربێ بەدانانی لە فزێ ؛ مەعنای ، ئەولە فزەش، لە بناغەدا ئەوەیە' کە لە دینی مەسیح دا ؛ بەبۆنەی زڕان (یانێ : دەنگ دان)ی زەنگی کلێساوە ، تۆمەتێکیان بەسەر کەسێکدا ساق کردووەتەوە . کەوابۆ زەنگ زڕاو ، صفەتێکی تێکلاو«مرکب»ە ، بە مەعنای : «کەسێ کە زەنگ ، بۆدە رخستنی تاوانبارپیئەو زڕابێ» لە «زڕاو» صفەتی بە مەعنای زابۆردوی ڕیشەی «زڕان» ، وە «زەنگ» کەفاعلیەتی' گیراوە؛ وە بۆنی ، بەصفەتیکابرا، وەها کە لە عەرەبیدا ئەڵێن ، بەحەملی«ادنی ملابسە»یە .

شاعرێکی خوالێ خۆشبۆ ئە لێ :

«بۆتۆشێت وشەیدا بۆم ، بۆتۆدەیري وڕسوا بۆم

بۆتۆزەنگی زرۆیا بۆم ' توبۆ ڕەحمت نەماوە!»

«زڕیا» 'کورتەی «زڕیاذ ، یا زڕیاگ»ە ، لە شێوەی سنە ودەورو- بەری سنەدا، کە بۆعەینی مەعنای «زڕاو»ە ؛ وە لەوشوێنانەدا بۆصفەتی زابۆردوی مە علوّمی لازم ، یا مە جهۆلی موتەعەددي ، وەکۆ «ڕژاو، خوراو» ، کە یە زییاد بۆنی «وەێ ، لەسەرمازی یە موتلە قەکانیخۆیان

ماوە ل ٩

# ئامۆژگاریی

ئەو کەسانە کەلەڕێگای ئیمەداتێئەکۆشن وخەبات ئەکەن، ئێمەش هەمیشە ڕانمایی‌ئەوان ئەکەین؛ بەڕاستیی‌خودا هاوڕێ ئەو کەسانەیە کە چاکەئەکەن،

(قورئانی پیروز)

گەورەترین کەس لە کۆمەڵ دا، ئەوپیشەوایە ، کەهەرقسەیێ بکا ڕاست بێ؛ وەهەرحوکمێ بکا بەحەقوعەدالەتبێ.

(حضرتی‌محمدص)

بەجێهێنانیفەرمانی‌خوڎا، بخەپێش هەموکارێکەوە .

(حضرتی‌علی‌رض)

هەڵ بکەنەئەوبنجە کە دڕك دێنێ؟ بنجێ بەخێوبکە کە مەوەی هەیە !

(سعدی رح)

لەم دونیاڎا، تەنیا چاکەوپیاوەتییوخۆشیوچاوپۆشیئەمێنێتەوە؛ ئەگەرچاکەبکەی، چاکە دیتە ڕێگات' وەلەباتیخراپە، ئەلبەت خراپەت تۆش ئەبێ.

(فردوسی رح)

ژیروزانائەگەرخەفەت باروبێ کەسە، هەرئەوزانست وئاوەزی خۆیە بۆخەم دەر کەری ئەوبەسە.

(اسدی طوسیرح)

ماوەل٩

# مەتەل:

**١ـ مەرێ لەنێوسەرانابێ. بۆبڕین‌چاکە !**

بناغەی ئەم مەتەڵەداستانێکە، کابرایی‌شوان سێ‌سەگی‌ئەبێ بەناوی، بۆرە، بازە، کوڵە ،ڕۆژێ گورگێ‌ئەنێتە نێوڕان ومەڕی ئەڕفێنێ؛ هەرسێ سەگ ڕەتی گورك‌ئەنێن ونزیك ئەبێ کەپێیی بگەن ومەڕەکەی‌لەدەم‌بسێننەوە. گورك لائەکاتەوە، ڕۆئەکالەبۆرەو ئەڵێت : ئەرێ بۆرە ! بووازم لێ نایێنێ،بۆیتە شمڵی شەڕلەگیانم، لێناگەرێ منیش بۆخۆم بژیم و لە برسانەمرم . بۆرە وەڵامی‌ئەڎا- تەوە :شوان منیڕاگرتووە،هەمۆ کاتێ‌لەگەڵ خۆیانان وشێرم ئەڎاتێوخزمەتم‌ئەکاکەبۆڕۆژێکی وەها بەکەڵك بێم ومەڕی‌لەدەمی گورك بۆبسێنمەوە . ئێستا چۆن ئەبێ کەمن‌چاوبقوچێنم‌وتۆهەروە ها ئەم مەڕە بڕفێنێ؟ گوركووتی: ڕاست ئەڵێت، ئەمجاڕوی کردە بازەوپێیی‌ووت: بازە!تۆچی‌ئەڵێیت؟

ماوەل٩

هەزارویەكشەو ٣١٤

وەزۆڵەکی لایبەڕۆیێکم‌بۆ بەدیهات . شرکان لەپاشان کەوتەواڎی ئەوە، کە ئەگەر ئەو کەنیزە کوڕ بزێت، بیکوژێت. ئەو کەنیزەش خەلکیڕۆم‌بۆ؛ کەپادشای ڕۆم‌پەلەگەڵ چەنڎ گەوهەري شەوچرا وشتانی ئەنتیکەیترا بەدیاریبۆ «ملك نعمان»ی ، ناردبۆ؛ ناوی«صفیە»بۆ، وەلەئاوەزو فام‌وجوانیی وژیـري دەنگ‌وڕەنگا لەهەمو کەنیزەکانیتر هەڵی‌دابۆ. وەهەرشەوێ کەنۆرەی ئەکەوت ، پادشابێتەلای، چاکی‌ئەڎا، لا،بۆخزمەت کردن وبەدەوری پادشادا چاك‌هەڵ‌ئەسوڕاو، قسەیخۆشي بۆیئەکردو،لەنێوقسەکانیائەیووت: لەخوڎایئاسمان‌وزەوین‌داوائەکەم کە کوڕێکم‌پێ ببەخشێ‌تایاسای‌خزمەت کردنی‌پاڎشایفێربکەم' وەلەبەخێو کردن‌وبارهێنان‌ودەرس خوێندن‌وئەڎەب‌پیشان‌دانیازۆرتێ بکۆشم.پاڎشابەم‌قسانە گەش‌ئەبووەوە،وەزۆری‌پێ‌خۆش بۆنو،لەژێری‌وفامی ئەو کەنیزەسەری‌سڕئەما؛تاوە کۆنۆمانگ‌ونۆڕۆژتێپەڕی کردو،ژان گرتی‌ونیشتەسەرکاسە.لەووەختالەیەزدانی مەزن‌ئەپاڕاوە کەئێشی‌زایین‌بۆئەو کەم‌بکاتەوە وەبەسەهل وئاسان بزێت‌وکوڕێکی پێ‌بڎات. یەزدانی مەزن‌دوعا‌کەی ئەوی‌قبوڵ کردو، بەئاسانی لێ‌بۆوە؛ بەلام‌ماماکان ئەنواڕن، منداڵە کە کچێکەزۆرشیرین‌و جوان. هەواڵیان‌دا' بەهەموان؛ پاڎشایش پیاوێکی‌دانـا، کەئەگەر منداڵەکە کوڕبێ، ڕۆمرگانی بۆبیات. شازادە «شرکان»یش نۆکەرێکی تایبەتي خۆی دانابۆ؛ کاتێ‌نۆکەرەکان ئاگاداربۆن کە کچی‌بووە' هەواڵیان بردەوە بۆ«ملك‌نعمان» و شازادە«شرکان».شازادە «شرکان» زۆرێ‌پێ‌خۆش، وەکابرای نۆکەری لەمزگانیدا خەڵات کرد. لەپاش‌چەنڎ دەقیقەیێ«صفیە» بەمامانەکانی ووت: تاوێ‌ترمولەتم‌بڎەن لەسەرکاسەوە دانیشم؛ چونکۆشتێکی‌تریش لەسکما ئەجۆڵێتەوە. لەپاش ئەم‌قسە دیسان‌ژان گرتی، وەبەئاسانی منداڵێکی تری‌بۆ. ڕۆمەت وەکۆمانگ وئەندام وەکۆبلۆر، هەمۆ حاضرین خۆش‌حاڵ‌بۆنو، دەسیان کردە پلەزێقان وشاڎیبەڵام

بنکەی ژین www.zheen.org

بەشی کوردیی شمال — کوردستان — لاپەڕەیی بو هەموو جار

# ساغلەمی یا خەلکی

ژوەختا کو ئاغای مهندس شریف امامی بو یەسەرەکوەزیران وەکابینا خوسەرڕاست کریە، ساغلەمی یاخەلکی بەرنامادەولەتێدا سەرهەزتشتەکیی دی هاتی یەڎانین.

یەك ژوان تشتێك ساغلەمی یاخەلکی رابزرار، تی هاتە دەرخستن دقیی، وەسیلێد هاتن چۆین و قازۆلاماشینابۆ، کو بگۆتنا دو کتور ـ ید زانە، دبەسەبابی خراییا خوئی و وژییانەفەس کێشاندنی، وەمکونە ببەسەبەبی سەرەطان و نەخۆشیی دی تر.

دەولەتی بۆژناوبرنافێ سەبابێ نەخۆشییێ، دەستوردا، کو پێشیا هاتن چونائەوماشینێك دو بەلاودکن بگرن، ئەوماشینان تۆقوف بکن و خودانی وان مەژبور کن، کو چوعەیبێ فەنی ماشینێد واندا چونەبە.

چەند ڕۆژان ئەڤ ماشینێدها کینە تۆقوف کرن، وەبژەك مەژبور کرن کو ماشینێد خۆ چێ کن، لێ هەما مەعلوم دبە دەزگایێد دەولەتێ نەکرنە عەدەت کو ڤان دەستورێد خو، حەتتانیی سێری بقەدینەن، بەلکی گەلەك جاران دەستورێد دەولەتێ تەنێ چەند ڕۆژان ژێ دچەو مخەلثژی تی دەردخە، دوسێ ڕۆژان خوددنەهەو، وەپاشێ بخیالەك ئاسودە دەست بکارێ خو نیی عەدەتی دکن، ویژمەغمورێد دەولەتێ چوفەدی وپەرواکێ ناکن.

هۆن پشتی نیوڕۆ، کو ئیدارەتێنە گرێدان، وەسەرکارێد ئیدارادچنە مالێدخو، لەهەمن شەهەرێ مەزن تهرانێ، وە لە خیابانێد مەزن فەنا خیابانا شاهرضا، گەلەك ماشینێد سەواری و باری بکرێ، وەمەخسوـ سەن ماشینێد دەولەتێ و ئوتوبۆسێد خەطاواحددبینن، کو دۆ کی تاری، بەرێژایا چەندمێترا، ژێ درێژ دبن وەدتەمسیمن گەوری یاخەلکێ.

ئەزبخو، کو گەلەك جاران شاهدێ ڤێ بەکێ بۆمە، عەجێب مامەوەمن ژخوپر سیار کرییە، کو ئەوەلەن چما؟ دەزگایێد شەهربانیێ کو ئەمرێ دەولەتێ ژێدبن پشتی نیوڕۆهەنەك مەغمورانۆتیی ئەفسەرا وپسباناوەمەغمورێد ئیدرارا هنمائی وڕانەندکیی، دانایننەڤان خیابانێد مەزن کو پێشیا هاتن چونا ماشینێد هاکینە بگرن؟

یادی مە گەرشرکەتاواحد، کو گەلەك پارێ وێ دەستدەولەتێ وەیان شەهرداریێ دانـە، چما؟ گەرەك ژقانونێد گشتی بەرکناربن؟ یاسسیا، وەختاچەڤ ڕاکرنا مەغمورێد دەولەتێ هەرتەنێ بەرێ نیوڕۆیانە، وەپشتی نیوڕۆیان وڕۆژێك ئیدارەگرێدانە، هەرکەس گەلۆ دوکارە ملێنەدەبن قانونێ، خەلك وی چاخی بقانونێ و نظمێ ڎکنە عەدەت، کو مەغمورێد دەولەتێ، هەمێشەوەبێ چوتەفۆتەکێ بومە زیڤێد خوعەمەل بکن.

لێ بەلێ هەگەر دەولەتێ هەرچەند وەختاجارەکێ، بۆق لێ خستنێ دکە یاساخ وەماشین چێ بێك، بۆڤێ دخەددە بن بازخواستێ لێ هەما صبها وێ ڕۆژێ ڤی کاری بەردە، هەرماشینچی یەك دکە عەمەت، کو لە هەردەرە کێ وهەر وەختەکێ لێڎانابوقیدخو درێژ کن، وەپەردا کوێ خەلکی بدزین، وەیان هە گەرچرایێد ژۆرین ڤێ خست نیڤێ وێ ڕەش نەکن، هەر تەنێ چەند ڕۆژان بە، چوچاخا حوکم و ئەمرێ دەولەتێ، ناچەسێری بەلکی چاواك ئەمدبینن، خەلك چوندڕانن، کو دەستورێد دەولەتێ بۆچەندڕۆژانە، بترساندنا مەغمورا، قولپ وقەوەتکێ نادنێ.

هەگەرسەر کێشیا مەغمورا ژدوکانێد گوشت فرۆشا ونانپێژا، جارەکێ دوەی یا بە! پاشی چوینا مەغمورانی دەست خودا، نانپێژ دەست بکارێ خو نیی هەروەختیێوە قەصاوژی بکێم دابین وزێدە حەساب کرنێ خو، مژولدبە.

بڤی جوری، هەر گەر ڕاستیی دەولەت حەژی ساغی سلامەتیا خەلکێ دکە، گەرەك بوێ مەسەلێ سەرسەرامێزەنەکە، وەهەرماشیناك دکە دۆ، چ ماشینا مەخسوسیێ، چ ارتشی، چ دەولەتیی چ باشرکەتا واحدێ بە تۆقوف، وپێشیا هاتن چونا وێ بگرە، وەبۆقەدانانا دەستورێد خو، هەمێشەهنەك مەغمورا ڎاینە وەدەولەت بخوژی بۆسەرحار کرنا خەلکێ بەرقانونێد گشتایی، ڤێ کارا خو بدومینە وەخەلکێ مەژبور بکەکو، حورمەتاقانونێ بگرەن.

# ئالمانا خورت

ئالمان، ئەودەلەتا کەشتیی وویران نهۆ کەتی یەشکلێ دەولەتەك خورت ترومەزترە اروپاودونیایێ. هەرچەند ئەڤ مەسەلاحەقیقەتەك بێ ئینکارە، لەهەمن ڤیی حالییدا زۆرعەجێب ویا، باوارکرنێ نینە، کو ملەتەك شێردا، هەرتشتەکیی خوژدەست بدە، وەژبەرئو خورمێد سیاسیی وجهانیی ژهەودی بقەتەوپاشیی پانزدە سالان، جارەك دی تێکەوە سریا مەملەکەتێد مەزن وبەر کەتی.

قرارئەوە، کوزۆرا سەنعەتێ هەردەولەتەکێ، ژڕۆیێ مێزانا دەرخستنا پۆلاییێ وێ مەملەکەتیی دحەسبینن، و نهۆ ئالمانا ڕۆژئاوا ڤێ یەکێدا، ژگەلەك مەملەکەتێد سەنعەتییێ دونیایێ پێشتاترە سەبەباڤێ چێیە؟

گەلۆ ملەتێ ئالمان ڕاستیی شارەزانن؟ گەلۆ ئەوچیرۆکێك هێتلر وزورینبورك، لە باراسەڎاتر بۆنا نەژادێ ئالمان بەهەو گرێدان ڕاستە؟ چاوا بۆیە کوملەتەکیی کەشتیی وهۆربۆیی، مەملەکەتەکیی ژهەو قەتیاییی ودەست ڤالاوەختەکیێ ژیەك شەشانێ قەرنەکێ کێمتردا، جارەك دی لەناوجڤاتا ملەتان، ڕابەسەرخووەژگەلەك دەولەتان ژێ مەزنترو پێشتاتر وزەنگینتر بە؟

ئەڤ مەسەلەنەکوتەنێ، بۆمە، ملەتێد خاوورزەمینێ عەجێبتێ بەلکیی، گەلەك دەولەتێد اروپا وئامریکا ژێ حەیراندییە.

ئەڤاك دبێن خەلکێ ئالمانا ڕۆژئاوا ئاوبینا پانزدە سالان دا، زەحمەت کێشاندی، خەبتییە، حەتتاکو خرابیێد خو بجبرینن، وە مێزاناسەنعەتێد خو گیاندنەڤی پایێ، هەلبەت ئەڤ برسازادتە، لێ هەما گەرەك وارە دیتن، کو سەبابێ خەبات وئەواك دەولەتێد ڕۆژئاوا بسەربخو یاتمام را، بۆ ئالمان حەزناکن هەگەرپێشیاڤی دەولەتێ بەردەن، هوقاسیی ناکێشینە، کە ئالمانێ تێکەڤە شکلێ دەولەتەك خورتترێ دونیایێ؟

لەبەرچەڤێمە، ئەڤ بەرکەتنا فەنا مروسکێ وحەیراندنێ، سەڎا بۆنا نەژادێ نینە، مەمکونە دونیاییێدا مرۆڤنە بکۆکتر وبهەشترژخەلکی ئالمان هەبن، لە ماڎێ سەڎا بۆنا نەژادی قەت بجارەکێ ڕاست نینە، وچوئەسەرەك وێ بەرکەتنا بلەزە ئالمان دا چونەبوییە، وەهەرتەنێ سەبابێ ڤیێ زندی بۆنا ئالمان بیرباواریا ملەتێ ئالمانە نێت ژبیرباوارییێ، ئالی کاریی وهمورا اگرتنا ملەتێ ئالمانە.

بەلێ، چەندین ملیون خەلکێ ئالمان گەلەك سالان پشتیی شێر خوارەك وخو کرنا وان وجییێ وان چونەبو، وە ڕۆژاڕەش دابۆن لێ هەماتشتەکی وان هەبووەئەوا بیرباواریا وانەمحکم ودلگرامییا، یان بۆ.

ئەوان لە زوستانێد سەختێ پاشیی شێر، تەوری چەندین هەزار مرۆڤ ژێ قوت بۆن، لێ هەما دلسارنەبۆن وەبێیەقین بۆن، کو بتەلاش وخەباتێ تەواپیی، کو ئامانج سەرفەرازێ وزەنگینیی وبختوواریا گشتی ملەتێ ئالمانە، دوکارەن بگێژنە بڤێ وئامانجا خونە پاك، وەچاواك ئیرۆ گیشتنەڤێ ئامانجێ، وەیەقین بۆدەستهانینا ئامانجێد مەزتر وژۆراتر تەلاشێ وان بیرباواریا ملەتەکی مدزن هەیا، سەرمایا وی ملەتیی تێ حەسیب، وەژتاەنگاڤیی وئۆخوزمێد جهانێ سەرتەنێ ئەوملەتان زبەلایێ دووردمینن کو مرۆڤێد وێ خودانێ بیرباواریا محکم وخوییی میرانییێ و بعاقوبەتا خودلگەرم بن.

ئالمانا ڕۆژئاواحەتتا چەندسالا پێش حەوجی کۆمە کێدەرامیی یابۆ، لێ ئیرۆ، خودانێ کارخاناوسەرمایێد ڤیی مەملەکەتیی حازربۆنە کو دەولەتێدی راکۆمە کێ بکن.

مرۆڤ دوکارە بێژە، کوژجاردی زندی بۆنا ئالمان، ژپێش هاتێد مەزنە پاشیی شێرتێ هێژجارێ، بەروێك کارباریێ ڤیی ملەتی وڤی دەولەتێ کارباری دونیایێدا ئەسەرەك زۆرێ هەبە.

ببەرکەتنا بلەزە ئالمانا ڕۆژئاوا ژندژپێش تێ خوێیان، کو هوقاسیی ناکێشینە، کو هەردو ئالمانێ ببەیەك، چونکو بێ شك، ئەڤ بەرکەتنا مزنە ئالمانا ڕۆژئاوا، ژهەرکەسێ گەلەتر، بێ دلێ خەلکێ ئالمانا ڕۆژهلات بینە تەپییێ.

# دەردی دڵ

م.س. مفتی‌زادە

ڕۆژێ لەڕۆژان لەماڵ چۆمەدەر
دڵپڕپەژارە دەشتم گـرتەبەر
ڕۆم کرد لەچۆلیی ودەشت وبیاوان
بۆ گەشتوسەیران‌چاو گەوشەتاوان
ڕۆژێ بۆ زۆرخۆش لەکاتی بەهار
جۆگەپڕلە ئاو هەمۆجێ گولزار
کە ژوکێو سەوزو مەزرا دڵ‌نشین
ئەی نوانڎ هەروەك‌بەهەشتی بەرین
چرپکەی مـەلان نـەوای بلبلان
خەنڎەی‌شکۆفە وخەرمانەی گوڵان
سەوزە بەسۆسەی بای بەربـەبانیی
ئەشنیا لەدەور جۆگەو سەر کانیی
گەنم‌وجۆسۆسەی نەسیم‌ئەی‌وەشانڎ
بەلارە ولەنجەلـەدۆرخوی ئەنوانڎ
ئەهات وئەچۆ پۆل پۆل پەلـەوەر
پڕبۆلەنالەی قومري ، دەشت ودەر
شکۆفەی داران دەم بـەپێ کەنین
نـەمامان‌سەوزوپـڕ گـەڵاوشیرین
خەیمەی گوڵاڵان لەپای کشتو کاڵ
ئەی نوانڎ لەدورزەردو شین وئـاڵ
برقەی ئاولەناوجۆ گـەو گۆلاوان
هاژەی بەهاراو ، خـوژەی شەتاوان
ئەووەك پیشانیی نـازك نـازاران
ئەمەوەك‌فرمێسکی‌جەرگەی‌زامداران
هەریەك بەڕەنگێ کاري بۆلـەوڵ
پەی‌پەی‌دەرۆنی پڕئە کـرد لەچڵ
پارچەی‌ئەطلەس‌بۆمەزراودەرووەشت
شاخ‌وباخ‌و کێوزارزاوەك بەهـەشت
ویستم دانیشم پشـۆدەم تــاوێ
بحەسێمە وەلـــە سەر سەراوێ
ڕوانیم تاپۆیێ لــــەدۆر دیـارە
نەمزانـی ڕێبـوار یاخۆ جوتیارە
یەواش یەواشێ ڕێگام گرتەبـەر
تالەهەورازێ بـۆلای چـۆمـەسەر
ڕۆژ باشم پـــێ ووت‌وەڵامی داوە
دەم کوردێ‌خوێن پاك‌دەرون کەواوە
ووتم: کاکی‌خۆم! دیارە جوتیاری
ئـەبـێ‌پێم‌بڵێی بسۆچی غەمباری؟
بۆچ‌مات وبێ‌دەنگ‌بۆچ‌پەشێواوی
بۆچ وادڵ تەنگ و کزودامادی؟!
بۆچ‌ڕەنگت زەردەودەرۆن‌پڕ ئێشی؟
بۆچ‌واهەناسەی‌شاردهەڵ‌ئەکێشی؟!
بۆچ‌دەستت‌لەبەرئەژنۆی‌خۆت‌داوە؟
توخوڎاپێم‌بڵێ : چیت‌لێ قەوماوە؟!

ماوەی‌هەیە

م.س.م

# لەهەرگولزاری

# گولی

## داخیی لەمەولەوی نووسیوە

ماوە لەچڵی‌پێشۆ
ئینسافەن، وەسەن هەرزەی بێ‌مایە
وەس، عومرت‌وەی تەوربێەر وەزایە
بێ‌بەڎەڵەن‌عومر خاسش هەرپاسەن
باختش‌پەی‌مەعشوق‌بێ‌بەدەڵ‌خاسەن.

## مەولەوی تاوگوزی لەوە وەلامی داخی‌یا نوسیویەتەوە

پۆی خەیاتەی فـەردبۆعەنبەرێنت
دەس ڕیسەکەی فکربکرشیرێنت
چون‌ئارەزۆی‌وەصڵ‌نەتۆی‌مەحرۆمي
تەنڎەبێت نەتان‌فەرد «مەعدۆمـي»
چون‌«شەبەنڎەزۆر»صەڎتەرزەڕەنگ‌دا
تەوەن دای وەتاڵ دنیای‌فەرەنگ‌دا
دڵ ئەوبەرگ وبۆی جارانش‌نەوێ
ڕۆی اوای مەجلیس یارانش نەوێ
پۆشتەت کەردەوە‌ئیحسانت یـاوا
دەك‌هەی دەولەت‌مەنڎیانەت‌بۆ ئـاوا

ماوەی هەیە

ماوەل٩

# هەلبەست

ش.بابان

ئەوا پاییزهات گەڵا ڕێزانــــە
سەرماوەزگەییشت‌کاتی‌بارانــــە
هەژاربێ‌بەرگ‌بۆ ، کەوتەلا کوڵان
هەتیولەرزی کرد لە تاوی زستـان
بۆچ ئەبێ‌پۆڵداربیـــرنەکاتەوە؟!
لەناوکادپلاك پاڵ بــــداتـەوە
بەهێزی شۆفاژ نەزانێ سەرمـــا
یان‌خۆ،تەهویە‌، لـێ‌لاداگـەر ،ما
ڕانەندە لـەپشت فەرمـان دانیشێ
بۆسیگار کێشان‌هەرئاخ هەڵ کێشێ
نەوبرێ‌بگرێ‌ڕادیۆی‌حەوت‌مەوجی
نەکا ئەربابی پێ‌بڵێ گەوجـــی

ماوەل٧

**باسیکی ...**

ماوەی‌ل ١

وەرگێڕانی خستەدوواوە.

لەوبەردا بڕێ‌مەبەست‌نوسراوە کە بەڵگەیە لەسەرناوی هەرکول ودروس کەری ئەوە، وەماناکەی بەم‌جۆرەیە: **« لەساڵی ١٦٤ی ، مانگی پانیمۆز(١)هەرکول(٢) فاتحی‌ناوڎار،لەلایەن هیاکینتوس کوڕی‌پانتیـخوس بەهۆی‌ڕزگاریی کل‌امن فەرمانڎەری گشتیی (پاگەرە)ەوە ، ئەم پاسابەر پابوو»**

بـەرواری دروس کـرانـی پەیکەر، ساڵی ١٦٤ نـوسراوە ئەگەر ئـەوە لەگەڵ سەرەتـای بەرواری‌ساووکی‌دا «٣١٢٨ پێش لەمیلادە ـ بسەنجێنین ، ساڵـی ١٤٨ پێش‌لەمیلاد ، بەدەست‌ئێ ، وەچونکوو ساڵی یۆنانی مانگیی بووە، ئەبێ فەرقی ساڵی مانگیی وهەتاوي بەووردي بژمێرین،لەو کاتەڎا پێنج‌ساڵ‌فەرق پەیڎائەکا، وەبەم جۆرەبەرواری‌دروس کرانی پەیکەر ئەبێتە ساڵی ١٥٣ پێش‌لە میلاد. ئەم بەروارە لەگـەڵ نێوە ڕاستی پادشایی مهردادی ئەوەڵی ئەشکانی‌دا (ئەشکی‌شەشەم١٧٤ـ ١٣٦پ.م)ڕێك ئەکەوێ.

چونکـو شەڕو جیهانگیـري **مهردادی ئەوەڵ** لەبەینی ساڵە کـانی(١٦٤ـ١٤٠ پ.م)دا،پێك هاتووە، وادەرئەکەوێ کەلەساڵی‌ناو براوا ئەم‌شاهەنشا بۆگرتنی‌سەرزەوینی مادەی گەورە ، لـەڕۆژ ئاوای ئێراندا پێشرەوتێکی کرد‌بێ ، چونکوو لەپاش ئەوەی کە **«ئانتیوکوس»ی پێنجەم،ئوپاتر** (١٦٤ـ١٦٢پ.م) لەسەر تـەخت دانیشت ، بەپادشایی وەمردنی ئەو لەبەینی‌جێگانشینە‌کانیا، ناحەزي و دوژمنی‌یێکی سەخت پێش‌هات کە کێشایەلای مشتومڕ وشەڕێکی نالەبار.مهرداد لەم‌ناحەزی‌وشەڕی ناوخۆیی سلووکی‌یانە، کەڵکی وەرگرت، لەپاش گرتنی‌ڕۆژئاوا کەم کەم مادی گەورەوخوزستان‌و پارس وبابلی لەدەستی سلوکی یەکان، دەرهێنا، وەوەڵاتی پارتی لەلایەن ڕۆژئاواوە، بەربەڵاو کرد وپەرەی‌پێ‌دا.

ماوەی هەیە

(١) مانگی‌پانیمۆس‌لەمانگەکانی «الین» وەدورین» بوو کە

ماوەل١١

وەرگیراو لەگۆڤاری «ئێران ئاباد»

وەرگێڕ : د.ع.م

# لورستان

## سەرزەوینی پڕ لەدار

-٢-

گیاکانی لوڕستان جۆربەجۆرن . لە جێگابەرزو کوێستانەکانا هەموجۆرە خەلەو گیای کوێستانی شین ئەبێ؛ کەلە کوێستان دێ بەرەو خوار، ئەگاتە دارسان وجەنگەڵی سەرووکاج؛ وەبە تایبەت جەنگەڵی «قلیان کوە» زۆرجوانە. لە پاش دووایی‌هاتنی‌دارسان،لەوەرگەی‌زستان بەهارە. کەلەفەصلی زستانا وە کۆیەك پارچە مەخمەڵ صەوزئەکاتەوە؛وە هێندە گوڵی‌جوان وڕنگاڕەنگ وە کوڕەنبەق و گوڵاڵە سورە، زۆرە کە لەکاتی‌بەهارا،جوانترین نوێنگەی تــەبیعەت پێك دێنێ. وە گیاوداری شیرەدار، وە«طبی» لەهەمو‌ناوچەکانــی‌لوڕستانا زۆرە؛ کە تــائەندازەیێ لوڕەکان‌بۆخۆیان کەڵکی‌لێ وەرئەگرن (یەکێ لەدارەشیرەدارەپڕخەیرو بەرەکەتەکانی لوڕستان دارقەزوانە کە بنێشتی‌لێ‌ئەگرن ، وەجگەلە لوڕەکان گەلێ‌لە کوردەکانیش ــ بەتایبەتیی‌هەورامی‌وجوانڕۆیی‌ــ لەوێ بنێشت ئەکەن) .

داری ئەم ناوچە هەموجۆرە بەڕو' وەچنارو«ئەفرا» و«ئەقاقیا»و دەرختانی‌تر. لەناوچەی«ئابدیز»دا،بڕێ جێگاهەیە کەدارمێووهەنجێرو وهەنارلە گەڵ دارەیێ‌بەرەکاناتێکەڵ بوون؛وەچوون‌بەیەکا؛ وە«زازاك» و«پیچەك» بەلەق وپۆپانا هەڵ چووە، وەهێندە تەماشایی‌وجــوانن، کە کەس لەتەماشایان تێرنابێ. ڕۆخانەکان‌هەمو تاف لە سەرتاف وشەتاولە سەرشەتاوڕێ‌ئەکەن؛ وەئەم شەتاوانە لەگیا پۆشراوون وئــاو بــەنێوی گیادا' دائەپەڕێ. دانیشتوانی ئەم ناوچانە لوڕو کــوردن کە لەچاوی هەیکەڵ وئەندام ولباس ویاسای‌ژیانەوەهاوسێوەن؛ بەڵام لەباری‌زمانەوە لە گەڵ یەکترافەرقیان هەیە + دانشتوانی بــا کوری ڕۆژئاوایی (شمال غربی) ئابدیزدوبەشن کە بەشێکیان بە کوردی‌لەکێ' وەئەوبەشەکەی تریان بەزمانی لوڕی قسەئەکەن .

**لوڕیانی‌چی؟**

هۆزی لوڕلەلقەکانی لوڕی گەورەن . نوسەری « زبدةالتواریخ» ئەنوسێ کە :

بۆیێ‌بەم هۆزە ئەڵێن، لوڕ، کە لەوەڵاتی «مانرود» دا،دێیێ‌هەیە بەناوی« کورد» وەلەودەورا دەربەندێ هەیە کەبەزمانی لوڕی پێی‌ئەڵێن « کول»،وە لەودەربەندا جێگایی هەیەبەناوی «لوڕ»چونکوباپیرانی‌ئەم هۆزە لە وجێگاوە هەستاوون، بە«لوڕان» ناوبراوون.

وەجهێکی‌تر ئەمەیە کــە بەزمانــی ئەوجێگا بــە کێوی دارسان ئەڵێن «لوڕ» وەجێگای دارسان ئەیێتیە لوڕستان .

وە جهی سیەم ئەمەیە کە : ئەوان لەبەرەی کەسێ‌بن کەناوی لوڕ بۆبێ؛ وەهەرووشەیێ لەزمانی لوڕی دا نەبووە، لەزمانێکی‌ترەوە،ئەیان هێنا : لەزمانی لوڕی‌دا ئەڵێن ئەم پیتیانە بەکارنابرێن : «ح،ص،ض،غ غ، ق»

**ماوەی‌هەیە**

| | |
|---|---|
| بەتایبەت : بخصوص | لەوەڕگە : چراگاە، مرتع |
| هێندە : اینقدر | نوێنگە : مظهر؛ منظره |
| گەلێ: بسیاری | دانیشتو: ساکن، مقیم |
| ناوچە : منطقه | لەچاوی...: ازنظر... |
| هاوشێوە : شبیه | لق : شعبه، فرع |
| بەرە : نسل | ووشە : کلمه |
| پیت : حرف | |

م:ص:م

# بەشی مەولەویی

## پارچەی

٤١

خوداڵی خۆشبو لەمانگی ڕەمەزاندا ئەم‌پارچەیە هۆناوەتــەوە ؛ ئازاری دوری ودور کەوتنەوەی ئــازیزی . بە ڕەنــج وسەختی ڕۆژوی «ڕەمەزان» نواندووە. وەخۆشی‌وشادی گەیشتن‌بەئازیزوچاوپێ کەوتنی، بەخۆشی وپلەزیقانی بەربانگ (افطار) ، داوە تەپێش‌چاو ، هەر وەهــا کەئەڵێ :

ئازاری دەردوڕەنجی دوری ئازیز، وای‌لێ کردووم کە سەخڵەتی ڕۆژوی مانگی ڕەمەزانی لەبیرم بردووە تەوە ؛ لە کاتێکــەوە نییەتــی ڕۆژو گرتنم‌هێناوە،هیچ ئەندامێکم‌ڕۆژوی نەشکاندووە؛ نەچاوم بەچاوپێ کەوتنی ئازیز نە گوێم بەدەنگی خۆش ودڵڕفێنی یاران بەربانگی کردووە تەشیرینی بەربانگم تاڵی‌ڕەنجی دڵداری یە،جێگای من لە کۆمەڵی دوساندا خاڵی‌یە ؛نەواوصەڵای «مەرحەبا»ی‌ئازیز نەهاتووە تە گوێم. بەڵام لە گەڵ ئاهو ناڵەی«ئەلویدا»ی‌داهاودەمم،وەبەئێشی جیبایی‌یەوە، ئەتلێمەودوەهام لەناڵەوخرۆشدا. زاییفی‌ولاوازیم گەیشتووە تەڕادەیێ،ئە گەرسوزەبای‌ی شەماڵ هەڵم گرێ وبم‌هێنێ بۆلات هیچ جێگای سەرسڕمان نییە :

ئازارم جــەونم بێــزارم کــەردەن
ڕۆژەی «ڕەمەزان» جەیادم بــەردەن
جەوساوە نییەت ڕۆژم ئــاوەردەن
هیچ ئەعضام‌جەهیچ‌ڕۆژەش‌نەمەڕدەن
نەچەم‌نەدیدەن ئازیز بێگــــەرد
نە گوش جەصەدای یاران هامفەرد
شیرینی «ئیفتار» دڵــم تاڵی یــەن
جام نەجەماعەت دوسان خاڵی یەن
نەوای «مەرحەبا» نامان نە گــوشم
چەنی «ئەلویدا »ش هەرنە خرۆشم
زاییفیم هەریەنێ چەحەێ بەرشییەن
نەسیم ئەربارۆم عەجاییب نییــەن

# ئاموژگاریی

## خودالی خوشبو وفخر العلمای سنەیی

ماوەلەچلێ‌پێشوو

ڕۆیێ صەێ هەزار تــۆبەجە گــونا
بویەر جەتە قصیر کردەم، ڕەبیەنا!
ماوەر ئەونەزەر ، پاێشای شاهــان!
بویەرجەی وەرتەر کەردە گوناهان
فەضڵت خۆعامەن عەدڵت پەنها کەر
بەفەضل و کەرەم جە کەردەم بویەر
بروێ دەر بەفەضڵ مەنمانە عــەدڵت
بەڵ نەجاتــم بــۆ نەسایەی فــەضڵت
ئەگەر گوناهم جەحەێ بەرشی‌یەن
خۆ «لاتقنطوا» فەراموش نییەن .

# بوپی کەنین

**دڵ خۆشیی**

ژنی منداڵێکی‌ لــە ڕولاوازی ئەبێ؛ ڕۆژێ زۆرپەشێووخەم بار ئەبێ‌بۆی نۆکەرێکی زۆر گێل‌و هیچ نەفامی‌ئەبێ، دەست‌ئەکاتەدڵ خۆشی‌دانەوەی خاتونی وئەڵێت: خاتون ! خەفەتی‌بۆمــەخۆ! هەر هۆڵی کەری گەنــەڕە، کەری‌شەش دانگی‌لێ‌دەرتێ .

**تانجیت بۆچی‌یە؟!**

ئاغایێ‌لە گەڵ نۆکەری خۆیا ئەڕۆن بۆڕاو' وەتــانجی‌لــە گەڵ خۆیانا ئەبەن' بەڵام هەرچی کە‌ رونشك هەڵ ئەسێ، پێش لەوەی' تانجی‌بخەنەسەری، ئاغاتفەنگێکی تێ‌ئەهاوێژێ‌وئەی کوژێ نۆکەر ئەڵێت :قوربان!تانجیت‌بۆچی‌یە؟ ماشەڵلاتۆخۆت لەتانجی‌خەیراتری وهەرچی‌هەڵ ئەسێ‌خــۆت دەری ناکەی !

**فتوای کۆلکەمەلا**

کۆلکەمەلایێ لە کوێرەدێیێکا ئەبێ.ڕۆژێ‌لەمز گەوتائامۆژ گاری ئەکاوئەڵێت : هەر کەس مۆی ... هێندەی پانی جۆیــێ درێژ ببێت، ووسڵی‌نایێت ونوێژی بەتاڵە.فتوای ئەم مامۆستا ئەگاتە گوێ‌یەکێ‌لە ئاغاکان وئەنێرێ مەلادێنن وپێی ئەڵێت: ماموستا!ئەمەچ‌فتوایێکە؟ بەقسەی‌تۆبێ،نوێژی‌هەمۆمان‌بەتاڵە ودایبم لەشم.ن پیسە . مەلائەڵێت: بەڵێ‌وایە .ئاغائەڵێ:دا،ئەودەرپێی ماموستاداخرێنن‌بزانین‌هی‌خۆی‌چۆنە تەماشائەکەن هی‌مامۆستادوبست شۆڕە . ئەڵێت : مامۆستا ! ئەبێ‌لە سەرئەم فتوایــە کارەساتێکێت بــە سەرابێنم ، لەڕۆژگارانا بیلێنەوە' وەئیتر هیچ کۆلکە مەلایێ‌فتوایێ نەدا' کە خۆی‌ڕەفتاری پێ‌نەکا.

ئەوجامەلادێننەمەیدانی‌بەردەمی کۆشك‌وچوارمێخەی‌ئەکێشنەوە، دومشت خوێ ئــەپڕ گیننە سەر بانە گایا،وەدەپازدە کیسك‌بەرئەدەنە سەری ، کیسگەکان کەزۆرتامازرۆی خوێ‌ئەبن، وەخوێ یە کەئەزواتە نێومۆ کان،وەدڵانیان نای گاتی، تاڵ‌تاڵی‌مۆی‌بەددان‌هەڵ‌ئەکێشن، تابانەگای‌وە کۆنــاومشت صاف و پاك ئە کەنەوە .

بنکەی ژین www.zheen.org

بەشی کرماشانیی
کوردستان
لاپەڕەی ، بوهەموو جار

بەپێنوسی«سیدمحمدسعید غیرت»

# ئینتخابات وە ئەحزاب

ئیمەهەر لەو ڕۆژە کە هەڵچنین (انتخابات) گوزەشتي لەدەس بۆ ، ئی مەطلەبە ڕۆشنتر نۆسایمن . شەرط دروس حیساوي لە ڕژیم دمو کراسي دروس بۆن ئەحزابەسە . مەردم بایەس ئەڕای ئارەزۆەیل سیاسي خوەیان ڕێی دیاريو ڕۆشنیك ئەڕای خوەیان بگرنە وەر ' وە هەر لە دەورو وەر بڵێسکەی ئاسنین وەطەن خواهيو ئەوە کە خەیرو صەڵای ئاوو خاکمانە، لەژێر سای ڕژیم خومان بکەفیمنە شۆن ئەو حزب سیاسیمانە : وە لە زینڎەیی سیاسي تەنیا چۆن دروس نيیە ، وە وەنەتیجەیش نیەڕەسیت . ئی قسەی ئیمە لەشۆن پەنجا ساڵ تەجرەبە کە لەعومر مەشروطییەتمان گوزەشتیە ، دیتر ئەڕامان دامەرزیاو دروسە؛ وە گشتمان قبوڵی کردیمنە، دی دۆجارەی نیە کەیمن، وەلی عەقیدە- مانیەسە . تائەورە کەمومکنە بایەس وەظیفەی کە لەئی باوەتە هاوە باڵای مەردم، وەپێیان حالي بۆت؛ ئەڕای یە کە هیمان مەردم لەوەظیفەی خوەیان نیسبەت وەهەل چنین بیخەوەرن ؛ وەهیمان نیەزانن کە هەڵ چنین چەنڎی ئەڕای خوەیان وەمەملەکەتیان ئەثەر دێریت؛خوصوصەن لەوەرە کەڕۆژنامەی کوردستانزوان حاڵ وسازنەچي ئارەزۆەیل ئێران پەرەستانەی کوردەیلە، داخەکەم کە کوردەیل بیشتریان لەمەعارف وسەوادبێ بـــەشن ، هـەرچـــی لــەئـی جـــوۆر مەطلەبە- یلە گوفتو گو فرەتربۆت ، ئەڕای وەخەوەر کردن ئەومەردمە لازمــە . ئیمەلەئی باوەتە وەظیفەی گەورایك دیرێمن تائەورەیش کــەبتۆنیمن ئۆشیمن ونۆسیمن. ئەمما لەلای تریش وەظیفەی خوەمان زانیمن کە: وەکار وەدەسەکان حزب ( ملیون ومردم ) چەنــڎ چشتي یاذئــاوەري بکەیمن .

لەئەوەل ئەو مەنظورە کە ئەڕا ی وەخەوەربۆن مەردم ، وە ئاشنا کردنیان وە وەظیفەی میللي وسیاسي خوەیان دێرێمن، ئیمە کەپایەی چواروم حکومەت مەشروطەیمن ، ئەڕای وەجي ڕەسانن ئی عەقیدە دەس کومەك وهاوکاري وەرەو لایان درێژ کەیمن ' وەئەوانە چێرێمن کەلەئی ڕێیە کومەك دڵ سۆزانە وبرایانەی خوەیان بکەن؛تامەردم لەمەصلەحەت میللي خوەیان باخەوەر بۆن .

وەئەو ڕەفتار گوزشتيیە کەبیشتر وەڕاس ودرۆ مەردمخستیانە شۆن خوەیان ، وەبیشتریش هەر جـوۆر ڕێیەن بردیانــە پای صنڎۆق ئینتخابات ، وەبدۆنیە کە ئەو مەردومە بزانن چەکەن ، کوتەکاغە- زی کە داوۆ.ە دەسیان ، خستیانە کونــای صنڎۆقەکە : ئی تەرتیبە تەرکی بکەن . قسەکەرەیل بزان کە هاوزوان مەردم بــۆن ، وەزوان خوەیان بچنە ناومەردم ، وە تەکلیفیان وەپێیــان حاڵــي بکــەن؛ وە حەقیقەت ئەڕایان بۆشن بچنەناو هەرئاوایی ، کوێخاوڕایەتو گاوانو شوان وجفتیار وخۆشەچین و خوەش نیشین بچڕن، وەپێیان بۆشن: مەشروطە ، ئینتخابات یانی چە؟ ئەوشەخصیشە کەتوان ئینتخاب بکەن، وەپێیان بناسنن ، وەپێیانیش بۆشن کەهەڵ چنین ئی شەخصەهائیختیار خوەتان. خولاصە ئی ئەلف بێی» وەظیفەی میللييــە وەزوان گاوان شواني وەگشتیان حالي بکەن .

وەپێیان بۆشن کە: مەملەکەتمان مــەشروطــەس؛ پــادشامان خوەی مەشروطە خۆاوئازادي دۆسە هیچ کەس مەجبۆر نەکەن کەوە کەسی ڕەئی بیەن. بیلن چاوو گۆش مەردم وازبۆت؛ وەدي لەیەبیشتر بیخەوەر نەمینن؛

ثانیەن : خودکار وە دەسەیل حزبیش ئی مەوضۆعــە لەبان تەمام کارەیل خوەیان قەرار بیەن ، کــەلــەهەل چنین دیــاري کریــاکان (کاندیداها) دقەت فرەتر بکەن. لەهەر کۆ مەردمخاسو خوەشسابیقەو بزان و دینداروو وەطەن پەرەست دیاري بکەن . ئەو کەسەیلــە دیاری بکەن کەشوهرەتیانلەزینڎەیی سیاسیی خاسەوبۆ. قسەکەربۆن؛ بتۆنن ئارەزۆ و دەرد دل ئەو مەردمە وە زوان بارن . کــەسەیلیك ئینتخاب بکەن کە دامانیان لە لەککەی وەطەن فروشي، بــیدیني ، چەپــەل کاري، پاك بۆت ، هەرچەنڎ ئەوپیا خاسەیلە لەهیچ کوڕە ئاوو خاكو زەمینزار نەیاشتۆن؛ ڕەئیس طایفەش نەوۆن ؛ شوهــرەت درۆیی نەیا- شتۆن ؛ ئەوانە هەڵچنن کەلەڕێی زۆرانەیل میللیو وەطەني خوەیان نیشاندانە، وەقەدەمی لەڕێی خەیروصەڵای مەملەکەت هەڵ گردۆن . هەرچەنڎ لەئەشراف وخەوانین وبەگزایە نەون ؛ ئەو کەسەیلە دیاري بکەن کە لەچاو کەفتيمەردم نەون؛ دەسیان وە ظولم نیسبەتوەڕایەت ئالۆدە نەوۆت . مەردم وە دڵخوای خوەیان بتوانەی ، وەپیڕەئی بیەن، هەرچەنڎ دەولەمەنڎیش نەون.

ئەوڕۆژە کە کار وە دەسەیل حزب توان بزانن لەهەرشەهری کیدیاري بکەن، حەتمەن چاویان نەچۆتە شۆن ئەوکەسەیلە کــەلە حزب خوەیان ئیسمنۆسانە؛ ئەڕاییە کە تەنیا ئی کارە شەرط خاسينیە؛ وە نیەتۆنیت تەمام بەدکاري ودامەن چەپەلي وعەیب وعیللەتەیلتر ئەو کەسە لەچاو مەردم بشاریت؛ وەلە ئی باوەتە حەقیە لە کوناچــەی چاو مەردم تەماشا بکەن ، وەلە ناو مەردم دەسەوخوار تەفتیش و تــەحقیق بکەن،وەئیلا هەریە کە کەسی هات وداخڵ فلان حزببۆ، وەئــەڕای دەسوەشانڎن کورسي مەجلیس هزار ڕاس ودرۆ ووت، ئەگەر بتوان چاو نەخەنە باقي صفاتي ، یالائەقەل حیساو لەچاو مــەردم بــەدبۆنــی نەکەن؛ وەمەئمورین حزب ' وەئی مەطالبە «توجە» نەکەن، وە«فقط» بتوانوە زۆر حزب بنەنەی کۆڵ میللەت، یەیشە هەر جوۆر جاران ئەو ئاشەسەو ئەوکاسە ، کەفرەساڵ بۆە پیچیاسە پڕوپامان ، کەنەی هیشتیە لەئی سەر زەمینە دار مەشروطییەت بڕەسیتە ثەمەر، وە هەر ئەوەسە کە لەتاوسان ئیمسال بۆە ئەسپاو تیتاڵي مەردم ، حەتتا نا ڕەضایەتي مەقام گەورای سەلطەنەت.

چنەوکە گشتمان زانیمن، شەخص شەخیص شاهەنشا خــوەی ئیمرۆ عەلەمدار وپیش قەیەم ئیران جوانە . بیشتر لە گشتمان ئیظهار بیزاري لەئینتخابات گوزەشتي کرد،وەیەیشەیەقینە: پیشوایيحەکیما، نەی شەخص شاهەنشا دیتر ئیجازەی ئەوکارەیلە نیەت، پەس چێ بهتر کەپیش قەیەمەیل حزبەکان ئی قسەیلە کەوە طەور کوللیی لەمەوضوع ئینتخابات ووتیمن' لەوەرچاو خوەیان بگرن، وەنیسبەت وەنــاسانڎن دیارییەکان (کاندیداها) خوەیان لەسەر نۆ فکریك بکــەن کەئەڕای تیتاڵیی مەردم داڵ ئەزنۆ ، ساڵ ئەزنۆ نەوۆت .

نەتەوایەتی...

ماوەی ل١

نۆسراوەکانی پادشا ئاشۆریــەکان گرنگترین زانــراوەکانی ئیمەیە، کەدۆزراونەتەوە' وەخوێنراونەتەوە. کەوابۆقەت جێگەی دۆدڵــیی نیيەنەوەدا ، کەووشەی«کورتی» لە«گۆتیە»وە،وەگیراوە، وەهەمۆ ووشەکانی،(کاتی، کوسنی، گوتی، کورتی، کردۆ، کاردا)یــەکێکن، کەبەکەمێ ئاڵو گوڕە وەلەشوێنە جوربەجورەکاناوێژراون .

هەروەها کەلەپاشا، بینراوەکە ناوی خوداکــان وپادشاکانسی کوسیزۆرتریار، لەووشەئارياییە- کانبوون .

وەلەبارەیناجوری زمانەکانی دانیشتوەکانی ئێران، ڕۆژئــاواو بەحریخرز،ئەبێهەزارەیچوارەم وسێیەم ودووەمیپێش لــەمیلادی مەسیح وەبیربخەینەوە، کەزمانی ئێرانی ڕۆژکاری هــەخامــەنشی یەکان لەگەڵ زمانی ڕۆژگــاری ساسانیەکان،وەزمانیئێرانیڕۆژکاری ساسانیەکانلەگەڵ زمانیئەمڕێ ئێرانا چەن فەرقیان هەیەوزۆرە.

لەکاتێکدا، لــەوڕۆژگارانــا کتێب ونۆسراوەکان، کــەئــەبن بەهۆیڕزیندۆمانەوەیووشەوزمان، کەموزۆر،زەواجیانبووە؛بەپێچە- وانەی ئەم ڕۆژگــارە هــەزارەی سێیەم ودووەمیپێش لــەمیلادی مەسیح هۆزەکانی زاگروس لــەم نعمەتە بێبــەش بوون، کــەوابۆ گوڕانی کەم لە ووشەکانــا زۆر گرنگ نییــە، وەجگــەلەمەش ووشەکان بوخۆیان پیشان ئەدەن کەهەمۆیان لــە ڕیشەدا، یــەکێ بوون .

چاپ اختر شمال
تلفن ٢٥٥٠١

## ئامۆژگاری

ماوەی ل٤

سەربەرزي، بەزانستە، نەبەپارەوخانووزەوین وئاو. تـەنیاهونەر، فەرقي ئادەمیزادوچوارپایە.

(پروین اعتصامی)

کەسێ کەباپیرانیخۆی بەنەنگ وسەرشۆڕي بۆخۆبزانێ،زۆڵە ؛ چونکوپیاوبەشەرەفی باپیرەکانی ناوپەیدا ئەکا. بەهۆی وە دوکەوتنی یاساوڕووشتی ڕۆژئاوایی یەکان،خۆت بە گەورە مەزانە؛ چونکوهونەری ڕۆژهەڵاتي بۆخەڵکی ڕۆژهەڵات هۆی گەورەیی وبەڕێزبونە .

(ملك الشعراء بهار)

ئەگەرناتوانی باری لەکۆڵیخەڵك داگریت،تۆش بۆخۆت مەبە، بەباری بەکۆڵیخەڵکی یەوە. قەت مەچۆژێری باری مننەتی خەڵکی، بەڵام لەژێری باری خزمەت بەخەڵکی دەرمەچۆ.

(ادیب السلطنه)

لەوهەلانە کە کەسێ بەگرنکیانی نەئەزانی، کەڵکم وەرگرت، وە ئیستائەوکەسانە من بەکەسێکیخۆش بەخت ئەزانن.

(گیپینگ)

دونیرۆی گـەورە هـەمیشە بەسەردونیا دا حـوکم ئەکـەن : ڕاوپڕوشـمشێر؛ بەڵام شمشێرهەمیشە لەبەرانبەری ڕاوێژەوە، تێشکاوە.

(ناپلئون)

خۆمان فدابکەین،چاکترەلەوەی کەخەڵکي نابۆد بکەین .

(گاندی)

## مەتەڵە

ماوەی ل٤

بۆلەکۆڵم نابێتەوە؟ بۆرە لەگەڵ شوانا نـان وشیر ئـەخوا، تۆچێ؟ بازەووتی:منیش جارجارێ پارۆیێکم دەسگیرئەبێ ؛ وەپاش خوانـەی شوان وبۆرە ئەخـۆم؛ ئەبێ ئەوچاـ کەم لەبەرچاوبێ،وەلەوەهاوەختێکی تەنگانەدا، بۆرەتەنیانەیێڵم وپشتی بەرنەدەم. گورگ ووتی:زۆرچاکە، تۆیش بیانوێکیت هەیە . لەپاشان ووتی: ئەرێ کوڵەی قەحبەباب ! بۆرەوبازەبەو بیانوەلەکۆڵم نابنەوە، ئەی تۆچت لەگیانم ئەوێ وسکە درێ چیتە؛وە بۆدەسم لێ هەڵ ناگری؟ قسەی تۆچییە؟ کوڵەووتی : سەری لەنێوسەرانا نـەبێ،بۆـ بڕین چاکە .

ئێستا ئەم مەتـەڵە سەبـارەت بەکەسێ دێننەوە، کە بەخۆڕایی وبێ پاداش وقەدڕزانین،سکەدرێ بۆ کەسێ یابۆمەرامێ بکا؛ وە بکەوێتە دوی کەسانێ کەئەوان لەوڕێگاوە هەموشتێکیان دەسگیربووە؛وەبەو بۆنەوسکەدرێ بۆئەو کارەئەکەن.

## هەزارویەک شەو — ۳۱٥

ئەوکەنیز وژنەکانی تـر پادشا لەبیستنی ئەم هەواڵە خەمبار وپـەرێشان بـوون،وە بەخێڵی بان بە«صفیه»برد. لەپاشان هەواڵ گەییشتە «ملك نعمان» زۆرشو کـرانـە بژێري خوداي کرد؛هەستاوەهات بۆکۆشکی «صفیه»، ناوچاوی ئەوی ماچ کرد،وە کوڕەکەشی ماچ کردەوە. کەنیزەکان دەسیان کردە دەف لێدان و گـۆرانيووتن . پاشافەرموی کە: کوڕە کەیان ناو،نا«ضوءالمکان»وە کچە کەیان ناو،نا«نزهة الزمان» پادشا بۆ هەرکامیان دایەن وکارە کەرونێ کـەری تایبەتي گـرت ، وەبۆئەوان هەمـو جۆرەخەڵات وبەراتێکی بڕی یەوە .وەخەڵکیش هەواڵیان زانی ، کە: خوداي گەورە، کوڕو کچێکی بەپادشاداوە.شاریان چراغان کرد، وەلەهەموڵایێکەوەشادی یانەیان،نا، وە وەزیران وئەمیران و نزیکانی پادشاهاتن بۆپیرۆزبایی ووتن. پادشاهەموی خەڵات کردن؛ وەمۆچەوبەرات وخەڵاتی هەمویانی زۆر کرد، وەپارەوخەڵاتـی بۆ گـەورەو بچوکی ئەووڵاتە ڕژاند،وەتاچوارساڵ هەمو ڕۆژێ «ملك نعمان» ئەڕۆییشت بۆلای «صفیه» لەئەوومنداڵەکانی سەری ئەدا، وەهەواڵ پرسیی لێ یەوە ئەکردن. لەسەرەتای ساڵی پێنجەمدا پادشا فەرمانیدا، کە: پارەومالێکی زۆریان برد بۆ کۆشکی«صفیه»وە پەیغامی دا لەسەری کە؛ زۆرلە بارهێنانی منداڵەکانیا تێ بکۆشێ ، وەهـەمیشە پاشا سەری لێ ئەدان. بەڵام شازادە «شرکان» هەواڵی نەزانیبو کە : خودا کوڕی بەباوکی داوە. وەڵای وابو کە «صفیه» جگەلە کچە کە منداڵی تری نەبووە. بەم بۆنەوە بـەدڵ خۆشی یەوەسەر گەرمی بەربەرەکانێ لەگەڵ دوژمنان وفەتحی قەڵاکانی ئەوان وپاریزکاري سنوری وەڵات بو، چەنێ ساڵی بەم جۆرەتێ پەڕی کرد. ڕۆژێ «ملك نعمان»دانیشتبو، قاپیوان هاتەخزمەتی، سەری خەواند، ووتی: پادشای ڕۆم چەنـد فـرستادەییێکی ناردووە، وەئەوان لەبەرقاپیی ڕاوەستاوون، ئیزنی بەخزمەت گـەییشتن ئەخوازن .

## لەهەر ...

ماوەی ل ٦

# سیدصادق پارسانیان

خـەم کۆتاییت بۆ . . .

ئەیخەم! ساوەسەن با کۆتاییت بۆ
مەینەت بۆوەسەر ! بادەسایپت بـۆ
خەفەت ! وەس بیسات بەزم ئارایپت بۆ
هیجران ! شەوگارت نەدارۆپایان
فەراق ! صوبح تۆکەی بۆنمایان؟!
خەیاڵ ! خامۆش بەرساتێ جەلایێ
وەسواس!وەس کەرەهەرسات سەودایێ
هەناسە ! سەرد بای وەس بکەردودێ
ناڵە ! وەس کێشە ناڵەی بـێ سودێ
تاقەت ! ئەی تاق بای بگێرە تاقەت
سا، دەخیل ئەیمەیل! بازەم فراقەت
ئەیدڵ! وەس گریەباپڕ بیت جەهۆن
وەس گڕەچون گڕشەماڵەی سەبۆن
ئەیچەم !بینات شێ وەس کەرلنگێزە(۱)
ئەسرین! بیت وەهون،ساوەس بڕێزە
شادێ! وە کۆشیت هیچ نەداری شۆن
ئاخ،دەماخ!جەکۆیێ یەنەبیەنی تۆن
بنمانی جارێ گـۆشەی سەرکڵاو
ئەی سپام نـەدەوربکـەری وەڵاو
«صادق» دەماخت لیت بێ دەماخەن
کەیفت بێ کەیفەن شادیت ناچاخەن.

(۱) ئەو ووشەمانای دیارنییە، بەڵام بەگوێرەی جێگا ، وادیارە بە مانا : «زاري وشیوەن» بێ .

خوێنەری بەڕێز ئێمەزۆربەسەختیی ئەم گەوهەرانە ئەدۆزینەوە، وە لەگەردوخاکی هەڵەیی وچەوتي پاکیان ئەکەینەوە، وەهەروەهاش تێ ئەکۆشین کە دوروست لەچاپ بدرێن،هیوامان وایەخوێنەرە بەڕێزەـ کان ، ئەم ڕەنجێ ئێمەیانە لەپێش چاوەوە، بێ .

## تکا

**لەخوێنەرە بەڕێزەکان تکائەکەین: لەناردنی پارەی ئابووـ نمانی ڕۆژنامە خۆیان نەگرن؛ ئەلبەت ئێمەکاتـێ ئەتوانین بـەم خزمەتی خۆمانە درێژە بدەین کە خوێنەرە بەڕێزەکانمان دەس گرۆیی مان بکەن .**

## ریزەکاری

ماوەی ل٤

دوروس ئـەبن ، دالی نیشاندار(ڎ) ، یا «گ» ، لە باتی واودێنن ؛ وە وەئە لبەت ئەزانین ، کە بەرلە ئەلفی ماقەبلی واو، هەرلە مازی یەکەدا، «ی»ێ زیبادەیان هەیە ، وە لـەباتي «خورا وڕژا» ئەڵێن : « خوریا ، ڕژیا » .

بنکەی ژین www.zheen.org

# دستور خواندن ونوشتن کردی

**عدەای ازخواهران برادران فارس زبان کەما یلند برسم الخط کردی آشناشوند باین مطلب توجەفرمایند:**

**میدانیم کە کلمات فارسی بوسیلە سەحرکت زبروزیروپیش وسەحرف «الف»و«واو»و«یاء» تلفظ میشود. وچون حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح کلمات بستگی باشنائی قبلی دارد،و این نقیصە موجب اشکال بزرگی درزبان فارسی شدە . ولی رسم الخط کردی این اشکال رامرتفع ساختە، وکلمات تنها بوسیلە حروف تلفظ میشوند. حروف صدای کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .**

**١- (ە) کەبجای زبرمیاید. مانند: «سەر» (سر)«سەروەر» (سرور)**

**٢-(ی) کەبجای زیرمیایدمانند: «جیهاز»(جهاز)«کیتاب» (کتاب)**

**٣-(و) کەبجای پیش میایدمانند:«گول»(گل)«بولبول»(بلبل)**

**٤- (الف) کەبجای الف میایدمانند: «باغ» (باغ)**

٥- (ۆ) کە بجای«واو» میآیدمانند: «بوو»(بود)«زوو»(زود)

٦- (ێ ، ی) کەبجای«یاء»میآیدمانند:«بید»(بید)«دەوید»(دوید) «مەردی»(مردی)

**٧- (ۆ)کە صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»**

**٨- (ێ)کەصدای یاء مجهول میدهد : مانند «کێ» (کە) «چێ»(چە)**

٩- (ۊ) کەمخصوص لهجە کرمانشاهی استوصدای (U)میدهد. مثال آن درلهجە کرمانشاهی«ئۊشم»(میگویم) «داشتۊت» (داشتەباشد)

**(١) حروف«ها»و«واو»و«یاء» بی علامت ممکن است اصلی باشند.مانند:«هەمسایە»(همسایە)«وورود»(ورود)«یەك»(یك). برای فرق میان هاءاصلی واعراب، هاءاصلی را دوچشم واعراب رایك چشم می نویسند .**

**(٢) همزە را همیشە باینصورت ( ئ ) می نویسند . مانند : «ئەحمەد»(احمد)«ئوطاق»(اطاق)**

**(٣)درکردی گاهی روی حرف دال ولام وراءعلامتی میگذرانند وباین شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) کە در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام وراءمفخم میگردند.مثال آن درکردی:«فەرهاڎ ڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کریعنی پسر)**

**(٤) الفبای کردی یك حرف بیشترازفارسی وعربی داردکە عبارت از«ڤ»میباشد . البتە تلفظ این حرف درفارسی زیادست،ولی با«واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئـەڤـایل» (اوایل) .**

**(٥)دررسم الخط کردی حروف مشددرا دوتامینویسند.مانند «ئەڕڕە» (ارە) «بەڕڕە» (برە)**

**(٦) درکردی کلمات راهرطورتلفظ میکنند مینویسند، البتە کلمات بیگانەرا مشمول این قاعدەمیسازند ؛ ودیگر اشتباهی بین حروفیکە مخرجشان نزدیك است واقع نمیشود ؛ مثلا صفحە را اینطور مینویسند : «سەفهە»**

---

**کنزالعرفان**

**ماوەی ل٣**

هەمیشەیی، تەنیا ئەستێرەیێکە لەئاسۆی ویژەی جووانی کوردی یەوە ، خۆی نواندووە ، وەبەئاوی ژینی مرخی جوان وزەوانی خۆیەوە ڕای ویژەیی پاراو کردووەتەوە .

بەڕاستی زۆرجێگای شانازی یە کەوەها مرۆیێ لە بیساتی خوڎا ناسی دا ، هەستی خاوێنی نەتەوە وهەستی خۆی ڕاگرتبێ ، وەلە گەڵ ناسازکاری زۆڕ کاردا بەربەرەکانێی کردبێ، وەئەم یادگارە جووانەی بۆبراکوردەکانی بەجێ هێشتبێ .

---

# چوارقوژبن

**لابەلا :**

| ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ■ | | | | | | | ١ |
| | | | ■ | | ■ | | ٢ |
| | | | ■ | | | | ٣ |
| | ■ | ■ | | ■ | ■ | | ٤ |
| | | | ■ | | | | ٥ |
| | ■ | | ■ | | | | ٦ |
| | | | | | | ■ | ٧ |

١- شتی دورۆسکراو کەهاونەوعێکی، لەتەپیعی یاتیش دابێ ٢- پێچەوانەی«ابراهیم»ی چکۆلە کراوی کوردی ٣- نێوانی ئەم پەڕو ئەوپەڕی قامکە گەورە وقامکە چکۆلە، کاتێ، کەتەواو دەس بکرێتەوە (بنگوس)- ئەمیش هەر «هی»ە و، پێچەوانەیە ٥- ناوی کتێبێکی دینی، بەلای فیرقەی «یزیدی»ە وە - ئەڵێن: ئەمیان لەپشت ئەویان بێ ، مەربەڵا لەلای خوڎابێ ٦- دەفرێکی یەك تیکەیە، کە تەقەڵێ، لەناوە ڕاستە کەی دراوە ، وەبووەتە دوو تا ، وەلابەڵا ، ئەنرێ لەبار گیر ٧- کارێ کەغەمودەردی فیراقت بەمنی کرد ✿ سەرما بەهەتیو، بابەدەواری شڕی ناکا.

**بەرەوخوار:**

١- ڕۆژێ نەبۆ ئەو... بێڕەحمە وەفا کا ✿ جارێ نەبۆ ئەو کافرە شەرمێ لە خوڎا کا ٢- ناوی یەکێکە لەپەیغەمبەران ٣- شتێ کەوەزنی زاهیری، یامەعنەوی کەم بێ - «شڕ»، کەبەچەشنی تەرکیب، بێتەصفەت، وەهای لێ دێ ٥- لە کرماشان دائەڵێن: کوڕی ...! ماڵ ئەڕای چەتە، کوڕی گەن! ماڵ ئەڕای چەتە؟! - مازی مەجهوولی موتلەق، لەڕیشە (مصدر)ی بردن ٦-... بردم بەنازوعیشوەدیسان شۆخی عەییارێ ✿ فرێبی دام بەسیحری چاوی خۆی ، مەحبوبی سەححارێ ٧- ئەڵێن : تەنانەت شەڕیش لەوەباشترە.

**کراوەی چوارقوژبنی ژمارەی٧٩**

**لابەلا :** پسپۆڕ ٢- لە - هە ٣- مرگ - شنگ ٤- مەشکە ٥- بار هرم ٦- دڵ - ما٧- نامەڎ

**بەرەوخوار :** ١- پلە - بڕە ٢ - سەرما ٣- گەردن ٤- وە - لا ٥-ڕەشکە ٦- نەرمە ٧- ڕەگ - ماد .

---

هەزارویەك شەو ٣١٦

پاڎشائیزنی دا، فرستاڎەکان هاتنە خزمەتی، پادشا بە گەرم خەیرهاتنی پرسی ووتن ولە پاشان لەمەبەستی ئەوان جۆیابۆ. فرستاڎەکان کەوتنەخاك و ، ووتیان: ئەی پاڎشا : فریدوونشا، خاوەنی سەرزەوینی یۆنان وپادشای سپای «نصاری» ئیمەی ناردووە، کە بەئێوە هەواڵ بدەین کە،ئەولە گەڵ پادشای«قساریە»دا،خەریکی شەڕ کردنە.وەهۆی ئەم شەڕە ئەوەیە کە: یەکێ لەپاڎشاهانی عەرەب گەنجێکی لە گەنجەکانی«ئەسکەنڎەر»دەست کەوتووە کەلەو گەنجەڎا، گەلێ جەواهروشتی ئەنتیکە بوون،یەکێ لەوانەسێ گەوهەری سپیدە، کەهیچ کام وێنەیان نیە.وەلەسەریانەوە بەزمانی یۆنانیی چەنڎمە بەستێکی نهێنیی نووسراوە، کەسوودی زۆریان لێ وەر،ئەگیرێ.یەکێ لەوسوودانەئەوەیە کەئەگەر یەکێ لەوانە بکەنەملی منڎاڵ، لەهەموودەردو بەڵایێ ئەی پارێزێ،وەهیچ وەخت ئەنگوسێکی گەرم نابێ ونەخۆش ناکەوێ. کاتێ پاڎشای عەرەب گەنجەکەی دەست کەوت، وەئەو گەوهەرا-نەی بەدەست هێنا، ئەوانەی لە گەڵ بڕێ تر ئەنتیکەڎا بەناوی دیاری وپێشکەش ناردبۆ فرەیدوونشا. وەئەودیاری یەی بە کەشتیی نارد،وە کەشتی بێ جەنگیشی لە گەڵیانارد، کەپاریزگاری بکا؛وەلای وابۆ کەئیتر کەس ناتوانێ ،دەس درێژی لەسەر ئەو کەشتی یە بکات ، بەتایبەتیی ئەو کەشتی یەبەدەریایێکاتێ پەڕی ئەکرد کەئەو دەریا والەخاکی فریدوونشاڎا،وەئەم پیشکەشیی ودیاری یەش بۆئەو ئەبرا،وەلەلێوارەکانی ئەوددەریاشا، جگەلەڕایەتی فرەیدوونشاه کەسێکی تر، نی یە. کەشتی یەکان بەشی زۆرتری دەریا یان بڕی، تانزیکی پاتەختی فرەیدوونشا بوونەوە. لەپڕ جەردەکانی دەریایی لە گەڵ دەستەیێ لەسپای «قساریە»دا، دایانەمل کەشتی یەکاندا، وەتاڵانیان کردو ، هەر چیکیان تێڎابۆ بردیانو ، کەشتیی وان وسەربازەکانیان کوشت، وکەشتی یەکانیان ئاگر تێ بەردا. کاتێ فرەیدوونشا لەم کارەساتە ئاگاداربۆ، دونیالەپیش چاوی تاریك هەڵگەڕا، وەقۆشەنی ناردە سەریان، ئەوان قۆشەنی پاڎشایان شکاندو، هەموویان کوشتن. ئەمجارە پاڎشا قۆشەنێکی زۆرترو تەیارتری ناردە سەریان، دیسان ئەم

**باسێکی ...**

ماوەی ٦

لە گەڵ دووایی مانگی نـووەت و سەرەتای ئوکتبرا زێك ئەکەوێ. هەروەها ئەم مانگە لە گەڵ مانگی «مێتا گێیتنیۆن»ی « ئاتپك » وە مانگی «بۆیدرۆمێون»ی «کرنتین» دا، بەرانبەرە . لەمانگی پـانێمۆسدا جەژنێکیان بـەیادی فەتحی هرکوول وپیرۆزبوونی بەسەر «ئامازون»دا، ئەگرت. ئەم دووپاڵەوانە لە گەڵ چەنێ کەسێکی ترا بۆهاوردنی کەمەر بەنێی « هیپۆلیت » مەلەکـەی « ئامازون » دەسیان کردە شەڕ لە گەڵ ژنانی» ئامازون»دا.

(٢) باپیرە گەورەی هرکول کە «الکائوس» (نێرووەمەنێ)ی ، ناوبوو ، کوڕی «پرسئوس»ە . باپیری لەئەودایکەوە «الکتریون»ە. کوڕی تری «پرسئوس»ە، کەبووە خاوەنی کچێ بەناوی «الکمن» (ژنی نێرۆمەند). ئەم ژنە هرکولی بوو. وەهەروەها «پرسئوس» قارەمانونیوە خوڈای بەناوبانگ کە بەیەکێ لەعیشقەکانی خـوڈای خوڈایان (زئوس) بەدي هاتووە، بووە خاوەنی چەنێ منداڵـێ . یۆنانی یەکان ، هەموو ئێرانی‌یەکان ، وە بەتایبەت پاڈشاکانی پارس و هەخامەنیشیی لەئەوڵادی یەکێ لەزۆلەکانی ئەم نیوەخوڈا ئەزانن، وەلایان وابوو کەنـاوی پرس وسەرزەوینی ئێران لەناوی ئەم نیوە خوڈاوە، گیراوە.

دێڕ ـ سطر

پیت ـ حرف

وێنەلێ هەڵ گرتن ـ عکس برداری

وەر گێڕان ـ ترجمە

ووشە ـ کلمە

مەبەست ـ موضوع

بەڵگە ـ دلیل، سند، مدرك

لەلایەن ـ ازطرف ، بوسیلە

یاسا ـ مراسم

بەروار ـ تاریخ

مانگی ـ قمری

هەتاوي ـ شمسی

ناحەزي ـ اختلاف

مشتومڕ ـ نزاع، زدوخورد

کەڵك وەر گرتن: استفادە

بەربەڵاو ـ وسیع

پەرەدان ـ توسعە



وێنەی هرکولی بیستون لەلاوە



وێنەی هرکولی بیستون لەبەرانبەرەوە



وێنەی بەردە نووسراوەکەی پشتی سەری هرکول




وێنەی بەردە نووسراوەکەی هرکول کە بەپێنوس لەرووی بەردەکە نەخشی هەڵگیراوە

# مەولودنامەی پەیغەمبەری مەزنی ئیسلام حەزرەتی محمد(ص) دانراوی زانیاری بەناوبانگ

**حەسەنی هەرتووشیی**

من دی یە دەرخواب ومامە «منتظر»

«احمد» ئەزپشتا تەیەجانێ پـەدەر
گردڤیتن هون ژنارێ بن نەجات

بەشق و شەوق کەهوین بیێژن الصلوة
چونکو «عبدالله» ژابوو پـاکێ ذات

نیی لقەدتلاوي جهوودان کر خەبات
ژاهب وئەحبار وهەم ئەهلێ کتاب

ژاکري کەربي هەمي بوونە کباب
هاتن هەفتێ جهوود ئەزمولکێ شام

تازە بەیعەت بەست و عەهدانا تـەمام
جەنگی وەبردو دلاودر شێـر گێر

پێکڤەخارن سووندڕاوەستن چواشپر

**هەڵبەست**

ماوەی ل ٦

قرومساق بۆچی ژادیۆت هەڵکرد ؟
حسابی پارەت بۆچ لەمن وون کرد؟!

جێگای ەبڵێی قرومساق خۆتـــی
بۆچ جنێو ئەدەی هەروە کوڵاوتیی ؟

پارەکات زۆرە بەسنڈانت بـــێ
ئیزرائیل یا خودا ! بەمێوانت بێ

ئەتۆیی بۆخۆت، پارەکەت بۆ کێ؟!
گیرەم قەبرەکەت قوڵتر بێ چۆ کێ

ئەتخەنە ناوی ، بـانت ئەپـۆشن
پاش تۆکـوڕات بادە ئەنـۆشن

شاەپاني وویسکي هەڵ ئەقوڕێنن
ژنانی هەرزە باوکیـان دەر دێنـن

ماڵی خۆت بخۆ هەروە کو(شێواو)
دای مەنێ بۆکوڕ بیخوەو بیکە ئاو

**ماوەی سەرووتار**
**ماناى ووشە**

| | |
|---|---|
| ساغیەتیی ـ بهداشت | گەل : ملت، مردم |
| چاودێري ـ توجە، رعایت | بەڕێوە بردن ـ اجرا |
| شەقام ـ خیابان ، جادە | گرنك ـ مهم |
| کارەسات ـ حادثە، واقعە | بڕیار ـ قرارداد |
| یاسا ـ روش ، ترتیب، مراسم | قۆشەنی ـ ارتشی |



www.zheen.org

# بەشی لەکارخانەی‌توتنی شاری((سقز))خرایەکار


ژمارەی ـ٣٢ـ سالی دووەم
ژمارەی‌شوێن‌یەك ٨٣

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردی‌یە، حەوتەی جارێ چاپیکی دەرئەچێ

بایی

بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش‌مانگە | ٧ | » |
| چلێ | ٣ | قمران |

بۆدەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | » |

کوردستان

عەزیزم شاســوارێکە، گوزەرگا، گەر، بەئەلبورزا
دەگا ، نووکی‌سمی ئەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا

سیاسی ـ زانیاری ـ وێژەیی ـ کۆمەلایەتیی

خاوەنی‌امتیازومدیری‌لی پرسراو
عبدالحمید• بدیع‌الزمانی
بەچاودێریی‌دەستەی‌نووسەر:
دوکتۆرمحمدصدیق‌مفتی‌زادە ـ سەرنووسەر
دوکتۆرعبدالرحمن واحمدمفتی‌زادە
عابدسراج‌الدینی ـ شکراللەبابان
خسروشیخکانلووی‌میلانی

یانەی‌ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه»ژمارەی‌پلاك ٢١٨
تلیفوون ٣٢٠٠٣

چووارشەمە١٦سەرماوەز٢٥٧٢ك ـ ١٦ئازەر١٣٣٩ش ـ ١٧جومادیلئاخیره١٣٨٠ق ـ ٧دسامبر١٩٦٠م


## کاری‌کرانەوەی بەندی ((شەهناز))ی‌هەمەدان بەپەلەپیش‌ئەروا

سەرەك‌وەزیر لەکاتی گەڕانەوەلەئەفغانستان ووتیان :

گەشتی ئیمە بوئەفغانستان دوستانەبو، وەبوباس لەبارەی شتیکەوە، نەرویشتبوین، لەگەل ئەمەشالەقسەوباس لەگەل کاربەدەستانی وەلاتی براوها دینماناز ورسەرکەوتمان بوو ؛ وەئەوقسانە ئەنجامیکی بەکەلکی بوهەردو وەلات ئەبی .

کارەساتی کونگوروژبوروژگیژاوی ترئەبی ؛ گیرانی لومومبا بەدەستی سەربازانی موبوتو، وەراپەرینی لایەن‌گیرەکانی ئەو لەبەشی لەخاکی کونگودا، گیچەلیکی وەهای بەدی‌هیناوەکە سەرئەنجامی نادیاری‌یە .

www.zheen.org

## ئیران‌وئەفغانستان

لەجیهانی ئەمڕۆدا کەبەشەر ڕۆژ بەڕۆژ لەسایەی زانیاری‌یەوە بەرەو سەرکەوتن ئەڕوات، وەڕۆژ بەڕۆژ ناکۆکیەکانی نێوانی گەلانی جیهان لەناوچــووە ، وە ەمو گەلانــی جیهان پێکــەوە پەیوەندی‌یان پەیدا کردووە، وە ەرکارەساتێ کە ڕوئەدالە مــاوە یێکی کە ما بەهــۆی شەپــۆلی هەوایی ڕادیۆوە لــە سەرانسەری جیهان‌دا بەلاو ئەبێتەوە، گەلانی سەرعەرز ناچارن لەهەر هـەلیك سودببەن، وەپەیوەندی سیاسی‌وە بازرگانی وە زانیاری لــەنێوانی خۆیان‌دا بەڕێ‌بکەن، وەیارمەتی ودەست گیری ئەندامانی ئنسان گەیشتووە نەشوێنێ کە: لەنێوانی وەلاتێکی تازە سەربــەخویی وەر گرتووی ئافریقایی‌یا لەگەڵ وە لاتانی گرنگی جیهان‌دا پەیمانی دۆستی، وەهاوکاری ئابوری‌دا ئەـ مەزرێنرێ

لەروژگارێکا کە کارەساتــی گشتی‌جهان، واهاوکاری‌وپشتیوانی ودەست گیری‌بێ لەناو گەلانێ کا کە: تائێستا هیچ‌چەشنەپەیوەندی ونزیکی‌یێ کە: ئــەوانی پێکەوە بەستبێ نی‌یە ، وەلەبارەی ڕەنگ وپێست وزمان ونــەژادشەوە، وە جارو بارێکیش لەبارەی ڕەوشتی

ماوەل ١٢

## ئابووریی‌لەدینی((اسلام))دا

=١٠=

**تەلاشی پەیغەمبەران ـ صەلوات وسەلامیان لێ‌بێ ـ بۆجۆر کردنی کاروباری ئابوریی**

جاری‌پێشو ووتمان کەکاتێ، هەستی بەربەرەکانێی مانــەوە ، لەناوی کۆمەڵێکدا زۆری‌ئەسەند، وەبەپێچەوانەی‌یاسایێ، کەشیاوی کۆمەڵیکی ئینسانی‌بێ، خەلکی

ماوەل ٩

د.ع.م

بەپێنووسی : زانای‌بەڕێز «علی‌حاکمی»
سەرۆکی‌ئەنتیکەخانەی «ئیران‌باستان»

## باسیکی زانیاریی

-٣-

## پەیکەری ((هرکول)) لەبیستوندا

لەوبەردە نووسراوە ناوبراوا ، لەکەسێ‌بەناوی « کل‌امن»فەرما. ندەری گەورەناوئەبرێ، کەڕەنگە لەوشەڕانا بەپێچەوانەی دەهرداد. اول » بەشدار نووبێ ؛ وتوانیویە کەخۆی بەهەرجۆر بووە، لەگیرو گرفتی‌شەڕ، ڕزگاربکا؛ وەبەیادگاری

ماوەل ٦

## نالەباری‌یەکانی کومەل

((بووك‌وخەسوو))

-١٢-

لەژمارەی‌شوێن‌یەکی(٧٢)ی ڕۆژنامەکەمانا ئەوکارەساتەمان گەیاندە کاتێ کــە : (ئەحــە) و (نەرگس)بەدلێ تەنگی‌بڕێ‌دەردە دلیان‌بۆیەکتری کرد، وەئەحەلە مالێ ڕۆیشتەدەرەوە . ئێستا لەسەر پاش ماوەی‌کارەسات ئەڕۆین. بەو

ماوەل ٨

م.ص.م

## لەکومەلاچون‌بژین؟

**ڕێگای‌خوداناسی**
**یان**
**طەریقەی عرفان**

-١٤-

لەسەرباسی ژمارەی‌پێشوئەڕۆین
١٢ ـ جیاوازی لەنێوانی‌هێزو

ماوەل ١١

م.ص.م

**چون‌بنووسن وبخوێنینەوە**
**کردوەی‌بەڕێگاوبێ‌ڕێگا**

کردەوەی بەڕێگــا ئەوەیە کە بۆخۆی ڕیشەیێکی‌تایبەتی‌بێ،وە لەگەل‌ڕیشەکەیا، پیتەکانیان‌یەکێ

ماوەل ٥

وەرگیراو لەگۆڤاری «ئێرانئاباد» وەرگێڕ : د.ع.م

# لورستان

## سەرزەوینی پڕلەدار

-٣-

خەڵکی لوڕستان دەربەسیماڵ وخانوێنین . وەزۆتریان لەژێری دەوارا ئەژینو، ڕەشماڵ شینن . ژیانی ئەوان بەحەیوان داريو کەڵك وەرگرتن لەدارسانە. زمانی ئەوان لەپەهلەوي وفارسي تێکلاو،دروس بووە. سەرۆکی ئەوان کەسێکە کە پێی ئەڵێن «خان» وەلەلایەن شای ئێرانەوە دائەنرێ ئەم خانە ئەبێ لەنێوی هۆزی خۆیانا هەڵ بژێرێ؛ وەسەرۆکایەتی بەمیراتیی بۆ کوڕی بەجێ ئەمێنێ؛ وەزۆرتر هەرلەیەك هۆزهەڵ ئەبژێررێ .وەتائەندازەیێ ئەوان ئازادی یان هەیە.

لەلوڕستاندا ژنیزۆرهێنان بەپێی شەرع دروسە . باوەکۆ مارەیی ژن زۆر کەم دائەنێن، ژن طەلاق دان لەنێویانا کەمتر باوە .

کاتێ کە خان شەڕێکی گەورەی لەپێشابێ، نامە بۆهەموخانە بچوکەکان و کوێخاکان ئەنوسێ؛ وە لەهەردەستەیێ بەئەندازەی تەوانایان سوارە وپیادەیان لێداوا ئەکا، وەبۆیان دائەنێ کە فلانە ڕۆژلە فلانەشوێنا ئامادەبن. عێلەکان زۆرحورمەتی سەرۆك وخانی خۆیان ئەگرن بەجۆرێ لە نێوی ئەوانا بووەتە باو، کەکاتێ کەسێکیان نەخۆش ئەکەوێ ، لەو وەختا کە خان خەریکی نان خواردنە، وەپارۆئەگرێ کە بیبا بۆدەمی، خاوەن نەخۆشە کە لە خان تکائەکا کە پارۆ کەی بداتەئەو کەسەبیبا بۆ نەخۆشە کە، بیخوات وچاك ببێتەوە .

(لە جوانڕۆیشاهەرمنداڵێ کە دێرزمانی بەربێ ، پارۆی دەمی یەکێ لەبەگزادە گانی هۆزی وەکیلی جوانڕۆی بۆدێنن کە بیخوا؛ وە لایان وایە کە ئەوپارۆە ئەبێتە هۆی زمان بەربونی).

دەبدبەوشکۆی زەماوەنی عێل وعەشایر، زۆرتر لە زەماوەنی شارنشینەکانی ئێرانە . ژنان و کچان ڕومەتی خۆیان ناپۆشن؛ لەنێویانا، باوە کە : زاوا ئەبێ لە سەرەتای هەموساڵێکدا لەلایەن خۆیەوە پێشکەشي و دياريێ بەناوی بوك بنێرێ ئەڵبەت زۆري و کەمي ئەوە بەستە بەدەسەلاتی خێزانی زاواوبوکە . زۆرتر بەردی گران بایی وەکو یاقوت وپیروزە، وەئاڵتون وبازوبەندوملەوانە ودەس بەندو کەمەرە و کوتاڵی گران بایی، بەدیاری ئەنێرن. لە نێوی ئەوانا کچ و کوڕێ پێکە ودزەماوەن ئەکەن کە خێزانیان لەچاوی دارایی وپایەی خێزانی یەوە بەرانبەربن . ئەوان هیچ وەخت کچ بەبێگانەو کەسێ کەلەعێلی خۆیان نەبێ، نادەن؛ ولەژن خواستن وژن دان بەشار شن خۆیان ئەگرن.

جەژنی زەماوەنیان چەندڕۆژئەخایێنێ. لەزەماوەندادەهوڵ وسوڕناو گۆرانیی وهەڵپەرکێ هەیە؛ وەهەموجۆرەشت ومەکی شادي و کەیف خۆشیی بۆهەموئامادە ئەکەن . ژن وپیاودەس ئەگرن وڕەش بەڵەك ئەکەن؛ وە گۆرانیی بێژ گۆرانیی ئەڵێت ودەهوڵ وسوڕنا ئەکوتێ، وەئەوانیش بەوئەزمی گۆرانیی یەهەڵ ئەپەڕن . میوانەکان دێن وئەڕۆن؛ وەنان لە نێودەوارا، یاهەرلە دەشتائە خۆن . پیش لەزەماوەن بەڕۆژا پیاوەکانو جوانەکان وعەرزەکارەکان سواری ئەسپ ئەبن وەڕم بازي وەمەشقی سواري ئەکەن؛ وە بۆڕۆژی زەماوەن ئامادە ئەبن؛ ئەوچالەڕۆژێکی تايبەتا کە بەدڵخوازی هەردولادانراوە، لەلایەن خێزانیزاواوە، دەستەیێ پیاووژن سوارئەبن وبەدەهوڵ وسوڕناو گۆرانیی ووتن ڕم بازي کردن ئەکەونە ڕێ بۆماڵی بوك . وە بڕێ جاریەك دوڕۆژوان بەڕێوە؛ وەلەم ماوەدا قیروقاچ وڕم بازي ئەکەن .

لە نێوی عەشایر، کاتێ کچ بەمێرد ئەدەن، باوکی کچ پارەیێ لە خێڵی زاوا ئەسێنێ؛ وە کەسێ کە کچیزۆری بێوە کوئەوەیە کە لە سەر چاوەی گەنجێکی هەیە . بوك، پێتەکي کەم لەگەڵ خۆ با بۆزاوائەباوە ئەمەبەپێچەوانەی یاسا وڕەووشتی شارە . ئەوپارەیە کە زاوا بەباوکی کچی ئەدا، پێ ئەڵێن : شیروایی .

مارە برین هەرلەوڕۆژا ئەبێ کە بوك ئەگوێزنەوە بۆماڵی زاوا زۆر کەم وائەبێ کە پێش لەگوێزانەوە، بوك مارەی بڕابێ. وەختێ کەبڵێن کات وسەعات چاك نیە، بوك ئەبێ چەند ڕۆژێ لەماڵی زاوادا، بمێنێ، بێ ئەوەی ئیزنی بێ کە چاوی بەمێردی خۆی بکەوێ. شەوبەدەهوڵ و سوڕنالێدان و گورانیی ووتن بوك ئەبەن بونێوپەردەکە والە نێوخانو یا دەوارا، وەلەوێش هەڵ پەرکێ دەس پێ ئەکرێ.

لەتەواوی ئەم هەراوبەزما کەپێش لە زەماوەن ئەبێ، زاوا نابێ خۆی بخاتە دەرەوە . تەنیائەوڕۆژە کە ئەڕۆن بۆ بوك ئەبێ سواری ئەسپ بێ وبڕواتە پێشوازی بوکەوە .

ئەوسوارانە کە هاوڕێ زاوان یانێ برازاوان، ئەبنە دودەستەوە: دەستەیێکیان لەگەڵ زاوادا ئەمێننەوە، وەئەودەستە کەیان ئەڕۆنە پێو دەستەی بوکەوە . بووك لەگەڵ هاوڕێیەکانیا کەهەموسواری ئەسپن نزیك ئەبنەوە، لەم وەختا ئەبێ زاوا نەبەزي ولێهاتويخۆی دەرخا وە بەپڕتاوبڕوا کەدیواخی سەری بووك بڕفێنێ! ئەڵبەت لەم وەختاهاوڕێیەکانی بووك دەوری بووك ئەگرن و بەر گری لێ بەوە ئەکەن؛ وەزاوائەبێ نەترسێ وبنپشێتەمل . ئەگەزاواتوانی دیواخ بڕفێنێ، ئەمجارسوارەکانی هاوڕێ بووك کە لەلایەن زاواوە، هاتبوون، وەلێی جیبا بووبوونەوە، ئەکەونە دوێ زاواوبرا زاواکان کە دیواخەکەی بووکیان لێ بسێننەوە .

ماوەی هەیە



کۆماریێ لەبرا لوڕەکانمان لەکاتی گەرمیانو کوێستان کردندا



تاقەخێزانێکی لوڕ لەکاتی کۆچ کردندا

# نەتەوەی کوردو نەتەوایەتی ئیران

ماوەلەچلی پێشوو

سەلام لەسەرخاپاکی کوردستان لانکی پاڵەوانەکان .

لەباسە پێشوە کە دابڕێ لەشوێنو نوسراوەکانی پادشایانی ئاشورم بەناوی زانیاری قایم ،وەووشانێ کە کورتیو کاسی وکارداو کورد و ئەوانە، ئەگەیینن ڕاگەیاند

لەبەرئەوە پادشاکانی ئاشور بۆئەوەی کەخۆیان هێزداربنوێنن ئەگەرلە شەڕەکانیشدا تێ شکابێتن، وە کەوبێتنەژێر، هێشتان ئەوپێش هاتەیان، وە کوفەتح وسەر کەوت دەرئەخست ، وەنوسراوێکیان لە لەخۆەوە بەجێ ئەهێشت،بەچەشنێ کەلە بارەی تێدا چونیدووایی دەوڵەتی بابلا کەبەدەستی کورشی گەورە، وەیارمەتی گوتیەکان پێك هات، وە گوتیەکان «نانبوئیدی» پادشای بابلیان دەردەس کرد، نوسراوێ لەشەلمەنەسری یە کەمەو ماوەتەوە کە نوسیویە:

«هۆزی گوتی کەلە ئاسمانی ئەمچەرخەدا وەکوئەستێرەئەدرەوشێتەوە، وەنەك تەنیا لە بەرزۆری بەڵکولەبەرزاوەستاوی وهێزو سامداری ولەبەین بردن ناوبانگی بوو لە بەرامبەری منەوە لەسەر دژمنی وسەر کێشی چوو» .

«احمدرفیق بەك» لەمێژووی گشتی خۆیائە نووسێ: کوسیەکان باپیرانی کوردانی ئەمڕۆن .

وە کتێبێ «ئێران نامە» کارنامەی ئێرانیان لەدەورەی ئەشکانیانداە لەبەشی سویچرەی ئێران، یان کوردستانا، ئەنووسێ: ئەو ئاریاییانە کەلە١٨٠٠ ساڵی پێش لە میلادا، لەبابل دا حکوومەتیان ئەکرد وەچەن قانون دانەروزانا لەناویانا هەڵ کەوت ناویان داخستووە، بەکاسویان «کاسیت» کە باپیرانی کوردانی ئەمڕۆن،وە لەنیشتمانی خۆیانەوە یەك ڕاس ڕۆیشتن بۆئەوێ،وە کردیانە بەشێ لەمەیدانێ حکوومەتی خۆیان ئاریان

ماوەی هەیە

## ریزەکاریی

**گوێی شەیتان کەڕ:** کاتێ، کەلەبارەیمەبەستێکی باشەوە ڕاوێژ بکەن، وەهائەڵێن . جوملەی دۆعایشەڕە، وە لەبەرئاشکرایيو کورت بونەوە، کرەوە(فیعل)ی دۆعا کە، وە کوەبێ، یابێ» توردراوە مەبەست ئەوەیە، کەشەیتان' حەزلەوەناکا، کە خێربێتە ڕێگای کەسێ؛لەبەرئەوە' کابرا کاتیئەوراوێژە، دۆعا ئەکا کە شەیتان لەکاتەدا کەڕببێ'نەوە کو ببیسێت وبکەوێتە دەستوپێبۆهەڵوەشاندنەوەی.

**درێژدادڕ:** کەسێ کە بێجێگا ، قسە درێژ بکاتـەوە ، درێژ، بەرامبەری «کورت ـ کۆتا»یە، وەدادڕ، ئیسمیفاعیلەلەڕیشەیدادڕین، بەمەعنای جییا کردنەوبەشێ لەپارچەوشتیوا، بەزۆری دەست. کابرابێ، کە لەجێگایێکی شیاوی قسەیێکی کورت دا' باسێکیدرێژئەکا ، بە کەسێکەوەشوبهێنراوە کـە پارچـەیدرێژدابدڕێ، لـەکاتێکدا کـەبە کەمترلەوە، نییازببێ؛ ئەڵبەت ئەوەش، بەبۆنەی شوبهاندنیقسەیە، بـە پارچە وە .

**دەس داشۆردن لەکارێ:** لەبیریخۆبردنەوەخستنەپشتی گوێ. شۆردن (شستنـغسل)کاتێ«دا»، نیشانەی بەرەوخواري (نزول)،نوستە دووایەوە، بۆداماڵینیچڵکوپیسییە؛ کەوابو، کاتێ ئەڵێن: «کابرا،دەستی لەفلانەکارداشۆرپوە»، وەهائەگەیێنن کەئەوکارە بەلایەوە،وە کوپیسی بووە' وەلەکۆڵیخۆیی کردووەتەوە، یا ئەگەر کەسێ خەریکیکارێکی وەکوقوڕ کاريبێ، کە بەماوەیێکی کەم دووایيبێ، دییارە، دەستی لەو قوڕە داناشوا ، تا کارەکەی بگاتە دووایی؛ کەوابوهەر کاتێ ، دەستی داشۆرد' نیشانەی ئەوەیە' کەدەستی لەقوڕ کاري هەڵگرتووە ولـەدڵی خۆی، دەری کردووە. کەوابو،لەوکارانەدا، کەنییازیانبەپیس بونیدەست نییە. خودی خستنە پشتی گوێ، بەدەسداشۆردنەوەشوبهێنراوە.

## مەتەل:

**١ـزك، بیگری مشتێکەوبەری بەی دەشتێکە .**

مەتەڵێکی سنەییە؛ یانێ پیاو نابێسك لە وەزڵن بێوژبانی بـۆ خاتریسکیخۆش بۆێ. چونکو ئەگەر کـەسێ بکـەوێتە شوێنی ئارەزوی‌سکی، هیچێ بەشی ناکاو پڕی ناکاتەوە.

**٢ـهەڕەشەی کوردی، زاوەرم بردی !**

هەرکاتێ کەسێکـی بـێقابل هەڕەشە بکا ، بەتانەو گاڵتەوەئەم مەتەڵەی بۆدێننەوە .

**٣ـئاگرەسووری، لەخۆمدووری!**

ئەممەتەڵەش لەکاتێکدا کەسێ نەیەوێ لەقسەوباس و کارەساتێکا خۆیتێبگەیێنێ' دێنێتیەوە .

**٤ـگەورە ئاوئەڕژنێ و بوچك پای ئەخزێ.**

مەبەستلەم مەتەڵە ئەوەیە کە هەرقۆرتوبەڵایێ بەسەربچوکابێت، گونای گەورەکەیە؛چونکەبچوك هەمیشە چاولـە گەورەی خـۆی ئەبڕێ .

## مەولودنامەی پەیغەمبەری مەزنی ئیسلام حەزرەتی محمد(ص) دانراوی زانیاری بەناوبانك

**حەسەنی هەرتووشیی**

تانەئێتە کوشتن ئـەو ڕیبا خەرام
یەك ژمـە نائێتە ئـاخ وموالکشام
ڕاسەحرا گـرت وانـێ کپنەدوز
مثلێ کوندی هەربشەبـچونەبەڕوز
زوگەهشتن چونە دۆرامە ککەهێ
کەتنە بوسان مثلێ ئاڤـا بنکەهێ
تاببینن کەنگێ بیێتن فـورسەتێ
نۆبەدار کەتنە کەنـارێ هیشەتێ
ڕۆژە کێ وان دي بچۆلێدا مەشي
طالبێ نێچیروئاهوێ خـــــوشي
وان کودي ڕابوری«عبدالله» چنان
باتەنێ تـــــەنها بچۆلێدا ڕەوان
فورسەتا خۆدیێوڕابون‌شیرهەسون
چونەپەیدا مثلێ گورگێ‌دەڤبخون

### هەزارویەكشەو

۳١٧

جارەش قۆشەنی پـــــاڎشاشکا . پادشائیترزۆرئالۆزبو ، وەسوێنیخوارد کە هەمو قۆشەنی خۆی بباوخۆی بکەوێتەپێش، وەتا «قساریە» وێران نەکاوخاکی بەتورە کە نەکێشێ، نەگەڕێتەوە .ئێستا ئێمەی‌ناردووەتەخزمەتی پاڎشای زەمان«ملك نعمان» وەتکای ئەوەیە کە : دەستەیێلەقۆشەنیخۆتان بنێرن بۆیارمەتییئەوان ، کەلەڕزی پادشاهانا، ناوی تۆبەچاکە بمێنێتەوە . وە بڕێ دیاریشی‌ناردوە خزمەتت کەئەگەر ئەوانەوەرگری، زۆرسپاست ئەکا، وە بەشانازي وسەربەرزي خۆی ئـەزانێ. لەپاشان ئەوفرستاڎانە دیسان کەوتنە خاك .

(کەچیرۆك گەییشتە ئەم جێگا، ڕۆژبوەوە' وەشەهەزاد قسەکەی پچری)

## کەشەوی چلوشەشەم هات

شەهرزاد ووتی: ئەی پادشای بەختیـــــــــــــــار! فرستاڎەکان دیارییەکانیان بە «ملك نعمان» پێشکەش کرد کە برێتیی بون لە : پەنجا کەنیزی ڕۆمییحەرپرپۆش وپەنجا غولامی کەواوسەڵتەی تاقەوماووت لە بەرو، کەمەربەنڎی زێڕین لەپشت؛ وەهەرکام لەوان عـەلقەی زێڕینلە گوێیـانا بو، وەهەرعـەڵقەیێ ئەڵماسێکیپێبەوە، ئاوێزان کرابو کە هەرکام لەوانە هەزاردینارئەهێیا. پاڎشا دیاری‌یەکانی وەرگرت؛ئەمجالە گەڵوەزیرانایرس وڕاوێژی کرد، کە وەڵامیئەمفرستاڎانە چیي بڎەینەوە؟سەرەك وەزیران کە پیاوێکێ پیرودنیا دیڎەبو، کەوتەخاکو' ووتی: ئەی پاڎشا! هیچ لەوە چاكترنییە کەبۆئیمداڎی فرەیدون شاقـۆشەن بنێرین . وە شازادە شرکان بکەیتە سپاسالاری ئەوقۆشەنە . وەمنیش لەخزمەتي شازادەڎا ئەڕۆم.

## دەردی دڵ

م.ص. مفتیزادە

ماوەی لەچلیپێشوو

ووتی : کاکی خۆم! دەردم گرانە
داخی دەرونـــــی من بێسامانە
ئەگەر نەزان ونـە خـوێنڎە وارم
بەڵام ، کوردێکی ووریاو هۆشیارم
ئێستا گوێت‌لێبێ کاکی‌هاوخوێنم!
تانامەی دەردی خۆم بۆت بخوێنم!
من لەدایك بووم پێم نایە جیهان
لەگوندێکیجوان‌ناوچەی کوردستان
داك وبابیشم وەك من جـووتیارن
ئەوانیش لەبـن نەخـوێنڎە وارن
بەخێویان کردم بەدڵ و بەگییان
پاییز وبەهار،هاوێــــن وزستان
بەمیهرەبانی ئەبــــان دووانڎم
لەناو جۆلانە ئـەیـان جووانڎم

ماوەل١٠

بنکەی ژین www.zheen.org

## دستور خواندن و نوشتن کردی

**عدەای از خواهران برادران فارس زبان کەمایلند برسم الخط کردی آشناشوند باین مطلب توجەفرمایند:**

**میدانیم کە کلمات فارسی بوسیلە سەحرکت زبروزیروپیش وسەحرف «الف»و«واو»و«یاء» تلفظ میشود. وچون حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح کلمات بستگی بآشنائی قبلی دارد،و این نقیصە موجب اشکال بزرگی درزبان فارسی شدە . ولی رسم الخط کردی این اشکال رامرتفع ساختە، وکلمات تنها بوسیلە حروف تلفظ میشوند. حروف صدای کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .**

**١ـ (ە) کەبجای زبرمیاید. مانند: «سەر» (سر)«سەروەر» (سرور)**

**٢ـ(ی) کە بجای زیرمیایدمانند: «جیهاز»(جهاز)«کیتاب» (کتاب)**

**٣ـ(و) کەبجای پیش میایدمانند:«گول»(گل)«بولبول»(بلبل)**

**٤ـ (الف) کەبجای الف میایدمانند: «باغ» (باغ)**

٥ـ (ۆ) کە بجای«واو» میآیدمانند: «بۆد»(بود)«زۆد»(زود)

٦ـ (ێ ێ ي) کەبجای«یاء»میآیدمانند:«بید»(بید)«دەوید»(دوید) «مەردي»(مردی)

**٧ـ (ۆ)کە صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»**

**٨ـ (ێ)کەصدای یاء مجهول میدهد : مانند «کێ» (کە) «چێ»(چە)**

٩ـ (ۆ) کەمخصوص لهجە کرمانشاهی است وصدای (U)میدهد. مثال آن درلهجە کرمانشاهی«ئۆشم»(میگویم) «داشتۆت» (داشتەباشد)

**(١) حروف«ها»و«واو»و«یاء» بی‌علامت ممکن است اصلی باشند.مانند:«هەمسایە»(همسایە)«وورود»(ورود)«یەك»(یك). برای فرق میان هاءاصلی واعراب، هاءاصلی را دوچشم واعراب رایك چشم می نویسند .**

**(٢) همزە را همیشە باینصورت ( ئ ) می نویسند . مانند : «ئەحمەد»(احمد)«ئوطاق»(اطاق)**

**(٣)درکردی گاهی روی حرف دال ولام وراءعلامتی میگذراند وباین شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) کە در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام وراءمفخم میگردند.مثال آن درکردی:«فەرهاڎ،دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کریعنی پسر)**

**(٤) الف بای کردی یك حرف بیشتر ازفارسی وعربی داردکە عبارت از«ڤ»میباشد . البتە تلفظ این حرف درفارسی زیادست،ولی با«واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئـەڤـاییل» (اوایل) .**

**(٥)دررسم الخط کردی حروف مشددرا دوتامینویسند.مانند «ئەڕڕە» (ارە) «بەڕڕە» (برە)**

**(٦) درکردی کلمات راهرطور تلفظ میکنند مینویسند؛ البتە کلمات بیگانەرا مشمول این قاعدەمیسازند ؛ ودیگر اشتباهی بین حروفیکە مخرجشان نزدیك است واقع نمیشود ؛ مثلا صفحە را اینطور مینویسند : «سەفهە»**

## تکا

**لەخوێنەرە بەڕێزەکان تکائەکەین: لەناردنی پارەی ئابوونمانی ڕۆژنامە خۆیان نەگرن؛ ئەبەت ئێمە کاتێ ئەتوانین بـەم خزمەتی خۆمانە درێژە بڎەین کە خوێنەرە بەڕێزەکانمان دەس گرۆیی‌مان بکەن .**

## هەراڵەو زەمزەمە

لەژومارەی ٧٧دا ، ڕازی هەراڵەو زەمزەمەمان گەیاندەکاتێ کە : لەگەڵ «خاڵە مەحمود» دا گەیشتینەوە ناوباغی خوێسملێ وە ئەو شەوە بەدڵێکی خۆشەوە پشۆماندا. ئێستا لەسەر پاش ماوەی کارەسات ئەڕۆین.

شەولەکاتی نوستن دا لەسەربانی کەوێڵ خانمێ جێی بۆمن ڕاخست .پـاش ئەوەی کە خاڵەمەحمود وشاپەسەند لەناوکەوێلە کەداپشۆیان دا «خانمێ» هاتـە سەربانی کەوێڵ وەدپسانەوە بەخێرهاتنی لەمن کرد، وەووتی کوڕم! زۆرم پێ خۆش بۆ کەلەم شەڕەدارۆ سوڕ گەڕایتەوە،هیوادارم سەرەتای خۆش بەختیی وکامەرانیت بێ، وەدۆبارە پیرۆزبـاییت پێ ئەڵێم کەلەبارەی کاری خێرەوەکارت ڕاست هاتـووە ، هیوادارم بەمزووانە کاری خێرێش جێ بەجێ بکرێت، لەوە لا،دا بەئەدەبەوە سەرم لێدانەواند وەسوپاسم لێ کرد، وادیاربۆ «خاڵەمەحمود» بەتـەواوي کارەساتـی بۆ گێڕاوە تەوە. ئەنجا خانمێ پاش کەمێ دانیشتن خووا حافیزی کـردوە ڕۆیشتە خووارەوە، وەهەمۆیان خەوتن؛ بەڵامن ئەوشەوەم تاسبەینێ بەژوماردنی ئەستێرەوە ڕۆژ کردەوە کەلەبەینی گەڵای ا.ا:ە وەزریوەیان ئەهاتوئەبینران، وەبەهیچ چەشنێ خەونەچووەچاوم . سبەینێ لەگەڵ گەردۆ گوڵی بەیاندا هەستامـەوە سەرخۆم وەبۆ سەرکانی وئاوزێ کەوتم سەروڕوییکم لێ شۆري، لەوکاتە دادیم کە: شاپەسەندیش بە هەزاران نازەوە بەرە وسەرکانی‌هات کەچاوم پێ کەوت هێز لەئەژنۆم بڕادەستم بـە لەرزین کرد، هیشتاماوەیێکی زۆری مابۆبگاتە پێشەوە سەرم لێدانەواند سەلامم پێ عەرز کرد، وەڵامی دامەوە ، بەنازەوە بەخێرهاتنی لێ کـردم بـڕێ هەواڵ پـرسی و ماندونەبی پێ ووتم؛ لەوکاتەدا منیش وام دەزانی جیهانیان بۆهـەمیشە بەمزداوە ، تا

ماوەلی

### هەزارویەك شەو ٣١٨

وەئەلبەت ئەم کارەسۆدی زۆری ئەبێ.یە کەم سۆدی ئەوەیە کەکاتێ سپای تۆ بەسەرپاڎشای ڕۆمدا پیرۆزبێ، لەهەمۆدونیادا ئەم کارە بەناوی تۆتەواوئەبێ، وەترسی تۆئەچێتەدڵی هەمۆدوژمنانتە وە. وەلەجەزایروڕۆژئاواوە هەمۆپادشاهان پێشکەشیی ودیاري ئەنێرنە خزمەتی تۆ. سۆدێکی تری ئەوەیە کە پاڎشای ڕۆم پەنای بەتۆهێناوە؛ ئەگەرپەنـای بڎەیت لەتەواوی دونیاداناوت بەجوانمەردي دەرئەچێت. مەلك نعمان ئەم قسەیەپەسەنڎ کرد وە وەزیری خەڵات کرد ئافەرینی پێ ووت ، ئەوجاووتی : بەڕاستیی ئەبێ پاڎشاڕاویژکەرێکی وەکوتۆی بێ. ئەوجا «ملك نعمان»شازادە شرکانی کوڕی بانگ کرد، وە کارە ساتە کەی بۆ گێڕاوە . لەپاشان پێی سپارد، کەچەك وشت ومەکی شەڕئامـادەو خۆی تەیاربکاو، ئامادەی ڕۆیشتن بێ؛ وەدەهەزارپیاوی شەڕانیی ونەبەزلە نێوقۆشەنا هەڵ بژێرێ، وەبەگوێ وەزیر بکات وهەرڕێگاییکی بۆدائەنێ، لانـەڎا. شرکان دەس بەجێ ئامادەی جێ بەجێ کردنی فەرمانی باوکی بۆ. ودەهەزارپیاوی ئازای لەنێو قۆشەنا هەڵ چنی ؛ وە پارەیێکی زۆری ئامادە کـــردولەنێوی ئـەوانا بـەشی کردوە ؛ وەسێ ڕۆژمۆڵەتی بەوان دا کە خۆیان تەیاروئامادە بکەن . قۆشەنی یەکان کەوتنە خاك ولەپاشان ڕۆیشتن بۆخۆڕێك خستن .شازادە شرکانیش هاتە کۆشکەوە، چەکی شەڕی لەهەماردەرهێنا، لەپاشان ڕۆیشتە نێوتـەویلە، وە ئەسپانی خەیـراو بەهەڵمەت وپرزومەیڎان بڕی جییا کردەوە . ڕۆژی چوارەم شازادەشرکان لەگەڵ قۆشەنا، لە شاردەرچۆن ولەدەرەوەی شارا، بەڕێن . «ملك نعمان» بۆخوڎا حافیزي و بەڕێ کردنی شازادە هات بۆنێوقۆشەن؛ وەحەوت خەزانەپارەونەختی پێ بەخشی؛ وەئەو جا ڕۆی کرد لە وزیر؛ وەئەمانـەتی شازادەشرکان وقۆشەنی دا دەستی ئـەو؛ وەخۆی گەڕاوە بۆشار. ئەوجا شازادە بەسەرقۆشەنا گەڕاو، تەماشای چەك وجلە بـەرگیانی کرد، جگەلە مەیتە ڕوچێشت کەرودەس وپێ، دەهەزارسەربازی چەك بەدەس وتەیار

بنکەی ژین www.zbeen.org

# كوردستان

## بەشی كوردیی شمال

### ئیران و افغانستان

له دونیا نهۆ، كو زۆر ازانین و وبەر كەتنی ئۆژ، ژ ژۆژێ زێدەترا بەشەر، ئفاق ژ ناو مللەتێد دونیایێ هاتی بە ژابۆن' وە گشتی بهەودي گپشتنە، وەچ پێش هاتا كو، لـە كوژ كي دونیایێ و ژ جیكـی دورە كورا عەردێ دەقەوومەدەست خودا ناوبێینا چەند ئانیا ژ بیلێ ژادیۆیان، سەران سەری جهانێدا تێ بێستن، مللەتێد زۆ بارێ عەردێ نەچارن، ژهەرفرسەند كێ كارێ بكن و مرابتێد زانەتي و سیاسیی و بازر گانیی ێی ناو هەودا، داینن، وە هەودی رابگرن و ئالیی كاریا هەودي بكن وەتەوری، كۆمەك ئێنسین هەودی را گیشتی یە وێ دەرەجێ، كومەسەلەن، ناوبێینا مەمله كەتە كیی تازە گیشتی بێ سەر بخوێ ئافریقا بدەولـەتێد مەزنە دەنیایێ، قراردادێ دۆستایێ وە ئالی كاریا ئیقتصادی گـرێ ددن.

لەزەمانێك، كا بـارێ جڤاتـێ دونیایێ ئالي كاري و هەورا گرتنەك ها كپنە لازم كرێ یـە، وە ئـەوان گپیاندي یە هەودی، كو حەتتا نهۆ چورابتەك ناویاندا تونەبۆیە، وەژ بـەرا ژەنگ و پۆست و زمـان و ئاماجێد سیاسیی گەلە كیی هەودي را تەفۆت ناویان هەبۆیـە' بێ شك ژ ژۆیێ عاقل، ئەو مللەتێك ژ بـەرا نەژادي و زمان و جپناریێ و تاریخ و جی یێ جغرافیائی، و سەرفەرازیێ مللي و ئەدەبي، ژ سەرێ خواقاندنا بەشەر یەك بۆنە. وە پاشی ژ بەرسە بابێ سیاسي هەر یە كێ خوراماڵەك جهێ كري وە نۆتلی دوبرا، هەریـە كێ جیكیی باشقە خورا كێش كري، لازمە ئەوان داها زێدەتر ژ ئەدوێد باشقەتر، هەر تشتكی مادي و مەعنەوي دا، بهەو گرن و تەنگافیی بێ خو، بئالیی كاریا هەودي كوتتا كن.

ژاستیی ئەوە، كو مللەتێ رەح پاك و قەدیمێ افغان، ژ سەرێ تاریخێ مللەتێ مەزنە ئیرانێ ادژي یـا تەمەدونێدا تەواپي گاڤ ژادایە، وە ئیران چو جارا ئـەهلێ افغانێ ژ خوجهێ نزانیی بۆیە.

هەگەر هنەك وەختا، لەناوبێینا ئیران و ئەفغانێدا هنەك شەژوەۆز هاتي یەدیتن قەت بجارە كێ نابـە دەلپلا دوژمنایێ، بەروێك ئـەڤان كێشمە كێشان هوندر ئیرانێ خودا قەوومیی یە، وە بەلكیی ژي دەرامپنا، بۆقازانجا خو، ئەڤان پێش هاتان قەوماندنە.

لێ هەما ژوەختا كو، دەولەتا افغانستان سەربخویا خونەسیاسیی هانیی یە دەست وە مەخسوسەن ژ دەورا اعلیحضرت محمد نادرشاه بابێ رەحمـلـێ وبـێ اعلیحضرت محمد ظاهرشا پادشاهێ افغانێ نهۆ، ژابتێد دۆستایـێ ناوبێینا هـەردو مەمله كە تاهاتیی پەدانین وە ژۆژ بژۆژهەردو ئالیی پاتەلاش كرنەك ئەڤ دۆستایا وان زێدەتر محكەم بە سەفەرا ئاغای مهندس شریف امامی وە گرە گرێدزانیێ و سیاسیی بمەمله كەتێ دۆست و برایێ مـە افغانستان، نیشانەك خویاژحەژێ كرنادلێ مللەتێ ئیرانێ بۆ محكەم كرنا دۆستایا هەردو ئالیی یـانە' كو بژێوە بەریـاشاهەنشا هاتـی یە كرن.

هیو یامە ئەڤە. كاربدەستێد دەولەتا افغانستان، فەنا هەرجاري ۆستایا مللەتێ ئیرانێ بـاش بـزانین، وە چاواك نێتا دلێ دو مللەتێ برایە، بهەوسەروەخت كرن و كورفكرپن هنەك دلگرانیا ژ ناوهلدەن و هنەك بەرە كیی پێدپچۆ كەناوخوله بارا ئاڤا هیڤی مندێ كو تێتا كن، وئەهلێ سیستانێ دلشاوە ژارا دۆستایـێ و جینار باقەدیم ئاڤ دن، كو بكۆمەك وحەز كرنـا خودایێ بێ هـەوال بئەراك یا دلـێ پێشوایێد مەزنێ هەردو مللەتانە كو مێو یدبختەوادی و باشیا جینارپـێ بگیژە هـەردو مللەتان.

### چۆن بنووسین

ماوەل ١

بێتوە كو: كردن: كردم، ئە كەم' بكە، بردن : بردم، ئەبەم ، بەە.
خواردن : خواردم' ئەخۆم، بخۆ.
كوشتن: كوشتم: ئە كوژم، بكوژە.
گرتن : گرتم، ئە گرم، بگرە.

كردە وەی بێ ژێگائەوەیە كە ژیشەیێكی تایبەتیی نـەبێ وەتەنیا كردەوەی ژابوردو، داهـاتو، وە ئێستای بە كاربیرێ.

بۆ ێجاریش وارێك ئە كـەوێ لەهەرسێ كاتە كاندا، كردەوەی نییە، ژەنگە لە كاتێكدایان . لـە دوكات دا كردەوەی بێ.

وێنەی ئەوە كـە كردوەی بێ ژێگا لەهەرسێ كات دا كردەوەی نەبێ، وە كو: ئەڵێم، بلێ، وەرە.

لەوێنەی یە كـەم دا كردە وەی كاتی ژابوردو بەكارنابرێ. لەوێنەی دووەم دا تەنیا كردەوەی كاتی ئێستا (حاضر) بەكارئەبرێ. لـەژمارەی دوایی دا هەر لەسەر ئەم باسە ئەڕۆین.

كردەوەی بەژێگا : فعل باقاعده
كردەوەی بێ ژێگا: فعل بێ قاعده
ژیشە : مصدر
تایبەتیی: مخصوص
ژابوردو: ماضی، گذشته
داهاتو: آینده، مستقبل
ئێستا : حاضر، حال
كات : وقت، زمان

## لاپەڕەیی ، بۆ ... موجار

### چین و ئوورسیتاشورەوی

ئەڤا عادەتە، كو دودۆست هەر چوقـاژی ژاست وژاست بێژودڵ و جان بن' وەختاك هەردو كیان خورت بن، هەردوژهەودي د كەڤنەترسێ. نهۆ چینا كمونیست و ئوورستیاشورەوی ژي، كەتنەڤی حالیی دا. لەبەرچەڤا: ئەڤ دبدەولەت، سەرڤێ، كـو كپژان قسمەتا بپـباواریـا كمونیستي یێ گەرەك ژێ هەرە، وە كپژان سەژاتروارە گرتن، پـسا وان چێ دبـەلێ ژاستیی ئەوە كو، بهنەك هلّ گوهەراندا لەچینێ ، وەخەرج بوونا پێژێ بۆدجا وێ دەولەتێ، دكاربارێ عەسكەري وپەر گالّ كـرنا چەندملیون سەربازێ وێ ژێوە بەرێدئۆرستیێ كـرییە ژجافێ، وەهـەرچەندە زۆر تەلاشێد كن، كوئەڤ ژاستیی دەرنە كەڤە، لێ بەلێ دپساژی خەبەرێدڤێ بەرە كیاوان دونیایێدا دبدەنگي.

پاشي ژهەوبەلاو بۆنا داروده ستا استالین، كو بەلكي تەوري ئپر ۆیەك ژوان ژي، دەزگایێ دەولەتـا ئۆرسیێتێدا سەركارە كـي مەزن نینە، چاڤ نهێري هەبۆ، كوله چینێ ژی ئەڤ هلّ گوهەراندن وپاقش كرنـێ، وارە كرن كوژێوە بەرێد ئۆرستێ ژ گشتی گەلەتر چەڤ نهێري ڤییە كي بۆن.

وە مەخسوسەن بەلكي حسەز دكـرن، كو ئەوول مرۆڤـێ چینا كمونیست یانێ مائوتسەتونگ) ژي پەێ تـا گپرێد استالین ژكاربـەر كناربە .

لێ هەما، بەرعەكسناڤێ چەڤ نهێربێ، چوهلّ گوهەراندنەك مەزن دەزگایێ دەولەتێ و پارتیا چینێ نەبۆیە، وەبڤي جوري هاتە خۆیان كو بـە رعەكسنا، ئەوا، كو گەلەك چەڤ دێرێدسیاسیی حـەدس لێددان چینا كمونیست قەت بجارە كێ، پەی سیاسەتا ئورسیێتێ ناچە، وەخودانێ سیاسەتەك بدەستێ خویە، لێ ژ بەرئەواك، چێشپتا حكومەتیا هەردودەولەتا ، لە پەرچەڤانۆتلی هەوتێ خۆیان، نابە دەلیل كو ئەوان سیاسەتا خوداهەودي رایە كن . هنەك چەڤ دێرێدسیاسي، تەوری دبێن كـوڤێ قاسێ، كۆ كێ وا چینا كمونیست: سەرژێ یانەقشێد ئۆرسیێتێ تەنگاڤي و ئاس تەنگە. چون ئەڤاك سیاسەتا چینێ دەست وان خودانە، قەت بجارە كێ' بادلێ ژێو، بەرێد ئۆرسیێتێ راهەونا گرە، وەتەوري ژبەرا ئالي كاریا ئیقتصادی و بازر گانی یێ ژی، ئەڤ دودولەت نو كارن بهەوبگرن' وە گەلەك بـەرنامێد چینێ كوبفەرمانا مائوتسە تونگ تێ قەداندان، یە كجارە بەرە كي یـا بەرنامێد ئۆرسیێتێ دانە . بۆدونیا ئـازا، بەرە گیاسیاسەتـێ چین و ئۆرسیێتێ وانـرا دلگەرمي یە چەندە كێ پێش، بژەك مرۆڤێد سیاسي بـێ دونیا ئازا پێشنیاد كرن كولازمە دەولەتێد مەزنێ ژۆژئاوا بچێنێ نێزپك بن، وەبێ شك ئەڤ نزپكییێ، چینێ ژپارتیا ژۆژهلات دوربخە ژنهۆ پێشداتێ دپتن كودەولەتا ئامریكا تازەیێ، كود كەڤتە دەستێ دمو كراتا، سیاسەتا ئامریكـا لەبارا چینێ دا ژتازە مێزەبكە . رابتێد سیاسي هەلا، ناوبێینا ئامریكا وچینێ دا بەرقرارنەبۆیە' وە ئامریكا ئەندامیا چینێ راله كۆما مللەتێدیەك بۆپي نەیاریێ د كە .

ممكۆنە، وەختێ پاشێ دا، ئەڤ سیاسەتا ئەمریكا وارە گوهەراندن، وەئەڤ گوهەراندنێ بێ شك بەرە كیان چین و ئۆرسیێتێ، داهاژي گوژبكە.

م:ص:م

## بەشی مەولەویی
## پارچەی
## ٤٢

خوڎا لیخۆشبۊ «مەولەوی»لەم‌پارچەدا وەها دەرئەخا کەئازیزی دڵی لیی‌ئێشاوە ، ئەنجا ، بەچەشنێکی بێوێنە ئەو کارەساتە هەڵدا ، وەئەوئێش وسۆزە کە لەبەر‌بیلیی ئازیزە وەتوشی بووە ، لەووتەوواتەدا بەناوی‌هۆنرا ونیشانی ئەداوئەڵی :

ئازیز! واپیارە دڵی نازکت لەمن ئێشاوە، وئاوێنەی بێ گەردی ڕوومەتت سەبارەت بەمن گەردی گرتووە وەڕوت، لیهەڵ چەرخاندووم ، بۆیێ دڵبراوی خەمپنت، خۆی‌لەجامی‌جیهان‌نمای ڕوخسارتا نابینێتەوە وەمەزەی کامەڕەوایی لەتۆ، لەدڵی مەینەتباری دڵبراوی خۆت بەتاڵ ئەنوێنێ ، هەروەها کـەشیرینی ڕازت بـۆمن تـامی گـازی ژاراوي پڕلەئێشی‌دوورێت ئەدا .

ئایا ئەمە بەڎختیی نییەبۆ من کە تۆبەوچەشنەت لیهاتبێ‌بوەدڵت لەمن ئێشابێ ؟! دەك ، هەرەس بەماڵم ! ئیترتازیزێکی جـوانی وەك تۆم‌چۆن ئەکەوێتەدەس؟!

ئەگەر تۆمن لەبیری‌خۆت ببەیتەوە ، وەبەدڵبراوی‌خۆتم نەزانی وبەجاری لەدڵی خۆتم دەر کەی ، بۆتۆ کارێکی گرنگ نییە، چونکە شەمع هەزار پەروانە لەگردوپەڕیدا کۆ ئەبێتەوە ، وەئەگەر یەکێ لەو هەزارە کەم بێ، یان بسووتێ هیچزیانێ‌بەبازاری جوانیی ئەوگات ، وە بۆنەبـوونی ئـەوتاکە پەروانە بێ‌دەسەڵاتە پەروایێکـی‌نییە، وەلەتیـا چۆنیا بێ‌باکە :

ویش نمەوینۆ ، ئازیز ! خـەمینت
دییارەن لێـاـەن جـام جـەمینت
تاڵەن کام دڵ مەینەت گازە کـەت
تلم دووریشەن ڕێزەی ڕازە کـەت
بەڎبەختیی نییەن،وەیانەم‌هەرەس؟!
چون‌تۆئازیزێ کەی‌مە گنۆم‌وەدەس
وەرنەشەم‌هەزار پـەروانـــــەدارۆ
ئەریۆشان کـەم بۆپەروا نـەڎارۆ

## کنز العرفان
### دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین‌ووتار ((میر محمد صالح حسنی نعمت اللهی))

وەرگێڕی پێشەك وڕاستکەرەوەی‌هۆنراوەکان:م.ص.م

**ملقب‌بە«حیر انعلی‌شا»ی کرماشانی**

شای دەروێشانـــــم . . .

من عـەبدعـەبید شای دەروێشانم
بێزارلەگـرۆی زوهد فـرۆشانم
عەبـد زەڕخەزێـد ژەنڎە پۆشانم
قەولّ قەڵە نڎەردابیم زکرمەن
سڕڕێ لـە ئەسرارپەنهان‌فکرمەن
زەمین تەختە پۆش تەخت عاجمەن
تەرك تاج وتەخت تورك تاج‌مەن
سیلسیلەی کەشکۆڵ‌فەقرلەمشت‌مەن
تارمەحەبیەت ڕشتەی پشت مـەن
سـەنگ قەناعەت مایەی دەست‌مەن
نەفس ئەسیرجووع بەستەی‌شەست‌مەن
گوڵبانگ ئەزان شاخ نـەفیرمەن
«مەنتەشا»م(١) نماز،قیبلەم پیرمەن
دەست وپـای طەڵەب ئـەسپ وزینمـەن
زەبـان پیرم تەوەرزین مـــــەن
خەرقـەم حیجابـەن ژدیـڎاردۆس
وێنەی قەڵـەنڎەربەرلـوام ڕۆس
شەریعەت چراغ، طەریقەت ڕامەن
حەقیقەت مەقصووڎ خەتم کەلامەن
«سەی صاڵح» بەنڎەی«عەبدعەلی‌شا»ەن
شاهان‌بەنڎەی ئەو، ئەوبەنڎەی‌شاهەن
مەحرەم دەرگای ئەولیای حەقەن
ئەمین ئـەسرارحەق مـوطڵەقـەن

(١) داردەستێکی تایبەتی‌یە کە دەروێش ئەی گرێ‌بەدەستەوە.

## دیاریی خوێنەران

لـەلایـــــەن ( ع س ن ) ەوە
چۆن‌خـــــەزان‌زەردەن . . .

هەی‌هانا ڕەنگم‌چۆن‌خەزان زەردەن
چۆی زەمەی ڕۆوم‌هەجرانان وردەن
وەختەن هەواڵم بەران وەمـەردەن
ئەی‌داخ‌ئەی‌حەسرەت، ئەی‌جەستەی‌پڕدەرد
بەراوە گوڵکۆی‌تازەی‌سەنگی‌سەرد
وەی ناڵەوودی ئـاە،داخ وددەردەوە
سەربنیەون نەپای سەنگ سەردەوە
چەم تەم کەم بینان،پڕغوبارو گەرد
چەنڎزامی ناسۆر،هەجرانانش وەرد
نـەزەوق نەوەشی نـەشادي دییـار
نەدۆس نەدڵ‌سۆزنەیاوەرنـــــەیار
نەطاقەت‌مەنڎەن نەقوووەت نەهۆش
نەبینایی چەم نەشنەوایی گۆش
تافەی قەڵوازەی دیدەم‌صەد تەرزەن
تاڤەش‌چۆن‌تافگەی«ئاساوە»بەرزەن
قەڵوازەش پێکان ئەسرینان نەچەم
وەنەم‌دێویان چەم‌وتەم وخـــــەم
دوڕوڎێ نەچەم جاری یەن جاري
یەکجارزام دڵ کاری یەن کـاری
نامم نادییار ڤێنەم نـاپێـــــوار
وەروێ بیم‌شمۆوێنەی وەروپـار

### باسیکی ...

ماوەڵی١

ڕزگـاربوونی خـۆی لـەم گێژاوە بەدەستووری ئەو بەدەستی «هیاکینتوس» ـ کەلەو ناوچەیەڎا دەسەڵاتی بووە ـ ئەم‌پەیکەرەلەپای کێوی بیستووندا تاشراوە ودا ـ نراوە .

سەبارەت‌بەهۆی درۆس کرانی پەیکەری‌هر کول‌لەبێستووندا‌هەروەها کەلەپێشاووتمـان :لـە ڕۆژ گاری پاڎشاکانی‌سەرەتابی‌هۆزی«پارت» داهێشتان شوێن وهێزی‌شارسا ـ نیەتي یۆنانیی لەشارە کانی یۆناني نشینی ڕۆژئاوای ئێران و «بین النهرین »دا ، مابوو ؛ بەوبۆنەوە جگە لە یۆنانی یەکان ، شاهانی ئەشکانیش بۆخۆ خۆشە ویست کردن‌وبەدەست هێنانی‌دڵی‌ئەوان وبەدۆست کردنیان ، خۆیان بـە دۆستداری‌شارسانیەتیی وهونەری یۆنان‌پیشان‌ئەڎا؛وەها کەلەسککەڎا زۆرتر لەقەبی وە کووشاهانـی سلووکی‌یان ئەهێنا .

بەم‌جۆرە دوورنی‌یە کە پەیکەری هرکول ـ کە نوێنگـەی‌هێزو نەبەزي ئەژمێرا ، وەهەروە هالە پلەی‌نیوەخوڎاییابووە،وەچاکتربن ناسێنەری‌شەڕوپیرۆزی‌ژەبرراوە ـ بەبۆنەی‌شەڕێکەوە کە لەنێوانی ـ «مهرداد اول» ئەشکانیی ویۆنانی یەکانا قەومابوو ، بەدەستووری پیاوی ناوبراو ، وە لەلایەن « هیا کینتوس»ـ کەلەوێ‌دەسەڵاتێکی بووەـ لەسەربەردی کێوی‌بێستو ـ نەوە دروسیان کردبێ، کەلەگەڵ ڕۆژگاری پاڎشایی «دمتریـوس سوتر»دا،(١٦٢ـ١٥٠پ.م) ڕێك ئەکەوێ.

بەجۆرێ کەدەنگی‌داوە تەوە ، حاڵەتی ڕواڵەتیی وچلـۆنیەتیی دامەزرانی پەیکـەری‌ دۆزراوە ، بووبەهۆی ئەوە کەبڕێ کەس لە ناسینی ئەوا دوودڵیی پەیڎا بکەن؛ وەئەوە بەپەیکەری کەسێکی‌تر بزانن؛ بەڵام سێ‌بەڵگەی‌بێ‌قسەلە نەخش وبەردەنـووسراوە کەڎا ، ئەبینرێ کەهیچ دوودڵیی لەمەڎا،

ماوەڵی٧

بنکەی ژین www.zheen.org

**هەراله**

ماددی ل ٤

گوزەکەی پر لەئاو کرد هەزاران تیری دلّ دۆزی لەدلّدا چاوانی زاخاو دامەوە ، زەنجی ژیگای لەبیر بردمەوە هەوای ژییانی کامەرانی لەکانی دلّدا بۆژایەوە، درەختی ئارەزۆ شکۆفەی کرد؛ شادی لەدلّدا گولّی کرد، ئەروای خستەی هجران و دوری بزۆتەوە، ئەنجا پاش ئەوەی شاپەسەند گەڕایەوە منیش بەرەو کەوێلّ گەڕامەوە پێکەوە چایی و بەرقلیانمان لەگەل «خالەمەحمود» و خانمێ خووارد، و بڕی شۆخی و قسەی خوش مان کرد ئەوسەرسبەینێیە بەلای منەوە یەکەمین سەرسبەینێی کامەرانیم بو؛ ئەوبەیانی یە هەتاوی خۆش بەختیم بۆیە کەمین جار هەلّهاتبوو

مادەی هەیە

وتاری دینیی

ماوەی ١٠

هەلّ ئەنا، بۆدەستەلاٌت پەیدا کردن ودمولەمەند بونەوە، وەلەنەتیجەدا کاروباری ئابوری تێك ئەچو، خودا مەئمورێکی ئەهەنارد، کەلەگەلّ ئەو کولۆلی یەدا ، تێ هەلّچێ؛ وە کاروباری ئابوری ئەو کۆمەلّە ، بخاتەسەر یاسایێکی جوان و پەسەند.

ژووالّەتی ئەوقسە ، وەها ئەگەیێنێ کەهاتنی پەیغەمبەران۔ صەلوات وسەلامی خودایان لێ بێ۔ بۆڕێکوپێك کردنی کاروباری ئابوریی کۆمەلان بووە؛ وەڕەنگە ئەگەر کەسێ، بیرێکی سەرسەری بکاتەوە، ئەوقسەیە بەدلّ نەبێ، وە لەبەرئەوە، کەئوسولی دین (یانێ بیروباوەڕو عەقایید) ، والەپلەی یەکەم، وەفوروعی دین (یانێ تەواوی ئەحکامی عەمەلی ، لەعیبادەت و وموعامەلەو غەیرە) ، والەپلەی دووەمدا، باسێکی وەها، بەئیدیعا۔ یێکی پوچ و بێ بەلگەبزانێ. بەلاٌم شارەزایی لەشەرحەحالّ و بەڕواری خەباتی پەیغەمبەران، وەناسینی ئەوانە کە پەیغەمبەران لەگەلّیان بەربەرەکانێیان ئەکرد، وەزانینی هۆی دوژمنایەتی ئەوان، لەگەلّ پەیغەمبەران وە لەهەموی ئەوانە جوانترو کورت وڕوناکتر، شارەزایی لەوە، کە قورئانی پیرۆز وە پەیغەمبەری ئیسلامـ صلی اللهعلیه وسلمـ لەبارەی مەبەست وقازانجی هاتنی پەیغەمبەرانەوە ئەفەرمون، هیچ دودلی و گومانێ لەوباسەدا ناهێلێ .

ناتەواو

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەزاویەکشەو ٣١٩

ئامادەی ڕێ کەوتن بون. ئەمجا فەرمانیدا، تەپلی ڕێ کەوتنیان کوتاو، شەیپوریان لێ داو، ئالاٌیان هەلّ کرد . «شرکان» سواری ئەسپی وە کوڕەخشی خـوێ بو، بەکەوتە بەردەمی سپا، وە وەزیریش لەلای شانیەوە سوار بو کەوتنەڕێ تاشەویان لێهات و، لە جێگایێکدا بەزین . بۆبەیـانی دیسان سوار بونەوە، بەلّەزیان خستە پێش وقـوشەن بەشوێنی ئەوا کەوتەڕێ. بەم جۆرەبیس شەووڕۆژ ڕێگایان بڕی؛ بۆڕۆژی بیس ویە کەم نزیکی ئێوارە گەییشتنە مێرگ ومیر گولاٌنێ. شرکان فەرمانیدا. کەلەوێ ببەزن، وەسێ ڕۆژ پشوبدەن تابحەسینەوە . قوشەن دەسیان کردە خەیوەت هەلّدان؛ وەزیریش لەگەلّ فرستادەکانی فریدون شا هالەنێوی قوشەنا بەزین؛ بەلاٌم شازادە شرکان بۆخۆی لەئەسپ دانەبەزی، تاهەموقوشەن بـەزین وخەیوەتیان هەلّداو، جێگایـان خۆش کرد. چونکو ئەوسەرزە و پەنەسنوری ڕۆم وەلاٌنی دوژمن بو، شازادە لەغاوی ئەسپی شل کرد؛ وەبەنەرمەغاربەدەوری خەیوەتی قوشەنائەگەڕا، وەئەیەویست کە کێشك چی دامەرزێنێ، تاوەکولەنێوەشەوتێ پەڕی کرد، شازادە شرکان ماندوبو، خەوزۆری بۆهێنا، وە لەسەرزینەوە خـەوی لێ کەوت؛ وەئەسپەکە هەلّی گرت وبردی بۆبیابان، لەپاش ماوەیێ گەییشتەنێوبێشەیێ کە داری پڕوبەرز، دابویان بەیەکا، لـەپڕ ئەسپ حینانی و سمی کوتا، زەو یا بازادە لەحینەی ئەسپ لە خەوداچلەکا، ئەنوازێ‌وا، لەنێوی بێشە۔ یێکدا؛ وەمانگ هەلاٌتوە، ڕوناکی ئەودونیای داگرتووە؛ زۆرسەرەی، سڕماوترس و لەرزنیشتە دلّی؛ وەپێی بەرودووای بڕا، وەسەرسام ڕاوەستاونەی ئەزانی ڕۆبەچ لایێکەوە بکا . هەروەها کە بەچەپ وڕاستی خۆیا تەماشایئەکرد، لەدۆرەوە مێر گولاٌنێکی لە مانگەشەوا کردە چاو، زۆرخۆش دیاربو، وە دەنگێکی شیرین وچریکەی پێ کەنین لە ویوەهاتە گوێی، کەهۆشی لەتەن وئاوەزی لەسەرئەڕفاند. ئەو کاتە ڕۆبەمێر گولاٌن و دەنگ کەوتەڕێ، تاگەییشتە نزیکەوە، ئەنوا . لەوشوێنا جۆگەئاوێ ساردوجوان

# ئاموژگاریی
# مەولەویی لەوەلامیداخیی
# یانوو سیویەتەوە

ماوەلەچاپی پێشوو

بێ باکیم عیللەت دلّسەردی نییەن
بێمەیلیم جەتەرکهام فەردی نییەن
بەلاٌم مەسئەلەی قەزای فتوای حەق
نەمەحکەمەی شەرعغەیورموتلەق
نەوعـەروس سۆز وەدلّ پـەروەردە
خەرجی گییان وەگییان وەکابین کەردە
وەهەر سێ تەلاٌق بایەنەش کەردەن
یادژجەعەتش وەدلّ نـــــاوەردەن
کەم بێ شنۆی وەش ئـامەدۆ دەمێ
ووشکاوش ئاماجۆی چەمەی چەمێ
بێ سۆز مەنزلّ دلّ کەرد وە یـاناخ
پەی ئاووهەوای ئەو ئـامو ئەوداخ
وەبێ من تووێت ذیهنت پێ یـاوان
خاست فەرماوان، دانەت شکاوان:
«بێ بەدەلّەن عومر، خاسش هەرپاسەن
باختش پەی مەعشوق بێ بەدەلّ خاسەن»

## ص مفتی زادە

خۆشەنوێنگەی گولزارو چەمەن
تەماشای صەوزەوسەرووپـا سەمەن
لەگەلّ ئازیزێ پڕ وەفا وبەینەت
ڕابوێری تاوی بێ ترس لەدژمەن

# هەلبەست

ش۔ بابان

ئەمڕۆ شێوەی تۆم وە بیر کەوتەوە
وەك سکلّی ئاگر لەبەر نـەوتەوە
ئەندامـم هەموو داگیرسا بـەتین
سوتا جەرگ ودلّ، نەماعەقلّ ودین
ئەوەنێ ئەلّهام کردبـۆ دوکاسەئاو
هەلّنیشت دوچەم ئاولەدوکاسەی چاو
پەلا مارم دا بـــــۆ ئاوی زەوی
تاکولەو ئـــــاوەبکەم بەرگری
بەلاٌم هەمو خاك ئەو دەورو بەرە
ئاوی چاو مالّی بردی یەکسەرە
چەن جۆم وچەزشەت، چەن لافاوهەلّسا
خۆمی نابود کرد بەلاٌم شێوەت‌ما
شوکربۆیەزدان ئەرنەما (شێواو)
یارو شێوە کەی ماوەتەو؛ تەواو

م.ص.م

## لەهەرگولزاری

## گولی

## مەلاحامدی ئالیجانیی

صەوزە ! نــــــۆمانە . . .

صەوزە ! واڵەو وەخت کۆچ نۆمانە
شەو ڕۆ داییم هەر کۆ کــۆمــانە
گشت تاسەوتەمــای دیەن تــۆمانە
سپروان سەرچەمەی، لە لولومانــە
لەسام ئەوڕۆ هەر ڕۆ ڕۆمانــــــە
ئومێدی شفاخوواهي تۆمـــــــانە
سەراسەر شادي شاهي تــــــۆمانە
خۆف وتەرس ولەرز «جەحیم» مانە
ئەرجۆی مەغفــرت ڕەحیــم مانە

## وەلیی دیوانە

بێزیای هــۆزان . . .

هابیم وەمــەجنۆن بێزیای هــۆزان
ئەگەر وەدۆزام بــەیان دڵسۆزان
مەگەر نەهەردەی نەجــدم بدۆزان
ئەریاران یەکــێ ئەویاڵەم ئــاژان
یاهام جەمەردان یاجەکــۆساران
هەرجایێ مەقام ماوای مەجنون بۆ
مەنزلگەی مەجنوون مات ومەحزون بۆ
ئەومەنزڵ مەقام،ئەومەسکەن جامەن
ئەو یاگەو وەکان یۆرد ماوامەن
جەهەرجا خاکی زەمین پڕنەم بــو
جەهەر کۆ کۆمەی وەحشی یان جەم بۆ
ئەوجا جای گریان چــاوان مەنەن
ئەو کۆمە کــۆمەی دیوان منــەن

**ماوەی هەیە**

---

دەردی دل

ماوەی ل٣

نازیان پێم ئـــــەڵا ، بەدڵ وەدایە
ئەیان خــەوانـــــــدم بەلایە لایە
بەزمانی شیرین بـە میهرەبانی
ئەیان دووانەدم شەو تابە ـــــــیانیی
من تەنیا کۆرپەو چرای دڵیان بووم
بولبولی خۆش خوێن سەری چڵیان بوم
داکم بە شیرەی گییانی شیرینی
یانێ بەشیری وەکوو هــەنگوینی
تێری ئەکردم بە ڕۆژو بەشەو
لەپڕ مەست ئەبووم چاوم ئەچووەخەو

**ماوەی هەیە**

---

## چووارقوژبن

**لابەلا :**

| ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ■ | | ١ |
| | ■ | | | | ■ | | ٢ |
| | | ■ | | | | | ٣ |
| | | | ■ | | | | ٤ |
| | | | | ■ | | | ٥ |
| | ■ | | | | ■ | | ٦ |
| | ■ | | | | | | ٧ |

١- گییاییێکی بەهاری کۆساران، کەساقەتەییێکی بەرزی هەیە، وەپۆستی ئەگرنەوە و ئەیخۆن ٢-دەس مەدەلە... ماران گەستە کەم ٭ مەکولێنەرەوە پەتروك بەستە کەم ٣-دەفرێ، کەتاحەن لچ(لێو)ی، شتی تێدابێ-پارچە، کە زۆر کاری کردو کۆن بۆ، وەهاشی لێدێ ٤-ئەگەرخواردمەنی بێ،نەکوڵاویانە گەییشتووە وەئەگەر ڕەنگ بێ، بەرامبەری «دێز»ە - دۆی شەك وەمەڕ بەهەورامي ٥- پیتێ ، کە کاتی شتێ بەدوور زانین ئەوێژرێ - جاران شاعیران،سکاڵایان لێی ئەکرد، بەڵام ئێستا سپاڵی پێ ئەدوورێ ٦- تەبع وئێشتیها ٧- شتی ناوخاڵیی .

**بەرەوخوار:**

١- عەلاقەی گەرم، بەچاوپێ کەوتنەوەی دووای دوری ٢- وەسیلەی یەکێ لە «حواسی خمسە» ٣- شیی قشیتاڵ یاووردوخان - هەم باری دەین ئەکێشێ، هەمسەرهەڵ ئەگرێ ٤-هەر چەند لەدیاە، گەورەترە، لەمەعنادا هەرئەوە - پیری' نەمامی باغی جوانیمی کردەپۆش ٭ تازەم درەختی تۆلی ئەمەل دەردەکا ...!؟ ٥- «مۆ»ی سەربەرەوخوار - دەرامەدی کاسبکار٦- یەکێ لەتاو انباران وجینایەتکارانی مێژۆ ٧- یەکێ لەبیروزا پۆچ وبەتاڵەکان ئەوەیە، کەبێسان بێ ئەوەنابێ .

### کراوەی چووارقوژبنی ژمارەی ٨٠

**لابەلا:** ١- سەربەست ٢- پەشم - کە ٣- تر- وا ٤- دە - بل ٥- سم - نە ٦-ڕەکرپن ٧- کڵاوزەڕ .

**بەرەوخوار :** ١- سپڵ - سرك ٢- ەە - دمەڵ ٣- ڕشتە ٤- بمر- ن، ك ، و ٥- بەرز ٦- سەوڵ - یە٧ - تکا- پنر،

---

هەزارویەك شەو — ٣٢٠

ودرەختانی صەوزوخوڕڕەم دڵی هەرڵدارێ ئەڕفێنن؛وەپەلەوەرە جوانەکان لەسەرداره کانەوە دەنگیان داوەتەیەك وهەرکام بەئاهەنگێ ئەخوێنن، جۆرێ کە شاعر ئەڵێت :

چەنتەی عەترفرۆشە، دەڵیی ، والەگوڵشەنا
دیۆجامەیە، دەڵیی، بەگوڵاوێ کراوەڕەنگ
هەوری بەهار ئەڵیی لـە هەمـوّلا ڕژاوەلیی
یاقوت ویەشم وزومرەدومەرجان ولەعل وسەنگ

لەپاشان شرکان ئەنوازێ لەنێوی ئەوباغادەیرێ هەیە ولەپاڵی ئەودەیراقەڵاییێکی زۆربەرزی چاوپێ کەوت . لە نێوی دیرە کەڵا، جۆگەئاوی ئەهاتەدەربۆ نێو باغە کە؛ لەودەیرا،چاوی بەدە کەنیزی کچ کەوت کەڕۆمەتیان وەکۆمانگی چواردە ئەدەرەوشاوە؛ وەخۆیان بەجلی جوان وخشڵ وزێوەری زۆرجوان ڕازاندابووەوە، وەلەشیرینی ودڵبەری دا وەهابۆن کە شاعر ووتە:

گوڵزوومەتان لەتەنیاڕەحمەتەووروس کراون
ئارامی گییان وهێزی زەنگۆڵ ونۆری چاون
نەشمیلیی ولەتافەت نازوغـورروور مەستیــی
چەن خەلعەتن بەبەرزي باڵای ئەوان بڕاون
«رضوان» دەری بەهەشتی تاك کردووە کەئاوا
ئەم حووری یانە هاتۆن بەم باغەداپڕاون !

لەپاشان شازادە شرکان چاوی خستە سەرئەو کچانە . لەنێوی ئەوانا زۆرحەزی لەیەکێکیان کرد کەبەژن وباڵاییێکی زۆر بەرزوزوڵفی ڕەش وڕۆمەتێکی سپی وبێ گردو خەوشی بۆ، بەوجۆرە کە شاعرووتویە :

بنکەی ژین www.zheen.org

## دەرس زانین ...

ماوەیل ۸

دریژي وظولم «عین الدوله» صدراعظم هەڵسیانەیا ، تالەڕۆژ ۱٤ جمادی‌ـ الثانی ۱۳۲٤ (۱۹۰٦ میلادی) مەرحوّم «مظفرالدین شاه» دەس خـەت کرد، کە : مەملەکەت ئێران مەشرۆطەس. وەمەردم دەس نیانە ئینتخاب وەکیلەیل خوەیان کەبچنەناو مەجلیس وقانوّن دروس بکەن ؛ وەچاو بۆژنەوەئیجرای ئەوقانوّنەیلە؛ وەنوای ظوڵم ودەس دریژي حکوّمەتەیل بگرن . لەئی مەجلیسە قانوون ئەساسي کە حقوّق ووەظاییف مـەقـام سەلطەنەت ومەردم دیاري کردیە ' وەڕژیم ومەزهەب وباقي نیشانـەیل میللیی لەناوی نۆسریاس دانریا ، وەپادشا ئەوە ئیمضا کردو ، قەسەمیش خوارد کە نیسبەت وەوە ، وەفاداربۆت ؛ وەلی لەشۆن مظفرالدین شاه ، محمدعلی میرزا تواست.مەشرۆطەلەناو بوات . مەجلیس شەورای میللی بەستە توّپ، وەمەشرۆطە خوا کان گرت و، کوشت و، لەناوبرد، تاتەمـام مەردم ناچاربین، دەس نیانە جەنگ، تاجمادی الثانی ۱۳۲۷ محمدعلی شاه چیە سفارت ڕۆس ولەسەلطەنەت کەفت . کوڕ گـەورای سولطـان احمدشاه وەپادشاهي مەشرۆطە نیشتەتەخت ، بەرانبەرقانـوون ئەساسي حکوّمەت مەشرۆطەبۆە سێ قووەی «مجزا» لەیەك :

«قوەمقننە» کە دۆمەجلیس شەورای میللـي وسەناس ، ئـەڕای دانیاین قانون .

«قوە قضائیە» داد گوستەري .

«قوەمجریە» کە ڕیاسەتي وەعوهدی پادشاس .

☆☆☆

لەئێرە لازمە باریمنە وێر کەلەئی جەنگیانە کە لەیەی‌لا «ملیون» ومەشرۆطە خوا کان ئەڕای وەدەس هاووردن حکوومـەت قانوونیـی تەقالای فرەیك کردیان، داخە کەم فرەیك لەعەشایر کورد وەعیللەت بی خەوەري لەخاسی یەیل حکوومەت مەشرۆطە وەبڕێ غەرەضەیل تر ، دەس نیانە جەنگ گەرد مەشرووطە ؛ هەرچنەو کەلە تاریخیش نۆسریاس؛ لە مەوقعی کە «ابوالفتح میرزای سالارالدوله» برای محمدعلی شاه وەبوونەی دەس خستن ئەڕای تەخت وتاج یاخي بۆ' وەرەوتهران حەرەکەت کرد' عەشایر کورد هەرلەژێر ئازەربایيجان تاخوار کرماشان خـاه و ناخاه خستە شۆن خوەی ؛ تاڕەسینە نزیکـي ساوه (باغشاه) مـوجـاهدین مەشرووطە لەورە شکسیان دان. لەشکەر «سالارالدوله» لەورە هەڵشکیا داغان بی . لەئی جەنگەکە- تەفصیلی فرەس ـ ئەکراد فرەیك لـە سەرداران وجوانەیل خوەیان ئەڕای هەواو هەوەس شازادەی شێتێك لە دەس دان؛ وەضەرەر فرەیك کیشان ؛ لەوەو دۆوایش مالکەیل وخەوانین هەرچنەولەبی خەوەري وبی سەوادي کوردەیل نەتیجە گردنە، وەنەهیشتنە کەمەشرووطە حالیی ئەو مەردومە بۆت ؛ چنەو کە ئیسەیشە کەلیمەی «مەشرووطە» یەئیغتشاش وبشیوە گرن؛ وەی جەهەتەسە کە ئیمەئەڕای ڕۆشن کردن مەعنای مەشرۆطە لەئی ڕۆژنـامە ئەڕای گـەومەردمە دەس نیامنەسە ئی کارە.

ئیمرۆ لەتەمام دونیا ، تەمامەمەملەکەتەیل مەجلیس (پارلەمان) وقانوون دیرن؛ ئیختیار دانیاین قانوون وەوەسیلەی «قوەمقننە» هاوەدەس مەردم ؛ وە دیتر لەهیچ کووره حکوومەت خانخانیی وعەشایري و ئیل بەگیی وسەلطەنەت ئیستبدادي وخودسەري جوور قەییم نەمەنیە، لە حکوومەت مەشروطە حەق ڕەئیی داین مال ڕەعییەت ومەردمە؛ تۆەنین هەر کەس بتوان ، وەکیل خوەیان بکەن ؛ وەبنێرنە مەجلیس؛ وەئارەزۆو دلخوای خوەیان ئیجرا بکەن . بایەس وەکیلی ئینتخاب بکەن کە دەرد دلیان ئاگابۆت ؛ لەجنس خوەیان بۆت ؛ گۆل نەخـوەن تـاوە مەقسوّد بڕەسن .

یەبوو دەرس ئەوەل ئیمە ڕاجع وەناسین حکوومەت مەشرۆطە،، خوەش بەختانە ئیمرو میللەت ئیران لە نیعمەت حکوومەت مەشرۆطەو پادشای مەشرۆطە خواه بەر خورداره ، ئیمە بایەس قەیرئی نیعمـەتە بزانیمن؛ وەئەوە بناسیمن . هەمیش ئەڕای خـاستر ناسین حکـوّمەت مەشرۆطە قسەدیریم ، بیلا بمینێت ئەڕای ڕۆژتر .

## لە کومەڵا..

ماوەیل ۱

ویستدا ئەوەیە کە هێزکاتێ لە چتێکا هاتـەدي ، وەئـەوچتەی کردەجێگا بۆخۆی، بەگوێرەی ئامادەیي ولێ هاتنی ئەوچتەخۆی دەرئەخا، بۆوێنە : ئەگەر پیاوێ ساختمانی چاوی باشترێك کەوتبێ بردی چاوی زۆرترە؛ هەروەهاش ئەگەر ووڵمەوژەگی لاشەی بەتین وقاییم تربێ، ئەوپیاوە، زۆری فرە تروبەهێزترە' وەیائەگەردەزگای مێشکی ڕێك وپێك‌تـربێت هێز «گیان» چاکتـر جێگای خۆی ئەکاتەوە.

۱۳ ـ هێز گیان» ئامادەیي هەیە بۆکردنی هەمۆ کارێ بەڵام وپست بەرگري لێ وەئەکا . یانێ تاوپست ڕانمایي نەکا ، نا کەوێتە کار،وێنە: پیاوێکی نـەزان ونـە خوێنەوار، ویستی خۆی ئەخاتە کار. بۆ خوێندن ئەبینین لەماوە یێکا ئەندامێکی خوێنەوار، واری لێ دەردێ،پاش ئەوە، ئەیەوێ زانست علمایێ چاك فێر ببێ،خەریکی فێر بۆنی ئەو زانستە ئەبێت ، پاش ماوەیێ لەوزانستەدا دەسێکی باش پەیدائەکا؛ وەئەگەر بیەوێ چەند زانستێ تر فێر ببێ، ئەتوانێ،چونکە ووتمان هێز ئەم پەرو ئەوپەڕی بۆ نییە' بەڵام وپست بەرگري لێوە ئەکات

٤ ـ لەپیشاووتمان، ناتەوانی یێ،بۆهێزنییە' وەبۆخۆی هەموشتێ ئەزانێ وئەتوانێ، بەڵام لەبەرئەوە کەهێز «گیان» لەلاشەدا یەسراوە نەوە ، بەڕێگای وپست شوێنی دەرئەکەوێ ، وپست بریتی‌یە لە ئارەزۆی هێز بوکردن‌یانە کردنی کار ، یانێ هێز بە ئەندامەکانی لاشەفەرمان ئەدا کە کارێ بکەن یانەیکەن، کەوابۆ بۆمان‌دەرکەت کەوپست خۆی هێز نییە بەڵکو ئارەزۆی هێزە.

۱٥ـ وپست سێ جۆرە:سرشتی' ناچاري، هەڵگیری .

بەیارمەتی یەزدان لـە ژمارە دووائی‌یە کاندابە دڕێژە لەوسێ بەشەوە، باس ئەکەین.

**ماناي ووشە**

ویست: ارادە،قصد

هاتنەدي :بوجودآمدن

لێ‌هاتن : استعداد

برد : حکم

ووڵمە : ماهیچە،مایچە

فرە : بسیار ، زیاد

بەرگري : ممانعت

ئەندام : شخص،عضو

زانست : علم،دانش

خۆ : عین ، خود

سرشتي : طبیعی

ناچاري : اضطراری

هەڵگیري : اختیاری

## بوپی کەنین

**خەفەتی بەجێ**

کابرایێ ژنـەکەی مرد، هیچ خەفەتی نەخواردو گوێ نەدا؛ بەڵام لەپاش چەندڕۆژ کە، کەرەکەی تۆپی، دەستی کردە گریان وشیوەن وباوکە ڕۆ. خەڵکی لە دەور کۆبۆنـەوە دڵخۆشی یـان ئەداوە؛ یەکێکیان پێی ووت:ئەرێ کاکە! تۆژنەکەت مرد، گوێت نەداوخەفەتت نەخوارد؛ ئیستا عەیب نی‌یە بۆ کەرێ هێندە گریان وشیوەن ئەکەی؟.

کابرا ووتی: وەختێ ژنەکـەم مرد،خزم ودۆست وبرا کانم ووتیان: خەفەت مـەخۆ' ژنێکی ترت بـۆ ئەخوازین . بـەڵام ئیستا کـەس ناڵیت: کە ڕێکت بۆئەکڕین.

## ئامۆژگاریی

پیاوی سەرکەوتۆ کەسیکە کە لەواتەی خۆیاپەلەنەکا؛ وەبەکاري خۆي دڵ خۆش بێ.

(کونفیسیوّس)

ئەگەر بمانەوێ چاکترین ودیاري‌ترین کارجێ بەجێ بکـەین و بناغەی گەورەترین کارداڕێژین، ئەبێ لە سەرخۆو ئارام‌دەس بەکاربین.

(سیسرون)

کەسانێ پیرۆز ئەبن کە بۆخۆیان بپروزایان بەومەبەستي خۆیانە بەتین بێ. کەسێ بەسەرترسا پیرۆزنەبێ، هێشتان یـەکـەم دەرسی ژیان فێر نە بووە .

(امرسون)

قاییم ترین کۆسپ ودیوار لەڕێگای سەرکەوتنا، ئەوەیە کەلەمێشك و بیری خۆمانا بەدي‌تێ؛ وەئەبێتەهۆی ئـەوە کە : تەنانەت یاساوڕەووشتی نالەباروبێ کەڵکی کۆن ـ تەنیابەخاتری ئەوە کە کۆنـە ـ بپارێزرێ؛ وە هەرشتێکی تازە بەدي‌هاتو ـ تەنیابـەخاتری ئەوە کـە تازەیە ـ وەرنە گیرێ .

(لائوتسە)

بنکەی ژین www.zheen.org

چاپ اختر شمال
تلفن ۲۵۵۰۱

# کوردستان

لێکۆڵینەوەی سیاسیی

## چین و یەکیەتی سوفیەت

ئەمەشتێکی سرشتییە، کە : دوو دۆست ـ هەرچەنێ پێکەوەراست ویەکڕەنگ وبرابن ـ کاتێ هەردوو کیان زۆربگرن ، ترسێ لەدڵی هەر دوو کیانا بەدیدێ. ئێستا چینی شیوعي ویەکیەتی سوڤیەتیش کەوتونەتە ئەم حاڵەوە . کاربەدەستانی ئەم دوودەوڵەتە لەڕواڵـەتا ئەگەرقسەیـان ئەگێڕینێتە یەك لەسەرئەوە کە : کام بیروڕای کومۆنیستی بەڕێوەبچێ و کامیان بکەوێتە پێشەوە ، بەڵام ناوکەی مەبەست ئەوەیە کەلەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانە کەلەچینی شیوعیی‌دا بەدیهاتووە، وەلەگەڵ ئەم کارەساتەدا کە ئەمدەوڵەتە بەشی زۆرتری پارەی خۆی بۆکاروباری عەسکەري و تەیار کردنی چەندین میلیۆن سەرباز ، خەرج ئەکا ، ترس ولەرزێ لە چین ، لەدڵی کاربەدەستانی ڕووسدا، پەیدابووە؛ وەبەوهەمووتێکۆشینەوە کەبۆپۆشاندن وئاشکرا نەکردنی ئەم مەبەستەلەلایەن چینیی وڕووسییەکانەوە بەکار ئەبرێ ، هێشتان کەم تایبێ هەواڵی ئەم ناحەزییانە لەدونیادا بەڵاو ئەبێتەوە .

پاش لەنێوچوونی دارودستەی ئیستالین لەڕووسدا ـ کەڕەنگەئەمڕۆ تەنانەت یەك کەس لەوان لەدەسگای دەوڵەتی ڕووسدا کارێکی گرنگی بەدەستەوە نەبێ ـ چاوەڕوان ئەکرا ، کە لەچینیشدا هەرئەم ئاڵوگۆڕ و پاك کردنەوەی دەسگا کانی کۆمەڵە ودەوڵەتـە ، پێك بێت ؛ وەڕەنگـە کاربەدەستانی ڕووس بۆخۆیان زۆرتر لەهەموو کەس چاوەڕێی وەها کارەساتێ بوون ؛ وەبەتایبەت ڕەنگە حەزیان لە وە کردبێ کە یەکەم پیاوی دەوڵەتی چینی شیوعي یانێ مائوتسەتونگ بەشوێنی ئیستالینییەکانا لەکار بخرێ ، بەڵام ئەبێ بڵێین کە بەپێچەوانەی ئەمچاوەڕوانییـە هیچ ئاڵوگۆڕێکی گرنگ لەدەسگا کانی کۆمەڵەو دەوڵەتی چینا پێك نەهات . وەبەم جۆرە دەر کەوت کە بەپێچەوانەی بیـروڕای گـەلێ لە سیاسەت زانەکان ، لەبناچینی شیوعیی پەیڕەوي لەڕووس و سیاسەتی ئەو ناکا ؛ وەبۆخۆی سیاسەتێکی سەربەخۆی هەیە ؛ بەڵام لەبەرئەوەیاسای حکومەتیان لەڕواڵەتا لەیەك ئەچێ ، هاوکاري‌ڕواڵەتیی لەبەینی ئەوانا پێك‌دێ ، کە ئەمەش بەهیچ جۆرێ بەڵگەی هاوڕەنگي ڕووس وچین بە تەواوي نابێ. بڕێ لەسیاسەت زانەکان تەنانەت ئەڵێن کـە : چینـی شیوعیی ئێستا کۆسپێکە لەسەرە ڕێگای نەخشەکانی ڕووسدا، چونکوو بیرشك سەربەخۆیی سیاسیی چین لەگەڵ ئامانجی کاربەدەستانی کرملین‌دا ناسازن، وەزۆرجاریش ئەبێ کەلەچاوی هاوکاري ئابوري وبازرگانیشەوە ئەم دوودەوڵەتەناتوانن هاودەڵك بن . وەگەلێ لەوبەرنامانە کەبەدەستووری مائوتسەتونگ لەچینی شیوعیدا بەڕێوە چووە ، لەگەڵ بەرنامەکانی ڕووسا ناجۆرن .

لەچاوی دونیای ئازادەوە ناحەزي سیاسەتی چین وڕووس کارێکی هیوا بەخشە . ماوەیێ لێرەوپێش دەستەیێ لەسیاسەت گێڕەکانی دونیای ئازاد پێشنیاریان‌دا، کە : دەوڵەتە گەورە کانی ڕۆژئاوا ئەبێ بەچینـەوە نزیك ببنەوە ؛ وەبێشك ئەم نزیکی ڕۆژئاوا لەگەڵ چینا ، لەدەستەی ڕۆژهەڵات دوورئەخاتەوە . هەرلەئێستاوەئەتوانین پێش بینیی بکەین کە: دەوڵەتی ئایەندەی ئەمریکا کە بەدەستی دەموکراتەکانە ، لەڕەووش و سیاسەتی خۆیاسەبارەت بەچینی شیوعیی ئاڵوگوڕێ بدا .

هێشتان پەیوەندي سیاسی لەنێوانی ئەمریکا وچینا دانەمەزراوە؛ ئەمریکا تائێستا بەتوندي لەگەڵ ئەندام بوونی چین لەکۆمەڵی نەتەوە یەك گرتووەکاندا ناحەزبووە . ڕەنگەلەئایەندەدا ئەم سیاسەتی ئەمریکا بگۆڕێ . وەگۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا بێشك ناحەزي چین وڕووس قوولتر ئەکاتەوە .

### ماناى ووشەکان

| | |
|---|---|
| یەکیەتیی سوڤیەت: اتحادشوروی | چاوەڕوان: انتظار |
| سرشتیی: طبیعی | پێك‌هاتن: انجام‌شدن |
| بەدیدێ: بوجودمیاید | کۆمەڵە: حزب |
| ڕواڵەت: ظاهر | لەبنا: دراصل |
| بیروڕا: عقیدەونظریە | یاسا: رژیم ، سیستم، روش |
| ناوکە: حقیقت، مغز | بەڵگە: دلیل، سند، مدرك |
| مەبەست: موضوع، منظور | تەنانەت: حتی |
| ئاڵوگۆڕ: تغییروتحول | کۆسپ: مانع |
| کارەسات: حادثە، واقعە | ئامانج: هدف، منظور |
| تەیار: مجهز، آمادە | ئابوري: بازرگانی |
| گرنگ: مهم | گەلێ: بسیاری |
| | هیوا: امید |

ماوەی سەرووتار

ماوەی ل۱

سییاسی‌یەوە بەتـەواوی لە یـەك جووێ ودوور بوون پێویست‌بێ ؛ بێ گومان ئاوەزوامان پێ ئەڵێ کە لەبارەی ڕەگەزوخوێن وهاوسێیەتی وپێشینەی مێژوویی وشوێنی جغرافیایی وشانازی نەتەوایەتی‌و وێژەیی یەوە لەسەرەتای خلقەتی ئنسانەوە پێکەوەیـەکێ‌بوون،لە پاشان لەباری سیاسی‌یەوەهەریەك بەجووێ بـۆخۆیـان ماڵێکیان جووێ کردووەتەوە، وەوەکوو دوو براهەریەك بۆخۆیـان ژیبانێکی سەربەخۆی‌جووێ یان گرتووەتە پێش، ئەوکاتە پێکەوە بەیارمەتی یەکتری تەنگ وچەڵەمەی‌مادی ومەعنەوی خۆیان ئەکەنەوە ، وە کاروباری خۆیاز مەحکەم‌ئەکەن

ناوکەی کارئەوەیە کەگەلی شەریف وکۆنەسالـی ئەفغان لـە سەرەتای مێژووەوە ولەگەڵ گەلی گرنگی ئێران لـەڕێگای‌شارسا نیەتی‌وهاوکاری‌یەوەیەکێ‌بووە، وەئێران‌هیچ کاتێ ئەفغانی‌یەکانیاز لەخۆیان‌جووێ نەزانیوە.

وەئەگەر جاروبارێ لەمێژودا ئەبینرێ لەنێوانی ئێران وئەفغانستان داناکۆکی‌یێ سەری‌دەر هێناوە، بەهیچ‌چەشنێ ئەوانەنابنەبەڵگەی دوژمني ؛ چونکە ئەوکێشەونـا کۆکی‌یانەلە نێوانی گەلی ئێران خۆیشیاندا لەناوخۆی وەلاتاپێش هاتووە، وەئەگونجێ تەماعـی بێگانەکانیش لەپێك‌هاتنی ئـەو چەشنە پێش‌هاتانەدابێ‌کارنەبوبێ.

بەڵام‌لەکاتێکەوە کەوەڵاتی ئەفغانستان سەربەخۆیی سیاسی خۆیی‌دەست پێ کردووە؛ وەبەتایبەتی‌لەزەمانی اعلیحضرت محمدنـادرشا بـابی خووالێ خۆش‌بـوی اعلیحضرت محمدظاهرشا پادشای ئێستاکەی ئەفغانستانە وە پەیوەندی دۆستانە لەنێوانی دووەڵاتی برادا بـەڕێ بووە، وەڕۆژ بەڕۆژ لەهەر دولاوە تێ کۆشراوەئەوپەیوەندی‌یەزیاتر مەحکەم بکرێتەوە .

سەفەری ئاغای مهندس‌شریفی امامی، سەرەك‌وەزیر ، وەمرۆڤانی تری زانیاری وەسیاسی لەگەڵ ئەواندا بۆوەڵاتی دۆست‌وبـرای ئێمەئەفغانستان پێشان دەرێکـی دیباری‌یە لـەدۆستي وەدڵ لەلایی گەلی ئێران بۆقایم کردنەوەی پەیوەندی نێوانی دووەڵات کە : بەڕێ نمونی شاهـەنشای خـۆشە ویستەوە بەڕێ کراوە. هیوادارین کاربەدەستانی ئەفغانستان وەکـو هەمیشە دۆستی گەلی ئێرانیان بەقانزاج زانیوە هەروەها کە:ئارە زووەکانی دلی دوو گەلی برایـە ؛ بەدل سۆزی وڕاوێژ و دووربینی ، وەمصلحت بینی‌یە وەتۆزو گەردي عاجزی‌یێ کە نیشتووەلەئاوێنەی صافي وەخۆشەویستی لەناوببەن؛ وەمەیدان بۆلێك کردنەوەی کارە ساتەبچووکەکان، وەدووایی هێنان بەناکۆکی‌یەکانی خۆیان‌لەبارەی ئاوی هیرمەندەوە تەخت‌بکەن ، وەدانیشتووانی سیستان دڵ شاد. وەئەمامی دۆستي وهاوسێ گەری دێرینە ئاوبدێرن تا بەکۆمەکی یەزدان وە بەرانبەری دڵ خوازی دووپێشەوای گەورەمیوەکانی‌خۆش بەختی‌و هاوسێ گەری‌پەیوەندی ونزیکی بکەوێتە بەردەستی هەر دوگەل وسودی لێ‌ببەن

ناڵەبارییەکانی..

ماوەی ل ۸

بەربەرەکانێی لەگەڵ نەکـەی بـــــــ ڕێ‌جاریش ئاوبەرەبـەرەکانێ‌بەتێ ئەشکێ ؛ وەئـەگەر سەریش کەوێ هەستێ‌ژێر کەوتو، بەناچاري، وەدوێ هەستی‌مل‌هوڕ کەتووە،نەبەدڵ؛ وەلەسەرئەنجاما هەرکاتێ هەلی بـۆهەڵ کـەوی ئەتەقێ وەلەژێربار دەرئەچێ.ماداّم کەوایەنابێ‌چاوەڕووان‌بی،مەیلی خۆت‌بەخەڵکیی بڕبکەیت،جاکە وابوئەی‌خەسوێ پێ گەیشتوواوەرە! دەست‌لەبوو کەکەت هەڵ گـرەوو مل‌هوڕي‌بەسەرامەکەتاهەردووکتان باش وخۆش بژین .

بنکەی ژین www.zheen.org

ئوستانداری کوردستان
# کارخانەی کارەباو کوشکی یانەی زانیاریی سقزی بەناوی شاهەنشا خستەکار

ژمارەی-۴۳-سالی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ۸۴

کوردستان

ڕۆژنامەیکی حەوتەی کوردی سیاسی…
جارێ چاپێکی دەرئەچێ

بایی
بۆناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| سالانە: | ۱۲ | تمەن |
| شەش مانگە | ۷ | » |
| چل | ۳ | قەران |

بۆدەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| سالانە: | ۳۰ | تمەن |
| شەشمانگە: | ۱۵ | » |

# کوردستان

عەزیزم شاسوارێکە، گوزەرگا، گەر، بەئەلبورزا
دەکا، نووکی سمی لەسپی، لەغارا، تووتیا پەیدا

سیاسی- زانیاریی- وێژەیی- کۆمەلایەتی

خاوەنی امتیازو مدیری لێ پرسراو
عبدالحمید بدیع الزمانی
بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
دوکتۆر محمد صدیق مفتی زادە-سەرنووسەر
دوکتۆر عبدالرحمن واحمد مفتی زادە
عابد سراج الدینی-شکر الە بابان
خسرو شیخکا ئلووی میلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاە» ژمارەی پلاك ۲۱۸
تلیفوون ۳۲۰۰۳

چووارشەممە ۲۳ سەرماوەز ۲۵۷۲ ك-۲۳ ئازەر ۱۳۳۹ ش-۲۴ جومادیئاخیرە ۱۳۸۰ ق-۱۴ دسامبر ۱۹۶۰ م

# لەم حەوتەدا، لەروی پەیکەری شاهەنشا لەشاری سقزا پەردەهەل گیرا
# جەژنی ۲۱ ئازەر لەتاران و شارسانەکانا بەرەزەی قوشەن گیرا
## گەل بەچراغانیی و بەرپاکردنی بەرانی جەژن، لەیاسای روژی رزگاریی ئازەربایجانا بەشدار بون

## عبادەتگای دینەکان

یەکێ لەو هەوالانەی کە: لە حەوتەی پێشوودا جێگای چاودێری بو، بریتی بولەوەی کە: ئەیانەوێ عبادەت خانەیێ دروس بکەن کە: هیی هەموئەم دنیانەی خووارەوەبێت. کنفرسیوس ۳- بودائی ۳- بەر هەمی ٤- اسلام، وەپەیرەوی هەر یەك لەو دینانە، بەئازادی ودوستیو خوشەوپستی یەوەبتوانن لەو شوێنە دا کۆببنەوە، وەبەخووا پەرەستی سەرگەرم بین

ئاشکرایە کە ئەو بیروڕایە بیر وڕاێێکی چاك و پەسەندە، چونکە: تابگونجێ وەبکرێ گرۆی جۆرا جۆری بەشەرک : بیرو باوڕی جۆرا جۆرو ڕەنگاوڕەنگیان هەیە بەهۆ- یێکەوە کە: بریتی یە لە کارەساتێکی شەریکی یانێ باوڕ بەبناغەی دینی وەڕەوشتی ئەخلاقی پێکەوە نزیك بینەوە، وەلەسەرئەنجاما بتوانن بەو هـــــزوەو ـــــرگری لەوە بکەن کەبیروڕای جۆراجۆری دینی ببێتەهۆی هـەل گیرسانی شەڕوحەمەرەمەزێ :

لەمێژوودا زور بینراوەو ڕۆیناك کراوە تەوە کە بیرەباوەڕی دینی زۆرجاروە کوداسی مەرگ گروێێکی زۆری دروینە کردووە،وەبۆدەشتی نابودی ناردوون.

من نامەوێ کەشەڕەکانی گروی ئنسانی هەموی بنیمەمسل دیـن،

ماوەل ۱۲

## ناله باری یەکانی کومەل
### ((قەرەیانی)) و ئازارەمنالانە
-۱-

خوینەرانی خۆشەویست! وە کودەزانن، منداڵی ساوالەتەمەنی دوسێ مانگـــــەوەو زۆریـان دوچاري نەخـۆشی ( سەرێ ێی) ئسهالی دێن، وەبەشێکی زۆرلـەو منداڵانەلەبەین ئەچن،وەیایێ بکیان کۆج، گەوج ولەوج وزایف ولاواز وبێ ڕەنگ ئەبن، وەتا ئەگەنەتە مەنی سێ سالە بەینابەین ئەونەخۆ شیە ،یان هەل ئەدانەوە، ،ەشکە بخەیانێ دا: تەوجگەلەشکەنجەی

ماوەل ۷

م.ص.م
## لەکومەلاچون بژین؟
### ڕێگای خوداناسیی
### یان
### طەریقەی عرفان
-۱٦-

پێش لەوە کەلەسێ بەشەکەی وپستەوە بدەین بنوپستە بزانین هێزی مرۆلە گەل لاشەدا پەیوەندي چۆنە .

پاش ئەوەلاشەی مرۆلەسەرەتاوە ئامادەیي بۆهێزوەرگرتن هێنایە

ماوە ل۲

## ئابووریی لە دینی ((اسلام)) دا
-۱۱-
### ئەلاشی پەیغەمبەران - صەلوات رسەلامیان لێ بێ- بۆجور کردنی کاروباری ئابوریی

پایەی یەکەم لـەهەموو دینـە ئاسمانی یەکاندا، کەپەیغەمبەران بەبناغەی مەئموریەتی خـۆیان دایان ناوە «توحید»ە! یانێ باوەڕو

ماوەل ۲

م.ص.م
### چون بنووسین وبخوو ێنینەوە کردوەی بەڕێگاو بێ ڕێگا)

لەسەرباسی ژمـارەی پێشو ئەڕۆین.

ووتمان کـردەوەی بەڕێگا ئەوەیەلەووشەی خۆی ڕیشەی بێ، وە کردەوەی بێ ڕێگا ئەوەیە کەلە

ماوەل ۱۱

## نەتەوەی کوردو نەتەوایەتی ئیران

ماوەلەچلی پێشوو

سەلام لەسەرخاپاکی کوردستان لانکی پالەوانەکان .

ماوەل ٦

باسێکی زانیاریی ل۲

### ۲۱ ئازەر



ئەمرۆ جەژنی بیرەوریی ڕۆژێکە کەشاهەنشای جـەوان بە ویستێکی ئاسنینەوە، کەوتە پێشی قۆشەن و گەل ، وەخاکی پاکی ئازەربایجانی لەدەستی ناپاکان و بێگانەپەرەستان و نیشتمان فرۆشان دەرهێنا. ئێمە ئەم جەژنەگەورە بەهەموگەلی شادۆستی ئیران وە بەتایبەت بەپێشگای عاهەنشای خۆشەویست ، پیرۆز بایی ئەلێین. لەیەزدانی مەزن ئەپاڕێینەوە کەهەمیشە سەربەرزیی وشەر بەخۆیی وەلاتمان ڕاگرێ ، وەشاهەنشا وملکەی گەورەو وەلی عەهدی خوشەویست، لەهەمو دەرد و بەلاێ پارێزێ

# شانازی

م . ع : سراج‌الدینی

دڵ ئەمڕۆهاتە کوڵ ناڵی لەجەوری چاوی عەییارت
هەڵیی ڕێژاستەم کاری دوژمنی تیژی خوێن خوارت
ووتی: مضرابی دڵ بێ‌یادی تۆدەنگی نی‌یە ، بێ‌شك
بەناوی تۆیەوازیندو ئـەڕی وەسـاوە برینـــــدارت
لەجامی حەسرەتی‌دوری ئەوەندەی خواردووە،حەسرەت
هەناسە گەرئەدا ، ئـاهەر، لـەبـۆبینینی دیـــــدارت
دوچاوم تارە ، نابینم لـە سەرعەرزی سولەیمانـــــا
بەغەیری شێوە کـەت نایێتە پێش چاوی کـزوزارت
عەزیزم! چاوە کەم ! دیدم! هەزاری خۆت مەخنکێنە
بەتـاسەی ڕوومەتی وەك گوڵتەوە تینـوی فـدا کارت
فدایم گییانە کەم ! گیانم لە کەف‌ناو،هاتمەپا بۆسێت
مەدەڕنجی منی‌خەستەوبەپۆلـەی شەمعـی ڕوخسارت
ئەوەندەبێ بەها، سەیری منی خەستەمە کە هـەر گیـز
نییەچوون دەڕێیکـی من کـە خاڵیی بـێ لە ئاثارت
دڕۆشمداری تۆم هەرچیی کە هەم بابم‌هـەیە ئەمـڕۆ
بەسەودات گەرمەسەودای من‌بەسەودای گەرمی بازارت!
ئـــــەوێلای ئەهلی‌دڵ‌ژونا کەزاماری‌جەفای عەشقە
لەناو تیپی ئەواندا ، بێ گومان مـەحبووبـەزامارت .

ماوەڵ٩

---

هەزارویەك‌شەو ٣٢٤

باڵا لـەوینەی سەروی گوڵـــ زاران
گەر سەروی گوڵزار بێنێ وەر کـەمەر
ئەو وەر کـــــەمەرە پڕلە قەمچ وپێچ
قەمچ وپێچیش پـڕ لەمـوشك وعـەنبەر
چاو کەدی کانی گـــــەوهەری زارت
ئەبێ چۆن نەبێ بـەچاوەی گـەوهەر!؟

شرکان بیستی کەئەو کچە پەری ڕوخسارە بەو کەنیزەکانی تری‌ووت:وەرن تامانگ نەنیشتووە، پێکەوە زۆران بگرین. هەمویان ووتیان: زۆرچا کە؛ ئـەوجا یەکەیەکە ئەهاتنە پێشەوە، ئەچوونە ناوقەدیا وزۆرانیان ئەگرت؛ ئەو کچە پـەری پەیکەرە ئەیانی‌دا بەزەویدا ؛ وەبەتەناف باڵیانی ئەبەست ، تاهەمویان باڵ بەسراودا کەوتن. ئەوکاتە پیرەژنێ کەلەوێ‌بو، ڕوی کرد لە کچە مانگ ڕوخسارە کە؛وەبە درژي وتوڕەیی‌یەوە خوڕی بەسەریاو، ووتی: هەی‌قەحبە! شاذي وشانازي‌ئـەکەی بەوە کە ئەم کچانەت داوە بەزەویدا، وەباڵیانت بـەستووە؟ وەئێستا خـۆت‌سەربەرز ئەزانی‌ولات وایە کەس ناتوانێ تۆبدا بەزەویدا؟ من‌ژنێکم پیروانێ کەوتووناتەوان، وەچل کەڕەت لە گەڵ هەمویانا زۆرانم گرتووە، وەداونم بەزەویدا. ئەگەرئەوێری، وەرە! لە گەڵ من‌زۆران بگرە ! تاوەها گورۆڵەت بکەم سەرت بچێتەوە نـاولنگی خۆتا. کچەکە لەزواڵەتا خۆی‌نەشکاندەوە، وەنەرمەنەرم دەستی کردە پێ کەنین؛ بەڵام لەدڵەوە نزیك‌بو لەڕقاشەق بەرێ. ئەوجا ڕۆییشتە پێشەوە، پێی‌ووت: خاتون! من‌ناوم «ذات‌الدواهی»یە. بەم سێح سوێندت ئەدەم کەبە گاڵتەوە ئەڵێیت‌یابەڕاستي ئەتەوێ لە گەڵمنا زۆران بگری؟ پیرەژن ووتی: بەڕاستي ئەڵێم؛ وە گاڵتە نا کەم؛ وەلێ بڕوام کەلە گەڵ تۆدازۆران‌بگرم.

---

# دستور خواندن ونوشتن کردی

عده‌ای‌ازخواهران برادران‌فارسی‌زبان که‌مایلند برسم‌الخط کردی‌آشناشوند باین‌مطلب توجه‌فرمایند:

میدانیم‌که کلمات‌فارسی بوسیله‌سه‌حرکت زبروزیرو پیش وسه‌حرف «الف»و«واو»و«یاء» تلفظ میشود. وچون‌حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح‌کلمات بستگی باشنائی قبلی‌دارد،و این‌نقیصه موجب‌اشکال بزرگی درزبان فارسی شده . ولی‌رسم الخط‌کردی این‌اشکال رامرتفع ساخته، وکلمات تنها بوسیله حروف تلفظ میشوند. حروف‌صدای‌کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .

۱ـ (ه) که‌بجای زبرمیآید. مانند: «سەر» (سر)«سەروەر» (سرور)

۲ـ(ی) که‌بجای‌زیرمیآیدمانند: «جیهاز»(جهاز)«کیتاب» (کتاب)

۳ـ(و) که‌بجای‌پیش‌میآیدمانند:«گول»(گل)«بولبول»(بلبل)

۴ـ (الف) که‌بجای‌الف میآیدمانند: «باغ» (باغ)

۵ـ (ۆ) که بجای«واو» میآیدمانند: «بۆد»(بود)«زۆن»(زود)

۶ـ (ێ ی) که‌بجای«یاء»میآیدمانند:«بێد»(بید)«دەوێد»(دوید) «مەردي»(مردی)

۷ـ (ۆ)که صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»

۸ـ (ێ)که‌صدای یاء مجهول میدهد : مانند «کێ» (که) «چێ»(چه)

۹ـ (ۊ) که‌مخصوص‌لهجه کرمانشاهی استوصدای (U)میدهد. مثال‌آن درلهجه کرمانشاهی«ئۊشم»(میگویم) «داشتۊت» (داشته‌باشد)

(۱) حروف«ها»و«واو»و«یاء» بی‌علامت ممکن‌است‌اصلی باشند.مانند:«هەمسایە»(همسایه)«وورود»(ورود)«یەك»(یك). برای‌فرق‌میان هاءاصلی‌واعراب، هاءاصلی را دوچشم‌واعراب رایك‌چشم‌می نویسند .

(۲) همزه را همیشه باینصورت ( ئ ) می‌نویسند . مانند : «ئەحمەد»(احمد)«ئوطاق»(اطاق)

(۳)درکردی‌گاهی‌روی‌حرف‌دال‌ولام‌وراءعلامتی‌میگذرانند وباین‌شکل مینویسند (ذ،ڵ،ڕ) که در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام‌وراءمفخم میگردند.مثال آن‌درکردی:«فەرهاذ‌دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کریعنی‌پسر)

(۴) الف‌بای‌کردی یك‌حرف بیشترازفارسی‌وعربی داردکه عبارت ا: «ڤ»میباشد . البته‌تلفظ‌این‌حرف‌درفارسی زیادست،ولی با«واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئـەڤـایل» (اوایل) .

(۵)دررسم‌الخط‌کردی‌حروف مشددرا دوتامینویسند.مانند «ئەڕڕە» (اره) «بەڕڕە» (بره)

(۶) درکردی‌کلمات‌راهرطور‌تلفظ میکنند مینویسند؛البته کلمات بیگانه‌را مشمول این‌قاعده‌میسازند ؛ ودیگر اشتباهی‌بین حروفیکه مخرجشان نزدیك‌است واقع‌نمیشود ؛ مثلا صفحه را اینطور مینویسند : «سەفهە»

---

# تکا

ئەخوێنەرە بەڕێزەکان‌تکائەکەین: لەناردنی‌پارەی‌ئابوونمانی‌ڕۆژنامە خۆیان نەگرن؛ ئەلبەت‌ئێمە کاتێ ئەتوانین‌بـەم خزمەتی خۆمانە درێژە بدەین‌کە خوێنەرە بەڕێزەکانمان دەس گرۆیی‌مان بکەن .

بنکەی ژین www.zheen.org

م.س.م

# لەهەرگولزاری

# گولی

## مەولەویی تاوگوزیی

چێش واچۆ «مەعدوم» خەستەی مەهجوورێت

حاڵ دیدەی دڵ جـەدەرد دووریت

بڎیە بەو «دەجلە»ی بێ کە نـاردا

ڕەوانەن وەبـەیـن «بەغدا» شاردا

ئەوئاخر ووشکاو ئەسرین دیـدەم

ئێدمانەفەس دڵەی خـەم دیـدەم

جەو گەرما، جەوێ و، بەر گوزیدە کەم!

تەفتیش کەر حاڵات دڵ و دیدە کەم

## احمد بەگی کوماسیی

قیبلەم بـاسشەن ...

دڵ داییم جەباس دووریت باسشەن

هەر کۆهەن هەرباس شەیدایی منەن

باس بەدبەختیـی ڕسوایی منـەن

باس بـەدنامیم جـەشاران بـاسەن

جەی باسان ئەروام جەتەن هەراسەن

وەسەر گەردت بام هەی ئاوات واسم

بۆوە یەك خەدەنك كۆتا كەر باسم

هەم ڕۆحم جەجەور دووریت خەلاس بۆ

هەم ساكنیی دڵ، هەم كۆتای باس بۆ

وەرنە تازیندەن «احمد» هـەراسەن

باس هەرباس تۆن هەنی چ باسەن !؟

## وەلیی دێوانە

ماوەلە چلی پێشوو

هەر سەنگی دس گێردەست یارم بۆ

یاران ! ئەوسەنگە غـەم گـوسارم

هەر كەسێ، هەواڵ من بپەرسۆ جێش

مەرگەو بواچۆ هاڵ وێڵـــــم پێش

ئەر پەی نیشانان نیشانـم نـەبۆ

ئاسارێ جەیۆرد وێرانم نـــــەبۆ

تاقیی ڕازان بێ شەرت وشۆنـــــم

بێ سەوداجە فیكر سەودای مەجنونم

## مەلاحامدی ئالیجانیی

خۆزگە خاك پات ...

خۆزگە ئەم مالیی وەچەم خاك پات

ماوەل٩

# هەراڵەو زەمزەمە

ماوە لەژمارەی پێشوو

لەچلی پێشوودا كارەساتمان گەیاندە كاتێ كە : بۆیە كەمێن جارچـاوم بە «شاپەسەندە»ی دڵپەسەند كەوت، وەبڕێ پێكەوە دەردی زۆرگاری دووریمـان بـۆ یەكتری هەڵڕێژا. ئێستا لەسەرپاش ماوەی كارەسات ئەڕۆم.

كاتێ كە لـەسەركانییەوە بۆناو كەوێڵ وخانەباغ گەڕامەوە چوومەسانالەی بەركەوێڵی ناوراوەی ڕەقەساو كراو، كە: برقەی ئەهات ، دیم كە «خانمێ» و «شاپەسەند» و«خاڵەمەحموود» خۆش وبەكەیف، لەدووایلەی شادیدا پێكەوە ئەلێن وپێ ئەكەنن، هێندەپاكو خاوێن وبەكدڵ وبێ دۆهۆیی بسانی بەرقلیان وچایان داچنیوە، ئەروای هەرپاك وخاوێن دڵوڕاستێ لەذەتی لێ ئەبرد، كە: پێم نایە ئەودێوی دەركە كەوابە پێكەنینەوە، سەواخەیربان پێ كوتم گەشام و ، منیش لەگەڵیان دادانیشتم ئەوان شاد وخەندان منیش لەشەكەنجەی ڎڵەباوەڕمە كەرەدا بەسەرم ئەبرد زۆرپەرت وپەشێوبووم، موژدەی نزیكی بەهیوا گەیشتن ئازاری ئەدام؛ مات بردبومیەوە، لەماتی وپەشێوی من «خاڵەمەحموود» وخانمێ تێ گەیشتن بڕێ پێكەوە بەنهێنی بەپێكە نینە وەقسەیان كرد، ناكا «خاڵەمەحموود» ڕۆی كردمێ كوتی: كوڕم بۆ هێندەپەشێوی! ئێستا كە پاش ئەوە بەردڵیكمان خست بەدوێ مامۆستادا ئـەنێرم وەكاری خێری تۆدووایی دینم، خانمێ ڕۆی كردمێ موبارەك بایی لێ كردم؛ منیش بەنیشانەی سوپاس سەرم لێ دانەواندن، شاپەسەندیش بەنیشانەی شەرمەوە سەری داخست گولی ڕومەتی بەتەواوی پڕلەخوێن كرد، ڕەنگی واداگرسا، وەكو بەخوێنی دڵی من خۆی ڕەشتبێ وای لێ هات ، ناچار هەستایەوە بەبەهانەی شۆرینی پیاڵەوە بەجێی هێشتین . پاش

ماوەل٩

هەزاویەك شەو ٣٢٢

(كەچیرۆك گەبیشتە ئەم جێگا زۆربۆوە! وەشەهرزاد قسەكەی بچری)

## كەشەوی چل وحەوتەمهات

شەهرزاد ووتی: ئەی پاڎشای بەختیار! پیرەژن ووتی: گاڵتە ناكــەم . كچە مانگ ڕوخسارە كە ووتی : ئەگەر ئەتوانی لەگەڵمنا زۆران بگری وەرەپێشەوە ! پیرەژن لەم قسە تۆزەبۆ، موێ ئەندامی وەكو دڕك هەستاوە، بەكچەكەی ووت: هەی قەحبە! من لەگەڵ تۆدا زۆران ناگرم تاوەكو خۆم ڕوت نەكەمەوە، وەتۆش خۆت ڕوت نەكەیتەوە. ئەوجا هەستاوە، بوخچەیێكی حەریری هێنا، جلەكانی كەنڎونایە نێو بوخچەكەوە؛ كچە تەماشای كرد كەپیرەژنەكە هەرلەدێو ئـەچێ. ئەوجاڕوی كردلەكچەكەوە، پێیووت: تۆش وەكو من خۆت ڕوت بكەرەوە ! لەم وەختا شركان لەدوورەوە، هەرتەماشایانی ئەكرد، وەبەتەشكی ناشیرین وئەندامی ناڕێكی پیرەژنەكە پێ كەنینی ئەهات . ئـەوجا ئەوبوتە جوان وشیرینەش هەستاوە سەرخۆی، سپپاڵەـ كاسی دەرهێناو، چوو بەناوقەڎی پیرەژنا، لەموەختا شركان دەسی هەڵبڕی ڕوبەئاسمان و لەخوڎا پاڕایەوە، كە كچەكە بەسەرپیرەژنا زاڵ و پیرۆزبێت. لەپاش تاوێ زۆر كردن كچە كەدەستی چەپی لەناوانگی پیرەژنەكەوە، برد؛ وەبەدەستی ڕاستی ملی پیرەژنی هێناوەبۆ ناولنگی، تاهەر دودەسیی گەبیشتنەیەك، جائەوكانە پیرەژنی لەزەوین هەڵ بڕی وبردی بۆبان سەری؛ پیرەژن بەهەواوە، دەستوپێ ئەوەشانڎ بەڵكو خۆی بەربڎا، بەڵام كچە كە بەهەمو هێزێكەوە دای بەزەویا . شركان تێغی لەكێلان هەڵ كێشا، وەتەماشای ئەملاوئەولای خۆی كرد؛ ئەنوازێ كەكچە لەخۆی ئەبێتەوە، وەبەدەورو

کوردستان

## بەشی کوردیی شمال

## روژا ٢١ ئازەرێ

بێشك ژۆژا ٢١ ئـازەرێ یەك ژوان ژۆژانە : کو تارێخا کەون ئیرانێدا، نۆتلي چراكێـز نۆر و شەمال، دەتەیسە.

مەتارێخا ٢٥٠٠ سالیا خـودا : ژۆژێد نوتلی ٢١ ئازەرێ گەلەك دیتیی یە، مەلبەت ٢٥ قەرینێ تارێخێ دا، ئەم گـەلەك هـەوراز ونشیب واهمبەر بونە.

وێ ژۆژا، کو کەڵ وجۆشاوە طەنخوازیێ، مللەت وسەردارێد ئیرانێ دۆرا ئاتشکدابەرا آریائی دابەوجڤاند، وەئیرانا عەزیندژبن سمێ هەسپێدجیی نشینێ (اسکندر) خلاص کر، وەلەچاخێك (ابومسلم خراسانی) ئەوسەرداریێ سەرفەراز وناڤداریێ ئیرانێ بەرامبەری تاسوبا عەرەبیی دا، کو بدەستێ (بنی امیه) ژێ دچو مەملەکەتێ مەدامێرانیی ژابو، وئا کرێ سەربەستیی وسەر بخوییی خوازیێ ڤـێ خست. وە ئوجاخا ئیرانیی تیێ بێ ژۆناهیی کر، وەتاسوبێد سەر بخوییی کوژا عەرەبیی، کـولەوي هەیـامیی ژحەقیقەتێد دینی اپسلامـێ دور کەتبون باشدادا، وەژعەردێ پاکێ ئیرانی دەرخستن.

ورۆژ کێ بناڤێ ژابون (یعقوب لیث صفاری) شەمـاڵدا، وەپەژێ تارێخا پژسەرفەرازیا مەنورانیی کر. وەلەژۆژە کێ کـومەمغول وتاتاران کوچەندقەرپنامال ووارـ گێدمە پێ پەز کر بون، ئەڤ مامله کر.

وەژۆژە کێ کومە، دەلەجور دێدافغانی، کوهولشیابون پایتەـ ختامە، مەهولشاندن بەحـرێ و ئیران ژجینارێد هاکینەپاقش کر وبایراغا نادري ژاکر.

سەرهەوهە گەربکن کوتارێخێ دالەژۆژێ ها کینەبگەژنوەتەوری لەوان ژۆژێك بایراغا کاویـانیی مەسەر کۆشك وسەرایێ شاهیتی یا مصروبابل ویونانێ ژاکر، ئـەمێ گەلەك ژۆژێد هـاکینە ئیشن و شەمال پەیداکن، کوتـارێخێ مللەتێد دێدا هەوالـێ وان کێم بەرچەڤا دکەڤە.

ژۆژا ٢١ ئازەرێ ئەوژۆژبو کو مللەتێ ئیرانێ بژابونەك مێرانیی و کەڵ وجۆش؛ بژەكەزوتالانکرێد دپن ومللەتیێ، کوساله کێ عەزیز ترقسمەتێ پێکەرێ مللەتیامە گر تبون، دەرخستن وە ئەوان مەژبور بهلاننێ کرن تەشەکیا کمونیستا، کوپاشي ئوخورما آذربایجانێ، ژبەرهەبو ناقوشێ دەراییی لەئیرانێ سەژاست کربو حالەك هانییپێش، کوبژەك مرۆڤێد دروبێ وەطەن، ئاوئاخا مەعەزیزدا، دەستبتالان وتاژانا کرن، وەچونکو قوشنێ دەراییی بجورەکیی بـێ رەحمی دەست پیی پێ مەگرێدابو، وەنە دەپشت مللەتێ ئیرانێ چوتشتەـ کیی بکە، لەماژي ڤەسال کەتبودزو دەلا، کـوبکۆمـەك وپشتیبانیا قـۆشنێ دەراییی، آذربـایجانێدا کولاندکا ئیرانییەتێ وئاتەشکە داملەتیا مەیە، ئاگرێ سۆتاندن ومال وێران کرنێ ڤێخن، خودێ دزانە، ناوبێینا ساله کێدا، چیپاك نەکرن، وەچ مرۆڤێك ژنەکرن وەچ دەست درێژێد بێ رەحمی کوژ خونپشان نەدان.

دوروست ئەڤ مەسەلە بو، کو دەراییی یان بژۆرا قوشنێ خولـە ئیرانێ، کەڤـر گـرێدابـونوە «سەگ» بەردابون. وەنـەدەهێلان کوئەم دەست بچوکار کێ بدن.

و وان دزوجوردان، بێ ناموسیی وتالانکرنێدا، نمونەونیشا نگەك ژبێهشتـا کمونیستیی بێ عەردێ ئارامو سولح خوازێ ئیرانێدا دانە خویان.

ناوێ ئیرانێ بپرڤە کـرن و زمانێ ئیرانی یاساخ کرن

مز گەڤت گرێدان، وەخەلك ژپر کرنا خودێ مدنا کرن، شونا تارێخا ئیرانێ تارێخا تاتارومغولان دەرس دان.

مالێ خەلکێ تالان کـرن، خۆرت کوشتن، سەري بژپن، بێ ناموسیی بێ شەرمیی کرن، ئەڤانێد ژخودێ بێ خەبەرچیی پاك نەکرن وەچ جنایەتێك دەست لێ نەدان

(پیشەوری) تەڤرێ بژپنادارا مللەیا ئیرانێ هلدا، (غلام یحیی) دەست بەتالان کرنا مال وناموسا خەلکی خست، (شبستری) بعاقل سڤکیی ئیرانێدا دەواخـوداتیێ دکـر، (جاویـد) ژەحا مللەتیا ئیرانێ دەڤێ حوذادجوت.

بـزارێ وي تارێـخ نڤپسێك هێیـورزا مغولان، کـلامکێدا بەراڤ کر، کو کۆت هاتن، سۆـ تاندن، کوشتن و وێران کرن و چون

خودێ نەناسا ناوبێیناسالکێدا پەردەك، دپتنێ ژئاخر عاقوبـەتا مللەتێد قەندەلانا بـالشێویکێ آذربایجان و کوردستانێدا نیشان دان، وەحەتتانیی حەتتانێ تەحما حەولاطەن طەنانیی بوان دا طەحم کرن لەماژی کەڵ وجۆشا پژشورا بـاب کالێ سەرفـەرازجارەك دي مرۆڤێد وەطەن خوازێ آذربایجان و کوردستانێدا ژابو، وە گاواكسی یاهمایونـا شاهەنشاهیا ئیرانێ و بایراغازندي یائیرانـی، لـەسەر سەرێ خودپتن وەتێ دەرخستن کوقوشنێ شاهەنشاهیی یا ئیرانێ حەتتانیی چـەنـدژۆژان دگێژە آذربایجان و کوردستانێ خەلکی کۆلان وبازارا، بنرۆخالاوچوماقا

ماوەی ل ٨

## لاپەرەیی بوهەموو جار

## ئیران وافغانستان

سەفەرا ئاغای مهندس شریف امامی، سەرەك وەزیران چەندژۆژا بەرێ بافغانستانێ، نیشانەك زاف مەزن دۆستایا دودەولەتێ هـەوسێنۆر وهەودین ئیران وافغانستانێدا تێ حەسێب، وەنیشان دده، کوحـەژێ کرنا دلپاکیا دومەمله کەتاونێزپکیا وان هەر ئسسابێ هەوقەتاندنە.

ڤێ گاڤێ گشتیی دەولەتێد سەنعەتیی بێ جهانێ، پەی کاروقازانجا ئیقتصادي وپەیداکرنابازارا فرۆتنێ، تشتوسەنعەتێد خورانە، وەهەگەر ئەم بۆفرە کرنا بازرگانیێ افغانستانێ رادەست بکارنەبن، مەژاستي ژێ بێ ڤێجي کری.

بقەداندنا بەرنامێد مەزنە سەنعەتي لەئیرانـێ، کونهۆ گەلەك سەنعەتێد ئیرانێ بوەسپلید تازە دەرکەتي تێ چێکرن، نۆتلي الکترو موتورێ وخەیێ، تشتێد پلاستیکی، پەرچەونفت وتشتێد بـاشقە، بێ شك افغانستێدا باش تێ فرۆتن، رهە گەر ئەوان هەرنە ازارێد افغانستانێ بوهەردو دەولەتا قازانجە، کوبڤی ژێ هاتـن چـونا بازرگانیا خوبهەو نێزپك بکن. سەفەرا سەرەك وەزیران بافغانستانـێ بەرڤێ هندێ زۆر خودان هەمي یەت بو، وەکێم قازانجا کو، ژڤێ سەفەرێ هاتە گرتـن، مەسەلا شاندنانفتا ئیرانێ بافغانستانێ بو، وەچەڤ نهێري هەیە، کوبفرە بونوزێدەیا ژابتێد سیاسي وبازرگانی، ناوبێینا هەردودەولەتان، تشتێد ئیرانێ باشقەژي کو، ئانە گۆري تشتێد دەرامێیا ئەرزان تێ سێري، وەژ هەرئالییە کي بکاروقازانجا افغانستانێداوارەدانین. خێنجی ڤێ، خەلکێ ئیران وافغانستان ژبەرا زمان ونەژادي، تتام نێزپکی هەودێنن، وە نێزپکیا وان تشتە کي تەبیعییە، بەرڤێ هندێ ژي دانپناهاتن چونێ لە ناوبێینا بازرگانو خودان کارخابێدئیرانێ وبازرگانید افغانێ گەله کي، هێسابي کرنا گۆمرپکییە. کوبوێ ژێیا بازرگانیا ئیران وافغانێ ڤەبە وەچوتەنگاڤیك ناوبێینێدا نەمینە.

ئەومەسەلا کو، قەهیم کرنادۆستایا ناودومەمله کەتارا کۆمه کەك مەزن دکە، کوتتاکرنا مەسەلا هیرمندێ تێ حەسێب هەرچەند حـەتتا نهۆ، بۆژاکرنا ڤێ بەرە کیێ لەناوئیران وافغانێ دا، گەلەك تەلاش هاتی یەکرن، لێ حەیف، هێژي ئەواك هەیە، ئەڤ کارا کوتتا نەبویە.

سەرکانیا بەرە کیائەوە کو، چەندین قەرپنەیە، ئیران ژئاواچەمێ هیرمندێ، کوژافغانستانێ بەربەسیستانێ دژێژە، کاد کر، وەژبـەر قایدە قرارێ حەقاتێ جهانی، کار کرن ژئاقا وي چەمي ئیرانێ احەقە کي بێ شکە لێ بەلێ افغانستانێ بگوهرتنا بەرێ ڤي چەمي نـەهێشتیـە، کوپەژەك ژعەردێ ئیرانێ، نۆتلي دەورێ بەرێن ژئاڤا چەمێ هیرمندێ وارە ئاڤ دان، وەچەڤ نهێري هەیە کودەولەتا افغانێ ژي کوتتا کرنا ڤێ مەسەلێداخونەهێڤشێنە. سەرهەو گەرەکوارە گوتن، چونکو افغانستان یەکراست دەست رەسي یا وێ بەحرێ تونەیە، دوکارە ژدۆستایا ئیرانـێ ئەواك هەیە کارێ بکە، وەبژێ چونا بەرنامێد ئاوادانیا افغانستانێ، ژابتێد سیاسي وبازرگانیا هەردو دەولەتا زێدەدبە.

وەبێ شك هلگۆهراندناڤێ ئاخرێ، لەژابتێد ئیران وافغانێ، پیگاڤێ هلگۆهراندنێد پاشین را سەژاست دکـە، وەبۆ هەردو دەولەتا سەمەرەك باشێ هەبە.



www.zheen.org

وەرگیراو لەگۆڤاری «ئیرانئاباد»

وەرگێڕ : د.ع.م

# لورستان

## سەرزەوینی پرلەدار

-٤-

«سرجانملکم» ئەنوسی : ئیلیاتی و عەشایری ئیران لە دەوارو ەش مالا ئەژین ؛ وەبەگوێرەی کات وفەصل جێگائەگۆڕن (گەرمیان وکوێستان ئەکەن) .

وەچونکولەبیابانا ئەژین، هەمیشەوەکوسەربازئامادەی بەرگري لەخۆیانن؛جێگای ئەم ئیل وعەشایرە لەوناچەدایە کەلە دەهانەی خەلیجی عەجەمەوە دەس پێئەکا ، وەبەلێواری ئەمدەریادا ئەڕوا تادەشوشتر ، وەلەوێوە ڕوبەباکور (شمال) وڕۆژئاوا درێژەی ئەبێ ، وەلەسەلای چەپی دەجلەوە تاوەلاتی «ارمنیه» ئەڕوا ؛ وەکرمان ونزیکەی هەموشارەکانی فارس وبرێ لەعراق وسەرتاسەری کوردستان هەموان لەناوخۆی ناوچەی ناوبراوا .

هۆزەکانی ئیران لەبەخشینی خوێندا یاساوخوی جۆربەجۆریان هەیە . برێ بەهیچ جۆرێ لەخوێن نابوڕن ، وەتۆلە ئەکەنەوە ؛ بەلام زۆرتریان لەخوێن ئەبوڕن وبەڕێگایێ نێوانی هۆزی بکوژو کوژراو خۆش ئەکەنەوە ؛ بەم جۆرە کە ئەگەر بکوژ کەسێ بێ کەبیەوێ پاش ماوەوخزم وکەس وکاری کوژراو لەگوناى ئەو ببوڕن شمشێرێك وپەتێکی ڕەش ئەخاتەملی، ئەڕوا بۆلای پاش ماوەکانی کوژراو، وەلەوان دەرخواز ئەکا کە تۆڵەی لێبکەنەوە ؛ بەلام ئەوان شمشێر وپەت لەملی ئەکەنەوە، یانێ ئەوئەبەخشن . لەپاشان هۆزی بکوژ، میوانی ومەجلیسێ بەرپائەکەن؛ وەهۆزی کوژراو، دەنگ ئەکەن .

سەرانی ئیل وعەشایر لەوەختێکا وەلات بێ دەنگ ودامەزراوە ، زۆرتریان لەپایتەخت یاشارە گەورە حاکمنشینەکانا دائەنیشن؛ وەبۆ سەردان جارجارێ ئەڕۆن بۆ نێوی عەشیرە وئیلی خۆیان ، وەلەوەختێکا ئەوان لەنێوی ئیلا نین، کاروباری ئیل بەڕاوێژ ودەستوری ڕیش سپی و کوێخاکانی ئیل جێ بەجێ ئەبێ .

تەنیا فەرقێ کەلە بەینی دۆخێزانی دەولەمەند وهەژارا هەیە ، ژمارەی ڕەش مال ودەوارە ، کە هەر کەس زۆرتر دەوار هەل دا، نیشانەی دەولەمەندي ودەس ڕۆیشتنی ئەوە .

لەنێوئیل وعەشایرا ، زۆرتری وەختی پیاو بەسواري ئەسپ وڕم بازي وڕاو وتفەنگ تەقاندن و کاری سەربازي ئەبوڕێ ؛ وەخوراکی ئەوان نان وشیرو گۆشت وماست ودۆیە . ڕومەتی پیاوەکانیان زۆرتر قاوەیی ڕەنگ وسوتاووبرژاوە ؛ چونکوهەمیشە وان لەبەرهەتاوە وە ، وەتیشکی هەتاولەو ناوچەی ئەوانا زۆرتیژە ، بەلام لەسەرەتای جەوانیدا لەجواني وجەمال بەشێکی زۆریان هەیە .

✿✿✿

**کارخانەی سیمانی«دوزود»**

یەکێ لەکارەکانی ئاوەدانی کە لەلایەن سازمانی بەرنامەوە لە لورستاندا جێ بەجێ کراوە ، کردنەوەی کارخانەی سیمان لە«دوزود»ایە.

ئەبێ بلێین کەیەکێ لەئامانجە بناغەیی یەکانی سازمانی بەرنامە بێ نیازکردنی وەلات لەسیمانی وەلاتە بێگانەکانە . بۆگەیشتن بەم ئامانجە گرنگ وگەورە، وەبۆزۆر کردنی ئەندازەی سیمان لەناوخۆی وەلاتا لێبڕان کە بەپێك هێنانی کارخانەی تازە وتەواو کردن و گەورە کردنی کارخانە کۆنەکان ، وەهەروەهادەس گرۆیی خاوەن صەنعەتەکان، لەم کارا ، سەرکەون . ئەلبەت ئەزانین کەسیمان یەکەم پیویستي کارەکانی ئاوەدانی یە .

سازمانی بەرنامە هەربەم بۆنەوە ، یانێ بۆپەرە پێدانی کارەکانی ئاوەدانی وجێ بەجێ کردنی بەرنامە گەورەکانی بەندبەستن و کردنەوەی کارخانە گەورەکان ، لەسالی ١٣٣٤دا ، دوکارخانەی سیمانی لەئالمان و ئینگلیز کڕی ، کە بەهەر دوکیانەوە ٩٠٠ تون سیمان ئەدەنەدەرەوە .

کارخانەی ٣٠٠ تونی کەلەئالمانەوەمان کڕی بو،لەلوشاندادامەزرا ؛ وەلەڕۆژی ٢٧ فەروەردینی ١٣٢٨دا ، خرایەکار وبارەی لێ وەرگیرا ؛ وەئێستاش ڕۆژێ ٣٠٠ تون سیمان ئەداتە دەرەوە ، وەلە بازار ئەفرۆشرێ .

کارخانەی ٦٠٠ تونی لەڕۆژی ١٤ ئازەری ١٣٣٤دا ، لەوەلاتی ئینگلیزمان کڕی ؛ وەبەگوێرەی بڕیارنامەلەپاش ١٥مانگ مەکینەکانی نارابۆئیران ؛ وەهەرلەو کاتێشادەس کرا ، بەکردنەوەی کارخانە؛ وەتامەکینەکان گەیشتن کارخانەش کراوە ، وەمەکینەکان دامەزران . وەلەڕۆژی ٢١ شەهریوەری ١٣٣٨دا ، ئەم کارخانەبەدەستی «اعلیحضرت همایون شاهنشاه» خرایەکار . بۆئەمە کەبزانین : ئەم هەنگاوی سازمانی بەرنامە چەند بەکەلك وگرنگە ، ئەمەبەسە کەبلێین : حاصلی سیمانی وەلات کەلە سالەکانی ١٣٣٢ و١٣٣٣دا ، تەنیا ٩٠هەزارتون بو، بەدامەزراندنی کارخانەکانی سیمانی فارس ، وکارخانەی سیمانی شاری ڕەی ، وەکارخانەی سیمانی لوشان ؛ وەکارخانەی سیمانی دوزود ؛ وەبەودەس گرۆیی یەکە بەکارخانە تایبەتی یەکان کراوە، ئەمسال زۆرترلە ٥٨٥ هەزار تون سیمان لەوەلاتا بەدەست دێت . ئەم ئەندازە تەنیا هی ئەو کارخانانەیە کەبەپارەی سازمانی بەرنامە دامەزراون ؛ بەلام ئەندازەی هەموی سیمانی وەلات لەسالا نزیکەی ٨٠٠ هەزارتونە .

دووایی



نوێنگەیێ لەکارخانەی سیمانی «دوزود»

www.zheen.org

**نەتەوایەتی...**

ماوەی

لەچلی پیشودا باسی کارنامەی ئیرانیان وسالی حکومەتی هۆزی مادو نوسراوەکانی شاـ ...ـسری یەکەم گەییشتەئەوێ کەئەم هۆزە بابلیان کردە بەشێ لەمەیدانی حکومەتی خۆیان.

هەرکاتێ لەلایێکە وە دەس درێژیی کرابێتە سەرنیشتمانیان یانێ خاکی ئاریا، وەکێویێکی قایم تادووا هەناسەبەربەرەکانێان کردووە لەسەرخاك وشاهەنشایی خۆیان ، وەئەم گەلە لەسەرەتاوە بناغەی گەورەیی ئیرانیان بەخوێنی ، قارەمانانی خۆیان دانا، وەقەبالەو سەنەدی پاراستنی ئاووخاك و شاهەنشایی خۆیان بەخوێنی ڕۆڵەکانی خۆیان ئیمزا کرد، وەسپاردیانەدەس بەرەدووایییەکانیانەوە، ئەوانە کە بەدروشەی شمشێرەکانیان ڕوناکی یان خستووەتە تاریکایەکانی مێژووەوە، ناوی پیاوەتی خۆیان، یانێ کوردیان بۆهەمیشە پاراستووە، وەپارێزەری ئاووخاك وشاهەنشایی خۆیانن، وە ئەمانە بەرەکانی هەرئەو گوتیانەن

## مەتەل:

**١ـخوڈا زانی سرینچك ئاردە، هەوانەیێکی بۆهەڵدوری**

مەبەست ئەوەیە کە دەسگای ئافەرینش لەڕوی تەرتیب و یاسای ڕێك وپێکەوە، دامەزراوە هەموشتێ لەجێگای خۆیا چاکە؛ وە هیچ کەم و کورتێ لەوا بەدی نەهاتووە؛ گەرمای هاوین وسەرمای زستان وگەڕانی مانگ وئەستێران وەبەکورتیی هەمو ئالوگۆڕی ئافەرینش هەرکام سەرئەنجامێکی بەکەلکی هەیە . وەئەگەر ئێمە شتێ بەنارێك بزانین . ئاوزەمان پێ ناگا.

ماوەل٧

چاپ اختر شمال

تلفن ٢٥٥٠١

## مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی کورد

نووسراوی زانای مەزنی کورد، احسان نوری — وەرگێزاوی: د ـ ع ـ مفتی زادە

### ٨٢

«اولیاچلبی» جیهانگەرد و گەڕاڵی بەناوبانگی تورك لە بەرواری ١٠٥٦ کۆچیی لە گەشت نامەی خۆیدا ئەنووسێ: «سنووری باکووری کوردستان «ئەرض روم»، سنووری باشووری «بەصرە وخەلیجی فارس»ە. کتێبی «مێژووی ڕۆژهەڵات» ئەنووسێ: «جێگاونیشتمانی کوردەکان لە خەلیجی فارس تادەریای خەزەرە». کتێبی «کردعشیرتلری» کەلەلایەن «مدیریت عمومی» عەشایر وموهاجرینەوە سەبارەت بە کوردەکانی عوثمانیی لەئیستامبوولدا، بەڵاو کراوەتەوە، وەلەبەرواری ١٩١٨م، لە چاپخانەی «اورخانیە»دا، لەچاپ دراوە، ئەنووسێ: «سنووری نیشتمان و جێگای عەشایری کوردلە باشوورەوە عراق وموصل، وەلە باکوورەوە لازستان، وەلەڕۆژئاواوە ناوەندی اناطول وەلەڕۆژهەڵاتەوە عەجەمستان و کێوەکان ئاراراتە» ئەم ناوچەتەنیا کوردستانی تورکییەیە، کەتورکەکانی بوخۆیان پێی هاتوون.

ئەوهۆزە کوردانە کە لە ڕۆژگارانی قەدیم، لەناوچەی فارسدا ئەژیان «کورتی، مرد، امرد»ەکان بوون، کە «استرابون» هەواڵی بونی ئەوانی لەو جێگادا نووسیوە. «هرودوت» یەکێ لەهۆزەکانی فارس بە «مرۆڤی» ناوئەبا؛ چونکو «مرۆڤ» ووشەیێکی کوردی بەمانای ئادەم و بەشەرە، ئەکرێ کەوابزانین ئەوهۆزەش لە کوردەکان بوون،

لەسەرەتای صەدەی سێهەمی میلادیدا، پادشای شاری «استخر» ـ کەڕۆژگاری پاتەختی پادشاکانی ئێران بوو ـ ناوی «کوچیهر» لەڕەگەزی بازرنکیان»ی کوردبوو. ئەمڕەگەزە لەصەدەی یەکەمی میلادیشا بوون، وەلەوجێگادا، بوبوون بەجێ نشینی هەخامەنیشی یەکان.

خوداڵێخۆش بوڕەشیدی یاسمی لەبارەی ڕەگەزی ساسانی یەکانەوە بەدرێژا باسی کردووە، وەبەم ئەنجامە گەیشتووە کە: باپیری ئەردەشێری بابەك، یانێ ساسان لەهۆزی شوانکارەی کورد، وەدایکی بابەك کچی یەکێ لە کوردەکانی هۆزی «بازرنکی»یە. جێگای گەورەبوون و بار هاتنی ئەمخێزانە ناوچەی کوردنشینی فارسە. خوداڵێ خۆش بوو، بۆ بەتین کردنی ئەمقسەی خۆیە ئەنووسێ: «ئەردەوانی پێنجەمی ئەشکانی لەونامەدا، کە لەنێو کۆمەڵی گەلا خوێنراوەتەوە، چەندواتەیێکی نووسیوە کە لە کتێبی مێژووی «طبری» و «ابن اثیر»دا، نووسراوە، وەئەمە وەرگێڕاوی ئەو واتانە:

(تۆپێت لەبەڕەی خۆت داکێشاوە، وەبەرەوپیری مەرگ ئەڕۆیت ئەی ڕەگەز کورد! کەلە نێوڕەش ماڵی کوردانا گەورە بووی و بەحێو کراوی؛ کێ ئیزنی تۆیدا کەئەم تاجەت نایەسەرت؟)

#### مانای ووشەکان

گەڕاڵ: سیاح

بەناوبانگ: معروف

بەروار: تاریخ

کۆچیی: هجری

گەشت نامە: سیاحت نامە

سنوور: مرز، حدود

باکوور: شمال

باشوور: جنوب

هۆز: طایفە، عشیرە

ووشە: واژە، لغت

صەدە ـ قرن

ڕەگەز ـ سلسلە، نژاد

بەدرێژا ـ بتفصیل

بارهاتن رشدونشاء ونما

خێزان ـ خاندان، خانوادە

بەتین ـ استوار، محکم

ڕۆژئاوا، غرب

ڕۆژهەڵات: شرق

ناوچە: منطقە

پێهاتن: اعتراف، اقرار

کۆمەڵ اجتماع

واتە ـ کلام، جملە، عبارت

وەرگێڕاو ـ ترجمە

بەرەوپیری ـ باستقبال

## ڕیزەکاریی

**گۆسەی ڕیش پان:** دۆشتی پێکەوە نەگونجاو کە کەسێ، ئیددیعای بکا، چونکو بە کەسێ ئەڵێن کە ڕیش «زدێن»ی نەبێ، وەڕیش پان، گەورەترین بەشی، لەڕیش داهەیە.

**مل بەتۆمەتداکردن:** ئیعتیراف وپێهاتن. بناغەکەی ئەوەیە، کە خاوەنی گەلێ لەزمانەکان، وەکو کوردی وفارسی وعەرەبی، مل بەبار کێشی تاوان ئەزانن؛ یانێ کاتێ کەتاوان، بەشتێکیوەکو زنجیر یا ئەڵقەوە ئەشوبهێنن، جێگایێ کە ئەوزەنجیر یائەڵقەیەتێ بکرێ مله؛ مەسەلەن، لەکوردیدائەڵێن: «دەینم بەملت، یا، تاوانەکەیخستەملی من». کەوابۆ، تۆمەت ـ کەمێشتانازانرێ؛ یاخۆڕاست بێ یادرۆ ـ وەکو ئەڵقەیێکە، کە ئامادەبێ بۆئەوەبچێتەملێ تۆمەت لێدراو؛ وەکاتێ، تۆمەت لێدراو، بەوتۆمەتەدێ، وەکوئەوەیە، کە ملی خویی، کردبێ بەوئەڵقەدا.

**بەندەر لەکەسێ چونەبەس:** بەنائومێدی و سەرگەردانی کەوتن. مەعنا لوغەوییەکەی، ئەوەیە، کەکاتێ گەمی (کەشتی ـ پاپۆڕ) بگاتە بەندەر (بندر ـ میناء)، وەبێ یەوێ لەنگەربخات وڕاوەستێ، هەموو لایێکی بەندەر گیرابێ، وەلەهیچ لایێکەوە، شوێنێکی خاڵیی، وەدەس نەکەوێ. خۆدیارە، گەمیێ کە کارەساتی وەهای بەسەردابێ، نائومێد وسەرگەردان ئەبێ.

**شەشدەر لەکەسێ بەسران:** بەمەعنای کینایەی سەرەوەیە. لەوە گیراوە، کە لە گەمەی «نەرد»دا ئەگەر یەکێ لەدوتەرەف، داشێکی ئەوپتر بخوا، کابرای داش خوراو، مۆرەهەڵ ئەخا، تابەڵکو لەشەش ژمارەی ١ ـ ٢ ـ ٣ ـ ٤ ـ ٥ ـ ٦، یەکێکیان بێنێ، کەماڵی ئەوژمارە، لە شەشدەری (شەش ماڵی جێگای دابەزینی داش) بەرانبەری خۆیدا خاڵی بێ. جائەگەر داش خواردو، هەر کام لەوماڵانەی، بەدوداش یازۆر ترگرت، ئیتر کابرای داش خوراو، ئومێدێکی نامێنێ، وەئەبێ مورە بداتەدەستی ئەوی ترەوە، تاکاتێ، کە ماڵێکی شەشدەر ئەکرێتەوە. خوالێ خۆش بۆنالی ئەڵێ:

«خەرێکی شەشدەری هاتونەهاتم
خەلاسیم قەت نییە لەم نەردەبێتۆ»

**داش سوواربوون:** دەستەڵات وەدەس کەوتن بەهۆی بەڵگەیێ شتێکەوە. کاتێ دوکەس لەسەرمەسەلەیێ، مشتومڕیان بێ، ئەنجا یەکێکیان، شتێکی بەباری خۆیدا، ئەزانێ ئەوپتر بپسێ، یاکەسێکی تر بداتە پاڵی قسەکەی، وەئەوپش لەسەرقسەکەی خۆی، سوێربیبێ، لە بارەیەوە ئەڵێن: «داشی سواربو». لەوەگیراوە، کە لە گەمەی «دامە»دا، بردنەوە، بەسوار بۆنە؛ یانێ یەکێ لەدوتەرەف، بەجۆرێ دەس بگوێزێتەوە، کەداشێ بخاتە بەردەم پاشانی داشێکی ئەوپتر، وەماڵی سێیەم، یانێ ماڵی پشت یائەوشانەی داشی دووەم خاڵیی بێ، کەئەوحاڵەتە، پێی ئەڵێن «سواری»، وەئەوداشە «سوار»ە؛ یانێ ئەگەر کابرا داشی دووەم نەگوێزێتەوە، یاداشێکی تر نەنێتە ماڵی سێیەم، داشی یەکەم، بەسەریدا ئەپەڕێتەوە بۆماڵی سێیەم، وەئیتر ئەوداشە ئەخرێتە لاوە. جادیارە کابرایێ کە داشی سواربێ، لەوکاتەدا بەسەری تەرەفدا زاڵە و لەوانەیە تەنگی لێ هەڵچنێ.

## ئالەبارییەکان ...

ماوەی ل١

ئەوساوایە ئەبێتەهۆی دەردی سەری باوك وبەتایبەتی دایکیان.

ئەونەخۆشی یەلەمەڵبەندە کورد نشینەکان دالەهەرشوێنێ کابەچەشنێ ناوی ئەبەن، لەجێیێ پێی ئەڵێن «ئازارە منداڵانە» لەجێیێکی ترا «دەردە چەپەڵە» بڕێ شوێن «سەروبنی مانگ» وەبڕێ ناوی دیکەیشی هەیە. ژنانی مەڵبەندی کوردنشین لە گەڵ منداڵەکانیان نەخۆش ئەکەوێ، یائەڵێن ئازارە منداڵانەیەتی یائەڵێن ترساوە، وە جگەلەم دوشتە ئیتر ناوی هیچ نەخۆشیێکی دیکەنازانن، ئەگەر هات وئەونەخۆشی یەبڕێ سەختی گرت جار وبارێکیش ئەڵێن ئەگونجێ دەسیان لێ وەشاندبێ.

ئەنجابزانین بۆچارەی ئەو نەخۆشی یە چی ئەکەن؟ وەچۆن ئەومنداڵە بەستەزمانە ئەخەنە مەیدان بۆئەوەی کەلەو بیماری یە ڕزگاری بکەن وەلەباتیی چار کردنی ئەوەندەی ترشکەنجەی ئەدەن؟

ماوەی هەیە

## مەتەڵە

ماوەی ٦

**٢ـ ناتوانێ مردوو بشۆرێ، زیندوو نەشۆرێ!!!**

هەرکاتێ کەسێ نەتوانێ کارێکی بچوك جێ بەجێ بکا، وەدەست لەو کارە هەڵ گرێ وخەریکی کارێکی گەورەتربێ، ئەم مەتەڵەی لەبارەوە، دێننەوە.

**٣ـ لەباتیی تیری کاغەز ئەجاوێ!**

مەتەڵێکی سنەیی یە. نانی تیری، نانێکی سپیی وناسك وجوانە کەووشکی ئەکەنەوە، هەڵی ئەگرن وهەموڕۆژێ بەئەندازەی پێویست دێنن، ئاوی لێ ئەپڕژێنن نەرم ئەبێتەوە. مەبەست ئەوەیە کە برسیی ناچارە بۆ تێر کردنی سکی خۆی هەرشتێکی وەگیر کەوێ بیخوا؛ وەدەس بەهەرکارێکی چاك و خراپەوەبدا؛ وەئەمەیە کەئەڵێن:

**٤ـ سك برسیی ئیمانی، نی یە**

بنکەی ژین www.zheen.org

**هەراله**

ماوەی ل ٤

ئەوەی کە بەردڵ خرا، «خاڵەمەحموّد» کوڕێکی هاوسێ ماڵی بانگ کرد،وە کوتی زۆلەبڕۆرە تا ئاوایی ژیوار، وەبەمامۆستا مەلا«ئەحمەد» بڵێ لەگەڵ دەم چەرمووپیاو بوتاسبانی هۆزردا سبەینێ بێن بۆئێرە، کاری خێرمان بەدەستەوەیە! ئەنجاناوبراو هێنای بەقولاوچۆبۆ «ژیوار» لەولاشەوە «خاڵەمەحمود» و«خانمێ» کەوتنە خۆیان دەستیان کردە ئامادە کردنی پێشەکی میوانداری، حەیوانیان سەربڕی تەلانــی باغیان پاك کردەوە جۆگەلەی ئاوی صافی کانیاویان بەتەلانەکاندا بەڕێ کرد، سەرتاسەری باغوتەلان وکەوێلیان، وەکو بەهەشت ڕازاندەوە، کوڕان وکچانی هۆزوهاوسێ وبراوسێی نزیكیان بۆکار کردن کۆ کردەوە ، هەریەکێ بۆخۆی بەدەم کار کردنەوە چەشنە ئاهەنگێکی ئەوتەدەنگی «سیاوچەمانــە» و «لەرزانەو «چاوڕەشێ شەڕم لێلادە!» و گورانی جۆراجۆری کوڕو کچ لە گوێی تەلانانی باغدا پیاویان مەستئەکرد

ماوەی هەیە

**شانازی**

ماوەی ل٤

ئەمن شانازي خۆمم پـێبڕا ؛ ئاڵەلــــــە بەرپۆشیـی
بەشوێنیی تێغی تۆپۆشیم خەڵاتی چەشنی گـوڵنارت
میەوێتانە لەدعابە «گەردەباسوجدە لەبـەرپێتا
دەزانی خۆتوویجدانتچییەحاڵی گرفتارت!

**هەزارویەکشەو** ٣٢٣

پشتی پیرەژنا تێتوسپیا لەکانی ئەکاتەبەری دینی ئەڵێت: من نەم ئەویستلە گەڵتۆدا زۆران بگرم، تۆبۆخۆت زۆرت کرد؛ لەپاشانیش من تەمام نەبۆ، تـۆیشم بەزەیینا ، بەڵام تۆ بۆخۆت دەست وپێتوەشاندو کەوتی. ئێستاشو کربوخودا کەجێگاییکت نەشکاوە، پیرەژن لەڕق وقینی دڵیاقسەی نەئەکرد؛ وەوەڵامێکی نەداوە؛ وەلەپاش ئەوەخۆی پۆشتە کردەوە هەستاوەسەری داخست، وەبەڕەنگ زەردیوخەجاڵەتەوە ڕۆییشت، تالەچاو گوم بۆ؛ وە کەنیزە کانیش هەمۆ بەباڵی بەسراو کەوتبۆن؛وە کچە جوانە کەش لەنێویانا ڕاوەستابۆ. شازادە شرکان لەدڵی خۆیا ووتی: خوداوەختێ زۆڕێ بۆ کەسێ بنێرێ وەسیلەی بۆپێكدێنێ؛ ئەمە کەمن خەوملێ کەوت وئەسپ هەڵی گرتم، وەسیلەبۆ کە ئەم کچە مانك ڕوخسارە و کچەکانـی تـر یش، وەچنگم کەون، ئەوجائوزەنگي دالەئەسپ و، بەتیغی ڕۆتەوەچووەپێشەوە، دەنگی «اللّٰه کبر»ی هەڵبڕی کە کچە کەئەوی چاوپێ کەوت. لەم بەری هەسیلە کەوە، کەشەش گەزدرێژ بۆ، بازی بردە ئەوبەر؛ وەبەدەنگی بەرزووتی: تۆ کێیت؟ بۆشادی وخۆشی ئێمەتێك دا؟ وەبۆچي بەم جۆرە بەشمشێری ڕۆتەوە هەڵمەت ئەدەی، ئەڵێیت هێرش لـەسەر قۆشەنی دوژمن ئەبەی؟ ڕاست بڵێ کە: لەکوێوە هاتوی؟ بۆ کوێ ئەڕۆی ؟ قسەی ڕاست بکە کەڕزگاریت والەڕاستووتنا؛ وەلەدرۆ دۆري بکە، چونکۆ درۆزن هەمیشە زیان ئەبینێ ئەڵبەت دیارە کە تۆغەریبی وڕێگات هەڵە کردووە، کەسەرت لەم شوێنە وەدەرهێناوە. وەئێستا دەرچۆنی تۆمەحاڵە؛ وەبزانە کەئێستا تۆوای لەجێگاییکدا، کە: ئەگەرمن دەنك هەڵبڕم، چوارهەزار پیاوی شەزاني وچەك بەدەست وتەیار کۆ ئەبنەوە. ئێستابڵێ بزانم: چیت ئەوێ؟ ئەگەر ڕێگای ڕاستت پێ ئـەوێ ، تاپیشانت بـــدەم؛ وەئـــــــــــــــــــە گــەر ئـــــەتـەوێ تـابت خەوێنم. کەشرکان ئەمهەڕەشەی بیست، ووتی: من پیاوێکی غەریبو موسوڵمانم.

**لەهەرگوڵزار**

ماوەی ل

ڕێزەی ڕازهەمقەند، هەمشەهەد، هەمنەوات!
هەمحەوز کەوثەر، هەمچەشمەی حەیات
وەقامەت شمشاڵ ، بەجەماڵ بەدرە
وەشەرەف ئاغای «لیلـە لقـدر»ە
وەبۆهەم گوڵشەن، هەم گوڵزارهەشت
هەمئەرواح ئەفزا، هەمڕەوزەی بەهەشت
بەنەفەس «عیسا» محیی الامـوات
بەشەرەف ئەشرەفی جوملەی مەوجوّدات
بەشۆخیی وجەماڵ «یوسوّ»ی کەنعانیی
بەسینە صاحب عیلم لوقمـانیـی

ماوەی هە

## کوزادبەگی خورخورەییی

نەکەردە نیم کەرد . . .

کەردەنیم نەکەرد، نەکەردەنیم کەرد
نەدادەنیمـدا ، نەبەردەنیـم بـەرد
سەرەداخ کەرانچ حاس بازیم کەرد؟!
هەشتمدا کلید، هەفتم کەرد گوشاد
کوللمدا بەجورو ، جزومدا بەباد
بیم وەبازرگان خـڕیـارداری ـن
وەخەیاڵ خام جەم کەردم زیندەین
وەسەودای بێسوّدشیم نەڕای عەبەس
وەعەزمسەفەر نـەدەریـای هەوەس

ماوەیهەیە

## سیدصادق پارسانیان

زام تازە وە . . .

ها، کەفتین وە کـۆسزام تـازەوە
وەی زام بـێشۆی بێئەنـدازە وە
وەی نێش مـاران بـێ ئیجـازەوە
پێکیام وەمـژەی شەست سیـاوە
مورغ دڵ حەمەوّن وێش غـەڵطیاوە
ئیمجار چێش کەروّن وەی زامنۆوە
وەی دەرد کاري سەخت بـێشۆوە
بناڵوّن وەی بەخت سیاچـارەوە
وەینێش پەیکان بەدۆبــــــارەوە
دڵ بي وەخەدەنگ جەهان ئاراوە
زام ئێد جـــــــەزام ئـەو ویاراوە

ماوەی هەیە

بنکەی ژین
www.zheen.org

# دیاریی خوینەران

## داخی دل

ئەڵێن: تـاسەربێ ڕزقـی لەدوایە
ئەمە قەولێکە ، باوەڕ بەخوڈایە .
ڕزق لـــــەئاسمان نایێتە زەوی
شەرطی ئەمەیە تـ ۆشوێنی کەوی
بەڵام نەکسواڵ لەم ماڵ ولـەوماڵ
بەڕەنجی شان وبە کەسبی حـــەڵاڵ
ئەوی کەنـایخوا دەوڵەتـی زۆرە
ماڵی خۆ نەخۆر بـۆچە کمەبـۆرە
بەخوڈا ! ئـەمانە داخی دڵمانە
نان ئەونانەیە ئەمــڕۆ لەخوانە

ئەمپارچەهۆنراوە کاكحسام‌الدینی‌امین‌بۆی‌ناردوین. لەهاوکاري ئەوان سپاس ئەکەین.

م ص. مفتی‌زادە

## دەردی دل

ماوە لەچڵی‌پێشو
ئەنجا دەنگێ خۆش لەشیرین خەودا .
نەرم ئەهاتە گوێم لـەنیوە شەودا
سۆزەی ئەودەنگەقوتی گیانم بـوَ
ئەودەنگە دەنگی‌دایکی جوانم بوَ
لەپـای جۆلانـەم شەوان بێدار بـوَ
لـەووت‌ووریای مـن ئـاگادار بوَ
من‌شەمع ودایکم پەروانەی من‌بوَ
شەوتا بەیانـي دیوانـەی مـن بوَ
هەموَدەم لـــــەبیر بارهێنانم بوَ
کاری‌شەو ڕۆژ چت‌پێدانـــــم بوَ
ڕای ئەوەستاندم کـەم کەم بەپێوە
دەستی ئەگرتم ئـەی بردمەڕێوە
ڕش‌ڕەنجی زۆرو گەلێ تێ‌کۆشان
خستمیە سەرپێ‌دایـەی میهرەبان
یـەك‌پیت ودوپیت ئـەی‌دانیشاندم
دان دانێ ووتـــــەی ئەنیازمانم
بەصەڈیـەزارە وبەصەڈ دەردوڕەنج
منی‌پێ‌گەیانـد هەتا بوَم بە گەنج
باوکم پیاوێ بـوَ دلێر وبـێ‌باك
نەترس‌ونەبەز، بـــــەهێزوچالاك
کەتنی(١) ئەوە بوَنەخوێنڈوار بوَ
لەبەنەزانیی گـــــەڈاو هەژار بوَ

(١) عیب ، نقص

ماوەی‌هەیە

# چوارقوژبن

**لابەلا :**

| ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ■ | | | | | | ١ |
| | | ■ | | | | | ٢ |
| | | | ■ | | ■ | | ٣ |
| ■ | | | | | | ■ | ٤ |
| | ■ | | ■ | | | | ٥ |
| | | | | ■ | | | ٦ |
| | | | | | ■ | | ٧ |

١ـ کرێ وەرئەگرێت وکاری کشتوکاڵ ئەکا٢ـدوَدپواری سەروخوار، کەدان‌لەوانەوە ئەرووێ ـ هەرچەنڈ نیوەیێکە لەکوَمەڵی ئینسان، پایەی‌هەموَ فیتنە وفەسادێکی کوَمەڵە ٣ـ جێگای ، سەری پادشاهانە ٤ ـ لەشەقام چوکوَلەترەـئەڵێن: . دەسەبرای‌پسە٦ـلێوی سنە ، یاچڵی سەربەرە وخوار ـ قسەی بێ‌لێ کوَڵینەوەو کەشکیی ٧ـچاخ‌بوَنەوەیێ کەنیشانەی‌ناخوَشی‌یە (ماس).

**بەرەوخوار:**

١ـ ... کەشەوقێکی نەبێ، من گر کەتاڵم‌بوَچی‌یە؟! ✩ ل کەزەوقیکی نەبێ ، من گوَشتی کاڵم بوَچی‌یە؟! ـ باوەکوَ نیشانەی ناخوَشي‌نێوانە، هەر لەدوَست ئەکرێ ٢ـ یانێ: بگرە ـ... بێ‌وادەت عەجەب ڕەنگێ ڕەشت✩شین ووشت‌نەدنیاوشادێ وەبەهەشت ٣ـ کەسێ کەکاری‌شێوان وبێ‌تەرتیب‌بێ ٤ـ دوَعای شەڕ، بەوپیتە دەس‌پێ‌ئەکرێ ـ نیشانەی کردەوی‌کات (فیعلی‌حال)، یا ئەوەیە یادە؟ ٥ـ ئەڵێن: دووای‌ئەوە،تەشتی‌تەڵابنێ‌بانی سەرەوە ٦ـ ئێشی، دپوی ناو ـ لەکاتی شەڕدا، ئەوە ئەڕوات ودان ئەمێنێتەوە ٧ـنێوانی‌ساقەتە وڕیشەی گیایا نەمامـئەڵێن: ئەگەر کلاش ،وَخوَی‌بکا، باشی ئەکا.

### گراو ی چوارقوژبنی ژمارەی٨١

**لابەلا :** ١ـ کەشتەنگ ٢ـ کایە ٣ـ کرم ـ ریش ٤ـ هەاوا ٥ـ بەز ـ نزم ٦ـ واز ٧ـ قوربانی .

**بەرەوخوار :** ١ـ کوك ـ بوق ٢ـ زەهاو ٣ـ مەزار ٤ـنك ـ زب ٥ـ هارون٦ـ نییاز ٧ـ گەش ـ مەی .

هەزارویەك‌شەو ٣٢٤

ئەمشەو تەنیا لەماڵ دەرچوَم وبۆشتێ ئەگەڕام کە بەتاڵان بیبەم ، وەئێستا تاڵانی‌لەم کچانەچاکترنابێ کەبیان‌بەم بوَلای یارانی خوَم. کچە کە ووتی: ئەم کچانەبەتوَ تاڵان‌نا کرێن؛ وەناتوانی دەس درێژی‌یان لەسەربکەی. مەگەر من‌پێم‌نەووتی، کە: ڕاست‌بڵێ ولەدروَووتن دوَري‌بکە! بەگیانی مەسێح سوێنڈ ئەخوَم کە ئـەگەرلەوە ترسم‌نەبوایێ کەتوَ بەدەستی‌من نابوَدەبی، وەها هاوارێکم ئەکـرد، کـەئـەم‌سەر زەوینە لەسوار وپیادە پڕئەبوَ؛بەڵام‌من‌لەگەڵ غەریبا ا میهرەبانم وبەرەییم‌پێتادێتەوە، وەحەزناکەم کەدڵت‌بێشێ وئازارێکت پێ‌بگا، ئەگەر ئەتەوێ تاڵان‌بکەی،لەئەسپ دابەزە؛ وەبەدینی خوَت سوێنڈ بخوَ کەدەست بوَچەك نەبەی؛ وەلەگـەڵمنا ڕوَران بگری. ئەگەر توَمنتدا بەزەوینا بمخەتەرکی ئەسپەکەت؛ وەهەمو ئەم کچانە بڈە بەر، وەهەموَمان بەتاڵان بە وەئەگەرمن توَمدا بە زەوینا، خوَم ئەزانم‌چیت لەگەڵ ئەکەم. بەڵام سوێنڈبخوَ کە فڕوفێڵێ‌نەکەی، کەمن‌لە توَدڵ‌نیابم، وەبێمەنزیکەوە بوَلای‌توَ. شازادە شرکان تەمای تێ‌کرد کە بیگرێ؛ وەلەدڵی خوَیاووتی: ئـەومن ناناسێ کەچەنڈ زوَردارو نەبەزم. ئەوجا بە کچەمالکژوخسارە کەی‌ووت: بەهەرشتێ کەتوَ باوەڕت پێ‌یە، سوێنڈ ئەخوَم کەفڕو فێڵت‌لەگەڵ ناکەم. چونکوَ ئەگەرتوَ من‌بڈەی بەزەوینا وبەسەرما زاڵ‌ببی، هێنڈەماڵ ودارایم هەیە کە خوَم‌لەتوَ بکڕمەوە، بەڵام‌ئەگەر من‌بەسەری‌توَڈا زاڵ‌وپیروَزبیم، توَتاڵانی یێکی چاکی. کچە کەووتی: من‌لەسەری ئەم‌پەیمانی خوَمە ڕاوەستاووم. توَیش سوێنڈبخوَ بەو کەسە کە گیانی کردووە بەئەنڈامی ئێمەدا، وەڕێگای ڕاستی‌بوَ ئێمەڕوَشن کردووەتەوە، لەسەرئەم پەیمانە قورس ڕاوەستی. شرکان بەوجوَرە سوێنڈی بوَی‌خوارد. کچە کە بـاوەڕی پێ کردو، دڵ‌نیابوَ؛ وەهاتەئەم بەری هەسێڵەوە؛ وەبەپێ کەنینەوە بەشرکانی‌ووت کە دوَری‌توَ لەیارانت زوَرسەختە؛ تازوَو ،بگەڕێوە بوَلای‌یارانت، زوَرلەوە ئەترسم کـە

بنكەی ژین www.zheen.org

وەرگێڕی پێشەك وڕاستکەرەوەی هۆنراوەکان: م.ص.م

# کنز العرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین ووتار ((میر محمد صالح حسنی نعمت اللهی))

**ملقب بە«حیرانعلی شاە»ی کرماشانیی**

هەمسەران نالـــــەم ...
چەرخ چەپي واز کەڕەن لەنالـــەم
مات و مەلولـــەن تەمـــام عالـــەم
کول حەیران مەنڏەن لەبەخت وتالەم
عاشق عارف «حەیـــران»ەن ، ناوم
« دەجلەدەجلە »ی ئاومەبۆ لەچاوم
قەلبم مەسۆزو چون شوعلەی ناران
ئەشکم جاری یەن چون شۆڕەی واران
سۆمای چاوانـــم وامـــەنڏەن لـــەکار
جۆش مەڏەن لەتەرز کولّ «زریوار»
سەراو چاوم توغیان کـــەرد لەنـــۆ
خۆن لەچاوانم ڕێ کەردەن چون جۆ
خەیمەی خەمم دان لەسەحرای جنۆن
سەر گەرم گریەم لەدەرگای بێچۆن
خەمان خـــەیمەدان لەملّك گیانم
هۆناو گۆل وستەن لـــەبـــان ڕانم
تك تك مەتکۆهــــــۆناو لەدیڏەم
لەجەور دنیا قامــــــەت خەمیڏەم
دیڏەم وە«دەجلە» و «فرات» مەمانۆ
ئاوو گلّ ئامـــان تـــــــاساق زانۆ
فغانم بەرزەن لـــــــەوێنەی بلّبلّ
لەئاو دیـــــــڏەم زەمین بي وەگلّ
لەگریە وزاري دەخیل وئـــامـــان
هۆناو مەڕێزۆم لـــەچاو ، وەدامان
کێ شنەفتەن صەیت خەفت وخۆراییم
گۆش نەڏاس وەدەنگ زایەلّەوزاریم؟!
چون «موسا» داییم هام لەمناجات
وەدەرگای بێچۆن «قاضي الحاجات»
گالەشۆر عیشق لـــەهیجران گولّ
مەکێشم ئاواز بـــــــەوێنەی بلّبلّ
لە سەرتا وە پا خوشك بیمەلەپۆست
مەکەم مناجات لـــەدەرگاه دۆست
دامەنەی کـــــــۆسار بیاوان دلّ
لالـــەوەش داغدار تاکەمەر لەگلّ
فەرامۆش کەردم لـــەمیحنەت ناوم
حەیوانـــات سێراوا لەئـــاو چاوم
غوصه خەیمەداس لەملك گیانم
چۆ بەرف ئاو کەردەن مەغزو سوخانم
«سەی صالح» چۆنای ئاخرەت مەرگە
عوریان بەئاگـــر بڏەر لـــەخەرگە

وتاری دینیی

ماوەی ل٢

پێ ئەدا کەبەزمانی خۆی بەخەلّك ڕاگەیێنێ کەمنیش هەربەندەیێکی وەکو ئێوەم،وەجیاوازي وئیمتیاز-یکم بێ ئەوەیە، کەپێتان ڕاگەیێنم کەڕێگای ڕزگاریتان ئەوەیە، کە تەنیابەندەی خودابن، وەبەند، گي بۆکەسی تر نەکەن.

ئەوپایە یەکـــــــەمەی دینە ئاسمانی یەکان، بومبایێ بۆ، کەهەر کام لەپەیغەمبەران- صەلـــوات و سەلامیان لێ بێ- ئەیـــان خستەسەر خانۆی زۆر وستەمدا، وەبەوبۆنەوە، ئەوپایەئابۆری یانەیان، کەبەدەسد- ڕێژێی دەستەیێ بۆمافی دیگەران دامەزرابو ، ویـــران و خـــاپوور ئەکرد.

پەیغەمبەران ( ع ص ) ئەیان فەرمۆ، کە هەر کەسێ، بـۆخـۆی خاوەنی کەسب وکاروژیان وهەمۆ مافیکی خۆیە، وەهیچکەس بـــە ناحەق ناتوانێ بیێتە خاوەنی مافی کەسێکی‌تر ؛ جـادووای ئەوە ، فەرمانیان بەدەولّەمەندان ئەدا، کە ئەبێ دەسگرۆیێی هەژان بکەن ؛ بۆیێ، کە وەها لە کورتەیێکیەوە باس ئەکەین، تەنیادەستەی دەولّە-مەندانێ، کەبەناحەق مافی خەلّکیان بۆخۆیان حالال کردبو، لەبەرامبەری ئەوانەوەڕائەوەستان، ودوژمنایەتیی-یان لەگەلّیان ئەکرد :

**ناتەواو**

# مەولودنامەی پەیغەمبەری مەزنی ئیسلام حەزرەتی محمد(ص) دانراوی زانیاری بەناوبانك

**حەسەنی هەرتووشیی**

هەم دوێ ڕۆژێ لسەیدێ بۆ «وەهب»
یەعني بابێ «آمنا» عالـــی نەسەب
چون سەدا هات و«وەهب» لێ کرنەزەر
هاتە«عبدالله» قەومێ خۆن جەگەر
ڕەفدە(١) کورگي هاتە بەرخێ نوجەوان
لێ بەلـــێ هـــوشیارەلـــێ زیبا شڤان
ناگەهان، فکري«وەهب»دێ ڕئـــاسمان
هاتە خوارێ لەشکەرێ ڕۆحانیان
غەیبیان کەسکە(٣)پۆشێ گولّ عوزار
هاتن ئەوژ کورا، کرنژي تارومار
طرفةالعین جهۆد بەربـــادکـــردن
وانژاقلیمێ جهان پاوندا(٤) کرن

(١) دەستە ، ڕەمە ، گەلە (٢) شووان (٣) صەوز (٤) نابـــۆد ، تەفروتۆن

بنکەی ژین www.zheen.org

چۆن بنوسین

ماوەی ل١

ووشەی خۆی ڕیشەی نەبێ! لێرە داپێویستە ئەوەبزانین کەبڕێ لە کردەوە بەڕێگاکان بەبۆنەی ئالّو گوڕ کوردنی پیتەکانیان، وەهەر وەهاش بەهۆی کورت کردنەوەیان لەڕووالّەتا ، وائـــــــەزانرێ کە لەچەشنی کردەوە بێڕێگاکانن، بۆوێنە: کردەوەی ئەمری «بێ» لەشێوەی سۆرانی،وە«بۆ»لەشێوەی هەورامي‌دا، لەڕیشەی «هاتن»،وە « ئامای » دروست کـراون ، بەم چەشنە: بۆدوروست کردنی کردەوەی ئەمر، پیتی«ب» لەسەرەتای ڕیشەکەوە، بۆجووانی، وەئاسانی دەرخستن، دائەنێین ، وەلەدوایي ڕیشەکەوەپیتی نیشانەی ڕیشە«تن» فڕەئەدەین، ئەبێت بە: «بها»ئەنجا بۆکورتي پیتی«ه»ش فڕەئەدەین، وەپیتی «الف»ش ئەکۆڕینەوە بە پیتی «ێ»ڕێرەی بەلاو،ئەبێت بە:«بێ»

هەروەهاش کردەوەی «بۆ»لە ڕیشەی «ئامای» دوروست کراوە، بەمڕەنگە:ئامای:بئام:بئوم:بۆم:بۆ.

ڕێگای فەرەدان وئالّوگـــوڕ کردنی پیت لە کردەوەکاندا لەجێگای خۆیدا باسی لێوەئەکەین.

کردەوەی بێڕێگالە کوردي دازۆر کەمە، بەلام ئالّو گۆڕی پیت وەفڕەدانی لە کردەوەکاندا،زۆرە، ئەوەش ئەبێ بزانین کە کردەوەی بەڕێگا وبێڕێگا لەگەل ڕیشەی بەڕێگاو بێڕێگادالەیەك جییان.

هەرودها کە لەپێشاووتــۆمانە ڕیشەی بەڕێگائەوەیە گەلەڕیشەی تێپەڕنەکەری بێڕێگا دوروست بکرێ وە«نیشانەی«اندن» کەنیشانەی ڕیشەی تێپەڕ کەری بەڕێگایـــە لەجێگای نیشانەی ڕیشەی تێپەڕ نەکەرا دائەنرێ، وەکو:سوتان: سوتاندن دانیشتن: دانیشانـــدن. مردن:مراندن خەوتن:خەواندن چۆن: چوواندن.

لەووێنانەدا ڕیشەکانی:سوتان، دانیشتن، مردن، خەوتن، چـــۆن ڕیشەی تێپەڕکەری بێڕێگان؛ وەڕیشەکانی: دانیشاندن،مراندن، خەواندن ، چوواندن ڕیشەی تێپەڕکەری بەڕێگان . بەوچەشنە کدهەلّماندا، کردەوەی بەڕێگاو بێڕێگا،وەڕیشەی بەڕێگاوبێڕێگا-مان ناسیی.

# کوردستان

**لێ کۆڵینەوەی سیاسیی**

## ئیران و ئەفغانسان

گەشتی دووایی جەنابی موهەندیس «شریف امامی» سەرەك وەزیر بۆ ئەفغانستان، گەورەترین نیشانەی دۆستیی نێوانی دودەوڵەتی هاوسنوورو هاودینی ئێران وئەفغانستانە ؛ وەنیشان ئەدا، کە : پەیوەندیی نزیکیو برایەتیی نێوانی دووەڵات هەروەها نەپچراوە . ئێستا هەمو دەوڵەتانی شت دروس کەری دونیا ، پاپەی قازانجی ئابوری وپەیدا کردنی بازاری فرۆش بۆ کاڵا وشتەدەس کردەکانی خۆیانن ؛ وەئەگەر ئێمە بۆ پەرەپێدانی بازرگانیی لەگەڵ ئەفغانستاندا هەنگاو هەڵ نەگرین ، بەراستیی کۆتاییمان کردووە . بەهۆی بەڕێوەچوونی بەرنامە گەورەکانی شت دروس کردن لەئێراندا، ئێستا زۆر لەوشتەدەس کردانە کەلەم وەڵاتا بەمە کینەی تەیاروتازە دروس ئەبن ــ وەکو ئەلکترۆ موتۆر،بوخاری،شتی پلاستیکی کۆتاڵ ، نەوتو ...ــ بێ شك لەئەفغانستاندا چاك ئەفرۆشرێن وبازاری چاکیان هەیە؛ وەبەهۆی نزیکیی ڕێگاوە، قازانجی هەردوو وەڵات لەوایە کەپێکەوە پەیوەندیی بازرگانی یان بێ. گەشتی سەرەك وەزیر بۆ ئەفغانستان کەمترین کەڵکی ئەوەبو، کە بڕیاردرا : نەوت لە ئێرانەوە بڕوا بۆ ئەفغانستان . وەهیوامان هەیە لەگەڵ پەرەسەندنی پەیوەندیی سیاسی و بازرگانیی نێوانی دووەڵاتدا ، ئەو کاڵاکانی تری ئێرانیش کەبەچاوی کاڵاکانی بێگانە هەرزان ترن، وەلەهەمووبارێکەوە قازانجی برائەفغانییەکانمان لەوایە کەئەوانە بکڕن ، لەبازارەکانی وەڵاتی دراوسێ ئێمەدا بخرێتە بەردەسی ئەوان .

جگەلەمەش گەلی ئێران وئەفغانستان لەچاوی زمان وڕەگەزیشەوە ، زۆر پێکەوەنزیکن ؛وەبەم بۆنەوە دامەزرانی پەیوەندیی لەنێوانی بازرگان وخاوەن صەنعەتەکانی ئێرانیی وبازرگانانی ئەفغانیدا، کارێکی زۆر سەهل وئاسانە ؛ بەڵام ئەبێ بڕیاری بدرێ کە بەگوێرەی ئەوە،کارو باری گومرو کیی ئاسان بکرێ، تاڕێگای پەرەسەندنی بازرگانیی نێوانی دوو وەڵات بکرێتەوە ؛ وەهیچ کۆسپێ لەم ڕێگادا نەمێنێ .

یەکێ لەوهەنگاوە گەورانە کەیارمەتیی شایانێ بەقایم بوونەوەی پەیوەندیی نێوانی دووەڵات ئەکا ، بڕانەوەی گێچەڵی چۆمی «هیرمند»ە کەباوەکو تائێستا زۆرە بۆ بڕانەوەی ناحەزیی نێوانی دودەوڵەتی ئێران و ئەفغانستان تێکۆشیوون، بەڵام داخە کەم هێشتا ئەم گێچەڵە بەتەواوی نەبڕاوەتەوە

سەرچاوەی ناحەزیی ئەمەیە، کە : باوەکو ئێران لەماوەی صەدها ساڵی ڕابوردوا ، لەئاوی چۆمی «هیرمند»ــ کە لەئەفغانستانەوە ڕو بە سیستان دێ ــ کەڵکی وەرگرتووە ، وەبەگوێرەی بناغە و بڕیارەکانی مافی نێوانی گەلانی جیهان ئەم کەڵك وەرگرتنە لەئاوی چۆمی ناوبراو بۆئێران بووەتە مافێکی دامەزراو، بەڵام ئێستا ئەفغانستان بەلادانی ڕێگای ئەم چۆمە ، لێ ناگەڕێ کەبەشێ لە خاکی ئێران وەکو جاران لەئاوی چۆمی ناوبراو ئاودێری بکرێ .

هیوامان هەیە بەهۆی ئەو دۆستیی وبرایەتییە کە لەبەینی ئێران و ئەفغانستاندا هەیە، گێچەڵی «هیرمند» ببڕێتەوە؛وەکاربەدەستانی ئەفغانیش بۆبڕانەوەی ئەم گێچەڵە ، بەهەموو جۆرێ یارمەتیی بکەن . ئەبێ بڵێین کە ئەفغانستان بەهۆی جێگای جوغرافیایی خۆیە، کەدەستی بەدەریا ناگات ، لەدۆستیی لەگەڵ ئێرانا کەڵکی زۆر ئەبا ؛ وەبەڕێوە چوونی بەرنامەکانی ئاوەدانیی ئەووەڵاتە تائەندازەیێکی زۆر پەیوەندیی لەگەڵ پەرەسەندنی پەیوەندیی سیاسیی وبازرگانیی لەگەڵ ئێرانا هەیە؛ وەبێ شك ئەم ئاڵوگۆڕی دووایییەلەپەیوەندیی ئێران وئەفغانیدا ــ کەهیوائەڕوا، سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی زۆرتر لەئاییەندەدا بێ ــ بۆهەردوو وەڵات سەرئەنجامێکی زۆر بەکەڵك وچاکی ئەبێ .

| | |
|---|---|
| گەشت: سفر | کەڵك: استفادە |
| دووایی: اخیر | بڕیار: قرار |
| سنوور: مرز، حدود | بەگوێرە: باقتضاء |
| پەیوەندیی: ارتباط ، مناسبت | کۆسپ : مانع |
| نەپچراو: ناگسستنی | ناحەزیی: اختلاف |
| شت دروس کەر: تولید کنندە | بناغە: اصل، پایە |
| پاپەی: خواهان، جویا | ماف: حق |
| قازانج: سود | نێوانی گەلان: بین‌المللی |
| ئابوری ــ اقتصادی | دامەزراو: مستقر، مسلم |
| دەس کرد: مصنوعات | یارمەتیی: کمك، مساعدت |
| پەرەدان: توسعە | ئاڵوگۆڕ: تغییروتحول |
| هۆ: سبب | سەرەتا: مقدمە، آغاز، اوایل |
| بەڕێوەچون: اجرا | سەرئەنجام: عاقبت، نتیجە |
| تەیار: مجهز، مدرن | بەکەڵك: مفید |

**ماوەی سەرووتار**

ماوەی ل ١

چونکەزیاتری هۆی شەڕهەستی بەرتەری وڕکەونی و حەسوودیو خۆبەزل زانین وکاروباری ئابوری، وەیرێ کاتیش بڕێ شتی بێ بناغەو بەهانە گرتن بووە، بەڵام ئەوشەڕانەی کە بەناوی دینەوە ڕوویان داوە، بە هیچ چەشنێ ناکرێ چاویان لێ بپۆشرێ، وەئەوانەی کەخەیاڵی دروس کردنی عبادەتخانەیێکیان بۆهەموو ئەو دینانە هەیە، کەسانێکی تێگەیشتوو سەردەرچوون، کە: خاوەنی دینەکانی جیهانیان کە؛ بێ گومان سێ چووارەمی زیاتری ئەندامانی بەشەرزیاترن، گرتووە تەپێش چاو، وەئەیانەوێ لەنێوانیان دا پەیوەندیی دۆستیو دەس درێژ نەکردن ؛ پێك بێنن ، بەڵکو لەسەرئەنجاما بکێشێتە لای هاوکاریی وئاشتی ودۆستییەوە، وە ئەمەش خۆی خێرێکی گەورەی بۆبەشەر تێدایە ، وە ئەگونجێ بەشەری ئەمڕۆ کە ئەیەوێ پەیوەندیی دینە پێچەوانە جۆرا جورەکان پێکەوە ئاشت بکاتەوە، بتوانێ لەداهاتوی نزیکێکا ، بەوانەی کەپەیڕەویی یەك دینن بەڵام ڕێگەی جۆرا جۆریان گرتووە تەپێش دەرسێکی عبرەت بدەن، کەکاتێ بودائی ومسڵمان، یاهندوومسیحی پێکەوە بسازێن، وەلەعبادەتخانە یێکا کە هەردولالە ژێرسێبەری دان، بێ شەڕ وهەڵاوداوان،هەریە کەبەحووا ناسی خۆی سەرگەرم بێت، وە ئەرواحی خۆیان ئارامێ بدەن. بۆچ ئەبێ گرۆ، ومەذهەبەکانی اسلام لەناو خۆیاندا هێشتا کارەساتەکانی یەك قەرن ونیو لەمەو پێش بکێشنە پێشەوە،وەلەناوخۆیاندا تووی ڕق لەیەك هەڵ گرتن بچێنن؟!

بەڕاستیی ئایاهێشتا پەیڕەوانی مەذهەبە جۆرا جۆرەکانی اسلام ، لەگەڵ ئەوهەمو پاکیی وخاوێنیی یەدا کە:لەڕانا بەڕێزەکان وپێشەوا گرنگەکانیاندا ئەبینرێ،وەلەگەڵ ئەوتێکۆشنا نەدا کە:لەم ساڵانەی دووایی دا،ڕۆی داوە هێشتانایانەوێ بەناکۆکییە بچوکەکانی خۆیان دووایی بێنن؟

ئێمەلامان وایە ئەوکارە کەبێ گومان ئەکرێ وجێی چاودێریش ئەبێت، ئەبێ بەزووانە ، لەژێر سێبەری ڕێ پیشاندان وتەگبیری تێگەیشتوو وزانایانی مەذهەبە جۆراجۆرەکانی ئسلامیدا بەچەشنێکی چاك بێتەقاڵبی کردەوەوە، وەدروس کردنی عبادەت خانەی دینەکان ، ببێتەهۆی بێداربوونەوەی بەرانی گرۆ جوراجورەکانی مسڵمانان،تامەزگەوتی مەذهەبەکانیش لەبەرەتی دا ڕێ ژرێ ، وە کۆشکی قشەییەکیەتیی موسولمانانی جیهانوا بەرپێ بکەن کەئا کۆکییە بچوکەکان بەتەواوی لەناوبچێ،وەپێك هاتن ویەکیەتیی بەسەرجیهانی ئسلامەدا زاڵ وفەرمان ڕەوابێ. بەهیوای ئەوڕۆژە

حەمەرەمزێ:جدل

باوەڕ : ئیمان

درووێنە : درو

هەست :حس

ڕکە : حرص

سەردەرچو : وارد

بکێشێتە . منجر

بچێنن : بپاشند

**٢١ ئازەر**

ماوەی ل ٨

**مانای وشەکان**

مینەکانــ هەوارگە، جای فرود آمدن ئیلات و عشایر در کوهستان و گرمسیر

نیامەی: ناممەڕ، نمهات، نکبت

زوورملیی : مل هوڕی، دیکتاتوری

مپنە: لێ کۆڵینەوە، جستجو

بەیوان: هەڵێن، بگریزند، ازمصدر «هەیواین» بمعنی گریختن.

وەرەلا: بەرەلا، رها

مەنا: منع

مەرتەو: مکتب

کول و کول بڕ: بە کورتیی، مختصرومفید

تەن تەنانیی: معروف

ئەقوەرە: هێندە، آنقدر

بنکەی ژین
www.zheen.org

# بەفەرمانی شاهەنشا بەش کردنەوەی ئەملاکی سەلطەنەتی، لەناوچەی کوردستانا، دەستی پێ کرا.


خاوەنی امتیاز و مدیری لێ پرسراو

**عبدالحمید • بدیع الزمانی**

بەچاودێریی دەستەی نووسەر:

دوکتۆر محمد صدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر

دوکتۆر عبدالرحمن و احمد مفتی زادە

عابد سراج الدینی ـ شکراللە بابان

خسرو شیخکانلووی میلانی

یانەی ڕۆژنامە:

مەیدانی «بهارستان» شەقامی «صفیعلیشاه» ژمارەی پلاک ۲۱۸

تلێفوون ۳۲۰۰۳

**کوردستان**

عازیزم شاسوارێکە، گوزەرگا، گەر، بەئەلبورزا دەکا، نووکی سمی ئەسپی، لەخارا، نووتیا پەیدا

سیاسی ـ زانیاری ـ وێژەیی ـ کۆمەڵایەتی

ژمارەی ـ ۳۴ ـ ساڵی دووەم

ژمارەی شوێن یەك ۸۵

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردییە، حەوتەی جارێ چاپێکی دەرئەچێ

بایی

بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ۱۲ | تمەن |
| شەش مانگە | ۷ | « |
| چڵ | ۳ | قەران |

بۆ دەرەوە:

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ۳۰ | تمەن |
| شەشمانگە: | ۱۵ | « |

چووارشەممە ۳۰ سەرماوەز ۲۵۷۲ ك ـ ۳۰ ئازەر ۱۳۳۹ ش ـ ۲ رجب ۱۳۸۰ ق ـ ۲۱ دسامبر ۱۹۶۰ م


## ڕۆژی دایك

ڕۆژی بیست و پێنجەمی ئازەر،

بەیادی بیست و بەکەمین ساڵی دامەزراندنی کۆگای پاراستنی دایکەکانەوە کە: لەساڵی ۱۳۱۹ دا لەلایەن اعلیحضرتی فەقید ڕەضاشای کەبیرەوە دامەزرا، یاسایی لەتاران وشارسانەکاندا دامەزرا، وە ئەو ڕۆژە بەناوی ڕۆژی دایکەوە ناونرا.

لەم ڕۆژانەدا شاهەنشا وەعلاکەش بۆ کۆگای پاراستنی دایکەکان تەشریفیان برد، وەلەوجەیێکی یادگاری یان لەژوری لەدایك بوونی پێ بەفەڕی وەلی عەهداهەڵ ئاوسی، وەلەیاسایێکا کەناوی ئاوزایشگا ـ یانەیان نازایشگای فەرەح بەش دار بوون

ناوکەی کارئەوەیە کە: دامەزراندنی وایاسایی لەبەرز کردنەوەی پایەی دایکەکا نداز ۆر بەکارە، وەبۆ پیشاندانی شوێنی بولندیدا ـ یکیەتی زۆر گرنگ وبە کەڵکە وەجیگای بەچاك زانین و ئافەرینە.

دایك چ لە بارەی ئەوڕەنجانەوە کەلەکاتی بارداری وەچ ئەوسەخلەتی یانەوە کەپاش منداڵ بوون ئەی کێشی، لەهەموچەرخێکاوە لەهەمو خولێکا، وە بەلای هەر ئاینێ کەوە لەجیهاندا بەتایبەتی لەئاینی بەڕێزی ئیسلام داشوێنێکی زۆر بولندو خۆشەویستی هەیە، وە ئەو کارەقورسەی کەنراوەتە ئەستۆی،

ماوەل ۱۱

## دەستوری تازە کردنەوەی هەڵبژاردنی نوینەرانی خولی بیستەمی نیشتەگەی ڕاویژی نەتەوایەتی، دەرچو،

# کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووەکانسە بەرخویی ئەلجەزایری بەرەسمی ناسی

## دەولەتی ئیران بەبریارنامەی وەلاتانی ئاسیایی و ئەفریقایی، سەبارەت بەسەربەخویی ئەلجەزایر، دەنگی هاوری دەبری

# ئومپراتوری ((حبشە)) کەبەپیروزی گەراوە بوپاتەخت، وەلی عەهدی لەپیلانی شورشا بی تاوان زانی؛ وەئیستا دەستی کردوەتەموحاکەمەی پیلان گیرەکان؛ وەگەلی لەشورش گیرەکان کوژراون.

بەپێنووسی: ئاغای «منوچهر ایمانی» وەرگێڕاوی: د.ع.م

## باسیکی زانیاریی

-۲-

### گوزارشی هەڵدڕینی (حفاری) تەختی سلێمان

ئەم ناوچەئێستاش بەهۆی خۆشی ئاووهەوا وجێگابەرز ودڵنشینەکەیەوە، یەکێ لە کوێستانەکانی ئێران ئەژمێررێ، کەزستانی زۆر سارد وهاوینی زۆر خۆشی هەیە. خەلکی ئەوێ زۆرقانع و طاقەتدار و تێکۆشەرن: وەهەروەکو ئەوبرا ئێرانی یەکانیان زۆرخوین گەرم وزۆخۆش و مێوان داری کەرن؛ وەباوەکو لەباری مەزهەب وباسای ئاینیەوە، لە چەند دەستەی جۆر بەجۆر (شێعە، سوننیی، علی اللهی) پێك هاتوون،

ماوەی ل ۲

## گیزاوی لائوس هەردیژەی هەیە، وەمەترسیی پیکەوەهەڵتەقانی ڕوژئاوا و ڕوژهەلاتی بەدوی هیناوە

# لایەن گیرانی ڕوژئاوا پاتەختیان گرتووە؛ وەلایەن گیرانی شیوعی ئاوایانەکەژوچەتەیی ئەکەن

م.ص.م

## لەکومەلاچون بژبن؛ زێگای خوذاناسی یان طەریقەی عرفان

-۱۷-

وێستی وەرگێری (ارادەی اختیاری) لەوێستی سرشتی یەوە سەرچاوە ئەگرێ، بۆوێنە: کاتێ ک... ـ ەپیاو برسیی بێت، هێز، یان گیان بە گوێرەی وێستی

ماوەل ۷

ش ـ ب

## نەتەوەی کوردو نەتەوایەتی ئیران

سەلام لەسەرخاپاکی کوردستان لانکی پاڵەوانەکان.

خوێندەرە بەرێزەکان لەووتارە پێشووەکانما هەمو جۆرێ لەبارەی یەکیەتیی کردو ئاریاوە باسم بۆتان کرد، ئێستا باس ئەکەم لە چەن جێژن وباسایێکەوە کەلەناو

ماوەل ٦

م.ص.م

### چون بنووسین وبخوێنینەوە کردەوەی تێپەڕ کەری دوو کراویی

لەپێشا کردە وەمان دابەش کردبە: تێپەڕ کەر وتێپەڕنەکەر ئێستا تێپەڕ کەریش دابەش ئەکەین بەتێ پەڕ کەری یەك کراوي وەدوو کراوي.

کردەوەی تێپەڕ کەری یەك کراوي ئەوەیە کردەوە کەلەبکەرەم

## نالەباری یەکانی کومەل ((قەرەیانی)) وئازارەمنالانە

-۲-

لەژومارەی ڕابووردوودا، لەو بارەوە پێشە کێکمان نـوسي، وە کوتمان داکی منداڵ وبابی ئەکەو ـ نەهاتوچو بەلام لەباتی تیمار کردنی ئەومنداڵە، دوچاری چەند دەردی

ماوەل ۲

وەبەبێ بۆنەی پیتی گەیاندن بگاتە سەر کراو، وێنە: شێرۆ نامەی

ماوەل ٦

## باسیکی ...

ماوەل١

بەڵام هەموو پێکەوە هاوقسەو میهرەبانن. لەم ناوچەدا، گەلێ ئاوایی گەورەو بچوکی نزیك بەیەکتر هەیە، کەزۆرتریان موڵکی خێزانی «ئەفشار» بەتایبەت ئاغای «فتحعلي افشار»ن؛ وەئەگەر مالکەکان کەمێ چاودێري ئەوموڵکانە بکەن ئەناوچەلەچاوی تەندوروستي وئاوەدانی وئاژەڵداري و کشتوکاڵەوە، پاشەڕۆژێکی زۆررۆناکی ئەبێ؛ وەبەڕاستیی ئەتوانین بڵێین کە: ئەم ناوچە لەچاوی کشت وکاڵ وئاژەڵەوە، یەکێ لەدەوڵەمەندترین ناوچەکانی وەڵات ئەبێ نزیکترین ئاوایی بەقەڵای مێژوویی تەختسلێمانەوە دێیێکە بەناوی نوصرەت ئاوا (تازەکەن) کەنزیکەی ١٫٥ کیلومتر لە قەڵاکەوە دوورە؛ وەنفوسی ئەوێ ٨٠٠ کەسە. ئەم دێیەزۆر دیمەنێکی جوان وئاوو هەوایێکی خۆشی هەیە؛ بەتایبەت ئەمەچوار ساڵە کەمالکی ئەوێ ئاغای «فتحعلي افشار» بە کردنەوەی کۆشکێکی گەورە وجوان بۆخێزانی خۆی، ئەم دێیە جوانەی جوانتر کردووە. ئەم دێیە لەگەڵ سێ دێترا بەناوی «ئەحمەد ئاوای ژۆرو، ئەحمەدئاوای خوارو، گلەگلە» لەپێشان موڵکی خوداڵیخۆش بوو «رشیدالدولە» مامی ئاغای «فتحعلي افشار»بو؛ بەڵام بەپێی وەصیەتنامەی ئەوخوداڵیخۆش بوو، گەییشتوەتە ئاغای ئەفشار، وەئێستا موڵکی ئەون. ماوەیێکە لە ئەحمەد ئاوای خواروودا، بەهاوکاري ئاغای ئەفشارقوتابخانەیێکی چوار کلاسە کراوەتەوە؛ کە زۆرخەڵکی ئەوێ بەم کارە دڵخۆش وهیوادارن؛ وەئەمە بۆخۆی یەکێ لەخزمەتە گەورەکانی ئەوئەژمێررێ.

**پێشینەی مێژوویی گرنگی تەخت سلێمان** تەختی سلێمان و مەسجدی سلێمان لەگەڵ تەختی ڕوستەمدا، دوجێگای جیاوازن، کە هەردوکیان لەشوێنێکی زۆرسەرسام هاوەرا، دروس کراوون؛ یانی جێگایێ کەئاووئاگروە کۆەوعجیزەپێکەوە جەم بوون (گێراولەجەڵدی سیەمی کتێبی «ئاثارایران» ل٩٤ تا٥٤).

ئێستا لەبارەی تەختسلێمانەوە لێئەکۆڵینەوە. ئەم جێگا هەر ئەو ئاتەشگای بەناوبانگە کە لەشوێنە نوسراوەکانی پەهلەویدا بەناوی «گنجك» خوێنراوەتەوە؛ وە«حمدالله مستوفي» ناوی ئەوی بەزمانی مغولەکان «ستوریق»نوسیوە، وەجوغرافي نوسەکانی عەرب بە«شیز» ناویان بردووە؛ وەمێژو نوسەکانی یۆنان و ڕۆم «گزگا»یان نوسیوە، وەئەمڕۆ هەموو ئەم شوێنانە بەتەختی سلێمان ناوئەبرێن. لەم ناوچەدا دەریاچەیێکی جوان هەیە کە کەس لەکارەساتی ئەوەسەردەرناکا، چونکو لە هەموکاتێکدا ئاوی یەك جۆرە وزیاد و کەم ناکا، وەلەپاشان بەدرێژا لە بارەیەوە، باس ئەکەین. وێنەی هەوایی جێگای ناوبراو کەوێنە٢٥ و



ئەمەش ئەو وێنەکەی تر

٢٦ جەلدی سیەمی کتێبی «ئاثارایران»ە، لەلایەن «دوکتوراشمیت»ەوە، هەڵگیراوە، کەئەبێ لەخزمەتی ئەوان سپاس بکەین.

تەختی سلێمان لەڕۆژگارانی جۆربەجۆرا جێگاونیشتمانی چەند هۆزی وەکو «ماد، ئەشکانیی، ساسانیی، وەمغول» بووە، لە هەر کام لەم دەورەوڕۆژگارانا، ئەم جێگا گەییشتوەتە دواپلە زۆرداري وشارسانیەتیی ڕۆژگاری خۆی، وەپاڎشاکانی وەخت بەوجێگاشانازی یان کردووە، بەتایبەت لەبەرئەوە کە بەپێی بەڵگەی ڕاست و گرنگ یەکەمین ئاتەشگای «ئازەرگشنسب» کە هەرئەوئاتەشگای «گنجك»ەیە، لەم ناوچەدا کراوەتەوە، وەزۆر لەئەندازە لەلایەن پاڎشایان وموبدانەوە بەڕێز گیراوە. لەوێژەی ئێرانا زۆرناوی ئەم ئاتەشگایە براوە، بەجۆرێ کەئەوەیان بەئاگری «سەلەحشوران»یائاگری «شەهریاري» یائاتەشگای «گنجك»ناوبردووە، وەئەڵێن کە: ئەم ئاتەشگائاگری بەهەموئاتەشگای گاورەکان لەڕۆژهەڵاتەوە تاڕۆژئاوا گەیاندووە.

بەجۆرێ کە لەکتێبی «ئێرانی کۆن و شارسانیەتی ئێرانی» دانراوی «ك. هوارت» ل١٨٨ نوسراوە؛ لەئێراندا چەندجۆرئاگر بووە بەم جۆرە:

١ــ ئاگری نیوخانو: یانێ هەرماڵێ بۆخۆی ئاگرێکی تایبەت بەخۆی بووە.

٢ــ ئاگرهۆز، یادێ، کە بەناوی «ئازەران» ناوئەبرا.

٣ــ ئاگری تایبەتی شارە گەورەکان؛ کەبەناوی ئاگری «بەهرام» ئەناسرا. لەم سێ ئاگرە گەورەتر وبەناوبانگترسێ ئاگربو کە زۆرلەو ئاگرە ناوبراوانە بەڕێزتر وبەناوبانگتربو؛ وەلەسەرزەوینی ئێرانا زۆر بەڕێز ئەگیران وجێگای چاودێري گەل بون؛ وەئەوانە بریتیی بونلە:

١ــ «تەخت ئازەرفەربەغ» کە بەناوی ئاگری ڕۆحانیی یەکان ئەناسرا.

٢ــ ئاتەشگای «ئازەربەرزین مێهر» کە ئاگری جوتیارەکان بو

٣ــ ئاتەشگای «گنجك» (گشنسب) کە بەئاگری پاڎشایی ناو ئەبرا. وەزۆر گرنك وبەڕێزیان ئەزانی؛ وەبەجۆرێ کە (ابن مهلهل) لە ساڵی ٩٤٣ بەرانبەری ٣٣١ کۆچی لە کتێبی «فرهنك جوغرافیایی و تاریخي» دانراوی «باربیە» ل٣٦٨دا، نوسیویە: ئاگری ئەوئاتەشگالە

ماوە ل١١



**ئەمە وێنەی هەوایی تەختسلێمانە کەلەلایەن «دوکتوراشمیت»ەوە، هەڵگیراوە.**

## ناڵەبارییەکان ...

ماوەی ل١

دیکەی ئەکەن وشکەنجەی ئەدەن ئێستالەسەرپاش ماوەکەی ئەڕۆین، ئەوامندالێکی بەستەزمان دوچاری بیماري بووە، باجي «ڕەنێ» و باجي «عاصم» وباجی «فاطم» لێی کوئەبنەوە. ئەڵێن دایکم ئەم مندالە ئازارە مندالانەیەتی، ئەبێ بەهەرچەشنێ بووە، قەرەیانێ پێ بگەیێنن کە: بۆی ببڕێ، درێژەی نەدەیێ یەکێکی دیکە ئەلێ پەیدا ئەبێ ئەلێ مندالەکەی فلان کەسیش هەروابو، قەرەیانی یان پێ گەیاند، ڕزگاربو؛ ئەو کاتەداکی بەستەزمان ئەکەوێتە خول، تالە کووێ قەرەیانی بەچنگ بێنێ، بەپرسا پرسا تاورچێکی گڕ کردوی دەس قڵیشاوی چڵکنی پێ نیشان ئەدەن وەئەڵێن ئەوە قەرەیانی یە، ئەو کاتە داکی مندال ئەچێتە لای مام ئەحەی قەرەیانی.

مامەگییان سەلام! خوشکەکەم وەعلیك السلام، مامەگییان بەنام پێ هێناوی مندالێکمان نەخۆشە تەشریف بێنە بۆی ببڕە! ، کابرای کەپزیش لەئەوەڵەوە کەمێ خۆی ئەگرێ و ئەڵێ: ـدایکم ئیشم هەیە پێم ناکرێ تەواو لەزەرافەتیش کەوتووم! ناتوا م هاتوچۆ بکەم، داکی مندال: ـ مامەگییان من بەخۆڕایی زەحمەتت پێ نادەم! وەهەرچی ڕێ زەحمەتت بێ، سەربەزییاد ئەیدەم، ئەنجا مامەی قەریانی مژێ لەسەبیلە ژەنگاوی یەکەی ئەدات وەئەڵێ: خوشکە! هەرچەندزۆرمن نارەحەتم بەڵام ئێستا کەتۆ هاتوی بڕوڕەوە، سبەینێ نزیکەی نیوەڕۆ، کەمێ زودەست لەکارئەکێشم وەهەر لەڕێوەدێم بۆ ماڵی ئێوە؛ چونکە ناتوانم بێمەوە ماڵی خۆمان و دیسانەوە بێمەوە بۆماڵی ئێوە، بڕنا کەم! وەکاتی بڕینە کەش لە دەست دەرئەچێ! داکی مندال: ـجا مامەگییان ئەو هاتوچۆیە بۆبکەی، تیکەنانێ هەرخووا ئەیدا تۆ بیخۆی، مامەی قەرەیانی لێرەدا قاوەڵتییێکی شی صەوز کرد: قەرەیانی: ساڵێرەوە کە: ئەڕۆیتەوە قەرا یێکی چاوڕەشی

ماوەل١١

**ئەتەوایەتی...**

ماوەی ١

خۆمانا لەڕۆژ گارە زۆرلەمێژەکان، وەلەناو باپیرەکانمانا یانێ لەچەن هەزارساڵی پێشەوە باوبووەوەهەر وەها ئێستاش، هەریەکێ یان چەن جێژنێ لـەجێگایێکدا بـەویاسا کۆنەوە لـەکاتێکی تـایبەتیدا ئەگێڕرێ.

وەئەڵبەت باس لەو جێژنانەوە ئەکەم ، کە هەرکام لەبـەشێکی خاکی کورد نشینا، باوە؛وەهەمۆ لەباپیرە ئاریاییەکانیانەوە بۆبیرە وەری‌هێشتۆیانەتەوە.وە کوجێژنی «هەتەرێ‌مەتەرێ» کە بەناوی دۆ مانگی ئێرانیەوە ( ئاذر- مهر ) ناویان داخستۆە ، وەلەپێشان بە ناوی دۆمەلایکە بووە ، کەلایان وابۆە. کەئەودۆ مەلایکەلەوشەوە داڕزق وڕۆزی زۆر ئەکەنـەوە ، باوەکوبڕێ‌لایان‌وایە کە(مەتەرێ) هەر ووشەی (میترایە) کەلـەدۆ (میت)و (را) بەمانای هەتاوە ، وە ئەمڕۆش لەکوردیا بەهەتاوئەڵێن: (ڕۆ) وەلەکتێبی‌ئەوستادامیترایان بەخودای‌هەتاوزانیوە؛ لەقامۆسیشدا میترا بەخودای هەتـاو مانای‌لێ دراوەتەوە ، وەئەم جێژنەیان بۆ ڕۆژی تاج لەسەرنانی جـەمشید گرتوە، کەلەپاشان هەمـۆساڵێ لەو شەووڕۆژەدا تـازە کـراوە تەوە.

ماوەی هەیە

# مەولودنامەی پەیغەمبەری ئیسلام حەزرەتی محمد(ص)

## دانراوی زانای بەناو بانگ

**مەلاحەسەنی هەرتووشیی**

ساعەتاسڕا ژغەیبـێ دي «وهـب»

مایە حەیران و مایەوە دەرعەجاب

چون ژ«عبداللە» دیت ئەوسڕوحال

خۆش المۆحێ دڵنقیسیی ئەوخیال

گەرقەبوول کەت‌دایەوي‌من«آمنە»

پاکومەعصۆمەعەفیفە مـــــووقنە

گەردڤیتن هوون ژنارێ بن‌نەجاە

بعەشق‌وشەوقەک‌هوون‌بێژن‌الصلواة

پاشیی وێ‌سڕا عـەظیمە نوورتاب

نـازلێ قەلبێ «وهب» بوواضطراب

چابك وچەسبان ڤەگەریا هاتەماڵ

وي حکایەت کر ژبۆ مالا خۆحال

**وەرگێڕی پێشەك وڕاستکەرەوەی‌هۆنراوەکان:م.ص.م**

# کنز العرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین‌ووتار ((میر محمد صالح حسنی نعمت اللهی))

**ملقب بە«حیرانعلی‌شا»ی کرماشانیی**

هەمسەران ئـاهـــم . . .

ظولمەت عاڵـەم گرت لـەدۆدانام

هەرچەنێ لەئیقلیم‌عیشق‌شاهەنشاهم

کە متەرین کـەمتەرلە پـەڕەکاهم

لەنارئاهم عاشقان یەك یـــــەك

چۆکۆی پۆش‌سۆزیا، وەبێ‌شوبهەوشەك

ئەری ئاگـــــرداتـاوە ئورەییا

گـەردش داوە بـاذوێنەی تـۆتیا

شەرارەی ئـاگر، ئاە ئـــــاتەشیم

ئاگـــــرداتـەمـام ئیقلیم‌وەشیم

عیشق حەرام کەردەن لەچاوانم‌خاو

ئاە ئاتەشیم سەنگ مەکەی وەئاو

چۆمن عاشقێ کێ دییەن وەچاو ؟!

کۆرەی دڵ حەدپدمە کەرۆوە ئاو

استهزامە کـەر، وەعیشقم مەخەن

دۆزەخ لـەلای ئاە ئـاتەشم یەخەن

لە زێی عیشق‌بازی‌لەنۆمەدەم کۆس

فغانم بـەرزەن چۆنـاڵـەی ناقۆس

بالـەنـــــارعیشق بسۆزم وە سۆز

گـڕا گڕ، گڕ گڕ چۆنارنـەورۆز

هەست ونیست یەکجا بسوزم وەنار

تاکەس نەم وینێ لـەڕۆی ڕوز گار

لـە شەرارەی نارجەرگ بریـانم

لـە ئـاگـرعیشق دیدە گریـانم

تـەمـام عاڵـەم چۆڕۆژمـەحشەر

مەسۆزۆلەتەرز کـۆرەی کـۆزە گەر

مات وسەر گەردان حەیران ووالەم

ئاهم ئـاگـــــردا لەقەلب عالەم

ئاەعـاشقیم لـــــەدەوردێـرین

ئاگردالە قـەلب «فەرهادوشیرین»

کام لـە عاشقان لـە دەوردێـرین

چۆمن ئـاگردا لـە عەرش بەرین

ماسیوا سۆزیـا لـــــەئـاە دەردم

هانای‌هامسەران ! وەبێ کەس‌مەردم

عاشقان نەمەنێ، وە بێ‌چەنێوچۆن

عیشقم‌ئاگردالەجەرگ «جەیحۆن»

ماوەل ١٠

**هەزارویەك‌شەو ٣٢٥**

ڕۆژببێتەوە، پاڵەوانەکان لەخەوهەڵسن وبێن.تۆبێنە بەرنێزە وتیری خۆیان . ئەم قسەیە کردو، ڕۆی‌لەشرکان هەڵ چەرخانێ. شرکان ووتی: ئەی‌خاتۆن! بۆچی‌ئەنی غەریب‌ودڵ شکاوبەجێ تێلێت وئەڕۆیت؟ئەو کچە جوانە گەڕاوە، دەستی کردەپێ- کەنین وپێی‌ووت: نیازی خۆت بەمن‌بڵێ. شرکان ووتی: من هاتۆمەتە سەرزەوینی ئێوە، بەمیوانی، پێش‌لەوەی شتێ بخوم بگەڕێمەوە ؟ من‌ئێستایە کێ لەنۆکەرانی تۆم کچە کەووتی: ناپیاو ئەنەنەزێری پەیمان وقەوڵی‌خۆیانا؛وەلەدەستی میوان‌هەڵ دێن؛ تۆسواری ئەسپە کەت‌بە؛ وەلەوبەری‌هەسێلە کەوە بکەوەڕێ،تامنیش‌لەم‌بەرەوە بکەومەڕێ ، تابیبتە میوانی‌من . شازادە شرکان لەم‌قسەزۆر کەیف خـۆش‌بۆ؛وەبە پەلەسواربۆ؛ کچەجوانە کە لەوبەری دەریاچەوە، وەئەمیش لەم بەرەوە ئەڕۆییشتن، تاچاویان کەوتەپردێکی دارین، کەدارەکانیان بەزەنجیری ئاسنین‌بەستبۆبەیە کەوە. شرکان‌ڕاوەستا تەماشای پردە کەی‌ئە کرد، ئەنوارێ ئەو کچانە کەزۆرانیان‌ئە گرت وەباڵیان‌بەسرابۆ،لەوێ ڕاوەستاوون. کچەکە بەزمانی ڕۆمي بەیە کێ لەوانی‌ووت: لەغاوی‌ئەسپە کەبگرە، وەبێنیەنێودەیرەوە! لەپاشان کەنیزە کە لەپێشەوە،وەشرکان بەشوێنی‌ئەوا لەسەرپردە دارینە کە پەڕینەوە؛ شرکان زۆرترسا وسەرسام‌ما؛وەلەدڵی خۆیانەی‌ووت، کە:خۆزگا ئێستا وەزیرم‌لەگەڵ ببوایێ، کەچاوی بەم کچەجوانانە بکەوتبایێ. لەپاشان‌شازادەشرکان بەو کچەمانگ‌ڕوخسارەی ووت: من‌ئێستامیوانی تۆم؛ وەحەقی هاودەمي‌ومیوانیم‌وابە سەرتەوە؛وەپەیمانی تۆم‌بەدڵ وەر گرتووە؛ئەبێ من‌ببەخشي ولە گەڵ مناچاکە بکەی ؛ وەلە گەڵ مبابێیت بڕۆین بۆشاری ئیسلام، کەلەوێ چاوت بەپیاوە پاڵەوان ونەبەزەکان بکـەوێ؛ وەمنیش چاك‌بناسی. کەئەو مانگ ڕوخسارە قسەی شرکانی بیست، زۆرئاڵۆزبۆ، ووتی: بەمەسێح سوێندئەخۆم کەمن‌تۆم بەپیاوێکی ژیرئەزانی، ئێستا لەبەدنهادي وخرابیی بیروڕای تۆئاگادار

بنکەی ژین www.zheen.org

م.ص.م

## لەهەرگولزاری

## گولی

### مەولەویی تاوگوزیی

هەناسەی سەردم نـە دڵ خێزاوە .

خێڵخانەی کـەیفم هـەوارێزاوە

وەیشۆمەی مەینەت تەم ئەنگێزاوە

وەڵگە کەی سەرتەڵ شادیم ڕێزاوە

جۆی چەمەی شەوقم هەمیەخ کەردەوە

مەزرەعەی هەستیم شەڵتە بەردە وە

نەشئەی وەخت سەخت ئامای پاییزەن

یـاشنۆی دوری دیدەی ئـاڵۆزەن

### کوزادبەگی خورخورەییی

ماوەلە چلی پێشوو

عیلم بی کەشتی ، حیلم دیـدە وان

عەقڵ بی لەنگەر تەقوا بـــــادەوان

کەفت نەڕۆی دەریا مەوج ئەنگێزنا

طەمـەع هجوم کـەرد هەوا خێزنا

نـاگـا میغناتیس ویش پێ نمانـا

کەشتی و دیـدەوان وەهەمدا شێونا

دنیا وە مراد نـدهەنگ زەرق بیی

مایەی دنیا و دین نەدەریاغەرق بی

### سیدصادق پارسانیان

ماوەلەچلی پێشوو

---

جەدوشانەی بەین قـەفـاسەرادوە

ڕیشەی جـەرگ ودڵ جەهەموەرداوە

واکـەی سۆزبـەرق سەوڏا دیـاوە

ئاهیروە نـزارعومــــــرم نییاوە

وەیشۆمە، وە بـاغ بـەختم واراوە

وەڵگ شەرم وڕۆی حەیـام داراوە

«صادق»! نامەی مەرگ ئاماویاوە

ئاوو گڵ ئاوەرد تـۆوەی مـاواوە

پەی یادگاری بـــــابـوا چاوە

ڕینێ «هەورامان» جـەرگم پاچ٘اوە

### وەلیی دیوانە

هــــامسەران نامــــــم . . .

من نامم گمەن دێ وانـەن نـامم

جـەوساوە ڕسوای دەورئـەییامـم

ڕۆیێ نـە گێلا دەوران بـە کـامم

ماوەی ل٩

## هەراله و زەمزەمە

ماوە لەژمارەی پێشوو

لە چلی ڕابووردودا، ڕازمان گەیاندە کاتێ کە : «خاڵە مەحمود» وخێزانی و هاوسێ و براوسێ ی دەستیان بەئامادە کردنی پێشەکی زەماوەن و شیرینی خۆران کرد وناردیشیانە شوێنی مەلاوخەڵکی دێی «ڕێوار» ئێستالەسەرباش ماوەی کـارە سات ئەڕوین .

سبەینێ ی ڕۆژی دوهەم، لەگەردو گولی بەیاندا مەلاوپیاوەموناسبانی ئـاوایی ڕێوار گەیشتنە باغی «خوێسملێ» وەدەستیان کـردە کـەیف وشادی وموبـارەك بادی لەگەڵ «خاڵەمەحمود» وخانمێ ومن دا، ئەنجاشەربەتیان گەڕاند و ماموستاوشاهد ودوسێ کەسی دیکە چۆنەلای «شاپەسەند» وپێ وپستی پێشەکی مارەبڕینیان ئامادە کرد ، ئەوکاتەمنیش وەکیلم گرت ویاسای مارەبڕین بەڕێ کرا، ناوباغی «خوێسملێ» بووە یەك پارچەچەپڵەڕێزان و گۆرانی وتن وهەراوبەرم. لەهەرلاێە موبارەك بادی یـان لێ ئەکردم، منیش لە خوشی داپێم نەئەکەوتە عەرز، هێندە شادبوم نەم دەزانی چی بکەم

ئەنجا «خاڵەمەحمود» بـەمەلای وت مـاموستا! پـێ وپستە ڕەحمەت قەبوڵ بفەرموێ، وە نامەی دەعوەتی شادی بۆشاری هەورامان بۆخزمەتیی «سان» و کوڕانی بنوسی، وە بەجووێ بۆهـەمو کویخادێ وسەرخێڵەکانی دیکەی هەورامان نامەی پێ وپستە، کە : ئەبێ ئەم شادی یەزۆر گەرم بێت! ئەنجامەلادەستی کردەنامە نوسین و ەبۆهەموێان نامەیان نوسیی 'سبەینێ ودوسبەی ئەوڕۆژەهەمو کەلە کەلەی تیرەکانی هەورامان لەباغی «خوێسملێ» دا کۆبونە وە لەهەرتەڵانێکاهوزێ بۆخۆی بـەجووێ بەزی 'هەرهۆزێ بەجووێ بنەوئاوداری خۆیی لێ بار کرد، پیقەی سرناو گرمەی دەهۆل گییان لەبەرانی وەحشی ئەو کێوەیان هێنابووە چۆپی وسەما، لەگەڵ دەنگی نەیابلبلی سەرچلی درەختان هاتبونە چەچەهوئاواز، دەنگی گورانی وتنی لاوانی بەفراوخۆرپیری جووان ئەکردە

ماوەل٩

---

هەزاویەك شەو ٣٢٦

بووم؛ چۆن بۆتۆ ئەشێ کەئەم قسانەبکەی؛ وەخۆت بخەیتە مەترسیی وجێگای تۆ . مەتەوە؟ وەمنیش چۆن کاری وەهابکەم، لەکاتێکدا ئەزانم کەئەگەربکەومەبەردەسی «ملك نعمان» ئیتردەرچونم بۆنابێ، وەدەستم لێ بەرنادا؛ چونکو ئەولەکوشکی خۆیا هاوسەرێکی وەکومنی نی یە؛ باوەکو ئەوسێ صەدوشەصت کۆشکی هەیە؛ وەلەهەر کۆشکێکدا ژنێکی هەیە کە مانگی چوارده بەخێڵی یان پێ ئەبا؛ بەڵام ئەگەرچاوی بەمن بکەوێ، دەستم لێ هەڵ ناگرێ وەلەسەر بیروڕای موسوڵمانان ئەم کاتە کەنیزی خۆی ودەس دریژیم لەسەرئەکا وەئەمەش کە ووتت: چاوم بەپیاوە پاڵەوان و نەبەزە. کان بکەوێ، قسەیێکی ڕێك وجوان نەبو. چونکومن چەنڕۆژێ لەمەوپێش قوشەنی ئیسلامم چاوپێ کەوت کەئەهاتن بۆسەرزەوینی ڕۆم، ئەنوازم هیچ یـاساو ڕووشتی قۆشەنی لەوانا،نی یە؛ وەهەر کەس بۆخۆی گیای بایری ئەڕاوێ، وە گەور، وبچو کیان تێدانی یە. وەئەمە کە ووتت: کەتۆبناسم، بزانە ئەگەر من چا کە لەگەڵ تۆدابکەم، لەبەرئەوەنی یە کەتۆم بەپیاوێکی گەورە زانیوە، یاتۆ بەمن بەژنێکی گەورە بزانی وەسپاسم بکەی' بەڵکو هەرلەڕێگای خودا ئەم کارە ئەکەم؛ کەوابو نابێ تۆ لەگەڵ منا،وەهاقسە بکەی، باوە کو شرکان کوڕی ملك نعمانیش بی کەلەم ڕۆژگارا ' لە پاڵەوانیی ونەبەزی وجوانیی دا تا کەو کەس بەهاومالی نابێ . شرکان لەدڵی خۆیـا ووتی: چۆنە کە ئەم کچە هەواڵی هاتنی سپای پێ گەییشتبێ وئەمەشی زانیبێت کە باوکم ئیمەی بۆئیەدادێ پادشای «قسطنطنیه» ناردوە !؟ ئەوجائەوی بەدینی خۆی سوێنددا، وەپێی ووت: ئەی خاتون! لەگەڵ من قـەی ڕاست بکەو ئامانجی خۆتم پێ بڵێ. ئەوکچە پەری ڕوخسارە ووتی: بەدینی هەردوکمان سوێنێ ئەخۆم ئەگەرلە بەرئەوە نەبوایێ کەئەترسم خەڵکیی بزانن کەمن لە کچانی ڕۆمم، خۆم ئـەخستە مەترسی یەوە، وەلەگەڵ ئەوەدە هەزار کەسا شەڕم ئەکرد؛ وە سەر کەردە و گەورەی

بەشی کوردیی‌شمال

# کوردستان

لاپەڕەیێ ، بوهەمیر و جار

## ڕوژادایکی

زۆژاهینیێ٢٥ ئارەرێ بەرخاتر یێ بیست یکمین سالاڤە بونا ینگا کۆمەك کرنا دابکاوزارو یالەسالا ١٣٣٩ سەدەستیێ رەحم لی بوییێ اعلیحضرت رضاشاهێ کبیر، لـە تێران وشەهرستاناهنەك ژسم هاتنە گرتن، وەڤـدە ژۆر بناوێ زۆژا دایکێ ناوهاتە دانین شاهەنشا وملکێ ژي تەشریف برن بنکێ ولوحایرها ێنێ، لەئودا کو والاحضرت ولایتعهدێ پیێ مبارەك هاتنە دونیایێ چکلادن وەلەزەماً نـاودانسا زایشگـاوێ دا، بناوێ (زایشگافرح) شریـگاتی کرن.

حەقیقەت ئەڤە کو گرتنا ژسمێد هاکینە بژورا برنامەقامی دایکێ وەنیشان داینا قەدرقیمەتاوێ راف باش ‌ ‌ـبکـاروهیژاپـی گـەقـەریم گوتنێ یە.

دایك ژبـەرا، زەحمەتیك هەیامێ حەملەتێ بێ وەچ پاشی‌وێ دکیشنە، هەردەوروزەمـانکی دا وەلە گشتوە‌نێ دونیایێ مەخسوسەن دینێ ئەشکەرەیێ ئیسلامێدا مقامە کی پڕ عەزیز وبلنددانە وئـەووەزیفا گران کو ینێ هاتی بەسیارتن فداکاری وژخودەرباس و ناوێ ژند نیشان ددە، بەروێ ژي هەمیشە ژیراحورمەت وقەدروقیمەت هاتی یـە گرتن ، وە ئەمرێد خودائێ ودەستورێد دینی حەژێ کرن، وعەزیز گـرتناوێ لەسەرهەرمرۆڤەکي واجب کری یە.

ژاستە کولەتەربیا کریا، ئەولادا، باب ودایك شریگن، لێ بەلێ رەحمەتێ دایکێ ژبابێ گەلێ گەلـەترە، وە هەمن مەسەلە بڕیەسەبەب کوحە ژێ کرن وبرنا نەرماناوێ پر تێك ژحەق ناسي وسپاساوێ راوارەحسێب کوچیچکەك ژدەردێ کێشاندناڤي بارێ گراندا کومەگێ بکە .

ماوەل ٨

## کوشتارا ئەلجەزایری

کوشت کوشتا را موسولمانا چەندڕۆژا بەری لە ئەلجەزایرێ ژپیش هاتید راف مەزن وخراب لەوێ دەرێ تێ حەسێب .

ڤێ پیش هاتاراف نەباش وبێ رەحمیدا، هەزار کـەس ژموسولمانا بدەستێ توندرەوێ دەست ژاستێ بێ فرانسە' کوئەلجەزایـرێدا ژوتنێن هاتنە کوشتن، وەئەڤ کوشتن وبڕین، حەقیقەت دا خودەرخستنافرانسە ـ وي‌یان بنەیاریافکرا (پرزیدنت شارل دو گول) سەرەك جمهوری فرانسە، بیا خشاندنا سەربخوییائەلجەزایرێ بویە .

حەتتا نهۆ چەندین هەزار کەس ژخەلکێ ئەلجەزایرێ' شەرێ ناو خودا، هاتنە کوشتن،و گەلەك ئەهلێ فرانسەژونشتی بێ ڤي عەردي، وەسەر بازید لژڕۆنازي کوتەڤی قۆشنێ ڤرانسە لەئەلجەزایرێ نن، قـڕبون لێ حەیف دەولەتا خورتە ژنرال دو گول هێ پیێ نە بویە بوێ خۆنڕێژاندنێ کوتتایێ ددە .

دەست خودا، پاشي ڤێ کـوشتا را خراب (میشل دبـرە) سەرەك وەزیری فرانسە پێیامکیدا لەبەلاو کرێ گۆت، کوئەڤ پێش هات قەت بجارەکێ بەرناما دەولەتا فرانسەسەربخویا ئەلجەزایرێدا ناگوهێرە، وەژنرال دو گولێ هەرتسا تەلاشێ بکە، کوژێکێ ڤێ تەنگافی یافرانسە راپەیدا بکە .

ژوەختە، کوژنرال دو گۆل نەقشێ خو،لەبارا سەربخوییائەلجەزایرێدا کرییە دەنگی گەلەك دەرباس دبە، لێ بەلێ ئەوي بهندە خـورتي و ئەگیراسیاسي نوکاری بویە نەقشێ خوبلدربقدیە . مەکونە دو گول هابزانبە، کوهەرلە ئەلجەزایرێ رۆای ولرە گرتن، وە داینا سەربخویێ بڤێ مجالێ بیەسەبەب، کـو فرانسەیا یـانێ نەراضی' شەڕەکي نـاوخو ئەلجەزایرێدا بقەوومینەن وەنەقشێ وي سەرنە گرە

ئەڤ فکرا زاڤزی مەمکونە، چونکوفرانسەوي یانێ ئەلجەزایرێ، لەوێ دەرێ هاتنە دونیایێ وەمال و کەسب وپێشی‌وان لە ئەلجەزایرێیە تەماژی بەوقەتیانائەلجەزایرێ ژفرانسە هندەسەرهشکي ولە جێد کن ئەوان دبێژن، گاوا کوئەلجەزایر گەهیشتەسەربخویێ، عەسکەرێ فرانسەژي بێ دەست خودا، ژوي عەردی دەر کەڤن، کـودەما دەر کەتنا عەسکەرێ فرانسە خەلکێ ئەلجەزایری جوئەمانە کێ نادە وان، وەبێ وانا گشتی قڕبگن .

کوتتاکرناڤێ مەسەلێ هەرتەنێ بئالـی کاریا سەرەکێد دەولەتـا فرانسەودەولەتا ئەلجەزایرئازاد وەمەخسوسەن (فرحات عباس) سەرەك وەزیرێ وێ دەولەتێ مەکونە .

لە بەرجەڤادەولەتائەلجەزایرا ئازادئەهلێ فرانسەرالەئەلجەزایرێ حەقە کێ قایلن، وەڤێ فکرێ دانینە کوپاشیێ گەهیشتنا سەربخویێ وانا ژڤێ عەردي دەرخە .

لێ بەلێ مەقامێد دەولەتا ئەلجەزایرا ئازا ئەڤ یەك ئەشکەرەنـە کرنە، بێ شك هەگەر (فرحات) بجورەکێ ئەشکەرە خاترجەمیێ بدە دەولەتا فرانسە، گەلەك شك بەربونێ ژنوهەرە، وەهەگەرهاتبە بەلکیێ ژي شەڕێ ئەلجەزایرێ گەلەکیێ بدومینە . کاربارێ ئەلجەزایرێ ژبەر ختەرا کوسواحاشمالا ئافریقاراجێ کري، هندك هندك ژشکلێ کارەکیێ هو مەرفرانسە دەر کەتی، وشکلێ گشتایی ودونیائیی پەیدا کرییە

بەرڤێ ژي لازمە دەولەتێد مەزن وە مەخسوسەن کۆمـاملەتێد یەك بوییی ئەواك ژێ تێن، کوتتاکرنا ڤێ سخلەتێ را تەلاشێ بکن.

## ڕیزە کاریی

**تفەئەدەمەوا ووشك‌بون:** لەبەرامبەری تەرەفەوە بەدەنگ بـۆن لەبەرەسە پێ نەمانو ئیلرام دران. لەوە گێڕاوە، کەقسە کردن، بەگەرای زمانە، وەگەڕانی زمانیش ئەوەیە کەدەمتەڕبێت وتفی تێدابێ؛ وەدیبیارە ئەگەر دەمووشك ببێتەوە، زمان لەکارئەکەوێت وقسەی پێ ناکرێ کە وابو، بۆمونالەغە، قسەبڕ نەمان بەوەشو بێنراوە، کەتەڕێ دەم ووشك ببێتەوە .

**دەستەداوێنی کەسی بوون :** بەپاڕانەوەو تکا وە تەوەسسول بەو کردن بنلغەکەی ئەوەیە کەجاران،هەر کەسێ خۆیێ ئەخستەلای شا کە کارێکی بۆ بکا، ئەژویشتەپێی تەختەکەی وەداوێن ( چاك ـ لاخوارق)ی سپیالەکەیی ئەگرت وماچی‌ئەکرد وابێ ئـەپاڕاییـەوە .

شاعیرئەڵێ: (١)

دشەو، بۆڤینکپی جەرگی سۆتاوم

دستەحلوێنی فـرێیسکی چاوم ›

وەشاعیرێ ئەڵێ:

میاجوابم دە یـــــادڵ نیلم کـــ

کە‌دستە داوێن شێخ ومەلام کە

ئەصلی دەستە داوێن «دەست بەداوێن»، کەپپی «بە»ی‌تەعەددي، هەروەها لەمەصدەر وفیعلەکاندا نور بەدرا، وەبەقاعیدەیێ کە کاتێ حۆی ووتمان، بڕێ‌جار، پیتی «ە» کەجێ نشینی سەرە، ئەنیشتەجێکای‌ئەوستە، لیرەش‌دا تۆزد اوە وەئەوکارەی لە گەڵ کرا. بەڵام‌کاتێ فاصلە کەوتە نێوانی داوێن وەدەستـ کەجێ نشینی موبەعەل‌لەڤی «بە»یە ـ ئەویاسا، بڕێ‌جار هەڵ‌ئەژوشێتەوە (جا. یابەوجوب، یابەاستحسان) وە لۆ ئەبێ بڵێی : «دەستی ئومێدم بەدلوێنی کەرەمتە»،وەباشتر ئەوەیە کە لەباتیی «دەستمەداوێنت»، بڵێی: «دەستم بەداوێنت»

**ڕەت‌بلاوی** بێ‌تەرتیبي وجەم وجۆر نەبونی وەسایلی کار ، کە ئەبێتە هۆی‌نلراحەتی وسەرلێ‌شێوان. «رەت»، بەمەعنای‌مەیدانی‌دەستە ـ لات‌پەیدا کردنی نەچیرەوان (ڕاوچي)ە بەسەرنەچیردا ؛ وەکو ئەڵێن «لەڕەتي من‌دانییە»، کاتێ لەوانە نەبێ کەئەو کەسە دەستەلاتي بەسەردا ببێ؛ یا لەهەڕەشەدائەڵێن: «ئە گەر کەوتەڕەتم...»، یانێ کەوتەجێگایێ کەدەستم پێی بگا (جائەبینین کە ووشەی‌ڕەت لەمەعنا کەی‌دانەوسیعە دراوە، وەبۆهەرچەشنە مەیدانێکی‌دەس‌پێ گەییشتن؛ چ نەچیروەچ مرو، بەکارئەبرێ). دیبارە، کاتێ‌شکارچیی، ڕەتێکی جەم‌وجۆری نـەبێ،وە مەیدانی ڕاوی ، جێگایێکی گەورە وبلاوبێ ، سەری‌لێ ئەشێوێت‌وبە ئەستەم ڕاوی‌بۆ ئە کرێ؛ وە کەسێ، کەکاروباری ژیانی‌جۆرنەبێ ، بە نەچیرەوانێ ڕەت‌بلاو ئەشوبهێنری

(١) کاتێ کەشیعرێ بومسال یاشاهید بینمەوە ،ئەگەرخاوەنە کەی‌بناسم ناوی ئەبەم، وەمەسەلەن ئەلێم:«نالي ئەڵێ...»، وەئەگەر نەی ناسم‌ئەلێم: «شاعیرێ ئەڵێ بەڵام هەر کاتـێ شیعرە کە هی‌خۆم‌بێ‌یا ئەڵێم: «وەکو...» یا: «شاعیرئەڵێ...».

# دستور خواندن و نوشتن کردی

**عده‌ای ازخواهران برادران فارس زبان که مایلند برسم الخط کردی آشناشوند باین مطلب توجه فرمایند:**

**میدانیم که کلمات فارسی بوسیله سه حرکت زبر و زیر و پیش وسه حرف «الف» و «واو» و «یاء» تلفظ میشود. وچون حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح کلمات بستگی باشنائی قبلی دارد، و این نقیصه موجب اشکال بزرگی درزبان فارسی شده . ولی رسم الخط کردی این اشکال رامرتفع ساخته، وکلمات تنها بوسیله حروف تلفظ میشوند. حروف صدای کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .**

**١ـ (ه) که بجای زبرمیآید. مانند: «سەر» (سر) «سەروەر» (سرور)**

**٢ـ (ی) که بجای زیرمیآیدمانند: «جیهاز» (جهاز) «کیتاب» (کتاب)**

**٣ـ (و) که بجای پیش میآیدمانند: «گول» (گل) «بولبول» (بلبل)**

**٤ـ (الف) که بجای الف میآیدمانند: «باغ» (باغ)**

٥ـ (وو) که بجای «واو» میآیدمانند: «بوود» (بود) «زوود» (زود)

٦ـ (ی ی) که بجای «یاء» میآیدمانند: «بید» (بید) «دەوید» (دوید) «مەردی» (مردی)

**٧ـ (ۆ) که صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»**

**٨ـ (ێ) که صدای یاء مجهول میدهد: مانند «کێ» (که) «چێ» (چه)**

٩ـ (ۊ) که مخصوص لهجه کرمانشاهی است وصدای (U) میدهد. مثال آن درلهجه کرمانشاهی «ئۊشم» (میگویم) «داشتۊت» (داشته باشد)

**(١) حروف «ها» و «واو» و «یاء» بی علامت ممکن است اصلی باشند. مانند: «هەمسایە» (همسایه) «وورود» (ورود) «یەك» (یك). برای فرق میان هاء اصلی واعراب، هاء اصلی را دوچشم واعراب رایك چشم می نویسند .**

**(٢) همزه را همیشه باینصورت (ئ) می نویسند . مانند: «ئەحمەد» (احمد) «ئوطاق» (اطاق)**

**(٣) درکردی گاهی روی حرف دال ولام وراء علامتی میگذرانند وباین شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) که در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام وراء مفخم میگردند. مثال آن درکردی: «فەرهاڎ، دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کر یعنی پسر)**

**(٤) الفبای کردی یك حرف بیشتر ازفارسی وعربی داردکه عبارت از «ڤ» میباشد . البته تلفظ این حرف درفارسی زیادست، ولی با «واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئـەڤـاییل» (اوایل) .**

**(٥) دررسم الخط کردی حروف مشدد را دوتا مینویسند. مانند «ئەڕڕە» (اره) «بەڕڕە» (بره)**

**(٦) درکردی کلمات راهرطور تلفظ میکنند مینویسند، البته کلمات بیگانه‌را مشمول این قاعده میسازند ؛ ودیگر اشتباهی بین حروفیکه مخرجشان نزدیك است واقع نمیشود ؛ مثلا صفحه را اینطور مینویسند : «سەفهە»**

## تکا

**لەخوێنەرە بەڕێزەکان تکا ئەکەین: لەناردنی پارەی ئابوونمانی ڕۆژنامە خۆیان تەگرن؛ ئەڵبەتئێمەکاتێ ئەتوانین بەم خزمەتی خۆمانە درێژە بدەین کە خوێنەرە بەڕێزەکانمان دەس گرۆییمان بکەن**

# ئاموژگاریی

کەسێ لەخۆیەوە نەنیشێتەمل، بەڵکوو لەهەرکارێکـدا لەڕۆی ڕاویژ وتێ فکرینەوە هەنگاو هەڵگرێ ، بەئامانـج و ئاواتـی خۆی ئەگات ،

(حضرتی‌محمدرض)

حەزرەتی ئاڎەم بەڕۆڵەکانی خۆی ئەفەرمۆ: کاتێ ئەتـانەوێ‌هەر کارێ دەس پێ‌بکەن ، سەعاتێ ڕاوەستن‌ولەدەوروبەری ئەوکارەڎا، بیر بکەنەوە، ئەگەرمن سەعاتێ ڕاوەستابایام، تووشی‌ئەم بەڵایەنەئەبووم.

(حضرتی‌آدم‌ع)

هەردەستەیێ کەعیبادەتی خوڎا بەبۆنەی حەزکردن لەنیعمەتی بەهەشت بکەن، ئەوە بازرگانی ئەکەن. وەئەوە کەسانە کە لەترسی دۆزەخ عیبادەت ئەکەن وەکوو غولامن، کەئەگەر ترس لەسەریان‌لاچۆ، یاخی‌ئەبن؛ بەڵام ئەوکەسانە کەبۆسپاس بەجێ هێنانی خوڎا، لەبەرا نبەری‌ئەم هەموو نیعمەتی دونیاوە عیبادەت ئەکەن، ئەوانە عیبادەتیان‌بە نرخە، وە ئەوانە دەستەی ئازادەگانن .

(حضرتی‌علی‌رض)

ئەستێرەی‌ڕووناکی ئاسمانی‌خوداناسی، وەسەر چاوەی زانیاری و فەضایلی‌ئینسانی «شیخ‌ابوسعید ابوالخیر» بڕێ‌چوارخشتەکی بەزمانی فارسی‌داناوە، کەلەڕواڵەتا بەتەشکی دوعایە ، وەهەرکام بۆبەدی هاتنی ئامانجێ دانراوە کە بخوێنرێ، بەڵام‌لەناوکەڎا هەموی ئاموژگاری و ڕانمایی بۆسەرڕێگای ڕاستی بەسەربەرزی وبێ‌نیازی‌ژیانە.

ئەمەوەر گێڕاوی یەکێ لەوچوارخشتەکی‌یانە :

ئەگەر لەوەختی‌تەنگانەوسەخڵەتدا، دەس بکەمە گریان‌وشیوەن‌و پاڕانەوە، ڕەنگەبەم‌جۆرە بتوانم کەڕوکێوداغان‌بڎەم: بەڵام‌لەدەستووراتی خوڎای‌تاك‌وتەنیائەمەم‌لەبەر کردووە کەئەفەرموێ: لەسەخڵەت‌وتەنگانەـ ڎا ، بەجۆرێکی جوان خۆتان بگرن!

(ابوسعیدابوالخیر)

ئەگەر صەڎ ساڵ ماوەم بۆڎانێن کەلەناوی ئـاگرابم بەلامەوە چاکترە لەوە کە سەعاتێ لەگەڵ هاودەم و هاونشینی ناجۆرا دانیشم ؛ چونکوو لەمردن خراپتر ڕەفیقی هاونشینی ناجۆر وناڕەهلە.

(خواجه عبدالله انصاری)

ئەبێ چوارکار بکەینە بەرنامەی ژیانی خۆمان: دۆست بەدەست هێنان؛ لەگەڵ هەموو کەسێکاچاکە کردن؛ لەئاوڎانی‌وەڵاتاتێکۆشین، وەلەتاوانی گوناکاران لەکاتی گەڕانەوە وپەشیمانیدا ، بووردن وچاو پۆشین .

(لەکتێبی نصایح‌الحکماء)

بوزور گمیهر ئەڵێ: لەماموستام پرسی: چ‌کارێ زۆر پەسەنـڎو جوانە؟ ووتی: خۆش‌ڕوویی وخۆبەبچووك گرتن لەوەختی دەسەڵات‌وزۆر داریدا؛ وەدەس بەڵاوی وشت بەخشین بێ‌ئەمەی کە چاوتان لەقەرەبوو بێت. ووتم: بناغەی گەورەیی چۆن دائەمەزرێ ؟ ووتی : لەگەڵ هەموو کەسێکا بەزمانی شیرین وڕووی‌خۆش وخۆبچووك گرتن ودڵ بەدەست هێنان ڕەفتار بکەی.

(بوزور گمیهر)

لەدونیاڎا ئەبێ لەیەك‌شت بترسین؛ وەئەوە خودی‌ترسە

(ناپلئون)

ئەوڕێگایە کە ئەمڕۆ لەدونیادا بۆخۆ کوشتن زۆربـاوە، فیکرو خەیاڵی پووچە.

(ویلسون)

ماوەی‌ل ٨

## چۆن بنوسین

ماوەی ل ١

نووسی بۆدۆستی لەموێنەدا «شێرۆ» بکەرە «نامە» کراوی بێ‌بۆنـەیە «ی» برێتی سێ‌یەم ئەنڎامی‌تدکە، ئەگەڕێتەوە بۆبکـەر « نووسی » کردەوەی تێ‌پەڕ کـەری یـەك کراوی‌یە «بۆ» پیتی گەیانـدنـە «دۆست» چلۆنی‌یە، وەبووەتە کراوی بەبۆنەبۆ کردەوەی «نووسی»، وە گەیانراویشە . پیتی «ی» دووبـارە برێتیی‌بکەرە، وەئەبێتەپێ گەیانراو بۆ «دۆست»

کـردەوەی تێپەڕ کـەری‌دوو کراوی ئەوەیە کردەوە کـەبەبێ بۆنەی‌پیتی گەیاندن لەبکەرەوە‌بگاتە دوو کراو ؛ ئەمەش ئەبێتەدوبەشە- وە :

بەشی‌یە کەم جـۆرە کردەوە یێکن کە هەر دوو کراوە کانیان 'اون' وەبەیەکترەوە ناچەسپێن ، وێنە:

کتێبم‌دا شێرۆ ؛ لـەم وێنەدا «کتێب» کراوی یەکەمی بێ‌بۆ- نەیە، «م» برێتیی بکەرە ، « دا » کردەوەی ڕابـوردوی یـەکـەم ئەنڎامی تێپەڕ کەری دوو کراوی- یە، «شێرۆ» کـراوی‌دووەمی بـێ- بۆنەیە.

ئەوەش ئەبێ بزانین کەلـەم چەشنە کردەوانەڎا دوورستە پیتی گەیاندن بچێتەسەر کراوی‌دووەم وەکو: کتێبم‌دا بەشێرۆ .

لەژمارەی‌دواییش‌دا هەر لەسەر ئەم باسە ئەڕۆین.

دو کراوی ـ دومفعولی

بکەر ـ فاعل

بۆنە ـ واسطه

پیتی گەیاندن ـ حرف اضافه

برێتیی ـ ضمیر

تەك ـ مفرد

چلۆنیی ـ صفت

گەیانراو ـ مضاف

پێ گەیانراو ـ مضاف‌الیه

ناو : اسم

چەسپیان ـ نسبت

چەسپاندن ـ نسبت دادن(١)

ئەنڎام ـ شخص

(١) ئەڵێن: فلانەکەس ئەوشتەی دێ‌بەوە ناحەسەر ، مانێ نسمەتی

بنکەی ژین www.zheen.org

نوسەر: ئاغای علی سامی وەرگێز: د.ع.م

# کنرانی کانالی سوئز بەفەرمانی داریوشی مەزن

### وەبەردە نوسراوەکەی بەخەتی مێخی

=١=

کەندنی کانالێ کەدەریای سوری ، لەڕێگای چۆمی نیلەوە لەگەڵ دەریای ڕۆژئاوا، بەیەك گەیاندبێ ، وەکردنەوەی ئەم ڕێگا گەورە دریایی یە، یەکێ لەکارە گەورەکانی داریوشی مەزنە، کەسەردەرچوون ودڵگەرمی زۆرلەئەندازەی ئەم شاهەنشای گەورەی پارسی یەبەدروس کردنی ڕێگای نزیك وئاسان و کورتی دەریایی، وەپەرەپێدانی کاروباری بازرگانی ولکاندنی بەشەجۆر بەجۆرەکانی خاکی شاهەنشاهی بەیەکترەوە، ئەگەیێنێ

ئەوکانالەکە داریوش کەندی ، لەگەڵ ئەم کانالی ئێستادا کە لەساڵی ١٨٦٩ بەدەستی «مۆنفرێدپناند دۆلێسپێس» کنراوە،وەدووایی هاتووە، کەمێ بەینیان هەیە؛ چونکو ئەم کانالی ئێستالە «پرت سعید» ەوە دەس پێ ئەکرێ،ولەخەلیجی سوئزدا ئەبڕێتەوە؛ بەڵام کانالی داریوش کەمێ لەژورترەوە، یانێ لە «بۆبۆستیس»ەوە ، دەس پێ کراوە ، وەگەیشتووەتە چۆمی نیل ؛ وەلەپاش تێپەڕ کردن لەبیابانی «تۆمیلات» لە نزیکی سوئزا گەیشتووەتە دەریای سور.

بەشێ لەو مەبەستانە کەلەواتەی مێژو نوسەکانی کۆن دەرئەکەوێ بۆتانی ئەگێڕینەوە: کانالێ، وێنەی ئەوە کە داریوش کەندبوی، گۆیا لەنزیکەی ١٥٠٠ ساڵ پێش لەمیلاد بەدەستی یەکێ لەفیرعەونانی مصر کەهاو ڕۆژگاری «حضرتی موسی علیه السلام» بـووە، کنراوە؛ بەڵام قوڕولاسامەپڕی ئەکاتەوە. لەپاشان «نخائۆ» فیرعەونی مصر لە سەدەی حەوتەمی پێش لەمیلادا (٦٠٩پ م) ئەکەوێتە خەیاڵی کردنەوەی ئەم کاناڵە،وەدەستور ئەدا کە:دوسان بی کەنن وپاکی بکەنەوە، بەڵام مصری یەکان بەم بۆنەوە کەلایان وائەبێ ئەگەر ئەم کاناڵە بکنرێ ئاوی دەریای سورخاکی مصر ئەکاتە ژێرەوە، کاناڵەکە پڕئەکەنەوە. لەپاش ئەوەکە لەدەورانی «کەمبوجیە» (ساڵی ٥٢٥پ.م) مصر کەوتە سەرخاکی شاهەنشاهی هەخامەنشی، لەڕۆژگاری پاذشایی داریوشی مەزنا، لەگەڵ ئەو کارە گەورەکانی ترا، کنرانی ئەم کاناڵە وبەدیهێنانی ئەم ڕێگادەریایی یە کورت وئاسانە، لەدوبارەوە، جێگای چاودێـري تایبەتـی شاهەنشای سیاسەت گێڕو کارزانی هەخامەنیشی بو: یەکێ لەباری قۆشەن کێشانەوە، تانێروی دەریایی ئێران بتوانێ بە ئاسانی لەقەراخی خەلیجی فارس وەدەریـــــای «عمان»و ئوقیانوسی هندەوە، بەقەراخی دەریای مەدیترانەو دەریای سور وئاسیای بچوكو دەریای ئەلجەزایر بگات.

دووەم لەباری ئابوری بەوە؛ بۆ گەیاندنی کاڵای بازرگانی زۆری مصر بەوەڵاتەکانی تری ژێر دەستی شاهەنشاهی هەخامەنیشیی . ئەم وەڵاتی مصرە جگەلەوە کەبۆخۆی کاڵای بازرگانیی زۆرێکی بو، کە ئەبوا بنێردرێ بۆوەڵاتەکانی تری شاهەنشاهیی، چونکو لەسەرە ڕێگای ئاسیا وئەفریقاوەقەراری گرتبو، بوبووە هەماری کاڵای وەڵاتانی «حبشە»و سوداییش ، کەناردنی ئەو کاڵایانەبۆ ئەوبەشەکانی تری خاکی بەربەڵاوي شاهەنشاهیی کەنیازیان پێ بو زۆرپێویست بو ؛ بەم بۆنەوە بەدي هێنانی ئەم ڕێگا دەریایی یە زۆرلەئەندازەبەکەڵك وپێویست زانرا؛ وەزاناکانی ئێرانیی بەبەڵگەي زانیاري وزمانی خۆش ئەوترسەیان لەدڵی مصری یەکان دەر کرد، کە:لایان وابو ئاوی دەریای سورخاکی مصر ئەکاتـە ژێرەوە .

پێش لەکرانەوەی ئەم ڕێگا دەریایی یە ، لەدوڕێگاوە بۆ مصر ئەڕۆیشتن:

١ـ لەڕێگای خەلیجی فارس وفوراتەوە بۆسوریە، وەلەوێوە،یا لەشاری «صور»ەوە، بەکەشتیی بۆمصر.

٢ـ لەڕێگای فلسطین وشبەجەزیرەی سیناوەبۆمصر.

ڕێگای دووەم چونکو لەبیاوانی ووشك وگەرم وبێ ئاو و گیاوە تێپەڕی ئەکرد، کارەوان و گەڕاڵ لەبێ ئاوي، توشی سەخڵەت ومەینەتی فرەئەبون؛ وەئەبوا هێندەئاویان لەگەڵ خۆیانا بردبایێ، کەتاڵەو بیاوانە دەرئەچن بەشیان بکاو دانەمێنن. وەئەڵبەت ئەمەکارێکی زۆر سەخت و نازەحەت بو.«کەمبوجیە»ش لەم ڕێگاوە ڕۆیشت ومصری گرت.

ناتەواو

م ص. مفتی زادە

# دەردی دل

ماوە لەچڵی پێشو

خێزانی ماڵمان : من بوم و دایکم
خـوشك وبرایێ چکۆلـەوباوکم
ئەنجا، گوێ ڕاگرە بۆچۆني حاڵمان
دارایي و هەستي، هەمونـاوماڵمان:
پێنج شەش بزن و مەڕ، یەك پیرەمانگا
کەرێکی دێزك لەگەڵ جوتێ گا
سێ چوارمرێشکی پەڕوپۆپ ڕزیو
کەڵـە بـابێکی پیری دنیادیـو
خورجێ شڕ ووزەجـل گایێ کۆنـە
جوتێ «ـلـە شێش چەنذقازوسۆنـە
لێفە زیـر کنێ کـۆن ودڕپینە
سەرینێ کـولکـە وپەڕۆوجـاوینە
دۆلـەیێ چێوین ساجێ مـاسۆلە
نانە شانێك ویـەك دۆکـە مۆلـە
هۆڕۆژەشکـەیێ، بەڕێ پتور کـاو
دێزەیێ بۆچێشت، گـۆزەیـێ بۆ ئاو
قازانێ بۆشیر، مەشکـەوێ بـایێ
کەوجێزی چێوین، دەسە چـرایێ
داسێك وکـەوێ، پارۆو بێژنگـێ
گـورێسێ ڕەش و بێلێ وقـولنگێ
ئەوە ئەروەت ومـاومەڵـەکمان بو
ئـەوە دارایي وشتومەکمان بـو

**ماوەی هەیە**

## ماناي ووشەکان

| | |
|---|---|
| مەزن : گەورە. بزرگ، کبیر | بەردی نوسراو : کتیبەسنگی |
| پەرەپێدان: توسعەدادن | مەبەست: موضوع،منظور،هدف |
| واتە : گفتە، جملە، کلام | مێژونوس: تاریخ نویس |
| قۆشەن : لشکر | ئابوري : اقتصادی |
| بەربەڵاو : وسیع | پیویست : ضروری،لازم |
| بەدیهێنان : بوجودآوردن | بەکەڵك : مفید |
| بەڵگە : دلیل،سند | گەڕاڵ : مسافر،سیاح |

## لەکۆمەڵا

ماوەی ل ١

سرشتیی بەهەستەکان وئەنذامەکانی لاشەی فەرمان ئەدا کەخواردەمەنیێ بەدەس بێنن بۆئەوەدەزگای خاوی ئەو هێزەنیاك نەچێ ، وەبـەساقیی و دوروستیی مێنێنەوە؛ لەوکاتەدا ، بۆوێنە:چاودوچەشنەشتی خواردەمەنیی ئەدۆزێتەوە، گیان فەرمان ئەدا کە هەردوکیان بەهەستی چەشتن تاقیی بکاتەوە؛ئەنجاپاش تاقیی کردنەوە ئەوەیان کەتام و مەزەی بەلای هەستی چەشتنە وە خۆشتربێ، گیان، بەئەنـذامی تایبەت فەرمان ئەدا کەبیی خووا، وەئەوی تریان لێ گـەڕێت ؛ بـەم چەشنە کردەوانەئەڵێن:وپستی وەر گیری ؛ هەروەهاش ئەگەر ئێمە تینوومان بێ،وەدوجۆرەئاوی گەرم و سارد ؛ یان سوێر و شیرین پەیدا بکەین،دووای ئەوەکە هەردووانمان تاقیی کردەوە، گیان فەرمانمان ئەداتێ ئەو جۆرەیان کـەساردو شیرینە،وەری گرین،وەبیی خۆینەوە .

هەروەهاش ، دوڕێگا لەبـەر ماندایە کە ئەبێ بەیەکێکیانـدا بڕۆین، هەرکامیان ئاسانتر بێ،وە بۆلاشە،حەسانەوەی زۆرتری تێدا بێ ئەوەیان وەرئەگرین..

بەو چەنذ وێنە کە هەڵمان‌دا ، بۆمان دەرکەوت کەوپستی وەرگیري لەویستی سرشتی یەوە،سەرچاوەئەگرێ ،وەوپستی وەرگیري ووردە ووردە بەگوێرەی تـاقیی کردنەوە، بەهێزتر ئەبێ،وەڕەنگە بگاتە ڕادەیێ کە لەگەڵ هێزدا ببێتە یەکێ ؛ یانێ ئەووپستە ئیتر بەگوێرەی پێویستی یەکانی پێگەیشتن ومانەوەی لاشە،نەکەوێتە کار؛بەڵکو ببێتە هێزێکی ڕوت؛ ئەنجاهەرکەسی وپستی وەرگیري گەیشتە ئەو ڕادەیە، ئەڵێن:فیسار کەس، لەبیساتی چتانیی دەرچووە، وەگەیشتوەتە ، بیساتی نهێنیی ؛ ئەنجالەم حەلەدا، کارەسات پێچەوانەئەبێتەوە،یانێ: ئیترلاشەئەکەوێتەدووای گیان،وەتەنانەت ویستی

ماوەل ١١

بنکەی ژین www.zheen.org

بەشی کرماشانیی کوردستان لاپەرەی ، بوهەمووجار

نوسیای : «سیدمحمدسعیدغیرت»

# لەشوین

## ٢١ ئازەر

ئەڕای تەمام بوِن ئەوە کە لەشومارەی گوزەشتي لەباوەت ٢١ ئازەر نوِسایمن، وەلەوره ثابت کردیم کەلەطوِلە ٥ ٢ تەزن زیندەیی سیاسي میللەت ئیران هەروەخت دوشمن تواستیە ئیستقلالي لەناوبرومت ، وەسەرسەختي و دڵ قاییمي خوەی دەس بیگانە لەناڵ خوەی دوِرخستیە ؛ وقەددزیندەیی ژاسەو کردیە

ئیسە چشتي کەلە مەسئەلەی هەڵ کەفت ئازەربایجان لـە ساڵ ١٣٢٤ مەشیا وەعنوان بەیان یەك حەقیقەت بووِتایمن یەسە کە : فرەساڵ بوِ کەبیشتر کوشش دەولەت ئەڕای ئاوایی تهران بوِ . لەتهران کاخیل فرەبەرز ، ئەسواو زیندەیی تازە، وەڕاحەتي مەردم پیشڕەفت فرەیك کرد عەدالەت ئیجتماعی، ڕاحەتیی، کار ، دەرئامەڎ ، فەرهەنگ و بهداشت چەبوِشم گشت ئەوچشتەیلە کە مەردم ئیران تیشنەی بوِن ، لەتهـران فەراهەم هاتوِ، وەلي وەعیللەت ئەوە کە ئەڕای دەولەت مومکین نەوِ ، تەمام ئەوخاسي یەیلە لەباقی مەملەکەتیش بەڵاوبکەت، لەنیامەیی ئەو ڕوِژەیلیشە کەچشتي نەمەنوِ پیشڕەفت کامل لەتهران وەرەوشارسانیـل بچوِت، وەبنەڕەت ئەمنییەت کە ئەو ڕوِژەیلە لە سەراسەر مەملەکـەت ڕشیاوِ. وەئەمەر بڕەسنیت ، هەڵ کەفت شەهریوەر ١٣٢٠ پیش هات . کتوپڕ شەو خون خارجي یەیل نەمیشتەمان وڕشتەی ئارەزوِمان بڕی ؛ وەشاهەنشای فەقەد کە دروس کەرئیران نوِبی، ناچار لەسەلطەنەت دەس کیشا؛ وەلەشون ئەوە ئەوهەمـگە بي نظمیی ولەیەك شیویاین،خوصوِصەن باحضوِر قشوِن ئەجنەوی ، مەجاڵ هیچ کاریك لەڕشتەی عمران وئاوایی وەیمان نەبا .

مەردم شارسانەیلیش فرەتیشەمەی ئاوایی وپیشڕەفت بـوِن. گشت مەردم ئیران کواستن لەباوەت ڕێ و کاروکارخانەوفەرهەنگ، بهداشت و ئەمنییەت ، هەرچنەو کەمەرد تهران لەلي بەرخوردارن ، بەش داشتوِن وەلي مەر کەڕیق ئەو ڕوِژەیلەبەنا وەموشکلاتي کەداشت ، نیەتوِمنست جواد ئەو هەمگە تەمەنا وتەقەقووه بیەت .

لەو بەینە چون ئازەربایجان کەفتوِەژێر دەس بیدانە ، وەلەوره قشون ئەجنەبي تودرەت داشت ، لەمای ئەوقودرتەدەس بیـاوڕنـە چاووڕاووتەبلیغات «ضدمرکز» . وەوِنەی ئەومەطالبە توِمەت دیانـە دەولەت کە هیچ یە پەرچینەئازەربایجان ، وەخولاصە یانە کردوِنە ساز۔ دەوڵ بەرضد» وەحدەت ئیران. بڕی لەمەردم ظاهربینیش وەئي قسەیلە هەڵ تیزاوِن؛ لەبیمەی دەولەتەیل کەم دەوام کەتیانەسەر کار، قودرەت کار وعەروەشت ـصبەت وەئي تەبلیغاتەنەیاشتن؛ وەراسیي یەسەلەعوهدەی ئیصلاحاتیش نیەماتن، وەڕوِژ وەڕوِژلەئەو صدقەحاتە تەبلیغات دوشمەن لەفیکر ئەومەردم طاهر بینەـ کە چوِنە ژێربەیاخ حزب توِدەـ ئـەئەر گردیات تائەوره کە ڕەمیەئەڕای ئیغتشاش ووەیەك داین ئەوضاع فەراهەم کرد . مەقصوِدیەسە لەوره ووەسیلەی سازدەوڵ تەبلیغات ئي مەطالبەدلە وەرچاو ئەومەردم ظاهر بینە کردوِوە شەوی (پیراهن)عوثمان. لەوبەینە تەهدید وترساندن مەردمیش کاري کرد کە بڕي دوزوچەپاوچیي وەناو ئیصلاحات و وەعنوان یە کە ئیمەتو یمن: ئازەربایجان ئاوابکـەیمن دەس خستنەبان گیان ومالْ مەردم. هەرچوِ گورگی کە وەلبـاس میش دەرهاتوِ؛ یاپلنگي کەفەرەنجي شوانیك کردوِوە وەر، کە نمنەگیان مەردم، وەئەوە کە نەبایەس وەسەومەردم ها وردن .

خوِش بەختانە لەشوِن ئەوچەپاوو خراوییە کە دوزەکان لەسەر زەمین«مقدس»زەردوشت دەر کریان چنەو کە گشتمان خەوەر دیریمن، جموجوِش پیشڕەفت لەسەرانسەر ئیران دانریا، وەڕوِژ وەڕوِژ لە ئەثەر کوِشیش فرەخاس شەخص شاهەنشا لەتەمام نوقاط کشوەر دەس نیانـە ئاوایي: تەوسعەی فەرهەنگ وداەمەزانن دانشگاوە ئیصلاحات ترلەقەبیل ڕێ ئاسن ، سەدبەندي، کارخانە ، بیمارستان ، وەلەیقەبیله جوِروەجوِر تونڎ وەتونڎهاتەپیشڕەفت.

ڕێیە ئاسن ئازەربایجان وخوراسان بەبدسفید زوِد و لوەزەنكە وەشەمناز، کارخانەی توتون بڕ «سقز» کارخانەی سیمان دوزوِد ،سیمان «مشهد»دروس کردن بەندەر ، ئاوایی جەزیرەی خارك دامەزرانڎن . دوازدەدەسگای بنیرادیوییلەمەر کەزەیل ئوستان، ساختمانەیل دەولەتی لە شارسانەیل ، ڕێیەیل شوِسە وئەدەفالت لەمەناطق غەرب و جنوِب ، موبارەزەیل بهداشتیی «ضد» مالاریا، سل، تەوسعەی کەشاوەرزي و فرە کردن تراکتور، دایر کردن مەدرەسەیل صەنعەتیی دانیاین شرکەتەیل تەعاوونیی ڕوِستایی، دروس کردن بانکەیل جووروەجوور عمرانیی لە شەهرەیل یوِچك .

یانە وفرەلەی قەبیل کارەیلە لەلەتی ڕوِزەبلە ئاروبار دەولەتە ، وەئیمە گشتمان هەرڕوِژە ئي پیشڕەفتەیلە وەچەوخومان دوِنیمن،خوەی شاهدە کەوەزوِیی لەسەراسەر کشوەرجەوجووش زیندەیی تازەوئاوایي ها لەپیشڕەفت بوولەظەرف ئي چەنڎ ساڵەدیتر مەعانەیك ئەڕای ئەو جووره تەبلیغاتە لەهیچ کووره نەمەن، وەئیسە دەولەت هەرچندو کەتەوەجوهي وەئاوایي و گەورایي تهرانە، نیسبەت وە شارسانەیل ودیهاتیش هەس .

ماوەی سەرووتاری شماڵ

ماوەی ل ٥

قەدربلند دایکـا هانینە دونیایێ و

شاعرێ باریداچ خوِش گوتییە :

(ژنا،راهەمن بەسەئەڤ یەك هوندر

هندە مــ..ڕوِڤیِد کفش وزانیِد

### ئاموژگاریی

ماوەی ل ٦

هەموِ کەس بوِخوِی بەدي هینەری چارەنوِسی خوِیە.

(گوستاولوبون)

ئادەمیزاد گـلان لەبەرێکە، کە بەهەموِشتیِ خـنڎە ئە گرێ دا۔ ئە کەوی.

داستایوسکی)

پیاوی ، پروەهەڵ کەوتوِ ئەوشتانە ئەکاتەهوِی کامراني و کەیف. خوشي خوِی، کەبەلای ئەشخاصي عادیەوە،بەبەڵاوموصیبەت ئەناسرێ.

(مترلینگ)

کوڕوِنیِن وبزیِن شیِرانیِ نـەر وە گوِتنا ئەوزانـیِ فـرەنگي چوِقابەدەی وباشە کـودبێ: دابك بەدەستە کي خو، بیشکيِ وەبەدەستیِ دیِ دونیایێ دەهەژینە . تەربیە کرنا سیِري پیِشا دایکیِ دا، دبەسەبەب، کو، روِڤ شارەزاتي وژیِ تیاخوتیِ دەرخە، وەهـە گـەر دایك بفە دیِ تربیە کرنیِ بەلەدبە،دو کارەئەولادا خو، بوِخزمەت بجڤاتیِ ووەطەن و بەشەرحازربکە .

حەلبەت دونیا خودان تەمەدونا نهوِ، قەدرقیمەتا دایکـا بـاشترتیِ دەرخستیِ بە، وەبچەڤیِ حەقیقەتیِ، بڤیِ جانداراژیِهاتیِ ومەزناژیِبیانیِ میِنرە دکە، وەتولاشیِ دکە دایکا بشیلاحیِ زانەتیِ ویەهیز کاریِ یەر گال بکە، کومروِڤیِدقەنجو کاریِ بدە جڤاتیِ، وە دونیا بـەشەری یـەتیِ ژمروِڤیِد خالفي ونەپاك پاقش بکەن.

ئیروِ ئەڤ مەسەلایەقین، بدەلیلیِ زانەنیِ بیِ ئیثبات بوِیـە، کـوبڕێ فسادیِ وخرابي یا، هنەك مروِڤـا ژبەردایکا نەباش بوِنە ، کوئەوان نەهانینە بیِر، وەژبەخششا دایکا باقل و، وەزیفە ناس بیِ نسیب بوِنە.

هیویامە ئەڤە، کوزاند نازاستي، یانیِ زانەتیاتەڤي هیم کر نادوروست خوِییِ دایکا گەلە گەلە کي بویِ وەزیفاوانە مەزن ناس، وئەوانا بیەر هیز کاری ودوروستي، زانینیِ بخەملینە، کولاوندهاتي بي مەملەکەت، زیدە تر، بخوِ ئەخلاقـیِ جامیری وەر و قاییِ بیِ بەنید، وحسا فـداکاری وەر زیفەناسي وخزمـەت بـوەطەن را کەدایکا گشتي یە ، بیِشا دایکیِد قەنجکاردا راهیم بن ، کوچوجارا دایکاوەطەن راخایبن دەرنە کەڤن، وەژێرا لاوێد فەرمان بروبکارین.

**هەراله**

ماوەی ل٤

وە، بۆنی سملّ ومێخەکی میخەك بـەندی کچان پیاوی خـەوش ئەکـرد، هاژەی کەمەرەولولەی نازك نەونەمالانی ناوژەش بەلەك سازوزەربی مەجلسی بەزمی کەیانی بەست ئەکرد، زۆمەتی وەك مانگی نـازك نازاران تانەیان لەمانگی چوواردە ئەدا، کوزانی جووانی تیرەکان لە سیما وئەندامامەریە کە بۆشۆرەتی شاری ئەشیان،سێ چین ژش بەلەك دەستیان گرتبۆهەلپەزکێی فەتاح پاشایی» و«سێ پێیی» و«چەپی» و«سێ جار»و«گەزیان» زەواجی گرتبۆ،لەمەرخولیکی هەڵپەزکیدالەنێوانی ناوچی وشکاردا، هەزاران تیری برژانك وتیغی بروهاتوچوّی ئەکرد، کوزان و کیژولانی نەونەمالّ بەمەستی بەموّی شکاری خۆیانداتەسوّزانەوە، بازی دلّیان بەرەلا کردبۆ تابەسەرکێوە بنیشێتەوە' دریژەی نەدەینێ بەهەشتیکی بەرینی پڕلە حۆری وغلمان، لەوباغەداخۆی ئەنواند، شادی وذەوق ئەو کە ژو کێوەی پڕ کردبۆ، ئەوزە ماوەندە ناو کەدا تەنیابۆمن وشاپەسەند لەنەبۆهەزاران دلّ ودلّ دارلە وزوژە دا بەئازادی کامی دلّ یان لەیەکتری دەبرد، تاریفی ئەوشادی بە بەهیچ چەشنی نایێتەنوسینەوە.

ماوەی هەیە

(ئاوات) ش۔بابان

خوەزگەم بـەجـاران کە ئیتوارم بۆ
وەك خـوم مەیخانـە زۆربازارم بـۆ
لەنـاوگولـرخان لـە شاری خۆمـا
چەن دلـداری جوان چەن نگارم بۆ
ئیستایێ ئیتواربازارکەساتم
هیچ کەسێ نالێ (شێواو) یارم بۆ

هەزارویەك شەو ۳۲۷

ئەوانم ـ کەوەزیری ملكنەمانە ـ ئەکوشت؛ وەسپاسالار وفەرمـاندەری ئەوانم ـ کەشازادەشرکانە ـ بەدیل ئەگرت،ئەی جەوان! بزانە کە،ن نامەوێ ستاییشی نەبەزیو پالەوانیی خۆم بکەم ؛ بەلام ئەگەر ئەمشەو شرکان لەجێگای تۆدا ببوایـێ ، پێم ئەووت: ئەبێ لەم دەریاچەبپەڕیتەوە، ئەویش نەی ئەتوانی وبەناتەوانیی خۆیی پێ ئەهات. ئیستاش لەمەسیح ئەپاڕێمەوە، کەڕیگای شرکان بخاتەئەم دەیرەوە، وەتوّشی من بینێ، ئەوجا منیش جلی پیاوانە لەبەربکەم وبڕۆمە مەیدانی ، وەبەدیل بیگرم وەزەنجیر بخەمەملی.

(کەچیرۆك گەییشتە ئەمجێگا، ژۆژبۆوە؛ وەشەهرزاد قسەکەی پچری)

## کەشەوی چل وهەشتەمهات

شەهرزاد ووتی: ئەی پاڎشای بەختیار! کانێ ئەو کچە مەسیحی یە ئەم قسانەی بەشرکان ووت، سەرمەستیی جەوانیی وغیرەت وپالەوانیی زۆری بۆ ئەوهێنا کەخۆی پێی بناسێنی ولێی توڕە بیێ؛ بەلام لەبەرجوانیی ودلرفێنیی ئەو کچە دلی نەئەهات کە وەها کارێ بکات وئـەی ووت: ئەی مانگ ڕوخسار!

گەربکێشێ دەستی تۆشەمشێری جەور
بشکێ ئەودەستە کە قـەلخان دانە خا!

ئەوجا کچە مەسیحی یە کەزۆبەدەیرە کەڕۆییشت؛وەشازادەشرکانیش بەشوێنی ئەوانەچۆ، تاگەییشتنەبەردەرکی دەیر. کچە کەدەرکی کردەوە؛وەلە گەلّ شرکاناچوّنە هۆڎەیێکی گەورەوبەرز، کەچل چرای زۆری تێڎائاوێزان کرابۆ، وەهەروە کوهەتاو

**لەهەرگولزار**

ماوەی ل ٤

جەوزۆمن جەبەطن مادەرپەیڎابیم
مەجنۆن ئەو گەرد،شێت وشەیڎابیم
هەرخاترخەمین دەروژ پـڕداخ بیم
هەردلّ گیر،وەدەرد، و ناڵەدەساخ بیم
هەرچەم پڕئەسرین مات ومەحزون بیم
هەرگیرۆدەی دەورجەفای گەردوون بیم
هەردایم زەقیب ژەمەنێی ژاچەفت
وەردا، وەجەستەم ئـاهیرچەنی نەفت
ئەرصەڎ سزاکێش بـارمەینەت بیم
بـەلام سازابیم چـەنیی بەخت وێم

ماوەی هەیە

## مەلاحامدی ئالیجانیی

ماوە لەچلێ پێشۆ

بەباتن مەجمەع مـەعلۆمات تمام
بـەجیوش مـەنسۆر(مسخرعـام)
بەسپنە دلیل هەم شەرع وهەم وەرع
وەك مانیی عالم بەهەرئەصل وفەرع
بەزبان نـاطیق (حدوث موعجیز)
بەمۆ وەنەوشەی نەوخێز پـای ژێز
بەبۆهەم شەوبۆهەم موشك عـەبیر
نەزمەردیڎەی وەك ئەجزای ئیکسیر
مەخلەس وەك بالاّی نـەمامی نییە
وەصف وتـەریفی تـەمـامـی نییە
بەشەمیم ئەشمەم شای گشت گولانە
مەلهەم نمای داخ پـەردەی دلانـە
هەرکەوەك«حامـد» سەختەزامانی
بژوێت بپێچێت دەس لـە دامـانی
هەرکە وەك «حامد» بەدەردئەنالێ
بژوێت خاکپای وەچـەم بمالـێ
گەرەکیەخۆش بێ ئـەوقـات تالی
بمالێت وە چەم خـاك بـەرمالـی
هەرکەس موخلیسی ئەحوالی نەوێ
فەرمان بەرە کـەی ئەفـوالی نەوێ
عاشق بـە گیسوی زوخالی نـەوێ
سزای ئـەونارە، هاویەی تـەوێ،

چاپ اختر شمال تلفن ۲۵۵۰۱

بنکەی ژین www.zheen.org

## مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی کورد

نووسراوی: زانا کەزنی وەرگێڕاوی: د-ع-مفتی زادە
کورد، احسان نوری

### ٨٤

هەخامەنیشی یەکان کە لەهۆزی «پارسارکاد» بوون، لەشاری «استخر» دا، پاڎشایی یان کردووە، لە پاشان لە جێگای ئەوانا کورد پەیڎا بوون وپادشایی «استخر» یان گرتبووەدەست، وەبۆ بۆنەجێ نشینی هەخامەنیشی- یەکان .

من نالێم کە : «پاسارکاد» ەکانیش هۆزی لـە کورد بـوون، بەڵام تەنیا ئەمەبەـتەوەبیر ئەخەمەوە، کە: ئایانابێ کە هۆزەکانی «شوانکارە» و «بازرەنگی» هەرهۆزی «پاسار کاد» بۆبێتن، بەمانا کەووشەی «پاسار کاد» لەدرێژای ڕۆژ گـارا بووەتە، پـاساکار، ساپاکار، ساپانکـار، شەبانکـار، شەبانکارە؟! لە پاشان کوردبۆنی ئەوان ڕۆناك بووتەوە .

«ساسان» لە خێزانی گەورە وموبدی عیبادەت خانەی «ئەناهیتا» لە «استخر» دا، بۆ، کە دانیشتووانی ئەناوچە «پاسارکادی» بوون، ئەڵبەت ئەویش لەهۆزی «پاسارکادی» بووە، کە لەپاشان بە «شەبانکارە» ناوبراوە. بڕێ لەمێژووەکان ئەنوسن: «ئاکمند، ئاخەمنش» لە ڕەگەزی «هوخشترە» پاڎشای «ماد» بووە .

«ئاخەمنش» پاڎشای «ئەنزان» بـۆ؛ «شیلهاك انیشوشیناك» کـە پادشایی «کوسی» یەکانی دوواییپێهێنا، «ئەنزان» یشی گرتبۆ (٦٥٠پ م) «فروتیش» پاڎشای «ماد» ناوچەی «ئەنزان» ی، گرتەوە، وەهاوڕەگەزەکانی خۆی یانێ «کوسی» یەکانی ڕزگار کرد .

ناوی دوا پاڎشای «کوسی» کـەبەدەستی «انیشوشیناك» لـەبەین چۆ «انلیل- نادین- ئاخە» بۆ ڕەنگە ووشەی «ئاخەمنش» بەڵگەی ئەوە بێ، کە : لە ڕەگەری «ئاخە» بووە . چونکو «کـوسی» یەکان بـاپیری کوردن بوون؛ دۆرنیێیە کەشەبانکارەش «پاسارکاد» بۆبێ.

---

### کنز العرفان

ماوەی ل٣

ئاهم چۆئاگرجـسم وێنەی نەفت
یەچ ناریۆ ن‌وەجەستەی‌من کەفت؟!
مەسۆزۆم لەتەرز کـوورەی فیخاران
فغانـم بـەرزە لـــــە سەردیاران
شۆڵەی ئاهمن سۆزا خـوشك وتەڕ
سەحـراوو دەریا، کۆە وبەحروبەڕ
بـاران خـەومەردەن وەحەردەداران
دەردم ئـاوکەردەن قوللە کۆساران
لەلای ئـاهمن ئـاتەش لـە دۆزەخ
ئەمرۆژلەی‌وەختەسەردتەرێن لەیەخ
«سەی صالح» فیدای عیشق جایگاهت
عالەم سۆزیـا لـە شوعلەی ئاهت

---

## چوارقوژبن

**لابەلا :**

| ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ■ | | | | ١ |
| | | | ■ | | | | ٢ |
| | | | ■ | | | | ٣ |
| | | ■ | | ■ | | | ٤ |
| | ■ | | | | ■ | | ٥ |
| | | | | | | | ٦ |
| | | | ■ | | | | ٧ |

١- «گوێ» بەهەورامیی وفارسیی-چەمی گەورە، تائێوەی لەسەرەوە دوروّس نـەکرێ ، هاتوچۆی بەسەردا ناکرێ ٢- داری قەزوان- «ڕەوەی شێواو٣ - ڕەنـك زەردوزەعف ... بەباری تۆم☆عالەم دەبزانێ گیرۆدەتاری تۆم - کاغەزبنۆسم بەخوێنی... ☆ بێ دەم بـەشەماڵ بێبابۆگوڵم . نای‌دەم بەشەماڵ کۆتامەنز لە☆ هەر خۆم بۆی دەبەم داخم لەدڵە ٤- «با» ی بەرەودووای‌هەورامیی - باش‌تێ نەگەیشتووە، وەها ئەڵێ تابۆی دۆبارە بکەیتەوە ٥- گییاندارێکی‌وەفادار ٦- «هەرمێ» ی چکۆلە، بـەهەورامیی ٧- مۆی سەرملی ئەسپ - کەسێ‌ئەوەی زەبۆ٠٠ڕ، یارمەتیی دەرودڵسۆزێکی‌نییە .

**بەرەوخوار:**

١- شەرتەن من‌لەداخ بێ‌مەیلیی تۆوە ☆...وەهار نەکەم وەبۆوە ٢- «بۆك» ی هەورامیی - «مار» ی کلك بڕاو ٣- قەسە چەپێ لە کوردستان‌دا- بنی گییایێکی بۆن خۆش ٤- ئـەڵێن : گوێزی نەماوەو وەهائەکا ٥- ماڵی دووەمی‌سوتۆنی‌یەکەمی لابەلا -زەمینی چاڵ کراو، لەبێسان دا٦- بۆخۆشەویستیی بەمنداڵ ئەڵێن- «پاڵ» بە کوردي، وە «نە» بەعەرەبیی ٧- من‌و... شەرتێو- مان کەردەن ☆ ئەوتەم‌ومن‌خەم تاوەڕۆی‌مەردەن.

### کراوەی چوارقوژبنی ژمارەی ٨٢

**لابەلا :** ١-دەسکرد ٢- ەلب٣-بسك-نی‌ە ٥- ڕەش - برا٦- هور ٧- دەواری
**بەرەوخوار :** دلبەرە - ٢ - هود ٣-سوك- ش ە ٥- ڕەن - برا٦- دلی-٧- بەتالی.

---



ڕۆناکیی ئەوانە هۆدەکەی ڕۆشن کردبۆ. کەئەوهۆدە دوواییهات،چاویان کەوتە گەلێ کەنیز کەشەمی داگیر ساویان بەدەستەوەیەو ڕاوەستاوون . ئەوجا کچەشەم بەدەسەکان کەوتنە پێشی کچەکە ، وەشرکانیش بەشوێنی ئەوانـا ، هەمۆ پێکەوە ڕۆییشتن‌تا گەییشتنە نێوی دەیرەکە، ئەنواڕن کە گەلێ تـەختیان لەبـەرانبەری یەکترەوە داناوە، وەپەردەی حەریریان بەسەرا کێشاوە:وەتەختی‌دەیرەکەیان‌بەمەڕ- مەڕی‌سپیی فەرش کردووە؛ لەنێوەڕاسی دەیرەکەڎا ، حەوضێکی گەورە هەیەکە بیست‌وچوار فوارەی زێڕینی تێڎایە؛ وەئاوی وەکوزیوی پاكلەو فوارەزێڕینانـەوە هەڵ‌ئەخاتەوە. لەلای ڕۆژووی دەیرەکەوە تەختێ دانراوە، وەفەرشی حەریری‌بەسەرا کێشراوە. کچەکە بەشرکانی‌ووت: ئاغا!:تۆبڕۆ لەسەرئەوتەختەوەدانیشە!وەکچە- کەلەبەر چاوی‌ئەو، وون‌بۆ.شرکان لەنۆکەرانی پرسی:خاتۆن بۆکوێ‌ڕۆییشتووە؟ ووتیان: ڕۆییشتووەتە هۆڎەی خەوی خـۆی ؛ وە ئێمەی بۆخرمەتکاري تۆداناوە . ئەوجا هەمۆ جۆرە خواردەمەنیی وشەوچەرەیان هێنا . شرکان نانی خواردو دەستی شۆرد؛ بەڵام‌هەر لەووتووێرەی قۆشەنابۆ؛ وەنەی ئەزانی کە چی‌یان بەسەراهاتووە ؟ وەتابەیانیی خەونەچۆوە چاوی‌ولەکاری خۆیاسەرسام وگێج‌بۆ، وەلەکردەوەی‌خۆی پەشیمان‌بۆ؛ وەئەم شعرانەی لەبەرخۆیەوە ئەخوێندەوە :

لەشکرم لـەولاوە بێ‌خاوەنڎوخۆم -
وێلی شاخ وهەردی عیشقی دڵبەران
ئەولە ژێـری شیروتیری دوژمنان
من لـە شوێنی ئافەتی گیـان وژیان
لە شکروناوونەتـام داوە بـەعیشق
بەە ! چ سەودایێ کە هەردۆلای‌زیان !

بنکەی ژین www.zheen.org

م:ص:م

# بەشی مەولەویی
## پارچەی
## ٤٣

بەجۆریکەلەمپارچەدا دەرئەکەوێ،خودالێ خۆشبۆ «مەولەوي» لەوەختێکا ئەمپارچەی هۆناوەتەوە، بەعاری گوازاری جوانی لەخەزان کردنابوو، وەئەستیرەی ڕۆناکی ژیانی بۆ ئاسۆی نیشتن نزیك بووەتەوە، هەروەها ئەڵێ :ئەی‌ساقی! دەستی چەرخی گەردوون دیسان کەوتووە تەوەکار، وەتاڵی‌تانی ڕشتەی دوری خستووەتەدار، وەئەیەوێ‌بەپۆی تاخ‌ونالەی‌جیبابی هەمیشەبی بی‌تەنێ، کەوابۆ ئیتر سەروەختی ئەوەیە کەدەستم لەداوێنی بوّن ببڕێ، وەکاتی کەوتنەخۆی ئەمرۆوسبەینێمە؛ دەفتەری‌دەوایی ژیانم بەسراوە، پسوڵەی ڕۆیشتنی یەکجارەم وەرگرتووە!ئەی‌ساقي! دووابەخشش ونەواڵەی خۆتم بدەرێ تابەو پیاڵە کەلە دەستێ‌تۆوەئەی‌خۆمەوە،ماڵاوایی‌دەوایی‌بکەم،تاوەکوو گۆشەی‌مەیخانەی ژیان‌لەئێمەیچ چۆڵ ببێتەوە :

ساقی ! دەست چەرخ هانــە کارڎا

تای تانەی دۆریش ووستەن‌دار ڎا

سەروەخت هەستي جەدەس‌وەردامەن

تەڎارەك خەیر ئــارۆو فــەر دامەن

تەمامەن بەرات قەبزو حــەواڵەم

دێرەن کەرەم کــەر، بڎەرنەواڵەم

تاهیمەت وازۆن وەیــەك پەیمانە

خاڵي‌بۆجێمەیچ گۆشەی‌مەیخانە.

---

**باسێکی ...**

ماوەی ل ٢

٧٠٠ساڵ پیش‌لە ڕۆزگاری‌ئەوەوە ، ڕۆشن بووە؛ وەهەرکام‌لەپادشاهانی ساساني ئەنیشتنە سەرتەخت ، بەپیاڎە لەتیسفوون پــایەختــی وەڵاتەوە ئەڕۆیشتن بۆئەوێ، وەیاسای بەڕێز گرتن ووەفاڎاري خۆیان‌سەبارەت بەوە بەجێ ئەهینا . ( گیراولە کتێبی «اراضی خلافت‌شرقی» دانراوی «سترنج»ل٢٢٤) وەبەجۆرێ کە ئەڵێن: « فەرهادی چوارەم» پــاڎشای ئەشکانی‌بۆسوێنڎ خواردن وبەجێ هێنانی‌یاسای ئاینيـ بەوجۆرە کە لەو ڕۆزگارا باوبووەـ چەنڎجاربەپیاڎە لەپاتەختی خـۆیە وەڕۆیشتووە بۆئەم ئاتەشکا بەڕێزە «بەهرام گۆڕ»پاڎشای ساسا ي جەواهراتی‌تاجی خاقانی تورك وژنی‌ئەم پاڎشابەدیل گیراوەی‌ناردبۆئەم ئاتەشگابەڕێزە. «خسروانوشیروان»یش بەخششێکی بەوێ کرد . «خسروپرویز»یش‌لە کاتی شەڕومشتومڕ لەگەڵ «بهرام‌چوبینە»داــ کە لەئەویاخــي بۆبۆـ خشڵ وزێوەری‌زێڕین وپارەونەختینەی زۆری‌بۆ ئەم ئاتەشگانەذر کرد، وەلەپاش پیرۆزي بەم نەذری‌خۆیە وەفای کرد . وەبەمجۆرە پێشکەشی ونەذری زۆربەم ئاتەشگا ئەگەییشت. (گیراولە کتیبی «ئیرانی کۆن‌و شارسانیەتي ئیراني» دانراوی «هوارت» ل١٨٨) .

لەساڵی ٦٢٨م «هرقل» ئومپوراتۆری ڕۆم «شیز»ی وێران کرد وەکۆشك‌وئاتەشگای ئەوێ تێکدا وکاولی کرد . وەبەقسەی « حمدالله مستوفی» «ئاباقا»خانی‌مغولی ئەوجێگایە وەکوخۆی ئاوەڎان کردەوە، وەفەرمانی‌دا، کە : مزگەوتێ لەڕۆی کەلاوەی ئەوئاتەشگاوەبکەنەوە؛ کەئەمڕۆ لەکاشی‌یە بەدەست هاتووەکانی ئەوجێگا ئــەم مەبەستە چاك دەرئەکەوێ .

(گیراولە کتێبی «ئیران‌لەڕۆزگاری ساسانیان» دانــــــراوی «کریستنسن»ل٤٤٣؛ وەرگێڕاوی خوڎا لێ خۆش بۆ« ڕشید یاسمی » ل ٣٣٠)

**ماوەی‌هەیە**

**مانای ووشەکان**

| | |
|---|---|
| ناوچە: منطقە | مێژوویی: تاریخی |
| هاوین: تابستان | سەرسام‌هاوەر: شگفت‌انگیز |
| تێکۆشەر: فعال | بەناوبانك: معروف |
| لەباری... : ازلحاظ... | شوێن: اثر |
| گەلێ: خیلی، بسیاری | دواپلە: آخرین‌مرحلە |
| بەتایبەت: بخصوص | شارسانیەتي: تمدن |
| چاودێري: توجە | بەڵگە: دلیل، سند |
| پاشەڕۆژ: آیندە | بەڕێز: مقدس، محترم |
| ئاژەل: دام، حیوانات‌اهلی | وێژە: ادبیات |
| دیمەن: منظرە | بریتی‌لە... : عبارت‌از... |
| کۆشك: کاخ ، ویلا | سەبارەت‌بە... : ...بە... |
| هیوادار: امیدوار | بەدیل گیراو: اسیر |
| گرنك: مهم | مشتومڕ: زدوخورد |

---

**لەکۆمەڵا**

ماوەی ٧

سرشتیی ووردە ووردە کەم ئەبێتە تائەگاتە جێگایێ کە ویستی‌وەر-

---

**بەش کردنەوەی ئەملاك وخانووی‌پەهلەوی‌لەناوچەی ڕۆژئاوادا.**

بۆبەش کردنەوەی‌ئەملاك‌وخا ووی‌پەهلەوی‌لەناوچەکانی‌زەنگوان‌و چەڕداوڕەزەنجیرەڎا ، پاش لەوەی کە گیرو گرفتیی تاپۆیێ (ثبتی)لەو ناوچانا ؛ ماوەی بەجێ‌سێ دەستەنەخشەهەڵ گیری‌تەیارلەلایەن‌دەسگای نەخشە هەڵ گرتني وەڵاتەوە ناردران بۆئەوێ، وەئیستا خەریکی کارن . هەروەها لەلایەن ئیدارەی ئەملاکیشەوە چەنڎ مەئموریکی سەردەرچوو، بۆڕانمایێ‌ئەونەخشە هەڵ گیرانە نارراوون؛ کەبەتێکۆشینی‌زۆرەوە خەریکی جێ‌بەجێ کردنــی بەرنــامەی بەش کردنەوەی ئــەملاکی ناوچەی ڕۆژئاوان .

---

# نالەباری..

ماوەی‌ل ٢

زێڕی‌پاك‌ودۆدانەموحەمەدی‌بکڕە باحاضربێت !داکی‌منداڵی‌بەسەر چاوئەیکڕەوە ئامادەی ئەکــەم‌تا تەشریف دێنی ، ژنی‌بەستەزمان‌لە گەڕانەوەیالائەداتە بازاڕ قەراني چاوڕەشی‌زێڕۆموحەمەدی‌ئەکرێ وەلەگەڵ‌خۆی ئەیباتەوە بــۆماڵ وەکارەسات‌بۆشووە کەی‌ئەگێڕێتەوە داکی‌قوڕبەسەرتالەم گەشتە گەڕاوە

تەوەمنداڵی بەستەزمان لەبەربــێ کەسي هێندەی تردەردی گــران بووە : ئەنجاداکی بەستەزمان‌ئەکەوێتەهەوڵی پەزێرایێ‌سبەینێ‌ی مامی‌قەرەیانی، بەهەرچەشنێ‌نەبێ پڵاوو گوشتێکی بۆئامادەئەکات ، وەسبەینێ ڕۆبۆی لێ‌ئەنــێ‌وەبــە چاوەڕووانی‌هاتنی قەرەیانێ‌یەوە ، دائەنیشێ‌تابەڵکوببێتەهۆی‌ڕزگاری منداڵە کەی .

---

گیري بـەسەرویستی سرشتیی دا زاڵ‌ئەبێ، وەبەفەرمانی ویستی‌وەر گیـري کارئـەکا، بـۆوێنە،بـڕێ لەعەو ذاڵەکان ئەبینین کە بەگوترەی ویستی وەرگیري ئەخۆرۆ ئەخەون؛ ئەگەربیانەوێ‌دۆمانگ ناخەون،وەچەنڎمانگ‌جت‌ناخۆن، وەلاشەشیان وەکوخۆی ئەمێنێتە وە .

لەمحەلەداکە مرۆگەیشتەئەم پلەیە،یانێ‌هێزی‌ویستی‌وەرگیری بەسەرهێزی‌ویستی‌سرشتیی دازاڵ بو، چەنڎڕێگای لێ‌ئەبێتەوە.

ناتەوا

ویستی‌وەرگیري - ارادەاختیاری
ویستی‌سرشتیی - ارادەطبیعی
بەگوێرە - بأقنضا
هەست - حس
چەشن - نوع
چەشتن - ذائقە
ئەندامی‌تایبەت - عضومخصوص
تاقیی کردنەوە - آزمایش،تجربە
ڕادە - مرحلە،درجە، اندازە
ڤیسار - فلان
بیساتی‌چتانیی - عالم‌مادی
بیساتی‌نهێنی- عالم‌معنوی
تەنانەت - حتی،بغایت
زاڵ‌بوون: چیرەشدن
عەوڎاڵ - مرتاض، عابد
حەل - حالت
مرۆڤ - شخص،بشر

---

# مەتەل:

**١ـبەخوراك‌بۆتێر،نەمەحبوب بۆکوێر .**

یانێ‌هەرشتێ بۆ کەسێ‌چاکە، کەنیازی پێ‌هەیەوقەڎری‌ئەزانێ‌و ئەی‌ناسێ وبۆئەوپێویستە ،

**٢ـنەگەیوەتەئاو،قوڵ‌هەڵ‌ئەکا .**

ئەم مەتەڵەبۆ کەسانێ دێننەوە کەزۆرلەکارا هەڵە وپـەلەبکەن ، وەپێش لە واڎە بڕۆنە بەرەوپیری کارێکەوە .

**٣ـناعەلاجی‌حەرام،حەلاڵ ئەکا .**

کاتێ کەسێ‌کارێکی‌ناشاییست بکا، وەلۆمەی بکەن، بۆلەخۆبوونەوە ئەم‌مەتەڵە دێنێتەوە .

---

ئەم مەتەڵانە کاك‌حسام‌الدینی امین بۆی ناردوین ، لەهاوکاری ئەوسپاس ئەکەین .



بنکەی ژین
www.zheen.org

# بوپەرەپی دانی خویندکارخانەی کشت و کال ١٥٢ میلیون قەران دانرا


ژمارەی ـ ٣٥ ـ سالی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ٨٩

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردی یە، حەوتەی جاری چلێکی دەرئەچێ

**بایی**

**بۆ ناوخۆ:**

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش مانگە | ٧ | « |
| چڵ | ٣ | قەران |

**بۆ دەرەوە :**

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | « |

کوردستان

**عەزیزم شاسـوارێکە، گوزەرگا، گەر، بەلەبورزا دەکا ، نووکی سمی لەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا**

**سیاسی ـ زانیاریی ـ وێژەیی ـ کۆمەڵایەتیی**

خاوەنی امتیاز و مدیری لی پرسراو

**عبدالحمید بدیع الزمانی**

**بەچاودێریی دەستەی نووسەر:**

**دوکتۆر محمد صدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر**

**دوکتۆر عبدالرحمن و احمد مفتی زادە**

**عابد سراج الدینی ـ شکر اله بابان**

**خسرو شیخکانلووی میلانی**

**یانەی ڕۆژنامە:**

مەیدانی «بهارستان» شەقامی «صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ٢١٨

تلێفوون ٣٢٠٠٣

چوارشە ٧ بەفەرەمبار ٢٥٧٢ ك ـ ٧ دەی ١٣٣٩ ش ـ ٩ ڕەجەب ١٣٨٠ ق ـ ٢٨ دسامبر ١٩٦٠ م


## بەفەرمانی شاهەنشا لەجیگای گەرەکی کونی «عودلاجان» لەتارانا ، گەرەکیکی تازە بوکار بەدەستانی دەولەت ئەکریتەوە .

### نیروی چەك بەدەستی بلژیك لەبەرانبەری ٥٠٠ هەزارکری کا ی مانگەرەوە، چووەدوواوە کری کاران، ڕیگائاسنی ((بروکسل)) یان ویران کرد

### کارخانەکانی کارەباری سەرتاسەری بلژیك خەوتن

### بو یەکەمین جار حکومەتی مەشروطە لەعەرەبستانی سعودی دا ئەمەزری

### ملك سعود بو پیك هینانی پارلەمان و دانرانی قانونی ئەساسی ئامادەیە

### دەستەیی لەهاوکارانی ((مندرس)) بەتومەتی خراپکاریی بەپیچەوانەی یاسای ((گورسل)) گیران

### نهرو ڕای گەیاندکە :کارەساتی لائوس و کنگو دونیای خستووەتە مەترسی یەوە


www.zhleen.org


## زانستگەی پەهلەوی شیراز

لەم حەوتەیەدا وەزیری زانیاریی وگرۆیی لەپیاوە ناسراوەکانی وەلات بۆشیراز چوون، بۆئەوەی کۆشکی زانستگەی شیراز بەناوی ناوداری شاهەنشای خوشەویستەوە بکەنەوە.

ئەوسەرکەوتنانەی کەلەسایەی ڕێنموێنیی وڕێبەری شاهەنشاوە دەستی هەموشوێنێکی ئێران کەوتووە ئاشکراوڕوونا کەرەجێگای دان پیانان وئافەرینی هەربێگانەو ئێرانیێکی پاکە .

ئەوپێشکەوتانەلەهەموبارێکەوە هەستی پێ ئەکرێ، بەڵام لە باری زانیاري گشتی یەوە، لەهەموبارێکی دیکە زیاترخۆی پێشان ئەداو ئاشکرایە .

زیاد کردنی قوتابخانەی سەرەتایی وناوەندیی لەسەرانسەری وەلاتدا خۆی پێویستی بەلاوەپێ دانی زانستگەوزانیاری خانەدێنی تەدي ، وە هەرچەند لە وەلاتدا دیپلۆمە زیاتربێت ویستنی زانستگە بۆ تەواو کردنی زانیاری ئەوانەەخوێندنی چلەتایبەتی یەکێن زیاترئەبێت .

ڕۆژگارێکیش بەرا کـە : زانستگەی تارانیش خوێندکاری ئەئەندازەی پێویستی دەست نەئەکەوت بەڵام پاش ماوەیێ لەاوستانە گرنگەکانی وەلاتدا ، وەکو خۆراسان ،


ماوەل ١٢


م.ص.م

## لەکومەلاچون بژین؟

### ڕێگای خوداناسیی یان طەریقەی عرفان

ـ١٨ـ

لەژمارەی پێشوودا ووتمان هەر کاتێ ویستی وەرگیری بەسەر ویستی سرشتیدا زاڵ بێ چەند ڕێگای لێ ئەبێتەوە :


ماوەل ٦


**بەپینووسی : ئاغای «منوچهر ایمانی» وەرگێراوی: د.ع.م**

## باسیکی زانیاریی

ـ٣ـ

### گوزارشی هەڵدڕینی (حفاری) تەختی سلێمان

ئەمڕۆ تەخت سلێمان کەلاوە و وێرانەیە ، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەشکانیی وساسانیی وئاباقاخانی مغولدا ـ کەلەوێ تەعمیراتێکی کردبو ـ «ئاپادانا» (تەکیە) یێکی زۆر گەورە وبەشکۆی بووە، کەلە چاوی نەخشەوە، هاوشێوەی


ماوەل ٢


م.ص.م

## چون بنووسین وبخووبنینەوە

### کردەوەی تێ پەڕکەری دوو کراویی

بەشی دووەم لە کردەوەی تێ پەڕکەری دو کراوي ئەوەیە کە لای کەم یەکێ لە کراوەکان چلۆني بێ، وەبەیەکەوە بچەسپێن وێنە: شێرۆئازا ئەزانم ؛ لێرەشدا


ماوەل ٣


## ئابووریی لە دینی «اسلام» دا

ـ١٢ـ

### تەلاشی پەیغەمبەران ـ صەلوات وسەلامیان لێ بێ ـ بۆجۆرکردنی کاروباری ئابووریی

داستانی خەباتی حەزرەتی موسیٰ ع. وێنەیێکی ڕۆناکی گرنگە، بۆئەومەبەستە کە یەکەمین پایە وەهۆی بناغەیي لەهاتنی پەیغەمبەران ع تێ هەڵچوون لەگەڵ بینای زوڵم وستەمدا ، وەڕزگار کردنی هەژاران لە


ماوەل ٧


## نالەباری یەکانی کومەل ((قەرەیانیی)) وئازارەمنالانە

ـ٤ـ

لەژمارەی پێشوودا، ئەوکارەساتەمان گەیاندەکاتێ کە:ووتمان ژنی بەستەزمان پێشەکی مێوانداري پێویستی بۆقەرەیانيی ئامادە کرد، وەسبەینێ بەچاوە ڕووانی قەرەیانیی یەوە دەستەئەژنۆدانیشت


ماوەی ل ٢

## چۆن بنوسین

ماوەی ل ١

زەکۆبەشی دووەم دوروستە پێتی گەیاندنی «ب» بچێتەسەر کراوی دووەم، یانێ ئەوەیان کەچلۆنی یە، وێنە: شیرۆ بەزانا ئەزانم.

کردەوەی دو کراوی بەشی یەکەم ئەوەیە کە مانای باوەڕو گومان نەکەیێنێ، وەکو نلومان، دان.

کردەوەی دوو کراوی بەشی دووەم ئەوەیە کەمانای باوەڕ یان گومان بگەیێنێ، وەکو: زانین، تێ گەیشتن.

جەسپیان لەم باسەدا بەمانا «نسبت»ی عەرەبی یە، یانێ هەر کاتێ کردەوە کەمان لابرد یەکێ لەو کراوانە بەوی تریانەوە، بچەسپێ (نسبت پەیدێ)، لەوینەی «شیرۆ ئازا ئەزانم» ئەگەر کردەوەی «ئەزانم» لابەین دوروستە بڵێین: شێرۆ ئازایە، بەڵام لەبەشی یەکەمدا ئەگەر کردەوە کەلابەین، وە بڵێین: شێرۆ کتێبە، دوروست نییە.

## وتاری دینیی

ماوەی ل ١

زەنجیری ستەمکاران وە یاسا ئابوری یەنازەواکانیان بووە. ئەوداستانە، لەزمانی قورئانی پیرۆزەوە بگێڕینەوە، کە پێشەوای دینیی ئێمەیە، وە دەستوری ژیانمانە. قورئانی پیرۆز، سەرەتای مەئموری یەتی حەزرەتی موسی ع بەم جۆرە ئەگێڕێتەوە، بۆ زابەری ئێمە حەزرەتی محمد صلی الله علیه وسلم:

«واذنادی ربك موسی ان: ائت القوم الظالمین قوم فرعـون، الا یتقون!» یانێ:... وە کاتێ کە خودای تۆ فەرمانی دا بەموسی کە: بڕۆ بۆلای هۆزی ستەمکار، هۆزی فرعون کە: ئایا خۆیان ناپارێزن، لە ستەم دەست هەڵ ناگرن! تائەوجێگا کەحەزرەتی موسی داوای کرد کە هرونی براشی، هاوکاری لەگەڵ بکا پاشان مەئموری یەتی ئەوان گەییشتە ئەوجێگا کە:

«فأتیا فرعون فقولا: انا رسول رب العالمیـن: أن أرسل معنا بنـی اسرائیل» بڕۆن بۆلای فرعون وەبڵێن: ئێمە نارراوی خـوداین کـە: «بنی اسرائیل» لەگەڵمان بنێرە. [فرعون وقۆشەنی، بەزۆر دەستیان کێشابووەسەرماڵو گیانو کەسبو کاری هۆزی بنی اسرائیل دا، وەزیاد لەوە، کە ژیانی پڕلەتەشریفاتی خۆیانیان بەسەرئەوهۆزەوە ئەگەزاند، لەهیچ چەشنە ئازارێکیان، کۆیان نەدە کردەوە]

کاتێ موسی وهارون، بەفەرمانی خودای خۆیانەوە ڕۆیشتن، وەداوای ڕزگاری هۆزی ستەم لێچوی بنی اسرائیلیان کرد، فرعـون ویستی کە هەربەپێی ئەویاسایە، کە لەگەڵ هۆزی بنی اسرائیل ڕەفتاری ئەکرد. منەتی بێجێگا بنێتە سەرحەزرەتی موسی، وە کارێ بکا، کەله زۆبچێت ودەست لەکۆڵیان بکاتەوە، کەووتی: مەگەرتۆ منداڵێ نەبوی کەئێمە گەورەمان کردی، وەئەو کارەت کرد کە کردت!؟ (چەن ساڵ بەرلەوەحەزرەتی موسی لەدایك ببێ، ئەستێرەژمێرەن بەفیرعەونیـان ووتبو کە: منداڵێ لەدایك ئەبێ کەلەدوا بێ دائەبێتەدوژمنی تۆ، وەلەناوت ئەبا، فیرعەون فەرمانی دابو، کە هـەیێکی اسرائیلی، منداڵی بیێ، ئازا بێ کوژن ولەناوی ببەن. کاتێ کەبەپەنامەکێ، حەزرەتی مـوسی هاتەدنیادایکی جەعبەیێکی دوروس کرد وخستیەناوی، وەتەوە ککول بەخودا دایەدەم ئاوی «نیل»ەوە پاشان حەعبە کە دۆزایەوە، وەبەمنداڵە کەوە، برا بۆماڵی فیرعەون. ژنی فیرعەون بوبەتکا کارو نەیهێشت بی کوژن، وەووتی، ئێمەئەم منداڵە بکەینە کوڕی خۆمانو گەورەی بکەین. موسی کە بۆبەگەنجێکی کەلەگەت وبەشان وباهو، ڕۆژێ چاوی پێ یەوە بوو، کەمەئمورێکی فیرعەون، لە ناحەق ئازاری نابراێکی لەبنـی اسرائیلی ئەدا؛ دای لەکابراو کوشتی، وەلەترس داهەلات؛ تادووای چەنڵ ساڵێ وەیلانی، ئەم مەئموری یەتەی پێ سپێررا، وەفیرعەون بەوچەشنە کێشایەوە بەڕۆی دا) حەزرەتی موسی کەباش لە کارەسات ئاگای بو، بە کردەوەی خۆی هات؛ بەڵام ویستی فیرعەون لەڕۆبیا، کە ئەوە کارەساتە لەبەرچیی بووە؛ کە قورئانی پیرۆز لەزمانیەوە ئەڵێ

«وتلك نعمة تمنها علی أن عبدت بنی اسرائیل.» ئەونیعمەتە کە ئەی کەیتە منەت بەسەرمەوە، ئەوەیە کە بنی اسرائیلت کردووەتەبەندەی خۆت! ئەوەی، لەڕۆی فیرعەون دا، کەتۆ بەبێ حەقێ، گیانی منداڵانی بەنیی ئیسرائیلت بۆخۆت حەڵاڵ کردبۆ، کەدایکم لەترس دا من بخاتە ناودەریاو لەدووایی دا بگەمەماڵی تۆ، وەلێرەدا گەورە ببم؛ وەمەئمورانی تۆبۆچیی ئەوەنڵ ئازاری ئەم هۆزە بەستەزمانەیان ئەدا کەمن زۆرم بێتە سەرویەکێکیان بکوژم!؟

فیرعەون بەوقسانە لەڕۆنەچو، وەنەی ئەتوانیی، دەس لەستەم و زۆرهەڵگرێت ولەوژیانە خۆشەی، چش بکا؛ وەگەلێ لەگەڵ حەزرەتی موسا موحاجەجەی کرد، تا کاتێ کەلەبەزاندنی ئەوەمەئیوس و نائومێد بو، وەڕۆی لەوانە کرد کە لەمەجلیس دا حازربـوون، وەبەچەشنێکی دڵسۆزانە وحەق بەجابیبووتیی:

«یا أیها الملا ما علمت لکم من اله غیری» ئـەی جەمـاعەت! من خودایێکی غەیری خۆمم بۆ ئێوەشك نەبردووە و نابەم (!)

(لەناوی تەواوی ئەنواعی ئەودەسەکانەدا کە بۆخواردنی مافی دیگەران، وەتێکدانی نیزامی ئابوری ئیبتیکار کراوە، ئەوەلەهەمـوو باشترە، کەبڕێ، خۆیانیان ناو ناوەتە خودای خەڵك، تابەئارەزوی خۆیان زوڵم وستەم بکەن، وەکەس نەوێرێ بڵێ: بۆچیی؟ بەڵکـوو ئەگـەر کەسێ، خۆی بکێشێتە ناوکاریان، گوناهی بگات، وتاوانبار ببێ.

بەڵێ ستەمکارانی گەورەی مێژو وەهایان ئەکرد، بەڵام پەیغەمبەرانی خودا بوون ـ صەڵوات وسەلامی خودایان لێ بێ ـ کە لەبەرامبەری ئەمبەرامبەری ئەوستەمکارانەوە هەڵ ئەسانەوە، وەمەراران ئازاروەدەردیسەریان ئەکێشا، ولەخەڵات وبەرتیلەکانی ئەوانەچاویان ئەپۆشیی، تائاخری هۆزانی ستەم لێ چوویان ڕزگار ئەکرد، وەماڵی زۆروستەم ودەس درێژی بۆفانی خەڵکیان ئەڕۆخاند بەسەرخاوەنەکانیان دا)

ناتەواو

بنکەی ژین
www.zheen.org

## هەزار و یەك شەو

٣٢٩

کەبەیانی هەتاوهەڵات لەخەوهەستاوئەنوازێ کە بیس کەنیزی جوان وباڵا بەرز، لەگەڵ کچەکەدا وە کۆمەڵێك لەنێوئەستێراندا لە دوورەوە دیاریان دا، وزۆ بەهۆدەکەی ئەوهاتن؛ کە نزیك بونەوە، شازادە شرکان لە بەرپێی ئەوان هەستاوە؛ کچەکەچاوی بڕی یە ناوچاوی شازادە وبەووردی تەماشای کرد وناسی وپێی ووت: شازادە شرکان! ئێمەت بەتەشریف هێنانی خۆت سەربەرز کردووە؛ وماڵ وماوای ئێمە بەپێ وقەدەمی تۆبزفەزوبەرەکەت بووە دوێنێ شەوچۆنت ڕابواردە؟ هیوام هەیە کـە خۆشت لێ ڕابوێری لەپاش ئەم حەواڵ پرسی یە گەرمو گوڕە پێی ووت: ئەی شازادە! درۆ بۆهەموو کەسێ نەنگە، بەتایبەت بۆشازادەیێکی وەکوتۆ کە هاوماڵ وهاوسەرت لە دونیادا، نی یە؛ چونکو درۆ لەترسەوە دێ؛ وەپیاوی ترسنۆك ناچارە درۆبکـا؛ بەڵام پیاوی نەبەزلەهیچ ناترسێ کـە درۆبکا؛ کەوابو تۆیش خۆت مـەشارەوە؛ وەڕاستی خۆت بڵێ. کە شرکان ئەم قسانەی بیست وزانی کەئیتر ناتوانێ خۆی نەناسێنێ ووتی: بەڵێ من شازادە شرکان کوڕی ملك نعمانم. ئەوجا کچە پێی ووت: خاطرت جەم بێ وهیچ مەترسە؛ کەتۆمیوانی ئێمەی وەنان ونمەت کی ئێمە خواردووە؛ وەدۆستی وبرایەتی لەبەینی ئێمە داپێك هاتووە؛ وە چونکو ئێستا تۆوای لەماڵی مناولـە سێبەری منا، بەخودا! قەسەم، ئەگەر تەواوی خەلکی ڕۆی زەوین بیانـەوێ دەستت لـێ بوەشێنن ناتوانن، مەگەروەختێ کە من بمرم وسەرم زیندو نەبێ؛ چونکو ئێستا تۆوای لەپەنای مسیح بن مریم دا. ئەوجا لەلای دەستی شازادە شرکانە وە دانیشت ودەستی کـردە گاڵتە ودەس بازی کردن لەگەڵیا تاشازادە ترس لەدڵیانەمێنێ. لـەپاشان بەزمانی ڕۆمیی لەگەڵ یەکێ لەکەنیزەکانا قسەیێکی کرد. کە نیزە کـە ڕۆیشت لـە پاش سەعاتێ گەڕاوە، نـان وخوراك وشەراب وشەربەتـی هێناوسفرەی ڕاخست. شرکان دەستی بۆنێوسفرە نەبرد، وەلە دڵی خۆیا ووتی: ئەگونجێ کەڕاریان کـرد بێتە نێو

م.ص.م

## لەهەرگولزاری

## گولی

## داخیی لەوەلامی مەولەویدا

تەسکین بەخش دەرد داخی داخ نەدڵ!

دامان وە هۆناوزامەتا گوڵ گوڵ !

یەك ڕۆچەم نەچەم گرە و بەردەبێ

سەیل خەم یانەم ویران کـــەردەبێ

نیشتەبیم چون تەیر تیر وەردەی دڵ کەیل

پەشێو حاڵ، خەمناك چون سازدەی مەیل

ناگا دەوای دەرد دەروون پڕخاران

نۆش داروی زامان زامەت ئەو گاران

یانێ نامەکەی خامەی خەم ڕەقەم

مەنظومەی «مەعدوم» چەنی خەم هەمدەم

یـاوا وەسەردار دەروون پـڕخاران

پەروانەی پای شەم پدە خوماران

ئەرصەدْ شەرارەی نایرەی دوری

تاو ئاهن تاو کـــۆرە مـــەهجوری

سانام جەقاسید ساکن بـــی دەردم

وەدپڏەی بێ نور موتـــاڵەش کەردم

بیەز، چەرخ چەپ چەواشەی چەپ گەرد

پەی کام دەردسەر نگادارێم کـــەرد

وەرنە مەویا وەختوانای نامەکەت

گیان کەردام فیدای ڕەشحەی خامەکەت

زوی ئەجڵ چون بەخت سیام سیابۆ

ناما، جەودەم گیان جەتەن جیابۆ

## وەلیی دیوانە

ماوەلە چڵی پێشوو

ئیساتە، ڕۆیێ جەڕا گــــــوزەردا

شەم شیوێ جەنۆ ئاهیـــرجێم وەردا

ئەودی بڵێسەم جە گەردوون ویـــەرد

بیم وە کۆی زوخاڵ سفتەم بی وە گەرد

پەروانە دەستور پەڕسفتەی زوخاڵ

سۆزان بیم وەشەوق شۆڵەی شەم جەماڵ

ئاهیر نەجەستەم هەرنەبی خامۆش

تاقرچەی جەرگم شنەفتم وە گۆش

ئەوەڵ چون «مەجنون» وێڵ سارا بیم

دیوانەی دڵگیر جـــەخەم وارا بیـــم

ئیسە پەروانەی پەڕوبـــاڵ سفتـــەم

وێڵ بەرداوبەرد، کۆسەو کۆس کەفتەم

ماوەل ٩

## هەراڵەوزەمزەمە

ماوە لەژمارەی پێشوو

لەچڵی ڕابووردوودا، ئەوڕازەمان گەیاندەکاتێ کەزەماوەنڎ وشادی گەرم بۆ، وەهەرکەس بوخۆی لەوشادی یەدا شادبۆ، ئێستا لەسەر پاش ماوەکەی ئەڕۆین، پاش دوسێ ڕۆژئەوشادی یە بەچەشنێ گەرم بۆ، وەئەوەندی تێ ڕژا کەناوباغی «خوێسملێ» بۆ بەڕۆمەڵ خەزا! هەرتەلانێکی باغ هۆزێ وەهەر سێبەری داری تیرەیێکی تیابەزێ بۆ؛ گورانی وێژی هەردەستەیێ چەشنە گۆرانیێکی ئەووت وەسڕ ناودەهۆ لی هەرخێڵی سازێکی ئەژەند، بەتایبەتی لەشەوان دا کەمیبا ماڵی سرۆشتی بەسەردنیاداهەڵی ئەدا وەجیهانی تاریك ونوتەك ئە کرد، وەزۆری ڕۆ الك ئەچووە پشتی پەردەوە، وەنەسیمی شەوبا هەڵی ئەکرد، دەنگی ئاواز وساز لەناودڵی ئەو کێوانەوە ئەهات، وەماتەمـــی ناوتاریکی ئەو کیوەی تێك ئەشکاندو گرمەی دەنگ دانەوەی لەناوشاخەکانەوەبەرز ئەبوومەوە، دڵی هەردڵ بیمارێکی بێدار ئەکردەوە، وەبوڵبوڵی سەرچڵی دارو گوڵی هەرگوڵزارێکی دڵداری، لەدڵی شەوپش دا ئارام لێ هەڵ ئەگرت، وەنەی دەهێشت شەوپش پشوێ بدات، وەهەڵی ئەناکە لەدڵی شەویش دا، دڵی خۆی بـــەسەر چقلی گوڵی دڵدابدات، وەناڵەناڵی خۆی وەکو ڕۆژی ڕۆناك درێژەپێ بدات.

جائەم شادی وڕابوواردنە لەدڵی هەرنەو نەمامونەونەماڵێك دا، بەپێی هەستی ئەوکەسە لەجیهانی خەیاڵدا ئەدرایە قالب، وەهەرکەس بوخۆی بەرانبەری هەستی خۆی مانای لێ ئەکردەوە، دڵی هەردڵ براوی بەناوگولـــزاری ڕازی نهێنی باغـــی

ماوەل٩



ئەم خوراکە تامێ بێخۆموبمرم. کچەکە زانی کە شرکان لەترسانان ناخوا، پێی ووت بەمەسیح قەسەم! وەهانی بەکەتۆ خەیاڵت کردووە ئەگەرمن مەیلم لەکوشتنی تۆبێت، کارێکی ئاسانە، وە ئەم حیزەفێڵیە پێ ناوێ. ئەوجا خۆی دەستی کردە خواردن، وە لەهەموخوراکەکانی خوارد، تاشرکان دڵ نیابێت کە ژاریان تێکەڵ نەکراوە؛ ئەوجا شازادەیش هاتەپێشەوە؛ دەستی کردەنان خواردن. لەپاش ئەوەکەنانیان خوارد و سفرەیان هەڵگرت وەدەستیان شۆرد، کچەکە دەستوری دا، کـــە: نوقڵ و گـــوڵ و ڕەیحان وپەیکی زێرین وزیوین وبلۆرینیان لەگەڵ گۆزەی شەرابا هێناپێشەوە. کچەکە لەپێشان خۆی پەیکێکی ڕاژاندوخواردی؛ وەلەپاشان پەیکێکی بۆشازادە ڕژاند، وە هەربەم جۆرە شەرابی ئەڕژاندوپێکـــەوە ئەیان خوارد، تـــاشازادە شرکان مەست وسەرخۆش بۆ، وە ئاوەزی لە مێشك پەڕی.

(کەچیرۆك گەییشتە ئەم جێگا ڕۆژبووە، وە شەهرزادە قسەکەی پچری)

## کەشەوی چل و نوهەم هات

شەهرزادووتی: ئەی پاشای بـــەختیار! کچەکە لـــەگەڵ شرکانـــا شەرابی ئەخواردەوە، تانەشەی شەراب عیشق بەسەرشرکانازاڵ بۆ، وە ئاوەزی ئەوی لەبەین برد. ئەوجا کچە، کەیەکێ لەکەنیزەکانی ووت: مەرجانە! بـــڕۆ، شتومەکی بەزم ئامادە بکە! کچەکە ڕۆییشت، سازوسەنتورو عودودوزەلە وشتانی تری هێنا، ئەوجا کچەکە بۆخۆی عودەکەی هەڵ گرت وتاڵەکانی قاییم کرد ودەستی کردە لێ دان و گۆرانیی ووتن. ئەوجا کەنیزەکان یەکە یەکە هەستانەوە، هـــەرکام شتێکیان هەڵ گرت وپێکەوە هەموودەستیان کردە لێ دان، وەبەزمانی ڕۆمی گۆرانیی یان ئەووت.



بنکەی ژین www.zheen.org

بەشی کوردیی شمال | کوردستان | لاپەڕەیی ، بوهەمووجار

# زانستگا پهلوی یاشیرازی

د‌ژهەفتی‌یدا، وەزیرێ زانانەین ەزمك کرەکرە، چۆنە شیرازێ کوچێکرنا زانستگا پهلوی‌یـا هیرازێ بناوێ ناوی‌یێ شاهەنشا ئەکن

هەر کەتنیك، ژسایا زێبەرییا شاهەنشا نسیبێ‌هەرجیکیی ئیرانێ بزن، ئەفلازۆیی ئیشق ، وەهەر ئیرانیی وەرامیك وێ‌تەسدیق‌ی ئەخەریمێ‌بێژن.

زندە بۆنا مەدرەسید ژیرین‌و ئاوین، لەمملە کەت پڕایاخواند کارخانا وزانستگالازم دکەوهەر حوقاکو ، مەملە کەت زێندەبن ، گەلێزبۆ تەکمیل کرنازانەتیی وهوستایێی لەزشتێ لازمەتیی‌را ، زانستگایێ زێندە لازم‌تێ.

۲۵ کارەك هەبۆ ؛ کوخواندکارخانێ تهرانیدا، تەواك هەیە ، خواندکار چونەبۆ، لێ‌بەلێ‌پاشیی مەمەتە کێ لەئوستانێد مـەزنێ مەملە کەت ئۆتلیی خراسان،آذربایجان فارس واصفهانێدا‌دەست پێ‌ د ناخواندکارخانابۆ، وەگەلەك خواندکارخانێد جورەبەجورە ئاشە ئەکرن ، کوبزانستگایێ ئاشە گوهراندن، ئەوێ‌ یسـارەیە ئـەخنخیی زانستگایێد هەیی ، گەرە کو زانستگایێد ژێواژنە ئەسرن کوبوکاربە تەکمیل‌بونا زانەتیا خواندکارابجی‌بنە، دیهارە، کوگەرەك ئەف کارابەرێو، مەهەرستانا بۆپێش کەتناحەلکی کاریارێ زانەتیی و ئەدەبی وسەهەتیریا وادا وارە کرن، لازمە کارید مەملە کەت ئوستانو شەهرستانێ دیژی‌بەرچەڤابگرن، بەرێ خوانـدکارخانـا وەپـاشێ زانستگان، لەوان‌دەراڤە کێ‌مەسەلەن، لەئوستانا کرماشان‌و کوردستانێ گەرەك، خوانـدکارخانێد کشت وچاندنێ‌وفەنیی‌ودەهنی‌وارەدانین، کوخەلکێ‌وێ ، ژگـەلەکیی گەلەتر، بیەخشێدشاهانە وچەڤ لەسەربۆنا دەولەتێ دلگەرم وهیومداربن .

وزارەتا زانانەنێ ' کوهندە هۆستا ژێرا لازمن، یەعین لازمـە خواندکارخانێد کوڕا و کەچکا لەکرماشان و کوردستانێ‌زێندە کە ومەخسـوسەن خوانـدکارخانێد کشت‌وچاندن وفەنی ودەهنی‌لەوان جیی‌یاڤەکە.

ومەخسـوسەن لازمە خوانـد کارخاناجورە کیی‌بەرچەڤابگرن، کوچ تەنگاڤیك ـیکاخوانـدنا خەلکێدا چونەبە، وەوەختێ‌وێ ئسساسەڕاست بەکوکار بەدەستێد دەولەتێ بوکارێن بەرئیواری یان شەوژوان کارێ‌بکـن وبزانـەتیا خوزێدە کن.

لەتهرانێ بخوژێ لـەڤـیـەکا لازمەیانێ گەرەك خواندکارخانە، هەرژشتە کێداچ‌ئەدەبیات، چ‌حقوق یان پزشکیی وفەنی، وزانەتیی‌یی دا، قلاسێد شەوینێ دانین، کوکار بەدەستێد دەولەتێ وە ـسەسانێك زۆژێ نوکا ن بخوێن. بـوکارێن ژوەختێ‌خو، تەکمیل کرنا زانەتیا خوراکارێ‌بکن .

بەهەرحالە کیی زێدە‌بۆنا بنگێد زانانەین وهیم کرنێ، ژبـاخچێ زاژۆیا بگرەحەتتا خواند کارخانا وزانستگا، بەرکەتن و زۆراچۆنا زانەتیا مللەتە کیی نیشان دەدە،وە ئەمژێ فەنا گشتی مرۆڤێدیێ حەز حەزدکن، کوهەونیشتمانێدمــە عەزیزێ، لەهەر بەرەك ژپیان‌جڤاتێدا، مەخسوسەن بـەرازانەتییێدا، بەرکەون، وە وەئەم هیومدارو دلخوازێ هەبۆنا خواندکارخانا وزانستکا لـمەهــرجیکیی مەملە کەت، مەخسوسەن‌ئوستانێد کرماشان و کوردستانێدابن.

# پیشنیادا تازەیا دوگول

پرزیدنت دوگولێ سەرە کێ جمهوری‌یەتا فـەرانسە بجورە کیی ژەسمی ، بەراملتیائەلجەزایرێ‌تەکلیف کر، کوگەل‌ەحولەتافرانسە، لەباراپاش ژۆژا ئەلجەزایرێ تیکەڤنە. گۆفتگۆیێ.

ئەڤ‌پێشنیاد، بدلێ‌بەراتوندرەوێ‌فرانسە، کودلێ‌هەنێ‌ئەلجەزایر ژفرانسە نەقەتە ، نینە ، وەنیشان ددە کودو گولێ هەرفکراوی ئەڤە ، کوئۆخورما مەزنە ئەلجەزایرێ کوتتابکە .

بژوێنی ڤێ‌پێشنیادێ، بۆئالی کی کەتنا پاش ژۆژا ئەلجەزایرێ ژایا گشتایێ تێ گرتن.

بیەرچەڤ گرتناڤێ‌یە کێ، کوپێژێ ئەهلێ ئەلجەزایرێ‌خەلکێ خوجی‌نە، جی‌یێ چوشك ودودلیی نامنە، کوپێژێ وانێ بسەربخوبی وبە گلکیا ئەلجەزایرێ‌را رایێ بدەن.

وەبوێ جوری، نێتا خەلکێ ئەلجەزایری ژگەلەکی بەرێ‌سەر دکرە، وەئۆخورمەك، زاڤـمەزن کوگـەلەك وەختە ، فکراسیاسەتمە دارێ جهانێ ومەخسوسەن ئاسیا وئافریقا بخو مەول کری‌یە،حلل‌دبە.

بجوژێك تەوسپر کرێد سیاسیی‌یێ آسیا وآفـریقا تـێ‌دەردخن ژنرالێ‌دوگولێ پێشنیادا تازەدا، چوتشتەکی تازەبەیان‌نەکری‌یەوەچی یاك‌پێشنیاد کری‌یە' هەمن ئەوپێشنیادن، کو بەرێ ژێ‌هاتبۆحەساندن.

مەسەلا مەزن وخۆیا' ڤێ‌رە کێدا ئەڤە، کوهەرچەندە فرانسوی یانێ‌ژۆنشتیێ ئەلجەزایرێ ، چەندوحەفتێ پێشیندا کوشتارەك‌مەزن ژێ‌خستن، دەولەتا فرانسەهەرئسساڤێ فکرێدانە، کوسەر بەستیی‌یـێ بدەئەلجەزایرێ،

ژنرالێ دوگولێ جارەك‌دی پێشنیادا خـودا ئـەشکەرە وقـسەهیم کری‌یە، کو گەرەك پاش ژۆژاخەلکێ‌ئەلجەزایرێ ـەستوان خودابە، بەرڤێ‌ژی فرمەندێ ددەوان کوبرفرانسەدۆم دژای گـسرتنەك گشتایێ حەز کرنا دلێ‌خو، لەباراپاش ژۆژا مەملە کەتێ‌خودا بدەنەحوێن، وەهەم ژێ‌لازمە بزانین، کوجهێ بۆن‌وقەتیانا ئەلجەزایرێ یەکجارەژفرانسە وەقوت بۆنارابتند دۆستایاوان قەت بجارە کێ بسەلاح وکارا چوبە کێ ژوان‌نینە ،

یان‌باشتر بێژن، دوگولێ کری‌یە ڤێ‌یا بێژە، کوشەرطـێ سەر بخویائەلجەزایرێ ئەڤە کوئەڤ‌مەملە ئەت،پاشی گەهیشتنا سەربخوبێ، هەرئسـا دۆستایا خوفرانسەرا خابی کە .

لەبارا جی‌یێ‌بن دەستێ ـنگلیس لەآفریقا؛ ئۆتلی نیجریە، کوـ سەربخوبێ یێ‌هاتە دابین'وان‌جی‌یاپاشی مست هانینا سەربخوبێ‌تەوی دەولەتێد هەوقازانجێ انگلیس‌دبن.

یانێ ژابتێد خوسیاسی وبازرگانی وزانیاری، گەل انگلیس‌دا دپارێزن، وەپەی سیاسەتا دەوا وبەرگریا انگلیس دچن، ڤایدەقرارێ دەولەتێد هەوقازانجێ انگلیس ژبەرێ ئەڤابۆیە.

لێ‌بەلێ لەبارا فرانسەدا ئەڤ قایدەقرار چونەیـە، وەژێبەرێـد فرانسە تتام خاترجەمن، کودەولەتێد بن‌دەستێ وانێ پاشیی مەستەهانیناسەربخوبێ هەرئسـا دۆستایا حو گەل‌فرانسە خابی کن، یان‌یێ‌تێ کەڤنە ژۆژا کنگوبێ.

بەهەرحالە کی لازمەوارە گۆتن کوپێشنیادا تازەیا دوگولێ‌یێکە هیومدارێ کوتتا کرنائۆخورما ئەلجەزایری‌را ئەکری‌یە.

---

### باسێکی‌زانیاریی

ماوەی ل.۲

پێکیان کردوەتەوە،:ە دەس‌کاری‌یان لە بەشەکانی تریشا کردوە

لەم هێوانا شوێنی صەنعەتـ ەمعماری، وەحجاری، ئەشکانی لەسەبکی مەعماری، ساسانی‌یەکانا بەژۆنا کیی ئەپنرێ .

هۆدە : اطاق

موبد: عالم روحانـی‌زردشتی

شیاو: شایستە. قابل

بەناوبانگ : معروف، مشهور

مێژوویی، تاریخی

بەلگە : سند، دلیل

شارسانیەتیی: تمدن

لێ کۆلەر: محقق ، معسر

گەڕال : سیاح

ئاڵ گۆر: تغییروتحول

کۆچیی: هجری

دەس‌کاری : تعمیر،

باکۆر: شمال

بـاشۆر : جنوب

دیاری کراو: معین

# دستور خواندن و نوشتن کردی

عدەای‌ازخواهران برادران‌فارس‌زبان که‌مایلندبرسم‌الخط کردی‌آشناشوند باین‌مطلب توجه‌فرمایند:

میدانیم‌که کلمات‌فارسی بوسیله‌سه‌حرکت زبروزیروپیش وسه‌حرف «الف»و«واو»و«یاء» تلفظ میشود. وچون‌حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح‌کلمات بستگی باشنائی قبلی‌دارد،و این‌نقیصه موجب‌اشکال بزرگی درزبان فارسی شده . ولی‌رسم الخط‌کردی این‌اشکال رامرتفع ساخته، وکلمات تنها بوسیله حروف تلفظ میشوند. حروف‌صدای‌کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .

١ـ (ە) که‌بجای زبرمیآید. مانند: «سەر» (سر)«سەروەر» (سرور)

٢ـ(ی) که‌بجای‌زیر میآیدمانند: «جیهاز»(جهاز)«کیتاب» (کتاب)

٣ـ(و) که‌بجای‌پیش‌میآیدمانند:«گول»(گل)«بولبول»(بلبل)

٤ـ (الف) که‌بجای‌الف میآیدمانند: «باغ» (باغ)

٥ـ (ۆ) که بجای«واو» میآیدمانند: «بۆد»(بود)«زۆد»(زود)

٦ـ (ێ ی) که‌بجای«یاء»میآیدمانند:«بید»(بید)«دەوید»(دوید) «مەردي»(مردی)

٧ـ (ۆ)که صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»

٨ـ (ێ)که‌صدای یاء مجهول میدهد: مانند «کێ» (که) «چێ»(چه)

٩ـ (ۆ) که‌مخصوص‌لهجه کرمانشاهی استوصدای (U)میدهد. مثال‌آن درلهجه کرمانشاهی«ئۆشم»(میگویم) «داشتۆت» (داشته‌باشد)

(١) حروف«ها»و«واو»و«یاء» بی‌علامت ممکن‌است‌اصلی باشند.مانند:«هەمسایە»(همسایه)«وورود»(ورود)«یەك»(یك). برای‌فرق‌میان هاءاصلی واعراب، هاءاصلی را دوچشم‌واعراب رایك‌چشم‌می‌نویسند .

(٢) همزه را همیشه باینصورت ( ئ ) می‌نویسند . مانند : «ئەحمەد»(احمد)«ئوطاق»(اطاق)

(٣)درکردی‌گاهی‌روی‌حرف‌دال‌ولام‌وراءعلامتی‌میگذارند وباین‌شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) که در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام‌وراءمفخم میگردند.مثال‌آن‌درکردی:«فەرهاڎدڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کریعنی‌پسر)

(٤) الف‌بای‌کردی یك‌حرف بیشترازفارسی‌وعربی داردکه عبارت از«ڤ»میباشد . البته‌تلفظ‌این‌حرف‌درفارسی‌زیادست،ولی با«واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئـەڤـایـل» (اوایل) .

(٥)دررسم‌الخط‌کردی‌حروف مشددرا دوتامینویسند.مانند «ئەڕڕە» (اره) «بەڕڕە» (بره)

(٩) درکردی‌کلمات‌راهرطورتلفظ میکنند مینویسند؛البته کلمات بیگانه‌را مشمول این‌قاعده‌میسازند ؛ ودیگر اشتباهی‌بین حروفیکه مخرجشان نزدیك‌است واقع‌نمیشود ؛ مثلا صفحه را اینطور مینویسند : «سەفهە»

---

## تکا

لەخوێنەرە بەڕێزەکان‌تکائەکەین: لەناردنی‌پارەی‌ئابوونمانی‌ڕۆژنامە خۆیان نەگرن؛ ئەبەت‌ئێمە‌کاتێ ئەتوانین‌بەم خزمەتی خۆمانە درێژە بڎەین‌کە خوێنەرە بەڕێزەکانمان دەس گرۆیی‌مان بکەن .

---

### لەکۆمەڵا

ماوەی‌ل ١

ڕێگای یەکەم ئەویەکە مرۆ ئەویستەی‌تەنیابۆخوڎاناسي بخاتە کار،وەگەرەکی‌بێ‌لەبیساتێ‌نهێنی‌دا سەیران بکاوەهێزی‌پاوەنڎکراوی خۆی‌یانێ گیانی لەبەنڎیخـانەی لاشەدا ڕزگاربکا ، وە بەهێـزی کشتي جیهانەوە نزیك ببیتەوە . بەم‌چەشنەمرۆوانەئەڵێن:خوڎاناس کەلە جێگای خۆیداباسی لێوە ئەکەین .

ڕێگادووەم ئەوەیەکەمرۆویستی وەرگیری خۆی بۆئەوەبخاتەکار کەچەنڎکارێ کی‌پێ‌بکا،ئەمەش چەنڎ جۆرە :

جۆری‌یەکەم ئەویە کەئەوکارانە کەوەریان‌ئەگرێ‌خڎەیي‌بێ، وەکۆ‌خوێنڎن . پێشەفێربـوّن ، گەشت‌کردن ؛ شت‌نۆسین ، شت دوروست‌کردن‌وشتانی‌تری‌خڎییي؛ لەم‌جۆرەدا هەرکەسێ‌بەگوێرەی ئامادیيی ولێ‌هاتن وتێ کۆشانی‌لە کارەوەرگیری‌یەکانیالە کەسانی‌تر، پێشترئەکەوێ .

جۆری دووەم‌ئەوەیە ئەوکارانە کەکردنیان‌وەرئەگیرێ‌خڎەبي (عادی) نەبن‌ئەمەش ئەبێتە چەنڎ بەشەوە .

بەشی‌یەکەم ئەوەیە لەڕێگای خوێنڎەواری و دۆبارە کـردنەوە (تمرین) وفێربۆنەوە بێ، ئەوەش یان لەڕێگای‌وەرزشی‌ئەندامی‌یەـ وەیە، وەکۆ:بەسەرسەرەوەوەستان، پێ‌بەآسمانا‌کردن ، بڎەس چۆنە ڕێگا، لەسەرتەنافەوەڕۆیشتن، باز بردن خۆهەڵ گەڕاندنەوە،وەکارە بەڵاجەوی‌یەکانی تری وەرزشي . ئەوەش‌ئەبێ بزانین کەکارە تەڕ دەستی‌یەکانیش‌وەکۆشت گۆڕاندن شت فـڕەدان؛ شت دەرهێنـان ، بڕێکیان هەرلەم‌بەشەن.

وەیان لەڕێگای‌بەکارخستنی سەرڕاست(مستقیم)ی‌هێزەلەهەستەکانـەوە، وەکۆچاوبـەس کردن ، وپست ڎاگیر کردن، خەواندن ، وشتانی‌تری نەکراوی خڎەبي .

بەشی دووەم ئەوەیەئەوکـارە نەکراوانە نیازی بەخوێنڎەواري ودوبارەکردنەوە و فێربۆن نەبێ

ماوەل٧

---

وەرگێڕی پێشەك وڕاستکەرەوەی‌هۆنراوەکان:م.ص.م

# کنزالعرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین‌ووتار ((میرمحمدصالح‌حسنی نعمت‌اللهی))

**ملقب‌بە«حیرانعلی‌شاه»ی‌کرماشانیی**

---

سڕ سوبحانـــــم . . .
ئــەسرار مــەخفی سڕسوبحانـم
زومــوڕڕەد صەوز شاه مــەردانـم
فرزەنڎ «علی» شیریـــــەزدانم
نوربـــــەصەرم؛ ڕۆح ڕەوانــم
هــادي‌و مەهدي ئــاخرزەمانــم
تاکەمن وەتۆوێم مەکــەم اظهار
ویت وینەی ناکەس(١)نەکەی شەرمسار
ئەوتادي کــە منشای بێ‌قــرانـم
فاش وانا : نـەتۆمن ڕۆگـەردانم
من ڕۆوەحەق بیم، ئـەوڕووەباطڵ
من بیم وە «حسن» ئـــەوبیی وەقـــاتڵ
من‌بیم‌وە«علی»ئەوەبیی‌وە«مەرحەب»
من‌بیم وە«حسن»ئەومە کردش‌سەب
ئاخروە قووەت بـازوی حەیدەري
شکەست دام قاپیی قەڵای خەیبەري
فەتح وظەفـەردام وەئـەهل ئسلام
وەکۆري‌ئەغیار «یە هۆدەبیی تەمام
تاسەمەنـڎعیشق وەجایــێ ڕانـم
«جیبرەئیل» مـات‌بیی،وات من‌حەیـرانم
[ئەرصەڎوەظاهرواتەم بەتاڵەن](٢)
وەلێ، لەجای ویش عەین کەماڵەن
«سەی‌صالح» اعجازڕەسۆل‌دریان‌پێش
لەقودرەت حەق ظاهـرمـربۆلێش

---

(١) خوێنڎەری بەڕێز! هەروەهاله کەژمارە پێشووەکاندا نوسیومە، مەبەستي‌ئێمە‌لەبەڵاوکردنەوەی‌شوینە بەنرخەکانی‌وەیژەوانە کوردەکان، ڕاگرتن‌ونووانڎن وپاراستنی‌ئەو گەوهەرەبەنرخانەیە کەدەستی‌ستەمـی ڕۆژگارلەناویان نەبا، وەلەقوڕولیتەی پێشاتە نالەبارەکاندا نەشارێنەوە، کەوابۆئیتر نابێ‌لەم‌بارەوەلایەنگری‌ئایینیی(تعصبی‌مەزهەبی)بخەینەکار، وەئەوهۆنراوە کوردی‌یانە کەزانا کوردەشێعەکان‌هۆناویانەتەوە بـەهیچ بزانین، وەلەبەرئەوەیاسای ئایینی خۆیان بەڕێوە بردوە، شوێنەکانیان بەڵاونە کەینە وە؛ چونکە ئەوزانایانە بەخوێنێکی‌پاکی نەتەوەویستي، وە بەزمانی باب وباپیری خۆیان ویژەی جوانی کوردی‌یان ڕازاندووەتەوە، وەلە ڕۆژکارە هەرەلە مێژەکاندا لەگەڵ چنگاوەش بۆنی‌هەزاران گیروگرفتیی‌دا،ئەوهەستە بەنرخەی نەتەوایەتیی‌وزە کەزایەتی‌خۆیانە پاراستووە؛ ویروڕای ڕۆناکی نەتەوایەتي‌ووێژەیي خۆیان لـەڕۆی کوتە قاقەزوبەیازەشڕەدا دەربڕیوە؛وەلەکون‌وقوژبنی خانۆودەوارکانیا نداشاردۆنیانەتەوە تالە باڎاد دا ، هەرهۆنراوێکی وەکۆ گەوهەرێ

ماوەل١٠

بنکەی ژین www.zheen.org

نوسەر:ئاغای‌علی‌سامی وەرگێڕ : د.ع.م

# كنرانی كانالی سوئز بەفەرمانی داریوشی مەزن

### وەبەردە نوسراوەكەی‌بەخەتی‌مێخیی

=٢=

لەبەردە نوسراوە كانی «سومری» وەاكدی»دا‌ـ كەهی هەزارەی سێهەمی پێش لەمیلادەـ لەپەیوەندیی دەریایی نێوانی «بین‌النهریـن» و «دیلمون(١) و«مغان(٢)» و«ملوخه» باس كراوە . وە لەبەردەنوسراوەكەی«لاكاش»دا،هی‌ڕۆژ گاری«شول‌ژی»(لەدەوروبەری٢٠٥٠پ م ) باس لە كەشتیی سازانی «مغان» كراوە .

كەشتیی‌ەكانی بازەرگانیی وەلاتانی قەلەمڕەوی شاهەنشاهیی هەخامەنیشیی لەڕۆژگاری داریوشی مەزنا‌ـ جگەلە كەشتیی‌جەنگیی سەربازبەر، كە فرەوفراوان لەدەریا وڕۆبارە كانا هەمیشە ا ـهاتو چوڈا بوّن‌ـبرتیی‌بوّن لە كەشتیی گەورەی٣٠٠ تا٥٠٠ تونیی، تایبەتی‌هاتوچو لەدەریاكانەوە،وە كەشتیی‌بچوك بۆهاتوچو لەڕۆبارەكانەوە ، وە كوّدەجلە وفورات ونیل وسند كە١٠٠ تا٢٠٠ تون‌كالای دێراوە .

«هرودوت» باسی قایخەكانی بابلی وەها كردووە : قایخە كانی گەلی ئەم سەرزەوینە كە بۆ گەییشتن بە«بابل» هاوڕێ لە گەڵ بـاری ڕۆییشتنی ئاوا، ڕۆبەوشارە ئەڕۆیشتن بەتەشكی‌دایرە وەهەموی‌لەچەرم بو ئەم قایخانەلە بەشی ژوروی ئاشور لە وەلاتی ئەرمەنیستاندا دروس ئە كران . ئیسقان بەنڈی ئەوقایخانەیان لەداری‌بیی ئەتاشی ' ومدیوی دەروناوی ئەوانەیان‌چەرم پێڈائە كرت، ومە كوقایخەكانی‌تربەشی‌دوای كەمێ‌پانە ؛ وەلوتەكەی‌باریك‌ئەبێتەوە، وەتەشكی ئەوانەوە كوقەلخان گردە . ناوەكەی پڕەلەكا ؛ وەلەپاشان كالای، خۆیان ئەنێنە ناوی، وەلە گەڵ ڕۆییشتنی ئاوا ئەڕۆن . ئەوكالا كە بەم قایخانەئەی بەن زۆرتری گۆزە شەرابی وەلاتی«فینیقیە»یە(٣). دوپیاو كەلەنێوقایخازاوەستاوون، بەدوپاڕۆ قایخە كەئەبەن كە نەلكاوون بەقایخە كەوە ، بەم‌جۆرە كە : یە كێكیان پاڕۆی خۆی ڕوبەقایخە كە ئە كێشێ' وەئەوی‌تریان كە ڕو بەڕوی ڕاوەستاوە پاڕۆكەی خۆی‌لەقایخە كە دور ئەخاتەوە.لەم‌چەشنە قایخانە هەم زۆر گەورە دروس ئە كەن، هەم بچوك گەورەترینی‌ئەوانە پێنج‌هەزار «تالان» كالا ئەدێرێ : (هەرتالانیكی یونانیی د٣ر٣٦ كیلۆ گرەمە) .

بێ‌جێ نییە كەلێرەدا باسی ئەوەش بكەین كە: قایخەكانی‌سەرەتایی بەشەر لە كوتەی‌داری گەورەو كون ئەتاشرا ، بەم‌جۆرە كەنێوە كەیـان هەڵئە كلۆشی ، وەبەپاڕۆی كورت وپان، وەچێوی‌درێژـ كەسەرە كەی لەزۆرجێگاڈا ئە گەیشتە بنی‌چۆم‌ـ لەكاتێكا كەبای هاوری بهاتبایێ ، لەئاوتێ پەڕیـان ئەڈان .

بڕۆینەوەسەرقسە كانی«هرەدوت»: ئەوتەختانەی كە تەنەی كەشتی یە كانی پێك‌ئەهێنا، بە گوریسی بادراووقایم‌ـ كەلە گیا ئەیان‌ڕێست‌ـ پێكەوە ئەبەسران ؛ وەبەم جۆرە بۆماسیی گرتن یاڕاوی صەدەف و بەدەست هێنانی‌مرواریدئەچونەنێوەڕاسی دەریا؛ بەلام‌ئەم كەشتی‌یانەلەبەرانبەری ڕەشەباوە خۆیان بۆنەئە گیرا .

«ئەنتوان‌وپلهێلم برۆ گێر» ئەنتیكە ناسی نروژی لای‌وایە كە : دروس كردنی قایخ لەڕزی كونترین دەسكـردەكانی بـە شەردایە، كە دانیشتوانی لێواری دەریا وڕوبارە كان دروسیان كردووە؛ وەڕۆژ گاری پەی‌بردن بەدروس كرانی ئەوەی لە ٢٠٠٠ تـا١٥٠٠ ساڵ پێش میلاد زانیوە؛ وەئەم‌بەرواره كونترەلەدەورانی كەشتی ڕانی فینیقی‌یە كان.

داریوشی‌مەزن بەهۆی ئاگاداربون لەچاكی ڕێگای دەریایی ـ لەدووایی صەڈەی شەشەمی پێش لە میلادا ، فەرمانی كەندنی ئەم‌كانالە ئەڈا؛وەبەبیرەوەری ئەم‌كارە گەورەو بەنرخە تەختەبەردی بەخەتی مێخی بەزمانی پارسی ، عیلامیی‌بابلیی،ومصری لەوێ دانەمەزرێنێ كەلەسالی ١٨٨٦ی میلادی لە«شلوف‌الترا» كەلە ٣٣ كیلومتری ڕۆژئاوای‌كانالی ئەمڕۆژایە ' بەدەستهات .

**ماوەی‌هەیە**

(١) دیاموّن ژەنگە«بحرین»ی ئەمڕۆژەبێت .

(٢) «مغان»یان بڕێ بە«عمان»ی ئەمڕۆژە زانیوە؛ وەبەجۆرێ كەنوسیویانە ' جێگای كژینی مس وئەلوار بووە كە ژەنگە لە هندەوە بۆئەوێ‌یان هێنابێ .

(٣) وەلاتی «فینیقیە» لەڕۆژ گاری كونا لەوەلاتانی پڕلـەداری مێوبووە ؛ وەترێ وشەرابی زۆر لەم‌وەلانەوە بۆوەلاتانی‌تر نارراوە .

# مێژووی‌ڕیشەی‌ڕەگەزی‌كورد

نووسراوی‌زاناكەمەزنی كورد،احسان‌نوری وەرگێڕاوی:د.ع.مفتی‌زادە

## ٨٥

كتێبی «ئێران‌نامەیاكارنامەی ئێرانیان لەڕۆژ گاری‌ئەشكانیان» جەلدی دووەم بەشی ئەوەڵ لە باسی( كوردستان یاسوێچرەی ئێران)دا سەبارەت بە كوردەكان قسەكانی‌ڕۆژهەلات ناسەكان ومێژونوسە كـان بەتێن ئە كاتەوەئەنوسی:

«ئەوانەیە كێ لەنەجیب‌ترین‌و كـونترین ئـاریا كانـی ئێران» «ئەژمێررێن؛ وەڕەنگە ئەوئاریایی یانە كە لە١٨٠٠ ساڵ‌پێش لەمیلادی» «مەسیح‌لە بابلداحو كمیان كردووە، وەقانون دانـەروفێلسوفیان تێڈا» «هەڵ كە وتووە، وەبەناوی كاسویاكاسیت لە دێرودانا‌سراوون باپیرانی» «كوردەكانی ئەمڕۆبن، كەلەبەردە نوسراوەكانی ئـاسوری‌دا ئەوانیان» «بە كورتیك كورد، كورتی ناوبردووە...»

ئەنزان نیشتمانی هەخامەنیش'جێگاونیشتمانی‌ئەم‌هۆزكاسیتەبو. بەردە نوسراوە كەی مالامیری بـەختیاری‌ـ كەهـی سالـەكانی ١٣٠٠: ١٢٠٠پێش لە میلادەـ پیشان ئەڈا، كە : كەمێ‌پێش‌لەبڕانەوی دەدلەتی كوسیی‌لەناوچەی‌ئەنزانا، هۆزی‌بەناوی« كورد،امردها، كوتی» نیشتەجێ‌بوون، وەلە خۆیان حكومـەتیان بو. لەوبەردە نـوسراوەڈا، وەهائەڵێ:

(من«تخی‌خی گوتواماردی» پاڈشا كـوزی«خنی» ئـەم خەت و نەخشانەم لەم كێوەڈا هەڵ كـەند؛ ومن پەیڕەوی خـوڈای هـۆزی «نرسیی»و«دیتیی» و«ترتر»م . خرڈای گەورە وجێگای ئەم خەتانـەلەم كێوا، وەخەتەكانی خوڈای «مان» وخودای«خۆ» وەوێنەی‌پاڈشایێ كە ئەم جێگایە دروس كردووە، یارمەتی‌یان بەمن كرد كەمن وێنە كانـی خودای «ترتر»م كە پارێزەری ئەم هۆزەیە كۆ كردەوە).

| | |
|---|---|
| بەردی نوسراو: كتێبەسنگی | چەشن: نوع |
| ڕوبار: رودخانه | دەس كرد: مصنوع، اختراع |
| برێتی‌لە . : عبارت‌از ... | بەروار: تاریخ |
| گەل: ملت، مردم | بیرەوەری : خاطرات.یاد كاری |
| تەشك : شكل، صورت | |

# مەتەل:

### ١ـ خوڈا ئەمێنێ وموو‌سی بە گ !

ئەم‌مەتەلەلەشارەزورا ـەبارەت بە كەسێ كەتەمەنی‌درێژ بێت‌ئەی‌ـ لێن. موسی‌بە گ‌حا كمی‌خورمال « گول‌عەنبەر» كەتەمەنی‌زۆردرێژ ئەبێ،وە كەس‌هاوتەمەن وهاوسالی نامێنێ ئەو كاتە خەلكی شارەزور لەبارەیەوە ئەم‌قسە ئەلێن و ئەبێتە مەتەڵ وئەمێنێتەوە . یە كێ لـە كارە كانی موسی بە گ كە ناوی لەمێژوی كوردستاندازیندوهێشتووە ئەمەیە كە : مز گەوتی گەورەی خورمالێ ئاوەڈان كردوەتەوە؛ وە دەستی‌پێڈا هێناوە.وەلەسەر بەردی مەڕمەڕەوەبەچەنڈشعرێكی‌فارسی ئەم یاڈ گارەی هەڵ كەندووە ، وە ئەلێ كەئەومز گەوتەوێران بوبو' وە كرابوە جێگای خولەمێش؛وە بەناوی مز گەوتی «شاسەلیم»ئەی ناسێنێ؛ بەلام بڕێ ئەلێن كە شاە سەلیمیش دەستی پێڈا هێناوە؛ وە نیسبەتی كرانەوەی‌لەڕوز گـاری سەرەتای ئیسلام ئەڈەن :

### ٢ـ شەمەوە كەم كەس !

مەتەلێكی‌سنەیی‌یە.بناغە كەی ئەوەیە كە كابرایێ ئەبێ لە ڕۆژی شەمەڈاهەر كارێ ئە كا' بۆی‌پێش ئەڕوا،وەبیروڕای‌بەم‌مەبەستەهێندە بەتێن ئەبێ كە بەهێزی وپست لە هەمو كاری خۆیا سەرئە كەوێ . ئەوجا كەسێكی‌ترچاوی‌لێ‌ئەبڕێ وەلەڕۆژی‌شەمەڈادەس‌بە كارێكەوە ئەڈات وتێ‌ئەشكێ وئەم‌قسەیە پێ ئەلێن ئێستا ئەوقسەبووەتەمەتەڵ وەهەر كاتێ كەسێ كارێ بكات و پیرۆزبێ،وەیە كێ‌ترچاوی‌لێ‌ببڕێ تێ بشكێ، ئەم مەتەلەی لەبارەوە دێنینەوە،وەهەر لەم‌ماناڈامەتەلێكی‌تر هەیە كەئەلێن :

### ٣ـ لەچوارشەمەڈا یە كـسێ شت‌ئەدوڕێتەوە، یە كێ‌شتوون ئە كا.

چاپ‌اختر شمال

تلفن٢٥٥٠١

بەشی کرماشانیی
# کوردستان
لاپەڕەیی ، بوهەمر وجار

## دانیاین دانیشگا لەغەرب ئێران

یەکی لەبەشەیل بەرنامەی ئەصلي دەولەت لەئی زوژەیلەفرە کردن ووەڵاو کردن فەرهەنگەو سەواد لەتەمام گوشەو کەنار کیشوەرە؛ وەئەگەر وە شومارەی کارەیل کریای ئی باوەتەبژەسپمن، پیشرەفت فرەیك کریاس، دەبستان و دەبیرستان لە دیهات و قەصەبات فرەوەبیە؛ وەڕۆژ وەڕۆژیش فرەتر بوت. یەسە ڕۆژ وەڕۆژ بخوین و بنوس فرەتربیە ! وەلەئی ناوەداو- طەڵب ئەڕای تەحسیلات بانەس (عالیە) فرەتر بوت: چنەو کەزانیمن: هەرساڵەئی داوطەڵەبەیل وەشومارەی فرەیك ئەڕای شرکەت داخل بۆن دانیشگا هجوم تیرنە مەرکەز؛ وەلي وەعیللەت گونجاییش نەیاشتن فرەتر لەدەیە کیان «موفق» نیەۆون، وەباقی یان ناك وناهمیڵن. فرەکە، میان کەدەسیان وەدەمیان ڕەسێت چنەخارجە؛ وەلی بیشتریان وەداخ دڵ لەتەحصیلْ چاوپوشن ودەس کیشن وەگشتیان لەزینڵەیی تورییا و ئاڵوزن. ئەگەر خاس چاو بوڕیمنە پییان، بیشتریان ئەوانەنە کەوە دشخواري فرەیك لەشارسانەیل هاتنە سەتهران. یانەجوانەیلیکن کە لەوڵات خوەین لەماڵ باو کیان لوخمەنانیكو ماوایك دیرن ؛ وە توەنن لەماڵ خوەیساندا بنیشن و دەرسیش بخوینن؛ لەحالی کەلە تهران دەرس خوەنین ئەڕایان گیان کەنینە؛ وەکەس وکاریسان نیەتوەنن مەخارج ئەڕایان بخەنە ڕي ئی جوانەیلە لەتهران گاهي دەسەومل موشکلات مەعنوي و ئەخلاقیش بۆن. بەنابەریە بائسی هەمگەسەختي وئیحتیاجەدانیاین دانیشکەدە لە مەرکەز ئوستان کەومشارسانەیل دەورەو وەرخوەی نزیکە، فرەلازمە.

لەئی ڕوژەیلە چنەو کەزانیمن، صەفەحات غەرب ئێران (مەناطق کوردنشین ) ئیحتیاج فرەیك وە دانشگاه دیرت. دەس کەم دانیشکەدەی کەشاوەرزي (جوردانیشکەدەی کەشاوەرزی کەرەج) ئەڕای فرەلازمە .

صەفەحات غەرب ئیران لە جوملەی سەرزەمینەیل فرەحاصلْ خیز کەشاوەرز هەڵدەر ئێرانە ؛ ئەڕای یە کەلەورەجەنگەڵ وچەم. چەمزار وچەراگاو زەمینەیل هامارو نەخت وڕێەن وئەحشامو زەمینەیل ئەڕای هەرجور کار ئەرواوي وباخ داري وحەیوان . داري فەراهەم هەس . وەلی داخم وەوهەمگە کوشیشە کە دەولەت لەظەرف ئی چەنڵ ساڵەئەڕای وەڵاو کردن (تەرویج ) ئەرواوي نو (کشاورزي جدید) کردیە، هیمان- ئەسواو کارو کار ئەرواوي لەتەمام ئی ڕشتەیل جوروەجورەهەروەڕاو ڕەسم قەیمەسە؛ لەحالی کەئەگەر لەوصەفەحاتەمەسەلەن دانیشکەدەی کەشاوەرزي حیساوي دامەرزیت، داوطەڵەبەیل وەئاساني توەنن دەرس کەشاوەرزي جەدید بخونن؛ وەئەو سەرزەمینە وەجور فرەخاسی ئاوا بکەن. عەلاوە بەریەلەئەورەوەسیلە ئەڕای هەرجور کاریل نمونە وە دەس دانیشکەدە ئامادەس؛ وەمەردم ئەرواوي کەر لەڕي نزیك وەڕەووش و کارعیلمي ئاشناوئاموزاري بون، لەسەرزەمینەیل کوردنشین تەمام ئەسواوو ئیستعداد خودایی ئەڕای ئومور ئەرواوي وەطەورفرەمومتاز فەراهەمە؛ فەقەت وەڵاو کردن زانستن عیلمي ڕوژە کە توەنیت: نیهضەت گەورای کەشاوەرزی لە ئەوسەرزەمین خوداخاس کردیە، بەرپا بکەت .

مەردم بایەس وەعلوم ڕوژ ئاشنا بون؛ تاوەجیای یە کەداخلْ خدمەت دەولەت بون، وەمجوم بارنەئیدارەیل دەولەتي ، دەس وەکار ئەرواوي حیساوي بون؛ وەلەزەمینەی ئیستەدا دەیل خودا داد ئەوسەرزەمینەدەس بنەنەئاوا کردن ئەوصەفەحاتە .

یەسە ئارەزوی ئیمە. ئینتظارمان ئەوەسە: هەرچی ڕوتر دەولەت «توجە» وە ئارەزوەیلمان بکەت

## گیچەل ئەلجەزایر

ئیمرو تەمام مەردوم دونیاچاویان هاوە سەرنوشت ئەلجەزایر ومەردوم ستەم کیشیای ئەومەردومی کەفرەتر لەقەڕنیکە هانە ژیر چەکمەی سەربازەیل دەولەت ئازادي خوای فەرانسە!

ئیمەپیش ئەڕیەیش لەمەقالەیل خومان لەباوەت حەق ئازادي و ئیستقلال میللەتەیلْ دونیا هەرلەشون ئەوە کە مەردوم ئیمرو فیکر کەن نوسایمن. یەسەئی مەطلەبیشەدوجارەنوسمن کە: مەسئە لەی حقوق ئیستقلال و ئازادي میللەتەیل لە نیمەی دووەم قەڕن بیسوم وەلەشون جەنگ بەینولمیلەلي دوواین دیتریەی قسەی ئارەزویی (ایدەآلی) یایەی گوفتو گوی نەخشە کیشاین (تئوری) نی یە؛ وە لەسەرانسەر دونیا گشت قەبولی کردنە، وەپی عەمەل کریاس.

ئینگلیس کەپیش قەیەمەدەریانەوەردەیل وموستەعمەرە سازەیل دونیابی، وەبونەی عاقلي وسیاسەتزاني خوەی زوترلە گشت پەی برد کە: دیتر میللەتیك وەئەسیري داشتن وزەنجیر ئاغایي وسەروەري وەمل بەشەر خستن کەلەئی دونیای ڕوشنە حەق زینڵەیی ونەفەس کیشاین دیرن ، دروس نی یە . یەسە کەوەطەورعاقلانە ودونیا پەسەنڵیك وەئارە زوەیل گشتیان جواو ڕەفیقي دا . زەنجیر گشتیان لەیەك کرد؛ وە ئیحترامو مەنزلەتیان ناسیا؛ وەگشتیان ڕاحەت کرد ، حەتتاویەیشە نەوسا، بازەضایەت خوەیان دەس برایی نیاو دەسیان. تەمام موستەعمەرەکانی خالي کرد.

شەکی نی یە کەوەبونەی هەرئی موقتەضیاتە وەلەبەرانبەر فشار ئەفکار مەردم دونیاس کە ژنراڵ دوگولیش حاضربوە کە ئیستقلال ئەلجەزایر بناسیت؛ وەئەومەردومەلەئەسیري نەجات بوەخشیت؛ وەلي هەر چنەو کە زانیمن: بڕی لەطەرەفدارەیلیان موخالف ئی کارنە ؛ وەخیاڵ خوەیان توان لەئی کاروەر گیري بکەن؛ دیتر نیەزانن ،هاتو لەسەرئی کارە دوگولیش لەکار خستن، وەلی نیەتوەنن چو بکەنەلای چەرخ زەمان وەئیمەوەی ڕوڕدی یە دونیمن کە: ئەوانە گشتیان وەحەسرەت وئاه کیشاین ملنەنە ئەوە کە گەردش زەمانە وەچارە نوساس ؛ وە ناچار دەنگیان خەفیت.

لەئی ناوە دیارنی یە ڕەووشت ژنراڵ دوگولْ کەئەڕای ئازادي ئەلجەزایر توات ڕفراندوم بکەت، هاوەبان چ پایەییك ؟ ئەگەر ژنراڵ دوگولْ وەئی تەرتیبە توات بزانیت: مەردوم فەرانسەوي کەمانەئەلجەزیرەلەئی باوەتە چەئوشن؟ ئەوە کەئەوانە بوشن لەلای مەردوم دونیا و مەردوم ئەلجەزایر بەتاڵ وبی ئەرزشە؛ وەئەگەر خیاڵ کەت کە: مەردوم ئەصلي ئەلجەزایر بەرضیدد خوەیان قسەیك بکەن کەئی خیاڵیشەبی مەورد وبەتاڵە؛ خوصوصەن کە مەردوم موجاهید ئەلجەزایر دەسەوکار ڕفراندوم نیەون ؛ وەئی کارە لەناوخوەیان حەرام کردنە؛ وەئەرزشیکیش نیەنەئی کارە' ئەڕای یە کە: ئەوانە ئیستقلال وئازادي خوەیان جور باقي مەردوم دونیا یەی کار فرەتەبیعي وپابەرجا زانن؛ وەئەڕای ئەوەیشە هیچ نویشتەو «تمسکی» غەیرلەئەصلْ بشەر بیەت کە لەمەنشور حقوق بەشەر گشت قەبولی کردنە، وەگشت کلك نیانەسەپای' نیەناسن. بەنابەریەکار ڕفراندوم مەخصووصەن لەڕوژی کە لەتەمام ئەلجەزایر قوشەن فەرانسەوي دامەرزیاس ، وە موجاهیدیشیش لەدەشت وبیاوان هەراسانن کار لەغویکە .

وەعەقیدەی ئیمە حەقیە فەرانسە هەرچی ڕوتر وەشون ئەفکار مەردوم دونیا، وەبەناوەخاطر ئەوضاع ڕوژ لەناسین ئازادي مەدوم ئەلجەزایر حەتتا ڕوژیکیش خوەی نەخەتەدوا؛ وەزوترمل بنیتە ئی چارەنوسە، وەڕەنج خوەی وزەحمەت دیگەران بیشتر لەیە فەراهەم نارێت .

### لەکۆمەڵا

ماوەی ٦

بەلکومروڤ وپستی وەرگیسري خوی بو کاری کی نەکراو، خاتە کار کەلای وابێ کردنی ئەوکارە بوئەو کارێکی ئاسانە ، وەئەتوانێ ی کا، ئەوەش وەك دارو بەردو ئاگر خواردنی دەرویشە کان وئەنڵامە کانی تر .



www.zheen.org

## هەراڵە

ماوەی! ٤

دڵداری خۆیدا بۆنی خونچە وچاوە ڕووانی پشکوتنی گوڵی هیوای ئەکرد، وە لەوشادی‌یەدا بەبۆی ئەوهەستە سەرمەست بۆ بەڵام ئەم مانایانە کەسێ ئەی توواني تێ بگات، لای کەمی دەساڵ پەراوێزی کتێبی زانیاری دڵداري موتاڵا کردبێت ، هەر کەس نەی‌دەتوانیی تامی بەزمی ئەو گەنجانەبزانێ، بۆ کە لەوزانیاری‌یەدا بێ‌بەش بوّن فەرمانیی پشۆدان وبێ‌دەنگی‌یان بەگەنجەکان ئەدا؛ بەڵام بـۆی پیرە مێردی کۆنەکاری کتێب موتاڵا کردۆ، بەونابەڵەدانەدا هەڵ ئەکاڵان وەدەیان کوت : تـو خواالێیان گەڕێن جیهان هەربریتی‌یە لەم چەند ڕۆژە مەیان ڕەنجێنن، وەهەستی نازکیان برپن‌دارمە کەن، ئەوانەی کەپیری ئەومەیخانەیە بوّن سەریان دەرئەچۆ وەهەرچیی ئەو گەنجانەیان مەست ومەدهۆش ئەبینی ، دۆبارە بەسپبازی ڕۆژ گاری کۆنی خۆیاندا ئەچۆنەوە، وەدەستیان ئەدایەژێر چەناکەیان وچاویان حەورئەبۆو هەناسەی دۆرودرێژیان هەڵ ئەکێشاو، پڕۆزە لەزامیی کولاوەیان هـەڵئەساو، وە لەگەنجەکان زیاتر مەدهۆش وسەرخۆش ئەبۆن. بەم‌چەشنە مـاوەی ١٥ شەووڕۆژ شادي گەرم‌بۆ، پاش‌ئەوە لەسبەینێ شەویا ڕۆژگاری شادي وڕەنجی جـوواني منو شاپەسەندیش دووایی هات، وە لەوجیهانە کەوتینە جیهانێکی دیکە . زەماوەنـدي بەڵاوەیان‌لێ کرد هیوادارم هەروەك‌من‌بەخەیاڵ‌پاش‌چەکمەسەرێ‌یێکی دۆرودرێژی ڕۆژگار کە :ئەوچە کمەسەرێیشە بۆخۆی‌خالی‌لەتام‌ومەزەنی‌یە ، لەجیهانی‌ناو کەدا هەمۆ گەنج‌ولاوێك میوەی باغیی دڵداري خۆی‌بخوات؛ وەلەدووا پلەی پاکی‌دابەدڵ بردۆی خۆی بگات.

---

## هەزاویەکشەو

٣٣١

شرکانیش هانەسەما؛ ئەوجاخاتۆن ووتی: ئەی‌شازادەی موسولمان‌زادە ! تێ گەییشتی کەلەگوزانی‌یەکەما چیم ووت : شازادە شرکان وەڵامی‌داوە: نەواللە، من لە زمانی ئێوەتێ ناگم ؛ بەڵام هەردەنگە خۆشەکەت وپەنجەجوانـەکانـی‌تۆهێنامیە سەما ، ئەو کچە مانگ ڕوخسارە دەستی کردەپێ کەنین وووتی: جائەگەربەزمانی‌عەرەبیی بۆت‌بخوێنم ئەبێ‌چی‌بکەی؟ شرکان ووتی: بەگیانی‌تۆیەك‌جارشێت‌ودەیرپم‌ئەکەی، ئەوجا پەری ڕۆبەنەزمێکی‌ترلێ‌دا، وەچەنذشعرێکی‌خـوێندەوە، بـەهێندە بەسۆز خوێندی کە شرکان لە سەرخۆی چۆ؛ لەپاش ماوەیێ کە هاتەوەسەرخـۆی، لەگەڵ کچەکە ذا دەسیان کردە شەراب خواردنەوە ، وەدەس بازي وگاڵتەیان ئەکرد، تا لە نیوە شەوتێ پەڕی کرد؛ئەوکاتە کچەکە چووە هۆذەی نۆستنی‌خۆی، وەشازادەش لە دیواخاندا نۆست . کەبەیانیی‌هەتاوهەڵات، کەنیزێ‌هات بۆلای شرکان وپێی‌ووت: خاتۆن‌بانگت ئەکا. شرکان هەستاوەسەرخۆی؛ وە کەوتەشوێنی کەنیزەکەوپێکەوە ڕۆیشتن تاگەییشتنەبەردەم کێکی گەورە کەلەعاج دروّس کرابۆ،وەبەدوڕرویاقوتو مەرجان جەواهربەنذیان کردبۆ لەودەر کەوە چوّنە ژوورەوە ، ئـەنوازێ‌خانوێکی زۆر گەورەیە، وەبەرهێوانێکی گەوەرەی چاوپێ کەوت کە بەقاڵـی هەورێشم فەرش کرابۆ ؛ وەپەردەی حەرپرومەخمەڵ بەبەریا ئاوێزان بۆ؛ ئەوهێوانە ئەی نوارێ‌یە نێوباغێکدا، کەلە هەمۆجۆرە داری میوە وجەنگەڵیی‌تێذا ڕۆابۆ؛ وەچەن‌هەسێڵ و حەوضی گەورە وبچوکی تێدابۆ، کە فوارەی ئاولەنێویانا وە کوزپوی سپیی‌هەڵی ئەخستە وە . لە نێوهێوانە کە ذاچەنذپەیکەری سەرسام هاوەریان دانابۆ، کەبەفەنو فێڵ‌کارێکیان کردبۆ،کاتێ بائەچۆبەدەمیانا دەمیان ئەجۆڵاودەنگیان پێ‌یەوەئەهات، وە نابەڵەذلای وابۆ کە بەڕاستیی‌ئەوانە قسە ئەکەن . خاتۆنیش بۆخۆی‌وە کوشا،لە لاژۆرۆی هێوانە کەوەلەسەرتەختی‌زێڕینەوە پاڵی‌دابوەوە، کەچاوی بەشرکان کەوت،

---

### لەهەرگونزار

ماوەی‌ل ٤

هام سەران! سفتەی شۆخ شەم لەقم

چۆن مەبـۆ عەلاج، مـن‌چێشەن دەوام .

**م.ص مفتي زادە**

ئازیز!چاو بەڵەك بۆچ لێم‌تۆراوی!

بۆچ وابەجارێ لـەمن بڕاوی ؟ !

تۆخۆت ئەزاني من دیوانەی تـوم

بۆچ‌لەسەرمەیلی جاران نەماوی ؟!

ئازیز! تاکەی من‌بۆتۆ بناڵـــم

تاکەی خاکی پێت بـەچاوبماڵـم

ئاوورم تێ‌چۆ ، سەرتاپام‌سۆتـــا

بۆچ تۆبەزەییت نایێ بـەحـاڵـم

«پەشێو» تامـاوە گیاني لـەلاتە

گیرۆدەی داوی میهرووە فـاتە

شەرتە بەرنـدا دەس لـەداوێنت

تائاخر نەفەس هەربـەتەماتـــــە

**سیدصالحی کرماشانیی**

من کیمیا کەم . . .

من خاك شاڕاه وەکیمیـاکـەم

پەی ئەعما توراب وە تۆتیاکـەم

من حەقق وباطڵ لەیەك جیاکـەم

سیاە وسفید، سفید سیـاکــــەم

زومرەی ئەنبیا وەئەولیا ذــــەم

من‌ئەعمال زشت زاهد ڕیـاکـەم

منم ژزولمەت نۆر وەضیاکـــــەم

---

# مەولودنامەی پەیغەمبەری

## ئیسلام حەزرەتی‌محمد(ص)

### دانراوی زانای بەناوبانگ

**مەلاحەسەني هەرتووشیی**

هن‌حکایەت کردژبۆزەوجێ«وەهب»

هەم کەرامەت‌هەم ژجەنگابلعەجەب

گۆت زەوجێ‌قەنجەقاسدابیی ژمن

زابیی‌بچیە خانـە دانـادڵ مەزن

بێژە «عبدالمطلب» مـن «ئـامنە»

وێ لنگ زیبا عـەفیفە مـۆقنە

گـەرژ«عبدالله» بیتن گـەوقـەبۆل

تەمشیەت‌دێ‌ست وچێ‌بت‌ئەووصۆل

نازك وسیما وخـۆش دڵبەرئـەوە

لایقا وي، بابـەتـاوي هـەرئـەوە

هاتە«عبدالمطلب» کـرباخـەبـەر

هەم دي «عبدالله» حوببێ کرئەسەر

بنکەی ژین www.zheen.org

## کنز العرفان

ماوەی ل٦

شەوچرا، بازاڕی ویژەی کوردی، بڕا زینێتەوە، وەچـاوی ڕۆڵەزانـاو خەبات کەرەکانی هۆزەکەیان ڕۆشن بکاتەوە، وە بەرە دووایی یەنیشتمان وپستەکانیان بیکەن بەدەسمایەی بەنرخی بازرگانیی ژیانی نەتەوایەتیی و کۆمەڵایەتیی خۆیان .

لەم پارچە دا خوداڵی خوشبو «سەی صالح» ناوێکی لە «عمر»ە وە بردووە؛ وەهۆنراوەکەی لە دیوانەکەی خۆیدا بەم چەشنەیە:

تا کە من وەتۆوێم مـەکـەم اظهار
وینەی «عمر» نەکەی شەرمەسار

باوە کۆناوبراوپیاێکی خوداناس ودەروێش بووە،وەلە وەمرۆیێکە وە، زۆردوورە کە خراپەبە کسی بڵێ، وەڕەنگـە بزمانیانە وە بـەستبێ، بەڵام ئەڵێم :

ئەوەی کە ئاشکرایە بیروباوەڕی گرۆی «شێعە» لەسە ئەوپایەوە دامەزراوە کە «علی» وڕۆڵەکانی مافی جێ نشینی پەیغەمبەر(ص)یان بووە؛وە «عمر» بەزۆرە ئەبۆبەکر ی لەجێگای پەیغەمبەرادا،؛ کەوا بۆ ئەگەرشێعە باوەڕی بەپێچەوانەی باوەڕی گرۆی «سنی» مذهەب بێت، لەڕێگـای ئایینی یەوەیە؛ نەلەچاوی نەتەوایەتی وڕەگەزایەتی. ئێمە ئەمانەوێ شوێنی ویژەیی نەتەوەی کورد بەرزبکەینەوە؛ چ شێعەبێ چ سنیی، زەردەشتیی بێ یامەسیحی...

(٢) ئەم نیوە هۆنراوە، خۆم هۆناومەتەوە، چونکـەلەدیوانە کەدا، بەهەڵە لەچاپ درا بۆیۆم ڕاست نـە کراوە.

ئەوەش ئەبێ بزانن کەلەڕاست کردنەوەی هۆنراوەکاندا،زۆرڕەنج بەخۆم ئەدەم؛چونکە هەموی ئەوهۆنراوانە کەلەبەشی «لەهەر گولزاری گوڵێ»، وە هەروەهاش لە بەشەکانی تر کەلەم ڕۆژنامەدا ئـەنوسرێن ، هەڵەوناتەواوی زۆریان هەیە؛ وەلەهەموی سەخلەت تر ئەوەیە کەبەشێوەی «فارسیی» نوسراون .

ئەوەی کە پێویستەلەم جێگایە دابی ی لێین ڕەنگە بڕی کەس وابزانن، پیاوی خوداناس (عارف) تەنیالە گرۆی موسلمان، ئـەوێش لە کۆمەڵی «سني» دائەبێ هەڵکەوێ.ئەوەش باروەڕێکی بێ جێیە، چونکە ڕێگای خوداناسي تەنیا، یەکێ نییە تائێمە بڵێین هەر کەسێ لەوڕێگایە لابدا ئیتر نابێ بەخودا ناسی بزانین؛ بەپێی مەتەلی: «هەموڕێ یێ بۆ بانە ئەچێ» هەرکام لە ئایینەکانی بەرەی مرۆسەرەنجامی ئەکێشێتە لای خودا ناسی یەوە کەوا بۆناتوانین بڵێین : خوداڵی خوداڵی خۆشبو «سەی صالح» لەبەرئەوەشێعە بووە، وە «عمر»ەی بەناحەزی «علی» زانیوە، خـوداناس نەبووە، چونکە لەباسی «ڕێگای خوداناسـي» دا ئەم باسە ڕۆناک ئەکەینە؛ وە ئەڵێین : هەر کەسێ بە گوێرەی بیروڕای ئایینی خۆی خودا ئەناسێ، وەدڵی پێی قاییم ئەبێت .

ش. بابان

## تکالە یار

گیانەوەرە بۆخاطری ئەوتا کەبراتە
ماچێ بدە لـەو کوڵمەوە کۆنوری چراتە
ئیزنم بدە جارجار بخەمە ناومەمکت دەس
ئالۆزمە بەهەر گیز کە ئەوی بم بێ فداتە
بۆ بێجگە لەمن هەرچی دەبینی کەس وناکەس
گەرمی لە گەلی ئزیزی لەوەی مەستی وەفاتە
باوەرمە کەهەر کەس کەئەڵی بۆتۆهێلاکم
من ڕاست ئەکەم ئەی یار. کەژینم بەهیواتە
(شێواو) نیەتی تاوی لەڕێ بردنی دلبەر
سۆتاوی وەفاداری دەسی جەوروجەتاتـە

# چووارقوژبن



**لابەلا :**

١- وەڵاتێکی موسوڵمانی گەورەی ئاسییا، لەڕۆژهەڵاتی خۆماندا ٢- گونکـی هەوێر لەسەریەوە پان ئەکرێتەوە ، تابدرێتە تەنوردا ٣- بەرامبەری سفت یاتوند - پۆستێ کە سەر هەڵی ئەدا ٤- ئەمیش هەر «دایك»ە- جگەرەیێکی چکۆلەی کارخانەیی یە وشێواوەتەوە ٥ -مان و خۆ بەعەرزدا گرتنی منداڵ - سێبەری پڕی شتی وەکو لەقوپۆیدار، کەپرشنگی هەتاوی تێدانەبێ ٦-ناوی مانگێکی مپلادی ٧-حا کمێکی بەناوبانگی خورماڵ، کەمز گەوتە گەورە کەی ئەوێی؛ تەعمیر کردەوە. وەبە «گوڵعەنبەر»یش ناوی ئەبرێ.

**بەرەوخوار:**

١- ڕەنگ زەردو دڵ. . . .م بڕوا بۆباری لیوم؛ وەیلانی دەشت و کێوم بۆتۆ جەر گم بڕاوە ٢- گەنج، جەوان ٣ - هیچێ بەبەینی داناچێ-سپیاڵێ ، کەپیاو . کورتی لە بەر ئەکات و ژن درێژی ٤- پەت لەملخراو - ووشەیێ بۆپرسیار، بەمەعنای «واله کوێ؟» ٥- جـنازمـ«یاو تا» بەفارسیی ٦- بەرلەهەموعەدەدێ؛ کەعەدەدلەیەك کەوتنی چەندێ لەو پێك دێ ٧-ئەگەرئەوە لەکار بکەوێ ، ڕەگە باریکەکان هەمو لەکارئەکەون.

### گراوەی چووارقوژبنی ژمارەی ٨٣

**لابەلا :** ١- ریواس ٢- زام٣- لچان -شر٤- کال - دمە٥- هو- چەرخ ٦- مرخ٧- هولول.

**بەرەوخوار :** ١- کەلکەلە ٢چاو٣- رزال- مل ٤- یان - چرو ٥- وم - دەخل ٦- شمر ٧- سەرەخەر

هەزارویەك شەو — ٣٣٢

بەرزەپا لەسەرجێگا کەیەوە هەستاوە ، هاتەبەرەوپیری یەوە، دەستی گرت وبردی لە لای دەستی خویەوە دای نا؛ وەزۆربە گەرمی لە گەڵ ئەواچۆنی وچا کی کرد . لەپاشان دەسیان کردە قسە کردن؛ وەلەهەربارەیێکەوە ئەدوین، تا کچە کەلە شازادەشرکانی پرسی: ئایائۆشتێ لەشعروحاڵی عاشقان ئەزانی؟ شرکان ووتی: بەڵـێ شعرێ شاعرانی زۆرم لەبەرە . کچە کە ووتی : چەنێ شعرێ لە دیوانی «نالی» بخوێنە ! شازادەدەس بەجێ ئەم شعرانەی خوێندەوە :

حەنایی کردووە پەنجەی بەخوێناوی دڵی زارم
ئەمەڕەنگە شەهادەت بێ، کە کوشتەی دەستی دڵدارم
ووتم : ئایابەزاري خۆت دەپرسی حاڵی زاری من؟
بڕۆی هێنایـە یەك وەك شکڵـی «لا»یانێ نە بیزارم
عەجەب ! ئەستێرەشەوهەڵدێ لەتاوی خوسرەوی خاوەر
لەڕۆی تۆم دیدە هەڵنایێ ، شەووڕۆژ گەرچی بیدارم
بڕۆت باڵی هوما،سایەلەسەرسوڵطانی حوسنت بۆ
خەتت هات و، ووتی: من ناسخی طوغـرای خۆنکارم
طەبیبی من دەبێ دەخلی ببێ، صاحیب مرووەت بێ
مەگەرچاوت بزانێ من لە بەرچیی مـەست وبیمارم ؟!
بەسەروم ووت کە: ڕاس وسەر کش وبەرزی کەچی لەرزی
کەفەرقیشم بگاتە ئاسمان بەندەی قـەدی یارم
بەشیرینیی تۆ ائەی خوسرەوی ڕویـی زەمین! ڕەنگە
بگاتە ئاسمانی بێ ستوون فـــەریادو هاوارم
حمایل کە دەمی تێغت لە حەلق و گەردەنی «نالیی»
مەگەرگیراوبێ، بەم ڕەنگە تینۆی ساعدی یارم

# ئاموژگاریی

پرس‌وڕاوێژ. جلەوی پەشیمانی ئەگرێت؛ وەلە لۆمەی خەلکی ڕزگارت ئەکا.

(حضرتی‌محمدرض)

هەر کەس لەگەڵ خەلکیدا پرس وڕاوێژ بکا، ئەبێتە هاوبەشی ئاوەزوبیروڕای ئەوان. پایەبەرزترین کەس، لەئاوەزوبیرا، کەسێکە کە خۆی‌لەپرس وڕاوێژ بێ‌نییازنەزانێ.

(حضرتی‌علی‌رض)

تازۆر ناچارنەبن، دەوادەرمان مەخۆن، چونکودەرمان شتێ‌چاك ناکاتەوە، تابەوئەنڎازە شتێکی‌تر خراپ نەکا

(ابن‌سینارح)

پارێزی زۆرلەئەنڎازە، وەپەلەکردن بۆدەواو دەرمان خواردن، وە کەم کردنەوەی خوراك‌نابنەهۆی‌خۆشي وسلامەتي، بەڵکو نەخۆشي دێنن.

(محمدبن‌زکریارازی‌رح)

ئەی‌خوڎای گەورە!بەذاتی خۆت‌سوێنڎت ئەڎەم کە:شەش‌شتمان پێ‌ببەخشی: بیروڕای‌بەتین' هێمنی، تەندروستي، زانست،بەکاربردنی زانست، وەدەس ڕۆیشتن.

(ابوسعیدابوالخیر)

لەگەڵ هەر کەسێکدا دانیشتی ودلت‌بەهاونشینی ئەونە کریاوە، وەلەخەفەت وەدەردوڕەنجی ئاووگڵ ڕزگارنەبوی، دەخیل لەهاونشینی ئەودەست بکێشە!

(خواجه عبدالله انصاری)

بوزور گمیهر ئەڵێ: لەمامۆستام پرسی لەخەلکی‌یەوەچڕەفتاری زۆرناخۆشە؟ ووتی: تونڎو تیژی لەشاهانەوە؛ تەما کاري‌لە زانایانەوە؛ مشت‌قوچاوي لەدەوڵەتمەنڎانەوە.

ووتم: لەدونیاڎا، کێ‌زۆر خۆش‌بەختە؟ ووتی: ئەو کەسە کەناوی خۆی بەدەس بەلاوو بەرچاوتێر بەناوبانگ‌بکا؛ وەزمانی‌خۆي‌لەووتنی قسەی ڕاست نەگرێتەوە.

(بوزور گمیهر)

چوارشت نیشانەی بەڎبەختی‌یە: تەنبەلي، نازانــي، ناکەسي، بێ کەسي.

(لە کتێبی نصایح‌الحکماء)

گونابارترین کەس، ئەو کەسەیە کە بەڕۆحێکی‌ناهمێڎودڵێکی تۆراوەوە،خەلکي ڕانمایی ئەکەن.

(جون‌اوبك)

خۆتان بەخۆش بەخت بزانن؛ وەخەڵکیش لەم خۆش بەختي خۆتانا بەشداربکەن.

(جون‌روسکن)

زۆرخواردنیش وەکو برسی‌یەتي نازەحەتە. بەم‌بۆنەوە چاودێري ئەنڎازە لەخواردنا، خۆش‌بەختي زۆر گەورەیێکە.

(شکسپیر)

بەشەر گیرۆڎەی دەستی‌هەواو هەوەسی‌خۆیە.

(دیدرو)

بەشەربۆدەست پەیدا کردن بەسەرکاری نەکراوا، تائەو جێگا بۆی‌بکرێ تێ ئەکۆشێ

(سنت‌بوو)

تۆخەڵکیت‌خۆش‌بوێ، ئەوانیش تۆیان خۆش ئـەوێ؛ لەوانەوە نگاذاري بکە، ئەوانیش نگاذاري لەتۆوەئەکەن

(ژان‌ژاك‌روسو)

دڵك‌ودالی ناحەزي لەناوی باخچەی‌خۆشەویستی بژاربکەن.

(بایرون)

م.س. مفتی‌زادە

# دەردی دل

ماوە لەچلی‌پێشو

ئەنجا گوێ ڕاگرە برا کوردەکەم!
بۆسۆزی دەرون پــڕ لەدەردە کەم
تاسەختیی‌ژینی خـۆم بــۆت‌ــۆ بێژم
زوخاوی دڵــــــم بۆت هەڵ بڕێژم
ئەتۆش هەناوت بسووتــێ‌بــۆمان
لەسەختیی دەردو ڕەنجی بێ‌شۆمان
تابەهەڵدانی ئــــــەم بەسەرهاتە
سەرت سڕمێنێ لـــــەوکارە ساتە
لەچۆني ژیـــــان دێهاتــي ئێمە
لەتاڵە ڕەشیی ونـــــەهاتیی ئێمە
بەڎبەختیی هۆزت‌باش‌بۆت‌دەر کەوێ
ئێشی‌برینی جـەرگت نـەسرەوێ
خانوێکی کۆن وشڕو وێـرانـە
کوێخادێ دابووی بۆئـەوخێزانە
ماڵێ‌بەڵکنـەـوم‌بنمیچ‌چـاڵ‌وچـۆڵ
سرمیچ زۆر نـەوي دیـوارشـڕوشۆڵ
وەك‌ە کەمفی‌ئەصحاب‌ەتاوی‌ڕۆژنەدیو
تەنگ ونماوی، پـــــاساردا‌ڕزیو
پڕلـەدوومرژنـگ، پـەردۆپێتوو‌رکاو
لارووێر،بەڎتەشك،بنەڕەت خوو‌ساو
کوناوە جەیێ لـەعاسی تەنـوور
وەك‌چاوی‌چاوتەنگ‌تاریك‌وبێ‌نوور
داری لــەداری دەسرا‌تە بــارێکتر
دەرکی لەدەرگای دۆزەخ‌تارێکتر
مشك‌ودۆپشك وجاڵجاڵووکەو مار
تێزە کۆسەو کێچ، هـەرلەی بێ‌ژمار
تەنوور کەڵوکۆم وەك‌دەم‌پیرەژن
دیوار تـــــانپوە لیتە وقوڕ لەبن
ئەوهۆڎە جێگای پشوودانمان‌بوو
هۆدەی نوستن ودەخڵ ودانمان‌بوو

ناتەواو

## ناڵەبارییەکانی..

ماوەی‌ل ۱

ئێستالەسەرپاش ماوەکەی ئەڕۆین. سیەبێ لەنزیکـی نیوەڕۆدا، مامەی قەرەبانی لەدورەوە دیاری ئەدات.ژیبی بەستەزمان‌تابەردەرگای دەرواره بەپیری یەوە ئـەڕوات، کابرای کەپێش لە دورەوەچاوي بەژن‌ئەکەوێ‌وە کو گالۆکەکەی خۆی،خۆی کۆم ئەکاتە وەحەوت قۆرت‌ئەخاتەخۆی، هەناسەبڕکێ بەخۆی‌ئەخات قۆزەلەخۆی‌دێنێ، دەموچاوی چـرچ ولۆچی‌خۆی هێندەدیکە‌ئەدابەیەکا‌' بارەقامیشی ڕیش وسمێڵی‌ئەوەندەی‌دیکەتێك ئەئالێنێ، ئەمە هەموی بۆئەوەیە. کە: منەتێکی‌زیاتر بەسەرئەوژنە دابکات، بەڵکو ناچاربێ‌پارەیێکی زیاتری بداتێ.

دایك: مامــە گییان‌سەلام بەخێرهاتــی‌سەرچاو،پێوقەڎەمت هێنا. قەرەیانی قۆزەیێکـی بــۆ ئەکاوئەنکێنێ‌وبێنێکی بۆئەخواتە وەڕۆسوڕبێ‌دایکم!بەخێر نەئەهاتم بەخواتا گەیشتمە‌ئێرەنیوە گییان بۆم!دایك: مامە گییان‌قەیدی‌نی‌یە مسڵمان ئەوەیە کە لە بەرزەحەتي هاوسێ‌ی، خۆی‌نازەحەت بکات. قەرەیانی:ئەڵبەت‌دایکم‌وایەمنیش هەرلە بەرئەوەهاتم ئەگینا بەخوا تائەچمەوە بیست تمەن زەرەرم‌لێ ئەکەوێ! خوێ گومان من‌لە وە زیاترم‌دەست‌ناکەوێ‌ئیتر ئەم‌ماندو بونەشم بەهیچ. مامی‌قەرەیانــی هێشتاسەلامو‌خوواحافیزي‌لەگەڵا نەکراوە ڕێ زەحمەتی‌خۆیــی تایین کردوە، بیست تمەنی‌نایەمل خاوەن منداڵ.

دایك: ــ مامە گیێان: ئێستا تۆ خۆتازە تەشریفت هێناوە فـەرمـو ژوورەوەپشوبدە. قەرەیانی: کۆمە کۆم کەوتەپێشەوە،وەچووەژوورەوە

دایــك: ــ دوبــارە بەخێرهاتنی لەقەرەیانی کرد.وەپێ‌ی ووت‌مامە گییان ئەوەمنداڵە کەیە!قەرەیانی بڕێ سەیرمنداڵەکـەی کرد، وە کوتــی: ئێوە تامنداڵەکـەتان

ماوەل ۱۲

بنکەی ژین www.zheen.org

# کارخانەی گەورەی پەموریستن و کوتال بافینی «مومتاز» بەدەستی شاهەنشا خرایەکار

ژمارەی ـ٣٦ـ سالی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ٨٧

## کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردییە، حەوتەی جارێ چاپ ئەکرێ دەر ئەچێ

بایی
بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش‌مانگە | ٧ | « |
| چڵ | ٣ | قەران |

بۆ دەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | « |

# کوردستان

عەزیزم شاسوارێکە، گوزەرگا، گەر، بەئەلبورزا
دەگا ، نووکی سمی ئەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا

سیاسی- زانیاری- ویژەیی- کۆمەلایەتی

خاوەنی امتیاز و مدیری لێ پرسراو
عبدالحمید بدیع الزمانی
بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
دوکتۆر محمدصدیق مفتی‌زادە ـ سەرنووسەر
دوکتۆر عبدالرحمن و احمد مفتی‌زادە
عابد سراج‌الدینی ـ شکرالە بابان
خسرو شیخکا ئلووی میلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ٢١٨
تلیفوون ٣٢٠٠٣

چووارشەمە ١٤ بەفرەمبار ٢٥٧٢ك ـ ١٤ دەی ١٣٣٩ش ـ ١٦ ڕەجب ١٣٨٠ق ـ ٤ ژانویە ١٩٦١م

# کیژاوی لائوس ئاشتیی دونیای خستووەتە مەترسییەوە؛ تفنگدارانی نیرووی دەریایی ئەمریکا بەچەکی ئەتومییەوە بەرەو لائوس کەوتنەڕێ

## هامرشولد کەوتەڕێ بۆ کونگو؛ وە لەپێشان پەیامی ناردە سەر، سەرکوماری کونگو کە لە هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخویی خوی بگرێ؛ ئەگەرنە کومەلی نەتەوەیەك گرتووەکان کاروباری ئەوی پێ ڕاناگیررێ،

## پیروزیی لایەن گیرانی لوموومبا حکومەتی موبوتوی خستووەتە مەترسییەوە

## ئەمرو لەسەردەنك کردنی پادشای مەراکش کوبونەوەی سەرانی ئەفریقا لە کازابلانکادا، پێك هات تا سەبارەت بە کاروباری کونگو، ڕاویژ بکەن

## ئازادی ژنان

بایی ، وە گرنگیی بڕێ لەکارە گرنگە مێژوویی‌یەکان زۆر بەڕۆژ زیاتر وڕۆناك‌تر ئەکەوێتە پێش چاو، پێشنیەی زۆر کارو لەناوچوونی ناکۆکی‌یەکان ، وەخدێڕ کە ـ ووینەکان، وەکو تیشکێکی بەـە هێزو بەکارە . بۆئەوی کەپەردەی تاریکی هەڵ دڕێ، وەناو کەی هەر کارەساتێ وە کوڕۆژی ڕۆناك لە پێش چاوی جیهانیان بەجووانـی گەوهەری چراچاك نیشان بدات . مرۆڤی گەورەی مێژوی ئێـران اعلیحضرتی فقیدرضاشای کەبیر، کاروباری وەکو بیروزای گەورەی پێك هێنەری وەرگێڕان بۆ .

بڕێ هۆی جورا جۆرهەبۆ کە بۆ بۆنەهۆی ئەوەی نیۆوەیێ لەپەیکەری گەلی ئێران بەهۆی بەرگری ژنانە وەلەخۆ کێشانە ناوکاروباری گەل بێ کارمابۆن ، وەڕ کەوتنی کروپێ کەلەپەنای سەنگەری بەڕێزی دین‌دا تەنیاهەدەفەدنیایی‌یەکان وتەعامی خۆیانیان گرتبوەپێش چاو، وەتیری بیروڕایان بەبەهانەی کافر بۆنیانە وەلەدوواپلەی تۆمەتاپەرت ئەکرد، ئەو بیروڕایانە بەرگرییان لەوەئەکرد، کەژنیش بتوانن شان بەشانی پیاوان لەگێرە و کێشەی ژییاندا پێ بنێنە مەیدانی کردەوە ، وەلەتەنگ و چەلمەی ژیواری دایارویاوەری کارو باری پیاوان بن .

ماوەل ٧

## ئابووریی لە دینی «اسلام» دا

-١٣-

### تەلاشی پەیغەمبەران ـ صەلوات وسەلامیان لێ بێ ـ بۆجۆر کردنی کاروباری ئابووریی

فیرعەونیش ئەو ڕەفتارەی لە بەرامبەری حەزرەتی مۆساوە کرد، کە هەمیشە ستەمکارانی مێژو ، لە بەرامبەری مەئمورانی خوداوە کردویانە. حەزرەتی مۆسا صەلواتو سەلامی خودای لێ بـێ ، ئـەی فەرمۆ: دەس لەجەزرەوە وئازاری بەنی ئیسرائیل هەڵگرە، وەتەسلیم

ماوە ل ٦

## ناڵەبارییەکانی کومەڵ

### ((قەرەیانیی)) و ئازارە مناڵانە

-٤-

لەژمارەی پێشوودا، کوتمان کە: کابرای قەرەیانیی دەستی بە ئاغایی فروتن و بەهانە گرتن و ئەمر کردن کرد ،خاوەن مناڵیش وەکو تۆ کەرو کارە کەرالـەبەردەمیا دەستیان کردە هات و چۆ. ئیستالە سەرپاش ماوەکەی ئەڕوین .

ماوەل ٣

م.ص.م

### چۆن بنووسین و بخوێنینەوە

#### ئەو کردەوانە کە لە هەر سێ کات‌دا بەکار نابرێن

لەژمارە پێشووەکاندا لەباسی کردەوەی بێ ڕێگاو بەڕێگاداووتمان: هەر کردەوەیێ کە لەووشەی خۆی ڕیشەی نەبێت، پێی ئەڵێین کردەوەی بێ ڕێگا ئەو کردە وانەش تا ئەوجێگا کەمن ڕێم لێ کەوتوون ئەمانەی خوارەوەن :

ماوەل ٢

ش ـ ب

## نەتەوەی کوردو نەتەوایەتی ئێران

سەلام لەسەر خاپاکی کوردستان لانکی پاڵەوانەکان .

لەچلی پێشودا باسی جێژنە کوردیەکانم کەیاندە ئەوجێگا کە جێژنی (میترا)یان تایبەت داوەبە

ماوەل ١١

بەپێنووسی : ئاغای منوچهرایمانی »    وەرگێڕاوی: د.ع.م

## باسێکی زانیاریی

-٤-

### گوزارشی هەڵدڕینی (حفاری) تەختی سلێمان

تەختەبەردێکیش کە ٥٩ سانتی‌متر درێژەو ٤١ سانتی‌متر پانەلە ڕۆی زەوینەوە، لەبەشی باکوری ڕۆژئاوایی (شمال‌غربی) تەختاقەراری گرتووە، کەلەڕوی ئەوەوە، وێنەی گوڵێ بەشکڵـی ئـەستێرەهەـڵ کنراوە، کەناتوانین نیسبەتی ئەوەلەهیچ دەورەیـێ جگەلـەدەورەی

ماوەل ٧

**ناڵەبارییەکانی..**

ماوەی ل ١

قەرەیانی پاش ئەوەی مەشکە ژەشیی پڕ کردوە تاتووانی لەوەڕیا لەباتی ماڵ ئاوایی بڕێ عەیبی بە خواردە مەنیەکاندا هەڵخست، خاوەن ماڵیش بڕێ پێ چۆوعوذری لێ خوواستەوە، ئەنجا بەمنەتێکی زۆرەوە بەداکی منداڵەکەی ووت منداڵەکە بێنەتا بۆی ببڕم! ئەنجا داکی منداڵ هاتەسەروەختی منداڵە-کەیەوە، وەهەڵی گرت وهێنای لە بەردەمی قەرەیانی یا،دای نا.

قەرەیانی: قەران وموحەمەدی-بەکانتان ئامادە کردووە! دایك: بەلێ قەرموئەواها! قەرەیانی: قەران و موحەمەدی کەل ئەکات، لەوکاتە-شا، لەژێر لچەوە بڕێ ئەبۆ لێنێ، ئەو کاتەپیپاسکەیێکی چلکن وپلکن لەگیرفانی دەردێنی کەڕی (ژی) کۆنی پیسی چلکنی تێدایە، وەبە ئەندازەی ملوێنکی ئەو منداڵەی لێ جووێ ئەکاتەوە، قەران وموحە-مەدی تێ ئەکا، وەئەی بەستێتەملی منداڵ، ئەنجا بڕێ منداڵەکە ئەدا بەدەستدا، بڕێ بەودەستەقلپشاوا-نەیەوە پێشانی نازکی ئەومنداڵە بەستەزمانە ئەماڵێ منداڵ قیژەی لێ هەڵ ئەسێ،

قەرەیانی نامبارەکی لەخووانە-ترس لەوکاتەدا کە: ئەومنداڵەدەمی داچەقیوە وەئەگرێ پڕدەمی ئەکا لەتف، منداڵ ئەوەندەی تر هاواری لێ بەرز ئەبێتەوە، ئەنجا قەرەیانی ناومشتی منداڵ ئەکاتەوە، وەبەچە-شنێ گازی لێ ئەگرێ کە پیران ئەکات، قەرەیانی:- باشەوا پیرانی کردێتر ئەوئازارە بەلایانایێتەوە! دایك: مامە گییان! زورسوپاست ئەکەم! قەرەیانی:- بەڵام خوشکم چونکە ئەم دەردە چەپەڵ وپیسە ئەبێ بەچەپەڵی وپیسی بەوەدەرچێ! مادام کەوایە ئەبێ سێ سبەینان لەسەریەك بەدڵی خاڵی بەکو ،تانی کەرەوە بێ پێچیتەوە ئیتر بەتەواوی ڕزگار ئەبێ! دایك مامە گییان چاکەوائەکەین. ئەنجا قەرەیانی ئەکەوێتە خۆی بۆڕۆیشتن، داکی منداڵ تابەردەرگازەوانەی ئەکات، وبیستەمەن پارەی ئەداتێ، قەرە-یانی - بەبێ ماڵ ئاوایی وبەلالوتە وەوەڕێ ئەگرێ وەئەڕواتەدەرەوە، ژنی بەستە زمانیش تاسێ ڕۆژ ئەو منداڵە ئەباوەئەی پێچێ لە کور-تانی کەرەوە، ئەنجا سەرئەنجام ئەو منداڵەیادەورانی نەخۆشییەکەی تەواوئەبێ وخۆش ئەبێتەوە کە ئەبێتەهۆی بازار گەرمی مامی قەرە-یانی، یائەمرێ وناخەلەسێ لەکاتێکا کەنەمردن وەنەژییانی پەیوەندی بەتیماری قەرەیانی یەوەنی یە، بەڵکو زۆرێ لەومنداڵانە لەسەرو گۆڕی قەرەیانی وائەتۆقن کە زوتر نەیۆ ئەچن، یابڕێکیان بەهۆی نفی پیسی قەرەیانی یەوە، دەموپلیان ئەبێ بەبرین ودەردیان کاری تر ئەبێ، وەئەگونجێ هەرئەو برینانە ببنە هۆی تیاچوونی ئەومنداڵە. یامامی قەرەیانی نەخۆشییەکی هەیە لەوکاتەدا چونکە ئەومنداڵە نەخۆش ولاوازە زوبەزو دوچاری ئەونەخۆشی یە ئەبێ، یالەبەینی ئەبا یائەبێتەهوی ئازاری پاشە ڕۆژی ئەومنداڵە. داکی منداڵان! بەئێوە ڕائەگەیێنم کە قەرەیانی هیچ بە دەستەوەناتووانی بیماری منداڵانە چاربکا بەڵکودە،دیشی گران تر ئەکات.

دووایی

م:ص:م

# بەشی مەولەوی

## پارچەی

## ٤٤

لەم پارچەدا خوداڵێ خۆشبێ لەدەستی دەردی سەختی بێ مەیلی و نەگەیشتی ئازیزە وەسکاڵای کردووە وئیشی برینی دووری و جیایی خۆی بۆ ئازیز هەڵئەداوئەڵێ: ئازیز! کام فرمێسکێ خوێنین نەبۆ کە لەداخی تۆوە چاوی خۆمی پێ نەڕەژم؛ وەیان کام زوخاربوو لەدەس بێ مەیلی تۆوە، دەرونی پڕ لەدەردی خۆمی پێ ڕەنگ نەکەم؟! کام مەینەت بۆ کەدڵم هەڵی نەگرت، وەکام ڕەنجێ بۆ کەوە کوڤینە کێش جەرگمی قیمەنەکرد؟! ئازیز! ئیتر توانایم نەماوە، وەتاملم لەدەس دەرچووە، وەناتوانم گلە وپنداشتی دووری بڕنەوەم، هێزو تاقەتم لێ بڕاوە، وەدڵم ناتوانێ ئەوهەمووە بارەقورس وگرانەبکێشێ! خوڵاشەی من لەبەردنییە، وەدڵم لەگوشت وخوێنە!

ئازیز! کام هوون بی دیدەم پێ نەڕەشت؟!

باکام زوخاوبي دەروونم نەچەشت؟!

یادڵ کام مەینەت زامت نەکێشا؟!

وەکام قیمەی دەردجەر گم نەئێشا؟!

وەسەن، کۆن تاقەت، بڕیان سەبووري

مەتاوون گۆشدای گوفتو گۆی دووري

ئاخر، ئازیزم تەوانام چوونەن

تەومن نییەنان دڵ گوشت وهوونەن

# مەولودنامەی پەیغەمبەری

## ئیسلام حەزرەتی محمد(ص)

### دانراوی زانای بەناوبانگ

**مەلاحەسەنی هەرتووشیی**

گۆتە دائی ل ئەی زیبا خصال

زەوجەیێ بۆمن بخوازە بەس دەلال

باجەمال وباکەمال وبائەدەب

خۆش ئەدا شیرین لقاعالی نەسەب

زوود زابوو «فاطمە» دڵشادمان

نازرە بەرسوورەتێ گوڵ چهرەکان

پڕشەپال وگوڵروخانێ تازەعەیش

ساکنانێ پەردەیێ ئالێ «قریش»

دڵ نەواز وپێکفە نازەقەند لەب

کەس نەدي شیرین تەر ئەز بنتا وهب»

«ئامنە» گوڵ بود گوڵزار جەمال

حوسن بێ حەدقەدوقامەت اعتدال

هەزاویەك شەو ٣٣٣

کچەکە کاتێ ئەم شعرانەی بیست ووتی: ئەوشاعرە زۆر زمانێکی پاراوو بیرێکی زۆر ڕۆناك وبەرزی بووە؛ لەتاریفی زوڵفی یارا زۆرقسەیێکی شیرینی کردووە کەووتویە:

زوڵفت کە لەسەر ڕۆ بەخەم وتابشە ئەمڕۆ

دۆدی سیەهی عۆدە لەسەر عارضی پشکۆ

دەستم کە بەسەڕ وەعدە لەسەڕ جێگەشکاوە

جەبری نی یە ئەم کەسرە هەتا نەی خەنەئەستۆ

خاڵت چی یە؟ دانەی گەنمی جەننەتی ڕۆتە

چاووت چی یە؟ فیتنەی حەرەمی قیبلەی ئەبرۆ

شەوبۆی سەری سەنبوڵی زوڵفت لەسەری دام

ئێستاش سەرە کەم مەستەلەبەر نەشئەی شەوبۆ

قوربان وەرە تائەم غەزەلە تازە لەبەر کەین

عزو شەرەفي «نالی»یە، تەشریفی قەدی تۆ

لەپاشان ووتی: ئەی شازادە! شعرێکی تر بخوێنەرەوە! شرکان ئەم دۆشعرەی خوێندەوە:

ئەی تیرو کەمانی ئەبرۆو موژگانت

ئامادەی قەتڵی عاشقی وەیلانت

بۆکوشتنی من پەلەت نەبێ، چۆنکەنییە

دەرچۆن لەکەمەندی دلڕەشی زوڵفانت

کچەکەکاتێ ئەم دۆشعرەی بیست ووتی: ئافەرین شازادە! پێم بڵێ بزانم

بنکەی ژین www.zheen.org

م.ص.م

## لەهەرگولزاری

## گولی

## مەولەویی وەلامی «داخی» ئەداتەوە

تاجە «داخي» تاق جفت خەمەنان
ڕاس بالاچون چۆی چەوگان چەمەنان
شەمال! وەخزمەت ئەوزامان خەتەر_
بشۆ ئەرپەرساش، ئێدش جواوەر
«گپرۆدەی ئازار سەخت فیراقەن
هەرچەند موشتاقی، صەدجارموشتاقەن
بەلام تارە سەیل هیجـران دوري
لافاوهوناو دەرد مـــــەهجوري_
«تانجەرۆ»ی ئي چەم، «سپروان» ئەوچەم
مەڎان وەهەمڎائي چەم تا ئـەوچەم
کەلەکهـۆر مەڎانمـازاش ئەووێش
ڕای ئاماش نەبێ یابنیۆ ئـەوپێش

## احمدبەگی کوماسیی

چراخم ! جەی ڕۆ ...
من جەڕۆی ئەزەل مەتەرسام جەی ڕۆ
مەزانام گەردش ئەی چەرخ بـێ پۆ
مەکەرۆم مەحرۆم جەدیـڎارتـۆ
ڕۆی وەصلت هەربیم ئەوڕۆوەپێم بێ
جـەوبۆنەهـەرڕۆ ،ڕۆڕۆخڎێم بـێ
ها، فەلەك هەرڕۆ نیشان داڎەن پێم
ئای تەرسیا کەی، گپرئاوەردەی وێم
ئیسە، کێ طاقەت دوري تۆدارۆ ؟!
دەك بەرق غەزەب وەبەختـم وارۆ !
پەی چێشەن ئەی عومر تالتەر جەژارە
ئەی ئەعزای بێ سەرف مەینەتان بارە
چونکە کوچمەن جەدیڎارتـــــۆ
هەریەك وە دەردێ باگرفتـاربۆ :
دیڎە نەوینۆ هەر سەحەردیـڎەت
نەڎیۆوەخالان فودرەت زەڕیڎەت _
ئەو دیدە وەنێش نیشتەرکنیا بـۆ
وویانش وێنـەی زلفت سیـابۆ !
ناتەواو

## وەلیی دیوانە

موحبووب جافان ...
مەحبووب بێ عەیب تایفەی جافان
ماوەل٩

## شەری کەوومار

ئەم چیروکە بەسەرهاتێکە کە : خۆم بەچاوی خۆم دیومە، وەچونکەشتێکە لە وبیرە وەری یانە کە خۆم هیچ کاتێ لەبیرم ناچێتە وە، بەخوینەرانی خۆشەویست پیشکەشی ئەم کەم .

لە کاتێکا کە لەدێی «قەلاشێخانـی» مەلبەندی کەلاتەرزان دا ڕۆژ گـاری جووانیم ئەدایەسەر، سەرسبەینێ یێکی هەواصافی بەهار لە «قەلاشێخانە» وە بـە خەیالی سەر کێشی لەدێی «تەینالی» پشت ڕێی مەریوان کە بڕێ کرێ کارمان لەوێ سەر گەرمی ئاوەدان کردنە وەی ئەودێ یە بوّن کـە وتمەڕێ ، وەبـۆ ئەوەش تەنیـانەبـم وەئەگەرلەڕێ دا نەچیرێ هاتە ڕێم ڕاوێکم کـردبێ، «حەمەسەعیدی علی فەرەج اللە»م لە گەل خۆم برد، کە ئێستا کەناوبراولەدێی «دەرەووشکە»ی کەلاتەرزان، دائەنیشی، پاش ئەوەی کە ، قەلتاخ لێ درا، دونەفەری لەدێ دەرچوّین، دەمێ غارودەمێ سەلەفـو کاتێ ڕەوت، لەئەسپمان خوڕی، دەشت ودەرسەوزوجو ان ڕازراوە، گولی ڕەنگاو ڕەنگی قەڎپاڵ ولادۆل هەریە کەبەڕەنگی خۆیان ئەنواند، کەژو کێوهێندەدیمەنێکی جووانی هەبوّدلی ئەبرد، هەردۆل وشیوێ نوینگەی لاپەڕەیێکی کتێبی جیهانی جووانی بەهاری پیشان ئەدا، ئەوڕێگایەمان بەسپری گولزاروشەتاوودیمەنی کێوی مەخمەڵ پۆشەوەبڕی، شەتاوانی کێو، وە کوماری کافورپێچ پێچ لەپێچ وخەمی دۆلـە کـانەوە ئەهاتنە خوواری، لوّتکەی کێوی «سان ئـەحمەد»و، لاهەزارمێرگ» و«چل چەمە» و و«کەیوەرکۆ» تاجی ئەلماسیان بەسەردیبای حەریری سەوزەوەلارنا بوّ، دلی هەزاردل حەیرانیان ئەبوّتا گەیشتینە دێی «تەینال» ئەوڕۆمان تائێوارێ لەودێ یەدا، دایەسەر وەشەوێشان لەوێ ڕابووارد! سبەینێ بە «حەمەسەعیدی علی فرج اللە»م ووت! حەمەسەعید! من حەزئەکەم لەم کێوسانەوە بڕوینەوە، وە لەڕێگای چەمەوە نـەچینەوە، کـەهەم
ماوەل٩

هەزارویەك شەو ٣٣٤

مەعشووق ویستویەچي بەشاعر بکا کەشاعر ئەم شعرەی ووتوە؟ شر کان ووتی: خەیالی کوشتنی ئەوی بووە، هەروەها کەتۆ خەیالی کوشتنی منت سەیە. کچە کەلەوەلامی شر کان دەستی کردەپێ کەنین ودەسیان کردەشەراب خواردنەوە، وەدرێژەیان بەقسەکان دا. شەو کاتی نوّستن کچەمەسێحی یە کەڕۆیشتەوەبۆهۆڎەی خەوی خۆی ونوّست، وەشر کانیش هەرلەودیواخانا بەتەنیانوّست کەڕۆژ بۆوە، کەنیزێ هات و کەوتەخاك و، ووتی: خاتوّن تۆی ئەوێ . شازادەشر کـان هەستاوە ؛ وە کەنیزەکان بەدەف لێدان وچەپلە ڕێزان کەوتنە ئەم شان وئەوشانی ؛ وەڕۆیشتن بۆ ئەوهۆڎە کە خاتوّن لەوێ بـوّ. کاتـێ خاتوّن چاوی بەشازادەشر کان کەوت هەستاوە سەرخۆی ، ڕۆیشتە بەرەوپیري ئەو، دەستی گرت ودای نا ، وەبۆخۆیشی لەلای دەسیەوە دانیشت و، ووتی : ئەی شازادە ! تو گەمەی شەترەنج چاك ئەزانی ؟ شر کان ووتی بەلێ . ئەوجا خاتوّن هـەستاوە سەرخۆی تەختە شەترەنجی هێناودەسیان کردە گەمە کردن ؛ بەلام شر کان لەباتي ئەوە هۆشی بەلای داش گوێزانەوەبێ ، چاوی هەربەناوچاوی ئەوەوەبوّ، وەئەسپی لە جێگای فیل وفیلی لەجێگای ئەسپ دائەنا . کچە کە دەستی کردەپێ کەنین و، ووتی: ئەگەر شەترەنج زانینی تۆهەرئەمەیە ، تۆشتێ نازانی. شر کان ووتی : دەستێکی تر گەمە بکەین دیسان داشیان داچنی ؛ وەئەمجاریش شر کان مات بوّ ؛ وەهـەربـەم جۆرە تاپێنج جار هەرشر کان دای ئەنا؛ ئەوجاخاتوّن بەپێ کەنینەوەووتی: تۆلەهەمو شتێکدا بەدەستی من تێ ئەشکێیت . شر کان ووتی: بەلێ بەڕاستي چونکوتۆوای لە بەرانبەری منەوە ، تێ شکانی من چاکە ، وەئەبێ هەرمن تێ شکێم. ئەوجـا خاتـوّن دەستوّری دا ، نان وشەرابیان هێنا نانیان خواردو، دەسیان کردە شەراب خواردنەوە تاسەر خۆش بوّن ؛ ئەوجا کچەکە سازێکی هەلگرت ودەستی کردە لێدان و، بەنەزمی

بەشی کوردیی شمال

# کوردستان

لاپەڕەیی ، بوهەموجار

## ئازایا ژنان

هێژایا هنەك شولێد مەزن و تاریخي لەدرێژایا دەوروزمین بـە ڕیوا ڕۆناهي وئەشکەرەدبە.

دەرباسي یاڕۆژگارێ ، وژنـاو چۆنابەرەکي وتاسۆبێد بـەڕىن، فەنا نۆرەك خورت وزۆرداره کوپەردا، تـاري‌تي‌یـێ، بدژینە، وه حەقیقەت وڕاستیی یافەناڕۆژێ،اه بەرچەڤێ‌خەلکێ جهانێ ڕۆناهیی بکە .

شولێدمێرێ‌مەزنەئیرانێ‌ڕەحم‌لێ بۆییێ اعلیحضرت رضاشاهێ کبیر ژي؛ نۆتي‌فکرێدوي‌مەزن، هـەرتشتە کـي دا خودا خوَیان دەستە کێدزۆرێ‌جڤاتێ، پێشیا نیویێ جڤا تـا ئیرانیێ‌یانێ‌ژنان ،ژ خودان پاربونێ‌کارباریێ جڤاتێدا گرتبۆن،وەبڕەکا ،لەستاراسە نگەرا پاکە دیندارێ، وەبۆکاروقازانجا خوتێرا کوفر کرنێ ژکەوانا تۆمەت‌لێدانێ‌داڤێتن‌وەنەدهێشتن، کوبەرا ژنان ژي، بوکاربـن ملێ بملێ‌مێران، کێشوە کێشاژیپیانێ دا وارە مەیدانا خەباتێ، وەتەنگا ڤي‌وئاس تەنگێ ژیپیانێدا هەوال و کۆمەکامێران بن .

دبەك لە ڕۆژگار کێ ، هالازم دکر، کوژن پـەردێدا بمینن، وه خێنجي‌کارباریێ‌مالێ‌بچوتشتە کي مێزەنە کن، وەژدونیا فرە، هاژي چونبن، وەهەرتەنێ چواردیواریێ مالێدا شولێدمالێ‌بکە

لێ‌بەلێ‌پاشي‌شەرێ‌جهانی یـا ئەوەل کودونیا کە تەدمورەك تازە دي، وەفکارێد تازەیێ‌ڕۆژئاوا پێ دانيمەملە کەتێدڕۆژهلانێ،وەئەو ژخەوا خافلیێ ڤەنوەراند، ئێدي نەدبۆحالێ کـەون دا وارە خاپی کرن، وەلازم‌بۆژنان ژي کونیوێ پێکەرا جڤاتێ‌بۆن مەژبـور کن ، کودەست بدنە دەستێ‌مێراوەئاس تەنگ‌وگرفتاريێ‌ژیپیانێ، ژناو ڕاکەن .

رضاشاهێ کبیر، پاشي‌ڤێ‌خیالێ دوَرفکر یاخو، هـانیي‌دۆرا کرنێ، وەلەتاریخا١٧ مەهادي١٣١٤بـەر خوگرت ، کوئیرانا عەزیـزڤێ کێماسیا مەزنە جڤاتێ‌خلاس‌بکە وەبدەولەتێدڕۆژئاوا بەرامبەربکە.

نەحەزیافکرێ‌چوَکا، نەگەهیشتە چودەر کێ، وەبیروراییێ‌پوچ‌نەکاری بۆ، بەرامبەري‌ڕێ‌زا گرتناهەسێنا وي مێرخاسێ‌مـەزندا ڕاواستە، ئازایا ژنان هاتەحەساندن وەپەردا بەرڕىن، کوهەرچارشەو کەزەش‌بۆ، وەژحەقیقەتێدبلندەدین، وەمەداوێ ڕاستیی یـە کجارە خالفی‌بۆ، دا یالە کي‌وەڕۆمەتاسروشتێ‌فەناهیوا ڕۆناهیی‌وڕۆیائیشق ئەشکارەبۆ.

بەر کەتێنێك درێژایا ٢٥سالادا لەگشتێ‌شولێد جڤاتێدا بۆیەنسیبی ژنێدئیرانێ، هەموَمەزنایافکراوي مێرخاسێ‌مەزن‌ونیشتمان پەرەست نیشاندده، مەزنایافکراوێ‌مرۆڤی حەقیقەت بین، بخەلکێ‌جهانێ‌دا. یەخوَیان ومملـەتێ ئیرانـێ‌مەز بوَرد کە کولـە بـەرشارەزاتیاوان سەرێ خوخار کەن ، وه بڕاستي خەلکێ‌نەجیب‌وحەق‌ناسێ ئیرانێ تێ‌دەرخستنە کوبنەدانیی‌ێ ئیرانا تازەچ خزمەتێد مـەزن ئیرانێرا کري،وەچاواپاشي‌قەرپنایێ‌دەنگی وناوئنرابۆن وبێ خەبەري‌وسەربە رژێري وزەلوَلیی گیاندی‌یە، سەر فەرازیێ‌وەحەقیقەت دا، ڕوحە کی تازە دایەلەشێ‌بێجانی ئیرانێ، وه ئەولەسرێا دەولەتێد زندي‌هانێ‌یە حەسێب .

هەگەرژیالێ هنەك مـرۆڤێد نەزان‌وخودان خەرەز، بێرا کرنا چارشەوکا، نەحەزي‌تێ کرن،چـو ئەسەرە کي مەزنایاوێدانوکارەبکە.

چونکو، ئەڤ مەسەلە دۆرەك ئازایێ‌تێ‌حەسێب، وه هەگەرژڤي نەعمەتێ‌مەزن وبەخششاخودائي ، بجورە کي نەباش‌کاروارە کرن ئا. بەدەلیلا پیسیا ئازایێ .

١٧ مەهادي، یەك‌ڕۆژێ‌تاریخی

ماوەل٨

## ئوخورما ئافریقا

عەردێ ئافریقا چەند قەرنەیە، عەردە کي بێ‌دەنگ بویە وەچو کەس ژێرا چوقەدر قیمەتەك سیاسي زێدە قایل‌نبۆ.

تەوری، هەیامێ شەڕێ جهانيیا دووم، وەچەند سالاپاشي وێ‌ژي، هەرئسسا بێ دەنگ بۆلێ‌بەلێ دەسالا پاشي کوتتا بۆناشەڕێ جهانی‌یـا دووم، هندك هندك ، خەلکێ ئازاییێ ئافریقا ڤەنـوهورین وەهنگـاوا ئازاێي خوازیا وان، زۆژبڕۆژخورت بو، حەتتا ئیرو، کوپەڕێ‌ئافریقا، ژبەرخوهلاڤێتنی خەلکێ‌وێ کەتی بەشکلێ‌پیی‌ێ‌سیاسەتاجهانێ.

پڕێ ئافریقا، حەتتا چەنـد سالان پێش موستەعمەرە وبن‌دەستێ اروپائیان بۆن، وەهێشتاژي، لەکوژوکنارێ ڤیی پـەڕێ فرەدا، هنەك جیی‌یێ‌موستە عمەرەتێ‌خوَیان. لێ‌هەما، گوهراندنا سیاسەتێ‌دەولەتێد مەزن، فەنا انگلیس وفرانسە، وەهلّ گوهراندنێ‌جهانیی کارباریێ‌ئافریقا والگەڕاند .

دەولەتا فرانسە چەند سالا بـەرێ بمەراکش وتونس، وه کۆمـا مللەتێد یەك بوَپی بەلیبی ، وانگلیس بچەندجیی‌یا نۆتیی سیرنائیك وغنا، وه دەولەتا بلژیك‌سەربخوَیی دان کنگۆ.

وەگەلەك دەولەتێد ئافریقا ،کوتـازە گـەهیشتنە سەربخوَیێ ، ئەندامیا کۆما مللەتێد یـەك بوَپی دا قەبوَل بۆن، وەڤاسدێداوان لـە سریا دەولەتێد ئازایێ جهانێ ڤیی دەرگایێ مەزنـە دونیائیی دا قـرار گرتن .

هەلبەت، سەربخویا دەولەتێد ئافریقائی، ژگەلەکیی بەرێ نێت ومرازێ خەلکێ ڤیی‌پەري وەهەرجیکیی دونیایی،مەخسوَسەن‌خەلکێ دەولەتێد ئاسیا دهاتە حەسێب،لێ‌ژبەرڕۆنشتنا چەندین‌ملیون کۆچەرێد اروپائی، لە پەرێ ئافریقا گەهیشتنا سەربخویا واـدا، وەختە کیی‌زاف کورت داهنەك ئۆخورمەڤیی پەڕێداقەوماندن، کوژئۆخورماژهەمەوَپیی گوژترلە کنگوتێ‌خوَیان. ئەڤ ئۆخورمەژبەر، نەحەزی‌وبەرە کیی‌یێد توند، لەناوبێنا اروپائیان وئافریقائیان چێ‌بۆیە، یانێ نهۆ،خەلکـێ ئافریقا پاشیی دەستخستناسەربخوَیێ‌تێ‌دەرخستنە، کوئافریقا هەرتەنێ مالێ‌خەلکێ‌ڤیی‌پەڕێ‌یە، وەدەرامیی حەق چونەن، کـوژزێدە پـاریا ئافریقائیی‌یان بەرخورداربن .

ژیالیی کیی‌دي، لازمە وارە گۆتن، کوچەندین ملیون کۆچەرێد اروپائی، درێژایاچەندین سالادا چۆنەڤیی عەردی، لەوێ ڕۆنشتنە،بکار بارێ چاندن‌یان بازرگانیی‌ێ مژۆل بۆنە،وەبڤیی‌جوری‌حەقەك‌ژوانرا، لە بارا ڕۆنشتنێ‌پەرێ ئافریقاداهاتیی‌یەدانین، کودەست خودا‌دەرخستنا کۆچەرا ژجیی‌ێ ڕۆنشتناوان قاید، قرارێ جهانیی رایەك‌نایێ.

وەهە گەرئەم بکن، ڕەحم ومرۆڤایێ‌بەرچەڤابگـرن، لازمە کو بیرباواریا اروپائیان وئافریقائی‌یان تێکـەل بکن، وەناوبێنا وان پەو خن . ئەڤ پەو کەتن، بۆخەلکێ‌تازە سەربخوَیێ ئافریقا، لە ڤێ‌هەیێنێ، کوگەرەك تێ گەهیشتنا خوسیاسیی، بدونیایێ ئەشکـەرە کن، وبۆفرە کرنا چاك بۆنێ‌کاربارێ ئیقتصادي یاوان زۆرلازمە ئۆخورما ئـافریقا، مومکنە سواحا دونیایێ راژي ئاس تەنگاچێکە،بەرڤێ‌هندێ ژی کۆما مللەتێدیەك بوَپی، بۆهلدانا ئۆخورما ئافریقا پێشقەدەم بۆیە.

لە سەرپێشنیاري خوێندەری بەڕێز«کاك نافع مظهر» لەمژمارەوە مانای ووشەکانی شمال ئەنوسین .

(ئۆخورمە) : گێژاو: بحران

(عەرد) : سەرزەوین : سرزمین

(تەوری) : حەتا : حتی

(هندك، هندك) : کەم کەم : کم کم

(خورت) : زۆردار: نیرومند

(هلاڤێتن) : ڕاپەرین : جنبش

(کوژ) : قوژ: گوشه

(لەسریا) : لەڕێز: درردیف

(زاف) :زۆر، فرە، گەلێ: بسیار، خیلی

(نهۆ) : ئیستا : حالا

(دەرامیی) : بێگانە : بیگانه

(زێدە پاري) : زیادەبەش : مزایا

(مژۆل) : خەریك : مشغول

(ئاس‌تەنگ): سخلەت : مشکل، مانع

(بەرڤێ‌هندێ) : بەم بۆنەوە : بدین سبب

(کۆما مللەتێدیەك بوَپی) :نەتەوەیەك گرتووە کان، سازمان‌ملل‌متحد

وەرگێڕی پێشەك وڕاستکەرەوەیهۆنراوەکان:م.ص.م

# کنز العرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین ووتار ((میر محمد صالح حسنی نعمت اللهی))

**ملقب بە«حیر انعلی‌شا»ی کرماشانیی**

هەمسەران مەستم . . .

لەدەست ساقي سەلسەبیـل مـەستم
منمەست مەخموور بادەی ئەلەستم
لوتفـدۆس ئامامەحکەم گرتدەستم
دي«سەیید»لەجاموەحدەتمەخموورەن
خومارشکنی بادەی تـەهـوورەن
فەرماوەساقي باوەرمپنـــــــ ـایمەی
سەرشار کە ساقي ! بدەرپەیـاپەی
پەیاپەی پڕ کەرد ، هەیاهەی نۆشام
تا کە دیدەیدڵ غەیرژدۆس پۆشام
ئەوسا،عەتاکەرد،ۆستپەنەمجەنچشت
لوتفـوعەتای دۆستمەواچموەگشت
سڕژێ بەخشانپێم داییم پڕشۆرەن
دڵی لەبالەب مەمڵـــــــوو ژنوورەن
سینیلوتف کەردەنچون«توورسینا»
سووتەی ضیابەخش دیدە نابینا
شۆلەینارعیشق بـــــــەرشي لەپۆسم
خاڵيژخودي مەمڵــــــوو ژدۆسم
تا کەدڵی چون خوم نای وەجۆش.
حەلقەیبەندەگیی عیشق نەکەی لەگۆش.
چەندجامیژدەستساقییی نەکەی نۆش
چەندوەختیمەستونەکەفیمەدهۆش.
مەحرەم نمەوۆ هەر گیزوە ئەسرار
نەخل ئومێدی تەوحید نەتێت بار
ئیسە منوەمەی ساقي وساغرمەست
لوتف دۆس بییەن وەدەسگیردەست
هەر کەس گەرە کشەنچونمنبۆمەس.
بسپاران‌پەنەش ئەسرارهەرچیهەس.
بایەد وەتەوریێ ساغەر بکەی نۆش
تازۆژمەحشەر دي‌نەیـۆ وەهـۆش
«سەیصالح!»ئەسراروەحدەتمەیژوەکەس
سڕحەق لایەق حەقپەرەستەن بەس

خوێندەری‌بەڕێز !تکائەکەم بەووردي ئەم‌پارچەیە بخوێنە وەتا باش‌پلەی زانیاري، وەپایەی بەرزیخوداناسي ئەهۆنەرە گەورە کوردەت بۆدەرکەوێ ،وەبزانی کەلە ڕێگای بەرز کردنەوەی جێ وڕێی وێژەی کوردیدا چ‌خزمەت وخەباتێکی بەنرخی بەهۆزونەتەوەکەی خـۆی کردووە، بەڕاستي خوێندنەوەیئەمشوێنە گرنگەی وێژەییەچاوی‌هەر کوردێکی خوێن پاك ڕۆناك ئەکاتەوە .

## مێژووی‌ڕیشەی‌ڕەگەزی کورد

**نووسراوی‌زاناکەمەزنی کورد،احسان نوری** — **وەرگێڕاوی:د-ع-مفتی‌زادە**

## ٨٦

(دیواری«دورامن»م نیا ، ناوی پاڵشای هاونـاوم (ئین‌دیکپري سۆتۆرکیت) هەڵ کەندبۆ؛ هەمۆناوەکان هەمۆدیوارەکانم لـەسەروەقف کردن . شاری «خدی»م، کە نیشتمانی‌ئەوانە ، ئاوەدان کردەوە؛ وەهەر وەهاپەیـکەری «دیتبی» کە خوداي گەورەیە، وەئەم خاکـیئـەنزانەی بەمن بەخشیوە ... ئەوشەقامەم خۆش کرد کە لە «امردی» یەوەتێ پەڕ ئە کا . وەئەوپاڵشایانەم کە لەپاڵی چۆمی«پرن»دا وە نیشتەجێ‌بۆن،هەمۆ کۆ کردەوە .قانۆن وپەیکەری «دیتبی» گەورە، کە شاری‌ئەنزانی بەمن بەخشیوە، وە خودایانی«امردی»یەکان کەبارمەتی‌یان بەمن کردخۆش بەخت بۆن . شارەکانی«ساەسیکشی»م،داگیر کرد . وەئەوڕێگایەم کە لە «امردی» یەوە دەس پێ‌ئە کرێ، خۆش کرد ...)

وەرگێڕاوی ئـەم کێڕە مێخی‌یـە لەلایـەن «پڕۆفسۆرسایس» ئەندامی کـونگەرەی ڕۆژهەڵاتیی «لید کـە»ی«هولەندە»وە ئامـادە کراوە .

ئەم پاڵشا (تخی‌خی گوتوارماردی) بـەردێکی نۆسراویشی لـە ئەشکەوتی سلێماندا بەیادگاربەجێ هێشتوە؛ لەوبەردەشائەڵێت .

(من «تخی‌خی گوتواماردی»پاڵشا‌ کوڕی «خنی» چەن‌حاکمم بۆناوی «رسا»کان کردە مەئمور، پەیکـەری پێش نوێژم بـوخودایانی «امردی» هەڵ کەند،وەئەم پەیکەری«بم‌بتی» یەم تاشي... بەڵام‌خوداي «مان»م؛ لەم جێگاداهەڵنەکەند؛جێگای‌حەسانەوەی‌ئەوم‌لەجێگایێکی پەنامەکییدا، کردەوە !...

«ماردي»یا«مردي» هۆزێکی کوردە، کە«استرابون» ناوی‌ئەوان لەگەڵ «کورتي» یەکانا لەشوێنە جۆربەجۆرەکانی ئێرانا ئەبا؛وەئەوانی لەیەك ڕەگەززانیوە .

ئەم بەردە نۆسراوانە لەواقیعدا گیروگرفتیی‌زۆرێکیان ئـاسان کردووە؛ جگەلە وە یەکیەتیی «کوتو» و«کوسو» پیشان ئەدەن،ئـەم مەبەستەش ڕۆناك ئەکەنەوە کە هۆزی گەورەی «اماردي» لە«کوتو»وە بەم بۆنەوە لە«کورتي» یەکانن .

سنووری «گوتي»یەکان تاصەدەی‌بیست وشەشەمی پێش لەمیلاد، لە عێلامەوە تا«ئـاطنە» بـوو، ١٢٥ ساڵیش عێلامیان داگرتبوو. لـە ئەنزانیشا«گوتي» یەکان نیشتەجێ بوون؛ لە پاشان«کوسي» یەکان‌لە ئەنزانا پەیدابوون، وەکاسیتەکان لەباکوورەوەهاتن لەئەنزانانیشتەجێ بوون؛ وە هەمووپێکەوە هێرشیان‌بردە سەربابل، نزیکەي حەوت صەد ساڵ لەوێ حوکمیان کرد؛ وە لە پاشان گەڕانەوە بۆ کوێستانەکانی خۆیان .

لەوڕۆژگارا بەردەکەی «مالامیر» نووسراوە کە پێشان ئـەدا : ئەوهۆزە کەلەئانزانا حوکمی‌ئەکرد،هۆزی‌بووە لە«گوتو»ەکان‌بەناوی «امردی»؛ وە چونکووە«ئانزان»نیشتمانی«کوسي، کاسیت»ەکان بووە ، ئەبێ‌بلێین : «امردی»هۆزێ لە«کاسیت» وە «کاسیت»یش لە«گوتي» ـ یەکان بوون .

ماوەل ٩

وتاری‌دینیی

ماوەی‌ل١

بەفەرمانی ئەوخودایە ، کەتۆش وەکوهەرپیاوێکی‌بەنی‌ئیسرائیلی بەندەیێکی ئەوێ؛ بەڵام‌فیرعەون مەیلی‌بەبۆ کەدەس لەمـەقامـی خودایيي(!) هەڵگرێ، وەلەگەڵ ڕایەتێکی‌هەزاری‌بەنیی‌ئیسرائیلیی دا، وەکوێەك؛ بەندەگیی خوداي عالەم بەجێ‌بێنێ. لەبەرئەوە،قۆڵی هەڵماڵی، بۆبەربەرەکانێ لەگەڵ ڕابەری حەقق وحەقیقەتدا ؛ وە ویستیی کارێ‌بکا. کەخەڵك گوێ لەقسەی ئەوڕابەرەنە گـرن، وەلە خۆي هەڵ نە گەڕێنەوە؛وەلەحەزرەتي مۆسای پرسیی :

«ومارب‌العالمین؟» وەکوئەوە حەزرەتي مۆساقسەیێکی‌زۆردۆرو غەریبی کردبێ ، وەتائـەوکاتە ، باسي وەها هەرنە کرابـێ، کەلە ئەوی پرسیی : « خـودای عالەم چی‌یە؟(!!)؛ بەڵێ ، فیرعەونێ کە چەندێن ساڵ، خۆیی بـەخودای خەڵك دانابێ: کاتێ ناوی‌خودای عالەم بێتەناو؛تەبعەن خۆی‌ئەکاتە ناشارەزا،وەبەوەش ڕازي‌نابێ، کە بپرسێ: خودای‌عالەم کێ‌یە؟بەڵکو باسي‌وەها،ئەوەند بەعەجیب‌دائەنێ کەئەڵێ : خودای عالەم چی‌یە . بەڵام‌حەزرەتي‌مۆسا،تۆزێ‌ئەوسارەکەی فیرعەونی کێشا، کەئەوەند سەرکێشیی‌نەکا وەبەوڕادە، خۆی لەباسي خودا گێل وناشارەزانەکا، کەفەرمۆی :

«رب‌السموات‌والارض ومابینهما؛ ان کنتم موقنین»، خودای عەرزو ئاسمانە وهەرچێ والـەبەینیانا ، ئەگەر ئەتانـەوێ شوێنی یەقین بکەون. ئەنجا فیرعەون کەوتەوە بەباری خۆ گێل کردنی خۆی‌دا؛ ومۆڕی لەخەڵکە کردوویی:

«ألاتستمعون؟!» ئایا گوێ‌ڕانا گرن؛ یانێ لەبناغەدا باسي خودا بەتاڵە، کەچیی‌ئەو،ئەیکاتەخودای ئاسمان‌وعەرز!ئەمجاریش‌حەزرەتي مۆسي ، ئەوەندەی‌تر ، هەوساری فیرعەونی‌سەرکێشي،توند کردەوە، وە وەڵامێکی پێی‌داوە، کەلە جەزای ئەوخۆگێل کـردنـەدا

ماوەل ٧

www.zheen.org

# دیاریی خوینەران

## گریان و پێ کەنینی بولبول لەسەرچڵ

زۆژێك دە گەڕام هەروەك سەرمەستان
لەناو گـولـزار و باغی کوردستان
دیتم بولبولێك زۆر خۆش دەخوێنێ
عەقڵ لـەصەدای حەیران دەمێنێ
جارجاریش دە گری وەك هەوری بەهار
فرمێسك بەسەرو ڕوّیدا دێتە خوار
لەپاش ئەو هەموو گریـان ونالین
دەی کێشا جارجار قاقاو پێ کەنین
زۆر سەرم سوڕما هەتـا لێم پرسی:
بەشق ئەوخوایە کەخۆت دەیناسی!
گریان یانێ چی پاشان پێ کەنین؟
جارێکی شادي جارێکی غەمگین
پێم بڵێ: کـەتـو کێیت وچ کارەی؟
لاموایە ئەتـۆش وەك مـن ئاوارەی
ووتی: لەلای خۆت ئەتۆ دوژناسی
داکی نیشتمانم؛ بـۆچي نامناسی؟
دە گریم لەبۆ ئـەولادانـی خـۆم
جارێکی شادم، جارێك ڕەنجەڕۆم
واقعەی «سیلوە»ێم هـەر لەبیرماوە
چرای عەشایر کەچۆن کـوژاوە
«....» گەورەی مامەشان
لەسەرچي کوژرا، وەك کەڵ لەمەیدان؟
کوانی «شۆڕەسوار» کوڕی ئاوبراو؟
نایانە ناو گـۆر بەبێ کفن وجـاو
کوانی «کاك سیمان» برای «شۆڕەسوار»؟
لەقەڵای «مـەزن» هێنایـانـە خـوار
کوانی «ابراهیم» برای «علی ئاغا»
ئەمیر عەشایر لەناوچەی «خۆی» دا؟
گەلێك کوژراوون، هاوار بـە ماڵم
بۆئەم کـوژرانەم زۆر پەشێو حاڵـم
ئـە گـەر جارێکیش دەم بینی شادم
ئـازادي نیشتمان دێتـەوە یـادم
ئالاي سەڵطەنەت، بـا، ڕای دەژەنێ
تـاج وتـەختی شاه پێم دە کەنێنێ
لەدایـك بـوّنـی شازادەی ئێران
بۆبەهۆی خوشیی قەومی کوردستان
لێم پرسی: ئەدی بۆچي وا ئەلئان
بەعضێك بێزارن لەماڵ ولەگیان؟
دەڵێن: ئازادي کاری شێتانـــــە
خوزە گەم بەقەمچیی وشەقی بێگانە
ووتی: ئەوانـە کـوڕی شەیطانن
غەیر لەفضوّلی چـــــی تر نازانن

## باسیکی ...

ماوەی ل۱

ئەشکانی بەکان بڵەین. لەباشوری ئەم بەردەدا یانێ لەبەشی زۆژئـاوایی تەختا، تیکەزەوینێکی لێژهەیە، کەبەهۆی تێ پەڕ کردنی ئاوی دەریاچە، کەبەسەریا وەنیشتنی لمت وبەڵخی ئاوەکە، ئێستا بووەتەیەك تپکەبەردی زۆش وقولچ قولچ وبەرزو نزم، بەڵام بەردەمە کەی زەوینێکی نەخت وبکینڵگەیە.

لەم بەشەش کەتێ پەڕئەکەین، چاومان بەکەلاوەیێ ئەکەوێ کـەلە بەشی باکوری تەختا قەراری گرتووە، وەبەناوی ئاتەشگابەناوبانگ بووە. بنەڕەتی ئەم کەلاوەلەبەرد هاتووەتەسەر، وەلەپاشان خشتی سوڕوە کراوی ئەستورو گەورەی ساسانی تێدا کراوەتەکار؛ وەلەڕۆیانەوە شوێنی کەچ کاري ئەبینرێ. ئەم ئاتەشگا هاوشێوەی ساختمانـی هـاو دەورەی خۆی یانێ تەپەمیلە کە لەباکوری زۆژهەلاتي ( شمال شرقی ) شاریڕەی لەسەرشەقامی وەرامین نزیکی تارانا قەراری گرتووە. شتێ کەلەم ئاتەشگادا، جێگای چاودێري وسەرسامانی هەرتەماشا کەرێکە ئەوتاقە هیلالي یانەیە کەبۆبەش کردنەوەی زۆر وهێزی نهۆمی دووەم لێ دراوون؛ وەئەم کارەلەچاوی فەننی معماري یەوە زۆر گـرنگ وجێگای چاودێري یە. لەئاتەشگای ئەم ناوچەش کە تێ پەڕمان کـرد، کـەلاوەی زاڕەوێ ئەبینین کەلە بەردو ئاهەك کراوەتەوە، وەلەبـەشي باکـوری زۆژهەلاتی و باکوری تەختاقەراری گرتووە؛ وەهێشتان نەزانراوە کە کەڵکی ئەم زاڕەوەچی بووە، ئەڵبەت لەپاشان هەڵدڕینەکانی ئایەنـدە ئەممەبەستەڕۆناك ئەکاتەوە. لەم زاڕەوپشە کەتێ پەڕ بکەین، لەبەشی باکوری زوژهەلاني دەرەوەی قەلای تەخت سلێماندا قەبرستانی هـی دەورەی مغول ئەبینرێ. وەلەپاش هەمو ئەمانەشتێ کـەزۆر لەئەنـدازە شیاوی چاودێري وتەماشایە، دەریاچەی نێوەڕاسـی تـەخت سلێمانە بەم تەشك ونیشانی یانەوە:

**دەریاچەی تەخت سلیمان**: ئەم دەریاچە ۱۲۰متر لەباکورەوە بۆباشوور درێژە، و۸۰متر پانە، وەلێوارە کەی ٤٥ تا٤٧متر، وەنێوەڕاسە کەی٦٥متر قوڵە. وەبەجۆرێ کە دەستەیێ مەلەوانی ئالمانی ڕۆباکیان کردووەتەوە، بێخی دەریاچە کە لەچواردەورەوە، سێ چوارمتر کەندڕی داوە، وەئاوە کە هاتووەتەژێری لێواری دەریاچە کەوە. دیواری دەریاچە لەسەرەوەتا پێنج متر ئەچێتەخوارەوە لەووشکە کەڵك بەبـەردی نـەتاشراوە؛ وەلەپاشان تابێخی دەریاچە تاشی سافی سرشتی یە تەشکی دەریاچە مەخروطی یە، یانێ لەسەرەوە گەورەیە، وەهەتا ئەڕواتە خوارەوە دێتەوە یەك. بێخی دەریاچە بەردی سافی سرشتی یە، وەقوڕوایتەنییە.

**ماوەی هەیە**

وێنە : عکس، شکل شبه، نظیر — باشوّر : جنوب
بکێڵگە : زراعتی — باکوّر : شماڵ
بەناوبانگ : معروف — شیاو : شایان ، لایق
تەشك : صورت، شکل — سرشتیی : طبیعی

جارجار ئیحتلام دەبـم بـەشەیطان
لێم پەیدا دەبێ ئـەم نەوعە ئینسان
هەردەڵێم: یاڕەب! عەمریان نەمێنێ
کوڕی بێ ناموس خوالێم بستێنێ
ناموس گەرهەبێ، چۆن دەبێ ئینسان
بەپوڵ بفرۆشێ دایکی نیشتمان؟!

ئەم پارچە هۆنراوەجوانە لەهۆنەری زانای کورد «ملاسیدمحمد اسعدی» ئیمام جومعەی شارەدێی «قەرەقەصاب»ی، سندوسە.

## ماوەی سەروو تار

ماوەی ل۱

شایەدڕۆژ گاروای پێش هێنابێ کەژیان لەناو بەردەدا بمێنەوە وەجگەلەکاروباري ناومـاڵ ئیتـر خۆیان نە گەیێنتەهیچی تر.

بەڵام لەجەنگی جیهان گیری ئەوەلـەوە، کەجیهان پێی نایە پلەیێکی تازە، وەشارسانیەتی خۆرنشین پێی نایە خۆرهەلات ئەوگرۆیەی لـە خەوی نەزانی ڕاچڵەکاند، وەئیتر نەئەکرا ژەوشتی پێشو بگـرێتە پێش، وەئەبوایێ ژنانیش کەنیوەی لەپەیکەری گەل بوّن، لەلایەن پیاوانە وەبکێشرێنەناو کار بۆئەوەی دەست بەدەستی یە کەوەبدەن وەتەنگ و چەڵە مەوگیرو گرفتاری یەکانی ژیواری پێکەوە لەناوهەڵبگرن.

ڕەضاشای کەبیرلە پاش ئامادە کردنی پێشە کی بیروڕای دوڕبینی خۆیان ئەوبیروڕایانەیان خستەکار، وەلەبزواري حەڤدەهەمی دەیمانگی ساڵی ۱۳۱٤داتەصمیمی گرت کە وەڵاتی خۆشەوپستی ئێـران لـەم کەستە گەورەنەتەوایەتی یەدەربهێنێ وەئەم وەڵاتە لەگەڵ وەڵاتە گەورە کانی خۆرنشین دابەرانبەربکات وەپێچە وانەیی کوتابینەکان لەوبارەوەبە جێگایێ نەگەیشت، وەبیـروڕای ووشك وهیچ وپوچی ئەوانە، نەی توانی لەبەرانبەری ئیرادە ئاسنینی

ماوەل۱۲

## وتاری دینیی

ماوەی ل٦

بەجارێ، ئابڕۆی بیات ولەسەرپایەی بەستەم بەرزەوە کراویەوە، دای بەزێنێ، کەفەرموی:

«ربکم ورب ابـائکم الاولین» بەڕاستیی، چ تێ هەڵدانێ بۆفیرعەون لەوەسەخڵەتترە، کەزیادلـەوە، مەقامي خودایيي لێ بستێنەوە، لە بەرامبەری ئەوخەڵکەوە، کەتائەو کاتەهەمو بەندەی فیرعەون بوّن و غەیری ئەوخودایێکیان نەدەناسیی، پێی بڵێن: خودای ئێومو باوبـاپیراني بەرلەخۆتان(!)

ناتەواو

بنکەی ژین www.zheen.org

کوردستان

## بەشی کرماشانیی

نوسیای :«سیدمحمدسعیدغیرت»

## لاپەرەیی ، بوهەرۆجار

## ئازادیی ژنەیل (١٧دەی)

ڕۆژ١٧ دەی١٣١٤ڕۆژیکـە، کە بەناوە یـەك ئیقدام تـەرەقیی خواهانە لەطەرەف **شاهەنشای فەقید ڕەضاشای کەبیر** لەئێران حجاب ژنەیل هەڵ گیریا.

هەلسیاین ژنەیل ئەڕای تەرەقیی لەوڕۆژە ئەساسی دامەزیا . لـەو ڕۆژە حەق وشەئن تەبیعیی ژن کە لە ناوچارشێوسیەیك پێچریـاوۆ، دیاری یەوبی، وە کوتی لەجامعەی ئێرانیی زینڎیەوبۆن وەدانەحیساو میللەت .

دەنگ وبەحث حقووق ژن لە ناوتـەمام میللەتەیل کریـاس؛ وە فرەیك لە بنۆسەیل قـەییم وتازە لەئی باوەتە ئیظهار نەظەرەیل جوور وەجوور کردنە،چ وەهاوڕایی ژن، چ وە موخالەفەتی ، جۆروەجوور چشتەیل ووتنە بڕیکیان تعصبیش وەکاربردنە .

لـە وئەییامە کە لەعـەرەبسان عەرەبەیـل جـاهلییەت دوتەیل خوەیان زینڎي چ ڵ کردیان، لە باقی مەملەکەتەیل ومیلەتەیلیش وەجوورەیل تـروەژن ظلّـم وزۆر کردیان؛ وە لەیان یەکێ تائەوڕۆژەیلە نیسبەت وەژن ئیحترام وحەقیك نیەناسیان . بـڕی لە حەکیمەیل قەییم ژن شەیطان ومایەی فەساد و جانەوەر،وەتیان. باقیمـەردمیش کەچەووەدەم ئەوانە بوۆان، دیارە کە لـەباوەت ژن چ عـەقیدەیك داشتن .

لەیەکـی دوقەڕن وەرینە لـە دونیای ئورۆپا لەئی باوەتەوەڵێکو بەحثیك ئەڕای هاوبەش بۆنژن و پیا کریاس؛ وەلیی داخوم هیمانیش ئەوجوورە کە بایـەس وە حقوق ئەصلیی ژن حورمەت دروس حیساوي نەنریاس. هەرلەئوجامعەیوەناو

## بەزم وەدونیا هاتن امیرالمومنین علی علیه السلام

ڕۆژیەی شەمەی ١٣ڕەجەب بەرانبەر ١١ دەیماه بـەزم وشادي میلاد گەوراپیای عالەم ئیسلام امیرالمومنین علی (ع)بوو. ئـی شەخص گەورا ئامووزاو«وصی» وپەروەردەوزاوای پەیغەمبەر گەورای ئیسلام(ص) بوو. لەفەضیلەت وتەقوا وعیلم وشوجاعەت یان دەس نەیاشت ؛ وەڕاستي بڵێسکەی پوولادین ئی گشت صفاتەناسریاس. ئەڕای مەرتەبەومەنزلەتی واقعەی غەدیرخوم شاهید گەورایکە .

کتاوەیل هەردوبرای شیعەوسونیی پڕیەلە گوفتوگوی مەنقەبەت و مەقام ئەوحەضرەتە ، وەهەر کام لە گەوراکان دین لە ئەوەڵ ئیسلام تا ئێمرۆ لەموقابیل گەورایی ئەوپشت خەم کردنە .

شێخ «سعدی» شیرازي (رح) نیسبەت وەحەزرەت وەتیە: کس را چەزور وزهره کەمدح علی کند؟ جبار درمناقب او گفت «هـل اتی» .

ئێمە مەولوود شامەردان وە گشت براکان بسلّمان موبارەك باد ئۆشیمن . پیروزي وسەرکەفت گشت موسڵمانەیل دونیا ئەڕای حیفظ عەظەمەت دین موبین ، وەدەس خستن وە«حبل اللە المتین» لە خوداوەنڎ توایمن .

## دانیاین خانەقای((نعمة اللهی))لەسنە

لەتاوسان ئیمساڵ ئاغای **دوکتور «جوادنوربخش»** ڕێبەر و پیشوای دەورێشەیـل «نعمةاللهی» ئێران سەفەری کـردیەسە شاری سنە؛ وەلەئەورە بەهاو کاري براکان طەریقەت زەمینێك سەنیەو بنەڕەت خانەقای «نعمةاللهی» دانیاس ل و بەینەجەناب «**شیخ محمد بهاءالدین**» خلف الصدق **حضرت شیخ حسام الدین** قطب سلسله نقشبندیـــه (رح ) گـەرد ئەوان هاودەسي فرە قورس وبرایانە لەبنای ئەوخانەقاهەو تەرویـج فەقر «نعمة اللی» کردیە .

ئی کار خودا پەسەندانە لەجوملەی ڕۆشن بین چراغ برایی ئیسلام وەلە ناوچۆن تعصبەیل گوزەشتي ، وەدیاری یەوبۆن حەقایق دین ئیسلامە کە(شوکرخودا) ئێمرۆ گشت برایەیل دیني لە تەمام دونیـا وەضەرەر جیایی ودوشمەنی پەی بردنە ؛ وەهاتە مەقام برایی و گەرمي، وەهـانە کووشیش ئەوە کە بەیداخ نزیکي مەزاهب ئیسلام هەڵ بیەن ئێمە موفقیت براکان دیني مان لەخوداوەند توایمن ‘ وەلەیە کە لە شارسنە شوعلّەی ئی محبتە هەلسیاس گشتمان سەربەرزیم .

«متمدن» ئیمرۆیش حەق مەشروع وتەبیعیی ژن ئەوە زانستنە کـەلە مەجالیس عەیاشیی ڕەقص وهەلپەڕین دەسەوکاري بکەن ؛ وەهەرلەوەمەمالکە هیمان ژن لەحقووق ئەصلیی جوور: ئیرث ، یا دەخالەت ودەس داشـ لەئەموال خوەی ئەڕای ژن شوودار قـیەخەس؛ بائی حالـەکـووس و

کەڕەنای ئازادي ژن هـەلدانە و گووش فەلەك کەڕ کردنە .

مومکنە لـە ناو ئەوهەمگەبی ئیعتدالی یە کەپیچانەسەی ودزەڕو زیوەر«تمدن» گاگوداری ژنـەیل حـق «رأی» لە ئنتخابات داشتۆن؛ یاکلك شوماریك لـەژنەیل لـە پارلەمان وکارەیل دەولەتیی دەخالەت دانە . بائی حالە دونیا پـڕ کردنە کە :ئ مە طەرەفدارئازادي وحەق، ژنەیلیمن .

ڕاستیی یەسە : هیمانیش لـەئی بـاوەتە حـەقیقەت شاریـاس؛ وە دونیا بی خەوەرن کە: ئەصل کانۆن ئازادي، وەداین حـەق وەژنەیل ئیسلام وەسەرچشمەی قورئان کە:پەم وەڕەفتار پەیغەمبەر گەورای ئیسلام بۆ.

ڕاستیی بتوای یەقورئانە کـە ئەڕای ژن حەق مەشروع ئازادي، حەق تەصمیم، حـ ق دەس داشتن لەمال ودارایی، حەق ئیرث،حەق شیردایـن (رضاع) ، دانیاس وە وەسیلەی حەق خوراك وپوشاك و مەنزل وکارە کەر، ژن لەپەستیی و بەدبەختیی ڕۆژەیـل جاهلییەت هـاوردیـەسە ئـەوج ئیحترام و مەنزلەت .

داخمان کە لەئی مـەطلەبـە کەمتر«توجه» کریاس . بایەدوە مەردوم دونیاووت: ئەودەستوورەیلە کە١٣٠٠ ساڵ پێش ئیسلام ئەڕای حقۆن ژنـەیل دانیاس، هزارجار گەوراتروموفیدتروئەساسیی ترلە ئەوانەسە کە ئیمرۆ لە بـاوەت ژن ئۆشن .

ئەگەرچاوبخەیمنە تـاریخ صەدر ئیسلام،دۆنیمن کەلەئی مەکتەبەچ ژنەیلیك هەڵ کەفتنە . ئیمە پیش ئەزیەیش ئیشارەیك لـەئی بـاوەتە کردیمنە: هەمش ئـی حەقیقەتە ڕۆشنتر کەیمن؛ ئیمە ئومیدمـان ئەوەسە کە براکان موسڵمان بیشتر لەیەلەی باوەتەخوەیـان سەربەرز بـزانن کـەبمرزن وبنەڕەت بنەر حقوق ژنەیل ئیسلامە .

لەهەرحال لەطوّل چەنڎساڵی کەلەنیهضەت ژنەیل ئیران گوزەشتي یەشە کی نییە کە :ژنەیل هاتنەسە ناوجامعە تەرەقیی. وە ئیمرۆدۆش وە دۆش پیایەیل ل،ژیِ فەرهەنگ و تەرەقیی چنەڕي

یەیشە بۆشمین کـە : ئازادي نەیل بەناوەخاتر بڕی هەرز کارەیل بەد، ام بۆوە؛ وەڕەنگ تر وەخوەی گردیە ! تائەورە کـەموخالفەیل گونای ئەوهەرزە کاری یەیلە خستنا سەرمل ئازادي حقوق ژنەیل؛ وەلی ڕاسیی ئەوەسە کە گونای ئەوهەرزە کاری یەیلە هاوەمل نەزانیی و بیی دینی .

ای آنکه حجاب زن پسند ست نبود
چشم تو اگر شود مسلمان غم نیست

ئومیدمان ئەوەسە وە وەسیلەی پیشڕەفت فەرهەنگ دروس حیساوي ژنەیل موسڵمان مەقام بەرزخوەیان لەهاوبەشی یـەیل وهاودەسی یەیل ئیجتماعیی ئەوجۆرە کە ئیسلام و موقتەضیات زەمانە، وە دەس بارن.

### ماوەی سەروو تاری شمال

ماوەیل ٥

وەمەزنە، وەئەم ڤیِ ڕۆژا مبارەك بڕ. نێدزانەوخودان فەهم وخەبات کر ووەزیفە ناسێد نیشتانیِ خومبارە کیِ بیِ دیێژن، وەهیویامەئەڤەك ڕۆژبرۆژ تیِ گەهێشتنا فکراوعاقلیِ وان لە، بەر کەتناوان وئەولادێدوانـدا ، خودان ئەسەربەوە مەملەکەت ژ واناکاریِ بکـە،

(هێژاییِ)۔ نرخ۔ ارزش
(بەرێوا) ۔ کەم کەم ۔ تدریجا
(بەرەکییِ)۔ ناحەزی۔ اختلاف
(بدڕینە) ۔ بدڕینیِ۔ پارە کند
(ڤەنا) ۔ وینە ۔ مثل
(نۆتیِی) ۔ وینە ۔ مثل
(رەحم لیِ بووِیِ)۔خوالـیِ خـوٚش بۆ مرحوم، فقید
(دەستەك) دەستەك عوامل
(ستار) ۔ پەنا ۔ پنا
(جڤات) ۔ کۆمەڵ ۔ اجتماع
(دبەك)۔ بەلکو: شاید
(خێنجیی) ۔ جگە ۔ غیراز،بجز
(لیِ بەلیِ)۔ بەلام ۔ ولی
(ڤەنوهراند) ۔ڕای چلّە کاندبیدار کرد

ژنەی ژن www.zheen.org

## شەری کەووبار

ماوەی ل ٤

سەیرێکی ئەم کێوسانەمان کردبێ، وەهەم ئەگەرپێش هات ژاوێکیش ئەکەین، ناوبراویش کوتی: خۆت ئەزانی! ئەنجاقەڵتاخ لێ درا، وەڕێگای کێومان گرتە پێش ئەوبەرەوژور کەمان بڕی، تا کەوتینە سەرتێغەشان وسەربەندی شاخەکانی ئەومەڵبەندە. بەهەردپوێکی کێودا، کە: ئەمان نووازی دیمەنێکی جوانتروزەنگین ترمان ئەدی، وەلەسەرلوتەی کێوەکانی دەوروپشتمانەوە، کرێڵەبەفری کوێستان خۆیانیان ئەنواند، بێنی عەطری گییای بێن داروگوڵانی کێوی پیاوی خەوش ئەکرد، قاسپەی کەولەهەربن بەردومەتکێکە وە ئەهات جاروباری ناخلاف پڕ کەی مێ بەران ئەهاتە گووێ وەلەلاژورووڵاخورارقمانەوەئەنیشتنە قەڵەمبازوبەلاسە وجاروبارێکیش گینگڵەیان ئەکردوله دوورەوە قوت هەڵ ئەوەستان وچوواردەوری خۆیانیان تەماشائەکرد، بەو چەشنە ئەو کێوانەمان بڕی تا گەیشتینە کێوی پشت سەری «چاولکانی وەزیر» ئەنجا لەلوتەی ئەوشاخەوە، بەرە وئەودێ بەبەر بوینەوە، دۆڵێکی سەخت وبەردوپلەپلەبوو.

ماوەی هەیە

## مەتەڵ:

**١ـ ووشتروعەلاقە بەندییان نەووتووە.**

یانێ هەر کەسێ بۆ کارێ ئەشێ؛ وەهەر کەسێ ناتوانێ هەموو کارێ جێ بەجێ بکا. هەر کاتێ کەسێکی قۆڵوسەردەرنەچوودەس بە کارێکی ووردەوە بدا. ئەم مەتەڵەی بۆ دێننەوە.

**٢ـ کنگر وماسیش بۆ واڵەی خۆی.**

مەبەست ئەوەیە کەهەر کارێ وەختێکی هەیە. هەر کاتێ کەسێ لەناوەختا کارێ بکا، بۆتەفرەدانی ئەم مەتەڵە دێننەوە.

**٣ـ تاخان ئەسازێ، لەشکر ئەترازێ.**

ئەم مەتەڵە سەبارەت بە کەسێکی سەنگین سەفەر ئەوێژرێ کەدێر بجوڵێتەوە؛ وەتا بکەوێتەخۆی بۆ کارێ، هەل لەدەس دەرچێ.

چاپ اختر شمال
تلفن ٢٥٥٠١

بنکەی ژین
www.zheen.org

## هەزارویەك شەو — ٣٣٠

ئەوە دۆشعرەی خوێندەوە:

حەریفان! هەڵسن سەر لەبەیانە
لەبادەی گوڵزەنك پڕ کە پەیمانە
باتاوێ دەرچین لە زەنجیری فام
ڕزگاربین لەدەس غەمی زەمانە

بەم جۆرە تاپوەشەو بەشەراب خواردنەوە و گۆرانیوتن وسازلێدان، ڕایان بوارد. کە لەنیوەی شەوتێ پەڕی کرد، کچە کە هەستاوە ڕۆییشت بۆهۆدەی نوستنی خۆی، وەشرکان هەرلەو جێگای خۆیا نوست. کە ڕۆژ بۆوە، کەنیزەکان وەکوو هەموڕۆژانی ترشرکانیان بردبۆلای خاتوون. خاتوون هەستاوە، شرکانی داناوەهەواڵ پرسي لێ بەوە کرد، ووتی: هیوام هەیە دوێنێ شەو خراپت ڕانەبواردبێ! وەلەوکاتا کەبەخەمزە ونازوچاوقرتاندن وپێ کەنین وخۆشەکاندنەوە لەگەڵیا قسەی ئەکرد ئەنواڕن: چەنێ پیاووجەوانی مل ئەستوور بەشمشێری ڕوتەوە هاتن! وەبەزمانی ڕۆمی، دا ئەخوڕن وئەڵێن: ئەی شرکان! بەپێی خۆت هاتیت و کەوتیتەداو، ئێستا ئیتر ئامادەی مەرگ بە! کەشرکان ئەم قسەیە بیست لەدڵی خۆیا ووتی: ئەگونجێ ئەم کچە گزڵی دابێتم کە لێرەدا خەلافاندمی وسەرگەرمی کردم، تائەوە کەئەم پاڵەوانانە بێن؛ بەڵام من خۆم گونا بارم کەخۆم خستە ئەم کێژاوی مەترسی یەوە. ئەوجاتەماشای ڕوومەتی کچەکەی کرد، دی کە کوڵمی سووری ئەو نازەنینە زەرد هەڵ گەڕاوە، وەهەستاوە سەرپێ و، تیان خوڕی و، ووتی: ئێوەچ کارەن؟ سەرگەورەکەیان ووتی: شازادەخاتون! مەگەر ئەوپیاوە ناناسی کە لەلاتەوە ڕاستاوە؟ خاتوون وەڵامی داوە: نە من نای ناسم؛ تۆبڵێ: ئەوە کێیە؟ ووتی: ئەوە سەرکەردەی قۆشەنی دوژمن پاڵەوانی بە ناوبانگ شازادەشرکان کوڕی ملك نعمانە. باوکی تۆ «ملك حردوب» لەپیرەژنی دونیاشێوێن

## لەهەرگوڵزار

ماوەی ل ٤

سەرقەتار ڕەم عەنبەربۆناف ـــــان
سەرکێش زەوێڵ مشکین کەڵافان
ئاهووی چەم سیاو مەکان نەهەردە
چووزەی سونبول چەر نەساسڵ کەردە
خاوێر خاڵدار «خەتاوخوتەن» ماڵ
تەتار «تاییف» شۆخ شیرین خاڵ
وەتەن چەریدەی سەربەرزلەیلاخ
سێر سەر کۆوان سەیاڵان وەداخ
چەرخ چەم سیای چوست وچالاك پەڕ
شەیدای شکاردۆز، چنگ وەهۆناوتەڕ

ناتەواو

## مەلاحامدی ئالیجانیی

یاران وەنازە.

دەوردۆدی... ـدەی زۆرزۆر بەنازە
دۆدیدەی مــــــەسی ئێژی شابازە
بەدایبم پەڕێ خوێن ڕێـزی وازە
ئاخێز کەر ئـاخێز تابـەدەروازە
تاکە جاري بۆ هۆنـە کـەی تازە
سەرتاپای بـاڵای شمشاڵی نـازە
حەڵقە حەڵقەی زڵف زوخاڵی تازە
هەرچێو مەکەرۆ تـەمامـی نازە
تەماشای جەمـاڵ جـەمجامی تازە
«حامد» نگاکەر بـەو سەرفەرازە
جاري بیی نەچەم هۆنـاوی تازە.

## م.ص. مفتی زادە

دۆرپت وەك نەشتەر نیشتووەلەجەرگم
دەروون پڕخوێن وقەڵاخیی بەرگم
نەخەو، نەخوڕاك هاودەمـم خەمە
بەچاوت ئـازیز ڕازیـم بەمەرگم
ئازیز! مەجنوون ودێوانەی ڕۆتـم
مەلی باڵ بـەسراو تاڵـی گێسوتم
ئازارم مـەدە، بەستەی داوی تـۆم
بابـەس بـەئـاوورعیشقت بسوتم

## میژوو...

ماوەی ٦

ئەم بەردە نووسراوە ناوی پاذشای بەدان د کری «کوری ستر کت» نووسیوە، کەناوی هۆزێکی مادە «استر گت استروخات» بووە.

| | |
|---|---|
| وەر گێڕاو ـ ترجمە | کێڕ ـ خط |
| حەسانەوە ـ استراحت | پەنامەکیی ـ مخفی |
| سنوور ـ حدود، مرز | باکوور ـ شمال |

# دستور خواندن و نوشتن کردی

عده‌ای ازخواهران برادران فارس زبان که‌مایلند برسم‌الخط کردی‌آشناشوند باین‌مطلب توجه‌فرمایند:

میدانیم‌که کلمات‌فارسی بوسیله‌سه‌حرکت زبروزیروپیش وسه‌حرف «الف»و«واو»و«یاء» تلفظ میشود. وچون‌حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح کلمات بستگی باشنائی قبلی‌دارد،و این‌نقیصه موجب‌اشکال بزرگی درزبان فارسی شده . ولی‌رسم الخط‌کردی این‌اشکال رامرتفع ساخته، وکلمات تنها بوسیله حروف تلفظ میشوند. حروف‌صدای‌کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .

۱ـ (ه) که‌بجای زبرمیاید. مانند: «سەر» (سر)«سەروەر» (سرور)

۲ـ(ی) که بجای‌زیر میایدمانند: «جیهاز»(جهاز)«کیتاب» (کتاب)

۳ـ(و) که‌بجای‌پیش‌میایدمانند:«گول»(گل)«بولبول»(بلبل)

۴ـ (الف) که‌بجای‌الف میایدمانند: «باغ» (باغ)

٥ـ (وو) که بجای«واو» میآیدمانند: «بوو»(بود)«زوو»(زود)

٦ـ (ی ێ ي) که‌بجای«یاء»میآیدمانند:«بید»(بید)«دەوید»(دوید) «مەردي»(مردی)

٧ـ (ۆ)که صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»

٨ـ (ێ)که‌صدای یاء مجهول میدهد: مانند «کێ» (که) «چێ»(چه)

٩ـ (ۊ) که‌مخصوص‌لهجه‌کرمانشاهی است‌و صدای (U)میدهد. مثال‌آن درلهجه کرمانشاهی«ئۊشم»(میگویم) «داشتۊت» (داشته‌باشد)

(۱) حروف«ها»و«واو»و«یاء» بی‌علامت ممکن‌است‌اصلی باشند.مانند:«هەمسایە»(همسایه)«وورود»(ورود)«یەك»(یك). برای‌فرق‌میان هاءاصلی‌واعراب، هاءاصلی را دوچشم‌واعراب رایك‌چشم‌می نویسند .

(۲) همزه را همیشه باینصورت ( ئ ) می نویسند . مانند : «ئەحمەد»(احمد)«ئوطاق»(اطاق)

(۳)درکردی‌گاهی‌روی‌حرف‌دال‌ولام‌وراءعلامتی‌میگذارند وباین‌شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) که در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام‌وراءمفخم میگردند.مثال آن‌درکردی:«فەرهاڎ،دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کریعنی‌پسر)

(۴) الف‌بای‌کردی یك‌حرف بیشترازفارسی‌وعربی داردکه عبارت از«ڤ»میباشد . البته‌تلفظ‌این‌حرف‌درفارسی زیادست،ولی با«واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئـەڤـاییل» (اوایل) .

(٥)دررسم‌الخط‌کردی‌حروف مشددرا دوتامینویسند.مانند «ئەڕڕە» (اره) «بەڕڕە» (بره)

(٦) درکردی‌کلمات‌راهرطورتلفظ میکنند مینویسند؛البته کلمات بیگانه‌را مشمول این‌قاعده‌میسازند ؛ ودیگراشتباهی‌بین حروفیکه مخرجشان نزدیك‌است واقع‌نمیشود ؛ مثلا صفحه را اینطور مینویسند : «سەفهە»

## تکا

لەخوێنەرە بەڕێزەکان‌تکائەکەین: لەناردنی‌پارەی‌ئابوو-نمانی‌ڕۆژنامە خۆیان نەگرن؛ ئەبەت‌ئێمەکاتێ ئەتوانین‌بەم خزمەتی خۆمانە درێژە بڎەین‌کە خوێنەرە بەڕێزەکانمان دەس گرۆیی‌مان بکەن .

# چوارقوژبن

**لابەلا :**

| ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ■ | | | | ١ |
| | | ■ | | | | ■ | ٢ |
| | | | | | ■ | | ٣ |
| | | ■ | | ■ | | | ٤ |
| | ■ | | | | | | ٥ |
| ■ | | | | ■ | | | ٦ |
| | | | ■ | | | | ٧ |

۱ـ دەنگی کاتی ماندوبوون ـ «تەشی»و کلکی بڕاوە ۲ـ ئێنەوەهارەن کەش‌و کۆزە-نگین ✿ دڵەوعالەم ... دڵەو منغەمپن-پیتی «لە» ، بەهەورامیی ۳ـ سیاسەتگێڕێکی بەناوبانگ لەرۆژهەلاتدا ٤ـ ئەی‌چنێن‌و گۆزەو دیزەی، تێدا ئەبرژێنن ـ براگەورەی پۆپەو ناوەڕاستە کەی‌ڕزاوە ٥ـ برای‌شۆ ٦ـ چەکێکی قەدیمیی، بۆشەڕی سواران ـ چحاجەتەن دەس‌پەی قەڵەم بەرۆن ✿ ... م نەمەشیی چەنێت یاڎ کەرۆن!؟ ۷ـ فەرمانی‌بێدەنگ‌بوون ـ ئەوەببێ، قەواڵە بەتاڵە .

**بەرەوخوار:**

۱ـ سکی، زۆرخۆش‌ئەوێت‌وهەرتەلاش‌بۆئەوەئەکا ۲ـ فەرمانی دەرکردنی مرپشك-مپوەیێ‘ کەشاعیران گەلێ سەروکاریان لەگەلێ‌هەیە ۳ـ ناوی هەڵخڕاندن ٤ـ تۆ ، یەناسکیت جەحەد وییەردەن ✿ بینایی خەیاڵ ڕا گەش گم کەردەن... بەڎ دەردش نادیاری بۆ✿چەنێت مەوینۆ تالێت کاری‌بۆ! ٥ـ داستان، یاسکالای پەنامەکیی‌دڵ ٦ـ سەرەتای بەڕوار (تاریخ)ی ئیسلامی- ئەڵێن: کەس بەئەوەی خۆی، ناڵێ‌تورش ۷ـ شەوان ئەنیشێتە سەرباغ وبێستان ، وەسەر لەبەیان بارئەکا

### گراوەی چوارقوژبنی ژمارەی ۸٤

**لابەلا :** ۱ـ سەپان ۲ـ هارو ـ ژن ۳ـ تاج٤ـ کولان٥ـ گول ٦ـ لچ ـ ئاکو۷ـ پەنام.

**بەرەوخوار :** ۱ـ سەر ـ گلە ۲ـ ها ـ کوچ۳ـ پرپول٤ـ ئو ـ ئەه٥ ـ تالان ٦ـ ژان. کا ۷ـ بنج ـ دوم .

---



«ذات‌الدواهی» بیستووە کە : شازادەشرکان هاتووەتەئێرە ؛ وەئێمەی بـۆدەردەس کردنی‌ئەوناردووە. ئێستائێمەئەمانەوێ کەئەوبڎەیتە دەسمانەوە؛وەبەم‌جۆرەپارمەتیی قۆشەنی‌ڕۆم‌وباوکت بکەی.شازادەخاتوون لەبیستنی قسەی ئەوکابرا زۆرئاڵۆزبوو، وە بەڕقەوە تەماشای‌کابرای کرد وخوڕی بەملیاکە: بۆچی‌بێ‌ئیزنی من‌هاتیتەژوورەوە؟ کابراووتی : شازادە ! کاتێ ئێمەهاتینە بەرقاپی،قاپی وان‌دەستی‌نەهێنا بەرەوڕێ‌مان؛ بەڵام ئیترئێستا وەختی ئەوەنییە کەقسەی دوورودرێژبکەین . پاڎشاچاوەڕێـی ئێمە دانیشتووە، کەشرکان بەدیلی‌وبالْ بەسراوی‌ببەین بۆخزمەتی،تابەجۆرێکی زۆرپیس بیکوژێ. شازادەخاتوون بەوکابرای سەرگەورەی قۆشەنەی‌ووت: قسەی قۆڕوبێ‌مانا مەکە! ئەم‌قسانە هیچ کەڵکیان نی‌یە. ذات‌الدواهیش بۆخۆی ووتووە . بەمـەسێح قەسەم ئەم‌جەوانە کەلەلای‌منە ، نەشرکانەونە لەتۆکەرانی ئەوە . ئەوپیاوێکی‌غەرپبە کەپەنای هێناوە بەمن : وەبووەتەمیوانم. وەمنیش ڕێگام‌داوە؛ وەئێستاوالەپەنای‌منا تازە ئەگەر بیشزانم کە ئەوشرکانە، غیرەتم هەڵناگرێ کە بیڎەمە دەستی ئێوەوە ، چونکوئەو والەماڵی‌منا، وەمیوانی‌منە، وەخۆی خستووەتەپەنای‌من. تکائەکەم‌ئێوە ئاڕۆی‌من مەبەن وسوکم مەکەن وەبەناپیاوی لەنێوی خەڵکی‌دا ڕسوام‌مەکەن . تۆبگەڕەوە بۆلای پاڎشا وخۆت بخەخاك وبەرپێی ماچ‌بکەوپێی بڵێ: قوربان؛ ذات-الدواهی درۆی ووتووە . پیاوەکەوەڵامی‌داوە : شازادەخاتوون! من‌ناوێرم‌بگەڕێمەوە بۆخزمەتی پادشا، تاوەکو شرکان‌بەباڵ بەسراو نەبەم بۆخزمەتی. شازادەخاتوونی پەری‌زاد تۆڕەبوو لێ خوڕی کە: من‌ئەڵێم، تۆبگەڕەوە، بۆتۆهیچ خراپی‌یێك نابێ. کابراووتی، من‌ناچارم تاشرکان نەبەم،نەگەڕێمەوە. شازادە خاتوون‌زۆرتر ئاڵۆزبوو، ڕەنگی‌زەردهەڵ گەڕا، ووتی:قسەی‌بێ‌مانا مەکە، وزاوە کردن‌ئیتر بەسە!ئەم‌جەوانە

بنکەی ژین www.zheen.org

# ریزەکاریی

**پاکردنە کەوش کەسیٚ:** دەس درێژی کردن بۆمافی . لە«پـا» (پیٚ)، وە« کردنە» (کردن بە)، وە« کەوش» (پێلاٚـقۆنرە)، گیٚراوە،وە بۆکورتي (اختصار)، «دا»، کەنیشانەیێکە، ئەنوسێتە دووای ئاخـرپن ووشەی مەدخوٚلی پیتی«بە»، کاتیٚ کە بۆدیران (ظرفیت)بیٚ' تۆزدراوە. یانیٚ: بەپێی یاسا (قاعدە)' ئەبیٚ بلێین «پیٚ مە کەرە کەوشی من دا»' کەچي ئەووتریٚ «پی مە کەرە کەوشی من». لەیاسای هێنانی «دا»دا ، «لـە»ش هەرکاتیٚ بۆدیران بیٚ، هەربەوچەشنەیە؛ وە کوٚ «...وا لەدەستی تۆدا»' وە ئەونیشانە وە کوٚ باسمان کرد، ئەنوسێتە دووا ووشەی مەدخوٚلی«بەولە» وە، چ تەنها ووشەی مەجروٚرە کە ، بەشوێنیاندا هاتبیٚ، وە کوٚ: «دەستی کردە گیرفان دا، وەپرشنگ والەمالٚ دا»، وەچ چەند ووشەی موزافون ئیلەیهیش بەشوێنی مەجروٚرە کەدابیٚ، وە کوٚ: «دەستی کرد بە گیرفانی لای ڕاستی بالٚتەکەی کوڕە چکۆلەکەی ووریادا، وەشەوبۆواله سالٚی یەکەمی قوتابخانەی سەرەتایی شاری سەقز دا». جا،لەبەرئەوە،پیٚ کردن بە کەوشی خەلٚك دا، کارێکی زۆر بێجێگایە، وە کەس، مافی نییە کەوشی کەسی تر، لەپیٚ بکا، ئەولەفزە کراوەتە کینایە بۆئەومەعنایە.

**مل بەحەق دان:** تەسلیم بوٚن لەبەرامبەریەوە. ئەصلٚی «مل دان» کینایەیە لەئیتاعەت وبە گویٚ کردن: ئەلٚێن: «مل بە کەس نادا»،یانیٚ: بەقسەی کەس ناکا؛ وەئەوەش، لەپێش دا بۆچارەویٚ وێژراوە ؛ چونکوٚ کاتیٚ چارەویٚ، ئەملاوئەولای پیٚ ئەکریٚ، بەوڕێگایە ، کەشپی لەغاوە- کە، توندٚ ئەکریٚ لەلای ملی، وەئەگەر بەپێی ئەوئیشارەیە، بڕواتەڕیٚـ دا، وە کوٚ ئەوەیە کەملی خۆیی، دابێتە کابـرای سوار، یانـیٚ نـابێتیە ئیختیاری. ئیتر موناسەبەت لە کینایەی جاری دووەم دا ئاشکرایە.

**بەئەوپەڕی بیٚ تفاقی یەوە کەوتن :** کینایەیەلەوە، کە کەسیٚ دەس لە هەموٚشتیٚ داشوا، وەئیتر دەربەندی هەڕەشەو ئابـڕوٚزۆیشتن و ئەوانەنەبیٚ تفاق، بەشتانیٚ ئەلٚێن کە بۆزستان زەخیرە ئە کریٚ؛ وەبیٚ تفاقي، چەنڎین پلەی هەیە. کەدووا پلەی ئەوەیە، پیاو بکەوێتە ئەوپەڕ- یەوە، یانیٚ هیچی نەمێنیٚ جالەبەرئەوە دەولٚەمەنڎ، بۆپاریزرانی دارایی خۆی، ناچارە کە لە گەلیٚ شت لابدا، وەهەمیشە ووریایە، کە کارێکی لە دەس دانە کەویٚ کەببێتەهۆی لـەناوچوٚنی مالٚی، تەبعەن مرۆی هـەژارو دەس تەنگ، ئەوقەیدانەی نییە، وەئەگەر حیسابـی ویجدان وتـرسی گییان نەبیٚ، ئیتر لەهیچ، کوٚ ناکـاتەوە، وەئارەزوٚی هـەرشتێکی ببیٚ ئەی کا .

**ئەستێرە بەتاریکیی کەوتن :** نەمانی بەختوزەڤن بناغەکەی ئەوەیە، کەجاران، ووتویانە هەر کەسیٚ، ئەستێرەیێکی ، لەئـەستێرە- کانی ئاسمان هەیە' وە گوایە ئەستێرە ژمێران، بەپێی ئەوزاع وئەحوالٚی ئەوانە، چارەنوٚس وپاشەڕۆژی خەلٚکیان زانیوە، وە کلاٚویان ناوەتەسەر عەوامی بەستەزمان. جادووا ڕۆژی ئیقبالٚ وسەرەتای کولٚولٚي ئەوەبووە، کەئەستێرەی کەسیٚ، لەجێگاکەی خۆی دانە مێنێت ولەبەرچاو گوم ببێتو بکەوێتە تاریکي!. ئەلٚێن: «ئەستێرەی فلانە کەس کـەوتووەتە تاریکیی».

**نەتەوایەتی...**

**ماوە ١**

ڕۆژی تاج لەسەر نانی جەمشیدە وە وەهەموٚ سالٚـیٚ گیٚراوە؛ ئیستا بڕیٚ لە جێژنەکانی تـرەوە باس ئەکەم . هەروەها جێژنێکـی تر هەیەبەناوی «جێژنی کوردی» کە لەناو کوردانـی باکـوٚری ئیران (شمال) وەلەناو دەماوەندیـەکانی نێزکی تارانا باوە، هەروەهـا کە (حکیم عمری خیام)لەنەورۆزنامەی خۆیائەنوسیٚ «فەرەیدونی کورد» ئەوڕۆژە کە (زەهاکـی) دەردەس کرد، وەئیرانی لـەشەڕی ڕزگار کرد، ئەوڕۆژەیان کردبەجێژن.

گەلٚ ئەوڕۆژەیان بەبیرەوەری ڕزگاری ئیران لەستەمی زەهاك کردەجێژن وەئێستاش هەرباوە ، وەهەم لەدەماوەندا کەباپیرانی خۆیان بە کورد زانیوە،وەهەم لەجێگایانی تراهەرناوی جێژنی کوردیە، وە ئەمەش بۆخۆی دەلیل وبەلٚگەیێکی ترە کە گەلی ئیران لەڕۆژگاری جەمشیدوزەهاکا باپیرانی کوردان بوون.

لەم بارەوە علی اصغری شمیمی هەمەدانی لـە کتێبی کوردستانانا ئەنوسیٚ: لەناو کوردانی باکوری ئیرانا جێژنیٚ هەیە بەناوی جێژنی کوردی کە بەیاسایێکی تایبەتەوە بەبیرەوەری هەلٚ گرتنی ستەمی زەهاکەوە، وە گیٚڕۆدەبوٚنی بەدەسي فرەیدونەوەئە گیٚریٚ' کەبۆخوی، بەلٚگەیێکە بۆڕاستیی نوٚسراوەکانی شانامە. لەکوردستانی تورکییەدا ئەم جێژنە بەناوی«توٚلٚدان»ئە گرن توٚلٚدان کورتەی توٚلٚ هەلٚدانە کە لە کوردیا یانیٚ انتقام گـرتنەوە وتوٚلٚە کردنەوەیە، وەبەناوی ڕۆژی توٚلٚە کردنە وەلەدژمن ودەس پەیدا کردنی فەرەیدون بەسەرزەهاکایە، وەهەر بەناوی توٚلٚ هەلٚدان جێژن ئەگرن .

لە ناوئەرمەنی یەهاوسیٚ کانـی کوردا هەرئەم جێژنـەلـەوڕۆژا ئەگرن کە لەڕۆژژمارە کانیانابە ناوی (دیانت ئاراج)ئەی نوٚسن،وە بەجێژنی ئازدیهای کوردی ئەزانن.

بناغەی ئەم یاساو جێژنانە کەلەهەر لایێکدا بەناوێکەوە ئەگیٚرریٚ هەر ئەوپەیوەندی یەنەپچراوەی ئاریاییانەیە لە گەلٚ یەکترا وەنیشتمانی حەقەتی خویان ئێرادەر ئەخا.

**چۆن بنووسین**

ماوەل ٢

گەلیٚ لەرمانی عەرەبی کۆن ترە ؛ لەلاییٚ تریشەوە هۆنەرەکان ئـەم ووتەیان لەزمانی هەوراميدا کە ڕیشەی هەموٚ شێوە کوردی یەکانە، وەتاڕادەییٚ بەپارێزراوي ماوەتەوە' لەهۆنراوەکانی خۆیاندابە«یانێهای» هێناوە، هەروەها کەتاقە ئەستێرەی ڕوٚناکی ئاسمانی وێژەی کوردي، «مەولەوي»نەمر،ئەفەرموویٚت:

هالٚ بەڎهالٚ تەن هالي وهەواله
«یانێهای» چون سەنگ قولەی
«قەرزالٚە»
مەوارۆ وارای خەمان پێشەڎا
هێمای سەڎای دەنگ توٚهاتێشەڎا

«هالٚ» : جێگایێکی چەکڕو سەخت ولێژە کە «هالٚـە کەوەلە» یشی پیٚ ئەلٚێن؛ یانیٚ شوێنێکی زۆر لێژوبەرەوخوار،بە کێوێکی بەرزو سەختە وە کە خاکێکی فرەسفت وسەخت وشینی ببێت' وەئاوی باران هەلٚ نەمژیٚ، وەهەرچی بارانی بە سەرا ببارێت،دەسبەجیٚ ببێت بەلافاو ولەسەریا هەلٚ نیشێت' وەلەبـەر سەختیي و ووشکـي، هیچ جۆرە . گیایێکی شی تێداشین نـەبێت ؛ ئەنجا ئە گـەر پل وپوٚشێك لـەم لاو لەولاوەیا هێنابێتی.وەلەوشوێنەدا، کۆی کردبێتەوە،ئەولافاوە لە گەلٚ خۆیاهەلٚی ئەگریٚ ئەویبا' وەهیچي پێوەنایێلێت.

«هالي وهەوالٚە»: خالٚي وخوالٚە «قـەرزالٚـە» : نـاوی کێوێکی بەرزە لەنزیکی کێوی«ئاتەشگە» لەبەرامبەری شاری «پاوە»وە ، لە سەختیی دا بەناوبانگە.

ئەنجا خوڎالیٚ خۆشبوٚ «مەو- لەوی» لەم دوٚهۆنراوەدا ئەیەویٚ، دەلٚگەرمي وخۆشەویستي خۆی بە ئازیز بنوێنیٚ؛ وەبـۆی دەرخا کە هیچ کۆسپێکـی سەختی ڕۆژگار ناتوانیٚ یادی ئازیز لەدلٚیا دەرکاو ئەلٚی:

**ماوەی هەیە**

م.ص. مفتی‌زادە

# دەردی دل

ماوە لەچلی پێشوٚ

کاڎانێکی کۆن وەك توٚنی کەرماو
لاییٚ پڕلە کا ، ئـەولای پڕلـەئاو
گەلیٚ شەق وشڕ وەك ئیمانی جـوٚ
تارێك ونوٚتەك ، وێران، ڕەشۆبـوٚ
گەوزیٚ پڕ گەمزە،جێگای ما ومۆر
دوٚ کەلاٚ دیوەزەش وەك گۆزی سوٚڎخۆر
دەرگایان لەنێو هۆڎەی نوٚستن بوٚ
ئاژەلٚ لەوێوە ئەهات و ئەچــــــوٚ
ئەوجۆرە ژینە کـە ئێمە بـوومان
یاخوڎا ! نەی بینيهەر گیز لەژیان
ژینێکی سەگ مەرگ پڕلەبەڎ ەختیی
نەك ژیان،مردن بەصەڎ سەرسەختي
دایکم ئافرەتیٚ مالٚڎاري کەربـوٚ
دلٚسۆز، کرژو کۆلٚ، زۆرتیٚ کۆشەر بوٚ
پاش لیٚ بوٚنەوەی هەرمانی ناومـالٚ-
تـــــاقەت کردنی منڎالٚ وئاژالٚ
ساتـیٚ بەبـیٚ کار ڕانە ئـەوەستـا
یارمەتی بابی ئەدام لـەدەشتــــــا
بابیشم جەرێك خوٚتیاري خۆی بوٚ
گیٚرۆدەی دەردی هەژاري خۆی بوٚ

**ناتەواو**

بنکەی ژین www.zheen.org

کوردستان

**لێ کۆڵینەوەی سیاسیی**

# گیژاوی ئەفریقا

سەرزەوینی ئەفریقاچەنڈین قەڕن سەرزەوینێکی بێدەنگ بووە؛ وەهیچ کەس نرخێکی سیاسیی زۆری بۆئەوێ دانەئەنا؛ تەنانەت لەکاتی شەڕی دووەمی جیهانیی دا، وەچەنڈ ساڵ پاش لەوەش ئەم بێدەنگی یە هەروەها درێژەی بۆ؛ بەڵام لەدەساڵ پاش لەشەڕی دووەمی جیهانیی کەم کەم گەلی نوستوی ئەفریقا لەخەوڕاچڵەکان؛ وەڕاپەڕینی ئازادیی پەرستی ئەوان ڕۆژبۆڕۆژ زۆری گرت؛ تا ئەمڕۆ کەخاکی ئەفریقا بەهۆی ڕاپەڕینی گەلەوە، بووەتە جێگای قورس سیاسەتی جیهانیی. بەشی زۆرتری ئەفریقا تاچەنڈ ساڵ پێش موستەعمەرەی ئورووپایی یەکان بو؛ وە هێشتان لەقوژبنەکانی ئەم سەرزەوینە بەربەڵاودا ناوچەی موستەعمەرە پەیدا ئەبێ؛ بەڵام ئاڵشت و گۆڕانی سیاسەتی دەوڵەتە گەورەکان وەکو ئینگلیز وفەرانسە وئاڵوگۆڕی کارەساتی تەواوی دونیا کاروباری ئەفریقاشی گۆڕا. چەنڈ ساڵ پێش فەرانسە بەمەڕاکیش وتونیس؛ وە کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووەکان بەلیبیی، وەئینگلیز بە بەچەنڈ وەڵات وەکو سپرنائیك وغەنا، وەبلژیك بەکونگۆ، سەربەخۆییاندا. وە گەلێ لەوەڵاتە تازە سەربەخۆ بووەکانی ئەفریقاش بەئەندام لەکۆمەڵی نەتەوە یەك گرتووەکاناقبوڵ کران؛ وەنوێنەرانی ئەوان لەڕزێ نوێنەرانی ئەووەڵاتە ئازادەکانی تری دونیادا، دانیشتن.

ئەڵبەت سەربەخۆیی وەڵاتانی ئەفریقایی یەکێ لەئاوات وئامانجەکانی گەلی ئەم ناوچە وئەوناوچەکانی تری دونیا؛ وەبەتایبەت گەلی وەڵاتانی ئاسیایی ئەژمێرا؛ بەڵام بەبۆنەی ئەوەوە، کەچەنڈین میلیۆن کۆچەری ئورووپایی لە ئەفریقادا نیشتەجێ بوون، سەربەخۆبۆنی موستەعمەرەکانی دەوڵەتە ئورووپایی یەکان لەئەفریقادا لەماوەییێکی زۆر کورتاچەنڈ گیژاوێکی لەمسەرزەوینا بەدیهێنا، کەلەهەموو ئەم گیژاوانە توندتر ئێستا لەکونگۆدا ئەبینرێ. ئەم گیژاوە بەبۆنەی ناحەزی نێوانی ئورووپایی وئەفریقایی یەکان بەدیهاتووە؛ بەمەمانا کە گەلێ لەگەلی ئەفریقا لەپاش سەربەخۆبۆن بیروڕایان هاتووە تەسەرئەوە، کە: ئەفریقا تەنیابۆ گەلی ئەم سەرزەوینەیە؛ وە گەلی سەرزەوینەکانی ترمافی ئەوەیان نی یە کە: لەو زیاڈەبەشانە بەرخوردار بن، کەبۆ ئەفریقایی یەکان هەیە.

لەلایێ تریشەوە ئەبێ بڵێین، کە: چەنڈین میلیۆن کەس لەکۆچەرانی ئورووپایی لەماوەی چەنڈ سەدساڵا کۆچیان کردەوە بۆئەم سەرزەوینە وەلەوێ نیشتەجێ بوون؛ وەخەریکی کشتوکاڵ وبازرگانین؛ وەبەم جۆرەمافێ بۆئەوان لەچاوی نیشتەجێ بۆن لەسەرزەوینەکانی ئەفریقادا، بەدیهاتووە، کەئەگەر دەس بەجێ لەومافانە بێ بەش بکرێن وناچار بکرێن کە لەوێ کۆچ بکەن، لەگەڵ قانۆنەکانی نێوانی گەلانا جۆر دەرنایێ. وەئەگەر بمانەوێ قانۆنەکانی دادگەري وپیاوەتیی بگرینە پێش چاو، پێویستە کەبیروڕای ئەفریقایی یەکان وئورووپایی یەکان پێکەوە هەڵسەنگێنین، وەئەم بیروڕایانە پێکەوە نزیك بکەینەوە. ئەم پێکەوە نزیك بۆنەوسازیانە بۆ گەلی تازەسەر بەخۆبۆی ئەفریقا ـ لەم وەختا کەئەبێ پێ گەیبیشتوویی سیاسیی خۆیان بۆدونیا دەرخەن، وەخەریکی درۆس کردن وپەرەپێ دانی کاروباری ئابۆري خۆیان بن ـ زۆرپێویست و ناچاری یە؛ وەبەم بۆنەوەیە کە: کۆمەڵی نەتەوە یەك گرتووەکان بۆ لە بەین بردنی ئەم گیژاوە کەوتووەتەپێش.

**مانای ووشەکان**

ڕاپەڕین : نهضت،قیام
قوژبن : گوشە و کنار
سەربەخۆیی : استقلال
گەلێ : بسیاری،عدەزیادی
گەڵ : ملت،مردم
نوێنەر : نمایندە
کۆچەر : مهاجر
نیشتەجێ : متوطن،مقیم
گیژاو : بحران
ماف : حق
زیاڈەبەش : مزایا
هەڵسەنگاندن: سنجیدن،مقایسە
پێ گەیبیشتووي :رشد
پەرەپێدان : توسعەدادن
ئابۆري : اقتصادی

**ماوەی سەروو تار**

ماوەی ل٦

ئەو مرۆڤە گەورەیەوە خۆی بگرێ، وەئازادی ژنان ڕا گەیێنرا؛ وەشەرمەی لەمەوپێش کەبێجگەلەچادرێکی زەش شتێکی تر نەبو، وەلەناو کەی بلندی دین، وەتێ فکرینی مانای ناو کەیی ئەو کارەساتە بەتەواوی لای دابو، لابرا، وەڕومەتی سرۆشتی وروخساری جوانی وە کومانگی تابان شۆڵەی سەنەوەئاشکرابو.

ئەوسەر کەوتنانەی کەلەماوەی ئەم بیست وپێنج ساڵەدا، کە: لەهەمو نوێنگەکانی نەتەوایەتی یادەستی ژنانی ئێران کەوتووە، بوڵندبینی ودوربینی ئەومرۆڤە گەورەنیشتمان پەروەرەی ڕۆناك کردەوە، وە گرنگی و بوڵندی بیروڕای ئەو موصلحە ناو کەبینە، بەلای جیهانیانەوە نوێنەری گەلی ئێران بو، وەئەوانی لە بەرانبەری ئەو هەڵ کەوتنەوە ناچار کرد، کەهەستی بەگرنگ گرتن وبەڕێز گرتن لەواندا، لە بەرانبەری گەورەی گرنگی گەلی ئێرانەوە پەیدابێ.

بەڕاستی گەلی نەجیب و مەف ناسی ئێران تێ گەیشتوون کەبەدی هێنەرو دامەرزێنەری ئێرانی تازە چ حدمەتێکی بە کەڵکی بەئێران کردووە، وەچۆن ئەم گەلەی لە پاش چەندسەدە خامۆشی و گومناوی وبێ هۆشی وبێ خەبەری وسەرشۆڕی ولاوازی وخوواری یەوە گەیاندە دواپلەی بێداری و گەورەیی وسەر بەرزی، وەلەناو کەدا ڕۆحێکی تازەی کردەوە پەیکەری پەژموردەی ئێران، وە گەیاندی یەهاوشانی وەڵاتانی زیندوی سەر کەوتوی جیهان

ئەگەر لەلایەن ڕێ لەئەنداماني تێ نە گەیشتووقین لەدا، وەلەبارەی هەڵ گرتنی شەرمەوە بڕێ ڕەخنە ئەگیرێ، ناتوانێ بچوك ترین کارێ بکاتەسەر گرنگی کردەوەی ئەوان، چونکەئەو کارەساتەبەشێکە لەئازادی، بەڵام ئەگەر ئەونعمەتە گرنگە، وەئەوبەشە خووایی یەلە بڕێ کاروبارا بەچەشنێکی خراپ کەڵکی لێ ببرێ، نابێتە بەڵگەی خراپی ئازادی، وەنابێ ببینەهۆی ئەوەی کەئازادێ لەبەشێکی ئنسان ببڕرێ وەببێتەهۆی خستنەچووار دیواری گرویێ لەبەشەر.

حەڤدەهەمی دەی مانگ یەکێکە لەوڕۆژە مێژوویی یە گرنگانەی ئێران، وەئێمە ئەم ڕۆژەپیروزە، بە ژنانی تێ گەیشتووزاناو بەکارو ئەستوناسی هاووەڵاتي حۆمان لەکانی دڵەوە پیروزبایی ئەڵێین وە هیوادارین ڕۆژ بەڕۆژ بیروڕای ڕوناك وتێ گەیشتنی ئەوانە، لەپێش کەوتنی خۆیان و منداڵانیاندا، بەکارتر بن، وەوەڵاتیش لەبەکەڵکی ئەوان ئاوەدان ببێتەوە، وە کەڵك وەر گرێ.

کەست: ناتمامی
شەرمە: حجاب
ناو کەبین: حقیقت بین
هەڵ کەوتن: بنوغ
ماف ناس: حق شناس
بەدی هێنەر: ایجاد کنندە
سەدە: قرن
سەرشۆڕي: سرافکندە گی
ئەستۆناس: وظیفەشناس

## اناللّه و اناالیه راجعون

بەدڵێکی زۆر خەفەت بارەوە، لەدونیادەرچوونی خوڈالێ خۆش بو «شیخ فخر الدین مظهر الاسلام» ـ کە لە باش مەلاکان ومدرسە بەناو بانکەکانی کوردستان وەلەبنەماڵەی زانیاری وڕۆحانییەتی حاج امین الاسلامی «سقز» بوون ـ بەهەموو براکوردەکان ڕائەگەیێنین خوڈالێ خۆش بوو، بۆدەرمان بوون هاتنە تاران، وەماوەیێ لەماڵی جەنابی ئاغای محمدی عباسیدا خەریکی دەرمان بوون، بەڵام کۆمەڵی پزیشکان بڕیاریان دا ئەگەبیرێتە خەستەخانە. ئەوجا بەفەرمانی شاهەنشای مەزن لەخەستەخانەی ژمارەیەکی ئەرتەش بەشی ئەفسەراندا نووست؛ وەهەموو پزیشکە زبەردەستەکانی ئەرتەشی شاهەنشاهیی خەریکی دەرمانی کردنی بوون، وەشاهەنشای دڵسۆزومیهرەبان هەموو ڕۆژێ پیاویان بۆسەردان وهەواڵ پرسیی ئەنارد. بەڵام زۆری بەدنیاوە نەمابوو، وەبەڕەحمەتی خوڈاچوو، وەتەرمەکەی بەحورمەت وشکۆی زۆرێکەوە، براوە بۆ «سقز» کەلەوێ ئەسپەردە بکرێ.

ئێمە بۆئەم زیانە گەورە بەهەموو کوردان، وە بەتایبەت بەخەڵکی شاری سقز وخێزانی گەورەی حاج امین الاسلام، وەهاوکاری بەڕێزمان کاك نافع مظهر «تسلیت» عەرض ئەکەین، وە لەیەزدانی مەزن پایە بەرزیی خوڈالێ خۆش بوو، وەساغ و سلامەتی پاش ماوەکانی، دەرخوازئەکەین.

# کومەلەکان، دیاریی کراوەکانی خویان لەتاران وشارسانەکاندا، ناساند


زمارەی ـ ۳۷ ـ سالی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ۸۸

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردییە، حەوتەی جارێ چاپێکی دەرئەچێ

بایی

بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ۱۲ | تمەن |
| شەش مانگە | ۷ | « |
| چڵ | ۳ | قەران |

بۆ دەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ۳۰ | تمەن |
| شەشمانگە: | ۱۵ | « |

کوردستان

عەزیزم شاسوارێکە، گوزەرگا گەر، بەئەلبورزا
دەکا، نووکی سمی ئەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا

سیاسی ـ زانیاری ـ وێژەیی ـ کۆمەلایەتیی

خاوەنی امتیاز و مدیری لی پرسراو
عبدالحمید، بدیع الزمانی
بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
دوکتۆر محمد صدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر
دوکتۆر عبدالرحمن و احمد مفتی زادە
عابد سراج الدینی ـ شکر الله بابان
خسرو شیخکا نلووی میلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ۲۱۸
تلێفوون ۳۲۰۰۳

چووارشەمە ۲۱ بەفرەمبار ۲۵۷۲ ك ـ ۲۱ دەی ۱۳۳۹ ش ـ ۲۳ ڕەجەب ۱۳۸۰ ق ـ ۱۱ ژانویە ۱۹۶۱ م


## هەل بژاردنی تازە

فەرمانی دەوڵەت لەبارەی تازە کردنەوەی هەل بژاردنەوە لەسەرا. نسەری ئێراندا دەر کرا، وەجۆشو خرۆشێنا وخووازەکانی نوێنەرێ دووبارەدەستی پێ کردەوە. کۆمەلەـ کانیش لەڕیزەی ناوی کاندیداکانی خۆیاندا ئالوگۆڕێکیان کردووە، وەبڕێ ناوی دیکەیان خستووەتە ناو گاوە، وەوادیبارەلەم ڕیزە تازە. یانا، زیاتر گووێ یسان داوەتە بیروزای خەلکی، وەئەندامانێکی خۆش ناوی دیکەیان لەوڕیزانەدا گونجاندووە، ئە گونجێ لەمەلاو داوانی هەل بژاردنی خەلکی بڕێ دەرسیان خوێندبی وبێداربوبنەوە بەهەرحاڵ چ لەلایەن کۆمەلەکانەوە وەچ لەلایەن منفردینە وەجمۆ. جوڵی تێ کوشین دەستی پێ کراو. تەوە، وەلاپەڕەی ڕۆژنامە کانیش دۆبارەپڕبووە تەوەلە ڕاگەیاندنی بژاردن وەهەر کەس بۆخۆی تێ کۆشێ خۆی بە دلسۆز و حنمەت کاری گەل وشاهەنشا بداتەقەلەم. بڕیاسەدیەی ئەوخۆ پیشاندانانە ناو کەیی بووابێت، وەئەوئەندامانە لەناو کەی دڵەوە وبەتـەواوی دڵ سۆزی لــــــــە ڕێگـای خذمەت بەشاهەنشاو بۆسودی گەل هەنگاویان هەل بگرتایێ، ئەگەر لەناو کەداوابێ وەئەوەی بەزمان ئەیلێن بە کردەوەش وابووایێن، جێگای خۆی بوکە هەموگەل لە

ماوەل ۱۲

## یاسای هەل بژاردنی نوینەرانی خولی بیستەمی نیشتگەی ڕاویژی نەتەوایەتیی ئەس پی کرا

**بەهۆی زۆرهێنانی ئینگلیز و فەرانسە وئەوهاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەپەیمانی سیتۆدا :**

## ئەمریکا لەدەس دان بەشەرەوە، لەلائوس داپەشیمان بووەوە

## دەولەتانی ڕوژئاوا، زیندوکردنەوەی نیروی بی لایەنەکان، تەنیا ڕێگای دووایی هاتنی گیژاوی لائوس ئەزانن

## دوگول کوبونەوەیی لەرابەرانی موسولمان وفەرانسەوی یەکانی ئەلجەزایر بیك دینی

## نەتەوایەتی یەکانی ئەلجەزایر، ڕفراندومی دوگول یان بەبی نرخ دانا

## ڕفراندومی خویناوینی ئەلجەزایر بەکوژرانی ۳۶ کەس و بریندار بونی چەندصەد کەس دووایی هات

**بەپینووسی : ئاغای «منوچهر ایمانی» وەرگێڕاوی: د.ع.م**

## باسیکی زانیاریی

-۵-

**گوزارشی هەل دزینی (حفاری) تەختی سلیمان**

لەبەشی باشووری ڕۆژهەلاتیی (جنوب شرقی) بێخی دەریاچەدا، دڕنال و کونێکی گەورە هەیە کەنزیکەی ۱۰۰ تا ۱۱۰ متر تاسەر دەریاچە قوولە ؛ وەئەودڕنال و کونەجێگای هەل قولینی سەرچاوەکانە . ئـاوله

ماوەل ۱۱

## ئابووریی لە دینی «اسلام» دا

-۱۴-

**تەلاشی پەیغەمبەران ـ صەلوات وسەلامیان لێ بێ ـ بۆجۆر کردنی کاروباری ئابووریی**

## نالەبارییەکانی کومەل

## قومار

-۱-

قومار دەردێکـی دیکـەی گرانە، کەجکە لەگەلی کورد لەناو گەلانی جیهاندا هەرلەزووە باوبووە، لەناوتەواوی گەلـەکانی

ماوەل ۸

م.ص.م

## لەکومەلا چون بژین؟

**ڕێگای خوداناسیی**

**یان**

**طەریقەی عرفان**

-۱۹-

لەژمارەی ۴۰ ە داووتمان دەر. کەوتنی هێز دوجۆرە :

ماوەل ٦

فیرعەون بەتەمای ئـەوەنەبو، کەزیبادلەوە خودایی لێ بسێنرێتەوە بکرێتە بەنـدەی خـودا؛ بەلام هێزی حەقیقەت، لـەزۆری فیرعەون ناترسێ، وەلەوخودایییە گێچەلییە کۆتا کاتەوە، وەبـەو چەشنە لوتی ستەم زەق ئـەکا، کە

ماوەل ۳

م.ص.م

**چون بنووسین وبخووینینەوە ئەو کردەوانە کە لەهەر سێ کات دا بەکار نابرێن**

لەسەرباسی ژمـارەی پێشوو ئەڕۆین :

لاشەی من کە لەتـاوی دەردی دلداری تۆووشك وزەق بووەتەوە، وەوە کوو «هاڵە کەوەلەبێکی زۆر سەخت، یانێ وە کوهالی قولەی

ماوەل ۲



www.zheen.org

م:ص:م

# بەشی مەولەویی

## پارچەی

٤٥

خوذالێ خۆشبۆ«مەولەویی» لەم پارچە دا کەوتووەتە بیری ژیانی هەمیشەیی؛ وەلەم ژیانەئیرەتی ڕیەماندۆبووە؛ ئەنجا دەس ئەکا بەدا کوتان وئامۆژگاری خۆی؛ وەکارەساتی بازاری مردن بەگوێرەی بناغەی ئاینی هەڵ ئەدا؛ وەچلۆنی پلەسەختەکان وڕێگاباریکەکانی هـەوارە نالەبارە تەنگ وتاریکەکانی بەچەشنێکی ڕۆناك ئەخاتەپێش چاو، وەلـە گەڵ کاروباری ژیانی ئەم جیهانەش دا، بەرامبەریان ئەکا بۆئەوە ئەوبیروباوە- ڕەئایینی یە، باشتر بچێتومیشکەوە .

لەلایێ تریشەوە ئەوەدەرئەخا کە پیاولە ژیـان دا پێویستە بیری ئەوەی پێ بێ کە لە کاروهەرمانـی خـۆیدا ڕاست ودوروست بێ؛ وەتێ کۆشێ کە لە کاتی پرس وجۆدا، لەڕزی هاومالـەکانی خویـدا، ڕەنگ زەردی پێ نەمێنێت؛ بەڵکەهەوڵ بدا کەهەمۆدەمێ سەربەرزوڕوسووربێ؛ وە ئەگەر کردەوە نهێنی یەکانی بکەوێتەڕۆ، لەبەرانبەری گەورەی خۆیەوە، سەری شەرمەساری شۆڕنەکاتەوە؛ وەناوی بەرزوبەناوبانگی باب وباپیری بەکردەوەنا لەبارەکانی خۆی نەنگین نەکات .

پاش ئەوە ئەوبازارە گەورەئەخاتەپێش چاو، وەلەڕێگای خۆشکا نەن وحۆ کەم گرتنەوە، بەتاوان باری خۆی نێ‌بەدەنەی چیی»یەنائەبات، ولی ی ئەپاڕێتەوە کە بەنالەی خەمینی نەی هەردی دڵی دامرکێنێ؛ وەتاوێ بەسۆزە دڵرفێنی سەرگەرمی کاتا ئەوخەم وپەژارە یەلەبیربچێتەوە، هەر وەها کەئەڵێ:

دڵە! ڕا گەکـەخەیلێ تـارێکەن
پردە کە سەختە یـەکجارباریکەن
چۆڵەچراوێ(١) پەرێ وێت سازدەر
وەقەدتەواناى وێت باربـەندی کەر
ئەر کەنارڕای ڕاس بەردەنی جەوپر
شۆن پاى کردارها مفەردان هۆر گێر
بەڵ نەودپواندا، دێولنەی سەرشێت!
خەجاڵەتی بـەزم یاران نـەیۆپێت
بارێ، ئەرغەفڵەت دام تەنڎەن پەرێتـ
نیەنی وەتەنگ هامفەردان وێتـ
یـاڎلەوسەروەروە دەرۆن بـاوەر-
ئەرواچان پەنەش نەودەشت مەحشەر:
یەمەنسوب تۆن نینە کـەردەشەن
چەنی تەوانای سەرهۆردەردەشەن ؟!
ئـەوبەوشەرمەوەبڵێۆ بـــــەوەردا
من مەشیۆ کام خاك کەرۆن وەسەردا؟!
ئیسە مەوێنی چێش پـەنەم ئـامان
هانا، هاوارمن، هاى نەیچی ئامان!
جفت مەعصی یەت جەتاعەت تـاقم
ڕۆسیاێ مەجلیس جەرگەی عوش شاقم
بینای ووجودم خەجلەت ئەساسەن
بەختم موخالیف نـامەدیم ڕاسەن
سپاى هەناسەم نەدەرۆن سەڎتەرز-
کەردەن گلپەی نـارابراهیمی بەرز
پەنجەت بەونەغمەی «یینی»و«تینی»وە،
باوەرۆئەی بـەیت وەحەزینی وە
«سەهلەن» ویم ڕوزەردە سەرنەوەرەنان
گای! مایەی تـەصدیع بەغەمبەرەنان

(١) چرایێکی دارینە کە لەهەوراماندا دوروست ئەکرێت، وەبەم چەشنەیە : تەڕکی داربەڕۆی چوان، یانێ پیروك نەبێت وەلەتەمەنی چوار پێنج ساڵە دابێت، وەلەلق وپۆی دەونی بەڕۆ، لـەزویدا، شۆڕ ئـەبێ؛ دریژی بەئەنڎازەی گەزێ؛ وەئەستۆری بەقەڎەسکە پاڕۆیێ بێت.

ئەنجا چەنڎ تەڕکی وەهالە کێومەوە، ئەبڕن، وەمەڵیان ئەپاچن وە ئاگرێکی بەتین ئەکەنەوە، وەبەوئاگرە ئەوتەڕکـانە، ئەبرژێنن؛ لە پاشان بەمووەی تەور، لەسەربەردێکەوە، ئەوتەڕکەبرژاوانە، ئـەکوتن وەشی ونرشۆڵڵ ڕشۆڵیان ئەکەنەوەتاڕادەیێ ئەلەیەك نەپچڕێن. ئەوکاتەئەیان هێننەوەبۆناودێ، لەگەووڕوخانۆدا، دایان ئەنێن تـاووشك بن؛ ئەنجا شەودایان ئەکرسێنن بۆکاروباری ئاژەڵداری، وەگەڕانی نلوی ئاوایی.

# ریزەکاریی

**خۆهەلکێشان :** تـەعـریفی خۆ کـردن وخۆبـەزل نواندن .
«هەلکێشان» ، مورە ککەبە لە «هەڵ» (نیشانەی بـەرەوژۆرێ و«صعود»)، وە کێشان (کشیدن جر)، وەمەعنای کێشانی شتێ، لەنزمی- یەوە بۆبەرزی ئەدا.وە«خۆ»مەفعۆلیە . موناسەبەت ئەوەیە' کە گەورەیی و بچۆ کیی مەقام،بەبەرزی ونزمیی مەکانی یەوە ئەشوبهێنرێ؛ وە کەسێ کە بێ لیباقەت وبەناحەق. خۆی بەگەورە ئەداتەقەڵـەم، وە کوئـەوەیە، کە لەنزمی یێکەوە، خۆی هەڵ بکێشی بۆبەرزی.

**تەنگ جیقلدان :** مرۆی بێ زەرفییەت وزۆح بچۆك کـە لە بەرامبەری شتانی نەبەدلەوە، ئـازا ئـاڵۆزبێت وخۆیی پێ نـە گیرێ . «جیقلدان»، بۆپەلەوەر(باڵندە). وە کۆمەعدەیە، بۆگییانـدارانی تر، وە بەعەرەبیی' پێی ئەڵێن «حوصلە»؛ وە دووای شوبهاندنی مـەعنەویی یات بەماددی یات، جێگای ئەومەعنەوی یاتە کەمێشك وڕوحە.شوبهێنراوە بەجیقلدان کەجێگای ماددی یاتە،وەبۆئەندازەی خۆ گرتن لەبەرامبەری ئەومەعنەوی یاتەوە، تەنگی و گوشادیی جیقلدان کراوەتەمیعیار.

**کەم جیقلدان :** بەمەعنای«تەنگ جیقلدان». دووای ئەوتەشبیهاتە' مەعنائەصلی یە کەی جیقلدان لەبیر براوەتەوە ، وەلەچەشنی«مشبە»ە کە، کەمیی' بۆبەکارئەبرێ، وە کوئەڵێن«کەم زەرفی یەت» . لـەفارسیشدا ئەڵێن : «کم حوصلە».

**لەسەریەك پەوە ڕاوەستان :** سوێزبۆن لەسەرمەبەستێ.فەرقی، لەگەڵ «پێدا کرتن» ئەوەیە، کەلەمەدا،دۆبارەەیە، کەدیگەران بارێکێ بەباش ئەزانن، کەچیی کابرا، هەرئەوبارە ئەگرێ، کەخۆی پـەسەندی کردووە، وەبەهیچ چەشنێ، لێی لانادا! بەڵام کاتێ ئـەڵێن: «کابراپێی دا

ماوە ل ١١

### چۆن بنوسین

ماوەل ١

کێوی مەرزاڵەی لێ هاتـووە ، وە لەوانەنییە کەشتێ بگرێتە خۆ ، هەمۆدەمێ تاوی بارانـی خەمـی دڵداری تۆی بەسەردا ئەبارێ،وە لە گەڵ هەڵ نیشتنی لافاوی ئـەو خەمانە ، هێشتا صەڎای دەنگی - تۆلەڕێزەوپێزەی لاشەی مناماوەتەوە؛ یانێ: ئەولافاوی سەختی خەمـانە نەی توانیوەوەفاوەیلی تۆلە«هالی» لاشەی من داماڵێ وبی با.

٧- دیم، دیت، دێ ی دیمان، دیتان دیان. ئەم کردەیەلەڕیشەی «دین» وەرگیراوە،وەتەنیالە کاتی ڕابۆردۆدا بەکار ئەبرێت؛ ئەودو کاتەکەی تری«ئێستا ، داهاتو» لەڕیشە «بینین» بەکار ئەبرێت : ئەبینم،ئەبینیت، ئەبینێ(ئەبینێت) ئەبینین، ئەبینن، ئەبینن . ببینە ، ببینن .

ڕابووردوی ئەوڕیشەیە،ئەبێت بە: بینیم، بینیت، بینیی ی،بینیمان، بینیتان ' بینیان .

٨- هەیەتم، هەیەتت (هەتە)- هەیەتی- هەیەتمار(هەمانە)، هەیە تتان(هەتانە)،هەیەتیان.(هەیانە)

ئەم کردەوەبەمانا«دارم،أجد»ی فارسي وعەرەبی یە؛ لەووشەی خۆی ڕیشەی نییە، وەتایبەتە بە کاتـی «ئێستا»وە؛وەبۆ کردەوەی داهاتووی ئەڵێین: ئەمبێ (ئەمبێت)، ئەت بێ، ئەی بێ(ئەی بێت). ئەمان بێ(ئەمان بێت).ئەتان بێ (ئەتان بێت)' ئەیان بێ(ئەیان بێت) .

لەباسی ئەم کـردەوەدا چەنڎ شتمان بۆدەر ئەکەوێت کـەزۆر جێگای ووردبۆنەوەیە:

الف : لەژمارە پێشووە کانـدا ووتمان لەشێوەی شاری«سلێمانی» دالەهەنڎە ووتەیێکا پیتی «س»لە شێوەی شاری«سنە ئە گوڕرێتە وەبەپیتی «ت» ؛ وە هەروەهاش لە شێوەی شاری«سلێمانی»دا، بڕێجار لەباتیی پیتی«ت» پیتی«ی» بە کار ئەبەن؛ ئێستا ئەبێ بزانین کەئەو شوێنانە کە ئەوئاڵوگۆڕەی تێدا ئەکرێت کامانەن؟ لەپێشاووتمان پیتی پەیوەند (حرفـی نسبت)لـە کوردی دا کە ئەنۆسێ بەدووایی

ماوەل ١١

بنکەی ژین www.zheen.org

وتاری دینیی

ماوەی ل۱

حەزرەتی موسی، وەلامی فیرعەونی دایەوە، کە: «خودای عالەم، خودای ئێوەو باباوپیرەپێشووەکانتانە.

دییارە، فیرعەون لەموسوئالو جەوابە، ئەبێ چەن قەڵس بوبێ؛ وە دیسان دییارە، کە بەڕوواڵەت، نەحەزرەتی موسا، کۆمەك وپشتیوانێکی بوکە لەبەرامبەری فرعەونەوە، بەتوێشت سوزی بە بکاوێنێ، وە نە، لەڕۆح ومێشکی فیرعەون دا، عامیلێ بو؛ کە لە هەرچەشنە لێ بزانێ، بۆئازاروجەزرەوەی حەزرەتی موسا، لای بدا؛ وەدیسان ئاشکرایە، کەبەڕوواڵەت فیرعەون دەستەلاتی ئەوەی بو کە فەرمان بەدوجەللاوبدا، وە خۆی وپایەی خودایی خۆی، لەترسی هێرشی موسای بێ کەس وبێ دەستەلات ڕزگاربکا. بەلام چیی بو کە فیرعەونی ملهوڕ، وەخاوەنی مەقامی خودایی، لە بەرامبەری ئەوموسا ڕوتوقوت وهەژارەوە، دەستوپێی خۆیی لێ ون بو؛ چ هێزێ بو کە ئەوەندە فیرعەونی زەبون کرد، کەبەدوبرای بێ دەستەلاتی وەکو موساو هارون نەوێرێ؛ وەبکەوێتە فکری ئەوە؛ کە ئەوەندێ بایەخ و مەقامیان بیاتەڕوەوە، کەموڵەتیان لێ بسێنێ، تاکاتێ کەدەستەوبەستەی خۆی کۆبکاتەوە، وەخۆی ئامادەی بەربەرەکانێ بکا؟

ئەوهێزە، حەقیقەت وڕاستیی بو؛ کەهەمیشەبەسەرهێزی تەڵەکەو دوڕۆدا زاڵە. فیرعەونێ کە بەو چەشنە لەبەرامبەری موساوە، لوتی ڕەق بوبو، وەتالاوی بەوچەشنەی کرابو بەقوڕۆدا، ئالۆزی وڕقی خۆیی وەکوژاری ئەخواردەوە، وەبەجۆرێ سەری لێ شێوابو، کە هۆشی بەلای دەستەلاتی خۆی، وە بێ دەستەلاتیی موساوە نەمابو؛ وە وەکو پیاوێکی زەبون لەبەرامبەری قارەمانێکی بەهێزەوە، لەرز کەوتبووە تەوقی سەری تاپەنجەی پێی؛ وەئەوەی کە هیوایێکی پێ نەبو، وە بەدڵی دانە دەهات کە موسای پێ بشکێنێ، دەستەلاتی بەناحەقی خۆی بو.

فیرعەونی بەستەزمان، دەستی لە عەرزوئاسمان بڕابو، وەنەی دەزانیی، بەچ ڕێگایێ موسابەزێنێ! ناچارپەنای بردە بەرڕوزای بەندەکانی خۆی(!)، وەدەستی کردە ڕاوێژلە گەڵیان. ئەوانیش ووتیان: ڕێگای عیلاج ئەوەیە، کەمەئموڕ بنێری، بەهەموولایێکی وەلات دا؛ وەئەوەی کەجادوگەری بەدەستەلات وەزۆرشارەزایە، هەموکۆبینەوەموسا بەزێنن وشەڕی لە کۆڵ بکەنەوە.

فیرعەونی ناعیلاج، ئەوڕێگایەی بەلاوە باش بو، وەئەو کارەی کرد. بەلام هەرئەوهێزە کەفیرعەونی، تائەوڕادە زەبون کردبو، تــوانیی، موسا بەسەرجادوگەرانیش دا، زاڵ بکا؛ وەنەتیجەی ئــەم ڕاوێـژەش بەوچەشنەبگێڕێ، کەئەم جارەوە باسی ئەکەین.

ناتەواو

م.ص.م

# لەهەرگوڵزاری گوڵی

## مەولەویی تاوگوزیی

ماموسای سەرئێل شیرین کەلامان!

تەشریفت وەخەیر باوەرود دامان

نەشنوی بەڎکارنەبوی بەدوازەن

وەحشییان هامزازتەیران دەمساز ن

شەتاوان چون سەیل دیدەی من جاري

پێچ مەدان چەنی زان ماکاري

تونەسەر گوزەشت سزای دەرد دەلیل،

من نە حەکایەت ئازیز بێ مەیل

ساتێ پەی ویمان بنیشین وەشاڎ

بەوڕازنەوە خەم بڎەین وەباد

تافەڵەك دیسان نەی ڕاگوزەردا

بوینمێ چێشش هانە ژێرسەردا

## احمد بەگی کوماسیی

ماوەلەچلی پێشوو

زوانێ هەرشەوچەنێت نەبو باس

فەرق فەرق بوچون سفتەی پەلاس

دەستێونە گیلونەتوی پەلکانت

کاکانە کەرۆشاز ...ەی زلفانت

ئەودەستە کەستەی مارپڕژاربو

وەکازماران لەتارل ...ە تاربو

ماوەی هەیە

## وەلیی دیوانە

ماوەلە چلی پێشوو

«لاچین»شەشدانگ سەحەرجەلان خێز

«شمقار»تیژ باڵ تەیرتونڎ گورێز

شەمع شاپەسەنڎ گشت سیامالان!

نام تون نەبەزم خوسرەوان خانان

بەوشەوق جەمین شەم ڕوخسارەوە

کێت نەڎا وە دەم گڕەی نارەوە؟!

بەوقاش قەتران دڵ پێ ئێشاوە

ستون یانەی کێت نە کێشاوە؟!

بەودیڎەی سیای سورمەسای سیوەنگ

مژانت وەهون کێ نە کەرمەنزەنگ؟!

بەونیم نگای ناز، بەولەنجەولارە

ئاخر، جەرگ کێت نە کەردەن پارە؟!

بەوباڵای نەوتوڵ تازەوڕەستەوە

بەو کوکوی کەلاف دەستە دەستەوە

واچە! دڵ جە کێت نەستانان وەزور

ئاخر یانەی کێت نە کەردەن خاپور؟!

## م.ص. مفتی زادە

بەچاوت قەسەم من زامداری تۆم

دەمێکە بەدڵ گـــرفتاری تۆم

ماوە ل ۷

هەزارویەك شەو — ۳۳٦

زۆریەخۆیا ئەپەرمێ؛ وەئەتوانێ لەگەڵ صەڎ کەساتێ هەڵچێ. ئەگەرتوپێی بڵێیت کە: تۆشرکان کوڕی ملك نعمانی، بێ عارە بڵێنە، وەدەس بەجێ ئەڵێت: ئەگەر ئەویش بم تۆ ئەتوانی چی بکەی؟ ئەوجا تۆیش چاری ئەونا کەیت ودەرفەتی نایبت، وە تاهەموتان نە کوژێ، دەستان لێ هەڵ ناگرێ. ئەگەر ئەتەوێ تاپێی بڵێم بێت بو گیانتان؟ کابرا ووتی: ئەگەرمن لەدڵ ئێشانی تۆ نەترسم، بەیەکێ لەم پاڵەوانانە ئەڵێم! بیگرن وپەت بخەنە ملی و پکێشن تالەی بەنەخزمەتی باوکت. شازادە خاتون ووتی: صەڎ کەس ویەك کەس نابێ ئێوەیە کەیە کە بێنە مەیڎان؛ تاپاڎشا تێ بگات کە کامتان پاڵەوانتر وبەبەزترن.

(کەچیرۆك گەیشتە ئەم جێگا ڕوژبووە، وە شەهرزاد قسەکەی پچری)

## کەشەوی پەنجاهەم هات

شەهرزاد ووتی: ئەی پاڎشای بەختیار! شازادەخاتون «ابریزە» بەسەرداری سوارانی ملك حردوبی باوکی ووت: ئێوەیە کەیە کە بێنە مەیڎان، بزانین کێ زۆر دار ونەبەزە. سەردار ووتی: بەمەسێح قەسەم! ڕاست ئەفەرموی. وەیەکەم کەسێ بێتە مەیڎان، خۆمم، شازادە خاتون ووتی: ڕاوەستە! تامن ئەم کارەساتەی بێ حاڵی بکەم. ئەگەرئەونەیەوێ شەڕبکا، ئێوە ناتوانن پێ بنێنە سەری. وەمن خۆم و کەنیزانم وهەر کەسێ لەم دەیرەدا بیت، ئەکەمەقوربانی.

لەپاشان شازادە خاتون «ابریزە» شرکانی لەم کارەساتە ئاگادار کرد. شرکان دەستی کردە پێ کەنین وزانی کە شازادەخاتون شتێ لەژێری سەریانییەو داوی بۆدا خستووە. ئەوجا لەدڵی خۆیا پەشیمان بولەو کارە کە کردبوی، وەلومەی خـۆی ئەکرد کە: بۆچی وەها خۆم خستە مەترسییەوە؟ ئەوجا بەشازادە خاتونی ووت کە:



بنکەی ژین www.zheen.org

م.س. مفتی‌زادە

# دەردی دل

ماوە لەچلی پێشوو

فەلایي ئەکـــــــرد بەهاروزستان
ڕەنجی ئەکێشا بـۆمان بێ‌ووچان
بەسکی بـرسي وبەقـوڵی بـڕاو
درەوی ئـەکـرد لەبـەر خۆرەتاو
پاشي دروێنەی هەموو دەخڵ ودان
بەکۆڵو بەکەرئەی کێشاخەرمان
گێرەی‌لێ‌ئەبەست،ئەی کوتا بەشەو
شەنی‌ئەکردو بەزۆڕ ئەی کرە کەو
بەو دەردپسەرەو بـەو بەدبەختی‌یە
بەوڕەنج کێشەوبەوسەرسەختی‌یە
بەوتێ کۆشانەو هەولـی بێ‌سامان
دەس‌ڕەنجی سالـی‌ئەهێنا خەرمان
کوێخادێ ناکاو بۆنی‌هەڵ ئەکرد
ئەهات‌ونیوەی‌لێ‌ئەستاندئـەی برد
ئەونیوەی تری بەچـەنـد بەهانە
لەدەستی ئەسەند بەبـێ ڕەحمانـە
لەتـێ کـۆشان وکاری سالانـەی
«دەسی دەر ئەکرد لەبن هەمانەی»
بەدەستی خالـي ودڵی پـڕلەدەرد
بەڕەنجە ڕۆیي وهـەناسانـی سەرد
ئەچووە مالـــــەوە بەپەرێشاني
پەنجەی ئـــــەپێکالەبەرزراني!
ئێستامنیش وەك‌بـابـم ڕەنجەڕۆم
ڕەنجی شانی‌خۆم پێم‌نادەن بێ‌خۆم
تائێستاش چەندجارتێ‌یان‌هەڵ‌داوم
لەمەدێ بۆئـەودێ وەدەریـان ناوم
ئەمەبوو دەردی‌دڵـــــی سووتاوم
ئێشی برینی جەرگ و هەنـاوم
نازانم تاکـەی وازۆڕ ڕەش ئەبین
تاکەی لەژیان هەربێ‌بەش ئەبین؟!
تاکەی ڕەنجەڕۆو ستەم لێ‌چوو بین
وەکو کەرلەژێـر باراماندوبین؟!
ووتم:کاکـی خۆم! دڵگـران مەبە
لەڕابووردوی خۆت پەرێشان مەبە
مەگەرنازانی شاهەنشای دڵسۆز ـ
یەزدان بەلوتفی خۆ بی کاپیرۆز ـ
یارویاوەری گـەداو هـــــەژارە
باوکی، میهرەبان گەلی جوتیارە؟!

ماوەی هەیە

# شەری کەومار

لەچلی‌ڕابوواردوا ئەوبەسەرهاتەم گەیاندەکاتێ کەلەسەربەندی ئەوکێوانەوە بەرە وناودێی‌چاولکانی‌وەزیربەر بۆینەوە،وەگەیشتینەتەنگ ودۆڵەقەیێکی‌سەخت ونالەبار. ئێستا لە سەرپاش ماوەکەی ئەڕۆین .

لەکاتێکا کە بەسەختی لەپلەی ئەودەربەندودۆڵەقەوەئەشیوە کەدابەرەوخووار ئەسین لەناکاو فڕەی پەلەوەرێکم هاتەگووێ، کەسەرم بەرز کـردەوە، وەبۆلای ژوروی خۆم‌بەرەو کەمەرەی کێوتەماشام کرد،دیم کەوێك لەلای ژورمانەوەیە!وپستم تاپڕێکی پێوەبنێم، بەلام کاتێ کە دیم کەوە کەباوە کونزیکپشە هەڵ‌نافڕێ ونارواء، سەرم سوڕما، وەکوتم داخۆچی‌بێ؟ کەتـــــێ‌فکریم ئەوپەلەوەرەبەستە زمانە لـە سەریەك‌لە سەریەك خۆی بەبەردێکائەکوتێ‌وبەبەرەودەوواپڕ:تاوازئەبەستێتەوە؟ئەوەندی‌ترهێزی بشکێنەری بزواندمەوە، دیم‌کاتێ کـە خۆی ئـەدابەبەردە کەدا،شتێك ئەبروکێتەوە کەهەلمەتی لێ‌ئەدا، زۆرسەرم سوڕما، ئەوکاتە لای‌ژورۆم لـەوبەردە بڕی‌یەوەکاتێ کە زورنزیك کەوتمەوە ئەوپەلەوەرە بەستەزمانە هەڵ نـەفڕی، کەمێ دوڕ کەوتەوەوڕۆوەومن ڕاوەستا، هەرتێ گەیشتووێ‌ئەوەی‌بۆرۆناك ئەبۆوەوە کە تاچ شوێنێ ئەوبەستە زمانە لەبیم و هەراس دابەسەرئەبات وەچۆن بەچاوی پاڕانـەوەوە بەرەومن ئەنوازێت،ئەنجامن‌سەیری‌ژێربەردە کەم کرد،دیم کەڕەش‌مارێکی‌نالەباری گەورەی پپس لەژێربەردە کەدارا کشاوە وە بەقەدبستێ ملی‌بەرز کردۆوەتـەوبەرەو کەوە کەئەنوازێ!ئەوکاتەمنیش دەستم دابەتاپـڕوەتفەنگێکم‌پێوەنـا مارلـەگەڵ تەپوتۆزانلایەوە وەدەستیی‌بەخۆپێچ‌دان کردو کـەڵوەلای خوێن‌و کـەلابۆ کـەوی بەستەزمان‌لەتەقەی تفەنگە کە نزیکەی دەمترێ فڕی‌وبەسەربەردێکی بـەرزەوە کە

ماوەی ماوەی

---

هەزارویەك‌شەو ٣٣٨

بۆئەوان ئەستەمە ، یەکەیەکەبێنە مەیدانی من ! فەرموو ، دەدەبێنە مەیدان!ئەوجا هەستاوە ، زرێ وتاس کلاوی پۆشا ؛ وەشمشێری لە کێلان دەرهێنا ، هاتەمەیـدان. کەسەرداری پالەوانان چاوی پێ کەوت ، هەلمەتی بۆهێنا . شازادە شرکـانیش وە کوشێری نێرلێ خوڕی وەهەلمەتی برد بۆێ ، وەبەیەك تەکانی شمشێر لەناوقەدەوە کردیە دولەتەوە. شازادە خاتوون کە ئەم زۆری بازوبە لە شازادەشرکانەوە چاوپـێ کەوت ، پایەوپلەی ئەولەلای زۆر بەرزتر بۆوە ، وەلەبەرچاوی زۆر بەڕێزتر بوو . ئەوجا شازادە خاتوون بەپالەوانەکانی ووت : ئەگەرئەوێرن ، وەرنەپێشەوە ، داوای خوێنی سەرداری خۆتان بکەن ! برای سەردار کە پالەوانێکی زۆرناوداربوو . بـۆ تۆڵەی خوێنی‌برای هاتەمەیدان؛ شرکان‌بڕەسی نەدا ودەس بەجێ کردیە دولەتەوە دیسان شازادە خاتوون خوڕی بەسەریانا کە : تۆڵەی خوێنی یارانتان بکەنەوە!ئەوان یەکەیەکە ئەهاتنە پێشەوە ؛ وەشرکان لەماوەیێکی کورتا ئەیانی کوشت، تاپەنجا لاشی لەوان‌خستەملی‌یەکا ؛ ئەوجائیتر زاوریان نەما ، کە یەکەیەکە بێنەمەیدانی شرکان ، ناچار هەمۆیان پێکەوە بەجارێ هێرشیان هێنا بۆسەرشرکان؛وەشرکان پەلاماری‌دالێ‌یان ، وەبەم دەس وبەودەس لێ‌یانی گوشت، تاتاقیانی چنی‌یەوە.ئەوجا شازادە خاتوون هاتەپێشەوە ، دەسێ خستە ملی‌شرکان ولەگەڵ خۆیابردیە ژورەوە بۆنێو کۆشك‌ودەستۆری‌دا ، کەئافتاوە ولەگانیان هێنا ؛ دەس ودەم وچاوی‌شۆرد؛ وە لەپاشان شەربەت وشەرابیان هێنا ، خواردیەوە ؛ لەپاش ئەوە پشوێێکـی‌دا ، شازادە خاتوون پێی‌ووت : ئەی‌شازادەشرکان ! من‌لەکەسێکی وەکوتۆدەست هەڵ ناگرم، باوەکولەنێووەلاتی ڕۆمدا بیمەپەنێ . ئەوجا شرکان شمشێرەکەی پاك کردەوە ؛ وەئەم دۆشعرەی خوێندەوە :

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەشی کوردیی شمال

# کوردستان

لاپەڕەیی ، بوهەمووجار

## هەڵبژارتنا تازە

دەستورا دەولەتێ، لەبارا هەڵبژارتناتازە لەسەران سەرێ ئیرانێ دەرکەت ، وئەوانێك داخوازێ وە کپلیێ نن، جارەکێ کەتنە جۆش وخرۆشێ .

پارتیاژێ، لەزێزا ناولەسەرێ خودا گوهەراندنەك کرنـە، وە هنەك ناوێ تازەبەلاو کـرنە، کو بەلکێ ژێ زێدەتر فکاریدخەلکێ بەرچەڤا گرتبن، وەمرۆڤێد خۆش ناوتردابنە دەوسێ ، وەژها کـوّیا کوهەڵبژارتنا ئەوەلدا. بنەحەزیا هنەك ناولەسەرێدوە کپلیێ بلندبۆ، پەند گرتبن .

بەهەرحالەکێ چژیالێ پارتیاوە چژیالێ مونفەردا (تەنیا) جونب جۆش وخەبات کەتێ یەناوونانداو، وەپەژید زۆژناما ژڕا گیاندنێ هەڵبژارتنێ تژێ بویە، وەهەریەك ژوان دکەخوژاستیێ خزمەتکارێ مللەت وشاهەنشا بدەخوّیان. خـوازلا ، سەدێدا دەهێ ئەواك دبێژن ژاست با،وەوانا ژاستیێ وژژقیێ پا کیێ ، گاڤەك لەژێ یا خزمەتاشاهەنشاو ڤازانجا جڤاتێ ڕا هەڵدان.

وەهەگەر هاکینە بـەمللەت گەرەك ژشایێ کومێ خوباڤێژە هەوایێ .

لێ بەلێ لازمە ئـەم ئەشکەرە بێژن، کوهەگەر ئەوان ژاستیکا دکـن مەقامـێ بلندەشاهتیێ و خەلکێ ڕاتشتەکـی بکن، بۆچ دکن، بگەهێشتنا مەقامێ وە کپلیێ بکن، چ گەلەك مرۆڤ هەنن کو کەژولاڵ بێ چونە زەرەکـێ وەژ ژۆیێ وژدانێ، ئەڤ خزمەتان کرنە ودلێ وان تژێ ژحەژێ کرنێ بشاهە، وەچوجاراڤێ فکرێدابنۆنە، کوژێ کارێ بکن، بۆنا کومەقامێ خوبلند کن کۆ کێ پواشاهدۆستی ونیشتمان پەرەسـیی وەزیفا مرۆڤێ هەرمللەتەکێ بە، وەهەر کەسێك ئەڤالەجەم چونەبە، گونەکاروسەرباری جڤاتێ یە.

بڤی جوری، بۆوە کپلیی گەلەك تشتلازمەوە کپلێ خەلکێ گەرەك خۆشناو دوروست بەهرخوّ کەباش کفش وهاژێ کاربارێد سیاسیێ بە.

تەنێ خودا پیناڤێ کوشاهدۆست ونیشتمان پەرەستبە، ئەوژێ لەهەڵبژارتنێ بەس نینە ، کوبـۆزێدە کرنا زۆراخو، وەبەرگرتنا کارێ خودبێژە.وەکیلێ گەرەك ژاستیکا خەزمەتکارێ مللەت بە ، وبیربـاواریا وێ سیاسیی کفش وئەشکەرە بە وە دوزۆنێ و دوزەنگیی ویدا نەهاتبە دیتن، نەکوهەر کاسکێدا کەوچی وەهەر زۆژبن بایراغاوێ دەستێدابە، کوئەو دەستا خودان زۆربە.

مرۆڤێك هەردەمکێ کـەتنە زەنگەکێ، سیاسەتێدا مـرۆڤێد هاکینە، ژناوجڤاتێ ژاقەتاندیوژ دهێ ژڤرێ تێن حەسیب، وەخەلك چوجار ابڤان مرۆڤا خاترجەم نابن. هەرچەندە خەڵك بخە حەقیقەت ژاستییێ تێ دەردخـن، لێ بەلێ ژەرخفەتەکوبدەستێ ڤان مرۆڤێد زمان خۆش و فێلو کەوارنـە خا پاندن.

هیویا مەئەڤە، کومللەت ناو سەژێد وە کیلێ ژندناس بکن. وە مەخسوسەن باش بەبیرباواریاوانە سیاسیی مێنرە کەن وە دوزۆیان و منافقان بناسن وەژێ یا مەجلسێ کوچیکی پا کەنەدنەوانا.

(هنەك) : بژێ : بعضی

(دەوس) : شوون : سرجا

(تژی) : پڕ : پر

(هاکینە) : بەمجور : اینطور

(جەم) : لای : پیش، نزد

## ئامریکا وکوبا

قوت بۆنا ژابتێد دو دەولەتێ دودەولەتێ مەزنە ئامریکا و کوبا ژپێش هاتێد مەزنە سیاسییە ، کولەدەست پێ بۆناسالا ١٩٦١ میلادی ، مەیدانا سیاسەتا دونیایێدا ژۆدایە . فیدل گاستروژێبەرێ پێشینێ شۆرش کرێد کۆبایێ کوپا۱ی شەژند خۆنێ لەناو کۆبایێ کارێ بۆ حکومەتا ڤی مەملەکەتێ پچوکێ ئامریکا، وەلەهەمن حالێدا ئەو مەملەکەتێك شاندنا شەکردا بدونیایێ کفشە تێنخەدەست خوژسەر بدەولەتائامریکا وبنگێد ئیقتصادێ یا وێ ڕا دەستبەنیاریـێ کر ، وەپارتێید کەوّنیست مەخسوسەن دەولەتا شۆرەوی ژێ بتارێ بۆنا ژابتێد ئامـریکاو کۆبازاف کێف خۆش بۆن وەبۆ گرتنا ماسیا ئاڤ شێلوترد کرن دەولەتا ئامریکا بەرێ کر، کوبۆنا پێشیی گرتنێ ژبەرەکێ یێد توندێ فیدل گاسترو کۆبایێ تێ خەمەحسەرا ئیقتصادێ کوبەلکێ ئەوایانێ ژێبەرێ کۆبازێوە چۆنەك نەرمتر بەرخوبگرە ، وەبۆڤێ یەکـێ کرمدەنگی ئامریکا کوبخو کژالیشەکرێ کۆبابۆ ؟ کژیناڤێ مەتاحێ خود گر دەست خودا، دەولەتێد شۆرەوی وپارتێیێ کەوّنیست گۆتك کوحازرن شەکرێ کۆبایێ بکرن .

وەبڤی جوری حەقیقەتدا فیدل گاستروشیت کـ ن، کوسیاسەتانا یارێ گەل ئامریکابدۆمینە، وەلەهەمن وێ چاخێ بۆ کوفیدل گاسترو ژێ دەستۆزدا بنگێدبازرگانی وئیقتصادێ یائامریکالە کوبایێ گرێدەن، وەمالێ وان بنگادەست راسر، ونەیاریا وێ گەلێ ئامریکا گوژتربۆ

نێزیك بۆناشۆرەوی بکۆبایێ بۆ ئامریکا ودونیا ئـازا، هەلبەت ماناك وێ مەزن هەبۆ، یانێ هەگەر قرار با کولێویا سیلاح وچەك وجە برخانێد شۆرەوی هولشە کوبایێ وەئەڤ دەولەت شۆنا دۆستایێ گەل دەولەتێد ئامریکا خوباڤێژە پێشاشۆرەوی وەدەولەتا کۆبا شۆرەوێ ڕا بکەشارگەك عەسکەرێ بۆشۆرەوی، ئەواخەتەرەك مەزن بۆسولحادونیایێ دهاتەحەسێب لەبەرچەڤا نەیاریاکۆبا وئامریکا بۆسەبەب کوکـۆبا شارگێد عەسکەرێ بدەشۆرەوی، هەرچەندە دەولەتا شۆرەوێ دبێژە کو چوجارا خیالا دانیناشارگا لەکۆبایێ نبۆیە، لێ بەلێ، ژبەرخەبـەرێك ئامریکا دزپوا هانیێ یە دەست نیشان دەدە کوئـەڤ گـۆتنا شورەوێ درەوە .

بوێ جورێ ژێبەرێد ئامریکا، بۆپێشیی گرتن، ژکارێد نـەیاریا فیدل گاسترو دەست بعمەلێدشدیاهیی کرن وەژابتێد سیاسێ گەل کۆبا قوت کرن.

ڤێ گاڤێ فیدلێ گاسترو ناوبێینا ژوژهلات وژۆژئاوادا، دەست بە ڤومارەك خەتەرناك کرێیە، کومومکنە، لەسەروێ (کۆبایێ) گەلەکێ گران ژۆنێ.

ئامریکا هەمێشە گەلێ کۆبا جیێنارە کێ باش بۆیە ، وەچوجارا دفکرا دەستدژێژیێ لەسەعەردێ کوبایێ نبۆیە وەبێ شك چاخێ دەست درێژێ وخەتەرێ کۆبا پاراستێیە.

لێ هەمارەڤتارافیدلێ گاسترو،وەڤە کرناپێ یەدەولەتەك کەوّنیست لەپەۆێ ئامریکا کە تاریخێ فکرا دونیا گرتنا وێ دەولەتێ دەرخستی ، خەتەر حەتابن گوێیێ ئامریکا گیاندییە، وەیەقین گاسترو،دەرخستنا ڤێ خەتەرێ ڕابۆ ئامریکا،دەست بەڤومارە کێ کرێیە، کوهیوبرناوێ ڤێ ڤومارێدا زاف کێمە.

### ماناێ ووشەکان

(قوت بۆن) : پچران : قطع شده

(کارێ بۆ) : توانی : توانست

(کفش) : بناودەنگ : معروف

(نەیاری) : ناحەزی : مخالفت

(شێلو) : لێل ، لیخن : گل آلود

(بدۆمینە) : دژێژە بدا : ادامەدهد

(شارگە) : بنکە : پایگاە

(زاف) : فرە ، زۆر : زیاد

بوپی..

ماوەی ل٧

نەبوو ؛ وە بـەشوێنی کـەیێکدا ئەگەڕا کـەبیسپێرێتە کـوێخا ، حورمەتی بگرێ و کـارە کـەی بۆجێ بەجێ بکا.

لەپڕ تووشی ژەنیێکی بوو ، پێی ووت: ئەبرێ کاکە گیان! تو کوێخا فلانە کەس ناناسی، پەیامێ سەبارەت بـەمن بنێرێتە سەری ؟ ووتی: چۆن، زۆرچاکێ ئەیناسم . کاتی کەیشتپتە پێشەوە،پێی بڵێ: فلانە کەس سلامی ئەکردی ؛ وە ئەیووت: بەوناوو نیشانە کەهاتمە ماڵیان، سەگێ تێم کرد، تالەئاوایی وەدەریان نام ، حورمەتی تـۆچاك بگرێ و کارت بۆجێ بەجێ بکا

بنکەی ژین www.zheen.org

د.ع.م

## یەکێ لەئەستێرە ڕووناکەکانی وێژەی کوردستان

# میرزا شفیع شاعر جامەریزی یە

ئاسمانی وێژەی کوردستان پڕلەئەستێرەی ڕوناکە؛ بەڵامداخە. کەم هەوری هەژاری وبەدبەختیی ونەخوێندەواری بـەشی زۆرایەتی کۆمەڵ،ڕوی ئەوئەستێرانەی گرتووە،وە کەس لەنوری هەموئەوئەستێرە ڕوناکانە کەڵك وەرناگرێ؛ مەگەربای شەماڵی بەختیاری هەڵبکاو ئەوهەورە چڵکنەپیسانە،تەفروتونابکا؛ وەڕومەتی ڕوناکی ئەوئەستێرانە دەس بکاتە پرشنگ ڕەشاندن .

ئێمەبەنۆرەی خۆمان بۆناساندنی بڕێ لەو هونەرووێژەرە گوم ناوانە تێ ئەکۆشێن، ئەوالەم ژمارەدا یەکێ لەوانەتان پێ ئەناسێنین :

هونەری خۆش بەیان وزمان پاراو میرزاشفیعی جامەڕێزی لە هۆزی«دەلۆ» وخەڵکی شاری کەرکوك لەنێوانی ساڵی ١٢٠٠و١٢٥٠ کۆچی‌دا ژیاوە؛ بەسەرهات‌وچلۆنیەتیی ژیانی ئەومان بۆڕوناك نەبووەتەوە؛ بەڵام‌هێندە ئەزانین کە هونەرێکی چاك بووە، وە گەلێ‌هۆنراوی بەشێوە هەورامیی ــ کەزمانی شعرو هەڵبەستی زۆرتری کوردانە لێ بەجێ ماوە؛ ئەوانموونەیێ لەوهەڵبەستانەتان پێشکەش ئەکەین:

زلێخام چوں حۆر .

سەرتاپای باڵاش خاس ڕەشتەن‌چون‌حۆر
لەفەرق تا «ڕجلین» نەداروٚ قصور
«تبارك‌الله ، نـــــور علی نور»
عەکس پێشانیش بەرق وەهارەن
ئەگریجان‌عەقرەب گیسوش‌زونارەن
ئەبرووان چون سەیف ، دوباڵ کەمانەن
لانەشبیە چـۆن قەوس پـای ئاسمانەن
برژانگان‌خەدەنگ، شەڕجۆ،شەڕخرۆش
عەین عەین جەیران، خەوالۆوخەوخۆش
گۆنا شەکەرسێو نــــادری خـونسار
قرمز هەم سفید ، یانـێ چـون گوڵنار
نەقش کەشي صونع ئـوستاد قـودرەت
نەفـەس بـۆی ئـەنفاس مەسێحا صفەت
دەم دورج صەدەف دەریــــــای عەممانی
لیکن چ لـوء لـوء ئــــــاونیسانیی
زەنەخ زەرد وەرەق ، خاڵ فیرۆزەی ساف
چون پرشەی پەروین مەنمانـا شەوف
گەردەن چـون بلـــــوڕ، سفیـد سادە
سافیش وەمینا صـــــــاف خەفەت دادە
سینەش سیم صاف ، سافتەرەن نەعاج
خـەزینەی خەیاڵ دڵ کـەردەن تاراج
جفتێ شەمامـەی بن‌بەستی نـەوڕەس
هێمای خڕێدش نـە کـەردەن پـەی کەس
کەف حەنا قرمز، پـەنجـەی قەڵەمکار
سەر پـەنجە نــــــەطەرز یاقوت ئاوڎار
کەمەر بەنڎ باریك ، شکـەم ساف ونەرم
بەستەن وەدەسماڵ پــــــی‌حضور شەرم
ناف ناف ئاهـو ، مسك حێش مـــەڕێزۆ
جەیانـەی دەروٚن غـەوغـاو وەی خێـزۆ
گەنج باد ئاوەر لەپای حوجـرەی ناف
قفڵش تـەلیسمەن جـەزوڵمات ساف
ڕوکبەوڕجل‌وساق‌سەرپەنجەی‌وەش‌خەت
مەنیا وەزەمێن پــــــا ، وە صەد منەت
دارا وئەسکەنـدەر پەرێش دەعـواشان
خـوڎا مـەزانـۆ وەکـــــــی ڕەواشان
ئەسپەردەی بارگەی وەیس سالار بـۆ
مەحفوظ جـەدابـدیـدەی بەدکاربۆ
یە « شفیع » واتەن قەبرش پڕنووربۆ
گۆڕش جەئاگـر جەهەنەم دووربۆ

# مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی کورد

نووسراوی‌زاناکەمەزنی کورد،احسان نوری — وەرگێڕاوی:د.ع.مفتی‌زادە

## ٨٧

کتێبی «کردوپیوستگی نژادی وتاریخی‌او» ئەنوسێ :

(هۆزی «امرد» یا «مارد» لەیارانی کوڕشی مـەزن‌بوٚن، وە ئەو عەشیرە بەباپیری کورد ولوڕ ئەزانن کە بەشێکیان نیشتەجێیی فارس بوون، وەئیستاش هەرهەن)

بەگوێرەی بەردە نۆسراوەکـەی «مالامیر» ئەکـرێ‌بڵێین کوڕوٚش لەگەڵ‌ئەوانا نزیکی‌بووە.

«استرابون» لەزمانی «آراتستن»ە وەئەڵێ : لەفارسا چەنڎهۆزێ نیشتەجێن‌وەکو« کورد» و«مرد»و«مجوس»وە...

لەبەردە نۆسراوەکانی «ئاثۆر»دا ، ناوچەی ڕۆژئاوای دەریاچەی «ڕەضائییە» بە«پارثوا» ناوبراوە؛ ئەمانە هۆزی «پارث ، پارت»ن، کەلە جێگای خۆیان هەڵ کەنراوون و کـۆچیان کـردووە بۆلاخوارۆی دەریای «خەزەر». داریۆشی مەزن ئەمانەی بە«پـرثو» ناوبـردووە؛ وە فەرانسەوی‌یەکان بە«پارتیك» ناویان ئەبەن.

«ئاسارهادون» پاڎشای «ئاثور» ئەم‌هۆزەی‌لەمادەکان زانیوە؛بەپێی نویشتەکانی«ئاثۆر»ـ کەلەسەرخشتی سوٚرەوە کراو بەدەست‌هاتووە ـ لە ڕۆژگاری «سناخریب»دا، هۆزی‌بەناوی پرسواس ـ کەئەڵێن: پارسەـ لەڕۆژهەڵاتی عیلامدا نیشتەجێ بووە. «سلمان‌نصر» لەپیرۆزی خۆی‌بەـ سەرکەسێکدا بەناوی «آرتەشە» باس‌ئەکا کەنزیك بەهۆزی «پرسەاس» نیشتەجێ‌بووە. لەڕۆژگارێکدا کە «ئاثۆر»ەکان‌هەواڵی‌بۆنی «پرسواس» لەڕۆژهەڵاتی عیلامدا ئەدەن ، «آمادای» و«پارسوا» کانیش لەڕۆژئاواو باشوری ڕۆژئاوایی (جنوب‌غربی) ڕەضائییەدا ، پیشان‌ئـەدەن، لەمەوە دەرئەکەوێ کە: «پارسوا»کان هۆزێ جیاواز لە«پرسواس» بوون.جگە لەمەپاڎشای «ماد» (هوخشترە) لەباشوری پارسدا «پارسومش»ی‌گرت، وەلەباکوریشدا «پارسوا»ی لەدەستی «ئاثۆر» دەرهێنا؛ کەوابو: من‌لام وایە: نابێ «پارسوا»کانی باکوور، لەگەڵ «پارسومیش» یا«پرسواس»ی، باشوورا، بەیەکێ بزانین.

## لەکۆمەڵا

ماوەل ١

جوزێ‌یە کـەم ئەمەیەبۆدەرـ خستن‌ونووانـدنی نیازێ‌بەکۆشان وخـوێندەواري نـەبێت ئـەوەش دوٚ بەشە :

بەشی‌یەکەم‌لەئەنڎامی نەخوێنڎەوارونەزانڎا، دەرئەکـەوێت،بەڵام هەموکارێکـی نەکراوی خڵەیی پێ‌ناکرێت؛ وە کوئـەو کارەنـە کراوانە کەدەرەپشەکانی ناوچەی کوردستان، وە بڕێ ئەنڎامـانی وەڵاتانی ترلـە خۆیانە وە دەری ئەخەن .

لەژمارەی«٣٠»یەوەتائەم‌ژمارەـ بە،ئەوشتانە کـە،بۆێ گـەیشتن‌و حاڵی‌بوٚنی ئەم بەشی‌یەکـەمە؛ وە هەروەهاش بۆحاڵی‌بوٚنی بەشەکانی ترپێویست بوٚهەڵمان‌دا، وەچەنڎ پێشەکێکمان دامەزراند وەئێستا ئەچینە سەرمەبەست .

ئێمە بیستوٚمانـە کـەدەروێش داروبەردوئاگروشتانی ترئەخوا ، وە تێغ لەخۆی‌ئەدابەڵام‌بەووتەی خەڵکی باوەڕناکەین تـاخۆمان بەچاوی خۆمان نـەی بینین؛ وە ئەگەربەچاوی خۆشمان‌ی‌بینین هێشتان دڵمان پێی قایم‌نابێ؛وە باوەڕمان‌بەخۆمان‌نییە کەشتێکی وانمادیوە؛ئەوەش لەبەرئەوەیە کە ئێمە هێزمان‌بۆئەوکارەنەکراوانە نەکـەوتووەتەکار، وەئەوویستەبە تینەمان‌نـەبووە کـە ئەوکارانەی پێ‌بکـەین ، وەلامان وایـەویست تەنیابوکردەوەی‌خڵەییی‌ئەخرێتە کار؛ ئەنجالەبەرخۆمانەوە، هەزار جۆرپاسای بۆئەدۆزینەوەئەڵێین : نەخەیر! ئەوە کەرامەتی ئەولیایە، جادووە، سحرە،یارمەتی‌شەیاتینە.

بەڵام ئەگەرئەو کارە ساتە بۆ دەروێشێکی بەردخۆروتێغ وەشێن بگێڕینەوە؛وەبڵێین‌فیسارەدەروێش داروبەردئەخواوتێغ ئـەوەشێنێ؛ دەسبەجێ‌باوەڕئەکا؛ وەبەکارێکی نەکراوی‌نازانێ‌چونکە خۆی‌ئەو ویستەی هەیە کە بتوانێ ئەوکارە نەکراوانەی‌پێ بکا،وەئەو کردەوانە بەلای‌ئەوەوە، کردەوەیێکی خڵەییی:

ماوەل٧

# ئاموژگاریی

ئێوە شەڕبکەن لەڕێگای خودادا ، لەگەڵ ئەو کەسانا کەشەڕتان لەگەڵ ئەکەن ودەس‌درێژي لەسەرنیشتمان‌وخاك ومال‌وناموستان ئەکەن ؛ بەڵام قەت دەس درێژي لەسەر کەس مەکەن ! بەڕاستي‌خودا دەس وریژ کەری خۆش‌ناوێ .

(قورئانی‌پیرۆز)

هەرئایینێ دروشمێکی هەیە ، وەدرۆشمی‌ئایینی ئیسلام‌حەیایە

(حضرتی محمدص)

پارێزودوري‌بکەلەوە کەڕازی نهێنیي‌خۆت‌بەلای‌دۆستانتەوەبڵێیت مەگەر بەلای ئەوانەوە نەبێ کەئەمین‌بن ؛ وە کەسێ تالەخودا نەترسێ ئەمین نابێت

(حضرتی عمررض)

ڕق‌لەهیچ کەسێ‌لەدڵی‌خۆتاهەڵمەگرە ! هەرەبەستێ کەئادەمي‌زاد لەسەرتۆ لەکردنەوە هەڵئەنێ، لەبیری‌خۆتی‌ببەرەوە! لەوەر گرتن‌و گوێ ڕاگرتن بۆقسەی کولەفیتنەدا ، پەلەمەکە ، باوەکوخۆی‌بەدڵ سۆزی تۆبڵاتە قەڵەم ، چونکە کولەفیتنەبەهەرتەشکێ دەربێ،خائنە .

(حضرتی‌علیع)

هەر کەس بگەرێ بۆبرا ودۆستی بێ‌عەیب ، براودۆستـی کـەم ئەبن ؛ چونکۆبەندەی بێ‌عەیب کەمە . کەسێ چاوەڕوانیی لەدۆستانی خۆی ئەوەبێ کەچاکە وقازانجی‌ئەوبخەنە پێشیی‌هی‌خۆیانەوە‌،هەمیشە ئەبێ خەفەت بخون، چونکۆ هەر کەس خۆی‌بەلایەوە خۆشەویست‌ترە. کەسێ بۆهەر کارێکی نابار ، عەتەو لەدۆستانی خۆی‌بگرێ، دوژمنـی زۆر ئەبێ .

(ابوبکرخوارزمی‌رح)

دۆست ودەسەبراسێ جۆرن : جورێکیان وەکوخـواردمەنیـی هەمیشە نیبازت‌پێ‌یان هەیە وبۆتۆپێویستن؛ دەستەیێکیان وەکودەرمان بڕێ‌جار پێوپستن ؛ بەڵام دەستەیێکیان وەکونەخۆشین، ئەبێ دەس‌بە دوعابی، کەقەت نزیکت نەکەون .

(مامون‌الرشید)

کوڕی ئوجاخ ڕۆشن کەرئەوەیە کەلەقسە وئاموژ گاري‌باوکی، نەلەحالی ژیاناونە لەپاش‌مردن ، دەرنەچێ

(کنفوسیوس)

گەورەترین ولەزەت‌دارترین خۆش‌بەختیی ئەوەیە کە بتوانـی فرمیسکی چاوی کەسێ پاك بکەیتەوە ، وەبەجۆرێ دڵ خۆشي بکەی کەبەدەمی‌پێ کەنینەوە ، وەبەچاوی پڕلەشادي‌وخوشي‌یەوەتەماشات‌بکا

(بودا)

لەهەمو بەربەیانێکدا لەگەڵ تۆدا ڕازونیازئەکەم، وەنییازی‌خۆم بەبارەگای‌تۆڕائەگەیێنم‌‚ کە؛ بەبێ‌مننەتی‌بەندەگانی خۆت‌ئەی‌خودای بەندەنەواز! کاری ئەم بەندەی خۆتەبسازێنە ،

(ابوسعیدابوالخیررح)

خوڎایا ! من‌لەسێ بەڵابپارێزە : لەووتۆوەرەی‌شەیتانیی؛لەهەواو هەوەسی نەفسانیی؛ لەگومڕایی ولەخۆدەرچوونی ناڎانیی .

(خواجه عبدالله‌انصاری‌رح)

قەت چاوەڕوانیت نەبێ کە : کەسێ بەبێ تێکوشین‌بەجێگایـێ بگات . زۆرحەیفە کەڕۆلە کەسێ‌هەڵچەرخێنێ کەئینر کەسێکی‌وەکو ئەوت دەس نەکەوێ .

(سعدی‌رح)

لەبەرانبەری ناڎانەوە خۆبە بچوك گرتـن وەکوئەوە وایە کـە «کاڵە کەمارانە» (حنظل) ئاوبڎەی : کە هەرچیی زۆرترئـاوبخوامەوە ، بەری تاڵ‌تر ئەڎا .

(سقراط)

لەبوزور گمیهریان پرسی کە : بۆئادەمیزادچی‌زۆرچاکە؟وەتی : ئاوەزی خوڎاداو . ووتیان: ئەگەرخوڎا پێی‌نەڎابۆچی؟ ووتی:فیربوونی زانست وپەروەردەبوونی ژیك وڕاست؛ کەبەم جۆرەببێتە ئینسان.ووتیان: ئەگەر ئەمەشی بۆڕێك نەکەوت‌چی؟ ووتی: ماڵ‌ودارایی‌یێ کە عەیبـی ئەوبپۆشێ . ووتیان ئەگەرنەی بۆچی؟ ووتی: صەبروخۆسازي لەگەڵ خەڵکی‌دا . ووتیان : ئەگەرنەی توانی‌چی؟ بێ‌دەنگیی تاکـەسی لـێ نەڕەنجێ. ووتیان: ئەگەر نەی‌توانی بێ‌دەنگ بێ‌چی؟ ووتی: مـردن بۆئەولەهەموشتێ چاکترە ، تاخۆی وخەڵکیی ڕزگاربن .

(بوزور گمیهر)

ئەو کەسە کەجلی زانست وهونەری لەبەرایە ، خەفەتی چـی‌یـە ئەگەر فەرشی مالی‌حەسیر بێ . لەئاسمانی زانستدا ،کردەوەچاکترین پەڕوباڵە ، وەلەدونیای‌بووندا،هونەرچاکترین‌دارایی‌یە .

(پروین‌اعتصامی‌رح)

گەورەیی بەوەنییە کەدەستت بڕوا هەمیشە شەرابی خـۆش تـام بخۆیتەوە،خوراکی‌خۆش بخۆی،جلی‌پاك‌وتازەو گران‌بابی لەبەربکەی، یاهەمیشە بەسەرنۆکەرو ژێردەسەی خۆتاداخوڕی .

ئەگەرلێم وەرئەگری ‚ پێت بێڵم گەورەیی بەچی‌یە: بەوەبە کە خەفەتی‌دڵی هەرخەفەت بارێ‌دەر کەی، وەبۆبەدەست هێنانی دڵی هەمو کەس تێ کۆشی .

(ابن‌یمین‌رح)

بۆخۆت‌کاربکە ولەخەرمانی کەس جۆچینیی مەکە ! بۆخـۆت ڕەنج بکێشەولەنیعمەتی کەس تۆشە هەڵ مەگرە! ئەم‌دەست و پەنجـە ئـەستورەوشان وبـاهۆی‌زۆرداره کـە خـوڎابەتۆی‌داوە، بۆکار کردن ئافەریڎەی کردووە .

(ادیب‌السطنه‌سمیعی)

بەهەڕەشە یاواڎە ناتوانین هەستی وەظیفەناسین لەخـەڵکیـی‌دا بخەینەکار .

(کانت)

وەختێ خوڎایان بیانەوێ: کەسێ نابودبکەن ، لەپێشان ئاوەزی لێ‌ئەگرنەوە ، وەشێت ونەفامی ئەکەن

(مەتەڵێ لانینیی)

تەنیا شەرطی پیرۆزي وزاڵ‌بون بەسەردوژمنانا ئەوەیە کەنەترس‌و نەبەزبین .

(دانتون)

### لەهەرگولزار

ماوەی‌ل ٣

بـاوەکوجـارێ تۆبۆم ناژوانـی
بـەڵام تـاماوم خاکـە ساری تۆم

لە دوریت ئـازیز! دەردم گـرانـە
دەردی بـێ‌مـەیلیی تۆبێ سامانـە
بەڕۆژسەرگـەردان دپتی بـاڵاتم
بەشەوتـابەیان پێشەم گریـــــانە
بڕوانە ساتێ‌بۆڕەنگـــــی زەردم
بۆجۆشی دەرون هـەنـاسەی‌سەردم
من دەردەداری چـاوی‌مـەستی‌تۆم
بەنیم نگایێ سازێش کـــــەدەردم

### لەکومەلا..

ماوەی ل ٦

ئەنجائـەوپیاوە کـەئـەوکارە نەکراوەئەکائـەبێ‌بزانین چۆنی ئەکا؟ دیارە ئـەودەروێشە کە ئەو بەردە گورەئەخوا، وەئەوشمشێرە ئەکابە سەردڵی‌خۆی دا. لەپشتی پەوەدەرئەچێت هەموومان ئـەی ناسین کە ئەنڎامێکی نەخوێنڎەوارونەزانەوەکارە کەیشی‌لەڕانەنییە کەبڵێین تـەردەسي‌ئـەکا یانـێ بەردە کە ئەشارێتەوە یان تیغە کە ئەکابەناوی سپپاڵەکانیا، وەیان لە ڕێگای ڕانیاري‌یـەوەچاوبەسمان ئەکا،یان وپستمان داگیرئەکا؛ کە واتۆی‌ڕێگـامان بۆئـەمێنێتە : ١ـ کەرامەتی‌ئەولیا. ٢ـ یارمەتي شەیاتین . ٣ـ هێزی‌ویست .

ویست : اراده
نەکراوی خڎەیي:محال‌عادی
پاسا : تأویل
فیسار: فلان
کردەوە : عمل،فعل
پێشەك : مقدمه

## بوپی کەنین

### ڕاوچیی نەترس

کابراییکی ڕاوچي ڕۆییشت بۆنیو جەنگەڵێ، بەخەیاڵی‌ڕاوی شێر . ئەنوازێ پیاوێکی هـەژار خەریکی داربڕینە ؛ لێی‌پرسی : ئەری براگیان ! تۆشوێنی پێی شێرت‌لەم نزیکاناهەڵ‌نەکردووە، کەبەمنی‌پیشان‌بڎەی،بڕۆم‌بەڵکوو بیکوژم؟پیاوی داربڕووتی: کاکی ڕاوچی! تاوێ‌پێش لەهاتنی‌تۆ ، شێرێکم‌چاوپێ کەوت، کەلێرەوە ڕۆییشتە نێوجـەنگەڵ، ڕابکەبە شوێنیا، هەرئێستا تووشی‌ئـەبی. کابرای ڕاوچيي‌ڕەنگی زەردهەڵ گەڕا، دەستی کردە لەرزین. کابرا پێی‌ووت: ئەرێ کاکە گیان! بۆ وەهات لێ‌قەوما ؟ ڕاوچیی‌ووتی: من‌شوێنی پێی‌شێرم گەرەك بوو، نەخوڎی شێر.

### ڕاسپاردنی بەکەڵك

پیاوێ ئەیەویست بڕوا بۆدێ‌بێ لەماڵی کوێخادا بیێتە میوان و نیبازێکیشی پێ‌بوو کەجێ‌بەجێ بکا؛ بەڵام‌لەگەڵ کوێخادائاشنایی

ماوەی ل ١١



www.zheen.org بنکەی ژین

کوردستان

## بەشی کرماشانیی

نوسیای :«سیدمحمدسعیدغیرت»

## ناسیاین گورد

یەکێ لە ئارەزۆەیل ئێمە لە کارئی خزمەت مەطبوعاتی یەئەوەسە کە : بتۆنیمن کوردەیل وەئەو حەقیقەتە کەهەن، وەمەردومدونیا بناسانیم.

مەردومی کە لە ڕیشەیل فرە قەییمی ئاریایی ،وەلەوەفادارترین و خوێن پاکترین ڕیشە وبنەڕەت ئێرانین، وەلەچەنێ هەزارساڵ لە سەرزەمین ومینەکسان خوەیان ئەڕای نگاداری چواردیواری ئێران لە بەرانبەردەس درێژی مەردم جۆر وەجۆر؛ جوانمەردي وشوجاعەت خوەیان نیشان دانو ئێران عەزیز حیفظ کردنە. بەنابەری بایەس وەرلە گشت کاریك تاریخ زینێەیی کوردەیل لە دەوران پڕلە سەربەرزي ئێران بۆشرێ، وە ، وە دقەت فرەیك بخۆنرێ، کە لە دەوران سێ هەزار ساڵە کوردە بلچ کارەیل بائەرزشیك ئەڕای حیفظ ئیستقلال ئێران وە وەرگیري لەدەس درێژي بیگانە کردنە . ئەلبەتە خوەنین تاریخ سیاسیی ئێران چاوئێمە خەتە ئەوخەتەیل دوەشتە کە لەگیان بازي کوردەیل نۆسریاس. یەسە ئێمە گشت دەنگ کەیمن کە : تاریخ ئیران دروس حیساوي بخوێنن . لە ضمنیش خوەمان لەڕۆژنامەی کوردستان تائیسەئی ئارەزۆەوەجیی هاوردیمنە؛هەمیش لەئی ڕشتەقسەومەطلەب دریژهەس کەلەیەودوما نۆسیمن.

وەلی ئەوە کە لەشۆن ئەنجام داین ئەو ئارەزۆە وەخوەمان واجب کردیمنەیەسە کەماناوباطن کورد وەدونیا بناسانیم.

ئەخلاق وسرشت ومیهرەبانیی ودڵ نەرمي کوردەیل بایەس مۆوە مۆنۆسیمن.

کوردەیل لە دەوران زینێەیی کوردیاتي و کۆچ کەري خوەیان ئەقومرە سازوبەزم وشعروهەڵبەس دێرن کە لەناوگشتی تەشبیهات وسۆزوگودازەیل فرە لەطیف و قسە شیرینی یەیل هەس کە پیالەو ڕیبەکلاك حەیرانیی نەتەدەم.

لەئی باوەتەڕۆژنامەی کوردستان لەئەوەل ڕۆژیش وەمل خوەی گردیە کە لە ناوئی ڕووژنامە هەڵبەسەیل ئەدەبیی وعیرفانیی کورد بنۆسێت تائەوانە کەوەدەنگ وبەحثەیل ئەدەبیی دلیان ئاشناس لەنەظەروەشۆن کەفتن چشتەیل ئەدەبیی لەزوانەیل جۆروەجۆر ئیرانیی باخەوەرن لەشعر کوردي لەززەت بوەن.

نەم ذوئەخلاق کوردەیل لە قەبیل ئیمان ووەطەن پەرەسي ، میمان داري، غەریب نەوازي، مەردانەیی،ئەدەب، کەلەناوعەشرەتەیل کوردهەس، حەقیقەتدروس حیساوپکە کەشوکرخودا هیمانیش بائەوە کە دونیای تازە ڕخنەی فرەیك وەئەخلاق نوع بەشەر کردیە، لەناو کوردەیل دروس و دەس نەخواردي مەنییە.

کوردەیل ئەومەردومەنە کەلەجەنگ وڕۆوەڕۆبۆن گەرد دوشمەن ڕۆ گەردان نەوۆنە؛ئەڕای حیفظ ئاووخاك وڕسوم ومیللییەت خوەیان تائێمرووتاپای گیان ووسیانە.لەحیفظپایەی ئینسانییەت جۆرغەریب نەوازي ومیهرەبانیی و ماڵو گیان داین لەڕێ میمان، وەلەی قەبیلە نیسبەت وەتەم هاوماڵەیل و هاوسەرەیل خوەیان دەس پێش خستنە .

لەشەروبەزم(موسیقی)تیکەیەیل پڕجۆش وخرووش دێرن ، شعر کوردي پڕلەناویە تەشبیهات فرە بارێك ومەضامین فرەشیرین ولەطیف، کە ئەوە کە بشنەوێت، فرە لەززەت بەت ، وەسەری سڕ مینیت ، کەمەردمی کە لە کۆسارو دەواروەوتەرتیب کوردیاتی یە زینێەیی کەن ئەصلەن کەلامیان سەختیی ودوردشتی نیبە . شاهید

ئێمە لەئێ باوەتە شعرەیل وهەلبەسەیەیل کوردییە، کە لەئەوەل ڕۆژ وە ڕۆژنامەی ئێمە زەڕوزیوەرداس؛ وەئەگەر کەسی خاس بنۆڕێتەیێ، خاس زانیت کەلەباقیی زوانەیل جۆروەجۆردەشتە کیی فارسیی جۆری پەیدا نیەوێت .

کوردەیل وەنەهاڎ ودل نەرمي وذەوق وعیشق بارهاتنە داخوەوە بۆنەی ئەوە کە کەمي لەجلوەی «تمدن»دۆر کەفتنە، دەرخشنێەیی ڕۆحی یان تائیسەشاریاس .

ئێمەوەظیفەمانە ئەڕای زینێیەو کردن ناسانن نەهاڎ کوردیە کە یە کە لەئی ڕۆژنامە ئەڕاتان بەیان کەیمن.

## لاپەرەیی ، بوهەموجار

### نالەبارییەکانی..

ماوەیل ١

سەرەەرزادەردێکی بێدەرمانی ماڵ وێران کەری ملهوڕبووە، کەوەتیێتەناوهەرخانەدانێ لەماوەیێکی کەمابەڕێشەیا چووەتەخوارەوە، ئەوکردەوە چەپەڵە لەئایینەئاسمانیەکان و یاساکانی گەلانێ جیهان دا تاهاتنی ئاییینی بەڕێزی ئیسلام نەی لێ نەکراوە، بەڵام ئاینی بەڕێزی ئیسلام؛زۆر بەسەختی لەقورئاندا بەئایەتی(انما الخمر والمیسر ....الخ) نەی لێ کرد،بێ گومان ئەم فەرمانە بووەهۆی ئەوەی کەلە نێوجیهانی ئیسلام دائەو کردەوەیە قەڎەغە کرا، بەڵام زۆری نەبرد کە وردە وەردە بزوای ئەندامانی موسڵمان لەکانی دڵدا ، بێ تین بۆ، وەئەوبێ تین بۆنی بزوایەبۆوەهۆی ئەوەی کە : ئەوشتانەی بەپێی فەرمانی یەزدان وپەیامبەران و زانایانی ئیسلام قەڎەغە کرابۆن دۆ بارەدەستیان پێ کرایەوە، کەیەکێ لەو کردەوەنالەبارانە قوماربۆ .

لەناوگەلی کوردیشاهەروەك باقی گەلان ئەو کردەوەپیسەپێشینەیێکی کۆنی بووە، بەڵام بەفەرمانی بەڕێزی ئیسلام دەستی لێ هەڵ گیرا بۆ، هەرچەند ئەبێ پێ لەوەش بنێین کەهێمان بزوای ئاییینی لەناو گەلی کورددالەباقی گەلانی دیکەبەتین ترە، وەئەوشتانەی کەئایین قەڎەغەی کردووە، کەمتر ئەکرێن ، کەیەکێ لەوانەقومارە، بەڵام ئەوەچەند ساڵێکە،زۆرزۆربووەتەوە، بەچەشنێ کەشتێکی نەماوە، ئنسان بوێری بڵێ،ئێستاکە لەهەمۆ دێیێکی کوردەواریدا قوماربووەتەباو ، بەڵام نۆسەرهەرچی بیری لێ ئەکاتە وەجگەلەوە ئەو کردەوەیە کردەوەیێکی چەپەڵ ونالەبارەهیچ لەگەڵ ئەروای کوردیشاسازگارنی یە؛ ئەمەهیچ لەکردەوەی کورد ناچێ چەند کەسێ هاوماڵ وهاوئایینو هاوسێ وئاشنابچن لەماڵێکا کۆببنەوە وقوتهەڵ بدەن ودەست بکەن بەقومار کردن ، ڕۆژی ڕۆناکی جووان لەماڵێکدا بترشێن وەلەباتی کاروکاسبی لەگۆشتی گیبانی یەکتری بپچرنوەبۆتاڵان کردنی یەکتری لەکراسی دۆستي وڕەفیقی ودەستەبرایی وئاشنایی یاتێ کۆشن، بیرلەخۆیان ببڕنوە چاویان بکەنە چوواروبەقاقەزی قومارا حەوزي بکەن، میزوازۆر یان بۆبێنێ کەبەرموسڵدانیان وەخت بێ بتەقی وهەڵنەسنە سەرخۆیان، ڕۆژبەوچەشنە بەسەرببەن شەوێش دۆبارە نەتوانن هەڵسنە وسەر خۆیان؛خەولەخۆیان حەرام بکەن، وەتاسبەینێ وەنەوزە کوتێ بکەن، ئەنجالەپاشان بیکەن بەشەڕەدەنووك برێ باوك ودایکی یەکتری هەل سەنگێنن.

ماوەی هەیە

هاوماڵ : دوست

قوتهەڵدان : بانتظارنشتن

موسڵدان : مسانه

بنکەی ژین www.zheen.org

### شەڕی کەوومار

ماوەی ل ٤

چاوي لەکارەسات بێ نیشتەوەباو کۆ ئەبوایێ زۆردوور کە وتایێ تەوە، بەڵام شتێ دوور نە کە‌وتەوە . ئەو کاتەمنیش لە سەربەردە کەهاتمەخووارەوە وەهاتم بۆلای مارە کە کلکی مارم گرت وەماوەیێ فڕێم دا، ئەنجا سەیری ژێربەردم کرد،دیم هێلانەیێکی تێدایەو بڕی هێلکە کەوی تییایە، بۆمزۆناك بووەوە، کە ئەومارەپیسەبۆخواردنی ئەوهێلکانە هاتووە، ئەوپەلەوەرەجوانە ناز کەبۆپاراستنی ژەسەنـی خۆێ بەدەنو کـی جووانی خەناوی وپلاری ئاڵی ناز کیە وە شەڕی لە گەڵ ئەوعەزریتە دا کردووە، خاکوخۆڵی ناوهێلانەم لابرد، پۆشی پڕاوی دەوری هیلانەم کۆ کردە وە ودامەوەدەوری بەردێکم نایەلای خوواروی هێلانە کەی بۆئەوەی ئیترهیلکە کـانی تل نەبێتەوە، هێلکە کانم نایەوەناوهێلانە کەی، ئەنجاهاتمەوەبۆلای مارە کەدیم کەهەمولاشەی ئەومارەشوێنی چرنۆك ودەنۆ کی کەوە کەی پێوەیە . زۆرسەرم لەو کارەساتە سڕما کە ئەوپەلەوەرە جوانە تاچ شوێنی بۆمانەوەی ژەسەنی خۆی تێ کۆشیوە .

تائەم کارەساتە دووایی هات پەلەوەری بەستەزمان لـەدوورەوەسەیری ئـە کردم، کاتێ کەتێ فکریم ئەوپەلەوەرەجووانەهێندەسێنگی بەبەردە کەداداوەسێنگی سوور بووە وەپەڕی پێوە نەماوە، ئەنجامن بەرەوخووار بۆسەرڕێگا کە بەرێ‌ومەوە، کەوە کەش دای لەباڵ هاتەسەرمارە کە بڕێ دەنـو کی لێ‌دا، لەویۆوەهەڵ قونییـەسەرهێلانە کەی، کەچاوی بەهێلانە کـەی خۆی کەوت، کردیەسەربەردە کە، وەزۆوی کردە ئێمە، وە بەدەنگی خۆشی خۆی تائێمە لەچاو،وون‌بووین‌سوپاسی لی کردین‌وخـوێندی. من کە زۆرم حەزلەڕاوئە کرد، لەو کاتەوەئیترلەڕاوبێزاربوم وەتەر کم کرد .

دووایی

### هەزاویەك‌شەو ٣٣٣

منم ئەویەلەی ڕۆژی شەڕ، بـەرقی‌شیرم
لە دوژمن دەبا هێزو زاوور بەغـارەت
لەڕ کەی وە کۆشێری منەوجی‌دوژمن
کونی مشکی ، لاوە ئەبێتە عـومارەت

ئەوجا شازادەخاتون دەستی‌ئەوی‌ماچ کرد ؛ وەبۆخۆیشی زرێ وتاس کڵاوی لەبەری دەرهێنا . شر کان ووتی : شازادەخاتون! تۆبۆچي زرێ وتاس کڵاوت‌پۆشی وەبۆچی شمشێرت لە کێلان‌دەرهێنابۆ‌ وەڕاوەستا بۆی ؟ شازادە خاتون‌ووتی ترسام کەتۆ تەنیا نەتوانی لە گەڵیانا شەڕبکەی ، خۆم ئامادە کرد کە ئە گـەر پیویست ببوایێ ، یارمەتیت پێ بکەم . ئەوجا شازادە خاتون ڕۆی کرد لە قاپي وانە کان و پێی‌ووتن : بۆچي ئەم نۆ کەرانی پاڵشایێ‌ئیزن هاتنە نێو کۆشکەوە ؟ قاپیوانە کان ووتیان : فرستادە کانی پاڵشا بەتایبەت‌سەردارە کەیان ، نیازێکیان بەئیزن گرتن‌نییە شازادە خاتون ووتی: ئێوە مەبەستێکتان‌بۆ کە وەها کارێکتان کرد ؛ وەوپستتان کە میوانی من‌بکوژرێت . ئەوجا بەشر کانی ووت: ئەمانەش بکوژە ! شر کان‌ئەوانیشی کوشت . لەپاشان بەشر کانی ووت: ئێستا کە ڕازی نهێني من‌وتۆ ئاشکرابـوو ، بابە تەواوی بەسەرهاتی خۆم بۆت بگێڕمەوە . بزانە کەمن کچی مەلك حەردوبم ؛ وەناوم «ئەبریزە»یە ؛ وەئەو پیرەژنە کەناوی «ذات‌الدواهی»بۆ، دایکی باو کمە ؛ وە ئەوهەواڵی هاتنی تۆی بەباو کم‌داوە ، وەبێشك داوێ بۆلەنێوبردنی من دائەنا . من‌لام‌وایە کە ئەبێ لەم وەڵاتا ڕانەوەستین ؛ وەپێکەوە هەڵێین ؛ وەلەتۆم ئەوێ کەلە گەڵمناچاکەبکەی؛هەروەها کەمن‌چاکەم‌لە گەڵ‌تۆ کرد . کاتێ شر کان ئەم‌قسەیە بیست ، لەخوشي‌دا، کەوتە دلەڕە پێ‌و، ووتی: قەسەم بەخوڵا ! تا گیان‌لەبەڕەنمابێ، هیچ کەس ناتوانێ دەس درێژیت لەسەربکا . بەڵام نازانم کە تۆلە دووریـی‌بـاوکت ناڕەحەت نابی وطاقەت‌دێنی‌یانە ؟ شازادەخاتون ووتی : هیچ‌ناڕەحەت نابم و طاقەت

وەرگێڕی پێشەك وڕاستکەرەوەی‌هۆنراوەکان:م.ص.م

# کنزالعرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین‌ووتار ((میر محمدصالح حسنی نعمت‌اللهی))

ملقب‌بە«حیرانعلی‌شا»ی کرماشانیی

دلبەر تەوانم . . .
نەمەنـدەن تاقـەت تاب وتـەوانم
قنیاتـم وەقوت بـــــار لەوانـم
بتەرسە لـەی ئـاە نیمە شەوانم
لەمەیدان‌عیشق کەم بێژ شێر گیرم
ئاخر نەمنیش خـودایێ دیـرم !
کنایە کەم کەر، کـەم بێژخرابی
کەم بـــــدەرتانە تۆ کـەئابادی
وەبێ خرابیی کـێ‌مەبۆ ئاباد ؟!
وەبێ‌غوصەوڕەنج کێ‌مەبۆدڵشاد؟!
وەڕەزای‌غاییب‌وە ئاوەسنابـــــادە
خراب کونەندەی‌ویش‌مە کەی‌ئاباد(؟)
فەلب شکستەم مـەکان خـوداس
مەقام تـــــەوحید شاە ئەولیاس
وەخەڵق عالەم کـەم بـەدەر دەوەل
ئەی‌وەباتن کۆر‌، وەزاهر ئەحوەل !
بەغەیر لـەڕەزا مەرچارێ‌مـەوو؟!
ڕەزام وەقـەزا هەرچـی مـەووبۆ
وە کێ واچم وەصف‌شەرح وبەیانم ؟!
کـێ‌نمەزانـۆ مات وحەیرانـم ؟!
مـن‌واتـم وەپێت وەبـێ دەردسەر
هەرچارێ دیري پـەرێ ویت‌بکەر
وەڕەزای «ڕەزا» وسوڵتان «تـوس»
مەقصودێ نەیرم‌غەیرڕەزای دوس
کەم‌بـــــدەر فغان وێنەی بلبلم
کەم‌بـدەر کـوچك لەشیشەی دڵم
عاشقم کـوشتەم هەربە ڕامەـن
یەذ کـرو دوعای سەحەر گاە مەن
یاڕەب! غەیرلەویت عەلاجم‌نە کەی
هەر گیزدی‌وە کەس موحتاجم‌نە کەی!

چاپ اختر شمال
تلفن ٢٥٥٠١

بنکەی ژین
www.zheen.org

## دستور خواندن و نوشتن کردی

عده‌ای از خواهران برادران فارس زبان که مایلند برسم الخط کردی آشنا شوند باین مطلب توجه فرمایند:

میدانیم که کلمات فارسی بوسیله سه حرکت زبر و زیر و پیش و سه حرف «الف» و «واو» و «یاء» تلفظ میشود. وچون حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح کلمات بستگی بآشنائی قبلی دارد، و این نقیصه موجب اشکال بزرگی درزبان فارسی شده . ولی رسم الخط کردی این اشکال را مرتفع ساخته، وکلمات تنها بوسیله حروف تلفظ میشوند. حروف صدای کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .

١ـ (ە) که بجای زبر میاید. مانند: «سەر» (سر) «سەروەر» (سرور)

٢ـ (ی) که بجای زیر میایدمانند: «جیهاز» (جهاز) «کیتاب» (کتاب)

٣ـ (و) که بجای پیش میایدمانند: «گول» (گل) «بولبول» (بلبل)

٤ـ (الف) که بجای الف میایدمانند: «باغ» (باغ)

٥ـ (وو) که بجای «واو» میآیدمانند: «بوود» (بود) «زوود» (زود)

٦ـ (ێ ی) که بجای «یاء» میآیدمانند: «بید» (بید) «دەوید» (دوید) «مەردی» (مردی)

٧ـ (ۆ) که صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»

٨ـ (ێ) که صدای یاء مجهول میدهد : مانند «کێ» (که) «چێ» (چه)

٩ـ (ۊ) که مخصوص لهجه کرمانشاهی است وصدای (U) میدهد. مثال آن درلهجه کرمانشاهی «ئۊشم» (میگویم) «داشتۊت» (داشته باشد)

(١) حروف «ها» و «واو» و «یاء» بی‌علامت ممکن است اصلی باشند. مانند: «هەمسایە» (همسایه) «وورود» (ورود) «یەك» (یك). برای فرق میان هاء اصلی واعراب، هاء اصلی را دوچشم واعراب رایك چشم می نویسند .

(٢) همزه را همیشه باینصورت ( ئ ) می نویسند . مانند : «ئەحمەد» (احمد) «ئوطاق» (اطاق)

(٣) درکردی گاهی روی حرف دال ولام وراء علامتی میگذرانند وباین شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) که در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام وراء مفخم میگردند. مثال آن درکردی: «فەرهاڎ دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کر یعنی پسر)

(٤) الفبای کردی یك حرف بیشتر ازفارسی وعربی دارد که عبارت از «ڤ» میباشد . البته تلفظ این حرف درفارسی زیادست، ولی با «واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئـەڤـاییل» (اوایل) .

(٥) دررسم الخط کردی حروف مشددرا دوتا مینویسند. مانند «ئەڕڕە» (اره) «بەڕڕە» (بره)

(٦) درکردی کلمات راهرطور تلفظ میکنند مینویسند؛ البته کلمات بیگانه‌را مشمول این قاعده میسازند ؛ ودیگر اشتباهی بین حروفیکه مخرجشان نزدیك است واقع نمیشود ؛ مثلا صفحه را اینطور مینویسند : «سەفهە»

## تکا

ئەخوێنەرە بەڕێزەکان تکائەکەین: ئەناردنی پارەی ئابوونمانی ڕۆژنامە خۆیان نەگرن؛ ئەنبەت ئێمە کاتێ ئەتوانین بەم خزمەتی خۆمانە درێژە بدەین کە خوێنەرە بەڕێزەکانمان دەس گرۆیی مان بکەن .

## چوار قوژبن

| ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ■ | | | | ١ |
| | | | | | | | ٢ |
| | ■ | | | | ■ | | ٣ |
| | | ■ | | ■ | | | ٤ |
| | | | ■ | | | | ٥ |
| | | | ■ | | | | ٦ |
| | | | ■ | | | | ٧ |

**لابەلا:**

١ـ لەباوك یالەدایکەوە ، ئەگاتەمـرۆ ـ لێیەوە سەرئەکەون،وەپێیا دێنـەخـوار ٢ـ ئافەت وبەڵا؛ یامرۆی زۆر ناڕاحەت وگێچەڵ باز ٣ـ بەرامبەری ڕاست لەئەجسامدا ٤ـ برا. بچوکی ده‌ـ کاتێ بکەوێتە شوێنی‌سك ' بـە مەعنای تەناسولە ٥ـ پۆ،بێ‌ئەوە نابێ‌ـسفەتی کاتی تەرکیب لەڕیشە (مصدر)ی گەستن ٦ـ کەسێ، بیروڕایێ دەربڕێ ، وەیە کێکی تـر دۆدڵ بێ، کە:ئایابەدیدێ،یانە،خاوەن بیروڕا ـ کە، وەهائەڵێ‌ـ . . .ێزەنجیری غەمباری لـە ملماڵ لەباتی چەهچەهەی خڕخاڵە بێتۆ٧ـ «بەزەی هەورامان ـ ووشەی بانگ کردنی بزن

**بەرموخوار:**

١ـ ئێسك قورس ٢ـ ئەگەرسەرەتای مەعلوم بووایە ، زەردەوتەبسم بۆ ـ جوملەی تەصدیق ٣ـ ئەم چاوی پێ ئەڕەژێ: هەموو ڕژێ پـێ ئەکەن ـ شمشاڵ ٤ـ لەدێ دۆڵ ، گەورەتر ٥ـ مەلێکی خۆشڕەفتـی وەکو کەوـ نـاوماڵ و حەوشەی، پێ،دائەماڵێن ٦ـ باری کردنی کارـ ژەنگی عاشقان ٧ـ... سەردەدای لەبەر بەرزان،ێ دای لەکۆتەی وەنزوخاڵ کەردئەرزان.

### گراوەی چوار قوژبنی ژمارەی ٨٥

**لابەلا :** ١ـ گوش ـ پرد ٢ـ وەنـ زوە ٣ـ لیوـ دلم ـ ٤ـ او ـ هاء ٥ـ سەگ ٦ـ هەمرولە ٧ـ یال ـ لان .

**بەرەوخوار :** ١ـ گولالەی ٢ـ وەیوـ ها ٣ـ شنوـ سمل ٥ـ پردـ گول ٦ـ رولەـ لا ٧ـ دەماوەن .



دێنم . ئەوجا پێکەوە سوێندیان بۆیەکتر خوارد وپەیمانی دۆستی‌یان بەست. شازادە خاتوون ووتی : ئێستا دڵم ئارامی گرت وخەیاڵم ڕەحەت بۆ؛ بەڵام تکایێ‌ترم لەتۆهەیە، کە : تۆلەگەڵ قۆشەنی خۆتا بگەڕێتەوە بۆلای باوکت . شرکان ووتی: خاتوون ! باوکم منی بۆشەڕی باوکی تۆناردووە ؛ وەهۆی ئەم شەڕە ئەوەیە، کە: تاڵایێکی زۆری لەعەرەب گرتووە ؛ وەلەنێوی ئەوتاڵانا گەوهەرێ بووە، زۆر گـران بایـی . شازادە خاتوون ووتی : ئێستا کەوەهای پێهات ، دڵت ڕەحەت بێ وهیچ ووتووپەرەت نەمێنێ، وەمن هۆی ناحەزی ودوژمنی پاڎشای «قسطنطینە» و«مەلك حردوب» بۆتۆئەگێڕمەوە وەئەوە ئەمەیە کە : لەنێوی ئێمەدا جەژنێ هەیە، کە بەناوی جەژنی دەیربەناوبانگ بووە ؛ وەهەمۆسالێ لەوجەژنا کچانی پاڎشا ووەزیران وبازەرگانان وپیاوە گەورەکان کۆئەبنەوە،وەحەوت ڕۆژلەدەیرا دائەنیشن ' وەمن یەکێ لەو کچانە بـۆم، وەختـی ناحەزی ودوژمنی پێ لەنێوی وەڵاتابەدی‌هات؛ باوکم بەو بۆنەوە حەوت ساڵ ئێ نە گەڕا کەمن بڕۆمە نێوی ئەو کۆمەڵەوە . ئەزقەزا ساڵێ کچانی پاڎشایان وپیاو گەورەکان لەو جەژنا لەهەمۆ شوێنێکەوە لەدەیرا کۆبۆنەوە ؛ یەکێ لەوانە «صفیە» کچی پـاڎشای «قسطنطنیە» بۆ حەوت ڕۆژلەدەیرا مانەوە بۆڕۆژی هەشتەم گەڕانەوە «صیفە» ووتی: من لەدەریاوە ئەمەوێ بڕۆمەوە بۆ «قسطنطنیە» . ئەوجا کەشتی‌یان بۆئەو ئامادە کرد «صفیە» لەگەڵ نۆکەرانی خۆیانا نیشتنە کەشتی و کەوتنەڕێ زۆریشتن ؛ لەنێـو دەریاڎا بای پێچەوانە ڕێگای لەکەشتی شێواند ؛ وەسەرگەردان بۆ . ئەزقەزا لـەو وەختا یەك کەشتی‌هی کافرانی جەزیرەی کافۆر لەنێودەریادائەبێ، وەپێنج صەڎ فەرەنگی تێڎا ئەبن. کاتێ نزیکی کەشتی‌یەکەی «صفیە» ئەبنەوە، وەچاویان پێ ئەکەوێ، زۆر بە ئەودێن تاپێ ئەگەن؛ ئەوجا تەناف ئەبەسنە کەشتی‌یەکەی «صفیە» وبەشوێنی کەشتی یەکەی خۆیانا ئەی کێشن وڕۆ بەجەزیرەی «کافۆر» لێ ئەخوڕن .

بنکەی ژین
www.zheen.org

# کوردستان

لێکۆڵینەوەی سیاسیی

## ئەمریکا و کوبا

پچڕانی پەیوەندیی سیاسیی نێوانی دوودەوڵەتی گەورەی ئەمریکاو کوبا ، یەکێ لە گرنگترین پێشاتە سیاسی یەکانە کە لەسەرەتای ساڵی ١٩٦١ لەمەیدانی سیاسەتی جیهانیدا ، قەوماوە . فیدل کاسترۆ ڕابەری پێشوی شۆڕش گێڕەکانی کوبا کەلەپاش شەڕەخوێنینە ناوخۆیی یەکان توانی کاروباری ئەم وەڵاتە بچووکە بگرێتەدەست - کەلەچاوی فرۆشی شەکرەوە یەکەم وەڵاتی دونیایە - هەرلەسەرەتای کارەوە دەستی کردە ناحەزی کردن لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا ودەسگا ئابووری یەکانی ئەم دەوڵەتە لەکوبادا ؛ وەئەڵبەت دەستەی شیوعی یەکانیش بەتایبەتدەوڵەتی ڕووس - لەتاریك بوونی پەیوەندیی نێوانی ئەمریکا و کووبا زۆرخۆش حاڵ بوون، وەبۆ گرتنی ماسیی ، ئاوەکەیان لێڵتر ئەکرد. دەوڵەتی ئەمریکا بۆپێش گیری لە توندڕەوی و ناحەزی فیدل کاسترۆ لەپێشان تێ کۆشی کە بەهۆی گەمارەی ئابووری ئەم وەڵاتە، کارێ بکا کە ڕابەری کووبا لەوتوندڕەوی خۆیە کەم بکاتەوە، وەڕەووشتێکی نەرمونییان بگرێتە پێش، بەم جۆرە کەڕای گەیاند، دەوڵەتی ئەمریکا - کە بۆخۆی گەورەترین کڕیاری شەکری کووبابوو - لەکڕینی ئەم کاڵاڵە کووبا خۆی ئەگرێ. دەس بەجێ لەپاش ڕاگەیاندنی ئەم لێبڕانی ئەمریکا ، دەوڵەتی ڕووس وبڕێ لەوەڵاتە شیوعی یەکانی تر، ئامادەبوونی خۆیان بۆ کڕینی شەکری کووبا ڕاگەیاند؛ وەبەم جۆرە لەناو کەڵاً فیدل کاسترۆیان هەڵنا، کە سیاسەتی ناحەزیی خۆی لەگەڵ ئەمریکادا، درێژەپێ بدا، هەر لەووەختا فیدل کاسترۆیش بۆتۆڵە کردنەوە دەستووری بەستنی بڕێ لەدەسگاکانی ئابووری وبازرگانی ئەمریکای لەکووبادا ، دەر کرد؛ وەماڵو دارایی ئەوانی لەدەسیان گرت؛ وەناحەزی ودوژمنی ئەولەگەڵ ئەمریکادا، توندتر بوو .

نزیك بوونەوەی ڕووس بەکووباوە ، بۆئەمریکاودونیای ئازادئەڵبەت مانای گەورەتر یکی بوو؛ چونکوو ئەگەر بڕیار وەها ببوایێ کە لافاوی چەك و ئەسڵەحەی ڕووسی بۆ کووباهەڵ نیشێ، وەڕابەرانی کووبا - لەباتی یەکیەتی و دۆستی لەگەڵ وەڵاتانی ئەمریکادا - خۆیان بخەنەداوێنی ڕووس ، وە کووبابێتە سەنگەر وبنکەی عەسکەری بۆڕووس ، ئەم کارە مەترسیی گەورەیێکی بۆ ئاشتیی دونیا پێك ئەهێنا ، وەلەبنا لەبەدیهاتنی نزیکی و ڕێك کەوتنی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش پێش گیری ئەکرد. دادیارە کەبەهۆی ناڵەباربوونی کاروباروپەیوەندیی ئەمریکا و کووبا، ئەم دەوڵەتە ڕووی پیشاندابوو کە: بنکەی عەسکەری بەدەوڵەتی ڕووس بدات؛ باوەکوو دەوڵەتی ڕووس ئەڵێت کە: هیچ وەخت خەیاڵی دامەزرانی بنکەی موشەکی لەکووبادا نەبووە، بەڵام ئەوهەواڵە پەنامەکی یانە کە گەیشتوونە ئەمریکا بەپێچەوانەی ئەم قسە بوون ؛ بەم بۆنەوە ڕابەرانی ئەمریکا پێویستیان زانی کەبۆجڵەوگیری لەکاری دوژمنانەی کاسترۆ هەنگاوێکی بەرزتر بەپێچەوانەی ئەوەهەڵ گرن ، بۆیێ پەیوەندیی سیاسیی خۆیان لەگەڵ کووبادا ، بچڕی .

ئێستا کاسترۆ لەبەینی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوادا ، دەستی داوەتە کارێکی زۆرمەترسیدارەوە ، کەڕەنگە بۆئەو زۆر گران تەواوبێ . ئەمریکا هەمیشە بۆکووبا دراوسێیێکی چاك بووە ؛ وەهیچ وەخت خەیاڵی دەس درێژی لەسەرخاکی کووبا نەبووە : وەبێشك لەووەختی هەڵگیرسانی ئاگری شەڕە مەترسیی دا ، لەکووبا بەرگری ئەکرد ؛ بەڵام ڕەفتاری فیدل کاسترۆ، وەهەنگاوهەڵ گرتنی ئەو بۆجێگاپێ کرد- نەوەی وەڵاتێکی شیوعیی لەئەمریکادا - کەمێژوو دەری خستووە کەئەو وەڵاتەشیوعی بەچەند حەزلەجیهانگیری ئەکا - مەترسیی هێناوەتە بن دەسی ئەمریکاوە . وەبەڕاستیی کاسترۆ لەبەدی هێنانی ئەم مەترسی یەدا ، بۆ ئەمریکا دەستی بەقومارێکەوەداوە، کە : ڕەژنی بورد لەوا زۆر کەمە.

### مانای ووشەکان

پچڕان: قطع
پەیوەندی: رابطه، مناسبت
ناوخۆیی: داخلی
سەرەتا: آغاز، مقدمه
ناحەزی: مخالفت
ئابووری: اقتصادی
گەمارە: محاصره
نەرم ونییان: ارام
ناوکە: حقیقت، واقع‌مغز
هەڵنان: تشویق
تۆڵە: انتقام، قصاص
بڕیار: قرار
بنکە: پایگاه
مەترسیی: خطر
ڕوپیشان‌دان: موافقت
پەنامەکیی: محرمانه، مخفی
مێژوو: تاریخ
بەدیهێنان: بوجودآوردن
ڕەژن: شانس، احتمال

ماوەی سەرووتار

ماوەی ل١

خۆشی یا کڵاوەکانیان بەئاسماندا هەڵبدەن، بەڵام بەبێ ئەوەی بمانە وێ باری بەردرێسی بگرینە پێش چاو، ئەبێ بێ پەردە بڵێین کەئەگەر خزمەتێ لەوخۆپیشان دەرانەوەلە بەرانبەری پایەی بەڕێزی بوڵندی سەلطەنەتەوەلە بەرخاتری خەڵکی وەسوودی گشتی بکرێت ، بۆچی ئەبێ لەلایەن خۆیانەوە بکرێتە پێ پلیکانەی سەرکەوتن بۆنوێنەری،وەیا بەوخزمەتەکە کردویانە یائەیانەوێ بیکەن منەت بنێنەسەر خەڵکی، چونکە زورهەن لەوانە کەئارام وبێ دەنگ وباس خزمەتی زۆری نەتەوایەتی وەئەستۆی خۆیان لەبەرانبەری نیشتمانەوە،لەدووا پلەی بێ نظری یا،وەلەڕوی خاوێنی پیروزایانەوە ئەنجام ئەدەن،وەسەرا نسەری بونیان پڕیەتی لەشاوپستی، بەڵام هیچ کاتێکیش نەیان وپستووە ئەوهەستەخاوێنانەیان بکەنە پایەی سەرکەوتنی خۆیان ، وەسوودی مادی لێ ببەن .

لەبناغەدا نیشتمان پەروەری و شادۆستی ئەستۆی تەواوی ئەندامانی گەلە،وەئەگەر هەر ئەندامێ وانەبێ کۆتایی کردووە وەدەرکراوی گەلە، مادام کەوایە بۆنوێنەری جگەلەوانە زۆرشتی پێ بەجێ‌ی تریش پێ وپستە،نوێنەری خەڵکی ئەبێ خۆشناو ودروست وەبەخدەی چاك بەناو بانگ بێ ، و شارەزا- یپشی بەکاروباری سیاسی بێ، وە تەنیادەربڕینی شادۆستی ونیشتمان پەروەری، ئەویش تەنیالە کاتی هەڵ بژاردندا بەس نی یە، کەببێتە هۆی نزیك بوونەوە بەناوەندی دەستەڵات ، وەپایە دامەرزاندنی گەیشتن بەپۆستەکانی تەنیابێ ئەندام، نوێنەرانەو کەدائەبێ خزمەت کاری گەل بێ ، وەبیرو ڕای سیاسی ئەو لەپێش چاوی خەڵکی ئاشکراو ڕۆشن بێت، وە هیچ کاتێ دووڕوویی ودەهۆیی ودوو ڕۆیی وخۆهەڵ کیشان وخوپیشان دانی بێ جێ وڕەنگاو - ڕەنگی لێ نەبینرابێ، ئەوەی کەلەهەر کاسەیێکا کەوچك بووبێ؛ وەهەرڕۆژێ لەسێبەری ئاڵای دەستەڵات دارێکا سپنەی ک وتابێ، ئەندامانێ کەهەر ڕۆژێ بەڕەنگێ دەرهاتبن لەئایین وسیاسەتدا هەر ڕۆژێ بەچەشنێ هەڵ گەرابن، وەئەوانەێ ئایین وبیروڕا حسیب ئەکرێن ، ئەوچەشنە ئەندامانە کەخاوەنی بیروڕاییێکی پێ بەجێ نەبن،ئەوانە هیچ کاتێ ناتووانن جێ‌ی بڕوا پێ کردنی نەتەوایەتی بن.

ئێمەلامان وایەئەگەر کەسێ لەبیروڕای نهێنی خۆیا پێ بەجێ‌ودامەزراو بێ، زیاتر لەوانەی کەهەر کاتێ بەرەنگێ وەهەر ڕۆژە بەچەشنێ خۆیان پیشان ئەدەن ، ئەتوانن بڕوای خەڵکی بۆخۆیان ڕابکێشن .

باوەکو خەڵکي خۆیان ناوەکەی کارتێ ئەگەن بەڵام فریب خوواردنی ئەوان لەوەها ئەندامانێکی چاوبەس کەروزمان باز، کە لەبێ پەری وساویلکەی خەڵکی سوودئەبن زۆرجێ‌ی داخە هیوادارین گەل لەبارەی پێشینە و خدێ‌ی کاندیداکان یانەوە بەتایبەتی لەبارەی پێ بەجێیی وهەڵ نەخلیسکانی ئەوانەوەلە بیروڕای سیاسییاندا زیاتر لێ بکۆڵنەوە، وەزۆرچاك داوخووازە دووڕوو منافقەکان بناسن، وە ئەوانەڕێ نەدەنە ناومەجلسی نەتەوایەتی خۆیان.

داوخوواز - دارطلب
ڕیزە - لیست
ناوخستنە ناوگا - اسم بمیدان کشانیدن
هەڵاوداوان - هیاهو
بریا - کاشکی
بەردڕیسی - منفی بافی
لەهەر کاسەیێکا کەوچکە : در هرآشی نخوداست

بنکەی ژین
www.zheen.org

# کمیسیونی فروتنی زەوین بەجوتیارەکان لەکوردستاندا پێك هات


ژمارەی ـ ٣٨ ـ سالی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ٨٩

کوردستان

رۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردییە، حەوتەی جارێ چاپێکی دەرئەچێ

بایی
بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| سالانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش مانگە | ٧ | » |
| چلێ | ٣ | قەران |

بۆ دەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| سالانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | |

کوردستان

عەزیزم شاسـوارێکە، گورزەرگا، گەر، بەئەلبورزا
دەکا ، نووکی سمی ئەسپی، لەعارا، تووتیا پەیدا

سیاسی ـ زانیاری ـ وێژەیی ـ کۆمەلایەتی

خاوەنی امتیازومدیری لی پرسراو
عبدالحمید • بدیع الزمانی
بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
دوکتۆر محمدصدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر
دوکتۆرعبدالرحمن واحمدمفتی زادە
عابد سراج الدینی ـ شکر الە بابان
خسروشیخکانلووی میلانی

بانەی رۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی «صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ٢١٨
تلێفوون ٣٢٠٠٣

چووارشەممە ٢٨ بەفرەمبار ٢٥٧٢ ك ـ ٢٨ دەی ١٣٣٩ ش ـ ١ شەعبان ١٣٨٠ ق ـ ١٨ ژانویە ١٩٦١ م


## چاك کردنی عەرزە-کانی کوردستان

لەهەواڵەکانی حەوتەی رابوو-ردودا بینرا کـە دەولەت فـەرمانی داوە بڕیارنامەکانی یاسای چـاك کردنی عەرزەکان لە کوردستاندا بـەڕێ ئەکرێ ، وەئـەوکارەساتە بەکردەوە ئەنجام ئەدرێ .ئەو یاسا سەرکەوتووە کە : لەلایەن شەخصی **اعلیحضرتی شاهەنشاهە** وە گێڕ-اوەتە پێش، وەبەهـۆی بیروزای خاوێنی ئەوان رێك خراوە، بەیەکێ لەهەنگاوەبناغەیی یەکان ئەژمێررێ، کە : بەڕێ کردنی ئەو کارە ساتە لەسەرخستنی ژیانی فـەلاکانـی وەلات دازۆر بەکارە، وئەبێتە هۆی ئەوەی کەئێران بباتەڕیزی وەلاتانی سەرکەوتوی جهان .

گرۆی خاوەن موڵك لـەیەك دوصەدەی دووایی یا ' جگەلەوەی کەفەلاکان ماڵ ویران بکەن، وە بیانکەنەبـەندە وبـەردە، وەدەس رەنجەکەیان بەتالان ببەن، کارێکی بەکەڵکیان ئەنجام نەئەدا،وەهیچی تریان لێ نەئەهات .

ئەگونجێ ئەم کسارەساتە کەم تازۆر لە زۆرتری مەڵبەندە کسانی ئێراندا بەوچەشنە رۆبێ، بەلام لـە مەڵبەنـدە کوردنشینەکانـدا بسە-چەشنێکی دییاری تر،وەبەشـکلێکی نالەبارتر خۆی پیشان داوە، وەبەم

ماوەل ١٢

شاهەنشالەجەژنی میعراجدا فەرموویان

## ئیمە ئەگەر بەگویرەی تەعلیماتی خاوین و بەریزی ئیسلام رەفتار

بکەین، سەرئەکەوین. هەروەها کاروباری ماددی پیشرەوت ئەکا ئەبی بوپیشرەوتی مەعنەویاتیش تی کوشین. پەیغەمبەری ئیمە وەختی لەریگای حەقاهەستاوە، تەنیا بوو؛ بەلام بەهیزی ئیمان بوت پەرەستی و ماددە پەرەستی لەبەین برد، وەئەم تەعلیماتەعالی یەی بوئیمە بەجی هیشت.

لەم هەفتەدا:

## یاسای هەل بژاردنی نوینەرانی خولی بیستەمی نیشتگەی راویژی نەتەوایەتی دریژەی بووە تائیستاگەلی لەوان هەل بژیرراون.

## رابەرانی ئەلجەزایر ئامادەیی خویان بووە تو ویژلەگەل ژنرال

دوکول دا، راگەیاند؛ بەوشەرطەکەئەو بوپیك هینانی دەولەتی لەئەلجەزایرا بەگوبرەی رفراندم هەنگاو هەڵ گرێ.

## ئابووریی لە دینی «اسلام» دا

-١٥-

**تەلاشی پەیغەمبەران ـ صەلوات وسەلامیان لێ بێ ـ بۆ جۆر کردنی کاروباری ئابووریی**

بەرلـەوەبچینە سەرپاشماوەی باسەکەمان، ئەوە بزانین، کەبۆ لەڕۆ،ردنی کەسانێ ، کەپەی یان بەڕاستیی پـەیغەمبەران بردووە، بەڵام دڵیان نەهاتووە لەقازانجی خۆیان دەس هەڵگرن و بۆ حەقیقەت بخەوینن خوداهەر کاتێ ویستبێتی، بەگوێرەی زۆر، موعجیزاتێکی داوەتە پەیغەمبەرەکان ؛ وەهـا کە مەسەلەن: لەزۆرگاری بەرلەئیسلام

ماوە ل ٦

م.ص.م

### چۆن بنووسین وبخوێنینەوە ئەو کردەوانە کە لەهەر سێ کاتدا بەکار نابرێن

دەستەی سێ یەم ئەو ناوانەن کە پیتی دووایی یان پیتی ژیری درێژ

یی»، وەکو :زانیاری، خوێندە-واری: نەتەوایەتیی، کوردستانیی، مامۆستاییی، قوتابیی .

دەستەی چووارەم ئەو ناوانەن

ماوەل ٢

ش ـ ب

## نەتەوەی کوردو نەتەوایەتی ئێران

سەلام لەسەرخاپاکی کوردستان لانکی پالەوانەکان .

خونیدە رەبەڕێزەکان لەژمارە پێشووەکانا باسی زۆرم کردووە لـە بارەی رەگەزو کۆمەلایەتی وەبناغەی کۆمەلایەتی ورەگەزی کوودەوە' وەچەن دەلیل وبەلگەیێکم ژوونا کم بودەرخستوون، کەهەموویان دەلیلی ئینکارنە کراوی زۆژگارە زۆر لەمێژەکان تـائێستا'ئەشایـەتی یەکیەتی کورد ئێران وئاریـانی

م.ص.م

## لەکومەلاچون بژین؟

**رێگای خوداناسی**
**یان**
**طەریقەی عرفان**

-١٩-

لەژمارەی پێشوودا ووتمان ئەو کارە نەکراوانـە کـە دەرویش یا ئەندامێکی نـەزان و نەخوێندە-واری تر لەخۆیەوە نیشانیان ئەدا،

ماوەل ٣

بۆنیانە . ئیستاباسێکی تێکڕاییو سەربەستان بوئـەکەم لەبـارەی

ماوەل ٧

**لەگومەلا..**

ماوەی ل١

یالەزیگای کەرامەتی ئەولیاوە، ئەیانکا، یاچاوبەسمان ئەکا، یا بەیارمەتی شەیاتین ئەیان کا.

لێرەدا لەکەرامەتی ئەولیاوە باس ناکەین چونکە لەدووایی‌دا لەجێگای خۆیا، لێیەوە ئەدوین، بەڵام‌ئەڵێین‌ئەوکارەنەکراوانەکە ئەوجۆرە ئەنذامانە ئەیان کەن، کەرامەتی ئەولیا نییەچون ئەو کەسانەکە ئەوکردەوەنەکراوانە لەخۆیانەوەنیشان‌ئەدەن، یالەکە سێکەوە ئیزنی کردنی ئەو کارە بەڵاجەوی‌یانەیان وەرگرتووە، یاکەسێ ئیزنی نەداون‌وەلەخۆیا- نەوەئەیان کەن.

ئەگەر لەوانەن کەلەمورشید، یاڕابەرێکەوە ئیزنیان پێدراوە، ئەبوایا،ئەو کەسانەکەئیزنیان‌بەوان داوەباشتریان‌توانیباێ‌داروبەردو ئاگر بخۆن، وەتێغ بوەشێنن، چونکەیا خۆیان‌وەلپن‌وکەرامە- تیان‌هەیە، وەیالەئەرواحی‌ئەولیاوە

ماوەل ١١

# مەولودنامەی پەیغەمبەری

## ئیسلام حەزرەتی‌محمد(ص)

### شاعراوی زانای بەناوبانگی کورد

**مەلاحەسەنی هەرتووشیی**

دیچ بێژم ئەز جەمال ومەعرفەت

والد«احمد» بسەهەر ئەڤ صفەت

«فاطمە» دیت و ڤــە گەریــا ضامنە

گۆتە«عبداللە» بــــــەحشا«ئامنە»

مثلێ‌وێ نابــن شەپال ونــازەنین

نەد دونیا، بــــــەد فردۆسا بەرین

جاري دي چۆ دیت ئەونازك نهال

لێ ڤەخورە بابەتــن هەردو هەڤال

هاتــە «عبدالمطلب» ژاکــرژمال

چۆژبابێ خــواست ئەورەعنادەلال

وەقیك زیوو وەقیك هــەم «ذهب»

سەدشوتورسەد پەزئەوي‌دانە«وهب»

چاپ‌اخترشمال

تلفن ٢٥٥٠١

هەزارویەك‌شەو ٣٣٩

سەعاتێکی پێ‌نەچۆ کەبای پێچەوانە هەڵی کرد ،وەڕێگای لەکەشتي‌یێك‌دا وهێنای، تاگەیاندی‌یە لێواری وەڵاتی ئێمە، ئێمەش دەرپەڕین وئەوانمان گــرت و هەموومان کوشتن ؛ وەکەنیزەکان‌وهەموکالاکانمان لەدەست گرتن، وەتالانمان کردن لەنێو کەشتی‌بەکەذاچل کەنیز بون کە«صفیە»یەکێ‌لەوان‌بو لەپاشان کەنیزەکانمان برد بۆلای باوکم ؛ وەئێمەنەمان ئەزانی کەکچی‌فریدون‌شاوا لەنێوی‌ئەو کەنیزانا؛ باوکم دەکەس لەکەنیزەکانی هەڵ بژارد ، وەئەوانی‌تری بەخشین ، وەلەوەدەکەسە پێنج کەسیانی لەگەڵ گەلێ دیاري گران بایی‌دا ، ناردبۆ«ملك‌نعمان» باوکی تۆ . ملك‌نعمانیش لەوپێنج کەنیزە «صفیە» کچی فریدون شای بۆخۆی هەڵبژارد .

وەلەسەرەتای ئەمساڵەوە فریدون شانامەیێکی بۆباوکم ناردبو، وەلەونامەذا جۆرەقسانێکی نوسیبو کە بۆووتن ناشێن ؛ وەزۆرهەڕەشەی لەباوکم کردبوو ، وە لۆمەی ئەوپشی کردبوو کە : ئەمەدوساڵە تۆکەشتی‌یێکت‌لە دەستی فەرەنگی‌یەکان گرتووە ؛ وئەو کەشتی‌یە نەختینە وگەنجی زۆری تیذابووە ، وەیەکێ لەوشتانــە کەلەنێوئەوکەشتی‌یەذا بەتالان بردوتە «صفیە»ی کچی من‌لەگــەڵ‌شەصت کــەنیزا بووە ، وەتۆهیچ کەست بۆلای من‌نەناردووە ؛ وەلەم‌کارەساتە ئاگادارت نــەکردووم منیش لەترسی ئەوەذا کە نەوەکوولەنێوی پادشاهانا ئابڕۆم بچێ، نەم‌توانی کەبــە سەرهاتی کچەکەی خۆم ئاشکرا بکەم ؛ وەئەم‌پێشاتەم تا ئەمساڵ بەلای کــەسەوە ئاشکرانەکرد ؛ وەبەپەنامەکي پیاوێکی تایبەتیم بۆناوی فەرەنگی یەکان‌نارد ، کە بەلکوشوێنی کچەکە هەڵ‌کا. بەڵام ئەوان‌ووتبویاون، کە: ئێمە کچی‌فریدن‌شامان نەهێناوە. وەدیسان فریدون‌شالەنامەکەیانوسیبووی، کە : ئەگەرئێوە لەگەڵ‌منــا خەیاڵی دوژمنیتان نییە ، وەئامانجتان ئەوەنییەکە هەتکی نامووسی من‌بکەن، هەر ئەوکاتە کە ئەم نامەم ئەگاتەدەستتان. کچەکەم بۆبنێرنەوە ، ئەگەر ئەم‌کارە بخەنە

# مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی کورد

نووسراوی‌زانای‌مەزنی کورد،احسان‌نوری — وەرگێڕاوی:د.ع.مفتی‌زادە

## ٨٨

بۆبەتین کردنەوەی ئەم‌بیروڕایە،ئەوەکە«سرجان‌ملکم»نوسەری ئینگلیزی‌لەکتێبی مێژوی خۆیدا لەم بارەوە نوسیویەئەی گێڕینەوە :

(زێ‌لەزانالێ‌کۆڵەرەکان هاودەنگن لەسەرئەوە کــە پادشاکانی «پارثیا» ئەصڵیان لە «توران» یا«تاتار»ن کەچەنذین قەرن بەسەرئێراند دەسەڵاتیان پەیداکردووە، بەڵام بەڵگەی زۆربەپێچەوانەی‌ئەم مەبەستە هەیە . یەکێ‌لەمێژونوسەلێ کۆڵەرەکانی‌قەذیم بەڕۆناکي‌ڕائەگــەیێنێ کە : هۆزی «پارتیا»ـ کە وەڵاتیان لێواری دەجلەبوـ لەقەذیما ناویان «کاردوش»بوـوەخاکی«کاردوش» ئەمڕۆبەناوی«کوردستان»ئەناسرێ)

لەپاشان «سرجان ملکم»ئەڵێ:

(لەکاتی‌مردنی‌ئەسکەنذەرتاڕۆزگاری‌ئەردەشێری‌بابەك‌نزیکەی پێنجصەذساڵ ئەبێ. ئەتوانین بڵێین کە سەرانسەری ئەم ماوەدرێژە لە مێژوی ڕۆژهەڵاتداتاریك وبێ‌شوێنە ، «فیردەوسي»هێندە ڕائەگەیێنێ کە: گۆیاهیچ مەبەستێکی مێژوی لە وڕۆزگــارە بەجێ‌نەماوە؛ ئــەو ئەڵێت :

لەپاش مردنی ئەسکەنذەروەڵاتی‌بەربەڵاوی ئێران تــادوصەذساڵ شێوا ووبلبشێوبو؛ وەبەیاسای عەشایري وخان خانیی بەڕێو ئەچو، کە هەمیشەپێکە وەشەڕیان ئەکرد ووەشیابۆنەگیانــی‌یەکتر. بناغەی ئــەم هۆزانەهێندە تەق ولەق ودانەمەزراوبو کەئەکرێ‌بڵێین: ئێران لــەسەر تاسەری ئەوماوەذا گەلێ‌بوبی گەورە وزانێ‌بوبێ‌شوان؟!...

بەکورتیی،فیردوسیی‌مێژوی تەواوی‌ئەودەورەیەلەقەلەمخستووە؛ لەکاتێکدا مێژوی ڕۆمی‌یەکان پڕەلەداستان وکارەساتی‌ئەوڕۆزگارە، کە ئێرانی‌یەکان ئەتوانن بەوانەشانازي بکەن . پادشاکانــی «پارثیا»ـ کە ئەمڕۆناویان لەمێژوی ئێراندا گومــەـوەها پادشایانی‌بوون کەشمشێری ڕۆمی‌یەکان ـ کەوەکوهەتاولەنێوەڕاستی‌ئاسمانی‌هێزودەس ڕۆیشتن‌و زۆرداري‌دابوـ نەی‌ئەتوانی لەگەڵ ئەوانا بەرانبەری بکا . وەئەتوانین بڵێین کە هۆی ئەوەهونەرونەبەزي گەلی‌ئێران بو. بــە کورتي بڵێین : دانیشتوانی ئەووەڵاتە کەبەسەرڕۆمی‌یەکاندا زاڵ‌وپیرۆزئەبون، لەبەشی نزیك بەوەڵاتی‌ڕۆ.دا بون . لەدەریای «خەزەر»ەوە، تابگاتە خــەلیجی فارس هەموئەوکێوە بەرزانە، دەشتەبەربەڵاوانە، ڕۆبارتێژیەڕانە، دەشتە بێ‌ئاڵفانە جێگای ئەوان بو کە ڕۆمی یەکان نەیان‌توانیبو‌ئەوان‌مل‌پێ داکێشن وبیان کەنەژێردەستی‌خۆیان . نەبەزترین سەربازانی‌ڕۆم کەلە سەرداری‌خۆیان باسی شەڕی «پارثیا»یان ئەبیست، سەربــان‌دائەخست)

ئەم ناوچە کە «سرجان‌ملکم»ناوی‌ئەبا،نیشتمانــی گــەلی«ماد»ی قەذیم و کوردی ئەمڕۆیە. ئەمەبەڵگەیێکی‌ڕۆنا کــە لەسەرخــەبــات و تێکوشینی کوردان لەپێناوی‌پاراستن‌وڕاگرتنی‌ئازادي‌خویان‌وئێرانی- یەکان . وەدیسان بەڵگەیە لەسەرئەوە کە جێگای قورس وقۆڵی‌ئێرانی گەلی کوردپێکی‌هێناوە؛ وەئەوهۆزانەکە بەناوی‌ئێراني‌هەمیشەلەگەڵ ڕۆمی‌یەکاندا شەڕیان کردووە، بەهۆی جێگاکەیانەوە تەنیا کوردەکان بوون .

ماوەل١٠

هۆنراوەی (ع) سراج الدینی

# ناله باری یه کانی کومه ل

## ئەندەرز

-١-

هەر کەس بەهیوای نـاپیاودانیشێ
چاوەڕێی چاکەلـەقەاب بکێشێ
زۆروزۆ گێژە وشێت ونــــەفامە
سەرئەنجام ئەبێ هەرئامەهەڵ کێشێ

☆☆☆

بێگانە نابێ بــــــەدڵ سۆزی تۆ
ئاخری ئـەتکامــات و  زەنجەزۆ
خۆتزەحمەت مەدەبۆچ بەخوزایی
کانی ژیانت ئــــــەدەی بـەفیڕۆ

☆☆☆

تەمادار مەبەخەڵـك بتکاتــە پیاو
سەری خۆت بێ خودمە پێچەناوجاو
ئەگەر ئەفا میوئـەقلت بەجێ یـە
تێ کۆشە بوخۆت نـاوت دیتەناو

☆☆☆

ئەرئەتوێ بـڕێت پر لەشانـازی ؟
هەرگیش حەزنەکەی لەگوشادبازی
تێ کۆشە بۆکارمەردومــــــەردانە
تەنبەلی نەکـەی بـەماڵ نەنازی

☆☆☆

مەلی مـن خانـم یـا شێخ ومیرم
خەڵکی نەفامــەو تـەنیا منژیرم
ئەمڕومن تیرم تـێ کۆشن بۆچی
رازقی چەند کەس گـەداوفەقیرم

☆☆☆

ئیتر بۆ کار کەم بۆخـۆم ماندو کەم
بوزەحمەت بۆخۆم یـەرەیات نەکەم
بۆلەماڵ بۆخۆم نەخــــــۆم وبنوم
ئارەق بڕێژم پـــــــارە پەیدا کەم

☆☆☆

امتلائەکەی نەخۆش ئـەکـەوي
هێندەبێ جۆلان ئەخـۆی ئەخەوی
لێت ئەبێتە دەردخـەروخـواردنت
تەنبەلی ئـەتکابـە نـەخشی زەوي

☆☆☆

ماوەی لەپە

# (سوزەی کویستان)

سەرسبەینێ یێ کی زۆلە گوندێ لە گوندەکانی کوێستان دا کەلەناو کزیوەی بەفرادا پۆشراوە، وەبێجگەلە دوکەڵ هیچ شتێکی دیکە دیيارنی یە، وەڕێبوواری ژیۆن کــــــردو ئەگەرتە موبۆران نەبێ تەنیابەهۆی دوکەلەوە ئاوەدانی ئەدۆزیتەوە، مام «شاوەیس» وکاکە «باوەیس» بەنیازی دەلەکەزاووتەلەگێزانەوە، لەدێی «کەیومرکۆ» دەرکەوتن، لەوکاتەدا کە ئەوان لەماڵ هاتنەدەرەوە بۆران و کوڕەو تەپەلۆل وتەمەریزوشین وواوەیلای کوێستانی کۆس کەوتو، ئارامێکی گرتبوو مرقێکی بەخۆیەوەنابو، تەپەدوکەڵیی بۆران کـەمێ بەری هەتاوی سەرمابردوی زستانی بەرەلا کردبو کەمێ لوتەی کێوەکان دەرکەوتبو ، (شاوەیس وباوەیس) بەم ئارامی یە بڕوایان کرد، لەماڵەوە کولێرە چەورە وتۆشەو خواردە مەنی یان پێچایەوە، «کالە» و «پیتاوە» یان بەست و «پۆزەوانە» یان هەڵ کێشا، گوچان یان نایەقولەشت و کولەباڵ وپەسەکیان لـەبـەر کرد ، ناوي خودایان بەهــەق بردو لەماڵ هاتنە دەرەوە .

کاتێ کەلەزچەی ئاوایی یەوە ئەیان وویست لەمــاڵ دەرچن لەنزیکی حەوزی مزگەوتا دوچاری مام «الله کەرەمی» ریش سپیی ئاوایی هاتن، سلاویان لەوپیرە مێردە دونیا دیدەیە کرد، پیرەمێرد خۆی بەمل گۆچانە کە یاداو وەلامی دانەوەو دەستی بەسەربرۆیەوە ناوسێبەری بۆچاوانی دروس کرد ، وەکوتی: ئەرێ زۆلە ئەوەئێوە بۆ کووێ ئەچن ئەتانەوێ چی بکەن!؟

شاوەیش : ـ مامەگییان ماوەیێکە لەبەربۆران زاومان نە کردووە وسەرمان لەتەڵەکانمان نەداوە، ئەمانەوێ لەمهەلە کەئەمڕۆ بەری ئاسمان زونا کە سودمان بردبێ وەسەری لەتەڵەکانمان بدەین، وەئەگەر بەقسمەتیش ببێ زاوێ بکەین.

پیرەمێرد: ـ سەرێکی سوڕدا و کوتی: زۆلە ئەمڕۆڕۆژی زاونی یە! خاترتان لێ ئەکەم بگەرێنەوە وەئەم زاوەمەکەن، بێ گومان بەپێی تاقی کردنەوەی من ئەمڕۆ

ماوەلی ٩

---

هەزاویەك شەو ٣٤٠

پشتی گوێ، وەمل پێچي لەفەرمانی من بکەن ، تۆڵەتان لێ ئەکەمەوە ، وەئەودز کە لەژێری پێتان دەردێنم. کاتێ ئەم نامە گەیيشتە دەستی باوکم، زانی کە «صفیە» کچی فریدون شالەنێوی ئەو کەنیزانابووە ! زۆری پێ ناخۆش بوو! وەگیچەڵێکی گەورەی بۆتاویاوە، وەلە کردەوەی خۆی پەشیمان بووە! وەگیری کرد کەچی بکا! چۆنکوبۆی نەئەکرا کە «صفیە» لەملك نعمان بسێنێتەوە ! بەتایبەت زانیبووی کە «صفیە» لە «ملك نعمان» منداڵی بووە . بەکورتي بۆت بلێم : باوکم لەپاش ئاگاداربوون لەم کارەساتە زانی، کەکەوتووەتەقورتێکی نارەحەت و گێژاوێکی قووڵوبێ بن ! وەبەهیچ جۆرێ وەلەهیچ لایێکەوەڕێگای ڕزگاري نیيە. ناچار وەلامی نامەکەی فریدون شای نووسییەوە وەکارەساتەکەی بۆئاشکرا کرد ، کەمن بەم کارەساتەم نەزانیوە. کە «صفیە» کچی تۆ لەنێوی ئەو کەنیزانا بووە ، وەئێستا کارلەدەست دەرچووە !وەمن «صفیە»م ناردووە بۆ «ملك نعمان»، وەئێستا لەملك نعمان بووەتەخاوەنی منداڵ. کەوەلامی باوکم بەفریدون شا گەيیشت ، ئاگربەربووە گیانی ، وەلەزقاهەستاوە سەرخۆی، دەستی کردەهاوار و داذوبێداذوئەیووت: چۆن ئەبێ کچی من بەدیل بگرن! وەدەست بەدەست بیگێڕن ، وەهەروەکوو کەنیزبێ مارەبڕین وزەماوەن دەستی پێ بکەیێنن !؟ لە پاشان ووتی : بەمەسێح وبەئایینی ڕاست وڕێکی ئەو! دانانیشم وئارام ناگرم ، تائەم لەکەی نەنگە لەداوێنی خۆم پاك نەکەمەوە ، وەئەبێ کارێ بکەم کەلەپاش من بەداستان بیگێڕنەوە. ئەوجا کەوتەوادێ ئەوە کەڕاوێژوپیلانی بۆئەم کارەجۆر بکا، تائەمە کە فرستادەیێکی ناردەلای ملك نعمانی باوکت ، وەبەقسەی درۆ، وەفزوفێڵ ئەوی لەجێگای خۆی هەڵ کەندووە ، وەئەویش باوەڕی کردووە، وەخەڵەتاوەوقۆشەنی تەیار کردووە، وەناردویە وەفریدۆز شا مەبەستی لەمشەزە ئەوەیە کە تۆبەدیل بگرێ ، وەقۆشەنی تۆش تەفرو.

بەشی کوردیی شمال
کوردستان
لاپەرەیی ، بو هەمو وجار

# ئصلاح کرنا عەردی لە کوردستانی

خەبەرێت حەوتییا چوییٚ دا هاتەدیتن کۆدەولەتێ دەستوردایە قانونا ئصلاح کرناعەردێ کۆردستانێدا بێتەعەمەل کرن ئەوقانونا پێش کەتی کو تەبیراویٚ شخص ئـەعلیحضرت شاهەنشا گرتییە دەستیخو وەگورەکێ مەنوییاتا وی هاتیەنظیم کرن پیگاوەك موهومە بەدار تێتەحسابێ کۆعەمەل‌هاتنا ویٚ ژبۆ بلند کرنا ژینا جوتیاریت وەلات زور باشە وەدیٚ ئیرانی بی نیتەڕیـزا وەلاتێت پێش کـەتیە دونیایێ خودان ملکان قەرنەکی ویٚدوواهیٚ بیٚدا بلی ویٚ هندیٚ کۆ رەعیەتاژارێ زنجیرا دیلـی بیٚ و عبدی تیێ گرێدەن

حق و زەحمەتـا دەستێت وان بتالان ببەن چشولێت دیترەباش نەدکرن وە ممکنە ئەووەضعەکیم زور گەلەك مەحالێت ئیرانـی دا هەبویەئەما کوردستانێدا زورتر وەخراب تردیهار کرییەو ویٚ هندیٚ خودان ملك وەرعیەت زورتر لیك دور کرینە

هەمولایەکیٚ وە درافیٚ نەقدوە تشت وەبێگارلەرەعیەتیٚ وەر گرتینە وەگەلەك جاران پشتاوان بن بارێ گرانەقراندا خار گرینەونەهیٚلا بینە پشتاخوو راست کەن وەحەتا نەدهیٚلان ئەوبچنەجهێت دیترژی وژویٚ هەموٚ داهاتێ کۆحەقێ یان نەحەق ژرەعیەتێ دستاندن صەدان بیٚك ژویٚ هندیٚ بو ئاوادانێ یا ملکیٚ وەژحەتیا رەعیەتیٚ خەرج نەد کرن نیشانێ طاماکاری وەطەمەعاهنەك ژخودان ملکێت دەرەجـەیێکە کوردستانێ نهەژی مەشهورە وەپیٚ تیتەئاخەوتن کـۆهنەك ژوان پیٚ

هەبونا ملکیٚ زورومـالیٚ بیحەد زەحمەتا رەعیەتان دکەن وەملکە شریکێت دەوربەریت خۆژی نەرحەت دکەن وەملکیٚ خۆزیدە کرنەوە ئەوژی خرابە جیدا هیٚلانەوەئاوا دانیا مایێ ژی قـەصتان خـراب دکرن وەبقەولی ساعریٚ (زین دەـ ویران دەمت صدهزار) بەصدان گوندژبو ئـەولادیٚت خۆجـیدا دهیٚلان کۆئەوان ژی هەروەتـو دەست لیٚ نەدایێ ژبوییت وە دوو خۆرا دهیٚلان وەبخودەرن

قانونا ئصلاح کـرنا عـەردێ ژبوو راکرنـاوان جورەظولمانە وەبیٚعدالەتیان چێبویە

نهەدوێت دەولەت عەمەل‌هینا ناویٚداپێ هەم قناوەتاخوەجەهدێ بکەت کۆنیەتا ئەصلیە شاهەنشا جیٚ بێت وەئەو ملکێت فرە کۆبیٚ مەنفعەت مایینەژدەستیٚ وان کەسان کۆخوەخودان دزانـن وەنەشین ویٚملکیٚ ئاوا کەن بیتەدەریٚخستن وتەسلیم مرووێت زەحمەت کێش بێتەکرن کۆ پیٚ قاوەتا بازکێت خوەڤیٚ ئاواکـەن مخصوصاً ئەو مأمورێت کۆژبو ئصلاحاعەردێ دچنە کـوردستانـیٚ دوێت شول دوروست وخودان ئحتبار بن وەبو خاترا طەمەعـیٚ نەبنە لاگیرێت خودان ملکان وەژیکـرا کرنا عردێ بورەعیەتێ تەواو دورستی وەعدالەت عەمەل بێت وەهـەمـو گوندی

حەتارەبەنێت کۆپیٚ جەما کرنا قریـارژی مشهورن لیٚ خـودان پشلك بن

وەبیخنە خەباتـیٚ وەوەسلێت ئاوا کرنیٚ بدەنـە دەستیٚوان و حەچی طەرزیٚ صلاح دزانن ئەوان بن بارێ زورا خـودان ملکاندا دەربجن جا زینەکی تـازە دەست پیٚ بکەن وەدەرێت خێریٚ وەبەختە وەریٚ بخوەو وەوەطنیٚ خـوەوە خیزانیٚ خوەوە کەن، ئەگەر خودێ نەکریٚ ژلایێ مأمورانوە فـرق جداهی چـیٚ بیت وەلاگیـرییا مرۆوێت کۆژنیٚزی کێت خودان ملکان بکەن نەتەنیٚ ئامـانجا ئەصلیەئصلاحا عەردیٚ جیٚ ناهێت بلکەطایفا رەعیەتێ کـۆتێراخو هشار بوبینە وەقنج خرابیٚ یێ دزانن دیٚ ژدەزگاهیٚ دەولەتیٚ وە حکومەتیٚ نەراضی بن وەدیٚ مابەینا رەعیەتیٚ گەل خـودان ملکان پێشدا نەخوشتربیت

وەئـەو هنـدە دیٚ دەستـیٚوان بیهانی بێت کۆ گاوەکی ژتحریك کرنامرووێت صافیلکەغافل نینن دیٚ بێتەوەسیلە کە قاوەت وەخودان ئەثرژبوتبلیغاتیٚ کۆدوواهییاویٚ بیکجاری سەر صلاح وەقـازانجا میللەت وەمەملەکەتیٚ نینە وەنا بیت، ئەم هیوی دارن کۆدەولەت وی بارێدامخصوصا ژهنەك‌شولێت دیترهشیارتربیتوە گوتنێت مەیێ صادقانـەوە وەلات وبستانەپـیٚ نیە تەك باش قبول کەت

## چۆن بنوسین

ماوەل ٢

دێو، دپواخان ـ مێوان، نێوان ، هەیوان،

بەلام پپتی «ألف» هەموودەمی پپتی جوولەیە،وەقەت نـابێتەپپتی بناغەیی. چونکـە هـەموودەمێ نیشانەی سەری درێژە.

پاش ئەوە کە گشت ناوەکانمان دەستە بەندي کرد ئەلێین ئەوناوانە کەلەدەستەی ئۆهەمن پپتی‌پەیوەندیان هەموو دەمـێ لـەشێوەی «سنە»وسلێمانیی»دا، پپتی «ە»ی تەنیایە، وێنە : ئەوەبسەردە، ئەمە چاوە .

ماوەی هەیە

# ئالوزیا ئەفریقایی

عەردێ ئەفریقایێ چەند قرنان عەردەکی بیٚدەنگ بو یەچ کەسی هندوە ئەهمیەتا سیاسی نەددایێ حەتازەمانێ شەرێ دوویییە دونیایـێ وەچەند سالان پاشی هنگیٚ هەروەتـو بیٚدەنگ بوو وەژدەم سالان پاشی تەواو بووناشەرێ دوویێ یەدونیایێ هیدی هیدی مرووێت رازاییبیە ئەفریقایێ هشیاربون وەئازادیٚ خازباوان روژبوو روژیٚ قاوەت پەیدا کر حەتا وە کۆنەکی ئیرو ئەفریقا بەرخاترا هەاقەدمینا مرووێت ویٚدەریٚ بویە بنەگا سیاسەتا دونیایێ، پشکازورە ئەفریقایێ حەتاچەند سالان بێش نەبندەستیٚ ئاوروپائیان دهاتە حسابێ وە هیشتاژی لە کـونج قەراخێت ئەفریقایێ هنەك جهێت بندەست هەنە ئەما گوهورینا سیاسەتادەولەتێت مەزنە وەکیٚ ئەنگلستانی وەفەرانسە وە سەروبن بوناوەضعا دونیایـێ ئەفریقا ئیخستە شکلەك دیتر، فەرانسە چەند سالان بەری نهەمەراکش وە تونس وە کۆما میللەتان ژی لیبی وەئەنگلستانێ ژی چەندجی ناووان داسیر نائیك وەغەناوە بیلژیك وە کنگو ئازاد کرن، وە گەلەك ژدەولەتێت تازەیە ئەفریقایێ ژبوئەندامییا کۆمامیللەتان ژی هاتنەقبول کرن وەنەمایەندێت وان ژی کۆما میللەتاندا لەریزا هەمو دەولەتێت ئازادە دونیایێدا جیٚ بیٚ خو گرتن، ئەلبەتە سەربخوییا دەولەتێت ئەفریقایێ مێژوە مرازا خلقـیٚ ویٚدەرێ وە هەمو مـەنطەقێت دونیایـێ مخصوصا مرووێت وەلاتێت ئاسیایێ حساب دبو ئەما بەرخاتر اویٚ هندیٚ کۆ بمیلیونان مهاجرێت ئاوروپایێ لەئەفریقایێدا ئازادبونا ژێـر دەستێت بەرییە دەولەتێت ئاوروپایێ ئەفریقایێدا مدەهەکی کێم‌دا ئالوزیٚ ویٚدەرێدا پەیدا کر کۆ ژهەمو ئالوزیان دژوارتر ئەوە کۆنهە کونگوداهەیي ئەو ئالوزییە زنەحەزیا مابەینا ئاوروپائیان وەئەفریقائییاندا پەیدا بوویە ، یانیٚ کۆ گەلەك ژخلقیٚ ئەفریقایێ پاشی ئازادبـونـیٚ عقیداوان سەرویٚ هندیە کۆ ئەفریقاڤێ مالیٚ ئەفریقائییانە وە کەس دیترحق چێنە کۆژ ژێدەهییا بوو ئەفریقائییان هەبیٚ خـودان پشك بیت، وەژلایەك دیٚ تێتە گوتن بمیلیونان ژمهاجرێت ئاوروپایێ چندسالان بەری نهەچوبینەویٚ عەردێ وەلەویٚ دەرێ رونشتێنە وەدەست هاوێتنە چاندنیٚ بی وە کرین فروتەنێ

بەرویٚ هندیٚ حەقەك ژبووان بەرخاترا ـ رونشتنێ لەئەفریقایێ داچێبویە وەایٚ ئەستاندا بزوییٚ ودەربخستنا مهاجران زوری ژجـیٚ یێ وان گەل قایدێ حەقی ناومیللەتان لێك ناگریت ، وەئەگەرمەبوێت ئەم قایدێ عدالەتێ وەئنصافیٚ بدەمە بەرچاویٚ خودوێت ئەم نظرا ئەفریقائییان وە ئاوروپائییان بدەنە بەرییٚك وەئەموان نظرانە پێك بینن ئەوپیك هاتنە بوخلقیٚ ئەفریقایێ کۆتازە سەر بخوبوبینە ویٚ گاوی کۆدوێت پیشدا چونـا سیاسەتـــــا خونیشا دونیایێ بـدەن وەدەست پاوینە چیکرن وەفرە کرنا مالهەبونێ گەلەك لازم وەواجبە، ئالوزیائەفریقا ممکنەژبو صولحادونیایێ ژی ئاستەنگان چیکەت وەبەرویٚ هندیەژی کۆ کۆمامیللەتان ژبونە هیٚلاناویٚ ئالوریێ پیشداهاتییە .

بنکەی ژین
www.zheen.org

## كنز العرفان

ماوەی ل٦

شەراوی یەزدان پەرستي بولبولی خۆشخوێنی بـەهەشتي ، خوداڵـێ خۆشبێ : «سەی‌صالحی ماڵی دەشتی» لەمپـارچەدا، دوبـارە، باڵداری زەوانی‌پاکی‌لەهێلانە و کولانەی‌شەقوشڕی‌خاکی‌یەوە،هاتووەتەوەباڵ‌تا خۆی گەیاندووەتەسەرباڵی مانـەوەی بێ‌سەروبنی یەزدانی‌ وەلەتپڕ گی هەتاوی بەدي هێنەری جیهان‌نداخۆی گم کردووە؛وئەیەوێ خۆی‌بدۆ-زێتەوە؛ ئەنجا، گاهێ خۆی بەبت‌ئەزانی ولەبتخانەدا خۆی‌ئەبینێتەوە، بڕێ‌جارلەخەرابات‌ومەیخانەدالەپۆلی‌ڕینداندا سەردەردێنی؛ گاوەختێ-کیش‌لەمزگەوتیدا لەناوی تاوی ئەستێرەی ڕوناکی « محمدی » دا خۆی‌ئەدۆزێتەوە؛ وەکاتێ‌لەدەیرو کلیسا لەکۆمەڵی خوداناسانی‌ئایینە کانی‌تردا، خۆی‌ئەنوێنێ؛ ڕوژگاریکیش لە سەرتەختی‌شاهي بەشکۆو-سامی جیهانداری‌یەوە ، خـۆی ئەدۆزێتەوە وەساتێ تریش لەوێرانەو کەلاوەدالە کۆمەڵی‌هەژاراندا، بەکزي وداماوي،خۆی‌چاوپێ‌ئەکەوێ هەروەها کەئەڵێ:

ئاماوە سەرم . . .

هەم لەنۆ شۆرێ ئامـــــاوەسەرم
گاهێ دڵـدارم ، گاهـی دلبـەرم
گابـەدرمونیر، شەمس خـاوەرم
گاصفات مەحـز، گاعـەین زاتم
بتوبت شکەن ، «لات و مەنـاتم»
گاهێ دۆزەخـم گاهـی بهیشتم
گاهێ مەسجدم گاهـێ کەنیشتم
گادەریای «عەمان» گا کۆە«قاف»م
گاتورك«بیلمەز» گا«کوردوجاف»م
گاهێ پەیغەمبەر پـەیغام ئـاورم
گاهي لە ڕینداَن جام مـەی وەرم
گاهێ دوردي کێش مەیخانەی‌یازم
گامـونکیر مەحـزجام سەرشارم
گا گەداو فـەقیر ، گاشەهنشاهم
گامەعصوم، گا،غەرق‌بەحر گوناهم
گاخاوو خۆراك گا گـەرم‌وسەردم
گاجەمع وتەفریق گازەوج وفەردم
گاساقي ڕینداَن خەرابات خانەم
گازەتڵ گران ، گاهێ‌پـەیمانەم
گاشام وسەحەر ، نـەخش ونگارم
گاباخ وبوستان گـوڵو گوڵزارم
گاچوپ خوشکم گامیوەی دارم
گاسڕ « مەگۆ» مەعنی ئەسرارم
گابادو گا، خاك، گائاوو ئاتـەش
گازەمەغشوش، گا،تەڵای بێ‌غەش
گاشەمس‌وقەمەر،«سوها»و«سوهەیل»م
گا«لەیل» گا«مەجنون»هەردەی‌دوجەیلم
گاهێ «صحف»م گاهێ «زبور»م ،
گابینا وبینش سرشتەی نـــــوڕم
«تەورات» و«ئینجیل»نەصص«فورقان»م
گاصامت، گاهـێ شەرح‌وبـەیانم
گاهێ ئەوتـادم ، گاهێ ئـەبڎاڵم
گاقوطب زەمـان ، گاهـێ مناڵم
گاهێ عابـدم ، گاهی مـەعبوَدم
گاهێ ساجدم ، گاهێ مەسجوَدم
گا «بوَد» مەحزم ، گاهێ نابـوَدم
گاحامدوحەمد ، گاهێ مەحموَدم
گاهێ «محمد» گاهـێ«علی» بیم
گـا « نعمت‌الله » شاە وەلـي بیم
گاچاە«زەمزەم»، «خیف» و«منا»بیم
گا«صفا»و «مەروە»، حەمدوثەناییم
گاپیر، گاجەوان، گاشاە، گا گەدا
گادەلپلزێ ، گا گوم کەردەی‌ڕا
گا«شێخ‌سەنمان» وبەچەتسەرساییم
گاناقوس کـول «ئوچ کلیسا» بیم
«سەی‌صالح»! گامەست، گامەستي‌بەخشم
گالەوح سادە گامەعني ونـەخشم

م.ص. مفتی‌زادە

## دەردی دل

ماوە لەچڵی‌پێشو

بۆ حـەسانەوەی چینی کـرێکار
وەرزێرو ڕایەت ، سەپان وجوتیار-
گوندەکانی‌خۆی هەموّدابەش کرد
ناوی « ڕایەتـي » لەسەریان لابرد
هەروەهاش مەزرای«خالصە»ی‌دەوڵەت-
بەشی کردلەناو جـوتیار و ڕایەت
بۆیێ **شاهەنشای** گەورەو بێ‌ئەنڎێش
لەبەش کردنی ئەملاك کەوتەپێش-
تاخەڵکي‌ترپش گشت‌چاوی‌لێ کەن
لەوکارە خەیـرە اقتدای پـێ کەن
کاکی خۆم! ئەوەش ئەبێ بزانین-
ئیمە کە بەرە هۆزی کـوردانین:
مێژومان وەکـو ڕۆژی ڕونـا کە
گەلمان زۆرلەمێژ،ژە گەزمان‌پاکە
بەناو بانگترین گەلی ئاریـاپین
بناغە ڕێژون پـــــاسای پاڎشایین
نیشتگەی کـونـی ئیمە ئیرانـە
جێگای شانـازي هەمو کوردانە

ماوەی هەیە

ووتاری‌دینی

ماوەی‌ل١

دا،شتێ کـە بەلای عەرەبەوە زۆر گرنگ بو، وە گەیشتبووەدروا-پلەی سەر کەوتنی‌خۆی،«فساحت وبلاغت»بو، وەخودا- زیادلەباری ڕانمایي‌ودەستوری‌ژیان وبەختیاري بەناوی‌موعجیزەیێکی ئاشکرا، «قرآن»ی پیرۆزی، کردە خەڵاتێ ڕابەری‌ئیسلام،وەچەنڎجاربەناوی هەموخاوەن زمان وقەڵـەمەکاندا جاڕی‌دا؛بەڵام،پشتپوانیي‌یەکتر یشەوە، هەرنەیان‌توانیی‌وزاووریان نەبو، کە بۆبـەربەرەکانێ‌لـە گەڵ کورتترین سورەتێکی‌قورئـاندا سەرڕاست بکەنەوە .

لەڕۆز گاری‌حەزرەتی‌موساشدا، سیحروچاوبەس، گەلێ بازاڕی گەرم بو؛ لەبەرئەوە، وادەیێ‌دانـرا، وە جادو گەرانـی‌زۆرشارەزای وڵاتی فیرعەون کۆبونەوە،حەزرەتی‌موسا، بەدڵگەرمیی‌بەڵێنی‌خودای خۆی، ڕۆیشتەمەیدانیانەوە، وەپێیی‌ووتن: چیی‌تان لەدەس دێ، بێ‌نـوێنن- چاوبەس کەران،لەگوریس‌وداری دەس جادوییێکی گەورەیان کرد ، وەحەزرتی‌موسا، عەساکەی‌خۆیی داخست، وە جادوی ئەوانی‌بەتاڵ کردەوە.چاوبەسکەران ، کەلەعیلمی خۆیاندا شارە زابون، زانـی‌یان، کە کردەوەی‌حەزرەتی‌موسا،غەیری کردەوەی ئەوانە؛ وەبـێ‌ماتڵي ، ئیمانیان‌بەوخودایە هێنا کـە بەو چەشنە، پەیغەمبەری خۆیی، زاڵ کردبەسەریاندا، وەدووای گەیشتن بەحەقیقەت لە هەڕەشەی‌فیرعەون کۆیان‌نە کردەوە . بەڵام‌فیرعەونی لەخۆدەرچو، هـەرلەسەرهـەواو هـەوەسی خـۆیـەوە ڕاوەستا؛ وە قورئانی‌پیرۆزئـەفەرموێ:

«واستکبر هووجنوده فی الارض بغیر الحق» یانێ خۆی‌لەوشکرەکانی بەناحەق لەسەرعـەرزەوە خۆیـان گەورە کردبو؛وەئەو گەورەیی‌یە، تائەوکاتە خایاندی‌ کـە حەزرەتی موساوهۆزی لەستەم ڕزگـاربوێ

ماوەل ٧

بنکەی ژین www.zheen.org

کوردستان

## بەشی کرماشانیی

نوسیای :«سیدمحمدسعیدغیرت»

# هەفتەی برایی جهانی

لەئی هەفتە ئەڕای حورمەت نیاین‌وە پەیدابۆن فیکرتازەیك کە برایی لەناوتەمام مەردم دونیاس ، لەئێران وە هەفتەی برایـی جهانی ناسریا .

ئی‌فیـکرە یەك ئارەزۆی فرەشیرین وفرەلەطیف ئاسمانی‌یە ؛ کە لەقەرنەیل پیشیش تەمام مەردوم دونیا وەپی‌ئیحترام نیانە. ئەوانە کێ‌لە عەقایید جۆروەجۆر مەردوم دونیا باخەوەرن، گشتیان عەقیدەیان هاوە سەرئی‌مەطلەبە کە: ڕیشەی گشت‌دین ومەزهەبەیل جۆرەوەجۆرئەڕای دروس کردن نەظم‌وتەرتیب‌لەمەعیشەت ئینسان ودامەرزانن‌مەحەببەت وەبرایی‌ویەگانەگی لەناومەردم دونیاس .

کتاوەیل ئاسمانی گشتیان وەشۆن‌یەك ئایەمیزاە فەرزەنێ ئایەم خوەنن، تاوەئی‌وەسیلە برایی ئەولاد ئایەم پابەرجی بکەن؛ وەیەسە کە تەمام دەستۆرەیلیان تابڕەسێتەدین تەمام و کەماڵ ئیسلام ، گشتی وە پلێسکە (محور)ی،ئی‌مەطلەبەچەرخیاس؛ وەعەلاوە بەریە کێ خلیقەت جیسمانی ئایەم وەی‌وەسیلە دانریاسەیان وەحـدەت، لـەلای‌تر،وەزوان شەرع‌ئیسلام‌چاوخریاسە ڕۆح ومەعنای ئادەمییەت ؛ کەئەوەیشە لەیەك چیشمە دەراتیە کە ئۆشیت : ڕۆح نەمر (جاودانی) وسپاریای‌یەزدانی‌و ئەمرپەروەردگارە؛ وەهەر ئەوەسە کـەوەکار بخەرجیسم خاکی‌یـە؛وە خولاصە ئی‌مەطاڵبە چتەسەر ئەوقسە کە باوكتر ڕەوحانـی ومەعنەوی ئافەرینش کە خوەی مەصدەر ئیجادە ، وە دەلیل ( خلـق‌الله آدم‌علی صورتە)و(نفخت‌فیەمن‌روحی) و(لقد کرمنابنی آدم)یە کیکە؛وەزانستن ئی‌مەطاڵبە خوەی یەکی لەئیمتیازەیل بەشەرە .

لەلای‌تر ئەفکارفەلسەفی‌هەرئی مەطاڵبە وەتەعبیرەیل‌تردانیاس، ئەورە کە وەئیصطلاح‌خوەیان «ئاباء علوی وامهات عناصر» باوكودالك تەمام ئافەرینش گرن، وەیەسە کێ وەمەیدان فرەوەسعی‌تەمام ئافەرینش وەبراناسن کەتەمامیان لەیەی مەمیك شیرخواردە .

وەزوان‌دین‌ذەوات «مقدسە» ئەنبیاو ئەولیاء کەئامۆژاروتەربیەت دەربەنی ئایەمن، باوك ئینسان خوەنریانە . ئەورە کێ ڕەسۆل ئەکرەم فەرمایش کرد:(اناوعلی‌ابواهذه‌الامه)وەئەصل‌مەتین‌وموبین(المومنون اخوة) خوەی شاهیدئی برایی‌یەسە.

دین«مقدس» ئیسلام کێ‌لەناو تەمام‌دینەیل دونیائاثاری‌هەرچنەو پابەرجا ودەس نەخواردیە ، دەستۆرەیلی کەئەڕای جیهاد داس ، وەی مەنظۆرەسە کە: ئەگەر کەسێ دوشمەن ئی‌برایی ویەگانەگی‌یەبوت، لەناوهەلی بگرن. ئەگەر وەچاوی‌غەرەضیی وەجەنگەیل ئەوەل‌ئیسلام کێ‌وە سەرچیشمەی حوکم نزیکتربۆ، تەماشا بکەن، دۆنن کە: گشت ئی‌جەنگەیلە ئەڕای لەبەین بردن‌شەڕئەوانە بی کە دوشمەن‌یەگانەگی بەشەربۆن ئیسلام ئەوڕۆژەیەهوّد ونەصاری دەعوەت کردەبرایی‌وڕەفع ئیختیلاف ( یااهل‌الکتاب تعالوا الی کلمة سواء بیننا وبینکم الانعبد الاالله) وەلەدۆوایشی دەستۆرەیل (وجادلهم‌بالتی هو احسن) دریا داخم کێ‌لەدەوران‌تاریخ نادانی‌وتەعەسوبەیل جۆروە جۆرئی‌هەدەفەیلەلەڕێ

---

وەرگێڕی پێشەك وڕاستکەرەوەی‌هۆنراوەکان:م.ص.م

# کنز العرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین‌ووتار ((میر محمدصالح حسنی نعمت‌اللهی))

**ملقب‌بە«حیرانعلی‌شاە»ی کرماشانیی**

دێوانەی‌مەیخانەی خوداناسان،پیاڵەگێڕێ نیشتگەی‌جەرگەی دەرونشان، وێڵی‌پاکێوی‌مانەوەی هەـپشەیی گەردەن کەچ وسەربەڕیی شەقامی بەندەیی؛ تیراوی‌سەرچاوەی یەکیەتی،نموونەی تەواوی‌بیساتی مرۆوایەتی وپیاوەتی، دڵبراوی دڵبەری بەڕاستی، سەرخۆش وشێواوی

ماوە ل ١١

---

خوەی دەر کرد؛ یەسە کێ ئێمەئی ڕۆژەیلە وەختی چنەومەطلەبەیلیك وە گۆشمان ڕەسیت، وەخیاڵ خوەمان ئی‌فیکرەیلە لەڕێ دۆریك‌هاتیە، ومەربۆط ومدیگەرانە!

لەصورەتی کێ کەمی «دقت» بکەیـم دۆنیمن کە: سەرزەمین ئیران‌مینەکان‌ئەفکارفەلسەفی‌وعیرفانیی بۆوە؟ وەیەهەرئەوسەرزەمینەسە کـێ صەدەـاجۆر «عطار» و«مولانا جلال‌الدین» و «حافظ»و «سعدی»و گەوراکان عیرفان هەڵ خستیە. ڕاسیی ڕاسیی سەرزەمین ئیران تەنیا گاوارەی ئی‌فیکرە بۆوە. شێخ «سعدی» علیه‌الرحمه لە٧٠٠ سال پیش ووت :

بنـی آدم اعضای یکدیگـرند
کەدر آفرینش زیك گوهرند
چوعضوی بـدرد آوردروزگار
دگـر عضوها را نمانـد قرار
توکز محنت دیگـران بیغمی
نشایـد کـە نـامت نهند آدمی

وە«حافظ» کێ یەکی لەعەلەمدارەیل ئی‌فیکرەسە، ئۆشیت:

همگی طالب‌عشقند چەمخمورچەمست
همەجاخانەعشق‌است‌چەمسجدچەکنشت

ئێمەخوەش حاڵیمن کە هەرکتاوخانەلەدونیاهەس، پڕبەلە کتاوەیل عورەفاودانیشمەندەیل ئیران کەلەدەوران تاریخ گشتیان ئەولادئایەم وەئی‌ئوصوڵە خوەنە؛ وەئەگەر ئێمەبتوایم شاهیدبارێم، شاهیدفرەس (مثنوی هفتادمن کاغذشود) وەحاجەت وەبەیان نەیرێت.

ئومیدواریم ئیرانیی هەرئەوطەورە کێ لەدەوران تاریخ ، خوەی عەلەمدارئی‌فیکرەنیشان داس، وەپیشاهەنگ گشت‌بووە ، ئیسایچە کە تەمام میللەتەیل دونیا گشتیان لەصەدەمات ئیختلاف و جەنگ وکو شتارەیل شەکەت بۆنە،هەمیش بتۆنیمن لەئی‌ڕێ‌یە خزمەتەیل گەور بکەیمن. ئێمە هەمیش لەی‌باوەتە مەطلەب‌ووتەنیی فرەدێریمن،

---

## لاپەڕەی ، بوهەموجار

**چەن قسەی خۆش**

☆خۆش بەخت‌ترین‌دەستەپیاوانی دونیا پۆلیسن؛ چونکۆهەرئەوانن کەئەتوانن، شەو لەدەرەوە بمێنن، بێ‌ئەمەی‌ژنەکانیان‌باس وخواستیان لێ‌بکەن کەشەولەکوێ‌بوون .

☆ئەگەرمردوقسەیان‌بکردبایێ «مێژو» بەکۆگایی درۆدەرئەچو.

☆هەژارترین گیاندارانی‌دونیا کەرە؛ چونکۆ بێ‌ئەمەی کەدرسی پێ‌بکەن وبۆخۆی ئێزن‌بڵا،ناوەکەی بەبڕێ کەسەوە ئەنێن.

☆بۆبنیادەمی ناتەوان‌دوڕێگا هەیە : یاپیروزای خـۆی‌بـبـڕێتە ملی‌خەڵکیدا ؛ یاهەرجنێوبـڵا و تورەبێ وسکی‌خۆی بـدڕێ

## بو پی کە نین

**تازەپیاکەوتو**

کابرایێ بەخەیاڵ وای‌ئەزانی نەخۆشە ؛ ڕۆییشتە لای پزیشکێ پزیشك بەووردی تەماشای کردو لەپاشان پێی‌ووت : کاکە گیـان ! بەخوڵا من‌شتێ لەتودا نابینم .

کابراکە تازە پیاکەوتـوبو ، ووتی: چۆن‌شتێ لەمنانابینی؟یانێ ئەڵێت:من‌شتێکم نی‌یە؟تەماشابکە، هەزارتمەن پارەم لەگیرفاندایە .

**وەڵامی‌ژیرانە**

کابراییکی‌جهانگەردوگەڕاڵ ڕۆییشتەدێییك.لەنزیکی‌ئاوابی‌دا گەییشتەپیرەمێردێ‌دەستی کردە قسەکردن لەگەڵیا ، وەلەنێـوی قسەکانیا لێ‌پرسێ:کام لـەپیـاوە گەورەکان وزانا وهونەرمەندەکان لەم‌دێ ئێوەدا لەدایك بـوون ؟ کابرای وەڵامی‌داوە : قوربان! لەم دێی‌ئێمەدا منداڵ لـە دایك ئەبێ نەپیاوی گەورە .

**زاوێژی عەرەبانەچی**

کابراییکی‌عەرەبانەچی‌وەختێ ئالکی یابۆەکەی‌ئەکرد لەپێشان چاویلکەیێکی‌سەوزی ئەنالەچاوی ئەوجاکای‌ئەکردەبەردەمی.ووتیان بۆلەوەختی‌ئالکدا ئەوچاویلکـە ئەدەی لەچاوی ئەویابۆ؟ ووتی : باوابزانی کەیۆنجە و شەورە گم کردووەتە بەری .

بنکەی ژین
www.zheen.org

## سوزەی کویستان

ماوەی ل٤

کوێستان لەھەمو ڕۆژێ تۆش‌ترە !

باوەیس :ـ مامە گییان بەچی‌یا ئەزانی؟

پیرەمێرد :ـ ڕۆلەگییان دوێنێ ڕەشەبای ئەمشەوشەوبا خەواندبۆی ئەمسەرـ سبەینێی شەتۆزنی قبلەکیش‌رابو، بی گومان ئەمڕۆ گێژەباو گەردەلولی کوێستان لەچاشتێنگاو دوواکارە ڕەھاتێ‌ئەکا، کە کەم وێنەبوبێ

شاوەیس :ـ مامە گییان تۆلە خۆتەوە ئـەم جۆرە حسێبانە ھەر ئەکەی بەڵام خوواحسێبە!

پیرەمێرد:ـ راستە ڕۆڵەم خوواحسێبە بەڵام تێ‌گەیشتنی بەپیاو بۆئەوەداوە، کەلەژییانی خۆیا بڕێ‌شت تاقی‌بکاتەوە، وەخاس‌وخراپ‌لێك بداتەوە.

شاوەیس :ـ بەرەو «باوەیس» ڕووانی وەبەاپشارەی چاوتێی گەیاند کەئیتر لەسەري مەڕۆ دێرە بلبڕۆین!

شاوەیس :ـ ڕوی کردەوە پیرەمێرد کوتی : مامە گییان گووێ مەدەلەسەرـ خووا ئێمە ئەڕۆین دوعای خێرمان بۆبکە!

پیرەمێرد :ـ ملێکی بەلاوە نا کوتی ڕۆلەم خووابتان پارێزێ بەڵام کە ئێستا ھەرئەڕۆن زوردۆرمە کەونەوە ، وەزۆرپش بەرزمە بنەوە بۆلوتەی کیو ، ھۆشیاری خۆتان بن‌وە دەستپش لەیەکتری مەبڕن، ھەرلەشپوا بگەڕێـن، ئەگەر شتێکتان گیرھات چاکە بەڵام ئەگەر بتانەوی بەرەو ھەوراز بڕۆن تـائێوە بگەنە سەر کێو گەردەلول ھەڵ‌ئەکا وەشوێن گشتی کوێرئەبێتەوە‌وەخۆشتان دۆچاری بەلائەبن.

باوەیس:ـ مامە گییان وائە کەین خوواحافیز.

پیرەمیرد:ـ کوڕم خوواتان لەگەڵ :

ووشەی تۆزنی قبلەیانێ (لەزستاندا سەرسبەینانی سایەقە بـڕی جارخەتێکی سپی‌بەوێنەی ھەورێکی کاڵ‌لەشمالەوە بۆجەنوب دا ئەکێشرێ)

ھەزارویەك‌شەو ۳٤۱

تووناو نابوودبکا ، وەئەوسێ گەوھەرە بەنرخو گران بایی‌یە کە سەبارەت بەوانەبـۆ باوکت پەیامی‌ناردووە ، چلۆینەتی‌یان وەھایە کەسێ گەوھەری دروشت‌و گران‌بایی لەلای «صفیە»وەبوو، باوکم ئەو گەوھەرانەی لەئەو وەرگرت ودانی‌بەمن . ئێستا ئەوانە وان لەلای‌منەوە ئێستا تۆبگەرەوە بۆنێوقۆشەنی خۆت، پێش‌لەوەی کەئەوان بڕۆنە نێوشاری ڕۆم وفەرەنگی‌یەکان‌،بیان گێڕەوە، چونکوو ئەگەر بڕۆنەنێوشار ، یەکێکیان دەرناچێ. شرکان کەئەم قسەی لەشازادەخاتوون بیست دەستی‌ماچ کردو پێی‌ووت:شو کربۆئەوخوڈا کەتۆی کردەھۆی‌ڕزگاری‌من‌وقۆشەنی‌من. شازادەخاتوون ووتی: ئیترڕامەوەستە ، وەختی ماتڵ بودن‌نییە، ڕۆبڕۆقۆشەن بگێڕەوە‌،وەفرستاڈەکانی فرێدۆن‌شاە دەستگیربکە ، تائەم مەبەستەت‌بۆڕۆنالك ببێتەوە، وەمنیش‌لەپاشان سێ‌ڕۆژلەلای تۆئەبم ، ئەوجا پێکەوە ئەڕۆین بۆشاری بەغداد ،کاتێ شرکان وپستی بگەڕێتەوەشازادەخاتوون‌پێی‌ووت: پەیمانەکەت‌لەبیر نەچێتەوەئەوکاتەشازادەخاتوون بۆخوڈاحافیزي ھەستاوە، دەستی کردە گربان ، وشرکانیش لەبەرخۆشي‌وشادي لـە پۆستی خۆیاجێ نەئەبووەوە ، وەئاو زاییبوەچاوی . وەھەردو کیان پێکەوە ، رمەی گریان گرتیانی ، وەشازادەخاتوون ئەم‌دۆشعرەێ خوێندەوە :

ئەوا تـــۆئەچیی ، دڵم ئـەمێنێ
بەداخی گییانی لــــەتـەن جییاوە
تائەگرێ نالـەم ڕێگای تۆ، شەرتـە
ھـەنـاسەم نـەدەم وەدەمی بــــاوە

ئەوجاشرکان لەئەوجیابۆەوە لەدەبردا بەزی وسواری ئەسپ‌بۆ ، وەلە پـردی چێوین پەڕی‌یەوە ، بەنێوی‌دارو جەنگەلائەچۆ تا گەییشتەمێر گۆلانەکە، ئەنوازێ سێ‌سوار لەدۆرەوە برۆکیانەوە، شرکان زۆرترسا ، وەشمشێری لە کێلان‌دەر کێشا ؛

م.ص.م

# لەھەرگولزاری

# گولی

## نظام لەمەولەوی نووسیوە

دڵەی دیوانـەم ھیمەتش واستەن
ئامان! ھائامان! تەن‌وەجا ئاستەن
چون کەفتە کاران وە شۆن تۆوەن
بەنڎ وەتای ڕشتەی وەیھۆن تۆوەن
پـاشکستەی‌دەرددەـای یارانەن

## مەولەویی‌وەلامی ئەداتەوە

ھەی نظام ! نظام نامەت تۆلابەرد
ئای‌ئای! سزاش‌دان‌قیامەتش کەرد
چەنی؟! کزەی گەرمزایەلەی‌موشکڵ.
اظھار کـەردە بێت پەرێ ئای‌دڵ
زۆر ئاوەردەن پێش ناسۆري زامان
گۆیا، جەلای‌تـۆوەلای من یاوان
مەزانۆ ھەر کەس‌جەعیرفان کەیلەن
ھەرجنسێ‌چەنی‌جنس‌وێش‌مەیلەن:
بێ‌دەرد ئەوبێ‌دەرد، خجڵ‌ئەوخجڵ
گیان‌ئارەزوێش گیان‌،دڵ تەمەنناش‌دڵ
نەڈیـەنـم وەچەم ئـاگایم نییەن
دڵە کەی منیچ خەیلێن بەرشی‌یەن
ئەونەئاخ‌سەرد،ئێڎئسرێن‌چون‌سەیل
ئەونەواوەیلا،ئێڎ کۆلەیل، کۆلەیل؟!
ئەوھۆناوتاوتاو ، ئێڎھەناسەی‌سەرد
ئەوئالۆڎەی خەم ، ئێڎخەریك‌دەرد
مولاقاتشان کۆنـەکام ھەردەن ؟!
کامویرانەشان‌ئـاوەدان کەردەن !؟

## احمدبەگی کوماسیی

ماوەلەچلێ‌پێشوو

گۆشی نـەژنـە وۆ ڕێزەی ڕازتۆ
ئەوچڤەی وەنـــــەرەدل نەوازتۆ

ماوەل۱۰

### نالەبارییەکانی..

ماوەی‌ل٤

ھەڵسەتێ کـۆشەکار کـەوبنۆشە
لەپاش‌ماندوبۆن اسراحەت خۆشە
عارەق بڕێـژە ھیچ عەیبی نی‌یـە
پاش‌کاریش ھەڵسە وئەتلەس بپۆشە

☆☆☆

ماوەی‌ھەیە

بنکەی ژین www.zheen.org

لەهەرگولزار

ماوەی ل ٣

هەرپەی ئێڵخاسەن ئوتروش بۆدەربەس
بادا ، نەشنەوۆ هەنی دەنگ کەس
وەاحاصڵ ژیـــــان بـێدیدار تۆ
بەڵتەرەن جەمەرگ ، نەونەمام نۆ!
ەاحمەدە ئومێڵش بەدانای داوەر ـ
یاتاقەت، یامەرگ ، یاوەصل دلبەر ـ

## مەلاحامدی ئالیجانیی

ئازیز ...دوەسم . . .
وەخاڵت قـــــ ـەسەم نییە هەوەسم
مـەرزەنجیر زلف تـۆ گیرۆ دەسم
وەرنە ئوفتادەی پەس ئـەندەرپەسم
مەڕیزۆ خوردەی نارلـە نـەفەسم
خەمزەڵەی ئەبرۆی مەست یەیوەسم
لەدوری باڵای دوچـــــەم مەسم
شەماڵ بەرد وەهەرد گەرد قەقنەسم
شەمم، فانۆسم، چـرام ، چـەرەسم
لەشەوق بـــــالات بەدەوام مەسم
لەئەم دنیادا هـەر تـۆنی کەسم
هەم لەقـەبرداتـۆی فەریاڵ ڕەسم.

---

بۆتۆ سەرگەردان کەژو کۆو کێوم
بۆتوبـاری خـەم نیشتووە لەلێوم
بۆتـۆ ڕەنگ زەرد وهـەنـا سەردم
ڕحمێکە بەحاڵ جەستەی پەشێوم

---

بەتیری عیشقت جـەرگم بـڕاوە
دلـم بــــــەداوی زلفت بەسراوە
بەنازی چاوت گیرۆدەت کـردم
ئـومێڵی ژینم لـەدەس بـەرداوە

---

ئازیز تۆ شەمعی ومن پەروانەی تۆم
تۆئاهوی وەحشی ومن دێوانەی تۆم
وەك بولبول شەیدای گولزاری ڕۆتم
مەجنونـی شێواو بەرئاسانەی تۆم

---

میژوی..

| | |
|---|---|
| بەتین کردنەوە : تأیید | بەلگە : دلیل،سند، شاهد |
| بیروڕا : نظریە، عقیدە | لێوار: ساحل |
| نوسەر: نویسندە | بلەبشێو: هرج مرج |
| لێ کۆلەر: محقق مسئر | ملی‌پێدا کێشان : مطیع نمودن |
| هاودەنگ : متفق | جێگای قورس وقۆڵ :مرکز ثقل |

## چووارقوژبن

**لاپەلا :**

١ـ مەحرەمی ڕاز ' وەپەیغامبەری عاشقان ٢ـ « کچ »، لەکاتێکدا کەبانگی لێ بکرێ ـ کاتێ کارێکی گرنگ لە کەسێکەوە ببینرێ ، وەها ئەوبژرێ ٣ـ بەرامبەری بەق ٤ـ کارێ کەغەم و دەردی فیراقت بەمنی کرد☆ سەرمابەهەتیو،با بەدەواری...ی ناکاـ پرسیار لەعیللەت، یا«بۆن» ٥ـ گیاندارێکی چکۆلەی تیژ پەڕ، کە لەجێگای نمناکدا، باردێ، وەگەلێ ئازار ئەگـەیێنێتە ئینسان ـ « گاەی پێچەوانەی هەورامیی وفارسي ٦ـ دەم بلاوـ کاتێ نیسبەتی کردەوەیێ بدرێ ۆلای شتێ، وەبتەوێ بپرسیی کە ئایا کردەوەیێکی تریش نابێ' یانیسبەتی ئەو کردەوە نادرێتەلای شتێکی تریش، ئەوەئەلێی،وەبەشوێنی دا کردەوە ـ کەی ترباشتە کەی تردێنیی ٧ـ پیاوی بێ زۆر' لەبەرامبەری زۆردارەوە ناتوانی ئەوەش بلێ' وە ئەگەرووتیشیی، بەوچەشنەئەی شێوێنێ ـ ئەیخەنە ناوچەم ودەریا، وەماسیی پێ ئەگرن .

**بەرەوخوار:**

١ـ شەرتەلەداخت صەدفرسەخ ڕاکەم☆ ..

٧ ٦ ٥ ٤ ٣ ٢ ١



هەڵگرم تەرکی دنیا کەم ٢ـ ووشەی بەرەودووای ئەهمی یەت، نەدانودەربەندنەبوون ـ واحیدی دراوی ئێران ٣ـ شتێ نییە ـ ئێستاواین لەگەڕە. کەیاندا ٤ـ دەردنەبانەدەرد زامان کاری☆ گرد جەلام جەمەن تەشریف باري ٥ـ ڕەنگێکی وەکوو کوێت ـ واحیدی هێزی بەرق ٦ـ ...داخی هیجری ڕۆی تۆئارەزۆی سەیری گولان ناکەم☆ ناڵەی قەلبی زارمەیلی نەغمەی بولبولان ناکەم ـ باڵی مرۆ ، کەزۆرتر ئەکەوێتە شوێنی شان ٧ـ مەبەست ئەوەنییە کەکاری ، گرتنی کـەوبـێ' بەڵکوومەبەست ئەوەیە ، کـە لەپاڵی ئاگری کورسیی دا، ای ئەنێن، کەپێی بشێوێنن .

### گراوەی چووارەوژبنی ژمارەی ٨٦

**لابەلا :** ١ـ پاکستان ٢ـ بنە ٣ـ شل ـ کریش ٤ـ یاك ـ مەا ٥ـ وورك ـ کەر ٦ـ اوت ٧ـ موسابەگ .

**بەرەوخوار :** ١ـ پەشیو ٢ـ لاو ٣ـ کپ ـ کراس ٤ـ سنگ ـ کواە ـ تەرم ـ تب ٦ـ یەك ٧ـ شارەگ

---

### هەزارویەك شەو

٣٤٢

کەنزیك بونەوە، شرکان ئەوانی ناسی؛ وەئەوانیش شرکانیان ناسی ؛ وەلەئەسپ پیادە بۆن ؛ وەزیری باوکی لەگەڵ دۆئەمیری تر اسەلامی شازادەشرکانیان کرد. وەزیر پرسی : کەئەمماوە تەشریفت لەکوێ بووە؟ شازادەشرکان هەمۆ کارەساتەکەی بۆوەزیر گێڕاوە . وەقسەکانی شازادە خاتونیشی بۆی ووت : وەزیرشوکرانە بژیری خوڵای کرد ؛ وەفەرمانی دا ، کە: قۆشەن ئامادەی کەوتنەڕێ بەرەودووا، بن؛ بەڵام فرستادە. کانی فریدۆن شازۆییشتبۆن کە : پادشا لەهاتنی شازادەشرکان لەگەڵ قۆشەنائاگادار بکەن. فریدۆن شادەس بەجێ قۆشەنی ناردبۆ کە : شازادەشرکان دەوردەس بکـەن و وهـــــەمۆقۆشەنی بەدیل بگرن وبیان کوژن ، بەڵام هێشتان ئەوان نەگەییشتبۆن کەشازادەشرکان لەگەڵ قۆشەنا کۆچیان کردبۆ،وەبەرەووەلاتی خـۆیان ئەڕۆییشتن بیست وپێنج ڕۆژ ڕێگایان بڕی تاگەییشتنەسنووری وەلاتی خۆیان؛ جالەوێ بەدڵێکی ڕەحەت وخەیاڵێکی ئاسۆدە ، بەزین وچاڕیان هەڵدا . خەڵکی ئەودەوروبەرە کە لەگەڕانەوە وبەزینی قۆشەن ئاگاداربوون، دەس بەجێ زەخیرەوئالکیان ئامادە کردو هێنایان بۆقۆشەن . دۆڕۆژ لەوشوێنا پشۆیان دا وحەسانەوە ، ئەوجاتەپلی کۆچیان لێدا ؛ وەسەربازەکان هەرکام بەرەوشاروێی خۆیان سواربۆن وڕۆییشتن؛ وەشرکان لەگەڵ صەڵ سوارا لەوێ مانەوە. لەپاش ئەوەکەقۆشەن هەمۆ کەوتنەڕێ شرکانیش لەگەڵ ئەوصەڵ سوارا کەوتنەڕێ، کە دۆفرسەخ لەوجێگا دۆر کەوتنەوە، گـەییشتنە دەربەندێکی قوڵ لەبەینی دو کێوی زۆر سەخت وبەرزدا ، ئەنوارن لەدۆرەوەتۆزی پێی چەنڵسوارێ کە بەتاو ڕێ ئەکەن، دونیای تاریك کرد. کەنزیك بۆنەوەئەنوارن صەڵسواری تەیار وچەك بەدەسن ، کەبرێقەی زرێ و تاس کلاویان ئاوی چاوی پیاو ئەسینێ. سەرگەورە کەیان خوڕێ بەسەرشرکانا کە: ئیمەبەئاواتی خۆمان گەییشتین وەتالانی خۆمان دەس کەوت، زۆ کەزهە،وزۆ تەزەبن، چەك وئەسب وجلی بەرتان دانێن

بنکەی ژین www.zheen.org

## پیروزبایی

«بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی کوردستان، جەژنی »
«گەورەی«معراج واسرا» ، بەهەموو موسولمانان »
«بەتایبەتیی، خوێنەرەخۆشەویستەکانی خۆی، پیرۆز-»
«بایی ئەڵێن؛ وەدەستی شوکرانە' بۆئاستانەی ئـەو»
«خودایە بەرزئەکەنەوە، کەپەیغەمبەری ئیسلامی؛ بە»
«شارەزاکردن لەڕازە گەورەکانی دنیای هەستی »
«ئامادە کرد؛ کەلەوادەیێکی کورتدا' بێ ئەوەی لە»
«هیچ کۆسپەیێ کۆبکاتەوە؛ بۆبەختیاریی گەلان ، »
«گەورەترین خەباتێکا وەگرنگترین قـانونیان »
«بۆبێنێ .»

## دستور خواندن و نوشتن کردی

عدەای ازخواهران برادران فارس زبان کەمایلند برسم الخط کردی آشناشوند باین مطلب توجەفرمایند:

میدانیم کە کلمات فارسی بوسیلەسەحرکت زبروزیروپیش وسەحرف «الف»و«واو»و«یاء» تلفظ میشود. وچون حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح کلمات بستگی بآشنائی قبلی دارد،و این نقیصە موجب اشکال بزرگی درزبان فارسی شده . ولی رسم الخط کردی این اشکال رامرتفع ساختە، وکلمات تنها بوسیلە حروف تلفظ میشوند. حروف صدای کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .

١- (ە) کەبجای زبرمیاید. مانند: «سەر» (سر)«سەروەر» (سرور)

٢-(ی) کەبجای زیرمیایدمانند: «جیهاز»(جهاز)«کیتاب» (کتاب)

٣-(و) کەبجای پیش میایدمانند: «گول»(گل)«بولبول»(بلبل)

٤- (الف) کەبجای الف میایدمانند: «باغ» (باغ)

٥- (ۆ) کە بجای«واو» میآیدمانند: «بۆد»(بود)«زۆد»(زود)

٦- (ێ ی) کەبجای«یاء»میآیدمانند:«بید»(بید)«دەوید»(دوید) «مەردی»(مردی)

٧- (ۆ)کە صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»

٨- (ێ)کەصدای یاء مجهول میدهد : مانند «کێ» (کە) «چێ»(چە)

٩- (ۊ) کەمخصوص لهجە کرمانشاهی استوصدای (U)میدهد. مثال آن درلهجە کرمانشاهی«ئۊشم»(میگویم) «داشتۊت» (داشتەباشد)

(١) حروف«ها»و«واو»و«یاء» بی‌علامت ممکن است اصلی باشند.مانند:«هەمسایە»(همسایە)«وورود»(ورود)«یەك»(یك). برای فرق میان هاءاصلی واعراب، هاءاصلی را دوچشم واعراب رایك چشمی نویسند .

(٢) همزه را همیشە باینصورت ( ئ ) می نویسند . مانند : «ئەحمەد»(احمد)«ئوطاق»(اطاق)

(٣)درکردی گاهی روی حرف دال ولام وراءعلامتی میگذراند وباین شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) کە در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام وراءمفخم میگردند.مثال آن درکردی:«فەرهاڎ،دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کریعنی پسر)

(٤) الف بای کردی یك حرف بیشترازفارسی وعربی داردکە عبارت از«ڤ»میباشد . البتەتلفظ این حرف درفارسی زیادست،ولی با«واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئـەڤـاییل» (اوایل) .

(٥)دررسم الخط کردی حروف مشددرا دوتامینویسند.مانند «ئەڕڕە» (اره) «بەڕڕە» (بره)

(٦) درکردی کلمات راهرطور تلفظ میکنند مینویسند' البتە کلمات بیگانەرا مشمول این قاعدەمیسازند ؛ ودیگر اشتباهی بین حروفیکە مخرجشان نزدیك است واقع نمیشود ؛ مثلا صفحە را اینطور مینویسند : «سەفهە»

له‌كومه‌لا

ماوەی ل ٣

نزیك‌ترن. بۆ وێنە ئەڵێین دەروێشێ نەزان وهیچ تێ نەگەیشتو بەلای شێخێکەوە تۆبەئەکا وەتەریق وەر ئەگرێ وەشێخکەئیزنی داروبەرد

## بەڕێوەبردنی قانونی ((صلاحات ارضی)) لەکوردستاندا

بەجۆرێ کە خوێندەرە بەڕێزەکان پارەکە لـە لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەداخوێندیانەوە، لەسەرڕاوێژو بیروڕای شاهەنشای ڕایەت پەروەر، لەخولی نوزدە-هەمی نیشتگەی ڕاوێژی نەتەوایەتیدا قانونێ بەناوی قانونی«اصلاحات ارضی» لەبڕیارتێ پەڕی کرد. ئێستا بۆبەڕێوەچوونی ئەوقانونە «ئایین نامە»یێ سەبارەت بەوەظیفە وئیختیاری دەستەی بەڕێوەبەری ئەم قانونە دانراوە، کەبەم زوانە ئەودەستەدەس بەکاربین. ئەم دەستەبڕیاری‌دا، کە: پێش لەهەموو شوێنێ کمیسیۆنی «اصلاحات ارضی» لەناوچەی کوردستاندا پێك بێت . وەبڕیاردرا، کە : وەزارەتی کشت وکاڵ تابۆی ڕێك ئەکەوێ بۆفرۆتنی مولکی هەردێیێ بەجووتیارانی ئەودێیە، ڕێگای ئاسان وپێویست پێشان بڎا .

م:ص:م

## بەشی مەولەویی

### پارچەی

### ٤٦

مامۆستای پایەبەرزی قوتابخانەبیساتی نهێني؛ تیراوی شەتاوی سەر چاوەی ووردەبینی؛ مەستی مەیخانە دڵداري؛ سۆتاوی سۆزی ناڵـەی شەو بێداري؛ برینداری تیری چاوی دڵداران، بەسراوی داوی زلفی نـازاران حاڵزانی دەردی کەس پێ نەزانی دڵبراوان؛ ئاشنا بە کزەولەرزەی دڵی لە دۆس بڕاوان : خوداڵێ خوشبۆ«مەولەوی»لەم پارچە دا وەهادەرئەخا کە لەناکاوڕۆمەتی جوانی وەك بەهەشتی ئازیزی دێتە وەپێش چاو، وەدۆبارە برینی ناسۆری دێتە وەسۆوئەڵێ :

نمانای! بەهەشت پێشانیی نووري
ئازیز ! وەی سفتەی دۆزەخی دوري
دوریت عەزابێ سازدابـێ پـەریم
عەزابێ تەردا، ئـــــاماولوات پێم
ئای! هەنی جەدەرد کێ دەرمان سازۆ؟!
وەهامسایەی سەگ کام دەرمـاڵ نازۆ
چەم وە گەردزای کـێ ڕۆشنا بـۆ؟!
لـەب وەخاك پـای کـێ ئاشنابۆ؟!
ڕۆی وەصڵت ئەرصەدژەرۆر نەفامەن ـ
مەزانـام فەڵەك چەبگەردش نامەن
فەڵەك! داڎجەدەردبێدە واکـەی تۆ
موغەنني! فەریاریادوەنەوا کەی تۆ
بولەنـڎ کـەرمەقـام دڵسۆزڕاسي
تەنزیلش وەفەردەخالۆی کۆماسي؛
«ڕۆی وەصلت هەربیم ئەی ڕۆوە پێم بێ
جـەوبۆنەدایيم ڕۆرۆخـڎیم بێ»
ئیمجار کێ تـاقـەت دوري تۆدارۆ
دەك بەرق غـەزەب وەجەستەم وارۆ

بنکەی ژین www.zheen.org

خوواردن وتیغ وەشاندنی پێ ئەدا. دەروێشە کە دەسبەجێ دەس ئەکا بەداروبەرد خواردن،وەئەگەرداروبەرد خوواردنی ئەو دەروێشەبـە کەرامەتی ئەوشێخە بووایا،ئەشیا-یێ،شێخە کەش لای کەم بەئەنڎازەی دەروێشەکەی بیتوانیایێ دارو بەردی بخواردبایێ، چونکە چۆن ئەکرێ کە ئەوشێخە، بـۆخۆی کەرامەتی نەبێ، بەڵام بۆدەروێشەکەی بیبێ؟!

یادارو بەرد خواردنی ئەودەر-ویشە بەکەرامەتی پیری تەریقەی شێخەکەیە،ئەنجا لێرمشدائەبوایێ شێخەکە ( ئیزن دەرو مورشیدی دەروێشەکە ) باشتر بیتوانیایێ دارو بەردی بخوارد بایێ چونکە پیری تەریقەت بەشێخەکەوەنزیك ترەتا بەدەروێشەکەوە.

لەلایێ تریشەوە ئەبێ بزانین کەئەو کەسە کەولیڕاستەقینەبێ، هێزی خۆی بوداروبەردخواردنی دەرویش کەلەچاوی نیرۆی خوڎا ناسی'وەهێزی بێ سەروبنی یەزدانی یەیە، وەکۆیاري وبازي!منڎاڵانە، چۆن ئەخاتەکار، ئەم جۆرە کردەوانە بەلای وەلي ڕاستەقینە وەنرخێ-کی نییە، وەدا کەوتنیان لەوەوەزۆر نەپۆڕە .

کە وابۆ بۆمـان دەرکەوت ئەو کردەوانە کەدەروێشەکان ئەی کەن، کەرامەتي ئەولیانییە ، وە ئەولیابە هیچ کولوەجێ ئاگای لەو کردەوانە نییە' وەلکاندنیا بەئەو لیاوە، کارێکی هەڵەوبێ جێیە.

ئەگەر ئەو کەسانە کەئەوکارە نەکراوانە ئەکەن ئەهلی تەریق نین وەلە کەسێکە وەئیزنیان وەر نەگرتووە، ئیتر جێگای ئەوەنییە سەری لێ بکەینەوە،وەبڵێین کەرا-مەتی ئەولیایە، چونکەئەو کەسانە مورشیدو ولی یێکیان نییە' بەڵکو بەهێزی وەستی خۆیان ئەوکارانە ئەکەن ؛ ئەوانەش وەکو سپکە کانی هیندوستان کەنەموسڵمانن وەنەپیرو مورشیدێکیان هەیە، وە لەدەروێشەکانی ناوچە کوردنشینە کانی ئیمەش بـاشتردارو بەردو ئاگر ئەخۆن وتیغ ئەوەشێنن.

ماوەی هەیە

# بەفەرمانی شاھەنشا،زانیاری خانەی ئایینی لەشاری سنەدا، دامەزرا


زمارەی ـ٣٩ـ سالی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ٩٠

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردی‌یە، حەوتەی جارێ چلیکی دەرئەچێ

بایی
بوناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| سالآنە: | ١٢ | تمەن |
| شەش‌مانگە | ٧ | » |
| چڵ | ٣ | قەران |

بۆدەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| سالآنە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | » |

کوردستان

عەزیزم شاســوارێکە، گوزەرگا،گەر، بەئەلبورزا
دەگا ، نووکی‌سمی ئەسپی، لەخارا،تووتیا پەیدا

سیاسی- زانیاری- وێژەیی- کۆمەلایەتی

خاوەنی‌امتیازومدیری‌لی پرسراو
عبدالحمید، بدیع‌الزمانی
بەچاودێریی‌دەستەی‌نووسەر:
دوکتۆرمحمدصدیق‌مفتی‌زادە ـ سەرنووسەر
دوکتۆرعبدالرحمن واحمدمفتی‌زادە
عابدسراج‌الدینی ـ شکرالەبابان
خسروشیخکانلووی‌میلانی

یانەی‌ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاە»ژمارەی‌پلاك٢١٨
تلیفوون ٣٢٠٠٣

چووارشەمە ژێ‌بەندان ٢٥٧٢ك ـ ٥ بەهمەن ١٣٣٩ش ـ ٨ شەعبان ١٣٨٠ق ـ ٢٥ ژانویە ١٩٦١م


## گەلانی دونیا، بەهیوایێکی زورەوە،پیشوازیان لەسەرەتای سەروکایەتی ((کندی)) یەوە کرد.

کینێدی لەیەکەم وتەی دەورەی حکومەتی خۆیا،ووتی:

**بەهاتنەسەرکاری من،ئالوگوریکی گەورە،لەدونیادا، بەدیی‌دیت.**

**روژهەلات‌وروژئاوا بو پاراستنی ئاشتیی‌ئەبی‌ریك‌کەون.**

**ئیمەلی ناگەرین،کەلەئاسیا وئەفریقادا، بەجیگای‌یاسای‌ئیستعماری یاسایێکی مل‌هورتر ونالەبارتردامەزری.**

**ئەبی‌لەچاوبرکی‌چەك‌دروش کردن بەرگیریی بکەین، وەهەژاری ونەخوشیی لەبن‌دەربینین**

www.zheen.org

## چاوخستنەسەر زانیاری ئایینی

لەڕۆژنامەدا چەندین کەڕەت، وەزۆرجار لەبارەی گرنگی‌زانیاری‌یەئایینی‌یەکان ، وەپێویستی ئەو زانیاری یەوە لەجیهانی شلەژاوی‌پڕ ئاژاوەدا ، کەبایی مەعنەوییات لە ناوچووە ، وەکوتەنەوەی(شت) مادی‌یات‌خەلکی لەبناغەی‌خذێ‌ی پەسەندبەتەواوی‌لاداوە،ووتووێژمان کردووە.وەبۆدامەزراندنی‌زانیاری‌خانەی‌ئایینی‌لەسەرانسەری‌وەلآت‌دا بەتایبەتی لەمەلبەندە کوردنشینەکاندا، بۆێ پێش نیارمان‌بەدەولەت کردووە،بێ گومان‌کاربەدەستانی‌وەلآت وەخۆیشیان‌لەگرنگی‌ئەوکارەساتە تێ گەیشتوون‌وەبیروڕای ئیمەش یان بەچاك‌زانیوە بەوبۆنەوە ، لە سنەدادەستیان‌بەدامەزراندنی‌زانیاری خانەی ئایینی کردووە . تاکاتــی نوسینی‌ئەم‌ووتارەهێشتان‌بەتەواوی، وەووردی‌لەبارەی ئەم‌زانیاری‌خانە ئایینی‌یەوەهەوالێ‌بەئیمەنەگەیشتووە وەلەیاسانامەو ژومارەی قوتابی و ماموستایانی ، وەشوێن وخەرجی بەراوورد کراو ، وەپرۆگرامــی دەرسەکان وەماوەی خوێندن ، وە چۆنیەتی‌تاقی کردنەوەی‌قوتابیانی پۆلەکان ، وەباقی‌ووردەکاری‌ئەو زانیاری‌خانەیە ئاگادارنین ، بێ گومان‌پاش‌ئەوەی کەپرۆگرامەکەمان لێ‌مەعلوم بۆ، بیروڕای خۆمان لەوبارەوە ئەنوسین، بەلآم ئیستا بەچەشنێکی گشتی‌بۆێ‌شت

ماوەل ١

## ئابووریی لە دینی((اسلام)) دا

-١٦-

**تەلاشی پەیغەمبەران ـ صەلوات وسەلامیان لێ‌بێ ـ بۆجۆر کردنی کاروباری‌ئابووریی**

زییاد لەوە کەقورئانی پیرۆز، لەگێرانەوەی بەسەرهاتی هەرکام لەپەیغەمبەرەکاندا، نیشان‌ئەدا کە خەباتیان ، بۆ هەلگرتنی یاسای زولم‌وستەم وە دامەزراندنی پایەی هاوشانی وبەرامبەری حوقوقی‌لە

ماوە ل ٦

بەپێنووسی : ئاغای«منوچهرایمانی»   وەرگێڕاوی:د،ع،م

## باسیکی زانیاریی

-٧-

**گوزارشی هەلدزینی (حفاری) تەختی‌سلێمان**

**لەژمارەی‌پێشوودا،دێری‌دووایی‌ستوونی یەکەم هی‌سەرستونی‌دووەمە،وەیەکەم‌دێڕی‌ستوونی‌دووەم دووادێری ستوونی‌یەکەمە کەلاپەرەبەندبەرودوای خستووە، لێمان ببوورن .**

ماوەل ٢

م،ص،م

## لەکومەلاچون بژین؟

**ڕێگای‌خوداناسی**
**یان**
**طەریقەی عرفان**

-٢٠-

پاش ئەوە زانیمان ئەوکارە نەکراوانە کە دەروێشەکان‌ئەیان، کەن

ش ـ ب

## نەتەوەی‌کوردو نەتەوایەتی‌ئیران

سەلام‌لەسەرخاپاکی کوردستان لانکی‌پالەوانەکان .

خوێنڈەرە بەڕێزەکان لەبارەی نەتەوایەتی وپــەیوەنــدی‌نیوانی زەگەزیەوە لەژمارەی‌پێشودا باسە کەم گەیاندە ئەوێ ، کە زانایان بڕێکیان‌بناغەی‌نەتــەوایــەتیان

کەرامەتی‌ئەولیانییە،ئەمجائەلێین زەنگەلەڕێگای‌چاوبەس کردنەوە بێ ؛ ئیستا ئەبێ بزانین ئایاچاو بەس کردن‌لەوانەیە کەئەودەرویشانە لەخۆیانەوەنیشانی بدەن،یانە ؟

**لەبەرنەبوونی‌جیگا پاش‌ماوەکەی بۆژمارەی ئایەندە**

م،ص،م

**چون‌بنووسین وبخوێنینەوە ئەو کردەوانە کە لەهەر سێ کاتدا بەکارنابرێن**

شێروپیاوێکی نیشتمان‌ویستە؛ شێر کۆ ڕۆلەی خەبــات کەری نیشتمانە؛پرشنگ کچە کوردیکی زۆرنەشمیلە.

ماوەل ٧

لەسەریەك‌زمان، وەبڕێ‌یەك‌خوێن داناوە؛

**لەبەرنەبوونی‌جێگا پاش‌ماوەکەی بۆژمارەی ئایەندە**

## باسێکی ...

ماوەی ل١

**ناوونیشان وچلۆنیەتیی کێوەکە :** بەرزي ئەو کێوە لە ڕۆی دەریاوە٢٥٩٩متر، وەلەزەوینەکانی چواردەوری خۆی٩٧تا١٠٧متر بەرزترە . لەلوتەی ئەوا بیری هەیە کەنزیکە ٨٠مترقوڵـە . قوطری دەهانەی ئەوبیرە ٤٠ تا٤٥مترە . لەبەرزي ٩٥ متری بەشی باشوری ڕۆژ ئاوایی(جنوب شرقی) ئەم کێوەدا، حەوزێکی بچوکی بەردین هەیــە بەندازەی٣×٣ متر، کەدیواره کەی گەچ وجاڕوە.



١ـ کۆشکی ئاتەشگای تەخت سلێمان

لام وایەئەم کێوە هەزاران سالی پێش «ئاتەش فشان» بووە؛ لـە پاشان بەهۆی ئاو گۆزی تەبیعیی زەویەوە چ لیی لوتەی کێوە کـە؛ یانێ ئەو کونە کە ئاگری لێ دەرهاتووە، دەریاچەیێکی وە کودەریاچەی تەختی سلێمانی پێك هێناوە. دیسان بەمجۆرەلەپاش تێ پەڕ کردنی ڕۆژگارێکی دوورودرێژ ئاوی ئەودەریاچەووشك بووە، وەبەم تەشکی ئێستادەرهاتووە؛ چونکوئەوبەردانە کە تەموی کێوە کەوزەوینەکانی دەوروبەری تاچەند کیلومتردا پەڕشاوە هەموو کون کونن، یانێ لەوشتانەن کەلەلوتەی کێوی ئاتەش فشانەوە دەرتێن . جگەلەمەلەچواردەوری ئەم کێوە دا چەندین چاو کەئاوی گەرم(گەزاو) هەیە کەخوێی کانیی(املاح معدنی) زۆریان تیدایە، بەجۆرێ کەڕەنگی زەوینەکانی دەوروبەری خۆیان گۆڕاوە ؛ وە بڕێ لەم چاوکانە ئەندازەی ئاوبان یەك جۆرە وزیاد کەم ناکا. وەتەنیا هێزی گازهۆی هەلّ قولّینی ئەوانە، بەجۆرێ کە ئینسان لەئەو لّجاری چاوپێ کەوتنا وەهانێ ئەگا، کەهەمیشەلەمچاووکانە ئاودەرتێ،لەکاتێکدا وەهانییە، وەهێزی گازە کەئەم نوێنگەجوانە بەدي دێنێ.

بیروڕای «پوڕوفسورفوندراستن» و«پوڕوفسور ئومن» سەبارەت بەچلۆنیەتيی ئەم کێوە وەهایە کە :هیچ پێشینەی ئاتەش فشانیی نـەبووە؛ **بەڵکوله پێشادەریاچەیێ وە کودەریارچەی تەخت سلێمان بووە؛لە پاشان ئاوە کەی وشکی کردووە، وەبەم تەشکە دەرهاتووە؛وەبەردەکانی تەموی کێوە کەودەوربەری کە بەمجۆرە کون کون بوون، بەهۆی تێپەڕ کردنی**

ئاوی دەریاچەکە بووە، یانێ بەڵخی ئاوەکەیە، کە بەوجۆرە گرساوە.

لە بەرزیی٦٥ متري ئەم کێوەدا، دیوارێ وەکو پشتوێن لەپاش هەلّ دڕین بینرا، کە ٨٠٠مترودرێژە هەرلەم ئەندازە بەرزییەدا شوێنی کەلاوەی زۆرهەیە کە هەموویان لەبەرد بوون ، دەروازەی ئەوحەصارە کەوتوەتەلای باشوري کێوەکە؛ لە ڕۆری جادەوە کە بەردەمی دەروازە- کەپلیکانی زۆرپانی بەردین بووە، وەهەرکام لەوپلانە٤٠ سانتیمتربـەرز بوون. لەوەختی هەلّدڕینی بەشی ڕۆژهەلاّني ئەم کێوەدا سێ گونجی خاکي بەدەستهات، کەئاویان بردووە بۆزەوینەکانی دەوربەری کێوە کە؛وەئەمە بۆخۆی بەلگەیە لەسەرئەوە کەلەم شوێنا دەریـاچەیێ وە کودەریاچەی تەخت سلێمان بووە، کەئاوە کەی ووشکی کردووە. هەرکام لەو گونجانە٣٥ تا٤٠ سانتیمتردرێژن .



٢ـ دەروازە باکوریی تەخت سلێمان

هەروەها ماوەیێ پێش،لەوەختی هەلّ دڕینی پالّ داوینی ڕۆژهەلاّني ئەم کێوەدا، کوپەیێکی نیوەشکاو بینرا، کەپێشەوپلانی منداڵێکی تێدابۆ؛ وەئەمەش تائەندازەیێ پێشینەی چەند هەزارسالـەی ئـەم جێگا بۆ ئێمە ڕوناك ئەکاتەوە کەبزانین : چ هۆزێ لەوێ نیشتەجێ بوون . لەڕۆژگاری پێش لەمێژودا زۆرباوبووە، کە منداڵی خۆیان لەپاش مردن ناوەتەنێوی کوپەیێك، ئەوجا ئەسپەردی خاکیان کردوون ، ئەلبەت ئەم کارە زۆر کەم لەڕۆژگاری هەخامەنیشیدا کراوە، بەلاّم ناتوانین، کە لاشەی ئەم منداڵەهی ئەوڕۆژ کارە بزانین، چونکو بەلگەیێکی تر لەسەر ئەم مەبەستە کەئەم منداڵەهی ئەوڕۆژگارەبێت ، بەدەست نەهاتووە؛ کەوابۆئەوەهی دەورانی پێش لەمێژوبە . لەکانی هەلّدڕینی تەموی کێوەدا، ئەندازەیێکی زۆر کوپەی شکاوو کاسە کەلی بێ لعاب بینرا، کەهەموی کۆ کراوتەوە .



٣ـ دەروارەی ڕۆژهەلاّتی تەخت سلێمان

**تەختی بەلقیس :**تەختی بەلقیس لەباکوری ڕۆژهەلانی(شمال شرقی) تەخت سلێمان، لەفاصلّەی ٢٠ کیلومتریدا، قەراری گرتووە؛ وەلەڕوی دەریاوە ٣٦٥٥متربەرزە. لە سەریەوەشوێنی کۆشککی گرد لەبەردهەیە؛

ماوەی ل ١١

## ماوەی سەروو تار

ماوەی ل٦

ئەخەینە پێش چاوی کاربەدەستان .

خوێندن لەمڕۆژ گارەدالە گەلّ ڕۆژ گاری لەمەوپێش زۆری فەرقە، لەمەوپێش خەلّکی کەمتر چاویان بڕیبوە شوێنەکان وەپایە ڕەسمییە دەولەتییـــەکان، وەخوێندنی زانیاری ئایینییان بەناوی ئەستۆ وەفەریضەیێکی دینی بەوەدەستپێ ئەکرد ، وەلەبەرڕەزای خـوای بێ نیاز ، وەخێری ئەوجیهان هەر چەشنە سەختی ورەنجێ کیان لەو ڕێگایە، لەکانی دلّیکی خاوێنەوە هەموارئەکرد ، بەلاّم ئەمڕۆنابێ لەقوتابیانی زانیاری دینی واچاوە ڕووانێ بکرێ . کاروباری ژییان ئیتر ماوەنادات، بەلّکـو دەسگای دەولەت وبیروڕای گشتیش ناتووانی ئەمەوەر گرێ ، کەزانیاري وپست چ تەنیابێ و ، چ خێزان بـار بـێ ، تنیابەڕۆژێ چارە کێ نانی ووشك بساچێنێ وەتەنی خۆی لاوازو ناتەوان بکات، وەبۆتوش بونی هەرچەشنە نەخۆشی یێ ئامادەبێت .

جالەبەرئەوە ،ئەبێ لەزانیاری- خانە ئایینییەکانی ئەمڕۆدائەرواو- تەنی زانیاری وپست بەهێز بکرێ وەبێجگە لەخێروبێری ئەوجیهان سەمەروسەرئەنجامێ بۆژەنجەکانی ئەوان بگێیرێتە پێش،وەپـاداشی کاریان تایین ودیياري بێت؛ ئەبێ زانیاری وپست پاش تەواو کردنی خوێندن کاروباری ژییانی خـۆی بزانێ ، وەلەلایەن دەولّەتەوە بەوانە کاربسپێررێ،تابەرێگاییێکی ڕاست وچاك وباش دا، دەست بەڕێنمونی وخستنەسەرڕێگای خەلّکی بکەن. وەخەلّکی بەناو کەی ئایینێکـی دوراله هەلّەولاروچەوت و چرۆك ئاشنا بکەن. ئەگەر مەتەلّەی بـە ناو انگی (سکي رسی ئیمانی نییە) بگبرێتە پێش چاو ، وەهە وەهاش پێ وپستی بێ نیازی.وەبەرچاوتێری، وەبولّندبینی ، زاناوەپیشان دەرە ئایینی یەکان ووردبکرێتەوە. ئەبێ داهاتوی ئەوقوتـابیانە بەووردی تەماشا بکرێ، وەدەولّەت کەزۆر پێ وپستی بەچاك بـونی ئـەرواو

ماوەی ل١٢

# (سوزەی کویستان)

لەژمارەی پێشوّدا گەیشتینەکاتێ کە (شاوەیس وباوەیس) خوواحافیزی یان لەپیرەمێرد کرد وڕێگای خۆیانیان گرتە پێش ئیستالە سەرباش ماوەی کـارەسات ئەڕۆین

پاش ئەوەی کەشاویس وباوەیس لەپیرەمێرد دوّر کەوتنەوەشاویس ڕوّی کردە باویس کوتیووتەکانی ئەوەپیرەمێردە بووەتەوور کەلێم ئەترسم ڕاست بلێ ودوّجاری بەلایێ ببین !

باوەیس:ــ هاکورەپیاو گووێ مەدەرێ!پیرەمێردهەرزۆر بلێین وەلەخۆیانەوە قسەی بێجێ ئەکەن .

شاوەیس:ــ برام نەوامەلێ ئەمپیرە مێردە دونیادیدانە زۆرشت ئەزانن وەزۆر شتیان تاقی کردەوە تەوە ، وەهەرچی کەئەیلێن هەموّدەرسێکن لەڕۆژگاری ژییانی خۆیانا خـوێندویانە ، وە ئەبێ پیاو قسەیان لێ وەرگرێ باوەیس ـ یانی ئەتەوێ بگەڕێیتەوە !

شاوەیس:ــ نەبرام نامەوێ بگەڕێمەوە بەلام لامواپە ئێمە ئەمڕۆچاولە گەڕانی کوێستان بپۆشین،وەڕونە کەینە سەربەرزی، وەوە کوپیرەمێردووتی ڕوّبکەینەشپو، وەلەم شپوانەدا بسوّڕێنەوە، وەهەرکاتیدیمان هەوا گوڕای بەرەومالْ بچینەوە .

باوەیس:ـدەستی بەپێکەنین کردوە کوتی: منلاموانەبوّ کە توّهێندەترسنوّك بی، وەوام ئەزانی کە تۆلەهیچ ناترسی ئێستا کەوایە توّبۆخۆت خەریکیڕاوی خوّت بە

ماوەل٣

هەزارویەكشەو ٣٤٣

تانەتان کوژین؛ ئەگەرنە یەکێکتان گیان دەرناکا. شرکان کە ئـەم قسانەی بیست، زۆرئالۆزبوّ، خوڕی بەسەریانا کە : ئەی کافرانی بێدین! چۆن وێراوتانە پـێبنێنە سەرخاکی ئێمە؟ ئەم کەتنە بەس نەبوّ کەئێستاوەهاش دەمتان هار کردەوە؛ وەلە گەلْ مناوە هاقسەئەکەن ؟! ئێوە خەیاڵتان کردووە کەلە دەستی ئێمە دەرئـەچن و گیان دەرئەبەن کەبڕونەوە بۆوەلاٰنی خوتان ؟ ئەوجالای کردەوەلەسوارانیخۆیوفەرمانی پێیاندا، کە :ئەمسەگانەبکوژن'وەخۆیشیشمشێری لە کێلان هەڵ کێشاوهێرشیان بردەسەرفەرەنگییەکان . ئەوانیش پیاوانە ڕاوەستان ودوّدەستە چوّن بەیەکا،تائێوارە شەڕیان کرد؛ کە تاریکپیشەودونیای داگرت:پاڵەوانانلەیەك جیابوّنەوە!شرکانیش سوارەکانیخۆی کۆ کردەوە، ئەنوارێ کەسیان لێنە کوژراوە، بەلام چوار کـەسیان لێ برینداربووە، وەبرینەکانیان کاری نییە . شرکان ووتی:من تەمەنی خۆم لەشەڕاداوەتە سەر ، وەلە گەڵ پاڵەوانانی ناوداردەس وپەنجەم نەرم کردووە؛ بەلام تائێستا وەها دەستە پاڵەوانێکی نەبەزو کرژوئازام نەدیوە .سواران ووتیان : شازادە ! لەنێوی ئەوانا سوارێ هەیە کە زۆرنەبەزە، بەلام لە گەڵ هەرکاملە ئێمەدا ڕوّبەڕوّئەبوّ، وەزاڵ ئەبوّ بەسەریا، دەسی لێ نەئەوەشاند ئەی بەخشیونەی ئەکوشت؛ بەخودا قەسەم! ئـەگـەر سبەینێ هەڵمەتمان لێبداودەسمان لێ بوەشێنێ یەکێکمان بەدەسیەوە دەرناچێ. شرکان لەم قسەسەریسڕماو؛ ووتی: قسەی سبەینێ ئێستاناکرێ فەرەنگییەکانیش لەدەوری سەرکەرەی خۆیان کۆبوّنەوە ووتیان : ئێمەئەمڕۆتالانێکمان لـەوان نەگـرت و کارێکمان نە کرد سەرگەورە کەی ئەوانیش وادەی سبەینێ بەوان دا . ئەوشەوەهەر دوّدەستە لەنێوخەیوەتانیخۆیانا نوّستن. کەسبەینێ هەوا ڕوّشنی کردوهەتـاوهەلاٰت، شازادەشرکانوسوارەکانی هەموّخەبان گورج کردەوە؛زرێوتاس کلاٰویان لەبەر کرد، وەچەکیان هەڵ گرت وئامادەی شەڕبوّن وهاتنەنێومەیدان؛ ئەنواڕن فـەرەنگـی.

هۆنراوەی (ع) سراج‌الدینی

# نالەبارییەکانی کومەل

## ئەندەرز

-٢-

تەنبەڵـیی کاکـە دەردێ گرانە
ئیشی دێوانـــــە وگێژو نەزانە
ئەوکەسەی پیاوبێ ئەبێ تێ کۆشێ
کاری خـۆی بکا مـەردو مەردانە

☆☆☆

هەڵسە ڕاپەڕە کار کـەبێ پـەروا
کولێرەی زەڕات بخۆوەکهـەڵوا
ناڕەحەت نابـي نالێی ناخـورێ
بەلەذ تئەیخوی لەگەڵشوکری خوا

☆☆☆

ئەرتەنبەڵ بژیت لوتئاویژ ئەکەیت
هەرچیت بۆدانین کەبۆخۆت بی خووەیت
بۆتقوت نادرێ چاکترین خواردن
ئەبێتە بوغمەت قەیپەرۆشیە کەیت

☆☆☆

خوتهەڵنەکێشی هەرخۆتحساب کەی
لەزانـا ونـەزان تانـەوتەشەردەی
هەرچەند زانابی وتێبگەی لەشت
زۆرشت ماوەتۆسەرلێ دەرنەکەی

☆☆☆

گەرزا نیاری تـۆ بۆبـێ بەدەریا
بنگوسێ وشکی نـــــابێ نەبێ تیا
تۆنەتتووانی بێ ئەوەش داگیر کەی
گشتی بزانـی بۆخـۆت بەتەنیا

☆☆☆

هەرسەرێ بۆخۆی ئـەقلێکی هەیە
سەودای مەحاڵێ وشوێنێکی هەیە
تۆئەقڵی کول نیتبوچ وادەزانی
هەرمیشکی پوّچت ئاوەزی هەیە؟!

☆☆☆

مەلێسووارخاسم بـۆخۆت بتازی
لەمەیدانی چۆل خۆت لەخۆرازی
نەوەکو سوواری بێتە مەیـدانت
ئەستۆی شکاوی خـوت کابەقازی

☆☆☆

ماوەل١٠

بنکەی ژین www.zheen.org

# ریزەکاریی

**کزەکردن :** منەت بردن وبەعەزیەت بون. «کزە»، لەبناغەدا، بەدەنگێ ئەڵێن وەکو دەنگی گەزانی هەرەکاش، کاتێ کەدانی‌نەبێ، وەبڕێ‌جار بەمەعنای خودی گەزانەکەش بەکارئەبرێ. جابۆ،کو، هەموکاتێ، ئاشەوان نازبەسەر خەڵکدا ئەفرۆشێت وبەبیانوی‌زۆربونی کارەوە ماتڵیان ئەکا، لەوکاتەدا کەئاشەکەی کزە ئەکات وبەبەلاش ئەگەڕێ لەدڵەوە، گەلێ منەت‌ئەبا، کەکەسێ بارێکی بۆببا، وەبیکاتە ئارد. کەوابێ، «کزەکردن» کەکاری‌ئاشە، دراوەتە کینایەلەمەعنای «منەت‌بردن لەدڵەوە» کەحاڵەتی خاوەن ئاشە.

**دەستەداوێن‌بون:** بەتکاو لاڵەوە پەنابردن. ووتمان کە: چۆن پیتی «بە»ی تەعەددی ، لەدووای فیعلەوە تۆرئەدرێ ، وەلەبڕێ صیغەدا لەباتی‌ئەوە، جولەی سەرئەدرێتە پیتەدووایی‌یەکەی؛ بڕێ‌جار، لەگەڵ ئیسمیش ئەوکارەئەکرێ؛ وە«دەستەداوێن»یش لەوئیسمانەیەوەئەصڵەکەی «دەس بەداوێن» بووە. شاعیرێ ئەڵێ :

«یا حوام دە یـــــادڵ نییام کە

کەم دەستە داوێن شیخ ومەلام کە»

لەوە گیراوە، کەجاران کاتێ‌تکایان‌بردووەتەلای شاهان،لەپێی تەختەکەیاندا چۆکیان‌دا داوە؛ وەداوێنیان گرتون.

**دەس لەشتێ‌داشۆردن :** بەجارێ لەدڵدەرکردن ولەبیربردنە. وە. «داشۆردن»یا«داشۆرین»، بەوە ئەڵێن کەشتێ، لکابێتە شتێکەوە ، وەبەئاو پیاکردن ومالین لێی‌بکەنەوە. وەکوئەوە، عەلاقە بەشتێ؛ بەوە شوبهێنراوە کەئەوشتە لکابێتە دەستەوە؛ وەکاتێ کابرا ، لەدڵـی‌خۆی دەری ئەکات وعەلاقەی پێ‌نـامێنێ ، وەکو ئەوەیە کـە دەستی‌لێ دا بشۆرێ .

**چنگ ووشك :** ڕژد.«چنگ»، بەپەنجەی دەس ئەڵێن‌کاتی گیر کردن‌لەشتێ؛ کەوابوکابرای ڕژد ــ کەدڵی‌نایێ شتێ‌ببەخشێ‌وەشتێ لەدەستی دەرنایێ ــ لەوەئەکا کەچنگی، ووشك بێت‌وپەشەبێکی ، لێ جیبانەبێتەوە.

**دەس‌تەنك :** هەژاروکەم دەستەڵات . بەبۆنەی ئەوەوە ، ماڵ‌و دارایی بەدەس خەرج ئەکرێ، کەمی وزۆری، شوبهێنراوە بە تەنگی‌و گوشادی دەستەوە .

**ڕۆن‌بان گونێنە :** بەشێوەی سنە ــ کەیـانێ : «ڕۆنـی‌سەری ترخێنە» ــ بەمەعنای زۆرخۆشەویستێکە، کەئـاوە واخۆشی، ئەوێ ، دڵی‌نەیێ،لەخۆی بی‌تاکێنێتەوە،وەنەتوانی‌لێی‌جیابێتەوە. موناسەبەت ئەوەیە کە گونێنە (دۆینی هەس‌وهۆڵ)، تازەن بەسەریەوەنەبێ بەدەردی خواردن ناخوا، وەتام‌ومەزەی، وابەزۆنەوە. کەوابێ، کابرا کەبە کەسێ ئەڵێ: «تۆبۆمن، وەك‌ڕۆن‌بان گونێنەی»، مەبەستی ئەوەیە ، کەمن‌بێ تۆنام .

**ئلك‌بان‌چاو:** بەشێوەی سنە یانێ: «ئلکی‌سەرێ‌چاوە»، وەبۆ مەعنای بەرامبەر و پێچەوانەی مەعنای کینایەی پێشو، بەکار ئەبرێ. موناسبەت ئەوەیە ، کەچاو ، هەمزۆر خۆشەویستە، وەهەم لـەجوانیی مرۆدا، گەلێ‌کارئەکات وتەئسیری هەیە؛ کەوابێ، لکێ کە بەسەریەوە دەربێ، بەلای ئینسانەوە، زۆرناحەز ومەنفورە.

## سوزەی‌کویستان

ماوەی‌ل٣

وەلەم شێوەلانەدا بسوڕێرەوە، منیش هەرلێرەوە بەرە وبەرزی کێوبەرزئەبمەوە .

شاوەیس:ــ برام‌تۆئەوەبزانە کە هەرپیاوی‌ئازاوووریاسەرلەشت ئەکاتەوە، وەچ ئازایی لەوەدا هەیەکە پیاولەخۆزایی خۆی دوچاری بەڵابکات ؟ ئێستا کەڕۆهەرلە سەری ئەڕۆی منیش‌دێم .

ئەنجا هەردۆ کیان پێکەوە بەرەوهەوراز بەرزبونەوە ؛ بەفر ئەوەندە زۆربـو پشتوێنەی‌ئەگرت؛ دەمێ(شاویس)رچەی‌ئەشکاند، دەمێ «باوەیس» ئەکەوتەپێشەوە هەربەوچەشنە کێویان ئەبڕی، ناکاو دوورەوە «باویس» شوێنی دەڵەکێکی کردەچاو وەکوتی«شاوەیس»ئەتەوێ‌ست بەقسەی پیرە مێرد بگەڕێتە دوواوە ئەواشوێنی‌دەڵەکێکم دی‌یەوە .

«شاوەیس» :ــ کامەتانێ ؟

«باوەیس»:ــ بەئیشارەی دەست شوێنی بە«شاویس» پشانی‌دا

شاویس:ــ بڕوائەکەی‌ڕۆەولوتکەی کێوڕۆیشتووە؟

باوەیس:ــ بەڵێ ڕۆی کردووەتە لوتکە . ئەی‌تۆتەماداری کە بەرەو کـ ووێ چوبێ ؟! ئەتەوێ بەقسەی پیرەمێرد لەشێوەڵی ئاواییدا،نەچیربە گیربێنی ؟

شاوەیس:ــ هیچ‌قسەی‌نەکردوەلەگەڵ «باوەیس»دا بەرەوژور کەیان‌دایەبەر؛ چەپ وڕاست وبەنۆبە بەفریان ئەشکاند؛ تانزیکەی چاشتێنگا شوێنـی دەڵەکیان بەرەوهەورازگیرا ، نزیکەی چاشتێنگا «شاویس»بەرەو لوتکەی کێوتەماشای کرد، دیوردە وردە لوتەی کێو دەستی بەتەپ وتۆز کرد .

شاوەیس:ــ باوەیس چاوت لێیە لوتکەی کێو،ئۆران ئەکات !

شاوەیس:ــ هیچ‌قسەی‌نەکرد وەلەگەڵ «باویس»دا بەرەوژور کەیان‌دایە بەر،

ماوەل٩

---

هەزاویەك‌شەو ٣٤٤

یەکانیش بەرزلەمەیدانا ڕاوەستاوون . شرکان بەسوارەکانی‌ووت : ئەمڕۆشەڕی تەن بەتەن بکەین . لەم وەختایەکێ‌لە فەرەنگی‌یەکانیش‌بەدەنگی‌بەرزهـاواری کرد کە: ئەمڕۆیە کەیە کەشەڕئەکەین . ئەوجاسواری‌لەسوارەکانی شرکان پێ‌نایەنێومەیدان بۆشەڕی‌تەن بەتەن ودەستی کردە ڕەجەزخوانی‌وئەی ووت .

ڕۆژی شەڕئالای فـەتح وپیرۆزیـم

سەری دوژمنە بـــەسەر ڕمـــەوە

لـەڕەش پۆشانـی‌خێڵـی دوژمنان

ڕۆی دنیا دەبێ بەکـانی شەوە

کاتی نرکاندم : «هل مـن‌مبارز»

ئەوئەڵێ : ئەمەو، ئەم‌ئەڵێ : ئـەوە

پاڵەوانێکی کەوەسوارلەفەرەنگی‌یەکان کەهێشتان خەتی‌نەدابو، ئوزەنگیی دا، لەئەسپ‌وهاتەمەیدان وهەڵ چوون بەیەکـا، لەپاش ماوەیێ‌زۆرئازمایی‌پاڵـەوانی فەرەنگی‌سوارەکەی شازادەشرکانی بەنێزە هەڵدێرا وباڵ‌بەستەی کروبەدیل‌بردی‌و گەڕاوە بۆنێوقۆشەن . فەرەنگی‌یـەکان دەسیان کردە پلـەزیقان وچەپڵەڕێـزان و هۆڕاکێشان وخۆشی‌وشادیێ کردن. وەپاڵەوانێکی‌تریان نادرە مەیدان؛ موسوڵمانەکانیش یەکێ‌تریان‌نادرە مەیدان، سەعاتی‌مشتومڕبان بو کە فەرەنگی‌یەکەئەویشی لە ئەسپ داخست وباڵ بەستەی کردوبەدیل‌بردی؛ لەپاشان‌یەکەبەکەموسوڵمانەکان ئەهاتنەمەیدان‌وفەرەنگی‌بەکان‌بەدیل‌ئەیان گرتن‌تاشەوهات‌وتاریکی‌دونیای‌دا گرت. وەئەوڕۆژە فەرنگی یەکان بیست سواری موسوڵمانەکانیان بەدیل گرتبو.شرکان کەئەم کارەساتەی دی، زۆرپێ گـران هات؛ وەزانی کـەتوشی بەڵاوموصیبەتێکــی گەورە بۆوە، ئەوجاسوارەکانی‌خۆی کۆکردەوەودەرری‌خۆی بەوانی ووت: سبەینێ

بەشی کوردیی شمال

# کوردستان

لاپەڕەیی ، بوهەموجار

## بیزەکرن بزانەتی یێ دینیی

مەڤێ ڕۆژنامێدا پێ دەروسەر هەو ژقەدر قیمەتازانەتیی یێ دینی، لەڤێ دونیائالوزدا، کوقەدرقیمەتا مەعنەوي یاتا ژناو چوویـە ، وە خەلکێ هەرتەنێ فکرا خودانـە جەم کارباری مالیـێ وەژبنیشیـد ئەخلاقیی خالفیی نەقسە کرییە.

ڤەکرنا مەدرەسێد دینیرا لە سەران سەرێ مەملەکەت مەخسوسەن لەجییێ کـوردنشین مەهـنەك پێشنیاد دایە دەولەتێ .

بێ شك سەرە کێـد کاربـارێ بخوئەڤ یەکاتێ دەرخستنە،وەبچەڤکی باش لەپیشنیادێد مەمێزەکرنە و کوردستانێدا دەست بڤەکرنا مە درەسێد دینیی کرنە .

حەتتانی گاواك ئەڤ سەرمقالە تێ نڤیساندن هێ خەبدرەك عسەیی ژڤان مەدرەسێد دینیی دەست مەدا چونەیە،وەئەم هاژێ نینن کوچونەیە، وەئەم هاژێ نینن کوچوقاخواند. وال هەیە ئەساسناماوان چییە ، جیی وبوٚدجە وبەرناماوان چییە ، وەهەلبەت پاشیی گەهیشتناخەبەرێد لازم ئەمێ نەزەراخو بێژن لێ بەلێ ئەم نهۆژئەواك هەیەهنـدك تشتا بگوێ سەرە کێد کارباری دەولەتێ دگینن. ناوخواندنانهۆویابەرێدا گەلەك تەفوت هەیە، بەرێ خەلکێ کێم فکراخوددان مەقاموروتبێد دەولەتی وژەسمیی، وەخـواندنـا زاناتییێ دینیی سەرخوفەرزوواجب دزانین، وەبۆڕاضی تیاخودایێ بێ هەوال وکارا ئاخرەتێ، هەرچ ور سەختی وزەحمەتەك دژي یاوێدا بدلکیی پاك قەبوول دکرن. لێ ئیرۆ ژخواندوارێد زانەتییـێ دینیی نابە ئەڤ چەڤ نهێریهەبە حالێ ژێینێ ئێدی ئیجازێ نادە بەلکیی دەزگایێ دەولەتێ وجڤات ژي نوکارەقەبوول کە، کودلخوازێ زانەتییێ چ سەرێ خووەچ خودان کولفەتبە ، ڕۆژێ بچوارەکەك نانێ عشك دەرباس کە،وەبەدەناخو ژار وبێکارەبکن، وەبدنە بەرهەر جونەسازیکێ .

بەرڤێ ژی گەرەك مەدرەسێد دینییێ ئیرۆداروح وبدەنادلخوازێ زانەتییێ خورتبەوەخێخجی پاداش وکارا ئاخرەتێ، بوکاربەژسەمەرا کاروزەحمەتێ خو، نەتیجەکسێ هلدە .گەرەك دلخوازێ زانەتی یێ پاشیی کوتتاکرنا خواندنێ کارو ژێیناخویزانبەوەژئالی یێ دەولەتێ، وێ یابشینن، کوبجورەکی ڕاست وباش خەلکێ بینە سەرڕێ ، وە خەلکێ بحقیقەتێ دینیی ناس بکە وەئەوان ژتشتێدبێ بنیشەوخەرافاتا دووربخە .

هە گەر ئەم مەسەلابناودەنگ (زکێ برسیی ئیمان تونەیە)بیننە بەرچەڤا ، گەرەك ڕند پاش ڕۆژا دلخوازێدزانەتێ یێ دینیی مێزە کن وەدەولەتێ، ڕاکوچێ بۆنا حالـێ روحیی ومەعنەوی یا خەلکێ زۆر لازمە ، گەرەك لەباراحالێ ئەوانێك ژمەدرەسێدزانەتی یێ دینیی دەرد کەون فکرەك تتام بکە، وەئەوانا بحالّ و ڕۆژاخو، دلگەرم کە .

هەڕژی لازمەقەبوول کرناخواند وارێد ڤانمەدرەساراژی کووروارە مێزە کرن،وەزۆراژێهاتیی وبەیانا وي بچەڕبنن،وەئیمتحانادا زۆرتێ بفکرن، وەتەنێ فکـرا ڕێدەیـا هێژمارا قەبوول بوویانبن، وەبڤێ یەکێ خەلکێ بڤیی دەزگایێ دینیی کوبشکلەکیی تازەڕێ دچەخاتر- جەم بکەن.ئەوان نەزەرامەکولیی بۆ هیویاهەئەڤە کوبزوترێ هاژێ هەر کارە کیی مەدرەسێددینیی بن،وە ئەواك بوکاربن،بدرێژاپیی ، بۆ

ساوەل ٨

## سەرەکتی یاکندی

پرزیدنت کندی سەرە کێ جمهۆرییەتێ تازەیێ ئامریکاژپارتیا دموکرات بجورەکي رەسمیدەست بکار کر .

وبڤي جوری هەشت سالێ حکۆمەتیا ژنرال دووایت ئـایزنهاور کوتتابو .

ئایزنهاور یاپێ سەرداره کي مەزن بوٚتا سیاسەتمەدارە کي مەزن . خزمەتێدوي کڤش لەپۆستا فەرماندێریاقۆشنێد (متفقین)لەچاخێ شێڕ بۆسەبەب کوئەوا نەکوتەنێ لەئامریکا بەلکي سەران سەرێ دونیایێدا ناوپێ کەڤە .

هەشت سالاپێش جمهۆریخوازا' بۆپیرۆزییێ لەهلێ بژارتنا کـو. نگرێ وەسەرە کیا جمهۆرییە ئامریکادا ژشۆرەتاوي کار کرن ، وە ئایزنهاور بناوێ سەرە کێ جمهۆرییەتێ بژارتن، کوئەڤ فکراوان ڤێ بارێدا ڕاست بۆیە ، وەیەقین شۆرەتائایزنهاور پیروزي یاجمهۆریخوازا را لەهلێ بژارتنێ سالێد ١٩٥٢ و ١٩٥٦ کۆمەك کر :

پڕێ دەورانا هەشت سالێ سەرە کیا ئایزنهاوردا سیاسەتادەروایـا ئامریکا بدەستێ جان فوستردالس وەزیر کارباری دەروایێ ئامریکـا کوئایزنهاور پێ خاترجەم بوٚڕێ دچو .

حەتتانیی بەري مرنا دالس سیاسەتا دەروایا ئامریکـا هەرئسسا خورتبو، لێ پاشیی مرنادالس ئایزنهاور تەنێما ، وەدەورانا بەرکەتما سیاسەتا دەروایا ئامریکا هاتەخارێ کوپشانێدوێ حەتتانیی دەرکەتما ئایزنهاور ژکوشکاسپیی یاواشنگتنێ هەبو .

جان کندی سەرەك جمهۆرییەتێ ٤٣ ـالێ تازەیێ ئامریکاوعدەدا خەلکێ ئامریکا کوسیاسەتاناوخو ، دەروایا ئامریکادا ژتازەمێنرە کە، وەپێش هاتێد پاشینێ پشان بدن، کوڕێبەرێد پارتیادموکرات حەتتانیی ئندازە کێ ئەوێدا کو گوتنە دو کارن سەر کەون .

یەقینە کوپارتیا دموکراتێ هنەك هلّ گوهراندنا کارباری نهۆدایێ بکن . یەك ئەڤەتێ گۆتن کودکن ' شوونا هنەك نمایەندێدسیاسیی بالیۆزێد ئامریکا ، کو سیاسەت زانێدکارەنینن ،وەهەرتەنێ بارخاترێ هەپیی ودەولەمەندیا خوپۆستێ بالیۆزیێ گرتنە، سیاسەتمەدارێد کۆنەو ژیهاتیی وارنەسەرکار .

ژبەر خەرجێد گران بۆناهنەك بالیۆزخانێد ئامریکالەپایتەختێد هنەك دەولەتێ اروپا ' هالازم کر، کوبرێ بازرگانا وخودانێ کارخانێد زەنگین کوقەت هاژي کارباری سیاسیی نبوون هەرنەوان دەولەتان .

هنەك دبێژن، سەبەبێ شکەستا سیاسەتا دەروایا جمهۆریخـوازا ژبەرهەمن ڤێیە کێ بوویە .

لەبەرچەڤا پرزیدنت کندی تەلاشێ دکە کوڤێ کێما سیێ ژنـاو ڕاکە .

ئەوي موشپرێدخو ژناو مرۆڤێد ژیهاتی و کڤش بژارتییە، یەك ژوان سناتورلیندون جانسون بن دەستێ سەرە کێ جمهووریەتاتازەیـێ ئامریکایە کوچەند سالی دەرباس بوییدا ڕێبەرێ دەستا دموکرات لە مەجلساسنا ئامریکا بوویە ، وەسەرێ ڕند ژکاربارێد سیاسیی دەرد کەڤە.

ادلای استیونسون ڕێبەرێ پێشینێ پارتیا دموکرات وەمکوو. ڤێ ئایزنهاور لە هلّ بژارتنی سالێد ١٩٥٢ و١٩٥٦ژي، یەك ژتا گیرێد کندی بناوێ قاسدێ هەمیشەیی یا ئامریکا کۆماملەتێد یەك بوییـی دا کڤش بوویە .

کندی بخوژی، چەندین سالا ئەندامە کیی خۆیاسنا ئەمریکادا بوویە ، وەسەرهەو مرۆڤ دوکارە بێژە کوڕێبەرێد تازەیێ ئامـریکـا ، هەموو ژسیاسەتمەدارێد کڤش وژیهاتیی نە' بەرڤێ ژي مرۆڤ دوکارەبێژە، کوئەوانێ سیاسەتاجهانیی یائامریکادادەست بعەمەلێدبکاربکن ئایزنهاور ئاخرین قسەکرناخودا ، لەوەختاك سەرە کێ جمهووریيەتا ئامریکا بوو ، پرزیدنت کندیرا پیروزي آرزو کر .

وەبێ شك جمهووریخوازێد ئامریکا ژي کونهۆبراهنەدكدامانە، یێ گەلەك کارباری مەزنێ سیاسیی یاناوخوو دەروادا، ئالی کاریا دموکراتا بکن .

### ماناي وشەکان

(سەرە کتی) : سەروکایەتیی : رياست

(کوتتابوو) : دواپیی هات : خاتمەیافت

(کڤش) : کرنگ : مهم

(خورت): بەتین : قوی

(ژێهاتی) : لێهاتوو : ورزیدە

(تاگیر) : لایەن گر: طرفدار

(هندك) : هەندێ : کمی

بنکەی ژین
www.zheen.org

م.ص.م

**نووسەری پەراوێزو وڕاستەوکەری‌هۆنراوەکان:**

# کنز العرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین‌ووتار ((میر محمد صالح حسنی نعمت‌اللهی))

**ملقب‌بە«حیرانعلی شا»ی کرماشانیی**

مەستی مەیخانەی‌یەزدان پەرستیی ؛ ڕاویاری‌ڕێگـای‌سەرڕاسی زاستی؛ مەحرەی ئەنواری«فەنافی اللهی» ؛ چرای‌پڕنوری‌تەریقەی‌نعمت اللهی؛دیوانەی‌چمەنی گولزاری‌ئەبەدییەت؛ سەرخۆشی‌بۆنی گولاڵەی ئەبەدییەت ؛ شێواوی شێوایی جەماڵی‌بێ‌هاوماڵی یەزدان ؛ شێـری بەرەك ڕەشی بیشەی خوداناسي کوردان ؛پیری گەورەی‌نورانیی‌اسەی صالحی کرماشاني ، دوباره کەوتووەتەوه بیسانی ەجەلالەوه،هەموهەوار گەوپلەکانی‌یەزدان‌پەوەستي لەخواری خۆیەوه ئەبینێ ، جگەلـەتاوی هەتاوی‌بەدیهێنەری‌جیهانی بەدیهاتو، شتێکی‌تری‌نا کەوێتە پێش‌چاو، ئەوەی کە کەراماتی ئەولیاومعجزاتی ئەنبیایێ‌چونکە لـەڕاستە قینەدا هەـوی لەوهەتاوه ڕۆنا کەی بوونەوه سەرچاوەئەگرێ، ئەوبەبێ‌بـۆنە چاوی پێ‌ئەکەوێ، وەلەبەرئەوەخۆی لەونورو‌ناوەدا تووا‌وەتـەوه ‘ ئەو کەرامات‌ومعجزات‌وجێگاوڕێگاوپلەوهەوارانە کەئێمەبەچاوی‌ڕووالەتي خۆمان‌لەئەنداماني‌تایبەتەوه، چاومان پێ‌یان‌ئەکەوێ‘ ئەولەوحالەتەدا، هەمێ‌لەونورە گەورەوەبەبێ‌بۆنە ئەیان‌بینێ‌،وەخۆیشی‌لەونورەدانوواوەتەوه وئێتر شتێکی‌تریا کەسێ کی‌تربەنوێنگەی ئەونورەبەدیهێنەرەی‌جیهانە،نا یێتەپێش چاوی ، ئەنجا لەخۆشي‌باڵەیەوێ خۆی‌بەجیهانی‌یان‌بناسێنێ ‘ وەئەو جێگا وڕێگای بەرزی خۆیە، پێ‌یان بنوێنێ ، بەلام‌ئێمە چـون ڕووالەت بینین‘ وەچاوی‌حەقیقەت بینیی‌مان پەردەی تاریکی‌ئارەزوی ئاژەڵیی‌بەری گرتووه ، ئەووتەی ئەوه بەنالەبارو‌بێ‌جێ‌ئەزانین‌وەدەس ئەکەین‌بەتانەلێ‌دان وسەرزەنش کردنی هەروەها کە خۆی‌ئەڵێ :

ئەغیار ! تەعن ودەق ، .

تاوە کەی مەزێن وەمن‌تەعن ودەق
وەئەنگوشت عیشق لە جانب حەق
وێنەی ئەجدادم قەمەرمە کەم شەق
من موعجـزنمام وەئەمـر داوەر
سوست اعتقادان نمە کـەن باوەڕ
لەمەی خانەی، عیشق وەصدق‌وصەفا
هوشیارلەمەجلیس کەی‌مە کەم‌ڕەها
نەڕێی محەبیەت ، نەلەڕۆی هەوا
بێگانێ نەوی نە کـەم ئـــــاشنا
هەر کەس کەتاڵب‌صوراحیی‌وجامەن
ڕۆوەمن باری ‘ فەیض من عـامەن
وەهە کەس‌قەتریێ‌مەڎەم‌مە کەی نۆش
دنیا وئاخرەت مە کەی فەرامـۆش

ماوەی ل ٦٦

م.ص.م

# لەهەرگولزاری

## گولی

خوێنەری‌بەرێز! لەژمارەی‌پێشوودانیوەهۆنراوی یەکەمی‌هۆنراوی دوایی پارچە «نظام»دا کەوتبوو،ئەوالەم ژمارەدا ئەی‌نوسینەوه :

«تەن چون‌سیاسەنگ نەهەوارانەن»

## نظام لەمەولەوی نووسیوه

ڕۆشنیی دیدەم سەرمایـەی ژینم !
مەزەی بەزم کەیف دڵەی خـەمینم
سا، کەی‌من‌بێ‌تۆ سپەردم ئـەروا .
سەرنەنیام نەسای‌ئەلحەد بێ‌پەروا؟!
چوون‌واچوون‌وەفام‌هانەتۆی دڵ‌دا؟!
وەفام هەم جـەر گم بـەنەنوەچڵ‌دا
تاقیی،من‌جەسەنگ‌سەرسەختیم‌بالان
مـەزرەعەی خـارج ئیسانیم کالان
وەرنەمن وەی‌تەور کێشام‌سزاوەرد
ئەگەرسەنگ‌بیامەکەردش‌وه گەرد
ڕەك ئەجەڵ وەدام هجران بەستەبۆ
سەرتاپاش وەنێش خاران خەستەبۆ
پێم نەنۆشامەی پیاڵەی مـەردەن
ئیسەمن‌سەرژان‌دڵ سەردان کەردەن

## مەولەوییش وەلامی ((نظام))ئەداتەوه

نامە کەی‌ڕشەی ڕۆح‌ئاوەرئەولەرز
بڕیسکەی شەرەرشۆرش هەزارتەرز
جەستەم ئاهیردا، بلێسەم کەردبەرز
هەردەی تۆن دڵ سۆزامەرزئەومەرز
دێوەاۆڵ‌دەرد، گەردە لـۆل گـەرد
گرد گەرد سفتەم بەردموەپەی‌هەرد
مەستیی هەستیی‌دا وەسەر پەستیی‌دا
ڕتوبەت وەخوشك‌تەڕ وه هەستیی‌دا
لاقەیدبیم جەقەیدنیای گەرم‌وسەرد
بەینیی‌بەینەالاناەمەت‌حیکمەت کەرد
جەلام‌مازری ئەرصەڎپەنهانــــی
دورپش پەی نییەن مەیل ڕۆحانیی
ڕەبطوعەلاقەی سۆز جەزبەی مەیل
جەبەین یاران دڵ‌نەموبەت کەیل ـ
سەجع ووەزن فەرد شعر پڕ کەماڵ
یەکسەر بێ ئەمەر«قال»ێ‌وەن‌بێ‌حاڵ
«قال»،وەبێ‌حاڵەت کەی‌داروئەثەر !؟
داش بێ‌عەمەڵ‌باغێوەن بـێ بـەر
وەظاهربوبەر وەڕای «مەجنوون»دا
پای تەڵەب بنیەر وەتوانای تـوندا
مەی‌مەیل‌بێچۆن،مەیخوارت دڵ‌بۆ
ساقیت ئیلتفات پڕ رکامــــڵ ۆ

[1] ماوەل ١٠

ووتاری‌دینی

ماوەی‌ل١

نێوانی هەموی ئەفـرادا بووه ، لەچەندین شوێن‌دا، بەچەشنێکی کوللي، باس‌لەپایەی‌مەئموري‌یەتی پەیغەمبەرانەوەئەکا، کەپێش گیري لەخرابکاري و کردەوەی نازەوایە، کەئەوەش بناغەی‌ڕاست کردنەوەی ئەرکانـی ئابوری‌یە‘ کۆ ئەوه، کەبۆ لـەڕۆبـردنی ئەوانەوا ــ لە گەڵ‌هەمـوفەساد. ێکدا ــ کردەوەی خۆیان و کەسانی‌وه کوخۆیان بە‌باش‌دائەنێن، ئەفەرموێ :

«فلولاکان من‌القرون‌من‌قبلکم اولوبقیةینهون‌عن‌الفسادفی‌الارض الاقلیلا ممن‌انجینامنهـم‘ واتبع الذین ظلموا مااترفوا فیه‌وکانوا مجرمین»

«خۆ، لەسەدەکانی بەرلەئێوەدا، کەسانێکي ئەهلي‌پیاوەتیي‌نەبون کەبەری فەساد لەعەرزدا بگرن، جگەچەن کەسێ لەوانەیان ، کە ڕزگارمان کردون ! بەلام‌ئەوانە کە ستەمکاربون، هـەر کەوتنە شوێنی ئەویاسا خۆش ڕابووارنه کەبۆیان پێك‌هاتبو، وەزۆرویژو تاوانبار بـون». وەدیسان بەیـان ئەفەرموێ ، کەتـەنیا کۆسپەی سەرەڕێگای پەیغەمبەران؛ ئەهلی نازونیعمەت بوون. کەپێشکەوتنی تەبلیغی پەیغەمبەرانیان،بەزیانی خۆیان زانیوه ؛ چونکو ئەونازو نیعمەتەیان بەهـۆی زوروستەم ! وەناڕاست‌بونی‌نیزامی‌ئابوری‌یەوه بووه؛ وەکو :

«وکذلك ، ما ارسلنا من‌قبلك فی‌قریة من‌نذیر الاقال مترفوها: اناوجدنا آباء ناعلی امة. واناعلی آثارهم مقتدون»

«هەربەوچەشنە، بەرلەتـۆ، لـە وەلاتێکدا، ڕا‌ماینێکی‌بترسێنمان نەنارد، ئیللا خۆش‌ڕابویرەکانی، ئەیان‌ووت:ئێمەباپیرانی‌خۆمانماز لەسەریاسایێکەوه دیـوه ، وەئێمە هەرلەسەر شوێنێ کەئەوان‌بۆیان بەجێ هێشتووین ئەچین» .

ناتەواو

# مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی کورد

نووسراوی:زانای مەزنی کورد،احسان نوری
وەرگێڕاوی:د ـ ع ـ مفتی‌زادە

## ٨٩

لێرەدا قسەی پرۆفسۆر « هرتسفلدەم وەبیر ئەکەوێتەوە کە ووتویە: ئەگەر ناوێ بەدانیشتوانی ئێرانەوەپێش لە ئاریاکان بنرێ ' ووشەی «کاسپین» بۆئەوناوە شایانە؛ ئێمە ئەتوانین ڕیشەی ئەم ووشەیە لەزۆرجێگای ئێراندا بدۆزینەوە...

هەروەها ئەگەر لەپاش ساسانی‌یەکانیش بۆ ناوێ کەبۆدانیشتوانی ئێران بشێ، بگەڕێن، بێ‌شك ووشەی « کورد» ئەکەوێتەپێش چاومان، چونکو لەهەموو شوێنەکانی ئێراندا ناوی‌ئەم گەلە دیاری‌یە؛ لەخەلیجی فارسەوە تادەریای‌خەزەر، لەمازندەران، خوراسان' ئەفغانستان، اصفهان کرمان، خوزستان، اران، ئازەربایجان،قەفقاز، ئەرمەنستان،کاردا کیە، ڕەبیعە، تاسیواس واسکندرون.

ڕۆژهەڵات ناس (تدسگو) ... لەبڕێ پەیوەندی لەنێوانی بەلوچ و کوردا بووە .

سەبارەت بەکتێبەکانی ئایینی زەردەشت کەلەسەرەتای‌دەورەی ساسانی‌دانوسراوە، خودا لێ‌خۆش‌بوئەمین زەکی‌بەگ لەمێژوی‌خۆیدا ئەنوسێ :

بەڕاستی ناوی ئەم کتێبانە مرۆڤ هەڵئەنێ لەسەرئەوە کەبڵێت: زۆرئەگونجێ کەزمانی بەهلەوی هەرلەبنازمانی کوردی ئەمڕۆبوبێت؛ چونکو ووشەکانی زۆرلەکوردی ئەچن. بۆنموونە «دینکرد» کەباس‌لە مێژوی ویژە ویاسای ئایینی زەردەشتەوە ئەکا، ووشەی کوردی‌یەوهەر «دین کوردە». یاەدانستان‌دینیك» کێ‌ئەزانێ ئەمەر کوردی کرمانجی ئەمڕۆ نەبێ؟! یاکتێبی « شکەند کوماتیك وی‌جار » کە سەبارەت بە بەرگری لەئایینی زەردەشت نوسراوە، بەزمانی کرمانجی ئەمڕۆیە کە بەزمانی ویژەیی یانی ئەمجارەهەموی شکاند .

«دارمس‌تتر» لای‌وایە: کتێبی بەڕێزی زەردەشتی‌یەکان‌بەزمانی «ماد» نوسراوە .

لەبەردە نوسراوەکانی بابلی دەرئەکەوێ کە: گەلی «بابـل» لە هێرشی هۆزەکانی « گوتی» لەترس ولەرزابون وخەو نەئەچوە چاویان، وەئەیان ووت: گوتی‌یەکان گەلێکی کێوی ودڵڕەق بون ؛ وەوەڵاتی ئاوەدانی «بین‌النهرین» یان غەرقی‌خوێن ئەکرد وبەخوردی‌ئاگریان ئەدا .

سەبارەت بە«ماد»یش مێژوی یەهودی، گەلی «ماد» بە ئەسپاوی قەهری «یەهوە» دائەنێ' کە بەدەستی «ماد» بێ‌ڕەحم ودڵ ڕەقەکان ، ترس ولەرزێکی زۆرناڕەحەتی خستووەتەدڵی بابلی‌یەکانەوە.

ڕۆڵەکانی ئەوانیش کە کوردەکانی ئەمڕۆن ، باوەکو لەخۆیان حکومەتێکیان‌نی‌یە، بەهۆی دەرکەوتنی جموجوڵی ئازادی وپستی‌لە نێویانا ترس‌وخۆفێکیان‌لەدڵی‌دراوسێ‌یەکانی خۆیانا کەهاوڕەگەزیان نین،بەدی هێناوە، بەڵام‌نەلەڕوی دڵ ڕەقی‌یەوە ، بەڵکو لەڕوی نەبەزی‌و قارەمانی خۆیانەوە !...

بەم‌بۆنەوە بۆئەوە کە ئەم گەلە یەکیەتی‌یان‌نەبێ، هەمیشە پایەی وەسیلەن بۆ بەدی‌هێنانی ناحەزی ودوژمنی لەنێویانا.

## کنزالعرفان

ماوەی‌ل٦

تا ڕۆژ مەحشەر نەشئەش باقی‌یەن
لەصەفای باطن قەلبش ساقی‌یـەن
بگێرە ! یـەدەورمەی فرۆشانـەن
ئینجا ، ئێدێچ بەزم بادە نۆشانـەن
ڕەتڵ من لەب ڕێزبادەی تەهوڕەن
چون قەلب ساقی مەملو ژنوورەن
ساقی‌وساغەرومینا ونەشئەی مـەی
موتریب ونائیی و نەواو ناڵەی‌نەی
هەریەك‌یەك‌دەرزێ‌مەی حەق‌بەخشاپێشان
مەکێشن‌هەریەك هەم جنس‌وێشان
کێ‌من‌مەشناسۆ؟ فەیض‌بەخش‌عامم
هەر کەس وەقیسمێ مەومرۆنـامم
حەیف ! کەپەیدانیویەك دەردەدارێ
جوان مەرد خاس ، کامڵ عـەیارێ
تابۆت وە مەحرەم گەنج ئەسرارم
غەیر لەئەو نەوەی کەس‌پەی‌وەکارم
دڵبەر بیی‌وەدڵ ، دڵ بیی وەدڵبـەر
چێش‌واچون‌پەنەت،ئەرهەی‌بێ‌خەبەر!!
چونکە صاڵح بیم، « صاڵح»ەن‌نامم
لەجەریدە عەرش ثەبتەن دەوامم
«سەی‌صاڵح» بیشان «نعمت الهی»
ڕۆیان کەردەن لـە مەه تاماهیـی

کتێبی مێژوی شەرەفنامە ئەنوسێ:

(کاتێ دەنگ وبانگی « نبوتی محمدی » وئاوازە و گوڵبانگی ڕسالەتی ئەحمەدی (ص ع ) لەچواردەوری دونیادا ، هەرای داخست ، بۆبەدەست هێنانی دەستور نوێنەرانێ بەخزمەتی حضرت ئەگەیشتن لەهۆزی کوردانیش پیاوێ بەناوی « بعدوز » کەزۆر ناشیریـن بوبە خزمەتی حضرت گەییشت' حضرت لەدیمەنی ناشیرینی ئەوزۆرقەڵس بو،پرسیاری لەهۆزو کۆماری ئەو کرد،ووتی: لەهۆزی کوردم،حضرت فەرموی: خودا ئەم‌هۆزەسەرنەخا کەیەك بگرن وهاودەنگ‌بن،ئەگەر نەدونیایێ بەدەستی ئەوان خراپ‌ئەبێت)

لەچاپ دەروبەڵاوەبێ دەری شەرەفنامە، خودا لێ‌خۆش‌بو«فرج‌الله زکی» لەپەراوێزیا ئەڵێت:

ئەم‌ڕوایەتە لەوڕوایاتی خەرافاتی‌یە' وەلە پەیغەمبەر وەهاقسەیێ دورە؛ چونکو پەیغەمبەران تەماشای دڵ‌ئەکەن نەڕومەت؛ وەلەسەریانە کەخەڵکی بۆخوداناسی وچاك ژیان ڕانمایی بکەن وچاکە بۆئەوان بخوازن، نەدوعای شەڕیان بکەن ؟!...

ئەڵبەت‌هیچ‌دودڵی‌نییە کەئەم ڕوایەتەخەرافاتی‌یە؛ وەتەنیانیشانەی ترس‌ولەرزێکە کەئەم گەلە، لەدڵی دوژمنان وناحەزانی خۆیانا بەدی دێنن

١

## چۆن بنوسین

ماوەی ل١

ئەوناوانە کەلەدەستەی یەکەمن وەکو: مامۆستا، زانا، تەوانا،پێش لەپیتی پەیـوەند «ە» ، پیتی «ی» ئەهێنرێ، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە پیتی‌پەیوەند، پیتی جوڵەیەوەپیتی «ا»یش، جوڵـەدڵ ناگرێ کەوابو ناچار پیتـــــی «ی»، کەهەم پیتی بناغەیی بەرەهەم پیتی جوڵەیشەلە پێش پیتی‌پەیوەندەوەئەی‌هێنین‌تا پیتی پەیوەند بێ‌بەپیتی جوڵەی، وێنە: شێرۆ زانایە؛ شێر کـو لە قوتابخانەدا مامۆستایە؛ پرشنگ لەوێژەی کوردی‌دا تەوانایە.

لەشێوەی «سنە» و« کرماشان» داپیتی‌پەیوەندیان«س»ە کەئەلکێ بەدۆوایی ناوەکەوە' وێنە: ڕۆسەم زاناس، هۆشەنك تەواناس.

ئەوناوانە کە لەدەستەی‌دووەمن،وەکو: خەجێ،مێ‌ڕێ،هەروەك دەستەی یەکەم پێش لەپیتی پەیوەندەوە، پیتی«ی» ئەهێنرێ وەپیتی دوایی‌ناوەکەوەکوخۆی ئەمێنێتەوە، وێنە:ئەو کچە کوردە ناوی خەجێ‌یە !

ئەو کەوە کەلەسەرئەوشاخەوە ئەخوێنێ کەوێکی مێ‌یە : ئەوە خاوەن ڕێ‌یە، ئەمەبێ ڕێ‌یە .

لەم بەشەش لـەشێوە«سنە»دا ' هەرپیتی پەیوەند «س»ە : ئەوژنە ناوی خەجێس .

ئەوناوانە کەلەدەستەی‌سێ‌یەمن وەکو: زانیاری ، خوێندەواری نەتەوایەتیی،مامۆستایی،ئاگاداری، یەکێ‌لەدوپیتی جوڵەی‌درێژەی«ی» کەبەم‌تەشکەیە:«ی‌ی»، ئەنوسێ بەپیتی پەیوەندەوە، وەئەوی‌تریان بەدووایی ناوەکەوە ' یـانێ‌پیتی دووەمی‌جووڵەئەبێ بەبناغەیی وێنە:

چاکترین ڕێگا بۆسەر کەوتنی گەل‌و کۆمەڵ، خوێندەواری‌یە نیشانەی گەورەیی هەر مرۆڤێ زانیاری‌یە ؛گرنگ‌ترین‌هـەسـتی نەتەوایەتی‌یە، گەورەترین‌و بەنرخترین کار لە کۆمـەڵدا مامۆستایی‌یە؛ڕۆژنامە خوێندنەوە، چاکترین ڕێگای‌ئاگاداری‌یە.

ماتەوا

بنکەی ژین www.zheen.org

# کوردستان

## بەشی کرماشانیی

نوسیای :«سیدمحمدسعیدغیرت»

## سەوقاتی کولیایی

لەئی‌هەفتەلە کولیایی‌سەوقاتي فرە گران‌قیمەت وشیرینێك‌ئەڕای ئێمەهەناردنە؛وەئەوە هەڵبەست (منظومە)فرەئەرزش‌داریکەلە **مەرحوم «ملك‌حسین‌خان»** کوڕ مەرحوم«سردارخان»لەخەوانین«فیلە کوڕي»یە کەتەقریبەن صەدساڵ پیش‌ئەزیە لەدونیا چی‌یە . ئەو مەرحومەیە کی لەعورەفا وخوێندەوارەیل سەرشناس ئەومەحاڵەسە . لەقەلەی «گودار پەهن فیلە کوڕي» (کەئیسەخراوەس؛ ودبو ج وبـارۆیـی کەمەنیە ، مەعرۆف وەقەڵای ملك‌حسین‌خانە) هاتیەسەدونیا . خوەی لەخەوانین‌و مالکین ئەورەبۆ؛ ئیسەیشە کوڕو کوڕە زایەیلی مەننە؛ وە گشتیانیش وەموسەلمانيودروسي ناسریانە. مەرحوم ملك‌حسین‌خان لە«مجتهدین» زەمان خوەی ئیجازەی ئومورحسبیی وقـەضایی داشتیە ؛ وەیەخوەی نیشان‌دەت کەسەواد حیساوي داشتیە.

ئۆشن ، لەزەمان خوەی‌وە ڕەئیسي سوارەیل فیلە کوڕي چیەسە تهران؛ کەڕەسپنە تهران ئەڕای نمازلەدەرمەسجدێك داوەزی‌یە ؛ بڕي لە«طلاب» سەر گەرم تەفسیر سورەی یوسف‌بیەنە، یەیشەوەلباس کوردي خوەی‌فەرەجي و کڵاو کەلاغي نیشیتەلایان. ئاخوندەیل ئەوەل‌جاردۆنن فرەناجۆرە؛ لەلی‌پرسن: خاڵۆ! پرسشی دیري؟ ملـك‌حسین‌خان جۆر خوەیان‌داخل‌بەحث وقسەیان بۆت، وەجۆری کە ئەوانە گشت‌فریفتەی بۆن:یەکی لەئاخوندەیل کە لەوبەینە ڕەسێت؛ ئۆشێت : چطەوربیە کە ئی کورد کەپەنەکری نیشانەسە کورسي ؟ یەکی‌تر لەوانەئۆشێت : ئی‌لوڕ کە پەنەکی‌یە ئیمە بردەعەرش ، ئیمەیش کـورسي دایمنەئەوە . مەرحوم ملك‌حسین‌خان لەطایفەی«ئاشۆروەند فیلە کوڕی»یە کەبەشی لەطایفەی کولیایین. «تخلص» ئەومەرحومە «مجرم»ە . شعرەیل ملك‌حسین‌خان گشتی لەمەعرفەت‌خودا. مەدح ڕەسۆل وئاله تەشبیهات‌فرە شیرین وخاسێك دیرێت کە کەمترلە شعرەیل «ملاپریشان» نی .

ئی‌سەوقاتی‌یە کە کتاو خەطیکە ئاغای«**لطفعلی‌خان سحرائی**» کەخوەیشي‌لەمەحتەرمین وطایفەی فیلە کوڕی یەسە ، وددەوق شعرو ئەدەبیش دیرت‌ئەڕای ئیمەهەناردیە ئیمەسپاس‌فرەیك لەلی‌یان‌دیرین؛ وە ئینشاءاللهلەشومارەی بەعد دەس کەیمنە چاپ کـردن ئەوئاثارە . گاهەس وەناوخودا ئەو کتاوە، وەجیاییش چاپی بکەیمن .

ئیسەغەزەلێك کەبەستي خودئاغای «لطفعلی‌خان صحرائی»یە ، ئەڕای‌نیشان داین‌ذەوق وطەبعیان وەنەظەر ڕەسینەن

### فیتنەی ئاخیر زەمان

چاوەکانت دلبەرمن! فیتنەیی‌ئاخیرزەمانە
ڕەهبردین‌دوزئیمان باعث‌جەنگ‌جەهانە
دلبەري وبي‌وەفایی ڕەسم‌خوبانە، وەلیکن
لەدل‌ئازاري‌لەناوجەمع خوبان‌قەهرمانە
فیتنە وئاشوب‌بي‌پایان لەزولف‌وچاوەکانی
هەروە کومەعنال ژێرپەردەی‌صوڕەت‌نهانە
تیرموژگان‌وەك‌خەدەنگ‌ئامەظلوم‌ستەم کەش
جەوشەن‌ڕوستەم‌لەبەریا،وەك‌حەریروپەڕینانە
ئەی‌ستە،گەر! تاوە کەی‌بەم‌جورەمەغروري‌لەبیداد؟!
تورزەهرئالوی‌ئەجەل‌ئاخیرلەئاماجي کە مانە
قیسمەت‌من‌وایە،هەرگیزخوەشي‌نەوۆنم‌لەدونیا
ئەم‌دل‌بەدبەختەیەی تیرقەضا، داییم‌نیشانە
سر عیشق‌ئیفشامە کە!وەك‌من گرفتاربەڵامەو!
«فی‌الحقیقە»سالمی‌ئینسان‌هەرئەوحیفظ لسانە
ڕەنگ‌زەردوچاوئەسرین،شاهیدە، دەروونە
حال‌مەجنون‌شاهیدعیشقەچ‌جي شەرح‌وبەیانە
شعر«صحرائی»نیەن‌قابیل‌وەتۆهەرچەنده کوردي
لیك‌چەپکی نەرگسەوتەقدیمي‌ئەودوستانە

## سەرکارهاتن کندی

پرزیـدنت کینێدي ئەئیس جـومهور تـازەی ئیمریکا ڕۆژ جومعەی گوزەشتی دەس‌وەکاربی؛ وەئی‌جورەدیترهەشت ساڵ ڕەئیسی ژنراڵ ئایزنهاور دووایـی‌هات ئایزنهاور پیاێك بۆنیظامي‌وەسەر دارێك بۆ کەخدمەتەیلی‌لەجەنگ گوزەشتي کـومەك فـرەیك وە «متفقین» کرد. هەروەی‌وتەیشە لەتەمام دونیا شوهرەت پەیدا کرد، ئەو ڕۆژە کە ئینتخابی کردن ، حزب جومهوري خواه وەبونەی ئی‌خوەش ناوی‌یە دیاري کردن؛ وەلەقەزائی خوش ناوی‌بەکارخوەی کرد. فرەتر پیشڕەفت کاریشی‌لە ئومور سیاسەت وەبـالای «جان فوستردالس»وەزیرئومورخارجەی بي، کە ئەوکارەیـل سیاسي ئیدارە کردیات.

تادالس زیندي‌بي، کارسیاسەت ئیمریکا دروسي وقورسي خوەی لەدەس نەیاوۆ؛ وەلی مردن دالس ئایزنهاور تـەنیاهیشت ؛ سیاسەت خارجي ئیمریکا لـەشون دالس شیویا؛ تائەوڕۆژە کە ئایزنهاورلە کاخ‌سفید دەرات ، ئـەثەرات ئی شیویاینە باقي‌بي.

جان کینێدي کە ئیسەچل‌و سێ‌سالیە وەجوان‌تازەنەفەسیکیشە، وەعدەی ئاڵشت کـردن سیاسەت داخلي و خارجـي ئیمـریکاوە مەردوم داس؛ ئیسەبۆسپمنەدیاری بزانیم چە کـەت ؟ چنـەودیارە دموکراتەیل دەس‌وەکارجي‌وەجی کردن کارەیل بۆن؛ ئۆشن : هـا نەظەریان بەعضی سەفیرەیل کە بیشتر وەبونەی دارایی وشوهرەت‌یان هەنارد نەسە خارج، وەڕەبط فرەیك‌لەسیاسەت نەیرن،عەوەضیان کەن. خەرج فرەسەنگین بەعضی لەسەفارەت خانەیەیل ئیمریکا لە کیشوەرەیل ئوروپـا کـەبیشتری وەبان مەصلەحەت پۆلدارەیل و صاحەو کارخانەیل ئیمریکایی‌بۆ، کەم کەن. بڕی عەقیدەیان یەسە کە : شکس خـواردن سیاسەت خارجي جومهوري خـواهەیـل هەناردن سەفیرەیل ناشي‌وەخارج بۆ؛ ئیسە کینێدي توات ، تەلافي ئی‌کارە بکەت ئیسەڕاوێژکەرەیل لەناومەردوم فرەپوختەو کار کردي هەل‌بژاردیە؛لەجوملە«ساتورلیندون جانسون» معاون خـوەی کەئی چەندساڵە فەرا کسیون‌دموکرات لەمەجلیس سەنای ئیمریکا وە دەسی‌بیی ؛ وە فـرەساڵە لەئومور سیاسەت وارده؛ وە «استیونسون» ڕێبەرحزب‌دموکرات کەلەساڵەیل ١٩٥٢ و ١٩٥٦ هاومال وهاوچاو ئـایزنهاور بیـی ، هـەناردیەسە سازمان‌میلـل‌موتنەحیدڕان ئەئیمریکا

کینێدي‌خوەیشی ساڵەیل‌ساڵ لەسەرای ئیمریکا پیاوی‌دیاري و کلك‌نیشانێك‌بۆ یەسە کەئۆشن : ئەوانە کەهاتنەسەسەرکار، گشتیان لەکارخوەیان ئوساوسەردەر چۆن. ئەلبەتەیانەئەڕای وەدەس‌هاووردن عیزەت‌وئاوڕوی ئیمریکالەدونیا دەس‌نەنەکارەیل گەوراو پڕ ئەثەر. ئایزنهاور لەنوطق دۆواییەن‌خوەی ئـەڕای کینێدي پیروزي وپیش بردن ئارەزو کـرد ۰ جومهوري خواهەیلیش کەئیسە دەسوخوار کەفتنە لە بڕي کارەیل گەردیان هاوکاري وهاوفیکري کەن.

### ماوەی سەروو تاری‌شمال

ماوەی‌ل٧

خێروسەلاحادەولەت و بـراێیـد دڵخوازێد زانەتي‌یي‌بیرباواریاخو دەرخن .

### مانای ووشەکان شمال

«مێزە کرن»ـ چەف‌دیری ـ توجه
«هنەك»ـ بڕێ ـ بعضي
«عسەیی»ـ جی‌ی‌باوەر ـ حتم‌ویقین
«نهۆ»ـ ئیستا ـ حالا
«جڤات»ـ کۆمەڵ ـ اجتماع
«خینجی»ـ جگەلە ـ غیراز
«ئشك»ـ وەشك ـ خشك

## مەتەل:

**١ـ ئەگەریان کێلاو صەوز نەبوو.**

هەرکانێ کەسێ سەبارەت بە مەبەستێ،بەڵێنی یەك‌جاری‌نەدات وەلێ‌نەبڕێ، بەڵکو هەربڕوبیانو بێنێتەوە؛ وەشەرطی بۆدانێ کە ئەگەر وەها ،یەوەها ئەبێ، ئـەم مەتەڵەیە بۆدێنەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## سوزەی کویستان

ماوەی ل٤

چەپ ڕاست وبەنۆبە بەفریان ئەشکاند؛ تانزیکەی چاشتپنگا شوێنی دەلەکیان بەرەو هەوراز گێڕا ، نزیکەی چاشتپنگا «شاویس» بەرەولوتکەی کیۆ تەماشای کرد ، دي ۆردە ۆردە لوتەی کێو دەستی بەتەپ وتۆز کرد .

شاوەیس :ــ باوەیس چاوت لێیە لوتکەی کیۆبۆران ئەکات !

باوەیس : ــ «شاوەیس»ئەی تۆ ئەتەوی ئەم کـوپستانە گـرنگە هیچ سۆزی نەبێ ! ؟

«شاویس»بێدەنگ بۆوە دەستی کردە ڕچەبڕین بەڵام لەپێش چاوی ڕوناك بۆ کە هەنگاو بەهەنگاوبەرە وبەڵائەڕوات بەڵام لەدڵی خۆیائەی ووت منیش دوچاری بەڵابیم لەوەچاکترە کە : بگەڕێمەوە وە«باوەیس» تەنیابکەوێ وەدوچاری بەڵابێ، وەخەڵکی دێ تانەم لێبدەن وەبڵێن ئەوی‌دا بەدەم بەڵاوە وخۆی گەڕایەوە .

باوەیس:ــ برام شوێنەکان لێرەدا بوون بەدوشوێن ئەبێ هەریەکێ لـە ئێمە بکەوینە دووی یەکێکیان

شاوەیس:ــ برام ئیتربەس لەسەرقسەی خۆت تەمەڕکێ بکە! ڕۆژی ئەوەنی‌یە لەیەکتری ببڕێین ، هەواساردی کردووە ' بۆرانیش بەرەو زیبادی ئەڕوا .

باویس:ــ ماڵت نەشێوی چیت کردهەریەکێکمان ئەبێ لەسەریەکێ لەم شوێنانە بڕوین ، «شاوەیس» کەدی «باوەیس» لێ ناگەڕێ کەوتەسەریەکێ لە شووێنەکان ، وە «باوەیسیش» کەوتەسەر ئەوشووێنەکەی‌تر، وەدەستیان کردەبەفربڕین شتێکی پێ نەچو بۆران زۆری گرت گێژە لولی بەفرەای بەیەکاشوێنی کوێر کردەوە بەفرەبولکە بەسۆزەی باوە والەسەروچاوی ئەدا، وەکوخەنجەری دەبان پیاوی ئەبڕی، چاوچاوی نەئەدی بەری هەوا تاریك بوپیاولەبن دەستی خۆیا هیچی نەئەدێ .

«باویس»کاتێ بۆران‌دای بەیەکاوبەرچاوی تاریك کرد دەمهاری‌نایە کەنارەوە، لەگۆ کەوت ماوەیێ کوێر کوێرانە بەخەیاڵی گەڕانەوە بەفری بڕی .

---

**هەزارویەك شەو** ٣٤٥

من بۆخۆم ئەڕۆمەمەیدان وسەر کەردەی فەرەنگی‌یەکان بۆشەڕدەنگ ئەکەم ؛ وەپێی ئەڵێم : کە بۆچی هاتونە ئەم وڵاتە، وەزۆرهەڕەشەی لێ ئەکەم وئەی ترسێنم؛ ئـەگەر ئاشتي بکەن، ئاشتي ئەکەین وئەگەرنەشەڕئەکەین . لەوێ نوستن، کـەسبەنیێ ڕۆژ هەڵات هەردودەستە سواربون وبەڕزوەستان . شرکان هاتەمەیدانو،ووتی:

گەربۆشەڕ، تەنیا ڕوبکەم لـەشارێ

شاری بێ پـەڕوپڕ لـــــەقارەمانـ

کەوەپۆش دەکـــــەم دارودپواران

پڕلـــــە شین دەکەم کۆڵان وماڵان

خومچی‌یان«بژي‌ونەمري»م بۆئەڵێن

ئەکەوێتە ڕۆن نـانی نەوحەخوان

وەسەر کەردەی سپای فەرەنگی‌یەکانیش هاتەمەیدانی شرکان و' ووتی :

منم ڕۆڵـەی شەڕ، نـــەبەزوبێ باك

دووای شەڕ' ئاڵای پیرۆزي هەڵکەر

نێرەفیل خەسێن، داڵ وقەڵ چەرێن

کلاوبێ سەر کەر' ژین بێ سوارخەر

لەپاش‌ئەوەی کەڕەجەزخوێندنی هەردوکیان دووایی‌هات، شرکان بەدڵێکی پڕلەقینەوە هەڵمەتی بۆی‌برد، وەئەویش لە بـەرانبەوەهێرشی هێنابـۆشرکان؛ وەهەڵ چۆن بەیەکاوتائێوارە شەڕیان کرد وهیچ کامیان نەبەزان؛ کـە هەواتاریك بۆ، لـە یەکترجییان بونەوە؛ وهەرکام گەڕانەوەبۆنێوی قۆشەنی‌خۆیان . شرکان کارەساتی شەڕەکەیانی‌بۆسوارەکانی‌خۆی گێڕاوە، ووتی: تائەمڕۆمن وەها پاڵەوانێکی نەبەزم نەدیوە؛ وەخوێێکی هەیە کەلەهیچ کەسێکەوە تائێستانەبینراوە ونەبیسراوە، وەئـەو

م.ص. مفتی‌زادە

# دەردی دل

ماوە لەچڵی‌پێشو

باب‌وباپیرمان لـەم خـاکـە بوون

دوبـارەش بۆناوئەم خاکە چوون

خوێن خاوێن ترین گەلی ئاریان

کۆن‌ترین‌ڕەگەزخەڵکی ئاسیان.

ئەزانی چی‌وا ئێمەی بێدەس کرد

وەها شکۆوفەڕ ئێمەی لەناوبرد؟:

یەکەم، نەزاني ونەخوێندەواري

خستیە گەردەنمان تەوقی هەژاري

دووەم: زۆر کردن لە گەداو هەژار.

کوردی‌بەدبەخت کرد لەدێهات‌وشار

سێیەم : بەدڵي و دژمني کـردن

قسەی ئـەموئـەو بۆیەکتر بردن

چوارەم: گوڵ‌خواردن‌بەووتەی‌بەدکار

پێنجەم:نەبونـی زانا وخوێندەوار

شەشەم : بێ‌هەستي نەتـەوایەتـي

نەبونـي ژیـــــان کۆمەڵایەتي

ئەمانەهـەمو کـۆبون بـەجارێ

بۆپشت شکانی کورد بون بەبارێ

ئێستا کاکێ خۆم ! دلگران مەبە

لەڕابور دوی خۆت نیگەران مەبە

ڕابوردو، ڕابورد ، داهاتوت بیربێ

هەوڵ دەتابارەی هەواڵت‌دەسگیربێ

ئەوا، **شاهەنشای** گەورەومیهرەبان

سەرداری گـەورەی گەلی ئاریان

وارثی تاجی مـــــادو کـەیانان

جێداری شاهان ، مرەی ساسانان

بەهـەڵ گـرتنی زۆری زۆرداران

بەیارمـەتیی دان گـەداوهەژاران

بەدارژاندن پایـــــەی زانیاري

بەپەرەدانی کاری جـــــوتیاري

بەگوڕاندنـی یـاسای کشتوکاڵ

بەپـاراستنی مـــــاڵات وئاژاڵ

بە بەڵاوەدان بە قـوتـــــابخانە

بـە ئـاوا کـردن چۆڵ‌وویرانە

بەدامەزرانـدن کارخانـە وصنعات

بەووریا کـردن فـەلا لـە دێهات

بەنیشان دانی ڕێـي تەندوروستیی

بـە پـاراستنی ریشەی زانستیی

چرای ئومێدی ڕۆنـاك کردەوە

خەم‌و پەژارەي لەنـــــاو بردەوە

یاخوداهەربژێت **شاهەنشای‌ئێران**

یەزدان ڕای گرێ،وهەمو کوردان

بنکەی ژین www.zheen.org

## ناڵە بارییەکانی..

ماوەی ل٣

چاك تێت گەیینێ کۆڵی سوواری
هیچت لێ نـایێ وهەر بەدەم هاری
زەنگت بـزڕێنێ وزۆ بتکا بـەپەند
لە شارودێ دابتکا بـــــــەدیياري

✿✿✿

خۆت مەدە هەر گیس بەدەم هەواوە
وەکـو قنگلاشك بـەوتەمـەناوە
بەڵکو بتخاتـە پەناوبـن بەردێ
خەلاس بی بەدەس جەوری دونیاوە

✿✿✿

خۆت شل کەی لەبەر چەپۆکی پێش هات
هەر بڵێی بابێ هەرچی هات خۆش هات
پیم بڵێ بۆن و نەبـوونی تۆ کــووا؟
ئەر هەر نەهاتێ بڵـێی بۆ بەش هات

✿✿✿

## لەهەر گولزار

ماوەی ل ٣

بەزمت تەسبێح بۆ ، تەهلیل تاعەت
مەجلیست صەفوەت جەمەوجەماعەت
کێ وات عەمارەت بێ ئوستاذ مەبۆ!؟
باغ بێ باغـەوان زۆ بەر بـاذ مەبـۆ
درخت خوذ ڕۆی ساراو سەرهەردان
کەی وێنەی درەخت باغیش سەمەردان!؟
زەمین باخا کش هەر نـم داذەبـۆ
جۆبەنذ گە و حەفرش باتاماذەبـۆ
ئاوبێ دۆڵچە وچەرخ ، کارکار گەر
جە یێخ چاوە کەی مەیۆ وە بـەر ؟!
ئەر ەجۆ ەدەس جۆمالێ نە گێلۆ تێشدا
ئاوچۆن وەڕەوان مەویـەرۆ پێشدا
وەاحاصل غەفڵەت ئەمر سەختەن سەخت
مەبۆ عباذەت حەق کەردەن وەجەخت
وەرنەهای احوج جەت تەوق گەردەنەن
غەفڵەت خەجاڵەت بەهای مەردەنەن

.................................

لەلاپەڕەی (١٠)ی ژمارەی پێشوو، سێ پارچە چوار خشتەکـي کەسەرەتاکەی ئەمەیە :

«بۆتۆ سەرگەردان کــە ژو کۆو کێوم»

لەچوار خشتەکییەکانی « م . ص . مفتی زادە»ن ، ناوەکەی لەسەر ڕایانەوەدا کەوتووە .

## چووارقوژبن

**لابەلا:**




١ـ بەعەرەبي، نزیکیی ، یاکردەوەیێکە بۆنزیك بوونەوەبەخودا ـ ئەوەند هەیە کەهیچ نییە، بەڵام ئیتر مەعلوم نییەچیی بی ٢ـ بیگرە بەئاگردا، ووشك ئەبێتەوە ـ کاری ژاوچیی٣ـ مۆی سەر، کاتێ کەدرێژ بێ ـ مرۆی مۆکاڵ وسوورو سپیی ٤ـ کاری خۆی ئەکات وچەقچەقە ، دەمو دانی خۆی ئەشکێنێ ٥ـ خوێنی هەورامیی ـ بەینی سەرولاشە ٦ـ لوولەی خوێنی لاشە ـ « ئەم ' یائەمە » بە فارسیی ٧ـ دەستی ببڕێ، عیلاجی دێ ـ دەنگی بەسام وهەیبەت وە کوودەنگی شێر .

**بەرەو خوار:**

١ـ کاتێ، شتێ لەئیعتیبار بکەوێ، وەهائەبێ ـ لەدووای شێف، نۆرەی ئەوەیە ٢ـ قسەئەگەر حەق بێ، وەهایە ـ « گوێز» لەهەورامان دا ٣ـ ئەگەر بڕۆی دڵبەران کەمان بێ، ئەوەش تیرە کەیەتی ٥ـ تاڵی زوڵفی دلدار، بەوە ئەشوبهێنرێ ٦ـ وەسپلە بینایی ـ ئاوی دەم کەبێ ئیختیبار بێتە خوارەوە ٧ـ ئینتیقام ـ پیتی «نفی».

### کراوەی چووارقوژبنی ژمارەی ٨٧

**لابەلا :** ١ـ نکە ـ تەش ٢ـ شاد ـ جە ٣ـ نیهرو ٤ـ کل ـ تن ٥ـ هیوەر ٦ـ رم ـ یاد ٧ـ ووس ـ زور .

**بەرە وخوار :** ١ـ سکەرو ٢ ـ کش ـ لیمو ٣ـ هان ٤ ـ دیدەی ٥ ـ راز ٦ـ هجرت ـ دو ٧ـ شەونم.

بنکەی ژین www.zheen.org

هەزارویەك شەو ٣٤٦

خۆیە ئەمەیە کە : کاتێ بەسەر دوژمندا زاڵ ئەبێ، وەهەڵی برپندار کردنی دوژمنی بۆ ڕێك ئەکەوێ، دەست ئەگەڕێنێتەوە، وەدەست لەدوژمن ناوەشێنێ، یابەپشتی شمشێر و بنی نێزە لێ ئەدا، کەبرپندار نەبێت؛ وەمن نازانم کە: سەرئەنجامی کاری من و ئەوئە کێشیتە کوێ؟! لەپاشان شرکان ئەوشەوە بەپەژارەوە نوست و بۆبەیانی کـە هەتاوهەڵات، سەر کەردەی فەرنگییەکان هاتەمەیدان وشرکانیش سواربۆ، ڕۆییشتە مـەیدانی؛ ئـەو ڕۆژەش تائێوارە شەڕیان کرد هیچ کام نەبەران؛ دیسان ئێوارە کە هەوا گور گەمیش بۆلەیەك جیابوونەوە؛ وەهەر کام هاتنەوە بۆسەرجێگای خۆیان، وەئەوشەوەش نوستن تاڕۆژیان لێ بۆوە؛ بۆبەیانییدیسان هەردۆ کیان سواربوون وهاتنەمەیدان، تـانیوە ڕۆ مشتومڕ وشەڕیان کرد . ئەوجا فرەنگییەکە، بەفڕوفێڵ لەغاوی ئەسپی شرکانی گرت، بەڵام ئەزقەزا لەو کاتا ئەسپەکەی خۆی سەرسمێکیدا و کەوت وفـەرنگیی یەکەی گلاند . شرکان بەهەڵی زانی، شمشێری لێ هەڵ کێشا کە بیکوژێ فەرەنگیی خوڵی لەشرکان : هەی نامەرد! ئەوەپیاوەتیی پێ لێن : ژنێ لە بەرانبەری پاڵەوانێکی وکۆتۆەوە، ئەسپی بگلێ، هەڵی لێ بێنێ ولەو کاتا بیکوژی؟ شرکان کەئەم قسەی بیست، سەری سووڕماو چاك تەماشای ڕۆمەتی کرد، ئەنوازێ شازادە خاتوون «ابـریزە»یە . ئەوجا شمشێرەکەی داخست ودەست وپێ ئەوی ماچ کرد وپێی ووت : تۆچیت لـەم کارەداوە؟ توخوذا ڕاستم پێ بڵێ: مەبەستت لەم شەڕەچیی بۆ؟ شازادە خاتون ووتی : مەبەستم تاقی کردنەوەی تۆبۆ؛ وەویستم کەبزانم تۆلەشەڕا تـاچ ڕادەیی ئـەتوانی ڕاوەستی وخۆت بگری؛ وەئەم سوارانی منە کەئەیان بینی ' هەمۆ کەنیزەکانی منن، کە بەسەرسوارەکانی تۆدازاڵ و پیرۆزبوون؛ وەئەگەر ئەسپەکەی من سەرسمی نەدابایێ، نەبەزي وتەڕدەستیی و کرژو کۆڵیی منت چاك بۆڕۆنلك ئەبوەوە. شرکان لەقسەکەی ئەودەستی کردەپێ کەنین وپێی ووت شرکر بۆخوذ کەمن وتۆی بەیەکتر گەیاند؛

گیراوە لەگۆڤاری «باستانشناسیی»

وەرگێڕ: د.ع.م

# ((ساتراپی))یەكانی شاهەنشاهیی ئێران

بەشەكانی ئاوەدان وقەرەبالغ ودەوڵەمەندی ئێرانی ئەوڕۆژەساتراپی (ئوستان، لوا) یەكانی ڕۆژئاوایی بوّن : وەكوّ «ئاسیای صەغیر» وموستەعمەرەكانی یوّنانیوە «بابل»و«فینیقیە»و«مصر». چونكوّ ئەم وەڵاتانەزەوینی نەختوبكیڵگەیان زۆرە؛ وەلەچاوی شارسانیەتیی وصەنعەت وبازەرگانی یەوە، ئاوەدان وسەر كەوتوترین گولەزەوینی ئەوڕۆژەی دونیائەژمێرران. وەڵانیهندیش لەبەشەجەنجاڵوئاوەدان وپڕخەیروبەرەكەتەكان بوّ؛ وە ئێرانی ئەوڕۆژەو كوّپردێ ئەم دوبەشەئاوەدانەی دونیای پێكەوەپەیوەند ئەدا؛ وەكاروانی بازەرگانیی لەڕۆژهەڵاتەوە بۆرۆژئاوا یابەپێچەوانە لە ئێرانەوەتێپەڕیانئەكرد **خەڵكی وەڵاتەژێردەسەكانی ئێران ئازادبوون كەبەرانبەربەبیروڕای ئاییتیی خویان ڕەفتار بكەن .**

وەئاینپادشاهانی هەخامەنیشی گەلی ئێرانیان هیچ كاتێ بەزۆرنەئەبزیە ملیانا؛ وە یاساوئەوەشت وخوّی نەتەوایەتیوماف ی شارسانیەتیی وزمانی گەلانیژێردەسەی ئێران ئەپارێزرا؛وەجگەلەوەش هەروەڵانی ئازاد بوّ كە دەسگاكانی نەتەوایەتیوەزەنجیرەی سەرۆكوپێشەواكانی دینیخوّی بپارێزێ (وەكوّقبرس وفینیقیە ویوّنانییەكانی ئاسیای صەغیروكاریاو كیلیكیە و هندو...) بەڵام لەبەرانبەری ئەمچاكە ، ئەبوا كە گەلیهەموّئەووەڵاتانە گوێ بوّفەرمانیپادشاگرن و جێبەجێبكەن و سوّروساتی دانراولەسەریان بدەن. و لەكاتیشەڕا بوّهەركوێ كە پاداشا دەستوّری بدایێ ، قوشەن بخەنەڕێ؛ وەفەرمانیحاكمەكان سەربارەت بەئێمنیوسیاسەتی گشتیی وەڵات بەڕێوە ببەن . **بەم جوّرەملدانی گەلی وەڵاتان بەفەرمان ودەستووری شا، دروّشمیبووكە یەكیەتیی وەڵاتانی بەربەلاوی ئێرانیڕائەگرت .** وەبوّپاراسنی ئەمیەكیەتیی یەداریوّشی مەزن وەڵاتی بەچەندین ساتراپی(لوا، ئوستان) بەشبەش كردەوە؛وهەركاملەوبەشانەیخستە ژێری دەستییەك كەس كەبە«خشترپاون»(ساتراپ) ناوئەبرا. (خشتریانیلوا، ئوستان،وەپاون بەمانای نگاوان ودا گیر كەرە. مێژوونوّسەكانی یوّنان«خشترپاون»یان بە«ساتراپ»ناوبردووە، كەبەزمانی ئەمڕوّئەبێبلێین: شارەوان) وەبوّیارمەتیدانیحاكمەكان دوّ كەسی لە پاتەختەوە ئەكردە هاوڕێیان؛یەكێبوّفەرماندەری قوّشەنی ناوخوّیێ؛ وەئەوی تربەناوی سەرنوّسەربوّیارمەتی دانی حاكم لەكاروباری ناوخوّیی وەڵاتا.ئەمسەرنوّسەرەپێئەسپێرا كەچاودێریبكاوبزانی كەئەودەستوّرانە بوّسەرحاكم دێ، بەڕێوە ئەچنوحێبەجێئەبن یانە؟ كە وابوّسەرنوّسەر بوّخوّیلەگەڵ پاتەختا نامەپەڕانی ئەكرد، ودبڕێ جارێش لەپاتەختەوە یەك ڕاس،بێئەمەحاكم پێبزانێفەرمان ئەهاتەسەری.



**گوّڕیداریوّشی مەزن**

قەڵاكان بەدەستی«كوتوال»(ارك پت)ەكان بوّ. یانیلەقەبی فەرماندەری قەڵاكان «كوتوال»بو. وەئەمانەكاریان بەسەركاروباری ناوخوّییوەڵاتەوەنەبوّ، بەڵكوّتەنیا هوّشیان بەلای پاراستنی وەڵات لەدەس درێژیدوژمن بوّ. لەهەرساتراپی (لوا)یێكدا، دەسگایێبوّهێمنیوەڵات پێك هاتبوّ، كەلەسەرتاسەری وەڵاتا پەرەیانسەندبوّ، وەلەهەموّشوێنێكدا

لقی هەواڵدەرییان بوّ.جگەلەم دەسگایانە ساڵی جارێ چەندچاودێری كەرێلەپاتەختەوەبوّچاوپێ كەوتنی كاروباری وەڵاتئەناردران بەساتراپی- یەكاندا؛ وەلەگەڵ ئەم چاودێری كەرانا- كەبەقسەی هرۆدۆت بەناوی چاووگوێ دەوڵەت ئەناسران- چەند كەسێقوّشەنیی بوّبەڕێوە بردنی

ماوەی ل١٢



داریوّشی مەزن شاهەنشای هەخامەنیشیی لەسەرتەختەوە

**باسێكی ...**

ماوەی ٢

وەچونكوّهێندە بەرزە كە ئەنواریبەسەرهەموّئەوناوچانەی دەوروبەری خوّیا، ڕەنگە ئەو كوّشكە بورجیدیدەبانیی بوّبێ لەبەشیباشوّری ڕۆژ ئاوایی(شمالغربی) ئەوا، لەفاصڵەی ١٥٠ تا٢٠٠ مترحەوزێكی گەورە هەیە كەهاوینان ووشكە وزستان پڕلەئاوە.



**٤- بەشێ لەدیوارەكەیتەختسلیمان لەلایڕۆژهەڵاتەوە**

**كێوی تەخت بەلقیس :** كێویتەختبەڵقیس كە لەجوغرافیای ئێراندا بەیەكێلەكێوە گەورەكانی وەڵات ناوبراوە، لەپشتیتەخت بەڵقیس یانێلە باكوّری ئەوایە .

**كێویتەوێڵە:** كێوی تەوێڵە كێوێكی گەورەیە لەباشوّریتەخت سڵێماندا . لەسەرئەم كێوەوە، چەند سەرچاوەی ئاوی ساردوسوّك هەیە كەبوّخواردنەوە زۆر گەواران .

لە باشوّریتەختسڵێمان یانێلە نێوانیصەدمترخواریحەصاری تەختوكێوی تەوێڵەدا، دیوارێكی مارەپێچ ئەبینرێ كە لەبڕێشوێندا تا٥ر٢ مترلەزەوین بەرزە، وەنزیكەی ١٥٠ متردرێژە ئەم دیوارەشوێنی تێپەڕ كردنیئاوی دەریاچەیتەختسڵێمانبووە كە بەڵخەشتەمەعدەنی یەكانی نیشتووە و گرساوە،وە لەپاشان باران ولافاوخاكیدەوربەری داشوّردووە، وەئەوە قوّقزبووەتەوە،وەبەتەشكی دیواردەرهاتووە؛وەئێستاش كەئاولەوێوەتێ پەڕناكا، دیمەنێكی جوانی بەدي هێناوە؛ وەبەقسەی خەڵكی ئەووەوە كوّئەژدەهاییدێتە پێش چاوی ئینسان .

وێنەی ئەم دیوارە ئەژدەهامانەندە، لەناوخوّیقەڵا، لەبەشیڕۆژ ئاواییدا،شوێنیجوّگەییێكیتر ئەبینرێ كەهەروە كوّئەودیواریدەرەوەی قەڵا،لەبەڵخیئاودیوارێكیتردرێژومارپێچ بەديهاتووە، بەڵام چونكوّ جێگاكەی لێژنییە، خاكی دەوروبەری كەمترچووە، وەبەرزي ئەوە ٢٠ تا٦٠ سانتیمترە.

دووایی

**مەتەڵ**

ماوەیل ٨

**٢- بەقنگ خانیی ئاتەش بازی ناكرێت!**

مەتەڵێكی سنەیی یە . وەختێ كەسێخوّی نەناسێت وەپلەوپایەی خوّی نەزانێ، وەدەس بكا كەو، وەبڕا ، كە لەعوهدەی جێبەجێ كردنی نەیێت؛ وەدەسەڵاتی ئەودی نەبێ كەبارەی پێویست لەوزیگادا خەرج بكا ، ئەمەتەڵەی لەبارەوە ئەڵێن. بەڕاستیی ئەم مەتەڵە لەم وەختا كە یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرانی خولی بیستەمی نیشتگەی ڕاوێژینەتەوایەتیی بەڕێوەئەچێ، وە هەر كەس هەڵ ئەسێ، خوّی دیاري ئەكا، زۆرجێگایتیبازە.

**٣- توّبەیگور گەمەرگە.**

یانێهەر كەسێ لەمنداڵییەوە، دڕندە وبەدسوّو بارهات وهەمیشە كاری ئازار گەیاندن بەخەڵكیی بوّ،ئیتر ڕۆحی ئەوبەوكارانەخدێ ئەگرێ، وەنابێ تەماداریچاكە لەئەو بێت؛ وەئەگەربوّخوّی بڵێت كەئیتر كاریخراپ ناكاوتوّبەئەكا، نابێ باوەڕی پێبكەی؛ وەئەگەر بوّماوەی كورت بەزوّر خوّی پێ بگرێ، یا كەسێكیتر ووریایی بكا، كەئەونەهادی پیسیخوّ بەدەر نەبرێ، نابێئیتر لەئەودڵنیا و خاترجەم بێت؛ وەلەوەهاكاتێكدا كەلەپاشماوەییخوّ گرتنەبسان دەس پێبكاتەوە ئەم مەتەڵە بەكار ئەبەن

**مانای ووشەكان**

ئاڵوگوّڕ: تغییروتحول

تەشك : شكل، صورت

تەمۆ: بدنە

هێز: فشار

بیروڕا: نظریە،عقیدە

چلۆینەتي: كیفیت، چگونگی

مێژوّ: تاریخ

قوّقز: برجستە

نوێنگە : منظرە،مظهر

بەڵگە : دلیل، سند

پاڵداوێن : دامنە، ذیل

نیشتەجێ: متوطن،مقیم

باو: رایج، معمول

مەبەست : موضوع،منظور

دیمەن : منظرە

# کوردستان

لێکۆڵینەوەی سیاسیی

## دەورانی سەروکایەتی کندی

پرزیدنت کینێدي سەر کۆماری تازەی ئەمریکا لـە کۆمەڵـەی دموکرات بەڕەسمي‌دەس بەکاربۆ؛ وە بەم جۆرە دەورەی هەشت ساڵەی حوکم کردنی ژنراڵ دوایت‌ئایزنهاوردووایی‌هات.ئایزنهاورسەرداریکی گەورەبۆ،نە۔یاسەت‌زانێکی سەردەرچۆ؛ خزمەتەدیاری‌یەکانی‌ئەولەکاتی فەرماندەري‌نێروەکانی«متفقین» لەڕۆژگاری‌شەڕلەئورۆپادا، بۆبەهۆی ئەوە کەنەتەنیا لە ئەمریکادا بەڵکۆلەسەرتاسەری دونیادا ناودابخاوبـە باوبانگ‌بێ.

هەشت ساڵ پیش کۆمەڵەی کۆماري‌خوازی ئەمریکا بۆبەدەست هێنانی‌پیرۆزي‌لەیاسای هەڵ بژاردني کونگەرەوسەر کۆماریٚ دا،لەناوو شۆرەتی‌ئەوکەڵکیان وەر گرت، وە ئایزنهاوریان بەناوی دیاري کراوی ئەوکۆمەڵە بۆسەر کۆماری ناساند، وەوەهاش ڕێك کەوت کەپیروزای ئەوان لەم بارەوە پێکای ؛ وەخۆش ناوي ئایزنهاور، پیرۆزي کۆمەڵەی کۆماري خوازی لەهەڵ بژارەنەکانی‌ساڵی۱۹٥۲و۱۹٥٦دا، بەدي‌هێنا. لەبەشی‌زۆرتری‌دەورانی‌حوکم کردنی ئایزنهاوردا، سیاسەتـی دەرەوەی ئەمریـکا لەلایەن«جان فوستردالس» وەزیری‌لە دونیادەرچۆی‌کاروباری دەرەوەی‌ئەمریکاوە۔ کەلەسیاسەت گێڕەکارزان وسەردەرچۆوباوەڕپـێ کراوەکانی‌ئایزنهاوربۆ۔ ئەگەڕا .

تاپێش لەمردنی دالس سیاسەتـی دەرەوەی ئەمریـکـا هەروەها هێزوتینی تایبەت بەخۆی ڕاگرتبۆ؛ بەڵام بەمردنـی دالس‌بەڕاستیی ئایزنهاورتەنیا کەوت؛ وەدەورانی‌سەر کەوتی‌سیاسەتی دەرەوەی‌ئەمریکا دووایی هات کە شوێنی ئەوە تادەرچۆنـی ئـایزنهاورلە کـۆشکی‌سپي واشەنگتۆنیش درێژەی بۆ. جان کێنێدي سەر کۆماری٤۳ ساڵەی‌تازە، واڵەی بەگەلی‌ئەمریکا داوە کە : چاویٚ بخاتەسەرسیاسەتـی‌دەرەوە و ناوخۆی ئەمریکا دا، وەئاڵشتێ‌لەواپێك بێنێ؛ وەپێشاتـەکانی‌ئـایەندە پیشان ئەدا، کە: ڕابەرانی کۆمەڵەی دموکرات تاچ ڕادەیێ‌لەجێ‌بەجێ کردنی ئەوبەرنامە دا، کەڕایان گەیاندووە ، سەر کەوتیان‌بۆدەست‌بدا . ئەوەی کە ڕۆنا کە : دموکراتەکان ئاڵوگۆڕێ لەکاروبـاری ئێستادا بەدي دێنن . یەکێ لەوئاڵوگۆڕانە ئەوەیە کە ئەڵێن : ئەیانەوێ لـە جێگای بڕێ لەنوێنەرانی‌سیاسي وباڵوێزەکانـی‌ئێستای ئـەمریکا لە وەڵاتانی بێگانەدا ۔ کەپێشەیان سیاسەت نەبووە، وەتەنیا بەبۆنەی‌پارەو دارایی‌یەوەبۆ کەمەقامی‌باڵوێزي‌یان‌دا گیر کردبۆ۔سیاسەت گێڕانێکی کارزان وسەردەرچۆ بێننە سەر کار.

خەرجی قورس و گرانی‌بڕێ لە باڵوێزخانـەکانی‌ئەمریکا لـە پاتەختەکانی بڕێ لەوەڵاتانی‌ئورۆپادا، پێویستی ئەکرد کە : زۆرتری بازەرگانان وخاوەن کارخانەکانی پارەدار، کەهیچ ئاگایان لـەکاری سیاسەت‌نەبۆ، بۆئەم وەڵاتانەبنێررێن .بڕێ کەس ئەڵێن : هۆی‌تێ‌شکانی سیاسەتی‌دەرەوەی کۆماري خوازەکان هەرئەم گوێ‌نەدانە بـەچاك هەڵ بژاردنی باڵوێزەکـان بۆ. وادیارە : پرزیدنت کێنێدي تێ‌ئـەکۆشێ کەئەم ناتەواوی‌یە گەورە،بکاتەوەجێ.ئەوهاوڕاوێژەکانی‌خۆی‌لە نێوی

هەڵ کەوتوترین سیاسەت زانـەکانا هـەڵ بژاردووە؛ یەکێ لـەوانـە «سەناتۆر لیندۆن‌جانسۆن» یارمەتي‌دەری سەر کۆمای تازەیە، کەلەچەند ساڵی‌ڕابوردوا ڕابەري فـەراکسیۆنی‌دموکراتی لەنیشتگـەی پیرانی ئەمریکابەئەستۆوە،بۆوە؛وەلە قەمچوپیچی‌سیاسەت ئـاگادارە.یەکێ‌تر «ادلای استیونسون»ە، کەڕابەری پێشوی کۆمەڵەي دموکـرات، وەهاو ماڵ وهاوچاوی ئایزنهاورلەهەڵ‌بژاردنی‌ساڵەکانی۱۹٥۲و۱۹٥٦دابۆ. وە ئێستالەلایەن«کێنێدی»یەوە، بەناوي نوێنەری هەمیشەیی ئـەمریکا لە کۆمەڵی‌نەتەوە یەك گرتووەکاندا، دانراوە .

کێنێدیش‌بۆخۆی‌ساڵەهای ساڵ لەنیشتگەی پیرانی ئەمریکادا، ئەندامێکی‌دیاري بۆ. بەکورتیی‌ئەتوانین بڵێین کە:کاربەدەستانی‌تازەی ئەمریکا هەمۆیان لە سەردەچوترین سیاسەت گێڕانـی‌ئەووەڵاتەن؛ وە بەم بۆنەوە ئەتوانین بڵێین کە : ئەوان بۆبەدەست هێنانـەوەی نـەتاو ئابڕۆی‌ئەمریکا لەباری‌سیاسەتی‌جیهانی‌یەوە چەندهەنگاوێکی بەرزهەڵ ئەگرن . ئایزنهاورلەدوواووتەی خۆی کەلە دەورانی سەر کۆماري دا، کردی، بۆپرزیدنت کێنێدي ئارەزوی پیرۆزي وسەر کەوتی کـردووە؛ وەبێ‌شك کۆماري خوازانی‌ئەمریکاش۔ کە ئێستا کەوتونە کەمایەتی۔ لەگەڵی‌لەکاروباری سیاسیی ناوخۆیی ودەرەوە،لەگەڵ دموکراتەکاندا هاوکاري ئەکەن .

### ماناي‌ووشەکان

| | |
|---|---|
| سەرۆکایەتیی: ریاست | یاسا : مراسم |
| سەر کۆمار: رئیس جمهور | هەڵ بژاردن : انتخاب |
| کۆمەڵە : حزب | کەڵك وەر گرتن : استفادە |
| بەناوبانگ: معروف | دیاري کراو: کاندید،نامزد |
| کۆماري‌خواز: جمهوریخواە | باوەڕپێ کراو: مورد اعتماد |

تایبەت : مخصوص

ئاڵشت : تعویض

ڕادە : درجە، اندازە

باڵوێز: سفیر کبیر

هاوڕاوێژ: مشاور

یارمەتی‌دەر: معاون

### ساترابی ...

ماوەی‌ل ٦

فەرمانـی ئـەوان‌ئەناردان . وەبۆئەوەفەرمانەکانی پاتەخت‌زۆبەساتراپی یەکان بگات، دارێوش چەندڕێگایێکی لەئێران‌ووەڵاتە ژێـردەسەکانـا خۆش کرد؛ بەناوبانگترینی‌ئەوانەڕێگایێ‌بۆ کە لە «سارد»ەوەتا«شۆش» وەلە وێوە تاپاتەخت کێشرابۆ. درێژي ئەم ڕێگایـە۲٤۰۰ کیلومتربۆ. یەکێ‌ترلەڕێگا بەناوبانگەکان‌ئەوڕێگابۆ کەلەپاتەختی‌جارانی‌مصرەوە بۆشاری کوروش‌لە لێواری چۆمی«سیحون»دا، ئەڕۆیشت . لەنێوی ئەم ڕێگایانا لەهەرقۆناخێکدا میوانخانـەوکاروان سەرای جوانیان‌دروس کردبو، وەچەپەرخانەیان لەسەرتاسەری ئەم ڕێگایانا، دامەزراندبۆ کە هەرکام بەئەندازەی پێویست ئەسپی چاکیان‌بۆ؛ وەچەپەری یەکان لـە هەرقۆناخێکدا ئەسپیان‌ئاڵشت‌ئەکرد؛ وە لەجێگایێکدا کەئەوڕێگایانە لەکوێستان‌و کەژوکێووسەختاخەوە تێ‌پەڕی بکردبایێ، بـەئەندازەی پێویست ساخڵەویان دانابۆ کەچەپەري‌وکارواني‌لە دزوجەردە بپارێزن . چەپەرەکانی‌دەوڵەتی‌فەرمانی‌دەوڵەتیان‌لەپاتەختەوەئەگەیاندەنزیکترین چەپەرخانە، وەشەووڕۆژچەپەرەکان بەڕێوەبۆن، یانێ‌هەردەستە چەپەرێ ئەی گەیاندە ئەودەستە کەی‌تروخۆی پشۆی ئەدا، وەبەم جۆرەفەرمانی دەوڵەت‌زۆبەزۆبەهەرجێگایێ کەپێویست ببوایێ‌ئەگەیشت.(گزینفۆن نیسبەتی‌دامەزراندنی‌چەپەرخانەکانی‌لەکوروش‌داوە).

ماوەی‌هەیە

### ماوەی‌سەرووتاری

ماوەی‌ل۲

مەعنەوییاتی خەڵکی هەیە، ئەبێ زۆرهۆشی‌بەوەوە بێ کەخدێ‌کانی ئەندامانی نەتەوایەتی ڕێك وپێك بکات ، جالەبەرئەوە ، ئەبێ زۆر هـوشیاری ئامادە کردنی ژیبانی ئەوانەبێ کەلەزانیاری‌خانەئایینی یـەکان دەرئەچـن وەلـەوبارەوە تەصمیمێکی‌چاك‌بگرێ ، ئەوکاتە بـــەم‌چەشنە ئەوان بەوەی کە خەرج وپێ‌وپستی‌یان بـە چەشنێ کەبۆئەم ڕۆژ کارەبشێ ئامادەیە ، وەداهاتوشیان‌ڕۆنا کەهیوادارودڵ خۆش ئەکات .

وەهەروەهاش ئەبێ لەڕێ‌دانە قوتابیان‌دابۆ ئەوزانیاری‌خانەیـە زۆربەووردی‌تەماشابکەن، وەتووا نایی‌ولێ‌هاتن‌وزمان‌داری‌ئەوانەش بگرنەپێش‌چاو، وەزوربـەوورد امتحانیان‌لی‌بکرێ،وەتەنیابۆئەوە نەبێ کەژومارەی‌دەرچووەکان‌زۆر بەڵکوچاویان‌لەوەبێ کە [illegible] بەکەڵك‌هاتوئامادەبکە[illegible] وەبەم چەشنەاطمینان واعتماد[illegible]ڕوای خەڵکی‌لەبەرانبەری‌ئەو[illegible]گادینی یەوە، کە : بەچەشنێکی تازەپێك هاتووە وەهەڵ ئەسوڕێ‌ڕابکێشن وەبەودەسگایەخۆش‌بین‌یان‌بکەن بەچەشنێکی کورت‌پیروزای‌خوما مان لەوبارەوەدەربڕ‌وەهیوادارێ لەمەوپاش‌لەهەموباریکەوەچونیە کاروباری ئەوزانیاری خانەمان بو دەرکەوێ،تابتوانین‌بەدرێژاپیروز خۆمان ،بۆسوودوخێری دەوڵەت، وەبرایانی‌قوتابیمان بەیان‌بکەین.

چاپ‌اختر شمال
تلفن ۲٥٥۰۱

# لەشیخ نشینی ((دوبی)) قوتابخانەیی بوئیرانی یەکان کراوە.


زمارەی ـ ٤٠ ـ سالی دووەم
زمارەی نوێن یەك ٩١

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردی یە، حەوتەی جارێ چاپێکی دەرئەچێ

بایی

بۆناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| سالآنە: | ١٢ | تمەن |
| شەش مانگە | ٧ | « |
| چل | ٣ | قەران |

بۆدەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| سالآنە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | |




عەزیزم شاسوارێکە، گورزەرگا، گەر، بە ئەلبورزا
دەکا، نووکی سمی ئەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا

سیاسیی ـ زانیاریی ـ وێژەیی ـ کۆمەلآیەتیی


خاوەنی امتیاز و مدیری لی پرسراو
عبدالحمید • بدیع الزمانی
بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
دوکتۆر محمد صدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر
دوکتۆر عبدالرحمن واحمد مفتی زادە
عابد سراج الدینی ـ شکراله بابان
خسرو شیخکانلووی میلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی «صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ٢١٨
تلێفوون ٣٢٠٠٣

چووارشەمە ٢١ ڕێبەندان ٢٥٧٢ ك ـ ١٢ بەهمەن ١٣٣٩ ش ـ ٥ ١ شەعبان ١٣٨٠ ق ـ ١ فوریە ١٩٦١ م


پرزیدنت کێنێدی لەیەکەمین پەیامی خۆیا بۆکونگەرەی ئەمریکا ڕای گەیاند کە:

## ئیمە ئەمانەوی ئاسیا ئازادو خاوەنی ڕابەرانیکی ئازادە بی.

## ئەمریکا لە هەرهەلی، بۆهاوکاری لەگەل روسدا، کەلك وەرئەگری

## کوسپی چاك بونی پەیوەندی ئەمریکا و چینی شیوعی ئەبی لابچی

## جییاوازیی رەگەزایەتیی، وەکو نای مندالان،

## گەورەترین زام و برینیکن کە لە پەیکەری دەموکراسیی ئەمریکا، دراون.

کێنێدی هەم وئەو بیروڕایانەی کە لەکتێبی «نەخشەی ئاشتی»دا، دەری بڕیبوون، لەپەیامی خۆیدا بۆکونگەرەی ئەمریکا دوبارەی کردونەتەوە.

## سیاسەتی دونیای عەرەب لە بغدادا، روشن ئەبیتەوە


بنکەی ژین
www.zheen.org


م.ص.م

## لەکومەلاچون بژین؟

**ڕێگای خوداناسیی**
**یان**
**طەریقەی عرفان**
**ـ ٢٠ ـ**

باوە کولـەشوینی خۆیدا ئەم باسەڕۆشن ئەکەینەوە، بەلآم لێرە شدا ناچارین ووردەیێ باسی لێوە بکەین :

ماوەل ١١

## مەرگی سروشت

ئەمسال خودای بێ نیاز بەڕەحمی خۆی لای لەدانیشتووانی وەلآنی ئێران کردەوە، وەبەپێچەوانـەی سالی ڕابوردووەوە باران وبەفری بەجێگای لەسەرانسەری مەلبەندەکانی ... ازەی بێ ویست باراند، ... دووایەی خـۆشی ... کەئاوی کـاریز و ... یبیادی کردووە،وە ... تایبەتی کـرۆی جوتیاروفەلای لەبارەی دەغلودانی سالی داهاتووەوە دلخۆش کردووە، وەهیوا داری کردوون .

بەشەر لەگەل ئەم هەموو دەستەك وهۆوپیش کەوتەسەر وژهێنەرانەدا کە کردویەتی هێنەمان لەبەرانبەری دەستەلآنی سرۆشتیەوە شتێکی بێ دەستەلآت وهیچ لێ نەهاتـووە، وە هەمیشە گولچنی لەجووانی سرۆشت کردووە وڕێزەخۆری سوفـرەی نەمەتەکانی ئەوبووە، وەهیچ کاتێ نەی توواپیوە ، وەناش توانێ کە خۆی لەوبەشانەی کە لەسوفرەی سرۆشتدا هەیەتی بێ نیاز بزانێ

ئەگونجێ لە وەلآتـانی پێش کەوتوالە بزێ شوینی تایبەتی یـا بارانێکی دەست کرد بهێنێتەدی،وە لەووشکی هەوابەر گـری بکەن ، بەلآم هیچ کاتێ ناتووانن تەواوی

ماوەل ١٢

## ئابووریی لەدینی «اسلام» دا

**ـ ١٦ ـ**

**تەلآشی پەیغەمبەران ـ صەلوات وسەلامیان لێ بێ ـ بۆجۆر کردنی کاروباری ئابووریی**

دۆئایەی پێشو، گەیاندیان کە ئەوانە، واهەمیشەبـەرهـەلستی پـەیغەمبەران هەلساون، دەستەی کەیفکەروخۆش ڕابـویربوون لەلایێکی ترەوە، بەئاشکرا بەیانی

ماوەل ١١

بەپێنووسی : د.ع.م

## باسیکی زانیاریی

**دوزرانەوەی ئارامگەیێ لەوێنەی ئارامگەی کوروشی مەزن**

پرۆفسۆر دواندنبرگ، زانای ئەنتیکەناسی بلژیکیی کە لە سالی ١٩٥٩، تائێستا خەریکی کاووشی زانیارییە لەناوچەی فارسدا ، لە کا ووشەکانی ئەمسالی خۆیا ڕێگای لە گەلێ شوێنی ڕۆژگاری ساسانیی

ماوەل ٢

هۆنراوەی (ع) سراج الدینی

## نالە باری یەکانی کومەل

## ئەندەرز

**ـ ٣ ـ**

شتی خراپ بەشی یەزدانیی نی یە
یەزدان لە گەل تۆدوژمنی چی یە ؟

ماوەل ٢

ش ـ ب

## نەتەوەی کوردو نەتەوایەتی ئیران

سەلام لەسەر خاپاکی کوردستان لانکی پالەوانەکان .

جگەلەمەش باوەکو ئەم بناغانە بەزمان وزەگەزەکە وەکو مێژن بۆدەوار ، وەلەلێ کۆلینەمێژوییە.

ماوەل ٢

م.ص.م

**چۆن بنووسین وبخووێنینەوە ئەو کردەوانە کە لەهەر سێ کاتدا بەکار نابرێن**

لەسەرباسی ژمـارەی پێشو ئەروین

ئەوناوانە کەلەدەستەی چوارەمن، یانێ پێتی دووایـیـان پێتی جوڵەی ژێرەی «ی» کورتەلەهیچکام

ماوەل ٦

## ناڵەبارییەکان ...

ماوەی ل١

ئەوبۆیە فامو ئاوە زیدایتـــــێ
بزانێ ڕێگای ژیواری چـــــیە!

☆☆☆

کەی وتی وەك کوێر چاوت دابەسیی
کەتۆرت نەبینی بکەوی وەهەڵسیی؟
ڕێگای سازگارنە بینی تـــــەوە
گێژووژبژیت هەروە کوچەرسیی

☆☆☆

(أفلا تبصر) ئایەی یـەزدانـــــی
بخوێنە ئەنجـا زورچاك ئـەزانیی
ئەبێ وردۆبی لە کاروبـــــارت
ئەگینا گەوج وشێت و نـەزانیـی

☆☆☆

دیسان تێفکرین ئەمری یەزدانە
تێفکرە گەنجە ئەو فـەرمـانانـە
ئەر ئاوەزت بێت ڕێگ تەخت ئەکەی
نابێتەکایەی دۆست و بێگـــــانە

☆☆☆

مەڵێ موقـەدەروای پێش هێنـاوە
ئەبێ من کزبم بـــــەدەم بەلاوە
بۆچی بەناهـەق کـزدا ئـەنیشی
تابەلات بۆبێ لـەم لاولـــــەلاوە

☆☆☆

هەمەتی مـەردان کێوئـەروخێنێ
ڕیشەی بەدبەختی لەبن دەردێنـێ
جەهەنەم ئەکا بەوێنەی بەهەشت
پشتی نەدامەت وەك شێر ئەشکێنێ

☆☆☆

نابینی مێرۆی لاوازوبێ تیـــــن
کاتێ کە مەزرای جیهان ئەبێ شین
دانە ئەکێشێ وئەیبـاتە لانـــــە
لە دەستی جـەوروجەفانا کـاشین

☆☆☆

چوارلای ژییانی سازگار ئەکـا
ڕسقی شەش مانگی خۆی ئەنبار ئەکا
نابەزێ لەکار چاك تێ ئەکـۆشێ
لەسەرمای زستان خۆی ڕزگار ئەکا

☆☆☆

چاك بگرە لە گوێ پەندوئەندەرزم
بڕوزاوزاوێژ بەتین وبـــــەرزم
«عابد» دڵ سۆزی تۆیە بـەراستیی
هەرچەندتۆچاك بی من هێندسەربەرزم



قەبری«کوری دختر» کەبەتەواویی هاو شێوەی ئـارامگـەی کوروشی مەزنە.ڕەنگە ئەم قەبرە، ئارامگەی کوروشـی یـەکـەم باپیری کوورشی مەزن بێت.

## باسێکی ...

ماوەی ل١

کەوتووە، کەلەجێگای خۆیـدا باسیان لێ یەوە ئەکەیـن؛ بـەڵام گەورەترین شوێنی مێژوویی کە ئەمزانا پێزانیوە، ئارامگەیێکـە کەبەناوی«کوری دختر»ئەناسرێ وەیەك جار لەئارامگەی کـورشی مەزن ئەچێت. ئەم ئارامگەیە، وا، لەجێگایێکدا بەناوی«بوسپا» لەباشوری حسین ئابادوجیرەدا، یا باشوری ڕۆژهەڵاتی (جنوب شرقی) چۆمی کاروز «بوسپا» گەرمیانێکە کەهاوینان بەتەواوی چـۆڵـە، وەزستان عێلی «قەشقایی» لـەوێ ئەبەزن. ئەم ئارامگەیە لەووشکە کەڵەك بەبەردی گەچ، بێ بەکـار بردنی گەچ وجارو دروس کراوە تەشکی بنا کە«مکعب مستطیل»ە، وەلەسەرسێ پایەوە دامەزراوە، وە بانەکەی بەشکلی ژمارەی هەشتە (بەجۆرێ کە لـەوێنە کـەی دەر ئەکەوێ).

ئەمهۆڕەیائارامگەیەدەرکێکی یەك تایی بووە کە ئەمڕۆلەبەیـن چووە،وەشوێنێکی لێ یـەوەهەڵ نەکراوە؛ وەدیارە کە ئەودەر کە تەختە بەردێکی یەك تیکە ووە. ئەم ئارامگە یەبەتەشکی ئارامگەی کورشی مەزن دروس کراوە؛وەفەرقی ئەوە لە گەڵ ئارامگەی کـوروشا تەنیا لەئەندازە وشتانی بچوکایە. وە کوئەوە کەبەرزیی ئـارامگەی کوروش لە گەڵ پایەکانیا ١١مترە؛ وەبێ پایە کەمێ زۆرتر لە ٥مترە،

بەڵام ئارامگەی «کوری دختر» ٥ر٤متر بەرزە. ئەوئارامگەیە لـە سەرسە کۆیێکەوە کـە لەچـوار دەورەوەچوارپلیکانی هەیە کراوە. تەوە، وەئەم پلانە لەسێ لاوەساغ ماوەنەتەوە،بەڵام لەلایێکەوەشکاوە. (بەجۆرێ کەلەوێنە کەدائەبینرێ) بەدۆزرانەوەی ئەم ئارامگەیەدەر کە وتووە کە: ئارامگەی کـوروشی مەزن بەیاسای تایبەتیی میعماري دەورانی هەخانیشیی دروس کراوە. تائێستا وەهائەزانرا، کە: ئارامگەی کوروشیان لەڕوی یاسای میعماری ئاسوری یەوە کردووەتەوە. ئەڵبەت ئەم ئارامگەیە نوسینەیێکی تێدا نییە بزانین هی کێیە. بەڵام بێ شك هی دەورانی هەخامەنیشی یـە، وە ئارامگەی یەکێ لـە باپیرەکانـی کوروشی مەزنە؛ وەڕەنگە ئارامگەی «بەئیسپس» یا کوورشی یەکەم باـ پیری کورشی مـەزن بێت( ٦٣٩ ب. م) بەڵگەی ئەممەبەستەئەوەیە کەلەبەردەنووسراوەکانی ئاشووری دا ،جێگای بێ ناوبراوە، کەنیشانە ودیارییەکانی زۆرلەمشوێنەئەچێت

ماوەل٧

## نەتەوایەتی...

ماوەی ل١

کانا لەنێزیکي زمان ودین وخدەو یاساوە دیرئەکەوێ کە دوەـۆزی ڕۆژگاری کۆن پێکەوە گەلێ بوون بەڵام قایمترین کۆڵەکەی نەتەوایەتی یەکیەتی ڕابووردوی مێژوییە کە تەواو کەرودامەزرێنەری نەتەوایەتیە وەهەرجارێ کێژواەجۆرجۆرەکانی دنیا، بەسەردەستەیێکدابێ، وەهەر دەستەیێك کەتێ ئەکۆشن بۆ ئامانجێك وەپاراستنی حقوقێکی کۆمەڵایەتی؛ ئەگەتۆزی زمان یاندینیشان لـە یەکتر جوێ بێ ئەگەلێك حەسێب ئەکرێن، چونکو ئەمڕابووردوە مێژوویـیـە لە هەرکام لەواناعادەت و خووخولق وچلۆنایەتیی باردێنێ کەهەمو تێدابەشداربن، وەبەهۆی تێ پەڕی ڕۆژگارەوەیە کجوری لێدێ ئەم هاوبەشییە پارێزەری نەتەوایەتیە، وەهەر ئەوڕابووردوە درێژە تێکڕاییە، کـە هـەستی نەتەوایەتی لە واناباردێنێ وەلـە بەرەیێکەوە ئەگاتە بەرەیێکی تر وەلەدڵی هەموانا بەشێرەوەجێ گرتوە،وەلە گەڵ گیانادەرئەچێ، ئەبێبەبارهاتنی نەتەوایەتی ڕابوور- دوی مێژوویی وەبیرەوەریەشیرویەکان وهاوبەش لەچەن بناغەوفکرێکی تایبەتا. ئەمشتانەن کە ئەکێشێتە لای شانازی نەتەوایەتی و گەورەیی کۆمەڵایەتی وخۆناسینەوە.

شوێنانی تێکڕایی لەوهۆزەدا وەکوجێژن وسرود ویاسای واحدێك یەکیەتی نەتەوایەتی دەرئەخەن.

بەڵگەی باورپێ کراوی نەتەوایەتی کوردان، ووتارو کردەوەیانە لە ڕۆژگارە لەمێژەکانا.

ئێمەش ئەگەر بیربدەین بـە ڕابووردوی کوردان لەزەما نەزۆر کۆنەکانە وەئەبینین کەیەکیەتی نەتەوایەتی لەگەڵ ئێرانیاناوئاریایی بۆنی هەموویان شتێکی دیاری و ئینکارنەکراوە، وەلەشادی وخەفەتە کانا، لەجێژنەکانا هیچ جیاوازی لەبەینی ئەوان وئەوهۆزە ئێرانیە کانا نەبووە؛ وەهەرلەبەرئەمەیە کە ئەمڕۆ، کورد خاوەنی هەر ئەو

ماوەل ٥

بنکەی ژین www.zheen.org

# (سوزەی کویستان

ماوە لەژمارەی پێشوو

لەژومارەی پێشوّدا کوتمان کە :«باوەیس» پاش ئەوەی لەبەربۆران وسۆزەی کوپستان سەری لێ شێوا بەخەیاڵی گەڕانەوەبێ ئەوەی بزانێ بەرەو کـووێ ئەڕوا کەوتەڕێ .

بەڵام «شاوەیس» پاش ئەوەی دەبۆی ڕۆناك بوەوەئیتر کـە وتووەتەمەتەرسی مەرگەوە، بێ ئەوەی چووارلای خۆیی لێ بگۆڕێ‌ر، وەبیروزای بشلەژێ گەڕایەوە، وە بەرەوخووار کەی گرتەپێش؛ هەرچەندلەبەربۆران چاوي لەهیچ نەبۆ،وەنەی ئەتوانی شتێ ببینێ،بەڵام ڕاستەوڕێ هاتەوە ئەرشوو ێنە کە: کەلەباوەیس جووێ بۆبوەوە، ئەوکاتە بەهەرچەشنێ نەبۆەوورو پشتی خۆی تەماشا کرد بـەڵکو بتوانێ شوێنی ببینی تـەوە، وە بەهۆیەوە بۆی ڕۆناك بیتەوە وەبزانێ کە : «باوەیس» گەڕاوە یانا؟ بـەڵام هەرچی چاوي ئە کردەوە، وە سەری بۆسەرعەرزشۆڕئە کردەوە بەڵکو ئەوەی لێ ئـاشکرا بێ بەڵام بۆی نەئە کرا، چۆنکە بۆران ناوچاوي پڕئە کردەوە، پاش تێ کۆشنێکی زۆر بەهەرچەشنێ نەبو بۆی دەر کەوت کەنە گەڕاوەتەوە .

ئەنجاناچارشوێنە کەی «باوەیسی» کەبەئاستەم ئەدۆزرایەوە گرتەپێش هەرچی کە:بەدوّی شوێنە کەیاڕۆی لەهیچ لایێ پەیدای نە کردوەهەرچی بانگی کردو لامێکی پێ نە گەیشتەوە، تالە سەرئەنجاما شوێنی سەرلێ شێوانی «باوەیسی»دۆزی یەوە.

جاروبارێ هەستی گییان خۆشەویستی ئـەی خستەخـەیاڵی گەرانـەوە؛ بەڵام غییرەتی ئەجووی دڵی نەئەهات ئەوهاوەلەلاسارەی بەجێ بهێڵی، وە ناچارئە کەوتـەوە سەرشووێنە کەی وەلادۆڵ وشییوی ئە گرتەپێش وەبۆی نەئەدۆزرایەوە.

ماوەی ماوەل۹

---

هەزارویەك شەو ۳٤۷

شو کری خوڈا، کە تۆم دی ودڕسان چرای ئومێڈ
گیانـا ! لەماڵـــی بەختی منا؛ هەڵکرایـەوە
بێ تۆهەناسەیێ وە کۆساڵـــی بەسەرئـــەچوّ
وا ، ڕۆژگـــاری تاڵـــی جییایی بڕایەوە

لەپاشان شازادەخاتۆن «ابریزە»فەرمانی بە کەنیزە کان کەئامادەی ڕێ کەوتن بن . کەنیزەکان دەس بەجێ دەسیان کردە پێچانەوەی باروبنەوخۆ گورج کـردنە و ئەسپ زین کردن . شر کانیش فەرمانی ئامادەباشی بۆ کەوتنەڕێ بەسوارە کانی دا؛ ئەوجاهەموّ پێکەوە سواربۆن و کەوتنەڕێ؛ وەماوەی شەش ڕۆژ بەڕێوە بۆن. لەپاشان ڕۆژۆژی حەوتەم شرکان بەشازادە خاتۆن و کەنیزەکانی ووت کە : جلی فەرەنگیی لە بەرخۆیان دەربێن .

(کە چیرۆك گەییشتەئەم جێگاڕۆژبۆەوە، وەشەهرزادقسە کەی بچری)

## کەشەوی پەنجاویەکەم‌هات

شەهرزاد ووتی: ئەی پادشای بەختیار! شازادەشرکان بەشازادەخاتۆن«ابریزە»و کەنیزەکانی ووت کە :جلی فەرەنگیی لەبەرخۆیان دەربێنن وجلی کچەڕۆمیی بکەنە، بەریان. ئەوانیش دەس بەجێ وەهایان کرد . لەپاشان شرکان چەنڈ کەسێ لەسوارە کانی خۆی لەپێشەوە ناردبۆ بەغداد، کە : ملك نعمان لەهاتنە وەی شازادە خـاتۆن«ابریز» ئا گادار بکەن؛ کەخەڵکی شاروپیاو گەورەکانی قۆشەن ووەڵات بنیرێتە پێشوازیان؛ وە شارچراغانی بکەن وئامادەی پێشوازبن . فرستاڈە کان کـەوتنە پێش وڕۆییشتن؛ وە

---

م.ص.م

## لەهەرگولزاری

## گولی

### مەولەویی تاوگوزیی

هەناسەی سەردم نـەدڵ خێـزاوە
خێڵخانەی کـەیفم هـەوار بێزاوە
وەیشۆمەی مەینەت تەم ئەنگێزاوە
وەڵگە کەی سەرتەڵ شادیم ڕێزاوە
جۆی چەمەی شەوقم هەم یەخ کەردەوە
مەزرەعەی هەستیم شەڵتە بەردەوە
نەشئەی وەختسەخت ئامای پا بڕەن
یاشنۆی دۆري دڕـدەی ئـازڕەن

### وەلیی دیوانە

چراخم! ئاوان . . .

سەرزەمین وەذەوق دڕن تۆئـاوان
باڵات سەنگەر چەی نەوتۆڵساوان
ساوای گوڵستان « جنت الماوان »
گێسوّت بەڕەزای پەخش پای کاوان
زلفت ئە گرەچەی باڵ «بط» ئاوان
یاچون چنۆرەن نـەسەر کـلاوان
چابو کیـی وازان نەدیورچـاوان
دهنەت چون دڕدەی ئاهوی بەڕماوان
گۆنات گوڵ غونچەی جەنۆشکاوان
لیمۆت گوڵ وەدەم هێمای نەیاوان
نمنا کەن وەبۆی شەوبـۆی شەتاوان
خاڵ نوختەی سۆسەن پای خوڕەی کاوان
من جەوخاڵەدەرد«مەجنۆن»پێم یاوان

ناتەواو

### مەلاحامدی ئالیجانیی

صەوزە چاوە کـەم !

صەوزەی دڕنە مەس نۆرچاوە کەم !
یارپەلکە شۆڕ زلف لەولاوە کـەم!
عومرم عەزیزم، خورد وخاوە کەم !
قوربان، ای پەری صەوزە گیانە کەم!
ئەرقەبۆلم کەی کەلب ئاسانە کـەم
عەبد دزنە گـۆش بەردەر ماڵە کەم
سەنا خوانە کەی تەن زوخاڵە کـەم
«حامد» ئەوامرد لەدەر ماڵە کـەت
ویش کەردوەسەر گەردنوختەی خاڵە کەت

بنکەی ژین www.zheen.org

## چەند قسەی گەورە

✿ ژیانی بڕێ کەس وەکوو شەڕێکە کە ئامانجی لەوانە بێ،

✿ پیاوی گەورە کەسێکە، کە چاوەڕێی هەل دانانیشێ، بەڵکوو بۆ خۆی هەل بەدی دێنێ.

✿ مرۆڤ ئەبێ بەوجۆرە کە ئەژیت، بیر بکاتە وە؛ وە بە گوێرەی بیری خۆی قسە بکا .

✿ کەسێ کە فەننی «میانەڕەوی» ئەزانی ، ڕێگای خۆش بەختیی دۆزیوەتەوە .

✿ هەموو شتێ لە پێشان بچووکە و لە پاشان گەورە ئەبێتەوە ، جگە لە بەڵا و موسیبەت کە لە پێشان گەورە ئەدا تە چاو، بەڵام کەم کەم بچووك ئەبێتەوە .

## دستور خواندن و نوشتن کردی

**عده‌ای از خواهران برادران فارس زبان که مایلند برسم الخط کردی آشنا شوند باین مطلب توجه فرمایند:**

**میدانیم که کلمات فارسی بوسیله سه حرکت زبر و زیر و پیش و سه حرف «الف» و «واو» و «یاء» تلفظ میشود. وچون حرکت در نوشتن نمایند تلفظ صحیح کلمات بستگی باشنائی قبلی دارد، و این نقیصه موجب اشکال بزرگی درزبان فارسی شده . ولی رسم الخط کردی این اشکال را مرتفع ساخته، و کلمات تنها بوسیله حروف تلفظ میشوند. حروف صدای کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .**

**۱ـ (ە) که بجای زبر میاید. مانند: «سەر» (سر) «سەروەر» (سرور)**

**۲ـ (ی) که بجای زیر میایدمانند: «جیهاز» (جهاز) «کیتاب» (کتاب)**

**۳ـ (و) که بجای پیش میایدمانند: «گول» (گل) «بولبول» (بلبل)**

**۴ـ (الف) که بجای الف میایدمانند: «باغ» (باغ)**

۵ـ (وو) که بجای «واو» میآیدمانند: «بوود» (بود) «زوود» (زود)

٦ـ (ی ی) که بجای «یاء» میآیدمانند: «بید» (بید) «دەوید» (دوید) «مەردی» (مردی)

**۷ـ (ۆ) که صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»**

**۸ـ (ێ) که صدای یاء مجهول میدهد : مانند «کێ» (که) «چێ» (چه)**

۹ـ (ۊ) که مخصوص لهجه کرمانشاهی است و صدای (U) میدهد. مثال آن درلهجه کرمانشاهی «ئۊشم» (میگویم) «داشتۊت» (داشته باشد)

**(۱) حروف «ها» و «واو» و «یاء» بی علامت ممکن است اصلی باشند. مانند: «هەمسایە» (همسایه) «وورود» (ورود) «یەك» (یك). برای فرق میان هاء اصلی و اعراب، هاء اصلی را دوچشم و اعراب رایك چشم می نویسند .**

**(۲) همزه را همیشه باینصورت ( ئ ) می نویسند . مانند : «ئەحمەد» (احمد) «ئوطاق» (اطاق)**

**(۳) در کردی گاهی روی حرف دال و لام و راء علامتی میگذرانند و باین شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) که در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ و لام و راء مفخم میگردند. مثال آن در کردی: «فەرهاڎ، دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کر یعنی پسر)**

**(۴) الف بای کردی یك حرف بیشتر از فارسی و عربی دارد که عبارت از «ڤ» میباشد . البته تلفظ این حرف در فارسی زیادست، ولی با «واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئـەڤـاییل» (اوایل) .**

**(۵) دررسم الخط کردی حروف مشدد را دوتا مینویسند. مانند «ئەڕڕە» (اره) «بەڕڕە» (بره)**

**(٦) در کردی کلمات را هرطور تلفظ میکنند مینویسند، البته کلمات بیگانه را مشمول این قاعده میسازند ؛ ودیگر اشتباهی بین حروفیکه مخرجشان نزدیك است واقع نمیشود ؛ مثلا صفحه را اینطور مینویسند : «سەفهە»**

### سوزەی کویستان

ماوەی ل ٣

لەولایشەوە «باوەیس» بەتەواوی لە گۆچۆبوو، پاش ئەوە بڕێ تەپۆ کۆی کرد بۆ، ولە کار کەوتبو کەوتبوە ناو کرێڵە بەفرێ وە ئیتر لە وە کەوتبو کە بتوانێ بۆ ڕزگاری تێ کوشێ، وە کەوتبوە گییانەڵاو.

«شاوەیسی» بەستەزمان کاتێ بۆ هاوەڵی ئەگریاوە کاتێ مەتەرسی مردن وڕەق بوونەوە هەڕەشەی لێ ئەکرد لەناو کەش داشتێکی نەمابو کە ئەویش لە کار بکەوێ، درێژەی نەدەینێ «شاوەیس» لەگەڵ ئەو هەموو بیم وهەراس و سەختڵەتی یەدا مەردایەتی بەری نەدا کە : ئەوهاوەڵە سەرە خەرەی بەجێ بێڵێ وە لەسەر شووێنە کەی ئەڕۆی تا لەناکادا چۆنکە بۆران نەی دەهێشت چاوی ببینێ لە کرێڵە بەفرێکەوە دا کەوت لەو کانەدا کە وپستی هەڵ سێتەوە چنگی چۆ بە شتێکی شل و نەرما ، کاتێ کە چاك تێ فکری دی قول وقاچی «باوەیس» دیارە وە تەنی بەژێری بەفرە وە بووە ئەو کاتە

کەلێی ئاشکرا بو دەستی بەشپن وزۆرزۆر بە هاوەڵەکەی کرد ، لە پاشان دەس بەجێ دەستی بەلادانی بەفرە کە کرد، وە باوەشی بە «باوەیس» دا کرد و ە ڕاستی کردەوە، وەهەرچی بانگی کرد هیچ وەڵامی نەدایەوە، کاتێ کە دەستی لە بەردەنی کرددی کە بەدەنی گەرمە کەمێ ئەهوەن بووە وە، وە لە بیم وهەراس دەرهات، ئەنجا دوبارە کەمێ ڕای وەشاندوە بانگی لێ کردە وە نا کاە «باوەیس» وەڵامی دایەوە .

شاوەیس : باوەیس ئەوە بۆ هێندە بێ غیرەتی وە لێرە بۆ کەوتووی؟ هەستەرەوە ! نیو سەعاتی تر لێرە بمێنینەوە لە ناو ئەچین هەستەبا بڕۆین !

«باوەیس» شاوەیس ئەمە تۆی؟ لە کووێوە هاتووی ؟

ماوە ل ٤

### هەزار و یەك شەو ٣٤٨

شازادە شرکان و شازادە خاتون لەوێ بنەیان خست و ئەو شەوە بشۆیان داو حەسانەوە، بەیانی تارێك ولێڵ هەستانە وە سوار بوون، وە کەوتنە ڕێ بەرەو شاری بەغداد. لەناکاو وەزیری پاڎشا لە گەڵ هەزار سوار لە دوورەوە، دیاری بان دا کە بە فەرمانی ملك نعمان بۆ پێشوازی شازادە شرکان و شازادە خاتون ئەهاتن؛ کاتێ نزیك بوونەوە، لە ئەسپ دابەزین و لە بەردەمی شازادە شرکاندا کەوتنە خاك ؛ لە پاشان بە ئیزنی شازادە سوار بوونەوە ، وە هەموو پێکەوە کەوتنە ڕێ؛ تا گەییشتنە بەغداد، وە یەك ڕاس چوونە نێو کۆشکی ملك نعمان . شازادە شرکان ڕۆییشتە خزمەتی باوکی و دەستی ماچ کرد . باوکی دەستی کردە ملی و ئەم لاو ئەولای ماچ کرد؛ وە کارەساتی لێ پرسی. شازادە کارەساتی خۆی ئەوەڵ تا ئاخیر بۆ باوکی گێڕاوە. کاتێ ملك نعمان لە پیاوەتیی و چاکەی شازادە خاتون «ابریزە» ئاگادار بۆ، زۆر حورمەتی لێ یەوە گرت و بەلایەوە خوشەویست بۆ؛ وە ئارەزۆی چاوپێ کەوتنی ئەوی کرد . ئەوجا پیاوی ناردە شوێنی، بانگیان کردە خزمەتی پاڎشا. شرکان دەس بەجێ بەشوێنی پیاوە کەڎا، چۆ بۆلای شازادە خاتون «ابریزە» وە پێی ووت : پاڎشا ئەیەوێ چاوی بە تۆ بکەوێ. شازادە خاتون ووتی: بەسەرچاو! ئەوا دێم بۆ خزمەتی. ئەوجا هەستاوە، چۆ بۆ خزمەتی ملك نعمان . پاڎشا لەسەر تەختەوە دانیشتبۆ؛ فەرمانی دا، هەموو دانیشتووان بڕۆنە دەرەوە ؛ جگە لە خواجە سەراکان کەس نەما . کاتێ شازادە خاتون هاتە نێو تەلارەوە، کە وتە خاك و بەرپێی پاڎشای ماچ کرد وبە زمانی پاراوە دەستی کردە قسە کردن . پادشا لە قسەزانیی وزمان پاراوی ئەوسەری سڕما؛ ئەوجا پاڎشا سەبارەت بەو هەموو چاکە و پیاوەتی یە کە لە گەڵ شازادە شرکانا کردبوی، سپاسی لێ کرد و زۆر ئافەرینی کرد . لە پاشان ئیزنی دانیشتنی پێدا . شازادە خاتون دانیشت و پەچەی لە ڕوومەتی وە کۆماسکی خۆی لادا؛ پاڎشا ئەنوارێ جوانیی وجەماڵی ئەوەوەهایە کە شاعر ووتویە :

بنکەی ژین www.zheen.org

# کوردستان

## بەشی کرماشانیی

نوسیای :«سیدمحمدسعیدغیرت»

## دیوان

## مەرحوم ((ملك حسین خان کلیائی))

## متخلص وە ((مجرم))

**شاعر وعارف وگەواری طایفەی ئاشوروەندفیلەکوزی کلیائی**

لەشومارەی پیش وەعدە دایمن کە : هەلبەست یەکی لەشاعرەیل کورد مەرحوم **«ملك حسین خان کلیائی متخلص وەمجرم»** کە بۆی شەرح حالی نۆسایمن لەئیرە وەنەظەر خونەوارەکان بڕەسنیمن. وە کەمی ئەوخودا بیامورزە ناسانیمن کەیەکی لەخان زادەیەیل وگەوراکان طایفەی «ئاشوروەند فیلە کوزي کلیائی» بۆوە . ئەلبەتەلازمیش بۆ، کەوەرلەهەر کارئەومەنطەقەی کولیائی ومەحال فیلە کوزیيە لەباوەت جوغرافیایی وە خونەوارەکان بناسانیمن؛ کەبراکان کورد زوانمان بزانن ئەوسەرزەمینە کەپەروەرشگای «ملك حسین» خانە،ها کورە وچطەورجییکە .

ئیمەهاخیالمان کەجوغرافیی مەحال کوردنشین گشتییچ لەوەضع طەبیعي ، چ ئیقتصادي وەجورەیل تریش لەئی ڕوژنامە بنۆسیمن ، وەلي ئیسە کەمی ئەڕای ڕۆشن بۆن مەطلەب «معرفی» کەیمن .

«سنقر» خوەی کە حاکم نشین ئەووەلاتەسە ، شەهریکە قەییمي کەهاچوارده فەرسەخي شمال شەرقي کرماشان وەبیست وچوار فەرسەخي جنوب غەربي هەمەدان ، وەبیست وچوار فەرسەخي جنوب شەرقي سنە . ئی شەهرە لەحدود ٢٥هەزار جەمعییەت هالەتیی. دەستانەیل دەور وەەری یەکیوە ٢٠٠ ئاوایی وەناو« کلیائی »هالەسەمت شمال وغەربی؛ وەلەسەمت مەشرقی فیلە کوزییە کەلەحدود ٥٠ ئاوایی دیرت،وە گشت ئی مەحالەیان یەك وەپی ئۆشن **«سنقر و کلیائی»**.

سنقر و کلیائی فرە خوەش ئاووهەواوحاصل خیزوغ.ەلەپەروەرە .

مەردوم سنقر گشتیان کوردنژادوتورك زوانن!! وەمەردوم کلیائی گشپیان وە کوردي شیرین مەخصوصیك قسە کەن . سنقر یەکی لە مەرکەزەیل تجارەت غەرب ئیران، وەمەردومی گشت زەحمەت کیش وزارعن. شەهر سنقر چنەو کەلەئیسمی دیارە، لە زەمان مغول بەنانریاس؛ وەئەوەکیدروسی کردیە، یەکی لەمغولەیل بییە، وەئسیم «بای سنقر» ئیسەیشەقەوری لەسەمت غەرب شەهروەئیسم «مالك» مەنییە . دەسکرد «سنقر و کلیائی» لەگشتي مەشهۆرترقالي یە.

کلیایی یەیل چەنێ طایفەن کەلە گشتیان مەعروفتر « بیگوەند » «موسی وەند» «فیلە کوزي» «ومرمزبار» ە ئی طەوایفە گشتیان وەشوجاعەت و دلاورەي مەشهۆرن؛ وەسەردارەیل گەورالەناویان هەل کەفتیە؛ کەلەجی خوەی شەرح حالیان نۆسیمن .

یەکی ئیمە لە ئەوەل ڕۆژلەئی ڕۆژنامەهەلبەستەیل(منظومەها) بڕی لەشاعرەیل وعارفەیل کوردچاپ کردیمنە.هەرچەنێ ئی ڕۆژنامەهن کورد زوانەیلە، وەبایەس خەزینەیك لە ئاثاروئەفکار کوردەیل بۆت، وەلی بیشترمەنظورئیمە یەبۆ کە : ئەوانە کە کوردەیل نیەناسن ، وەلەبارەی ناسین تاریخي وئیجتماعي کورد بیخەوەرن، وەخیال خوەیانە کە

**غەزەلی تر لەئاثار شاعر شیرین زوان کورد**

## ئاغای لطفعلی خان صحرائی فیلە - کوری کلیائی

منی دیوانە کردەن دوری دیدار یار من
خودا حەقم بسێنی لەو ڕەقیب بەد شعار من
دل من بی وەقەطرەی ئاو،لەدەس بەدمەستي چاوت
خەفەنم نالەی دل تا کەس، نەکا سەردەر لەکارمن
لەبیرم ناچێ هەرگیز لەززەت گوفتو کەلام تو
ئەگەر چەپ چەپ گیاسەوزبۆلەسەرخاك مەزارمن
ئەگەر شیرینیی ئەوماچ گونا تە لەبیرم چۆت
خودا، شیرینیی شەکەر بکاتە زەهر مار من
مەگەر من کافرم ئاخر کەچاومەست فەتتانت
هەمیشە هاوە قەصد بردن قەلب فکارمن
دلي دیرم وەلي خۆنە لەدەس بەدمەستي چاوت
پەریشان تر لە زولفان تو کەردەن ڕۆژ گارمن
لەبەس بیهوودە گریامە لەهیجران قەدوبالات
نەمەنەن قەدریەك موئی لەلای کەس ئیعتبارمن
عەجەب دیرم لەئەودلتە کەوەوقەدسەخت وسەنگینە
کە گاهی ڕەحمەتی ناکاوە چاو ئەشکبارمن
ئەگەر گاهی لەصوحبەتمان خلافی هەس عەتاوەمە گرە!
لەدیوانە کەسی نازەنجێ ئەی شیرین سوارمن
وە گیان تو لە دەر گاهت زیاتر ڕۆ وەهەرلای کەم
چماتي ئەژدەهایی خەفتیە لە ڕەهگوزار من
خودا ڕەحمي بەدلبەر بەیت وصەبریکیش وە«صحرائی»
دوعایان هەریسەبویاران ! لەدەرگای گرد گارمن

کوردیل مەردومیکن بیاوان گەرد کۆشین وەهەلبەت لەدونیای مەعانیی ولەطایف فکري دۆرن،توجە بکەن کە کوردەیل لەئی زیبە وپلەیل فرەبەرز ڕەسینە، وەئاثارشیرین ودل چەسب پڕلە عیرفان ونوکات ئەدەبیی فرە داشتنە؛ وەجوری کە لەباقیی طەوایف سەرزەمین ئیران فرەهانە نووا. وەلە ناویان عارفەیل فرە گەوراهەل کەفتیە کە نمونەی لەوانەلەقەییل «ملاپریشان» و«میرمحمدصالح حیرانعلیشاه» و«ملك حسین خان»ە .

ئیمە مختصریك لەشەرح حال مەرحوم ملك حسین نۆسایمن ئەومەرحومیش یەکیکە لە جوملەی شاعرەیل وعارفەیل کورد کەیەسە لەئاثاری وەنەظەرتان ڕەسنیمن :

نوسخە کتاو «ملك حسین خان» کەئاغای **«لطفعلی خان صحرائی»** ئەڕای ئیمە هەناردیە،وەختي ئیمە ملاحظە کردیم کەچەسە: ئی ئەشعارە پیش ئەڕیە لەدونبالەی ئاثار «ملاپریشان» چاپي کردیمنە.

ماوەل ١٢

**لاپەرەیی ، بوهەمرو جار**

## بوپی کەنین

**نۆکەری باڎەمجان !**

ڕۆژێ ناصرالدین شاە لەگەڵ یەکێ لەنۆکەرانی تایبەتا باس لە زیبان وخراپی باڎەمجان ئەکا . نۆکەرە کەش سەری بۆ ئەتەکێنێ و لەپاشان بۆخۆی دەست ئەکاتەهەڵ دانی زیبانی باڎەمجان کە بەڵێ زۆرشتێکی پیسە، سەوڎا دێنێ لە سەردڵەوە ڕائەوەستێ وناچێتە خوارەوە ، هیچ چاکەیێکی بۆ بەڎەن نییە.بۆسبەینێ دیسان ناصر الدین شا بۆتاقیی کردنەوەی نۆکەرەکەی دەست ئەکاتەوەتاریف کردنی باڎەمجان ئەمجار نۆکەر قسەلەدەمی ئەسێنێتەوە ، دێتە خوێندن بەبالای باڎەمجانا کە بەڵێ: بەڕاستیي شتێکي زۆرخۆش تام و مەززەیە ؛ هیچ کەس لە خواردنی تێر نابێ وقەت نابێزێ.ناصرالدین شا ئەڵێ:کابرا!دوێنێت لەبیرچووەتەوە کەچەنێ لەبارەی خراپي وزیبانی باڎەمجانەوەقسەت کرد ؟ ئێستا چۆن تاریفی ئەکەێ ؟کابرا دەس بەجێ وەڵامی داوە:قوربان! گۆڕی بابی باڎەمجان . خۆمن نۆکەری باڎەمجان نیم؛ من نۆکەری تۆم . قیبلەی عالەم هەرجورێکی پێ خۆش بێ ، منیش وائەڵێم .

**نەتەوایەتی...**

ماوەی ل ٥

هەستانەیـــــە کـــــە ئەوبـــرائێرانیەکانی هەیانەوە ئەمەش قایمترین تەنافێکە کە بە دەس چەن سەدە ودەورەوەڕێسراوە وهێزی گرتووە .

چاپ اختر شمال
تلفن ٢٥٥٠١

م:ص:م

# بەشی مەولەویی
# پارچەی
# ٤٦

مەولەوي ئەم پارچەیەی لەجەژنی قوربانداووتووە؛ پاش ئەوە، کە بەزم وئاهەنگ وشادی وخۆشی خەڵکی لەوجەژنەداهەڵئەدا، وەپلەزیقانی دلبراوان بەچاوپێ کەوتنی دلبەرانی خۆیان،بەچەشنێکی بێوێنەوبێ هاو مالْ، دەرئەخا. ئەنجازۆ ی دڵی ئەکاتەئازێزوئەڵێ: ئازیز! لەم ڕۆژەخۆشە-دا، هەر کەسێکی دڵ سۆ او لەباتی جەژنانە، گیانی بەهەزدۆدەس پێشکەشی ئازیزی ئەکا' وەخۆی بەدەوریا ئەگێڕێ وخۆی ئەکانە کوشتی قوربانیی، باوە کوئەوەندە ئازاری دوری تۆم دیوە، لەرولاوازبووم، وەسەرتاپا بەنێشی بێ میهری تۆ بووەبەبرین وزوخاوی لێ دێ؛ وەدەست وپێم لە کۆساری سەختی دەردی دلداری‌دا' ووردوخان بووە بەیەکا، وەلەبەر-گریان وزاري سۆمایم نەماوە لێلاوی بەسەرچاوانماهاتووە، وەمەینەتی پەژارەی تۆ، وای لێ کردووم بەئەستەم گیانێکم تێداماوە، بەڵام بۆ ئەوە لەم ژیانە تالەزز گاربم، کۆتایی مە کەوبەزەیت بێ پێماوبمکە بەقوچی قوربانی خۆت !

ئەنجاله دووایی‌دا، بەدڵێکی پڕلەداخ وسینەیێکی پڕ لەسۆزە وە بەخۆی ئەڵێ : نەخەیر! ئەمەخەیاڵێکی خاووئارە زوویێکی نە کراوە کە تۆئەی کەی. چونکە کوشتی قوربانی ئەبێ هیچ کەتن وعەیبێکی تێدانەبێ، تۆبەم هەمووە کەتن وناتەواوی یەوە، چون ئەتوانیی خۆت بۆ کوشتی قوربانی آزیزدابنێی!! هەروەها کەئەڵێ:

قوربان! قوربانەن جەژنەن شادی یە
دەس نە گەردەنەن، ڕۆی ئازادی یەن
هەی! دەس بۆس دەبۆس وەش نگارانەن
خەیر! پابۆس پابۆس خاترخارانەن
«کۆن؟ کوشتێو باردێ!» گول جە پنانە
«هەی سەرهەی ئەرواح» دڵ خەمینانەن
هەر کەس گیان وە کەف پەی نگاریوەن
هەر کەس قوربانیی وەفاداریوەن
سیوای سەودای مەرانانە کەت
مەحرۆم کەفتەی بەرا سانە کەت
نەپەی چەم سورمەی گەرد پالاتەن
نەبێ گیان قوربان بەژن بالانەن
مەرد پەی ئوسادێ بێدرێغە کەت
«بسم الله» وتە کێبردەس وتیغە کەی

...

...

سە. تۆیچ خەیریوت پەی وێت کەردەبۆ
منیچ کەمتەرروخ زالم وەردە بۆ
«مەعدوەمی!» بەدبەخت ناتەمامەنی
ئەی؟ ڕاس' بێ دەولەت خەیاڵ خامەنی!

قوربانی مەشیۆ جەعەیب بەري بۆ
فیدایی پەسەندزای دلبەري بۆ
تۆ پاشکستەی بەردەردەردەرد
چەم کۆرمەینەت تەنزابیف وزەرد
خەیاڵێت کەردەن جەژۆی نادانیی
چ لایەق وەتۆن ڕوتبەی قوربانیی!!

# مەولودنامەی پەیغەمبەری
## ئیسلام حەزرەتی محمد(ص)
## دانراوی زانای بەناوبانگی کورد
### مەلاحەسەنی هەرتووشیی

سەد بەقەر جومله جوان وسامنە
بوهنارن پێکڤە نەختی(١) «ئامنە»
هاتە «عبدالمطلب» وێ ساعەتێ
کرتەدارەك کاروبارێ دەعوەتی
چێکرن زاد و طەعامێ «بالعجب»
هەم «قریشی» خۆندن وهندی عەرەب
«ئامنە» خەملی ژرەنگێ گولشەنێ
زەند(٢)وبازن ژشتنە ژرەنگێ خنێ
خۆش نەوا وخۆش ئەدا هاتن عەرەب
«جمعە» بۆ ئەوشەب نەهێ(٣) ماهێ رەجەب
وێ شەڤێ ئانین(٤) نکاح وعەقدبەست
بوك وزاڤامان وشەربەت دانەدەست
دەر «مکە» مەشهوربو ئەو گۆتنە
«عبدالله» زاڤایە بوك «ئامنە»
حەسرەت وکەربەهەمي بەرباد کرن
وێ شەڤێ سەدژن تەمامی ژیمرن
بوك وزاڤا هەردوچونە، خەلوەتێ
شاهیانە کەفتە باغێ جەنەتێ
زۆ دەرێ «رضوان» ڤەکربابێ جنان
داکەتن دەرگاهێ «نیران» ناگەهان
حور وغلمان وچەم وطەیر ونەبات
هاتنە «حمد» وثەنایێ خۆش لوغات
ئەز دەمیی جان بەخشی «جبریل» ئەمین
موژدەدا ئەهلی «سەموات» وزەمین

---

(١) شیربەها' مالْ، شیربایی(٢) قۆڵ، مەچەك(٣) نۆ ٤_هاوردن
(شاهیانە) : شادیانە ، زەماوەند
(چەم) : چۆم ، ڕۆخانە

بنکەی ژین
www.zbeen.org

### چۆن بنوسین

ماوەی ل١

لەشێوەی کوردییەکانداجگەلە- شێوەی هەورامي، دەس ناکەوێ

ئەوناوانە کەلەدەستەی پێنجەمن وەکو: مالّە، کالّە، هاژە، صەوزە، لەشێوەی ویژەیی «سۆرانی»دا ، پێش لەپیتی پەیوەند، پیتی «ی» ئەهێنرێ، وێنە: ئەوە کەبەدەستی تۆوەیە، مالّەیە. ئەودەنگە کەدێتە گوێت' هاژەیە ئەوە کەلەپێی تۆدایە، کالّەیە.

لەشێوەی سنەو کرماشاندا ، لەباتی «ی» پیتی «س» ئەهێنرێ ، وێنە: ئەوە گوویرە کەس . ئەمە چاوگەس. ئەمەپیالّەس.

ئەوناوانە کەلەدەستەی شەشەمن. یانێ پیتی‌دوواییان‌پیتی جوولّەی بۆری«و» کورتە، لەهیچکام لە شێوە کوردی یەکاندا . دەس ناکەون.

ئەوناوانە کەلەدەستەی‌حەوتە من، وەکو: تۆ،هۆ،ڕۆ، هەلّۆ ، ئاسۆ، ئەمانیش وەکودەستەی پێنجەمن، وێنە: ئەوبالّدارە کەلە هەواوە ئەفرێ، هەلّۆیە. نیشتمان خانوی کۆمەلایەتي ونەتەوایەتي تۆیە.

هەر کەسێ بۆبێ گانەخزمەت بکا،وەپیری‌دووارۆژی گەلی‌خۆی پێ نەبێ، سەرەئەنجام هەرزەنجە-زۆیە.ڕۆژی‌ڕۆناکی پیرۆزیمان‌لەسەر ئاسۆیە .

ئەوناوانە کەلەدەستەی‌هەشتە- من،وەکو: تۆ،ڕۆ، نوستو،خەوتو، پیتی پەیوەند ئەنوسێ بەدووایانە لەم‌کاتەدا پیتی‌جوولّەی بۆری‌درێژ «و»بەدووواوئەنوسرێ' یەکێکیان ئەبێ‌بەپیتی جوولّەی‌بۆری کورت بۆپیتی بناغەیی پێش لەخۆی، وە ئەوی‌تریان ئەبێ بەپیتی بناغەیی بۆپیتی جوولّەی سەرکەپیتی‌پەیوە-ندیشە' وێنە ئەودارە لەناوئەوبا-خەدا دارتووە. نیشتمان فرۆش زۆرپڕ ڕووە کە خۆی‌بە دلسۆزی گەل و کۆمەلي ئەزانێ. کەسێ کەهەستی نەتەوایەتی نییە' لەگوێی گادانوستووە .

ئەوناوانە کە لەدەستەی‌نۆهەمن، وەکو: ئاو، نان، نیشتمان' بەرد،

ماوەل٧

گێراوە لە گۆڤاری «باستان شناسیی» وەرگێڕ: د.ع.م

# ((ساتراپی))یەکانی شاهەنشاهیی ئێران

دارێوش بۆ بەڕێوەبردنی ساتراپی یەکان قۆشەنێکی پێکهێنا بۆ کە مێژوو نوسەکانی یۆنان بەناوی «جاوێدان» (...) ناویان ئەبرد؛ چونکو هیچ کاتێ لەژمارەی ئەوقۆشەنە کەمی نەئەکرد؛ وەژمارەی ئەم قۆشەنە کرژوئامادە دەهەزار کەس بۆ. وەقۆشەنێکی چوارهەزار کەسیش لەپیادە وسوار، پاراستنی پاتەخت و کۆشکەکانی پادشایی یان بە ئەستۆوە بۆ.

دارێوش بۆ کۆ کردنەوەو گرتنی سۆروساتیش یاسایێکی تایبەتی دانابۆ، بەڵام نازانین کە: بەچ ڕێگاو ئەندازەیەکی سۆروسات گیراوە. «هرودوت» بۆهەرکام لەبیست ئوستان (اوا)کانی ئێران ئەندازەیێکی نوسیوە، کەهەموسالێ کۆیان کردووەتەوە. مێژوونوسی ناوبراوئەڵێت: هەموئەو سۆروساتانە کە ئەهاتەوە خەزێنەی دەوڵەت بەرابەری ۱٤٥٦۰ «تالان» (اوبی)بۆ. وەلەهەمو شوێنی زۆرترەوروساتی «هندە» بۆ کە ۲٦۰ تالان خاکی ئاڵتون بوو، وەئەوە بەرانبەری ٦۸۰ تالان زیو بوو. (هەریەک «تالان» زیویان بەرانبەری ٥٦٥۷ فەرانگی ئاڵتون داناوە، کەبەپارەی ئێستای ئێمە ۱۲۰۰۰ قەرانە، لەکاتێکدا نرخی هەریەک مثقال زیویەک قەرانبێ، بەڵام ئێستا کە قەرانی زیوی قەدیم ۱۱ قەرانە، هەر تالانی زیو ئەبێتە بایی ۱۳۲۰۰۰ قەران) لەپاشان سۆروساتی بابل و ئاسور کە نزیکەی ۱۰۰۰ تالان زیو بۆ. لەپاشان ئەوئوستانەکانی تر کە لە ۵۰۰ تا ۱۷۰ تالانیان ئەدا. سۆروساتی جنسیش بریتی بۆ لەزان وزەووگی ئەسپ وهێسر وپەزو بزن وئوشتر.

دەرئامەدی ماسی گرتن لەدەریاچەی «مریس» لە «فیوم»ی مصردا، تایبەتی خێزانی پادشا (ملکه) بۆ، بابلی یەکان پێنج صەد غولام (خواجه) وەخەڵکی «کلشید» لەهەرپێنج ساڵ صەد کچیان ئەدا. وەعەرەبەکان هەزار تالان «کندر» سورۆساتیان بۆ.



ئارامگەی کورشی مەزن

سۆروساتەکان ـ هەروەها کە هرۆدۆت ئەنوسێ ـ نەختیی وجنسی بوون. «پلوتارک» ئەڵێت: لەپاش ئەوەی کە دارێوش سوورۆساتی نەختیی جنسی وەڵاتەکانی دانا. کەوتەوادی ئەوەبۆی دەر کەوێ کە: ئایائەم سوورۆساتە بۆ گەل گرانەیانە؟ وەلەپاش ئەوەی بۆی ڕۆناک بوو کە گەل ئەتوانن ئەم سوورۆساتە بدەن، دەستووری‌دا، کە: نیوەی بسێنن؛ وەووتی چونکوو حاکمەکان بۆخەرجی خۆیان لەخەڵکی سوورۆسات ئەسێنن، ئەبێ سوورۆسات کەم بکرێتەوە.

**جێگای جوغرافیایی ساتراپی یەکانی شاهەنشاهیی ئێران:**

چۆمی فورات «ساتراپی»یەکانی شاهەنشاهیی ئێرانی ئەکردە دوبەشەوە:

۱ـ ساتراپی یەکانی ڕۆژئاوا، کە: ئاسیای صغیرو مصری دائەگرت

۲ـ ساتراپی یەکانی ڕۆژهەڵاتی چۆم کە: سنووری ئەگەیشتەوە چۆمی «سند».

**یەکەم ـ ساتراپی یەکانی ڕۆژئاوای چۆم:**

**۱ـ ئاسیای بچووک ـ** ئاسیای بچووک پێک هاتبوو لەدەساتراپی بەم جۆرە:

**۱ ـ لیدی** کەجاران ناوی «مێئۆنی» بووە؛ سنووری ئەم ساتراپی یە لەلای باشوورەوە چۆمی «مێیاندرێ» لەلای ڕۆژهەڵاتەوە «فرێژی» لە باکوورەوە ساتراپیی «میزی» وەلەڕۆژئاواوە «ئیۆنی» بووە

کێوە بەناوبانگەکانی ئەوە «تۆمۆلۆس» و «مێسۆژی» بووە، کە بەهۆی نوێنگەجوان وخۆشەکان وشەرابە چاکەکانیەوە، شۆرەت وناوێکی تەواوی بووە. چۆمی «پاکتۆل» لە کێوەکانی «تۆمۆلۆس»ەوە سەرچاوە ئەگرێ و ئەکەوێتەڕێ ولەپاشان ئەڕژێتە خەلیجی ئیزمیر. وەچۆمی «کایستری» «مێیندێر»یش ـ کەتورکەکان پێی ئەڵێن: «مێئاندری بچوک» ـ ناوخۆی ئەم ساتراپی یەی ئاودێری ئەکرد شاری «سارد» پێش لەاکان بەئێرانەوە پاتەختی لیدی وجێگای حکوومەت بوو؛ وەئەم شارە لەپاڵ داوێنی کێوی «تۆمۆلۆس»دا بۆ، ئەوشارە جێگای بازرگانی و خاوەنی بورج وبارۆی ئەستوروقاییم بۆ؛ وەلەپاشان بۆبەجێگای بەشێکی زۆرو گرنگ لەقۆشەن وساخڵەوی ئێران. دەوروبەری ئەوشارە ئاوەدان و زەوینی بکێڵگەونەخت وحاصڵ خێزی زۆری بووە، کەلەپاشان بەهۆی قوومانی بوومەلەرزە، کاول ووێران بۆ. شارەکانی تری ئەم ساتراپی یە بریتی بۆ لە «فیلادیلفی» لەپاڵ داوێنی کێوی «تۆمۆلۆس»دا، وە «هیپۆپیا» و «ترالس» لەپاڵ داوێنی کێوی «مێسۆژی»دا، کەلەشارە جوان وقاییم و ئاوەدانەکان بۆ، وە «ماگنیزی» کەبەهۆی قوومانی بوومەلەرزە وێران بووە. گەلی «لیدی» زۆر کە لەگەت ونەترس وبەغیرەت بون. لەپاش ئەوەی کە لیدی لەلایەن ئێرانەوە گیرا، خەڵکی ئەم خودە تایبەتی خۆیانەیان لەدەس‌دا؛ وەبێ قابل وتەن پەروەر وتەنبەڵ بون. کاری ئەوان زۆرتر دروس کردنی شتی جوان وفلزکاری بۆ؛ یەکەمجاری سکەیان لەوان نیسبەت داوە. «لیدی» بەبۆنەی هەوای ساف وخۆش وزەوینی بکێڵگە ونەخت وبازرگانی یەوە، یەکی لەچاکترین و دەوڵەمەندترین «ساتراپی»یەکانی شاهەنشاهیی ئێران ئەژمێررا.

**ماناى ووشەکان**

سۆروسات ـ مالیات
بریتی لە... ـ عبارت از..
واڵی ـ صدد
سنوور ـ حدود، مرز
کەلەگەت ـ قوی هیکل، درشت
بکێڵگە: قابل کشت

## چۆن بنووسین

ماوەی ٦

خاک، دەو مەی، بەی، خاڵ، کچ، تەشک تەنیاپیتی یە برەنەبەدوایانە وەئەنوسێ وێنە: ئەوەتاوە ئەمە نانە. ئەوجێگایە کەهەموومانی پێ گەیاند وە پشتمانە. دیواری ئەو خانووە، لەبەردە ئەوشۆشەیە لەمەیە. ئەم باخە، باخەبەیە ئەو قونایە، کچە، ئەوخوێند کارە، کوڕە.

لەدەستەی هەشتەمدا ئەگەر پیتی چوڵەی بۆری دێ «ژ»پیتی ژیشەیی ووتەی کانی نوسانی پیتی پەیوەند «ە» لەشێوەی سلیمانی وسنەیی و کرماشانی دا، جیاوازی ناخرێ، وێنە: ئەوە، تووە، ئەمە، مووە، وەئەگەر نیشانەی خۆ (صفت) بێ، وەکو: نوستو، خەوتو، هاتو، دەرچو پێچو، شێوەی کرماشانی وسنەیی لەوڕێگایە جیائەبنەوە، چونکە لەوئەشێوەدا، نیشانەی ئەوجورە. خوانەپیتی «گ»ە، کەوابوئەم دەستەیە لەو دوشێوەدا ئەکەوێتە بەرڕێگای دەستەی نۆهەمەوە بەڵام لەشێوەی کرماشانی داپیتی «گ» لەکاتی نوسانی پیتی پەیوەندا، ئەگوڕێتەوە بەپیتی ژێری درێژ «ی»، وێنە: ئەوپیاوە، خەفتگە (شێوەی سنەیی). ئەم کوڕە خەفتی یە (شێوەی کرماشانی).

ناتەوا

## باسێکی زانیاری

ماوەی ل ۲

وەلە ئایەندەدا، لەم بارەوە زۆرتر لێی ئەکۆڵینەوە، بەڵکو بەدروستی ئەم مەبەستە ڕۆناک ببێتەوە.

بەم جۆرە بەرواری کرانەوەی ئەم ئارامگەیە بەصادەی حەوتەمی پێش لەمیلاد ئەگات؛ وەئەگەر هی کوورشی یەکەم بێ ڕەنگە لە پاشان کوڕەزای ئەو کوورشی مەزن ئامگەی خۆی لەڕوی ئارامگەی باپیری خۆی دروس کردبێ، بەڵام گەورەتر وجوانتری دروس کردووە وەئەم فەرقەلە گەورەوبچووکی دا هەیە.

دووایی

بەشی کوردیی شمال
کوردستان
لاپەڕەیی ، بوهەموو جار

## میهراتە بیعەت

ئیسال خودێ خەلکێ ئیرانێرا بەخشش کریە بەرئێکسنا سالا پاربارانێد پڕوبکار سەران سەرێ مەملەکەت دابــاری ، کەبۆیــە سەبەبێ شاییو کێیف خۆشیاخەلکێ وزێدەیا ئاوێد کارێزا وچەما، وە هەربەرودەستەک خەلکێ مەخسوسەن بەرا جۆتیارای وڤەلاحا وەئەوان بحاسلا، سالاتێ دلگەرم کرییە

بەشەر بهندەبەر کەتنێک بجور کی زەندە گرتنێ زانەتي وهەرتشتەکي دا کرییە ، دیسازی هێ همبەري زۆرا تەبیعەتدا جاندارەکي ژارو بەلەنگاز تێ حــسێب ، هەمێشە چەڤ لەتەبیعەت بوییوە چوجارا نوکارە خوژنەعمەنێد تەبیعەتێ- نیازبکە. دبەکهەنەک دەولەتێدبەر کەتی بوەسپلێد زانەتیێ بارانێد دەستچێکري بباریەن ، وەپێشیا هشکییا هەوێ بگــرن ، لێ بەلێ چوجارا نوکارن مەسەلەن سەرێ چییا ژبەرفێ بەندنخامتن، کو- نۆتي بەر فاتەبیعی چەندین مەها دەوام بلکەوەیان ژفرتۆنا بەحرێ وەسەر هەوراتاوێنا پێلێدوێ پێشی گریێ بکن.

بهەرحالەکي خودایێ جهانێ کەبزۆروحکمەتاخونزماخلقەتێ محکم وقانوێد تــەبیعەت قــام کرییە، وە لەسەرکورا خولێێ جنسێ ئینسین خولوقاندی وەژبەر زۆراهش و بەیان وفکرێ ، ئەوا سەر جانداریێد دي داگرتییە ، ژاري ولاوایا بەشەر ببەخششاخونە مەزن و شاندنا بارانــێ وبەرفــێ دجبرینە . بەرف وبارانــا پاییزو زوستانا ئیسال، مزگینییا بهارەک شێن وهاوینەک پڕحاسل دەدە، کو دەخل ودەنێ بۆمرۆڤا، وە گیها و دەبارێ بۆحەیوین بۆلدکە.

وەهە گەربۆجۆتیارا کۆمەکێد لازم وارە کرن،وەتەنگاڤیی بێدوان وارنەهەلدان، کوژ کەداخۆبجورەیی باشقازانجێ بکــن، وەبو کاربن مەتاحیدخوبگەهینە، مەرکەزێد فرۆتنێ وي چاخیێ' کێیف خوشیا وانە نۆ وژۆژا پــاشین، دەستێ بدنەدەستێ هەودي وە بنەعمەتــا ئاسمانیی و کۆمەکاسەربــەرێدکار بارادا ها زێدە سەرفنازبن .

بەرا زەحمەتکێش وعــەزیزە جۆتیارا کوخوارەکامــە ژۆژێ بدەستێوان سەڕاست دبە، چاواک حەزکرنا شاهەنشایێ رەعیەت پەر- وەرە، گەرەک زێدەتر بڤێ دەستا زەحمەتکێش وارەمێزە کرن، وە ژهەرجور کۆمەکاماڵیی ومەعنەوي بەرخورداربن، حەتتانی کومەملە- کەتێ مە، کو گەلەتر ژهەفتێ سەدێ، داژبەرا جۆتیاراسەڕاستدبە'ژبەرە کەتێد ئاسمانیی وعەردێ باشترو زێدەتر نەعمەتا وەرگرن.

هیویامەئەڤە، بارشێدڤێ ئاخرێ وەبەرفێد گران وبکار، کولەجیی یێ کوردستانێ بارییە، ببەسەبەبێ پڕایا ئاواکارێزا وەخەلکڤەناسالا چوییینە کەونەبێ ئاوێ ، وەدە- ولەتژی کێشاندنا لوولەکێشییرا تەلاش وچەڤ دێریکزێدەبکەبوە مێهراتەبیعەت و بەخششاخودائیی غەنیمەت بزانبە، وەخەباتەک گە لەترفێ کارامزنە ژپیا ئێدا بکە.

بهیویاهنگاوو کارابدزەدەولەتێ

(زەندە گرتنێ): سەرسام ئاور : حیرت انگیز

(نخامتن) : داپۆشین: پوشانیدن

(پێل) : شەپۆل : موج

(قام کرن) : دامەرزاندن :برقرار کردن

(دەبار) : لەوەر : آذوقەدامی

(تەنگاڤیی) سەخلەت: مشکلات گرفتاری

## مەتەلی گەلان

دادگەري کوێرە؛ بەلام کــە ژنییە، چاک گوێ ژائەگرێ بەلام کەمتر ئەبینێ. (ئەمریگایی)

شمشێری دادگەري تیژە؛بەلام سەری بێ گوناابڕێ.

(چینی)

دادگەرێ ڕاستەقینە،لەکردەوەدایە (فەرانسەوي)

هەرکەس پارەی خۆی بۆبەدەست هێنانی زانست خەرج بکــا ، چەنڵ بەرانبەری ئەوەی پاشەکەوت کردووە .

(ژاپونی)

پارە ئەبێ مولکی مرۆڤ بێ، نەمرۆڤ نۆکەری پارە.

(هندی)

صەبر، گەورەترین هونەری ئادمیزادە .

(ئیسپانیۆلي)

کەسێ کە نهــادی پاك بێ' زوخەوی لێ ئەکەوێ.

(فەرانسەوي)

## تکا

**لەخوێنەرە بەڕێزەکان تکائەکەین: لەناردنی پارەی ئابوو- نمانی ڕۆژنامە خۆیان نەگرن؛ ئەلبەت ئێمە کاتێ ئەتوانین بەم خزمەتی خۆمانە درێژە بدەین کە خوێنەرە بەڕێزەکانمان دەس گرۆیی مان بکەن .**

## ئامریکا وشوورەوی

گۆهراندنا حکوەمەتائامریکا، وەهاتنەژ بەرێد پارتیادموکرات سەرکارلەڤێ دەولەتێ ، لەبەرچەڤاهل گوهراندنەک مەزن سیاسەتائامریکا وشۆرەویدا کرییە .

دەست خودا ، پاشیی ویلك پرزیدنت کندی ژەسمـــي سەرەکیــا جمهوریەتێ دەست خودا گرت ، وەتلگــرافێد دۆستایێ نــاوري و ژێبەرێد شۆرەوی داهاتەگوەراندن ، وەزاراوێڤان تلگرفەیتلگرافێد زەمانێ سەرەک جمهوري یەتیائیزنهاور داگەلەک تەفوت هدیە،وەنیشان ددە،کوئۆرسان ژگوهراندنا حکومەتا ئامریکا کێیف خۆش بۆنە . لە کاغەزاك (برژنف) سەرەکێ شێورا بلندا شۆرەوی ، بناوێ مبارەکیــێ بۆ کندیشاندڕەسمیدا حەساندن کوشۆرەوی حازرە لەبارا هەرمەسەلەك سولحاجهانێ ئامریکارا تێکەڤە خەبەردانێ .

پرزیدنت کندی قسە کرێد خودا ، لازمەتیا خەبەردانێ ناوبێینا سەرەکێ دەولەتێد ژۆژهلات وژۆژ ئاوابیرهانییە .

چەند ژۆژا پێش بانێ دەست خودا ، بەري ویلكپرزیدنت کندی ئەوەل جڤاتا ژۆژنامەنوپسادایینە، ئۆرسان دو کەس ژطەیارە وانیدئامریکا کولەشۆرەوی زندانی بۆن بەردان ، وەبڤی جوری ، دۆستایاخوئامریکا رانیشان دان، کوبەلکیپێشەکا حلێ کرنابەرەکی یێد ئامریکاوشۆرەوي بەئەڤ دوطەیارەوان ' طەیارە کــە کەوش کرنا ئامریکـادا ، بدەستــێ نۆرسان ژۆرداهاتنە خستن ، وەبەرداناوان ئەسەرەك باش لە ئامریکا و دونیا ژۆژ ئاوا کرییە . پرزیدنت کندی جڤاتا ژۆژنامەنویسادا بڤــێ مەسەلێ ئیشارەکر وە گۆت دەستوردایە طەیارێد کەوش کرنا ئامریکا، کوژ فڕینێ لەسەرعەردێ شۆرەوی خوبهێڤشینن. تەوسیر کرێد اروپــا ژۆژئاوا، ژڤێ خەبەرێ زاف دلخۆش بوون ، وەتەوسیر کرەکی انگلیس گۆت، هەرچەندە هێ زویە کولەبارا چێ بۆنا ڕابتێد ئامریکا وشۆرەوی پێشدا تشتەك وارە گۆتن ' لێ بێ ڵك ئەواك ژتاریخا هاتنا کندی لەسەر کار ناوبێینا ئامریکا وشۆرەویدا دەرباس بۆیە حیێ دلگ رمیێــێ ، دانینا ڕابتێد دۆستایێ ناو هەردو دەولەتابە .

پرزیدنت کندی هم ژي قەبول کرییە، کوخەبەردانا چەڤ لــە سەر گرتنا ئاتۆمی ژتازە دەست پێ بە .

بڤی قراری مرۆڤ دوکارە بێژە کوهەگەر ئەوانا پێك بێن، ژێگایێ مەسەلێد دونیایێدی راژی ڤەبە .

وەئەوئالۆزیا کودەورا حکومەتا ئایزنهاوردا ، لەناوبێینائامریکا وشۆرەویدا قەوومیی بۆ، ژناو ژابە .

**ماناي ووشەکان**

(هلگۆهراندن) : ئالێ وگۆر : تحول

(زاراو) : شێوە : لحن

(خەبەردان) : ووت وویژ : مذاکرە

(دەست خودا) : دەست بەجێ : بلافاصە

(جڤات ) : کۆبۆنەوە : اجتماع

(خوبهێڤشینن) : خۆبگرن : خودداری کنند

(دەرباس بۆیە) : بۆردۆوە : جریان یافتە

(ژابە) : لاچێ : برداشتەشدە

بنکەی ژین
www.zheen.org

# سکالا

ش.بابان

خۆم ئەزانم ئەم‌دڵەی هەرجائیە ئەمخا تەکوێ
چون ئەبێتە بایسم ئەمکاتــە عیبرەت شارودێ
باوەکو قــەت بێ‌دڵی ناکەم‌لــە کۆلان ولەماڵ
هەرچێ داواکا ئەبێ ئامادەبێ بوێ دەس بەجێ
یاکولێرە وپێش‌بەجێم‌هێناوە بوێ ویستی‌هەمۆ
ئەو هەوایانە کە دەستی هیچ کەسی ناگا تەپێ
ئەر کەلێمی ویستبێ‌ئاوی‌حەیات وخاکی قاف
کێوو تاش وهەرد وبــەردم لــێ‌بووەماشپنەڕێ
هەرشەو وهەر ڕۆژ و هەرکاتێ هەوایێ‌تــر ئەکا
نە، بەمانەراضی‌یــە ونــە ، بەوشتانەی دیکەدێ
دەفتەری ژینم‌پڕە لەم‌چەشنە دەردانــــــە بەڵام
صەدسکاڵام بێ‌بــەلای دڵمەو بەجێگا ناگــەیێ
باسی دەردی دڵ‌ژەفیقانم گــــــەلێ طولانیە
دەردی ( شێواو ) زۆرە نازانم دڵی من چی‌دەوێ

---

### سوزەی کویستان

ماوەی‌ل٤

شاوەیس: ـ ئەوەبەشوێنی تۆدائەسوڕێمەوە! خوواڕەحمی کرد کــەتوچارت هاتم ئەگینا تۆلەناوئــەچوی وەمنیش هێندە بــەدووای تۆدا ئــەسوڕامەوە ژەقــم ئەبردە وە.

ماوەی هەیە

---

هەزارویەك‌شەو ٣٤٩

لەبەینی زوڵفە وە کوڵمی وە کۆمانك
لە تۆی هەورانەوە شامــی بەهــاران
قەدومەمکی لەلایێ نــەی شەکــەرزار
لەلایــــــێ باغی سێوان و هەناران

ملك نعمان‌لەچاوپێ کەوتنی جەماڵی‌ئەوهۆش‌وئاوەزی‌لەمێشکانەما،وەبانگی کردەنزیکتەرەوە؛ گەلێ‌قسەی خۆشی‌لەگەڵ کردودڵ خۆشیی‌داوە. لەپاشان‌فەرمانی داکە : کۆشکیکی جوانیان بۆئەوو کەنیزانی‌ئەوتایبەت کرد . ئەوجاپرس وجۆی لەوسێ گەوهەری گران بایی‌یەوە کرد . شازادە خاتون ووتی: ئــەوانــە وان بەلای منەوە . ئەوجاجەعبەیێکی زێڕینی‌هێنا،سەری هەڵبڕی، سێ گەوهەرە بەنرخەکەی دەرهێناودووەستی‌پێشکەشی خزمەتی‌پادشای کرد . لەپاشان بەئیزنی‌پادشا ڕۆییشتە دەر؛ بەڵام دڵی‌پادشالەگەڵیان ڕۆییشت وئارام وقەراری‌لێ‌بڕا . لەپاشان ملك نعمان شازادە شرکانی بانگ کرد؛ یەکێ‌لەوسی گەوهەرانەی پێی‌دا . شرکان هەواڵی ئەبێ دوگەوهەرە کەی‌تری پرسی. پاڎشاووتی: یەکێکیان بۆ«ضوءالمکان»ی، براتەی وەئەوی‌تریان‌بۆ«نزهەالزمان»ی، خوشکت .کاتێ‌شازادەشرکان‌بیستی کەئەوبراێیکی هەیە‌بە«ناوی«ضوءالمکان»ڕۆی کردلەباوکی‌وپێی‌ووت: باوکە گیان‌امە گەرتۆجگە لەمن کوڕێکی‌ترت‌هەیە؟ پاڎشاووتی: بەڵێ! ئێستاشەش ساڵەیەوناوی «ضوءالمکان» برای «نزهەالزمان»ە، کەپێکەوەلەفە دووانــەن. شازادە شرکان لەبیستنی ئەم‌هەواڵــە زۆردڵ تەنگ وپشێوبۆ،بەڵام‌هیچ بەئاشکرانەی خستەخۆی‌؛وە گەوهەرە کەی‌داناوە لە خزمەتی‌باوکی‌هەڵساوە!وەهێندە ئاڵۆزوتوڕەبۆ، کەسەری لێ‌شێوابۆ،نەی‌ئەزانی‌بۆ کۆی ئەڕوا، تاسەری لە کۆشکی‌شازادەخاتون «ابریزە» ەوە، دەرچۆ. شازادەخاتون کە چاوی بەشرکان کەوت هەستاوەسەرخۆی ڕۆییشتە پێشوازی وگەلێ‌سپاسی ئەوو

---

## مێژوی‌ڕیشەی‌ڕەگەزی کورد

نووسراوی‌زانای‌مەزنی کورد،احسان‌نوری — وەرگێڕاوی:د.ع.مفتی‌زادە

٩٠

-111-

# ـئاراراتی یان‌ـ

ناوی «ئارارات» بۆیەکەم‌جار لەمێژودا، لەساڵی ١٢٦٠ پ.م لە لایەن «سلمان‌نصر»ی یەکەم پاڎشای ئاشورەوە، براوە .

قامۆسی کتێبی «مقدس» کە نۆسین و وەرگێڕانی بەفارسیی لە «مێسترهاکس»ی ئەمریکایی‌یە،سەبارەت‌بە«ئارارات» ئەنۆسێ :

(ئارارات ناوچەیێکە لەناوەندیی ئەرمەنیستاندا، کەلەنێوانــی «ئەرەس» ودەریاچەی «وان» و«ئورمیە» (رضائیە)دا قەراری گرتووە. وەبەگوێرەی واتەی‌پێشینیان کەشتیی‌نوح‌لەسەرئەم کێوەوە،ڕاوەستا. ئەم کێوە بەرزە کە ئەرمەنی‌یەکان پێی‌ئەڵێن: «میسیس» وەتورکــەکان بەناوی«ئاگری‌داغ» وەئێرانی‌یەکان بە« کێوی نوح» ناوی ئەبەن. وە زۆرتری ئوروپایی‌یەکان بە«ئارارات» ئەی‌ناسن؛ وەعەرەبــەکان پێی ئەڵێن«جودي»؟... (١)١٧٠٠٠پێ‌لەڕۆی‌دەریاوە بەرزە؛ وەلە کێوەکانی ئاتەش فشانە کە دوواجاری تەقینەوەی لەساڵی١٨٤٠میلادیدا،بووە)

مێژونۆسی بەناونگ (دمرکان) باس‌لەپێك‌هاتنی دەوڵەتی‌نێرق‌مەندی «ئارارات»لەدوهەزارساڵی‌پێش‌لەمیلاد، لەجێگای ئەصلیی‌خۆیانا ئەکات، بەم‌جۆرە کە ئەڵێت :

(هۆزی‌ماد کە دوهەزارساڵ پێش‌لەمیلاد لەقەفقازەوە ئــەهات ، دەوڵەتی بەتینی «ئارارات» لەسەرڕێگایانەوەبۆ، ئەوان لەڕۆژ هەڵاتەوە تێ‌پەڕیان کرد...)

بۆنی‌ئەم دەوڵەتە لە٩٠٠ساڵ پێش لەمیلادا، یانێ‌لەپاش دەورانی حوکم کردنی زەنجیرەی «ضحاك» ڕۆناکتر بۆوەتەوە . لەنێوانی‌ساڵەکانی٨٠٠ : ٨١٥پ.م‌دا پادشای «ئارارات» بەناوی «منوش » ڕۆبەباشور هاتووە ، وە لەسەرە ڕێگای «ئاسور»ی یەکاندا دیوارێکی بەتینی پێك هێنابۆ، کەئەوپاڎشا «مەنوچیهر»ی‌شانامە،وەیا «منوش‌چێر»ی‌ئەوستایە. لەبەرواری (٨٨٢-٧٢٣پ.م) دا،پاڎشای «ئارارات»بەناوی «ساردوریس» لەگەڵ «سلمان‌نصر»ی سێیەم پاڎشای ئاسوردا شەڕی کرد ، وەئەوی شکاندوبەسەریازاڵ وپیرۆزبۆ .

«هرودوت» ئەڵێت، لەدەوروبەری کێوی «ئارارات»دا، هــۆزێ بەناوی «ئالارود» نیشتەجێ بون؛ وە «هالدی»یان ئەپەرەست. شەش‌صەد ساڵ‌پێش لەمیلاد ئەرمەنی‌یەکان‌هاتن،خاکی «ئالارود»یان‌دا گیر کرد، وەهاتنە سەرئایینی «ئالارود» لەپاشان خۆیان‌نیسبەت لە «هالدی‌هایق» ئەدا؛ وەناوچەی داگیر کراوی خۆیان بە «هایستان» ناو،نا.

(١) لەباکوری «موصل»دا کێوێکی‌ترهەیە بەناوی«جودي».

### ماناکەووشەکان

| | |
|---|---|
| ناوەندي : مرکز، وسط ، متوسط | تەقینەوە : انفجار |
| بەتین : قوی | زەنجیرە:سلسە |
| باشور : جنوب | باکور : شمال |
| بەروار : تاریخ ، روزگار | زاڵ ـ چیرە |

بنکەی ژین www.zheen.org

# چووارقوژبن

**لابەلا:**

| ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ١ |
| ■ | | | ■ | | | ■ | ٢ |
| | ■ | | | | ■ | | ٣ |
| | | | | | | | ٤ |
| | ■ | | | | ■ | | ٥ |
| ■ | | | ■ | | | ■ | ٦ |
| | | | | | | | ٧ |

١ـبەدەسۆبرد،یابەدەسۆبردي ٢ـچاڵی ئەوپەڕنادییاری ـ ڕازی دووایی نـەهاتۆ ٣ـ لەوسەرەوە،ترش‌وشیرینی‌تێکەلە ٤ـ شارێکی گەورەلەکوردستانی‌عیراقداه ـسێ‌کیلۆ، یا چووارچارەك‌٦ـ ئەڵێ: «بەڵێ»، یاقسەیێکـی بیستووە، وەدۆدڵـەکـە : بڕوابکا یـانەکاـ برابچۆکی گەنم، یا جێگای هاتوچۆی ئاوی کەم ٧ـ ڕەنگزەردي خەزان جدفای پاییزە ٭ ... سەردي‌مەیل ئازیزەن.

١ـ «س» وەکوو«ث»، وە «ز» وە کوو«ذ» ئەخوێنێتەوە ٢ـ تۆزێکـی‌ماوە، کە

**بەرەوخوار:**

بي‌شکێنن‌وڕێگابۆکاروان بکەنەوەـ لەبرێ جێگـای کوردستاندا، لـەباتیی«دە»، ئەوەنیشانەی کردەوەی‌کات (فعلی‌مضارع)ە ٣ـ سەمێکی خەرتـەرناك‌٤ـ فیشەك یا گولە لە تفەنگدا گیربکا، بەوە دەری‌دێننەوەه ـ ئەوەیا کـرماجي، شێوەیێکـی گەورەیە، لەچووارشێوە بناغەیی‌یەکانی کوردي٦ـ موخەففەفی «وەها» (بەم جۆرە، یابەوجۆرە)ـ پیاوی‌ژیر ئەوباری‌ئەوە، لەماس‌دەرئە کێشێ٧ پایەوبناغەی تەمەددون‌و شارسانەتی.

### کراوەی چووارقوژبنی‌ژمارەی٨٨

**لابەلا :** ١ـ خزم ـ پلە٢ وەیشومە ٣ـ لار٤ـ تو- زا ٥ـ تـان ـ کـەس ٦ـ ئیمـ زرە ٧ـ لەی‌ـ گدی .

**بەرەوخوار :** ١ـ خوینتال ٢ـ زە ـ وایە٣ـ میل‌ـنەی ٤ـ شارە ٥ـ پور گزگ ٦ـ لم‌ـ زەرد٧ـ هەناسەی.

هەزاویەکشەو ٣٥٠

پاڵشای کرد. ئەوجا پێکەوە دانیشتن، شازادەخاتۆن تێ گەییشت کەشرکان‌زۆرتۆڕەو پەشێوە، هۆی ئەوەی‌لێ‌پرسی. شرکان‌کارەساتەکەی بۆ گێڕاوە، کە : ملك نعمان‌لە «صفیە» کوڕێك‌و کچێکی هەیە بەناوی «ضوءالمکان» و«نزهةالزمـان» وەپاڵشا دوو دانەلەگەوهەرەکانی بەوان داوە ، وەدانەییێکی‌بۆمن داناوە . وەمن تائێستانەم زانیبوو کەبراییێکم بەناوی «ضوءالمکان» هەیە . ئێستاش ئەترسم کە چاوی‌تەمای‌بڕبێتە تۆ، وەتۆبۆخۆی‌مارەبکا؛ چونکوزۆربەتامازرۆیی‌تەماشای ئەکردی . شازادەخاتۆن ووتی: پادشادەسی بەسەرمنا ناڕوا؛ وەمن گوێ بۆفەرمانی‌ئەوڕانـا گرم ! وەتامن مل نەدەم، خۆناتوانێ‌بەزۆرمارەم بکا. وەئەگەرزۆرم بۆبێنێ‌خۆم ئەکوژم . بەڵام ئێستا من زۆرترلەوەئەترسم، کە :باوکم بپسێ کە من‌لەگەڵ تۆڕا هاتووم بۆئێرە؛ئەوکاتە لەگەڵ فرێدوون شاڕا، دەس یکەنەیەك؛ وەقۆشەن بکێشن بۆسەرئەم وەڵاتە .شرکان ووتی : شازادە خاتۆن : ئەگەرتۆبەمانەوەی‌لای ئێمەدڵ خۆش بیت، ئێمە باکمان لەکەس نییە . ئەگەرسپای ڕۆی زەوین لەگەڵ ئێمەدا دوژمنیی بکەن، بەسەریانا پیرۆزوزاڵ ئەبین . شازادە خاتـوون ووتـی: هـەرچی‌پێش هات، خۆش هات؛بەڵام ئەگەرمن‌لەئێوەوە، چاکە ببینم‌لێرەئەمێنمەوە، ئەگەرنەئەڕۆم ئەوجا شازادەخاتوون دەستووری‌بەکەنیزاندا، کە :خواردەمەنی‌بێنن! لەپاش‌ئەوەهەموجۆرەخواردەمەنیی‌و وشەرابیان هێنا، شرکان کەمێکی خوارد؛ وە بەدڵێکی‌پڕ لـە غەم وپـەژارەهەستاوە، ڕۆییشتەوەبۆماڵی خۆی. ملك‌نعمانیش‌کاتێ‌شرکانی کوڕی‌لەلای‌ئەوڕۆییشتە دەرەوە، ئەویش هەستاوە، ڕۆییشت‌بۆلای «صفیە» کچی‌فرێدوون پاڵشا؛وە گەوهەرەکانی‌لەگەڵ خۆیابرد. کاتی«صفیە»لەدوور،وەچاوی‌بەپادشا کەوت، هەستاوەڕۆییشتە بەرەوپیري‌ئەو، دەستی‌ماچ کرد . پاڵشا دانیشت، ضوءالمکان ونزهةالزمان‌هاتن بۆخزمەتی: پاڵشا هەردوکیانی ماچ کردەوە، وەلەهەر هەـوزانەو دایانیا؛ وەبەقۆڵی‌هەرکامیانەوە

# ریزەکاریی

**گولۆلە بەلێژیی کەوتن :** هەڵگـەڕانەوەی ڕەژن و ئیقباڵ . ئەڵێن: « گولۆی ، کەوتووەتـەلێژي»؛ وەبـڕێ جاریش ، بەچەشنی «تجرید»، ئیزافەی، گولۆلە کەموشە بیەهە ـ ئەکەن بۆلای‌بەختیا ئیقباڵـ کەموشەبیەهون بیهە ـ وەئەڵێن: «گولۆلەی‌بـەختی، کەوتەلێژي». «گولۆڵە» بەئەندازەیێ لەبەنێ وشریت وشتی‌وەهائەڵێن، کە هەڵکرابێت‌وگرد بۆبێتەوە؛ وە«لێژي» بەمەعنای خوێسیی وسەربەرە وخواری‌یە. دییارە، کاتێ کە گولۆڵە، بکەوێتەلێژیی، ئیختیاری ، لـە دەستی خاوەنی دەرئەچێ، وەهەرچەن بەشوێنیدا ڕابکا ، پێی ناگات و بۆی‌ناگیرێتەوە. کەوابۆکابرا کە بەپیروزای عەوامانە، ڕەژنی‌هەڵگەـ ڕاوەتەوە، وە ئەستێرەی ئیقباڵی کەوتووەتە تاریکي ، بەوکابراوە شوـ بهێنراوە، کە گولۆکەی ئەکەوێتەلێژي .

**جەهەنم لەشتێ پڕ :** کاتێ دەربڕینی بێ‌ئیعتینایی وبێوازي‌لەو شتەئەلێن. مەعناکەی ئەوەیە، کەلەشتی ئەندازەداردا ، ئەوەندەی‌لـێ بخرێتە جەهەنم، کەجهنم هەرلەئەوشتە پڕ ببێ؛ وەبۆشتی بێ‌ئەندازەش، تەعمیم دراوە؛ وە کوو بڵێی: «جەهەنم لەکابرایێ. شاعیرێ ئەڵێ :

«گەرموخەییەربم لەبەینی جەننەت ووەصڵی تـوا
ووەصڵی تۆبۆمن، جەهەننم پڕلەجەننەت، نامەوێ»

**دڵ‌لەکارێ سارده وەبوون :** نەمانی گوڕوعەلاقەیێ کەلەسەرە تاوەبووە. وەکوو ئەوە، کەمرۆکانی عەلاقە بەشتێ، دڵی گەرمە،وەکاتی بێ‌عەلاقەیی، ساردە، کەلەبەرامبەری ئەمەوە ئەڵێن:

**لەسەر کارێ دڵگەرم بوون :** یانێ بەگوڕوعەلاقـە وەچـۆنە ژێری .

**شەوگردیی ومن‌گردم:** کەسێ کەوەهائەڵێ، مەبەستی‌ئەوەیە کەهەرشەو نوخسیم کێشاو نەخەوتم شاعیرێ ئەڵێ :

«شەوگاری پاییز ئەوکەردومن کەرد
مام چەنێ دەرد شەوگار بڕیاوە من

وەکوئەوە، کابرا کەبەدەم دەردو پەژارەوەناخەوێ ، وەهەڕائەـ بوێرێ، تاشەوتێ ئەپەڕێ.لەگەڵ شەودا بەربەرەکانێ‌ئەکات‌وشان‌بەشانی ئەڕوا؛ جاشاعیرلێرەدائەلێ، کەلەئەوبەربەرەکانیەدا، من‌زۆرترم‌خایاند، وەئەولەمەیدان دەرچوو، وەمن‌هەربەدەم دەردەوە مامەوە.

**ئاوی‌دوکەس بەجۆیێکدا نەچوون :** ویەك نەکەوتنی‌بۆرزایـا دڵخوازەکانیان . وەکوئەوە، بڕڕاشوبهێنراوە بەئاو،وە مەجراوشوێنی کارکردنی، بەجۆگە؛ یادڵخوازشوبهێنراوە بـەجـۆ،وەڕێگـای پـێـ گەییشتنی، بەئاو.

**دارلەدەس داکەوتن :** هێزیادەستەڵات نەمان؛ ئەڵێن :«پیري ، داری، لەدەس داخستووە»، کاتێ، کابراهێزو گوڕەکەی‌جوانیی‌نەمابێ، یاڕۆژگارداري‌لـەدەس داخستووە»،کاتێ کەجاران بەبۆنەی پـایـەو مەقامێکەوە ، دەستەڵاتێکی بووبێ، وەئێستا بەهۆی نەمانی ئەوپایـەوە، دەستەڵاتەکەی نەمابێ. بناغەکەی‌ئەوەیە، کە جاران، تـانگ وتۆپ یا بۆمبای ئەتومیی‌نەبووە، وەچەکی‌شەڕ.زۆرترهەرداربووە ، جاتاکەسێ، داری، لەدەستدا بوبێ، توانیویە، لەمەیداندا هەڵ بسوڕێت وشەڕبکا ؛ بەڵام لەگەڵ دارەکەی لـە دەس داکـەوتبێ، ئیتربـەکی کـە ، وتووە دییارە. کەڵە مەیدانی ژیانیشدا.هێزیادەستەڵات گەورەترین‌داری‌دەستە.

بنکەی ژین www.zheen.org

# کوبونەوەی وەزیرانی دەرەوەی عەرەب، روژی دوشەمە لە بەغدادا پیك هات

**سەرکۆماری تازەی ئەمریکا بۆ نزیکیی لەگەڵ خروشچف و چاك بونەوەی پەیوەندیی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا هەنگاوێکی بێ وێنەی هەڵگرت:**

# کینیدی ووتەی بە پیچەوانەی روسی یاساخ کرد

## رابەری ئەریکا بەپەلە بوو دیدەنی خروشچوف و پیك هینانی کوبونەوەی سەران ئامادە ئەبی

# هامرشولد لە بی لایەنیی لائوس پشتیوانیی کرد.

## سەرەك وەزیری ((کامبوج)) دەرخوازی لە کینیدی کرد کە: لە حکومەتی بی لایەنی لائوس پشتیوانیی بکا

# پەیوەندیی فەرانسە لەگەڵ دەولەتی لایەنگیری روژئاوای لائوسدا، لە پر رو بە تاریکی روییشت

# نوینەرانی کومەلی نەتەوەیەك گرتووەکان ئەرون بەچاوپی کەوتنی پاتریس لومومبا لە بەندیخانەدا

م.ص.م

**نووسەری پەراوێز و ڕاستەوکەری هۆنراوەکان:**

# کنز العرفان

# دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین ووتار ((میر محمد صالح حسنی نعمت اللهی))

**ملقب بە «حیرانعلی شاه»ی کرماشانیی**

خوداڵی خۆشبو «سەی صالح» لەم پارچەدا لە بیساتی جەلالدا چەند پلەیێ هاتووەتە خوارەوە، وەلە بازاری جەماڵداخۆی چاوپێ ئەکەوێ، وەخۆی وەکو بەدێ هاتووێکی خدەیی ئەزانێ، بەڵام لە دەریای بێ بنی خۆشەویستی پلەی پەیغەمبەریدا نوقوم بووە، وەپیالەی شەرابی پیالە گێڕی مەیخانە و یلایەتی پەیاپەی نۆشیوە بەسەر یکی پڕ لە شۆڕو دڵێکی مەست بێ هۆشەوە، جگە لەمەی وپیالە گێڕو مەیخانە و پیری مەیخانە، جیهان بە هیچ ئەژمێرێ، لەم کاتەدا گشت بەدێ هاتووێ بە نوێنگە تاوی ڕۆناکی یەزدان ئەزانێ، وە هەمو چەشنەشتێکی ئەم بیساتە لەبەرخۆنوادنی تیژ گی هەتاوی یەزدان بە نەبود ئەبێتە پێش چاوی هەروەها کەئەڵێ:

همسەران صفام ..

عالەمێ ماتەن ژصیدق وصەفام

مەحو مصطفی و مەست «مرتضی»م

گرفتارج ... ەورئیخوان صەفام

شەریعت تووان، قەول «مصطفی»س

طەریقت ئوشن زاگەی «مرتضی»س

حەق حەقیقەت لەسەرای ووجود

غەیر ژذات «هو» کەس نییەن مەوجود

شیرەی مەحەببەت ووجودیارم

تا کەی وەخەیاڵ مەکەن ئازارم؟!

چی واچووم پێتان بێزاری بەختەن

وەرنە خارو گوڵ نەیەك درەختەن

هەردو لە باغچەی گولزاریارەن

ئیدسورخ زوبیی، ئەوشەرمسارەن

هەرچی هەس خوداغەیر لەئەو نییەن

غەیر لە «سەی صالح» کێ خوداش دییەن

### لە کۆمەلا

ماوەی ل ١

ئەوەی کە بۆمان دەرکەوتووە، وائەگەیێنێ کە چاوبەس کردنیش هەرلەمێژی وپستەوە، سەرچاوە ئەگرێ، بەڵام چاوبەس کـردن (ساحری) نیازی بەتێ کۆشان و خوێندەواریە، ومماوەیێ کار کردنی پێ ئەوێ تابتوانێ خەڵکیی چاوبەس بکا وەویستی خۆی بەسەر ویستیانـدا زاڵ بکـا، بـۆوێنە گوریسیان بەماری بنوێنێ، وەکوتە تەنەکەیان بە پارەوددراوپێ بناسێنێ، وە پارچەقاقەزیان بـەئەسکەناس ودینار بخاتە پێش چاو.

دیارە کە لە چەشنی تەزدەسیش نییە چونکە تەزدەسی ئـەوەیە کە پیاو بۆوێنەشتێ لە دەسیابێ بیخاتـە گیرفانی، وەئەوەندە گـورج ئەو جوڵەلەخۆیەوەنیشان بدا کەئەندامانی تر نەی بینن؛ یاشتێ لە جێگایێ یا لە گیرفان وبـاخەڵـی دەربێنێ، کەسێ پێی نەزانێ.

بەم چەشنە کەهەڵمان دا، بۆمان دەرکەوت کەئەو کارەنە کـراوانە کە دەروێشەکانـی ناوچە کـوردنشینەکان ئەیـان کەن چاوبەس و تەزدەسیش نییە.

ناتەواو

### ووتاری دینی

ماوەل ٧

ئەوەئەفەرموێ، کەلەبنا، بەرهەڵست ویسانیان لەبەرامبەری پەیغەمبەرانەوە، هـەربۆفەساد کردن لـەسەر عەرزدابووە، تابەوبۆنەوە بتوانن یاسای خۆش زابواردنی خۆیـان بپارێزن، کەئەفەرموێ:

«انما جزاء الذیـن یحاربون **الله ورسوله ویسعون فی الارض فسادا** ان یقتلـوا، اویصلبوا، او تقطع ایدیهم وارجلهم من خلاف، اوینفوا من الارض؛ ذلك لهم خزی فی الحیوة الدنیا، ولهم فی الآخرة عذاب عظیم».

«جەزای ئەوانە کە **شەڕلەگەڵ خوداو نارراوی ئەودائەکەن، وەتەلاش ئەکەن لەسەرعەرزدا فەسادزەواج پێ بدەن**، هەرئەوەیە کە بەشمشیر بکوژرێن، یالەدار بدرێن، یابەڕاست وچەپ دەستو پێیان ببڕرێ، یاشارەودەر(تبعید) بکرێن؛ ئەمەبۆئەوان پەنێکە لە ژیانی دنیادا.وە لە قیامەتیش دا، جەزرەوەبێکی گەورەیان ئەبێ».

یائەفەرموێ:

«وأقسموا بالله جهد أیمانهم: لئن جاءهم نذیر لیکونن اهدی من احدی الأمم؛ فلما جاءهم نذیر مازادهم الانفـوراً، **استکبارا فی الأرض و مکر السیئ...**»

«سوێندی زۆرقاییمیان بەخودا ئەخوارد، کە: ئەگەر بترسێنێ بێ بۆلایان، لـەهەر ئوممەتێ، زۆرتر ڕێگای ڕاست ئـەگرن؛ کەچیی کاتێ بترسێنیان بۆهات، هیچ کاری لەواندا نەکرد، جگە ئەوە، کەسەر کێشیان زۆرتر بێتەوە.(بۆچی؟) **بۆخۆبەزل گرتن لەسەرعەرزدا، وە گەڕاندنی ڕاوێژی خراپکاریی.**»

یائەفەرموێ:

«ویـوم یعرض الـذین کفروا علی النار: أذهبتم طیباتکم فی الحیوة الدنیا واستمتعتم بها؛ **فالیوم تجزون عذاب الهون بما کنتم تستکبرون فی الارض بغیر الحق و بما کنتم تفسقون**».

«ئەوڕۆژە، کەئەوانەوازۆیان لەحەق هەڵ چەرخاند ئەهێنرێنەسەرئاگری جەهەنەم(وەپێیان ئـەوێـژرێ) نیعمەتەپاك وخۆشەکانی ژیانی دنیاتان حەرام گەڕاندو کەیفی ناڕەواتان بەسەردەوە کرد؛ **جائەمڕۆتۆلەتان لێ ئـەگـرێتەوە بەجەزرەوەی سەخت، لەبەرئەوە بەناحەق خۆتان لەسەرعەرزدا بەزل ئەگرت، وەلە بەرئەوە ناڕەواتان ئەکرد».**

وەلە چەندین شوێندا، ڕائەگەیێنێ، کە کۆسپی سەرەڕێگای پێشکەوتنی حەقق وعەودالەت.هەوا وهەوەس وخۆبەزل گرتن بووە، وەکو «أفکلما جاءکم رسول بما لاتهوی أنفسکم استکبرتم؟!»

«هەجار کەپێغەمبەرێ،دەستوراتێکی پێچەوانەی ئارەزوی نەفستانی بۆئەهێنا، خۆتان بەزل ئەگرت؟!»

خوێنەری خۆشەویست اوەنییە هەرتەنیا قورئـانی پیرۆزبێ، کـە پەیغەمبەران بەیەکەمین دەستەی خەباتکەر، لەگەڵ هەواوهەوەس وزۆروستەم دا، وەدانـەری پـایەی ژیانی ئینسانانەوئابوری یێکی عادلانە ناوبیا؛ مێژۆی دنیا، وەبیروڕای تەواوی زانایانی دنیالەسەر ئەوەیە؛ بەڵام شتێ کەجێگای سرنجەبێ ئەوەیە، کەهەرکامیان، یاسائابورییێکی جۆرلەگەڵ زەمانی خۆیان داناوە.

**ناتەواو**

www.zheen.org بنکەی ژین

کوردستان

لێکۆڵینەوەی سیاسیی

# ئەمریکا و یەکیەتیی سوفیەت

گۆڕانی حکوومەتی ئەمریکا وسەرکار هاتنی ڕابەرانی کۆمەڵەی دموکرات لەمۆەڵا ، لەڕووالەتدا ئاڵوگۆڕێکی گەورەی لەپەیوەندیی سیاسیی ئەمریکا ویەکیەتیی سۆڤیەتدا، بەدیهێناوە دەس بەجێ بەشوێنی ئەوەڎا، کەپرزیدنت کێنێدیبەڕەسمیی لەپشتی کورسیی سەرکۆماریی ئەمریکا ڎا،دانیشت، برۆسکەیدۆستانـە لەنێوانی ئەوو کاربەدەستانیڕۆسدا،ئـاڵو گوێزبۆ؛ وەڕوواڵەتی ئەمبرۆسکانەسەبارەت بەڕوواڵەتی ئەوناماںە کە لەدووایی دەورانی سەرکوماریی ئایزنهاوردا، لەبەینی ئەودۆدەوڵەتا ، ئاڵوگوێز ئەبۆن، زۆریان فەرقبۆ ؛ وەپیشانی ئەڎا، کە: ڕۆسەکان لەگۆڕانی حکوومەتی ئەمریکا زۆر کەیفخۆشن. لەونامەڎاکە «برژنف» سەرکۆماریڕۆس بەناوی پیرۆزبایی بۆ کێنێدی نارد، بەڕەسمی ڕاگەیاند، کە: ڕۆس ئامادەیە، کەدپسان سەبارەت بەو مەبەستانە کەئاشتیی دونیا لەسەرئەوانە دامەزراوە، لەگەڵ ئەمریکادا بکەوێتە ووتوویژ.

پرزیدنت کێنێدیش لەووتەکانی خۆیدا ڕای گەیاندبوە ، کە: دەست پێ کرانی ڕاوێژو قسەوباس لەبەینی ڕابەرانی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوادا، زۆرپێویستە.

پێش لەوەی کە کێنێدی یەکەم کۆبۆنەوەی ڕۆژنامەییدەورانی سەرۆکایەتیی خۆی پێك بێنێ،ڕۆسەکان دۆفڕۆکەوانی ئەمریکاییان- کە لـەڕۆسدا خرابۆنـەبەندی خانەوەـئازاد کرد؛وەبەمجۆرەحەز کردنی خۆیان بەدۆستیی لەگەڵ ئەمریکاڎادەربڕی؛ کەڕەنگەسەرەتای لاچۆنی ناحەزی یەکانی ئەمریکا وڕۆس بێ ئەم دۆفڕۆکەوانــە لفڕۆکەیێکی پشکینەردابۆن، کەبەدەستی ڕۆسەکان داخرابۆ؛ وەئازادکردنی ئەوان شوێنێکیزۆرچاکی لە لیگەلی ئەمریکادا، خستووە پرزیدنت کێنێدی لەیەکەم کۆبۆنەوەی ڕۆژنامەیی خۆیدا باسی لەم مەبەستەوە کرد؛ وە ڕای گەیاند، کە: بەفڕۆکە پشکینەرەکانی ئەمریکا دەستوری داوە کە لەفڕین بەسەرخاکی ڕۆسدا خۆیان بگرن.

لێکۆڵەرانی ئوروپای ڕۆژئاوایی لەکاتی بیستنی ئەمهەواڵەڎا ، زۆر کەیف خۆش بۆن.یەکێ لەلێکۆڵەرەکانی ئینگلیزڕای گەیاند کە: باوەکۆ هێشتان زۆوە، کەلەبارەی چاك بۆنەوەی پەیوەندیی نێوانی ئەمریکا وڕۆسەوە پێشبینیی بکەین وبیروڕای خۆمان دەربڕین، بەڵام بێشك،ئەوکارەساتە کە لەوەختی سەرکارهاتنی کێنێدییەوە تائێستاپێش هاتووە، سەرەتایێکی هیوا بەخشە بۆدامەزرانەوەی پەیوەندیی دۆستانە لەبەینی دۆدەوڵەتی ئەمریکا وڕۆسدا.

هەروەها پرزیدنت کێنێدی ڕۆی پیشان داوە کە: ووتووێژی سێ لایی سەبارەت بەژێرچاوگرتنی نیرۆی ئەتومسەرلەنۆ دەستپێبکرێت؛ وەبەمجۆرە ئەتوانین بڵێین، کە: ئەگەر لەممـەبەستەڎا پێکەوەڕێك کەوون؛ ڕێگای کرانەوەی گرێی ئەومەبەستە جیهانی یەکانی تریش پەیدائەبێت؛ وەئەوگێژاوە کەلەدووایی دەورانی سەرۆکایەتیی ئایزنهاور لەپەیوەندیی ئەمریکا وڕۆسدابەدیهاتبۆ، نامێنێ.

### مانای ووشەکان

| | |
|---|---|
| یەکیەتیی سۆڤیەت: اتحادشوروی | گۆڕان : تغییر |
| ڕوواڵەت : ظاهر | ئاڵوگۆڕ : تغییروتحول |
| برۆسکە : تلگراف | ئاڵوگوێز : مبادلە |
| سەرۆکایەتیی : ریاست | فڕۆکەوان : خلبان |
| پشکینەر : اکتشافی | لێکۆڵەر : مفسر، محقق |
| ڕۆپیشان‌دان : موافقت | سێلایی : سەجانبە |
| ژێرچاوگرتن : نظارت، کنترل | گێژاو : بحران |

**ماوەی سەرووتار**

ماوەی ل١

کێوەکان بەبەفردا پۆشن ، کە : وەکۆبەفری سرۆشتی چـەندین مانگ‌درێژەی بێ‌وەمێنێ تەوە ، یالە گێژاوی شەپۆل و هاتنەسەرو کە فەڕێژ کردنی دەریا بەرگری بکەن .

بەهەرحاڵ یەزدانی جیهان کە بەحکمەتی زوروزەبەندی خۆی ، وەبەدەستەڵاتی بێ‌وێنەی یاسای بەدی هێنانی‌دا مەرزاندووە، وەیـاسای سرۆشتی‌مان ڕێك‌وپێك کردووە ، وەبەسەرخڕی عەرزەوەبەرەی ئینسانی هێناوەتەسەربیسات‌وەئەوی لەبارەی هۆش‌وبیروباوەڕیەوەلەباقی شتانی گییان لەبەری ترسەرخستووە، و هێزی‌ووتنی تیدا بەتین کردووە، ناتەوانی‌وپێ‌وستی ئەوی لەبارەی بارانە وەبەڕەحمی تایبەتی خۆی بەناردنی باران لەبەین بردووە،وەلای ڕەحمی لەبەرەی ئینسان لەوبارەوە کردووە تەوە .

بەفروبارانی زۆری پاییزوزستانی ئەمساڵ موژدەی بەهارێکی شین‌و جووان‌وهاونیێکی پرسۆدودەغلودان ئەڎات، کەدەغلودان‌ومیوەبۆ بەرەی ئینسان ، وەلەوەڕبۆپـێ ژیانـی ئاژاڵ بەزۆری لەسەرئەنجامیاچاوە ڕووار ئەکرێ،وەئەگەریارمەتی پێ‌وپست بەفەلایان بدرێ‌وە کۆسپەکانی ڕێگایان لابرێ؛ تاوە کـو بتوانن بەچەشنێکی چاك لە دەس ڕەنجی خـۆیان سۆدببـەن ،وەبە قیمەتی خۆی لێیان بکڕدرێ ، وە بوگەیاندنە ناوەندی فرۆش پـێ‌وپستی ئاڵوگوێزیان بۆکاڵاکانیان چنگ‌بکەوێ‌ئەوکاتە خۆش‌حاڵی فەلایان لەگەڵ، تێ کۆشینی کاربەدەستانی دەوڵەتدا یەك ئـەگرێ، وەتێ کۆشین بەتین ئـەبـێ، وە فەلاکانیش لەونعمەتەئاسمانی یانە بەرخوردارئەبن، وەلەویارمەتی کاربەدەستانی دەوڵەتەجگەلەوەخۆشحاڵ ئەبن وەسۆدئەبەن ، زیباتربەکار و باری خویشیان دڵ گەرم ئەبن.

گرۆی بەشەرەفی ڕەحمـەت کێشی‌فەلا کەخوواردەمەنی‌ڕۆژانەی ئێمەئامادەئەکەن، هەربەو-چەشنە کەجێی چاودێری شاهـەنشای ڕایەت‌پەروەرن‌ئەبێ زیباترچاودێری بکرێن ، وەلەهەموچەشنە یارمەتێکی مادي ومەعنەوي بەرخوردارببن ، تاوەڵاتی ئێمە کە:زیباتر لەصەدي‌حەفتای‌لەوان پێك‌هاتووە لەخێری‌ئاسمانی‌وعەرزی‌چاکترو زیباتر کەڵك وەرگرن .

هیوادارین‌بارانەکانی‌ئەمدووایی‌یە وەئەوبەفرەقورسەمایەدارانەکە لە مەڵبەندە کوردنشینەکاندابارپون، بۆبێتنەهۆی‌زیبادی‌ئاوی کارێزەکان وەخەڵکی‌وەکوساڵی‌پێشۆدوچاری بێ‌ئاوی‌نەبن،وەدەوڵەتیش لەبارەی دەس پێ کردنی لولەکێشی ئاوی شارەکانی‌ئەومەلبەندەوەچاودێرێیکی بێ‌وەستان‌وڕۆبەڕۆی‌زیاتربەکارببات وەرەحمی‌خوڎا وخەڵاتی یەزدانی بەهەل‌بزانن‌وەلەبارەی ئەوکارەڕیواری یەوە کەزۆر گرنگەتێ کۆشینێکی بەکەڵك‌بگرنە پێش

بەچـاوەڕووانـی هەنگـا و هەلگرتنی ڕۆبەڕۆی دەوڵەت ،

**دیوان ملك حسین خان...**

ماوەی ل٦

ئەڕای ڕۆشن بۆن مەطلّەب : ئەوئەشعارە کە لەشۆن ئاثارئەصڵیی «ملاپریشان» چاپی کردمنە لە کتاویکە ، کە لەمرداد١٣٣٥ لەطەرەف ئاقای«**فتحعلی حیدری‌زیبا جوئی**» لە کرماشان چاپ کریاس. لەئەو کتاویش لەص٤٨ هەرئی ئەشعارە کـەهین ملك‌حسین‌خانـە،وەعنوان «ملحقات کتاب ملاپریشان» چاپی کردنە . یـەسەمەعلوم بیی کـەئی ئەشعارە لە ملك حسین‌خانە . چون یەی جارلەئی ڕۆژنامـە چاپ بییە دیترتکراری جایزنەوۆ؛ وەلیی ئیمەوەی ڕۆدی‌یەئـی کتاوەیلە گشتیی باتەحقیقات حیساوي لە سەرنۆچاپی کەیمن. خونـەوارە کان چاوڕیی ئی ئیقدام ئیمە بوون.



سەرکوماری ئەمریکا لەوەڵامی بروسکەی پیرۆزبایی شاهەنشا ڕای گەیاندکە :

# بەهوشیاری و باوەری بینەتی شاهەنشا سەبارەت بەپاراستنی ئاشتیی دڵ قایمە


زمارەی-٤١-سالی دووەم
زمارەی شوێن یەك ٩٣

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردی یە، حەوتەی جارێ چڵێکی دەرئەچێ

بایی
بۆناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش مانگە | ٧ | » |
| چڵ | ٣ | قەران |

بۆدەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | » |

عەزیزم شاسـوارێکە، گوزەرگا، گەر، بەئەلبورزا
دەکا ، نووکی سمی ئەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا

سیاسی- زانیاری- وێژەیی- کۆمەلایەتیی

خاوەنی امتیاز و مدیری لی پرسراو
عبدالحمید• بدیع الزمانی
بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
دوکتۆر محمد صدیق مفتی زادە-سەرنووسەر
دوکتۆر عبدالرحمن واحمد مفتی زادە
عابد سراج الدینی-شکر الله بابان
خسرو شیخکانلووی میلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ٢١٨
تلیفوون ٣٢٠٠٣

چووارشەمە ١٩ ڕێبەندان ٢٥٧٢ ك-١٩ بهمن ١٣٣٩ ش-٢٢ شعبان ١٣٨٠ ق- ٨ فوریه ١٩٦١ م


یارمەتیی دەری سەرکۆماری ئەمریکا لەپاش قسەکانی کینێدی سەبارەت بەڕۆژهەلاتی نێوەڕاس ووتی :

# ڕوژهەلاتی نیوەراس، نانی پیویستەنەبومبا

## خەرجی پشت شکینی چەك کرین، ئیتر بو روژهەلاتی نیوەراس هەموار ناکری

## پارەی چەك دار کردنی روژهەلاتی نیوەراس، ئەبی بوچاك بونی ژیانی ئەوان خەرج بکری

## هیمنی روژهەلاتی نیوەراس بناغەی ئاشتی وهیمنی دونیایە

## دەولەتی کینیدی بوپاراستنی ئاشتی روژهەلاتی نیوەراس؛ وەپیك هینانی هاوکاریی لەگەل روساتی ئەکوشی

## حکومەتی ئەمریکا، داخوازی ئازادی ئاسیا و پیشرەوت و سەرکەوتی ئەفریقایە

## دامەزرانی زانستگە

ڕۆژی پانزدەهەمی مانگی بەهمەنی ساڵی ١٣١٣ بەردی بناغەی زانستگەی تاران بەدەستی تەواناى اعلیحضرت فەقیدرەضاشای کە بیر لـە گەڵ لەوحەی بیرەوەری دانرایـەجێ و دامەزرا، وەبەم چەشنە گەورەترین هەنگاوی پێش کەوتن وسەر کەوتنی زانستیی وزانیاری یان بۆ چوونە ڕیزی گەلانی سەرکەوتوو وپێش کەوتوی جیهانی شارسانیەتی هەڵ گرت .

بەپێ بەکاربردنـی زەگـەزی خۆوپستی ونەتـەوە خۆشەوپستی بەشاهدی لاپەڕەکانی مێژۆ ئەتوانین بلێین کەزانستگە لەئێران دا لە پێش هاتنی ئیسلامیش داهەر بووە، وەزانستگـەی ساغیەتـی «جندی شاپور» کە دوو سێ سەدە پاش هاتنی ئیسلام هەر دریژەی بووە چاکترین بەڵگەی قسەی ئێمەیە، وەهەروەهاش خوێند کـارخانەی جـۆراجۆری «نظامیە» کە لـەبەغدا وئەصفەهان ونەی شاپووردا بوون، وەخوواجە نظام الملك وەزیری بێ وێنەی ئێرانی بناغەدانەری ئەوزانیاری خانانە بووە کۆنی بونیی زانستگە لەئێران داڕ وناك ئەکاتەوە، وەبـەچاکی پیشانی ئەدات .

بونی زانستگە لە هەروەلاتێکا بەڵگەیێکی ئاشکرایە بوتێ گەیشتن

ماوەڵ ١٢

بەپێنووسی : د.ع.م

### باسیکی زانیاریی
### چەندنمویەیی تر لەئەنتیکەکانی ((حسنلو))

بەجۆرێ کە لەژمارەکانی پێشوی ئەم ڕۆژنامەدا، باسمان کردووە، لەپاش دۆزرانەوەی کاسەی زێرینی «حسنلو» کە گەورەترین ئەنتیکەی

ماوەل٢

بەپێنووسی. م . ع : سراج الدینی

### نالەباری یەکانی کومەل شەرەگەرەك

-١-

داخەکەم لەزۆرزەمـانێکی کۆنەوە، ئەتوانین بلێین لەزۆرگاری سەرەتایی ژیانی بـەرەی ئنسانەوە ئەم خدێ خراپـەبۆوە ، بەڵام ئەبێ دان بەوەش دابنێین ئەو خدێیە لەناو ڕەگەزو تیرە پێش کەوتووەکاندا، زۆزبە ڕۆژلەگەڵ

ماوەل ١٢

م.ص.م

### چون بنووسین وبخووینینەوە ئەو کردەوانە کە لەهەر سێ کاتدا بەکار نابرێن

ب: لەبڕێ لەشێوەکاندا ، لـە سێ یەم ئەندامی تەکدا، پیتی «ت» پاش پیتی بڕیتیی (ضمیر) ئەهەنرێ،

ئەمەش لەشێوەی «کرماشانیی»دا زۆرترە، وە لەشێوەی «سنەییی»دا کەمترە، وێنە: شێرۆ دەرزخۆنت (کرماشانی): دەرئەخوێنێ .

ماوەل٢

م.ص.م

### لەکومەلا چوڕ بژین؟
### ڕێگای خوداناسی
### یان
### طەریقەی عرفان
-٢٢-

پاش ئەوە کە زانیمان ئەوکارە نەکراوانە کە دەروێشەکانی ناوچە کوردنشینەکان ئەیان کەن لەچەشنی تەڕدەسپش نییە، ئەنجا تەنیائەوە .

ماوەل ٢

ش-ب

### نەتەوەی کوردو نەتەوایەتی ئیران

سەلام لەسەرخاپاکی کوردستان لانکی پالەوانەکان .

خوێنەرەبەڕێزەکان! بەجۆرێ کە خوێندوتانە لەووتارە پێشوەکانا چەن جۆرپەیوەندیمان بۆدەر. خستن، کەلەزۆزگاری زۆر کۆن وەبەرلەپێك هاتنی دەولەتی شاهە

ماوەل٤

## باسیکی ...

ماوەی ل١

دۆزراوەی ئەم ڕۆژگارەیە ، زانائەنتیکەناسەکان کاووشی زانیاري خۆیان لەوێ درێژە پێداوە ، وەگەلێ شتانی ئەنتیکەی تریان دۆزیـوەتەوە ؛ ئەوا ئێستا سێ ئەنتیکەی تر تان پێ ئەناسێنین . وەجگەلە کاسەزێڕینەکەوگوڵدانەزێوینەکە، کەلەپێشان وێنەمان لە چاپ دان ، وەئـەمسێ ئەنتیکەشەکەلەم ژومارەداوێنەکانیان لەچاپ ئەدەین، چەنێ پەیکـەری مەفرەقيشێرولەوحیمەفرەقي نەخشینبەدەست هاتوون، کەلەئایەندەدا، دیسان باسیان لێیەوەئەکەین .

ئەوئەنتیکانەکە ئەمجارە وێنەیان ئەبینن ئەمانەن :

١ــ پەیکی شەرابی زۆر گەورەیمەفرەقي، بەتەشکی سەری بەران وێنەی ئەوپەیکانەکە هەر بەم تەشکە وبەم ئەندازە لەزیوو لەخاك ، لەزێو ـــ ـی کوردستانێدا دۆزراونەتەوە ، بەدرێژای ٣٥ سانتیمتر .

(هەرلەمڕۆژنامەدا بەدرێژا باسمان لەگەنجینەیڕیوبەی کوردستانەوە کردووە) .



٢ــ ناس کڵاوی مەفرەقي کە ٢٨ سانتی متر درێژە، وەقوطری دایرەی دەمەکەی ٢١ـسانتیمترە



٣ــ دەفری بەردینی لاجوەردیڕەنگ ، کەدەستەیێکی بەتەشکی شێری یەك تیکەهەیە کە ڕۆ کەشی زێڕە، وەئەوسەری شێرە، وا، لە سەر قەراخی دەفرەکەوە ، وەهەردۆدەستی لـەدەوری لێواری دەفرەکـەوە حەلقەداوە . درێژي ئەودەفرە ١٥ سانتیمـتروقوطـری دایرەکەی ٨ سانتیمترە . ئەمدەفرە یەکێ لە گەورەترین شوێنی هـونەري صەدەی هەشتەمی پێش لەمیلادە، کەزینەت بەخشی ئەنتیکەخانەی ئێران باستانە

دووایی



## لەکۆمەڵا

ماوەی ل١

مان بۆ ئەمینێتەوە کـە یارمەتي شەیانین وئەجنەبێ، وەدێوودرنج ئەوکارانەیان بۆبکەن، بەمڕەنگە؛ ئەودەروێشانە لەکاتی حاڵلێهاتنا دێوودرنج (شەیتانوجن لەگردو پەڕیاندا کـۆئەبنەوە، کاتی بەرد خواردن، بەردەکەیان لەدەستەوە ئەگرن؛ وەخۆیان ئەدەنەبەرتێغ و ئاگر، وەئێمەوائەزانین کـەدەروێشەکانخۆیان ئەوکارانەئەکەن، لەکاتێکدا هەموێ ئەوکارەنەکرا۔ وانەدێوو درنجەکان ئەیان کـەن وەئێمەپێی نازانین !

ئەمبیروباوەڕە بەلایپیاوی تێ گەیشتووەوە، شتێکی نەپۆڕوباوەڕ پێ نەکراوە؛ بەچەنێ بەڵگە:

یەکەم ـ دێوو درنج ، ئەگەر بەبۆنیان لە ڕێگای ئایینییەوە ، پێ ببین، چەشنەبەدی هاتووێکی وەهان کەلەگەڵ دەروێش دا هیچ جۆرەنێوانێکی دۆستایـەتیی ، یا خزمایەتی یاننییە کەئەودڵسوزییانەیان بۆبکەن ، وەخۆیان بخەنە ئازاوو ڕەنجێکیوەها، بۆئەودەر ـ وێشانە!

دووەم.دێوودرنج ئەگەر گەرەکیان بێ کاری لەخۆیانە وەپیشان بدەن، وەبەرەی مرۆڤ لەڕێ ببەن، بۆچی هەرئەبێ لەڕێگای دەروێشی یەوە کردەوەکانی خۆیان دەربخەن وەبەئێمەی بنوێنن، مەگەرڕێگای تریان دەس ناکەوێ؟!

سێیەم ـ ئەگـەر دێوودرنـج مەبەستیان ئەوەبێ کە بەویارمەتی یانە کەبەدەرویشەکانی ئەدەن، ئێمە گومڕابکەن وەبیروبارەڕەمان تێك بدەن، بۆچی نەمان دیوە، یان نەمان بیستووە کە دێوێ یـادرنجـێ لە نیشتگەیێکی ئایینیدا خۆی بباتە سپپالی پیاوێکی موسڵمانوڕا بەر۔ ێکی دینییەوە، قسەمـانبۆبکا ، وەبیروباوەڕی ئێمە سەبـارەت بە ئایینی ئیسلام هەڵڕۆشکێنێتەوە، وەلەدواییداچەن کاری نەکراومان بۆبکا وەلەپاشان لەپێش چاومان گومببێ ؟!

چووارەم.دێوودرنج ئەمەندەبێ کاروبەتاڵنین کەهەمودەمێ خۆیان داگرن تابزانن دەروێشێ لەچ کون وقوژبنێکی جیهاندا ئەیەوێ بەرد بخوواوتێغ بوەشێنێ وکارەنەکراوەکانی تر بکا، تائەو دەسبەجێ خۆی پێی بگەیێنن، وەلەباتی ئەودەروێشە ئەوکارانەبکەن!

ئەوەش ئەبێ بزانین کەجگەلە ئەندامەئایینییەکان، زۆرتری زانایانی ئەمڕۆ بەبۆنی دێوودرنج باوە۔

ماوەل ١١

## چۆن بنووسین

ماوەی ل١

بەڵام لەشێوەی «سنە»دا بڕێجار پیتی «ت» ئەهێنرێ، وەبڕی جاری تر ناهێزێ، وێنە: شێرۆ بۆسەربەرزي نیشتمانی هەوڵ ئەدات ، هـەوڵ ئەدا .

ج : لـەشێوەی «سنە»دا پیتی «ب»ی ڕیشەی بون لە کردەوەکا نیائەگۆزرێتەوە، بەپیتی «و»، وێنە: ئەوم، ئەوي، ئەوێ تادوایی.

د: لەبەندی (٨)ی ئەمباسەدا ، ووتمان: کردەوەی «هەیەتم،هەمە» بەمانای «اجد»ی عـەرەبیی ، وە «دارم»ی فارسییە، ئێستابەووردي باسی لێوەئەکەین :

ناوی «هە» بەمانای «وجود»ی عەرەبیی ، وە «هەست»ی فارسییە، یانێ مانای ناوی ڕیشەی «بۆن»ە، وەبۆخۆی ناوێکي سەربەخۆیە ، وەلەوڕیشەیە نەگیرراوە، ئەمناوە لەشێوەی «هەورامیی»ش دا ، کە بناغەی هەموشێوە کوردییەکانە، بەکارئەهێنرێ، هەروەها کـەلـە شێوەیسۆرانیشدا دەسی لێ نەدراوە، وێنە: هەنان، هەنی ، هەن:

(هەم،هەی،هەیە)؛ ئەوەش ئەبێ بزانین کە لەشێوەی هەورامییدا پیتی پەیوەند، پیتی «ن»ە،هەروەها کە ئەڵێین:

منیانم هەن(من خانوم هەیە).

بەوچەشنە کە هەڵمانیدا ناوی «هە»لەبناغەدا دەستی نەخواردووە، وە مانای ناوي ( اسمی ) ڕیشەی «بۆن» ئەگەیێنێ.

ه : ناوی «هە» بەدۆجۆر بەکار ئەبرێ، وەلەهەرجۆرێکامانایێکی تایبەتیهەیە :

یەکەم : لەگەڵ پیتی برپتیی بەبێپیتی پەیوەندبو ێنە: هەم،هەی، هەیە. هەین، هەن، هەن. هەبۆم ، هەبۆی،هەبۆ.هەبۆین،هەبۆن هەبۆ

دووەم: لەگەڵ پیتی برپتییوە پیتی پەیوەند، وێنە، هەمە، هەتە ، هەیەتی.هەمانە، هەتانە،هەیانە.

لەژمارەی دواییدا لەبـارەی ماناکانی ئەو دۆجـورەوە، بـاس ئەکەین.

ناتەوا

ناوي ـ اسمی

ڕیشەییی .مصدری

پیتی پەیوەند ـ حرف ربط ، حرف نسبت

برپتیي ـ ضمیر، کنایە، عبارت.

بنکەی ژین www.zheen.org

نووسەر«ع» سراج‌الدینی

## (سوزەی کویستان)

ماوە لەومارەی‌پێشوو

لەژومارەی پێشودا ، کارەساتمان گەیاندەکاتێ کە

«شاوەیس» «باوەیسی» لەبەفرەدەرهێنا وەبەهەرچەشنێ ئەبوێبێداری کردە وە .

ئێستالەسەری ئەڕۆین

شاوەیس:ـ باوەیس هەستەرەوە سەرخۆدێرە بۆران ئەکاژەق‌ئەبینە وە لـەناو ئەچین بۆوا خوتت کردووە بەمردۆ

باوەیس:ـ بەخوا هیچ تینی بزۆتنم تبانساوە' وەناتوانم هەستمەوە چارێکم بکـە .

شاوەیس: ـ کورەبرامەردی خووا بەخۆتۆتانەت‌لەمن ئەداوە ئەتۆت بۆهێنلە بێ‌غیرەت وترسنۆ کی ئێستابۆوات لێ‌هاتوە!؟ برای‌چاك بەهەستە بابڕوین'وامنیش خەریکە لەکاربکەوم، ئەوقسانەت‌چی وئەمەت‌چی ؟

باوەیس :ـ توخووا کارێکم دەربارەبکە ئەگینا ئەبمە خۆراکی جـانەوەری کێوی .

شاوەیس:ـ ئێستا بەهەرچەشنێ ببێ ئەچمەژێربالت وەهەلت‌ئەسێنمەوە تۆش کەمی غیرەتت ببێ وەخۆت بەسەرشانی‌منابدە تائەتگەیێنمەوە نلوچەم وەلەم کێوە ڕزگارت ئەکەم .

ئەنجا «شاوەیس» بەهەرچەشنێ نەیۆچۆوە ژێربالی «باویس» وەهەلی‌ساندەوە سەرخۆی وە کێشە کێش ڕای کێشا وەبەهەرچەشنێ نەیوخستیەڕێ بەلاەوە کومردۆ خۆی بەمل شاوەیس‌دادابۆدە ڕێژەی نەدرێنێ بەهەرگییان کێشانێ نەبۆ«بـاوەیسی» هێنایە خووارەوە،وە گەیاندی‌یە لادۆلێ کە: کەمێ لەبۆران دوری‌خستبووەوە .

ماوەی هەیە

---

هەزارویەك‌شەو ٣٥١

یەکی‌لەگەوهەرەکانی ئاوێزان کرد ئەوان زۆرحەزیان‌لێ کرد، وەحەسیان کردە پلەڕیقان وکەیف خۆشی‌وڕۆیشتن بۆلای دایکین و گەوهـەرەکانیان پیشان‌دا . صفیەش‌لەم نەوازیش ولاواندنی پاڎشا زۆر کەیف خۆش‌بۆ، وەدەستی کردستاییش‌و خوێندن بەبالای پادشاڎا. ئەوجاملك‌نەمان بەصفیەی ووت: تۆبۆچی‌تائێستابەمنت نەووتووە کە کچی‌فرێدۆن‌شای، تاوە کوّمن بە گوێرەی‌پایەوپلەی خێزانت‌بەڕێزت بگرم. صفیەووتی: ئەی پاڎشا! من‌لەمە پایەوپلەی بەرزترم بۆچی‌بە؟ ئێستا لەهەمۆ جۆرەچاکەونیعمەتێ لەلایەن پاڎشاوە بەرخوردارم؛ وەیەزدانی مەزن‌لەپاڎشا کوڕۆ‌ـ کچێکی پێ‌داوم، ئیترچیم لەخوڎا گەرەکە. پاڎشالەقسەکانی ئەوزۆر سەری سوڕ ماوحەزی پێ کرد . کەلەوێ‌هاتەدەرەوە، کۆشکێکی بەرزترو گەورەتروجوانتری بۆصیفەو منداڵەکانی تایبەت کرد ؛ وەچەنڎ نۆکەروکارە کەری‌تـری بۆناردن ؛ وە ماموستای بۆدەرس‌دانی منڎاڵەکان‌دانا؛وەموچەوجیرەیانی زۆرتر کرد؛بەلام‌هەردڵی بەلای شازادەخاتۆن «ابرزە» وەبۆ؛ وەشەووڕۆژئارام ووەفرەی لێ‌بڕابۆ؛هەمۆشەوێ ئەڕۆیشت بۆلای وقسەی لەگەڵ ئەکرد وبەگۆشەوکینایە ئـەمڕازی نهێنی‌خۆیە پێ‌ئەگەیاند؛ بەلام شازادە خاتۆن وەلامی نەئەڎاوە ، بەلکوئەی ووت: ئەی پاڎشای گەورە! من‌نیازێکم‌بەمێردنییە. هەرچی شازادە خاتۆن زۆرتر بێ‌مەیلی پیشان‌ئەڎا وەخۆی‌ئەگرت، ملك‌نەمان بێ‌قەرار وئارام‌ترئەبۆ، وئاگری عیشقی‌زۆرتربڵێسەی ئەکێشا؛ ناچاریەنای بردەلای وەزیری وئەم‌دەردی نهێنی‌خۆیەبۆئەو ئاشکرا کرد، وەدەرمانی ئەم‌دەردەی لەئەو گەرەك‌بۆ.وەزیری دونیا دیڎەوقول کەوتۆی‌ئەو'ووتی ئەمەکارێکی زۆرئاسانە ئەمشەو بڕێ‌بەنگ‌لەگەڵ خۆت‌بیە، وەبڕۆ بۆلای،لەووەختا کە شەراب ئەخونەوە ، ئەوبەنگە بخەنێوی پەیکەکەی شازادە خاتۆن وپێ بڎە کە

---

م.ص.م

## لەهەرگولزاری

## گولی

### مەولەویی‌تاوگوزیی

تۆپلاخەی دۆکەڵ هیجران دڵبەر

جەمی، بەستگەلە ڕۆی سەقفی سەر

حاشا ، خۆزەنگم هیچ نەماگەپێ

سەرم وە کوّتاس دەنگـی لێـوەتێ

### داخیی‌لەوەلامی مەولەوی‌دانوسیویە

خەت‌مەڵهەمی زام جەستەی‌پەشێوم

کەلام ڕێزەقەنڎ بارسەر لێــــــوم

خەیاڵ ڕەهنمۆن ڕاگەی نەجـاتم

قام دەلیل خەیر ڕۆی عـەرەساتـم

ئـەنڎێشە دەواێ دڵـەی زامدارم

ئەفکار شفـای زام دڵەی ئەوگارم

یەك ڕۆدڵ نەبەحر پەژاران‌مات‌بیم

خەیك تەڎبیر ڕاگەی نەجات بیم

خەیاڵ گـونای کـەردەی ویەردە

فیکرعیصیانان گۆناگۆن کـەردە

ناکاڕانمۆن ڕاگـەی هیـدایەت

ئەنگوشت‌نمای گۆش‌بڕ‌پەمەی‌غەفڵەت

یانێ : نامەکەی نەصیحەت نامەت

مەوعیظەی‌شیرین‌مەرقومەی‌خامەت

یاووانیشان‌دا ڕای هیـــــدایەتم

نەگۆشم لابەرد پـەمەی غـەفلەتم

ئەربڎو مەدەد بەخشنڎەی تـەوفیق

یاوەربۆ ئەلطاف مەعشوقەی‌حەقیق

ها، ئیمان وەعیشق حەقیق ئاوەردم

ئیتتدا وەنۆو وەتـۆبەت کـردم .

### وەلیی‌دیوانە

ماوە لەچلێ‌پێشۆ

نەمام نەوخێز نــــازدار بـاوان

تونی شای سۆسەن نەسەر سەراوان

هیچ کەس نەزاکەت نازت نەتاوان

غەیرجەمن نەبۆ' شای چەم‌سیاوان

من وێلم پەی تۆصوب تاخۆرئاوان

شەوان حەرامەن جەدیدەم خـاوان

جیەوسا دڵ وەتیش‌نگای تـۆکاوان

شەوان حەرامەن جـەدیدەم خاوان

ماوەل١٠

بنکەی ژین
www.zheen.org

گیراوە لە گۆڤاری «باستانشناسیی» وەرگێڕ: د.ع.م

# ((ساترایی))یەکانی شاهەنشاهیی ئێران

٢ـ ئینی (ئیۆنی) ئێرانی‌یەکان ئەوێیان بە(ی‌ئون) ناوئەبرد. وە هۆی ئەم ناونرانەئەوەبۆ کە دەستەیێ لە گەڵی یۆنان بەناوی«ئیۆنی» نزیکەی نۆ صەدسالێ پێش لەمیلادەهاتبۆن، ئەوناوچەیانە داگیر کردبۆ، وەلەوێ‌نیشتەجێ‌بۆبۆن . ئەم ساترایی‌یەدەشاری بووە، کە گرنگترینی ئەوانە«مپلت» (ملطیه) وە«میوٚنتێ» وە«کـوٚلوٚفوٚن» وە«لیبێدوٚس» وە دوڕگەکانی«ساموٚس»وە«کیوٚس»بۆ.

٣ـ کاری کەسنوری ڕۆژئاوایی‌وباشوری‌ئەوێ دەریابووە.خەڵکی ئەم ناوچەیە لەپێشان نیشتەجێ‌لە دوڕگەکانی دەریـای «اژە» بۆن؛ وە بەهۆی دوژمنی‌وناحەزی لە گەڵ یۆنانی‌یەکاندا کۆچیان کرد بۆئاسیای بچوك . چۆمی گەورەی «مئاندر» خاکی ئەوناوچەیە ئاودێری‌ئەکرد، وەئەوچۆمەبەسنوری نێوانی«لیدي» و«کاری» ئەژمێررا، وەلـەنزیکی «میلە» دا، ئەوچۆمەئەڕژا نێودەریاوە . شارەگەورەکانی بریتی‌بون لـە «هالی کارناس» کە جێگای کۆچـەرەکانی یۆنان وپاتەختی‌پادشایانـی «کاري» پێش لەداگیر کرتنی ئێران. وەزادگـای هرۆدۆت مێژوونوسی بەناوبانگی یۆنان بووە. شارێکی‌تری«کانوٚس»نزیکی‌لێواری«کالیپس» کەئاووهەوایێکی زۆرپیس‌وناسازی بۆوە؛ وەهێندە بەپیسیی ئـاووهەوا بەناوبانگ بۆبۆ، کەدانیشتوانی‌ئەوشارەیان‌بە«مردوی جۆلەکـەر» ناو ئەبرد . یەکێ‌ترلە شارەبەناوبانگەکانی ئەوێ «کنید» بۆ، کە کەمێژو نوسی بەناوبانگ «کتێزیاس» لەوێ‌هاتوەتەدونیا؛ وەپەیکـەری‌خودای جوانیی‌وزیبایی«وینوٚس»چاکترین دەسکردی پەیکەرسازی بەناوبانگ «پراك زیتل»لەیەکێ‌لەعیبادەت‌خانەکانی ئەوشارەدا، بۆ ئەم«ساترایی»یە دوبەندەری گرنگی بووە، کە یەکێ لەوانە «میلێت» جێگـای بەدونیا هاتنی«طالس» فیلسوف‌وزیاضیی‌زانی‌بەناوبانگی‌یۆنان بووە . شارێکی گرنگی‌تری«ئیستراتوٚنیسێ» بۆ کە دوبەندەری زۆر گرنگی بووە؛ وە شوێنی کە لاوەکانی ئەمشارە ئـەمرۆوالجێگایێکدا کـە تورکان پێی ئەڵێن : «اسکی‌شەهر»یانێ شاری کۆن .

دورگەی «ڕۆدێس» جێگای بەدنیاهاتنی«هیپوٚکرات»یش بەشێ لەم ساترایی‌یە بووە . خەڵکی «کاري» کاریان بازەگانیی، وەسەبارەت بەصەنعەت وزانیاري، زەوق وەرخێکی زۆرجوانیان‌بووە.

٤ـ میزی کە سەرزەمینێکی بکێلگەونەخت بۆ، سنوری ئەوێ‌لە باکورەوە«برۆپۆنتید»وە لە ڕۆژئاواوەدەریای «اژە»وەلەباشور,وە«لیدي» وەلە ڕۆژهەڵاتەوە «بی‌تی‌نی» بۆ. پاتەختی ئەم ساترایی‌یـەشاری «داسی لیوٚم»بۆ، کەئەمرۆناوی«دیاس کیلوٚ»یە.

٥ـ فریژی یەکێ‌لەگرنگترین‌ساترایی‌یەکانی ئاسیای‌بچوکی ئێران بووە، وەئەگەرپادشایانی‌ئێران بۆکەم کردنی دەسەلانی‌حاکمەکانی‌ئەوێ ئەم ناوچەیان لەت لەت‌نەکردبایێ، گەورەترین سـاترایی یەکان‌بۆ.

دەشتەبەربەلاوەکانی‌ئەم ساترایی‌یە بەهۆی چەنێچۆمی گرنگەوە ـ کـە«هالیس»(قـزل‌ئیرماق)ی،ئـەمرۆ، وەسانگاروٚس بەشێ‌لەوانەبۆ ئـاودێری ئەکرا.

«خەشاریارشا» لەکانی گەڕانەوە لەیۆنـان، کۆشکـێ بـەرزوباغ وەحشێکی چاکی‌لەم ناوچەدا، کردەوە .

ماوەل ٩

## مێژوی‌ڕیشەی‌ڕەگەزی‌کورد

نووسراوی‌زاناکەمەزنی کورد،احسان‌نوری وەرگێڕاوی:د.ع.مفتی‌زادە

٩١

ئاغای«علی‌اصغر شمیم‌همدانی» لە کتێبی‌خۆیدا بەناوی«کورد» ئەنوسێ :

(پچرانی‌دەوڵەتی ئاریانیی‌هۆزەکانی «خالدی» یا«کاردۆ»بەدەستی ئەرمەنی‌یەکان،ئەوشوێنانەی کەئەوان‌لەماوەی سێ‌صەدسالێ‌لەسەرزەوینی نیشتمانی خۆیاندا بەجێیان هێشتبۆ، لەبەین نەبـرد؛ بەڵکو لـەپاش کۆچ کردنی‌هۆزەکانی«خالدی» بۆ کوێستان،ناوی‌ئەوان‌لەسەر ناوچەی باکوری دەریاچەی «وان»یانێ مەڵبەندی«طرابزون»ەی ئەمڕۆ ، ماوە ئەم‌ناوچەلەڕۆژگاری‌دەسەلاتی ڕۆمی ڕۆژهەلات (بیزانس)دابە«خیلات» یا«ئالخات» ناوئەبرا.)

ئەمرۆ شارێکی کۆن‌لەلێواری باکوری ڕۆژئاوایی(شمال‌غربی) دەریاچەی ناوبراوا، هەیە کەناوی (ئاخلاط)ە .

کتێبی « ئێران‌نامە» یا «کارنامەی ئێرانیان در عهد اشکانیان» سەبارەت بە«ئاراراتی»یەکان ئەنوسێ :

ماوە ل ٩

لەداخی‌هیجری ڕۆی‌تۆ،ئارەزۆی‌سەیری گوڵان‌ناکەم
لەناڵەی قەلبی‌زارم مەیلی نـەغمەی بۆڵبوڵان ناکـەم
کەپـاییزی‌فیراقت ڕەنگـی فەروەردینی لـێ سەندم
تەمەننای غەیری ڕێزانی جوواني وەك خەزان ناکەم

### نەتەوایەتی...

ماوەی‌ل١

نشاییی٢٥٠٠ سالەی ئێرانەوە،ئەم پەیوەندیانە وابایسی هێزداربۆنی ئەم‌تەنافە نـەپچڕاوە بـووەچـی پەیوەندیانێ بووە، کەلەسەرەتاو یەکیەتی ڕەگـەزی . وەلەشوێ یەك‌هەربەوچەشنە هاوخـوێنی نیشتمانی‌پەروەری‌وشادوستی‌وشتانی تربووە.

بڕێ‌جاریش‌لەبارەی‌ئەم‌پەیوەند یانەوە بڕێ‌چیرۆك گێڕراوەتەوە کەهەمو نوێنگەی یەك بناغـەی مێژوي یەکە بەهۆی ڕابووردنی ڕۆژگارەوە ، تێکەلاوی چیرۆك و گێڕراوەوە بوون. وەهەرئەمەش لەمێژی و کۆنی ئەم‌پەیوەندیەدەر ئەخا. کوردان ، کـەبۆخۆیـان ئێرانیان‌بۆنیشتمانی ئەسلي‌خۆیان هەڵبژاردووە، وەبەرلـەهەمـوان دەوڵەتیان تێدا دامـەزراندوە؛ وە بەرلەهەموان دەوڵەتیان‌تێدادامەز. راندووە، وەیەکـەمین پادشاییان دروس کردووە، وەلـەوەوپـاش کردوویانەتەشاهەنشاییی وەهەروا

ماوەل٩

هەزارویەك‌شەو ٣٥٢

بیخوا، لەپاش ئەوە کە خواردی ، کنیج‌ئەبێ ئەکەوێ ، وەتۆبەئاواتی دڵی‌خۆت ئەگەیێیت.پادشائەم ڕاوێژی وەزیرەی‌زۆربەدڵ‌بۆ، ئافەرینی پێووت وخەڵاتی کرد؛ ئەوجابڕێ بەنگی لەصنڎوق دەرهێنا، کەئەگەرفیل‌بینی بکردبایێ،تاسالێ‌مەستو بێ‌هۆش ئەکەوت ؛ ئەوجا بەنگەکەی نایە گیرفانی؛ وەشەو ڕۆییشت بۆلای‌شازادە خاتوٚن. شازادە لەبەری‌هەستاوە، وەدەست وپێ‌ئەوی ماچ کرد. پادشادانیشت‌وشازادە خاتوٚنی لەلای دەستی خۆیەوەدانا، وەلەهەر مەبەستی قسەیان ئەکرد، تاپادشاداوای شەرابی کرد، ئەوکاتەسفرەی‌شەرابیان داخست ولەهەمو جۆرەخواردەمەني‌ومەزەیان داچنی، وەشەم وچل‌چرایان داگیر ساندونوقل ومیوەیان هێنا. ملك‌نعمان وشازادە خاتوٚن دەستیان کردەشەراب خواردنەوە وقسەی خۆش کردن ، تاپادشازانی کە شازادە خاتوٚن تەواو سەرخۆش بۆوە، ئەوجاکوتە بەنگی لەگیرفانی دەرهێنا، وە بەجۆرێ کەشازادە خاتوٚن پێ‌نەزانێ،خستیە نێوی‌پەیکی شەرابەکەی، وەدای‌پێ، تاوێکی‌پێ‌چۆبەنگ‌کاری خـۆی کرد ، شازادە خاتـوٚن بێ‌هۆش کـەوت. ملـك نعمان هەستاوەسەری، ئەنوازی کە شازادە خاتوٚن بەپشتا کەوتووە، وە کراسەکەی هەڵدراوەوزانی‌سپي، وە کۆبلۆری کەوتووەتە دەرەوە ؛ پادشائیترخۆی پێ‌نەگیرا، دەستی‌پێ کەیاندوەمۆری کچیەتی هەڵ گـرت ولەپاشان لە هۆدە کە هاتەدەرەوە ؛ وەیەکێ‌لەکەنیزەکانـی‌شازادەی کـــەناوی‌مەرجانـــەبۆناردەڕۆرەوە بۆلای، مەرجانە کەهاتە سەرشازادە خاتوٚن، ئەنوازێ بەپشتا بێ‌هـۆش کـەوتووە، وەڕانی خوێناوي‌بووە.مەرجانەدەس بەجێ دەستماڵێکی‌تەڕ کرد وخوێنەکەی سڕی‌وپاکی کردەوە؛ وەئەوشەوە شازادەخاتوٚن‌هەربەو جۆرەبێ‌هۆش‌بۆ، تابەیانی مەرجانەهەستا، دەست‌وپێ‌ودەم‌وچاوی شازادەی شۆرد،وەشۆشەی گولاوی‌هێنا، بەگولاو سەروزوڵفی بێن‌خۆش کرد، ئەوجاشازادە خاتوٚن پرمی‌و کوتە بەنگەکەی قەی کردەوەوهاتەوە

بنکەی ژین www.zheen.org

کوردستان

لاپەڕەیێ ، بوهەموو جار

## بەشی کرماشانیی

نوسیای :«سیدمحمدسعیدغیرت»

## چاوتان وەری بو

لەیەکی‌دوشومارەی وەپێن‌لە ضمن شرح حال یەك نەفەرشاعیر کورد زوان **«ملك‌حسین خان کلیائی»** قسەیێك‌لە**«سنقر وکلیائی»** هاتە بەین؛ وەچەنـد کـەلیمەی موختەصەرێـك لـەوەضع زەوی گرایی(جغرافیایـی) ئەومەحالە وە گەرد نەخشەیێ کەمەوقیعییەت ئەورە خاص نیشان دیـات، چاپ کردیم .

ئەلبەتـە ئەوە کـە نۆسایمن ' فرەموختەسەروکۆتابۆ ؛ ئـەڕای یە کەئیمە نەتواستیم لەورە زەوی گرایی کولیایی‌بنۆسیمن ؛ وەلی تائەوموختەسەرە لەئی ڕۆژنامـە دەرج کریا، ئیمەتەشوێق‌فرە کردن؛ وەهەرئەوتەشوێقاتە کەخونەوارەکان نیسبەت وەئیمە کردن، بییەباعیث کەلەیەولابەشی‌لەڕۆژنامەن‌ئەڕای نۆساین حاڵ و حەواڵ طەبیعیی‌و ئیقتصادي‌وئیجتماعـي‌وەڵاتـەیل کورد زوان دیـاري‌بکەیم .ئیمە وەئـی‌وەسپلەوەڕاسي خـواهیش خونەوارەکان‌خوەمان کەدل‌خوەش کەرئیمەن،قەبوڵ کردیمن .لەئی ڕێ‌یەئەوەلەن: وەئیطلاعات‌بارێك ودروستی کەهانە دەسڕەسمان،بەش گەورایك لەزەوین گرایی کیشوەر ئیران نۆسیمن ؛ وەلەئـی‌ڕێ‌یـە خزمەت گەورایك وەفـەرهەنگ کیشوەرخوەمان کەیمن کەلەضمنی وەضع طەبیعي‌هەرجي جۆر کـۆ، چەم،سەراو، جەنگەڵ،وەهەرچنەو عەوامیل‌ئیقتصادي‌جۆرکان‌زەوینەیل ئەرواوي ، ئـاوەیل وەدەردبچوەر ئەڕای کشت وکاڵ، دەس کردەیل جۆروە جۆر، چشتەیل فرۆتەني، مەحصوڵات جۆروە جۆر،وەهـەر چنەوحاڵ‌وحەوال‌مەردوم لەقەبیل 'ەرزیندگي ، دەبن ومـەزمەوە بەرگ وپۆشیش، خواردمـەني، عادات. ڕسۆم گشتی‌نۆسیمن .

ثانییەن : لەئی‌سەتۆنەفرەمەطالب‌و دەنك‌وباس‌شیرین‌وەخونەوارەکان خوەمان پیشکەش کەیمن کەلە چاو کوردشناسي‌دئاشنابۆن‌وەحاڵ وحەواڵ کورد وئەومەردومـەفرە قابیل ئیستفادەس .

ثالثەن: تائەورە کەلەئی‌خزمەتە دەسمان بچێت لەورە کە نۆسیاین ئیمە لەڕۆی دقەتـەوزانیستنمان دروس حیساوی‌یە، لـەئی‌ڕێ‌یـە تۆەنیمن، خەطاوخیلاف‌ئەوانە کە جوغرافی‌نۆسانە، وەبڕی کەلیمات‌و عادات وچشتەیل‌تـرعەوەضیی و ئیشتباهي‌یاسەطحي‌نۆسانە،دروسی کەیمن،وەخەطاوخیلافیان‌لەبەین بەیمن؛ تائەورە کە لـەپیش بچێ عەکس ونەخشەودەس‌نـەخشیش ئەڕای‌یە کە ئەرزشی‌فـرەتربۆت چاپ کەیمن .

ئومیدمان لـەئی‌ڕێ‌یەئەوەسە کەبتۆنیم‌ئی‌خزمەتەوەجي‌باریمن؛ وەئەلبەتە چاومانیش‌هاوە کومەك خونەوارەکان وئەومەردوم عەزیزە کەلەئی‌ڕێ‌یەدڵ‌خوەشي‌دەرئیمەنە، کەهەرجۆرحاڵ وخەوەروعەکس‌و ونەخشە دیڕن موضایەقەنە کەن وەئەڕای ئیمە بنیرن.

## مەك‌میلەن وکندی

لە «لەندەن» ئاشکرا کریا، کە : (هاروادمەك‌میلەن) نەخوست وەزیر ئینگلیس‌وەئی‌نزیکی‌یەئەڕای گوفتوگۆ گەرد پرزیدنت کێنێدي ڕەئیس جومهۆر ئیمریکاچێتەواشەنگتون. تاریخ ئی‌موسافەرەتەجاری دیار نییە،وەلی‌ئۆشن : مەك‌میلەن‌لەشۆن کونفەرانس نەخوست‌وەزیرەیل کشوەرەیل «مشترك‌المنافع» دەس‌نەتەئی‌سەفەرە. کونفەرانس‌نەخوست وەزیرەیل قەرارە لەمانگ‌ئایەندە لەلەندەن تەشکیل‌بۆت. مـوسافەرەت مەك‌میلەن‌وەواشەنگتون‌لەڕۆژەیلی کەلەبەین‌ئەمریکا وشەورەوي‌حاڵ‌و هەواڵ‌ها وە مەرحەلەی جێ‌وەجێ بۆن، ئەڕای‌یە کە زمەمدارەیل‌تازە لەئیمریکا هاتنەسە سەرکار . ئیمەلەتەفسیر وەرینیش ئیشارە کردیمن کە : لەکارکەفتن جومهۆری خواهەیل' وسەرکارهاتن دموکراتەیل لەئەمریکا باعث‌بۆ کەلەشیددەت جەنگ زواني. کەلەمودەت یەك‌ساڵ گوزەشتي لەناوەین ئیمریکا وشەورەوي‌وەهەرچنەولەبەین‌شەرق‌وغەرب بۆ. کە مەوبۆت .

یەسە دەولەت شەورەوي باڵون‌چی‌یەیل ئیمریکایی وەرەلا کـرد ودێتر خڕەخڕیش نیەخەنەیان ئەمواج ڕادیۆی ئیمریکا .

لەئی‌لایش کێنێدیش تەماڵاري خوەی‌ئەڕای گوفتو گۆلە گـەرد گەوراکان شەورەوي‌نیشاندا ' وەئی تەرتیبە گیجاووتونڵ تیژی کە لە بەین‌ئەمریکا وشەورەوي‌لەجۆش کەفت .

یەسەنەخوست‌وەزیر ئینگلیسیش مەیلیە، بچێتە ئیمریکائـەڕای گوفتو گو کردن گەرد کێنیدي.وەی‌حیساوە چنەودیارە کە: گەوراکان دەولەتەیل وەئایەندەی ڕۆشینك ئومیدوارن . وەئەڕای وەر گیـري لە جەنگ ماڵ ڕمن‌ئەتومی کەفتنەسە دەس‌وپا . لەقەرار مەعلوم«منزیس» نەخوست‌وەزیر ئوسترالیا کە یە کی لە کیشوەرەیل « کامنوات»ە' پیش ئەڕیە کە ئەڕای کونفەرانس، نەخوست‌وەزیرەیل بچێتە لەندەن ، توات بچێتەواشەنگتۆن؛ئەڕای‌یە کە: گەرد زمەدارەیل‌دەولەت تازەی‌ئیمریکا لەدەوروەر کارەیل بەینولمیلەلی ڕاویژ بکەت . ئەلبەتە «منزیس»ئـی گوفتو گوەیل خوەیە وەئیطلاع نەخوست وەزیـر ئینگلیس و بـاقی ڕەفیقەیل‌کامنولثی خوەی ڕەسنێت .

وەطەور کوللي چنەودیارە کە ئەمریکا وئینگلیس لەخصووص سیاسەت کوللی‌خوەیان کەوەر گیري‌لەدەس‌درێژی کومونیستە،قسەیان یە کیکە وەلی‌دەولەت ئینگلیس چنەوزانیستیە کە: وەرلەهەر ئیقدامی کەئەڕای‌حەلل‌ئیختلافات‌شەرق‌وغەرب، وەلەناوبردن سلاحەیل‌ئەتومی لازمە کە : گەرد ڕەهبەرەیل تازەی‌ئیمریکا ڕاویژ بکەن .

ئومیدواریم هەرچی زۆتر ئی گیجاودونیا لەبەین بوەن .

## مەولودنامەی پەیغەمبەری

### ئیسلام حەزرەتی‌محمد(ص)

### دانراوی زانای بەناو بانگی کورد

#### مەلاحەسەنی هەرتووشیی

(جبرائیلا) هاتە دەورا (احمد) ی
هاتەشاهی مثلێ وي‌چاڤـان نـەدي
زابە مزگینیی ببە ڕمـەخلوق را
ژئاسمان وارض وتا ( تحت‌الثری )
غولغولە پەیدابۆ دەرهەفت ئاسمان
سەوتێ تەسبیح مەلەك چۆلامەکان
هاتە خوارێ (جبرائیل) وموژدەدا
کەسك ئالایەك لبانـێ ( کعبە) دا
موژدە دا مەخلوقهای بەحرو بەڕ
جوملەحەیـوانات زانی ئەوخەبەر
خۆش‌ندا هات ئەزیەسار وەمەیمەنە
نۆرا (احمد) هات چونك (ئامنە)
هات‌نـورانیی (شفیع المـذنبین)
هات (خیرالناس) (ختم‌المرسلین)
وێ‌شەڤێ هندێ(صنم)بۆن‌سەرنگۆن
تەختێ (ابلیس) لەعین‌بۆواژگۆن
ئەولسەرصۆرەت ڕەقیی تەشبیە مار
هاتەگۆهێ ( بوقبیس ) کرهەوار
ذوڕیـیەتاوی جـوملەتـن بێ‌نەوا
ئەوچ حالە بێژەوي گـــــۆتەوا
لەولمن چەپ بۆیەتـرس وزەلزەلە
با «محمد» «ئامنە» بـــــۆحاملە
هاتەدەورا «احمد»ي دەورا مـەچۆ
«لات» و «عزا»دي بکەت بێ‌ئابرۆ

www.zheen.org

# کوردستان

## بەشی سنەیی
وەرگێڕ : ا. مفتی‌زادە

## تەئسیس دانشگا

ڕۆژ پانزەی بەهمەن ١٣١٣ ، کوچك بنەڕەت دانشگای‌تاران، بەدەس‌لی‌هاتگ **اعلیحضرت‌فقید رضاشای‌کبیر** لەتەك ا‌ـوحەی یادگاریی‌دانریاوە م بۆرەهەنگاو فرە گروره وموهیمێ لەڕێگەی پێشڕەفت میللەت ئێرانا بـۆلای عیلم‌وزانین، وەهاودەنگیی لەتەك دنیای مونەممەددینا ، هەلگیریا .

بێ‌لەنەزەراگرتن تەعەصوب نەتەوەییی‌وڕەگەزی،وەبەشایەتیی لاپەڕەگەل تەئریخ،ئەتوانین‌بێژین که دانشگالەئێراناتەنانەت‌بەرلەهاتن ئیسلامیچ بوگە ؛ ومدانشـکەدەی پزشکیی«جندی‌شاپور»، کەدوسێ قەرن دووای ئیسلامچ دەوامـی کرد، خاسترین شایەتە؛وەهەروا، مەدرەسەگەل «نظامیه» کـە لـە بەغداوئەصفەهان ونیشاپۆرابووە، وەخـــــواجه «نظـام الملك» وەزیر بێ‌هاوەـــــاڵ ئـێرانیی، بنەڕەتیانی‌نیاگە ، خاس نیشان ئەدا کە ڕۆژ گاردانشگا لە ئێرانا چەنێ لەمەوبەری بوگە .

بوّن دانشگا لەمەڕوولاتێکا ، دەلیل ئاشکرایکە بۆڕوشدفکری وفەرهەنگیی.پەس‌تەئسیس‌دانشگا لەبیس وشەش‌ساڵ لـەمەوبەرا ، یەکێکە لەئیقدامگەل ئـەساسیی وقیمەتیی پایەدانەر ئێـران‌تـازە اعلیحضرت‌فقید، کەبەنەزەرتیژبین خویان، ناتەواوی‌یێ، کەلەئێرانا لەبارفەرهەنگەوبو، لەبەینیان‌برد، ومیللەت ئیمەیان‌سەربەرز کرد .

لەووەختەو تائێسە ، دانشگای تاران،خەزمەتگەل‌ئینکارنەکریا‌ـ گێنکی کردگە ، وەدەستەگـەل فرەیك‌لەپزشك و مـوهەندیس و مەعدەن‌ناس و موتەخـەصصیص کشتوکاڵ‌وتەبیعیی‌زان وزوان‌زان ووڕانسازی، داگەسەدەرمو ، کـە

هەرچەنڤ هێشتابەئەندازەی‌کافیی ئیحتییاجات مەردمی ڕێك‌نەخستگە وەلێ پێش ئاهەنگ ومزگانیی دڵخوەشکەرە،بۆپێشڕەفتگەل لە مەولای‌ئەم‌دەزگای‌بنیادەم‌سازی‌یە

هەرچەن‌لەڕوژپانزەی‌بەهمەن ١٣٢٧الەتەرەف‌فەردیٚ‌خەیانەتکارو بەکرەهاگیریاك ێێگـانەو، لـە موحەووەتەی دانشگاهـا ، سوٓء قەصدێ کریا بۆگیان‌شاهەنشا ،

وەلێ‌دەس‌خوا ، کەهەمیشەحافزو نگەهدارشاهەنشابوگەخەتەری ، لە ووجود مەسعود ئـەوان دوورەو خست،وەبەم‌بۆنەو نیعمەت‌وئیحسان خوەیی ، بۆمییللەت ئێران تازە کردەو، وەتەواوفەرمو. پەس ڕۆژ پانزەی بەهمەن ڕۆژێکە، کەلەوا بەشوکرانەی‌سلامەتیی‌زات‌شاهانە لەتەواومەدرەسەگەل وسازمانگەل لەشکري وکیشوەرییا ، چەژن ئەگرگێ، وەمەردم دەس دوعا و شوکرانە، بۆئاستانەی خـوابەرز ئەکەنەو ،

ئیمەیچ وەك باقیی‌ئێرانیگەل کە دڵیان پـڕیە لە مـەحەبەت شاهەنشابەبۆنەی‌سلامەتیی‌شاهەنشاو لەکان دڵەوشوکرانە بڕێرێ‌خوا ئەکەین، وەئومێدەوارین ووجود مەسعود ئەوان‌ـ کەغەیرپێشرەفت فەرهەنگیی وئیجتماعیی‌وئەخلاقیی مەردم وەئاوەدانیی‌مـەملەکـەت و خوەشیی زیندەگیی تەواوئەفراد ئێرانیی قەصدێکی‌نییەـ ساڵهای ساڵ،وەك‌دارێ پڕ بەروخاوەن‌سێوەر بۆمیللەت ئێران بمێنێ، وەلەهەر جۆرەپێش‌ئامەدێ‌نەوەدڵێ‌بپارێزن گێ.

## مەك‌میلان‌وکینیدیی

لەلەندەنا گەیانریا کەهارۆلدمەك‌میلان نەخوستوەزیر ئینگلیس لەمەودووا بۆووتوویژ لەتەك پریزیدینت کینیـدي ڕەئیس جـومهوٚر ئیمریکاڎا، ئەچێتەواشینگتون . هێشتا تەئریخ ئەوسەفەرە.بەحەساوي نازانر گێ ؛ وەلێ بەجۆرێ، کە نازر گەل سیاسي ئێژن ، مـەك‌میلان دووای‌بڕیانەوەی کوتفەرانس نەخوستوەزیر گەل وولاتەهاومەنفەعەتە‌ـ کان، دەس ئەکا ئەوسەفەرە . ئەو کونفەرانسە ، قەرارە ئەم مانگەو ، لە لەندەنا پێك‌بێ .

وەها کە لەتەفسیر بەرگیچا گەیانریا ، لەکار کەفتن جومهوٚرییخا گەل وبەسەرکارهاتن دومو کراتگەل‌لەئیمریکاڎا ،بوگەسە بابیس، کە ناجۆریی بەین‌ئیمریکاوڕوس، وەبەجارێ بەین‌خوەرهەڵات وخوەرنشین، کەمتر بویتەو .

دەولەت ڕوس، خەلەبانە ئیمریکایی‌یەکانی ئازاڎ کرد،وەدەسی ، لەپارازیت‌خستن‌بەسەرمەوجـگەل دەنگ‌ئیمریکا هەڵگرت:وە کینیدیچ مەیل‌خوەیی‌بۆووتوویژلەگەڵ‌ڕەهبەر گەل‌ڕوس‌ودەولەتەکان‌ترادەرخست. بەم بۆنەو ، ناکۆکیی گەورەیك کە لەبەر تارێکیی بەین ئیمـریکا و ڕوس کەفتووەدنیا ، تائەنڎازەیك‌لاچوگە .

ئیسەیچە کەنەخوستوزیر ئینگلیسیچ، ئامادەی‌سەفەرەبۆئیمریکا دییارە کە ڕەهبەر گەل دەولەتەگەورەکان ، بەئایەندە، ئومێدیان پـەیا کردگە، وەبۆجلەوگیری لەجەنگ‌خەتەرناك ئـەتومي ، لـە سەرەو کەفتگنەسەتەلاش. وەهازانریاگە کەڕابیرت مینزیس نەخوستوەزیر ئوستراالییاـ کە یەکێکەلە دەولەتەها ومەنفەعەتەکانـ بەرلەبەشداربوٚن لەکونفەرانس نەخوستوزیرگەلا ، ئەچێ بۆواشینگتـون ، وەلـەتەك مەقامات تازەی‌دەولەت ئیمریکادا ، لەبارەی ڕەوش‌سییاسي ونەزەرگە ایانەء لەکاروبار بەینولمیلەلی‌یا ڕاوێژئەکا حەتمەن مینـزیس ، ئەو نەزەرگەلە، ئەگەیێنێتەنەخوست‌وەزیر ئینگلیس‌وڕەهبەر گەل وولاتەها‌ـ قەزانجەکان‌تر .

بەجۆرێ کوللي، ئەتوانین‌بێژین، کە ئینگلیس‌لەبارەی ئوصوٚل کوللي سیاسی‌یێکەو، کەئەشیا خوەرنشین بۆجلەوگیري، لەزییاڎبوٚن نوفوٚز کومۆنیستەکان بیگرتای، هاونەزەرن؛ وەلـێ سەران دەولـەت ئینگلیس، لازم ئەزانن، کەبەرلەهەرجۆرەتەلاشێ‌بۆلابردن‌ئیختیلافگەل شەرق‌وغەرب‌وەجلەوگیري‌لەجەنگ وەبۆتەحریم‌بەکاربردن‌ئەسلەحەی ئەتومیی، لەگەڵ ڕەهبەرگەل تازەی ئیمریکاڎا ڕاوێژبکەن . ئومێد هەس کەبەهاوکاریی‌دەولەتەگەورەکان‌خوەرنشین، ناکۆکیی‌بەینولمیلەلیی ئیسەلەبەین بچێ .

## لاپەڕەیی بوهەموجار

لەشاعرێ‌نەناسیاگ

### ئاویدەر

فەرمووت: ئەترسم‌ئاگروەشان کەم
خاك بەبان سەرشارخامۆشان کـەم
کزەی دەروٚنت ئاگری بەرپا کرد
ئـاگـروەشانی لـەدڵ مئاکـرد
لەوئاەونالەئاگرت تیم بـــــەردا
بـەحاڵ زارت فـرمیسکـم سەردا
فرمیسك یاري کرد ، ئاگری کوژانەو
وەرنەئاگرت ئەمی دڕژانـــــەو
ئاوپدەر گیانم ! ئەونە مەخوە غـەم
شەوگارغەم کۆتاس، مزگانیت‌پێ‌بەم
ئەونە پەشێوونـاهەمێڎ مـــــەوە
ڕۆژڕۆشن لـە دووای تارێکەشەوە
بازڕۆژەوئەوێ، بازخوەرئـەدرۆشێ
بازبولبول لە پای گولتا ئەخرۆشێ
هەسارەی بەختت هـەڵتێ‌دوبـارە
ڕوشن ئـەکاتـەو، ئەوتـارێك شارە

ئەم‌پارچەشعرمانەلەلاپەڕەی٣ی‌ژمارەی١١ی‌ڕۆژنامەی«خورنشین» هاوردگە، کەبە«مدیریت» جناب ئاغای‌عبدالحمید معرفت‌وجناب‌ئاغای دوکتورکاظم وکیل چەند ساڵێ‌لەمەوبەرلە تارانـا چاپ ئەکریـا؛ وە ئاثارێ فرەیان لە کورد و کوردستان بەڵاوکردەوە کـەبـەڕاستیی‌قابل ستابیش وتەحسینن .

چاپ‌اخترشمال

تلفن ٢٥٥٠١

بەشی هەورامی
وەرگێز: م.ص. مفتی زادە

# کوردستان

لاپەرەیی ـ بۆ هەموو جار

## ئەرمەرزنایو دانشگای

زۆژپانزەهەموبەهەمەنی ساڵەو وهەزارویەرەصەدۆسێنزەی بنەژەت و دانشگاوتارانی بەدەستوتـەوانـاو اعلیحضرتی فەقیدی ڕەضاشای کبیر چەنیوتەختەویادگاری، مەرزیارە، وەپیی بۆنەوە هەنگامێوە گەورێ جەژاوپێشڕفتومیللەتوئێرانیەنە هۆرگیریا.

بێ‌ئانەیەتـەعەصوبومڵـي و نەژادي گیرمـێ وەروچـەمی، وە هەرپاسە کە تاریخ گەواهیی مڎۆ، تاومێ‌واچمێ کەدانشگاجەئێرانە نەحەتتا وەڵێوئامـایـواسلامیچە نەبییەن، وەدانشکـدەوپزشکیی جەجوندیشابوڕەنە، کەدووێیە رێ قەرنێ‌دماواسلامیچ هەربـێ، شاهێدوئی مەڵەبیەنە؛ هەرپاسەچنڎ مەدرسێ‌تەری جە«بەغدا»و«اصفهان» و«نەیشابور»ەنە، بێنێ؛ وە«خواجە نظاالملك» وەزیرو بـێ‌هـاومالّو ئێرانیی کەدوروس کەروئادانشگایانەبییەن، پەی ئێمە ڕۆشن کـە رۆوە کەدانشگاجەئێرانەنەهەرجە زووەوە، دایێر بییەن.

بییەیودانشگای جەهـەروەلاتێوەنە، بەڵگەوگەورەییی هۆشن میللەتوئاوەلاتیەنە.

ئەرەمەرزیایودانشگای جـە بیست وشش سالـێ چێ‌وەڵیەنە، بۆجەهەرمانەگەورەکاودوروست کە روئێرانی‌تازەی‌اعلیحضرتی فەقێد کەبەوپڕوتێژوونێش ناتەمـامێو ئێرانیش جەبارەنەبییەیوفەرهەنگی جەئێرانەنە، هۆرگرت، وەمیللە تو ئێرانیش سەربەرز کەرد.

چاوەختەوە، تائێسە دانشگا و تارانـی خـزمـەتێوە گـەورەش بەخەڵکوئێرانی کەردەن، وەچنڎ کەسێ‌دانشمەنڎێش دێنێ بەرۆ؛ باوە

## مەکمیلان و کینەدی

جەشارولەندەنیەنە، کەوتەرە کە«هەرۆلدمەکمیلان» نـەخوست وزیروائینگلیسی، جەئاینڎەنە، پەی قسەکەردەی چەنیو«پریزیـدنت کینەدی» سەرکۆماروئەمریکای، ملۆپەی واشنگتنی.

تاریخوئالواوئاڎیەهێشتا، تایین نەکریان؛ وەلێ پاجۆرەکەئەنڎامە سیاسی‌یەکێ‌واتەنشا، «مەکمیلان» دماوکۆبییەیونـەخوست وەزیـراو وەلاتەهامپەیمانەکائی سەفەریەکەرۆ؛ سەفەرونەخوست وەزیروئینگلیسی گنۆ وەختێوە کەئاڵ وگوڕێوە گەورە جەبەین وپەیوەنڎیوئیمریکایو ڕوسیەنە، بەبۆنەوسەروکارئامایوکاربەدەسەتازەکێوئیمریکاڕووەبڎۆ. هەرپاسەکە جەوڵێنەواتمابەرکەناربییەیوکۆماریوازاوئیمریکای، وە سەروکارئامایودیەوکراتاوئاوەلاتیە، بۆبەهۆوئانەیەکەناوەشیی‌وئیمریکاو ڕۆسی، وەیاخۆرئاواوخۆرنشینی کەمتەربۆوە.

دەوڵەت‌وڕۆسی تەیارەچی‌یەکێوئیمریکایش وەرێ‌دێ، وەجەپارازێت وستەیوزادیۆکاوئیمریکای‌دەسش‌هۆرگرت؛ وە«کینەدی» ڕووەش‌نیشانە داکە چەنیوکاربەدەستەکاوڕۆسی قسێ کەکەرۆ.

وەپیی جۆرەفەرتەنێوەگەورە کەدنیاش گرتەبێرە، تائەنڎازێوە کەمتەربییەوە.

ئینجا نەخوست وەزیروئینگلیسیچ؛ ئامادەیی وونێش پەی‌اوای بە ئیمریکای‌یاونا، وەخاس ڕۆشناکە سەرانودەوڵەتـەگەورەکا بەئاینڎەو وێشائومێڎەواری‌بیینێ، وەپەی جڵەوگیری جەجەنگی ئەتومیی‌وێشا ئامادەکەردەن، وەکەوتێنێ‌دەسوپاکەردەی

پاسەدیارەن«ڕابیرت‌مێنزیس» نەخوست وزیروئوسترالیای کـە یۆجەوەلاتەکاو«کامێن‌وێلت» یەن، وەڵێواوای بەلەنـدنی پـەی بەشدار بییەی‌جەکۆنفرانس ونەخوست وزیرانەملۆپەی واشنگتنی، وەچەنێو کاربەدەستەکاوئیمریکای جەبارەو‌کاروباروجهانی‌یەوە، قسێ کەرۆ.

ڕۆهەم، تاومێ‌واچمێ‌ئیمریکاوئینگلیس‌جەسیاسەتوخۆرئاوایەنە پەی جڵەوگیری‌و کومونیستی ڕێکـێ کەوتێێ، وەلێ کـاربەدەساو ئینگلیسی‌پاسەزاناکە وەڵێوهەرکارێوەنە، پەی‌لابەردەیوناحەزی‌وخۆر ـ ئاواوخورهەلاتی‌وەجڵەوگیری‌جەجەنگی‌ئەتومیی‌چەنیی‌وکاربەدەسەتازە کاروئیمریکای قسێ کەرا. ئومێڎەوارێنمێ بەهامکارپودەوڵەتەگـەورەـ خوڕئاوایی‌یەکا، گیژاوە وناحەزی‌جەدنیا هۆرگیریۆ.

## دستور خواندن و نوشتن کردی

عده‌ای ازخواهران برادران فارس زبان که مایلند برسم الخط کردی آشنا شوند باین مطلب توجه فرمایند:

میدانیم که کلمات فارسی بوسیله سه حرکت زبر و زیر و پیش و سه حرف «الف» و «واو» و «یاء» تلفظ میشود. وچون حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح کلمات بستگی باشنائی قبلی دارد، و این نقیصه موجب اشکال بزرگی درزبان فارسی شده. ولی رسم الخط کردی ان اشکال رامرتفع ساخته، وکلمات تنها بوسیله حروف تلفظ میشوند. حروف صدای کردی عبارت ازحروف زیر میباشد.

۱ـ (ە) که بجای زبر میاید. مانند: «سەر» (سر) «سەروەر» (سرور)

۲ـ (ی) که بجای زیر میایدمانند: «جیهاز» (جهاز) «کیتاب» (کتاب)

۳ـ (و) که بجای پیش میایدمانند: «گول» (گل) «بولبول» (بلبل)

۴ـ (الف) که بجای الف میایدمانند: «باغ» (باغ)

۵ـ (ۆ) که بجای «واو» میآیدمانند: «بۆد» (بود) «زۆد» (زود)

۶ـ (ێ ی) که بجای «یاء» میآیدمانند: «بید» (بید) «دەوید» (دوید) «مەردي» (مردی)

۷ـ (ۆ) که صدای واومجهول میدهد: مثال ان در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»

۸ـ (ێ) که صدای یاء مجهول میدهد: مانند «کێ» (که) «چێ» (چه)

۹ـ (ۊ) کەمخصوص لهجه کرمانشاهی استوصدای (U) میدهد. مثال آن درلهجه کرمانشاهی «ئۊشم» (میگویم) «داشتۊت» (داشته باشد)

(۱) حروف «ها» و «واو» و «یاء» بی‌علامت ممکن است اصلی باشند. مانند: «هەمسایە» (همسایه) «وورود» (ورود) «یەك» (یك). برای فرق میان هاء اصلی واعراب، هاء اصلی را دوچشم واعراب رایك چشم می نویسند.

(۲) همزه را همیشه باینصورت (ئ) می نویسند. مانند: «ئەحمەد» (احمد) «ئوطاق» (اطاق)

(۳) در کردی گاهی روی حرف دال ولام وراء علامتی میگذراند وباین شکل مینویسند (ڎ، ڵ، ڕ) که در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام وراء مفخم میگردند. مثال آن در کردی: «فەرهاڎ، دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کر یعنی پسر)

(۴) الفبای کردی یك حرف بیشتر ازفارسی وعربی دارد که عبارت از «ڤ» میباشد. البته تلفظ این حرف درفارسی زیادست، ولی با «واو» عربی مینویسند. مانند «ڤەلی» (ولي) «ئـەڤـاییل» (اوایل)

(۵) دررسم الخط کردی حروف مشدد را دوتا مینویسند. مانند «ئەڕڕە» (اره) «بەڕڕە» (بره)

(۶) در کردی کلمات راهرطور تلفظ میکنند مینویسند؛ البته کلمات بیگانه را مشمول این قاعده میسازند؛ ودیگر اشتباهی بین حروفیکه مخرجشان نزدیك است واقع نمیشود؛ مثلا صفحه را اینطور مینویسند: «سەفهە»

کوتائێسە گردناتەمامی یەکێش لانەبەردێنی؛ بەڵام ئومێڎەوارێنمێ کە جەئاینڎەنە ئی کارخانەوپیا دوروست کەریە بتاووەژدەووەشحا ـ لێوبی‌نیازي یەئێمە بڎۆ.

باوە کوجەڕۆوپانزهەموبەهەمە نو ۱۳۲۷ یەنە، جەلایەنوخیانتکاران وڕۆکەروبێگانانەوە، جەدانشگانە دەسێوەخراب ئەوشاهەنشای شنیا، وەلێ، لوتفوپەروەرگاری وجوڎ

وئادیش پارێزنا، وەپیی بـۆنـەوە نیعمەتوونێش پەی‌خەڵکوئێرانی تەمامتەر کەرد؛ کەپاسەبییە، ڕۆو پا زەهەموبەهەمەنی، ڕۆژێوەن کە کەجەتەماموەمەڎرەسەکان‌وسازمانەـ کاوئێداري‌ولەشکری‌یەنە، خەڵکي جەمێ‌باوە، پەی‌سڵامەتیی وشاهەنشای شوکروخوڎای پاکێ‌باورا، وەدۆ عاوخەیریش پەی کەرا.

ئێمەیچ پێسە ئێرانی یەکای تەری کەدڵشاپەزاجەوەشەوپسیی‌و شاهەنشای، پەی‌سڵامەتیو ئاڎی‌جە خوڎای پاڕیەی مێوە، وەسپاسش کەرمێ.

جەخوڎای موازمێ‌وجـوڎ و شاهەنشای کەبێجگـە پێشڕەفتو فەرهەنگیی واجتماعیی‌واخلاقی‌و وەمەردموئێرانی، ئامانجێوەتەریش نییە، هەتادێرزەمانـە، پێسەدارێوە پەڕمیوە وپەرسێبەر، هەرمەنۆوە، وە جەگرددەردوبەڵاێیوەپارێزیو.

بەشی کوردیی‌شمال

# کوردستان

لاپەڕەیی ، بوهەموجار

## دانیناز انستگایی

ڕۆژا پانزدێ مەها بــەهمەنێ سالا١٣١٣ کەڤرێ بنگا زانستگا تێرانێ بدەستێ‌خورتێ‌اعلیحضرتێ فەقیدرضاشاهێ کەبیربلەوحاپیرە-وەرێ‌بێ هاتەدانین، وە وی‌جوری هنگاوەك مەزترپێش کەتن‌وسەر-کەتنا زانین ،زانانانێ‌را، لەرێزا ملەتێد سەرکەتی وپێش کەتی‌یێ جهانی‌را هاتەزادان. بێ‌بکاربرنا تاسوبا ملەتیێ ، بشاهدیـا پەرێد تارپخێ ، دوکارن بێژن ئیرانیێ! بەری‌هاتنا ئیسلامێ ژی هەبــویە وە زانستگا ساغلامی‌یـا «جندی شاپور»لەدوسێ‌قەرپناژی‌پاشی‌هاتنا ئیسلامی دۆمانـدي ، چاکترین سەربەلگاپرسامەیە،وەمازي‌خواند کارخانێدجوربجورا«نظامیە» کەلە بەغداواصفهانێ ونیشاپوردابۆنن، وەخواجەنظام‌الملك وزیرێ بێ هەوالێ ئیرانێ کــەبنگەدانی‌یێ ئەوزانین خانابویە، قەدیم‌بونازا-نستگا لەئیرانێ ئەشکەرە دکە ، وەباش‌نیشان ددە .

بوبنازانستگالەهەروالاتە کی سەربەلگەك ئەشکەرەیە. ژبەرتێ گپشتن وزانەتیاوی ملەتــی‌تــێ حەسێب.

بەرڤێ هندێ‌دانیازانستگایێ لەبیست وشەش سالاپێش ، یــەك ژهنگاوێدهێژا وبکۆکابنگەدانی-یێ‌ئیراناتازە اعلیحضرتێ فەقیدە. کەبشارەزاتي‌پاخو، کێماسي‌یا کو، بەرازانینێ‌دا لەئیرانێ هەبۆ،ژناو بروەملەتێ مەسەرفەرازکر .

ژوي‌چاخي حەتتانهوزانستگا تێرانێ‌خزمەتێد خۆیاومەزن‌ملەت راکری‌یە،وەدەستە، دەستەدوکتۆر ومهندس وکان‌ناس وزانێدچاندنێ وزمان وددان سازژێ دەرکەتنە ، کەهەرچەندەتێرالازمەتیاخەلکێ ناکەلێ‌بەلێ‌نیشان دایێ،زگی‌نی پاشایێ ژبەرکەتنێ ڤي دەزگایێ ئینسان سازیێ، لەپاشێ‌یە.

هەگەرچ لــەڕۆژا پانــزدێ بەهمەنا١٣٢٧، ژئالێ مرۆڤەکي پیس‌ونەپاك وپالێ دەرامي‌یا گەڕا زانستگایێدابجانێ شاهەنشافەسدا نەباش هاتەکرن، لێ‌بەلێ دەستێ خودێ کەهەمێشە کۆمەك‌وخاییی کرێ شاهەنشا بویەئەڤ خــەتەر ژوانڎا ئالي کیی، وەبڤی جوری دپسانەعمەتێ کــەرەم وبەخششا خوبملەتێ‌ئیرانێ‌تازەوکامل کرن.

بەرڤێ هندێ ڕۆژا پانــزدێ بەهمەنێ ئەوڕۆژەکەبۆیدابشوکر هانینا سلامەتي‌یا ذاتێ شاهانــە ، لەگشتیی مــەدرەسا وسازمانــێ لشکەري وکشوەریدا هنەك ڕسم تێنەگرتن وەبۆسلامتیی پــاوان دوعادکن.

ئەمڕي فەنا گشتیی خەلکێ ئیرانێ، کەدلێ‌وان‌تژی ژحەژێ کرناشاهە ، بشوکرانا سلامتیی پاشاهەنشا، ژکوکادلێ‌خوشوکرا خوبجی‌تینن، وەهیویامە ئەڤەتەنا وانەعەزین، کەخێنجی بەرکەتنا زانەتیی‌یێ وخوشیا جڤاتێ‌وخۆیا خەلکێ وئاوایا مەملکەت‌وسەرفنا زیا گشتیی ملەتێ‌ئیرانێ‌چونێتەك وان‌چونەیە،سالێد درێژفەنادارەك پڕبەرسیی‌یا خوسەرئیرانێ‌ڕاخە، وەژهەربەلاووپێش‌هاتەکێ‌سلامەت بمینن .

(کەڤر) : بەرد : سنگ
(خورت) : تەوانا : نیرومند
(بەرڤێ‌هندێ): کەوابۆ:بنابراین
(کیماسی) : کەمیی: نقصان
(خۆیا): ڕۆنەك : بارز
(پالە): کرێکار: مزدور
(دەرامی) : بێگانە : بیگانە
(فەنا) : وەکو . مانند
(سەرفنازی) : خوش‌ژیان : رفاەو آسودگی
(ڕاخە): پان‌بکە: پهن کند

## مکمیلان وکندی

لەلندنێ خەبەردەرکەت ، کو(هرولدمکمیلان) سەرەك وەزیرێ انگلیس، پاشي‌چەندەکێ بوگۆفتگۆیێ (پرزیدنت کندی) سەرە کــێ جمهوري‌یەتا ئامریکارا ، دچەواشگنتنێ

تارپخا ڤێ‌سەفەرێ‌هێ کڤش‌نەبۆیە . لێ‌بەلێ‌چاواك چڤ دیرێد سیاسیی دبێن، مکمیلان پاشي جڤاتاسەرەك‌وەزیرانێ‌دەولەتێدهەوقازانج دچتە ڤێ‌سەفەرێ .

جڤاتا سەرەك‌وەزیرانێ‌دەولەتێد هەوقازانج (کامنولت)مەهاتێدا لەلندنێ‌سەڕاستدبە.سەرەك‌وەزیرێ انگلیس هەیامکی‌دادچەواشنگتنێ کومل گوهراندنەك مەزن‌پشتي‌هاتنا سەرەکێد تازەیێ ئامریکاسەرکار ڕودایە .

چاواك گۆتنابەرین‌داژی‌ئیشارەبۆ، ژسەرکارکەتنا جمهوریخوازا وهاتنا دموکراتان سەرکار لەئامریکا بۆیەسەبەب ژئالۆزي‌یاك‌ژسالکێ ورداتر، ناوبێنا ئامریکا وشۆرەوي وەسەرهەوناوبێنا ڕۆژهلات وڕۆژ ئاوادا چێ‌بویە کێم‌بە . دەولەتا شۆرەوی فڕەندەوانێد ئامریکا ،بەردا-وەژئاوپتنا خڕەخرێ لەسەر پێلێ دەنگێ ئامریکاخوگرت ، وەکندی ژي دل‌خوازیاخو، بگۆفتگۆیێ گەل ڕێبەرێد شۆرەوی ودەولـەتێددي داحەساندن .

بڤی‌جوری ئالۆزیاك ژبەرنە خوشي‌یا ناوبێنا ئامریکا وشۆرەوی جهانێدا چێ‌ببۆ، حەتتاني ئندازەکێ ژناو ڕابۆ .

نهۆ کوسەرەك‌وزیرێ انگلیس ژی‌حازریاخو، بۆسەفەرائامریکاو دیتنا کندی دایەحەساندن، ڕندتێ خۆیان کوڕێبەرێد دەولەتێەمەزن ، بپاش ڕۆژێ دلگەرم بۆنە ، وەبۆپێشی گرتنا شەڕەکي بخەتەرەئاتۆمي ژجاردي کەتنە خەباتێ. (رابرت‌منزیس) سەرەك وەزیرێ (استــرالیا) کویەك‌ژدەولەتێدهەوقازانجە، بەري‌چوپینالندنێ، دکلك‌هەڕەواشنگتنێ وەسەرەکێد تازەیێ ئامریکارا لەدۆربەرێ ڕێوەچوناوانە سیاسي لەبارا کاربارێ جهاني‌بشێورە .

بێ‌شك (منزیس) ڤێ‌یەکێ بسەرەك وەزیرێ انگلیس وڕێبەرێد هەمو دەولەتێد هەوقازانج ئاگادار دکە .

سەرهەو مرۆڤ دوکارە بێژە کوبیرباواریا ئامریکا وانگلیس ، سیاسەتا پێشی گرتنا ڕەخنا کمونیستي‌یێ‌دا، یەکە .

لێ‌بەلی‌سەرەکێددەولەتا انگلیس‌لازم‌دزانن کوبەري‌هەرتشتە کی هنگاوەك‌بۆحل‌کرنا بەرەکی ێیدڕۆژهلات وڕوژئاوا ، وپێشی گــرتنا شێر، وهەژێ پاساخ کرنا خەباتێ سیلاحی ئاتۆمي‌را وارە هلدان ، کو بۆوێ ڕێبەرێد ئامریکارا بشیوورن .

هیوي‌هەیە ، کوبئالي‌کاریادەولەتێد مەزنێ ڕۆژئاوا ئالۆزیاجهانی ژناو هەرە .

### ماناى‌ووشەکان

(کڤش) : دی‌یار : معلوم
(چاواك) : بەحۆرێ‌کە : بطوریکه
(جڤات) : کۆبۆنەوە : کنفرانس
(سەرهەو) : بەتێکرایی : رویهمرفته
(فڕندەوان) : فڕۆکەچی : خلبان
(پێل) : شەپۆل : موج
(داحەساندن) : ڕای گەیاند : اعلام کرد
(ڕند) : چاك : خوب
(دکلك) : ئەیەوێ : میخواهد
(بشێووره) : ڕاوێژبکا : مشورت کند

م:ص:م

## بەشی مەولەویی پارچەی

### ٤٨

خوڎا لێ‌خۆشبۆ «مەلەوي» لەپارچەدا دووا ڕۆژی ژیانی خۆی دێنێتەپێش چاو، وەلەیەزدان‌ئەپارێتەوە کەلەکردەوەی خراپی‌چاوپۆشي بکاو لێی ببورێ ، هەر وەها کەئەلێ :

یازەي ! نەوشەو تارپکەی فــانیی
هەر تۆوە کەردەی بەدنــم مەزانــي
ئای،سوبح‌مەحشەرسەرئەفگەندەی‌وێم
شەرمەندەی‌حضورخۆڎاوبەندەی‌وێم
بەڕەحمەکەی‌وێت‌فەردتەنیای‌تاك !
بەشق مــەشق عیشق دلپاکان‌پــاك
وەوەصل فــراق خــاتر پڕخاران
وەدیای دمای یــەکتــري یــاران
ئەرصەد ، تاوانم جەحەڎ ئەودەرەن
دەفتەرم جــەڕۆی وێم سیاتــەرەن
تۆبویەرجەمن جەپــڕ ئینصافــي
من‌ڕۆ زەردي وێم کافی یەن‌کافیی

بنکەی ژین
www.zheen.org

### نەتەوایەتی...

ماوەی ل٤

کەدەرمان خست مادوپارس وئەو هۆزەکان هەموّیەکیّ بوون، وە ئەگەر برێجاریش هێزلەدەس هۆزێکەوە گەیشتوەتەدەس هۆزێکیتر، بردوو داناو خۆیان لەیەکترزانیوە، وەهەرکامسەرەکی وپادشایی وشاهەنشایی‌ئەوی‌تریان بەهی‌خۆیان‌داناوەوقبوڵیان کردووە

قەت ناکرێ پەیوەندیی وە تەنافی کەزۆرتر لە٢٥٠٠ سالە مێژی هۆنراوەی بێ‌وێنەوەندەی زابووردوێ، وەهەرپێش‌هاتی‌زوی لێ‌کردبێ،بەهۆێ ئەوپێش هاتە وەقایمتر بوبێتەوە بپچرێ، هەروەها کەزۆرتری مێژوۆنوسان لە بارەی ئەوەوەلێ کۆلینەتەوە وە زۆرتریان وایان بۆدەر کەوتووە کەئەمانە هۆزانێکی ئازادەونەبەز ونەترسن کەگەلی زۆر کارلە دەسیانەوە تۆشی‌سەخڵەت‌وزەحمەت بوون، وەجگەلەپاراستنی‌ئاووخاك وپادشایی و شاهەنشایی خۆیان ئاوات وئامانجێکیان نەبووەو نی‌یانە.

### مێژوی...

ماوە ل ٤

(پێش‌لەوەی کە ئارياییەکان ببنەخاوەنی ئەوسەرزەوینە، چەنێ هۆزێکی‌تورك لەوێ نیشتەجێ‌بوّن. یەکێ‌هۆزی «نایری»لەکوێستانی ژۆژئاوایی«وان»هەردوّلای چۆمی دەجلە؛وەهۆزی «مینۆیی»لەباشوورو رۆژهەلاتی دەریاچەی «ئورومییە» نزیکی کێوی زاکروس؛ وەهۆزی «ئۆراردۆ» لەباکوور و رۆژهەلاتی خاکی «نایری» دا. لەنێوی ئەم‌سێ هۆزەدا، هۆزی «ئۆراردۆ» بەتین‌تربوو؛ وەلەگەڵ دەولەتی«ئاسوور»دا، هەمیشەمشتومڕی‌بوو؛پاتەختی ئەوان‌شاری «وان»ی،ئیستابوو.لەوبەردە نووسراوانەکە سەرانی ئەوان لەخۆیانەوە بەیادگار هێشتوویانە،ناوی شەش کەس دەرکەوتووە؛ وەژەنگەکە ئەمانە لەیەك خێزان بوو‌بێتن؛ وەپشت لەسەریەك پادشایی‌یان کردبێ.یەکێ‌لەوانەبەناوی «ارکیستس» وەهاپادشابێ بوو کە لەگەڵ «سارگۆن» پادشای ئاسووردا، شەڕی کرد ٧٢٠-٧٠٠ پ‌م.

یەکێ‌تریان بەناوی «بلاتدری» یا «سردورس»ی سیەم، لەگەڵ «ئاسووربانی‌پال» لەسالی ٦٤٤دا، شەڕی کرد.

سنووری وەڵاتی «ئۆراردۆ» نزیکەی هەموو ئەوسەرزەوینەیە کە ئیستابەناوی ئەرمەنیستان ئەناسرێ؛ وەچەنێ شوێنێ لەوخێزانە لە «ملاطیە،پالو» لەمیاندوئاوا، هەیە، پاڵشاکانی ئەوێ خۆیان بەپادشای «نایری» ناوئەبرد.

**ماناىووشەکان**

پچران - قطع ، انقراض — مەڵبەند - منطقە،ناحیە

خێزان - خانوادە — سنوور - مرز، حدود

### هەزارویەك‌شەو — ٣٥٣

سەرخۆی، ئەنوازێ‌مەرجانەوا، لەلای‌سەریەوە،دەس‌بەجێ‌بەوی‌ووت: چیم‌لێ‌قەوماوە؟ بۆچی‌وەها گێج وبێ‌هۆشم؟لەم‌کارەساتە ئاگادارم بکە؟مەرجانەووتی: کاتێ من‌هاتمە سەرت، ئەنوازم بێ‌هۆش بەپشتا کەوتووی؛ وەخوێنت لێ‌ئەڕوا. شازادە خاتون دەس بەجێ تێ گەییشت کە : ملك‌نعمان بەناپیاوی دەستی پێ گەیاندووە ، زۆرپەشێو و غەمباربۆ؛ ئەوجا بەکەنیزانی ووت: هەرکەس ئەیەوێ بێت‌بۆلای‌من، دەست بنێنە سێنەیەوە، وەلێ نەگەرێن‌بێتەژوورەوە، بڵێین: کەشازادە خاتون نەخۆشەونابێ کەس بڕواتەلای. ئەوجائەم هەواڵە گەیشتە ملك‌نعمان کەشازادە خاتون نەخۆشە ، زۆر نارەحەت‌بۆ. وەهەمو ڕۆژێ دەواودەرمانی بۆی‌ئەنارد تاچەنێ مانگێ شازادەخاتون بەم‌جۆرەخۆی لەخەڵکی شاردەوە ، وە لەگۆشەی تەنیایی‌دا، ژای ئەبوارد ؛ وەملك نعمانیش ئاگری عیشقی دامرد ، وەبیری‌ئەو نەئەکەوت. لەپاش ماوەیێ شازادە خاتون ئەنوازێ سکی‌بەرزبوەتەوە، دونیای ڕۆشنی لێ‌تاریك‌بو، وەمەرجانەی‌بانگ کردوکارەساتەکەی بۆ گێزاوە،ووتی:بەڵام کەس ستەمی لەمن‌نەکردووە؛من‌بۆخۆم ستەمم لەخۆم کرد کە باوك‌ودایك ووەڵاتی‌خۆم بەجێ‌هیشت‌وخۆم خستەداوی‌بەڵاوە؛ وەئیستاوەهام بەسەرا هاتووە کە بەسەرئەسپەوە خۆم ناگرم، ئەگەرمن لێرە بزێم ئەبمەپەنێ وهەموو کەسێ تانەوتەشەرم لێ‌ئەدا؛ وە کەنیزەکان هەموّزانیویانە کەملك نعمان‌پەندی پێم‌داوە؛وەئەگەر بمەوێ‌بگەڕێمەوە بۆلای‌باوکم، نازانم‌بەچ‌ڕۆیێکەوە بڕۆم.مەرجانەووتی: خۆت‌ئەزانی، هەرچی ئەفەرموی، من‌جێ‌بەجێ ئەکەم وبەدڵو گیان وام لەبەردەستا. شازادە خاتون ووتی: ئەمەوێ بەپەنامەکی لێرەدەرچم ، وە جگەلەتۆ کەس بەکارم‌نەزانێ،تابگەمەوەلای‌باوکم؛دەستی‌شکاو حەواڵەی گەردەنە. مەرجانەووتی: زاوێژێکی زۆرچاکە. لەپاشان‌شازادە خاتون کەوتەخۆی‌بۆهەڵاتن، وەئەم‌ڕازی خۆیەوە جگەلەمەرجانە بەلای هیچ کەسیکەوەنەووت، تاڕۆژێ پاڵشاچۆ

## ریزەکاریی

**زیش‌لەشتێکدا ، سپی کردن :** بۆنی‌سابیقەی زۆرلەبەدا ئەڵێن: «من‌ڕیشم لەفلانەکاردا سپی کردووە» یاڕیشی،لەفیسارەفەنداسپی‌بووە». بناغەکەی ئەوەیە، کەکابراهەرلەو ڕەتای پێ گەیشتنەوە، خەریك‌ئەو-شتەبۆبێ، تاکاتی‌پیری‌وڕیش‌سپی کردن، وەپاشان‌تەعمیم‌دراوەبۆموتڵەقی سابیقەداربوّن .

**کلك لەشتێکداژزان! :** بەمەعنای ڕشووە، بەڵام، ئەم بۆکاتی مەزاح ئەووترێ؛ وەموناسەبەتیشی‌ئەوەیە، کە چۆن مرۆ، تا ڕۆبەپیری بڕوا، ڕیشی، سپی‌ئەبێ، برێ گییانداری کلك (قلینچکە) دار،موّی کلکی ئەڕزێ. شاعیری گەورەی مەزاح ویژ، خوالێ‌خۆش بومامۆستا شێخ رضای تالەبانیی‌ئەلێ :

> «کەلیماتی‌حێکمەت ئامێز، لەجەنابی‌شێخ ڕەزاوە
> بەعەجابیبی، مەزانە، کلکی تیا ڕزاوە !»

**چاك هەڵ کردن :** خۆئامادە کردن . «چاك» پالداوێنی کەوایە، وەهەڵکردنی، ئەوەیە، کەبکرێتەگیرفان یابەرشالدا؛ جا لەبەرئەوە کابرای سپاڵ شۆڕ، بەو کردە وە، ئامادەی برێ کاری سەرپاییی ئەبێ کراوەتە کینایە بۆئامادە بۆن، چ کابراسپیالی شۆڕی ، لەبەردابێ، چ کورت، وەچ کارە کە سەرپاییی‌بێ ، یاهەرچەشنەکارێکی‌تر؛ کەوابۆ، ووشەی دەلالەت کەر، لەسەر «ملزوم»، بۆمەعنای «لازم» بەکاربراوە؛ بەڵام لەدۆووشەی سەرە وەدا، دووای‌ئەوە کەئەبنە کینایە، لەمەعنای پیربۆن لەشتێکدا .

**بەپەرۆی‌بۆسۆبون :** سۆك وبەدناوبۆن وزەنگ ڕزان.«پەرۆ» یانێ کوتەپارچەی کۆن،وە«بۆسۆ».پەرۆیێکە، کەسۆتابێ، وەسۆتکەکەی مابێتەوە[ کەوابۆ، خودی‌بۆسۆ، هەم مەعنای سفەت ئەگەیێنێ، هەمهی مەوسۆف، وەهێنانی‌پەرۆ، لەپێشتەوە، بەیاسای «تجرید»ە]. جا،دیارە، بۆسۆ، هەم بۆنی‌پیسی،بەهەموّلایێکدا ئەچێ،وەهەموّ کەس پێی‌ئەزانێ، هەم بۆرز کابۆن لەبۆنی‌لێی‌ئەنوێن تووڕی‌ئەدەن .

**ئاگری‌ژێرکا :** کەسی کەلەپەنامەکی‌یەوە،خەریکی‌هەڵگرساندنی فیتنەیێ‌بێ،بەڵام بەڕووالەت، خۆی بەچەشنێکی‌تر نیشان‌بدا.موناسەبەت ئەوەیە، کەئاگر، لە ژێری کادابێ، کەس‌پێی‌نازانێ، کەچی‌لەدووایی‌دا، ئەوفیتنەیەلێ هەڵ‌ئەسێ، کەهەڵ ئەسێ.

### ساترایی...

ماوەی‌ل ٤

یەکێ‌لەشارەکانی ئەم ساتراپی‌یەبەناوی «تیم‌برایا» لە چاوی مێژوەوە، بەهۆی پێشاتێکی مێژوویی‌یەوە زۆربەناوبانك و گرنگە؛ ئەوپێشاتە ئەوەیە کە کوروش پادشای ئێران «کرزوس» پادشای«لیدی» لەوێ شکاندوبەسەریاپیرۆزبۆ. خەڵکی «فریژی» فەلاوجوتیاربوّن؛ وەزۆرحەزیان لەبەخێو کردنی گیانداران ئەکرد . شاری گەورەی‌ئەو ساتراپی‌یە «سێلێنێس» بۆلە نزیکیی «مئاندر»دا؛ وە«قونیە» کە یەکێ لەشارەکانی ئەمڕۆی‌ئاسیای‌بچۆکە،بەشێ‌لەم ساتراپی‌یەبۆ، وەلەووەختا ناوی «ئی کۆنیۆم» بووە .

ماوەی هەیە

**ماناىووشەکان**

دۆرگە : جزیرە — کۆچەر: مهاجر

سنۆر: مرز — جۆلەکەر: متحرك

بریتی‌لە ...عبارت از... — مرخ : طبع

بنکەی ژین www.zheen.org

نووسەری پەراوێزو وڕاستەوکەری هۆنراوەکان: م.ص.م

# کنز العرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین وو تار ((میر محمد صالح حسنی نعمت اللهی))

**ملقب بە «حیر انعلی شاە» ی کرماشانیی**

خوداڵێ خۆشبۆ «سەی صالح» لەمپارچەدا لەڕێگای ئامۆژگاری‌یەوە ، خۆی دەرئەخا ، وەئەوشتانە کەخۆی لەڕێگای خـوداناسی دا چاوی پێ کەوتووە ، بەگۆشەوئیشارە ، هەڵیان ئەدا ، وەخوێنەرووریا ئەکاتەوە کە جیهان تەنیا ئەم تەشکە ڕووالەتی‌یەنییە کە بەچـاوی سەر ئەبینرێ ؛ ئەوحەقایقەنهێنی‌یانە کەئەوان بەچاوی دڵ ئەیان بینن ئەگەر کەسانی‌تری نەگەیشتۆچاویان پێ بکەون ، وەکۆ «فەرهاد» دێوانەئەبن ، وەئەکەونە کێو ، کەوابۆ ، چاکوایە هەرئەوە بزانن کەهەموشتێ لەتێدا چۆن‌دایە ، جگە لەذاتی بەدی هێنەری جیهان ، هەروەها کەئەڵێ :

من وە ذات هو . . .

ابتدا مە کـەم من‌وەذات هــــو

وەزبان حەق مەواچم وەتـــــۆ

«کل شئی هــالك الاوجهــــــه»

گۆش دڵ واکەتاواچم لەنـــــۆ

فەرهادێ صفحەتان کەم وەنەقش ئـۆ

لەواتەم فەیلا تەفسانە مــــــەوۆ

عالەم چون«مەجنون»دیوانەمەوۆ

دڵ کەر وەمیرئات ئەسرار مەگـۆ

چۆ تەرسا بەچــە ، بنیش ڕۆبــەڵو

خاموش‌بە‌انییەن‌جاگەی گوفتوگۆ

تاوینی جەماڵ دڵربای خـۆشخۆ

گـوش دڵ بـدە روەصـاحب‌سرۆ

بشنەو ژساغر، ژسەهبا وسەبـــــۆ

وەاێسان غەیب مەواچن‌وەتـــــۆ

«کــــــل‌شئی هالك الاوجهــه»

**لەهەر گولزار**

ماوەی ل ۳

جەوسا دڵ وەنیش نگای تۆکاوان

کاوان ، کلاوان، گشت‌وەمن ئاوان

شەوتارۆچەنیی بەخت وێم داوان

جام ها نەسەرفەرق کەلڵەی کلاوان

فیدای دەمت بام شای چەم‌سیاوان

ڕەحمێ کەروەحاڵ بەندەی بێ‌تاوان

# چووارقوژبن

**لابەلا :**

١ـ یەکێ لەخودا ناسە بەناوبانگەکان کەبە «حافی» ، ناوی‌داخستـــووەـ ساف‌نیی‌ه ٢ـ ئەڵێ:بەڵێـ ڕۆژی‌هەورامان٣ـچێشتێکی سادەی زستانی ، کەلە بژوێنی دوروۆس ئەکرێ ٤ـ ئەگەر تۆزێ هەوا ساردتربووایە ، ئـەبۆ بەبەفر ٥ـدایك، بەوەمنداڵ ئەلاوێنێ‌تائەیکا تەخەو ٦ـ بەدناوی زەنگ زڕاوـ کەسێ کە ڕەنگی پۆستی ، سوری کاڵ ، وەهێمـوی ، زەرد یاسپیی بێ ٧ـمنداڵی نێرینەـوەسپلەی جییاوازی (امتیاز) وەبالك کردن .

**بەرەوخوار:**

١ـ باوکی کوردی ودەرگای‌عەرەبی‌ـ ئەمیش‌هەرپشیلەیە٢ـسمێڵ یائاوخۆری‌عەرەبی‌ـ دوعای مردن کەلە هەموحاڵەتێکدا ( بـۆهەر



شەش‌صیغـ)هەریەك‌جۆرە ٣ـسۆبەبێکی‌نەوتیی وەبێ‌اوالە ٤ـ دوعا ، کە بەوجۆرە بۆ زۆکارئەکا ٥ـترازۆ، یاچزێ، کە کەم وزیادیی کێشانەی ترازۆ دەرئەخا ٦ـ زام ـ بای‌هەورامیــی ٧ـ جاران تەنیا لەحەیوان ئەگیرا، بەلام ئێستا ، گوایەلە گیپاش‌ئەگیرێـ پڕچنگێ،لە گییای دروکراو .

**کراوەی چووارقوژبنی ژمارەی ۸۹**

**لابەلا :** ١ـ شەمال ٢ـ کچی ـ ئەك ٣ـ چیل٤ـشرـ بو ٥ـ کیچ ـواگ٦ـوالـ گەی ٧ـلـلەـ تور .

**بەرەوخوار :** ١ـ کەشکول٢ـش‌چـ ریال ٣ـ هیچـ چلە ٤ـیە ٥ـئال ـ وات ٦ـ لەـ باهۆ ٧ـ کەوگیر .

هەزارویەك‌شەو ۳٥٤

بۆڕاو؛ وەشرکانیش ڕۆییشت بۆ کوێستان کەبۆماوەیێ لەوێ ڕابـوێرێ وخەفەتی دڵی‌دەربکا. شازادە خاتۆن بەمەرجانەی‌ووت: ئەمشەو ئەمەوێ بڕۆین، بەلام‌لەگەڵ چارەنۆساچی بکەم؟ کەکاتێ منداڵ بەدنیا هاتم‌نزیك بوەتەوە، ئەگەر چوارڕۆژی ترلێرە بمێنمەوە، ئەزێم وئەوکاتە ئیترناتوانم بڕۆم. ئەوجا سەعاتێ سەری‌داخست‌و کەوتەبیر کردنەوە، لەپاشان سەری‌هەڵبڕی، وەبەمەرجانەی ووت: پیاوێ پـەیـدا بکەمە، لەگەڵمانا بیبێتەهاوڕێ،وەکارەکانی ئێمەلەنێوڕێگادا جێ بەجێ بکا.مەرجانە ووتی: خاتۆن! بەخودا من‌جگەلەقۆلەڕەشێ بەناوی «غضبان» کەس ناناسم.ئەویە کێ لەغولامانی ملك‌نعمان وقاپی‌وانی ئێمەیە. من‌ئێستا ئەڕۆم، قسەی لەگەڵ ئەکەم ، وەوادەی پارەوخەلاتی زۆری‌پێ ئەدەم‌وپێی ئەڵێم: ئەگەرلەلای‌ئێمە بمێنێتەوە. هەر کەس کەدڵت لێ‌بچێ، بۆتی‌مارە ئەکەین . شازادە خاتۆن ووتی : بڕۆبانگی بکە بۆلای‌من ، تابۆخۆم قسەی لەگەڵ بکەم. مەرجانە ڕۆییشت غضبانی بانگ کرد . غضبان‌هات سەری‌خەواند وکەوتەخاك . شازادە خاتۆن کە چاوی بەدیمەنی ڕەش‌و ناشیرینی ئەوکەوت ، زۆرترسا ، بەلام لەڕۆی ناچاری‌یەوە پێی‌ووت : غضبان ! تۆ ئەتوانێ یارمەتی بەئێمەبکەی، وەئەگەر ڕازی نهێنی خۆم‌بەلاتەوە ئاشکرا بکەم، بۆکەسی نەڵێیت؟ قولەڕەش کەتەماشای ڕۆمەتی وەکۆمانگی چـواردەی شازادە خاتۆنی کرد، شێت وشەیدای‌بۆ، وەلامی‌داوە: قوربان! سەروگیانی خۆم‌لـەڕێگای تۆدا، دائەنێم . شازادە خاتۆن ووتی: کەوابۆ، ئێستا ئەمەوێ دەس‌بەجێ بڕۆیت دۆئەسپی چاك بۆمن ومەرجانە لەتەویلە بکێشیتە دەرەوە، وەبەتەرکی هەردۆکیانا خورجینێ پڕلەپارەونەختینە دابەسیت؛ وەئێمەبگەیێنیتەوەلاتی ملك‌حردوبی‌باوکم، لەوێ منیش‌دڵی تۆ بەدەس دێنم، وەلەماڵی‌دونیا بێ‌نیازت ئەکەم وژنت بۆئەخوازم، غضبان لەبستنی ئەم‌قسەخۆشی پێ کەوت ودەستی کردە خوڵتەوکێکەلەقێ، ووتی؛

## ئامۆژگاریی

خۆتان هەر جۆرە جلی ئەکەنە بەرتان ، وەهەرجۆرە خوراکێ ئەخۆن، لەوجلەبۆ کارە کەرونۆ کەرتان دروس بکەن ولەوخوراکەیان بدەنێ .

(حضرتی محمدص)

زۆژێ«احنف» کوڕی«قیس»زۆییشت بۆخزمەتی حەزرەتی«عمر» (رض)ئەنوازێ خەریکەئاڵف ئەکاتەبەرئوشتر، ووتی: یاامیرالمومنین! بۆچی نلفەرمۆێ : نۆکەرێ ئەم کارەبکات! فەرمۆێ: نۆکەرێ لەخۆم نۆکەرترلەکوێ بینم ؟ کەسێ کەکاروباری موسوڵمانانی گرتەدەست ئەبێتە نۆکەری هەمۆ موسوڵمانان.

(حضرتی عمررض)

دووا ئامۆژگاری پەیغەمبەری خودا بۆمن ئەوەبۆ کە فەرمۆی : بەهەمۆ کەس ڕاگەیێنە کەلەگەڵ ژێردەسە وکارەکەر و نۆکـەری خۆیانا چاك ڕەفتاربکەن !

(حضرتی علی رض)

دڵی ژێردەسەی خۆت مەڕەنجێنە ، نەوەکۆ ڕۆژگار بتکاتـە ژێردەسەی کەسێ وتۆلە بدەیتە دەسەوە . خەفەتی ژێردەسەی خۆت بخۆ، وەبترسە لە گەڕانی ڕۆژگار .

(سعدی رح)

کاری خراپم لەچاوی خەڵکیی بشارەوە ! سەختەتی دونیا لـە بەرچاوم ئاسان بکە ! ئەمڕۆ لەدونیای ڕۆشنا ڕەحم پێ بکەوسبەینێ لە ڕۆژی ڕەستاخێزا هەرچی کە بۆ کەرمی تۆئەشێ وابکە !

(ابوسعید ابوالخیررح)

ئەی ظاڵم ! بترسەلەو ڕۆژە ڕەشە، کە نەگبەتی ظوڵمی خـۆت داوێنت بگرێ ولە چاڵیکەوە تۆزت بدابۆئەوچاڵە کە، وەئەو کەسە کە ئەمڕۆتۆبەچاوی هەژاری وسوك تەماشای ئەوئەکەی، ئەڕۆژەبێتەسەرت وەشاژکلەپت پێ بینێ و گاڵتەت پێ بکا .

(خواجە عبدالله انصاری رح)

بوزو گمیهر ئەڵێ: لەماموستام پرسی: چ ڕەفتارێ لەخەڵکی یەوە زۆرناخۆشە؟ ووتی: تونڈیوتیژی لەپادشاهانەوە؛تەماکاری لەزانایانەوە؛ وەمشت قووجاوی لەدەوڵەمەندانەوە. پرسیم : لە دونیادا، کێ زۆرخۆش بەختە؟ ووتی، ئەو کەسە کەخۆی بەدەست ودڵ بازی، تاقیی بکاتەوە؛ وە جگە لەقسەی ڕاست بەزمانیانەیێ.

(بوزور گمیر)

چوارشت بەڵگەی شێتیی ونادانی یە:هەرخۆ بینین وخەڵکیی بەهیچ زانین ودەمارودەعیفرۆتن؛ بۆعەیبـو ناتەواوی خەڵکیی گەڕان؛ بەخێڵیی بردن؛ وەلەسفلە هیواداری پیاوەتیی بوون .

(لە کتێبی نصایح الحکماء)

بۆهەمیشەناتوانی کە گەڵ گوڵ بدەیت وبیان خڵەتینی؛ لەئەنجاما ڕۆژێ ئەگات کە گەل لەحیلەوفڕوفێڵی سیاسەت گێڕ،ئاگادار ئەبێ ئەوکاتە ئێتر ناوەڕیان پێ نارمێنێ، وەتووشی زۆژی ڕەشی خۆی ئەکەن .

(ئەبراهام لینکلن)

ئەگەرسیاسەت گێڕیت وئەتەوێ دەسەڵات وتەواوایی تۆلـەنێوی گەلابپارێزرێ وبمێنێ ، تێ کۆشە کە داد گـەری دامەزرێنـــــــــی!

(کلیمانسو)

ڕۆژنامەنووسێ کەلەکاتی سەختەت ومەترسیی دا، پێنووسی خۆی بشکێنێ ولەقوژبنێکدا کزبکا، گوناى ئەولەوسەربازە کە

## کینیدی لە چەك داماڵینی سەربازانی موبوتو لەلایەن کومەڵی نەتەوەیەك گرتووەکانەوەپشتیوانی کرد

حکومەتی ئەمریکا بوپیكهینانی دەولەتی ئیئتلافی لە کونگودا، کەوتوەتەتی کوشین .

## بلژیك لەسیاسەتی ئەمریکا لەکونگون ازور پەشیوە.

ووتوویژی ئەمریکاوروس بونیشتنەوەی گیژاوی کونگو بەم زووانە دەست پی ئەکری .

سەناتورەکانی ئەمریکا لەگەل بەشداربونی لوموبا لە دەولەتی ئیئتلافی کونگودا ناحەزن

## روس سەبارەت بەدامەزراندنی پایەگای موشەك تورد ەر، هەرەشەی لە تورکییە کرد.

پیلانی لایەن گیرانی مندرس بەپیچەوانەی گورسل دەرکەوت

بری چەك و نامیلکە بەپیچەوانەی دەولەت، بەلای لایەن گیرانی مندرسەوە دەکەوت ؛ وەدەستەیەکیش کەوتنە بەندی خانەوە.

لەپاش ژێك کەوتی وەزیرانی دەرەوەی عەرەب لەبغدادا :

## شەرەقسەی وەلاتانی عەرەب بەرادیوو روژنامە دوایی هات. عەرەبەکان بو بەدەست هینانی سەربەخویی الجزایر فلسطین همان، وەبەرهەر لستوەستانی ئیسرائیل پیکەوە هاوکاری ئەکەن .

بنکەی ژین www.zheen.org

لەکۆمەڵا..

ماوەی ل٢؟

ڕیان نییە، وەملی پێدا ناکەن، وە ئەڵین دێوودرنج شتێکی بێ جێ ، وەدوروست کراوی بیروزای کۆنی.

بەرەی مرۆڤە. بەمڕەنگەبـەرەی مرۆڤ لەسەرەتای ژیانە وەزانیاری یێکی وەهایان نەبووە کەبەهێزە. کانی جیهانی سوردشت ' پەی ببەن وەلێکی بدەنەوە ، ئەنجائـ ەگەر

شوێنێکیان چاویێ کەوتبێ ' وە شوێن کەرە کەیان نـەدی بـێ ، ناوێکیان بۆئەوشوێنکەرەدۆزیوە تەوە،بۆوێنەووتۆیانە،ئەوکارەکاری دیوودرنجە؛ وەلەلایانوایە کەدێوو درنج جگەلەوە کە چیرۆکێکی کۆن وئەفسانەییێکی دەس هەڵبەس بێ ڕیشەیە،بناغەییێکی نییە.

بەوچەشنە کە هەڵماندائەوکارە نەکراوانە کەدەروێشەکان ئەیان کەن نابێ کاری دێوودرنجیش بێ، کەوابۆ، تەنیا هێزی ویستە کـەئـەوکارا نەی پێ ئەکرێ' وەهەر کەسێ ئەو ویستەبەتینەی بیێ ئەتوانێ گەلێ کاری نەکراوی گەورەتـریش بکا کەلە کردەوەی دەروێشەکان سەسڕ کەرتر بێ .

ناتەواو

لەمەیدانی شەڕا، پشت هەڵ ئەکاوسەنگەرچۆڵ ئەکا، زۆرترە .

(اناتول فرانس)

ئەگەرئەتەوێ کە لەلای هەمۆ کـەسێکـەوە خوشەویست بـێ، ئێشتباکانی خۆت زۆرترلەچاکەکانت بنوێنە .

(بارون لیتون)

بۆدەرخستنی ژیری ووریایی وتێ گەییشتن ، ئەبێ زۆرتێ بکۆشێ . بەڵام دەرخستنی نادانی ونەفامی نیبازێکی بەتێکۆشین نییە ، وەبـەقسەیێ یاکردەوەیێ ناڵەباردەرئەکەوێ.

(دون هارولد)

هەر کەس ئەبێ لەدڵی خۆیاگۆزێ بۆئەسپەردە کـردنـی ئێشتبای دۆستانی خۆی بکەنی.

(هانری وارد بیچر)

# هەمو گەلانی دونیا بیزاری ورقی خویان لەکوژرانی لومومبا دەربریوە


ژمارەی ـ٤٢ـ سالی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ٩٣

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردییە، حەوتەی جارێ چاپێکی دەرئەچێ

بایی

بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش مانگە | ٧ | « |
| چڵ | ٣ | قەران |

بۆ دەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | « |

عەزیزم شاسـوارێکە، گوزەرکا، گەر، بەلەلبورزا
دەکا ، نوو کی سمی لەسپی، لەخارا، تووتیا پەڕدا

سیاسی ـ زانیاری ـ وێژەیی ـ کۆمەلایەتی

خاوەنی امتیاز و مدیری لی پرسراو
عبدالحمید • بدیع الزمانی

بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
دوکتۆر محمد صدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر
دوکتۆر عبدالرحمن و احمد مفتی زادە
عابد سراج الدینی ـ شکرالله بابان
خسرو شیخکانلووی میلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی «صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ٢١٨
تلیفوون ٣٢٠٠٣

چووارشەمە ٢٦ ڕێبەندان ٢٥٧٢ك ـ ٢٦ بەهمەن ١٣٣٩ش ـ ٢٩ شەعبان ١٣٨٠ق ـ ١٥ فیڤریە ١٩٦١م


سەرکۆماری ئەمریکا ڕای گەیاندکە:

## کوژرانی لومومبا، کەتنیکی گەورە بو، بو من

نەهرو، سەرەك وەزیری هیند دەرخوازی کرد کە:

## ئەوانە لومومبایان کوشتووە، ئەبی بەکەیفەری ئەم جنایەتە بگەن

نوێنەرانی ئەمریکا و ئینگلیز لەکۆمەلی نەتەوەیەك گرتووەکاندا، ڕایان گەیاندکە:

## کوژرانی لومومبا سووچێکی خەفەت هینەرو نەگبەت بارە

## هەوالی کوژرانی لومومبا، وەهادونیای شلەژاندووە، کەمەبەستی ویێشتنی موشەکی ڕوس بوزوهرە لەبیرچووەتەوە.

## موبوتو و گازافوبو، لومومبایان بە ٥٦ میلیون فەرانك بەچومبی فروتبو

دەولەتانی ڕۆژهەلات گوناهی کوژرانی لومومبایان خستووەتە ئەستۆی داگ هامرشولد، وەروس ڕای گەیاند کەئیتر ئەو بەسەرنوسەری کومەلی نەتەوە یەك گرتووەکان ناناسێ ؛ وە دەولەتی جێ نشینی لومومبای بەڕەسمی ناسیوە، وەئەبێ نیروی کۆمەلی نەتەوەیەك گرتووەکان لەکونگۆ بڕۆنە دەرەوە ؛ وەڕەنگە ئەم کارەساتە گیچەلیکی گەورە بداتە دەستی دونیاوە.

م.ص.م

### لەکومەلا چون بژین؟

زێگای خوداناسی
یان
طەریقەی عرفان
ـ٢٣ـ

بەشی دووەم لەجۆری یەکەم ئەوەیە کەئەوهێزە بەگوێرەی سوروشت لەمرۆدا زۆرتر ببێ، وە

ماوەل ١١

م.ص.م

### چون بنووسین وبخووینینەوە
ئەو گردەوانە کە بەهەر سێ کاتدا بەکار نابرێن

لەژمارەی پێشوودا ووتمان : ناوی «هە» بەدوجۆر بەکار ئەبرێ: یەکەم لەگەڵ پیتی بریتیی تەنیا، وەکو: هەم، هەی، هەیە، تادووایی دووەم لەگەڵ پیتی بـریتیی و

ماوەل ٥

بەپێنووسی. م . ع : سراج الدینی

## نالەباری یەکانی کومەل

## شەرەگەرەك

-١-

لەژمارەی پێشوودا، ئەوباسمان گەیاندە شوێنێ کەوتمان، لەسەر ئەنجامی شەڕی منداڵانەوە ئەکیشێتەلای شەری گەورەکانە ـ وەئێستا لەسەرپاش ماوەی ئەڕۆین. پاش ئەوەی لەنێوانی منداڵاندا شەڕەبەرزەقانی وبەردەفرکێ وشەڕە ژنیش دەستپێ ئەکا چونکەیەکی منداڵەکەی سەری شکاوە یەکی بەرچاوی گولی داوەیەکی دەستی شکاوە، ژنانی دوگەرەك بێ پەروا بەجوێن وناوو ناتۆر بـەیەکەوتن پەلاماربۆیەکتری ئەبەن پرچی یەکتری ڕائەکیشن زلفی یەکتری دەس کە نەئەکەن، وەئەوی بۆیان بکرێ وبەزمانیانا بێت ناوو ناتۆری زەوا و نازەوا بەیەکتری باوکوداك

ماوەل ٣

## ئابووریی لەدینی «اسلام» دا

-١٨-

### باشترین یاسای ئابووریی

لەباسی ڕابوردودا، بۆمان دەرکەوت کە لەڕێگای پێشکەوتنی ژیانی کۆمەلایەتیی چینەکانی مرۆدا، هەستی مشتومڕ وبەربەرەکانێی مانەوە (تنازع البقاء)، هەرلەبەرەوە زۆری گرتووە، وەبـەتەن بۆنـی ئەسەرەموسبەتەکەی (یانێ: بەدەس هێنانی شتومەکی ژیان وەهەستی

ماوەل ٢

### فەرری هێمنی

گێڕانەوەیێکی پیرۆز لەزمانی پڕ لەموعجزەی پێغەمبەری ئیسلامەوە (صلعم) گێڕراوەتەوە کەوە کووتەکانی دیکەی ئەومرۆڤە بەڕێزە جیهانێکی مانای تێدا داڕێژراوە.

ئەوپێغامبەرە بەڕێزە فەرموویەتی؛ دوفەڕهیە کە لەناو گرۆی بەشەردا پێی نازانرێ وەناناسرێ یەکەمیان بریتیی یە لەتەن دروستی، وەدووهەمیان بریتیی یە لەهێمنی، وەهەر کەس تا لەساغیەتی یا بەسەرئەبات ناتوانێ ئاگای لەگرنگی ئەوکاتە بێت بەلام هەر کاتێ بەشێ لەئەندامی تەن دوچاری ئێش هات ئەوکاتە بۆلەدەس دانی ساغیەتی غەم ئەخوا، وەقـەدری زەمانی ساغیەتی ئەزانێ .

فەڕی هێمنیش لەوفەڕە خۆشەویستانەیە کە: بایی بۆ تایین ناکرێ، وەئەویش هەروەك دەستوچاوو تەن دروستی تاکاتێ کەهەیە بەگرنگی ئەوپەڕەی نابرێ، تاکاتێ کەلەناوکەی فەڕی بێ هەواڵن بەتەواوی نازانرێ وە کاتێ کەلەبەین ئەچێ ئەوکاتە پیاو بۆی پەشیمان ئەبێتەوە، وەئاخ وداخی بۆهەڵ ئەکێشێ

ئەوهەوا صاف وپـاکیزەوێ گەرد. کەئێمە هەناسەی تێدا ئەدەین هێندە خاوێنە بەچاو نابینرێ بەڵام کاتێ کە گەرداوی ئەبێ وەیالە گەڵ دو کەلاتیکە لاوئەبێت ئەوکاتە

ماوەل ١٢



www.zheen.org

# مێژوی ڕیشەی ڕەگەزی کورد

نووسراوی زاناکی مەزنی کورد، احسان نوری
وەرگێڕاوی: د-ع-مفتی زادە

## ٩٢

ووتارێ لەیەکێ لە گۆڤارە فارسی یەکاندا لەژێر سەردێری «ئەرمەنستان»دا نوسرابۆ بەم چەشنی خوارەوە :

لەسەدەی نوزدەهەمدا کاتێ ڕۆژهەڵات ناسەکان لە کێوەکانی ئێران وئەرمەنستان وئاسوردا ، کێژە هەڵ کنراوەکانیان ئەخوێندەوە، پەی یان برد کە : سی هەزارساڵ پێش لەهاتنە دونیای مەسیح، لەبەشێکی ئەرمەنستاندا خەڵکێکی زۆرژیاوون، کەناویان «سوباری»بووە لەنێوی ئەم کۆمەڵەدا ، دەستەکانی «خات ، هات، خالد، هیتد ، ئالورود، هاباس» لەمێژودا ناویان براوە .

لەوڕۆژ گارا لەئاسیای بچوکدا چەندحاکمێ بەناوی «ئورارتو، بی ئەنا، عوسایر؛ ملید، میل دیس، نائیری ، مانا» ئەژیان، کە لە بەردە نوسراوەکانی ئاشوری ئەوانیان بەحاکمەکانی «نائیری» ناوبردووە؛ لە سەدەکانی دووایی‌دا ئەم حاکمانە هاودەس بوون، وەپادشایی «ئورارتو»یان پێک‌هێنا . پاتەختی ئەوان «طوسپا»بۆ، کەئێستا بە «وان» ناوئەبرێ.

لێرەدا «ئورارتو» و«مانائی»یشی بەحاکمەکانی «نائیری» ناو بردووە .

«تیگلات پلیسر» پادشای ئاسوریش ئەنوسێ : هۆزی «نائیری» لە اوچەی سەرچاوەکانی دەجلەوفوراتدا - یانێ نیشتمانی ئاراراتی‌یەکان - ئەژیان؛ و پاکوری «یفاتس»تا «دیاربەکر، خەرپوت، دەرسم» وە کێوەکانی «بتلیس - طوس» یان داگرتبوو. (١)

کەوابۆ ئەم مەبەستە ڕاستە کە : «ئاراراتی» یەکانیش لە «نایری»یەکان بوون . لەپاشان ئەرمەنی یەکان هاتن ، ئەوسەرزەوینەیان داگیر کرد .

لەڕۆژگاری «ماد»ەکاندا فەرماندەری ئەرمەنستان لە لایەن پادشای «ماد»ەوە ، ئەنراسەرکار؛ لەپاش بچڕانی زەنجیرەی پادشایی ماد، کاتی کوروشی مەزن ئومپوراتوری ئێرانی پێک‌هێنا ، ئەرمەنستان بەشێ لە شاهەنشاهیی ئێران بۆ، وەتاڕۆژگاری داریوشی سێهەم هەروەها ماوە . فەرماندەرانی ئەوێ بەناوی «وندفرنە» یا «هیدرانس» هەڵئەبژێرران ؛ وەبەقسەی «ئیسترابون» تاڕۆژگاری «ئانتیو کوس»ی گەورە، پادشای «سلوکوس» لەئەرمەنستاندا حوکمیان ئەکرد. ٥٥٩- ٢٢٣ پ.م (٢)

باوەکۆکتێبی «ئێران‌نامە» ئەم هۆزانەی بەتورک داناوە ، بەڵام لێ‌کۆڵینەوەزانیاری‌یەکانی ئەم دووایی‌یە، دەری خستووە کە ئەمانە لە ڕەگەزی ئاریایین .

زاناکان هۆزی «میتانی»یان لە «نایری»یەکان داناوە؛ کە هیچ ووتووێژێ لە ئاریایی بۆنی ئەوانا نەماوە- ئاسوری‌یەکان هۆزی «مانائی»یان- کەلەو کتێبەدا . بە «مینوئی» نوسراوە- بەخزمی «ماد»ەکان ئەناسێنن؛ تەنانەت بەکەمین پادشای «ماد» (دیاکو) سەرۆکی عێلی «مانائی»بۆ ، لەبنا «ماد، مانائی، سیت کیمری» لەمێژودا بەناوی «ئوممان- ماندا» ناسراوون، کەهەموولەیەک ڕەگەز وەئاریایی بوون، سنووری ئەوان تاقەراخی دەریای ڕەش ئەگەییشت کە «ئاراراتی»یەکانیش لەناوخۆی ئەوا بوون .

(١) کتێبی «مێژوی ویژەی کورد» بەپێنووسی «ماموستاسیدعلاءالدین سجادی» بەزمانی کوردي ، چاپی بەغداد .

(٢) کتێبی «ئێران باستان» بەپێنوسی «مشیرالدولە پیرنیا» چاپی تاران .

| | |
|---|---|
| ووتار: مقالە | زەنجیرە : سلسلە |
| گۆڤار: مجلە | لێ کۆڵینەوە: تحقیق، تتبع |
| سەردێڕ: عنوان، تیتر | ووتووپەڕ: تردیدوشك |
| کێژ: خط | لەبنا : دراصل، اساسا |
| هەڵ کنراو : حك‌شدە | |

# خوێنەرانی کوردستان

**برای زاناوهۆنەروبەڕێز کاك سیدمحمدامین شیخ الاسلامی!**

لەسەرەتای دەرچونی ئەم ڕۆژنامەوە - کەنامەجوانەکەت لەگەڵ ئەوهەمو شوێنە بەنرخانەدا بۆناردبوین- ئێمەبەدڵ وگیان هەمیشەچاوەڕوانی گەییشتنی نامەوشوێنە بەنرخەکانی تۆبوین و، ڕۆژنامەمان بەهەر ناونیشانێ بۆت ناردووە گەڕاوەتەوە؛ زۆرسەرمان سوڕمابۆ کەچۆن ئەبێ ئەستێرەیێکی ڕۆناکی وەکو تۆ لەژێری هەوری چلکنی گوم ناوی‌دا، داپۆشرێ، وەکەسێ نەی ناسێ ؛ تالەم دووایی‌یەدا بەناونیشانی «مهاباد - آقای سلیمان خان امیری، کارمند بازنشستەی فرهنگ » ڕۆژنامەمان بۆناردی .

ئێستا کە لەپاش نزیکەی دوسال دیسان ئیمەت بەناردنی نامە جوانەکەت وگەلێ هەڵبەست وهۆنراوی بەنرخ سەر بەرز کردووە، وە واژەی ناردنی ووتارو هەڵبەستی ترت پێمان داوە، زۆر کەیف خۆش بوین؛ وەهیوامان وایە ئەم هاوکاری ئێوەدرێژەی ببێ .

نوسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان بەهاوکاریی وەهامرۆێکی زاناو نیشتمان‌ویست وخوێن‌خاوێن شانازي ئەکەن وەسەربەرزی‌وپیروزیی تان لەیەزدانی مەزن داوا ئەکەن.

ماموستاگیان! بەڕاستي هەمو هەڵبەستەکانت بۆئەوە چاکن کە بەئاوی زێڕ لەسەرتەختەی زیوەوە بنوسرێ، وەبۆشانازی وسەربەرزیی هەموکوردێ هەتاهەتایە بمێنێتەوە؛ بەڕاستي ئێوەئەستێرەیێکی ڕۆناکن کەلەئاسمانی ویژەی کوردي‌دا، ئەدرەوشێنەوە، وەدونیایێ بەپرشنگی جوانی شوێنە بەنرخەکانی خۆتان ڕۆناك ئەکەنەوە؛ خودابتان پارێزێ بۆهیواداریی ئێمەوهەمو برا کوردە نیشتمان ویستەکانمان.

ئەوالەم ژمارەوە دەس ئەکەینەوە بەڵاو کردنەوەی گەوهەرە هۆنراوە بەنرخەکانتان کە بەدیاري بۆڕۆژنامەی کوردستانت ناردووە؛ وەبەکڕیارانی کاڵای پڕبایی ویژەی کوردی یان ئەنوێنین.

**خوێنەری بەڕێز کاك شیخ عبدالقادری طالبانی!**

نامە گەرم و گوڕەکەتان گەییشت؛ لەدڵسۆزي وهاکاریتان زۆرسپاس ئەکەین.

دیاری‌یە جوانەکانت هەمو گەییشتن ؛ بەڕاستي چاومان ڕۆن بووەوە .

ئەوالەم ژمارەدا ، مەتەڵەکان وبارچەیێ لەهۆنراوەکانت بەڵاو ئەکەینەوە .

**خوێنەری بەڕێز کاك عزیز هوشیار!**

ڕۆژنامەکەی ئێمە لەسەرەتای دەرچونێەوە ، کۆسپێ نەهاتووەتە ڕێگای ، نازانین چۆن ماوەیێ بەدەستتان نەگەیشتووە ؛ وەهیواداریـن لێرەوپاش هەمیشەوەری گرن .

## ووتاری دینی

ماوەی ل١

مالیکیی‌یەت) ئالوگوڕێکی بەسەر داهێناوە، تابووە تەمەستی بەر بەرەکانیی باشترژییان ؛ ئەنجا، لە بەرئەوە ، «باشترژییان، دووا پلە و حەددێکی مەعلومی بۆنییە، هەرکاتێ هێزێ لەکاردانەبێ کەمافی ئەفراد بپارێزێ، ئەوەی کەدەستی بڕوا، تا بۆی بکرێ، تەلاش ئەکابۆدامرکاندنی ئەوهەستە دووەمە کەجێ‌نشینی هەستی مشتومڕی‌مانەوەیە تائەسەرێکی مەنفیی لەوەوەبەدی‌دێ کەنەمانی بەزەیی بەیەکتر ، وەئاوڕدانەوە بۆیەکتر؛ وەئیتر لەوکاتەدا ئەو هەستەتەبیعی‌یەکەی مرۆ- کەهەستی هاوکاریی مانەوەبۆ- بەئەسەری مەنفیی وموسبەتیەوە لەناوئەچێ : کەس بەدڵی دانایێ کە دەسگرویی لەکەسێکی تربکا، وەتاهەرپلەیێ وەبەهەرچەشنێ کە بیروڕاوهێزی‌پێ بشکێ ، ستەم ئەکالەخەڵك‌ومافیان ئەکاتە ژێرپێوە . دیسان بۆمان دەرکەوت کەلەڕۆژگارانی ژیانی کۆمەڵەکاندا، پەیغەمبەران هەڵساونە تەوە بۆبەرەکانێ لەگەڵ ئەسەری مەنفیی مشتومڕی‌ما ڕەحم وبەزەیی)، وە زیندو کردنەوەی هە بەئەسەرەموسبەتو وە (دەسگرۆیی، وەسەم رس، جالە بەرئەوەکاروباری ژیانی کۆمەڵەکان لەبەڕواری ژیانی مرۆ-دا یەکجۆرنەبووە، تەبیعی‌یە، کە ئیسلاحی نالەباری‌یەکانیشیان ئەبێ یەکجۆرنەبێ؛ وەهەرپێغەمبەرێ، ناچاربووە، کە یاسایێ بۆئابوری دابنێ، کە بەدەردی ڕۆژگارو کۆمەڵەکەی خۆی بخوا . ئێستا بۆتەواو کردنی ئەم باسە ، باشترە بزانین کەجگەپەیغەمبەران- کە پایەدانەران، وەیەکەمین دەستە ماموستایانی ئابوري بوون- زانایا نێکیش، لەهەزاران ساڵی لێرەوە بەرەوە تائێستا هەڵکەوتون، کەلە بارەی باشترین یاسایێکی ئابوری یەوەشتانێکیان ووتووە ونوسیوە یا خەباتیان کردووە، تایاسایێ کە خۆیان بەباشیان زانیوە، لەکۆمەڵێکدا دامەزراوە

### ناڵەباریەکانی..

ماوەی ل١

وشۆوبراو تایفەی یەکتری ئەڵین، کەمەیدانی گورزوقاوەیندەقول بۆبەمێردی ژ.ان وباوکی منداڵان هەواڵ ئەگات شەڕئــەبێتەشەڕی پیاوان ومەیدان لەبەرزەقانیودار لاستیك وشەق وشاپ ئەچێتەدەرەوە وئەگاتــەخنجۆك وكاردولــەسەر ئەنجاما تەقــەمەنی، هەردوڵازۆر كاتی وابووە خزمیان لەچەخماخ هەڵساندووەولەیەکتریان کوشتو. وە.جاوەرن بزانین هۆی ئەم تاوانە لەسەرەتاوە کێیە ؟

ئایائەگونجێ منداڵیی لێ نەپر سراوودڵ بێ گەرد ناوبنێین تاوان کار کەبەهیچ پاساێکی شارسانیەتی تاوانی لێ نا گیرێ؟

من لام وایــە هیچــرۆڤێکی خاوەن ئاوەزناتووانێ ناوی بناغەدا- نەری تاوان کاری بەسەری منداڵابڕێ، وەئەگەر کەسێ بەئاوەزی چەوتی ئـــــەوان بەتــاوان کاربــزانێ ویابزانێ، ئەوک سەخۆی تاوان کارێکی کەورەیە

بەڵکو مامۆستای خدێ وفێر کردنی شارسانیەتی وخوورەوشتی چاك وخاوین، وەهەروەهاش خدێی خراپ وچەوت، لەپێش هەمو کەسێکا باب وداك وەلەپاش ئەوان مامۆستا یان وەلەپاش ئەوان کەس وكاری نزیکی منداڵ و ئەنجا کۆمەڵو کۆمای تیاژیاوی منداڵەوەئەوان لێ پرسراوی ئەو منداڵانەن .

چونکەمنداڵدەفرێکی خاوێن وعەرزێکی ئامادەی داچەقاندنی نەمامە، وەلەسەرەتای ژیانیەوەیانێ لەناوبێشکەوە چاوەڕوانی باغەوانە کەهەر نەمــامێکی تیاداچەقێنێ بی هێنێتەبەر، ئەگەرلێ پــرسراوە کانی ئەوعەرزە خاوێنەلــەوباغەدا نەمامی چاکیان داچەقــاند، بارەی چاکی لێ وەرئەگرن، ئەگەرواش نەبۆ هەرجۆلانەوە یێکی بێ مانای ئەوان نەمامێکی ناڵەباری پڕدڕك وداڵ لەمەزرای خاوێنی ئەومنداڵە- داشین ئەکات وەناچاربارەی ترش وتاڵی لێ وەرئە گیرێ .

کاتێ کەمنداڵ لەمامۆستایانی قین وزق ومنوتۆیی وبێ مانایی وخراپ وتنی خەڵکی وتانەوتەشەروجوێن وناوو ناتۆر بەخەڵکی ببیسێ،سەر ئەنجام ئەویش بۆشەڕەئەگەرك باردێ وەشەڕە گەڕەك یەکێکە لەوانە. مامانە کەبەئاوی قسەی شەووڕۆژی باوك وداکی وئەندامانی چووار لای ژیانی ئاودراوە، چونکەئەمە شتێکی ڕۆنــاکــە منداڵ لاسایی ئەکاتەوە، وەئەیەوێ لەدووازۆڕاجێ ی ئەوانە بگرێتەوە کەمامــۆستای بوون، وەزۆرپش حەزلە وەئەکات کە: پلەپێك لەوەش بەرزتر کە ئەوان هەن بڕوات، جائەگەریەکێ لەمامۆستایانــی لــەپشتە سەرەوە جوێنێ بەهاوسێیێکی بـدات ، ئەومنداڵە زوبەرق ئەیداتێ، جالە بەرئەمەیە، لەخوێنەران تکائەکەین لەباتی ئەوەی کەنــاوونیتکە لە خەڵکی لەپێش چاوی منداڵەکانیان هەڵ ئەنێن، خۆشەویستی خەڵکی بنێنەزمانیان ونەمامی پیاوەتی یان تیاداچەقێنن بوئەوەی لەسەرئەنجاما ئەندامێکی چاك وبەکەڵك بن،

---

ئاروێك شەو ٣٥٥

ان وەدڵ ئامادەی خزمەتم وەدەس بەجێ ڕۆییشت بۆجێ بەجێ کردنی ئەوکارەوادڵی ئەی ووت : ڕیوی هاتووەتە بەرەوپیرمەوە، وەبەئارەزوی دڵی خۆم گەییشتووم. ئەگەرئەوان بەدڵم نەکەن، هەردوکیان ئەکوژم وخورجینە پارەو نەختینە کــە هەڵ ئەگرم وئەی بەم بۆخۆم . لەپاش سەعاتێ گەڕاوە، سێ ئــەسپی لــە گەڵ خۆی هێنا . شازادە خاتون سواربو، بەڵام ژان ئەی گرت وهەرخۆی پێچ ئەدا . مەرجانەش سواری ئەسپێ بو؛ قولەڕەشیش بۆخۆی سواربو. شەووڕۆژێ ئەسپیان تاودا ، تــا گەییشتنە بەینی دوکێو، کەلەوێوە تاوەڵانی باوکی شازادە خاتون ڕۆژێ ڕێگا زۆرتر نەمابو. لەوێ شازادە خاتون ژان زۆری بــۆهێنا وئیتر بەسەرزینەوە خــۆی بۆڕانــەگیرا . بەمەرجانەوقولەڕەشی ووت : دابەزن! من وەختی زاییمنە . ئەوان دابەزین وشازادە خاتونیان دابەزان؛ وەلەم وەختاهیندەئێشەکەی زۆردابو کە لەسەرخۆی چو، وەهۆشی بەدونیای ڕۆشنەوەنەما. لەم وەختی ژان وبێ هۆشی یەدا قولەڕەش شمشێری لەکێلان دەرهێناوبان سەری شازادە خاتونی گرت و، ووتی: خاتون! ئەبێ لەگەڵ منابنوێتو بەئاواتی دڵی خۆم بگــەیێنی! شازادە خاتون بــەدەم ئێشەوە، چاوی هــەڵ بڕی و تەماشایێکی نێوچاوی قولەڕەشی کرد ولە دڵی خۆیا ووتی، تەماشای ڕۆژگاربکە؛ من بەپادشایان ملم نەدا، ئێستائەم قولــە ڕەشە بەرۆکی گرتووم، وەئــەیەوێ دەس درێژیم پێ بکا! ئەوجابە قولەڕەشی ووت : قوڕبەسەر! ئێستاوام بەسەرا ، هاتووە کە تۆش تەمام تێ بکەی؟

---

م.ص.م

## لەهەر گولزاری

## گولێ

### مەولەوی تاوگوزیی

ماوە لەچلی پێشو

کەی کەم، ئیسە کەم خوێناوەدە کاشەست
لەدوپلۆسکەی چاوشۆڕە کەی بەست
لافاولە کوچەی جەستەی زوخاڵــي
هەڕگاوی هەستی هــەرچێ بۆماڵێ

### کاکەحەمەی بیلوو ((ناریی))(١)

تاقیبلەیی من والــەمەقامــاتی سەفەردا
یاڕەببی! نەبێ خاتری هەرگیز لەخەتەردا
گەرسەرفی غەمم بێ بەدەمێ عومری عەزیزم
ناڵێ ئەحەدێ بۆچی حەیاتی بەزەرەردا
بزوامە کەوەك ئەهلی «سولەیمانی» وە «کەرکوك»ـ
کەس دەوڵەتی ئیمانی بە«سلێ» وبە«گزەر»دا
وەك شێعەمەتاقیبلەیی دڵ «بابەعەیی »لیێ
زۆرڕەحمەتەمەیلی کە بە«عثمان» و«عمر»دا
بۆتۆئەگەڕێ بولبولی دڵ کوچەبەکوچە
بێچارەلەبــەرتۆزی سەفەرغەرقەلە گــەردا
مەیلی غەزەلم ناوەتە پێچاڵی هەموغەم
دڵ خاڵی یەئــەمڕۆچ لەبەیتاچ لــەفەردا
تاخاتری من «مصر»ەلەبۆعەکسی جەماڵت
لای ئەهلی خیرەدعەینی «خدیو»م لەنەزەردا
بۆچی نییەئاساری سەوادی ڕەقەمی تۆ
وەك سورمە، هەتا ڕەونەقی بینش بەبەسەردا
کەمەناسەی، شەرەری دۆزەخە ئەمڕۆ
نــاری سەقەرودەردوغەمی والــەجگەردا

### مەلاحامدی ئالیجانی

صــەوزە ئــــــاخمە . . . !

صەوزەی سیاچەم ! هەرئاخ ئاخمە
وەك «مەجنون» کۆی نەجدجاویاتاخمە
هەرتا بۆی زلفت لەدەمــــــاخمە
کفت(٢) دارە کەی شوشك وقاخمە
شۆڵــەی شەرارەی ئــاهیرشاخمە
ئاهیرلــە ئەعزای پڕلــە داخمە
پەوچیوا ئــەڵهەی پــای ئێلاخمە
زڕفت «بەڕەزا»ی سای «سەخنات»مە
مەڵهەمــی دڵــــــەی صەدسوزاخمە
«حامد» ! ئاخە کەت پایان نەدارۆ
مەرئەودوس دەوای زامت کا، ئاوۆ

---

(١) دیوانی هۆنەری شیرین ووتار«مامۆستاكا کە حەمــەی بیلۆ «ناری»مەریوانی ، ماوەیێ بو، بۆیئە کەڕاین کەبەشی «لەهەر گولزارێ گولێ»ی ڕۆژنامە کەمانی پێ بڕازێنینەوە تا خوێنەربەرێزەکانمان لە ماوەل ١٠

(٢) کفت: وەك، وەکوو



بنکەی ژین www.zheen.org

م:ص:م

# بەشی مەولەویی پارچەی ٤٩

ئەم پارچەیە پارچەیێ کیِ خوداناسییِ زۆتە ، مەگەر هەرمەولەوي توانیبێتی شتیِ وابلێ ، وەمانای جووانی وەها بهۆنێتەوە، هەروەها کە ئەڵێ :

ئەی کەسێ کەهەموشتێکی بەديهاتو،لەبونی تۆوەمایەی گرتووە؛ تەنیاتۆدیياريوناسراوو بێ بەجیِ، هەموشتانی تروە کوسێبەرلەخۆیانە. وەبۆنیکیان نییە،دێن ئەڕۆن؛ تۆپێش لەبەدیهاتنی ئەمبیسانەدا،شارابویتەوە دەریای تەنیایست هاتە جۆش، ئەوکاتە بوناساندنی خۆت، تاوی هەستی بەخشی خۆت دەرخست ئەم جیهانەت هێنایەدي .

ئەگەرمن بەذاتیِ خۆت لەم بیساتەبەدیهاتووە کەپرشنگێ لەتاوی بەتینی خۆتە ، نەت ناسم ، بەصەدجیهانیِ تری وەهاش هەرنات ناسم .

یانێ من هەربەذاتی خۆت خۆت ئەناسم نەوە کوبەبۆنەی دوروست کردنی ئەم جیهانەوە؛ ئەگەرنەصەدجیهانیِ تری بەم گەورەیییەدوروست بکەی هێشتا شایستەگی ئەوەی نییە کەتۆی پێ بناسم .

خودالێ خۆشبوٚ مەولەوی کاتێ ئەم پارچەیەی هۆناوەتەوە،لەدوپلەی خوداناسیی : (جەمال ، جەلال)دا ، خۆی دەرخستووە ، تائێرە لەپلەی جەلالدا خۆی نوواندووە ، لەمەولا ئەکەوێتە بازاڕی جەماڵە وەئەڵێ :

من سەرخۆشم بەوەصفی جەماڵیی تۆوە، ئیترلێم گەڕێ لەجیلوەی جەلالیت . ئەگەرئەوەخدەی گشت نگارانی سەرخۆش بێ کەهەموودڵبراوانی دەروون پڕخاریِ خۆیان لەناوبەن،ئیترچارەیێ نییە کەتۆجەماڵی خۆت نەنوێنی، وەدڵبراوی خۆت لەناونەبەی، کەوابو ئەوە تیغ وئەمە گەردە. نی کەچی من، چونکەجێگایێ ترم نییە کەمن دادی خـۆمی بەلاوەبکەم، وەلەدەس بێدادي تۆوە ، نازانم سکاڵای خۆم بۆلای کێ بەرم ؟! ئەنجا هەرئەبێ زاري وشیوەن وواوەیلابکەم ، وەبەلای خۆتەوە ، هاوار لەدەسی خۆت بکەم :

ئەی گردەموجودی جەتۆ گرت مایە!
پەیدا هەرتۆنی ، (مـاسوی)، سایە
پەنهاپیت تەنیا وەحدت مەوج وەرد
پەی شناسایی ظهور نـۆەت کـەرد
بەوێت جەی ئالەم بێ بەقای ناسوت
ئەروەی گردجلوەی وەرینـ نـاشناسوت
وەرصەدجیلوەی تەربێ چوّن وچەنیی
شناسایی تۆم نەـــــــبـۆهەنیی
سەروەشم وەی وەصف جەماڵیتەوە
بازەم وەی جیلـوەی جـەلالیتەوە
ئەرهەر بۆعادەت سەروەش نگاران
پەی فەنای یەکسەرخاتر پڕخاران
چارنییەن جەدەس جیلوەنەکەردەن
(بسم الله)ئەوتیغ،ئێدکەچی گەردەن
یاگێو تەرنییەن دادێم کـەرۆن
جەدەس تۆبێداد ئەولای کێ بەرون
واوەیلای بێ حەد ، زاري بێ شۆمەن
جەلای تۆفەریاد جەدەسی تۆمەن

نووسەر«ع» سراج الدینی

# (سوزەی کویستان)

ماوه لەژمارەی پێشوو

لەچلی پێشوودا، گەیشتینە کاتێ کەووتمان«شاوەیس»بەهەرچەشنێ نەبۆ«باوەیسی» گەیاندەلادۆلێوە کەمێ لە کوژەی بۆران دوری خستەوە، ئێستالە سەرپاش مـاوەی ئەڕۆین . شاوەیس : ــبرائیتربەهەرچەشنێ نەبۆلەبیمی مەرگ دورم خستۆیتەوەبەڵام ئیتروامنیش لەگۆچووم، وەناتوانم ئیترتۆش لەگەڵ خۆمابەڕێـوە ببەم، مـەردی خووابە کەمێ بجۆلێرەوە، تابـەڵکوبتوانین لەپێش ئەوەداکـە ڕەق ببینەوە، خۆمان بگەیێنینەوە ماڵەوە، لەوکاتەدا«باوەیس» هاواری لێ هەڵسا کوتی : شاوەیس مەگەر ئەتەوێ بەجێم بهێڵی؟!

شاوەیس: ــ بـرام نامـەوێ بەجێت بهێڵم بـەلام ئـەمەوێ کە کـەمێ تۆش ببزوێتەوە .

باوەیس : ــ برامبە خووایەك هەنگاوبەجێم بێلی دەس بەجێ دیق ئەکەم.

شاوەیس :ــبرام بەجێت ناهێلم بەلام ناش توانم بتگرمە کۆلەوە، ئەوکاتەی کە من لەتۆپاڕامەوە، وەکوتم برابابگەرێینەوە بۆهەرخۆتت هەڵئەکێشاو گاڵتەت بە من ئەکردو گوێت نەئەدامێ وپیرەمێردە کەشت بەخەرەفاو،دەرئەکرد ؟

باوەیس : «شاوەیس» خۆت ئەزانی چیم لێ ئەکەی لەوقسانەم ببوورە:

ئەنجادپسانەوە«شاوەیس» چووەژێرباڵی «باوەیس»وەخستیەڕێ بـەکـەوتن و هەڵسان وبەفر بڕین وکریلە شەن کردن بەزەنجێکی گران ولەگییان بووردنێکی بێوێنە «باوەیسی» گەیاندەوەپێ دەشتێ، باوەیس لەگەڵ چاوی بەڕەش کەنەك کەوتەوە ماوەل٩

هەزارویەكشەو ٣٥٦

(کەچیرۆك گەییشتە ئەم جێگا ، ڕۆژبووەوە، وەشەهـرزادقسەکەی پچری)

# کەشەوی پەنجاودووەم هات

شەهرزاد ووتی: ئەی پادشای بەختیار! شازادە خاتون بەغضبانی قوڵە ڕەشی ووت : قوزبەسەر! ئێستامنوام بەسەرا هاتووە کەتۆوەها دەرخوازێکم لێ بکەی، وە ئاواتی نوستن لەگەڵ منا دەربڕی؟ ئەوجا شازادە خاتون دەستی کردە گریان وبەقوڵە ڕەشی ووت :ئەی زۆلی حەرامزادەوشیری قەحبەخواردو،وەلە باوشی قەحبەدا گەورەبو. تۆلات وایە، پلەوپایەی هەموخەڵکیوە کوّیەکە؟ کەقوڵە ڕەشی دڵ ڕەش ئەم جینوو قسانەی بیست،زۆری پێ گران بۆ؛وەدونیالەربەچاوی تاریك بۆ،وشازادەخاتونی بەشمشێری ستەمی خۆی کوشت؛ ئەوجا خورجینی پڕلە پارە وجەواهراتی هەڵگرت وهەڵات وەشازادە خاتون لەنێوی خاك وخوێنی خۆیا تلیاوە، بەڵام لەوکاتی گیان کـە نیشتا منداڵەکەی هابوە دونیاوە . لەپاش ئەوەقوڵە ڕەش دور کەوتەوە، مەرجانەهاتەسەر شازادە خاتون، ئەنوازێ خۆی لەنێوی خاك وخوێنا ئەتلێتەوە، وەکورێکی وەکو چەپکـە گوڵی بووە. مەرجانە کوڕە کەی گرتە باوشەوە، دەستی کردە گریان بەسەر شازادە خاتونەوە؛ لەپڕ ئەنوازێ لەدورەوە گەردە لوولێ دیاري دا؛ وەدونیای تاریك کرد، کە تۆزو گەردەلول نیشتەوە، سپاییێکی بێ ژمارلە ڕۆمییەکان دیاري یان دا،وەئەوان سپای ((ملك حردوب)) باوکی شازادە خاتون ((ابریزە))بوّن؛ وەهۆی هاتنی ئەوان ئەوە بۆ کەکاتێ ((حردوب)) بیستی، کە: کچی ئەویان لەگەڵ کەنیزانا بـردووە بۆ بەغداد، وەوان لەلای ملك نعمانەوە، سپاییێکی لەگەڵ خۆی هێناوەهات،کاتـێ گەییشتە



بنکەی ژین www.zheen.org

کوردستان

## بەشی کرماشانیی

نوسیای: «سیدمحمدسعیدغیرت»

## زەوی گرایی (جغرافی) سنقرو کلیائی

هەرچنەو کەلەشومارەی وەرین چاوەڕێتان کردیمن، یەسە: زەوي گرایی «سنقرو کلیائی» لەئی شومارە دەس نەیمنەیی.

سنقرو کلیائی مەحالیکەلەبەین هەمەدان و کرماشان وسنە، کـە دهستانەیل «کولیایی» و «فیلـە کوژي» و «وەرمزیا» هـانەتی، حاکم نیشنی شەهر «سونقور»ە؛ وەلـی «سونقور» خـوەی جوری کەفتیە کە دهستانەیل «دینەوەر» «خودابەندەلو» وبەشی لە «بیلەوار» یش هانەبانی؛ لەبان یەك مەنطقەیکە کوساني وئیلاخ. سونقورتا کرماشان ١٢ فەرسەخ ڕێ ماشین ڕەو (شوسە) تاهەمەدان ١٨ فەرسەخ ڕێ ماشین ڕەو (خاکي)، وە ٢٠ فەرسەخ ڕێ کارەواني تاسنە دوره.

لەدەوراندەور خاك کولیایـي هەرجور زەنجیر کوەیلی گردنە. لەسەمت شمال وخوەرنشین کوەیل «وپهج» «همورية» «گـردەکانە» «چوارملە» کەفتنەسەبەین کولیایی و «چەرداولی» کوردستان. وەهەر چنەو کوەیل «ملەبلاأوك» «باجوانە» «مانگادول» «یالئاوارە» «گاوانە» «سازەول» «گژ گژە» «سەراو کەمەرە» «کوچکینە» «پەنجەوسەر» «کومایین» «باخوزوم» «هەشتا» «چوارملان» «خوەشیلان» «پشت تەنگ» «سیر کە» کەفتنەسەبەین کولیائی ودهستان «ئیسفەندئاوا» و «ئیلاخ» و «سورسور» کوردستان لەطـەرەف جنوب کـوەیـل «کورەدایان» «هەلیر» «حەفتمالان» خیلەزي» «حەسنالیکان» «سەنگ سفید» «کەلەك مەتاع» «مینگـە» «بەرزە» «هولان» «بویان» «ملەی کەرەم بەس» «زەران» «عەودالان» «ملەی زازمازیان» «کوجامیشان» «خیاران» «دەولەت ئاوا» «ئەحمەد ئاوا» «ملەماس» «کودالاخانیی» «ئالبلاخ» «چیابالا» «چوارچەشمە» «حسین ئاوا» پشتی هاوەدهستانەیل «بیلـەوار» و «دینـەوەر» و «خودابەندەلو»ی کرماشان. وەلەسەمت خوەرهەلات کوەیل «دێ چەرمیی» «قاورمەدەرە» «کەرسوان» «تەکیە» تابڕەسیتە کوەیل «وپهج» حەددی ها وەدهستان ئـەفشار، مەحال «ئەسەدئاباد» هەمەدان.

کولیایی لەناوئی مەحدودەوە پای دەورو وەرخوەی هابەرزي؛ فرەیش ئیلاخە. لەناوڕاسی دەشت گەورایکە کە شەهر «سونقـور» هالەسەمت جنوب خوەرهەلاتی. ئی دەشتە نزیك ٧ فەرسەخ درێژی و چوار پەنج فەرسەخ پانایی یە کە، کەم کەم لە کەنارەی بوتەچالیی بەرزي، تابڕەسیتە دامانەی کوەکان کەووتیمن.

## کوەیل

بیجگە ئەو کـوەیل کەهانە دەوراندەور کولیائی لە بەرزترین کوەیل ئی وولانە لەسەمت جنوب خوەرهەلاتیی کوی «ئەمرولە» س. لەدامان ئی کوە جورباقیی کوەیل کولیایی زەوی یەیل کشت کالدەیم وەچەرا گایەیل فرەخاس، وەبەرزی یەکانی گشت کوچکە. نو کەبەرزەی ئی کوەناوی «دالاخانی» یە؛ لەورە کێنیە نیك هـەس وەناو «سوهەیل» کەئاوفرەسەرد و گەواراێك دێري وەهەرچە نزی یە کەی فرەسەختە وەلی سەیرانگای تاوسانان مەردوم دلخوەش ئەومەحالەسە.

کوی تریش هالەسەمت شمال «سونقور» ناوی «میان کوە»ە؛ فرە بەرز نی یە؛ گشتی لەوەڕە. لەسەمت خورەتاوي خاك کولیایی سلسلەی کوی «نخودچال»ە، کەها لەخاك «ئەسەدئاباد» مەحال «پارسینە» ها لەدامانەی ئەو کوە. بیشتر کوەیل کولیایی خاکین؛ لە دامانەیان زەوي ئەڕای دەیمەکاري وەبانیشی ئالف ولەوەر فـرەخاسیکـە. وە بیشتریان سەراوو کێنیەنیی دێرن.

## چەم (رودخانە)

لەسەمت شمال چەم «گاوەڕۆ»ە، کەلەمشرق لەسەمت دهات «هەزار خانیی» «ئافزیانە» «چەوگان» «چەرپلە» «وەرمەغان» سەرچشمە گردیەو، وەر و کوردستان چێت، تالەوەرئاوایی «مامەمیزەك» ڕشێتەخاك کوردستان ئی قیسمەت لەخاك کولیایی یە کە گوزەرگای ئی چەمەسە. حەوزەی چەم «گاوەڕۆ»ە، کە گەردئاوەیل کوردستان «قشلاخ» وە «گرپزە» و باقیی چەمەیل «ڕاوەڕۆ» ڕشننە ئاو «سیروان».

لەسەمت جنوب غەربیی چەم تر هەلسێت کەناوی چەم «گامیشان»ە، کـەلە ئاوەیل «سەراو کەنزەلەـ لەجنوب سونقو» وەئاوەیل «ئاقبلاق» و «ایلمانە» وسەراو «کـولەوێچ» گشتیان لەدەرەی «گـامیشان» وەرەوجنوب چنەخاك «دینەوەر» لەورەیش گەرد ئاوەیل «دینەوەر» و «چەمەچەمال» لەپای کوی «بیستون» ڕشننە «گاماسی ئاو». ئی بەشەلـە خاك کولیایی یە کە گوزەرگـای ئی چەمەسە ئاوڕێژی وەرە وجنوبە، وەحەوزەی چـەم «قـەرەسو» و «کەرخە» س.

دومایي مەنییە

## چۆن بنووسین

ماوەی ل١

پیتی پەیوەند، وە کو: هەمە، هەتە، هەیەتی، تادوایي

جوری یە کەم ماناي کردەوەی «بون»ی بەمانا «وجود»ی، هەیەلە کاتی ئێستادا؛ ڕابوردوی ئەبێ بە: بوم، بوی، بو، بوین، بون، بون؛ بەبوم، بوت، بوی بومان، بووتان، بوویان.

لەم کاتەدالەچەشنی ئەو کردەوانەن کەلەهەرسێ کات دابەکار نابرێن، هەروەها کەلەپێشاووتمان.

جوری دووەم ماناي کردەوەی «بون»ەی بەمانا «وجدان»ی هەیە لەکاتی ئێستادا؛ ڕابوردوی ئەبێ «داشتن»ەی فارسي، تێ پەڕ کەرە.

جیاوازي لەنێوانی ئەمدوچەشنە کردەوەدا کەڕیشەکەیان یە کێکە، ئەوەیە کەئەگەربەمانا «وجود»بێ، لەچەشنی کردەوەی تێ پەڕنە کەرە. وەئەگەربەمانا «وجدان»بێ، واتە «داشتن»ەی فارسي، تێ پەڕ کەرە.

## لاپەڕەیی، بوهەموو جار

نووسەری پەراوێزو ڕاستەوکەری هۆنراوەکان: م.ص.م

# کنز العرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین ووتار ((میر محمدصالح حسنی نعمت اللهی))

### ملقب بە «حیرانعلی شا»ی کرماشانیی

خوداڵیٚ خوشبو «سەی صالح» لەم پارچە دا خوی هەڵ ئە کێشێ و تانەوتەشەرلەو کەسانەئەدا کە بەدروخویان بەخوداناس ئەزانن وخەڵکي لەڕێ ئەبەن، هەروەها ئەڵێ من بەپیاڵەی شەراوی خوداناسی هەموکەسێکم مەست وسەرخوش کردووە، بەڵام هەندێ لەوانە نرخی ئەوکارە نسازانن، وەتەنیا لەڕووالەت دا خویان بەمەست وتێراولـەشەراوی مەیخانـەی یەزدان ئەخەنە پێش چاو، وەلە گەرمي بـازاڕی «قبض وبسط»ی خودا ناسان ئاگایان نییە کەهەموشتێ ناوی یەزدان ئەبا، وە بەزمانـی نهێنیی ئەڵێن: گشت شتێ والەتێدا چوندا جگەلەزاتی یەزدان:

ئیسابیەن مـــــەست . .

تەمام عالـەم لـە من بیەن مەست
نە بادەی «طهور» لـەجام «الست»
ساغر پەیاپەی مەدەم دەس وەدەس
بەلێ، لـەباتن پیرمەی پـەرەست
دام لەسەرحەلقەی زاهدان شکەست
علیم بێ عەمەل ڕیشەی جەر گت خەست
سیلسیلەی ڕشتەت وەناحەق پەیوەست
ڕیندان قەلاش میناوەی پـەرەست
کونـە حـەریفان وبێ بادە مەست
من کەی وەهەستي مەیل کردم وەپەستـ
تیرم وەعـەبـەس بەرلووالەشەست
لەزمزەمزەمەی ذکر لەڕێی قەبض وبەسط
بشنەولە عالەم ئەشیاهەرچی هەست
وەلیسان غـەیب مـەواچن وەتـو
«کـــل شیء هـــالك ، الاوجهه»

کوردستان

## بەشی سنەیی

وەرگێڕ : ا. مفتی‌زادە

## نیعمەت ئارامش

حەدیس موبارەکێ لــەزوان حەزرەت‌پەیغەمەر ئیسلامەوـ‌صلی‌ـ اللەعلیەوعلی آلەوصحبەوسلم‌ـ گەـ ڕیا گەسەو، کەوەك‌باقیی و ڕمایشگەل ئەوحەزرەتە ، دنیاییێك مەعناس . ئەوحەزرەتەفەرموٚ گیەدمەردم‌قەدر دونیعمەت نازانن: سلامەتیی، وە ئارامش».هەر کەسێ‌تاەالسلامەتی‌ـ یا، هوٚشی‌بەلای ئەهمی‌یەتیەونییە، وەلێ‌وەختێ‌جێگەبێکی‌هاتەئێش، ئەووەختەقەدر ڕوٚر گارسلامەتیی ئەزانێ . نیعمەت ئارامشیچ، لەو نیعمەتەقیمەتیی‌وەوهیم گــەلەـە، کەلەوەخت عادی‌یا،وەك‌ـسلامەتیی وبینایی‌وهەوا، هیچ‌قەدری‌نازانر گێ؛ وەوەختێ‌لەدەس‌دەرچوٚ‌جائینسان خاس بەی ئەواتەقیمەتێ، وەبوٚ نەـ بوٚنی هەناـسەهەڵ‌ئەکێشێ.هەوای ساف‌ویاکێ، کەئێمە تەنەففوسی ئەکەین، لەبــەرلەتافەتــی، حس ناکرگێ ؛ وەلێ‌وەختێ‌دوٚ‌کەڵ و گەردوغوباری‌تێکەڵ‌بوٚ،مەجرای هەناسە عەزیەت‌ئەکا، وەبنی ئادەم ئەزانێ، گەئەوهەواسافە ، چــەنێ قیمەتیی‌بووە ، وە ئەکوٚشێ کــە دووارەبێرێتیەودەس .

ئێران عــەزیــز ئێمە، دووای چەنین سالْ بشێوە وشلوٚقیی ویاـ خێگەرێی ئــەشرار وحـو کوٚمەت خانخانیی‌ـ کەلەئەواخیردەورەی قاجاری‌یــەو گــەیی‌یە ئاخــرین دەرەجەی شیدەت خــوەی‌ـ‌تەنیا بەتواوٚ غ‌حو کوٚمەت‌پــەهلەوی ' توانیی نەفەس ڕەحــەتێ‌بکێشێ، وەناوچاوئارامشێ بوینێ .

ئەوئارامش وئەمنیی یەتــەبێ‌ـ نەزیرەـ کەبەئیشغال‌نیزامیی‌وڵات خوەشوەیــەمان‌تیاچوٚ، وەداخە کەم تاساڵ١٣٣٢ی خایان‌ـ‌ئەلحەمدو لیللا،لەیساڵەودووا،لەسێوەرتەوەـ جەجوهات اعلیحضرت همایون شاهەنشاهیی‌وەگرتن سیاسەت سابت ومیللی‌یەوە، سێوەری‌خستە سەرولاتا ، وەمەردم هوٚشیان دا بە ئاوەدانیی وخوەشیی ، وەبەبوٚنەی ئارامش کاروبارسیاسیی‌مەملەکەتەو خەریك‌کارخوەیانن .

هیچ‌فەردوەتەندوٚس وحەساوی‌یێ پەیدا ناوێ، کە نیعمەت ئــارامش بەغەنیمەت نەزانێ،وەلەتەك باقیی هاووەتەنگەل خوەیاهاوکاری‌نەکا؛ مەگەرئەو کەسگەلە، کــە فکرو ڕوٚحیان نەخوەش بێ ، یــاگوٚڵ تەبلیغات ز هراوي ونیی یەنگەل پەس دوشمەنگەل‌مولك‌ومیللەتیان خواردوێ،وەك‌ئەونەفامگەلە' کەل نیعمەت سلامەتیی‌وەخوەشیی‌مانگ بوٚن، وە گــەرەکیان بێ‌خــوەیان نەخوەش‌بخەن .

ئێمەئێرانیگەل ڕە گــەرپاك، ئەشێ بە کرداروڕەفتارودڵ وزوان خوەمان‌نیشان‌بەین، کەبوٚپێشکە فتن‌وئاوەدانیی‌ولاتمان ، لەگشت بارێکەوئیتاعەت‌قانون‌ومو قەڕڕەرات ئەکەین، وەئەکوٚشین بــوٚدەوام و مانەوەی ئــارامش وئەمنیی‌یەت . سەرپێچیی‌لەموقەڕڕەرات،بێجگەـ زەرەروزیان بوٚ فەردو ئیجتیماع ، نەتیجەیێکی‌نییە . ئەمنیی یــەتە، کە کوٚمەك ئەکاتەئــەفرادخوەنەـ واروڵات،بوٚپێوان‌پلەگەل‌عیلمیی خوەیان، تابەبوٚنەی ئــەوەو، بوٚنە کەسگەلێ موفید بوٚخوەیــان و وەتەنیان .

کەسگەلێ ' کەفکرسادە وبێ ئالاییش تەبەقەی دەرسخوێن ولاٚت ئەشێونن ومەسموٚم‌وئالوٚدەی‌ئەکەن، دییارە کەدوشمنیانن، وە گەرە گیانە لەڕێگەی شێوانن‌ئەمنیی یەتــەو، نیی یەتگەل‌شوٚم خوەیان عەمەلیی بکەن .ئەلبەتەلەسەر گشت کەسێ واجبە کەدوشمنگەل‌خوەی‌بناسێ، وەلەوان‌وفکرخەتەرناك وزەهراوی یان‌خوەی بپارێزێ

## مزگانیی ئاشتیی

«تحول»گەل یەك دومانگە بگردك دنیا، ئــومێد بەپــاراستن ئاشتیی، دووارەلەدڵ مەردم دنیا دا زینگ کرد گەسەو؛ وەبەجوٚرێ کە سیاسی‌یە گەورەکان دەولەتگەل ڕوٚژئاوایی ئێژن ، پاراستن ئاشتیی وە بەتاویەتیی مەحدوٚد کردن هێزئەتوم،لەگشتێ‌فرەتر،بــەستەگیی‌بەوەـ وەدس، کەڕەهبەرگەل ڕوٚس بەچ جوٚرێ' مەعنالە «ئاشتی»بکەنەو.

ئەمەخوەی نوکتەی موهیمێکە؛ئەلبەت‌تەواومەردم‌وسیاسیگەل دنیا، تەعریف‌ئاشتی‌ئەکەن ، وەخوەیچیان، بەتەرەفداری ئەدەنەقەڵەم ؛ وەلێ‌ئەشێ‌بزانین کەمەقصوٚد هەرکامیان‌لە کەلیمەی‌ئاشتی‌چەس. ئەگەر قەرار بێ' دەولەتێ، ئاشتی‌بەومەعنابگرێ کە خوەی ئازادبێ‌بوٚزیادبوٚن دەسەڵات خوەی وەلەناوبردن ئازادی‌وئیستقلال دەولەتگەل‌تر، وەهیچ دەولەت وهێزێ‌دەس نەیرێتە ڕێگەی، ئەلبەتە ئەم مەعنا بوٚئــەوانە کە حوقوٚق وئیستیقلالیان هالەخەتەرا قابل قەبوٚڵ نییە؛ وەئەگەرلەبارەی ئەوجوٚرەئاشتی‌چەوتەبلیغات‌وجاڕوجەنجاڵ فرەبکرگێ' نەتیجەیکی‌لێ ناگیرگێ، وەئاخری، ئیختلاف دەولەتگەل حەتمەن ئــە کێشێتەلای شەڕەو. وەلێ‌ئەگەرئاشتیی بەومەعنابێ کە هەردەولەتێ‌ئیحترام ئازادی‌و حاکمیی‌یەت دەولەتگەل تربگرێ، وەنەك تەنیا نــەوێتە باییس کەفتنە خەتەریان، بەڵکەڕەفتاری‌وابێ کەئەگەردەولەتێ گەرەکی‌بوٚ،بوٚئارەزوٚـ گەل ناحەق خوەی، حاکمیی‌یەت دەولەتێ‌تر لــەبەین بوا، لە ڕێگەی سازمان میلەل و کوٚمەك ئەودەزگاوە، وەدەزگابەینەلمیلەلی‌یەکان‌تــر، وەبەتەلاشگەل‌پەسەند،بەرئەوخەتەرە بگرێ،ئەووەختە بەمەعنای‌حەساوی ئاشتیی‌نزیك ئەوینەو.

ئیشکاڵ ئەوەسە، کەبوحرانگەل سیاسیی ولــەسەریەك سالگەل دووای شەڕدووەم جەهانیی، جورەبەدبینیی خەتەرناکێکی خستگە سە دنیا، وەئەم بەدبینی‌یــە،خوصوٚصەن، ئەسەرشوٚمی کــەفتگــەسەرەوابت دەولەتە گەورەکان ڕوٚژهەڵات‌وڕوٚژئاوا؛وەتەنیابەتەلاش‌سیاسیی‌زیرانەیك، ئەوئەسەرە لەناوئەبرگێ. زەبەر گەل ئیمریکا، ئەوەسە بوٚهەڵگرتن بوحران وسوٚء زەنن‌ئیسە،لەرەوابت‌بەینولمیلەلی‌یەودەسیان‌پێ کرد گە.

بەجوٚرێ کەبڕێ‌لەجێگەسیاسیگەل‌نزیك‌بەدەولەت‌ئیمریکائێژن، پریزیدینت کینیدي، وەدین‌ڕاسك وەزیرخارجەی ئەو، فرەئەکوٚشن‌بوٚ بەدي‌هاتن خوەش بینیی‌بەینەلمیلەلي لەسەرپایەی پــاراستن حوقوٚن تەواومیللەتگەلا و . گووای لەموتالەعەگەل‌فرەیکەو کەتائیسەلەتەرەف خاوەنکار گەل ئیمریکایی‌یەو، لەبارەی هەدف ئەصلي ڕوٚسەو کریا گە، وەهادەر کەفتگە کە دەولەت ڕوٚس ئیسە موٚشەکگەل قاڕەپێوفرەیکێ نییە. بڕێ‌لەموفەسسیر گەل ئیمریکایي، لــەمەونەتیجەئەگــرن' کــە دەولەت ڕوٚس گەرەکی‌نییە،شەڕئەتومیی گەورەیك،لەدنیاداbوێ؛ وەهەر بەوبوٚنەوئیمریکاودەولەتەغەربی‌یە گەورەکان‌تر' ئەشێ‌بوٚ تەئمین‌ئاشتیی دنیا' موافەقەت‌بکەن‌بوٚتەشکیل‌یەك کونفەرانس‌سەران.وەلێ‌موفەسسیرـ گەل ئینگلیسی ئیحتیات ودوٚربینیی، لەبارەی‌سیاسەت وەنزوٚرڕەهبەرـ گەل ڕوٚسە وبەلازم ئەزانن؛ وەعەقیدەیــان واسە، کەلەتــەك ئەوەئەشێ غەرب هەنگاولە ڕێگەی صولح وصەفادا هەڵ بگرێ ' لازمەپایەگەل ئەوئاشتی‌یە، لەسەرپاراستن هێزدیفاعیی‌خوەیەودابنێ. بەجوٚرێ کوالمیی ڕەهبەرگەل‌سیاسیی‌ئینگلیس، بەتاویەتیی‌خودهاروٚلدمەك‌میلان‌نەخوست وەزیرئەودەولەتە' تەشکیل کونفەرانس سەران، وەحەلل قەیرزي یەگەل بەینولمیلەلیی، لەڕێگەی‌وتوویژدیپلوماتیکەوبەلازم‌ئەزانن.

بێشك گوزەشت هەرتك لایی دەولەتگەل ڕوٚژهەڵات وڕوٚژئاوا، وەخوصوٚصەن تەعدیل سیاسەت ڕوٚس، بوٚلــە ناوچوٚن‌سوٚءزەنن ئیسە،وە بەدي هــاوردن وەسایل پــاراستن ئاشتیی، لە هەرچێ‌تر، بەکارتــرو تەئسیردارتر ئەوێ.

# مەولودنامەی پەیغەمبەری

## ئیسلام حەزرەتی‌محمد(ص)

### دانراوی زانای بەناوبانگی کورد

**مەلاحەسەنی هەرتووشیی**

یەك ژمەئێدی نەشیتن بت عــەیان

وێامە زێ ' نەچــوٚ نــائاسمان

هات‌خونر یرێ جەهان گیروسەدك

ماوەل ٩ .

کوردستان

## بەشی هەورامی

وەرگێڕ: م.ص.مفتی‌زادە

### فەرروهیمنی

پەیغەمبەر و ئیسلامــی (ص) فەرماوۆ دووێ‌بەخششێ پەی‌پیای پۆشیێنێرە، ئەوەڵ سلاٚمەتیــی، دووەم هێمینیی،

هەرکەسێوە کە تاجەحاڵــو تەندورستی یەنەبۆ پاحاڵیەمەزانۆ وەلێ ئەگەر ئەنــدامێوەش ئێش کەرۆ، یانوەش گنۆ، ئاوەختەقەدر وسلاٚمەتیی‌زانۆ .

نیعمەتو هێمنیچ چانیعمەتانە کەپێسەدتەندورستیی، جەحاڵی‌عادی یەنەدیارنییا وەختێوە کەپیائانیعمە تشەنەبیی، پەنەش زانۆ،وەقەدرش مەعلوم‌بۆ، وەپەی‌نەبیەیش‌خەفەت وەرۆ .

هەوای پاکوصاف‌وەروچەمی-ماوە دیارنییا، وەلێ وەختێــوە تۆزو گەردو دۆکەڵش‌تێکەڵ‌بیی. وەجەوەختو هەناسەدایەنە، گولوە ماگیریۆ، ئاوەختە قەدروهەوای پاکوصافی‌زانمێ،وەهەوڵمەنەیمێ کە دۆبارە ئاهەوا پاکەماگنۆوەدەس.

ئێرانوعەزیزوئێمە دماوچەنسالێ بشێوەو سەکێشی وملھوزا، وە حکومەتەخان خانی‌یەکاکە جەئەواخروپادشایی وقاجاری یەکانە یاوایێ دماپلە، تــەنیا سەروکار ئامایو پاذشایی و پەهلەوي تاواش هەناسێوە،زەحەت کێشۆ،وەهێمنیی-وئارامیش چەم‌پەنەگنۆ .

ئاثارامیی وهێمنیە بێ‌هاومالە کەبەبۆنە وئامایو سپاوێگانەکا دلێنەشی،وەتاتاریخو١٣٣٢ی‌خایناش جەسایە ولوتفو خذایو تەوەجوھو شاھەنشای،وەپێشگرتەیوسیاسەتو ملی‌وخەلکوئێرانی دۆبارە کەوتێوە هێمنی وئارامیی، وەدسشا کـەرد ئاوەذان کەردیووەلاٚتووێشا،وەخەریکو کاروهەرمانو ژیوایو وێشابیێ .

هیچ کەسێوە وەتەن پەرەست نییاکە قەدرو ئازادي نەزانۆ، وە

# مژدەو ئاشتی

وازیایو وەزعەو دنیای جەدووە مانگی ویەردەنە، ئومێذوپاراستە-وئاشتیش ووستەنە دلوخەلکودنیای .

هەرپاسە کە سیاسی‌یە کیۆ دەولەتە گەورە کاماچاپاراستەیوئاشتي بەستەگیش‌هەن بەکونترۆڵ کەردەیونێروو ئەتومی‌تابزانمێ‌حکومەتو زۆسی ئاشتی چەنیی تاریف کەرۆ وەبەچێشش مزانۆ .

ئی‌باسەباسێوە فرەموهیما، ئەڵبەت گرد خەڵکودنیای ئاشتیش کەرکا، وەلێ‌مشیۆ بزانمێ کەمەقصوّدوهەر کەسێوە جە کەلیمەوئاشتیی چێشا ؟

ئەگەر قەراربۆ کە دەولەتێوەئاشتیی پانەیەبزانۆ کەوێش‌ئازادبۆ پەی‌ئانەیە کە زۆرو وێش بەدەولەتەکای تەری بنمانۆ،وەدەس کێشوسەر-شارە، وەئازادي شادلێنەبەرۆ، دیارائی تاریفوئاشتی‌یە، پەی ئادەولەتا کەگەرە کشاناچێرپانەکریا، وەحەقشادلێنە نەشۆ، مانایێوەش‌نیا .

ئانەیچە مشیۆ بزانمێ کەئی‌جۆرەئاشتی‌یە کە هەالاٚ وداذی‌فرەش پەی گریۆجەنەتپجەنە کیشۆلا وجەنگێوە کەهیچ کەسێوەمەتواوۆوێش چەنەش پارێزنۆ.

وەلێ‌ئەگەرماناوئاشتیی‌ئانەبۆ کەهەردەولەتێوەئازدپودەولەتەکای تری پارێزنۆ ، وەئەگەردەولەتێوە نەزاناش خەتایێوەش کەردەدەولەتە-گەورە کێ هەژەشێش وەنە نەکەرا ، وەبەیاریدایو سازمانو، میلەلی ، وە کۆمەڵەسیاسی‌یە کێ‌تری گیروگرفتی‌یەکاو وێشادوسانە ، دلێنەبەرا، ئاوەختەمتاومێ واچمێ ماناوئاشتیی‌ما زانان .

گێرۆذەیی گەورەئێنا چینەیەنە کە گێژاوەوئاژاوەسیاسی‌یە کێود ماو جەنگی دووەمی ، بەذبینیی ودژمنی‌یەوە ، خەتەرناکش جەدنیانە ئاوەردوي ، وەئابەذبینی‌یە ، شونێوەژاراوي و کوشەنذەش جەپەیوەنذپو دۆسانەو دەولەتەکاو خۆرئاووخۆرهەلاٚتیەنە ، ئاستەن‌جیا، تەنیابەژاوێژ-یوەعاقلاٚنە ، ئاشۆنە ژاراوی‌یەدلێنەمشۆ؛ ئیسە کار بەدەستە تــازکێــو

چەنیوهام وەلاٚنی‌یەکاو وێش‌هــا مکاري نەکەرۆ، مەگەرئاکەسێ پەگەرئاکەسێ کــە مەغزشانیە-وەش‌بۆ وەکۆش‌بذا بەتەبلیغاتــو ژەحرینوبێگانەکا ، وەوەتەنوێشا دوورەشاپەنەشا،ئاجۆرە کەسێ‌چا-کەسانەنێ کەجەنیعمەتو سلاٚمەتیی تێرێ بینێ، وەوەشیی بەناوەشیی وازاوە .

ئێمەئێرانی‌یێ‌پاک‌نەژادێ مشێو بەگوفتارو کردارو دوروستووێما ثابت کەرمێ کەپێش زەفتووەلاٚتی ئینا ئیتاعەت کەردیوقانونی‌دەولەتی‌یەنە،وەپەی‌دەوامو هێمنی‌وئارا-میی کۆشش کەرمێ .

سەرپێچیی جەقانونی بێجگە جەزەرەری کەڵکێوەش‌پەی‌وەلاٚتی نییا ، تەنیا ئەمنیی وئارامی‌یاکە ئەنذامێ‌باسەوادێ‌پەنەمیاونۆ،وەبۆ بەسەبەبوئانەیە کە مەقاماتوعیلمیی تەی کەرا ،وەپەی‌وەلاٚتووێشایسا-وایەنە. ئاکەسێ کەنەحصیل کەرە جوانە کێــوئێمەجەزابــەرا، وە جەزایێ زاسەلاشامذا . بێ گومان دژمنیوئاذێشانێ ، وگەرەکشانا بەئاشۆکەردەی نییە توپیسووێشا عەمەلی کەرا؛ کەپاسەنە،سەروگرد کەسێوەلازما کەدژمنوویش‌بژناسۆ وەوێش چەنەش لابذۆ .

## لاپەڕەیی-بوهەمووجار

ئیمریکای گەرەکشانا ئاوژمنەیەتی‌یە لابەرا ، پاجۆرە کــە ئــەشخاصە دۆسەکێوئیمریکای واتەنشا ، پرێزیدنت «کینەدي» ، وەدین راسك» وەزیروخارجەوئادی کۆشش کەرا کەدۆسیی ووزادلێوتەماموەدەولەتەکا وەحەقوگرد دەولەکا پارێزنا .

پاجۆرە کە ئیمریکایی یەکاپەیشا بەرکەوتــەن دەولــەتوزۆسی جەحاڵی حازرەنە تائەنذازێوەموشەکی قازەپەیماش نییا کەبتاوو ، وە-رانومەریش پەنەکەرۆ ، کەپاسەبییە ئیمریکایە کێ لاشاپاسەنە کە زۆس دڵش‌نییابەجەنگی گەورەی‌ئەتومی‌یەوە ، پەوچی هەوڵمذۆ کە ئیمریکا چەنیودەولەتەغەربی‌یە کای تەری‌ملێذا کە کۆنفرانسوسەران‌پەی‌ئەرە-مەرزنایوئاشتی‌ودنیای زێك گنۆ.

بەلاٚم سیاسەتمەدارە کێنوئینگلیسی دوزئەنذێشیی‌ووێشا سەبارەت بەسیاسەتو زۆسي جەدەس وەرنەذان، وەلاشاپاسەنە کەغەرەبچەنیوئانەیە کە مشیۆپەی‌ئەرمەرزنایوئاشتی کۆشۆ،هەرپاسەمشیۆپایەوئاشتیی سەرو بنەژەتوچەکو ئەسلەحەیۆ پەی‌پارێزناو وێش‌مەرزنوژە .

زۆهەمزەفتەسیاست زانەکاو ئینگلیسی، وە «هارۆلدمە کمیلەن» سەرکالیاروئادەولەتیە ، زێك کەوتەیو کۆنفرانسوسەرانو دەولەتەکاپەی خاس کەردەیوکاروبارو دەولەتا ، لازمەزانا .

بێ گومان احترام گروتەیۆ تەرینی جەدلێووەلاٚتەکاوخۆرهەلاٚت و خوژنشینیەنە ، وەئەهوەن‌بییەیوسیاسەتوزۆسی پەی دلێنەبەردەیو بــەذ گومانی‌یێوە کەدلێشانەهەن ، وەبەدي ئاردەیوئاچێواکەپەی ئــاشتــی دەردەوەراجە گرد چێوێ خاستەرا.

### مەوولود ...

ماوەی‌ل ٦

ئەمژدستوی‌هە می‌دي بێن هە لاك
زۆهنیا هەردوجەهــان وملــەتــان
ئومــەتــاوي چێترینێ ئومەتــان
دي‌چ‌بیت‌حــالێ‌مــە وتەد بیروزای
ئــەی‌وای ، ئــەی‌وای، ئــەی‌وای
هەم دصوبحائێ شەڤادەولەت‌فوزۆن
تەختێ شاهان جەهان بۆسەرنخون
بێ‌تە کەڵوم ما دڤێ‌هندي مــولوك
شاە ئەگەرحاکم ئەگەرمیرێ‌بڵوك
گــەردڤێتن‌هــۆن‌ژنارێ‌بن‌بخاة
بەشق‌وشەوقەك‌هۆن‌بیێژن‌الصلواة
(ئامنێ) گۆتي کە شەش‌مەهچۆنەسەر
منژ حەملا خونەدي‌قەطیەك‌ئەسەر
پاشي شەش‌مەه،هاتەمێ‌ئاوازێ‌غەیب
من لتە مزگینی،ئەی‌پاکیزەجەیب
وي دەگەڵ تەخاتەمێ پەیغەمبەران
ناسخێ حــەرفا کتاب ودە فتەران
لێ د خــەو نێدا مە د بتن بێ‌عــەدەد
ئــە نبیا و رەمزو نیسان و سەنــد

بنکەی ژین www.zheen.org

بەشی کوردیی شمال

کوردستان

لاپەرەیی ، بوهەموجار

## نعمە تا ئیمن ئەمانیی

حەدیثەك مبارەك ژزمانی موجزە بەیانی پەیغەمبەری ئیسلامی (صلی اللهعلیەوآلەوسلم) هاتی یە، کوفەنا هەموو کەلمیدوی حەزرەتی تزی ژدونیێك مەعنایە .

حەزرەتی رەسولی ئەکەرەم ، کەرەم کرنە دونەعمەت لەخەلکێ وەشارتی ونەخویایە، یەك تەندوروستی یادی ئیمن ئەمانی .

هەر کەس حەتتانی کولەحالێ سلامەتی وتەندوروستـی یێ دابە ، نوکارە قەدرقیمەتاڤێ تێدەرخە ، لێ بەلێ گاوێك ئەندامەکی بەدەناوی دادەردچێ بە،وی چاخی دزانە، کوتەن دوروستی چ نەعمەتەکی مەزن وبێ هەو- الەئیمن ئەمانی ژی، یەك ژوان نەعمەتێد عەزیزوپڕ قیمەتە، کونوتلی تەن دوروستی وبێناهی وهـەوێ حالێ عەدەتی دا بەکجارەوەشارتی یـە ، وەچاخێك ژدەست چـوَن، مرۆڤ هێژابوناوان تێدەردخە،وەبچونە بوناوان حەیفی دخو.

هەواپاك وتەمیز کـوئەموێ بێ دکن،ژبەرپاکی وتەمیزیێ خوویا نینە، وەلی وەختاك بـدۆی وتۆزو دۆمانێ دلەووتە ، ژی یاندفـەس کیشاندنی،سەخەت نارەحەت دکە، وەمرۆڤ پێ دزانە کوچ اندازە کێ ئەوهەواپاك هێژابویـە، وەد کەك جارەکدی وێ یا بینەدەست.

ئیرانامە عەزیز، پاشی گەلەك سالان ئیختشاش ویاخی گەری یا شەروڕا وحکومەتێد خانخانی کو ئاخریا دەورا قـاجاردا، ئـەوەك گوژبو ، هەرتەنێ بـدەر کـەتنا حکومەتاپەهلوی، کاری بۆنەفەسەکێ رەحەت بکێشینە وە ژوێ ئیمن ئەمانی ببینە.

ئەوئیمن ئەمانیابێ هەوال کو مەملەکەتێ مـەداهەبـو، پاشی گرتنا عەسکەرێد دەرامی سست بۆ،لێ هەما حـەتتانی سالا ١٣٣٢ دۆماند، شوکـرا خـودێ ژوێ شونداتردبـن سایـا اعلیحضرت همایون شاهەنشا ، وەبـەر گرتنا سیاسەتەك ملی وهەمیشەیی خەلك شێنی وئاوایا مەملەکەت داکەتنە، وەژبر ئیمن ئەمانیا سیاسی یاتەملە. کەت کاریٚ خومێژەدکن

چومرۆڤەکی وەطەن پەرەست ونیشتمان خوازێ ڕاستی پەیـدا نابە کو کوقەدرقیمەتـا نەعمەتێ ئیمن ئەمانیێ نزانبە، وەهەمـوەطەنێد خورا ئالی کاریێ نەکە.

مەگەر ئەومرۆڤێك، کوروحێ وی نەسازبە ، یادبن تەبلیقاتی ژە هراوی وتشەکی پێدپیسی دژمنی مەملەکەت دا قـرار گرتبە فەنا مرۆڤێد نەزان، کوژنـە عمەتێ تەندوروستی بێ واستیابن وەبخوازن کونەساز کن.

ئەمئیرانییێد پاك نەژاد گەرە کوبکرنو گۆتن وفکر وعەمەلێد خوئەشکەرە کن، کو بۆبەر کەتن وئاوایا مەملەکەت ، ژهەر ئالـی یەکی قایدە قانونارا حورمەتـێ دگرن، وەمایینا ئیمن ئەمانیێ را تەلاشێ دکن.

ملەتەدایین لەبن قایدەقانـونا خێنجیژ پیان وزراران چوسەمەرەك وان چونەیە.

ئیمن ئەمانی یە . کوخـواند وارێد مەملەکەت دەوراناخواندن وهێم بۆنازانەتیا واندا کۆمەکێ دکە، وەدبەسەبەب، کوهنگاوێد زانەتیا خوبقەدینە، وەمرۆڤنەباش وبکار بۆخو ومەملەکەت بن .

ئەومرۆڤێك ژدەوێ پاك وسادەیێ بەراخواندوار، مەملەکەت دکن ئیختشاشێ وژەهر ئاوی دکن، بێ شك دوژمنێدوانن.

وەدکن،بڤێ یەکێ نێتێد خونی پیس بگێنن سێری .

سەرهەر کەسی واژبە، دوژمنێد خو ناس بکە، وەژوان وفکرێد لەووتی وژەهر ئاوی یێدوان خو بپارێزن.

(وەشارتی یە): نەزانراوە :مجهول است

(بێ هەوال) : بێ وێنە : بی نظیر

(هێژابون) : بایی:ارزش

(تۆزدۆمان) : تەپ وتۆز : گردو خاك

(واستیابن) : ماندوبـن : خستە باشند

(لەووتی): پیس کردن: آلودە

## (مزگینی یاسولحی)

هلگوهراندنێك، دومەهابەرێ لەدونیایێ بۆ، جارەکدی خەلکێ جهانێ بسولح وئاشتی یێ دلگەرم کری یـە. وەچاواك، گرەگرێـد سیاسی یێ دەولەتێد ڕۆژئاواتێ دەردخن، خاپی کرنا سولحێ ووەمەخسوە- سەن چەڤ ڕاکرنا زۆرێد ئاتۆمی، ژهەرتشتەکی گەلەتر بڤێ گرێدایی یە، کاژێبەرێد شۆرەوی، بەچ جور کێ ژسولحێ قسەدکن وەئەوی چاوا دزانن.

ئەڤ بخو مەسەلەك زاف مەزنە . هەلبەت گشتی سیاسەتمەدار و خەلکێ جهانێ پەسنێ سولحێ وەددن، وەهەمو خودلخوازێ وێ نیشان ددن لێ بەلێ لازمەوارە دیتن کەنێت ومرازێ هەریەکێ ژکەلماسولحێ چی یە ؟

هەگەقرار بەدرولەتەك سولحێ هابپەسنە کوبخو ئێدن داپیی بە چ وەختاکو دلێ خواست سەرکوتنانی بکە ، سەربخـویی و حکومەتا دەولەتا ژناوبهەرەوەچو دەولەتەك ژی پێشیێ نەگرە ، هەلبەت ئەوێك سەربخویی وحەقاتێ واندکەڤە خەتەرێ سولحا هاکینە قەبول ناکن وەهەرچەند دۆرەربەرێ سولحێ ڤی جوری داتەبلیغات وهایکوارە کرن، بێ سەمەرە، وەبڤی جوری وەعاقوبەت ژی ناوبێنا دەولەتێد مەزنداشەڕێ بقەوومە.

لێ بەلێ هەگەر مەعنا سولحێ ئەڤ بە کە هەر دەولەتەك ئازاپی و سەربخویا دەولەتێد دی ڕاحورمەتێ بگرە، وەنەکوتەنێ چوخەتەرەکێ ڤێ ئازایێ ڕاچێ نەکە، بەلکی هەگەر دەولەتەکێ دلخواست ژزۆرێ خەرەزێ سەرکوتنانیێ دەولەتەکدی بکە ، ژڕێ با کۆمـاملەتێد یەك بوپیوەیان جی بێ جهانی یێ دی پێشاباڤێ خەتەرێ بگـرە، وی چاخی ئەم بەمەعنا سولحۆژئەواك هەیە نێزیك بونە. یاسەخت ئەڤەکە پاشی شەڕێ دووماجهانیی، دەولەتێد دونیایێ بهەودی بەدبین کری یە، وە ئەسەرەك ژهراوی ناوبێنا دەولەتێد ڕۆژهلاتێ وڕۆژئاوابجی هیشتی یە

وەهەرتەنێ بەگیپرەك سیاسیی وسیاسەتەك باقلانەدبە کوژنـاو هەرە .

سەرەکێد تازەیێ دەولەتا ئامریکا، بۆهلدانا ئالوزی وبەدبینییێ هەپی دەست بکار کرنە.

وەچاواك جی یێ نێزیکی دەولەتا ئامـریکا دبێژن ( پرزیدنت کندی) وە (دین راسك) وەزیرێ کاربارێ دەروایێ وی، هەمن ڤێ گاڤێ یەکێ رادکن وەبجوزێك دەولەتا ئامریکا ژنێت ومەقسەدا شۆرەوی تێدەرخستی یە، ڤێ گاڤێ موشەکێد دونیا گەرێ شۆرەوی ئیسـا گەلەك نینە .

هنەك زانێدسیاسیی هاژڤێ مەسەلێ دەردخن، کەدەولەتاشۆرەوی حەزناکە شەڕەکیی مەزنە ئاتۆمیی بقەوومە ، وەلـەمازی گەرە کو ئامریکا ودەولەتێدمەزنێ ڕۆژئاوا جڤاتا سەرەکێد دەولەتێ مەزن قەبول کن.

لێ بەلێ زانێد سیاسی یێ انگلیس ، لازم دزانن کولەبارانێت و سیاسەتا ژێبەرێدشۆرەوی دا دۆرفکری وهەمەتی وارە کرن، وەبڕباواریا وان ئەڤە، کەڕۆژئاوا لەحالێك لازمەلەڕێکا ئاشتیو سولحێ داپێ ڕادە، گەرەك کو بنیشاڤێ سولحێ لەسەرخاییی کـرنا خـورتیا بـسەرگرێ داینە لێ هەما،بهەرحالەکیی ژێبەرێدسیاسیی یێ انگلیس،وەمەخسوسەن (مکمیلن) سەرەکێ وەزیرێ انگلیس بخو، دانینا جڤاتاسەرەکاوە کوتنا کرنامەسەلێد جهانیی ژرێکا گۆفتگۆیێ سیاسیی لازم دزانن.

بێ شك سەرا دەربـاس بوونا دەولـەتێد ڕۆژهلات وڕۆژئاوا ، وە مەخسووسەن کێم بووناسیاسەتا شورەوي بەرێ، وەپێ هاتناوێ دەولەتێ بۆژناوبرناشك وبەدبینی یێ وەسەڕاست کرناوەسپلێد سولح وئاشتیی یێ، ژهەرتشتەکیی ئەسەرترو بکارترە .

**ماناێ ووشەکان**

(گرەگرێد سیاسی) : پەیاو گەورەکانیی سیاسی : بزرگان سیاسی

(پەسن) : تاریف : تعریف

( مراز ) : ئامانج : مراد

( وي چاخی ) : ئەوکاتە : آنوقت

( ژەهر ئاوی ) : ژاراوي : مسموم کنندە

( ڤێ گاڤێ) : هەرئێستا کە : همین الان

( هەمەتی ) : پارێزگاری: احتیاط

( پێ ڕادە ) : هەنگاو هلگرێ : قدم بردارد

( خاییی کرن ) : پاراستن : حفظ کردن

(سەرادەرباس بوون) : لێبووردن : گذشت کردن

بنکەی ژین www.zheen.org

### سوزەی کویستان

ماوەی ل٤

گیپانێکی تێ هاتەوە، وەدەستی کردە وە بەقسەی قوت کردن، بەڵام بەچەشنێ لە گۆ کە وتبوەهێشتا هەرنەی دەتوانی بۆخۆی بـەڕێوە بـڕوات، «شاوەیسی» پیاوچاك و نەبەڕیش هەرلە ژێرباری ڕا کێشانی باوەیس داڕەنجی ئە کیشا. دربۆەی نەدەیێ دۆنە فەری خۆیانیان کێش کردتا گەیشتنەوە نزیکەی ئاوایی لەوکاتەداخوداوڕاسانیە کێ لەدانیشتووانی دێیان پێ گەیی، وە«شاوەیس» بانگی لێ کرد، وەئەوپش هات بەهاوا ریانەوە. پاش ئەوەی گەیشتەلایان وەهەواڵی لێ پرسین، «شاوەیس» کوتی: برام جارێ کاتی قسە کردن نییە، من لە بڕبۆمەتەوەجـارێ وەرە بچۆرە ژێرباڵی «بـاوەیس» وە ئەگەرتۆش نەگەیشتایێ ئیترمن نەم دەتوانی ئەم ماوەیەی پێوە ببڕم وەبەجێ یشم نەئەهێشت وەڕەقیش ئەبۆمەوە .

ماوەی هەیە

## مەتەل:

**١ـ شەڕلەبەتاڵیی چاکترە (مەتەلی دزەیی)**

سەبارەت بـەخراپیی بەتاڵي ئەوێژرێ.

**٢ـ هێندە کەرە، شەڕ بەگاڵتە ئەزانێ**

یانێ پیاوی ئەحمەق خراپ بە چاك ئەزانێ .

**٣ـ مێمکە لەخۆیشەیدابوو،**

**کلکێکی لێ پەیدابوو،**

ئەممەتەڵە بۆ کەسێك ئەووترێ کەزۆر بێ عەقل بێت، وەپیاوێکی فێڵباز خۆی بکاتەهاوڕێ وفێڵی بڕات .

**٤ـ کەرە کەی جارانەو کورتانەکەی گۆڕاوە.**

بۆ کەسێك ئەووترێ کەهیچو پووچ بێت ولەپڕماڵ وسامانێکی زۆری دەست کەوێ،

**٥ـ هێشتانەی هۆنیوەتەوە،**

**شەقەی دێت!**

ئەممەتەڵە بۆ کەسێ ئەووترێ کەکارێکی هێشتانە کردووە، خۆی پێیەوە هەڵ کێشی.

**ئەممەتەڵانە دیاری یەکەی کاك عبدالقادر طالبانی بوون. وەمەتەلی «کلکی تێدا زاوە» لەژمارەی ڕابووردو، لەبەشی ڕێزەکاریدا، لەچاپ دراوە.**

**چاپ اختر شمال**
**تلفن ٢٥٥٠١**

هەزارویەك شەو ٣٥٧

ئەوێ ئەنواڕی شازادە خاتون ((ابریزه)) لەخاك وخوێنی خۆیا خلۆپـاوەتەوە، وە مەرجانەی کە نیزی بەسەریەوە دانیشتووە ئەگرێ. ملك حردوب لـە سەرئەسپەوە خۆی فڕە دا، وەلە سەرخۆی چوو. سوارەکانیش هەموو دابەزین ودەسیان کردە گریان و شیوەن . کەپاڕشاهاتەوە سەرخۆی، کارەساتی لەمەرجانەپرسی. مەرجانەکارەساتەکەی ئەوەڵ تائاخیر بۆ گێڕاوە. ملك حردوب بیستنی ئەم داستانە ئەگریاودونیالە بەرچاوی تاریك بوو. ئەوجافەرمانی دا: شازادەخاتونیان نایەنێوی تابوت، وە گەڕانەوە بۆ «قساریە» وەتابوتیان هێنایە نێوی کۆشکەوە. لەپاشان پاڕشاڕۆیشت بۆلای دایکی «ذات الدواهی» وەلەم کارەساتە ئاگاداری کرد وبۆی گێڕاوە کە : لەپێشان ملك نعمان بەناپیاوي و فزوفێڵ دەستی بە کچە کەم گەیاندووە؛ وەلە پاشان قۆڵەڕەشێ کچە کەی کوشتووم . بەمەسیح قەسەم !ئەبێ تۆ لەیان لێ بکەمەوە . وەئەمەنەنگەلە سەرخۆم لابەم؛ وەئەگەر دەسم نەڕوا ئەم حەقە بسێنمەوە، خۆم ئەکوژم!، ئەوجالە گەڵ دایکـا دەسیان کردە ڕوڵە زۆ کردن وخۆ کوشتن و گریان وشیوەن. لەپاش ئەوە کەچاك شین وزاريخۆیان کرد، ((ذات الدواهی)) دایکی پێی ووت : ڕۆڵە !بەم قسانەباوەڕمە کە ! کەسێ کچی تۆی کوشتووەجگە لەمەرجانە؛ چونکومەرجانەزۆرڕقی لەوبوو. لەپاشان((ذات الدوهی)) بەملك حردوبی کوڕی ووت : هیچ غەمت نەبێ! بەمەسێح قەسەم ! کەمن دەست لـە ملك نعمان هەڵ ناگرم، تاخۆی و کورەکانی نەکوژم وکارێکی پێ نەکەم کە لەدونیادا ببێتە پەند؛ وەلە دونیاڕا دەم بەدەم بێ گێڕنەوە! بەڵام تۆش ئـەبێ کـە لەقسەی من دەرنەچی! وەهەرچی ئەڵێم جێ بەجێ بکەی . ملك حردوب بەدایکی ووت بەمەسێح قەسەم ! ئەوندەی سەری موێ لە قسەت دەرناچم . ذات الدواهی ووتی: چەند کچێکی ووریاوجوان ئامادە بکەوچەند کەس زاناش دەنگ بکەو لەماڵی دونیابـێ نیازیان بکە، کەبەو کچانەدەرسی حیکمەت ووێژە وهەڵبەست وهاودەمی پـــادشاهـان بڵێن ؛

دیاریی خوینەران

# بەهاری بی خەزان

## بەبونەی لەدایك بونی وەلی عەهدی خوشەویست

لەسایەی لوتفی بێ حەددی خوداوەند
لەهەرلایێکی پـەیدابوزەمـاوەنـد
لەهـەرلاییکـی جێژن وهەڵپەڕینە
هەرایە، بەزمـە، کەیفە، پێ کەنینە
شوکـرئـەوسالی خەزانی مـە(١) بـەهارە
گەلی ئێران بە کەیف وبـەختیارە
گەلی ئێمە گەییشت ئەوڕۆ بەئاوات
گوڵێك پشکوت وبەوبەك گوڵ بەهارهات(٢)
بەلێ ئەو کورپە تـاقانـە عـەزیزە
دەدا موژدەی بـەهارێ وەك گەزیزە
بەهارێ پڕلـە خۆشي وشادمانـي
بەهـاری بـەختیاري وکامـراني
بەهاری مەجدوپێشکەوت وسەعادەت
بەهاری بێ خەزانی موڵك ومیللەت
«بحمدالله» بە کوێری چاوی دوژمن
وەلي عەهدی لە باوەش گرت شاژن
«فەرەح» هێنای فەرەح بۆ گەل بەسەوقات
فریشتەیکە ، کە بۆشادي دلان هات
خوڕا زۆڵـەی بەشاهەنشا، ڕەوادی
خەڵك یکڕا(٣) هەموبون غەرقی شادي
لەئافاتی خـەزان دووربـی «الهی»
گوڵـی گوڵـزاروبـاغی پاڕشاهیی
«الهی»! سەڵتەنەت هەربەردەوام بێ
شەهەنشاهی مەزن هـەرشادکام بێ

**سیدمحمدامین شیخ الاسلامی ـ هێمن**

ئەی وەتەن! چەند خوشەویستی؟ ڕۆحی شیرینی منی
مەزرەعەی تـوخمي نیشات و بـاعیسی ژینی منی
بێ تۆ گەر من کۆە کەن بم ، وەصڵی شیرینم ببێ
تێشەیێ نـاڕەم لەبەردت ، تۆی کـە شیرینی منی
گەرچی ئەرزي هێندبلندی، وەختەلای من بچیەعەرش
واسیتەی سەربەستیي و ئیجرای ئـــامانی منی
نەوبەهاران بەوهـەوای زۆرساڤـە، واوەك جەننەتی
فەصڵی زستانیش سەراسەرباغـــــی نەسرینی منی
ئارەزوی فیکری سەیاحەت ناکەم ئیتر، ئەی وەتەن!
تۆلـە جێگای قاهـرەو تـاران وبـەرلینی منی

**لەڕەواندزی عیراقەوە: جمال جلال**

(١) ئێمە (٢) ئیشارە بەومەتەڵەیە کەئەڵێ: بـە گولێ بەهارنابێ
(٣) تێکڕا، هەمو

# دستور خواندن و نوشتن کردی

عده‌ای ازخواهران برادران فارس زبان که‌مایلندبرسم‌الخط کردی‌آشناشوند باین‌مطلب توجه‌فرمایند:

میدانیم‌که کلمات‌فارسی بوسیله‌سه‌حرکت زبروزیروپیش وسه‌حرف «الف»و«واو»و«یاء» تلفظ میشود. وچون‌حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح‌کلمات بستگی باشنائی قبلی‌دارد،و این‌نقیصه موجب‌اشکال بزرگی درزبان فارسی شده . ولی‌رسم الخط‌کردی این‌اشکال رامرتفع ساخته، وکلمات تنها بوسیله حروف تلفظ میشوند. حروف‌صدای‌کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .

۱- (ە) که‌بجای زبرمیآید. مانند: «سەر» (سر)«سەروەر» (سرور)

۲-(ی) که‌بجای‌زیرمیایدمانند: «جیهاز»(جهاز)«کیتاب» (کتاب)

۳-(و) که‌بجای‌پیش‌میایدمانند:«گول»(گل)«بولبول»(بلبل)

۴- (الف) که‌بجای‌الف میایدمانند: «باغ» (باغ)

٥- (ۆ) که بجای«واو» میآیدمانند: «بۆد»(بود)«زۆد»(زود)

٦- (ێ ێ ي) که‌بجای«یاء»میآیدمانند:«بید»(بید)«دەوید»(دوید)

«مەردي»(مردی)

۷- (ۆ)که صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»

۸- (ێ)که‌صدای یاء مجهول میدهد : مانند «کێ» (که) «چێ»(چه)

۹- (ۊ) که‌مخصوص‌لهجه‌کرمانشاهی استوصدای (Ü)میدهد. مثال‌آن درلهجه کرمانشاهی«ئۊشم»(میگویم) «داشتۊت» (داشته‌باشد)

(۱) حروف«ها»و«واو»و«یاء» بی‌علامت ممکن‌است‌اصلی باشند.مانند:«هەمسایه»(همسایه)«وورود»(ورود)«یەك»(یك). برای‌فرق‌میان هاءاصلی‌واعراب، هاءاصلی را دوچشم‌واعراب رایك‌چشم‌می نویسند .

(۲) همزه را همیشه باینصورت ( ئ ) می‌نویسند . مانند : «ئەحمەد»(احمد)«ئوطاق»(اطاق)

(۳)درکردی‌گاهی‌روی‌حرف‌دال‌ولام‌وراءعلامتی‌میگذارند وباین‌شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) که در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام‌وراءمفخم میگردند.مثال آن‌درکردی:«فەرهاڎ،دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کریعنی‌پسر)

(۴) الف‌بای‌کردی یك‌حرف بیشترازفارسی‌وعربی داردکه عبارت از«ڤ»میباشد . البته‌تلفظ‌این‌حرف‌درفارسی زیادست،ولی با«واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئـەڤـایل» (اوایل) .

(۵)دررسم‌الخط‌کردی‌حروف مشددرا دوتامینویسند.مانند «ئەڕڕە» (اره) «بەڕڕە» (بره)

(٦) درکردی‌کلمات‌راهرطورتلفظ میکنند مینویسند؛ البته کلمات بیگانه‌را مشمول این‌قاعده‌میسازند ؛ ودیگراشتباهی‌بین حروفیکه مخرجشان نزدیك‌است واقع‌نمیشود ؛ مثلا صفحه را اینطور مینویسند : «سەفهە»

### لەهەرگولزار

ماوەی‌ل ۳

تەماشاکردنی ئەوگولانە باشترچاویان ڕۆنـاك ئەبێتەوە؛ وەبـەبـۆنی خۆشیان چاکترمەست وسەرخۆش‌ئەبن .

مامۆستای بەڕێزجەنابی «سیداحمدی شیخ‌الاسلام»ی‌مەریوان کەیەکێ‌لەخوێنەرەبەنرخەکانی ڕۆژنامەی کوردستان‌دیوانێکی‌دەس خەتی‌ئەوزایەی بۆنـاردوین ، زۆرسوپـاسی دڵسوزي وچاودێری یان ئەکەین.

ئەوائێمەش لەم ژمارەوەدەسمان کرد بەلەچاپ دانی‌ئەودیوانـە بەنرخە

# چووارقوژبن

| | ۱ | ۲ | ۳ | ٤ | ٥ | ٦ | ۷ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ۱ | | | | | ■ | | |
| ۲ | | | | ■ | | | |
| ۳ | ■ | | | | | | |
| ٤ | | ■ | ■ | | ■ | ■ | |
| ٥ | | | | | | | ■ |
| ٦ | | | | ■ | | | |
| ۷ | | | ■ | | | | |

**لابەلا:**

۱-ڕێشە گیاییێکی‌وە کوچەوەندەرە؛ بەڵام ئەم‌تەنیاخۆی‌ئەخورێ،وە گەڵا کە ی،خواردە- مـەنی‌نییە-ئەگەر کەڕێ(بـایەقوش)۲-لە (کلیلەودمنە)دا، گەلێ داستان ئەگێڕێتەوەبۆ (برهمن)-خـۆی،دەنگی بـە ردەئاشە؛بـەڵام کردنی،منەت‌بردنە ۳- شەرتەوەك‌بـولبوڵ بە شێوەن قەت‌لەق‌وچڵ‌بەرنە دەم‌تادەمی...ئە مەڵدە کـرێتەوەصوبحی‌بەهار ٥- کەپاییزی جییاییت ڕەنگی فەرومردینی‌لێ سەندم‌تەمە- نای‌غەیری...جوانی‌وەك‌خەزان،نا کـەم٦- بـە عـەرە بی،هـەرشتێکی‌خاوەن‌دارە،بەڵام‌لە کوردی‌دا،تەنیاجێگای‌ژیانی‌خێزانە-هەرچە ندکە...م،بەخودامایلی‌ڕۆتم‌بێ بەرگی‌یە عیللەت کـەهەتیومـەیلی‌هـەتاوە۷-سەبەبو عیللەت-بەفارسیی،ژێرزەوینی‌تەنگ وتاریکە

**بەرەوخوار:**

۱-بڵێسەی‌ئـاگـر-دەنگی‌پـارەوێ،کاتێ شێ بکەوێتەلوتی‌یا گریانێ کەبێ‌ئیختییاربەربیتە- وە۲-تاواندنەوەی بۆکەسێ، پیلان گێـڕانـە بۆ؛وکە سە-براگە ورەی لەرز۳-هیوای بێ دووایی-بچوك‌نییە ٤-نوێژی‌هەورامیی ٥- منداڵەوکوڕنییە-بێ کەس ،نان، بـەئـەوی ڕۆژئەخۆن٦- گۆترموها کۆ-ڕۆژی عەرەبیی ۷-بۆکی‌هەورامان-لەباتیی«بـۆ،بە» کەبۆتە- عـەددیی‌ـن،ئـەنـوسێتەدووای(مـاضی‌نقلی) کوردی‌یەوە.

### کراوەی چووارقوژبنی ژمارەی ۹۰

**لابەلا :** ۱-قربت-جت-۲-تەر-راو ۳- قژ-هول ٤-ئاش‌ە-هون-مل٦-رەگ-ابن- ۷-دز-نرکە.

**بەرەوخوار :** ۱ -قت-وەرد۲-رمق-وەز ۳-برژانگ‌ە-رەشمار٦-چاو-لیك۷-تولەنە.

هەزاویەك‌شەو ۳٥٨

بەڵام ئەوزانایانەئەبێ‌هەموموسوڵمان بن‌کە ئەخباری عەرەب ومێژوی‌ژیانی‌خولەفاو بەسەرهات ودەنگ‌وباسی‌ڕۆزگاری هەموپاڎشاهانی‌ئیسلام‌فێربێن . وەختێ کچەکان هەموشتێ‌فێربین، ئەوکانە بەسەردوژمنازاڵ وپیرۆزئەبین؛ وەتۆڵەیان لێ‌ئەکەینەوە ؛ چونکوملك نعمان شێت‌ودێوانەی کچە؛ وەباوەکوبۆخۆی‌سێ‌صەڎوشەصت کەنیزی بۆ، صەڎکەنیزی‌لە کەنیزەکانی‌شازادە خاتون ((ابریزە)) گل داوەتـەوە .کاتێ ئـەم کچانە هەموئەم زانستەفێربون؛ من لەگەڵ‌خۆما ئەیان بـەم بۆبەغداد . کـەملك حردوب ئەم قسەی لە دایکی خۆی ذات‌الدوهی بیست، خۆش حاڵ‌بو. دەس بەجێ فرستاڎەی‌بەهەموولاییێکدا‌نارد؛وەچەنڎنەفەرزانای‌بەناوبانگی‌لەشارەدورەکانەوەدەنگ کرد؛ وەمووچەوخەڵات وبەراتی زۆری بۆئەوان بڕی‌یەوە؛ وە کچەکانیشی ئـامادە کرد .

(کەچیرۆك گەییشتە ئەم‌جێگا ڕۆژبووەوە،وەشەهرزادقسەکەی‌بچری)

# کەشەوی پەنجاوسیەم‌هات

شەهرزاد ووتی: ئەی پاڎشای بەختیار! ملك حردوب ماڵ ومووچەوخەڵات وبەراتی زۆری بۆزاناکان بڕی‌یەوە؛ وە کچەکانـی سپاردە دەسیان وپێی‌ووتن کـە : دەرسی حیکمەت وفەلسەفەوویژەوەەڵبەست ومێژوبەوان بڵێن . زاناکان هەمووبەدڵ‌وگیان بەلێ‌قوربانیان‌ووت وەخەریکی‌کاری خۆیان‌بوون . ئەمەکارەساتی‌ملك حردوب‌بوو تائەم جێگا، جا ئێستا بڕۆینەوە سەرباسی ملك نعمان .کاتێ کە ملك نعمان لەڕاو هاتەوە، یەك ڕاس ڕۆییشت بۆ کۆشکی شازادەخاتوون ((ابریزە)) ئەنواڕێ چۆڵە،

بنکەی ژین www.zheen.org

**گیراوەلەگۆڤاری «باستانشناسی»** — **وەرگێز:د.ع.م**

# ((ساتراپی))یەکانی شاهەنشاهیی ئیران

**٦ـ کاپادۆس** سنوری ئەوێ لەباکورەوە بەحری ڕەش ، وەلە ڕۆژئاواوە ناوچەی «پافلاگۆنی» وەلەباشورەوە کێوەکانی «تارۆس» وە لەرۆژهەڵاتەوە ئەرمەنستان بووە . وەنـاوچەی نێوانـی «هـالیس» و «فورات»ەی داگرتووە .

ئەمساتراپی‌یە ئەبۆبەدوبەشەوە: ١ـکابادۆسی گەورە ٢ـکابادۆسی بچوك .

یۆنانی‌یەکان ، خەڵکی بەشی کابادۆسی گەورەیان بەشامـی‌یـە سپێنەکان ناوئەبرد ؛ وەووشەی شام کە لەزمانی فەرانسەی‌ئەمڕۆژا، وەلەزمانی یۆنانی کۆنا بە«سیری»ناوئەبرێ،لەکتێبە ئایینی‌یە کۆنەکانا بە«ئارام» ناوبراوە ؛ وەعەرەبەکان پێی ئەڵێن : «شام» (بەمانای چەپ) یەکێ لەچۆمە گەورەکانی کاپاڏوسی گەورە چـۆمی «هالیس»ە ، کـە ئەڕژێتەدەریای‌ڕەشەوە.«ئیسترابون»ی‌یۆنانی‌جوغرافی زانی بەناوبانگ خەڵکی «ئامازی» یەکێ لەشارەکانی کاپادۆس بووە .

**٧ـپافلاگۆنی**ـ کەلەباشوری دەریای ڕەشایە ؛ وەبـەنـدەری «سینوپ»ەی ئەمڕۆ یەکێ لەشارە بەناوبانگەکانی ئەمساتراپی‌یەبووە .

**٨ـبی‌تینی** ـ ئەمساتراپی‌یە کەمتر ملی بەشاهەنشاهیی ئێران داوە ؛ وەتەنیا بەشێکی لەژێری فەرمانابووە .

**٩ـلیسی وپامفلیی وپینریدی و سیلیسی** («ئیسپاردا» لە بەردە نۆسراوەکەی داریۆش‌دا)چەنڎ وەڵاتێکی کوێستانی‌ونیوەسەربەخۆبون کەزۆرجاردەس درێژی‌یان ئەکردەسەرساتراپی‌یەکانی دراوسی‌خۆیان وەئەوانیان هەڵ ئەنا، کە : لەبەرانبەری حکومەتی شاهەنشاهـی‌یـەوە شۆڕش بکەن .

«دارا» (داریۆشی‌سیەم) پاڎشای ئیران لە«ئیسوس»داـ کەیەکێ لەشارەگرنگەکانی «سیلیسیی»بوـلەدەستی «ئەسکەندەری مەقدۆنی»ـیەوە شکستی‌خوارد.

**١٠ـ سوریيە** ـ سنوری سوریيە لەباکورەوە کێوەکانی «تروس» لەڕۆژ هەڵاتەوە «فورات» و«عەرەبستان» لەباشورەوە دەریای ڕۆم؛ بەڵام ئەگەر «فینیقییە» و«فلسطین»یش حەسێب بکەین ، سنـوری باشوری ئەوێ «مصر» بووە .

«مودرایە» (مصری‌ئەمڕۆ) کە لـەزمانی «کـەمبوجیە» کـوڕی «کوروش»دا ، گیرا ، وەتاماوەیێ ، یەکێ لەساتراپی‌یە گەورەکـانی ئێران بووە .

**دووەم: ساتراپی‌یەکانی‌ڕۆژهەڵاتی‌چۆمی‌فورات تاچۆمی «سند»(خابور)**

١ـ مزبتامی (ئارابایا) هەرئەو «بین‌النهرین»ەی ئـەمڕۆیـە ؛ وە«مزبتامی»بەمانای‌نێوانی دۆچۆمە، کەئێرانی یەکان‌بە«ئارام‌ناهاریم» یانێ‌شامی‌نێوانی دوچۆم ناویان ئەبرد. ئەم‌ناوچەبەتەشکی‌سێ گـۆشە‌یێکە کەتەخت (قاعدە) کەی کێوەکانی(ترۆس) وەلقەکانی‌یە کێکیان لەڕۆژهەڵاتی دەجلە وئەوێ‌تریان‌لەڕۆژئاوای (فورات)ە. لەبەینی(بابل) و(بین‌النهرین)ەادێوارێکی گەورەوئەستوریان‌لەئاجۆروقیربۆبەرگرتن لەهێرشی‌هۆزە کێوی‌یەکانی بەشی‌لاخواروی(بین‌النهرین)دروس کردبو وەناویان بەدیواری (مێدی) ئەبرد .

سەرزەوینی «بین‌النهرین»لەچەنڎ چۆمی گەورە ئاودێری‌ئەکرا؛ وەڕزە کێوەکانی(مازیوس)ـ کەئەمڕۆتورکەکان‌پێی‌ئەڵێن : قەراجەداغ یانێ کێوە ڕەشەکانـ لەنزیکی فوراتەوە تاقەراخی دەجلە کێشرابون.

پاتەختی ئەمساتراپی‌یەشاری (ئێدیس)بو؛ وەشارەگرنگەکانـی ئەویەکێ (شەران)ە، کە ئەمڕۆ بە«حەران» ئەناسرێ ؛ وەبەهۆی‌تێپەڕ کردنی حەزرەتی ئیبراهیم لەوێوە ، وەشکست‌خواردنی (کـراسۆس) لەوێ، زۆربەناوبانگە . وەیەکێ‌ترلەشارەگرنگەکانی (نیی‌سیی‌بیس)ە، کەئەمڕۆبەناوی (نەصیبەین) ئەناسرێ ؛ وەلەپاڵ داوێنی «مازیوس»دا، بووە . خەڵکی (مەقدۆنییە) ئەوشارەیان بە(ئەنتیۆکیای ـ میقدۆنیا) وەچۆمەکەیان بەچۆمی (مێقدۆنیا) ناوئەبرد .

**٢ـ بابیلنی (بابیلوـ بابل)** جوانترین وبەنرخ‌ترین‌ساتراپـی‌یەکانی ئێران بووە ؛ بەڵام پێوانەی خاکی لەوساتراپی‌یەکـانی‌تـر کەمتربووە. سنوری‌ئەوێ لەڕۆژهەڵاتەوە (شوش) ، لەباشورەوەخەلیجی فارس ، لەباکورەوە (بین‌النهرین)،وەڕۆژئاوای عەرەبستان‌بووە.چۆمی فورات لەم پەڕولەوپەڕیەوە تێ‌پەڕی کردووە ، وەسەرتاسەری خاکـی کردووەتەبەراو؛خەڵکی ئەوێ‌بۆئاودێری‌زەوێ‌چەنڎێ‌ بەڕبەندیان‌لە سەریەوە هەڵبەستبو؛ وەچەنڎێ‌کاناڵیان لەبەینی فـورات ودەجلـەڎا ، کەندبو؛ کەلەهەمو گەورەتر کاناڵی ناوبراو بە(کاناڵی‌شاهی) بووە کە کەفورات ودەجلەی ئەڎاوە دەم‌یەك ؛ وەلەوجێگادا شاری (سێلـۆسی) کرابوەوە . پاتەختی ئەمساتراپی‌یە بەناوی (بابل) یەکێ لەکۆنترین شارەکانی دونیابووە ؛ وەشوێنی ئەودیواروباغانە کەئەمڕۆ لەوێ‌ماوە،ئەم مەبەستە بەتین ئەکاتەوە . (١)

**ماوەی‌هەیە**

(١) وەڵاتی(کەلدە) یا(بابل)لەباشوری (بین‌النهرین)دا ، بوو ؛ وەگەلی ئەوێـ بەپێچەوانەی گەلی ئاسورـ بێ‌دەنگ وئاشتیی‌وپست، وەهەمیشە خەریکی کشت و کاڵ وصەنعەت بون. بابلی‌یەکان‌لەئەستێرە ناسی(علم‌نجوم)دا، دەسیان‌بو؛ وەیەکەم گەلێ‌بون کەسەبارەت‌بەمانگ‌و هەتاو گیرانی لێ‌کۆڵینەوە ؛ وەدرێژای ساڵی هەتـاوی (شمسی) یان حەسێب کردووە . گەورەترین‌پاڎشای (کەلدە) ناوی(حەموراپی)بوو . کەلە١٩٤٨تاە١٩٠٠پێش‌لەمیلادپاڎشایی کردووە،وەیەکێ‌لە گەورەترین قانونی‌دانەرانی ڕۆزگاری قەڎیم ئەژمێررێ. قانونەکانی‌حەموراپی کە بەفەرمانی ئەو کەلەسەربەردێکی گەورەنوسرابو،لەزەوین هەڵدڕینی ئەم دواییەڎابەدەست‌هاتووە.

**ماناێ‌ووشەکان**

| | |
|---|---|
| سنور: حدود، مرز | سێ‌گۆشە: مثلث |
| باشور: جنوب | لق: ضلع، شاخه |
| باکور: شمال | پێوانە: مساحت |
| بەردی نوسراو: کتیبەسنگی | بەربەند: سد |
| تەشك: شکل، صورت | زەوین‌هەڵڎڕین: حفاری |

---

**لەکومەلا..**

ماوەی ل٢

بۆدەر کەوتنی نیازێکی ئەوتۆی بەتێ کۆشان‌نەبێ.

هەروەها کە لەپێشاووتومـانە ئەوهێزەفرەترلەچاوادەرئەکەوێ کەخۆمان پێی ئەڵێین چاولێ - دان،وەبۆێ جاریش لەسەرنوکی قامکەوەدەرئەکەوێ'وەهەروەهاش لەووتەدا خۆی دەرئەخا.

ئەوئەنڎامانە کـە هێزیان لە چاوەوە، دەر ئەکـەوێ، ئەگەر بەوێستێ کی بەتینەوە، چاوبڕنە سەرشتێ ، دەسبەجێ شوێنی تێدا ئەکا، بۆوێنە: ئەگەر گیاندارێك سرنجیان‌ڕاکێشی ئەوگیان‌لـە بەرەیاهەڵ ئەدێررێ، یائەکەوێتە خوارەوە. یانەخۆش‌ئەکەوێ ، بە کورتی شتێکی لی‌دێ

ئەگەر ئەوهێزە لەوو تەیاندا دەرکەوێ ئەوئەنڎامانە ووتەیان زۆر گیرائەبێ ، وە هەرچی‌بڵێین خەڵك بەگوێیان ئەکەن.

ئەگـەرئـەوهێزەلەنوکـی‌ـ قامکیانەوە دەرکەوێ بۆهەرشتێ دەس ڕاتەکێنن شوێنی تێڎائەکا، بۆوێنە ئەگـەر بیانەوێ کەسێ بکەنەخەو، لەبەرامبەری‌ئەوکەسە وەڕائەوەستن ، وەچاوئـەبڕنەناو چاوی، وەدەسی بۆڕائەتەکێنن ، پاش‌چەنڎ ساتێ، ئەوکەسەخەوی لێ‌ئەکەوێ، وەلـەوحەلـەدا کە خەوی‌لێ کەوتووە، ئـەوەخاوەن هێزە کەخەوانڎویەتی،هەرپرسیارـ ێکی‌لی‌بکا وەڵامی ئەداتەوە ، وە ئەگەرشتی نهێنی‌شی‌لـی بپرسێ وەڵامی‌ڕاستی پێ‌ئەداتەوە.

لێرەدائەوەمان بۆدەرئەکەوێ کـەکابـرای خاوەن هێزویستی کابرای خەوتو داگیرئەکا،وەئەی گرێتەدەستی‌خۆی؛ئەمەش‌یەکێکە لەوبەڵگانە کەبۆنـی گیان‌بـە چەشنێکی سەربەخۆ بـۆئێمەدەر ئەخا،چونکەئەگەر گیان، بۆخۆی شتێکی سەربەخۆنەبێ ، پاش‌ئەوە کە کابراخەوی لێ کەوت ئیتر چۆن ئەکرێ کابرای خەوێنەر لەگەڵیا ووتوویژبکا وەڵامی ئەو پرسیارانەی پێ‌بداتەوە کەلەکاتی بێڎاری‌دانایان زانێ ؟!

ئیستالەم‌چەشنەهێزەلەزانستگە کانی‌ئاوروپادا کەڵکی‌زۆروەرئەگیر رێ، وەتەنانەت نـەخـۆشینی‌زۆر سەختی پێ‌دەرمان ئەکەن،وەپێ‌ی ئەڵێن:«هیپنۆتیزم» و«مانیەتیزم».

# شاهەنشانیشتگەی راویژی نەتەوایتی بیستەمیان کردەوە


ژمارەی ـ ٤٣ ـ سالی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ٩٤

کوردستان

رۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردییە، حەوتەی جارێ چاپێکی دەرئەچێ

بایی
بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| سالانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش مانگە | ٧ | » |
| چڵ | ٣ | قەران |

بۆ دەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| سالانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | » |

کوردستان

عەزیزم شاسوارێکە، گوزەرکا، گەر، بەئەلبورزا
دەکا، نووکی سمی ئەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا

سیاسی ـ زانیاری ـ وێژەیی ـ کۆمەلایەتی

خاوەنی امتیاز و مدیری لێ پرسراو
عبدالحمید بدیع الزمانی
بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
دوکتۆر محمد صدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر
دوکتۆر عبدالرحمن و احمد مفتی زادە
عابد سراج الدینی ـ شکر الە بابان
خسرو شیخکا نلووی میلانی

یانەی رۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ٢١٨
تلیفوون ٣٢٠٠٣

چووارشەمە ٣ رەشەمە ٢٥٧٢ ك ـ ٣ ئیسفەند ١٣٣٩ ش ـ ٦ رەمەزان ١٣٨٠ ق ـ ٢٢ فیڤریە ١٩٦١ م


شاهەنشا لەووتەکەیدا ، فەرموویان :

## یەکێ لەو کارە گەراونەکە بە نیشتگە پیشنیار ئەکری، ئامادە کردنی قانونی تازەی هەلبژاردنە



اعلیحضرت همایون شاهنشاه
لە کاتی ووتەلە نیشتگەی راویژی نەتەوایەتییدا .

## ئابووریی لە دینی «اسلام» دا

ـ ١٨ ـ

**باشترین یاسای ئابووریی**

ئەمرۆ ەووتارە ، جێی ئـەوەی تێدانا یێتەوە ، کەباس لەبڕورای هەر زانا، یاهەر خاوەن نەقشەیێکی ئابوری یەوە بکەین ؛ جگەلـەوە ، مەبەستی بناغە یپمان لـەم وتارە ئەوەنییە ، وەئەوەی کە سەرراست جێگای ب... اسمانە ، یاسای ئابوری دینـی ئیسلامـە ؛ وەهـەر باسێکی تـر بش

ماوەل ١١

**ش: بابان**

**نەتەوایەتە کورد و نەتەوایەتی ئێران**

سەلام لەسەر خاپاکی کوردستان لانکی پالەوانەکان لەم ووتارا باسێکی تر لە نووسراوی زانا و مێژوو ەسەکان لە بارەی یەکیەتی

ماوەل ٣

## سی هەمی ئەسفەند

هێشتا بەربەیانی رۆژی سی هەمی ئەسفەندی سالی هەزار و دوسەد و نەوەد و نۆی کۆچی شەمسی نەپشکوتبو، کە : دەستێکی بەتین لاپەرەی مێژوەی ئێرانی هەلگێرایەوە، وەخـولی داماوی وهەژاری وتیا چوونی ئـەم وەلاتە باستانیەی دووایی هێنا.

ئـەوڕۆژ گـارکەری ئێرانـە اعلیحضرتی فقید رەضاشای کەبیر بوو کە کارەساتی بشێوە و شلەژاوی دووا رۆژگاری حکومەتی گییانە لاوێی کەوتوی قاجاریەی بەچاکی لێ رۆناك بوبووەوە وەمەردانـە بۆ رزگار کردنی دایکـی نیشتمان وە دەس درێژی بێگانەکان' وەلـە غاوبچراوی سەرکێشەکان ئەیالەتەکانی وەلات، وە هۆزەکانی ناوخۆدا وینەی خەباتی بەلادا کرد . وە بەگروێیکی کەمەوە هاتە پایتەخت، وەداکیرو کۆدیتای کرد.

حکومەتی قاجاریە کەناتەوان ولی کەوتبووە دەستەلات و فەرمانی لە شاری تاران نەئەچووە دەرەوە، تاشوێنێ لەبڕ بوبووەوە لەهێیمنی دانی شاری تارانیش کە پایتەخت بوعاجز بو، ئەو حکومەتە لەق ولۆقەش بـە دەستی گروێیکی خۆبەست و فیزاوی وپارەدار و خۆش گوزەران وتەنبەل وتەن پەروەرەوە هەل ئەسوڕێنرا کە

ماوەل ١٢

م.ص.م

## لەکومەلا چون بژین؟

**رێگای خوداناسی**
**یان**
**طریقەی عرفان**
**ـ ٢٤ ـ**

جۆری دووەم لەدوجۆری دەر. کەوتنی هێزلەمرۆدا ئەوەیلـە رێگای تێ کۆشان و خوێندەواری یەوەبێ، ئەوەش ئەبێتە دوبەشەوە: بەشی یەکەم لەجۆری دووەم ئەوەیە کە ئەو هێزەبکەوێتە کاربۆ

ماوەل ٢

م.ص.م

**چون بنووسین و بخووێنینەوە ئەو کردەوانە کە لەهەر سێ کاتدا بەکار نابرێن**

کەوابۆ کردەوەی: هەم. هەی، هەیە ...وەهەمە، هەتە، هەیەتی... لەکاتی ئێستا، بەبێ رێگالەرێشەی «بون» بەهەردوماناوە دوروست کراون چونکە کردەوەی داهاتویان وە. کوڕابوردو هەر لەرێشەی «بون» دوروست ئەکرێ ' وینە : ئەبم ، ئەبی، ئەبێ . ئەبین ، ئەبن، ئەبن.

ماوەل ٢

بەپێنووسی. م . ع : سراج الدینی

## ناڵەبارییەکانی کومەل

### باوەژن و دایك و هەنەزا

**لەم بارەوە ئەمانەوێ پیشانگەیێکتان بخەینە پێش چاو**

### پەردەی یەکەم

باوەژن:ـ بەهەشت خان
کچ:ـ گەلاوێژ
هەنەزا:ـ پرشنگ

ماوەل ٢

# ریزەکاریی

**زاخ بۆ کەسێ تاواندنەوە** : ئەڵێن: «داخۆچزاخێکی بۆفلانە کەس تاواندووەتەوە» یانێ: چ پیلانێکی بۆی گێڕابێ. بناغـەکەی ئەوەیە، کەکاتێ منداڵی بەرمەمك،تۆشی ناخۆشی‌یترس ئەبێ،وەلەحەق وناحەق ژانێچڕاەکێت وهاوارئەکا، لەناو دەفرێکدا ، بڕێ زاخ لەبـان سەریەوە ئەتاوێننەوە [وەئەگەر دەس بدا، لەباتێ زاخ، سرۆئەتاوێننەوە] وەئەڵێن ، کەئەومنداڵە لەهەرشتێ ترسابێ، زاخ، کە، بەشکڵی ئەوشتە ئەگرسێتەوە؛ ئەنجازاخە گرساوە کە ئەکەنەلای‌سەری‌دا، تائەوترسەی لەدڵ دەرچێ. کەوابێ، پیلانگێڕان، کە کردەوەیێکە کە کابرای‌پیلان بۆگێڕراو ئاگای‌نییە، کەچ ئەنجامێـکی بۆ بار دێنێ،شوبهێنراوە بەزاخ تواندنەوە، کەنازانرێ بەچ چەشنێ دەردێ.

**ڕیش لەکەسێ گرتن** : تکالێ کردن، ووشەی کردەوەیێ کە کاتی‌تکاکردن بەدیدێ. بۆمەعنای خودی تکابەکاربراوە، چۆنکـوو باوە، کەکاتی‌تکا، ڕیشی خۆیان ئەگرن؛ جاهەر بەوبۆنەوەیە، کەڕیش گرتن، بەدلە، تەعەددی کردووە. ئەگەر نەگرتن هەرمـەفعوڵێکی هەیە کەڕیش بێ؛ وەئیتر قابلی تەعەدی نییە.

**دار لەتاریکیی کوتان** : قسەی کەشکی کردن وبەناشارەزایی، بیروڕا دەربڕین. کاتێ چەن کەس پێکەوە باس ئەکـەن، کـەشوێنی کردەوەیێ هەڵبکەن،وبزانن کاری کێیە،یاچۆن کراوە، ئەنجایە کێکیان خۆڕایی، لەبارەی بکەریاهۆوبناغەی ئەو کردەوەوەباس بکا، ئەوانی‌تر ئەڵێن: «تۆلەخۆتەوەدار لەتاریکی ئەکوتێ». بیروڕای کابرا، لەوبارەوە جێگانا گرێتوڕێگای لەحەق ناکەوێ، شوبهێنراوە بەوە کە کەسێ لەتاریکیدا، داری‌دەستی خـۆی بەم‌بارو بەوبـاردا ڕاوەشێنێ ، کەهیچ مەعلوم نییە لەوشتەبدا، کەمەبەستی کابرای‌دار ڕاوەشێنە.

**نەتەوایەتی...**

ماوەی ل١

وپەیوەنـدی مـادوپارس وهەموی ئارییانەوە ئەگێڕمەوە؛ لەپێشان ووترا کەباوە کوچەن جارڕابەری وەڵاتان لەدەستی‌یەکێ لەدوهۆزی مادوپارسەوەئەکەوتەدەس ئەوی‌تر، بەڵام ئەمەدەس بەدەس بونی‌ڕابەری‌یە، پەیوەندی‌مێژوویی ئەوانی نەپچڕاند؛ بەئاگاداربوێن لـەچلونایەتی بە پادشایی گەیشتنی‌ساسانیان‌سوچێ لەم پەیوەندیە نەپچڕاوە ڕەگەزی ومێژوویی‌یەدەرئەکەوێ .

بۆدەس کردن بـەم مەبەستە پێویستەلەپێشان بیروباوەڕی‌مێژوو نوسانی گەورە لـەبارەیڕەگەزی ساسانیانەوە بۆیژری .

بیروڕای مێژوونوسان بەتێکڕایی ئەوە دەرئەخا کەلـە ڕۆژگـاری کۆن لەپارسا کەلانکی پادشایانی ساسانی بووە،هۆزانی‌ڕەگەزئاریایی دانیشتوون کەیەکێ لـەوهۆزانە، هۆزی کورد بووە ، وەساسانیەکان لەم هۆزە کەتونەتەوە .

**ماوەی هەیە**

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەزارویەکشەو ٣٥٩

هەواڵی پرسی، کەس هەواڵێکی‌ڕاستوڕێکی نەئەزانی؛ ڕۆرئەم‌کارەی بەلاوە سەرسام هاوەربوو؛ وەخوزی بەملی نۆکەروقاپی‌وان ووەزیر وهەموودەم‌ودەسگایا کە: چۆن ئەبێ ئەو کچەلەم کۆشکەدەرچووبێت و کەس پێی نەزانیبێ؟ ئەگەر وەڵاتی‌من وەهابێت، ئیترمن چۆن پاذشاییم پێ ئەکرێت؟ بەڵام ئەم هەڕەشەو گوڕەشەسوودێکی نـەبوو؛ وەملك‌نعمـــــان لەدوری شازادە خاتون زۆرپەشێوو وغەمبار بوو؛ لەم وەختاشازادە شرکانیش لەگەشتی خۆی گەڕاوە . باوکی کارەساتەکەی بۆ گێڕاوە؛ وەهەواڵـی هەڵاتنی شازادەخاتونی پێدا . شازادەشرکانیش کۆسی کەوتوغەم‌وپەژارەدای گرت، وەشەووڕۆژ کاری گریان‌وشیوەن بوو، وەئارام ووەقرەی‌لێ بڕا .

بەڵام «ملك‌نعمان» لەپاش چەند ڕۆژشازادە خاتونی لەبیرچووەوە ، ڕۆییشتـە سەروەختی‌ضوءالمکان ونزهةالزمانەوە ، سەری‌لێ‌یان‌داو ، دڵنەوایی کردن‌و،چەند زانای بۆدەرس پێووتنی ئەوان‌دانا . شازادەشرکان لەڕەفتاری باوکی‌زۆر ئاڵۆز بوو، وەبەخیلی بەبرا وخوشکەکەی ئەبرد ؛ وەهێندە خەفەتی خوارد، کە ڕەنگ‌زەرد و لاوازبوو. ڕۆژێ‌ملك‌نعمان‌بەشرکانی‌ووت: کوڕم! بۆچی‌ڕۆژبەڕۆژ زەرد وناتـەوان و لەڕئەبی؟ شرکان ووتی : باوکە ! هەرکاتێ ئەبینم کەتۆلەگەڵ منداڵانی «صفیە»دا میهرەبانی ئەکەیت وئەیان لاوێنی ونازیان ئەکێشێ ، من بەخیلی‌یان پێ ئەبـەم ؛ وەلەوە ئەترسم کەئەم‌هەستی بەخیلی‌یە زۆرم بۆبێنێ ، وەئەوان بکوژم ؛ وەئەووەختە تۆیش‌من‌بکوژی؛ بەبۆنەی‌ئەم بیروخەیاڵەوەڕۆژبەڕۆژەوە کوقامیش‌زەردوبارپك‌ئەبم‌و بەولاوە ئەچم . کەوابێ، تکات‌لێ ئەکەم : شارێکم‌پێ‌بسپێرە کەمن لەوێ‌دانیشم ؛ وەتەمەنی خۆم‌لەوێ ڕابوێرم ؛ وەچاوم بەومنداڵانە نەکـەوێ. کـەملك‌نعمان‌ئەمەی بیست وزانی کەهۆی پەشێوی ئەوچی‌یە ، دەستی کردە دڵنەوایی کردنی و ووت : ڕۆڵەی خوشەویستم! کوڕی گەورە وجێ‌نشین ونوری‌چاوم! هەرچی‌داوا

# لەهەرگولزاری

## گولی

### مەولەویی‌تاوگوزیی

نـەتیجەی پـاکـــــان . . . !

شێخ خاس‌خەیاڵ نەتیجەی پاکان !

فەرەح بەخش حاڵ خاترغەمناکان

دەرمـان زامـان خەڵتان خـاکان

«مەعدوم» ئانەهـ،جە گیان تەواسان

کەیلەن‌جە خەیاڵ خاڵ خاڵخاسان

گرمەی کۆرەی‌دڵ‌صەدهەزار تەرزەن

گڵپەی مـینەتش نەعالـەم بەرزەن

تۆپەی چێش، ئامان‌ئیما ،تەهەردەن

ئـەسباب فـەوتت ئامـادە کەردەن

وەی دەمەی نەفەس بەڕحاڵی یەوە

وەی دڵەی پـارەی زوخـاڵی یەوە

کۆرەی دەروونت وەجۆش ئاوەردەن

دۆکاڵ جە گۆشەی بازارو بەردەن

پەی کێ ئەی جەستەی‌ویت‌مەتاونی

زامەکەی «مەعدوم» هەم مەکاونی

من ئێش‌پڕ نێش دەردت دیم وـسەن

بۆخەلاسم کەر«حەسن»های«حەسەن»!

### احمدبەگی‌کوماسیی

کاکـە یەنەدوریت دەرونـم کاوان

چون«قەیس»مەجنون‌و بڵم‌نەکاوان

شنەفتم‌بۆی‌عیشق‌جـانان مەیۆلێت

دەکڕۆیێ صەدجاربون‌وە گەردڕێت

بـەڵێ چـاصڵ شای وەفـاداران!

مەجروح غەمزەی تیپ تـە تاران

مەتە رسون وەی دەرد تۆنە دینە وە

وەی فغان‌بــــــە ڕز زاری‌وشینەوە

سەربنیەون وەخاك ئەڵحەدسەرای‌تۆ

بسـمانۆ وەجەشر دەرد دوری تـۆ

### ناری

تۆتی‌دڵم کە شیوەن‌وفەریادو ڕۆدەکا

فیکروخەیاڵی قەندی بەیاناتی تۆدەکا

بۆ ئیتتحادی ئیسمی‌دەوڵەتی جیسمـ تـلەناوی‌دڵ

جەیحونی‌دیدەعایەتی‌ڕۆشستوشۆدەکا

تۆکی‌مژەم‌لەمەعدەنی‌مەعموری‌چاوەکەم

بۆتۆبەدیدەی لەعل‌وگوهەر گردو کۆدەکا

ڕۆحم‌بەیادی ڕۆژی‌وصاڵت‌بەهەرشەوێ

سەیری‌قصوری‌دائیرەی‌هەشتونۆدەکا

وەك‌عەندەلیبی باغی ئیرەم‌دڵ‌بەهەروەرق

غونچەی کەلالی باغی لەبت‌جستوجۆدەکا

«ناری»لەشەوقی‌شەهدی‌لەبی‌تۆیەلەم‌ووتا

شۆخی بەقەندو یاری‌بەتۆزی گەزۆ دەکا

ماوەل٢

## میژوی ریشەی رەگەزی کورد

نووسراوی:زاناکەمەزنی کورد،احسان نوری
وەرگیڕاوی:د-ع-مفتی‌زادە

٩٢

هەرئەو کتیبە ناوبراوە ئەنوسێ کە: پاڵشاکانی «ئارارات»خۆیان بەپاڵشای «نایری» ناوئەبرد ' وەلەووشە وناوی ئاراراتی یەکانیش‌دەر. ئەکەوێ کە: ئەوان ئاریایی بوون. بەڕاستی لەقەڵیمدا «مادە»کانیان لەگەڵ ئەوەڕۆزانا ، لەڕەگەزی تورك یاسامي ئەزانی؛ بەڵام لەئەنجامی زەوین دڕینەکانی ئەم دووایی یەڎا گەلێ بەڵگە بەدەست‌هات کەدەری خست‌ئاریایی بوون.

ناوی‌دووا پاڵشای‌ئارارات «ئاری‌مینا»بۆ. ئەوقەڵخانەمەفرەقی‌یانە کەئەم پاڵشا بەپەرەستیش‌خانە پێشکەشی کردبـوَن ، ئێستا بەدەست هاتوون؛ وەزاناکان‌لایان‌وایە کە پادشایی ئەولەسەرەتای صەدەی‌شەشەمی پێش‌لەمیلاڎا بووە .

داریۆشی یەکەم لەبەردە نوَسراوەکەی بیستوَندا ئەرمەنیستانی بە«ئەرمینا» ناوبردووە.

ئارارات ووشەیێکی عبری‌یە . «هرۆدۆت» بە «ئورارتو» ناوی بردووە «مایەر»نیشتمانی کۆنی ئەم هۆزە بەنێوەراسی «ئەرەس»ئەزانێ. بڕێ‌لەمێژووەکان‌ئەوێ‌بەنیشتمانی هۆزی «ئارزانت»یەکێ لەشەش‌هۆزی «ماد» ئەزانن . ڕەنگەووشەی «ئارارات» و«ئـارزانت»یش پێکەوەبـێ پەیوەنڎ نەبن.

لەدەوروبەری«حەزۆ» ـ لەکوردستانی‌باکوَری‌دا ـ ڕزە کێوێکی بەرزهەیە کە ناوی «مارارتو»بۆ، وەئێستا «بەمالاطو» ناسراوە.

عەرەبەکان ووشەی «مارارتو»یان بە«مرت»ی عەرەبي (یانێ‌تێ پەڕم‌کرد ) ماناکردووە. ئەڵێن: کەشتی نوَح کەلەڕۆی ئاوە وەبووە کاتێ ئاوە کە دەستی کردوەتە نیشتنەوە، لەگەڵ‌لوتەی‌ئـەم کێواهەڵ تەقیوەوتێ پەڕی کردووە، حەزرەت فەرەوَیە : «مرت» لەپـاشان‌ئـەم ووشەیان کردەوەتە ناوی ئەم کێوە ..

بەگوێرەی ئەم ئەفسانە ئەکرێ بڵێین، کە: ناوی‌ئەم ڕزە کێوە لەپێشان «ئورارتو» بووە' وەعەرەبەکان کردوَیانە بە«مارارتو» ، وەدەر ئەکەوێ کەئەم هەردوَ کێوە لەهۆزێك ناویان گرتووە. وەلەناو کەڎا شوێنی پاڵشاکانی ئارارات لە«مالاطیە» و«پالو»دا، بەدەست‌هاتووە.

«تیگلات‌پلیسر»پاڵشای‌ئاسوَر،ناوی‌هۆزی«کورطیە»لەکوێستانی «ئازۆحەزۆ»ـا، ئەبا؛ کە وابوَ«کورطیە» یەکێ لەهۆزەکانی «ئورارتوَ» بووە. «ئیسترابون» ئەم‌مەبەستەی‌بەتین کردوەتەوە، وەهەواڵ‌ئەڎا کە: هۆزەکانی «کورتی ـ مردامرد»لەئەرمەنستان‌وخاکی ئاراراتی‌یەکاندا، بوون. مێژوَی ئەرمەنی‌یەکان باس‌لەهۆزێکی گەورە بەناوی«مار»ئەکا، کەلەناوچەی دەس‌ڕۆیشتنی ئەوانا بوون. ئەم‌هۆزە لەدەوروبەری‌دەریا. چەی«وان»دا' ژیاوون. ئێستاش‌لەنزیکی‌شاری «وان»دا ، دوَر گەیێکی بچوَك‌هەیە بەناوی «اختامار» .

«ویکتورلانکوا» ئەڵێ: ئەرمەنی‌یەکان بە«ماد» ئەڵێن «مار»!وە بەرەی «ئاژدەهاك» دووا پاڵشای «ماد»یان بەزمانی ئەرمەنی بە«ویشتاـ بازوبك» (ئەژدەهازاڎەکان) ناوئەبرد .

کوَژی «سارگونی دووەم» بەناوی «سەناخریب» لەناوچەکانـی باکوَری‌یەوە بۆباوکی ئەنوَسێ: «خەڵکێکی زۆرلەلای باکوَرەوە زۆر بۆوەڵاتی «وان»دێنن. «ئەگەر کیشتی‌دووەم»پاڵشای‌وان زۆر بەسەخڵەت لەبەر پەلاماری ئەوانا خۆی ئەگرێ. ئەم‌خەڵکە ناویان «کامبر»ە . لە «وراته»دا، بە«جومر»وەمێژوَ نوَسەکانی یۆنان بە«کیمر»ناویان‌ئەبەن .

نووسەر«ع» سراج‌الدینی

## (سوزەی کویستان)

ماوە لەژمارەی‌پێشوو

لەچلێ‌پێشوَدا، بەسەرهاتی«شاوەیس»وباوەیسمان گەیاندەکاتێ کە: گەیشتنەوە نزیکی ئاوایی وەپیاوێکی خەڵکی دێ یان پێ گـەیشت وەبۆیسارمەتی خۆیان بانگیان کرد، وەگەیشتە فریایان ئێستا لەسەری ئەڕۆین.

خوله ـ پاش ئەوەی چووە ژێربالی «باوەیس» دێ کە «باوەیس»ی‌بۆبەڕێوە ناچێ' ناچار گرتی بەکۆڵەوە وەبەنقوجرێکی زوربەرەو ئاوایی کەوتەڕێ،درێژەی نەڎەینێ «باوەیس» پاش‌ئەوەی لەهەورازی لای‌ئاوایی سەریان هێنایەدیار گا'وەکو هەموپیاوە خۆهەڵ کێشەکان دەمی گرت وەبە،خوله»ی‌ووت‌کاکە «خوله» ئیتردام. نێ‌ئەوەش بۆئەوە بوَ کەنەکوَخەڵکی دێ بەکولی «خوله»وەبی‌ببنن. پاش‌ئەوەی‌دا بەزی‌چونکەبەرەوخووارەبوَ کەوتە گور گەلۆق،وەبەرەوئاوایی دای کێشا،ئیترهیچ لای‌لە«شاوەیس»نەکردەوە کە: بزانێ‌ئەویش‌لەوهەورازە سەر کەوتووەیانا؟ بەڵام‌خوله پاش‌ئەوەی «باوەیس» بەرەوناودێ هەڵات بەچاوەنـ ووازی «شاوەیسە» وە ڕاوەستا تا «شاوەیس»بەرەوژۆر کەی‌بڕي‌وەهاتەسەر،ۆە گەیشتەلای' ئەنجابەپێ‌ی‌ئەو،ووردەووردە بۆناوئاوایی بەربۆنەوە.

کاتێ کە باوەیس گەیشتە ناوئاوایی توَشی ڕیش‌سپی‌یەکە بووەوە،

پیرەمێرد :ـ «باوەیس» ڕۆڵەگییان بەخێربێ‌ی تەوە! دەستی بەڕیشیا هێناو کوتی: کوڕم‌شوکور بۆخوڎا کە: بەسەلامەت گەڕاونەتەوە، من‌ئەمڕۆهیچ‌ئارامم نەئەگرت، وەزۆر ئەترسام کەئێوە دوَچاری بەلایێ هاتبن .

ماوەلی٩

هەزارویەك‌شەو ٣٦٠

بکەی لەقسەت دەرناچم وبەدڵت ئەکەم . ئێستا کە ئەتەوێ لەشارێکی‌تراژابوێرێ منیش بەدڵتەوە ناتەقێنم، کەوابوَخۆت ئەزانی کەلەوەڵاتی ئێمەداشارێ گـەورەتـر و جوانتر وقەڵایێ‌قورس وبەتین‌تر لەدمشق‌نییە، ئەوامن ئەوشاروقەڵامەبەتـۆسپارد . ئەوجانوَسەری‌بانگ کردوپێی‌ووت کەفەرمانی‌حاکمی‌دمشق‌بۆشازادەشرکان‌بنوَسێ، شازادە ئامادەی ڕۆیشتن‌بوَ؛ وەمەزبرەکەی باوکیشی لەگەڵ خۆیا خستەڕێ کە ببا ، ئەوجا لەباوکی خوڎا حافیزی کرد ، کەوتنەڕێ تاگەیشتنە دمشق،خەڵکی شاری دمشق هاتنە پێشواز ؛ وەشادیانە وزەماوەنیان‌نا ؛ وەشاریارن چراغاني کرد ، شازادەشرکان گەیشتەشار ولەجێگای خۆیادامەزرا . ملك‌نعمانیش لەپاش ئـەوەی کەشازادەشرکان خوڎاحافیزي‌لێ کردوڕۆیشت ، زانا ومامۆستاکان هاتنەخزمەتی وپێ‌یان ووت: کەمنڎاڵەکان‌لەدەرسی‌حیکمەت وویژەدا زۆرسەر کەوتووز وهەموَشتێ فێربوون؛ ملك‌نعمان لەم‌موژدە زۆر گەش بووەوە؛ وەمامۆستاکانی خەڵات کرد . له پاشان‌تێ‌فکرا کەضوءالمکانـ کە تەمەنی گەیشتبوە چواردەـ زۆرحەزلەعیباڎەت ئەکا؛ وەهەژار وفەقیر وزاناکانی خۆش‌ئەوێ ؛ وەهەموَخەڵکی شاری بەغڎا بە دل و گیان ئەویان خۆش ئەوێ . ملك‌نعمان زۆرشوکری خوڎای کرد ، تالـەبەغـدادا باروبنەی عراق بۆزیارەتی «مکەمعظمە» و«مدینەمنورە» بەسرا . ضوءالمکان کە چاوی بەباروبنەی حاجی‌یەکان کەوت ، ئەویش ئارەزوَی‌حەج کەوتەسەری،ڕۆییشتە خزمەتی باوکی، وەداوای‌ئیزنی زیارەتی«مکە»ی کرد. ملك‌نعمان ئیزنی‌پێ‌نەداو، ووتی : ڕۆڵەگیان ! بخایێنە تاساڵی ئایەنڎەمن خۆم ئەڕۆم بۆحەج، توَش‌لەگـەڵ خۆم ئەبەم. ضوء لمکان‌دي کەئەم واڎە زۆری‌پێ‌ئەچێ‌تاجێ‌بەجێ‌ببێ ، وەئەوئێستا ئەم‌ئارەزوَە کەوتووەتەسەری ، بەلای‌باوکی‌بەوەهیچی‌نەووت وخوڎاحافیزي کرد و هات ڕۆییشت بۆلای نزهةالزمانی خوشکی ، ئەنوازێ خەریکە نوێژئەکا، لەپاش

بنکەی ژین www.zheen.org

بەشی کوردبی شمال

# کوردستان

لاپەڕەیی ، بوهەموجار

## سیو و مائیسفندی

هی شەوەقا ژۆژاسسیی مەهـا ئیسفندی سالا ١٢٩٩ هجری یاشەسی نەئاڤیتبۆ، کودەستەکی خـوزت تاریخا ئیرانێ پەڕومدایی کـر ، وەبدەورانا زەلۆلی وبەلەنگازیـێ کوتاییدا .

ئەڤ خلاس کرێ ئیرانێ ، **اعلیحضرتی فەقیدرضاشاهی کبیر بوو**، کوکاربارێ بـێ سەروبەرێ مەملەکەت لە ئاخـرین ژۆژێ حکومەتا قاجارژ ندتێ دەرخستبۆ، وەمێرمێرانی بۆخلاس کرناوەطەن ژدەستێ دەرامییاویاغیتی وسەر- کێشیائێل وعەشیرەتامەملەکەت، داوا همەتێ ومالی، وەگەلێ بژەك هندك قەزاقدا هاتە پایتەختـێ ئەوا گرت وەشۆرش کر.

حکومەتا قاجار کوژاروبەلە- نگازبۆ وحو کمێ وێ هەرتەنـێ لەتهرانێ دەرباس دبـۆوەتەوری ، نوکاری بۆن پایتەختێ بخـوژی ئارام کن ، وەلـەوێ ژۆژ گـارێ بدەستێ هنەك مـرۆڤێدقوزە وژ خوراضی وزەنگین و کێف چییا دهاتەئیدارە کرن، کوژبەربنێشێد ماقولیێ چەندێ ژۆژان حکومەتەك داتێنین وەهوفاسی نەدکێشانـد کوجییێ خودسپارتن مرۆڤێـدژ خوژارتروبەلەنگازتر .

مالیەتادەولەتێ حالەکی ئسسادا بوو. کو نوکاری بۆمعاشێ خەباتکارێ دەولەتێ بدە ، وەچەندین مەەسەرا دەرباس دبۆ، حەتتانی کوژبەرشکا- یەتێ خەلکێ کوپەیەهو دکرن، شۆناپەرا حەوالاکاهێ وکەلپچا دانەوان وەحەتتانی ناوبێنەکێ خوئاسودە دکرن .

ئیمن ئەمانـی مەملەکـەتـدا چونەبۆ، وەشەرۆرتالانچییا ، لە دۆربەرێ پایتەختـێ وەتـەوری گەلەك جاران هوندرپایتەختـێ ژترسا (نایب حسین کاشی) خـەو نەدهاتن چەڤان .

چونە. بۆنا زانەتیێ وتەربییا خۆبێ مرۆڤێ ژی، ژئالییەکی، کاربارێ مەملەکەت کربۆحالەکی ئسسادا کومرۆڤ زەندە گرتی دبو. بەرا مەلا وزانێد دەرەیین! ئەوەك بیۆن،وەهوندردەولەتێ دادەولەتەك سەڕاست کربۆن .

حالەکیها کپنەدا،ژەحم لێبویێ **اعلیحضرێ فەقیدرضاشاهێ کبیر**، کووی چاخی(بسەردارسپە) کڤش بۆن، کاربارێ مەملەکەت دەست خودا گرت ، وەبۆئاوادانیا ئیرانێ وخلاس کـرنا خەلکـێ ژدەستێ دەرامییا، وەتالانوتاژان کرناشەرۆرێ هوندرمەملەکەت دەست بەبەرنامێدبەر کەتنێ کروەبشاهدیا دۆستدوژمنێدئیرانێ،مەملەکەت بدەستێ وی جانەکی تازەپەیدا کروەژە- وشەگوناخوبەرینهانی دەست،وە- ئسساسەربلندوسەرفەرازبۆ، کوژچە ندین قرپنابەرێ تەوری خەوناوێ ژی نەدیتبۆ. بێشك هـە گەرهێـرشا نەجامێر یاسێوماشەهەریوەرێ نبا ، ئیران کـولەناوبێنـا بیستسال

ماوەل ٨

## کوژرانا لومومبا

کوژرانا لومومبا سەرەکوەزیری بەرینێ کنگو ئالۆزی بەك تازە، لە کنگوو کۆما مللەتێد یەك بوپی داچێ کرییە .

لومومبا مرۆڤەکی توندرووێ کنگوبۆ، کود کربێبی بەرچەڤ گرتناکاربارێ دەروا ، کویەقین کاربارێ کنگودا زەحف ئەسەرهەنن ئارام بکە . لێ بەلێ ، حەیف نە کوتەنێ نەقشێ وی سەرێ خونـە گرت بەلکی جانێ خوژی دانی سەرڤێ کارێ .

پێشهاتێد چەند مەهێ دەرباس بوپی ژ ندێشاندا، کوبلژیکی- یان ئەواك هەبۆ پێشدا پێگاوسەربەستی وسەربخویا کنگورا سەڕاست نە کربۆنە، وەچاواك انگلیس وفرانسەبەرێ داپینا سەربخوییێ بدەولەتێد زژدەست ، ژبەرێ هەرپێگاوەك سەڕاست کرن ، وەپاشێ سەربخویا وان دانەحەساندن. دەولەتابلژیك وژ ێبەرێد کنگوژبەرێ هەودی سەرەوەخت نە کربوون، لەماژێ گاواك سەربخویا کنگوهاتە حەساندن ، یابەرین ئەڤ بوو کوژێبەڕێد کنگوجانێ هەودا کەتن، وەهەریەکی ژوان کر، کو زورێ تیخە دەستێ خودا ، وەیادی گۆتن گەرە کوگشتی بلژیکییان ژ کنگودەرێن .

بەرڤێ یاژی، سۆجێ ئالۆزیا کنگوهم لەئوستوییێ بلژیکییانە ، وەهەم ژبەر نەشارەزاتیاسیاسی‘ و رەکیاناوبێیا ژێبەرێد کنگو، کوئالۆزیا وێ دەولەتێ گوژتر کرن، بێشك ئەم وشیرەتێ دەرامپنا ئالوزیاکاربارێ کنگودا ئەسەرەك زەحف مەزن کرییە ، بەرڤێ هندێ ژی، آلۆزیا کنگو ژهوندروێ بخوژی دەر کەتی ، رەنهۆ کەتی یەشکلێ مەسەلەوئـالۆزی یەك جهانیدا .

شوورەوی ودەولەتێد کموونیستی کـوژرانـالومومبا،بۆ کوتانا (داگ هامرشولد) سەربێرێ کۆما مللەتێد یەك بوپی خورا کرنە دەست هلانی .

دەست خودا پاشی کوشتنالومومبا دەزگایێدتەبلیقاتا کمونیستا، ئەڤ پێشهات گەف وگور کرن دەنگی ، و کرن چوقاك ژێ تێن ئەوێ مەسەلێ مەزن کن ، وەسوجێ وێ باوئێژن ئوستێ چەندهەزارسەربازێد کۆمامللەتێد یەك بونی وداگ هامرشولدسەر بێرێ ڤێ کۆمێ ،

هێرشێد زادیو وژۆژنامێد کمونیستا لەسەرهامرشولد ئسسا گوژ وشەدیدە کوهرۆڤ خیال دکە ژبەرێ نەیارباوان هەودیرا هەبوویە ، وەئەوانا داگ هامرشولد دوژمنێ ژمارەیەکی خودزانن بپرسێ ژێبەرێد دووالێ کمونیستی . کوئێدی داگ هامرشولد سەربێرێ کۆمامللەتێدیەك بوپی ناس ناکن ، ڤێ دوژمنایێ باش بەیاندکە ئەڤ مەسەلەبووسەبەب ، کودەولەتێدمەزنێ ژۆژئاوا، وەدەولەتێدغەیر کمونیستی نۆتلی هندوستان وکانادا ، بجورەکی ژەسمێ پشتیبانیا خوژهامرشولددانەحەساندن.

هامرشولد بخوژی گۆتی، کوهەگەر کمونیستان خیال بکن، کو ئەوێ بتەبلیقاتێد دوژمنایاوان، ژسەر کار کنارهەرە ، سەخت شاش چوونە، وەقەت بجارەکێ ڤێیەکێ ناکە .

بڤی جوری نهۆ دوتیرەتیك دونیایێ داچێ بوویە کویەك پشتاهامرشولد دگرە، کودەولەتێدمەزنێ ژۆژئاوا ودەولەتێدبێ تەرەف ، مـەخسووسەن دەولەتێد ئاسیا وئافریقا تەوی وانە .

وەدەستادی، کمونیستان، کود کن هامرشولد مەژبوور کن کـو ئەوا ژمەقامێ سەربێر یاخو، لە کۆمامللەتێدیەك بوپی دەست بکێشینە .

وەلەحالێك هوندور دەولەتا کنگوبخودا ئالـوزی وئێختشاشە ، ژ کنگو دەرواژی ، دەستەبەندیێ مەزن ناوبێنا دەولەتێد تـاگرێ هامرشەلد ونەیارێ وی چێ بوویە ،

وەچون نهۆهەر تەنێ چەڤ دیژیا دەولەتا لە سەر کنگویە‘ ئەڤ یەکابوویەسەبەب کو بمەسەلێد گەلەکی مەزتر، فەنادانێناسیلاحا و بەر- چەڤ گرتنا زۆرا ئاتۆمی نەبێ مێنرە کرن ، وەئالوز یا دونیایێ کوقەو ماندنا شەڕەکی ئاتۆمی گورتردکە‘ هەرئسسا بوی حالێ شدیایـی بمینە .

### ماناێ ووشەکان

(زەحف): زۆر : بسیار

(ژند) : چاك: بهتر

(پێگاو) : نێوان : زمینە

(شپرەت) : هلخراندن : تحریك

(دەستهلانی) : دەس هەلان: دستاویز

(شاش چوونە): شەپۆکاون : اشتباه کردەاند

(هوندور) : ناوخو: داخل

(تاگیر): لایەن گیر: طرفدار

### کنزالعرفان

ماوەیل ٥

چون قەلب ساقیی مەملۆژنۆرەن
موتریب گەرم شۆرنەغمەی تەمۆرەن
موغەنێی مەشغوڵ زەهـاب شۆرەن
وەخت ژەستاخیز «یـوم النشور»ەن
دۆسم بیناوەن، دوشمەنـم کـورەن
بەزم عارفـان پڕلـــــە سرۆرەن
ژئەلطاف حەق جای جەژن وسۆرەن
مەجلیس ئونس وبـەزم حوزۆرەن
یاران موخەلەع ئەغیاران عورەن
«موسا» ئەرینیی نـە کۆە تـورەن
زەمزمەی تارەن، نەغمەی تەمۆرەن
زیڕەی «ساز» و«سەنج» بانگ «بلور»ەن
وەلیسان غـەیب مەواچن وەتـۆ :
«کـــــل شئی هـالك الاوجهە»

تنکەی ژین
www.zheen.org

# کوردستان

## بەشی سنەیی
وەرگێڕ: ا. مفتی زادە

## لاپەڕەیی بو هەمو جار

### سیوم ئەسفەند

هێشتا صوبحسیوم ئـەسفەند ١٢٩٩ی شەمسی نەبووەو، کەدەس لێ‌هاتگێ لاپەڕەی تەئریخ ئیرانی هەڵداوە ، وەدەوران کـ وڵۆڵي و زۆژڕەشي‌ولا،ە لمیی‌ئە. ڵاتەکۆنەیە بڕی‌یەو .

ئەم نەجاتدەرئیرانە اعلیحضرت **محمدرضاشای کبیر** بۆ، کەخاس لە وەزعشێویاگ وبەتاڵ ئاخرین ڕۆژگەل حوکوومەت گیپانەسەر «قاجاریە» حاڵی بۆبۆ، مەردانە بۆ زڕگاري‌ئاووەتەن، لەموداخەڵەی نازەوای بیگانەگەل‌وەسەر کیشي عیل‌گەل‌داخلي هەڵسا ، بەچەن نەفەرێ قەزاخەو ، پاتەختي گرت وەکودتای کرد.

حوکومەت قاجار کە کۆنەو فەرفووت بووبوو، وەتەنیادەسەڵاتی بەسەرتاراناما بوو، کەنەی ئەتواني ئەمنیەت ئەویچ بەرقەرار کـا . لەوزۆژەدا، کار کەفتووەدەس‌دەسەییێك خۆپەرس وفیزن ودەوڵەمەن‌عەیاش وتەن‌پەروەر، کەبەیاسای‌پـو تور کیاگ «اشرافی»، چەن ڕۆژێ کاپینەیێکیان نییایەکەو، کەدووای بەینێ جیگەی‌خوەیـان‌ئەدا بسە کەسگەلێ بیکارەترو‌ئەچوون.

دارایي دەوڵـەت، ئەونەلەکار کەفتوو، کەنەی ئەتواني حوقوق کارمەنگەل بڎا . وەدووای چـەن مانك لەبەرشکات لەسەریەك مەردم، ناچارکاوئاجوریان‌پێ‌یان‌ئەداو بەیەێ خوەیان‌ئاسوودەئەکرد.

ئەمنیەت‌مەملەکەتیچ بووبۆە بازیچەی‌لنگداران تاڵانچی‌گەل ، وەلەدەوروبەر ، وەتە اندت لە نـاو پاتەختیچیا، موسافرگەل وخەڵك خود شاریان‌ڕۆت‌ئـەکردەو، وە پاتەختیگەل لەترس‌«نایب حسین

زەوگرایی...

ماوەی ل٨

زاخە، وەئاڵف طەبیعیی‌خوشك دەنەپی.

### کانەیل

لەسونقوروکولیایی چنەوئۆشن کە : کانەمس‌وسرب‌وئاسن‌هەس؛ وەلی تائیمڕۆ کەسی لەلی‌دەرنەهاوردیە. کان یەی‌جوورسەنگ‌ساختمانیی (سوماق) کەڕەنگەیل فرەقەشەنگ دیرت لە کۆەیل کولیاییەهەس.

ئاومەعدەنیی دیاري لەورەنییە.

### گیاندارەیل‌کوسانیی ومالیی

گیاندارەیل‌وەحشیی‌لە قەبیل‌پەلەنگ،بەور،یوزپەلەنگ،خرس، گورگ، کەفتار، ڕوي، دەلەك، وەحەیوانەیل حەلال گوشت ، جوربزن ومیەی کۆیی، وەلە بەعضیی‌جی‌یەیلیش‌خۆ فرەس، کەمەردم‌لەشکاریان ئیستفادەی فرەبەن؛ وەمەل وپەلەوەڕیش فرە پەیدابۆت .

### حەیوانەل ئەهلی

ئەسب ومایەن ووولاخ وقاطروگاوپەس وبزن فرەس . ئەسپەیل

کاشی«ا ، خەوڕەحەتیان‌نەو .

نەبوون‌فەرهەنك وتەربییەتیچ کاروبارئیجتماعی ، تەواوفاسدوپێ هەرجومەرج کردۆ؛وەزۆرمەلاگەل نامەلایچ گەیپبوەد.رەجەیێك، کـە لەدەوڵەتا، دەوڵـەتیکی نییابووبیە کەو.

لەوکاروبارشێویاك وبەتاڵەدا ، کـــەمـــوختەسەرنکیمان‌ووت ، اعلیحضرتی‌فەقید کەلەقەب ئەووەختیە «سردارسپه» بۆ، کاری گرتەدەس، وەدەسی کردەبەرنامەگەل گەورەی خوەی بـۆئـاوەڎانیی ئیران ، وە نەجات مەردم، لـە موداخەڵـەی بیگانەگەل وچەتەگەل داخلیی؛ وەبەشایەتیی‌دۆس ودوشمن،ئیران بەدەس ئـەوگیپان تـازەیکی‌تێ کیفت، وەناوو گـەورەییی‌جاران خوەیی، هاتەودەس ، وەگەیسییە ئنفتخار گـەلێوا ؛ کەهـەرگیز بەخەونەی دیبۆ.

بێ‌شك ، ئـە گـەرحـەملەی نامەردانـەی شەهریوەرنـەوواێ ئیرانێ کـە لەبیس ساڵ‌فەرمانڕەوایی ، وەشانـزەساڵ پـاڎشاییی ئەوشاهەنشا گـەورەدا ، گـەییوە

ئەو گشتە تەرەقییاتە، حەتمەن، بەچەن بەرابـەرئەوە، ڕێگـەی پێشڕەفتی‌ئەپێوا.

بەهەرحاڵ‌هیچ‌ئیرانی‌وەتەندۆس وەباشەرەفێ‌نییە، کەحەیات‌سیاسیی‌و ئیجتیماعیی‌وئیستقلال‌وەڵات‌خوەی، لـەئیقدامگەل ئـەویە کەرمەردە ئازادە وەنەزانێ .

تەئـریخ ئیران ـ کـەوەبوە کتێوی‌پوتورکیاگ‌وپەڕەپڕیاگ جارێ‌تر لە سیوم ئەسفەندا، بووەو بەلاپەڕەگەل‌ووریشەداروپەڕەگەلێ تەلایی، کەهەرپەڕەیێکی،شایەتیکە ڕۆشن؛ بۆ گەورەییی‌ڕۆح‌ئەوسەردارە ناوداورونەجاتدەرئیرانە.

ئێمە بەبۆنەی ئـەوڕۆژەفەر- خوندەوە،بۆڕۆح‌پاك‌رضاشای کبیر ڕەحمەت ئەنێرین؛ ئـومێدەوارین ئیران‌عەزیز، بەریعایەت‌وسەرپەرسیی وڕەهنمایي‌شاهەنشای‌جەوانبەخت کەبەجۆرێ‌موتەرەققی‌تروکوڕتر لەسەرئیسلاحات ئەچن، لەجاران زیباتـربگـەیتە وڕۆشدەـادي و مەعنەوی‌خوەی؛وەسەدهاصەفحەی تەلایی‌تریچ بکـەفێتەسەرئفتیخار گەل میللي‌ئێمە.

کولیایی وەخاسیی‌ئەسپەیل خوار کر ماشان‌جۆرسجاوي‌و کەلهورنیی‌ە. گاجوفت سونقوروئەطرافی‌لە تەمام‌عەزب بی‌نەظیرە . پەس وبزن لە ئی‌مەحاڵە خاس عەمەل‌تیەت؛لەباوەت گۆشت وچەوريوتام‌فرەمومتازە. وەلی پەشم سونقورو کولیائی‌چونکەپەسیان هالە ئاوزاخە،جۆرپەشمەیل گەرمەسیري چەرمیی‌ولەطیف نییە.

لە داخلەی‌شەهرسونقورجۆردێهات پەس وگاوبزن لەناوماڵەیل ئیمات کەن . تاچەند ساڵ پیش لە حدوّد ١٥هەزارپەس ومی ـەوە٧٥٠ هەزار گاومانگا ئیمات کردیان،هەروەی‌جەهەتەسوختەمەنی‌یان‌تەپکەس. وەمەردوم سونقورلەفروّتن پەنێر فرەخاسی کە دەرن، ئیستفادەی فرەیك کەن .

ئیمات کردن مامرلە دێهات کولیایی فرەڕەسمە؛ مەخصوّصەن لە ماڵەیل سونفورئیمات‌مامرئەڕای‌خافرۆشیی‌کار گشتە؛خاومرلەجوملەی صادرات سونقورە .

### ڕێ‌یەیل‌پەیوەسیی کولیایی

**١ـ ملەماس، وەرەوکرماشان ٢ـ ملەی خوسرە وئاواوەرەو هەمـەدان ٣ـ زەوارەڕای چوارملـەوملەبلانـووك وەرە وقورو،**

١ـشاڕای گەوراوئەصلیی سونقورو کولیایی‌ڕێەیکە: کەسونقور لەطەرەف‌جنوّب‌لەڕێ دینەوەروچەمچە ماڵ کرماشان‌وەصل کەتەبیستون (جادەی ئەصلیی‌قیرتاوي) . ئی‌ڕێ‌یە تابچیتەبیستون مـاشین‌ڕەوبـی . چەنێساڵە شوسەی کردنە . لەملەی «ملەماس» گوزەریت،لەشۆن‌بەرزێ‌یەیل «دینەوەر» داخل‌جولگەی«دینەورە»بۆت، وەلەتەنگەی‌چەمچەماڵ چیتەبیستوّن . ئی‌ڕێ‌یەتەنیا جادەی شوسەکریای سونقور کولیایی‌یە.

٢ـ لەدوماڵەی ئی‌جادەڕێەیکە کەوەرەوشمال‌سونقورلەناودێهات کولیایی چێت‌وەرەوتەنگەی «ملەبلاڵۆك»، لەورە لەخاك ئیسفەنڎئاوای سنە داخل جادەی«قوروە» بۆت، وەلە ورەچیتەسنەوهەمەدان . ئی‌ڕێ‌یە تابیجاریش چۆت؛وەناوی‌لەقەییم‌زەوارەڕێ‌بییە کە : زەوارئازەربایجان وزەنجان وبیجارلەئی‌ڕێ‌یە تیاتنە سونقوروچیاتنە کرمـاشان کـەبچنە «کەربەلا»

٣ـ ئی‌ڕێ‌یە لەسونقوروەرەوشمال‌شەرقیی چێتەملەی «خوسرە و ئاوا» وەلەورە وەرەوهەمەدان چێت . یەڕێکە کەئەگەر دروسی بکەن، کرماشان وهەمەدان ڕەسنتەیەك؛ وەئەڕای ڕمسانان دیترسەختیی‌ملەی ئەسەدئاوەرەڕێ نییە .

بیجگەئی ڕێ‌یەیلە لەبەین تەمـام دێهات کولیایـی‌وە کۆشیش خەوانین ومالکین‌ڕێ‌یەیل‌ماشین‌ڕەودروس کریاس. لەجوملەلەئی‌دوسێ ساڵە پێل گەورای ئاجوروئاسنین لـەطەرەف مەرحوّم «علـی‌اکبرخان امجدی» گەوراماڵك کولیایی‌لەبان چەم «گاوەرود»دروس کریاس.

سقز- نافع‌مظهر

### لەمنی ئەویست!!!

دڵ وە ختێ‌ناوی جامی‌جەمی‌بیست
لای خۆی بۆ، کەچیی،لە منی‌ئەویست!!!
لـەشوێنی‌وێڵ‌بۆ بەهەرچواردەورا
لـەبیخی دەریاو لە گۆشەی هەورا

ماوەل١١

بنکەی ژین www.zheen.org

# کوردستان

لاپەرەیی بۆ هەموو جار


## بەشی هەورامی

وەرگێڕ: م.ص. مفتی زادە

## سیەمو ئەسفەندی

هێشتا ڕۆجیارو سێیـــەم ڕۆو ئەسفەنڎو ساڵەو هەزارو دووەسەڎوبیست ونۆوشەمسی جەئاسووە سەرش ناردەبێ بەر، دەسێوە تەوانا لاپەڕەو تاریخو ئێرانیش گۆزا، وبەدەورانو بێچارەیی وزەبوونی و ئی وەڵاتیە دماییش دا.

ئادەسەتەوانادەسو **اعلیحضرتی فەقید، و ڕەزاشای کـەبیری** بێ کەپەرێشانیو وەزعەو ئێرانیش جەدماهەناسەو فـەرمانـڕەوایی و قاجاری یەکانە چەمپەنە کەوت، وەوەتەنی وەشەوویستش جەدەس- درێژیوبێگانەکاو یاخی یەکانە- جات دا، وەبە کۆمە کۆمە کوچنڎ قازاخێوە پاتـەختش گـرت، وە حکومەتش هۆر گێڵناوە.

حکومەتو قاجاری فرەناتەوانێ بییەبێنێ وەتەنانەت، نەتـاوێنی پاتەختی جەبشێوەوئاژاولی پارێزنا، وەکاروەڵاتی کەوتەبێ دەسوچند کـەسێوە قـۆزودەوڵـەمـەنڎو وەش گوزەرانـی، وەچند ڕووێ جارێ کابینێوە دوروس کەرێنێ، وە دماوێەرێ جـوارڕۆێ ئـاکابینە تێکشێ، وە گنێ دەسو ئەشخاسێوە ناتەوان تەری.

یاخی یەکێوو گـەردەن کە شەکـێ هێمنیی وەڵاتیشا دلێنە بەردەبێ، وەجە گردلایێووەڵاتیەنە، تەنانەت دلێوشارکانـە، خەڵکیی ڕووت کەرێنیوە، وەخەڵکو پاتەختی جەتەرسەونایب حسن کاش وەرمشا پۆرە نەگنێ.

نەبییەیو فەرهەنگی وەضعەو اجتماعیش پەرێشان کەردەبێ، وەوەڵات پەڕبییەبێ هەرج ومەرج! گرۆوڕۆحانی، وەڕۆحانیی نمایێ، دەسشا کێشابێ سەرووەڵاتیەرە، وە دەوڵەتێوە شاجەدەوڵەتەنە، دوروس کەردەبێ، چی وەختەپەڕبشێوەنە، **اعلیحضرتی فقید**، کـەچاوە- خەتەنە سەردارسپەش پەنەواچێنێ حکومەتووەڵایتش گرت دەس وەدەسش کەرد ڕێشەکەن کەردەیو بشێوەی، وەئاوەڎان کەردەیو وەڵاتـی، وە گیانێوتازەش ووستەنـە بەڎەنـو ئێرانی، وەجەموددەتێوە کەمەنە، ئێرانش بە گەورەیو وەڵێنوویش یاونا، وەبەتەصدیقو دژمنەکا، ئێراش جەمەردەی ڕزگار کەرد

ئەگەر حەملەو بێ ڕەحمانە و شەهرپوەری نەبییایێ، ئێران کە جەبیست ساڵ وفـەرمانـڕەوایێو ئاشاهەنشا گەورەیەنە کەئـاگرد ترەقی شەکەردەبێ، بێ گـومان فـرەتـەرتەرەقی کەرێ، وەئاوە ڎان تەربێوە! کە پـاسەبییە هیچ ئێرانیـیوە، وەتەن پـەرەست، مەتاوۆ، ترەقیاتوئێرانیو ئازادیور وێشووەڵانیش جەسایـەو ئاڎیـسۆ نەزانۆ.

تاریخو ئێرانی کە شرۆووز بییەبێ پێوەرە، دۆبارەجەسێیەمو ئەسفەنڎیەنە، تازەبییەوە، وەپێسە تەلای دەرەوشیاوە، وەهەرتەختێوەش نمۆنێومن پەی گەورەیی وئەرواو ئاسەردارە نامڎارو نەجات بەخشو ئێرانیە.

ئێمەپەی بۆنەو ئاڕۆوەشیەوەپەی ئەرواوڕزاشای کبیری درود کیانمێ وەئومێڎەوارێنمێ کە ئێرانـووە شەویسوئێمە، جەسایەوسەرپەرەستیو ڕابەریو شاهەنشای جوان بەختەیە- وە، ئێران خاستەر تەرەقیی کەرۆ، وچنڎ تەختێ تـەلاینێ تەری بـە تاریخو پیروزەو ئێرانی پەی سەر- بەرزیو ملی وئێمەزیاڎ کریۆ.

# کوشیایو لومومبای

کوشیایو «لومومبا»ی سەرەوەزیرانووەڕێن و کۆنگۆی گێڕاو- یۆ گەورەش جە کۆنگوو سازمانو میلەلو موتتەحیدیەنـە، ئاوەردەن دێ.

«لۆمومبا» یۆبێ جە ئەنڎامەتێرژە وەکاو کۆنگۆی، وەگەرەکش بێ، بێ ئانەیەسیاسەتو خارجی وئاوەڵاتیە گێرۆوەروچەمی، بارو ئاوەڵاتیە مەرزنۆرە، وەلێ داخەکەم، ئانەخشەشە، نەووزیاکار، بەڵکو گیانووێچش چاکارەنەنیارە.

پێشامەڎێ وچنڎمانگی چێوەڵی، پاسەشا نیشانەداکەبلژیکی، یەکێ هێشتا موقەددیماتو سەربەخۆیی وە کۆنگۆ»ی شا، وەڵێو ئیعلامو ئاسەربەخۆیی یەنە، ئامادە، نەکەردەبێ؛ وە بـەپێچەوانـە وئینگلیس و فەرانسەی کە وەڵێو ئیستقلال دای بەدەوڵەتە چێردەسەکاووێشا، هەمیشە زەمینە ئامادە کەرا، دەوڵەتوبلژیکی نەتاوابێش، وەڵێنە چەنیوڕابەرەکاو کۆنگۆی وێش سازنۆ، پابۆنەوە، چەنیو ئانەیە ئیستقلالو کـۆنگۆی ئیعلام کریا، وەڵێو گردیەنە، ڕابەرەکێو گـونگـۆی، شێێنە گیانو یەکتری، وەپەی دلێنەبەردەیو یۆترینی دەسشا کەرد مشتومڕ کەردەی، وەدماو ئانەیە، واتشامشێو بلژیکی یەکێ جە کۆنگونە، بلابەرەوە، کە پاسەبییە، بشێوە و کۆنگۆی ئیناپاو بلژیکی یەکانە کە بێ سیاسەتـی شا کەرد، وەئیناپاوڕابەرو کۆنگۆیی یەکایچەنە کەجەسیاسەتبازی یەنە نەیاو- ێنێ یەنە؛ وەهەردووێ لایێ بیێ باعیسو بشێوە و کۆنگۆی.

بێ گومان هۆرخزنایو خارجی یەکایچ جەبشێوە و کۆنگـۆیەنە شۆنێوە فرەش بییەن، وەئیسەیچەهەنش، پێبـۆنەوە، شوڕش وبشێوە و کۆنگۆی جەدلێو ئاوەڵاتیەنە، یاوان بەوەڵانەکای تـەدریج وەبییەن بە مەسەلێوە گەورێ پەی تەمامودنیای.

حکومەتو ڕۆسی ودەوڵەتە کومەنیستەکای تری، کوشیاو «لۆمۆ- مبا»یشا کەردەن بەهانەو ئانەیە کە «داگهامرشۆڵد»ش پەنە کووارە.

چەنیوهەواڵو کوشیایو لۆمۆمبای، ڕادێوو دەوڵەتە شیوعی یەکا، دەسشا کەرد تەبلیغات کەردەی، وەئاکارەساتەشا بەئاووتاوێوی گەرم، زلتەتەر کەرد، وەکەردشا گوناو سەربازانو سازمانو میلەلی موتتەحیدی- وهامرشۆڵدی.

هێرشو ڕادیۆشیوعی یەکایاوان پلێوە کە ماچی چەنیو هامرشوڵدی دژمنی کۆنەشامەن.

ڕابەرەکاو دەولەتە شیوعی یەکا پاسەمیاونا کە هامرشۆلـدی ئیتر بەڕەسمیت مەژناسا، وەئینەیچە بییەن سەبەبو ئانەیە کە بڕێ جەدەوڵەتە بێلایەنەکا، پێسە هیندستان وکانادای، جەهامرشولدی پشتیوانی کەرا.

«هامرشولد» جەوەرانوەرودەوڵەتەشیۆعی یەکاوە، واتەنش ئی هەڵلا ودادو ئاڎێشا مەیۆیە سەبەبو ئانەیە کەمن جەکارووێم بلودماوە.

پاجۆرە کە واتمائیسە تەمامودەوڵەتەکاودنیای بیێنێ دووێ دەسێوە، دەسێوە لایەنگیری جەهامرشۆلدی کەرا، وەدەسێۆە تەری ناحەزێشەنێ، هەرپاسە کە بشێوە، وەدووەدسەیی جەوەڵاتو کۆنگویەنەمەن. جەدلێو دەوڵەتەکاودنیایچەنەئامان دێ.

ئی مەسەلێ بیێنە سەبەبو ئانەیە، کەدەوڵەتە گەورەکێ بـەکارە گەرەکاودنیای پێسەچەڵ ئەرەمالای، وەدەس گرتەی ملونێرۆی ئەتومی- یەرە، گۆش نەڎا، وەبشێوە و گەورەو دنیای کە هەرساتێوە بۆوجەنگی- ئەتومیش چۆوەمێ، هەرپاسەمەنۆوە.

### ناڵەبارییەکانی..

ماوەی ل٢

هاتەنێوچاوانم دەستێکی تەڕم پیاهێنابۆئەوەی پێش چاوم نەگرێ!

بەهەشت: ـ ئێستاوەرەئاوبکە بەدەستی «گەلاوێژ» باڤەوبچێ بۆ قوتابخانەجائەزانم چیت لێ ئەکەم.

گەلاوێژ: ئای دایە گیان بۆچی «پشێ» نایێ بۆمە کتەب.

بەهەشت: ئاکچم ئەوئێترەێندەی ماکەرێکی لێ هاتووە نابێ بچێتە قوتابخانە، ئەبێ لەماڵەوەفێری ئیش بێ؛ خۆئەوبۆخوێندن ناچێ بۆمەکتەب، بۆجنگەپرچێ لەگەڵ هەتیوان ئەچێتەدەرەوە، نازانم دایکی گۆڕبەگۆڕی چی داوەتەدەرخوواردی باوکت واهەرئەیەوێ ئەمڕۆمۆزنە بنێرێتە مەکتەب!

پرشنگ: ـ دادا بەخواخوالێت هەڵ ناگرێ کەتۆبەزیندوو مردوجووێن ئەدەی.

بەهەشت: هەڵسایەوە سەرخۆو پرچێ پرشنگی گرت و ناپەژێرپێ- لەقە، زرمەی پێلەقە قیژەی پرشنگ دەنگی جوێن دانی بەهەشت، ئای کوژرام، ئای تۆبە، ئای پشتم، ئای سەرم، ئای هاواری «پرشنگ» ئەگاتە گووێ باوکی.

ماوەی هەیە

بنکەی ژین www.zheen.org

کوردستان

## بەشی کرماشانیی

نوسیای :«سیدمحمدسعیدغیرت»

# زەوگرایی (جغرافی) سنقر و کلیائی

## جیەودیارگای جوغرافیایی وچشتەیل طەبیعیی

-٢-

مەنطەقەی کولیایی کەفتیەسە بەین ٤٧ دەرەجەو ٥ دەقیقە تا ٤٧ دەرەجەو ٥٥ دەقیقە طۆل شەرقي «نصف النهار» گرنویچ؛ وە ٣٤ دەرەجەو ٣٥ دەقیقە تا ٣٥ دەرەجەو ١٥ دقیقە عەرض شمالي. وشەهر «سونقور»ها لە ٣٤ دەرەجە و ٥٦ دقیقەو ٢٠ ثانیە عەرض شمالي، وە ٤٧ دەرەجە و ٣٦ دقیقەو ٢٥ ثانیە طۆل شەرقیی.

بەرزیی ئی وڵاتەلەبان دەریاتەقـریبەن ٦٠٠ مترە . بەرزتـرین قولـەی کۆەیلی لـە کۆ «ئـەمرولـە» قولـەی «داڵاخانیی» (سوەیل) ٣٣٥٠ مترە .

ئی وڵاتە لە وولاتەیل فرەئیلاخە . وەپای هەوساکان دەوروومەری کە خاك هەمەدان وسنەو کرماشانن، لەگشت لایك بەرزترە؛ هەرووەی جەهەتەئاوەیلی چتەمل ئەووڵاتەیلە. کۆەیل کولیایی لەدامانەی فرەپڕ ئاڵف و چەراگاوصەوزوخوژەمە . لەبیشتر دیهاتی کي‌یەنیی وجۆزارە ئاوەیلیشی گشتیی سازگارە . سونقورو کولیایی لەباوەت سازگاري ئاو، ساردي هەوا، وفرەیی بەفرلە نوقاط مومتاز غەرب ئیرانە

تاوسانان گەرمای لەهیچ کۆرە، وە ٣٠ دەرەجەی «سانتی گراد» نیەڕ زەسێت . کولیائی ئامادەیی فرەیك ئەڕای قەنات کەنین دیری؛ وەلی داخم لەی زێیەکاری نەکریاس؛ یەسە کە ئەووڵانە ئاوی کەمە؛ زەوییەیلی فرەتری دەیمەکاڵە .

---

نووسەری بەراوێزوڕاستەوکەری هۆنراوەکان: م.ص.م

## کنز العرفان

## دیوانی زانای خودناس هونەری شیرین ووتار ((میر محمد صالح حسنی نعمت اللهی))

**ملقب بە«حیرانعلی شاە»ی کرماشانیی**

بـاڎەی تـ ـــەهـوەن . . .

ساغرسەرشار بـاڎەی تـەهورەن

ماوەل ٥

بەفرلە بەعضی ملەکان و کۆەیل تانیمەی تاوسان هەرباقی‌یە؛ وە دامانەی کۆەیلی چەراگای خوژمە . لەبیشترجی‌یەیلی دیارگـایەیل فرەقەشەنگ تەماشایی دیرت . وەهاران وتاوسانانی فرەخـوەش وسەر صەوزە؛ لەدەشت ودامانەی گوڵو گوڵزارەیل جوور وەجوورتـادۋای تاوسان فرەس . لە کۆەیل کولیایی ئاڵف و کەماجاژفرەهەس، گەلە داري لەئی وولاتە وەژەووش ئیلاخیی فرەهەس . زمسانان ماڵ وحەیوانیان کـەنە

ماوەی‌ل ٧

---

## لاپەڕەیی ، بوهەموجار

ماوەی سەرووتاری‌شمال

ماوەی‌ل ٥

حکومەت وشانزدە سال شاهتی‌یا وي‌شاهەنشاهی‌مەزن‌هوقاسی‌پێشتا چوبۆ، یەقین‌بی چەندبەرامبەری وی‌ژی‌یا بەرکەتنی بجەهداندا . نەهەرحالەکی چوئیرانی یەکـی وەطەن دۆست وخـودان شەرەف پەیدانابە کوزندي بۆ اکاربـاری سیاسي‌وجڤات‌وسەربخۆ یامەملەکەت بدەستی‌وي میری میرخاس‌نزانبە تارپخا ئیرانی ، کوفەنا کتێبەك ، ژزی وپەژیدژهەو بەلاوبوپی بـۆ جار کدي‌سێوماڤپسەندی‌دا، بەپەژێد زێڕین و برقي هاتە گوهراندن ، کوهەربەلگەکوی، مەزنایاروحی وي‌سەرداری بناودەنگ و خلاس کری ئیرانی‌یە .

ئەم بەرخاتری‌ڤی‌ڕۆژابمبارەك بروحی پـاکي **رضاشاهي کبیر** ڕەحمەتی دشینن، وەهیویامەئەڤە، کوبن‌ژێبەری و سەرپـەرەستیـا شاهەنشاهی‌جوانبەخت(١) کوبلەز چی‌بۆنا مەملەکەت بجورەکـي بەرکەتی وتوندترپەی‌دبە، ئیرانا عەزیز ئەواك هەیە ژەوش و گۆنا دەورانا بینەدەست ، وەچـەندسد ، پەژێدزێرین دیساژي بسەرفەرا پێد مللەتیامەزیدەبە .

(زەاۆلي‌وبەلەنگازي) هەژاری‌ودا وي بیچارگی وناتوانی

(مێرمێرانی) : پیاوانە: مردانە

(دەرامي) : بێگانە : بیگانە

(قوزە) : قۆز: متکبر

(بلەز) : پەلە: سرعت

(ژەوش‌وگۆز) گەوەیي:مجد و عظمت




www.zheen.org

چاپ اختر شمال
تلفن ٢٥٥٠١

## ڕزەی کویستان

ماوەی ل٤

باوەیس :ـ بەڵێ مامە گییان من حەزم ئەکرد کە بەگووێی تۆ بکەم بەڵام «شاویس» هەرچیم کردلێی نەبیستم ناچاربوم کەوتمەشوێنی شتێکی نەمابۆ هەردو-کمان تیابچین ئەنجا بەرەومالی خۆیان کەوتەڕێ.

شتێکی پێنەچو «شاوەیس» وخولەش گەیشتنە ناودێ، وەدوچاری پیرەمێرد بۆن، پاش بەخێرهاتن ئەوەی کەبە «باوەیسی» ووتبو بـە «شاوەیسیشی» ووت، بەڵام «شاوەیس» کوتی: مامە گییان بەڵی تۆراستت فەرمۆ بەلام ئێمەنەمان فامی ئیترهیچ نەی کردە تاوانی «باوەیس»

پیرەمێرد :ـ زۆلە تۆبۆبە گووێی منت نەکرد «باویس» ئەی‌وت ئەونـەی هیشتووە من بگەڕێمەوە:

شاوەیس: ـ مامە گییان بڵێم‌چی بەلام‌لاموانی‌یەوابێ بەهەرچەشنێ بۆیێ‌من‌و باوەیس خۆمان ئەزانین کارەسات چۆن‌بووە «شاوەیس» لە پیرەمێرد خوواحافیزی کرد وەبۆ ماڵی‌خۆیان ڕۆیشتەوەماندوو مردوەێندەی بەفرشێلابۆو،باوەیسی لە کۆڵ کردبۆ لەبڕبۆ بوەوە؛ بەهەرچەشنێ نەبۆخۆی گەرم کردەوە.

«باوەیس» بەهەر کەس گەیشتبو ئەوی کە «شاوەیس» لەگەڵ ئەوی کردبۆو بەوی‌وتبۆ بەناوی خۆی گێڕا بۆیەوە، وەخۆی هەرچۆنی بـەسەرهاتبو نابویەمـل «شاوەیس» خەڵکی ئاوای هەمو سەرزەنشتی «شاوەیس» یان ئەکرد، تاناچارپاش ماوەییەکی زۆر «شاویس» بەسەرهاتی خۆی و «باوەیس» ڕۆبەڕوی خۆی بۆخەڵکی گێڕایەوە،وەشەرتی کرد ئیترتاماوە لەگەڵ پیاوی‌هۆشەلاندا بۆهیچ کاری‌هەنگاوێ نەنێ.

دووایی

---

**هەزاویەکشەو** ٣٦١

ئەوە سلاوی نوێژی‌داوە، ضوءالمکان پێی ووت: خوشکەگیان! مـن ئـارەزوی مکەوقەبری پێغەمبەر (ص) کەوتووەتەسەرم، ڕۆیشم لە باوکم ئیزن وەرگـرم ئیزنی نەدامێ.ئێستائەمەوێ کەبۆخۆم پارەو کەل وپەل هەڵ گرم وبێ ئەمەی کەس بزانێ بکەومەڕێ‌بۆحەج. نزهەالزمان سوێنڈی‌دا، کە: منیش لەگەڵ‌خۆت‌ببە، وەلەبەرە کەتی ئەم فەرزە گەورە بێ‌بەشم مەکە. ضوءالمکان پێی‌ووت: زۆرچاکە، کەوابۆ،شەو کەتاریکی دونیادائەگرێ، بێ‌دەنگ لەماڵ‌بیرە دەر، وە کەس‌ئاگادار مەکە تابڕۆین. هەرئەوشەوە نزهەالزمان هەستاوە، بڕێ‌پارە ونەختێنەی لەگەڵ خۆیاهەڵگرت‌وجلی‌پیاوانەی‌لەبەر کرد، وەلە کۆشکی‌خۆی‌هاتەدەر،وەڕۆییشت‌ڕۆبە کۆشکی ضوءالمکانی برای. ئەنواڕێ ضوءالمکان ئوشتری ئامادە کـردوە، وە باروبنەی بەستووە، وەچاوەڕی ئەوڕاوەستاوە. ئەوجاهەردو کیان‌سواری‌ئوشتربۆن وەهەربەوشەوەڕۆییشتن‌تاگەییشتنەکاروانی‌حاجی یەکان، وەڕۆییشتنە نێوی‌حاجی-یەکانی‌عراقیی، وەشەوو ڕۆژ ڕێگایان‌ئەبڕی، تاگەییشتنە «مکەمعظمە» لەوێ‌فەرزی حەجیان بەجێ هێنا، لەپاشان ڕۆییشتن بۆ «مدینەمنـورە» بۆزیارەتـی، قـەبری پێغەمبەر (ص) لەوێوە حاجی‌یەکان‌ئامادەی گەڕانەوە بۆعراق‌بۆن، بەلام‌ضوءالمکان بەخوشکی‌ووت: من‌ئەمەوێ بڕۆم بۆ «بیت‌المقدس» قەبری‌حەزرەتی ابراهیمیش زیارەت بکەم، نزهەالزمان ووتی: من‌لەتۆزۆرتر ئارەزوی ئەم زیارەتەم هەیە،ئەوجا لەوێوەئەسپیان‌بەکرێ گرت، وەلەگەڵ‌کاروانی‌شاما کەوتنەڕێ‌بۆ «بیت‌المقدس» نزهەالزمان ئەوشەوەیاوی کرد، بەلام زۆبەری‌دا، وەخۆش‌بۆوە لەپاشان‌ضوءالمکان نەخۆش کەوت، وەخوشکی‌پەرەستاری لێ‌ئەکردو، دڵ خۆشی ئـەداوە، وەهـەر بەوحالە ڕۆییشتن تاگەییشتنە «بیت‌المقدس». لەوێ نەخۆشیی‌ضوءالمکان زۆر سەختی لێ کرد. لەحوجرەی‌کاروان سەراییکدا مەنزڵیان گرت؛ وەڕۆژ بـۆڕۆژ

---

**گیراوە لە گۆڤاری «باستان‌شناسیی»** وەرگێز: د.ع.م

# ((ساتراپی))یەکانی شاهەنشاهیی ئێران

**٣ـ ئارامی‌نیاـ** ساتراپـی ئـەرمـەنستان لەبەینی سەرچاوەی «فورات» و «دەجلە»دا، بووە. ناوچە نزمەکانی ئەرمەنستان بەتایبەت دەشتی «ئەرەس» زۆرنەخت وجێگای لەوەڕیان و بەخێو کردنی ئەسپ بووە. ساتراپی ئەرمەنستان‌لەسەریان بووە کە: هەمو ساڵێ بیست‌هەزار ئەسپ بەناوی سۆروسات بەدەرباری ئێران پێشکەش بکـەن. خەڵکی «ئالبانی» و «ئیبیری»ـ کەبەشێ لەم ساتراپی‌یە بوون ـ سەربەخۆبۆن، بەلام‌لەسالاخەرجێکیان‌بەپادشایانی ئێران‌ئەدا.

**٤ـ ئاشوور (ئاثورا)** لەلێواری ڕۆژهەلاتی دەجلەدابـو؛ وەلە سنۆری ئەرمەنستانەوە تاساتراپی «بابل» پەرەی‌بو. ئەم‌ناوچە بەنـاوی «ئاشۆر» کوڕی «سام»ەوە ناونراوە، وەئەمڕۆ بەکـوردستانی عـراق ئەناسرێ. چۆمی «زاب» کەیۆنانی‌یەکان پێ‌یان ئەووت «لیکۆس»لـەم ناوچەدا، ڕێ‌ئەکا. وەچۆمێکی تریش‌لەوێ ڕێ کردووە، کەبە «زابی-بچۆك» ناوبراوە، عوثمانی‌یەکان پێ‌یان ئەووت «ئالتون‌سو» (چاو کەی زێڕ) کەئەویش‌ئەڕژانێوی‌دەجلەوە.

پاتەختی «ئاشۆر» شاری «نەینەوا» بۆ کە بەدەستی «نینۆس» پاڎشای ئاشۆر کرابووەوە. «ئیسترابۆن» جوغرافیی‌زانی بەناوبانگ‌لای‌وایە کە: ئەم‌شارەلە «بابل» گەورەتربووە.

ئەم‌شارە بەدەستی «ماد» (کورد)ەکان وێران کرا، وەئێستاشوێنی کەلاوەکانی لەقەراخی دەجلەدا، لەبەرانبەری موصل‌لەجێگایی کەپێ ئەڵێن «نینۆ» ماوەتەوە. یەکێ‌تر لەشارە گەورەکانی «ئاربیل» (هەولێر) بووە، کەبەهۆی‌شکانی قۆشەنی دارا (داریۆشی‌سیەم) لـەوێدالەشوێنە مێژۆیی‌یەکان ئەژمێررێ.

سەرزەوینی‌ئەم‌ساتراپی‌یەهەمۆبکێلگەونەخت‌بۆ،وەلەچۆەی «خابۆر»ەوە تا «زاگروس» کێشرابۆ؛ خولق‌وخۆی ئەوازەوە کۆ بابلی‌یەکان‌بووە.

**هـ پرس (پارسە ـ پارس)** سنۆری ئەوێ لەباشۆرەوەخەلیجی فارس، لەڕۆژئاواوە خوزستان وزنجیرە کێوەکانی «یۆ کزین» (کێوەکانی بەختیاری)، لەباکورەوە عیراقی عەجەمی ئەمڕۆ، وەلەڕۆژهـەلاتەوەتا کارامانیی (کرمانی ئەمڕۆ) گـەییشتووە. پاتـەختی ئەم ساتراپی‌یە «تەخت‌جەمشید» ناسراوبە «پێرسێ‌پۆلیس» بووە، کەئەسکەندەرئاگری تێ‌بەردا،وەوێرانی کرد؛ وە «پازارکاد» یا «پاسارگەد» شارێکی‌تری‌بووە؛ وەبڕێ کەس لایان‌وایە کە ئەم‌دوناوە، ناوی‌یەك‌شارە. لەدوشاری بـەناو بانگی‌تری کە «گابێس» و «ئۆکا» پاتەختی پاڎشایان‌بـووە، هیچ‌شوێنی نەماوە. بەلام‌لەم‌دووایی‌یەدابەهۆی ئەوبەردەنوسراوانە کە بەدەست‌هاتوون دەرکەوتووە، کە: «گابێس»هەرئەو «جی» ناسراوبە «ئیسپەهان» (اصفهان) بووە. لێوارەکانی خەلیجی‌فارس ووشك وچەکرە؛ بەلام‌بەشی‌نێوەڕاسی ئەم‌ساتراپی‌یە سەوزو خوزەمە؛ وەبۆ کشتوکاڵ وئاودێـری زەوینەکان کارێزی زۆریان لێ‌داوە.

**٦ـ سوزیانا** یۆنانی‌یەکان ئەم‌ناوچەیان بە «ئیلیماس ـ عیلام ـ ئیلام» ناوبردووە، وەلەبەردە نوسراوەکاندا «اووجە» یا «خووج» نوسراوە، کەخوزستان ولوڕستانی ئەمڕۆیە.

ماوەی ل١١



بنکەی ژین www.zheen.org

لەهەرگولزار

ماوە ل ٣

## وەلیی دیوانە

قبیلـــەم ژێش نـــــە بۆ . .

ئەردڵ وەمەوڎای عیشقت ژێش نەبۆ
ئەر تەن بەڵا بارمەینەت کێش نەبۆ
ئەگەر دیڎەم خاردۆرێت تێش نەبۆ
ئەودڵ سیاسە نگ ئەودیڎە تاربۆ
ئەوتەن کۆنەی کونجماوای مەزاربۆ
سەرێ سەراسە رنە سەوڎات نە بۆ
گشت دەمێ نەگە ردخاکڕات نەبۆ
ئەوسە ربێ سامـــان جەتەن جیابۆ
خـــامـــۆش خــەڵتان خـــاك سیابۆ
پایێ نەکـــــــە رۆئا مۆشو وەلات
دستێ نەکێشۆ شەوو ژۆجــە فات
ئەوپا گەستەی مارئەفعی هەفتسەربۆ
دئــەوەستە مە جرۆح زامخەتەربۆ
زووانێ نــەز کـــر ثــەنـــای تۆ نەبۆ
شەووژۆنــەفیکــر دوعـــای تـۆ نەبۆ
ئەو زووان بێ نوتق هەروە پەلاس بۆ
ئـــامین! بڕێڎەی تیغ ئەلماس بـــۆ
من جەدوری تۆشای شەمجە مینان !
هـــە رکانێ زانای لاشەم ـــەوینان .

# مەولودنامەی پەیغەمبەری

## ئیسلام حەزرەتی محمد (ص)

## دانراوی زانای بەناوبانگی کورد

**مەلاحەسەنی هەرتووشیی**

ئەوەڵەن مندي ژمن نورەك دچـی
«قصر» «بصرا» من ژعە کساوی ددی
مـــاه ئەوەل هـــات «ئـــادم» طەیبا
کـر سەلام و گوتەحەملێ مـەرحەبا
مـاه ثانی هات «شیث» ئەزمە یمەنە
گوتـــە من مـــز گێن لتە یا «آمنە»
مـــاه ثـــالث هـــات «ادریس» نـــەبی
کر سەلام و موژدە بە رحــەملاتـــەبي
ماه رابع «نـــوح» و خامس «هود» هـــەم
هـــاتن و مـز گینی دامن پڕ کـــەرەم
ماه سادس هات «ابراهیم» خـــەلیل
دامە مز گینی ژوي حـــەملێ جـــەمیل
مـــاه سابـــع هات «اسماعیل» ذبیح
موژدە بەخشی من ژوي حەملێ مەلیح
مـــاه ثـــامن هـــات «موسی» بـــاوەفـــا
«ابشری» یا «آمنە» بالمصطفی

## چوار قوژبن



**لابەلا:**

١ـ «بتری» یەوبنەکەی ، داکەوتووەوە سپلەیێ ، بۆژوناك کردنی تاریکــی ٢ـ پێچەوانەی بــەڵێ و ئەرێ ـ لــە کرماشاندا ئەڵێن: نە کوڕی وەها، مالی ئەوێ، نە کوڕی ژەن ٣ـ ئەگەر لەوسەرەوە تەماشای بکەی، بەدەردی ئەدوائەخوا کەئاووماستی پێ بدەی، تا کەرموڎوت پێ بداتەوە ٤ـ ئەوەندبچووکە، کەلە «جاش» یش کەمترە ـ پیتی داکێشان (تەعەددي) ٥ـ مانگــێ لــە بەهاردا ٦ـ دەستەی باڵداران ـ ئەوهەمارە، ئەگەر هی موسولمان بێ، لەڕەمەزاندا، خالیی ئەبێتەوە ٧ـ بڕێ، چاوی پێ ئەزڕێتو، بڕێ شان و باهووی پێ ئەستوور ئەکا ـ بەزستان و بەهاردا، لە ماڵێکدا کەسەربانەکەی، فس بێ، زۆرە.

**بەرەوخوار:**

١ـ پیاوی ژیر، تائەوەی باش نەشێلێ نای کا ـ ٢ چەتەیێکی منداڵ و زۆر ئازای چەند ساڵێکی پێش ـ باری لاش ئەکێشێ ٣ـ قەراخیشی، پێ ئەڵێن: ئەگــەر ئینسان، وەهای لی بێ، گۆشتی ئەخورێ ! ٥ـ چۆمی سۆرانیی وچاوی هەورامیی ٦ـ هەرەسی دووابڕاو ـ نیوانی شان و دەست ٧ـ باوەشێنی بەرقیی.

**کراوەی چوار قوژبنی ژمارەی ٩١**

**لابەلا :** ١ـ کرژو کول ٢ـ چاـ را ٣ـ رزم ٤ـ سلیمانی ٥ـ مەن ٦ـ ئاـ جو ٧ـ زەردی من.

**بەرەو خوار :** ١ـ پسك ٢ـ رچ ـ ٣ ٨ ٤ـ ژاری مار ٤ـ زمە ٥ـ کرمانجی ٦ـ وا ـ وم ٧ـ دین.

هەزارویەك شەو ٣٦٢

نەخوشی یەکەی سەخت ئەبۆ؛ وە نزهة المکان شەو و ڕۆژ خزمەتی ئەکردو، دەواودەرمانی پێ ئەدا ، وەهەرچیی پارەیان لەگەڵ خۆیانا هەڵگرتبوو خەرجیان کـــرد ، وەقـــەرەپوولێکیان پێ نەما وسەختدامان. ئەوکاتە بڕێ لەجلەکانی خۆیان بەپێش خزمەتی کارەوان سەرا سپارد کە لەبازارا بیفروشێ، کابرا جلەکانی بەنیوەقیمـــەت فرۆت و پارەکەی بۆیان هێنا، لەیەك دوو ڕۆژا ئەوەشیان خەرج کرد ، دیسان دوو سێ تیکەتریان نارد وفرۆتیان ، بەم جۆرە هەمووجل کەل وپەلیان هەراج کرد وخواردیان، تائیتـــر هیچیان نەما . نزهة الزمان دەستی کردە گریان وپاڕانەوە لەخوڎا . ضوءالمکـــان پێی ووت : خەرێکم خۆش ئەبمەوە، وەشوێنی نەخوشي لەئەنڎامما لائەچێ، وەئێستا ئارەزوی کەباب ئەکەم . نزهة الزمان ووتێ: شوکر بۆخوڎا . برای خوشەویستم، کە تۆ ژوت کردووە لەخۆشي؛ بەڵام ئێستا کەهیچمان نییە کەبابت بۆ بکڕم . وەمنیش ڕوی سواڵ وگەڎاییم نییە ، کەوابوو سبەینێ ئەڕۆم بۆ ماڵی یەکێ لەپیاوە گەورەکانی ئـــەم شارە، کاریان بۆ ئەکەم، بەڵکو وشتێکم بڎەنێ ، بیڎەمە گۆشت وبیکەمە کەباب بۆت . ضوءالمکان ووتی : خوشکە گیان! جاچۆن تۆ کارە کەرێت پێ ئەکرێ؟ چۆن لەپاش ئەوهەموو نازو نیعمەتە ئێستا ئەم سەرشۆڕي وهەژاری یەت پێ هەموار ئەکرێ؟ ئەوجا هەردوکیان دەستیان کردە گریان. نزهة الزمان ووتی : برای خوشەویست! ئێمە لەم شارا غەریبین، یەك ساڵە واین لەم شارەڎا ، کەسێ دەرکی ئێمەی نەکـــردووەتەوە ، وەنابێ لەلە برسی یەتێدا بمرین ؛ وەمن هیچ ڕاویژێ نازانم جگەلەوە کەسبەینێ بڕۆم لەماگە گەورە یێکدا خزمەت بکەم و، بـــۆتۆ خواردەمەنی یێ ئامادە بکەم ، تا لـــەم نەخۆشي یە هەڵسێت ، وەئەوکاتە بەڵکو بەهەرجۆر بووە ، خۆمان بگەیێنینەوە شاری خۆمان . ئەوجا ((نزهة الزمان)) سەعاتێ دەستی کردە گریان، لەپاشان هەستاوە، کوتە عەباییێکی کۆنەی ـ کەئوسترەوانەکان فڕەیان دابوو ـ هێنا، پێچای بـــەخـــۆیەوە ،

بنکەی ژین www.zheen.org

## ووتاریدینی

ماوەی‌ل١

دیتەناو، لەبەرئەوەیە ، بۆئەم‌باسە بەپێویست ئەزانرێ ئەلبەت‌زۆر بەجێگایە کەباس لەهەر چەشنە بیروزاو نەقشەیێکی ئابووریی ترشەوەبکرێ،تاناتەواوی‌وعەیبی ئەوە؛لەبەرامبەری‌یاسای‌تەواووبێ عەیبی‌ئابۆری ئیسلامەوە، دەر بکەوێ، بەڵام‌کاری وەها. ئەگەر خودا ژیك‌بخا-بۆ کتێبێکی‌سەربە خۆباشە، چونکو لەڕۆژنامەدا ئەوەنێ ئەخاییێ، کەباسەکان دەستیان لەیەکتر ئەبڕێ، وەئەش گونجێ کەمەبەستی بناغەیی‌لە بیربچێتەوە بەڵام لێرەدا،شتێ کە بیرپێدانی، بێ کەڵك‌نییە، لێ- کۆلینەوەیێکی سەربەستە،لەبارەی بیروڕایانەقشەئابۆرییەکانی‌زانایان یارابەژانێکەوە، کەلەغەیری دەستەی پەیغەمبەرانن:

لەپیشیشەوە، ئەوحەقیقەتە بزانین، کەئەگەر پەیغەمبەران ـ وەها کە خودا نەناسان ئەلێن ـ هەرتەنیا کەسانێکی هەڵکەوتو بوبێتن، کە هەرچێکیار ووتبێ، مەحصولی تەنیا فکری خۆیان بوبێ، خۆهیچ‌ژیر،بەهیچ‌شارەزایێ لەمێژو ، ئینکاری ئەوەناکا، کە ئەودەستە «هەڵکەوتو» بوون ، وە غەیری بەختیاری تخمی مرۆ ، هیچ‌مەبەستێکیان نەبووە، وەلە هەرڕۆزگاریکدا،تەنیا دەستوورائی ئەوان بووە، کەبتوانێ ڕێگای ڕزگاری، بخاتەبەرخەڵك،وەئیتر لەبەرامبەری ئەوانەوە ، هەرچێ بوبێ، پووچ‌وبێ کەڵك‌بووە . کە وابووهەر ئەم‌حەقیقەتە ، حیسابی پەیغەمبەران لەحیسابی باقیتر ، جیبائەکاتەوە،وەڕێگای ئەوەمان ئەداتێ، کەیاسا ئابۆرییەکانیان بکەینە دوودەستەوە ، وە کاتێ کە باسێکی کوللیی‌ئەکەین،حیسابی هەرکام‌لەودودەستە،بەجیبادابنێن وەها کەووتمان : هاتنی‌هەرکام لە پەیغەمبەرەکانی بەرلەئیسلام ، بۆزگارکردنی‌هۆزێ وەلەڕۆزگار- یکدابوە ؛ کە وابوتەبیعی‌یە ، کە ئەبێ بەبۆنەی‌جیبایی لەنێوانی کارو وبار وپێویستەکانی هەرخول و هۆزیکدا،یاسای‌ئابۆریی‌پەیغەمبەرە

کانیش لەیەکترجیابێ، وە هەر بەدەردی ڕۆژوهۆزیخۆیبخوا؛ وەتەنیائەوەیەناتەواویی یاسائابۆری- یەکانی بەرلەئیسلام]، وەباس لە

ناتەواوییێکەوەبکەین، کەبوونی لە دەستەی ئابووری عەیری پەیغەمبەراندا؛ شتێکی تەبیعییو ئینکارنەکراوە: ناتەواو

## لەمنی . . .

ماوەی‌ل ٧

بۆ دوژی نایاب لەکە ونوەمە کان
سەرلێ‌شێواوبۆ صەحرای‌ئەپشکان
هاوارم بردەلای‌پیری‌موغان
ژەوان شناس ووستادی زوڕ زان
دیم‌سەرودڵ‌خۆش،جامی‌مەی‌بەکەف
ئێێدا،دەڕوانێ بۆ هەموطەرەف
ئەبینێ دەشت و کێو وچاڵیی‌وچۆڵ
شارودێ ودەریا ،خرۆشیوو دۆڵ
ووتم:ئەم‌جامەی‌حەکیم کەی‌پێ‌دای ؟
فەرمووی: لەبنای گومەزی‌مینای
ئەو کەسەدڵی‌وەك‌غونچەوابو
پێچراوە وسە رمۆز،وەك «معما» بو
بیرەوەری‌خۆی‌ئەنوسی لەوێ
خواووزاسان،تابەرهەر کەسێ کەوێ
فەرموی : ئەو یارە کە دایان لەدار
گوناهی‌چیی‌بو؟فاشی کردئەسرار
هەرجادووسیحرێ کەلەویدا بو
هەروەك‌سامیری‌وکاری‌موسابو
فەیضی ڕۆحی‌پاك‌ئەگەر بێتەبەین
ئێمەیش‌وەك‌مەسیح کاری‌زل‌ئەکەین
بێ‌دلێ‌داپەم‌خالق لەلای‌بو
نەی‌ئەدی‌وەروا:خوا!خوای‌بو
ووتم‌:زەنجیری‌زوڵفی‌بۆچیی‌بو
ووتی: بۆ«حافظ» گلەی‌شێتی‌بو

ئەم پارچە هەڵبەستە وەرگێڕاوی غەزەلێکی «حافظ»ی‌شیرازیە(ح)

## ساترابی...

ماوەی‌ل٩

سنوری ئەوێ لەباشورەوە خەلیجی فارس، لەڕۆژئاواوە «بابل»، لەباکورەوەخاکی«ماد»وەلەڕۆژهەڵاتەوە«پارسە»بووە. چۆمی«شواب» لەوناوچەدا ڕێ کردووە؛ وەئاوی ئەوچۆمە هێندە ساردو سوك وخۆش بووە، کەپاڎشاکانی ئێران هەرلەئاوەیان خواردوەتەوە،

پاتەختی ئەم‌ساترابی‌یەبەناوی«شوش»زۆرهەوایێکی گەرموناسازی بووە،بەڵام‌بەهۆی‌تێ‌پەڕ کردنی چەنڎچۆم، زەوینەکانی‌بکێڵگە ونەخت و بەراو بووە؛ وەبەشی باشوری ئەوێیان بە«ئیلام» یا«عیلام»ناوئەبرد.

٧-مادی -لە ئەوستاڎا «رگە» ـ یا(ری)-لەباکورەوە بەدەریای «خەزەر» لەڕۆژئاواوە بەئەرمەنستان ، لەباشورەوەبە «شوش» وەلەڕۆژ هەڵاتەوە بە«ئاریا» (هاراپو) ئەگەیشت. پاتەختی ئەو«ئیکباتان» یا «هەگمەتان» (همدان) هەواری هاوینی پاڎشابو.

بەشێ لەخاکی «ماد» کەدراوسێ ئەرمەنستان‌بو، کوێستانیی‌و سارد بەناوی «ئاترپاتن» یا«ئازەرباد» بووە، کەئەمڕۆ بەناوی (ئازەر- بایجان) ئەناسرێ. ئەم‌ساترابی‌یەهەموخاکی نەخت‌وبکێڵگە،وەدەشتە- کانی‌هەموئەکرا بە گەنم؛ وەڕەووگی زۆرچاك‌لەلەوەڕگەکانیا بەخێو ئەکرا، کەهەمو ساڵێ گەلێ لەوانەیان لەگەڵ هێسروپەزوبزنابەناوی

سۆروسات بەدەرباری پاڎشای ئێران پێشکەش ئەکرد .

٨- ئاریا ( لەبەردە نووسراوەکاند: هریو . یا - هارایو)

ئەم‌ساترابی‌یە لەڕۆژهەلاتی ئێراندابوو. شارە گرنگەکانی (هەرات) و (پی‌تاکسا) (بادخێزبادغیس) و (ساریگا) (سەرەخس) بووە .

٩- هیرکانی، یاورکان ودهستان (ئەستەرئاباد) سنووری ئەوێ لەباکوورەوە دەریای (خەزەر)، لەباشوورەوە (بەرثوە) (پارت)، لەڕۆژئاواوە خاکی (ماد) وەلەڕۆژهەڵاتەوە (مرگویا) (مورو) کەشاری (مەرو)ی ئێستایە، بووە. شاری گرنگی ئەم‌ساترابی‌یە بەناوی (زادرا- کارتا) بووە .

ماوەی‌هەیە

## دستور خواندن و نوشتن کردی

**عده‌ای‌ازخواهران برادران‌فارس‌زبان که‌مایلند برسم‌الخط کردی آشناشوند باین‌مطلب توجه‌فرمایند:**

**میدانیم که کلمات‌فارسی بوسیله‌سه‌حرکت زبروزیرو پیش وسه‌حرف «الف»و«واو»و«یاء» تلفظ میشود. وچون‌حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح کلمات بستگی بآشنائی قبلی دارد،و این‌نقیصه موجب‌اشکال بزرگی درزبان فارسی شده . ولی‌رسم الخط کردی این‌اشکال رامرتفع ساخته، وکلمات تنها بوسیله حروف تلفظ میشوند. حروف‌صدای‌کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .**

**١- (ه) که‌بجای زبرمیآید. مانند: «سەر» (سر)«سەروەر» (سرور)**

**٢-(ی) که بجای‌زیر میآیدمانند: «جیهاز»(جهاز)«کیتاب» (کتاب)**

**٣-(و) که‌بجای‌پیش میآیدمانند:«گول»(گل)«بولبول»(بلبل**

**٤- (الف) که‌بجای‌الف میآیدمانند: «باغ» (باغ)**

٥- (ۆ) که بجای«واو» میآیدمانند: «بوّد»(بود)«زوّد»(زود)

٦- (ێ ، ي) که‌بجای«یاء»میآیدمانند:«بید»(بید)«دەوید»(دوید) «مەردي»(مردی)

**٧- (ۆ)که صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»**

**٨- (ێ)که‌صدای یاء مجهول میدهد : مانند «کێ» (که) «چێ»(چه)**

٩- (ۊ) که‌مخصوص‌لهجه کرمانشاهی است‌وصدای (U)میدهد. مثال‌آن درلهجه کرمانشاهی«ئۊشم»(میگویم) «داشتۊت» (داشته‌باشد)

**(١) حروف«ها»و«واو» و«یاء» بی‌علامت ممکن‌است‌اصلی باشند.مانند:«هەمسایە»(همسایه)«وورود»(ورود)«یەك»(یك). برای‌فرق‌میان هاءاصلی‌واعراب، هاءاصلی را دوچشم‌واعراب رایك‌چشم‌می نویسند .**

**(٢) همزه را همیشه باینصورت ( ئ ) می‌نویسند . مانند : «ئەحمەد»(احمد)«ئوطاق»(اطاق)**

**(٣)درکردی گاهی‌روی‌حرف‌دال‌ولام‌وراءعلامتی‌میگذراند وباین‌شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) که در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام‌وراءمفخم میگردند.مثال آن‌در کردی:«فەرهاڎ،دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کریعنی‌پسر)**

**(٤) الفبای‌کردی یك‌حرف بیشتر ازفارسی‌وعربی داردکه عبارت از«ڤ»میباشد . البته‌تلفظ‌این‌حرف‌درفارسی‌زیادست،ولی با«واو» عربی مینویسند مانند «ڤەلی» (ولی) «ئەڤایل» (اوایل) .**

**(٥)دررسم‌الخط کردی‌حروف مشددرا دوتامینویسند.مانند «ئەڕڕە» (اره) «بەڕڕە» (بره)**

**(٦) درکردی کلمات‌راهرطور تلفظ میکنند مینویسند، البته کلمات بیگانەرا مشمول این‌قاعده‌میسازند ؛ ودیگر اشتباهی‌بین حروفیکه مخرجشان نزدیك‌است واقع‌نمیشود ؛ مثلا صفحه را اینطور مینویسند : «سەفهە»**

بنکەی ژین
www.zheen.org

# لەسەرەتای بەرنامەی دووەمەتائیستا ٤٦ میلیون و ٨٩٧ هەزارقەران بوسنەخەرج کراوە


زمارەی_٤٤_سالی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ٩٥

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردی یە، حەرتەی جارێ جاێکی دەرئەچێ

بایی
بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| سالانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش مانگە | ٧ | » |
| چلّ | ٣ | قەران |

بۆدەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| سالانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | » |

عەزیزم شاسـوارێکە، گوزەرکا، گەر، بەلەلبورزا
دەکا ، نووکی‌سمی لەسپی، لەحارا، تووتیا پەیدا

سیاسی- زانیاری- ویژەیی- کۆمەلایەتی

خاوەنی امتیازومدیری‌لی پرسراو
عبدالحمید• بدیم‌الزمانی
بەچاودێریی‌دەستەی‌نووسەر:
دوکتۆرمحمدصدیق مفتی‌زادە_سەرنووسەر
دوکتۆرعبدالرحمن واحمدمفتی‌زادە
عابدسراج‌الدینی_شکرالەبابان
خسروشیخکانلووی‌میلانی

یانەی‌ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه»ژمارە پلاك٢١٨
تلێفوون ٣٢٠٠٣

چووارشەمە• ١ڕەشەمە٢٥٧٢ك_• ١ئیسفەند١٣٣٩ش_١٣ڕەمەزان•١٣٨٠ق_١ما س١٩٦١م


## نیوانی کینیدی لەگەل هاوری یەکانی روژئاوایی دا، تاریك بو.

پشتگیری لەبی‌لایەنی، بەپەنامەکیی لەگەل روساسازیان،وەگوی‌نەدانی کینیدی بەبەرگریی ئوروپا، دلی‌دوستانی روژئاوابی ئەمریکای رەنجاندووە.

## دوگول و بورقیبە بودەس پێ‌کرانی ووتوویژی رابەرانی فەرانسە و ئەلجەزایر، ریك‌کەوتیان بو

## نیروی کومەلی نەتەوەیەك گرتووەکان بوسەرپان کردنەوەی سەربازەکانی موبوتو ئامادەی شەربون


بنکەی ژین
www.zheen.org


## راگەیاندنی دەرباری شاهەنشاهی

هەوالی لەدونیادەرچوونی«اعلیحضرت سلطان محمد»ی پێنجەم پاڎشای‌مەراکش هۆی‌خەفەت باریی شاهەنشا» بو. بەفەرمانی‌موبارەکی‌شاهانە،دەرباری شاهەنشاهی بەبۆنەی ئەم‌پێشاتە،لەئەمرۆوە تاماوەی سێ‌ڕۆژ ئازیەتیی بارە،وەبەم بۆنەوە ئالای‌شاهەنشاییی نیوەهەل‌کراوئەبێت.

وەزیری‌دەرباری‌شاهەنشاهی‌حسین‌علاء.

به‌پینووسی. م . ع : سراج‌الدینی

## نالەباری‌یەکانی کومەل

### باوەژن ودایك وهەنەزا

**لەم بارەوە ئەمانەوێ پیشانگەیێکتان بخەینەپێش چاو**

### پەردەی یەکەم

لەچلّی‌زابووردودا، کارەساتمان گەیاندەکاتێ کەهاوار وشێوەنی پرشنگ گەیشتەگووێی بایی، ئیستالەسەری ئەڕوین .


ماوەل٢


م.ص.م

### چون‌بنووسین وبخووێنینەوە
**ئەوکردەوانەکە دوڕیشەی زانراویان‌هەیە**

١- کۆشان، کـۆشپن ، ئەم دوڕیشەیە، هەردوکیان‌زانراوان، تەنیالە کردەوەی ڕابـوردوداجیا وازی‌یان‌هەیە ، وێنە: کـۆشام ، کۆشات، کۆشای، کۆشیم، کۆشیت کۆشي. کۆشامان ، کۆشاتان ، کۆشایان. کۆشپمان، کۆشیتان. کۆشپیان.

لەکاتـی داهاتـو ، وەئێستادا کردەوەکانی‌ئەودوڕیشە،وەکویەك ئەگوڕێن ، یانـێ دەرخستنیان وەکویەکە ، وێنە: ئەکـۆشم ، ئەکۆشیی، ئەکۆشێ. ئەکۆشپن، ئەکۆشن، ئەکۆشن . بکـۆشە ، بکۆشن .

لێرەوائەوەش ئەبێ بزانین کە ڕیشەی نەزانراو لەگـەل‌ڕیشەی زانـراودا کـە نیشانەی «ان»ە ، جیاوازي ئەوەیە کە ڕیشەی نەزا- نراو،ڕیشەی‌تێ‌بەڕکەری‌زانراوی هەیە، وەپێش لەنیشانەی«ان»ەوە،


ماوەل ١١


م.ص.م

## لەکومەلاچون بژین؟

### ڕێگای‌خوڎاناسی
### یان
### طەریقەی عرفان
### -٢٥-

بەشی دووەم لە جوڕی دووەم ئەوەیەئەوهێزەبۆ گەیشتن‌بەهێزی گشتیی جیهان ، وەناسینی‌یەزدان بکەوێتەکار، ئەوەش پێی‌ئـەلێن «عرفان»، یانێ‌خوڎاناسیی.

خوێنەری بەڕێز مـەبەستی ئێمەلەباسەپێشووەکانی‌ئەم‌بەشەدا تائیرە،بۆڕۆناك کردنەوەی‌ئەم‌بەشە دووایی‌یە بووە ، هەروەها کە لە پێشا ووتوومانە لەمەلدانی ئـەم باسەدا ئێمەتەنیا بیروڕای‌خۆمان


ماوەل٢


## سپەردەی گرنگی‌نوینەران

ڕۆژی‌دوهەمی‌ئەسفەند کۆمای زاویژی‌نەتەوایەتی بەدەستی‌شاهەنشا کرایەوە. ووتـاری کـردنەوەی شاهەنشا پربۆلەنوکتەی ووردی گرنگی‌دوربینی‌وجێگای‌چاودێری لەبارەی‌کارەساتی‌ئابوری‌وسییاسی‌و کۆمەلایەتی وەلاتەوە زیـادبونی کارخانەکان‌لەوەلات‌دابەچەشنێ کە: هەرڕوژێ کارخانەیی لـە درێژای سالی ئەمسالدا کەوتووەتـەکار ، جۆشانی گرنگی‌صنعـاتەکانی بە ڕۆناکی خستووەتە پێش‌چاو ، وە داهاتوێیکی ڕوناك‌بەگەل موژدە ئەدات .

پێ‌بەجێ‌یی ونەجولاوي‌ومەحکەمیی بیروڕای‌کارەساتی سییـاسی ونـە شکانەن‌وبەڕێز گرتنی‌پەیمانەکان قورسوقولی ئێران لەتای‌ترازوی سییاسەتی نیوانی گەلاندا گەلی ئیمەی گەلی سەنگین‌تر کردووە، وەبەڕێز گرتن‌وپشتیوانی کۆمەلی نەتەوەیەك گرتووەکان،وەهۆشیاري پەیوەندی دۆستانە لەگەل‌هاوسێ- کان‌دا ، خۆش‌لێ‌هاتن وپێ‌بەندی ئێرانی بەبناغەی خذەیی ڕۆژبە ڕۆژزیاتر لەپێش چاوی گەلانـی جیهان ڕۆناك ئەکاتەوە .

بەڕێ کردن‌وچاودێری‌وورد بۆئەوەلەیاسای‌چاك کردنی ئەرزەکان بەپێی فەرمایشی شاهانە کە ئەبێ بەدەستی مەجلس بیستەم‌بکەوێتەکار


ماوەل١٢

## نالەبارییەکان ...

ماوەی ل١

قادر:ــ ئەری «بەهەشت» ئەوەئەوهەلاو داوانەچییە؟ ئەوەچییە ئەلێی کاسەی کاولی ئاوبردویەتی! چییە دیسانەوە «پرشنگ» چی ی قەوماندوە!؟

بەهەشت:ــ نازانم بلێم‌چی پیاوەکە بەخواتۆ ئەمەت کردووەتە کەلەگا،ناوێرم‌دەم‌بکەمەوە قسەیێکی لەگەڵ بکەم یابلێم زوکەبا بگەیتە قوتابخانەوابەدەمما ئەچی‌ودەست بەچەنەدان ئەکاوەختەبمکاتە قەپاڵی! بەخوا ژییانم لی‌تاڵ بووە کە دەستێکیشی بەعاستەم لی‌بەرز ئەکەمەوە هاواری ئەگاتە عەرش، تۆلەسەری دیتەوە جوواب،هاوسی‌و، بەراوسێش لەقیژەی هاشادارئەبن ئەڵێن ئاخۆئەوباوەژنە خووانەناسەی چی‌لەو کچە هەژارەئەکات، ئەونایەوی بخوێنی وتۆهەربەزۆرئەی‌نێری بۆقوتابخانە، لەدەرگا ئەچێتە دەرەوە هەرچاوی بەم‌لاوبەولادائەڕوانی، ناهەقی‌نی‌یە ئەوەندەی ژنێکی زەلامی لی‌هاتووە دوسال لە«گەلاوێژ» گەورەترە خەڵکی‌وا ئەزانن دەساڵ بەینیانە، منەمە گەر بەدەستی ئەم نازاری تۆوەهەڵێم .

قادر :ــ بەخوا «پرشنگ» تۆژییانت لەئێمەتاڵ کردووەچەتیو مردوت‌مری ئەگەرناتەوی بخوێنی‌ئەم هەڵاوداوانەی ناوی‌بی‌دەنگ لەماڵەوە بۆخۆت‌داکەوە یارمەتی «بەهەشت» بدەئیتر‌ئابڕۆشمان مەبە ئەگینا لەمەزیاتر رقم هەڵ سێنی ئەمجارەوە بەلەقەیێك پانت ئەکەمەوە.

بەهەشت:ــ ئەی‌عەمری نەمێنی ئەویارمەتی من‌بدات.

قادر:ــ بەتەواوی بەقسەی «بەهەشت» بڕوات کرد وگەڕایەوە، هەروەك هەموئەوباوکە ئاوەز درشتانە کە بڕوابەقسەی باوەژن لەحەقی هەنەزائەکەن. بەتایبەتی کاتی کە ژنی‌تازە کەمی‌جووان‌بی‌وبەعومریش بەلادوساڵی منداڵ‌تربی ئیتر‌ئیمانی هەرئەبی ودەسەڵاتی لەدەس‌دەرئەچی وخۆی‌ووز ئەکات، ئیتر «قادر» هێندە زانەوەستاکە لای کەمی وەلامی‌لە «پرشنگ» وەربگرێتەوە «پرشنگیش» هێمان هەنسك‌بەری نەئەدا تادیردەدلێکی بۆبکات .

بەهەشت:ــ هەستە ئیتردایك گۆزبەگوز بەسیەتی ئەوا گەلاوێژ گییان دەستودەمی شۆری ئەوخاولی‌یەی بدەری بادەمو چاوی‌ووشك کاتەوە .

پرشنگ:ــ بەچاوی گریان ومۆی پەریشان وڕەنگی پەرپوو دەردی‌دڵ وهەناسەی‌ساردو لەشی کوتراوەوەشەلەشەل‌هەستایەسەرخۆی، وەخاولی بۆ«گەلاوێژ»هینا.

گەلاوێژ:ــ کاتی کە گەلاوێژ لەژێردا سەیری سەرومۆی گژاوی پرشنگی کرد دەستی بەگاڵتەپی کردنی کرد، وەخاولی‌یەکەی‌لی‌وەر نەگرت، لەدایکیەوەوا هەستی پەستی پرشنگی کردبۆ خۆی‌ڕازی نەکردلی‌ی وەر گری وەبەنازەوە دایە! بەخوانەن لەدادە«پشی»ئەترسم تەماشا تەماشا ئەوسەرو گژەی تەماشازەنگی کەئەڵی‌ی تازەلەگوڕهاتوە وەتەوە بەخوابێزم ناهێنی خاولی لەووەر گرم

پرشنگ :ــ هەناسەیێکی ساردهەڵ ئەکێشی ئەڵی «گەلاوێژ» خووا کردویەتی ،

بەهەشت:ــ خاولی لەدەستی «پرشنگ» هەڵئەپڕو کێنی وئەیدا بە«گەلاوێژ» هابەسەدقەت‌بم دەموچاوە جووانەکەت ووشك کەرەوە، لەوکاتەدا سخێورمەیێکیش لەبن دەستی «پرشنگ» ئەدائەڵی بڕۆملت بشکێنە حاجەتەکانی شەوکە خۆراکیان‌تیا خوراوەبیشۆ

پرشنگ:ــ دیسانەوە چاوپڕلەئاو ئەکاتەوە ئەچێتە گووی‌حەوز بادیەودەوری ئەشواو فرمێسك ئەڕێژی

بەهەشت:ــ بەرقلیان «بۆقادر» ئەوباوهەندێکی تریش دەردەدڵ بەدەست پرشنگەوە ئەکات ،

قادر:ــ ئافرەت‌بلێین‌چی ئەگەردەری‌ئەکەمەدەرەوەحەیام‌ئەچی!

ئەنجا سیپاڵ لەبەرئەکاو بۆادارە لەماڵ دەرئەچی

## مێژووی ریشەی رەگەزی کورد

نووسراوی‌زاناکەمەزنی کورد،احسان‌نوری وەرگێڕاوی:د.ع.مفتی‌زادە

**٩٤**

شاری «وان» پاتەختی دەوڵەتی «ئارارات» بو، کەدانیشتوانی‌لە هۆزەکانی «مار»بوون . ئەم‌هۆزانەکە ئەرمەنی‌یەکان بە«مار» ناویان ئەبەن، هەرئەوانەن کە «ئیسترابۆن» بە«مرد، امرد» ناویان ئەبا، کەلە زۆزگارانی دووایدا هەموناوی کوردیان بەخۆیانەوەناوە. ئەبی‌بڵێین: ئەم هۆزانەگەلی «ئارارات» بوون ، وەلەپاش بڕانەدەوڵەتیان بەدەستی ئەرمەنی‌یەکان جێگای باوباپیری خۆیان بەجی نەهێشتووە، وەلەوی ماونەتەوە؛ئەوان‌شارسانیەتی‌یێکی‌شایانی‌چاودێری‌یان‌بووە کەتوانیویانە پیروزای ئاینی خۆیان ببڕنە ملی ئەرمەنی‌یەکاندا .

لەزۆزگارانی سەرەتایی‌بەلاڵزوەوپەرەسەندنی ئاینی‌مەسیحیی‌دا ، پاڵشای ئەرمەنی بەناوی «طرتات»ـ کەچۆبووە سەرئاینی مەسیحـ لە ناوچەی«موش»دا ، سی‌هەزارپێشەوای ئاینی «هالدی» کوشتوخەڵکی بەزۆر کردە مەسیحی. لەم‌کاتەدا بەشی لەکوردەکانیش‌بەحەزی‌خۆیان چونەسەر ئاینی مەسیح، لەپاشان کەئاینی ئیسلام بەلاوەی‌پەیدا کرد کوردەکانی هالدیش کەوتنە شوێنی‌هاوڕەگەزەکانی‌خۆیان کوردەکانی باشوری، وەبەوەر گرتنی‌دینی‌ئیسلام‌سەربەرزبون. کەلانی‌دا گیر کراوو ژێرچەپۆکە بەهۆی هەستی ئازادی ویستی‌یەوەـ کە هەستی سوروشتی هەرمرۆڤێکەـ حەزبەناحەزی لەگەڵ کردەوەی گەلی‌زاڵ وحەوکم بە دەستا ئەکەن؛ وەهەر کارەساتی کە بەپێچەوانەی پیروزاووپستی گەلی زاڵ وپیروزبی لەچاوی ئەوانا زۆرجوان‌ئەنوێنی ؛ چونکو کوردەکانی ئاراراتی لەژێری دەسەڵاتی ئەرمەنی‌یەکاندا بون، وەئاینیی ئەرمەنی‌یەکانیش مەسیحی‌بو، کاتی کەزۆرایەتی هاوڕەگەزەکانیان‌بەئاینی‌تازە یانی ئاینی ئیسلام سەربەرزبون ، ئەوانیش بەئاسانی پاڵیان‌دابەموجاهیدەکانی‌ئیسلامەوە، کەناحەزودوژمنی ئاینی‌مەسیح‌بون . دەستەیێکی زۆر کەم لەوان هەر سەرئاینی مەسیح مانەوە، کە ئەمڕۆ زۆلەکانی ئەوان بەرئەرمەنیی ئەناسرێن؛ چونکوله زۆزگاری زودا ، بیروڕا و هەستی ئاینیی زۆرترلەهەستی نەتەوایەتیی جێگای چاودێری‌بو ، ئەو کوردانە خۆیان تێکەڵی کۆمەڵەکانی ئاینیی کردووە ، وەڕەگەزی نەتەوایەتیی خۆیان لەبیربردوەتەوە .

ئەمڕۆیش بڕێ‌لەهۆزەکانی کوردنیشانی«صەلیب»لەڕۆی‌هەیرەوە ئەکێشن ؛ وەئەمە بەڵگەیە لەسەرئەوە کە ئەوان مەسیحیی بوون ولە پاشان هاتونەسەر ئاینی ئیسلام .

| | |
|---|---|
| دانیشتوان: ساکنین | ویست: ارادە، خواست |
| بڕانەوە: انقراض | زۆرایەتیی: اکثریت |
| شارسانیەتیی : تمدن | بەڵگە: دلیل، سند |

## لەکومەلا..

ماوەی ل١

دەرئەبڕین،وەواتە کەسی ناهێنین، ئەنجابۆدەرخستنی ئەم‌باسەبەپێویست ئەزانین چەندشت هەڵبدەین :

١ــهەروەها کەلەبەشەکانی‌ترا ووتوومانە هەموو کوتەوڵتەکانی ئەم‌جیهانەهێزیان‌هەیە،وەلەهێزی گشتیی‌یەوە هێزوەرئەگرن ، وە هەرکوتی لەهەرچەشنی‌بەگوێرەی ئامادەیی ولی‌هاتنی خۆی‌لەو هێزەگەورەوە گیان؛ یان‌هێزی تی‌ئەکەوی ، وەئەندازەیێکی دیاری‌بۆ دانراوە«انا کل شئی خلقناه‌بقدر»

٢ ـئێمە ئەگەئاوەزمان بەشتی نەشکی‌پێویست‌نییەئەوشتەئیتری‌هەس (وجود)ی‌نەبی«وان‌من‌شئی‌الایسبح بحمدەولکن لاتفقهون تسبیحه » یانی هەموکوتەکانی ئەم‌جیهانەبە بەگیانی‌تایبەتی خۆیان، ستایش ونیایشی‌یەزدان‌ئەکەن‌بەلام‌ئێوەپی‌یان نازانن وەحاڵیتان‌نابی .

لەئایەی‌پێشوو ئەوەمان‌بۆدەرئەکەوی کە هەمووچینەکانی ئەم جیهانە بەئەندازەیێکی ریك‌وپێك هاتوونەتەدی،ولەبارەی‌ئامادەییـ ولی‌هاتنەوە،بۆهێزوەر گرتن‌دەستەبەنێی کراون،وەخواروژۆرێکیان بۆدانرا .

لەئایەی‌دووەمائەوەمان‌دەس ئەکەوی هەموو کوتەکانی‌ئەم جیهانە بۆ خۆیان هێزیکی‌تایبەتیان هەیە ، وەئاوەزیکیان پی‌دراوە کە بەدی هێنەری خۆیان‌بناسن،وە بەزمانی بی‌زمانی خۆیان ستایشی‌بکەن و بەڕێزو گەورەی بگرن .

پاش ئەدە کە ئەوەمان زانی هەشتی هێزیکی تایبەتی‌هەیە، وە بەئەندازەی‌ئەوهێزی‌خۆیە،یەزدان

ماوەل١١

## ماوەی‌سەرووتاری

ماوەی‌ل١٢

بەڕێز گرتنی زیاتری خەڵکی ڕاکیشن‌وەزیاترخەڵکی دڵ گەرم بکەن .

کۆما: مجمع،مجلس

ڕاوێژی نەتەوایەتیی:شورای‌ملی

خذی‌بی: عادی

سپەردە: وظیفە

# بوپێ کەنین

**پارشێو !**

کابراێ ژنەکەی بانگ کرد پارشێو ئامادەبکا ، ژن هەستاوە ئەنوازێ منداڵەکەی خۆی پیس کردوە ؛ تامنداڵەکەی داشۆرد ، بانگیان دا. کابرا تۆزەبوو وتی: ئەگەر ئەووەختە ئەم حەرامزادە پیسی یە کەی کرد، بمان خوارد باێ بێ پارشێو نەئەماین .

**هەژەشە**

کابراێکی زۆر خۆر بوبەمیوانی ماڵی. خاوەن ماڵ بەشی خۆی و منداڵە-کانیشی نایە بەردەمی. منداڵەکان دەسیان کردە گریان . بـاوکیان ووتی: مەگرێن! هەرچی لەبەردەمی میوانە کەماوە بۆ ئێوە. منداڵەکان ژیر بونەوە، چاویان بڕی یە دەمی میوان ، ئەنوازن هەموی خوارد، دیسان دەسیان کردەوە گریان.

باوکیان ووتی: ووس! نوکەتان نەیێ! ئەگەر نەئەتان نێمە بەردەمی میوانەکە ئێوەش بخوا، منداڵەکان لەم هەڕەشە ترسان و بێ دەنگ بوون.

**چەن کەر بوم !!!**

ژن و مێردێ نوستبون. لەپڕ ژنە-کەبەدەمی خەوەوە دەستی کردە نالین ودەس وپێ وەشاندن. مێردە-کەی لەخەوزای چڵەکاند وپێی ووت: ئەوەچیت لێ قەوماوە؟ ژنەکە ووتی: خەوێکی خراپم دی ، زۆر ترسام. خەوم دی کەمردووم وئەیانەوێ لە گۆڕا بم نێژن. مێردەکەی ووتی: ئەی داخەکەم چەنێ کەربوم کـە زام چڵەکاندی

# ریزەکاریی

**پابەحەقانیبان :** بەمەعنای «پێ بەحەقدانان»، یانێ: گـوێ لێ نەدان و پۆشینی شتێ کەبەلای پیاوەوە زۆر بێ بایی و سوك بێ، ئەخرێتە ژێرپێ؛ کەوابێ، حەق بەلای کابراوە- کەئینکاری ئەکا- وە کو ئەوشتەیە.

**پالەحەق نییان :** بەپێچەوانەی سەروەیە . بڕێ جار ئەوێژرێ : «پای نییاله . »، یانێ ڕێگای ئەوەی پێوا . کەوابوو «پاله حەق بنە» یانێ: ڕێگەی حەق بپێوە .

**چوونە ژێرشتێ:** ئەگەر ئەوشتەکارێ بێ، بـەمەعنای دەس پێ کردن بەچەشنێکی جیددی یە؛ وەئەگەر تۆمەتێ بێ، یانێ ئیقرار کردن وپێ هاتن؛ وەئەگەر لەموتەعەللیقاتی کەسێکی تر بێ، (وە کو قـەرز) یانێ بەئەستۆ گرتن . وە کوئەوە ، هەرکام لەوانە، بارێکن، وەکابرا ئەچێتە ژێریان وهەڵیەن ئەگرێ .

**کاسەی کاولیی ئاوبردن :** کاتێ لـە شوێنێکدا هـەراو بـەزم و قەرەباڵغ بێ، ئەڵێن: «ئەوەچییە ، مەگەر کاسەی کاولی، ئاوبردویە!؟» یا «ئەوەند جەنجاڵ بێ، ئەتوت کاسەی کاولی ئاوبردویە» . کاولی ، ئەو کەسانەن، کە هەمیشە دەوارنشینن، وهەردەمێ وان لە جێگـایێکدا؛ جائەوتاقمە، بەپێی نیبازی ژییانی دەوارنشینیی ، بڕێ دەنگەرهاتون، وە ئەگەر لەقەراخی چۆمێکدا، کاتێ یـەکێکیان دەفربشوا، کاسەیێکی لە دەس داکەوێت وئاوی ببا، دییارە چ هەراوبەزمێ هەڵ ئەسێ.

هەزار و یەك شەو ٣٦٣

وەبراکەی بە گریان لەحوجرە کە هاتەدەرەوە، وەنەی ئەزانی بۆ کوێ بڕوا ؛ ضوء المکانیش تـا ئێوارە چاوەڕێ خوشکی دانیشت، نزهةالزمان نەگەڕاوە. ضوءالمکان ئەوشەوەش چاوەڕێ دانیشت ولەدوری خوشکی زۆر پەرێشان بوو؛ وەزۆر برسی یەتیش زۆری بۆهێنا ناچارخۆی بەقنگەخشکێ لەحوجرە کە هاتەدەرەوە، وەپێش خزمەتی کاروان سەراکەی بانگ کردو، پێی ووت: من بگرە کۆڵەوە، ببمەبۆبازار. کابرای پێش خزمەت گرتیە کۆڵەوە، بردی لەبەربازارا، دای نا. خەڵکیی لەدەور کۆبونەوە، زۆر بەزەیی یان پیێداهاتەوە؛ وەدەستیان کردە گریان بۆحاڵی ئەو. ضوءالمکان بەدەس تەکاندن داوای خواردەمەنیی لێ کردن. ئەوخەڵکە هەرکام چەنێ قەرانێکیان دا، وە خوراکیکیان بۆی کڕی و کردیان بەدەمیەوە تاگوڕێکی تـێ کەوت . لـەپاشان باوەشیان پێدا کرد وبردیان لەنێو کە لاوەێکدا کوتـەحەسیریکیان خستەژێری، وەکاسە کـەلێکیان پڕ لەئاو کرد؛ وەلەلای دەسیەوەدایان نا؛ ئێوارە خەڵکە کەلەدەوری بەڵاوەیان کرد، وەهەرکام ڕۆیشتنەوە بۆماڵی خۆیان . نیوە شەوضوءالمکان وەبیری خوشکی کەوتەوە، دەستی کردە گریان، وەهێندە فرمێسکی ڕژاند کەلەسەرخۆی چوو. بەیانی دوکاندارەکان هاتنەوە سەری ئەنوازن دیسان بێ هۆش کەوتووە ؛ دەس بەجێ سی درەمیان کۆکردەوە، ئوشترەوانێکیان بەکرێ گرت کەهەڵی گرێ وبیگەیێنێتە خەستەخانەی دمشق، بەڵکولەوێ چاکی بکەنەوە. کابرای ئوشترەوان لەپاش ئەوەی پارەکەی وەرگرت، لەدڵی خۆیا ووتی: ئەم نەخۆشە خەریکی گیان کەنیشتە؛ چۆن ئەگاتە دمشق بۆم؛ چاکوایە لێرە هەڵی گرم وبیبەم لەجێگایێکی چۆڵادای خەم. تا تائێوارە لەنێوشارا خۆی خلافاند، وەئێوارە ضوءالمکانی لەسەرتونی حەمامێکەوە داخست وچوو بەڕێگای خۆیەوە. دەمەو بەیان کە تونەوانەکان هات بۆئاگر کردنی تون،

# لەهەرگولزاری

## گولی

### مەولەویی ئاوگوزیی

مەیلت ئارەزۆی ئـەغیار کەرد، بێ
چێش خامە کەت نام «مەعدوم» بەردەبێ
بێ مینەت جەمـەیل ئامای نامەتم
مەمنون جەوەفای ڕەشحەی خامەتم
پەرسابێت چۆنی وێت خەڵەت کەردەن
مـەرنمەزانـی دوورێت چ دەردەن ؟!
گـرمـەی بڵێسەی دەروون دەمـاخ
دیۆە لۆل ئـاخ دڵـەی پڕجـەداخ
ئەوبەردەن نەچەم دڵەی پڕجەدەرد
ئێد ماڵا ڕۆی حەرف خەیاڵ بێ گەرد
نەقەترێ ئەسرین مەنەن نەچەمدا
نەنوختێ نەحەرف ئینشای مـاتەمدا
عـەرزەشاهێدەن خـاس بـد یەپێشێ
حەرف نوختەدار نەمەنەن تێشدا(١)

### وەلیی دیوانە

بلران کـەردەن ڕێش . .
یەجەرگەمنەن خاران کەردەن ڕێش
یە دیدەی منەن نۆرنەمەنەن تێش
یە زام مـنەن زوخـاومـە یۆلێش
یەدۆد منەن دنیا گـرتـەن وەر
یـە سۆزمـنەن سۆزان دەشت ودەر
یـە ئـاەمنەنوە ئـاسمان یـاوان
سەقف سەرا چەی گەردون شکاوان
یە صەدای منەن نە فخ سوور بێزان
وەخت قییامەت مەحشەرئەنگێزان
یەناڵەی منەن چون نـەی مەدۆدەنگ
مـەیۆ وەقـانون مـەتاونۆ سەنگ
یـەزاری منەن پـــۆسە زکارەن
عـاڵەم جەزاری مـن بـێ قەرارەن
یـەشیـن مـنەن شـەوان تـاوەڕۆ
چون «قەیس» مەجنون هام نەبێدێ و کۆ
یـەویڵی مـنەن جـەسوب تـا ئێوار
دەو مەڕدەو نەدەور ساراوسەردیـار
یـەداخ منەن داخـان وەداخـان
داخ کەردەن لالەی هەرد لەیلاخان
هامسەران وەختەن وادەی مەرگم بۆ
من جەدوری دۆس گڵکۆ بەرگم بۆ .

### ناری

بولبولی دڵ بۆخەیاڵی نوکتەپەردازی دەکا
توخودا کێ وائەزانی غونچە دەمڕازی یدەکا
لەشکری شاماتی زولفەینی لەگەردش دادڵێ ی
عەسکەری سولتانی ڕۆمەوەمەشقی سەربازی دەکا

ماوەڵ١٠

بنکەی ژین
www.zheen.org

دیاریی خوێنەران

## رولەی ماد

کوردە! تۆ ڕۆلەی دلێرانی
زادەی خاکی پاکی ئێرانی
ئاریایی نەژادوخوێن پاکی
چاونەترس و بەجەرگ و بی باکی
فەرخەی شێری،ڕۆلەی مادی
نەبەزو سەربەلندو ئازادی
ڕۆژی سەخت و بەترس و تەنگانە
قەت نەترساوی تۆ لە بێگانە
ئیمتحانی شوجاعەتت داوە
نەتەوەی(١)قەت بەتۆ نەوێراوە
لەسەر ئەو خاکەخوێنی پاکت ڕشت
نەبوو جارێکە لە دوژمن پشت
لە پەلامارێ دوژمنی ... ازاست
ئەو سنوورەت بەخوێنی خۆت ڕاست
تۆ لە ڕۆژی ئینتخاری ئێرانا
لەهەمو عەصرێکا سەرت دانا
... شمشێری تۆی ئەگەر نەدەچێشت
«... »خاکی تۆی بەجێ نەدەهێشت
تۆ وەشاندت لە ئەرمەنا شمشێر
هەم لە یۆنان وئاسیای صەغیر
تو بەئەمری شەهەنشەهی مەشهوور
چویتە مەیدانی «کەلدە»و«ئاشور»
تۆ چەقاندت لەبابلی ویران
پەرچەمی فەخرو قودرەتی ئێران
ئەوبەری دەجلەو کەناری فورات
کوردە! کورژنی ئەسپی تۆی لێ هات
تۆ لەگەڵ پادشاهی ساسانی
چویتە «...» و «بەهمەن»بەهاسانی
دوخی شمشێری تۆ لە میصر وشام
حیفظی کردووە شەعایری ئیسلام
تۆ نەگە بیاتە عەرصەیی مەیدان
دەنگی ناقوس دەهات لەباتی ئەذان
زیباکو ئازایەتی «صلاح الدین»
دینی ئیسلامی گرتەوە بەیەقین
تۆ قەبووڵت نەکرد نەنگی شکست
تۆ بەری هێرشی صەلیبیت بەست
هەمو سەربازی نادری کورد بوون
بۆیێ وا دوژمنی بەدەس وورد بوون
کورد بو، ئەفغان وئوزبەکی تاراند
سوڕوساتی لە «بمبئی» ئەستاند
ئیستە کەش بۆوەتەن وەفاداری
حاضری بۆهەمو فیداکاری

ماوەڵ٩

نووسەر«ع» سراج الدینی

## (فرمیسکی نائومیدی)

مام«جووامێر» پیرەمێردی دڵرۆناکی (٩٠)ساڵە هەموکاتێ دەم بەپێکەنین وخاوێن ودڵخۆش وسەرخۆش وجیهان دیدەو لەسەرخۆ. لەسەرەتای ژیانی جوانیەوە تاڵی وسوێڵی زوری چەشتووە، بەڵام لەکاتی پیریدا ئەستێرەی کامەرانی، بەسەر کەلی هیوایەوەبروکابۆیەوە تاوی هەتاوی شادومانی لێی دابۆرۆژی ڕۆناکی لەئاسۆی خۆرەلاتەوە هەڵهاتبو،

مام«جووامێر» بەدەم پیروجووان و گەورەوبچووکەوە زەردەی ئەگرت ، کامەرانی بەچەشنێکی وااناکامی لەبیری بردبووەوە، کەرەنج وناتەوانی خستبوە پشت پەردەی فەرامۆشی .

ناوچاوانێکی ڕۆناك وناوکرۆکێکی دڵی بێ باك جیهانی لەپێش چاوی کرد. بوە بەهەشتی بەرین، ساتێ بەدەم خەڵکەوە خەندەی ئەبردەوە، کاتێ لە گۆشەی مزگەوتاندا بەخەیاڵێکی ڕەحەت ودڵێکی تەختەوە لەگەڵ یەزدانی بێ نیازدازازونیازی ئەکرد .

پیرێکی پاشەڕۆژخێرو بەرچاوبەلاووناوچاو ڕۆناك بو، زیزوزیومری ڕۆژگاری پیری مام «جووامێر» لەزیزوزیوەرو خشڵی گەورە گێڕانی نازك نەوهاڵی دڵ ڕفێنو «بازی تەرلان»و«تەواری» شگارو«واشەی سەرلانەی کاتێ ڕۆژگاری دڵداری جووانتر خۆی ئەنواند.

شۆخ وشەنگی ئەوپیرەمێردە شادە : لەنجەو لارەی ژنانی سەرەی کام گرتوی ڕۆژگاری تۆقی جووانی بەلاوەکاووبابووبەلەنجەی پیرانەی لارەی ئەوانی ئەشکاند.

ماوەڵ٩

هەزارویەك شەو ٣٦٤

چاوی کەوتە تاپۆیێ لەسەربانی تونەکەوە، ڕۆیشتە سەری، ئەنوازێ، مردوێ کەوتووە ، لەدڵی خۆیدا ووتی: ئەبێ بۆچیی ئەم مردوە یانە لێرەدانابێ؟ لەپاشان دانەوی، دەستێکی پێ بەوە ژەند، ئەنوازێ گیانی تێدایە وهێشار نەمردووە ! ئەوجا خوزی بەسەریا، کە: هەستە سەرخۆت! ئەزانم ئێوەچ کارەن؟ ئەڕۆن ئێوارە بەنگ ئەخۆن، لەپاشان لەهەرکوێ بگەیێن بۆیئە کەون. ئەمجا کەچاك سرنجەی ڕومەتی ضوءالمکانی دا، وەئەنوازێ کەهێشتان خەتی نەداوە، وەزۆرجوانێکی شیرین ونازەنینە، بەڵام دیارە نەخۆشە، بەزەیی پێدا هاتەوە، وەلەبەر خۆیەوە ووتی· «سبحان الله» چۆن ئەم قەرەبۆبە ڕیشمەوە؟ پێغەمبەر سلامی خوذای لێ بێ فەرمویە: ئەبێ حورمەتی غەریب بگرن، بەتایبەت ئەگەر نەخۆش و ناتەوانیش بێت . لەپاشان ضوءالمکانی گرت بەکۆڵەوە، بردی بۆماڵی خۆیان؛ وە سپاردی بەژنەکەت، کەزۆرچاك خزمەتی بکات ژنەکەی هەستاوە ، دۆشەکی بۆ داخست وسەرینی دانا، ئاوی گەرمی هێنادەستوپێی شۆرد. پیاوەکەش ڕخۆی ڕۆیشت بۆبازار، گوڵاو وشەربەتی بۆ هێنا، وەپێ یان دا. خواردی ؛ ئەوجاجلی پاکوتەمیسیان کردەبەری؛ بەمجۆرە گیانێکی تێ کەوتەوە ، پاڵی دا بەجێوانەوە ، وەهەناسەیێکی بەڕەحەت کێشا تونەوان وژنەکەی زۆر کەیف خۆش بوون وشوکری خوذایان بەجێ هێنا؛ وەووتیان. خوذایا! بەپاکانی دەرگای خۆت سوێندت ئەدەین : بەم کورە جوانەلەماڵی ئێمەدا شەوابێ، وئێمەدڵخۆش بکە !

(کەچیرۆك گەیشتە ئەمجێگا، ڕۆژبۆوە، وەشەهرزاد قسەکەی بچری)

بنکەی ژین www.zheen.org

بەشی کوردیی شمال

# کوردستان

لاپەڕەیی ، بوهەموو جار

## پێسپاردامەزنە وەکیلان

ڕۆژا دودێ-ێ ئیسفەندێ مەجلسا شۆرێ بدەستێ شاهەنشا ڤەبۆ. نطقا ڤەکرناشاهەنشادا ، گەلەك مەسەلێدمەزن هەبۆن، وە براکاربارێ ئیقتصادوسیاسەتو جڤاتا مەملەکەتدا پاش ڕۆژەك باش نیشان‌ددا .

ئەوڕێدەیاکارخانێدمەملەکەت بجوڕێك ڤێ سالاپاشین‌دا ، هەرڕۆژ کارخانەکەتازەبکارخانێدمەملەکەت زێدەبۆیە ، هنگاوامەزنەسەنعەتی تێنە بەرچەڤا وەهاتیکی ڕۆناهیی بۆنا مەملەکەت مزگینییێ‌ددە.

عەدلایا کارباری سیاسی یائیرانێ کتاتەرمزوویامەملەکەتێمە، سیاسەتا دونیایێدائەواك هەیە گران کری، وەحورمەت قرارای و خورتیی و کۆمەك کرن بکۆما مللەتێدیەك بۆیی ، وەخاییی کرنازابتبێد دۆستاییێ گەلێ‌جینارا،وەحەژێ کرنا ئیرانێ بقایدە قرارێ خوێێد باش بخەلکێ دونیایێ ئەشکەرەدکە .

زێبرن وچەڤراکرنا قانونا چێبۆنا کارباریعەردێ، کوبفەرمایشا شاهانە گەرەك بدەستێ مەجلسا دۆرا بیستا وارە کرن ، یەك‌ژوان شولێ زاف مەزن وهێژایە بەرویك ئەڤ قانوناز گشتیی قانونێد ئیرانێ باشترە، وەهەگەرباش زێ هەرە، کاراوێ ژهەر قانونەکێ زێدەترە .

هنەك ئیشارێ دوژی نطقاشاهەنشا داهەیە ، کوهەریەکێرا باس و مقالەك جهێ لازمە .

لێبەلێ، پرباباریامەئەڤەکو وەکیلێد مەجلسێ، بکاروخەباتا پەیەهو، گەل نێت پاکییێ هنەك قانونا خەلکێرا دەرباس کن، کو مللەت ژواناکارێ بکە، وبدەمزگایێ قانون دانینێ خاترجەمبەوە ژێرا حورمەتێ بگرە .

ئەم دکن، ئەشکەرە وبێ‌پەردە حەقیقەتەکێ کوبمەخو، یەقین بۆیە بەیان کن، وەئەوا ئەڤە، کوخەلك مەخسوسەن بەرودەستێد ژێراترو زەحمەتکێش، کێم بدەمزگایێ‌دەولەتێ وزۆرا قانونێ‌خاترجەمن، بەرێك هنەك عەمەلێدمەغمووری‌دەولەتێ کوزۆرێ هنکادکن ، ومدەستاژ هەوجهێ دکەیە کیی سەرێیدورا دگرە ، خەلکێ‌دێشینەوەچونکو نوکارن ژدەستێ ڤان مەغمووران شکایەتابکن، بەرڤێ هندێ ژی بدەولەتێ بەدبین دبن کوحتانی ماوەلە

## لێ بڕیانی شیوڕائیمن ئەمانیی

کوشتنا (لومومبا) سەرەك وەزیـریێ پێشینێ کنگوسەران سەرێ دونیایێ دا کەلوجوش‌چێ کرییە.

هەلبەت جێیێ بەرخوکەتنێ بوو، لێبەلێ شوورەوێیان، تەلاش کرن کوژڤێ مەسەلێ خوراکارێ بکن .

وە مەخسووسەن داك هامرشولـد سەربێرێ کۆمامللەتێدیـەك بوویێ بدنەبەرسەرا وەکار کێ بکن ، کوئەوژسەربێریا کۆمێ بکەڤە.

دەولەتێد ڕۆژئاوا بهندە ژ کێیف وهێرشێد شوورەوی ودەزگایێ تەبلیقاتا وێ دلێ جان ژداك هامرشولد پشتیبانی کـرن ' وەمەخسوون دەولەتێدانگلیس وئامریکا ئەواك هەبووپشتیبانیاخودا ژهامرشولد تەلاش کرن، وە گۆتن بەرخلێفا گۆتنێد شوورەوی، قەت بجارەکێ سەر بێرێ کۆمامللەتێدیەك بوویێ تەڤێ مەسەلا کوشتنالومومبانەبوویە .

پاشێ سرێ گەهیشت‌شێوڕائێمن ئەمانییێ، لێرەژێ‌زۆرین‌وەکیلێ شوورەوی دەربا خونە پاشین بداك هامرشولدخست، وەئەوا گونەکاردا ناس کرن .

ومدا حەساندن کو کۆمامللـەتێدیەك بـووپی کـۆ کێوا، مەسەلا کونگودا بێ‌تەرەفێ بەرچاڤانە گرتییە، لێبەلـێ وەکیلێد ڕۆژئاوا ئەڤ یەکاقەبوول نەکرن وە پشتاوێ بێرپارنامێ گرتن کودەولەتێدئـاسیا و ئافریقا دابوون .

دەولەتێد ئاسیاوئافریقابێرپارناماخودا گۆتبوون لازمەبەعەسکەرێد کۆمامللەتێدیەك بوویێ دەست هلات وئیجازەواره داین کـوبۆپێشی گرێیێ‌ژهەرج ومەرجاکونگودانپناێیمن ئەمانییێ لەوێ،هەگەرلازم بۆ سیلاحابخەبتینەن،ئەڤ بڕیارنامەبرایێد پڕشێوڕائێمن ئەمانییێ دالـە کۆمامللەتێدیەك بوویێ قەبوول بوو. کوڤێیەکێ حەتتانـسێ ئنداز‌ەکێ تەبلیقاتا شوورەوی باراکنگودا کێم کر.

هێژی کڤش نینە کومەغموورێد کۆمامللەتێدیەك بویی کـوتتا کرناڤێ هەرج مەرجاکنگوییێرا چ بکن .

وەشەرکاریا تاگیرێدلومومبای وسەرەکێد حکووتـا کنگونها، هەرئسساهەیە، کوئەڤ بخوئوخورما کونگوزێدەتر گوڕدکە .

مەسەلامەزن کوژڤێ فکروتەسمپاشێوڕائێمن ئـەمانییێ سەمەرتێ گرتن ئەڤە کوهێژی کۆمامللەتێدیەك بوویێ ژاستیکاسەبەبـێ‌خاییی کرنا سولح وعەدلایا دونیایێتێ حەسێت هەرچەند دەولەتاشوورەوێ پێ فکروتەسمپما شێوڕائێمن ئەمانییێ‌نەیارە، لەبەلێ بوکارە پێشیاوێ‌ـگرە، ئەڤ بخودبە دلگەرمیی وەنیشان ددە کوهەرچەندگەلـەکاخیال دکرن کوئالۆزیا دونیایێ ڤێ کۆماجهانیێ ژهەودێ‌بدەبەلار کـرن، هەرچەندڤێ کۆمێ هێ چوڕێك‌حلێ کرنامەسەلێ‌دانینا سیلاحاوچەڤ ڕاکرنا ئاتۆمی ڕاپەیدانەکرییە. گەرە کوئەودەزگا خورتیاخونمەعنەوی بدەخوویان وەبێ‌شك هەگەرئەڤ خورتیا مەعنەوی نبا هـەرج مەرجاکنگویـێ هێ ژی زێدە با.

وەنهۆهیوێ تێ کرن کو، کۆمامللەتێدیەك بوویێ بوکاربەئوخورما کنگوئالیکیخە .

### ماناێ ووشەکان

)سەربێر): ڕێوەبەر: مدیرسر،دبیر

(کوتتاکرن) : دواپێ‌پێ‌هێنان: خاتمەدادن

(سرێ): نۆرە : نوبت

(ئوخورمە): بشێوە : هرج مرج وآشوب

(شەرکارێ) : بەربەرەکانێ:مبارزە

**نووسەری پەراوێزو ڕاستەوکەرێ هۆنراوەکان:** م.ص.م

# کنزالعرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین‌ووتار ((میر محمدصالح حسنی نعمت‌اللهی))

**ملقب بە«حیرانعلی شاه»ی کرماشانیی**

هـامسەران نـەردەن . . .

بەختم ئاوەردەن یـەنەخش نەردن

زالم سووارەن، مـەیـدان مـەردن

حـەریفم وەدەرد بـێ‌دەوا مـەردن

تاقمارعیشق چـەنی تـۆم کەردەن

هەرگیز حەریفێ لەمن نـەوەردەن

لەیلاخ نەلای من هەنـاسەش سەردەن

ئـەوچۆ دەردمـن ئالوەدەی دەردەن

«سەی صالح» گۆی عیشق لەمەیدان بەردەن

ئـەسرارمـە گۆ پەنـەش سپەردەن

هاعنان عەقلۆ ئیش ژەهـا کـەردەن

پەی«تەرسا»بەستەن‌زونناروە گەردەن

کۆس و کـەزەنالـەچەرخ ویەردەن

نالەی زێکرشان عالەم کەز کەردەن

وەلیسان غـەیب مـەواچـن وەتۆ

«کـل شیی هـالـك الا وجـهه»

www.zheen.org

کوردستان

بەشی سنەیی
وەرگێڕ : أ. مفتی‌زادە

## وەزیفەی گەورەی نمایەندەکەل

زۆژدووەم ئەسفەنـد دەورەی بیسوم مـەجلیس شوّرای‌میللـی بەدەس شاهەنشا کریاوەو.

نوتق شاهەنشا نوکتە گەل ووردودوّربینیگەل‌موهیمێکـی،لە بارەی کاروبارئیقتسادي وسیاسیی‌و وئیجتماعیی ولاّنەوتیابۆ.

فرەبۆنەوەی کارخانە گەل ولاّت بەحەددێ کەسالێ بگـردگێ، هەر زۆژێ‌کارخانەیێك‌زیاذ بۆ گـەسە سەرکارخانە گەل مـەملە کـات، هەڵسانەوەی صەنعتي گـەورەیێك نیشان‌ئەذا ، وەمز گانیی‌ئایەندەی زۆشنێ‌ئەذا بۆ مەملە کەت . لەسەر خۆبۆن‌کاروبارسیاسیی ، وەزنـەی ئێرانی، لەتای تـرازوّی سیاسەت جەهانی‌یا، تەواوقورس کرد گە ؛ وەئیحترام‌تەعەهود گەل وتەقوی‌یەت وپشتیوانی‌لەسازمان میلەل ، وەپاراستن ژابتە گەل دۆسانـە لە تەك هاوسا گـەلاعەلاقە وپابەنذي ئێران بەپایە گـەل ئەخلاقـي، لەجاران‌زیاتر بە، دنیانیشان‌ئەذا.

خستنەکارونەزارەت وورد لەقانوّن ئیصلاّحات‌ئەرزي‌یاـ کە بەفەرمان شاهانە ئەشێ بـەدەس مـەجلیس بیسوم سەربگرێـیە کێکەلەکار۔گەل فرەمـوهیمم وقیمەتـدار؛ چوّنکە ئـەم قانوّنە لـەهـەرچێ قانوّنگەل مەجلیسە، خاسترە، وە ئەگەرخاس بخرێنتەکار وەبەرتە۔بعیزوزۆربگیِر گێ‌زیاتر لە گشت قانوّنێ، بەنەفع وصەلاّح جامیعە۔ئەوێ .

ئیشارە گەل ترێکیچ لە نوتق شاهەنشاهەس کەهەرکام‌بەحس‌و مەقالەی جیایێگی گەرە کـە . وەلێ بەعەقیدەی ئێمە گەورەترین وەزیفەی نمایەندە گەل ئـەوەسە، کە بەنیشان دان پشتکاروخـەیر خواهي لەقانوّنگەلێکا کەبەخەیر عومۆمە، ئیعتمادجامیعەبەدەزگاری قانونگوزاري وبەخوەیان ،جەلب بکەن .

ئێمە بەئاشکراوپۆسکـەندە ، ئەم‌حەقیقەتەئێژین کـەمـەردم ، خصوّصەن تەبەقـە گەل خوارگێو زەحمەتکێش، باوڕیان‌بەدەزگای دەولەت وقانونگـوزاري کـەمە، چوّنکە دەسدرێژي مـەئموّر گەل دەولەت۔ کەفرەترسەروکاریان ها لە تەك مەردم عادی یاـدڵ‌ئەوانی ئێشانگە، وەئەوانیش ناتوانن‌لـە دەس‌ئەوەمەئموّر گەلەوشكات بکەن؛ وەبەم بۆنەو، دەولەت بـەزۆرویێژو زاڵم ئەزانن ، وەگاهیکیچ خەتا ئەخەنەپای‌مەجلیس ونمایـەندە۔گەل، وەئێژن : قانوّن‌بۆدەوڵـەمەنگەل‌نییە، بەڵکەتەنیابۆعەزیەت کردن تەبەقە گـەل‌خوارگە. ئەم حەقیقەتە لەفرەجێکە خوسوّسەن لەدێهاتائاژۆشنە . ئەگەرمەجلیس خاس نـەزارەت دەولەت وقووەی موجری‌یەبکا،حەتمەن موزاحەمەت مەئموّرە جوزئەکان‌دەولەت‌لەبەین ئەوا، وەئەوێتە بـاییس ئەوە کـە مەردم ئیحساساتێ‌خاستروئیحترامێ فرەتریان‌بۆمەجلیس‌بوێ .شایەت هاوکاري‌حەساوي دەولەت‌ومەجلیس وەگەیین بەشکاتگەل مـەردما، وەناردن بازرەسگەل بۆس نجەدان لەکاروبارئیجتماعیِ‌مەردما،وەدانیان بەرنامەی‌دوروسێ‌بۆ نەزارەت‌رەفتار مەئموّر گەل ، وە کەفتنەکارقانوّن ئیصلاّحات‌ئەرزي‌بوێتەباییس ئەوە، کە بەدبینيِ مەردم کەمەوبوێ،وە ئـەم دەزگاگە لـە لـەخـویان جییانەزانن‌،وە کـەمـکـەم ئیمان پەیابکەن کەقانوّن بەزەرەرئەوان‌نییە وەنمایەندە گەل، وەخت بەحس‌لە بارەی لایحە گەل دەولەت لەتەك تەرحگەل خوەیانا، هۆشیان‌هاوە خەیرزەحمەتکیشگەل وموەللید۔گەل سەروەتەو ، وەبەشۆن گرتن شکاتگەلیان لە وزارەتخەنەگەلا، بەحەساوی نمایەندەی مەردمن.

بەهەرحاڵ ئیجرای‌عەداڵەت‌و تەبعیزنە کریان لە قانوّنگەلا،ئەشێ بەبۆنەی نەزارەت‌مەجلیسەوبێتەدی؛ وەئەم‌وزیفەفرەموهیمم وقورسەهاوەبان شان نمایەندە کە لەوەتـاـئیحترام مەردم نیسبەت بەخوەیان جەلب بکەن .

## لی بریان شورای ئەمنییەت

کوّژیان‌لوموبانەخوست‌وەژێر بەرگێ کونگوّ،جوّڵەجوّڵی‌خستە دنیا، وەئەڵبەتە جێگەی داخ بۆ؛ وەلی ژوسگەل کوّشایان کەلەوەو۔زۆعە بەهرەبەرداري‌بکەن، وەمەخصوّصەن،نوّكەهەڵمەتگەل‌تیژ‌خوەیان کردەداهاگ‌میرشوّڵدەبیر کولل‌سازمان میلەل،تابەشکەلەکاری‌بخەن۔دوڵەتگەل خوەرنشین لەتەك هەڵمەتگەل‌فرەتون،دەزگاگەل تەبلیغاتی ژوّسا، پشتیواني حەساوی‌یان لەداگ‌هامیرشوّلد کرد، خوصوّصەن‌دەوڵە۔تگەل ئینگلیس وئیمریکـا ، ئیعلامیان کرد کە بەپێچەوانەی‌ئیددعا۔گەل‌ژوّس، دەبیر کولل سازمان هیچ‌دەسێکی، لە کوّژیان لـومومبا‌ذا نەوگەو نەی‌توانیگە بیوێ. دووای‌ئەوە گەیی‌یە نۆ گـەی بەحس‌لـە شوّرای ئەمني‌بەتا. لەینەیچەذا، زۆرین نمایەندەی ژوّس ، دووازۆری‌بە هامیرشوّڵدنوان، وەئەوی ناونیبا خەتاکار، کە گـوایێ سازمان‌میلەل لەمەسەلەی کونگوا،بێ‌تەرەفیی نە کرد گە؛ وەلێ‌نمایەندە گەل‌غەربي، ئەوقسەیانە ژەددو کرد، وەپشتپوانیيیان کرد لەقەتعنامـەی ولاّتگەل ئاسیابي وئێفریقابیی. ئەوولاّتگەلە، لەقەتعنامە کەیانا ئیعلامیان کردۆ، کەئەشێ ئیجازە بدر گێتەهێز گەل سازمان، کەلەبەرا بەردەسە گەلێکەو کـەئاژاولەئەخەنە کونگوّ بتواتن ئیقدام موسەللەحانە بکەن، ئەو قەتعنامە لەشوّراذا، بەئەکسەري‌یەت‌تەصویب‌بۆ، وەبەو بۆنەو، فرەیێك لەئەسەر تەبلیغات ژوّس نیسبەت بە کونگوّ کەمەو کریا . وەلێ‌هێشتا مەعلوّم‌نییە، کەمەئموّر گەل سازمان‌میلەل، بۆبڕینەوەی ئاژاولەی ئەو ولاّتەتازەبەئیستقلال گەیکەچەئە کەن.ئەڵبەتەشەژتەرەفدار گەل‌لوموومباو زەمامدار گەل ئیسەی کونگوّیچ‌هەرئیدامەی هەس، وەئەمەیچەعامیل گەورەیکە بۆتۆل کێشان‌ئاژاولەی کونگوّ .

نوکتەی فرەموهیممێ کـەلـەو تەصمیم شوّرای ئەمنیيـەت سازمان میلەلە لەبارەی کونگوەر ئەگیر کێ ئەوەسە، کەهێشتاسازمان میلەل بەحەقیقەت زۆردارترین عامیل پاراستن ئاشتي‌دنیاس هەرچەن ژوّس موخالەفەتي لەتەك تەصمیم شوّرای ئەمنیي‌یاتا کرد، وەلـێ ئـەو موخالەفەتە ئەونەتون‌نییە کەبەرئیجرای بگرێ. ئەمەخوەی‌جێگەی ئومێدە، وەنیشان ئەذا کە بائەوەفرەیێك‌وایان ئەزانیی کەئاژاولەگەل بەینولملەلیی، سازمان میلەل ئەشێونێ،وەخوصوّصەن هێشتائەوسازمانە نەی‌توانیگەژێگە حەللێ‌بۆمەسەلەگەل خەلع‌سیلاح و کونتروّڵ‌هێز ئەتومیي پەیدابکا ، ئەشێ ئەوسازمانە زۆرمەعنەوي خوّی‌نیشان بذا ؛ وەبێ‌شك ئەگەر ئەوزۆرە مەعنەوی‌یە نەووایێ ئاژاولەی کونگوّ، فرە زۆری‌ئەسەند؛وەلێ‌ئێسە ئومێذهەس کە سازمان میلەل‌بتوانێ‌ئەوخەتەرە بۆژێتەو .

## مەولودنامەی پەیغەمبەری

### ئیسلام حەزرەتی‌محمد(ص)

### دانراوی‌زانای بەناوبانگی‌کورد

ماه تاسع هـات «عیسی»ژ ئـاسمان

موژدە ذا من هـات‌سولطانێ‌جهان

ئەوکو شەش مەه چوّن‌ژحەملی‌مو نقەلب

گـوّتـە«عبدالله» «عبـدالمطلب»

باتجارەت توبچی تـاسەمتێ «شام»

ئەز «مدینە» باربکەی تەمروطەعام

وی دەمـادی «ئـامنە» کـوّدەك ببی

یەك ضیافەت لازمە دەعـوەت‌ببی

«عبدالله» ئان‌ماه ژوێ گوڵ‌عوزار

دەر«مەینە»شەربـەتامەر گێ‌ڨەخوار

عـومـرێ«عبدالله» بیست‌وپەنج‌سـاڵ

بـوّ کـو وي کـرژدونیا ارتحال

چـون‌ژ«عبدالمطلب»ئـەوواقعـە

هـەردوچاقێ«ئـامنە»بـوون‌دامعە

کان‌حەبیبێ مـن‌دلێ‌من‌بـوودونیم

ئاوحـ سرەن کسودە کێ‌من‌مایەتیم

www.zheen.org

کوردستان

**بەشی هەورامی**
**وەرگێڕ: م.ص.مفتی‌زادە**

**لاپەڕەیی بۆ هەمووجار**

## سپاردەو گەورەو نمایندەکا

ڕۆودووەمو ئەسفەندی خولو بیستمو مەجلیسو شۆراوملی بەدەسو شاهەنشای کریاوە.

واتەو شاهەنشای فرەچێوێش باردوسیاسەتی، وەوەزعەو اقتصادی واجتماعیو وەڵاتیەوە بەرووست.

ئەرەمەرزیایو کارخانەکا، وە ئەرەمرکیایو کاروبارو سیاسی جەوەرانوەرو سیاسەتو دنیایەوە. ئێرانش گەورەووستەنو دروچەمی، وەتەرفداری جەسازمانو میلەلی موتتەحیدی، وەدۆسایەتیی چەنیو وەڵاتەکای تەرییایەو ئەخلاقیو وەڵاتەکەو ئێمەش مەحکەم‌تەر کەردەن.

کا ووستەیو قانونو اصلاحات وئەرزی کەمشیۆ ئی مەجلسە دەنگش سەربدۆ، یۆچاقانونە گرنگانە کەپەی ئێرانی کەڵکێوەفرە گەورەش هەن.

ئەڵبەت، هەریۆ جەمەتالبەکاو نوتقو شاهەنشای مەقالێوەجیاوازش کەرەکا، وەلێ ئێمەلاما پاسەنە، تەنیاکارێوە کە نمایندەکا، سەرشا لازما، ئانەنە کە سپاردەو وێشافرە ئەنجام بداوە بەگوزەرنایو ئاقانونێو کەپەی وەڵاتی قازانجشا هەن، خەڵکو وەڵاتە کەوەیشادلۆش کەرا، وە ئەرزشو وێشالاو ئاڎیشاوە بەراسەر. ئێمە گەرە کمانا، بێ‌ڕۆدەربایسی حەقیقەتێوە کە پەی‌وێمابەر کەو. تەن، واچمێش، وەئانەیچە ئێنە کە دەسەو ڕەنجبەری کەمتەربەدەزگاو قانون‌گوزاری وەشبێنێنی‌نێ، چونکە کاربەدەسەکاو دەوڵەتی فرەتەر چەنیو ئادەسەیە سەروکارشاهەن، وەئەگەر بێ قانونی‌یێوە کریۆ، ئاڎی خاستەرپەنەش مزانا، وەفرەتەر ناڕەحەتێ‌با، وەئەغلەب مەتاواجە دەسوئاکار بەدەساوە شکات کەرا،

وەجەدمایی‌یەنە کێشولاوئانەیەوە، کەبەدەوڵەتی بەڎبینێ‌با، وەدەوڵەتی سەبارەت بەوێشازاڵم مەڎاقەڵەم، وەسەرەنجام بۆبەهۆوئانەیە کە مەجلیسیچ تاوانکاربزانا، وەمواچا قانون‌تەنیا بەنەفعو دەوڵەتمەنڎەکان، وەزڵم وزۆرهەرپەی گەڎاو گوڎای مەنۆوە،

ئەگەرئێمەمل بەحەقی بڎیمێ ئی حەقیقەتما جەدلێو مەردمیەنە چەم‌پەنە کنۆ، بەتایبەت جەدێهاتەکا، وەلادەگاکانە فرەتەر گنۆوەرو چەمی.

ئەگەر مەجلیس پی‌حەقیقەتیە گۆش بڎو، وەهەمیشە ڕەفتاروکار بەدەستەکاودەوڵەتی چەنیوخەڵکی هەژارو فەقیری گێرۆوەروچەمی، وەنازۆزڵم‌وزۆرشاوەنەکریۆ، گردو خەڵکی بەمەجلیسی وەشبین‌بۆ، وەنمایندەکافرەتەر احترام گیرا.

ئەگەر مەجلیس وکار بەدەسەکاو دەوڵەتی پێوەهامکاری کەرا وە قانونو اصلاحاتو ئەرزی خاس ووزاکار، وەبەشکاتو مەردمی گۆش بڎا، وەنازاکەسێوەزڵمش وەنەبشۆ بێ‌گومان، کەم کەم باوەڕوخەڵکی بەمجلیسی وازێو وە بەمەجلیسی

ئیمان پەیڎا کەرا. بەکورتی‌قانونودەوڵەتی‌مشیۆ پەی گرد کەسێوەڕێك‌وپێك‌ووزێو کار، وەتەمامو خەڵکی پێسەیۆی چەعەڎاڵەتی بارەهۆر گێرا، وەئێنە سپاردێوە گەورەن کەئێناسەروشانە و نمایندەکاوە.

## وەنەبریایو شوراوهیمنیی

کوشیایو «لوموباەی سرەك‌وەزیرانو وەڵینو کۆنگوی هەڵلاو هۆریاییوە گەورەش‌ووستەنەنەدنیای، وەئەڵبەتە، فرمیا گێو ناڕەحەتیچ بێ، وەلێ «ڕۆسی»یەکێ هەوڵشادا، کەچاکارەساتیە کەڵك هۆرگێرا، وەکەراش بەهانەوهێرش بەردەی سەرو «داگ‌هامرشولدەی» وەکارێوە کەراکەجەدبیر کوللی وسازمانی کەنارگێرۆ.

دەولەتە خۆرئاوائی‌یەکێ، چەنیو ئاهێرشە سەختاو دەولەتو ڕۆسیە، جەهامرشۆلدەی، پشتیبانیشاکەرد، وەئیمریکا وئینگلیسی واتشاهامرشۆلدجەکوشیایو لۆمۆمبایە نەدەسش نەبییەن، وەمەبۆ دەسیچش‌بۆ،

جەڕاوێڕوهیمنی‌یەنە نمایندەو ڕۆسی واتش‌هامرشۆلد چاکارەنە دەسش بییەن، وەسازمانو میللەلی جەمەسەلێو کۆنگۆیەنە، بێ‌تەرەفێش نەکەردەن، بەڵام دەولەتە خۆرئاوائی‌یەکێ واتەونمایندەوڕۆسی‌شادا دماوە، وەجەقەتعنامەو وەڵاتەکاو آسیای وئیفریقای‌پشتیوانیشا کەرد.

چاقەتعنامە نەواچیان کەنێرووەکاو سازمانومیللەلی متواوایەی ئەرەمەرزنایو وەزعەو کونگۆی بشێوە کەرەکا تارومار کەرا، وەچەك بەکاوبەرا، وەئانەیچە جەشۆراو هێمنی‌یەنە بەلای فرەتەر دەنگش‌سەر دریا، پی‌بۆنەوە، تائەنڎازێوە تەبلیغاتو ڕۆسی سەبارەت بە کۆنگۆی کەمتەربییەوە؛ بەڵام‌هێشتا دیارنیا کە کاربەدەسەکێو سازمانومیلەلی پەی‌ئەرەمەرزنایو کۆنگۆی چڕاییوە تازێشا گرتەنەوەر؛ وەهەرپا سەیچە تەرەفدارەکێو لۆمۆمبای جەکۆنگۆنە خەریکو مشتومڕیەنێ، وەئینەیچە بییەن بەهۆوبشێوە وئاوەڵاتیە.

چی‌باسەنە ئانەما گنۆدەس کەوەنە بڕیایو شۆراوهێمنی‌وسازمانو میلەلی سەبارەت بەوەزعەو کۆنگوی، پەنەما نیشانە مڎۆ کەسازمانو میلەلی بەڕاستی جەدنیانە، تەنیا دەسەکێوا کە بتاوۆ ئاشتیی‌پارێزۆ.

ئەگەرچی دەوڵەتو ڕۆسی ناحەزووەنەبڕیایو ئاسازمانیەنە، بەڵام ئاناحەزێو ئاڎیە، نەیاوان زادێوە کە چاوەنەبڕیایو سازمانیەجڵەو گیری کەرۆ. وەئینەیچە یاگێو ئومێڎیەن کە سازمانو میلەلی باوەکۆ بڕێوە ماچا ئی‌بشێوە وجەهانی‌یە، بۆبەبەسەبو دلینەشی‌یەیو ئاڎی، دەسەڵاتوویش قەوی تەر کەرۆوە، وەبشێوە و کۆنگۆی دلێنەبەرو، وە پەی‌مەسەلەکای تەری هەنگامە هۆرگێرۆ.

## دستور خواندن و نوشتن کردی

عده‌ای از خواهران برادران فارس‌زبان که‌مایلند برسم‌الخط کردی آشنا شوند باین‌مطلب توجه‌فرمایند:

میدانیم که کلمات‌فارسی بوسیله‌سه‌حرکت زبروزیروپیش وسه‌حرف «الف»و«واو»و«یاء» تلفظ میشود. وچون‌حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح کلمات بستگی باشنائی قبلی‌دارد، و این‌نقیصه موجب‌اشکال بزرگی درزبان فارسی شده. ولی‌رسم الخط‌کردی این‌اشکال رامرتفع ساخته، وکلمات تنها بوسیله حروف تلفظ میشوند. حروف‌صدای‌کردی عبارت ازحروف زیر میباشد.

۱- (ە) که‌بجای زبر میآید. مانند: «سەر» (سر) «سەروەر» (سرور)

۲-(ی) که‌بجای‌زیر میآیدمانند: «جیهاز»(جهاز) «کیتاب» (کتاب)

۳-(و) که‌بجای‌پیش‌میآیدمانند: «گول»(گل) «بولبول»(بلبل)

۴- (الف) که‌بجای‌الف میآیدمانند: «باغ» (باغ)

۵- (ۆ) که بجای«واو» میآیدمانند: «بوۆد»(بود) «زوۆد»(زود)

۶- (یێ ی) که‌بجای«یاء»میآیدمانند: «بید»(بید) «دەوید»(دوید) «مەردی»(مردی)

۷- (ۆ) که صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»

۸- (ێ) که‌صدای یاء مجهول میدهد: مانند «کێ» (که) «چێ»(چه)

۹- (ۊ) که‌مخصوص‌لهجه کرمانشاهی استوصدای (U) میدهد. مثال آن درلهجه کرمانشاهی «ئۊشم»(میگویم) «داشتۊت» (داشته‌باشد)

(۱) حروف«ها»و«واو»و«یاء» بی‌علامت ممکن‌است‌اصلی باشندمانند: «هەمسایە»(همسایه) «وورود»(ورود) «یەك»(یك). برای‌فرق‌میان هاءاصلی‌واعراب، هاءاصلی را دوچشم‌واعراب رایك‌چشم‌می نویسند.

(۲) همزه را همیشه باینصورت ( ئ ) می‌نویسند. مانند: «ئەحمەد»(احمد) «ئوطاق»(اطاق)

(۳) درکردی‌گاهی‌روی‌حرف‌دال‌ولام‌وراءعلامتی‌میگذارند وباین‌شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) که در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام‌وراءمفخم میگردند. مثال آن‌درکردی: «فەرهاڎ دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کریعنی‌پسر)

(۴) الفبای‌کردی یك‌حرف بیشتر ازفارسی‌وعربی داردکه عبارت از«ڤ»میباشد. البته‌تلفظ‌این‌حرف‌درفارسی‌زیادست، ولی با«واو» عربی مینویسند. مانند «ڤەلی» (ولی) «ئەڤایل» (اوایل).

(۵) دررسم‌الخط‌کردی‌حروف مشددرا دوتامینویسند. مانند «ئەڕڕە» (اره) «بەڕڕە» (بره)

(۶) درکردی‌کلمات‌راهرطور تلفظ میکنند مینویسند، البته کلمات بیگانه‌را مشمول این‌قاعده‌میسازند؛ ودیگر اشتباهی‌بین حروفیکه مخرجشان نزدیك‌است واقع نمیشود؛ مثلا صفحه را اینطور مینویسند: «سەفهە»

کوردستان

## بەشی کرماشانیی

نوسیای :«سیدمحمداسمعیلغیرت»

# زەیوگرایی(جغرافی)سنقروکلیائی

-٣-

## جەمعییەت،شەهرودیهات،مەزهەب، ئاداب:

لەبارەی سونقوروکولیایی خەوەریل نۆسریاوچاپ کریایدروسی نییەلە دەس؛ئەوەیشە کەلەبەعضی کتاوەیل نۆسانە، لەلی دیققەت حیساوي نە کریاس . لەوجوملە مـەرحوم«حاج میرزازین العابدین شیروانی» دانا وعارف نامی لە کتاو«بستان السیاحه» نۆسایە:

سونقورلەموضافات کرماشانە؛ وەمەردومی گشت علی اللهین،وە حال یە کەلەهیچ زەمانی چنەونـەوۆە ؛ وەمەردوم سونقوروکولیایی لە فرەقەییم شیعەی ئیثناعەشەري بۆنە؛ وەهەرچنەوتەقـریبەن چهل ساڵ وەرجەیەشازادەی سولطان ئەحمەدمیرزا «یمن الدوله»حاکم ئەورەبۆوە، گوزارشێك لەحاڵ وحەواڵ ئەووەلاتە نۆساس؛ وەنـاو«سونقورنـامە» . ئەوەیشە نوسخەی صەحیحی لەدەس نییە ، ئەوە کەهەس ، فرەناقیصە و لەناوی تاریخ قەییم سونقوروکولیایی حیساوي نـەنۆساس . بیشتری جەرەیان ئەوڕۆژەسە، کە خوەی لەورە مەئموربییە ؛ وەلەشۆن ئـەوەوە نۆسرەیای ئەوە مولاحەقات فرەیت کردنە؛ کەئەونـویشتە دیتروەئیعتبار خوەی نەمەنیە . ئیستە ئیمە بائەوە کەلەتاریخ وجواغرافیی ئی مەنطەقە دیمنە،وەهەرچنەویادداشتەیل مەرحوم «یمن الدوله» دەئەوە کەخوەمان دیمنەلەئی مەقالەئەژای یە کەخزمەت حیساوێك وەئی وەسیلەوەفەرهەنگ میللەت خوەمان بکەیمن، تیژیمن،

سونقوروکولیائي عبارەتە لـەشەهرسونقورودوەدەستان : یەکی کولیایی لەسەمت شمال غەرب تاجنۆب غەرب، وەیەکی فەیلـەکوژي سەمت شەرق وشمال شەرقیی، کە ئیمەوە تەرتیب یەکە یەکـە ئەژاتان شەرح دەیمن .

**شەهرسونقور** : شەهرسونقور کەفتیەسە ناوجولگـەی هامارو فرەقەشەنگی کەدەورو وەری چەم وجۆزاروباخات وزەوی وزارئاوي و ئاسیاوچەمەن وویشەس کەفرە قەشەنگ ودل فریبە . لـەسەمت جنۆبی چەم «سونگورچای» لەشەرق وەرەوغەرب باغات وزەوی وزاری ئـاوي کەت . دبارگای کۆەیل دەوروەری تادۆوایی تاوسان بـەرپەقەی بەفری دەرەوشێت . وەئەوەیشە خوەی قەشەنگيئ ی هاماری یەفرەوە کەت.

شەهرسونقورهیمانیش جۆرشەهرەیل ئەفسانەیی هالـە نـاوچوار دیوارقەلایێك؛ کەدەوری تەمام بورج وبارۆودەروازەس .

ئەژای هاتوچۆن ناوی دوانزە دەروازەی گەورا، هالـە دەوری . شەوەیل هەرئەقوەرە ئی دەروازە یل ەبەستن،ئی شەهرەعەرق ئارامش وئەمانە. هەروەی جەهەتەتائی چەنڎ ساڵە کەیەکی دۆلەدەروازەکانی خراو کردن، خەوەری لەدوزیو گەنەکاري وئی چشتەیلەنەوۆ.

سونقوربیشترلە دوهەزارماڵ وپـانصەد دوکان، دوانـزە حومام، دوانزە مەسجید، سێ مەیدان، دەپاساژوسەرای تیجارەتي ها،تی لەسونقور ئیمام زادەیکیش وەئیسم ئیمامزادە ئەحمەد کوڕحەضرت امام محمد باقر علیه السلام هەس کە گومەزوبار گادێریت .

کۆچەیل سونقورلەقەییم گشتی پان وماشین ڕەوبی . وەتسازەییش لەشمال وەرەوجنۆب خیاوانیك کیشانـە. وەیواش یـواش شکل شەهر عەوەض بییە .

**ئاوخواردن :**

شەهرسونقورجۆری کەفتیە کە هە کورەیەکی دوگـەزبکەنن ڕەسێتەئاوفرەشیرین وسەرد. کی یەنی بەیل فرە گەوارا مەشهوریك دێرێت کەلەهیچ کۆرە جۆری نییە .لەوجوملەقەنات ئیمام زایەس . لەوخاستر ئاوبازاڕە کەفرەشیرین وخوەش گەواروسەردە . چنەوکەلە بارەی ئی ئاو بازارە چشتەیل وەتنە ؛ لەجوملەیەك نەفەر کە لەسونگورنارازیی بییە، ئـی شعرە وەتیە:

هست سنقرمحـــل بغی وفساد
لعنت حـق بمفسدنیش بـــاد
گـر گریـــزم زجـورآزارش
حیفم آیـــد زآب بـــازارش

**جەمعییەت** : شەهرسونگور ئیمڕۆموەکنە ٢٥ هەزارجەمعییەت داشتۆت، گشیتانیش زوانیان تور کی یە !وەلی کوردیش خاس قسە کەن. ئەلبەتەئی زوان تور کی یە لەناوەژاس تەمام ئەومەحالە کە کـوردزوانن فرە عەجایب وئەسپاودڵ خوەری یە . وەلـي چارە چەس؟ یەیشە یاد گار شۆمی لە دەوران سەلطەنەت تور کەیل مغولی یە؛ کەلەئی جۆرجی یەیلە حەتتادیهات گەورای دەورووەر«هەمەدان» جۆر«بەهار» «لالـەجین» وە بەعضی ترحەتتا «قوروە»ی کوردستان وەجي مەنییە . مـز گاني بیەیم : لە ڕۆژی کە لە سونگوردەبستان ودەبیرستان وئیدارات دەولەتی فرەوە بینە، کەم کەم زوان تور کي جی خوەی خالي کردیە؛ وە لە هەر کۆرە کە فەرهەنگ وئەدەبیات شیرین وبی نەظیرئیرانیی ڕخنە بکـەت، واضحە ئەژای زوان تور کي مەچال مەنن نیەمێنت .

**جەمعییەت کولیایی** کولیایی ئەودیهاتە کەهانەبـان سونگور، ١٧٠ دیە ئاواو گەوران.جەمعییەتی تەقرپیەن ٧٠ هەزارهەس. گشتیانیش کورد زوانن . خوەیانوە« کرماج» زانن ' وەلي ظاهرەن دروس نییە.وە ئەوانەیشە جۆربیجاو کوردەیل ئەفشاروئیسف ،نڎئاواوئەودەوروەرەبایەس لەطایفەی «سوراني» بۆن.زوان کولیایی فرەشیرین وسادەس .لەزوانەیل کوردستانيسادەترەولەزوانەیل کرماشانیی کوردي فرەترە .

**مەزهەب**

مەردوم کولیایی شیعەی ئیثناعەشەرین و بەعضی دیهاتی کەهاوپەڕەی سنەن، شافعي مەذهەبن، وە گشتیانیش تائیمڕۆبرایی یان حیفظ کردنە . دەنك وباس مەزهەبي گەردیەك نەیاشتنە.

---

### نەخشەکانی ئاوەدانی

سازمانی بەرنامەی ڕای گەیاند: بۆئاوەدانیی شاری سنە لەسەرەتای خستنەکاری پڕۆگرامی ئاوەدانیی دووەمەوە، تائیستا ٤٦ میلیون و ٨٩٧ هەزارقەران بۆئەوشارەتایبەت کراوە.بەوپارەیە نەخشەکانی دامەزراندنی کارخانەی کا ەبا، یەك دەسگاقوتابخانە، دروست کردنەوەی نەخۆش خانە وەقیرتاوی شەقامەکانی ناوشار ، خراوەتەکار.

هەروەهاش نەخشەی لۆلە کیشیی ئەوشارەش وا،لەجي بەجي کردنا، وەبەم زوانەئە کەوێتەکار.

---

## لاپەڕەیی ، بوهەموجار

### ماوەی سەرووتاری شمال

ماوەی ل٥

ئندازە کێ مەجلس ڤێ مەسەلێدا گونەکارە ، و گەرە کوڤـانوونێد ئسسادەرنەخن، کەبێتری بۆزەنگین ودەولەمەندا نینە وەهەرتەنێ بـۆ بەرودەستێد ژێـرین وەسیلە کـە زۆرێ بە .

ڤێ حەقیقەتێ هوون مەخسووسەن دنار، پرێ خەلکێ گوندائەشکەرە دبێنن، مەجلس هە گەر دەزگایێ دەولەتێ وزورارێ بر ناقانوونی باش بەرچەڤابگرە، بێ شك پشیی گرتنا مەغموریند پچووك داژهەنەك کارا کارا ئـــەسەرەك مـەزنێ هەبە، وەحورمەتا مەجلسێ لە بەرچەڤێ خەلکێ زێدەبە .

بەلکیی ئالی کاری یاڕاستیی ناو بێینادەولەتی ومەجلسێ،وەمێزە کرن بگازندێرخەلکێ وەشاندنابازرەسان وەبەرچەڤ گرتناعەمەلێدمەغموران ببەسەبەب کوژ بەدیینیی یاخەلکێ بدەزگاکێم بە، وەواناژخوبزانبە، وەبیرباواریێ پەیداکن کوبزرارا وان قانوونایێ نەدانین ودوە کیلێد مەجلسێ لایحێ دەولەتێ داکارو قازانجابەرا زەحمەتکێش زێدەتر بەرچەڤادگـرن ، بمێزە کرنـا شکایەتێ خەلکێ ، وەشاندنادەرـ خوازێێد وانـا بوزارەێ نخانا و وکوتتاکرنا گرفتارێێداواناخووەـ کیلێ ڕاستیی بدنەخوویان

سەرهەوگەرە کومەجلس،ڕێ چوونا عەدالەتێ و حکـوومەتێ بەرچەڤابگرە ، کوچمو کـدس و چوبەرودەستەك سەریادی رانەیێ گرتن چـونفۆتە کـێ ناوبینیا واندا قایل نەبن .

وەچاواك مـە گۆت ئەف بێ سپاردا مەزن ، لەئوستییـێ وە کیلێـد مەجلسێ نە ، کوحورمەتاخولەبەر چەڤێ خەلکێ زێدە کە .

(جینار): دەراوسێ: همسایە

(کارباریێ عەردێ). کاروباری زەوین: کاربارارضی

(هنەك): بڕی : بعضی



www.zheen.org

## فرمیسکی

ماوەی ل ٤

سامی گۆچانی پیرە مێردی زۆ کراوە لەپێش چاوی قردودرشت لەشمشێری مەری زیاتربۆ. باوە کۆ بۆخۆیی گرتەوە بەدەستیەوە گرتبوی گومان پێچەوانەی خۆیی پێ ئەبەزاند

ئەگەر لەگەڵ ئاوودەم خۆشیکی گەجاڕۆ بەڕۆببوایێت لەوەڵامیا هەزاران شەکەری یەك لەیەك شیرین تری ئەشکاند.

مامجۆمێر: ڕیشی سپی وێنەی بەفری تانەی لەزیوەری کچان، ڕوی خـۆشی و هیواداری بەڕێن لەوتەمەنەدازیاتر لەوان، هێزی ڕ کێشانی چاوی جووانی نەنەخشاوی سەری بەوتیپە دائەنەواند. گۆچانی شمشێری جووانانی دەمەلاسکێ ئەکـردەوە، قسەخۆشەکانی هەر وێژەرێکی لەباس ئەوەستاند.

جاخوێنەری خۆشەویست ئەگەر کەمێ بیر کەیتەوەزورت لەوپیرەمێردانـە دیوە.کە: لەکاتێ پێ گەیشتنا (بەپێچەوانەی بژێپری دیکەوە کەلێ یان هەڵئاتوی) باوەکۆئشێکی زۆر گرنگپشت لەپێش بۆبێ وزۆریش پەلـەت بۆبێ نەتـووانیوە بەجێ یان بێڵێ.

ماوەی هەیە

## مەتەل:

**١ـ سازنەچیی بـێ وسوور خۆت!**

هەرکاتێ کەسێ بەدڵسۆزی کاری بۆخۆی جێ بەجێ بکا. ئەممەتەلەی لەبارەوە ئەڵێن وەلەم بارەوەمەتەڵێ تریش هەیە کە ئەڵێن:

**٢ـدۆم بێ و کلاش بۆخۆی بکا.**

**٣ـ هەرهەورازێ، نشێوی لەشوێنە.**

وەختێ کەسێ بەدوواپلـەی سەرکەوت وناوداری ئەگات، وەلە پڕئەستێرەی بەختی ئەنیشێ و بەرەو لێژی ئەڕوات، ئەممەتەڵەی لـە بارەوەئەڵێن.

**٤ـ مێخ دوحاچە بەزەوینا ناچێ.**

مەتەلێکی سنەیی یە. مێخـی دوحاچە ئەوەیە کە دونوکی بێ. ئەم مەتەلەبۆکاری نەبۆزاووزێك نەکەوتو ئەوێژرێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org



## کەشەوی پەنجاوچوارەم هات

شەهرزاد ووتـی: ئـەی پاڵشای بـەختیار! کـابرای تۆنەوان وژنەکـەی لـەخوداپاڕانەوە، کـە شەفای ئەو کـوڕەبدات. وە ـاسێ زۆرشەربەت وعـەرەقی بیدمشك وگـولاوی ـــــان پـێ ئـەدا؛ وە زۆرئـەیان لاوانـد ومیهرەبـانی یـان لەگەڵ ئەکرد، باوەکـــــوشوێنی نەخۆشیی لەئەندامی هەڵ کنیا وچاوی کردەوە وهـەڵساوە، کـەوتەگەڕیان. لـەپاش ئەوەکابـرای تۆنەوان هـاتەلای ئەنوازێ دانیشتووە، وەدیارە کەهیچ مەترسی یێکی لەڕێگەدا نەماوە وخۆش بۆتەوە. پێی ووت: ڕۆڵەگیان! شوکرچاکی؟ ضوءالمکان ووتی: لەسایەی ڕەحمی خوداو دڵسۆزي ومیهرەباني تۆوخێرانتەوە تەواوخۆش بۆمەتەوە؛ تۆنەوان شوکروسوپاسی خودای بەجێ هێنا؛ ئەوجارۆبیشتەبازار، دەکلەشێرومریشکی کڕي وهێنایەوەماڵ، بەژنەکەی ووت: هەرڕۆژێ دوودانەی بۆسەرببڕە، یەکێکیان بۆنیوەڕۆ، وە ئـەوی تریان بۆئێوارەی بکەرە کەباب. یاسوری بکەوە، کە هێزی تێ کەوێ و گوڕ بگرێت ژنی تۆنەوان هەستاوە: دەس بەجێ یەکێ لەمریشکەکانی سەربڕی و نایەسەر. ئەو جاهات دەست وپێی بەئاوی گەرم شۆرد و کەبابی مریشکی بۆی هێنا؛ وەهەموی دایە دەرخواردی و، لەپاشان سەرینی بۆنا، وەنوست تائێوارە. ئێوارە کە لە خەوهەستا، ژنی تۆنەوان مریشکێکی تری بۆی سوور کردەوە. وەهێنای بۆی. لەووەختاضوءالمکان دانیشت، خەریکی نان خواردن بێت، تۆنەوان هاتەوە، کە چاوی بەضوءالمکان کەوت خەریکە نان ئەخوات، زۆر کەیف خۆش بۆ، وەلەلای دەسیەوەدانیشت وهەواڵ

م:ص:م

## بەشی مەولەوی

## پارچەی

٥٠

خوداڵێ خۆشبۆ لەم پارچەدا، باری پیری خۆی دەرئەخا ـ ـرەـه جۆرێکی بێ وێنە تاوانباری خۆی هەڵ ئەدا، ئەڵێ: بیر کردنی کردەوە نالەبارەکانم شەمەرنەی کردووم، بۆیێ سەرم کەوتووە. بەرا، ـاری گرانی گوناوتاوانم پشتی خەم کردو م. ئەنجاپیري بەڕناوە کەبەـوچی ئەوی ئەزانن؛ بالام خەم بووەتەوە چونکە کاتی تەعظیم کردن لەبارەگاری یەزدان گەیشتوە؛ تاوان، هەناسەی پاڕانەوەی پێ بـڕیوم، وە کردەوەی خراپ جێدەسی لێ خۆشبۆ ی پێ نەهێشتووم؛ پێی ئـارەزۆم سڕ بووە، وەئارەزۆم بێ جێ ماوەتەوە، مەگەر یەزدان بەلوتفی خۆی مامەڵەم لەگەڵا بکا.

ئەنجالەگۆرانیی ویژئەپاڕێتەوە، ئەڵێ سۆزی دەنگـی دڵسۆزێ پێ تۆئاووری داوەتە دەروونم، تۆخودا! بەوەنگە خـەمگینەی خۆتەوە. ئەمەدۆهۆنراوەم بۆ بخوێنەوە:

«خودایا! لەوشەوەتارێکەی دوواپلەی ژیانەدا هەرخۆت بەکردەوە خراپەکانم ئەزانیی، کەوابۆئای! لەبەیانیی ڕۆژی ڕەستاخیزدا، سەر لەبەری خۆم، شەرمەندەبارەگای خوداو بەندەی خۆم:

تەئسیرخەیاڵ کەردەی من سەردان
سستیی شەرمەندەن سەرش وەوەردان
سەنگی سەنگین بارتاوان زۆر کەردەن
پیري بەڕنامەن قامەت خەموەردەن
تەن نامیاوە، یانێ دەستـــــــــوەرەن
واڕەی هۆرێزنای گیان ئەوحوزورەن
تاوان زای نەفەس زجاگرتەن لێم
کەردەیاگەی دەس تەماناستەن پێم
پای هەوس تەزان، ئارەزۆمەولەق
مەنەن وەڕەحمەت بێ پایان حـەق
دامنەکەی ئاییـر دەروونم تۆنـی
وەی دۆفەردەوە موغەننی کۆنی؟!
«یاڕەبییانەی شەوتاریکەی فانیی
هەرتۆوە کەردەی بەدیم مەزانیی»
«ئای اسو بح مەحشەرسەرئەفگەندەی وێم
شەرمەندەی حوزور خوداوبەندەی وێم

دیاریی...

ماوەی ل ٤

تـاکو ئێران بمێنێ تۆش مـاوی
ـەروماڵـــــت بێ لـەپێناوی
وون مەکـە شوێنی بب وباپیرت
بـوەشێنەلـەسە روەتـەن شیرت
بـەوهـەموۆ زیبك وغیرەت وهێزە
وەتـەنـی ئـاریـــــا بـپارێزە

**سیدمحمدامین شیخ الاسلامی (هێمن)**

لەهەر گولزار

ماوە ل ٣

موغبەچەی خاڵی لەسەر گوڵ ئاتەش لێوی لەلام
ساحیری هیندوستانە و ئاتەش ئەندازی دەکا
صوحبەتی ئەمشەر پەشێوی ڕۆمەتی گیراویە
ئەو حەبەش زادەقولە، هەر کەسبی غەممازی دەکا
بۆ بەسەردانم هەمیشە تێغی عیشوەی خاتری
من بەقوربانی، بەشەهدی لێوی شانازیی دەکا
قازیی و موفتیی دەڵێن یەعنی حەرامە سوحبەتی
ڕۆی ئەوەڕەش بێ بەقەولی موفتیی و قازیی دەکا
بێتە سەر ڕەوتی کومەیتی بەیتی خۆش ڕەفتاری من
هەر کەسێ وا ئەسپی تەبعی فێری ڕمبازیی دەکا
وا دەزانم بێ ئەدەب نابێ ئەگەر «نازی» بڵێ
ئەم غەزەلمانە لە لەهجەی «شێخی شیرازیی» دەکا

## مەلا حامدی ئالیجانیی

صـ ..وزە ئـاڵم کـەرد . . .
پەرێ ئامانت چەند جار ئاڵم کەرد
بێ حیساب ناڵەی وەک «فەرهاد» م کەرد
چەند ئەو تاسەحـەر هـەرداڵ داڵم کەرد
هـەرچەندێ پیر بۆم هەر زیادم کەرد
جووان بیمەوەهـەرگاه یادم کەرد
بێ حەدْ ئەعمالان بێ بـﯚستاڵم کەرد
فیعل بێ هـﯚدەی بـەردەبـاڵم کەرد
وەک «مەجنوون» لەخوێش خۆم ئـاباڵم کەرد
شەو گەل شیوەوشێو وەک «ئەکراد» م کەرد

## ئامۆژگاریی

ئەی یارانی من! ئایا ئەتانەوێ هەواڵی کارێکتان پێ بدەم کـەلە نوێژو ڕۆژووصەدەقە گەورەتر بێت؟ ئەو کارە ئاشتی دانەوەی دوو کەسە، کە ناحەزی کەوتبێتە بەینیان .

(حضرتی محمد ص)

یەکەم وەصیەتی پێغەمبەران سەبارەت بەم سێ شتەیە: ڕاستووتن، بەجێ هێنانی واڵە و نەشکاندنی پەیمان ، وە پاراستنی ئەمانەت.

(حضرتی ابوبکر رض)

لەکاتی خۆشی و شادیدا، سەرمەست مەبە و لە پێسی خۆت دەرمەچۆ! وەلەوەختی تووش بوونی سەختەت و بەڵادا، غەمبارمەبە و دەست بە ئـەژنۆ دامەنیشە! چۆنکوو ئەم دوو حاڵە زۆر ناخایێنن و تێ پەڕ ئەکەن، وەمرۆ ئەبێ لەگەڵ ڕۆژگارا خۆی بساچێنێ ،

(حضرتی علی رض)

کەسێ کەهاونشینی خراپ بێ، لەچاکانیش دڵ پیس ئەکا .

(حضرتی حسن رض)

مرۆلاڵ بێ، یا زمانی ببڕن، چاکترەوە لەوە کە درۆزن بێت .
کەسێ بەقسەی دوژمن بخلەتێ، گەورەترین دوژمنی گیانی خۆیە.

(حارث بن شمر رح)

ماوە ل ١١

# چوار قوژبن



**لابەلا:**

١- بەناوەکەی دادیبیارە، کەتابیی کێشیی درێژ ئەبێتەوە- لەهەر لایێکیەوە بۆی بنوازێ، وەکوو یەکە ٢- ئەی شکێنن وڕێگا بۆ کاروان ئەکەنەوە - زەمپرێکی عـەرەبیی و مەلێکی خۆش بومنی فارسیی ٣- ئەسەری شتانی وەکوو «مازو»، لەدەمدا ٤- کەسێ، کوڕی باشی نەبێ، دووای خۆی، ئەوەی کوێر ئەبێتەوە ٥- ئەستێرەیێ کەناوی مانگێکی کوردی، لەناوی ئەو گیراوە ٦- کوتاڵ کاتێ کۆن بوو، وەهاش ئەبێ- ئەگەر تەنیا بێ، ڕێگای هەورامی یە، وە ئەگەر بەشوێنی بڕەوە بێ، عەقیدەیە ٧- ئەڵێن، ئاگای لە برسیی نییە- لەداروئاسن دوروس ئەبێت و گێرەی پێ ئەکرێ .

**بەرەوخوار:**

١- تەرچلک و ناسک- هەموو ٢- ئەگەر نازانی «چیی» یە، هەڵی گێڕەوە بەرەوخوار - ووشەی تـەصدیق ، یا هیی سەرەتای جوملەی پرسین (استفهام ) ٣- هیی دەریا ، گـەورە و چووکی هەیە؛ بەڵام هیی زادبوو ، کورت و درێژ ٤- دار تاشی عەرەبیی ٥- شوێنێ، کە ئاوێکی بۆ گەنی لێ دێتە دەر، کە بۆ دەرمانی بڕێ ناخۆشیی پۆستیی، بەدەرد ئەخوا ٦- «مـرە» ی سەر بەرەوخوار - ئازاو پەلە ٧- درەو، یا دروێنەی پێ ئەکەن ئێشی دیوی ناو.

**کراوەی چوار قوژبنی ژمارەی ٩٢**

**لابەلا:** ١- بشر- زبر - ٢- ئا - رو ٣- برویشین ٤- باران ٥- لای ٦- ترو- هول ٧- کور- ناو .

**بەرەوخوار:** ١- باب - کتک ٢- شارب- رو ٣- والور ٤- گیرا ٥- شایەن ٦- برین- وا ٧- رون- ملو .



پرسی لێ بەوە کرد.ضوءالمکان ووتی:شوکر بو خوا، کەخۆش بوومەتەوە! لەخوا ئەوێ پاداشی چاکت بداتەوە . تونەوان هەستا ڕۆیشتە بازار ، شەربەتی وەنەوشەو گوڵی بۆ هێنا ودایە دەرخواردی . بەم جۆرە کابرای تونەوان هەموو ڕۆژێ لەو پێنج قەرار حەقە دەسە کەلەحەمامدا وەری ئەگرت ، قەرانێکی ئەدا شەربەتی وەنەوشە، وەقەرانێکیشی ئەدا بەشەکر و گوڵاو بۆ ضوءالمکان . وەهەمیشە دڵ نەوایی و میهرەبانی لەگەڵ ئەو ئەکرد ، تایەک مانگ تێ پەڕی کرد ، وەبەتەواوی هاتەوە سەرخۆی . تونەوان وژنەکەی زۆر خۆش حاڵ بوون کەئەم گەنجەیان لەمردن ڕزگار کردو بەم جۆرە خزمەتیان کرد تاخۆش بووەوە ، وەهاتەوەسەرخۆی.ئەوجا تونەوان ضوءالمکانی بردبۆ حەمام ؛ وەخۆی چوولە بازارسدری کڕی و بردی لەحەماما کەضوءالمکانی پێ بشۆرێ، لەم وەختا ئوسای حەمام نوازێ کەتونەوانە کە خەریکە ضوءالمکان بشۆری، دەلاکی نارد بـۆ شۆردنی ، وەبەتونەوانە کەی ووت: بۆمن هەتکە کەتۆ بۆخۆت ئەم کارە بکەی.ئەوجا دەلاک سەروڕیشی ضوءالمکانی تاشی و ئەندامی بەسدروصابوون شۆرد .لەپاشان تونەـ وان هێنایەوە بۆماڵ وجلی تازەتروجوانتری لەبەری کرد.شەربەتی بۆی هێنا خواردی، ژنی تونەوانیش تاضوءالمکان لەحەمام هاتەوە کەبابی مریشکی بۆی ئامادە کردبوو، هێنایە پێشەوە . تونەوان بۆخۆی تیکەی بۆ ئەگرت و ئەیدا دەرخواردی ، تاتەواو تێر بوو. ئەوجا ژنەکە ئاوی گەرمی کردە نێوی ئافتاوە و هێنای دەس و دەم وچـاوی ضوءالمکانی شۆرد . ضوءالمکان شوکری خوای بەجێ هێنا! وەزۆر سوپاسی تونە- وان وژنەکەی کرد وپێی ووتن : خوا ئێوە کردە هۆی ژیانەوەی من؛ ئەگەرنە من مردبووم . تونەوان ووتی : ئەم قسانە مەکە . من لەبەر ڕەضای خوا ئەم خـﯩزمەتەم بەتۆ کرد ، نەبۆ ئەوە ماڵ ئاوا ییم لێ بکەی وقەدرم بزانی . ئێستا بەسەرهاتێ خۆتم بۆ بگێڕەوە، کە : بۆچی هاتوویتە ئەم شارە وەخەڵکی کوێت ؟ من هەرچی تـەماشای

بنکەی ژین www.zheen.org

گیراولەگۆڤاری «باستان‌شناسی»

وەرگێڕ: د.ع.م

# ((ساتراپی))یەکانی شاهەنشاهیی ئێران

**١٠ـ پارت(پرثوه)** خوراسانی ئەمڕۆ کەسنوری ئەوێ لەباکورەوە «دهستان» ولەڕۆژهەلاتەوە «ئاري» ولەباشورەوە «کارامانی»(کرمان)وە لە ڕۆژئاواوە سەرزەمینی «ماد» بووە .

**١١ـ باختریان (باختریش ـ باختر)**

سنوری ئەوێ لەلای باکورەوە چۆمی «جەیحون»، لەڕۆژئاواوە «مرگویا»(مەرو) لەباشورەوە کێوەکانی «هەزارمـەسجید»ی ئێستا؛ وەلە ڕۆژهەلاتەوە «ماساژت» بووە؛وەیەکێ لەوازاوەکانی چۆمی «جەیحون» بەناوی «باکترۆس» ئەوی بەراوئەکرد. شاری گەورەوناوداری ئەوێ «باختر»بۆ، کە بەناوی «زری ئەسپا»ش ناسراوە؛ وەئەمڕۆبەناوی «بەلخ» بەناوبانگە.

سەرزەوینی ئەم ساتراپی بەزۆرنەخت وپڕ خەیروبەرە کەت بووە.

**١٢ـ سغدیان (سوغودا ـ سغدیانا)** سنوری باشوری وباکوري ئەوێ چۆمەکانی جەیحون وسەیحون بۆ؛ هۆزەکانی «سکا» لەڕۆژهەلاتی، وەهۆزەکانی «خوارەزمی» لەڕۆژئاوای ئـەوێ نیشتە جێ بـوون . شاری گرنگی «ماراکاندا» بۆ ، کەڕەنگە ئەم شاری «سەمەرقەند»ی ئێستا بوبێ.

**١٣ ـ کارامـانی (کرمان)** لەنێوانی خەلیجی فـارس وپارسەو «گێدرۆزي» (بەلوچستانی ئەمڕۆ)وە «پارت» یا «پەرثوه»دا، بوو؛ وەئەبوو بەدوبەشەوە:

١ـ کارامانی بیابان ٢ـ کارامانی ئاوەدان(کە مەبەست ناوچەی نەخت وبکێلگەی بووە).

**١٤ـ گێدرۆزی** کەلەڕۆژهەلاتی «کارامانی» دا، بوو. لەباشوورو ڕۆژهەلاتەوە ئەگەیشتەوەئوقیانووسی هیندوچۆمی «سند»(هیندوس) . لەباکوریەوە «هراووتی» یا «هرخوواهیش» بۆ ، کەیۆنانی یەکان بـە «اراکوزیا»وە عەرەب بە «رخج» ناویان ئەبرد؛ وەجێگای «قەندهار»ی ئێستابووە ئەم ساتراپی یەناوچەیێکی کزین وبێ خەیر بووە .

تائێرە باسی ساتراپی یەکان لەڕوی نوێشتەکانی مێژونوس وجوغرافی زانەکانی یۆنانی بەوەبۆ .

ئەوانـاوی ساتراپی یەکان بەوجۆرە کەلـەبەردەنوسراوەکانی «نەقش ڕوستەم» دائەبینرێ، بۆتانی ئەگێرینەوە :

١ـ پارسە پارس .

٢ـ «اووج» یا «خووج» کەخوزستانی ئەمڕۆیە؛وەهەرئەو «ئالام»ەیە کە «شوش»لەوێ بووە .

٣ـ بابیروس بابل

٤ـ ئاثورا ئاسور

٥ـ ئەربای عەرەبستانی ئەمڕۆ

مودرای مصری ئەمڕۆ

٧ـ یئونە ( یئون ) بەشێ لەئاسیای بچوك کە خـەلکی ئەوێ یۆنانی بون .

٨ـ سپردلپدي وبەشێ لەئاسیای بچوك .

٩ـ مادەدی یاوەلاتی ماد

١٠ـ ئەرمین ئەرمەنستان

١١ـ کتپتك بەشی ڕۆژهەلاتی ئاسیای بچوك

١٢ـ پرثوە پارت کە خوراسان وبەشێ لەئەستەرئابـادبووە.

١٣ ـ زرنگ سگستان یاسیستان

١٤ـ هرایو(هرایو) هرات

١٥ ـ اووارزمیا یاخوازمیش خوارزم (خیوه)

١٦ـ باختریش باختر کە پرپتي لەبەلخ بووە.

١٧ ـ سغد کە برپتي لە بوخاراوسەمەرقەندە .

١٨ـ گاندار کەبرپتیی لەکابول وپێشاوەر بووە .

١٩ و٢٠ـ ساکا کەبرپتي لەدەشتی تاتارستان تاسنوری چین، وە لەڕۆژ ئاواوە تائەوبەری دەریای «خەزەر» بۆ.

٢١ ـ ثاتا گوش پەنجاب وهند

٢٢ـ هارا اوواتیش یا(هرخوواتیش)رخج (ئەفغانستانی باشووری تاقەندهار)

٢٣ـ هیندوس (ناوچەی سند)

٢٤ـ سکاتی یاترو یاسکاکانی ئەوبەری دەریا .

٢٥ـ ماکا بەشی هاوپەڕەی تەنگەی «هورموز»(لەکتێبی خوالێ خۆش بو «مشیرالدولـه» مکتا یا مچیا نووسراوە کـەناوی ئەمـڕۆی «بەرقیە»یە)

٢٦ـ سکودرمەقدونییە

٢٧ـ یائوناتك برا بەشێ لەیۆنان

٢٨ـ پوتی یا عەدەن یودەوروبەری

٢٩ـ کوشیا «حبشە»

٣٠ـ کرخا (کرگا) کارتاژ(قرطاجنه)

٣١ـ ـ بەشێ لەدورگەکانی دەریای ڕۆم .

ئەمە ئەوناوانەبوون کەلەبەردەنووسراوەکەی «نەقش ڕوستەم»دا هەلّ کنراوون . وەبەقسەی «هرۆدۆت» ئەم ساتراپی یانە لەپێشازۆرتر لە ٢٠ نەبوون کە لەپاشان داریۆش لەڕۆژگاری دووایی پادشایی خۆیدا ژمارەی ئەوانەی بە ٣١ گەیاندووە .

دووایی

## ئاموژگاریی

ماوەی ل١٠

هەرکەس خۆی گەورەتر وزاناتر لەوئەندازە بزانێ کەهەیە ، قەت پێشڕەو تی نابێ،وەلەوپلەوجێگای خۆیائەمێنێتەوە.

(فارابی رح)

مرۆی تەماکار دونیایێ بکەی بەگەروێا هەربرسی یە ، وەقانع بە تیکەنانێ تێرە .

(سعدی رح)

دەولەمەنڎ ئەوکەسەیە کە تەماکارنییە.

(فردوسی رح)

هەموکەس خۆی بەژیر ئەزانێ لەکاتێکدا زۆریـان خـۆیان ئەخلّەتێنن .

(دکارت)

ئێمەحەزناکەین خەلکی گۆلمان بدەن، کەچی لەگۆلّ خواردنی خەلکیی وریا نابنیەوە، وەژیر نابین .

(پاسکال)

خۆش بەختی بەڕاستی کەسێکە، گەمەمپشد وەلەهەرجێگاییکدا بەهەموشتێ وهەموکەسێ پێ بکەنێ .

(شکسپیر)

بەدبەختیش بۆخۆی چاکەی هەبە. ئەگەرمـن لەسەر تـەختی شاهی بمو، بمردبایام ، دونیا بەوجۆرە کەبشێ ، نەی ئەناسیم وسەبارەت بەمن داوەري نەئەکرد.

(ناپلیون)

ئەتانەوێ خۆش بەخت بـن، جگەلەوەی کـە هەتانـە ، ئاواتی شتێکی تر مەخوازن.

(لاروشفوکو)

## لەکۆمەلا

مادە ل ٢

ئەناسێ ئەوەشمان بۆدەرئەکەوێ کەبەرەی مرۆڤ لەهەموچینەکانی تری ئەم جیهانە گەورەتروبەهێزترە «ولقد کرمنابنی ئادم» .

٣ـ بیساتی بەدیهاتونوێنگە. یێکی بچو کەلە تاوی ڕۆژی بەدی هێنەری جیهان،وەئەوتاوەلەبەرەی مرۆڤا جوانتر ئەدرەوشێتەوە، وە چاکتر خۆی ئەنوێنێ «ونفخنافیها من روحنا» «قلنایا آدم اناجعلناك خلیفةفی الأرض ..» یـانێ ئـەی «ئادم!»هێزوئاوەزێ کەبەتۆدراوە نوێنگەیێکەلەهێزوئاوەزی کشتي یەزدان،هەروەها کەنوێنگەی تەواوی یەزدان،وئاوێنەبێ خۆشی تاونوێنی پەروەرد گاری جیهان ئەفەرمووێ: «من عرف نفسەفقدعرف ربە»، یانێ هەر کەسێ لەوهێزە گرنگە کەپێی دراوەبي خاتەکار، وەزۆرباش لێی ووردبێتە، وەچاك بي نـاسێ، بێ گومان بەدیهێنەری خۆیشی کە هێزی گشتي،وەگیانی بێ سەروبنی ئەم جیهانەیە، ئەناسێ ، وەپێیە وە نزیك ئەبێتەوە .

لەژمارەی دوایـي داچلۆنـي نزیك بۆنەوە بەیەزدان، وەڕێگای خوڎاناسي هەلّ ئەدەین

کوت : جزء

لت، لەت : تکە، پارچە، نصف

هەس وجود

بیسات : عالم بفتحەلام

هێز: نیرو، روح

## چۆن بنووسین

ماوەی ل١

پیتی «ر»ی بچوك ئەهێنرێ،وەکو: کوژران، کوشتن خرران،خستن دزران، دزین. کزران کـزین . بران، بردن. بەلام ڕیشەی زانراو کەنیشانەی «ان»یێ نـەڕیشەی تێپەر کەری هەیە ، وەنەپێش لە نیشانەکەیەوەپیتی «ر»ئەهێنرێ.

ئەوەش ئەبێ بزانین ئەوڕیشە نەزانراوانەکە لەپێش نیشانـەی ڕیشەکەیانە وەپیتی «ر»ی بناغەییی هەیە، بوسۆکیی پیتی «ر»نیشانەی ڕیشەی نەزانراو فرەئەدرێ،وێنە بڕراو ئەبێ بەبڕاو. کرراو. ئەبێ بەکراو، خورراو، ئەبێ بەخوراو

بنکەی ژین www.zheen.org

کوردستان

لێ کۆڵینەوەی سیاسیی

# لێ برانی ڕاویژیی هێمنیی

کوژرانی لومومبا سەرەك وەزیری پێشوی کونگۆ سەراسەری دونیای شڵەژاند وهەمو گەلانی دونیای هێنایە جۆش وخرۆش؛ وبەڕاستی زۆر ئەم پێشاتە هۆی خەفەت بۆ. بەڵام ڕوسەکان تێ کۆشین کە : لـەم مەبەستە کەڵك وەر گرن ؛ وەبەتایبەت داگ هامرشوڵدیان کردە نیشانەی تیری هێرش وهەڵمەتی خۆیان ، بەڵکو کارێ بکەن کە ئەو لەپـایەی سەرنوسەریی کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووەکان بخەن. دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، لە گەڵ ئەوهەموهێرشانی دەسگای دعایەی ڕوسەدا، دووا پلەی تێکۆشینی خۆیان بۆپشتیوانی لەهامرشوڵد بردەکار ، وەڕایان گـەیاند کە : بە پێچەوانەی قسەوتۆمەتی ڕوس، سەرنوسەری کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتوەکان بەهیچ جۆرێ لە کوژرانی لومومبادا ، دەستی نەبـووە ، وەنـەی توانیوە کەدەستی ببێ .

لەپاشان نۆرە بەباس لەڕاویژیی هێمنی داگەییشت . لێـرەشدا «زورین» نوێنەری یەکیەتی سۆڤیەت دووا هێزی خۆی بەهامرشوڵـد نواند ، وەئەوی بەگوناکار ناساند ، وەڕای گەیاند، کە: لەبنا کۆمەڵی نەتەوە یەك گرتووەکان لە کارەساتی کونگۆدا چاودێری بێ لایەنی نـە کردووە؛ بەڵام نوێنەرانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا ئەم بیروڕایانەدا ، دوواوە؛ وەلەو بڕیارە پشتگیرییان کرد کەلەلایەن نوێنەرانی وەڵاتانی ئاسیا و ئەفریقاوە ، دەرچوبۆ. ئەم وەڵاتانە لەو بڕیارنامەی خۆیانا ڕایان گەیاندبۆ کە : پێویستە بەنیرۆی کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووەکان دەسەڵات وئیزن بدرێ کەبۆپێش گیری لەبشێوەوئاشۆ وەدامەزراندنی هێمنی لە کونگۆدا بتوانێ لەکاتی پێویستیدا دەس بداتە چەك لەبەرانبەری ئەو کەسانەوە کە بشێوە ئەگێڕن وئاژاوەدائەخەن وکاروباری وەڵات تێك ئـەدەن . ئـەم بڕیارنامە بەزۆرایەتی دەنگی نوێنەران لەبڕیارتێ پەڕی کرد ؛ وەبـەم جۆرە کەلێ لەشوێنی دعایەکانی ڕوس سەبارەت بەکونگۆ کەم بووەوە؛ بەڵام هێشتان دەرنەکەوتووە کەئەمورانی کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووەگان لە کونگۆدا بۆدووایی هێنان بەئاژاوەی ئەم وەڵاتە تازە سەربەخۆیە، چ هەنگاوێ هەڵ ئەگرن. لەم بەینەشدا زۆر ئازمایی لایەن گیرانی لومومبا کاربەدەستانی ئێستای کونگۆ دژێ دژەی هەیە ؛ وەئەم کارەساتی بۆخۆی دەسەکێکی گەورە لەدرێژە پێدانی گێژاوی کونگۆدا ئەژمێررێ .

مەبەستێکی زۆروورد وگرنگ کەلەلێ بڕانی ڕاویژیی هێمنی سەبارەت بە کونگۆ بەدەست دێ ئەمەیە، کە: کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتوەکان هێشتان بەڕاستی بەهێزترین دەسەکی پاراستنی ئاشتیی لەدونیادا ئەژمێررێ . باوەکو دەوڵەتی ڕوس ناحەزیی خۆی لە گەڵ ئەم لێ بڕانی ڕاویژیی هێمنیدا دەربڕیوە ، بەڵام ئەم ناحەزییە هێندە توندنییە کە بتوانێ پێش گیری لەبەڕێوەبردنی بکات. ئەمە بۆخۆی هۆی هیوادارییە، وەپیشان ئەدا، کە:ــ لە گەڵ ئەوەشدا کەزۆر کەس لایان وابوئەم گێژاوە جیهانیانە پایەکانی کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووەکان تەق ولەق ئەکەن، بەتایبەت کە ئەم کۆمەڵە تائێستانەی توانیوە ڕێگایێ بۆبڕینەوەی کارەساتی چەك داماڵین وگرتنە ژێرچاوی نیروی ئەتوم پیشان بدا-ئەبێ ئەم کۆمەڵە دەسەڵاتی مەعنەوی خۆی هەمیشە بەکاربەات . وەبـێ شك ئەگەر ئەم دەسەڵاتە مەعنەوی یەنەبوایێ،کاری بشێوە وئاژاوەی کونگۆ زۆرتر پەرەی ئەسەند . وەئێستا هیواهەیە کە : کۆمەڵی نەتـەوەیـەك گرتووەکان بتوانێ گێژاوی کونگۆ دووایی پێ بێنێ ، وەئەم گیچەڵە ببڕێتەوە .

## ماوەی سەرووتار

ماوەی ل١

یەکێ لەکارە گرنگەبەکەڵکەکانە، چونکەئەوقانونەلەهەمو یاسابڕیار سەردراوەکان چاکترە ، وەئەگەر بەریگایێکی چاك دابەڕێ بکری، وەبەر گری لەتەـ«تبعیض» و دەس درێژی دەستەڵات دارەکان لەوبارە بکرێ ، زیاتر لە هەرقانونێکی دیکە بەسود وقازانجی گەل تەواو ئەبێ .

بڕێ شتی دیکەش لەفەرمایشەکانی شاهەنشادا هەیە کە هەریەك لەوانەپێ ویستی بەباس ووتارێکـی جیاوازهەیە، بەڵام ئێمەلامان وایە گـرنگترین سپاردە نـوێنەران ئەوەیە کەبەکار کردنی هەمپشەیی و ودڵ ٪ کییە،وەبەدانانی بڕێ قانون کەهەموگەلی ئێران بارەی لـێ وەربگرن ؛ بتوانن بڕوای گەل بەدەسگای یاسادانان بەتین بکەن، وەکارێ بکەن کە تەواوی گەل بە ڕێزیان بکرن .

ئێمەبێ ڕۆدەربایس وبێ پەردە ئەمانەوێ ناو کەیێ کە بۆخۆمان زوناك بووەتەوەڕای گەیێنین، وە ئەوەش ئەوەیە کەخەڵکی بەتایبەتی دەستەی سێ بەموزەحمـەت کێش کەمترلەدەسگای دەوڵەت وهێزی یاسادانان خۆش بین وە بڕوایان پێ ئەکەن،چونکە دەس درێـژی مامورەکانی دەوڵەت کە زیاتر لە گەڵ خەڵکی عادی یانزیکی یان هەیە وەبڕی «تبعیض» کە ڕەوای ئەبینن،خەڵکی یان زۆر ڕەنجاندووە وەزورێکیش یان ئاتەوانن لەدەستی ئەومامورانەشکات بکەن،وەئەمەش بووەتە هۆی ئەوە کە دەوڵەت بۆ خۆیان بەدەس درێژ کەروزۆروێژ ئەزانن، تاشوێنێ کە مەجلیش لەو جۆرەکارانەدا بەش دارو،وەتاوانـی ئەوڕەنجەش کە پێیان ئەگات بە کۆتایی کردنی نوێنەرانی یاسادانەر ئەزانن، وەئەڵێن یاسابۆدەستەڵات دارو دەوڵەمەندو پارەدارنییە،تەنیا بۆزیبانی دەستەی لاخووارووسییەمە، وەوائەزانن کە یاساتەنیا بۆزۆربۆ-هێنانی ئەوانە .

ئەم ناوکەیە لەناوبەشی زۆری خەڵکی یا بەتایبەتی دانیشتووانی دێکانـدا بەئاشکرا ئەبینـرێ . چاودێری مەجلس بەسەردەسگای وەهێزی بەڕێوەبەرانی فەرماندا، ئەگەر بەچەشنێکی بەکارهاتـو بەڕێوەبچێ؛بێ گومان لەبەر گری ئازاری مامورەبچوکەکانی دەوڵەتا زۆربەکار ، وەبەکەڵك ئەبـێ ، وە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە : خەڵکی بەمەجلسی ڕاوێژی نەتەوایەتـی دڵ گەرمتربن ، وەزیاتر بەڕێزی بگرن .

ئەگونجێ هاوکاری ناوکەیی دەوڵەت وڕاوێژی نەتەوایەتی، وە پیاگەیشتنی شکاتەکانـی خەڵکی وەناردنی بشکێنەرانێ بۆلێ کۆڵینەوە لەکاروباری خەڵکی وەتەماشا کردنی کارەساتـی گشتی، وەهێنانـەدی پرۆگـرامێکـی ووردوڕێك وپێك بۆتەماشا کردنی ڕەوشتی مامورەکانی دەوڵەت، وە بەڕێ کردنی ڕاستی یاسای چاك کردنی عەرزەکان ببێتە هۆی ئەوەی کە بەدبینی خەڵکی کەم ببێتەوە، وەئەودەسگایە لـە خۆیان جوی نەزانن ، وەوردەوردە بڕواودڵ گەرمـی پەیدابکەن کـە یاساکان بۆزیبانی ئەوان دانانرین. وەنوێنەرانی ڕاوێژی نەتەوایەتی لەکاتی باس لـەپێشەکی یاساکانی دەوڵەتا کەلە گەڵ ڕەنگی پێشکەشی نوێنەراندائەکەوێتەمەیدانی باس لێ کردن؛سودی دەستەی زەحمەت کێش وگرۆپەیداکەرەکان بەتەا وی ئەگرنە پێش چاو؛ ودشکاتەکانی خەڵکی تەماشائەکەن وەدەس بەجێ بۆپیاگەیشتن ولابردنی هەرناباریێ لەکاروباریاندا، ئەینێرنەوەبۆوەزارەت خانەکان ، وەتاسەرئەنجامی تایین ئەکرێ لێی ئەپرسنەوە،بێ گومان ئەبن لەوەی کە ئەوانەلە ناوکەدا نوێنەری خەڵکین وەبـۆسودی ئەو دەستەیەتێ ئەکۆشن .

بەهەرحاڵ بـەڕێ کردنی داد-پرسیوە نەکردنـی «تبعیض» وە حکومەتی قانون بـەچەشنێکی گشتی وەوەك یەك بـەسەرتـەواوی ئەندامانی گـەل دائەبێ بـەهۆی چاودێری ڕاوێژی نەتەوایەتی یە وەپێك بێت وەئەم ئەستۆقورس و یەکجا گرنگـە لەناوکـەدا، بە ئەستۆی نوێنەرانی خەڵکی بەوویە وەئەبێ چاك ئەوئەستۆ گـرنگەی خۆیان بەڕێوەبەرن بۆئەوەی بڕواو

ماوەل ٢

## ماناى ووشەکان

| | |
|---|---|
| لێ بڕان: تصمیم | دەنگ: رای |
| ڕاویژی هێمنی: شورای امنیت | نوێنەر: نماینده |
| شڵەژاند: تکان داد، بهم زد | دەسالێ: عامل |
| کەڵك: فایده | چەك داماڵین: خلع سلاح |
| لەبنا : دراصل، اصولا | گرتنە ژیرچاو: کنترل، نظارت |
| بێ لایەنی: بی طرفی | پەرەسەندن : توسعه یافتن |
| زۆرایەتی: اکثریت | |

تلفن ٢٥٥٠١ چاپ اختر شمال

بنکەی ژین www.zheen.org

# شاهەنشاو مەلەکە، میوانداریی گەرمیکیان لەمیوانی پایەبەرزی خویانەوە کرد


خاوەنی امتیازو مدیری لی پرسراو

**عبدالحمید • بدیع الزمانی**

**بەچاودێریی دەستەی نووسەر:**

**دوکتۆرمحمدصدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر**

**دوکتۆرعبدالرحمن واحمدمفتی زادە**

**عابدسراج الدینی ـ شکر الەبابان**

**خسروشیخکا نلووی میلانی**

یانەی ڕۆژنامە:

مەیدانی «بهارستان» شەقامی

«صفیعلیشاه» ژمارەی پلاک ۲۱۸

تلیفوون ۳۲۰۰۳

**عەزیزم شاسواریکی گوزەرگا، گەر، بەئەلبورزا!**

**دەگا ، نووکی سمی ئەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا**

**سیاسی ـ زانیاریی ـ وێژەیی ـ کۆمەلایەتیی**

**ژمارەی ـ ٤٥ ـ سالی دووەم**

**ژمارەی شوێن یەك ٩٦**

## کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردیە، حەوتەی

جارێ چاپیکی دەرئەچێ

**بایی**

**بۆ ناوخۆ:**

| | | |
|---|---|---|
| سالانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش مانگە | ٧ | « |
| چل | ٣ | قەران |

**بۆدەرەوە :**

| | | |
|---|---|---|
| سالانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | « |

چووارشەمە ١٧ ڕەشەمە ٢٥٧٢ ك ـ ١٧ ئیسفەند ١٣٣٩ ش ـ ٢٠ ڕەمەزان ١٣٨٠ ق ـ ٨ ما. س ١٩٦١ م


## پەیوەندی یەکانی ئێران و بریتانیا

دیدەنی ڕەسمی علیاحضرت الیزابتی دۆهەم مەلەکەی بریتانیا لەوەلاتی ئێران، کەبەناوی بازدید اعلیحضرت شاهنشاوە پێك هات ، ڕۆجارێکی دیکە پەیوەندی وە دۆستی دێرینی دۆ وەلاتی قایم وپێ بەجێ وڕاوەستاوتر کردەوە ، وە زیاترلەهەموکانێ بووەهۆی چاکتر بوونی پەیوەندی دۆستانەی نێوانی دۆ گەلی زەگەزخاوێنی ئێران و بریتانیا.

ئەلیەت ئەئەمەیە کەمین جارە کە پادشایێکی بریتانیا بێتەخاکی ئێرانەوە، بەلام پەیوەندی مێژوویی نێوانی دۆوەلات تازەیی نی یە وە نزیکەی چووارسەدسالەبەرێ یە.

ئەوی کە شیاوی باسە ئەوەیە کەئەم سەفەرە لەکاتێکا کراوە کە: ئێران ڕۆژگاری تاریکی بیمنا کی مێژووی چەرخی قاجاری یەکانی خستووە تەپشت سەروبەجێ ی هێشتووە ، وەبەهەل هاتنی تاوی پەهلەوی کەماوەی چل سال زیاتر نیە کەلەئاسۆ سەری دەرهێناوە، ئەمەوە لاتە سەربەخۆیی ناوکەیی خۆیی دیوەتەوە، لەگەل ئەوەشا لەگەل وەلاتێکی گرنگی وەکو بریتانیا

ماوە ل ١٢

شاهەنشا لەووتەی خەیرهاتنی مەلەکەی ئینگلیزدا، فەرمویان :

## بی شك ئالوگوری بیروراوهاوکاریی زانیاری زورتری لەبەینی گەلانی دونیادا، گرنگترین دەسەکەبو لەبەین بردنی بی باوەری وخراپ تی گەیشتن، وەبوپیك هینانی هەستی باوەرودل نیایی وبەریزگرتنی یەکتر، لەنیوانی ئەوانا

بەم بونەوە ئیمە خومان بوگرتنی جەژنی ٢٥٠٠ سالەی شاهەنشاهی ئیران ئامادە ئەکەین . مەبەستمان لەم بیرەوەری یە ئەمەیە ،کە: بودونیا روشن ببیتەوە، دریژی ژیان ویەکیەتیی نەتەوایەتیی ئیمە لە ریگای مانەوەی شاهەنشاهیی ئیرانەوە هەروەها بەشی گەورەی دانیشتوانی ئەم سەرزەوینە کونەلەشارسانیەتیی دا، لە بەشە کانی پزیشکی، فەلسەفەهونەر ویژە ئەستیرەناسی وەریاضیات بودونیادەرکەوی وەچاکتر بەمیراثی زانیاریی ئیمە ئاشنابن

## ئابووریی لە دینی «اسلام» دا

**-١٩-**

**باشترین یاسای ئابووریی**

ئەوعەیبە تەبیعی وئینکارنەکراوە، کەئەلێن، والەیاسای ئابووریی غەیری دەستەی پەیەمبەراندا، ڕێك کەوتن وپێك هاتنی هەرکام لەو یاسایانەیە بەپێ تەنیا مەعلوماتی مەحدودوتەجرەبەی ناتەواوی خاوەنەکەی ،

ماوە ل ٤

**نامەی «کۆمەلی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا» لەلاپەڕەی (١٠) وەوەلامەکەی لەلاپەرە (٣) لەچاپ دراوە**

**بەپێنووسی : د.ع.م**

## باسیکی زانیاریی لەوحەی کوروشی مەزن

**یەکەم باوەڕنامەی مامی مرۆڤایەتیی لەمێژودا**

شاهەنشالەو ووتەدا کەبەناوی خەیرهاتنی خاوەن شکۆ ملکەی ئینگلیز کردیان، ناوێکیان لەلەوحەی کوروشی مەزنەوە برد؛ بەم بۆنەوە «شجاع الدین شفا» وێژەری دەرباری شاهەنشاهی ئەم مەبەستانەی سەبارەت بەولەوحە بەهەوالنۆسی ڕۆژنامەی «کیهان» ووت :

**لەوحەی کوروش**

ئەم لەوحە گرنگە یەکێ لەبەنرخترین بەلگەکانی مێژووی ئێرانی کۆنە .

ئەم لەوحە ڕاگەیاندنێکی لەسەرەوە نۆسراوە ، کە کوروشی مەزن لەپاش گرتنی «بابل» وڕاگەیاندنی شاهەنشاهیی ئێران بەلاوی کردەوە ؛ وەمەتنی ئەوەیان هەرئەو کاتەلەسەر کۆلەکەیێکەوە لەقوڕی سوورنەخش کرد . ئەم باوەڕنامەلەو وەختا بەسێ زمانی پارسی ، ئیلامی وەبابلیی بووە ؛ بەلام لەو کاووش وزەوپن هەلدڕینەدا کەلەپاش شەڕی یەکەمی جیهانیی بەدەستی ئەنتیکەناسانی ئینگلیزی لەجێگای شاری بەناو بانگی بابلا پێك هات ، تەنیائەو کۆلەلەبەدەست هات کە بەزمانی بابلیی بۆ ؛ وەهەرئەم لەوحەیە کەئەمڕۆ بەناوی « کۆلەکەی کوروش» لە «برێتیس میوزیم» ی لەندەنا دانراوە . لەم لەوحەدا کووروش لەوبناغانی ئەخلاقیی یەوە، کەشاهەنشاهیی ئێران لەسەریانەوە دامەزراوە، بەدرێژ اباس

ماوە ل ٧

# نەتەوەی کورد و نەتەوایەتی ئیران

سەلام لەسەر خاکی پاکی کوردستان لاکی پاڵەوانەکان «استرابون» کە یەکێ لە «جغرافی» زانە ناودارەکانە لەبەشێکی ئەو کتێبەی خۆیا کە بۆباس لەبارەی ناوچەکانی پارسەوەیە، ئەنوسێ:

ئەوهۆزە جۆرجۆرانە کە لە پارسا دائەنیشن، بریتین لەئەم پێنج هۆزە پاتیشخوار. هەخامەنس. مەجۆس کۆرتی. وەمەرد. - کەهۆزی کورتی هەر کوردە.

هۆزی مەرد - کە «استرابون» لە گەڵ ئەوچووارهۆزە کەدا هێناویە، لە کەتیبە کۆنەکانا و وەکۆنوسراوەکانی ئاشوریان، ناوی نەبراوە؛ بەڵام مێژوو نوسە کۆنەکانی «یونان» ناوی ئەم هۆزەیان لە گەڵ ئەوچووارهۆزە دانیشتوەکانی پارسا هێناوە.

## دستور خواندن و نوشتن کردی

**عدەای ازخواهران برادران فارس زبان کەما یلند برسم الخط کردی آشناشوند باین مطلب توجه فرمایند:**

**میدانیم کە کلمات فارسی بوسیلە سە حرکت زبروزیروپیش وسە حرف «الف» و «واو» و «یاء» تلفظ میشود. وچون حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح کلمات بستگی باشنائی قبلی دارد، و این نقیصە موجب اشکال بزرگی درزبان فارسی شدە . ولی رسم الخط کردی این اشکال را مرتفع ساختە، وکلمات تنها بوسیلە حروف تلفظ میشوند. حروف صدای کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .**

**١- (ە) کە بجای زبرمیاید. مانند: «سەر» (سر) «سەروەر» (سرور)**

**٢-(ی) کە بجای زیر میایدمانند: «جیهاز» (جهاز) «کیتاب» (کتاب)**

**٣-(و) کە بجای پیش میایدمانند: «گول» (گل) «بولبول» (بلبل)**

**٤- (الف) کە بجای الف میایدمانند: «باغ» (باغ)**

٥- (ۆ) کە بجای «واو» میآیدمانند: «بۆد» (بود) «زۆد» (زود)

٦- (ێ ی) کە بجای «یاء» میآیدمانند: «بێد» (بید) «دەوێد» (دوید) «مەردي» (مردی)

**٧- (ۆ) کە صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»**

**٨- (ێ) کە صدای یاء مجهول میدهد: مانند «کێ» (کە) «چێ» (چە)**

٩- (ۊ) کەمخصوص لهجە کرمانشاهی استوصدای (U) میدهد. مثال آن درلهجە کرمانشاهی «ئۊشم» (میگویم) «داشتۊت» (داشتەباشد)

**(١) حروف «ها» و «واو» و «یاء» بی علامت ممکن است اصلی باشند. مانند: «هەمسایە» (همسایە) «وورود» (ورود) «یەك» (یك). برای فرق میان هاءاصلی واعراب، هاءاصلی را دوچشم واعراب رایك چشم می نویسند .**

**(٢) همزە را همیشە باینصورت ( ئ ) می نویسند . مانند : «ئەحمەد» (احمد) «ئوطاق» (اطاق) ئیمام (امام)**

**(٣) در کردی گاهی روی حرف دال ولام وراءعلامتی میگذارند وباین شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) کە در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام وراءمفخم میگردند. مثال آن در کردی: «فەرهاڎ، دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کریعنی پسر)**

**(٤) الفبای کردی یك حرف بیشتر ازفارسی وعربی دارد کە عبارت از «ڤ» میباشد . البتە تلفظ این حرف درفارسی زیادست، ولی با «واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئەڤایل» (اوایل) .**

**(٥) دررسم الخط کردی حروف مشدد را دوتامینویسند. مانند «ئەڕڕە» (ارە) «بەڕڕە» (برە)**

**(٦) در کردی کلمات راهرطور تلفظ میکنند مینویسند، البتە کلمات بیگانەرا مشمول این قاعدە میسازند ؛ ودیگر اشتباهی بین حروفیکە مخرجشان نزدیك است واقع نمیشود ؛ مثلا صفحە را اینطور مینویسند : «سەفهە»**

**نووسەری پەراوێزوڕاستەوکەری هۆنراوەکان: م.ص.م**

# کنز العرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین ووتار ((میر محمد صالح حسنی نعمت اللهی))

**ملقب بە «حیرانعلی شا» ی کرماشانیی**

**مانای ووشەکان**

لـــــە سڕسوبحـان . . .

چي واچیم وە تۆڵـە سڕسوبحان

کوڵل مەخلوقات تەمام ئینس وجان

ڕۆژي خووارشەن ڕخووان ئیحسان

«مۆسا» پەی «شوعەیب» کەردەن وەشوان

نازڵ کـەی ئایـات وەپیروجـوان

چون خەوەرنەیرن لەڕاگەی «حەیران»

ژروان منمە کوشن جەیـران(١)

کوڵل مەخلۆقات مات وسەر گەردان

مەقصوٚدیەك نوکتەن ئەوان گشت حەیران

بڕنەوژ گونبەد گەردوٚن گـەردان

لەمەرکەز عیشق دائرەی ئیمکان-

لە ناڵـەی نـاقوٚس ژشاە مـەردان

وەصەوت جەلي ئاشکـارونـەهان -

وەلیسان غـەیب مـەواچن وەتـۆ

«کل شئی هالـــــك الاوجهە»

(١) مەبەست لـەم هۆنراوەئەویە: ئەوکەسانە کـە چاوی خوڎاناسیان سوٚی کەمە، وەهەموٚشتێ لە ڕوواڵـەتدائـەبینن. وەئەوجێگـاو ڕێگایە کە خوڎالێ خۆشبوٚ، لە ڕێگای خوڎاناسیدابـەچـاوی نهێنی خوٚی دایویەتی، ئەوان نەیاندیوە، سەبارەت بەهۆنراوەکانی ئەوان زمان درێژي ئەکەن، وەتانەولۆمەی لێ ئەدەن، وەلە بەرئەوەلەمانای واتـەی ئەوتێ ناگەن، خراپی پێ ئەڵێن .

«لەزمانی کەسێکەوە ئاسك کوشتن» مـەتەڵەبێکە لـەوبـارەوە، ئەووترێ .



نێوچاوی تۆئەکەم، شوێنی گەورەیی ونەجیبي تێڎائـەبینم . ضوءالمکان ووتـی: تۆ بڵێ کەچۆن ڕێگات لەمن کەوت؛ وەمن لە کوێ بوٚم کە تۆهێنامت بۆماڵی خۆتان؟ تۆنەوان ووتی: من بەیانی تارێك ولێڵە ڕۆیشتم ئاگـری توٚن بکەم، توٚم لـەوێ چاوپێ کەوت؛ دەس بەجێ هەڵم گرتی وهێناتمەوە بۆماڵی خومان . ئیترنـەم زانی، کێ تۆی هێنابۆلەوێ دای خستبوٚی ضوءالمکان ووتی: بەکوڑهەرخوڎایە. ئەوخوڎایێ کەئیسقانی پوتورکاوزیندوئەکاتەوە . ئەی برا ! ئەوچاکەلەگەڵ منا کردت، تەواوی بکە؛ ئەگەربمێنم ڕەنگە بتوانم بەمزووانە جەزای خەیرت بڎەمەوە . لەپاش ئەوەلە توٚنەوانەی کـە پرسی: ئـەم شاری ئێوەکام شارە؟ ووتی: شاری قـودسە . ضوءالمکان ڕەنجەکانی خوٚی وغەرپبی ودوٚري وجیبایی لەخوشکی کـە وتەوەبیری، دەستی کـردە گریان، وەدەستی کردە گەڕاندنەوەی بەسەرهاتی خۆی بۆتۆنەوان وئەم شمرانەی خوێند ەوە ،

داد لە ئەم ژینی پڕلـــــە ئازارەم

لـەم دڵی داییم مـات وغـەمبارەم

خەوم پەژارە و غـــــەم وماتە مە

خوەرا کم خوێنی جەرگ ووەرهەمە

لەعومـرم ڕۆژێ نـەحەسامـە وە

هـەرزام بوٚجەم بوٚبـەلای زامەوە

لەپاشان زۆر گریا وفرمێسکی ڕژاند. توٚنەوان دەستی کردە دڵخۆشیی دانەوەی وەپێی ووت :مەگریێ وشوکری خوڎابەجێ بێنە کە لەونەخوشی یەڕزگاری کردی، وەئێستا ساغ وسلامەتی، وە پیاوهەرخۆش بێ، هەموٚسەخڵەتێ لـە بەری لائـەچێ . ضوءالمکان پرسی: لێرەوە تادمشق چەنڎ ڕۆژڕێگایە . توٚنەوان وەلامی داوە :شەش



بنکەی ژین www.zheen.org

# لەهەرگولزاری

## گولی

### مەولەویی تاوگوزیی

های ساقي! هالای سەرمایەی خامي
نمەڕۆم جـەدەس ڕای نپكنامـي
باوەرەئەوجۆش سادەی ٫هەی پەی كەی
تاف قـەلوەزەی صاف شیشەی مەی
مەوجش بنچینەم بـڕۆ وەهـەمدا
هـەستیم دۆ وەڕۆی هـەرد عەدەمدا

### هونەری نەناسراو

بێزام خەدەنگ مژەی مەهرەوان
نمەنگەوەسەحرای قییامەت لـوان
سابۆ چەنیمان ساتــــــی سازابە
جای گشت عەزابە گەردەن ئازابە

### وەلیی دیوانە

هەی نائومێدي . . .

هەی زەنجە ڕۆیی هەی نائومێدی
هەی یاران چون من بەدبەختی كێ دي
پەی هال نەزاني ڕۆم كەرد نەبێدي
چۆڵان تەی كەردم جە بەلان یەكسەر
جە «تۆس» و «تون» بیم یاوام وە «تەتەر»
هەردەی نەجد «قەیس» گشت دام وە پاوە
پەروانە دەستـوور سەر وە سەوداوە
یاوام من بەوڕا ماوای قیبلەم بــێ
مەكان و مەسكەن گوزەرگای «شەم» بێ
هەواران چـۆل مەندەن ویرانــە
«بایەقوش» بەستەن جە و مەسكەنلانە

### ناری

ناتەواو

چونكە هەمدەردی «سولەیمان»م لە سیحری دێوەدا
مەصلەحەت وایە بڕۆم بۆ خۆم بە هەردو كێـوەدا
هەر كەسێ مەیلی لەسەر مەجنوونی دنیا بێ دەبێ
صەبری وەك من بێ بەسەر ئێشی فەلاقـەو چێوەدا
موعیزە تەزو پرەئەی دڵ بێینەوە سەر بەحسی گـوڵ
قووتی ڕۆحی بولبولی دڵ وا لە غـونچەی لێوەدا
ماڵی دڵ شێوێ كە تاجی عیشق بازي كردە سەر
واڵە خـۆی «قاپي» وەقاروئیعتبـاری پێـوەدا
موعجیزەی حوسنت نەبێ ، ئەی ئافتابی بێ نقاب
سوبحی صادق كەی تلۆعی دا لە نـوێژی شێوەدا
ڕەهزەنی فیـكرم نەبێ گاهێ بەخەتێ بگرێ بەزۆر
وەهمی كەس قابل نییە ، دزێ لە باغی سێـوەدا
باغی گوڵ خەندان و «ئەفعي» باغبان و تفلـی دڵ
چۆلە بۆ غونچەی دەمی ڕەشماری زلفـی پێوەدا
بۆ ئەمۆ كەس خووانی یـەغمابۆ شەكـەرخەندەی لەبی
بۆمنی بێ كەس جوینی ترش و تـاڵـی تێوەدا
«ناری»یا! خۆ تەركی دنیا ئایەتی ئــــازادی یە
بۆ گرفتاری لە «بیت الحزن»ی ئەم بـێ خێوەدا ؟

## مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی كورد

نووسراوی زانا ئەرمەنی كورد، احسان نوری

وەرگێڕاوی: د.ع.مفتی زادە

**۹٥**

بێجگەلەمانە، بەپێیی واتەی مێژووەكانی ئەرمەني لەساڵەكانی ۱٥۰ تا ۲۰۰ی زاییني (میلادی) ئاییني مەسێحي لـەنێوی كوردەكانـا زۆری گرتبۆ؛ دەستەیێكیش لـە كوێستانەكانـی «كوردوئن» دا، بەپەنامە كي پیروزای ئاییني عیسایان وەر گرتبۆ، وەبە گوێرەی ئەوەڕەفتاریان ئە كرد؛ تەنانەت «سو كیاس» ناو- سەرۆكی ئەو كوردانە كە بەپەنامە كي بۆبۆنە عیسەوي - بەدەستي هاووەلاتی یەبوت پـەرەستەكانـی خۆی كـوژرابۆ. بەڕاستي عیسەوی یەكانی دانیشتوی بڕێ لـە كوێستانە ساخ وداخەكانـی كوردستان لەناوچەی ڕۆژهەلاتی باشوري دەریاچەی «وان» و «دەرسیم» دا؛ تاكاتی شەڕی جیهانیی یەكەم هیچ زمانی ئەرمەنی یان نەئـەزاني، وە بەزماني كوردي قسەیان ئە كرد؛ ئەمانە هەر ئەو كوردانەبۆن كەباپیراني ئەوان لەسەر ئاییني مەسێحي مابۆنەوە، ئەگەرنەهیچ گەلی لە كاتێكدا لە ژێری حوكمی نەتەوایەتیی خۆیدا بێ زمـانی خۆی لەبیر نـاچێتەوە، وە بەزمانی گەلی ژێردەسەی خۆی قسەناكا؛ كوردەموسولمانەكانیش لەبەر ئەوە كە ئەوانە مەسێحیی بوون بە ئەرمەنیی بانگیان ئە كردن وەچونكۆ لەبنا كوردەكانی ئەوناوچە بێجگەلە گەلی ئەرمەنیی لە گـەڵ مەسێحیی-

ماوەل۹

## ووتاری دینی

ماوەی ل۱

دیارە كە ئاسمان لـە بارەی پیروزاو نەقشەی ئابوری زانایانە كە وەنییە، كاشوێنی دەستوراتی بە كێ پاچەندی لەپێغەمبەران كەوتبێ؛ چونكۆ لەو كاتەدا پەرزي و نزمیی پایەی ئەوپێ وزانا نەقشەیەبەپایەی دەستورانی ئەو پێغەمبەرە، یائەو پەیغەمبەرانەیە، كەلێیەوەر گیراون مەسەلەن : فلانە راباي ئەم صەدە دووایی یانە ئەلێ «ئەی مالێیات بە چەشنی موستەقیم بگیرێ» نابێ بەناوی ئەمە كە پیروزادلێ بكرێ چونكۆ ئەودەستورە، لەصەدەهاسالی بەرلەئەو ، وەلـەسەرەتای هاتنـی ئیسلامەوە ، دامەزرابۆ ؛ یافلانـە كۆمەڵەی زانایان،ماددەقانونێكی سەر كەوتودا ئەلێ (وە كوقانونی «لە كوێ هێناوتە ؟» )قسەیێكـی تازەنە كردووە؛ وەئەوقانونە هـەر نرخێكی بێ، بەحیسابی یاسای

ماوەل ۹

هەزارویەكشەو ۳٦۸

ڕۆژ. ضوءالمكان ووتی: ئەتوانی من ڕەوانەی ئەوێ بكەی؟ تونەوان ووتـی: چۆن تەنیا ڕەوانەت بكەم؟ تۆمنداڵێكی نابەلەد تەنیا خۆت چۆن پێتائـەبەرم بتخەمەڕێ؛ هەر كاتێ بتەوێ بڕۆی، من بۆخوم ئە كەومەت تە كت ؛ وەئە گەرژنە كەشم بە گوێم بكا، پێ ئەلێم لە گەلمانابێت، كـەلەوێ لەلای تۆبمێنینەوە؛ چونكـۆ دوری تۆ بۆمن سەختەوپێم هەموارنا كرێ. لەپاشان تونەوان بەژنە كەی خۆی ووت : حەز ئە كەی بڕۆین بۆدمشق، یاتولێرەدائەنیشی، تامن ئەم شازادەبگەیێنمەوەدمشق و بگەڕێمەوە؟ چونكۆئەوهەوای ماڵی باوكی كەوتوەتەسەری، وەئەیەوێ بڕواتەوە، منیش ناوێرم تەنیا بەڕێ بكەم، لەبەروەئەترسم، دزوجەردەلەنێوڕێگادا ڕوتی بكەنەوە . ژنی تونەوان ووتی، منیش لە گەڵتانادێم . تونەوان ووتی: زۆرچا كە . لەپاشان تونەوان هەستاوە، كەل وپەلی ماڵی كۆ كردەوە، هەموی بردە بازار، هەراجی كرد .

(كەچپرۆك گەیشتە ئەم جێگا، ڕۆژبووەوە، وشەهرزاد قسەی كـەی پچری)

## گەشەوی پەنجاو پێنجەمهات

شەهرزاد ووتی: ئەی پاذشای بەختیار! تونـەوان وژنە كەی ئەوتنەڕێ كـە لە گەڵ ضوءالمكانابڕۆن بۆدمشق؛ وە گوێدرێژێكیان بە كرێ گرت ضوءالمكانیان سواری كرد و كەتنەڕێ ڕۆیشتن. لەپاشدش شەووڕۆژ گـەیشتنە دمشق. ئێوارەلە گۆشەی كاروان سەرایێكدا خستنیان . تونەوان ڕۆیشتە بازار، بڕێ نان وپێخوری كڕی ، هێنای خواردیان وئەوشەوە لەوێ نوستن. وەپێنج ڕۆژلەوێ مانەوە . ڕۆژی شەشەم ژنی تونەوان نەخۆش كەوت و كەوتە ناوجێ؛ وەڕۆژبوڕۆژزۆبەولاوە ئەچو،

بنكەی ژین www.zheen.org

بەشی کوردیی شمال
# کوردستان
لاپەرەیی ، بو هەموو چار

## رابتیەد ئیرانی و انگلیس

سەرلێدانا ڕەسمی باعلیاحضرت الیزابت دووم مەلکا انگلیس ژدەولەتا ئیرانێ کو بۆ ناسەرداپینا شاهەنشا بوو، جارەکدي ڕابتەوحەژێ کرنابەرین ناودودەولەتا، وەهەڕێ ڕابتێد دۆستایا دوملەتێد نەجیب ئیرانێ وانگلیس زیندە کر.

هەلبەت ئەڤا ئەوول جارە کو پادشاهەك ژمەملەکەتێ انگلیس تێ ئیرانی، لێ هەما ڕابتێد هەردو دەولەتا تشتەکێ تازە نینە، نزیکیا چیارسد سالیدبە . مەسەلا مێژە کرنێ ئەوە، ئەڤ سەفەرلە چاخکێ دبە، کو ئیرانێ دەورانا تاریو بترسا تاریخیبە دەوراقاجار پشت سەرێ خوهێشتیبە، وەبدەر کەتنا ڕۆیا پهلوی کوچل سال ژێدەرباس دبە، سەربخویا خونەڕاستي دپساپەیدا کری، وە گەل دەولەتە کە مەزن فەنا انگلیس کو ڕۆژگارەی لەسەر پرێ دونیایێ حوکم دکر، نهۆ نۆتلی دەولەتە کو سەر بخوو دۆست و هەوپێیمان ڕۆبرۆ دبە.

مەسەلا کو تاریخیدا ئەشکەرە وزاڤ عەجێبە دەست تەڤ کرناکار بدەستێد ایمپراطوریا بریتانیا مەزن، کاربارێد هوندر ئیرانیدابۆ، کوژزەمانێ فتحعلیشا، بجورەکیی گەلەکی پیس دەست پێ بوو، وە حەتتانی ژهەو بەلاوبۆنا سلسلەتا قاجار بدەستێ خورتەاعلیحضرتێ ڕەحملێ بویی شەبۆیە .

چوپێش هاتەك عەردێو ئەسمین، ومیان لەهوندر مەملەکەتدا چونە بۆ کو بدەستێ بالیۆزخانا انگلیس وئیشارائەربابێد انگلیسی نزانبانا، تەوری ڕەخناوانە سیاسیهوقادلێ خەلکێدا کار کربو ، کوهاتنا لێونی وەهژا عەردێ وهشکسالی ژێ، ژوان دگرتن، ڕاکرن و خستنا حاکم و والییان و گشتی کاربدەستێد دەولەتێ و یاخیتی یاعەشیرەتێ بدەستۆر و سەلاحا بالیۆزخا انگلیس دهاتەحەسێب .

یاکورت خەلکێ هاژێ خوتەو کرنێد بالیۆزو کونسۆر خانێد انگلیس وەتەوری خولامێد بالیۆزخانێ هەبۆن ، بەرڤێ ژێ شەرێ ئەوولاجهانیدا، بەرێ واچەڤێ خەلکێ ڤەڕووەژك وبێزاریاوان ڕۆژبرۆژ زێدەدبۆ .

لێ هەماتەنێ دەر کەتنا سەرداری ناوداری ئیرانی **اعلیحضرت رضاشاهێ کبیر** بۆ، کودڕپکا سەربخویا ئیرانێ وقوت کرنا ڕەخنادەرا مێنامێر ەێرانی خەبتی، وەئیران ژوي حالێ پیس دەرخست وەجارەکدي مللەتێ ئیرانی سەر بلند کر وەئابۆرا ژدەست چوویی پاشدا ڤەگەراند

قەسدامە ژگۆتناڤان پرسانا ، نیشان داینا ڕابتێد ئیرانی وانگلیس زەمانێ قاجاردابۆ، یان نهۆ ڕابتێد هەردودەولەتا زاف باش بۆیە، وە پێیمانا مەرکەزی ، کوهەرتەنێ بۆنابەر گرییە ، هەردوملەت کرێ یەدوست وئالی کاروەحورمەتا بەرامبەري ناوبێیناوانەدادانییە، وەژبەرهەمن ڕابتێد باشە کوعلیاحضرت مەلکا انگلیس هەوالیا مێرێ خودا بەئیرانێ سەفەرد کن وەئەڤیەکا بۆمەزۆرجێیێ کێف خوشییە.

هیویامە ئەڤە، ڤێسەفەرێدا بعلیاحضرت ملکا انگلیس خۆش بهوری بە، وەحەقیقەت بینی یاکو ژخوێ مللەتێ نەجیبی انگلیسە، دۆستایا مللەتێ قەدیمە ئیرانێ خەنیمەت بهێژمێرن، وەنۆزاکو ژسیاسەتا نەباشەدەولەتێد بەرێ دلێ مللەتێ ئیرانێ دامایە پاقش بکە وەخاترجەم بن، کوئیرانیی گاواك باشی دبت چۆیا بپرڤەد کە.

ئەم جارەکدي قدومێ علیاحضرت ملکا انگلیس دا عەزیزد گرن، وە هیویا مەئەڤە کو ڕابتێد دودەولەتا هەمێشە جییێ خودا بمینە، وەبۆ پاراستنا سەربەستییودموکراسییا جهانێ وسولحا دونیایێ هەودي گاوزادن.

### مانایوشەکان

(لێویی) : لافاو: سیل

(مەژامردێ): لوومەرزە: زمین لرزە

## جفاتار باطی

بۆ کوتتاکرنا ئوخۆرما الجزایرێ، تەلاشێد تازەدەست پێ بوویە. گوفتگۆێد **حبیب بورقیبە سەرەکێ جمهووریەتا تونس** گەل **ژنرال دوگول سەرەکێ جمهووریەتا فەرانسە** لەپاریسێ کو چەندرۆژان بەرێ بوو، حەقیقەتدا باش ویادلگەرییێ بوو.

ژنرال دوگول بەرێ بژفراندۆما کو فرانسە والجزایرێ داهاتە کرن، بحەزکرنا پرێ خەلکی فرانسە والجزایرێ بسیاسەتاخو ، بارا مەسەلا الجزایرێدا خاترجەم بووز وەپاشێ حبیب بورقیبە سەرەکێ جمهووریەتا تونسێ کوخەلکێ ئافریقا ژێ حەزدکن، تەکلیف کر، کو گەلوێدا لەپاریسێ قسەکن .

بورقیبە چەندرۆژا بەرێ ئەڤ گۆفتگۆ لەپاریسێ کر، وەچاخێك ژوێ ڤەدگەریا بکوتتا بوونا مەسەلا الجزایرێ خۆش بین بوو.

بورقیبە بخوئەو کەسە کو بۆسەربخویا تونسێ گەلەك فداکاری کرییە حەتتانیی کو ئەڤ دەولەتا شمالائافریقا ژاستعمارێو بژدەستێ دەرخستییە .

هەم ژێ فرحات عباس سەرەکوەزیرێ دەولەتا ئازایا الجزایرێو خەلکێ وي پەژي پێ خاترجەمن .

هەرچەندە بورقیبە ئەشکەرە دایەحەساندن کوحەزنا کەبناوێ ناوجیتییێ تێکەڤە ناوبێینا خەلکێ الجزایروفرانسە، لێهەبێ شك ئەڤ عەمەلێ ویسەڕاست الجزایرا سەربخودا ئەسەرەك مەزنێ هەبە .

بورقیبە ژپاریسێ چوو رباط پایتەختا مراکش، وە گەل سلطان حسن دووم پادشاهێ مراکش وعباس فرحات جڤاتەکدانیی وەجریاندنا گۆفتگۆیا پاریسێ وانرا گۆت.

تونس والجزایرومراکش سێ جینارن لەشمالائافریقا، وەخەلکێ وان ژبەرا نەژاد وزمان ونێتێد مللەتیێ هەودي رایەکن، وەبۆڤێ ژێ سەرەکێد تونس ومراکش، گەلەکی حەژی سەربخویا الجزایرێ دکن .

جڤاتار باطێدا، بورقیبە گۆت ژنرال دوگول گۆتییە، کو گەرەکو گوفتگۆیێد فرانسە والجزایرێ سەرپێ یێ باخشاندنا سەربخویا تتامبەالجزایرێ ژێ هەرە.

ڕاستیئەڤە، کومللەتێ فرانسە بخوژي ، ژئۆخورما الجزایرێ هاتەزارێ، وەهاتێخوویان کوزاف حەزدکن. ئەڤ ئالۆزیژناوژابە.

هەگەر ژنرال دوگول بوکاربەڤێ مەسەلێ ئالیکیخە، سەرفەرازیکە مەزن تاریخا فرانسە دالەدەوراهەیی تێنەدەست.

نهۆ کوژشەش سالازێدەترە بەراملەتیاالجزایرێ بەرخاترێ سەربەستیا خوگەل فرانسە شێرد کە، لەتمە کە مەزن گپشتییە ئابوورا فرانسە، وە گەلەك حکوومەتێد فرانسە ژبەرمەسەلا الجزایرێ ژسەژکار کەتنە .

بەرڤێ ژی هەگەر ژنرال دوگول ڤێمەسەلێ ئالیکیخەسەرفەرازیکەمەزن قازانج دکەوەهەم ژی ئیقتصادو قۆشنێ فرانسەژوێ تەنگاڤیێ خەلاس دکە .

چێشیتا خەباتێد ژنرال دوگول وەشەرکاریا سەخت کوسەرەك مژهرێ فرانسە گەل نەیارێ سیاسەتا خوبارالجزایرێدا ، تەسمیماوي محکەم بکوتتاکرنا ئۆخورما الجزایرێ دەخوویان، وەزاف مەکونە ئەڤ گلیاهشك کوکارێ سیاسەتا فرانسەدا چێ بوویە، بدەستێ ڤیی سەرداری مەزنوارە ڤەکرن .

### مانای ووشەکان شمال

(جڤات) : کۆبوونەوە : کنفرانس

(جینار) : دەراوسێ: همسایە

(هاتێخوویان) : وادي یارە : اینطور بنظر میرسد

(چێشیت) : یاسا : سبك وروش

(تەنگاڤی) : سخلەت : مشگل و گرفتاری

(ئوخۆرە) : پێشهات نمشکل وپیش آمد

بنکەی ژین www.zheen.org

# کوردستان

## بەشی هەورامی
وەرگێز:م.ص.مفتی‌زادە

## لاپەڕەیی-بوهەموجار

### دوسیی‌و ئێران‌و ئینگلیسی

سەردایو زەمپو مەلـە کێو ئینگلیسی جەئێرانی کـەپـەی بازدیڵو **شاهەنشای** بیی،جارێوە تەر پەیوەندیی ودۆسایەتیو ئادووە وەلاتیشەقاییم‌تەر کەردەوە،ئەڵبەت، ئی‌سەردایە، یە کەم دیـدەنێوا کە جەلایەنو پاڎشاکاو ئینگلیسیەوە، پەی‌ئێرانی کریان؛ بەڵام‌دۆسایەتیو ئادووە وەڵانیە! تـازەییی‌نییا ، وە نزیکوچووارصەدسالێن‌پێوەدۆسیی شاهەن،

چێویوە کەفرە گرنگ‌بۆئانەنە، ئی‌سەردایە وەختێوە بیی کـەڕۆز گارو قاجاری‌یەکادمایش ئامان، وەئێران چاهەژاري وبەدبەختی‌یە ڕزگاربییەن،وە کەوتەن دەورەوە-درخشانو **پەهلەوی**، کـەئێران ئازادي‌واستقلال‌وتەمامووێش‌دەس کەوتەن،وەچەنیووەلاتو ئینگلیسی گەڕۆزگارێوە، ملـو بـەشوفرەو دنیایەرە گەورەیی کەرێ ، وەبە تایبەت ئێرانش تەمام گرتەبێرە، ئیسەپێسەدووێ دۆسی‌هام‌پەیمانێ پێوەدپڎو بازدیڎ کەرا.

پاجۆرە کە تاریخ‌نیشانەمـەدۆ ئینگلیسی‌یەکا جەدورەو فتحعلی شایە‌نەفرەتەرجەئێرانەنـەڕپشەـ شاکووارە،وەتازۆز گاروپادشایی‌و **اعلیحضرتی فەقیدی** ، خایناش.

هەر چێوێوە کەجە ئێرانەنە قۆمیێ‌خەڵکیی‌بەنەنشەوئینگلیسە کاش‌زانی،تەنانەت‌لافاو بووەمەلەرزەو گـــــــرانیی‌وهەر-زانیی وکارەکای تـەڕیچ،پێسەسەر پێچیی وبەگلگەکا، وەوازێیابوکار بەدەسەکا، گرد،جەلایـەنوسەفارەـ توئینگلیسی شۆزانێنی .

بە کورتی خەڵکو ئێرانیی‌بە گردەوەکاو ئینگلیسەکاجەئێرانە، وەتەنانەت نۆکەرەکایچشا، ئاگا-داری‌بێنێ .

جەجەنگی جهاني ئەوەلـەنە‌ خەڵکی چەمێشا کە دێوە، وەجە دەس درێژي وبێگانـەکا وەرەسێ بیێ، تاوەختێوە سەردارو گەورەو ئێرانی **اعلیحضرتی‌فقید ، رضا شای‌کبیر،** ئاماسرو دەوری ، وە ئێرانش‌چاگیانەڵاویەڕزگار کەرد.

مەبەستو ئێمەچاباسیەهوردایو بێ دەسەڵاتیو قـاجاری یەکابی ، ئەکەرنە ،چی‌دمایی‌،نەدۆسایەتی پێوە گەورە جەبەینو ئینگلیس و ئێرانیە مەرزیارە، وەیۆ جەنیشانە وئادۆسایەتی‌یەئانەنە کەچی‌وەختەـ نەعولیاحەزرەت مەلەکێوئینگلیسی چەنیو والاحضرتی شۆیش ئامـێ پەی‌ئێرانی، وەئێمەپائامابە فردوە شحالێنمێ .

ئومێڎەوارێنمێ مـەلـە کێو ئینگلیسی چی‌سەفەرەنە ، وەشش وەونەیەردەبۆ،وەخاترێـوەخاسش پەی‌وەلاَتووێش بەردەبۆ،وەبەچەمو حەقیقەت بینیی کـەجەخەصڵەتە خاسەکاوهەردەوێ میلەتان،قەدرو دۆسایەتیو گەل وئێرانی‌بزانۆ،وە دڵگرانی‌بیۆوە، کە جـەسیاسەتو دەوڵەتەوەڵینەکاوە، پـەی‌میڵلەتو ئێرانی ئامان‌دي دلێنە‌نمانۆ ، و بزانا کەئێرانیی‌ئە گەروەشەوبستیش چەم‌پەنە کەوت، گوزەشتەش وبر-مشۆوە .

ئێمە بەئامایومەلە کەئەنیزابتی دووەمی پەی‌ئێرانـی‌وەش‌ئـامای ماچمێ، وەئومێڎەوارێنمی کەهەر-دووێ وەلاتێ پەی‌دۆسایەتیی‌وێشا، وەهێمنیی‌وئـاشتیی‌ودنیـای‌پێـوە هەنگامە هۆر گێرا.

### کونفرانسو رباتی

پەی وش کەردەیومەسەلێوئـەلجەزایری کـوششێوە تـازەدەس پەنە کریان؛ قسە کەردەیو «حبیب بورقیبە»ی سەر کۆماروتونسی چەنیو ژنراڵ «دوگول»ی سەر کۆماروفەرانسەی کەجەپاریسەنە، ژێك کەوت، پێشە کێوەفرەخاس‌بێ ، وەیا گێوئومێڎیەنە .

ژنراڵ‌دوگول‌پاڕفراندومیە کەجەفەرانسە وئەلجەزایرەنە کردش سەبارەت بەسیاسەتـو ئـــــــاوەلاتیەوەدڵنیابي ؛ وەدماوئـانەیە «حبیب بورقیبە»ش‌چۆی کەجەدەوروبەرومەسەلێوئەلجەزایرنە، پێوەقسێ کەرا؛ دماوئانەیە کە بورقیبە‌چاووتوویژیە کەچەنیو ژنراڵ دوگولی کەردشا، دڵوەش‌بي پاریسیش جیائاست .

بورقیبە کەسێوا کەپەی سەربەستیوتونسی هـەوڵ وتـەقالاییێوە فرەش‌دا ، وەتاواش ئاوەلایتە کەئیناجەشتیمالوئیفریقایەنەئازاڎ کەرۆ.

«بورقیبە»یا گێوباوەڕو«فەرحات عەبباس»ی،وە گەل‌وئەلجەزایر! یچەن، باوە کوبورقیبە مەیلش‌نییەن میانجی گەري جەبەینوفەرانسە و ئەلجەزایرنە کەرۆبەڵام ، کۆشش‌وئاڎی‌بۆبەسەبەبوئانەیە کە ئەلجەزایـر ئازادي واستقلاڵش گنۆدەس .

«بورقیبە» دماوئانەیە کەجەپاریس گێلاوە ، لـواپەی «ربات»ی پاتەختومەرا کیشی،وەچەنیو«سلطان‌حسن»ی‌دووەمی پاڎشاومەرا کیشی وە«فەرحات عەبباس»ی بێیوە ، قسەکاوپاریسی‌شا ووستێنەدلێ .

تونس ومەرا کیش وئەلجەزایر،یەرێ وەلاتێ‌هامسێ شمالی‌بێنێ جەئیفریقانە، وخەلکوئاوەلاتازبان ،نەژاد ودینشایووا، وەپێوەنزیکێنێ هەرپابۆنەوەنە کەڕایەرەکاوتونس‌ومەرا کیشی‌پەی‌ئەلجەزایری‌ودڵسۆزی کەرا ، وەهەوڵ‌مڎا کەئازادي واستقلالشادەس گنۆ .

جە کونفرانسوڕباتیەنەبورقیبەپاسەش‌باونا کەبەژنرال‌دوگولیش واتەن کەوتوویژوفەرانسەی‌چەنیوڕابەرەکاوئەلجـزایری مەشیایێ‌پـەی ئازاڎي‌دای‌بەوەلاتوئەلجەزایری‌بێ ؛پاسەدیـارا کە فەرانسەیی بـە کێچ جەمەسەلێوئەلجـزایری مانیێنێ، وەحەز کەراهەوچی زۆیـە‌ کارێوەش پەنە کریۆ، وەدمایێش‌بێ .

ئە گەردوگول بتواوۆ، ئاکاریەتەمامنۆ؛جەفەرانسەنەشانازی‌بێوە، گەورەش‌دەس گنۆ‌ چی‌شش ساڵەنە کە ئەلجزایـرچەنیو فـەرانسەی خەریکوجەنگ کەردەیا ، زەرێوەفرەش بەفـەرەنسەی‌دان-وەسیاسەتـو ئاوەلاتیشەتەقولەق کەردەن،چی‌موددەنە کەهەر کام‌جەکابینەکاوفەرەنسەی ئامێنێ ڕووەوکاری، نەتاوانشا ئامەسەلێ حەل کەرا ،وەتەنانەت بـڕێوەـ شاوەروئانەیە،نەتاوانشاکاروئەلجەزایری‌دوروس کەرا جەکار کەوتێنێ،

ئەگەرژنرال دوگول بتاووکاروئەلجەزایری تەمامنۆ کۆمە گێرە گەورەش‌بەسیاسەت‌وکاروباروآبوری وسپاییی‌وفەرانسەی کەردەن وەپەی وێ‌یچش شانازي‌بێ وە گەورەن . لەوکارودو گولی وەبەر بەرەکانێوئادێ چەنیوفەرانسەیی‌یەناحەزەاووبش وەپائەرە گرتێوە کەجەوێش‌نیشانەش مەدۆ، چانەیەمشۆ کەبتاوۆ‌ بەمەسەلێوئـەلجەزایری دماییـی‌بـدۆ، وە ئالکە گەورێ‌بەدەسوئاڵابەرە گەورەیە کریۆوە .

### باسیکی ...

ماوەی‌ل۱

ئە کا . بەشی‌دووایی‌لەوحە کە داخە کەم لەنێوچووە ، وە وەر گێڕاوی ئەوبەشەی کەماوە ، ئەمەیە :

«منم کووروش ، شاهی شاهان ، شای گەورە ،شای زۆردار ،شای‌بابل‌،شای سومەروئە کەد ، شای‌چوار وەڵات . . . لەچلی‌پادشایی‌جاویدانیی کە زەنجیرەی‌ئەوژە گەزەخوشەوپستی خودایانن ، وەفەرمانی ئەوان نزیك بەدڵانە .

کاتێ بێشەڕوشۆڕومشتومڕ هاتمەبابل ،هـەمو خـەڵکی‌قڵۆمی منیان‌بەشادمانیی‌پیروزبابی‌ووت- لە کۆشکی‌پادشاهانی‌بابلالسەرتەختی پاڎشایی‌یەوە دانیشت . . . سپای گەورەی‌من بەلەسە رخۆهاتەبابل . نەم هێشت کەئازاری بەخەلکی نەم‌شارە وئەم‌سەر زەوینەبگات کارو باری‌بابل وجێگا بەڕێزەکانی ئەو دلی‌منی ڕاتەکاند .

فەرمانم‌دا ، کـە : هـەموو گەل‌لەپەرستینی خـوڎای خۆیانا ئازادبن ؛ وەبێ‌دینە کان زوریان‌بۆنەهێنن . فەرمانم‌دا ، کە : ماڵی‌هیچ کەسێ‌ویران نە کرێ .فەرمانم‌دا ، کە :هیچ کەس دەست‌بومال‌ودارایی خەڵکی ئەوشارە نەبا . خوڎای گەورەلەمن دڵ‌خۆش‌بوو ؛ وەبەمن کـە کوورشم‌وبە کوڕم «کمبوجیە» وبەهەموسپای‌من‌بە گـەورەیی وچاو-دێری‌خۆێ هەمووچا کەوخەیروبەرە کەتێکی‌بەخشیوە فەرمانم‌دا ، کە لەبابلەوە تاشوش‌وئاشووروئە کەد و . . . وەهەمووئەوعیباڎەت‌خانانە کەبەسرابوون بیکەنەوە .هەموخوڎایانی ئەم‌عیباڎەت‌خانانـەم‌بردەوە سەرجێگای‌خۆیان .خەڵکی‌هەمو گەرە کەکانم کـۆ کردەوە ؛وەمالو خانووی ئەوانە کەوێران کرابوون، تازەم کردنەوە خوڎایانی« سووەر» و«ئە کەد»م‌بێ‌ئەوە زیـانێکیان‌بێ‌بگا ، بردەوە بـۆ کۆشکە کانی خـۆیان کەناویان «شاڎي‌دڵ» ە . ئاشتي وهێمنیم‌بەموو گەل‌بەخشی»

☆☆☆

ئەمەبووژا گەیاندنی کووروشی‌مەزن .بەراستیی‌هەر کەس ئـەمە

ماوەل ۱۱

www.zheen.org

# کوردستان

## بەش کرماشانی

نوسیای: «سید محمد سعید غیرت»

## لاپەڕەیی، ئەرای گشت جارێك

## کوردەیل بناسین

نەظەروەیە کە ئیجرا کردن بەرنامەیەیل «محلی» لەڕادیۆ و تلەڤیزیۆن ئەڕای ئەوەسە کەهاو وەتەنەیل عەزیز ئیراني یەکترەك بناسن، ئەڕای یەکە ئەو مەردومە کەلەبـاوەت نـژادومیللییەت و مەذهەب وعادات هاودەس وهـاو قسەوهاوزەنگن، گەردیەك نەناس نەمێنن، بەسە کـە لـەڕادیـۆ و تلەڤیزیۆن ئیرانیش ئی کارە کریاس، بەرنامەی کوردي لە ڕادیۆو تلەڤیزیۆنها لە بان دومەطلەو:

یەکی ئەوە کە کوردەیل لەسەر زەمین ئیران ئەرزش ومەوقعییەتیان فرەس، چۆن لە کویسانو کەنارەی مەرز، دامەرزینەلەطوڵ تاریخ ئیران هەمیشەکاریان دفاع لەئیستقلال و «عظمت» ئی ئاووخاکە بییە.

یەکی تریش یەسە کەوەبۆنەی ئەوە کەلە کویسانمەنزڵگاداشتنە ئاداب وڕسوم ئیران قەییم حیفظ کردنە؛ یەسە کە کـەسی بتوات ئیران قەییم خاس بناسێت وەپەی بوەتەڕەسم، ڕسوم ئەخلاق مەردوم قەییم گەنجینەی گشتي ها لەسەر زەمین کوردەیل. لەناو کوردەیل نەتەنیاهێمانیش زیندەیی و زوان و ئاداب ولیباس وئەبـزار، ئەسواو کار ئیران باستان هەرچنەومەنییە، سەجایای ڕۆحی مـەردوم قەییم ئیران لەقەبیل صەداقەت، ئەمانەت، شوجاعەت، «تعصب» میللي، میهرەباني، مێوان پەرەستي، هۆشیاري، بائی هەمگە صەدەمات وزەنگ وەزەنگ بین تاریخ دەس نەخواردي پابەرجاس.

یەلەخصوصیات نژاد ئیراني یە کەلەژێر باردەس درێژی بەیل پشت یەك تاریخ هێمان نـاو ئیستقلال و ئاثارە میللي خوەی لەدەس نەیاس؛ چنەو کە دەس درێژي ئیسکەندەر وئەعراب ومغول بیشتر میللەتەیل لەناوبرد وهیچیان نەمەنێ؛ وەیەسە پەیدا کـردن خصوصیاتیان فرە سەختە؛ وەلی ئیراني هێمان مەفاخیر میللي خوەی، وەناوو ئاثار و ئاداب خوەی لەدەس نەیاس.

ئیسە ئەگەر کـەسی بتوات وە ئی چشتەیلە پەی بوەت، لەسەراسەر ئیران ئاثاری زیندي و پابەرجاس. بەنا بەریە چاوبڕین وە ئەوضاع و ئەحواڵ کوردەیل ئیمرۆ دروس جۆر ئەوەسە کە کیتاوی لەحالات مەردوم قەییم ئیران بخوەنن؛ بائی فەرقـە کتاو نۆسەیل نـەتۆنستنە حەقیقەت چنەو کەهەس بنۆسن؛ وەحالیە کە کوردەیل ئیمرۆ جۆر ئایەنەی ڕۆشنێك ئیران زیندي قەییم وە دونیا نیشان دەن. وەزوان تر ئەڕای ئاشنا بۆن وە حاڵ وحەواڵ مەردوم گوزەشتي ئی سەر زەمینە جۆر ئاشور ومصر ئیحتیاجی وەزەوی دڕێن وشوێن گەردین ولەچشتەیل مـردي وە حەدس وقەرینە تاریخ دروس کردن نییە، چونکە تەمام ئەو ئاثار قەییمە ئیسەیشە لەناو کوردەیل زیندی یە.

وەئی جهـەتـە تەکلیف واجب هەر ئیراني ئەوەسە، کە: کوردەیل بناسن؛ وە هـەر کـەسیش بتـوات ئیران قەییم بناسێت، بایەس کورد بناس بۆت.

هەر ئەو شوجاعەت وڕەشادەت و وەتەن پەرەستي وبەشەر دۆستي و دروسي وڕاسي کە خۆن وڕەگەو ڕیشەی ئیراني یەیل قـەییم بییە، هێمان کوردەیل نمۆنەونیشانەی کامیل ئەوەن.

کوردەیل جۆرباو کەیل قەییمي خوەیان سەرسەخت وپایدارن، چونکە بایە کەمەناطق کوردنشین کۆسانی وسەخت و کەم ئاوە، باکۆشیش فرە ئاوای کردنە.

کوردەیل لەجەنگ گەورای ١٩١٤-١٩١٨ لەبـەرانبەر دەس درێژي تەزاری یەیل بیگانەوەباقی دوشمەنەیل ثابت کردن کـەهەر ئەومەردومەنە کەلە ٢٥ قەڕن پێش ئەو کارەوەسەر «گزنفون» یۆناني هاوردن.

کوردەیل لەزەمان تاریخ شۆن ئیسلام تائیسەجۆر دیوار ئاسنین لە بەرانبەر تور کەیل عوثماني وسیان وئیران حیفظ کـردن، حەتتالە زەمان قاجاریە کە ڕۆژ بەدبەختي سیاسی ونیظامي ئیران بـی، هەر ئی کوردەیلـە «کەلهوڕەیل و ـ عەشایر تر» وەسەرداري «دەولەتشاه» چەن کەڕەت بەغداد موحاصەرە کردن.

کوردەیل لەڕاسي ودروسي و ئەمانەت وحیفظ پـەیمان ومێوان پەرەسي ودفاع لەپەناهندە، ڕەفتار وەگەرد ئەسیرو بیچارە، نمۆنەی عالی ـ مەکارم ئەخلاق بۆنە.

ئەوانە کە گوزەریان کەفتیە سەخاك کوردهێمانیش سەرانسەر کوردستان بەهەشتی لەجلوەی ئی ئەخلاقەیل لەطبیعەت ینەولەسیاحەت نامەیل خوەیان نۆسانە. هەرڕێواری ئی خصوصیاتەلەشوان ووەزیر دەیشت تاقوێخا وخان کورد ەچەوخوەی دییە، کە: مروەت ووەفـا لەوسەر زەمینە نەمردی یە، وەوە صورەت سیمورغ و کیمیا دەرناتیە.

ئیوە لەناو ئیلات وعەشایر کورد، عشق بازی یەیل فرە سۆزناك وەلی وە دەس وداوان پاكێ وە دەرەجەی فدا ـ کاري فرە دۆنن؛ وەهەر چنەو گۆراني یەیل پڕ سۆز و گوداز وەمەضامین و تەشبیهات فرە قەشەنگ لەناو کورد هەس کەخوەی نیشانەی ئیحساسات ڕەفیق وفکر باریکە.

لەیانە گشت عەجیبتر ئەفکار فرەعەمیق عیرفاني، وەسلسلەیل جۆروەجۆر طەریقەت تائەورە کە سەرزەمینەیل کوردنشین مەرکەز «تصوف» (خوصوصەن «تصوف» ئیسلامي) وەمەنزڵگای ئەقطاب و مەشایخ ئیرشاد لەقەبیل «نعمة اللهی» قادري، نەقش بەندي، وەطەریقەتەیل جۆروەجۆرتر هەس؛ وەیەخوەی شاهید «دقت نظر» وەئیمان و فیطرەت پەرهێزکار کوردەیلە.

زاستن ئی مەطالبە عەلاوە بەر یەکەوظیفەی میللي یە، لەیە کە نیشانەی ئی هەمگەلەطایف وبەرزي ڕۆح بەشەری یـە لەنـاومەردومی صەحرانشین وسادەس کە بیشتریان لەحاڵ شواني ودەیشتەکي وسادەیی زیندەیی کەن، خوەی عەجاییبیکە، کە بەرخلاف باقی میللەتەیل بەدەوي یانەمەردمیکن میهرەبان وسەرووەڕي و «مودب» وبەشەر دۆست.

ئیمە ئەڕای ڕۆشن کردن یەکە یەکەی ئی مەطالبەمەدرەك ونیشانەی زینێ فرە دیریمن. ئومیدواریم کەم کەم وەنەظەر برەسنیمن، تا مەردوم وەئی حەقیقەتەیلە ئاشنا بۆن.

## زەیوگرایی (جغرافی) سنقر و کلیائی

وەبوونەی نەوۆن جیگا ئەڕای شومارەی دومایین .

## عازیەتی امیر المومنین علی علیه السلام

هەمیش مانگ ڕەمەزان کەمانگ خوداس، ئیمەخستەو برمەردی کەمەردخوداس. ئەری کەفتیمنەویر کۆس جگەر ـ ڕۆشەهادەت شامەردان ئیمام «متقیان» مەولاعلی علیه السلام .

عەجایب پیایك بی کەلەطوڵ تاریخ «بشریت» پا، نیا وەعەرصەی وجوٚد . لەبارەی شەخصییەتی ئەقوەرە جەنگ وشۆرش لـەناوئەفکـارو عقۆل مەردوم دەس دا، کە ئەسواوحیرەتە . بڕی لـە فرەیی موحەببەت خودا زانیستنەی؛ وەبەعضی لـەفرەیی بوغض وعدوان کافـر خوەنەی؛ خوەی خاس فەرماییش کرد : هەردولایان وەئاگر قەهر خودا سزن.

مانای عەدل وداد، کەلیمەی حەق وئینصاف، پەناگای هەژارەیل وجەور کیشەیل، حەق گوزار ضەعیف وفەقیر، گشتي کەلیمەی «مقدسە»ی (علی) بۆ.

علی مەقصۆدی ئەوەبی کـەجی نشینی پەیغەمبەر ئـەوجۆرە کـە پەیغەمبەر تواست بۆت؛ وە تەمام موبارەزاتی وەبۆنەی ئەو کارە بی.

علی کەسی بۆ کە وجۆدی قابل دەرك نەوۆ؛ یەگانەپیای عیرفاني چۆمەولەوي ڕۆمی کە عقۆل عارفەیل دونیا حەیران قسەکانیە، لە کەنار ئوقیانۆس مەوواج علی ووساو کلك وەدەم وەت:

رومي ! نشدازسرعلی کس آگـاه

زیرا که نشد کس آگه ازسرآله

یك ممکن واین همه صفات واجب ؟!

لاحـــــــول ولاقوة الابـــــالله

داخم لەدۆوای ئەوهەمگە کۆشیشەکامی لـەدونیانەورد . تـەمام عومری وەجیهاد لەڕێ دین خودا گوزەراند؛ وەنان جۆقەناعەت کرد ؛ غەیر ئەڕ ئیجرای حـوکم خودا، وەغەیر ئەڕ بـەرهێز کاري هیچ چشتی سەر گەرمی نە کرد .وەدونیا ئەڕای دونیاداران وەرەلاوە کـرد؛ تالەدەم بەیان ڕۆژ ١٩ ڕەمەزان لەمیحراب مەسجید کوفـەوەشمشێر ژاراوي «ابن ملجم» غەددار شەربەت شەهادەت نۆش کرد .

درۆدوسەلام فرە وەڕەوان پاك خوەی وئەصحاب وپەیـرەوانی کە هەمیشە ئەڕای ئیمەسەمبول ونمۆنەی کامیل مەردخودا ومەرد ئیسلامن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

### میژووی...

ماوەی ل ٤

یەکانی‌ترا پەیوەندیکیان نەبۆ، هەر کەس مەسیحیی‌ببوایێ بەئەرمەنیی ناویان ئەبرد؛ ئەمرۆژیش هەروایە . لە شەڕی جیهانیی‌یــە کەمدا کـــە دەوڵەتی‌عوثمانیی ئەرمەنی یەکانی‌ژێــردەسەی خۆی بــەتێکڕا کوشت (قەتڵ‌عامی کردن)لەو کوردە مەسێحی‌یانەش گەلێ کــوژران ئــەوانە کەتوانیان هەڵێن‌ولەسنوری‌عوثمانیی‌دەرچن،لەگەڵ ئەرمەنی یەکانی‌ترا تێکەڵ بۆنەوە؛ وەدیسان زمانی‌ئەرمەنیی‌یان یاد گرتەوە.

ڕۆژگاریێ «نایری» یەکان– کە ئاراراتی‌یەکانیش مان‌لەوان‌زانی– وەدەورانێکیش «موشەکی» یەکان لە خاکي «ئارارات» دا٬پاڎشایی‌یان کردووە،وەتەواوی کوردستانی‌با کۆری‌یان‌دا کیر کردبۆ. شاری«موش» یاد گاری ئەم هۆزەیە.

«توراة» کتێبی«پەیدایش» (۱۰: ۲۳) ئەم هۆزە بە«ماش» ناوئەبا وئەڵێت کە : ئەوانە دانیشتوانی‌با کۆری «ئەلجەزیرە»بۆن.وەزەنجیرەی ڕەگەزی ئەوان بە«یافث» کوڕی «نۆح» ئەگاتەوە؛ وەلایان وایە کـــە ڕۆڵەکانی‌ئەولەنزیکیی‌چاوەکانی‌دەجلەڎا دانیشتوون. لەدەوەدەرئەکەوێ کە «موشەکی»یەکان تاباکــۆری «ئــەلجەزیرە»یــان هێنابووە ژێری دەسەڵات وڕکاوی خۆیان . لەصەڎەی هەشتەمی پێش لە میلادا، پاڎشای «لیدي» بەناوی«میتاس» ـ کە لە مێژوڎا«بەمیتای‌موشەکی» نــاویــان بردووە ـ لەگەڵ «روسا» پاڎشای «ئارارات» دا٬ بۆنەهادەس، وەلەگەڵ «سارگونی‌دروەم»دا، شەڕیان کردووە.بەپێی بیروڕای بڕێ لەزاناکان لەوکاتە ڎا «ئورارتو» بەشێ‌لە«ماد» بووە، کە لەپێشان باسمان کرد.

### ووتاری‌دینی

ماوەی‌ل٤

ئابۆریی ئیسلامە،کاتێ‌بەچەشنێکی تێکڕایی‌ئەڵێن«نەقشە،یابیروڕای ئابۆریی هەر کــەسێ لە غەیــری پەیغەمبەران ، ئەبــێ ناتەواوي و عەیبێکی وەهای ببێ»،مەبەستمان نەقشە وبیروڕاییکیەتی ، کــەهي خۆی‌بێ، وەلەمێشکی خۆی‌دەری بڕێ‌بێ . جائێستا ئەوەش بزانین کەئەوە واعەیبی یاساکانی پەیغەمبەران‌بۆ،دووایلەی سەر کەتوويو باشیی یاسای‌غەیری‌پەیغەمبەرانە. یانێ : نەقشە وبیروڕای ئابۆریی هەر کەسێکی غەیری‌پەیغەمبەران ئەگەر زۆرجوان وڕێکوپێك‌بێ، وەگەییشتبێتەدووا پلەی کەماڵ ، ئەوکاتەیە، کەبەڕاستي ، لــەگەڵ نییازی ڕۆژگارێ، ؛ وەکاروباری کۆمەڵێکدا ، باش جۆربێ٬وەهەر بەوچەشنە ٬ کە یاسای هەرکام لــە پەیغەمبەران‌عەمەلەن‌وەبەشایەتیی مێژو، توانیویە ڕێگای ڕزگاري بنێتە بەرهــۆزێ لـەڕۆژگارێکد

ماوەل۱۱

### دیاریی خوینەران

## زیبکی شاهانە

ساقیەلێوئاڵەکەی‌چاوکاڵەکەی‌ئەبرۆ کەوان

بمدەرێ جامێ شەرابی‌نابی ڕەنگی‌ئەرغەوان

بائەجاتی بێ‌لەدەس‌ڕەنج‌ئەلەم‌طەبعی‌ڕەوان

تابەکەیفی‌خۆم‌بکەم‌مەدحی‌شەهەنشاهی جەوان

مەدحی شاهەنشاهی میللەت پەروەروصاحیب کەرەم

لاگری حەقق‌وعەداڵەت ، دوژمنی ظــوڵم وستەم

خاوەنی بیرێکی ڕۆنە، صاحیبی‌عەزمی‌قەوي

هیممەتی‌ئەوبۆ،تەمی‌نەگیەت‌لەسەر ئێمەڕەوی

ئەوبۆنەی‌هێشت: پەرچەمی‌سێ‌ڕەنگی ئێمەبێ‌نەوي

وەقفی‌ڕێگای‌میللەتەئاسایێش‌وخوردوخەوی

قەت‌نی‌یە غافێڵ لەحاڵی‌خەڵك و ئەوضاعی وەتەن

خزمەتی ئێران دەکا داییم بــەماڵ‌وگیان وتــەن

مەحوونابۆدەبەجارێ دوژمنی‌مەفوری‌پەست

مەسئەلەی‌مەشهوورەبێگانەپەرەستدینی‌شکەست

لوطفی‌حەق‌نەی‌هێشت کەئیستقلالمان بڕواڵەدەست

زیبکی شاهانە بەری لافاوی ئیضمحلالی بەست

پشتیوانی شای عەداڵەت گوسترە لوطفـی خــودا

لوطفی یەزدانی لەشاهی ئێمە قەت نــابێ جــودا

۱۳۳۵ـ سیدمحمدامین‌شیخ‌الاسلامی‌ـهێمن

### دڵی شاعیر — هێمن

دڵی شاعیر وەکــوو ئاوێنە دەچــێ

گوڵەکەم! تۆدڵەکەم مــەشکێنە

ڕاستە زۆرناسکــە ئەمماکەشکــا

وەکــوخەنجەر دەبــڕێ ئــاوێنە

### خونچەی سیس

دیتم لە نێــودارو دەوون — لەسەرچڵــی‌سورە گولێ

دەی‌ناڵاندوەی کردشیوەن — بەری بەیانی بولبــولێ

کوتم: ئەی‌مەلی‌دڵ‌سوتاو

چی‌یە؟بۆدەناڵێنی بەتــاو

کــە ناڵینت بۆئەوەیــە — گوڵت وا زوهەڵــوەریوە

ناڵینێکی بێ فــایدەیــە — بۆچي نازانی، نەت دیوە؟

گوڵ هەفتە تــاباتەسەرێ

سیس دەبێت وهەڵدەوەری

جوابی دامەوە بولبــول — بەئەسپایی بــەکاوە خــۆ

کوتی : ناناڵێنم بۆ گوڵ — کەسیس دەبێ، دەزانی‌بۆ؟

ئەوژیانێکــی ڕابواردووە

پشکوتوە ، جاسیس بووە

ناڵینی منبۆ خــونچەیە — بۆخونچە پەشێوە حاڵــم

ئەوداخە لەدڵمدا هەیــە — بــۆیێ هــەمیشە دەناڵــم

ئەوپێش پشکوتن‌سیس بووە

بەجوانە مــەرگــي مردووە

سیدمحمد امین شیخ‌الاسلامی‌هێمین

### هەزاویەك‌شەو — ۳٦۹

تالەپاش چەنڎڕۆژێ لەدونیا دەرچۆ. ضوءالمکان بەهۆی ئەوە کەپێکەرە داهاتبون وەزۆرخزمەتی‌پێ کردبۆ،مردنی ئەوی زۆرپێ گران‌بۆ،وەزەخمی‌تازە کردەوە. تۆنەوانیش کۆسی کەوت‌وزۆرخەفەت‌بار بۆ.لەپاش‌چەنڎڕۆژێ کەضوءالمکان‌ئەوخەفەتەی لەدڵ دەرنەئەچۆ، تۆنەوانە کەدڵ خۆشیی ئەڎاوە، وە پێی‌ووت : کوڕی خوشەویستم! چاك وایە لەشاربڕۆینەدەرەوە، بڕێ لەودەشتانا گەشت وسەیران بکەین، بــەڵکۆئەم خەفەتە لەدڵت‌دەرچێ‌ودڵت بکرێتە وە . ضوءالمکان ووتی : ئــەوەی کەتۆئەتەوێ، دووایلەی ئامانج وئارەزۆی ئێمەیە.ئەوجادەسیان‌نایەناوی دەستی‌یەکترو کەوتنەڕێ ڕۆییشتن تاگەییشتنە بەردەرکی تەویڵە حاکمی دمشق، ئەنواڕن‌چەنڎبارصندۆق‌و فەرشی هەوریشم وجێوان وکەلوپەلیان ناوەلەئوشتر،وەچەنڎ ئەسپیان زین کردووە ولەغاویان داوەلەسەریان‌وئاماڎە ڕایان‌وەستاندوون؛ وەنۆکەران هەموخۆیان گورج کردووەتە، وەچەکیان لە خۆیان داوە ؛ وەخەڵکێکی‌زۆرلە دەوریان کۆبۆنەتەوە . ضوءالمکان چووەپێشەوە،لەیەکێ‌لەنۆکەرەکانی پرسی: ئەم بارانە بەم ئوشترانەوە بۆ کوێ ئەبەن؟ وەلامی‌داوە :ئەمانە سەوقاتی حاکمی‌دمشقە بۆملك‌نعمانی‌ئەنێرێ. کەضوءالمکان ناوی ملك نعمانی‌بار کی‌خۆی بیست،فرمیسك ڕاییە چاوی پرمەی گریان گرتی‌وئەم هەڵبەستەی لەبەر خۆیاوە خوێندەوە :

یادساڵی پــــاروپێرارم بەخێر

دەوری هەمڕازي کەسو کارم بەخێر

غەم، دڵی سوتاندم وجەرگــی‌بڕیم

یادی دڵسۆزانی غەمخوارم بەخێر

ڕۆژگـــار گرتویــە بساری دوژمني

یادی‌بەخت وڕەژنەکەی یارم بەخێر

بنکەی ژین www.zheen.org

**ئەم نـامەمان لـەلایـەن «کمال فؤاد» سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپاوە بۆ گەیشتووە، کە لەگەڵ وەڵامەکەیا بۆداوەری خوێنەرە بەڕێزەکان لەچاپیاز ئەدەین.**

بەرلین ١٥/١/١٩٦١

# هێرشێکی نارەوا

**ڕۆژنامەی کوردستانی تـاران هێرشێکی نـاڕەوائەباتە سەر کۆمەڵەی نەبەزمان، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا**

## وەلامی کومەلە:

**بۆسەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانی تاران**
**بلوێرژەنـی هـەتیوەکـەی حەمـە ڕەزاخان**

ڕۆژنامەکەتان کەبەزۆرناوتان ناوە(کوردستان)لەژمارە ٢٩ سپتامبر ١٩٦٠ لـەژێرناوی: «کونگەرەی بێ جێگە»هێرشێکی نارەوای کردوەتە سەر کۆمەلەی نـەبەزمان، وەبەتایبەتیی سەر کونگەرەی پێنجەم کە لە ٢٢-٢٦ آب ١٩٦٠ لەبەرلین بەسترا. پێش ئەوە کەوەلامی ووتەنابەجێکانتان بدەمەوە، بەکورتیی هەندێکی ئەخەمە پێش چاو:

ڕۆژنامەی ناولێنراوبە(کوردستان) ئەلێت:

«هەموئەوشتانەی کەلە کونگەرەی پێنجەمین جێگای باس بۆ»
«بەزمانی عەرەبیی بۆ، بەپێچەوانەی کونگەرەکانی تر کە هەموباسێکی»
«بە کوردی بووە...»

«ئەگوتجێ هەندێك وابزانن: ئەم کونگەرەیەبۆچا کەوسودی»
«کورد پێك هاتووە، بەلام ئەمەلەڕوی کوردوپستی یەوە، وەبۆدلسۆزی»
«کوردنەبووە، بەلکونیازی خراپی بزێ لەوەلاتی عەرەبی یەکانە کەنیازی»
داگیرکردنی کوردستان وسیاسەتیکی وێران کەری تایبەتیان هەیە...»
«جائەمانە کونگەرەی خوێندکارانیان کردووە تەشمشێروپێ پلپکانەی»
«گەیشتن بەخەیالەشومەکانی خۆیان...»

پاشان زۆربێ شەرمانەئەلێت:

«... ئێمە بەئاشکرا ناڕەزایی خۆمان لـە بـارەی بگێزانـی»
«کونگەرەی پێنجەمەوە کەهەدەفی بناغەیی کونگەرەیان چاولێپۆشاوە»
«وەلە زێی خۆی لایان داوە دەرئەبڕین...وەلەلایەن تەواوی ئەندامانی»
«ئێرانی یەوەـ کەبەزمانی کوردی دڵ بەستەگییان هەیەـ پێ ناخۆش»
«بوونی خۆمان دەرئەبڕین وهیوامان وایە وەهاکارەساتێ ئیترنەبینرێ»
«وەدوبارەنەکرێتەوە..»

قسەی ڕۆژنامەی ناوبراوتەواوبۆ. پێویست ناکات بەدورودرێژی وەلامی قسە نابەجێکانی ڕۆژنامەکەتان بدرێتەوە، تەنهادەرخستنی چەند ڕاستیێك دەربارەی کۆمەلەو کونگەرەکانی ـ کە جێگای ئەوپەڕی شانازیی و سەربەرزی گەلی کوردی خوشەوپستمانن لە هەموبەشەکانی کوردستان، لەوانەش کوردستانی داگیرکراوی بەزۆربەعەجەم بەستراوـ باشترین وەلامی دەم کوت کەرەبۆئێوە وهەمونۆکەرانێکی بێگانەی داگیرکەر، کەبێ شەرمی بگاتە ڕادەیێك، هێرش بەرێتە سەر «کۆمەلەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا»:

١ـ کۆمەلەلـە کاتی دامـەزراندنیەوە(١٦ آب ١٩٥٦)دوابەدووای کونگەرەی یەکەمی کەلەشاری «ڤیربادن»لەئەلمانیاله ١٠-١٦ آب ١٩٥٦ بەسترا، سەرەڕای هەموکۆسپێك، کونگەرەی سالانەی خۆی بەستووە، لەهەمو کونگەرەکاندا، لەوانەش کونگەرەی پێنجەمی، دواندن هەربەزمـانی کوردی بووە، وەهەر کوردیش ئەبێت. بەلام وەکلای هەموان ئاشکرایە زمانی کوردی لەچەندشێوەیێك پێك هاتـووە، لـەبەرئەوە کوردێکـی

ماوەی ل ١١

# چووارقوژبن



**لابەلا:**

١ ڕۆژێ نەبو ئەودلبەرەبێ ڕەحمە وەفاکا ٭جارێ نەبۆئەوکافرە... لـەخـوداکا ٢ منو... شەرتێومان کەردەن٭ ئەوتەم وەمن غەم تاوەڕۆی مەردەن ٣ ـ لەبێخی گەنکاو وئاوی وەستاودایەـ ئەمێش هـەرتۆزێ یـا کەمێکـە ٤ـ ناڵ لەوەئەدرێـ لەفارسیی دا «ئەو»، وەلـەعەرەبیی دا «یا» یە ٥ ـ ئەمیش جۆرەتیرەنانێکە، کـە گونکی هەوپری، پێ پـان ئەکـرێتەوە ٦ ـ ئەگەرئەوبێ، حـەتمەن ئەم نییە ٧ ـ تـەئریخی بێ سەرەتاـ ئەگەرئەوەبێ کە ئەبینرێ، یەکێکەلەڕازەسەرلێدەرنەکراوەکانی ڕۆح.

**بەرەوخوار:**

١ ـ لەبابی عیشق دا، یەکەمین پایەوسادەترین شەرتە ٢ ـ ئەلێن، یەکەمکەس، یانێ بۆکەم کەس خێردارئەبێ ٣ـ گـەورەترین دەسمایەیە، بۆسەرکـەوتن بەسەرگیروگرفتی ژیان دا ـ کاری ڕاوچیی ٤ ـ ڕێگای هەورامیی ـ لەنگەرگەیێکی گەورەوگرنگ لـە عـەرەبستانی «سعودی» دا ٥ ـ جێگای بەستنی بـەند سەعات ـ بەتورکیی، ئەلێ «نە»؛ بەلام بەکوردی چۆك دادانی ووشترە ٦ ـ ئەمیش بەرازەو کلکی بڕاوە ٧ ـ بەینی چاشت وئێوارە.

### گراوەی چووارقوژبنی ژمارەی ٩٣

**لابەلا:** ١ـ گزەرـبو ٢ـ رای ـ کرە ٣ـ خونچەی ٥ ـ ریزانی ٦ ـ مال ـ روت ٧ـ هوـ دخمە.

**بەرەوخوار:** ١ـ گرـ پرمە ٢ـ زاخ ـ یاو ٣ـ هیوـ زل ٤ ـ نما ٥ ـ کچ ـ نرخ ٦ـ برەیوم ٧ ـ وەیوـ تە.



ئەی خودا! ڕەحمێ، هەتاکەی هەربلێم:

یـادی سالی پـارو پێرارم بـەخێر

کەهەلبەستەکەدووایی هات، تونەوانەکەش لەگریان وپەژارەی ئەودلی پڕبو، دەسی کردە گریان و، ووتی: ڕۆلەی شیرینم! هێشتان بەتەواوی نەهـاتوێتەوە سەر خۆت، کەم بگریێ و خەفەت بخۆ! نەوە کونەخۆشی یەکەت بۆبێتە وە؛ وەلەپاشاتونەوانە کە بۆسەرگەرم کردنی ضوءالمکـان دەستی کـردە قسەی خۆش کردن وپێ کەنین؛ بەلام ضوءالمکان هەرهۆشی بەلای غەریبیی خۆی ودوری لەنزهةالزمان وەبو؛ وەهەرفرمێسکی ئەرژاندو لەبەرخۆیەوە ئەم هەلبەستەی ئەخوێندەوە:

فەلەك! بڕیمت لە جەرگەی یـاران

کردمت هـەردەووەیلانـی شاران

بەس نـەبودوری لەکـــەس وکارم

لێت کردم تەنیا دۆستی غەمخوارم

پەردەی ڕۆژوشەوتـارێکـی چـاوم

ڕشتەی سال ومانگ لەگەردن داوم

شاری ئیقبالم هـەردی تونـاییی

مالی عیزەتم زەردی ڕسوایی(١)

تونەوانەکەش لەگریانی ئەوولەبیری مـردنی ژنەکـەی خۆی دیسان دلـی پڕبووەوە، دەستی کردە گریان، بەلام لەگەل ئەوەشاهەردلخۆشیی ضوءالمکانی ئەداوە وقسەی خۆشی بۆئەکرد، تائەوڕوژەیان لەبەردەرکی تـەویلە داگەیانـدە نیوەڕۆ،

(١) زەرد، لێرەدا بەمەعنای سەنگلاخە؛ وە ووشەی «زەردەوان»لەوە گیراوە.

بنکەی ژین www.zheen.org

هەردوچەژنەکەتان پیروزبیت

# سەری سالی نوی یەو جەژنی نەوروزی کەلی کوردە
# چ جەژنیکی خوش و پیروزە موژدەی کاتی گول دینی

ژمارەی تایبەتیی نەوروز ۲۰ لاپەرە


ژمارەی ـ ۴۹ ـ سالی دووەم
ژمارەی شوێن بەك ۹۷

کوردستان

ڕۆژنامەییکی حەوتەیی کوردی یە، حەفتەی جاری چاپێکی دەرئەچێ

بایی

بۆناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ۱۲ | تمەن |
| شەش مانگە | ۷ | » |
| چلێ | ۳ | قەران |

بۆدەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ۳۰ | تمەن |
| شەشمانگە: | ۱۵ | » |

# کوردستان

عەزیزم شاسـوارێکە، گوزەرگا، گەر، بەئەلبورزا
دەکا ، نووکی سمی ئەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا

سیاسیی- زانیاریی- ویژەیی- کۆمەلایەتیی

خاوەنی امتیاز و مدیری لی پرسراو
عبدالحمید• بدیع الزمانی
بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
دوکتۆر محمد صدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر
دوکتۆر عبدالرحمن و احمد مفتی زادە
عابد سراج الدینی ـ شکر الله بابان
خسرو شیخکا نلووی میلانی

انەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی «صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ۲۱۸
تلێفوون ۳۲۰۰۳

چووارشەمە ۲٤ ڕەشەمە ۲۵۷۲ ك ـ ٤٢ ئیسفەند ۱۳۳۹ ش ـ ۲۷ ڕەمەزان ۱۳۸۰ ق ـ ٥۱ مارس ۱۹٦۱ م


## نەوروزی شادی بەخش

ساڵی ۱۳۲۹ لەتەواوبوون دایەو ساڵی ۱۳٤۰ خەریکی سەردەر هێنانە، کتێبی قورس وقولی سرۆشت بوجارێکی دیکـەپەڕەی هـەلّ ئەداوەتەوە، وەبەشێکـی دیکـەی تازە لەو کتێبە ئەخاتەپێش چـاو بەهاری شادی بەخش وەکـونەو جەوانێکی تازەنەوخەت خەرامان خەرامان جووانی خۆی ئەنوێنێ، ساڵی کۆنێش وەکوپیرەمێردیکی کۆنە ساڵ لەمەیدانی هەبەرداتێ ئەشکێ.

ئەوئالوگوڕەی کە بەچەشنێکی ئاشکرا هەموساڵێ ڕوئەدا خـەێ دەرسێکی چاکە کە : مامۆستای سرۆشت بەدانیشتووانی سەرعەرزی ئەڵێ. ئەودەرسەدەرسی بەر بەرەکانێی مانەوەودرێژەدانی ژیانە، هەرشتێ کە : لاوازی وناتەوانی بەسەریدا زاڵ ئەبێ وتووانایی درێژەی ژیانـی لێ ئەبڕێ، ئەبێ ناچار لەبەرانبەری هێزێکی بەتینتر وەوسوپەرنجات، وە مەیدانی بۆخاڵی بکات.

ساڵێ کە ڕائـەبوورێ ئەبێ لە باری ئەوکارانە وەکەتێی داڕۆی داوە، وەلێ بەوە سوودیازیانێکمان وەرگرتووەبەووردی بـی خەینە ژێرلێ کۆلینە وەوتەماشا کرد. نەوە، خدێی بازرگانەکان وایە کەبەحسێبی سوودوزیانی یەکساڵە یانابگەن.

ماوەل ۲۰



بنکەی ژین
www.zheen.org

ڕۆژنامەی کوردستان لەلایەن هەموو براکوردەکانەوە، پیرۆزبایی ئەم دووجەژنە گەورەی نەتەوایەتیی وئایینو یە(جەژنی نەورۆز وڕەمەزان) بەخزمەتی شاهەنشای مەزن وشاژنی پێی وقەدەم بەخێرو وەلی عەهدی :یرین وخوشەویست، پێشکەش ئەکات .

بەپێنووسی : دوکتور حبیب الله صمدی        وەرگێڕد : .ع.م

## بەشی ویژەی شەش هەزار ساڵە

ئەم داستانی شیرینی خوارەوە شیرینی ترا، اجێگای شاری کۆنی لەگەڵ صەدها مەبەستی مێژوویـی

ماو.ل ۸

ش ـ بابان

## نەتەوەی کوردو نەتەوایەتی ئێران

سەلام لـەسەرخاکـی پاکـی کـوردستان لاکی پالەوانەکان .
بڕێ لەمێژوونوسەکانیش لایان وایە کەهۆزی «مەرد» چاپێکەلـە هۆزی کورتی وەئـەڵێن مەردسەر

ماوەل ۱٤

م.ص.م

## چون بنووسین و بخووینینەوە

ئەوکردەوانەکە بەتێپەڕکەرو تێپەڕنەکەر بەکارئەبرێن

بڕێ لە کـردەوەکان بـەتێپەڕ کەروتێپەڕنەکەربەکارئەبـرێن، وینە :دڕان،دڕیان،دڕین،بچڕان، پچڕیان،پچڕین. بڕان ، بڕیان ، بڕین .

ماوەل ۷

لە پاش دەس بەکاربونی نیشتگەی ڕاوێژی نەتەوایـەتیی ، بەجۆرێ کە باوە، دەوڵەت دەرخەوازی دەس لەکارکێشانی بـە خزمەتی شاهەنشا پێشکەش کرد .دیسان «مهندس شریف امامی» لەلایەن شاهەنشاوە دەوڵەتی تازەی پێك هێنا :وە بە ۱۴۲ دەنگی هاوڕێ باوەڕی نیشتگەی بەدەست هێنا :

## پیروزبایی

نوسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان بەڕێنیکی خـادێنەوە ئەم دووجەژنەگەورە ئایینی و نەتەوایەتی یە(جەژنی ڕەمەزان نەورۆز) بەهەموو برا کوردەکان لەدەرەوەو ناوخوی وەلاتا ، پیروزبایی ئەڵێت ؛ وە بەختەوەری وسەربەرزیی وخوشی وشادیی ئەوان لە ژیانا ، لـەیەزدانی مەزن داوا ئەکا .

هۆی سەربەرزی وشانازی کـوردو عـەرەب وئیسلام

## سلطان سلاح الدین ایوبی



ڕۆنەکەی «سلطان صلاح الدین» نەخۆی گۆڕی کەسان ڕوکنی ئیمان خوشەویستیی نیشتمانە بێ گومان

م.ص.م

## لەکومەلا چون بژین؟

زێگای خوڈاناسی
یان
طەریقەی عرفان
ـ۲۵ـ

ئەوهێزە کە لەمرۆدایەلەبەر

ماد، ل ۲

## ناڵەباری یەکانی کومەل

لاپەڕەی ۱۹

ئەم جەژنەدا چیروکی

## مامریوی

بخۆێنن وپێ بکەنن

# بوپی کەنین

### خوڈاناسیی منڈاڵ

باوك: ژۆلە گیان ! بۆچی ناوچاوتداوە بەیەکـا ، وەڕۆت دڕژ کردووە ؟

کوڕ : باوکە گیان ! مامۆستا لەدەرسی دینیدا تاقیی کردمەوە، وەڵامەکەی منی پێ‌چاك نەبۆ، نومرەی خراپی پێم‌دا .

باوك: ژۆڵە! چی لێ پرسیت ؟

کوڕ: پرسی: خوڈا چەنڈیکە ؟

باوك:دەنەت‌توانی بلێیت : خوڈایەکێکە. کوڕ:چی‌ئەڵێ؟ باوکە! من‌ووتم : پێنجە ، ڕازیی نەبۆ ؛ ئۆ ئەڵێت : بتووتبایێ یەکێکە !!!

### عەیبی گەورە

ژنێ بۆچەند کەس میوانی‌باسی‌ئەکرد، کە : نازانن چ دراوسێ‌یێکی خراپمان هەیە ، هەمیشە کوێخایی ئەکەن ولەکاري خەڵکی‌دا، خویان تێ ئەکەن . یەکێکیان پرسی : لەکاری ئێوەشدا خۆیان تێ ئەگەیێنن ؟ ژن‌ووتی : بەلێ ، لەکاری هەمودراوسێ یەکاندا ، بۆوێنە دوێنێ من‌سێ سەعات لەپشتی ئەمدەرکی خۆمانەوە ، تەماشای ناوماڵی ئەوانم ئەکرد ، ئەنوازم هەمو ئەمماوەخۆی وژنەکەی لەپشتی‌دەرکی خۆیانەوە تەماشای ناوماڵی هاوساکان ئەکەن!!!

### ئاوەزی منڈال

دایك : هۆشیار ! ژۆڵە گیان ، بەسلامەتیی حەوت ساڵت تـەواو کردووە ، ئیترئەبێ بت‌نێمە قوتابخانە . بزانم زۆرحەز ئەکەی ؟

هۆشیار ! دایکە گیان ! مز لەبنانازەمە قوتابخانە .

دایك: یانێ چیی؟ بۆنازۆی؟

هۆشیار : من کەنازانم بخوێنم وبنوسم ، بڕۆمە قـوتابخانـە بڵێم‌چي ؟

### کاری‌تازە

پیاوێ لە پاش ماوەیێکی دوورودرێژ گەییشتە یەکێ لـەکـۆنە دۆستانی ولێی‌پرسی :

ئێستا خەریکی چیت ؟ چ کارێکت لەدەستایە ؟

ـ: خەریکم لەرۆژنامەکانا ئەنوسم :

ـ: بەبە ، زۆرچاکە بەخوڈا پێم خوش‌بو.فەرمۆچ مـەبەستانـی ئەنوسی ؟

ـ:لەرۆژنامەکانابۆئاگاداري ئەنوسم کەبێ کارم، بەڵکو کەسێ لەسەر کارێکەوە دام‌بنێ .

### دوکتۆر

ژنێ بەپەلە دەرکی‌هۆدەي‌دوکتۆر «م»ی، کردەوە خۆی‌خستەمل کەتێکاو ، ووتی :

ئاخ ، جەنابی دوکتور ! بگەبێ بەدادما ! دوکتور «م» سەری سەری بەرز کردەوە ، ووتی : خوشکە ! هۆدەکەت لێ گۆڕاوە ؛ مـن دوکتوری‌پزیشکي نیم دوکتوری موسیقام هۆدەی پزیشك ئەودەرـکەکەیە .

ژن‌ووتی:نە،جەنابی‌دوکتور.لێم نەگۆڕاوە، ئەزانم تۆدوکتوری موسیقایت بۆیی هاتۆمەلای‌تۆ .

دوکتور «م» : من‌لەنەخۆشي نازانم .

ژن : من ماوەیێکە گوێم ئەزەنگێتەوە ودەنگ ئەداتەوە . ئەبێ تۆلێ بزاني چی‌یە کە دوکتوری موسیقایت .

### لای‌لای‌باوك

ژنێ ئەیەویست منڈاڵەگەی بکاتەخەو ، بەڵام منڈاڵەکە خەوی نەئەهات وئەویش ئیشی‌بۆ، نەی‌ئەتوانی ڕاوەستێ . ناچارمێردەکـەی بانگ کردو، پێی‌ووت: وەرە! تاوێ لای‌لای بکە بۆئەم منڈاڵە، بەڵکو بنوێ .

باوك دەستی کردە لای‌لای، بەڵام لەپاش چەند دەقیقەیێ دەنگی منداڵەکە بەرزبوە وەکەبانگی لەدایکی ئەکرد : دایکە! دایکە! بابا نوست .

### ڕۆژێ گەورەتری ؟!

پرشنگ لەدایکی پرسی:

ئەرێ دایکە گیان، ڕاستەتۆ ڕۆژی ۲٥ی‌مانگی گولان‌لەدایك بووی ؟

دایك: ئەرێ گیانی دایکی.

پرشنگ: خۆمنیش‌ڕۆژی ۲٦ی‌هەرئەو مانگەلەدایك‌بۆوم.

دایك: بەڵێ‌وایە .

پرشنگ تاوێ بیری کردەوە ، ووتی : بەڕاستیی زۆرسەرم دێ ئەمینێ؛ کەوابۆ تۆتەنیا ڕۆژێ لەمن گەورەتری ؟!

### ئەم هەموو ڕێگا بەپیاڈە؟!

جەلاوێ گوناباریکی لەبەندیخانەوەبۆمەیڈانی‌هەلواسین‌ئەبرد. لەڕێگادا گوناباز ووتی: تۆ کەمن‌بۆ کوشتن ئەبەی، ئیتر بۆچی ئێستا هێندەئازارم ئەڈەیت وبەپیاڈەئەم‌بەی ؟

جەلاو ووتی: ئەی کاکە ! تۆکارت چاکە ، تامەیڈانی هەلواسین پیاڈەئەڕۆیت، فیکری‌منی هەژاربکە؛ لەوسەریشەوە ئەبێ بەپیاڈە بگەڕێمەوە.

### تۆلێ نەگەڕای !

کابرایێ بودزي ڕۆییشتەنێو باغێکەوە. خاوەن باغ‌هات بەملیا ، لەحەیبەتالەجێگای خۆیادانیشت.خاوەن باغ‌پرسی: ئەوەچیت‌ئەکرد؟ دزووتی:دەستم بەئاوئەگەیاند.

لەپاشان‌خاوەن‌باغ تەماشای‌جێگاکەی کردئەنوازێ،چەنڈدانەیی قارسەقولدا کەوتووە.

بەدزی‌ووت: باوەڕ ئەکەی ئەمەقارسەقولە.

دزووتی: موسوڵمان! تۆلێ‌نەگەڕای کەمن وەکوبنیاڈەمدەست بەئاوبگەیێنم،

## دیاریی خوینەران

### فەقیریی

علیك‌السلام کاکی بێکـــــارم
ئەزانی گەلێ لـەتۆ بێــــــزارم ؟
ئەزانـم لاتی بۆیە وامـاتــــــ ی
جا ئەگەرلاتی ، ئێـرە بۆهاتـی ؟
پێغەمبەر فەرمۆی: کە پیاوی فەقیر
لەهەر دۆدونیا ڕۆ ڕەشەوزویـــــــر
دۆبارە فەرمۆی : فەقیري‌وسەختیی
نزیکە بۆڕێی کـوفرو بەدبەختیی
شافعي‌فەرمۆی: گەڕام‌شەرق‌وغەرب
لەوەختی خوشي وئاسایش وحەرب
لە پۆلم باشترنەدی لـە پاش دین
لەفەقریش‌پیس‌تر لەڕۆی سەرزەمین
باز فەرمۆی : ئەگەربیبیتە «لقمان»
یابە فصاحەت بگەیتە «سەحبان»

ماوەڵ۸

### لەکۆمەلا

ماوەی‌ل۶

ئەوە،لەگـەڵ چت دا سەروکاری هەیە،هەموەدەمی‌ئەکۆشێ بۆپاراستنی خانووەکەی خۆی لـەهەموزیانێ بۆئـــ ـەوە بتوانێ باشترتیڈا دا مرکێ، ئەنجا حەزکالە سیپاڵـی جووان، خـوواردەمـەنی‌بـاش، ڕابوواردنی‌خۆش، وەشتانی‌تر کە قازانجیان بۆلەش خۆشي‌وساغیەتی هەیە .

هەروەهاش‌ئەگەرلەخۆشیی،یان سەختی‌یێکی تۆش‌بێ، ئەوهێزە، ئەگۆشێ کەلاشەکەی‌لەونەخۆشي‌و سەختی‌یەڕزگاربێ، وەئەگەرلاشەێ برینداربێ، ئەوبرینەکەم کـەم گۆشتەوڕۆن ئەهێنێتەوە ، تالاشە کەل‌وکۆم‌نەبێ،وەبە دوروستیی‌و ڕێك وپێکی بمێنێتەوە .

هەروەها کە لەژمارە پێش کانی‌ئەم باسەدا ووتومانە، تخمی‌مرۆئامادەیي ئەوەی کرد کە هێزی‌تێ کەوێ لەناوی ئەوتخمەدا ئەبەسرێتەوە، وەجکە ناوی خانووەکەی خۆی واتەلاشەی‌مرۆ،ئاگای‌لەدەرەوەی‌خانووەکەی‌خۆی نییە تاکاتێ کە پێنجدەلاقەی‌هەست‌لەخانووەکەی‌دابکەونەکار،ئەوەختەلەودەلاقانەوە، کەم‌لەم، کەدەرەوەی‌خانوەکەی‌خۆی ئاگادارئەبێ، وەهەستەکانی لەهەمۆچەشنەشتێ‌تێ‌ی؟

## مەتەل:

**۱ـ مریشك‌هێلکەیش ئەکاو ڕیقنەیش ئەکا.**

کاتێ کەسێ‌منداڵێکی چاك ویەکێکی‌خراپی بێ،وەخەڵکی‌سەریان‌سوڕبمێنێ کەچـۆن‌ئەبێ لـە دایك‌وباوکی دۆمنداڵـی بەم‌نـاجۆرییە‌بکەوێتەوە،ئەم‌مەتەلەبەکارئـەهێنرێ

**۲ـ بۆکەری خۆتت لێ بووەتە ڕموزن؟**

«ڕموزن» بەمانای گیانداری ناشیرین وبێ کەڵك وخوێن تاڵە، کەپیاولێ بترسێ‌وئیتریزی‌لێ‌بکا؛ وەدیارە کەم،



نیکەی ژین www.zheen.org

هەڵبەستی «عابد» سراج‌الدینی

# (نەوروز)

نەورۆزی دڵ ئەفرۆزە بەراحەشروحە لایە
شادي و گەپ و سەیرانە لەهەر لاوە هەرایە
بەزم وطەرەب و عەیشە لە شاران و لە دێهات
سازو دەف و سەمتورە لەنێو کۆشك و سەرایە
تەپلە دەف و ئاهەنگە بیساطی مەی و مەعشوق
هەرپیقەیی سوزنایە نەوای بەربەط ونایە
هەرنەغمەیی عوششاقە کەدێ شام و سەحەرگاه
هەر مەستە کە سەرخۆشە بەڵێ ! شێتی هەوایە
خەمڵیوە چەم ودۆڵو کەژو کێوی وەڵاتم
گوڵ گونەگولی ئاڵە ئەوی شیوی‌چییایە
هەر غونچە دەپشکوێتۆ بەدەم عشوە وو نازۆ
ئیما یەتی ئەم ژازە ئەڵسی کاتی جەلایە
کانێ ئەدەمێ سوبحی سەحەردەم ، دەمی غونچە
ئەکرێتەوە مەشاطە گەری بادی صەبایە
دەردێ کە لەنێۆ پەردەیی پیروزەیی سەوزی
یاقوتە وەکو قوتە لەنێو پەردە سەرایە
بلبل کە لەسەرچل بەهەوای زارو پەرۆشە
چەند جووانە سەنا خوانە دەڵی‌ی نەغمەسورایە
کۆێستانی هەموو دارو گوڵی داوە لە دامەن
پۆشراوە هەمو دەشت و دەمەن سەوزی کەوایە

ماوەڵە ١٨

هەزاویەك‌شەو ٣٧١

تۆنەوانە کە بەضوءالمکانی ووت: وەپری‌شاری‌خوت کەوتووی، کەهێندەی‌بێ‌طاقەتي ئەکەی؟ ضوءالمکان‌ووتي: ئەرێ‌بەخوێا ، لەمەزۆرتر تەواناوطاقەتی‌غەرپیم‌نەماوە. ئیتر ئێستاتۆ بەخوێا ئەسپێرم وبۆخۆم لەگەڵ کاروانا ئەکەومەڕێ ئەڕۆم تابگەمەوە شاری خۆم. تۆنەوان‌ووتی: من‌ناتوانم‌دوری تۆهەواربکەم ولەتۆجیبابیمەوە‌منیش لەگەڵتادێم‌ولەخزمەتکاري‌تۆدەست‌نا کێشم‌وئەم‌پیاوەتي‌خۆمەئەبەمەسەر.ضوءالمکان ری پێ‌خۆش‌بۆ، ووتی: خوێاجەزای خەیرت بڎاتەوە . ئەوجاتۆنەوان بەپەلە ڕۆیشتەنێومەیڎانی ئۆلاخ فرۆشەکان ، گوێ ڎرێژێکی کڕی وتۆشەی ئامادەکرد؛ بەضوءالمکان پێی‌ووت: خوێا سەرکەوتم‌بڎا‌ کە: ڕۆژێ بتوانم پاداشی تۆبڎەمەوە ڕاستي ئیتر پیاوەتي وچاکەنەما ، کەتۆلەگەڵ منی‌نەکەی . ئەوجاتائەم کارانەیان کرد ئێوارەبۆ؛ کە ڕۆژ نیشت‌وتاریکي دونیای داگرت، تۆشەکەیان‌نا، لەکەرەکە ، وەبەشوێنی کاروانەکەڎا ڕێگای بەغدادیان گرتەپێش .

بەسەرهاتی ضوءالمکان لێرەڎا بابمێنێ .

ئێستابزانین کەنزهەالزمان‌چی‌بەسەراهات؟ نزهةالزمانیش کاتێ لەضوءالمکانی برای جیبابۆوە ، وەلەکاروان سەرا کە هاتەدەرەوە کە بڕوا بۆماڵە گەورەبێ کاریان بۆبکا ، بەڵکوشتێکی بڎەنێ‌ کە باب بۆبراکەی ئامادەبکا،دەستی کردە گریان‌و نەی ئەزانی ڕۆلە کوێ‌بکا ؛ غەم وپەژارەی نەخۆشي برای وبیرە وەري نیشتمان و تاسەی کەس وکاردڵی داگرت ولەبارەگای خوێا ئەپاڕاوە، وەئەم هەڵبەستەی ئەخوێندەوە :

وای لە دلەکەی گپرۆڎەی غەمم
زەپەلگەی سیای دەرد و ماتەمم
لە بەختەکەی هەڵ گەراوەکەم
لەچرای جوانی زۆ کوژاوەکەم

# دیاریی خوێنەران

# بەهاری‌لادێ

ئەم‌شعرانەم لەجوابی‌نامەی دۆستێکم‌دا، نوسیوە .

سیدمحمدامین‌شیخ‌الاسلامی (هێمن)

بەهارە ، جەنگەی‌کارە ،عەزیزم ! بۆچی‌بیم‌بۆشار ؟
ئەگەرمن بێمەشارێ ؛ کێ‌وەئەستۆبگرێ کاروبار
ئەمن کرمانجم‌و کرمانج، کەهات‌فەصلی‌بەهاروەك‌هار
دەبێ بخولێتەوە کێووتەڵان و بەنـدەن و نسار
هەتاپەیدابکانان ونەبابۆخەڵکی شار هاوار

✿✿✿

لەوی‌دواوە دەبێ قۆڵی هەتا ئانیشکی هەڵماڵێ
هەمو ڕۆژێ هەتا ئێوارە بشتە جووت وجۆماڵێ
کە بوولێڵەی شەوێ پەیدابوو ئەنجابێتە وماڵێ
بەبێ‌وەی کەس هەبێ‌بیشێلێ یاخۆپشتی‌داماڵێ
کەنانی‌خواردولێ‌نووست‌تابەیان‌نابێ لەخەوبێدار

✿✿✿

ئەوێستاپیرەجووتیارێ بەکاری چابوك ومەزبووت
بەچالاکیی، بەدلپاکیی، بەبێ‌خواسیی بەلینگی‌ڕۆت
دەدێرێ‌ئاو، دەچێنێ‌توو، دەکاهەردوزەویی‌خۆی کووت
دەرێژێ ئارەقە پەیڎا بکانابۆ منالی قووت
پشوونادا ،ووچان‌ناڎا ، وەزەزنابێ لەئیش وکار

✿✿✿

دەکێشن زەحمەت وناخۆن وەك ئێوەنانی خۆڕایی
دەکەن کار و دەڕێژن ئارەق و ناژین بە ڕسوایی
لەسەر یاندا نییە ، پـوزو ئیفادە وفیزی ئاغایی
لەسایەی زەحمەت وکارولە بەرمە ردیی وئازایی
بەسەربەرزي دەژین ، بۆکومەڵو گەل نابنەسەربار

✿✿✿

هەمویان گورج‌و گۆڵ وتوند وتۆڵ‌و چوست‌وچالاکن
هەمویان بێ فڕوفێڵ ونە جیب‌و سادەو پاکن
لەلادێ‌دا ، خەراب نابینی نێزومێ هەمو چاکن
نەئالوودە بە مەشروب و نە فێری بەنگ و تریاکن
دەبێ ، بێت‌دەرسی‌ئەخلاق‌لێرە‌بیخوێنێ جەوانی‌شار

✿✿✿

نییە داوێنی کیژو لاوی لادێ پیس و ئالوودە
وەخت نابێ صەرف لێرە بە خۆڕایی بە بێهوودە
ئەوان‌وەك ئێوە ناژین تەنبەڵ وبێ‌کارو ئاسوودە
ئەوان‌وەك‌ئێوەناخۆن‌بەستەنیی،شیرینیی،پالوودە
لە کوێ‌بێنن ، پڵاوو گۆشت وخۆرشت وفرو فیسار

✿✿✿

ماوەڵە ١٨

بنکەی ژین www.zheen.org

# لەهەر گولزاری

## گولی

### مەولەویی تاوگوزیی

نازتەزارەكەفەسڵو وەهارەن
زەریف ئاراییش هەردو كۆسارەن
گوڵ چون ڕۆی ئازیز نەزاكەت پۆشان
وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان
مەڎیان گۆڵاڵان نەپای دەر بەنڎان
ئەویەكتر وینەی ئارەزۆ مەنڎان
چ خاس خاس شنیۆ نەئیوارانداـ
سەوزیوی ڕۆی خاك جەر گەی یاراندا
بوین ! ڕەعشەووەجددلەی پاكشان
عەیان نەشنیای سەوزەی خاكشان
هۆرێزدێ اسبحەن دڵ تازە خاوەن
شنۆی پای كاوەن ، هاژەی وفراوەن
جەی گۆشە خاستەر نیبەن مەسكەنێ
ساقی گیان ، قوربان ! خەومار ئەشكەنێ
سەوزەی خاك پاك یاران هامفەرد
فرەمان وەفەرش بەزمو یمان كەرد
كۆ ،سەوزەی ئیمەیچ نەكام هەردێ بۆ
وەفەرش مەجلیس كام هانەردێ بۆ

### سیدصالح کرماشانی

بادەنۆشانەن . . .
ئیمشەو هەم مەجلیس بادەنۆشانەن
چون فەصڵ وەهار دەروون جۆشانەن
ئەنجاییچ بەزم مەی فرۆشانەن
وە ئاوتۆ بەسەبەڎەم شستوشۆ
غوسڵ بكەم وەمەی تاهیر بۆم ژنۆ
خەراباتمەكان یارو یارانەن
سەومیعە ماوای گوناكارانەن
بچمەوە كۆی عیشق پیر خەرابات
ڕۆ كەمەوەدەر گای قازی یەلحاجات
سلاّمەدەمەوەناق ئەبرۆی سەرمەستان
بنیشم لەجەمیع بادەپەرەستان
گۆش دڵوا كەم پەرێ ناڵەی نەی
خومو خومخانە تومي كەم لەمەی
بادەو بادەخوار، بادەپەرەستان
سەڎادەن وەمەم چون هەزاردەستان
مەشكاوۆڵەهەم سەقف مەیخانە
مەزێزۆم ژنۆ تەرح كاشانە
چون زەڕ خالیص دریام ژمەحەك
ئەهل یەقینم گوزەشتم لەشەك
لەمەیڎان عیشق گوزەشتم لەسان
تەمام عەیاریم ئامام وەمیزان
«سەی صالح» شەمع ویاران پەروانە
مەسۆزن وەنور یەكتای یەگانە
ماوەل ١٧

## (پیام)

ش-باپان

ئەرێ بای شەماڵ پەیكی بەیانی
دات پەیا مەكەم بەیاری گیانی
ئامانم لێت كرد ووتم وریا بە
تەعزیم كە وەك من لەبەریی جوانی
ئەو یارەت ناسی پەیامی دەیتی
یاخۆتت وون كرد هیچت نە زانی
من ئەوەم پێت ووت بەڕێزی بگرە
نەجیبزادەیە وبەچكە خەوانی
ئالۆزی نەكەی لە من بڕە بخی
دڵی گەرد بگرێ ووشك بێ لێوانی
كە چاوت پێ كەوت سەرت دانەواند
كەو تێتە خاكی پەنێ ئاسمانی
سەرنجی بالاّ وئە ندامیت باشدا
قامەتی سەروی،موی پەریشانی
یارێكی كەمەر ژیكی پاو پۆزی
دەسكاری نەقاش مە°هوری مانی
سەیری نیونگای دۆر كردنیت كرد
ئە نوازێ هەرووەك ئاهوی گەرمیانی
ماوەل ١٧

---

هەزارویەكشەو ٣٧٢

هەرچەنڎ پیر ئەڎەم بەژینی تاڵم
وای لەشەوو ڕۆژلەمانگ وساڵم

نزهةالزمان هەروەها سەری داخستبو ئەڕۆییشت وجارجارێ تەماشای ئەم لاوئەو لای خۆی ئەكرد ، لەپڕ پیرەمێردێكی دەوارنشین لەگەڵ پێنج كەسی ترا، تۆشی بۆن كە چاویان بەڕوخساری وەكومانگی چواردەی نزهةالزمان كەوت كە عەباشڕەییكی دابو بەسەریا ، پیرەمێر دلەدلی خۆیاووتی: بەڕاستی ئەم كچەبەم جوانی و جەماڵەوە كەهێندە شڕەبار وهەژاروڕۆژڕەشە ، زۆ كەوێتەداو !وەخەڵكی ئەم شارەبی، یاغاربێ،،ەن ئەبێ دەستی لێ هەڵ ئەگرم. ئەوجا نەرمەنەرم كەوتە شوێنی تاگەییشتنە كۆلاّنێكی تەنگەوتارێك. لەوێ پیرەمێرد هێنەی هەڵهێنا ولەنزهةالزمانی پرسی: كچی ! تو ئازادی یا كەنیز؟ نزهةالزمان بەگریانەوە وەلاّمی داوە : توخودا ! زامم تازەمە كەرەوە:وەدەردم كاری مە كە!پیرەمێر دووتی : كچی من شەش كچم بۆن،پێنجیان لێ مردن وئیستا تەنیایە كێكیان ماوە كەبچوكی هەموییان بۆ. منووستم لەتۆ بپرسم: كەخەڵكی ئەم شارەیت یاغەریبی؟ من ئەمەوێ تكات لێ بكەم كە ئەگەر مەیلت ببێ، لەگەڵ منابیێیت، كەبیبێتە هاودەم وهاوقسەی ئەو كچەم ! بەڵكو ئەوبەهاودەمی تۆدڵی بكرێتەوە،وەخوشكەكانی لەبیر بچێتەوە وەئەگەر كەسیشت نەبێ، بتكەمە كچی خۆم. نزهةالزمان كەئەم قسەی بیست ، لەدلی خۆیا ووتی: بەڵكووخوڎا دەركی خەیری لەڕۆم كردبێتەوە،وەئەم پیرەمێردە كەی كردیێتەوەسیلەی خەیر كەلەلای بحەسێمەوە ئەوجا سەری داخستو بەدەنگی نەرم وەلاّمی داوە كە : مامە گیان ! من كچێكی غەریبم، براێێكم هەیە نەخۆشە . من دێمە ماڵی ئێوە بەڕۆژا لەلای كچەكەت ئەبم ، وەشەو وەختی نوستن ئەبێ بڕۆمەوە بۆلای براكەم . ئەگەر بەم جۆرە ئەبێ تابێم . ئەڵبەت ئەمەش بزانە كەمن ئوجاخزادە ولەخێزانێكی زۆر گەورەبوم، ئێستا وەها

بنکەی ژین www.zheen.org

کوردستان

## بەش کرماشانی

نوسیای :«سیدمحمدسعیدغیرت»

## لاپەڕەیی ، ئەڕای گشت جاریك

## نەروزمانك

وای وەهاري کەفتە جومش؛
ئیژۆژەیلە بیشتر کۆودەیشتەیل
گەرمەسیر سەوزوپڕ ئالف وپڕ گیاس
وای وەهاري سەوزي وخوڕژەمي
لەعاماری یەیل گەرمەسیر ،دەیشت،
وەدامانەی خـوەرنشین کـۆەیل
«قەلاجە» و«بانزەردە»و«دالاهۆ»و
«شاهۆ» وەباقی کۆەیل ئەوصەفە-
حاتەوەروەدەیشتودامەنەی خوەر
هەلات کیشت. کەم کەم دەیشت
دامانەی ئیلاخیش سەوزوخوڕژەم
وپڕ گول کەت .

هەمان هـەوای گـەرمەسیر
فرە گەرم نەوۆە، کە پیاناڕەحەت
بۆت؛وەلي ئالفی فرە بـەرزوفرەوە
بییە. گولەیل ڕەنگ‌ دەپشتودا-
مانەی پیابی تاووشیفتە کەت .

ڕ بیەن وحەیوان لەئەودەیشتە-
یلەسەر گەرم لەوەڕن. گشت مەست
ومەغرۆرن؛ کەم کـەم وارانەیل
چەنڕۆژ وەچەنڕۆژ ، خونکي
وصەفای زەساتان گەرمەسیر لەئەو
صەفەحاتە زیندیەو کەت .

دەوارەیل وسیامالەیل خێل دەسە
دەسە لەدامانەی سەوز،لەدوردیارە.
ترۆسکەی ئاگر سیامـالێ نۆ
خوەش خوەش مەسۆزۆلەدامانەی کۆ
لەدەوارەکان دۆ کەل هەلسێت؛
دەنگ حەیوانەیل ، پاس کردن
سەگ، نەقاشي طەبیعەت ونیشانەی
زیندەیی فرەسادە و قـەشەنگ و
خالي لەڕەنگ یەك مەردوم باستا-
نیکە .

لەدۆر. لـەدەور وەرئـەوسیا
مالەیلە گولەیل ڕەنگ وەڕەنگ
قرمزو بەنەوش وزەردەئاوي وەچاو
تیەن. ئی گولەیل ڕەنگ وەڕەنگە
گـول دەیشتە کیی نین؛ یانەدوت
ئازەوەیل ونەوعەرۆسەیلیکن کەوە
شۆروعیشق خوەیـان وەدرنگەی
هۆرە مەشغۆل کارن: مەشکەژەنن،
کەشك چنن، خوشکە ولاس گرد
کەن، ئاگرڕۆشن کەن، دۆ کەل
خەنەڕی؛ نان کەن، غەذانەنەدار،

ماوە ل ٦

# زەیوگرایی سنقروکولیایی

-٣-

## کولیایی

هەرئەو جوورە کە پیش ئەزیەووتیمن، وەلەنەخشەیش دیاریبیی، کولیایی لەچوارطایفەی گەورا دروس کریاس. لەگشتیان گەورەتر کەجەمعییەتیان فرەترە،وەمەعرۆفترن، طایفەی «بەیلوەنڵ»ە؛لەشوون ئەوەهەرچنەو «موسیوەنڵ»و«وەرمزیار» و«فەیلە کـوڕی»ن. بـەعضی طایفەیل جوورەوجوورتریش لەقەبیل «صوفیی وەنڵ» بەستەی کولیاییں، وەلیی ئیسە لەکولیایی دۆرەو کەفتنە، هانە کۆسانەیل « بیلەوار » و «دینەوەر».

طایفەی «بەگەوەنڵ» کەلەسەمت خوەرنشین وجنووب کولیایی، وەلە کۆسانەیل «بیلەوار» نیشن، لەڕەشیدتـرین وبناس تریـن مەردوم کولیایین . لەتاریخ دویست سالەی دۆایین سەردارەیل گەوراەلی یان هەلساس، کەلە جەنگەیل خارجیی جوورلەشکەر کیشی یەیل نادرشاو جەنگ «هەرات» ڕەشادەت فرەلەخوەیان نیشاندانە. لەئی پەنجاشەصت سال پیشیشە شەخصییەتەیل گەورا جوور «صحبت‌الله‌خان» «حسینقلی-خان امیرامجد» وە«امان‌الله فتح‌السلطان» (فرهنگ) وە «سلیمان خان سالاراسعد» وە « اللهیارخان اقبال لشکر » وەچەنڵ نەفەرتر لەیی فەبیلە داشتنە .

مەعرۆفتر لە گشتیان مەرحووم «حسینقلی خان امیرامجد»ە. کە لەسیاسەت ووەلات داري،دەس بڕین ئەشرار ودەزەیل، وەئەمنییەت داین صەفحەی کولیایی تادەرەجەیك بی گـوزەشتی ودل‌سەختي ڕەسۆ.وەلە دەورەی جەنگ «بین‌المللی» ئەولیی مەیلـی وەسەرحکومـەت بی طەرەف تهران بۆ ، هەروەری جەهەتە ڕۆسی یەیـل ئیحترام فرەیك لەلی گردیان،وەئیعتمادفرەیك وەپی داشتن.



١-مـرحـوم حسینقلیخان امیرامجد سردارمعروف کلیائی بیگوند ٢-مرحوم امان‌الله‌خـان فتح السلطان (فرهنگ) سردار شجاع کلیائی بیگوند ٣-وکیل الملك کرمانشاهی ٤و٥و٦و٧ آقایان حیدرخان احمدخان جعفرخان ومحمدعلی‌خان ساعدالسلطان پسران مرحوم خدادادخان جلیلوند حـاکم دینور ٨ مرحوم شیخ لطف‌الله بنی‌بیات کلیائی- ٩ آقـای انتظام‌الذاکـرین سنقری. بقیه نیز از خـوانین کلیائی هـستند

---

لەمرقابل ئەو مەرحوومە ، مەرحووم «امان‌الله‌خان فتح‌السطان» (فرهنگ) بی کە گەرد«امیرامجد» جەنگ فرە کرد. ئاخری لەناچاري لەکولیایی کۆچ کرد وچیەسنجاوي لای «سردارمقتدر» سنجاوي، وە خوەی خستە ناوقووشەن«ملیون» وەلەجەنگ دەیشت ماىدەشت لەخوەی

شوجاعەتەیل فرەنیشاندا؛ هەرچەند سوارەیلی کەم بین، وەلـی خوەی خستەنوای گشت عەشایر. ئی دونەفەرە مەخصوصەن مەرحووم» امیر-امجد»لەجەنگ کردن وڕەشادەت بی خووفیی وفرەصفەتەیل پەسەندیدەی ترئەسپاب سەرفەرازي وئیفتخار عەشایر کـورد صەفحەی کرماشان ؛ ئەڕای یە کە بیجگەجەنگ وڕەشادەت، لەبەذل وبەخشیش ومێمان‌داري وڕیخت وپاش گەوراتر لە گشت هاومالەیل خوەیان بۆنە؛ وەئەگەر ئیمە بتوایمن حکایەتەیلی لەهال وهەوالیان بنۆسیمن، لە گونجایش ئی ڕۆژ-نامەفرەترە.



١-آقای نادعلیخان امیرامجدی بـرادرمـرحـوم امیرامجد ٢ مـرحـوم علیخـان بیگلربیگی ٣ مرحـوم اسـدالله‌خـان. بقیه کلیائی هستند .

لەشۆن مەرحووم«حسینقلی خان امیرامجد» آغای «نادعلی خان امیرامجدی». برای، وەمەرحووم «علی اکبرخان امجدی»لـەسەرشنا-سەیل مەعرۆف کولیایین، کەفرەسالەوە ئیفتخار وسەربەرزي ووەطەن پەرەستي زیندەیی کردنە .

مەردوم کولیایی لەمێمان‌داري وسەلیقەوتەمیسیی وشارسانیەتیی ئارایش مال وزیندەیی،لباس، وەلە گشت بهترسەوادوفەرهەنگ سەرئامەد تەمام عەشایر کوردن. ئەوانە کە سەفەری وە کولیایی کردنە ، زانن کە بیشتر خەوانین کولیایی باسەوادن وئەخلاق شارسانیی دیرن؛ وەلـە داشتن کتاوخانە ومەدرەسە وئوموور خەیرییە ، ووەطەن پـەرەستیی تعصبەیل دینیی تاچ ئەندازە تەرەقیی کردنە.

دهات کولیایی تەمامەن ئاواوپڕ کال وساختمانەیل خاس ئـەڕای ڕەعیەت وخوەیان دروس کردنە، وەلە بەین تەمام دهات ڕێ یەیل ماشین ڕەوهەس. لەناو دهاتیان صەنعەت قالیی بافیی و گلیم جاجمەیل مومتاز دیرن . وە گشتیان شەوڕۆژ ئامادەی مێمان داري لەمەردومن .

**طایفەی «موسی وەنڵ»** طایفەی «موسی وەنڵ» کەهانسە شمال کولیایی ، مەعرۆفتریان خانوادەی قوبادي (کوڕەیل مەرحوم کریم خان گردەکانەیین) لەشوجاعەت ودروسیی ومێمان‌داري وطەن پەرەستیی مەعرۆفن .

**طایفەی « وەرمەزیار»** طایفەی «وەرمەزیار» بیشتریان لەدهات سەمت خوەرهەلات سونگورن. بیشتر ئەودهاتەجزومەنطەقەی کۆسانیی ئەفشار ئەسەدئاواس . خەوانینیان دوخانەوارن (خزاعی)وە (پناهی) . ئی دوطایفەیشە مەردومیکن دین‌دارو شەریعەت ڕەو، وە گشتیان لەحیفظ ئاداب دین،وەهەرچنەو لەمێمان‌داري وکارەیل خەیر کۆشیش فرەدیرن

ماوە ل ١٦

# کوردستان

بەشی سنەیی
وەرگێڕ : ا. مفتی‌زادە

لاپەڕەیی بۆ هەموجار


## نەوروز دلرفین

ساڵ ١٣٣٩ خەریکە تەواوئەوێ وەنەورۆز ساڵ ١٣٤٠ هاله خـۆ-نواندنا. کتێوزلـەی تەبیعەت، جاریّتر پەڕەی هەڵ ئەدرگێتەو. وەفەصڵ تازەیێك ئەکرگێتەو. بەهار دلّرفێن، وەك جوانگـەل، ئەشنگێتوزۆروشێرینیگەل خوەی ئەنوێنێ. ساڵ بگردك وەك پیرگەل فەرتوت، لەمەیدان شەڕ ئەشکێ، هەرئەم ئاڵوگۆرە ئاشکراکەهەر چێ‌ساڵە، دووارە ئەوێتەو، دەرس گەورەی مامۆسای تەبیعەتەبۆئێمە ئەودەرسە شەڕژییان ومشتومڕمانە-وەس، کەنیشان ئەدا، هەرمەوجودێ زەعیف بۆ، وەلەکارکەفت، وصەڵاحی-یەت ئیدامەی مانەوەی نەما، ئەشێ لە بەرابەر مەوجود زۆرداتر بکەو قەڵخان بخات ومەیدانی بۆخاڵی کا. ساڵێ کە ئەگرێ، ئەشێ خـاس ووردبوپنەولەکارگەلێ کەتیاکریا. گەوخەیروزەرەرێ کەدەسگیرمان بۆگە. عادەت تاجرگەل ئەوەسە، کەئەگەینە حەساو خـەیروزەرەر خوەیاناو نامەی عەمەڵ خوەیان زێکوپێك ئەکەن، تالەزەرەرگەل ئیحتیمالی، خوەیان لابەن، وەشۆن خەیروزەرەرخوەیان بدۆزنەو.

مەوزۆع گەیین بەکارگـەل کریاگا، ئەشێ لەگشت مەورید. یکاوێ : کارگەل مەملەکەتیو مەجلیس ودەولەت، ومەوریدگەڵ ئیقتصادیو فەرهەنگي وهەرچێ مەوریدگەڵ تر، ئەشێ خاس موتاڵە-عەبکرگێ، وەبەرنامەی دوروسێك دانرگێ.

ئەووەڵ ساڵ تازەـ کە بـەلای ئێمە ئێرانیگە لەوهالەنـەرۆزا-نموونەی خـاسێ سەلیقەی ئـەم میللەتەباستانی یەسە، کەخستگیانە-سەوەختەاعتدال ربیعی، وەتەرجێحی هەس بەسەرجەژنگەل میللەت گەل ترا، وەهیچ میللەتێ نییە کەجەژنێ وەهایەبوێ. مەراسمێ کە لەجەژن نەرۆزا ئەگیـرگـێ ، نیشانەی زۆشنیکە، لەعەلاقەی کامڵ میللەت نەجیبوئازادەی ئێرانی بەڕەسمگەل قەییمیی، وەئیرتیبات مەحکـەم بەئایین بگردگ، وەپـەیوەندنە-بڕیاگ لەتەك بگرد گگەل میللیی و تەئرێخیی درەخشان خوەیا؛ وە ئەمەخوەی، ژازمانەوەی میللەت گەورەی ئێرانە.

ئێمە لە ئاسانەی ساڵ تازەدا، ئومێدفرەیێگمان هەس کە ئێران لەسایەی عینایات وتەوەجوهگەل شاهەنشاوە، هەنگاوگەل تونـدی لەڕێگەی پێشرەفت وئاوەدانیی و خاس بـوّن تەواوکار وبـارگەل ئیجتیماعی یا هەڵگرێ، وەجەژن نەورۆزباستانیی، لەئەفـراد وڵات خوەشەوپسمان موارەکو پیرۆزبێ، وەتەبریکات صەمیمانەی خوەمان، پێشکەش هـاو وەتەنەموحتەرە-مەکانمان ئەکەین وسلامەتیی و کامیابیی گشتلایێ، لەخـوداوا کارین.

## کۆمەك ئیمریکا بەپاکستان

خەبەرموافەقەت ئیمریکا لەتەکدان ٧٢٥ میلیۆن دولارقەزار بە دەولەت پاکستان خەبەرێکە موهیم وهـەیەجان ئاوەر، وەئینسان ئەخاتەبیرفکر قەرزگەل گەورەی ئیمریکا بە کورەی جەنوبیی، یاقەرز چەنڵێن میلیۆن ڕۆبلیی ڕۆس بەمیصر بۆدوروس کردن سەددئاسوان.

دەولەت پاکستان کەئیسە دەسی داگەسە تەحەووول صەنعەتیـی گەورەیێکەو، بۆخستنەکارچەرخ صەنایێع خوەی، فرەموحتاج کۆمە کە وەبێشك کۆمەك ئیقتصادی ئیمریکابەومەملەکەتە، تائەنڵازەی فرەیێك کارپێشرەفت صەنعەتیی وئیقتصادیی، ئاسان ئەکا، خوصوصەن کەئیمریکا قەبوڵی کردگە، کەبۆسەنڵنەوەی قەرزەکەی، مەحصوڵگەل مەوریـد ئیحتیاجیی لیّ بسێنێ، وەلازم نەوێ کەحەتمەن ئەوقەرزە، بەصورەت ئەرز بسێنێتەو.

لەجیهەت ڕەوابیت بەینەلمیلەلی یە، موافەقەت زەمامدارگـەل ئیمریکابۆدان ئەوقەرزە گەورەبەپاکستان، نیشانەی ئەوەسە، کەدەولەت کێنێدی، لەدەولەت جومهوورێخواز بەرگ، تەووەجەوە فرەترێکی، بەحەواودیس ئاسیاهەس.

بۆتەوزێح ئەمەمەتلەبەئەشێ بێژین کە مەملەکەتگەل ئاسیایی و خوەرهەلات ناوەڕاس- کەئیسە هاتگنە سەرمەرحەلەی تەحـەووول صەنعەتیی- بۆهاوردن کارخانەگەل وماشین ئالات جۆرجۆر، ئیحتیاج، فرەیێکیان بەئەرزهەس؛ وەجاران لەتەك ئەوەڵا کە ئەومەملەکەتگەلە، لە کۆمەك بێعیوەزوقەرزئیمریکابەرخورداربوگن، میزان ئەوکۆمەکە هیچ‌وەخت بەئیحتیاج ئەوانا نەگەیگە.

ئەم‌قسە لەبارەی پاکستانیچەوصادقە؛ وەئیعلام صەرێح ایوب‌خان ڕەئیس جومهوورپاکستان لەئەواخیر ساڵ ١٩٦٠ ا، کە : «ئەگەردەو-لەتگەل خوەرنشین موتتەفیق پاکستان، بۆ کۆمەك ئیقتصادی بەووڵاتە ئیقدام موئەسیری نەکەن، ئەگونجێ پاکستان لەسیاسەت خـوەی لەتەك ئەودەولەتگەلا، تەجدید نەزەر بکاتەو» بەئاشکرا، ناڕەزاییـی ئەگەیێنێ؛ وەشایەت هەر لەبەرئەوەبوگە، کەزەمامدارگەل دوموکرات ئیمریکا بۆدەرخستن دۆسیی ئیمریکا لەتەك پاکستانا، لەتەك کۆمەکێ وەهاڵا موافەقەتیان کردگە.

پریزیدێنت کێنێدی، دەعوەتێچی لەایوب‌خان کردگە، کەبـۆ ووتووێژ لەبارەی ڕەوابیت دۆوڵاتەولەئایەندەی نزیکێکابچێ بۆواشینگتون نەك تەنیائەوێتە باییس بەڵەڵی فرەترڕەئیس جومهوورئیمریکا لەئەوزاع پاکستان، بەڵکەئەوێتە سەبەب ئەوە کەئەصڵەن تەوەجەوە فرەترێ بە ئەهەمییەت مەوقیعییەت ئیسەی مەملەکەتگەل ئاسیابکا.

وەها کەووتمان، ئەوقەرزە بۆخستنەکارصەنایێع خوەی ئەخاتەکار وەئیقتیصادزانگەل ئەو ولاتە «گەرە کیانەکارێبکەن، کـە پـاکستان ئەقەللەن بەشێ لەوصەنایێعە کەئیسەواردی ئەکا، لەداخلەڵا دوروس بکا؛ وەبەهاوردن ماشین ئالات کە شاوەرزي سەتح کێلان، لەولات خوەیانـا تەوسیعەبەن، وەمەخصوصەن سەتح تەولید ئۆ کەوووکەلەمەحصوڵگەل موهیم پاکستانن، بوەنەڕۆرەو وەختێ وابێ، پاکستان ئەتوانێ قەرز ئیمریکا، هەرلەمەحەال ئەوتەولیدە کەشاوەزری یەزبیادە ئانەو. وەئەگەر بەرنامەگەل تەولید صەنعەتیی و کەشاوەزي ئەوولاتەخاس بخرگێتەکار، دەولەت پاکستان دووای چەن ساڵێ، بەئاسانیی وەبێ تەحمیلی لـەسەر بودجەی خوەی، بەش گەورەی ئەوقەرز ئیمریکائەڵاتەو» وەگوشاییش فرەیێك ئەکەفێتەکاروبارئیقتیصادی ئەومەملەکەتە؛ وەلەبەرئەوەپێشرەفت ئیقتیصادي ولاتێ، پایەوبنچینەی پێشرەفتگەل تریچە، ئەوتەحەووولە، بێشك، پێشرەفت ئیجتیماعیی گەورەیێك لەپاکستانا، بەشۆن خوەیانیرێ

## سەرەتاز کرماشانی

ماوەی ل ٥

لەضمن گەرد جوانەیل هـاوسەر خوەیان وەچاوقرتکێ وخـەنین عیشق‌بازي کـەن ڕاسیی‌ڕاسیی زیندەیی دەیشتەکیی لەناوسیاماڵ چ‌خوەشە؟ شەش‌هەفت‌مانگ لەناو دەوارنیشتن و کۆچ کـردنو، وە شۆن‌سەوزەو وەهار دەیشت‌ودامانە وەرگردن چ‌شیرینە؟

خەوەردیرین: هەرکوچکی، هەربنجی، هەرگەوەنی، هەرداره بەڕۆیێك، شاهدچەنـی دلبەريو عیشوەگـەري وسۆزوعیشقیکن؟ بایەس ساڵی گەرد ئێمەهاو سەفەر بۆن‌تابزانن‌و، وەچاو خوتان ئی چشتەیلە بوینن؛ وەلەئەو هەمگە سادەیی‌وبی ئالایشیی‌وئەوزیندەیی‌یە کەوەخەیاڵ خوەتان عەقەب‌مەنڵە ولە«تمدن» دۆر کەفتیە، هەراسان نەوون ولەززەت ڕۆحیی‌بودن.

لەئیلاخیش هەرئی‌شۆر غەوغا هەس. مەردوم ئیلاخیش کەم کەم لەڕەنج درێژزەمسان دەرچن. بەفر دێترلەدامانە باقیی نـەمەینە. لە بەعضیی کۆەیل دامانـەی‌پشتە و خوەری بەفرهەس؛ وەلیی‌لەدامانە-یەیل خورەتاوي سەوزلانی دیارەو بییە. دەنگ‌بەرخ وکارژەلەی‌ساوا وە گووش‌ڕەسیت؛ کەم کەم‌مەردوم لەماڵ‌دەرهاتنە، یەسەلەپەساجوفت بەسن؛ وە یەسە مەشغوول بەهار، کارین.

غەوغا و غولغولـەی وەها ي ڕەسێتە گووش . لەئی‌جەشن‌نەو-روزی‌یە گولەیل سەر لـەخاك در هاوردنە. وای دارئـاوس وەهاري دارەیل‌خستیدسە چووپیی. گرمە؛ وا؛ عەجـەوساز دەولێك خستیەسە ڕي. طەبیعەت گشتیی ئەڕای‌ئی ڕەقص وجەشنە دەس‌یەك گردنە.

**نەوروژ نەوروژ نەوروژ**

ئەری‌نەوروژ لەناو کـوردوەنی جوورەخرەی نیشان‌دەت؛ لەئەور،

ماوە ل ١٦

## مێژووی ڕیشەی وەگەزی کورد

نووسراوی زانای مەزنی ... وەرگێڕاوی: د. ع. مفتی زادە

ڕێزی

### ٩٦

لەخاکی «ئاراراتی»یەکاندا، دوو نەتەوە ژیاون، کەیەکێ لەوان «ئەرمەنی» وئەوی تریان بەقسەی «هرۆدۆت» نەتەوەی «ئالارود» بوون؛ وەلەپاش صەدەهاسال هەردوو نەتەوە نیشتەجێی ئەوێ بوون کە یەکێ «ئەرمەنی» وئەوی تر بە«کورد» ناو براوون؛ وەچونکە مێژووی «ئەرمەنی» باس لە نابوودی ولەناوچوونی «ئالارود»ەکانەوە ناکا، کە وابوو هەر ئەو نەتەوەی «ئالارود»ە، بوون کە لەپاشان هەموویان ناوی «کورد»یان بۆخۆیان داناوە. بێجگە لەوە مێژوو کۆنەکانی «ئەرمەنی» باس لە «کورتی» یەوە ئەکەن؛ تەنانەت ئەڵێن: تایبەتی چەکمەی وەزیری «کورتی» سوور بووە؛ وەتەنیا پاڵشا بۆخۆی چەکمەی سووری(١) لەپێ کردووە. ئەم مەبەستەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە پێش لە «ئەرمەنی» یەکان گەلی ئارارات «کوتی ـ کورتی»ـ یەکان بوون؛ وەلەپاش تێشکانیش کەمایەتی گرنگیکیان پێک هێناوە، وە دەسەڵات بەهێز ونیرۆیان هێندە کەم نەبوو بوو؛ وەهەرئێستاش لە«کورتی»ـ یەکان بوون.

«گزنفون» ئەنووسێ: (لەوسەدا کە «ئاستیاکس» پادشای «ماد» ئەیەویست لەگەڵ «بابلی» یەکانا بجەنگێ؛ پاڵشای ئەرمەنستان باوەکوو سووروساتی بە«ئاستیاکس» ئەدا، لەناردنی قۆشەن بۆ«ئاستیاکس»خۆی گرت «کورۆش» بۆ گوێ ڕادانی پاڵشای ئەرمەنستان بەقۆشەنی «ماد»ەوە، کەوتە ڕێ بۆ ئەرمەنستان؛ بەڵام لە ئەنجامدا «کورۆش» ڕووی پێشان دا، لەسەرئەوە، کە پاڵشای ئەرمەنستان بە ڕۆنەی ئاوشەڕەوە کە لەگەڵ «کەلدانی» یەکانا بوو، ئێوەی قۆشەنی خۆی گل بداتەوە، وە ئەیەوە کەی بنێرێ بۆ یارمەتیی «کیاکسار»).

مەبەستی «گزنفون» لە «کەلدانی» یەکان «خالدی»یەکان بووە کە پێش لە ڕۆیشتنی ئەرمەنی یەکان بۆ ئەو سەرزەوینە، لەزێدی یەکانی ئەرمەنستان بوون؟

لەپێشان باسمان کرد کە: «کەلدانی»یەکان لەچەنێ گەزی جۆربەجۆر پێک هاتبوون، کە یەکێ لەوانە «کوتی. کوسی»یەکانی ئاریایی ڕەگەز بوون، کە: «گزنفون» ئاراراتییەکان لەوان ئەزانێ.

«گزنفون» لەسنووری ئەرمەنستاندا لەپاڵشای «هیندە»وە باس ئەکا، کە نازانین: کام هۆزو ڕەگەز بوون. بۆ وێنە لە جێگایێکدا ئەڵێت: «کورۆش» پاڵشای ئەرمەنستان ... خوازی ... کە فرستادەیی بۆلای پاڵشای هیند بنێرێ داوای پارەی لێ بکا.

لە جێگایێکی ترا ئەنووسێ: فرستادەی پاڵشای هیندەوات بۆلای «کیاکسار» وە ... : ... لەگەڵ پاڵشای «ئاشوور»دا، شەڕ ئەکەن. من ئەڕۆم بۆلای پاڵشای «ئاشوور» هەرکاتێ ... ئیوە ... ئەویان من ئەڵێم پاڵی ئەوە کە دەس درێژی لەسەر ئەکرێ.

(١) ئێستاش لەنێو کوردانا «چەکمەسوور» بەمانای پیاوی زۆردارو بەدەسەڵاتە ... مەتەڵێکی کوردیش هەیە کە ئەڵێ: «ماڵی خۆ نەخۆر بۆچەکمەسوور» یانێ کەسێ دڵی نەیێ ماڵی خۆی خەرج بکا ئەبێ زۆردار لێی بسێنێ و بیخوا بۆی.

| | |
|---|---|
| کەمایەتی : اقلیت | سووروسات : باج وخراج |
| قۆشەن : لشکر، ارتش | گوێ ڕادان : تنبیه |
| ئەنجام : نتیجە | ڕووپێشان دان : موافقت |
| گل دانەوە : برای خود نگهداشتن | زێدی : بۆمی |
| سنوور: حدود، مرز | ئەنجام : نتیجە |

م: ص: م

## بەشی مەولەوی

## پارچەی

### ٥١

خوداڵی خۆشبێ لەم پارچە دا، وەهادەرئەخا کە ئازیزی، پاش ماوەیێ چاوەڕوانی، ویستوویەتی بێ بۆلای، ئەنجا لەپیاڵەگێڕ ئەپاڕێتەوە کە بازاڕی بەزمی بۆ پێک بێنێ، هەروەها کە ئەڵێ: ئازیز! ئەوەتۆ بۆی کەهاتی بۆلای من، وەبەبێ ئارامی وچاوەڕوانی من، وابووت دا؛ چاوی نیشتنگەی چاوم، هەرلە ڕێگاوە بووە کە تۆ بێیتەوە بۆناوی، توخودا دووری بابەس بێ، ئیتر وەرەوە بۆماوای خۆت.

پیاڵەگێڕ! بازاڕی خۆنواندنی دڵداران گەرمە، وەمامەڵەی کڕینی دیداری دۆسان هاتووەتە پێشەوە! هەردڵبراوێ بەچەشنێ مامەڵە ئەکا، یەکێ گەنجی «کەیان» ئەداو دڵدارئەسێنێ، وەدڵبراوێکی هەژاریەوە کومنیش بەتاقەحەسیرێکی شڕەوەیان بەباڵایێکی تێشکاوو پڕ لەناڵەوە کە وەکو نەی وایە، بۆکڕینی دیداری دڵبەر، خۆی ئامادە کردووە؛ باوەکوو هەر کەسێ بەجۆرێ کە وتوزەتەداوی دڵداری خۆیەوە، وەئەیەوێ بەبایێ کی زۆر بەنرخ گزباری بێ، بەڵام بایی زۆر ڕفرە، هیچ نییە، بەڵکو خۆشەویستی نرخ وئەرزشی زۆرترە؛ کە وابوو، پیاڵەگێڕ! تۆبێ خوداباڵات وە کوشماڵ ... خەم ... دەسێکت بەدەف وئەودەسیشت بەپیاڵەی مەیەوە، تابەدەنگی دەف گیان وبەمەزەی مەی دڵم بێدار بێتەوە، وەلەبێهۆشی و ... نەمێنمەوە. بائیتر دوو! گۆچم بپچڕێنەوە، لەمەی خانەدا لە خاکپای «پیری موغان»دا وە ... بەرگی نوکەری بپۆشم، وە ... خولامی ئەوله گوێ کە؛ وە وەکو پیاڵە چۆن واقی ... شەراوە، منیچ ... ناوچاوی پیری موغانم و، هەروەکو خومی مەی بۆ هەمیشە، مەیخانە بێ بەجێگام.

ئازۆرم ئامای؟! ئای بێ قەرارم؟

ئای ئەی چەمەزای، ئەی ئینتزارم!

... تینەکەی چەم دیدەش هانەزێت

غەرەوي تاکەی بۆوەماوای وێت

هەی ساقی، بازارجیلوەی دڵدارەن!

سەودای خەرپەدار دانە دیدارەن

یەکێ وەمایەی گەنج «کەی»وە

چون منیچ وەتای فەرتوت نەیەوە

ئەرصەدێ هەر کەسێ بێ‌ی وێش وەداوەن

وەقیمەت نییەن، ئیخلاس حسابەن

مایل کەر باڵات وەی لاڵا چون نەی

دەسێوەت دەف بۆ، وەدەس جام مەی

بانێدار کەرۆتا کەی بۆن غافڵ

دەف وەصەدا گیان، جام پڕشحەدڵ

باکلافە بۆئاخرلوانم

خاکپای حەزرەت پیرەوغانم

چون دەف بەرگ پۆس ئیرادەت پۆشم

غولام تەزدەس هەڵقەبەگۆشم

خوم ئاسا خەبلێن وەتەن مەیخانەم

چون پیاڵەواق شیشەی پەیمانەم

## چۆن بنووسین

ماوەی ل١

لەبارەدا ئەڵێین: ... قەدەغایان دژێنا ــ لەکاتێکدا کە لەخۆیەوە بدڕێ؛ لەم حاڵەدا ئەو کردەوە مانای تێپەڕ... ڕە ئەگەینێ؛ وە ئەگەر بڵێین، شێرۆ قاقەزی دڕي؛ لەم وەختەدا ئەو کردەوە مانای تێپەڕ کەری هەیە، هەروەهاش گوڕین، پچڕان؛ شێرۆ گوریسی پچڕی. تەناف بڕا؛ شێرۆ تەنافی بڕي.

لەوو ێنانەدا چەند شتمان بۆ دەرئەکەوێ:

١ـ ئەو ڕیشانە کە کردەوەکانیان بەتێپەڕنەکەر بەکار ئەبرێن، ئەگونجێ لەبناغەدا ڕیشەی نەزانراوبن، وەلەبنەڕەتدا زۆر بەکار بردن، بەزانراوی تێپەڕنەکەر بەکار ئەبرێن.

٢ـ ئەم چەشنە کردەوانەش لەو کردەوانەن کە لەیەک ڕیشە زۆرتریان هەیە.

٣ـ مەبەستی ئێمە لەو کردەوانە کەلەیەک ڕیشە زیاتریان هەیە، ڕیشەبەڕێگاکان نییە، چونکە ئەو ڕیشەکەر ڕیشەی تێپەڕکەرە، لە هەموو شێوەیێکی بێ ڕێگای تێپەڕ نەکەر دروست ئەکرێ، وەکو: سوتان، سوتاندن. پچڕان، پچڕاندن. دڕان، دڕاندن.

٤ـ ... کردەوانە کە بەتێپەڕ کەر وتێپەڕنەکەر بەکار ئەبرێن لەپشدا تێپەڕنەکەرەکانیان ڕیشەی تێپەڕ کەی بەڕێگادروست ئەکرێ، کە ... چەشنە کردەوانە دوو ڕیشەیەکەریان هەیە، یەکێ بڕێگا ... ڕێگا، ... پچڕان ... تێپەڕنەکەرە پچڕین، ڕیشەی تێپەڕکەری زانراوی بێ ڕێگا. پچڕاندن، ڕیشەی تێپەڕکەری زانراوی بەڕێگا.

٥ـ ئەم چەشنە کردەوانە کە بۆ ڕیشەی تێپەڕ کە ... ڕیشەیان هەیە، ... گوێرەی ... دوێنی ... بەکار ئەبرێن، وەکو: بڕان، بڕیان، سوتان، سوتن، سوتیان، دڕان، دڕیان.



هەزاران سالی پێش باپیرە نەبەزە کوردەکانی ئیمە بەڕابەریی «کاوە»ی نەمرو دلێر لەبەرانبەری پاسای ستەم وزۆری بێگانەکانەوە ڕاپەرین، وە کۆشکی ستەمی «ضحاك»یان ڕوخاندبەسەریا. وە دووایی یان بەحوکمی بێگانەکان هێنا .



لەپاشان «فریدون» یان لەسەر تەختی ئاریاوە دانا، وە کاوەی نەبەزبو ڕۆژگاریاندنی پیرۆزبایی لەلایەن گەلەوە هاتە خزمەتی . وە بەم جۆرە دیسان نەتەوەی ئاریا بەسەر دوژمنانا پیرۆز بوون .وە فریدونی کورد تاج وتەختی ئاریای بەدەست هێنا .

### بەشی لەویژەی

ماوەی ل١

«نینوا» کەبەرانبەری شاری موصلی ئەمڕۆیە، بەدەست هاتووە؛وەلەو-حەکانی کەبەکێز(خط)ی مێخی یە، لەئەنتیکەخانەی بەرپتانیاو بەراین دا دانراوون؛ وەمائێستا زیکەی صەد کتێب بەهەموزمانێ لەبارەی ئەم بەلگەنێژەیی یانەوە هەلا کرو-تەوە .

☆☆☆

«ایشتار» ناوێکی جوانە کە زەنگە لەگەڵ ووشەی «ستارە» (ئەستێرە)دا ، کە ئێستاش ئو ناوی

کچ بەکاری ئەبەن، نزیك بىێ،



پەیکەری «ایشتار» خوداى عیشق وجوانی

بەلام لەبنا ناوی «خوداى جوانیی» بووە. کەنزیکەی چوارهەزارساڵ پێش لەمیلادی مەسیح لەسەرتاسەری «بین النهرین» و باشوو ڕۆژئاوای ئێراناباهەزێزیان گرتووەوپەرەستو-یانە ، وەهەروەها کە ئەمڕۆ لەسالۆنی میوانداری (دیواخان) ا پەیکەری «ونوس» خوداى عیشق و جوانیی بۆجوانیی لەسەرتاقچەوە دائەنێن، پەیکەرونەقشی ئەم ژنەلە حالێکدا کەڕوتە وهەردوەمەمکی خۆی بەهەردودەست گرتووە ، زینەت وجوانیی خانوی باپیرەکانی ئێمەبووە .

باوەڕ بەم بوتە جادوگەرەیە پاشان لەنوری ئێرانتی پەڕی کردووە بۆمصرو شامات ویۆنانو سەر تاسەری وەلاتانی قەراخی

دەریای «مەدیتەرانە» .

زەنگەزۆرتر لەهەزار پەیکەری

ماوەل ٩

بەپێنووسی. م . ع : سراج الدینی

# نالەباری یەکانی کومەل

## باوەژن ودایك وهەنەزا

### لەم بارەوە ئەمانەوێ پیشانگەیێکتان بخەینەپێش چاو

## پەردەی یەکەم

لەچلی زابووردوّدا کارەساتمان گەیاندە کاتێ کەقادر لەمال دەرچوو، ئێستالەسەری ئەڕۆین .

بەهەشت : ـ گەلەگییان قەزات لێم دەنانەکەت بخۆدێرەبۆ قوتابخانەکەت !

گەلاوێژ: ـ دەدایکەگییان تاکەی بخۆم بەخەواهێندەم خواردووەزکم ئێشێ.

بەهەشت ـ دەمپوە کەت بخۆسێوە کەت بکەنۆشی گییانت،دەپرتەقالەکەت بخۆمن نازانم تۆبۆهیچ ناخۆی .

گەلاوێژ: ـ دایکە دەتاتووانپومە خواردۆمە ئیترناتوانم بخۆم چاکە ئێستائەیخەمە ناوکیفەکەم لەگەل خۆمائەیبەم بۆمەکتەب!

بەهەشت : ـ زۆلەگییان بۆمەکتە بپش هەیەلەگەل خۆتابەی بۆم داناوی .

گەلاوێژ: ـ دەئیترناتووانم دایکەبیکەمە کوێ ؟

بەهەشت : ـ دەچاکەهەستە بڕۆبۆقوتابخانە ! وەدەنگی لسێ بەرزئەبێتەوە ای هەی «ژەشە» «ژەشە» ! وەرەگە لەگییان بەرەبۆ قوتابخانە ! دەنگی هاتنی ژەشەوتەقەی پێی کە لە قالدرمەوە دێتەسەر بەرزئەبێتەوە

ژەشە: ـ بەهەشت خان سەلام، بەهەشت علێك، گەلاوێژ: ـ نەعلیك السلام بڕوانەبۆئەوسەروفەسالە.

ژەشە :ـ «گەلاوێژ» خان چی بکەم خوواوای دروس کردۆم !

وەك «ابن مقلە» بکێشێ ڕەقەم
تەركی دونیاکەی وەك «ابن ادهم»
ئەگەر بێ مال بی وەنەت بێ لەتێ نان
قەدرەت ناگرن بەقاذ یەك قەران
لە «فولکلور»ڕقسەی عـــــەوامــە
نازانم قسەی شاعران، کامــــــە
هەرچەنڈ ڕۆستەمی نەتەوەی زالی
هیچ قوربت نییە چونکە بێ مالی،
ئەمما نەخلەتی بەدزي وحیزي
خۆت دەرکەی لەدەرفەڕەیچیزي
لادەی لە ڕێگەی شەرەف و نامۆس
ببی بەدەیوس یاخۆ بەجاسوس
بەکلکەلەقەی و چاپلوسی وزیا
بسێنێ مولك و فرۆشی حە ا
هەلامشارو قال ـ ـس بخەرەکار
وەك پیاو بێنەدەس درهەم و دینار
وەکمەردی مەیدان خزمەت کەبەگەل
زك وك من گبژولەش وتەوەزەل
سقز ١١ر٦ر١٣٣٩ نافع مظهر

هۆنراوەی: م.ص.مفتی زادە
وێنەکان لەبەخشیاری گەنجی کورد: خالقی

# چیرۆکی مامڕیوی

## چیرۆکی وێنەدار

**خوێندەرە بەڕێزەکان!**

هەروەها کە زۆرتری براکوردە ژۆناک یرونەتەوەوپستەکانمان ئاگایان لێیە، ڕیشەوبناغەی ویژەوزانیاری هەمۆ گەلێ لەسەرەتاوە چیرۆك و ئەفسانەگەلێکن کەزاناپان وویژەوانانی ئەو گەلە، بەهێژی مرخی جوان وزانینی خۆیان، ئەوچیرۆکانەیان بەتەشکی بەلاووهۆنراو نۆسیوە و کۆ کردووەتە وەلەئاکامدابووەتەهۆی پاراستنی بنچینەی یاسای ژەگەزایەتی ومانەوەی ئەو گەلانە.

ئەنجاله سەرەدر کوردێکی خوێن خاێن پێویستە بە گوێرەی لێهاتنی خۆی ئەوچیرۆکە جوانانە، کە لە باپیرەکانمانەوە دەم بەدەم هاتوندتەخوار. وەمەریەکێکیان هەزاران پەندو ئامۆژگاری بەنرخی تێدایە، کۆیان بکەنەوە، تازۆلەکانی گال ونەتەوەکەمان کەلکیان لێوەر گرن، وەلەژیانیان دابیتەهۆی وووریابونەوەیان وئاگایی یان.

یەکێ لەوچیرۆکانەچیرۆکی «ڕێوی وپەپۆسلێمانە»یە کەبەمنداڵی بۆیان گێراومەتە، وەئەوامنیش بەپێی توواناییخۆم هۆناومەتەوەوە، پێشکەش بەهەمۆ کوردێکی خوێن خاوێن ونیشتمان وپست ودڵسوزی گەل و کۆمەڵی ئەکەم.

**مام ڕێوی زۆری برسی یەوبۆخواردەمەنیی ئەسووڕێتەوە**

ڕۆژێ لەڕۆژان ڕێوی یێکی پڕفێڵ
بۆخواردەمەنی کەوتە گەشتو گێڵ
ئەسوڕایەوە ئەم دۆڵ وئەودۆڵ
ئەی دابە پاوە بیاوان وچۆڵ
هەوارێ نەما خۆی نەکاپێ دا
کۆز گەیێ نەبوسوزنە خواتێ یدا
نەهاوانەیێ، نەکولەکۆنێ
نەکەوتێ پێسە، نەخێکە زۆنێ
نەپێشەوپەلای مرپشك وسۆنە
نەکوتە پارچەی پێژنگەکۆنە
نەتوزاخدانێ ززپووبێ کەلك
نەپاروە نانێ لەپاشماوەی خەڵك
نەسەلکێ دۆینە، نەدانەکەشکێ
نەچەکە کلاشێ، نەهەنگڵەمەشکێ
نەسپرمێ ڕزپو، نەژێرەکەوشێ
نەقوشقنێ کۆن لە دەوری حەوشێ
هیچی دەس نەکەوت، زۆربەداماوی
بەزکی برسیی وبەدڵ تۆراوی
هاواری ئەگرد ئەی دابەسەردا
وێڵ وێڵ ئەگەڕا بەدەشت ودەردا
کاتێ مام ڕێوی ڕێی چۆلی ئەبڕی
باڵدارلە ترساهەمۆهەڵ ئەفڕی
هەرچەندە گەڕاهیچی دەس نەکەوت
هەروەهادەردی برسیەتی نەسرەوت

ئەنجا کەوتەڕێ خۆی بەتەنیایی
بۆمرپشك خواردن دەوری ئاوایی



ماوەیێ ڕێی کردبەزکی برسیی
لە بەرخۆیەوە، لە خۆی ئەپرسیی:
داخۆم، سەگە لەزاودالان کەوتبن؟
مرپشك لە کولێن هەمۆخەوتبن
خاونماڵ چاوی باش چوبێتەخەو
مرپشکی قەڵەوبڕفێنم ئەمشەو ؟ !
بەزاکرن ولۆقەوتەقڵەدەو
گەیشتەنزیکی دێیێ نیوەشەو
برسیەتیی زۆری زۆربۆهێنابۆ
ئاوەزوهۆشی لەدەس سزابۆ
ناگاواقەیێ لە دەمی دەرچۆ
سەگەل ئاوایی گشت گوێیان لێبۆ
هەڵمەتیان بۆبردهەمۆبەحاپ چەپ
گەمارەیان دا لەڕاس ولەچەپ
بووبەسمڕ وبەقوڵەوهەرا
«قلینچکەی کەری تێدائەچرا»
ئەوئەی ووت «بۆرە» هادەری نەکەی!
ئەم ئەی ووت «بازە» تەکان دەسادەی!
ڕێوي ئەوەی دی کەوتەبازبردن
بەدڵ دەسی کرد بەکوفر کردن
ئەنجالەحەیبەت خۆی کردبەتۆلبڕ»
لەچنگیان دەرچووبەگوپچڕ گوپچڕ



پاش ئەوەلەدێ بەشەپ کرایەدە
دۆبارەڕێگای کێوی گرتەبەر،
ماوەل ۱۰

### بەشی ئەویژەی

ماوەی لە ۸

قوزپن لەم خوداي جوانی یەتەنیالە زەوپن هەڵ دڕپنەکانی «شوش»بە دەستهاتبێ، کەلەبەرانبەری هەر کاملەوانە خەڵکی ئەو ڕۆژگارە چەند نەذرونییاز وقوربانییان کردووە. تاوێ لایان وابۆ کە: ئەو خوڏای حاصڵ خێزي وخەبەرو بەرە کەتە؛ وەبڕێ جار ئەیانووت، کە: ئەوخوڏای عیشق وزاوزێدە؛ وەکاتێ ئەویان بەناوی خوڏای شەڕ ناوئەبرد.

دڵداري لەگەڵ ئەم خوڏای جوانی یەدا سەرئەنجامێکی شۆمی بووە؛ وەها کە «تامـوز»(خوڏای گیاودار) کەدڵی لەئەوچۆبۆ، لە پاش ماوەیێکی کورت لەڕاوی بەرازا، کوژرا، وەگیانی سەرزاس بەدۆزەخ سپێرا. بەبۆنەی ئەم پێشاتەوە لەوڕۆژگارا لاواندنەوە. (مرثیە)یێکیان بۆئەوخوڏایەهەڵ بەست کەمانا کەی بەم جۆرەیە:

**«ئیتر گەنم سەوز نابێ و هۆشە ناکا، وەڕان وڕەوولەزاذوزێڵ ناکەن، وەهەنگوێن وشەراب ئیتر بەدی نایێ»**

**مالك دۆزەرخ** - ئەبێ ئەمەمان لەبیربێ کەبەگوێرەی بیروڕای گەلی ئەو ڕۆژگارە ژیان لە دۆزەخدا هێندە سەخت ونارەحەت نەبۆوە؛ جێگای دۆزەخیان ئەوبەری بیابان وچۆمەکان ئەزانی؛ وەبەم بۆنەوە هەر کەس ئەمرد، بۆتێپەڕ کردن لەبیابان وئاو، ئولاغێك و قایخێکیان ئەنانیو گۆرەکەی. مالك دۆزەخ خوشکی «ایشتار»بوە ناوی «ارش کیگال» بووە، کە بەپێی بەڵگەیێ بەکێزی مێخیی وەهاناسراوە:

«مێزدرێوا بەسەریەوە کە شاخێکی بزن لەبەرسەریەوە، وە یەکێ لەپشت سەریەوە دالکاوە. گوێ ئەم خوڏایە وەکو گوێ مەڕە، وەدەستی وەکو ئادەمیزاذە؛ ئەندامی وەکوماسي وپێی وەکوهی صەگە، ئەندامی وەکومارو ماسي لەپۆلەکپۆشراوە، وەدموری شاخی وبن دەسی تۆکنە»

ماوەل ۱۰

بنکەی ژین www.zheen.org

## مام ڕێوی...

ماوەی ل٩

لە ترسی گیانــاتە کــــــانی ئەوا!
ڕە پەی دلی‌وەك دەهۆڵ ئەی كوتا
چوّ لە بن بەردێ خۆی دابەعــەردا
لەتاوی ڕکی ئــــــەی دابەسەردا
ئەوشە بەسەڤ دەرد ڕۆژی کردەوە
لەبەربرسیەتیی خەونەی بــردە وە
بۆتالە ڕەشیی وبۆداماوی خــۆی
بۆئاوڕوچوون‌و بۆ بەڵناوی خــۆی
بۆڕسوابوونی لای سەگ وبــاڵدار
بۆئیتوارچونی لـــــــەلادێی‌ولەشار
ئەی‌نالاندلەداخ بەدرێژەی شەو گار
هەرپێچی‌ئەخوارد وەك پێچیانی‌مار



پاش ئاهوناڵـــــەوزاری بێ‌سامان
ووتی هیچ دەردێ نییەبێ دەرمان
باش وایە ڕێگای زەهاڵت بگــرم
بەفەن ڕێوازی عبادەت‌بگــــــرم
ئەو کاتەڕێگای‌حەج ئەکرمەپێش
تاهیچ باڵدارێ ئیم نەکائــەندێش
تەپڵی بەڵناوییم ئیترلــێ نسادرێ
لەپشتە سەرۆعەیبەتم نا کــــــرێ
هەمیشە ناوم بەچاکەئـــــــــەبرێ
سەگیش بم بیبێ‌بەڕێزم ئەگرێ
باڵدارهەموودێن بۆدەسماچ کردن
بۆدوعای‌خەیروتەمەڕك‌بــــــردن
بەفێل و کەڵەك کشتیان کــەرئەکەم
ترسی خۆم لەدڵ ئەوان دەرئەکەم
ئەنجابەکەیفی خۆم ڕای ئەبوێرم
هەرمەلێ چێخ سێ‌هەلــێ ئەبژێرم
مام ڕێوی‌هەستاخۆی کردبەحاجی
بەلام‌ئەش ترسالــــــــــەتول‌وتاجی



مێزەرێ خرتی نایەتەوقـــــــــی سەر
ڕیشی هێشتە وەوعـابای کردەبەر
دەس بەتاسبێح وقۆڵ بەعەبـــــــاوە
ئــەگەڕاودەشتی ئــەدابــــــــە پارە
بەتەکبیرووتن بــەلــەبیەیك کردن
سەری‌ئەکوتایەگشت کون‌وقوژبن
بەلەقان لەقان بــــــــــسەرتەکاندن
بەم شان وبەوشان بەڕێش جواندن
ئەچوّبەڕێوە بــەلارەولـــــــــــەنجە
سیواك لەبەرشاڵ، سۆل لەسەرپەنجە
پەپوسلێمانــێ ڕێوي دي لــەدوّر
سەرتاپای بالای ئەدرەوشالە نــوور
ووتي وادیارە پیاوێکــي چــاك بێ
بێ‌فێڵ و کەڵەك گەڵێك دڵپاك بێ
ئازاری نەبێ بـــــــــۆچینی باڵدار
وا زانم تــــــــــازە بوووەتە تۆبەکار
عاتەپێشەوە لێی کـــــــــــرد سلاوە
مـام ڕێوي یەواش وەلامــی داوە
ووتی مامە گیان، ئوغرت خەیرە!
مەبەستت چی‌یەلەم گەشت وسەیرە؟
مام ڕێوي‌ووتی ڕۆلـــــــــە ڕێبوارم
خزمەت گــوزاری چینی باڵدارم!
ڕێگایــێ دوّرودرێژم لــــــــــــەبەرە
ماوەیێ‌زۆرە حەجـــــــــم لە سەرە
ئەمەوێ لە حەج دەسکەم بــەزاري
بپارێمەوە لە دەرگـــــــــــای باري
پەشیمان ببم لــــە کــردەی پووچم
بەڵکەببە خشێ تــاوان وسووچم



«پەپوسلێمانە» لــەڕێوي فێلزان
ئەوەی‌بیستوووتی‌دەخیل‌مامە گیان!
منیش‌وە کووتۆحەجم لـــــــــــەسەرە
من بۆهاودەنگیت‌لە گەڵ‌خۆت‌بەرە
مام ڕێوي ووتــی: بــاشەبەچاوان
بۆهاوڕێ ببی تۆئامــادەم بە گیان

ماوەل١١

## بەشی لەویژەی

ماوەی‌ل٩

ئەم‌تاپۆیە کە کچەعازەو، وە بەیەکێ لەخودایان ئەژمێررا، بە شوێنی مێردا ئەگەڕا؛ وەبۆپەیدا کردنی مێرد پاپەی بیانوێ‌بو،تا ئەمەکەڕۆژێ خودایان لەئاسمانا میوانی‌ییکیان پێك‌هێنا؛ وەبــە فرستادەیێکا ئەم‌پەیامەمان‌بۆ«ارش کیگال»ی خوشکیان‌نارد:

«ئێمە ناتوانین، بین‌بۆلای‌تۆ؛ تۆش‌ناتوانــی هێندە بەرزببیتەوە کەبەلای ئێمە بگەیت، کەوابێ کەسێ لەلایەن خۆتــەوە بەئێمە بناسێنە کەلەم میوانی‌یەدا بەشدار بێت.»

خوڵای دۆزەخ نوێنەرێکی بە ناوی«نامارتو»ناردبۆمیوانی‌خوڵا-یان. «نرگال» خــوڵای تۆفان‌لە بەرانبەری نوێنەری‌مالکی دۆزەخەوەخۆی‌زۆر گەورە گرت‌و گوێ پێ‌نەڵا؛ وەبەم جۆرە بیانو کەوتە دەستی مالکــی دۆزەخ، وەدووەم پەیامی خۆی بەم‌جۆرەبۆخوڵایان نارد:

«ئەو خودایە کــە لــەبەرپێی نوێنەری من‌هەڵ نەساوە،هەوالی بڵەنێ کە ئــەمــەوێ بیکوژم.»

«نامارتو» دیسان بەرزبـــۆەوە، وە ئەم‌پەیامەی بەخودایان گەیاند. ئەوان‌سەریان کردبەیەکاو دەسیان کردەڕاویژ، وەبەنوێنەری‌خوڵای دۆزەخیان‌ووت:

«زۆرچاکە؛ ئەوخوڵایە کەلە بەرپێی‌تۆهەڵ‌نەساوە، لە گەڵ‌خۆت هەڵی‌گرە وبیبەبۆلای خاتوون.»

«نامارتو» ئەوانی ژمارد یەکێ لەڕزی‌دووایی کەم‌بو؛ووتی: «ەەر ئەوخوڵایە کەنەهاتووە: لەبەرپێی من‌هەڵ نەساوە.»

بەم‌جۆرەئەم کەتنە بڕیابەمل «نرگال»دا؛ وەئەو نــاچاربو بە گوێرەی فەرمانی خودایان‌بڕوا بۆدۆزەخ؛ بەلام خوڵای «آ» کە گەورەی هەمۆیان وسەرۆکی دا. وەران وا، چواردە دێــوێ‌بەناوی قۆلچي کردە هاوڕێ‌ئەو.

ماوەل١١

بنکەی ژین
www.zheen.org

**مام ڕێوی...**

ماوەی ل١٠

ئەنجا ڕێگایان بەجووت گرتەبەر
بەهەر جۆرێ بووئەرۆژیـان داسەر
شەو لەبێخ دارێ هەردوبۆی کەوتن
پاش نوێژی شێوان پێکەوەخەوتن
مامڕێوی بەدرۆ ووزاوەی ئـە کرد
بەواشێ دەسی بۆ پەپو ئـــــەبرد
پەپو لای وابوو مامە بێحاڵــــــە
هێماندو بوونە، ئەوگزوگاڵــــــە
بەڵام مام ڕێوی خەونەنەی بردەوە
هەر ئـــەتلایەوە بـــــەدەم دەردە
ئەوشەو وەنەوزێ نەچووە چاوانیی
لەژێرۆ هـەربۆ پەپۆی ئەڕوانیـی
بەیانی کە خۆر لەکەل هـاتەدەر
پەپۆومام ڕێوي ڕێیان گـرتـەبەر
ئەوڕۆژەش ڕێیان کــرد تـائێواره
ئەڕوانن دێ بێ لەدۆر دیـــــارە
چۆنەپێشەوە بۆلای ئـــــاوایـی
کەلە شێرێکیان دي بەتەنیاییـی
کەلەباب ڕای کرد هاتەسەرڕێیان
سەلامێ گەرم و گوڕی کرد لێیـان
«پرسیی: مامە گیان ئوغرت خەیرە!
مەبەستت چی یەلەم گەشت وسەیرە ؟
«مام ڕێوە ووتی : ڕۆ لە! ڕێبوارم
خزمەت گوزاری چینی بالّدارم»
«ڕێگایێ دورو درێژم لـــــەبەرە
ماوەیێ زۆرە حەجم لـــــە سەرە»
کەلەشێر دەسی پێچاڵە چاکـی
لێی پاڕایەوە وخۆی خستەخاکی
ووتی مامە گیان من خاکـەسارم
ئەرمنیش ببەی سوپـاس گـوزارم
ئەنجا لەپێشگات منهیوام وایـە
تکام وەرگری نەڵێی گـــــەدایە
مامەتووڕەبوو : ئەم قسـە چـی یە !
لەلای من گەداو دەولـەمەنـد نییە
بەڵام کــــــەڵەباب دڵی پـڕدبوو
بیری خواردنی دەبری کـــردبـوو
ئەنجا مام ڕێوي بۆشوێنە گەمکـێ
ووتی بەپەپوو بەبەواشە کـــــێ:
ئێمەداماوین بۆپیاوێ بانگ وێـژ
بانگمان بۆبدا لەوەختی نوێــــــژ
تانوێژەکانمان نەکـــــەونەقـەزا
یەزدان لەئێمە نەبـــــێ نازەزا
ئەڵێن کە لەباب زانایێ خاســـــە
پیاوێکی ووریاوشەووڕۆژناســـــە
بۆنی کە لە شێر بۆهاوڕێیی مان
پێویستـــە ، ئەرنـەئەبین پەشیمان

ەپوسلێمانە ووتی:زۆرچــــا کە
منیش ئەی ناسم گـەلێ چالاکـە
ئەنجا هەرسێیان دەستیان گرتەبەر
ڕێگایان بڕیو ڕۆژیان دایـەدەر
ئەوشەوەش نووستن هـەتـابەیانیی
کاتێ خۆر لەکەل سەری دەرهانیی
مامڕێوي فێڵزان دیسان کەوتەپێش
وەخت بوو ناوزکی ببڕی لەبەرئێش
ناگا «کەوە»ێ جوان هاتەسەر ڕێیان
ماندوونە بوونی ووت بەهەرسێیان
«ووتی مامە گیان ئوغرب خەیرە !
مەبەستت چی یەلەم گەشت وسەیرە؟»
«مام ڕێوی ووتی ڕۆڵە ! ڕێبوارم
خزمەت گوزاری چینی بـالّدارم»
«ڕێگایێ دورو درێژمــــــلە بەرە
ماوەیێ زۆرە حـــــەجم لەسەرە»
کەو ووتی دەخیل ئامان سەد ئامان
منیش لەگەڵ خۆت بەرە،مامەگیان!
مام ڕێوی ووتی : پەپوو ! وادیارە
« کەوە»بۆهاوڕێیی گەلێ هۆشیارە
ئەبەدرو جەردەلـەدۆردا دیــــــار
چێژە چیرەئەکاو ئەمان کـابێژا
ئەرکەڵکی نەبێ ئازادی نـــــییە
ئیتر نازانم بیروڕات چی یــــــە
پەپووسلێمانەووتی زۆرچـــــاکە
کەویش ئەناسم مەلێ دڵپاکـە
لەم ووتانابوون،ناگا قــــــالاوێ
لە لاوە هات و کــــــردی سلاوێ
«ووتی مامە گیان:ئوغرت خەیرە !
مەبەستت چی یەلەم گەشت وسەیرە؟»
«مام ڕێوي ووتی: ڕۆڵەم! ڕێبوارم
خزمەت گوزاري چینی بالّدارم »
«ڕێگایێ دورودرێژم لــــــەبەرە
ماوەیێ زۆرە حەجم لـــــە سەرە»
قالاوئەوەی بیست پەلاماری بــرد
چاکی مام ڕێوي گرت و ماچی کرد
ووتی: مامە گیان، دەسم بەدامان !
منیش لەگەڵ خۆت بەرەوەک ئەوان
بەرگی نۆکەریت بەتەن ئەپۆشم
بۆحەسانەوەت بەدل ئــــەکۆشم
مام ڕێوي ووتی : پەپوو وادیـارە !
قالاو نۆکەرێ تـــــەراوتەیارە
بۆچێشت کردن وئاوداري ناوڕێ
ڕاستیی ، بـەردنی کارێکە بەجـێ
پەپووسلێمانە ووتـی زۆر چاکـە
قالاو مەلێکی دەس و چاوپـاکە !

ماوەل٢

**بەشی لەویژەی**

ماوەی ل١٠

کاتێ کە «نرگال» گەییشتە بەردەروازەی دۆزەخ، داخوڕی: «قاپیی وان:دەروازە کەبکەرەوە!»

«لەگەڵ تۆمـە، دەوازەکــە بکەرەوە، تابێمە ژوورەوە، خۆم بە خاتونت بناسێنم»

قاپیی وان هەواڵی بـە «ارش کیگال»، دا، کە خـودایێ لەبەر دەروازە ڕاوەستاوە .

«ارش کیگال» بە«نامارتو»ی ووت: بڕۆ بزانە کێ یە؛ بکـەوە بەردەمی، بێتەژوورەوە.

«نامارتـو» هاتە بـەردەروازە ، چاوی بە«نرگال» کەوت گەڕاوە ووتی :

«خاتون!ئەوخودایە هاتووە کە چەندسانگی پێش لەبەرپێی من هەڵ نەساوە»

«بڕۆ ! بکەوە بەردەمی تابێتە ژوورەوە ، وە بـە کـــەیفەری خۆی بگات»

«نرگال»بەهـرکام لەقۆڵچی یەکان کارێکی تایبەتی سپارد، وەلەبەر دەرکا ڕایانی وەستاند ؛ ئـەوکاتە خۆی هەڵبەتـی بردبـۆخودای دۆزەخ .

«لەنێو کۆشکار زولفی گرت» «وەلـەسەر تـەخت کێشایـە خوارەوە »

«وەئەیـەویست کــە لەڕۆی زەوینەوە سەری ببڕێ، لەم کاتە«ارش کیگال» هاواری کرد : »

«براکەم! قسەیێکت لەگەڵ ئەکەم، مەمکوژە؛ نرگال دەستی لەزولفی بەردا ؛ وە گوێ ڕاگرت بۆقسەکەی: خودای دۆزەخ بـە گریان وناڵینەوە ووتی :

«ئەگەر تۆ ببیتەمێردی من»

«من فەرمانڕەوایـی دۆزەخی بەربەلاو بەتۆ ئەبەخشم»

«بەسەرهەمو زانستێکانا گادار ئەبێ، تۆشائەبیت ومن شاژن »

نرگال هەروەها گوێی بۆقسەکانی ڕاگرت؛ ئەوجادەستی گرت، لەزەوین بەرزی کردەوە، دڵنەوایی

ماوەل١٢

## بەشی ئەویژەی

ماوەی ل ١١

کردوفرمێسکی پاك کردەوە، لێی پرسی :

«ئیترچیت لێم ئەوێ؟»

✿✿✿

ئەمەبۆ گۆشەیێ لەوفڕوفێڵ و داوی خوشکی «ایشتار»، کەبەم جۆرەتوانی مێردێ بۆخۆی هەڵ بژێرێ. بەڵام « ایشتار » خودای جوانی لە کوژرانی دڵداریخۆی (نرگاڵ) کۆسی کەرت، وەچەند شەو، زۆرئەگریا؛ وەکاتێ هەواڵی مانیئەوی زانی بۆئەوە بەدڵداری خۆی بگات، لێ بڕا کە خۆی بڕوا بۆدۆزەخ ' وەئەو لەوێ دەربێنێ و ڕزگاری بکا .

ئەمەش کارەساتـی ڕۆیشتنی «ایشتار» بۆدۆزەخ :

« «ایشتار» خودای جوانی ، کەوتەڕێ بۆتاریك خانەی جێگای «نرگاڵ»؛ جێگایێ کـە ڕێگای دەرچوون و گەڕانەوەی نییە. »

«جێگاوڕێگایێ کەهەر کەسێ تێ بڕوا، ڕوناکي نابینێ، جێگایێ کەخورد وخوراکیان تۆزوخاك و قوڕە.»

«جێگایێ کەقەتهەتاوتێ ناڎا، وەتاریکيهەمیشەیی لەوێ جێ گیر بووە»

« جێگایێ کـە جلی بـەری دانیشتوانی ئەوێ وە کوپەڕی پەلە- وەرانە »

«جێگایی کە تۆزنیشتوەتەسەر هەموو دەرك و کەلەوەری»

« کاتێ کە خـوڎای جـوانی گەییشتە بەردەرکی ئەوجێگاکە ڕێگای گەڕانەوەی نییە، داخوڕێ:»

«ئای قاپیی وان ادەر کە کەبکەرە- وە! لەگەڵ تۆمە، ئەمدەر کەبکەوە، کەبتوانم بێمەژوردوە »

«ئەگەرنەی کەیتەوە، لەگێجە- نەی دێنم»

«چوارچێوە کەی ئەکێشمەوە، کر بڵە کلۆمە کەی ئەشکێنم»

«هەمومردوی گۆڕسار ڕائـە- پەڕێنم، کەبکەونە گیانی زیندوو- کانێ»

قاپیی وان لەوەڵاماوتی: خاتوون! تاوێ بخایێنە دەرکە کەمەشکێنە!»

«من ئەڕۆم هەواڵ بەشازن «ارش کیگال» ئەدەم»

کە قاپیوان بە «ارش کیگال» گەییشت ، ووتـی : « خوشکت «ایشتار» هاتووە»

«ارش کیگال» کەئەمهەواڵەی بیست لەجێگای خۆی هەڵپەڕی و ' ووتی:

«ایشتارچی لە گیانی من ئەوێ؟ بڕۆن بە گوێرەی یاسای خۆمانی بیرنیەژورە »

قاپیی وان ڕۆییشت دەرکی لە ڕوی کردەوە:

«خاتوون ! فەرموو ژورەوە ، بە خێرهاتی» دەرکی یە کەمی لەڕوی کردەوە، تاجەکەی لەسەری هەڵ گرت ،

« ئیشتار » لەقاپیوانـە کەی

## مام ڕێوی...

ماوەی ل ١١



بەڵام هاوڕێمان ئیتر بەســـابەس بێ

نەك تووشمان بەتووش مەلێ ناکەس بێ

ڕیشەی دۆستیی مان دەربێنێی لەبن

لە ناوی یەکتر مان کا دوژمن

مام ڕێوي چاکی دایە کەمەري

ئەوانیچ هەرچوار کەوتنەپشت سەری

ئەنجا پێکەوە ڕێیان گرتە پێش

بەخۆشیی وشادي بێ ترس وئەندێش!

مامەلە برساهەرلەتری ئەبـــــرد

لەدڵی خۆیدا فەنی جۆر ئەکرد

ئەوشەوەش مامە ڕۆژی کردەوەی

لە بەربرسیەتی خەونەی بردەوە

مامە بەیانیچوو بۆلای پەپـــــو

ووتی: سبەینێ گوێت لەبانگ نەبوو؟!

ئەوبێ ئاوەزەی ئەوتولە بابـــــە

بانگ ویژە کەمان: ئەو کەڵەبایە

ئیمان ودیـــی لـەلانە مـــاوە

بانگی بەیانیی نیـــــوە شەوداوە

بەدەستوری شەرع خوێنی حەراڵە

ئیتر نزیکیی بۆمن بەتاڵـــــە

مەلعوونیکیوا ، حەقی ئیعدامە

دۆسی کــــــردنی لەبن حەرامە

پەپووسلێمانە ووتــی مامــە گیان!

تۆخۆت پیاوێکی زاناومــوسوڵمان

تۆچاك ئەزانیی حوکمی ئەوچی یە

لەمەسەلەی شەرع من ئـاگام نییە

ڕێوي بانگ ویژی بانگ کردەشوێنێ

تاحوکمی شەرعی باش پێ بنوێنێ

هەڵمەتێ سەختی بۆکە ڵەباب برد

لەپەنابێکا نۆشی گیانی کـــــرد



پاش ئـەوە خواردي دەمــی لستەوە

ڕکی تێربووبوو، هەڵی ئەخستەوە.

چەند قوناغی تـرڕێگایـان بڕی

مامڕێوی پەپووی بولای خۆی چڕي

بەناوچاو درژیو بەعەسەبــــانی

ووتی حــەرامــە، بۆمن ژینگانیی-

بە ڕاستی دڵـم لە «کــەو» ئێشاوە

هیچ نــرخ وبایی لـەلام نەمـاوە

چونکە دڵتەڕوبەعیشومونــــازە

قوتە قوت کــە رو، زۆرهــەوسبازە

داییم بەردەوبەرد ئاواز ئەخــوێنێ

خاڵ ومێلی خۆی بەخەڵك ئەنوێنێ

توخۆت ئەزانی پیاوێکـم زاهـد

شەریعەت ڕەووارع وعــــابــد

ـــێ ڕیـــا ودرۆدڵپاك وصادق

ناجۆرە بـۆمن هـــاوڕێ یی فاسق

لـەلایێ تریش کـە ودوژمن دارە

لە دوی ئەگەڕێن صبح وئێوارە

ئـەترسم ناگـا بزانـن پێمان

بەهاوڕێیی ئەوتۆمەت دەن لێمان

اعدام کردنـــــی فـاسقێ وەها

شەرعـاً واجبەبێ چـۆن چـرا

پەپووسلێمانە ووتـی مـن ڕازیم

بۆچ پێم پرس ئەکەی، ەگەر من قازیم ؟!

مام ڕێوێ کەوی بانگ کرد بۆش شوێنێ

تاحوکمی شەرعی باش پێ بنوێنێ

بـە قـە پێ مـلی ئـە وی چی شکاند

خواردیو بەجەزای کردەی خۆی گەیاند

ماوە ل ١٣

## بەشی ئەویژەی

ماوەی ل ١٢

پرسی
«بۆچی تاجم لەسەرهەڵئەگری؟»
خاتوون! فەرموو زۆرمەوە، ئەمە یاسای ئێمەیە.

دەرکی دووەم کرایەوە، گوێ-وارەکەی ئەویان لە گوێ دەرهێنا.

«قاپی‌وان! بۆچی گوێوارەکەتان دەرهێنام؟»

«خاتوون! فەرموو زۆرمەوە، یاسای ئێمەوایە»

دەرکی سێهەم کرایەوە، ملوێنکەکەیان لەملی کردەوە.

«قاپیی‌وان! بۆچی ملوێنکەکەم دەردێنن؟»

«فەرموو زۆرمەوە خاتوون! یاسای ئێمەوایە» بەم جۆرە لەبەردەرکی چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی دۆزەخا، هەموو خشڵ وزێوەر وجلی بەری «ایشتار»یان دەرهێنا. «ایشتار» چاوی بە «ارش کیگال» کەوت، سەرەگێجەی لێ‌هات.

بێ ئەمەی بترسێ ولەجێگای پرمەترسیی خۆی تێ‌فکرێ هەڵمەتی بردبۆی.

«ارش کیگال» نۆکەری تایبەتی خۆی بانگ کردو پێی‌ووت:

«ئەم ژنەببە بۆکۆشکی من، شەست چەشنە نەخۆشی بخەرەملی»

«وەکو: چاوئێشە، سک‌ئێشە، پائێشە، دڵ ئێشە، سەرئێشەوە ...»

لەکاتێکەوە کە خودای جوانی «ایشتار» هەنگاوی نایە بیابانی نابوودی بەوە، ئیتر تەنانەت گیاداران کێویش زاوزێیان نەئەکرد.

کارەساتێکی گەورە قەومابوو. یەکێ لەخودایان بەناو چاوێکی ترشەوە تەماشای زۆی زەوینی کرد، وەلەم کارەساتە تێ گەییشت جلی عازیەتی کە خاڵ خاڵ واڵەبەری کرد. خودای هەتاو، زۆییشت بۆلای باوکی کە خودای مانگ بوو، وە زۆر گریا. هەموخودایان لەلای خودای گەورەوە (آآ) کۆ بونەوە، دەسیان کردە گریان و سکاڵایان کرد کە خودای جوانی «ایشتار» زۆییشتووە بۆ دۆزەخ و نەگەڕاوەتەوە. وەلەکاتێکەوە ئەم پێشاتە قەوماوە، هەموو گیانداران لەزاوزێ کەوتوون.

(آآ) لەکارەسات تێ گەییشتو ئەوجا ئافەرێنەییکی تایبەتی بەدی هێناو کردی بەمەئموور کەبڕوابۆ دۆزەخ؛ وەتکابۆ «ایشتار» بکا. فرستادەی (آآ) بەفەرمانی خودای گەورە زۆییشت بۆدۆزەخ، وەئەو فەرمانە کەپێی درابوو، جێ‌بەجێ کرد. «ارش کیگال» لەپێشان ملی نەدا بەوە کە «ایشتار» ئازادبکا و بەری‌بدا؛ بەڵام سەرئەنجام لەزۆی فرستادەدا، داما، وەفەرمانی بەسە گەورە نۆکەری خۆی‌دا، کەئاوی ژیان بکەنەملی «ایشتار»دا، ئەوجا بێرنێ بۆخزمەتی خودای دۆزەخ، وەلەپاشان لەدۆزەخ بیکەنەدەرەوە.

«ایشتار» بەم جۆرە ئازادبوو، هەتائەگەییشتەبەربەکێ لەحەوت دەرکی دۆزەخ، ئەوتیکە خشڵ و کەلەوێ لەبەریان دەرهێنابوو، جلەی پێ‌یان ئەدا وە.

**دوایی**

## مام ڕێوی...

ماوەی ل ١٢

پاش چەند ڕۆژێ ترزیکایان تەی کرد
مامە تە شریفی بۆلای پەپوو برد
ووتی بۆشتێ دڵم زۆر تەنگە
ئەمەوێ بێ‌لێم زمانم لەنگە
قالآ دمەلێکی زۆر چاچوو لبازە
دزو ناپاك و ناخۆش ئاوزە
بەڕتەشك و نەگبەت شوم وڕۆژمشە
لە ئیمان دوورو لەدین بێ بەشە
ئە بێ بکوژرێ خوێنی هەدەرە
چونکە ڕۆ زەشی ڕۆ ژی مەحشەرە
پاش ئەوە ڕێوی قالآویشی خوارد
بەزکی تێرۆ ماوەیێ ڕای بوارد
ڕۆژێ لە ڕۆژان زۆری برسیی بوو
سەری بەرزۆکرد پرسی لەپەپوو
ووتی، ئەم تانجە، کێ‌بەتۆی داوە؟
من وام بیسووە ئەڵێن دزراوە!
ووتی باپیرم لەلای «سلێمان»
نۆکەری کردووە بەدڵ وبە گیان
شاتری بووە لە ناوی وەڵات
ئەویش ئەم تانجەی کردووەتەخەڵات
مام ڕێوی ووتی نەخەیروانییە
بۆدرزۆوزاسیی تۆدە بەبەڵگەت چییە
ئەگەرڕاس ئێژی؟ قسەت بەجێ‌یە
بێنە بزانم شاهێدت کێیە
چونکە من پیاوێ شەریعەت ڕەوم
بەشەونوێژ ئەکەم تا ڕۆژنا خەوم
چۆن ئەبێ هاودەم پیاوێکی دزبم-
لە دەرگای باری شەرمەندەو کزبم؟!
پەپووردۆ بووزانیی کەڕێوی
ئەیەوێ بی کا بەلوقمە شێوێ
ئەنجا کەوتە ڕێ بۆشوێنی شاهید
بی‌هێنێ بۆلای مام ڕێوی زاهیدی
چاوی خست ناگادوتولی چەتون
لە سەردابەتاوهەردوو، بەرۆبوون
پەپووبانگی کرد شاهیدوا هاتن
گەلێ موخلیسی بەڕێزو باڵاتن!
ڕێوێ ڕوانیی زۆر بەسەلیقە
دوو توڵ لەسەردا دێن وەك تریشقە
ووتی قەبوولە، زەحمەت نەکێش
ئیتر بانەبینن پێیان ئەیێشن
پەپووپێی ووت نە، باینە حوزوور
چون دوروست نییە شەهادەت لەدوور
ڕێوی لەترسا پێچێکی بۆکرد
بەڵام، توڵەکان هەلمەتیان بۆبرد
جەزاری کردەوەی خۆی پێیان نواند
دایان بەعەرزا کولکیان وەشاند



پەردەی فەن وفێل هەرئەبێ بدڕێ
بەفێڵ نان خواردن ئاخرهەرئەبڕێ
ڕاستیی بگرە پێش تابەرزبێ پایەت
قەت نەبڕێتە وە سوودوسەرمایەت.

## مەتەڵ

ماوەی ل ٢

خۆش ئەوێ وبەلایسە وە جوانە؛ چونکو سواری ئەبێ وباری پێ ئەکێشێ و کەڵکی لێ وەرئەگرێ.

جا، هەرکاتێ کەسێ دۆستێکی بەکەڵك ونزیکی خۆی لێ بگۆڕرێ و نەی ناسێ؛ وە بە چاوی بێگانە تەماشای بکا ودووری لی بگری ئەو دۆستە ئەم مەتەڵەی بۆ ئێنێتەوە.

**٣- بتزێ مەگەرهاوساماڵ هەواڵی پێ بدا.**

ئەم مەتەڵە سەبارەت بە کەسێ ئەووترێ کە زۆر گێج وووڕ وبێ حاڵ و بێ‌خەوەرلە هەموشتێ بێت، وە بەجوزێکی تریش لەم جۆرە کەسانەوە ئەڕێ کە ئەڵێن: فلانە کەس هەواڵی لەقنگی خۆی نییە.

**٤- چۆلەکە تۆچیت، تاشۆربات چیی بێ؟**

هەرکاتێ کەسێکی بێ‌قابل هەڕەشەو گوڕەشە بکا لەپیاوێکی لەخۆی گەورەتر، ئەم مەتەڵەی لەبارەوە ئەڵێن.

هەرلەم بارەوە مەتەڵێکی تر هەیە کە ئەڵێن:

**٣- ئەگەر بیبیتە ئاگر، چی ئەسووتێنێ؟**

بنکەی ژین www.zheen.org

**نەتەوایەتی...**

ماوەی ل ١

ڕەگەزی ئەم هۆزە کۆنی کورد سەرڕەگەزی هۆزی کورتی بووە. لەبارەی ئەمەوە کەلەزمانی کۆنی ئاریاییانا مانای مەردچی بووە، قسەی ڕۆژهەلات ناسێکی ئالمانی لە دەستایە کەئەڵێ «مەرد» یانی شتێکی ئەزیەت کەر.

ئەوجا ئەم ڕۆژهەلات ناسە ئالمانی یەلای وایە کە«مەرد»هۆزێکی تایبەت یان چلێ لەهۆزی کورتی نیە؛ بەڵکو لەقەبی هۆزی کورتی یە، وەدژمنانی ئەم هۆزەلە ئەرئەو نەبەزی ونەترسیەیە کەبەشی تایبەتی ئەوان بووە پیان ووتوون مەردیانێ ئەزیەت کەرونارەحەت. بەڵام لەوەی کۆڵینەوانە دەرکەوت کەمەرد هەر هۆزی کوردە ویەکێ لەپێنج هۆزی دانیشتوی پارسە ئەوجالەپێشان بڕێ لە مێتمان دەرخست کە ساسانیەکان لەڕەگەزی کورد بوون، وە بڕێك لە نوسراوەکانی مێژونوسەکانی ولێ کۆڵەرەکانمان هەڵ دا. یەکێ لەوخێڵە کوردانە دانیشتوی فارس هۆزی شوان کارەیە، وەزۆرتری مێژونوسەکان ئەم ووتەیان دان پێداناوە. یەکێ لەوانە «فارس نامەی ابن البلخی» یە کە لەبەشی ...نایەتی شوان کارە و کورد وفارس داباسێکی دوورودرێژی کردووە، وە کوردەکانی پێشوی پارسی، پێنج ڕەگەز وتیرە داناوە، ودابەش کردووە، کە هەرکام لەوتیرانە سەدهەزار کۆمار بوون، ویەکێ لەوانە کۆماری «البازنجان» بووە، کە هەر ئەو «بازرنگیە» یە.

هەستان وجوڵانەوەی ئەردەشێری بابەکان لەکاتێکدا بووە کە شاری «استخر» لەلایەن یەکێ لەسەرۆك عێلانی خێڵی بازرنگان بەناوی «جوزهر» یان «گوچهر» وە کاربەدەستی هەڵ ئەسوڕا

وەهەروەهالە «گوپانان» لە دەوروبەری «دارابگرد» دا، وەلە بڕێك جێگایانی تردا نەتەوەبچوکەکانی پادشایانی ناوخۆ مابونەوە. «ساسان» کەیەکێ لەوپیاوە

ماوەلە ١٩

# ٣ وێنە لە تاقەوسان

یەکێ لەشوێنە مێژوییە گرنگەکانی کوردستان تاقەوسانی کرماشانە، کە یادگاری دەورەی ساسانی یەکانە. بەجۆرێ کەلەپێشان بەدرێژا لەم ڕۆژنامەدا – بەتایبەت لە بەشی کرماشانی دا – نوسیومانە، تاقەوسان یەکێ لە شاکاری «حجاری» دونیای کۆنە. هێندە ڕێزەکاری تێدا بەکاربراوە، کەهەر کەس لەنزیکەوە تەماشای نەکا نازانێ کەئەو بەردتاشە بەنوکی قولنگەی خۆی چ هونەرێکی لەخۆیەوەبەدیادگار هێشتوە، لەژمارەپێشوەکانا وێنەی تاقەوسانمان لەچاپ دا؛ ئەوائێستاش سێ وێنە لەنەخشەکانی ئەوێ لەچاپ ئەدەین

# ریزەکاریی

**لەئاوی لیل دا ماسی گرتن:** لەئاژاوە کەلك وەرگرتن. ئەڵێن: «لەئاوی لیل ماماسی ئەگرێ» یانی حەزئەکا ئاژاوەیی ڕێك بکەوێ، تاخەڵکی سەرگەرمی ئەوەبن، وەئەویش، ئەوپێشاتە بەهەل بگرێت و ئیستیفادەیێکی ... کەوابو ئاژاوەکە، ئاوەلێلەکەیە وماسی یەکە کەڵکەکەیە ... لەوکاتەدا ئەگیرێ

**ماسی لەبگاردا گرتن:** لەهەل ئیستیفادە کردن «بگار» جێگایێکی تەنگە لەچەمدا ئەڵێن، کەڕێبوار لەوێوە ئەپەڕنەوە، ئەکا جائەگەر پیاو بیەوێ، کە لەشوێنی پایابی چەمدا ماسی بگرێ، لە تەلاش و ماندوبونی خۆی، کەڵکی وەرناگرێ؛ چونکو تا ئەم لەملاوە بۆی بچێ ئەو لەولاوەدەرئەچێ، بەڵام ئەگەر لەتەنگایی وشوێنی تەنگی بگاردا سەبەت دابنێ، ماسی بەدەم هوژم وزۆری ئاوەوە ئەکەوێتە ناوی، وەئیتر هێزی دەرچونی نامێنێ. کەوابو جیاوازی لەنێوانی ئەم کینایەو ئەوی تردا ئەوەیە، کە ئەم بۆگەیاندنی ژیری وئارەزوی کاربرا، وەئەو بۆ مەشەرلەگێچەڵبازی وپیسی دڵ ووێستی بەکارئەبرێ.

**تەك دانی ژمێرداری بەلای ژمارەیێکەوە** نزیك بونەوەی بەو ژمارەیە. «تەك دانی شتێ، بەلای شتێکەوە»، ئەوەیە کەوورە ووردە بەو شتە نزیك ببێتەوە. ئەڵێن: «ئەوەند هاتوم بۆلات کەتەکی داوەتەلای هەزارەوە»، کەوابو، کردەوەی «هاتن» نوبهێنراوە بەشتەجوڵەکەرە کە، وەئەمانەی هەزار، بەشتە جوڵەبۆلا کراوە کە، وەنزیکی ژمارەلەهیچەوە تاهەزار، بەفاصلەی نێوانی جێگەی پێشوی شتەجوڵەکەرە کە، تاجێگای شتی دووەم.

**یەخەلێ هەڵ تەکاندن:** ... ناحەزی وبێزاری. «یەخە» بەمەعنای ملپوان (لاژوروی سپیاڵ لە ... وەدەوری مل ا) بەبناغەکەی ئەوەیە کەئۆمر، کاتێ لەدەس گەرماوە ... یەخەی سپیاڵی بەری، هەڵ ئەتەکێنێ، تاوەکو، با، هاتوچو بکابۆدیوی ناوی سپیاڵەکەی، وەلەدەس گەرما؛ تۆزێ ڕزگاربێت وفێنکی ببێتەوە. کاتێ بتەرێ ئاشتیی بخەیتە نێوانی دوکەس وەبچیتەلای یەکێکیان وباسی ئەوی تر بێنیتەناو، بەڵام کابرا هەربێزاري لەئەو دەربڕێ، ئەڵێ: «بۆچی واپەخەی لێ هەڵ ئەتەکێنی؟ خۆ پیاوێکی خراپ نییە». کەوابو، کابرای بێزراو، بەلای ناحەزەکەیەوە، شوبهێنراوە بەگەرما، بەلای یاروی وەزلەدەس گەرما ... بڕینی بێزاري – کەنیشانەی جێ نەدان لەدڵ و وەدەر کردن لەبیردایە – بەهەڵ تەکاندنی یەخە، کەبۆجێ نەدانی گەرما لەدیوی ناوی سپیاڵ، وەدەر کردنی لەلاش دایە.



١– وێنەیێ لە زەردەشت پەیغەمبەری ئاریایی لەحالێکدا کە شمشێرێکی بەدەستەوە گرتووە، وەدوپادشا لەخزمەتیا ڕاوەستاوون، هەردوکیان بەدەستی ڕاست حەلقەیێکیان گرتووە. ئەم وێنەلە هیچ شوێنێکدا وێنەی نییە.



٢– وێنەی نێوی تاقە گەورەکەی تاقەوسانە کەدوبەشە: لەسەرەوە شاپوری یەکەمی ساسانی لەگەڵ دوکەسا ڕاوەستاوون؛ وەلەخوارەوە پاڵەوانێکی زەلام سواری ئەسپێ بووە، وەڕمێکی گرتووە بەدەستەوە.



٣– وێنەی شایە لەکاتی ڕاوا. بەڕاستیی لەم وێنەدا هێندە ڕێزەکاري کراوە کەپیاو سەری سوڕئەمێنێ، کەچۆن لە ڕوی بەردەوە ئەم هەمو نەخشەووردە بەم جوانی یە هەڵکەنراون، وەتەنانەت لەیەکێکیانا ئەوهونەرە بەنوکی قولنگەکەی هەڵ نەکەنروە کەتوزێ کەل بێ؟

www.zheen.org

# کوردستان

## بەشی هەورامی

وەرگێڕ: م.ص.مفتی زادە

### نەوروزێو وەش

سالەوهەزارویەرەسەدۆسیی ونۆی ئیناتەمایـەنە ، وەسالەوهـەزارو یەرەسەدۆچلی خەریکا سەرەتاش بەرگنۆ دەفتەروسوروشتی پەڕەپەرە کریۆوەفەصلێوەتازەتەرمێ وەرۆ ، وەهاری تازەپێسە نۆوەیـویـوە . زەریفە، ویش منمانۆ، سالێ کۆنێ جووانیوویش تەمام ناوپێسەپەڕان کەوتەنەلا .

ئێ ئالوگۆرە کە گـردسالێوە دۆبارە ۆوە ، دەرزێوە گەورەن کەماۆساوسوروشتی بـە گـردو مەوجوّدات وژوەوزەمینیش مدۆ؛ ئادەرزەبەربەرەکانێ کەردەپاچەیو زیندەگیی : هەربەدی ئامایێـوە ناتەوانەشیوویش حازر کەرۆپەی ئانەیە کەبەدێ ئامای قدوی تـەری دلێشەنەبەرۆ.

سالێوە کەئیناتەمامەبییەنە، مشیۆ گـڕیۆوەرو چەمی وەئاکارێ کـە چاسالێنە کرینێ لازماتەماشا کریا وەکەڵك وزیانشالەیەك بدریۆوە؛ چونکەژیوای پێسەنەکارو بازرگانیی بازرگان ئاخرو گردسالێوەسوێو زەرەروویش گێرۆوەروچەمی.

چی وەختە نەلازماچاکارانە کە کرینێووردێ باوە، وەکارەزانیاری یەکاوئاوری یەکاو کۆمـلایەتی یەکا وەلانی ڕۆشن کرباوە، وەبیاواشاـ پۆرە، وەبا ودەولـەتو مەجلیسی گێر یۆوەروچەمی، وەبەرنـامێوە قرەخاس پەی سەر کەوتەیووەلانی ڕێك ووزیۆ .

سەرەتاو سالێ تازێ لاوئێمە: ئێرانی بەکاوە، کەجەژۆنەورۆزیەوە دەس پەنە کریۆ ،سەلیقیوەفرەئپرپن؛ زەوقیوە فرەءالا کەچی وەختەنە ، نریانەرە، وەلێ جـژنەکاو میللەتەـ کای تەریەرەبەرتەرپش هەن وەهیچ میللەتیوەجەژنیوە، پێ وەشی شەنبیا وەئاعاذەتە کۆنێ کەجە نەورۆزە .

نەمەنێ جەهیچ جەژنێوەتەریودنیاـ یەنەمەوینیا ، وەئینەیچ ـەنیشانێو ئانەیەنە کەمیللەتو نەجیبوئێرانی، بـــــــەخدە کاوبـــــــاپیرە کاو ویشادەلگەرمینێ؛ وەپەیوەندـ یۆوەقاییمشا چەیوشۆنەمێژوویی ـ یەکاو ویشاهەن،وەتەنیا ئاز ویەنە کەبۆبەـەبەبومدنەیو گەلوئێرانی

ئیمە جەسەرەتاوێ سالەتازێتە ئومێدەوار ێنمێ کەئێران جەسایەو تەوە جوهاتوشاهەنشایەنەءهەنگاـ مێوە گەورێ پەی ئاوەدانیی وەلاتی هۆر گێرۆ،وەئی جەژنەونەورۆزیە، پەی گردومیللەتو ئێرانی ،جەژنێوە وەشەبۆ، وەسلامەتی ووەشحالیو گرلاێیوەجەخودای موازمێ

## کومەکوئیمریکا بەپاکستانی

هەوالوقەرزدایوئیمریکای(حەوتصەدوبیستوپەنج میلیونێ) بە دەولەتوپاکستانی ، هەوالێوە فرەگەورەن، وەپیایووزۆرویرو قەرزدایو ئیمریکای بەکورەی جەنووبیی،وەقەرزو زۆسی بەدەولەتومیسری پەی دوروس کەردەیو بنەبەنگەو «ئاسوان»ی .

دەولەتو پاکستانی کە دەورەوصەنعاتیی وویش دەس پەنە کەردەن ، پەی کارووستەیو کارخانەکایش نیازش بەکۆمەکێ وەپولێو ئیمریکای هەن، وەئی کۆمەکیچەپەی ئاوەلاتیە ، سوّدێوەفـرەش ئیناوەرەنــە ، وەکارەـ سەختەکاش پەی ئاسان کەرۆ،چونکە ئیمریکا ڕازی بییەن کەپـاکستان جیاتیوئاقارزیەکالاو کشتوکالش پەنەوورەشۆ ، وەنیازش پانەیە نەبۆکە بەپولی بدۆشۆپەنە .

جەباـو پەـوەنێ یەجیهانی یەکاوە ، مناومـێواچمـێ ئێ قەرزو ئیمریکایەبەپاکستانی نیشانێوئانەیەنە کە دۆلەتو«کینەدی»جەچەموـ دەولەتوودرینوئیمریکایەنە ' فرەتەرکاروبارو «ئاسیا»ی گێرۆوەروچەمی پەیڕۆشن کەردەیوتێ مەسەلێ مشیۆواچمێ کەوەلاتەئاسیایی یەکێ، وەخۆرهەلاتودلێراسی کەئیسە کەوتێنێ زۆرگارو دەورەوصنعاتیی،نیازیوە فرەشا بەئەرزی هەن پەی ئانەیە کەکارخانە صنعاتی یە کێووێشابسانــا ، وەمەرزناشارە ، باوەکۆ چەگوزەشتەنە ئیمریکا کۆمەکێ مەفتی وەلاتا کەرێ ، بەلام ئاکۆمەکێ کەمێ بینێ ، وەنیازمەنێشا تەمام لانەشێ .

پاکستانیچ پێسەوئاوەلاتانی، هەرپاسەکەجەدمایییوسالەو١٩٦٠ یەنە ' «ایوب خان» سەرکۆماروپاکستانی واتش : ئەگەر دەولەتەخۆرـ ئاوایی بەهام پەیمانەکێوئیمە ، کۆمەکما پەنەنەکەرا ' سیاسەتووێمـا سەبارەت پادەولەتاوازمێ؛ ئاقسێ ئازەزاییووەلاتوپاکستانی چادەولەتا ، بەرووزۆ، ئەنجا ئیمریکا پەی نیشادایووە شەویسیی وویش پـا وەلاتیە ، ئاقەرزشە پەنەدا . «پریزیدینت کینەدی» پەی دووای جەبارەو پەیوەندیو ئادووەوەلانیەوە ، ژنرال ایوب خانش پەی واشنگتەنی چڕیەن ، ئاووتو وێژە بێ گومان نەتەنیا سەبارەت بەدۆسایەتیو ئیمریکا وپاکستانیەن ، بەلکە پەی وەلانەکاوئاسیاو خۆرهەلاتیچ کەلکێوەفرەش هەن .

پاکستاپاقەرزیەکارخانەصنعانی یەکاوویش مەزنۆرەوەکەرەکشا ئاچێوێ کەجەبەرەوەو وەلانی سانۆشا چاکارخانەنە دوروسشاکـەرۆ ، وەکشتوکالوویش پەرەپەنەبدۆ، چی سۆرەتەنە پاکستان مناوۆجیاتیـیو ئاقەرزیەکالاو کشتوکالی بەپاکستانی بدۆ، وەجەبارەوئاکارخانانە کەمەرزـ نۆشارە ، جەچندسالێ کە مەنەتەماموقەدزەکەی بەئیمریکای بدۆوە، وەـ

## لاپەرەیی بوهەموجار

زۆریچش وەنەنەگنۆ؛ وەچون پایەوسەرکەوتو هەروەلاتێوەسەروئەندازەو ئابۆریوئاوەلاتیەوە مەرزیانەرە ، بێ گومان پـاکستان پێ ئـالوگۆڕەـ ئابووری یە کە جەکاروبارو ئـاوەلاتیەنەمێدێ پێشکەوتێـوە گـەورەش گنۆدەس .

### دستور خواندن و نوشتن کردی

**عدەای ازخواهران برادران فارس زبان کەمایلند برسم الخط کردی آشناشوند باین مطلب توجەفرمایند:**

**میدانیم کە کلمات فارسی بوسیلە سەحرکت زبروزیروپیش وسەحرف «الف»و«واو»و«یاء» تلفظ میشود. وچون حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح کلمات بستگی باشنائی قبلی دارد،و این نقیصە موجب اشکال بزرگی درزبان فارسی شدە . ولی رسم الخط کردی این اشکال رامرتفع ساختە، وکلمات تنها بوسیلە حروف تلفظ میشوند. حروف صدای کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .**

**١ـ (ە) کەبجای زبرمیاید. مانند: «سەر» (سر)«سەروەر» (سرور)**

**٢ـ(ی) کەبجای زیرمیایدمانند: «جیهاز»(جهاز)«کیتاب» (کتاب)**

**٣ـ(و) کەبجای پیش میایدمانند:«گول»(گل)«بولبول»(بلبل)**

**٤ـ (الف) کەبجای الف میایدمانند: «باغ» (باغ)**

٥ـ (ۆ) کە بجای«واو» میآیدمانند: «بۆد»(بود)«زۆد»(زود)

٦ـ (ێ ی) کەبجای«یاء»میآیدمانند:«بید»(بید)«دەوید»(دوید) «مەردی»(مردی)

**٧ـ (ۆ)کە صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»**

**٨ـ (ێ)کەصدای یاء مجهول میدهد : مانند «کێ» (کە) «چێ»(چە)**

٩ـ (ۊ) کەمخصوص لهجە کرمانشاهی است وصدای (U)میدهد. مثال آن درلهجە کرمانشاهی «ئۊشم»(میگویم) «داشتۊت» (داشتەباشد)

**(١) حروف«ها»و«واو»و«یاء» بی علامت ممکن است اصلی باشند.مانند:«هەمـایە»(همسایە)«وورود»(ورود)«یەك»(یك). برای فرق میان هاءاصلی واعراب، هاءاصلی را دوچشم واعراب رایك چشم می نویسند .**

**(٢) همزە را همیشە باینصورت ( ئ ) می نویسند . مانند : «ئەحمەد»(احمد)«ئوطاق»(اطاق)ئیمام(امام)**

**(٣)درکردی گاهی روی حرف دال ولام وراءعلامتی میگذارند وباین شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) کە در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام وراءمفخم میگردند.مثال آن درکردی:«فەرهاڎ دڵ کوڕ» (فرهاد، دل، کریعنی پسر )**

**(٤) الف بای کردی یك حرف بیشترازفارسی وعربی داردکە عبارت از«ڤ»میباشد . البتەتلفظ این حرف درفارسی زیادست،ولی با«واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئـەڤـایل» (اوایل) .**

**(٥)دررسم الخط کردی حروف مشددرا دوتامینویسند.مانند «ئەڕڕە» (ارە) «بەڕڕە» (برە)**

**(٦) درکردی کلمات راهرطورتلفظ میکنند مینویسند' البتە کلمات بیگانەرا مشمول این قاعدەمیسازند ؛ ودیگراشتباهی بین حروفیکە مخرجشان نزدیك است واقع نمیشود ؛ مثلا صفحە را اینطور مینویسند : «سەفهە»**

بنکەی ژین www.zheen.org

کوردستان

## بەشی کوردیی شمال

## لاپەڕەیی ، بوهەموجار

# نەوروزادل شایی

سالا ١٣٣٩ لەزمد بۆنێیە ، وە نەوزۆزا ١٣٤٠ لە هلاڤیتنێ یە ، کتێبا، ڤالماتە بیەمت جارەکدي پەژوال دگەرە ، وە دەورەك تازە ڤەدبە .

بهارا دلشاکرنێ فەناخورتێ تازە گەهیشتی ، دمــەشە، وەزۆرو بەدەوییێد خونیشاندده.

سالابەرێن نۆتلی‌پیرە کی‌عەمر چۆیی مەیدانا شێرداشکێن.

هەمن‌ئەڤ بەرهەو گوهزتن، کوهەرسال جارە کێ‌دبە،بخوددرـ سەك هیم کرنێیە ، کوهوستایێ تەبیعەت، ددەیێدزۆباریێ عەردێ، وەددەخۆیان، جا داریك ژاروبەلە نگازبۆ، ئێدی نوکارەساغ بمینە، وەگەرەك بەرهەمکوڤیێ ژخو،خورت تردا مەرتالێ بـاڤێژە ژمەیدانێ دەرکەڤە.

لازمەبئەڤ سالاکوبهۆري،ژندـ وارەمێزەکرن‌کاتێداچ بۆیە،وچ قەنجی خرابی گەهێشتیی‌یەمە . خوییێ بازرگانایە ، کوبحەسابێ ڤازانج وزرارا خوبنێرن‌ئەڤ‌یەکا بۆڤێیە ، کو ژزیانێك مەکۆنە بگەهیژنێ خوبپارێزن،وەڤازانج وزرارا خوبەر هەوبگرن .

گەرەك‌هەرتشتەکیی‌دا،بکارێك هاتنەکرن مێزەکن ، کاربـاریێ مەملەکەت وەمەجلسیێدا، کارباریێ دەولەتێ وئیقتصاد وزانانەن‌وهەر تشتەکی باش‌وارە مێزە کرن،وە بەرنامێدباش سەڕاست‌بن.

بهەرحالەکي سالاتازە جەمەە ئیرانی‌یان لەنەوزۆزێ‌یە. کوباشیا سەلیقا مللەتێ مە کەون‌نیشان‌ددە، وەسەرهەمۆ عەیدوجێشنێدمللەتان رانە، چومللەتەك‌خودانێ عەیدەك هاکینەنینە،وەزسمێك جێشنانەوـ زۆزدا تێ گرتن، نیشانەکەخۆیاژ حەژێ کـرنـا مللەتێ نـەجیب و ئازادێ ئیرانی بزێ‌وزسمێ‌بەرین

وقەدیمە، وەئەڤ بخوسوزامایین‌و هەیامللەتەکي مەزن‌نوتلی‌ئیرانێ تێ‌هێژماریێ .

ئەم لەدەردەزۆ نگاسالاتازە، گەلەك هیویاد کن. کەئیران لەسایابەخشش وچەڤ لەسەر ۆنا **شاهەنشا** گاڤێد فرەزادە، وەزۆژبزۆژ لەزبەر بئاوا دانییوبەرکەتنێ هەرەمەکارباریێ جڤاتێ ژهەرگالی‌یـەکیی زەحف باش‌بە، وەجێشنا نەوزۆژ بگشتیی

مرۆڤێد مەملەکەتێ مەعــەزیز ، بمبارەك بە.

وەبدلکی‌پاكهەموهەموەطەنێد خورابمبارکیێ دبێن،ساغی‌وسەر. فەرازی‌وسەرفنازیا گشتی‌ژخودایێ مەزروبیەوالداخوازیێ دکی.

(هلاڤیتن( : هەلاتن:طلوع کردن
(دمەشە):خۆش‌خۆش‌تێ:میخرامد
(جەم) : لای : نزد، پیش
(گاڤ) : هنگاو : گام

# کومەکائامریکابپاکستانی

خەبەرا قەبۆلیائامریکا بە٧٢٥ ملیون دەین بدەولەتا پاکستان خەبەرە کوزەحف مەزن‌وخودان هەمیی‌تە، وەمرۆڤ دخەبیراوان‌دەینێ مەزن کو ئامریکاڎا کورا باشوری (جەنوبی)، وەیان چەندین ملیون ژۆبل کودەولەتا شورەوی گرێدانا بەندا (ئاسوان‌را دایەمصریێ دەولەتا پاکستان‌نهۆ، دەورانەك، هل‌گوهراندنا سەنعەتێ‌دەست پێ کری‌یە، وە بۆگەڎاندنا چەرخا سەنعەتێد خوپەرێد دەرامیی پێ‌لازمە،وەبێ‌شك‌ئەڤ کۆمەکاامریکا بڤیدەولەتێ بەرکەتن وپێش‌تابرنا سەنعەت‌وئیقتصادا پاکستانێرا ئەسەرەك مەزنی هەبە، مەخسۆسەن کو ئامریکا قەبـۆل کری‌یە ، کوپاکستان هەمبەری ڤی‌دەینی‌دا ، ژحاسلێد کشت وکالێ تشتی لازمەتیا ئامریکا بشینەوێ دەولەتێ! وەلازم‌نەبە ، کوڤی دەینی بەقین‌بارەتەی بدە ئامریکا .

ژبەراکارباریێ‌جهانی، ئەڤ‌دەین‌داینا ئامریکا بدەولەتاپاکستان، بخونشپاناویێ‌یە، کودەولەتا (کندی)ئانە گۆري دەولەتا جمهۆریخوازا بەرین، بئەواك لەئاسیا دبوهرە، زۆرئەهەمیی‌یەتێ ڤایلە.

لازمەئەم بێژن کودەولەتێد ئاسیاوزۆژ هلاتاناوین، کونهۆ کەتنە دەوراهلْ گوهراندنێد سەنعەتی، پەرێد دەرامیی زەحف‌لەوان لازمە کو کازخانا وماکینە هالەتێد لازم بکرن وەهەر چەند بەرێ ئەڤ دەولەتان ژکۆمەکێد بی‌عەوەزا ئامریکابەرخورداربۆن لێ‌هەما تێرالازمەتیاوان نەدکر .

باراپاکستانێداژی ئەڤ‌یەکاڕاست دەرد کەڤە، چاواك‌لەئاخراسالا ١٩٦٠ (ایوب‌خان ) سەرەکی جمهۆري‌یەتا پاکستانێ ئەشکەرە کرە دەنگی، کوهەگەر دەولەتێد ژۆژئاوا هەوالێد پاکستانی کۆمەکە کو بکاروێ دەولەتێ‌را نەکەن دبەك پاکستان سیاسەتـا خودا گەلْ‌ڤان دەولەتان ژتازە مێزەکە .

ئەڤ‌مەسەلە، نەرازی تێ‌یا پاکستانی‌باش دگینە ، وەبەلکیی‌ژی بەرڤی سەبەبێ بۆیە، کوژێبەرێد دموکرات ئامریکا ، بۆکودۆستایا خوبدەخۆیان داینا ڤیی‌دەینیی‌بپاکستانێ قەبۆل کرنە.

(پرزیدنت کندی ) هەژی (ایوب‌خان)تەگلیف کری‌یە ، کوبۆ گۆفتگۆیی دۆربەرێ ژابتێد هەردو دەولەتا هەرەواشنگتنێ. وەبێ‌شك گوفتگۆیێدڤان‌دوسیاسەتمەداران نەکوتەنێ دبەسەبەب کوئامریکاهاژ کارباریێ پاکستانێ هەبە ، بەلکیی دبەسەباب کوئەهەمەی یەتەك زێدە

بدنەدەولەتێد ئاسیا وزۆژهلاتا ناوینێ .

چاواك هاتەگۆتن پاکستانی ڤـی‌دەینی دژیکا خالاتا سەنعەتێد خوبکەشول، وەئیقتصاد زانێڎڤی مەملەکەتی دکن، کارەکی‌بکن کو قەنەبەهنەك سەنعەتێدلازمەتیاپاکستانێ ژوێ‌خو دەرکەڤە، وئێدی‌ژدەـ رامینا نەیی کڕین وەبهانینا ماکینە هالەتێد چانـدنـــــی ، چاندنا تشتێ کشت‌وکال زێدەکە ، وە مەخسووسەن ، حاسلا پەمۆو کندر کو ژحاسلێد مەزنە پاکستانی‌یە بهەرمن ژۆرێ. بڤیی‌شکلی پـاکستانی‌بو کاربە کودەینی ئامریکا ژڤی‌حاسلازێدەبدە وەهەگەر بەرنامێد کشت وکالێ‌ڤیی‌مەملەکەتی‌داباش وارنەکرن،پاشیی‌چەندسالادەولەتاپاکستانی بوکاربە ، بی کوزۆرەك بگیژە بوودجاوێ ، دەینی ئامریکا ژ دکە ، وە کارباریێ ئیقتصاداویێژی‌زەحف باش‌بە.

چون‌بەرکەتن وپێش‌تاچوینا هەرمەمەلکەتەکیی ئیقتصاداوي هەـلەکەتیی‌واگرێدەدایە، بێ‌شك ئەڤ هل‌گوهراندنی بەرکەتنەك زۆرمەزن هەرکاربارەکیی پاکستانێدابکە

(دەین(: قەرز : قرض — (دەرامی) : پێگانە : بیگانە
(ئانەگۆری) : بەرامبەر:نسبت — (مێزەکە):تەماشاکە: نظر کند
(قەنەبە): دەس کەم : حداقل

## زەیوگراویی

ماوەی‌لە

دێ گەورایان «پارسینە» یا«فارسینەج»، کە دوسالْ پیش زەمین لــەرزە ویرانی کرد ؛ وەفرە لەمەردوم ئەودهاتەی لەبەین‌برد .

**طایفەی‌فەیلە کـوژی :** ئەم‌طایفەلەسەمت‌شمال‌شەرقیی کولیایین ئەوانەیشە مەردوم ژەشید وشوجاعێکن. خەوانین گەوراداشتنە ؛ وەلی ئیسە بیشتریان لەبەین چینە .«ملك‌حسین‌خان» شاعر مەعروف کــورد لەوانەسە .

طایفەی کولیایی گشتیان لەتاریخ ئیران فــەداکاري و لەخــود گوزەشتیی فرەکردنە؛ ئیسەیشە لەمەردوم وەطەن پەرەست کوردن .

## سەرەتار کرماشانی

ماوەی‌ل٦

دیترئی‌ژەنگە وفەنگە ل‌ ‌ ‌وییو ئی نەقاشیـــەیل بــی‌حەقیقەت شارسانە دیارنییە ، هەرچی هەس، سەفاوزاسیی وئیمانە. مەردومالــە شەوسالْ‌نۆ نەبان‌خانی‌یەیل ئاگر کەن. وەژەسم هەزاران‌سالْ پیش شوعلەی‌ئاگر لە کوناوەجەی‌مالْ خەنەخوار؛وەئی‌کارە وەموارە کیی زانن لەئی ژۆژەیلە لەئــەودهاتە دەنگ‌ساز دەولْ وژەقص‌وچوپی بەرقەرارە؛ وەلیی لە گەرمەسیروە بونەی‌صافی‌وژوژەیل خورەتاوی، خوژەمیی نەوروزی خوەشترە . خێل‌وطایفەیل جووروە جوورئی

ژۆژەیلــەبیشتر جەم بوونەدەورو وەردامانەی سەوزوخوژەم‌دکەلْ داود لەدسر‌ ‌ ‌ ‌او؛ وەئیمام زادەحسن؛لەنزیکی‌قصرشیرین؛ دي‌لەژەقص‌وچوپیی وعیشق‌بازي قییامەتیکە، کەئەوسەری‌دیارنییە چەنڎ هەزارعەشایروئیلات کورد ها نە دەوریەك؛ چەنڎشەوو چەنڎ ژۆژ سەرگەرم ژەقص‌وچوپین.

**یانەگشت‌هانەدەور و وەر بلێسکەی ئاسنین ژسوم‌وئاداب چەنڎهەزار سالەی‌خوەیان.**

کوردەیل‌وەئی‌وەسیلەی وەفا. داري خوەیان نیسبەت‌وەژاوژەسم قەیمیی‌میللیی خوەیان‌ئابت‌کەن وەهەرسا لەنژاد جاودانیی خوەیان تیرنە وەر

(پیام)

ماوەی ل ٤

ڕاستم پێ بڵێ کاتێ ڕات گەیاند
پەیغامی عاشق ، چی ووت بەزمانی
بەدڵ دایە وە جوابی سەلامم
یانەبە دڵ بوو هەمو ووتانی
پێم بڵێ تو خودا ، ئەرهەواڵ خۆش بێ
ئەتدە می گیانم لە ڕێ مزگانی

✿✿✿

**وەڵامی بای شەماڵ**

جوابی دا مەوە شەماڵ بەسروەی
ئالودەی عەتری شەوبۆی کوێستانی
ڕاستت پێ بڵێم کەچاوم پێ کەوت
سەرم لێ شێوا ودڵ بوحەیرانی
نازانم سرۆشت چی تە رتیب داوە
نەقاشی ئەزەڵ نیشی یەزدانی
من یارای باسم لە گەڵیا نەبو
کە لیمی دە ویست موسای عمرانی
واشێوام «شێواو» بۆم بەدارو بەرد
ئیتر چی ئەکەی خۆت چاك ئەزانی

٤ ڕەشەمەی ٢ : ٢٥

---

هەزارو یەك شەو — ٣٧٣

دەربەدەرو سەرگەدان کەوتووم ، من و براکەم لەسەفەری حجاز هاتونیوە ، وەبراکەم نەخۆش کەوت وپارەمان لێ براو داماین؛ وەئیستا ئەترسم کەبراکەم شوێنم هەڵنەکا، ئەبێ لەپێشان هەواڵی پێ بدەم وجا لەگەڵتا بێم. پیرەمێرد کەئەم قسانەی بیست و کچە کەڕۆی پیشان دا کەلەگەڵیا بڕوا، کەیفی هەڵسا ، لەدڵی خۆیا ووتی : بەخوا چاك بەئاواتی خۆم گەیشتم ؛ ئەوجا بە کچەکەی ووت : من هەر ئەمەوێ بەڕۆژا لە ماڵی ئیمەبێ ؛ وەشەو بگەڕێتەوە بۆلای براکەت، وەئەگەرمەیلیشت هەبێ، ئەتوانی براکەشت لەگەڵ خۆت بێنێ. کەوابو ئیستا لەگەڵ من وەرە ، ئێوارە نزیکە، ئەگەڕێتەوە بۆلای براکەت. هەربەم جۆرە پیرەمێرد نەرمەنەرم قسەی ئەکرد ودڵ خۆشی ئەداوە، تانزهەالزمان کەوتە ،تەکی. کەپیرەمێردو نزهةالزمان گەیشتنەلای چوار کەسەهاوڕێیەکەی، ئەنواڕن ئوشترەکانیان بار کردەوە وئامادەی کەوتنەڕێن . تۆنە گوئەو پیرەمێردە وهاوڕێیەکانی لەوجەردە ودزەحیلە بازەکانن، وەهەرچی قسەی کردووە ، درۆی ووتوە ، وەئامانجی ئەوەبووە ، کە نزهةالزمانی هەژار بخاتەداو. ئەوجا پیرەمێردسواری ئوشترێ بۆ، وەنزهەالزمان خستە تەرکی وخوڕین لە ئوشترتاشەو بەسەریاناهات . ئەوکاتە نزهةالزمان تێ گەیشت کە ئەوپیرەمێردە درۆی لەگەڵ کردووە و گۆڵی داوە ، وەدەستی کردە گریانو هاوار کردن . نیوەشەو لەچەمو ودۆڵێکا باریان خست وپیرەمێرد بەنزهەالزمانی ووت : ئەرێ کچە پیسەخوێڕییە! ئەوهەمو هەڵاو داوەت چی بو؟ ئەگەر ئیتر نو کە بەدەمتەوە بێت گیانت ئەکێشم . نزهةالزمان کەئەم هەڕەشەی بیست ئاواتی مردنی خۆی خواست و بەپیرە مێردی ووت : ئەرێ پیرەمێردی بەدجنسی پیس! من تۆم بەپیاوێکی چاك ئەزانی و لەتودڵنیا بۆم چۆن لەگەڵ مناخەیانەتت کرد و گۆڵت دام ؟ پیرەمێرد لەم قسەی نزهةالزمانە ئالۆز بو، خۆری بەملیاو، ووتی : خوێڕی شاران ! هێندەزۆت داماڵیاوە کە زمان

---

لەهەر گوڵزار

ماوەی ل ٤

## وەلیی دیوانە

ماوە لەچڵی پێشو
نە دەنگ دەبیار ، نەسەدای یارەن
دەنگ وێرانەی وادی القەهار» من
پەرسام «بایەقوش» ! هامدەرددەردم !
ڕەفیق هامڕاز ، ناڵەی نەبەردم !
من پەروانەی وێڵ وەڵکەی دامانم
جانشین «قەیس» شای کەم فامانم
کۆشی ، کۆچ خێڵ شای «شەم» جەمینم ـ
گوشادی خاتر خار خەمینم ؟
بایەقوش واتش :دێوانەی کەم فام ؟
ئیسە ئامانی وەی ساواوەقام ؟
کۆچ سەیرش کەردلواوەلەیلاخ
پەی من بی حەسرەت، پەی تو ئاخ وداخ
وەشۆمی تاڵە وسەختیی زامەوە
نائومێدٚ جە «شەم» هەم ئامامەوە
یاران هامسەران ، نائومێدٚ وێنم !
هەی، ئەبدٚاڵ بەڕ ،دورجەزێدٚ وێم !

## مەلا حامدی ئالیجانیی

هەم گوڵ هەم گوڵزار هەم باغ و بەهەشت
هەم بەڕەزای بەڕ، هەم گوڵباغی دەشت
هەم ڕۆح ،هەم ڕەیحان ،هەم عەتر هەم عبیر
هەم دەرد ،هەدەوا ،هەم زلف ،هەم زەنجیر
هەم قوڵف کەمەند ،هەم هێلانەی دڵ
هەم جوعد سونبل ،هەم نمونەی دڵ
هەم زەلزەلەی شەم ،هەم شەعشەعەی ڕۆح
هەم دام عاشق ، هەم حەیات ڕۆح
«حامد» دەرونی تەواو وەجۆشە
وەك هەور بەهار هەر لە خرۆشە

---

# مەولودنامەی پەیغەمبەری ئیسلام حەزرەتی محمد (ص)

## دانراوی زانای بەناوبانگی کورد

حسن هەرتووشی

ئەمڕ «ربیع الاوەلا» شەف ڕۆشەنە
هشت شەف ، بوری نلحەملا «ئامنە»
یا ، نەهێ زائل بو ژێ ترس و «عەنا»
یادەهێ بو مژدە دەر «خیف» و «منا»
یازدە م بوغولغولە ئاوازو ، هەم
زەمزەمەاتەسبیح دەر هندی حەرەم
دەوازدەهەم ، هلبو شە مالا دەولەتێ
«ئامنە» مابو تەنێ دەرخەلوەتێ
وێ شەڤێ دەر «کعبە» «عبدالمطلب»
مابو ئەو تەعمیرا ئەرضێ مونقەلب
«ئامنە» گوت مامە تەنێ ، نێ مێروژن
ئەز دەمەك ترسام ولە ڕزێ هاتەمەن
من دی خانیێ ڕۆهین بو ، غایەت بەلێ
چارژن هاتن ژڕو کنێ مەنزلێ

بنکەی ژین
www.zheen.org

دیاریی ...

ماوەی ل٣

ئەوان وەك ئێوەنا دەن زامی وپاسۆر وئاس ونەرد
یەکێك سەرگەرمی شێنە، ئێستە یەك خەریکی وەرد
ئەوی دیکە خەریکە هەڵدەوێژرێ ئەولەوێنجەی بەرد
ئەوی دی ، دادە چێنێ دانەوێڵەوشەتڵ وشپناوەرد
یەکێکیش هەڵدەپەرتێوێ لەکوپۆپی چلۆکی دار

٭٭٭

دەبینێ یەك ئەوا سەرگەرمی هەڵگێڕانە وەی بانە
ئەوی دی دادەمەزرێنێ پلۆسك وچۆتە گوێ سوانە
یەکێ کۆتکی لەدەستایە ، یەکێ بێڵی لەسەرشانە
یەکێ دەشکێنێ بەردویەك خەریکی شۆرە هەڵدانە
بەڵێ ، نابینی کاکی خۆم لەلادێ داکەسێ بێ کار

٭٭٭

کچێك پیەتی دۆ گۆزە ، وا بەلارە ولەنجەچۆ بۆئاو
ژنێك دانیشتوە وخێرا ، بـەهارە لێ دەکا بۆدراو
لەلا یێك مامی بیستانچی دەکا بیستانەکەی پاراو
لەلا یێك دەستە یێکی دیکە تازە هەڵدەدەن دێراو
دەتاشێ سێ یەلەو دەندەوبەزۆلە وئەسپەرەنەججارە

٭٭٭

براگیان ! تۆوەرە لادێ وببینە دیمەنێکی جـوان
لەلایە کاژەی مەڕدێ ، لەلایێ پرمـەی کـەحلان
لەلا یە هڕەی شوان و لـەلایە ئۆحـەی گاوان
لەلایێ خرمەی خوخاڵ وبازنە وژێر چەنەی کابان
لە لایە دەنگی گۆرانی ، لەلایە هۆ وەرەی جـوتیار

٭٭٭

لەلایە گرمەگرمی هەور وخوڕە خوڕی ئاوهە لدێر
لە لایـە دەنگی بـاللورە ، لەلایێ فیتەی بـلوێر
لە لایە زاوەماك دەروا ، لـەلایێکی دەکەن هاوێر
لە لایە بە رخـەتێ بەربۆ ، لـەلایێ مـەڕ دێراوە بێر
بزانم دیمەنـی واجـوان دەبینی تـۆلـە نێو بـازار

٭٭٭

وەرە ! باپێکەوە بچینە گەران و گەشت وسەیروزاو
تفنگ باوینە کۆتران و کەوان بگرین بە تۆزوداو
بچینەسەر ترۆپکی کێو ، تەماشا کەین گزینگی تاو
لەسەر بەردێکی دانیشین بەجۆتە شاعیری سۆتاو
بکەسەیری طەبیعەت ، جابلێ هەڵبەستە و ئەشعار

٭٭٭

چاپ اختر شمال     تلفن ٢٥٥٠١

# چوارقوژبن



**لابەلا:**

١ـپایەوبنغە٢ـبەشیکی سفتو گرساو وە حەرام گەڕاو ـ لە هێلمەو تانوپۆ دوروس ئەبێ ٣ـهەر زەنگۆل وئەژنۆیە ،بەڵام کاتێ وەهای پێ ئەڵێن کـەقاچ لەگـەڵژان جـوت بێ ٤ـلەکاردا بێ سەلێقەودەسوبردە ٥ـهەم بانگە. وازە ، هەمشوێنی مەحسوڵی درەو کراو ٦ـ بۆ دۆعای مەرگ ، بەیایەتی لەمندا ڵی و گەنجی دا ئەڵێن ،خوائەوەی نەدا ـ مەناسەییکە ، کەکاتی جەم کردنەوەی لێو ، لەدەم دێتە دەر ٧ ـ ژۆشن

**بەرەو خوار:**

١ـبەری دارێکی کێوی ، کەسوورو زەردی ، هەیە ، وە«گویژ» یشی پێ ئـەڵێن ـساف نییە ٢ـئـەگـەر کـۆسەی ژیش بـژاو نـەبێ ، هی هیچ کەس نە کەوێـژۆژی بێ دووایی ٣ـئە. خرێتەملەسەگ وتانجی ٤ـ٢ لێ دێ دەنگ بە ـلەسەرەتای جوملەییکی داخواز(طلب)ەوەدێ کەبۆ بەدی هاتن ،بازییان بـەجێ کردنەوەی جوملەییکی پێشۆ ، هـاتێ ٥ـنـاوی هۆزێ لەدۆهۆزی تـالانچیی وستەمکاری چین، لەڕۆژ. گاری حەزرەتی ذوالقرنین ع» دا ٦ـئـەگەر برا بچو کی پەنجانە بێ، لەقی دارەـلەغەریبی باشترلێ ئەدرێ ٧ـشت نییەـیەکێ لەئیمپەرا تۆری یە گەورە کانی کۆن .

**گراوەی چوارقوژبنی ژمارەی ٩٤**

**لابەلا** ١ـ بێرـچرا ٢ ـنەـ گەن ٣ـ ەك ش م ٤ ـجش ـبە ٥ ـ کولان ٦ ـپول ـسك ٧ـمیل ـتکە .

**بەرە وخووار:** ١ـ بنەجو ٢ـ تەکش ـپی ٣ گول ٤ـ گەرول ٥ـ چەم ٦ـ رن ـ باسك ٧ـ پەنکە.



درێژی ئەکەیت ووەڵام ئەدەیتەوە ؟ ئەوجاقەمچی لێ کێشا و کەوتە گیانی وزۆری لێدا وپێی وت : ئەگەر بێ دەنگ دانە کەوێ ودەس لەم گریان وشیوەنە هەڵنەگری یەك جار ئەتکوژم . نزهةالزمان لەترسی گیاتا ناوێ بێ دەنگ بۆ لەگۆشەییکا کزی کرد ، لەپاشان برانەخۆشەکەی کەوتەوە بیری ودەستی کردەوە بەگریان وئەوشەوە تابەیانی خەو نەچوەچاوی . بۆسبەینێ نزهةالزمان بەپیرەمێردی وت : بەڕاستیی مەرامت چییە کەهێناومت بۆئەم کە ژو کێوە ؟ پیرەمێرد لەم پرسیاری ئەوەتوڕە بۆ، دیسان قەمچی هەڵ گرتو هێندەی دا لەپشتو پالوی، کە خوێن لەشوێنی قەمچی یەکە هاتەدەر، ناچارخۆی خستەمل دەستو پێ ئەوا. وەهێندە پاڕاو وپێی ماچ کردەتا پیرەمێرد قەمچیی داناولەلێ دانی دەستی هەڵ گرت؛ بەڵام هەر جنێوی پێ ئەداوهەڕەشەی لێ ئەکرد ، کە: ئەگەر جارێکی تر دەنگی گریانت ببیسم ، زمانت لەبن ئەبڕم نزهةالزمان وەڵامی نەداوە ، بێ دەنگ بۆ، بەڵام لەئێشی قەمچیی وبیری ڕەژێ ڕەشی خۆی ونەخۆشیی براکەی، هەرپێچی لەخۆی ئەدا، وەلەدڵی خۆیا ئەی وت:خودایا! تۆشی چ ڕۆژێ بوین؛ چۆر لەخۆشیی و گەورەیی یەوە کەوتینە ئەم ڕۆژ ڕەشیی وهەژاری و بەدبەختی یە . وەلەبەرخۆیەوە بۆغەریبیی وتەنیایی براکەی ئەگریا وئەم هەڵبەستەی ئەخوێندەوە :

بای خەفەت بـردی زەنگـی جـەوانیی
ڕۆمەی کـردم بـــــە زەعفەرانیی
ڕۆژگار ، دیلی مـەینەتـــــی کـردم
خۆشیی ونیشاتـی بــــــە تاڵان بردم
تەکانی بـڕی لـەپـەڕو باڵـــــــــم
وەك کەوی زەبـوون لـەپـەنجەی ڕاڵـم

د.ع. مفتی زادە

## خوێنەرانی كوردستان

**خوێنەری بەڕێز، كاك «انور» بەگی جاف!**

زۆرسوپاسی هەستی خاوێن وهاوكاریتێوە ئـەكـەین . پـارچە هۆنراوە دیاری‌یەكەت گەییشت؛ بەڵام‌داخە كەم‌بۆمان‌ڕاست‌نەكرایەوە كە لەچاپی‌بدەین. ئەم جارەلێمان ببوورن .

✿✿✿

خوێندەرێكی‌خوێن خاوێن كـەناوی خۆی‌نەنوسیوە، پـارچە هەڵبەستێكی شاعری بەناوبانگی كـورد خوداً لـێ‌خۆش شیخ ڕەضای طالّبانی بۆناردوین؛ وەمزگانی‌هاوكاوی‌وناردنی دیوانی‌شعرای كوردی پێداوین . داخە كەم ئەوپارچە هەڵبەستەمان لـەپیشان لـەچاپ داوە؛ دۆبارە كردنەوەی‌جوان‌نییە؛وەتكائە كەین ئەوخوێندەرەخۆیان‌بناسێنن وەهاوكاری‌مان لەگەڵ بكەن .

✿✿✿

**هاوكاری‌خوشەویست وزاناوهۆنەری‌بەڕێز، كاك «نافع‌مظهر»!**

هەموودەمی‌نامەجوانەكان‌وپارچەهەڵبەستەبەنرخەكانت‌وەرئەگرین. بەتایبەت لەم دوایی‌یەدا،نامەكەتان‌لەگەڵ پارەی بەشداربوونی‌ڕۆژنامەو پێشنیارەگرنگەكانتا گـەییشت ، وەئیمەت زۆرسوپـاسگوزاری خۆت كردووە؛وەهیوامان‌هەیەلەئێستابە وواوە كەڕۆبەپشۆدانی‌هاوبنی‌ئەڕۆین، زۆرترلەهاوكاری‌تان بەرخوارداپین.

✿✿✿

هۆنەری زمان‌پاراوی بیرتیژی دڵڕۆناكی كوردكاك سیدمحمد امین شیخ‌الاسلامی(هێمن) نامەیێكی‌زۆر گەرم و گوڕی بۆمان‌ناردووە؛ وەلەبەرئەوە كەمەبەستەكانی‌ئەم‌نامەیەلەچاوی ویژەیی‌و كۆمەڵایەتی‌یەوە زۆرشیاوی‌چاودێری وخوێندنەوەیە، كورتەیێكی‌بۆخوێندەرەبەڕێزەكان لەچاپ ئەدەین :

لە پێشان مامۆستا «هێمن» لەوەی كـەئێمە چەنـد مەبەستێكی ڕاستمان سەبارەت بەپلەی زانیاری‌وهۆنەری‌ئەونوسیبوو ، زۆرلـەخۆی ئەبینێتەوە وشكستە نەفسی‌ئەكات، وە لەپاشان ئەڵێت :

«من لەوانەنیم كە دەگەڵ دۆقسەی لەت وپەتم كـردو، دۆشعری لەنگ ولوێرم ووت، پێم‌وابێ كە دونیالە شەرافەتی منەوەدروست كراوە وە چاوە ڕوان بم گەلە كەم دەسێ ڕاگرێ وئەمن بەسەری دا بڕۆم؛ وە هەتا مابم‌كارێكی نەكادلم گەردێ بگرێ؛ وەپاش مردنیشم كوتـەلم بۆ بڕازێنێتەوە، وە گومبەزم لە سەر گۆڕێ‌دروست بكاو ..

... بەلكوئامانجم ئەوەبووە، ئیستعدادی خودا دادی خـۆم كەم یازۆرلەڕێگای‌خزمەتی گەل ونیشتمانە كەم‌بەكاربهێنم، وەلە بەرانبەری ویجدانی خۆمەوە شەرمەزارنەبم . جا خەڵك كردەوەی‌منی‌پێ بەكەڵك بووەیانە كەیفی خویەتی.

... ژیانی خصوصیم خۆش بێ‌یـانـاخـۆش، تاڵ بێ‌یـاشیرین،

**یستاخۆم گەلێك بەبەختەوەروسەر بەرزدەزانم كەلەسایەی‌شاهەنشاهە. ەگەلە كەم زۆژ بەڕۆژ بەرەو خۆشی وپێشكەوتن‌دەڕواوە نیشتمانە كەم ساڵ بەساڵ ئاوەدان‌تردەبێتەدە .**

بڕوام پێ‌بكەن، دەر كی‌هەرقوتابخانەوخەستەخانەیێك‌دەكرێتە. وە، دەر كێكی شادمانیی بەڕەوڕۆی من دەكرێتەوە؛وە هەرشەقامێك‌تازە دەكێشرێ وئەسفالتە دەكرێ، خەیشم لـەدڵ دەبڕێ؛ وەهەرشیرێكی لۆلە كێشی‌بادەدرێ، دڵی‌من ئاوپژێن دەكا .هەر كۆشكێك بەرزئەبێتە. وە من سەربەرزتردەبم دەتوانم بڵێم : ئەمنییەت وئـاسایشێكی‌ئێستا لەوەڵاتی ئێمەدا هەیـە، لە هیچ دەورەوزەمـانێك دا' بەدرێـژایی‌مێژو نەبینراوە ونەبیسراوە وەڵات وە كۆماسی‌مێ‌وایە؛ تەشتی‌زێڕ لەسەرسەرت دانێ‌وبەوەڵاتابگەڕێ، كەس تەواناى نییە موزت لێ‌بكا؛ كەس ناوێرێ

بەسەگی كەس بڵێ : چغە! كەس ناتوانێ‌مرپشكی كەس لەئاوبكا.

**جادە پێ‌هیوادارپین كە لەسایەی‌ئەو نیظامە صەحیحەوە،لە. وەش زیاترلە ژیانمان بەهرە وەرگرین وكەم وكوڕی كۆمەلا. یەتیی‌مان ووردە ووردە لـەبەین بەرین ؛ وەبەهەمووئـاوات و ئارەزوویێكی خومان بگەین.**

---

**نوروز .**

ماوەی ل٣

كێوانی كە تارای بەسەرا داوە وەكـو بووك
ڕازاوە نەلەخشاوە عەجـــەب غەرقی صەفایە

وەك جەنەتی فیردەوسە لە سەر تاسەری مـەزرا
ڕەنگینە هەموو گۆشەیـــێ ئەمڕۆ لەفەزایە

پۆلی مەل و مۆرجووقە دەبەستی لەچەم و دۆڵ
دڵشادە ئـەگـــەر شادی دەكا كامی ڕەوایە

زاراوی مەل و مۆر ئەژەنـن ساز وچـــەقانە
موژدە دە دەن ئەمـڕۆ كـە ئەڵین وەختی عنایە

ئاوایی كەوا نەفخی فڕندەی دەمی سوبحت
ڕەمزی قومی «عیسا»یە لــــەمنقاری مەلایە

قاسبەی بەقی سەربەردی قلەی دیتودە خوێنی
دییارە كە لەگەڵ چیڵە دلـــــی‌خۆشە ڕەزایە

ئاوی وەكو كافورەسپی وجـــــوان ولەتیفە
تیماری هەموو دەردە كە مـوحتاجی دەوایە

بۆنی نەفەس و سروەیـی بـادی وەكو موشكە
وەك عەطرو عەبیر عوودی لـەلابـێ سەروپـایە

كانی لەكەلەوتیشكی هەتاو دای لەچڵی گوڵ
هەر بەڵگی ئەڵێی گەو هەروانەی لە ملایە

وورشەی وەكو ئەڵماسەنم و دانەیـــــی‌شەونم
ملوێنكی زمڕوتە لەمل خــــەڵفی چڵایە

گوڵزارە هەمو دەشت ودەری كێوی وەڵاتم
ناوشاخی پڕی گوڵ بـن و دەستەی بەرمزایە

گەنجی هەمو دڵخۆش وبەجووتە لەچەمەنزار
دیت و دەچی هەلاوێ كە سەودای لەسەرایە

دەستەی كوڕو كیژچوپی دە كێشن‌هەموخەندان
ئەو هەستە كە فەو تاوەلــــەبن یادی جەفایە

ئاوازی كوڕ و كیژی وەڵاتـم لـەدەرو دەشت
بۆڕۆحی ئەوی دەردی ببی چـــــەشنی دەوایە

صەدشوكرە هەموو شادن وغەرقی فەرەح ئەمڕۆ
نەورۆزی دڵ ئەفرۆزەبـــــرا كەیفە كەوایە

« عابد » ئەڵی ئەم جێژنە موبارەك بێ‌لەئێران
شادیی ئـــــەوی واسوودی وەڵاتی لە دڵایە

پیرۆزبی لەشاهو گەلی ئێرانی بـەدەس گەل
ئەم جێژنە كەواپڕ فـەرەح و كـەیف وصەـفایە

---

**نەتەوایەتی...**

ماوەی ل١٤

زەكەزدارەكانـی بەناوبـانك و «مۆبەدی» نوێژخانەكانی«ناهند» (اناهیتا) «استخر» دا بـووە ؟ وە ژنێكی لە خانەدانی بازرنگی كە ناوی«رام‌بهشت» بوهێنا، وەلەوان «بابەك»هاتەدونیاوە،وەبەپەیوەندی خۆی لەگەڵ عێلی بازرنگانەوە شانازی ئەكرد: وەئەولـەپارسابە هێزبۆ؛وەیەكێ‌لەكوڕەكانی‌خوێ كەناوی«ئەردەشیر»بولە«دارابگرد» دابەبەرزترین‌پلەی بەرزی‌عەسكەری «هەركونبەد»گەیاند.

ئەردەشیر» پـاش سالـی٢١٢ بڕێك لەپادشاكانی پارسی‌بەزاندو جێگای‌ئەوانی گرتەوە؛ بەم‌جۆرە ئەردەشیر كەلەلایێكەوەعێلی‌شوان كارە وەلەلایێكی‌ترەوە لە سەرو. كەكانی‌هۆزی كوردی بارزنگی بو، وجێگای پەروەردە بوونی ئەم خانەدانە بەشی كوردنشینی فارس بـووە وەسەرزەنجیرەی نەتـەوە پادشایانی ساسانی‌یە، یـەكێ‌لـە مڕۆڤەكانی كوردی ئێرانی‌بووە .

**ماوەی هەیە**

# کوردستان

لێکۆڵینەوەی سیاسیی

## دەس گرۆیی ئەمریکا بە پاکستان

هەواڵی ڕۆپیشان دانی ئەمریکا سەبارەت بەوەکە ٧٢٥ میلیون دولاربەناوی دەس قەرض بەدەوڵەتی پاکستان بدا، هەواڵیکی گرنگ‌و هیوا بەخشە، وەمرۆبەیادی ئەوقەرزە، زۆرانە ئەخاتەوە کەئەمریکا بە کۆرپای باشوری ئەدا بائەوەدەس قەرضی چەند صەد میلیون ڕۆبلی‌یە کە ڕوس بۆبەستنی بەندی ئەسوان بەمصری داوە.

دەوڵەتی پاکستان کە ئێستادەستی‌داوە بەئاڵو گۆڕێکی گەورەی صەنعەتی‌یەوە، بۆخستنەکاری چەرخی‌صەنعەتی‌خۆی نیازی‌بەدەس‌مایەی بێگانە هەیە؛ وەبێ‌شك دەس گرۆیی‌ئابوری ئەمریکا بەموەڵاتە پێشڕەوتی ئابوری‌وصەنعەتی‌پاکستان گەلێ ئاسان ئەکا بەتایبەت لە بەرئەوە کە ئەمریکا بڕیاری داوە کە : پاکستان بۆداشکاندنی ئەم قەرزە لە باتی پارە خەلەو دانی‌پێویستی‌ئەمریکا بۆئەووەڵاتەبنێرێ.

لەچاوی‌پەیوەندیی نێوانی گەلانەوە، ڕۆپیشان دانی کاربەدەستانی ئەمریکا بەم دەس گرۆیی‌یە گەورەبەپاکستان بۆخۆی نیشانەی‌ئەوەیە کە : دەوڵەتی کێنێدی‌لەدەوڵەتی کۆماری‌خوازی پێشوزۆرتر چاودێری کارەساتەکانیی‌ئاسیا ئەکا. بۆڕۆشن کردنەوەی ئەممەبەستە ئەبێ‌بڵێین، کە : وەڵاتانی ئاسیایی‌وڕۆژهەڵاتی‌نێوەڕاس کە ئێستا پێیان ناوەتە دەورانی‌ئاڵوگۆڕی صەنعەتی، نیازی‌زۆریان بەپارەی بێگانەبۆکڕینی کارخانەومەکینە جۆربەجۆرەکان‌هەیە؛ وەجاران باوەکو وەڵاتانی‌ناوبراو لە دەس گرۆیی خۆزایی‌ودەس قەرضی ئەمریکا بەرخورداربوون ، بەڵام هیچ‌کاتێ‌ئەدەس گرۆیی‌یانە بەشی پێویستی‌یەکانی‌ئەوانی‌نە کردووە.

سەبارەت بەپاکستانیش هەروەهابو، بەجۆرێ کە لە دووایی‌ساڵی ١٩٦٠ دا، ئەییوب‌خان سەرکۆماری پاکستان بە ئاشکرا ڕای گەیاند ، کە : ئەگەردەوڵەتە ڕۆژئاوایی‌یەکانی هاوپەیمانی پاکستان دەس گرۆیێکی گەورەی پێ‌نەکەن، پاکستان سیاسەتی خۆی سەبارەت بەم دەوڵەتانە ئەگۆڕێ . ئەممەبەستەدڵ ناخۆشیی پاکستانی‌بەچاکیی دەرئەخست؛ وەڕەنگەهەربەم بۆنەوە بوبێ کەکاربەدەستانی دموکراتی ئەمریکابودەربڕینی دۆسایەتیی ئەمریکاسەبارەت‌بەپاکستان ، بەدەس گرۆیی‌یە ڕویان پیشان داوە .

پرزیدنت کێنێدی‌هەروەها ئەییوب خانی‌دەنگ کردووە، کە: بەم زووانەبۆووتوویژ لەبارەی پەیوەندیی نێوانی دووەڵاتەوە، بڕوابۆواشەنگتۆن؛ وەبێ‌شك ووتوویژی ئەم دووسیاسەتەکێڕەنەتەنیاسەرکۆماری‌ئەمریکا لەکاروباری پاکستان ئاگادارتر ئەکات، بەڵکو ئەبێتەهۆی‌ئەوە کەئەو چاودێری زۆرتری بەوەڵاتانی ئاسیاوڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەبۆنەی گرنگیی جێگایانەوە بکات .

وەها کەوتراو: پاکستان‌ئەم‌دەس گرۆیی‌یەلەپێناوی بەکارخستنی صەنعەتی خۆیائەخاتەکار؛ وەکارناسەئابوری‌یەکانی‌ئەم وەڵاتەئەیانەوێ کارێ بکەن کە پاکستان بەشێ لەوکاڵاصەنعەتی‌یانە کە ئێستالەوەڵاتانی دەرەوەی ئەکڕێ، لەناوخۆدا دروسی بکا؛ وەخستنەکاری مەکینەکانی کشتوکاڵ ئەندازەی خەلەودانی وەڵات زۆرتر بکات .

بەتایبەت‌ئەندازەی کێلانی «پەمو»و«ووش»- کەلەحاصلی گرنگی پاکستانن - زۆرتربکات؛ لەوکاتەدا پاکستان ئەتوانێ هەرلەم زیادەی خەلەودان وپەمووووشە قەرضەکەی ئەمریکا داشکێنێ؛ وەئەگەر بەرنامەکانی‌صەنعەتیی‌و کشتوکاڵی‌ئەم وەڵاتە چاك بەڕێوەبچن، لەپاش چەند ساڵێ‌دەوڵەتی پاکستان ئەتوانێ‌قەرضەکەی‌ئەمریکا بداتەوە، بێ ئەوەی سەنگینیی لەسەربکات؛ وەلە کاروباری ئابوری ئەووەڵاتەشدا گوشایشێ‌ڕوئەدا؛ وەچونکوپێشڕەوتی ئابوری‌هەروەڵاتێ بناغەوبنچینەی پێشڕەوتی ئەوکاروبارەکانی‌ترە، بێ‌شك‌ئەم‌ئاڵو گوزەپێشڕەوتێکی گەورەی کۆمەڵایەتیی لەپاکستانا بەدی دێنێ .

| | |
|---|---|
| دەس گرۆیی: کمك، مساعدت | ڕۆپیشان دان : موافقت |
| مرۆ: شخص، انسان فرد | کۆرپای باشوری : کرەجنوبی |
| ئاڵو گۆڕ: تغییروتحول، تبدیل | ئابوری : اقتصادی |
| نێوانی گەلان : بین‌الملل | کۆماری خواز: جمهوریخواه |
| چاودێری : توجه، عنایت | کارەسات : حوادث ، وقایع |
| خۆزایی : بلاعوض، مجانی | ووش کنف |

## ڕومەتێ لەڕومەتە ڕوناکەکانی مێژووی کورد ، وەیەکێ لە ڕۆڵە بەناو بانگەکانی هۆزی ئەردەلان :

## امان‌اللەخان گەورە



لەمانگی «صفر» ساڵی ١٢١٤ کۆچیی‌دا ، امان‌اللەخان اردلان والی کوودستان ، لەلایەن «فتحعلی‌شاه» قاجارەوە لەقەب وفەرمانی بۆهات : وەبەامان‌اللەخانی گەورە ناسرا . پیاوێکی زۆرویست بەتین‌و نەبەزو بەدەسەڵات‌بووە ؛خاوەنی‌دڵێکی گەورەوەیممیەتێکی‌زۆربەرزبو. لەدەس بەڵاوی ودان‌دانا زۆربەناوبو؛ وەلەپاڵەوانی ونەترسی‌دا ،هەموهاو. ماڵەکانی بەخێڵی‌یان پێ‌بردووە . زۆرتری وەختی خۆی بەڕازندنەوەو تەیار کردنی قۆشەن‌و ئاوەدان کردنەوەی وەڵات ڕابواردووە .

کۆشکی‌خێزانی‌حکومەت، کۆشك‌وقەڵای حکومەتیی،حەصاری گولستان، تەلاری دڵ گوشا ، مزگەوت ومەدرەسەی «دارالاحسان» ، چەمەنی‌کانیی شەفا، باغ‌و کۆشکی «حسن» ئاوا ؛ قەڵاو کۆشك‌وحەمام‌و بازاری قەسلان، باغ‌و کۆشکی «خسرو»ئاوا ، کۆشکی‌پشتی مزگەوتی «دارالاحسان»، کۆشکی سەرهەنگ‌خان، مەیدانی بەردەرکی سەرای حکومەتیی ، وەزۆرتری کۆشکە گەورەکان وەمزگەوتەکان‌و حەمام‌و بازاروباغەکانی شاری‌سنە ، یادگاری ئەوڕۆڵە قارەمانەی کوردەن . کوردستان لەڕۆژگاری حکومەتی ئەوا ، فەڕوشکۆیێکی تازەی پەیدا کرد .

ئەو نەتەنیا هۆی سەربەرزی وشانازی خێزانی گەورەی‌ئەردەلانە، بەڵکو هەموو کوردێکی خوێن‌خاوێن‌بەناوی‌بەناوبانگی‌ئەوسەربەرزە.

### ماوەی‌سەرووتار

ماوەی ل١

وەکاروباری‌ڕابوردویان کەنەوەو، ڕەنگی ساڵی‌دا بڕێژن، وەئەوەش بۆئەوەیە کەلەو کارەساتانەی کە ئەگونجی هۆی زیانیان بێ‌پارێز بکەن،وەلە کاروبارێ کە سوودی لێ‌وەرئەگیرێ چاك تێ بگەن .

کارەساتی پیاگەیشتەوەیکی کارە کراوەکان لەهەموکاروباری نەتەوایەتی‌یائەبێ‌جێ بەجێ بکرێ؛ لە کاروباری‌وەڵات وکارەساتەکا مجلس‌ودەوڵەت، لە کاروبار ئابوری‌وزانیاری،وەلەهەموبارێ وەئەبێ‌لێی بکۆڵرێتەوە، پرۆگرامی‌ریك وپێك‌دانیرێ.

هاتنی ساڵیی تازە کە بەلای ئێمە ئێرانیانەوە بەنەوروزدا سەرەتای ساڵی‌تازەیەوێنەیێکی دیاری‌یە بۆ ئاوەزجووانی ئەم گەلە باستانی‌یە کە : وەچونکە لەکاتی اعتدالی بەهاریا ئەنجام ئەدرێ لەجێژنی هەموگەلانی جیهان گرنگتروخوش ترە، هیچ گەلێکی جیهان نی‌یە کەوەهاجێژنێکیان ببێ، وە ئەوپاسایانەی کە لەجێژنی‌نەوروز دا پێك‌دێت، وێنەیێکی‌ئاشکرایە لەدڵ‌بەستەگی گەلی‌رەگەزخاوێن وە ئازادەی ئێرانی بەپاساکانی ڕابوردوی‌خۆ،وەپەیوەندی‌قورس‌و قوڵی‌نەپچڕاومانە لەگەڵ‌پێشینەی نەتەوایەتی‌ومێژوویی‌ڕوناکی‌پرشەداری‌خومان دا کە ئەوەش خۆی بەهۆی مانەوەی گەلی گەورەی گرنگی‌ئێران ئەژمێررێ ئێمەلە ساڵی‌داهاتودا هیوایێکی زۆرمان هەیە کە ئێران‌لەسایەی‌چاودوڕی بەری شاهەنشادا کەوت وئاوەدانی‌وچاك هەموکارەساتێکی نەتەوەیی بەپەلەهەنگاوهەڵ گرێ . وە جێژنی‌نەورۆزی‌باستانی بۆئەندامانم وەڵاتی‌خۆشەویستی ئێمەپێ‌بەفەڕو خوش ئایەندبێ ، وەلەکانی دڵەوە جێژنە پیروزەلە هەموهاووەڵاتی یەکانی خۆشەویستمان ئەکەین، وەسەلامەتی‌وکامەرانی‌وکامیابی هەموان لەقاپی‌یەزدانی بێ‌نیازدا واکارین.

# ووتوویژی کینیدی و گرومیکو، هیوای ئاشتیی لەلائوسدا بەدی هیناوە


ژمارەی ـ ٤٧ ـ ساڵی دووەم
ژمارەی ڕیزبەندی ٩٨

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردییە، حەوتەی جارێ چاپێکی دەرئەچێ

نابی
بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش مانگە | ٧ | » |
| چڵ | ٣ | قەران |

بۆ دەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | » |

# کوردستان

عەزیزم شاسوارێکە، گوزەرگا، گەر، بەئەلبورزا
دەگا ، نووکی سمی ئەسپی، لە غارا، تووتیا پەیدا

سیاسی ـ زانیاری ـ وێژەیی ـ کۆمەڵایەتیی

خاوەنی امتیاز و مدیری لی پرسراو
عبدالحمید، بدیع الزمانی

بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
دوکتۆر محمد صدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر
دوکتۆر عبدالرحمن و احمد مفتی زادە
عابد سراج الدینی ـ شکرالله بابان
خسرو شیخکانلووی میلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ٢١٨
تلیفوون ٣٢٠٠٣

چووارشەمە ٩ خاکەلێوە ٢٥٧٣ ك ـ ٩ فەروەردین ١٣٤٠ ش ـ ١١ شەووال ١٣٨٠ ق ـ ٢٩ مارس ١٩٦١ م


## لەم هەفتەدا پیشەوای برا موسولمانەکانمان شیعیانی جهان «حضرت آیت‌الله بروجردی» دوچاری نەخوشیی قەلبیی بون، دەس بەجی شاهەنشا لە پاریسەوە پزیشکی تایبەتی بو بانگ کرد، وە لە سایەی یەزدانەوە چاك بونەوە، وە بەو بونەوە شاری «قم» چراغانی کرا.

## گورسل تیکوشینی سیاسیی کومەلەکانی تورکیەی ئازاد کرد

## ئازادیی کومەلەکان، سەرەتای دەس پی کرانی هەلبژاردنی گشتیی تورکیەیە

ژنراڵ قاسم سەرەك وەزیری عراق ووتی :

## پەیوەندیی ئیران و عراق زور دوستانەیە

## لیك کردنەوەی تەنگ و چەلەمە

ساڵی ١٣٤٠ بەفەڕزو بەرەکەتەوە، وە کوڕونا کی هیوا لەئاسۆوە دەمی ، وەهیوا نهێنیەکانەوە کو خونچەی بەهاران دەستی بەپشکوتنە وە کرد، وەچاوەڕووان ئەکرێ پشکەوتێکی بەکەڵك، ودیاری بکەوێتە دەستی گەلانی جیهان بە گشتی، وە بەتایبەتی هاونیشتمانیەکانمان، وەمیوەی داری هیوای شیرینی ئارەزوی بەشەری بێتە بەرهەم .

جێژنی ئەمساڵ لەپێش چاوی گەلی ئیران بەبۆنەی لەدایك بوونی پڕ فەڕی وەلیعهدەوە زۆر شادی بەخش وخۆش بو، وەزەماوەندو شادی و خۆش ڕابوواردنی گەل گەیشتە دووا پلەی خۆی.

بێ گومان بەبەڕێ کردنی یاساکانی سەرکەوتو کەیەکێکیان بریتی یە لە یاسای چاك کردنی عەرزەکان کەبەشێکە لەمەنو بیاتەکانی شاهەنشای جوان بەخت، گەلی ئیران ئەمساڵ بەخۆش بەختیێکی زیاتر ئەگەن وەدڵ بەندی خەڵکی بەئاووخاك ونیشتمانیان چەندین پلەزیاتر ئەبێت .

خولی ڕاوێژی نەتەوایەتی بیستەمیش بۆ ڕێك وپێك کردنی یاسانامەو ڕەنگی بەکەڵك و کۆمەڵایەتی و بڕیار لەسەر دانی یاسانامەی ڕهاتوزۆر ئامادەیە .

ماوەی ل ١٢

م.ص.م

## لەکومەلا چون بژین؟

ڕێگای خوداناسی
یان
طەریقەی عرفان
ـ ٢٥ ـ

هێز کە کەوتە لاشەوە، ئەوهێزە وە کو پیاوێکی غەریبە کە بچێتە شارێك ، وەتائەو کاتە ئەوشارەی

ماوەی ل ٢

بەپێنووسی. م . ع : سراج الدینی

## نالەباریەکانی کومەل

## باوەژن ودایك وهەنەزا

لەم بارەوە ئەمانەوێ پیشانگەیێکتان بخەینە پێش چاو

## پەردەی یەکەم

ماوەی ل ١١

م.ص.م

### چون بنوسین وبخوینینەوە

### چلۆنایەتی یەکانی کردەوە

یەکێ لەو چلۆنایەتی یانەکە، بۆ کردەوە هەیە ئەوەیە کە کردەوە سەبارەت بە ئەندام وکات ، سێ ئەندام وشەش دازڕاوی هەیە ئەندام : وێژەر، دیار، نادیار .

ماوەی ل ١١

## لەدووایی ئەم هەفتەدا دودی لەدیهاتی خالصەی دەولەت لەناوچەی میاندوئاو و رضائیەدا لەبەینی جووتیارەکانا دابەش ئەکریتەوە . وەدا نیشتوانی ئەو دیهاتە ئەبنە خاوەنی ئاووزەویی خویان

بۆڕی زۆران گرتنی قارەمانانی ئیران وڕوس لەمسکۆدا پێك هات وەقارەمانانی هەردوو وەلات ٤ بە ٤ بەرانبەر دەرهاتن .
«تەختی» پاڵەوانی جیهانی وناوداری ئیران ئەم جارە دژابە عەرزا.

**ناڵەبارییەکان ...**

ماوەی ل ١

لەچلی زابووردوا، گەیشتینە کاتێ کە: «گەلاوێژ» دەستی بەباس لەبەد فەسالی «زەشە»ی نۆکەر کرد، زەشەش ووتی چی بکەم خوواوای دروس کردووم.

ئێستا لەسەرپاش ماوەکەی ئەزۆین «گەلاوێژ» ئەکەڤوزم بەفەسالی تادا، چاوچاوئەڵێی قولەزەشە، بەخووامن بێزم ناهێنێ لەگەڵ شتیوە کوتۆبچم بۆقوتابخانە.

«زەشە» :ـ دەچی بکەم گەلاوێژخان خۆئێستاسپی نابمەوەئەم قسانەت لەچییە ؟

بەهەشت :ـ قاقائەکەوێ بەدوواداوێ، ئەکەنێ.

زەشە ـ بەخووا «بەهەشت»خان هیچی‌وانابێ تۆئەوەندەبەدەمی ئەم کچەوە پێ‌کەنیوی ونازت داوەتێ هارت کردووە !

بەهەشت:ـ ئای‌هەتیو! تۆبۆئەوەندەلەقسەی ئەومنداڵەکێ تۆزەی قسەی‌لێ‌ئەگرێ ؟

گەلاوێژ :ـ کەپشتپوانی داکی ئەبیسێ ئەوەندەی‌ترشیر گپر ئەبێ‌وئەڵێ، های‌فەسالت‌مرێ‌زەشەئەوە بۆهێندەلوتت لارەئەڵێی گرێ گوویزە !

بەهەشت :ـ زۆڵەگییان بەبێنیکی دیکە ئەچێتە نەخۆش خانە، وەلوتی بچۆك وڕاست ئەکاتەوە، تۆئێستا لەگەڵیابچۆ بۆقوتـابخانە، وانی‌یە زەشە؟!

زەشە :ـ مێ بەلارەوەئەنێ ئەڵێ بەڵێ خانم خووا کردوویەتی‌وا ئەکەم .

گەلاوێژ :ـ دەلای بەئەوالوتی چاك کرد ئەی‌چی لەوەی ئەکا کە جلەکانی هێندە شڕووزەوچڵکنە .

زەشە :ـ گەلاوێژخان ئەوە سوچی‌من نی‌یەبەداکت بڵێ‌بۆجلی نادەیتێ ؟

بۆپارەی نادەیتێ زۆزۆبچیتە حەمام ؟

بەهەشت :ـ وابزانم ئەوەت بەهەلزانی بەڵکو بەوبۆنەوەدەستێ سپیاڵزیاتـر سەوزکەی من‌ساڵی دەستێ‌زیاتر بۆتۆناکرم، وەمانگێ جارێ زیاترپارەی چیت بەمێ‌بۆحەمام، بەڵکو نەمەکی‌من کوێرت‌کا. ئەنجاڕۆئەکاتەگەلاوێژ» باشەکچم‌سبەینێ ئەلێم‌بەباوکت پارەی بداتێ بۆحەمام، وەدەستێ جلیشی بۆبکرێ وەئەشچێت لەنەخۆش‌خانەلوتی چاك‌ئەکاهەستەدیرەبڕۆبۆ قوتابخانە کەت!

گەلاوێژ :ـ چاکەدەشەوا ئەکەیت لەگەڵت بێم‌بۆمە کتەب !

زەشە :ـ بەڵێ خانم واتەکەم. گەلاوێژلەگەڵ‌زەشەدابۆمەکتەب ئەچێ ئەقەلەقاپی هەڵئەسێ وەئەچنە دەرەوە .

پرشنگ :ـ کاسەوکەوچك هەمۆی ئەشوا حەوش گسك ئەدا ، کاروباری ماڵ‌گشتی پەلەپەل زێلتۆپێك ئەکابۆئەوەی کە:

بەوەدابگا بۆمەکتەب بچێ ئەنجادێتە سەرمووەوە دەرگای هـودە کەی‌باوەژنی ئەکاتەوە. سەلام! وەلام‌نی‌یە.داده‌گییان ئەوەچاماوەپیاڵەیێ بخۆمەوەبچم بۆقوتابخانە هەمۆئیشەکانم تەواوبووە.

بەهەشت :ـ صدانت ئەخووارد بۆزۆنەت کردە بوغمەت قۆری

**ئامۆژگاریی**

هیچ‌ماڵێ‌چاکتر لە ئاوەزوهیچ‌عیبادەتێ گەورەتر لەبیر کردنەوەی چاك نییە .

(حضرتی محمدص)

تەنیایی وبیر کردنەوە، حەسانەوەی خوداّ پەرەستانە، بیر کردنە لەهەموکارێکدا پەسەندە ، بێجگە لەمەلی چاکا ، کە تابـری تێداوە بکەیتەوە ، لەدەست دەچێ .

(حضرتی علی‌رض)

بیر کردنەوە دەریایێکە ، کە مـرواریدی ئەوە زانستولـێ هاتوی‌و ناوداربۆنە .

(یحیی برمکی‌رح)

هیچ ستایێشێ سەبارەت بەکەسێ لە وەچاکترنییە کەبڵێن ـێ زاوێژۆوبیر کردنەوە نانیشیتەمل کار .

(مولوی‌رح)

لای زۆرۆێ خۆش بەختی ، زەحەتی‌فیکرە .

(بودا)

نێرۆی فیکر بەتین‌تر لەنێرۆی ئەندامە .

(سوفکلس)

هیچ‌شتێ بۆخۆی چاك یاخراپ نی‌یە ؛ بەڵکو نێرۆی فیکـرو بیروزای ئێمەیە کە چاکی‌و خـراپی‌و خۆش بەختـی‌و بەدبەختیـی بەدی دێنێ .

(شکسپیر)

بیروزای ئادەمیزاد وەکوئاوێنەیە، کە هەرکەس لەوائەناسرێت

(گوتە)

لەسەرزەوێ بیروزاتاکەڵێ گەنجینەی گران بایـی شاراوەتـەوە .

(پرنتس سولفورد)

هەرکەس بەبیروزای زێك‌وزاس ، زێگای خۆی ئەدۆزێتەوە.

(لابوربو)

یەکەم ڕژاند.

پرشنگ : قەی‌ناکاتێکەیێ نانم بەری‌بێ‌خۆم‌بزۆم !

بەهەشت :ـ ئەزانم هەرپەلەی چۆنتەهیچ نەماوە، تۆبۆ ئەوەندە لەهەولی سلتای نازانم بەچەخۆرەی‌تێدایەوا هیچ‌تێر ناخۆی‌ئەسبەینێ وەلەوگەلاوێژ» ئەیپارێمە وەپارووێ بخواهەرنەی خووارد

پرسنگ:ـ ئاخرئەو،«بەهەشت»قسەکەی‌لەدەم‌ئەبڕێ ئاخر ئەو . ئەوچی ئەتەوێ بڵێی ئەوشتی‌تری خوواردووە! «پرشنگ» ، ناتەمەوێ بڵێم‌ئەوجۆرێکی‌ترە. هەناسەیێ‌هەڵئەکێشێ‌وگریان گەڵۆی‌ئەگرێ

بەهەشت :ـ هادەم بەرەڵائەتەوێ بڵێی ئەوەدایکی هەیەوتۆنیتە، ئەتەوێ ئاواتی بۆدایك‌بۆنی ئەویش بخوازی! دەس بەجێ‌هەڵ ئەـ بێ وەئەیئێتەژێرنوئەیداتە بەرلەقە.

پرشنگ: ئای،ئای‌مردم، ئای کوژرام، ئای‌هاوار، ئای‌پشتم. ئای سەرم، ئای‌چاوم، ئای‌ناوسکت بڕێم، ئای‌ئامان

ئەوەندە کوتەك‌کاری ئەوبەستەزمانە ئەکاوزلێی زاکە کێشی تاداخیبی خۆیی‌ێ ئەزێژی.

**چۆن بنووسین**

ماوەی ل ١

داڕژاوی زابوردو ، داهاتـ‌وو ئێستا، فـەرمان ؛ هریەك لەوسێ دەستەیە ، تەنکو کومەڵیان‌هەیە ، وێنە:خوێندم،خوێندت،خوێندی. خوێندمان،خوێندتان،خوێندیان. ئەخوێنم، ئەخوێنیی، ئەخوێنێ. ئەخوێنین، ئەخوێنن ، ئەخوێنن (لەم‌کاتەدا، هەروەها کەلەپێشاوو تۆمانە ، جیاوازێ لەنێوانی داڕ-ژاوی کۆمەڵی‌دووەئەم‌ئەندامەوسێ‌یەم ئەندامدا نییە).

بخوێنم ، بخوێنە، بخوێنێ . بخوێنین، بخوێنن،بخوێنن.

بەشەکانی‌تری کردەوەی‌زابوردووداهاتومان‌لەپێشاهەڵداوە،ئیتر لێرەدا دوبارەی ناکەینەوە .

ئەوەش ئەبێ بڵێین فـەرمانی دیارونادیار بەجیاوازێ ناونابەین بۆئەوەلەبەرامبەری‌شەش‌داڕژاوە، کانی‌زابوردوو داهاتووەوە، ئەویش شەش‌داڕژاوی بێ؛ هەروەهاش بە فەرمانی‌نادیار کردەوەی‌التزامیی داهاتۆ ئەڵێن ، ئەوەشمان لەپێشا هەڵداوە ، وەووتۆمانە کردەوەی التزامی دوجۆرە :

زابوردو،وەکو، بم‌خوێندبایا، بت‌خوێندبایا،بی‌خوێندبایا .بمان خوێندبایا، بتان خوێندبایا، بیان خوێندبایا .

داهاتۆ، وەکـو : بخـوێنم بخوێنیی، بخوێنێ . بخوێنین، بخوێنن، بخوێنن .

جلۆنایەتیی: حالت کیفیت

کردەوە : فعل

سەبارەبە : نسبت‌بە

ئەندام : شخص،عضو

کات : زمان

داڕژاو : صیغە

وێژەر : متکلم گوینده

دیار،ڕۆبەڕۆ: حاضر، مخاطب

نادیار،پێوار : غائب

داهاتۆ،ئاینده:مستقبل، مضارع

وێنە : مثل، مانند

جیاوازی : فەرق

بەش : نوع، قسم

هەڵدان : بیان کردن

لـەژمـارەی دووایشدا هەرلە ەر ئەم‌باسە ئەدۆین

بنكەی ژین
www.zheen.org

## دیاریی خوینەران

سیدمحمد امین شیخ‌الاسلامی (هیمن)

## گریانی نیوەشەو

شەوانە ، ئەودەمانەی‌شەو دەگاتە کـاتی نیوەی‌شەو
خـەڵك‌دادەزنێ بەرگـی‌کاروخۆی حاضرئەکابۆخەو
سکوتێکی بەسام‌سەرتاسەری ئـەودێیە دادەگـرێ
دەڵێـی : هەرزیندەوارێکی‌هـەیەلەودێیەدا ، دەمرێ
نەچـــــرپێکو نەخشپێکو نە هستێکو نەدەنگـێ دێ
کـــــەمات ئاوا بیێ‌مانگ وبـەسەردێ دا کشانیشێ
لـە جێ دێمەدەرێ ئەمن‌ودەچم بۆ گردەکەی بەردێ
بەدڵ‌تەنگی‌و کزی‌وخەمناکی‌زادە کشم‌لەسەر بەردێ
دەکەم‌جاسەیری‌ئەستێران‌وهەڵدەمژم‌شنەی‌شەوبا
شەوو، بێ‌دەنگی‌چەندخۆشەهەمیشەخوزگەهەر،شەو، با
وەکو ئاوالّی چاك ئەستێرەکان گوێ زادەدێرن بـۆم
هەتابۆیان بەیان کەم مۆبەمـۆزازی دەروونی خـۆم
کوڵم هەڵدەستێ ئەوجارەو بەئەسپایی دەنـــــاڵێنم
هەتا ئاوری دڵم خامۆش دەبێ ئەسرین دەبـــــارێنم

م'وەل٤

هەزارویەك‌شەو ٣٧٥

کەپیرەمێرد ئەم‌شعرانەی بیست ، بەزەیی‌پێداهاتەوە ، وەدڵی بۆی‌سوتـا ، هەستاوە فرمیسکی چاوانی ئەوی پاك کردەوە ؛ وەکولێرەیێکی جۆیێی پێ‌داو ، ووتی : من‌حەزناکەم لەکاتی تۆزەبۆنا کەسێ وەڵامم بداتەوە . لەئێستا بەدوواوەهەر کاتێ‌تۆزە ئەبم، قسەم‌لەگەڵ مەکە، وەهەرچی‌ئەڵێم سەردابخەو، وەڵامم مەدەرەوە. من تۆئەبەم ئەت فرۆشم بەپیاوێکی وەکـــــوخـــــوم چاك ، کـــــەوەکـــو من‌چاکەی زۆرت‌لەگەڵ بکا، نزهةالزمان ووتی : مەیلی خۆتە هەرچیکم‌لەگەڵ ئەکەی خۆت ئەزانی . ئەوجا نزهەالزمان نزیك‌بۆلەبرسی‌یەتی‌دا دڵی‌خاوبیتەوە، ناچاردوتیکەی لەکولێرجۆەکە خوارد. کەلەنیوەی شەوتێ‌پەڕی کرد ، پیرەمێرد بەهاوڕێیەکانی‌ووت : ئوشترەکان باربکەن وبکەومەڕێ .

(کەچیرۆك گەییشتە ئەم‌جێگا زۆڕبۆەوە ، وەشەهرزاد قسەکەی‌پچری)

## کەشەوی پەنجاوشەشەم‌هات

شەهرزاد ووتی : ئەی‌پادشای بەختیار ! لەپاش‌ئەوەی هاوڕێیەکانی پیرەمێرد ئوشترەکانیان بار کرد ، پیرەمێرد خۆی سواری ئوشتری‌بۆ، وەنزهةالزمانی خستە تەرکی ورێگایان گرتە پێش؛ وەلەپاش سێ‌رۆژ گەییشتنە دمشق ولەکاروان سەرای پاڎشادا ، باریان خست . نزهةالزمان لەم‌ماوەدا بەبۆنەی شەکەت بـونی ڕێگـاو برسی‌یەتی وقەمچی خواردن وخەفەتی خۆی‌و نەخوشی براکەیەوە ، ڕەنگی زەرد بۆبۆ، وەکاری هەر گریان وشیوەن‌بۆ. پیرەمێردپێی‌ووت : کچەهەتیوادبسان‌دەستت کردەوە بەگریان وشیوەن ؟! ئەگەردەس لەم‌کارە هەڵ نەگری ، ئەت‌فـرۆشم بە

## لەهەرگولزاری م.ص.م

## گولی

### مەولەویی‌تاوگوزیی

وەهارەن تەشریف خالخالان پەی‌هەرد
کەم‌کەم جوانیش ئاوەرد پیرپس بەرد
جەم‌جەم سۆسەنان تۆق‌تۆق جەوەردای
سەردان نەهـەردان پـەرێ هامفەردان
وەڕۆی زاخانـدا چنۆر لـۆل وەردەن
پەی پای گیان تۆڕداو ئامادە کەردەن
بەزمزا وەچپن توغـــــرای تـاتاوە
شەماڵ مـەشا نـۆش یانـێ وەی لاوە
نەرگس‌وەمەس‌مەس‌مەدێۆکین‌ئەوکەس
گۆشەی چاك دڵ وەرنـەڎان جـەدەس
«مەعدۆمی»غەفلەت‌تاچەنڎ وەپەی‌چی؟!
گۆش دەرما چۆتەرز سەحری نەی‌چی :
دڵە واڎەی سوبح نـــــەو وەهارانەن
وەخت ئاگاهـی دەردە دارانـــــەن
هەرکـەسێ دانش نـــــەفامش نەبۆ
بینیی عیرفـانش زوکامش نـــــەبۆ
گرفتیی دەماخ نەڎابـــــۆ پەرداخ
پەی‌پەی بۆی ئازیـز مەیۆش وەدەماخ
جەی بۆی گیان بەخشە بێ‌بەش‌مەمانە
ئـەی سوبحە خاسە وەفـرسەت زانـە
تۆدیـای وەشۆن چەنـڎ سوبح نـۆڎا
کۆچەنـڎ سوبح بڎیـۆ وەشۆن تـۆڎا

### وەلیی‌دیوانە

ئەی‌دڵ وەسەنگ بای...
ئەی‌دیڎە کۆربای، ئەی‌دڵ‌وەسەنگ‌بای
ئەی‌زوان لاڵ‌بای،ئەی‌خاتر تەنگ‌بای
ئەی تەن تاویـای ژار فەرەنگ بـای
ئەی گۆش‌نەژنەواهەریەکجار کەڕبای
ئەی تـەن وە غەزەب باڎ سەڕ سەڕبای
ئەرێ تاڵـەی مـن غـەزەب وارۆڵێت
ئـەرێ بـەخت من تـەوەن وارۆ پێت
ئەی فـرشتەی من‌وە فـەرمان حەق
فرشتان عـەرش لاشەت کـەران شەق
ئەی‌ئیقباڵ من‌هەی سەرنگـون بـای
سەرنگـون نەقـەعر ئاو هامـون بای
ویم بەویم‌واچون بەکـۆی زوخاڵ بام
من نەغەرق بەرق فەنـــــا پاماڵ بام
چەنڎ ساڵەن کەڕەنج ڕیـازەت بەردم
هـــــون زوخ زام ڕیشەی دڵ وەردم
ئاخ وداخم بـێ شەوان تـــــاوە ڕۆ
بوپنۆ باڵای لەیـــــــل عەنبەربۆ
خاو مەرگـــــم‌بێ خاوم کـەردەبێ
چڕیڎەم نەخاوبـێ « شەم » ویـەردەبێ

ماوەل١٠

بنکەی ژین www.zheen.org

## مێژووی ریشەی رەگەزی کورد

نووسراوی زاناکی مەزنی کورد، احسان نوری
وەرگێڕاوی: د-ع-مفتی زادە

### ٩٦

بەکورتیی دیسان بەم ئەنجامە ئەگەیین کە : «کوتی» یەکان لەدەریای ڕەشەوە تاباکوری «عیلام» ناوچە کوێستانییەکانیان داگرتبو وەلەگەڵ هەموهۆزوتیرەکانی خۆیانا چەن دەوڵەتێکی سەربەخـۆیان پێك ئەهێنا ؛ وەکاتێ یەکێ لەوهۆزانە زۆریان ئەگرت ، هۆزە دراوسێ یەکانی خۆیانیان ناچار بەملدا کێشان ئەکرد ؛ وەزۆرجاریش پێیان لەسنوری نەتەوایەتیی خۆیان درێژئەکێشا ، وەخاکی گەلانی تـریان داگیرئەکرد ، وەبۆماوەیێکی درێژ لەووەڵاتەبەربڵاوانا پادشایـیان ئەکرد. پادشاکانی ئەوهۆزانە بەگوێرەی لێهاتویی و نەبەزی خۆیان لەنێوی هەموگەلا بە«شاهەنشا» ئەناسران ، وەنـاویان ئەڕۆییشتەنێـو گورانییە نەتەوایەتییەکانەوە . شتێ کەقسەی تێدانییە؛ ئەوەیە کـە : کۆمەڵی «کوتی» لەهۆزەکانی «کورتي ، نايري، کـوسی ، امـاردی» پێكهاتبو؛ بەم بۆنەوە ئەوان لەگورانییەکانی خۆیانا فەرقێکیان لەبەینی پادشاکانی ئەوهۆزانا نەخستوە، وەهەمویان بەپادشای خۆیان ناوبردووە؛ کەوابو ئەمقسە بەڕاستدێتە پێش چاو کە : «ئاراراتی»یەکان بەشی باکوري «کاردا»کان بوون .

«هرۆدۆت» لەنێوی قۆشەنی «اکسرس»دا ، سپای کورد بەناوی «ئالارادییەن» و«ساسپرییەن» ناوئەبا . لەباکـوري «ارضروم» وسنوری «طرابوزان»دا ، ئێستاش شارێکی کۆن بەناوی «اسپیر»هەیە ؛ خەڵکی ئەوشارە زمانی کوردییان لەبیرچووەتەوە ، وەبەزمانی تـورکـي قسە ئەکەن ، بەڵام هەرخۆیان بە«کوردیاسپیر» ئەزانن .

ناوی «کورتی، مرد، امرد» لەهەموشوێنێکدا پێکەوە ئەبـرا ؛ تەنانەت بڕێ لەمێژونوسەکانی عەرەب کە نەسەبنامەی دەس‌هەڵبەستیان دروس کردووە «کوردیان» بەکوڕی «مرد» پیشانداوە؛ لەناو کەڵەئەبێ مانای ووشەیی «کورد ، مرد، مەردانەیی» هەمو بەیەکێ بزانین .

ڕۆژهەڵات ناس «رایسك» ئەڵێت : «خالدي، کوردي، کورتي ، الکردی» لەگەڵ کوردا چەن ناوێکی تێکڕاییین .

ڕۆژهەڵات «دراور»یش ئەڵێت : «کاردا ، کارتوخی، کورتوخـی ، غوردی، کارداك ، سیرتی، کورتی ، غوردیای ، غوردوئەتی ، کاردویە ، کاردایە، کارتاوایە» لەگەڵ کوردا هەموویەکێکن .

عێلی گەورەی «میلان» خۆیان بە«خالدی» ئەزانن ؛ وەچونکو لەپێشینەی مێژوی ئاگادارنین، لایانوایە کەلەبەرەی «خالدبن‌ولید»ن؛ لەکاتێکدا ئەگەر «خالدی»بن ئەبێ ئەوان لە«خالدی»یەکانی «ئارارات» بزانین ؛ هەروەهاش خێزانی گەورە وبەڕێزی «بدرخان‌پاشا» ئەمیـری بوتان !...

لەبڕێ شوێنا «میتانی»یان بە«میتلانی» ناوبردووە؛ ڕەنگە «میلانی» لە«میتلانی» گیرابێت .جێگای ئەصلیی «میلانی»یەکـان دەوروبـەری «دیاربەکر»یانێ نیشتمانی «میتانی»یەکان بووە ؛ بـەمجۆرە ئـەبێ کـە «میتانی» و«خالدی» بەیەکێ بزانین .

«میتانی»یەکان لەلێواری دەریای ڕەشەوە سەربەرەوخواربونەتەوە؛ لەڕۆژگاری «بیزانس»ئومپوراتوری ڕۆم لەلێواری بەحری ڕەشاجێگایێ بەناوی «خالدی»بووە ؛ وەلەناوچەی قەفقازیشدا ئەم ناوەمان زۆرتوش ئەبێ. هەموئەممەبەستانە پەیوەندی ڕەگەزایەتیی هۆزەکانی «خالدي ، نايري، میتانیی، سوباری ، موشکی» وەلەهەموبانتر «کوتی» و«کورتی» پێکەوە ڕۆناك ئەکاتەوە .

نووسەر «ع» سراج‌الدینی

## فرمیسکی نائومیدی

خوێنەرانی بەڕێز لەچلی (٩٥) ی ، ئـەم ڕۆژنامەیەدا پێشەکێکمان لەم بارەوەنوسی وەبڕی بەشان وباڵی «مام جووامێر»داهاتین ئێستا لەسەرپاش ماوەکەی ئەڕوین.

هەروا کەتاریفی چۆنیەتی ئەومان کردییو پستەبڕێکیش لەبارەی گەنجێکی لێقەوماوەوە بڵێین.

لەهاوسێیی «مام جووامێر»د ماڵێکی دیکەش هەبو کەکاك «نەریمانی» تێدا ئەژیا.بەڵام چۆن ماڵی! ماڵێکی وەها کە لەدوورەوە پیاو ئەوماڵەی ئەدي موچرکەی پێدائەهات کەڵکەپاساری پساوودیواری ڕوخاووشەق بردو، کەلێنی شکاو، دیواری حەوشی کەلوکۆم وپتۆرکاو، ناودالانی ووراق وتاریك ودەلاقەهەڵچنراو.

باوەکوکاك نەریمان پیاوێکی بەتەمەن جووان و پێچوو دەولەمەندولەباییەوە ماڵێکی زۆری بۆبەجێمابو ، وەپەزوپۆلەو ئاژەل وگاو گوتاڵێکی زۆری هەبووەلە دەولەمەندانی هۆزوئاوایی ئەژمێرا وەتەمەنیشی هێمان لەسی‌هەڵی نەبواردبو،بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ڕوگرژاووموڕژا ووناوچاوترشاوو هەمیشە یاس‌بو، لەژیبانی جیهانی خۆشی‌بەش‌بڕاوبو، خەزی لەنزیکی کەس‌نەئەکرد،جیهان بیواییتەشادی، ئەوهەرلە جەهەنەمی دەرونی خۆیدا ئەسوتاو هەڵئەقرچا ، وەهەرچاوەڕووانی ئەوەبو کە : کەی بەڵاییکی بوتایین بێ.لەگەڵ دۆست بێگانەدا وەك یەك گرێی ناوچاوانی نەئەکرایەوە.کاتێ کە گاڵتەیێکیان لەگەڵدا بکردایێ لەباتی پێکەنین‌دوکـەڵی هەناسەی وەکوهەوری تاریك بەری‌ئاسمانی هیوایی ئەگـرت ، وەسۆسەی هەتـاوی کامەرانی ئەبڕی .

ماوەی ٩

### هەزارویەك‌شەو ٣٧٦

جوڵەکە. ئەوجاپیرەمێرد نزهةالزمانی لەکاروان سەراڏابەجێ‌هێشت‌و خۆی‌ڕۆییشت بۆنێوبازار ، بۆلای دەلاڵی کەنیزو غولام وکارەساتەکەی‌بویان گێڕاوە، کە: من کە کەنیزێکم هێناوە کەبراکەی نەخۆشە . براکەی ئەوم لەشاری قودسا داناوە ، کـە خەرێکی دەواودەرمان خواردن بێت ؛ وەئەمەوێ کە کەنیزەکە بفرۆشم ؛ بەڵام‌لەو ڕۆژەوە کە براکەی نەخۆش کەوتووەهەمیشە ئەگریێ ؛ وەدووریی براکەی زۆرپێ گرانە ؛ ئەمەوێ هەرکەس بیێتە کڕیاری لەگەڵ ئەوا بەخۆشەقسە بکا ؛ وەبەئەو بڵێت، کە : براکەت لەشاری قودسا نەخۆشە ، وەوالەماڵی‌منا ، دەواودەرمانی پـێ ئەدەم ؛ هەرکەس لەگەڵ کەنیزەکەدا ، ئەمقسەبکا من کەنیزە کەی‌بەهەرزان‌پێ ئەفرۆشم . ئەوکاتە یەکێ لەبازەرگانەکان لەکابرای پیرەمێردی کۆچەری پرسی: ئەو کەنیزە تەمەنی چەنێ ساڵە ؟ پیرەمێرد ووتی : کچێکی تازەپێ گەییشتووە ، وە زۆرزاناوژیروجوانە ؛ بەڵام لەڕۆژێکەوە براکەی ئەوم ناردوە بۆشاری قودس ، لە خەفەتا زۆر لەڕولاواز بووە . بازەرگان کە ئەمەی بیست، لەگەڵ‌کابراڏا ڕۆییشتن بۆلای نزهةالزمان . بازەرگان بەپیرەمێردی کۆچەری ووت : برای کۆچـەرم ! من‌لەگەڵ تۆڏا دێم ، وەئەو کچە کە بەوجۆرە تاریفی ئەکەی ، لەتۆی ئەکڕم؛بەڵام لەگەڵ تۆڏا بڕیارێ ئەدەم وشەرتێ‌دا ئەنێم : ئەگەر ئەوبڕیاروشەرتەت بەدڵ بو ، مامەڵەمان ئەبێ ، ئەگەر نەپەشیمان‌ئەبمەوە . پیرەمێرە ووتی : شەرت وبڕیارەکەت چی‌یە ؟ پێم‌بڵێ . بازەرگان ووتی : من‌کارێکم بەسوڵطان هەیە ؛ ئەمەوێ کە ئەولە ملك‌نعمانی‌باوکی‌بنووسێ وئەمانەتی منی‌پێ‌بسپێرێ کە کارەکەم‌بۆجێ‌بکا.ئەگەر ئەم‌کارەم بۆدروس‌بکەی،منیش کەنیزەکەت‌لێ‌ئەکڕم وبایی‌ئەوت پێ‌ئەدەم،ئەگەرنە نامەوێ . پیرەمێردی کۆچەرووتی ، بەچاوان ئەم‌کارەت بۆجێ‌بەجێ ئەکەم. ئەوجا هەردوکیان پێکەوە ڕۆییشتن بۆئەوجێگا کە نزهةالزمانی تێڏابوو . پیرەمێـردی

بەشی کوردیی‌شمال

# کوردستان

لاپەڕەیی ، بوهەموجار

## کوتتا بو ناسخلەتان

سالا ١٣٤٠ بمەیمەنەت‌ومبارەکی فەناشەوەقاسبا هیوایێ هلاویتەوە ئارزۆییێدوەشارتی نۆتلی خونچێد بهاران بشکفتی، وەهیواهەیە، لە هەرکاروبارە کیێ‌ژیپیاتێدا بەرکە- تنێد باش‌ببەنسیبێ مللەتێ گشتی جهانێ، مەخسوسەن‌هەموەطەنێدمە وەڎاراهیویا وئارزۆیامێوێدشیرێن سەمەربدە .

جێشنائیسال‌بەرچەڤێ‌خەلکێ ئیرانێ ، بەرخاترێ بدونیاهاتنا وجوّدامبارە کەوەلیعهد، گەلەکی یاخۆشی وشایێ‌بوو، وەدڵ خۆشی وشوز وشایا مللەتێ ئیرانێ‌ئیسال ژحەد دەربوو .

بێ‌شك بسەر گرتناقانوونێد بەرکەتنێ ، یەك‌ژوان قانوناچێ بۆناکارباریێ‌عەردێ، کویەك‌ژنێتو حەزکرنێدشاهەنشاهێ‌جوانبەختە مللەتێ ئیرانێ‌داهازێدەسەرفنازبە، وەدبیتەسەبەب کوئەوان‌ژبەرێ‌ژی گەلەتر بئاووئاخاخووەوەطەنێ خوحەزبکن .

مەجلسا دۆرابیستا سەڕاست کرنانەڤشێدبکار، ودەرباس کرنا لایحێدباش‌داسەرکارە مەسەلاکو، گەلە، گەلەکی، هەموو خەلکێ دونیایێ مەخسووسەن موسولمانێ جهانێ کێف خۆش کری، دەست‌پێ بوونا گۆفتگۆییێد دۆستاپیی لەناو بێیناسەرەکێدالجزایروفرانسەیە، کوبحەز کرنـاخودێ بەلکـوو شەڕ وئاگرێ ڤـان شەش‌سالان بتەمرینە، ومللەتێ دۆست‌وبرایێ‌مە، خەلکێ الجزایرێ بەربەسولحو ئێمن‌ئەمانیی‌وسەربخوییێ ژیبەری بکە، هیویا مەئـەڤە ، کو ئـەڤ تەنگاڤیی بـزوترێ ژناوڕابـەوە برایێدالجزایرێ‌بەنێت‌وئامانجێد خوبگێژن ،

مەسەلێد زاف سەخت‌ومەزن، یانێ‌مەسەلاسیلاحدانینێ‌وقوت کرنا جـــــرباندنێد ئاتۆمی ، کـوژ هەرتشتەکی گەلەتر کاربارێ‌دونیایێ ئالۆزکری‌یەبسیاسەتا باقلانائامریکا کود کەدەولەتاشوورەوی‌راپەوکە- وەلەدەرەزۆنگا کوتتا بۆونێ‌یە،وە هیویامەئەڤە، ئەومەسەلە کوئاخر عاقووبەتابەشەرپێ‌وا بەنێت‌پاکی وکوورفکری‌یا هەردوآلی یاوارە کوتتاکرن ، ودەولەتێدمەزن‌بو- کارێن‌تەمراندناشەڕوئاگرێ‌هنەك جی‌یێ‌دونیایێ‌رافەنا کنگوولائوس ژێکی ڤەکن، سالا تازەدا، هەژی چەڤ نهێری هـەیە ، کـوڕاتبێد عەدەتی‌ودۆستایێ لەناوبێینائیرانێ‌و شوورەوی‌بەنێت‌پاکیاهەردوئالی‌یا وەگەرەحالی‌بەربن،وەهەرجوردڵ گرانیك ژناوهەرە .

کوتتابوونـا هنەك مەسەلا ، ناوبێینا ئیرانێ وعراقی وئیرانێ وافغانستانێ، نۆتلی‌مەسەلاشطالعرب وچەمێ‌هیرمند، کومللەتێ‌ئیرانێ ناراحەت کری، ئارزۆیادڵێ‌مەئەڤە کوئەوان ژێ‌پاك وباش کوتتابن. دونیانهۆئیسابهەوگریدایی- یە، کودەر کەتنا پێش‌هاتەك زاف پچووك ، لەهەردەرەك دونیایێ‌دبە سەبەب کوهەرجیکی جهانێ‌ئالۆزو نەخۆش‌بە .

لێ‌بەلێ هەگەرمەسەلێدمەزنە دونیایێ، مەخسووسەن نـاوبێینا دەولەتێدمەزن‌دا کوتتابن،مەسەلێد پچووك‌زوتێ کوتتا کرن، وەدونیایێ بوکاربەسالێدهنەکـی درێـژبێنا خورەحەت‌بەردە، وەبکاربارێدلازم ونێشەمێنرەکە .بەهەرحالـەکـی ئەڤ‌سالێ‌سالا کوتتابوونا تەنگاڤیانە

### مانای‌ووشەکان

(شەوەق): شەوەکی: سپیدەصبح
(سەرفناز): ئاسوودە· آسودەومرفە
(بتەمرینە): بکوژێنیتەوە:خاموش کند
(دەرەزوونگ) : بەراسان: آستانە
(فەنا): وەکوو: مثل
(بێن): هەناسە : نفس
(تەنگاڤی) : سخلەت: مشکل

## دیسان‌ژی گوفتگو

ڤان ڕۆژان دناو ئامریکا وشورەوی‌دا ، گۆفتگۆدەست‌پێ‌بۆیە ، هەگەر مرۆڤەك، بکەجڤات وکۆفتگۆیا کوڤان چەندسالادا، لەناوبێینا ژیبەڕێد ڕۆژهەلات‌و ڕۆژئاوا ، لەدۆربەرێ کوتتا کرنا مەسەلێد جهانـی دەرباس بۆیە ، بەرافی جیکی‌بکە ، هوقا ئەڤ گۆفتگۆیێدوان ، هاتنە گۆتن، کووەختەکی زۆربۆلازمە .

بەرەکی‌یێد ڕۆژهەلات وڕۆژئاوا، ژئالیکی بەرەکێید بنێشەیە ، یانێ ئەڤان بەرەکیان، بقسەکرنێ‌وخەبەردانێ کوتتانابە،وەژئالی‌یەکی هەگەر ئەڤان بەرەکیان زێدەبە ، وێ‌چاخیی هەرتەنێ ڕێك‌دمینەکـو یەقین،بقسەکرنێد دۆستاییی نابە، وەئەڤا هەمن ئەوڕێگایە، کوگشتیی ژێ فراردکن، چون ئەو زیپیانێك ئـەوی بگینە جڤاتا بەشەرییـەتێ هەوالێ وێ‌حەتتانهۆنەهاتی‌یە خۆیان بەرڤێ ژی ، تێ‌خۆیان کـوڕۆژ هەلات‌و وڕۆژئاوا ، بهندە بەرەکی‌یێدخو ، بۆچ‌دیسان هەودیڕا کەتنە کەتنە خەبەردانێ .

سەبەباڤی یەکێ، ئەوە، کوخێخجی ڤێ‌چوچارە کەوان‌چونی‌یە .

حەتتانهۆلەبارا گشتی‌بەرەکی‌یان، کوسەد دا ...

نەهوێدژترسا ڕۆژهەلات‌وڕۆژئاوا بهەودی چێ‌دبە، گۆفتگوهاتی‌یە کرن، کومەسەلاچەڤ‌ڕاکرنازۆرائاتۆمیی‌و کێشوە کێشێدهوندرێ‌هنەك دەولەتان ، فەنا کورە ، لائوس ، وکونگو ژوانە، ومرۆڤ‌دوکارەبێژە، کوتەوری پەیداکرنا ڕێك‌حەل کرنا موەڤەتیی ژێ‌بێ‌ئاس‌تەنگ‌نینە .

بهاتنا دەۆکراتا لەسەرکاربارێ ئامریکا ، بەرنامەکـو ، کارێ پرزیدنت کندی ئەڤ‌بۆیە کو بەرەکی‌یێد ئەمریکا وشورەوی ، کوبخو ژبەرەکی‌یێد ڕۆژهەلاتێ وڕۆژئاوابە کوتتابکە .

بجوڕێك خەبەربێژیا ، خەبەردانە ، ڤێ گاڤێ دەولەتائامریکاو شورەوی وبالیۆزێدوان لەواشنگتن ومسکوێ ، هەودیڕا گۆفتگۆیـێ دانە، وەهەردوئالی تەلاشێ‌دکن، حەتتانیی کوگۆفتگۆیاوان ئالی کـی نەکەڤە ، چوخەبەرەك ژگۆفتگۆیاوان دەرنەکەڤە .

لەبەرچەڤێ گۆفتگۆییێدوان لە باراشارگێد عەسکـەری‌و چـەڤ ڕاکرنا زۆرێد ئاتۆمی‌یە . پرزیدنت کندی ئەشکەرەدایە حەساندن ، کوهەگەر ژبەرهنەك سەبەبا . دەولەتا ئامریکا پاراستن وهەممەت کرنا سینۆرێدخو، ودەولەتێد ئازادێ جهانێ‌را هنەك تەگبیرێد بەرگـرێ دی‌تی‌یە، ژناوهەڕە، یانێ کودەولەتا شورەوی، دەست ژسیاسەتـا دونیـا گرتنێ بکێشینە . دەولەتا ئامریکایێ قەبوولبکە کوشارگێد خـونـە عەسکەری ژهەر کوژو کنارکی دونیایێ ڕاکە ، ژیبەرێدشورەوی‌ژی ، بڤان شارگاکەلەکی مشوّش وترسێ‌دابۆن .

مەسەلامەزن ئەڤە، کوهەگەر بەرەکیا ئامریکا وشورەوی ژنـاو هەرە، پڕێ بەرەکی‌یێد ڕۆژهەلاتێ وڕۆژئاواژ ناودچە .

نهۆگەرە کوچەڤ نهێرن ،کاگۆفتگۆیاوان دگیژە کو ئەواك‌یەقینە ، ئەڤە، کوڤێ‌گاڤێ سپلاحێد ئاتۆمی ، عاقوبەتـا بەشەرتاري کری‌یە، گشت‌دخوازن کـوژ بەلاوزیپیاتێد ڤیـی سپلاحـێ خەتەرناك ئەمانێ‌دابن ودهەرتەنێ دڵپاکیی لازمە کوبەرەکی‌یێد ڕۆژ- هلاتێ وڕۆژئاوا ژناوهەڵدە .

### مانای‌ووشەکان

(کوتتا کرن) : دووایی‌هاتن ، خاتمەدادن
(تێ‌خۆیان) : دی‌یارە : معلوم‌میشود
(خەبەردان) : قسە کردن : مذاکرە
(چەڤ‌ڕا کرن) : چاف‌دێری : کنترل
(شارگە) : بنکە : پایگاه
(بەرەکیی : ناحەزی : اختلاف

## بوپی کەنین

### خودانـاسینی قـاضیی

دۆ کەس بۆشەرع زۆییشتن بۆ مالی قاضیی؛ یـەکێکیان داوای پارەی دەس قەرضی لەوی تریان ئەکرد. قاضیی بەداوا کاری ووت: شایەتی تۆ کێ‌یە؟ ووتی : خوێدا . ژپرلەلەمەجلیسی قاضی‌دا، بۆ،دەس بەجێ بە کابرای‌ووت : بۆشایەتیی کەسێ بێنە کە قاضیی ئەوبناسێت .

### بۆچەشتن

کابرایێ زۆیێشتەسەردوکانی مێوە فرۆشی، کالەك بکڕێ.چەنێ کالەکی هەڵ گرت، بەدڵی‌نەبۆ، تالە دووایی دا ، ئەنوازی یەکێ لەوانە تلێشاوە ، بەرزی کـردەوە، ئەنکوسي کردبەتلێشە کـەیدا، وە توزێکی‌دەرهێنا کەبی‌چەشێ.مێوە فرۆش ئەم کارەی زۆرپێ‌ناخۆش بۆ، ووتی: برا! بوچي ئـەنگوسی پێدائەکەی؟ ئەگەر کەسێ‌ئەنگوس بکابەتۆوە، حەزی‌پێ‌ئەکەی؟ وەڵامی داوە :ئەگەربۆچەشتن بێت، چ زیانێکی‌هەیە؟

بنکەی ژین www.zheen.org

کوردستان

## بەشی سنەیی

وەرگێز : ا. مفتی‌زادە

## حەلل موشکلگەل

ساڵ ١٣٤٠ ، بەموارە کسی ، وەك بەربەیان ئومێد تولۆعی کرد، وە ئارەزۆ گـەل پۆشیاگ ، وەك غونچەی بەهار دەمی کردەو ، وە ئومێدەەس کە لەتەواو بار گەل ژییانەو ،پێشڕەفتگەلـیێ گەورە بویتە قسمەت مەردمدنیا، خوصو‌صەن هاو وەتەنگەلمان . وەمێوە گەل‌شیرین‌دار ئارەزۆ گەل بەشەری، بیتەبەر

جەژن ئیمساڵ بەلای میللەت ئێران بەبۆنەی ووجـود مەسعود وەلیەعهدەو، فرەدلڕفین وخوەش وخوزرەم‌بۆ، وەدڵخوەشی وکەیف وشادی ئەفراد میللەت گـەیی‌یە ئاخرین دەرەجە .

بێ‌تەردید بەعەمەلی‌بۆن‌قانو‌نگەل موتەرەققی ، خـوصو‌صەن ئیصلاحات ئەرزی ـ کە بەشێکەلە مەنوییات‌شاهەنشای‌جەوانبەختـ ئیمساڵ میللەت ئێران ئەگەیتە سەعادەت فرەترێ ، وەعـەلاقەی مەردم بەئاوو خاکووەتەن خوەیان چەن‌بەرابەر ئەویتەو

مەجلیس بیسومیچ' بۆجـۆر کردن‌نەقشە گەل‌موفیدئیجتیماعی وتەصویب لاییحە گەل‌سوودمەند، تەواو ئامادەس .

مەوزۆعێ کەفرەباییس دڵخوەشی‌تەواو مەردمدنیا خـوصوصەن موسوڵمانگەلە، شورۆع موزاکەرەی‌دۆسانەی سەران ئەلجەزاییر وەمەقامات فەرانسەس ، کە ئینشا ئەڵلا، جەنگ خوێن‌وئاگرشەش ساڵەئـەوژیتەو، وەسەرنـوویشت میللەت دۆس‌وبرامان‌ئەلجەزاییر ئەکیشیتەلای صوڵح وئارامش و ئیستیقلالەو،وەئەم‌موشکلە گەورە' کە مـوددەتهاس بۆگە سەباییس پەرێشانی‌خاتر تەواوموسوڵمانگەل دنیا، بە کۆمەك‌خوا ، حەل ئەوێ، وەئەمێدەوارین برا گەل‌ئەلجەزاییری‌ئیمە' هەرچێ زۆتر بگەینە ئارەزۆ گەلیان .

مەسەلە گـەل فرە موشکل‌ێ پێچیاگ خەلع‌سیلاح و.قەتع‌ئازمایشگەل ئەتومی، کەلە گشتێ زییاتربۆ گەسە سەبەب‌شێویان‌کارو باردنیا، وەناڕەحەتـی ونگەرانی مەردم ـ بە سییاسەت عاقلانـەی ئیمریکا، کە تەصمیمی گرنگە لەتەك دەولەت ڕۆسا ئاشتەوبوێ ، کەفتگەسەئاسانەی حەل بۆن؛وە وەئومێدەوارین‌لەم‌مەوریدگەلەدا، کە سەرنـوویشت بەشەرییـەت بەستەگی کاملێکی هاپیەو،عەقڵ ودۆربینی، بەسەرئیحساسات‌وئەغراز جاتەلەبانەدازاڵ‌بوێ، وەبکیشیتە لای‌تەوافق تەرەفەینەو؛ وەبەیەك نزیك‌بۆن نەزەرییات‌دەولەتگەل گەورە، ڕێگە بکاتـەو بۆحەلل موشکلات‌تـر، وە کـوژانەوەی ئاگرشەڕ لەچەن‌لای‌ترەنیاذا،وەك کونگۆ ولائۆس بکانەو.

لەساڵ تازەدا ئومێد ئەوەیچە هەس کە ڕەوابیت‌عادی‌ودۆسانەی ئێران وڕۆس ، بەحوسن نییەت هەرتك‌لا' وەك‌جارانی،پێ‌بیتەو،وە دڵ ئینشانگەل بگردگ تـەواولە بەین‌بچێ

حەل‌مەسەلەی بـەین ئێران وعیراق وەئێران وئەفغانستانیچ، وەك مەسەلـەی « شط‌العرب » و «هیرمند»، کەبـۆ گەسەبـاییس ناڕەحەتی میللەت ئێران'ئارەزۆی قەلبیی ئیمەس، وەئـومێدەوارین بـەجۆرێ خـاس دووایـیـــی بـێ .

دنیای‌ئیمڕۆ ، وەهالکیا گـە سەیەکەو کەبۆچکترین پێشامەدێ‌لەهەر گۆشەیێ‌لەدنیاذا،ئاساییش وئارامش‌جێگە گەل‌تریچ‌ئەشێونێ؛ وەلێ‌ئەگەرمەسەلێ ئەگەرمەسەلە گەل‌بۆچك تەحتەششوعاع‌ئەوێ، وەدنیائەتوانێ ' چەن‌ساڵێ نەفەس ڕەحەت‌بگیشێ،وەخەریك‌کارگەل ئەساسی وداخلـی خـوەی‌بـێ .

بەهەرحاڵ ئیمساڵ ، ساڵ حـەلل موشکلگەلە .

## دووارە ووتوویژ

لەم‌ئاخرەذا ، دووارە ووتوویژ دو تەرەفەیك لەبەین ئیمریکا و ڕۆسادەس پێ کریاگە، ئەگەر کەسێ گەرەکی‌بێ، حەساو ئەو کونفەرانس‌و ووتوویژگەلەبکا کەئەم چەن ساڵە لەبوین ڕەهبەرگەل خوەر هەلات وخوەرنشین یانمایەندە گەلیانا لەبارەی مەسەلە گەل جەهانی‌یە و کریاگە، ئەشێ وەخت فرەیکی'بۆتەرخان‌بکا.

ئیختیلافگەل شەرق وغەرب ، لەلایکەو ئیختیلاف ئەساسی‌یە ، یانێ‌لەوانەسە، کەبەووتوویژحەل ناوێ؛لەلایك‌ترەو ئەگەرئەوئیختیلافگەلەتوندبویتەو، ئیترتەنیاڕێگەحەللێ ئەمێنێتەو کەموسەللەمەن ، ووتوویژدۆسانەنییە؛ بەڵکەئەوڕێگە حەللەسە کـە زاهیرەن گشت‌لێ‌لا ئەذەن؛ چۆنکە زییانگەلێ بەبارتێرێ، کەجامعەی بەشەردوچاربەلایك ئەکا، کەتائیسە نەزیری نەوینریاگە. پەس‌دییارە ، شەرق وغەرب‌لەتەك ئیختیلافگەل سییاسی‌یێکا کەهەسیان، بۆچەهێ‌تاهان لەفکرووتوویژ دۆسانەذا. عیللەت ئەمە ئەوەسە کە چارەیك‌تریان نییە.

تائیسە لەبارەی تەواو ئیختیلافگەلەو ـ کەئەتـوانین بێژین : صەذی‌نەوەذی ، هین‌ترس شەرق وغەرب‌لەیەکتر ووتوویژ کریاگە؛ وەئەو ئیختیلافگەلە، لەمەسەلەی کونترۆڵ ئەتومـەو، تائاژاو لەگەل داخل‌مەملەکەتگەلێ وەك لائۆس و کونگۆ دائەگرێ؛ وەلەواقعائەشێ بێژین کە پەیذا کردن ڕێگە حەلل مووەققەتێ بۆئەوانە ، بێ‌ئیشکاڵ نییە .

بەسەرکارهاتن‌دوموکراتگەل‌لەئیمریکاذا، یەکێ‌لەموهیمترین مەوادبەرنامەی‌کار کینیدی، ئەوەبۆگە، کەئیختیلاف ئیمریکاوڕۆسـ کەبەشێکە لەئیختیلافات خوەرهەلات‌وخوەرنشین ـ بۆژیتەو. بەگوزارش‌خەبەر گوزاریگەل، ئیسەووتوویژگەل دوتەرەفەیك لەبەین‌سەفیرگەل‌ئەودو دەولەتە لەواشینگتون ومسکۆ، وەمەقامات ئیمریکاوڕۆسا دەس‌پێ کریاگە؛ وەهەرتك ئەکۆشن کە تاووتوویژیان تەواونەوگە، لەدەرخستن چلۆنیەتی'، خودداری بکەن. زاهیرەن، بـەش گـەورەی ووتوویژ، لەبارەی پایگاگەل نیزامیی وئەتومەوەس. پریـزیـدینت کینیدی، بەئاشکرا ووتگیە، کەئەگەر موجبات ئامادە کردن تەدبیرگەل‌دیفاعیی‌ئیمریکا بۆپاراستن مەرزگەل خوەی‌وولاتەئازادەکان‌دنیا لەبەین‌بچێ، وەبەعیبارەتێ‌تر: ئەگەرڕۆس، دەس لەسییاسەت‌تەوسیعەتەلەبیی خوەی هەلگرێ ، دەولەت ئیمریگا مووافەقەت ئەکابـۆلابردن پایگا نیزامی‌یەکان خوەی، کە لەئەم‌لاو ئەولای دنیاوەـەرکەزگەل حەسـاس وسەوقولجەیشی‌یا دامەرزیاگن. ڕەهبەرگەل ڕوسیچ لەبۆن ئەوپایگاگەلە ـ کەلەوەخت‌لوزوما، بۆکوتانن ڕۆس‌بەکارئەبرگین. هان‌لەترس ولەرزا؛ وەئەوترس دلەرز، لەموخالەفەت توند ڕەهبەرگەل ڕۆس‌لەتەك‌بۆن ئەوپایگاگەلەذا،خاس دەرئەکەفێ.

نەکتەی‌موهیم‌ئەوەسە کەئەگـرئیختیلاف‌ئیمریکاوڕۆس نەمێنێ لەواقعا بەش گەورەی ئیختیلافگەل شەرق وغەرب لەبەین‌ئەچێ. ئیسە چارێ‌ئەشێ بزانین نەتیجەی ووتوویژ پەنامەکی ئەودودەولەتە ئەویتە چە .

موسەللەم ئەوەسە کەلەم حاڵەذا ، کە ئەصلەحەی ئەتومیی ، سیوەری خستگە سەسەر موقەددەرات بەشەرا، گشت گەرەکیانە کەلە صەذەمەر گەل‌خەتەرناك‌ئەوئەصلەحە لەئەمانا بن؛ وەتەنیاحەس‌نیی‌یەت لازمە، کەئیختیلافگەل بەینەلمیلەلیی بۆژیتەو.

## کوچی یار

(هیمن)

ئەگەرچی‌ڕۆیێ قەت ناڕۆی لەیادم
دە کـەم یادت بەیادی تـۆوەشادم
کەبارگەت‌بۆهەوارتێك‌نا، عەزیزم
شکا ئەستۆندەگی تاولی مـرادم

بنکەی ژین
www.zheen.org

کوردستان

## بەشی هەورامی

وەرگێڕ: م.ص.مفتی‌زادە

## لابەردەیو گیرو-گرفتیی

ساڵەو ١٣٤٠ی بەموبارە کپەو پیرۆزی پێسە بەربەیانو ئومێدی ئاما وەرۆ ، وەئارەزووە پەنامە کی یەکێ پێسەو شکـۆفەو وەهـاری کریێوە ، ئومێدەن کە مەردمو دنیای،وە بەتایبەتی‌هام وەڵاتـی یەکێو ئێمە جەژیوایەنـە پێشکەو تێوە خاسشا دەزگیرۆ، وەیاوا ئارەزووێشا.جەژنەوئیساڵی بەبۆنەو وجودووەلیەمەدیەوە ، پەی گەلو ئێرانی جەژنێوە فرەوەشەبییە .

بێ گومان بەکاروو ستەیو قانۆنە گەورە کـا ، پێسە زەمین بـەش-کەردەی کەیۆن جەئـارەزووەکاو **شاهەنشای** ، خەڵکو ئێرانی جە-ئیساڵەنە،وەشبەختی‌یێوە گەورەش گنۆدەس ، وەخەڵکي دڵگەرمیشا بەئاووخاکـووێشا زیـاتەر بـۆ مەجلیسو بیستەمیچ پەی ژێكووستە-یو چنێ نەخشێ کۆمەڵایەتی‌ییێوە دەنگدای بەلایەحێ بەکەڵکێ-وێش ئامادە کەردەن .

چێویوە کە فرەتەردڵودنیای ، وەموسڵمانـەکاش وەش کـەردن ئانەنە کەژابـەرەکاو فـەرانسەی چەنیوژابـەرەکاو ئـەلجەزایری ژێکی کەوتێنێ کە ئاشتي کەرا ، وەئومێدەوارێنمێ کەباروپەرێشانو ئەلجەزاییری مەرزیۆرە، وەبشێوەو ئازاوێوئیش ساڵەیەدلینەبشۆ ، وەخەڵکو ئاوەڵاتیە گنـازەحتێـو ئاسوودەیي وەبەئارەزوو ێشا بیاوا.

مەسەلێوچەك ئەرەماڵای ، وە تاقي کەردەیو ئەتومیچ کەجە گرد چێوێ فرەتەردنیاش تێکەدێنە ، وەخەڵکش نیگەران کەردن،هەرچی زۆتەر بەسیاسەتوژیرانەو ئیمریکای کەوەنەبژیان چەنی ژۆسی ژێکێ-گنا، وەشەکریۆ وەمەتەرسی‌یێوە

## دیسان قسەکەردەی

چی دمایی‌یەنەگوفتو گۆیێوە بەینوئیمریکـاوژۆسیەنـە دەس پەنەکریان؛ ئەگەر کەسێوە گەرە کش بۆئاقسا کە جەبەینوژابەرە کاو خۆرئاوایو خوژنشینیەنە کە جەچنێ ساڵێ چێوەڵی پەی لابەردەیو گیرو-گرفتی‌یەکاودینای کرێنێ، جەمێ کەرۆوە، وەختێوە فرەش گـەرە کاتا ئاقسانە جەیۆی بدۆوە.

ناحەزیـیەکاوشەرق وغـەربی جەلایێوە، جۆرێوەنـێ کـەبەقسە-کەردەی لامەشا؛ جەلایێوەتەریەوە، ئـەگەر ئانـاحەزی‌یێ فرەتـەرێبا، ئاوەختەتەنیازاییێوە؛ مەنۆوە، کە گرد کەسێوە جازایـێ لامدۆ، وەوێش چەنەش‌پارێزنۆ‌ چونکەدینای‌تۆشو بەدبەختي کەرۆ. کەپاسە بییە‌ بەر گنۆ کەپەی‌چێشی‌شەرق وغەرب چەنیو ئاناحەزی‌یە گەورێ کەهەنێشا،دۆبارە پەی دۆسی کەردەی ئامادێ‌نێ ، ئانەیچەوەروئینەیەنە کەژاییێوەتەریشا-نییەنە، فرەتەروئاناجۆری‌یێ کەئینێ‌دلێوشەرق‌وغەربیەنە، وەروئانەیەنە کەجەیۆی‌تەرسا؛ وەئاقسێ هەرجەبینایو نێرووئەتومی‌یەتا گێرەو کێشەو وەڵاتەکاپێسەو: کورەی لائوسی و گۆنکۆی، درێژەش پـەنەدریان،وەلا-بەردەیوئی گیرو گرفتیی ووەڵاتایچەکارێوەفرەئاسان‌نیبا.

چەنیوسەروکارئامایودەسەودیمو کراتاوئیمریکای یۆجە گرنگ تەرین بەرنامەکاوپریزیدنت« کینەدي»ئانەیێ کەناحەزی‌یەکاوئیمریکایو ژۆسی‌دلینەبەرۆ؛ پاجۆرە کەهەواڵ دریان، جەئیسەوە باڵیوزە کێوئادووە دەوڵەتەیە جەواشنگتەن ومۆسکۆنە، خەریکوقسە کەردێنێ؛ پاسەدیارا کەفەرەتەروئاقساجەبارەوپایە گای‌سیاییي، وەبینایو نێرووئەتو می‌یەوەن.

پریزیدنت کینەدي، ئاشکراواتەنش ئەگەرئاچێوێ کەبینێ‌سەبە بوئانەیەئیمرێکاجەچندیا گێنەپایە گای سیایی مەرزنۆرە، دلینەبشا، وە ژۆسیچ دەس جەتەبلێغاتی‌هۆر گێرو، ئیمریکا حازرا کـە پایە گا کاو ویش هۆر گێرۆ.

ژایەرە کێوژۆسیچ چاپایەگاوئیمریکایانە کە پەی ئەرە کووایو ژۆسی مەرزێنێرە، فرەتەرسا. وەپەوچی‌ماچامشێۆئاپایەگایێ‌لابریا.

چێوی فرەموهیم ئینەنە کە ئەگەرناکۆکي وئیمریکـاوژۆسی نەمانۆ، پێسەنە ئانەیە کە ناحەزی‌یەکاوشەرق وغـەربی گـرد دلینەبشا؛ وەلێ‌مشیۆتەمادێ‌بیمێ کەقسێ پەنامە کی‌یێ‌وئادووەدەوڵەتەیە گنابەرۆ؛ تەنیا چێویۆە کەلاوگرد کە سێوەزۆشنائانەنە کەچەکێ‌ئەتومي‌ئاینێدێوە شومش هەن پەی بەشەری، وەلازمادەوڵـەتەکابەدۆسي‌نـاجۆریـوو ێشا دلینەبەرا .

پەی دنیای نەمانۆ وەبەینو ئاوەڵاتانە
ناحەزي لابشۆ وەپەردچیوشاسەرو
بشێوەکای‌تری‌پێسەبشێوەو کۆنگۆو
لائوسي .
چی‌ساڵەتازێنەتومێدەوارێنمێ
کەپەیوەندێو دۆسانەو ئێـرانو
ژۆسی پێسە جارانیش پەنەبێوە ،
وەناحەزی یەکـێ یەکجاري

دلینەنەمانا .
ناجۆری‌یە کێو ئێران وعێراقو
ئەفغانستانی‌سەرومەسەلێوشطالعربی
وسیر وانـــو هیرمەندی ،
جۆرێ باوە، وەئێران چاپابەتاوە
نیگەرانیش نەمانۆ .
دنیاوئـارۆی جـۆرێوە پێوە
پەیوەندیش هـەن کە مەسەلێـوە

ووردی‌یە جەهەروە لانێوەنەرۆوە
بدۆ ، گردودنیایش پسۆوەتلێۆ، وە
ژەنگابۆبەسەبەبوئانەیە کەئاسایش‌و
ئارامي‌و دنیای تێك بـدۆ ، بەڵام
ئەگەرمەسەلە گەورە کێ‌دلینەبشا،
مەسەلە ووردی‌یە کێ ویشاوەلامەشا

وەخەڵکودنیای‌متاوۆ چندساڵێوە
فرە تەر بەئاشتي‌و زەحەتي پێـوە
بژیواوەپەردەچیوشاسەروهەرمانە-
کاو وێشا ؛ بەهەرحاڵ ئـومێدە-
وارێنمێ ئیساڵ ساڵەولابەردەیـو
کۆسپو گیرو گرفتیی‌بو .

## لاپەڕەیی-بوهەموو جار

## دستور خواندن و نوشتن کردی

**عده‌ای‌ازخواهران برادران‌فارس‌زبان که‌مایلند برسم‌الخط کردی‌آشناشوند باین‌مطلب توجه‌فرمایند:**

**میدانیم‌که کلمات‌فارسی بوسیله‌سه‌حرکت زبروزیروپیش وسه‌حرف «الف»و«واو»و«یاء» تلفظ میشون. وچون‌حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح‌کلمات بستگی باشنائی قبلی‌دارد،و این‌نقیصه موجب‌اشکال بزرگی درزبان فارسی شده . ولی‌رسم الخط‌کردی این‌اشکال رامرتفع ساخته، وکلمات تنها بوسیله حروف تلفظ میشوند. حروف‌صدای‌کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .**

**۱- (ە) که‌بجای زبرمیاید. مانند: «سەر» (سر)«سەروەر» (سرور)**

**۲-(ی) که‌بجای‌زیرمیآیدمانند: «جیهاز»(جهاز)«کیتاب» (کتاب)**

**۳-(و) که‌بجای‌پیش‌میآیدمانند:«گول»(گل)«بولبول»(بلبل)**

**۴- (الف) که‌بجای‌الف میآیدمانند: «باغ» (باغ)**

٥- (ۆ) که بجای«واو» میآیدمانند: «بۆد»(بود)«زۆد»(زود)

٦- (ێ ی ي) که‌بجای«یاء»میآیدمانند:«بید»(بید)«دەوید»(دوید) «مەردي»(مردی)

**۷- (ۆ)که صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»**

**۸- (ێ)که‌صدای یاء مجهول میدهد : مانند «کێ» (که) «چێ»(چه)**

۹- (ۊ) کەمخصوص‌لهجه کرمانشاهی است‌صدای (Ü)میدهد . مثال‌آن درلهجه کرمانشاهی«ئۊشم»(میگویم) «داشتۊت» (داشته‌باشد)

**(۱) حروف«ها»و«واو»و«یاء» بی‌علامت ممکن‌است‌اصلی باشند.مانند:«هەمسایە»(همسایه)«وورود»(ورود)«یەك»(یك). برای‌فرق‌میان هاءاصلی‌واعراب، هاءاصلی را دوچشم‌واعراب رایك‌چشم‌می‌نویسند .**

**(۲) همزه را همیشه باینصورت ( ئ ) می‌نویسند . مانند : «ئەحمەد»(احمد)«ئوطاق»(اطاق)ئیمام(امام)**

**(۳)درکردی‌گاهی‌روی‌حرف‌دال‌ولام‌وراءعلامتی‌میگذارند وباین‌شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) که در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام‌وراءمفخم میگردد.مثال آن‌درکردی:«فەرهاڎ،دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کریعنی‌پسر)**

**(۴) الف‌بای‌کردی یك‌حرف بیشتر ازفرسی‌وعربی دارد که عبارت از«ڤ»میباشد . البته‌تلفظ‌این‌حرف‌درفارسی‌زیادست،ولی با«واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئـەڤـایل» (اوایل) .**

**(٥)دررسم‌الخط‌کردی‌حروف مشدد را دوتامینویسند.مانند «ئەڕڕە» (اره) «بەڕڕە» (بره)**

**(٦) درکردی‌کلمات‌راهرطور تلفظ میکنند مینویسند،البته کلمات بیگانه‌را مشمول این‌قاعده‌میسازند ؛ ودیگر اشتباهی بین حروفیکه مخرجشان نزدیك‌است واقع نمیشود ؛ مثلا صفحه را اینطور مینویسند : «سەفهە»**

کوردستان

## بەش کرماشانی

نوسیای : «سیدمحمدسعیدغیرت»

## سەدبەندی چەمەیل غەرب ئیران

**دربادیه تشنگان بمردند
ازحلەبکوفه میرود آب!!**

ووشکـە سالیی وبیی‌وارانیی ئی‌یەکی‌دوسالە کەژمسی‌بەبی‌ئاوي فرە عـەجایب سال ١٣٣٩، چنەو کەزانیمن لەسنەو کرماشان کاربی ئاوی ژەسییە ئەورە کەقەنـاتەیل سنە گشتیی ووشك‌بی؛ وەمـەردم ئاوخواردن نەیاشتن؛ وەنـاعەلاج وەماشین لەجی‌یەیل دۆردەس ئاو ئەڕای خوەیان تیاوردن؛ وەهـەر چنەو کرماشان بائەوە کەلۆلە کیشي کریاس، هەرمالی‌یەکی‌دوسەعات لەشەووڕۆژبیشترئاونەیاشتن. گشت سەراوەیل‌وکانی‌یەیل گەوراووشك کردن . خەسارەت‌فرەیك‌وەئەرو- اوي‌مەردم،ئی‌بی‌ئاوی‌یەدا. لەفرەجی مەردم زەراعـەت چونـەروصەیفی خوەیان‌لەبەین‌بردن؛ فرەباخەیلیش لەبەین چین .

ئی‌مال زمیاین وبەدبەختی‌یە بایەس ئیمە فرەتربکیشیتەسەرئی مەطلەبە کە ئیمەیشە جۆربـاقیی دونیا حەقیەلەکان وبـەخششەیل خورادادسەرزەمین‌خوەمان‌حیساویٚ ئیستفادە بکەیمن؛ مـەخصوصەن ئەوجۆرە کە ئیمڕۆعیلم‌وصەنعەت ئەسواوکارئـەڕای ئیمەفـەراهەم کردیە .

ئی‌مەطلەبەبۆشمین گە : لـە ئیران قەییم سەدبەندی‌وئیستفادە لەئاوچەم‌وڕۆخانە، وهەسێل‌بەستن ئەڕای کشتوکال‌فرەبییە. ئیسەیشە لە صەفەحـات غـەرب بەنڎەیـل گەورایك کەلـەزەمان ئەشکانی- یەیل‌لەچەم «حلوان» لەخاك‌ژەهاو گردنە، وەهـەزاران هکتارزەوی هالەژێری ، هـەرباقی‌یە. قـەنـات هەلداین کاریکە کـە مەخصوص مەردوم ئیرانە کەئاو لەجی یـەیل فرە دۆرلـەژێرزەمین کیشانـە و مەزارعوباخەیل‌سە وزوخوەڕەمدروس کردنە . لەیەزدو کرمان‌چاهەیل فرەقوٚل وەئەسواوەیل‌فرەقەییمیی جۆرقازمـەوقولنگە کـەنینە؛ وە ئەڕای کشتوکـالٚ خوەیان ئـاو دەراوردنە لەوولاتەیل ناروەڕاسین ئیران کەبیشتری شۆرە کاتە، ئاو ئەمارەیل فرە گەورا دروس کردنە کەلە بەعضی‌شەهرەیل‌ئاوخواردن یەك سالٚ شەهری جۆرساوە لەلی دریاس .

بەنابەریەلەفەلات‌ئیران‌هەمیشە لەفیکردراووردن وئەمـار کردن ئاوئەڕای‌ئیحتیاجات‌خوەیان‌بۆنە؛ لەصورەتی کەئەسواو کارنەیاشتنە؛ وەلی‌ئیمڕۆوەسیلەی‌چاکەنین‌وئاو دەراوودن‌لەژێرزەوین، بەنڎبەستن جۆرباقی‌جی‌یەیل دونیائەڕای‌ئیمە فەراهەمە؛ بایەس لەهەرچیی چەمو ڕۆخانە کە هالە صەفحەی غەرب وە ئاوفرەیك لە کۆسانەیل ئیران بی‌نەتیجەومەصرەف کیشنەدەشت، هەرچیی فرەتر، ئیستفادە کرد. لەئی چەنڎ سالٚە لە کرماشان سەددیك‌لە «ڕوانسەر» بەستن؛ وەلی ئی‌سەددەئەڕای ڕۆخانەی گەورەیك‌جۆر «قەرەسو» کافیی‌نییە؛ وەبایەس لە چەمەیل مەنطەقەی سنەو کـرمـاشان وعیلام ئیستفادەی فرەتربکەن .

ئیمە ئومید وارپمان‌ئەوەسە : دەولەت و مازسان بەرنـامە، وەئی مەوضوعە «توجه» فـرەیك بکەن ئەڕای یە کە صەفەحات غەرب لە لەنوقاط فـرە حاصلٚ‌خێزوئاوای ئیرانە. وەڕەوانییە، بیلنەی‌لەدەس بیی ئاوی لەناوبچیٚت . بایەس وە هەروەسیلە گەردبیی‌ئاوی‌بچەنگیمن سەددەیل حیساوي بوەسیمن؛ وەلە هەر کۆرە وەوەسیلەی مـوتورلـە لەچەمەیل ئەوصەفەحاتەئاوبگریمن ئەلبەتەچاومان هـاوەدەس سازمان بەرنامەوبانگ کەشاوەرزی .

## (جغرافی)

## زەویوگرایی سنقروکولیـیی

-٥-

**مەردوم سونگور**: هەرئەوجۆرە کە پیش‌ئەزیەنۆسایمن، مەردوم سونگورلە نژاد کوردوئیرانین . سوخان بەنڎي‌وئەنڎام وڕەنگ پۆس‌و زولف وچەوئەبرۆ، وەهەرچنەوڕاوڕەسم وفیکروچشتەیل تریان شاهید ئەی‌مەطلەبەسە. وەلي‌داخم لەچەنڎ صەد سال پیش ئەزیە ئەورەیشە جۆر ئازەربایجان وزەنجان و بەعزی‌لەدێهات «همدان» زوانیان‌تورکی‌یە .

زوان تورکي‌یادگارڕۆژەیل بەدبەختی‌یەسە، کەڕۆژ گەری‌وەسەر شەرق ناوەڕاست هاتیە . زوان تورکي نیشانەی لەتاریخ تورکتازي و ئایەم کوشي‌وخراوي وبی‌ڕەحمي ئەومەردوم‌وەحشی‌یەسە؛ ئـەڕای‌یە کە تورك لەزیندەگي خوەی هیچ پرۆسکەی ڕۆشنی‌لەمەعنەویەت وکەـ مالات ئینسانیی وحیکمەت وذەوق وصەنایع‌ظەریفە،وەئی‌جۆرچشتەیلە نەیاشتنە .

تورکەیل وەختی حەملە کردنەسەمت خورنشین ئـاسیا، چشتی لەلیان‌نەچی کەلە ناوئەمواج دەریای «تمدن» گەورای ئیسلام‌غەرق‌بۆن؛ وەلەژێرتا بش خورەتاوقورئان‌وەحشي گەري وخوێن خواری‌بی‌ئەنڎازەی خویان فرە لەدەس دان؛ وەلی زوانیان لەئی‌صەفەحاتـە مەنەجیی. لەئی چەنڎ قەڕنیشە وبۆنەی‌دەس نەچۆن فەرهەنگ‌حساوي ئەڕای‌دەر کردن ئی‌زوان بیگانەکاری نەکریا . لەهەرحال‌مەردوم‌سونگورزوان‌ناوخویان تورکی‌یە. ئەوەیشەتورکیی مەخصوصیکە کەفرەتری کوردی‌وفارسی‌یە. ئیصطلاحات وئەلفاظ کوردی لەناوی بیشترە . وە گشت ئەومەردومیشە کوردي‌وفارسیی‌خاس قسە کەن . لیباس‌وڕاوڕەسم‌ونەوروزوسیزدەوەدەرو باقیی جەشنەیل وەهەرچنەوسۆریان وشین‌یان گشت کوردی‌یـە؛ وەهیچ نیشانەی لەتورکیی‌لەتی‌نییە .

لەسۆروشادي وئاهەنگەیل موسیقیی‌بەزم وسازدەول وهەڵپەڕ کەو چۆپیي‌وسۆرانە گشتیی کوردی‌یە؛ وەرچنەولەشین‌و کەس‌مردن، چەمەریی‌و وەی وەی وهاتن وچین گشتی‌بی کەم وزیاد کوردي‌یە .

مەردوم شەهرسونگورچنەو کەپیش ئەزیەیشە وەتیمن، گشتیان شیعەی دوانزە ئیمامین . ئی‌مەردومـە ڕەحمەت کیش وبسازوسادە وبی ڕەنگ وفەنگن . فرەمیمان دۆس‌ومیمان‌دارن؛ چنەو کەدروسەسونگور شەهریکە، میمان لەوشەهرە میمان خانەوڕستوران نییە . هەرکـەس وە ژاگوزەري وە کەم‌تاکوتی‌ئاشنایی چتەمال‌ئەوئاشنایە؛ وەلەورەخاس لەلی‌ئیمات کەن .

## وەضع ئیقتصادیی سونگورکولیایی

شەهرسونگورچنەو کەپیش ئەزیەیشەوەتیم، لەحەیث‌مەوقیعییەت ئەگەرئاوایی‌وهاتن وچۆن هەمیشەیی‌بکەفیتە ئەورە ، لـەغەرب ئیران ئەڕای دروس بۆن یەك شەهرئیلاخیی‌وباصەفا، وەئاوفرەوهەوای‌خوەش دەشت هامارقەشەنگ، زەوی‌یەیل نەخت هیچ کۆرە جۆرسونگورنییە ؛ وەلی داخم‌ڕي شوسەی‌دەولەتیی ئەوەیشە لەنەتیجەی کوشیش‌وتەمەننای مەردوم مەخصوصەن خەوانین کـولیایی فەقەت شەهـرسونگوروەصل کردیەسە جادەی قیرتاوي بیستوٚن؛ وەڕی یەیل‌تری کەماشین ڕەوون، چنەو کە پیش ئەزیەوەتیمن، تاوسانین.

دەورووەرشەهرسونگورلەهەرلاییك‌فرەترلەچوار کیلومترزەوی‌یەیل کشتوکاڵەوباخە، کەوەبان‌یەك لەحدوٚددوهزارقەطعەزەوی‌ئەرواوي وباغ باخات‌وویشەس. زەوی یەیل سونگورجۆجۆون، ئی‌جۆەیلەناویان «شاجو، دەرەماڵە، شاەفولی‌ئەرخی، توتك چەمەن‌، ناوجو، کـارپز»ە؛ وەئی‌زەوی‌یەیلە گشتیی‌ئاوی‌یـە . بەتر لـە مەحصول دەورووەرسونگور خصوصەن گەنمی لەهیچ کورەنییە. ئەرواوسونگوري‌زەوي‌خوەی‌وەگای خاس وەمەعروف خوەی خاس وەرت بڕن؛ خاس کوتی‌دەن؛ ئاوفرەیش دەنەیی؛ وەی جهەتە مەحصوٚل فرە خاسیش لەلی هەلٚ گـرن؛ وەجۆری کەخوراك ٢٥ هەزارنەفەری مەردوم سونگوردەت؛ وەدیتر ئیحتیاجی وە گەنم دێهات نەیرن؛ وەلەی زەوی‌یەیلەحاصلٚ‌صەیفیی کاري‌فرەوەعەمەل تیرن . کشت وکالٚ‌جۆروەجۆریان فرەترتوخمە کودي‌و گول‌بەرئافتاوو گرچك وخیاروخەروزە و گەرمە کە .

www.zheen.org

## فرمیسکی

ماوەی ل٤

وەبەچاوی حەسرەت وبەدبینی‌یەوە تەماشای ئەو کەسەی ئەکرد ، هەرتەماشا کردنێکی هەزاران رازی نائومێدی لێ‌ئەفا مرایەوە، هەناسە ساردودارلەدەس‌بەربوو لاوازوناوچاوتاریك .

کاك «نەریمان» بەم چەشنە جیهانی ڕۆناکی بەهەشتی پانوپۆڕی شیرینی لێ تەنگ وتاریك وترش وتال‌بۆبو ، وەلـەجەهەننەمــی پیروزای خۆی‌دا بـەسەری ئەبرد .

من کەئەم بیروجووانەم بەچەشنێ کە لەپیشەوە باسم کردن‌دی، سەرم‌سوڕما، کەوتمەجیهانی بیر کردنەوەییکی‌قوڵ ودەریاییکی پرسوجۆوە، لەدڵی‌خۆماهەرچی هەلاجیم ئەکرد ، ئەو پەتکەم بۆشی نەئەکرایەوە وئەو گری کوێرەیــەم لەیــەك بەرنەئەدا .

وەهیچ چارێکم بۆئەوڕارەنە دۆزی‌یەوەجگەلەوەی کەلەگەڵ ئەودو کەسەدا بچمەمەیدانی پرس وجۆباس کردنەوە تابەڵکو سەرئەنجامێ بەدەست‌بێنم .

ماوەی هەیە

## دیاریی ...

ماوەی ل۳

ئەگەر هەرشەو نەکــەم ئەوشیوەن‌و ناڵین‌و گــریانە
دەسوتێنێ وجوۆدم ئاگری ئەوجــەرگە بوریانـــــە
بەڵێ گریانی نیوەی شەو لەبۆزامـــــی مەمەرهەم
کە فرمێسکم ڕژائەوجار بەجێ دێڵێ دڵـی مـــن‌غەم

هەزاوبەك‌شەو ۳۷۷

کۆچەر لەبەردەکی هۆدەکەوە بانگی لەنزهةالزمان کرد . نزهةالزمان وەڵامــی نەداوە ، لەنێوهۆدەکەدا دەستی کردە گریان‌وشیوەن . پیرەمێرد بەبازەرگانی‌ووت: چاوت پێ‌بکەوێ وقسەی لەگەڵ بکە ؛ بەڵام ئەوقسەی پێ‌بڵێ کــەپێم ووتــی : وە بەمیهرەبانی ڕەفتاری لەگەڵ بکە. بازەرگان‌زۆرپیشتەڕۆرەوە ، چاوی‌بەنزهةالزمان کەوت ئەنوارێ بەڕاستی کچێکە ڕۆمەتی وەکومانگی‌چواردە وبالای‌بەرزوباریك وەکونەمام ، وەسەرتاپای ئەندامی عەیبی تێدانی‌یە ؛ ڕوی‌لێ کردوپێی‌ووت :

لەپاشان بەگەرموگوڕ ئەحواڵ پرسي لێ‌یەوەکرد . نزهةالزمان تەماشای نێوچاوی بازەرگان کرد ، ئەنوارێ پیاوێکی سەنگین وزمان خۆش وپیاوانەیە. لە دڵی خۆیا ووتی : وادیارە ئەم‌پیاوە بۆکڕینی من‌هاتبێ ؛ ئەگەرمن ڕوی خۆشی‌پێ پیشان نەدەم ، لەکڕینی من‌پەشیمان ئـەبێتەوە ، وەلەلای ئەم پیرەمێردە کـۆچەرە ستەمکارە ئەمێنمەوە، وەئەوەهێندە بەقەمچی‌لێم‌ئەدا کە بمرم. کەوابۆهیوای‌ڕزگاریم لەلای ئەم بازەرگانەوە زۆرترە تائەوپیرەمێردە . بەڵکۆئەم کڕیارە بەزمانی‌خۆش‌و ڕەفتاری شیرین دڵ خۆش کەم کە بم کڕێ ؛ ئەوجا بەزمانێکی پاراو وەڵامی‌داوە، وەپێی‌ووت : لەحاڵی من‌ئەپرسی ، خوابکا دوژمنت تۆشی ئەم ڕۆژی منەنەبێت . بازەرگان لەقسەکانی‌ئەوئاوەزوهۆشی لەسەرپەڕی ، وەبەپیرەمێردی‌ووت : بایی‌ئەم

دیدەم ! دیدەی بەد داییم لێت دوربێ
دیدەت لەبــادەی شادي مــەخموربێ
کام بەدڵ‌بۆتۆی، خستەچای کەنعان
واکە وتیتە دەس بــەردە فرۆشان !؟
چۆن کەوتــــــی‌یەداوڕەنجی دنیاوە
حۆري لە بەهەشت کەی دەرکراوە!؟

م:ص:م

## بەشی‌مەولەویی پارچەی

## ٥٣

لەم‌پارچەدا وادەر ئەکەوێ کەئازیزی «مەولەوي»لە گەشتابووە، ئەنجائەویش ئەم‌پارچەی بەوبۆنەوە، هۆناوەتەوە ئەڵێ :

باوەکو دوری ئازیز نەتەنیادڵی «مەعدومی» دڵتەنگ‌ئەهێنێتە‌وەدەنگ، بەڵکو لەبەردی سەختیش‌دا شوێن‌ئەکا ،وەئاه وناڵەوتەموتەموروو‌کەڵی‌تیدا ئەهێنێتەدی کەوابو ئەگونجێ کە تەمی‌دڵی‌کاوان لەدوری ئازیز ببێ‌بەهەوری تازەوبکەوێتەڕوی ئاسمان،وەبارانی خوێناووزوخاو ببارێنێ !

(لێرەداوادەرئەکەوێ کەئازیزی مەولەوی‌وەستۆیەلەکوێستانە‌وەبگەڕێتەوە بـۆ گەرمیان ، وەڕەنگەکانی پاییزیش بۆبێ، بۆیێ ناوی هەوری تازەئەبا)

بەڵام، ئەی‌هەور ئامان صەدئامان! دەسم بەدامانت خۆت ڕاگرە وەباران‌مەبارێنە ، چونکە ئازیز والەڕێدا ، مەبادا لافاوی فرمێسکی خوێنینی خۆت‌لەسەرا بیارێنێ وئازیز ئازاربدەی؛ ئازیز نازپەروەردەیە وئەبێ نازی‌بکێشی،وەدڵی نەشکێنی‌چونکەئەووە کوکەسی‌ترنییە.

ئازیزی من کەیادی زۆربەسەخڵەت لـەدڵدا ڕائەبوێـرێ، چۆن پەیکەری نازك وجوانی توانایی تاوی‌بارانی هەیە.

لەلایێ تریشەوە، ئەی‌کاوان و کوێستانان ! بۆئازاردانی ئازیزی شیرین شێوە، نیازێ بەتەم وهەوروباران وئاه وناڵەی ئێوەنییە، چونکە تەمی‌دەرون ودوکەڵی لاشەی لـەگیان جیای‌من ولافــاوی فرمێسکی چاوی بەخت وتاڵەی ڕەشی من بەسەبۆ ئازاردانی ئازیز ! هەروەها کە ئەڵێ:

صەدوري‌چون‌دڵ«مەعدومیی»دڵتەنگ
مارۆئەوفەریاد دڵەی سەخت‌سەنگ
سزان ئەرگێرۆ تەم دڵــەی کاوان
هەورنۆ وەتاو ڕێزۆ هــۆناوان
بەڵام تاقەتێ ، هاهــەورە ئـامان !
هانە سەفەردا شای نــەونەمامان
نازکێش!چون‌نازش‌جەحەدبەرشی‌ن
خاتردارێش کەر،وێنەی کەس‌نییەن
وێش‌چۆن‌حەوسەڵەی‌وەشت‌وتەم‌دارۆ؟!
یادش‌نـە دڵدازەحمـەت مـەویــارۆ
پەی بارخاتر ئــــــەوشیرین‌شێوە
چ‌حاجەت وەی‌تەم، وەی سەیل‌ئێوە

## چاپ‌اختر‌شمال

## تلفن ۲۵۵۰۱

بنکەی ژین
www.zheen.org

# مەولودنامەی پەیغەمبەری

## ئیسلام حەزرەتی محمد (ص)

## دانراوی زانای بەناوبانگی کورد

**حسن هەرتووشی**

باجمال و حوسن ونورانی «قمر»
حولێ «استبرق» و «سندس» دبەر
لەعلهاتێر ئاو ژئاڤا کەوسەرێ
زولفپا سەد تەعنە دانە عەنبەرێ
بەژن و بالا، سەروسیما شەفـــــاف
من شو بهاندن تو خمەیێ «عبدالمناف»
یەك لدەستێ ڕاستەهات ویەك لچەپ
یەك لپشت و یەك لپیشم با ئەدەب
ئەو کەبوّن «حوا» و «سارا» ئاسیە
یالپیشم مەریـــــەما عمرانیە
«مریم» حوسن ومەلاحەت زێدەبو
پاڵ ڤەدابو ، ئەوژ بۆمن تەکیەبو
ناگەهان بوزەمزەم وتەسبیح ودەنگ
بالوغەتهایێ موخالف ڕەنگەڕەنگ
ڕاست وچەپ من دیێ کەوا کب تێن فرێن
قاف تاقافێ جهان بوئەنومرین

**لەهەر ...**

ماوەی ل ١٠

## شیخ حسن مەولاناوایی

**قیبلەم مەستەنان ...**

بێ مەی جەبادەی عیشقت مەستەنان
نەك مەست مەخموردەس بەدمەستەنان
سەرشار سەرمەست ڕۆی «الست»ەنان
هەردەم مەگێلۆن چون لانو بالیی
خاتر جە ڕەخنەی ڕەقیبان خالیی
شۆر شەیدایم یـاوان وە جایـێ
جەلام فەرق نیەن شاجە گەدایێ
ئەر شێخان عـەصر تۆبـە بەتۆبە
بمران تۆبەی «حسن» جــەتۆبە
ساتێ جەسەوداتَ دڵ سەرد نەبۆ
دەمێ جـەعیشقت بێدەرد نەبـۆ
سەودات سەرمایەی زیندەگانیمەن
نوسخەی ئازادی بەنـدەگانیمەن

## مەلاحامدی ئالیجانیی

**صەوزە ماڵتە . . .**

بەهـەشت هـەشتەم مـاواو ماڵتە
شەعشەعەی خۆرشێد لــە جەماڵتە
« انك منصور » خـەت و خاڵتە
وەك نەبات ئەلفاظ لەعـل لاڵتە
سەبع سەنەی شەریف عومرو ساڵتە
بەحر شەریعەت لـــــە ئەقواڵتە
دەریای تـــــەریقەت لەئەفعالتە
حەوز حـەقیقەت حـەق ئەحواڵتە
دایم سەف گەل گەل لەبەرماڵتە
زاهیر و بـاتین پـاك و بێ عـەیبە
« حامد » قوربانی بێ شك و ڕەیبە

# چوارقوژبن



**لابەلا:**

١ـ تریفەی تیشکی هەتاو ٢ـ نیوەیێکی پەپوسلێمانەی عەرەبی ـ پرسییان لە کەر : قونا خت لە کوێیە؟ ووتی: ئەوە ئەزانێ ٣ـ هی حەزرەتی «نوح» لە هەموو مەشهوورترە ٤ـ ووشەی خەفەت بۆ لەدەس دەرچوونی شتێ ـ قسەلە گەڵ ئەوە ئەکەن ومەبەستیان ئەوەیە ، دیوار گوێی لێ بێ ٥ـ باڵندەی مەلــەوان ٦ـ پۆستی پارە کەی مار' کە ئەمساڵ ئەیخا ـ کەس بەوەی خۆی، ناڵێ ترشە ٧ـ گوڵدانی بن دا کەوتوو.

**بەرەو خوار:**

١ـ داچلەکان، یا بەتوندی وئــازایی ، جوڵە کردن ٢ـ جێ نشینی هەرچەشنە ئەمرێکی مەعلوم وتوێ دراو، یا تەئکیدی سەرەتای ئەمر ـ کۆمەڵێکی ئەستێرە ٣ـ پەیغامبەری عاشق وە مەحرەمی ماڵی مەعشوق ٤ـ مازیی مـوتڵەقی ڕشتن، کە زەمیرەکەی فاعلی ، کـەوتووەتـە پێشیەوە ـ دڵی بەخشینی ، نایێ ٥ـ ئینفوەهارەن گوڵ مەوڕیەیدا ✿ تازە عیشق تۆمە کە ڕم . . ٦ـ لە وسەرەوە «پنە» یەوپیە کەی دا کەوتووە ـ داوی شێواو ٧ باوبۆرانی توند لەسەر کـەل و ترۆپکەی کێوانەوە .

### کراوەی چوارقوژبنی ژمارەی ٩٥

لابەلا ـ کیش ـ کرد ٢ـ رچە ـ هما ٣ـ پنر ٤ ـ ـ ئوجاج ٥ـ کەلاوێژ ٦ـ شر ـ را ٧ـ تیر ـ چان .

بەرە وخووار : ١ ـ کـرج ـ گشت ٢ ـ ی ج ـ ئەرێ ٣ ـ شەپول ٤ـ تجارە ـ گەراو ٦ـ رم ـ خیرا ٧ـ داس ـ ژان.

**هەزار و یەك شەو** ٣٧٨

کەنیزە چەندە ؟ بەڕاستی ئەم کەنیزە زۆر گەورەو نەجیبزادەیە . پیرەمێرد لەم قسە تۆرەبو ، ووتی : کەنیزە کەم لەڕێ دەرمە کە وبەم قسانەکارێوا مە کە ، کەلەخۆی دەرچێ ، ئەولە پەست ترین خێزان هەڵ کەوتووە ، ومن ئەوبەتۆ نافرۆشم. بازەرگان کە ئەم قسەی لەدەمی پیرەمێردەوە بیست تێ گەییشت کە پیرێکی خەرەفیاو بـێ ئاوەزو نەفامە ، پێی ووت : هیچ خەمت نەبێ بەم هەموو عەیبانەوە کەبۆی هەڵ ئەدەی، ئەی کڕم . پیرەمێرد ووتی : بەچەنێ ئەی کڕی ؟ بازەرگان ووتی : تۆ خاوەن ماڵی بەچەندی ئەدەی ؟ پیرەمێرد ووتی : تو بڵێ کە تاچەنێ ئەتوانی بدەی ؟ بازەرگان ووتی : پیرەمێردی کۆچەری عەرەب! من دوصەد دینار بۆتۆ ئەژمێرم ، وەسوروساتی پاڕشاو هەموو ئەوخەرجەکانی تریشی لەپای خۆم . پیرەمێرد کە ئەم قسەی بیست ، زۆر ئاڵۆزبو ، خوڕی بەسەر بازەرگاناو پێی ووت : هەستە سەرخۆت بڕۆ، گـوم بەلە بەرچاوم . ئەگەر دوسەدینار تەنیا بەوعەباشڕە بدەی کەداویە بەسەریا ، نای دەم . من هەرلە بنائەم کەنیزە نافرۆشم ، ڕاێ ئەگرم کە ئـوشتر بلەوەڕێنێ وئـاسیاو بگەڕێنێ . لەپاشان خوڕی بەسەر نزهة الزماناوپێی ووت : ئەی کچە هەتیوی پەستی بێ قابل! من هەرتۆ نافرۆشم . لەپاشان بەبازەرگانی ووت : من تۆم بەپیاوێکی ژیرو شتفام ئەزانی . بەخوڕا ئەگەر ئیستا هەڵ نەسی بڕۆی بەجنێووشەپ ئەت کـەمە دەرەوە . بازەرگان واق بو بەکابرادا ، وەلەدڵی خۆیا ووتی : بەڕاستیی وادیارە ئـەم پیرەمێردە شێت ە . وەحەتمەن ئەم کچەی بەخۆڕایی دەست کەوتووە ؛ وەبایی ئـەو نازانێ ، کە وابوو ئەبێ بەزمانی خۆش بیکرم بەڵکولەدەستی دەربێنم . بەڕاستی ئەم کچەبەیەك خەزینە گەوهەر ئەڕێت. وەئەڵبەت دیارە کەمن هێندە پارەم نیە کە بتوانم بایی ئەوبدەم ، بەڵام ئەگەر ئەم پیرەمێردەم بوڕام بێ ، هەر چی خوڕا پێ داوم ، پێ ئەدەم . لەپاشان بازەرگان ڕوی کردە لەپیرەمێرد وپێی ووت : تۆ پیاوێکی دونیـا

بنکەی ژین www.zheen.org

م ص.م

# هەفت بەندی هونەری نەمر خانای قووادی

خوێنەرە بەنرخەکان ! هەروەها کە ئاگاتان لێیە لەژۆڕیکەوە ڕۆژنامەی کوردستان دەرچووە، ئێمە هەوڵمانداوە کەهەرجۆرە شوێنێکی کوردی کە لەهۆنەرە پایەبەرزو نەتەوەویستەکانی کوردستانەوە، بەجێ ماوە، وەلەبەربێ کەسی و بێدڵسۆزی لەکون وقوژبنەکانی خانووە کوردەکانداشارراونەتەوە ، بیانخەینەدەرەوە،وەبۆناساندنی پایەی وێژەی کوردی، بەهەموزاناکانی جیهانی بنوێنین تاباش بۆیان دەرکەوێ کە گەلی کورد، کەلێکە لەهەزاران ساڵی لەمەوپێشەوە تائێستا، لەگەڵ ئەوهەمووە گێڕو گرفتی و کۆسپانەدا کەلەژیاندا توشی بووە، هەستی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی خۆی لەدەس نەداوە، وەبەپێی توانایی خۆی بۆپاراستن وزاگرتنی بناغەوڕیشەی زمانو وێژەی نەتەوەکەی خەباتی کردووە ؛ وە نوسەرو هۆنەرە دڵسۆزەکانیان بەچاوکەی بیری ڕۆناکو مرخی جوانی خۆیان لەهەمو خولەکانی زۆر گاروپێچ و خەمەکانی مێژوودا، باخچەی وێژەی کوردییان ئاودێری کردووە ، بۆئەوەئەو باخچەیە بەگوڵی ڕەنگاوڕەنگ وبۆن خۆش بڕازرێتەوە ، وەڕەنگو بۆنی جوان وخۆشی ئەو کوڵانە ، سرنجی ڕۆڵەکانی کوردستان وەکو بولبولانی شەیدای گوڵستان بۆخۆی ڕاکێشی تاشەووڕۆژبەگیانودڵ پاسەوان وپارێزگاری ئەو گوڵزارەبن.

یەکێ لەوهۆنەرە پایەبەرزو دڵسۆزانە « خانا »ی قووادی‌یە، کە شوێنەوێژەیی‌یەکانی لەوێژەی کوردیدا وەکو ئەستێرەی گەش و ڕۆناک لەئاسمانی شینی شەوی بەهاری وێژەی کوردستاندا ئەدرەوشێتەوە،وە چاوی هەر کوردێکی خوێن‌خاوێن ونەتەوپەست ڕۆناک ئەکاتەوە.

« خانا » پیاوێکی زاناو هۆنەرێکی تەوانا بووە، مرخێکی جوانوبیرێکی تیژی هەیە،لەهەموچەشنێ‌هۆنراوی‌بەجێ‌هێشـ ووە:چیرۆکی بەزمی، ڕەزمی، ئایینیو زانیاری.

شوێنە بەنرخەکانی «خانا» تائێستا هەموی لەچاپ‌نەدراوە؛ئەوەی کەمن بیزانم تەنیا کتێبی «شیرین وفەرهاد» لەچاپ‌دراوە کە بۆدووەم جارلەم ڕۆژنامەدا بڵاومان کردووەتەوە.

یەکێ‌تر لە شوێنە بەنرخەکانی «خانا» کۆمەڵە هۆنراوێکە بەناوی «هەفت‌بەند» کەلەستایشی یەزداندا هۆنیویەتەوە، وەبیروباوەڕی خۆی لەبارەی «جبرواختیار»دا، دەربڕیوە،بەڕاستی لەم‌هۆنراوەداپایەی بەرزی زانیاری‌وهێزی بەتینی هۆنەری‌ئەوڕۆڵەنەمرەی گەلی کوردەمان بۆدەر ئەکەوێ، بڕێ ئەوخاکەپاکە کەوەها ڕۆڵانێ لەداوێنی خۆی‌دا بەخێوئەکا، وەبەکۆمەڵی کوردی نەبەزیان ئەسپێرێ .

زۆرسوپاسی‌کاک «مەلامحمدی ئەنصاری» قازی پاوە ئەکەین کە هەمۆدەمێ شوێنەبەنرخەکانی هۆنەرەکوردەکانمان بۆئەنێری، وەئەم هەفت‌بەندی خانای‌قووادیشە یەکێکەلەو شوێنانە کە ئەوان بۆیان ناردوین.

هیوامان وایە خوێنەرەکانی تریش وەکوکاک « مەلامحمدی ئەنصاری» لەگەڵمانا هاوکاری‌بکەن،وەبەم‌خزمەتە گەورە، خۆیان‌بەبرا کوردەکان بناسێنن.

**بەندی یەکەم**

قەدیم موتڵەق . . . !

یا قائیم بەزات قەدیم موتڵەق !

نووسەری‌پەراوێزوڕاستەوکەری‌هۆنراوەکان: م.ص.م

## کنز العرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین‌ووتار ((میر محمدصالح حسنی نعمت‌اللهی))

هەمسەران وە دەم . . .

دەریای ڕۆدنیل مەکێشم وەدەم

وێنەی موستەسقی مەچم ڕۆ وەیەم

هەرچەندنۆشم پیمەوەچەشمەی‌زەمزەم

لەهیممەت پیر ژوەخت کەرەم

تەبعم غەنی‌یەن لە دینار دەرەم

ماوەل١٢

قەدیم بێ‌زەواڵ حەکیم بەرحەق!

نیگارندەی چەرخ نۆتاق ئەزرەق!

لامەوت، بێ‌شەریك، بینای بێ‌مانەند!

یەکتای بێ‌نەزیر، بێ‌مثل‌وپەیوەند!

« واجب‌الوجود ، لااحصی‌ثنا » !

مونەززەھ جەعەیب، عاری جەمەنا!

مونشیی‌ڕەقەم‌سەنج، ئینشای‌شاذی‌ڕەوق!

بێ‌پەرواجەتەعن‌ئەشیای‌تەحت‌وفەوق!

بەخشندەی بوزورگ، بێ‌باك‌جەتانە!

نازکێش زومرەی خوێش‌وبێگانە!

بۆ ! بەعیشق‌زات بێ‌حەد سیفاتت

باعیس ئیجاد گشت مەوجوداتت

باجەتیی«سید،ختم‌المرسلین»(ص)

شای « قاب قوسین، رب‌العالمین »

بەحەق ئەربـاب شەوزیندەداران

بەئیخلاس پاك تاعەت گوزاران

«خانا»ی قووادی مەعسیەت بارەن

فریفتەی شەیتان شوم بەدکارەن

جەفیتنەی شەیتان شەیتەنەت پیشە

جەشوم ئەی‌نەفس دورجە ئەندێشە

تا «یوم‌المحشر » نیگاداریش کەر

عەلاج دەرمـان دەردکاریش کەر

پەی‌چێش، نەفەرمان‌شێت ومەغرورم

چون بێ‌دەوڵەتان نەتـاعەت دورم

مەگەرهەم بەلوتف چون تۆڕەحیمێ

« عمیم‌الاحسان » عەتاعەزیمێ ـ

ببۆ بەئیسلاح گونـاکاری ئەو

ئەی کەم تاعەتی وشەرمەساری ئەو

وەرنە بەزاتت جەلای زات تـۆ

مەکەرون‌ڕۆی‌حەشرمن‌شکات‌تۆ

**لەکۆمەڵا..**

ماوەی‌ل١

نەوی‌بێ، ماوەیێ زۆری پێ‌ئەوێ تالەوشارەداچاوو گوێی‌بکرێتەوە، وەبەهەموشوێنێکو کون‌وقوژبنێکی ئەوشارە شارەزابێ، پاش‌ئەوەلەناو خۆی‌شارە کەدابەتەواوی‌شارەزابو ئەنجائەیەوێ لەگردوپەڕی ئەو شارەش ئاگاداربێ ، وەزۆر چاك ناوچەکان ولادێکانیشی بناسێ .

پاش ئەوە ئەندامانی لاشەی مرۆ گەورەبون‌وپێ گەیشتن‌،هێز باشتر ئەتوانێ لەهەستەکاوە ، دەرەوەی خانووەکەی خۆی‌واتە: لاشەببینێ،وەبەزۆرشت شارەزابێ، لەم‌کاتەدا ویست (ارادە) ئەبێتە زابەرێ هێز،وەبەهەرجۆری‌ویست ئارەزوبکا، ئەوهێزەئەخاتەکار. .

هەروەهاکە لەپێشا ووتمان ویست‌سێ‌جۆرە:سورشتیی،ئیختیاری ئیزتراری، مەبەستمان‌لەویست لێرەدا ویستی‌ئیختیاری‌یە.

ئەگەرویست‌ئەوهێزەبۆکاری‌چتانیی (مادی) بخاتەکار،هێرڕوئەکاتەلای چتەوە، وەئاگای‌لەمانائەبڕی، وە بەیەکجاری لەبیساتی‌مانایی (عالەمی مەعنەوی)دەس ئەبڕێ، وەبێگانەئەبێتەوە،لەم‌کاتەدابەم‌جۆرە گیان وهێزە، ئەڵێن گیانی ئاژەڵیی (روح‌حیوانیی) .

ناتەواو

هێز:قوە،نیرو

لاشە : بدن ،جسم

گردوپەڕ : دوروبر ، اطراف

ئەندام : عضو،شخص

مرۆ : انسان، شخص،بشر

هەست: حس ، حاسە

واتە،یانێ : یعنی

ویست: ارادە

سوروشت : طبیعت،عزیزە

چتانیی : مادي

چت : مادە

مانایی : معنوی

بیسات : عالم،جهان،دنیا

ئاژەڵ : حیوان

ئاژەڵی : حیوانیی

بنکەی ژین www.zheen.org

# کوردستان

لێکۆڵینەوەی سیاسی

## دیسان هەم ووتوویژ

لەم دووایی یەدا، دیسان ووتوویژی دولایی لەنێوانی ئەمـریکاو ڕۆسادەست پێ کراوە ئەگەر کەسێ بیەوێ ئەو کۆبوونەوەو باس وڕاوێژانە بژمێرێ کەلەماوەی چەندسالی ڕابوردوا، لەبەینی ڕابەرانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا ، یانوێنەرانی ئەواندا ، سەبارەت بەبڕینەوەی ناحەزیو گێژاوە کانی جیهانی پێك هاتووە، هێندە زۆرن کە پێویستە وەختێکی زۆربۆئەم کارە تایبەت بکەین .

ناحەزیی نێوانی ڕۆژهـەڵات وڕۆژئاوا، لـەلایێکەوە زۆرقـوڵ و بناغەدارن، یانێ لەوانەنین کە بەقسە بڕانەوەیان بۆ ببێ؛ وەلەلایی تریشەوە ئەم ناحەزی یانە ئەگەردرێژەیان ببێ، ئەوکاتەتەنیا ڕێگایێ بۆبڕانەوەی ئەمێنێ کە بێشك ئەوە ووتوویژی دۆستانە نابێ؛ وەئەمەهەرئەوڕێگای بڕانەوەیە کە لە ڕواڵەتا هەموولـێ بێزارن وئەترسن؛ چونکوئـەوڕێگا زیانێکی هێندە گەورە باردێنێ کە کۆمەڵی بەشەرتوشی وەهابەلایێ ئەکا، کە تائێستاوێنەی نەبینراوە .

کەوابۆبۆمان دەرکەوت کە : بۆچی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا ـ لەگەڵ ئەوەدا کە ناحەزی یان ڕیشەدارە ـ هێشتان هـەروان لـەفیکری ووتو ویژی دۆستانەدا ؟ هۆی ئەم کارە ئەوەیە، کە : بێجگەلەمـە چارەوڕێگا یێکیان نییە .

تائێستاسەبارەت بەهەمۆ ناحەزی یەکان ـ کەئەتوانین بڵێین کە: لە سەدا نەوەدیان بەهۆی ترسی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوالەیەکتر بەدی هاتوون ـ ووتوویژ کراوە . وەئەم ناحەزی یانەلەمەسئەلەی ژێرچاوگرتنی نێرۆی ئەتۆمەوە تامشتومڕەکانی ناوخۆیی وەڵاتانی وەکو «کورە» و«لائۆس» و «کونگۆ» پەرەی سەندووە؛ وەبەڕاستی ئەبێ بڵێین کە : پەیدا کـردنی ڕێگای بڕانەوەی ئێرەتیش بۆئەوانەهەر گرانونە گونجاوە.

کاتێ دەو کراتەکان لەئەمریکادا هاتنەڕۆی کار، یەکێ لە گرنگترین بەشی بەرنامەی کاری «پرزیدنت کینیدی» ئـەمەبۆ کەناحەزی یەکانی ئەمریکاوڕۆس ـ کە بۆخۆی بەشی گەورەی ناحەزی یەکانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوایە ـ دووایی پێ بێنێ. بەجۆرێ کەهەواڵ دەری یەکان گوزارشیان داوە : هەرئێستا ووتوویژی دولایی لەنێوانی باڵوێزانی ئەم دۆدەوڵەتـە لەواشەنگتون وەمسکۆ» دا، دەست پێ کراوە؛ وەهەردولا، تێ ئەکۆشن کە : تاووتوویژەکا یان دووایی نەهاتوە، لەئاشکراودەرخستنی چلۆنیەتی ئەوە خۆیان بگرن . وادیارە بەشی گەورەی ئـەم ووتوویژەسەبـارەت بەپایەگای عەسکەری وژێرچاوگرتنی نێرۆی ئەتومی یە، پرزیدنت کینیدی بەئاشکرا ڕای گەیاندووە، کە :ئەگەرئەوشتانە کە بونەتەهۆی ئەوە کە ئەمریکا بۆپاراستنی سنورەکانی خۆی وجیهانی ئازاد بکەوێتەفیکری بەرگری، لەنێوبچن، یانێ دەوڵەتی ڕۆس دەست لەسیاسەتی دەستدرێژیی خۆی هەڵ گرێ، دەوڵەتی ئەمریکاش لە گەڵ لابردن وتێكدانی پایەگا عەسکەری یەکانی خۆیدا ـ کەلەهەرگۆشەوقوژبنێکی جیهاندا، وەلەجێگا گرنگەکانی قۆشەن کێشی دا دامەزراوون ـ ڕۆپیشان ئەدا. کاربەدەستانی ڕۆسیش بەنۆرەی خۆیان لەبونی ئەم پایەگایانە ئەترسن کـەلە کـاتی پێویستی دا بۆ کوتاندنی ڕۆس کەڵکیان لێ وەرئەگیرێ . ئەم ترسەلە ناحەزیی توندی کاربەدەستانی ڕۆس لـەگەڵ بونی ئەم پایەگایانـەدا، بەڕۆناکی دەرئەکەوێ. مەبەستی گرنگ ئەوەیە کە : ئەگەرناحەزی یەکانی بەینی ئەمریکاوڕۆس لەنێوبچن، بەڕاستی بەشی گەورەی ناحەزی یەکانی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا، لەنێوئەچێ. ئێستائەبێ چاوەڕێ بین، کە سەرئەنجامی ووتوویژی پەنامەکی نێوانی ئەم دۆدەوڵەتە ئەبێتەچی . ئەوی کەقسەی تێدا نەبێ ئەوەیە، کە: ئێستا چارەنۆسی بەشەرپەیوەندی بەچەکی ئەتومی یەوەهەیە؛ وەهەمۆئەیانەوێ کە لە بەڵای ئـەم چەکە شۆمەبیارێزرێن؛ وەتەنیا دڵپاکی وخۆش ئامانجی ئەتوانێ کەناحەزی یەکانی جیهانی دووایی پێ بێنێ.

### مانای ووشەکان

| | |
|---|---|
| دولایی : دوجانبە | کۆبونەوە : کنفرانس |
| ناحەزی : اختلاف | گێژاو: بحران |
| جیهانی : بین‌المللی | هێندە : آنقدر |
| تایبەت : مخصوص | ڕواڵەت : ظاهر |
| کۆمەڵ : جامعە، اجتماع | مشتومڕ:زدوخورد |
| ناوخۆیی : داخلی | پەرەسەندن : توسعە |
| باڵوێز: سفیر کبیر | چلۆنیەتی: کیفیت، چگونگی |
| سنۆر: مرز، حدود | بەرگری: دفاع |
| قۆشەن کێشی: سوق‌الجیشی | ڕۆپیشان‌دان : موافقت |
| پێویستی: لزوم، ضرورت | کەڵك: استفادە |
| چارەنۆس :سرنوشت | خۆش‌ئامانجیی: حسن‌نیت |

### ماوەی سەروتار

ماوەی ل١

وەکارەساتێکی دیکەی گرنگیش کەهۆی شادی وبێ خۆش بـونی هەمۆ گەلانی جیهان بەتـایبەتی موسلمانانە دەست پێ کـردنی وتوویژی دۆستانەیە لەنێوانی سەرانی الجزایروکاربەدەستانی فەرانسەدا، کە انشاءالله بەشەڕی خوێنین و ئاوری سەش ساڵـەی ئەووەڵاتـە دووایـی دێنن، وسەرئـەنجامی گەلی دۆست و برای ئێمەالجزایر بەرەوئاشتی وئارامی وسەربەخۆیی ئەڕوات، وەئـەم تەنگ وچەڵـەمە گرنگە گەورەیە کـە لەزووەوە هۆی دڵ پەرێشانی هەمۆ مسلمانانی جیهان بووە، بەیاری یەزدانی پاك لێك ئەبێتەوە، وەهیوادارین کـە برایانی الجزایری ئێمە هـەرچی زوتر بەئارەزوی دێرینی خۆیـان بگەن .

کارەساتە گرنگەتێك ئاڵاوەکانی چەك دانێن، وەوازهێنان لەتاقی کردنەوەئەتۆمی یەکان کە: زیاتر لەهەرشتێ هۆی پەرێشانی کارەساتی جیهان، وەهەراسانی ودڵ ناخۆشی ودڵەڕاوێی خەڵکی یە، بەسیاسەتی ئاوەزدارانەی ئامریکا کە: لێ بڕاوە لەگـەڵ ڕوسیە دا نزیك ببێتەوە بەرەولێك بونەوەئەچـێ، وەهیوا دارین لەم کارەساتانەدا کەلەگەڵ سەرئەنجامی بەشەردا پەیوەستەگی ـ یێکی تەواوی هەیە، ئاوەزودوربینی بەسەرهەستهەڵچووین وخۆویستی وجێ تەڵەبی یاسەر کـەوێ وسەر ئەنجامی بکێشێتەلای پێك هاتنی هەردوولاوە، وەبیروڕای وەڵاتـانی گـەورە ڕێگا بـۆ لێك بونـەوەی تەنگ وچەڵەمەکانی گەلان. وە کوژاندنەوەی ئاوری شەڕوهەڵ خڕاندن وداواکەلە چەندشوێـ دیکەی جیهان داوە کو کۆنگۆو لائوس بەڕێیە، تەخت بکەن

لە ساڵی تازە داهـەروەهـاش هیواوایە کەپەیوەندی لەسەرخۆی دۆستانە لەنێوانی.

ئێران وڕوسیە دا بەدڵ پـاکی هەردوولاوە کـوساڵانی زۆتر بەڕۆی بیێتەوە، وەناکۆکی یەکـانی لە مەوپێش بەتەواوی لەبەین بچێ و لـەبیر بچێتەوە.

لێك بونەوەی ئەو کـارەساتانە کەلـەنێوانـی ئێران وعـراق وە ئێران وئەفغانستان داهەیە.وەکو ـ کارەساتـی (شط‌العرب) وەچۆمی هیرمند کە بووەتەهۆی ناڕەحەتی ئێران، لەکانی دڵەوەهیوا دارین بەچەشنێکی چاك دووایی پێ بهێنرێ

جیهانی ئەمڕۆوەهـا پێکەوە بەستراوە کـە بچۆکترین کارەـ سات لە هەرشوێنێکی جیهاندا ، ئەبێتە هۆی تێك چونی ئاسایش و ئارامی تـەواوی جیهان ، بـەڵام ئەگەرکارە ساتە گرنگەکانی جیهانی بەتایبەتی لەنێوانی وەڵاتانی گەورەدا لێك بێ تەوە، کارەساتەکانی دیکەش ئەکا بەڕێـــــــرەوە، وەچاریـان ئەکرێ، ئەوکاتەجیهان ئەتـوانێ ماوەیێکی درێژهەناسەیێکی ڕاحەت بدات، وەهەروەڵاتێ بۆخۆی دەست بکابەکاروباری چاك کـردنی ناو خۆی خۆی .

بەهەرحاڵ ئـەمساڵ ساڵی لێك کردنەوەی تەنگ وچەڵەمەکانە.

### کنزالعرفان

ماوەی ل٢

هەر کەس وەئیخلاس بەیۆیەك قەدەم
لەکێج کـەردۆن نەجاتش مەدەم
چۆحاج پەی تەواف بەیتموحتەرەم
غوسڵ کەروممەی داخڵ بەروەجەم
دنیالـەدیدەت پـۆشاپـەردەی تەم
تاوە کەی وەحەقیەت مە کەی ستەم
بشنەوژەررات عاڵـــــەم دەم‌وەدەم
مە کێشن ئـاواز سەدادان وەهەم
وەلیسان غـەیب مـەواچـن وەتۆ
« کل شی هالـــــك الا وجهه »

بنکەی ژین
www.zheen.org

# گەلی ئیران بو کوچی دووایی پیشەوای شیعیان ئازبەتی یان گرت، وەشاهەنشا لە فاتیحە خوینی دا بەشدار بون


خاوەنی امتیاز و مدیری لی پرسراو
عبدالحمید بدیع الزمانی
بەچاودیریی دەستەی نووسەر:
دوکتۆر محمد صدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر
دوکتۆر عبدالرحمن واحمد مفتی زادە
عابد سراج الدینی ـ شکر الله بابان
خسرو شیخکا نلووی میلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه» ژمارەی پلاک ۲۱۸
تلیفوون ۳۲۰۰۳

# کوردستان

عەزیزم شاسوارێکە، گوزەرگاگەری بەئەلبورزا
دەکا، نووکی سمی ئەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا

سیاسی ـ زانیاری ـ ویژەیی ـ کۆمەلایەتی

ژمارەی ـ ۴۸ ـ سالی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ۹۹

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردی یە، حەوتەی
جارێ چاپێکی دەرئەچێ

بایی
بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| سالانە: | ۱۲ | تمەن |
| شەش مانگە | ۷ | » |
| چاپ | ۳ | قەران |

بۆدەرەوە:

| | | |
|---|---|---|
| سالانە: | ۳۰ | تمەن |
| شەشمانگە: | ۱۵ | » |

چووارشەممە ۱۶ خاکەلێوە ۲۵۷۳ك ـ ۱۶ فەروەردین ۱۳۴۰ش ـ ۱۸ شەووال ۱۳۸۰ق ـ ۵ آوریل ۱۹۶۱م


## وینەی نورانی پیشەوای بەناو بانگی شیعیانی جیهان خودالی خوش بو حضرت آیت الله بروجردی اعلی الله مقامه



ئێمە بەبۆنەی کۆچی دووایی ئەم پێشەوا مەزنە ئایینی یەوە هاودەردی خۆمان بەهەموو براشیعەکان بەتایبەت براکوردە شیعەکانمان ڕائەگەیێنین وسەرخوشی یان پێ ئەلێین،



شاهەنشای خوشەویست لە نیوی گەلا، لەمزگەوتی «شا» لە مەجلیسی فاتیحە خوێنی « حضرت آیت الله حاج ئاغاحسین بروجردی اعلی الله مقامه» بەپەلاگەورەکانی تاران سەرخۆشیی ئەفەرمون.

م.ص.م

## لەکومەلا چون بژین؟

### ڕێگای خوناسی
### یان
### طەریقەی عرفان
### ـ ۲۵ ـ

وە ئەگەر ویستی ئیختیاری، ئەوهێزە بۆچێتانی مانایی بخاتە کار، وەتائەو زادەیە زۆر بکاتەلای

بەپێنووسی. م. ع: سراج الدینی

## ناله باری یەکانی کومەل

### باوەڕن و دابك وهەنەزا

لەم بارەوە ئەمانەوێ پیشانگەیێکتان بخەینە پێش چاو

### پەردەی یەکەم

ماوەل ۱۱

چتەوە کەلاشە کەی ڕا گری، ئەجا ماوەل ۲

## دیسانەوە لولە کیشی سنە

داستانی لولە کیشی کوردستان یانی شاری سنە لەو داستانە دلتزێنە کەرانەیە کەهیچ ئەندامێکی کوردستانی ناتوانی لەدەربڕینی

زبری وپەریشانی لەو بارەوە خوی بگری.

چەند سالە کەزەنگی لەلایەن سازمانی بەرنامەوە بڕیاری لەسەر دراوە، وەلەگەل پەیمانکاریش دا پەیمانی بەستووە کە دەست بەلولە کیشی وەبەستنی بەربەندی ئاو بکات

تائەم شووێنە بەناوێ هەنگاوی پێشەکی کارەوە پێك هاتوو وجێگای باس وڕەخنەلێ گرتن نی یە، بەلام سەحنەی غەمناك وپەریشانی هێنەر لەمەدووا دەس پێ ئەکا.

یەکەم: بەچەشنێ کەهەوالمان زانیوە، ئەوئاوانەی کە ئەبێ لەبەر

بەندا کۆ ببنەوە، لەچاو کەکانی کێوی «ئاویدر» وەشوی «ماماتگە»وە هەل ئەکولن، وەئەلێن ئەوئاوانە بەچەشنێ کەپێویستە بەش ناکا وە ئەوانە ناتوانن بەتەنیایی شاری «سنە» تێر ئاو وپاراو بکەن وەدیسانەوە

بەچەشنێ کە بیستومانە پێش نیارێ لەلایەن شارداری یەوە بەسازمانی بەرنامە دراوە کەلەوپێش نیارەدا شوێنێکی دیکەیان پیشان داوە، کە ئاوی بەچەشنێکە کە: سەربەزیاد بەش ئەکا، بەلام چونکە خەرجی

ماوەل ۱۲

م.س.م

# لەهەرگولزاری

## گولی

### سیدصادق‌پارسانیان

یاران بابینچۆ . . .

ئارۆ شەخسێ دیم منجەبابینچــۆ
مەڎا بۆی شێوەی لـــەیل سیا کــو
کولناوە زامان کــۆنەونۆ جەنــۆ
نەوژەس نەمامێ نـــەوتۆڵ ساڎە
تانش جەساڎات پۆش جەبە گــزادە
نوتفەی «شیخ احمد» زوان‌نەزان‌بێ
پەروەردەی مەحاڵ‌خاکە «گەزان» بێ
من‌دڵ زەڎەی زام‌تەن ئالوڎەی‌دەرد
هانام وەلای پیربابینچــۆ ئـــاوەرد
نەزانام خەڎەنگ مژەی حەجەرسم
مەویەرۆ چون بەرق شەهاب ئەنجم
حوجرەی دەروونم مەبۆ چراخـــان
زیشەی‌جەرگەودڵ مە کەرۆداخان

ماوەی هەیە

## مەولەویی‌تاوگوزیی

باڵ چەم هوزدانەرگس نەی دەمدا
چ‌خەیر بی، تۆچـــەم‌نیای وەهـــەمدا

## ناریی

تۆ کە مەشهوری بەلوتفــو کەرەم و بەنڎەنەواز
مەزهەری نوری خوڎاوەندی مونەززە لە نیاز
بۆئەکەی بەنڎەیی بێچارە موشابیە بەڕەقیب
حەیفەتە شیبهی مەلا یاخۆمەلا یەك بـــەبەراز
سۆزی بولبول کە وەکوسۆزشی پەروانە نییە
نیسبەتی عیشقی‌حەقیقی‌مەڎەهەرگیز لەمەجاز
بۆ ،مەگەر بێ‌خەبەری زۆ کەووتۆیانەقەڎیــم
جەوهەری تێغی کەفی‌حەزرەتی‌مەحموده،ئەیاز
چ‌تەفاوەت نییەبۆمن چ لەنەزدیـــــــك‌وچ‌دوور
کەعبەیی قیبلەیی مـــۆمن‌چ‌لەشام وچ‌حیجاز
شەرحی دووری نییەئیمکانی بەتەحریری‌قەڵەم
دەفتەری میهرومەحەببەت‌نییە پایان بـــەتەراز
غەزەلی «ناری»یەئەمڕۆژە کە بێ‌موشتەرییـــە
هەروەکو کۆنەوپەسمەنڎەیی‌دوکانی بەزاز

## صەیدی هەورامیی

دڵبەر ! دڵ ئەستانی‌جەمن‌شەرتی‌دڵ ئەستانی‌نییۆ
جەورش مەڎە، ڕەنجش مەکە، خۆکافرستانی‌نییۆ
شەرتەن‌بکێشۆدڵ‌جەفات، پەی‌یاڎگارمانۆجەلات
تۆبۆت نەدڵ‌ڕەحمی خوڎات، خۆکافرستانی‌نییو
ئامامولات‌بەی‌جەستەوە، بەی‌جەستەکەی‌حاڵ خەستەوە
کەردم سلام چێت نەستەوە‹خۆکافرستانـــی نییۆ

ناتەواو

---

## لەکۆمەلا..

ماوەی‌ل١

وورده وورده، لای‌مانایی‌هێزبەسەر لای‌چێتانیی‌دا زاڵ ئەبێ، وەلەکارو باری مانـــاییی‌دا چاوو گــوێی ئەکرێتەوە ، لەم‌کاتەدا بـــەوهێزە ئەڵێن‌هێزی‌مرۆیی(روح‌انسانی).

بۆوێنە ، ئەگەر منڎاڵێ بنێنە قوتابخانە کەفێری خوێندن‌ببێ، لەسەرەتاوە «ئەلفـوبێ»ی پێ‌نیشان ئەدرێ،وەماوەیێ خەریکی وورد-بونەوە ولێ کۆڵینەوە ئەبێ تاپیتەکان‌بناسێ، وەناویان فێرببێ، پاش ئەوە کەم کەم ماموستا،چلۆنی‌نو-سینیان پێ‌ی‌نیشان‌ئەدا، دوای‌ئەوە کەنوسینی پیتەکان فێربو، ئەنجا ئەوەشی‌پێ‌نیشان‌ئەدا کە چۆن‌بەیەکەوەئەنوسرێن، بەکورتیی‌لە دواییدا ئەومنڎاڵە کە لەسەرەتاوە ڕەش‌وسپی لەیەك‌نەئەکردەوە،وای لێ‌دێ کە سەخت‌ترین ووتارێخو-ێنێتەوە ، وەجوان‌ترین هۆنراوو مەبەست‌بنوسێ،چونکەلەخوێندن‌و ونوسین‌دا سەواڎی بووەتەوە،ئیتر هەرشتێ کە پەیـــوەندی‌لـــەگەڵ خوێندن ونوسینی ئەوزمانەدابێ کەکاری‌تێدا کردووەباش‌ئەیزانێ، وەهێزی پێ‌ی‌ئەشکێ .

گرتنی ڕێگای خوڎاناسیش هەربەوچەشنەیە، هەر ئەنڎامێ بە گوێرەی‌بیروباوەڕی‌ئاینی‌خۆی، ئەکەوێتە باری خوڎاناسیی‌ولـــێ وورد بونەوەولێ کۆڵینەوە،بەپێ‌ی یاسای بناغەیی ئاینەکەی خۆی یەزدان ئەناسێ، وەهێزەکەی لەو ڕێگایەوە ئەخاتەکار، پاش‌ئەوەئەو هێزیەلەبیساتی‌چێتانی‌دەسی‌بڕاکەم کەم‌بەتیژکی‌هەتاوی‌هێزی گشتی جیهانەوە نزیك‌ئەبێتەوە،لەوحەلە دادورونزیك ودیارونادیاری بـــۆ-نامێنێ، وەبیری خۆی بۆهەرشتێ بخاتەکار ئەی‌زانێ، وەهەرکارێکی نەکراو ئەتوانێ‌بکا .

لێرەدا ئەوەش ئەبێ بـــزانین پیروزای ئایینی لەجیهاندازۆرە، وەهەر کۆمەلـــێ پیروزایێکـــی

ماوەل ١١

---

م:س:م

## بەشی‌مەولەویی

## پارچەی

## ٥٣

خوڎالێ خوشبو لەکاتێکدا ئەم‌پارچەیە هۆناوەتەوە ، نامەیێکی لەلایەن دۆستێکەوە پێ گەیشتووە، وەئەودۆستە،سکاڵاوئالاش‌ودەرددڵی بۆی کردووە، هەروەها کەئەڵێ :

لەداخی‌سۆزی‌نامەی‌تۆوە، کوێستانی دڵم‌تەم‌ودوو کەڵی لێ‌نیشتەوە چونکە دووبارە دوو کەڵی نامەی تۆی پێ گەیشتووەتـــەوە؛ لەناوەرۆکی نامەکەت کەبرینداری‌تیری دڵداری‌وپەنهانی‌دەردی کوشنڎەوناداری-دەرمان وتەگبیرت ، ئەگەیێنێ ، زۆردڵی تەزاندم؛ دەك‌زمانم لاڵ‌بێ‌بۆ مەینەتی جەستەی خەستەت ، وەیاخوڎابمرم بۆئیشی ئەوزامە کەلێت نایێتەوە .

بەڵام ئەوەش ئەبێ‌بزانی کەمن وتۆو دەردوبەڵاو برین‌قەت‌لەیەك جیانابینەوە، وەپێکەوە لەچاوگەی‌ئاوی‌ژیاندا، ئاومان خواردووەتەوە، کەوابو ئەوخەیاڵە کەتۆکردوتە خەیاڵێ کی‌خامە، نەلەیەك‌جیائەبینەوە،وەنەمردنمان بۆهەیە .

هێشتالە کوێتە، داخۆم دەردی دڵداری چەنڎ جارپەرتت کاوێت خاتەگێژاوی‌بێ‌بنەوە وچەنڎ کەڕەت بەریتوگیان بەدەستەوەنەدەی! دیارەتازە گەیشتوێتە هەوارگەی دڵداری، وەهاژەی‌باڵی‌دەردی‌دڵداری هەوەسانوتی والەهۆشی‌بردووی؛بەجەستەی خەستەو لاوازتەوە کەوتوێتە پێچی‌دەورەی ڕێگای دووری لەدڵبەر؛ هۆشت‌لەناوی کۆشکی دەماختا شاراوەتەوە، وەرنەئاگات لەچی‌یە کوشنڎەی‌تۆدیارە، مەگەرئەوە کێ‌یە کەبەڕۆمەتی جوانی‌وەکو گوڵیەوە، لەپای‌دەشتی دڵ‌داخێوەتی هەڵداوە؟!

ئایائەوە کێ‌یە نازی وەکوتیربۆدڵت ئەوەشێنێ، وەهـــەرئەوەنڎە ئەزانی‌لەوپەڕیەوە، دەرئەچێ؛ ئەوە کێ‌یە کەبرینی نـــەسرەوتـــوی‌دڵی ئەپێکێتەوە؛ ئەوکاتەبڵێ‌ی ئای کەسێ کوشتمیە وەکە کوژراوی‌زەوی-کەوتوی ئەوم، یانێ : دڵبەرپاش ئەوەمنی کـــوشتووە ، دووبارە کوژم-ئەکاتەوە .

ئەگەرئەتەوێ لەودووبارە کوژکردنـــەڕزگاریت‌ببێ ، دەرمانی ڕزگاری وچارەت ئەمەیە کە لەکاتی سەختی برینـــداری تیری‌نـــازی دڵبەردا پەلەپەل مەکەوزامەکەو بەردەو بەردەهەڵ مەبێ ، چونکە ، نە چیرەوان یانی‌دڵبەر ئەگەربزانێ کەنەچیرگیانی تێداماوە ، لەدووبارە کوژکردنەوەی کۆتایی‌ناکا.

بەڵام‌ئەم دەستورە کە،ن لەبۆڕزگاریت پێت‌ئەدەم‌یاسای‌سەرەتای مەشق کردنی دڵدارییە ، وەبەپێچەوانەی تووانەوەی دڵداری ڕاستە-قینەیە، ئەگـــــــەر دڵـــداری ڕاستەقینەت ئەوێ، دەخیل‌صەڎەخیل! هەرچەنڎە دڵبەر تیرت‌بۆبخاو ڕامدارت بکالەبەرئامانجی‌تیری‌نازی‌ئەو سەرسەختیی نیشان بڎەو گیان بەدەستەوە مەڎەوهەربازی وپاری‌بکەتا دڵبەرلەتیر هاوێشتنی بۆتۆ،دڵی‌سەرد نەبێتەوە، چونکە تیربەشوێن‌تیر خستنی‌دڵبەر، وەدەس‌ڕێژ کردنی‌لەدڵی‌پڕلە خۆشەویستی‌دڵبراوی کۆنە نەچیرخوشی‌یێکی بێ‌وێنەی‌هەیە، هەروەها کەئەڵێ:

ماوەل١١

www.zheen.org

# بوپێ کەنین

**ماشین نویسی چاك**

کابرایێ بە ڕەفیقێکی ووت : برا ! ئەتوانی ماشین نـویسێکی چاکمان بۆپەیدا بکەی؟ ووتی: چۆن ماشین نویسێ بێت؟ ووتی: جوان بێت وخۆش ڕۆبێت وخوش خۆ ئیتر چاك ماشین بکایا خراپ، خوێندە واربێت یانە، قەیدی نییە.

**قیاسی بەجێ!**

کابرایێکی لادێیی ئاشمە کپنە- یێکی ئەبێت ، شتێکی ئەشکێت؛ ئەی بابۆشار کەچاکی بکاتەوە؛ لە میوان خانەیێکەوە تلیفۆن لـە- وەستایێك ئەکات وپێی ئەڵێت: وەستا! ئەتوانی ئەم شتەچاك بکەیتەوە ؟ وەستا ئەڵێ: من کەبە تلیفۆن نای بینم، هەڵی گـرە، لەگەڵ خۆت بێنیە بۆدوکان. کابرا کوتەئاسنە کە بەرز ئەکاتەوە، ئـەڵێت: چۆن لــە تلیفۆنەوە تەماشای بکەم؟ کابرای لادێیێ توڕەئەبێ وئەڵێ: بوچي دەنگە کەم ئەبیسی، بەڵام شتە کە نایبنی ؟

**هەڕەشەی سنەیی**

کابرایێکــی خاوەن موڵکی سنەیی زۆر بێ دەسەلات وبێ قـابیل ئەبێ، ڕایەتەکان بە گوێ ناکەن و هیچی نادەنێ. ڕۆژێ دەس ئەکاتە هەڕەشە کردن لەڕایەتەکان وپێیان ئەڵێت: . ایلـسەگ گەل! بەحەز- رەت عەباش!» ئەشێ ئـەم مولکە بفرۆشم وجائەو وەختەبەزا ووتي بێمەسـەرتان ، پۆس سەرتان بێرمە بانچاوتانا .

# مێژوی ڕیشەی ڕەگەزی کورد

نووسراوی زاناکەمەزنی کورد، احسان نوری وەرگێڕاوی: د.ع.مفتی زادە

**٩٧**

مامۆستا ڕەشید یاسمی لە کتێبی « کوردو پەیوەستەگي نژادیو تاریخی ئۆ» لاپەڕەی ١١٤دا، ئەنوسێ .

لە کتێبی «التنبیه والاشراف» نۆسراوی «مسعودی»دا کەبەپێی لێ کۆڵینەوەی زاناکان بەشی باس لەئێرانی لەڕۆی بەڵگە گرنگەکانی ساسانی یەوە هێناوە، زەنجیرە ڕەگەزێ کەبۆ کوردانی نوسیوە یێشك لەئاثاری پەهلەوي گیراوە .

«مسعودی» لەم کتێبەدا هۆزەکانی کوردی هەڵداوە ، وەئەوانی لەبەرەی « کوردەی کوڕی «ئەسفەندیار»ی کـوڕی « مەنـوچهر»ی پیشدادي زانیوە . لەناو کەدا ئەم نۆسەرە لەهـەر کوێ کەوتوە تەدۆی شوێنەکانی پەهلەوي، کوردی لەبەرەی پادشایانی ئێران ژماردووە ..

ڕۆناك کردنەوەی ئەمەبەستانە لەلایەن «مسعودی»یەوە، هەمۆ لێ کۆڵینەوەکانی ئەم کتێبە بەتین ئەکاتەوە؛ بەڵام هێندە فەرقیان هەیە، کە: کورد لەبەرەی پادشایانی ئێران نەبوون، بەڵکو پادشایانی ئێران لەڕۆڵەکانی کوردبوون؛ وەهۆزەکانی ئەوان لەپـاشان نـاوی گشتیی کوردیان بەخویانەوەناوە:

کەیۆمەرتەکان لە« گوتی»یەکان

جەمشید، لە« کوسی» و « کاسیت»

فرێدۆن وڕۆڵەکانی لەئاراراتی یەکان «مانناییی»و « ماد»ەکان.

«ماد» لە« کوسی»یەکان.

هەخامەنیشی یەکان لە« کوس»ەکان.

پەهلەوي یەکان لە«پارت» و «پرثو»ەکان .

ساسانی یەکان لە«شوانکارە»ن، کەهەمۆ ئەم هۆزانە ئەمڕۆلەناوی کۆمەڵی نەتەوایەتیی کوردا ئەبینین.

✿✿✿

مێژۆ نۆسەکانی کۆن کەناوی شاهان وجێگاوکاتی پێشاتەکانیان چاك نەنو-یوە، ئەبێ لێیان نەگرین؛ چونکو مێژۆی «ماد، ئاسۆر، عێلام» دەرنەکەوتبۆ؛ وشانامەش لەم ناوانەوە باسی نەکردووە .

لەبەرواری ١٦٢١ی زایینیدا ، جیهانگەردی ئیتالیایی نەخشی بەردەنۆسراوەکانی تەخت جەمشیدی هەڵ گرت لـە١٨٣٥ی زایینیدا «بوتا» کونسۆلی فەرانسەوي لە«مۆصل»دا، لەڕۆی بەردەکانی کەلاوەی کۆشکە کۆنەکانەوە بڕێ نەخش و کێڕی پەیدا کردو ناردی بۆفەرانسە؛ وەلەپاشان دەستەیێکی زانیاري لەفەرانسەوەهاتن بۆئەوێ ودەسیان کردە زەوین هەڵدڕین وپشکاندن؛ وەگەلێ نویشتەی کۆنیان پەیدا کردو خوێندیانەوە؛ وەمێژۆی « کەلدە» و«ئاشور»یان ڕۆشن کرد، وەلەنێوی ئەوانامێژۆی «ماد»یش ڕۆناك بۆەوە. چۆنکوئەوکاتە ڕۆژگاری ئایینو دینبۆ؛ کوردەکان گوێیان بەمێژۆی نەتەوایەتي خۆیان نەئەدا؛ وەلەبنا چونکو چەندین صەدەیەك لەشوێنیەك لەنیمەتی زانست وسەربـە- خۆیی تەواو بێ بەش بۆن، هیوایان نەبۆ کەببنە خاوەنی مێژۆیێکی پڕلە شانازي وسەربەرزي، بۆیێ لەم بارەوە هیچ لێ نەکۆلیونەتەوە. لەپادشا- کانی مادیشەوە نویشتەیێکی بناغەیی بەدەست نەهاتووە؛ وادیارە کەوێ ئەوانیش وەکۆ ڕۆڵەکانی خۆیان کوردەکانی ئەمڕۆ، لەخۆنواندن بێزار بوون؛ وەتەنیا کارەکانی جیهانگیري وقارەمانیی خۆیان بۆناسانـدنی خۆیان بەس ئەزانی وبەهێزی شمشێری خۆیان مەغرۆر بۆون؛ وەلەفیکری پاشەڕۆژا نەبۆون.

باوەکۆ بڕێ کەس ئەڵێی، کە: لەزمانی «ماد» شتێ بەئێمەنەگە- یشتووە، بەڵام لەبەشی تایبەتی ئەم کتێبەدا ئەم مەبەستە ڕۆناك کراوە- تەوە، وەچەنێ وێنەی بۆهێنراوە کە: زمانی کوردي ئەمـڕۆ، هەرئـەو زمانی «ماد»ە، کەلەئەنجامی ئاڵو گۆڕەوە بەم تەشکەدەر هاتووە، وەبیرو ڕای ڕۆژهەڵات ناسەکانیش ئەم مەبەستە بەتین ئەکاتەوە،

| | |
|---|---|
| نۆسراو : نوشتە، تالیف | بەڵگە: سند، دلیل، مدرك |
| زەنجیرە: سلسە | ڕەگەز : نژاد |
| بەرە: نسل، اعقاب | ناوکە: حقیقت، واقع، مغز |
| شوێن : اثر، نشانە | گشتیی: عمومی، کلی |
| کێڕ : خط | زانیاری: علمی، فرهنگی |
| لەبنا : اساساً | بناغەیی : اساسی |
| وێنە : مثال، نظیر، عکس | ئەنجام: نتیجە |
| ئاڵوگۆڕ: تغییر وتحول | تەشك: شکل، صورت |
| بیروڕا : نظریە، عقیدە | ڕۆژهەڵات ناس : مستشرق |
| بەتین: محکم، تایید شدە | |

هەزارویەك شەو ٣٧٩

دیدەوژیروماقوڵی . بۆچي لەخۆتەوە ئاڵۆزئەبێ وقسەی خراپ ئەکەی؟ ئەڵبەت من ئەمەوێ بەدڵخوازی خۆت ئەم کەنیزەت لێ بکڕم . بەڕاستي بلێ بزانم ئەم کەنیزە جلی هەوریشم وخشل و کلاوزەرو ملوێنك وبازنەوشتانی تری لە کوێیە ؟ پیرەمێرد ووتی : کچەمەتیوێکی کارە کەری خوێڕي ، خشڵ وجلی هەورێشمی بۆچییە ؟ ئەو هەرئەم کوتە عەبایەی لایێقە کەبەخۆیەوە پێچاوە. بازەرگان ووتي : ئیجازەمەیە کە پەچەکەی لادا ، چاك تەماشای بکەم ؛ چونکۆ کڕیار ئەبێ ماڵێ کە ئەی کـڕێ ، چاك تەماشای بکا . پیرەمێرد ووتی: خوداسلامەتت بکا ، ئەمەتۆوئەوە کەنیز، دەرو- ناوی تەماشابکە . وەحەزت ئەخوازێ ڕۆتی بکەرەوە . بازەرگان ووتی: خودانەکا، من جگەلەڕۆمەتی نامەوێ تەماشای جێگای تری بکەم. ئەوجا بازەرگان زۆر بـە حەیاوشەرمەوە ڕۆییشتە پێشەوە .

(کەچیرۆك گەییشتە ئەم جێگاڕۆژبووەوە ، وەشەهرزادقسەکەی بڕی)

# کەشەوی پەنجاوحەوتەمهات

شەهرزاد ووتی : ئەی پادشای بەختیار ! بازەرگان زۆر بەحەیاشەرم ڕۆییشتە پێشەوە ، لەلای دەستی نزهةالزمانا دانیشتو، ووتی : ئەی خاتۆن ! ناوت چـی یە ؟ لەوەڵاما ووتی: لەکام ناوی من پرسیار ئەکەی ؟ بازەرگان ووتی: مەگەرتۆدوناوت هەیە ؟ ووتی: بەڵێ،ناوی جارانم نزهةالزمان بۆ،وەئێستاناوم غصةالزمانە .بازەرگان

بنکەی ژین www.zheen.org

# دیاریی خوینەران

**خوێنەری بەڕێزکاك شیخ «عبدالقادری طالبانی»**

ئەم پارچەهەڵبەستەی خوارەوەی لەگەڵ نامەیێکی پیرۆزبایی جێژنی پیرۆزی نەورۆزوچەن قسەیێکی خۆش بۆبەشی پێ کەنین، بۆنار- دوین . ئەوا لەگەڵ سوپاسی زۆروپیروزبایی گەرموگوڕا ، پارچە هەڵبەستەکەیان لەچاپ ئەدەین،وەلەقسەخۆشەکانیشی لەبەشی پێ کەنیندا کەڵکوەرئەگرین .

## نەوروز

گیانە !نەورۆزە جەژنی دلـداران
هەستە بائێمەش بچین بۆسەیران
سەرساڵی تازەس، دەرچوین لەزستان
جەژنێکـی کـۆنە هـاتەوە دیسان
تواوە بەفری شاخانـی کـوێستان
بەزی عێل و کۆچ لە پای ئێلاخـان
کوچەوشەقامی لادێ وشارستـان
ڕازراوەتەوە بەئاڵای شاهـــــان
ئەخوێننە وە کیژ لـە گـەڵ لاوان
سرودی نەورۆز بـەچەپڵەڕێزان
بەیە کتر ئەڵێن: گەردن ئـازادان
جەژنی نەورۆزومێژوی کـوردستان
پێکرا لێ ئەدەن تەپڵی شادمـان
پڕ بەعیشوەوناز ، دەستەی جەوانان
قاقای پێ کەنین لەرەی گۆی مەمان
دەس لەناوی دەس، دەم لەناودەمان
سەوزوسورتێکەڵ پـۆشی خیابـان
لالەونێرگس وگـوڵاڵـەی نیسان
شەهلاوشەوبـــــۆ، بۆنی هەڵاڵان
ناڵەوقاسپەی کەو ، لـە سەردیاران
دەنگی دەهۆڵ وزوڕنا وسازلێدان
لەنجەی کورپە کچ دەسماڵ لەسەرشان
قەتارەی شاێی ، ڕز ڕزدولبـەران
چرپکەی گۆرانی کچ لەگەڵ کوڕان
زڕەی گـەردەنەوبازنەی مـەرجان
کراسی حەریر ، سەرپۆشی کەتان
پرچی زەردوشۆڕ ، باڵا لـەولاوان
شکۆفەی کەنین،غەمزەی چاوجوانان
عارەق سەر گۆنا، تك‌تك وەك باران
بەدەشت و کێودا ، گوڵاوی پرژان
عاشق لـە عیشقی دیداری یـاران
نازوگەزافـی عیشوەی نـازداران
بەئـاواتەوە دەستەی بلبـــــلان
ئەخوێنن غەزەل ، لەدەوری گوڵان
بەباڵات قەسەم! ئەی سەروی ڕەوان
بەبێ وەصلی تۆنامەوێ ژیـــــان
بەهارونەورۆز ، لەگەڵ تۆجـوانە
لەپێناوی تۆبەخت ئـەکەم گیانـە

ماوەل ٩

نووسەر «ع» سراج‌الدینی

# فرمیسکی نائومیدی

**ماوەلەچلی‌پێشوو**

لەچلی ڕابوردودا، دارلەدەس‌دا کەوتوویی کاك «نەریمان» ی باس لێ کرد ، وئەوەشم‌وت کە بۆئەوەی لەوپەرەکامەرانەولەو جووانە ناکامەتێ بگـەم پـەروەڕام هێنایە سەر ئەوەی کەلەگەڵیاندا وتوویژبکەم . ئێستالەسەرپاش ماوەکەی ئەڕۆین سەرسبەینێی ڕۆژێکی ڕوناك کە جیهان پەردەی‌تارێکی لەسەرهەڵ گیرابو،وەشنەی شەماڵ لەشێوەڵی ئاوایی‌یەوە لارەولەنجەی بەگوڵی‌سەرخەڵفی‌چڵ ئە کردو،بەشانەی نەرمی زڵفی «بەڕەزا»و «وەر کەمەر»وهەنێ»وە گاوگۆراڵی»دا ئەهێنا ، هۆشە گوڵی «هەراڵە برەمی»ئەلەراندەوە ، وەبڕێ لەبۆی«شەوبۆ»و «سورهەراڵی» لەگەڵ خۆی ئەهێنا وەئەیدا لەدەماخی پیاووچاخی ئە کرد ، وەهاژەی شەتاوان دەهات وەدەنگی مەلانی خۆش خووان‌وپەردەی گووێی نەرم‌نەرم ئەلەراندەوە وهەواڵی بەهارێکـی خۆشی بەهەر گییان لەبەرێ ئەدا: لەخەوهەڵسام‌وبەرەوحەوزی‌مز گەوتی‌دێ، کە: ئەمزانی سەرسبەینانی‌هەموڕۆژێ‌زو،«مام‌جووامێر»بۆنوێژ ئەچێتە ئەوێ،وەمنیش‌بەرەوئەوێ ڕێ- کەوتم کەکاتێ بەکوڵانەکانی دێ‌دا ڕائەبوردم، ئەمدی‌بڕێ لەدانیشتووانی دێ‌شاەو کەیف‌ خۆش هەستاون‌وبڕێ بۆنوێژ ئەچن وبڕی خەریکی تاقەت کردنی ئاژەڵ وبڕی‌سەر گەڕمی ڕێ کەوتنی چوونی ناومەزران ، ئەو گرۆیانە بەڕاستی کەیف وشادی‌یان‌لێ ئەبینرا وسیمای ئەروای ئەندامانێکـی تێ کـۆشەری لێ‌هاتو لـە ناوچـاویانەوە دیباری‌بو.

ماوەل ٩

هەزارویەك‌شەو ٣٨٠

کەئەمەی بیست ، فرمیسك زابییە چاوی وپێی‌ووت : تۆبرایێ نـەخۆشت هـەیە ؟ نزهةالزمان ووتی : بەڵێ ، بەڵام ڕۆژگار ئێمەی لەیەك جیاخستووە ؛ وەئێستائەو لەشاری‌قودسانەخۆشە .بازەرگان لەجوان قسە کردنی سەری‌ئەوسوڕما،وەلەدڵی‌خۆیا ووتی : کەقسەکانی‌پیرەمێرد ڕاست‌بووە. لەپاشان نزهة لزمان‌وەبیری وەڵات‌ودایك‌و باوك‌و نەخوشی‌وغەریبی براکەی کەوتەوە ، دەستی کردە گریان وئـەم شعرانـەی خوێندەوە :

تاریکی‌یە، بەشم لەزەمانە، چ‌شەوچ‌ڕۆژ
زەنجیری زەجرەوەوغەمە جێگەم چ‌دێ‌چ‌شار
ئاوارەبوم لەخزم و کەس‌وکارونیشتمان
ژینم‌لەدەستی غوربەتەوەبۆبەزەهری‌مار
قەلبی‌فـ.ـلەك لەطاڵعی من‌بۆبەزەمهەریر
دەوران‌لەژەژنی‌من‌ووەزستانی بێ بەهار

بازەرگان کە ئەم‌شعرانەی بیست دەستی کردە گریان ؛ وەدەستماڵی دەرهێنا کەفرمیسکی ڕۆمەتی نزهةالزمان پاك بکاتەوە؛ نزهةالزمان ڕوی خۆی‌پۆشی‌و ، ووتی : قوربان ! ئەم‌کارە لەتۆەوە دورە. لەوەختا پیرەمێرد ڕاوەستابوو، کەئەنوازێ نزهةالزمان ڕوی لەبازەرگان‌هەڵ چەرخاند ؛ لای‌وابو کە نزهةالزمان لێ‌ناگەڕێ بازەرگانە کە ڕوی ئەوی چاوپێ‌بکەوێ . زۆر ڕقی‌هەڵسا وبەمەهاری ئوشترێ کە بەدەستیەوەبو ،دەستی کردەلێدانی نزهةالزمان، تائاستی مەهارە کە،دای‌لەناوچاوی نزهةالزمان‌و کەوتەو ناوچاوی دای‌لەبەردێ، شکا، وەخوێن بەسەرو چـاویاهاتـە

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەشی کوردیی شمال

# کوردستان

لاپەڕەیی ، بو هەموو جار

## دیسان لولەکیشیا کوردستانی

مەسەلا لولـە کێشیا شەهەرێ «سنندج» مەسەلە کو دلێ بکولینی یە، کوچو مرۆڤەکی کوردستانێ ، نوکارە ژوێ بەرخو نەکەڤە، حەیفا نەخو .

چەندساله' کوسازمانابەرنامێ نەخشەك ذانی یە ، کونتراتچی را ژێ قرارهاتی یە گرێدان، کودەست بلۆلە کێشیێ و گرێدانـا بەندێ بکە. حەتتانـي ورا، جی یێ چـو باسکێ نینە، لێ بەلێ یاخمەوبەرخو کەتنێ پاشي ڤێ دەست پێ دبە.

ئەوەلەن، ژبەرخەبەرێد گەییشتی ئاوێك لازمەلەپشت بەندێ بەراف بەژکانی بێدچیایێ (آبیدر) وەگەلیێ (ماماتگە) سەزاستدیە، کودیێن ئەواك لازمەنا گێژە، وەنـو کارە بخوتەنێ شەهـەرێ (سنندج) تێر ئاوکە، وەدیسان خەبەر گەییشتی یە کوشەرداری یا وێ پێشنیادەك دایە سازمانا بەرنامێ، وەجیکی دي کو ئاوەکوێ پڕ هەیە نیشان دانەوسازمان بسەبەبازێدمیا خەرجی وێ ژێ چاڤ پۆشیی کری یە.

ثانیا: کونتراتچی پاشێ کرنا هنەك کارا، دەست ژشول کێشاندی یە، وەگۆتی یە، کو کەوردەرد کەڤە سەرژي یالۆلا، وەسازمانا بەرنامێ نوکاري بویە، وەیان نخواستی یـە کوژێ یا قاوێ ئاس تەنگاژ ناوبیە وەکونتراتچی بدۆماند اڤێ یە کێ مەژبور بکە .

ثالثا : چونکـو ژسەرێ کارنو کاری بوحەسەرکانیای وچەماوعەردێد دوربەرێ، تێمخنە مالێ دەولەت یان شەرداریێ ، ملکەداری وانجی یا کوگەلەکن شکایەتیی مەحکەمێ کرنە، کوکارقوت بویە، وەمەعمورێد ڤێ یە کێ ژێ نوکاري بونە بجوژە کێ دەنگی وانا کەژکن، لولە کێشیێ تێخنەشکلێ قانـونیی، وەبکارا خەلکێ ئاو کێ ژادن.

ماودل ٨

## خەتەرا لەلائوسی

ئالوزیيا لائوسێ ژپەوکەتنا زۆژهلاتێ وزۆژئاوا پێشیی گرت. ئەواك دەولەتێد کمونیست یاخی یێ لائوسێ راکۆمەك کری یەوەد کە، جیی یێ چوشك شوبهە کێ تێدا چونەیە . هێرشێد گوژێ کمونیستا هەفتاچوپیی دا، وەنیرێك بوناوان بپایتەختا لائوسێ ، نوتلی توپادونیا زۆژئاوادا دەنگدا ، وەمرولد مکمیلن سەرەك وەزیرێ بریتانیا ، چوو (کی وست) کوسەرەك جمهوری ئامریکاوا هودوببینن .

دەولەتا بریتانیابجورە کی ژەسمی، خەبەردابۆ نیکیتاخروشچوف کوهەگەر دەولەتا شورەوی، ژشوژشا کمونیستێد لائوسێ پێشی گرێ نەکە، دەولەتا بریتانیایێ سەرەکێد ئاسیا باشورا زۆژهلات ئێذنداپیی بزانیە، کودەست خودابۆپێشی گرتنێ ژکارێد کمونیستا لـەلائوسێ فکرە کو لازم بکن .

بگەییشتنا بەیانیا بریتانیا بەمسکوێ ، ئالوزي یالائوسێ کەتە دەورەك زەحف گوژدا وەخوّیا بوّ کوهەگەر دەولەتا شورەوي پێشنیادا بریتانیا ڤێ بارێدا قەبوڵ نەکە، شەڕێ لەهوندر لائوسێ بقەوومە، وەئەوێ ژێ تێکەڤەژۆژا (کورێ) ێ ا

بکێف خۆشیی دەولەتا شورەوێ بێ لەنگی، دەست خوداپێشنیادا بریتانیا قەبوڵ کر، وەقرارهاتەدانین کو گۆفتگۆیێ دۆستاپیی ناوبێنا ژێبەرێد دەولەتێ مەزن دۆربەرێ لائوسێ وهنەك مەسەلـێ دي دەست پێ بە.

ژاستی ئەڤە، کودەولەتا دموکراتا ئامریکا نا کە کو، کاربارێ لائوسێ دا، پەی سیاسەتا جمهوري خوازا وئایزنهاور هەرە، کوجمهوری خوازا تەلاش دکرن کونە کوتەنێ نەهێلە دەولەتەك کمونیست لەلائوسێ وارەسەرکار، بەلکو پێد کوتان دەولەتاك وارەسەر حکومەتا لائـوسی گەرەکو تاگپرێ سیاسەتا زۆژئاوابە

پرزیدنت کندی چەندە کێ پێش بجورە کی ژەسمی داحەساندن' کوئەوا ڤێ سیاسەتا جمهوریخوازان پەسـەنـد نا کە، وەبۆ کو دەولەتێد کمونیست بەنێت پاکی یا ئامریکا، لەبارا عەدلاندنا سولح وئێمن ئەمانێ لەلائوسێ وهەردەرەك، ئاسیاباشورازۆژهلاتێ خاترجەم بن، ئەوێ تەلاشی بکە کو' حکومەتەك بێ تەرەف لائوسێ دا وازەسەرکار.

هەلبەت ئەڤ عامەلێ کندی یێ حەتتانی ئندازە کو، زەحفـزێدە، ژبهانەپەیدا کرنێ دەولەتێد کمـونیست خسوسەن شورەوی بدە کرن کێم جونکوئەوان دبن، هەگەر دەولەتێد زۆژئاوا لائوسێ دا زەخنەنـە کن ، کمونیستێ ژێ خوژتەوکرنێ کارباریێ لائوسێ دا، بگرن

لائوس دەولەتە کو، پاشیی پاروەبونا هندوچینێ سەزاست بوّ ، وە هنەکێ کمونیست، بەپشت گەرمیی با کومە کێد دەزامێنا ' هـەمێشە تەلاش کرنە، کوزۆراوێ دەرێ تێخنەدەست خو.

هاتێ خۆیان کوخەباتێد ڤێ ئاخرا کمونیستا لەلائوسێ حەقیقەت داهمبەری سەزاست بونایە کتی یابەرگریا ئاسیا بـاشورا زۆژهلات لە (بانکوك) و(سیام) بویە .

ئەڤ هەردو کارانا هەورا هاتنە کرن وەخـۆیایە، کـودەولەتێد کمونیست بەیە کتی یا بەرگریائاسیاباشورا زۆژهلات کوپێنج دەولەتێ ئاسیاباشوری، وەهەژی دەولەتێد، برتیانیا، فرانسە، وئامریکا، ئەندامێ وێنن، دلخوش نینە. بـەرویژێ، کمونیستا لەهـەیناسەزاست بوناڤێ جڤاتێ، خەبر تێد خو گوژ کرن، وەپاشیی وێ جڤاتێ' ژخەباتێ کمونستێد لائوسێ کێم بوّ .

بزاگیاندنا دەولەتا بریتانیا، ژبەر کوتتا رنا مەسەلا (لائوس) بگۆفتگۆیێ دۆستاپیی ، وەسەزاست بونـادەولەتە کو بێ تەرەف اوي والاتیی وەژ بەرتەسەیماامریکاپاشین. لەبارازا کرناشار کێد عەسکەری لەڤیی والاتیی دبە کو، خەتەرا شەرێ لائوسێ وئاسیا باشورا زۆژهلات، قەنەبە حەتتانیی وەختە کیی هنە کی زێدەژناو هـ

### مانای ووشەکان

(ئالوزي) : گێژاو : بحران
(نوتلی) : وەکوو : مثل ، مانند
(زەحف) : گەلێ : بسیار
(خوویابوو) : دي یاربوو : معلوم بود
(هوندر) : ناوخو : در داخل
(هنەك) : بژێ : بعضی
(تاگپر) : لایەن گیر : طرفدار
(کوتتاکرن) : دووایی دان : خاتمەدادن ، حل کردن

## مەولودنامەی پەیغەمبەری ئیسلام حەزرەتی محمد (ص)

### دانراوی زانای بەناو بانگی کورد

حسن هەرتووشی

پێکڤە دونیا من ددي بوّقورسێ نور
مەشەرەق ومەغەرەب، ددیتن من ژدوّر
کەسك ، ئالایەك دمەغرەبدامن دي
یەك لشەرقی یەك، لبانێ «کعبە» دي
ئەمرێ «جبرائیل» کر، میرێ مەزن
موژدە! ذا ئەهلێ «سموات» وزەمین
ذا کەتن دەرگاهێ نەیران، ناگەهان
شاهیانە «حور» و «رضوان» ەێ جنان
غولغولیـن ، د «قصـر» ەێ جنەتـێ
کیی دزانیی کاروبارێ قودرەتـێ
هات «جبریل» و مەلائك فوّج، فوّج
چار کەنارێ «مکە» هێ بون موّجەموّج
نا گەهان، ئەزتهیی بوم وێ ساعەتێ
من دی ذا، دەستمە، جامەك شەربەتێ
سپی وەك شیروشیرین وەك عەسەل
نێ ژوي شیروعەسەل بوّیە مەسەل

### ماوەی کوردی کرماشانی

ماوەی ل ٨

کومەك کار ئی صەنعەتنە . وەلەمال خومیانیش ئی صەنعەتە تامیزان فرە مومتازێك تەرەقیی دانە. فەرش گەورای کولیایی لەو وولاتـە کەمتر بەنەدەیشت فەڤەت قالیچەیل بازو بەندي وجوّرەیل تر مەعروقەوە (فەطعە) هەرساله لەحدوّد ٢ هەزاردانە صادر بوّت.

ژمارەی ٩٩-١٦ خاکەلێوە-١٦ فەروەردین

# کوردستان

## بەشی سنەیی
وەرگێز : ا. مفتی‌زادە

## لاپەرەیی بو هەموجار

## دووارەلوولەکیشیی سنە

داستان لوولەکیشیی شارسنە، لەوداستانە ناخوەشگەلسە کەهەر فەردێ کوردستانی، لەوەپەرێشانە چەن ساڵە سازمان بەرنامە نەقشەیکی تەسوەب کردگە ، وە پەیمانیچی لەتەک پەیمانکارا بەستگە کـــەدەس بکاتەلوولەکیشیی و بەستن‌سەد. تائەیرەیە کە ئیقدامگەل موقەددیماتی‌یە ، جێگەی باس و گلەیی نییە ، ئەوە کەجێگەی خەفەتە لەمەودوواس :

ئەووەڵەن‌مەعلووم‌بوو گەئاوێ کەئەشێ لەپشتەسەدەو کۆبویتەو لەچاو کە گەل‌ئاوبەرودۆل‌ماماتگە تەئمین ئەوێ، کەئیژن‌بەش ناکا، وەبەتەنیا ناتوانێ شارسنەمەشرووب بکا؛ دووارەئەژنەوین،شەهرداری جێگەیێ تری کەئاوفرەوماییەداری هەس، بەسازمان بەرنامە پێشنەهاد کردگە ، وەسازمان لـە بەرئەوە خەرج فرەهەڵ ئەگرێ‌خستگیە. سەیشت گوێچکە .

سانی‌یەن‌پەیمانکاردووای‌برێ کارگەل موقەددیماتیی، دەسی لە کارکێشاگە ، وەرووتگیە زێگەی لــــوولە ئەگـەیتە کوچك ، وەسازمان بەرنامە نەی‌توانێگە یا گەرەکی نەوگە، کە لە زێگەی قانوونەو، مانعگەل لە بەین‌بوات و پەیمانکاروادار بکا بەتەواو کردن کاری .

سالیسەن لە بـەرئەوەنەیـان توانێگە هەر لەئەووەڵەوچاو کەو چەمگەل‌و زەوینەکان دەوروبەری بکەنەموڵك دەولەت‌یاشەهرداری مالکگـەل خـوصووصیی کـە شومارەیچیان کەم نییە ، دەسیان کردگەسەمەرزحەڵدان‌بەداد گوستەری، وەتەبعەن کارخەفتگە، وە مەقامات مەربووت نەیان‌توانێگە بەزێگەگەلــێ موعتەریز گـەل پێدەنگ بکەن، وەئیقدامات لوولە کیشیی، بخەنەبارێ قانوونی، یاوە هەنگاوێ‌بەخەیرمەردمەهەڵگرن .

فرەجێگەی داخە کەکارلوولە کێشیی، لەفرەترشارەکان ئێرانــا تەواوبووگە،وەئەو کارەحەیاتی‌یە لەسنەدا ، هەرتەفرەی‌لێ‌ئەدرگێ، لەئەواخرئوردي بەهەشتا گەرمـا زۆرتیرێ؛وەدووارە هاوارێ‌ئاوي مەردم بەرزئەوێتەو،وەئاوبازازسیا پەیدا ئەکاتەوە ، وەئەولییای کار، دەسەڵات کاربەدەرخوارد گێنکیان نامێنێ .

مەعلووم‌نییە:بۆچەدەس زوێگـ گەل مەحەل لەدەسەڵات‌خوەیـان ئیستیفادەنا کەن،وەئیقدامی‌ناکەن کەوەسایل‌ئاسایش‌مەردم‌تەئمین بوێ ؛وەبۆچەمەتلەبگەل‌خوەیان ناگەینە گوێچکـەی مەقـامات مەرکەزی؛ وەعەجیبتر ئەوەسە کە بۆچەمەقامات مەربووت لە سنەو تاراا ، چاویان لەومەوزۆعەپۆشا گە ؛ وەئیقدامێ فەوری ناکەن !؟

بەعەقیدەی ئێمە ، لەم بـارەو لازمەئوستاندارو‌فەرماندیە لەشکر دەس بەکاربۆن؛وەئێمەیچ‌بۆحەلل ئەومۆشکلە، وەتەئمین ئـاوسنە ، لەپێشگای موبـارەك‌شاهـەنشادا ئیستیدعا ئەکەین ئەوامیرئەکید بفەرموون ، کەهەرجۆرەموشکلێ لەزێگەی‌لوولەکیشی‌یاهەڵگیرگێ وەمەردم شادۆس و وەتەنخوازسنە مەشموول عینایات مـەخصووص خوەیان بفەرموون: وەنەیلن لـە نیعمەت ئاوسالـم‌و هەمیشەیـی مەحرووم‌بن .

## خەتەرلائوس

شەرق‌بەغەرب‌ئاژاولەی‌لائۆس،جلەوگیری فرەیکی کردلەنزیك‌بۆنەوەی ئەمە کە دەولە کومۆنیستەکان، بەشۆرشی گەل لائۆس کۆمەکیان کردگەوئەیکەن ، هیچ‌شکێ تیانییە . حەملەگەل تون کومۆنیستگەل‌لە حەفتەی بگردگا ، وەنزیك‌بۆنەوەیان بەپاتەخت لائۆس ، لەغەرباوەك تۆپ دەنگی‌داوە ؛ وەهاروڵەمەك‌میلان نەخوستوەزیر ئینگلیس، چۆ بوناحییەی کێ‌ویست ، بۆمولاقات‌جان کنییدی‌رەئیس‌جومهوورئیمریکا مەقامات ئینگلیس ، رەسمەن بەخورۆشچوفیار گەیانبۆ کـە ئەگـەر رۆس، لەسەرکێشی کومۆنیستگەل لائۆس جلەوگیری نەکا ، دەولەت ئینگلیس ئیجازە ئەدا تە زەبەرگەل سیاسی ونیزامی ئیت‌تیحادی‌یەی دیفاعی ئاسیای جەنووب شەرقی، کەفەورەن‌لەوبارەو تەصمیم لازم‌بگرن، بەگەیین ئیت‌تیلاعی‌یەی ئینگلیس بەمەسکۆ ، لەواقعائاژاوەی لائۆس گەیی‌یە مەرحەلەی بارێکێ ، وەمەعلووم‌بۆ کە ئەگەر رۆس لـەم‌بارەو نەزەر ئینگلیس قەبووڵ نەکا ، جەنگ‌داخلی‌ئەکەفێتە لائۆس، وەمواقعەگەل خوێنین‌کورە ، بەجۆرێ تـازەترلە لائۆسا دووارە ئـەوێتەو خومشبەختانە رۆسیگەل بێ‌ماتڵی فرە، وە بێ‌ئەوە گەرە گیان‌بێ لـەو مەوزۆعاتەفرەبەن ، فەورەن نەزەر ئینگلیسیان تەئیید کرد ، وە قەرار دریا ، ووتوویژ گەل دۆسانەیك ، لەبەین زەمبەر گەل دەولەتە گەورەکانا لەبارەی لائۆس‌وەمەسەلەگەلێ ترەو بکرگێ .

حەقیقەت ئەوەسە کە دەموکراتگەل کەرەکیانە لـە سیاسەت دەولەت جومهووریخاە ئایزینهاور لە لائوسالابەن . یانێ جومهووریخـا هگەل تەلاشیان ئەکرد کەنەك تەنیالەهاتنەسەرکار دەولەتێ کومۆنیست لەلائووسا جلەوگیری‌بکەر ، بەڵکە ئەشێ دەولەتێ لەلائووسابوێ کە حەتمەن تەرەفدار سیاسەت غەرب‌بێ . پرزەدینت کینیدی بەینێ‌لەمەو بەر رەسمەن ئیعلامی کرد کە ئەم‌سیاسەتەپەسەندنا کا ؛ وەبۆپەی‌بردن دەولەتەکومۆنیستەکان بەحوسن نی‌یەت ئیمریکا لەبارەی دامەزریان ئاشتی‌وئارامشەو لەلائووس‌و جێگەگەتر ئاسیای جەنووب شەرقـی‌یا ، ئەکۆشێ کە دەولەتێ بێ‌تەرەف لەلائووسا بێتە سەرکار . ئەلبەت‌ئەوکارە لەبیپانگگەل دەولەتە کومۆنیستەکیان خوصووصەن رۆس، فرە کـەم ئەکاتەو؛ چوونکە ئەوانە ئێژن : ناوێ دەولەتگەل غەربی لە لائوسازۆر بخەنەکار ، وەبەوشەرتە ، خوەیچیان ، لەخۆکێشانەناوکارلائووس خود داری‌ئەکەن. لائووس یەکێکە لەو وڵاتگە لە کەدووای جییابوونەوەی هیندوچین دوروس بووگە ، وەبزێ‌لە کومۆنیستگەل، بە شتگەرمی کۆمەگگەل خارجی‌یەو هەمیشە کۆشاگیانە قودرەت بگرەدەس .

لەقەرینەو وادەرئەکەفی، کە تەلاش ئەم بەینەی کومۆنیستگەل لائووس لەواقعا عەکسولعەمەلێ‌بووگە،لەبەرابەر تەشکیل کونفەرانس نمایەندەگەل ئیت‌تیحادی‌یەی دیفاعی ئاسیای جەنووب‌شەرقی‌یـەو لـە بانکووك (سیام)ا . ئەو دومەزۆعەتەقریبەن‌بەیەکەوبوون، وەمەعلوومە کومۆنیستگەل خوەشیان نابێ لەئیت‌تیحادی‌یەی دیفـاعی ئـاسیای جەنووب‌شەرقیی ، کەپەنج مەملەکەت ئاسیای جەنووبی وەئینگلیس‌و فەرانسەوئیمریکایچ لەوا عوزوی‌یەتیان هەس ؛ وەهەر لەبەرئەوەبوو کە لەتەك تەشکیل ئەو کونفەرانسەدا ، شیددەت فەعالیی‌یەت خـوەیانیان زیاد کرد ، وەدووای بزیانەوەیچی ، تەلاش کومۆنیستگەل لائـووس کەمەوبۆ .

بەتەوەججوە بەئیت‌تیلاعیی‌یـەی ئینگلیس‌بۆ لوزووم حـەلـل مەسەلەی لائووس لەزێگەی ووتوویژدۆسانە ، وەتەشکیل دەولەتی‌بێ تەرەفەولەو وڵاتەدا، وەبەتەوەججوەبەتەصمیم ئەم بەینەی ئیمریکا بـۆ تەعتیل‌بزێ لەپایگاگەل نیزامی‌خوەی‌لەخارج ئیمریکادا، ئەگونجێ خەتەرشەڕ لەلائووس‌وئاسیای جەنووب شەرقی‌یا هیچ نەوێ،بۆمووددەتێ نیسبەتەن فرە لەبەین بچێ .

نووسـەری‌پەراوێزوڕاستەوکەری‌هۆنراوەکان: م.ص.م

## کنز العرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین‌ووتار ((میر محمد صالح حسنی نعمت اللهی))

میرزام خامۆشان ...

غافڵ مەوژسەیرشار خـامـۆشان
عوریان بین خەڵات ئازادی پۆشان

یەکایەك بادەی بێ‌دەنگـی نۆشان
زلوتفـو کەرەم بینای بـــــێ‌نیاز

وەتای‌پیراهەن گشت خەفتەن‌وەناز
بۆی نەسیم‌عیشق «قاضی‌الحاجات»

بێدارشان کەی پـەرێ مناجات
دۆنی‌خامۆشان گشت‌سوخەن‌کۆبین

گەرم عیشق‌بازی مەیدان هۆبین
ماوەڵ ١٢

کوردستان

## بەش کرماشانی

نوسیای :«سیدمحمدسعیدغیرت»

## (جغرافی)

## زەیوگرایی سنقرو کولیایی

## دەسکار(صنعت):

لەسونگور دەسکرد چەرم وقایش وتیماج و گامیشي فرەخاسە. چەرمی لەنەرمي وقورسي لەچەرم هەمدانیش بیبترە، دەسبافیان جۆراوو جاجمە. ئاسنگەري وسەزاجي وچۆتاشي وجۆلایی ونمەدمالي( کلاوو فەرەنجي و کولەبال) جۆریکە کەئیحتیاج ئەو وەلاتە کە بیشترلە ٣٠٠ ئاوایی یە دەت . پەنیر دروس کردن: پیش ئەزیەوەتیمن کەلە شەهر سونگور گاوپەس داري لەناویان ژەسمە. لەبیشتر مالەیل گاوپەس ئیمات کەن. وەیەکێ لەچشتەیل فروتەنی یان کە هەنیرنەدەیشت، ئەو پەنیرفرە خوەش تامەسە کە لەتەمام غەرب دەء وێ

### کولیایی

زەیویەیل دێهات کولیایی بیشتری دەیمەکالە وئاوي فرە کەمە؛ کەبەعضی لەچەمەیل وسەراوەیل ئاو گرن . لە کولیایی قەنا تیش فرە کەمە؛ وەلەئی باوەتە وەپای شارسانەیل ناوەژاسي ئێران نەژەسیت. وە ئی جهەتەخاس وخراوي حاصڵ بەسێ وە فرەو کەمي واران وبەفرە مێزان حاصلی هەرچی بنۆسیمن ، تەقریبی یە ؛ وەلي یادداشتەیلی مەربوط وە سالەیل پیش ئەز ١٣٢٠دیریمن،هەرچەند یەکی دوسالیش کەمەوارانیی و، ووشکەسالییە، تەقریبەن حیساوی یەسە :

جوفت گا لەدێهات کولیایی ٤٥٠٠جوفت. وەشریای(بذز) گەنم ٧هەزار خەروار؛ حاصڵ مالً ومنالً ٧٠هەزار خەروار

وەشریای جۆ ٥٠٠خەروار؛ حاصڵ مالًومنالی ٧هەزارخەروار.

وەشریای نوخە ونوژي و گایانە وماش، بان یەك ٨٠٠ خەروار؛ کرچك ١٠٠خەروار بۆوە.

یەمپزان تەقریبیی وەدەس هاتیی سالەیل ١٣١٨ و١٣١٩ س وە مەحصوڵەیل جۆروەجۆر کولیایی عیبارەتن لە : کشمش مەویژ،بایەم، گردەکان.

کەتیرە: مەفتولیی، پیازي، کلوخە، بان یەك ٢٠٠خەروار

ژۆن خواردن لەحدود ٥٠٠ خەروار .

خوري ٢٠٠ خەروار.

مۆبزن ٢٠٠ خەروار.

توخمە کوردي،حەسەل (هەنگوین) کونجید، پەنیر، قەیسیی، مەغزەی زەردالۆ، توخم گول بەرئەفتاو، گردەکان ؛ بایەم، ژۆدە، پیە؛ سیەمزەمینی، پۆس پەس وبرن، خامیی گاو گوژ، گاوي هۆشك بی خوا، پۆس وولاخ وئەسپ ، پۆس ژووي وچالەکەو گورگ، یا ـەجنسەیل فرۆتەنیی کولیایین. وەهەرچنەو سالیانە لەحدود ٢میلیون دانـەخای مامر، صادر کەن .

کولیایی لەسالەیل بەد دەیمی لەتوخمی ٤و٥ وەئاوي لەتوخمی ٨و١٠ کەمترنییە. یەیشە بۆشیمن کەئی ئەرقامەهن سالەیـل پیش ئـەز شەهریوەر ١٣٢٠ ەە وەلەئی٢٠ سالً گـوزەشتی یەوە عیللـەت کـردو کارەیل کەئاوەرزي وەفرەبۆن تراکتور ، وەئاوا کردن دێهات حاصل سونگور و کولیایی ژەسیە سەچەنڎ بەرابەر ئەوە کەنۆسایمنە . وەئـی ئەرقامە کە نۆسایمن ئەژای نیشان داین ئەرزش ئیقتصادي ئەووەلاتەسە.

## رحلەت پیشوای گەورای دینی

**آیت‌الله‌معظم حاج آغاحسین بروجردی اعلی‌الله‌مقامه**

لەشۆن ئەوە کە خەوەر بیترەو بۆن حضرت آیت‌الله بروجردی لە روژنامە «ۆسریا» داخە کەم لەشەوە کیان ژۆژەشەمەی دەهومفەروەردین لەنەتیجەی ئەو کەساڵەتە ئی عالم گەورای ژۆحانی یە کـە فەخرعالەم ئیسلام بۆ، چەولەدونیا بەست، چیەلای ئەجداد طاهرین خوەی.

آیت‌الله بروجردی سەیید جەلیل «حسنی» لەخانەدان علم وتەقوی، وەوارث میراث ئەجداد «مکرم ومطهر» خوەی فرسالً «مروج» ئەحکام وەخصوصەن لەشەهرەیل «مقدس» «قوم» و «نەجەف» ئەشرەف دایرەی علوم دینیی فرەتەوسعەدا؛ وەمەدرەسەی فرەدروس کرد؛ خصوصەن لەئی چەنڎ ساڵەمەسجد گەورا وفرەئابڕۆمەندی جۆر مەسجدەیـل تاریخي جهان ئیسلام لە«قوم» دانیا، کەئی مەسجدە لەهەرباوەت وە عەظەمەت و ئاوایی وجەلال ئی پاتەخت مەذهەبی یە کومەك کرد .

آیـت‌الله بروجر ي لەیسک ی ئاسنین ئیتەقێ نەظ روتەقلید بیشتر لە ١٠٠میلیون شیعە وهەرچنەو وقطەی تەگیە گاوداگەرمیی جامعەی گەورای ئیسلام بۆ؛ ئەژای یە کە تەمام مەرکەزەیل علمیی ومەزهەبی کشوەرەیل مۆسولمان وەئی شەخصییەت گـەورا ئیحترام هیشتیان . کارەیل ئی شەخصییەت گەور لەدروس کردن تەبلیغات دینیی لەشەهرەیل گەورای ئورۆپا جۆر «هامبورك» و «لـەنـدەن» و «پاریس» لەجوملەی کارەیلیە .

پیایێ کە لەسن ٩٠ ساڵەیی چەواە دونیابـەست، لەحالًـی کـە وەصییەتل ئەجداد «عظیم‌الشأن» خوەی لەژێ بردن علم وتەقوی وەئەنجام ژەسان؛ وەلەژەمانی کەئی هەمگە تارێکی کوفردونیا گردیە، یەکی لە مەراکز مەعنەوییەت دونیا لەوجودی ژۆشن بیی . یەسەلەدوۆ ی فەوتی ئەرزش ومەنزلەت حەقیقیی دیاري یەوبی .

ئیمە گشتمان دیمن لەهەفتەی گوزەشتیی خەوەر فەوت ئی شەخص گەورا، لەتەمام دونیا پیچیا؛ وەلەتەمام دونیا تەجلیل وئیحترام فرەلەلی کریا؛ وەجوری کە حەتتائەژای مردن سەلاطینیش ئی جۆرەنەوۆ .

جی‌نشین فەقید «معظم» چنەو کە زانیمن وەسونەت وژەووش «تشیع» چنەودسە، نەوەصییەت پەژیرە، وەنەشەورایی یە‌ وەنەئینتصابیی؛ بەڵکە بیترلە گشت ژەووشەیل کەدیاري کردن «اعلم واتقی»س،هەمیش شەخصییەت مومتازتر بەرزەو کەت وخەتەنوا؛ وەپەرچەم حەقیقەت کەڤێتە حەوجۆش خرداوەند عالەم هەرچنەودین وئەحکام خوەی حیفظ کەت.

ئیمە «موفقیت» براکان دینی خوەمان لەپشتیوانیی پەیرەوي لە گەوراکان ئیسلام توایمن.

## دەسکرد کولیایی

لە کولیایی قالی یەیل جۆروەجـۆر لا کپش ومیار فـەرش وسەر ئەنڎازو قالیچە وەنقوش جۆروەجۆر ، روس کەن. فەرش کولیایی بیشتر لەدێهات فێلە کوژی و کولیایی دروس کەن؛ وەلەباوەت ژەنگ نەچین و دەوام فرەمومتازە. نەقشەیل مەخصوص کولیایی بازۆبەنڎی وماهیی و وتەوق وتورنجە لەدێهات ئیلاخیی (کپوەناز) قالیچەیل فرەلەطیف، وەنەخشەیل خاسێك بافن؛ کەفرە گران ومومتازە. فەرشەیل فرەخاس و مومتاز کولیایی مەخصوص دێهات وەرەزیارن.

قالی بافیی لە کولیایی کار ژنەیلە؛ وەبیشتر خەوانین پشتیوان و

ماوەل ٥

## لاپەرەی ، ئەرای گشت جا یك

**ماوەی سەروو تاری شمال**

ماوەی لە

زەحفجی یێ بەرخو کەتنێ یە، کو لزلە کێشیا گەلدك شەهەرێد ئیرانێ کوتتابویە، لێ هەما ئەڤ مەسەلا ژیپیانێ هێژی لەسنندجێ نەهاتی یە کرن

لەژەدبۆ نامەها اردیبهشتێ، کو کەلا گەرمێ دەست پێ دبە،دیسان ژی دەنگێ خەلکێ ژبەربێ ئاویێ هەرەعەسمین، وەبازارازەش، بۆنا ئاڤێ ژایج دبە، وسەربێرێد کاروبا- رایێ ژ کرناڤـێ کارا باش ئەوارە بمینن .

کڤش نینە، بۆچ ئەمو ،رۆڤیك پرساوان دەرباس دبە، چماتوتشتکی ژخوجێ نا کن، وەچاوامەر کەزێ راناببێژن

وەعەجیب ئەڤە کو، کولێ چما کاربدەستێدکارا لەسنندج وتهرانێ ئەڤ مەسەلا ژا کت هیشتنە،وەچو کارەك لەزڤێ بارێداناکن ؟!

بەیامە، خوتەو کرنا استاندارو فرماندێرێ لشکەر ، ڤێ یە کێدا واجب ولازمە، وەئـەم حلل کرنا سخلەتا ئاواوە خوارنا سنندجێ را ژپێشگامبارە کەشاهەنشاژجاد کن، فەرمانێد شدیاپێ بدن، کوهەرچو ئاس تەنگاك دژێ یا اوله کێشیا ئاوا سنندجێ داهە بەژناوبین وخەلکێ شاهدۆست ووەطەن خوازێ کورد- ستانێ، ژبەخششا خونەیێ دەوالێ نەعمەتێ ئاوەك سلامەت بەرخوردار کن

### ماناي ووشەکان

(دلً بکولی) : خەفەت هاوەر: غم انگیز

(کانی) : چاو که:چشمە

(گەلي) : چەم ودۆلً : درە

(کەور) : بارد:سنك

(ئاس تەنگ): کۆسپ مانع

(چەم): ژۆخانە : رودخانە

( ڤش) : ژۆناك : معلوم

(خوتەوکرن)خوتێ گەیاندن: دخالت



www.zheen.org

## فرمیسکی

ماوەی ل٤

بەڵام بڕێکی دیکە کە تورشابۆنە ناونوێنەکانیانو تەپاو تلی‌یان ئەکــردوە هیندە سڕۆبێ گییان ای‌ی کەوتبۆن تەنبەڵی‌یان لێ‌ئەباری .

بذوچەشنە ناودێم بڕێ‌وچوم تاگەیشتمە ناوحەوزی مزگەوت کە کـەمێ‌لـە ئاوایی دۆربۆ. کەلە دەرگای خانووی حەوزچۆمەژۆرەوەدیم مام«چووامێر»نوێژی خوێندووەو بەڕۆینێکی جووانەوە ، بەرەوقاپێ یەزدان‌دانیشتۆوەو سەرگەرمی ڕازو نیبازە ، منیش سەروچاوێکم شۆری‌وئەنجالەمام«جووامێر»ن‌ڵ‌بۆمەوە تائەم‌هەیتو هۆتەکرامام«جووامێر»ڕازو نیبازی‌خۆی‌دووایی‌هێنابۆ. ئەنجاکوتم‌مام«جووامێر» سەلام .

جووامێر:ـعلیك‌وسەرچاوەکانم‌ڕۆڵەگییان! منیش‌دەستم‌بەسێنگەوەبۆگرت‌و بەنیشانەی بەڕێزگرتنی ئەوپیرەمێردە سەرم‌دانەواند .

مام جووامێر:ـ چونی‌چاکی ڕۆڵەگییان

وەڵام:ـ سوپاست ئەکەم مامەگییان لەسایەی خوواوە چاکم‌شوکر.

مام‌جووامێر: ـکاروبارت شوکورـ'زەیاوەك بڕێ کەس‌هەرتەنبەڵ‌دائەنیشی‌و گلە لەچەرخ ئەکەی .

وەڵام : مامەگییان زۆرکاروبارم چاکەو گلەش لەچەرخ ناکەم ، شوکورچاو ساق‌ودەستو پی‌ساقم وەۆخۆم ئیش ئەکەم‌و مەردانە ئەژیم

ماوەی هەیە

ماوەی ل٣

---

**هەزار و یەك شەو** ٣٨١

خوارەوە ، وەلەسەرخۆی چۆ. بازەرگانەکەیش لە بێڕەحمی‌ودڵ ڕەقی پیـرەمێرد سەری‌سۆڕما ودەستی کردە گریان بۆبەدبەختیی‌وڕۆژڕەشی‌نزهةالزمان ولەدڵی‌خۆیا ووتی : ئەبێ‌ئەگەر بەسەنگینی خۆیشی زێڕم‌داوە ، ئەم کەنیزەبکڕم ، وە لەدەستی ئەم‌ستەمکارەوەڕزگاری بکەم. لە پاشان بازەرگان دەستی کردە جنێوەدان‌وخـراپ ووتن بەپیرەمێرد . کاتێ نزهةالزمان هاتەوەسەرخۆی ، خوێنی سەروچاوی خـۆی پاك کردەوە ، وەبرینەکەی تەوێڵی بەپەڕۆبـەست ' وەسەری بەرزکـردەوە،ڕۆبـە ئاسمان ودەستی کردە ناڵین‌و بەدڵێکی پڕلەخەفەتەوە ئەم‌شعرانەی خوێندەوە :

فەلـەك! ئـازارو ڕەنجت بـابەس بێ

ساکەم لای مەیلت لەلای نـاکەس‌بێ

تاکەی بێ مەیلیی لەگەڵ زانایـان؟!

تاکەی بەدڵـــــی‌نەزانـان گەڕان؟!

بەدڕلیی دنیات پێـم‌دا بـــــەیـاوە

ئیتر ڕەجـرەومەت هێشتا هەرمـاوە ؟!

لەپاش ئەوەی کەشعرەکان دووایی‌هات ، ڕۆی کردلەبازەرگان وپێی‌ووت: بە خوذای گەورە وێذت ئەذەم‌کە : من‌لەدەستی ئەم ستەمکارە ڕزگاربکە . ئەگەر ئەمشەولەلای ئەو بمێنمەوە خۆم ئەکوژم. تۆمن ڕزگاربکە، خوذا تۆلەهەمۆدەردو بەڵایێ بپارێزێ . ئەوجا بازەرگان هەستاوە بەپیرەمێردەکەی ووت : ئـەری‌برا ! مەبەستت‌چی‌یە ؟ ئەم کەنیزە بەهەرقیمەتێ کە ئەتەوێ‌بەمنی‌بفرۆشە ،پیرەمێردووتی زۆرچاکە ، بپبەوبایی‌یەکەم بذەرێ ؛ ئەگەرنە،ئەی بەم هۆیبایان لەوێ خەریکی ئوشتر لەوەڕاندن وپشکەڵ کۆکردنەوەبێ. بازەرگان ووتی : پەنجاهەزاردینار بایی

---

م ص٠م

## هەفتبەندی هونەری نەمر خانای قوبادی

### بەندی دووەم

یاحەق کەس‌چون‌تۆپەرێ کەس‌نیەن
کەس‌چون‌تۆبەداڎموئمن‌ڕەس‌نیەن

کەس‌چون‌تۆغەفورهەم‌غەففارنیەن
کەس‌چون‌تۆ کەریم کەرەم‌دارنیەن

لوتفت بێ‌شومار' عەفوت عەزیمەن
ڕەحمت بێ پایان عەتات عەمیمەن

جەقاف تابەقــاف مــانــا شکاوان
کەس‌عەقلش‌بەکون‌هزاتت‌نەیاوان

بێ‌شیبەو شەریك: تـاکوتــە یانیی
نەقشبەنـڎ ئـەوراق دەور دنیانـــی

بوزورگیی‌وبەخشش‌خەتمەن‌نەنامت
سەرسامەن شاهان‌عاڵـەم جەسامت

قاهیران‌دەورجـــــەقەهرت‌ماتەن
زاتت عـەزیمەن بێ‌حـەڎ سیفاتەن

عەفوت‌جای‌ئومێڎبێگانەوخوێشەن
لوتفت دڵنەواز گـەڎاو دەروێشەن

بەجەزبەی ئەنفاس‌بڎەی تـەوفیقم
نەعەرسەی مـەحشەر بڎەی تەرێقم

هەرتاکە ڕێنڎەم قەڎێـم موتڵەق !
قەییوم قـاییم ـ قەدیر بەرحەق

زوانم جەزیکرویت مەکەرخامۆش
باجەلام نەبۆنــــامت فەرامۆش

جەمان‌ئافەرین،بەخشنڎەی ئەکبەر!
«خانای» بێچارەفەریاڎ ڕەسیش کەر

وەرنەبـــــەزاتت جـەلای‌زات‌تۆ
مەکەرۆن ڕۆی حەشرمن‌شکات‌تۆ

---

### دیاریی ..

ماوەل٤

من‌چاوەڕێی تۆم ، دەوەرە قوربان
مەلۆل دانیشتۆم لەسای دڕـواران

دەوەرە «هیوا»دەس خەین‌نێودەسان
دڵ ڕەفیی‌تاکەی ؟ بوەسین‌پەیمان

هاوکاری بەڕێزکاك «نافع‌مظهر» ئەم‌چوارخشتەکی‌یەی خوارەوەی بەناوی پیرۆزبایی‌بۆناردوین ، ئێمەلەگەڵ سپاسی‌بێ‌پایان‌وپیرۆزبایی گەرم‌و گوڕا ، بەبونەی جوانی‌یەوە لەچاپی ئەذەین :

موبارەك بێ‌لەئێوە ساڵی تازەوجەژنی نەورۆزی
بەسەربەرزی،بەدڵ‌خۆشی،بەدڵپاکی‌بەدڵسۆزی

بەیەك‌ڕەنگی‌هەمۆئاومال‌ودڵ‌تەنگی‌هەمۆدوژمن
بەچالاکیی،بەووریایی،بەزۆری‌نیعمەت‌وڕۆزی

بنکەی ژین www.zheen.org

بە پێنووسی: أحمفتی زاده

# ئابووریی لە دینی «اسلام» دا

-٢٠-

### باشترین یاسای ئابووریی

چەن پایەیێکی ئینکارنەکراوی عیلمی هەیە، کە بۆ دەرخستن و ڕۆناك کردنەوەی مەبەستی ئەم باسەمان پێویستە؛ بەڵام ئەگەر بمانەوێ بەتەفصیل لێیان بکۆڵینەوە، ماوەیێکی زۆر ئەخایێنێ، وە ئەصڵی مەبەستەکەمان لە بیر ئەچێتەوە. لەبەرئەوە، ناچارین بە کورتی، لێی بدوێین:

مێشکی مرۆ، لەسەرەتاوە وەکوو لاپەڕەیێکی کاغەزی سپی یە کە هێشتا شتێکی تێدا نەنوسرابێ، وە نە خۆی، لەزانین و زانراوانی هەستیی بەشێکی بردبێ، وە نە کەسێ کەڵکێکی لێوەر گرێ. منداڵی کە تازە لەدایك ئەبێ، هیچ ئاگایێکی لەپێویستی یەکانی ژیانی خۆی نییە، وە ناتوانێ کۆمەکێ بەشارەزابوونی دیگەرانیش بکا. بەڵام خودا مێشکێکی وەهای پێ داوە، کە وورده وورده لەڕێگای حیسسە ئاشکراونهێنی یەکانیەوە، پەی بەشتان ئەبا؛ ئەنجا ئەگەر مێشکێکی وووریا ولێهاتوی بێ، بۆخۆشی، ئەتوانێ، لەسەر نەخشانی ئەو نەقشانەوە، کە کەوتوونەتە سەرلاپەڕەی ئەو مێشکە، شتانێکی تازە جۆر بکا، کە تائەو کاتە، بەو چەشنە تازە، لە هیچ مێشکێکدا نەبووبێ؛ وە کوو مێشکی ئەو کەسانە، کە لە تەجرەبەی خۆیان، قەواعیدی ئەنواعی عیلمە ماددی و مەعنەوی یەکان دائەنێن، یا لەلێ کۆڵینەوەی ئەوانە. مەسەلەن ئیختیراعێ ئەکەن. هەر لەم باسە ئەوەش دەرئەکەوێ، کە یاسای ژیان و کاروباری کۆمەڵایەتیی مرۆ، بەبۆنەی بەدیهاتنی ئەفکاری جۆرجۆر لەبەرەوچینەکانیدا، والە ئاڵو گۆڕدا.

کەوابوو، ئەگەر زانایێ، بۆخۆی، یاسایێکی ئابووری دابنێ، یانێ: مەسەلەن غەیری ئەو یاسایانە بێ کە زووتر پەیغەمبەران دایان ناوە، [چونکوو ووتمان کە ئەم چەشنە یاساو نەقشانە مەبەستی ئێمە یە، نەك ئەوە، کە لە دەستووراتی پەیغەمبەران وەر گیرابێ] حەتمەن بەپێی ئەو نەقشەو دیمەنانەیە، کە لە تەجرەبەی تائەو کاتەی لەچلۆنایەتیی کاروباری ئابووریی کۆمەڵەکاندا، نیشتووەتە سەرلاپەڕەی مێشکی؛ جالەلایێکەوە، لەبەر ئەوە نازانێ، کە بۆڕۆژگارێکی تر، کاروباری ژیانی ئەو کۆمەڵە کە ئەوی تێدا ئەژی چۆن ئەبێ. تەبیعی یە، کە یاسادانراوەکەی، بەدەردی ئەو ڕۆژگارەی ئەو کۆمەڵە ناخوا، کە کاروباری ژیانـی، دیمەنێکی تر پەیدا ئەکا؛ مەسەلەن: ئەگەر یاسا ئابووری یەکەی، بۆ کۆمەڵێ داناوە، کە بەحەیوانداری و کشتوکاڵ ئەژیێن، بەدەردی کاتێکیان ناخوا، کە ئەکەونە سەریاسای تیجارەت و مالکی وڕایەتی! یائەگەر بۆ کاتێکیانە، کە یاسای مالکی وڕایەتی یان تێدا باوە، بۆڕۆژگارێکیان ناشێ، کە ئەو یاسا، هەڵئەوەشێننەوە. لەلایێکی ترەوە، کابرای زانا، بۆخۆی، خاوەنی نەفس و ئاوات وئارەزووە، وەچ بی یەوێ، چ نەیەوێ، هەر یاسا ئابووری یێ دابنێ، حەتمەن بەچەشنێکی وەهائەبێ؛ کە بەقازانجی خۆی و کەسانێکی وەکوو خۆی بێ، کەئەگەر ئەبێتەهۆی دامرکانی ئارەزووەکانی ئەووەهاو تاقمەکانی یەقینەن، ئەو تاقمەو تیپانەی الۆزئەکا، کەژیانیان بەچەشنێکی تر و ستەمیان لێ ئەچێ.

لام وایە هەرئەم باسە کوللی یە، بۆدەرخستنی مەبەستەکەمان بەسە، وە ئیتر پێویست نییە، وەختی خۆمان بەوەوە بگرین کە مەسەلەن نەقشەی ئەفلاتون یا ئەرەستوو چیی بووە، وە ناتەواوی وعەیبی چی یە.

ناتەواو

# چووارقوژبن

| ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ■ | | | | ١ |
| | ■ | | | | ■ | | ٢ |
| | | | | | | | ٣ |
| | | ■ | | ■ | | | ٤ |
| | | | ■ | | | | ٥ |
| | | | | | | | ٦ |
| ■ | | | | | | ■ | ٧ |

**لابەلا:**

١ـ جاران تاشینی بۆهەتك بوو، بەڵام ئێستا هەموو ڕۆژێ بەدەستی خۆمان ئەیتاشین ـ پێشەوای مەسیحی یەکان ٢ـ ترش وشیرین ٣ـ ئەڵێن: مایەشت تێربێ؛ ئەوی بەری بەڵاوە ٤ـ پێتی ووریا کردنەوە ـ پێچەوانەی ژانی دووابڕاو ٥ـ والەنێوی ئیسقاندا ـ سەرپەرەستودۆست و جێ نشێنی عەرەبیی ٦ـ کاتێ پاتەختی «مادە» بوو ناوی «هیگمەتانە» بوو ٧ـ دەنگی ناسك لەکاتی ئێش یاهاوار کردنا.

**بەرەوخوار:**

١ـ دووامانگی زستانی کوردی ٢ـ شێخ ابوسعیدی ابوالخیر ئەفەرموێ: خودایا! کەسێ ...ت پێ داوە، چیت پێ نەداوە؟ وە کەسێ ...ت پێ نەداو چیت پێ داوە؟ ٣ـ کارێ تۆ کەردن، بێ بەقاوبێ بەین؟ . . . نە کەردەن بەئیمام حسین ـ خودا ئەوەی لەگەڵ قومارا حەرام کردووە ٤ـ حەسیری لێ دروس ئەکەن ـ زەمپری خاوەنیی ٥ـ چالاك و کرژ ـ بەپێچەوانە کۆلەکەی فارسی یە ٦ـ ئەڵێن پێچەوانەکەی ئەوە لەپڵاوێ خۆشترە ٧ـ دیوارێ کە بەدزك و گەڵاوهەژگ بەدەوری باغ و کەپرا ئەی کێشن.

## گراوەی چووارقوژبنی ژمارەی ٩٦

**لابەلا :** ١ـ شەرمی ٢ دەماوەن ٣ـ لمت ـ چکی ٤ـ سم ـ او ٥ـ وەردینە ٦ـ اەو ٧ـ یڕو ـ خەو.

**بەرەوخووار :** ١ ـ دلسوزی ٢ ـ شەممە ٣ـ همت ـ راو ٤ـ را ـ جدە ٥ـ موچ ـ یوخ ٦ـ یەکان ٧ـ نیومرو.



ئەم کەنیزە لەمن وەر گرە . پیرەمێرد ووتی : ئەوەمایەکەی خۆیشی دەرنایێنێ ، ئەو لەلای منەوە نەوەد هەزار دینار کولێرەی خۆی خواردووە . بازەرگان ووتی: گـوێ ڕاگرە ؛ قسەیێکت بۆبکەم ، ئەگەر بەگوێم نەکەی ، ئەڕۆم هەواڵ بەحاکمـی دمشق ئەدەم کە کەنیزەکەت بەزۆر لێ بسێنێ. پیرەمێرد ووتی : فەرموو بـزانم چـی ئەڵێیت ؟ بازەرگان ووتی : صەد هەزار دینارت ئەدەمێ : بڵێ خودا زیادی بکـا . پیرەمێرد ووتی : ئەوا پێم فرۆتی . بازەرگان گەڕاوە بۆماڵ وپارەکەی هێنا ژماردی بۆپیرەمێرد . کەپیرەمێرە پارەکەی وەرگرت سوار بوو ، وە لەدڵی خۆیا ووتی: چاك وایە بڕۆمەوە بۆشاری قودس ، بەڵکوو براکەشی بێنم و بی فرۆشم . کارەساتی پیـرەمێرد بەم جۆرە دووایی هات ، بازەرگانیش لەپاش ئەوەی نزهةالزمانی کڕی، دەستماڵێکی لەسەرخۆی کردەوە، دای بەسەری نزهةالزماندا ، وە ئەوی بردەوە بۆماڵی خۆیان .

(کەچرۆك گەیشتە ئەم جێگا، ڕۆژ بووەوە وە شەهرزاد قسەکەی بڕی)

## گەشەوی پەنجاوهەشتەم هات

شەهرزاد ووتی : ئەی پاشای بەختیار ! کاتێ کەبازەرگان نزهةالزمانی برد بۆ ماڵی خۆیان جلی هەوریشم وزێڕ بافی کردەبـەری ، وە ڕۆیشتە بـازار خشڵ وزەڕو زیوەی زۆری بۆ کڕی وهێنای بۆی، وە پێی ووت : هەموو ئەمانەم بۆتۆ کڕیوە، وە هیچم لەتۆ ناوێ ، مەگەر ئەو کاتە کەئەت بەم بۆلای حاکمی دمشق، لەوێ تۆبایی خۆت بەئەو بڵێ . وە لەپاش ئەوە کەتۆی کڕی ، ئەوچاکانە کەلەگەڵ تۆم کردوون ؛ بۆی بگێڕەوە، وە دەرخوازی لێ بکە کە سفارشی من بۆملك نعمان پاشای بغـداد بنووسێ کەبەفەرمانی پاشا، دەیەك لەمن وەرنەگرێ . کەنزهةالزمان قسەکانی بـازەرگانـی بیست ، دەستی کردە هاوار کردن و گریان وشیوەن . بازەرگان ووتی: خاتوون! بۆچی



بنکەی ژین www.zheen.org

**ئەکۆمە!**

ماوەی ل٢

تایبەتیی بۆخۆی هەیە، بۆوێنە بت‌پەرەست،بوّدایی،عیسایی،موّسابی زەردەشتی ، مـوسلّماز،... هەرکام لەوئاییانە، بۆخوذاناهی زێگا- یێکی تایبەتیان گرتووەتە پێش، بەلاّم‌ئەگەرمل‌بەماف‌بدەین‌زێگای ئاییني«اسلام» لەهەمۆ یگاکانی‌تر سەرزاست‌تروقاییم‌ترە، وکەلّکی ژیانی باشتر لێ‌وەرئەگیرێ ، وە یەردانی‌باش ڕیی‌ئەناسرێ، کەوابۆ زێگاوزەوشتی‌هەرئایینێ‌وە کوشۆ- شەیێکی زەنگیبە کەتاوی‌هەتاوبە زەنگێ کی تایبەت ئەخاتـەپێش چاو، وەلەبناغەشدا زۆژوتـاوهەر یەکێکە .

**دووایی**

---

**ماوەی‌سەرووتار**

ماوەی ل١

زیبادی‌هەیەچاویان لەوێنس‌نیوارە پۆشاوەوخستۆیانەتەپشت گووێ .

دوهەم : پەیمان‌کارپاش بڕێ کاروباری‌پێشەکی‌ل کاردەستی‌هەلّ گرتووە؛ وەکتویەتی بەرددێتـە زێگای لۆلەکانەوە ' وەسازمانـی بەرنامە لەزێگای قانۆنی‌یەوەنەی توانیوە ، یانەی‌وپستۆوە کۆسپە- کانی‌زێگای‌پەیمان‌کارلابیا'وەواداری بەکار کردن بکات .

سێ‌هەم : چۆنکە لەسەرەتای کارەوە نەیان تۆوانیوە چاو کـەو زۆخانەکانی‌دەوروبەری‌ئەوشووێنە بکەنە مولّکی دەولەت‌یاشارداری خاوەن مەلّکەکان کە گرۆێکی کەم‌نین‌کاربەدەستانی دادگستری یان‌کردو وەتەژێر عـەرضحـالو شکاتەوە ، وەکارلەجێگای‌خۆیـا زاوەستاوە ، وکاربەدەستانی دەس بەکارنەیان تووانیوەزێگایێ‌بۆبێ دەنگ کردنی زەخنەگیـرەکان بدوزنەوە وەکاروباری لولەکێشی بەچەشنێکی قانونی دەربێنن. وە بەسودی خەلّکی‌وەهەنگاوێ‌هەلّ

ماوەل١٢

**ناڵەباریيەکان ...**

ماوەی‌ل١

لەژمارەی زابوواردوّدا ، کارەساتمان گەیاندەکاتێ لەپاش چۆنی «زەشەوبردنی «گەلاوێژ» بۆقوتابخانە «پرشنگ» لەلایەن باوەژن‌یەوە درایەبەر کوتەك ئێستا لەسەر پاش ماوەکەی‌ئەچین .

زەشە :ـ « گەلاوێژ »ی گەیاندە قوتابخانە و گەزایەوە ، کاتێ قاپی‌مالی کردەوە قیژەوهاواری «پرشنگ» هاتەگووێی ئەنجابەپەلە بەرەودووي بەههشت» کەوتەزێ، کاتێ‌کارەساتی چاوپێ کەوت خۆی گەیاندە پرشنگ وەبەهەرچەشنێ نەبوبەنیوە گییان لەژێرچنگی‌باوە ژنی‌دەری هێناو کوتی: ئەرێ‌حانم بۆوالەوهەژارە ئەکەی تۆلەخووانا ترسی‌والەو کچەبەستەزمانە ئەکەی؟چی کردووە،دەستی کێ‌ی گرتووە پێی کێ‌ی زنیوە' بەخووا خوواهەلّ ناگرێ بەخوالەئاهی‌ئەم هەژارە هەناسەساردە گوژنات گریتەخۆی.

بەهەشت :ـ ئەزی زەشە ئەوەچی‌یە تۆهەقت چی‌یە! تۆبۆلەسەر گەلاوێژە مانگاهێندە سکەدزێ ئەکەی! وادیارەدا کی گوزبەگوژی ئەوی‌داویە تەدەرخوواردی باوکی تەرەسی‌داویەتەدەرجوواردی تۆش. جارێکی‌دیکە لەبارەی گەلاوێژە وەدەم بکەیتەوە زمانت‌ئەبڕم،ئەی‌بە زیادی‌خێرم نەکردلەم هەمۆ کوێخایە کەبۆمن پەیدابووە .

زەشە :ـ خانم‌چیم کردووە رقت‌لێ دێ ئەلّێم وازلەم‌بەستەزمانە بهێنەو کەم سزای‌بدە ئیترخۆکفرم‌نەکردووە !

بەهەشت نانانازانم‌دایکی گوژ بەگوژي‌چی کردووە' واهەرلە بیری‌تۆوبابی تەرەسی ناچێتەوە!

زەشە:ـ خانم‌داکی‌خۆوالێ‌خۆش‌بوی‌هەژاری مە گەرهەرتاوانی ئەوەبۆبێ کە چنگەزو کێ‌ی زۆری کردومالێ کرد بەمال‌وەردە ئەگینا تاوانێکی دیکەی‌نەبۆ.

بەهەشت :ـ واللّەرشەمە گەرمن پەلی «گەلاوێژ» بگرم وئەم‌مالە بۆتۆو «پرشنگ» خانم بەجێ‌بێلم ' بەخوا ئەگەربابی تەرەسی هاتەوە ئەبێ‌یاتۆلەم مالّەدابی یامن.

زەشە : حووا کەریمە خانم‌من تونەوانی بکەم بەلامەوەخوشترە لەوەی کەئەم هەمۆستەمە ببینم کە تۆلەم‌تلّفەبێ‌تاوانەی‌ئەکەی‌بەخووا عەجابیە کە ئاسمان ناژوخێ!

لەم‌ماوەیەدا کە«زەشە»و بەهەشت حەمەرەمزێ‌یانەبزانین«پرشنگ» حالّی‌چی‌یە

پرشنگ: پاش‌ماوەیێ پرشنگ دۆبارە هەناسەیێکی‌پێدادێتەوە، دەنگی دەردێ دەست بەگریان‌ئەکا، مۆی‌تێك‌ئالاوە سەروچاوی زنراوە بەرچاوي شین‌بووەتەوە، تەپلّی‌سەری هەلّ‌تەقیوە فرمێسك‌وە کوباران لەچاوانی‌دیتە خوواری، هاواری لاپراسۆولاکاوّلی ئەکا،هەردلّ‌بەردێکی بۆدیتە گریان

زەشە :ـ دەستی «پرشنگ» ئەگرێ بەئەسپایی بەرزی‌ئەکاتەوە، وەبەرەو گووێ‌ی حەوزی حەوش‌ئەیبا، وە کەمێ دەموچاوی‌ئەشوا ئەلّی کچم‌مەگریێ‌خووا گەورەیەتۆش‌خووایێکت‌هەیە!

لەم‌کاتەداتە قەلەدەرگای‌حەوش‌هەلّ ئەسێ«زەشە» دەرکی‌حەوش ئەکاتەوە' سەلام!

علیك‌السلام

قادر ـ دیتەناوحەوش وەبەوحالّی هەنسك‌وفرمێسکەوەچاوي بە پرشنگ ئەکەوی وئەلّی «زەشە!» ئەوەچی‌یە؟ ئەوە«پرشنگ» بـۆوا ئە گرییی؟ «پرشنگ» کچی‌ئەوەچیتە ؟

زەشە: ملێ‌بەلاوە ئەنێ‌وهیچ نالێ

پرشنگ :ـ بەچاوی گریانەوە بەزووا نینێکی پڕلەیاس‌وهیوا بزاوی‌یەوە بۆباوکی ئەنوازێ وبەدەم هەنسکەوە ئەلّێ‌بلێم‌چیی

بەهەشت : لەبەرهەیوانەوەقیژەی دی‌وئەلّێ، چی‌یەدونیا زۆخاوە بۆخۆتەون کردووە!

**بەشی‌مەولەوی**

ماوەی‌ل٢

دلّتەم کەرد کەم کەم گرتەوەکاوان
دپسان‌دۆی‌نامەی نۆش وەلایاوان
مەزمۆن‌هەوای‌دەردزامذاري تیرت
پەنهاني قـاتـلّ دەواو تـەذبیرت
لالّ‌بۆن‌پەی‌مەینەت جەستەی‌خەستە کەت
بەرون پەرێ زام جەی‌نەزمستە کەت
من وتـۆ بەلاّو زامان ئـاوەردەن
نەچەشمەی حەیات‌ئاومان وەردەن
خەیالّێ خامـەن ئینەتۆ کەردەن
پێمان نمەیـۆ جیایي و مـەردەن
های!چەنذهەوات‌دۆئەو گێج‌بێ‌پەی
بەری‌وبنالّي‌و گیان تەسلیم‌نەکەی،
تازەوار گەی‌عیشق‌مەنزلّ کەردەنی
هـەوەسیای هـازەی بالّ دەردەنی
حەسۆس‌بەوجەستەی‌خەستەی‌زەنجۆري
کەفتەنی نەپێچزای دەورەی‌دۆري
هۆشت نەتۆی کاخ دەماخ پێوارەن
وەرنەچ خەیرەن قاتلّ دیـارەن ؟!
کێ‌بۆوەوجەمین‌نەزاکەت‌چون گولّ
خەیمەش‌هۆردابۆ نەپای‌سارای‌دلّ؟!
کێ‌بۆچون‌خەدەنگ‌نازهەوادەر ؟!
هەر ئید بزانـی جەوپـەڕ بویەرۆ
کێ بۆپێکۆ دلّزام نەسرەفتەش ؟!
یەکێو کوشتاش‌ئای‌ئەوزەمین کەفتەش
ئەرزەستگارێت جەودەم ئومێدەن
دەوای خەلاصیو تـەذبیرت ئیذەن
نەبۆتیوەخت‌سەخیزامان‌ئاوەردەت
زەماوپەلەپەلەهەردەوەهەرد کەردەت
پەی‌چێش‌تاحەیات‌لێش مالۆم‌بییەن
صەیاذ جـەوا کـوژ درێغش نییەن
بەلاّم یەزەویـەی ئبتدای مەشقەن
خـلاف شیوەی تاویـای عەشقەن
دەخیل‌اسەرسەخت‌بەرهەربکەربازي
مازی‌دلّ سەردبـۆ جەتیر ئەنذازي
نەی دلّەی پڕزەوق کۆنە نەچیردا
های! لەزمت‌دارۆ تیروەشۆن تیردا.

# کوردستان

لێکۆڵینەوەی سیاسی

## مەترسیی لائۆس

کاروباری گێژاوی لائۆس تائەندازەیێکی زۆر لەنزیك بونەوەی رۆژهەلات ورۆژئاوا پێکەوە جلەوگیری کرد . ئەمەهیچ دۆدلي تیدا نییە کە دەولەتانی شێوعي ، یارمەتی‌یان بەشۆرش گێرەکانی لائوس کردووە ، وەئەکەن . هەلمەت وهێرشە سەختەکانی شێوعی‌یەکان لـە هەفتەی‌رابوردوا ، وەنزیك بونەوەی ئەوان بەپاتەختی لائۆس وەکو تۆپ‌لەدونیای‌رۆژئاواڎا،دەنگی‌داوە٬ وەهاروئمەكمیلەن-سەرەك‌وەزیری ئینگلیز بۆکۆبونەوە لەگەل جان کینێدي سەرکۆماری ئەمریکا بە پەلە خۆی گەیاندەناوچەی «کی‌وست» کاربەدەستانی ئینگلیز-زۆبـە نیکیتا خروشچوف بەئاشکرازایان گەیاند،کە : ئەگەر دەولـەتی سۆڤیەت لەشۆرشي‌شێوعیەکانی لائووس جلەوگیری نەکات، دەولەتی ئینگلیز،ابەرانی‌سیاسیی‌وکاربەدەستانی‌عەسکەریی‌بەکیەتیی‌بەرگریی ئاسیای باشۆری رۆژهەلاتیی بەئازادئەزانن کە : بەپەلە،وپێش گیری لە کاری شێوعی‌یەکان‌لەلائوس‌دا،هەنگاوی‌پێویست‌هەل گرن بەگەیشتنی ئەم بیرەوخەری ئینگلیزە بەمەسکۆ گێژاوی لائۆس گەیشتە دوایـەی توندي و دیاربۆ کە : ئەگەر دەولەتی سوڤیەت‌پەروژای ئینگلیز لەم بارەوە٬ وەرنەگرێ،شەری ناوخۆیی لەلاوسدا گەرم‌ئەبێ،وەلەناو کەڎا پێشانـە خـوێناوی‌یـەکانی «کورە» بەتەشکێکی تازەتر لـەلاوسدا دوبارە ئەبێتەوە . بەختیارانەکاربەدەستانی دەولەتی سوڤیەت بـی‌خـۆ خلافاندن‌و مالی‌بۆن دەس بەجێ پەروژای دەولەتی ئینگلیزیان پەتپن کردەوە ، وەبڕیاردرا، کە : ووتوویژی دۆستانەی زابەرانی‌دەولـەتـە گەورەکان لەبارەی لائۆس وەمەبەستەکانی‌ترەوە ٬ پێك‌بێ .

ناوکەی‌مەبەست‌ئەوەیە کە : دەموکراتەکان ئەیانەوێ‌لەوسیاسەتە لابدەن کە دەولەتی کۆماری خوازی ئایزنهاور لـەلائـووسدا وەدوی کەوتبۆ ؛ بەم مانا کە کۆماري خوازەکان تێ ئەکۆشین کە نەتەنیا لـە هاتنە سەرکاری دەولەتي شێوعیی لەلائوو-داپێش گیري بکەن،بەلکوو پێیان اگرتبوو لەسەرئەوە کە دەولەتی لائووس ئەبێ لایەن گیـری سیاسەتی رۆژئاوابێت . پرزیدنت کینێدي ماوە یێ‌پێش رای گەیاند کە: ئەم‌سیاسەتەی بەدل‌نییە ؛ وەبۆئەوە دەولەشیوعی‌یەکان بـەدلپاکیـی ئەمریکاسەبارەت بەدامەزراندنی‌ئاشتیی‌وئارامیی‌لەلائووس‌وئەوشوینەکانی تری‌ئاسیای باشووری رۆژهەلاتی‌دا ، دل‌نیاوخاترجەم‌بن ، تێ‌ئەکۆشێ کە:دەولەتێکی بێ‌لایەن لەلائۆسدا بێتە سەردەور . ئەلبەت‌ئەم‌قسە کەاێ لەبیانووەکانی دەولەتەشیوعی‌یەکان ، رەبەتایبەت یـەکیەتیی سۆڤیەت کەم ئەکاتەوە ؛ چونکوو ئەوانیش ئەلێن کە : دەولەتانی رۆژئاوا نابێ لەلائووسدا قسەی خۆیان‌سواربکەن . وەشێوعی‌یەکان لەم کاتا کە رۆژ-ئاوا قسەی رۆونە کەن لەخۆتێ گەیاندن لەکاری لائووسدا خـۆیان ئەگرن .

لائۆس‌یەکێ‌لەوولاتانەیە کە لەپاش لەت‌لەت‌بوونی‌هندوچین٬

پێك‌هاتووە؛ وەدەستەیێ لەشێوعی‌یەکان‌بەپشتگەرمیی یارمەتی‌بێگانە کانەوە هەمیشە تێ کۆشیوون، کە حوکم‌بگرنە دەست .

وادیارە کە ئەم جموجوولی دووایی‌یە لە لایەن شێوعی‌یەکانەو بۆ پیشان دانی نێرۆلەبەرانبەری پێك‌هاتنی کۆبوونەرەی نوێنەرانـی یەکیەتیی بەرگریی ئاسیای باشووری رۆژهەلاتی لەدبانکوك«(سیام) دا، بووە . ئەم دو کارە پێکەوە پێش‌هاتن ؛ وەدیارە کەشێوعی‌یەکان‌لەم پەیمانی یەکیەتي بەرگریی ئاسیای باشووری رۆژهەلاتی‌یە‌ـ کە پێنج وەلاتی ئاسیای باشۆری رۆ هەلاتی ، وەهەروەها وەلاتانـی ئینگلیـزو فەرانسەو ئەمریکالەوا ئەندامن ـ ناتوانن دل نیاودل خۆش بن؛ بۆیێ تا ئەم کۆبوونەوە پێك‌هات ، شێوعی‌یەکانیش کەوتنە خۆیان‌وئەوکارە ساتەیان قەوماند ؛ وەلەپاش دووایی‌هاتنی ئەوە تێ کۆشینی شێوعی‌یەکانیش کەم‌بووەوە .

بەچاودیری‌ئەوبیروخەرە کەدەولەتی ئینگلیزداویەسەبارەت‌بەوە وە کەپێویستە گێژاوی‌لائۆس‌بەووتوویژی‌دۆستانە‌بڕێتەوە،وەوەلاتێکی بێ‌لایەن‌لەووەلاتەدا پێك بێت وەهەرەها بەهۆی ای رانی ئەمریکابۆهەل گرتنی بزێ لەسەنگەر-پایەگاکانی خۆی لەدەورەوەی ئەمریکادا ، رەنگە مەترسیی شەرلەلائووس‌وئاسیای باشۆری‌رۆژهەلاتی‌دا، دەس کەم تاماوەیێکی درێژ لەنێوبچێ

### مانای ووشەکان

| | |
|---|---|
| مەترسیی ـ خطر | گێژاوي ـ بحرانی |
| کۆبوونەوە ـ کنفرانس، ملاقات | یەکیەتیی‌بەرگریی‌ـ اتحادیەدفاعی |
| باشووری رۆژهەلاتی ـ جنوب‌شرقی | بیرەوخەر ـ تذکاریە، اطلاعیە |
| ناوکە ـ واقع، حقیقت | بەتێن کردن ـ تایید |
| وەدۆ کەوتن ـ تعقیب | بێ‌لایەن ـ بیطرف |
| لێ‌بڕان ـ تصمیم | لەت‌لەت‌بوون ـ تجزیە |
| جموجۆل ـ جنب‌وجوش | |

#### کنزالعرفان

ماوەی ل٦

عیشق بازي ئەوان لەدلۆ گیـانمن
مەجلیس بافەیز رۆحانی یـانمن
ئێلتجا مەکەم حەیی لایەنـــــام
یاران گیانانی حازر کـــــەی‌لەلام
سوخمن نەولەکار، مەتلەب تەمام‌بۆ
«سەی صالح»ساقي سوراحي‌وجام‌بۆ
ئەوسالەودەمدا جای عەیش‌ونۆشەن
گەرمیی‌بازار بازار بادەفرۆشەن
مەدەرۆن‌پێشان جام پـــــەیاپەی
رۆموق مەستیی بیالن چون مـەی
رلوتف«حسین»شای بەدەن چاکان
سەردارو‌سەرخێل جەمیع‌عوشاقان
دمادەم قادر مـەدەد مەدەی پێـم
«روح‌القدس»مەیۆ٬ مەبۆشا گردیم

##### ماوەی‌سەرووتاری

ماوەی ل١١

بگرن

زور جێگای‌داخە کە‌کارەساتی لۆلە کێشی لەزۆریێ‌لەشارسانەکاندا دووایی‌هاتووە،وەئەوکارەژیواری‌یە لەشاری‌سنە،داخراوەتەپشت گوێ‌و چاوی لێ‌پۆشراوە .

لەدوو ووایی‌اوردی‌بەهەشتدا کاتێ گەرمـەدەست‌پێ‌ئەکا٬وەدپسانە وەهاواری بێ‌ئاوی خەلکی بـەرز ئەبێتەوە،وەبازاری رەشی‌ئاو گەرم ئەبێ ، وەکاربـەدەستـان لەبەرێ کردنی کاري بەکەلك‌وپێ‌بەجێ‌و بەکارهاتولەوبارەوە بێ‌دەستەلات ئەمێننەوە .

مەعلوم نی‌یە بۆدەست‌رۆیشتو وەکانی ئەوشوینە لـەدەستەلاتی خۆیان کەلك‌وەرنا گرن وەهەنگاری هەل ناگرن کە هـۆی ئاسایشی خەلکی ئامادەبێ ، وەچۆن‌وەستە کانی‌خۆیان‌بە‌گوێی کاربەدەستانی ناوەندی نـاگەیێنن ، وەسەرسۆر هێنەرتر لە هەموشتی ئەوەیە کەبۆ کاربەدەستانی سەروتاران ئـەمکا ساتە گرنگەیان‌پێ‌دەنگ‌ەێشتوە تەوە وەهەنگ وێکی زۆبەزۆلەبارە یەوەهەل ناگرن ؟!

ئێمەلامان‌وایەلەم بارەوەخۆ گەیاندنی ئاستانداروەفەرماندەری لەشکرپێ‌وەست و زە وری‌یە، وە ئێ سەبۆلیك کردنەوەی ئەم‌تەنگ‌و چەلەمەیە ، وەئامادەبۆنی ئـا ی خوواردنەوەی شاری‌سنە عاجزانە لەپێشگای بەرێزی **شاهەنشای** خۆشەویست ئەخوازین کەئەوان فەرمانێکی بەتێن دەربکەن کـە هەرچ شنە تەنگ وچەلەمەوبـەر هەلستێ، وەکۆسپەیێ لـەرێگای لۆلە کێشی ئەوشارەدا، لاببەن،وە دانیشتووانی شاودۆستو نیشتمان پەروەری کوردستان بخەنەوەژێر چاودێری تایبەتی‌خۆیان‌وەنەهێلن لەنعمەتی‌ئاوی‌سالم‌وهەمیشەیی‌بێ بەش بمێننەوە .

چاپ اختر شمال

تلفن ٢٥٥٠١

# شاهەنشاه، قەباڵەی ماڵکیی ٢٤٢ دێی لەدێهاتی خوی بەنوینەرانی ٢٧١١ جوتیار بەخشی

ژمارەی ـ ٣٩ ـ ساڵی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ١٠٠

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردی یە، حەوتەی جارێ چلێکی دەرئەچێ

بایی
بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش مانگە | ٧ | » |
| چڵ | ٣ | قەران |

بۆ دەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | » |

کوردستان

عەزیزم شاسـوارێکە، گوزەرگا، گەر، بەئەلبورزا
دەگا ، نووکی سمی ئەسپی، لەخارا، تووتیا پەیدا

سیاسی- زانیاری- وێژەیی- کۆمەڵایەتی

خاوەنی امتیاز و مدیری لی پرسراو
عبدالحمید ـ بدیع الزمانی
بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
دوکتۆر محمد صدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر
دوکتۆر عبدالرحمن واحمد مفتی زادە
عابد سراج الدینی ـ شکر الله بابان
خسرو شیخکانلووی میلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
«صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ٢١٨
تلیفوون ٣٢٠٠٣

چووارشمه ٢٣ خاکەلیوە ٢٥٧٣ ك ـ ٢٣ فەروەردین ١٣٤٠ ش ـ ٢٥ شەووال ١٣٨٠ ق ـ ١٢ آوریل ١٩٦١ م

شاهەنشا لەیاسای بەش کردنەوەی موڵکەکانی خۆیدا بەوەزیری کشتوکاڵیان فەرموو:

## قانونی زەوین بەش کردنەوە ، بەپەلەجی بەجی بکەن؛ وە یەك جار بەسەر تاسەری وەلات ڕاگەیینن کە ئەم قانونە بەڕیوە ببەن، ئەگەرنە بەم شینەیی یە ئەم کارەن ٥ ساڵ ئەخایینی

وەزیری کشت و کاڵ ووتی :

## دەستوری بەڕیوەچوونی قانونی زەوین بەش کردنەوە، لەئازەربایجان و کوردستان و کرماشاندا دراوە.

## تائیستا لەموڵکەکانی شاهەنشا ٣٦١ دێ بەپیوانەی ١٤٨ هەزار هکتار لە بەینی ٢٨ هەزار جوتیاردا بەش کراوە بایی ئەم موڵکە بەش کراوانە زورتر لە ٦٠٠ میلیون قەرانە

## ئەمساڵ پاش ماوەی ئەملاکی شاهەنشا کە ٣٦٠ دێی شەش دانگی یە، هەموی بەش ئەکریتەوە

## حضرتی حجة الاسلام حاج ملا خالد ((مفتی)) تازەی کوردستان



لەپاش کۆچی دووایی خوداڵیێ خۆش بـو، حضرت حجة الاسلام ملا محمود، مفتی گەورەی کوردستان، لێ کۆڵینەوە بۆ هەڵبژاردنی جێ نشینی ئەوان لەهەموو ناوچەکانی کوردنشینی ئیرانا بەجێ هات، تاسەرئەنجام حضرت حجة الاسلام حاج ملا خالد مفتی زادە برا بچووکی ئەوان بەشایستەی ئەم مەقامە زانرا، وە بەپێشگای شاهەنشای مەزن ناسرا؛ وە فەرمانی شاهانە سەبارەت بەجێ نشینیی ئەوان، بەناوی «مفتی» کوردستان دەرچو؛ وە ئەم فەرمانی شاهانە

## بەڕیوەبردنی قانونی زەوین بەش کردن لەکوردستاندا

لەسەرەتای ساڵی تازەدا چاودێری تایبەتی شاهەنشا زوی کـردە کوردستان ، وە گرۆیێ لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ بەڕێ کردنی یاسای عەرزەکان بۆ ئەومەڵبەندە نێرران، تالەبەڕێ کردنی ئەوکارەساتەدا چاودێری بکەن، ئێمە لەکاتی خۆیا لەبارەی ئەم یاسا سەرکەوەتووەوە، وە سوودو کەڵکەکانیەوە لـە بارەی کۆمەڵایەتی یەوە باسمان کرد، وە لەو بارەوە زۆرشتمان نوسی، وە وا ئیستا کەش کە بەفەرمانی شاهەنشا بڕیار وایە بۆیەکەمین کەڕەت ئەو یاسا یە بخریتەکار ، وە ئەم زیادە بەشە بەکوردستان دراوە، لەسەرخۆمان پێویست ئەزانین لەلایەن خۆمان و تەواوی دانیشتووانی شادۆستـی کوردستانەوە سوپاسی گەرم و گوڕی خۆمان بەپێشگای شاهەنشا پێشکەش بکەین ، وە لە چاودێری دەوڵەت بەتایبەتی بۆ ئەومەڵبەندە سوپاس بکەین . دانیشتووانی کوردستان بەشایەتی مێژو لەهەزاران ساڵ لەمەوپێشەوە دڵ بەندی و پەیوەندی خۆیی لەهەر ڕۆژگارێکا یەك لە شووێن یەك لەبەرانبەری نیشتمانی خۆشەویستەوە ئیران بەچەشنێکی نەپچڕاو پیشانداوە، و لەنێو کورەی

ماوەل ٢

ش ـ بابان

## نەتەوەی کوردو نەتەوایەتی ئیران

سەلام لـەسەر خاکـی پاکـی کـوردستان لانکی پاڵەوانەکان .
خوێنەرە بەڕیزەکان چونکو

ماوەل ١١

م.ص.م

## چون بنووسین و بخووینینەوە چلۆنایەتی یەکانی کردەوە

یەکێ تر لەچلۆنایەتی یەکانی کردەوە ، چلۆنی نەبۆن(نفی)ە ،

ماوەل ٢

### لەکۆمەڵاچون بۆین :

ماوەل ٢

لەلایەن «تیپـاسـرتیپ اهـین آزاد» ئوستانداری کوردستانەوە، لە یاسای سەلامی جەژنی پیرۆزی «نەورۆز»دا، ڕاگەیشت .
شەرح حالی مفتی تازەی کوردستان لەژمارەی داهاتوا، ئەنوسین

## ماوەی‌سەرووتاری

ماوەی ل۱

ئاوری وەرگێڕان و کارەساتەجۆرا-جۆرەکانی زۆژ گلراوەکزێڕی پەتی و پاکو خاوێن زۆناکو بروسکەدار ماوەتەوە . وەلەنێوبۆتەدا بەپاکی خۆی پیشان‌داوە ، وەگەوهەری مرۆڤایەتی‌یان‌بەسەرلاپەڕەی مێژووە وەبەچەشنێ‌بروسکەدارنوواندویەتی کەتەماشاکەری‌بەخۆیاووژکردووە وچاوە لێوەی‌پێ‌خستووە. ئەگەر جاروبارێکیش بەپێچەوانەی‌چاوە زۆوانەوەپێش‌هاتێکیش‌لەوان‌سەری داوێ یالەزۆی‌گۆڵ خوواردن‌و هەڵ خزاندنی خەڵکی‌بەوەبووە یالە نەزانکاری حاکمەکانەوەسەر چاوەی گرتووە. بەڵام‌ئێمەلامان‌وایە زیاتری‌بەبۆنەی‌نەوتنی‌دادگەری کۆمەڵایەتی،وەمەیدانی‌دوورودرێژی دوری‌و جیبایێ کە وەبووە کە لە نێوانی گەداودەولەمەنددابووە کە: بووەتەهۆی‌هەڵ گزانی‌سەرکێشی‌و سەرپێچی .

دانیشتووانی کوردستان لەناو کەدا،وەبەپێی سرۆشت کەم‌ئازو-کێنس‌دار و خوداپەرست‌و نیشتمان پەروەرن خەڵکێکی‌خوێن گەرم‌و هەستاوین، کە: خوێن‌ساردی‌و بێ مەیلی‌و گووێ‌نەدانی کاربەدەستان ئەبێتە هۆی‌زنجیبانی‌هەستی‌خاوێنی نازکی ئەوان ، هەربەوچەشنە کە خۆشەوپستی و گەرم و گوڕی لە دلیانا وەکوسحروجادو کارئەکات، لەبەرانبەری‌خۆشەوپستی‌و گەرمی یەوەبەتەواوی دەست لەخۆیان‌بەر ئەدەن،وەلەبەرانبەرەوەلەهیچ‌درێغیان نی‌یە ، وەهەر کیس چاکەوەبەرە-بانی‌یان‌لەبیرناچێتەوە .

ئێوە ئەگەر بەچەشنێ کە لە کانگەی دلی شاهەنشادایەبتوانن یاسای چاککردنی‌عەرزەکان‌بەبێ تبعیض وەبەبێ‌لایەن گیری‌خاوەن مولکەکان‌بەدەستی گرۆیێ‌مأموری بێ غەرەز کەمپ‌وان‌داری‌و بەرتیل کاریان‌تێ‌نەکابەڕێ‌بکەن، وەگرۆیێ بکەنەخاوەنی‌عەرزەئاو بێ گومان بزانن کە ئەوانە هیچ‌کاتێ گۆڵی بێگانەکان ناخۆن، وەبەدڵ‌سۆزی کاربەدەستانی دەولەت بڕوا پەیدا ئەکەن،وەهەستی‌نیشتمان‌پەروەری وشادۆستی لە دڵیاندا ئەبێ بە سەد چەندانە .

بناغەی‌کارئەوەیە کە کاربەدەستانی دەولەت‌بزانن وەتێ‌بگەن کەظاهر سازی‌و سەر بەستنی کارو بەرتیل

ماوە ل۱۲

## چۆن‌بنووسین

ماوەی‌ل ۱

کە بەدانانی پیتی « نە» کەپیتی نەبۆنەلەسەرەتای کردەوەی‌داهاتور وەوەپیتی «نە» لەسەرەتای کردە-وەی ڕابووردووەوە ، پێـک‌دێ ، وینەی‌داهاتو: ناچم، ناچی،ناچێ. ناچین، ناچن، ناچن‌لەکردەوەی تێ‌پەڕنەکەر .

نانوسم ، نـانوسی، نانوسێ . نانوسین،نانوسن،نانوسن‌لەکردە-وەی ڕابووردوی‌سادەی تێ‌پـەڕ-کەر: نەچووم ، نەچووی ، نەچوو. نەچووین، نەچوون، نەچوون .

وینەی کردەوەی‌سادەی‌ڕابوور-دوی تێ‌پەڕکەر : نەم‌خوارد،نەت خوارد،نەی خوارد. نەمان‌خوارد، نەتان خوارد، نەیان خوارد .

لێرەدا ئەوەمان‌بۆدەرئەکەوێ کەپیتی برپتی(ضمیر)ی‌ئەنەدمان لەکردەوەی تێ‌پەڕکەری ڕابوور-دودا ئەکەوێتەپێشی کـردەوە کەوە

بەشەکانی تری‌ڕابوردوش‌هەر بەم چەشنە ئەگۆزرێن ،

لەشێوەی‌هەورامیی‌داله کردەوەی داهاتودا ، بۆنەبوون ، پیتی «مە» یادەنمە»بەکارئەبرێ، وینە مەوەرۆ، مەوەری،مەوەرۆ . مەوەرمێ‌مەوەر-دێ. مەوەرا (مەوەران) لەڕیشەی وار ەی (خواردن) .

هەروەهاش نمەوەرۆ،نمەوەری. نمەوەرۆ .

لەکردەوەی‌ڕابووردودا ، وە-کوشێوەی‌سۆرانی‌پیتی «نە»بەکار ئەبرێ:نەواردم، نەواردت،نەواردش نەواردمان. نەواردتان،نەواردشان.

لێرەش‌دائەوەمان‌بۆدەرئەکەوێ کەشێوەی‌هەورامی، لەڕابوردوی تێ‌پەڕکەردا،پیتی برپتی‌وەکووتێ پەڕنەکـەر ، نـاکـەوێتە پێشی کردەوەوە .

ناتەواو

م.ص.م

## لەهەرگولزاری

### گولی

### سیدصادق‌پارسانیان

ماوە لەچلی‌پێشو

پام مەشۆنـە حەلق زاف مـامۆیی
یەکسەرمە کـە زۆم وە بایینچۆیی
خەیلێ خـەستەبیم وەئێش زامـان
خەیلێ تـەسیکنم وەی ئێشەئامان
وەحالم هەرگێزنەبۆخەبـەردار
زام کەردەی وێش نـە کەرۆتیمار
وەك شیرین فـەرهـاد بـوزۆوەیێز
دڵ بـدۆوەدڵ خـەسرەو پـەروێز
دپسانۆجەنـۆوێڵ بۆن دەربـەدەر
قـەیس ئاسازای چۆڵ بگێروێن نـەوەر
صادق ئەوخاسەن جەئەوەڵە منزڵ
تـەدبیر ئـاخر بـــاوەرۆ وەدڵ
ئەگـەر بێ‌شەرت بۆئەگـەروەفادار
ئەرتۆهۆشت بۆزۆمـــەبوآظهار
مەگەرنەزانای هەرچێوبەگزادەن
جەبێ بـەینەتیی‌تـەمام گـامادەن
شێوەی بێ‌شەرتی‌وبـێ تـان وپۆیی
هانەتـایفەی زومـرەی مـامۆیی
خصوع ئەولادی بەنـی ئەردەڵان،
ئەرصەدقیمەتشان بێ‌جیلوەوجەڵان
مەیلی زوانی داران جـە حـوزۆر
بەڵام تەعارف نــــەدارانی جەدۆر

## صەیدی هەورامیی

ماوە لەچلی‌پێشو

ئەی‌نەونەمامی باخی‌دڵ‌پەی تۆسیان بەیـدا خی‌دڵ
سامەرهەمێ پەی داخـی دڵ، خۆکافرستانـی‌نییۆ
ئەی خاڵ شیرینی‌نازەنین، ڕەنگت گوڵ‌وبۆت‌عەنبەرین
سامەرهەمێ‌دەی‌بری‌بێ، خۆکافرستانیی‌نییۆ

ناتەواو

## ناریی

ژنی هـەورامان‌سەرتـاپێی خشڵە
سەرچاوەی بـۆنـی مێخەك وسمڵە
تاپلێی تـەنزپۆش، ئـاڵ‌ووالاجل
بەژن وبالاجوان لەشی نـەرم وشل
نیونیگای‌خەنەدەی ئەستێرەی‌ئەمەل
نەغمەی‌دووانی وەك جریوەی مەل
ژینی بەهـاری عیشق‌و جـوانیی
جیلوەگای حوسنی ژنی‌باخوکانی

م.ص.م

## لەکومەلاچون‌بژین

### ڕێگای‌خوداناسی

### یان

### طەریقەی عرفان

-۳۵-

خوێنەری بەڕێزا پاش ئەوە بگوێرەی‌بیروڕای‌خۆمان‌چلۆنی ڕێگای خوداناسیمـان هەڵدا ، ئەوەمان دەس‌ئەکەوێ کە بـڕێ ئەنەامان‌واتێ گەیشتوون ڕێگای خوداناسی‌کارێکی ئەو تۆیەکە بەوبۆنەوە کۆمەڵێ لەگردوپەڕی خوداندا کۆبکەنەوە، وەبۆکەڵك وەرگرتنی خۆیان‌و گەورەیی کردن بەسەرئەواندا . بـەدرۆودە لەسە هەڵیان خلەتینن ، وەئەوڕێگایە بکەنەهۆی‌دەسەڵات‌ونان‌خواردنی خۆیان وەگەلەکەیان لەژیانـی کۆمەڵایەتی‌ونەتەوایەتی بخەنەدووا

ڕێگای خوداناسیی ئەوەنییە کەخەڵکی لەژیان بێ‌بەش بکا وەکۆمەڵێ بەنـاوی دەوریش‌و صۆفی لەهەموو جۆرە ژیانێ کەو مرۆیی‌دەسیان‌بڕێ بەبەدبەختی وگەدایی‌وهەژاری‌تەمەنی‌خۆیا ڕابوێرن .

ئاوەدانی‌وەڵات‌وخوێندن‌و گەیشتن‌ونەتەوەپەستی‌نیشتمان پەروەری لەگەڵ ڕێگای خـوداناسی‌داناکۆکی‌نیەکیان؛بەڵکو لەگەڵ‌ئەوانەداباشترڕێك‌ئەکەوێ پەغەمبەری‌مەزنی‌اسلام‌ئەفەرموێ خۆتان مەخەن بەسەرخەڵکالەڕ نج. کۆششی‌خۆتان بارەوەرگرن لەلایێ‌تردوە ئەفەرموێ بێکاری گۆشەگیری‌وخزیانەکون‌وقوژ بەناوی خوداناسیی وەلە ئایینی اسلامدا نایێ بێ .

هیوامان‌وایەبراکو دەکانمان چاووگوێی‌خۆیان‌بکەنەوەجیهان ڕۆشن ببینن، وەهەوڵ بدەن‌تاشار بەشانی گەلـە زیندووەکانی دنیا بچنەپێشەوە،تالەکزی‌لارەملیی هـەژاری‌و ڕۆژڕەشیـــی ڕزگاربن .

بنکەی ژین www.zheen.org

## مەتەل:

**١ـ باران ئەبارێ ، ئ اشی ئەگەڕێ، خورەتاو بێ، جووتی ئەگەڕێ .**

ئەم مەتەڵە سەبارەت بە کەسانێ ئەووترێ کەلەهیچ دەورەوزۆزگار یکدا پەکیان نەکەوێ و کاریان لەنگ نەبێ وزیانێ نەبینن ، وە هەمیشە خۆیان لەگەڵ هەموو کەسێکدا جۆربکەن وبسازێنن،

**٢ـ کنگر وماسیش بۆ وادەی خۆی .**

یانێ هەر کارێ لە وەختێکدا وهەرشتێ لە کاتێکدا بەجێ بەونرخی هەیە . وەبڕێشت کەبڕێ جارزۆر خوشەویست وچاکە، لەبڕێ جارازۆر ناشیرین وخراپە؛ یابڕێشت لەبڕێ وەختدا نرخ وقەدری هەیە، ئەبینی لەوەختێکی ترازۆر بێ قەدرونرخە.

**٣ـ دزێك بکێلی، دزێك دێتە زێت**

مانای ئەوەیە کەهیچ کــردە-وەیێکی خراپ لە سەر ئادەمیزاد ناچێ وبێ تۆڵە نابێ . وە هەرلەم دونیای ڕۆشنداهەر کەسێ پاداشی کردەوەی چاك وتۆڵەی کاری خراپی خۆی ئەبینێ .

## دیاریی خوێنەران

**مهاباد ـ هێمن**

**باوێری شوان**

| | |
|---|---|
| نیزەش وە دونیا خاـ ۆش | دێتە گویم ئاهەنگێکی خۆش |
| ئاهەنگێکی گیان پەروەرە | شادي هێنەر، خـەفەت بەرە |
| ئـاهەنگێکـی دڵ نەوازە | تـارە ـ ویولونـە ـ یاسازە |
| نا ـ نا ـ ئاهەنگی بلوێرە | جـاوەرە گـوێ بۆڕادێـرە |
| هەزارخۆزگەم بەخوت شوانە | کـە بەومانگـەشەوە جوانە |
| دانیشتوی لەسەرئاوهەڵدێر | قامکان دەبزێوی لـە بلوێر |
| ئاغاش بـەنۆکەرنا گـری | وەك من لـەداخـا نـامری |
| دەگەڵ طەبێعەت هاودەمی | شادی ، بەکەیفی، بێ غەمی |
| توخواشوانە! هـەمۆشەوێ | نیوە شەوێ، کاتـی خـەوێ |
| لە سەرتروپکی ئـەو کێوە | قامکان لـە بلوێـرببزێوە |
| باکێوە کە دەنگ داتـەوە | (هێمنیش) خـەوبیباتـەوە |

**مهاباد ـ هێمن**

## گومی خوێن

عەزیزم ! بـۆچي تۆراوی لە خۆڕا؟

چ قەومـاوە، دڵی تۆبۆچی کـۆڕا؛

ئەتۆ، وا، زو، لەبیرت کردم ئەمما

فەرامۆشت نەکەم شەرتە لە کۆڕا

لەمن ڕا، خۆخەتایێك ڕۆی نەداوە

ئەدی بێ مەیلي بۆڕۆی دا، لەتۆ ڕا ؟

ئەسیری بسکتە ، کۆتری دڵی من

دەبێ حاڵی چ بـێ ئێستا لـ ـوڕا ؟!

سەروماڵ وژیان وهەرچی هـەمبێ

لەبەردی عیشقی تۆدا یا کـ ـوڕا

لەچاوەدێ بەخوڕفرمێسکی خوێنین

کەچی ئەو گومەخوێنەمەدل ەچۆڕا

وەرەادڵ چاکەوە گیانە، دەگەڵ من

شەڕوکێشە نەمێنێ ســـــالە گۆڕا

**سقز ـ نافع مظهر**

## چارەنوسی هەژار

خۆربەوێنەی مرێشکی بێ پەڕوباڵ

کەوتەناوچاڵی ڕەش بەبێ سەروشوێن

ئـاسمان کـرژوتوڕە، تـرش وتاڵ

وەکوفەرزاشەکانـی دەوری کـۆن

کوت ولەت کۆمەڵانی هـەوروهەڵا

شەلوپەت یەك لەشۆنی یەك تل ئەبوّن

یەك ترینیان دەخستە ژێردەس وپا

هەرلەتیپی سوپا ـ ۆکستە ئەچوّن

شێری کەوتۆی ترێشقەئەی گرمان

کـە ژو کێوهـاتبوّنە لەرزەولـەرز

ئاسمان وەك نەخۆشی بێ دەرمـان

شین وڕۆژڕۆی ئەکردبەدەنگی بەرز

سۆفی بێ، پیری ڕۆت لە سەرمادا ـ

هەڵ ئەچۆقی وەکوبرێشکەی ساج

وەکـوژیشك لـەبن چلـی گیادا

هاتەیەك، چەشنی ژی کەوانی هەلاج

هاتبۆتا کە قارچك وژێـــــــواس

هەڵ کـەنێ بۆمناڵـی ڕۆت وڕەش

لەش تەزودەس تەزیوولاق پێ خواس

لـــــــەهەموو نیعمەتی خۆدا، بێ بەش

پچەپچ هەرلە ژێرلچۆ ئــەی ووت:

«ئەی خوای بێ کەس وهەژاران کوژ!»

«لێت بڕیم پوڵ وماڵ ودەوڵەت وشت

داتە دەرخواردی مل هوڕی خوێن مژ»

«کوڕێکی پاپەتیی، کچێ سەرڕۆت

دایکە پیرێ نەخۆشی ، بێ پاپۆش»

«کوڕمناڵە لەبۆسەپـانیی وجـوت

کچ خەریکە بەدایکەپیری نەخۆش»

«من لە ئەم چۆڵە بێ کەس وداماو

جا، قوڕی کوێ بکەم بەسەرخۆما»

«یاگورگ ئـەم دڕێ، وەیـاسێلاو

ڕام ئەدابۆ گەروی چـەم و گۆما»

هەرئەمەی ووت، ترێشقەوەك ئەڵماس

دای لەسەرمێشك ونێودڵ وجەرگی

گولی هیوای ئەوی بڕی، وەك داس

خاتیمەی دا، بەئارە زۆی مەرگی

بنکەی ژین www.zheen.org



تاناوی بەغدام برد، دەستت کردە گریان؟ مەگەر کەسێکت لەوێیە ؟ ئەگەرخزمێت لەگەڵ بازەرگانانی ئەوێداهەیە، بەمن بڵێ، چونکو من هەموّیان ئەناسم، تاپەیغامی تۆیان پێ بگەیێنم . نزهةالزمان ووتی: من بازەرگانانی ئەوێ نـاناسم؛ بەڵام ملك نعمان ئەناسم . بازەرگان کەئەم قسانەی بیست دەستی کردە پێ کەنین وزۆر کەیف خۆش بو، لەدڵی خۆیا ووتی: زۆرچاك بەئامانجی خۆم گەییشتم . بازەرگان ووتی : مەگەرجارێ تریش تۆیان بەملك نعمان فرۆتبو؟ نزهةالزمان ووتی: نە، منیان بەو نەفرۆتووە، من لەگەڵ کچی ئەوا گەورە بووم؛ وەزۆرمنی خۆش ئەوێ . ئەگـەرتۆ ئەتەوێ کەملك نعمان کارەکەت جێ بەجێ بکا، کاغەزوقەڵەم بێنە کەمن نامەیێ بنۆسم. کاتێ ئەڕۆیتە بغداد، ئەونامە بدە ملك نعمان وپێ بڵێ:

ڕۆژگارکارەساتێکی بەسەرنزهةالزمانی کە نیزتا هێناوە، کـە سەرئەنجامی گەییشتووەتەبازاران، وەدەس بەدەس ئەی گێڕن ، وەئەگەرهەواڵی منی لەتۆپرسی، بڵێ: کەئێستا کەوتووەتەلای سوڵطانی دمشق. بازەرگان کەئەم پاراوي زمان وشیرین قسەکردنەی لەوەوە دی، زۆرترلە بەرچاوی خوشەویست وبەنرخ بۆ؛ وەپێی ووت : تۆقورئانت خوێندووە؟ نزهةالزمان ووتی، بەڵێ؛ زانستی حیکمەت وپـزیشکیش ئەزانم؛ وەبەسەر گەلێ کتێبی گەورەدا وەکو«فصول» و کتێبی بوقراط وجالینوسدا شەرح وپەراوێزم نۆسیوە؛ وە کتێبی«تەذکرە» وشەرحی «بورهان»م، خوێندووە؛ وە تەماشای «موفرەداتی ابن بەیطار»م، کردووە؛ وە گەلێ ڕەخنەم لەسەر«قانۆنی ابن سینا» گرتووە؛ وەلەزانستی هەندیسەدا ، گەلێ پیروزام هـەیە؛ وە گەلێ مەبـەستی نهێنیم دەرخستووە؛ وە کتێبی شافعیم خوێندوەتەوە؛ وەحەدیث ونەحوم خوێندووە؛ وەلە گەڵ زاناکانا گەلێ باس وقسەم بووە؛ وەلەزانستی مەنطیق و بەیان وجەدەلا چەند کتێبم نۆسیوە؛ وەزانستی ئوسطورلابی ڕۆحانیم چاك زانیوە . لەپاشان بەبازرەگـانی ووت: کاغەزو

## مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی کورد

نووسراوی:زانای مەزنی کورد، احسان نوری          وەرگێڕاوی: د.ع.مفتی زادە

٩٧

داریۆش شا،زۆرتری بەردەنووسراوەکانی خۆی بەتایبەت بەردەنووسراوەکەی بیستوونی بەسێ زمان،یانێ ئاسوری، عیلامی وەپارسی نووسیوە؛ لەکاتێکدا بیستوون ناوەڕاسی جێگای «ماد»ەکان، وەزۆری قسەی لەگەڵ گەلی «ماد»دا بووە؛ ئەگەر زمانی «ماد»لەگەڵ ئەونووسراوی بیستوونەدا، جیاوازی ببوایێ، یانێ زمانێکی تر جگەلەو زمانانە ببوایێ زمانی گەلی مادیشی ـ کەزۆرایەتیی دانیشتوانی ئێرانیان پێك ئەهێنا ـ لەپاڵی زمانەکانی ئاسوری وعیلامی و پارسیدا، ئەهێنا، کەئەوانیش تێ بگەن؛ کەوابێ ئەگەربڵێین: بەردەنووسراوەکەی بیستوون بەزمانی پارسی نییە،بەڵکوبە زمانی «مادی» نووسراوە، بەئاوەز وڕاستەوە نزیکترە .

بۆهاودەنگی خێزانەکانی پاذشایی «ماد» و «ئەنزان» بەڵگەیێ چاکتر لەوەپەیذا نا کەین، کە:«ماد»ەکان پاذشای خۆیان «ایختوویگو» یان بەدەستی خۆیان گرت «دایان بەدەستی کوروشەوە. گەلی «ماد» بە دڵخوازی خۆیان کوروشیان دەنگ کرد بۆسەرتەختی «مدیان»؛ کە وابێ بە گوێرەی خەموپاسای کۆنی ئێرانییەکان ئەبێ بێ بڕن کە گەلی مادوئەنزان یەکێ بوون وجیاوازییان نەبووە؛ ئەگەرنە گەلی ماد ، لە کاتێکدا پاذشای خۆیان لەتەخت دابەزان، نەیان ئەدا بەدەستی بێگانەو دوژمنەوە؛ وەبێگانەیێکیان بەناوی پاذشابۆخۆیان هەڵ نەئەبژارد؛چونکێ نەخشەی شۆڕشە کەلەلایەن وەزیران وفەرماندەرانی«ماد»ەوە، کێشرابێ، وەبەدەستی خۆیشیان جێ بەجێ کرابێ.

پاذشای بابل «ناپوئید»ئەڵێت: ئەو ـ یانێ«ایختوویکو» سپاێیکی کۆکردەوە، ڕۆیشت بۆشەڕی کوروش؛ بەڵام سپاکەی لێ هەڵ گەڕاوە، شەڕیان بۆنەکرد؛ وەپاذشای خۆیان یانێ «ایختوویگو»یان گرت ودایان بەدەستی کوروشەوە؛ لەپاشان کوروش هات بۆهەمەذان؛ وەزێ ـ ڕوزێوو دارایی زۆرێکی بۆ«ئەنشان»برد.

مادوپارس دۆهۆز لەیەك ڕەگەز بوون کەلەپاڵی یەکتراژیاوون، هۆزەکانی «کورتی، مرد،امرد» نیشتەجێ لەمەر دۆ،اوچەذابوون،بەڵام جێگای ئەصلی ئەوای مادستان بووە لە ڕۆژگار «کتزباس» ی بشکی ئەردەشیری دووەمی هەخامەنیشیدا، مادوپارس زۆرچاك لەزمانی یەکتر تێ گەییشتوون .

مێژو ئەنوسێ کە «هوخشتره» داریوشی مەزنی بەجێگای کوڕی خۆی ژماردوە، وەلەسایەی ئەوەوەبووە، کەتوانی لەپاتەختی «ماد»لەسەر تەختی پاذشایی یەوە دانیشێ و سەری سەربەخۆیی خوازەکانی مادپان بکاتەوە ؟! ...

⁂

مێژوەکانی ئێران کە لەپاش ئیسلام نوسراوون، چونکۆئەوکاتە گەلی «ماد» ناوی کوردیان بەخۆیانەو نابێ، ئیترناوی «مـادیـ»ان تێذا نەنوسراوە ،

لەکاتی پێك هاتنی دەولەتی ئێرانەوە تاڕۆزگاری «دیاکو»( کەی قوباد) هەمێ ئەوپاذشایانە کەهاتوون وچوون ، بەهۆی وەدۆ کەوتنی «پرزات ئەوستا»وە، بەناوی پاذشایانی پێشدادی ناسراوون؛ بەڵام ئەمرۆ

ماوەی ٥

---

نووسەر «ع» سراج الدینی

## فرمیسکی نائومیدی

ماوەلەچلی پێشوو

لەژمارەی پێشوداکارە ساتمان گەیاندە کاتێ کە لەگەڵمام «جووامێر»دا لە حەوزی مزگەوت کەوتینەوتووێژ ، ئێستا لە سەر پاش ماوەکەی ئەڕۆین .

## وتوویژ لەگەل مامجوامیردا

پ ـ مام جووامیر! ئەگونجێ پێم بڵێی بزانم تەمەنت لەچەندساڵدایە ؟

و ـ ڕۆڵە گیان بەووردی نازانم بەڵام هێندەم لاڕۆنا کە کە: تەمەنم لەسەدساڵ هەڵی بوواردووە ، وەڕۆژگارێکی دووردورێژم دیوە .

پ ـ ئەگونجی پێم بفەرموێ کەئێستا کە ساغیەتی و هێزی تەنت لەچیدایە وەبەچەشنێکی گشتی ئێستا کە لەگەڵ ژیاندا چۆنی ؟

و ـ ڕۆڵەم لەسایەی یەزدانەوە لەژیانی خۆم ڕازیم وەزۆریش دڵبەستەگیم بە ژیانی خۆم هەیەوە لەم تەمەنە شاهەموچەشنە کاروبارێکی فەلایی خۆم بەچاکی بە ڕێوەئەبەم وەجاروبارێکیش دەوری (قرآن)ئەکەمەوەهیچ پێویستیم بەچاوپلکەنییە وەکیژی وورە ئەخوێنمەوە .

پ ـ مامەگیان ئایا لەژیانتا تاڵی و سۆڵپت چەشتووە ؟

ماوەی ٩

---

هەزارویەك شەو          ٣٨٤

قەڵەموودەوات بێنە، نامەیێ بنوسم، کە تۆ لەهەموخەفەت وپەژارەیێ ڕزگاربکا. بازەرگان کەئەم قسەی بیست، زۆرسەرسامما، ووتی: خوزگەبەو کەسە کەتۆ لەماڵیابی. لەپاشان بازەرگان کاغەزوقەڵەم ودەواتی بۆهێنا، وەلەکاتی گەڕانەوەذا، دەستی نزهەالـزمانی ماچ کرد . نزهةالـزمان کاغەزوقەڵەمەکـەی گرتە دەستەوە ؛ وەئـەم هەڵبەستانەی نوسی ،

کەلکەلەی بەداری دلبەر!ئاگری بەردا لەگیانم
وەك شەوی تارێکە ، تارێکەلەدوریی بەربەیانم
حەسرەت ونالەو پەژارەوماتەمە خاوی شەوانم
خوێنی جەرگە ودەردو ڕۆخاوەهەموقوتی ژیانم
ماڵی ویران بێ جیایی ، ماڵی ئیقبالی ڕوخاندم
دایە دەم باوە ، لەبیری بـردەوە ناوونیشانـم

کەسێ کەفیکروخەیاڵ بەسەریا زۆربگرێ وبێذاری لـەڕولاوازی بکـا ! وە هیچ هیوای ڕۆشنایی لـەپاش تارێکی نـەبێ، وەشەووڕۆژی وەکویەك بێ ، وەلـە بەرتەنیایی هەرئەم دە ووگەدیو بکا؛ وەشەووەکو کەسێ میلیان کێشابێتە چاوی،خەوی لێ نەکەوێ وەەرئەستێرە بژمێرێ؛ وە کـارەساتی هەربـەم جۆرە درێژەی بێ وبێ ئەویارێ بێجگە لەفرمێسك نەبێت تەنیامنم. لەپاش ئەوە کەئەم هەڵبەستانەی نوسی،دەستی کردە گریان وفرمێسکـی بەسەر گۆناذا، ئـەهاتە خوارەوە ؛ وە لـە پاشان ئـەم شعرانەشی نوسی؛

دووریی تۆئازیز ناشێ بـــــزانی ـ
بێزاری کردۆم لە زیندەگانیـــــ

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەشی کوردیی شمال

# کوردستان

لاپەرەیی بوهەمووجار

## زانو ناچی بوناگار باری عەردی لە کوردستانی

دەر کەتنا سالا تازەدا، بەخششا دەخسۆسە **شاهەنشا** ژۆ کری‌یە، جی‌یێ کوردنشین، وەبدەستۆرا دەولەتێ، بزەك بۆژێ بر ناقانـۆنا جێ‌بۆنا کارباریێ عەردێ چۆنەوی رالاتی، کوڤی قانوئێ کوردستانێدا بقەدینەن، وەچەڤ ژاکن. دەموەختێ‌دا، لەباراڤێ قانوناباش بەرخستنێ‌وە کاروسەمـەرێوێ، گەلەك باس کری‌یە.

وە نهۆ کوبفەرمانا **شاهەنشا** قراره، بۆئەوول‌جاروارە قەداندن، وەئەڤ سەژا گرتن بۆ یەنسیبێ کوردستانێ، ئەمل‌ـەسەرخـولازم دزانن‌ژئالیێ خوو گشتیی‌خەلکێ شاهدۆستێ کوردستانێ شوکرو سپاساخـو، بـەپێشگا شاهـەنشا پێشکێش بکەن، وەژمەرحەمەتا شاهەنشا بوێ محالێ ژازێ‌تـی‌یا خودەرخن.

خەلکێ کوردستانێ‌بشهادەتا تاریخێ، ژهەزار سالابـەری‌نهۆ، هەوگرتن وحەژێ کرنـاخـو، بوەطەنێ عەزیزیانێ ئاخا پاکـە ئیرانێ، پێ‌دەرپێ، نیشان‌دایە، وە ژئاگرێ‌شۆرش وئینقلابا، تۆنلی زێرپاك دەرکەتی‌یە، وە گۆهەرا وان، پەژێ‌تاریخێ‌دا، چەڤێ‌بینایا حەیراندی.

هەگەر هنەك‌چاخا، عەمەلێد نەباش، ژهنەکـی‌وان بەرچەڤـا دکەڤـە، یان‌ژبەرهیم وشیرەتـێ دەرامینا بۆیەوەیان ژبەدرەفتاری‌یا حاکما، لێ‌بەلێ بیرباپاریامەئەڤە، کویا زێدە ژبەرتەفۆتا بێ‌تەشە؛ ئاوبینا دەولەمەنداو دەستێدی‌دا ئەڤیەکا چێ‌بوّیە.

خەلکێ کوردستانێ زات و تینەتا خودا، مرۆڤنەقانع‌وحەمپل وخودا ناسن‌ووەطـەن دۆستن، و خودانێ خوێنا گەرم‌وجۆشن، کو ژەفنارا کاربدەستا دلێ‌وانەسافـی دێشینە،چاوا کومەحەبەت‌ودلشۆژێ، دلێ‌واندا ئـەسەرا سێروجادویـا هەیە، کوچوجارا قەنجی‌یێ‌ژبیرا خودەرناخن

هوون، هەگەر بئەواك نیت‌و خواستنا دلێ‌شاهەنشاهە،ژەفتارێ بکن،وەبوکاربن قانوناچێ بوونا کاروباری‌عەردێ، بێ‌چی چونـەزەرو خـەرەزکـێ ژێ‌پەژن، وە بیرتیل ومیوانداری‌یـا هـەوون نەخالفن، وەهنەکابکەن خودان ئاووعەرد، یەقین بزانن کوئەوان چوجارا بشیرەتێ ئەژنەبی‌یانایێن خاپاندی، وەمەرحەمەتا کاربدەستا، بیرباوارێ پەیدا کن، وەخوویا وەطەن خوازی وشاهدۆستی‌یـێ، دلێ‌واندا سەد جاران ئاکی بەرێ دبە.

بنیشاکارویدا یە، کوکاربدەستێد دەولەتێ تێ‌دەرخن، کوبـەرتیل ستاندن وتاگیری ژخودان‌ملکا، لەڤێ‌مەنتەقاسینۆروخودان‌ئەهەمی یەت، خینجی خیانەتێ **بوەطەن** **و شاهەنشا** تشتەکی‌دی‌نینە، وە فەناوێ یە کوعن‌قەسدبسەداهەزار کەس خەلکێ نەجیب‌وزەحپاکێ ئیرانێ، باڤژنەداوائەژنەبی‌یان‌هەلبەت کارەکها کینەیێ چوجارانەقەوومە لێ‌بەلێ فکرامـە، خەبـەردایینا خەتەرێ بدەژگێ دەولەتێ‌یە، کونەبی‌خودا نەکری،مەغموریێد پاروە کرنا عەردێ بخالفن،وەژێ یاحەق وعەدالەتێ دەرکەون، کو خینجی خرابی‌بێدکار، بیرباواری‌یا خەلکێ ئیرانێ ژکاربدەستێدەولەتێ، بێ‌سست‌بکە.

لەبەراڤێ‌ یەکێدا،مەخسوسەن گەرەك چەڤێ‌مللەت‌وەتۆلاخودائی بەرچەڤا وارەگرتـن، کوحەڤێ مللەت ودەستێد، ژێراتر پـێ‌پەز نەبە، وەئەواك بدلێ شاهـەنشاهە پاروە کرنا عەردێ ژێ‌هەرە، کو داهازێـدە ببەسەبەبـێ دلخۆشیا خەلکێ کوردستانێ،وەژۆسپی‌تی یاکاربدەستان.

(عەرد): عەرز: زمین
(بقەدینەن): بەژێ‌بکەـ: اجرا کند
(سەژا گرتن) جی‌باوازی: امتیاز
(ئاخ) : خاك : خاك
(پێ‌دەرپێ): یەك لەدووایەك: مکرردر مکرر
(داو) : داوێن : دامن
(پێ‌پەز): ژێرپێ: پایمال

## گوفتگویا مکمیلن وکندی

پەی ئالوزی‌یا ( لائوسێ ) وەتوند بۆنا خەباتێد کمونیستا لەوی والاتی، ژێبەرێد (بریتانیا وئامریکا) لازم‌دیتن، بۆمحکم کرنابتێد ژۆژئاوا، وەبەهوگرتناوان بۆکوتتاکرنا کاربار ومەسەلێدجهانی، هەو دیرا قسە کن.

بۆوێ هەفتا چوپی‌دا (هرولدمکمیلن) سەرەك‌وەزیرێ بریتانیا وە(لوردهوم) وەزیرێ کاربارێ دەروایێ وێ‌دەولەتێ چۆن‌واشنگتنێ،وە گەل(جان کندی) سەرەك جمهۆروە (دین‌راسك) وەزیـرێ کاربـارێ دەروایێ ئامریکا دەست بگۆفتگۆیا کرن.

ژسەرێ هاتنا(کندی) لەئامریکا سەرحکومەتێ، ژگۆفتگۆیـا ئامریکا وشۆرەوی زەحف بەس دبۆ، وەتـەوری، هنەك کاغـەز دنـاوبێینا (کندی وخروشچوف) دازەدۆ بەدەل‌بۆ، وەبالیۆزێد هەردو، دەولەتا لە واشنگتن‌ومسکوێ ژێ، گەل‌کاربـدەستێدوزارەتا دەروایێ دەولەتێك لێ‌نەدەست بقسەکرنێ کرن.

دەولەتا بریتانیا تەڤی‌ڤان گوفتگۆیا نەبۆ،وە، ووسادهانەخۆبان کوئامریکا وشۆرەوی دکن، بێ‌پێ‌چوکەـا هنەك گۆفتگۆیا لەدۆربە رێ‌مەسەلێد دونیایێ بهەورا دەرباس کن، وەهنەك تەسمیمان بگرن.

ئەڤ‌مەسەلە، بۆسیاسەتمەدارێد بریتانیێ ووساخۆش‌نبۆ.

بگوژبۆنا خەباتێد کمونیستا لەلائۆسێ فەسال کەتە سیاسەتمەدارێد بریتانیا، وەلەچاخێك خەبەر بێژیا وژادیۆیان وژۆژناما، کـرنە دەنگی کوئۆخورما لائۆسێ‌سولحا جهانێ‌دکەخەتەرێ، دەولەتابریتانیا یادداشتەك‌توندشۆرەوی راشاند وەبوێ‌دەولەتێ‌ژا حەساندن، کوهەگەر کمونیستێد لائوسێ‌را کۆمەکێ‌بکە. دەولەتا بریتا یایێ ژپـەکتی‌یا ( ئاسیا باشۆرا ژۆژهلات ) بخوازە، کوبۆپێشی گرتنێ ژخـار وبەژا کمونیستا لائوسێ‌دا، فکرێد لازم‌بکە

هەرچەند دەولەتا شۆرەوی، قەبۆل کر، کولەدۆربەرێ‌مـەسەلا لائوسێ، جڤانەك وارەدانین‌وە گۆفتگۆ وارە کرن، لێ‌بەلێ،ئالۆزی‌یا لائۆسێ بۆسەبەب، کو گوفتگۆیا ئامریکا وشۆرەوی نەبـە، وەبەلکی ئامریکا وبریتانیا دەست بگوفتگۆیێ بکن.

ژێبەرێد ئامریکاو بریتانیا لەواشنگتنێ زێدەتر لەباراتفاقا ژۆژ ئاواهەمبەرێ جهانا کمونیستدا قسە کرن، وەڤێ یە کێ‌دا، ژنـدبهەو گرتنە.

ئەوان هەژی، لەبارا مەسەلا لائوس، برلن، وەئەندامیی‌یا چینا کمونیست لە کۆما مللەتێدیەك بووپیی بهەورا قسە کرنە.

هاتی‌یە گۆتن، بارالائوس وبرلەنێ‌دا، ژێ‌بهەو گرتنە، لـێ‌بەلێ ئامریکا هەرووسا، بئەندامیی‌یاچینا کمونیست کۆماملەتێدیەك‌بووپیی دانەیاریێ‌دکە، وەسەرڤێ‌یە کێ پێ‌دکوتە.

ژئالیی‌یەکیی‌دی بالیۆزێ بریتانیا لەمسکوێ گەل‌کاربدەستێد وزارەتا دەروا شوورەوی گۆفتگود کە، وەڤێ گاڤێ بریتانیایێ‌راتەلاشێ دکە، کوهەر جی‌یاك‌ببە، دەستێ ڤێ‌دەولەتێ تـەڤ بـە، وەهەرچی‌یاك بێ‌پیی‌تەڤ بووناوێ وارە کرن، نهێلە.

تەسمیما پرزیدنت کندی سەرەك جمهووری ئامریکا بسەفـەرا فرانسەوە گۆفتگۆیا وی گەل ژنرال دوگول سەرەك‌جمهووریێ‌فرانسە، دیسان‌دەستا ژۆژئاوا خورت کری، وەنیشان‌ددە، کوئامـریکا بێ‌پیی دەولەتێد ژوژئاوا گەل‌شورەوی‌یان گۆفتگۆیێ ناکە.

لەسەرەهو، مرۆڤ دوکارەبێژە، کوهەرچـەنـد سیاسەتمەدارێـد ئامریکا، سەرێ‌حکوومەتا کندی‌دا خیال‌دکرن، کودوکارن، بۆ کوتتا کرنا هنەك بەرە کیی پێدژۆژهەت وژۆژئاوایەك‌ژاست گـەل‌شوورەوی یان‌قسە کن، لێ‌هەما، پاشیی ئۆخورما لائوسێ‌ئەڤ فکرا ژناو چوویە، وەنهۆیا زێد،سیاسەتا ژۆژناڤاخودان ئەهەمیی‌یەتە.

(پەی) : دووا : دنبال
( زەحف ) : زۆر : بسیار
( تەوری ) : تا : حتی
( تەڤی ) :خوخستنەناو : داخل

ماوەل٦

کوردستان

## بەشی سنەیی

وەرگێڕ : ا. مفتی‌زادە

# قانون ئیصلاحات ئەرزی لە کوردستانا

لەئەووەڵ ساڵ تازەو،عینایەت مەخصوص‌شاهەنشا، ژۆی کـرد-گسە ناوچەگەل کوردستان. بە دەستوردەولەت جەماعەتێ‌چۆ گنە. سەئێران کەقانـوون ئیصلاحات ئەرزي لە کـورد،تانـا ئیجرا ، وەنەزارەتی بکەن .

ئێمە لەوەخت خوەیا لەبارەی فەوائید ئیجتیماعي ئەم قانوونـە موتەرەققی‌یانەو ، باسێ‌موفەصەل-أمان کرد گە، وەئیسە کەبەفەرمان شاهەنشا، ئەوئیمتیازە دریا گەسە کوردستان کەئەووەڵد فەعەلەینەڎا ئیجرا بکر گێ، لازمە ، لەتەرەف خوەمان و تەواو ئەهالیی شادۆس کوردستانەو،مەراتیب تەشەککورو سپاسگوزاري خوەمان بەئاسانەی شاهەنشا تەقدیم ، وەلەتەوەججوە مەخصووص بەوناوچەتەشەککور بکەین .

ئەهالیی کوردستان، بەشایەتیی تەئریخ،لەهەزاران‌ساڵ‌لەمەوبەرەو، عەلاقەوبەسیاگیی نەبریاگ‌خوە-یان‌بەوەتەن خوەشەوپس‌یانێ‌خاك پاك‌ئێرانەو، هەزاران دەفعەنیشان دا گە، وەلەئـاگر ئینقیلابـات و کوورەی پێشامەدگەلا،وەك‌تەلای خالص‌،بێ گەردیان پێ‌هاتگە، وە گەوهەرووجـوودیان، لـەلاپەڕە-گەل تەئریخ ژۆشن وەماتکـەر چاوتەماشا کەرگەل بووگـە . ئەگەر بەعزێ‌جار، کارگەل‌نادو-روسێ لەبڕێکیانەو بینیاگە، یا بەخیلەتانن وهەڵخڕانن‌دێگەران، یالەنەزانیی حاکم گـەل‌بووگە؛ ولێ‌بەعەقیدەی‌ئێمە،نەبوون‌عەدالەت ئیجتیماعیی، وەدووري‌بەین دەولە-مەنڎگەل وتەبەقە گەل‌ترا؛ بوو گەسەبابیس‌هەڵزنگیان‌وسەرپێچی مەردم کوردستان، بەتەبیعەت مەردمێکن قانعوبوردەبـاروخوا-ناس‌ووەتەندۆس،مەردمێکن‌خوێن گەرموئیحساساتیی، کەخوێن‌سەردي

وبێ‌مـەیلیی‌کار بـەدەسگەل خاتر باصەفایان ئەڕەنجێنێ؛ هەروا کە کەمەحەبەت‌ودۆسیی‌لەدڵ‌پاکیانا، وەك‌جادۆکارئەکا،وەخاسیی‌وچیهرە، بانیی‌یان لەبیرناچێتەو.

ئەگەر بەوجۆرە کە شاهەنشا گەرە کیانە؛ قانـوون ئیصلاحات ئەرزي،بێ‌تەبعیز وتەرەفداری ما-لکگ ل بەدەس مەئموور گەلێ بێغەرەزو، کەنەچنەژێر وەزیراییی‌و ژشفەت، ئیجرابوێ،وەجەماعەتێ بۆنەخاوەن ئاووزەوي بـەقینەن هەرگیز گۆڵ بێگانەگەل‌ناخوەن وە بەمەراحیم ئەولیای ئوموور ئیمان پەیڎا ئەکـەن، وەحیسس شادۆسیی ووەتەن خوازي ، لەدڵ ئەوانا صەڎبەرابەرئەوێتەو.

ئەساس کارئەوەسە کەمەئموور-گەل‌دەولەت بزانن وحالیی‌بۆن، کەزاهیرسازي وسەرهەم‌بەندي و ژشفەت گرتن وتەرەفداري خاوەن مولك گەل لەوناوچە حەسساس و مەرییەڎا، غەیرخەیانەت‌بەشاهە-نشاو وەتەن چتێ‌نییە،ووەوسەئەوە کەدەسەڵاس، صەدهاهەزارنەفەر لەڕەگەزپاکترێن ونەجیب‌ترێـن ئەفرادئێران‌بخەنەداوێنەی‌بێگانە-گەل .

ئەڵبەت هەرگیز ئیتتفاقێ وا پای‌ناکەفێ؛ ولێ مەنزوورئێمە ، ئیعلام خەتەرە بەدەزگای‌دەولەت کەنەوامەئموورگەل‌ئیجرای‌قانوون ئیصلاحات ئەرزی حوابەخوابە ، لەڕێگەی عدالەت لا بـەن، ئەبە غەیرئەوزەمەریچە، خەلك ئەستە-نگەل‌ترئێران، بەدەزگای‌دەولەت بێ‌باوڕ ئەکا .

لەم‌بارەو، ئەشێ هۆشیاێ‌ێێن میللەت وئینتیقام خوابکرگێ ، کەمەنافیع حەقیقیی میللەت و تەبەقەگەل خوارگ‌پامال نەێ، وەبەوجۆرە کەشاهەنشاگەرەکیانە، ئیصلاحات ئەرزي ئیجرابوێ، تا بونەبابیس زیاتربوون‌عـەلاقەی مەردم شەریف کوردستان بەوەتەن خوەشەوپس،وەزۆچەرمگیی‌مەئموور-گەل‌دەولەت،

# ووتوویژ مەکمیلەن و کینیدی

بەشۆن بوحران لائوس وتون‌ۆن تەلاش کوموونیستگـەڵ لەو خاکەڎا ، ژەهبەرگەل ئینگلیس‌و ئیمریکا لازمیان‌دي کەبۆمەحکەمي موناسەبات‌و هاودەنگي غەرب لەحەلل‌وفەصڵ‌مەسەلەگەل جەهانیی‌دـا دەس بکەنە ووتوویژێ . هەربەوبۆنەو حەفتەی بگردگ هـارۆڵدمەك میلەن‌نەخوست‌وەزیروەلوردهیوم‌وەزیرخارجەی‌ئینگلیس‌چۆنەواشینگتون وە دەسیان کردە ووتوویژ لەتەك ژەئیس جومهوورو وەزیرخـارجەی ئیمریکادا .

لەئەووەڵ هاتنە سەرکارجان کینیدی‌یەو، لەئیمریکاڎا، باس‌فـرە ئەکریا لەووتوویژدو تەرەفەی ئیمریکاو ژۆسەو ؛ تەنانـەت کینیدي‌و خوروشچوف، نامەگـەلێکیچیان ناردبۆیەك ، وەسەفیرگەلیان ، لەتەك مەقامات وەزارەت خارجەی یەکترا ، دەسیان کردە ووتوویـژ . لەو ووتوویژگەلەڎا ، صەڵ ئینگلیسیگە ، نەبوون‌ورایی‌ادبۆ،گەئیمریکاو ژۆس گەرەکیانە بێ دەخالـەت دیگەران ، لە بارەی مەسەلـەگەل جەهانیی‌یەوبێژێ ووتوویژبکەن، وەتەصمیمگەلێ‌بگرن سیاسەتمەدار-گەل ئینگلیسی، کەهەمیشە کامینۆلس،بەعامیل‌گەورەیێك‌لەسیاسەت جەهانیی‌ا ئەزانن، خوەشیان لەومەوزوعەنەئەهات . بەتوز بوون تـەلاش کوموونیستگەل لـەلائـوسا ، خاسەت خاسێ کـەفتە دەس‌دیپلوما-تگەل ئینگلیس؛ وەهەرئەووەختە کەخەبەرگوزارش گەل‌ڕادیوگەل‌و ژۆژنامەگەل ئیعلامیان کرد کەبوحران‌لائوس،ئاشتی دنیانەخاتەخەتەر دەولەت ئینگلیس یادداشتێ‌تونی ناردبۆژۆس ، وەئیختاری پێ کرد کە

## لاپەڕەیی بۆ هەموو جار

ئەگەر کۆمەك بکاتە کوموونیستگەل‌بۆئەنجام نەقشەکانیان، دەولەت ئینگلیس ئیت تیحادي‌یەی ئاسیای جەنووب شەرقي بانگ ئەکا ، کە بۆجلەوگیري لەلنگداران کوموونیستگەل لەلائوساتەصمیم لازم‌بگرن. هەرچەنڎ ژۆس موافەقەتی کرد بۆووتوویژو تەشکیل‌دان کومیسیۆن مەخصووصێ لەبارەی لائووسەو ، وەلێ بوحران لائووس بووەبابیس ، کەووتوویژ بەین‌ئیمریکاوژۆس‌بفەوتێ،وەووتوویژ ئیمریکاوئینگلیس شوروع‌بوێ . ژەهبەرگەل ئینگلیس‌وئیمریکا لەواشینگتونا ، فرەترلە بارەی لوزووم یەکیەتي‌غەرب لەبەرابەردنیای کوموونیستەو، ووتوویژ ، وەتەوافوقیان پەیڎا کردگە . مەسەلەگەل‌لائووس‌وبیرلەن‌وعوزوویەت چینیچ لەسازمان میللەلا ، لە مەسەلەگەل جێگەی باس مەکمیلەن‌و کینیدي ودووەزیرخارجەکانیان‌بۆگە .

وێژریاگە کە لەبارەی لائوس وبیرلەنیچ لـە فرەبارەو تەوافوق هەس ؛ ولێ هێشتا دەولەت ئیمریکا ، لـەبارەی، عوزوویەت چین کوموونیستەولەسازمان میللەلا ، سەخت موخالەفەت ئەکا . لـەلایێك تریچەو سەفیرئینگلس لەمۆسکوا ووتوویژ لە تەك مەقامات وەزارەت خارجەی ژۆسالەبارەی‌لائوسەوئیدامەێ ئەڎا ، وەلەواقیعا ئەشێ‌بێژین کەئیسە ئینگلیس گەرەکیە بۆحەل‌وفەصڵ‌مەسەلەگـەل جـەهانیي ، ئیبتیکارکا بگرێتە دەس، وەلەهەرتەلاشێ‌لەم بارەو، بێ‌بوون‌نمایەندەی خوەی، جلەوگیري‌بکا .

تەصمیم پرزیدێنت کینیدي ژەئیس جومهوور ئیمریکایچ بـۆ سەفەرفەرانسە ، وەوو ووێژ لە تەك ژەئیس جومهوور فەرانسەڎا کـە دووای تەحەووولات‌لائوس گیریاکـە جەبهەی سیاسەتمەدارگەل‌غەربی مەحکەمتر، وەئیحتیمال موزاکەرەی ئیمریکاو ژۆسی ، بـێ‌بـوون نمایەندەگەل دەولەتە غەربی یەکانتر، زەعیف کردگەسەو .

خولاسەئەتوانین‌بێژین کەهەرچەن سیاسەتمەدارگەل‌ئیمریکایي لەئەووەڵ زەمامداري کینیدی‌یەو وایان ئەزانی کە بڕێزێنەوەی‌ژێ لە ئیختلافات خوەرهەڵات‌و خوەرنشین ئەتوانن‌یەکڕاس لەیەك‌ژۆساووتو وێژبکەن، وەلێ‌دووای بوحران لائوس ، ئەم خـەیاڵە ، قـووەتو ئیعتیبار خوەیی لەئیمریکادا لەدەس‌داگە ، وەئەوە سیاسەت یەکیەتي خوەرنشین فرەتر،وە گە سە جێگەی تەوەججوە .

### ماوەی کوردی شمال

ماوەی‌ل١

(دهاتەخوویان ) : دیاربوو — معلوم‌میشد

( فەسال ) : هەل : فرصت

( خەبەربێژی) : هەوال‌دەری : خبرگزاری

(شاند ) : نارد : فرستاد

(ذاحەساندن) : ئاگادارکرن : اخطار کرد

(خاروبەز) : : تاخت‌وتاز

( جڤات ) کوبۆنەوە : کمسیون

(نەیاری ) : ناحەزی : مخالفت

( تفاق ) : یەکیەتی : وحدت

( خورت ) : بەهێز : قوی ومحکم

بنکەی ژین
www.zheen.org

کوردستان

## بەشی هەورامی

وەرگێڕ: م.ص.مفتی‌زادە

لاپەڕەیی بۆ هەموو جار

## قانون و اصلاحات و ئەرزی

جەسەر-تا وسالێ‌تازینە‌عنایات و شاهەنشای‌زووەش کەردە لاو کوردستانیۆ؛ بەدەستوورودەوڵەتي دەسێوە پەی کارووستەیو قانونو اصلاحات‌وئەرزي‌اوێ‌پەی‌ئاوەڵانیە، کەئاقانونیەووزاکار.

ئێمەجەوەختووێشەنە کەڵك وقازانج وئاکارە خاسەیمانە وەڵاو کەردەنەوە .

چێ‌وەختەنە کە بەفەرمانەو **شاهەنشای** ئاقانونە پەی‌ئەوەڵ جاری جە کوردستانەنەووزیان کار، بەلازمش مزانمێ کە جەلایەنو وێماو گردو کوردەکاوە، سپاس گوزارپووێما بەپێشگاوشاهەنشای پێشکەش کەرمێ.خەڵکو کوردستانی بەشەهادەتو تاریخی‌جەچەند هەزار ساڵێ‌چێ‌وەلیەنەتائیسەدا لەگەرمێ‌و- ووێشا بەخاکوپاکو ئێرانی‌نیشانە دان، وەجە گرد بشێویوەنەوەتەنو وێشا پاراستەن.

ئەگەر گاهێوە چادێشاوەکار یوە کەوتەبۆرە، یابێگانە کاهور- شاخز نێنێ،وەیابەبۆنەونەزانکاریو ژابەرەکاوەبیەن.

خەڵکو کوردستانی‌خەڵکێوە قانع‌وبوردبارو خوداپەرەست و شادۆس ووەتەن پەرەستێنێ وەفرە جار بێ‌مەیلی وبێ‌مەوبالاتیی و وفـ... هرمـــان ژمواکابییـەن بەسەیەبو ئانەیـە کـە دلوپاکو ئادێشا گەردە گیرۆ ، وەلێ هیچ وەختێوەخاسي‌ومیهرەبانیشاو پـر مەشۆوە .

ئەگەر کاربەدەستە کاردەوڵەتی وەر وەرو ئاماجەکاو **شاهەنشای** هەنگامە هۆرگیرا،وەمالکە کێ، بەزنەئ تومێمانداري گوڵشانەدا، وەحەقوهیتیارەکاو ڕایەتەکاچێر- پانە کەرا، وەئاذێ‌چێ‌بابەصاحیبو-

زەمین‌وئاوی،بێ گومان‌شاپەرەستي- ووەتەن‌دۆسیی‌وخەڵکو کوردستانی چەندبەرابەربۆوە.

ڕاستي‌و کاری ئێمەنە کەکاربە دەسەکێو د وڵەتـی هشێۆ بزانا ئەگەرجەبەشکەردەو زەمینەکا- دلیوهیتیارەکانە، دەس کەزاژشەئەت واردەی،وەچامەڵبەندە سەرحەدێ-

بەنە چەپەلکاري جەوێشاوە،نیشانە بدا، پێسەنە ئانەیە، چەندەزارێ جە کوردا؛ بێدەسو بێگانەکاوە ، دیارا پاسەکارێودهیچ‌وەختێوە مەقۆمیۆ، وەلێ مەزۆر ئانەنە کە کاربەدەستە کێ‌ەۆشا وێشاوەبۆ، جەئەنەکارووستەیوقانونو اصلاحاتو ئەرزي‌یەنە.عەزاڵەت‌جەدەس‌نەدا.

وەپاسە کە **شاهەنشای** گەرە کشا ئاقانونە گنۆکار،وەجە کوردستانو وەڵانەکاوتەرو ئێرانیەنە ، حەقو خەڵکی‌ناتەوانی دلێنەنەشۆ،

ئومێدەوارێنمێ قانونو بەدش کەردیو زەمینی جە کوردستانە

نەفرەخاس گنۆکار، وەدەرستي‌و عەداڵەت وکاربەدەستەکاو دەوڵەتی بۆبەسەبوداگەرمێوفرەتەروخەلکو کوردستانی بەوەتەنو وەشەویستو وێشاوزۆچەرحەمەیوکاربەدەستەکا

م ص م

## هەفت بەندی هونەری نەمر

## خانای قوبادی

### بەندی‌سێ‌یەم

یاڕەب من‌بەندەی نافەرمان تـۆم
بێ‌پەروا چەشتوم عصیـان بێ شۆم
«الا لاشریك ! » وەرد فەریادرەس !
کەریم‌کارسازپەی بێ کەسان کەس!
چون من کوناکار مەینەت بە کۆیێ
چون تۆ پادشا کەرەم بـێ شۆیـێ
چون‌من‌نافەرمان جەطاعەت دوورێ
چون تۆپاذشا فەرد غـــەفوورێ
چون من‌تاوان بار خەتا عەزیمـێ
چون‌تۆصا حیوڕەحم عەتاعەمیمێ-
سەوگەند بەذاتت یەکتای یەگانە !
نییەن جەعەرصەی دەورزەمـــانە
مەعلوم بۆجەلات حەی‌ی تەوانا !
قەییوم قاییم قەدیم دانـــــا !
چونکە پەی عصیان دلێرم کەردەن
تەقصیرم جەحەذ خساب ویـەردەن
فیذای‌نامت‌بام‌نامت غەفـــارەن
بەخشندگیم عەفوتۆ بێشمـارەن
« یاعظیم‌الغفولااحصـی‌ثنـــــا »
ئەرتۆ بەتاعەت بیـەخشی کـونا ـ
ئەمرت مطاعەن ئەمرهەر ئەمرتۆن
بەڵام فـذات بام ساعطای‌تۆ کۆن ؟!
ئومێدم ئیذێن جە «طامەی کوبرا
بەئەڵتاف ویت نـەبەیعو شیـرا
«خانای‌خەم‌خەیاڵ‌خاترشاذ کەری
جەعەرصەی‌مەحشەرسەرئازاذ کەری
وەرنە بەذاتت جەلای ذاتـ ـــۆ
مەکـەرق زۆی حەشرمن‌شکات‌تۆ

## گوفتوگومەکمیلەن وکینەدی

شۆنەو بشێوە ولائوسیەرە، ڕابـەرە کێو ئینگلیس وئیمریکای پاسەشاخاس زانا کەوێشا چەنیو کومونیستەکاو ئاسەرزەمینیە نزیك کە راوە،وەپەی ئەوە کەردەیو لکەوبارو‌ئاوەڵاتیەهەنگامە هۆرگیرا؛ پابۆنە وەجەهەفتێ‌وەڵینینە «هەرۆلدمەکمیلەن»نەخوست‌وەزیر،وە«لۆردهیۆم» وەزیرو خارجەوئینگلیسی لوێ‌پەی‌واشنگتەنی، چەنیو«جان کینەدي» سەرکومار، وە«دین‌ڕاسك» وزیرو خارجەوئیمریکای‌دەسشا کـەردقسە کەردەی .

جەسەرەتاو سەروکار ئامایو کینەدي‌یەنەبەین‌وئیمریکایوڕۆسیە- نەقسێ فرێ کریێنێ؛ وە کەڕەتێوەیچ کینەدی‌وخرۆشچۆف کاغذشاپەی یوتەری نوۆسی، وەباڵیوزە کێیچشا چەنیووەزیرەخارجەکاوێسە کتری خەریك ووتوویژی‌بینێ؛بەڵام چێ‌وەختەنەئینگلیسەکێ وێشامات‌دابێ؛ پاسەدیاربێ کە ئیمریکاوڕۆس گەرە کشابێ وێشاتەنیا جەبارەومەسەلە کاودنیایەووقسێ کەرا

ئی‌کارەپەی سیاسەتمەداراو ئینگلیسی کەهەمیشە کە کامینوێلس جەسیاسەتو دنیایە نەگرنگ‌زانێنێ، خاس‌ناماوە وچەمی،

چاوەختەنە کە کومونیستەکێ‌جەلائوسەنەزۆرشاگرت‌ئینگلیسی بەهەلێوە گەوریش‌زانا، یادداشتێوە فرەسەختش پەی‌ڕۆسی کیاست کە ئەگەر کومۆنیستەکێ جەلائوسەنە جەبشێوەی‌دەس‌نەکیشا،دەوڵەتو- ئینگلیسی یەکیەتیو ئاسیای‌جەنوبی‌شەرقی چرۆ کەپەی‌جلەو گیریو دەس‌درێژیو کۆمۆنیستەکا جەلائوسەنەوەنەبریا.

باوە کوڕۆس پەی‌قسە کەردەی‌ودووەتەرەفەی‌وێش ئامادە کەردەبێ بەڵام‌بشێوە ولائوسی‌یە کەش وسە، وەقسە کەردەبوئیمریکا وئینگلیسی دەس‌پەنە کریا، ئینگلیس وئیمریکاوەلێو گردیەنە وەحدەتو غەربیشا جەورانوەنو کومۆنیستەکاوە، گرتەن وەروچەمی. وەهەرپاسەمەسەلێو لائوسی وبەراینی وئەندامیبیەیوچینی کومونیستی جەسازمانوملەلایە- نەیاگێو ووتوویژومەکمیلەنی‌و کینەدی بییان،

باڵیۆزو ئینگلیسی جەموسکۆنە خەریکو قسە کـەردەیا چەنیو کاربەدەسەکاو ڕۆسی جەبارەو لائوسیەوە .

ئینگلیس گەرە کشا سەبارەت بەمەسەلەکاي جهانی‌ي‌ویش‌تـەنیا کیشونەکا، وەجەهەرکارێوە کەبێ خەبەرو ئـادی کریوجلـەو گیري کەرۆ

سەفەرو نزیکو کینەدي پەی فەرانسەی دوبارە دەسوڕابـەرەکاو غەربی‌زۆردار تەر کەرۆوە، واحتمالو بەشدار نەبیەیوزابەرەکای تری‌و وەڵانە غەربی‌بەکاجە ووتوویژو ئیمریکاو.قسیەنە دلێنەبەرۆ

بەکورتی‌واچمێ باوە کو جەسەرەتاو سەروکارئامایو کینەدي‌یە- نەئیمریکایە کێ گەرە کشابێ وێشانەنیا چەنیوروسی دەس کـەراقسە کەردەی، وەمەسەلە جەهانی‌بەکا حەل کەرا، بەڵام‌بشێوە ولائوسی ئیرو باوەڕو ئیمریکایشە دلینەبەرد .

بنکەی ژین
www.zheen.org

کوردستان

## بەش کرماشانی

نوسیای: «سیدمحمدسعیدغیرت»

## لاپەڕەیی، ئەرای گشت جاڕیك

### کوردەیل بیشتر لە گشت تەشنە و نیازمەن ئیصلاحاتن

ئەگەر ئیوە وەوولاتیل کورد نیشین گوزەر کرن، لەتەمامئەو وولاتەیلەا هەر گوشە و کەنارولە هەردەرەودوقله یهات دۆر کەفتي دۆنین کەمەردوم کورد هەروەو ئەنداز کەلەبان بنەزەتعەقیدەی مەزهەبیی ئومید ارو ئارەزۆ ەەند (فرج ئاخرالزمان وە ئیصلاحات دونیا گرمحەدمهدی علیه‌السلام)ن، هەروەو ئەندازە تیشنەو ئارەزۆمەنڎ ئیصلاحات وەضعزینڎەیی دونیایی خوەیانن. دێهاتی کە تەنیا وە وەسیلەی کوەرەڕي سەنگلاخ و کوسانیی قاطرەو، دەسیان ڕەسێتە جادەی شوسە، فرە ئارەزۆمەندن کە ڕي خاس ماشین ڕەوداشتۆن؛ تابتۆن حاصیڵ خوەیان ڕاحەتتر وەشەهر بڕەسنن؛ یائەگەر نەخۆش دێرن بڕەسنەی دەکتور؛ وەهەر چنەومەدرەسەو دەرمانگاو نیشتمان خاس وحومام وبەرق وباقي ئەسپاو زینڎەیی خاس داشتۆن.

ئیوە لەئی وولاتەیلە وەهەر زیواروچۆیان تۆش باین، دۆنین کەدلی پڕلە حەسرەت ئی چشتەیلەسە، کەلەگشتی گەوراتر دروس بۆن ڕی ومەدرەسە وبهداشت و فەراهەم بۆن کاروکاسبییە. ئیوە کەئی ئارەزۆەیلە وە چاو خوەتان دۆنن ئەگەرپیش ئەزیە (زۆرەیل جەنگ بەینولمیلەلی ئەوەل) گوزەرتان کەفتوێتەئی مەناطیقە، ئیسەیشە لەورەیلە عبۆر بکەن دۆنن کەلەئی سی چل ساڵە لەنەتیجەی ئەمنییەت ئاوایی فرەیك وەدەس هاتیە ڕێ شوسە، مەدرەسە وەچشتەیل ترەس، وەجۆری کە نییەووت بۆشین، ئێرە ئەووولات خراوە وقەحطیی زەدەسە؛ چونکە تائەورە کەوەضع عموّمی کیشوەر ئیران، وەهەرچنەووەضع دونیا ئیجازەداس، لەئی مەناطیقە کۆشیش فرەیك ئەڕای ئاوایی کریاس، کە مەردوم ڕاحەتوخوەش بۆن؛ وەلی ئەوە لیائامادەیی وشایستەیی فرە فراوان طەبیعي ئی وولاتەیلەوەلەوە گوزەشتي بلنڎ پەروازي وڕغبەت فرەو قەوي کوردەیل بیشتر لەوەسە، کە وەئی ئیصلاحاتە کەر کریاس، سێر نەوۆن. گشت توان کەدهتر دشواری. یەیل گوزەشتي زینڎەیی لەئەو مەناطیقە نەمێنێت. ڕێ یەیل گشت شۆسە ۆن، مەردموە ئاسانی دەسیان بڕەسێتە شارسان؛ مەدرەسەو بهداری لەدەسڕەسیان بۆت؛ وەضع ئەبزار ئەروای ئاڵشت ۆت؛ لە قەصەبات و دێهات مەدرەسە فرەتر بۆت؛ دەرمانگا دروس بکەن؛ سەدبەنڎی و بەرق وکارخانەو کاروکاسبي فەراهەم بۆت؛ تامەردوم دەسیان بڕەسێتە زینڎەیی ئی زەمانە. نیشتمانەیل مەردوم لەدێهات خاستر و بۆت؛ یانەسەوەزاران ئیصلاحات ترجۆر یانە، کە زۆر وە زۆر فرەتر وبۆت.

خوەش بەختانە کوردەیل زانن کە: لەئی زەمانە کیشوەرهالەبان شاڕای پێشڕەفت؛ وەدونیای صەنعەتیش کومەك کەت، وەشو کرخودا، کە: هاڵ وهەواڵ ئیجتماعي ئیرانیش لەهەرباوەت ئەڕای وەعەمەلهاتن ئی ئارە زوەیلە موساعیدە.

ئومیدوارم هەرچي زۆتر ئیمە وەئارەزۆەیل خوەمان ئەڕای ئاوایی کوردستان وڕاحەتي ئەومەردوم دۆرکەفتي یە بڕەسیم.

### (جغرافی)

### زەیوگرایی سنقر و کولیایی

-٧-

یەبۆن بڕی لە جوغرافي وهاڵ وهەواڵ سونگورو کولیایی، کە ئیمە لەئی چەنڎ شومارە نۆسایمنو، وە نەظەرتان ڕەسی. ئیمەلەئی نۆساینە بەش گەورایك لەمەناطیق کوردنیشین کەلەجهەت تاریخیی و ئیقتصادي وطەبیعي فرە بائەهەممیەتە تائەورە کە مومکین بی، ئەڕاتان شەرح دایمن، وە خەوەرەیل فایدەداری نیسبەت وەئەوە نۆسایمن.

مەنظور ئیمەلە نۆساین ئی جۆرهاڵ وهەواڵەیلە هەرئەوەجۆرە کە «مقدمە»ش نۆسایمن، ئەوەلیا خزمەت گەورایك وەجوغرافیی وەطەنمانە؛ ثانیەن ئەڕای نیشان داین وناسیاین براکان کوردزوانمانە کەوەعەقیدەی ئیمە لازمە یەكتری لەهەرباوەت بناسن، وە لەهاڵ وهەواڵ یەكتر باخەوەر بۆن. لەووولاتەیل کوردنیشین ولە عەشرەت وطاییفەی برایی خوەیان وە گشت خصوصییەت ئاگاهیی حاصیڵ بکەن؛ چونکە وەعەقیدەی ئیمە مەردوم یەك میللەت بایەس هەرچی بیشترهاڵ وهەواڵ یەكتری بزانن؛ خاس و حیساوي یەكتری بناسن؛ چونکەووەسیلەی ئی ناسینەسە، کە: لەناومەردوم یەك میللەت حیس خاس ناسین فەراهەم تیەت؛ وەئەگەر بەدزانیی وبەددلیی لەبەین هەس، لەناوچێت. وەهەمین کەوە وەسیلەی مەدرەك زینڎي بەکترین ناسین، ئەوبەدزانین وسوءتەفاهومەیلە لەناویان نیەمێنێت. کەم کەم برایی خوەیان تێرنە وبروقایمیی کەن.

کوردەیل ئەگەر یەك تری بناسن، وەهەڵ وهاواڵ ئیمانیی وڕۆحیی یەكتری بزانن، گشت وەئی ئەصلە پەی بەن، کە هاودەس وهاوقسەو هاوزوانن، وەدلخوای گشتیان، ئیمات کردن ڕوەش ڕاسیی وصەداقەت باوکایان، حیفظ ئاووخاك وئیستقلالە.

ئیمەلەئی بەشە ئەگەر نۆسایمن، مەسەلەن لەمەنطەقەی کولیایی هەرچەنڎ کورد سونیی مەزەو کەمن، وەلی صەدهاساڵە بدۆن کەمترین سوءتەفاهومی لەلای دەس براکان شیعیی خوەیان لەمونتەهای عیزەتو موحەبەت وبرایی زینڎەیی کردنە؛ وەیائەگەرڕۆژی چنەوحەقیقەتیك ڕاجع وەمەنطەقەی تر کورد کەشیعەنگای ئەهل سونەتە، نبۆسیمن، یەك حەقیقەت وڕاسیی بەیان کریاس. وەمەنظورئیمەیەسە کەموحەبەتو وبرایی طەبیعیی کوردەیل بخەیمنەو یروثابت بکەیمن کەتەربیەت برایی ئیسلامیی بیشترلەهەر کوورە لەناو کوردەیل ئیجرا کریاس، چونکە ئیستعداد کوردەیل ئەڕای برایی وموحەبەت بیشترە.

وەئەگەر ڕاوڕەسم باستانیی کوردەیل کولیایی نۆسایمنە، ئەڕای ئەوەسە کە: باقی براکان کوردبزانن کەهیمان ڕاوڕەووشت قەییم ئاریایی لەناوئی مەردومە جاوێدان وزینڎي مەنییە.

ئیمەهەرگیز نەتواستیمنە هاوفیکريووەك ڕەنگیی درۆیی لەبەین طەوایف کورد دروس بکەیمن؛ بەڵکی ئەوە کە حەقیقەت وڕاسیی یە، وە ئیسە زینڎي یەو، وەچەودۆنیمنەی، ئەوە بەیان کەیمن. تابزانن«ئەصل تەساموح مەزهەبیی» کەیەکی لەڕە ووشتەیل پەسەندیدەی ئەخلاقیی و تەمەددونە، لەبەین ئیمە وەطەورطەبیعیی وفیطري ئەنجام دریاس.

وەهەرهاڵ؛ ئیمەلە ضیمن نۆساین هاڵ وهەواڵ سونگورو کولیایی وینەیەکی لەئی هاڵانەلە ڕۆژنامەی خوەمان بەیان کردیم وە لەخوداوەنڎ کومەك توایمن کە لەشۆنی، هاڵ وهەواڵ باقیی وولاتەیل کوردنیشین هەروەی جۆرە بنۆسین.

ئینتظارمان ئەوەسە کە: براکان کوردمان لەئی باوەتەیلە ئەگەر هەڵ وخەو ری دێرن، گەرد عەکس ومەدرەك ئەڕامان بنێرن؛ کەوەناو خوەیان دەرجی کەیمن؛ ئیمە خوەمانیش لەشۆن ئی مەقصوودە کۆشیش فرە کەیمن.

## ریزەکاریی

**١ـ نان بەنرخی زۆر خواردن**: بەپێی هەمۆ چەشنە پێویستێك گەڕان، مەبەست ئەوەیە، کەپیاوێ یەك پاڵۆلەسەر بارێکەوە ڕائەوەستێ؛ تەنانەت ئەگەر دوێنێ نانی، بە کیلۆیێ تمەنێ کڕیبێ، ئەگەر ئەمڕۆ ئەو نرخە بگۆڕێ، لەبەرداهاتن بەنرخی دوێنێ لەوانەیە کڕینی نانی لەبەر چاو گران بێ، بەڵام پیاوی ژیروخاوەن تەدبیر بەهیچ شتێ خڵە ناگرێ؛ وەهەر ڕۆژێ لەگەڵ موقتەزای ئەو ڕۆژەدا ئەگەڕێ؛ بەچەشنێ کە ئەگەر نان (کەبۆژیان شتێکی پێویستە) هەرڕۆژێ نرخێکی بێ، کڕینی لەبەرچاوی گران نییە.

کەوابێ هەمۆ چەشنە پێویستێکی ژیان شو بهێنراوە بەنان، وەبارە جۆراوجۆرەکانیان بەنرخی نان، وەتەوانایی سازان لەگەڵیان بە کڕینی نان بەهەر نرخێ کەبێ.

**٢ ـ موڵەنوکی زمانەوە دەرهاتن**: لەبارەی مەبەستێکە وە زۆردووین ودوبارە کردنەوە.

ماوەی ١١

## فرمیسکی

ماوەی ل٤

و- بەڵی ژۆلە گییان لەژیبانما لەسەرەتای جوانیمەوە تائێستاتاڵی و سۆڵی زۆرم چەشتووە بەلام هەموو ئەوانەم خستووەتەپشت گوێ ؛ وەداهاتوییەکی ژوناك و شیرینم گرتووە تەپێش چاو، وەبەوهیوایەوە هەموو تاوتاڵی و سۆڵی یەم خستووەتەپشت پەردەی فەراموشی .

پ- مامە گییان ئەگونجێ پێم بڵێی بزانم ژنت هەیەیانا ؟

و- بەدەم پێ کەنینێ کەوە کە هەزاران شتی لێ ئەفامرایەوە کوتی ئەی چۆن بەڵی ژنم هەیەوژنێکیشم هەیە کە هۆی کامەرانیمە، هۆی دڵخۆشیمە. هۆی ژەحەتیمە گوڵی باغی کامەرانیمە ، غونچەی هیوام بەهەوای ئەوئەپشکوێتەوە شەریکی شاڵیمە بەبادەری غەمەمە ، پێك هێنەری ژیبانی خۆش وئیسراحەتی شەوورۆژمە. ساریش کەری زامی ژۆژگاری ژابووردومە ، داکی کوڕو کیژەکانمە نەنکی کوڕەزاکانمە، ئەوەندەم خـــــۆشەوێ خوواخووامە زۆلەدەرەوەکارم دووایی بێ وەبچەماڵـەوە بۆلای ، وە بەلایەوە پشووبگرم .

پ- مامە گییان چەندمنداڵت لەوژنەهەیە ؟

و- چووار کوڕوچووار کچم لەوژنەهەیە !

پ- ئیتر منداڵت لەژنێکی دیکەت نی یە. ژەنگی تێك چوو هەناسەییکی هەڵ کێشا .

و- بەڵی لەژنی پێشووم کە ڕەژگاری دەورەی جووانی لێ کرد مەجـەهەنم کوڕو کچێکم هەیە ! ماوەی هەیە ،

ماوەی هەیە

---

**هەزارویەك شەو** ٣٨٥

خەفەت ، جوانی بردوم بەتـــــالان
کـردومی وێڵـی شاران ومــــالان
مەردپـــــداری تۆ بگابـــــەدادم
ئـــەرنە لە جەوری دوری بەربــــادم

وەلەدووایی نامە کەیانوسی، کە :ئەمە لەلابەن دوڕ کەوتولەنیشتمانەوە،نزهةالزمان بۆلای پاڵشای زەمان ملك نعمان پێشکەشە، لەپاشان نامە کەی تۆلە کردودایە دەستی بازەرگانەوە . بازەرگان نامە کەی وەرگرت وماچی کردوخوێندیەوە، وەلەمانا کەی تێ گەییشت وزۆر کەیف خۆش بـوو، وە ووتی: بەقوربـانی ئەوخوڵایەبم کـە تۆی بەدی هیناوە .

(کەچیرۆك گەییشتەئەم جێگا ژۆژ بووەوە،وەشەهرزاد قسە کەی پچری)

# کەشەوی پەنجاو حەوتەم هات

شەهرزادووتی: ئەی پاڵشای بەختیارا! کاتێ کەبازەرگان ووتی : بەقوربانی ئەوخوڵایەبم کەتۆی خەلق کردووە؛ وەپایەوپلەی نزهةالزمانی ناسی، زۆر بەڕێزی گرت ئێوارەبازە گان نۆ کەری نارد بۆبازار، نان وپێ خوری کڕی وشێویان کر .لەپاشان کاتی نووستن بازە گان لێفـەودۆشە کەوسەرینی هەورێشم وپەڕی قووی بۆ نزهةالزمان داخست؛ وەبۆخۆیشی بەتەنیانووست؛ بەیانی بازەرگان هەڵساو نـزهةالزمانی لـەخەو هەڵساندو ناردیە گەرماو؛ کەلە گەرماو هاتەدەرەوە جلی حەریر وزەڕی وتافتەی بۆهێنا؛ وە گوێوارەی زێڕو مرواری ودەس بەندی جوان وملوێنك و کەمەرە وهەیاسەی جەواهیر بەندی بۆئامادە کرد؛ وەپێی ووت : ئەم خشڵ وزەڕوزیوەرەبکە قەدی خۆتا،وەلەو کاتا

## مێژوی...

ماوەی ل٤

کەمێژوو تائەندازەیی ژۆشن بووەتەوە، ئێمەئەتوانین ئەوان بەسێ زەنجیرە بەش بکەین :

١- «گوتی»یەکان؛ لەژووناك بونەوەی مێژووەوەتا ٢٠٠٠ساڵ پێش لەمیلاد.

٢- «کـوسی» و «کاسیت»ەکان؛ لە٢٠٠٠ساڵ پێش لـەمیلادەوە تا ١١٢٥ پێش لەمیلاد، یانێ بڕانەوەی دەوڵەتی کۆسی (کاردونیاش)

٣- خالدي» و«مانناییی»یەکان؛ لەفرێدونەوە تا«دیاکـو»(کەی قوباد) نزیکەی (٩٠٠ تا٧٠٥ پێش لەمیلاد)

ئەم دەورە ، ژەونەقێکی نییە، وەلەحاڵی دەرەبەگی وخان خانیی-دا، ژیاوون.

باوەکوو لەم دەورانا،هۆزەکانی سوباري، نايري، میتانیی،موشکي، کەلە«گوتی»یەکان بوون، چەند دەوڵەتێکی زۆدار و گەورەیـان پێك هێنابوو، بەلام چونکوو ئەوان لە کێوەکانی زاکروسدا دەسەڵاتیان نەبوو، لەژزي زەنجیرەکانی ئێراندا نەهاتوون. تەنیا سنوری سوباری یەکان تا شووش ئەگەییشت، کەئەویش بڕێ لەزاناکان ناوی جوغرافیایـی جێگاو ناوی دانیشتوەکانیان هەربە«گوتی» زانیوە .

### مانای ووشەکان

| | |
|---|---|
| زۆرایەتیی : اکثریت | ئاوەز : عقل |
| خدە : عادت | وەدوو کەوتن: پیروی،تبعیت |
| زەنجیرە : سلسلە | دەرەبەگی :ملوك الطوائف |

# مەولودنامەی پەیغەمبەری

## ئیسلام حەزرەتی محمد(ص)

## دانراوی زانای بەناوبانگی کورد

**حسن هەرتووشی**

من ئەخوارو تێهپنی چوو ، «فی الحال»ژمن
طەیرە کی ، سپی هات وبەرمالیێ دمن
وێ دەمێ من بۆ « محمد مصطفـــــی»
نوور جان ومەعـدەنا صدق وصفـــــا
کردڤێتن هوون ژنارێ بن نجاة
بعەشق وشەوق، کهوون بێژن الصلوة
جوملە زەڕاتێ جهان دا ، نەق ندا
کرنە گازي پێکڤە، گۆتن مەرحەبا
مەرحەبا ئەی، سڕێ فەوقان مەرحەبا
مەرحەبا ئەی دەردێ دەرمان مەرحەبا
مەرحەبا ئەی جانێ باقی مەرحەبـا
مەرحەبا عوشاقێ ساقی مەرحەبـا
مەرحەبا ئەی عالی سوڵطان مەرحەبا
مەرحەبا ئەی کانێ «عرفان»مەرحەبا
مەرحەبا ئەی شەمسی تابان مەرحەبا
مەرحەبا ئەی جانێ جانان مەرحەبا
مەرحەبا ئەی «قرةالعین»ێ «خلیل»
مەرحەبا ئەی خاصێ مەحبوبێ جلیل
مەرحەبا ئەی «رحمة» «للعالمین»
مرحەبا ئـەنتە «شەفیع المذنبین»

م:ص:م

# بەشی مەولەوی

## پارچەی

٥٤

خوڎالیٚ خۆشبۆ: «مەولەوی» ئەمر لەم پارچەدا خۆی پەژیشان وزویر هاتووەتە پێش چاو، وەلە کردەوەکانی خۆی پەشیمانی بردووەتەوە، وەلەدووایی دابەهیوای میهرەبانی یەزدان دڵخۆشی خۆی، ئەداتەوە وئەڵێ :

ئەی دڵ لەپەریشانیدا لێوت پڕ لەبار ئەبینم، وەزۆر پەشێو ئەکەویتە پێش چاوم !

بیری کردە نالەبارەکانت تۆی کردووە بەباڵداریکی «مەلۆ» لەهۆش بردۆ ؛ تاویٚ بەلوتفی یەزدان هیواداری وتاویٚ ناهومیڎ؛ هیوا داری تۆ لە گیژلو کەی ترسیاندا ئەسوڕێتە .

ئەنجا بەخۆی ئەڵێ، نابیٚ تۆ بیروباوەڕیکی وەهادۆڵت بەیەزدان بیٚ چونکەدڵبەرهەمۆ دەمیٚ بەکوێرەی بیرو باوەڕی دڵبراو ئەجوڵیتەوە، ئەویش بەوچەشنەیە .

ڕابوردۆ تیٚپەڕی کرد ، بۆدا هاتۆت هەولیٚ بدە ' گۆرانی ویژو شمشاڵ ژەن وپیالە گیڕ کۆ بۆنەتەوە ؛ ئەستێرەی هیوات بتروسکیتەوە ، وەدماخت بەمانای «لاتیاسوا . . . » چاخ بیٚ؛ هۆشت بەدەنگی دفوگوێت بەناڵەی نەی ودەست بەشیشەولێوت بەپیاڵەی مەیەوە بیٚ؛ خۆشی وئاهەنگ و بەزم، باری خەفەت وپەریشانی بەسەرپشتی هەستی دابدا؛ مەی بنۆشەومەستیی خۆت بنوێنە؛ لەوکاتەدا بڵیٚ: ئەگەرسەبارەت بکردووەوەی چاك وەفام بەجیٚ نەهێناوە ، بەڵام لەدڵدا وەفام بەباوەڕ کردووە' هەروەها کە ئەڵیٚ :

دڵە تەبخاڵت وەلێومەوینـــــــۆن
حالاتت یە کجار پەشێو مەوینوون
کەردەنیش وەتەیر «هەلۆ» هۆش بەردە
ناکەردە کەردە، کەردە نا کە کەردە
ڕجات گابەی دیم گـا بەودیمـــەڎا
هانە گـــەردە لــــــــول باڎ بیمەڎا
های نە کەردە بۆت تۆیە کەردەت بۆ
یەیچە عەقیدەی وەدڵ وەردەت بۆ ـ
پەی چێش هەر کۆ وەصف وەش نگارانەن
چون عەقیدەی دڵدڵ ئەوکارانەن
تۆظەنت چێشەن ئەوپیچ بەوتەورەن
ئەرمەیلەن مەیلەن، وەرجەورەن، جەورەن
ویەردەویەرد هەولیٚ پـــەی بـــاقی
ئیمجار یەدەروێش، یەنەیچی، ساقی
ستارەی ڕجات هـــەردەم داڎ سۆ
دەمـــاخ شاڎ وەبـــۆی «ولاتیاسوا»
هۆش وەصەڎای دەف، گۆش وەنەوای نەی
دەس وەشیشەوە' لێو وەجـــام مـــەی
صەفا! جەفا دەر وە قەفای هـــەستی
نـــۆشا نۆشت بـــۆ بواچۆ مەستیی
وە کەردە وە فام ئەر گـــا ناوەردەن
بـــڵ نییەن وەفام وە باوەڕ کەردەن

# چووارقوژبن



**لابەلا:**

١ـ لەشکری بەهارهات ولەشکری ئەوی شکاند ٢ـ زۆری، نەماوە کە بیبێتەکاوژ ـ ئازاو بەپەلە ٣ـ جاران، گوایە، خاوەنی سمێڵی زل و گەورەش توانیویە ئەوەبگـرێ ٤ـ باڵویز ـ خانەی عەرەبیی ٥ـ پشپلەی هەورامی ٦ـ زەمیر ـ ێکی عەرەبی، کەدەروێشان گەلیٚ سەروکاریان لەگەڵی هەیە ـ تانەوتەشەر ٧ـ پیاوی ژیر، تائەوەی کاریٚ یاقسەییٚ نەشێلیٚ، نایکات ونایڵیٚ.

**بەرەوخوار:**

١ـ شێواوی بەردیکی سوروبایی دار ـ ئەڵین! ئەگەریەکیکیان لەئەوی تر بمێنێتە وەلوت و گوێی ئەکەن ٢ـ «صەگ»ەی کلك بڕاو ـ بەئەوەهانن یانیٚ : یاس بۆن و حەوصەلە نەمان ٣ـ وورشەو دڕۆشانەوە ٤ ـ پیتی کانیٚ کەشتیٚ لەئاسمانەی دەم ئەم دیوی گەروڎا گیر بکا ـ «پنە»ی پیٚ شکاو ٥ـ خەرمانی دووانەیان لەپیت وبەرەکەتدا مەشهوڕە ٦ـ زۆر، تائەوەی لەگەڵ نەبیٚ، بەدەردنا خوا ـ نیوەییٚکی شەقامی دەوەی شار ٧ـ کەلەگەترین پیاوی داستان ـ لەژەك دوروس ئەکریٚ

## گراوەی چووارقوژبنی ژمارەی ٩٧

**لابەلا** : ١ـ بنیچە ٢ـ لك ـ قالی ٣ـ چوك ٤ـ سەپول ٥ـ جار ٦ـ برەس ـ فو ٧ـ روناك .

**بەرەوخووار** : ١ ـ بلچ ـ زر ٢ـ کوس ـ رو ٣ـ کەلەن ٤ـ نق ـ ساە ـ یأجوج ٦ـ چل ـ لاف ٧ـ هیچ ـ روم.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**هەزارویەك شەو** ٣٨٦

کە نزهةالزمان خۆی گورج ئەکردەوە، بازرەرگانە کەئەی ووت:

گوڵ ئەندامان بەخشڵ وزینەتان خۆیان دەخەملێنن
بۆی تـــۆ ! هێنڎ جوانی ، زینەتـــیٚ بـــۆزینەت ئـــالانـــی

لەپاشان بازەرگان کە وتەپێش ونزهةالزمانی خستەپشتی سەری و کەوتنەڕێ بۆ کۆشکی پاڎشا؛ کەچوونەخزمەتی پـــاڎشا بازەرگان کـــەوتەخاکو، ووتی: ئەی پاڎشای دونیا !دیاری یێکم بۆت هێناوە، کە لە دونیاڎا هاوماڵی نییە، وەبەزمان تاریفی ناکریٚ . ملك شرکان ووتی: بڕۆلە گەڵ خۆت بیبرە ژورەوە، کـــەبۆخـــۆم چاوم پیٚ بکەویٚ . بازەرگان ڕۆییشتەدەرەوە، نزهةالزمانی لە گەڵ خۆی بـردە ژورەوە، لە خزمەتی ملك شرکانا ڕاوەستا . کە پاڎشا چاوی پیٚ کەوت، خوێنی برایی هاتەجۆش؛ وە خوشەویستی ئەولەدڵیا جیٚ گرت. بازەرگان ووتی: بەم هەموو جوانی وجەماڵەوە کەخوڎا پیٚ ڎاوە، هەمووزانستی دونیاش ئەزانیٚ. پادشاه ووتی: هەرچی بایبت داوە، وەری گرە. بازەرگان ووتی: بەگیان ودڵ منەت بارم، بەڵام نویشتەیێکم بڎەریٚ، کە کەس دەیەکم لیٚ نەسێنیٚ. پاڎشاه ووتی : زۆرچاکە' بۆت ئەنوسم . تۆڕاست بڵیٚ، بەچەنڎت کڕیوە' بازەرگان ووتی: صەڎهەزار دینار بابیم داوە، وەصەڎهەزار دیناریش جل وخشڵم بۆکڕیوە و کردۆمەبەری . پاڎشاووتی: من زۆرترت پیٚ ئەڎەم . لەپاشان خەزینەداری بانگ کردو پیٚ فەرموو، کە: سیٚ صەڎو بیست هەزار بڎاتە بازەرگان . لـــە پاشان چوار مەلای بانگ کرد وئەوانی بەشایەت گرت وپیٚ یانی ووت: بەشایەتی ئێوە من ئە کەم نیزەم ئازاد کرد؛ وەئەمەویٚ کەمارەی بکەم. مەلا کان لەپێشان ئازادی نامەی ئەویان نووسی؛ وەلەپاشان مارەیان بڕی بۆپاڎشاە . پاڎشاە هەموویانی خەڵات وزەرئەوشان کرد؛ وەلە پاشان دەستوری دا' کە نوێشتەیێکان لـــەسەر دەرخوازی بازەگان بۆی نووسی؛ وەبازەرگانی خەڵات کردوخستیەڕیٚ .

نووسەری پەراوێزوزاستەوکەری هۆنراوەکان: م.ص.م

# کنز العرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین ووتار ((میر محمد صالح حسنی نعمت اللهی))

هەمسەران دەردم ...

لـە سەرتاوە پاتالـــــوەدەی دەدم
مەجنون سوختەی بیاوان گەردم

لەعیشق لەیلا وە بێ کەس مەردم
سینەم سوزیاس ، دلم بریانـەن

دوودیدەم چون هەوروەهار گریانەن
هیجرانان خوردەی ژوانەی مەرگم

بۆی دوود کە باب مەیەیۆژجەرگم
وسالی هانە کـۆ بگیرۆوە دەستم

ژجام وەحدەت بکـــــەرۆ مەستم
هیجردۆس بەردم وەشەرای مەردەن

کـەس نمەزانـۆ دەردم چ دەردەن
ئەزوەیاد دۆس تـازەی نەو گیـانم

مەردەی مەزارم ، پوستوئیسخوانم
زەردچەنئ سالەم ژنـۆشـات وەمۆ

گیان ژدەست دەردوە کورە مەچۆ!؟
عالەمێ کشتەمەستدیدەی جەیرمەن(۱)

ئیسم دۆس داییم ذکر خەیرمەن
«سەی صالح»ئەمرۆژ گەداوەشا کەم

مەردەی صەدساڵەلەعیشق ئیحیا کەم

(۱) زەنگە ئەم ووتە کورت کراوەی«جەیران» بێ کـە بەمانای ئاهو، ئاسکو مامیزە .

---

### زیزەکاری

ماوەی ل۲

یا یێهێندە زانم بۆووتن ئەم قسەلەم دەهێنا کەوی پێ دەوە دەرهات؛ چونکوموزۆرترلەروی ئەندامێکەوە دەرتێ کە بەدەرەوەبێت، وەئەو ئەندامانە کەوان لەدیوی ناوەوە، یالەگەل زە ینا تەماسیان هەیە وەکۆژێری پێ، ناوی دەم، ناوی دەست، مۆیان نییە؛ وەئـەمەدووا پلـەی موبالەغەیەسەبارەت بەدوبارەکردنەوەی قسەیێ، وەبۆ گوێ نەدان یاتێ نەگەیشتنی طەرەف .

۳- دەس بەڕێگای کەسێ هێنان : یانی لێ نەگەڕێ کە بژوا. کاتێ کەسێ بیەوێ کە زیبواری زانایی بکا وڕێگای پێ پیشان بـدا ، بەئیشارەی دەست حالی ئەکا؛ وەهەروەها،کاتێ بیەوێ زیبواری لەڕێگایی بگەڕێنێتەوە، بەدەست ئیشارەی لێ ئەکا؛ کەوا بۆ بەهەرجۆرێ ئێ نەگەرێ کەسێ زوا. بەناوی دەس بەڕێگاهێنان ناوئەبرێ یامەبەست ئەوەیەکاتێ بیەوێ کە کەسێ نەڕوا، خۆی لەبەرپێی ئەسپ یائوتوموبیلیدا زا ئەکشێ، یادەستێ دا لەنێت، وەئەڵێت: ئەگەر ئەتەوێ بڕۆی ئەبێ ئەسپ یائوتو- موبیلەکەت بەسەرلاشی مناتێ پەڕبکا، وەدیارە ئەو کەسەئەم کارەناکا وە بەم جۆرەلەڕۆیشتنی جلەو گیری ئەکرێ،جائێستاە رجۆرە کۆسپێ کە بۆڕۆیشتنی کەسێ بەدی بهێنرێ،شو بهێنراوە بەوئیشارەی دەسە، یادەس لەڕێگای بکەسێکدا دانانە .

---

### نەتەوایەتی...

ماوەی ل۱

ئەمانگە نەوروز مانگە پێویستە لەبارەی جێژنی نـەوروزەوەباس بکەین؛ لەزۆژگاری کـۆنـەوە بیستوومانە کەجێژنی نەوروزلـە لایەن جەمشیدەوەپێك هاتـووە، باوەکو سەرەتای سالی زۆژی کە هەموکاتی بەرامبەرە لەگەل کاتی گـێزانەوەی هەتاو بە بورجـی حەمەل وەلەسالی ٤٧١ی کۆچی دالەلایەن «حکیم عمری خیام»ەوە دانراوە، بەلام سەرەتای سالیان لە زۆژگاری زۆر کو ـــوە بەجێژن ئەگرت، وەحەکیمیش ئەلـێ کە دانەری ئەم جێژنە جەمشیدبووە.

لەووتارە پێشووەکانا سەبارەت بەجێژنەکان باسمان کرد، کەپێش لەڕەگەزی ساسانیەکان، سەرەتای سال کەلەمانگـی میهرەوەدەس پێ ئەکرا، بەنێوی جێژنی میهرە- گان، کەئەمڕۆش بەجێژن ئەگیر- ری جێژنی سەرەتای سالبـو؛ وە هەروەهـاش کـەووتمان ووشەی میهریان لەمیتراوە گرتووە کـە ناوی یەکی لەنوێنگەکانی خودا- کانی کاسی بووە، کەبەهۆی ژابو- وردنی زۆژگارەوە بەجێژنی «میت» و«جەمشیت» گۆڕاوە .

نوسراوێ لەخودایناموەوەر- گیراوە، بەهمانایە کەئەم جێژنـە لەگەل هەتاوا پەیوەندی هەیەوە جەمشیدیش ناوی خۆی لەم جێژنە وەرگرتووە .

گەل کەئەویان لەزۆی تەختەوە غەرق لەنێوی جەواهراتـدادی ، بەهەتاویان دانا، وەپـێ یـانووت میترا، وەناوی جێژنە کـەیـان نامیترا .

لەهوم پشتی ئەوستاداسەبارەت بەژیانی جەمشیدەوە نوسراوە، لە زۆژگاری پادشایی «یەمادا»دونیا نەزۆرسارد بووە ونەزۆر گەرم، لە نێوی گەلا نەپیری بونەمردن نە بەخیلی بو. نەزق ودلپیسی چونکو ئەمانەلەلایەن ئەهریمەنـەوەپێك هاتوون،

باوکوکوزکاتێ پێکە، ئـە- ژوێشتن بەڕێوە بەزوالێت هەردو کیانوەکو لاوی ۱٥ سالەبون،وە هێمنی وخوش بەختی وئاسایشی گەل لەزۆژگاری پادشابی «یەمادا» وەها بو.

ماوەی هەیە

---

## دستور خواندن ونوشتن کردی

عدەای ازخواهران برادران فارس زبان کەمایلند برسم الخط کردی آشناشوند باین مطلب توجه فرمایند:

میدانیم کە کلمات فارسی بوسیلەی حرکت زبر وزیر وپیش وسەحرف «الف»و«واو»و«یاء» تلفظ میشود. وچون حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح کلمات بستگی باشنائی قبلی دارد،و این نقیصه موجب اشکال بزرگی درزبان فارسی شده . ولی رسم الخط کردی این اشکال رامرتفع ساخته، وکلمات تنها بوسیله حروف تلفظ میشوند. حروف صدای کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .

۱- (ە) کەبجای زبرمیآید. مانند: «سەر» (سر)«سەرووەر» (سرور)

۲-(ی) کەبجای زیرمیآیدمانند: «جیهاز»(جهاز)«کیتاب» (کتاب)

۳-(و) کەبجای پیش میآیدمانند:«گول»(گل)«بولبول»(بلبل)

۴- (الف) کەبجای الف میآیدمانند: «باغ» (باغ)

۵- (ۆ) کە بجای«واو» میآیدمانند: «بوۆد»(بود)«زوۆد»(زود)

٦- (ی ی) کەبجای«یاء»میآیدمانند:«بید»(بید)«دەوید»(دوید) «مەردي»(مردی)

۷- (ۆ)کە صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»

۸- (ێ)کەصدای یاء مجهول میدهد : مانند «کێ» (کە) «چێ»(چە)

۹- (ۊ) کەمخصوص لهجه کرمانشاهی است وصدای (U)میدهد. مثال آن درلهجه کرمانشاهی «ئۊشم»(میگویم) «داشتۊت» (داشتەباشد)

(۱) حروف«ها»و«واو»و«یاء» بی علامت ممکن است اصلی باشند.مانند:«هەمسایە»(همسایە)«وورود»(ورود)«یەك»(یك). برای فرق میان هاءاصلی واعراب، هاءاصلی را دوچشم واعراب رایك چشمی نویسند .

(۲) همزه را همیشه باینصورت ( ئ ) می نویسند . مانند : «ئەحمەد»(احمد)«ئوطاق»(اطاق)ئیمام(امام)

(۳)درکردی گاهی روی حرف دال ولام وراءعلامتی میگذراند وباین شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) کە در اینصورت دال تقریباً غیر ملفوظ ولام وراءمفخم میگردند.مثال آن درکردی:«فەرهاڎ،دڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کر یعنی پسر)

(۴) الفبای کردی یك حرف بیشتر ازفارسی وعربی دارد کە عبارت از«ڤ»میباشد . البته تلفظ این حرف درفارسی زیادست،ولی با«واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئـەڤـاییل» (اوایل) .

(۵)دررسم الخط کردی حروف مشددرا دوتامینویسند.مانند «ئەڕڕە» (ارە) «بەڕڕە» (برە)

(٦) درکردی کلمات راهرطور تلفظ میکنند مینویسند، البته کلمات بیگانەرا مشمول این قاعدەمیسازند ؛ ودیگر اشتباهی بین حروفیکە مخرجشان نزدیك است واقع نمیشود ؛ مثلا صفحه را اینطور مینویسند : «سەفهە»

# کوردستان



نوێنەرانی جەوانانی کوردستان لەپێشگای شاهەنشا وشەهبانودا.

لێکۆلینەوەی سیاسیی

## ووتوویژی مەك میلەن و کندی

لەپاش گێژاوی لائۆس وتوندبونەوەی تێکۆشینی شیوعی یەکان لەسەرزەوینەدا، ڕابەرانی ئینگلیز وئەمریکا پێویستیان زانی، کە : ووتوویژێ بۆ بەتین کردنەوەی پەیوەندی ڕۆژئاوا وبەدیهێنانی هاودرنگی لەبەینی ئەوانا سەبارەت بەبڕینەوەی گیروگرفتی یەکانی جیهانی دەس پێ بکەن . بەم بۆنەوە لەحەفتەی ڕابۆدوا «هارولدمەك میلەن» سەرەك وەزیرو «لۆردهیوم» وەزیری کاروباری دەرەوەی ئینگلیز ڕۆیشتن بۆ واشەنگتۆن؛ وەلەگەل «جان کینێدی» سەرکۆماری ئەمریکاو «دین ـ راسك» وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکادا، دەسیان کردە ڕاویژو قسەکردن

لەسەرەتای هاتنەسەرکاری کینێدی لەمریکا دا، قسەی زۆر سەبارەت بەوتوویژی دۆلایی، یانێ بەبینی ئەمریکاوڕۆس ئەکرا: وە تەنانەت چەندنامەیێکیش لەنێوانی کینێدی ونیکیتا خرۆشچۆف سەرەك وەزیری ڕۆسدا، هاتۆچۆ؛ وەبالوێزەکانی ئەم دوەوڵاتە لە «واشەنگتون» و «مۆسکۆ» دا، هەرکام ووتوویژێکیان لەگەل کاربەدەستانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وەلاتانی جێگای مەئموریەتی خۆیانادەست پێ کرد. لەم ووتوویژانا ئینگلیزی یەکان لەبنا بەشدار نەبۆن؛ وەوەها دیاربۆ، کە: ئەمریکا وڕۆس ئەیانەوێ، بێ خۆتێ گەیاندنی کەسێکی تر، بڕێ ووتوویژ سەبارەت بەمەبەستەکانی جیهانی بکەن ولەبارەی ئەوانەوە لێ بڕێن. ئەم کارەساتە بۆسیاسەت گێڕەکانی ئینگلیزی ـ کە «کامنوالث» یان هەمیشە بەدەسەکێکی شوێندارلەسیاسەتی جیهایندازانیوەـ زۆر گـران بۆ؛ وە تێکۆشینی شیوعی یەکان لەلائۆسدا، هەلێکی چاك بۆ، بۆسیاسەت گێڕەکانی ئینگلیز؛ وەهەرلەوکاتەدا، کە هەوالْ دەری وڕادیۆورۆژنامەکان ڕایان گەیاند کە : گێژاوی لائۆس ئاشتێنی دونیای خستووەتەمەترسی یەوە، دەولەتی ئینگلیز بیرەوخەرێکی زۆرتوندی بۆیەکیەیی سۆڤیەت نارد، وە هەڕەشەی لەووەلاتەکرد، کە: ئەگەربەشیوعی یەکانی لائۆس یارمەتی بدا، کە نەخشەکانی خۆیا ـ جێ بەجێ بکەن، دەولەتی ئینگلیزیش لەیەکیەتیی ئاسیای باشۆری ڕۆژهەلاتی دەنگ ئەکا: تابۆ جلەوگیری لەلنگ دارانی شیوعی یەکان لەلائۆسدا بەهەرجۆرێ کەپێویست بێ، لێ بڕێن. باوە سو دەولەتی ڕۆس سەبارەت بەووتوویژلەدەوروبەری مەسئەلـەی لائۆس و پێك هێنانی کمیسیۆنی، تایبەتی لائۆس ڕۆی پیشان دا؛ بـەلام گێژاوی لائۆس بۆبەهۆی ئەوە کە مەبەستی وتوویژی دولایی لەبەینی ئەمریکاو ڕۆسدا ، بخەوێ، وەوتوویژی دۆلایی لەبەینی ئەمریکا ئینگلیزدا، دەست پێ بکرێ .

ڕابەرانی ئینگلیزو ئەمریکا لەواشەنگتوندا زۆرتر لـە هەرشتێ سەبارەت بەپێویست بۆنی یەکیەتیی ڕۆژئاوا، لەبەرانبەری دونیای شیۆعی یەوە قسەیان کرد؛ وەلەم بارەوە بەتەواوی ڕێك کـەوتوون . مەسئەلەی لائۆس، بەرلین، بەئەندام بۆنی چینی شیۆعی لـە کۆمەلی نەتەوەیـەك گرتووەکاندا، لەوەبەستانەبۆن کە مەك میلەن و کینێدی ووەزیـرانی کاروباری دەرەوەی ئەوان، سەبارەت بەوانە ڕاویژیان کرد . وەئەلێن کە لەبارەی لائۆس وبەرلین لەگەلێ بارەوە ڕێك کەوتوون، بەلام لـەبارەی بەئەندام بۆنی چینی شیۆعیی لەکومەلی نەتەوە یەك گرتووەکاندا، دەولەتی ئەمریکاهێشتان بەتوندی پێدا گرتووە، لەسەرئەوە کـە نـابێ چینی شیۆعی لەم کۆمەلی جیهانی یەدا ببێتە ئەندام .

لەلایێ تریشەوە بالوێزی ئینگلیزیش لە مۆسکۆ، لەگـەل کـار بەدەستانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ڕۆسدا سەبـارەت بەمەسئەلـەی لائۆس بەووتوویژی خۆی درێژە ئەدا. وەلەناوکەدا ئەبێ بلێین، کە : ئێستا ئینگلیز تێ ئەکۆشێ کەبۆ بڕینەوەی گیروگرفتی یەکانی جیهانی سەری گوریس لەدەستی خۆیدابێت؛ وەلەهەرتێ کۆشینێ کەبۆ بڕینەوی ئەم جۆرەکارانە بێ بەشداربۆنی نوێنەری ئەودەولەتە پێك بێت، پێش گیری بکات

لێ بڕانی سەرکۆماری ئەمریکا لەبارەی ڕۆیشتن بۆفەرانسەو ووتوویژ لەگەل ژنرال شارل دۆگول سەرکۆماری ئەووەلاتەشدا، کەلە پاش گێژاوی لائۆس بەدی هاتووە، دیسان سەنگەری سیاسەت گێڕەکانی ڕۆژئاوای قایمتروەڕزی ئەوانی ڕێك وپێك تر کردووە؛ وەڕێك کـەوتی ووتوویژی دۆلایی بەینی ئەمریکاوڕۆسی بەبێ بەشداربۆنی نوێنەرانی ئەودەولەتە ڕۆژئاوایی یەکانی تر، بێ تین کردووە .

بەکورتی ئـەتوانین بلێین کـە : بـاوەکۆسیاسەت گێڕەکانـی ئەمریکایی لەسەرەتای هاتنەسەردەوری کینێدیدا، خەیالیان ئەکرد، کە: ئەتوانن بۆدووایی هێنان بەبڕێ لەناحەزی یەکانی ڕۆژهەلات وڕۆژئاوا سەرڕاس لەگەل ڕۆسدا، بکەونە ڕاویژوقسەکردن، بەلام لەپاش هەلسانی گێژاوی لائۆس ئەم خەیالە لەمریکادا بێ نرخ بووە ؛ وەئێستا سیاسەتی هاودەنگیی ویەکیەتیی ڕۆژئاوا زۆرتر جێگای چاودێری یە .

### ماناى ووشەکان

| | |
|---|---|
| گێژاو: بحران | تێکۆشین : فعالیت |
| پێویست : لازم، ضروری | پەتین : محکم، استوار |
| پەیوەندی : مناسبت، ارتباط | بەدی هێنان : بوجود آوردن |
| سەبارەت بە ... : نسبت بە... | دۆلایی : دوجانبە |
| بالوێز: سفیر کبیر | لێ بڕان : تصمیم |
| دەسەك : عامل | شوێن دار: مؤثر |
| هەل :فرصت | بیرەوخەر: یاداشت ، تذکاریە |
| یەکیەتیی : اتحاد، اتحادیە | باشۆر: جنوب |
| لنگ داران : تاخت وتاز | ڕۆپیشان داز : موافقت |
| گەلێ : بسیاری | بار: جهت |
| ناوکە : واقع، حقیقت مغز | سەرگوریس لەدەستابۆن: کنایەاز ابتکارعملیات درست داشتن است . |
| بەشداربون : شرکت | ڕز: صف ، ردیف |
| ڕێك وپێك : منظم، مرتب | سەرڕاس : مستقیما |

### ماوەی سەرووتار

ماوەی ل۲

وەرگرتن وەلایەن گپری لەخاوەن مولکەکان لە وەمەلبەندە سنوری و نازکەدا ، خەیانەتە بەنیشتمان و شاهەنشا ، وەوەکوئەوەوایە کە بە تایبەتی ودەس ئەنقەس صەدهاهەزار کەس کەڕە گەز خاوێن تـریـن ئەندامانی ئێرانین بخەنەداوێنـی بێکانانەوە ئەلبەت وا پێش هاتی هەر گپس ڕۆنادات بەلام ئێمەوپستمان ئەوبیمەش بەدەولەت ڕاگەیێنین کەنەوە کودەکاربەدەستانی دەولەت لەبەرێ کردنی ئەویاسایەدادەس لە پێ خەتەربکەن وەلەماف وداد گەری لابدەن کە جگە لەوزیبیانانەی کە لەپێشەوە ووتمان، بزواوبیروڕای باقی اوستانەکانی ئێران بەدەولەت و کاربەدەستانی خراپ بێ، لەم بارە وەبەتایبەتی ئەبێ چاوەڕووانی گەلو ترس لە یەزدانیش بگرنە پێش چاو، کە سۆدەکانی نوکەیی گـەلو چینەکانی لاخوواروی کۆمەل لە ناونەچێ، وەبەچەشنێ کە **شاهنشای** ئەیانەوێ چاك کردنی ئەرزەکان بەڕێ بکرێ تـا ببێتە هـۆی دل گەرمی یێکی زیاتری دانیشتووانی بەشەرەفی کوردستان بەنیشتمانی خۆشەویست وەهۆی ڕۆسپی یەتی مامورەکانی دەولەت .

چاپ اختر شمال
تلفن ۲۵۵۰۱

# بەگەڕانەوەی گاگارین لەگەشتی دەوری زەوین، ڕیگای گەشتی ئاسمان کرایەوە


ژمارەی ۰ەسالی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ۱۰۱

## کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردی یە، حەوتەی جاری چلێکی دەرئەچێ

بابی
بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ۱۲ | تمەن |
| شەش مانگە | ۷ | « |
| چڵ | ۳ | قەران |

بۆدەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| ساڵانە: | ۳۰ | تمەن |
| شەشمانگە: | ۱۵ | « |

# کوردستان

عەزیزم شاسوارێکە، گوزەرگا، گەر، بەئەلبورزا
دەگا ، نووکی سمی ئەسپی، لەخارا، توورتیا پەیدا

سیاسی- زانیاری- وێژەیی- کۆمەڵایەتیی



خاوەنی امتیاز و مدیری لێ پرسراو
عبدالحمید• بدیع الزمانی
بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
دوکتۆر محمد صدیق مفتی زادە ـ سەرنووسەر
دوکتۆر عبدالرحمن و احمد مفتی زادە
عابد سراج الدینی ـ شکر اللە بابان
خسرو شیخکا ئلووکی میلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی
صفیعلیشاە ژمارەی پلاك ۲۱۸
تلیفوون ۳۲۰۰۳



چووارشەممە ۳۰ خاکەلیوە ۲۵۷۳ ك ـ ۳۰ فەروەردین ۱۳٤۰ ش ـ ۳ زیلقعیدە ۱۳۸۰ ق ـ ۱۹ آوریل ۱۹۶۱ م


## هەڵگیرسانی شەڕی کوبا، ئاشتیی دونیای خستووەتەمەترسی یەوە.

خروشچوف بەیامی بوسەرکوماری ئەمریکا ناردووە، کە : ڕوس ئامادەی یارمەتی بەفیدل کاسترویە. سەرکوماری ئەمریکا وەلامی داوەتەوە، کە : ئەمریکانایەوی خوی لەشەری کوبادا، تی بگەیینی؛ بەلام ئەگەرکەسیکی تر یارمەتی کاسترو بکا، ئەمریکاش ئەوەکەلەبەرانبەری نیوکورەی ئەمریکای لاتینەوە گرتوویە ئەستو، بەجیی دینی.

چوارشەمەی ڕابوردو لەکاتیکدا ڕۆژنامە لەژیری چاپدابوولەپڕ هەواڵ درا، کە:

## روس یەکەم مروی بوش بری خوی بەساغ گەڕاندوەتەوە.

سەرکوماری ئەمریکا سەرەك وەزیری ئینگلیز سەرەك وەزیری هند پیروزبایی ئەم سەرکەوتەیان ووت کەروس لەزانیاری و ناردنی مرو بو ئاسمان دا بەدەستی هیناوە

سەرماو بەفرو یەخ بەندانی ناوەختی ئەم هەفتە لەزورتری شارسانەکاندا هەموو میوەو سەردرەختی باغەکانی لەبەین بردووە.


بنکەی ژین
www.zheen.org


## دەستەلات بەسەر هەوادا

ئەووپستەی کە بەشەر لەزەمانێکی کۆنەوە لە بارەی دەستەلات پەیدا کردن بەسەر هەواوە زانیێنی نهێنیەکاینەوە لە ناو کرۆکی ئاوەریا بۆ بەدەستی زانایانی هاوسێی ئیمسیپالی کردەوەی پۆشتی، وە یەکەمین مرۆڤێ کە ئەو جیهانە پانوپۆزەی هەوای هێنایە ژێر فەرمان وەبووە پالەوانی داستانی داگیر کردنی بۆشی یانێ ئاغای گاگارینی ڕۆسی ئەو تانجی شانازیەی نایەسەر خۆی وهاونیشتمانیەکانی وبەڵکو تەواوی جیهانی بەشەرییەت.

ئەمڕۆ کەمێژوولاپەڕەیێکی تازە و یەکجار ڕۆناکی دەستپێ کردو وە، وەزانستی بەشەری گەیشتۆ وە تەئەوشووێنە کە: مرۆڤێك لەماوەی نزیکەی سەعات و نیوێکا هەواو دەوری عەرز ببڕێ، وەلەپاش خولێ بەدەوری عەرزا لەشوێنێکی تایبەتی تایین کراوا کە بۆی دانراوە ساغ وبێ گەزەند بگەرێتەوە و بنیشێتەوە وە گەورەترین پێشهاتی مێژوویی بێ ئێتدی پیرۆزبایی بڵێین بە ڵکو بەو کەسەش کە بشکێنەری هەواوبۆشتی یە کە: ناوی کریستۆف کۆلۆمبی هەوای وەرگرتۆوە لەکانی دلەوە پیرۆزبایی بڵێین، وە بەڵکو بەناوی پیروزی بەشەرییەت


ماوەل ۱۲


بەپێنووسی. م. ع : سراج الدینی

## نالەبارییەکانی کومەل

### باوەژن ودابك وهەنەزا

لەم بارەوە ئەمانەوێ پیشانگەیێکتان بخەینە پێش چاو

### پەردەی یەکەم

لەژمارەی ڕابوردودا ئەوپیشان گەیەمان گەیاندەکاتێ کەقادر هاتەوە بەسەربەسەر هاتی «پرشنگ» داگەیشت، وەوپستی پرسوجۆیێ


ماوەل ۹


گیراولەگۆڤاری «گلبانگ»

## باسیکی زانیاریی

### یاسای جەژنی نەوروز

لەدەرباری شاهەنشاهانی ساسانی دا

هێشتان چەند ڕۆژوچەند هەفتە بەدووایی ساڵ ئەما، کەجموجۆشیکی شادی بەخش لەسەرتاسەری وەڵاتی ئاوەدان و بەربەلاوی ئێراندا،


ماوەل ۱۰


بە پێنوسێ أمفتی زادە

## ئابووریی لە دینی (اسلام) دا

-۲۱-

باشترین یاسای ئابووریی

لەپاش ئەوە باسێکی سەربەستو کوللیمان کرد لەبارەی ڕابوردوی


ماوەل ۱۱


م.ص.م

### چون بنووسین وبخووینینەوە

چلۆنایەتی یەکانی کردەوە

یەکێ تر لە چلۆنایەتییەکانی کردەوە، چلۆنی نەکردن (نەهی) یە کە بەدانانیپیتی «مە» لەسەرەتای


ماوەل ۳


م.ص.م

### لەکومەلاچون بژین

گەورەیی و زانیاری بەتـ.ن کۆشان دەس ئەکەوێ

لەکۆمەڵی ئێمەدا کە تنیکی گەورە هەیە کەزۆرتری ئەندامانی


ماوەل ۳

## ڕوس ئامادەی یارمەتی دانی کاستروبو

☆ هەموو وڵاتانی ئەمریکای لاتین بۆلایەن گیریئ فیدل کاسترو، وەبەپیچەوانەی ئەمریکا هەستانەوە

☆ فیدل کاسترو، ووتی: هێرش هاوەرە وەحشی یە کان بەرابەریی ئەمریکا هەڵمەتیان بۆئێمە هیناوە' تائەم وڵاتە کەبەشۆرش ئازادبووە، دیسان بیخەنەوە ژیری نێڵەی ۆ کەری .

☆ نێرویهیرش هاوەر، بەگەیی جەنگیی وفڕۆکەی بومبا هاوێژەوە، لەسێلاوە، لەگەڵ نیروەکانی دەولەتی کوبا، بەگەرم شەڕئەکەن .

☆ناحەزەکانی کاسترۆدوهەزارچەتربزیان لەکوباـاپیادەکرد.

☆ کاسترۆلە دونیا داوای یارمەتیی کرد، وەڕای گەیاند کەشەڕی ئێمە، شەڕی جیهانی یە .

☆ لایەن گیرانی کاستروڵـە سەراسەری کوبـادا، دروشمی «بمری ئیمپریالیزمی ئەمریکا»ئەدەن .

☆ دەولەتی کاستروڕای گەیاند، کـە : فڕۆکەکانی ئەمریکا، سەرڕاس لەلەگەڵ نیروی دەولەتیی کۆبادا، کەوتۆنەتەشەڕ،

☆ ڕابەرانی ناحەزی کاسترۆ' بوپیکهیانـی حکۆمەتڕۆییشتن بۆکۆبا .

☆ کاسترۆبۆخۆی فەرماندەریی شەڕی گرتووەتـە ، ئـەستۆ، وە خەریکە شەڕئەکا .

م:ص:م

## بەشی مەولەویی پارچەی

۵۵

خوداڵیێ خۆشبۆ لەم پارچەدا وەڵامی نامەی ئازیز ئەداتەوە ' وە وادەرئەکەوێ کەئازیز نامەییکی بۆنوسیبێ،وەهۆنراوێکی «مەولەوي» خستێبە ەناوی نامەکەی خۆیەوە؛ ئەنجا مەولەوی ئەڵێ : ڕۆی ئاوریشمی عەنبەربۆت کە بەدەستی بیرەهۆشی کەس نەکردۆی جوانت ڕستبۆت کە وەکوو ئارەزوی وەصڵ لەناوی خەموپەژارەی دوریدا ئەدەروشایەوە' وە کــــــــردبــــــــوت بەتانــــــــی تاقەهۆنراویکی «مەعدومیی» وەکوپارچەی «شەبەنەمڕۆژ» بەسەمڕچەشنەڕەنگ ڕەی نواند ، وە«بەردی دابەتاڵی پارچەی فەرەنگەدا» ' یانێ جوانیی پارچە فەرنگی شکـاند ، وە بۆلابردنی سەردی نەمامانی دڵی دڵبراوان بەرگێکی گەرمو نەرمبۆ ، کەخۆیان پێداپۆشن ، وەببێتە هۆی گەرمیی بۆئەو دڵانەکە لە سەردی مەیلی تۆوە، کزهەڵ هاتون .

ئازیز! دڵم زۆ ڕۆت وقوت بۆ ، وەبەرگەو بۆی جارانی نەمابۆ ، وەرۆی نەبۆ بێتەنیشنگەی یارانەوە ، باش بوو بەونامەی خۆتەپۆشتەت کردەوە ، دەکەی دەولەمەنڵ ماڵت ئاوابێ .

ماوەل ۱۱

ش ـ بابان

## نەتەوەی کوردو نەتەوایەتی ئیران

سەلام لـەسەرخاکـی پاکـی کـوردستان لانکی پاڵەوانەکان .

ماوەێ چلی پێشو چونکۆپادشا کانی(کاسیتومیتان) یانی کوسی یەکان لەهەمۆ لایێکـەوەجێگای دەسەڵاتی خویان بڵاوە پێداوە هەموکاریان لەکاری جـەمشیدی ئەکرد،هەمۆ ماوەی وڵات گرتن وپادشایی ئەمڕەگەزەیان کەنێزیکی حەوت سەدساڵ بۆ، بەتەمەنی جەمشیدیان داناوە ، وەکوتویانە کەتەمەنی جەمشید حەوت سەدساڵ بووە،

هەروەها سەبارەت بەزەهاکیش کەتەمەنی ئەویـان هـەزارساڵ زانیوە؛وەچەن چیروکیان بۆخۆی ومارەکانی سەرشانی داناوە هەربەم جۆرەبووە،

لەپێشان پێویستە بوێژرێ کە هەمۆمێژوە کۆنەکان بەتێکرایی هاوەدەنگن، کەزەهاك ئیرانی نەبووە بەڵکو بەسەر جـەمشیدا هێرشی هیناوە، وەئیرانی داگیرکردوە، وەماوەی هەزار ساڵی تەمەنی ئەو، ماوەی دەسەڵاتی بێگانەکان بەسەر کوسی یـەکانا بووە، وەچـونکۆ ستەم وجەوری زۆریان بـەسەرتێ شکاوەکان یانێ کـوسی یەکانـا کردووە .

ئەویان ناوناوە تەزەهاك ، وە زەهاك' وەزۆرتر پێیان ووتووە«زەهاکی شونەك» یانی ئەژدەهال ـەسەر شانەوە کوردەکان ئەمڕۆش بەئەژدەها ئەڵێن زەهاکە کەهەر ئەوزەها کەیە«ضحاکە»؛وەهەرئەمەبووەتە بایسی پێکهاتنی چیرۆکـەکانی ماری سەرشانی زەهاك .

وەئەمڕۆش خۆمان ئەگەربمانەوێ بەزمانی کوردی پیاوێکی ئازار دەرناوبەبین ئەڵێن مرۆڤ نی یەزەها کەیانێ پیاونی یە ئەژدەهایـە؛ وە چونکۆ ئەوپادشا بێگانانە لەستەم ودەس درێژیـدا هیچ کام کـورت نەهاتوون وەوەکۆ یـەکتر بوون هەمۆیاییان ناوناوەتە زەهاك یانێ ئەژدەها ومارێ گەورە؛ وەباسی تەمەنی هەزارساڵەی زەهاك ومارە کانی سەرشانی بووەتە چیرۆك وە لەپاشان هەستانەوەی کاوەی ئاسنگەر ڕۆژگاری پادشایی ئەم ڕەگەزەی دووایی پێهێنا .

ماوەی هەیە

م ص م

## هەفت بەندی هونەری نەمر

## خانای قوبادی

### بەندی چوارەم

یاحەق ئەربەدخۆم ئەرپا کپرەخۆم
گونای من چێشەن ئافەرپێدەی تۆم
شەڵلا ڕۆی ئەزەڵ هەربەبیام وەی جۆر
نەکێشایت تەصوپر هەستی منوەیطەورـ
ساکـەکێشایت بنای بـالادەست!
خۆمن صنع تۆم ئەرخاسم ئەرکەست
تۆهـەم حاکمی وێت بەربـەقاضي
کەس بەصنع وێش چۆن نیەن ڕاضي
صنع وێت بەدەست تۆئافـەرپێدەنـ
ئەرنەبۆت پەسەنڕکی بەسندپێدەنـ
بەڵێ ، های عەلیم ئاگای سڕغەیب :
موبەرراجەشرك عاری جەهەرعەیب !
ئەوڕو کەهەستی منت کەرد ڕەقەمـ
واللهو بـالله ، بـەذاتت قـەسەم ـ
ئـەرمـەبی وەدەس مـن اختیارێ
جەوەخت و وادە مە کـەردم کارێ
دنیای بێوەفای تۆنـەڕیام وە چەم
وەی تەورنەکەفتامنـەگێجاو غـەم
ئیسە کـەچون تـۆعـەلیم ودانـا
پەی تەعلیم عـــــالم زاناو تەوانا
نارەزا یەتي ئـــــەعضاوتەرکیبم
ئاداب دنیات کـــــەرد بەنەصیبم
بۆ بەعیشق پاك پیرتـــــە ریقەت
ناظرئەحکام کـــــوللشەریعەت
بەقەییومي وێت یـــــاقاییم بذات
«خانا»جەدیوان عەرصەی عەرەصات
نەکەریش جەفەیض فەضلەیت مەحرۆم
نەنویسیش جەئەهل مەخذۆلان شۆم
وەرنە بەذاتت جـــــەلای ذات تۆ
مەکەرۆن ڕۆی حەشر منشەمات تۆ

www.zheen.org

## لەکۆمەڵا

ماوەی ل١

خێزانە کوردەکان گێرۆدەی ئەو کەتنەن، وەلەژیانندا ئەیانخاتــە دوواو؛ ولەناوی کومــەڵدا کزو سەرلەبەرو هەژاریان ئەکا؛ ئەوەش بریتی یەلەوە کە چونکە باب‌وبا- پیربان‌پیاوێکی گەورەو بەناوبانگ ولێ‌هاتو بوون، وەبەهــەوڵدان‌و تێ کۆشانی خۆیان پێ گەیشتون ونانێکیان‌بەدەس‌هێناوە،وەخەڵکی بەبۆنەی هونەرێکە وە کەبۆویانە بەڕێزیان گرتوون، بەرەکانیشیان بەبێ ئەوە کەهیچ‌جۆرەهونەرێکیان بێ هەرچاوە ڕووانی ئەوەن کــە خەڵك و کۆمەڵ‌وە کوباب‌وباپیرە کانیان‌بەڕێزیان بگرن‌وەبە گەورە وبە کەڵکیان بزانن !

ئە گەرمل بەماف‌بدەین،بۆمان دەر ئە کەوێ کەئەو کەسانە وەها بیرێ کەوتووەتە مێشکیانە وە ، جگەلەوە خۆیان‌بەدبەخت‌وداماو ئە کەن؛ لە کۆمەڵیشدا،خوێنیان تاڵەوە،هەموو کەسێکی تێ گەیشتو بەچاوێ کەوتنیان‌قەڵس‌ودڵگران ئەبی، وەبەسەرباری گەل‌و کۆمە- ڵیان‌ئەزانــن، وەدوری‌یــان لــێ ئەگرن .

ناتەواو

## چۆن بنووسین

ماوەی ل١

کردەوەی ئێستا یانــێ ئەمــری حازرەوە ، پێشەکیێ وێنە: مەکە، مەخۆ، مەخۆن. مەچۆ،مەچن. لە کردەوەکانی ڕابوردوی‌مەکەن. التزامی‌وداهاتوی التزامی‌داپیتی «نە» بەکارئەبرێ، وێنەی‌داهاتوی التزامی: نە کەم، نە کەی، نەکات (نەکا). نە کەین، نە کەن،نە کەن. وێنەی ڕابــوردوی التزامی نزیك: نەم کردبێ،نەت کردبێ، نەتان کردبێ، نەمان کردبێ،نەتان کردبێ، نەیان کردبێ. (لە کردە وەی تێپەڕ کەر) .

نەچوبم، نەجوبی ، نەچوبێ. نەچوبین، نەچوبن، نەچوبن .

وێنەی‌ڕابوردوی التزامی‌دور: نەم کردبایا،نەت کردبایا، نــەی کردبایا. نەمان کردبایا،نەتان کرد- بایا، ; یان کرد بایا.(لە کردەوەی تێپەڕ کەر).

نــەهاتبایام ، نەهــاتبایــای، نەهاتبایا. نەهاتبایاین، نەهاتبایان، نەهاتبایان ،

بەوجۆرە کەلە گۆڕانی‌ئەو کردە وانەدابۆمان دەرئە کــەوێ، پیتی برڕتیی (ضمیر)لە کردەوە تێپەڕ کەرەکانــی کردەوەی‌التزامی‌دا ئە کەوێتە پێشی کردەوە کــەوە، وەئەنوسێ بەپیتی نە کــردنەوە ، بەڵام‌لە کردەوەی‌ئەمری‌حازرچ‌تێپەڕ کەروچ‌تێپەڕنەکەر،وەهەروەهاش‌لە گشت کردەوە نە کەرەکاندا،پیتی نە کردن‌لەپێشی کردەوەوەدائەنر کێ،وەپیتی برڕتیش‌هەربــەدوای کردەوەوە ئەنوسێ .

چاپ اختر شمال

تلفن ٢٥٥٠١

هەزارویەك‌شەو ٣٨٧

(کەچیرۆك گەیشتەئەم‌جێگاڕۆژبوەوە،وەشەهرزاد قسەکەی بچری)

## کەشەوی شەستەهات

شەهرزاد ووتی : ئەی پاڎشای بەختیار!کاتێ پاڎشا بازرگــانی خەڵات کرد و خستیەڕێ، فەرمانی‌دا، هەموداێشتوان لەخزمەتیا بڕۆنە دەرەوە؛ وەتەنیا مەلاکان و بازرگان لە خزمەتی پادشاڎا، بمێننەوە . ئەوجا پاڎشا بەمەلاکا ی ووت : ئــەمەوێ لەهەموجۆرە زانستێ‌پرسیارلەم کەنیزە بکەن،وەئەووەڵام ڎاتەوە، کەبزانم‌بازرگان ڕاستی‌ووتوە یانە؟ ئەوجاپاڎشافەرمانی‌دا. کە پەردەیان کێشاوە، وەهەموژنانی‌حەرەم لە گەڵ نزهةالزمانا هاتنەپشتی‌پەردە، دانیشتن؛ وەژنانی وەزیران وئــەمیران‌وپیاوە گەورەکانیش کەبیستیان‌ملك شرکان کە نیزێکی کڕیوە، کە لــەجوانیی‌وجامال‌و زانست‌وئەڎەباهاومالێ هاوچاوی‌نیە' وەسێ‌صەڎوبیست‌هەزارەی ڕان‌بایی‌داوە لەپاشان ئازادی کردووە،وەمارەی بڕیوە بۆخۆی' وەئیستا هەموەمەلایانی بانگ کردووە ، کە تاقی بکەنەوە، لەمێردەکا ی خــۆیان ئیزنیان وەر گـــــرت وهاتــن بۆ کۆشکی پاڎشا، ئەنوارن کەنزهةالزمان دانیشتوە، وەغوڵامان و کەنیزان د.س بەسینە لــە بەرانبەریەوە ڕاوەستاوون . کە زهةالزمان چاوی بەوان کەوت.لەبەرپێیان‌هەستا وە، وە بەخۆش ڕوییلەوانەوە پێشوازی کرد وخەیرهاتنی پێ‌ووتن؛ وەهەکارەیانی بــەپێ گەورە وبچوکی‌دانا. ژنەکان لەجوانی‌وجەمالی ئەو،سەرسامان؛وەلە گەڵیە کتریان ووت : ئەمە کەنیزنییە، بەڵکو بێ‌شك کچێکی شازادەیە، کەبزانی‌چۆن‌دەبەدەربووە، وەئیستا ڕاستی خۆی نـالێت . ئەوجاژنە کەکان هەموبەنزهەالزمانیان ووت : ئەی

## باسێکی ...

ماوەی ل١

دەست پێ ئە کرا ؛ جموجۆشی‌پڕ لەشاڎی‌و خۆشی‌وهیواو ئاما جی‌خۆش بینی؛ جموجۆشێ کە هەموێە کەکان‌وخێزانەکان ، هەموێهاتی‌وشاری- یەکان ، وەهەموێ دەستە جۆربەجۆرەکانی گەل ' لە گەورەو بچوك‌و پیرو جەوان، بەشاڎی‌ کەیف خۆشی‌یەوە ؛ هوا بەشدار ئەبون، هەموێ کەسی خۆی بۆبەشدار بون لەیاسای ڕشکۆی‌جەژنی نەوروزا، ئامادەئە کرد. هەرخێزانی شەووڕۆژ خەریکی کارو کۆشیش‌بۆپێك‌هێنان‌وئامادە کردنی سەرەتای بەڕێوەبردنی جەژنی گەورەی فەروەردین‌بو. خانو تەکاندن ، صەوز کردنی باغچە ' دەس‌هێنان بەخانو هەرداڎا ، تازە کردنەوەی کەل‌و پەلی‌ناو ماڵ‌و هەناودانی‌هوڎەکان، ئامادە کردن‌و کڕینی شتومە کی‌تازە وەبەتایبەت‌جل‌و سیپاڵ، وە گەلێ لەم جۆرە یاساو ڕووشتانە کە ئەم ڕۆ لەنێوئێمەڎاباوە ،لەیاڎگاری‌یە بەنرخەکانی‌ئەوڕۆژ گارەیە جگەلەمانە لەشارەکاندا ، دوجموجوشی‌تر ، بەتاشکی کۆمەڵایەتی و دەسە جەمیی ئەبینرا : یە کێ‌بۆ ئامادە کردنی چاکترین‌دیاری‌و پێشکەشی تایبەتی ئەوشارەو ناردنی ئەوەبەنوێنەرانی دەستە جۆربەجۆرەکانی خەڵکی‌شارا، بۆپاتەخت‌وپێشکەش کردنی بەدەرباری‌شاهەنشاهی؛وەئەوی‌تربۆڕازاندن نەوە -ئامادە کردنی‌شار بەئامانجی‌بەڕێوە بردنی‌باسای جەژنی گەورەی نەوڕۆز .

بەم جۆرە پێش لەوەی ڕۆژی یە کەمی ساڵی تازە بێتەپێشەوە،لە سنورەکانی «سەیحون»و«سند»و «فور ت ەزە»وەلەهەر کام لەشارسانەکانی وەڵاتەوە ، چەنڎکاروانی بچوك، بەڵام زۆر خاوەن جەلال‌و شکۆ ، پێك هاتو لەنوێنەرانی دەستە جۆربەجۆرەکانی گەل ، لە گــەڵ ئــەودیاری‌و پێشکەشی‌یە بەنرخ‌و جوانانا ، یەك لەشوێن یەك ئە کەوتنە ڕێگا، وەلە ناوچە ئاوەڎان‌و صەوزو خوڕەمەکانی‌وەڵاتی ئێرانەوەتێ‌پەڕیان‌ئە کرد تالەکاتی خۆیدا ، بۆبەجێ هێنانی ئەوسپەردە گەورەو پڕلە شانازی‌یە کە نرابوە ئەستۆیان، بگەنە پاتەختی وەڵات. وەبەخزمەتی شاهەنشابگەن.

نێوانی بەینی کۆشکی خێزانی پاڎشایی‌و بارەگای شاهەنشا بە جۆرێکی زۆرجوان کەبەزمان باسی نا کرێ، ئەڕازراوە ؛ لەسەرتاسەری ڕێگای شاهەنشاها ' لە کۆشکەوە تابارەگا هێندە گوڵ‌و صەبزەیــان ئەوەشانڎ. کە زەوی‌ئەپۆشاو فەرشی ڕەنگاڕەنگی ئە کرد . لەم بەرولاو بەری گوزەر گەی‌شاهەنشاها پیاوە گەورەکانی‌وەڵات، سەرانی‌سپا، نوێنە- رانی گەل ، نوێنەرانی خەڵکی شارسانەکان‌و سنورنشینەکان بەڕزو بــە گوێرەی پلەوپایەی خۆیان، بەدەمی پێ کــەنین‌و شاڎی‌وخوشی‌یــەوە چاوەڕێ دیداری شاهەنشا ڕاوەستان ، ئەوپێشکەشیی‌و دیاری‌یە جۆر- بەجۆرانە کە لەلایەن‌هەردەستەو هەرشاروهەرناوچەیێکەوە بەبۆنەی تازە بونەوەی‌ساڵ هاتنی جەژنی‌پیرۆزی‌نەوروز بۆپێشکەش کردن‌بەخزمەتی شاهەنشا ئامادە کرابوە،وەهەر کام نموونەیێ لەهونەرولێ‌هاتوی‌وئامادەیی ڕۆڵەکانی گەلی‌ئێران بون بەتەشکێکی خۆش‌بار لەم‌والەوبەری گوزەر- گەی شاهەنشادا ، دائەنران . دەستە کانی گۆرانی وێژ‌دەوڵ‌و زوڕنــا ژەن، کە لەسەر گوزەرگاوە ، بەینەبەین ڕاوەستابون، چارەڕێ هاتنی شاهەنشاو دەس پێ کرانی جەژن بون .

سەرئەنجام ئەوتاوەخۆشە کە ساڵێ جارێ ڕەئەبوەوە،ئە گەیشت. سەرۆکی تەشریفاتی شاهەنشاهی بــە چاوە ڕوا یی خەڵکی دووایی ئەهێنا.وەهاتنی‌شاهەنشای ڕائەگەیاند. بەجارێ دەنگی‌هوڕاو‌پلەزپقانی گەل، لە گەڵ دەنگی دەهۆڵ‌و زوڕناوسازی دوزەلەو بلوێرا ، زەوپسی ئەلەرزاند . شاهەنشای ئێران کە جوانترین سیپالی لەبەرئە کردوجەوا- هرات‌ونیشانی لەخۆی ئەدا ، بەشکۆێکی وەها کە شایستەی پــایەی

ماوەل ١٠

بنکەی ژین www.zheen.org

م.ص.م

## لەهەرگولزاری

## گولی

## مەولەوی تارگوزی

تای بــەژەژای شەنگ زلفان وەش ڕەنگ

پەخش بییەن وەبان ئەڵحەڎسەرای سەنگ

## شیخ عبدالرحمن

ئازیز ئامانـــــەن دەسم وەدامان

وەس کەرە قەتڵی نــەتۆڵ نمامان

لەیل لەیل قامەت گەردەر بلۆزی!

وەصفت مەکەرون ئەرصەڎ کەدوزی

شۆخ شای شۆخان شای دیڎەبازان !

ساز دەری سازان ، سازدەرە سازان

یانی تەرتیب دەرزڵفان بــۆیعەتر

ئەودستەی کەلاف سیات نەتۆی چەتر

## سیدصادق پارسانیان ناتەواو

زام تازەوە . . .

ها، کــەفتین وەکــۆس زام تازەوە

وەی زام بــێ شۆی بێ ئــەنــدازەوە

وەی نێش مــاران بــێ اجــازەوە

پێکیام وە مــژەی شەصــت سیاوە

مورغ دڵ جەمــۆن ویش غەڵتیاوە

ئیمجارچێش کەرۆن وەی زام نۆوە

وەی دەردکاری سەخــت بــێ شۆوە

بناڵــۆن وەی بــەخت سیا چارەوە

وەی نێش پــەیکان بــەدۆ بــارەوە

دڵ بیوە خەڎەنگ جەهان ئاراوە

زام ئیڎ جــەزام ئــــــەو ویاراوە

جەدۆشانەی بــەیــن قەفــا سەرداوە

ڕیشەی جەرگ دڵ جەهەم وەرداوە

واکەی سۆز بەرق سەردا ، دیــاوە

ئاهیر وە نظام عــــــومرم نیاوە

وەیشۆمــە وە بــاغ بــەختم واراوە

وەڵگ شەرم وڕۆی حەیــام داراوە

«صادق» نامەکــەت ئــاماو یــاواوە

ئاووگڵ ئــاوەرد تــۆوەی ماواوە

پــەی یــادکاري بابـــــــواچاوە

ڕەنــڎەهەورامان جــەرگــم پاچاوە

## صەیدی هەورامیی

بیماروتۆم حەورای پەري، منت کوشتەن بەدلبەري

شەرتەن عەیادەتم کەري ، خۆکافرستاني نییۆ .

عوریان وکەلپۆس پێلەنان، شەیڎاوبیاوان گێلەنان

داپەرسەپەی کێ وێڵەنان؛ خۆکافــرستاني نییۆ،

نووسەر «ع» سراج‌الدینی

## فرمیسکی نائومیدی

ماوەلەچلی پێشوو

لەژومارەی پێشوودا وتوویژمان لەگەڵ مام «جووامێر»دا گەیاندەکاتێ کە پرسیمان لەژنی پێشوت منداڵت هەیەیانازەنگی تیك چۆوە کوتی بەڵێ لەژنی پێشوم کەڕۆژگاری جووانی لێ کرمە، جاهەنتەم کوڕێ کچێکم هەیــە! ئێستا لەسەری ئەژێن .

پ ــ مام «جووامێر» ئەگونجێ پێم بڵێی بۆوازەکت گۆڕا، وە بۆئەڵێی زیزبوویت؟

و ــ ڕۆلەڕۆژگارێکی دوورودرێژلەهاوەلێ ئەوژنەدا لەنێوئاوری ناسازگاریدا سوتام لەڕۆژگاری جووانییەدا وەکوپیرێکی سەدساڵەی بیمارئەژیام، خەووخواردنم خەفەت بو گولی باغی هیوام سیسابوو، سەوزەی چەمەنی ئارەزوم زەردبــوبو، قۆناغی ناخۆشم ماڵی خۆمان بوو، کاروباری فەلاییم دەست لێ هەڵ گرتبوو، وەکوحۆل لــەماڵ دەرئەچووم بەڵام لەدەشتیشاهیچم بۆنەئەکراودەستم نەئەچووەکار

ب ــ مامە گییان ناخرەوی ئەونا کۆکیتە چی بو؟

هۆی ئەونا کۆکی منەزۆرشتبو ئێستا بەکورتی بۆیکی بۆتۆئەگێڕمەوە.

لەسەرەتای جووانیمە وەگەنجێکی کارلی هاتوو تێکــوشەرو بزێوبووم ، بە چەشنێ کەلەناوهاوماڵ وهاوساڵ وهاوەڵەکانما لەوودێ یەدادیاري بووم، زۆرخۆش و کەیف خۆش وسەربەرزبووم، بابی خووالێ خۆش بووم کەوتەخەیاڵی ژن بۆهێنانم، بەبێ ئەوەی

ماوەیە

هەزارویەك‌شەو ٣٨٨

خاتوون ! بەڕاستیی شاری ئیمەت بەبیروقودڕەتی خۆت ڕۆناك کردەوە، شاروولاتی ئێمە ئیترهی تۆیەوئێمە هەموو کارە کەروخزمەتکاری تۆین . لەپاشان ملك نعمان بانگی کرد لەنزهةالزمان وپێی‌ووت ، کچێ! ئەم بازەرگانە وەهاتارێفی تۆی کــردووە، کەهەموو زانستێ ئەزانی؛ وەتەنانەت لەزانستی ئەستێرە ناسی‌دا کتێبت نوسیوە ،ئێسە ئەمانەوێ، لەهەرزانستێ مەبەستێ لەتۆبپرسین .

کاتێ نزهةالزمان قسەکانی ملك شرکانی بیست، ووتی: ئــەی پاڎشای نــاوڎار! یەکەم بابی‌زانیاري باس لــەسیاسەت ویــاساوڕەووشتی‌وەلات داري‌یەوە ئــەکا. ئەبێ بزانین کە ئامانجی‌هەموو کەس لەژیاندا بۆبەدەست هێنانی دین‌ودونیایە؛ چونکۆبێ دونیا کەس ناتوانێ بەدین بگات؛ وەدنیاڕێگای قیامەتە؛ وەکاری‌دونیا سەرناگرێ مەگەربەدەستی خەڵکي‌نەبێ؛ وەکارێ کە خەڵك لە دونیا دا جێ‌بەجێ ئەکەن‌چوار جۆرە : وەلات داري، بازەرگانیی، جوتیاري، وەپێشەوري

بۆوەلات داري، سیاسەت زانین‌وهۆشیاري‌ووریایی‌زۆرپێویستە؛چونکووەلات داري بناغەی ئاوەڎاني‌دونیایە،وەدونیاش ڕێگای عوقبایە : لەبەرئەوە کە خوڎا ماڵو مەتای دونیای بۆبەنڎەی خۆی لەپێناوی بەدەست هێنانی ئامانجی‌خۆش‌بەختي ئەو دونیادا، وەکوتۆشەی ڕێگا قەراری‌داوە؛ وپێویستەهەرکەس لەو تۆشە، هێندەلەگەڵ خۆیدا هەڵ گرێ کە ئەوبەخوڎابگەیێنێ؛ وەنەکەوێتە شوێنی‌ئارەزوی‌نەوسی‌خۆی. ئەگەرهەموخەڵکی‌دونیا، ڕێگەی دادگەري وئینصاف بگرنە پێش، هەموودوژمني و ناحەزي بەینی ئەوان لە بەین ئەچێ. بەڵام داخەکــەم بۆیێ‌کارەساتی‌دونیا وەهــا هەمیشە شڵەژاوە، کە خەڵکي‌هەمیشەوان لــەفیکری ستەم کــردن لەیــەکتروەدەس درێژي بەسەرمافي‌یەکترا، وەکە وتۆنە دوای ئارەزوی نەوسی‌خۆیــان؛ وەلــەم کارە دوژمني‌وناحەزي پەیڎا ئەبێ وشەڕوئاژاوە هەڵ ئەگیرسێ؛ وە بەم بۆنەوە خــەڵکی

بنکەی ژین www.zheen.org

کوردستان

بەشی کوردیی شمال

لاپەڕەیی ، بوهەموو جار

## گرتنا عەسمین

بێت وئارزۆیــا دلێ بەشەر، ژ گەلەکیی بەرێ ، بۆدەست پەیدا کرنێ، بەعەسمین ، وسوژێــدوێ بدەستێ‌زانێدەولەتامەزنەجیناریێ، مەهاتەقەراندن، وەئەوولین،دا گپر کرێ پەزێ فرەیا عــەسمین. وە پەلەوانێ گرتناعەسمین‌یانێ‌ئاغای (گاگارین) ژۆسیێ ئەڤ تاجێ‌سەر فەرازیێ دانیی سەرێ‌خووهەووەطە نێدوە بەلکۆمرۆڤاتی‌یێ.

نهۆ کوتاریخێ‌پــەژە کێ زاف تازە و ئشق دەست پێ کرییە وە زانینابەشەر گەیشتی‌یەوێ‌دەرەجێ، کومرۆڤــەك ، ناوبێینا نــزیکیا سەعەتــەك نیوێ دا، هــەوا دۆرا عەردێ، بن‌یێ‌یێ‌خوداهپشتی‌یەوە پاشی‌جارە کێ دۆرلێ‌خستن‌بدۆرا عەردێ ، بجێ‌یێ کڤش بوبێ‌ساغ وسلامەت وە گەریایە، وەپێش هاتا مەزترتاریخێ‌داقەوماندی‌نە کوتەنێ گەرەك ، بملەتێ شۆرەوی ومرۆ ڤەکی هاکینە، کوژ (کــریستوف کلمبێ) عەسمین نــاوستاندییە، ژکــۆکادڵ پیرۆزی وارە گۆتن ، بەلکۆ گەرەك بناوێ‌پیرۆزیابەشەر بچرخابەدرین‌جێشن وارە گرتن. ژاستە، کەدەرەجا ئەوول دا گەرە کو، سەرفەرازی یاڤــێ‌پێش هاتا مەزنە تــاریخا بــەشەرببەنسیبێ (گاگارین) بخوومللەتێ(ئورس)، لێ‌بەلێ‌ژبەرێك زانینچووەطنکێ وێ کڤش چونــەیە ومزانێدهــەر دەرە کێ‌یێ گشتێ‌دونیامرۆڤاتییێ‌نن بەرڤێ، ئەڤ سەرفەرازی د گێژە ، هەموبەشەر کو گەرەکچاکهەبێ‌شوژ وشایێ‌دابن . بەر کــەتنا زانینێ بەرعەکسنا ئــەواك دەزگــایێد تەبلیقاتیا دەولەتا مــەزنە جیناریێ مەوتاگیرێدوێ دبێژن ، تەنێ یا پارتیك ومــەرامــەك کڤش نینە، بەلکوتەلاشازانا، هەگەروسیلێد لازمدەست واندا وارەدانین‌وەخۆیا فداکاریێ دژی یابەشەردا لەجەم هەبن،دوکارن‌بگێژنەهەرجی‌یە کی، کودەولەتاشۆرەوی ڤێ‌یە کێ‌ژمە باش‌تردزانە، وە فەسالاتــەبلیقاتێ کەتی‌یەدەستان .

بهەرحالە کی،ئەم‌ڤێ‌سەر کەتن وپیرۆزیامەزن، ژکۆکادڵ‌بیراییند ئورسان ، وەگاگارین‌بخومبارە کیێ دبێژن، وەهیویێ‌دکن ، کــوئەڤ بەرکەتنازانینێ دژی‌یا خزمەتــا بەشەردا وارده خــەبــاتێ، وەژوێ خێنجی سولح وعەدلایادونیایێ وە دەرمانێ‌دەردێدبێ حەساب کوبەشەر لێ‌ئاسێ‌بۆیە،کارنەیێ کــرن‌وەئەم ئارزۆیــا ڤێ‌ژۆژێ دانن کوتەلاشا زانێد دونیایێ، ژهــەربدرودەستەو، والاتوپەژە کیی‌جهانێ‌ژی یاخێرو سەلاحا، گشتێ بەشەردا ژێ کــار وارە کرن .

(جینار) : دەراوسێ: همسایە

(سەرفەرازی) : سەربەزی:افتخار

(ئیشق) : ژۆناك : درخشان

(خێنجی) : جگە : غیراز

## لائوسا بی تەرەف

سەژاست بۆنا دەولەتەك بێ‌تەرەف لە (لائوس) یەك ژوان‌کارێد سیاسی‌یەمەزنە، کوڤێ ئاخرییێدا بۆپێشی گرتن ژهەوکەتنا ، سیاسەتا ژۆژهەلات وژوژئاوا، ڤی‌والاتێ پچوکە ئــاسیا (بــاشۆرا ژۆژهەلات) دا، بدەستێ‌دەولەتێدمەزن هاتی‌یە گرنن. بەهەو کە تناسیاسەتێد جوژجوژ، لە(لائوسێ) ببۆسەبەب کوئالۆزی‌چێ‌بە، وەمرۆڤێدتوندژۆەێ‌ڤی‌والاتی، یبهانا وێ دەولەتا کولائوسێ‌دا. سەرکارە تاگپرێ‌ژۆژئاوایە، ئالایایاخی تی‌یێ‌بنەیاریاڤی‌دەولەتی‌ژا کرن، ەە دەست بخرابکاری یــا کربۆن دەولــەتێد **(ئامریکا وانگلیس)**، ئۆسەد کرنــا ئۆخــورمــا لا وسێ، کوجی‌یێ‌دێ‌ژی ئاسیابــاشۆرا ژۆژهەلات نە گــرە، بجوژە کیی‌ژەسمی قەبۆلیاخو، بسەژاست بۆنا دەولــەتەك بێ‌تــەرەف بسەرەك و زیریــا **(سووانافوما)** دانەحەساندن،دەولەتا (شۆرەوی)ژی‌ئەڤ‌یەکاقەبۆل کــ، وەنهۆلەسەرهەو، ژۆنشتنێ‌تنام ، کوناوبێینا **ژۆژهەلاتێ وژۆژئاوا** لەبارا دەولە تو کوبێ‌تەرەف لائوسێ‌دا، بۆیە خەتەرا شەڕ کی مەزن‌لەهوندر وێ دەولەتێ‌وەژجاردێ بوییتا پێش هاتێد خونی، بجارە کێ‌ژناوچوویە.

**پرزیدنت کندی** سەرەك جمهووریێ ئامریکا ژ **هرولد مکمیلن** سەرەك وەزیرێ انگلیس ژی، وەختا کومکمیلن‌لەواشنگتنێ‌بوو،هەودی را قسە کرن، و قەبوولیاخو بوێ‌یە کێ گیاندن .

پرنس (سووانافوما) کوژ گرە گژێد سیاسی وبێ‌تەرەفێ دولــەتا (لائوس) تێ‌حەسێب، نهۆسەفەراخو،بایتەختێ دەولەتێدمەزن‌دادەومینە، وەحەدتتانهۆ(لندن)و(واشنگتنێ) دا، گەلّ کاربدەستێدئامریکاوانگلیس لەبارا حکوومەتەك بێ‌تەرەف لەلائوسێ‌خەبەر دایە ، کوڤێ گاڤێد کەبۆ گۆفتگۆیێ گەلّ کاربدەستێد ئورسان هــەرە **مسکوێ** ، پاشێ‌بــزڤرە والاتێ‌خو. مەسەلا بەربچەڤ، ئەڤە کودەولەتا دموکراتــە ئــامریکا، بەرعەکسنا دەولەتا جمهوورپخواز، پەی سیاسەتا بێ‌تــەرەفیی‌دەولەتێد پچووك دادچە، کوئەڤ خوهڵ گوهڕاندنەك مەزن‌سیاسەتاوێ‌دەولەتێدا تێ‌حەسێب . وەبێ‌شك، ژبەرێد، ئامریکا سیاسەت ژاێدوێ دەولــەتێ، پاشێ‌میزە کرنەك‌تنام‌بکاروبارێ‌دونیایێ گەیشتنەڤێ‌نەتیجێ، کو گەرەك لەهنەك‌جی‌یا، سیاسەتا بێ‌تەرەفی‌بێ‌وارە گرتن، کودنــاوبێنا ژۆژهەلاتێ وژۆژئاوا، ببەجەپەر،وپێشیا ئۆخورمائالۆزیابگرە .

شك چونەیە، ژێ‌جوبیناڤێ‌سیاسەتێ‌نە کوتەنێ‌دبەسەبەبێ‌عەدلایا ڤێ‌دەولەتێ، بەلکووکاربارێ (کــرە، فیلیپین، سیام) وە دەولەتێدئاسیا باشوورا ژۆژهەلات دێ داژێ ئەسەرە کومەزن وخۆییایێ‌هەبە. وەبڤی جــورێ سولحا دونیایێ باشترێ‌پاراستن . نهۆ گەلەك سیاسەت زانێد مەزن،هیویێ‌دکن، کوسووانافوما و کاربە، بسەژاست کرناحکوومەتەك بێ‌تەرەف لەلائوسێ، وەجی‌بجی کرنا ڤێ‌سیاسەتا تازە کو دولەتێدژۆژ ئاوا دەرخو گرتنە، ئالۆزیکە خەتەرناك ئالی کی‌خە.

(سەژاست بوون) : پێکهێنان : تشکیل

(هەوکەتن) : هەلّ تەقان : تصادم

(باشوورا ژۆژهەلات) : باشووری ژۆژهەلات : جنوب شرقی

(ئالۆزی) : گێژاو: بحران

(تاگپر) : لایەن گپر: طرفدار

(ژاکرن) : هەلّیان کبرد، برافراشتند

(هوندر) ، ناوخو: داخل

(گرەگر) : مروڤەکیی گرنك : رجال برجستە

(ددۆمینە) : درێژەپێ‌ئەدا: ادامە میدهد

(بزڤرە) : بگەڕێتەوە : برگردد

(چەپەر) : کۆسپ : حایل، مانع

# مەولودنامەی پەیغەمبەری ئیسلام حەزرەتی محمد(ص)

## دانراوی زانای بەناوبانگی کورد

### حسن هەرتووشی

مەرحەبا ئــەی‌ئافتابێ، بــێ‌زەوالّ

مــەرحەبا ئــەی ماەتــابێ لایەزالّ

مەرحەبائەی بولّبلێ باغێ «وصال»

مەرحەبا ئەی ئاشنایــێ(ذوالجلال)

مەرحەبا ئەی‌نور،خورشیدێ خودا

مەرحەبا ئەی‌تۆژحــەق نابــێ‌جودا

مەرحەبا، «مطلوبێ»عالەم هەرتۆیی

مەرحەبا ئەولادێ «هاشم» هەرتۆیی

مەرحەبائەی‌نووری‌حەق رامەزهەری

مەرحەبا ئەی ئــەولیا راسەروەری

مەرحەبا هاتــــــی‌شڤانێ ئومەتێ

مەرحەبا هات بۆەنوورا دەولەتێ

مەرحەبا ئەی بەدرێ عالەمیامونیر

مەرحەبائەی‌خەلقێ گیتی دەستگیر

مەرحەبا سولّطانێ جوملــە «انبیا»

مەرحەبائەی نوراچــەشمێ «اصفیا»

گردڤێتن هــوون ژنــارێ بن‌نجاة

بعەشق‌وشەوقەك هوون‌ببێژن‌الصلاة

بنکەی ژین www.zheen.org

کوردستان

## بەشی سنەیی

وەرگێڕ : أ. مفتی زادە

# رام کردن فەزا

ئارەزۆی کۆنەی بەشەر، بۆڕام کردن فەزا، وە گەیین بەئەسراری، بەدەس دانشمەند گەل گەورەی ولاتهاوسامان، هاتەڕێ، وەیەکومین قەهرەمان داستان ڕام کردن فەزا یانێ گاگارین ڕۆسی ، ئەوتاج ئیفتیخاری‌یەنییا۔ەر خوەی‌وهاووە۔ تەنگەلی، بەڵکەهین بەشەری۔یەت .

ئیمڕۆ، کەتەئرێخ لاپەڕەی فرەتازوڕۆشنێکی دەس پێ کرد۔ گەوەعیلم بەشەر گەبیگە سەئەو جێگە، کەیەك نەفەر لەنزیك سەعات ونیمێکافەزای زەوینی، داگەسەپاوە، وەدووای گەڕیان‌بەدەور زەوینا، بەسلامەت گەڕیا گەسەو بۆنوقتەی پێش بینیی کریاگ،وە گەورەترین حادسەی تەئرێخی، بەووجود هاورد گە، نەك‌تەنیاك شی بەمیللەت قەهرەمان پەروەرڕۆس، وەبە کەسێوا کەلەقەب کاشف‌فەزا وە «کریستوف کولومب» هەوای گرد گە ئەشێ تەبریك بویژر گێ، بەڵکەئەشێ بەناوپیرۆزي‌بەشەر وە گەیینءیلمی بەئاسمانگ‌جەژن بگیر گێ.

دوروسە کەلەدەرەجەی‌ئەووەلا ئیفتیخار ئەمەواقیعە تەئرێخی‌یە گەورە بۆگاگارین ومیللەت ڕۆسە، وەلێ لەبەرئەوەعیلم ەتەنێ مەخصوصی نییە، وەدانشمەند گەل تەعەللوقیان‌بە هەواودنیای‌بەشەري۔یەتەوەدەس ، تەواو ئەفرادبەشەر گەیگنەسەربەرزي وئیفتیخار، وە گشت ئەشێ لەم‌تەوفیقە گەورە غەرق‌خوەشي وشادي بن .

پێشڕەفت عیلم (بەپێچەوانەی قسەی دەزگاتەبلیغاتی‌یەکان ولات گەورەی‌هاوسامان،وەبلنگوەکانی) مەخصوص حیزبو مەرام موعەییەنێ نییە ، بەڵکە تەلاش هەمەیشەیی‌دانشمەند گەل(خوصوصەن ئە گەروەسایل‌کافي‌بەر گێتە ئیختییاریان) وەحیسس فداکاري لەڕێگەی خەڵمەت بەنەوع بەشەر، لەتەواودەورە گەل تەئرێخا ، بوگەسە بابیس دوروس بۆن ئەم گشتە موختەریع وموکتەشیف وڕیبازي زان‌ودانشمەند گەلترە؛ وەئەم حەقیقەتە ، خود دەوڵەت ڕۆس لە ئێمە خاستر ئەیزانێ؛وەلێ زەمینەی فرەموناسبێکی ، بۆئیستیفادەی تەبلیغاتی هاورد گەسەدەس.

بەهەرحاڵ ئێمە ئەم کامیابی‌یە گەورە بەمیللەت ڕۆس وشەخص ئاغەی گاگارین تەبریك ئیژین، وەئومێدەوارین کەشفي‌یات عیلمي ووەسایل‌تازە، لەڕێگەی‌خەڵمەت بەجامیعەی بەشەرا بیر گێتەکار ، وەغەیر بۆئاشتي وئارامش،وەدەوای ئەم گشتەدەردە کەداوێنەی بەشەري۔یەتی گرد گە۔ ئیستیفادەی لێ نەکر گێ؛ وەبەئساوات زۆڕێکە و هەین کەتەلاش دانشمەند گەل دنیا ئەمەردە سەوحیزب و ولات و قاڕزەیێ، بۆخەیروصەلاح ونەفع عومۆمي‌وموشتەرەك ئەفرادبەشەر ئیستیفادەی لێ بکر گێ .

## لاپەڕەیی بوهەموجار

# لائوس بی تەرەف

تەشکیل‌دەوڵەت بێ‌تەرەفێ‌لەلائوسا، فەرمۆل سیاسي‌موهیمێکە کەتازە لەتەرەف دەوڵەتە گەورەکانەو بۆجلەو گیري لەشەڕ سیاسەت شەرق‌وغەرب لەوولاتەبۆ چك ئاسیای جەنۆب شەرقي‌یەدا ، ئیبتیکار کریا .

شەڕسیاسەتگەل‌جۆرجۆر بۆبووە بابیس ئاژاولە،لەلائووسا ؛ وە ئیفراتیگەل لەوولاتەڎا، بەبەهانەی ئەوە کەدەوڵەتێ کە لەلائووساهالە سەرکارەو تەرەفداري لەغەرب ئەکا، بەرابەر ئەودەوڵەتە هەڵسابوونەو، وەدەسیان‌دابووەخەرابکاري‌یەو . ئیمریکا وئینگلیس بۆجلەوگیري لەسیرایەت ئاژاو لەی لائوس بۆئاسیای جەنووب شەرقي ، ڕەسمەن ئیعلامیان کرد کە موافقن‌بۆ تەشکیل دەوڵەت بێ‌تەرەفێ بەنەخوست وەزیري‌سووڤانا فووما، وەڕۆسیچ ئەونەزەریە قەبووڵ کرو، وەبەم‌بۆنەو، وەدەسیان‌دا بووە خەرابکاري‌یەو. ئیمریکاو ئینگلیس بۆجلەو گیري لەسیرایەت ئاژاولەی لائووس بۆئاسیای جەنووب شەرقیی، ڕەسمەن ئیعلامیان کرد کە موافق بۆتەشکیل دەوڵەت بێ‌تەرەفێ بەنەخوست وەزیری سووڤانا فووما، وەڕۆسیچ ئەونەزەریە قەبووڵ کرد؛ وەبەم‌بۆنەو، خەتەر قۆمیان شەڕداخلي لەوولاتەڎا، وە دووارە بوونەوەی حەوادیس خوێنین کورە، تەواو لەبەین چووو گە .

وەختێ هارۆڵدمە کمیلەن لەواشینگتۆنابوو ، ئەوویرزیدێت کینیدي لەبارەی مەسەلەی لائووسیچە وقسەیان کرد ، وەموافەقەت کامل‌خوەیان‌لەتەك ئەوفورمو لەڎا ئیعلام کرد.

پڕێنس سووڤانا کەلەڕیجال سیاسیی بێتەرەف لائووسەخەریك ئیدامەی‌سەفەرخوەیەبۆپاتەخت ولاتە گەورەکان، وە گەرە کیەبێتەرەفیی خوەی بەوان حاڵي‌بکا. ئەوتائیسە لەلەندەن‌و واشینگتۆنا، لەتەك مەقامات ئینگلیس وئیمریکا لەبارەی بەرنامەی خوەیەو بۆتەشکیل دەوڵەتێ بێ‌تەرەف ووتوویژی کرد گە، وەئیسە گەرە کیە بۆباس لەتەك ڕۆسیگەلیچیا بچێتەمسکۆ، وەدووای ئەوەبگەڕێتەو بۆولات‌خوەی

مەوزۆع جالیب تەوەججوە ئەوەسە کە دەوڵەت دومو کراتی ئیمریکا بەپێچەوانەی دەوڵەت جمهووریخاه، سیاسەت پشتیوانی لە بێتەرەفي ولاتگەل‌بووچك تەعقیب ئەکا؛ وەئەمەخوەی ئاڵوگۆڕ گەورەیکەلەسیاسەت ئەوولاتەڎا؛ وەبێ تەردید، زەمامدار گەل و سیاسیگەل ئیمریکا، بەسرنجدان وەزع دنیا، بەم‌نەتیجە گەیگن کە لەبەعزێ جێگەڎا، کەئە گونجێ شەڕسیاسەت‌شەرق‌وغەرب بەجۆر خەتەرناکێ لێ بێ، وەبۆئاشتي‌دنیا نەتیجە گەل نەبەدڵێکی بوێ، خاستر ئەوەسە کە مەنتەقە گەل بێتەرەفێ (کەلەواقعا دیوارێك ئەون لەبەین‌خوەرهەڵات وخوەرنشینا) دوروس بوێ، تالەمەڵتەقیانگەلێ کە ئەونەبابیس ئاژاولە جلەو گیري بکا .

بێ‌تەردید، ئیجرای ئەوفورمووله لەلائووسا، نەك‌تەنیائەوێنە سەبەب دامەرزیان ئارامش لەوولاتەڎا، بەڵکەلەواقعا،لەوەزع کورەی، فلیپین سیامو ولاتەکان تر ئاسیای جەنووب شەرقیچیا تەئسیر خاد ێکی ئەوێ،وەبەم‌جۆرە،ئاشتي‌دنیا خاستر ئەپارێز گێ.

ئیسەفرەییێك لەسیاسیگەل دەوڵەتە گەورەکان ئومێدیان هەس، کەسووڤانا فووما بتوانێ بەتەشکیل دەوڵەتێ بێتەرەف لەلائووسا ، وە ئیجرای نەقشەی تازەی دەوڵەتە غەربي‌یەکان، ئاژاولەی خەتەرناکێ بکوژنێتەو .

# ریزەکاریی

**یەك گرتنی‌دەست‌ودڵ :** لێ‌بڕان ونەمانی دودلي ، لەسەرە ئ چەشنە کردەوەیێ کەبەدەست بکرێ یان نە . ئەڵێن : «دەست‌ودڵی یەك‌ناگرێ ، کەداره کەی‌دەستی تۆڕبدا» یا «جارێ‌دەست‌ودڵتیەك گیرنەبۆ ، کەسەرێکمان‌لێ بدەی !» یا «چۆن‌دەست‌ودڵت‌یەك گیر بۆ کەقسەیێکی‌ڕاست‌بکەیی !» . دیارە ، لەبناغەدا بۆکردەوەیێ بەکار براوە کەبەدەس‌بکرێ ، ومەبەست لەسەر ئەوەیە کە ، لەکاتی‌دوودڵیدا ، گوایە دڵ‌فەرمانی‌داوە ، بەڵام دەس ، گوێ‌لەقسەی‌نادا ، وەبەوبۆنایە یەك‌ناگرن‌و وەیەك‌ناکەون . ئەش گونجێ بۆ یە کەمین‌جار لەوەدا بەکاربرابێ ، کەدڵ فەرمان‌بدا ، بەڵام دەس ، زۆری پێ ناشێ (وەکو ئەوەمندالێ بنەوێ‌لەشتێکی قورس‌وبانتر لەهێزی‌خۆی) ، وە لەپاشان ، بۆهەرچەشنە دوودڵی ، یاتەنانەت‌ویستنە کردنێ بەکاربراوە . بەڵام جوانترین شوێنی ووتنی ، ئەوەیە کە پێویستبێ ، کابرا ، شتێ بدۆرێنێ ، کەچي لەبەر زۆدي ، هەرخۆ بگرێت‌ولێ نەبڕێ ؛ جائەڵێن «دەست‌و دلی یەك ناگرێ ، کەفرسارەشت ببەخشێ» .

www.zheen.org

کوردستان

## بەشی هەورامی

وەرگێڕ:م.ص.مفتی‌زادە

### فەضائەرە گرتەی

ئارەزوو کۆنەو بـەشەری پەی دەس‌یاوای بەفەضای جـەلایەنـو زانایانو وەڵاتو گەورەوهامسایما، ئامادێ؛ وەیە کەم فاتحوفـەزای بێ‌سەرو بنی، وەقارەمانوداستانو ئاسمانی،یانێ«گاگارین»ی‌ڕوسی ئاتانجەو افتخاریشەنیاسەرووێش‌و هامووڵاتی‌یەکاش‌و بەڵکە گـردو بەشەری .

ئارۆ کەتاریخ‌لاپەڕێوەڕۆشنش ووستەن‌ڕووە،وەعلمو بەشەری‌یاوان یاگێوە کەیەك‌نەفەرجە کەمتەرجە یەك‌سعاتونیمەنەدەوروزەمینی‌بڕۆوە، وەجەیاگێوەنە کەوەڵێنەپێش‌بینیی کریان، بەیـۆوە واري‌وسڵامەت بنیشۆوە، نەتەنیا مشیۆبەگەلـو قارەمانو ڕۆسیی، وبەکەسێوە کە کاشفوفەضایەن،وەلەقەبو«کریستۆف کولۆمب»وفەضایش‌ڕـەنەدریـان پیرۆزبایی واچمێ، بەڵکە لازما پەی‌پیرۆزيو بەشەری چەژنە گێرـ مێ کە علمو بەشەری‌یاوان‌یاگێوە کەئاسمانش گرتەن چێرودەسووێش

دوروسەن کەجەپلەی‌یەکەمەنە افتخارو ئی کارە گرنگەیەهـڕـنو «گاگارین»و گەلوڕۆسیەن، بەڵام چون علم‌یاگێوە جیاوازش‌نیا، وە مەبۆبملکو کەسی، تەماموگەلو دنیای چی‌پیرۆزی یە گەورەیەوە شحاڵێنێ .

سەرکەوتەیوعلمی‌بەپێچەوانەو ئانەیەکە دەزگا تبلغاتی یەکێو وەڵانی گەورەی‌هامسایـا وەڵاوش کەراوە، مەخصوصو کـۆمەڵێوە تەنیا نیا، بەڵکـە، زەحمـەت‌و ڕەنجوئازانایانە کەشەوو ڕۆژئارام مەگێرا،ئاکارە گەورامێزاوە‹ وە بۆیەوەسیلەو بەدێ ئامایو ئاصنعەتە گەورانە؛نەڵبەت‌دەوڵەتوڕۆسی چێمە خاستەر پاحەقیقەتیەمزانۆ، وەلێ

پی کاریە فرصەتێوە خاسش پەی تەبلیغاتی بەدەس‌ئاوردەن .

بەهەرحاڵ ئێمەئێمەر کەونە گەورەبدەو ئەتوڕۆسی،وەبەتایبەت بەگاگارینی پیروزبایی ماچمێ،

وەئومێدەوارینمێ کە اکتشافاتی علمیی پەی خزمەت بەجـامعەو انسانی گنۆ کار‹ وەپەی‌ئەرەمەرز ئاێۆهێنەیی‌وئاشتیی کەڵکش‌چەنە هۆرگیریۆ .

## لائوسی بی‌لایەن

دوروی بییەیودەوڵەتێوە بێ‌لایەن جەلائۆسەن»ە، یۆجەفۆرمۆلە سیاسی‌یەگرنگەن کەچی دمایی‌یەنە، پەی جلەوگیري جـەناوەشی‌و شەرق‌وغەربی جەلایەنودەوڵەتە گەدرەکاو دنیایەوە، ووزیان کار .

سیاسەتە ناجۆرەکاجە لائۆسە نەبشێویوە گەورەش ئاوەردبێ دي، وەئەندامە تێژەوە کێ چاوەڵاتەنە، پابەهانێوە کە دەوڵەتو تـازەکارو لائۆسی سەرەولاو وەڵاتە غەربی‌یەکان، پاخی‌بێ بیێ، وەدەسشاکەرد، بشێوەکەردەی‌چاوەڵانەنە،دەوڵەتوئیمریکاو ئینگلیسی‌پەی‌جلەوگیري چابشێوەیە، ملشادا پانەیە کە ی»لائوسەنە دەوڵەتێۆە بێ‌لایەن بەسەرۆك وەزیريو «ـوواناڤووما» دروس‌بۆ‹ وەدەوڵەتوڕۆسیچ پەنەش وەش‌بێ

ئیسە پابۆنەوە مەترسیی‌و جەنگی داخلیی چاوەڵاتانە، وەدۆبارە بییەیو مەسەلێو «کورە»ی دلێنەشی‌یەن .

پرێزیدنت «کینەدي» سەرکۆمارو ئیمـریکای، وە «هـارۆڵد مەکمیلەن»سەرەك وەزیرانو ئینـگلیسی پەی‌ئاکاریەپێوەقسێشاکەردێ وەڕووەشانیشانەدا .

پرینس سووانافووما کەپیاپێوەساسی‌و بێ‌لایەنودەوڵەتولائوسیەن کەوتەن سەفەر کەردەی پەی پاتەختووەڵاتە گەورەکاتا بێ‌لایەنیووێش پادەوڵەتا بیاونۆ ،

چێویۆە گرنگ ئانەنە کەدەوڵەتودیمۆکراتوئیمریکای‌بەپێچەـ وانەودەوڵەتو کۆماري‌بازی، سیاسەتوپشتیوانیی‌جەدەوڵەتەبێ‌لایەنەکاش گرتەن‌وەر، وەئینەیچە ئالوگۆڕێوە گەورەن کە چاوەڵاتەنەئامان‌دێ.

کاربەدەسەسیاسی‌یەکێو ئیمریکای یاوێنێ بێ‌نەتیجەیە کەپـەی ئانەیە بشێوێوە جەبەینو دووەبلۆکوشەرق‌وغەربیەنە ڕووەنەدۆ، پـەی میانجیی گەرێو ئادووە دسەیە، دەسێوە تەری بێ‌لایەن مشێۆ دوروس کریۆ کەگنۆنە بەینو ئادووە دەسەیەتا جەنگێوە قۆمیۆ، وەئادەسە بێ لایەنە گنۆ بەینو شەرق‌و غەربی .

دیارا ئا کارە جەلائۆسەنە نەتەنیا، باروئاوەڵاتیە مـەرزنـۆرە، بەڵکوجەبارو کورەو فیلیپین‌و سیام‌و وەڵانەکای تەرێو ئاسیای‌جەنۆبی شەرقیچەنە، شۆیوە گەوریش‌هەنە، وەئاشتیو دنیایچ مەرزنۆرە .

فرەتەرو سیاسی‌یەکاو دنیا چەمەڕاو ئانەیەنێ کە دەوڵەتولا وسی بەسەرۆکایەتیوسوواناڤوومای بتاوۆ دەوڵەتێوەی‌لایەن دوروس کەرۆ، وە کاروو تەیو فۆرمۆولو دەوڵەتە غەربی‌یەکا بەبشێـوەو مەترسیـی‌داری دمایی بدریۆ.

## دستورخواندن‌ونوشتن‌کردی

**لاپەڕەیی بۆ هەموو جار**

**عده‌ای‌ازخواهران‌برادران‌فارس‌زبان‌که‌مایلندبرسم‌الخط کردی‌آشناشوند باین‌مطلب توجه‌فرمایند:**

**میدانیم‌که کلمات‌فارسی بوسیله‌سه‌حرکت زبروزیروپیش وسه‌حرف «الف»و«واو»و«یاء» تلفظ میشود. وچون‌حرکت در نوشتن نمیاید تلفظ صحیح‌کلمات بستگی باشنائی قبلی‌دارد،و این‌نقیصه موجب‌اشکال بزرگی درزبان فارسی شده . ولی‌رسم الخط‌کردی این‌اشکال رامرتفع ساخته، وکلمات تنها بوسیله حروف تلفظ میشوند. حروف‌صدای‌کردی عبارت ازحروف زیر میباشد .**

**١ـ (ە) که‌بجای زبرمیاید. مانند: «سەر» (سر)«سەروەر» (سرور)**

**٢ـ(ی) که‌بجای‌زیرمیایدمانند: «جیهاز»(جهاز)«کیتاب» (کتاب)**

**٣ـ(و) که‌بجای‌پیش‌میایدمانند:«گول»(گل)«بولبول»(بلبل)**

**٤ـ (الف) که‌بجای‌الف میایدمانند: «باغ» (باغ)**

٥ـ (ۆ) که بجای«واو» میآیدمانند: «بۆد»(بود)«زۆد»(زود)

٦ـ (ێ ی) که‌بجای«یاء»میآیدمانند:«بێد»(بید)«دەوێد»(دوید) «مەردي»(مردی)

**٧ـ (ۆ)که صدای واومجهول میدهد: مثال آن در کردی «هۆز» «بۆر» «درۆ»**

**٨ـ (ێ)که‌صدای یاء مجهول میدهد: مانند «کێ» (که) «چێ»(چه)**

٩ـ (ۊ) کەمخصوص‌لهجه کرمانشاهی است‌وصدای (U)میدهد. مثال‌آن درلهجه کرمانشاهی«ئۊشم»(میگویم) «داشتۊت» (داشته‌باشد)

**(١) حروف«ها»و«واو»و«یاء» بی‌علامت ممکن‌است‌اصلی باشند.مانند:«هەمسایە»(همسایه)«وورود»(ورود)«یەك»(یك). برای‌فرق‌میان هاءاصلی‌واعراب، هاءاصلی را دوچشم‌واعراب رایك‌چشم‌می نویسند .**

**(٢) همزه را همیشه باینصورت ( ئ ) می‌نویسند . مانند : «ئەحمەد»(احمد)«ئوطاق»(اطاق)ئیمام(امام)**

**(٣)درکردی‌گاهی‌روی‌حرف‌دال‌ولام‌وراءعلامتی‌میگذرانند وباین‌شکل مینویسند (ڎ،ڵ،ڕ) که در اینصورت دال تقریباًغیر ملفوظ ولام‌وراءمفخم میگردند.مثال آن‌درکردی:«فەرهاڎدڵ، کوڕ» (فرهاد، دل، کریعنی‌پسر)**

**(٤) الف‌بای‌کردی یك‌حرف بیشترازفارسی‌وعربی داردکه عبارت از«ڤ»میباشد . البته‌تلفظ‌این‌حرف‌درفارسی‌زیادست،ولی با«واو» عربی مینویسند . مانند «ڤەلی» (ولی) «ئـەڤـایل» (اوایل) .**

**(٥)دررسم‌الخط‌کردی‌حروف مشددرا دوتامینویسند.مانند «ئەڕڕە» (اره) «بەڕڕە» (بره)**

**(٦) درکردی‌کلمات‌راهرطورتلفظ میکنند مینویسند‹البته کلمات بیگانه‌را مشمول این‌قاعده‌میسازند ؛ ودیگراشتباهی‌بین حروفیکه مخرجشان نزدیك‌است واقع‌نمیشود ؛ مثلا صفحه را اینطور مینویسند : «سەفهە»**

www.zheen.org

کوردستان

## بەش کرماشانی

نوسیای :«سیدمحمدسعیدغیرت»

# بەرنامەی مەدارس دیهات

### چاوی بخەینەبەرنامەی دەرس خوەنین لەدێهات

تازەیی وەزارەت فـەرهەنگ کەفتیەسەئی فیکرە کە: بەرنامەی دەرس داین لە مەدارس خاس‌ترو فایدەدارتربکەت . ئەڵبەتە فیکـر دروس کردن مەدرەسەی فەننیی‌و حرفەیی بەفرەساڵەلەئێران‌هاتیەسە بەین ، وەبەینەلاپیش هـاتن‌ئـی فیکریشەلەبەرنامەی‌مەدارس‌ئەثەر فرەیك داشتیە ؛ وەطەوری کەهەر ئی‌فیکرەبۆ کە لـە دەبیرستانەیل ڕشتەی تەحسیلیی یەکە یەکـە دیاری‌یەو کرد ؛ وەلەسیکل‌دویوم حیساوی‌لەیەك‌جیابێ؛ وەهەرچنەو مەدرەسەی حرفەیی دروس کریا . حەقیقەت‌یەسەهەرچی«فارغ‌التحصیل» لەمەدارس ئیبتدایی وەدەبیرستان تیەنە ناوجامەە؛ بیشترئەهەمیەت ئی‌فیکرە ڕۆشنەو‌بۆت کە خاسە لەدەبستانیش بەرنامەیل‌عەمەلیی‌و فەننیی ئیجرابکەن ، وەحـەتتا فرەحیساوی‌وەئی کارە«توجه»بکەن کە یەك نەفەرشاگردلەشۆن‌شەش ساڵ دەورەی ئیبتدایی بتـۆنێت هونەروصەنعەتیك یادبگریت؛ وە ئەڕای خوەی‌کاریك بگرنەدەس؛ وە کەم کەم‌جوانەیل لەبیی‌کاری‌و دەس بەتاڵیی‌و فیکرنەوکـەری دەولەت کردن‌وپشت‌مێزنشتن لـە سەردەربکەن؛ ئەڕای‌خۆیان‌دروس حیساوی‌بۆنەپیای‌زینەیی‌وکاریك بگرنەدەس .

ئیمڕو ئەوانە کە لەمـەدارس ئیبتدایی دەبیرستان تێنە دەشت ، ئەصڵەن ڕێ‌زینەیی کردن‌بەڵەد‌ نین . ئەگەر باوکیان پیشەوەرو صەنعەتگەروئەرواوی کەر بۆوە ، دیترخوەیان لەپـەی ئـەوکارەنیە چن ، وەخیاڵ‌خوەیانە کەمەدرەسە چـۆنو دەرس خوەنین ئـەڕای کارەیل‌پشت‌مێـزی‌و نەوکـەری دەولەتەوبەس .

داخم‌بایە کە ڕۆژوەڕۆژنیهضەت صەنعەتیی‌جۆروەجۆرلەئێران‌هاوە پیشڕەفت‌ئی‌مەدارسە نەتۆستنەوە ئەندازەی کافیی کار گـەر کارزان ، صەنعەتگەر، پیشەوەر ، ئەرواو ، دروس کەن ؛ وەجوانەیل ئیمە لە باوەت‌صەنعەت‌وهونەردەسیان‌خالی‌یە بەنابەرە ، یەکی لەڕێ‌یەیلی کە بایەس‌ئەڕای‌دروس کردن‌فەرهەنگ وەئیجتماع خومان پیش‌بگریم ، صەنعەتیی‌وفەننیی کردن‌دەبستان‌و دەبیرستانە ، خصوصەن لە دێهات کە : حەقیە شان‌وەدان خوەنەن‌و نۆساین فەنن بەنایی، نەججاری ، ئاسنگەری،وەچشتەیل‌ترجۆرکارەیل ئیبتدایی دەفع ئافەت حەیوانیی‌و نەباتیی،زەوین‌ناسین،ماشین‌ناسین دەرس بیەن ؛ وەدەرس ەسەومـەل عەمەڵ‌و صەنعەت‌بۆت‌وەتەحصیل منالەیل‌وە جۆری تەمام بۆت کە ئاخرسەردیەی‌منال‌دێهاتیی‌صەنعەتیکیش وەدەس باریت .

منال‌دێهاتیی‌بایەس‌پیشاهەنگ بیهتر کردن‌وەضع زینەیی‌دێهات بۆت؛ بایەس زینەیی‌جەدید وە منالەیل نیشان بدرێت ؛ ئەرای‌یە کە بنەڕەت زینەیی ئایەندەهاوەدەس ئەوانە ، منالەیل بایەدلەهەر جیهەت ئامادەو دمجهـز ئەڕای دروس کردن ئەوزینەیی‌یەبۆن . وەزارەت فەرهەنگ‌بایەس‌وەجیای دەرسەیل‌زیادی‌و کەم‌فایدەی‌بەرنامەی صەنعەتیی‌و فەننیی‌وکە شاوەرزی لەدێهات ئیجرابکەت . وەسیلەی ئیجرای‌ئی‌بەرنامەتەنیادروس کردن مەدرەسەی‌حرفەیی‌یە لەناودێهات. ئی‌مەطلەبیشەبۆشمن کە : مەردم ژێردەس‌وەمەردوم‌دێهات فرەئارەزو مەنئیجرای‌ئی‌بەرنامەنەوە؛ گیان‌و دڵ‌لەڵی پیشوار کەن؛ منالەیلیش طەبعەن شەوق‌وزەوقیان ئەڕای‌کار یاد گردن‌فرەترە. ئەگەرڕی‌بردن دەولەت لەطەریقی‌بۆت کەفراخور ذەوق‌و ئیحتیاج مەردوم ، وەهـەر چنەو وەصەلاح مەملەکەت‌بۆت ، ئەثەرو نەتیجەی هـزار کـەڕەت بیشترە ، ئومیدواریم ئەوانە کە‌هانە سەرکار،وەعەلاقەیش‌وەمەملەکەت‌دێرن«توجە»فرموەئی مەطالبە بکەن .

## ئاموژگاریی

ئەمدونیا وەکو بازارە؛ وەچاکترین کاڵای‌ئەم بارارە ژنی چاکە.

لەخوەد بترسن‌ولە گەڵ ژنی خوەتانا بەخۆش‌خوەیی وچاکی‌ڕەفتاربکەن، چونکە ئەوان گیرەدەی دەستی‌ئێوەن .

(حضرتی‌محمدص)

ژنی‌پاکدامین‌و ماڵداری کەرو دڵسۆز،تاجی سەری‌مێردەکەیە.

(حضرتی‌سلیمان‌ع)

خۆش‌بەختیی پیاولەپێنج‌شتایە: ژنی‌لەگەڵیا هاودەنگ‌وهاوڕێ بێ؛منداڵی‌چاك‌وژیرو فەرمان‌بەربن؛ براودۆستانی پاریزکاربن؛دراوسێیەکانی ڕاست ودروستکاربن؛ وەڕۆزیی ئەولەشاروجێگای خۆیابێت.

(حضرتی علی‌رض)

ژن‌جوانترین‌وخوشەویست‌ترین‌بەدی‌هاتوانی‌دونیایە

(کنفوسیوس)

ئەگەرژن نەبوایێ، پیاوە گەورەوەهەڵ کەوتوەکانی دونیا کێی بەخێویانی ئەکرد؟

(ناپلیون)

## لاپەڕەیی ، ئەڕای گشت‌جارێك

هەرماڵێ دوژنی تێداین، فریشتەی‌خۆش‌بەختیی ڕوی تێ‌ناکا.

(اسکندر)

دامەزراندنی ئاشتیی لەئوروپادا، ئومن ، لەسازین لەگەڵ‌دوژنا ، ئاسان‌ترە

(لویی پازدەهەم)

لەژیانی خۆماهەرسەرکەوتێ دەسی‌دابێ‌بۆم،لەئەنجامی‌هاوکاری‌و دڵسۆزی ژنەکەمەو ، بووە .

(روکفلر)

ژن‌بۆپیاو وەکو کتێبە، کەئەبی بیخوێنێتەوە، وەخوێندنەوەی‌ئەم کتێبە هیچ‌کاتێ بێ‌شیمانی نابینێ

(اناتول‌فرانس)

نووسەری‌پەراوێزوڕاستەوکەری‌هۆنراوەکان:   م.ص.م

# کنزالعرفان

## دیوانی زانای خوداناس هونەری شیرین‌ووتار ((میرمحمدصالح‌حسنی نعمت‌اللهی))

هەمسەران شیشەم . . .

ئەشك بي وەبادە ، چاوبي وەشیشەم
لەصەحرای جنون‌عیشق‌بي‌وەپیشەم
جیلوە کەردمەعشوق‌لەڕەگ‌ڕیشەم
لەکۆی‌بەجەدوەست‌بانگ‌وەیلمەن
چون‌مەجنون‌بێ‌لەیل‌هەرلەیل‌لەیلمەن
مۆوە موئەعضام تاوە مەغزوپوست.
سەرگەرم ذکرمن گشت‌وەنام‌دۆست
ئیمڕۆژ ڕۆژیوەن لـەدەشت جنون
عاقڵەن نەلامهـەزارچـون‌مەجنون
گیان‌ودڵ‌وپۆست یـەکجا ژدۆسە
یادۆس! پەس من کیم‌هام‌لەئی‌پۆسە
ئەگەریە تووی ژمـەعـزو پۆستم
پـەس مـن‌دی کییەم عاشق‌وەدۆستم
التجام وەتۆن یـەکتای بێ‌هەمتا
تۆویت پەرێم کەی‌حەلل موعەمما
یاڕەب وەحورمەت پیرخـەرابـات
کەشف‌بکەروەنەم پەردەی‌حیجابات
غەیرژتۆ کییەن بکیشۆنـــــازم
بێ‌پەردە وحیجاب بـۆوە هەمڕازم
کێ‌چون توبێ دۆست ماوە ڕۆدڵم
لەوەخت تەنگیی‌حەل کەی‌موشکلم
دوعا وئـــــەورادم ژصبح‌،عیشا
«بگشاموشکلم یاموشکل گوشا!»
ەسەی‌صالح‌عەمەڵ‌صالح‌بێ‌عەیبەن
ئەسرارو ئیکسیر گەنج لاڕەیبەن

بنکەی ژین
www.zheen.org

## فرمیسکی

ماوەی ل ٤

گووێ بداتەمەیلی من باپرسێ بەمن بکاتەوە کولەوەڵاتی کوردەواری یاڵەسمەلەگەڵ داکی خووالێ خۆش بوما کەوتینە وتوویژ وسر کەوچفە، تونە گوبیرۆژایان یەک گپربووە کە کچی کوێخا(حەمەجان) کەپیاونکی ناوداره بۆمن بخوازن،وەمنیش هیچ لەوکارەساتە ئاگادار نەبوم، تونە گۆئەو کچەبەچەشنێ بەخێو کراوەوهاتووەتە بار کەبە کەڵکی هیچ نایێ، زورتەنبەڵو شەڕانیو، زۆرویژو، ژەحراویو تۆڕەو ، قسەتاڵو، گەمۆژ بارهێنراوە، کەئەوخووانە هیچی لەمن دانەبو، دریژەی نەدەینێ وبیزەی کچی کوێخا حەمەجانیان بۆمالی ئێمە گوواستەوە، وەبۆبەژنی من لەخووام ئەوێ دوژمنیشم دوچاری ئەوڕۆژگارەنەبێ، براوخوشکەکەمو هەراسان بوون،ماڵی پڕ کردلەئاژاوە چەندجاری وپستمدەستی لێ هەڵ گرم باوکی خووالی خۆش بوم نەی هێشت دریژەی نەدەینێ بەهیچ چەشنێ چاری نەهات، باب ودا کم بەداخیەوە چوونە گوڕ براوخوشکی هەموپەڕە واژە کرد، ماڵی شێواندین، برایەی لەگەڵ براکانما کردە دوژمنی، هۆزو تایفەی لێ ڕەواندم، دۆست وبرادەری لێ کردم ، دڵسۆزێکی بۆ نەهێشتمەوە بێ ئەوەی هیچ خراپێی لەخۆمابیبینم ئەوی کەئەیناسیم بەچاوی پەستی تەماشایان ئەکردم، خۆشم بۆخۆم لەبەرچاوی خۆم کەوتبوم سوسەی هەوالەدڵما بڕابو، ئەوی ئێمەی دەناسی کەسێکم نەئەدی زەحمی زمانی ئەوژنەی نەچەشتبێ، لەگەڵ خۆشمەدا ڕۆی خوشی نەبو، وەقسەی خۆشی تیرو تاوانج بو، کاتێ کەلەدەرەوەبەرمو ماڵ بۆپشوودان وخوواردن بەناچاری ئەهاتمەوە، بەبورجێکی زەهرەمارو گور گێکی دڕویەکانەیێکی پۆرخزوئەژدیهاییێکی زمان درێژ کردۆوبەڕۆئەبوم، ناوماڵ ئەتوت ئۆردوگای تێ شکاوە،شتومەکی ناومال داچنراو منداڵ چەپەڵ، ئاژاڵ بەگووانەوە زویشتوبوڵ لەهەزار لاوەڕژاوەتە سەرنوێن وقاڵی .

ماوەی هەیە

هەزارویەک شەو ٣٨٩

نیازیان بەپاڵشای دادگەرئەکەوێ، کەلێ نەگەرێ زۆردار، دەس دریژی بەسەربێ زۆرا بکا، وەتۆڵەی ستەم لێ چۆڵەستەمکاربکاتەوە؛ وەدادگەری لەنێو کومەڵدا بکا، تاکاری کۆمەڵ ڕێک وپیک بێ. ئەگەرسیاسەتی پاڵشایان وسیاسەت گێڕەکان نەبێ، زۆردار بەسەرهەژارا، زاڵ ئەبێ وئەی خوا . ئەردەشیروتویە، کە: دین وەڵات لەیەک جیانابنەوە؛ دین وەکوخەزانەی زێڕە وپاڵشاپاسەوانی ئەوە . ئاوەزوشەرع هەردوکیان ئەوەئەگەیێنن کە: خەڵکی لەسەریانە کە لەوەڵاندا پاڵشایێ بۆخۆیان دابنێن، تادەستی ستەمی زۆران لە سەرهەژاران کۆتابکا؛ وەناتەواوان بەدەستی مل هۆڕانەوەڕز گاربکا؛ وەلێ نەگەرێ کەشەڕاشۆ، شەڕوئاژاوە هەڵ خڕ بنێ. ئەی پاڵشا! بزانە، کە : هەرچی پاڵشا خولق وخوی چاک بێ، بەوئەنداز،کاروباری وەڵات ڕێک وپێک ئەبێ. پێغەمبر صەلوات وسلاوی خودای لە سەربێ فەرموویە: دوودەستەلەدونیاڵاهەن کەچاکی ئەوان هۆی چاکی وڕزگاری کۆمەڵ و گەلە، وەهەروەها خراپیی ئەوانیش ئەبێتە هۆی خراپی کۆمەڵ و گەل؛ وە ئەوانە ئەوەڵ دەستەی زانانان ودووەم دەستەی پاڵشایانە. یەکێ لەزاناکان وتویە: پاڵشاکان سێ جۆرن : یەکێ پاڵشای دینە، دووەم پاڵشان دین ودونیایە،وەسێیەم پاڵشای هەواوهەوەسە. پاڵشای دین ئەوەیە کەهەمیشەڕایەتی خۆی لەسەر دینداری هەڵ نێ و بۆخۆیشی دیندارتر لەهەمویان بێ ، کەخەڵکی ئەکەونەشوێنی ولەسەر ئەویش پێویستە کە بەرانبەربەحوکمی شەرع فەرمان بڵا . پاڵشای دین ودونیائەوەیە کەکاری دین ودونیا پێکەوەجێ بەجێ بکا؛ وەخەڵکی لەسەرپەیڕەوی لەحوکمی شەرع وڕاگرتنی پیاوەتی هەڵ نێ؛ وەقەڵەم وشمشێر پێکەوە کۆبکاتەوە؛ وەهەر کەس کە پێ لاردا بنێ ولە نوێشتەی قەڵەم مل پێچی بکا، بەدەمی شمشێری تێژ، ڕاستی بکاتەوە . وەدادگەری لەنێوی خەڵکدا بەڵاوەپێ بڵا. وە پاڵشای هەوا هەوەس ئەوەیە کەدینی نییە وکاری وەدو کەوتنی کەوتنی هەوا هەوەسی خۆیە؛ وە لە قەهری خوڵا

## تاڵەبارییەکان ...

ماوەی ل ١

لەبارەی بەسەرهاتیەوەبکا، بەهەشت خان لێی قبڕاند، وەکوتی بۆخوت وون کردووە هیچ نیە خێرابەوەرە ژوورەوە. ئیستالەسەر پاش ماوەی کارەسات ئەڕۆین .

قادر : – کاتێ کەقیڕەی «بەهەشتی» ژنی بیست ، جەمەنەمی ئاوری جگەری بۆ کچی لێ قەوماوی هەناسەساردی کوژایەوە، زامی دەروونی بۆدڵ بڕاوی کچەکەی ساریش بوو بەترۆی بەستڕاستیادرۆ، بەدڵیانە بەدڵ بێ ئەوەی دەس نوێژی دریژەدان بەپرسوجۆی بێ یا کەمێ خۆی بگری لەقاڵدرمەی ناوحەوشەوە بەرەوهەیوانی ماڵ سەرکەوتەوە ڕاستەوڕێ چوەدیوەکەی بەهەشت

بەهەشت :– دەرگای هەوانەی مەکروخەمزە وفڕوفێڵی ژنانەی کردەوە، لەدەرگای دڵسۆزییەوە بۆخەواندنی کارەسات کە ئەیزانی چی کردووە دەرهات، کاتێ «قادر» گەیشتە ماڵەوە پەردە کەی بۆ گرت، لەپشتەوە باڵتەکەی لێ گرت، سپاڵی پشودانی بۆهێنابەدەم ئەمانەشەوە هەناسەییکی هەڵ کیشاووتی: عەمرە کەم نەمێنێ بەخوواتوش هیچ پشۆدانێکە کەئەیدەی، لەدەرەوە ماندوومردودێیتە ماڵەوە، هەرڕۆژی بەچەشنێ ژیانت لێ تاڵ ئەبێ بەراستی تۆش دەمنیش گیرمان بەدەستی ئەو کچە چارەڕەشەوە خوواردووە، نازانم بۆ کەمێ بیر ناکاتەوە وعەقل ناگرێ ئەگەرمن تەمێ ئەکەم ئەڵێن باوەژنەئەگەرتۆتەمێی ئەکەی ئەڵێن بێ دایکە بۆیەوای لێ ئەکا ڕۆژێ دە کەرەت لە«گەلە» گیان ئەدەم کەمێ ئەگری وژیر ئەبێتەوە، بەڵام ئەوئەگەردەستێکی لێ بەرز کەمەوە، گەرۆ کە کەئەرژێنێ بەسیەرماو ناشی بڕێتەوە جکەلەوەش بەوەدیەس هەڵ ناگری دەست بەجێ شکات ئەباتەلای خاڵی ئەوپش بەلای دۆستو بێگانە وەڕسوامان ئەکا خۆناشکری پێی بلێی مەچۆ ماڵی خاڵت بەڕاستی پیاوە کە ئەو کچە بەتەواوی لەدەست دەرچووە

قادر – هێنای هەڵ هێنایەوەبانگ لە«پرشنگ» بکاوسەرزەنشتی بکاچونکە ئەفسونی «بەهەشت» بەتەواوی چوبووە دڵیەوە .

بەهەشت نانا قادرتوخووالێی گەڕێ چونکەمن کەمێ تەمێم کردووەئیستا تۆش تێی خوڕێ ئەوەش چاک نی یە،ئەمەشی بۆئەوە کرد کەنەوەکو «پرشنگ» بەتەواوی کارەساتی بۆبگێڕێتەوە یا ڕەشە « قسەی بۆبکات

قادر :– لەپەنجەرە کەوە ئەڕوانێ ئەڵێ باوەژنەکەی خووێنی لە لوتی دێ وژەشە ئاو بەسەریا ئەکات

بەهەشت:– مەگەر چەندین کەڕەت بۆم نەگێڕاویتەوە لەگەڵ شەقازلەییکی لێ بدەی سەری خۆی هێندە بەعەرزا ئەکوتێ سەروچاوی هەڵ ئەماسێ وهێندە حەرس وجۆش ئەخوواخوێنی لوتی بەرئەبێ وهێندە ئەگری چاوی سوورئەبێ وئەچێ بەخاڵی ئەڵێ باوەژنم وای لێ کردوم

قادر –: بەراستی ئەگونجێ ئەم کچە شێت بێ چاکوایە پیشانی دکتۆرێکی ڕەوان ناسی بدەین

بەهەشت –: ناقادر ئەوانەهیچی نی یەهەر دڕتەربیەتە خەڵکی بێ انصافیش هێندەپێی ئەڵێن توخووابێ دایکەوبەگووێ یائەچێ وای لێ هاتووە

ماوەی هەیە

بنکەی ژین www.zheen.org

## مێژووی ریشەی رەگەزی کورد

نووسراوی زاناکەی زنی کورد، احسان نوری — وەرگێڕاوی: د ـ ع ـ مفتی زادە

٩٨

١٧

### نەمرودەکان

کتێبی «القضیةالکردیە» بەڵاوەکەری بیروزای کـۆمـەڵـەی نیشتمانیی کورد (خۆیبوون جقاتا وەلاتێ کوردا) ئەنوسێ :

لەسەرەتای مێژوودا، هۆزێ لە کوێستانەکانی لای سەروی سوریەدا، ئەنیشتن کە ناویان «جوتو» بۆیانی شەڕانی ونەبەز. ئەمانە «گوتی»یەکانن کەناویان لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا هاتووە .

ئەم ناوچەیە فەلانی نەمرود.و. لەوێ چاوکەیی هەیە ، کە ئەڵێن لەنێوەڕاسی ئەوئاگرا هەڵ قوڵیوە کە نەمرود حەزرەتی ئیبراهیمی تێ خست. ئەمڕۆ لەنێوی کوردەکانی ئەوناوچەدا ، کە زۆڵەکانی «جوتو، گوتو»ەکانن ، ئەم ئاوە خاوێن و بەڕێز ئەژمێررێ ؛ وە کەس ناوێرێ لە ماسییەکانی نێوی ئەم ئاوە، ڕاوبکا ، ئەم ئاوە وا لەناوچەی «ئورفە» (لەتورکییەدا) .

«قاموسی کتێبی مقدس» ئەنوسێ :

(«ئەرك» شارێ بۆلە «کەلدیە» دا کە «نەمرود» لەسەردە جلەوە کردبویەوە

یۆنانییەکان وڕۆمییەکان بەوشارەیان ئەووت «ئەرکۆی» هیچ دوور نییە کە ئەوشارە ئەم «ئەرفە» بۆبێ کەلە باشوری ڕۆژهەڵاتیی (جنوب شرقی) «بابل»ـدایە . وەبڕێ ئەوشارەیان بەمشاری «ئورفە»ی ئێستا زانیوە .)(١)

وەدیسان هەر ئەم قاموسە ئەنوسێ :

(ناوی بابل « شەنعار » وەجێگاری نەمرود بـووە ؛ وەنـەمرود کـوڕی «کـوش» وەڕۆز گاری پـاڎشایی «کـوشی» یەکان ٧٥ سال پیشان ئەڎا ؛ وەئەڵێت :لە «بابل» دا عیباڎەتخانەیێکی بەناوبانگ بۆ، کەناوی «بیرس نەمرود» بۆ .) کوردەکان بەناوچەی «سەنجار»ئەڵێن «شەنغار» ؛ ئەوناوچەنزیکی موصلەو دانیشتوانی ئەوێ هەر لەڕۆژ گارانی زۆر کۆنەوە، کوردەئێرەدییەکانن؛ گوشیش ناوی «کوسی»یەکانە؛وەئەو ٧٤ ساڵە کەبەماوەی پاڎشایی گوشییەکانیان پیشان داوە: ئەبێ ٧٤٠ ساڵ بێ، کەلەناوکەڎا، نزیکەی ماوەی پاڎشایی «کوسی»یەکان لە «بابل»دایە .

(١) ئوروفەلە باکوری ڕۆژئاوایی (شمال غربی) بابل ،وەلەناچەی بەراوی چۆمی «فورات»دا ، هەیە نەدەجلە .

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەڵاوەکەر : ناشر | بیروزا : فکر ، نظریە | | |
| نەبەز : شجاع | خاوێن: پاكومنزە | | |
| بەڕێز: مقدس | بەناوبانگ : معروف | | |
| ناوکە: واقع ، حقیقت | نزیکەی. . درحدود... | | |

### باسیکی ...

ماوەیل ٣

بەرزی شاهەنشایی ئێرانە، هەروەکووهەتاوی ڕۆناك لەسیبەری چەتری تایبەت وجەواهر نیشانی شاهییدا لە کۆشکی شاهەنشاهیی ئەهاتە دەرەوە، وەهەموخێزانی پاڎشاو نۆکەرە گەورەکانی دەربار ئەکەوتنە پشت سەری. لەم کاتا دێنی هەموجۆرە عەترو گولاووعودوعەبیرێ ، ئەونێوانەی خەوش ئەکرد ؛ وەشاهەنشا لەنێوی هوزای شادیو دروشمی «بژی شاهەنشاهی گەلا، بەدڵێکی شاڎوپڕلەخوشەویستیی بەدەم یەکە یەکەی خەڵکەکەوە ئەوەستا ، وەوەلامی پڕۆزبایی ئەوانی ئەڎاوە، وەقسەی لەگەڵیان ئەکردو تەماشای دیارییەکانی ئەوانی ئەکرد؛وەبەم جورە ڕێگای نێوانی کـۆشك و پارەگای ئەبڕی، تائەگەییشتە بەرەوە .

ماوەی هەیە

## چوارقوژبن

لابەلا:

| ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ■ | | | ١ |
| | ■ | | | | ■ | | ٢ |
| ■ | | | | | | | ٣ |
| | | | ■ | | | | ٤ |
| | | | | | | ■ | ٥ |
| | ■ | | | | ■ | | ٦ |
| | | ■ | | | | | ٧ |

١ـ صیغەی یەکەمی ئەمری بەقاعیدە لەمەصدەری «هاتن» ـ نانەوای عەرەبی ٢ ـ بـەرامبەری نزیك ٣ ـ دروا پلەی گەمەی شەترونج کە کینایەیە لەشوێنی بێدەنگ ٤ ـ فرسەت ـ لەلای باغەوان دەس ئەکەوێ ٥ ـ لـەشیري ، دەرچووە وهێشتانـە بووەتە پەنیر ٥ ـ . . . ی خاڵت نافرێ ، بەس باوەشێنی کەبەنازێ چۆنکە پایەندە بەشەمەدی شەکەکەری گۆناتەوە ٧ ـ هۆدەی دەرسی قوتـابییان بەزمانی فەرەنگی ـ کودلە .

بەرەوخوار:

١ ـ داری دەس کاتێ کەتوزی ئەدەن بۆشتێ ـ ناوێکی دیکەی وورگ ٢ ـ ئەگەر دووایییەکەی دانەکەوتایێ ، ژنان ئەیان بەستەو وری سەریانەوە ٣ ـ هێلکەی نیوەکولاو ٤ ـ نەباسی خۆتە ، نەهی خۆی ـ ئیسمی مەصدەر لەمەصدەری لێستنەوە ٥ ـ برانییە ، کەچی بەشی برایێك ئەبا ٦ ـ دەستەیێکی وەرزشکاری فارسي ٧ ـ دزێی کردو سەربەرەوخوار دایان لەدار ـ هەڵکەوتن یاپسانی زەنگ و مایچەی پێ لەکاتی ڕۆیشتن دا .

### کراوەی چوارقوژبنی ژمارەی ٩٨

لابەلا : ١ ـ پرشنگ ٢ ـ هد ـ شدپ ٣ ـ کەشتی ٤ ـ ئیەـدار ٥ ـ مراوی ـ ٦ ـ کاژـدو ٧ ـ کـولدا .

بـەرەوخـووار: ١ ـ تەکان ٢ ـ دەی ـ کو ٣ ـ شەمال ٤ ـ رشتـ رژد ٥ ـ شەیدا ٦ ـ زپـاود ٧ ـ کریوە .

### هەزارویەك شەو

٣٩٠

ناترسێ؛ وەها پاڎشایی سەرئەنجامی لە نێوچوون و بەڎناوییە، وە ئەوکارەساتـەی بۆ ناچێتە سەر، وە لەودونیاشدا جێگای ئەودۆزەخە .زانایان ووتویانە : پاڎشا بەگەلێ کەس نیازی هەیە، بەڵام هەموگەل بەتەنیا یەك کەس نیازیان ئەکەوێ؛ وەهەر لەبەر ئەوەیە کە پاڎشا ئەبێ خواڵق وخوی هەموکەس بناسێ، تاناحەزي ئەوان بـە ڕێك کەوت وئاشتي بگوڕێ ، وەهەژاربەچاکە ودەس گرۆیی بلاوێنێ ودل خۆش بکا، وەستەم لێ چوولە دەستی ستەمکارزز گاربکا. ئەی پاڎشا ! بزانە کە ئەردەشێر دونیای گرت؛ وەکاری وەلاتداري کرد بەچواربەشەوە؛ وە بۆهەربەشێ ئەنگوسەویلەیێکی دروس کرد،وەمەبەستێکی لە سەرنقێمی هەرکام لەوانەوە، نووسیبوو. ئەنگوسەویلەی یەکەم بەخشین وپاراستنی خەڵکي ولایەن داری وە بیرئەخستەوە، وەنەخشی گیای لە ڕۆیەوە هەڵکەندبوو؛ دووەم سووروساتی پیشان ئەڎا، کە نەخشی کۆشکی لەسەر هەڵکنرابوو؛ سیەم ڕۆزي گەیاندن بەخەڵکی ئەنواند، کە نەخشی سفرە وخوانی لەسەربوو؛ وەچوارەم تایبەتی تۆڵەی هەژاران بوو کە نەخشی دادگـەدي لـەسەر نووسرابـوو؛ وەپاڎشاهەمیشە ئەم چوار ئـــەنگوسەویلەی لەئەنگوسدا، بوو؛وە ئەم مەبەستانەی قەت لەبیرنەئەچووەوە؛ وەئەم یاساله نێوی پادشایانی ئێراندا هـەر مابوو، تاکاتێ کە ئیسلام هات. یەکێ لە پاڎشایانی ساسانیی کوڕی خۆی کردبوە ، سەرداری سپاوپێی ووت : هێندەیـان مـەڎەرێ کـە ئیتر لەتۆبێ نیازبین و گـوێت نەڎنێ ،

بنکەی ژین www.zheen.org

## وتاری دینی

ماوەی ل٢

ئابوری یەوە لەمێـروی ژیانی مرۆدا ، باشترئەوەیە کە زێ وورد ببینە. وەلەپایەوئەندازەی گرنگیی یاسائابوری یێکی ڕێکوپێك وعادلانەدا بۆئەم ڕۆژگارە کەئێمەی تێدا ئەژین :

ئەمەچەندساڵە ، گەورەترین شتێ کەجێگای باسی هەمولایێکە وەلەسەرانسەری دنیای ئێمەدا دەنگی داوەتەوە ،وەسیبەری سام وهەیبەتی ئاسمانی دڵی هەمووانی ،تاریك کردووە ،ترسی قەومانی شەڕی ئەتومی یە . هەر کەسێ لەهەرشارێ یالەهەر کوێردد یێکابژێ ، کەم یازۆر ، ئاگای هەیە کەئەومەسەلە ، چۆن بیروڕای دنیای کێشاوەتەلای خۆیەوە وەچ قاڵوهەراوبەرمێکی خستوەتەڕێ ، کەهەرڕۆژێ نەقشەیێکی تازە بۆجلەوگیری لەوخەتەرە گەورەتە کێشرێ ،وەهەر دەستەیێ خەوێکی بۆئەبینن ڕۆژێ کۆمەڵەیێ لەدەوڵەتەبچوکەکان کۆئەبنەوە،ئەبیروڕای خۆیان دێننە سەربڕیارێ ،وەدەستەداوێنی کۆمەڵی نەتەوەیەك گرتووەکان ئەبن ، کەبێ سەپێنی بەسەرهەموودەوڵەتەکاندا ؛ڕۆژێکی تر ،خودی دەوڵەتەگەورەکان- کەترسی قەومانی شەڕهەرلەلایەن ئەوانەوەیە-ئەکەونە یەك ودەس ئەکەنە ووتوویژلەگەڵ یەکتر، بەڵکوخۆیان ودنیابێ، لەشەڕونوحوسەتی ئەوچەکانەیان کە بۆترساندنی یەکتر ئەیانەوێ، ڕزگاربکەن . بناغەی ئەوترسە کەهەمولایێکی خستوەتەتەقەلاودەستوپێ ، ئەوەیە کە دەوڵەتەگەورەکان چاوی تەماییان بڕیوەتەسەرولاتەبچوکەکان، وەلەسەرگۆشتی لاشەی نەرمونۆڵی ئەوولاتانە،بەرامبەری یەکترڕاوەستاون ودان لەیەك چیڕئەکەنەوە؛ ئەگەرنەباوەکوجاجارێ دەمقرەیێ ئەکەوێتەنێوانی بڕێ لەولاتەبچوکەکان، ئەگەردەوڵەتەگەورەکان لەسەرقازانجی خۆیان مشتومڕنەکەن،ئەودەمقرانەنا کێشنەلای ئەوترسە گەورەوە کەلەرزی خستووە تەلاشەی دنیا ؛ تازە خودی ئەو دەمقرانەش، زۆرتریان هەربەبۆنەی ئەوبناغەوەیە کە باسمان کرد؛ وەمەسەلەن، ئەوە کە ولاتێکی بچوك ئەیەوێ لە ژێرستەمی دەوڵەتێکی گەورەبێتەدەرەوە،ودەوڵەتە گەورە کەولاتێکی تری لێ هەڵئەرژێنێتەو ئەیدا بەگژیدا؛یادەوڵەتێ ئەکەوێتەتەمای ولاتێ، کەزوتر،یەکێکی تر دەستی کێشاوە تەسەری دا، وە ولاتێکی تری لێ ڕاست ئەکاتەوە؛یا. .

بەهەرحاڵ، زانایان تێ گەیشتون کەئەم هەموهەراوەهەزاتانە، چ لە ناوخۆی ولاتێکدابێ،چ لەنێوانی دوولاندا، هەموی لە بەرزوڵم وستەم، وە نارێکیی دۆتای تەرازوی ئابوری یە؛ وە ئەم چەند ساڵە تەواوی حەول و تەوانایان، بەسەرو کاری ئەوەئەبێ کە بەڵکولە بیروڕای خۆیان،و ئاساری بەرلە خۆیان، یاسایێکی ئابوری دابنێن کە بتوانێ هێمنی بخاتە سەرانسەری دنیاوە، وەترسی قەومانی شەڕی ئەتومی لەبەین ببا؛ وە گەورەترین کارێ کەلەم ،ارەوە کردویانە، ئیعلامی یەی مافانی مرۆ (حوقوقی بەشەر) بووە، کەدیارە ئەبێ چەن بەلای دنیاوە گرنگ وخۆشەویست بێ ؛ لەکاتێکدا گەورە ترین بلای ئابوری کۆمەلایەتی ،ئەوەیە کەدینی ئیسلامداینیاوە ؛ وەبەڕاستی، کاتی ئەوەیە، کەئەو یاسایە بەزانایان بناسێنرێ ، تاتەلاشی خۆیان جەم بکەنەوەبۆ بەڕێوەبردنی لەسەرانسەی دنیا دا، وە لەنەتیجەدا، بەدی هاتنی ئەوئامانجە کە هەموو تەلاشی بۆئەکەن .

ناتەوار

## بوپی کەنین

**من کۆڵەوارم!**

چەند پیاوێ لەمۆدەیێکدار دانیشتبون،پێکەوەلەهەربابەتێکە وە قسەیان ئەکرد . یەکێکیان ووتی: هەر کەس لەژنەکەی ئەترسێ ، هەڵسێتەسەرپا . تەنیا یەکێکیان هەڵنەساوە .ووتیان : بەڕاستی وادیارە توپیاوێکی نەترس ودڵداری ؟ ! کابراوەلامی داوە : بەخودا براینە ! دوێنێ شەوژنەکەم لاقی شکاندووم و کۆڵەوارم ، کەنەم توانی هەڵسمەوە .

**پیاوی دروستکار**

قازیێ لەدزێکی پرسی : تو هەمو ئەم دزی یانەت بەتەنیا خۆت کردووە ،یاشەریکت بووە ؟

دزوەلامی داوە :جەنابی قازی! جا،مەگەر لەم ڕۆژگارا پیاوێکی دروستکار پەیدا وبێ کە پیاو بیکاتە شەریك ، !

**پارەی چای**

هەژارێ ڕۆیشتەچایخانەیێ ؛ چەندچای خواردو پارەی نەدا ، هەستاوسەرخۆی بڕواتەدەر . شاگردی چایخانە کەڕای کرد بەشوێنیدا ،بانگی کرد :کابرا ! پارەی چایە کەت بۆنەدا ؟کابرای هەژار وەلامی داوە : مەگەرئێوە بۆخۆتان پارەی ئەوچایەتان نەداوە ؟ ووتی : ئەڵبەت داومانە ؛ مەگەر بەخۆڕایی لە کۆڵانا ماشیومانەتەوە؟

هەژارووتی کەوایە ،بۆچی : ئێسترلەمن داوای پارەئەکەی ؟ مەگەر لەچ وەلاتێکدا پارەی شتێ دوجارئەدەن ؟ !!!

**سکالای ژن**

ژنێ ڕۆیشتە مەحکەمە سکالای لەمێردەکەی کرد ، کە : ئەمە پازە ڕۆژە قسەم لەگەڵ ناکا. مێردەکەی ووتی : جەنابی قازی ! بەسەری تۆ ئەمە پازدەساڵە ئەو نۆرمێ نەداوم ، قسەیێ بکەم .

**بڕۆ بۆلای سەگ**

کابرایێ ڕۆیشتەلای پزیشکی، ووتی: وائەزانم پشیلە چنگ ئەخاتەگەروم: پزیشك ووتی :کاکە من لەم نەخوشی یە سەرەدەر ناچێ ، بڕۆلای سەگ .

## بەشی مەولەوی

ماوەل ی٢

ئەنجا ، وادەرئەکەوێ کە ئازیز گلەی لێ کردبێ . وەئەویش لە وەلامیا ئەڵێ :

بێباکی من لە بەردڵ سەردی نییە ، وبێمەیلیشم لە بەرئەوەنییە کەلەهاو فەردوهاوەڵی خۆم جیابوبێتمەوە ؛ بەلام لەداد گەی یەزدانیی دا نۆبو کی شادێ و سۆزی بەدڵ پەروەردەمن کە گیانم بەگیان ودڵ خۆی کردووە تەمارەیی ئەو، بەهەرسێ تەلاقەلێم جیابووەتەوە ، وەئیتر ڕێگای گەڕانەوەی نییە کەوابو ، بۆیێ سوزەی بای بۆن خۆشی بەیانیی شادێ و ئاهی پرسۆزی سەرسبایینان کەم بووەتەوە، وەجۆگەی چاوگەی فرمێسکی چاوانم ووشکاوی هاتووە؛ بێ سۆزیی و بێ دەماخی دڵی کردووم بەهەموار. گەی خۆی بەبێ ئەوە کەئاووهەوای ئاخ وداخی سۆزی دڵداری تێدامابێ.

بەپێ ئەوە من کارەساتی دەردی خۆمت بۆهەڵدەم تۆخۆت زانیوتەو چاکت ووتووە .

ئەمەمن دوبارەنا گەڕێتەوەو هاوماڵێکسی نییە ، باشەایەکە بۆدڵبەری بی هاوماڵ باخت بکرێ ، هەروەها کەئەڵێ :

پۆی خەیاتەی فەرد بۆعەنبەرنیت
دەس ڕێسەکەی فکر بکر شیرەنت
چون ئارەزوی وەصڵ نەوی مەحرومی
تەنەە بێت وەتان فەردەمەعدومی
چون شەبەنەە ڕۆژەمەدتەرزەڕەنگەدا
تەومن داوەتاڵ دنیای فەرەنگەدا
پەی دەفع سەردای دەرون نەمامان
بەرگی بێ پەی دڵ سەرتساوەدامان
دل ئەوبەرگە وبۆی جارانش نەوێ
ڕۆی لوای مەجلیس یارانش نەوێ
پۆشتەت کەردەوە واحسانت یاوا
دەك هەی دەوڵەتمەند یانەت بۆئاوا
بێ باکیم علت دل سەردی نییەن
بێمەیلیم جەتەرك هامفەردی نییەن
بەلام مەسئەلەی فتوای قەضای حق
نەمەحکەمەی شەرع غەیورموطلەق
نەوعەروس سوزوە دڵ پەروەردە
خەرج گیان وە گیان وە«کابین» کەردە
وەهەرسێ طەلاق بایینە کەردەن
یادڕجەتش وەدڵ ناوەردەن
کەم پێ شنۆی وەش ئاەسوب دەمی
ووشکاوش ئاماجۆی چەمەی چەمی
بێ سۆزیی مەنزڵ دڵ کەردویاتاخ
بێ ئاووهەوای ئەوئاەو ئەوداخ
وەبێ من تسۆوێت ذهنت پێ یاوان
خاست فەرماوان دابەت شکاوان
بێ بەدەلەن عومرخاسش هەرپاسەن
باختش بەی مەعشوق بێ بەدەڵ خاسەن.

# کوردستان

لێکۆڵینەوەی سیاسی

## لائۆسی بێ لایەن

پێکهێنانی دەوڵەتێکی بێلایەن لەلائۆسدا یەکێ لەو نەخشە سیاسییە گرنگانەیە، کە لەم دواییا بۆپێش گیریی لە هەڵ تەقانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێکەوە لەم وڵاتە بچوکەی ئاسیای باشوری ڕۆژهەڵاتییەدا، لەلایەن دەوڵەتە گەورەکانی دونیاوە کیشراوە.

پێک وە هەڵ تەقانی سیاسەتە جۆربەجۆرەکان، گێژاوی لائۆسی بەدی هێنابوو، وەدەستە تیژڕەوەکانی ئەم وڵاتە بەم بیانوە کە دەوڵەتی ئێستای لائۆس لەڕۆژئاواوە لایەن گیری ئەکا، ئاڵای یاخی گەرێیان هەڵ کرد. وەدەسیاندا بەنێکۆشینی پێچەوانەی دەوڵەت و خراپکارییەوە. دەوڵەتی ئەمریکا وئینگلیز بۆپێش گیری لەپەرەسەندنی ئەم گێژاوی لائۆسە، وەگەیشتنی بەو وڵاتەکانی ئاسیای باشوری ڕۆژهەڵاتیی، بەڕەسمی ڕوپیشاندانی خۆیان لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەتێکی بێلایەن لەلائۆسدا، بەسەرەک وەزیر «سوڤانافوما» ڕاگەیاند؛ وەدەوڵەتی یەکیەتیی سۆڤیەتیش لەگەڵ ئەم نەخشەدا، ڕوی پیشاندا. وەئێستا بەهۆی ئەم ڕێک کەوتنەوە کە لەبەینی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا؛ سەبارەت بە پێکهاتنی دەوڵەتێکی بێلایەن لەلائۆسدا، بەدی هاتووە، مەترسیی داگیرسانی شەڕی ناوخۆیی. وەدوبارە بونەی کارەساتەخوێنینەکەی «کورە» لەم وڵاتەدا، بەتەواوی لەنێوچووە.

«پرزیدنت کینیدی» سەرکۆماری ئەمریکاو «هارولدمەکمیلەن» سەرەک وەزیری ئینگلیزیش پێکەوە لەواشەنگتوندا لەم بارەوە قسەیان کردو ڕێک کەوتنی خۆیان لەگەڵ ئەم نەخشەدا، ڕاگەیاند.

شازادە «سوڤانافوما» کەلەپیاوەسیاسەت گێڕە بێلایەنەکانی لائۆس ئەژمێررێ، ئەوا ئێستا خەریکی گەشتە لەپایتەختی دەوڵەتە گەورەکانی دونیادا، وەئەیەوێ کە بیروڕای بێلایەنیی خۆی بەهەموکار بەدەستانی ئەم دەوڵەتانە ڕاگەیێنێ. ئەوتائێستا لەلەندەن وواشەنگتونا سەبارەت بە بەرنامەی کاری خۆی لەپێکهێنانی دەوڵەتێکی بێلایەن، لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیزو ئەمریکادا، قسەی کردووە. وەئێستا ئەڕواتە بۆمسکۆ کەلەگەڵ ڕابەرانی دەوڵەتی ڕوسیشدا قسەبکاو بگەڕێتەوە بۆوڵاتی خۆی.

مەبەستێ کەشایانی چاودێریی بێ ئەوەیە، کە: دەوڵەتی دیموکراتی ئەمریکابەپێچەوانەی دەوڵەتی کۆماریخوازی جاران، سیاسەتی پشتیوانیی لەبێلایەنی وڵاتە بچوکەکانی پێش گرتووە؛ وەئەمە بۆخۆی ئاڵوگۆڕێکی گەورە لەسیاسەتی ئەو دەوڵەتەدا؛ ئەژمێررێ؛ وەبێ شک کاربەدەستان و سیاسەت گێڕانی ئەمریکا ئێستا بەهۆی تێ گەیشتن لە کاروباری دونیاوە، بەم ئەنجامە گەیشتوون کە: لە هەرجێگایێکدا هەڵ تەقانی سیاسەتی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا پێکەوە ئەگونجێ کارەساتێکی نالەبار بەدی بێنێ، وەئاشتیی دونیابخاتە مەترسییەوە؛ چاکتروایە کە ناوچەیێکی بێلایەن پێک بێت، ئابیبە پەرزینی بەینی ڕۆژهەڵات وئاوا، وەپێش ڕێ بگرێ لەهەڵ تەقانیان پێکەوە بکات.

بێ شک بەڕێوەبردنی ئەم نەخشە لەلائۆسدا، نەتەنیا بەبێتەهۆی دامەزرانی ئاشتیی وهێمنی لەم وڵاتەدا، بەڵکو بەناو کەدا، زۆر شوێنێکی بەکەڵکی لەکاروباری «کورە» و «فیلیپین» و «سیام» وئەو وڵاتەکانی ترى ئاسیای باشوری ڕۆژهەڵاتییدا، ئەبێت وە بەم جۆرە ئاشتیی جیهان چاکتر ئەپارێزرێ.

ئەوا ئێستا گەلێ لە سیاسەت گێڕەکانی دەوڵەتە گەورەکان هیوادارن، کە: شازادە «سوڤانافوما» بتوانێ بەپێکهێنانی دەوڵەتێکی بێلایەن لەلائوسدا، بەگوێرەی ئەم نەخشە تازەی ڕۆژئاوا، گێژاوی مەترسیداری ئەو وڵاتە ئارام بکاتەوە.

### ماناکی وشەکان

| | |
|---|---|
| بێلایەن: بیطرف | ڕێك کەوت: موافقت |
| پێکهێنان: تشکیل | مەترسی: خطر |
| گرنگ: مهم | گەشت: سفر |
| هەڵ تەقان: تصادم | ڕاگەیاندن: اعلام، اعلامیه |
| باشوری ڕۆژهەڵاتی: جنوب‌شرقی | کۆماری خواز: جمهوریخواه |
| لەلایەن: ازطرف | ئاڵوگۆڕ: تغییر |
| گێژاو: بحران | کارەسات: حادثه، واقعه |
| تیژڕەو: تندرو، افراطی | بەدیهێنان: بوجودآوردن |
| لایەن گیری: طرفداری | پەرزین: حائل، دیوار از چوب و برگ درخت |
| ئاڵا: پرچم، علم | بەڕێوەبردن: اجرا |
| پەرەسەندن: توسعه، سرایت | ناوکە: واقع، حقیقت، مغز |
| ڕوپیشاندان: موافقت | شوێن: اثر |
| یەکیەتیی سوڤیەت: اتحادشوروی | کەڵك: مفید، |

**ماوەی سەرووتاری**

ماوەی ل١

وەگەیشتنی دەستەڵاتی بەچەرخ ئەبێ جێژن بگیرێ.

ڕاستە کەلەپێش هەموکەسیکا شانازی ئەودۆزینە وەئەوکارەساتە گرنگەمێژوییەبەشەرییەسەیری کاکارایەنەوەدەست گەلی ڕوس کەوتووە، بەڵام لەبەرئەوەی کەزانست نیشتمانێکی تایبەتی نییەوەرانایان پەیوەندییان بەتەواوی جیهانی بەشەرییەتەوەهەیە، کەوابەهەمو ئەندامانی گەلانی جیهان بەشانازی وسەربەرزی گەیشتوون، وەهەمو جیهان ئەبێ لەناوشادی وخۆشییا بەبۆنەی ئەوسەرکەوتنەوە قوت ببن.

پێشکەوتنی زانیاری بەپێچەوانەی ئەوە وە کە: دەسگا دعایەیی یەکانی وڵاتی گەورەی هاوسێمان لەگەڵ هاودەستەکانیا ئەیەڵێن تایبەتی و ڕاوەبالای کۆمەڵەیێکی تایبەتی یاتەنیا گەلێ نییە، بەڵکو تێ کوشینی هەمیشەیی زانایێکی تایبەتییە (بەتایبەتی ئەگەر شت و مەکی پێویستیان تائەوجێگەی کەپێویستە لەبەردەستابێ و بۆیان ئامادەبێ) کەلەوزانا یانەدا هەستی خۆباخت کەدن لەڕێگای خزمەتی نوعاهۆی بەدی هاتنی ئەم هەمو اختراعانەیە بەدیهێنەر، دۆزەر، فەیلەسوف، ریاضی زان، وەباقی ئەندامانی زانا، ئەوانەیان هێناوەتەدی، نەکۆمەڵەی یافلان گەلێ وەلەم ناوکەیەحکومەتی ڕوسیە لەئێمە چاکتر ئاگادارە.

بەڵام چووارلایێکی زورسازگاری لەم حەلەدابۆدعایە بەدەستهێناوە. بەهەرحاڵ ئێمە ئەم کامیابی یەڕونا کە گرنگە لەکانی دڵەوە بەبرای ڕوسی یەکامان بەتایبەتی بەئاغای گاگارین پیرۆزبایی ئەڵێین، وەهیوادارین دۆزراوەکان وەشتومەکە زانستیی تازەکان لەڕێگای خزمەت کردنی بەبەشەری یەتەوە بەکار ببرێن، وەلەوانە جگەلە ئاشتیی وە ئارامی وەدەرمانی دەردەبێ ژومارەکان کە داوێن گیری بەشەربوون سودنە برێ.

وەهیوا داری ڕۆژێکین کە: تێ کۆشینی زانایانی جیهان لە هەرشوێن ووڵات و کۆمەڵەیێ بێن لە ڕێگای سوودوچاکە وئاسایشی گشتی وشەریکی ئەندامانی بەشەرەوە سودی لێ ببرێ.

قوت: غرق

بەدیهێنەر: سازندە ـ مخترع

دۆزەر ـ مکتشف

دوزراوە ـ مکشوف

بۆشی ـ خلا

## مەتەڵ:

**١ـ قەل بەقەل ئەڵێت ڕووڕەش!**

هەرکاتێ دوکەس بەعەیبی گیرۆدەبن، وەئەوجاهەرکام تانەوتەشەرلەوی تربدەن بەوعەیبە بدەن، وەمۆشیان بەلای ئەوەوە نەبێ کە هەردوکیان ئەوعەیبەیان هەیە، ئەم مەتەڵەیان لەبارەوە ئەهێنرێتەوە.

**٢ـ هەرڕۆژی باو بۆرانە، کەچەڵ سەرە شۆرانە.**

ئەم مەتەڵە سەبارەت بەکەسێ ئەوترێ کەدەختی کارنەزانێ، وە هەرکارێ لەکاتێکدا دەست پێ ئەکا، کەبۆئەوکارە ناشێ.

**٣ـ هالاوی لەپلاوی خۆشترە!**

مەبەست لەهالاولێرە داهەڵمی ئاگرە، نەچێشتێ کەلەگۆشت و سەبزیوهالە دروسی ئەکەن. بانێ لەزستانا کاتێ پیاولەسەرماداتەزیو، هەڵمی ئاگربۆ ئەولەپلاوخۆشترە. مەبەس: ئەوەیە کەهەرشتێ لەکاتێکدا پێویستبێ، خوشەویستە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

# شاهەنشا ، یەکەم کارخانەی لاستیک‌سازیی ئیرانیان لەتاراندا ، خستەکار


ژمارەی ـ ١٥ ـ سالی دووەم
ژمارەی شوێن یەك ١٠٢

کوردستان

ڕۆژنامەیێکی حەوتەیی کوردیە، حەوتەی جاری چاپێکی دەرئەچێ

نایی
بۆ ناوخۆ:

| | | |
|---|---|---|
| سالانە: | ١٢ | تمەن |
| شەش‌مانگە | ٧ | « |
| چل | ٠٣ | قەران |

بۆدەرەوە :

| | | |
|---|---|---|
| سالانە: | ٣٠ | تمەن |
| شەشمانگە: | ١٥ | « |

# کوردستان

عەزیزم شاسوارێکە، گورزەر کێ، گەر، بەئەلبورزا!
دەکا ، نووکی‌سمی ئەسپی، لەخارا،تووتیا پەیدا

سیاسی ـ زانیاریی ـ ویژەیی ـ کۆمەلایەتیی

خاوەنی امتیاز و مدیری لی پرسراو
عبدالحمید بدیع الزمانی
بەچاودێریی دەستەی نووسەر:
دوکتۆر محمدصدیق مفتی‌زادە ـ سەرنووسەر
دوکتۆر عبدالرحمن و احمد مفتی‌زادە
عابد سراج‌الدینی ـ شکرالله بابان
خسرو شیخکا نلووی میلانی

یانەی ڕۆژنامە:
مەیدانی «بهارستان» شەقامی «صفیعلیشاه» ژمارەی پلاك ٢١٨
تلیفوون ٣٢٠٠٣

چووارشەمە ٦ گولان ٢٥٧٣ ك ـ ٦ ئوردی بەهەشت ١٣٤٠ ش ـ ١٠ زیلقەعیدە ١٣٨٠ ق ـ ٢٦ آوریل ١٩٦١ م


## ڕوژی دوشەمە علیاحەزرەت شابانوی ئیران، ئوستودیوەتازەکانی رادیو ئیرانیان بەناوی شاهەنشاکردەوە. وەلەبەشی کوردی رایو ئیران سەریان دا

شابانوی ئیران نامەکانی سالی تازەی براکوردەکانی تەماشاکرد، وەلەعەلاقەی کوردان بەشاهەنشاو وەلی عەهد، زور خوش‌حال بون. وەداوای گورانی بەدنیا هاتنی وەلی عەهدیان کرد ؛ کەدەس بەجی بویان خرایەسەر

## بەتی‌شکانی شورشی ئەفسەرەکانی فەرانسە لەئەلجەزایرا، دەرکەوت کەگەلی فەرانسەلەگەل سەربەخویی ئەلجەزایرا، هاوری‌یە.

((سالان)) خوی کوشت؛ وە((شال)) خوی دا، بەدەستەوە. وەئەودو رابەرەکەی تری شورش، هەلاتوون. وەبەمجورە هیچ کوسپی لە ریگای ((ژنرال دوگول)) دا،بڕینەوەی کارەساتی ئەلجەزایر، نەماوە

## سەرەتای تی کوشینی پارلەمانی

حەوتەی پێشو براڤی ڕاوێژی نەتەوایەتی دەستی کردەتی کۆشینی سیاسی‌وڕەخنەوباس، وەچاودێری خەلکی بۆخوی ڕاکیشا

بێ گومان لەوەلاتانی مەشروطەدا باس کردن وبەلگە هەلدان لە سەرئەوباسانە ، نەتەنیا پێویستەو چاکەبەلکو ناچارئەبێ بکرێت. وەپێك هاتنی شورای ڕاوێژی نەتەوایەتی هەربۆ ئەوەیە، کەهەر یەك لە ئەندامانی نوێنەری گەل ویستە کانیان بخەنە مەیدانی باس وەپێش نیارەکانیان بەهێزی ئاوەزو بەلگە بیەنەپێشەوە ، ئێمەلامان وایەعەیبێ کە لەوچەشنە بەربەرە. کانێ‌ووتووێژی نوێنەرانە داهەیە ئەوەیە کەیە کەم ئەووتارانە تەنیا بۆخۆپیشان‌دان ومنیش‌هەم‌بێ‌وە ویژەربەوتنی بڕێ‌قسەی بێ‌جێگە وهیچ‌وپوچ،ڕاگەیاندنی بڕێ‌شتی ڕۆناك نەکراوە وبێ بەلگە، ببێتە هۆی گرتنی کاتی براڤی‌یەکە، وە لەسەرنوێنەران پێویستە تاشتێکیان چاك شەن‌و کەونە کردووەوبەچاکی لێکیێن نەداوە ئەوەباسی لێ نەکەن دوهەم. ویژەر لەبناغەدابۆئەوە وتارەکەی لەبراڤی یاڕا کەیێنێ کە:ڕێ بەخەلکی پیشان‌بدا، وە

ماوە ل ١٢

## بەریك‌کەوتی ئینگلیز ورووس لە بارەی کوژانەوەی شەرلە((لائوس))دا، مەترسیی شەرلەئاسیای باشووری هەلاتیی، لەبەین چو.

## بەرافی یەکانی ئەم هەفتەی نیشتگەی راوێژی نەتەوایەتیی،

زۆر گەرم وپڕدەنگ و باس بو. نوێنەرانی ئاحەز،ڕخنەیان ئەگرت‌و، وتەیان ئەکرد. وەباس لەبارەی بودجەی وەلاتەوە ئەکرا، وەئەم باسئیستاش هەردرێژەی هەیە

م.ص.م

چون‌بنووسین وبخوێنینەوە چلۆنایەتی بەکانی کردەوە

ماوەل ٣

یەکێ‌ترلە چلۆنایەتی یەکانی

ماوەل ٣

## لە کومەلاچون بژین

ل ٢

بەپێنووسی. م . ع : سراج‌الدینی

## نالەباری‌یەکانی کومەل

## باوەژن ودایك وهەنەزا

لەم‌بارەوە ئەمانەوێ پیشانگەیێکتان بخەینەپێش‌چاو

## پەردەی یەکەم

لە چلێ‌زا بووردودا کارەساتمان گەیاندەکانێ کە «قادر» کوتی‌چاك

ماوەل ٢

گیراولەگۆڤاری «گلبانگ»

## باسیکی زانیاریی

## یاسای جەژنی نەوروز

لەدەرباری شاهەنشاهانی ساسانی‌دا

-٢-

ماوەل ٨

ناوەرۆکی: «کیهان»

# ژنراڵەکانی فەرانسە دەسیان بەکاریکی نالە بارەوەداوە

سێ‌ساڵ لەپاش ڕوخانی کۆماری چوارەمی فەرانسە، کۆماری پێنجەمیش بەشۆڕشی ژنراڵە دەستڕاستی‌یەکان، کەوتووەتە مەترسی‌یێکی زۆر گەورەوە.

لە۱۳ مانگی مای ۱۹۵۸ هەرئەم ئەفسەرانە کە ئێستا لە ژنراڵ دۆگوڵ یاخی‌بوون. بۆڕوخاندنی کۆماری چوارەم شۆڕشیان کرد؛ وەلەپاش‌داگیر کردنی ئەلجەزیرە، پاریسیشیان گرتە ژێرچاوی‌خۆیان. کۆماری چوارەم کە لەپاش شەڕی‌دووەمی‌جیهانی بەزفراندۆمی‌ژنراڵ دۆگوڵ دامەزرابوو، بەهۆی‌ناجۆری توندی بیروڕای فەرانسەوی‌یەکان بەدەستی ئەفسەرەکان ڕوخا؛ وەجارێکی‌تر دۆگوڵ هاتەسەر دەورو بووە سەر کۆماری فەرانسە.

ژنراڵ‌دۆگوڵ لەدوهەمین دەورەی هاتنە سەردەوری خۆیدا، لێ بڕا، کە: کارەساتی ئەلجەزایر کەهیچ کام لەحوکم بەدەستە‌پێشوەکان نەیان توانی، بیبڕنەوە ببڕێتەوە.

تائوکتوبری ۱۹۵۹ کە ژەنراڵ دۆگوڵ نەخشەی سەربەخۆیی ناوخۆیی ئەلجەزایری ئامادە نەکردبوو، ئەفسەرە هاوڕێ‌یەکانی‌لەپشتی سەروە بوون؛ وەپشتیوانی‌یان لێ‌ئەکرد؛ بەڵام کاتێ کە سەر کۆماری فەرانسە ڕای گەیاند: ئەیەوێ دانانی چارەنوسی موسوڵمانانی‌ئەلجەزایر بخاتە دەستی خۆیان، دۆستانی دۆگوڵ بۆپێش گیری لە بەڕێوە چوونی نەخشەی ئەو، ئاڵای‌یاخی گەری‌یان‌هەڵ کرد. زۆرانی‌دۆگوڵ‌و ناحەزەکانی، بەشۆڕشی ژانفیەی ۱۹٦۰ دەست پێ کرا. دۆگوڵ بە دامرکاندنی‌شۆڕشی‌ناحەزەکانی، هەمووئەو کەسانەی، کەناحەزی سەربەخۆیی ئەلجەزایر بوون، ناوەسەرجێگای خۆی؛ بەڵام چونکو بگێڕەکانی ئەم‌شۆڕشە لەنێوی قۆشەندا، مانەوە، وەسزایان نەدرا، بێ‌دەنگی‌و دووانیشتنی دەست ڕاستی‌یەکان ماوەیێکی زۆری نەخایاند، وەچەند مانگ پاش لەوکارەساتە، لە ڕفراندۆمی دسامبری ۱۹٦۰دا، دیسان بشێوەیێکی خوێنین‌لەئەلجەزایرا. قەوما.

شۆڕشی ئەم‌حەفتەی ژنراڵە لەکارکەوتووەکانی فەرانسە لە ئەلجەزایرا پیشانی‌دا، کە تێڕتی پەڕەکانی فەرانسە ئەیانەوێ: هەموو یاساو ڕەووشتو بناغەکانی ئینسانیی‌و مرۆڤایەتیی بخەنەژێرپێ؛ وەئەوتێکۆشینانە کە ژنراڵ دۆگوڵ بۆڕێك کەوتو سازیان لەگەڵ نەتەوایەتی‌یەکانی ئەلجەزایرا، تائێستا کردوونی، هەموی‌بدەنە ئاوا دەستڕاستی‌یەکان بەشۆڕشی خۆیانە، لەهوەختە ناسکەدا، کەسەرەتای ووتوویژی دەوڵەتی‌فەرانسەوحکومەتی ئەلجەزایر پێك‌هاتبوو، لەپشتەوە دوکۆڵیان داوەتە بەرخەنجەر.

لەوەڵاتێکدا کە بۆخۆی چەندسەدساڵ‌مە:مەڵداری ئازادی‌بووە یاخیی بوونی ئەم‌ئەفسەرە دەستڕاستی‌یانە بۆپێش گیری‌لەسەربەخۆیی گەلێکی تێکۆشەر، زۆرهۆی سەرسامە. گەلی فەرانسە کەلەماوەی‌ئەم پازدەساڵی دووایی‌یەدا، لەچەند گێژاوی گەورە خۆی ڕزگار کردووە، ئەم جاریشە ناڕۆنە ژێرباری زۆری ئەم ژنراڵانە، کە ئامانجیان نابوود کردنی ئازادی‌یە.

ڕاپەڕینی‌چەندین‌میلیون کەس فەرانسەوی‌بۆلایەن گیری‌لەژنراڵ دۆگوڵ، مۆنەی دلگەرمیی‌وەلاقەی زۆرتوندی ئەوان بەپاراستنی یاسانەتەوایەتی‌یەکانی‌شۆڕشی گەورەی فەرانسەیە.

م.ص.م

# لەکۆمەڵاچون بژین

## گەورەیی و زانیاری بەتەن کۆشاندەس ئەکەوێ

ئەو کەسانە کەوا بارهاتوون، وەبەوچەشنە کە لەژمارەی‌پێشوودا ووتمان لەژیان کەوتوونەتەوە، باوەکو خۆیان بەبەشی خۆیان ناڕازی‌نین، بەڵام بڕێجارلوتیان‌لە بەرد ئەدا. وەبیر ئەکەنەوە کە کەوتونەتەڕۆژێکی‌ڕەشەوە، وەدەردێکی وایان‌توش‌بووە دەرمان‌ناکرێ، وە تاماون‌ئەبێ بەودەردەوەبتلێنەوە؛ ئەوەش کاتێ بۆیان‌دەرئەکەوێ کەڕێگایان‌بکەوێتە کۆمەڵێکی شارسانی وتێ کەیشتوو، وەئەنداما. نێکیان چاوپێ‌بکەون کەبەبێ ئەوەباب وباپیرێکی بەناوبانگیان بۆبێ، بەهێزی وپستوتێ کۆشانی خۆیان پێ گەیشتبن، وەوایان‌لێ وەوایان لێ‌هاتبێ کە کۆمەڵ نیازی پێ‌یان پەیدا کردبێ،وە ئەوانی بردبێتە ژوورەوە، وەبەو بۆنەوە، ناوبانگێکی گرنگیان هێنابێتەدەس، وەهەموو کەسێ بەڕێزیان بگرێ.

ئەنجا ئەو ئەندامە تەمەڵ‌وبێ لەشانە کەباب‌وباپیریان پیاوانێکی بەناوبانگ وگرنگ‌بوون، وە ئەیانەوێ خەڵکی بەبۆنەی باب‌و باپیریانەوە، بەگەورەیان بزانن، وەخزمەتیان بکەن، لەوکاتەدا کە چاویان بەوچینەبکەوێ‌هەناسەیێ کی‌سارد هەڵ‌ئەکێشن، وەلەدلی خۆیانا ئەڵێن خۆزگاڵە جێگای ئەوان‌دائێمەبیوایین!

ئەوئەندامانە کەهەناسەی‌سارد هەڵ‌ئەکێش، وەلەوانسی‌تر کەبە تێکۆشاتی خۆیان پێ‌گەیشتون، ناوات ئەخوازن، ئاگەباش‌بیر بکەنەوە،زیانێکی زۆر گەورەیان لەخۆیان داوە؛ چونکە، ئەگەر تۆزێ هونەریان ببوایا، وەڕێگای تێ کۆشانیان بگرتبایانەپێش، لەو کەسانە کەئاوانیان لێ‌ئەخوازن بەناوبانگە تروەس ڕۆیشتووتر ئەبوون، چونکە؛ باب وپیریان بۆ ئەمان ڕێگایان‌ڕۆشن کردووەتەوە وەبە کۆمەڵیان ناساندوون، بەڵام ئەوانی‌تر ئەبێ‌تەنیا بەهێزی‌هونەرو، زانیاری خۆیان لەناوی کۆمەڵدا خۆیان‌بناسێنن، چونکەبابو باپیریان پیاوانێکی گوم ناووبێ کارەبوون.

لەژمارەی دوواییدا لەبارەی ئەوەوەباس ئەکەین کە بۆچی‌ئەو ئەندامانە کە خۆیاهونەرێکیان نییە،چاوەڕوانی ئەوەن کە خەڵك بەڕێزیان بگرێ، وەبۆچی وایان لێ‌هاتووە.

## نالەبارییەکان ...

ماوەی‌لێ!

وایەبیبەینەلای پزشك نەوە کوتنەخۆش بێ؛«بەهشت» کوتی‌ناهەرێ‌تەریی‌یەتەوقسەی خەڵکیش یەکجاری وای لێ کردوە. ئێستالە سەرباش ماوەکەی ئەڕۆین قادر:ـ کە وایە ئەبێ بەهەرچەشنێکمان کردووەلە وەبەرگری بکەین کە بچێتە ماڵی‌خەڵی‌ئەگینا هەموڕۆژێ بەزم هەرئەم بەزمەیە.

بەهەشت :ـ من نازانم چی‌بڵێم هەرچی‌بڵێم باوەڕنەم، وەقسەی باوەڕن ئەگەرچاکیش بێ‌خەڵکی لە بەرخۆیانەوەبەخراپ‌داوەری تێدائەکەن.

درێژەی نەدەێنێ ئەوان‌لەبەرخۆیانەوەلەوبارە وەقسەیان ئەکرد «ڕەشە» لەلایێکە وەهەناسەی‌بۆگێبردەیی «پرسنگ» هەڵ‌ئەکێشا، لەلایێکی‌دیکەوە لەهەڕەشەو گوڕەشەی «بەهەشت» ونان بران‌ئەترسا.

ڕەشە : کچم هەستەبچینە ژوورەوە خوێنی لۆتە کەت وەستوە تەوەکەمێ ڕاکشێ وە ئیسراحەت بکە، بەڵکو کەمێکیش خەوت لێ کەوێ

پرشنگ :ـ هەستایە سەرپێ‌هەموگیانی ئەلەرزی وتی کاك «ڕەشە»دەستم بگرە! بەرچاوم ڕەشکە وپێشکەئەکا، بەهەرچەشنێ نەبوو «ڕەشە» پرشنگی گەیاندەناوژوورە کەشتێکی‌نایەژێرسەری وەپاڵی‌خست، «ڕەشە»ویستی‌لەژوورە کەبچێتە دەرەوە.

پرشنگ: ـ کاك«ڕەشە» تکات لێ‌ئەکەم تاباوکم لەماڵێ یەقەی‌ناکا بەڵام ئەگەرباوکم ڕۆیشتە دەرەوە، هۆشیاری من بەنەکو ئەوزاڵمە بێتە سەرم وەبم خنکێنێ، چونکە من هیچ ئاکام لەخۆم‌نی‌یە وەهەرپەنێکم بەسەرابێنێ‌هۆشم لەخۆم نی‌یە

ڕەشە : ـ کچم هیچ غەمت نەبێ‌من‌هۆشیارت ئەکەم لەوکاتە داتەقەلە دەرکی دەروازە هەڵ ئەسێ،

ڕەشە ـ: بەرەودەرکی دەرگائەکەوێتەرێ،تەقەدەرگاش‌درێژەی هەیە:

ڕەشە : بەڵێ بەڵێ‌ئەوە کێ‌پەشونادا، واهاتم دەرگاکەبکەمەوە ئەگانەبەردەرگاکە وئەیکاتەوە.

گەلاوێژ:ـ ڕەشە! ئەی‌عەمرت نەمێنێ‌بۆدەرگایێ‌ئەیکەیتەوە. ئەوە بۆوادەی بەڕێ داخۆلە پشت دەرکەکە دا تەزیم خووانەت‌هێنێ

ڕەشە :ـ کچێ بۆئەوەندە قسەت سۆڵە خۆمن هێندە پەلەکرد وەخت‌وملم‌بشکێ. «بەهەشت»خان و«قادر» گوێ یان لەم و تووێژەبوو.

بەهەشت : ـ لەپەنجەرەکەوە سەری دەرهێناوقیژاندی، ئەری «ڕەشەڕەشە»! چیت لە وکچە داوە، بۆبۆیتە ئاوری سورلەو کچە! «گەلە»کییان بەسەداقەت بم گووێی مەدەرێ وەرەژوورەوە.

قادر: ـ ئافرەت باوەڕگەکەی ڕەشە نامەقی نی‌یە

ماوەی‌هەیە

ڕەنگەی ژین www.zheen.org

# مەولودنامەی پەیغەمبەری ئیسلام حەزرەتی محمد(ص)

## دانراوی زانای بەناوبانگی کورد

**حسن هەرتووشی**

سەجدە برەروێ دەمێ ئان نورجان
دەستهلپمانـدن بەسوی ئـاسمان
پارەعەورەک سپی ئەزئـــــاسمان
هات وەلگرت وژمن غائب بووئان
هاتەوە مەدهوون وپێچاێ کە حیل
پارەعەورەک ي گەهپشتیی بوودەلیل
گرت وبر،لێ هاتە گوی من ئەڤ خەبەر
گرت وي دونیاسەراسەر بەحر وبەڕ
هاتەڤە،پی پارە ئەرمیشەک دگەڵ
وي مژی بالەعل وەک شەهدوعەسەل
لێ ەلێ خوش هاتە گوی من ئەڤ ندا
پێکڤەزانـــــی خەلقهای ئـەنبیا
من دي خانی بووژطەیران زەنگەزەنگ
دەژ زموژ ۆدان، وهەم یاقووت چەنگ
پاشێ هاتن سێ نەفەر،لێ هەریەکێ
حوسن وسوورەت مثلێ قورصاژ ۆژە کێ
یەکی دەردەستێ وي مسینە،یەکی طەشت
یەکی ئانیی جامەیێ سپی ئەزبەهەشت

### چۆن بنووسین

ماوەیل١

کردەوە، چلۆنیی پرسیاری‌یە کە بەدانانی پیتانی: «ئـایا، گوایـا، ئەرێ» لە سەرەتای کردە وەکانە وە پێک دێ، وێنە: ئایابەنیشتمانی خۆت خزمەتت کردووە؟ ئەرێ تۆ بۆتاقیی کردنەوەی دواییی ساڵ، خۆت ئامادە کردووە؟ ئەرێ ووریا هات بۆبۆقوتابخانە؟ئایاشێر کۆ گەڕاوەتاوە بۆماڵی خۆیا؟ گوایاتۆواتێ گەیشتووی کە ئێمە بە گـەل و نیشتمانمان خزمەت ناکەین؟!

لەووێنانە دائـەومان بـۆدەر ئەکەوێ کە ئەوسێ پیتەتەنیابە کردەوەوە تایبەن نین، یانێ لەووتەیێکا کە کردەوەش نەبێ بەکار ئەبرێن، وێنە :ئایاشێر کۆپیاوێکی خەبات کەرە؟ئەرێ تۆهۆنەرێکی بەهێزی؟ گوایاتۆنوسەرێکی باشی؟

ڕێگای بەکاربردنی ئـەوسێ پیتە،هەروەهاش جیاوازی لەنێوانی ماناکانیان‌دا، لەژمارەی دوایي دا بەدرێژە باسی لێوە ئەکەین .

ماوەی هەیە

## مێژووی ریشەی رەگەزی کورد

نووسراوی زانای مەزنی کورد،احسان نوری
وەرگێڕاوی:د-ع-مفتی‌زادە

### ٩٩

ڕەنگە «ئەرک» لەناوچەی «شەنغار»دا ، بێ، کەلە باکووری ڕۆژ هەڵاتیی «بابل» وەلەقەراخی دەجلەدا، هەیە وە«شەنغار»یان- کەجێگای «نەمرود» بووە- بە«بابل» ناوبردووە ، وەنەمرودیشیان لە «کەلدانـی»یەکان زانیوە ، بەم بۆنەوە ئەویان لەڕەگەزی «سامی» ناساندووە ؛ لـە کاتێکدا کە«قامووسی مقدس»بۆخۆی«نەمرود»بەکوڕی«گوش»ئەناسێنێ کە«گوش»ناوی«کوسی» و «کاسیت»ەکانە . کەوابوو ئەبـێ بڵێین: پاڎشایانی«کاسیت- گاردونیاش» کەلە«بابل»دا،پاڎشاییان کردووە،وەبە «جەمشید» ناسراوون، مێژوونوسەکانی «سامی» ئەوانیان بە«نەمرود»ناو بردووە، وەلەڕەگەزی خۆیانیان‌زانیوون. بەڕاستي مێژووەکانی ئێرانیش لایان‌وایە کە : «جەمشید» ئیددعای خوڎایی کردووە . جگەلەمانە :

بەپێی فەرماییشی قورئانی پیرۆز، ئەوپاڎشایە کەئیددعای‌خوڎایی کردووە «نەمرود»ی ناوبووە ؛ وەناوی وەزیری «نەمرود»یش «ئـازەر» بووە .

دیارە «نەمرود»و «ئازەر» ووشەی ئاریایین‌نەمرودیانێ:نەمردو، وە«ئازەر»بەمانای‌ئاگرە کە لە«ئازەر» گیراوە . ناوی دایکی حەزرەتی ئیبراهیم (علیه‌السلام) «اوشا»بووە ؛ «اوشا» لەئایینی هندی‌یەکاندا ، ناوی خوڎای سپێدەی بەربەیانە، کە بەعاشقی هەتـاویاندا ئـەنا لە «ئەوستا»شدا «اوشا» ناوی خوڎایە: کە حەزرەتی«زەردەشت»لە«گات»ەکاندا ، ناوی ئەوی‌بردووە ؛ بۆوێنە لەجێگایێکدا ئەفەرموێ :

١- لەپاش‌ستاییشی بەدیهێنەری ئاوەزی‌بەڕێزی«مەزدا» هەردووەستم بۆداواکردنی یارمەتي بەرز ئ، کەمەوە ، پێش لە هەمووشتێ دەرخـواز ئەکەم ، ئەی(اوشا !) کە : «وهومن»و «ڕەوانی ئـافەرینش» لە خـۆم خۆشنوڎ بکەم .

٢- منم‌ئەو کەسە ، ئەی«مەزدا ئەهورا !» وەئەی «اوشا!»وەئەی «وهومن!» کەبۆئێوەوبۆئەو کەسانە کەوەڵانی نەمرولەنێونەچوو ئەڕازێننەوە، گۆرانيو سرود ئەڵێم .

٣- ئەی«مەزدا ! » لەسەروادەی دڵنیا کەری خـۆت ، لە گـەڵ «وهومر»و«اوشا»دا ، بێن بۆلای«زەردەشت» بەمن پایداری‌پەنایێکی بەتین ببەخشە، تالە پەڕتەوی ئەوەوە، بتوانم‌لەشەڕا بەسەر دوژمنەکانما زاڵ‌و پیرۆزببم ...

ناوی‌خێزانی‌حەزرەتی ئیبراهیم(علیه‌السلام)«سارە» بوو، کە بەشێوەی کوردی کرمانجي «سار» یانێ «سارد» .

بەجۆرێ کە مێژووەکانی کۆن ڕووناک ئەکەنەوە ؛

وەزیرێکی‌تری «نەمرود»ناوی «مهان»بووە ؛ «مها . مهان» لـە ووشەکانی «سانسکریت»وبەمانای گەورە بووە ؛ کەلە «ئەوستا»دا بووەتە «مازا»و لە کوردي‌دا بووەتە «مەزن» .

بڕێ لەمێژووەکان ئەنوسن : «ئازەر» باوکی حەزرەتی ئیبراهیم (علیه‌السلام)نەبووە،بەڵکو‌مامی بووە ، ئەگەڕاست بێ، چونکو کوردەکان (کرمانج) بەمام ئەڵێن‌ئاپ ، ئابی ئا یانی لەگەل «ئـەب»ی ، عەرەبی‌دا ، گوڕاوە .

ئەم‌ناوانە هەمویان ئاریایین؛ کەوابوو «نەمرود»و گەلەکەشی بە زمانی ئاریایی دوویوون وەلەڕەگەزی ئاریابوون .

هەزارویەک شەو ٣٩١

(کەچیرۆک گەییشتەئەم جێگا ڕۆژبووەوە،وەشەهرزاد قسەکەی پچری)

## کەشەوی شەصت‌ویەکەم هات

شەهرزاد ووتی : ئەی‌پاڎشای بەختیار ! پاڎشای ساساني بە کوڕی‌ووت: کە : هێندە بەسەربازان مەدە کە لەتۆبێ نیازبن ، وەهێندەش زۆریان بـۆمەهێنە کـەلێت بڕەنجێن ، وە لە گەڵ ئەوانا شل‌وتوند بیگرە . وەووتویانە : کابرایێکی عـەرەبی ڕەش‌ماڵ‌نشین‌هاتە لای مەنصوری خەلیفەو پێی‌ووت : لەگەڵ سەگی خۆتا وەهـا ڕەفتاربکە کەوە دوت کەوێ . مەنصور لەم‌قسە تۆڕەبو . ابوالعباسی طوسي‌ووتـی : مەبەستی ئەوەیە کەلێ مەگەڕەێ برسي‌بمێنێت؛ ئەو کاتە یەکێ‌تر کولیرەی پیشان بڎا ، بکەوێتەدوی‌وتۆ بەجێ‌بێڵێ، مەنصور کە ئەم‌قسەی بیستڕقی نیشتەوە،حەزرەتی «عمربن‌خطاب» هەرکاتێ نۆکەری ئەگرت ، چوار مەبەستی لە گەلیا ئەبڕیەوە : سواری ئەسپ نەبێ ؛ جلی‌زۆر گران‌بایی‌و جوان‌لەبەرنەکات؛ لەماڵی تاڵان‌وحەرام نەخوا ؛ وەنوێژ نەفەوتێنێ ، وەووتویانە : هیچ‌ماڵێ چاکتر لەئاوەزنییە ؛ وەهیـچ ئاوەزێ چاکتر لە ڕاوێژی چاک نییە؛ وەهیچ‌ڕاوێژێکی چاک‌لەپارێز کاري‌باشتر نییە؛ وەهیچ عیبادەتێ وەکوخولق‌و خوی چاک نییە ؛ وەهیچ کارێ وەکـو ئەدەبـو هیچ سودو کەڵکی‌وەکوسەرکەوت بەسەرئامانجانییە ، وهیچ‌کاڵایێکی‌بازەرگانی وەکو کاری چاک‌نییەو هیچ کەڵکی وەکوپاداشی خودایی‌نییە . وەهیچ‌پارێز گاري وەکو بەجێ‌هێنانی‌پاساوڕەوشتی‌پێغەمبەروهیچ‌زانستێ‌وەکو بیر کردنەوەوهیچ‌بیروباوەڕێ

## موناجاتی هەژار

**کارخانەی قەندی، یاسلسلەی مەشایخی نەقشبەندی**

هۆنەری بەناوبانگی کورد **هەژار** ڕازونییازلەبارەگای یەزدانی تەوان ئەکات، وەدەسەداوێنی رابەزانی طەریقەتی نەقشبەندی ئـەبێت . وەلە سەرسلسلەی طەریقەت وشەریعەت،وەپێشەواوڕابەری عالەمی بەشەرییەتەو وە، حەزرەتی (محمدالمصطفی صلی‌الله‌علیەوسلم) دەس پێ ئەکات تـا ئەگاتەوە پیری طەریقەت وپێشەوای دینی مەزنی کورد،خوداڵی خۆش بێ، حەزرتی «شیخ حسام‌الدین» نەقشبەندي .

الهی ! تـۆ بـەذاتـی ذوالجلالـت
خودا ! تۆبی وصفاتـی بـێ‌مثالت
بەحەققی ئەو کەسەی فەرموّتە:«لولاك»
نەبۆمەطڵەب کە بی کەم خەلقی ئەفلاك
حەبیبە ومەحرەمـی ڕۆژی نیهانت
«محمد» خاتەمـی پێغەمبەرانت(ص)
«رسل» ئـەستێرەن وئـەوئـافتابە
لەعوقبا بـۆشەفاعـەت ئەوحیسابە
کە بیتە بەخشش ئەودەریـای جۆدە
پریشکێکی بەسە هـەرچی وجۆدە
بەموعجیزەوەختی ظاهیر کردنی حەق
ئیشارەیکی لە مانگێ کردوبزشەق
هەموئـاحادی ئەوصافـی کـرۆرە
سەهوم کـرد یـا «رسول‌الله» ببۆرە
بەذەیلی وەصفی‌تۆ ناگا دەسی کەس
سزای تۆ،نەعتی تـۆ،قورئان دەڵێ و بەس
بەفەضڵی حەضرەتی «بوبكر صدیق»
کە ئەفضەل پاش نەبیی، ئـەوبۆ بەتەحقیق
هەمو ئیمانی ئوممەت نزم وبەرزی
کەفەی ئیمانی هەڵ نابژن لەعەرزی
کەدۆخی شیری بۆ کوفرێ نەباسەد
کەمی مابۆ، موسوڵمان بینەمورتەد
ئەوە «ثانی‌اثنین» یاری غارێ ە و
لەژێی جانی جیهاندا، جان نثارئەو
بەڕۆشدی حەزرەتی مەحبوّبی وەهاب
خەلیفەی ثاني، یەعنی «ابن‌خطاب»
خەلافەت بۆ بەتاشریفی «عمر» نەو
عەبایێ بـۆعە داڵەت هاتـە بەرئـەو
لەسەرباش گەرنەبۆ ئەحکامی جاري
ندایی «الجبل» چۆن گەییە «ساری»
دەفەرموێ ئەو کەسی «خیرالبشر» بۆ
لەدۆی من گەرنەبي بۆبا «عمر» بۆ
بەئازەرەوحەیای «عثمان» ی عفان
تنۆکێکو لـەوی دەریـای «عمان»

ماوەلە ۹

نووسەر «ع» سراج‌الدینی

## فرمیسکی نائومیدی

ماوەلەچلێ پێشوو

لە ژومارەی پێشودا گەیشتینەکاتێ کـەمام «جووامێر» چۆنیەتی ناوماڵـی خۆیی لە وڕۆژگارە داهەڵ ئەدا . وە گەیشتینە ئەوشووێنە کە : مام «جـووامێر» کوتی بوّن بەسەرقاڵی با پڕراوە ئێستالە سەری ئەڕۆین

بۆپڕۆزی قاڵی وچە کەوزی کوڵە کەو بۆسۆی نوێن پیاوی گێژئە کرد،مێش ڕالە سەروچاوی منداڵ وسپیاڵی ناوماڵ مرۆشابویەوە، ئەتوت هەنگ پۆرەی داوە،هەرچی لەشپرزی ناوماڵ بڵێم هێشتا کەمە .

درێژەی نەدەینێ کەس بێژی نەی ئەهانی کاتێ لەوماڵـە دابحەوێتەوە منیش گێری حەیاوئنسانییەتم خوواردبو نەم ئەزانی چی بکەم وەژیم نەئەبردە سەربـەختی خۆم . ماوەیێکی بێ‌نەچۆدووچاری بیمارییێکـی سەختەهات بەلام ئەوبیماری یەهێندە سەخت بۆ کەباس نا کرێ مێش بەپێچەوانەی کردەوەی ئەوژنەوە تائەوجێگایە کە بکرێ بۆتیمار کردن و بیمارداری وهۆشیاري ماوەی دۆساڵ تـێ کۆشیم، زەنجێکی رۆرم لە گەڵیا کێشا بەلام بەجێگایێ نە گەبیەوە بەزەحمەتی خـوواچۆ، پاش ئەوەی کە دۆساڵ زەنجی بیمارداریشم کیشا، ئەنجا کەوتم بە کرسی بەخێو کردنـی منداڵی بێ دایکا ، خەڵکی هەموچاوەڕوان بوّن کەژن بێنم بەڵام من بەچەشنێ لەژن‌تۆقی بوم کەناویان ئەبردلەرزم لێ ئەهات،وە بەچەشنێ بەدبین بۆبۆم هیچ نەمدەتوانـی خۆم بەوەرازي کەم کەژن بێنم ئەوێش لەکاتێکالـە ژنـی پێشۆدۆ منداڵـم هە بۆدرێژەی

ماوەلە۹

همزاوبەلاشەو ۳۹۲

وە کۆحەیاو هیچ شەرفێ وە کۆزانیاري نییە، حەزرەتی علی فەرمۆیە : کەلەژنی بێ حەیا خۆتان لادەن و لەچاکەکانیان بترسن ، وەپرس وڕاوێژ بەوان مەکەن، وەڕۆ یان بۆ مەهێنن ، بابە کەونەوازێ مە کروفڕوفێڵ. وەووتۆیانە : ژن سێ جۆرن دەستەیێکیان پاکداوێن وڕۆخۆش و منداڵ کەرن، کە لە هەرسەختێ و زەنجێکدا هاوڕێ ویـاری مێردی خۆیانن ؛ دەستەی دووەم هەرکەلکیان منداڵ هێنانەو بـەس ؛ وەدەستەی سێهەم تەوقی لەعنەتن کە خوذا غەضەب لەهەر کەس بگرێ ، ئەی کابەتـوشی وەها ژنێکەوە . پیاویش سێ جۆرن : یەکەم پیاوانی ژیرو ئاوەزدار، کە بەبیروڕای خۆی و ڕاوێژلە گەڵ دۆستانیا کارئەکا ؛ دووەم پیاوانی کەبۆخۆیان ڕێگای کارنازانن ، بەڵام لە گەڵ کەسانێکی ژیرو کارزانا پرس وڕاوێژ ئە کەن؛ وەدەستەی سێهەم کەسانێکن کەنە خۆیان ڕێگای کارئەزانن؛ وەنە بە کەسێکی تر پرس وڕاوێژ ئە کەن: ئەم جۆرە کەسانە گێج و سەرلێ شێواوون وڕێگایلا سەربەختی خۆیان نابەن ئەی پاذشا !بزانە. کە: لەهەموشتێکدا دادگەری پێویستەو ئیصاف ناچاري یە، تائەوکارە سەربگری، ئە گەرنە ماوەیێکی زۆر ناخاینێ کەتێك ئەچێ؛ وە بۆ ئەوە مەئەلێکیان لەدزوجەردەوە هێناوەتەوە کەئەوان باو کۆ کاریان ستەمکاری یە ، هێشتان ئەگەر لەکاری خۆیانا لە گەڵ یەکترا ڕاست ودروست نەبن و بەداد گەري ڕەفتار نە کەن و لەبەش کردنەوەی ماڵ و کالاکانا کەدزیو نەئینصاف بەکار نەبەن ، کاروباریان ئەشێوێ ودەمو دەسگایان تێك ئەچێ . بە کورتی گـەورەترین خوی پەسەند ، دەس بەڵاوێ و بوردباری یە . لەپاش ئەوەی کە نزهةالزمان لە بابی سیاسەت و وڵاتداري دا،ئەم قسانەی کرد ، هەمۆدا نیشتوانی خزمەتی پاذشا ووتیان: ئێمە تائێستا کە سێکمان چاوپێ نە کەوتووە ، کەلەم بارەوە هێندە قسەی جـوان و چاك و بە کەڵك بکات . خوز کە ئەم کچە لەمەبەستێکی تریشدا بـڕێ قسەی بـۆ

بنکەی ژین www.zheen.org

بەشی کوردیی شمال | کوردستان | لاپەڕەیی ، بوهەموو حار

## خەباتید پارلمانی

لمعەفتا دەرباس بوویی خەبا-تیدسیاسیی وباس وبیێ کسولیی مەجلسا شۆریدا دەست پێ بسوو ، وەچەڤ دێریا خەلکێ سەرخودا کێشاند .

هەلبەت . لمەسەر والاتەکیی مەشروطە یەقین وبێ شك ، باس، ودەلیل هانین، نەکوتەنێ لازمە ، بەلکییژی فەرزوواجبە، وەمەجلس ژی هەربۆڤێ یەکێ هاتی یە دانین، کوتێدا سەرهەر مەسەلەکێ باس وارە کرن، وەهەر کەس دەلیلێ خو،بگۆتن وسەربەلگا ئیثبات بکە، لێ هەما لەبەرچەڤێ مە ، ەەیبا کو ئالن باسێ پارلمانیداهەیە،وەکەرە کووە کوپلیندمەجلسێ تتام بەرچەڤا بگرن، ئەوە، کوئەوەلەن چی یاك قسەدکن،وناخونیشان داپیناوان نبە،وە قسەکەر ، بگۆتنا پرسێد پووچ وبێ دەلیل ومەدرەك ، وەختێ مەجلسێ یادلێهەوانەدە،وەهەرچی یاك، بەیی بخویەقین نەبسووبە تەبێژە .

یادی: بێتومەراز ژقسەکرنێ زابارتنا خەلکێ وخزمەت بە بێشا مەشروطێ ومێژ، سەرووخت کرنا گشتێ بە، وەسوودا کوخواریێ یە پێرڤەنەکە وەبگۆتناهەنەك پسرسا کودبە سەبەبێ هیمولەو کەتتا نزماخەلکێ خو بهێڤشینە،وەچاخێ قسەکرنێ، خوخوازیوخودیتنێ کناربهێلە،وەمەخسووسەن چوجارا ڤێ فکرا کۆتی،دلێ خودادەرباس نەکە،کووەطەن خوازی حەرتەنێ بۆوی یە، وەپێدی ژڤێ لاف بێ یا ژپیاێ بێ خەبەرن، وەخیال نەکە کوهەوالێدوی چك مەپیی نەدوروست وەبەلکیی خائینێ وەطەن وداژمنێ خەلکێ نن کوبێڤێ خیالێ،خوئێدن دامیی بزانبە، بچەڤەکێ پچووك پێدی میزەکە، وەپانرا تەوهینا بکە، قەنەبە ، وەکیلێ مەجلسێ گەرەك لەبەرچەڤێ خەلکێ خومرۆ ڤەکی خودان تەجروبەوپژیاپی وبێ خەرەزبە،خوویان وژدەوپیسی وبۆختان ئاڤێتنێ، وەمەخسووسەن، ژخاپاندنا مرۆڤێدتات ودلێ ساقی ڤەدیبکە چون، گەرەکو، ئەڤ دوکان حەتاحەتایێ وارە گرێدان، وەچو کەس گەرەگو،ژخو کێش کرنێ نەك، ڤەڤارفکرادا

سێوەم ئەوە، وەکیل حەق چونەیە. کوبلاڤ ێ پارێسزاویێ پارلمانی، خورزۆرا زێ برناکارادا تێکەلێ بکە، دزگابێ دەولەتێ بدە ترساندن، وەهەنەك تشتاپوانا بدە قەبوول کرن، وەبنێشامەعزنە مەشروطێ یانێ ژهەو ئازی بوون وجهێ بوونا زۆرێدسێ گانە گەرە کوهەمێشە لەبەرچەڤێ خو بگرە، وەچاواك زۆراقەضائی قەت بچاکێ تەڤی زۆ اقانونێ نابە، وەکیلێ ژی خێنجی شێو ومەملەحەت ودەرباس بوونا لایحا، هەگەر تشتەك دبیت دوکارە، ژزۆرا زێ بسرنساکاربارێ مەملەکەت بازخواستێ بکسە، وە هەلبەت ئەڤ گەرەگەیە پاش قەدرا مدنا قانوناوچەڤ ژاکرنامالێ وهەیا خەلکێ تەوایی (بیت المال) وبەر هەوگرتنا دەرگامەدوخەرج وپێشیی گرتن ژناوبرنامالێ خەلکێ ئەوول وەزیفا وەکیلی مەجلسێ یە .

لێ بەلێ بهەرحالەکی،مەجلسێ رازی حەدو حدودەك هەیە ، وە ، وەکیل بجارەکی سەر بەرمدایی نینن کوچی یاك بخوازن بکن،وە قانوونسێ وەزیفا زۆرێسێ گانە کێش کرێ، ئەمهەموو گەرە کو بەرخاتری وەطەن وپاراستنا حەقێ خەلکێ وخزمەتێ وانرا بخەبتن، ڤێ بارێ دا ئەمێ دیسا ژی قسەکن.

(خەبات) : تێکوشین فعالیت

(پێ کۆلی) : رەخنە گرتن: تنقید

(زابارتن) : ژانمائی : رهنمائی

(سەرووخت کرن) : دامرکاندن : قابع کردن

(خو بهێڤشینە) : خوی بگرێ : خودداری کند

(پژباپی) : سەردەرچوو : پختە ، آزمودە

(خو کێش کرن) : خونوواندن اشتهار، شهرت

(چاواك) هەروە کوو: همانطور کە

(دەرباس بووپی): ژابوردۆ: گذشتە

## ئوخورما کوبایی

ئوخورما (کوبا) بوویە پێش هاتەك مەزترە جهانێ، وەنهاخەلکێ ژوبارێ دونیابێ چاڤ کوتتاندێ دەرێ ، کوکاچ پێش هاتەك لمڤێ دەولەتا پچوو کە ئامریکایێ مەرکەزی دقەوومە. فیدل کاسترو سەرەك وەزیرێ کوبا ژهەمن زۆژاك هاتەسەرکار، ڤی والاتی دا ، پەی سیاسەتەك توندچوو.

ئەوی هەیامکی دریژ بزك شۆرش چی بەرافیی دۆراخو کر ، وە بنەیاریا (باتستا) فەرمانرەوایێ پێشینێ کووبایێ شەڕ کر وەعاقووبەت ژی بەسوورانا حکومەتا باتستا کوتتایی دا، وەپاشێك بخوهالەسەرحکوومەتێ دەست بهێنەك عامەلاکر. کو بوو سەبەب زابتید ئامریکاو کوباڵالۆزبە. ژبەرویێك ناوبێینا کووباو والاتێ فلوریدالەئامریکازەحف کێمە یووێ تێ خۆیان کودەولەتا ئامریکا هەمێشە چەڤ زاد کە، کاچ پێش هاتەك بنەیاریا سیاسەتا دەروایا ئامریکابیە، کولە کوبایێ بقەوومەد بەسەبەبێ زەنجو ئیشا ئامریکائی یان.

